پیشرەو

ئورگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران - کۆمەلە

ژمارە ۱۰ ۳۰ی سەرماوەزی ۱۳۶۳ (۲۱ی دیسامبری ۱۹۸۴) ۵ تمەن

پاشکۆی ۱

حیزبی دیموکرات: سوسیالیزم یان سەرمایەداری؟

کورتە باسیک لەسەر:

"کورتە باسیک لەسەر سوسیالیسم"

جەعفەری شەفیعی

ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

پیشرەو

پاشکوی ۱

حیزبی دیموکرات :
سوسیالیزم یان سەرمایەداری ؟

کورتە باسیك لەسەر :

"کورتەباسیك لەسەر سوسیالیسم"

جەعفەری شەفیعی

سەرەتا

پارزستان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی "کورتە باسیک لەسەر سوسیالیسم" بلاو کردەوە. ئەم نامیلکەیە لەکونگرەی شەشەمدا پەسندکرا وبووبە بەلگەیەکی رەسمی حیزبی دیموکرات.

رایەڵو پوی نامیلکەی "کورتەباسیک لەسەر سوسیالیسم" لە هەوەڵەوە هەتا ئاخر، بەحوریک هونراوەتەوە کە وا نیشان بدری و بسەلمیندری کە گویا لە کوردستان چینی کریکار - وەک چینیکی سەربەخو کە قازانجوبەرژەوەندی ئەو حیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی بورژوازی هەیەو ناتەباییەکی قوول و بەرین و ئاشتی هەلنەگریان لەنیوان دایە- وجوودی نیە؛ خەباتی سەربەخوی چینی کریکار بودیموکراسی وسوسیالیزم بی مانایەوبەتایبەت کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان پیویستیان بەوەنیە کە لەحیزبی چینایەتی خویاندا کو ببنەوە، شورش بکەن و بوحکوومەتی کریکاری تی بکوشن. ئەرکی سەرشانی کورتەباس ئەوەیە کە لەئیرادەی کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان بوخەباتی سەربەخو - سەربەخو لەهەر دەستەوتاقمی بورژوایی ووردەبورژوایی - لەپینا و دیموکراسی وسوسیالیزمدا، بەرگری بکات و فریویان بدات و لە چاوەروانیەکی بیسوودا، بیان بەستیتەوە. "کورتەباسیک لەسەرسوسیالیسم" لەراستی دا باسیکی دوورودریژە بو سەلماندنی ئەوە کە سوسیالیزم بو کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان نەدەستدەداونەپیویستە. "کورتەباس" بو گەیشتن بەم مەبەستانە لە پیش دا خوی بەدژی نیزامی سەرمایەداری و خوازیاری سوسیالیزم هەلدەخاتا هەموان دلنیابن کە: زەحمەتکیشانی کوردستان لەبەر دواکەوتوویی کوردستان ناتوانن بەسوسیالیزم بگەن ئەگینا حیزبی دیموکرات خوی "لایەنگری زورشیلگیری سوسیالیزمە".

نامیلکە، دووای ئەم خاترجەمکردنە دەس دەکا بە حاشاکردن لە راستیەکانی کومەلگای کوردستان، ئەو راستیانەی کە زەمینەی ماددی سوسیالیزم پیک دینن: حاشاکردن لە سەرمایەداری بوونی کوردستان، حاشاکردن لەهەبوونی کریکاران وەک چینیکی سەربەخو، حاشاکردن لە خەباتی چینایەتی، وە دوایەش حەوالەکردنی سوسیالیزم بەداهاتوویەکی ئیجگار نادیار وە لەراستیدا بە ئەبەد.

پاشان، کورتەباس بە رەتکردنەوە و تەحریفی دیکتاتۆری پرولتاریا، وەفاداری خوی بەنیزامی سەرمایەداری دووپات دەکاتەوە.

ئەنجا کورتەباس لەلایەک بەلەقەلەمدانی ئەمپریالیزمی شووراوی بە ولاتیکی سوسیالیستی، دەیەوی سوسیالیزم لەبەرچاوی کریکاران و زەحمەتکیشان بخاتوە لەلایەکیترەوە بە دەربرینی چەند رەخنەیەکی لیبرالی لە دەولەتی شووراوی و بەپیروزدانانی حیزبی "کومونیستی" فەرانسە و سوسیالیزمی دیموکراتیک، دووركەوتنەوەی خوی لەبەنا و "ئوردووگای سوسیالیسم" و لاربوونەوەی بەرەو سوسیال دیموکراسی ئوروپا و بەگەشتی غەرب، راگەیەنی.

جیگای کورتەباس لە خەباتی چینایەتی مەوجوود لە کوردستاندا

کورتەباس لەسەرەتادا بە دروستی دەلی کە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبیکی "مارکسیست" یا "مارکسیست ـ لینینیست" یا "کمونیست" وە بەگشتی "حیزبی چینی کریکار" نیە. کەوایە بزانین حیزبی دیموکرات بەباس کردن لەسوسیالیزم شوین چ مەبەستیک کەوتوە؟:

"ئەو حیزبەی دەیەوی جوولانەوەی گەلی کورد بەریوە بەری، ئەگەر حیزبیکی ناسیونالیستی "نەتەویی" تەولوبی، واتە تەنیا چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەویی لەبەرچاو بگری، ئاکامی ئەوە دەبی کە لەلایەک گیروگرفتەکانی کومەلایەتی بەبی چارەسەرکردن هەروا دەهیلیتەوە و بەمجورە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی کاریکی بیسوود دەبی؛ لەلایەکی دیکە چوونکە بەهەرحال ناکری گیرو

گرفتی کۆمەلایەتی لەبیربچیتەوە ، بەناچار حیزبیکی دیکە پەیدا دەبی کە تەکیە دەکاتە سەر جێبەجێ کردنی ئەو گیروگرفتانەو ، بەمهویەوە بەشیکی زور لە زەحمەتکیشانی کوردستان بو لای خوی رادەکیشی " (۱) (تەئکید لە ئیمەوەیە).

لیرەدا ناچینە سەر ئەوە کە ئەم قسانە داتەکاندنی سوسیالیزمە لەهەرچەشنە ناوەرۆکیکی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی، بەلکوو ئەوە دەخەینەبەرچاو کە کورتەباس بەباس کردن لە سوسیالیزم دەیەوی لە ریزبەستنی چینایەتی کریکاران، لەسەربەخویی ئەوان وەلە کووبوونیان لە دەوری حیزبی خویان - حیزبی چینی کریکار - بەرگری بکات. حیزبی دیموکراتگەرچی " حیزبی چینی کریکارنیە"، بەلام باشدەزانی کە کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان دژی وەزعی مەوجوودن، لەژیانی پرمەینەتی ئیستایان، لەبیکاری، گرانی، بێخانوویی ، بێدەرمانی، بێبەشی لە هەرچەشنە مافیکی ئینسانی و ... وەتەنگ هاتوون. هەر وەتر حیزبی دیموکراتدەزانی کە ئەو وەزعییەتە ، هەرچی زیاتر کریکاران و زەحمەتکیشان بەرەوحیزبی خویان - حیزبی چینی کریکار- هان دەدات ، بەرەو حیربیک کەپیشەنگ وپاریزەری بەرژەوەندی ئیستاو داهاتووی ئەوانە وخەباتیان بو دیموکراسی و سوسیالیزم، لە دژی بورژوازی - لە هەر شکل ولیباسیکدا - ری بەری دەکات . کەوایەبو ئەوەی نەکا ئەو حیزبە پەیدابی وتەکیە بکاتە سەرگیروگرفتە کۆمەلایەتییەکان (وەنەتەنیا گیروگرفتە کۆمەلایەتییەکان بەلکوو ریشەی تەواوی مەینەت و کویرەوەری کریکاران و زەحمەتکیشان) و"بەم هویەوە بەشیکی زور لە زەحمەتکیشانی کوردستان بو لای خوی راکیشی" وبەگژدەسەلاتی سەرمایەوسەرمایەدارانیدا کات وبەرەوگەیشتن بە سوسیالیزم خەباتیان ری بەری کات ، حیزبی دیموکرات ناچارە باسی سوسیالیزم بکاتتابەشکم لەم ریگایەوە کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان هەر لەم رۆکەوە دەستەموّی بێرمانوبێئیرادەی

(۱) کورتەباس ل ۲

سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتبن و لەبیری چارەنووسی خویاندا نەبن.

هەر بە چاوخشاندنیک بەسەر هەلومەرجی ئیستای کوردستانی ئیراندا، دەردەکەوی کە پەروشی حیربی دیموکراتلەوشیاربوونەوەی کریکاران و زەحمەتکیشان و سەقامگیربوونی ریزی سەربەخوی ئەوان بی پایە نیە:

ئیستا لە کوردستان رادەی وشیاری سیاسی وچینایەتی کریکاران و زەحمەتکیشان بەئاشکرا چووەتەسەری. هەتادی زیاتر سەرنجیان بوئەو راستیانەی کە لەلایەن کومەلەوە سەبارەت بە ژیانیان وچەوسانەوەیان لەنیزامی سەرمایەداری دا، فەقیری و هەژاری و نەداریان، وەهەروەتر ریگای رزگاریان بەیان دەکری، رادەکیشری. جگە لەوانە ئەو دیموکراسیە شیلگیروشورشگیرەی کە کومەلە ئالاهەلگریەتی لەناو کومەلانی بەرینی زەحمەتکیشی کوردستان دا، زورترین لایەنگری هەیە، بەجوریک کە بەئاشکرا رادەی داخوازی سیاسی ـ کومەلایەتی و ئابووری کومەلانی زەحمەتکیش لە جوولانەوەی شورشگیرانەی گەلی کوردا گەیشتوەتە ئاستیکی بەرز.

هاتنەمەیدانی کریکارانی وشیار لە شورشی ئیستای کوردستان داو جیگیربوونیان لە رێبەرایەتی ئەم شورشەدا، دیمەنیکی نویی بەم شورشە بەخشیوە؛ وە بووەتە هوی ئەوە کە کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان، جیاواز لە بورژوازی کورد ـ وەنەتەنیا جیاواز بەلکووبە بەربەرەکانی لەگەل ناشیلگیری و خەیانەتەکان و پووچەل کردنەوەی پیلانەکانی بورژوازی کورد ـ جوولانەوەی شورشگیرانەی گەلیکوردبەرەو سەرکەوتن، بەرەو دیموکراسی شیلگیروبەرین رابەری بکەن.

لە هەلومەرجیکی ئاوادایە کە بورژوازی کورد لەژیر فشاری راستیەکانی ژیانی کومەلدا بەناچاریەوە بەرەنگی سوسیالیزم خوی دەنەخشینی وبەوسیمایەوە لەگەل سەربەخویی کریکاران وزەحمەتکیشان بەربەرەکانی دەکات.

ئەمەیە جیگای ئاسایی کورتەباس! کورتەباس رەنگدانەوەیەکە لە خەباتی چینایەتی مەوجوود لە کوردستان لەنیوان پرولیتاریا و

بورژوازی کوردستان.

بۆ سوسیالیزم یان بۆ سەرمایەداری؟

کورتەباس بەچەشنیک باسی وەفاداری حیزبەکەی بەسوسیالیزم دەکا کەبوخوینەر هیچ شک وگومانیک نەیەلیتەوە. سەرنج بدەنە ئەم چەند بەشە کە لە کورتەباس بۆتانی دەهێنینەوە:

" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیەهوی چەوساندنەوە لەکومەڵدا بەتەواوی لەبەین بچێ و، لەبەرئەوە پێک هێنانی سوسیالیسمی وەک ئامانجێکی دووا ڕۆژ بۆ کومەڵی خومان لەبەر چاوە" (ل۳) یا " سوسیالیسم وەک نیزامیک کەدژی سەرمایەداریە هاتوتە مەیدان وە کاتێک ئیمە دەڵێین سوسیالیسم مان دەوێ، ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری ڕەد دەکەینەوە و بڕوامان بەوە هێناوە کەسەرمایەداری وەک نیزامێکی کومەڵایەتی، لەڵایەن میژوەوە مەحکوومە" (ل ۷) ، یا: " حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگری زۆرشێلگێری سوسیالیزمە و بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم خەبات دەکا." (ل ۳۵)

ئەو هەموو سوێند بەسەری سوسیالیزمخواردنە بۆچیە؟ بۆ ڕەت کردنەوەی سەرمایەداری یان بۆ ڕەتکردنەوەی سوسیالیزم؟ بە بڕوای ئێمە بۆهی دووهەمیان. بابزانین چۆن:

سەرچاوەی پێویستی عەینی سوسیالیزم، هەبوونی پەیوەندی سەرمایەداری ونیزامی سەرمایەداری بەگشتی یە وە سوسیالیزم خوی وەلامی شۆرشگێرانەی چینی کرێکارە بەونیزامە. کورتەباس لەهەبوونی ئەو بەردی بناغەیە، ئەو زەمینە ماددیە، یانی بوونی پەیوەندی سەرمایەداری لەکوردستان حاشا دەکات تا بیسەلمێنی کە لە کوردستان نە چینی کرێکاریک هەیە ونە شۆرشی سوسیالیستی پێویستە.

... ڕاستە کە کومەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خوی بە تەواوی لە پەیوەندەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە. تەرکیبی کومەڵایەتی

ولاتەکەمان و، تەرکیبی چینایەتی کومەلی ئیمە، جیاوازی یەکی تەواوی لەگەل کومەلیکی سەرمایەداری هەیە" (۱)

" دیارە ئیمە کاتیک دەلیین بەمری ئەمپریالیسم لەراستیدا بەدژی سەرمایەداری دروشمەمان هەلگرتووە، چونکوو ئیمپریالیسم سیستەمی جیهانی قوناغی ئیستای سەرمایەداری یە. بەلام ئەگەر بیینە سەرباری نیوخوی کوردستان، مەسەلەکە دەبێ بە جوریکی دیکە لەبەرچاوبگیری، واتە لە پیشدا دەبی بپرسین کە ئیمە لە کوردستاندا بەدژی کام سەرمایەداری دەبی دروشمەهل بگرین؟ ئەو سەرمایەداری یە لەکوی دایە؟!" (۲) "ئیستا لە کوردستان دەولەمەند هەیە، بەلام سەرمایەداریکی ئەوتووەبەرچاوناکەوێ" (۳) "لە کوردستانی ئیستادا هەلگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پیویست ناکا..." (۴) (تەئکید هی ئیمەیە)

هەرزەحمەتکیشیکی وشیاری کوردستان، بەبیستنی ئەم قسانە، بی هیچ تەعبیرو تەفسیریک دەتوانی قەزاوەتبکات کە کورتەباس زمانی حەق ویژی کام چین وتاقمی کومەلە. ئەم سەرمایە وسەرمایەداری یەی کە کورتەباس دەیەوی بە هەرجوریک بووە، پەردەیەکی بەسەردا بدا و بیشاریتەوە، لە کریکاران و زەحمەتکیشان شاردراوە نیە. ئەوان لە ژیانی روژانەیان، لەکارکردنی روژانەیان، لە چەوسانەوەیان و لە خەباتیاندا، ـ هەموو کات وساتیک ـ ئەو سەرمایەداری و سەرمایەیە دەبینن. بەلام کورتەباس ئەو هەموو کریکار و زەحمەتکیشە زور و زەبەندەی کوردستان کە جگە لە هیری شان و باهوی خۆیان، هیچ شک نابەن و بوبەری چوونیان ناچارن کاربکەن، ئەوهیزەبفروشن و لە بەرانبەردا کری وەرگرن، بەچ نیولی دەبا؟ ئەمانە کین؟ و جگە لە سەرمایە چی دیکە دەیان چەوسینیتەوە؟

" کومەلی کوردەواری جیاوازی یەکی تەواوی هەیە لەگەل کومەلیکی

---

(۱) کورتەباس ل ۲۴

(۲) و(۳)و (۴) کورتەباس ل ۷ و ۸

سەرمایەداری" مانایەکیتری نیە جگەلەوە کە لە کوردستان کریکار بەرچاو ناکەوی. هەوڵوتەقەلای کورتەباس ئەوەیە کە کۆمەلگای کوردستان لەقەوارەی کۆمەلگایەکی سەرمایەداری بخاووانیشان بدات کە لە کوردستان لە کریکاروسەرمایەدار، وە لە چەوسانەوە، خەبەریک نیەو، کەوایە خەباتی چینایەتی، خەباتی کریکاران لەدژی دەسەلاتی سەرمایە پیویست ناکات. بەکوتنی ئەوقسانە کورتەباس لەراستیدا، باسلەنامومکین بوون و پیویست نەبوونی سوسیالیزم دەکا. بەڵام، لەهەرحاڵدا، بەهوی ئەوەی کە " ناکری گیرۆگرفتەکانی کۆمەڵایەتی لەبیربچێتەوە"، وە بەپێچەوانەی مەیلی کورتەباس کۆمەڵانی کریکار و زەحمەتکێش بوورگاری خویان تیدەکوشن؛ و حەقانیەتی سوسیالیزمحاشای لێناکری؛ کورتەباس نەقشەی خوی بو خەیالاوی کردن و فریودان و چاوەڕوان راگرتنی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان بەم جۆرە دادەڕێژی:

" بوئیمە، دامەزراندنی سوسیالیسم ئەسلیکی زورگرینگە. بوگەیشتن بەو ئەسلەش ئیستا لە ئاسوی خەباتی گەلی کوردا ۳ قوناغی ئیستراتژیکمان لەبەرچاوە:

قوناغی یەکەم - وەدەسهینانی خودموختاری

پاش وەدەسهینانی خودموختاری، هەتاپیک هاتنی هەل ومەرجی پیادەکردنی سوسیالیسم دەبێتە قوناغی دووهەم... ئەگەر ح.د.ک.ئ بتوانی ئەو بەرنامەیەی ئیستا هەیەتی پاش وەرگرتنی خودموختاری لەماوەی ۲۵ ساڵدا جێبەجێ بکا سەرکەوتنیکی میژوویی یەکجار گەورەی وەدەستهیناوە ...

بەدووای جێبەجێ بوونی بەرنامەکەمان، دەسدەکەین بەدانانی بەرنامەیەکی تازە بو دامەزراندنی سوسیالیسم. ئەوە قوناغی سیهەمە"

بەپێی ئەو قوناغ - قوناغ کردنە، کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان نابێ لەئیستاوە خویان بو شورشی سوسیالیستی ئامادەکەن، نابێ دژی سەرمایەداران و سەرمایەراوەستن، نابێ دەسبدەنە خەباتی

چینایەتی (ئەگەریش تائیستا کردوویانە دەستی لێهەلگرن) ؛ چونکوو قوناغی ئیستا قوناغی یەکەمووەدەست هینانی خودموختاری . (لە حالیکدا کریکاری سوسیالیست ، کریکاریک کە هەرلە ئیستاوە بە بیروباوەرو ریکخراوی سوسیالیستییەوە خەبات دەکا ، دەتوانی شیلگیرترین کەس وهیزبوچارەسەرکردنی مەسەلەدیموکراتیکەکان بی) .

هەروەتر بەپیی ئەوقوناغ ـ قوناغ کردنە ، دووای وەدەس هینانی خودموختاریش ، کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان نابی دەس بدەنە خەباتی چینایەتی ودژی دەسەلاتی سەرمایەوسەرمایەداران راوەستن، چونکوو هیشتا بەرنامەکەی حیزبی دیموکرات پیادەنەکراوە و ۲۵ سالیتریش دەبی دەستەوەستان راوەستن. لەیەکەم چاوخشاندندا ، وابە نەزەر دەگات کە قسەی کورتەباس بوکریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان ئەوەیە کە تا ۵۰ سالی دیکە (۲۵ سال بوخودموختاری و ۲۵ سالی دیکەش بو پیادە کردنی بەرنامەی حیزبی دیموکرات) چاوەرووان بمیننەوە ، وە باسیک لەسوسیالیزم نەکەن، بەلام ئیمە ئیستا ئاشکرای دەکەین کە چونکە ۵۰ سالە سەردەکیشیتە ئەبەدییەت وکورتەباس سوسیالیزم دەکاتە ئارەزوویەکی ئاسمانی بو کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان ، ئارەزوویەک کە هەرگیز پیگەبشتنی بونیە .

بلاوکردنەوەی ئوتوپیای سەرمایەداری سەربەخو و پیشکەوتوو بەمەبەستی بەرگری کردن لەخەباتی سەربەخوی کریکاران.

باسەکانی کورتەباس بەگشتی ـ چەوکات کە باسی کوردستان دەکات و چ کاتیک کە باسی گیروگرفتەکانی دامەزراندنی سوسیالیزم لەشووراوی دادەکا ؛ لەبنەرەتدا لە دەوری دواکەوتوویی ئابووری وپیویستی گەشەدار کردنی سەرمایەدار- هخولیتەوە وکاکلەی قسەکەی ئەوەیە کە چونکوو کوردستان لەباری سەنعەتییەوە دواکەوتوە ، کەوایە بوکریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان سوسیالیزم دەست ناداوپیویستی یەکبەکاری کومونیستی لەنیوکریکاران دا وشورشی سوسیالیستی، نیە وەتازەمانیکوردستان خاوەنی سەنعەتی پیشکەوتووی ئەمسەردەمەنەبیت هەرجورە تەقەلایەکبوگەیشتن بەسوسیالیزم سەرلەبەردانە . بزانین بەرنامەی حیزبی دیموکرات

بو "پیک هیـنانی هەل ومەرجی گونجاو بودامەزراندنی سوسیالیزم" دەلی چی:

"۱۶- ریگای ئەسلی پیشکەوتنی ئابووری کوردستان وسەراسەری ئیران سەنعەتی کردنی ولات بەپی ی دەسکەوتەکانی زانست وتکنیک لەلایەک وپیدا ویستی و ئیمکاناتی سروشتی ولات لەلایەکی دیکەوەیە. پیک هیانی ئالوگوریکی بنچینەیی ئابووری و کومەلایەتی کە بو سەنعەتی کردن پیویستە یەکیکلەبنەرەتیترین ئەرکەکانی دەولەتی مەرکەزی و هەروەها حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

۱۷ - حکوومەتی خودموختاری کوردستان بەهوی بەشی گشتی ئابووری بەوە کە بەشی بنەرەتی بو پیشکەوتنی ئابووری یە، سەنعەتی پیشکەوتوو لە کوردستاندا دادەمەزریی و ..." (۱)

دامەزراندنی سەنعەتی پیشکەوتوو وگوریی حیگایەکی وەک ئیران و کوردستان بەوینەی ولاتیکی سەنعەتی ئوروپایی (لەچوارچیوەی نیزامی سەرمایەداری دا)، خەیالاتیکە کە لە ولاتانی دواکەوتوو و ژیردەستەی ئەمپریالیزمدا لەلایەن ئوپوزیسیونە بورژوایی یەکانەوە - وەک حیزبی دیموکرات- پەروەردە دەکری تا کریکاران و زەحمەتکیشان ریگای خەباتی سیاسی و چینایەتییان ونکەن و بەرانبەر بە نیرامی سەرمایەداری سەری تەسلیم دانەوینن. چ راستیەکانی دونیای ئەمرو و چ یاساکانی نیزامی سەرمایەداری سەردەمی ئەمپریالیزم خەیالی بوونی ئەم ئیددیعایانە دە سەلمینن.

تایبەتمەندی ولاتانی ژیردەستەی وەک ئیران بریتیە لە چەوسانەوەی توندوتیژی کریکاران و زەحمەتکیشان، پیشیل بوونی هەرچەشنە مافیکی دیموکراتیک و ئینسانی و رال بوونی دیکتاتوریەت و کونەپەرەستی. ئەمەیە جیگای ئیران لەکاریەش کردنی جیهانی ئەمپریالیزمدا؛ نیازی سەرمایەی ئەمپریالیستی بەوەدەست هیانی قازانجی زور و رەبەند؛ ئەم هەل و مەرجە پیک دینی. تەنانەت ئەگەر قسە لە سەنعەتیش بکری،

(۱) بەرنامەوپیرەوی نیوخوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. پەسندکراوی کونگرەی شەشەم لاپەرەی ۱۶ و ۱۷

نەرچەشنە گەشەکردنێکی سەنعەت ،هەربەپێی نیازی سەرمایەی ئەمپریالیستی وبوتوندوتیژکردنەوەی چەوسانەوەی کریکاران دیتەگوری . لیرەدا پیویستە ئەوە بلیین کە گورانی ولاتیکی وەک ئیران، بە ولاتیکی سەنعەتی ئوروپایی، لەگەل قازانجی سەرمایەی ئەمپریالیستی کە جلەوی ئابووری جیهانی بەدەستەوەیە ، ناتەبایی یەکی قوول وبەرینی هەیەوبویە تائەوکات نیزامی سەرمایەداری لەولاتیکی وەک ئیران دا بەرقەرارە،ئیمکانی شکوفابوونی سەنعەت بەوینەی ولاتانی ئوروپایی وجوودی نیە.(۱)

لەم سەردەمەدا ، لەسەردەمی ئەمپریالیزمدا ، تەنیا لەکومەلگایەکی سوسیالیستیدا ، گەشەی زوروزەبەندی هیزەبەرهەمهینەرەکان و سەنعەت، وە بەهرەمەندبوونی کومەلانی خەلک لە تەواوی دەسکەوتەکانی ماددی و مەعنەوی کومەل ئیمکانی هەیە.

لەئیرانیش دا (بەکوردستانەوە)، تاقەوەلامی شورشگیرانەی چینی کریکار بەنیزامی سەرمایەداری، سوسیالیزمە ، گەرچی بەهوی ژیردەستە بوونی ئیمپریالیزم دابین کردنی سوسیالیزم بەنیوان زنجیرەشورش و راپەرین گەلیک دا تی پەردەبی "کەبەشیوەی جوربەجور ری خوش کەری گەیشتنی چینی کریکار بە دیموکراسی وبەدەسەلاتی سیاسین"هەرجورە هەنگاو وئیسلاحاتیکی ئابووری ـ لەنەزەر چینی کریکارەوە ـ دەبی لەپیناوخوش کردنی ریگاوگەرمووگورترکردنی ئەم خەباتەسیاسی یەدا بی.

لەکوردستانیش ، بەهوی دواکەوتوویی زەقی ئابووری یەوە ، پرولیتاریا بو بەهیزکردن وگەشەپیدانی خەباتی سیاسی وچینایەتی، ئیقدامات و ئیسلاحاتیکی ئابووری فەوری بەسەر بورژوازی دادەسەپێ؛ ئیقدامات و ئیسلاحاتیک کەباری قورس و گرانی تەنگ و چەلەمەی کار و ژیانی جەماوەری زەحمەتکیش کەم بکاتەوە و پلەی ژیان و ریفاهی ئەوان بباتەسەری وە جەماوەری زەحمەتکیش بتوانن لەدەسکەوتەکانی تیکنولوژی وفەرهەنگ بەهرەمەند بن و زەمینەیەکی لەبار بو وشیار بوونەوە و

(۱) بروانە بەشی"۲ روون کردنەوە"

خەباتی سیاسی لەدژی ستەم وچەوسانەوەی سەرمایەداری پیک بی . لـــە ڕوانگەی کۆمەلەوە ، دەبی ئەم سیاسەتە ئاڕاستەیەکی بەسەر حکوومەتـــی خودموختاری کوردستان دا زال بی .

پرولیتاریای وشیاری کوردستان، یەکگرتوو لەگەل پرولیتاریـای وشیاری ئیران، هەرلەئیستاوە بیهیچ قەیدوشەرتیک وە لەهەموو هەلو مەرجیک دا - لە ژیر ڕابەری حیزبی خوی، بـو پیشـــەوە بـــەرەو دامەزراندنی ئازادی و بەرابەری و حکوومەتی کریکـــاری ، بـــەرەو سوسیالیزم - دەڕوا . وە هەر ئەندازە دیموکراسی و ئازادی و هـــەر ئەندازە ڕیفاهو ئیقداماتی ئابووری کە بوی بلوی ، دەکاتە تـوشە بو بەهیزکردنی ئەم خەباتە نەپساوەیە .

کاتیک کورتەباس سوسیالیـزم دەخاتە گرەوی دامەزرانی شتیکـی خەیالی (وەک تەبدیل بوونی کوردستان بەولاتیکی سەنعەتـی شیـــوە ئوروپایی) لەڕاستیدا بوئەوە تیدەکوشی کەخودی سوسیـــالیـزم لـە پیش چاوی کریکاران و زەحمەتکیشان بکاتە خەیال و ئارەزوویەک کە هەرگیزوەدی نەیە .کورتەباس بەئەنقەست لەڕاستیەکان وە لە زەمینەی ماددی سوسیالیزم - یانی نیزامی سەرمایەداری وهەبوونی چینی کریکار - حاشا دەکا وپەردەی بەسەردادەکیشی. وە لەباتی ئەو ، فیلبازانە تراویلکەو ئوتوپیا دادەنی. بەلام کاکل و جەوهەری بەرنامەی حیزبی دیموکـــرات چیە؟ بـــەرنامەی حیزبی دیموکرات کە ٢ خالیمان لەسەرەوە هینـاوە لەڕاستیدا بەرنامەیەکە بوپاریزگاری لەسەرمایەداری دەولەتی لـــە ئیرانی ژیردەستەی ئەمپریالیزم‌دا و دامەزراندنی حکوومەتیکی بوروکراتیک لە کوردستان لە چوارچیوەی ئەونیرامەدا . ئەمەیە ئەو "سەرکەوتنـە میژوویی‌یە یەکجار گەورەیەی" کە کورتەباس بەلینی‌دەدا. هەلسوورانی ئیستای حیزبی دیموکرات لەناوشووڕای میللی موقاوەمەت‌دا بودابین کردنی جمهووری یەکی دیکەی ئیسلامی - جمهووری "دیموکراتیکی "ئیسلامی- ومورکردنی تەرحی شوڤینی شووڕای میللی موقاوەمەت بو خودموختاری کوردستان بەشیکەلەو "سەرکەوتنە میژوویی‌یە یەکجارگەورەیە "ودیارگەیەکە لە "بەرنامەبوپیک هینانی‌هەلومەرحی‌دامەزرانی سوسیالیسم" !

بەلام کورتەباس بەحاشاکردن لەوجوودی چینی کریکار و بوونی پەیوەندی سەرمایەداری لە کوردستان، وەبەحەولدان بو پاراستن و هیشتنەوەی سەرمایە، نەتەنیا سوسیالیزم، بەلکوو دیموکراسیش دەکاتە وەهمو خەیالیک کەدابین کردنی بو نەبی.

لەولاتی ژیردەستەی وەک ئیران، پاراستنی سەرمایە ودەسەلاتی چینی سەرمایەدار، پیویستی بە پیشیل کردنی هەرجورە مافیکی دیموکراتیک و زال بوونی دیکتاتوریەت و کونەپەرەستی هەیە؛ لەم جورە ولاتانەدا، سەرکەوتنی هەرچەشنە جوولانەوەیەکی دیموکراتیک، وەدەستهینانی هەرچەشنە ئازادی و دیموکراسیەک ـ لە ئازادی دەربرینی بیروراوە بگرە هەتا بەرابەری مافی ژنان و پیاوان، لە ئازادی هەلبژاردنەوە بگرە هەتا بەرابەری مافی هەموودانیشتوان، وە ... ـ بەخەباتی چینی کریکاری سوسیالیستەوە گری دراوە، چینی کریکاریک کە هەر لە ئیستاوە بو سوسیالیزم خەبات دەکات، وە رادەی دیموکرات بوونی هەرهیزیکی سیاسی غەیرەکریکاری بەوە دیاری دەکریت کە تا چ رادەیەک نزیکایەتی لەگەل خەبات و تیکوشانی ئەو چینە هەیە.

کورتەباس بەحاشاکردن لەوجوودی چینی کریکار لە کوردستان، ئاشکرای دەکا کە سەرەرای هەموو وەعدەیەکی رەسمی بو ئازادی و دیموکراسی، سەرەرای شیعاری هەر روژەی: "دیموکراسی بو ئیران و خودموختاری بو کوردستان" نەدەیەوی و نەدەتوانی دیموکراسی و ئازادی دابین کات، بەلکوو بو بەریوەبردنی ئەرکی خوی، بوپاراستنی دەسەلاتی سەرمایە لە مەترسی خەباتی چینی کریکار، ئەویش پیویستی بە پیشیل کردنی ئازادی و دیموکراسی هەیە.

کردەوەی ئەم ۶ ـ ۵ سالەی حیزبی دیموکرات بە رووتی ئەم راستیانە هەر لە ئیستاوە نیشان دەدەن. بەمجورە ئیددیعای حیزبی دیموکرات بو دامەزراندنی دیموکراسی، هەروەک ئیددیعای ئەو بو دابین کردنی سوسیالیزم فیلبازانەیە و دەیەوی لەژیر پەردەی دیموکراسی وسوسیالیزمدا دژی هەردووکیان راوەستی و قازانج و بەرژەوەندی کریکاران و زەحمەتکیشان پیشیل کات.

کورتە باس لەچی دەگەری؟

کورتەباس لە تەواوی ئەو هەلگیرداگیرانەدا ئامانجیکی مەبەستە. ئەویش ئەوەیە کە لە ئیرادەو حوزووری سەربەخـوی کـریکـاران و زەحمەتکیشانی کوردستان لە خەباتی بی پسانەوەیان دژی نیـزامـی سەرمایەداری ودەولەتی بورژوایی، لەوە کەکریکارانی کوردستان خویان هەر لەئیستاوە چارەنووسی خویان بەدەستەوە گرن و بو رزگاری تی بکوشـن بەرگری بکات.

کاتیک کەئەو" لایەنگری زورشیلگیری سوسیالیسم"ە"لەپرولیتاریا دەعوەت دەکات کە سیستمی ئەو بەریوەبەرن وپی بنینە ئورشەلیمی نویی ئەولەواقیعدا چاوەروانی ئەوتەنیا ئەوەیە کە پرولیتـاریـالـە کومەلگای ئیستادا هەروابمینیتەوە، بەلام بیروباوەری قینـاوی خـوی سەبارەتـەم کومەلگایـە فری بدات"(١)

لەسیستمی کورتەباس دانابی کریکارانی کوردستان خویان ریک خـەن و لە دەوری حیزبی خویان کووەبن، چونکوو ئەوە حیزبی دیموکرات هەیە کە هەرچەند"حیزبی چینی کریکار نیە"، بەلام تونـد و تیـژتـر لـەوان "وەدووای سوسیالیزم کەوتووە" و " لایەنگری زور شیلگیری سوسیالیزمە". لەو سیستمەدا پیویست ناکا کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان دژی سەرمایەداران راوەستن چونکوو"لە کوردستان سەرمـایـەداریکـی ئەوتو بەرچاو ناکەوی"و"کوردستان لەگەل کومەلگایەکی سەرمایەداری فەرق و جیاوازی یەکی تەواوی هەیە" و " هەلگرتنـی دروشمـی دژی سەرمایەداری پیویست ناکات". لەوسیستمەدا کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان دەبی بەپیی بابی قەناعەتی گولستانی سەعدی بجوولینەوە، کاریکەن و بچەوسینەوە و ئەم ژیانە تالە بە مەیل و رەغبەتەوە قەبـوول کەن (دلینایش بن هەرکات، دووای ٢٥، ٥٠، ١٠٠، ... یاهەرچەنـد سەدسالی دیکە وادەی سوسیالیزم هات، حیزبی دیموکرات خوی بویان دادەمەزرینی).

(١) مارکس - مانیفیستی کومونیست. بەشی سوسیالیزمی بورژوایی.

ئەو سیستمە زنجیریکە کە دەیەوی دەست وپێی کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردستان بو گەیشتن بە دیموکراسی و سوسیالیزم ببەستێتەوە و سەرمایەداری لە مەترسی شورشی کرێکاران بپارێزی. لە حالێکدا سوسیالیزم بێ شورشی کومەلایەتی کرێکاران هەرگیز دانامەزرێ. چینی کرێکار بو رزگاری خوی و تەواوی بەشەرییەت هیچ ڕێگایەکی‌تری نیە جگە لەوە کە بە هێزی یەک گرتوو و سەربەخوی خوی، بەرانبەر بە سەرمایە ودەسەلات و دامودەزگا ویاسای سەرمایەداری ، خەبات بکا و ئەو پەری قارەمانەتی و لەخوبوردوویی بنوینی . کرێکاران ئەگەر خەبات نەکەن وئەگەر هەرچەشنە بیروباوەرێکی وردەبورژوایی و بورژوایی وەلانەنین، تا ئەبەد کویلە دەمێننەوە .

بەڵام کورتەباس لە هەل ومەرجێک دا دەنووسرێ وپەسند دەکرێ کە لە کوردستان وە لە جەرگەی شورشێکی دیموکراتیک ـ میللی دا ، خەباتی چینایەتی لەناوپرولیتاریا و بورژوازی کورددا تادی بەرین‌تر و قوول‌تر دەبێتەوە و کرێکارانی وشیار و کومونیست هەرچی زیاتر ڕێکخراو و بەهێزدەبن و مەودا بە بورژوازی کورد تەنگ دەکەنەوە . بوبە هەوڵوتەقەلای کورتەباس بو حاشاکردن‌لە وجوودی سەرمایەداری و چینی کرێکار لە کوردستان لە سیستم‌وتیۆریە بورژوایی‌یەکانی‌دا ، لە ڕاستی‌دا لەخزمەت پراتیک و عەمەلی ئەو دایە بو بەربەرەکانی لە گەل پرولیتاریای سوسیالیستی کوردستان لە مەیدانی خەباتی‌سیاسی و عەمەلی، وە لەدونیای واقیعی‌دا .

ئەم خەباتە سیاسی ـ چینایەتی یەلەنیوان بورژوازی وپرولیتاریای کوردستان‌لەکاتی‌ئیستادا لەبنەڕەتدا لەدەوری دیموکراسی وحاکمییەت (دەسەلاتی سیاسی) دەخولیتەوە وەدەروانیتە سەرنەوعی چارەنووسیکی سیاسی کە دەبی لەکوردستانی ئازادکراودا بیتەکایەوە : دەسەلات دارەتی دیموکراتیک وشورشگێرانەی حەماوەر بەهەموو ئازادی‌یەسیاسی یەکانەوە (کە پرولیتاریای وشیاری کوردستان‌بوی تی‌دەکوشی) یان دەسەلاتیکی بوروکراتیک کەهەرچەشنە مافیکی دیموکراتیک وئینسانی پی شیل بکات (کەبورژوازی کوردبوی تی‌دەکوشی وکورتەباس زمانی حەق ویژی ئەوە)؟

بەمجورە کورتەباس جگە لەوە کە لە نیزامی سەرمایەداری بەگشتی دیفاع دەکا وبوهیشتنەوەی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان لەم نیزامەدا تی دەکوشی ، دەیەوی لە ری بەری کردنی شـورشی ئیستای کوردستان لە لایەن پرولیتاریای کوردستانەوە بەرگری بکات وبەمکارە ری بەرایەتی خوی و سیاسەتەکانی بەسەر ئەم شورشەدا دابین وزەمانەت بکا . هەر بویە لە یەکەمین لاپەرەدا ، ئەو کاتکە دەیەوی بلـی بـو لایەنگری سوسیالیزم، دەلی :

"ئەو حیزبەی دەیهەوی جوولانەوەی گەلی کورد بەریوە بەری دەبی گیروگرفتەکانی کومەلایەتی لەبیرنەچیتـەوە دەنـا حیزبیکی دیکە پەیدادەبی کە ...

دژایەتی کورتەباس لەگەل دیکتاتوری پرولیتاریا :
دژایەتی چینی سەرمایەدار لەگەل چینـی کریکـار

کورتەباس لە هەر دیارگەیەکی سەربەخویی چینی کریکار و زەحمەتکیش - لەوحوودیانەوەبگرە هەتا حەیات و خەباتی سیاسیان - نیگەرانە . بەلام زورترین نیگەرانی و مەترسی کورتەباس ئەوکاتەیە کە قسە لە دەسەلاتی سیاسی چینی کریکار دەکری. کورتەباس بو ئەوەی خەبات وتیکوشانی راستەوخووئیستای کریکاران و زەحمەتکیشانیکوردستان خاوکاتەوە ئاسوی سەرکەوتنیان، بەرەش و تاریک نیشان دەدا :

" لایەنگری لە دیکتاتوری پرولیتاریا کە جارجار لە لایەن هیندیک لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتەوە دەبیندری، کاریکی بیقاعدەوبیجییە" (کورتەباس ل ٢٥)

هەلبەت ئەگەر مەبەستی کورتەباس ئەوەبی کەلایەنگری لەدیکتاتوری پرولیتاریا لەناو ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا کاریکی بیقاعیدە و بیجییە ، ئیمەش لەگەلی موافقین. بەراستی ئەگەر کەسیـک هەبـی و لایەنگری دیکتاتوری پرولیتاریا بی، کاریکی بیقاعیدەوبیجی دەکات ئەگەر لەناو ریزەکانی حیزبی دیموکراتدابی . بەلام مەبەستیحیزبی دیموکراتئەوەیە کە لایەنگری لە دیکتاتوری پرولیتاریا - لەنەفسی

خوی‌دا ـ شتیکی بی‌جی و بی‌قاعیدەیە.

" تەنانەت ئەگەر وەک مارکسیست یکیش چاو لە مەسەلەکە بکەین، بەهیچ جور لایەنگری لە دیکتاتوری پرولیتاریا وەک ئەسلیکی بی ئەم‌لاوئەولا نابی چاوی لی بکری" (۱)

کورتەباس پاشان دەست دەباتە ناو عەمباری رویزیونیزمەوە و بە کەلک وەرگرتن لە خەیانەت و دوژمنایەتی دەیان سالەی رویزیونیزمی رەنگاورەنگ بەتایبەت رویزیونیزمی نەوعی شووروەوی، بو سەلماندنی قسەکەی خوی تی‌دەکوشی:

" حیزبی کمونیستی گەورەی وەک حیزبی کمونیستی فەرانسە، چەندین سالە بەرەسمی دیکتاتوری پرولیتاریای رەدکردوتەوە ... بیجگە لە حیزبی کمونیستی فەرانسە، زورحیزبی کمونیستی دیکەش هەن کە هەر لەوبروایەدان" (۱) " تەنانەت ئیستا لە یەکیتی سوڤیەتی و لە ولاتە سوسیالیستی‌یەکانی دیکەش‌دا، باسی دیکتاتوری پرولیتاریا نەماوە"(۳) " لە کونگرەی بیستەمی حیزبی کومونیستی یەکیەتی سوڤیەت‌دا، باسی حاکمییەتی گەلی کراوە، وەئەم نەزەرە تائیستاش رەدنەکراوەتەوە" (۴)"[لەلایەن کی وە؟]

کورتەباس دەیەوی وانیشان بدات کە دیکتاتوری پرولیتاریا دیموکراسی خاشەبردەکات و"لەگەل بەرژەوەندی گەلانی ئیران‌ونەتەوەی کورد کە بەسەدان سال لەژیرستەمی ئیستبدادی ژیاون " و" زوریان پیویستی بە ئازادی و دیموکراسی هەیەو دەیانەوی ئازادبن و ئازاد بژین" نایەتەوە. بو نیشان دانی دروستی ئیددیعاکەشی لەشووروەوی نموونە دینیتەوە.

بەلام هیچکام لە ئیددیعاکان و نموونەکانی کورتەباس بەهانایەوە نایەن، بەلکوو راست‌پووچەل بوون و ناوەروکی دژی دیموکراتیک، و دژی کریکاری ئەو نیشان دەدەن.

---

(۱) کورتەباس ل ۲۵

(۲) و(۳) و (۴) کورتەباس ل ۲۵ و ۲۶

دیکتاتوری پرولیتاریا کە کورتەباس بەئەنقەست وەک "میرغضب" ناوی لێ دەبا، شتێک نیە جگە لە حکوومەتی کرێکاران، حکوومەتێک کە لەودا زوربەی هەرەزوری کۆمەڵ - چەوساوەکان - دەسەڵاتدارن، دەوڵەتن و چارەنووسی کۆمەڵیان بەدەستە. لەو حکوومەتەدا، خەبەرێک لە دامودەزگای بان سەری خەڵک و کونەپەرەستانە نیە، دیکتاتوری پرولیتاریا - حکوومەتی کرێکاران - دیموکراسی یە بۆکرێکاران وکۆمەڵی زەحمەتکێش و زوڕلێکراو، ئەمە نەوعی هەرەکامڵ و هەرە بەرزی دیموکراسی یە. بێ ئەو حکوومەتە سوسیالیزم دانامەزرێ. چینی کرێکارێک کە بە دەسەڵاتگەیشتووە، سەرمایەداران لە مالکییەتی خووسی دەسکوتادەکا و سەرمایە، کارخانە، بانک، وەتەواوی وەسایلی بەرهەمهێنان دەخاتە مالکییەتی تەواوی کۆمەڵ هەوە و تەواوی خەڵک لەنیعمەت و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بەهرەمەند دەکا و بەرابەری واقیعی لەنا و میللەتان، ئەفرادی کۆمەڵ، ژن و پیاو و ... پێک دێنی. بەڵام سەرمایەدارانێک کە لە دەسەڵاتی سیاسی وئابووری کەوتوون، هەدا نادەن و بۆ گەڕاندنەوەی بەهەشتی خۆیان دەس دەکەن بە پیلانگێران و تێدەکۆشن چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی بخەن و دونیای چەوسێنەرانەی کۆن، دونیای سەرمایەداری بژێنەوە. لێرەدایە کە چینی کرێکار دەبێ بە تەواوی هێریەوە، حکوومەتی خۆی بپارێزی و هەرچەشنە پیلان و دەس درێژی یەکی بورژواکان تێک بشکێنی. بچووکترین کەم تەرخەمی لە راگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا، داهاتوویەکی رەش بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش بەدووی خودا دێنی.

تەحرەبەی تاڵی شووڕەوی کە کورتەباس بەوپەڕی خوشیەوە نموونەی لێ دێنیتەوە، حەقانیەتی دیکتاتوری پرولیتاریا نیشان دەدا.

ئەگەر ئێستا لەوڵاتانی بەناوسوسیالیستیدا فەردناتوانی نەزەری خوی لەسەر حکوومەت بدات و کەس ناتوانی لەچاپەمەنی و رادیو تلویزیون دا ڕەخنە لە حکوومەت بگرێ، ئەگەر ئێستا کرێکاران و زەحمەتکێشان لە شووڕەوی و باقی وڵاتانی "سوسیالیستی"دا دەچەوسێنەوە، ئەگەر لەوڵاتی شووڕەوی سوسیالیزم بەرێوەناچی و وڵاتی

سوورەوی بوەتە ولاتیکی ئەمپریالیستی، لەبەر ئەوەیە کە کریکاران لەسەر حکوومەت نەماون و لەباتی دیکتاتوری پرولیتاریا، دیکتاتوری سەرمایە حاکمە وراستلە بەرئەوەکە:" تەنانەت لەیەکیەتی سوڤیەت و لە ولاتە سوسیالیستی یەکانی دیکەش دا، باسی دیکتاتوری پرولیتاریا نەماوە" و بورژوازی ئەمپریالیستی دەسەلاتی بەدەستەوە گرتووە و لەژیر ناوی سوسیالیزمدا پاریزگاری لە نیزامی سەرمایەداری دەکا. (۱)

جیگای حیزبی دیموکرات لەناو جیهانی بورژوایی دا.

دژایەتی کورتەباس لەگەل دیکتاتوری پرولیتاریا، دژایەتی چینی سەرمایەدارە لەگەل چینی کریکاروزەحمەتکیشوکورتەباس بەم باسە هاو - چارەنووسی ویەکیەتی چینایەتی حیزبی دیموکرات لەگەل بورژوازی جیهانی رادەگەیەنی.

کورتەباس لەدریژەی خویدا، جیگای حیزبی دیموکرات، لەناو دەستەبەندی یەکانی جیهانی بورژوایی دا دیاری دەکا و نیشانی دەدا کە سەر بەکام لایەنە:

"کەوابوو، ئیمە دەبی سوسیالیزمیک دامەزرینین کە دیموکراتیک بی..." "بو نموونە، ئیستا لە فەرانسە تاقی-کردنەوەیەکی تازە دەستی پی کراوە. دیارە جاری ناتوانین بزانین چاوەروان بین کە بەم زووانە، کومەلی فەرانسە لە بنەرەتەوە تووشی گوران بی، بەلام ئیستا حکوومەتی سوسیالیستی فەرانسە لەباری ئابووری وکومەلایەتی یەوە راست ئەوەی دەکا کە نەزەری حیزبی کومونیستی فەرانسەیە.. [وئەو تاقیکردنەوەیە] ئەگەر سەرکەوی دەبیتە نموونەیەک لەسوسیالیزمی دیموکراتی" (۲)

سوسیالیزمی دیموکراتیک، کە تەواوی ئوروکومونیستەکان- وەلە وانە حیزبی کومونیستی فەرانسە - بەدەستیانەوە گرتووە، بیر و

(۱) بروانە بەشی "۲ رووون کردنەوە" (۲) کورتەباس ل ۲۶و۲۷و۲۸

باوەڕیکی ڕوێزیونیستییە کە لەمێژسالە لەلایەن کۆمونیستەکانـــەوە ڕیسوابووە. دژایەتی لەگەڵ شورشی پرولیتـــاریا و دیکتـــاتـــوری پرولیتاریا، وە فریو دانی چینی کرێکاری ئورووپا بەوە کەلەڕێگای پارلمانەوە دەکری دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن، بەردی بناغـەی "سوسیالیزمی دیموکراتیکـە".

ئێستا حیزبە کۆمونیستەکانی ئورووپایی پاڕیزەرانی دەسەلاتـــی سەرمایەی ئەمپریالیستی لە ناوڕیزی چینی کرێکاری ئورووپادان.

لاساکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە سوسیـال دیموکراسی ئورووپا،٢کەرەتفیلبازانەوفریوە: یەکیان لەبەر ئـەوە کە لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریدا ئیمکانی تەبدیـل بـوونـی ئێران بە ولاتێکی سەنعەتی وەک فەرانسە نیە، وە ئەوی تریشیان لە بەرئەوە کە سوسیالیزمی دیموکراتیک لە بنەڕەتدا، خـوی هەمـان کۆمەڵگای ئەمپریالیستی ئورووپا - وە نەک سوسیالیزم - هـ.

هینانەگوڕی سوسیالیزمی دیموکراتیک لەلایەن کورتەباسەوە، لار بوونەوەی حیزبی دیموکراتبەرەو سوسیال-دیموکراسی ئورووپا وە بەگشتی ولاتانی ڕۆژئاوایە وبەمجـورە جێگـای ئـەم حیـزبە لـەنـاو دەستەبەندی یەکانی جیهانی بورژوازیدا، نیشان دەدا.

جەعفەری شەفیعی

۲ روون کردنەوە

۱) سەرمایەداری ، ئیستا وەک نیزامیکی ئابووری و کومەلایەتی، لەبانترین قوناغی خوی یانی لە قوناغی ئەمپریالیزم دایە. ئەمپریالیزم بووەتە سیستمی جیهانی سەرمایەداری ودابەش بوونی جیهان لەنیوان دەولەت و هیزە ئەمپریالیستیەکان‌دا،تەکمیل بووە.

ئەمپریالیزم لە ئاستی جیهان‌دا، بەپیی جەوهەری خوی، کاریەش گردنیکی بنەرەتی پیک هیناوە :

لە ولاتە ئەمپریالیستیەکان، سەرمایە بە شیوەیەکی لەرادە بە دەر کومابووە و کوبووەتەوە ،لەم ولاتانە ،ئەم سەرمایە زوروزەبەندە، بەهوی تایبەتمەندی یەکانی یاساکانی نیزامی سەرمایەداری یەوە - بە هوی ئەوە کە ئەو سەرمایەی سەرفی کارخانە و ماشین و کانگا و شتی وا دەبیت (سەرمایەی ثابت) زور زیاترە لەوەی سەرفی کرینی هیزی کاری کریکاران دەبی (سەرمایەی متغیر)، قازانج کەم دینی. وە هەتا سەرمایەی ثابت زیاتر پەرەدەستینی، قازانجی سەرمایەی ئەمپریالیستی مەیلەوکەمی دەروا . ئەوە خوی یەکیک لەناکوکیەکانی نیزامی سەرمایەداریە.

لیرەدایە کە سەرمایە بو پەیداکردنی زورترین قازانج لە ریگایەکی دیکە دەگەری: چوون‌بو ولاتانی ژیردەستە (وەک ئیران) ، کە لەوان‌دا هیزی زورو زەبەند و هەرزان بایی کریکاران‌وزەحمەتکیشان هەیەودەکری بە هەرزانی بیان کری ودەکاریان بکا ، سەرمایەی ئەمپریالیستی لەم‌جورە ولاتانەدا ، بەهوی هەبوونی ئەم هیزە فراوان وهەرزانە ، (وە بەهوی لە خوارەوە بوونی تەرکیبی ئورگانیکی سەرمایە یانی نیسبەتی $\frac{\text{سەرمایەی ثابت}}{\text{سەرمایەی متغیر}}$) قازانجیکی پی دەگا کە هیچ کات

لە ولاتەکەی خوی‌دا پیی ناگات .

بو راگرتنی ئەم هەل ومەرجە لەبارە (لەبار بو سەرمایەی ئەمپریالیستی)، یانی بو راگرتنی کریکاران و زەحمەتکیشان لە فەقیری وهەژاری‌دا بەجوریک کە هەمیشە ئامادەبن بەکەمترین کری زورترین کاربکەن، پیویستە ئەم کریکارو زەحمەتکیشانە ، لەهەرچەشنە مافیک ، لە هەرچەشنە دیموکراسی وئازادی یەک بی بەش بن، بویە دەولەتانی ئەمجورە ولاتانە دەبی سەرەرو ودیکتاتوربن و هەرجورە بزووتنەوەیەکی شورشگیرانە ودیموکراتیک شەلالی خوین کەن یانی پاراستنی سەرمایە پیویستی بە دیکتاتوریەت وکوتەپەرەستی هەیە .

لە وەزعیکی ئاوادا ، نەتەنیا سەرمایەی ئەمپریالیستی،بەلکوو هەرنەوعە سەرمایەیەکی دیکەش لە ولاتانی ژیردەستەدا ، لەبەروبووی چەوساندنەوەی ئەو هیزە فراوان و هەرزانە دەخوا . لیرەدا ، هەموو بەشەکانی سەرمایە- بەانحصاری و غەیرە انحصاریەوە - لە چەوساندنەوەی توندوتیژی کریکاران‌دا شەریکن و پشتیوانی یەکترن . بەواتەیەکی ترسەرمایەیەک کە دژی ئەو سیستمە بیت ناتوانی وجوودی بی. لەمجورە ولاتانەدا ، گەشەکردن یانەکردنی سەنعەت ، پیک هاتنی فلان کارخانە یان پیک نەهاتنی بەپیی نیەازی سەرمایەی ئەمپریالیستی، بەپیی وەدەست هاتنی زیدە- قازانجی (فوق سود) سەرمایەی ئەمپریالیستی بریاری لەسەر دەدری. بویە دەلیین لە سەردەمی ئەمپریالیزم‌دا ، تەبدیل بوونی ولاتیکی ژیردەستەی ئەمپر- یالیزم بەولاتیکی سەربەخوی سەرمایەداری کەلەویدا سەنعەت دوور لە بەرژەوەندی مونوپولەکانوە لەپیناو بەهرەمەندکردنی کومەلانی خەلک گەشەبکات خەیالە .

بو ئاگاداری لەم مەسەلەیە سەرنجتان بو نامیلکەی "ئەفسانەی بورژوازی میللی و پیشکەوتنخواز" نووسراوی هاوری مەنسووری حیکمەت رادەکیشین.

٢) ئاغای کەریمی حیسامی، لە "لیکولینەوەی کورتەباسیک لە سەر سوسیالیزم"دا ، لە رووانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئەمپریالیزمی

شوورەوی یەوە ، رەخنە لە لاربوونەوەی خیزبی دیموکرات بەرەوسوسیال ـ دیموکراسی ئوروپا دەگریت . "لیکولینەوە" ، لەدیفاع لەشوورەوی دا دەلی:

"ئاشکرایە ئیستا لە یەکیەتی سوڤیەتی چینەکان وەک چینی جیاواز نەماون، دیکتاتوری پرولیتاریا ئەرکی خوی بەجی گەیاندووە ، چینی جیاوازی لەبەین بردوون و سوسیالیزمی پی گەیشتووی دامەزراندووە و خوشی ئیتر نەماوە" .

ئەو سوسیالیزمی پی گەیشتووی کە "لیکولینەوە" باسی دەکا ، یانی ئەمپریالیزمی شوورەوی، هەمانە کە چ لە شوورەوی و چ لە ولاتانی دیکە بەتایبەت ولاتانی ژیردەستە خەریکی چەوساندنەوەی کریکاران وزەحمەتکیشانە . لەدابەشکردنی ئەمپریالیستی جیهان دا بەشدارە ، ولاتە بچووک ولاوازەکان دەکیشیتە ژیرکوت وبەندی خوی و مەنتەقەی ژیرنفووزی خوی پەرەپی دەدا ؛ وەماشینی شەرومیلیتاریزمیکی بەرینی پیک هیناوە .

شوورەوی پالپشتی رویزیونیزمی مودیرنە لە جیهانداوچ لەباری ئیدئولوژیکەوە وچ لەباری سیاسی ونیزامی ومالی یەوە ، یارمەتیدەری رویزیونیزمە لە بزووتنەوەی چینی کریکاری جیهانی دا .

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 25 | بەفرانباری _1366 | ژانوویەی_ 1988

قوتابیانی تیکۆشەری کوردستان!

هەول بدەن ئەم شیعار و داخوازی یانە بکەن بەشیعارورداخوازی سەراسەری قوتابیان لە هەموو مەدرەسەکانی کوردستان و بەهینانە مەیدانی هیزیەکگرتوو و یەکپارچەی خۆتان بەسەر رژیم و بەکریگیراوانی سەرکوتگەریان دابسەپینن.

*نەحیجابی ئیسلامی! نەلیباسی نیزامی!

*هەرچەشنەدرس و مەشقیکی نیزامی و رژیم لە مەدرەسەکان قەدەغەیە!

* ئەو پوولەی لەبری ناونووسین ولەبری کتیبی دەرسی لە قوتابیان ئەستیندراوە، دەبی پییان بدەریتەوە و خەرجی فیرکردن و بارهینان دەبی بەتەواوی لە بووجەی دەولەتی تەئمین بکری!

* باری باج و خەراجی جەنگی و هەموو ئەو شتانە کە رژیم بەناوی شەرەوە و بەهەر بیانوویەک بەسەر قوتابیانی دا سەپاندوە، دەبی لە سەر شانیان هەلگیری!

* هەرچەشنە رەسم و یاسایەکی مەزهەبی زۆرەملی لە مەدرەسەکان، دەبی هەلوەشیندریتەوە!

* وەرگرتنی هەرچەشنە تعهد و بەلینیک لە قوتابیان، چ لەکاتی ناونووسینیان دا و چ دواتر، قەدەغەیە و دەبی هەلوە شیندریتەوە!

* هەرچەشنە دەخالەتیکی پولیسی و پشکنینی بیروباوەر لە مەدرەسەکان، دەبی هەلوەشیندریتەوە!

*مەزهەب دەبی لە فیر کردن و بارهینان جیابی و دانانی هەرچەشنە دەرسیکی مەزهەبی لە بەرنامەی رەسمی مەردەرسەکاندا، قەدەغەیە!

شەری ئێران و عێراق لە سەرەتای هەشتەمین ساڵی خۆیدا

لە چەند مانگی رابووردووا دووزنجیرە ئال و گۆڕی گرینگ کە پەیوەندیان بەشەری ئیران و عێراقەوەبووە، رووییان داوە، یەکەمین لایەنی ئەم ئال و گۆڕانە، هەلگرتنی ئەو هەنگاوە سیاسی یە دیپلوماتیکانە بووکە هەموو دەولەتە ئەمپریالیستی یەکان لەسەری هاونەزەر بوون و راشیان گەیاند کەبەمەبەستی کۆتایی پێ هینانی شەری 8ساڵەی ئیران و عیراق هەلگیراون، دەرکردنی بریارنامەی 598ی شووڕای ئەمنییەتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەفەری"پرزدوکویەیار"بۆ ئیران و عیراق، وە ئەوە کە رژیمی جمهووری ئیسلامی ئەمجار، بە پیچەوانەی جارەکانی پیشوو، ئەم هەنگاوانەی بەبیانووی وەک ئەوەکە ئەمە "سولحی دا سەپیندراوە" رەت نەکردوەتەوە بەلکوو" خامنەیی" ی ناردوەتە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنییەت، لە جوملەی ئەو ئال و گۆڕانەن کە باسیان کرا.

هەرلەم زەمینەیەدا مەسەلەیەک کەرەنگە لەومەسەلانەی لەسەرەوە باسیان کرا گرینگتر بی ئەوەیە کە گۆیا"پرزدوکویەیار" تەرحیکی پی یە کەبەپیی پیشنیارەکانی "کویت" و" عەرەبستان" ئامادەکراوەو شووڕای ئەمنییەتیش لەم بابەتەوە دەسەلاتیکی تایبەتی پیداوە جمهووری ئیسلامی رایگەیاندوە ئەم تەرحە لە بریارنامەی 598باشترەو جیگای ئەوەی هەیە قسەی لەسەر بکری.

بەڵام ئەمانە تەنیایەکەمین لایەنی ئال و گۆڕەکانی ئەم دوایی یانەبوون. لایەنەکەی تری ئال و گۆڕەکانی ئەم دوایی یانە بریتییە لە هاتنی کەشتیەیە جەنگی یەکانی ئەمریکا و چەندین دەولەتی ئەمپریالیستی دیکە بۆ خەلیج، تیک هەلچوونی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و هیزەکانی ئیران لە ماجەرای کەشتی "ئێران – ئەجر"دا، هیرشی ئەمریکا بۆسەر دوو سەکوی نەفتی – نیزامی ئیران لە خەلیج، وەلەبەرانبەر ئەمانەدا مین نانەوەی ئیران لە خەلیج و مووشەک باران کرانی هەندیک لە دەزگانەفتییەکانی کویت لە لایەن جمهووری ئیسلامییەوە.

ئەو دوزنجیرە ئال و گۆڕە کە لە سەرەوە ئیشارەیان پیکرا هەندیک پرسیاری لەم چەشنە دیننە گۆڕ کە ئایا دەولەتە ئەمپریالیستییەکان بەتەمان شەری ئێران و عێراق کوتایی پی بینن و بۆ ئەمە دەست بەکار بوون؟ ئەگەر بە تەمان کوتایی پی بینن، ئایا هاتنی کەشتی یەجەنگییەکان تیک هەلچوونەکانی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و جمهووری ئیسلامی بە مەعنای ئەوەیە کە دولەتی ئەمریکا – وەک" واین بیرگیر" کاتیک هات بۆ خەلیج باسی کرد – بەتەمای رووخاندنی جمهووری ئیسلامییە؟ ئایا ئەوە کە جمهووری ئیسلامی لە هەندیک حەرەکەتی خۆی دا وای نیشان دا وەخوازیاری کوتایی پی هاتنی شەر بە مەعنای ئەوەیە کە ئەو پیشنیارانە بۆ کۆتایی پی هاتنی شەرقەبوول دەکا؟ یان ئەمریکاییەکان دەیانەوی لە باری نیزامی یەوە فشار بۆ جمهووری ئیسلامی بینن و بەم جۆرە ناچاری بکەن کۆتایی بە شەربینی؟

بۆ کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێران کە لەسەرەتای دەسپێکردنی ئەم شەرە هەشت ساڵەیەوە جگە لە قوربانی بوون، ئاوارەیی، هەژاری و خەفەقانی پشووبری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم شەرە هیچیان پی نەبراوە، هەروەک ئیمە گەلیک جار تەئکیدمان

←

بۆریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەری شەفیعی

رۆژی 9ی خەزەلوەر لە کوردستان جەنازەی هاوری جەعفەر لە نیو ئالقەی سەدان پیشمەرگە و ئالای سووردا بەدرەقە کرا و لە نیوپەژارەی کۆمەڵیک لە هاوریانی حیزبی و زەحمەتکیشان دا، ئەسپەردەکرا. ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال، بانگەوازی یەکیەتی و هاوپشتی جیهانی چینی کریکار، دەستی پیکرا و پاشان بۆ ریز گرتن لە یادی هەموگیان بەخت کردووانی ریگای سوسیالیزم و ئازادی دەقیقەیەک بی دەنگی راگیرا، لەم مەراسمەدا نوینەرانی ریکخراوەکان شەخسییەتە ئیرانی و کوردستانییەکان بەشداربوون، هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و سکرتیری یەکەمی کۆمەڵەش لەو کەسانەبوو کە لەو مەراسمەدا سەبارەت بە دەوروجیگا وشوینی هاوری دوکتور جەعفەر قسەی کرد.

بەشوین ئەو روودواوە دلتەزینەدا گەلیک پەیام و نامە بۆ دەربرینی هاوەردی و سەرەخۆشی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردراون جگەلەمە، لە دەرەوەی ولات بە کوششی لایەنگران و دوستانی حیزب لە شارەکان و ولاتانی جۆراوجۆر، چەندین مەراسم بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەر پیک هینران لەو کۆبوونەوانەدا جگە لە لایەنگرانی حیزب لە دوستانی تریش بۆ نیشاندانی هاوەردی و هاودلی بەشداریان کرد. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەوە راگەیاندنیکی کورتی بڵاو کردوەتەوە: بروانە لاپەری 5

راگەیاندن سەبارەت بەگرتنی پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە رۆژەکانی ئاخری مانگی خەزەلوەری 1366داگیرا پلینوم بەسروودی ئەنترناسیونال و بەریز گرتن لە یادی هاوریی ئازیز دوکتور جعفرشفیعی، کۆمۆنیستی شۆڕشگێروئەندامی بەرزی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها یادی هەموو گیان بەختکردوانی ریگای شۆڕشی کرێکاری، دەستی بەکار کرد پیش دەسپێکردنی دەستووری کۆبوونەوەکان، پلینوم یەکیک لە هاوری یانی جیگری کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەندامەتی قەتعی ئەو کۆمیتەیە هەلبژارد و ئایین نامەی کۆبوونەوەکانی پلینومی پەسەند کرد.

دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم بریتی بوون لە:

1–گوزارشەکان

2– چند بریارنامەکە لە لایەن ستادی سیاسی یەوە پیشنیاردەکران

3– چەند خالیک لەسەتەداڕەکی کۆنگرەی سیهەمی حیزب

4– هەلبژاردنی ئورگانەدایمی یەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەماوەی نیوان دوو پلینوم دا .....

بروانە لاپەری 9

بریارنامە سەبارەت بە : ریکخراوە جەماوەریەکانی چینی کریکار شووڕا، کۆبوونەوەی گشتی،سەندیکا

لەبەرئەوەی:

1– ریکخراوە جەماوەریەکریکاریەکان، لە پال ریکخراوە حیزبییەکانی چینی کریکار، بناغەیەکی سەرەکین بۆ خەباتی چینایەتی کریکاران، وەپیشرەوی سەرکەوتن لەو خەباتەدا بەبی پیک هاتن و بەهیز بوونی ئەم ریکخراوانە و یەکگرتووبوونی بەرینی کۆمەڵانی چینی کریکار لەو ریکخراوانەدا، ئیمکانی نیە،

2– چینی کریکاری ئیران لە میژووی خۆی دا ریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا و ئیدامەکار مەحرووم بووەوەنەبوونی ئەم ریکخراوانە ئیستاش یەکیک لە کەم و کووریەیە سەرەکی یەکانی خەباتی چینی کریکارە لە دژی بورژوازی پرولیتاریای ئیران بۆ دەخالەت کردنی کاریگەرتر لە ئال و گۆڕەسیاسی – کۆمەڵایەتی یەکانی دا هاتوودا و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەوری میژوویی خۆی، دەبی ئەم کەم و کووری یە لەنیو بەری. بروانە لاپەری 6

خەباتی جەماوەری کورتەیەک لە خەبات و ئیعترازی کۆمەڵانی زەحمەتکیشی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژبە شورشەکانی جمهووری ئیسلامی

ل7

یارنامە سەبارەت بە: هەندیک لایەنی گرینگی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە ئاستی جیهانیدا

یەکیک لە پیویستییەکانی پیشرەوی بەرەووەدی هینانی ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیست بریتییە لەبەرەوپیش بردنی تیکۆشانیکی بەردەوام لە مەیدانی جیهانی دا بەمەبەستی روشن کردنەوەی چوارچیوەی گشتی ئەم تیکۆشانە و هەندیک لە گرینگترین لایەنەکانی تیکۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهانی دا، یانی پەیوەندی لەگەڵ ریکخراوە غەیرە ئیرانی یەکان، هەلویستمان سەبارەت بە ریکخراوەکریکاریەکان و ئەرکەکانمان سەبارەت بە ئیرانیانی نیشەجیی دەرەوەی ولات، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە تەئکیددەکا.

1) بنەماکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە ئاستی جیهانیدا

تیکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانیدا گەلیک لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە دەکەونە ئەم چوارچیوەگشتی یەی خوارەوە: .....بروانە لاپەری 9

بریارنامە سەبارەت بە: حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیجی فارس

لەبەرئەوەی

1)هاتنی کەشتیە جەنگییەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، لەلایەن ئەمپریالیستەکانەوە لە ژێر هەربیانوویەک دا پاساوبکری، لەبنەرەتەوە بەمەبەستی پتەوکردنەوەی دەسەلاتی ئەمریکا و قورستر کردنی پارسەنگی ئەمریکالە ململانیی بلووک و ولاتە ئەمپریالستییەکاندا، سەقامداربوونی ولاتانی کۆنەپەرست لە ناوچەکە، تووندبوونەوەی کوت و بەندی دیلی هینەری ئەمپریالیستی و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەترسی بوحران و ئاخیزی شورشگیرانە لە دژی وەزعی مەوجوودە، وەپیش هەموشتیک چینی کریکار و خەلکی زۆرلیکراوی ناوچەکەی کردوەتە نیشانە،

2) ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی ئەوەکە رژیمی جمهووری ئیسلامی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە خزمەت بەرژەوەندە بنەرەتی یەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم دا کاری کردوەو هەتا ئیستاش هەر خەریکی سات و سەودا و معامەلەی ئاشکرا و نهینی لەگەڵ .....

بروانە لاپەری8

لەسەر کردوە، ریگا چارەی واقیعی لەبەرانبەر ئەم وەزعییەتەدا بریتیيە لە کوتایی پی هینانی دەس بەجیی شەر و توندوتیژ کردنەوەی خەبات بۆ رووخاندنی رژیمی جمهووری ئیسلامی.

بۆ کرێکارانی ئێران (وەبەگشتی بۆ هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە) کە تاقەریگای رزگاربوونیان سوسیالیزمە، وەیەکەمین ئەرکیان لەم ریگایەدا رووخاندنی رژیمە کۆنەپەرستانەی سەرمایەداریيە، تێگەیشتن لە ئال و گۆرەکانی ئەم دوایی یانە بە مەعنای تێگەیشتن لە ئال و گۆرانەیە کە لە ئوردووگای دوژمنانیان دا، لە ئوردووگای دژبە شۆڕشی جیهانی دا، وە لە ئوردووگای جیهانی ئەمپریالیستەکان و دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا رووەدا.

ململانی ئەمپریالیستییەکان لە رۆژ هەلاتی ناوەراست و دەوری شەری ئێران و عێراق. رۆژهەلاتی ناوەراست یەکیک لە گرینگترین مەیدانەکانی ململانیی نیوان "رۆژهەلات" و "رۆژئاوا"یە بەگشتی، رۆژ هەلاتی ناوەراست مەنتەقەی دەسەلاتی ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا" یەوپاش شەری دووهەم و بەدوای هەلچنرانی ئیستعمار و وەدەرنرانی بریتانیادا، بەتایبەت مەنتەقەی نفووز و دەسەلاتی ئەمریکا بووە. بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە لە سنوورە جنووبی یەکانی شوورەوی نزیکە، لە روانگەی "رۆژئاوا" و ئەمریکاوە ناوچەیەکی گرینگی ستراتژیک و نیزامی بووە. قازانجی ئابووری زۆرو زەبەندی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ سەرمایە ئەمپریالیستییەکانی "رۆژئاوا" ودەوری نەفت و... هیچ پیویستی بە باسکردن نیيە. شوورەوی ئەگەرچی لە چاو ئەمپریالیستەکانی رەقیبی قازانجیکی ئابووری ئەوتوی لەم ناوچەیە دەس ناکەوی، بەلاّم بەهەرحال ئەوەی بەلاوە گرینگ بووە کە ئەم قازانج و بەرژەوەندەی خۆی (زیاتر بە شکلی پەرەپیدانی بازرگانی) پەرەپی بدا. بەلاّم هەر لەبەرئەوەی شوورەوی دراوسیی ئەو ولاتانەیە، لەباری ستراتژیک و نیزامییەوە ئەوناچەیەی بەلاوە زۆرگرینگە و هەمیشە هەولیداوە جیگا پیيەکی سیاسی قایمتر لەو رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ خۆی بدوزیتەوە و خۆی وەک هیزیکی سەرەکی و کاریگەر لە ناوچەیە سەقامگیربکا (بۆ نموونە هەولدانی شوورەوی بۆ ئەوەکە لە کیشەی نیزامیی ئیسرایيل و ولاتەعەرەبەکان دا وەک هیزیک کە دەبی حیسابی لەسەربکری بەرسمی بناسری). مەسەلەی ئەفغانستانیش لە دەسالی رابوردوودا بووەتە هۆی ئەوەکە چونیەتی هەلویستی شوورەوی بەرانبەر بە ناوچەیە گرینگی و ئەهمییەتیکی زیاتر پەیدابکا. هەروەها بەوە کەسەر کردەیی ئەمپریالیزمی ئەمریکا لە بلووکی ئەمپریالیستی "رۆژئاوا"دا بەرەو کزی چووە باقی ولاتە ئەمپریالیستییەکانی ئەم بلووکەوەک فەرانسە و ئینگلیس و ئالمان و ژاپون هەرکامیان لە قەدەرخوی جیگای شوینیکی ئابووری (وتارادەیەک سیاسی) تازەیان وەدەست هینا وەکەبەگشتی بە قیمەتی کەم بوونەوەی بەشی ئەمپریالیزمی ئەمریگا لەوناوچەیە تەواو بووە بەمبۆنەوە لە ناوچەکەدا هەندیک ئامانج و هەلویستی سیاسی جیاواز لە ئەمریکایان رەچاو کردوە.

بەلاّم ئەو شتەکە رۆژهەلاتی ناوەراست لانی کەم ناوچەی خەلیج –ی کردبوو هەریمی دەسەلاتداریتی قەتعی ئەمریکا بە شورشی ئێران و رووخانی شازیانیکی قورسی پی گەیشت. لە دەسالی رابوردوودا دوای رووخانی شا، هیزیک کە دەسەلاتی ناوچەکەی بەدەستەوە بی لە مەیداندا نەبووەوئەمە بۆشایی یەکە کە هیشتا بەپڕ نەبووتەوە. ئەوە کە شادەیتوانی دەسەلاتی ناوچەکەی بەدەستەوەبی بەهۆی ئەم سیاسەتەی نیکسون بوو کە (بەتایبەت بەتەجرەبەی و یتنام) لە جیاتی حوزووری راستەوخۆی سیاسی – نیزامی ئەمریکا دەولەتە محەللییەکانی دەهینایەمەیدان کەئەو دەولەتانە بتوانن خۆیان بە دەسەلاتی تەواوەوە بەرژەوەندی ئەمریکا بەپشت ئەستووی هیزی دەولەتیکی ناوچەیی بپاریزن شاوەک ژاندارمری ناوچەکە ئەو ئەرکەی بەباشی وەئەستوگرت هەموو بورژوازی ئێرانی لەوپلەوپایە موناسبە بەهرەمەندکرد. ناسیونالیزمی گەندەل بووی ئێرانی لەوسەردەمە هەلچوونیکی تازە بە خووە دیت و وەک هیزیی پیشتیوانەی شاهاتەمەیدان.

رووخانی شائەو بوشایی یەی لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیزم لە ناوچەکەداپیک هینا. لەباری نیزامییەوە ئامریکا و هاوپەیمانە ئمپریالیستەکانی هەوڵیان دا بەپیک هینانی"هیزی بەرەنگاری خێرا" (کەدواترناوی نرافەرماندەیی مەرکەزی)، بەدانانی چەند بنکەیەک لە "مصر" و "سودان" و "عمان"لانی کەمی هیزیک بۆبەرەنگاری نیزامی بەرانبەر بە هەرەشەی ئیحتیمالی نیزامی شوورەوەی تەئمین بکەن و ئەم کارەشیان کرد، بەلاّم بۆشایی دەسەلات لەباری سیاسی و تەنانەت نیزامییەوە هەروالەناوچەکەمایەوە.

شەری ئێران و عیراق، دەکری بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بۆشاییيەکە دوای رووخاندنی شا لە ناوچەکە دا پیک هات و هەروەها بەلەبەر چاوگرتنی هەول و تەقالای دوودەولەتی ناوچەکە بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشایی یەو وەدەست هینانی سەرکردەیی، بدریتە بەر لیکولینەوە و روون بکریتەوە.

لەروانگەی بەرژەوەندی سیستمی سیاسی ئەمپریالیستی لە ناوچەکەدا، شەری ئێران و عیراق مەیدانیک بووە کە ئەو ئیمکانەی بەلایەنی سەرکەوتووی شەرەکە دەدا کە وەک هیزی زال ودەسەلاتداری ناوچەکەکە لە کوورەی ئەم شەرەبیتەدەر. لە یەک دوو سالی سەرەتای شەرەکەداوا بەرچاو دەکەوت کە هنگە ئەگەر عیراق سەربکەوێ و تەئسیربکاتەسەر شکل گرتنی رژیمی جێ نشینی جمهووری ئیسلامی، بتوانی ئەم دەورە– کەدەوری ریبەرایەتی جیهانی عەرەبیشی بەشوینەوەبوو– بگریتە ئەستو بەلاّم بەخیرایی دەرکەوت کە عیراق بەو توانا نیزامییە وە کە لە قەدەر ئیمکاناتە جوغرافیایی یەکەی و ژمارەی نفووسی و توانا ئابووری یەکەی بوو، ئەوەی لی چاوەروان ناکری، بەهاری سالی 1361 و پاشەکشەی عیراق لە "خرمشهر" کوتایی ئەو قوناغەی شەرەکە بوو.

لە سالی 61بەم لاوە، پاش ئەوەی جمهووری ئیسلامی بودەورەیەک شەری وەک ئامرازی سەرکوت کردنی شورش لە ناوخۆی ئێران دا بەدەستەوە گرت، بەدا مرکاندنەوەی بوحرانی شورشگێرانە و بە پا لاواتن و پتەوکردنەوەی تاقمی دەسەلاتدار، شەری وەک ئامرازیک بەدەستەوە گرت هەتا بە ئەمپریالیستەکان نیشان بداتوانایی و لیهاتوویی ئەوەی هەیە دەوری هیزی سەرکردەلە ناوچەکەدا بگریتە ئەستو رژیم جمهووری ئیسلامی لەو قوناغەی شەردا هەولیدا بەشکل پیدان و گرساندنی جەریانیکی پان ئیسلامیستی لەناوچەکەدا هیزیکی تازە بینیتە نیو حیساباتی ناوچەکە و خۆی وەک ئالا هەلگری ئەوپان ئیسلامیزمە لە سایەی ئەو پلەو پایەو جیگا و شوینەدا کە پرکردنەوەی بۆ شایی دەسەلاتی ناوچەکە پاش رووخانی شا دەیتوانی بۆی پیک بینی، لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیزمی "رۆژئاوا" دا جیگایەکی قایم و سەقامدار وە دەست بینی.

بن بەستی شەری ئێران و عیراق و یەک گرتنەوەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان

خەسلەتی سەرەکی قوناغی ئیستای شەری ئێران و عیراق، ئەوەیەکە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە لەربەست بووە جمهووری ئیسلامی کە لە سالی 1361بەم لاوە توانیبووی لە مەیدانەکانی شەردا بارەکەبگوری، بەهینانەمەیدانی هەموو توانایی یە ئابووری و نیزامییەکانیشی نەیتوانی سەرکەوتنیکی چارەنووس ساز وەدەست بینی بەپیچەوانەی ئیددیعاکانی کار بە دەستانی نیزامی و سیاسی جمهووری ئیسلامی کە پەیتاپەیتا دووپات دەکرینەوە–وەیاڕێک هەربەهۆی ئەوەی ئەم ئیددیعایانە گەلیک جار دوو پاتەوچەندپاتە کراوتەوە–کە گویا دواین هیرش و سەکەوتن نزیکە، ئەوە راستی یەکی حاشا هەلنەگرە کە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە ناتوانی بە سەرکەوتن بگا.

ئەگەر لە روانگەی ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" وە شەری ئێران و عیراق مەیدانیک بوو کە تیيدا شانسی ئەوەی هەبوو کە بە سەرکەوتن لە شەردا ببیتە هیزیکی بە توانا و دەسەلاتدار ناوچەکە و لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیستی دا بۆشایی یەکی گەورە پریکاتەوە، ئیستا کە دەرکەوتوە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە گەیشتوەتە بن بەست، ئیتر ئەم شەرە ئەو حیسابەی جارانی لەسەرناکری دریژەی ئەم شەرە لەم وەزعییەتەی ئیستای دا نەک هەر ئەو دەورو جیگایەی پیشووی بۆ ئەمپریالیستەکان نیيە، بەلکوو تەئسیری پیچەوانەی هەیە. یانی دریژەی ئەم شەرەخۆی بووەتە هویەک کە ئەم نیمچە"سبات" و "هیمنایەتی" یەی ئیستای ناوچەی خەلیج و بەگشتی رۆژهەلاتی ناوەراست تووشی مەترسی دەکا.

بن بەستی نیزامی ئەم شەرە، لەباری سیاسی یەوە بۆ ناوچەکە بە مەعنای ئەوەیەکە پان ئیسلامیزم نەیتوانیوە هیزیکی ناوچەیی دەسەلاتدار و نەزمیکی سیاسی جیاواز لە ناوچەکەدا پیک بینی بەلاّم دریژەی ئەم شەرەو تەقالای جمهووری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە چوارچیوەی ئیران داخوی نەبەستیتەوە و لەودیوی سنوورەکانی ئیرانیش شوین ئامانجەپان ئیسلامیستییەکانی خۆی بگری، بووەتەهۆی ئەوەکە جەریانیکی پان ئیسلامی لەولاتانی عەرەب و "موسولمان"ی ناوچەکە بەرانبەر بە دەولەتەکانی ئەو ولاتانە شکل بگری و لە داهاتووش دا بمینیتەوە. وجوودی ئەم جەرەیانەپان ئیسلامیستییە لە ناوچەکە و لەزۆربەی ولاتانی عەرەب، رژیمەکانی ئەو ولاتانەتووشی چەندبەرەکی دەکا و کەلین دەخاتە نیوانیان.

بەکورتی ئەگەرپانئیسلامیزم و ئالا هەلگرەکەی لەم ناوچەیە، یانی جمهووری ئیسلامی، توانای ئەوەی نیيە کەببیتە هیزی دەسەلاتدا لە ناوچەکە، کەوایە دەبی ئەوەندە مەیدانی لی تەنگەبەر بکریتەوە کە نەتوانی ئەو رژیمانە کە هەر ئیستا بە هەر حال نیمچە"هیمنایەتی" یەکیان لە ناوچەکەدا پیک هیناوە لاواز بکا. دریژە پیدانی حالەتیکی وەک ئەوەی ئیستا، یانی مانەوەی جەرەیانیکی پان ئیسلامیستی کە دەوری تەنیا بریتی یە لە فشار هینان بۆ رژیمەکانی ناوچەکە و کەلین و چەند بەرەکی پیک هینان لە نیوانیان دا، لەروانگەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا و "رۆژئاوا" وەوەزعیکی نەگونجاو و نەخوازراوە کەوایە مانەوەی شەری ئێران و عیراق لەم بن بەستەنیزامی یەدا بۆ بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان فاکتورکی مەنفی یە لەوفا کتورەش گرینگتر، لە روانگەی هەموو ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا"وە ئەو واقعییەتەیە کەئەم شەرە لە قونافی ئیستایدا، بووەتەهۆی ئەوە کە نفووز و دەسەلاتی شوورەوی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و لە ناوچەی خەلیج بەرەو زیاد بوون بچی. لەسالانی ئەم شەرەدا شوورەوی توانیویەتی پەیوەندی یە ئابووری یەکانی خۆی هەم لەگەلّ ولاتانی عەرەبی خەلیج و هەم لەگەلّ ئێران پەرەپی بدا، وەلەمەش واوەتر لە باری سیاسی یەوە لە حکوومەتەکانی ولاتانی خەلیج کەلەکونەوە "هاوپەیمانی وەفادار"ی ئەمریکا بوون نزیک بیتەوە مقومقوی چەک کرینی کویت و تەنانەت عەرەبستان لەشوورەوی (وەپەنا بردنی کویت بۆشوورەوی کەلەباری دەریایی یەوە پشتیوانی لەنەوت کیشە کویتی یەکان بکا) بۆ هەموو ئەمپریالیستەکانی رۆژئاوا و بەتایبەت بۆ ئەمریکا زۆر جیگای نیگەرانی یە لەراستی دا دریژەی شەری ئێران وعێراق و ئامانجە پان ئیسلامیستی یەکانی جمهووری ئیسلامی بووەتە هویەک کە جیگا پی شوورەوی لە ناوچەکە قایمتر بی وەملمانیی"رۆژئاوا" و "رۆژهەلات" لەناوچەکە تووندوتیژتر بیتەوە هویەکی سەرەکی بۆ ئەوەکە هەموو ولاتە ئەمپریالیستی یەکانی"رۆژئاوا"لەسەر شەری ئیران وعیراق ساغ بنەوە و پیک بین، ئەوەیە کە پیویستە شوورەوی لەوجیگا و شوینە سیاسییەکە لەو ماوەیەدا وەدەستی هیناوەپاشەکشەی پی بکری بەپیی هەموو ئەوشتانە کە باسیان کرا، لەهەل و مەرجی ئیستا دا بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان لەوەدا یە کەسیستمی سیاسی ناوچەکە بپاریزری شەری ئیران و عیراق نەیتوانیوە و ئیترناتوانی ئەو نیاز و پیویستی یەدریژخایەنەی ئەمپریالیزمی ئەمریکا (وبەگشتی ئەمپریالیزمی "رۆژئاوا") کەبریتی یە لەشکل پیدانی"دەولەتیکی فەرمانبەر" وخاوەن دەسەلاتی ناوچەکە، وەدی بینی هەتاکاتیک کە ئەو ئیمکانە وجوودی نەبی، حالەتی دلخواز بۆ ئەمپریالیستەکان تەنیا بریتی یە لەوەکە زەحمەتکیشانی ناوچەکە لە کوت و بەندی دیلیەتی داراگرن وپیش بە شورش بگرن و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە هەربەدەستی ئەم رژیمانە کە بە هەرحال مەوجوودن و لەسەرکارن سەرکوت بکەن بەم جۆرە هەرهویەک و هەر هیزیک کەوەزعییەتی سیاسی ناوچەکەورەوتی هەلسووڕانی ئەو رژیمانە کەئیستا لەسەر کارن ئالۆزبکا و خۆشی نەتوانی خەفەقان و سەرکوت لەناوچەکەدا بەریوەبەری، هەر هویەک و هەرهیزیک کەئەم رژیمانەی ئیستا لەسەر کارن لاواز بکا و ووەزعییەتیک بخولقینی کە شوورەوی بتوانی کەلکی لی وەربگری بۆئەوەی لەورژیمانە نزیک بیتەوە و پشتیوانی یان لی بکا، ئەمپریالیستەکانی"رۆژئاوا" وەک مایەی "ئالوزی" و "ناهیمنی" ناوچەکە چاوی لی دەکەن. ئیستا بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان (بەشوورەوی شەوە کە دواترئیشارەی پی دەکەین) لە "سبات" و هیمنایەتی" ناوچەکە دایە). ئەمە ئەو حالەتەیە کە دەتوانی وەلامدەرەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان بی دەولەتە ئەمپریالیستەکان گەلیک جاررایان گەیاندوە کەلەشەری ئیران عیراق دا "بیلایەن"ن ناوەروکی واقیعی ئەم قسەیە لەهەل و مەرجی ئیستادا ئەوەیە کە خوازیاری مانەوەی سیستمی سیاسی ناوچەکە و رژیمە سیاسی یەکانی هەرتک لایەنی شەرەکەن هەلبەت ئەم هەل و مەرجە تەنانەت لە قامووسی خودی ئەمپریالیستەکانیش دا بەمەعنای "سولح"نیە چونکوو "سولح" لە ناوچەکە لە روانگەی ئەمپریالیستەکانەوە(هەروەک بۆ نموونە لە سالی 1975دا بە شوین ریکەوتنی الجزایردا پیک هات) تەنیا لە ئەنجامی توازن و هاوسەنگییەکی دریژخایەن لە نیوان هیزەکانی ناوچەکەدا پیک دی کە لە هەمان کات دا وەلامی ئەو گیروگرفتە بنەرەتی یەی ئەمپریالیزم لەناوچەکەدا بداتەوە لە روانگەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستی پی هاتنی شەری ئیستای نیوان ئێران و عیراق زیاتر لە حالەتیک دا بە قازانجە کەنیزامی سیاسی ئیستای ناوچەکە (بەرژیمی جمهووری ئیسلامییەوە) تیک نەچی، ئەگەرچی ئەمەخۆی لە خۆیدا ناتوانی وەلامدەرەوەی ئەو گیروگرفتانە بی کە ئەمپریالیستەکان لە دەسالی رابوردوودا گیرودەی بوون، بەلاّم بەهەر حال باشترە لەبەردەوام بوونی شەریک کە بەم وەزعەی ئیستایەوە تەنیا دەتوانی ببیتە هۆی ئالوزتر بوونی باری سیاسی ناوچەکە.

بەلاّم چلون هەل و مەرجیک پیک دەهینری کە تیيدا هەم بکری شەری ئێران و عیراق کوتایی پی بی و هەم هیچکام لە لایەنەکانی ئەم شەرە(و هیچ رژیمیکی خەلیج) لە کوتایی شەرەکەدانەیان دوراندبی و بەلەرزوکی لەکلّی شەر دەر نەهاتبن؟ ئەم هەموو چەنەلیدانە لەسەر بریارنامە و پیشنیارەکان، دیداری دیپلوماتیکی پەیتاپەیتای یەک لە دوای یەک بۆڕازی کردنی هەموان، هەرشەکردن و دلخوشی دانەوە، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە وادیارە هیشتاکەس نەیتوانیوە ئەوهەل و مەرجەبەوردی دەست نیشان بکا.

کەوایە ئەگەرچی لە بنەرەتی ترین ئاست دا، قازانجی گشتی و بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان لە کوتایی پی هینانی شەری ئیران و عیراق دا یە ، بەڵام زەمانەت کردنی"سبات" و "هیمنایەتی" ناوچەکە، (کەقاعدتا کوتایی پی هینانی شەربو پیشگرتن بە"بی سباتی" و "ناهیمنی"یە) خۆی هەندیك بەرژەوەندی دژبەیەکی تیدایە کەدواتر ئیشارەی پی دەکەین، بەڵام لێرەدا پیویستە سەرەتا بچینە سەرباسی وەزعییەتی جمهووری ئیسلامی لە لای ئەمپریالیستەکان.

جیگا و شوینی جمهووری ئیسلامی لە لای ئەمپریالیستەکانی" ڕۆژئاوا"

لەسەرتای قوناغی دووهەمی شەری ئیران و عیراقەوەیانی لە سالی 1361بەم لاوە، جمهووری ئیسلامی بەشوین ئەو سیاسەتەوەبووە کە بەوەدەست هینانی سەرکەوتن لەم شەرەدا و بەزال کردنی پان ئیسلامیزم وەك هیزیکی کۆنەپەرست لە ناوچەکەدا بگاتە جیگا و شوینیکی قایم و سەقامدار لەلای ئەمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و لەو سیستمە سیاسی یەناوچەییەدا کە ئەوان مەبەستیانە ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی نەیتوانی بەو ئامانجەی خۆی بگا، بەڵام قوناغی دووهەمی شەربۆ ئەو ڕژیمە هەندیك نیمچە سەرکەوتنی تیدا بووە کە بوونەتەهۆی ئەوەی ئەمپریالیستەکانی "ڕۆژئاوا" ڕژیمی جمهووری ئیلامی وەك حکوومەتی لەسەرکاروتەرەفی معامەلەیان لە ئیران قەبوول بکەن.

یەکەمین خالی ئەم کارنامە موسبەتەی جمهووری ئیسلامی لەلای ئەمپریالیستەکان، بیگۆمان سەرکوت کردنی شورشی کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیرانە هەروەها کەلکی جمهووری ئیسلامی بۆ ئەمپریالیستەکان لەم دەوروکارکردەی پان ئیسلامیزم و هیزەپان ئیسلامی یەکان لە ئوپوزیسیونی ڕژیمەکانی ناوچەکەدایە کەشەپولی شورشگێرانەی دوای ڕاپەڕینی ڕیبەندان لە ئیران و ڕووخانی شابەتەواوی هەلگیرێتەوە و بە وەگەڕخستنی کۆنەپەرستی‌پان ئیسلامی لە خەباتی زەحمەتکیشانی ناوچەکەدا داخوازە دیموکراتیك و دژی ئەمپریالیستی و سوسیالیستی یەکانیان بەلاری دابەری، پان ئیسلامیزمی جمهووری ئیسلامی هەر ئیستا وەك خورە کەوتوەتەنیو خەباتی خەلکی ناوچەکە وریزی شورشی پاشەکشە پیکردوە دەوری پان ئیسلامیزم لە لوبنان و لەبەرانبەر مەسەلەی فەلەستین دا باشترین وزەقترین نموونەی ئەم دەوروکارکردە دژبەشورش و کونەپەستانەیەی پان ئیسلامیزمە جگە لەم لایەنە ئەمیریالیستەکانی "ڕۆژئاوا" ئەوەشیان لەبەرچاوە کە توانایی "دژی شوورەوی "لەپان ئیسلامیزم دا هەیە دەوری ئوپوزیسیونی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئەفغانستان کە "ڕۆژئاوا" بە ئاشکرا پشتیوانی لی دەکەن، وهەروەها دراوسی بوونی ئیران لەگەڵ جمهووری یەکانی ئاسیای ناوەراست وقەفقاز لە شووڕەوی، بوونەتە هۆی ئەوە کە پان ئیسلامیزم بەلای ئەمپریالیستەکانی "ڕۆژئاوا" وەلەملانی و کیشە ئەمپریالیستیەکاندا بایەخ و مەتلوبییەتیکی زیاتری هەبی، تەقالاکانی دەولەتی ئەمریکالەم بابەتەوە (بۆنموونە گفت و گۆی مەك فارلین لە تاران لە سەر قازانجی هاوبەشیان لە مەسەلەی ئەفغانستان دا و بەرانبەر بە شووڕەوی) خۆی نیشاندەری ئەم واقعییەتەیە.

هویەکی دیکەش کەبەش بەحالی خۆی تەئسیری لەوەدابووە کە جمهووری ئیسلامی لەلای ئەمپریالیستەکانی"ڕۆژئاوا" مەقبوول بی ووەك حکوومەتی ئیران بیسەلمینن، ئەو واقعییەتەیە کە لە نیو ئەو ئالترناتیوە بورژوایی‌یانەدا کە لە کۆنەوە ئەمپریالیستەکان پشتیوانی یان لیکردوون، هیچکامیان نەیانتوانیوە نیشان بدەن توانایی و زەمینەی ئەوەیان تیدایە کە ببنەجی نشینی جمهووری ئیسلامی و جیگای بگرنەوە تەنانەت شەری پان ئیسلامیستی جمهووری ئیسلامی بەرادەیەکی زۆرتوانی ناسیونالیزمی ئیرانی هەلخرینی و وەك پشتیوانەی خۆی بیهینەتەمەیدان وەیا لانی کەم مەجال و بیانووی ئەوە بۆ ئوپوزیسیونی لیبرال و سەلتەنەت خواز نەهیلیتەوە کە ڕەخنەی ناسیونالیستی لە جمهووری ئیسلامی بگرن. (پیوانەو معیارەکانی ناسیونالیزمی لیبرالی و ناسیونالیزمی مەزنی خوازانە و عزمت خوازانەی ئیرانی، مصدق و شا، هیکامیان لەوجیگا و شوینە مساعدو لەبارەکە ئیستا جمهووری ئیسلامی- لەوە زعییەتیك دا کە سیستمی سیاسی جیهانی ئەمپریالیستی ڕوولەکزی و تیك چوونە لە لای دەولەتە ئەمپریالیستی یەکان وە دەستی هیناوە، بەهرەمەندنەبوون بەم پی یەنەتەنانەت کارنامەی"موازنەی مەنفی"ی مصدق لەدەست لیبرالەکان دا کال بووتەوە) .

هەموو ئەم فاکتورانە بوونەتە هۆی ئەوە کە ئەمپریالیستەکانی" ڕۆژئاوا"، ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی وپان ئیسلامیزم وەك هیزی زال بووی ناوچەکە چاولی ناکەن وئەم کەلکەی بۆیان نیە، بەڵام ڕژیمی جمهووری ئیسلامی وەك حکوومەتی لەسەرکاری ئیران بسەلمینن و تەئییدی بکەن.

هەلویستی شوورەوی بەرانبەر بە شەری ئیران و عیراق و جمهووری ئیسلامی

هەروەك ئیشارەمان پیکرد، ڕۆژهەلاتی ناوراست بەگشتی و خەلیج بە تایبەت ناوچەی نفووزو دەسەلاتی سەقامگیر بووی ئەمپریالیزمی" ڕۆژئاوا" بووەو شوورەوی زیاتر مەبەستی ئەوە بووە جیگا بەبلووکی ڕەقیبی خۆی یانی ئەمپریالیزمی "ڕۆژئاوا" لیژبکا شورشی ئیران وڕووخانی حکوومەتی شاکەهاوپەیمانی دەرەجەیەکەمی ئەمریکا و پاریزەرو" ژاندارمی ناوچە"ی دەسەلاتی ئەمریکا بوون بۆشوورەی لە حکوومەتی جمهووری ئیسلامی پیش هەموشتیك بە مەبەستی پیش گرتن بە ژیانەوەی وەزعی پیشوویانی بۆ پیش گرتن بە هاتنەوەسەر کاری حکوومەتیکی بە هیزی هاوپەیمانی ئەمریکا بووە بەگشتی ئالوز بوونی وەزعییەتی ئەمپریالیستەکانی "ڕۆژئاوا؟ و جیگا پی لیژبوونیان بەهەر شیوەیەك بوایەخۆی لەهۆی دا بە قازانجی شوورەوی بوو. جگە لە مەئەمپریالیزمی شوورەوی هیوای بەوە هەبوو کە پان ئیسلامیزمیکی لە چەشنی جمهووری ئیسلامی بتوانی ببیتە هەلخرینەرو هەلگرسینەری هەندیك جم و جول و بزووتنەوە لە دژی بەرژەوەندی ئەمریکا و"ڕۆژئاوا" لە هەموو ناوچەکە.(ئەوەی لەم نیوەدا بەلای شوورەوی‌یەوە هیچ بایەخیکی نەبوو جەوهەرودەوری دژبە شورش و دژی کریکاری و دژی دیموکراتیکی پان ئیسلامیزم و جمهووری ئیسلامی بوو شوورەوی هەولیدا هەموو بیانوویەکی ئیدئولوژیك بینیتەوە بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە جەوهەری ئیسلام و حکوومەتی جمهووری ئیسلامی "دژی ئەمپریالیست" ە و بەم بیانووەوە پشتیوانی لی بکا حیزبەکانی لایەنگری شوورەوی و بەتایبەت لە ئیران " حیزبی تووده" و "اکسریت ی فیدایی" لەم ریگایەدا ئەوەندەی لە دەستیان هات لە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی دا لە دژی خەلك بەشداری یان کرد و لە هیچیان دریغ نەکرد.) بەگشتی شەری ئیران و عیراق هەر لەسەرەتای دەسپیکردنیەوە هەندیك مەسەلەی تازەی بۆ شوورەوی خولقاند ئەگەرچی ئەوشەرە مەجالی ئەوەی بە شوورەوی دا کە خۆی لەو دەولەتە عەرەبانە نزیك بکاتەوە کە لە کۆنەوەهاوپەیمانی ئەمریکا بوون و ئەگەرچی ئەم شەرەمەجالی ئەوەی بەشوورەوی دا کە بەرژەوەندی ئابووری خۆی بەرادەیەکی مەحدوود چ لەگەڵ ئیران و چ لەگەڵ عیراق پەرەپی بدا بەڵام ئەم شەرەخۆی تا ئەو جیگایە کە دەیتوانی هیزیکی ناوچەیی وەك حکوومەتی شا بۆ ئەمپریالیستەکانی "ڕۆژئاوا" پیك بینی، یانی هیزیك پیك بینی کە لە ناوچەکەدا جیگای حکوومەتی شابگریتەوە، لەگەڵ بەرژەوەندەکانی ئەمپریالیزمی شوورەوی نەداهاتەوە.

ئەوگیروگرفتانەی کە شوورەوی لەسەر مەسەلەی ئەفغانستان تووشیان بوو و دەوری ئوپوزیسیونی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئەفغانستان بەرەبەرەشوورەوی یان لەوە نیگەران کرد کە وەخو کەوتن و هەلدانی پان ئیسلامیزم لە ناوچەکە تووشی گیرو گرفتی بکا دەوری پان ئیسلامیزم لە لوبنان و لە دژی هیزەکانی سوورییەش بە قازانجی شوورەوی نەبوو هەروەها کاتیك دەرکەوت دەستەوتاقمە پان ئیسلامیستی‌یەکان توانایەکی کەم و مەحدوودیان هەیە وحەرەکەتیکی ئیسلامی دژی ئەمریکایی ش نەکەوتەری، شوورەوی ئەوەندەی تر لەوە ناهومیدبوو کە بتوانی لە پان ئیسلامیزم لە خزمەت بەرژەوەندە ئەمپریالیستی‌یەکانی خۆی دا کەلك وەربگری لە قوناغی ئیستای شەردا، یانی لە کاتیك دا کە دەرکەوتوە ئەم شەرە لەباری نیزامی‌یەوە ڕیگای لی کویر بووەتەوە وبەبن بەست گەیشتوە و هەروەها دەرکەوتوە کە ئەم شەرە دەتوانی ڕژیمەکانی ناوچەکە تووشی ئالوزی و بوحران بکا، ئەمپریالیستەکانی شوورەوی ئەوەیان لی ڕوونە کەتیك چوونی سیستمی سیاسی ناوچەکە ڕیگا بۆ ئەوە دەکاتەوە کە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا دەخالەتی سیاسی (و تەنانەت نیزامی) بکەن بەم بۆنەوە لە قوناغی ئیستای شەردا بەرژەوەندی ئەمپریالیزمی شوورەوی لەوەدایەکەئەم شەرە کە ڕیگا بۆ دەخالەتی ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا دەکاتەوە کۆتایی پی بی، وە لەهەمان کاتدا وەزعییەتی سیاسی ناوچەکە هەروەك خۆی بمینیتەوەیانی ئەو بۆشایی یە کە بەهۆی ڕووخانی شا لە ناوچەکەدا پیك هاتوەهەروا بمینیتەوە و هەروەها ئەو حالەتەجیگیر بی کە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا لە چاو ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا لە چاو ئەمپریالیستە ئوروپاییەکان نفووز و دەسەلاتیکی کەمتریان هەبی.

ناکوکی و ململانی ئەمپریالیستی یەکان

ئەوەکە ئەمپریالیستەکان بەرژەوەندیکی بنەرەتی وهاوبەشیان هەیە واقعییەتیکە کە تەقالا دیپلوماتیکەکانی ئەم دوایی یەش لە ئاستی جیهان دا، تەئییدی دەکا بەڵام ئەوەکە ئەمپریالیستەکان بەرژەوەندی ها و بەشیان هەیە بەو مەعنایە نیە کە ئەو سیاسەتانە کە لە خزمەت ئەو بەرژەوەندە هاوبەشەدان هیچ ناکوکی یەکیان پیکەوە نیە و ڕیگای بەرەوپیش بردنی ئەو سیاسەتانە هیچ کوسپیکی نایەتەبەر.

واقعییەت ئەوەیە کەسیستمی جیهانی ئەمپریالیستی نەك هەر یەکپارچەنیە، وەنەك هەربووەتە دوو بلوك وشتی تری لەم چەشنە، بەڵکووپرە لە ململانی و سیاسەت و بەرژەوەندی دژبەیەك و کیشەی جۆراوجۆر بەگشتی، هەروەك نوینەرانی دەولەتە ئەمپریالیستی‌یەکان خۆیان دووپاتیان کردوەتەوە، ڕۆژهەلاتی ناوەراست و شەری ئیران و عیراق نموونەیەکی نادرەکە بە دەگمەن واهەل دەکەوی: ئەمە لەو نموونانەیەکە هەموو هیزە ئەمپریالیستەکان، سەرەرای ململانی و کیشەی توند و تیژی نیو خۆیان دەتوانن لەسەر سیاسەتیکی گشتی و عام، لە سەر کوتایی پی هاتنی ئەوە تیك نەچوونی بارودوخی ڕژیمەکانی ناوچەکە پیك بین ، بەڵام ئەم هاوبەش بوونەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان، تەنانەت لەم نموونەیەش دا کە بەدەگمەن هەل کەوتوە، هەرلەم ئاستە عام و گشتی یەدا دەمینیتەوە و لەمەواوەترناچی، هەر وەك باسمان کردبەدریژایی دەسالی ڕابوردوو بە تایبەت لە سالەکانی شەری ئیران و عیراق دا، بارودوخ و جیگا و شوینی هەرکام لە هیزە ئەمپریالیستەکان(ئەمریکا، شوورەوی، بریتانیا، فەرانسە، ئالما، ژاپون و...) لە ناوچەکەداچ لەباری ئابووری یەوە و چ لەباری سیاسی یەوە ئال و گۆڕی بەسەردا هاتوە هەروەها بۆشایی سەرکردایەتی لەناوچەکەدا زەمینەی بۆ وەخوکەوتنی دەولەتە محەللی یەکان و بەرین بوونەوەی مەیدانی مانوریان بەرانبەر بە یەکتر و دەولەتە ئەمپریالیستەکان، پیك هیناوە ئیمە شاهیدی ئەوەین کە لە ناوچەی خەلیج ولەبەرانبەر شەری ئیراو عیراق دا، زنجیرەیەك سیاسەت وجم وجول لە ئاراداان، کەنەك هەربەهۆی ململانیکی ناوخۆی سیستمی جیهانی ئەمپریالیزم سیاسەتی و لاتە ئەمپرلیستی یەکان لەگەل یەکتردژایەتی‌یان هەیە بەلکوو تەنانەت لە هەندیك بابەتەوە سیاسەتەکانی تاقەیەك دەولەتیش لەگەل یەکتر دژایەتی یان هەیە چونگوو بەرژەوەندە کورت خایەن و کاتی یەکانی ئیستای ئەو دەولەتە لەگەڵ بەرژەوەندە بنەرەتی و دریژخایەنەکانی یەك ناگرنەوە.

بۆ نموونە، سیاسەتی ئەمریکا لە کاتیك دا کەدەبی لە خزمەت بەرژەوەندیکی بنەرەتی دابی کە بریتی یە لە پاراستنی" سبات و" هیمنایەتی"ناوچەکە، بەڵام لە هەمان کاتدادەبی لە خزمەت ئەوەش دا بی کە ئەمریکا خۆی بکاتەوە سەرکردەی هاوپەیمانە ڕۆژئاوایی یەکانی (فەرانسە و بریتانیا و...) یانی ئەو دەسەلاتەی کە جاران سەر ئەوولاتانەدا بووی وەدەست بینیتەوە، ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوە کە ئەوولاتانە لە ڕووی دا ڕاوەستن و سیاسەتەکانی بەرپەرچ بدەنەوە یان بۆ شەووڕەوی ، ئەگەرچی کوتایی پی هاتنی ئەم شەر وتیك نەچوونی سیستمی سیاسی ئیستای ناوچەکەبە قازانجە بەڵام هاتنی کەشتی‌یەجەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ ئەو ناوە ئیتر هەر ئەوشتەیە کە شوورەوی دەیەویست نەقەومی.

هەرئەم مەسەلەیە، کاتیك قسەدیتەسەر بەرژەوەندی ڕژیمەکانی ناوچەکە و ئەمەش وەك فاکتوریك دیتە نیو حیساباتەوە، ئەوەندەی دیکەدەبیتە کۆسپ لەسەرڕیگای وەدی هاتنی بەرژەوەندەبنەرەتی یەکانی ئەمپریالیزم، بۆ نموونە کاتیك قسە لەسەر جمهووری ئیسلامی یە، دەبی ویرای کوتایی پی هاتنی شەر، مانەوەی ئەو ڕژیمەش زەمانەت بکری ئەمەش تەنیا کاتیك ئیمکانی هەیە کە جمهووری ئیسلامی بتوانی هەروەك ئیستا چون خۆی ڕادەنی و فری سواری هەڕئاواش لە مەیدانی شەر بچیتەدەر بەڵام هاتنە مەیدانی کەشتی یە جەنگی یەکانی ئەمریکا و بە تایبەت تیك هەلچوونی چەکدارانەی نیوان ئیران و ئەمریکا، کوسپیکە لەسەر ڕیگای ئەوەکە جمهووری ئیسلامی بە شیوەیەکی "ئالڕومەندانە" لە مەیدانی شەروەدەرکەوی لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا لەبەرچەند هۆی دیکە ناچارە گەشتی یە جەنگی یەکانی خۆی بۆ پشتیوانی کردن لە کویت(و عەرەبستان) ڕەوانەبکاو بەرانبەر بە عەمەلیاتە ایزایی یەکانی جمهووری ئیسلامی گاردبگری چونکوو بە ئاشکرابوونی کەین و بەینی "ئیران – کونترا" وچەك ناردنی ئەمریکا بۆ ئیران، شوورەوی توانیویەتی ئیمتیازیکی سیاسی لە لای دەولەتە عەرەبەکان بە زەرەری ئەمریکا وەدەست بینی و، ئەمریکا بەهەرقیمەتیك بی دەبی لە لای دەولەتە عەرەبەکان تای ئەوتەرازووە بە قازانجی خۆی هەستینیتەوە، ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەو ناکوکی یە واقیعی یانەکە لەماجەرای "خەلیج" داهەن.

بەم پی یە، لەهەمان کات دا کە ئەمپریالیستەکان قازانجیکی بنەرەتی و هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە، هیچ ڕیگایەکیان بۆ تەقالاو تیکۆشانی هاوبەش نییە، ئەمەڕەوتیکی پر لە ناکوکی‌یە کەلە سەرخەتیکی ڕاست بەرەوپیش ناچی بەڵکوو لەگەلیك پیچاو پیچ و قۆرت و گری هەلدەنگوی هەرهیزیك و هەردەولەتیك لە دووی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی و هەر کامەی تەنیا کاتیك لە"بەژەوەندی هاوبەش" دا بەڕاستی بەشدارەکە لەم نیوەدا باقی بەرژەوەندەکانیشی، سەرجەم، بیاریزرین هەربۆیەیش هیچ سیاسەتیك و هیچ هەنگاویك نەیتوانیوە بگاتە کۆتایی یە منتقی یەکەی خۆی.

واقعییەت ئەوەیە کە زیاترین گیر و گرفت و ئالوزترین گری کویرەی وەدی هاتنی ئەو "سبات" و "هیمنایەتی"یە کە ئەمپریالیستەکان مەبەستیانە، لەسەر جمهووری ئیسلامی هاتوەتەگۆڕ زەمانەت کردنی "سبات"ی ناوچەکە بە کوتایی پی هینانی شەر، یانی هەل و مەرجیك کە تییدا جمهووری ئیسلامی بتوانی – سەرەڕای ئەوە کەشەری وەك مەیدانیکی سەرەکی

بۆ نیشاندانی جەوهەرەپان ئیسلامیستی یەکەی خۆی بەدەستەوە نامینی – هەروا وەك حکوومەتی ئیران لەسەرکار بمینیتەوە. ئەوە پیویستی بەوە هەیە کە جمهووری ئیسلامی گورانیکی بەسەردابی بۆ ئەوەی بتوانی خۆی لەگەڵ ئەم وەزعییەتە تازەیە بگونجینی گورانیك کە لە ئیستاوە روون نیە ئایا جمهووری ئیسلامی بەرگەی دەگری بەبی ئەوەی لەسەرەوە کەلینیکی گەورەی تی کەوی و لەنەتیجەدا لەناوەوە تووشی بوحرانیکی سیاسی بی.

گەری و گیروگرفتەکانی جمهووری ئیسلامی لەشسەری ئیران و عیراق دا

ئەو راستیەیە کە جمهووری ئیسلامی ناتوانی لەم شەڕەدا بەسەرکەوتن بگا لەوە روشنترە کە خودی کاربەدەستانی رژیمی جمهووری ئیسلامی تیی نەگەیشتبن، ئیستا نزیکەی دووساڵە کە جمهووری ئیسلامی نەیتوانیوە هیچ گورانیکی جیددی لە جەبهەکانی شەڕاپیك بینی و لە ساڵی 1365 بەم لاوە ئیتر تەنانەت هیچ هەوڵیکی بۆ "هیرشی گەورە" نەداوە، ئەوە کە سەر کەوتنی جمهووری ئیسلامی ئیمکانی نیە، لە بەریەك ترازانی وەزعییەتی ئابووری ولات کە بیگۆمان بە ناچار نارەزایەتی گشتی و ئیعترازاتی جەماوەری پەرەپی دەدا، و جگە لەمەش فشارە دیپلوماتیك و سیاسی یەکان لە ئاستی جیهان دا بۆ کوتایی پی هاتنی شەر، کاربە دەستانی جمهووری ئیسلامیان تیگەیاندوە کەدریژە دان بە سیاسەتەکانی تائیستایان لەشەڕی ئیران و عیراق دا ئیمکانی نیە. عەکس العمل ی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی، لە خامنەیی یەوە بگرە هەتا رەفسنجانی، بەرانبەر بەو هەنگاوە دیپلوماتیکە جیهانی یانە کە بۆ کۆتایی پی هینانی شەر هەلگیراون، وەهەروەها ئەو هەموو احتیات و پاریزە کە جمهووری ئیسلامی لەسەر مەسەلەی ئیمکانی روبەروو بوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ هیزەکانی ئەمریکا لە خەلیج لە خۆی نیشاندا، – کە هیچکام لەم دوو نموونەیە لە شیوەکاری حکوومەتی جمهووری ئیسلامی دا سابیقەیان نەبووەبەروونی ئەوە نیشان دەدەن کە جمهووری ئیسلامی تی گەیشتوە کە ناتوانی بە شیوەکانی پیشوو ئامانج و سیاسەتەکانی خۆی بەرەوپیش بەری هەموو مەسەلەکە لەوەدایە کە ئایا جمهووری ئیسلامی دەتوانی خۆی لەگەڵ ئەم وەزعییەتەی ئیستا سازگار بکا؟ ئایا دەتوانی هروالەو ناوچەیە ئالا هەلگری پان ئیسلامیزم بی بەبی ئەوەی خۆی تووشی شەریکی ئاشکرا بۆ زال کردن و داسەپاندنی پان ئیسلامیزم بەسەرناوچەکەدا بگا؟ واقعییەت ئەوەیەکە ئەوئال گورانەی بەسەر شەرەکەدا هاتوون و قوناغی ئیستای ئەوشەرە، جمهووری ئیسلامی و پان ئیسلامیزمەشیعەییەکەی ئەورژیمەیان گەیاندوەتە قوناغیکی ناسك، جمهووری ئیسلامی و پان ئیسلامیزمەکەی ئیستا لە قوناغیك دان کە دەبی داهاتوویەکی تازە بۆ خۆیان بدوزنەوە.

نەتیجەی تا ئیستایشەری ئیران و عیراق نیشانی داوە کە پان ئیسلامیزمی شیعەیی جمهووری ئیسلامی توانای ئەوەی نیەکەببیتە هیزی زال لە ناوچەکەدا ئەوە کە جمهووری ئیسلامی دەساڵە حکوومەت دەکا، بە ناچار ئەم رژیمە لەگەڵ گیروگرفتی بەریوە بردنی ولات ووەری خستنی ئابووری بەرەوروودەکا و جەریانیکی پان ئیسلامیستی کە بۆیە کەمین جار لەمیژووی رابوردوو و ئیستای خۆی دا، لەولاتیکی وەك ئیران حکوومەتی بەدەستەوە گرتوە، دەبی بیتە ئەم مەیدانە جەریانی پان ئیسلامیزم دەبی فیربی کە چلون ئەوئامانج و ئیددیعایانەی خۆی بپاریزی کە لە سنووورەکانی ئیران واوەتردەچن و هەموو ناوچەکە دەگرنەبەر، بەڵام لەهەمان کاتیش دا لگەڵ رژیمەکانی ناوچەکە سازگار بی و لە مەیدانی دیپلوماسی جیهانی دادەوریکی متعارف و ئاسایی بگریتە ئەستو ئەم واقعییەتانە دەبنەهۆی ئەوە کە پیویست بی لەناو خۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا هەندیك جم و جول بکەویتەری بۆئەوەی ئەم رژیمە لەگەل هەل و مەرجی تازە(کەدیارە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوهەل و مەرجە کە جمهووری ئیسلامی خۆی ئاواتی بۆدەخواست) سازگار بکری ئەوشتە کە پیی دەگوتری بالی "واقع بین" و "پراگماتیست" و "میانەرو" و ... لە حکوومەتی جمهووری ئیسلامی دا (کەرەفسنجانی نوینەر یەتی) لە ناوەروك داهەمان میکانیزم و جم و جولی ناوخۆی جەرەیانی پان ئیسلامیستی یە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ هەل و مەرجی تازەی ژیانی بگونجینی.

دەولەتە ئەمپریالیستەکان – کە نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی دیکە جگە لە جمهووری ئیسلامی بۆ حکوومەت کردن لە ئیران دا سازبکەن و جمهووری ئیسلامی یان وەك رژیمی حاکم بەسەر ئیراندا بەرەسمی ناسیوە- لە هەولی ئەوەدان کە بە پشتیوانی کردن لە وخەتەلەناو خۆی رژیمی حاکم دا، یاریدەی جمهووری ئیسلامی بدەن بۆ ئەوەی خۆی بگوری و خولەگەڵ هەل و مەرجی تازە بگونجینی ئەوە سیاسەتیکە کە ئیمکانی ئەوە پیك دینی کە رژیمی جمهووری ئیسلامی لەسیستمی سیاسی ئەمپریالیستی داجی بکەوی، سیاسەتیکە کە بوحرانی جیهانی ئەمپریالیزم، ئەمپریالیستەکانی ناچار کردوەتە رووی تی بکەن ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی دەیەویست لە سیستمی ئەمپریالیستی دا وەك هیزیکی ناوچەیی نەك وەك حکوومەتی ولاتیك جیگا بۆ خۆی و پان ئیسلامیزم بکاتەوە و زوریشی هەول و ئەمەدا، بەڵام بەهەر حال واقعییەتەکان و سەنگ و سووکی هیزەکان ریگای ئەوەنادەن کە جمهووری ئیسلامی لە مەزیاتری پی بڕی ئەوەکە لە تیك هەلچوونی چەکدارانەی ئەم دوایی یەی نیوان ئیران و ئەمریکا دا هەرتك لا زۆر بەپاریزەوە هەناگاویان هەلدەگرت خۆی نیشانەی ئەوەیە کە هەرتك لا لەم واقعییەتە گەیشتوون.

بەڵام سەرەرای ئەوەی "بالی پراگماتیست "ی رژیمی جمهووری ئیسلامی لەباری نفووزو دەسەلاتەوە لەوەزعییەتیکی باش دایە و سەرەرای هەول و تەقالای زۆری "بالی پراگماتیست"، سازگار کردنی رژیمی پان ئیسلامیستی لەگەڵ ئەم هەل و مەرجە تازەیە کاریکی زۆردژوار و پر لە ناکوکییەو گەلیك گری و کوسپی لەسەر ریگایە یەکەمین کوسپ بیگۆمان لە ناوخۆی خودی رژیم دایە و بریتی یە لەو جەریانەکە لەم وەروچەرخانە سیاسی یە دەترسی و هەتا لەوە دلنیا نەبی کە ئەم ئال و گوارنە بەکوی دەگەن و هەتا لەوە دلنیانەبی کەئەم ئال و گۆرانە داهاتووی پان ئیسلامیزم و رژیمی جمهووری ئیسلامی زەمانەت دەکەن، بەم وەرچەرخانە رازی نابی و ملی پی نادا ئەمە هەر ئەو ریبازەیە کە بەروالەت تەبلیغی دریژە پی دانی شەردەکا، بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە لەبەرانبەر بن بەستی شەردا هیچ ریگا چارەیەکی واقیعی شك نابا، و تەنیا تا کاتیك ئەم وەزعییەتە ئیستا دریژەپی دەدا کە ریگایەکی خاترجەم بودەربازبوون لەم وەزعە بدوزیتەوە مەسەلەیەکی دیکە کە هەرتك"بالی" جمهووری ئیسلامی پیوەی خەریکن ئەوەیە کە ئەگەر شەر کوتایی پی هات پان ئیسلامیزمی شیعەیی چلون و بەچ شیوەیەك دەتوانی حەرەکەتی خۆی لەناوچەکەدا دریژەپی بدا؟ مەسەلەیەکی دیکەکیشە و ناکوکی یەکی واقیعی یە کەلە ناوخۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا و بە گشتی لە نیو جەرەیانی پان ئیسلامیستی دا لە ئیران هەیە لەسەر ئەوە کە مودیل و قەوارەی ئابووری ئیران چ بی؟ سەرمایەداری دەولەتی بی یان خوسووسی؟ رژیمی جمهووری ئیسلامی – کەئوپوزیسیونە ئیسلامی یەنیمچە قانوونی یەکانی رسالت و "نهزت ازادی" وەك نوینەری سەرمایەی ناونجی لەبەرانبەر خۆی دادەبینی – دەبی بتوانی بەرانبەر بە ئوپوزیسیون لەم مەیدانەش دا خۆی راگری جگە لەمانە لەو شەروکیشەیەدا کە لە سەربەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی دوای مەرگی خومەینی لە ئیستاوە کەوتوەتە نیو تاقمی دەسەلاتدارچونیەتی هەلویست گرتن بەرانبەر بەشەری ئیران و عیراق خۆی بووتە مەیدانیك بورەقابەت و کیشەی سیاسی لە ناوخۆ تاقمی دەسەلاتدارداو ئامرازیکە هەرلایەنیك بۆ بووەدەرنانی لایەنەکەی تر لە مەیدان کەڵکی لی وەردەگری لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئیعتراز وخەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکیشە کە جمهووری ئیسلامی وەك هەموو دەولەتیکی دیکەی سەرمایەداری، هەر لەبنەرەتەوە بۆ بەربەرەکانی لەدژی ئەم خەبات و ئیعترازەهاتوتە سەرکار و حیکمەتی بوونی جمهووری ئیسلامی هەرئەوەیە کە ئەم خەباتە بەرپەرچ بداتەوە، ئایا هەنگا و هەلگرتن بۆ کوتایی پی هینانی شەردەتوانی بکریتە وەسیلەو ئامرازیکی تازە بۆ ئەوەکە جەماوەر تووشی دەستە وەستانی بکاودەستیان پی لە خەبات هەلگری و بەوەهیوا داریان بکا کە لە سەرەوە خەریکە ئال و گۆریك رووەدا و چاوەروان و چاو لە دەستی سەرەوەیان بکا و هەرئەم دەستەوەستانی و چاوەروانی یە ببیتە هۆی ئەوەکە جەماوەربوودەورەیەکی تر فشاری ئابووری و سیاسی یان لی توند کریتەوە؟ یان بەپیچەوانەی هەردوودلی ورارایی یەك و هەروەرچەرخانیك لە سەرەوە، دەبیتەهۆی ئەوە کە خەباتی جەماوەری لە دژی شەروبوورخاندنی جمهووری ئیسلامی هەرچی زیاتر بە رەبگری؟

ئەوناکوکی و گیروگرفتانەی کە بەروکیان بەجمهووری ئیسلامی گرتوە روو لەمانەزیاترن کە باسمان کردن بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە نەرمی لە خۆنیشاندانی جمهووری ئیسلامی لە حاست ئەوهەنگاوە دیپلوماتیکە جیهانی یانە کە بۆ کۆتایی پی هینانی شەرهەلیگراون خۆپاراستنی ئەو رژیمەلەوەکە لەسەرهاتنی کەشتی یە جەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیج و تیك هەلچوونی چەکدارانەی خۆی لەگەڵ ئەمریکا، هەرواهور یا و تەبلیغاتی جەنگی وەری بخاو پیکاتەبیانوویەك بۆ هیزکو کردنەوە، شتیکی بی سابیقەیەو نیشانەی ئەوەیە کە کار بەدەستانی جمهووری ئیسلامی هیشتا لەسەر دووڕێ یانیك ماونەتەوە و نەیانتوانیوە لەسەر ئەوە ساغ بنەوە کە کامەریگا هەلبژیرن.

ئەنجام:

بن بەستی شەری ئیران و عیراق، ئەم شەرە و هەموو ناوچەکە کردوەتە مەیدانی ململانی و ناکوکی یەکانی ئوردووگای جیهانی سەرمایە و ئەمپریالیزم ئوردووگای دوژمنانی کریکاران و زەحمەتکیشان هەموو ئەم ململانی و ناکوکی یانەی تیدایە کیشەی دەولەتانی ئەمپریالیست و سەرمایەدار لەسەر ئەوەیە کە بزانن باشترین و خاتر جەم ترین ریگای لەکوت و بەندا هیشتنەوەی خەلکی بیبەشی ناوچەکە کامەیە، وەکام هیز، کام بلووك کام دەولەت دەتوانی لە حاسلی چەوسانەوەی کریکاران و زەحمەتکیشان بەشیکی زیاتر برفینی؟ بەرووبی لەهەموو شتیك گەیشتوون: بەردەوام بوونی ئەم شەرە دەبیتە هۆی لاواز بوونی هەندیك لە رژیمەکانی ناوچەکە، وەجگە لە کەم و زیاد بوونی قازانجی رەقیبە ئەمپریالیستەکان لەم نیوەدا، مەترسی و خەتەری گەورەئەوەیە کەلاواز بوونی رژیمەکانی حاکمی ناوچەکە ریگا بۆ ئەوەخۆش دەکا کە ئەو شتەترسناکەی بەدریژایی میژوو ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لیی توقیون،یانی شورشی کرێکاران و زەحمەتکیشان، رووبدا بەم جۆرە، هەموویان تی گیشتوون کە پاراستنی "سبات" و"هیمنایەتی" ناوچەکە لەهەموو شتیکی دیکە واجب تر و گەورەترین قازانجی تیدایە، بەڵام ململانی و ناکوکی یەکانیان لگەڵ یەکتر و ئەو ناکوکی یە سیاسی و ئابووری یانە کە هەرکامیان تووشی بوون و پیوەی ئەسین، زۆر لەوەزیاترن کە ئەمانە بتوانن بە ئاسانی کوتایی بەم کیشەیەی خۆیان بینن.

جەوهەروناوەروکی ئەو ئال و گۆرانە کە لەم دوایی یەدالە شەری ئیران و عیراق و لەناوچەی خەلیج داروویان داوە، دەبی بۆ کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە بزانن کە یەکەم: هەموو ئەم شەرەو ئەم بریارنامەدەر کردنانە و ئەم کەشتی هینان و بردنانە لەسەر ئەوەیە کە کام تاقم وەك نوینەری سەرمایەداران و ئەمپریالیستەکان بەسەر ئیمە دا حاکم بن، و دووهەم، هەموو کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە دەبی بزانن کە وەزعی جیهانی ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لە بلووکی "رۆژئاوا" وەهەتا "رۆژهەلات" ولە شیخ نشینەکانی خەلیجەوە هەتا جمهووری ئیسلامی ئیران، لەوە ئالوزترەکە ئەمانە بتوانن بە ئاسانی بەسەرمان دا حاکم بن ئەوئال و گورانە کە لەم دوایی یەدا لە خەلیج رووبان داوەتەنیا نموونەیەکن لەم وەزعییەتە بوحرانی و ئالوزە کە هەموو جیهانی سەرمایە و ئەمپریالیزم پیوەی گیرودەیەو هەر ئەم نموونەیە بە باشی ئەوە نیشان دەدا کە ئوردووگای شلەژاوی دوژمن، چ مەجال و دەرفەتیکی بۆسەر کەوتنی شورشی کریکاران و زەحمەتکیشان رەخساندوە.

ئەگەر ئەمروریزی شورشی کریکاری لە ناوچەی خەلیج و لە رۆژهەلاتی ناوەراست لەوەبی هیزترە کە وەك هیزیکی بالفعل بیتەمەیدان و لەنیو ئەم بشیوی و ئالوزی یەی هیزەکانی دوژمن دا، بەخیرایی سەرکەوتن وەدەست بینی، ئەمەتەنیا نیشانەی شکستەکانی رابوردوومان نیە، بەڵکوو لەهەمان کاتدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکا کە پیشەنگانی وشیاری شورشی کریکاری، کۆمۆنیستەکان ئەرکی چەند گەورەو مەزنیان لەسەرشانە بەرانبەر بەم وەزعە ئالوزەی ئوردووگای سەرمایەداران، کۆمۆنیستەکان دەبی بەرووبی ئەوەباس بکەن کە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکیشان بەوە نایەتەدی کە چاوی هیوابرنە هیچکام لەو هیزانەی لەمەیدان دان سەر کەوتنی سوسیالیزم لە ناوچەکەدا و رامالینی هەموو ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لە ناوچەی خەلیج و رۆژهەلاتی ناوەراست، وەپاك کردنەوەی ناوچەکە لە کونەپەرستی ئیسلامی و قەومی، تاقەریگای رزگاربوونی کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکەیە برایەتی ریشەداروپتەوی کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە، تەنیا لەوەدایە کە حکوومەتی کرێکاری لەناوچەکە دامەزرینن.

کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی بەرووبی مەعنای ئەوئال و گۆرانە بزانن کە لەم دوایی یەدا لە خەلیج و لەشەری ئیران و عیراق داروویان داوە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی بەهیزی خەباتی خۆیان لەدژی شەر و لەدژی جمهووری ئیسلامی، دەست بەجی کوتایی بەم شەرەبینن. شەریك کە سەرمایەداران هەلیان گرساندوە، لە باشترین حالەتی خۆیدا دەتوانی ببیتە مایەی سەقامگیر بوونی "سبات"ی ئەمپریالیستەکان یانی خەفەقان و هەژاری و کویرەوەری لە ژیر چنگی حکوومەتیکی خاوەن "سبات" دا کە ئەمپریالیستەکان بۆی دەبنەپالپشت، مەگەر ئەوە کە کریکاران و زەحمەتکیشان بینەمەیدان، خەباتی خۆیان بۆکۆتایی پی هینانی دەس بەجیی شەر پەرەپی بدەن، وەدخوازە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیان لە رژیمی جمهووری ئیسلامی و لەسەرمایەداران هەرچی زیاتر داوابکەن کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی خەبات بۆ کۆتایی پی هینانی شەربکەنە پالپشتی خەباتی خۆیان بۆ رووخاندنی جمهووری ئیسلامی هەموو دەولەتە ئەمپریالیستەکان هاتوونەتە خەلیج، هەموو کارشناسان و راویژکارانی ئەمپریالیستەکان لەهات و چودان و سەربەم سالون و بەودالان دادەکەن هەتا بەشکم ریگا چارەیەك بۆ ئەم وەزعە بوحران تی کەوتوەی حکوومەتەکانی ناوچەکە –کە جمهووری ئیسلامیش یەکیکیانە – بدوزنەوە. کریکارانی ئیران جاریك بە شورش و رووخاندنی شاهەموحیساباتی ئەمپریالیستەکانیان تیك داوە ئەمجار رووخاندنی ئەم نوینەرە ئیسلامی یانەی سەرمایە و ئەمپریالیزم و دامەزراندنی دەسەلاتی کریکاران و زەحمەتکیشان لەسەر ویرانەی ئەم رژیمە، ئەرکی سەرشانیانە.

30رەزبەری 1366

وەرگیردراو لە گۆڤاری "کمونیست"ژمارە33

وەرگیر: ناصری حیسامی

بۆریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەری شەفیعی



رۆژی 9ی خەزەلوەر لە کوردستان جەنازەی هاوری جەعفەر لە نیو ئالقەی سەدان پیشمەرگە و ئالای سووردا بەدرەقە کرا و لە نیوپەژارەی کۆمەڵێك لە هاوریانی حیزبی و زەحمەتکیشان دا، ئەسپەردەکرا. ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال، بانگەوازی یەکیەتی و هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، دەستی پیکرا و پاشان بۆ ڕیز گرتن لە یادی هەمووگیان بەخت کردووانی ریگای سوسیالیزم و ئازادی دەقیقەیەك بی دەنگی ڕاگیرا، لەم مەراسمەدا نوێنەرانی ریکخراوەکان شەخسییەتە ئێرانی و کوردستانییەکان بەشداربوون، هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و سکرتێری یەکەمی کۆمەڵەش لەو کەسانەبوو کە لەو مەراسمەدا سەبارەت بە دەروجێگا وشوێنی هاوری دوکتور جەعفەر قسەی کرد.

بەشوین ئەو ڕووداو دلتەزینەدا گەلێك پەیام و نامە بۆ دەربرینی هاودەردی و سەرەخۆشی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردراون جگەلەمە، لە دەرەوەی وڵات بە کوششی لایەنگران و دوستانی حیزب لە شارەکان و وڵاتانی جۆراوجۆر، چەندین مەراسم بۆ ڕیزگرتن لە یادی هاوری جەعفەر پێك هێنران لەو کۆبوونەوانەدا جگە لە لایەنگرانی حیزب لە دوستانی تریش بۆ نیشاندانی هاودەردی و هاودلی بەشداریان کرد. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەوە ڕاگەیاندنێکی کورتی بڵاو کردوەتەوە:

بە بڵاو بوونەوەی هەوالی گیان بەخت کردنی هاوری دوکتورجەعفەری شەفیعی ژمارەیەکی زۆر لە شەخسییەتەکان وریکخراوە سیاسییەکان، هاوری یانی تەشکیلاتی و خەلکی تیکۆشەر، چ بەسەردان وچ بەنارەدنی نامەوپەیام، بەبۆنەی ئەم کارە ساتەوەها و دەردی خۆیان دەربریوە بەم جۆرە سپاسی پربەدلی خۆمان پیشکەشی هەمویان دەکەین و داوای لیبووردن دەکەین کە نەمانتوانیوە یەك بەیەك وەلامی ئەم هاودەردی یانە بدەینەوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە 15ی خەرمانانی 1366

رادیوکانی دەنگی حیزبی کۆمۆنیست ودەنگی شورشی ئێرانیش لە چەند حەوتووی ڕابوردوودا چەند وتاریان بەیادی هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی بڵاو کردوەتەوە. ئیمە لێرەدا کورتەیەك لە گۆشە جۆراوجۆرەکانی ئەم وتارانە دینین بەو هیوایە کە لە داهاتوودا بتوانین بەو هیوایە کە لە داهاتوودا بتوانین خۆینەران لەگەڵ گۆشەولایەنە باس نەکراوەکانی ژیان و تەجرەبەی ئەو هاوریەکە هەموو شتیکی خۆی نابووە پیناوی شورش و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئاشنابکەین، شەخسییەتیك کە لە لایەك شورشگێریکی پیشەیی و کادریکی هەلکەوتووی جیزبی بوو، وەلەلایەکیتر سیمایەکی خۆشەویست و ناسراو بۆ کۆمەڵانی خەلك ئیستا، کەئیتر هاوری جەعفەر لە نیو ئیمە دانیە، جیگای خۆیەتی بۆ ئاشناکردنی ئەو کەسانەکە هاوریەکی لیهاتووی وەك دوکتور جەعفەریان کردوەتە سەرمەشقی خۆیان، بروانینە تەجرەبە و بیرەوەریەکانی ژیانی پر لە خەبات و تیکۆشانی، چ وەك پزیشکیکی دلسوز و ماندووبی نەناس لە خزمەت خەلکی هەژار دا، چ لەسیمای کریکاریکی وشیاردا کە لە نیو کریکاران خەریکی پیك هینانی ئالقەی نهینی وسیللولی کۆمۆنیستی بوو، چ وەك رابەریکی حیزبی و چ وەك ئاژیتاتوریکی بەتوانای جەماوەری... ئەمە پیش هەمووشتیك بانگەوازکردنی ئەو هاوریانەیەکە زووترین هاوخەبات و هاوکاری هاوری جەعفەربوون، بۆئەوەکە بیرەوەری خۆیان لە ئاموژگاری یەکان و خەبات و تەجرەبەکان هاوری جەعفەر، بنووسنەوە ئیمە لە هەمان کات دا هیوادارین سەرجەمی نووسراوەکانی هاوری جەعفەر کۆبکرینەوە هەتا نەوەکانی داهاتووی ئەم خەلکە زۆرلیکراووچەوساوەیە، شەخسییەت وکارەکان و خزمەتەکانی ئەم شورشگێرە کولنەدەرە لە بیرنەبەنەوە.

هاوری جەعفەر سالی 1330لە شاری بۆکان لە خانەوادەیەکی مەزهەبی دا لەدایك بووکە ژیانیکی ناو نجی و سادەی هەبوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە شاری بۆکان تەواوکرد لە دەرس خوێندن دا وریا و بیرتیژ بوو سالی 1349خوێندنی دەبیرستانی تەواو کرد و هەرئەوساله چووە دانشکدەی پزشکی لە دانشگای تەورێز هاوری جەعفەر هەر لە دەورانی دەبیرستانەوە بەرانبەر بەو ستەم و خەفەقانە کەرژیمی شا بە سەرخەلکی داسەپاندبوو، وەبەتایبەت لە کوردستان بە شیوەیەکی زۆرزەق خۆی دەنواند، ئیعتیرازی هەبوو بۆهاوری جەعفەر ئەو هەژاری و مەینەتانەکە خەلکی زەحمەتکیشیان ئازاردەدا، مەسەلەیەکی جیددی بوو بەم جۆرە بەروحییەیەکی موعتەریز و بیریکی ئازادیخوازانەوە چووە دانشگا و هەربەم بۆنەوە لە دانشگای تەورێز زۆر زوو دەستی دایە تیکۆشان لە نیو ریزی بزووتنەوەی دانشجویی دا کە بزووتنەوەیەك بوو لە دژی خەفەقان و استبداد هەر لەم دەورەیەدا لەگەڵ مارکسیزم و ئەدەبییاتی چەپ ئاشنا بوو، وەخۆشەویستی مارکسیزم و کۆمەڵە لەنیودلی سەری هەلدا. بزووتنەوەی دانشجوویی یەکەمین مەیدانی خەباتی سیاسی هاوری جەعفەر بوو لە ماوەیەکی کورت دا بووەیەکیك لە تیکۆشەرانی هەلسووراوی بزووتنەوەی دانشجووی لە تەورێز.

هاوری جەعفەرکەخەباتکاریکی نەسرەوتوو بوو، زۆرزوو لەنیوهاورییانی کۆمەڵەدا جیگای خۆی کردەوە ئەوەی کە کۆمەڵە تەئکیدی لەسەر پیك هینانی پەیوەندی قوول وبەرین لەگەڵ زەحمەتکیشان دەکرد، بووە هۆی ئەوەکە هاوری جەعفەر ڕاستەوخۆتر لە جاران ڕوو بکاتە کریکاران و زەحمەتکیشان هاوری جەعفەر بەهۆی ئەوەی ڕووگەشی و زوو ئاشنابوون یەکیك لە تایبەتی بە بەرچاوکانی بوو توانی لە ماوەیەکی کوتا دا گەلیك پەیوەندی دوستانە پیك بینی، وەهەولیکی بی و چانیدا بۆ ئەوەی پەیوەندە دوستانە و سیاسییەکانی خۆی لەگەل ئەم کریکارانە بگەیەنیتەڕادەی پەیوەندی تەشکیلاتی لە ئەنجامی ئەم هەول و تیکۆشانەدا هاوری جەعفەر بوو بەیەکیك لەڕابەرانی تیکۆشانی سیاسی-تەشکیلاتی کۆمەڵە لەنیو کریکاران دا لە شارەکانی بۆکان و تەورێز.

سالی 1351،"ساواك"هاوریجەعفەری گرت دوای شەش مانگ لە زیندان لە ژێر فشاری شکەنجەش سەربەرزانە هەروەك لیی چاوەڕوان دەکرا-هاتەدەر هاوری جەعفەر هیکام لە نهینییەکانی کۆمەڵەی نەدرکاند و هەموو دوستانی تیکۆشەر و هاوریانی تەشکیلاتی خۆی پاراست، هەرکە لە زیندان هاتەدەر، ئەرکی خباتکارانە و شورشگێرانەی خۆی دریژەپیدا ئەمجار ئیترنەك پزیشکی، دەستی دایە کریکاری، دەورانی کریکاری بۆ هاوری جەعفەر کە شورشگێریکی خاوەن تەجرەبەی ریزەکانی کۆمەڵە بوو، خۆی دانشگایەکی تربوو هاوری جەعفەر لەو ماوەیەدا توانی وەك کریکاریك هەموو سەختی و دژواریەکانی کاری قورس و تاقەت پرووکین، مەحروومییەت و بی بەشی و بی مافی و ژێر دەستەبوون و چەوسانەوە بچیژی هەروەها هاوسفرەبوون و هاوژیان بوونی لەگەل کریکاران وەخوین گەرمی خۆی و خۆشەویست بوونی لە نیو کریکاران دا، بووە هۆی ئەوەکە نەك هەرژیانی کریکاری تاقی بکاتەوە بەلکوو گەلیك حەقیقەتی دیکەش لە زمان دوستانی کریکاری خۆی ببیستی کە لە شوین و کاتی تر دا ڕوویان دابوو ئەو حەقیقەتانە وینەیەکی زوور ڕوونتریان لە ژیان و کاری چینی کریکار بەرچاودەخست هاوری جەعفەر لەو ماوەیەدا فیربوو کە هەموو شتیك بە چاوی کریکاریك چاو لی بکا و بە وتەیەکی تر، فیربوو کە مارکسیست بی، کریکاریکی مارکسیست بی.

هاوری جەعفەر شەفیعی سالی 1356بۆ مەئموورییەتیکی تەشکیلاتی چوو بۆ لای یەکیەتی نیشتمانی و بۆ کوردستانی عیراق، وەکاتیك خەباتی جەماوەری خەلك لە دژی ڕژیمی شا پەرەی گرت، گەرایەوە بۆ کوردستانی ئیران و وەك ڕابەر و ریکخەری خەباتی جەماوەری خۆی نیشاندا دوای هیرشی جمهووری ئیسلامیش بۆسەر کوردستان لە 28ی موردادی 58دا، هاوری جەعفەر ئەرکی ڕابەری کردن و ریکخستنی خەباتی جەماوەری خەلکی بەباشی بەڕیوە برد. خۆنیشاندان وەك ڕابەریك لەهەموو مەیدانەکانی تیکۆشانی سیاسی و جەماوری دا، وەئەندامەتی لە هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کوردد کاتی وت وویژلەگەل دوژمن، هاوری جەعفەر وەك ڕابەریکی نەسرەوتووی هەموو مەیدانەکانی بزووتنەوەی شورشگێرانە بەهەمووان ناساند.

هاوری جەعفەر لە سالی 58ەوە هەتا کوتایی ژیانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بوو هاوری جەعفەر وەك کادریکی پیشرەو و کۆمۆنیست بە تەواوی لە پیوەستی پیك هاتنی حیزبی سەراسەری چینی کریکار ئاگادار بوو، وەخۆی بە هەموو توانایەوە لە بنیات نان و پیك هینانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا بەشداربوو هاوری جەعفەر ئەندامی کۆمیتەی بەڕپاکردنی کۆنگرەی دا مەزرینەری حیزبی کۆمۆنیست و یەکیك لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیەبوو، وە لەسەرەتای پیك هاتنی حیزبەوە هەتا کوتایی ژیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیش بوو لە سالی 1360بەم لاوە بەشی هەرزۆری تیکۆشانی تەشکیلاتی هاوری جەعفەر بەڕیوە بردن و ڕابەری کردنی نەشرییە حیزبییەکان، ڕادیو و باقی ئورگانە تەبلیغیەکان حیزب و بەتایبەت تەبلیغاتی حیزب لە کوردستان بوو هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە لە مەراسمی ئەسپەردەکردنی هاوری جەعفەردا لەم بابەتەوە دەلی:

"... بۆ ناسینی دوکتور جەعفەر هەرگیز ئەوەندەکافی نیە کە بروانینە پلەوجیگا و شوینە تەشکیلاتی یەکەی ڕاستەدوکتور جەعفەر بەدریژایی ژیانی سیاسی و تیکۆشانی تەشکیلاتی خۆی هەمیشە یەکیك لە سیاسەت داریژەران و ڕابەرانی تەشکیلاتی ئیمە بووە، بەڵام ئەمەقەت ناتوانی هەموو شەخسییەت و هەموو لایەنەکانی ئەو جیگا و شوینە کە هاوری جەعفەر بووی بە ئیمە نیشان بدا... لە کوردستان بزووتنەوەیەکی شورشگێرانە و جەماوەری بەڕپا بوو کەیەکیك لە گرنگترین داخوازەکانی خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو هینانە گۆڕی ئەم داخوازە و هینانە مەیدانی جەماوەر بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم خەباتە پتەوکردنە وەی ریزەکانی ئەم خەباتە هەقخوازانەیە، ئەرکی ئیمەبوو، وەئیمە لەبەریوە بردنی ئەم ئەرکەدا دریغمان نەکردوە بەڵام ئەوشتەکە ئیمەی لەباقی جەریانی نیو ئەم بزووتنەوەیەجیادەکردەوە، وەتا ئەمڕۆش شانازی پیوەدەکەین کە جەرەیانیکی جیاوازین، ئەوە بووکە ئیمە لە کوردستان بە پیچەوانەی داب و نەریت و ئەخلاقیان و فەرهەنگ و ئیدئولوژی کۆن و لە دژی سوننەتە کۆنەپەرستانەکانیش هەستابووین و ئەمەکاریکی یەکجار گەورە و دژواربوو کەئیمە لەگەلی بەرەوروبووین، چوونەوە بەگژ هەموو ئەو داب و دەستوورئەخلاقیات و بیروباوەڕەدا کە دەیان وسەدان ساله لە نیو خەلك داریشەیان داکۆتاوە، ئەویش لە جەرگەی خەباتیکی جەاوەریدا کە پیویستی بەزیاترین هاودلی وتیك ڕادیوی هەیە، کاریکی سادەنیە دوکتو جەعفەر یەکیك لەو کەسانەبوو، وەدەتوانم بلیم لەو یەکەمین کەسانەبوو کە بەرەوپیری ئەم ئەرکە گەورە و گرینگەچوو، تەبلیغات و نەشرییەکانی کۆمەڵە و هەموو موبەللیغەمحەللییەکانی ئیمە-کەویرای هەلخراندنی خەلك بودریژەپیدانی خەبات، بیروباوەری نوێ، بیروباوەریکی بەپیچەوانەی ڕەوتی کۆن و لە میژینەوەبەپیچەوانەی خورافات و سوننەت و عادەتی کۆنەپەرستانەیان لە نیو جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش دا لە کوردستان بالاو دەکردەوە-هەموویان لە ژێر چاوەدیری ورابەری هاوری جەعفەردا بوون ئەگەر کەسیك دەیەوی دەور و تەئسیری هاوری جەعفەر باشتربناسی و باشتر بزانی کە چ خزمەتیکی گەورە و بایەخداری بەبزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی کردوە، با چاو لەوە بکا کەبیروباوەری شورشگێرانە و کۆمۆنیستی چلون لەوسالانەدا لە نیو دلی کۆمەڵگای سوننەتی کوردستان دا، بەپیچەوانەی هەموو هەول و تەقالایەکی هیزەکۆنەپەرستەکان کە دەیانەویست پیشی پی بگرن، پەرەی گرتوە و چاولەوەبکەن کە چلون توانیومانە لە نیودلی بزووتنەوەیەکی جەماوەری دا، ریزی سەربەخۆی چینی کریکار و سەنگەری دیفاع لە بەرژەوەندی سەربەخۆی کریکاران و زەحمەتکیشان بپاریزین بۆیە دەور و جیگا و شوینی هاوری جەعفەرمان هەرگیز لە بیر ناچیتەوە.

ئەو تووەی کە بەکوششی هاوری جەعفەر چاندرا، ئیستاداریك بالاکردووی ریشەدارە بیروباوەری کۆمۆنیستی ریبەردوەتە نیو دلی سەدان هەزار کریکار و زەحمەتکیش، وەئیستاهەزاران ئینسانی ڕوت و برسی و زۆرلیکراو و بی بەش لە کووڕەخانەکان و کارگاکان و کارخانەکانی کوردستان و هەزاران ژنی زۆرلیکراو و زەحمەتکیش، پاریزەر ولایەنگری کۆنلەدەری ئەو ریگایەن ئیستا ئەگەرچی خەم وپەژارەی گیان بەخت کردنی هاوری جەعفەر قورسایی دەکاتە سەر دلمان، بەڵام بە هیممەتی کەسانی وەك دوکتور جەعفەر ئاسویەکی ڕوونمان لەبەرچاوەکە موژدە بەخشی سەرکەوتنە سەرکەوتنی چینی کریکار.."

بریارنامە سەبارەت بە :
ریکخراوە جەماوەریی‌یەکانی چینی کریکار شووڕا، کۆبوونەوەی گشتی،سەندیکا

لەبەرئەوەی:

1- ریکخراوە جەماوەری‌یە کریکاریەکان، لە پال ریکخراوە حیزبی‌یەکانی چینی کریکار، بناغەیەکی سەرەکین بۆ خەباتی چینایەتی کریکاران، وەپێشڕەوی سەرکەوتن لەو خەباتەدا بەبی پیک هاتن و بەهێز بوونی ئەم ریکخراوانە و یەکگرتووبوونی بەرینی کۆمەڵانی چینی کریکار لەو ریکخراوانەدا، ئیمکانی نیە،

2- چینی کریکاری ئیران لە میژووی خۆی دا ریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا و ئیدامەکار مەحروم بووەونەبوونی ئەم ریکخراوانە ئیستاش یەکیک لە کەم و کووری‌یە سەرەکی یەکانی خەباتی چینی کریکارە لە دژی بورژوازی پرولیتاریای ئیران بۆ دەخالەت کردنی کاریگەرتر لە ئال و گۆڕەسیاسی – کۆمەڵایەتی یەکانی دا هاتووەتا و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەوری میژوویی خۆی، دەبی ئەم کەم و کووری یە لەنیو بەری.

3- مەرجیکی سەرەکی بۆ پیشڕەوی و قوول بوونەوەی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاری و بە سەرکەوتن گەیشتنی ئەم خەباتە کە لەم سالانەی دوایی دا بەشیوەیەکی بەرینی کەم وینە بی وچان دریژەی بووە، پێک هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یە کریکاری‌یەکانە.

4- مەیل بەرەو ریکخراوبوون، داخواز و بۆ چوونیکە کە لە نیو کۆمەڵانی کریکاردا دەتەنیتەوە و خەبات بۆپێک هینانی ئەم ریکخراوانەی خۆی لەدەورەی ڕابوردوودا لایەنیکی هەمیشەیی بزووتنەوەی کریکاری بووە، جمهووری ئیسلامی بەردەوام ئەم خەبات و تیکۆشانەی سەرکوت کردوە و هیرشی کردوەتە سەر ئەو ریکخراوە جەماوەری و سەر بەخۆ کریکاری یانەکە لە جەرگەی شورش و سالەکانی دواتر دا پێک هاتبوون، وە لەبەریەک بلاوی کردوون،

5- لە جەرگەی ئەم هەل و مەرجەدا، جمهووری ئیسلامی هەول دەدا کە بە تەبلیغ بۆکردن و پێک هینانی ریکخراوە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان لە کارخانەکان و شوینەکانی بەرهەم هینان، داخوازەکانی کریکاران بەلاری دا بەری و بزووتنەوەی کریکاری تەنگەبەربکاتەوە و بیکیشیتە ژێر دەستی خۆی،

6- زەخت و زۆری رژیمی ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی کریکاری، بووەتە هۆی بەهیز بوونی مەیل و بوچوونی خۆپاریزانە و سەندیکالیستی لە هەندیک کۆرووکۆمەڵی کریکاری دا و بە تایبەت لە ریکخراوە چەپی‌یە گەلی یەکان دا. جگە لە مەتەرح و ئیدەی زەینی و غەیرە عەمەلی وەک "سەندیکای نهینی" کەنەک تەنیا ئیمکانات و پیویستی یە واقعی‌یەکانی بزووتنەوەی کریکاری لەبەرچاو ناگرین بەلکوو وەلامی ئەوەش ناداتەوە کە کریکارانی ئیران پیویستی یان بە ریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا هەیە، لەلایەن هەندیک گۆڕووهەوە هینراوەتە گۆڕ ئەم بۆچوونەو، ئەگەرچی لە نیو کریکاران دا پیشوازیکی بەرینی لی نەکراوە، بەڵام بەهەر ڕادەیەک پەرەبستینی، دەبیتەمایەی ئالوزبوونی بیری کریکاران وەبیتە کۆسپیک لە سەر ریگای ریکخراو بوونی چینی کریکار بەشیوەی جەماوەری.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خالانەی سەرەوە ئەو ئەرکە گرینگە دەکەویتە سەرشانی کۆمۆنیستەکان کە تەرح و نەزەری تایبەتی خۆیان بۆ ریکخستنی جەماوەری کریکاران بە ڕوونی ڕابگەیەنن.

الف: خالە سەرەکی یەکانی سیاسەتی ئیمە

سیاسەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ریکخستنی جەماوەری کریکاران دەبی لەسەر بناغەی ئەم خالانەی خوارەوەبی:

1- خەباتی ئابووری کریکاران لە ئیران، بەگشتی خاوەنی خەسلەتیکی سەراسەریەو لەچوارچیوەی صنفی واوەترە.

بەشیوەیەکی بنەڕەتی، تیکەل بوونی سەرمایەکان لەڕشتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هینان دا، مالکییەتی دەولەتی بەسەر بەشی هەرەزۆری سەرمایەسەنعەتی‌یەکاندا، دەوری ئابووری دەولەت و سیاسەتە دەولەتی‌یەکان لە تەنزیم کردنی پەیوەندی گشتی نیوان کار و سەرمایەدا، وەنزیکایەتی ئورگانیک و هەرچی زیاتر لیک هەلپیکرا و بوونی ویست و داخوازەکانی بەشەجۆراوجۆرەکانی چینی کریکار بووەتە هۆی ئەوە کە داخوازی‌یەکان و خەباتی کریکاران لەهەر کارخانەیەک خاوەنی خەسلەت و جیگا و شوینیکی گشتی بی ولە چوارچیوەی صنفی واوەتربی.

2- لەم هەل و مەرجەدا ریکخراوە کرێکاری‌یەکان بۆ بەرەوپیش بردنی خەباتی ئابووری دەبی پشت بەریکخراوی فابریکی–مەنتەقەیی ببەستنن نەک بە ریکخراوی صنفی و رشتەیی کریکاران.

3- ریکخراوەجەماوەری‌یەکرێکاریەکان دەبی ببنەمایەی دەخالەتی هەرچی بەرینترو هەلسووراوانەتری کۆمەڵانی کریکارلەخەبات دا، وەپشت بەدیموکراسی و بەریوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆی کرێکاران ببەستن لەغەیری ئەم حالەتەدا، بیگۆمان بوروکراسی و بریاردان بە جیاواز لە ئیرادەی کۆمەڵانی کریکار لەنیوریکخراوەجەماوەری‌یەکان سەر هەل دەدا و خۆی دەبیتە کۆسپیک لەسەر ریگای بەرەوپیش چوونی خەباتی کریکاران .

4- بزووتنەوەی کریکاری ئیران، لەجەرگەی خەفەقان دا ولەهەل و مەرجیک دا کە خەبات و مانگرتنی کریکاران بەناچار لەگەڵ دەولەت بەرەوروودەبی، بەرەو خەباتی سیاسی دەچی و بوهیچ دەورەیەکی دریژخایەن لە ئاستی ئابووری دا و لە چواچیوەی نیزام و قانوون و یاسای مەوجوودا نامینیتەوە، بەم بۆنەوە ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی چینی کرێکار دەبی لە هەموهەل و مەرجیک دا توانای وەگەڕخستنی جەماوەری کریکارانیان هەبی ولەچوارچیوەی قانوون و قانوونییەتی بورژوایی دا خۆیان نەبەستنەوە.

5- تەجرەبەی بزووتنەوەی کریکاری لە دەورەی ڕابوردوودا لەسەر ئەم واقعییەتانەی سەرەوەتەئکیدی کردوە و شکلی ریکخراوبوونی گونجاو لەگەڵ ئەم واقعییەتانەی دەستپێشان کردوە. ئەم شکلە ریکخراوبوونە، ریکخراوەشووڕایی‌یەکانی چینی کریکارە لە دەورەی شورش دابەشیکی بەرین لە تیکۆشەران و پیشڕەوانی بزووتنەوەی کریکاری روویان کردە بزووتنەوەی شووڕایی و لە زۆرواحیدی بەرهەم هینان دا شووڕای کارخانە و لە هەندیک مەنتەقە شووڕای مەنتەقەیی کریکاران پێک هاتن ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی سەرکوتی 30خورداد و خەفەقانی دوای ئەو دەورەیە، لەچوارچیوەیەکی بەرتەسک تردا بەشکلی بزووتنەوەی کۆبوونەوەیەکی دریژەی پی درا و ئیستایش داخوازی پێک هینانی شووڕا، مەیلیکی بەرین و گشتی‌یەلە نیو کۆمەڵانی کریکاردا.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەم خالانەی سەرەوە، ئیمە ڕادەگەیەنین کە:

1- شیعاری سەرەکی سیاسەتی گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە زەمینەی ریکخستنی جەماوەری کریکاران دا، بریتی‌یە لە تەبلیغ کردن و هەنگاو هەلگرتن بوپێک هینانی شووڕاکریکاری‌یەکان و ریکخستنی شووڕایی چینی کرێکار.

2- ئیمەریکخراوی شووڕایی چینی کریکار بەناوەندو میحوەری ریکخراو بوونی جەماوەری چینی کریکاروپالپشتی باقی ریکخراوەجەماوەری یەکان دەزانین و بۆ پەیوەس کردنی باقی ریکخراوە کریکاری یەکان بەریکخراوی شووڕایی چینی کرێکارەوە، تی‌دەکوشین.

3- ریکخراوی شووڕایی، پیشڕەوترین شکلی ریکخراوبوونی جەماوەری کریکارانە و دەبیتەمایەی ریکخراوبوونی بەشی متمرکز و پیشڕەوی چینی کریکار لە سەنعەتەکان و واحیدگەورەکانی‌کاردا. لەم ڕووەوە ئیمە بۆ بەرپا کردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەراسەری شووڕایی چینی کریکار خەبات دەکەین، سەرەڕای ئەمە لە کارگا چکولەکان دا و بەگشتی لەو بەشانەدا کە بە هۆی جیگاوشوینی ئابووری‌یان، ژمارەیەکی کەمتر لە کریکاران تییاندا کۆبوونەتەوە، وەیەکیەتی پیشەیی لە چاویەکیەتی شوینی کار، دەبیتەهۆی ئەوە کریکاران بەرانبەر بە سەرمایەداران بە هیز و توانا‌ترین، کریکاران بۆ پێک هینانی اتحادیە پیشەیی یەکان بانگەواز دەکەین وبۆ پێک هینانیان خەبات دەکەین، ئیمە هەول دەدەین کە ریکخراوە اتحادیەیی‌یەکانی ئەو بەشانەپەیوەندی‌یەکی نزیک و پتەویان لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری شووڕایی چینی کریکار هەبی.

ب: تایبەتی‌یەکانی شووڕا کریکاری‌یەکان

تایبەتی‌یەکانی شووڕاکان و چونیەتی ریکخراوبوونی شووڕایی کریکاران، کەدەبی لە تەبلیغاتی ئیمەدا لە بەرچاو بگیرین بریتین لە:

1- شووڕاکان لە خوارەوە پێک دین و تایبەتمەندی سەرەکی یان بریتی یە لە دیموکراتیزم و بە ڕیوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی کریکار.

2- شووڕابریتی‌یە لە کۆبوونەوەی گشتی منزم و شکل پیدراوی کریکاران لە هەر واحیدیکی بەرهەم هینان دا هەموو کریکاران ئەندامی شووڕای ئەوواحیدەن و کۆبوونەوەی گشتی کریکاران، پەیکەرە و ئورگانی بریاردەری شووڕایە کۆبوونەوەی گشتی بۆ بەریوەبردنی بریارەکانی خۆی کەسانیک (وەک کۆمیتەی بەریوەبەر وەیا بەهەر ناویکی تر) هەل دەبژێری . ئەوەکەسانە، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا دەکری وەلابنرین وەیا هەل بژێردرینەوە.

3- لەکارخانە گەورەکان کەپێک هینانی کۆبوونەوەی گشتی هەموو کریکاران مەیسەرنابی، شووڕای کارخانە لە نوینەرانی چەندین کۆبوونەوەی گشتی، بونموونە کۆبوونەوەی گشتی بەشەجۆراوجۆرەکان پێک دی.

4- ریکخراوی سەراسەری شووڕاکان ریکخراویکی هیرەمی‌یەکە شووڕافابریکی‌یەکان، واحیدی بناغەیی ئەو ریکخراوەن لە ئاستی سەرەوەتر لە فابریکەکان، شووڕای نوینەرانی شووڕاکانی کارخانە پێک دی(و لەئاستی سەروەتریش هەربەم جۆرەدەبی).

5- سیستمی شووڕایی بەمەعنای ئەوە نیەکە اتحادیەکان وجوودیان نەبی و لەو شووڕایانەدا یەک نەگرن. ئەو صنفانە کە اتحادیە شکلیکی گونجاوە بۆ ریکخراوبوونیان، دەتوانن لە ئاستیکی دیاریکراودا نوینەرانی خۆیان بنێرنە شووڕاکانی نوینەرایەتی و بەم جۆرە رابگەیەنن کە سەر بەریکخراوی سەراسەری شووڕاکانن.

6- سیستمی شووڕایی ئەو ئیمکانەی هەیە کەچینی کریکار و زەحمەتکیشان لە لایەنی تردا و لە شکل و قەوارەی کۆمەڵایەتی دیکەدا لە خۆی هەلپیکی شووڕاکانی دیهات وەیا شووڕکانی سەربازان، دەتوانن لە ئاستیکی دیاریکراودا بەم بزووتنەوەیەوە پەیوەس بن.

بزووتنەوەی تەعاونی یەکریکاری‌یەکان و...ش دەتوانن لە لایەکەوە بەشەبەکەی شووڕاکانەوە پەیوەس بن.

ج: بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی

وەک یەکەمین هەنگاو بو ریکخستنی شووڕایی کریکاران و وەک ریگاچارەیەکی دەس بەجی ودەم وەدەست بۆ پر کردنەوەی ئەو بۆشایی‌یەکە بەهۆی نەبوونی ریکخراوە جەماوەری‌یەکریکاری‌یە کانەوە پێک هاتوە، حیزبی کۆمۆنیست خوازیاری پێک هاتن و پەرەگرتنی بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی کریکارانە مەبەستی کۆبوونەوەی گشتی ئەوەیەکە شەبەکەیەکی بەرین لە کۆبوونەوەگشتی‌یەکانی کریکاران لە کارخانەکان وواحیدەتەولیدی و ئابووری‌یەکان پێک بهینری، ئەو کۆبوونەوە گشتی یانە لیک هەلپیکرین و لەم ریگایەوە هەرچی خیراتر ئامرازیکی کاریگەری تەشکیلاتی و ڕابەری یەکی عەمەلی کەم تازۆر سەراسەری بۆ خەباتی ڕۆژانەی کریکاری پێک بهینری.

بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی کەدەبی بەتیکۆشانی وشیارانەی کریکارانی کۆمۆنیست بەرپابکری، ئەولایەنە بە هیزەشی هەیە کە لەهەمان کاتدا کە یەکەمین هەنگاوبۆریکخستنی شووڕا کریکاری‌یەکان، هەرئیستا لەبەرئەوەی لە بزووتنەوەی کریکاری‌دا زەمینەیەکی زۆرباشی هەیە دەتوانی بەخیرایی ئامانجەکانی خۆی وەدی بینی واقعییەتەکانی ئیستای بزووتنەوەی کریکاری ئیران راست و ڕەوابوونی ئەم سیاسەتە دەسەلمینن.

1- واقعییەتەکانی دەورەی ڕابوردووی خەباتی کریکاری بەرووڕی ئەوە نیشان دەدەن کە هەر ئەمرۆ کۆبوونەوەی گشتی وەک ویست و داخوازیک لە نیو بزووتنەوەی کریکاری‌دا جیگیر بووە و لە نیو کۆمەلانی کریکاردا کۆبوونەوەی گشتی دیاردەیەکی ناسراوە لە دەورەی ڕابوردوودا کریکاران بۆبەرەوپیش بردنی خەباتی خۆیان و بەرانبەر بە ریکخراوەزردەکان بەکردەو زۆرجار کۆبوونەوەکانی خۆیانیان تەنانەت لە ژیر ناوی کۆبوونەوەی گشتی دا بەریوە بردوە.

2- هەرتەرحیک بۆ ریکخستنی کریکاران بەشیوەی جەماوەری و ئاشکرا تەنیا کاتیک دەتوانی کۆمەلانی بەرینی کریکار بگریتەخۆی و بەریوەبچی کە هەر ئەمرۆ و لە هەموو هەنگاویکی ڕەوتی بەرەوپیش چوونی بزووتنەوەدا، وەلامدەرەوەی نیاز و پیویستی‌یەکانی خەباتی ڕۆژانەی چینی کریکار بی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لە شکلی ئیستای خۆیدا نیشانی داوە کە ئەمەی لی دەوەشیتەوە.

3- بەپیی هەل و مەرجی کۆمەلایەتی سیاسی ئیران و تایبەتی‌یەکانی بزووتنەوەی کریکاری پیویستە هەرچەشنە ریکخستنی جەماوەری چینی کریکار، یەکەم، لەئاستی محەللی‌یەوە دەست پی بکاو دووهە، پشت بە ڕابەرانی محەللی بزووتنەوەی کریکاری ببەستی و بزووتنەوەی کریکاری ببەستی و سیهەمیش، هەر لە ئیستاوەریکخراوەیەکی جەماوەری بی کۆبوونەوەی گشتی ئەم تایبەتی یانەی هەیە و ئەم پیویستی‌یانە بەباشی وەدی دینی.

حیزبی کۆمۆنیست و کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر بەگشتی دەبی لەسەر ئاساسی ئەم زەمینە گونجاوە ئەو بوچوونەی کریکاران کە دەیانەوی کۆبوونەوەی گشتی بکەنە پالپشتی خەباتی ڕۆژانەی خۆیان، بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی وەک حەرەکەتیکی وشیارانە و ئامانجداروبەرین لە نیو کریکاران دا ریک بخەن و پەرەی پی بدەن. کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی ئەرکی سەرشانیانەکە:

1- ئیدەی لیهاتوویی کۆبوونەوەی گشتی وەک ئورگانیکی خەباتکارانەی کاریگەر وبناغەی شووڕاکریکاری‌یەکان، وەهەروەها ئاسوی بەرینتری بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لە نیو کریکاران دا تەبلیغ بکەن و جیگیری بکەن و کریکاران بانگەواز بکەن کە ببنە تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی .

2- لەهەر واحیدیکی بەرهەم هینان دا کریکاران بۆ پێک هینانی کۆبوونەوەی گشتی بانگەواز بکەن.

3- بەردەوام هەول بدەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی بە شیوەی منزم پیک بی (جیاواز لەوەکە ئیعترازو مانگرتن لە هەرواحیدیک دا هەبی یان نەبی).

4- کۆبوونەوە گشتی‌یەکان وەک قسەکەری واقیعی کریکاران بەرەسمییەت بناسن.

5- بەردەوام هەول بدەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوە گشتی یەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندی ئورگانیکیان هەبی.

6- لەبەستنی قەرارداد دەستە جەمعی‌یەکان دا، لەچارەسەرکردنی ناکوکی‌یەکاندا و لە دەربرینی بیروراو بریاردان لەسەر تەرحەکان و ئیقداماتی دەولەت، هەرچی زیاتر کۆبوونەوە گشی‌یەکان بخەنەگەر.

د: سەبارەت بە اتحادیە

بەلەبەر چاوگرتنی هۆی جۆراوجۆری وەک ئەوەکە اتحادیەکان لەباری میژوویی و عەمەلی‌یەوە لە پیک هینانی یەکگرتوویی بەرینی چینایەتی و لەرابەری کردنی خەباتی کریکاری دا مەحدوودییەتیان هەیە بزووتنەوەی اتحادیەیی بەدریژایی میژووی خۆی لەگەڵ سیاسەتی سوسیال دیموکراتیک لیک هەلپیکراون، اتحادیەکان بەرەو دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی راستەوخۆ دەچن و لە نیویان دا بۆروکراسی‌یەکی بان سەری کریکاران سەرهەلدەدا، وەسەرەنجام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە هەل و مەرجی ئیستای ئیران دا زەمینەی مادی بۆ پێک هاتنی اتحادیە وجوودی نیە، حیزبی کۆمۆنیست سیاسەتی پێک هینانی اتحادیەکان نانیتە ناوەندی خەباتی خۆی بۆ پێک هینانی ریکخراوەجەماوەری‌یەکان سیاسەتی گشتی حیزب پێک هینانی شووڕا کریکاری‌یەکانە لەهەمان کات دا ڕادەگەیەنین کە:

1- ئازادی بی قەیدوشەرتی پێک هینانی اتحادیەی کریکاری بەشیکە لە مافی مسوگەری کریکاران بۆ پێک هینانی هەرچەشنە ریکخراوەیەکی صنفی و سیاسی، وەئیمە لیبراوانە دیفاع لەم مافە دەکەین.

2- لە هەول و تیکۆشانی کریکاران بۆ پێک هینانی سەندیکا، پشتیوانی دەکەین و یاریدەیان دەدەین.

3- لە اتحادیە کریکاری‌یە سەربەخۆکان دا بەشداری دەکەین، بۆهیزوتوانا بەخشین بەریبەرایەتی کریکارانی کۆمۆنیست لە نیویان دا تی‌دەکۆشین و لە نیو هەر اتحادیەیەک دا هەول دەدەین بۆ یەکگرتوو کردن وپتەوکردنی خەتی کۆمۆنیستی .

4- بۆ نزیک کردنەوەی هەرچی زیاتری اتحادیەکان لە قەوارەیەکی غەیر بوروکراتیک و بە تایبەت بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر لە ئاستی محەللی دا پشت بە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران ببەستن، تی دەکوشین.

5- بەهەر ڕادەیەک کە سیاسەتی ئیمە بۆ پێک هینانی شووڕا کریکاری یەکان و پەرە پیدانی بزووتنەوەی کۆبۆونەوەی گشتی وەک هەنگاوی یەکەم، لەگەل هەوک و تیکۆشانی کوروکۆمەڵە کریکاری‌یەکان و جەرەیانە تیکوشەرەکانی لایەنگری اتحادیە هاوجیهەت بن (بۆنموونە پێک هینانی کۆبوونەوە گشتی‌یەکان کەهەندیک لە لایەنگرانی پێک هاتنی اتحادیە تەئییدی دەکەن) ئیمە ئامادەین لەگەڵ ئەو کۆروکۆمەڵ و جەریاناتە هاوکاری بکەین.

خەباتی جەماوەری
کورتەیەك لە خەبات و ئیعترازی کۆمەڵانی زەحمەتکیشی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژبە شورشەکانی جمهووری ئیسلامی

لەدژی سەبازگیری، چەکدارکردن و نیگابانی زۆرەملی

سنە:

شەوی 28ی خەرمانان دووسەربازی شورشگێر، هەموبەکریگیراوانی نیو پایگای "کول" لە بەشی سارال-کە 7کەس بوون-دەکوژن و بە دووتفەنگەوە ریزی هێزەکانی رژیم بەجی دیلن هەروەها رۆژی 27ی خەرمانان ژمارەیەکی دیکە لە سەربازان لە مقەرەی"حاجیاوا"ی شاری سنە تەلبەندی دەوری مقەرەکەدەبرن وهەلدین هێزەکانی رژیم تەقەیان لی دەکەن بەلام ژمارەیەك لە وسەربازانە بە هاوکاری خەلك دەتوانن خۆ دەربازکەن و 3سەبازی دیکە لە کاتی هەلاتن دا دەگیرینەوە.

18کەس لە لاوەگیراوەکانی شارودیهاتی سنە دەدرینە دەست دوونیگابان کە بیانبەنە پادگانی"عجب شیر" لە ئازەربایجان، لاوەکان لەریگا پەلاماری هەردوونیگابانەکە دەدەن و هەلدین و بە یارمەتی خەلك خودەگەیەننەوە شار و دیهاتی خۆیان.

سەقز:

رۆژی 1ی رەزبەری بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە ئاوایی "حەوتاش" هات و چو لە خەلك قەدەغەدەکەن و رۆژی دواتر بەتەمای گرتنی لاوەکان خەلك لە مزگەوت کۆدەکەنەوە، بەلام خەلکی تیکۆشەر یەکگرتوانە رادەگەیەنن کە بە هیچ شیوەیك سەرباز بەرژیم نادەین.

مەریوان:

رۆژی 25ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری لەدەروازەکانی شاری مەریوان و لەسەر ریگای هات و چوی خەلك دەست دەدەنە پشکنینی لاوەکان، خەلکی تیکۆشەر بەشاردنەوەی مەشموولەکان و سەرباز هەلاتووەکان و بە ئاگادارکردنی یەکتر لە پیلانی رژیم، ئەم پیلانەی رژیمیان پووچەل کردەوە.

بانە:

رۆژەکانی 17و18ی رەزبەر هێزەکانی رژیم لە نیوشاری بانە تەقالایەکی بەرین بۆ گرتنی لاوەکان دەست پی دەکەن بەلام بەهۆی وشیاری و موقاومەتی خەلکی تیکۆشەر، بەکریگیراوان دوای دوو رۆژ کەمین نانەوە و کۆنترولی شارنەیانتوانی هیچ کەس بگرن. لە ئاوایی "بژی" بەشی بۆیەن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بەداروبەرد پەلاماردەبەنەسەر بەکریگیراوانی رژیم و لە ئاوایی وە دەریان دەنین.

هەروەها تەقالای هێزەکانی رژیم بۆ گرتنی لاوەکان لە بەشەکانی "هەوەتوو" و "تیلەکوی" دیواندەرە لەگەل موقاومەتی خەلك بەرەوروو بوە و ئەوکەسانەش کە غافلگیرکرابوون و گیرابوون دوای ماوەیەکی کورت خۆیان لە دەستی بەکریگیراوان دەربازکرد و هەلاتنەوە.

هێزەکانی رژیم لە ئاوایی"ەکانی "ولیاوا"، "هەنگەژال"و"کیلە" و"سەیران بەن" لە ناوچەی بانە و لە ئاوایی "بۆغدەکەندی" لە ناوچەی بۆکان و لە ئاوایی "رەزاو" لەبەشی شامیانی مەریوان فشاریان بۆ خەلك هینا کە چەك هلگرن و نیگابانی بۆ رژیم بدەن خەلکی تیکۆشەری ئەو ئاوایی‌یانە ملیان بەم داوایەی رژیم نەدا تەنانەت خەلکی ئاوایی "ولیاوا" ئاوایی‌یەکایان چول کرد و بۆ ئیعتیراز بەم داوایەی رژیم چوونە شاری بانەو لەبەردەم ئیدارە دەولەتی‌یەکان کۆبوونەوە هەتا پاشەکشەیان بە بەکریگیراوانی رژیم کرد.

دیواندەرە:

رۆژی 13ی رەزبەر لە کاتیك دا کە چەندکەس لە خەلکی ئاوایی "مرەدەر" لە سەر پوستی نیگابانی زۆرەملی بوون، لەلایەن بەکریگیراوانی پایگاوە تەقەیان لی دەکری رۆژی دوایی خەلکی ئاوایی لە بەرانبەر پایگای رژیم دا کۆدەبنەوە ورادەگەیەنن ئیتر حازر نین نیگابانی بۆ رژیم بدەین.

تەقەلای هێزەکانی رژیم بۆبرینی پەیوەندی پتەوی نیوان زەحمەتکیشان و هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

سەقز:

رۆژی 23ی خەرمانان هێزەکانی رژیم ئاای "کانی‌نیاز" گەمارو دەدەن وویرای ئازادانی خەلکی چەند کەس بە بیانووی هاوکاری کردن لەگەل کۆمەڵە دەگرن کە لەگەل ئیعترازی خەلکی ئاوایی بەرەو روو دەبن.

هەروەها بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "کەمەتوو" داوا لە خەلك دەکەن کە لە دژی کۆمەڵەن، هاوکاری لەگەل رژیم بکەن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی یەکگرتوانە رادەگەیەنن کە بە هیچ چەشنیك ئامادەنین جاسووسی بۆ رژیم بکەبن بەکریگیراوان بۆ چاوترسین کردنی خەلك یەکیك لە زەحمەتکیشانی ئاوایی دەگرن بەلام بەهۆی ئیعترازی خەلك ناچاردەبن ئازادی بکەن.

سنە:

لە ئاوایی"باینچو" هێزەکانی رژیم داوایان لە خەلك کرد کە لەبەرانبەر پەلاماری پیشمەرگەی کۆمەڵەدا بیانپاریزن و لەهات و چوی پیشمەرگە ئاگاداریان بکەن خەلکی تیکۆشەری ئەو ئاوایی یە پییان دەلین:"لە کوردستان هیچ ئەمنییەتیك بۆ بەکریگیراوانی رژیم نیە و ئەگەر لە بیری ئەمنییەتی خۆتان دان دەبی لەکوردستان بچنەدەر"بەکریگیراوانی رژیم دوای چەند رۆژ جاریکی تر دەرژینە ئەو ئاوایی یەو 21کەس لە خەلکەکەی دەگرن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بە ئیعترازی خۆیان 18کەس لە گیراوەکان بە رژیم ئازاد دەکەن و بۆ ئازادکردنی 3کەسەکەی دیکەش دریژە بە ئیعترازی خۆیان دەدەن.

مەریوان:

رۆژی 5ی رەزبەر هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "نسل"6کەس لە کچانی ئاوایی بە بیانووی ئەوەی دەیانەوی ببنە پیشمەرگەی کۆمەڵە دەگرن و دەیانبەن بۆ ئاوایی "سەولاوا" خەلکی تیکوشەر یەکگرتوانە ئیعترازدکەن و چەندین جار کۆبوونەوەی گەورەی ئیعترازی لە ئاوایی "سەولاوا" پیك دەینن و سەرەنجام دوای 15رۆژ بەکریگیراوان ناچاردەکەن هەر 6کچەکە ئازاد بکەن.

رۆژی 21ی رەزبەر بەکریگیراوانی رژیم 8کەس لە خەلکی ئاوایی‌یەکانی "گاگل"و "شەرکە"دەگرن و داوایان لی دەکەن کە لە دژی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە هاوکاری لەگەل رژیم بکەن گیراوەکان تەسلیمی ئەم داوایەی بەکریگیراوان نابن و دوای ماوەیەك ئازاد دەکرین.

سنە:

رۆژی 23ی رەزبەر هێزەکانی رژیم لە ئاوایی لەنگەریز 12کەس دەگرن خەلکی ئاوایی کودەبنەوەو بەدانی شیعاری شورشگێرانە خۆپیشاندانیك بەرەو جادە سنە -مەریوان وەری دەخەن خەلکی تیکۆشەر لە سەر جادەکە پەلامار دەبەنەسەر فەرماندەی میحوەری "نگل شویشە" وچەکی دەکەن بەکریگیراوانی تر ویرای تەقەکردن لە خەلکی ژنیك دەگرن و دەیبەن بۆ ئاوایی "نگل" لە نەتیجەی ئیعترازی کۆلنەدەرانەی خەلکی ئاوایی دا ئەو ژنەوهەر 12کەسەکەی پیشتر گیرابوون ئازاد دەکرین.

مەریوان:

بەکریگیراوانی رژیم دووکەس لە خەلکی ئاوایی "زویران" دەگرن و فشاریان بۆ دینن کە دووپارچە چەکیان تەحویل بدەن گیراوەکان تەسلیمی ئەم داوایەی هێزەکانی رژیم نابن.

رۆژی 7ی رەزبەر هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "پیلە"رانندەی تراکتوریك کە حازر نەبوو بوو بیگاری یان بۆ بکادەگرن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی لە بەرپایگای بەکریگیراوان کۆ دەبنەوە و گیراوەکەیان پی ئازاد دەکەن.

سەردەشت:

هێزەکانی رژیم بۆ تیك شکاندنی موقاومەتی خەلکی تیکۆشەری ئاوایی "سیسیر" کە حازر نەبوو بوون لەوەلامی بەکریگیراوان دا هەوارەکان و کوخەکان چول بکەن، ماوەیەك لەوە پیش شوینی کار و ژیانی زەحمەتکیشانی ئەو ئاوایی‌یە توپ باران دەکەن و کوخەکان دەسووتینن. خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بۆ دەربرینی ئیعترازی خۆیان، ژمارەیەك لە نوینەرانیان دەنیرنەشاری سەردەشت.

لەدژی تالانچیەتی هێزەکانی رژیم

بانە:

رۆژەکانی 25و28ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم بە مەبەستی راوورووت بەسەروگوی پیچراوی دەچنە ئاوایی "چیچوران" خەلکی ئاوایی هەردووجارەکە یەکگرتوانە بەکریگیراوان راودەنین.

بۆکان:

ژمارەیەك لە کریکارانی کووڕەخانە دوای تەواو بوونی فەسلی کار بەرەوشاری بۆکان دەگەڕینەوە لەریگا ژمارەیەك چەکداری بەکریگیراوی رژیم داوای پوول لە کریکارەکان دەکەن و بەهەڕەشەولیدان پوولیان لی دەستینن لەو کاتەدا ژمارەیەکی‌تر لە کریکارانی کووڕەخانە دەگەنە ئەو شوینە و هەموویان پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان وچەکیان دەکەن و لەوی شاربانی ناچار دەکەن پوولەکەیان بداتەوە و چەکدارەکانیش زیندانی بکا .

مەریوان:

رۆژی 22ی رەزبەری 3بەکریگیراوی چەکدرای رژیم لە ئاوایی نژمار 50هەزار تمەن پوولی مالی زەحمەتکیشیکی دانیشتووی "نژمار" بەتالان دەبەن ئەو زەحمەتکیشە دەچیتە مقەری سپای پاسدارانی مەریوان و داوای پوولەکەی دەکاتەوە و ئەگەرچی بەکریگیراوان ناچنە ژیرباری ئەم راو وروتە بەلام سەرەنجام ناچار دەبن پوولەکەی پی بدەنەوە و یەکیك لە بەکریگیراوانی تالانگەریش بگرن.

ریزگرتن لەیادی گیان بەخت کردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم لەکۆروکۆبوونەوەی بەرینی خەلکی زەحمەتکیش دا

بانە:

سەدان کەس لە خەلکی تیکۆشەرو شورشگێری شارو ئاوایی‌یەکانی بانە لە مەراسمیکی جەماوەری دا کە لە نیوان رۆژەکانی 25و29ی خەرمانان دا لەشاری بانە پیك هات یادی هاوریی کۆمۆنیست "مسعود امین نژاد"یان ریزلی گرت.

سەقز:

هەزاران کەس لە خەلکی تیکۆشەری شارەکانی سەقز، سنە، بۆکان، تکاب و ئاوایی یەکانیان بۆماوەی 12رۆژ لە چەندین مەراسمی جەماوەری‌دا یادی هاوری "محمود خدری"یان ریز لی گرت.

سنە:

بەبلاوبوونەوەی هەوالی گیان بەخت کردنی هاوریی کۆمۆنیست"صادق وزیری" ئەدامی کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و مەسئوولی پەلیك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە سەدان کەس لە خەلکی تیکۆشەری شار و ئاوایی یەکانی سنە لە مەراسمی ریز گرتن لە یادی ئەو هاوری خۆشەویستە دا بەشداری یان کرد مەراسمەکە حەوتوویەکی خایاند.

لە مەراسمیکی دیکەدا کە لەئاوایی "ئەویهەنگ"ی بەشی ژاوەروی سنەبەرپا کرا سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکیشی بەشەکانی ژاوەرو و کەلاتەرزان، یادی هاوری"مصتفی نصری" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و پیشمەرگەی کۆمەڵەیان ریزلی گرت.

هەروەها لە ئاوایی "ئارینان" ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری سنە و ئاوایی‌یەکانی "نەوەرە"، "صوفیان"،"کەلەکان"،"سوورەزە"،"هەژگرە"،تەوار"، "مەرەبزان" و... لە مەراسمیگی بەرینی جەماوەری دا ریزیان لە یادی هاوری "عسمان احمدی" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران گرت.

لە هەندیك لەو مەراسمانەدا، خەلکی تیکۆشەر عەکسی هاوری یانی گیان بەخت کردوویان بە گۆل ئەستیری سوور رازاندبووەوە و بەنووسینی شیعارەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پەیوەندی خۆیان لەگەل ریبازی گیان بەخت کردوان و هەروەها ئیرادەی خۆیانیان بۆ دریژە پیدانی ئەو ریبازە نیشان دەدا لە مەراسمەکان دا خەلکی تیکۆشەر سەبارەت بە تایبەتی یەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە، سیاسەتەکانی کۆمەڵەو دەوری کۆمەڵە لە رابەری کردن و بەرەوپیش بردنی بزووتنەوەی شورگشیرانەی کوردستاندا، دەنگ و باسی چالاکی‌یەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و وەزعییەتی سیاسی ئیستای کورگستان قسەوباسیان دەکرد لە مەراسمی ریزگرتن لەیادی خاوری "محمودخدری"دابەشداربووان ویرای تەئییدی سیاسەتی شورشگیرانەلە بەرانبەربە حیزبی دیموکرات، لەسەر هەلویستە دژی دیموکراتیکەکان و سیاسەتی شەرخوازانە و خائینانەی ئەو حیزبە قسەوباسیان کرد و خوازیاری ئەوە بوون حیزبی دیموکرات بە قەبوول کردنی ئاگربەسی بی قەیدوشەرت، شەر لە دژی کۆمەڵە کۆتایی پی بینی.

دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە

هیزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە ترسی پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری و هەلسووڕانی پیشمەرگە کۆمەڵە و بە مەبەستی پیش گرتن و هاوکاری بی دریغی خەلکی زەحمەتکیش لەگەل کۆمەڵەو هاتنی پول پولی ژنان و پیاوانی زەحمەتکیش بۆ ناوریزی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە، فشاروزەخت و زۆری خۆیان بۆسەر پەیوەس بوون بە ریزی پیشمەرگەی کۆمەڵەوە زیاد کردوە بەلام هەروەك لە خەلکی تیکۆشەر و زەحمەتکیشی کوردستان چاوەروان دەکری لەبەرانبەر ئەم سیاسەتە پووچەلیان کردوەتەوە.

بۆنموونە خەلکی ئاوایی‌یەکانی"نژمار"، "سەرنژمار" لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی رژیم دا یەکگرتووانە رایانگەیاند هیچ چەشنە فشاریك بۆسەر خانەوادەی پیشمەرگە قوبوول ناکەن و ئەگەر رژیم دەست لەم فشارە هەلنەگری هەموو خەلکی ئاوایی بە نیشانەی ئیعتراز ئاوایی‌یەکەیان بەجی دیلن هەروەها خەلکی ئەم دووئاوایی یەخوازیاری رویشتنی فەرماندەی بەکریگیراوای پایگای رژیم بوون کە رژیم ناچار بووسەر بۆ داخوازەکانیان شوریکا.

خەلکی ئاوایی "ولەژیر" بە ژن و پیاووگەورەوبچووکەوە بەرانبەر بە تالان و بروی مال و دارایی خانەوادەی پیشمەرگە راوەستان و بەکریگیراوانیان ناچار بە باشە کشە کرد.

خەلکی ئاوایی"گویزەکویرە" بە دەرکردنی بریارنامەیەك و بەهەلبژاردنی 15کەس وەك نوینەر بە کریگیراوانی رژیمیان ناچار کرد کە چەند خانەوادەی پیشمەرگەکە گیرابوون ئازاد بکەن و بیانگیرنەوە بۆ ئاوایی یەکەی خۆیان .

خەلکی ئاوایی‌یەکانی "رەشەدی"،"چور"،کانی سانان"،"درگاشیخان"،"نگل"، "لەنگەریز"،"بیساران"، یەکگرتووانە دیفاعیان لە خانەوادەی پیشمەرگەکان کرد و پاشەکشەیان بەهیزەکانی رژیم کرد.

خەباتی قوتابیان و خانەوادەکانیان لە دژی زەخت و زۆری رژیم

سنە:

هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رۆژی 7ی رەزبەر ژمارەیەك لە قوتابیانی ئاوایی"ئەویهەنگ، بەبیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە دەگرن خەلکی زەحمەتکیشی ئاوایی بۆ ئازادی دەسبەجیی گیراوەکان کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی پیك دینن بەکریگیراوانی رژیم ناچار دەبن هەر ئەورۆژە هەموو گیراوەکان ئازادبکەن.

خەلکی ئاوایی "نەوەرە" چەندین کۆبوونەوەی ئیعترازی‌یان بۆکردنەوەی مەدرەسەی راهنمایی ئاوایی‌یەکەیان پیك هینا ئەم مەدەرەسەیە لەسالیك لەوە پیشەوە لە لایەن بەکریگیراوانی رژیمەوە داخراوە.

مەریوان:

رۆژی 4ی رەزبەر بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی فیلمیك کە لە دژی بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و کۆمەڵە دروستیان کردبوو، بۆنمایش دان دەبەنە دەبیرستانی ئاوایی "نی" لە دەوروبەری شاری مەریوان قوتابی‌یە تیکۆشەرەکانی ئەم ئاوایی‌یە لە دژی بەکریگیراوان ئیعتراز دەکەن و بە کۆمەڵ ئەو فیلمە تەحریم دەکەن و سالونی نمایشەکە بەجی دیلن.

قوتابی‌یەتیکۆشەرەکان هەر ئەو رۆژە بۆ دژایەتی لەگەل سیاسەتی دا سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەرکچان لیباسی

نیزامی بەسەر کوران دا لەسەر دیواری مەدرەسەکە شیعاری "نەحیجابی ئیسلامی نە لیباسی نیزامی "دەنووسن.

خەلکی ئاوایی"کلە" چەندین جار لە دژی داگیرکرانی مەدرەسەو حەمامی ئاوایی‌یەکەیان لەلایەن هیزەداگیرکەرەکانەوە، ئیعترازیان کرد و خوازیاری چول کردنی مەدرەسە و حەمامەکەبوون.

رۆژ6ی رەزبەر خەلکی شاروچکەی جوجەسازی مەریوان کەبەشیکن لە ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە لە دژی کەم بوونی ئیمکاناتی خۆیندنی منداڵەکانیان ئیعترازیان کرد و بەدانی شیعار لە دژی رژیم خوازیاری دابین کردنی دەسبەجیی داخوازەکانیان لە کارەبەدەستانی رژیم بوون.

دیواندەرە:

رۆژی 8ی رەزبەر کاربەدەستە بەکریگیراوەکانی ئاموزش و پەروەرشی شاری دیواندەرە بە 15کەس لە قوتابیانی "مەدرەسەی رجائی"ی ئەم شارە کە لە ئیمتیحاناتی سالی پیشوودەر نەچووبوون ئیشنیاردەکەن بروبن بۆ جەبهە و بەلینیان پی دەدەن کە بۆ هەرسی مانگ کە لە جەبهەبن کلاسیك زوورتریان پی دەدەن.

قوتابی یەتیکۆشەرەکان یەکگرتووانە لە دژی ئەم داوا کۆنەپەرستانەیەی رژیم ئیعترازدەکەن و رادەگەیەنن کە لە هیچ شەرایتیك دا حازرنین بچن بۆ جەبهەکانیشەری کۆنەپەرستانەی ئیران و عیراق.

بانە:

لە سەرەتای سالی تازەی خویندنەوە بەکریگیراوانی پاسدار–معلم و دخترانی زینب بۆ داسەپاندنی لیباسی نیزامی و حیجابی زۆرەملی قوتابیانی مەدرەسەکانی شارە بانەیان لە ژیر فشار نا.

قوتابی یەتیکۆشەرەکانی شاری نانە لە دژی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم لە مەدرەسەکان دا دەستیان دا یەئیعتراز و مقاومەت و جگە لە ژمارەیەکی کەم لە قوتابیان کە بە جۆرێك لە گەل رژیم و بەکریگیراوانی نزیکایەتی یان هەبوو کەسی تر نەچووە ژیر باری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە.

بەکریگیراوانی رژیم لەشاری بانە ویستیان کلاسی ئینگلیسی قوتابیانی سالی یەکەمی راهنمایی بگورن و بیکەنە کلاسی نیزامی،کەئەم داخوازە کۆنەپەرستانەیەی بەکریگیراوانیش لەگەل مقاومەت و خەباتی قوتابی یەکان بەرەوروبووەوە.

لەدژی کوچی زۆرەملی خەلکی ئاوایی‌یەکانی بەشی سویسنی سەردەشت یەکگرتوانە لە دژی سیاسەتی‌کۆنەپەرستانەی کوچی زۆرەملی ئیعترازیان کرد.

کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەردەشت لە رۆژەکانی ئاخری مانگی رەزبەردا ژمارەیەك لە ئەندامانی شووڕای ئیسلامی ئاوایی‌یەکانی بەشی سویسنی لە ئاوایی "مام کاوی" کودەکەنەوە و داوایان لی دەکەن کە ئاوایی‌یەکانیان چول بکەن.

ئەو ئاوایی یانەی کە بە کریگیراوانی جمهووری ئیسلامی دەیانەوی بەهەر جۆرێك بی چولی بکەن بریتین لە: مام کاوی، داوداوی، مەزرا، دارمەکون، دولەتوو، ساوان، هەلیشە، ئەحمەدبریو، سووڕەبان، زەلی، مەمەنداوی، بەردەسوور، ئاشەدینە، بایزەمەرە، سیرەمیرگ، سپیداری، گل کەنك، کانی زەرد، دولی خانوان و وەردی.

کاربەدستە بەکریگیراوەکانی رژیم لە ریگای شووڕائیسلامی‌یەکانەوە هەرەشە لە خەلکی ئەو ئاوایی یانە دەکەن کە بە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی جەنگی‌یە دەبی هەرچی زووتر ئاوایی‌یەکانیان چول بکەن.

بەلام کۆبوونەوەی ئاوایی"مام کاوی" هیچ ئەنجامیکی بۆ بەکریگیراوان نەبوو وخەلکی تیکۆشەری ئاوایی‌یەکانی سویسنی هەر وەك سالانی رابوردوو لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی کۆنەپەرستان دا راوەستان و ئیعترازیان کرد چەند رۆژ دواتر لە هەر ئاوایی‌یەکی بەشی سویسنی چەندکەس بەنوینەرایەتی خەلك چوون بۆ شاری سەردەشت و نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆچی زۆرەملی دەربری و بە ئاشکرا رایان گەیاند کە بەهیچ جۆرێك ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم قەبوول ناکەن رژیم لە بەرانبەردا ناچار بی دەنگەی لی کرد.

خەباتی دەسفرۆشان و دەکەداران

هیزەسەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە دریژەی فشاروزەخت و زۆریان دا بۆسەر دەسفرۆشان ودکەداران جاریکی‌دیکە لە رۆژەکانی 29و30ی خەرمانان دا بە بیانووی پیش گرتن بە گران فرۆشی هیرشیان کردە سەر زەحمەتکیشانی دەسفرۆش و دەکەداری شاری سەقز وشت و مەکیان تالان کردن.

لە مەیدانی ماست فرۆشانی شاری سەقز ژمارەیەك لە زەحمەتکیشان بە پشتیوانی ژمارەیەکی دیکە لە خەلکی تیکۆشەری ئەو شارە لە بەرانبەر بەکریگیراوان دا مقاومەت دەکەن و رادەگەیەنن کە رژیم ئیسلامی بۆخۆی سەرچاوەی گرانی و بازاری رەشە و نابی و ناتوانی بەم بیانوانەوە ئەم راستیە لە بەرچاوی خەلك بشاریتەوە.

خەبات لە دژی ملکدارەکان و بەکریگیراوانی رژیم

لە بەهاری ئەمسالەوە هەندی لە ملکدارەکانی ناوچەی بانە کە بەکریگیراو و چەکداری رژیمن بە پشتیوانی ئورگانە سەرکوتگەرەکانی رژیم فشاریان خستوەتە سەر خەلکی ئاوایی‌یەکانی "نەنور"،"شیلمان"،"سەتەزین"،"قوروچاو"،"سەرسو ونج"، "نیروان"و ویستوویانە زەوی و باخەکانیان لی بستینەنەوە بەلام خەلکی زەحمەتکیشی ئەم ئاوایی‌یانە بە ئیعتراز و مقاومەتی خۆیان لە بەرانبەر ئەم ویستە کۆنەپەرستانەیەدا پاشەکشەیان بە ملکدارە کۆنەپەرستەکان و بەکریگیراوانی دیکەی رژیمیش کردوە.

خەباتی زیندانی یەسیاسی‌یەکان پەرەی سەندوە

خەباتی زیندانی یەسیاسی‌یەکان لە زیندانەکان و شکەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامی دا زیاتر پەرە سەندوە و بووەتە مایەی ترس و نیگەرانی رژیم لەرۆژ زیاتری زیندانەوانەکانی رژیم.

زیندانەوانەکان هەولیان داوە بۆ بەرگری کردن لە یەکیتی و هاوپشتی قایمی زیندانی‌یە کۆمۆنیست و شورشگیرەکان و بۆئەوەی ئەو زیندانی‌یانە نەتوانن یارمەتی مالی بەیەکتر بدەن لە مولاقاتەکاندا دایان ناوەکەهەر زیندانی یەك دەبی زیاتر لە 300 تمەن وەرنەگری بۆ پیش گرتن بەچوونەدەرەوەی هەوالەکانی نیو زیندان و هاتنی هەوالی دەرەوە بۆ نیو زیندانەکان مولاقاتەکانیان لە یەك دوور خستوەتەوەو کردوو یانە بەهەرسی حەوتوو جاریك بەلام زیندانی یەسیاسی‌یەکان زیندانی" دادگاە انقلاب " لە سنەتیکوشان ئەم تەقالایانەی رژیم پووچەل بکەنەوە و هاوپشتی خۆیان توندوقایم تر بکەن ئەو زیندانی‌یانە جاسووس و هاوکارانی رژیم رسوادەکەن و پەیوەندی بەرینتر لەگەل یەکتر پیك دینن و هەوالەکانی دەرەوەی زیندان بە تایبەت خەباتی جەماوەری و کریکاری و عەمەلیاتەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە بەخیرایی بەنیو زیندانی یەکاندا بلاو دەکەنەوە.

لە دژی باج سەندنی حیزبی دیموکرات بۆکان:

ئەفرادی چەکداری حیزبی دیموکرات لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزی ئەمسال دا دەچنە ئاوایی‌یەکانی "بوغدەکەندی"،"کەریزەی گلی"،"قووروچاو"،و"قالوی"، "پیربادین"،"سلامەت"،و"قالوی"،"دەیانەوەی بەزۆروهەرەشە پوول و پارە بەناوی یارمەتی مالی لە خەلك بستینن چەکدارەکانی ئەو حیزبە بۆ هەر خانەوادەیەك لە هەزار تمەنەوە تا چوارهەزار تمەن دیاری دەکەن جگە لە باج سەندنە ئاشکرایە، ئەو چەکدارانە خاوەنی ئەو ماشینانە کە لەخەتی ئەو دیهاتانەدا کاردەکەن، دەخەنەژیر فشارەوە کە پوول بە حیزبی دیموکرات بدەن، وەبۆهەر تراکتوریك 3هەزار و بۆ هەر مینی بووسیك 4هەزارتمەن دیاری دەکەن و پیان رادەگەیەنن کە ئەگەر ئەو پوولە نەدەن ماشینەکەنیان دەسووتینن، خەلکی ئەو ئاوایی‌یانە لە دری ئەم باج سەندنەی حیزبی دیموکرات ئیعتراز دەکەن و ئەو پوولەیان پی نادەن وەبە ئاشکرا رادەگەیەنن کە "لەکاتیك دا هەژاری و فەلاکەتیکی بی وینەلە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە بەسەریان داسەپاوە و ژیان و گوزەرانی لی تال کردون، حازر نابن برسیتی و بی بەشییەکی زیاتر بەسەر خۆیان و خانەوادەکانیان دا بسەپینن و ئەم باجە بە حیزبی دیموکرات بدەن".

بریارنامە سەبارەت بە: حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیجی فارس

لەبەرئەوەی

1)هاتنی کەشتی‌یە جەنگی‌یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، لەلایەن ئەمپریالیستەکانەوە لە ژیر هەربیانوویەك دا پاساوبکری، لەبنەرەتەوە بەمەبەستی پتەوکردنەوەی دەسەلاتی ئەمریکا و قورستر کردنی پارسەنگی ئەمریکالە ململانیی بلووك و ولاتە ئەمپریالستی‌یەکاندا، سەقامداربوونی ولاتانی کۆنەپەرست لە ناوچەکە، تووندبوونەوەی کوت و بەندی دیلی هینەری ئەمپریالیستی و بەربەرەکانی کردن لەگەلّ مەترسی بوحران و ئاخیزی شورشگیرانە لە دژی وەزعی مەوجوودە، وەپیش هەمووشتیك چینی کریکار و خەلکی زۆرلیکراوی ناوچەکەی کردوەتە نیشانە،

2) ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی ئەوەکە رژیمی جمهووری ئیسلامی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە خزمەت بەرژەوەندە بنەرەتی یەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم دا کاری کردوەو هەتا ئیستاش هەر خەریکی سات و سەودا و معامەلەی ئاشکرا و نهینی لەگەلّ دەولەتی ریگان، رژیمی ئیسراییل و دەولەتانی سەرمایەداری ئوروپایە، وەبەبی پشت بەستن بە پشتیوانی مالی و تەسلیحاتی ئەوان نەی دەتوانی و ناتوانی دریژە بەژیانی خۆی وشەری کونەپەرستانەی ئیران و عیراق بدا، جاریکی دیکەش مەجالی ئەوەی دەست بکەوی کە لە ئاستی جیهان دا ریاکاکارانە روالەتی "دژی ئەمپریالیستی"بەخۆیەوە بگری،

3) چینی کریکاری ئیران و کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکیش لە ئیران بە باشی جەوهەر و کارکردی دژبەشورشی رژیمی ئیسلامی و جم و جولی چاوبەستانەوریاکارانە ئەم رژیمەیان ناسیوەتەنانەت جەریانە ئوپورتونیستی یەکانیش دەمیکەکەوتوونەتە شوین رادیکالیزمی شورشگیرانەی کۆمەلّانی خەلك و شیعاری رووخاندنی رژیمی ئیسلامی یان بەدەستەوەگرتوە، بەلام هاتنی کەشتی‌یەجەنگی‌یەکانی ئەمریکا و باقی ولاتانی ئەمپریالیست بۆ ناوچەکە، ئیمکانی ئەوەی بە جەریاناتی ئوپورتونیست – بەتایبەت لەولاتانی ئوروپایی– داوە کە بەبیانووی پشتیوانی کردن لە "خەباتی دژی ئەمپریالیستی"ناتەبایی قوولی کریکاران و زەحمەتکیشان لەگەلّ رژیمی ئیسلامی و خەباتی چینایەتی یان لە دژی ئەم رژیمە بەنارەواڵە قەلەم بدەن و پشتیوانی لە دەسەلاتی دژی کریکاری و کۆنەپەرستانەی رژیمی ئیسلامی و لە تەقالای جەنگی یەکانی ئەو رژیمە بکەن و بەم جۆرە زەینی کریکارانی ئەو ولاتانە ئالوزبکەن،

بۆیە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران رادەگەیەنی کە:

1– هاتنی کەشتی یەجەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، کەکەشتی یە جەنگی‌یەکانی ولاتە ئەمپریالیستی یەکانی تریش بەشوینی دا هاتوون، بەتوندی مەحکووم دەکا ئەم هەنگاوە بەشیکە لە سیاسەتی ملهوری و دەستدریژی ئاشکرای ئەمپریالیزمی ئەمریکا کە بە تایبەت لە دەورەی ریگان دا بەمەبەستی زال کردنەوەی دەسەلاتی سیاسی و نیزامی ئەمریکا و توند کردنەوەی ئەو کوت و بەندە ئەمپریالیستی یە کە شورش لە ولاتانی جۆراوجۆرزەربەری قورسی لیداوە، بەریوەدەبری و هەروەك دەخالەتی نیزامی لە ئەمریکای مەرکەزی و دەستدریژی بۆسەر شورش و خەلکی نیکاراگوا و بەریوە بردنی بە ئاشکرا تیروریزمی دەولەتی و دیپلوماسی ملهورانە لەسەرتاسەری جیهان، دەبی لەهەموو شوینیك کریکاران و جەماوەری شورشگیر بە خەبات و ئیعترازی خۆیان وەلامی بدەنەوە.

2– هەرچەشنە پشتیوانی کردنیك – هەر چەندیش کەم بی – لە رژیمی ئیسلامی بە بیانووی حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیج و بەبیانووی ئەوەی ئەمە هەندیك ناکوکی دیاریکراوی لەگەلّ ئەم رژیمە هەیە، بی ئەم لاو ئەولا بە سیاسەتیکی ئوپورتونیستی دەزانی و مەحکوومی دەکا.

لەروانگەی چینی کریکاری ئیرانەوە، رووخاندنی جمهووری ئیسلامی پیویستی‌یەکی دەس بەجی و حەیاتی‌یەو ئەرکیکی هەرە گرینگەو مەرجی هەرچەشنە باش بوونیکی ئەساسی و هەر چەشنە پیشرەوی یەکی داهاتووی چینی کریکارە کارکردی رژیمی ئیسلامی بەدریژایی 8 سالی رابوردوو بریتی بووە لە داسەپاندنی بی وینەترین هەژاری و رۆژرەشی و بی مافی و خەفەقانی رەشی لە چەشنی سەدەکانی ناوەراست بەسەر کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش دا، پیك هینانی بەرینترین دەزگای دیکتاتوری و وەری خستنی کوشتاری خویناوی و بەرین لە دژی کریکاران و کۆمۆنیستەکان، سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کریکاری و شەلالی خۆین کردنی هەرچەشنە داخوازیکی هەقخوازانەی خەلکی زۆرلیکراو، داسەپاندنی بیشەرمانەترین قانوون و یاسا و ئاشکراترین نابەرابەری بەسەر ژناندا و هیرش هینانی بەرین بۆسەر کوردستان و سەرکوت کردنی چەکدارانەی بەردەوامی گەلی کورد تاقە سیاسەتی شورشگیرانە بۆ کریکاران وهەموو کۆمۆنیستەکان لەم زەمینەیەدا بریتی یە لە پشتیوانی کردنی بی دریغ و بی قەید و شەرت لە چینی کریکار و کۆمەلّانی زۆرلیکراوی ئیران بوروخاندنی رژیمی ئیسلامی.

3– لەم هەل و مەرجەدا کۆمۆنیستەکانی ئیران لەدەرەوەی ولات دەبی لە لای کریکاران و بیروای گشتی ولاتانی تر هەرچی زیاتر رژیمی ئیسلامی و جەوهەر و کارکردی واقیعی ئەم رژیمەبناسینن، هەر چەشنەتەقالایەکی ئوپورتونیستی بۆ پشتیوانی کردن لە رژیمی ئیسلامی سەرمایە وەیا پشتیوانی کردن لەشەر ریسوابکەن و لە جاران زیاتر هەول بدەن بۆ ئەوەی لە ئاستی جیهانی دا بە شیوەیەکی هەرچی بەرینتر لە خەباتی چینی کریکار بۆ رووخاندنی رژیمی ئیسلامی پشتیوانی بکری .

بریارنامە سەبارەت بە هەندیك لایەنی گرینگی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە ئاستی جیهانیدا

یەکیك لە پیویستییەکانی پیشرەوی بەرەووەدی هینانی ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیست بریتییە لەبەرەوپیش بردنی تیکۆشانیکی بەردەوام لە مەیدانی جیهانی دا بەمەبەستی روشن کردنەوەی چوارچیوەی گشتی ئەم تیکۆشانە و هەندیك لە گرینگترین لایەنەکانی تیکۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهانی دا، یانی پەیوەندی لەگەڵ ریکخراوە غەیرە ئیرانی یەکان، هەلویستمان سەبارەت بە ریکخراوەکریکاریەکان و ئەرکەکانمان سەبارەت بە ئیرانیانی نیشەجیی دەرەوەی ولات، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە تەئکیددەکا.

1) بنەماکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە ئاستی جیهانیدا

تیکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانیدا گەلیك لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە دەکەونە ئەم چوارچیوەگشتی یەی خوارەوە:

الف- یاریدەدان بە پیك هاتن و پتەو بوونی ریزی کۆمۆنیستی، شورشگیرانەو کریکاری لەمەیدانی جیهانی دا، بە جیاواز لە هەموو ئوردووگاکان و قتب بەندییە رویزیونیستی و ئوپورتونیستییەکان و هەروەها بە جیاواز لە گوروهبەندییە فرقەییەکانی چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری.

ب- خزمەت کردن بە یەکیەتی جیهانی چینی کریکار، وەبەشداری کردنی هەرچی هەلسووراوانەتر لە خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کریکاری جیهانیدا لە دژی نیزامی سەرمایەداری وهەموو ئەو زەخت و زۆر و مەینەتانە کە لە ولاتانی جۆراوجۆر سەرمایە بەسەر کریکارانیدا دەسەپینی.

ج- هاوپشتی کردن لەگەڵ خەباتی هەق خوازانەی خەلکی زۆرلیکراو زەحمەتکیش، لەدژی هەلاواردن وستەمی سەرمایەو ئەمپریالیزم لە ولاتانی جۆراوجۆر وهەوڵدان بۆ بەهیز کردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی وریزی کۆمۆنیستی لەم خەباتە دا،

د- هەلخراندن و کۆکردنەوەی زۆرترین هیزی مومکین لە ئاستی جیهانیدا، بەتایبەت بەوەدەسەهینانی هاوپشتی پرولیتاریای جیهانی، بۆ وەدی هینانی ستراتژی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، یانی رووخانی جمهووری ئیسلامی و دامەزرانی حکوومەتی کریکاری.

2- سەبارەت بە پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیست لەگەڵ گوروو و ریکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی جیهانی دا.

تیکۆشان لەمەیدانی جیهانی دا، پیویستی هەیە بەپیك هینانی پەیوەند و موناسەباتیك لەگەڵ ئەو گوروو و ریکخراوەجوارجورانە کە لە ژیر ناوی کۆمونیزم دا فەعالییەت دەکەن حیزبی کۆمۆنیستی ئیران خوازیاری ئەوەیە کە بەشە هەرەتیکۆشەرەکانی چەپی رادیکال لە ولاتانی جوراوجورروبکەنە هەلویستی ئوسوولی مارکسیستی- لینینیستی و بینە ناوریزی خەبات بۆ پیك هینانی قتبیکی کۆمۆنیست لە هەمان کاتدا کە پیشوازی دەکا لە پەیوەندی گرتن و راویژ کردن لەگەل هەموو حیزب و ریکخراوە چەپەکان، تەنیا لەگەل ئەوانەیان دەتوانی پەیوەندی نزیك و پتەوپیك بینی کە پراتیك و بیروراو هەلویستەکانیان لەگەل بنەماکانی ئەوریزە کۆمۆنیستییە یەك بگریتەوە.

بنەماسەرەکی یەکانی ئەو ریزبەستنە بەم جۆرەیە:

الف- رووبەچینی کریکار و بزووتنەوەی کریکاری بکری و هەول بدری کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شورشگیرانە بکریتە بزووتنەوەی کریکاری کۆمۆنیست ئەرکییەکگرتوو کردنی بەشەجۆراوجۆرەکانی چینی کریکار، پەرەپیدانی بەردەوامی ئامانج و خەباتی سوسیالیستی سەربەخۆی چینی کریکار، بەهیزکردنی بزووتنەوەی کریکاری لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا، وە خەبات بۆ سەربەخۆکردن و جیاکردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە لە سیاسەتی بالە جۆراوجۆرەکانی بورژوای، بە ئەرکی سەرەکی و لەسەرووی هەرئەرکیکی تر دابندری.

ب- پابەندبوون بە شورشی کۆمەلایەتی چینی کریکار بۆ هەلوەشاندنەوەی مالکییەتی بورژوایی و دامەزراندنی مالکییەتی هاوبەش بەسەروەسایلی بەرهەم هینان و گورینەوەداو هەلوەشاندنەوەی کاری کری گرتەوچەوسانەوەی چینایەتی.

ج- سنوورکیشان و خۆجیا کردنەوە بەشیوەیەکی بنەرەتی و ئوسوولی لە "سوسیالیزم"ی ئوردووگاکان و قتبەکان (شووروی، چین، ئالبانی) و خوجیا کردنەوە لە کوسپە جیهانییەکان وەك تروتسکیزم و ئورۆکۆمۆنیزم، هەولدان بۆ پیك هینانی ئەنترناسیونالی کۆمۆنیستی کریکاری.

د- پی داگرتن لەسەر ئوسوول لە هەلویستە تاکتیکی یەکاندا و سەربەخۆیی و خۆجیا کردنەوەی تاکتیکی لە بالەجۆراوجۆرەکانی بورژوازی لەهەموو هەل و مەرجیك دا. دیفاع لە بەرژەوەندی سەربەخۆی چینی کریکار و ئامانجی سوسیالیزم و رزگاری لە ستەم و خەفەقان و ملهوری سەرمایەداری سەردەمی ئەمپریالیزم لەسەرتاسەری جیهان دا.

هـ- دەخالەتگەری هەلسووراوانە، تیگەیشتن لە گرینگی خەباتی رۆژانەی کریکاران، و هەروەها خەباتی خەلکی زۆرلیکراو وهەق خوراو لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، تەنانەت لەو جیگایانەکە ئەم خەباتە لە دەوری داخوازی ئیسلاح خوازانە بەریوەدەچی هەول دان بۆبە دەستەوەگرتنی دەوری هەلسووراوانە لەم خەباتەدا بە مەبەستی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی شورشی کریکاری و پەرە پیدانی سیاستەتی کۆمۆنیستی.

3- تیکۆشان لەپەیوەند لەگەل ریکخراوە جەماوەرییەکان لە ئاستی جیهانی دا.

ئەمرۆبەشی هەرەزۆری بزووتنەوەی کریکاری و خەباتی رۆژانەی کریکاران لە دژی سەرمایە، لەدەرەوەی مەیدانی نفووزی کۆمۆنیستی بەریوەدەچی (و تەنانەت رۆژلەگەڵ رۆژزیاتر لە مەیدانی نفووز و دەسەلاتی حیزبەرویزیونیست و ریفورمیستەکانیش دەچیتەدەر). لەهەل و مەرجیکی پرولیتاریای ولاتانی تر، پیویستە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەپەیوەندگرتن لەگەل حیزب و ریکخراوەچەپەکان واوەتر بچی و لەگەڵ ریکخراوەجەماوەرییە کریکاریەکان و لەگەڵ خەباتی چینی کریکار لەوولاتانە، پەیوەندی پیك بینی.

پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیست لەگەل ریکخراوە جەماوەرییەکریکاری یەکان، (اتحادیەکان، کۆمیتەکریکاریەکان، کەمپەینەکریکاریەکان و...) دەبی بە بی لەبەرچاوگرتنی تیبینی ئیدئولوژیك تائەوجیگایەکە ئیمکانی هەیە پەرەی پی بدری لەم رووەوە:

الف- حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بۆ پیك هینانی پەیوەندی لەگەل اتحادیە و ریکخراوە کریکاریەکان، لەهەرکۆی ئەم ریکخراوانە نەبووبنە ئامرازی دەستی دەولەتەکان و کۆنەپەرستی بورژوایی، هەول دەدا لەم پەیوەندگرتنەدا ئیمە بە تایبەت خوازیاری ئەوەین کە لەگەڵ جەماوەری ئەندامانی ئەم ریکخراوانە و بەشەرادیکال و شورشگیرەکانی نیورابەرانی محەللی وسەرتاسەری پەیوەندیکی نزیکترمان هەبی.

ب- حیزبی کۆمۆنیست بەپیی توانایی خۆی، علی الاصول لەولاتانی جۆراوجۆر لە حەرەکەتە ئیعترازییەکریکاریەکاندا (مانگرتن، خۆپیشاندان، پیکیت، و...) بەشداری دەکا.

ج- حیزبی کۆمۆنیست لەهەمان کاتدا ئەرکی سەرشانیەتی کە ویرای هاوپشتی عەمەلی هەرچی پتەوتر لەگەل خەباتی کریکاری بەرانبەربە کارفەرماکان و دەولەت، بیروراوسیاسەتی سەربەخۆی خۆی وهەروەها رەخنەکانی خۆی سەبارەت بە اتحادیەکان و ریکخراوەکریکاریەکان بهینیتە گۆرو تەبلیغیان بکا.

4- سەبارەت بە ئیرانییەکانی دەرەوەی ولات

دامەزرانی رژیمی بورژوا ئیسلامی دژبە شورش لە ئیران بووەتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەلکی ئیران ئاوارەی ولاتانی تربن و بەتایبەت رووبکەنە ولاتانی دراوسیی ئیران یان ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا کاری وشیاریدەرانەو ریکخەرانە لە نیو پەناهندەکان و ئاوارەکان دا و هەروەها وەگەرخستنی هیزوتوانایان لە دژی جمهووری ئیسلامی، ئەرکیکی بەردەوامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانە بەلام رووهینانی ئەم ژمارە زۆروزەبەندە لەخەلکی ئیران بەرەو ولاتانی تر، ئەرکیکی ئەنترناسیونالیستی تازەش دەنیتە بەردەم حیزبی کۆمۆنیستی ئیران ودەبی هەول بدەین نەك هەر نەبیتە هۆی ئەوە کە بورژوازی فشاری ئابووری بخاتە سەرشانی چینی کریکاری ولاتانی تر، وەنەکریتە وەسیلەو ئامرازیك بۆ پیك هینان و پەرەپیدانی تەفرەقەو چەندبەرەکی ناسیونالیستی و شوفینیستی و رەگەز پەرستانە، بەلکوو خۆی ببیتە هیزیك بۆ توانا بەخشینی هەرچی زیاتر بە بزووتنەوەی کریکاری و پیشرەو لەو ولاتانە.

راگەیاندن سەبارەت بەگرتنی پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە رۆژەکانی ئاخری مانگی خەزەلوەری 1366داگیرا پلینوم بەسروودی ئەنترناسیونال و بەریز گرتن لە یادی هاوریی ئازیز دوکتور جعفرشفیعی، کۆمۆنیستی شۆڕشگێروئەندامی بەرزی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها یادی هەموو گیان بەختکردوانی ریگای شۆڕشی کرێکاری، دەستی بەکار کرد پیش دەسپێکردنی دەستووری کۆبوونەوەکان، پلینوم یەکیك لە هاوری یانی جیگری کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەندامەتی قەتعی ئەو کۆمیتەیە هەلبژارد و ئایین نامەی کۆبوونەوەکانی پلینومی پەسەند کرد.

دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم بریتی بوون لە:

1-گوزارشەکان

2- چەند بریارنامەکە لە لایەن ستادی سیاسی یەوە پیشنیاردەکران

3- چەند خالیك لەسەتەدارەکی کۆنگرەی سیهەمی حیزب

4- هەلبژاردنی ئورگانەدایمی یەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەماوەی نیوان دوو پلینوم دا

سەرجەمی گوزارشەکان کۆمیتەی ئیجرایی بریتی بوون لە گوزارشی ئورگانە دایمی یەکانی کۆمیتەی ناوەندی و سازمانە ئەسلی یەکانی حیزب کە بە نووسراوە لە پیشەوە لە ئیختیاری ئەندامانی پلینوم دادانرا بوو جگە لەوەش لە لایەن کۆمیتەی ئیجرایی و بەرپرسانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی حیزبییەوە لەلایەن بەرپرسیاری حازراداهیندیك قسەوباسی تەوزیحی کرا لە باسی گوزارشدا، هەروەها گوزارشی تەحلیلی ستادی سیاسی پیشکەش کرا و لەسەر خالە گشتی یەکانی گوزارشەکان چەند سوخەنرانی کرا بەدوای ئەوانە دا پلینوم بەوردی چووە ناو باسی هیندیك لە سەرفەسلەکانی گوزارشەکان و لەسەرچەند مەسەلەبریاری پیویستی دەرکرد کۆمۆنیزمی کریکاری واولویتە کانمان، تیکۆشانی حیزب لە کوردستان، تەبلیغاتی حیزب و شیوە کاری ئورگانە مەرکەزی یەکان لەو خالانە بوون کە بە شیوەیەکی وردتر لە لایەن پلینومەوەکەوتنە بەر باس و لیکولینەوە جگە لەوە، بریاریك پەسند کرا بۆ پیکهینانی کۆمیتەیەك بۆیەکجی کردن و هیدایەتی پەیوەندە جیهانی یەکانی حیزب.

بەشیکی گرنگ لە کۆبوونەوەکانی پلینوم بۆ باس و لیکولینەوە لە سەر بریارنامە پیشنیارکراوەکانی ستادی سیاسی تەرخان کرا ئەو بریارنامانە کە گەلالەگیرابوون و پیشکەش پلینوم کران بریتی بوون لە:

1- سیاسەتی حیزب سەبارەت بەریکخراوە جەماوەری یەکانی کریکاران، شووراء، سەندیکا و بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی.

2-سەبارەت بە حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیج.

3-سەبارەت بە لایەنی بنەرەتی یەکانی تیکۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهان دا.

4- سەبارەت بە شیوەی هەلویست بەرانبەر بەشووراء ئیسلامی یەکان

5- قوناغەکانی دوایی لەشەری ئیران و عیراق دا.

بەهۆی کەم بوونی مەجالی کافی بولیکولینەوەی ورد لەبەش بەشی بریارنامەکان پلینوم سەبارەت بە خالەگشتی یەکانی هەرکامیان نەزەری دەربری و پەسندکردنی دوایین دەقی بریارنامەکانی سپاردەبەکارکردنی ئاسایی ئورگانەدایمی یەکانی کومیتەی ناوەندی پلینوم بریاری دا کە بریارنامەکان هاوکات لگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەم راگەیاندنە لەگۆڤاری "کمونیست"دا بڵاوبنەوە.

لەکوتایی کاردا، پلینومی کۆمیتەی ناوەندی بەپیی رەوالی هەمیشەیی خۆی، ئەندامانی ئورگانەدایمی یەکانی کۆمیتەی ناوەندی، یانی سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەی ئیجرایی، ستادی سیاسی، شووراء مەرکەزی و بەرپرسانی تەبلیغاتی مەرکەزی حیزبی هەلبژارد.

کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆمۆنیستی ئێران

15ی سەرماوەزی 1366

چەند هەوال لە خەباتی کریکارانی کوردستان

ئیعترازی کریکارانی شاری سەردەشت پاش بۆمباران

پاش بۆمبارانی ئەوشاره، بەهۆی‌تەعتیل بوونی مەرکەزە کریکاری‌یەکان و کەم بوونەوەی کاری ساختمانی، وەزعییەتی کریکارانی ئەو شارەزۆر لە جاران مەینەتبار ترەوژمارەی ئەو بیکارانە رووبان کردوەتە دەسفرۆشی لە 2500کەس تیبەڕیوە کە دەرامەدیکی زۆرکەمیان هەیە.

کریکارانی شیرکەتەکان و ئیدارە دەولەتی‌یەکانیش کەلەهەل و مەرجیکی دژواردادەژین، چەندین جار دەستیان داوەتە خەبات و ئیعتراز، بۆ نموونە کریکارانی شیرکەتی ساختمانی"خانەهای سازمانی" و شارەبانی ئەو شارە بۆ ئەستاندنی هەقدەستی وەدرەنگ کەوتوویان پەیمانکاری شیرکەتەکەیان خستوەتە ژیر فشار و نوینەری خۆیانیان ناردوەتەورمی کە شوینی داخوازەکانیان بگری ئەگەرچی کریکاران توانیویانە بەشیک لە هەقدەستی خۆیان وەرگرن بەڵام هیشتا نەیانتوانیوە هەموو داخوازەکانیان وەدی بینن.

کریکارانی ریگا و بانیش ماوەیەک لەوە پیش بوزیادکردنی هەقدەست و ئیعتراز بەرانبەربەگل دانەوەی مالیات لە هەقدەستیان، دەستیان لە کار هەلگرت . "ئیدارەی راه"ی سەردەشت بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کریکاری بیکارهەن دەیە ویست وەلامی ئەو کریکارانە نەداتەوە و کریکاری بیکار بینیتە جیگایان بەڵام کریکاران بە دریژەدانی مانگرتن و ئیعترازی خۆیان کاربەدەستانی رژیمیان ناچار کرد هەقدەستەکەیان پی بدا.

مانگرتنی کریکارانی شیرکەتی "اماکن الکتریك"

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سنەوە، ماوەیەک لەوەپیش یەکیك لە کریکارانی شیرکەتی "اماکن الکتریك" دەرکرا زۆربەی کریکارانی ئەو شیرەکەتە بۆ گەرانەوەی هاوکارە دەرکراوەکەیان مانیان گرت مانگرتنەکە4رۆژی خایاند لە رۆژانی مانگرتنەکە دا مودیری شرکەت و بەکریگیراوانی ژاندارمری هەول دەدەن لە نیو کریکاران دا تەفرەقە پیك بینن و بەوەعدە و بەلین و تەنانەت بە زۆر و هەرەشە کریکاران بە رنەوە سەرکار بەڵام هیچیان لە دەست نایە سەرەنجام 25کەس لە کریکارەکان دەردەکرین کە دوای چەند رۆژ ژمارەیەکیان دەچنەوە سەرکار بەڵام ئەوانی تردەست لە کار هەلدەگرن.

خەبات و ئیعترازی کریکارانی شارەداری مەریوان لەدژی کاری قورس و ئیهانەی کاربەدەستانی رژیم

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە رۆژی 1ی رەزبەر کریکارانی شارەداری مەریوان بۆ ئیعتراز بەرانبەر بەکاری قورس و رەفتاری غەیرە ئینسانی کاربەدەستانی رژیم دەستیان داوەتە خەبات ئەمسال کریکارانی شارەداری ناچار کراون کە جگە لەخاوین کردنەوەی خیابانەکان، کاری ساختمانی و ئاوداشتن و باغداریش بۆ شارەداری بکەن، لە حالیك دا شارەداری سالانی رابوردوو لەبەهار و هاوین دا نزیکەی 100کریکاری بۆئەم کارانەی‌تر دەگرت.

کریکارانی شارەداری مەریوان رایان گەیاندوە کە حازرنین کاری 100کریکاری‌تربکەن وشارەداری دەبی بۆ ئاوداشتن و کاری ساختمانی و باغداری، کریکاری‌تر بگری تاگەیشتنی ئەم هەوالە خەبات و ئیعترازی کریکاران دریژەی بووە.

ئیعتراز کریکاران لە چەندین شیرکەتی ساختمانی لە شاری "دەماوەند"

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سنەوە، بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ماوەیەک لەوەپیش بەمەبەستی گرتنی کریکارانی مەشموول هیرش دەبەنە سەر چەند شیرکەتی ساختمانی لە شاری "دەماوەند"کریکارانی تیکۆشەری ئەو شیرکەتانە کە زۆربەیان خەلکی ژاوەروی سنەن، بودەربرینی ئیعترازی خۆیان دەست لە کارهەلدەگرن رۆژی دواتر، جاریکی تر هیزەکانی رژیم دەرژینە ئەو شیرکەتانە، بەڵام کریکاران ئەمجاریش حازر نابن بچنە سەربازی و بەکۆمەڵ رووەکەنە دیهاتی دەوروبەر و بەهاوکاری ژمارەیەک لە خەلکی شارودیهاتی "دەماوەند" خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەربازدەکەن.

گیان بەخت کردنی کریکاریك بە هۆی نائەمنی شوینی کار

لە یەکیك لە شیرکەتە ساختمانی‌یەکانی "زیباشهر"ی تاران، کریکاریك بەنیوی "محمدعزیز" خەلکی ئاوایی "ژان"ی ژاوەروی سنە، لەکاتی سیم کەشی دا، بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئەیمەنی‌کار، بەرق دەیگری و بەداخەوەگیانی خۆی لە دەست دەدا.

ئیمە ویرای سەرخۆشی لە خانەواده و هاوکارانی ئەو هاوری کریکارەمان، جاریکی تر رووله کریکارانی کوردستان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین کەسەرمایەداران و دەولەت ئەرگی سەرشانیانە هەموو جۆرە ئیمکاناتیکی ئەیمەنی فەراهەم بکەن و کریکارانیش دەبی بۆ وەدەست هینانی ئەو ئیمکاناتە خەبات بکەن هەروەها کارفەرمایان و دەولەت ئەرکی سەرشانیانە هەر کات کریکاریك بەهەر دەلیلیك چ لە شوینی کارو چ لە دەرەوەی شوینی کار تووشی کارەساتیك بی، جگە لە دابین کردنی خەرجی دەرمان، غەرامەتی ئەندامی لە کار کەوتووی ئەو کریکارەش بدەن و هەروەها حقووق و مەزایانی کامل بدەن بەخانەوادەی ئەو کریکارە.

تەقالای "جهادی سازندگی" مەریوان بۆ پیك هینانی تەفرەقە لە نیو کریکاراندا

بەپیی هەوالیك کە لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە گەیشتوەتەدەستمان، "جهادی سازندگی" مەریوان هەولیداوە هەقدەست و ئیماکاناتیکی زیاتر بدا بەم ژمارەیەکی کەم لە کریکارەکان و بەم جۆرە تەفرەقەبخاتە نیو کریکاران و ژمارەیەکیان بکاتە جاسووس بەسەر کریکارانی ترەوە و هەروەها نیگابانی بەکریکاران بدا.

کۆمیتەی ناوچەی مەریوان کریکارانی "جهاد سازندگی" مەریوانی بانگەاز کردوە کە تەسلیمی ئەم سیاسەتەی بەکریگیراوانی رژیم نەبن، یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن و بە خەباتی یەکگرتوانەیان داوای زیادبوونی هەقدەست، درانی هەقدەست لە کاتی خۆیدا، باش بوونی وەزعی کارو وەزعی خوراك وجیخەوی خۆیان بکەن.

ئیعترازی کریکارانی شیرکەتی ساختمانی"بەردەرەشە"ی مەریوان بۆ زیاد کردن و ئەستاندنی هەقدەست

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە، کریکارانی شیرکەتی ساختمانی "بەردەرەشە"ی مەریوان لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی خەرمانان دا بۆئەستاندن و زیادکردنی هەقدەست، بەتایبەت بە هۆی کەم بوونی هەقدەستی ژمارەیەك لە کریکاران بەبیانووکی کەم تەمەن بوونیان، دەستیان داوەتە خەبات.

کریکارانی بلوك ساز هەموودەزگاکانی بلوك سازی یان موسادەرە کردوە و داواکاری ئەوە بوون کە هەقدەستیان پی بدری.

کریکارانی ئەو شیرکەتە پیشتریش جاریك بۆ زیادکردنی هەقدەستی خۆیان دەستیان داوتە ئیعتراز هەقدەستی کریکارانی ئەو شیرکەتە ئیستا 170تمەنە.

خەباتی کریکارانی شارەداری سەقز بۆ ئەستاندنی بەشی زیادکراوی هەقدەستەکانیان

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سەقزەوە، کریکارانی شارەداری ئەوشارە کە توانیبوویان بەخەباتی خۆیان لە سالی 57بەم لاوە هەقدەستەکانیان زیاد بکەن، تائیستا ئەوبەشە زیادکراوەی هەقدەستەکانیان پی نەدراوە و هەرچەند گەلیك جار هەولیان داوە بۆئەستاندنی بەڵام لەگەل وعدەو بەلینی بەکریگیراوان بەرەوروبوون ماوەیەك لەوەپیش کە کریکاران دەبینن وەعدەوبەلینی بەکریگیراوان هیچی تیدا بەستەنیە و هەر ئەمرۆ و سبەینی یان پی دەکری، هانە سەرئەوە کە لەبەر درگای "دادگوستەری" وشارەداری سەقز دەست بدەنە ئیعتراز تاگەیشتنی ئەم هەواله خەباتی کریکارەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان هەروا دریژەی بووە.

ئیعترازی دەیان کریکاری مهاباد لەدژی بیکاری بوون

لە چەند مانگی رابوردوودا، بەکریگیراوانی رژیم گەلیك جاردەستیان داوتە پیلان گیران لەدژی کریکارانی سەدی مهاباد وسەرەنجام مانگ گەلاویژی ئەمسال نزیکەی 50کەس لە کریکارەکانیان دەرکرد کریکاران ئیعترازیان کرد بەڵام بەکریگیراوانی رژیم لە مهاباد پییان راگەیاندن کەئەم بریارە لە مەرکەزەوە هاتوە کریکارەکان بەتیکرادەچنەورمی ولەدژی دەکرانیان ئیعترازدەکەن بەلام وەلامیان نادریتەوە رۆژی دواترچەند کەس وەك نوینەری خۆیان هەلدەبژیرن و دەیان نیرنە تاران، نوینەرانی کریکاران چەندین جاردەچنە"مەجلسی شووری ئیسلامی" و وەزارەتی کار و هەروەها دەچنە لای "رئیس جمهووری"بەلام جگە لە وعدەوبەلین هیچیان دەست ناکەوی بەکریگیراوانی رژیم لە مهاباد بۆپیك هینانی تەفرەقە لە نیوان کریکارەکان دا ژمارەیەکیان دەبەنەوە سەرکارە، ژمارەیەکیان دەگرن و بەوانی ترارادەگەیەنن کە پوولیکیان پی دەدری و لەسەرکاردەردەکرین، کریکاران ئیعترازدەکەن و تاکاتیگەیشتنی ئەم هەواله خەباتیان بۆ گەرانەوە بۆ سەرکار دریژەی بووە.

دنیا ئارەزوو

شیعری: ف.پشکو
وەرگیرانی بۆ کوردی: ن. ئەیار

وەرە بروانە و بروانە
دنیای بەرینی ئارەزووم
-ئەودنیایەی
من لەسیلەی تفەنگەوە بۆی دەروانم-!
لەوی ئیتر
نەتفەنگەو
نەشەپکە
هەتابەشەر
تۆش کۆتایی پی بهینی،
نەکۆشکی هیچ زۆرداریکە
کەتۆش بەزۆر بیرووخینی.
لەوی ئتر
ئینسان بەندەی چاوچنۆکی و
سوودپەرستی و هەوەس نیە،
هیچ کەس کۆیلەی هیچ کەس نیە،
هیچ کەس لەبرسا نامری،
لەوی ئیتر
بیروپەنجەی داهینەرمان
بەرهەم دینی
خۆشی و شادی وبەختەوەری
بەشی هەموو ئینسانەکان!
بەلام ئتر
نەقفل و سندووقی پۆلا
نەکەلەپچە و کلاوی ئاسن
هیچ کارگایەك سازی ناکا.
لەوی زەنگی کلیساکان
هیچ کەس بۆ سوجدەبانگ ناکەن پاریزەرانی جەهل و خۆف
بەمنارەی مزگەوتەوە
هیچ کەس لەسیدارە نادەن
لەوی ئیتر
پولیس و ژاندارمەوئاخوند
لە هیچ لایەك ناویان نابری
تەنها مەگەر هەر بۆگالتەی منالەکان
لای مەیموون و
لای پشیلەو ورچ وریوی
لەقەفەسی باغی وەحشی شارەکاندا
داوەلیان لی دروست بکری!
وەرە بروانەو برواکە
دنیای بەرینی ئارەزووم
ئەو دنیایەی کە ناوەکەی
هەموو شەوی
لەسەر دیواری زۆرئاواوپولاشار و مەجبوورئاوا
دەنووسریت و
هەرئەوناوە
هەموو سەر لەبەیانی یەك
روناکی‌یە لەچاوماناو
تین و توانە لە لەشمانا،
هەرئەو ناوەی هەموو رۆژی
چەند دەعبایەك سەتل بەدەست
بەفلچەی رەشی وەك ریش و دلیانەوە
دەیانەوی بیسرنەوە،
بەلام دنیای ئارەزووی من
وشەی سەر دیواریك نیە،
پی کەنینە!
لەسەرلیوی ریبوارانی گشت شەقام و کۆلانەکان
دیتەسەما،
خۆشبەختی یە!
لەپەنجەرەی مالانەوە شەپۆل دەدا،
خۆش ویستنە!
بی هیچ دیوارولەمپەریك
کە پەرژینی بەگول تەنراوی نیو مالان
هەریمی بۆ نیشان دەکا،
بانگەوازە
بانگەوازیك پربەگەرووی بچکۆلانەی ئەو منداڵەی
زەردەخەنە-نەك زەردوویی-ئاواتیەتی.
بانگەوازیك پر بەگەرووی
رەش و شیداری کانەبەرد
-کە فانووسی لی دەخنکی -
بۆ دینیایەك کە ئاسمانی چراخانی
شەپولی نوور ببارینی.
وەرە برواکە
ئەودنیایە هەر ئیرەیە!
هەرئەم زەوی یەی ژیر پیمانەو
دەبی دەستی داهینەر و خولقینەرمان
وەك قوری کووڕەخانەکان
هەلی شیلی و
خشتی جیهانیکی دیکە
بۆ کۆشکی بەرزی ژینی نوێ
لەسەر گوری چەوسینەران
بەریتە سەر.

گەلاویژی 66

سەبارەت بە:

زەخت و زۆری رژیم بۆ سەر خانەوادەی پیشمەرگە وت وویژ لەگەل هاوری مجید حسینی مەسئوولی کۆمیتەی ناوچەی مەریوان

بەکریگیراوانی رژیم لە ناوچەی مەریوان بە مەبەستی دامرکاندنەوەی فەزای شورشگیرانەو خەباتی خەلکی ئەو ناوچەیە و بۆ پیش گرتن بە هاوکاری خەلک لەگەل پیشمەرگە، وەهەروەها بۆ پیش گرتن بە رووهینانی لاوان و زەحمەتکیشان بۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە، دەستی داوەتە زەخت و زۆریکی توند بۆسەر خانەوادەی پیشمەرگە کە لە چەندین شوین لەگەل خەبات و موقاومەتی خەلکی تیکۆشەرو زەحمەتکیش بەرەروبووە.

لەم بابەتەوە لە تەماسیکی بێسیمی دا لەگەل ناوچەی مەریوان وت وویژیکمان لەگەل هاوری "محیدحسینی "کردوە.

یەکەم پرسیارمان، سەبارەت بەم فشارەو چونیەتی موقاومەتی خەلک بوو کە هاوری مجیدبەم جۆرە وەلامی دایەوە:

-ئەم پیلانە بەشیکە لە سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لە ناوچەی مەریوان بەکریگیراوان لەم دوایی یانەداو بە شیوەیەکی موشەخەستر لە رۆژی22ی خەرمانان بەلاوە هیرشیکی بەربلاویان بۆ سەر خانەوادەی پیشمەرگە دەس پی کردوە. ژمارەیەکیان لە خانەوادەکان لە بەشەکانی شامیان و دەوروبەری شار بە زۆر لە مالەکانیان دەرکردوەودەرگای خانوەکانیشیان لی داخستوون لەبەشی کۆماسی و بە شەسنووریەکان کە خەبات و ئیعترازی خەلک یەکگرتووانەنەبووە بەکریگیراوان خانەوادەکانیان زیاتر خستوتە ژیر فشار، بەلام تا ئیستانە یا نتوانیوە لە ناو شار و لە شاروچکەکانی "کانی دینار"و"جووجەسازی" ئەم کارانەبکەن هەر وەک چاوەروان دەکرا ئەم پیلانەی جمهووری ئیسلامی لە دژی خانەوادەی پیشمەرگە لە ناوچەی مەریوان، بووەهۆی پەرەگرتنی رق و بیزاری خەلک لە رژیم، وەلە هەموو شونیک لە شار و لەدی، خەلک بەشیوەی جۆراوجۆر ئیعتراز و موقاومەتیان کردوە و هاوپشتی خۆیان نیشان داوە.

لە هەرشوینیک خەباتی دەستەجەمعی یەکپارچەکرابی، بەکریگیراوان هیچیان پی نکراوە کاربەدەستانی رژیم بەترس و دلە خورپەوە ئەم پیلانەیان بەریوەبردوە و رادەی یەکیتی و هاوپشتی و موقاومەتی خەلکیان تاقی کردوەتەوە لە ئاوایی‌یەکانی بەشی "حومە" و بەشی"شامیان" ئیعتراز و موقاومەتیکی سەرکەوتووانە کراوە بۆ نموونە لە ئاوایی‌یەکانی "نژمار" و "سەرنژمار" خەلک لە بەرانبەر بەکریگیراوان دارایانگەیاند کە ئەگەر یەک خانەوادە کوچ بدری هەموومان بە تیکرا کوچ دەکەین! لە ئاوایی "ولەژیر" بەکریگیراوان لەبەرانبەر ئیعترازی دەستەجەمعی خەلک دا پاشەکشەیان کرد، بۆ دووهەمین جاربەکریگیراوان لە چواری رەزبەردا چوونەوە ئەو ئاوایی یەوە دیسانەوە خەلک ئیعترازیان کردو ئەمجارە نزیکەی 50کەس لە خەلکی ئاوایی بە مەبەستی ئیعتراز چوونە شاری مەریوان. لەئاوایی "گویزەکویرە" خەلک ئیعترازیان بەفەرماندەی پایگاکردو بریارنامەیەکیان ئیمزا کرد و بەهۆی ژمارەیەک لە خەلکی ئاوایی بۆشاریان نارد لە ئاوایی"رەشەدی" ئەو خانەوادانەی کە کوچیان پی کرابوودیسانەوە گەراونەتەوە بۆ مالەکانی خۆیان لە ئەنجامی خەباتی تا ئیستای خەلکی شارودی دارژیم نەیتوانیوە لە شارو ئاوایی‌یەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیە ئەم پیلانە وەک یەک بەریوە بەری، وەجاری ناچار بووە لە پیلانی کوچ پیکردنی خانەوادەکان گەراونەتەوە سەر مال و حالی خۆیان و لە نیو خەلکی ئەو ناوچەیەدا ئامادەیی یەکی زیاتر بۆ پووچەل کردنەوەی یەکجاری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم پیک هاتوە.

پرسیار: بۆ باشتر بەریوەچوونی خەباتی خەلکی ناوچەکە دا پیک دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە لەرانبەر بەم دەست دریژی یەی رژیم پیشنیار و رینوینی خۆتان چیە؟

-داوالە خەلکی شارودیهاتی مەریوان دەکەین کە خەباتی خۆیان بۆ دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە یەکگرتووتر دریژە پی بدەن ژن و پیاووگەورە و بچووک لە شارودی بەشیوەی دەستەجەمعی و لە شوینی خۆیان دا دەست بدەنە ئیعتراز و نەهیلن رژیم خانەوادەکان کوچ پی بکاوەیا فشاریان بۆ بینی و بودەربرینی نارەزایەتی خۆیان، لەبەردەم ئیدارات و مقەرەکانی بەکریگیراوان دا کۆببنەوە.

بەنوسینی بریارنامەوبەکۆبوونەوە لەبەردەم مقەروپایگاکانی بەکریگیراوانەد دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە بکەن دەبی خەلکی هەر ئاوایی‌یەک کە خانەوادەی لی کوچ پی کرابی یەکچارچەی خۆیان ئەوخانەوادانە بگیرنەوە سەرمال و حالی خۆیان وبەم جۆرە ئەم پیلانەی رژیم پووچەلبکەنەوە، بەلام لیرەدادەبی ئەوەش بزانین کە پیلانی کوچ پی کردنی خانەوادەکان بەشیکە لە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رژیم لەمەریوان بە مەبەستی داشکاندنی وزەی خەباتگیرانەی کریکاران و زەحمەتکیشان و پیکهینانی فەزایەکی پر لە ترس و سام کار بەدەستانی رژیم دەیانەوی لەم ریگایەوە زەینی کریکاران و زەحمەتکیشان لیل بکەن، تا کریکاران و هەروەها ئاوارەکانی شەو و خەلکی شارودیهاتی مەریوان خەباتی خۆیان بوداخوازەکانیان لە بیربەرنەوە و دەست لە خەبات و موقاومەت هەلگرن پیلانی کۆچ پی کردنی خانەوادەکان بەشیکە لە سیاسەتی رژیم بۆ سەرکوتی خەباتی هەموو خەلکی ناوچەکە، کەوایە دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە و خەبات لەبەرانبەر هەرپیلانیکی گەورەوبچووکی جمهووری ئیسلامی دا دیفاعە لە مافی هەموو کریکاران و زەحمەتکیشان هەر بۆیەنابی خەبات لە دژی کۆچ پی کردنی خانەوادەکان تایبەت بەو ئاوایی‌یانە بی کە خانەوادەی پیشمەرگە و بوهەر خەباتیکی دیکە دەست لە نیو دەستی یەکتر بنین و بەیارمەتی یەکترەوە بچن، سەرسەختانە لە بەرانبەر بەکریگیراوان داراوەستن تازە مینەیەکی لەبار بۆسەرکوتنی خەلکی تیکۆشەر لە سەراسەری ناوچەکە دا پیک دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە لەرانبەر زەخت و زۆری رژیم دا دیفاعە لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و دیفاعە لە ئازادی و دیموکراسی بەهیزی خەباتی یەکگرتووی خەلکی شارودی دەبی ئەم سیاسەتەی رژیم پووچەل بکەینەوەلێرەدا داوالە ژنان و پیاوان ولاوانی شورشگیر دەکەین کە پول پول بین بۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە هاتنی پول پولی ئیوەبۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵەو هەلگرتنی چەکی دیفاغ لە ئازادی و بەرابەری - بەتایبەت لە هەل ومەرجەدا-بەشیکی بنەرەتی یە لە خەبات بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی کوچ پی کردنی خانەادەکان و دیفاعە لە خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشان و ئاوارەکانی شاری مەریوان.

ورگیردراولە:گۆڤاری پیام

ژمارە13

(پاشماوەی) سەبارەت بە: کۆمیتەی مانگرتن

لیرەدایە ریکخراوی وەک کۆمیتەی مانگرتن کە بۆرابەری کردن و ریکخستنی خەباتی کریکاری پیک دین گرنگی‌یەکی تایبەتی پەیدا دەکەن بابزانین کۆمیتەی مانگرتن چون پیک دی و ئەرکەکانی چیە؟

"کۆمیتەی مانگرتن" لەیەکیتی کار و کردەوەی وشیارانەی کریکارانی پیشرەو بۆ رابەری کردن و ریکخستنی مانگرتنی کریکاری پیک دی وەشکلی کۆمیتەیەک یا قەوارەیەکی تەشکیلاتی دیاری کراو بەخۆیەوە دەگری پیش پیکهینانی کۆمیتەی مانگرتن دەبی پیویستی‌یەکانی فەراهەم بکری کەیەکیک لە گرنگترین پیویستی‌یەکانی بریتی‌یە لەتەنزیم کردنی داخوازوشیعارەکانی خەبات لە تەنزیم کردنی شیعارەکان وداخوازەکانی مانگرتن دا دەبی چەندشت لەبەرچاوبگیری:

یەکەم، دەبی داخوازە موشەخەسەکانی کریکاران و ئەندازەی توانایی‌یان بۆ دریژەپی دانی مانگرتنەکە بە باشی تەشخیس بدری شیعارورداخوازەکان دەبی بەجۆریک دیاری بکرین کە نیشاندەری خواست و ویستی زۆربەی کریکاران بن و بتوانن هەرچەندی ئیمکان هەیە زۆرترین ژمارەی کریکاران بۆخەبات لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و نەهیلن کریکاران تووشی چەندبەرکی بن دووهەم، دەبی ئەوە لەبەرچاو بگیری کەجاری وا هەیە مانگرتن لەسەر مەسەلەیەک یان رووداویکی تایبەت دەست پی دەکا بۆ نموونە بەهۆی دەرکرانی کریکاریک وەیان سووکایەتی کردنی بەکریگیراوان و خاوەن کار بەکریکاران وەیان وەدرەنگ خستنی هەقدەست و شتی‌تر مانگرتن دەست پی دەکا. بەلام داخوازی کریکاران زۆرلەمانە واوەترکەوایە لەدیاری کردنی داخوازەکانی مانگرتن دا وەلە راگەیاندنیان دا، دەبی نەک هەر داخوازە سەرەتایی‌یەکان کریکاران بەلکوو داخوازەبنەرەتی‌یەکانیشیان وەک زیاد کردنی هەقدەست، 40سەعات کار، ئازادی مانگرتن، قەدەغەکردنی ئیخراج وشتی‌تر لە لیستی داخوازەکان دا بگونجیندری، خالی سێهەم ئەوەیە کە لەکاتی دیاری کردنی داخوازەکانی مانگرتنەکەدا- هۆی مانگرتنەکە هەرچی‌یەک بی-دەبی داخوازی"دانی هەقدەستی رۆژانی مانگرتنەکە"لەلیستی داخوازەکاندا بنووسری جگە لەمەش هەر کریکاریک لە کاتی مانگرتنەکەدا بگیری ویا ئیخراج بکری دەبی داخوازی ئازادبوون و گەرانەوەی بۆ سەرکار بەشیوەیەکی ئوتوماتیک یەکیک لە داخوازەکانی مانگرتنەکە بی، پاش ئەوەی کریکارانی کۆمۆنیست و پیشرەو لە قسەوباس وتەکبیرورا ویژەکانیان دا لەسەر داخواز و شیعارەکانی مانگرتنەکە پیک هاتن، دەبی لە نیوخۆیان دا چەند کەس لەبەتەجرەبەترین و توانات‌رین کریکاران بۆرابەری کردن و پیک هینانی کۆمیتەی مانگرتن، کۆمیتەیەکی نهینی‌یە وجگە لەژمارەیەکی کەم لەو کریکارانەی کەبەتەواوی باوەر پیکراون و بەهۆی ئەو دەورەی لە خەباتەکەدا هەیانە پیویستە ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتنەکە بناسن، هیچ کەسیکی دیکە نابی بزانی کی ئەندامی کۆمیتەکەیە پەیوەندی کۆمیتەی مانگرتن لەگەل کریکاران ئەویش لە کاتیک دا کە خۆی نهینی‌یە، دەبی بەشیوەی موناسیب پیک بهینری. بۆ نموونە ئەندامانی کۆمیتەکە دەبی بەهۆی کەسانیک لە نیو خۆیاندا وەیا بەهۆی کریکارانی پیشرەوی دەوروبەری خۆیان کەوەک رابەریکی ئاشکرا کاردەکەن، پەیوەندیکی زیندوو و راستەوخۆیان لەگەل کریکاران هەبی کۆمیتەی مانگرتن کاتیک پیک هات بەلەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی موشەخەسی ئەو شوینەی مانگرتنەکەی تیدا کاراوە، دەتوانی بەراگەیاندن(نووسراوە) یان هەرو ازارەکی وجوودی خۆی راگەیەنی ئەگەر کۆمیتەی مانگرتن پیش ئەوەی مانگرتنەکە دەست پی بکا پیک هاتبی، دەبی کاتی مانگرتنەکەش دیاری بکا کۆمیتەی مانگرتن دەبی هەول بدا لە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران داویست و دا خوازە دیاریکراوەکان بە تەئییدی کریکاران بگەیەنی بەلام ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی بەهەر دەلیلیک پیک نەهات، کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەپشتیوانی کریکارانی پیشرەووخاوەن نفووز شیعار و شیوەکانی خۆی لە نیو کریکاران داجی بخا.

بەلام بابزانین ئەرکەکانی کۆمیتەی مانگرتن چیە؟ پیش هەموو شتیک کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەکریکاران نیشان بدا کە بوچی مانگرتن باشترین و گونجاوترین شیوەی خەباتە جاری وایە دەست و پیوەندەکانی رژیم و خاوەن کار بەبیانووی موافقەت لەگەل داخوازی کریکاران، لەگەل شکلی خەباتەکە موخالەفەت دەکەن و دەیانەوی لە نیو کریکاران دا دووبەرەکی پیک بهینن و نەهیلن مانگرتنە کە بتەنێتەوە کەوایە کاتیک کۆمیتەی مانگرتن ساغ دەبێتەوە، دەبی کریکاران قانع بکا کە مانگرتن باشترین شیوەیە بۆ بەدەسهێنانی داخوازەکانیان کۆمیتەی مانگرتن دەبی چونیەتی پەیوەندی خۆی لەگەل جەماوەری کریکاران، دیاری بکاو ئەوە روون بکاتەوە کە رینوینی‌یەکانی خۆی لە چ ریگایەکەوە و بە چ شیوەیەک بە کریکاران رادەگەیەنی، بۆ ئەوەی کریکاران بتوانن بریارەکانی کۆمیتەی مانگرتن لەوپروپاگەندەیە جیا بکەنەوە کە دەست و پیوەندەکانی رژیم و خاوەن کار لەکاتی مانگرتن دا بلاوی دەکەنەوە لە رۆژەکانی مانگرتن دا زۆرجار کریکاران لە دەوری‌یەک کۆدەبنەوە و لە کۆروکۆمەڵی خۆیان دا سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانیان قسە دەکەن کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەکەلک وەرگرتن لەهەموو ئیمکاناتیک کۆبوونەوەو قسەوباس و سوخەنرانی پیک بهینی و قسەوباس وبیروڕای کریکاران بەرەو مەسەلە سەرەکی‌یەکانی سەر بەو خەباتە موشەخەسە و بەگشتی خەباتی کریکاران رینوینی بکا یەکیک لە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمتیەی مانگرتن ئەوەیە کە هەول بدا کریکارانی باقی شوینەکانی‌تر پشتیوانی لە کریکارانی مانگرتووبکەن کۆمیتەی مانگرتن دەبی بە کەلک وەرگرتن لە پەیوەندی ئاسایی کریکارانی شوینە جۆراوجۆرەکان لەگەل یەکتر، هەوالی مانگرتنەکەو داخوازەکانی بەکریکارانی باقی شوێنەکریکاری‌یەکان بگەیەنی بۆئەوەی پشتیوانی لەو خەباتەی کریکاران بکەن جگەلەمە، کۆمیتەی مانگرتن دەبی خانەوادەی کریکاران بۆ پشتیوانی لە خەباتی کریکاران هەلخرینی کۆمیتەی مانگرتن دەبی ئیمکانی وت وویژ لەگەل نوینەرانی رژیم و خاوەن کاری لە بەرچاو بی و لەوەپیشەوە چەند کریکاریک وەک نوینەر لەبەرچاوبگری باشترین شکلی هەلبژاردنی ئەو نوینەرانە ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران دا نوینەرەکان هەڵبژێردرین. مەسەلەیەک کە کۆمیتەی مانگرتن لەم بابەتەوە دەبی لەبەر چاوی بی ئەوەیە کەوت وویژەکە بەئاشکراو عەلەنی بی وئەنجامەکەشی جار لەگەل جار لە کۆبوونەوەی گشتی دا بەکریکاران راگەیەندری. جگە لەهەموو ئەمانە کۆمیتەی مانگرتن دەبی بۆ بەرەوپیش بردنی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکە شەبەکەی کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی هەوال و باس و سندووقی مانگرتن بۆیارمەتی‌دان بە گیروگرفتە ماددی‌یەکانی کریکاران لە کاتی مانگرتن دا، لە نیو کریکاران دا و بە هیزی خودی کریکارەکان پیک بهینی.

ئەمانە سەرخەتی ئەرکەکان و چونیەتی پیک هاتنی کۆمیتەی مانگرتن بوون لە هەموو کریکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست داوا دەکەین کە لە جەرەیانی خەباتی کریکاری دا وپیش ئەوەی مانگرتن دەست پی بکا، کۆمیتەی مانگرتن بەوشیوەیەی کەباسمان کرد بۆ رابەری کردن وریکخستنی خەباتی کریکاری پیک بهینن.

وەرگیردراولە:

گۆڤاری پیام ژمارە10

خەباتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

سەرنجیك لە :
چالاکییەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە مانگی رەزبەردا

پایگایەکی هیزەکانی رژی م لە 15کیلومیتری شاری سنە بەتەواوی گیرا

ئیوارەی رۆژی 12ی رەزبەرپیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو پایگای "کەرەسی" لە 15کیلومیتری شاری سنەیان لە ماوەی چەند دەقیقەدا بە تەواوی گرت.

هاوری یانی پیشمەرگەمان سەرەرای ئەوەی هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادە باشی تەواودابوون و دەوروبەری پایگاکەش بەمین و تەلبەند تەنرا بوو توانیان لە درگای پایگاکەوە بچنەناوەوە و لە هەوەلین پەلامار دا سەنگەری تیرباری پایگا کە بگرن و باقی سەنگەرەکانی دیکە ش یەك بەدوای یەکدا بگرن و بەم جۆرە پایگا کە دوای چەند دەقیقە بەتەواوی گیرا و 11کەس لەبەکریگیراوانی رژیم بەدیل گیران .

دەسکەوتەکان: تیرباری ژ3 یەك قەبزە بەلوولەیەکی زیادییەوە، تیرباری ام 19 یەك قەبزە، خومپارەهاویژی 60ملم یەك قەبزە، "ژ3 11 قەبزە، کلاشینکوف یەك قەبزە، فیشەك 15000دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، گوللەی خۆمپارە 26دانە، نارنجوکی سەری نفەنگ 20دانە، بی سیمی پی. ئار.سی 77یەك دەزگا، دەراغ 50دانە و کۆمەڵیك کەل و پەلی تەدارکاتی.

پیشمەرگەکان لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرەرو زیانیکیان پی نەگەیشت.

هەموو ئەفرادی"گوروەهی جەولەی بدر" بەدیل گیران

شەوی 13ی رەزبەر هەوال بە پیشمەگەکانی تیپی 11ی سنە گەیشت کە واحیدیکی 11کەسی لە لە بەکریگیراوانی رژیم ناسراوبە"گوروەهی جەولەی بدر" لە 50میتری پایگای رژیم لە ئاوایی "باینچو" لە 5کیلومیتری جادەی سنە –دیواندەرە کەمینیان بۆ دانان هاوری یان دەسبەجی ئەم گوروەهیان ئابلووقەدا و بی ئەوەی مەجالی هیچ دەسکردنەوەیەکیان پی بدەن هەموو یانیان بەدیل گرت کە 11کەس بوون ئەم دەسکەوتانەش کەوتەدەستی پیشمەرگەکان: نارنجوك هاویژیەك قەبزە، کلاشینکۆف5 قەبزە، "ژ3"5قەبزە، بیسیمی پی. ئار. سی 77یەك دەزگا، دەراغ 61دانە، فیشەك 1800دانە، نارنجوکی دەستی 14دانە.

گوروەهانی "امام حسن" سەربە گوردانی جندالڵەی مەریوان تەفروتوناکرا

رۆژی 20ی رەزبەر رژیم چەندین گوروەهی زەربەتی کۆکردەوە و بەشیکی پان و بەرین لە بەرزایییەکان و ریگاکانی بەشی ژاوەروو کە لاتەرزانی گرت هاوریانی تیپی 11ی سنە کە لەو ناوە بوون و لە لایەن زەحمەتکیشانی ئەو ناوچەیەوە لە هیرشی دوژمن ئاگادار کرابوون لە بەرزاییەکانی ئاوایی "لەنگەریز"کەمینیان بۆ دوژمن دانا و سەعات7ی ئیوارە لە قەراخ ئاوایی شەردەستی پی کردودوای زنجیرە پەلاماریکی پیشمەرگەکان، هیزەکانی دوژمن بە تەواوی تووشی سەر لی شیواوی بوون و پول پول لیك دابران شەرەکە تا سەعات 10ی شەو دریژەی کیشا و لە ئەنجام دا گوروەهانی "امام حسن" سەربەگوردانی جندالڵەی مەریوان تەفروتوناکرا سەرەرای ئەوەی ئەم شەرە 3سەعاتەیە لە ناوچەیەکی میلیتاریزەودا گیراکراو دا رووی دا بەلام باقی قیزەکانی رژیم کە لەو نزیکانە لە پایگاو مقەرەکاندا بوون نەیان ویرا خۆ لەشەرەکە بگەیەنن، لەم شەرە سەرکەوتووانەیەدا ژمارەیەك لە ئەفرادی دوژمن کوژران کە تەنیا جەنازەی یەکیکیان بەناوی حسین ناسرایەوە هەروەها 12کەسیان لی بە دیل گیرا کە دوو کەسیان لە بەر ئەوەی بریندار بوون دوای پیچانی بیرینەکان هەرلەوی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: ئار.پی.چی7یەك قەبزە، کلاشینکوف11قەبزە، ژ–3دوو فەلزەئ، بیسیمی پی.ئار.سی 77یەك دەزگا فیشەك 2000دانە، دەراغ63دانە، گوللەی ئار.پی.جی 8دانە، نارنجوکی دەستی 15دانە، کیسەخەو 12دانە، کۆمەڵیك کەل و پەلی تەدارکاتی و نیزامی هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

چەند واحید لە هیزەکانی رژیم تەفرو تووناکران.

*ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران و 23کەسیشیان لی بەدیل گیرا.

*5ماشین و دەیان قەبزە چەك وکۆمەلیك تەقەمەنی کەوتنەدەستی پیشمەرگەکان.

*چەند کەس لە فەرماندەکانی دوژمن کوژران.

* رۆژی4ی رەزبەر پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو5کیلومتر لە جادەی گرنگ و ئیستراتیژیکی سنە– تەوریوەر لە 15کیلومتری جنووبی رۆژئاوای شاری سنەیان خستە ژیر چاوەدیری خۆیان و چەندین کەمینی بەر بالویان بودژمن دانا سەرتا ژمارەیەك لە هاوری یانمان پەلاماریان بردەسەر تەئیمنەکانی جادە و بەدیلیان گرتن، هەروەها 2ماشین هەلگری بەکریگیروانی دوژمن لە هەمان شوین لە لایەن هاوریانەوە راگیراو هەرچی تییدا بوو بە دیل گیرا هاوکات لەگەل ئەمە چەندین واحیدی دیکە پیشمەرگەکان لە ناو ئەو ماشینانەدا کەهات و چویان دەکرد چەند کەسیان لە ئەفرادی دوژمن ناسی یەوە و بە دیلیان گرتن، ژمارەیەك زۆر لە موسافیرەکان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا ولەدەرەوەی کەمینەکان بەشداریان کرد و یەکیك لە هاوری یانمان قسەوباسی بۆ کردن بەدوای ئەوەدا 3ماشینی تری رژیم لە 3جیگا کەوتنەکەمینی پیشمەرگەکانەوە ودەسبەجی تەقەیان لی کرا و هەرچی تییاندابوو یان کوژران وەیان بەدیل گیران لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە بەرین و سەرکەوتووانەیەدا 11بەکریگیراو کوژران و 23کەسی دیکەش بە دیل گیران لەنیو بەدیل گیراوەکان دا9کەسیان بەهۆی بریندار بوونیانەوە هەر لەوەی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: دوشکای کالیبر68یەك قەبزە، کلاشینکوف11قەبزە، ژ–3 16قەبزە، رەشاش کلاشینکوف یەك قەبزە، بیسیمی پی.ئار.سی 77دوودەزگا، بیسیمی گورهی3دەزگا، فیشەکی دوشکا 6سندووق، فیشەکی دیکە 5000دانە، گوللەی خۆمپارە هاویژ16دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، دەراغ100دانە، ماشین 5دەزگا کە ئاگریان تی بەردرا لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرۆزیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

زنجیرە عەمەلیاتی پیشمەرگەکان لەناو شاری دیواندەرە ودەورۆبەری شار

لە رۆژەکانی 9،10،12ی رەزبەردا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لەگوردانی کاوە زنجیرەیەك عەمەلیاتیان لە ناوی شاری دیواندەرە و سەر جادەی دیواندەرە–سنە بەریوەبرد و زەرەو زیانیان لە دوژمن دا.

عەمەلیاتی یەکەم: شەری 9ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکان چوونە ناو شاری دیواندەرە و چەند گەرەکیان خستە ژیر چاوەدیری خۆیان، هاوری یانمان لە نیو خەلکی زەحمەتکیشی شاردا دەستیان دایە تەبلیغی هەلویست و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هاوری یان چەند سەهات لە ناوشاردا مانەوە و کەمینیان بۆ دوژمن دانا بەلام هیزەکانی رژیم نەیانویرا هیچ جم و جوولیك لە خۆ نیشان بدەن.

عەمەلیاتی دووهەم: شەوی دواتر دیشانەوە چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە چوونە ناوشاری دیواندەرە و گەرەکاکانی"فەزای سەوز" ودەوروبەری مزگەوتی جامع یان خستەژیر چاوەدیری خۆیان وەلە چەندین شوین کەمین یان بۆ دوژمن دانا، لە سەعات 11/5دا ماشینی "گەشتی ئارالله" کەوتە کەمینەکەوە ولە پەلاماریکی خیراو دەسبەجی ی هاوریان دا هەموو سەرنشینەکانی کوژران و ماشینەکەش تیك شکیندرا 2کەس لە کوژراوەکان بە ناوی"عبدالله‌رحیمی" و "جمیل" بۆ پیشمەرگەکان ناسرانەوە عبدالله رحیمی لە 8سال لەوە پیشەوە چەکی رژیمی هەلگرتبوو و فەرماندەیی گوردانی محمدرسوول الله و چەند گوروەهی زەربەتی بە ئەستووە بوو، ئاخرین مەسئوولیەتی بریتی بوو لە فەرماندەیی "گەشتی ئارالله"ی رژیم لە شاری دیواندەرە رژیم بوروژی دوایی عەزای عمووی بۆ راگەیاند.

عەمەلیاتی سیهەم: هەر شەوی 10ی رەزبەر هاوکات لەگەل عەمەلیاتی دووهەم چەند واحیدی دیکە لە پیشمەرگەکان سیهەمین هەمەلیاتی خۆیان بەپەلاماریکی توند و بۆسەر پایگا"باخی باوەحاجی" لە نزیك شاری دیواندەرە دەست پی کرد و بۆ ماوەی نیو سەعات هەموو سەنگەرو ئیستحکاماتی دوژمنیان وەبەرئاگری توند دا و زەرەرو زیانیان بە داگیرکەران گەیاند کە هەوالی 2کوژراو وچەند بریندارییان بەدەستمان گەیشتوە.

عەمەلیاتی چوارەم: رۆژی 12ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە سەعات7ی پاش نیوەرۆووە کونترولی جادەی دیواندەرە–سنەیان لە 15کیلومیتری شاری دیواندرە و لەنیوان دەیان قەرارگا و پایگای دوژمن دا بە دەستەوە گرت لە ماوەی یەك سەعات دا زیاتر لە 70ماشین لەو شوینەراگیران و هەموو موسافیرەکانیان کە سەدان کەس دەبوون لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا گۆی یان بۆقسەوباسی یەکیك لە هاوری یانمان راگرت.

هەرلە وکاتەدا ماشینیکی سپای پاسداران کەوتە کەمینی پیشمەرگەکانەوەو وەبەر دەسریژدرا لە ئاکام دا رانندەکەی کە پاسداریك بوو بەناوی"محمد هنرمند" خەلکی کرماشان کوژرا و ماشینەکەش لە کار کەوت.

لە دریژەی ئەم عەمەلیاتەدا ماشینیکیتر کە 10بەکریگیراوی گوردانی محمدرسول اللەی تیدا بووکەوتەکەمینەکەوە و هاوری یانمان دەس بەجی دایانە بەر پەلامار کە لەماوەی 10دەقیقەدا 6کەس لە بەکریگیراوان کوژران، 2کەسیان بەدیل گیران و 2کەسیتریان هەلاتن، بەدیل گیراوەکان بەهۆی بریندار بوونیانوە هەر لەوی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: تیرباری بی.کەی.سی دووربین دار یەك قەبزە، کلاشینکوف2قەبزە، رەشاش کلاشینکوف1قەبزە، ژ–3 4قەبزە، فیشەك1000دانە، دەراغ50دانە، بیسیم1 دەزگا، کۆمەڵیك نارنجوك و هەندی ئەسنادی مەحرەمانە هەروەها1تانکەری نەوت و 1دەزگا تویوتای دوژمن ئاگری تی بەردرا.

لەم زەنجیرە عەمەلیاتەدا هیچ زەرەر و زیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

لە عەمەلیاتیکی گەورە و بەرینی پیشمەرگەکان دا لە ناو شاری بۆکان :

*واحیدەکانی دوژمن لە هەموو دەروازەکانی شاردا کەوتنەبەر پەلامار

*زەرەرو زیانیکی بەرچاو لە هیزەکانی رژیم کەوت.

رۆژی 3ی رەزبەرچەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی 31ی بۆکان بە مەبەستی بەریوەبردنی عەمەلیاتیکی گەورە و بەرین بە یادی چەند هاوریی گیانبەخت کردوو، لە سەعات 9ی شەوەوە چوونەناو شار و لە هەموو دەروازە و شوینە گرنگەکان جیگیربوون و دوای نیو سەعات عەمەلیاتەکە لە چوارقوناغ دا دەستی پی کرد 5مەرکەزی نیزامی رژیم کە بریتی بوون لە مقەری پوستی بازرەسی نیوان شارو گەرەکی میراوا، پوستی بازرەسی دەروازەی بۆکان–سەقز، مەقەری علی ئاوا لە دەروازەی بۆکان–میاندواو و مقەری پوستی بازرەسی لەدەوروبەری سیلوی شاری کەوتنە بەر پەلاماری پیشمەرگەکان بەکریگیراوان کە لە دەست و پی کەوتبوون هەموو پوستەکانی بازرەسییان چول کرد لەم زنجیرە عەمەلیاتەدا لانی کەم 12بەکریگیراو کوژران و بریندار بوون و زەرەوزیان لە مەرکەزە و نیزامییەکانی رژیم کەوت ئەم عەمەلیاتە هاوکات بوو لەگەل حەوتووی جەنگی جمهووری ئیسلامی و هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادەباشی تەواودا بوون هاوری یانی پیشمەرگە هەموو سلامەت بوون.

کەمینی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە : نیگەرانی هەمیشەیی هیزەکانی رژیم سنە :

رۆژی 13ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە کونترولی جادەی نیوان ئاوایییەکانی بیساران بۆریەر لەبەشی ژاوەرویان گرتەدەست و لەسەر ئەو جادەیە مانەوە و جگە لە قسەوباس کردن لە کۆبوونەوەی موسافیرەکان دا، 5بەکریگیراوی رژیمیان ناسییەوەو بەدیلیان گرتن هەروەها 2کەس بەناوەکانی "ستارصلواتی" خەلکی ئاوایی" صلوات ئاوا"ی سنەو"سعید مقدم" خەلکی تەوریز کە لە ماشینی جیهادی سازندگی دا بوون دوای قسەوباس بۆ کردنیان ئازاد کران، یەك قەبزە ژ–3بە تەقەمەنییەوە و هەندیك وەسایلی تەدارەکاتیش کەوتە دەستی پیشمەرگەکان و یەك ماشینی جیهادی سازندگی تیك شکیندرا.

سەقز:

شەوی 1ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی 26ی سەقز لە ئاوایی "کانی نیاز" لە 4کیلومیتری شاری سەقز و لەسەر ریگای هات و چوی هیزەکانی دوژمن کەمینیان دانا ژمارەیەك لە هیزەکانی دوژمن کەوتنە کەمینەکەوە کە بەهوی پەلاماری هاوری یانەوە زەرەر و زیانیان لی کەوت و لەوشوینە هەلاتن لەم تەقەو لیکدانەدا هیچ زەرەروزیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

بانە :

دوانیوەروی 21ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە نیوئاوایی"چەمپاراو" و لەسەر ریگای نیوان پایگای دوژمن و ئاوایییەکە کەمینیان بۆ هیزەکانی رژیم دانا دوای ماوەیەکی کورت تراکتوریکی پایگاکە بە ژمارەیەك سەرنشینەوە کەوتە کەمینەکەوە و وەبەر پەلاماردرا لە ئاکام دا تراکتورەکە تیك شکاو سەرنشینەکانیشی هەموو کوژران هیچ زەرەرو زیانیك بە هاوریانمان نەگەیشت.

پەلامار بۆسەر هیزە سەرکوتگەرەکان لەدووشاروچکەی ئاوارە مەریوانییەکان

رۆژی 17ی رەزبەر لە کاتیك دا کە رژیم سەربازگیری فشاریکی زۆری خستبووە سەر ئاوارەکانی جیگیر لە دوو شاروچکەی "کانی دینار" و "جووجەسازی" لە 5 کیلومتیری و 7کیلومیتری شاری مەریوان هاوریانی گوردانی کاك فوئاد چوونە ئەو شاروچکانە وەلە نیو شەوق و شادمانی زەحمەتکیشان دا پەلاماریان بردەسەر هیزەکانی رژیم سەرەتا سەعات9ی شەو مقەری سەرکوتگەران لە شاروچکەی کانی دینارییان بەئاگری چەکی نیوە قورس و سووك بۆ ماوەی سەعاتیك ئاگرباران کرد هاوکات لەگەلّ ئەمە چەند واحیدی تری پیشمەرگەکان کە لە شاروچکە جووجەسازی جیگیربوون پەلاماریان بردەسەرچەند واحید لە هیزەکانی رژیم کە دەیانەویست بۆ یارمەتی دانی باقی هیزەکانی رژیم بچنەکانی دینار لەم پەلاماردا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفرادی دوژمن کوژران و ماشینیکیان لە کارکەوت. پیشمەرگەکان هیچ زەرەزیانیکیان پی نەگەیشت و دوای تەواوکردنی عەمەلیاتەکە و قسەوباس کردن بۆ خەلك بەرەوشوینە دیاری کراوەکانیان گەرانەوە.

پایگای"هوویە"کەوتەبەرپەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

شەوی 10ی رەزبەر چەندواحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە چوونە نیو ئاوایی"هوویە" لەبەشی ژاوەروی سنە و هیزەکانی رژیمیان وبەر پەلاماری خۆیان دا سەرەتاهیزەکانی گەشتی دوژمن لە نیو ئاوایی کەوتنە سەر دەسریژی هاوریان و ژمارەیەکیان لی کوژراو باقی یەکەیان هەلاتی، دوای ئەوە پایگای سەرکوتگەران بۆ ماوەی 45دقیقە بەچەکی نیوەقورس و سووک وەبەر پەلامار دراو زەرەر وزیان بەدوژمن گەیشت هاوریانمان هەموو سلامەت بوون.

مقەری هیزەکانی رژیم لە دەوروبەری شاری سنە لە ژیر زەبری پیشمەرگەکانی کۆمەڵەدا

ئیوارەی رۆژی 23ی رەزبەر چەند واحید لە هاوریانی تیپی 11ی سنەو گوردانی شاهو لە نیو ئاوایی "دادانە لەبەشی جنووبی رۆژئاوای شاری سنە بە چەکی سووک و نیوەقورس مقەری بەکریگیراوانیان وەبەر دەسریژدا کە زەرەروزیان لە ساختمانی مقەرەکە کەوت و ژمارەیەکیش لە بەکریگیراوان کوژران.

هاوکات لەگەل ئەم پەلاماروەدا واحیدیکیدیکە لە پیشمەرگەکان 2کەس لە هاوکارانی رژیم یان بەناوەکانی "سیدتەئەلقەلەگوی" و"سید جبار زمانی دادانە" گرت هەروەها یەکیک لە هاوریانمان لە بلندگوی مزگەوتەوە قسەوباسی بۆ خەلکی ئاوایی کرد لەم عەمەلیاتە دا هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

یەکیک لە هاوکارەگیراوەکانی رژیم بەناوی"سیدتەئەلقەلەگوی" لەدەستی پیشمەرگەکان هەلات کە کەوتەبەر دەسریژی چەکی پیشمەرگەکان و کوژرا ناوبراو هاوکاریک هەلسووراوی رژیم بوو لە بەشی جەم شاری سنە کە جاریکی دیکەش لە سالی 60دا لە لایەن پیشمەرگەکانەوە گیرابوو وە دوای بەلین دان بەدەست هەلگرتن لە هاوکاری رژیم ئازادکرا بەلام دوای ماوەیەک دیسانەوە دەستی دایەوە هاوکاری رژیم و جاسووسی کردن لە دژی خەلک و پیشمەرگە و یارمەتی دان بە هیزەکانی رژیم بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتەکانی رژیم.

پومپی بەنزینی سپای پاسداران ئاگری تی بەردرا

رۆژی 8ی رەزبەر چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە سەر پومپی بەنزینی تایبەتی سپای پاسداران لە 5کیلومیتری شاری بانە ولە سەر جادەی بانە-سقز وبەر چەکی نیوەقورس ئەنباری سووتەمەنی و شوینی پومپی بەنزینەکەیان ئاگرابارن کرد کە پومپی بەنزینەکە ئاگری تیبەربوو هیزەکانی رژیم کەبۆ پاریزگاری لە وشوینە دانرابوون نەیانویرا دەس بکەنەوە دوای ماوەیەک ستوونیک لە هیزەکانی رژیم کە لە 15ماشین پیکهاتبوو رەوانەی ئەو شوینەکرا بەلام کەوتەنیو کەمینی هاوریانەوە و لە جوولە کەوت لەم پەلامارەدا ماشینیک بەتەواوی تیک شکا و هەموو سەرنشینەکانی کوژران، چەند ماشینی دیکەش زیانیان پی گەیشت.

پیشمەرگەکان دوای بەریوەبردنی ئەم عەمەلیاتە هەموو بەسلامەتی ئەم شوینەیان بەجی هیشت.

ئیدارەی"راەقدس" بەدەستی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

رۆژی 8ی رەزبەر هاوکات لەگەل ئاگرتیبەردانی پومپی بەنزینی سپای پاسدارانی بانە چەند واحیدی دیە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە سەر یەکیک لە مەرکەزە ئیداریەکانی"راە قدس" ی رژیم لە 10کیلومیتری شار و لە سەرجادەی بانە-سەقزو ئەم مەرکەزەیان بە هەموو ماشین ئالات و دارایی یەکانیەوە ئاگرتی بەرداوبەتەواوی تیکیان دا.

ئەم مەرکەزە بەهەموودام و دەزگاکانیەوە بەتەوای لە خزمەت ئامانجی سەرکوتگەرانەی رژیم دا بوو وە بۆ دروست کردنی پایگاو جادەکیشان کەلکی لی وەردەگیرا وەلە لایەن چەندین پایگای نیزامی یەوە دەوری گیرابوو ودەپاریزرا .

هاوری یانمان هیچ زەرەرۆزیانیکیان پی نەگەیشت.

پەلاماربۆسەر هیزەگەورکەکانی دوژمن بانە:

رۆژی 5ی رەزبەر هاوری یانی گوردانی بانە لە نیوان پایگاکانی سوورین و قەرەچ دا بان دا پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوانی تەئمینی جادە لە ئاکام دا دووکەسیان لی دەکوژری و باقیەکەیان بەرەو پایگای قەرەج دابان هەلدین کەسەر لە نۆی هاوری یانمان دەسریژیان لی دەکەنەوە.

لەم عەمەلیاتەدا 2قەبزە ژ-3 و 10دەراغ کەوتەدەستی پیشمەرگەکان و جەنازەی 2کەس لە ئەفرادی رژیم ناسرانەوە پیشمەرگەکان هەموو سلامەت بوون.

سنە:

رۆژی 6ی رەزبەر هاوریانی دەستە ریکخستنی سارال لە ئاویی "کەپك" لەگەل بەکریگیراوانی گوروهی زەربەتی دیواندەرەدەرگیربوون دوای شەریکی توند و سەنگەر بە سەنگەر لانی کەم 4بەکریگیراو کوژران و ژمارەیەکی دیکەیان لی بریندارببوو و باقی یەکەشیان مەیدانی شەریان بەجی هیشت یەك قەبزە ژ-3کەوتە دەستی هاوری یان.

لەم تیك هەلچوونەدا هاوریی جەنگاوەر و کۆمۆنیست "نجم الدین اللەوردی" ناسراو بە جمال ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران وەدەستیاری دەستە ریکخستن گیانی خۆی بەخت کرد.

*رۆژی 27ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "قەلاتەرەشکە" لەبەشی سارالی سنە لەسەرریگایی دوژمن کەمینیان نایەوە ژمارەیەك لە ئەفرادی دوژمن کەوتنە ناو کەمینەکەوە و بەبی ئەوەی بتوانن دەس بکەنەوە هەلاتن کە پیشمەرگەکان کەوتنە شوینیان و تاچەند کیلومیتر ئەولاتر راویان نان.

لەم تیك هەلچوونەدا هیزەکانی دوژمن زەرەوزیانیان لی کەوت و یەکیکیان لی بەدیل گیرا هەروەها3قەبزە کلاشینکوف بەتەقەمەنیەوە و یەك دەزگا بیسیمی پی.ئار.سی 77بەدەسکەوت گیران هاوریان هەموو سلامەت بوون.

*ئەوی 23ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیوان ئاوایی‌یەکانی کۆمەڵە لە نیوان ئاوایی‌یەکانی"زنان" و"مەلەکشان" لەبەشی چەم شاری سنە لەگەل چەند گوروهی زەربەتی رژیم بەرەوروبوون پیشمەرگەکان دوای شەریکی کورت ماوە دوژمنیان راونا.

لەم تیك هەلچوونەدا یەکیک لە هاوریانی پیشمەرگەمان بە ناوی محمدصادقی"ناسراوبە"محمدباوەریز" وەبەر گوولە دوژمن کەوت و گیانی بەخت کرد. بانە:

شەوی 11ی رەزبەر واحیدیك لە هاوری یانی گوردانی بانە کە لە ئاوایی "سپی‌کەمەرە" ی بەشی بۆیەن بوون، لەگەل بەکریگیراوانی گوروهی زەربەتی "هەوارەخول" بەرەوروو بوون دوای شەریکی توند و سەنگەر بەسنگەر هیزەکانی رژیمیان بەتەواوی راونا لەم شەرەدا ژمارەیەك لە هیزکانی رژیم کوژران و یەك قەبزە کلاشینکوف بە تەقەمەنی یەوە کەوتە دەستی پیشمەرگەکان هیچ زەرەروزیانیک بە هاوری‌یانمان نەگەیشت.

مەریوان:

رۆژی 21ی رەزبەرواحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە کاتیك دا کە لە جادەی مەریوان-هەنجیران دەپەرینەوە لەگەل ماشینیکی دوژمن کە هەلگری ژمارەیەك لە بەکریگیراوان و یەك قەبزە دوشکای 68ملم بووبەرەوروبوون هاوری یانی پیشمەرگە دەسبەجی لییان وەدەس هاتن و وەبەر دەسریژیان دان لەو تەقەو لیك دانەدا 2بەکریگیراو کوژران هیچ زەرەرو زیانیك بەپیشمەرگەکان نەگەیشت.

*رۆژی 20ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە 2کیلومیتری شاری مەریوان بەکریگیراویکی محەللی رژیم یان بەناوی"محمد رزاگزرە" بەدیل گرت ناوبراو سەربەتیپی بیت المقدسی گوردانی"انصاررسول" بوو .

دیواندەرە :

ئیوارەی رۆژی 21ی رەزبەر ژمارەیەك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە کەبۆ مەئیموورییەتیك بەرەوئاویی "بس" لە بەشی خورخورە دەچوون لە نزیك ئاوایی لەگەل کەمینی هیزەکانی رژیم بەرەوروبوون و تەقە و لیك دان لە نیوانیان دا رووی دا کەماوەیەکی کورتی خایاند.

بەداخەوە لەسەرتای شەرەکەوە هاوری "فایق حیدری" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و مەسئوولی دەستەی ریکخستن کەوتەبەر گوللەی بەکریگیراوان و گیانی بەخت کرد.

بەشی ژاوەروی سنە:

تیك شکانی هیرشی بەرینی هیزەکانی رژیم

دوای چەندین پەلاماری هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بۆ سەر هیزەکانی رژیم لە بەشە داگیراکراوەکانی دەورۆبەری شاری سنە رژیم بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی هیزیکی زۆری کۆکردەوە وەلە ژیر پشتیوانی ئاگری قورسی توپخانەدا ژیر پشتیوانی ئاگری قورسی توپخانەدا لە رۆژەکانی 8و9ی رەزبەر داهیرشیکی دوورۆژەی بەربلاوی کردەسەر ئاوایی یەکانی"قەسریان"و "چناران"وتەجەرە" کە لەگەل ئامادەیی کاملی پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو بەرەوروو بوو هاوری یانمان هیرشی دوژمنیان بەو پەری تواناوە تیك شکاند لەوشەورانەدا لانی کەم 15بەکریگیراوی دوژمن کوژران و بریندار بوون هەروەها پاسداریك بە ناوی "رحمت اللەتاهری" مەسئوولی یەکیك لە گوروهە جەولەکانی رژیم بەدیل گیرا و 3قەبزە کسلاشینکوف بە تەقەمەنی‌یەوە دەسکەوتی هاوری‌یان بوو.

لەوشەرەدا هیچ زەرەروزیانیک بە هاوری یان نەگەیشت.

* ئیوارەی رۆژی 13ی رەزبەر دوژمن بەمەبەستی زەربەدان لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە هیرشی کردەسەر ئاوایی "ویسەر" لە بەشی ژاوەرو پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەنگاری هیرشی دوژمن بوون و هەموو بەرزایی‌یەکانیان لەدەست بەکریگیراوان دەرهیناوراویان نان هەروەها پیشمەرگەکان لە دولیکی پشتی ئاوایی، گوروهانی دووهەمی گوردانی زەربەتی محمدرسول اللەیان ئابلووقەدا و دوای شەریکی سەرکەوتووانە تەفروتونایان کردن بەکریگیروان ژمارەیەکیان لی کوژراو 4کەسیان لی بەدیل گیراو باقی یەکەیان هەریەکە بەلایەك دا هەلاتن، بەم جۆرە ئەم هیرشەی رژیم بەتەواوی تیك شکا.

دەسکەوتەکان: تیرباری بی.کەی.سی. 1قەبزە، رەشاش کلاشینکوف 1قەبزە، ژ-3 و کسلاشینکوف 2قەبزە، دەراغ 15دانە، فیشك400دانە، بیسیمی پی.ئار.سی77 یەك دەزگا.

*رۆژی 8ی رەزبەر چەندین واحید لە گوروهە زەربەتەکانی رژیم بەمەبەستی زەربەدان لە هاوری‌یانمان هیرشیان کردەسەر بەرزایی‌یەکانی"کوچکەسوور" لە بەشی ژاوەروی سنە کە لەگەل بەرەنگاری پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە بەرەوروبوون و دوای 4سەعات شەر دوژمن تیك شکا و پاش ئەوەی زیانی پی گەیشت پاشەکشەی کرد. هاوری‌یانمان هەموو سلامەت بوون.

تیك هەلچوون لەگەل چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات

رۆژی 5ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە کە بۆ بەریوەبردنی مەئموورییەتیك بەرەو ئاوایی "قاراوا"ی بەشی خۆرخورەی دیواندەرەدەچوون سەعات 5/5ی بەیانی لەپشتی ئاوایی لە لایەن ئەفرادەی حیزبی دیموکراتەوە تەقەیان لی دەکری هاوریان دەسبەجی سەنگەردەگرن و تەقەیان لی دەکەنەوە دووەر تەقە تا ئیوارە دریژە دەکیشی و دوای ئەفرادی حیزبی دیموکرات ئەو شوینە بەجی دیلن لە میزانی زەرەرۆزیانی ئەفرادی حیزبی دیموکرات هەوالیکی دەقیقمان بەدەست نەگەیشتوە.

هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

ئیعدامی 3هاوکاروجاسووسی جمهووری ئیسلامی

بەپیی سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بەو کەسانەکە دوژمنایەتی لەگەل بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و خزمەت بە رژیمی جمهووری ئیسلامی دەکەن 3کەسی‌تر لە بەکریگیراوانی رژیم لە دادگای ناوچەیی کۆمەڵەدا محاکەمە کران و دوای ئەوەی تاوانەکانیان لەسەر ئیسبات بوو بە ئیعدام مەحکووم بوون و رۆژەکانی 13و16ی رەزبەر ئیعدام کران.

ئیعدام کراوەکان بریتین لە:

1- "خالدمدرسی " کوری" نجم الدین" خەلکی ئاوایی "قەرەول" ی دیوادەرە ناوبراو ئەندامی شووڕای ئیسلامی ئەو ئاوایی‌یە بوو وەیەکیك لە جاسووسانی رژیم بوو بەهۆی هاوکاری زۆری لەگەل رژیم وەك شووڕای نموونەهەلیان بژاردبوو وەلەلایەن"مجلس شووڕای ئیسلامی"یەوە دەسخوشانەی پی درابوو ناوبراو هەروەها چەکدرای رژیم بوو، راستەوخۆ لەگەل کاربەدەستانی اتلاعاتی سپای پاسدارانی دیواندەرە پەیوەندی هەبوو وەلەسەر خەلك و پیشمەرگەجاسووسی بۆ دەکردن لە بەرەوپیش بردنی سیاسەتی سەربازگیری، بەسیج گیری و نیگابانی زۆرەملی و باج سەندن دا دەوری تایبەتی هەبوو تەنیا لە بەهارو هاوینی سالی 64داناوی 30کەس لە مەشموولەکانی بە رژیم دابوو پیشتر 2جار لەلایەن کۆمیتەی ناوچەی دیواندەرەوە ئاگادار کرابوو بەلام ئەوەهەر دریژەی بەنوکەری رژیم دا تا لە رۆژی 13ی رەزبەردا بەپیی حوکمی دادگای شورشگیرانەی کۆمەڵە ئیعدام کرا.

2-" فرهاد فرجی" خەلکی ئاوایی "کەرگینە"ی بەشی کەلاتەرزان ناوبراو رۆژی 6ی رەزبەر لە جەریانی عەمەلیاتی گەورە و بەرینی هاوری‌یانی پیشمەرگە دا لە سەر جادەی سنە-تەریوەر بە دیل گیرا یەکیك لە هاوکاران و جاسووسانی هەلسووراوی رژیم بوو لەشاری سنە لە ناساندن و گرتنی تیکۆشەرانی دادەستی بووە، چەکداری رژیم بووە ولاوانی تەعقیب کردوە، جاریك تەقەی لە لاویك کردوە و بریندار کردوە لە ئاوایی‌یەکانی میحوەری حسن ئاوادا یەکیکی لە شەرووترین بەکریگیراوانی رژیم بوو کە لە ئازاردان و فشار هینان بۆ زەحمەتکیشان دا دەوری بەرچاوی بووە.

3- "علی رزاجباریان"خلکی کاشان جیگری دووهەمی فەرماندەی میحوەری حسن ئاوا ماوەی 3سال لەو میحوەرە بووە و لە هیچ جینایەتیك دەستی نەپاراستوە، لەسەربازگیری، باجسەندن و بەسیج گیری دا دەوری تایبەتی بووە و چەند جار بە نارنجوکی دەستی یەوە هیرشی کردوەتە سەر مالی خەلك، لەژۆربەی شەرەکانی دوژمن دا لە دژی پیشمەرگەکان بەشداری بووە و ئاخرین جار لەشەهید کردنی هاوری‌یان "عسمان احمدی" و "ارسلام کاویانی"دا لە ئوایی دادانەی بەشی چەم شار دەوری سەرەکی بووە.

ئەم دووبەکریگیراوەی دوایی رۆژی 16ی رەزبەر ئیعدام کران.

رۆژی 10ی رەزبەر یەکیك لە هاوریانی گوردانی کاك فوئاد کە چووبووە شاروچکەی کانی دیناری مەریوان لە لایەن رژیمەوە شناسایی دەکری هیزەکانی رژیم هیرش دەبەنەسەر ئەو مالەی کە ئەم هاریەمانی تیدادەبی بەلام پیشمەگەکە بەتەنیا لەگەلیان بەشەردی و بە هاوکاری خەلك گەماروی دوژمن تیك دەشکینی و خۆی دەگەیەنیتەوە بە هاوری‌یانی گوردانی کاك فوئاد.

شەوی 6ی خەزەلور چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "چور" لە ناوچەی مەریوان لەگەل هیزەکانی رژیم دەرگیربوون ئەفرادی دوژمن کە لەوەپیشەوە لە بەرزایی یەکانی دەوروبەری دی دامەزرابوون تەقەیان لە پیشمەرگەکان کرد لە سەرەتای شەرەکەوە هاوری "حبیب اللە مرادخانی" ناسراو بە "حبیب اللەکەپك" پیشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە گیانی بەخت کرد.

هاوری‌یانی پیشمەرگە لەگەل دەسپیکردنی تەقەکە بەرەوشوینی دامەزرانی دوژمن پیشرەوی‌یان کرد و لە ماوەیەکی کورت دا دوژمنیان راونا.

سەبارەت بە خەباتی ئەمسالی کریکارانی کووەخانەکانی...

وت وویژ لەگەل هاوری حسن رحمان پناه ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی بۆکان

پرسیار: هاوری حسن! ماوەیەك لەمەوبەر بەدوای مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی بۆکان داهەوالمان پی گەیشت کە دەستەی ریکخستنی "چومی مجیدخان و تەرەغە"سەریان لەم کووەخانانە داوە.تو کەمەسئوولی ئەم دەستەی ریکخستنە بووی تکایەبۆمان باس کە کەمەبەستتان لە سەردانی کووەخانەکان چ بوو؟

وەلام: لەبەشی "چومی مجیدخان"ی ناوچەی بۆکان نزیکەی 50 کووەخانە هەن کوورخەنەکانی ئەم بەشە هەموسالیك شوینی هەلسووڕانی هاوری یانی دەستە ریکخستنی ئەم بەشەو ئەندامانی کۆمەڵەبوون. ئیمە ئەمسال، چەند رۆژ دوای مانگرتنی کریکارەکان چووین بۆ ئەو کووەخانە پیشووتروبەتایبەت لە کاتی مانگرتن دا، کریکارەکان چاوەروانی ئەوەبوون کەپیشمەرگەکانی کۆمەڵە بچن بۆ ئەم کووەخانانە ئیمەلەم کووەخانانە توانیمان ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران ببینین و قسەوباس و گفت و گۆیان لەگەل بکەین هەر کەچوینە ئەو کوورانە کریکاران بەپیرمانەوە هاتن، لەجەورمان کۆبوونەوە سەبارەت بە کاری تاقەت پرووکینی کووەوگرانی پیویستیەکانی ژیانیان و هەژاری خۆیان خەبات و مانگرتنی چەند رۆژ لەوەپیشیان و پیلانی خاوەن کووەکان و دەولەت و ئیدارەی کارو ئەوجۆرە شتانە قسەیان بۆ کردین ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەوشتانە و بەتایبەت سەبارەت بە پیویستی پاراستنی یەکیەتی وریزیەك پارچەی خۆیان لە خەبات دژی دوژمنانیان دا، قسەوباسمان بۆکردن و جگە لەمە بۆ چەندکەس لە خاوەن کووەکان کە لە کاتی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکانیان بەگرت دا بوو، نامەمان نووسی و هەرەشەمان لی کردن هەروەها تراکت و نەشرییە حیزبی یەکانمان لە نیو کریکارانی ئەم کووەخانانەدا بلاو کردەوە یەکیکی تر لە ئەرکەکانمان لەم جەولەیەدا ناردنی گوزارشی مانگرتنی کریکارانی ئەم کووەخانانە بورادیو دەنگی شورشی ئیران بووکە لەکاتی خۆی دا لە رادیووە بلاوکرایەوەو تەئسیریکی باشی کردە سەر پەرەسەندنی مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکان لە باقی شوینەکان هەروەها لەم جەولەیەدا توانیمان بەوردی ئاگاداری مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی تەوریز ببین کە هاوکات لەگەل مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی بوکان بەڕیوە چوو.

پرسیار: هاوری حسن! مانگرتنی کریکارانی کووەکانی بۆکان چون ڕووی دا و نوقتە قووەت و کەم و کووڕیەکانی ئەم مانگرتنە چی بوو؟

وەلام: دەولەت و خاوەن کووەکان لە سەرەتای بەهار ئەمسالەوە خۆیان بۆ بەڕەوڕووبوونەوە لەگەل مانگرتنی کریکارانی ئەم کووەخانانە ئامادە کردبوو هەربۆیەلیلە مانگرتنی ئەمسال لەهەل و مەرجیکی جیاوازو تایبەتیداروو دا پیش دەسپیکردنی کاری کووەکان"ئیدارەی کار"ی جمهووری ئیسلامی لە "میاندواو" و خاوەن کووەکانی نرخی دەولەتی یان لە قەراری 142/5 تەمەن بۆ هەرهەزار خشت بریبووەوەو (چەرخ کیشەکان، کووەسووزەکان و...) یان دیاری کردبوو، بەلام لەترسی ئیعترازی کریکارەکان، تائەوکاتە کە کریکارەکان داوای دیاری کردنی هەقدەستەکانیان نەکردبوو نەیانویرارای بگەیەنن لەلایەکی دیکەوە "کوروهە زەربەتەکان" رژیم و ئەفرادی اتلاعاتی و جاسووس هەر لەسەرەتای فەسلی کارەوە هات و چوی ئەم کورەخانانەیان دەکردودەستیان دابووە سەربازگیری و فشاریکی زۆریان بۆ کریکارەکان هینابوو لەهەمان حال دابەهۆی حوزوور و نفووزی کۆمەڵە لە نیو کریکارانی کوردستان داوئەو تەئسیرەی کەمانگرتن ی کریکاران لە بردنەسەری روحییەی نارەزایەتی و خەباتگیرانەی خەلك دا هەیەتی، سەرمایەدارەکان و دەولەت بۆ بەڕەوڕووبوونەوە لەگەل کریکارەکان زیاتر خۆیان ئامادە کردبوو بەلام سەرەرای هەموو ئەم فشارانەو ئامادەیی کاملی رژیم و کارفەرماکان، لە ئاخرین رۆژەکانی بەهاری ئەمسال دا مانگرتنی کریکارانی ئەم کوورانە دەستی پی کردوحەوتوویەك دریژەی کیشا لە ئاکامی ئەم مانگرتنەدا کریکاران توانی یان هەقدەستەکانیان لە 142/5 تەمەنەوە کە نرخی دەولەتی بوو تا 150و155 تەمەن بەرنە سەری و لەراستی دا ئەم ئەندازەیە لە هەقدەستیان بەهیزی یەکیەتی و خەباتیان بەسەردەولەت و خاوەن کارەکان داسەپاند خەباتی ئەمسالی کریکارانی کووەخانەکان خۆی چەندین لایەنی بەهیزی بوو لەهەمان کات دا کەم و کۆڕی تایبەتیشی هەبوو کەلیرەدا بە کورتی باسیان دەکەم یەکیك لە لایەنە بەهیزەکانی ئەو خەباتە ئەوە بوو کە کریکارەکان بوونەڕبەرینی ئیعترازی خۆیان بەرانبەر بەو هەقدەستە کەلە لایەن دەولەت و خاوەن کارەکانەوە دیاری کرابوو، وەبۆ زیاد کردنی هەقدەستەکانیان، پشتیان بەهیزی یەکگرتووی خۆیان بەست و دەستیان دایە مانگرتن و توانیان بەخەباتی خۆیان میزانی هەقدەستەکان بەرنەسەری مانگرتن وەك شیوەیەك لە خەباتی یەکگرتووانە و کاریگەر لە نیو کریکارانی کووەردادجی کەوتوەوئەم سالیش کریکاران هەر وەك جاران لەبەرانبەر دوژمنەکانیان دا ئەم سوننەتە کریکاری یەیان بەدەستەوەگرت، رژیم بۆترساندنی کریکارەکان ژمارەیەکیان لی گرتن، بەلام کریکاران لە داخوازەکانیان باشەکشەیان نەکردوتا بە دەست هینانیان دریژەیان بەخەباتەکەیان دا- لایەنیکیتری مانگرتنی ئەمسال ئەوەبوو و کەمتر چاوەروانی دەخالەتی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، لەهەمان حال دا لەهەندی لە کووەکان کریکاران لە جەرەیانی خەباتەکەیان دا کۆبوونەوەی گشتی خۆیان پیك هیناو وەك چوارچیوەیەك بۆ خەبات و یەکگرتن کەلکیان لی وەرگرت.

خەباتی ئەمسال کەم و کووریشی بوو کە دەبی هەموو کریکاران و بەتایبەت پیشرەوان و رابەرانی کریکاری بیناسن و لە خەباتی دا هاتوویاندا لە نیوی بەرن، یەکیك لە کەم و کووری یەکان ئەوە بوو کە کریکاران هەر لەسەرەتاوە بیش ئەوەی لەلایەن خاوەن کارەکان و دەولەتەوە هەقدەستی رەسمی راگەیەندری داوای زیادبوونی هەقدەستی خۆیانیان نەهینابووەگوری و زیاتر چاوەروانی رژیم و خاوەن کارەکان بوون تاهەقدەستەکانی ئەمسال راگەیەنن، هەربەوەلیلە رابەران و پیشرەوانی کریکاران بەشیوەی پیویستی زەینی کریکارانیان لەم بابەتەوە روون نەکردبووەوە و پیشتر خۆیان ئامادە نەکربوو لە نیو کریکارانی کووەر جۆراوجۆرەکان دا هاوئاهەنگی کافی بۆ مانگرتنەکە نەبوو و داخوازەکانیان نەکرد بەبریارنامەیەکی هاوبەشی هەموو کووەکان. بۆ هینانەمەیدانی هیزی خۆیان بە باشی کەلکیان لە کوبوونەوەی گشتی وەرنەگرت دا خواز و قسەکانیان جاری وابوو تەنیا لە چوارچیوەی یەك با چەند کووەردا دەمایەوە و کاتیکیش کە لە جەرەیانی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکان گیران داخوازی ئازادکرانی ئەوانەیان بەداخوازەکانی دیکەیان زیادنەکرد.

کریکارەمانگرتووەکان کەزۆربەیان قالب داربوون، کریکاران بەشەکانی دیکەی کووەر (وەك چەرخ کیشەکان و کووەسووزەکان و قرمزداڕەکان) یان بۆ بەشداری کردن لەومانگرتنەدا هان نەدا و داخوازەکانی ئەوانیان وەك بەشیك لە داخوازەکانی خۆیان نەگۆنجاندوبەم جۆرەبەشیکی بەرچاو لە کریکارانی کووەکان بەشداری مانگرتنەکەیان نەکرد.

یەکیکیتر لە کەم وکووری یەکانی مانگرتنەکە ئەوە بوو کەکریکاران بە کۆمەڵ قەراردادی بردنەسەری هەقدەستەکانیان لەگەل خاوەن کارەکان نەبەست رژیم رایکەیاند کە کریکارانی هەر کووەیەك دەبی سەربەخۆ لەگەل خاوەنی ئەو کووەیە قەراردادببەستن کە ئەمە بەئاشکرا بەزەرەری کریکارەکان بوو، وە یەکگرتوویی کریکارەکانی شیواند بیگۆمان ئەگەر کریکارانی کووەکانی بۆکان یش وەك کریکارانی کووەخانەکانی تەوریز و هەمەدان ووایگان لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیان دا قسەوداخوازەکانیان بکردایە بەیەك، دەیانتوانی بەشیکی زۆر لەم کەم و کووری یانە لەبەین بەرن و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهینن بەلام سەرەرای هەموو ئەم کەم و کووری یانەکباسمان کردن کریکارەکان لە مانگرتنی ئەمسال یان دا توانی یان سەرکەوتن بەدەست بینن و هەقدەستەکانیان 142/5 تەمەنەوە کەدەولەت کارەکان دیاری یان کردبوو تا 150 تمەن و لەهەندی کوورەی دیکە تا 155تمەن زیادبکەن.

پرسیار: هاوری حسن ئیستا کریکارانی کووەخانەکان بە تایبەت لە کوتایی فەسلی کاردا لەگەل چ مەسەلەوگیر و گرفتیك بەرەوڕوون؟

وەلام: دوای 6-5 مانگ کاری سەخت و تاقەت پرووکین لە کووەخانەکان، ئیستا کریکاران و ردەوردەبەرەوشارو ئاوایی‌یەکانی خۆیان دەگەڕینەوە زۆر جار لە کۆتایی فەسلی داخاوەن کارەکان و دەولەت لە فیکری ئەوەدان بەهەزار فیل و تەلەکە بەشیك لە هەقدەستی کریکارەکان گل بدەنەوە بۆ نموونەبە بیانووی نەفروشرانی خشت، بی پوولی و زەرەر و زیانی خاوەن کووەوهەقدەستی سەر کریکار ودەفتەردار و هەقی بیمەو بەیانووی دیکە هەولی ئەوەیانە بەشیکی دیکە لە دەسرەنجی کریکاران گل بدەنەوە.

هەروەها بە بیانووی سەربازگیری و چی‌وچی هەول دەدەن تاکریکاران پیشرەو و تیکۆشەر کە لە خەباتی ئەمسال دا دەوری بەرچاویان بووە بگرن. دیارە خاوەن کارەکان و دەولەتەکەیان بەم کارەیان دەیانەوەی بەشیکی هەرچی زۆرتر لە دەسرەنجی کریکاران لە گیرفانی خۆیان بکەن و هەروەها دەسکەوتەکانی مانگرتنی ئەمسالی کریکاران یش وەرگرنەوە. بەلام ئەوەش بۆ کریکاران روونە کە هیرش کردنە سەرمافی کریکاران پیشەی هەمیشەیی دەولەت و خاوەن کارەکانە و کریکاران تەنیا بەوشیاری و یەکیەتی خەباتگیرانە دەتوانن لەبەرانبەر ئەم سیاسەتەی سەرمایەدران و دەولەتەکەیاندا راوەستن کەوایە ئەرکی کریکاران ئەوەیە کە لە کوتایی فەسلی کاردا تا ئەو جیگایەی بۆیان دەکری بەشیوەی فەردی و جیاجیادەست لەکارهەلنەگرن، بەلکوو کریکارانی کووەیەك وەیاچەند کووەر و تەنانەت هی ناوچەیەکیش یەکگرتووانە بەپیکهینانی کوبوونەوەی گشتی خۆیان بریاربدەن کە بەشیوەی دەستەجەمعی کۆتایی بەکار بهینن وکووەکان بەجی بهیلن بەم جۆرە کریکاران دەتوانن ریگا نەدەن تەنانەت یەك تمەن لە دەسرەنجەکەیان، بەهیچ بیانوویەکەوەکەم بکریتەوە و دا شکیندری و هەموو هەقدەستی وەدەرەنگ کەووتوویان بەسەر یەکەوەوەر بگرن دووهەمین ئەرکی کریکاران ئەوەیە کە بە هەموو توانایانەوە دیفاع لە کریکارانی پیشرەو و رابەرانی مانگرتن و خەباتیان بکەن وە ریگانەدەن رژیم بە هیچ بیانوویەك بیانگری هەروەها کریکارانی پیشرەویش ئەرکیانە کە باقی کریکاران بۆ باشتر ئەنجام دانی ئەم ئەرکانە وشیار بکەنەوە و یەکگرتوویان بکەن کریکارانی باقی بەشەکانی دیکەی کووەش کە دوای قالب دارەکان دەست لە کار هەلدەگرن ئەرکیانە کە لە خەباتی کریکارانی قالب دار لەکاتی تەعتیل بوونی کووەکان دا پشتیوانی بکەن.

هەروەها دەبی هەموو هاوری یانی کریکاری کووەخانەکان لە کاتی گەرانەوەیان دا بۆ شوینی ژیانیان لە شارو دیهاتەکانی کوردستان هەول بدەن تا نە تەنیا پەیوەندیان لەگەل یەکترو باقی کریکارانی شوینی ژیانیان رابگرن، بەلکوو دەبی ئەم پەیوەندی یانە هەرچی توند و قایم تر بکەن و بیکەن بەپەیوەندیەکی سیاسی و خەباتگیرانە کریکاران دەبی هەول بدەن کوروکۆمەڵ و کۆبوونەوە ئاسایی یەکانیان هەروەك جاران رابگرن و هەروەها لە نیو کریکارانی شوینی ژیانیان دا ئەم جۆرە کۆرو کۆمەڵە کریکارای یانە پیك بهینن تەجرەبەکانی خەبات و مانگرتنی ئەمسالی خۆیان بۆ باقی کریکاران لە شارودیهاتەکانی کوردستان بگیرنەوە و هانیان بدەن بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداران و دەولەتە ئیسلامی‌یەکەیان و بۆ بەدەستهینانی ماف و داخوازەکانی خۆیان و بە تایبەت بۆ خەبات لە دژی گرانی، کەلك وەرگرتن لە پەیوەندی ئاسایی کریکارانی شوینە جۆراوجۆرەکان لەگەل یەکتر، هەوالی مانگرتنەکە و داخوازەکانی بەکریکارانی باقی شوینە کریکاری یەکان بگەیەنی بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو خەباتەی کریکاران بکەن جگە لەمە، کۆمیتەی مانگرتن دەبی خانوەوادەی کریکاران بۆ پشتیوانی لە خەباتی کریکاران هەلخرینی کۆمیتەی مانگرتن دەبی ئیمکانی وت وویژ لەگەل نوینەرانی رژیم و خاوەن کاری لە بەرچاوبی و لەوە پیشەوە چەند کریکاریك وەك نوینەر لەبەرچاو بگری باشترین شکلی هەلبژاردنی ئەو نوینەرانە ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران دا نوینەرەکان هەلبژیردرین مەسەلەیەك کە کۆمیتەی مانگرتن لەم بابەتەوە دەبی لەبەر چاوی بی ئەوەیە کەوت وویژەکە بەئاشکراو عەلەنی بی و ئەنجامەکەشی جار لەگەل جار لە کۆبوونەوەی گشتی دا بە کریکاران راگەیەندری جگە لە هەموو ئەمانە کۆمیتەی مانگرتن دەبی بۆ بەرەوپیش بردنی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکە شەبەکەی کۆکردنەوەو بلاو کردنەوەی هەوال و باس و سندووقی مانگرتن بۆیارمەتی دان بە گیروگفتە ماددی‌یەکانی کریکاران لە کاتی مانگرتن دا، لەنیو کریکاران داو بە هیزی خودی کریکارەکان پیك بهینی.

ئەمانەسەرخەتی ئەرکەکان و چونیەتی پیك هاتنی کۆمیتەی مانگرتن بوون لە هەموو کریکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست دا وا دەکەین کە لە جەرەیانی خەباتی کریکاری دا و پیش ئوەی مانگرتن دەست پی بکا، کۆمیتەی مانگرتن بەوشیوەیەی کەباسمان کردبورابەری کردن و ریکخستنی خەباتی کریکاری پیك بهینن.

وەرگیردراوله:
گۆڤاری پیام ژمارە 10

کریکارانی شاغلی دێ و داخوازەکانیان

بەشیکی بەرین لە کریکارانی کوردستان لە دیهات خەریکی کاروژیانی خۆیانن ئەم بەشە لە کریکاران بە کاری کشت و کال و باخەوانی، کاری ساختمانی و کاروباری فەنی وەیان بە کاری جۆراوجۆری‌تر، ژیانی خۆیان بەریوەدەبەن کاری کریکارانی دیهات سەخت ترین و دژوارترین جۆری کارە و ئەم بەشە لە کریکاران لەم شەرایتەدا وەحشیانە دەچەوسینەوە ژیان و گوزەرانیان بە هۆی کەمی هەقدەست و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان و هەروەها بیکاری لە زۆربەی وەختی سال دا ژیانیکی هەژارانەیە شکلی کار لە دیهات زیاتر کۆنتەراتی‌یە کە بە تایبەت لە کشت و کال و باخەوانی‌دا زۆرباوە لە دیهات قەرارادەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە نیوان کریکاران و بورژواکانی شارو جووتیارە دەولەمەندە کاندا دەبەستری، کەرایج ترینیان قەتعەکاری و نیوەکاری و سەپانییە لە قەتعەکاری دا کریکاران دەبی لە بەرانبەر هەقدەستیکی دیاری کراودا کە رۆژانە وەیان مانگانە وەری دەگرن کاریکی دیاری کراو بۆ خاوەن کار ئەنجام بدەن لە نیوەکاری و"دەودوو" و "سەپانی"دا لەبری کاری کریکارەکە بەشیک لەبەرهەمەکە بۆ ئەودەی یانی لە واقیع دا هەقدەستەکە بەشیوەی جنسی یە لە دیهات کە شکلی ئاسایی کار و جۆری قەرارداد کۆنتەراتی‌یە، سەعات کار بۆ کریکاران مەعنای نیە لەو بەشانەش کە کریکاران هەقدەستەکەیان رۆژانەیە و بە پیی سەعات رۆژانە کار دەکەن، سەعاتی کار مەعلووم نیەویان دریژخایەنەو ئاخرین تین و تەوژمی لەشی کریکاران لە رۆژدا لە لایەن دەولەمەندان و سەرمایەدارانوە دەمەژری کریکارانی دی ئەعلەب هەر لە خۆر کەوتنەوە تا تاریک بوونی هەوا و لەهەندی بەشی دیکەدا وەک کشت و کال تا چەند ساعتیک پیش لە شەو بودەولەمەندانی دی کار دەکەن لەزۆربەی بەشەکان دا سەعاتی کار کریکاران دەگاتە لانی کەم 10سەعات و لانی زۆر 14-13 سەعات لە رۆژدا تەنانەت کچان و منداڵانی کەم تەمەن لە هەندی شوینی کوردستان لە لەمەزرای چەوەندەر، تووتن و نوک و ئەو جۆرەشتانە 12-10سەعات کاری سەخت و تاقەت پرووکین بۆ دەولەمەندان و سەرمایەدارانی مفتەخۆر دەکەن کریکارانی دی لە نیوان ئەو سەعات کارە دریژخایەن و تاقەت پرووکینەدا ئەو پەرەکەی 1تا1/5سەعات بۆ نان خواردن و پشوودان مولەتیان پی دەدری کە فرسەتیکیان بۆ بەخۆدا هاتنەوە و حەسانەوە بۆ نامینیتەوە.

کریکارانی دی لە دیاری کردنی میزانی هەقدەستەکانیان دا دەخالەتیان نییە هەموو سالیک پیش دەسپێکردنی فەسلی کار خاوەن زەوی و دەولەمەندانی دی لەسەر میزانی هەقدەستی کریکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکان دا پێکەوە قسەیان دەکەنەیەک و کەمترین هەقدەست بەسەر کریکاران دا دەسەپینن ئاستی هەقدەستی ژنانی کریکاری دی کە لە مەزرای چەوەندەر و تووتن و نوک و ئەو جورە شتانە کاردەکەن زۆر لەهی پیاوان کەمتر هەقدەستی ژنان ئەغلب نیوەی پیاوان وەزۆر جار 3/1و جاری واش هەیە 1/5ی هەقدەستی پیاوانی کریارە ژمارەیەکی زۆر لە کریکارانی دی لە ناو هەژاری و بیکاری و هەروەها بەهۆی خەسڵەتی هەندی لە بەشەکانی کار لە دی، ناچارن مل بە زیدەکاری و شەوکاری بدەن کە لە هەموو ئەمانەدا هەر بەقەدەر هەقدەستی کاری ئاسایی رۆژانە هەقدەست وەردەگرن.

کریکارانی دی لەبارەی ئیمکاناتی ریفاهی، دەرمانی و بیهداشتی یەوە لە مەحرووم‌ترین بەشەکانی کریکارانی کوردستانن هیچ قاعیدەوقانوونیک بۆ کاری ئەم بەشە لە کریکاران ناگرنە ئەستو وەزعی خواردەمەنی و ئیمکاناتی ژیانیان وەزعی خواردەمەنی و ئیمکاناتی ژیانیان سەخت و تاقەت پرووکین 2تا3ژەم خواردنی هەژارانەیان پی دەدەن کە زۆر جار تەنانەت ئەوەش بەتەواوی دستنادا کریکاران هیچ چەشنە ئیمکاناتیکی دەرمانی و پزشکی‌یان لە شوینی کاردا نیە، و بیمە بۆ هەر رووداووکارەساتیک لەکاتی کاردا بۆیان مانایەکی نیە.

تەنانەت ژنانی کریکار ناچارن منداڵەشیرەخۆرەکانیان لە کاتی کاردا لەگوشەیەکی مەزرا، لە ژیر سووڕە تاوو بادابنین و ناچارن تەنانەت لە کاتی دووگیانی و نەخۆشی مانگانەشیان داهەروا کاری سەختی بەدەنی بکەن، هەر لەبەر ئەوە زۆرجار منداڵەکانیان پیش لە دایک بوون دەمرن و یان بە نوقسانی لە دایک دەبن ئەمە تەنیا گۆشەیەکە لە وەزعی مەینەت باری کریکارانی دی سەرەرای ئەم وەزعەش ئیمەکەمتر شاهیدی ئەوەبووین کە کریکارانی دی بۆ گەیشتن بە داخوازە ئابووری یەکانیان دەستبەدەنەخەباتیکی سەربەخۆ.

پەیوەندی نیوان کریکار و خاوەن کار هەر بەوشیوە کۆن و سوننەتی‌یە رایجەی دی دیاری دەکری تەنانەت لە قانوونی کاری کۆنەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی ش دا ئەم بەشە لە کریکاران لە بیربراونەتەوە و ئەو قانوونی کارە هەل و مەرجی کارو دیاری کردنی هەقدەستی ئەوان ناگریتەوە کریکارانی دی لەگەل ئەو داخوازانەیان کەدەبی لە قانوونی کاریکی شورشگێرانەدا خۆی بنوینی نائاشنان، پڕژ و بڵاوی و نەبوونی ریکخراوەی کریکاری پیویست، بوونەتە کۆسپ لە سەر ریی گەشەکردنی خەباتی کریکاران لە دژی سەرمایەداران و دەولەمەندانی دی.

بەلام لە سالیک لەوە پیشەوە ئیمە شاهیدی چەند دیمەنیک لە جوولانەوە و خەباتی سەربەخۆی کریکارانی دی بە تایبەت کریکارانی کشت و کال بۆ بەدەستهێنانی داخوازە ئابووری یەکانیان بووین هاوینی سالی رابوردوو کریکارانی کشت و کالی ئاوایی "دانیکەش" لە بەشی کەلاتەزرانی" سنە بە ئیبتیکاری ژمارەیەک کریکاری پیشرەو بە مەبەستی بردنە هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار بۆ ماوەی 3رۆژ مانیان گرت و توانیا بەو خەباتەیان سەعات کاری رۆژانەکەم بکەنەوە، هەقدەستەکانیان بە ئەندازەی 40تمەن یانی لەسەدا 25زیادبکەن، سەعاتیک پشوودان لە نیو کاردا و 3ژەم خوراکی موناسیب بە سەرکارفەرماکان دا بسەپینن هەر هاوینی ئەو ساڵە کریکارانی کش و کالی ئاوایی "ئەویهەنگ" لە بەشی ژاوەروی سنە بۆ داخوازی 8سەعات کار لە رۆژدا مانیان گرت و توانیان داخوازەکانیان بەسەر خاوەن کارەکان دابسەپینن هاوینی ئەمسال کریکارانی کشت و کالی ئاوایی‌یەکانی "سووڕین" و"چیچوران" لە ناوچەی بانە بۆ بردنە سەر هەقدەستەکانیان لە 120 تمەنەوە بۆ 150 تمەن یەکگرتووانە مانیان گرت و ئەم داخوازەیان بە سەر خاوەن کارەکان داسەپاند ئەمانەچەند نموونەیەک بوون لە خەباتی سەرکەو تووانەی کریکارانی کشت و کال بۆ بەدیهینانی داخوازەکانیان کەدەبی سەرمەشق و تەجربەیەکی بەنرخ بی بۆ هەموو بەری کریکارانی دی ئەگەرچی ئەم خەباتانەبەرین و پەرەدار نەبوون، بەلام بە باشی ئەوە دەسەلمینی کەهەر بەشیک لە کریکاران هەرچەندەزۆر کەمیش بن ئەگەر لەگەل بەرژەوەند وداخوازە چینایەتی‌یەکان ئاشنابن و یەکگرتووانە خەباتی بۆ بکەن دەتوانن داخوازەکانیان بە دی بهینن.

کریکارانی دی بۆ گەیشتن بەداخوازەکانیان دەبی چ بکەن؟ کریکارانی دی بەشیک لە چینی کریکارن، کەوایە گرنگ ترین و ئەسڵی ترین ئەرکیان پیکهینانی یەکیتی لەگەل هاوچینەکانیانە، یانی لەگەل ئەو کریکارانەی کە لە کارخانە و شیرکەت و کووڕەخانەکاندا کاردەکەن، هەتا بە یەکیتی و یەکپارچەیی‌یان ئەم نیزامە و هەموو ئەو مەینەت و ڕۆژەڕەشی یانەکەبەسەر ژیان و چارەنووسیان دا سەپاوە کۆتایی پی بینن و حکوومەتی کریکاری خۆیان دابمەزرینن هەروەها لە هەل و مەرجی ئیستا دا کە خەباتی کریکاران بۆ بردنە سەری هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و بۆ بیمەی بیکاری و مافی مانگرتن و بەگشتی بۆ قانوونی کاریکی دیموکراتیک و شورشگێرانە کە تییدا داخوازی پرولیتاریای کۆمۆنیستی ئیران ڕەنگ دەداتەوە لە ئارادایە، کریکارانی دی ش وەک بەشیک لەم چینەدەبی بۆ یەکگرتن لەگەل باقی کریکاران و بۆ ئەو داخوازانە خەبات بکەن و هەرلەم ڕووەداخوازی دیاریکراو بەسەر سەرمایە داران و جووتیارانی دەولەمەندی دی دابسەپینن ئەمڕۆ زۆربەی هاوچینەکانمان توانیویانە بە خەباتی خۆیان سەعاتی کاری دیاریکراو، هەقی زیدەکاری و ئاسان کردنەوەی شەرایتی کاری وشتی تر بەسەر کارفەرماکان و دەولەتە کانیان دا بسەپینن بەشیک لەم داخوازانە دەتوانن ئەمانەبن:

قەدەغەکردنی کاری کونتەراتی لەهەموو بەشەکان دا و ئەستاندنی هەقدەست بە پیی سەعاتی کاری ڕۆژانە8سەعات کارلەڕۆژدا و 2ڕۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا وەیا هەقدەستی دوولانە بۆ کار لەڕۆژانی تەعتیلی دا.

هەقدەستی دوولانە بۆ هەر سەعاتیکی زیدەکاری و شەوکاری.

-دیاری کردنی میزانی هەقدەست لە لایەن خودی کریکارانەوە بە پیی گوزەرانی خانەوادەیەکی 5کەسی و زیاد کردنی هەقدەست پی بەپیی چوونە سەری خەرجی ژیان.

-دابین کردنی ئیمکاناتی دەرمانی و بیهداشتی لە شوینی کاردا و 3ژەم خوراکی موناسیب لە ڕۆژدا بە خەرجی کارفەرماکان هەقدەستی بەرابەر بۆ کاری بەرابەر بۆژن و پیاو.

-بەرەسمییەت ناسینی مافی تایبەتی ژنانی کریکار، وەبەتایبەت کەم کردنە وەی کاری دایکانی منداڵەبەر هەتا 7سەعات، کە لانی زۆر هەر لە 3سەعات دا یەک نورەپشوودانیان بۆ لە بەر چاوبگیری.

لەنیو ئەو داخوازانەی سەرەوەدا داخوازی 8سەعات کار لە ڕۆژدا، بردنی سەری هەقدەست و هەقدەستی بەرابەر بۆ کریکارانی ژن و پیاو گرنگی یەکی تایبەتی‌یان هەیە.

کریکاران دەبی لە کۆبوونەوە گشتی‌یەکان و کۆروکۆمەڵە ئاسایی‌یەکانیان دائەم داخوازانە بدەنەبەر باس و لیکولینەوە و بۆ وەدی هینانیان خەبات بکەن.

وەرگیردراو لە گۆڤاری پیام ژمارە 11

ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پینجەمین کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کۆنگرەی پینجەمی کۆمەڵە ڕۆژی 29ی خەزەلوەربەڕاگرتنی دەقیقەیەک بی دەنگی بۆریزگرتن لە یادی هاوری دوکتورجعفرشفیعی و هەمووگیان بەختکردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم دەستی پی کرد.

ئەم کۆبوونەوەیەپاش پەسند کردنی ئایین نامەی کاری خۆی گویی بۆگوزارشی بەشە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی ئیمە لە کوردستان ڕاگرت.

باسە ئەسڵی‌یەکانی پلینوم بریتی بوون لە لیکدانەوەی دوایین ئاڵ و گۆڕەکانی وەزعی سیاسی مەنتەقە، لیکولینەوەی گرنگ ترین مەیدانەکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان و تەدارەکی گرتنی شەشەمین کۆنگرەی کۆمەڵە.

پلینوم لەباسی ئاڵ و گۆڕە سیاسی یەکاندا لە سەربناغەی لیکدانەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەسەروزعیمەنتەقە، ڕیگا ئامادەبوونی هەرچی زیاتری تەشکیلاتی ئیمەو بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان بەرانبەر بە ئیحتیمالاتی جۆراوجۆر بە تایبەت سەبارەت بەشەری ئیران عیراقی خستەبەرباس و لیکولینەوە.

باسیکی دیکەی پلینوم لەسەر لیکدانەوەی چونیەتی کاروتیکۆشانی نیزامی مان لە بزووتنەوەی کوردستان دابوو، لەم بەشەلەکارەکانی پلینوم دا گەلیک باسی بە نرخ کرا و تەئکید لەسەر ئەوەدانرا کە پیویستە بەشیوەیەکی هەمەلایەنە بۆ چوونەکانی تا ئیستامان لەمەیدانی چالاکی نیزامی داوردتر و قوولتر بکەینەوە تا ئەم چالاکی‌یانەمان هەرچی باشتر ورۆشن تر لە سوننەتە ناسیونالیستی‌یەکانی ناوبزووتنەوەی کوردستان جیا بکەینەوە.

لەقسەوباس لەسەر تەبلیغات و تەشکیلاتی نهینی دا تەئکید کرا کە سیاسەتەکانی تا ئیستامان دریژەپی بدرین و ڕینوینی‌یەکانی پلینومەکان پیشووبەڕیوەببرین. وەسەرەنجام کاروباری پیویست بۆتەدارەکی کۆنگرەی شەشەم دیاری کراو لە دەستووری کاری ئورگانەکانی خۆی دانرا.

پلینوم لە ئاخرین دانیشتنی خۆی دا هاوری ئیبراهیمی عەلیزادەی وەک سکرتیری یەکەمی کۆمەڵە هەلبژاردەوە، وەبەم جۆرە دوای 5ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران – کۆمەڵە

5ی سەرماوەزی 1366

پاشماوەی کورتەیەک لە وەزعی گەرەکە...

"مجبورئاوا"و"سپوورئاوا"و"حەمال ئاوا" پیک هاتوون و هەموو خەلکی ئەم گەرەکانەش ڕەنج و کویرەوەری و چارەنووسیکی هاوبەشیان هەیە ئەوبی مافی یەی کەلە گەرەکەکانی "سپوورئاوا"و"حەمال ئاوای سەقز" دا دەبینری لەگەرەکەکانی"تەقتەقان و"غفوری"سنەو "کانیمال قەنبەران"و "کانی سوفی تە"ی مەهاباد و لە هەموو گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شارەکانی دیکەش دەبینری نەبوونی مەسکەنی موناسیب، نەبوونی ئاووبەرق، وەسیلەی هات وچو، بیمارستان، دەرمانگاو بیهداشت و پەرگرتنی بیکاری و بی بەشی، چارەنووسی هاوبەشی هەموو ئەم زەحمەتکیشانەیە ، ئیتر لەمەهابادبن یان سنە، لە سەقز، بانە و بۆکان بن یان لە شنووسەردەشت و پیرانشار هیچ فەرق ناکا لەهەمان کاتدا کە ڕەنج و کویرەوەری یان یەکە، هەموویان هاوچارەنووسن و هەموویان خەباتیکی هاوبەش لە دژی کویرەوەری‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری و ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بەڕەوپیش دەبەن و داخوازی هاوبەشیان هەیە.

ئەگەر لەنیو ئەم گەرەکانەدا جیاوازی یەک لەباری ئیمکاناتی ریفاهی یەوە هەبی کەدیارە هەیە تەنیا بە هۆی پیشینەی خەبات و یەکیتی خەلکی ئەم گەرەکانەوەیە دانیشتوانی هەندیک لەو گەرەکە زەحمەتکیش نشینانە توانیویانە بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان بە هەندیک لە داخوازەکانیان بگەن و هەندیک لە ئیمکاناتی سەرەتایی ژیانیان لە قورگی ئەم ڕژیمە هاردرندەیە دەربکیشن ئەمەبەڕەمەمی سالەهاخەبات و بەرەوڕووبوونەوەی ئەم زەحمەتکیشانەیە لەگەل کاربەدەستانی ڕژیم، خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانەدەبی ئەم تەجرەبانەی خۆیان بەدەستەوە بگرن و بە خەبات و موقاومەتی خۆیان کۆبوونەوەی گشتی پیک بینن ژن و پیاو گەورەو بچووک بریاربدەن کە بو داسەپاندنی داخوازەکانیان بەسەر ڕژیم جمهووری ئیسلامی‌دا خەبات و ئیعترازبکەن، خوپیشاندان وەری بخەن، تحصن بکەن، لەبەردەم ئیدارەکانی دەولەت کۆببنەوەو تاگەیشتن بەداخوازەکانیان یەخەیان بەرنەدەن.

کریکاران و زەحمەتکیشانی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شارەکان! ئیوە هیزیکی گەورەن! دەبی دەست لە ناو دەستی یەکتربوابین کردنی داخوازەکانتان خەبات بکەن و ڕژیم ناچاربکەن سەر بۆ داخوازەکانتان دانەوینی.

وەرگیردراوله:
گۆڤاری پیام ژمارە 14

بریارنامەی سەبارەت بە: شووڕا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان

بەڵەبەرچاو گرتنی ئەوەکە :

1) شووڕا ئیسلامی یەکان ئورگانی دیفاع لە نیزامی سەرمایەدارین، لە رژیمی جمهووری ئیلامی پشتیوانی دەکەن و لە نیو کریکاران دا سیاسەتەکانی رژیم تەبلیغ دەکەن، یانی بەتەواوی و بە ئاشکرا دەژگایەکی کۆنەپەرستانەن،

2) بەردەوام بوونی بزووتنەوەی کریکاری سەرەڕای خۆیناوی ترین سەرکوت و خەفەقانی وەحشیانە، رژیمی جمهووری ئیسلامی ناچارکردوە کە بۆبەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، هاوکات لەگەڵ سەرکوت و بەربەرکانیی ئاشکرا، سیاسەتی بەلاری دابردن و داشکاندنی داخوازەکان و خەباتی ئابووری کریکاران بگرێتە پیش و لەم نیوەدا شووڕا ئیسلامییەکان سەرەکی ترین وەسیلەی بردنە پیشی ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامین.

3) بەشێوەیەکی موشەخەس تر، رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرەسمییەت پیدان و پەرەپیدان و بەهیزکردنی شووڕائیسلامییەکان لەکارخانەکان دەیەوی خەبات و تیکۆشانی کریکاران بەلاری دا بەری و بەرەوسازانی بکیشی، دەیەوی هەتا ئەو جێگایە کە بۆی ئیمکانی هەیە کونترولی ئەم خەباتە بەدەستەوەبگری، تووی خۆش باوەری بە قانوون و ئیمکانات و دام و دەزگا دەولەتی یەکان لە نیو کۆمەڵانی کرێکاردا بڵاو بکاتەوە، لە نیویان داروحیە سەبر و چاوەروانی پەرەپی بدا و لە پشت بەستن بە هیزی خۆیان دووریان بخاتەوە، بە سەقامگیر کردنی شووڕا ئیسلامییەکان وەک تاقە ریکخراوی کریکاری پیش بەهەر چەشنە ریکخراو بوونیکی سەربەخۆی کریکاران بگری، خەت و بۆچوونی ریفورمیست و خۆپاریز و ئیمکان گەرای نیو بزووتنەوەی کریکاری بەرەوئەوە راکیشی کەسەری بۆداناوین و لەگەلی بسازین، دەسەلاتی شووڕا ئیسلامییەکان بەسەرتەعاونی یەکانی" امکان" و "اسکان" و دەزگاکانی تری لەم چەشنە داپەرە پی بدا و بەم جۆرە ئالقەیەک لە نیوان خۆی و چینی کرێکاردا پیک بینی. 4) دەورو کارکردی شووڕا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان ئەوەیە کە دووبەرەکایەتی لە نیو کریکاراندا سازبکەن، لەگەڵ کریکارانی کۆمۆنیست و لەگەڵ مەیل بوچوونی رادیکال- سوسیالیست لە بزووتنەوەی کریکاری دا دژایەتی و بەربەرەکانی بکەن، پشت بەهەرەشەو بە داسەپاندنی فەزای ترس و سام ببەستن، داخوازی کەم و کورت و دواکەوتوانە لە ژێر پەردەی دژی کریکاری ترین و کۆنەپەرستانەترین تەبلیغاتی سیاسی دا بهێننەگۆڕ بۆ بەرتەسک کردنەوەو بەلاری دا بردنی شیعارو داخوازەکانی کریکاران، پێش بە پەرەگرتن و قوول بوونەوەی خەباتی کریکاری بگرن و هەول بدەن بۆ ئەوە کە لە مەیدانی رەقابەت و ململانیی نیوخۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا کریکاران بکەنە دەسکایەی ئەم رەقابەتە و هەموو ئەمانە خەسلەتی دژی کریکاری و کونەپەرستانەی شووڕا ئیسلامی یەکانیان چ لەباری سیاسی یەوە و چ لەمەیدانی خەباتی ئابووری دا بۆ کۆمەڵانی بەرینی چینی کریکار دەرخستوە،

5) هەموو ئەوانە کە باسمان کردن، بوونەتە هۆی رق و بیزاری بەرهەقی کۆمەڵانی بەرینی کریکاران لەم دام و دەزگا کۆنەپەرستانەیە، بەڵام قانوونی بوونی شووڕا ئیسلامییەکان و پشت بەستنیان بە ئیمکاناتی دەولەتی و قانوونی زەمینەی ئەوە فەراهەم دەکا کە جەرەیاناتی خۆ پاریز و ئیمکان گەراهاو کاری یان لگەڵ بکەن و پشتیوانی یان لی بکەن و جگە لە "حیزبی تووده" و"اکسریت" کە هەرلەهەوە لەوە سیاسەتی سازان و هاوکاری کردن لەگەڵ شووڕا ئیسلامی یەکانیان گرتوەتە پیش، هەندیک بۆچوونی ریفورمیستی ش شووڕا ئیسلامی یەکان بەوەسیلەیەک دەزانن بۆ وەدی هینانی داخوازەکانی کریکاران لە ریگەی ئاشکرا و قانوونی یەوە، وە ئەمە بەگشتی خزمەت بە یەکیک لە ئامانجەکانی جمهووری ئیسلامی یانی بلاو بوونەوەی تووی خۆش باوەری لە نیو کریکاران دادەکا.

بەڵەبەرچاو گرتنی ئەو خالانەی سەرەوە، لەسەر سیاسەتی تا ئیستای حیزب سەبارەت بە شووڕا ئیسلامی یەکان تەئکید دەکەین . سیاسەت و هەلویستی ئیمە بەرانبەر بە شووڕا ئیسلامی یەکان بریتی یە لەتەحریمی ئەم دام و دەزگا کۆنەپەرستانەیە، هەول دان بۆ هەلوەشاندنەوەیان و دامەزراندن و قایم کردنی ریکخراو و ئورگانی سەربەخۆی کریکاری لە بەرانبەر شووڕا ئیسلامی یەکاندا .

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە پیناو ئەم سیاسەتەدا کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر بۆبەریوەبردنی ئەم فەعالییەتانە بانگەوازدەکا:

1- بەردەوام کریکاران بۆ بەشداری نەکردن لە هەلبژاردنی شووڕا ئیسلامییەکان دا و بۆ تەحریمی ئەو شووڕایانە بەگشتی بانگەواز بکەن و تەبلیغ بۆ ئەمە بکەن.

2- بەردەوام شیعاری "هەلوەشانەوەی شووڕا ئیسلامی یەکان"تەبلیغ بکەن و لە دژی ئەو خۆش باوەرییەکە گۆیا شووڕا ئیسلامی یەکان دەتوانن بۆ خەباتی کرێکاران وەسیلەیەکی بەکەلک بن، تی بکوشن.

3- دەوروجێگا و شوینی شووڕا ئیسلامییەکان لەسیاسەتە دژی کریکارییەکانی جمهووری ئیسلامی دا روون بکەنەوە و ریسوای بکەن و پەردە لەسەر ئەوە لادەن کە رژیم دەیەوی بە هۆی ئەم ریکخراوەیەوە بە چ مەبەستیکی کۆنەپەرستانەی خۆی بگا. 4- خەسلەتی دژی کریکاری شووڕا ئیسلامییەکان و تەئسیریان لەپیک هینانی دووبەرەکایەتی دا، هەروەها کۆنەپەرستی سیاسی ئەم شووڕایانە و هەول و تەقالایان بۆ پیش گرتن بە خەباتی ئابووری کرێکاران، وەدەرخەن و پەردەی لەسەر لادەن.

5-هەرچەشنە دەخالەتیکی دەولەت لە ریکخراوەکرێکاری یەکاندا، مەحکووم بکات و بۆ دامەزراندن و قایم کردنی ریکخراو و ئورگانی سەربەخۆی کریکاری تەبلیغ بکەن و تی بکۆشن.

6- کریکاران بانگەواز بکەن بۆپێک هینان و پەرەپیدانی کۆبوونەوەی گشتی لە کارخانەکان وەک تاقە ئالترناتیویکی واقعی و سەربەخۆی کریکاری لەبەرانبەر شووڕا ئیسلامی یەکان دا.

7- ئەو هیزانە کە بەهەر شێوەیک کریکاران بۆسازان و هاوکاری کردن لەگەڵ شووڕا ئیسلامییەکان دا و بۆ تەحریمی ئەو شووڕایانە بەگشتی بانگەواز بکەن و لە حاست شووڕا ئیسلامییەکان هەلویستیکی ناپایەدار و رارایان هەیە بناسینن و پەردەیان لەسەر لادەن.

8-داخوازە رادیکالەکانی ئابووریەکانی چینی کریکار لە نیو کریکاراندا تەبلیغ بکەن و بانگەوازیان بکەن بۆ خەباتی سەربەخۆی بەمەبەستی وەدی هینانی ئەم داخوازانە هەروەها لە دژی بەلاری دابردن و داشکاندنی ئەم داخوازانە لە لایەن شووڕا ئیسلامی یەکانەوە، خەبات بکەن.

سیاسی هاوەردی

لەچەند حەوتووی رابووردوودا، گەلیک لەریکخراوەکان و شەخسییەتە سیاسییەکان چ بەسەردان و چ بەنارەدنی نامەوپەیام، بەبۆنەی رووداوی لەدەسدانی هاوری جەعفەری شەفیعییەوە، هاوەردی خۆیان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمیتەی ناوەندی دەربریوە. ئیمە بەم جۆرە، لە قوولایی دلەوە سپاسی هەموو ئەو دەربرینی هاوەردی یانە دەکەین و ئەگەر نەمانتوانیوەوەلامدەرەوەی یەک بەیەکسی بین، داوای لیبووردن دەکەین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

10ی خەزەلوەری 1366

سپاسی هاوری یانی حیزبی

دوای کارەساتی دلتەزینی گیان بەخت کردنی هاوری و رابەری خوشەویست و دوکتور جەعفەری شەفیعی، ئورگانەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، جگە لەوەی سەریان داوین گەلیک نامەوپەیامیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردوەو پەژارەی قوول وهاو دەردی رەفیقانەی خۆیان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی، دەربریوە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست پر بەدل سپاسی ئەم هاوەردی و هاوپشتی پەرەفیقانە یەکانی دلنیایەکە سوننەتی خەباتی کولنەدەرانە لە حیزبی ئیمەدا، هاوپشتی پتەوورەفیقا ئامادەیی بی دریغ بۆ تیکۆشانی شورشگیرانە، شیلگیری و فیداکاری لە مەیدانە جوراوجۆرەکانی خەبات و تیکۆشاندا و سووربوون لەسەر ئوسوولی کۆمۆنیستی، ئەو سوننەتانە کەهاوری جەعفەر خۆی ئالاهەلگریان بوو، زیاتر لە جاران دەبنەسەرمەشقی هەموو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

10ی خەزەلوەری 1366

کورتەیەک لە وەزعی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شاری سەقز

لە 7-6 سالی رابووردوودا شاری سەقز بەشێوەیەکی بەرچاو گەورەبووتەوە و ژمارەی دانیشتوانی زیادی کردوە لەم ماوەیەدا دەگەرەکی تازە لە قەراخ شار دروست بوون دانیشتوانی ئەم گەرەکانە زۆربەیان کریکاران و زەحمەتکیشانی دیهاتن کە بە هۆی بیکاری و هەژاری و فشاری رژیمەوە ئاوایی‌یەکانی خۆیانیان بەجی هیشتوەو هاتوونەتە شار ئەم

گەرەکانە بریتین لە: "سیلو"، "تەپەیصالح ئاوا"، "سەر قەبران"، "تەپەی مالان"، "جوتیاران"، "سپوورئاوا"، "حەما ل ئاوا"، "بەردبران"، "کریم ئاوا"و"حاجی ئاوا"، نزیکەی 35هەزار خانەوادە لەم گەرەکانە نیشتەجین خەلکی ئەم گەرەکانە زۆربەیان کریکاری ساختمانی، "کووڕەخانە"، "شارەدا ری"، "ئاو وبەرق"، "جیهادی سازندگی"، "دوخانیان"، "یەخ سازی"، "موزایک سازی"، "لەپە سازی"ن، ژنانی ئەم گەرەکانی سەرەرای کاری ناو مال بۆبەپرێ چوونیان کاری وەک قالی شتن و لیباس شتن و بەخیو کردنی منداڵانی سەرمایەداران، تەون و چنین و خەباتی و نانەوایی و... دەکەن هەروەها زۆرجاریش بۆیارمەتی دانی مێرد و براو باوکیان کاری سەختی تریش وەک حەمالی و کاری مەزرادەکەن.

ئەم گەرەکانە هیچ چەشنە ئیمکاناتیکی ریفاهی یان نیە نەبوونی ئاوی خواردنەوە یەکیک لە گیروگرفتە ئەسلی یەکانی ئەم گەرەکانەیە بۆهەر 1000خانەوادەیان زیاتریش، تەنیا یەک شێری عموومی ئاو هەیە و خەلکی ئەم گەرەکانە ناچارن چەندین سەعات لە ریزی ئاوداراوەستن و زیاتر لە ئاوی بیرکەلک وەربگرن کە بە تەواوی غەیرە بیهداشتی یە خانووەکانی ئەم گەرەکانە لەبەردوقوپوەیان بلکوک دروست کراون و حەوشیشیان نیە زۆربەی ئەم گەرەکانە مەدرەسەیان نیە لە گەرەکیکی شی هزار خانەوادەیی داتەنیا یەک مەدرەسە هەیە شوینی بەخیوکردن و پەروەردەکردنی منداڵان، شوینی لیباس شتن و کتیبخانە هەر وجوودی نیە.

منداڵانی ئەم گەرەکانە بەهۆی هەژاری خانەوادەکانیان و بۆیارمەتی دانی دایک و باوکیان کاری دەسفروشی و کاری لەو چەشنە دەکەن وەناتوانن زیاتر لە یەک دووسال دەرس بخوینن لەهەموو ئەو گەرەکانەدا تەنیا یەک دەرمانگا هەیەکە لەگەرەکی بەردبران دایە و ئەویش تایبەتی بەکریگیراوانی رژیمە لەهەموو ئەم گەرکانە تەنیا دووحەمام هەیە کەلەشارەداری یە ئاوەروی ئەم گەرەکانە دانەپوشراون و بوونەتە هۆی بلاوبوونەوەی نەخوشی جۆراوجۆر، لەم گەرەکانە تەنیا دووماشینی مینی بووس بۆهات و چوی گشتی هەیەکە سەعاتی کاریان لە سەعات 8ی بەیانی یەوە تا 5ی دوای نیوەرویە لەم سەعاتانەبەدەرئەگەر نەخوشیکی ئورژانسی هەبی ناچارن کە بەپی بۆبیمارستان یان دەرمانگای ببەن جاری وایش هەیە بەریکەوت تاکسی بۆ ئەم گەرەکانە دی ئەویش ئەگەر لە نیو ریگا دا تووشی کەمین و گەشتی بکریگیراوانی رژیم نەبی ژمارەی نانەواخانەکان زۆرکەمن خەلک بۆ کرینی چەند نان دەبی چەندین سەعات لە ریزدا چاوەروان بن شوینی فرۆشتنی نەوت و پیویستی یە گشتی یەکانی خەلک زۆرکەمن، رژیم بۆ ئەوەی خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانی هەرچی زیاتر سەرقالی گوزەران و بەری چوونی خۆیان بکا، کوپنی خواروباربە جیا جیاو لەم گەرەک و لەوگەرەک دا بەش دەکا بۆ نموونە کوپنی قەندوچای لە گەرەکیک و کوپنی رون و برنج یش لە گەرەکیکی تر بلاوەدکاتەوە بەکورتی خەلک بۆ وەدەسهینانی کوپنی پیویستی رۆژانە دەبی ئەم گەرەک و ئەو گەرەک بکەن سەرەرای ئەمانەش فشارو زەخت و زۆری هیزەکانی رژیم خەلکی ئەم گەرەکانەی وەتەنگ هیناوەو بووەتە هۆی رق و بیزاری گشتی خەلک لەرژیم بەکریگیراوانی رژیم ناو بەناوبۆ سەربازگیری ئەم گەرەکانە ئابلووقە دە دەنو دەس بەمال بشکنین دەکەن باج سەندنیش بە چەندین شیوەی جۆراوجۆر هەیە: هەر لە داتەکاندنی گیرفانی منداڵانی مەدرەسەوە بگرە تا بیانووی پەناگا دروست کردن، پوول ئەستاندن بۆ جەبهەو بەبیانووی یارمەتی دانی ئەوانەی کە بە هۆی لاقاوەوە زیانیان لی کەوتوە و بۆ خەرجی ئەسفالت و ئاووبەرق وشتی تر.

بەکریگیراوان لەم گەرەکانە مقەر و پایگایان داناوە و ئەنواعی گەشتی سپاو شارەبانی و سارالڵەوچی وچی لە حالی گەران دان ودەس دریژی بۆسەر ژیان و مال و حالی خەلک دەکەن، هەلبەت خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانە هیرشەکانی رژیمیان بی وەلام نەهیشتوەتەوە بۆ نموونە لەبەرانبەر سەربازگیریەکانی رژیم دابەشیوەی جۆراوجۆر موقاومەت دەکەن، سەربازەکان دەشارنەوەو بەرانبەر بە گەرانی ناومالان ئیعتراز دەکەن.

کاتیک کە بەکریگیراوان بۆسەر بازگیری هیرش دەکەنە سەر گەرەکەکان دەس بەجی بەهەر شیوەیەک بووە یەکتر ئاگادارەدەکەن.

هەر ئەم سال چەندین جار خەلکی زەحمەتکیشی گەرەکی"حاجی ئاوا" لە بەردەم شارەداری سەقز دا کۆبوونەوەو سەبارەت بە هەل و مەرجی سەختی ژیان لە گەرەکەکەیاندا ئیعترازیان کرد خەلکی گەرەکەکانی "کریم ئاوا" و"قەرەچی ئاوا"، چەندین جاربەکریگیراوانی رژیمیان داوەتەبەر پەلامار و زۆر ئیعتراز و خەباتی دیکەی لەم چەشنەیان بەریوە بردوە.

ئەوە تەنیا شاری سەقزنیە کە لەم سالانەی دواییدا بەوشیوەیە بەرین و گەورەبووەتەوە و گەرکی زەحمەتکیش نشین لە قەراغەکانی سەریان هەلداوە، بەلکوو لەهەموو شارەکانی کوردستان گەرەکی وەک.....

بروا نە لاپەری 15

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 25 January: 1988

کۆمیتەی مانگرتن

خەباتی کریکاران لە دژی سەرمایەداران ودەولەتە ئیسلامی یەکەیان پیویستی بە ریکخراوی کریکاری جۆراوجۆرهەیە.
هەندیك لەم ریکخراوانە وەك کۆبوونەوەی گشتی خەسلەتیکی هەمیشەیی تروجیکەوتوو تریان هەیە بەلام هەندیك ریکخراوی دیکە وەك "کۆمیتەی مانگرتن"، "سندووقی مانگرتن" وهی تربووەلام دانەوە بە پیویستی خەباتیکی دیاری کراو پیك دین و کاتین بۆ نموونە کاتیك کۆبوونەوەی گشتی وجوودی هەبی، ئەم ریکخراوە جەماوەریە دەتوانی مانگرتنیك و یا تەحەسون و خۆپیشاندانیك ریك بخاورابەری بکا هەر بۆیە دەبی کریکارانی کوردستان هەول بدەن هەرچی خیراتر ئەم ریکخراوە جەماوەریەی خۆیان پیك بینن و تەنانەت بۆ ساتیکیش لە خەبات بۆ پیکهینانی غافل نەبن بەلام دەبی ئەوەشمان لەبەرچاو بی کە خەباتی کریکاری چاوەریی پیك هاتنی ئەم ریکخراوانەنابی و هەر لە جەرگەی ئەم خەبات و ئیعترازاتەدایە کە کریکاران توانای ئەوەپەیدا دەکەن ئەم جۆرە ریکخراوانە پیك بینن کریکارانی کوردستان هەرلەم مانگرتنانەی دوایی‌یان دا چەند نموونەیان لە ریکخراوبوون تاقی کردەوە بۆ نموونە پیشرەوان و رابەرانی کریکاران لەگەل یکتر پەیوەندیان گرتوە، سەبارەت بە مانگرتن قسەیان لەگەل یەکتربریوەتەوەو کۆمەلّیك لەرابەران مانگرتنەکەیان رابەری کردوە کەدەکری بلیین ئەمەشکلی سەرەتایی کۆمیتەی مانگرتن بووە و لە جیاتی ئەو کاری کردوە.....

ل 11

سەبارەت بە خەباتی ئەمسالی کریکارانی کووەخانەکانی...
وت وویژ لەگەل هاوری حسن رحمان پناە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی بۆکان

پرسیار: هاوری حسن! ماوەیەك لەمەوبەر بەدوای مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی بۆکان داهەوالمان پی گەیشت کە دەستەی ریکخستنی "چومی مجیدخان و تەرەغە"سەریان لەم کووەخانانە داوە..
تو کەمەسئوولی ئەم دەستەی ریکخستنە بووی تکایەبۆمان باس کە کەمەبەستتان لە سەردانی کووەخانەکان چ بوو؟
وەلام: لەبەشی "چومی مجیدخان"ی ناوچەی بۆکان نزیکەی 50 کووەخانە هەن کووەخانەکانی ئەم بەشە هەموسالیك شوینی هەلسوورانی هاوری یانی دەستە ریکخستنی ئەم بەشەو ئەندامانی کۆمەلّەبوون. ئیمە ئەمسال، چەند رۆژ دوای مانگرتنی کریکارەکان چووین بۆ ئەو کووەخانە پیشووتروبەتایبەت لە کاتی مانگرتن دا، کریکارەکان چاوەروانی ئەوەبوون کەپیشمەرگەکانی کۆمەلّە بچن بۆ ئەم کووەخانانە ئیمەلەم کووەخانانە توانیمان ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران ببینین و قسەوباس و گفت و گۆیان لەگەل بکەین هەر کەچوویئە ئەو کوورانە کریکاران بەپیرمانەوە هاتن، لەجەورمان کۆبوونەوە سەبارەت بە کاری تاقەت پرووکینی کووەرەوگرانی پیویستی‌یەکانی ژیانیان و هەژاری خۆیان خەبات و مانگرتنی چەند رۆژ لەوەپیشیان و پیلانی خاوەن کووەکان و دەولەت و ئیدارەی کارو ئەوجۆرە شتانە قسەیان بۆ کردین ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەوشتانە و بەتایبەت سەبارەت بە پیویستی پاراستنی یەکیەتی وریزی‌یەك پارچەی خۆیان لە خەبات دژی دوژمنانیان دا، قسەوباسمان بۆکردن و جگە لەمە بۆ چەندکەس لە خاوەن کووەکان کە لە کاتی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکانیان بەگرت دا بوو، نامەمان نووسی و هەرەشەمان لی کردن هەروەها تراکت و نەشرییە حیزبی یەکانمان لە نیو کریکارانی ئەم کووەخانانەدا بلاو کردەوە یەکیکی تر لە ئەرکەکانمان لەم جەولەیەدا نادنی گوزارشی مانگرتنی کریکارانی ئەم کووەخانانە بورادیو دەنگی شورشی ئیران بووکە لەکاتی خۆی دا لە رادیووە بلاوکرایەوەو تەئسیریکی باشی کردە سەر پەرەسەندنی مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکان لە باقی شوینەکان هەروەها لەم جەولەیەدا توانیمان بەوردی ئاگاداری مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی تەوریز ببین کە هاوکات لەگەل مانگرتنی کریکارانی کووەخانەکانی بوکان بەریوە چوو.

ل 14

خەباتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلّە

سەرنجیك لە:
چالاکی‌یەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلّە لە مانگی رەزبەردا

پایگایەکی هیزەکانی رژی م لە 15کیلومیتری شاری سنە بەتەواوی گیرا

ئیوارەی رۆژی 12ی رەزبەرپیشمەرگەکانی کۆمەلّە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو پایگای "کەرەسی" لە 15کیلومیتری شاری سنەیان لە ماوەی چەند دەقیقەدا بە تەواوی گرت.

هاوری یانی پیشمەرگەمان سەرەرای ئەوەی هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادە باشی تەواودابوون و دەوروبەری پایگاکەش بەمین و تەلبەند تەنرا بوو توانیان لە درگای پایگاکەوە بچنەناوەوە و لە هەوەلین پەلامار دا سەنگەری تیرباری پایگا کە بگرن و باقی سەنگەرەکانی دیکە ش یەك بەدوای یەکدا بگرن و بەم جۆرە پایگا کە دوای چەند دەقیقە بەتەواوی گیرا و 11کەس لەبەکریگیراوانی رژیم بەدیل گیران.

دەسکەوتەکان: تیرباری ژ3 یەك قەبزە بەلوولەیەکی زیادی‌یەوە، تیرباری ام 19 یەك قەبزە، خومپارەهاویژی 60ملم یەك قەبزە، "ژ3 11 قەبزە، کلاشینکوف یەك قەبزە، فیشەك 15000دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، گوللەی خۆمپارە 26دانە، نارنجوکی سەری نفەنگ 20دانە، بی سیمی پی. ئار.سی 77یەك دەزگا، دەراغ 50دانە و کۆمەلّیك کەل و پەلی تەدارکاتی.

پیشمەرگەکان لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرەرو زیانیکیان پی نەگەیشت.

هەموو ئەفرادی"گوروهی جەولەی بدر" بەدیل گیران

شەوی 13ی رەزبەر هەوال بە پیشمەگەکانی تیپی 11ی سنە گەیشت کە واحیدیکی 11کەسی لە بەکریگیراوانی رژیم ناسراوبە"گوروهی جەولەی بدر" لە 50میتری پایگای رژیم لە ئاوایی "باینچو" لە 5کیلومیتری جادەی سنە –دیواندەرە کەمینیان بۆ داناون هاوری یان دەسبەجی ئەم گوروهەیان ئابلووقەدا و بی ئەوەی مەجالی هیچ دەسکردنەوەیەکیان ...

ل12

کریکارانی شاغلی دێ و داخوازەکانیان

بەشیکی بەرین لە کریکارانی کوردستان لە دیهات خەریکی کاروژیانی خۆیانن ئەم بەشە لە کریکاران بە کاری کشت و کال و باخەوانی، کاری ساختمانی و کاروباری فەنی وەیان بە کاری جۆراوجۆری‌تر، ژیانی خۆیان بەریوەدەبەن کاری کریکارانی دیهات سەخت ترین و دژوارترین جۆری کارە و ئەم بەشە لە کریکاران لەم شەرایتەدا وەحشیانە دەچەوسینەوە ژیان و گوزەرانیان بە هۆی کەمی هەقدەست و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان و هەروەها بیکاری لە زۆربەی وەختی سال دا ژیانیکی هەژارانەیە شکلی کار لە دیهات زیاتر کۆنتەراتی‌یە کە بە تایبەت لە کشت و کال و باخەوانی‌دا زۆرباوە لە دیهات قەرارادەکان بە شیوەی جۆراوجۆر لە نیوان کریکاران و بورژواکانی شارو جووتیارە دەولەمەندە کاندا دەبەستری، کەرایج ترینیان قەتعەکاری و نیوەکاری و سەپانییە لە قەتعەکاری دا کریکاران دەبی لە بەرانبەر هەقدەستیکی دیاری کراودا کە رۆژانە وەیان مانگانە وەری دەگرن کاریکی دیاری کراو بۆ خاوەن کار ئەنجام بدەن لە نیوەکاری و"دەودوو" و "سەپانی"دا لەبری کاری کریکارەکە بەشیك لەبەرهەمەکە بۆ ئەودەی یانی لە واقیع دا هەقدەستەکە بەشیوەی جنسی یە لە دیهات کە شکلی ئاسایی کار و جۆری قەرارداد کۆنتەراتی‌یە، سەعات کار بۆ کریکاران مەعنای نیە لەو بەشانەش کە کریکاران هەقدەستەکەیان رۆژانەیە و بە پیی سەعات رۆژانە کار دەکەن، سەعاتی کار مەعلووم نیەویان دریژخایەنەو ئاخرین تین و تەوژمی لەشی کریکاران لە رۆژدا لە لایەن دەولەمەندان و سەرمایەدارانوە دەمژری کریکارانی دی ئەعلەب هەر لە خۆر کەوتنەوە تا تاریك بوونی هەوا و لەهەندی بەشی دیکەدا وەك کشت و کال تا چەند ساعتیك پیش لە شەو بودەولەمەندانی دی کار دەکەن لەزۆربەی بەشەکان دا سەعاتی کار کریکاران دەگاتە لانی کەم 10سەعات و لانی زۆر 13-14 سەعات لە رۆژدا تەنانەت کچان و منداڵانی کەم تەمەن لە هەندی شوینی کوردستان لە لەمەزرای چەوەندەر، تووتن و نوك و ئەو جۆرەشتانە 12-10سەعات کاری سەخت و تاقەت پرووکین بۆ دەولەمەندان و سەرمایەدارانی مفتەخۆر دەکەن کریکارانی دی لە نیوان ئەو سەعات کارە دریژخایەن و تاقەت پرووکینەدا ئەو پەرەکەی 1تا1/5سەعات بۆ نان خواردن و پشوودان مولەتیان پی دەدری کە فرسەتیکیان بۆ بەخۆدا هاتنەوە و حەسانەوە بۆ نامینیتەوە.

ل15

بریارنامەی سەبارەت بە: شووراى ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەکە :
1) شووراى ئیسلامی یەکان ئورگانی دیفاع لە نیزامی سەرمایەدارین، لە رژیمی جمهووری ئیلامی پشتیوانی دەکەن و لە نیو کریکاران دا سیاسەتەکانی رژیم تەبلیغ دەکەن، یانی بەتەواوی و بە ئاشکرا دەزگایەکی کۆنەپەرستانەن،
2) بەردەوام بوونی بزووتنەوەی کریکاری سەرەرای خۆیناوی ترین سەرکوت و خەفەقانی وەحشیانە، رژیمی جمهووری ئیسلامی ناچارکردوە کە بۆبەربەرەکانی لەگەلّ بزووتنەوەی کرێکاری، هاوکات لەگەلّ سەرکوت و بەرەبەرکانیی ئاشکرا، سیاسەتی بەلاری دابردن و داشکاندنی داخوازەکان و خەباتی ئابووری کریکاران بگریتە پیش و لەم نیوەدا شووراى ئیسلامی‌یەکان سەرەکی ترین وەسیلەی بردنە پیشی ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامین.
3) بەشیوەیەکی موشەخەس تر، رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرەسمییەت پیدان و پەرەپیدان و بەهیزکردنی شووراىئیسلامی‌یەکان لەکارخانەکان دەیەوی خەبات و تیکۆشانی کریکاران بەلاری دا بەری و بەرەوسازانی بکیشی، دەیەوی هەتا ئەو جیگایە کە بۆی ئیمکانی هەیە کونترولی ئەم خەباتە بەدەستەوەبگری، تووی خۆش باوەری بە قانوون و ئیمکانات و دام و دەزگا دەولەتی یەکان لە نیو کۆمەلّانی کرێکاردا بلاّو بکاتەوە، لە نیویان داروحیە سەبر و چاوەروانی پەرەپی بدا و لە پشت بەستن بە هیزی خۆیان دووریان بخاتەوە، بە سەقامگیر کردنی شووراى ئیسلامی‌یەکان وەك تاقە ریکخراوی کریکاری پیش بەهەر چەشنە ریکخراو بوونیکی سەربەخۆی کریکاران بگری، خەت و بۆچوونی ریفورمیست و خۆپاریز و ئیمکان گەرای نیو بزووتنەوەی کریکاری بەرەوئەوە راکیشی کەسەری بۆدانەوینن و لەگەلی بسازین، دەسەلاتی شووراى ئیسلامی‌یەکان بەسەرتەعاونی یەکانی" امکان" و "اسکان" و دەزگاکانی تری لەم چەشنە داپەرە پی بدا و بەم جۆرە ئالقەیەك لە نیوان خۆی و چینی کرێکاردا پیك بینی. 4) دەورو کارکردی شووراى ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان ئەوەیە کە دووبەرەکایەتی لە نیو کریکاراندا سازبکەن، لەگەلّ کریکارانی کۆمۆنیست و لەگەلّ مەیل بوچوونی رادیکال–سوسیالیست لە بزووتنەوەی کریکاری دا دژایەتی و بەربەرەکانی بکەن، پشت بەهەرەشەو بە داسەپاندنی فەزای ترس و سام ببەستن، داخوازی کەم و کورت و دواکەوتوانە لە ژیر پەردەی دژی کریکاری ترین و کۆنەپەرستانەترین تەبلیغاتی سیاسی دا ...

ل16

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلّە

ل15

کورتەیەك لە وەزعی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شاری سەقز

ل16

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٦ | گەلاوێژی _ ١٣٦٧ | ئووتی_ ١٩٨٨

راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کونگرەی شەشەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە دوای بەجێ گەیاندنی سەرکەوتوانەی ئەرکەکانی خۆی لە ماوەی ٦ رۆژدا، کوتایی بەکاری خۆی هێنا.

خۆ ئامادە کردن بۆ بەرێوە بردنی کونگرە لە ماوەیەک لەمەو پێشەوە دەستی پی کردبوو. نوێنەرانی ناوچەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانی تەشکیلات، لە کونفرانسەکانی خۆیان دا هەڵبژێردرا بوون و ئەسنادی پێویست بۆ باس و لێکولینەوە لە کونگرە دا لە پێشدا ئامادە کرابوون و لە بەر دەستی ئەندامانی تەشکیلاتی نرابوون.

کونگرەی شەشەم رۆژی ١٧ی گولانی ١٣٦٧ بە سروودی ئەنترناسیونال و راگەیاندنی دەقیقەیەک بی دەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران، گیان بەخت کردووانی ئەم دوایی‌یانەی کۆمەڵە و لە نیویاندا هاوری جعفر شفیعی کاری خۆی دەست پێکرد.

سەرەتا سەلاحییەتی نوێنەرانو ئایین نامەی بەرێوەبردنی کونگرە باسی لەسەر کرا و پەسند کرا، پاشان کونگرە دەستووری ڕەسمی خۆی دەست پی کرد. دەستووری دانیشتنەکانی کونگرە بریتی بوون لە: ل٧

حکوومەتی ئیسلامیش بە راپەڕینیکی‌تر دەرووخی

بە هاتنەوەی مانگی ڕێبەندان جاریکی‌تر یادی رووداوەکانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ لە دەماری هەموومان دەگەڕی و زیندوو دەبێتەوە. چونکوو بیرەوەری‌یەکانی ئەو دەورەیە رەنگە شیرین ترین و ئازیزترین بیروەری بی بۆ نەسلی ئێستای ئێران. لەوان ڕۆژان دا ئەوە هێز و ئیرادەی جەماوەر بوو کە چارەنووسی هەموو شتیکی دیاری کرد. جەماوریک کە سەرتاسەری ژیانی خۆیانیان لە ژێر دەسەلاتی یەکیک لە ڕەشترین دیکتاتوری‌یەکانی ئەم سەدەیە دا بردبووە سەر، پاش زەنجیرەیەک مانگرتن و ئیعتیراز و قوربانی دانیکی زۆر، سەرەنجام توانیبوویان لموزی دیکتاتوری خوینخور لە خۆڵ وەردەن. ئیتر ئەوە دەرکەوتبوو لە حەنای ئەم جەماوەرە هیچ چەکیک کاریگەر نیە و دوژمنانی شۆرش چ بە نەرمی بجوولینەوە و چ زەبر و زەنگ نیشان بدەن، خەڵکی دەنگی ئیعتیرازیان بەرزتر دەبێتەوە و زیاتر دێنە پێش. دەتگوت رق و تووڕەیی جەماوەر لە مەینەت و ڕۆژ ڕەشیەک کە سەدان ساڵە شانیان داوەتە بەر و نەیانتوانیوە دەنگ بکەن ئێستا لە گەرووی یەک یەکەیانە و قولب دەدا و درێژتە دەر. هێزی ئەم ئیعتیراز و تووڕەیی‌یە ئەوەندە بە تەوژم و تین بوو کە هارترین پولیسی دژی شۆرش و شارەزاترین کارشناسان و راوێژکارانی نیزامی لە بەرانبەری دا دەستە وەستان دامابوون. نوکەران و جێرەخورانی رژیم و جاسووسان و هەموو ئەوانەی سەردەمیک لە مەدرەسە و ئیدارە و کارخانە خودایەتی‌یان دەکرد و چەندی ویستبایان ملهوری‌یان دەنواند، ئێستا کەوتبوونە پاکانە بۆ خۆکردن و ناچار بوون دەستە و داوینی خەڵک بن و داخوازە ڕەواکانیان بسەلمێنن. ئێستا ئیتر نورەی دوژمنانی خەڵک بوو کە تامی تاڵی بی هێزی و بی دەسەلاتی بچێژن. نەفرەت لە ڕژیم و لە دام و دەزگاکەی ئەوەندە بە ناشکرا و بە قودرەتەوە بەیان دەکرا کە کاربەدەستان و دەست ڕویشتووەکان بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی خەڵک و ترسی خۆیان لیرە و لەوی بەجێ و بی‌جێ دەکەوتنە پاکانە بۆ خۆکردن کە "ئێمە هیچ کاریکمان بە دەست نەبوو"، "ئێمە ناچار کرابووین"، "فریومان خواردبوو" و ....

دوژمنانی خەڵک کشابوونەوە و بە شپرزەیی لە کون و کەلینیک دەگەران کە تێیدا خۆیان لە چاوی خەڵک بشارنەوە. ئیتر دەستی خوێناوی‌یان بە گەرووی خەڵک رانەدەگەیشت و هەست بە ئازادی و ڕزگاری کردن لە سیمای گەورە و چکولەی خەڵکی زۆرلێکراودا بەدی دەکرا. ئەو ڕۆژانە ڕۆژی جەژن و شادمانی خەڵک بوون. ماڵە هەژار و پر خیزانەکانی قەراخ شارەکان کە پێشتر لە نیو کەپری حەسیر و نایلون دادەژیان، دوای هەلاتنی خاوەن ملکەکان خانوو و جێگا و ڕیگای حەوانەوەیان دەست کەوت. کرێکاران لە کارخانەکان دەور و دووکانی ملهورانەی کارفەرماکانیان کۆکردەوە و خۆیان گەورەی خۆیان بوون. لە مەدرەسەکان ئیتر ئاسەواری کۆنترۆڵی پولیسی و سانسور نەما و قوتابیان و موعەلیمان ئازادانە بە قسە و بە نووسین چوونە سەرباسی سیاسەت و دەسەلاتداریتی و هەر باسیکی دیکە کە پێشتر قەدەغە و حەرام بوو. لە خیابانەکان و چایخانەکان لە هەموو شوینیک باسی سیاسی و نتق و ختا دەبیسرا. خەڵک کە عومریک بوو تامی ئازادی بەیان و کۆبوونەوەیان نەچەشتبوو، وە بە تایبەت پاش چەندین مانگ حکوومەتی نیزامی، ئێستا ئیتر لە کۆڵان و خیابان تولەی بی مافی‌یەکانی پێشوویان دەکردەوە. پولیس و ئەمنییە ئەوە هیچ نەیان دەویرا خۆ لە کۆبوونەوەکان بگەیەنن، تەنانەت نەیان دەویرا خۆنیشانی خەڵک بدەن. هەموو ئەو کتێبانەی سالیانی سال بوو سانسور ڕێگای بلاوبوونەوەی لی گەتبوون ←

هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی (١)

"هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی" دا ناوی بەریارنامەیەکە کە لە پلینومی دەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٦ لەگەل بریارنامەکانی‌تر پەسند کرا. ئەم بریارنامەیە هەر وەک لەسەر دیرەکەی دا باسی کراوە تەنیا دەچێتە سەر هەندیک خاڵی دیاریکراوی تێکۆشانی جیهانی حیزب و نایەوی بچێتە سەر باسی هەموو لایەنەکانی ئەم مەیدانەی تێکۆشان.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بریارنامەیە بە چوار خال جیا کراوەنەتەوە:

١- بنەماکانی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی‌دا

٢- دەربارەی پەیوەندەکانی حیزبی کۆمۆنیست لەگەل گوروو و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان لە ئاستی جیهانی‌دا

٣- تێکۆشان لە پەیوەند لەگەل ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران لە ئاستی جیهانی‌دا

٤- لە پەیوەند لەگەل ئێرانیانی موهاجیردا.

وەرگێردراوی دەقی کاملی ئەم بریارنامەیە لە بیست و پێنجەمین ژمارەی "پێشڕەو"دا چاپ و بلاو کراوە. لەم وت و وێژەدا کە ئێستا دەیخوێننەوە هاوری حەمید تقوایی وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە لە بابەت ئەو بریارنامەیەوە لێی کراون. ئەم پرسیارانە زۆربەیان پەیوەندیان بە مەسەلەکانی تێکۆشەرانی دەرەوەی وڵاتەوە هەیە.

پرسیار: لە بەشی یەکەم دا یارمەتی دان بە شکل گرتنی ڕیز بەستنیکی کۆمۆنیستی کرێکاری و خزمەت بە یەکگرتنی جیهانی چینی کرێکار، تەئکیدی لەسەر کراوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە کە بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە، ئەو کارە بەردەوامانە و ئەو ئاکسیونە گونجاوانە کە حیزب بە پێویستی دەزانی بکەونە دەستووری کاری هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کامانەن؟

وەلام: سەرەتا پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە لە بریارنامەکەدا تەنیا هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە بەر چاو نەگیراون. بریارنامەکە، هەر وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، هەندیک لە گرینگترین فەعالییەتەکانی کوللی حیزب لە ئاستی جیهان دا _ نەک تەنیا تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات _ دیاری دەکا و هەموو ئورگانەکان و تەشکیلاتە حیزبیەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکەدا بەشدارن و هەر کامیان بەشیکی دیاریکراویان لە ئەستویە. ل٥

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراق

سەرەنجام جمهووری ئیسلامی لە ئامانج و سیاسەتە جەنگی‌یەکانی خۆی تەسلیمی شکست بوو. ساڵیک پاش دەرچوونی بریارنامەی ٥٩٨ی "شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی میللەتان" و دوای ئەوەکە لەم یەک ساڵەدا ئیمکانی دا و ئەمجار بە شیوەی ڕەسمی بوو بە هۆی ئەوە کە دەوریکی تازەی شەردا ژیانی کۆمەڵانی خەڵک نوقمی جەهەننەمی ئاگر و ویرانی و کوشتار بی، سەرەنجام جمهووری ئیسلامی بریارنامەی شووڕای ئەمنییەتی بۆ کوتایی هێنان بە شەر قەبوول کرد. ڕۆژی ٢٧ی پووشپەر لە حاڵیکدا دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی حکوومەتی ئیسلامی نووزەی هەموو ڕۆژەی "جەنگ جەنگ"یان لە گەرووی خۆیان داخەفە کردبوو، یەکجی ڕاگەیەندرا کە جمهووری ئیسلامی بریارنامەی ٥٩٨ی بە بی مەرج قەبوول کردوە و ئامادەی بەڕێوەبردنی ئاگر بەسە. ل٧

بریارنامە سەبارەت بە: هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەری‌دا

الف: زەمینە گشتی‌یەکانی بوحرانی جەرەیانی حیزبی دیموکرات

١_ ناسیونالیزم لە کوردستان، بە پێی مەوقعییەتی میللەتەی کورد وەک میللەتیکی ستەم لێکراو و وەک شکلی بورژوازیی بۆ دەربرینی ئیعتیراز لە بەرانبەر ئەو ستەمەدا، لە کوردستان لە کونەوە زەمینەی پێک هاتن و هەڵدانی ئەحزاب و جەرەیاناتی سیاسی جۆراوجۆر وەک ئوپوزیسیونی حکوومەتەکانی مەرکەزی بووە. هەر وەک ناسیونالیزم لە باری میژوویی‌یەوە وەسیلەی ئیدئولوژیکی بورژوازی بووە بۆ تەئمینی بەرژەوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە، ناسیونالیزمی کوردیش لە قەدەر مەحدود بوونی خۆی، هەر ئەم دەور و نەقشەی لە ئەستو بووە.

ل٨

بریارنامە سەبارەت بە: ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

ل٩

خەباتی جەماوەری

خەبات لە دژی سەربازگیری و شەر

لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا خەبات لە دژی سەربازگیری ڕژیم یەکیک لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی شار و دیهاتی کوردستان بووە. ئەم خەباتە بە شیوەی جۆراوجۆری وەک: خو بە دەستەوە نەدان، هەلاتن لە سەربازی، شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان، موقاوەمەت و ئیعتیرازی بە تێکرا و هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی ڕژیم و ئازاد کردنی گیراوەکان و شیوەی‌تر بەرێوە چووە. ئەمەی لە خوارەوە دەی بینن گوشەیەکی بچووکی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستانە لە دژی سەرباز گیری و جمهووری ئیسلامی لە کوردستان:

بانە:

* خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە لە ڕۆژەکانی هەوەلی بەهاردا پەلامارێان بردە سەر بەکریگیراوانی ڕژیم و سەرەڕای تەقەی بەکریگیراوان هێرشی ئەوانیان بۆ ڕەش بگیری پووچەل کردەوە و بە کۆبوونەوەی خۆیان لە بەر پاسگای مەرکەزی ڕژیم فەرماندەی ئەم پاسگایەیان ناچار کرد مەعزەرەتیان لی بێنێتەوە.
* ڕۆژی ٢ی مانگی گولانیش هێرشی ڕژیم بۆ ڕەش بگیری لاوەکان بە وشیاری و ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر، پووچەل کرایەوە.
* ڕۆژی ٩ مانگی گولان خەڵک بە ئیعتیرازی یەکگرتووی خۆیان بەکریگیراوانیان ناچار کرد کە گیراوەکان ئازاد بکەن

ل١٢

گوزارشیک لە مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە شارەکانی سنە و مهاباد

هەزاران کەس لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە ڕۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

ڕۆژی هەوەلی مانگی مەی ئەمسالْ، لە شاری سنە و دەوروبەری ئەم شارە چەندین مەراسمی جیاواز بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی کرێکاران، بەرپا بوو. لە چەند گەرەکی شار، لە دەرەوەی شار، لەسەر کیوی "ئاویەر" و لە داوینەکانی ئەم کیوە چەندین کۆبوونەوەی شکودار، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و جەماوەری تێکۆشەری ئەم شارە بەرپا کرا. ئەم گوزارشەی خوارەوە، گوزارشیکی کورتی ئەم مەراسمانەیە.

میتینگی شکوداری دەبیرستانی "رەنج ئاوری" (رازی پێشوو)، کە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و خەڵکی تێکۆشەر بەشداری‌یان تێدا کرد، یەکیک لە شکودارترین مەراسمەکان بوو. کرێکارانی تێکۆشەری شاری سنە ماوەیەک بوو خەریکی تەدارەکی بەرپا کردنی جەژنی مانگی مەی ئەمسالْ بوون و دوای چەندین کۆبوونەوە لە بارەی چلونایەتی بەرپا کردنی ئەم جەژنە، تەسمیمیان گرت و بە دەست پی کردنی چەند کاری پێویست، بەرووپیری بەرپا کردنی مەراسمەکە چوون و خۆیان ئامادە کرد.

ڕژیمی دژی بەشەری "جمهووری ئیسلامی"ش بە وەری خستنی تەبلیغاتی شەر، هێنانە مەیدانی گەشتی‌یەکانی کومیتە و ل١٠

لەو دەورەیەدا چاپ کران و هاتنە بازار. ئەوکات هیچ کوێی دنیا لە ئێران ئازادتر نەبوو و خەڵکی هیچ کوێی دنیا وەک خەڵکی ئەو کاتی ئێران بە ڕیزەوە چاوی لی نەدەکرا. گەورەترین کاربەدەستانی حکوومەتی و نیزامی تەنیا بە تکا و پارانەوە و داوای لیبووردن دەیانتوانی بۆ کارو باری ئاسایی و ڕۆژانە هەنگاویک هەڵگرن.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی خەڵک شایی ئەم جەژنە جەماوەرییەی گەیاندە ئەو پەری خۆی. خەڵکی چەکدار بە تفەنگ و دەمانچە و کوکتیلی ئاگر پڕژین دواین بنکەکانی پاریزەرانی پاشایەتییان گەمارودا، بە گرتنی جادەی نیوان شارەکان بنکەکانی دوژمنیان لیک دابڕی و بە پەلاماری قارەمانانە بۆ سەر پادگانەکان، مقەرەکانی ساواک، کاخی سەلتەنەتی، زیندانەکان، فروکەخانەکان و ئیستگەی ڕادیو و تلویزیون دواین موقاومەتی ئاشکرای ئەوانیان تیک شکاند و بەم جۆرە ئیسباتیان کرد کە بەرانبەر بە ئیرادەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ڕاپەڕیو هیچ هێزێک توانای خۆڕاگرتنی نیە. بە ویست و قودرەتی خەڵکی چەکدار، کاربەدەستانی جینایەتکار و وەزیران و سەرکردەکانی حکوومەتی نیزامی و پولیسی و جاسووسان و شکەنجە گەران و ژمارەیەکی تر لەو جینایەتکارانەی هیشتا دەرفەتی هەڵاتن و خۆ دەربازکردنیان دەست نەکەوتبوو لە حەشارگەکانیان دەرکێشران. ئیتر درەنگ بوو، کاتی توبە کردن بە سەر چووبوو. زۆربەی ئەم جینایەتکارانە هەر پێشتر حوکمی ئیعدامیان درابوو، وە ئەم حوکمە عادلانەیە، خەڵک خۆیان بەدەستی خۆیان بەڕێوەیان برد. ئەم سزادانە هیمنانەیە نیشانەی دل گەورەیی و بەخشندەیی جەماوەرێک بوو کە دەستەڵاتدارەتییان وەبیر هێنەرەوەی ئەو ڕۆژ ڕەشی و سەرکوتە بی کە هەر ئەم جینایەتکارانە ساڵیانی ساڵ بە سەریان هێنابوون.

بەڵام شوکدارترین دیمەنی ڕاپەڕین و بە گشتی ڕۆژانی پەرەگرتنی شۆرش کە سەرنجی هەمو بینەرێکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا پەیوەندی خۆ بە خۆی نیوان خەڵک بوو. ئەو هاوپشتی و ڕوحی خوشک و برایەتییە کە لە نیو خەڵک دا شەپۆلی دەدا، پێشتر قەت نەبینرابوو. دەتگوت هەموو خوشک و برای بربەرپشتی یەکترن. دەرگای هەر مالێکت دەکوتا بە گەرمی بەڕەو پیرت دەهاتن دەتگوت هەر لەو مالە لە دایک بووی. دەچوویە نیو هەر کۆڕ و کۆمەلێک وەریان دەگرتی، دەتگوت ئاشنای لە مێژینەیانی. گوێیان دەدایە قسەکانت و دەبوونە شەریکی قسە و ڕاوێژت و دلسوزانە هەڵەیان بۆ ڕاست دەکردیەوە. ئەگەر لە خیابانێک هەلەنگووتبای و کەوتبای و داوای یارمەتیت کردبا دەیان دەست دەهاتن بۆ هەستاندنەوەت

دەتگوت منالیکی تازە پی گرتووی. ئەگەر ناڵەنالی ئیش و ژانێک دایگرتبای دەیان کەس لە ئامیزیان دەگرتی دەتگوت هەموو بوونەتە دایک و باوکت. کاتیک داوای ئاوت کردبا دەیان کەس وەلامیان دەدایەوە و دەتگوت ئەمانە هەر ئەو کەسانە نین کە پێشتر بۆ پەرداخە ئاوێک دەبوو لە پێشدا پارەیان پی بدەی و هیشتا بەلالووتیکەوە جوابیان دەدایەوە یان لە خیابان ئەگەر شانت لە شانیان کەوتبا هەر لەوی جنیو بارانیان دەکردی وە یا هەزار چاو لیت زیت دەبوونەوە کە هەر لە مەیدانی کار چون هەقدەستی ڕۆژێک قورەکاری و فەعلەییت لی برفینن و بەروکیان پی دەگرتی و لە تەختی عەرزیان دەدای... ئەو ڕۆژانەی بەسەر چوو بوون ئینسانی تر لە دایک ببوون. ئیتر غەریبی و بی کەسی مەعنای نەبوو. دەکەوتیەوە بیر قسەکەی مارکس کە دەیگوت ئەم نەزم و نیزامە، ئینسان لە ئینسانەتی دەخا. لە جیگایەک کە هەموو شتیک بۆ گورینەوەیە و دەبێتە پارە، کەسایەتی و ئەخلاقی بەشەر لە نیو دەچی و دەبێتە کالا و دەکەردری و دەفرۆشری. پەیوەندی کۆمەلایەتی نیوان ئینسانەکان دەبێتە پەیوەندی نیوان شت و مەک و بەشەر تووشی ناموپی دەبی و لە زاتی خۆی، لە خۆی بیگانە دەبی...

بە خۆتت دەگوت ئەگەر تەنیا تەکانیکی ئاوا بچووک لەم نیزامە جەهەننەمییە بتوانی ئاڵ و گۆڕیکی ئاوا گەورە لە ماوەیەکی کورت دا لە ڕەفتاری خۆ بە خۆی نیوان ئینسانەکان دا پێک بینی بە لە ناو بردنی ئەم نیزامە چیها ئارەزوو دێتە دی. ئەگەر بە لە بیر بردنەوە و فەراموش کردنی بەشیک لەو دوژمنایەتییە کە ئەم نیزامە لە نیوان ئینسانەکان دا پێکی دینی ئەم هەموو ڕوحی هاوپشتییە بجەملی، ئەو کاوت کە کۆمەڵی چینایەتی نەمینی و ریشەی ڕقەبەری و دژمنایەتی نیوانی ئینسانەکان بە یەکجاری وشک بی، چ دەبی ... لەو ڕۆژانە دا دەت توانی و دەبی پایەدار و بەردەوام بی بە چاوی خوت ببینی چونکوو لەو ڕۆژانەدا بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی پێشتر خەڵک بۆ خرید و فرۆش نەدەهاتنە خیابانەکان! لەو ڕۆژانەدا دەکرا هەموو ناباوەرێک حالی بکەی کە خولقاندنی ئینسانی نوی ئەو ئینسانە کە چینی کرێکار بە شۆرشی خۆی موژدەی خولقانی دەدا خەون و خەیال نیە. حەقیقەتیکە چاوەروانمانە.

لە بارەی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین و بە گشتی ئەو دەورەیەی خەباتی شۆرشگێرانەی خەڵک کە بە ڕاپەڕین گەیشتە ئەوپەری خۆی، زۆر قسە بۆ کردن هەیە. هەر کەس ئەو ڕۆژانەی تەجرەبە کردبی لە هەر لەحزەیەکی بیرەوەرییەکانی و لە هەر شتیک کە دیتوویەتی و فیری بووە گەلیک قسە بۆ گیرانەوە هەیە. ئەم ڕۆژانە کە ساڵرۆژی ڕاپەرینە، لە شەوانی سارد و دریژی زستان دا نەک هەر مەجالی قسە کردن و گیرانەوەی ئەم بیرەوەرییانە و کۆبوونەوەی خیزانی مال لە تاقە ژووری گەرمیان دا یان لە لای کورسی دەست دەکەوی بەڵکوو دەرک و دیوار ئەم بیرەوەرییانە زیندوو دەکەنەوە. ڕۆژنامەکان باسی ڕاپەرینی "ئومەتی موسولمان" دەکەن. لە جیاتی حەقیقەت باسی "حەماسە و قارەمانەتی ئایەت اللەکان" دەرخواردی خەڵک دەدەن. باسی "موعجیزەکانی ئیمامی ئەم سەردەمە" و ڕابەری وشیارانەی دەکەن کە چون "تاغوت"ی بە چوک داهێنا. باسی ئەوە دەکەن چون کاتیک "دێو" هەلات، "فریشتە" جێگای گرتەوە، باسی ئەوە دەکەن کە سیحری "اللەاکبر" چ هێزێکی خولقاند و چون وینەی سەیدی گەورە کەوتە سەر مانگ. لە مەدرەسەکان خوشکانی زینب و برایانی حیزب اللە، بەبی هیچ شەرم و شکوبەک، میشکی منالانی ساویلە پردەکەن لە بیشەرمانەترین خورافە کە هەموویان لەم دروو فیشالە ئاشکرایانەیان سەیرترن. بۆیە گیرانەوەی واقعییەتەکان بەو جۆرە کە خەڵک خۆیان دیتوویانە و لەقاودانی فیشال و درو و دەلەسەی دوینی و ئەمرۆی ئەم چاوبەستانە پێویستە. بە تایبەت ئەوە لە هەموو شتیک پێویست تەرە کە ئاگامان لە منداڵەکانمان بی. منداڵەکان تەنانەت ئەوانەش کە ئەمساڵ خوێندنی مەدرەسە تەواو دەکەن لە ڕۆژانی پر هەڵس و کەوتی ڕاپەرین دا هیشتا زۆر بچووک بوون. لە ڕۆژانی ڕاپەرین، هەر تارمایی‌یەک لە هات و چوکان و خەڵکی ناوکولان و قسەی گەرم و گۆڕی خیزانی مالیان لە بیرە. ئەوەی پێیان وایە لە شۆڕشی ئێرانی دەڵین هەر ئەو کارانە دەگەیەنن کە پێشتر لێیان قەدەغە کرابوو. کونەپەرستان و لایەنگرانی حکوومەت بەو وەزعە دەڵین هەرج و مەرج و "هەر کەس هەرکەس" و "پاشاگەدانی" و تف و لەعنەتی دەکەن. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە بەڕێوچوونی ئیرادە و قودرەتی خەڵک شکلیکی دیاریکراو و پایەداری نیە، ئەم دیموکراسییە دیموکراسییەکی واقعی‌یە. ئەم دیموکراسییە حاسلی خۆڕێکخستنی خەڵک و ئیرادەی هاوبەشیان بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلاتی خۆیان نیە بەڵکوو بەکردەوە حاسلی کشانەوە و لە مەیدان چوونە دەری ئەو دەسەلاتەیە کە پێشتر بە سەر سەریانەوە بوو، وەزوربەی ئەندامانی کۆمەڵی کێشابووە ژێر رکیفی خۆی. ئەم دیاردەیە بە هەموو کەم و کووڕی‌یەکانیەوە و سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بە شیوەی ناشیانە کە خەڵک لە دیموکراسی چاوەروانیان دەکەن و بە لایانەوە خۆشەویست و بەنرخن، خودی دیموکراسی‌یە کە لە دایک بووە. هیچ مەوجوودیک کاتیک لە دایک دەبی کامل و بالغ نیە و لە وڵاتانی وەک ئێران دا کە ئەم کورپەیە لە نیو خوێن دا لە دایک دەبی نە ناچار پاش چاوکردنەوەی، خۆشی هەندیک گیروگرفت پێک دێنی. نەتیجە کە دەبێتە ئەوە کە

دەبی باسی تایبەتی‌یەکانی ئەو وەزعییەت و هەلومەرجە بکەین کە بە تەواوی جیاوازی‌یان هەبوو لەگەل وەزعییەت و هەلومەرجی ئێستا. جیاوازی‌یەکەش ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر کەسیک هیچی لە بارەیەوە نەبیستبی و لە کتێبەکان دا نەیخوێندبیتەوە سەری لێی سور دەمینی. بە تایبەت چونکوو لە کۆمەڵیک دا کە ژانی لە دایک بوونی شۆڕشیک گرتوویەتی ئاڵ و گۆڕەکان ئەوەندە بە خیرایی ڕوو دەدەن کە ئەگەر کەسیک سەر لە منتقی ئەم ئاڵ و گۆڕانە دەرنەکا بەلایەوە شتیکی سەیر دەنوینی. کاتیک جەماوەری میلیونی خەڵکی زۆرلێکراو نارەزایەتی خۆیان لە حکوومەت دەر دەبڕن و بەگژی دا دەچن، وە کاتیک حکوومەت پاش هەموو تەقالایەکی خۆی بە سەرکوت کردنی خەڵکی وەگیان هاتوو، پاشەکشە دەکا و بەم جۆرە بە خەڵک نیشان دەدا کە ناتوانی پێش بەم شەپولە ئیعتیرازی‌یە بگری، لە ناکاو بەند و بناوانیک دەشکی و لافاویک دەکەوێتە ڕی کە هەر لە یەکەم لرفەی خۆی‌دا پیرۆز بوونی قانوون و ئوتوریتەی حاکمان و مەشروعییەتی قودرەتیان و هەروەها قەناعەت و تەحەمولی جەماوەری ژیر دەستە ڕادەمالی و کاتیک خەڵک بەڕەوپێشتر دەچن، دەسەلاتە بە تەواوی لە سەربانی کاخ و کوشکەکانەوە فری دەدرێتە ناوراستی خیابانەکان و بە جۆرێک ورد دەبی کە هەر کەس لەوە نەترسی بەشیک لەو دەسەلاتەی هەبی، بەشی خۆی لی هەڵدەگرێتەوە. بەم جۆرە کاتیک بناغەکان و دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی فشار و خەفەقان زەبری وی کەوت، خەڵک بە هێز دەبن و خۆ لە هەموو ئەو کارانە دەگەیەنن کە پێشتر لێیان قەدەغە کرابوو. کونەپەرستان و لایەنگرانی حکوومەت بەو وەزعە دەڵین هەرج و مەرج و "هەر کەس هەرکەس" و "پاشاگەدانی" و تف و لەعنەتی دەکەن. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە بەڕێوچوونی ئیرادە و قودرەتی خەڵک شکلیکی دیاریکراو و پایەداری نیە، ئەم دیموکراسییە دیموکراسییەکی واقعی‌یە. ئەم دیموکراسییە حاسلی خۆڕێکخستنی خەڵک و ئیرادەی هاوبەشیان بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلاتی خۆیان نیە بەڵکوو بەکردەوە حاسلی کشانەوە و لە مەیدان چوونە دەری ئەو دەسەلاتەیە کە پێشتر بە سەر سەریانەوە بوو، وەزوربەی ئەندامانی کۆمەڵی کێشابووە ژێر رکیفی خۆی. ئەم دیاردەیە بە هەموو کەم و کووڕی‌یەکانیەوە و سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بە شیوەی ناشیانە کە خەڵک لە دیموکراسی چاوەروانیان دەکەن و بە لایانەوە خۆشەویست و بەنرخن، خودی دیموکراسی‌یە کە لە دایک بووە. هیچ مەوجوودیک کاتیک لە دایک دەبی کامل و بالغ نیە و لە وڵاتانی وەک ئێران دا کە ئەم کورپەیە لە نیو خوێن دا لە دایک دەبی نە ناچار پاش چاوکردنەوەی، خۆشی هەندیک گیروگرفت پێک دێنی. نەتیجە کە دەبێتە ئەوە کە

کەسانیک کە تی‌ناگەن دیموکراسی ڕێکخراو و پایەدار تەنیا هەر لە ڕێگای تحول و ئاڵ و گۆڕی بەڕێوە چوونی ئیرادەی جەماوەری و هەر لە جەرگەی ئەم ئاخیزانەی خەڵک لە کوت و بەند ڕزگار بوودا دەتوانی شکل بگری، تووشی ترس و نیگەرانی دەبن و بە پێچەوانەی ویستی خێر خوازانەیان واز لە دریژە پێدانی خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ دیموکراسی دینن. بەم جۆرە ڕوشن نەبوونی ئاسوی بەرەوپێش چوونی ئاخیزی شۆڕشگێرانەی خەڵک، لە کردەوەدا بە خیرایی هێزی بزوینەری ئەو ئاخیزە تووشی دامرکانەوە دەکا و بزووتنەوەکە تووشی وەستان دەبی.

لە پێشدا دەبی خودی ئەم ئازادی‌یانە بە ڕوشنی دیاری بکرین کە تەنانەت ئەگەر کاتیش بن دیسان هەر ئازادین و مەجالیکی بەنرخ بۆ ئەو چینە شۆڕشگێرە دەرەخسێنن کە ڕێگای بەڕەوپێش چوونی خوی دەزانی. دەبی بە دوور و دریژەی و بە وردی باسی ئەو هەل و دەرفەتانە بکری کە بۆ خەڵک هەڵدەکەون. ئازادی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، ئازادی ڕێکخراوەیی، ئازادی تێکۆشانی سیاسی، ئازادی تەسمیم گرتن لە سەر کاروباری گرینگی کۆمەڵ، هەموو ئەمانە کە لە ڕۆژانی ڕەشی حکوومەتی مەزهەبی دا بە خەونیش نابیندرین، دەبی باسیان بکری. نەک تەنیا لە بەر ئەوە کە "وسف العیش، نسف العیش"ە بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ئەو کەسە کە تەنانەت تامی ئازادی نەچەشتوە وینەیەکی ڕوونتری لەبەر چاو بی و پێی وانەبی دنیا هەمیشە هەر ئاوا تاریک دەمێنێتەوە. دەبی ئەمانە باسیان بکری هەتا قەدری خۆی و ئەوشتانە کە شیاوی ئینسانن بزانی و بەکەم ڕازی نەبی و کەلاو نەچیتە سەری. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەم شتانە بۆیە باسیان بکری هەتا تایبەتی‌یەکانی ئەو هەلومەرجە ڕێگای دریژە پێدانی و شیوەی تێکۆشانی سەمەربەخش لەو هەلومەرجەدا کە بەتەواوی جیاوازی هەیە لەگەل هەلومەرجی ئێستا، هەر لە پێشدا بزانن.

تایبەتی‌یەکی ئەو دیموکراسی‌یە کە تازە لە دایک دەبی ئەوەیە کە هیشتا لە دایکی جیانەبووەتەوە. یانی لە هەلومەرجیک دا کە ئازادی لە بەر ئەوە وجوودی هەیە کە هێزیکی بان سەری خەڵک نیە کە پی‌شیلی بکا، ئازادی هەمیشە و لە هەموو شوینیک نیە. لە هەر جێگایەک خەڵک حوزووریان هەبی ئازادی هەیە و لە هەر جێگایەک حوزووریان نەبی ڕەنگە ئازادیش نەبی. ئازادی بلاو کردنەوەی کتێب هەیە و کتێبی قەدەغە کراو هەزار هەزار لە ژیر چاپ دێنە دەر بەڵام ئەگەر کتێب فرۆش و چاپچی بە تاق بکەونەوە تەنیا بن، ڕەنگە بە خۆیان و منداڵیانەوە هەر لە نیو کتێبەکان دا ئاگریان تی بەردری، ڕێک لە حالیک دا کە سەد میتر لەو لاتر کۆبوونەوەیەکی گەورەی خەڵکی خەباتکار خەریکی سرووت خوێندنە. کونەپەرستیش لەو هەلومەرجەدا لیبراوانە دەجوولێتەوە. دیموکراسی هیشتا وەک مەوجوودییەتیک کە خۆی، خۆی بپاریزی وجوودی نیە و لەم ڕووەوە ئازادی تەنیا لەو جێگایە هەیە کە خەڵک لە مەیدان دا بن. ئەم هەلومەرجە لەبارترین و موساعیدترین مەیدان بۆ تێکۆشانی ئەو بەشانە لە خەڵک دەدا کە هاوپشتی و یەکگرتوویی‌یەکی پتەوتر و بەرینتریان لە نیوان دی هەبی. ئەو گوروهانە کە ڕێکخراوتر و پر جەمعییەت ترین تەئسیریکی چارەنووس سازیان لە سەر ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکان هەیە. لەو هەلومەرجەدا پەیوەندی یەکگرتوانە و تەشکیلاتی تەئسیریکی سەد لانە زیاتری دەبی. ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانە کە لە سەردەمی خەفەقان دا بە زەحمەت کاریکیان لە دەست دەهات لەو هەلومەرجەدا بە پێچەوانەی ئەمڕۆ کاری گەورەیان لە دەست دی و پاداشی زەحمەتی ڕۆژانی دژواری تێکۆشانی نهینی یان وەر دەگرنەوە. بەڵام ئەگەر کیشەی نیوان مەیل و بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان هەر تەنیا لە چوار چێوەی کیشەی نیوان ئەو گوروە و کۆڕ و کۆمەڵانەدا بمێنیتەوە کە فی الحال یەکگرتوون، زۆری پی ناچی کە دیسان هێزەکانی کونەپەرستی دەبنەوە مەیداندار. چونکوو خەڵک لە هەلومەرجی خەفەقان و دیکتاتوری‌دا لە ئیمکانی ڕێکخراو بوون و پێک هێنانی پەیوەندی هاوپشتی خەباتکارانە و ئامانج پەروەرانە لەگەل یەکتر مەحروومن و بە ڕادەیەک کە ڕادیکالیزمیکی زیاتر لە خۆ نیشان بدەن، حەرەکەت و هەنگاو نانیان بەرەو خۆ ڕێکخستن، لەگەل زەبر و زەنگیکی سەرکوت دەکری. لە حالیکدا جەریاناتی خۆ پاریز و کونەپەرست تەنانەت ئەگەر ڕەخنەش لە حکوومەتی دیکتاتوری بگرن، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی میژوویی هاوبەشیان هەیە، ئیمکانیان پی دەدری لە حاشیەی دەسەلاتی ڕەسمی و جیگیر بوودا، نەشوو نما بکەن و هەتا ڕادەیەکی دیاریکراو بە خۆیان دابین و خۆ ڕێکخەن. بەم جۆرە کاتیک دەزگای ئەسلی و ڕەسمی سەرکوت بە شوین ئاخیزی شۆڕشگێرانەی جەماوەری خەڵک دا لە کاردەکەوی و لەبەر یەک دەترازی و هەلومەرجی تێکۆشانی ئازادانەی سیاسی پێک دی، بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتی‌یەکان کە ناچار لەو هەلومەرجە شۆڕشگێرانەیەدا بە شیوەی سیاسی دینە مەیدان، هەڵوێستیکی یەکسانیان نیە. جەرەیانات و بۆچوونە کونەپەرستانەکان ڕێکخراوتر و یەکگرتووترن و بەم بۆنەوە کاری زیاتریان لە دەست دی و بۆچوونە ڕادیکال و

شۆرشگێڕەکان سەرەڕای ئەوەی ژمارەی لایەنگرانیان زیاترە، پڕژ و بلاوترو ناڕێکخراوترن و بەم بۆنەوە لاوازترن. کاتیک بیرەوەرییەکانی ڕابەرین وەبیر خۆتان دەێننەوە، دەبی ئەم دیاردەیە بە وردی و بە هەموو نموونە واقعییەکانی ئەو دەورەیەوە تەوزیح بدەن. بڵێن حکوومەتی شا ئەگەرچی حکوومەتێکی فەرەنگی باو بوو، ئەگەرچی شەپکە بەسەر بوو، وە بە ڕواڵەت نیوانی لەگەڵ مەزهەب و ڕێکخراوە مەزهەبییەکان خۆش نەبوو بەڵام بە ئاشکرا و دوستانە لەگەڵیان سازابوو. پەروەردەی ئایینی هەر بەم مەعنایەی ئەمڕۆ بەشێک لە دەرسەکانی مەدرەسە بوو. جگە لەمە مەدرەسە و زانکۆی تایبەتی مەزهەبی و ئیسلامی هەبوون و ئەو موسولمانانەی ئاگریان تووند بوو سەرەڕای ئەوەی بەرانبەر بە دەربار و حکوومەت قسەیان دەکرد ئیمکانیان هەبوو هەر لە ژێر ئەو ئالا ئیدئولوژیک و سیاسییەدا لە دانشگاکان بە ناوی ئەنجوومەنی خوێندکارانی موسولمان، کتێبخانە و کۆر و کۆمەڵ و نوێژگەی خۆیان دامەزرینن. گەرەکە فەقیر نشینەکان پر بوون لە "حسینیە" و تەکیە و "هەیئەتی منتزرینی مهدی" کە لە نیویان دا ئەنجوومەنی دژی بەهایی گەری و ڕێکخراوی دەستە راستی و فاشیست بە بوچوونی ئاشکرای پان ئیسلامیستییەوە فەعالییەتیان دەکرد. بە کردەوە دەوڵەت و ئیدارەی ئەوقاف خەرجی ئەم جەماعەتەیان گرتبووە ئەستو چونکوو فەعالییەتی ئەوانە کە خەریکی بلاو کرنەوەی خورافە و تەحمیقی جەماوەر بوون ڕاستەوخۆ لە خزمەت پاراستنی بناغەکانی حکوومەت دابوو، وە حکوومەتیش ئەمەی دەزانی و بەم بۆنەوە لە باری ڕەخنەگرانەی ئەم جەرەیانە کە جار و بار بە ئاشکرا خۆی دەنواند چاوپوشی دەکرد و مودارای لەگەڵ دەکرد و لێی وەجواب نەدەهات. کاتیک ڕووخاندنی حکوومەت بوو بە مەسەلەی ڕۆژانەی هەموو خەڵک، ئەم جەماعەتەش هەر لەو هەڵوێستە ڕاست ڕەوانەیەوە بەشێک بوون لە بزووتنەوەی خوازیاری ڕووخانی حکوومەت و یەکیک لەو هویانە کە دەوری هەبوو لەوەدا کە ئەمانە بتوانن خۆ لە پەلاماری تیک شکێنەری خەڵک بپارێزن هەر ئەمە بوو.

کاتیک دەزگای ڕەسمی سەرکوت بە ئەندازەی کافی تیک شکێندرا و ئیتر پولیس و ئەمنییەیەک نەما کە پێش بە کۆبوونەوە و سوخەنرانی و چاپەمەنی بگری، یانی پێش بە پەرەگرتنی شۆرشگێڕانەی دیموکراسی بگری، هەر لە سەرەتاوە هەر ئەم جەرەیانە مەزهەبییە دەور و ئەرکی ئەوانی گرتە ئەستو و ریک لەبەر ئەوە کە هەر لە پێشەوە لە گوروهی یەکگرتوو پێک هاتبوو سەرەڕای کەم بوونی، توانی ئەم ئەرکە بە باشی بەڕێوە بەری. هەر لە ڕۆژانی گەرمەی دەسەلاتدارەتی خەڵک دا کە هیچ پولیسیک نەی دەویرا تەنانەت لە حەمامی مالەکەی خوشیدا یونیفورمی ئاریا میهری بکاتە بەر، هەر نوینەرانی ئەم جەرەیانە کونەپەرستە ئیسلامییە بە ژمارەی کەموە دەیانتوانی کۆبوونەوەی گەورەی خەڵک تیک بدەن و بی دەنگەیان پی بکەن. ئەمە کاریک بوو کە بە پێی قاعیدە ئەرکی پولیس بوو. ئەم توانایییە بە هۆی هاوپشتی و یەکگرتووبوونیان بوو نەک لەبەر زۆربوونیان.

لە ڕاپەرینی داهاتووی خەڵکیش دا لە دژی حکوومەتی ئیسلامی خەڵک نارژینە نیو مالی سەلتەنەت تەلەبەکان و موجاهیدین و ناسیونالیستە تۆخەکان چونکوو ئەمانەش موخالەفەتی جمهووری ئیسلامی یان کردوە و لەم ڕێگایەدا لییان کوژراوە و ئیعدام کراوە. خەڵک تەنانەت لە چەکدار بوون و لە چوونە سەر دیواری جەماران و لە گرتنی کومیتەکانی سپای ئیسلام مەنعیان ناکەن و تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی ڕژیم هەروەک جاران تێکۆشانیکی جەماوەری و گشتی دەبی کە هەموان بەشداری تیدا دەکەن. بەڵام ئەو کرێکارە وشیارانە کە بە شوین سەرکەوتنەکانی ڕاپەرین دا دەیانەوی بە ئالای سووری خۆیانەوە بێینە مەیدانی شار هەتا بە کرێکارانیتر بڵێین کە چیان دەوی دەبی لە پێشدا ئەوە بزانن کە کاتیک حیزب اللە و سپای پاسداران تەفروتونا کرابی و ئیتر نەتوانن ئالای سووری کرێکاری داگرنەخوارەوە، لایەنگرانی عزمت خوازی ئێران بە ئالای سێ ڕەنگیانەوە خیرا ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستو. چونکوو ئەوان لەگەڵ ئێمە فەرقیان هەیە و جمهووری ئیسلامیش بە باشی ئەمە دەزانی و تەنانەت لەو پەری دەسەلاتی خۆی دا قەت نەی ویستوە تەفروتوونایان بکا. یانی ئەوە کە ئەوان بە شیوەی ڕێکخراو دێنە مەراسمی جەژنی لە دایک بوونی ئازادی و ئەگەر ئێمە نەجوولینەوە ڕەنگە دەستیان وەپێش خەن. نەک لە بەر زۆربوونیان بەڵکوو لەبەر ئەوەی نەغد و حازر ڕێکخراوی خۆیانیان هەیە.

کەوایە هەر وەک باسی کرا و ڕاپەرینی خەڵک نیشانی دا ئەگەر لە ڕۆژانی ئازادی سەر و بەندی ڕاپەرین دا، بەرانبەرکیی بۆچوونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە چوار چێوەی بەرانبەرکی ئەو گرووە و ڕێکخراوانەدا کە نوینەری ئو بۆچوونانەن بمێنێتەوە، کونەپەرستی گوی ئەم مەیدانە دەرفینی و دەیباتەوە. گرووە و ڕێکخراوە ئوپوزیسیونە خو پاریز و کونەپەرستەکان کە لە حاشیەی دەسەلاتی حکوومەتی سەرەرودا مەوجوودییەتی خۆیان پاراستوە هەر بە هێزی ڕێکخراو بوونی خۆیان دەبنە مەیداندار و هەر کە لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەدا و لە دامرکاندنەوەی ڕەوتی ئاڵ و گۆڕی دیموکراتیکی کۆمەڵدا یەکەمین سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، توانایی هەموو دوژمنانی شۆڕش لە کۆمەڵدا لە خۆیان دا کودەکەنەوە و دوژمنانی شکست خواردووی شۆڕشیش پشتیوانی یان لی دەکەن. وە ئەمە سەرەتای مەراسمی ئەسپەردە کردنی شۆڕش و کۆڕپە تازەکەی یانی دیموکراسییە.

ئەگەر دیموکراسی لە سەرەتای لە دایک بوونی دا تەنیا بە دەخالەتی هەلسووراوانەی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک دەتوانی دریژە بە ژیانی خۆی بدا، ئەو جەرەیانە کە دیموکراسی بۆی حەیاتییە، هیچ چارەیەکی جگە لەوە نیە کە خیرا و بی هیچ ڕارایییەک هەرکات وەزعییەت و هەلومەرج ئیمکانی پی دا دەست بداتە هەڵخراندن و کۆکردنەوەی بەرینترین کۆمەڵانی خەڵک کە خوازیاری ئاڵ و گۆڕی ڕادیکال و شۆرشگێڕانەن لە نیو کۆمەڵدا، وە ئەو جەماوەرە لەو ئورگانانەدا کە بتوانن زامنی بەڕێوەچوونی ئیرادەی هاوبەشیان بن ریک بخا هەتا لە هەرهەنگاویک دا کە دیموکراسی بەرەوپێش دەچی خەڵک خۆیان بە دانستە و وشیارانە ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانیان وە ئەستو بگرن. دیارە جەوهەر و ماهییەتی هێزیک کە دەتوانی دەست بداتە هەڵخراندنی شۆرشگێڕانەی خەڵک لەم نیوەدا دەور و جێگایەکی چارەنووس سازی هەیە. جیا لەم مەسەلەیە دەبی ئەوەش بڵێین کە ئەو جەرەیانە یان ئەو حیزبە سیاسییە کە شارەزای هەلسووڕانی جەماوەری و و ئاشکرا نەبی لە هەلومەرجی دیموکراسیدا بە گشتی و لە هەلومەرجی دیموکراسی دەورەی شۆرشگێڕانەدا بە تایبەت، هیچ کاریکی لە دەست نایە. لەو دەورەیەدا یەکە یەکەی خەڵک نەک هەر خاوەن بەڵکوو جگە لەمە بە پێی زەروورەتی دەورەی شۆرشگێڕانە هەموویان هەلسووراو و دەخالەتگەڕن و بە دەگمەن وا هەل دەکەوی کە خۆیان بینە دواوە و ئیختیار و چارەنووسی خۆیان بسپێرنە دەست نوینەریک هەرچەند نوینەری ڕاستەقینەی خۆشیان بی. بەم جۆرە، هەموو حەرەکەتیک بە تێکرایی و دەستەجەمعی دەکەوێتە ڕی. نوینەری خەڵکی شۆڕشگێڕ لەو هەلومەرجەدا تەنیا دەتوانی ڕابەر و ئاژیتاتوریکی جەماوەری بی، یانی کەسیک بی کە بتوانی نوینەر بوونی خۆی لە هەموو دەقیقەیەک دا و لە هەموو هەنگاویکی بەرەوپێش چوونی خەڵک دا بە خەڵک ئیسبات بکاتەوە. ئەم لێهاتوویییە لە ڕابەری کردنی جەماوەردا بە ڕادەیەک گرینگە کە هەر تاکە کەسیک خاوەنی ئەم لێهاتوویییە بی لە چاو تروکانیک دا زیاتر لە هەموو ئەو ڕێکخراوە لە میژینە و پێشینەدارانە کە ئەم لێهاتوویییەیان نیە بەرەوپێش دەچی. یەکیک لە دژواریەکانی تایبەتی ڕابەرانی جەماوەری لە وەرەوڕەیەدا ئەوەیە کە لە جەرگەی ڕەقابەتیکی توند دا لەگەڵ گەلیک حەریفیتر، دەبی بتوانی حەرەکەتی جەماوەری لەسەر ڕەوتی دریژەپێدانی شۆڕش بەرەوپێش بەری. بە خۆشییەوە لە ڕاپەرین و شۆڕشی داهاتوودا ئاژیتاتورەکان و ڕابەرانی شۆڕشگێڕی جەماوەری ناکەونە داوی موزاحەمەتی خیلی بەرینی فریوکارانی شارەزا و خاوەن تەجرەبە یانی ئاخوندەکان کە لە خەلەتاندن و گومراکردنی خەڵک دا بە شێوەی "گوبلز" زۆر شارەزان، چونکوو خودی ئەو هەلومەرجە پێویستی بەوە هەیە کە لە یەکەم هەنگاودا ئەمانە تارومار کرین و ڕابەرانیان ئیعدام کرین. گیروگرفتیکیتر ئەوەیە کە ئاژیتاتورە بورژواکان و بە گشتی کەسانیک کە لە ڕابوردوودا نەزمی دلخوازی خۆیانیان تەجرەبە کردوە تەنانەت ئەگەر ڕێکخراویکی حیزبیش لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگی نەکردبن و پەیوەندی لە نیوانیان دا پێک نەهینا بی، لیک نزیکتر و مەیلیبان بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر زیاترە، لە حالیکدا ڕابەرانی جەماوەری خەڵکی فەقیر و مەحروومی کۆمەڵ کە لە ڕابوردوودا نەیانتوانیوە وەک ڕابەر خۆنیشان بدەن و لەم بابەتەوە تەجرەبەی زۆریان نیە، لەوانە زیاتر لە دەست و پێی یەک دەهاڵین و دەبنە کوسپ لەسەر ڕێگای یەکتر و زەحمەتی یەکتر بە فیرو دەبەن. مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە لەبەر زۆر بوون و جۆراوجۆربوونی ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە کە بەڕۆکی خەڵکیان گرتوە و بە شێوەی ئاسایی چارەسەر ناکرین، وەلامیان پی بدرێتەوە. زۆربەی ئەم مەسەلانە، بەشیکی هەمیشەیی ئەم نیزامەن، یانی لە زاتی کۆمەڵی سەرمایەداری دان. تایبەتمەندی دەورەی شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زۆرلێکراو لە زەینی خۆیاندا ڕێگا چارەیەکی عەمەلی و هاوبەش بۆ ئەم مەسەلانە کە لە هەندیک دەورەدا ئیتر تەحەمول کردنیان لە تاقەت و توانا دا نامینی، دەدوزنەوە. دیارە شکل گرتنی ئەم تەسەورە گشتی و جەماوەریە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆڕیکی جەماوەریە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆڕیکی عەینییە لە نیو کۆمەڵدا و تەنیا لە خۆزگە و فیکر و خەیال و ئەم جۆرە شتانەوە سەرچاوە ناگری. لە لایەکیترەوە ئەوەش ئاشکرایە کە مادام هەلومەرجی عەینی بە هەموو لایەن و دیاردەکانییەوە نەبێتە مایەی ئەم گورانە لە زەینی جەماوەردا و ئەم تەسەورە پێک نەهێنی، جەماوەر سەرەڕای هەموو ئەو مەینەتانەی بەروکیان پی گرتوە ڕەغبەت ناکا دەست بداتە کاری شۆڕشگێڕانە و ڕاستەوخۆ. بە وتەیەکیتر خەڵک هەتا ئالترناتیویان نەبی ڕاناپەڕن. ڕەنگە ئەوە کە فلانەیان فیسارە ئالترناتیو جێگیر دەبی هەر خەیال بی و هیچیتر بەڵام بە هەر حال ئالترناتیوەکە خۆی دەبی واقعییەتی هەبی. یەکەمین هەنگاوی هەر ئالترناتیویکی شۆڕشگێڕانە ڕووخاندنی حکوومەتە بەڵام مەسەلەکە کاتیک بە هەموو لایەنەکانییەوە خۆ سیاسی تەشکیلاتی جەماوەری دا لە هەلومەرجی ئاشکرا دا دەوریکی چارەنووس سازی هەیە و هەر حیزب و جەرەیانیکی سیاسی کە توانای ئەم کارەی نەبی لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا دەکەوێتە حاشیەوە، بەڵام ئەگەر حیزبیک ئەم توانایییەی هەبی ئەمە بە تەنیایی بۆ سەرکەوتنی بەس نیە. خەڵک بە شوین هیچ ڕابەریک دا تەنانەت ئەگەر لێهاتووترین ڕابەریش بی مادام نەزانن بەرەو کوێیان دەبا، هەنگاویک هەڵناگرن. بە تایبەت خەڵکی ئێران کە جاریک لە ڕابوردوودا سەرەڕای ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازییە کە کردیان بوونە قوربانی تی ڕادیوی و متمانە و ئیعتمادی نابەجێ، ئیتر فەقەت کاری واناکەن. دیارە جەماوەری ترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەش پێویستی بەڕابەری هەیە و بە بی ڕابەرییەکی شۆڕشگێڕی حازر و ئامادە، سەرەنجام بەوە ڕازی دەبی کە جۆرێکیتر لە ڕابەران چارەنووسی دیاری بکەن. بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر بەسەرکەوتن گەیشتنی دیموکراسی شۆڕشگێڕانەیە و پێویستە لەم ڕوانگەیەوەە لە سەر خاڵیکیتر تەئکید بکەین کە زانین و وەڵام پی دانەوەی بە هەمان ئەندازە حەیاتییە.

شۆڕش و ئاخیزی جەماوەری بە شکلی شۆڕشگێڕانە بۆیە ڕووەدا هەتا ئەو مەسەلە حەیاتی و نائاسایییانە کە بەڕۆکی خەڵکیان گرتوە و بە شێوەی ئاسایی چارەسەر ناکرین، وەلامیان پی بدرێتەوە. زۆربەی ئەم مەسەلانە، بەشیکی هەمیشەیی ئەم نیزامەن، یانی لە زاتی کۆمەڵی سەرمایەداری دان. تایبەتمەندی دەورەی شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زۆرلێکراو لە زەینی خۆیاندا ڕێگا چارەیەکی عەمەلی و هاوبەش بۆ ئەم مەسەلانە کە لە هەندیک دەورەدا ئیتر تەحەمول کردنیان لە تاقەت و توانا دا نامینی، دەدوزنەوە. دیارە شکل گرتنی ئەم تەسەورە گشتی و جەماوەریە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆڕیکی جەماوەریە خۆی حاسلی ئاڵ و گۆڕیکی عەینییە لە نیو کۆمەڵدا و تەنیا لە خۆزگە و فیکر و خەیال و ئەم جۆرە شتانەوە سەرچاوە ناگری. لە لایەکیترەوە ئەوەش ئاشکرایە کە مادام هەلومەرجی عەینی بە هەموو لایەن و دیاردەکانییەوە نەبێتە مایەی ئەم گورانە لە زەینی جەماوەردا و ئەم تەسەورە پێک نەهێنی، جەماوەر سەرەڕای هەموو ئەو مەینەتانەی بەروکیان پی گرتوە ڕەغبەت ناکا دەست بداتە کاری شۆڕشگێڕانە و ڕاستەوخۆ. بە وتەیەکیتر خەڵک هەتا ئالترناتیویان نەبی ڕاناپەڕن. ڕەنگە ئەوە کە فلانەیان فیسارە ئالترناتیو جێگیر دەبی هەر خەیال بی و هیچیتر بەڵام بە هەر حال ئالترناتیوەکە خۆی دەبی واقعییەتی هەبی. یەکەمین هەنگاوی هەر ئالترناتیویکی شۆڕشگێڕانە ڕووخاندنی حکوومەتە بەڵام مەسەلەکە کاتیک بە هەموو لایەنەکانییەوە خۆ دەنوینی کە جەماوەر بییەوی لەم قوناغە واوەتر بچی و خوگە و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆی وەدی بێنی.

لیرە وە یەکجی بەو نەتیجەیە دەگەین کە ئەو جەرەیانە کۆمەڵایەتییە کە بییەوی لە ئاڵ و گۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵدا دەوری هەڵسووراوانەی هەبی و جەماوەر لە شۆڕش دا بەرەو کۆمەڵگاییەکی عادلانە و عەداڵەتیکی سەقامدار بەری، دەبی وەلامی ڕوشن و ئالترناتیوی دیاریکراوی بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی کە جەماوەر دەیانەوەی لە دەورەی شۆڕش دا وەلامیان پی بدرێتەوە. ئەم ئالترناتیوانە چونکوو ڕاپەرین لە نیوەی ڕی‌دا مەجالی ڕاوەستان و بیر کردنەوە و گەلالە دارشتن بە هیچ کەس نادا. لە ڕۆژانی ڕاپەرین دا ڕوودەداوی چەندین سال لە ڕۆژیکدا، دەقەومین. ئەو جەرەیانە دیاریکراوە کە دەوری میژوویی ڕابەری کردنی حەرەکەتی سەرکەوتوانەی زەحمەتکێشان وە ئەستو دەگری دەبی ڕێگا چارە و ئالترناتیوی ئامادەی هەبی. ئەم ئالترناتیوانە دەبی عەمەلی و گونجاو بن. یانی لەگەڵ هەلومەرجی عەینی ژیانی کۆمەڵ و مەوجوودییەتی کۆمەڵ لەو سەردەمەدا بگونجین و لە لایەکیتریشەوە خۆدی ئەم ئالترناتیوانەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ یەکتر و تەکاملی یەکتر ساز گاربن. نوینەرانی ئەم جەرەیانە کە لەو ڕۆژانەدا بە ئاشکرا هەنگاو دەنینە پێش هەتا ڕابەری جەماوەر بە دەستوە بگرن دەبی بە ڕوشنی بزانن کە ئەگەر باقی کارەکانیان سەرکەوتوانە جیبەجی کران و جەماوەر موری تەئییدیان بە ڕابەرییەکەیەوە نا و سەلماندیان چ لەو خەڵکە دەکەن کە ئامادەن ڕابەری بکرین. بەرەو کوێیان دەبەن و بۆ وەلامدانەوەی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیک بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیان چلون پەروەردە دەکەن، فیریان دەکەن و ڕێکیان دەخەن. بەڵام بۆ ئەوە کە ئەم مەوقعییەتە بە شێوەی واقیعی وەدەست بهێنری یانی ئەوە کە نوینەرانی ئەم جەرەیانە ببنە ڕابەری تاقانەی جەماوەر ئەم ڕابەرە شۆڕشگێڕانە دەبی بتوانن بە قسە، بە دەلیل هێنانەوە و ئاژیتاسیون، بەرانبەر بە هەزاران حەریفیتر ، کە هەر کامیان بە ئالترناتیوی خۆیەوە و بە هێز و لەشکری خۆیەوە هاتوەتە مەیدان و بە پێی هەلومەرج باسی بەڕژەوەند و داخوازی جەماوەر دەکا، بە نیشاندانی حەقانییەت و ڕەوابوونی ئالترناتیوەکانی خۆی و وەلامدانەوە بە پێویستییەکان و ئارەزووەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو و بە ئیسبات کردنی فریوکاری و چاوبەست بوونی ئەو کونەپەرست و چەوسێنەرانە کە جل و بەرگ و ڕەنگ و ڕواڵەتی

خۆیانیان گوریوە، ئەمانە لە مەیدان دەرکەن و جەماوەر بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە لە رێبازیکی دروست دا دریژە بە رێگای خۆیان بدەن. ئەمە تەنیا لەو رێگایەوە ئیمکانی هەیە کە رابەرانی شۆرشگێڕی جەماوەری عەقیدە و بروایەکی قوولیان بەوە هەبی کە دەیلین و هەروەها بە روشنی و بە شیوەی عیلمی و منتقی و عەینی ڕەوا بوونی ئەو شتانە کە بە خەڵک دەگوترین ئیسبات بکەن ... هەموو ئەمانە بە مەعنای ئەوەن کە ئەو جەڕەیانەی بە حیزبییەتی خۆی لە دەورەی شۆرش دا ئەو دەورە مێژوویی یە دەگرێتە ئەستۆ، ناتوانی شتیک بی وەک کارگ لەو سەعاتەدا لە زەوی هەڵتوقی وە یا شتیک بی لە کاتی ڕاپەرین دا لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوار. بۆ وەدی هێنانی ئەو پێداویستییانە و ئەو هەلومەرجە دەبی هەر لە ئێستانە بە دانسە و وشیارانە خەریکی بین. لە رۆژی ڕاپەرین و شۆرش دا کەس فریای ئەم کارانە ناکەوی.

مەسەلەیەکی هەرە گرینگ و چارەنووس ساز کە حکوومەتیکی شۆرشگێڕ دەبی وەلامی شۆرشگێڕانەی پی بداتەوە و مەسەلەی ئابووریە، یان دروست تر ئەوەیە کە بڵێین مەسەلەی بەرهەم هێنان بە بەرینترین مانای خۆی. ڕووخاندنی حکوومەتی دیکتاتوری لە خوارەو را بە هێزی خەڵک، ئەگەر بۆ رزگار بوونی کۆمەڵانی میلیونی زۆرلێکراو و چەوساوەیە و مەبەستی دابین کردنی ئازادی و ئاسایشە بۆ یەکەیەکەی جەماوەری خەڵک، ناتوانی حەرەکەتیک بی کە تەنیا دەزگای دەوڵەتی تووشی ئاڵ و گۆر بکا. هەڵوەشاندنەوە و تیک دانی ئەرتەش و سپای پاسداران و کومیتەکان و زیندانەکان و تیک دانی بوروکراسی بان سەری خەڵک و کوتایی هێنان بە ژیانی دیکتاتوری و لە لایەکی ترەوە خۆرێکخستنی خەڵک لە هەندیک رێکخراوەدا کە خەڵک بتوانن بە هێزی ئەو رێکخراوانە قانوون دانین، بەرێوەی بەرن، لە مافەکانی خۆیان دیفاع بکەن، قەزاوەت بکەن، سزا بدەن، و بە کورتی بە سەرچارەنووسی خۆیان دا حاکم بن، ئەگەرچی ئەمانە هەرکامیان دەسکەوتیکی گرینگی ئازادی و دیموکراسین و چاوپوشی یان لی ناکری، بەڵام ئەم ئاڵ و گۆرانە لە چاو ئەو ئاڵ و گۆرە کە دەبی ڕووبدا هێشتا ئاڵ و گۆڕیکن کە ڕوالەتی مەسەلەکان دا، لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی ڕادەپەڕن هەتا ئازادی وەدەست بینن. ئەو ئازادییەیان بۆچییە و چ چاوەڕوانییەکیان لێی هەیە؟ دەیانەوی ئازاد بن کە چ بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر خەڵک خۆشیان نەتوانن بەیانی بکەن، ڕوشنە. ئەو مەینەتانە کە بە جۆرێک ئیش و ئازار دەگەیەننە موخی ئیسقانی خەڵک هەتا ناچار دەبن بە دەستی بەتال بە گژ حکوومەتیک دا بچن کە هەتا قورقوراچکەی خۆی لە چەک و چول دا نوقم بووە، ئەم مەینەتانەن کە پەیوەندییان بە ژیانی واقیعییەوە هەیە. بێکاری، برسیەتی، هەژاری و فەلاکەت، داماوی، نەخوشی، مەرگ بە هۆی نەداریەوە، ئەمانە هەموویان مەسەلەی واقیعین کە خەڵکیان وەگیان هێناوە و دیکتاتور ناهیلی خەڵک خۆیان چارەسەریان بکەن. خەڵکیکی تیروتەسەل و ئاسوودە کە هەتا ئاخری تەمەنی دریژیان بە سەلامەتی بژین و لە هەموو لەزەتیکی ژیان بەهرەمەند بن چیان لەوە داوە شۆرش بکەن و شۆرشیان بۆچیە؟ ئەو مەسەلانە کە زۆربەی خەڵکیان وەگیان هێناوە مەسەلەی ڕاستەوخۆی ئابووریین. هیچ شتیک لەو واقعییەتە ڕوشنتر و بەرچاوتر نیە. هەر ئەوەندە بەسە چاو لە خۆتان و کەسانی دەور و بەرتان بکەن و لە خۆتان بپرسن ئەم هەموو ماندووبوون و خوەرتاندنە ڕۆژتائیوارە بۆ چییە....

کۆمەڵانی مەحروم و بی بەشی خەڵک رادەپەڕن هەتا خۆیان "چارەسەر"ی گیرو گرفتەکانی خۆیان بکەن و هەتا کاتیک حکوومەتی کەمایەتییەکی چەوسێنەر و مفتەخور تیکەوە نەپێچن و حکوومەتی خۆیان دانەمەزرێنن، بەم ویستە ناگەن، بەڵام هەر کە بەوە گەیشتن، یەکەمین مەسەلە کە داوای چارەسەرکران دەکا چ بیانەوی و چ نەیانەوی، مەسەلەی ئابووریە. تەنانەت ئەگەر کەسیک بە لیکدانەوەی خۆی تی نەگا کە پێویستە مەسەلەی ئابووری وەلامی شۆرشگێڕانەی پی بدرێتەوە، لە پروسەی شۆرشی جەماوەری دا بە تەجرەبە بۆی دەردەکەوی ناچار ئەم کارە بکا. وە لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە تی دەگا بۆ ئەوەی دەسەلاتی بە دەستەوە بمینی و تەنانەت بۆ ئەوەی دەسەلات وەدەست بێنی، پێویستە ئالترناتیوی شۆرشگێڕانەی بۆ ئابووری هەبی.

شکلی خۆنیشاندانی ئەم پێویستییە لە ژیانی واقیعی دا ئەوەیە کە هەر کە جەماوەری خەڵکی چەوساوە دەولەتیان لی خست. موقاومەتی هەمەلایەنەی بورژوازی تەنانەت ئەو بەشانەی بورژوازی کە لە دەسەلاتی دەوڵەتی دا بەشدار نەبوون و ڕاستەوخۆ دەخالەتیان تێیدا نەبووە دەست پی دەکا و قودرەتی ئابووری دەس بە جێ دەبێتە چەکیکی سیاسی لە دژی حکوومەتی تازە پی گەیشتوو. کاتیک شۆرش دەست پی دەکا، بەرهەم هێنان ڕادەوەستی چونکوو کرێکاری بەرهەم هێنەر دەستی داوەتە چەک هەتا کوشکی دەسەلات بگری. ئەگەر نەتوانی دیسان ناچارە بگەڕێتەوە سەرکویلەتی یەکەی خۆی و تاوانی ئەم نافەرمانی و سەربزیوی یەی خۆی بداتەوە. بەڵام ئەگەر سەرکەوی و لەهەمان کاتدا نەش گەڕێتەوە شوینی کاری خۆی، قاتی و قری و برسیەتی زیاتر لە جاران بەرۆکی هەموان دەگری. کەوایە ناچار بە جل و بەرگی "شایەتی" بەوە بچێتەوە کارخانە، کاریش بکا و "شا"ی خوشی بی. بەڵام هیشتا بەرهەم هێنان نەکەوتوەتەوە گەر چونکوو ئەمجار خاوەنی کەرەسە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان مانی گرتوە! نەغدینەکەی خۆی لەگەل خۆی بردوە. هەرچی پارەی بوویەتی بردوویەتی بانکی سویس. دەفتەر و حیسابی خۆی شاردوەتەوە. کارخانەی لەو کەسانە کە کەرەسەی خاو ئامادە دەکەن و لەو کەسانە کە لە بازاردا حاسلی کار دەکرن دابریوە، ئیتر هیچ کەس ئەم چواردیواریە وەک کارخانە بە ڕەسمییەت ناناسی و حازر نیە قەراردادی لەگەل ببەستی. خاوەنی سەرمایە و کارمەندان و دەفتەردارانی سەروو خۆیان دزیوەتەوە بەڵام دەنگی نەفرەت لیکراویان لە هەموو شوینیک دەگاتە گوی کە بە قاقای شەیتانی ئەم وتەیەی "بنی‌سەدر" دووپات دەکەنەوە: "دەبی بەرهەم بینی گیانە! دەبی بەرهەم بینی"... لەو هەلومەرجەدا لە دوورێگا زیاترت بۆ نامێنێتەوە. یەکیان ئەوە کە خۆیان و حەت پشتیان بە لەعنەت کەی و لە ڕێگایەکی ترەوە بە بی ئەوان و تەنانەت بە بی ئەوەی پێویستیت بەوان بی، خۆت بە هێزی خۆت و باقی خەڵک وە بە پشتیوانی دەوڵەتەکەت، بەرهەم هێنان وەگەر خەی، کە ئەمە خۆی پێویستی هەر بەو ئالترناتیوە شۆرشگێڕانەیە هەیە کە دەبی لە پێشدا داریت کردبی. دووهەم ئەوە کە ڕەزایەت بەوە بدەی کە کارخانە هەر بە شکلی پێشووی بکەوێتە کار. ئەمجار "مانگرتووەکان" دەگەڕێنەوە سەر کار، یان خاوەن سەرمایەکان کاری چەوساندنەوە دەست پی دەکەنەوە. بەڵام هیشتا بەرهەم هێنان دەست پی ناکاتەوە، مەگەر ئەوەی خۆت جل و بەرگی کرێکاری بکەیتەوە بەر، یانی جل و بەرگی "شایەتی"یەکەت دا کەنی و هەڵیگری. لەمرووە ئیتر تەنانەت ئەگەر بتەوەی جارو بار سەریکی مقەری حکوومەت بدەی دەبی کارفەما ئیجازەی مەرخسیت پی بدا!بەم جۆرە هەرچی ڕستووتە دەبێتەوە خوری! دیسان هەمان ئاش و هەمان کاسە! کرێکاری و چەوسانەوە و....

دەسەلاتی دەوڵەتی هەرچەندی ئاڵ و گۆڕی تێدا پێک بهێنری مادام ئابووری، یانی ئەو مەسەلەیە کە ڕاستەوخۆ بەڕۆکی بە کۆمەڵانی خەڵکی هەژار گرتوە دەستی لی نەدری، لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکەوە پووچ و بی حاسلە. تەنانەت ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی خوزگە و خۆش ویستنەوە چاو لە دیموکراسی بکەین، داواکردنی دیموکراسی لە حالەتیک دا کە ئەو موناسەباتە زۆربەی خەڵکی هەژاری کۆمەڵ دەنێتە ژێر چنگی کەمایەتییەکی چەوسێنەر و خاوەن سەرمایە، ئیددیعایەکی بی مەعنایە. قسەی پووچە. ئەو خەڵکەی بۆ وەدی هێنانی ئازادی و دیموکراسی و ئاسایشی گشتی شۆرش دەکەن هیچ چارەیەکیان نیە جگە لەوە کە پاش ڕووخاندنی حکوومەتی ستەمگەرانەی چەوسێنەران و دامەزراندنی دەسەلاتی خۆیان، ڕێگای شۆرشی بی وچان بگرنە بەر. ئەگینا ئەوا دیسان ئازادی خۆیان لەوەدا دەبێننەوە کە کەسانی تر بە دەسەلات بگەن؟ ئایا بە دوای ڕاپەڕینی داهاتووش خەڵک جلەوی دەسەلاتدارەتی دەدەنە دەست ئەو کەسانە کە لە چاوبەستن دا شارەزاترن؟ ئایا دیسانیش خوشباوەرانە ئەو بە مەجلیسی "موسسان" و مەجلیسی "خبرگان" دەسپێرن کە دیاری بکەن خەڵک چ مافیکیان هەیە؟ ئایا قەڕارە دیسانیش گیانبازی و فیداکاری خەڵک ببێتە هۆی بە دەسەلات گەیشتنی دوژمنانیان؟ ئایا لە شۆرشی داهاتووش دا ژمارەیەک تەردەست و چاوبەست خەڵک دەنێرنەوە مال و بە ناوی "شۆرش"ەوە دیانکێشنە ژێر رکیفی خۆیان؟ دیسانیش دەبی خەڵک بۆ وەرگرتنی سەرەتایی‌ترین مافەکانیان لە بەر حاکمانی تازە بپارێنەوە؟ یانی ئەم تراژدییە خوێناوی و پرژانە جاریکی تر دووپات دەبێتەوە؟

لەوانەیە دووپات ببێتەوە!

خومەینی هاتە سەر کار هەتا بە خوێنی ئەم خەڵکە داری ئیسلامی ئاوبدا. بە دریژایی نزیکەی ١٠ ساڵ داری "ئێران" تینوو بی ئاوا ماوەتەوە. نوێنەرانی ناسیونالیزمی عزمت خوازانەی ئێران هاواریان گەیشتوەتە ئاسمان و حازرن بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە خزمەت سەرفەرازی خاکی باپیرانیان دا بە هەموو جل و بەرگیک خۆیان بگورن و هەموو درویەک بکەن. ئەوە ڕاستەکە خەڵک تەجرەبەیان زیاترە بووە، بەڵام ئەمانەش تەجرەبەیان وەسەریەک ناوە.

هەرچی بی خولیا و خوزگەی "ئێرانی ئاوەدان و سەنعەتی" لەو بەهەشتەی موسولمانەکان وەعدەی دەدەن نزیکتر بەر چاو دەکەوی و حکوومەتیک کە کاربەدەستان و حوکمرانانی ژنرالی "ماقوول" بن و وەزیرەکانی ژنی خوێندەوار و فەرەنگی باو بن بۆ میللەتیک کە بۆ گەنیوی، ئەم مەلامومیایی کراوانەی جمهووری ئیسلامی میشکی سەری بردوە بە ئەندازەی کافی سەرنج ڕاکیشە.هەر کەس کەمیک بۆنی تمدن و شارستانیەتی سەدەی بیستەمی لی بی، لە چاو پاک و خاوین ترین و دەست نویژدارترین پاشماوەکانی سەردەمی بادیە نشینی، پاکتر و مەتلووب تر دەنوینی. ئەو هەموو ویرانی و کاولکاری و خەسارەتەی ئەم شەرە مالویرانکەر و دریژخایەنە پێکی هێناوە دەبێتە هۆی ئەوە کە شیعاری "بنیات نانی ئێرانی ئاوەدان" زۆر لە جاران دڵرفین تر بی و وانیشان دەدری کە ئامانجەکانی ناسیونالیزمی عزمت خواز لە خزمەت چارەسەر کردنی گیروگرفتە گشتی‌یەکانی خەڵک دان. ڕابەرانی ئەم بۆچوونە هەر لە تیمسارەکانی لایەنگری "مشروتەی سلتەنەتی"یەوە هەتا سوسیالیستەکانی لایەنگری "خوبژیوی سەنعەتی" بە باشی لەوە ئاگادارن ڕیژە پەیدا کردنی حکوومەتی پان ئیسلامیستی و وەرشکستەییەکانی، دەتوانی بە قازانجی ئەمان بی و بۆ ڕفاندنی دڵی خەڵک بە هێنانە گۆڕی شیعاری هەڵخەڵەتینە ڕۆژ بە ڕۆژ ئامادەتر دەبن.

کی هەیە زەرەیەک سەری لە سیاسەت دەرچی و نەزانی ک وەدی هاتنی ئەم ئامانجانەش تەنیا بە مژینی خوێن و ئارەقی کرێکار و زەحمەتکێش و بە چەوساندنەوەی وەحشیانە و ریگاری پی کردنیان، یانی تەنیا بە دامەزراندنی حکوومەتی کوشتار و خەفەقان ئیمکانی هەیە؟ شمشیریک کە بێهەوی کار لە کرێکار بکا دەبی لە سەری هیچ بەشەریک کە قەسی حق بکا نەگوزەری و سێبەرەکەی ترس و وەحشەتیکی قوول بخاتە نیو دڵی خەڵک تەنانەت ئەوانەش کە تاقە ڕۆژێکیش کرێکار و کری گرتە نەبوون. دیارەداری "عزمتی ئێران"یش هەر وەک "شەجەرەی ئیسلام" بە خوێنی ئەم خەڵکە ئاودەدری.

بەڵام ئایا خەڵکی ئێران پێش ئەوەی بە دەستی خۆیان چالیکی تر بۆ خۆیان هەڵکەنن ئەم حەقیقەتانەیان لی ڕوون دەبێتەوە؟

ڕەنگە! هەموو شتیک لە گرەوی پتەوی و یەکگرتوویی و سەرکەوتنی ئەو جەرەیانە هەڵسووراوەی نیو چینی کرێکار دایە کە ئەمڕۆ خەریکی پەرپێدانی ریزەکانی خۆی و دەرخستنی حەقیقەتە چینایەتی‌یەکانە و سبەینی لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، چونیەتی بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی ریزەکانی چینی کرێکار لە شۆرشی داهاتوودا دیاری دەکا، چینی کرێکاریک کە بەریزی سەربەخۆیەوە و بۆ ڕزگاری یەکجاری خۆی هاتبێتە مەیدان حکوومەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بەسەر خەڵک دا بنیات دەنی و زەمینە و هەلومەرجی دەخالەتی هەموو ئاحادی خەڵک لە چارەنووسی خۆیاندا پیک دێنی چونکوو ئەمە باشترین زەمانەتە بۆ ئەوەی کونەپەرستی و دیکتاتوری نەگەڕێتەوە سەر دەسەلات. دیکتاتوریەک کە هەر لە یەکەمین ڕۆژی هاتنە سەر کاری‌دا دڵی چینی کرێکار دەکاتە نیشانە. چینی کرێکار پێی وانیە ئەگەر خەڵک خۆیان بەسەر خۆیان دا حکوومەت بکەن ئیتر کرێکاران دەسەلاتیان لە دەست دەچی چونکوو ئەم چینە خۆی زۆربەی هەر زۆری خەڵکە. زۆربەیەکە کە هەموو بەشەکانی یەک قازانج و یەک ویستیان هەیە. چینی کرێکار بە وەدی هێنان و پەرەپێدانی ئازادی‌یەکان لە بەرینترین و قوولترین شکل دا نەک هەر زەرەر ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ وەخەبەر هێنان و هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی لە خزمەت ڕزگاری یەکجاری‌دا، وەک چون موحتاجی نانی شەوە و ئاواش موحتاجی زیاترین ئازادی‌یە....

خەڵکیک کە خوزگە و ئارەزووی ئازادی و دیموکراسی خەریکە جەرگ و هەناویان دەسووتینی، ئەگەر نەیانەوی ئەم ئارەزووە لەگەل خۆیان بەرنە ژێر گل، لەم حەقیقەتانە دەگەن.

***

هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی

(١)

"هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانی"دا ناوی بەریارنامەیەکە کە لە پلینومی دەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا رۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٦ لەگەل بریارنامەکانیتر پەسند کرا. ئەم بریارنامەیە هەر وەك لەسەر دیرەکەی دا باسی کراوە تەنیا دەچێتە سەر هەندیك خاڵی دیاریکراوی تێکۆشانی جیهانی حیزب و نایەوی بچێتە سەر باسی هەموو لایەنەکانی ئەم مەیدانەی تێکۆشان.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بریارنامەیە بە چوار خاڵ جیا کراوەنەتەوە:

١- بنەماکانی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی جیهانیدا

٢- دەربارەی پەیوەندەکانی حیزبی کۆمۆنیست لەگەل گوروو و رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی جیهانیدا

٣- تێکۆشان لە پەیوەند لەگەل رێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران لە ئاستی جیهانیدا

٤- لە پەیوەند لەگەل ئێرانیانی موهاجیردا.

وەرگیردراوی دەقی کاملی ئەم بریارنامەیە لە بیست و پێنجەمین ژمارەی "پێشڕەو"دا چاپ و بلاو کراوە. لەم وت و وێژەدا کە ئێستا دەیخوێنەوە هاوری حەمید تقوایی وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە لە بابەت ئەو بریارنامەیەوە لێی کراون. ئەم پرسیارانە زۆربەیان پەیوەندیان بە مەسەلەکانی تێکۆشەرانی دەرەوەی وڵاتەوە هەیە.

پرسیار: لە بەشی یەکەم دا بارمەتی دان بە شکل گرتنی ریز بەستنیکی کۆمۆنیستی کرێکاری و خزمەت بە یەکگرتنی جیهانی چینی کرێکار، تەئکیدی لەسەر کراوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە کە بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە، ئەوکارە بەردەوامانە و ئەو ئاکسیونە گونجاوانە کە حیزب بە پێویستی دەزانی بکەونە دەستووری کاری هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کامانەن؟

وەڵام: سەرەتا پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە لە بریارنامەکەدا تەنیا هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە بەر چاو نەگیراون. بریارنامەکە، هەر وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، هەندیك لە گرینگترین فەعالییەتەکانی کوللی حیزب لە ئاستی جیهان دا _ نەك تەنیا تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات _ دیاری دەکا و هەموو ئورگانەکان و تەشکیلاتە حیزبییەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکەدا بەشدارن و هەر کامیان بەشیکی دیاریکراویان لە ئەستویە. دەلیلی ئەمەش روشنە، ئامانجە جیهانییەکانی حیزب، پیویستییان بە تێکۆشانیکی هەمە لایەنە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا هەیە کە ئەم ئەرکە ئورگانە مەرکەزییەکان و ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەگرێتە بەر. ئەسپاردنی هەموو ئەو ئەرکانە بە تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات نەئوسوولییە و نە دەکری. بۆیە ئەگەرچی هەندیك لەو فەعالییەتانە کە لە بریارنامەکەدا باسیان کراوە، وەك بەشداری کردن لە خەباتی کرێکاری دا وە یا پەیوەند گرتن لەگەل بزووتنەوەی چەپ و رێکخراوە کرێکارییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر تەنیا بە هێزەکانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەکری، وە لە بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانی دیکەش دا هاوریانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات بە هۆی مەوقعییەت و شوینی هەڵسووڕانیان و ئیمکاناتیك کە لە بەردەستیان دایە، دەتوانن دەوری هەڵسووراوانەیان هەبی بەڵام ئەگەر فەعالییەتە جیهانییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بزانین وە یا بمانەوەی هەموو ئەرکەکانی ئەو هاوریانە لەو بریارنامەیە دەرکێشی، بێگومان ئەمە هەڵەیە و لە کردەوەدا بە نەتیجەی دلخواز ناگەین.

ئێستا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە دەچمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکە یانی ئەو فەعالییەتانە کە دەبی بۆ شکل دان بەریز بەستنیکی کۆمۆنیستی _ کرێکاری لە بزووتنەوەی چەپی جیهانیدا و هەروەها بۆ خزمەت بە یەکگرتوویی جیهان چینی کرێکار دەبی بەریوەیان بەرین. سەرخەتی ئەم فەعالییەتانە بە کورتی ئەمانەن: یەکەم، بەرەوپێش بردنی خەباتی نەزەری لەگەل رێکخراوەکان، خاوەن بیرەکان و جەرەیانە فیکرییەکانی نیو بزووتنەوەی چەپی جیهانی لەسەر ئەم مەسەلە جۆراوجۆرانەی پەیوەندی یان بە خەباتی چینایەتییەوە هەیە. ئەم کارە بە تایبەت بۆ حیزبی ئێمە کە دەیەوی بە جیاواز لە هەموو گەرایش و بۆچوونە سوننەتییەکانی نیو بزووتنەوەی چەپ، پەرەپێدەر و پاریزەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بی، یەکجار گرینگ و حەیاتییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری چ جیاوازییەکی هەیە لەگەل "کۆمۆنیزم"ی رووسی و چینی و ئالمانی، لەگەل تروتسکیزم و ئوروکۆمۆنیزم، لەگەل فیرقە و جەماعەتی "کۆمۆنیزمی چەپ" و بوردیگیزم و بە گشتی لەگەل ئەو جەرەیانانە کە نوینەری بۆچوون و سوننەتیکی فیکری و عەمەلی موشەخەسن لە بزووتنەوەی چەپی جیهانی دا؟ رووبەرووکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، پێش هەموو شتیك پێویستی بەوە هەیە کە نەزەر و هەڵوێست و بۆچوونی ئەو جەرەیانانە بەرانبەر بە مەسەلە سەرەکییەکانی خەباتی چینایەتی، رەخنەیەکی قوول لی بگیری. هەڵبەت ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستوی ئورگانە تیئوریکە مەرکەزییەکانی حیزب بەڵام تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر هاوریانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات، لە بەر ئەوەی ئەم هاوریانە بە ئاسانی و خیراتر ئەدەبییاتی ئەم جەرەیانانەیان پی دەگا، لەگەل رێکخراوە چەپەکان پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە و لە نزیکەوە شاهیدی پراتیك و هەڵوێستەکانی ئەو جەرەیانانەن، ئەوەیان لی چاوەروان دەکری کە هەم وەك کەسانیك کە ئاگاداری ئەو مەسەلانەن، حیزب لە رەوتی ئاڵ و گۆڕە نەزەرییەکانی ئەو جەرەیانانە ئاگادار بکەن و هەم خۆیان بۆ رەخنە گرتن لە بۆچوونی ئەو جەرەیانانە دەورێکی چالاکانە و ئەستو گرن و لەم بابەتەوە یارییدەی ئورگانە مەرکەزییەکانی حیزب بکەن. دیارە پەرەپێدان و رەواج پێدانی رەخنەی حیزب لە رێکخراوەکان و جەرەیاناتی چەپی جیهانی لە نیو کرێکاران و بزووتنەوەی چەپی هەر وڵاتێکیش دا لە ئەستوی هاوریانی ئێمە لە دەرەوەی وڵاتە.

ئەرکی دووهەم بریتییە لە رەواج پێدان و ناساندنی بۆچوون و بیرورا و هەڵوێستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە نیو بزووتنەوەی چەپی جیهانی دا. ئەم ئەرکە بە تەواوی و راستەوخۆ لە ئەستوی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵاتە و کۆمەلیك ئەرکی وەك وەرگیرانی ئەدەبییاتی حیزب بۆ زمانە جۆراوجۆرەکان و پێك هێنانی سمینار و کۆبوونەوەی قسە و باس و ... دەگرێتە بەر.

ئەرکییکیتر کە بیجگە لەوەی کە پەروەردە کردنی سوسیالیستی چینی کرێکار دا گرینگییەکی زۆری هەیە خزمەت بە پێك هاتنی ئوردوویەکی کۆمۆنیستی شۆرشگێرانەش دەکا، بریتییە لە رەخنە گرتنی کونکریت لە نیزام و حکوومەتی سەرمایەداری لە هەر وڵاتیك دا. ئەگەر هاوریانی ئێمە سیاسەت و ری و شوینی دەوڵەتەکان و حیزبە بورژوایییەکان بناسن و تیی بگەن بە تایبەت سیاسەتەکانیان بەرانبەر بە مەسەلە کرێکارییەکان _ وە بەم پییە حیزب و رێکخراوە چەپەکان بدەنە بەر رەخنە و هەڵسەنگاندن _ ئەمە بێگومان باشترین زەمینە پێك دینی بۆ گرسان و شکل گرتنی جەرەیانەکی رادیکالی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاران و لە بزووتنەوەی چەپ دا.

جگە لەمانە، ئەرکی پێك هێنانی پەیوەندی بەردەوام و گورینەوەی نەشرییە و دەنگ و باس و مەعلوومات لەگەل رێکخراوەکان و هێزە شۆرشگێرەکانی نیو بزووتنەوەی چەپ، بە تایبەت ئەو جەرەیانانەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نزیکن، دەبی ئیشارەی پی بکری کە دەبی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات هەڵبەت لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی ئێمە دا و بە پیی موناسباتی حیزبی ئێمە لەگەل باقی هێزەکان، بەرێوەی بەری. ئەمانە گرینگترین لایەنەکانی کاری ئێمەن لە دەرەوەی وڵات بۆ خزمەت بە گرسان و شکل گرتنی ریز بەستنیکی کۆمۆنیستی شۆرشگێرانە و کرێکاری. بە هەر رادەیەك کە ئەم کۆمەڵە ئەرکە و دیارە هەموو ئەو ئەرکانە کە لەمانەوە سەرچاوە دەگرن و من بە پێویستی نازانم ئیشارە بە یەکەیەکەیان بکەم، بە شیوەیەکی پەیگیرتر و بەردەوام تر و هەمەلایەنەتر بەرێوە ببرین، بە هەمان رادە رێگا خوشتر دەبی بۆ تەئسیردانانی حیزبی ئێمە لە سەر بزووتنەوەی جیهانی چەپ و هەروەها تێکۆشانی حیزبی ئێمە بۆ پێك هێنانی قوتبیکی کرێکاری زووتر بە نەتیجە دەگا و سەمەر دەدا.

بەڵام لە بابەت خالەکەیتری پرسیارەکەوە، یانی خزمەت بە یەکگرتوویی جیهانی چینی کرێکار، کە لە بریارنامەکەدا وەك بەندیکی جیاواز هاتوە، پێم وانیە نا روشنییەکی وا هەبی. ئەوە ئەرکی سەرشانمانە کە لە خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری هەر وڵاتیك لە دژی سەرمایەداران و ئەو مەینەتانەی بەسەر کرێکارانی دا دەسەپێنن پشتیوانی بکەین و لە هەر جێگایەك دەتوانین لەو خەباتەدا بەشداری بکەین. ئێمە دەبی کرێکارانی ئێران و باقی وڵاتان لە خەباتی یەکتر و لە وەزعی کار و ژیانی یەکرت ئاگادار بکەین و هەم بانگەوازیان بکەین بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتی یەکتر. ئێمە دەبی لەگەل تێکۆشەران و رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و لەگەل ئیتحادیەکان و باقی رێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار لە هەر وڵاتیك پەیوەندی بەدەوامان هەبی. ئەمانە بەشیکن لە کاری رووتینی کۆمۆنیستی لە هەموو شوینیکی جیهان و تاقە هوویەك کە دەتوانی ئەم ئەرکانە مەشرووت و مەحدوود کاتەوە میزانی توانایی و ئیمکاناتی خەباتکارانەی خومانە. هەڵبەت پتەو کردنەوەی هاوپشتی نیوان چینی کرێکار لە ئێران و باقی وڵاتان، مەسەلەیەکی دوولایەنەیە کە هەندیك ئەرکی بنەرەتی دنێتە سەر شانی تێکۆشەرانی حیزب لە ناوەوەی وڵاتیش کە لێرەدا جێگای نیە بچێنە سەری.

پرسیار: کاتیك ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات زۆربەیان ئەو کۆمۆنیستانەن کە لە ئێران دوور خراونەتەوە بۆمان دەردەکەوی کە ئەمانە بۆ تێکۆشانی نەزەری و قسە و باس کردن و پۆلیکی کاریگەر لە خزمەت ئەو مەبەستەدا، لە باری زمانەوە مەحدوودییەتیان هەیە و بۆ ئەوی وەك رابەریکی عەمەلی لە ریزەکانی پێشەوەی خەباتی کرێکاران دا خۆ نیشان بدەن کە لە نیو کرێکارانی وڵاتانی دەرەوەدا وەر بگیرین و تێکەلیان بن. ئەوە دوو پرۆسەیە هەر دووکیان زۆر بە شینەیی بەرەو پێش دەچن، بۆ نەهیشتنی ئەم کەم و کووڕییە دەبی چ بکەین؟

وەڵام: پێم وانیە تێکۆشەرانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات ئیحتیاجیان بەوە هەبی پرۆسەی لەم چەشنە تێپەر بکەن. هاوریانی ئێمە بۆ کار کرن لە نیو کرێکاران دا لە وڵاتانیتر، پێویست نیە حەتمەن تێکەل چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە بووبن وە یا وەك رابەری عەمەلی خەباتی کرێکاران خۆ نیشان بدەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حیزبی رێکخەر و رابەری بزووتنەوەی کرێکاری لە هەموو وڵاتان نیە و ناتوانی وابی. ئەرکی ئێمە لە حاست چینی کرێکار لە وڵاتانیتر، هەروەك لە بریارنامەکەش دا بە روونی باسی کراوە، پشتگیری و پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاری و بەشداری کردن لەو خەباتە دایە. ئێمە ئەو ئەرکەی خۆمان ئەساسەن بە پەیوەندی گرتن لەگەل رێکخراوە کرێکارییەکان و پێك هێنانی پەیوەندی نیزك لەگەل رابەرانی محەللی و سەراسەری بزووتنەوەی کرێکاری بەرەوپێش دەبەین. دیارە هاوریانی ئێمە بۆ پێك هێنانی پەیوەندیکی ئاوا لەگەل رێکخراوەکان و رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، لازم نیە چاوەروانی ئەوە بن تیکەل چینی کرێکار بن و بگەنە پلەی رێبەرایەتی خەباتی کرێکاری. ئەوەی پێویستە، بریتییە لە حازر بوون لە مەجمەع و کۆبوونەوەکانی کرێکاران دا، ئاشنا بوون و نزیکایەتی لەگەل شوینە کرێکارییەکان و ژیان و مەسەلەکانی کرێکاران، بە دەربەست بوون و خاوەن نەزەر بوون لە حاست ئەم مەسەلانە و ناسینی ئورگانیزم و شیوە و سوننەتەکانی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەر وڵاتیکدا، ئەگەر هاوریانی ئێمە خاوەنی ئەم تایبەتییانە بن، ئیتر بێگومان ئەندامان و شانەکانی تەشکیلاتی ئێمە لە هەر وڵاتیك دەکەونە نیو ئاپووەی کۆمەڵیك لە ئورگانەکان و رێکخراوەکان و تێکۆشەران و ئالقەی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئەمانە دەبنە پردیك لە نیوان حیزبی ئێمە و خەباتی کرێکاران دا.

هەڵبەت رەنگە بۆ هاوریانی ئێمە هەر ئەم پرۆسەیەش بە شینەیی بچێتە پێش و درەنگ بەسەمەر بگا، بەڵام ئیتر ئەمانە لە هەلومەرجی واقیعی شوینی هەڵسووڕانی ئێمە وە سەرچاوە ناگرن، بەڵکوو حاسلی ئەو سوننەتو نەریت و شیوە غەیرە پرولیتریانەن کە میراتی دەورانی "مونفدراسیونی خوێندکاران" لە نیو بزووتنەوەی چەپی ئێرانی دا لە دەرەوەی وڵاتن. سوننەت و شیوە و رەوشتی وا کە چەپی ئێرانییان لە دەرەوەی وڵات تووشی تەریك مانەوە دەکرد بە تەواوی لە چینی کرێکار و مەسەلەکانی ئەو چینە دووریان دەخستەوە و هەر لە بنەرەتەوە لەگەل خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی، نەك هەر لە دەرەوەی وڵات بەڵکوو لە ناوخۆی ئێرانیش هیچ پەیوەندیکیان نەبوو. لە وتاری "بنەماکانی کاری حیزب لە دەرەوەی وڵات"، گۆڤاری "کۆمۆنیست" ژمارە ٢٧ دا، ئەم مەسەلەیە بە درێژە باسی کراوە و پێویست نیە زیاتری لی بدوێین. مەبەستم تەنیا تەئکید کردن لە سەر ئەوە بوو کە ئەو کوسپانەی لە سەر رێگای تێکۆشانی ئێمە لە نیو چینی کرێکاردا لە وڵاتانیتر هەن ئەساسەن لەو سوننەت و شیوە غەیرە کۆمۆنیستییانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە دەورەکانی پێشووەوە بەجێ ماون و زال بوون بەسەر ئەو کوسپانەدا پێویستی بە کاری دژوار و ئالوسکاو نیە.

لەبابەت بەشەکەی تری پرسیارەکەوە یانی مەسەلەی نا ئاشنایی لەگەل زمان لە پولمیکی نەزەریدا دەڵێم ئەمەش، ناتوانی تەئسیریکی زۆر لەسەر کاری تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات هەبی. چونکوو هەروەك پێشتریش ئیشارەی پی کرا، کیشەی نەزەری حیزب لەگەڵ هێزەکان و جەرەیاناتیتر لە ئاستی جیهان دا، ئەرکیکە کە بە شیوەی سەرەکی بزووتنەوەی مەرکەزییو سەراسەریەکانی حیزب بەرەوپێش دەبەن و بەم بۆنەوە پێویست نیە هاوریان بە زمانی خارجی پولمیك بکەن. ئەگەر لە ریزی هێزەکانی حیزب دا لە دەرەوەی وڵات هاوریانیك هەبن کە بتوانن نووسراوەکان و ئەدەبییاتی حیزب بە زمانی سەرەکییەکانی ئوروپا تەرجەمە کەنەوە، یەکەمین هەنگاو بۆ رەواج پێدان و بەلاو کردنەوەی بیرورا کانی حیزب بەرانبەر بە هێزەکانیتر هەڵگیراوە. هەڵبەت تەرویج و تەبلیغی بیرورا کانی حیزب بە زمانەکانی تر بە شیوەی شفاهیش زۆر پێویستە بەڵام ئەمە ئیتر پێویستی بە میزانیك لە ئاشنا بوون لەگەل زمانەکانی تر هەیە کە بە شیوەی ئاسایی هەر کەس پاش یەك دوو سال فیری دبی. دیسانیش لەسەر ئەوە تەئکید دەکەم کە من وای دادەنیم هاوریی تێکۆشەری ئێمە، تێکۆشەری "چەپی کونفدراسیونی" نیە، یانی زەین و بیری بە مەسەلە گشتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت بە وەزعییەت و مەسەلەکانی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری و وڵاتانی شوینی ژیانی خۆیەوە خەریکە و بەم بۆنەوە بە هەموو توانای خۆیەوە هەول دەدا لەگەل شوینی ژیانی خۆی و شەخسییەتەکان و حیزب و رێکخراوە پێشکەوتوو و کرێکارییەکان لەو شوینە ئاشنایی و پەیوەندیان لەگەل پێك بینی. ئەگەر ئەمە مەبەستی تێکۆشانی هاوریانی ئێمە نەبی و ئەمە هانیان نەدا، ئیتر بێگومان فەعالییەتەکانی خیزبی ئێمە لە دەرەوەی وڵات نەك هەر بە شینەیی بەرەوپێش دەچن بەڵکوو زۆر لە ئەرکەکانمان هەر جیبەجی ناکرین.

پرسیار: کاتیك باسی دەر بریینی هاوپشتی لەگەل خەباتی حەقخوازانەی تویژە زۆرلێکراوە و زەحمەتکێشەکان لە دژی ستەمەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری بە شیوەی عەمەلی دێتە پێش، ئەو گیروگرفتە خۆ دەنوینی کە ئەم خەباتە چلون پشتیوانی لی بکری بە بی ئەوەی ئەم کارە وەك ئەوە چاوی لی بکری کە چوویتە ژیر ئالای ئەو بورژوا _ لیبرالانە کە ئەغلەب رێبەرایەتی خەباتی گشتییان بە دەستەوەیە، و بە شیوەی واقیعی نەچینە ژیر ئەو ئالایە. (بۆ نموونە خەباتی ژنان و فیمینیستەکان، خەباتی دژی ئاپارتاید و ئومانیستەکان و ...)؟

وەلأم: ئەو مەسەلەیە، یانی مەسەلەی پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەکان و خەباتی گشتی و غەیرە کرێکاری و بەشداری کردن تییاندا، خۆی گیروگرفتی ئەو "کۆمۆنیست"انەیە کە لە چینی کرێکار دوورن: ئەو کۆمۆنیستانە کە لە ویست و ئامانج و سیاسەتە پرولیتریەکان دوورن وە یا خودی کرێکار و خەباتی رۆژانەی ئەو چینە بێگانەن. سوسیالیزمی ورده بورژوایی لە ئێران کۆمۆنیزمی چەپ لە ئوروپا نموونەی ئاشکرای ئەو بۆچوون و جەرەیاناندن. بۆ ئەم جەرەیانانە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە گشتیەکان و بەشداری کردن تێیاندا هەمیشە مەسەلەیەک بووە کە ناکۆکی بووە لەگەل پاراستنی سیما و ئالای سەربەخۆیی و نەیانتوانیوە ئەم دووانە بە یەکەوە بگونجینن. جەرەیانی یەکەم بە حل بوون لە بزووتنەوە گشتیەکان دا و ئەوەی دووهەم بە خۆپاراستنی لە بەشداری کردن لە هەر خەباتیکی واقیعی هەولیان داوە ئەم جەرەیانانە لەوەوە سەرچاوە دەگری کە هیچ پەیوەندیکیان لەگەل بزووتنەوەی کرێکاری و پراتیکی خەباتکارانەی خودی چینی کرێکار نیە. سیمای ئەمانە تەنیا سیمایەکی نەزەری و عەقیدەتیەیە و بەم بۆنەوە بە هەر هەڵوێست گرتنیکی تاکتیکی، بە تایبەت بە هەڵوێست گرتنیان لەسەر بزووتنەوە گشتیەکان، ئەم سیمایەیان دەتوانی لیل و شلوی بی. کۆمۆنیزمی کرێکاری تووشی ئەم حالەتە نابی. پراتیک و دەخالەتگەری بە هەڵوێستی چینی کرێکارەوە و رەچاو کردنی ئامانجەکانی چینی کرێکار لە هەموو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و شۆرشگێرانەدا بەشیکە لە تایبەتمەندیەکانی سیما و جەوهەری ئەم کۆمۆنیزمە، وە ئەمە بە شیوەیەکی بنەرەتی، ری نیشان دەرمانە بۆ هەڵوێست گرتن لە سەر بزووتنەوە گشتیەکان و خەباتی تویژەکانیتر. بەڵام بە شیوەی موشەخەستر، پێویستە بڵێین کە کۆمۆنیستەکان هیچ کلیشەیەکی حازر و ئامادەیان بۆ هەڵوێست گرتن لەسەر خەبات و بزووتنەوەکانیتر نیە و ناتوانن بیانبنی. کلیشەسازی و دیاری کردنی فورموول و قالبی عامی تاکتیکی شیوەیەکە کە دەبی هەر پێشمەشی "سوسیال ورده بورژواکان" و "کۆمۆنیزمی چەپ" بکری. شیوەی گشتی مان بەرانبەر بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەکان بریتییە لە پشتیوانی کردن لەو بزووتنەوانە و بە شیوەی موشەخەس پشتیوانی کردن لە رادیکالترین و پێشرەوترین هێزی ناو ئەو بزووتنەوانە و لەهەمان کاتدا هەولدان بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی سیاسەت و شیعارە پرولیتریەکان لەو بزووتنەوە دیاریکراوەدا. بەڵام ناسینی خەسلەتی هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو و حیزب و هێزەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە خۆی مەسەلەیەکی کونکریت و موشەخەسە و لە پێشدا بە پێی فورموولیکی عام دیاری ناکری. ئێمە دەبی هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بە شیوەی مەشەخەس هەڵسەنگێنین، دەور و جێگا و شوینی واقیعی هەر چین و تویژێک لە هەر حیزب و هێزێکی سیاسی لەو بزووتنەوەیەدا بناسین و بەم پێیە چونیەتی هەڵوێست و چونیەتی پشتیوانی کردن لەو خەباتە (یان بەشداری تێداکردنی) دیاری بکەین. هێزەکان و حیزبە سیاسییەکان خولقێنەری بزووتنەوەکان نین. هەندیک مەسەلە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چینایەتی دیاریکراو دەبنە هۆی گرسانی بزووتنەوە و خەباتی گشتی. هەم بۆ ناسینی ناوەرۆک و خەسلەتی بزووتنەوەکە و هەم بۆ ناسینی جێگا و شوینی ئەم حیزب و هێزانە تێیدا بەشدارن، دەبی ئەو مەسەلە و هەلومەرجانە بناسرین. بە تایبەت دەبی دیاری بکری کە بەرژەوەندی چینی کرێکار لە هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو دا چییە و ئەم بزووتنەوەیە چون دەتوانی خزمەت بە شۆرشی کۆمەڵایەتی پرولیاریا بکا.

ئێمە بە پێی ئەم بۆچوونە و بەم هەڵسەنگاندنە کونکرێتە، چونیەتی هەڵوێست گرتنمان لە سەر بزووتنەوەکان و خەباتی تویژە غەیرە پرولیتیرەکان و چونیەتی پشتیوانی کردن لەو بزووتنەوەکان دیاری بکەین. هێزەکان و حیزبە سیاسییەکان خولقێنەری بزووتنەوەکان نین. هەندیک مەسەلە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چینایەتی دیاریکراو دەبنە هۆی گرسانی بزووتنەوە و خەباتی گشتی. هەم بۆ ناسینی ناوەرۆک و خەسلەتی بزووتنەوەکە و هەم بۆ ناسینی جێگا و شوینی ئەم حیزب و هێزانە تێیدا بەشدارن، دەبی ئەو مەسەلە و هەلومەرجانە بناسرین. بە تایبەت دەبی دیاری بکری کە بەرژەوەندی چینی کرێکار لە هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو دا چییە و ئەم بزووتنەوەیە چون دەتوانی خزمەت بە شۆرشی کۆمەڵایەتی پرولیاریا بکا.

ئێمە بە پێی ئەم بۆچوونە و بەم هەڵسەنگاندنە کونکرێتە، چونیەتی هەڵوێست گرتنمان لە سەر بزووتنەوەکان و خەباتی تویژە غەیرە پرولیتیرەکان و چونیەتی پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەکان دیاری بکەین. هێزەکان و حیزبە سیاسییەکان خولقێنەری بزووتنەوەکان نین. هەندیک مەسەلە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی چینایەتی دیاریکراو دەبنە هۆی گرسانی بزووتنەوە و خەباتی گشتی. هەم بۆ ناسینی ناوەرۆک و خەسلەتی بزووتنەوەکە و هەم بۆ ناسینی جێگا و شوینی ئەم حیزب و هێزانە تێیدا بەشدارن، دەبی ئەو مەسەلە و هەلومەرجانە بناسرین. بە تایبەت دەبی دیاری بکری کە بەرژەوەندی چینی کرێکار لە هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو دا چییە و ئەم بزووتنەوەیە چون دەتوانی خزمەت بە شۆرشی کۆمەڵایەتی پرولیاریا بکا.

ئێمە بە پێی ئەم بۆچوونە و بەم هەڵسەنگاندنە کونکرێتە، چونیەتی هەڵوێست گرتنمان لە سەر بزووتنەوەکان و خەباتی تویژە غەیرە پرولیتیرەکان و چونیەتی پشتیوانی کردن لەو

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراق

سەرەنجام جمهووری ئیسلامی لە ئامانج و سیاستەتە جەنگیەکانی خۆی تەسلیمی شکست بوو. ساڵێك پاش دەرچوونی بریارنامەی ٥٩٨ی "شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی میللەتان" و دوای ئەوەکە لەم یەك ساڵەدا ئیمکانی دا و ئەمجار بە شیوەی ڕەسمی بوو بە هۆی ئەوە کە دەوریکی تازەی شەردا ژیانی کۆمەڵانی خەڵك نوقمی جەهەننەمی ئاگر و ویرانی و کوشتار بی، سەرەنجام جمهووری ئیسلامی بریارنامەی شووڕای ئەمنییەتی بۆ کوتایی هێنان بە شەر قەبوول کرد. ڕۆژی ٢٧ی پووشپەر لە حاڵێکدا دەزگا تەبلیغاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی نووزەی هەموو ڕۆژەی "جەنگ جەنگ"یان لە گەڕووی خۆیان داخەفە کردبوو، یەکجی ڕاگەیەندرا کە جمهووری ئیسلامی بریارنامەی ٥٩٨ی بە بی مەرج قەبوول کردوە و ئامادەی بەڕێوەبردنی ئاگر بەسە.

ئەم شەرە ٨ ساڵەیە وەك یەکیك لە خوێناوی ترین و دڕیژخایەن ترین و بە ئاشکرا دژی بەشەری ترین شەرەکانی مێژووی ئەم سەردەمە تومار کراوە. بەرینایی کارەساتەکانی ئەم شەرە، کوشتاری بە کۆمەڵ و کاولکاری و یورانییەکانین قسەی سەرزاری هەموانە. نزیکەی یەك میلیون کەس کوژڕا، و زیاتر لە یەك میلیون کەسی تر نوقسان، نیزکەی ٣ میلیون کەس ئاوارە، ئەمانە ژمارەی قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەم شەرەن. بەڵام ئەم ژمارانە ناتوانن بریناییی واقیعی فاجعە و مەینەت و موسیبەتەکانی ئەم شەرە نیشان بدەن. ئەم شەرە ٨ ساڵەیە کیویك لە دەرد و مەینەتی لە سەر شانی کۆمەڵانی خەڵك بەجێ هیشتوە. بە میلیون خانەوادە کە هەر کامیان تازیەداری کەسیك یان چەند کەس لە ئازیزانی خۆیانن، سفرەی خالی و هەژارانەی بە میلیون مالە کرێکار و زەحمەتکێش کە حاکمان بۆ دریژە پێدانی شەری خۆیان هەست و نیستیان بە تالان بردوون، چاوی بە میلیون دایك و باوك کە لە خەمی هەموو ڕۆژەی بی نانی و بی دەرمانی و بی کاغەز و قەڵەمی ڕۆلەکانیان دا بووەتە کاسەی فرمیسك و خوێن، سەدان و سەدان هەزار لاو کە قورسایی موتەکەی مەرگ و بێکاری نیشتوەتە سەر سنگیان، هەژاری و فەلاکەتی گشتی، بی بڕیوی و لە دەست دانی هەموو دەرەتانیکی گوزەران، وە هیلاکی لە ڕادەبەدەر و زەررەزەررە توانەوە لە پێناو بەری چوون دا، بەسەر هەموو مالە کرێکار و زەحمەتکێشیك دا سەپێندراوە. ئەم هەموو موسیبەتە کە شەر لە دوای خۆی بەجێ هیشتوون، زۆر لە فاجعە و مەینەتەرەسمییەکانی خۆدی شەر واوەتر دەچن.

هەموو کەس لە خوی دەپرسی و ئێستا پێویستە لە خۆی بپرسی کە ئەو خەروار خەروار مەینەتە بۆچی خرایە سەرشانمان. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێمە کرێکارانی ئێران ڕوشنە. ڕژیمی ئیسلامی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی کردە قوربانی هەتا ئەو کونەپەرستییە ئیسلامییە کە بەسەر ئێمە دا سەپابوو، بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی باقی خەڵکی مەنتەقەش دا بسەپێنی. ڕژیمی ئیسلامی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی لە چنگی خوێناوی خویدا گوشی هەتا بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، ئەوانیش ڕازی بکا کە حکوومەتی لە نەوعی ئیسلامی قەبول بکەن. جمهووری ئیسلامی ڕولەکانی خەڵکی بردە کوشتارگاکان و ئەم هەموو زووخاو و خوێناوەی بە گەڕووی خەڵك دا کرد هەتا بتوانی ببێتە ڕابەری کونەپەرستی دژی کرێکاری لە هەموو مەنتەقەدا. جمهووری ئیسلامی ئێستا لەم ئامانج و سیاسەتانەی خوێدا تووشی شکست بووە. سیمای بە ڕوالەت ملهورانە و قودرەتمەندانەی ئەم ڕژیمە تیك پووکاوەتەوە، لاوازی و زەبوونی ئەم ڕژیمە ڕەسمییەتی پەیدا کردوە و تەسلیمی شکست و داماوی خۆی بووە. شەری جمهووری ئیسلامی بە تەسلیم بوونی ئەم ڕژیمە بۆ ئاگر بەس، کوتایی پی دی بەڵام ئەم کوتایی پی هاتنەی شەری جمهووری ئیسلامی، بۆ کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران، سەرەتای کارە. بۆ کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران کە باری مەینەتەکانی شەری جمهووری ئیسلامی هەروا لە سەر شانیانە، کوتایی شەری جمهووری ئیسلامی سەرەتای خەباتیکی جیددیتر و بەرینتر و قودرەتمەندترە بۆ بژاردنی تاوانی ئەم شەرە بە ڕژیم. جمهووری ئیسلامی دەبی تاوانی شەر و تاوانی هەموو جینایەتەکانی خۆی بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ببژیری.

مافی پێشیل کراوی خەڵك لە ژێر باری شەردا، دەبی لە گەڕووی جمهووری ئیسلامی دەرکێشریتەوە، وە ئەم هەژاری و فەلاکەتە کە جمهووری ئیسلامی بە شەری کونەپەرستانەی گەیاندوویەتە ئەو پەری خۆی، کوتایی پی بهێنری. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو دەبی بە داخوازی خۆیانەوە پی بنینە مەیدانی خەباتیکی بەرینتر و گەورەتر لە دژی جمهووری ئیسلامی. ئێمە هیچ گومانمان لەوەدا نیە و نابی هیچ کەس گومانی هەبی کە کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران لەم خەباتەی خۆیاندا دەتوانن و دەبی زەنگی مەرگی جمهوروی ئیسلامی لیدەن و هەموو بناغەکانی ئەم ڕژیمە، بە قودرەتی خۆیان تیك ڕووخێنن، وە کاربەدەستان و عامیلانی جمهووری ئیسلام _ هەموو ئەو جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی کە تا دوینی گەڕوویان پر بوو لە نووزە و لووڕەی "جەنگ جەنگ"، بۆ سزادان، بە دادگای شۆڕشگێڕانەی خۆیان بسپێرن.

کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران!

بۆ بژاردنی تاوانی شەر و تاوانی هەموو ستەم و جینایەتەکان بە جمهووری ئیسلامی، هەستن. داخوازەکانی خۆتان لە دژی هەژاری و فەلاکەت و بی مافی ڕابگەیەنن و بۆ گورینی ئەم وەزعە مەینەتبارە کە بە سەر ژیانتان دا سەپێنراوە، وەرنە مەیدانی خەباتیکی بەرین لە دژی جمهووری ئیسلامی. شپرزەیی و شر بوون و داماوی لە ڕیزی دوژمنانی دەستەویەخەتان دا بە ئاشکرا دەر کەوتوە. خودی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە ڕووی ئیوەدا بە هەزار زمان ئیقرار بەم داماوییەی خۆیان دەکەن. بۆ پتەوکردنەوەی هێزی خۆتان و بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانتان، لە شپرزەیی و داماوی ئەمڕۆی دوژمنانتان کەڵك وەرگرن. هەلومەرجی خەباتیکی بەرینتر پێك هاتوە. حاکمانی جمهووری ئیسلامی کە داماوی و بی هێزی واداری کردوون ئاگر بەس قەبوول بکەن، ئێستا بە تەمای ئەوەن وەك جاران حالەتی بەسیجی جەنگی ڕاگرن و ڕیزی لە بەریەك ترازاویان و هێزی سەرکوتگەری شر و شپرزەیان ئەمجار ڕاستەوخۆ لە دژی ئێوە هەستێننەوە سەر پی و سازی کەنەوە.

جمهووری ئیسلامی ناتوانی و نابی ئیجازەی پی بدری کە ئەم کارە بەسەرەنجام بگەیەنی. لە یەکەم هەنگاو دا بۆ تیك شکاندنی کاملی بەسیجی جەنگی و هێز کۆکردنەوەی ڕژیم، لە دژی جمهووری ئیسلامی وەرنە مەیدان. بەسیجی جەنگی جمهووری ئیسلامی دەبی دەس بەجێ و بە تەواوی تیك بشکێندری.

– هەموو سەربازان و هەموو ڕولەکانی خەڵك دەبی فەوری و دەس بەجێ جەبهەکانی شەر بەجێ بێڵن. هیچ کەس ناتوانی و نابی مانعی ئەوە بی کە سەربازان و ڕولەکانی خەڵك پادگانەکان و مەرکەزە نیزامییەکانی ڕژیم چول بکەن.

– واحیدەکانی بەسیج و ئامووزشی نیزامی لە کارخانەکان، لە مەدرەسەکان و لە باقی شوینەکانی کار و فەعالییەتی کۆمەڵایەتی، دەبی دەس بەجێ کۆکرێتەوە و هەڵوەشێتەوە. هەموو شکلیکی میلیتاریزم و حوزووری نیزامیان و پاسداران لە شوینەکانی کار و ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبی دەس بەجێ کوتایی پی بهێنری.

– ئەو کرێکارانەی ناردراونەتە شوینە سەنعەتی و خەدەماتییە نیزامییەکان، دەبی دەس بەجێ بڕێنەوە سەر کاری خۆیان و هیچ کرێکاریك تر نەبرێتە ئەو شوینانە.

– هەموو ئەو کەسانە کە لە بەر ئیعتیراز لە دژی شەر و بە بۆنەی سەرپیچی کردن لە قانوون و یاساکانی دەورەی شەر گیراون، دەبی دەسبە بەجێ بەربدرێنە.

– هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی بۆمبارانەوە بە خەڵکی زەحمەتکێش گەیشتووە، جمهووری ئیسلامی دەبی بیبژێری و دەوڵەت دەبی بە خیرایی ئیمکاناتی پێویست بۆ ئاوارەکان تەئمین بکا و غەرامەتیان پی بدا.

– هەموو ئەو کرێکارانە کە لە دەورەی شەر دا و بە بیانووی کەم بوونی کەرەسە و شتی لەم چەشنە بیکار کراون، دەبی دەس بەجێ بڕێنەوە سەر کاری پێشووی خۆیان و هەر پوولیك کە بە بیانووی هەلومەرجی جەنگی لە حەقی کرێکاران کەم کراوەتەوە، دەبی پێیان بدرێتەوە.

دەنگی خەبات و ئیعتیرازی خۆتان ڕەساتر کەن. ئەو هەلومەرجە مەینەتبارە کە ئێستا بەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵك دا حاکمە، تەنیا بە هێز و قودرەتی خۆدی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، بە قازانجی خۆیان و وەدەست هێنانی ئازادی و ئاسایش و تەسەلی دەگوردری. ئەم خەباتە تەنیا بە ڕووخاندنی جمهووری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری و حاکم بوونی واقیعی خەڵکی زەحمەتکێش بەسەر چونیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا، بەسەرەنجامیکی سەرکەوتوانە دەگا. لەم ڕێبازەدا بۆ خەباتی بەرینتر بۆ ڕووخاندنی جمهووری ئیسلامی بانگەوازتان دەکەین.

خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان!

جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر و میلیتاریزم و حوزووری نیزامی خۆی لە کوردستان پەرەپێداوە هەتا سەر پوش بنێتە سەر خەباتی شۆڕشگێڕانەتان لە دژی خۆی. جمهووری ئیسلامی بە یەقین هەول دەدا ئەم میلیتاریزمە بپاریزی و حوزووری نیزامی خۆی پەر پی بدا. دەنگی ئیعتیراز و خەباتی شۆڕشگێڕانەتان بەرزتر کەنەوە. ڕیزەکانی خۆتان لە دەوری کۆمەڵە یەکگرتووتر و قایمتر کەن. هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی دەس بەجێ لە کوردستان بچنە دەر، و میلیتاریزمی جمهووری ئیسلامی کوتایی پی بهێنری. پەرەگرتن و توند و تیژ بوونەوەی خەباتی ئیعتیرازیتان و موقاومەتی بەرینترتان بەرانبەر بە قانوون و یاساکانی جمهووری ئیسلامی، شان بە شانی هێزی چەکدار و وشیاری کرێکاران _ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە _ میلیتاریزم و دەسەڵاتدارەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان کوتایی پی دینی.

مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی!

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٩ی پووشپەری ١٣٦٧

راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کونگرەی شەشەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە دوای بەجێ گەیاندنی سەرکەوتوانەی ئەرکەکانی خۆی لە ماوەی ٦ ڕۆژدا، کوتایی بەکاری خۆی هێنا.

خۆ ئامادە کردن بۆ بەڕێوە بردنی کونگرە لە ماوەیەك لەمەو پێشەوە دەستی پی کردبوو. نوینەرانی ناوچەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانی تەشکیلات، لە کونفرانسەکانی خۆیان دا هەڵبژێردرا بوون و ئەسنادی پێویست بۆ باس و لیکولینەوە لە کونگرە دا لە پێشدا ئامادە کرابوون و لە بەر دەستی ئەندامانی تەشکیلاتی نرابوون.

کونگرەی شەشەم ڕۆژی ١٧ی گولانی ١٣٦٧ بە سروودی ئەنترناسیونال و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران، گیان بەخت کردووانی ئەم دوایی‌یانەی کۆمەڵە و لە نیویاندا هاوری جعفر شفیعی کاری خۆی دەست پی‌کرد.

سەرەتا سەلاحییەتی نوینەرانو ئایین نامەی بەڕێوەبردنی کونگرە باسی لەسەر کرا و پەسند کرا، پاشان کونگرە دەستووری ڕەسمی خۆی دەست پی کرد. دەستووری دانیشتنەکانی کونگرە بریتی بوون لە:

١– گوزارشی کار کردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا لە لایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە.

٢– جەمع بەندی تێکۆشانی تا ئێستای کۆمەڵە، مەوقعییەتی ئێستا و ئاسوی داهاتوو.

٣– ئێستراتیژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا.

٤– کاری نیزامی و بەشیك لە لایەن گرینگەکانی تێکۆشانی داهاتووی تەشکیلاتی عەلەنی

٥– هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات لە کوردستان.

٦– هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی.

کونگرە لە جەرەیانی باسەکانی خۆی دا لە ڕوانگەی حیزبیکی کرێکاری‌یەوە کە دەبی هەمیشە نوینەری دەنگی ئیعتیراز و قازانجی چینی کرێکار بی چاوی گێڕا بەسەر دەسااڵ تێکۆشانی عەلەنی کۆمەڵە و تەئسیراتی لە سەر وەزعییەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەروەها کۆمەڵای کوردستان دا. لە بەر تیشکی ئەم باسانەدا بەباشی ڕوون بووەوە کە چون تێکۆشان و بوونی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا بووەتە هۆی ڕەواجی سوسیالیزم و گەشە کردن و چوونە سەری وشیاری چینایەتی کرێکاران و داخوازە سیاسی و دیموکراتیکەکانی خەڵك لە کوردستان.

کونگرەی شەشەم تێکۆشا کە بە پشت بەستن بەم دەسکەوتانە و بە پێی تەجرەبەکانی کرێکاران و حیزبە سیاسی‌یەکەیان گەلیك هەنگاوی تر کە دەبی بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و ڕێکخراوی زیاتر لە ڕیزی شۆڕشی کرێکاری دا هەڵگیری وە هەروەها بەڕژەوەندی داهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان و چاوەڕوانی‌یەکان و داخوازەکانی چینی کرێکار لەسەر کەوتنی ئەم شۆڕشە ڕوون کاتەوە.

بێجگە لەمە وەزعییەتی سیاسی و نیزامی کوردستان بە مەبەستی دیاری کردنی سەرخەتە گشتی‌یەکانی تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی، نیزامی و بۆ دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی ڕابوردوو وە بەدەستەوە گرتنی شیوە و تاکتیکی تازە بۆ بەڕەوپێش بردنی فەعالییەتەکانی کۆمەڵە لە هەموو مەیدانەکان دا، درایە بەر باس و لێکولینەوە.

هەڵسەنگاندنیکی گشتی لە وەزعییەتی حیزبی دیموکرات و هویەکانی بن بەست و سەر لی شیواوی سیاسی ئەو حیزبە یەکیکی تر لە بەندەکانی دەستووری کونگرە بوو.

کونگرەی شەشەم بە مەبەستی بلاو کردنەوەی باسەکان و بریارەکانی خۆی چەند بریارنامە و قەراری پێویستی پەسند کرد کە بەرەبەرە بلاو دەکرێنەوە.

سەرەنجام پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسلی و جیگری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کونگرەی شەشەم ویرای ڕیزدانان بۆ زەحمەت و پێوە ماندووبوونی هەموو ئورگانەکان و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە تەسهیلات و ئەمنییەتی پێویستیان بۆ بەڕێوە بردنی کونگرە فەراهەم کردبوو، بە سوخەنرانی کوتایی کونگرە لە لایەن هاوری ئیبراهیم عەلیزادەوە و بە سروودی ئەنترناسیونال، لە ڕۆژی ٢٢ی گولانی ٦٧دا کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

٢٤ی گولانی ١٣٦٧

***

بریارنامە سەبارەت بە:
هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەریدا

ألف: زەمینە گشتییەکانی بوحرانی جەریانی حیزبی دیموکرات

١- ناسیونالیزم لە کوردستان، بە پێی مەوقعییەتی میللەتەی کورد وەک میللەتیکی ستەم لێکراو و وەک شکلی بورژوازیی بۆ دەربرینی ئیعتیراز لە بەرانبەر ئەو ستەمەدا، لە کوردستان لە کونەوە زەمینەی پێک هاتن و هەڵدانی ئەحزاب و جەریاناتی سیاسی جۆراوجۆر وەک ئوپوزیسیونی حکوومەتەکانی مەرکەزی بووە. هەر وەک ناسیونالیزم لە باری میژوویی یەوە وەسیلەی ئیدئولوژیکی بورژوازی بووە بۆ تەئمینی بەرژەوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە، ناسیونالیزمی کوردیش لە قەدەر مەحدود بوونی خۆی، هەر ئەم دەور و نەقشەی لە ئەستو بووە.

حیزبی دیموکرات بە درێژایی چەندین ساڵ نوینەری سەرەکی جەریانی ناسیونالیستی لە کوردستانی ئێران بووە. ئەم حیزبە لە باری تعلقی چینایەتییەوە حیزبی بورژوازیی و لە باری ئامانجی کۆمەڵایەتییەوە خودموختاری خوازە. بۆ بورژوازی کورد خودموختاری بەمەعنای ئەوەیە کە ئەم چینە بۆ سەرمایە و سەرمایە وە سەر نانی خۆی پشتیوانەیەکی سیاسی و دەوڵەتی بە شکلی بەشداری کردن لە حاکمییەتی محەللی دا تەئمین بکا.

٢- نفووزی کۆمەڵایەتی و مانەوەی حیزبی دیموکرات وەک جەریانیکی سیاسی، بەر ئەنجامی مانەوەی ستەمگەری میللی و بوونی مەیل و سوننەتەکانی خەبات لە دژی ئەم ستەمگەرییە بووە.

لە لایەکی ترەوە لە بەریەک ترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کونەکان، زال بوون و پەرەگرتنی مونا سەباتی سەرمایەداری و شکل گرتنی چینی بەرینی کرێکار لەم چەند دەسالەی دوای دا، ئاڵ و گۆڕیکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو کە سەرەنجام و بە ناچار تەئسیریکی قوڵی دەکردە سەر بۆچوون و گەرایشە سیاسییەکان لە کۆمەڵی کوردستاندا، وە مەسەلە و داخواز و بۆچوونی نویی لەگەل خۆی دەهێنایە مەیدان.

ئەم وەزعییەتە ئیمکانی کۆمەڵایەتی پێک هێناوە بۆ هاتنە گۆڕ و زال بوونی ئامانجە سوسیالیستی و دیموکراتیکەکانی چینی کرێکار وەک ئالای ئیعتیرازی جەماوەر لە دژی حکوومەتی مەرکەزی و لە دژی بورژوازی لە کوردستان، بناغەکانی ناسیونالیزمی کوردی لەرزوک کردوە بەو پییە، زەمینەی مادی بۆ ئەوە پێک هێناوە کە ئەم بۆچوونە و ئەو حیزبە سیاسییەی کە خاوەنی ئەم بۆچوونەیە بکەونە سەر رەوتیکی رووڵە کز بوون و دامرکانەوە.

٣- لە ساڵانی ئەخیردا و بە بەردەوام بوونی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان ئەم واقعییەتە بنەرەتییەی سەرەوە تەئسیریکی چارەنووس سازی کردوەتە سەر چارەنووس و رەوتی حەرەکەتی هێزە سیاسییەکان. بۆ کۆمەڵە سوسیالیزم و ئامانجی بەرابەری ئابووری لە جەرگەی خەبات لە دژی جمهووری ئیسلام دا دەبێتە ناوەرۆکی تێکۆشانی وشیاریدەرانە، پەرەگرتنی نفووز و کۆکردنەوەی هێز، وە لە بەرانبەردا حیزبی دیموکرات هێز و توانای خۆی لە پاشماوەی توهمان و خوشباوەری رۆژ لەگەل رۆژ رووڵە کەمی جەماوەری خەڵک دەرهەق بە ناسیونالیزم و رابەرانی ناسیونالیست، لە لاوازی کاتی و مەقتەعی دەوڵەتی مەرکەزی و کەلینە مەنتەقەییەکان وەر دەگری.

کۆمەڵە بە خەبات بۆ وەدەست هێنان داخوازە ریفاهی و ئابووریەکانی کرێکاران و تویژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ، بەرەنگار بوونەوەی خورافات و دواکەوتوویی سوننەتی، پشتیوانی لە خەباتی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشانی دێهات، خەبات لە دژی ستەمکیشی ژنان، وە بە پشت بەستن بە وشیار کردنەوە و وەخەبەر هێنانی کۆمەڵانی بەرین، بناغەی نفووزی خۆی بە فراوانی پەرەپێداوە. حیزبی دیموکرات بە پێچەوانە و بەرانبەر بە گەشەی رۆژ لەگەل رۆژ زیاتری نفووزی شیعار و سیاستە کرێکاری و سوسیالیستیەکان هەرچی زیاتر باری حاشا کردن لە سەرمایەداری بوونی کوردستان و حاشا کردن لە مەوجوودییەتی چینی کرێکاری گرتوە و بەم جۆرە هەوڵیدا و سەرمایەداری وەک هۆی مانەوەی هەموو نابەرابەری یەکان کە ستەمی میللی یەکیانە لە پەلاماری جەماوەر بپاریزی. لە رەوتی خەباتیکی توندوتیژی چینایەتیدا کە لە کوردستان لە نیوان ئەم مەیل و بۆچوونانەدا دریژەی بوو حیزبی دیموکرات زیاتر لە جاران بەرانبەر بە کۆمەڵە پەنادەباتە بەر دواکەوتوویی سوننەتی و خوارفات و تعسباتی کونەپەرستانە. بەڵام وشیاری سیاسی و تەجرەبەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و رادەی تەوەقوعاتیان ئەمرۆ لە کوردستان ئەوەندەیە کە حەربەی لەم چەشنە ناتوانن بۆ ماوەیەکی دریژخایەن بمێننەوە، وە حیزبی دیموکرات وەک جەریانیک کە سەرسەختانە بەرانبەر بە واقعییەتە تازەکانی کۆمەڵی کوردستان رادەوەستی، بەناچار لە تەریک مانەوەی زیاتر و بی ئاسویی سیاسی قوڵتر و دوژمنایەتی سیاسی توندوتیژتر لەگەل جەریانی کۆمۆنیستی دەچەقی.

٤- بۆ وەڵامدانەوە بەم رەوتە رووڵە کزییە و بەم بوحران و سەر لی شیواوییە سیاسییە کە حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە دەست دەبا بۆ ئاخرین حەربەی خۆی، یانی بەکار بردنی هێزی نیزامی لە ئاستی سەراسەری دا. شەر لەگەل کۆمەڵە بۆ حیزبی دیموکرات لە دریژەی سیاستی هەمیشەیی ئەو حیزبەدا بوو بۆ کوسپ و مانع ساز کردن لە سەر ریگای گەشەی وشیاری و رێکخراو بوونی چینایەتی کرێکاران و ئاشنا بوونی کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەگەل مافە سەرەتاییەکانی خۆیان. حیزبی دیموکرات کەنەی دەتوانی لە رێگەی سیاسییەوە پێش بە گەشە و پەرەگرتنی ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە نیو جەماوەردا بگری، هەوڵی داوە هەتا بە زۆری شەر و رێگای قەهراوییەوە پێش بەو رەوتە بگری و مەوقعییەتی لە دەست چووی خۆی بە هێزی چەک وەدەست بێنێتەوە.

سیاسەتی کۆمەڵە لەو شەرەدا بریتی بوو لە دیفاع لە رێکخراوی سەربەخۆی پرولیتری لە کوردستان و زەمانەت کردن و جیگیر کردنی دەسکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جەریانی کۆمۆنیستی. بۆ کۆمەڵە سەر کەوتن لەم شەرەدا بە مەعنای پووچەل بوونەوەی سیاسەتی دژ بە شۆرشی حیزبی دیموکرات و لابردنی ئەو کوسپانە بوو کە حیزبی بورژوازی دەینانە سەر رێگای وشیار بوونەوە و رێکخراو بوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرە گرتنی تێکۆشانی کۆمۆنیستی.

حیزبی دیموکرات پاش سێ ساڵ و نیو شەر نەیتوانی بە هێزی نیزامی، کۆمەڵە ناچار بکا کە لە هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی خۆی پاشەکشە بکا، بە پێچەوانە خۆدی حیزبی دیموکرات لە باری سیاسییەوە تووشی تەریک مانەوە بوو، بی هێزی و ناکامی خۆی لە وەدی هێنانی ئامانجی کۆنەپەرستانەی دا بە تەواوی هەست پی کرد و بە پێچەوانەی مەیلی خۆی خستیە بەر چاوی هەموان. ئێستا حیزبی دیموکرات لە باری توانایی عەمەلی خۆیەوە کەوتوەتە مەوقعییەتیک کە ناتوانی ئیخلال و موزاحەمەتیکی جیددی لەسەر رێگای فەعالییەتی کۆمەڵە ساز بکا.

ب: بوحرانی ئێستای حیزبی دیموکرات و شیوەی هەڵوێستی ئێمە لە بەرانبەریدا.

١- ئالوزی و بوحرانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات لە سەر بناغەی ئەو زەمینانە کە پێشتر ئیشارەمان پی کردن، لە چەند ساڵی ئەخیردا هەتا هاتوە قوڵتر بووەتەوە و ئێستا پاش گەلیک کەناره گرتن و تسفیە و وردە ئینشعاب، سەرەنجام بە شوین کونگرەی هەشتەم دا بووەتە هۆی ئینشعابیکی کامل و بە کردەوە ئەم حیزبەی کردوەتە دووبەش. هۆیەکانی ئینشعابی ئەخیر دەکری بە کورتی بەم جۆرە بەیان بکەین:

١- سست بوونی بناغە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دیموکرات، گەشە و هەڵدانی جەریانیکی سوسیالیستی شۆرشگێری پشت ئەستوور بە هێزی بزووتنەوەی نوی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان و لاواز بوونی گشتی سوننەتی خەباتی ناسیونالیستی لە بەرانبەر سوننەتی سوسیالیستی دا، بێگانەیی حیزبی دیموکرات لەگەل مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو داخوازە چینایەتییانە کە بناغەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە دەورەی ئەخیردا پێک دین، حیزبی دیموکراتیان تووشی بی ئاسویی و سەر لی شیواوییەکی قوڵی سیاسی کردوە. حیزبی دیموکرات بە شیوەیەکی رۆژ لە رۆژ زیاتر نفووزی خۆی لە نیو تویژە زەحمەتکێش و دەست تەنگەکانی کوردستان دا لە دەست دەدا و لە باری عەمەلییەوە بە رادەیەک نفووزی کەم دەبێتەوە هەتا لە قەدەر توانایی و زەرفییەتی چینایەتی بورژوازی کورد لە کوردستانی ئەمرۆ بی.

٢- شکستی سیاسەتی جەنگی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە و ئیسباتی ئەو واقعییەتە کە حیزبی دیموکرات نە تەنیا ناتوانی پێش بە گەشە و هەڵدانی ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان بگری بەڵکوو بەرەو ئەوە دەچی کە بەرانبەر بەو ئالترناتیوە بکەویتە حاشیەی سحنەی سیاسی لە کوردستان، توند و تیژ بوونەوەی بوحران و داماوی عەمەلی حیزبی دیموکرات زیاتر دەکا.

٣- پێشرەوییە نیزامییەکانی جمهووری ئیسلامی، بوونەتە هۆی تەنگەبەر بوونەوەی مەیدانی فەعالییەتی نیزامی، کە بۆ حیزبی دیموکرات شکلی عومدە و ئەساسییە کە تێیدا بوون و وجوودی خۆی نیشان بدا. ئاسوی عەمەلی فەعالییەت، پەرەپێدان وە یا تەنانەت پاراستنی مەوجوودییەت بە شکلی ئیستا لە بەرچاوی حیزبی دیموکرات تاریک دەنوینی. حیزبی دیموکرات ناتوانی رێبازیکی روون بۆ دەرهاتن لەم وەزعییەتە دیاری بکا.

٤- ئەم وەزعییەتە بەرەبەرە توانایی پاراستنی وەحدەتی سیاسی و عەمەلی نیوان گەرایشە جۆراوجۆرەکانی نیو خۆی بورژوازی کوردی لە حیزبی دیموکرات ئەستاندوەتەوە. ئەم گەرایشانە کە بە تایبەت بە پێی نزیکایەتی لە ئوردووگا جۆراوجۆرە جیهانییەکان (شوورەوی، سوسیال دیموکراسی و .....)، دەرەجەی پشت بەستنیان بە ناسیونالیزمی کورد و شیوە و جۆری رێک کەوتنیان لەگەل هێزە سیاسییە سەراسەرییەکان لە ئێران، جیاوازییان لەگەل یەک هەیە، لەو بۆشاییەیە دا کە بە هۆی بوحران و بی ئاسویی سیاسی و نەبوونی رێبازیکی وەحدەت بەخش پێک هاتوە سەر لە نوی وە خۆدەکەونەوە و کیشە لە نیوانیان دا توند و تیژتر دەبێتەوە.

٥- وە سەرەنجام لە وەزعییەتیکی ئاوادا بەشیک لە کادرەکان و رابەرانی حیزبی دیموکرات جۆرئەت پەیدا دەکەن کە نارەزایەتی خۆیان بە شکلی ئیعتیراز بەرانبەر بە رێبەرایەتی قاسملوو کە بە شیوەی سوننەتی ئوتوریتەیەکی چەسپاوی لە حیزبی دیموکرات دا بووە، دەربرن. لاساری قاسملوو بەرانبەر بە موخالفین لە لایەکەوە و ئەم بۆچوونە کە زەمینە و عەواملی موساعدیش بۆ شکل گرتنی ئەم ئینشعابە لە دەرەوەی حیزبی دیموکرات ئیمکانی دا کە ئەم جار دەست بدەنە ئینشعابیکی رێکخراو.

٢- جەرەیانی ئینشعابی بە پێی پلاتفورمیکی سیاسی کە جیاوازی بنەرەتی هەبی جیانەبووەتەوە. بەیاننامەی ئەو جەرەیانە نیشان دەری ئەوەیە کە:

یەکەم، کەم تا زۆر، هەموو گەرایشاتی مەوجوودی نیو حیزبی دیموکرات، لە جەرەیانی تازەش دا خوزووریان هەیە و دووهەم ئەم بەڵگەیە زیاتر بە مەبەستی هێز کۆکردنەوە و پێک هێنانی فەزای موساعید بۆ مانەوەی جەرەیانی ئینشعابی لە نیو باقی حیزبە سیاسییەکان دا تەنزیم کراوە هەتا بۆ هەڵکردنی ئالای بۆچوونە دیاری کراو و جیاوازە سیاسییەکان بەم مەعنایە جیابوونەوەی ئەخیر هیشتا نیشاندەری جیابوونەوەیەکی بەرنامەیی لەحیزبی دیموکرات نییە. تەئکیدی ئەو بەیاننامەیە لە سەر پێویستی نزیکایەتی لە ئوردووگای بە ناو سوسیالیستی ئەگەرچی نیشاندەری بوونی گەرایشیکی لایەنگری شوورەوی لەم جەرەیانەدایە، بەڵام بە مەعنای یەک لابوونەوەی ئەم کیشەیە لە نیو خۆی هیچکام لەو دوو بشەدا نییە.

٣- سیاسەتی کۆمەڵە بەرانبەر بە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم حیزبە دەبی بە پێی ئەم ئەسلانە بی:

١- رەوتی گشتی حەرەکەتی دەسالەی ئەخیری کۆمەڵە بۆ تەریک هێشتەنەوە و بە تاک خستنەوەی حیزبی دیموکرات، تەبدیل کردنی جەرەیانی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان بە جەرەیان و زەرفی ئەسلی خەبات و ئیعتیراز لە کوردستان و زال بوونی سوننەتی سوسیالیستی بەسەر سوننەتی ناسیونالیستی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش دا، دەبی بە بی هیچ ناروشنییەک دریژەی پی بدری. مەوقعییەتی ئێستای ئەو حیزبە دەبی وەک نوقتەیەک لە رەوتی سرینەوەی کاملی تووهم و خوشباوەری لە زەینی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەرهەق بەم حیزبە و سوننەتەکانی لەبەر چاو بگیری و فەعالییەتی ئێمە دەبی دریژە پێدانی پەیگیرانەی خەباتی سیاسی و چینایەتی بۆ دریژە پێدان و خیراتر کردنەوەی ئەم رەوتە بە ئامانجی خۆی دابنی.

٢- حەقیقەتە چینایەتییەکان سەبارەت بە جەوهەر و ماهییەتی حیزبی دیموکرات وەک جەرەیانیکی کۆمەڵایەتی دەبی هەروا بە رووتی تەبلیغ بکرین. ئەم جیابوونەیە نابی رەخنەی چینایەتی ئێمە لەم جەرەیانە کۆڵ کاتەوە.

٣- بەرانبەر بە شەری ناوخۆیی لە کوردستان، هەڵوێستی ئێمە راگەیاندنی ئاگر بەسی یەک لایەنە بە هەرتک جەرەیانەکە و پێک هێنانی موناسباتی سیاسی دیاریکراو لەگەل هەر جەرەیانیکە کە ئەم ئاگر بەسە قەبوول بکا.

٤- لە هەمان کاتدا ئاگر بەسی یەک لایەنە رادەگەیەنین دەبی ئامادەیی و وشیاری نیزامی خۆمان بپاریزین و بە تایبەت کە جناحی قاسملوو بە شیوەی سریح لەسەر دریژە پێدانی شەر پی دا بگری، ئیمکانی ئیقداماتی نیزامی ئەوان لە دژی هێزەکانی ئێمە دەبی بە تەواوی وەک مەسەلەیەکی جیددی و موحتەمەل چاوی لی بکری و دەبی حیزبی دیموکرات بۆ هەر چەشنە ماجەراجوییەکی نیزامی لە دژی کۆمەڵە هشداری پی بدری و ئەگەر ئەمە بکا ئەو جناحە دەبی وەڵامی شیاوی خۆی بە جۆرێک کە خۆمان بە دروستی دەزانین وەر گرێتەوە.

٥- تەبلیغاتی ئێمە بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات دەبی بە تایبەت رووی لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش بی لەسەر وشیار کردنەوە و تی گەیاندنیان لە بەرژەوەندی خۆیان، ئەرکەکان و داهاتووی بزووتنەوە لە روانگەی کۆمەڵەوە، وە جیایی ئەحزابی وەک حیزبی دیموکرات لە داخوازەکان و ئامانجە بنەرەتییەکانی زەحمەتکێشان لە کوردستان، کۆمەڵە دەبی بە تی گەیشتنی کامل لە مەوقعییەت و مەسئووللییەتەکانی خۆی، وەک نوینەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و رابەر و رێکخەری شۆرش لە کوردستان کە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی بەشێکیەتی، تەبلیغ بکا و بجوولێتەوە.

٦- ئەگەر لە مەسەلەی میللی و خودموختاری دا، یانی لەو مەسەلە هاوبەشەدا کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەرتک لا داوای دەکەن وە لە خەبات دژی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا ئیتحادی عەمەل بە دروست و بە قازانج بزانری دەکری هەنگاوی بۆ هەڵگیری.

لەهەمان کات دا بە دەرەجەیەک کە هەر کام لە بەشەکانی حیزبی دیموکرات دەرهەق بە کۆمەڵە شیوەیەکی ئاشتی خوازانەتر بگرنە پێش وە یا داخواز و سیاستە کرێکاری و دیموکراتیکەکان تەئیید بکەن دەکری پەیوەندیکی عەمەلی نزیکتریان لەگەل دامەزریندری.

***

بریارنامە سەبارەت بە: ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

الف- سەرەتا

١- تێکۆشانی ئێمە لە کوردستان بەشێکە لە تێکۆشانی گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕێکخستن و بەسەمەر گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری لە ئاستی سەراسەری‌دا. لەم بابەتەوە، ڕێبازی گشتی و یاساکانی تێکۆشانی سەراسەری حیزب بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەک هێزی بزوێنەری سەرەکی و ڕابەری هەر ئاڵ و گۆڕیکی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانی سیاسی دا، دەروانێتە سەر تێکۆشانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە لە کوردستانیش.

٢- لە بەر هۆی جۆراوجۆر و بە تایبەت لە بەر هۆی وەک ستەمی میللی و موقاوەمەت و خەبات لە دژی ئەو ستەمە لە کوردستان، بوونی سوننەت و نەریتی خەباتی چەکدارانە، وە قابلییەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوە کە ببنە قورسایی‌یەکی موسر لە مەیدانی سیاسی‌دا. وەزعییەتی سیاسی دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە کوردستان ڕەوتیکی جیاواز لە باقی شوێنەکانی ئێرانی بووە. لە کوردستان، بەرانبەر بە هێزشی بورژوا ئیسلامی بزووتنەوەیەکی موقاومەتی چەکدارانە بە پشتیوانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شکلی گرت. ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە کە سەرەتا بە نیوی بزووتنەوەی موقاومەت و پاش دەورەیەک بە نیوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد ناسرا لە لایەکەوە پێشی بە دەسەڵاتی تاقانەی کۆنەپەرستی بورژوا ئیسلامی لە کوردستان گرت و ئیمکان و مەیدانیکی زیاتری بە بەردەوام بوونی خەباتی ئیعتیرازی دیموکراتیکی جەماوەری دا، و لە لایەکی‌ترەوە بووە هۆی ئەوە کە داخوازی نەمانی ستەمی میللی، لە ژێر ناوی خودموختاری دا، وەک لایەنی هاوبەشی هێزەکانی موقاومەت لە دژی جمهووری ئیسلامی بە شیوەیەکی بەرچاوتر خۆ نیشان بدا.

بەم جۆرە چ لە باری هاوسەنگی هێزی چینەکان و شۆڕش و دژی شۆڕشەوە و چ لە باری چوارچێوەی فیکری و سیاسی و شکل و شیوەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری‌یەوە، چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لە کوردستان لەگەل هەلومەرجیکی تایبەت و بەم بۆنەوە لەگەل ئەرک و وەزیفەیەکی تایبەت بەرەوڕووە کە گرینگ ترینیان بریتی‌یە لە ڕابەری کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، و تەبدیل کردنی ئەم بزووتنەوەیە بە هۆیەک بۆ پەرە پێدان و بە هێز کردنی خەباتی کۆمۆنیستی چینی کرێکار.

٣- بیگۆمان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان پەیوەندی‌یەکی نزیکی لەگەل خەباتی سەراسەری لە ئێران هەیە و بە تایبەت لە دەورەی ئەخیردا لە نیو شۆڕشیکی سەراسەری‌یەوە سەری هەڵداوە، هەر پێشڕەوی‌یەک لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا لە کوردستان، وە یا هەر جەم و جووڵیکی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی سەراسەری‌دا، تەئسیرێکی هیز و توانا بەخش لە هەرتک لاوە دەکەنە سەر یەکتر. جگە لەمە، بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە کوردستان، لە باری ئابووری و سیاسی‌یەوە، بەشێکی ئورگانیک لە کوللی جامیعەی ئێران پێک دینی، ڕێی تی ناچی ڕادەی پێشڕەوی شۆڕش لە ئاستی سەراسەری دا و لە کوردستان، جیاوازی‌یەکی چارەنووس سازیان هەبی. پەیوەندی سەر لە نوێی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان لەگەل گەشە و ئاخیزیکی سیاسی سەراسەری موحتەمەل ترین و لە هەمان کاتدا مەتلووب ترین حالەتیکە کە ئیمکانی هەیە. سەرەڕای ئەمە لە بەر تایبەتی‌یەکانی خەباتی جیاواز لە چوارچێوەی کوردستاندا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانی حیزب _ کۆمەڵە _ کە خۆی هۆیەکی سەرەکی بووە لە شکل گرتنی موقاومەتی بەرینی چەکدارانە دا بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و لە بەردەوام بوونی ئەم موقاومەتەدا، دەبی ستراتیژی خۆی بۆ پێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیە، بێنێتە گۆڕ.

ب- بنەماکانی ستراتیژی ئێمە لە کوردستان:

ستراتیژی ئێمە لە کوردستان لە سەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

١- چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و دی هێزی بزوێنەری سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان پێک دینن. پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەل پلەی گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی و سەربەخۆی چینی کرێکار، یەکگرتنی کرێکاران بە هۆی حیزبی کۆمۆنیستی خۆیانەو، و بەڕێوە چوونی ڕابەری ئەو چینە لە بزووتنەوەی ئیعتیرازی و شۆڕشگێڕانەدا.

٢- شارەکان مەرکەزی سەرەکی ئیعتیرازی سیاسی و جەماوەری و مەیدانی سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەن. جەم و جووڵی سیاسی جەماوەری لە دێهات پەیرەوی جم و جووڵی سیاسی لە شارەکانە، و چارەنووسی نێهایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە شارەکان دیاری دەکری.

٣- مەرجی پێویست بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، دابران و جیایی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاسوو و ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبە بورژوایی‌یەکان لە کوردستان، و بە هێز بوونی کۆمۆنیزمە بەرانبەر بە ناسیونالیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا.

٤- سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە تەنیا لە هەلومەرجی گەشە و ئیتلای سیاسی جەماوەری دا لە کوردستان ئیمکانی دەبی. تی‌گەیشتن لە جیاوازی نیوان هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە و هەلومەرجی غەیرە شۆڕشگێڕانە و ئەو ئەرکە جیاوازانە کە لە هەر کام لەم حالەتانەدا دەکەونە سەر شانی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کرێکاری، بنەمایەکی سەرەکین بۆ دیاری کردنی ستراتیژی پرولیتری لەم بزووتنەوەیەدا.

٥- بەلەبەر چاو گرتنی تەنگانەی ئابووری و سیاسی قوڵی ڕژیمی حاکم و مەینەتەکانی شەری ئێران و عێراق و نارەزایەتی قوڵی کۆمەڵانی خەڵک لە سەرتاسەری ئێران. سەر هەڵدانی بوحرانی سیاسی، بی سباتی ڕژیم و ئاخیزی سیاسی، ئیمکانی مادی و واقعیی‌یە. لە هەلومەرجیکی ئاوادا بە تایبەت لە کوردستان کە کۆمۆنیزم و کۆمەڵە هێزیکی موسری کۆمەڵایەتین، دەکری حیزبی ئێمە بە پراتیکی ئامانجدار و بە جی، گەشە و ئیتلای سیاسی خیراتر کاتەوە.

٦- تەنیا خەباتیکی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی دەتوانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بخاتە نیو مەنگەنە و ڕێگا خۆش کا بۆ هەستانی ئاخیزیکی ئیعتیرازی جەماوەری و هێرشیکی جەماوەری بۆ سەر مەوجوودییەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان. لیک هەڵپێکانی ئەم شکلانەی خەبات لە سیاسەتیکی هاو ئاهەنگ دا بۆ هەڵخراندنی فشار و ئیعتراز لە دژی ڕژیم لە کوردستان، میحوەری ئەرکەکانی ئێستای خیزبی ئیمەیە لە کوردستان.

٧- شکلی نیهایی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، تێکەلاویکە لە ڕاپەرینی شارەکان لە ئاکامی هەستان و ئیعتیرازیکی جەماوەری‌دا، وە پێشڕەوی هێزی چەکداری پەرە گرتووی ئێمە، وەدەرنانی هێزی سەرکوتگەری حکوومەت لە کوردستان و بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی کار و بار لە لایەن خەڵکی ڕاپەریوە و هێزی چەکداری زەحمەتکێشانەوە بەرابەری کۆمەڵە.

٨- تێکۆشکان و ڕووخانی هێزەکان و دام و دەزگاکانی حکوومەتی مەرکەزی و پاشەکشە کردنیان کوتایی کار نییە. سەرکەوتن تەنیا بەوە کامل دەبی کە ئورگانەکانی دەسەڵاتداریتی جەماوەری لە شار و دێهات بە دەسەڵات بگەن و بنیای دەسەڵاتداریتی لە کوردستان ریک بخری و دامەزری. ئەم دەسەڵاتە نویە، دەس بەجێ داخواز و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران بەڕیوە دەبا. مەرجی پێویست بۆ وەدی هاتنی ئەمە نەتەنیا زال بوونە بەسەر هێزەکانی حکوومەتی مەرکەزی‌دا، بەڵکوو پێش گرتنە بە تەقالای حیزبە بورژوایی‌یەکان لە کوردستان کە بیانەوی لە جیاتی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی، ئورگانەکانی بورژوازی مەحەللی بنینە بان سەری خەڵک.

٩- زەمانەتی نیهایی بۆ بەردەوام بوونی سەرکەوتن تیک شکاندنی قەتعی و یەکجاری دەسەڵاتی بورژوازی‌یە لە ئاستی سەراسەری‌دا. کوردستانیک کە تێیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی تیک شکاندبی، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ناتوانی جگە لە شۆڕشیکی سەراسەری پشت بە هیچی‌تر ببەستی. سەرکەوتن لە کوردستان بۆ ئێمە ئالقەیەکە لە وەدی هاتنی ستراتیژی سەراسەری کرێکاران لە ئێران.

ج- سەرخەتی گشتی قوناغەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە:

بەشێک لە ئامانجە مەرحەلەیی‌یەکان کە کۆمۆنیستەکان لە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا دەبی پێشتر پێیان بگەن لە ساڵانی دوای شۆڕشی ٥٧دا لە کوردستان وەدی هاتوون. کۆمەڵە وەک ڕێکخراویکی کۆمۆنیستی لە لایەن زۆربەی کرێکاران و بەشیکی بەرین لە زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پشتیوانی لی دەکری و دەتوانین بڵێین بووەتە سازمانی پێشڕەوی حیزبی و ڕابەری کۆمەڵانی کرێکار. لە نەتیجەی تەبلیغات و تێکۆشانی ئێمەدا وشیاری و تی‌گەیشتنی چینایەتی کرێکاران لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان زیاتر بووە و داخوازە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕوشنتر بوونەتەوە و وینەیەکی زۆر ڕوشن لە ناوەڕۆک و ئامانجەکانی بزووتنەوەی حازر لە نیو خەڵک دا جی گیر بووە. خەباتی چەکدارانە سەرەڕای ئەو پاشەکشە و مەحدوودییەتانە کە پێی تەحمیل کراون وەک شکلیکی موعتەبەری خەباتکارانە لەم دەورەیەدا و لە داهاتووی قابیلی پێش بینی دا جیگیر بووە و دەور و جیگایەکی گرینگی بووە لەوەدا کە نەهیلی کونەپەرستی بورژوا ئیسلامی لە کوردستان وەک دەسەڵاتی تاقانە زال بی.

بورژوازی کورد چ لە باری نفووز و ئاسوی کۆمەڵایەتی حۆیەوە و چ لە باری قودرەتی سیاسی و عەمەلی و حیزبی‌یەوە بەرانبەر بە ئالترناتیوی سوسیالیستی کرێکاران و سوننەتی سوسیالیستی خەبات کە کۆمەڵە لە جامعەی کوردستاندا نوێنەرییەتی، لاواز بووە و کۆمۆنیزم و سوننەتی خەبات بە هۆی حیزبی کۆمۆنیستەوە هەر ئێستا خەریکە بەسەر ئەو سوننەتە بورژوا ناسیونالیستی‌یەدا زال دەبی کە لە تایبەتی‌یە سەرەکی‌یەکانی خەباتی ڕابوردوودی جەماوەری خەڵک لە کوردستان بووە.

بەلەبەر چاوگرتنی دەسکەوتەکانی تا ئێستا و بە پێی ئەو بنەمایانە کە لەسەرەوە سەبارەت بە ستراتیژی‌مان لە کوردستان باسیان کرا، بەرەوپێش بردنی سیاسەتیکی دەورەیی دیاریکراو و دەکەوێتە دەستووری کارمانەوە.

بەگشتی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا لە کوردستان دەکری ٣ دەورەی جیاواز دیاری بکەین. دەورەی یەکەم، دەورەی پێش هەستانی بەرینی جەماوەریان دەورەی ئێستایە، دەورەی دووهەم، دەورەی سەر هەڵدانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری و سەر و بەندی ئیتلای شۆڕشگێڕانەیە و دەورەی سێهەم دەورەی ئیتلای سیاسی و پەلاماری نیهایی‌یە.

ئەم دەورەبەندی‌یە گەلیک تەئسیری گرینگی لەسەر خەسلەت و تایبەتی‌یەکانی ئەرکەکانمان هەیە و هەرکام لەم دەورانە ئەرک و جیهەت گیری تیابەت دەنینە دەستووری کارمانەوە.

١ - سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا (پێش هەستانی جەماوەری)

١- پتەوکردنەوەی پەیوەندی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، ڕێکخستن و هێنانە مەیدانی چینی کرێکار و پەرەپێدانی شکلە جۆراوجۆرەکانی ئیعتیرازی چینایەتی، تەبدیل کردنی کۆمۆنیزم بە هێزیکی کۆمەڵایەتی و تەبدیل کردنی سازمانی کوردستانی حیزب بە ڕێکخراوی ڕابەران و تێکۆشەرانی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی کرێکاری.

٢- پێک هێنانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە جۆرێک کە توانای خەبات و پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی یان لە جەرگەی سەنگ و سووکی مەوجوودی نیوان هێزەکان دا هەبی.

٣- لێک هەڵپێکانی شکلە سەرەکی‌یەکانی خەبا (ئابووری، سیاسی، نیزامی) لە سیاسەتیکی فشار هێنانی هاوئاهەنگ و چەند لایەنە بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی. تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەرابەری جم و جووڵی ئیعتیرازی خەڵک، تەبدیل کردنی ڕابەرانی کۆمۆنیست بە بابەرانی خاوەن نفووز لە ئاستی کوردستاندا.

٤- پاراستنی پتەوی و قودرەتی هێزی چەکداری کۆمۆنیستی، پەرە پی دانی تا ئەو جێگایە کە لەم دەورەیەدا ئیمکانی هەیە، پاراستن و بە هێز کردنی ئیستحکامی ئیدئولوژیک و سیاسی ئەو هێزە.

٥- بردنە سەری توانایی سیاسی و نیزامی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی و باش کردنی بەردەوامی سەنگ و سووکی هێزە سیاسی و نیزامی‌یەکان لەگەل بورژوازی مەحەللی و حیزبەکانیان.

٦- تەریک کردن و بە تاک خستەوەی سیاسی ئەحزابی بورژوازی، لاواز کردنی ئاسوی ناسیونالیستی بزووتنەوە بە قازانجی ئاسوی سوسیالیستی و دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە.

٧- ئامادە کردنی ڕابەرانی جەماوەری و ئاژیتاتورە کۆمۆنیستەکان بۆ پەروەردە کردن و هیدایەت کردنی زەحمەتکێشان لە هەلومەرجی ئێستا دا و هەروەها هیدایە کردنی بزووتنەوەی بەرینی جەماوەری لە هەلومەرجی پەرەگرتنی بزووتنەوەی جەماوەری و ئیعتلای شۆڕشگێڕانەدا.

٨- پەرە پێدانی ویست و داخوازە کرێکاری و دیموکراتیکەکان لە نیو کۆمەڵ دا و بردنە سەری زەرفییەت و ئامادەیی کرێکاران بۆ ئەوەی بکەونە سەرووی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و حکوومەت کردن بە هۆی شووراکانەوە لە داهاتوودا.

٩- .....

٢- سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە سەر و بەندی ئیعتلای سیاسی‌دا:

١- پەرە پێدانی خیرای هێزە چەکدارەکان بە هۆی پێک هێنانی ڕێکخراوە نیزامی‌یە جەماوەری‌یەکانی سەر بە کۆمەڵە.

٢- پێشڕەوی نیزامی و ئازاد کردنی ناوچەکان.

٣- ڕێکخستنی ئیعتیرازاتی بەرینی شارەکان و ئامادە بوون بۆ ڕاپەرینی شارەکان بە پشتیوانی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ.

٤- پێک هێنانی شکلە سەرەتایی‌یەکانی ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە شارەکان و هەروەها لە دێهات.

٥- ئامادە بوون بۆ چەکدار کردنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکان.

٦- بەرەیانی بورژوایی سازشکار و ناچار کردنیان بەوە کە بکەونە شوین بەشی پێشڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕان (پووچەل کردنەوەی بەند و بەست و معامەلە و....)

٧- شکل دان بەرابەری جەماوەری ڕاپەرین (واوەتر چوونی ڕابەری حیزبی لە مەسئوولییەتی حیزبی و تەبدیل بوون بە عناسری قودرەتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری).

٨- .....

٣- سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لە دەورەی ئیعتلای سیاسی، ڕاپەرین و زۆربەی نیهایی‌دا

١- تێک شکاندن و ڕامالینی ئەرتەشی مەرکەزی بە ڕاپەرینی شارەکان و پێشڕەوی نیزامی هێزی چەکداری حیزبی و جەماوەری، گرتنی شارەکان.

٢- دامەزراندنی قودرەتی شووراییە لە ناوچەکان و شارەکا، پێش گرتن بەوە کە جیاتی ئورگانەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی، کاربەدەستان و دام و دەزگاکانی محەللی بینەبان سەری خەڵک.

٣- ڕاگەیاندنی ڕەسمی مەشرووعییەتی حکوومەتی شووراکانی خەڵک و زەمانەتی قانوونییەتیان بە هۆی میلیشیای چەکداری جەماوەری‌یەوە.

٤- چەکدار کردنی گشتی و ڕێکخستنی میلیشیای جەماوەری بە هۆی هێزی چەکداری کۆمۆنیستی. سپاردنی ئوتوریتەی میلیشیاکان بەدەست شووراکانی خەڵک.

٥- ڕاگەیاندنی داخواز و بەرنامە ریفاهی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی‌یەکانی کرێکاران و یەک لەوانە گەلالەی کرێکاران بۆ لابردنی ستەمی میللی وەک قانوونی جاری لە کوردستان. بە دەستەوە گرتنی قانوون دانان، بەڕێوەبردن و قەزاوەت کردنی لە لایەن شووراکانەوە.

٦- ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵ بە هۆی شووراکان و حاکمییەتی شووراییە.

٧- .....

***

گوزارشێك لە مەراسمی رۆژی کرێکار لە شارەکانی سنە و مهاباد

هەزاران کەس لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە رۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

رۆژی هەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵ، لە شاری سنە و دەوروبەری ئەم شارە چەندین مەراسمی جیاواز بۆ ڕیزگرتن لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی کرێکاران، بەرپا بوو. لە چەند گەرەکی شار، لە دەرەوەی شار، لەسەر کیوی "ئاویەر" و لە داوینەکانی ئەم کیوە چەندین کۆبوونەوەی شکودار، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و جەماوەری تێکۆشەری ئەم شارە بەرپا کرا. ئەم گوزارشەی خوارەوە، گوزارشێکی کورتی ئەم مەراسمانەیە.

میتینگی شکودای دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" (رازی پێشوو)، کە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و خەڵکی تێکۆشەر بەشداریان تێدا کرد، یەکێك لە شکودارترین مەراسمەکان بوو. کرێکارانی تێکۆشەری شاری سنە ماوەیەك بوو خەریکی تەدارەکی بەرپا کردنی جەژنی مانگی مەی ئەمساڵ بوون و دوای چەندین کۆبوونەوە لە بارەی چلونایەتی بەرپا کردنی ئەم جەژنە، تەسمیمیان گرت و بە دەست پی کردنی چەند کاری پێویست، بەرووپیری بەرپا کردنی مەراسمەکە چوون و خۆیان ئامادە کرد.

ڕژیمی دژی بەشەری "جمهووری ئیسلامی"ش بە وەری خستنی تەبلیغاتی شەر، هێنانە مەیدانی گەشتیەکانی کومیتە و "ساراللە" بە بیانووی ڕەش بگیری و سەربازگیری و مانوری تری دژی کرێکاری و دژی ئینسانی، هەوڵی دا فەزای ترس و سام پێك بینی و وەری خەباتکارانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کز بکا و لە بەرپا کردنی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاران بەرگری بکا.

بەڵام ئیقداماتی سەرکەوتوانەی ڕژیم نە تەنیا نەیتوانی بەری خۆنیشان دانی خەباتکارانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بگری، بەڵکوو نەفرەت و بیزاری کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەری قوولتر کرد و کرێکاران بۆ وەڵام دانەوەی قاتع بە مانورە دژی کرێکاریەکانی ڕژیم بەرپا کردنی چەندین جەژنی شکودار و یەکگرتوانە، سوورتر کرد.

چەند ڕۆژ پێش هەوەڵی مانگی مەی، ڕوالەتی شار گورا بوو. بە ئاشکرا دیار بوو لە هەموو گەرەکەکان و مەرکەزە کرێکاریەکان، کرێکاران بەرەوپیری بەرپا کردنی مەراسمی مانگی مەی دەچوون. ئەم وەزعە ترسی سەرمایەداران و دەم و دەزگای دەوڵەتی سەرکوتگەری پشتیوانیانی دوو هێندە کردبوو. ڕۆژی ١٠ی مانگی گولان، یانی ڕۆژێك پێش جەژنی هەوەڵی مانگی مەی، شار، ڕەنگ و ڕوالەتیکی زۆر نیزامی بەخۆیەوە گرتبوو. هەموو هێزەکانی ڕژیم بە کومیتە و ساراللە و گەشتی نهینی و موتور سوارەکانەوە، ڕژابوونە خیابان و گەرەك و کولانەکان و شوین و مەرکەزە کرێکاریەکانیان خستبووە ژێر چاوەدێری خۆیانەوە.

بەڵام وشیاری کرێکاران ئەم پیلانەی پووچەڵ کردەوە. چەند ڕۆژ پێشتر نووسراوە و نەشریبە و تراکتەکانی حیزبی کۆمۆنیست بلاو کرابوونەوە. نوینەرانی کرێکاران حەوتوویەك پێشتر چووبوونە ئیدارەی کار و داوایان کردبوو شوینیکی موناسبیان لە ئیختیار بنین. ئیدارەی کار دوای کارشکەنیەکی زۆر ئاخری مەجبوور بوو دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" (رازی پێشوو) بنێتە ئیختیاریان. ئەم دەبیرستانە لە نیوان "کومیتەی ئینقلاب" و چەند مەقەری تری ڕژیم دا هەڵکەوتبوو. دوای مەعلوم بوونی شوینی مەراسمەکە کرێکاران دەسبەجی دەستیان بە ئامادە کردن و ڕازاندنەوەی سالونی مەراسمەکە کرد. زۆر تراکت و پوستەری کرێکاری و شۆرشگێڕانە لە سالونی مەراسم هەڵواسرا، کە لە سەر چەند دانەیان نووسرابوو: "کرێکارانی جیهان یەکگرن!"، "ئێمە کرێکارانی سنە پشتیوانی خۆمان لە کرێکارانی دنیا ڕادەگەیەنین"، "کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانی خۆیان لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستین ڕادەگەیەنن" "چارەی ستەم لی کراوان لە یەکیەتی و یەکگرتوویی یان دایە"، "ئێمە کرێکارانی کوردستان بۆمباران و مووشەك بارانی شارەکان مەحکووم دەکەین"، "بژی هەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران" لەسەر تراکتیك لە لایەن کرێکارانی فەسلیەوە نووسرابوو " ئێمە پشتیوانی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی جیهان دەر دەبرین کرێکارانی فەسلی". دەوروبەری تراکتەکان بە ئەستێرەی سوور ڕازابوووەوە. هەروەها بریارنامەیەکی ٢٠ ماددەیی لە لایەن هەیئەتی بەرپا کردنی مەراسمەکەوە نووسرابوو و لە پێشدا پەسەند کرا بوو تا لە مەراسمەکەدا بخوێندرێتەوە. بەریوەبەری بەرنامە، سوخەنرانەکان، گرووهەکانی "ئینتزامات"، شانوگەری و سروودی مەراسمەکە و مەسئوولی دابەش کردنی شیرینی و کۆکردنەوەی یارمەتی مالی لە لایەن کرێکارەکانەوە دیاری کرابوون.

سەرەڕای ئەوە کە ئیدارەی کار بە دانستە، دەرەنگ شوینی مەراسمەکەی بە کرێکاران ڕاگەیاند و دەرفەتیکی کەم بۆ ڕاگەیاندنی شوینی مەراسمەکە بە کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەری شار هەبوو، بەڵام کرێکاران بەوەکار خستنی ئیبتیکار و بە شیوەی جۆراوجۆر شوینی مەراسمەکەیان بە کرێکارانی شار ڕاگەیاند و لە سەعاتی یەکی پاش نیوەڕووی ڕۆژی ١١ی مانگی گولانەوە تا سەعات ٣ی ئەو ڕۆژە چەندین هەزار کەس لە کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەر لە دەبیرستانی "ڕەنج ئاوری" کۆبوونەوە.

سەعات ٣ی پاش نیوەڕو، بەڕێوەبەری مەراسمەکە دوای بەخیر هاتن کردنی حازران ڕیزی بەرنامەی ڕاگەیاند و مەراسم بە سروود و دەقیقەیەك بی دەنگی و هەستانە سەر پێی حازران بۆ ڕیزگرتن لە یادی کرێکارانی گیان بەخت کردووی شیکاگوو هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە سەر کارگیانیان لە دەست داوە، دەستی پێکرد و لە دواییش دا پەیامی هەیئەتی بەرپا کردنی مەراسمی هەوەڵی مانگی مەی خوێندرایەوە. پاش ئەوە یەکیك لە سوخەنرانەکان لە بارەی ٤٠ سەعات کار و دوو ڕۆژ تەعتیلی لە حەتوودا قسەی کرد و دوای ئەویش سوخەنرانیکی دیکە لە سەر بیمەی بێکاری بۆ هەموو بێکارانی ژن و پیاوی بانتر لە ١٨ساڵ قسەی کرد. دوای بلاوبوونەوەی چەند سروود و گورانی کوردی سوخەنرانی سێهەم سەبارەت بە تاریخچەی هەوەڵی مانگی مەی و گیان بەخت کردنی کرێکارانی شیکاگو قەسی کرد. سوخەنرانی چوارەم پاش بلاو بوونەوەی چەند گورانیتر، لە سەر بیهداشت لە ناو کارگاکان و تەفرەقەیەك کە سەرمایەداران و خاوەن کاران لە نیو ڕیزی کرێکاراندا پێکی دێنن، سوخەنرانی کرد. هەموو ئەو کەسانەی سوخەنرانی یان کرد لەگەل پیشوازی گەرم و گوڕی حازران بەڕەوڕوو بوون و هەرکامەی چەند جار چەپلەیان بۆ لی درا. دوای سوخەنرانیەکان شانوگەریەك پێشکەش کرا بە نیوی "شیرینی فروش" و پاشانیش شانوگەریەکیتر کە نیشانی دەدا کرێکارانی بلووك زەنی چوون سندووقی مالی پێك دێنن، پێشکەش کرد.

نوینەریکی ئیدارەی کار کە لە لایەن ئەم ئیدارەوە بۆ بەشداری و سوخەنرانی لە مەراسمەکەدا نارد‌رابوو، نەی ویرا بچێتە ناو کوری کرێکاران و لە ماوەی مەراسمەکەدا لە دەرەوەی شوینی مەراسمەکە ڕاوەستابوو و ئاخریش چونکوو ئەم وەزعەی بە دل نەبوو قەسەی نەکرد و پێش کوتایی مەراسمەکە ڕویشت. یەکیك لە کرێکاران لەم بارەوە وتی: "ئەمڕۆ، ڕۆژی ئێمەی کرێکارە و هیچ نوینەریکی دەوڵەت و ئیدارەی کار ناتوانن لەم مەراسمەدا دەخالەت بکەن" و پاشان بە دەنگی بەرز وتی: "ئەوان ناویرن قسەی دل و دەرد و مەرگ و موشکلەکانی ئێمە ببیستن و بیان بینن".

لە بەشی ئاخری بەرنامەدا بریارنامەی ٢٠ ماددەیی کرێکاران، لە کۆبوونەوەدا خوێندرایەوە و حازران بە چەپەلە لیدان تەئییدیان کرد. دوای خویندنەوەی بریارنامەش، کوری سروودی تازەلاوان، سروودی کرێکاری هەوەڵی مانگی مەی (یەکی ئەیار) یان پێشکەش کرد. لە ماوەی ئەم مەراسمەدا شیرینی لە ناو بەشدار بوانی مەراسمەکەدا بلاو دەکرایەوە. ئەم شیرینیەیە کە کرێکاران کریبوویان، لە کاغەزیکی تایبەتەوە پێچرابوو کە لە سەری نوسرابوو: "ڕۆژ جیهانی کرێکارتان لی پیروز بی!" هەروەها لە پێشدا چەند گرووە لە لایەن کرێکارانەوە دیاری کرابوون کە شیرینی یان بردە گەرەکەکانی شار و لەوی بلاویان کردەوە. ئەم مەراسمە سەعات ٥و٤٥ دەقیقە، لە نیو شەوق و شادمانی کرێکاران دا کوتایی پی هات و کرێکاران لە حالیکدا کە لە بەرپا کردنی ئەم میتینگە شکوداره هەستیان بە سەرکەوتن دەکرد گەرانەوە مالی خۆیان.

مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە گەرەکەکان و کێوی "ئاویەر"

جگە لە متینگی مەدرەسەی "ڕەنج ئاوری"، کرێکاران لە زۆر گەرەکی کرێکارنشین و چەندین خیابان و داوینی کیوی "ئاویەر"یش، لە نیو کۆڕ و کۆمەڵی خانەوادەگی و کۆبوونەوەی سەدان کەسیدا جەژنی هەوەڵی مانگی مەیان بەڕێوە برد. خیابانەکانی "مەردوخ"، "سیروس"، گەرەکەکانی "حاجی ئاوا"، "کانی کووزەلە"، "گولشەن"، "تەق تەقان"، "عەباس ئاوا"، "شەریف ئاوا" و "کانی ماماتکە"ی "ئاویەر" مەراسمیان تیدا بەڕێوە چوو. لە زۆربەی ئەم مەراسمانەدا کرێکاران گول و شیرینی یان دەبردە شوینی بەرپا بوونی مەراسمەکە و پیروزبایی‌یان لیك دەکرد و بە سروود و سوخەنرانی لە سەر ڕۆژی هەوەڵی مانگی مەی و هەژاری و بەش مەینەتی و ژیانی کرێکاران، ڕێزیان لە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار گرت و لە نیوان مەراسمەکاندا گوییان دەدایە بەرنامەی تایبەتی دەنگی شۆرشی ئێران. لە دوو مەراسمەدا زیاتر کچانی لاو و ژنان و مەندالەکانیان بەشداری‌یان تێدا کردبوو، کە لە یەکیك لەم مەراسمانەدا جگە لە شیعر و سروودی شۆرشگێڕانە و سوخەنرانی لەسەر هەوەڵی مانگی مەی و ژیانی کرێکاران، لە سەر ڕزگاری ژنان و بەشداری کردنی هەرچی زیاتریان لە خەباتی چینی کرێکار دا قسە و باس کرا. لە مەراسمیکیتردا سەبارەت بە پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان سوخەنرانی کرا.

لەسەر بەرزایی‌یەکان کیوی "ئاویەر"یش ڕۆژی پێش هەوەڵی مانگی مەی ئالای سوور هەڵدرا و لە ڕۆژی یەکی ئەیاریش دا لە سەر ئەم کیوە لە شوینیك بە نیوی "کانی ماماتکە" مەراسمیك بەرپا کرا و پاش سروود و سوخەنرانی‌یەکان، لە کوتایی مەسارمەکەدا لاوان دەستیان کرد بە شادمانی و هەڵپەرکی و ئیوارەش دوای خۆ ئاوا، بە هەل کردنی ٩ ئالقەی ئاگر، لەسەر بەرزایی‌یەکانی "ئاویەر" و داوینەکانی ئەم کیوە کە دەروانیتە سەر شاری سنە، جاریکی دیکە ڕیزیان لە جەژنی جیهانی کرێکاران گرت.

بریارنامەی کرێکاران سنە یەکی ئەیاری ١٣٦٧

کرێکاران، زەحمەتکێشان، هاوڕیانی هاوچارەنووس!

ئەمڕۆ ١٠٢ ساڵ لەتەمەنی پربایەخی یەکی ئەیار _ ڕیکەوتی ١١ی گولان _ ڕۆژی جیهان چینی کرێکار تێپەڕ دەبی، چینیك کە ڕۆژ لەگەل ڕۆژ بەرەو ئەوە چەچی لەسەرتاسەری جیهان دا شاهیدی بەرەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازە ڕەواکانی بێ. چینیك کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی، هاوپشتی و یەکگرتوویی ریزە میلیونی‌یەکانی خۆیەتی.

ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار ڕۆژیکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەل یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعی‌یەکانی خۆیان، خەباتی بی وچانیان دریژە پی بدەن.

ئێمە کرێکارانی کوردستان پی بە پێی چینی کرێکاری جیهان ئەمسالیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوی پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکیتر لە سەر داخوازە کرێکاری‌یەکان پی دادەگرین و لەم ڕۆژە پیرۆزە دا بریارنامەیەك کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان ڕادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١- داواکاری بەرەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارین.

٢- داواکاری بەرەسمییەت ناسرانی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکانین لە شوورا و سەندیکا و ئیتحادیە و کومیتەی چارەسەر کردنی کیشەی نیوان کرێکاران و کارفەرمایان بە حوزووری نوینەری واقیعی کرێکاران.

٣- داواکاری پێك هینانی کاری موناسبین بۆ هەموو ژنان و پیاوانی بێکاری ولأت کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بی.

٤- داواکاری بەرابەری ژنان و پیاوانین لە هەموو مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی‌یەکاندا.

٥- داواکاری قەدەغەی کاری کرێکارانی کەمتر لە ١٨ ساڵین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان دا.

٦- داواکاری قەدەغەی هەرچەشنە زیدەکاری و شەوکاری‌یەکین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا مەرگەر کاری پێویست بێ بۆ کۆمەڵ ئەویش بە حقووق و مەزایای دووبەرابەرەوە.

٧- داواکاری زیاد بوونی حەقدەستی کرێکاران بە لەبەر چاو گرتنی گرانی، و داواکاری دانی لانی کەمی حەقدەست بە پێی خەرجی خانەوادەیەکی ٥ کەسین.

٨- لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران بە لەبەر چاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیکی ٥ کەسی دەبی لە لایەن نوینەرانی واقیعی کرێکارنەوە دیاری بکری.

٩- داواکاری بەڕێوەچوونی ٤٠ سەعات کار و ٢ ڕۆژ تەعتیلی لە سەریەکین لە حەوتوودا.

١٠- داواکاری پێك هێنانی مەجال و ئیمکانی خوێندنین بۆ منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە خەرجی دەوڵەت هەتا تەمەنی ١٨ ساڵان.

١١- داواکاری مەسکەنی موناسب، بهداشت و تەعاونی مەسرەف لە شوینی موناسب بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانین.

١٢- داواکاری قەدەغەی دەرکردنی کرێکاران و کەم کردنەوەی هەقدەستین لە لایەن خاوەن کارەوە بە بیانووی سەربازی.

١٣- داواکاری پێك هێنانی بیمەی بێکارین بۆ هەموو بێکارانی ولأت بە ژن و پیاوەوە کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بی.

١٤- داواکاری هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٣٣ی قانوونی کارین کە ئیجازەی هەرچەشنە دەرکردنیکی کرێکارانی بە بی دانی خەرجی موناسب، بە خاوەن کارەکان داوە.

١٥- داواکاری ئەوەین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان دا ڕۆژانی و غەیری بەرهەم هێنان دا ڕۆژانی مەرەخەسی بۆ کرێکاران زیاد بکری و لە ١٢ ڕۆژەوە بکرێتە ٣٠ ڕۆژ.

١٦- داواکاری ئەوەین ئیمکاناتی وەرزشی بۆ هەموو کرێکاران لە شوینە کرێکاری‌یەکان پێك بهێنری.

١٧- داواکاری قەدەغەی هەرچەشنە جەریمە کردنیکی کرێکارانین لە لایەن خاوەن کارەکانەوە بە بیانووی جۆراوجۆر.

١٨- ئەگەر ژنان نیوەی کۆمەلن، ئێمە داواکاری مەهدی کوودەك، شیرخورگە،

←

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و کوتایی تیك هەڵچوونی ناوخۆیی لە کوردستان

کرێکاران و زەحمەتکێشان!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بوحرانی سیاسی و بن بەستی عەمەلی حیزبی دیموکرات، ئەو حیزبەی تووشی ئینشعاب کردوە و نێستا سەر لی شیواوی و ئالوزی سەرتاپای بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەرەیانەی داگرتوە. کێشە و یەکترلەقاودانی بالەکان و دەستەبەندیەکانی ئەم حیزبە بە راشکاویەکی توخ و بی پەردە مەوقعییەت و روخساری حیزبی دیموکرات لە هەرزەمانیکی دیکە زیاتر ئاشکرا بووە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی دوو لایەنی ئەم کیشەیە ئیددیعای دەکەن، وەزعییەتی نێستا و بوحرانی قوولی حیزبی دیموکرات رووداویکی لە ناکاو نیەکە لە ئاخرین کونگرەی ئەم حیزبەدا و بە هۆی مەقام پەرستی ئەم و باندبازی ئەو، سەرەرویی ئەم و بی ئوسوولی ئەو، یان شتیتری لەم چەشنە رووی دابی. چارنووسی حیزب و هێزە سیاسییەکان بەر لە هەموو شتیك لە مەوقعییەتی ئەو حیزب و هێزانە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵدا دەوەشێتەوە. بوحران و بن بەستی حیزبی دیموکرات لە بناغەدا رەنگدانەوەیەکە لەو راستییە کە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد بە ویست و داخوازەکانی خۆیەوە، بە ئالای خۆیەوە، بە رێکخراوە و حیزبی خۆیەوە پێی ناوەتە مەیدان و بووەتە هێزی بزووینەری جوولانەوە لە کوردستان. بوحرانی حیزبی دیموکرات رەنگدانەوەی ئەو واقعییەتەیە کە لە دلی پەیوەندەکانی سەرمایەداری دا چینی کرێکار وەزنیکی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەوتوی پەیدا کردوە کە ئیتر دەتوانی ببێتە کۆڵەکەی هەموو ئاڵ و گۆڕە کۆمەلایەتییەکان. دواکەوتوویی لە میژینە و خورافات و بەرچاو تەنگی کونەپەرستانە بەرانبەر بە سەر هەڵدان و گەشەی ئەم چینە پێشرەوە لە رەنگ و روالەت دەکەون و هەموو ئەو حیزب و جەرەیانانە کە بوون و نەبوونی خۆیان بەم دواکەوتوویی‌یانە وەرگری دەدەن، بەرەو فەوتان و تەریك مانەوە دەکێشرین. رەوتی گەشەی وشیاری سیاسی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و هاتنە گۆڕی شیعار و داخوازە دیموکراتیەك و سوسیالیستییەکانی چینی کرێکار لە کوردستان، لە هەمان حاڵدا رەوتی نشست و تەریك مانەوەی ئەم حیزبە بووە. حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیك کە ئیتر هی رابوردووی کۆمەڵی کوردستانە، وەك جەرەیانیك کە نە خانەوادەکانیان، دەستفرۆشان و سی چەرخەدارانی نیشتەجێی ئەم گەرەکە، لە رۆژانی پێش ١١ی مانگی گولان دا یەکگرتوانە تەسمیمیان گرت کە رۆژی هەوەلی مانگی مەی یەکپارچە و بە تێکرا کار تەعتیل کەن و مەراسمی سەربەخۆی خۆیان، بەرپا بکەن و بەم جۆرە هاوپەیمانی و هاوخەباتی و هاوچارەنووسی خۆیان لەگەل کرێکارانی دیکەی جیهان رابگەیەنن.

بەیانی رۆژی هەوەلی مانگی مەی، کرێکارانی نانەواخانەکان، دەستفرۆشان و قەفەسە دارانی ئەم گەرەکە کاریان تەعتیل کرد و لە سەعات ١٠ی بەیانی‌یەوە لە کۆر و کۆمەڵ و مەجلیسی گەورە و چکولە و هات و چووی خانەوادەگی خۆیان دا. ئەم جەژنەیان بەرێوە برد و ویرای دانانی شیرینی و شەربەت و چا، لەسەر رۆژی کرێکار و پێویستی بەرپا کردنی مەراسمی ساڵیانە و سەربەخۆی کرێکاری قسە و باسیان کرد.

بەشیکیتر لە کرێکاران بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەختکردوان لە گورستانی ئەم شارە لە سەر گوری گیان بەختکردوان کۆبوونەوە. بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی بە بیانووی سەربازگیری‌یەوە هێرشیکی درندانەیان کردە سەر کرێکاران و ژمارەیەکیان لی گرتن.

هەروەها لەم، رۆژەدا ژمارەیەك لە کرێکارانی ساختمانی کە لە چەند شوینی گەرەکی "کوی فەرهنگیان" کاریان دەکرد، لە دەوری یەك کۆبوونەوە و لە سەر رۆژی کرێکار و پێویستی یەکیەتی و یەکگرتوویی کرێکاران و پێویستی خەبات لە دژی ئەم وەزعە، قسە و باسیان کرد.

مەراسمی رۆژی کرێکار لە سەیرانگەی "شیخە رەش"

ژمارەیەك لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری مهاباد و چەند مەنتەقەی دیکە، لە سەیرانگەی "شیخە رەش" لە نزیك جلدیان، کۆبوونەوە و رۆژی یەکی ئەیاریان جەژن گرت. لەم مەراسمەدا کرێکاران لە سەر گرینگی رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و پێویستی یەکگرتوویی کرێکارن لە دژی سەرمایەداران و دەولەتەکەیان قسەیان کرد.

بەکریگیراوانی جیگیر لەم سەیرانگایە ویستیان مەراسمەکە تیك بدەن و کرێکاران لەگەلیان دەرگیر بوون. ئەم دەرگیری و تیك هەڵچوونە تا ئەوکاتەی کە هێزی کومەکی بەکریگیراوان گەیشتنە شوینی دەرگیری، هەروا ئیدامەی هەبوو و دوای ئەوە کرێکاران و زەحمەتکێشان شوینی مەراسمەکەیان بەجێ هیشت.

***

مەرەخەسی کافی لە دەورانی دووگیانی دا و پێك هێنانی جلشوورخانە لە شوینی کار و ژیانین.

١٩- ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی چەند گەرەك و مەرکەزی کرێکاری، خەریکی تەدارەك و بەرپا کردنی ئەم جەژنە بوون.

رۆژی هەوەلی مانگی مەی رواڵەتی شار گورا بوو و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و قەفەسەداران و دەستفرۆشانی خاوەنی داشقەی دەستی، دەستیان لە کار هەڵگرت و لە کۆر و کۆمەڵی گەورە و چکولەدا کۆبوونەوە و جەژنی هەوەلی مانگی مەییان بەرێوە برد. ئەوان لەسەر گرینگی ئەم رۆژە و خەباتی هاوبەشی چینی جیهانی کرێکار و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران قسە و باسیان کرد و بلاوکردنەوەی شیرینی لە کۆر و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان دا، ئەم رۆژەیان جەژن گرت.

هەروەها لەم رۆژەدا بەشیك لە خەڵکی شاری مهابادیش بە تەعتیل کردنی کار و بلاو کردنەوەی شیرینی و ...، پشتیوانی خۆیان لە رۆژی جیهانی کرێکار نیشان دا.

مەراسمی رۆژی کرێکار لە گەرەکی مەیدانی حەیوان

ئەم گەرەکە کە یەکیك لە گەرەکە کرێکاری‌نشینەکانی شاری مهاباده، رۆژی هەوەلی مانگی مەی پر لە شور و شەوق و جم و جوولی یەکگرتوانە بوو کە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەم گەرەکە بە عەزم و ئیرادەی خەباتکارانەی خۆیان، لە دژی نیزامی سەرمایەداری هێنا بوویانە کایەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان لە مەرەخەسی سەرەتاوە بە ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی بەرەو شوینی مەراسم بەڕێ کەوتن. لە سەر ڕێگا هەر چەند جار جێگای وەستانی پێشوو دەگیرا و ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی دووبارە دەبووەوە. بەم جۆرە کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی گەیشتنە شوینی مەراسم. لە شوینی مەراسم کۆمەڵێك کرێکار و زەحمەتکێش وتاری خۆیان پێشکەش کرد و ئەوان لە سەر گرینگی ئەم رۆژە و خەباتی هاوبەشی چینی جیهانی کرێکار و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران قسە و باسیان کرد و بلاوکردنەوەی شیرینی لە کۆر و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان دا، ئەم رۆژەیان جەژن گرت.

هەروەها لەم رۆژەدا بەشیك لە خەڵکی شاری مهابادیش بە تەعتیل کردنی کار و بلاو کردنەوەی شیرینی و ...، پشتیوانی خۆیان لە رۆژی جیهانی کرێکار نیشان دا.

مەراسمی رۆژی کرێکار لە گەرەکی مەیدانی حەیوان

ئەم گەرەکە کە یەکیك لە گەرەکە کرێکاری‌نشینەکانی شاری مهاباده، رۆژی هەوەلی مانگی مەی پر لە شور و شەوق و جم و جوولی یەکگرتوانە بوو کە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەم گەرەکە بە عەزم و ئیرادەی خەباتکارانەی خۆیان، لە دژی نیزامی سەرمایەداری هێنا بوویانە کایەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان لە مەرەخەسی سەرەتاوە بە ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی بەرەو شوینی مەراسم بەڕێ کەوتن. لە سەر ڕێگا هەر چەند جار جێگای وەستانی پێشوو دەگیرا و ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی دووبارە دەبووەوە. بەم جۆرە کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاهەنگ و سروود و هەڵپەڕکێ و شادی و پایکوبی گەیشتنە شوینی مەراسم. لە شوینی مەراسم کۆمەڵێك کرێکار و زەحمەتکێش وتاری خۆیان پێشکەش کرد و ئەوان لە سەر گرینگی ئەم رۆژە و خەباتی هاوبەشی چینی جیهانی کرێکار و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران قسە و باسیان کرد و بلاوکردنەوەی شیرینی لە کۆر و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان دا، ئەم رۆژەیان جەژن گرت.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی مهاباد لە کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانی خۆپاندا، رۆژی جیهانی کرێکاریان جەژن گرت.

لە چەند رۆژ پێش هەوەلی مانگی مەییەوە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی چەند گەرەك و مەرکەزی کرێکاری، خەریکی تەدارەك و بەرپا کردنی ئەم جەژنە بوون.

رۆژی هەوەلی مانگی مەی روالەتی شار گورا بوو و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و قەفەسەداران و دەستفرۆشانی خاوەنی داشقەی دەستی، دەستیان لە کار هەڵگرت و لە کۆڕ و کۆمەڵی گەورە و چکولەدا کۆبوونەوە و جەژنی هەوەلی مانگی مەییان بەرێوە برد. ئەوان لەسەر گرینگی ئەم رۆژە و خەباتی هاوبەشی چینی جیهانی کرێکار و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران قسە و باسیان کرد و بلاوکردنەوەی شیرینی لە کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان دا، ئەم رۆژەیان جەژن گرت.

لە هەروەها لەم رۆژەدا بەشیك لە خەڵکی شاری مهابادیش بە تەعتیل کردنی کار و بلاو کردنەوەی شیرینی و ...، پشتیوانی خۆیان لە رۆژی جیهانی کرێکار نیشان دا.

مەراسمی رۆژی کرێکار لە گەرەکی مەیدانی حەیوان

ئەم گەرەکە کە یەکیك لە گەرەکە کرێکاری‌نشینەکانی شاری مهاباده، رۆژی هەوەلی مانگی مەی پر لە شور و شەوق و جم و جوولی یەکگرتوانە بوو کە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەم گەرەکە بە عەزم و ئیرادەی خەباتکارانەی خۆیان، لە دژی نیزامی سەرمایەداری هێنا بوویانە کایەوە. کرێکاران و

بەر ئەوە کە مەبەستی ئێمە تولە کردنەوە لە حیزبی دیموکرات نیە بەڵکوو مەبەستمان گەیشتن بە هەلومەرجیکی وایە کە تێیدا دیموکراسی لە کوردستان بۆ وشیار کردنەوە و ڕێکخستنی چینی کرێکار بەرقەرار بی و مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و تێکۆشانی ئازادانەی حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان دەسدرێژی نەکرێتە سەر، هەروەها لە بەر مەسلەحەتی جوولانەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە رژیمی جمهووری ئیسلامی، لە تاریخی دەرچوونی ئەم راگەیاندنەوە لە لایەن خۆمانەوە لەگەل هەر دووبەشی جەرەیانیك کە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کار دەکەن، ئاگر بەس و کوتایی شەر رادەگەیەنین.

ئەوەش زیاد دەکەین کە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران _ ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ" ئەم دوایی‌یانە لە راگەیاندنیك دا بەش بە حاڵی خۆی کوتایی شەر لەگەل کۆمەڵەی راگەیاندوە. ئێمە ئەم کارە بە هەنگاویکی موسبەت دەزانین. راگەیاندنی کوتایی شەر لە هەر دوو لاەوە ئیمکانی ئەوە پێك دینی کە دوو لایەن پەیوەندەکانی خۆیان بە شیوەی هیمنانە و لە فەزایەکی تەفاهوم دا و لەسەر بناغەی ری و شوینی دیموکراتیك دیاری بکەن.

سیاسەتی ئێمە بۆ راگەیاندنی یەك لایەنەی ئاگر بەس، لە سەر بناغەی بەر پرسایەتی کۆمەڵە لە بەرانبەر جوولانەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا و لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی خەباتی سەراسەری لە دژی جمهووری ئیسلامی دانراوە. ئێمە ڕادەگەیەنین مادام هەر جەرەیانیك لە حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە دەست بۆچەك نەبا و بە زووی چەك کوسپ نەخاتە سەر ڕێگای ڕێکخراوبوون و تێکۆشانی سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەش لە دژی دەست بۆ چەك نابا.

لەهەمان حاڵدا لەو بەشە لە حیزبی دیموکرات کە لە ژێر ناوی کونگرەی هەشتەم دا کاردەکا و هیشتا سیاسەتی دریژە پێدانی شەر لەگەل کۆمەڵەی نەناوەتە لاوە داوا دەکەین کە لەمە زیاتر بەرانبەر بە داخوازی کۆمەڵانی خەڵك نەوەستی و کوتایی پی هاتنی شەر و ئەسلی ریزدانان بۆ دیموکراسی لە کوردستان قەبوول بکا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

٣ی گولانی ١٣٦٧

***

خەباتی جەماوەری

خەبات لە دژی سەربازگیری و شەر

لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا خەبات لە دژی سەربازگیری رژێم یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی شار و دیهاتی کوردستان بووە. ئەم خەباتە بە شیوەی جۆراوجۆری وەك: خو بە دەستەوە نەدان، هەلاتن لە سەربازی، شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان، موقاوەمەت و ئیعتیرازی بە تێکرا و هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی رژێم و ئازاد کردنی گیراوەکان و شیوەی‌تر بەرێوە چووە. ئەمەی لە خوارەوە دەی بینن گوشەیەکی بچووکی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستانە لە دژی سەرباز گیری و جمهووری ئیسلامی لە کوردستان:

بانە:

* خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە لە رۆژەکانی هەوڵی بەهاریان پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم و سەرەرای تەقەی بەکریگیراوان هێرشی ئەوانیان بۆ رەش بگیری پووچەل کردەوە و بە کۆبوونەوەی خۆیان لە بەر پاسگای مەرکەزی رژیم فەرماندەی ئەم پاسگایەیان ناچار کرد مەعزەرەتیان لی بێنێتەوە.

* رۆژی ٢ی مانگی گولانیش هێرشی رژیم بۆ رەش بگیری لاوەکان بە وشیاری و ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر، پووچەل کرایەوە.

* رۆژی ٩ مانگی گولان خەڵك بە ئیعتیرازی یەکگرتووی خۆیان بەکریگیراوانیان ناچار کرد کە گیراوەکان ئازاد بکەن.

* هەر لە ئاخری ئەو مانگەدا خەڵك بە وشیاری و ئاگادار کردنی مەشموولان و شاردنەوەیان، هێرشی رژیم بۆ سەربازگیری پووچەل دەکەنەوە و بە پەلاماری جەسوورانە بۆ سەر بەکریگیراوان لە گەرەکی "بانە کۆن" ٤ گیراوی ئەم کەرەکە ئازاد دەکەن.

* هەروەها لە ئاخری مانگی گولان دا مەشموولەکان و خەڵکی تێکۆشەر و هەول و تەقالای رژیم و ئیمام جومعەی ئەم شارە، بە نەچوون بۆ سەربازی و بەرەکانی شەر، لەگەل ناکامی رووبەروو دەکەن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا بۆ رەش بگیری لاوەکان دیان هێرشیان بۆ سەر ئاوایی‌یەکانی ئەم ناوچەیە سازمان دا و بە گەماروی شەوانە، مالان گەران و ئەزیەت و ئازاری خەڵك و تەنانەت گرتنی خانەوادەی مەشموولەکان یان هەموو پیاوانی ئاوایی ویستیان ناچاریان بکەن بچنە سەربازی رژیم بەلام موقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك و مەشموولەکان سیاسەتی سەربازگیری رژیمی لەم دێهاتە پووچەل کردەوە.

* خەڵکی دێهاتی "ورچەك"، "بۆیەنی خواروو"، "هەنجیلە"، "دەوسینە"، "چێچوران"، "بژێ"، "کیوەرو" و "سەیران بەند" بە موقاوەمەت و ئیعتیرازی یەکپارچەی خۆیان، لە سەرەتای ساڵی تازەدا، هێرشی رژیمیان لەگەل ناکامی و شکست روبەروو کرد.

* خەڵکی ئاوایی‌یەکانی دوو بەشی "بناری سوورکیو" و "پشت ئاربابا" لە نیوەی هەوەڵ مانگی گولان دا، بە موقاوەمەت و خەباتی خۆیان هەول و تەقالای هێزەکانی رژیمیان بۆ رەش بگیری پووچەل کردەوە.

* بەکریگیراوان لە ئاوایی "کانی بەن" بە هۆی وشیاری و موقاوەمەتی خەڵك و مەشموولەکانەوە سەرەرای گەماروی ئاوایی و پشکنینی مالان و تەنانەت گرتنی خانەوادەی مەشموولەکان، نەیانتوانی کەس بگرن و سەر شورانە گەرانەوە.

* لە ٢٧ تا ٢٩ی مانگی گولان، رژیم بە هێزیکی یەکجار زۆرەوە کە لە شاری سنە و شارەکانی‌ترەوە هێنابووی، بە مەبەستی سەربازگیری هێرش دەباتە سەر ئاوایی‌یەکان و بەشەکانی ئەم ناوچەیە و ئاوایی‌یەکانی "کانی گویز"، "کانی ناو"، "شوی"، "ساوان"، "بەردەرەش"، "پیاوین"، "نجنی"، "کانی‌بەن"، "بۆیەنی خواروو"، "بۆیەنی سەروو"، "وشترمل"، "نویسە"، "باغی تافی" و چەند ئاوایی‌تر گەمارو دەدەن و دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازا و گرتنی خەڵك. لە ئاوایی‌یەکانی "کانی گویز" و "کانی ناو" خەڵك غافلگیر دەبن و هێزەکانی رژیم هەموو پیاوانی ئەم دوو ئاوایی‌یە بە ورد و دروشتەوە دەگرن و دەیانبەن بۆ شاری بانە و لەوی مەشموولەکان رادەگرن و باقی‌یەکەیان ئازاد دەکەن.

لە ئاوایی‌یەکانی "بەردەرەش"، "نجنی" و "پیاوین" بەکریگیراوان جگە لە چەند کەسیان بۆ ناگیری.

لە ئاوایی‌یەکانی "ساوان" و "شوی" بە هۆی موقاوەمەتی یەکپارچە و پەلاماری خەڵك بۆ سەر بەکریگیراوان هێزەکانی رژیم مەجبوور دەبن بە سەر شوری و دەستی بەتال بگەرینەوە. لە ئاوایی‌یەکانی تر بەکریگیراوان، ژمارەیەك لە لاوەکان دەگرن کە ٨ کەسیان لە کاتی بەری کردنیان بۆ پادگانی "عجب شیر"، هەڵدین و دەگەرینەوە ئاوایی‌یەکانی خۆیان.

* رۆژی ٣ی پووشپەر، دوای ئەوەی بەکریگیراوانی گوروهی زەربەت بە مەبەستی سەربازگیری ئاوایی "بلەسەن" گەمارو دەدەن و ٢٦ کەس لە لاوەکانی ئەم ئاوایی‌یە دەگرن، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی ئەم ئاوایی‌یە، بەدارو بەرد و هەر شتیکی کە وەبر دەستیان دی، پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ٩ی پووشپەر خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بەردەرەش" بە ئیعتیراز و پەلاماری جەسوورانە بۆ سەر بەکریگیراوان، گیراوەکان ئازاد دەکەن و هێرشی هێزەکانی رژیم بۆ رەش بگیری تیك دەشکێنن.

* کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لەم ماوەیەدا پیلانیکی دیکەیان بۆ فریودانی مەشموولەکانی ئەم ناوچەیە گیراو بە یارمەتی شوورا ئیسلامی‌یەکان بە مەشموولەکانیان راگەیاند ئەگەر خۆ بەدەستەوە بدەن، رژیم قەول دەدا بیانکاتە سەربازی محەللی. ئەم راگەیاندنە بۆ ئاوایی‌یەکانی "کەوپیچ"، "میراوی"، "ئارمەدە"، "سویروی"، "کوخان"، "سیاومە"، "ئارمەردە"، "نەنور"، "هەوارەخول" و "خوری ئاوا" نارداوە بەڵام جگە لە چەند مەشموولی ئاوایی "خوری ئاوا" کەس حازر نەبووە سەربازی بۆ رژیم بکا.

بەپێی هەوالی گەیشتوو زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە رەش بگیری‌یەکانی رژیم دا گیرابوون، توانیویانە لە مەرکەزە نیزامی‌یەکانەو هەڵین و بە کومەکی خەڵکی شۆرشگێر، بگەرێنەوە شوینی خۆیان.

سەردەشت:

* لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا کاربەدەستانی حەوزەی نیزام وەزیفەی رژیم لە شاری سەردەشت بە کومەکی شووڕا ئیسلامی‌یەکان چەند جار نامەی بۆ مەشموولەکانی بەشی "ئالان" و ئاوایی‌یەکانی "پاراستان"، "ولەتوو"، "میونی"، "دەرماناوی"، "قەلەرەشە"، "دولە گەرم"، "قازان"، "گولینە"، "ماراغان"، "کولەسەی سەروو"، "کولەسەی خواروو"، بەری کردوە و داوای لیکردوون خۆ بە حەوزەی نیزام وەزیفە بناسینن بەڵام مەشموولەکان حازر نەبوون بچنە سەربازی رژیمی جمهووری ئیسلامی.

* لە چوار مانگی رابوردوودا بەکریگیراوانی رژیم چەند جار دەرژینە مەیدان و خیابان و کووچە و کولانەکانی شار و بۆ رەش بگیری لاوەکان هێرشیان بردە سەریان. بەڵام هەموو جاری بە شیوەی جۆراوجۆر لەگەل موقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك روبەروو بوون.

* رۆژی ٨ی مانگی گولان ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری سەردەشت دوای بستنی خەبەری گیرانی مەشموولیك بە هاواریەوە دەچن و ویرای ئیعتیراز، جەسوورانە هێرش دەبەنە سەر بەکریگیراوان و مەشموولەکە ئازاد دەکەن.

* رۆژی ١٤ی پووشپەریش خەڵك دوای ئاگادار بوون لەوەی کە بەکریگیراوان دەیانەوەی رولەکانیان کە لە پادگانی سەردەشت، ئاموزشیان تەواو کردبوو بەرن بۆ جبهەکانی شەر، دەرژینە خیابان و پێشی ماشینەکان دەگرن و بە موقاوەمەت و ئیعتیرازی یەکگرتوو، بەکریگیراوان مەجبوور دەکەن سەربازەکان لە جەرەیانی ئەم رووداوەدا، بەدانی شیعار و دەربرینی نارەزایەتی خۆیان لە سەربازی کردن بۆ جمهووری ئیسلامی، لە ئیعتیرازی خەڵك دا بەشداریان کرد.

* هەروەها لەم ماوەدا بەکریگیراوانی رژیم بۆ لە داوخستنی مەشموولانی دێهاتی شاری سەردەشت چەندین جار دەستیان دایە کۆنترۆڵی جادەکان و هێرش بردن بۆ سەر ئاوایی‌یەکان.

* لە ئاوایی‌یەکانی "قەلەرەشە"، "باسکە دوو" خەڵکی زەحمەتکێش بە ئیعتیراز و هێرشی یەکپارچەی خۆیان بۆ سەر هێزەکانی رژیم مەشموولە گیراوەکانیان ئازاد کرد.

* رۆژی ٢٦ی خاکەلیوە ژنان و پیاوانی تێکۆشەری ئاوایی "کەنگی" بە ئیعتیراز و پەلاماری جەسوورانە مەشموولیك کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گیرابوو، ئازاد دەکەن.

* هێزەکانی رژیم رۆژی ٢ی جوزەردان ١٥٠ کەس لە کاروانچیانی سەردەشت دەگرن و دوای رۆژیك ٣٢ کەسیان بەسەرباز دەگرن و باقی‌یەکەیان ئازاد دەکەن. بەڵام لە کاتی راگویزانی گیراوەکاندا ژمارەیەك لە کاروانچیانی مەشموول هەڵدین و خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان رزگار دەکەن.

* رۆژەکانی ١٧ و ١٨ی مانگی پووشپەریش هێزەکانی رژیم بە کۆنترۆڵی جادەی دێهاتی ناوچەی سەردەشت، نزیکەی ١٠٠ کەس دەگرن. بەڵام لە ریگای پادگانی سەردەشت، لە پادگانی سەردەشت و لە کاتی گواستنەوە بۆ پادگانی "عجب شیر"دا زۆربەی زۆریان هەڵدین و تەنیا ١٠ کەسیان دەگاتە پادگانی "عجب شیر".

* هەروەها بە پێی هەوالی گەیشتوو زۆربەی ئەو مەشموولانەی رەوانەی پادگانی "عجب شیر" کرابوون هەلاتوون و گەرانەوە شوینی ژیانی خۆیان.

* لە نیوەی دووهەمی مانگی پووشپەردا گوردانیك لە هێزەکانی رژیم کە بۆ شەری بەرزایی‌یەکانی "دووپەزە" لە سنووڕەکانی ئێران و عێراق رەوانە کرابوون، بە تیکرا هەلاتن و بە یاریدەی خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی سەردەشت دوای شاردنەوەی چەك و چولەکانیان خۆیان دەرباز کرد و گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

مهاباد:

* لەسەرەتای بەهاری ئەمسالەوە هێزەکانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری و رەش بگیری، زەخت و فشاریان لەسەر خەڵکی شاری مهاباد و دیهاتی ئەم ناوچەیە زیاد کردوە. بەکریگیراوان چەندین جار رژانە خیابان و مەیدان و کولانەکانی شار و ویرای کۆنترۆل و بازرەسی ئەم شوینانە و گەرانی مەیدانی وەرزشی و باشگا و سینەماکان و پشکنینی مالان دەستیان بە رەش بگیری لاوان کرد. بەڵام بە وشیاری خەڵکی شار و مەشموولەکان زۆربەی لاوانی ئەم شارە بیانتوانی دەرباز کەن.

* لە دوو هێرشی بەکریگیراوان بۆ گەرەکی "پشت تەپ" زۆربەی مەشموولەکان بە یاریدەی خەڵك خۆیان دەرباز کرد بەڵام رژیم لە سەرجەمی ئەم دوو جارەدا توانی ٧٨ کەس بگری کە ئەوانیش هەمووپان پاش ماوەیەکی کورت هەلاتن و گەرانەوە شوینی ژیانی خۆیان.

* رۆژی ٢ی جوزەردانیش بەکریگیراوان چەند کووچەی گەرەکی "مەجبوور ئاوا"یان گەمارو دا و دەستیان کرد بە پشکنینی مالەکان. خەڵکی تێکۆشەری ئەم گەرەکە دەس بەجێ مەشموول و سەربازە فەراریەکان ئاگادار دەکەن و دەیان شارنەوە و دەربازیان دەکەن. بەکریگیراوان سەرەرای تەقە کردن لە مەشموولەکان بە بی ئەوەی توانیبیتیان کەس بگرن بە سەر شوری گەرانەوە.

* هەر لەم ماوەیەدا دیهاتی، "خەلیفان"، "داش دورگە" و "دورگەی سەرپرد" لە بەشی سندووس، "قونقەلا"، "لەج"، "دارەلەك" و "دی وەیس ئاغا"، "خیرئاوا"، "دی مەنسوور"، "جەرجان ئاوا"، "تالاو" و "دەلك داش" لە بەشی شامات کەوتنە بەر هێرشی بەربلاو و سازناندراوی هێزەکانی رژیم و بەکریگیراوان توانیان ژمارەیەك لە لاوەکان بگرن.

بەڵام بە هۆی مقاوەمەت و ئیعتیرازی خەڵك و شاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان زۆربەی مەشموولان و سەربازانی فەراری توانیان خۆیان دەرباز بکەن.

بەپێی ئاخرین هەوال زۆربەی مەشموولانی گیراوی ئەم دیهاتە هەلاتوون و گەراونەوە ئاوایی‌یەکانی خۆیان.

بوکان:

* رۆژی ١٣ی جوزەردان زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە خەڵکی بوکان، لە مەیدانی فوتبالی ئەم شارەدا پەلاماریان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم کە لەم مەیدانەدا دەستیان دابووە رەش بگیری و سەربازگیری.

خەڵکی تووڕە دوای ئازاد کردنی هەموو گیراوەکان لە چنگ بەکریگیراوان، بەرەو خیابان و شەقامەکانی شارەکە کەوتنە ری و لە دژی جمهووری ئیسلامی و سەربازگیری رژیم دەستیان بە تەزاهورات کرد.

ئەم تەزاهوراتە کە نیو سەعاتی خایاند، دوای تەقەی بەکریگیراوان کوتایی پی هات. لە جەرەیانی ئەم تەزاهوراتە دا ٤ کەس لە خەڵك لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گیران.

* دوای هێرشی درندانەی هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم لە نیوەی دووهەمی مانگی جوزەردان دا کە بووە هۆی بە سەربازگیرانی پتر لە ١٠٠ کەس لە لاوانی ناوچەی بوکان، ٦٠ کەس لە گیراوەکان، لە کاتی بەری‌کردنیان بۆ پادگانی "عجب شیر"، توانیان بە یارمەتی خەڵکی شۆرشگێر، خۆ لە چنگ بەکریگیراوانی رژیم دەربازگەن و بگەرێنەوە شوینەکانی خۆیان.

* رۆژی ١٥ی پووشپەر خەڵکی تێکۆشەری شاری بوکان، دوای گیرانی دوو لاو لە لایەن بەکریگیراوانی شارەبانی‌یەوە، دەست دەکەن بە ئیعتیراز و ژمارەیەکیان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی رژیم و بە هێزی خۆیان، گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ١٧ی پووشپەر، بەکریگیراوانی رژیم هێرش دەبەنە سەر دەستفروشەکان و پێش ئەوەی خەڵك کۆببنەوە چەند کەس دەگرن و لە ماشینیان دەخەن و لەم شوینە دووریان دەخەنەوە.

*رۆژی ٢٠ی پووشپەر جاریکی‌تر، بەکریگیراوانی رژیم هەر لەم شوینە دوو لاو دەگرن و دەستیان دەبەستن، بەڵام پێش ئەوەی دەرفەتی بردنیان پی بدری خەڵك دەسبەجی قریا دەکەون و دەورەیان دەدەن و بە ئیعتیرازی خۆیان گیراوەکان ئازاد دەکەن. پاشان ئەو دوو لاوە کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە تەعقیب کرا بوون، لە شوینیکی‌تر دەگیرین.

* هەر ئەو رۆژی هێزەکانی رژیم دەرژێنە گەرەکی "کەلهورئاوا" و لاویك دەگرن و دەستی دەبەستن. خەڵکی تێکۆشەر و بە تایبەت ژنانی تێکۆشەر کە ئاگایان لی دەبی، دەسبەجی پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و گیراوەکان ئازاد دەکەن.

* رۆژی ٢٣ی پووشپەر جاریکی‌تر بەکریگیراوانی رژیم لە جادەی "کەمەربەندی" بەری ٢ دووکاندار دەگرن و یەکیان دەستگیر دەکەن. خەڵك دەسبەجی کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بە ئیعتیراز. ژمارەیەکی‌تریش لە خەڵك کە لەو نزیکانە لە سەفی وەرگرتنی ئازووقەدا دەبن بە ئاگادار بوون لەم جەرەیانە سەفەکە بەجی دیلن و لە دەوری بەکریگیراوان ئالقە دەبەستن و تێکرا شیعاری "مەرگ بۆ رژیم" و "مەرگە بۆ خومەینی" دەدەن و پەلامار دەبەنە سەر هێزەکانی رژیم دوای برینداردا کردنی دوو پاسدار و شکاندنی شیشەی ماشینی بەکریگیراوان و پەلاماریان دان و لیدان لە دوو بەکریگیراوی‌تر، گیراوەکان ئازاد دەکەن.

لە جەرەیانی ئەم تیك هەڵچوونەدا کەسیکیش لە خەڵك بە قونداخی تفەنگی بەکریگیراوان بریندار دەبی.

* رۆژی ٢٢ی پووشپەر تەرمی ٣ سەرباز کە لە جبهەکانی شەری ئێران و عێراقدا کوژرابوون دێننەوە شاری بوکان. کاتیك تەرمی یەکیك لەم سەربازانەیان دەبرد بو قەبران، کەس و کاری ئەو سەربازە بیزاری خۆیان لە شەر و جمهووری ئیسلامی دەر دەبرن و داوا لە خەڵك دەکەن ئیجازە نەدەن بەکریگیراوان رولەکانیان بەرن بۆ سەربازی.

لە ماوەیەکی کورت دا نزیکەی ٥٠٠ کەس لە خەڵکی ئەم شارە کۆدەبنەوە و تەزاهوراتیک لە دژی جمهووری ئیسلامی و شەر وەری دەخەن و وێرای دانی شیعاری "مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی" و "مەرگ بۆ خومەینی" داواکاری کوتایی پی هاتنی دەسبەجی شەر دەبن.

بەکریگیراوانی رژیم لە ترس پەرە ئەستاندنی ئەم تەزاهوراتە تەرمی سەربازەکە لە خەڵک دەستێنن و بە ئامبولانس دەیبەنە سەرقەبران.

ئەم تەزاهوراتە لە بیمارستانەوە تا ساختمانی بەخشداری دریژەی بوو.

سنە:

* هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم لە شاری سنە و دیهاتی ئەم شارە هەموو هەول و تەقالای خۆیان بە کار هێنا تا بەڵکوو بە شیوەی جوراوجۆری وەک: غافلگیر کردنی مەشموولان، کۆنترۆلی خیابان و مەیدان و کولانەکانی شار، دانانی پوستی بازرەسی لە دەروازەی شارەکان و لە جادەکان، وەری خستنی کونەپەرستانە و مەلاکان بۆ تەبلیغ و بلاوکردنەوەی راگەیاندنی جۆراوجۆر هەرەش و گورەشە و هەروەها هێنانە گۆڕی تەرحی سەرباز محەللی بۆ فریودانی مەشموولەکان، لاوەکانی شار و دیهاتی ئەم ناوچەیە بخاتە داوی سەربازی رژیمەوە.

بەکریگیراوان خاکەلیوەی بەهاری ئەمساڵ لە راگەیاندنیک دا، لە دایک بوانی ساڵانی ٣٨ تا ٤٨ یان بانگەواز کرد کە تا ١٨ی خاکەلیوە خۆیان بە مەرکەزەکانی رژیم بناسێنن. هەروەها رۆژی یەکەمی مانگی گولان هێزەکانی رژیم جاریکیتر ئەم بانگەوازەیان دووپات کردەوە و رایان گەیاند ئەو کەسانەی خۆیان موعەرفی نەکەن سزا دەدرین و ماوەی سەربازییەکەیان زیاد دەکرێ.

بەکریگیراوان لە راگەیاندنیکی دیکەداوایان لە دووکانداران و کارمەندانی ئیدارەکان کرد کە لە ساڵ دا سێ مانگ بچن بۆ جبهەکانی شەریان خەرجی سێ کەس، یانی ٦٠ هەزار تمەن بدەن بۆ رژیم و هەر لەو راگەیاندنە دا هەرەشەیان کرد ئەگەر دووکانداران و کارمەندان مل بەم سیاسەتە نەدەن جەوازی کەسبەکانیان باتل دەکرێتەوە و یان لەسەر کارەکانیان دەردەکرین.

لە دیهاتی ناوچەی سنەش بەکریگیراوان بە هێنانە گۆڕی تەرحی سەرباز محەللی هەولیکی زۆریان دا کە خەڵکی ئەم دیهاتە مەجبوور بکەن کە بچنە سەربازی رژیم.

بەڵام راوەستان و ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێشی شار و دیهاتی ناوچەی سنە هەمو ئەم هەول و تەقالایانەی پووچەل کردوەتەوە و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە غافلگیر کراون و بە زۆر براونە سەربازی، زۆربەیان هەلاتوون و گەراونەوە شوینەکانی خۆیان.

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە شاری سنە بۆ فریودانی دانش ئاموزانی شاری سنە و بەری کردنیان بۆ جبهەکانی شەر جاریکیتریش دەستیان دایە پیلانگیری و رایان گەیاند ئەو دانش ئاموزانەی تەجدید بوون یان رەد بوونەوە ئەگەر بچن بۆ جبهەکانی شەر لەوی ئیمتیحانیان لی وەردەگرنەوە و قەبوولیان دەکەن.

دانش ئاموزان بەم پیلانە جینایەتکارانەی رژیم ئیعتیراز دەکەن و دانش ئاموزانی مەدرەسەکانی خیابانی "١٧ی شەهریور" بۆ دەربرینی ئیعتیراز و بیزاری خۆیان تەزاهوراتیکی خیابانی وەری دەخەن و لە دژی شەر و لە دژی جمهووری ئیسلامی شیعار دەدەن.

پیرانشار:

* رۆژی ٨ی مانگی پووشپەر هێزەکانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری دەرژێنە ئاوایی "بیکوس" لە بەشی "میرگان"ی پیرانشار و دوو کەس لە مەشموولانی ئەم ئاوایییە دەگرن و تەقەلە چەند مەشموولی تریش دەکەن کە لە دەستیان دەردەچن و خۆیان دەرباز دەکەن.

بە دوای ئەم رووداوانەدا، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی "بیکوس" بە دار و بەرد و هەرچییەکی کەوتە بەر دەستیان دەکەوی، پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و مەشموولەکان ئازاد دەکەن و بە توندی، بە هێرشی بەکریگیراوان و تەقە کردنیان لە مەشموولەکان ئیعتیراز دەکەن، بە جۆرێک کە فەرماندەی بەکریگیراوی هێزەکانی رژیم مەجبوور دەکەن دەست بکا بە پاکانە و پارانەوە.

مەریوان:

* لە سەرەتای ساڵی تازەوە رژیمی دژ بە شۆرشی جمهووری ئیسلامی هەموو ئەمکاناتی خۆی خستوەتە گەر تا بەڵکوو بتوانی لە شار و دیهاتی مەریوان وەری خەباتکارانەی خەڵکی زەحمەتکێش تێک بشکینی و سەربازیان لی بگری. بۆ ئەم مەبەستە رژیم زۆر جار هێزەکانی خۆی لە ئەرتەش و سپا و ژاندارمری و شارەبانی و بەسیج و بەکریگیراوانی محەللییەوە خستوەتە کار و تەنانەت جایزەی ٢٠٠ تمەنی بۆ گرتنی هەر مەشموولیک داناوە و هەموو خیابان و مەیدان و کولانی شار و شاروچکەکان و هەموو جادەکان و مووچە و مەزراکانی تەنیوە بەڵکوو بتوانی رەش بگیرییەکی زیاتر بکا.

هەرچەند رژیم توانی بە غافلگیر کردنی خەڵک ژمارەیەکی کەم لە لاوەکان بگری و بەرێیان کا بۆ مەرکەزە نیزامییەکان، بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ناوچەیە دەستیان لە موقاوەمەت و ئیعتیراز هەڵنەگرت و سیاسەتی دژی شۆرشی سەربازگیری رژیمیان لەو ناوچەیە لەگەل شکست و ناکامی روبەروو کرد.

* لە ١٨ و ١٩ی مانگی گولان دا، خەڵکی تێکۆشەری ئاوایییەکانی "نی"، "کانیسانان" لە ٦ کیلومیتری شاری مەریوان سەرەرای دوو رۆژ گەماروی بەکریگیراوان، ویرای شاردنەوەی هەموو مەشموولەکان، بە تێکرا ئیعتیرازیان بە سەربازگیری رژیم کرد و رایان گەیاند بە هیچ جۆرێک سەرباز بە جمهووری ئیسلامی نادەن و دوای دوو رۆژ بەکریگیراوانیان مەجبوور کرد بە دەستی بەتال بگەڕێنەوە.

* خەڵکی ئاوایییەکانی "بیلوو" و "ساوجی" لە بەشی "خاومیراوا"ی مەریوانیش لە دژی سیاسەتی سەربازگیری رژیم راوەستان و بە دار و بەرد و هەر شتیکی کە وەبەر دەستیان هات پەلامار بردە سەر هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم و ناچاریان کردن بی ئەوەی بتوانن کەس بگرن، ئەم دوو ئاوایییە بەجێ بیلن.

هەروەها لە رۆژی ١٣ی مانگی پووشپەر دا هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم جاریکیتر هێرش دەبەنە ئاوایی "ساوجی" و بە غافلگیر کردنی خەڵک دەتوانن ٣ کەس بگرن و باقی مەشموولەکان بە یارمەتی خەڵک خۆ دەربباز دەکەن. ئەو جار خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایییە یەکپارچە لە دژی گرتنی رولەکانیان ئیعتیراز دەکەن و هێزە بەکریگیراوەکان ناچار دەکەن هەر سیکیان ئازاد بکەن و بەسەر شوریەوە ئاوایی بەجی بیلن.

* بە پێی ئاخرین خەبەر زۆربەی زۆری ئەو سەربازانەی کە لە سەرەتای ئەمساڵ دا غافلگیر کرابوون و بە زۆر بەری کرابوون بۆ پادگانەکانی "عجب شیر" و "جلدیان" و جبهەکانی شەر، هەلاتوون و گەراونەوە شوینەکانی خۆیان.

هەروەها دوای شکستەکانیئەم دواییانەی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی شەر، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی پادگانی مەریوان هەلاتوون و بە یارمەتی خەڵکی مەریوان رەوانەی شار و دیهاتی خۆیان کراون.

* سەعات ٢ی پاش نیوەرووی رۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر، دوای ئەوەی رادیو تاران بەشکستی جمهووری ئیسلامی لە شەردا ئیعتیرافی کرد و قەبوولی قەتعنامەی ٥٩٨ی راگەیاند، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی تێکۆشەر و سەربازان لە شاری مەریوان و شاروچکەکانی "کانی دینار" و "جووجە سازی" و لە سێریی "بیەکەرە" و زۆربەی دیهات و شوینی ئاوارەکان، کۆبوونەوە و شکستی جمهووری ئیسلامییان جەژن گرت.

هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم ریتی لە پاسدار و کومیتەچی و پاسەبانەکان، سەعاتی ٣/٥ی ئیوارە بە ماشینی کالیبر٥٠وە پەلاماریان بردە سەر خەڵک و دەستیان بە تەقە کرد و پاش ٢ سەعات توانیان بلاوە بە خەڵک بکەن.

رۆژی دواتریش خەڵکی شاری مەریوان جاریکیتر رژانە خیابانەکان و شادمانی خۆیان لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەر بری و دیسان لەگەل هێزە جینایەتکارەکانی رژیم بەرەو روو بوون.

گوزارشێک لە بارەی هەلاتنی دەستەی سەربازان لە پادگانی ئاموزشی "عجب شیر"ەوە

زۆربەی ئەو سەربازانەی کە لە پادگانی "عجب شیر" دەورە دەبینن، مەشموولە بە زۆر گیراوەکانی کوردستان و "ئازەربایجانن". هەلاتنی دەستەی سەربازان لەم پادگانەوە، یەکێک لە موشکلە ئەساسییەکانی رژیم و فەرماندەکانی لەو پادگانەیە.

فەرماندە بەکریگیراوەکانی ئەم پادگانە بۆ بەرگری کردن لە هەلاتنی سەربازان، بێجگە لە قانوونی کونەپەرستانەی ئەرتەش و فشار و زەخت و زۆر بۆ سەر سەربازان ، ناچاربوون چوار دەوری پادگان بە سیمی خاردار بتەنن و لە زۆر شوینی پادگان پوستی نیگەهبانی زیادی دابنین.

بەڵام سەرەرای ئەمانە، مەوجی هەلاتنی سەربازان هەروا دریژەی هەیە و سەربازەکانیش لەبەرانبەر ئیقداماتی فەرماندەکانی پادگان دا، بە موقاوەمەت، نوسینی شیعاری شۆرشگێرانە لە سەر دیواری پادگان، تەنانەت ئیعتیرازی عەلەنی، و هەروەها پێک هێنانی کۆر و کۆمەڵی گەورە و چکولە، بە مەبەستی قسە و باس کردن لە سەر ئەوزاعی سیاسی، شەری کونەپەرستانەی ئێران و عێراق، وە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان فەرماندەکانیان خستوەتە ژیر فشاری شۆرشگێرانەی خۆیان.

فەرماندەکان کە لە هەلاتنی دەست دەستەی سەربازان و نافەرمانی کردنیان لە بەرانبەر قانوونەکانی پادگان دا وە تەنگ هاتوون، دەستیان داوەتە زۆر کاریتر وەک: هێنانی ئاخوند لە شارەکانی دیکەوە بۆ تەبلیغ کردن، هەرەشە کردن لە خانەوادەی سەربازان و نەدانی مەرەخەسی بە سەربازەکان و زۆر شتیتری لەم چەشنە.

بەڵام سەربازەکان بە هاوکاری و یارمەتی زەحمەتکێشانی مەنتەقە و تەنانەت هاوکاری و یارمەتی ژمارەیەک لە کادرەکانی ئەرتەش، هەلاتنیان کردوەتە قانوونی بی ئەم لاو ئەو لای پادگان و لە راستیدا هەلاتن قانوونیکە کە سەربازان دایان سەپاندوەتە سەر پادگانی "عجب شیر" و فەرماندە بەکریگیراوەکانی ئەم پادگانە.

خەبات لە دژی تەحویل دانەوەی چەک

سیاسەتی چەک کردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان یەکێک لە سیاسەتە کونەکانی جمهووری ئیسلامییە. لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە بەکریگیراوانی رژیم هەول و تەقالایەکی زۆریان بۆ چەک کردنی خەڵک بەکار هێناوە و موقاوەمەت لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامی لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا بەر چاو بووە.

* مانگی خاکەلیوەی ئەمساڵ، بەکریگیراوانی رژیم لە شاری بانە زەخت و زۆریکی فراوان دینن بۆ سەر خەڵکی ئاوایی "کانی بەن" و پێیان رادەگەیەنن کە دەبی ٢٣ تفەنگ تەحویلی رژیم بدەنەوە. بەڵام خەڵکی ئەم ئاوایییە نەچوونە ژیر ئەم فشار و زەخت و زۆرەوە و دەستیان دایە موقاوەمەت.

* هەروەها هێزەکانی رژیم لە دیهاتی بەشی "بناری سوورگیو" فشاریان بۆ خەڵک هێناوە کە چەک تەحویلی رژیم بدەن و تەنانەت لە ئاوایی "تەوەکل"ی ناوچەی بانە بە زۆر چەند چەکیان لە خەڵک ئەستاندوە. خەڵکی ئەم ئاوایییانە حازر نەبوون سەر بۆ ئەم فشار و زۆرە دانەوینن.

* خەڵکی تێکۆشەری ئاوایییەکانی "کوسینی" و "ترشیان" لە ناوچەی سەردەشت یەکگرتوانە لە دژی فشاری رژیم بۆ تەحویل دانەوەی چەک و بۆ ئازاد کردنی ٥ کەس لە خەڵکی ئەم ئاوایییانە کە بەم بۆنەوە گیرابوون دەستیان دا ئیعتیراز و پاشان ٦٠ کەسیان لە دریژەی ئیعتیرازەکەیاندا چوونە شاری سەردەشت و داواکاری ئازاد کردنی گیراوەکان و پیچانەوەی مەقەری رژیم لە ئاوایییەکانیان دەبن و هەروەها خوازیاری سزادانی ئەو بەکریگیراوانە دەبن کە خەڵکیان ئەزیەت و ئازار داوە.

بەپێی ئاخرین هەوال گیراوەکان ئازاد کراون و خەبات بۆ پیچانەوەی مەقەر و سزادانی بەکریگیراوانی سەرکوتگەر هەروا دریژەی بووە.

* لە ناوچەی مهابادیش ئاغا بەکریگیراوەکانی "مەنگور" خەڵکی بەشی "مەنگور"یان بۆ تەحویل دانەوەی چەک خستوەتە ژیر زەخت و زۆریکی درندانەوە. بەڵام جگە لە چەند کەسی خەڵکی "گویچکە دەری" کەس حازر نەبووە چەک تەحویلی رژیم بدا.

* لە ناوچەی مەریوانیش فشار و زەخت و زۆری بەکریگیراوان بۆ تەحویل دانەوەی چەک لە شاروچکەی "کانیدینار" و چەند ئاوایی "سەرشیو"ی مەریوان لەگەل موقاوەمەتی خەڵک روبەروو بووە.

* لە نیوەی هەوەلی پووشپەردا بەکریگیراوانی رژیم لە ناوچەی بانە، بە مەبەستی سەندنەوەی چەک لە خەڵکی ئاوایی بۆیەن، چوونە ئەم ئاوایییە و ژمارەیەک لە خەڵکیان خستە ژیر زەخت و زۆر و ئەزیەت و ئازار.

خەڵکی تێکۆشەری بۆیەن بەم فشار و زەخت و زۆرە ئیعتیرازیان کرد و لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی رژیم دا راوەستان و سەرەرای تەبلیغی چەند کونەپەرستی ئاوایی کەب ۆ شل کردنەوەی ئیعتیرازی خەڵک کوتبوویان "با چەند چەک بکرین و تەحویلی بدەینەوە تا دەستما لەسەر هەڵگرن"، خەڵک هەروا لە دژی ئەم سیاسەتە موقاوەمەتی خۆیان دریژە دا.

زەحمەتکێشانی کوردستان بیگاری بۆ رژیم ناکەن

* بەکریگیراوانی رژیم لەن ناوچەی سەقز بە یارمەتی شووڕا ئیسلامییەکان، بە خەڵکی "حاجی ئەول"، "هەرمیدول"، "شیپانەجو" لەبەشی سەرشیوی سەقزیان راگەیاند کە دەبی بە نوبە وەسایل و ئازووقەی بەکریگیراوان بەرن بۆ پایگا.

* بەکریگیراوان لە ئاوایییەکانی "ورچەک" و "ویسک" بە یارمەتی شووڕا ئیسلامییەکان خەڵکی ئەم دوو ئاوایییەیان خستە ژیر فشار کە وەسایل وە کەل و پەلی هێزەکانی رژیم بەرن بۆ پایگا.

رۆژی ٨ی خاکەلیوە خەڵکی ئەم دوو ئاوایییە دوای کۆبوونەوەی خۆیان ئیعتیرازنامەیەکیان لەم بارەوە نووسی و رایان گەیاند حازر نین بیگاری بۆ دەوڵەت بکەن.

* رۆژی ٢٠ی مانگی گولان بەکریگیراوانی رژیم جێگیر لە ئاوایی "نەستان" لە بەشی گەورکی سەردەشت بە خەڵکی ئەم ئاوایییە رادەگەیەنن کە دەبی هەر مالەی کەسیک بۆ تەعمیری جادە لە ئیختیار هێزەکانی رژیم بنی. خەڵکی ئاوایی دەست دەدەنە موقاوەمەت و حازر نابن بیگاری بۆ رژیم بکەن.

چەند سەعات دواتر بەکریگیراوان ئاوایی گەمارو دەدەن و دەیانەوەی خەڵک مەجبوور بە بیگاری بکەن بەڵام خەڵکی زەحمەتکێش "نەستان" یەکپارچە لە بەرانبەریان دا رادەوەستن و بەکریگیراوان ناچار دەکەن بگەڕێنەوە شوینەکانی خۆیان و پیلانی رژیم تێک دەشکێنن.

چەند هەوالی کورت لە جینایەت و زەخت و زۆری بەکریگیراوانی رژیم دەرهەق بە زەحمەتکێشانی کاروانچی

* رۆژی ٣١ی خاکەلیوە، ژمارەیەک لە کاوراچیانی زەحمەتکێشی ناوچەی سەردەشت، لە نیوان ئاوایییەکانی "گورەشیر" و "دولەتوو"دا کەوتنە ناو مەیدانی مینی بەکریگیراوان و ٣ کەسیان بریندار بوو کە بریندی دوو کەسیان قورسە.

* رۆژی ١ی مانگی گولانیش لە شوینیکیتر ژمارەیەکیتر لە کاروانچییەکان کەوتنە ناو مەیدانی مینی بەکریگیراوانی رژیم و کەسیک بە نیوی "رەسوولی مام ئەحمەد" گیانی خۆی لە دەست دا دوو کەسیتریش بریندار بوون.

* بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی مانگی گولان رادەگەیەنن کاروانچییەکانی ناوچەی سەردەشت دەبی هەر بە ڕێگای "قاسمەرەش" و "گویزی" دا هات و چوو بکەن دەنا مەین لە سەر ڕێگایان دادەنین و تەقەیان لی دەکەن.

* هەروەها ماوەیەك لەوەپێش بەکریگیراوانی ئیتلاعاتی رژیم لە ئاوایی "نەلاس"ی سەردەشت بە کاروانچییەکان رادەگەیەنن ك هەقیان نییە کاروانچییەتی بکەن مەگەر کارتی شناسایی رژیمیان پێ بی و بۆ وەرگرتنی کارتی شناسایی دەبی ٤ عەکس و فتوکوپی سجیلەکانیان بدەن بە رژیم.

کاروانچییەکان دەست دەدەنە موقاوەمەت و رادەگەیەنن کەسب و کار و هات و چوو مافی خۆیانە و ئەوان حازر نین کارتی شناسایی رژیم وەرگرن.

* ماوەیەك لەمەپێش، هێزەکانی رژیم لە داوینی "قەندیل" لە ناوچەی سەردەشت، کەمین بۆ کاروانچیانی ئەم ناوچەیە دادەنینەوە و ژمارەیەکی زۆریان دەگرن و کەل و پەلەکانیان بەتالان دەبەن.

* هەروەها بەکریگیراوانی رژیم لە "دەشتی وەزنی" لە ناوچەی سەردەشت، دوای هێنانی هێزیکی زۆر بۆ ئەم شوینە، دەست دەکەن بە کۆنترۆلی ڕێگای هات و چووی کاروانچییان و ژمارەیەکیان لی دەگرن و کاروانچییە مەشموولەکان بۆ پادگانە ئامووزشییەکان بەری دەکەن.

* لە ناوچەی پیرانشاریش بەکریگیراوان زەخت و زۆریان خستوەتە سەر کاوانچیان و رایان گەیاندوە کە تەنیا لە "گوری دیلانان"موە دەبی هات و چوو بکەن. بەکریگیراوان کاتی گەرانەوەی کاروانچییەکان کەمینیان بۆ دادەنین و ئەزیەت و ئازاریان دەکەن و بە تایبەت بەکریگیراوانی ئیتلاعات دەیانەوی مەجبووریان کەن کە جاسووسی بۆ رژیم بکەن.

* شەوی ٢٧ی مانگی گولان، هێزە جینایەتکارەکانی رژیم، لە کەمینیك دا کە لە نزیك ئاوایی "کانی زەرد"ی ناوچەی سەردەشت، بۆ کاروانچیانی زەحمەتکێشیان دانابوو، کاوانچییەك بە نیوی "عوسمان کوری پیروت" بریندار دەکەن و چەند کاروانچیش دەگرن.

فەرماندەی بەکریگیراوان لە ناردنی عوسمان بۆ موعالجە و تەنانەت دەرمان کردنی لەم شوینەش بەرگری دەکا و ئەم کاروانچییە زەحمەتکێشە گیانی خۆی لە دەست دەدا. هەر بەم بۆنەوە فەرماندەی جینایەتکار کەوتە بەر پەلامار و لیدانی ژمارەیەك لە سەربازانی رژیم کە شاهیدی ئەم روودواوە بوون و ئیعتیرازیان کردبوو.

چەند هەوالی کورت لە هەول و تەقالای رژیم بۆ باجگیری لە کوردستان

* کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەردەشت تەرحیکی تازەی باجگیریان دامەزراند و بە دانانی بەرگەی ٢ تەنی و ٥ تەنی بۆ ئەم موسافیرانەی لە شار دەچنە دەر باجیان لی دەستینن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە شاری سەردەشت بە بیانووی دروست کردنی بیمارستان و مەدرەسە، خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "نەلاس"، "واوان"، "گرژال"، "سەرشیو"وە چەند ئاوایی‌تری ئەم ناوچەیان خستوەتە ژێر فشار بۆ ئەوەی باجیان لی بستێنن.

* بەکریگیراوانی رژیم، بە تایبەت بەکریگیراوانی ئیتلاعاتی رژیم لە ناوچەی سەردەشت، ڕێگا بە زەحمەتکێشانی کاروانچی دەگرن و بەرتیلیان لی دەستینن و تەنانەت چەندین جار کاروانچییەکانیان گرتوە و کەل و پەلەکانیان بەتالان بردووە.

* کاربەدەستانی رژیم لە مەدرەسەکانی راهنمایی رایان گەیاندوە کە هەر کام لە دانش ئاموزانی کچ ٥٠ تمەن و دانش ئاموزانی کوریش ٣٠ تمەن دەبی بۆ کومەك بە جبهە بدەن بە رژیم.

* هێزە تالانکەرەکانی جمهووری ئیسلامی بە خەڵکی دیهاتی "سەرچنار"، "قەرەگول"، "دی وەیس ئاغا"، "تازەکەند"، "تالاو" وە چەند ئاوایی‌تری ناوچەی مهابادیان راگەیاندوە کە دەبی پووڵیکی زۆر بۆ کومەك بە جبهە بدەن بە رژیم.

* بەکریگیراوانی رژیم لە بەهاری ئەمسالەوە هەولیکی زۆریان دا کە دانش ئاموزانی دیهاتی بەشی "سەرشیو"ی سەقز بە نیوی کومەك بە جبهە باج بدەن بە جمهووری ئیسلامی.

* لە شاری سەقز و شارەکانی‌تری کوردستان، بە پێێ بریاری رژیم خەڵك دەبی بۆ وەرگرتنی سەهمیەی کوپینی هەر کەسیك ١٥تمەن باج بدەن بە رژیم.

* لە دیهاتی بەشی "پیران"ی پیرانشار، ماوەیەکی زۆرە کە بە بیانووی کیشانی بەرق، لە هەر خانەوادەی هەر کام لەو ئاوایی‌یانە ١٠٠٠ تا ٤٠٠٠ هەزار تمەنیان ئەستاندوە بەلام ئێستا و ئێستاش کەس بەرقی نەدی.

* جمهووری ئیسلامی لە یەکیك لە مەیدانەکانی شاری پیرانشار چادریکی لی داو خەڵکی ئەو شارەی بۆ کومەك بە جبهە خستە ژێر زەخت و فشار. بەلام خەڵکی زەحمەتکێشی پیرانشار حازر نەبوون بچنە ژێر باری ئەم فشار و باجگیری‌یەی ڕژیمەوە.

* شارەداری بەکریگیراوی مهاباد، بە دووکاندارانی ئەو شارەی راگەیاند کە دەبی جەوازی کەسب و کاریان بگورن و بۆ گورینی جەوازی کەسب و کاریش هەر دووکانداریك دەبی ٣ تا ١٥ هەزار تمەن بدا بە رژیم.

شارەداری بەکریگیراو هەرەشەی کرد ئەگەر دووکاندارانی مهاباد ئەم باج گیری‌یەی رژیم قەبوول نەکەن، دووکانەکانیان پی دادەخەن.

بەلام ژمارەیەك لە دووکاندارانی شاری مهاباد سەرەرای ئەم هەرەشانە دەستیان دایە موقاوەمەت و حازر نەبوون باج بدەن بە رژیم. بەکریگیراوانی رژیم دووکانی ١٥٠ تدووکانداریان بەم بۆنەوە داخست.

* لە ئاوایی "باگردان" لە بەشی "مەنگوران"ی مهاباد، بەکریگیراوان بە خەڵکیان راگەیاند کە هەر مالەی دەبی خەرجی سەربازیکی رژیم دابین کا. بەلام خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە ملیان بۆ ئەم فشارە کەچ نەکرد و باجیان بە رژیم نەدا.

* بەکریگیراوانی رژیم، لە ئاخری مانگی جوزەردان دا، بە هۆی شووڕا ئیسلامی‌یەکانەوە بە بەشیك لە خەڵکی دیهاتی "گەورگ"ی سەردەشتیان راگەیاند کە هەر مالیك دبی ٣٠٠ تمەن بدا بە رژیم، بەلام خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "سیسیر"، "سویروی" و "ماوەلو" لە بەرانبەر ئەم باجگیری‌یەی رژیم دا راوەستان و تەنیا چەند کەس لە ئاوایی "گولی" ئەم فشارەیان قەبوول کرد کە ئەوانیش دوایی داواکاری ئەوە بوون کە پوولەکانیان پی بدەنەوە.

بەکریگیراوانی رژیم دەستیان داوەتە تالانی مالی خەڵك

* لە نیوەی دووهەمی مانگی گولانەوە تا ئێستا، ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی رژیم بۆ نائەمن کردنی ژیانی خەڵك، لە دیهاتی "گەورکی" ناوچەی سەردەشت دەستیان داوتە راو و رووت و تالان کردنی خەڵك و لە ئاوایی‌یەکانی: "گەنکی"، "بانەزیر"، "بەرووی"، "شیخی‌سی"، "میونی"، "هەمران" و "بناویلەی حاجی مینە" بەسەروچاوی داپوشراو چوونە مالی خەڵك و تالانیان کردوون. کاربەدەستانی رژیم لە وەلامی ئیعتیرازی خەڵك دا رایان گەیاند کە خەڵك دەبی چەکی رژیم هەڵگرن. بەلام خەڵکی تێکۆشەر ملیان نەداوە و خۆیان بۆ دیفاع لە مال و حالیان دەست بە کار بوون.

* لە سەرەتای مانگی پووشپەردا، چەند چەکداری نەناسراو دەچنە ئاوایی "بی‌کەش"ی ناوچەی بانە و خۆیان بە پێشمەرگە لە قەلەم دەدەن و لە یەکیك لە مالەکانی ئەم ئاوایی‌یە داوای ١٠٠ هەزار تمەن پوول دەکەن.

ئەفرادی ئەو مالە کە دەزانن ئەو چەکدارانە پێشمەرگە نین، لە بەرانبەریان دا رادەوەستن بەلام سێ کوریان دەکەونە بەر ئازار و لیدانی چەکدارەکان و بە زۆر ٤٠هەزار تمەنیان لی دەستینن.

* شەوی ٢٣ی پووشپەر دوو چەکدار لە ئاوایی "شیپانەجو" لە سەر شیوی سەقز دەچنە مالی "حسن محمود نارنج" و هەموو سەروەتی ئەو مالە بەتالان دەبەن.

پێویستە بکوتری مەقەر و پایگای هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم لەم ئاوایی دایە و لە ماوەیەك لەوە پێشەوە شەوانە حکوومەت نیزامی‌یان ڕاگەیاندوە و لە هات و چوو کردنی خەڵك بەرگری دەکەن.

خەڵکی شاروچکەی جووجەسازی ٢ پاسداریان چەك کرد

لە شاروچکەی جووجەسازی مەریوان، سێ پاسدار منداليك دەدەنە بە رماشین و بە تۆندی بریندار دەکەن. پاسداری راننده لە ترسی خەڵك هەڵدی ٢ پاسدارەکەی‌تر دەکەونە بەر پەلاماری نزیکەی ٢٠٠٠ کەس لە خەڵکی تووره و هەر دووکیان چەك دەکرین. هێزەکانی کومەکی جمهووری ئیسلامی کە بۆ نەجات دانی ٢ پاسدارەکە وەری کەوتبوون، کاتیك چاویان بە جەماوەری تووره کەوت نەیان ویرا خۆیانی لیدەن.

خەڵکی تێکۆشەری سنە ماشینیك نانی دەوڵەتیان موسادەرە کرد

ڕۆژی ٦ی مانگی پووشپەر، ژمارەیەك لە خەڵکی شاری سنە، کە زۆربەیان لە کرێکارانی بێکار و ژنان و تازەلاوان بوون، لە مەیدانی مەرکەزی ئەم شارە بەری ماشینیکی تاکسی‌بار دەگرن کە پر بوو لە نانی بەکریگیراوانی رژیم و دەسبەجێ موسادەرەی دەکەن.

خەڵکی تێکۆشەری سنە لە دریژەی ئیعتیرازی خۆیان بە کەم بوون و گرانی نان دەستیان دایە ئەم موسادەرە شۆرشگێرانەیە.

نزیکەی مانگیك لەوەپێش فەرماندارى بەکریگیراوی رژیم بە هەموو نانەواخانەکانی شاری سنەی راگەیاندبوو کە هەر نانەواخانەیەك دەبی هەندیك نان بۆ کارمەندانی دەوڵەت گل بداتەوە و خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە ویرای ئیعتیراز بەم سیاسەتە داواکاری ئەوە بوون کە ئەم سیاسەتە کوتایی پی بی.

بە دوای موسادەرەی شۆرشگێرانەی نانی بەکریگیراوانی دەوڵەت دا، فەرماندار لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك ناچار بوو ڕاگەیەنی کە کارمەندەکانیش دەبی خۆیان لە نانەواخانەکان نان بکرن.

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "سیسیر" بە ئاگر تی بەردانی ئاغەلەکانیان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە ئیعتیرازیان کرد

* ڕۆژی ٢٧ی خاکەلیوە خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "سیسیر" لە بەشی گەورکی ناوچی سەردەشت، دوای هێرشی بەکریگیراوان بۆ ئەئاغەلەکانی پشت ئاوایی "سیسیر" و ئاگر تی‌بەردانی ئەم ئاغەلانە، کۆبوونەوەیەکی ئیعتیرازی پێك دینن و چەند نوینەر لە ناو خۆیان دا هەڵدەبژێرن و بۆ ئیعتیراز و مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە بەرییان دەکەن بۆ شاری سەردەشت.

بەلام فەرمانداری بەکریگیراوی رژیم لە جواب دا دەڵی ئیوە بە بی ئیجازەی دەوڵەت ئەم ئاغەلانەتان ئاوەدان کردوەتەوە و دەبی چولیان کەن.

هەوالیك لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە شاری سنە

ڕۆژی ٢ی مانگی پووشپەر، ٦٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی، لە زیندانی "دادگای ئینقلاب"ی شاری سنە بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان ئیعتیسابیکی یەکگرتوانەیان دەست پێکرد و بۆ ئەوەی دەنگی ئیعتیرازی خۆیان بە دەرەوەی زیندان بگەیەنن، حازر نەبوون بچنە مولاقاتی خانەوادەکانیان.

ئەو زیندانی‌یانە لە ماوەیەك لەمەو پێش داواکاری ڕوون بوونەوەی وەزعی خۆیان بوون. بەشیك لەم زیندانی‌یانە ماوەیەکی زۆرە بە بی موحاکمە لە زیندان دا ڕاگیراون و بەشیکی تریان ماوەی زیندانەکەیان تەواو بووە بەلام ڕژیم ئازادیان ناکا.

خانەوادەی زیندانی‌یەکان لە بەر دەرگای زیندان کۆبوونەوە و بە پشتیوانی لە ڕولەکانیان دەنگی ئیعتیرازیان هەڵبڕی.

کاربەدەستانی جینایەتکاری زیندان بۆ لە سەر شان لابردنی جینایەتەکانیان رادەگەیەنن: زیندانی‌یەکان خۆیان حازر نەبوون بینە مولاقاتی خانەوادەکانیان، دەنا ئەوان پێشیان پی نەگرتوون.

تیمك هەڵچوونی کۆمەڵانی خەڵکی سەردەشت لەگەل بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی

ڕۆژی ٣ی پووشپەر، پاسەبانیکی شارەبانی لە چوار ڕێی فەرماندارى شاری سەردەشت بە ملهوری‌یەوە مەداریکی ڕاننده‌یەك زەوت دەکا. ڕاننده‌و شاگردەکەی ویرای ئیعتیراز لەگەل پاسەبانەکە دەرگیر بدەن. دەسبەجی ژمارەیەك لە خەڵکی شار بە پشتیوانی لە ڕاننده و شاگردەکەی کۆدەبنەوە و ٣ پاسەبانی‌تریش بە یارمەتی پاسەبانەکەوە دین و دەیانەوی بە هەرەشە و گۆرەشە بلاوە بە خەڵك بکەن کە لە لایەن خەڵکەوە دەکەونە بەر پەلاماری ٢ کەسیان بریندار دەبی. ورده ورده ژمارەی خەڵکی زیاد دەکا و دوای بەستنی خیابانەکە و بەرگری کردن لە هاتنی بەکریگیراوانی پاسدار و کومیتەچی، بە بی ئەوەی ئیجازەی دەست دریژی بە هێزەکانی ڕژیم بدەن بلاوەی دەکەن.

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بیلوو" چەتە بەکریگیراوەکانی ڕژیمیان ڕاونا

شەوەکانی ٥ و ٦ی مانگی پووشپەر تاقمیك لە بەکریگیراوانی ڕژیم لە ژیر نیوی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، دەرژینە دوو مال لە ئاوایی‌یەکانی "بیلوو" و "سیفی‌ژوورو" لە بەشی "خاومیراوا"ی مەریوان.

ئەم بەکریگیراوانە لە "سفی ژوورو" دەچنە مالی کەسیك لە ناو حاجی حەسەن و دوای قول بەستن و ئەزیەت و ئازاری ناوبراو دەیبنە دەر و بە زۆر ٣٠ هەزار تمەن لە ژنەکەی دەستینن. لە "بیلوو"ش دەچنە مالی کەسیك بە ناوی مینەی کاك حەسەن و دوای ئەزیەت و ئازاری ناوبراو، لە کاتی پشکنینی مالەکەیەدا دە هەزار تمەن دەدزن.

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بیلوو" کە ئاگاداری جینایەتی بەکریگیراوان ببوون، بە تفەنگی تاير و ساچمەزەن پەلاماریان دەدەن و ڕاویان دەنین.

خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە لە چەند مەراسمی جیاواز دا ڕیزیان لە یادی ٤ پێشمەرگەی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە گرت

دوای بلاو بوونەوەی هەوالی بۆمبارانی یەکیك لە مەقەرەکانی جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلیوەدا، کە بووە هۆی گیان بەخت کردنی چوار هاوڕیی خۆشەویست و تێکۆشەرمان، هاوڕیان عەزیز ئەسکەندەری، ڕەزا یسربی، بهزای فدوی و ڕەحمان فرشگر، هەزاران کەس لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە لە چەند مەراسمی شکودار و جەماوەری‌دا، کە چەند ڕۆژی خایاند، ڕیزیان لە یادی ئەم هاوڕییانە و باقی گیان بەخت کردووانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم گرت.

شوینی ئەم مەراسمانە کە بە دروشمی شۆرشگێرانە و گول و ئەستیرە و عەکسی هاوڕییانی گیان بەخت کردوو، بە شیوەیەکی شکودار ڕازابووەوە، ببووە جیگایەك بۆ دەربڕینی ڕق و بیزاری لە جمهووری ئیسلامی و قەسە و باس لەسەر فیداکاری و خەباتی بی وچانی هاوڕییانی گیان بەخت کردوو و دەوری کۆمەڵە لە بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان و وشیار کردنەوە و ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دەوری سیاسەتەکانی کۆمەڵە.

خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە لە چەند مراسمی جیاواز دا ڕیزیان لە یادی گیان بەخت کردوانی کۆمەڵە گرت

خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە دوای بلاو بوونەوەی هەوالی بۆمباران مانگی گولانی یەکیك لە مەقەرەکانی کۆمەڵە، لە چەندین مەراسمی گەورە و چکولەدا ڕیزیان لە یادی هاوڕییانی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە گرت.

هەروەها خەڵکی شاری سنە لە چلەمین ڕۆژی گیان بەخت کردنی ئەم هاوڕییانەدا جاریکی‌تر لە دەوری یەك کۆبوونەوە و ڕیزیان لە یادی ئازیزیان گرت. بەشدار بووانی ئەم مەراسمە ویرای دەربڕینی هاودەردی و پەژارەی قوولی خۆیان، لەگەل کەس و کاری هاوڕییانی گیان بەخت کردوو لە سەر گرینگترین ڕووداوە سیاسی‌یەکان قسە و باسیان کرد و ئاخرین هەوالەکانی ئیعتیراز و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشیان بۆ یەکتر دەگیراوە.

لە زۆربەی ئەم مەراسمانەدا شیعر و سروودی شۆرشگێرانە خوێندراوە و عەکسی هاوڕییانی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە لە ناو ئەستیرەی سووری بە گول ڕازاوە دانرابوون.

هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ تێکدانی ئەم مەراسمانە هێرشیان بردە سەر یەکیك لە خانەوادەکان و چەند کەسیان لی گرتن. بەلام دوای دوو ڕۆژ بە دوای ئیعتیرازی خەڵك دا مەجبوور بوون ئازادیان بکەن.

مەراسمی خەڵکی زەحمەتکێشی نەغەدە و شنوو سندوس بۆ ڕیزگرتن لە یادی هاوری "بایزید بیاز"

خەڵکی زەحمەتکێشی "نەغەدە"، "شنوو" و بەشی "سندوس"ی نەغەدە، دوای بیستنی هەوالی گیان بەخت کردنی هاوری "بایزید بیاز" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە، لە مەراسمیکدا کە چەند ڕۆژ لە ئاوایی "کەریزەی شکاکان" دریژەی هەبوو، بەشداریان کرد و ڕیزیان لە یادی ئەو ڕولە خۆشەویستەیان گرت و خەم و پەژارەی قوولی خۆیان لەم جەرەیانە دل تەزینە دەربڕی.

ئەم مەراسمە سەرەڕای پیلانی بەکریگیراوانی ڕژیم بۆ بەرگری کردن لە پێك هاتنی، لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشەوە بەڕپا کرا.

ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیان بەخت کردوان مەراسمیان پێك هینا

ڕۆژی ٢٧ی مانگی گولان ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی تێکۆشەری شاری مهاباد کە بۆ ڕیزگرتن لە یادی ئازیزانی گیان بەخت کردوو، مەراسمیکیان لە قەبرستانی ئەم شارە پێك هینا بوو، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی بەکریگیراوانی گەشتی "سارالله".

لەم هێرشەدا چەند لاو دەگیرین و خەڵکی تێکۆشەر لە دژی ئەم هێرشە دەست دەکەن بە ئیعتیراز و خوازیاری ئازاد کردنی گیراوەکان دەبن. بەڵام بەکریگیراوان لە پێشدا لاوەکانیان ڕاگویزتبوو.

تێکۆشەرانی شاری سەردەشت، مەقەری بەکریگیراوانی "جهادی سازندگی"یان لەو شارە تەقاندەوە.

لەسەرەتای مانگی پووشپەردا تێکۆشەرانی شاری سەردەشت مەقەری بەکریگیراوانی "جهاد سازندگی"یان لەو شارە تەقاندەوە و خەسارەتیکی زۆریان لە ساختمانی ئەم مەقەرە دا.

تەقاندنەوەی مەقەری ئەم ئورگانی سەرکوتەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارەوە پێشوازی لی کرا و شوور و شەوقیکی زۆری لە نیو ئەواندا پیك هێنا.

ئیعیتزازی ڕاننەدەکانی ماشین و تەراکتوری شاری سەردەشت

لە سەرەتای سالّی تازەوە کاربەدەستانی ڕژیم بۆ برین و کەم کردنەوەی سەهمیەی بەنزین و گازوئیل و لاستیك و باقی پیداویستییەکانی ماشین و تەراکتوری ڕاننەدەکانی شار و دیهاتی سەردەشت فشاریکی زیاتریان خستوەتە سەر ئەم بەشە لە خەڵکی شاری سەردەشت.

ڕاننەدەکانی ماشین و تەراکتوری شار و دیهاتی ئەم ناوچەیە تێکڕا بەم وەزعە ئیعتیراز دەکەن و لە فەرماندەری و شارەداری ئەم شارە کۆدەبنەوە و داواکاری دابین کردنی داخوازەکانیان لە لایەن ڕژیمەوە دەبن. سەرەڕای هەول و تەقالای فەرماندەری بەکریگیراو بۆ ساز کردنی تەفرەقە لە نیوان ڕاننەدەکاندا، ئەوان دەتوانن بەشیك لە داخوازەکانیان بە سەر ڕژیم دا داسەپینن و کاربەدەستانی ڕژیم ناچار دەکەن کوپینی سووخت بلاو بکەنەوە و بۆ هەر ماشین و تەراکتوریك سەهمیە دابنین.

مەراسمی شکۆداری ٧ ئاوایی "گەورکی" سەردەشت و مهاباد لە بەرزایی‌یەکانی "مەیدان چوغە"

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گولان ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوانی ئاوایی‌یەکانی "سیسیر"، "نەستان" و گەنمان بە پێی قەراری پێشوو، بەڕەو بەرزایی‌یەکانی "مەیدان چوغە" وەری کەوتن و لە پێشدا چوونە سەر گوری هاوری "مینە نەستانی"، کە هاووپینی پێشوو بە دەست چەکدارەکانی "حیزبی دیموکرات شەهید کراوە ویرای مەحکووم کردنی حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی، دەستە گولیان لەسەر گوری شەهید مینە دانا و دوایی بەڕەو "مەیدان چوغە" وەری کەوتن و لەوی لەگەل خەڵکی ٤ ئاوایی بەشی "گەورك"ی مهاباد تیکەلاو بوون و کۆبوونەوەیەکی گەورەیان پێك هێنا.

خەڵکی ئەم حەوت ئاوایی‌یە لە سەر ڕووداوە سیاسی‌یەکان و ئینشعاب جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی، هەڕوەها لە سەر ئەوزاعی سیاسی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە قسەیان کرد. ئەم مەراسمە تا ئیوارە لە نیو شوور و شەوقی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەدا دریژەی بوو.

ئیعتیرازی یەکپارچەی ژنان و پیاوانی ئاوایی "دیوالان" لە دژی بەکریگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٧ی گولان دوای تەوهینی چەند پاسدار بە ژنانی ئاوایی "دیوالان"ی ناوچەی سەردەشت و ئیعتیرازی موعەلیمی ئاوایی بەم تەوهینە، ژنانی تێکۆشەری ئاوایی پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و لەگەلیان دەرگیر بوون.

بەکریگیراوان تەقەیان لە ژنەکان کردو ژنیکی خەڵکی ئاوایی‌یان بریندار کرد و موعەلیمەکەیان گرت. زەحمەتکێشانی ئاوایی دیوالان، دوای ئەم جینایەتەی بەکریگیراوان، یەکپارچە دەستیان دایە ئیعتیراز و بە خەباتی خۆیان موعەلیمەکەیان ئازاد کرد. دانش ئاموزانی ئەم ئاوایی‌یەش بۆ ئیعتیراز بە جینایەتی هێزەکانی ڕژیم، تەزاهوراتیکیان بەڕەو ئاوایی "نەلاس" وەری خست.

خەڵکی ئاوایی دیوالان لە دریژەی ئیعتیرازی خۆیان دا کۆبوونەوە بریارنامەیەکیان بە ئیمزای ٦٠ کەس پەسند کرد و خوازیاری پێچانەوەی مەقەری بەکریگیراوان لە ئاوایی‌یەکەیان بوون.

خەڵکی ئاوایی "ئالوت" هەروا ئاوارە و بی ئیمکانات

خەڵکی ئاوایی "ئالوت"ی بانە کە زستانی پار ئاوایی‌یەکەیان کەوتە ژێر هەڕەس و ویران بوو، لە وەزعیکی زۆر ناخوش و سەختدا ئاوارەی شار و دیهاتی دەوروبەری بانە بوون و لە ئیمکانات و پێداویستی‌یەکانی سەرەتایی ژیانیشیان بی بەهرە و مەحروومن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە کە ١١٠ خانەوادەیە تا ئێستا چەندین جار داواکاری دابین کردنی ژیانیان لە لایەن دەوڵەتەوە بوون و چونکوو جوابیان نەداوەتەوە ئیعتیرازیان وەری خستوە و نوینەرانی خۆیان ناردوەتە ئیداراتی دەوڵەتی و داوایان کردوە دەوڵەت مالەکانیان بۆ دروست بکاتەوە و خەسارەتیان پی بدا بەڵام کاربەدەستانی ڕژیم تا ئێستا هەر تەفرەیان داون و هیچ کاریکیان بۆ نەکردوون.

جمهووری ئیسلامی ژیانی ئاوارەکانی عێراق دابین ناکا

ئاوارەکانی عێراقی بۆ دابین کردنی گوزەرانیان مەجبوور بوون کەل و پەلی ناو مالیان بفرۆشن. ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ئاوارە عێراقی‌یەکان خو دەدزێتەوە و یارمەتیان ناکا و هەرچیش تا ئێستا لیرە و لەوی بە نیوی ئەوان یارمەتی کۆکردوەتەوە، خەرجی شەری کونەپەرستانەی خۆی کردوە.

ئاوارە عێراقی‌یەکان تا ئێستا چەندین جار بە وەزعی نالەباری خۆیان ئیعتیرازیان کردوە و لەگەل هێزەکانی ڕژیم دەرگیر بوون. ماوەیەك لەمەوپێش بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیعتیرازی ئاوارەکان دا تەقەیان لی کردن و نزیکەی دە کەس لەم تەقەیەدا گیانیان لە دەست دا.

جمهووری ئیسلامی لەم ئاخانەدا بە ئاوارەکانی عێراقی ڕاگەیاندوە کە یان دەبی یەکجاری ببنە دانیشتووی ئێران و یان دەبی بگەڕێنەوە شوینەکانی خۆیان.

ئیعیترازی خەڵکی تێکۆشەری ٢ ئاوایی سەردەشت لە دژی حوزووری بەکریگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٨ی خاکەلیوە هێزەکانی ڕژیم دەڕژینە ئاوایی‌یەکانی "زیرەمیرگ" و "کانی‌بی" لە ناوچەی سەردەشت بە ملهووری و هەرەشە و گوڕەشە لە مەزراکانی ئەم ئاوایی‌یانە دەست بە کاری دانانی قەرارگایەکی نیزامی دەبن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە ویرای ئیعتیراز، هەموو ئەو کارانەی کردوویانە لییان تیك دەدەن و نایەلن بەکریگیراوان قەرارگا دابنین.

ڕۆژی دواتر هێزەکانی ڕژیم جاریکی‌تر لەگەل فەرماندەری بەکریگیراوی شاری سەردەشت دەگەڕێنەوە بەڵام دیسان لەبەر ئیعتیرازی خەڵك هیچیان پی ناکری.

ڕۆژی ٢٠ی خاکەلیوە خەڵکی تێکۆشەری ئەم دوو ئاوایی‌یە لە دریژەی ئیعتیرازی خۆیاندا، دەچنە شاری سەردەشت و ویرای کۆبوونەوە و ئیعتیراز لە بەر درگای فەرماندەری، نوینەرانی خۆیان بەری دەکەن ئاوایی‌یەکانی دەوروبەری بانە بوون و لە ئیمکانات و پێداویستی‌یەکانی سەرەتایی ژیانیشیان بی بەهرە و مەحروومن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە کە ١١٠ خانەوادەیە تا ئێستا چەندین جار داواکاری دابین کردنی ژیانیان لە لایەن دەوڵەتەوە بوون و چونکوو جوابیان نەداوەتەوە ئیعتیرازیان وەری خستوە و نوینەرانی خۆیان ناردوەتە ئیداراتی دەوڵەتی و داوایان کردوە دەوڵەت مالەکانیان بۆ دروست بکاتەوە و خەسارەتیان پی بدا بەڵام کاربەدەستانی ڕژیم تا ئێستا هەر تەفرەیان داون و هیچ کاریکیان بۆ نەکردوون.

جمهووری ئیسلامی ژیانی ئاوارەکانی عێراق دابین ناکا

ئاوارەکانی عێراقی بۆ دابین کردنی گوزەرانیان مەجبوور بوون کەل و پەلی ناو مالیان بفرۆشن. ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ئاوارە عێراقی‌یەکان خو دەدزێتەوە و یارمەتیان ناکا و هەرچیش تا ئێستا لیرە و لەوی بە نیوی ئەوان یارمەتی کۆکردوەتەوە، خەرجی شەری کونەپەرستانەی خۆی کردوە.

ئاوارە عێراقی‌یەکان تا ئێستا چەندین جار بە وەزعی نالەباری خۆیان ئیعتیرازیان کردوە و لەگەل هێزەکانی ڕژیم دەرگیر بوون. ماوەیەك لەمەوپێش بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیعتیرازی ئاوارەکان دا تەقەیان لی کردن و نزیکەی دە کەس لەم تەقەیەدا گیانیان لە دەست دا.

جمهووری ئیسلامی لەم ئاخانەدا بە ئاوارەکانی عێراقی ڕاگەیاندوە کە یان دەبی یەکجاری ببنە دانیشتووی ئێران و یان دەبی بگەڕێنەوە شوینەکانی خۆیان.

ئیعتیرازی خەڵکی ئاوایی "نەبی‌ئاوا" لە دژی جینایەتی هێزەکانی ڕژیم

خەڵکی تێکۆشەری "نەبی‌ئاوا" بە دوای کوژرانی کوریکی خەڵکی ئەم ئاوایی‌دا بە نیوی "کەریم محمەد ئەمین" کە بە هۆی تەقەی بەکریگیراوان کوژرابوو، ویرای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە، بۆ ئیعتیراز چوونە شاری پیرانشار و لە بەر فەرماندەری کۆبوونەوە و خوازیاری ئەوە بوون کە بەکریگیراوی قاتل تەحویلی خەڵك بدرێتەوە تا موحاکمەی بکەن. فەرماندەی بەکریگیراوی هێزەکانی ڕژیم بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك بەکریگیراوی قاتل زیندانی دەکا.

ئیعتیرازی خەڵکی ئاوایی بیکوس لە دژی جینایەتی هێزەکانی ڕژیم

لە نیوراستی مانگی جوزەردان دا ژنان و و پیاوانی تێکۆشەری ئاوایی "بیکوس" لە ناوچەی پیرانشار، بۆ ئیعتیراز بە قاتلی زەحمەتکێشی خەڵکی ئاوایی بە ناوی سالح بە دەستی بەکریگیراوانی ڕژیم، لەبەر پایگای ڕژیم لەو ئاوایی‌یە کۆبوونەوە و ویرای ئیعتیراز داواکاری تەحویل دانەوەی بەکریگیراوی قاتل و سزادانی ئەم بەکریگیراوە لە لایەن خۆیانەوە دەبن.

فەرماندەی بەکریگیراوی هێزەکانی ڕژیم، بۆ بەرگری کردن لە ئیعتیرازی خەڵك قاتلی بەکریگیراو زیندانی دەکا.

ڕۆژی چواری جوزەردانیش ژنیکی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە بە هۆی تەقەی بەکریگیراوان گیانی خۆی لەدەست دابوو.

زەخت و زۆری بەکریگیراوانی ڕژیم بۆ سەر خانەوادەی پێشمەرگە لە مهاباد و سەردەشت

لە سەرەتای بەهاری ئەمسالّەوە بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە شاری مهاباد زەخت و فشاریکی زۆریان خستە سەر خانەوادەی پێشمەرگەکان.

لە نیوەی هەوەلی مانگی گولان دا هێزەکانی ڕژیم ویرای فشار هێنان بۆ خانەوادەی پێشمەرگەکان، پێی ڕاگەیاندن کە دەبی هەموو حەوتووی جاریك بچنە سپای پاسداران و خۆیان بە ئیتلاعاتی سپا بناسینن.

بەڵام جگە لە خانەوادەیەك هیچکام لە خانەوادەکان ملیان بۆ ئەم داخوازە دڕ بە شۆڕشەی بەکریگیراوان کەچ نەکرد.

لە ئاخری مانگی گولان و هەوەلی مانگی جوزەردان دا، هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە ناوچەی مهاباد و هەروەها لە چەند گەرەکی شاری مهاباد، ژمارەیەك لە خانەوادەکانی پێشمەرگەیان گرت و ویستیان مەجبووریان کەن فشار بۆ منالەکانیان ببنن کە خۆ تەحویلی جمهووری ئیسلامی بدەنەوە.

بەکریگیراوان لە دیهاتی "سیونی"، "گەرور" و "گومان"ی بەشی "نەلین"ی سەردەشتیش بۆ ئەم مەبەستە چەپەڵە فشاریان بۆ خانەوادەی پێشمەرگەکان هێناوە و لەگەل موقاوەمەتی خانەوادەکان بەڕووبوون.

ئیعتیرازی خەڵکی گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها"ی مهاباد

خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها" لە شاری مهاباد بە نەبوونی ئاوی خواردنەوە ئیعتیرازیان کرد و داواکاری ئەوە بوون کە ڕژیم ئاوی خواردنەوەی خەڵکی ئەم دوو گەرەکە دابین بکا.

شارەداری بەکریگیراوی شاری مهاباد ڕۆژی ٤ی مانگی پووشپەر ڕایگەیاند بە شەرتیك ئاوی خواردنەوەی ئەم دوو گەرەکە دابین دەکا کە هەر مالیك ١٠هەزار تمەن پوول بدا بە ڕژیم.

بەڵام خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو دوو گەرەکە ویرای ئیعتیراز بەم باجگیری‌یە ڕایان گەیاند ئاویشیان دەوی و باجیش نادەن بە ڕژیم.

پێویستە بکوتری سالّی پێشووش شووڕا ئیسلامی‌یەکانی ئەم گەرەکانە بەم بیانووە پوولیکی زۆریان لە خەڵکی ئەم گەرەکانە ئەستان بەڵام هیچکاریك بۆ لووڵەکشی ئاوی ئەم گەرەکانە نەکرا و خەڵك بە خەبات و ئیعتیرازی خۆیان پوولەکانیان ئەستاندەوە.

خەڵکی ئاوایی بیتووش ویرای ئیعتیراز بە سیاسەتی کوچی زۆرەملی ڕایان گەیاند حازر نین بۆ ئەم سیاسەتە سەر دانەوێنن

ڕۆژی ١٩ی پووشپەر، فەرماندار، بەخشت دار و نوینەرانی سپای پاسداران و ئەرتەش لە شاری سەردەشت چوونە ئاوایی "بیتووش" لەم ناوچەیە و بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە هەموو ئاوایی‌یەکانی بەشی ئالانی سەردەشت دەبی تا ئاخری ئەم مانگە چول بکرین.

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "بیتووش" بە تێکرا ئەم پیلانەی ڕژیمیان مەحکووم کرد و ویرای ئیعتیراز ڕایان گەیاند کە مل بۆ کوچی زۆرەملی کەچ ناکەن و ئاوایی‌یەکان چول ناکەن.

ئیعتیراز و موقاوەمەتی خەڵکی تێکۆشەری "سیسیر" لە دژی زەخت و فشاری بەکریگیراوانی ڕژیم

ڕۆژی ١٠ مانگی گولان، هێزەداگیرکەرەکانی ڕژیم ویرای ئاگر تی‌بەردانی ئاغەلەکانی ئاوایی "سیسیر" لە ناوچەی سەردەشت، بە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یەیان ڕاگەیاند کە هەقیان نیە بچن بۆ هەوار. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایی‌یە تێکڕا دەست دەدەنە موقاوەمەت و سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی بەکریگیراوان دەچن بۆ هەوار.

بەکریگیراوانی گوروهی زەربەتی ڕژیم، جێگیر لە شاروچکەی "ڕەبەت" بۆ تیك شکاندنی موقاوەمەتی خەڵکی "سیسیر" هێرش دەبەنە سەر هەوارەکانیان و چێغ و چادرەکانیان تیك دەدەن. بەڵام دیسان زەحمەتکێشانی ئەم ئاوایی‌یە دەست دەدەنە ئیعتیراز و موقاوەمەت و ڕادەگەیەنن بە هیچ جۆریك تەسلیمی فشاری ڕژیم نابن و هەوارەکانیان چول ناکەن.

بەکریگیراوان دیسان دوو ڕۆژ دواتر هێرش دەبەنە سەر هەوارەکان و دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازای خەڵك. بەڵام جاریکی‌تریش خەڵکی تێکۆشەری سیسیر بە جینایەتی هێزەکانی ڕژیم ئیعتیراز دەکەن و لە بەرانبەریان دا ڕادەوستن و حازر نابن هەوارەکان چول کەن. ویرای ئەم موقاوەمەتەش ژمارەیەکیان بۆ ئیعتیراز دەچن بۆ شاری "ورمی".

پیلانی ئاغاکانی پێشووی ناوچەی دیواندەرە و ڕژیم لە دژی جووتیارانی ئەو مەنتەقەیە

لە سەرەتای سالّی تازەوە ڕژیم و ئاغاکانی پێشووی ناوچەی دیواندەرە، بۆ ئەستاندنەوەی ئە زەوی و زارەی کە جووتیاران لە زەمانی قیام دا موسادەرەیان کرد دەستیان بە پیلانگیری کردوە.

هەیئەتی زەوی و زاری ڕژیم دەستیان داوەتە دەستی ئاغاکان و جووتیارانی ئەم مەنتەقەیان بۆ تەحویل دانەوەی زەوی‌یەکان یان کرینی ئەو زەوی‌یانە خستوەتە ژێر زەخت و فشار.

بەکریگیراوانی رژیم لە ناوچەی مەریوان ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵک گرت

هێزە بەکریگیراوەکانی رژیم لە ئاخرەکانی مانگی جوزەردان دا، لە شاری مەریوان، شاروچەکەی "کانیدینار"، شاروچەکەی "جووجە سازی" و دیهاتی "نی"، "تەینال"، "سوفیبلە"، "تازەئاوا"، "جانەوەرەی سەروو"، تەنگ باخ"، "وەرو" ، "میانە"، "لاویسان" و "گلیە" بە بیانووی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵک گرت و زیندانیان کردن.

ئیعتیرازی سەرکەوتاوانەی ئاوارەکانی ناوچەی بانە

کاربەدەستانی رژیم ماوەیەک بوو هەقی ئاوارەگی و کوپینی ئازووقەی ئاوارەکانی ناوچەی بانەیان بریبوو. ژمارەیەک لە ئاوارەکانی ئەم ناوچەیە بۆ ئیعتیراز بەم وەزعە لە بەر فەرمانداری شاری بانە کۆبوونەوە و ویرای دەربرینی ئیعتیرازی خۆیان، داواکاری دابین کردنی هەقی ئاوارەگی و سەهمیەی کوپینەکانیان بوون. کاربەدەستانی رژیم کە لە پێشدا دەیانەویست بە وەعدەی بە درو و فروفیل تەفرەیان بدەن، لە بەرانبەر ئیعتیراز و راوەستاوەی ئاوارەکان ناچار بوون داخوازەکانیان قەبوول بکەن.

خەڵکی ئاوایی "گەنکی"ی بانە بە ئیعتیرازی یەکپارچەیان گیراویکیان ئازاد کرد

رۆژی ٢٦ی مانگی خاکەلیوە، بەکریگیراوانی رژیم جیگیر لە ئاوایی "دارساوین"ی ناوچەی بانە دوای گەماروی ئاوایی گەنکی، کەسیکی خەڵکی ئاوای دەگرن و دەیانەوی لەگەل خۆیان بیبەن.

ژنان و پیاوانی تێکۆشەری ئەم ئاواییە بە تێکرا لە دژی ئەم ئیقدامە دژ بە شۆرشەی بەکریگیراوان رادەوەستن و بە ئیعتیرازی یەکپارچەی خۆیان، بەکریگیراوان ناچار دەکەن کە گیراوەکە ئازاد بکەن.

ئیعتیرازی ژنانی زەحمەتکێشی گەرەکی "کانی مەر"ی سەردەشت بۆ دابین کردنی ئاوی لوولەکەشی

ژنانی زەحمەتکێشی گەرەکی "کانیمەر" لە شاری سەردەشت، لە دریژەی ئیعتیرازی پێشووی خۆیاندا بۆ دابین کردنی ئاوی لوولەکەشی مالەکانیان لە لایەن دەولەتەوە، رۆژی ١ی جوزەردان لە بەرانبەر شارەداری ئەم شارە کۆبونەوە و ویرای ئیعتیراز رایان گەیاند تا کاربەدەستانی رژیم داخوازەکانیان بەجێ نەهینن، دەست لە ئیعتیراز و کۆبوونەوە هەڵناگرن.

کاربەدەستانی رژیم لە نەتیجەی ئیعتیرازی یەکپارچەی ژنانی ئەم گەرەکە و لە ترسی پەرە ئەستاندنی ئەم ئیعتیرازە لە گەرەکە فەقیر نشینەکانیتر، ناچار بوون داخوازەکانیان قەبوول کەن و قەول بدەن تا کێشانی ئاوی لوولەکەشی بە ماشین ئاوی ئەم گەرەکە دابین کەن.

ئیعتیرازی خەڵکی دیهاتی بۆیەن لە دژی بەرین کردنەوەی جادەی نیزامی رژیم

جمهووری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی شەری کونەپەرستانەی لە مەرزەکانی کوردستان، دەستی داوەتە بەرین کردنەوەی جادەی بانە "بۆیەن" تاکوو مەرز و زەرەرو زیانیکی زۆری لە زەوی و زار و باغ و خانووی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم منتەقە داوە. سەرەرای ئەوە بەکریگیراوان بە خەڵکیان راگەیاندوە کە دەبی مالو و دووکانەکانیان چول کەن ئەگینا بەکریگیراوان خۆیان بە بولدیزیر دەیان رووخینن.

بە دوای ئەم هەرەشە و گورەشانەدا ژمارەیەک لە خەڵکی ئاواییەکانی بەشی "بۆیەن" چوونە شاری بانە و ویرای ئیعتیراز خوازیاری ئەوە بوون کە دەولەت خەسارەتی زەوی و زار و باغ و خانووەکانیان بۆ ببژێری.

تەقە و لیکدان لە نیوان دوو بەشی حیزبی دیموکرات دا

بە پێی خەبەری رادیو حیزبی دیموکرات رابەری شۆرشگێڕ، لە نیوەراست مانگی جوزەردان دا، لە نیوان پێشمەرگەکانی ئەم بەشە و بەشەکەیتری حیزبی دیموکرات کە لە ژیر ناوی کونگرەی هەشتم دا فەعالییەت دەکەن، لە ئاوایی "کاولانی گەلی بەردەرەش" لە شیمالی کوردستانی عێراق، تەقە و لیکدانیک رووی داوە.

ئەم دەرگیریە دوای کەمیون نانەوەی دارودەستەی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات و بە پێی سیاسەتیک کە ئەم بەشە بەرانبەر بە بەشەکەیتر گرتوویەتی پێش، رووی دا. دارودەستەی کونگرەی هەشتم لە ماوەیەک لەوە پێشەوە بە هێزەکانی خۆیان راگەیاندوە کە لە هەر کوی تووشی بەشەکیتر بوون لەگەلیان دەرگیربن.

خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز لە ئیعتیرازیکی جەماوەریدا لەگەل هێزەکانی رژیم دەرگیر بوون

رۆژی ٢٤ی جوزەردان دوای تەوهینی بەکریگیراویکی پاسەبان بە ژنیکی خەڵکی سەقز، خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارەدەستیان دایە ئیعتیراز و خوازیاری موجازات بەکریگیراوکە بوون. هێزە جینایەتکارەکانی رژیم بە بیانووی ئەوەی کە بەکریگیراوەکە دەگرن دەربازیان کرد و پاشان ئازادیان کرد. خەڵکی تێکۆشەری سەقز جاریکیتر، لە مەیدانی هەلو دەستیان دایە ئیعتیراز و تەزاهوراتیکی گەورەیان پێک هێنا و داواکاری سزادانی پاسەبانەکە بوون. هێزەکانی رژیم بۆ سەرکوت و تێک شکاندنی ئەم تەزاهوراتە دەسریژیان لە خەڵک کرد و خەڵکی تێکۆشەریش پەلامباریان بردەسەر بەکریگیراوان. لەم تێک هەڵچوونەدا پاسەبانیک بریندار بوو و کەسیکیش لە خەڵکی شار بە دەستی بەکریگیراوان کوژرا.

هەر ئەو رۆژە شۆرشگێڕانی شاری سەقز، لە ئیدامەی ئەم ئیعتیرازەدا پاسەبانیکیتریشیان بە سزای خەیانەتەکانی گەیاند.

چەند هەوالی کورت

* رۆژی ١٥ی مانگی گولان، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی شاری بوکان، لە فەلەکەی بازار، بەکریگیراویکی مەئموری ئاگاهی شارەبانی بوکانیان بەر دەسریژدا و بە سزای جینایەتەکانیان گەیاند.

کورژرانی ئەم بەکریگیراوە زۆر زوو لە شار دەنگی داوە و بووە هۆی شادمانی خەڵکی شار.

* لە سەرەتای بەهاری ئەمسالەوە ئاغای بەکریگیراوی ئاوایی "چەکو" لە بەشی "نەلین"ی سەردەشت بە پشتیوانی دەولەت، دوو مالی ئەم ئاواییەی بۆ داگیرکردنی زەوییەکانیان خستوەتە ژیر زەخت و زۆر. بەلام ئەم دووخانەوادەیە بە موقاوەمەتی جەسوورانەی خۆیان پیلانەکانی ئاغاکەیان پووچەل کردوەتەوە.

* رۆژی ٨ی مانگی پووشپەر کوریکی شوانی ١٢ سالەی خەڵکی ئاوایی "کیلەشین"ی سەقز بە نیوی خەلیل، بە هۆی تەقینەوەی مینیک کە بەکریگیراوانی رژیم دایان نابوو گیانی لە دەست دا.

هێزەکانی رژیم دوای ئەسپەردە کرانی تەرمی ئەم شوانە بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگە بووە دەیانەوی تەرمەکەی لە خاک دەربێننەوە بەلام ئیعتیرازی خەڵک ئیجازەی ئەم کارە دژی ئینسانیەیان پی نەدا.

*رۆژی ١٠ی جوزەردان پیاویکی زەحمەتکێشی خەڵکی ئاوایی "نی" لە ناوچەی مەریوان کە لەبەر نەداری و بۆ بەخیو کردنی خانەوادەی پووکەی گوللە بۆ فرۆش کۆدەکاتەوە، لە لایەن هێزە جینایەتکارەکانی رژیمەو وەبەر دەسریژ درا و بە توندی بریندار بوو.

* رۆژی ٥ی مانگی پووشپەر، دوو بەکریگیراوی ئیتلاعاتی رژیم، لە ئاوایی "دەرەوەران"ی بەشی "خاومیراو"ی مەریوان دەچنە مالی کەسیک بە ناوی "محمەدئەمینی مەلا" و خۆیان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە قەلەم دەدەن و داوای لی دەکەن بیانگەیەنێتەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە.

ناوبراو کە هەست بە پیلانی ئەو دوو بەکریگیراوە دەکا، حازر نابی هاوکاری یان بکا و لە بەرانبەریان دا رادەوستی. رۆژی دواتر ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی مەریوان کاك "محمەد امین" دەگری و تا گەیشتنی ئەم هەواله ناوبراو هەر لە زیندان دایە.

* هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی جاریکیتر لەم دواییانە دا پەلامباریان بردە سەر خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکە فەقیرنشینەکانی شاری سنە و لە گەرەکەکانی "غەفوور"، "تەق تەقان"، "کانی کووزەلە"، "عەباس ئاوا" و "تازەئاوا" بە بیانووی خارجی مەحدودە و نەبوونی جەوازی ساختمان ژمارەیەک لە مالەکانیان رووخاند.

* رۆژی ٣ی پووشپەر، پاسداریک، لە پشت ئاوایی "گرژال"ی ناوچەی سەردەشت تەقە لە دوو سەرباز محەللی دەکا و دەیانکوژی.

کوژراوەکان کە ئەندامی یەکیک لە گرووهە زۆربەتەکانی گوردانی "نبی ئەکرم"ی ناوچەی سەردەشت بوون، عمر معینی و ئیبراهیم کوری حاجی رەسوولی نەجار بوون. خانەوادەی کوژراوەکان داوای سزادانی پاسدارەکەیان کردوە بەلام کاربەدەستانی رژیم جوابیان نەداونەوە.

* رۆژی ١١ی پووشپەر یەکیک لە ئەنبارەکانی چەک و تەقەمەنی پادگانی شاری بانە دەتەقیتەوە. دەنگی ئەم تەقینەوە کە لە مەودایەکی زۆر دوورەوە دەبیسترا، تا سەعات ٢/٥ی نیوەشەو دریژەی هەبوو. پرشیکی گوللە تووپیک دەکەویتە ئاوایی "شوی" دەبیتە هۆی لە دەست چوونی گیانی کەسیکی خەڵکی ئاوایی.

* رۆژی ١٦ی پووشپەر شوانەکانی ئاوایی "گردینە" لە بەشی "سویسنی" سەردەشت، جەنازەی کەسیکیان دووزییەوە کە بە دەست هێزە جینایەتکارەکانی رژیم کوژراوە. بەکریگیراوان پاش تالان کردنی ئەو کەسە، جەنازەکەیان لە شوینیکی چول، کە کاروانچی هاتووچووی پێدا دەکەن، فری دابوو. تا ئێستا رژیم لەم شوینە بەری کاروانچیەیانیان گرتوە و تالانیان کردوون.

* ١٤ی پووشپەر، لە شاری سەردەشت، ماشینیکی سپای پاسداران دوو موتور سوار وەبەر دەدا کە یەکیان بە ناوی "محمەد سعید چاوشین" خەڵکی ئاوایی "رشەکان" گیانی خۆی لە دەست دەدا و ئەوی تریشیان بە توندی بریندار دەبی.

خەڵکی شاری سەردەشت ویرای ئیعتیراز بەم جینایەتە، بەدار و بەرد پەلامباریان بردە سەر بەکریگیراوان و ماشینەکەیان و تووڕەیی و بیزاری خۆیان لەم جینایەتە دەردەبرن.

* رۆژی ١٦ی پووشپەر بەکریگیراویکی ئیتلاعاتی رژیم لە بازاری "نەلاس" لە ناوچەی سەردەشت، بە بیانووی گەران بۆ کەل و پەلی قاچاخ، فشار بۆ دووکاندارەکان دینی، یەکیک لە دووکاندارەکان لە بەرابەریدا رادەوەستی و ناچاری دەکا هەلی.

* هێزەکانی رژیم لە رۆژی ١٠ی پووشپەرەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر زەخت و زۆریان خستوەتە سەر راننەدەکانی شاری سەردەشت و بەر بە کار و کاسبیان دەگرن. ئەم زەخت و زۆرە دوای موقاوەمەت و نەچوونی راننەدەکان بۆ بیگاری رژیم و بۆ بەرەکانی شەر، خراوتە سەر راننەدەکان.

* رۆژی ١٥ی پووشپەر لە ئاوایی "گردی گلان"ی بەشی تورجان بە هۆی تەقینەوەی نارنجوکیکی هێزە جینایەت کارەکانی رژیمەوە ٢ تازە لاو کە یەکیان خەڵکی ئەودیە و ئەوی تریان بە ناوی ئومید کوری کرێکاریکی خەڵکی سەقز بوو گیانی خۆیان لە دەست دا.

* رۆژی ١٨ی جوزەردان لاویکی خەڵکی ئاوایی "میراوی"ی پیرانشار بە نیوی "محمەد ئەمین" کوتە سەر مینیک کە بەکریگیراوانی رژیم دایان نابوو و بە هۆی تەقینەوەی ئەو مینە گیانی خۆی لە دەست دا.

* رۆژی ١٠ی مانگی گولان لە ئاوایی "مەزرا"ی ناوچەی سەردەشت، لە ئاکامی کەمین دانانەوەی بەکریگیراوانی پاسدار بۆ بەکریگیراوانی ئەرتەشی‌دا، ١٢ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران. یەکیک لە فرماندە جینایەتکارەکانی ئەرتەش بە نیوی "مەردانی" لە نیو کوژراوەکان دا بوو.

* تێکۆشەرانی شاری سەردەشت بەکریگیراویکی رژیمیان بە نیوی "ئەبوبەکر قویلەر"، خەڵکی ئاوایی "شەلماش" کوشت، ئەم بەکریگیراوە زەخت و زۆریکی فراوانی بۆ سەر خەڵکی زەحمەتکێشی هێنا بوو و دەوریکی فەعالی لە بەرێوەبردنی سیاسەتەکانی رژیم دا، بوو و زۆر جار کەوتبووە بەر ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێش.

* رۆژی ٢٣ گولان سەرەرای هەول و تەقالای کاربەدەستانی رژیم بۆ بەشداری کردنی خەڵکی شاری بانە لە مەراسمی رۆژی "قودس"دا، خەڵکی تێکۆشەر ئەم مەراسمەیان تەحریم کرد.

* لە جەرەیانی بومبارانی شاری پاوەدا، بە داخەوە ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی ئەو شارە و خانەوادەکانیان کوژران. ژمارەیەک لە زیندانیەکانیش لەم جەرەیانە دا توانیان هەلین و خۆیان لە چنگ هێزەکانی رژیم دەرباز کەن.

* بەکریگیراوانی رژیم هات و چووی هەوارچیەکانی "مەنگوران" و "پیران"ی ناوچەی پیرانیشاریان قەدەغە کردوە و رۆژی ١٧ی جوزەردان هەوارەکانی "بادیناوی"یان بە زۆربە هوارچیەکانی ئەو شوینە چول کرد.

* لە نیوەی هەوەلی گولان دا ژمارەیەک لە خەڵکی ئاوایەکانی "زیرەمیرگ"، "کانی بی"، "کولەسەی خوارو" و "کولەسەری سەروو" بۆ وەر گرتنی سەهمیەی کوپینەکانیان چوونە فەرماندارای شاری سەردەشت بەلام فەرماندارای شاری سەردەشت بەلام فرماندار و بەکریگیراوانی رژیم بە بیانووی خەباتی خەڵکی ئەم ئاوایانە لە دژی حوزووری هێزەکانی رژیم و داگیرکردنی زەویەکانیان، سەهمیەکەیان لی دەبرن و هیچیان پی نادەن.

* رۆژی ٢٥ی خاکەلیوە خەڵکی تێکۆشەری "مام کاوی" لە ناوچەی سەردەشت، بۆ مەحکووم کردنی شکەنجە و ئازاری یەکیک لە خەڵکی ئاوایی لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە، لە بەر پایگای رژیم کۆبوونەوە و ویرای ئیعتیراز، جینایەتی بەکریگیراوانیان مەحکووم کرد.

* لە مانگی گولان دا، پاسداریک لە شاری سەردەشت کەسیکی خەڵکی "کوخانی"ی بانە بە نیوی "محمەد قادربک" وەبەر ماشین داکەوت و بووە هۆی مەرگی ئەو کەسە. کەس و کاری ناوبراو ویرای دەربرینی ئیعترازی خۆیان، خوازیاری موحاکمە و موجازاتی پاسدارەکە بوون.

کاربەدەستانی رژیم لە ترسی پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵک رادەگەیەنن ئەو پاسدارەیان زیندانی کردوە.

* لەسەرەتای مانگی جوزەردان دا بەکریگیراوانی رژیم لە یەکیک لە پایگاکانی رژیم لە سەردەشت، چوار سەگی زنجیری لە گیانی لاویک بەردەدەن کە لە نزیکی پایگا و رادەبرد سەگەکان ئەم لاوەیان خنکاند.

* لە نیوەی هەوەلی مانگی خاکەلیوەدا، هێزە داگیرکەرەکانی رژیم، خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی "باشماخ"یان، لە نەواری سنووری مەریوان، بە زۆر کوژ دا و خەڵکی ئەم ئاواییە ئاوارە بوون.

* ماوەیەکە بەکریگیراوانی رژیم لە بوکان، خەڵکی ئاواییەکانی "نوبار" و "قەلاگا"یان بۆ هەڵگرتنی چەکی رژیم لە ژیر زەخت و فشار ناوە. بەلام خەڵکی ئەم ئاواییانە دەستیان داوەتە موقاوەمەت و نەچوونە ژیر فشاری رژیم بۆ چەکدار کردنی زۆرەملی.

* لەسەرەتای بەهاری ئەمسال دا بەکریگیراوانی رژیم لە شاری مهاباد، زەحمەتکێشانی دەستفرۆشی "مەیدانی ئارد"یان خستە ژیر فشار و ناچاریان کردن قەفەسەکانیان بەرنە دەرەوەی شار. دەستفرۆشەکان بیزاری و نارەزایەتی خۆیان لەم گوازتنەوە ئیجباریەیە دەر بریوە.

* کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەردەشت دوای راگەیاندن و هەرەشە لە دەستفروشانی ئەم شارە بۆ گوازتنەوەی قەفەسەکانیان بۆ دەرەوەی شار، و موقاوەمەتی دەستفروشەکان، هێزە سەرکوتگەرەکانیان دەنین و دوای تیک هەڵچوونیک لەگەل دەستفروشان بە زۆر رایان دەگوێزن.

رۆژی دواتر ٢٠ کەس لە دەستفروشان لەبەر فەرماندارای کۆدەبنەوە و ویرای ئیعتیراز رادەگەیەنن ئەگەر فەرماندار شوینیان بۆ دیاری نەکا، دەگەڕێنەوە شوینەکانی خۆیان.

* لەسەرەتای مانگی جوزەردان دا بەکریگیراوانی رژیم جیگیر لە ئاوایی "چور"ی ناوچەی مەریوان، دەسریژیان لە زەحمەتکێشیکی ئاوایی "بلچە سوور"ی ئەم ناوچەیە کرد و لە نەتیجەدا ئەم زەحمەتکێشە گیانی خۆی لە دەست دا.

***

وەرگێردراوی وت و وێژی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ هاوری ئیبراهیم عەلی زادە سەبارەت بە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ماوەیەك لەوە پێش راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە دەنگی شۆڕشی ئێران و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کرایەوە. بە پێویستمان زانی سەبارەت بە رەوالی کونگرە و باسەکانی، وت و وێژێکتان لەگەل بکەین هەتا کویگرەکانمان زیاتر لە نەتیجەکان و بریارەکانی کونگرەی شەشەم ئاگادار بن. پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکانی کونگرە تکایە سەبارەت بە تەدارەك و رەوالی کونگرە تەوزیحاتیك بۆ گویگرەکان بدە.

وەڵام: لەگەل سڵاو بۆ گویگرەکان و سپاس بۆ ئیوە، کونگرەکانی کۆمەڵە هەر بە دوو ساڵ جارێك دەگیرین. کونگرەی پێشوو، یانی کونگرەی پێنجەم _ مانگی بەفرانباری ساڵی ٦٥ گیرا بوو، بە رەوالی خۆی کونگرەی شەشەم دەبوو زستانی ساڵی رابوردوو بگیری. بەڵام لەبەر هەندێك دەلیلی فەننی و ئەمنییەتی، کومیتەی ناوەندی کونگرەی خستە مانگی گولانی ئەمساڵ و هەروەك ئاگادارن کونگرە، نیوەی دووهەمی مانگی گولان، لە ماوی حەوتوویەك دا بەڕێوە چوو.

گرتنی کونگرە یەکێك لە ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندییە، بەم بۆنەوە لە چەند مانگ لەوەپێشەوە، کومیتەی ناوەندی کۆمیسیونێکی بۆ تەدارەکی فەننی و تەشکیلاتی کونگرە دیاری کردبوو. ئەم کومیسیونە ئایین نامەی مەربووت بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کونگرەی نووسی و نایە ئیختیاری ئەندامانی حیزب لە کوردستان. بە پێی ئەو ئایین نامەیە نوێنەرانی کونگرە, لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات دا هەڵبژێردران. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات فەعالییەت دەکەن و ژمارەیەکیش لە هاورییانی کومیتەی ناوەندی حیزب، وەك نازر بۆ بەشداری کردن لە کونگرەدا دەعوەت کران.

تەدارەکی سیاسی کونگرەش بەشێکی دیکەی کارەکانی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ گرتنی کونگرە. بۆ ئەم مەبەستە، پێشتر ئەو مەسەلە گرینگانە کە کومیتەی ناوەندی بە پێویستی دەزانی لە کونگرەدا باسیان بکری، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ بڕیار لەسەر کرا. ئەم باسانە سەرئەنجام لە پلینومێك دا کە پێش کونگرە پێك هات کۆکرانەوە سەرێك و حاسلیان بوو بە چەند بریارنامەیەك لە بۆ لێکولینەوە و کران لە کونگرەدا، ئامادە کران. ئەم بریارنامانە پێش کونگرە لە ناوخۆی حیزب دا نرانە ئختیاری ئەندامانی حیزب و هەموو هاورییانی تەشکیلاتی. ئەمە ئیمکانی بە نوێنەرانی کونگرە داکە بۆ قسە و باس سەبارەت بە دەستووری کۆبوونەوەکان بە ئامادەیی یەکی زیاترەوە بێنە کونگرە.

کونگرە لەسەرەتای کاری خۆی دا بە پێی رەوالی هەمیشەیی ئیعتیباری یەکەیەکەی نوێنەران و پاشان رەسمییەتی خۆی بە تیکرای دەنگ کرد و دوای ئەوە چووە سەر لێکولینەوە و پەسند کردنی ئایین نامەی کاری کونگرە. دەستووری پێشنیار کراوی کۆبوونەوەکان لە باسی مەربووت بە ئایین نامەدا کونگرە ی کرد بڕیتی بوو لە:

١- گوزارشی کار کردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا، لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە،

٢- جەمع بەندی تێکۆشانی تا ئێستای کۆمەڵە، وە مەوقعییەتی ئێستا و ئاسوی داهاتوو.

٣- ستراتیژی کۆمەڵە لە کوردستان.

٤- کاری نیزامی و هەندیك لایەنی گرینگ لە فەعالییەتی تەشکیلاتی عەلنی مان لە ساڵی داهاتوودا.

٥- هەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات.

٦- هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

- گوزارشی کارکردی تەشکیلات لە نیوان دوو کونگرەدا، بە نووسراوە نرا بووە ئیختیاری نوێنەران. هاورییانی کومیتەی ناوەندی وەڵامی پرسیاری نوێنەران سەبارەت بەم گوزارشە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتی دوو ساڵی رابوردووی کۆمەڵەیان دایەوە.

- پاشان باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە" پێشکەش کرا. ئەم باسە زیاترین وەختی بۆ تەرخان کرا و لە راستیدا رێگای بۆ ئەوە خۆش کرد کە باقی دەستووری کۆبوونەوەکانی کونگرەش زووتر بە نەتیجە بگەن. سەبارەت بەم باسە، لە لایەن هاورییانی بەشدار لە کونگرەدا بە بروای من قسە و باسی روشن و بەنرخ کران وە لە کوتایی دا خەتە سەرەکی یەکانی باسەکە کە لە سوخەنرانی سەرەتای ئەم مادەیەی دەستووری کۆبونەوەکان دا باسی کرابوو، لە لایەن کونگرەوە کرا و بریار درا کە ئەو هاوریی یەی باسەکەی پێشکەش کردوە ئەم سوخەنرانی یە بۆ بلاوکرنەوەی عەلەنی ئامادە بکا و ئەمە کاریکە کە دەبی لە داهاتوودا بکری.

- ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، مادەیەکی تری دەستووری بەنیاز و پێویستی یەکانی کۆمەڵی خۆی داوەتەوە. بە کام مەنزل و قوناغی چارەنووس سازدا هاتوە و ئەمرۆ لە روانگەی چینە کۆمەڵایەتی یەکانەوە بووەتە چی و لە نیو چینی کرێکاردا چ جیگا و شوینیکی هەیە.

بەم جۆرە ئێمە لە لێکولینەوەکەمان دا کۆمەڵەمان وەك مەوجوودییەتیکی لە حالی گوران و تەکامول و گەشە کردن دا، لە جەرگەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی یەدا کە ئیشارەی پی کرا هێنایە بەرچاو. ئەم لێکولینەوەیە نیشانی داین کە حاسلی گەشە و گورانی کۆمەڵە لە هەر دەورەیەك دا جگە لە بە هێز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی هیچی تر نەبووە. لەوانەیە ئەم یان ئەو بەڵگە و نووسراوەمان کە لە فلان تاریخ دا بڵاو کراوەتەوە جێگای ئیراد گرتنی هەبی، لەوانەیە کەم و کووریەك لە فلانە یان فیسارە کارکردمان دا بەدی بکری، بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە ئەگەر کەسێك ئەمرۆ بروانیتە بۆچوونەکانمان، فەعالییەتی عەملیمان، شیوەکانمان و ئەو ڕێبازە کە بۆ خەبات و ئامانجەکانی خۆمان دیاری دەکەین، ئەو رەوتە روو لە گەشەیەی تێدا دەبینی. رەوتی گەشە کردنی کۆمۆنیزمیکی غەیرە روناکبیرانە، کۆمۆنیزمیکی کرێکاری لە جەرگەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەدا، لە نیو کۆمەڵەدا رەوتیکی واقیعی و حاشا هەڵنەگرە و پتەوی و شادابی سیاسی کۆمەڵە لە هەر دەورەیەك دا هەر لە سایەی ئەو تایبەتی یەوە بووە کە کۆمەڵە رووی لە گەشە و تەکامول و بەرەوپێش چوون بووە.

ئەو لێکولینەوەیە پێویست بوو. چونکوو ئەمرۆ لە ریزەکانی کۆمەڵەدا زۆر کرێکار و کۆمۆنیستی تازە پێگەیشتوو هەن کە بە ریزی بزووتنەوەی چینایەتیمانەوە پەیوەست بوون یان سەر بەم بزووتنەوەیەن بەڵام خۆیان لەم پروسە و رەوتە تێپەر نەبوون و ئێمە وەزیفەمانە پەیوەندی نیوان خەباتی ئەمرۆی ئەم کەسانە و ئەم تاریخە واقیعی یە یان پی نیشان بدەین و بەم جۆرە تەجرەبەکانمان، هەلس و کەوت و هەوراز و نشیوەکانی خەباتمان بکەینە بناغەیەك بۆ پەروەردە کردنی تێکۆشەرانیکی وشیارتر و خاراوتر. ئەم لێکولینەوەیە ئیمکانی پی دەداین کە بە زمان و بەیانیکی پاراوتر و روشنتر و بە پێی دوایین پلەی دەرك و تێگەیشتنمان، باسی ئەو مەسەلانە بکەین کە پێشتریش باسمان کردوون. وە بەم جۆرە کەم و کووری یەکانمان ببێنێنەوە تدارکاتی کونگرەیان لە ئەستو بوو، بە سوخەنرانی ئیختتامیە کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

پرسیار: هەروەك ئیوەش ئیشارەتان پی کرد ماددەیەکی دەستووری کۆبوونەوەکانی کونگرە بریتی بوو لە "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە". ئەوەلەن زەروورەت و زەمینەی ئەم باسە چی بوو؟ دووهەم، ئەو مەسەلانە کە هەول درابوو لەم باسەدا وەڵامیان بدرێتەوە کامانە بوون؟

وەڵام: بە کورتی لەم باسە دا ئێمە سەرەتا هەوڵمان دا هەلومەرجی کۆمەڵی ئێران و مەوقعییەتی چینە کۆمەڵایەتی یەکان بە دریژایی نزیکەی بیست ساڵی رابوردوو چاو لی بکەینەوە. بروانینە ئەو رەوتە عەینی یە کۆمەڵایەتی یانە کە زەمینەو ئیمکانی گەشە و هەلدانی جەرەیاناتی رادیکالیان لە کۆمەڵ دا پێك هێناوە، وە پاشان بزانین چارەنووسی گەرایشاتی سیاسی جۆراوجۆر لە جەرگەی ئەم ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی یانەدا چی لی هاتوەتەوە.

ئەم لیکولینەوەیە نیشانی داین کە پروسەی گرسان و خۆگرتن و گەشەی سەرمایەداری لە ئێران، لە کوردستان، زیاد بوونی ژمارەی چینی کرێکار و زیاد بوونی وەزنی کۆمەڵایەتی ئەو چینە و هاتنە گۆڕی داخوازەکانی، تەوەقوع و تەمای هەموو کۆمەڵی بردوەتە سەر، ئەو حیزب و گۆڕووهە سیاسی یە سوننەتی یانەی تووشی بن بەست کردوە کە بەرانبەر بە واقعییاتی تازە راوەستاون و نەیانتوانیوە وەڵامی مەسەلە تازەکان بدەنەوە، وە هێزی رادیکالتری هێناوەتە مەیدان و قودرەتی پی بەخشیون و لە حاست مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ ئەم هێزانەی ناوەتە هەڵوێستیکی رادیکالترەوە. بەم مەعنایە ئێمە لە واقعییەتیکی زۆر سادەوە بۆی چووین. ئەویش ئەوەیە کە ئێران کۆمەڵیکی سەرمایەداری یە و کوردستانی ئێرانیش بەشیکە لەو کۆمەڵگایە.

پاشان هەولمان دا کۆمەڵە وەك واقعییەتیکی عەینی لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی یەدا بێنێنە بەرچاوی خۆمان و بە چاوی کرێکاریکی سوسیالیستی تێگەیشتوون لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی، حەرەکەتی کۆمەڵە تاریخ و سەردەمی خۆی دا لە سەرەتای پێك هاتنیەوە هەتا ئەمرۆ، چاو لی بکەین و بزانین کۆمەڵە لە چ هەلومەرجیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا پێك هات، ئەو دەورە و قوناغانەی کۆمەڵە تێپەری کردوون کامانەن و لە هەر دەورەیەکدا چ وەڵامیکی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە دریژایی نزیکەی دەسالی رابوردوو، وە سەرەنجام بریارنامەی پێشنیار کراوی بە هەندیك دەسکاری یەوەپەسەند کرد کە بلاو کراوەتەوە.

- لە کوتایی داهەلبژاردنی کومیتەی ناوندی بەرێوە چوو، وە کونگرە لە دوایین بەشی کاری خۆی‌دا ١٥ کەس لە ئەندامانی حیزب لە کوردستانی وەك ئەندامی ئەسلی کومیتەی ناوەندی و ٣ کەسیشی وەك ئەندامی جێگر هەڵبژارد. کونگرە بە کۆبوونەوەیەکی ئیختتامییەی رەسمی و راگەیاندنی پەیام بە خانەوادەی شەهیدانی کۆمەڵە و پەیام بە زیندانیانی سیاسی کۆمۆنیست و هەروەها پەسەند کردنی بریارێك بۆ سپاس گوزاری لە هاورییانی پێشمەرگە کە پاراستنی شوینی کونگرە و وە ئەو کوسپانە لەسەر رێگامان لابەین کە رەوتی بەرەوپێش چوونمانیان شینەیی تر دەکردەوە و ناچاریان دەکردین هێزیکی زیاتر لە رادەی پێویست بۆ پێشرەوی یەکانمان سەرف کەین.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵە کە بە شوین کونگرەی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیست دا نزیك دوو ساڵ و چەند مانگ لەوە پێش گیرا، سەبارەت بە جێگا و دەوری تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا دەرگای گەلیك قسە و باسی گرینگی بەرووماندا کردەوە. لە دوو ساڵی رابوردوودا باسەکان و جیهەت گیری یەکانی کونگرەی پێنجەم زۆر بە شوور و شەوقەوە شوینیان گیراوە و من پێم وایە کونگرەی شەشەم شەقلی خۆی بە پێشرەوترین و روشن ترین بوچوونەکانەوە کە لەم زەمینەیەدا شکلیان گرتبوو.

لە باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە"دا هەروەها هەندیك مەسەلەی وەك ئەوە کە "ئامانجە بنەرەتی یەکانی کۆمەڵە لە کوردستان کامانەن؟"، "دەوری کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا چیە؟"، "جێگای مەسەلەی میللی و خودموختاری"، "پەیوەندی خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی ئەمرۆی کوردستان"، "خەباتی چەکدارانە و دەوری ئەو خەباتە بۆ ئێمە"، باسیان کرا و وەڵامیان پی درایەوە.

پرسیار: هاوری ئیبراهیم بە پێی ئەو خالانەی باست کردن، پێمان باشە بزانین ئەم باسانە چ نەتیجەیەکیان لی گیرا؟

وەڵام: زۆر شت هەن کە دەکری وەك نەتیجەی باسی "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە" ئیشارەیان پی بکەین. بەشیك لەم نەتیجەگیری یانە لە بریارنامەی ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستان دا گونجاون. جگە لەوە، ئەم باسە لە دریژەی خۆی دا چووە سەر هەندیك مەسەلەی سەرەکی لە زەمینەی تئوریك، تاکیتکی و شیوەی خەبات دا کە باسی سەرخەتی گرینگترین مەسەلەکانم کرد، بە هیوام بتوانین ئەوانەش بۆ راگەیاندن و بڵاو کردنەوەی عەلەنی ئامادە بکەین. بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا دەمەوی لەسەر دوو خالی دیکەش سەبارەت بە نەتیجەکانی ئەم باسە تەئکید بکەم.

یەکیان روانینیك بوو سەبارەت بە تاریخی بە تایبەت دەسالی رابوردووی کوردستان و تاریخی کۆمەڵە.

بۆچوونیکی باو کە بورژوازی کورد و چەپی رووناکبیری ئێران بەردەوام پەرەی پی دەدەن، ھەول دەدا کوردستان تەنیا وەک مەیدانی خەباتیکی گشتی بۆ نەھیشتنی ستەمی میللی، بۆ خودموختاری، چاو لی بکا و لە رووی یەکدا وەستانەوەی حیزبە سیاسی و چینایەتییەکان لە کوردستان گویا کیشەی نیوان بالی چەپ و بالی راستی ئەو بزووتنەوەیە.

ئەم بۆچوونە لایەن جەرەیاناتی رووناکبیریەوە رەنگە بە دوو دەلیل پەری پی بدری، یەکیان ئەوەیە کە سەلماندن و قوبوول کردنی گەشە و ھەولدانی کۆمەڵە وەک جەرەیانیکی کۆمۆنیستی، راستەوخۆ بە مانای تەریک کەوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری و رووناکبیری بە روالەت سوسیالیستە و ھەموو ئەم کیشەیەش ھەر لە بەرانبەر ئەم واقعییەتەدایە و بۆ پاراستنی ئەو مەوقعییەتە بی مایە و بی بناغەیەیە کە ئەم جەرەیانانە تێیدا بەسەر دەبەن. دەلیلی دووھەم ئەوەیە کە ھیشتا ئەم بۆچوونە لە بزووتنەوەی ئێمە دا دەبیندری کە گویا زەمنیە و بناغەی گەشە و ھەڵدانی جەرەیانی سوسیالیستی و رادیکال، نەک بە پشت بەستن بە چینی رادیکالی کۆمەڵایەتی مەوجوود چینی کرێکار بەڵکوو بە "کەلک وەرگرتن" لە ئیحساساتە و داخوازە میللییەکان پێک دی. ئەم بۆچوونە نەتەنیا خۆی لەوە دەدزیتەوە کە بە ئاشکرا لە رووی سوونەت و بۆچوونە ناسیونالیستییەکان دا راوەستی، بەڵکوو لە ئاکام دا لەگەڵی دەکەوێتە سەنگەریکەوە. ئێمە ھەوڵمان دا لەو باسەدا نیشان بدەین کە لە لێکولینەوە و ھەڵسەنگاندنی تاریخی کوردستان و تاریخی کۆمەڵەدا، واقعییەتی عەینی رێک بە پێچەوانەی ئەم تەعبیراتەیە.

کوردستان کۆمەڵێکی چینایەتییە و خەبات لەم کۆمەڵگایەدا بە ھەموو مەیدان و شکلە جۆراوجۆرەکانیەوە، بە غەیری بەرژەوەندی واقیعی چینەکان بە پێی ھیچ شتیکیتر بەرەوپێش ناچی. ئەم کیشە چینایەتییە لە دەسەڵی رابوردوودا، لە مەیدانی خەباتی ھەموو رۆژەی جەماوەردا، لە وجوودی نوینەرانی سیاسی یان دا و لەو وەڵامانەدا کە بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتەی دەدەنەوە وە لە جوملەی ئەوانە لە وەڵامیک دا کە بە مەسەلەی میللی شیان دەداوە بەرچاو دەکەوی. لە دەسەڵی رابوردوودا لە کوردستان خەباتیکی جەماوەری و ھەمەلایەنە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا بەردەوام بوو. موقاومەتی چەکدارانە بەرانبەر بە سەرکوتی نیزامی، موقاومەتی ھەموو رۆژە بەرانبەر بە ملھوری مەئموورانی بەکریگیراوانی رژێم، خەبات بۆ باشکردنی وەزعی گوزەران لە کارگاکان و شارەکان و لە دێھات، خەباتی کرێکاران لە دژی خاوەن کاران و دەوڵەت بۆ وەدەست ھێنانی ماف و داخوازەکانیان، تێکۆشانی کرێکاران لە مەیدانی تر دا وەک ریزگرتن لە یەکی ئەیار بۆ دەرخستن و نیشاندانی وجوودی چینایەتی، خەباتی زەحمەتکێشانی دێھات لە دژی ئاغاوات و سەرمایەداران، خەباتی ژنان لە دژی فشار و ستەمی فەرھەنگی و سیاسی و دواکەوتوانە وە بۆ گەیشتن بە مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵ دا، خەبات بۆ دیموکراسی لە کۆمەڵی کوردستاندا، وەدەیان مەیدانیتر و شکلیتری خەبات. لە ھەموو ئەو مەیدانانەدا کە ئیشارەم پی کردن تاریخی واقیعی کوردستان نیشان دەدا کە رەوت و بۆچوونیکی رادیکالی کرێکاری بە ھەموو ھێز و توانایەوە لە ھەموو دەورەیەک دا ھەولی داوە ئەم خەبات و تێکۆشانە بە پێی قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەرەوپێش بەری و شیوە چینایەتییەکانی خۆی بێنێتە گۆر و جێگیریان بکا. تاریخ نووسیک کە نەیەوی واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بشارێتەوە، دەبی تاریخی واقیعی کوردستان پێش ھەموو شتیک وەک تاریخی خەباتیکی چینایەتی نیشان بدا.

بەڵام کۆمەڵە کەوتوەتە کویی ئەم تاریخە واقیعییە، یانی تاریخی خەباتی چینایەتی؟ کوردستان لە دەسەڵی رابوردوودا زیاتر لە ھەمیشە کۆمەڵیکی حیزبی بووە. حیزبە سیاسییەکان دەوریکی سەرەکی و چارەنووس سازیان لە حەرەکەت و جم و جووڵەکانی دەسەڵی رابوردوودا بوە و بەم پییە شەقلی سیاسەت و جیھەت گیرییەکانی خۆیان بەم خەباتەوە ناوە. کیشەی حیزبە سیاسییەکان لە سەر ئەو وەڵامانە کە نەتەنیا بە مەسەلەی میللی بەڵکوو بە مەسەلەی جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان داوەتەوە، بەشیک بووە لەم خەباتە چینایەتییە لە کوردستان.

وجوودی چینی کرێکار لە کۆمەڵیکی سەرمایەداری دا، لە کوردستان ئیمکانی بۆ ھەڵدانی گەرایشی سوسیالیستی لەم کۆمەڵگایە دا پێک ھێناوە و کۆمەڵە بەو وەڵامانە کە بە ھەر رادەیەک، لە ھەر قوناغیک دا لە رواڵەگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە بە ھەموو مەسەلەکانی ئەم کۆمەڵگایەی داوەتەوە گەشەی کردوە و بە پشت ئەستووری ئەم بناغە مادیدییە واقیعییەیە کە توانیویەتی فشاری سوننەتی دواکەوتوانە و بەرچاو تەنگانە و ناسیونالیستی پووچەل بکاتەوە و حاسلی ئەم خەباتە لە دەسەڵی رابوردوودا ئەوە بووە کە سوننەتی ناسیونالیستی لە بەرانبەر سوننەتی سوسیالیستی دا بەردەوام پاشەکشەی کردوە. کۆمەڵە لە خەباتی کولنەدەرانەی دا لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی، لە ھەول و تێکۆشانی دا بۆ پووچەل کردنەوەی سات و سەودا و معامەلەی حیزبی بورژوازیی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، لە خەباتی بۆ رزگاری ژنان و لە قەیدی سوننەت و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لە شەر و رووبەروو بوونەوەی لەگەڵ حیزبی بورژوایی دا و لە دیفاعی دا لە دیموکراسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، لە ھەموو ئەمانەدا، جگە لە کۆکردنەوە و ھەڵخراندنی ھێزیکی چینایەتی، جگە لە پشتیوانی لە کوردستان، کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران، نەیتوانیوە پشت بە ھیچی دیکە ببەستی، وە کۆکردنەوە و ھەڵخراندنی ئەم ھێزە چینایەتییە تەنیا بۆیە ئیمکانی بووە کە کۆمەڵە لەم خەباتەدا لە سەنگەری کرێکار و زەحمەتکێش دا بووە. لەم رووەوە، لەم خەباتە چینایەتییەدا کۆمەڵە دەکەوێتە ئیدامە و جەرگەی تاریخی کرێکاری کوردستانەوە.

مەسەلەی دووھەم ئەوەیە کە مەوقعییەتی ئێستای کۆمەڵە، بە چ سەنگ و پێوانەیەک بەراورد دەکری؟ بۆچوونیکی رایجی دیکە ئەوە بوو کە کۆمەڵە نەک وەک کۆمۆنیزمی رێکخراو لە کوردستان، بەڵکوو وەک بەشی "رادیکال" و "پەیگیر" و "کولنەدەر"ی نیو بزووتنەوەی میللی و گشتی لە کوردستان چاو لی بکا و بەو بۆنەوە رەنگە "ئیحترام"ی بگری.

لەوەش بەرتەسک تر و مەحدوودتر ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی شەری چەکدارانە لەگەڵ رژیمی جمھووری ئیسلامی یەکیک لە مەیدانەکانی فەعالییەتی کۆمەڵە بووە، ئەم "بۆچوونە" ھەمیشە ئەم بارەی گرتوە کە کۆمەڵە تەنیا وەک ھێزیکی چەکدار بەرچاو بخا و پێشرەوی و پاشەکشەکانی ئەم مەیدانەی فەعالییەت بکاتە سەنگ و پێوانە بۆ ھەڵسەنگاندنی بزووتنەوە و کۆمەڵە. ریشەی ئەم بۆچوونە رێک دەچێتەوە سەر سوننەتەکانی خەباتی ناسیونالیستی دا خەباتی چەکدارانەی ھێزی پێشمەرگە وەک تاقە شکلی موعتەبەری ئیعتیراز لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی چاوی لی دەکری و شکلەکانی تری ئیعتیرازی خەڵک بە پێی ئەم سوننەتە ئەو بۆ گەلیک نموونەیان راکێشی. ھەڵسەنگاندنیک لەم روانگەیەوە، بەرووی نیشان دەدا کە کرێکارانی کوردستان پالپشتی زۆر قایمیان بۆ پێشرەوی‌یەکانی داھاتووی خۆیان دارژتوە و نەتیجەی زۆر ھیوابەخەشتر لە خەباتی تا ئێستای خۆیان وەردەگرن.

ئەوە ھیچ گومانی تیدانیە کە پێشرەوی نیزامی و سەنگ و سووکی‌یەکی باشتر لە نیوان ھێزەکان دا، لە ریزی خەباتی نیزامی کرێکارانیش دامەعنای ھەیە و ئەم پێشرەوی‌یە نیشانەیەکە بۆ قودرەتمەندی ریزی کرێکاران. بەڵام لە ھەمان پاشەکەشەی نیزامی، حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان تووشی بی ئاسویی و داماوی عەمەلی دەبن و ھەر جەرەیانیک کە بۆ ھەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی ئەم سەنگ و پێوانەیە بەکار بێنی، بەناچار ھەر بەو نەتیجەگیریانە دەگا کە گەرایشی ناسیونالیستی پێی دەگا.

ئەگەر ئەمرۆ لەم روانگەیەوە چاو لە بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵە بکەین، ھەرچی دەی‌بینین بە دریژایی ئەم چەند سالە پاشەکشە بووە. ھێزیک کە رۆژیک شارەکانی کورستانی بە دەستەوە بوو و بە دریژایی چەند سالّ لە بەشیکی بەرینی دێھاتی کوردستان ئازادانە فەعالییەتی کردوە، ئەمرۆ لە باری نیزامی‌یەوە بە شکلی پارتیزانی متحرک فەعالییەت دەکا، بنکە و مقەرەکانی خۆی کێشاوەتە ئەودیوی سنوورەکان. دیارە لە مەنتەقی نیزامی دا ئەمە بێجگە لە پاشەکشە ھیچی تر نیە. بەڵام ئایا کرێاریکی سوسیالیستیش لە کوردستان ئەگەر ئەمرۆ مەوقعییەتی چینی خۆی لەگەل سالانی ٥٦ و ٥٧ موقایەسە بکا، ھەر بەم نەتیجەیە دەگا؟ خۆرێچکخستنی قوتبیکی پتەوی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە حیزبە بوژوازی‌یەکان و تەریک ھێشتنەوە و بە تاک خستنەوەی جەرەیاناتی رویزیونیستی، رێگا کردنەوە بۆ دەخالەتی سەربەخۆی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا، ھێنانە گۆری داخوازی پرولیتری لەم بزووتنەوەیەدا، پێش گرتن بە پەرەگرتنی بیرورا و سیاسەتە بوژوایی‌یەکان بە بیانووی مەسەلی میللی‌یەوە، بردنە سەری تەوەقوعاتی دیموکراتیک و ئاشنا کردنی زەحمەتکێشان لەگەل مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان، کەلک وەرگرتن لە ھەلومەرجی خەباتکارانەی مەوجوود بۆ پەرەپی دانی کۆمۆنیزم و پتەو کردنەوەی پەیوەندی نیوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، پێش گرتن بە پەل و پو ھاویشتنی کونەپەرستی ئیسلامی لە کوردستان، ئەمانە و گەلیک مەیدانیتر، ئەو پێشرەوی‌یانەن کە کرێکاران وشیار لە کوردستان دەتوانی ھەموویان ببینی و خۆی پەنجە بۆ گەلیک نموونەیان راکێشی. ھەڵسەنگاندنیک لەم روانگەیەوە، بەرووی نیشان دەدا کە کرێکارانی کوردستان پالپشتی زۆر قایمیان بۆ پێشرەوی‌یەکانی داھاتووی خۆیان دارژتوە و نەتیجەی زۆر ھیوابەخەشتر لە خەباتی تا ئێستای خۆیان وەردەگرن.

ئەوە ھیچ گومانی تیدانیە کە پێشرەوی نیزامی و سەنگ و سووکی‌یەکی باشتر لە نیوان ھێزەکان دا، لە ریزی خەباتی نیزامی کرێکارانیش دامەعنای ھەیە و ئەم پێشرەوی‌یە نیشانەیەکە بۆ قودرەتمەندی ریزی کرێکاران. بەڵام لە ھەمان کات دا پێم وانیە کرێکارانی وشیاری کوردستان قەت تووشی ئەم خوشباوەریی‌یە بووبن کە پێیان وابی گویا بەشە چەکدارەکەیان، بەبی خەباتی رێکخراو و سەراسەری و چینایەتی کۆمەڵایەتی کرێکار، رۆژیک، سەرکەوتن دەباتە بەر درگای مالیان و پێشکەشیان دەکا. بۆیە کرێکاری وشیار لە کوردستان سەنگ و پێوانەی واقیعی‌تری بۆ بەراورد کردن و ھەڵسەنگاندنی مەوقعییەتی ئێستای خۆی ھەیە. لە روانگەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارەوە لە کوردستان سەرەرای پاشەکشەی نیزامی، جگە لە پێشرەوی ھیچی‌تر نابینری.

پرسیار: ھاوری ئیبراھیم! دوای "جەمع بەندی فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵە"، کونگرە چووە سەر باسی ستراتیژی کۆمەڵەلە بزووتنەوەی کوردستاندا کە بریارنامەکەی لە دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە. لیرەدا پرسیارمان ئەوەیە: لە رابوردوودا تەرحی وەک تەرحی ٨ ماددەیی مەھاباد و سنە و تەرحی تریشمان بووە و ھەروەھا بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم باسە و باسەکانی کونگرە، ئەمانە چیان لی دێتەوە؟

وەڵام: ھەروەک ئیوەش ئیشارەتان پی کرد ئیمە لە سالانی رابوردوودا تەرح و گەلالەی جۆراوجۆرمان بۆ خودموختاری کوردستان بووە و تەنانەت سالّی ٥٨ لە "ھەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد"دا تەرحیکی ھاوبەشمان لەگەل باقی ئەندامانی ھەیئەتەکە ئیمزا کرد. ھەرکام لەم تەرح و بەرنامانە لە چوارچێوەی تاریخی تایبەت دا نووسراون. بە شوین ئەم باسەی ئەمرۆمان دا قەرار نیە ھیچ تەرحیکی دیاری کراو دەسکاری بکری. بەڵام ئەو بەڵگەیە کە بە نیوی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان" ئێستا ھەیە، لە دووبەش پێک ھاتوە کە دەکری لیک جیا بکرینەوە. یەکیان داخوازی خەڵکی کوردستانە لە دەوڵەتی مەرکەزی کە بریتی‌یە لە کۆمەڵیک ماف و دەسەلات کە دەبی دەوڵەتی مەرکەزی بیان سەڵمینی و پەیوەندی خەڵکی کوردستان لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی بە پێی ئەوە تەنزیم بکری، کە ئەم بەشە لەو بەڵگەیە دا بە نیوی "بنماکانی خودموختاری" ناوی براوە. ئەوی‌تر بەرنامەیەکە بۆ دەسەلاتداریتی شۆرشگێرانە دیموکراتیک لە کوردستاندا کە توانیویەتی خودموختاری‌یەکەی لە دەوڵەتی مەرکەزی بستێنی، ئەم بەشە، ئەساسەن شکلی ژیان و پەیوەندی چینەکان لە نیو کۆمەڵی کوردستاندا دیاری دەکا. ئێمە بە بی ئەوەی ھیچ گورین و دەسکاری کردنیکی ناورۆکی ئەو بەڵگەیە بە پێویست بزانین، بەو باسانەوە کە لە کونگرەدا کردمان، لەمەودوا ئەو دوو بەشە وەک دووبەشی تەواو جیاواز چاو لی دەکەین.

بەشی یەکەم، یانی بنەماکانی خودموختاری، داخوازی ھاوبەش و گشتی لە کوردستانە و حیزبی بورژوازی کوردیش داوای دەکا، کە دەکری ئیشارە بە ھەندیک جیاوازی بنەرەتی بکەین کە تەرحی ئێمە لەم زەمینەیەدا لەگەل تەرحەکانی تر ھەیەتی. بەڵام لە ھەر حال دا ئەم جیاوازی‌یانە ئەو خالانەنین کە سنووری نیوان ئێمە و بورژوازی کورد لەو ئامانجانەدا کە لە کوردستان بە شوینیانەوەین دیاری بکەن. بەڵام بەشەکەی دیکە یانی موناسباتی ناوخۆی کۆمەڵی کوردستان و داخوازە کرێکاری‌یەکان و شتیتر، ئەمانە ئەو مەسەڵانەن کە لە نیو کۆمەڵگای چینایەتی کوردستاندا کیشەیان لە سەرە. ئێمە دەمانەوەی بورژوازی مەرکەزی، ئەسلی خودموختاری قەبوول بکا و دیاری کردنی تەکلیفی ئەم کیشەیە بسپێردرێتە تەناسوبی ھێزە چینایەتی‌یەکانی پرولیتاریا و بورژوازی لە کوردستان.

ئەگەر لە دەورەیەک دا کەویست و داخوازەکانی چینی کرێکار لە ژێر پەردەی بزووتنەوەیەکی گشتی‌دا فەراموش دەکران و رێگایان پی نەدەدرا بکەونە سەرووی داخوازەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەوە، لەو کاتدا نەفەسی گونجاندنی ئەم داخوازانە لە بەڵگەکانمان دا لە ھەر قالبیک دا ھەنگاویکی گرینگ بوو بەرەوپێشەوە، بەڵام ئەمرۆ ئەمە بە کافی نازانین. ئەوەی ئەمرۆ زۆرگرینگە ئەوەیە کە داخوازە کرێکاری‌یەکان و ئامانجەکانی چینی کرێکار بە تەواوی خۆیان لەو کلیشە و قالبانە کە بە پێی سوننەتەکانی پێشوو داریژراون، رزگار بکەن و سەربەخۆ بھێنرێنە گۆر.

مەسەلەکە بە شیوەی واقیعی ئەوەیە کە لە کوردستان ستەمی میللی یەکیک لەو شکلە ستەمانەیە کە سەرمایەداری پێک ھێنەر و پاریزەریەتی، لە چەشنی بی عەدالەتی‌یەکانی تر وەک نابەرابەری ژن و پیاو، ستەمی مەزھەبی و لە ھەموان گرینگتر نابەرابەری کۆمەڵایەتی، چەوسانەوە و..... چینی کرێکار و ھەروەھا حیزبی سیاسی کرێکاران وەک جەرەیانیک کە لە دژی ھەموو شکلیکی بی عەدالەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ھەرچەشنە نابەرابەری و زۆلم و زۆریک لە کۆمەڵدا خەبات دەکا و خوازیاری ژیرە و ژوور بوونی نیزامی چەوسێنەر و ستەمکاری سەرمایەداری‌یە، تەرح و گەلالەی خۆی بۆ نەھێشتنی ستەمی میللی تەنزیم دەکا و رای دەگەیەنی و ھەر لەم روانگەیەشەوە کۆمەڵە گەلالەیەکی بۆ خودموختاری دیاری کردوە. بەڵام ئیتر پێویست نیە تەرح و

گەلالەی ئێمە بۆ خودموختاری، ئەم چوارچێوە گشتییە بی کە هەموو ئامانج و داخوازەکانی کرێکاران لە خۆیدا کوبکاتەوە. چونکوو بە شیوەی واقیعی چوارچێوەیەکی تەنگە.

بەڵام باسی ستراتیژی بۆ ئێمە باسیکی عەمەڵیترە. رەنگە ناوی "ستراتیژی" چونکە زیاتر لایەنی نیزامی مەسەلەکە وەبیر دەهێنێتەوە، زۆر موناسب نەبووبی، بەڵام ئەو تەرحە کە لە ژێر ئەم نیوەدا پێشکەش کراوە هەموو لایەنەکان و هەموو قوناغەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان تێدا گونجاوە. گرینگی هێنانە گۆڕی ئەم بەڵگەیە کاتیک زیاتر خۆنیشان دەدا کە ئەم واقعییەتە ببینین کە هەم ئەو ئاسویەی بە شیوەی سوننەتی ناسیونالیستەکان بۆ بزووتنەوەی کوردستانیان دیاری کردوە، لە نیو جەماوەری خەڵک دا ئیعتیباری نەماوە و هەم حیزبە ناسیونالیستەکانی بی لیاقەتی خۆیان لە وەدی هێنانی ئەو داخوازانەدا کە کردوەیانەتە ئالای خۆیان بە خەڵک نیشان داوە. بۆیە لە هەلومەرجیک دا کە کۆمەڵەی سوسیالیست لە کوردستاندا زیاتر لە هەمیشە بووەتە جەرەیانیک کە جەماوەری زەحمەتکێش هیواکان و عەدالەتخوازی خۆیان لی ئالاندوە، پێویست بوو جاریکیتر، بە وردی و روشنییەکی زیاترەوە و لە ژێر تیشکی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا، ئاسوی خەبات و ئامانجەکانی کرێکاران لەم بزووتنەوەیەدا بخاتە بەرچاو. بریارنامە و باسەکانی ئێمە سەبارەت بە ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا، نیشاندەری ئەو هەوڵدانەی ئێمەیە.

پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ئیشارەتان بەوە کرد کە تەئکیدی ئێمە لەسەر مەسەلەی خودموختاری جیاوازی هەیە لەگەل حیزب و هێزە بورژوایی‌یەکان. تکایە لەم بابەتەوە تەوزیحیکی زیاترمان بۆ بدە؟

وەڵام: یەکەمین مەسەلە کە ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری حەل بوون و چارسەر بوونی مەسەلەی میللین، بەم مانایە دەمانەوەی ئەم کوسپە بە دیموکراتیک ترین شیوە لە سەر رێگای کرێکار و زەحمەتکێشی کورد لاچی هەتا ناکوکی‌یە چینایەتی‌یە واقیعی‌یەکان لەم کۆمەڵگایەدا بە ئاشکراترین شێوە خۆنیشان بدەن. بورژوازی محەللی هەمیشە بە بیانووی بوونی ستەمی میللی هەول دەدا واقعییەتە چینایەتی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایە پەردەپوش بکا. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ببڕێتەوە و بۆ ئەوەی هەر جارە و لە هەر قوناغیک دا بورژوازی ئەم ستەمە نەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی چینی کرێکار بکاتە هێزی زەخیرەی خۆی، ئێمە خوازیاری ئەوەین هەر تەرح و گەلالەیەک، هەر شکلیکی لەنیو چونی ستەمی میللی (خودموختاری، دەوڵەتی فیدرالی، جیابوونەوە و شکلیتر) بە نەزەر و بیروڕای خەڵکی کوردستان بسپێردری. بە خەڵک ئیمکانی بدری کە لە ریفراندومیک دا کەلک لەم مافەی خۆیان وەرگرن.

دووهەمین خال کە ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری جێگیر بوون و پایەدار بوونی دسەکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەرین. لەم رووەوە بەرنامەی سیاسی ئێمە دەبی ئەو زەمانەتە عەمەلی‌یانەی تیدا بی کە نەکری ئەم دەسکەوتانە بە ئاسانی بستێندرێنەوە. ئەگەر بۆ بورژوازی محەللی قەول و قەراری دەوڵەتی مەرکەزی کافی‌یە، بۆ ئێمە کافی نیە. بەم بۆنەوە ئێمە داواکاری چوونە دەری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتی مەرکەزین کە کوردستانیان بە پێچەوانەی مەیلی خەڵکەکەی داگیر کردوە. ئێمە داواکاری ئەوەین کە هات وچو و ئازو گوێزی هێزەکانی دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستان کە بە بیانووی دیفاع لە سنوورەکانەوە دەیکەن، مەحدوود بێنەوە و بکەوێتە گرەوی ئیجازەی ئورگانە محەللی‌یەکانی دەسەڵاتی جەماوەری. تەئکید کردن لەسەر ئەم مەسەلەیە لە باریکی دیکەشەوە بۆ ئێمە پێویستە، چونکوو بە دلنیایی دەکری بڵێین وە تەجرەبەش جگە لەمە هیچی دیکەی نیشان نەداوە کە دەخالەتی هێزەکانی دەوڵەتی بورژوایی مەرکەزی لە کوردستان تەرازووی هێزەکانی پرولیتاریا و بورژوازی لە کوردستان بە قازانجی بورژوازی کورد قورس دەکا و دەخالەتی ئەم هێزە دەکەوێتە خزمەت پاراستنی مەوقعییەتی بورژوازی محەللی.

وە تەئکیدی سێیەممان ئەوەیە کە ئێمە ئەساسەن خوازیاری یەکگرتوویی کرێکارانین لە چوارچێوەی سیستەمیکی شووڕایی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری دا لە کوللی ئێران و ئەم یەکگرتنە تەبلیغ دەکەین و پێمان وایە بەرینایی ماف و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان بۆ خەڵکی کوردستان لە نیزامیکی ئاوادا و بە یەکگرتن لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران زۆر لەوە زیاترە کە بورژوازی کورد بە ناوی خودموختاری وە یا بە هەر ناویکیتر دەی هێنێتە گۆڕ.

پرسیار: پرسیاری ئاخرمان سەبارەت بە خەباتی چەکدارانەیە. بە گشتی سیاسەت و ڕینوینی‌یەکانی کونگرە بۆ بەرەوپێش بردنی فەعالییەتی حیزب لەم مەیدانەدا چ بوون؟

وەڵام: سیاسەتی جەنگی‌مان لەم دەورەیەدا بە لەبەر چاو گرتنی ستراتیژی گشتی‌مان و لیکدانەوەیەک کە لە قوناغی ئێستامان هەیە، بەلەبەر چاو گرتنی نەتیجەکانی شەری ئێران و عێراق و مەوقعییەتیک کە ئەم شەرە لە کوردستان پێکی هێناوە، بەلەبەر چاو گرتنی هەڵسەنگاندنی کەم و کووری‌یەکان و نوقتە قوەتەکانی فەعالییەتی نیزامی تا ئێستامان و بەلەبەر چاو گرتنی ئیمکانی شەر هەلایساندنی جناحیی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات کە ئاگر بەسی ئێمەی قەبوول نەکردوە، دیاری کراوە. هەر کام لەم هۆیانە لەسەر چەند و چونی فەعالییەتی ئێمە تەئسیر دادەنین و ئێمە هەولمان دا رادە و جۆری ئەو تەئسیراتە بدەینە بەر لێکولینەوە و پوختەی کەین. ئێمە هەولدەدین بە پێی هەڵسەنگاندنی واقیع بینانەی وەزعییەتی ئێستا بە دانستە ئەرکی بەجێ و حیساب کراوتر بنێینە دەستووری فەعالییەتی نیزامی خۆمانەوە و لە چوارچێوەی ئیمکانات و مەقدوراتی ئەم دەورەیەدا هێزی نیزامی خاراو و ئامادەی کۆمەڵە زیاتر بکەین. لەو تەئکیداتە کە لە کونگرە دا لەسەر سیاسەتی نیزامی‌مان کران، دەتوانم ئیشارە بە چەند خاڵی سەرەکی بکەم:

توانایی رەزمی تەشکیلاتی عەلەنی بە گشتی دەبی بەرینە سەر. هەلومەرجی ئێستای کوردستانی ئێران و تەنانەت سنوورەکان ئامادەیی نیزامی زیاتر و گاردی نیزامی جیددی‌تریان پی دەوی. کاری نیزامی دەبی زیاتر ئوسوولی عیلمی بێنێتە کایەوە و لەم بابەتەوە گەشەی پی بدری.

ئاموزشی نیزامی بالاتر بۆ ئامادە کردنی واحیدی رەزمی لێهاتووتر و بە توانا‌تر دەبی بایەخیکی زیاتری پی بدری. عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئامانجدارتر و بە دانستەتر بی و ئەو واحیدانەی بەرێوەی دەبەن لە باری رەزمی‌یەوە ئامادەتر بن. پاراستنی هێزەکان و کەم کردنەوەی تەلەفات لە عەمەلیاتەکاندا بە جیددی لەبەر چاو بگیری. پێشمەرگەی تازە پێش ئەوەی بچنە مەیدانی شەری قورس مەجالیکی زیاتریان بۆ پەروەردە کردن و ئامادە کردنی خۆیان پی بدری و بە گشتی چەکدار بوون و فەعالییەت کردن لە ریزی خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵەدا بە جۆرێک بی کە زەحمەتکێشانی کۆمەڵ بۆیان گونجاوتر بی و باشتریان لە دەست بی. لێرەدا پێویستە بڵێم مەرجیکی سەرکەوتنی هەر سیاسەتیکی جەنگی، هاوکاری و یاریدەی خەڵکی تێکۆشەر و شۆرشگێر و زەحمەتکێشانی کوردستانە. واحیدە رەزمی‌یەکانی ئێمە بۆ بەرێوە بردنی سەرکەوتوانەی مەئموورییەتەکانی خۆیان لە هەموو بارێکەوە پشت بەم پشتیوانی‌یە دەبەستن.

***

زەحمەتکێشیکی تێکۆشەر "مام عەلی" گیانی خۆی لە دەست دا

کومیتەی ناوچەی بوکان ئاگاداری کردین کە بە داخەوە لە سەرەتای بەهاری ئەمسال دا زەحمەتکێشی تێکۆشەر و وشیار، و لایەنگەری دەلسووزی کۆمەڵە، "مام عەلی" دانیشتووی ئاوایی "تورجان" گیانی خۆی لە دەست دا.

"مام عەلی" کە چەندین سال لە ریزی کۆمەڵە و هێزی بەرگری کۆمەڵەدا شان بە شانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە دژی جمهووری ئیسلای و دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش خەباتی کرد، بە هۆی پیری خۆی و فەقیری و هەژاری خانەوادەکەی ناچار بوو، بگەڕێتەوە ئاوایی تورجان "مام عەلی" قەت دەستی لە ئامانجی کۆمەڵە هەڵنگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی شەرافەتمەندانەی بە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش وەفادار مایەوە.

هاوری "سیف الله شالچی" له رووداویکی دلتەزین دا گیانی خۆی له دەست دا

ڕۆژی ١٢ی مانگی گولان بە داخەوە هاوری "سیف الله شالچی" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە لە رووداویکی دلتەزین دا گیانی خۆی لە دەست دا. هاوری "سیف الله" کە لە سالی ٦٠ەوە بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست ببوو، خەڵکی تاران بوو. هاوری سیف الله ٧ سال لە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بە دلسوزی و فیداکاری‌یەوە بۆ ئازادی و بەرابەری و سوسیالیزم خەباتی کرد.

بە بۆنەوی لە دەست دانی هاوری "سیف الله"وە لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و خانەوادە و هاورییانی حیزبی پر بە دل سەرەخوشی دەکەین.

هەوالی له دەست چوونی تێکۆشەریکی شاری مهاباد

سەرەتای مانگی جوزەردانی ئەمسال بە داخەوە کاک "محمەد ئەمین بلوری" ناسراو بە "میرزا مینە"، یەکیک لە تێکۆشەرانی شاری مهاباد و دوستی لە میژینەی کۆمەڵە، گیانی خۆی لە دەست دا. کاک محمەد ئەمین بلوری بە هۆی گەلیک خسووسیاتی شۆرشگێرانەوە، وەک ئینسانیکی تێکۆشەر و خۆشەویست، جیگای متمانەی خەڵکی شاری مهاباد بوو. هەر بۆیە زۆر جار لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی‌یەوە کەوتبووە بەر ئەزیەت و ئازار و زیندانی کرابوو.

میرزا مینە باوکی پێشمەرگەی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە، هاورییانی گیان بەخت کردووی رێگای سوسیالیزم و بەرابەری واقیعی و بی چەوسانەوەی جامیعەی بەشەری، چەند کەس لە هاورییانی لەم بارەوە سوخەنرانی‌یان کرد.

هاورییانی سوخەنران لە قسەکانیان دا باسی زولم و زۆر و چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری و پێویستی هەڵگەراندنەوەی ئەم جیهاونە ئاوەژوە نابەرابەری‌یان بە دەستی چینی کرێکار کرد و ویرای وەبیر هێنانەوەی خەباتی چینایەتی تا ئێستای چینی کرێکار، وەزعییەتی ئێستای ئەم چینە و خەبات و تێکۆشانی ئەم چینەیان لە جیهان دا، دایە بەر لێکولینەوە.

جگە لەمانە چەند هاوریی سوخەنران لە قسەکانی خۆیان دا ئەوزاعی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستانیان دایە بەر لێکولینەوە و لەسەر نەقش و دەوری چینی کرێکار لە شۆرشی ئێستای ئێران و کوردستان دا قسەیان کرد.

لەم مەراسمەدا لە لایەن هاورییانی پێشمەرگەوە چەندین شیعر و سروودی شۆرشگێرانە پێشکەش کرا و لە ناو شوور و شەوقی هاورییان دا مەراسمەکان کوتایی‌یان پی هات.

***

پەلیکیتر له ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش به ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون

ڕۆژی ١٦ی مانگی خاکەلیوە، لە مەراسمیکی شکودارەدا لە سەدان کەس لە هاورییانی پێشمەرگە و خەڵکی تێکۆشەر بەشداری یان تێدا کرد، پەلیکیتر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر و زەحمەتکێشی خوازیاری پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، دوای تێپەر کردنی دەورەی ئاموزشی، چەکدار بوون و هاتنە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە.

لەم مەراسمەدا کە لە ئاموزشگای مەرکەزی کۆمەڵە گیرا، یەکیک لە هاورییانی مەسئوول قسەی بۆ بەشدار بووانی مەراسمەکە کرد و پاشان نوینەری پێشمەرگە تازەکان قەسەی کرد.

مەراسمەکە بە خوێندنەوەی شیعر و سروودی شۆرشگێرانە و لە نیوان شوور و شەوقی بەشدار بووان دا دوایی هات.

***

جەژنی ڕۆژی ئەوەلی مانگی مەی له چەندین مراسمی شکودارەدا له مەقەرەکانی کۆمەڵە بەرپا کرا

ڕۆژی ١١ی گولان، ڕێکەوتی هەوەلی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی جیهانی چینی کرێکار، چەندین مەراسمی گەورە و شکودار بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاورییانی پێشمەرگە، لە مەقەرەکانی کۆمەڵە بەرپا کرا و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ویرای هەموو کرێکارانی جیهان لەو جەژنە کرێکاری‌یەدا، پەیمانی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی خۆیان تازە کردەوە.

ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال دەست پی کران و دوای راگرتنی دەقیقەیەک بی دەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی

خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

جەوڵەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت

لە رۆژی ٤ی پووشپەڕەوە، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، جەولەیەکی سیاسی نیزامییان لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت دەست پێکرد و لەگەل پشتیوانی و پێشوازی گەرمی زەحمەتکێشانی مەنتەقە بەرەو ڕوو بوون. ئەم جەوڵەیە لە کاتێك دا دەستی پێکرا کە سەرەڕای داگیر کراو بوونی کاملی مەنتەقە و میلیتاریزە بوونی تایبەتی ئەم دوو ناوچەیە، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ بەرگری لە حوزووری پێشمەرگە، دەیان پایگا و مەقەری تازەیان داناوە و مەنتەقەیان لە هێزەکانیان ئاخنیوە.

هاورێیانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا، بە قودرەتەوە چوونە چەندین ئاوایی ئەم مەنتەقەیە و لە نیو شور و شەوقی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەدا، لەگەلیان دانیشتن و لەسەر گیروگرفتی ژیان و موبارەزەیان قسەیان لەگەل کردن.

هاورێیانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا لە ئاوایی‌یەکانی سەر ڕێگایان ئیعلامیە و تراکت و نەشریە حیزبی‌یەکانیان بلاو کردەوە.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە جەرەیانی دوو شەری قارەمانانەدا چەندین هێرشی هێزەکانی ڕژیمیان بە قودرەتیکی زۆرەوە تێك شکاند

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە، کە لە سەرەتای مانگی پووشپەڕەوە دەستی پێکردبوو، لەگەل هێزەکانی ڕژیم دەرگیر بوون و لە جەرەیانی دوو شەری قارەمانانەدا کە ڕۆژەکانی ٨ و ٩ی مانگی پووشپەر ڕووی دا تەلەفاتیکیان لە هێزەکانی ڕژیم دا.

ڕۆژی ٨ی پووشپەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوو هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمیان بە قودرەتەوە تێك شکاند. لە جەرەیانی ئەم شەرەدا کە لە ژێر ئاوری چەکی قورس و نیوە قورسی هێزەکانی ڕژیم دا ماوەی ٨ سەعات دریژەی هەبوو، ژمارەیەك لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ژمارەیەکی تریشیان بریندار بوون و هیچ زەرەر و زیانیك بە پێشمەرگەکان نەگەیشت.

ڕۆژی ٩ی پووشپەر هێزەکانی ڕژیم بە هێزیکی یەکجار زۆرەوە، لە چەند لاوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان. بەڵام پێشمەرگەکان خیرا بە هێرشی خۆیان وەلامیان دانەوە و دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان لە بەرکیگیراوان دا، تیکیان شکاندن و ناچاریان کردن هەلین و پاشەکشە بکەنەوە شوینەکانی پێشوویان.

لی زانی و دەست و بردی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم شەرە قارەمانانەدا بووە هۆی ئەوە کە هێزەکانی ڕژیم بە تەواوی وڕە بەر بدەن و نەوڕین تاکوتایی شەرەکە سەر لە سەنگەرەکانیان بێنەنە دەر.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا کە ١٠ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٨ی شەو دریژەی هەبوون ژمارەیەك لە بەرکیگیراوان کوژران و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون.

بەداخەوە لەم شەرەدا هاورێیان واحد محمەدی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و فەرماندەی دەستە، و حەمید ڕەزا ئاقاجانی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و مەسئوولی پزشکی گوردان گیانیان بەخت کرد.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوای تێك شکاندنی هێزەکانی ڕژیم لە شەرەکانی ٨ و ٩ی پووشپەردا، جەولەی سیاسی _ نیزامی و حوزووری بە هێزی خۆیان لە مەنتەقەدا ئیدامەدا.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان زەبری قورسیان لە سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی وەشاند

شەوی ٢٠ی پووشپەر، چەندین واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاك فوئاد و گوردانی ئاریز چوونە نیو شاری مەریوان و بەشێك لە گەرەکی "داسیران" و خیابانی "داسیران" بەرەو "شەبرەنگ"یان گرتە دەستی خۆیان. پێشمەرگەکان کە لە چەندین شوین دامەزرا بوون هات و چووی ماشینەکان و ڕاگوزەرەکانیان گرتە ژێر چاوەدێری و سەعات ١٠/٥ی شەو ماشینێکی دوژمن کە ٨ بەکریگیراوی تیدا بوو کەوتە کەمینیان و بە پەلاماری قورسی پێشمەرگەکان تێك شکا و هەموو بەکریگیراوانی ناو ماشینەکەش، کوژران. هاوکات لەگەل ئەم پەلاماره چەند واحیدی تر لە پێشمەرگەکان بە چەکی نیوە قورس و سووك دەسریژیان کردە سەر مقەری هێزەکانی ڕژیم لە ساختمانی دەرمانگای پێشووی "داسیران". لەم پەلاماردا تەلەفاتیك لە سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی کەوت و لەسەرجەمی ئەو عەمەلیاتەی ناوشاری مەریوان دا کە نیو سەعاتی خایاند زیاتر لە ١٥ بەکریگیراو کوژران و ژمارەیەکی تریشیان بریندار بوون، ماشینێکی دوژمن تێك شکا و مقەریکیان خەسارەتی پی گەیشت. ئەم عەمەلیاتە لە حالیك دا بەڕێوە برا کە ڕژیم لە ٣ ڕۆژ لەوە پێشەوە بە خەیالی خۆی بۆ پێشگیری بە پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ژمارەیەکی زۆر لە بەکریگیراوانی لەو مقەرانە خزاندبوو.

دوای تەواوبوونی عەمەلیاتەکە پێشمەرگەکان هەموویان سەرکەوتوانە و بی زیان گەڕانەوە بۆ شوینە دیاریکراوەکانی خۆیان.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەریکی کورت ماوەدا تەلەفاتیان بە هێزەکانی ڕژیم گەیاند

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا لە ناوچەی بانە و سەقز چوونە ئاوایی‌یەکانی "بۆیەن"، "سوورین"، "نی‌یەر"، "کویرەگویزە" لە ناوچەی بانە و دیهاتی "سەرشیو"ی سەقز و لەگەل پێشوازی گەرمی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو ڕوو بوون و لە کور و کۆمەڵی خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە دا بەشداریان کرد و لە سەر زۆر مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قسەیان لەگەل خەڵك کرد و بانگەوازی خەڵکی ئەم مەنتەقەیان کرد کە دژی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتەکانی یەککگرتوانەتر و قایم تر لە جاران خەبات بکەن.

هاورێیانی پێشمەرگە لە دریژەی جەولەکەیاندا، ڕۆژی ١٢ی پووشپەر چوونە ئاوایی "سوورین" و لە سەعات ١٠ی شەودا لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە هێزە بەکریگیراوەکانی ڕژیم کە لە ناو دی و دەوروبەری دی کەمینیان دانابوو دەرگیر بوون.

پێشمەرگەکان بە جەسارەتەوە و لە شەریکی نزیك و مال بە مال دا، پیلانی دوژمنیان بۆ زەربەلیدان لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، پووچەل کردەوە و تەلەفاتیان بە هێزەکانی ڕژیم گەیاند. لە ماوەی ئەم شەرەدا کە سەرجەم ٢٠ دەقیقەی خایاند، لانی کەم، ٥ کەس لە هێزەکانی ڕژیم کوژران و بریندار بوون و کلاشینکوفیك کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

هێزەکانی ڕژیم دوای تەواو بوونی شەرەکە ماوەی ٢ سەعات لە پایگای ئاوایی "سوورین"ەوە دەوروبەری خۆیان بەرزایی‌یەکانیان بە چەکی قورس و نیوە قورس کوتا.

هاورێیانی پێشمەرگە دوای تەواو بوونی ئەم شەرە هەموو بە سلامەت بەرەو شوین دیاری کراو گەڕانەوە و لە ناو کومەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دا، دریژەیان بە حوزووری بە هێزی خۆیان دا.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گووهیکی زەربەتی ڕژیم یان تێك شکاند

چەند واحیدی تر لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ڕۆژی ١٢ تا ١٥ی مانگی پووشپەڕەوە سەرەڕای حوزووری زۆر و زەبەندی هێزە داگیر کەرەکانی جمهووری ئیسلامی و ئامادەباشی کاملیان، جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی‌یان دەست پێکرد و چوونە دێهاتی پشت "ئاربەبا"ی ناوچەی بانە و لە ئاوایی‌یەکانی "کلاول"، "باشوان"، "کانی شیلان" و "کانی گوێژان" لەسەر گرینگترین مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان قسە و باسیان لەگەل خەڵکی زەحمەتکێش کرد و بانگەوازیان کردن لە دژی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتەکانی خەباتیکی یەککگرتوانەتر بەڕێوە بەرن.

لە دریژەی ئەم جەولەیەدا ڕۆژی ١٣ی پووشپەر، پێشمەرگەکان، لە بەرزایی‌یەانی پشت "باشوان" و "کانی گوێژان" لەگەل گووهیکی زەربەتی ڕژیم دەرگیر بوون. هاورێیانی پێشمەرگە سەعات ١١/٥ی بەیانی دوای ئاگادار بوون لە جم و جوولی هێزەکانی ڕژیم، لە ماوەیەکی کەم دا ئارایشی موناسبیان گرت و پەلاماریان دا سەر بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی و بەرزایی‌یەکانیان لە چنگیان دەرهینا و بەرەو ئاوایی "بلەکی" ڕاویان نان.

ئەم تێك هەڵچوونە تا سەعات ١/٥ی دوانیوەرو دریژەی هەبوو. لەم ماوەیەدا جەسارەت و کارزانی پێشمەرگە دلێرەکانی کۆمەڵە مولەتی لە دوژمن بڕیبوو و دەرفەتی هێز کوکردنەوە و پێشڕەوی دووبارەی پی‌نەدان. تەنانەت تەقەی چەکی قورسی هێزەکانی دوژمنیش نەیتوانی کارساز بی.

لەم تێك هەڵچوونە دا ژمارەیەك لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون کە لە میزانی دەقیقی ئاگادار نین. هاورێیانی پێشمەرگە دوای ئەم شەرە هەموو بە سلامەت دریژەیان بە جەولەی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا.

هێرشی تێك شکێنەری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر هێزەکانی ڕژیم لە ئاوایی گاگلی مەریوان

ڕۆژی ١٧ی پووشپەر سەعات ٩ی شەو، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە "گوردانی کاك فوئاد" لە حوزووری هێزە داگیر کەرەکانی ڕژیم لە ئاوایی "گاگل"ی مەریوان ئاگادار دەکرین و بە وشیاری و جەسارەتەوە دەسبەجێ لە ٢٠٠ میتری پایگایەکی‌تری بەکریگیراوانی ڕژیم کەمینیان بۆ دادەنێن.

هێزەکانی ڕژیم بی خەبەر دەکەونە ئاڵقەی کەمینەکە و لە ٥ میتری‌یەوە دەکەونە بەر پەلامار و ئاگری تونڈی چەکی پێشمەگەکان و هەر لە سەرەتای شەرەکەدا ژمارەیەکیان لی دەکوژرین و ژمارەیکی تریشیان بریندار دەبن و باقی‌یەکەیان بی ئەوی بتوانن دەست بکەنەوە ناچار دەبن بە شپرزەیی‌یەوە هەلین. لە جەرەیانی ئەم پەلامارە جەسوورانەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد دا، ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون کە تا ڕۆژی دواتر لە مەیدانی شەرەکەدا مابوونەوە و پایگاکان و هێزەکانی ڕژیم توانای بردنەوە یان یارمەتی پی گەیاندنیان نەبوو.

پاش کوتایی ئەم شەرە کە سەرجەم ٢٠ دەقیقەی خایاند، پێشمەرگەکان هەموو بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت و تێکۆشانی سیاسی و حوزووری بە هێزی خۆیان لە مەنتەقەدا دریژەی پی‌دا.

عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سەقز

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (گوردانی ٢٦ی سەقز) لە دریژەی تێکۆشانی سیاسی _ نیزامی خۆیان دا شەوی ٢٠ی مانگی گولان، دوای ئاگادار بوون لە حوزووری ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی گوروهیکی زەربەتی ڕژیم لە ئاوایی "حادی مەمەیان"ی سەقز، تەرحی پەلاماریکیان بۆ سەر بەکریگیراوان دارشت و بە خیرایی خۆیان گەیاندە نزیك شوینی تەجەموعیان.

پەلاماری بەدەست و برد و تیك شکێنەری پێشمەرگەکان سەعاتی ٩ی شەو بە چەکی نیوە قورس و سووك دەستی پێکرد و نیو سەعات دریژەی بوو.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا کە هێزەکانی ڕژیم توانای هەرچەشنە جم و جوول و دەست کردنەوەیەکیان لی وەرگیرا بوو، تەلەفاتیك بە هێزەکانی ڕژیم گەیشت و زەرەر و زیانیکیش لە مەقەرەکەیان کەوت کە لە میزانی دەقیقیان ئاگادار نین.

هاورێیانی پێشمەرگە دوای عەمەلیات هەموو بە سلامەت گەڕانەوە شوینی دیاری کراو.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە واحیدیکی گوردانی "نبی ئەکرم"یان تەفروتونا کرد

ڕۆژی ٢٠ی پووشپەر چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و گوردانی شوان لە تیپی ١١ی سنە لە لایەن زەحمەتکێشانی مەنتەقەوە ئاگادار دەکرین کە واحیدیکی هێزەکانی ڕژیم لە ئاوایی "سەلەسی" مەریوان دان. پێشمەرگەکان دەسبەجێ بە وشیاری‌یەوە بۆ زەربە لی‌دان لە بەکریگیراوان دەست بە کار دەبن و کەمینیکی بەرین لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "سەلەسی" و "چاوگ: لە ٦ کیلومیتری شاری مەریوان و پشت پادگانی ئەم شارەدا دەنێن.

سەعات حەوت و نیوی ئیوارە بەکریگیراوان بەرەو ئاوایی "چاوك" وەری دەکەون و پێش ئەوەی بگەنە شوینی کەیمنەکە لە حوزووری پێشمەرگەکان ئاگادار دەبن و دەیانەوی خۆ دەرباز کەن. بەڵام پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، دەسبەجێ لییان دینە دەست و ئاگری بی ئەمانی چەکەکانیان بەسەر دا دەبارینن و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی نادەن. لەم پەلامارەدا ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕژیم دەکوژرین و ژمارەیەکی‌تر بریندار دەبن و چەند کەسیشیان بە شپرزەیی‌یەوە هەلدین و خۆ بە دارستان دا دەکەن.

پێشمەرگەکان تا تاریك بوونی هەوا، لە هەموو لایەکەوە، پەلاماری خۆیان بۆ سەر بەکریگیراوانی گوروهی زەربەت دریژە پی دەدەن و ئەم واحیدەی ڕژیم بە تەواوی تەفروتونا دەکەن.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا، ژمارەیەکی بەر چاو لە هێزەکانی ڕژیم کوژران و بریندار بوون و هەروەها سێ کەس لە بەکریگیراوانی ڕژیم بە ناوی "محەمەد ئەسەدی"، "ئەبوبەکر ئیزەدی" و " محی الین ئەحمەدی"، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بەدیل گیران و ئار.پی.جی. حەوتیك و چوار کلاشینکوف و کۆمەڵیك تەقەمەنی و کەل و پەلی نیزامی، کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێویستە بکوتری بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، لە بەر خۆپاراستن و تاریك داهاتنی هەوا، هەموو کوژراو و بریندارەکان شناسایی نەکران و دەسکەوتەکان بە تەواوی کونەکرانەوە.

پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە، هەموو بە سلامەت، بە ئسیر و دەسکەوتەوە شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "میشیاو"ی ناوچەی سەقز

ڕۆژی ٢٣ی پووشپەر، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (گوردانی ٢٦)، لە حالیکدا کە دەچوونە ئاوایی "میشیاو" لە بەشی "سەرشیو"ی سەقز، ئاگاداری کەمینی بەکریگیراوانی ڕژیم لە ناو دی بوون و خیرا دەسریژیان لی کردن و هەر لەو کاتەشدا چەند واحیدی تر خۆیان گەیاندە نزیك سەنگەرەکانی پایگای ڕژیم لە پشت ئاوایی و سەعات ٩ و ٥٠ دەقیقە ئەو پایگایەیان بە چەکی نیوە قورس و سووك ئاگر باران کرد و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی نەدان و شپرزەیان کردن. بەکریگیراوان دوای ماوەیەك دەوروبەری خۆیان بە چەکی جۆراوجۆر کوتا.

لەم عەمەلیاتەدا تەلەفات و خەسارەتیك لە هێزەکانی ڕژیم و پایگاکەیان کەوت و چەند کەسیان کوژران و بریندار بوون کە ڕۆژی دواتر بە ئامبولانس بردیانن شاری سەقز.

پێشمەرگەکان دوای عەمەلیاتەکە هەموو بە سلامەت شوینی شەریان بەجی هیشت و دریژەیان بە مەئموریەتەکەیان دا.

گوزارشێك لە جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ڕۆژ ١٥ی پووشپەرەوە لە ناوچەی مەریوان دەستی پێکرا. پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و چەند واحید لە گوردانی شاهو و تیپی ١١ی سنە لەم جەولەیەدا بەشدار بوون و حوزووری بە هێزی خۆیان لە ناوچەی مەریوان، بەسەر دوژمن دا سەپاند و لە شار و دی و مووچە و مەزرای ئەم ناوچەیە لەگەل خەڵکی زەحمەتکێش تێکەلاو بوون.

لەم جەولەیەدا هاوڕیانی پێشمەرگە لە ئاوایی‌یەکانی "ریخەلان"، "دەرەوەران"، "گاگل"، "سیفی ژوورو"، "پیلە"، "میرگە دریژ"، "چاوك"، "سەلەسی" سەریان لە زەحمەتکێشان و ئاوارەکانی دانیشتووی ئەم شوینانەدا و بە گەرمی پێشوازیان لی کرا و پاشان ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر چوونە ئاوایی ٢٠٠ مالی "بالك" لە حەوت کیلومیتری شاری مەریوان و لەگەل پێشوازی گەرم و گوری خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە بەڕەو ڕوو بوون.

هاوڕیانی پێشمەرگە لەم جەولەیەدا لەسەر مەسەلەی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی قسە و باسیان لەگەل خەڵك کرد و تراکت و پوستەر و نەشریەی حیزبیان لە ناویان دا بلاو کردەوە. زەحمەتکێشانیش سفرەی دلیان کردەوە و لە بارەی وەزعییەتی ڕژیم و شەڕی کونەپەرستانەی ئێران و عێراق و فشاری ڕژیم بۆ سەربازگیری و بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی، فەقیری و هەژاری و بێکاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئاوارە بوونی خەڵك و گرانی و زۆر شتی تر قسەیان کرد و ڕینوینی پێویستیان لە هاوڕیانی پێشمەرگە بۆ خەباتیان لە دژی جمهووری ئیسلامی وەرگرت.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم جەولەیەدا هەرەشەیان لە شووڕایانە مونحەل کران و هەروەها هەرەشەیان لەو کەسانە کرد کە هاوکاری ڕژیمیان کردوە، یان جاسووسی‌یان بۆ ڕژیم کردوە و مولەتیان پێدان کە دەست لە خەیانەت هەڵگرن و خۆ تەحویل دەن. بە دوای ئەم هەرەشە و مولەتە دا ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی ڕژیم بە ناردنی نامە و سفارش بۆ پێشمەرگەکان داوای لیبوردن و بەخشینیان لە کۆمەڵە کرد.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ویرای ئەم تێکۆشانە سیاسی‌یە لەم جەولەیەدا لە ئاوایی "گاگل" و لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "سەلەسی" و لە نیو شاری مەریوان زەربەی کاریگەر و زیانیکی زۆریان لە هێزەکانی ڕژیم دا.

ئەم جەولەیە لە ناو خەڵکی مەنتەقە و نیو شاری مەریوان دا دەنگی دایەوە و تەئسیری دانا سەر وەی خەباتکارانەی خەڵکی ناوچە و جاریکی‌تریش وەر بەردراوی هێزەکانی ڕژیمی نیشان دا.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوەچە، بە شیوەی جۆراوجۆری وەك دابین کردنی تەداروکات، وەدەست هێنانی ئیتلاعات لە جم و جوولی هێزەکانی ڕژیم و کۆکردنەوەی خەبەر و یارمەتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیان دا.

گوزارشی جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی‌یەکانی "سەرشیو"ی سەقز

چەندین واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بریتی لە گوردانی ٢٦ و گوردانی کاوە لە دیهاتی بەشی "سەرشیو"ی سەقز جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی‌یان دەست پی‌کرد و لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێشەوە پێشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لی کرا.

هاوڕیانی پێشمەرگە لە کۆر و کۆمەڵی جۆراوجۆری خەڵك دا لە سەر وەزعییەتی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و داماوی جمهووری ئیسلامی، پێویستی هاتنە مەیدانی زیاتر و هەمەلایەنەتری کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێویستی خەباتی دەستەجەمعی ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش لە دژی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی قسە و باسیان بۆ خەڵك کرد و لەسەر تەئسیری پەیوەست بوونی زیاتر بە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە قامکیان دانا.

زەحمەتکێشانی مەنتەقەش مەسایل و موشکیلاتی خۆیان لەگەل پێشمەرگەکان باس کرد و ڕینوینی پێویستیان وەرگرت. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم جەولەیەدا ویرای گرتنی چەند هاوکاری ڕژیم، هەرەشەیان لە جاسووسان و هاوکارانی ڕژیم کرد کە ئەگەر دەست لە خەیانەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەڵنەگرن و خۆ تەحویلی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نەدەن، لە لایەن خەڵك و پێشمەرگەوە بە تووندی سزا دەدرین.

لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند زەربەیان لە هێزەکانی ڕژیم دا و تەلەفاتی بەرچاویان پی گەیاندن و هێزەکانی ڕژیم لە ترسی پەلاماری پێشمەرگەکان لە ئامادە باشی کامل دا بوون و پایگا و مەقەرەکانیان تەقویەت کرد. بەڵام سەرەڕای ئەوە نەیان ویرا جم و جوولیك لە خۆیانەوە نیشان بدەن.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دێهاتی "سەرشیو"ی سەقز تەئسیریکی زۆری لە سەر وەرەی خەباتکارانەی خەڵك بوو. ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش لە جەرەیانی ئەم جەولەیە دا جاریکی‌تر بە شیوەی جۆراوجۆری وەك: پێشوازی گەرم و گوڕ لە پێشمەرگەکان، کردنەوەی سفرەی دلیان بۆ پێشمەرگەکان، یارمەتی مالی و تەداروکاتی پێشمەرگەکان، کۆکردنەوەی ئیتلاعاتی پێویست و هێنانی خەبەر بۆ پێشمەرگەکان، پیوەندی قوول و نزیکی خۆیان لەگەل پێشمەرگەی کۆمەڵە نیشان دا.

ڕاگەیاندنی زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە

زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە ڕایگەیاند ٦ کەس لە دەست و پێوەندەکان و هاوکارانی جمهووری ئیسلامی کە دوای موحاکمە لە دادگای ناحیەی کۆمەڵەدا بە ئیعدام مەحکووم کرا بوون، ڕۆژی ٢٦ی جوزەردان، بە پێی حوکمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، مەحکوومییەتەکەیان دەرەجەیەك تەخفیف درا و حوکمی ئیعدامەکەیان پی بەخشرا. ئەم کەسانە بریتین لە:

١- ڕحیم حسەن پور، کوری محمەد حسن، خەڵکی ئاوایی "سلیمان کەندی" سەقز

٢- انور فەرج پور، کوری عەلی، خەڵکی ئاوایی "دەوسینە"ی بانە

٣- سلیمان خورشیدی، کوری حسین، خەڵکی ئاوایی "کویل ئابات"ی بوکان

٤- ناسر ئاژیر، کوری خیرالله، خەڵکی "شاهیندژ"ی بوکان

٥- مزفەر سعیدی، کوری حەبیب الله، خەڵکی سنە

٦- حەبیب اللە نادر پور، کوری وەستا مەحمود، خەڵکی ئاوایی "چور"ی مەریوان

چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی ١٩ کووڕەخانەی "سەردەرو"ی تەوریز

کرێکارانی ١٩ کووڕەی "سەردەرو"ی تەوریز بۆ دیاری کردن و زیاد کردنی حەقدەست وەرگتنی خەرجی هات و چوو و نووسینی قەراردادی دەستەجەمعی لەگەل خاوەن کووڕەکان، لە ڕۆژی ١٢ی مانگی گولانەوە، پاش قسە و باس و مەشوەرەت پێکەوە، دەستیان دایە ئیعتیسابیکی یەکپارچە.

لە ماوەی ئەم ئعتیسابە دا خاوەن کووڕەکان جگە لە پیلان گیری خۆیان هێزەکانی ژاندارمریشیان هێنایە ناو کووڕەخانەکان و بوونە هۆی گیرانی ژمارەیەك لە کرێکاران. بەڵام بە ئیعتیرازی تێکرای خۆیان کرێکارە گیراوەکانیان ئازاد کرد.

لە کوتایی ئەم ئیعتیسابەدا کرێکارەکان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستی بریتی هەر هەزار خشت بگەیەنن ١٧٠ تمەن. هەروەها خاوەن کووڕەکان مەجبوور بوون ٢٥٠٠ تمەن خەرجی هات و چوو بدەن بە هەر خانەوادەیەکی کرێکار.

نوینەرانی کرێکاران قەراردادی دەستە جەمعی‌یان لەگەل خاوەن کووڕەکان ئیمزا کرد و فتوکوپی قەراردادەکەیان بۆ هەموو کووڕەکان نارد.

هەواڵیکی کورت لە کووڕەخانەکانی مەرەندەوە

کرێکارانی ژمارەیەکی زۆر لە کووڕەخانەکانی دەوروبەری مەرەند لە خەباتیکی یەکپارچەدا توانیان حەقی خۆش کردنی مەیدان و خەرجی هات و چوو لە خاوەن کووڕەکان بستێنن.

ئیعتیرازی کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی دەوڵەتی لە بانە

ژمارەیەك لە کرێکارانی ساختمانی شاری بانە کە لە پروژەیەکی ساختمانی دەوڵەتی‌دا کاریان دەکرد، لە دژی وەدواکەوتنی حەقدەستەکانیان دەستیان دایە ئیعتیراز. ئەم شیرکەتە بە هاودەستی بەکریگیراوانی سپا حەقدەستی مانگ و نیوك تا سێ مانگی کرێکارەکانیان وەدواخستوە.

کرێکارانی ئەم شیرکەتە بۆ ئیعتیراز بە وەدواکەوتنی حەقدەستەکانیان لە بەر مەقەری سپای پاسدارانی شاری بانە کۆبوونەوە. بەڵام بەکریگیراوانی ڕژیم بە بیانووی ئەوەی کە موهەندیسی شیرکەتەکە دەبی حەقدەستەکانیان پی بدا، تەفرەیان دەدەن و لە لایەکی تریشەوە موهەندیسی شیرکەت بە پشتیوانی سپای پاسداران خو لە پەرداختی حەقدەستی کرێکاران دەرباز دەکا.

مانگرتنی کرێکارانی کووڕەخانەی "لەج" لە مهاباد بۆ زیاد کردنی حەقدەست

کرێکارانی کووڕەخانەی "لەج" لە شارویرانی مهاباد دوای قسە و باس و مەشوەرەت لەسەر پێویستی زیاد بوونی حەقدەستەکانیان لە ڕۆژی ١٢ی مانگی جوزەردانەوە ئیعتیسابیکی یەکپارچەیان بە بەشداری کرێکارانی هەموو بەشەکانی کووڕەخانەکە وەری خست.

کرێکارانی ئەو کووڕەیە داوایان کردوە کە حەقدەستیان لە ١٧٠ تمەنەوە بگاتە ڕادەی حەقدەستی کووڕەکانی‌تر.

لە نەتیجەی ئەم ئیعتیسابە هیشتا خەبەریکمان بەدەست نەگەیشتوە.

کرێکارانی٥٧ کووڕەخانەی هەمەدان بۆ زیاد کردنی حەقدەست مانیان گرت

کرێکارانی ٥٧ کووڕەی دەوروبەری هەمەدان دوای قسە و باس و تەگبیر و مەشوەرت لەگەل یەکتر ڕۆژی ٢ی جوزەردان رایان گەیاند حەقدەستیان بۆ بریتی هەر هەزار خشت دەبی بگاتە ٢٥٠ تمەن.

خاوەن کووڕەکان ئەم داخوازەی کرێکارەکانیان بەجێ نەهینا و کرێکارەکان لە ڕۆژی ٤ی جوزەردانەوە ئیعتیسابیکی یەکپارچە و شکودارییان وەری خست. کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کووڕەکان لەو ئیعتیسابە دا بەشداریان کردوە.

کرێکاران بۆ بەرگری لە پیلانگیری خاوەن کووڕەکان و دەوڵەت و بۆ ئەوەی فشاریکی زیاتر بخەنە سەر ئەوان رایان گەیاند:

١- تا ئاخری ئیعتیساب ناهیلین تەنانەت ماشینە خشتیکیش لە کووڕەکان بچێتە دەر.

٢- حەقدەست دەبی لە هەموو کووڕەکان یەکسان بی و کرێکارانی هیچ کووڕەیەك نابی بە جیاواز لەگەل خاوەن کووڕە قەرارداد ئیمزا بکەن و نابی لە حەقدەستی دیاری کراو کەمتر وەرگرن.

تا ڕۆژی ١٤ی جوزەردان نوینەرانی کرێکاران ٢ جار لەگەل خاوەن کووڕەکان وت و وێژیان کردوە و پێیان لەسەر ٢٥٠ تمەن داگرتوە. خاوەن کووڕەکان تا ئێستا حازر بوون بۆ بریتی هەر هەزار خشت ٢١٠ تمەن حەقدەست بدەن بەڵام کرێکاران قەبوولیان نەکردوە و ئیعتیساب تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هەر وا بەردەوامە.

مانگرتنی کرێکارانی کووڕەخانەکانی "وایگان" و "شیندواوی"ی تەوریز سەرکەوت

کرێکارانی کووڕەخانەکانی "وایگان" و "شیندواوی" دوای قسە و باس و مەشوەرت لەگەل یەکتر لەسەر پێویستی زیاد کردنی حەقدەستەکانیان، لە سەرەتای مانگی پووشپەرەوە ئیعتیسابیکی گەورە و یەکپارچە وەری دەخەن و داواکاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان دەبن.

خاوەن کووڕەکان سەرەڕای پەنابردن بۆ هێزە سەرکەوت گەرەکانی ڕژیم ناتوانن بەری ئیعتیسابی یەکگرتووانەی ئەوان بگرن و هێزەکانی ڕژیمیش لە بەرانبەر ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکاران دا مەجبوور دەبن چەند کرێکاری گیراو ئازاد کەن.

پاش حەوتوویەك ئیعتیساب، کرێکارانی کووڕەخانەکانی "وایگان" و "شیداوی" پیلانی خاوەن کووڕەکان و دەوڵەت پووچەل دەکەنەوە و سەرمایەداران مەجبوور دەکەن ٣٠ هەتا ٤٠ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد کەن و لە ١٦٠ تمەنەوە بیگەیەنن بە ١٩٠ تا ٢٠٠ تمەن.

مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "بی شاسب" بۆ زیاد کردنی حەقدەست

کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "بی شاسب"، کە شیرکەتیکی دەوڵەتی‌یە و لە ١٥ کیلومیتری شاری سەردەشت پروژەی ئوردوگایەکی بە دەستەوەیە، دوای قەسە و باس و مەشوەرت لەگەل یەکتر بە خاوەن کار ڕادەگەیەنن دەبی حەقدەستەکانیان لە ٢٥٠ تمەنەوە بکاتە ٣٠٠ تمەن.

بەڵام خاوەن کار لەگەل داخوازەکانیان موخالەفەت دەکا و کرێکارەکان دەست دەدەنە ئیعتیسابیکی یەکگرتوو. لەم ئیعتیسابەدا جگە لە ژمارەیەك کرێکاری عێراقی باقی ٢٠٠ کرێکاری ئەم شیرکەتە بەشدار بوون.

کرێکارەکان لە ماوەی ئیعتیسابەکەدا هەولیان دا کرێکارە عێراقی‌یەکانیش رازی بکەن کە لە ئیعتیساب دا بەشداری بکەن. ئەوان هەروەها هەرەشە و فشاری خاوەن کار و سەرکارگەرەکانیان پووچەل کردەوە و پەلاماری ٢ سەرکارگەریان دا کە لە بەرانبەر ئیعتیسابی یەکگرتووانەیان دا ڕاوەستابوون و بی حورمەتیان پی کردبوون.

ئیعتیساب دوای دوو ڕۆژ سەرکەوت و خاوەن کار و شیرکەتیان ناچار کرد حەقدەستی هەموو کرێکارانی ئەو شیرکەتە بە عێراقی و ئێرانی‌یەوە و بەبان تر لە ١٨ ساڵ و خوارتر لە ١٨ ساڵەوە بکاتە ٣٠٠ تمەن.

کرێکارانی کووڕەخانەی "نەلاس"ی سەردەشت خوازیاری دیاری کردنی حەقدەست و نووسینی قەرارداد بوون

کرێکارانی کووڕەخانەی "نەسلا"ی سەردەشت بە خاوەنی کووڕەکەیان ڕاگەیاند ئەو ساڵ دەبی حەقدەستەکانیان دیاری بکری و قەرارداد لەم بارەوە ئیمزا بکری. هەروەها ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە وەسایلی کاری موناسبیان پی بدری. خاوەن کووڕە لەگەل ئەم داخوازانە موخالەفەتی کردوە و کرێکاران ڕایانگەیاندوە ئەگەر داخوازەکانیان قەبوول نەکری دەست لە کار هەڵدەگرن.

پێویستە بکوتری ساڵانی پێشوو کرێکارانی ئەم کووڕەخانەیە بی قەرارداد بۆ خاوەن کووڕە کاریان کردوە و خاوەن کووڕە بە مەیلی خۆی حەقدەستی دیاری کردوە.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٦ july: ١٩٨٨

راگەیاندنی کوتایی پلینومی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

کرێکاران!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کونگرەی شەشەم، لە رۆژەکانی هەوەڵی مانگی پووشپەردا، دووهەمین پلینومی خۆی گرت. ئەم پلینومە زیاترین هەوڵی خۆی خستە سەر چونیەتی بەرەوپێش بردنی هەرچی خیراتر و پەیگیرانەتری پەسند کراوەکانی کونگرە و لەم بابەتەوە لەسەر هیندیك بریار و دستور العملی پێویست تەئکیدی کردەوە و یا پەسەندی کردن.

لەم پلینومەدا سەرەتا گوزارشیك لە کار کردی مەیدانە جۆاروجۆرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە دراکە حازران دایانە بەر لیکولینەوە. لێکولینەوەی وەزعییەتی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و رووداوەکانی ئەم دوایی‌یە، باسیکی‌تری کۆبوونەوەکان بوو. لەم باسەدا مەوقعییەتی ئێستای جمهووری ئیسلامی و رۆژ لەگەل رۆژ زیاتر بوونی ناکامی‌یەکانی ئەم رژیمە لە رووبەروو بوونەوە لەگەل بوحرانی سیاسی و وەزعییەتی ئالوزی ئابووری خۆی‌دا، وە وەزعییەتی بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری لە کوردستان و ئێران درایە بەر لیکولینەوە و بە شوین ئەو باسەدا لە هەندیك بابەتوە وەك تەبلیغات نەتیجەگیری و رینوینی تایبەت بۆ تێکۆشانمان لەم زەمینەیەدا دیاری کران. لیکولینەوەی چونیەتی بەرەوپێش بردنی موسرتری فەعالییەتی تەبلیغی کۆمەڵە و ئیقداماتی تەشکیلاتی پێویست لەم بابەتەوە، باسیکی‌تری پلینوم بوو.

پلینوم هەروەها تی‌بینی و تەوسیەی پێویستی بۆ بەرەوپێش بردنی هەرچی دەقیقتری جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم لە زەمینەی کاری نیزامی و فەعالییەتی واحیدەکانی پێشمەرگەدا باس لیکرد و نایە ئیختیاری ئورگانەکانی خۆیەوە، وە بە هەڵبژاردنی ئورگانەکانی مەسئوولی رابەری لە نیوان دو پلینوم دا، کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران _ کۆمەڵە ١٣ی پووشپەری ١٣٦٧

شکستی سەرشوورانەی جمهووری ئیسلامی و ئەرکی کۆمەڵانی زەحمەتکێش

ئاخرین رۆژەکانی مانگی جوزەردانی ئەمسالّ جمهووری ئیسلامی لە جبهەی شەری ئێران و عێراق، لە سنوورەکانی کوردستان تووشی شکستیکی گەورە هات و هەموو هێزەکانی بە شلەژاوی و شپرزی‌یەوە لەو بەری سنوورەوە پەراندەوە ئەو بەری سنوور و جبهەی "ماوەت" و "گەلالەی" بە تەواوی چول کرد و کەل و پەلیکی زۆری نیزامی و تەداروکاتی لی بەجی ما.

دوای چەند رۆژ لە جبهەی "حاجی ئومەران"یش جمهووری ئیسلامی شکستیکی گەورەی‌تری تووش بوو و بە ناچار ددانی بە شکستی خۆی داهێنا و رای گەیاند. لە "هەلەبجە" و جبهەی "سوورکیو"ی ناوچەی بانەش رژیم شکستی خوارد و ناچار بوو مەنتەقەیەکی زۆر چول بکا و بە زەعف و زەبوونی‌یەوە لە "بناری سوورکیو" تا "ئارمەردە" پاشکشەی کرد.

لە جەرەیانی تیك شکانی سەرشوورانەی جمهووری ئیسلامی‌دا لە سنوورەکانی کوردستان دیهاتیکی زۆر کەوتنە بەر رەهیلەی توپ باران و ویرای زەرەر و زیانیکی زۆر زۆمارەیەکیش لە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە کوژران و برینداربوون.

لە زۆمارەیەك لە دیهاتی ئالانی سەردەشت وەك ئاوایی‌یەکانی "سنجوی"، "دولی" و "رەشەکان" زۆر مال ویران بوون و بەشیکی تریشیان سووتان و خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە جاریکی‌تر ئاوارەی دیهاتی دەوروبەر بوون.

لە شاری سەردەشت ٥ کەس کوژران و چەندین مال و دووکان ویران بوون. هەروەها لە ئاوایی "بنووخەلەف" کەسیك کوژرا و خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "واشەمزین"، "بیورانی خوارو"، "زووران" و "کونەمشکە" ئاوارە بوون.

لە ناوچەی بانە و بەشەکانی "بناری سوورکیو" و "خیلەرەش" و "بلەسەن" زۆمارەیەك لە خەڵك گیانیان لە دەست دا و سەرجەم خەڵکی ٧٨ ئاوایی و کوخی ئەم مەنتەقەیە پەرەوازەی ئێرە و ئەوی بوون. لە خەڵکی ئاوایی "ئەنجیلە" "کیوەرو" و "گەرماو" چەند کەس کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان ئاوارەی دیهاتی "دولی خان"، "دولی نجنی" و "دەشتەتال" بوون.

لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەر ١٥ کەس لە خەڵکی دیهاتی "دەرەوەران" و "نچی" لە بەشی "خاومیراوا" و "دەرەتفی" لە بەشی قەراخی زریبباری مەریوان، بریندار بوون.

خەڵکی زەحمەتکێش و ئاوارەی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان هیچیان بو دەرنەچووە و دەغل و دان ورەز و باغ و رەنجی ساڵیانی ساڵیان سووتا و تێدا چوو وە یان بەکریگیراوانی رژیم تالانیان کرد. خەڵکی ئاوارە بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی ژیانیان کەوتوونەتە مەترسی‌یەکی گەورەوە.

شکستەکانی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی کوردستان و جبهەکانی فاو، شەلمچە و جەزیرەکانی "مەجنوون"یش داماوی جمهووری ئیسلامی لە بەریوەبردنی شەری کونەپەرستانەی دا بە تەواوی نیشان دا و بە ئاشکرا دەرکەوت کە هێزەکانی جمهووری ئیسلامی وەریان بە تەواوی رووخاوە و شەریان بۆ ناکری و لە ئیدامەی ئیعتیراز و خەباتی خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران دا ناچار بوون شکست و سەر شووری قەبوول بکەن و بە پەلە پرووزە هێزەکانیان دەرباز کەن.

خەڵکی کوردستان و ئێران و بە تایبەت خەڵکی ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان کە لەو چەند ساڵەدا تووشی تەلەفات و مال ویرانی و ئاوارەگی بوون و لە نزیکەوە شاهید بوون چون هەزاران کەس لە رولەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لەم شەرە کونەپەرستانەیەدا بوونە قوربانی، لە شکستی جمهووری ئیسلامی خوشحالن.

خەڵکی کوردستان کە لە تەئسیری شکستی جمهووری ئیسلامی لەسەر خەبات و ژیانیان بە باشی ئاگادارن، ویرای خوشحال بوون لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەبی لەم هەلە ئیستفادە بکەن و دەرفەتی سەر بەرزکردنەوە بە دوژمنانیان نەدەن و ئیرادەی خۆیانیان بە سەردا، داسەپێنن.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نابی ئیجازە بدەن جاریکی‌تر جمهووری ئیسلامی دەرفەتی پی بدری کە لە بەرانبەر خەبات و تێکۆشانیان دا راوەستی و سەرکوتیان کا. نابی کەس بچێتە سەربازی. دەبی هەموو سەربازەکان پادگانەکان چول کەن و بگەڕێنەوە شوینی خۆیان. نابی کەس باج و بەرتیل بە جمهووری ئیسلامی بدا، دەبی هەموو ئەو باج و بەرتیلانەی جمهووری ئیسلامی لە خەڵکی ئەستاندوە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان. نابی کەس چەك تەحویلی رژیم بداتەوە، دەبی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ دیفاع لە خۆیان لە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی و سەرمایەداران دا چەکیان هەبی. نابی ئیجازە بدەن بەکریگیراوانی رژیم کەس بگرن، دەبی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ئازاد کرین.

نابی هیچ کرێکاریك لە سەر کار دەرکری، دەبی هەموو ئەو کرێکارانەی کە جمهووری ئیسلامی بە بۆنەی شەر و نەبوونی مەواد و بیانووی‌تر دەری کردوون بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و حەقدەستی ماوی ئیخراجیان پی بردی. نابی ئاوارەکانی شەر لە مەینەت و دەربەدەری و برسیەتی دا بژین، دەبی هەموو ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر مال و حالی خۆیان و خانووەکانیان بە خەرجی دەوڵەت ساز بکرێتەوە و خەسارەتیان پی بدری. دەبی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و خەڵکی شەرافەتمەند حەقی ئازادی بەیان و عەقیدە و ئازادی تەزاهورات و ئیعتیساب و ئازادی پێك هێنانی سازمان و رێکخراوەیان هەبی.

ئەمانە تەنیا بەشیك لە داخوازەکانی خەڵکی زەحمەتکێشن کە دەبی خەڵکی کوردستان بە خەباتی قارەمانانەی خۆیان و بە کەلك وەرگرتن لە زەعف و زەبوونی جمهووری ئیسلامی، بە دوژمنانی خۆیانی تەحمیل بکەن.

***

هێرشی تەیارە بومب هاویژەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر یەکیك لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی حاکەلیوەی ئەمسالّ، تەیارە بومب هاویژەکانی جمهووری ئیسلامی سێ جار یەکیك لە مەقەرە مەرکەزی‌یەکانی کۆمەڵەیان بومباران کرد کە هەرسیك جار لەگەل ئاگری پەدافەندی هەوایی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەو روو بوون.

لە جەرەیانی ئەم بومبارانانەدا، بەداخەوە چوار کەس لە هاورییانی پێشمەرگە گیانیان بەخت کرد و چەند هاوریی دیکەش بریندار بوون. هاورییانی گیان بەخت کردوو بریتن لە هاورییان "رەزا یسربی"، "عەزیز ئەسکەندەری"، "رەحمان فرشگر" و "بهزای فدەوی" کە هەر چواریان ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەمالەی ئەو هاورییانە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و هەموو هاورییانی حیزبی دەکەین و یادیان بە دریژە پی‌دانی رێگای شۆرشگێرانەیان، ریز لی دەگرین.

هێرشی تەیارە عێراقیەکان بۆ سەر یەکیك لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

ئیوارەی رۆژی ٢٥ی مانگی گولان سەعات شەش و سی‌وپێنج دەقیقە بە کاتی تاران، یەکیك لە مەقەرە مەرزی‌یەکانی کۆمەڵە کەوتە بەر هێرشی هەوایی چەند تیارەی عێراقی.

لەم رووداوەدا بەداخەوە ٢٣ کەس لە هاورییانمان گیانیان بەخت کرد کە برتین لە:

١- ئیسماعیل مستەفا زادە
٢- ئەحمەد محمەدی
٣- یایزید بەیاز
٤- پرویز تاجوانچی
٥- سید حسین سیگاری
٦- سەعید محمەدی
٧- حامد مدرسی
٨- جلال پنجوینی
٩- فرشتە رزایی
١٠- عبدالله هوشیاریان
١١- علی حسین محمەدی
١٢- فرنگیس شاهویی
١٣- کەریم عبدالله پور
١٤- کەریم جنتی
١٥- کەمال رەزانژاد
١٦- کیومەرس مهاجر
١٧- منوچهر محمودیان
١٨- مریم مجنون
١٩- محمەد رسولی خۆش سفت
٢٠- محمەد عمرعلی
٢١- ناسیح مردوخ
٢٢- نادر قازی‌زادە
٢٣- وفا توتونچی

ئەم ئازیزانە لە پاکترین و تێکۆشەرترین پێشرەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران، وە سیمای ناسراو و لە میژینە و خۆشەویستی نیو کۆمەڵانی خەڵك بوون. ئەم هاورییانە لە دژی چەوسانەوە و بی مافی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە دژی شەر و جینایەتەکانی شەر خەباتیان دەکرد و هەموو ژیانی خۆیان نایە پێناوی موبارەزەی بی ئەمان لە دژی نیزامی سەرمایەداری و هەموو مەینەت و ستەمەکانی.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەم بارەیەوە راگەیاندنیکی لە تاریخی ١٨ی جوزەردانی ١٣٦٧دا بلاو کردەوە و ویرای راگەیاندنی ناوی ئازیزانی گیان بەخت کردوو، بەم بۆنەیەوە لە هەموو هاورییان و هاوسەنگەرانیان، لە بنەمالە و کەس و کاریان و لە هەموو کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران و کوردستان سەرەخۆشی کرد. دەقی ئەم راگەیاندنە لە نەشریاتی دیکەی حیزبی‌دا بلاو کراوەتەوە.

سەنگەری ئەم هاورییانە چول نابی و یادیان بۆ هەمیشە لە دلماندا زیندوە.

***

وەرگێردراوی وت و وێژی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلی زادە سەبارەت بە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە

پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ماوەیەك لەوە پێش راگەیاندنی کوتایی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە دەنگی شۆرشی ئێران و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بلاو کرایەوە. بە پێویستمان زانی سەبارەت بە رەوالی کونگرە و باسەکانی، وت و وێژیکتان لەگەل بکەین هەتا کویگرەکانمان زیاتر لە نەتیجەکان و بریارەکانی کونگرەی شەشەم ئاگادار بن. پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکانی کونگرە تکایە سەبارەت بە تەدارەك و رەوالی کونگرە تەوزیحاتیك بۆ گویگرەکان بدە.

وەلاّم: لەگەل سلاو بۆ گویگرەکان و سپاس بۆ ئیوە، کونگرەکانی کۆمەڵە هەر بە دوو ساڵ جاریك دەگیرین. کونگرەی پێشوو، یانی کونگرەی پێنجەم _ مانگی بەفرانباری ساڵی ٦٥ گیرا بوو، بە رەوالی خۆی کونگرەی شەشەم دەبوو زستانی ساڵی رابوردوو بگیری. بەلاّم لەبەر هەندیك دەلیلی فەننی و ئەمنییەتی، کومیتەی ناوەندی کونگرەی خستە مانگی گولانی ئەمسالّ و هەروەك ئاگادارن کونگرە، نیوەی دووهەمی مانگی گولان، لە ماوی حەوتوویەك دا بەڕێوە چوو.

گرتنی کونگرە یەکیك لە ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی‌یە، بەم بۆنەوە لە چەند مانگ لەوەپێشەوە، کومیتەی ناوەندی کۆمیسیونیکی بۆ تەدارەکی فەننی و تەشکیلاتی کونگرە دیاری کردبوو. ئەم کومیسیونە ئایین نامەی مەربووت بە هەڵبژاردنی نوینەرانی کونگرەی نووسی و نایە ئیختیاری ئەندامانی حیزب لە کوردستان. بە پێی ئەو ئایین نامەیە نوینەرانی کونگرە، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات دا هەڵبژێردران. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات فەعالییەت دەکەن و ژمارەیەکیش لە هاورییانی کومیتەی ناوەندی حیزب، وەك نازر بۆ بەشداری کردن لە کونگرەدا دەعوەت کران.

تەدارەکی سیاسی کونگرەش بەشیکی دیکەی کارەکانی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ گرتنی کونگرە. بۆ ئەم مەبەستە، پێشتر ئەو مەسەلە گرینگانە کە کومیتەی ناوەندی بە پێویستی دەزانی لە کونگرەدا باسیان بکری، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا قسەیان لەسەر کرا. ئەم باسانە سەرئەنجام لە پلینومیك دا کە پێش کونگرە پێك هات کۆکرانەوە سەریەك و حاسلیان بوو بە چەند بریارنامەیەك لە بۆ لێکولینەوە و کران لە کونگرەدا، ئامادە کران. ئەم بریارنامانە پێش کونگرە لە ناوخۆی حیزب دا نرانە ئختیاری ئەندامانی حیزب و هەموو هاورییانی تەشکیلاتی. ئەمە ئیمکانی بە نوینەرانی کونگرە داکە بۆ قسە و باس سەبارەت بە دەستووری کۆبوونەوەکان بە ئامادەیی‌یەکی زیاترەوە بێنە کونگرە.

ل١٧

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مەوقعییەتی ئێستای حیزبی دیموکرات و کوتایی تیك هەڵچوونی ناوخۆیی لە کوردستان

ل١١

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٧ | رەزبەری _ ١٣٦٧ | ئوکتوبری _ ١٩٨٨

لە دژی ئیعدامەکان ئیعتیراز بکەن!

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

کرێکاران!

خەڵکی ئازادیخواز!

بە داخیکی گرانەوە لە چەند حەوتووی رابوردوودا، خەبەری ئیعدامی دەستەجمعی ژمارەیەک لە تێکۆشەران و موخالیفانی سیاسی رژیم لە شارەکانی مهاباد، سنە و سەقزمان پی گەیشت.

ئێمە ویرای دەربرینی سەرخۆشی و هاو دەردی خۆمان لەگەل کەس و کاری ئەم خەباتکارانە، کردەوەی جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکەین.

هەموو ئێوە ئاگادارن کە رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە سالّەها موقاومەت و راوەستاوی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی شەر، بە چوک داهات و لە بەرانبەر ویست و داخوازی سولح خوازانەی خەڵک دا تەسلیم بوو وە سەرەنجام شکست و داماوی خۆی لە دریژە پێدانی سیاسەتی شەرخوازانەی دا، راگەیاند. رژیمیک کە نەتوانیویەتی بە ئامانجە جەنگیەکانی خۆی بگا و نەتوانیویەتی وەک ئیددیعای دەکرد پەل و پو باویتە ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران،

ل

٩ ساڵ حوزووری سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دەبی کوتایی پی بی

٩ ساڵە لەشکری داگیر کەر و سەرکوت گەری جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، ئەوەندەی پێی کرا بی, لە هیچ وەحشیگەری و کوشتار و زیندان و خەفەقانیک، دەستی نەپاراستوە. چونکوو لیرە، گەلیکی زۆر لیرکراو، بریاری داوە ئازاد بژی. چونکوو لیرە، کرێکاران و زەحمەتکێشان لی براون و دەیانەوی ژیانیکی ئینسانی بە دوور لە سەرکوت و ستەم بۆ خۆیان پێک بێنن. چونکوو لیرە، ئوردووی بەش مەینەتان و چەوساوان، وشیار بوونەوە و ماف و قازانجی خۆیان ناسیوە و ئاسوی رزگاریان ناوەتە بەر دەمی خۆیان. رزگاری لەم مەینەتانە کە رۆژ و شەو ژیانی پی تال کردوون. چونکوو لیرە، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش، رەزایان بە قەزا نەداوە، تەسلیمی قسمەت و نسیب نەبوون، تەسلیمی ئەو چارەنووسە رەشە نەبوون کە حاکمانی جینایەتکاری سەرمایە بۆیان نووسیون. چونکوو لیرە لەشکری برسیەتی و رووت و رەجال، شانیان لە رۆژگاری بەش مەینەتی هەڵتەکاندوە، لە ستەم یاخی بوون و عەزمیان جەزم کردوە بە دەست و مستی خۆیان، بە هێزی خەباتی جەماوەریان، بە خەباتی ئابووری و سیاسی و چەکدارانەی خۆیان، ئەم مافە رەوایانە وە چنگ خەن.

کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلێکراوی کوردستان، هەر لە بەرە بەیانی راپەرینی رێبەندانی ٥٧ەوە، دەستیان بۆ جێبەجی کردنی ئەم داخوازەیان برد، شووڕای خۆیان پێک هێنا، یەکیەتی جووتیاران و رێکخراوە دیموکراتیکەکانی خۆیان پێک هێنا، ئازادی بەیان و کۆبوونەوە و مەراسمیان بە پێچەوانەی ویستی کونەپەرستانی سەر بە جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دامەزراند، بەریان بە جم و جووڵی دەرەبەگ و کونەپەرستان گرت، رێکخراوەکانی وەک شووڕای عەشایری و کومیتەی نەوعی جمهووری ئیسلامی و شتی لەو قوماشەیان، بە دەستی بە هێزی خۆیان تێک ڕماند، بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانە کە بە راپەرینی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە دەست هاتبوون، دەستیان دایە چەک و قایم رایانگرت و بەم جۆرە، بەکردەوە، لە ماوەی نیوان ٢٢ی رێبەندانەوە هەتا ٢٨ی موردا، کوردستانیان کردە مەلبەندی شۆڕش و ئازادی و دیموکراسی.

جمهووری ئسلامی چاوی دیتنی ئەمانەی نەبوو وە بۆ ئەستاندنەوەی ئەم دەسکەوتانە لەشکری کێشا سەر کوردستان.

مێژووی ٩ ساڵ داگیرکردنی کوردستان لە لایەن جمهووری ئیسلامیەوە، مێژووی ٩ ساڵ ململانی و دەست و پەنجە نەرم کردنی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی، لەسەر ئەم ماف و ئازادیانە. ئەگەر جمهووری ئیسلامی لەم ماوەیەدا بیوچان، بۆ سەرکوتی زەحمەتکێشانی ئازادیخوازی کوردستان، بە تانک و توپ و تەیارەوە هاتوە، ئەگەر گومی خوین و ئیعدامی پول پول خەڵکی شۆڕشگێڕ و کوشتاری بە کۆمەڵی "قارنی" و "قەلاتان" و "ئیندرقاش"ی لە کارنامەی جینایەتکارانەی خۆیدا نووسیوە، خەڵکی کوردستانیش شۆڕشیکی

←

هەندیک لایەنی گرینگی تیکوشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی (٢)

بریارنامەی "هەندیک لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" یەکیک لەو بریارنامانە بوو کە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٦ لە دەهەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزب دا پەسند کران.

بەشی یەکەمی وت و وێژ سەبارەت بەو بریارنامەیە _ کە لە ژمارەی ٢٦ی "پێشڕەو"دا خوێندتانەوە _ لەسەر دوو بابەتی بریارنامەکە، یانی بنەماکانی تێکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانیدا و پەیوەندی حیزب لەگەل گوروە و ڕێکخراوە سیاسیەکان و هەندیک پرسیار لە بابەت ڕێکخراوە کرێکاریەکانەوە بوو.

ئەم بەشەی وت و وێژەکە کە بەشی دووهەم و دوایین بەشیەتی، زیاتر دەچیتە سەر لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی حیزب لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا.

پرسیار: ئایا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە کە زۆربەی ئیتحادیەکان هەر کام بە جۆرێک سەر بە حیزبێکن، ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی یان تەوسیەی دەکری کە ببیتە ئەندامی ئیتحادیە کرێکاریەکان؟ لە ئیمکاناتی تێکۆشانی ئاشکرا و کار کردن لە خەباتە ریفورمستی _ سەندیکالیستیەدا بەشتیکی ئوسوولی دەزانن و تەوسیەی دەکەن؟

وەلاّم: لە وەلاّمی پرسیارەکەی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی حیزب لەگەل ئیتحادیەکان دەبی لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەل کۆمەڵانی کرێکاردا چاوی لی بکری نەک ئیتحادیەکان دا ئێمە چون دەتوانین بە شێوەی ئوسوولی کەلک وەرگرین؟ ئایا هەنگاو هەڵگرتن لە سەر ڕێبازی ڕیبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری هەر لە چوارچێوەی ئەو خەباتە ریفورمستی _ سەندیکالیستیەدا بەشتیکی ئوسوولی دەزانن و تەوسیەی دەکەن؟

وەلاّم: لە وەلاّمی پرسیارەکەی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی حیزب لەگەل ئیتحادیەکان دەبی لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەل کۆمەڵانی کرێکاردا چاوی لی بکری نەک ئیتحادیەکان دا. ئەم بەشەی وت و وێژەکە کە بەشی دووهەم و دوایین بەشیەتی، زیاتر دەچیتە سەر لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی حیزب لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا.

پرسیار: ئایا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە کە زۆربەی ئیتحادیەکان هەر کام بە جۆرێک سەر بە حیزبێکن، ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی یان تەوسیەی دەکری کە ببیتە ئەندامی ئیتحادیە کرێکاریەکان؟ لە ئیمکاناتی تێکۆشانی ئاشکرا و کار کردن لە

لە پەیوەند لەگەل باقی حیزبە سیاسیەکان. سەبارەت بە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش، وەک کەسانی کۆمۆنیست، ئەم مەسەلەیە هەروا چاو لی دەکەین. نزیکی لەگەل کرێکاران، حازر بوون لە شوینە کرێکاریەکان و بەشدار بوون لە جم و جوولە کرێکاریەکاندا، پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران، ئاشنایەتی و نزیکایەتی لەگەل رابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و بە گشتی هەر جۆرە تێکۆشانیک کە تێکۆشەریکی کۆمۆنیست لە کۆمەڵانی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەل دەپێکی، ل٢

خەباتی جەماوەری

کورتەیەک لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی.

خەبات لە دژی سەربازگیری

مەهاباد:

* هێزە جینایەتکارەکانی جمهووری ئیسلامی، ڕۆژی ٢ی پووشپەر هێرشیکی گەورەیان کردەسەر کرێکارانی ئەو شارە لە "مەیدانی ئاسنگەران" و نزیکەی ٤٠ کەسیان بە سەربازگرت و ڕەوانەی مەرکەزە نیزامیەکانیان کردن.

تا ڕۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر ٢٠ کەس لەم کرێکارانە هەلاتوون و هەلاتنی باقیەکەشیان هەروا دریژەی هەیە.

* بەکریگیراوانی رژیم لە هەموو ئیمکاناتی خۆیان کەلکیان وەر گرتوە کە ژمارەیەکی زیاتر سەرباز بگرن. بەکریگیراوان بە وەسیلەی کونەپەرستانی محەللی و شووڕا ئیسلامیەکان، نامەیان بۆ مەشموولانی گەرەکەکانی شار و دێهاتی ئەم شارە ناردوە و داوایان لی کردوون خۆ تەحویل بدەن. بەلاّم لە هەموو شوینیک خەڵکی تێکۆشەر و مەشموولەکان لە دژی سەربازگیری ڕژیم ڕاوەستاون و حازر نەبوون خۆی تەحویل دەنەوە.

* بەپێی هەوالی گەیشتوو و هەلاتنی سەربازان لە جبهەکان و مەرکەزە نیزامیەکان هەروا دریژەی هەیە و لەم دوایانەدا ١٠٠ کەسی تر لە سەربازانی خەڵکی شاری مهاباد هەلاتوون و گەراونەتەوە شوینی کار و ژیانیان. ل٤

سیمای سیاسی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە چی دەناسرێتەوە؟

سیمای ڕاستەقینەی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە باشترین شێوە لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا کە هەرتکیان لەچەند ڕۆژی ڕابوردوودا ڕووبان داوە خونیشان دەدا.

یەکەمیان وت و وێژیک بوو کە قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا کردی و تێیدا لەم دەرفەتە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەلکی وەرگرت هەتا دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانەی خۆی لەگەل ئامانجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و لەگەل کۆمۆنیزم لە ڕادیوی ئەمریکاوە جاریکیتر ڕابگەیەنی و تەئکیدی لەسەر بکاتەوە. لە لایەکیتریشەوە لە کوردستان چەکدارەکانی قاسملوو لە سالّەشمان وەدی بێیین و دام و دەزگا و دەسەلاّتی ستەمکارانە و چەوسینەرانەتان بە ڕاپەرینی خۆمان تێکەوە پێچین.

خەباتی ئەمسالّی کرێکارانی کوورەخانەکان نموونەیەکە و گوشەیەکە لە عەزم و ئیرادەی یەکگرتوانەمان، کە زۆر قایمتر و ڕیک و پێک تر لە پار هاتە مەیدان، یەخەی سەرمایەداران و دەوڵەتی گرت، حەقدەستی پی زیاد کردن، خەرجی هات و چوو و مالین و ئامادە کردنی مەیدانی کاری لی ئەستاندن، تەئمینی نایلون و سەهول و سرویسی هات و چووی پێنج شەمە و جومعەی بەسەردا سەپاندن، پەرداختی بە وەختی سنوورەکانی سەردەشت لە چوار ڕۆژدا دووجار ڕێگایان لە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بەشەکەیتری حیزب دیموکرات گرت و لە گەلیان تێک هەڵچوون کە هەرتک جار ژمارەیەک لە هەرتک لا کوژران و بریندار بوون. هاوکات بوونی ئەم دوو حەرەکەتە ئەگەرچی ڕەنگە بە هەڵکەوت بی بەلاّم لە ناوەڕۆک دا، دووبەشی سیاسەتیکی واحید پێک دێنن و بە تەواوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. تەقالاکانی قاسملوو بۆ نیشاندانی توانایی و زەرفییەتی دژ بە شۆڕشی بەرانبەر بە کۆمەڵە و بەرانبەر بە هێزە سیاسیەکانی موخالیفی داروودستی قاسملوو لە کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەم سیاسەتی خۆی لە لای بورژوازی بنێتە بازاری ل ٥

ئەهمییەتی سەرکەوتنەکانی ئەمسالّی کرێکارانی کوورەخانەکان

ئەمسالّیش خوشکان و برایانی کرێکارمان لە کوورەخانەکان، سەرکەوتنیکی زۆریان وەدەست هێنا. هەوالی ئەم سەرکەوتنانە لە کاتیکدا بلاو دەبێتەوە کە ڕژیمی سەرمایەداران و ئوردووی گەورەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، جاریکیتر لە بەرانبەر یەکدا ڕیزیان بەستوە و ئامادەی دەست و پەنجە نەرم کردنیکی تازە دەبن و خەریکن دەوریکی تر هێز و توانای یەکتر تاقی دەکەنەوە و کیشمەکیشیکی دیکە تەجرەبە دەکەن.

هەوالی ئەم سەرکەوتنە لە کاتیکد دا بلاو دەبنەوە کە "ئەردبیلی"، ڕەئیسی دیوانی عالی جمهووری ئیسلامی، وەک قولە چوماغیکی پاریزەری سەرمایە، دێتە پشت مینبەری نوێژی جومعە و پەنجە لە کرێکاران ڕادەوەشینی کە مەبادا خەیالی زیاد کردنی حەقدەست و باشتر کردنی شەرایەتی کار و ژیانتان بکەن! ئێمە کرێکارانیش بە بلاو کردنەوەی ئەم هەوالانە، پەنجە لە چاوی دوژمن رو دەکەین و دەڵێین: مەبادا خەیالی ئەوە بکەن کە دەتوانن لەم هەژاری و بەش مەینەتیەدا ڕامان گرن! دەڵێین ئێمە کرێکاران هاتووینە مەیدان تا نە تەنیا بە هێزی خۆمان حەقدەستی زیاتر و ڕیفاهی باشتر و سەعات کاری کەمتر و هەموو هەقیکی خۆڕاومان لە گەڕووتان دەرکێشێنەوە، بەڵکوو ئاواتی چەندین و چەند سالّەشمان وەدی بێیین و دام و دەزگا و دەسەلاّتی ستەمکارانە و چەوسینەرانەتان بە ڕاپەرینی خۆمان تێکەوە پێچین.

خەباتی ئەمسالّی کرێکارانی کوورەخانەکان نموونەیەکە و گوشەیەکە لە عەزم و ئیرادەی یەکگرتوانەمان، کە زۆر قایمتر و ڕیک و پێک تر لە پار هاتە مەیدان، یەخەی سەرمایەداران و دەوڵەتی گرت، حەقدەستی پی زیاد کردن، خەرجی هات و چوو و مالین و ئامادە کردنی مەیدانی کاری لی ئەستاندن، تەئمینی نایلون و سەهول و سرویسی هات و چووی پێنج شەمە و جومعەی بەسەردا سەپاندن، پەرداختی بە وەختی حەقدەستی تەنانەت لە مەرەند پەرداختی حەوتوو بە حەوتووی حەقدەستی پی سەلماندن. وەلاّمی یەکگرتوانەی بە سەربازگیری هێزەکانی ڕژیم دایەوە و گیراوەکانی پی ئازاد کردن و بە کورتی کرێکارانی کوورەخانەکان ئەمسالّ، چەندین و چەند جار، بەرهەمی بەکگرتوویی خۆیان و میوەی شیرینیمان گرتنی یەکپارچەی کرێکاریان کو کردەوە.

سەرنجیک لە تایبەتیەکانی خەباتی ئەمسالّی ئەم بەشە لە هاورییانمان، بێگومان هومیدی سەرکەوتنمان زیاتر لە دلدا دەگەشێنێتەوە.

ل٦

هەندیك لایەنی گرینگی تیکوشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی (٢)

جەماوەری و چەکدارانەیان بە ناوی خۆیان تومار کردوە کە دنیای ئەمرۆ، لە سەردەمیك دا کە باسی کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق دەکا، ناتوانی چاوی لی ببەستی و حیسابی بۆ نەکا. ئەم شۆرشە ٩ ساڵەیە، کە زەحمەتکێشانی کوردستان رۆژ بە رۆژ و مانگ بە مانگ خەملاندوویانە، گەورەیان کردوە، بە خوین ئاویان داوە، داخوازەکانیان روون کردوەتەوە، لە ژێر دەست و باڵی هێزی کونەپەرست و سازشکاری کوردەواری دەریان کێشاوە، ئەمرۆ چقلی چاوی جمهووری ئیسلامیی‌یە و جیگای هومید و دل گەرمی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی سەراسەری ئێرانە.

ئەم شۆرشە کە ئێستا بە شانازی کولنەدان و راوەستانیەوە پی دەنیتە دەهەمین ساڵی عومری خۆی، ئەم شۆرشە کە بنچینەکەی لە سەر کار و ئوردووی هەژارانی وەخەبەر هاتووی کوردستان دانراوە، ئەمرۆ دەسکەوتیکی گەورە و گرینگی چینی کرێکار و هەموو بەش مەینەتانی ئێرانە. سەنگەریکی قایم کراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە دەتوانن لە هەر ئاڵ و گۆڕیکی سیاسی‌دا بیکەنە بناغەی پێشڕەوی داهاتووی هەتا بە سەرەنجامی سەرکەوتنی دەگەیەنن.

ئەمرۆ کە جمهووری ئیسلامی لەو پەری داماوی و سەرشوریدا شکستی خۆی لە شەردا سەلماندوە، ئەمرۆکە دەیان گیروگرفتی چار هەڵنەگر دەوری داوە و ریی پاش و پێشی لی تەنیوە، هاتنە مەیدانی بەرین ترین خەڵکی کوردستان، لە پێناو پێشڕەوی شۆرشدا، لە هەمیشە ئاسانتر و گونجاوترە. جەماوەری خەڵك لە شارەکان دەبی بڵێین ئەگەر شەری ٨ ساڵەی ئێران و عێراق کوتایی دی و بە شیوەی رەسمی ئاگر بەسی بۆ دەکری، ئەی شەری ٩ ساڵەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بۆچی کوتایی نایە؟ جمهووری ئیسلامی چی لە خەڵکی کوردستان دەوی کە ٢٠٠ هەزار کەس لە هێزە سەرکوتگەرەکانی لە کوردستان خزاندوە؟ ئەم هێزەداگیر کەرە دەبی دەسبەجی بچێتە دەر!

ئەگەر جمهووری ئیسلامی لەو پەری داماوی‌دا سەلماندوویەتی کە هەقی نیە نوسخەی حکوومەتی نەوعی خۆی بۆ ئەم لا و ئەولا بنووسی و بە زۆری چەك سادری کا، دەبی بێسەلمینی کە گەلی کوردیش خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا.

شۆرشی ٩ ساڵەی ئێمە پشتیوانی ئەم داخوازە رەوایەمانە. دەبی لە سەر و بەندی کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق دا، دەنگی ئیعتیرازی خۆمان بە دنیا رابگەیەنین. دەبی روشن تر و رەوانتر لە هەمیشە خۆشك و برایانی خۆمان لە هەموو دنیا بانگەواز بکەین کە لە سەرمان وەجواب بین. لیرە، لە کوردستان، لە چەند ساڵی رابوردوودا دوو شەر لە ئارادا بوو: شەرێك کە سنووری‌کان، لە بەینی جمهووری ئیسلامی و عێراق دا، شەرێکیش لە ناوخۆی کوردستان، لە قوولایی شار و دێهاتی کوردستان، لە بەینی لەشکری داگیرکەر و سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامی و گەلی کورددا. شەری هەوەل تەواو بووە. شەری دووهەمیش دەبی تەواو بی. دەبی بە سەلماندنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئەم شەرە تەواو بی. دەبی بە چوونە دەری دەسبەجێ هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە سەراسەری کوردستان ئەم شەرە تەواو بی.

خەڵکی کورد، لە ١٢ی خاکەلیوەی ٥٨ەوە کە ریفراندوومی جمهووری ئیسلامی کرا، بەم رژیمەی راگەیاندوە کە نایەوی! نە یەك جار، نە دەجار. نە سەد جار نای بە جمهووری ئیسلامی کوتوە، بە ٩ ساڵ شۆرشی جەماوەری و چەکدارانەی خۆی بە جمهووری ئیسلامی وتوە: نا! نا! نا! ئێمە دەسەلاتی کونەپەرستانە و سەرکوتگەرانەی تومان ناوی! دەسەلاتی شۆرشگێرانەی خۆمان دەوی!

لە رۆژی ٢٨ی گولاوێژی ئەمساڵیش دا، کە ساڵرۆژی لەشکرکیشی جمهووری ئیسلامی‌یە بۆ سەر کوردستان و هەروەها، هاو کاتە لەگەل رۆژانی راگەیاندنی ئاگر بەسی شەری ئێران و عێراق، جیگای خۆیەتی جاریکی‌تریش بە حەرەکەتیکی ئیعتیرازی و سەراسەری بە جمهووری ئیسلامی بڵێنەوە نا! جێگای خۆیەتی کاریکی وا بکەین جاریکی‌تریش ئەم رژیمە وەك رژیمیکی داگیرکەر، بە تاق کەوتوویی و بێگانە بوونی لە کوردستان دەرکەوی. هەروەها جێگای خۆیەتی هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و شەرافەتمەند هەول بدەن لەم رۆژەدا، سیمای کوردستان، سیمای شۆرشی ٩ ساڵەی خۆیان نیشان بدەن. لە هەموو گەرەکیکی شاران و لە هەموو دێیەك حەرەکەتی جەماوەری و ئیعتیرازی عەلەنی وەری بخری. تا بەم حەرەکەتە سەراسەری و یەکگرتوانەیە، دەنگی هەقخوازیمان بە گوێی دنیادا بدەین و سەرکەوتن بە سەر جمهووری ئیسلامی‌دا رابگەیەنین.

مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی!

سەرکەوتوو بی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان!

ئەم وتارە رۆژی ٢٤ی گەلاوێژ لە دەنگی شۆرشی ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە

***

بڕیارنامەی "هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" یەکێك لەو بڕیارنامانە بوو کە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٦ لە دەهەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزب دا پەسند کران.

بەشی یەکەمی وت و وێژ سەبارەت بەو بڕیارنامەیە _ کە لە ژمارەی ٢٦ی "پێشڕەو"دا خوێندتانەوە _ لەسەر دوو بابەتی بڕیارنامەکە، یانی بنەماکانی تێکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانی‌دا و پەیوەندی حیزب لەگەل گوروە و رێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەندیك پرسیار لە بابەت رێکخراوە کرێکاری‌یەکانەوە بوو.

ئەم بەشەی وت و وێژەکە کە بەشی دووهەم و دواین بەشیەتی، زیاتر دەچێتە سەر لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی حیزب لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا.

پرسیار: ئایا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە کە زۆربەی ئیتحادیەکان هەر کام بە جۆرێك سەر بە حیزبێکن، ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی یان تەوسیەی دەکری کە ببیتە ئەندامی ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان؟ لە ئیمکاناتی تێکۆشانی ئاشکرا و کار کردن لە ئیتحادیەکان دا ئێمە چون دەتوانین بە شێوەی ئوسوولی کەڵك وەرگرین؟ ئایا هەنگاو هەڵگرتن لە سەر ڕێبازی ڕیبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری هەر لە چوارچێوەی ئەو خەباتە ریفورمیستی _ سەندیکالیستی‌یەدا بەشتیکی ئوسوولی دەزانن و تەوسیەی دەکەن؟

وەڵام: لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووت دا باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی حیزب لەگەل ئیتحادیەکان دەبی لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەل کۆمەڵانی کرێکاردا چاوی لی بکری نەك لە پەیوەندی لەگەل باقی حیزبە سیاسی‌یەکان. سەبارەت بە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش، وەك کەسانی کۆمۆنیست، ئەم مەسەلەیە هەروا چاو لی دەکەین. نزیکی لەگەل کرێکاران، حازر بوون لە شوینە کرێکاری‌یەکان و بەشدار بوون لە جم و جوولە کرێکاری‌یەکاندا، پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران، ئاشنایەتی و نزیکایەتی لەگەل رابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و بە گشتی هەر جۆرە تێکۆشانیك کە تێکۆشەریکی کۆمۆنیست لە کۆمەڵانی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەل دەپێکی، هەموویان لە هەموو شوینیك بەشیکی ئاسایی خەبات و شیوە کاری هەر ئینسانیکی کۆمۆنیستن، وە بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا هەموو ئەمانە ئەو ئەرکە دەنێنە سەر شانی تێکۆشەریکی کۆمۆنیست کە لە هەر جێگایەك بۆی دەست بدا لە رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکاندا بەشداری بکا و ببێتە ئەندامیان. ئێمە لە هەلومەرجێکی وەك دەورەی یەکەمی کۆمینتیرن دانین کە چونیەتی هەڵوێست گرتن لە سەر ئیتحادیەکان و بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە ئیتحادیەکان دا بۆمان مەسەلەیەکی تاکتیکی بی. بۆ جەرەیانیکی کرێکاری خاوەن نفووزی وەك بولشویزم لەو سەردەمەدا، ئەم باسە جێگای خۆی بوو بکری، بەڵام بۆ ئێمە کە دەمانەوەی و هێشتا دەبی ببێنە جەرەیانیکی کرێکاری، قسە کردن لە سەر هەڵوێستمان بەرانبەر رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان باسیکە کە دەگەڕێتەوە بۆ شیوە کارمان و شیوەی تێکۆشانمان لە نیو چینی کرێکاردا. لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر بە ئیتحادیەکان و بەگشتی رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان، رێگا و شیوەی دەخالەتگەری و حوزوور و بەشداری کردنی هاوری‌یانی ئێمە لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا دیاری دەکا. لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ هاوری‌یانی ئێمە، لەو ولاتانەکە ئیتحادیە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان وجوودیان هەیە، پێك هێنانی پەیوەندی و لە هەر جێگایەك ئیمکانی هەبی بەشداری کردن لە ئیتحادیەکان دا، بەشیکی تەبیعی و یەکەم هەنگاوی تێکۆشانیانە لە نیو کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری‌دا.

بەڵام ئەوەکە ئیتحادیەکان سەر بە حیزبە سیاسی‌یەکانن و وابستەیی حیزبی‌یان هەیە، لەم نیوەدا چ دەور و جێگایەکی هەیە؟ لەم بابەتەوە سەرەتا دەبی تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە بە شێوەی ئوسوولی لە هەڵوێست گرتنمان دا _ چ وەك حیزبیەك و چ وەك کەسیکی کۆمۆنیست _ بەرانبەر بە ئیتحادیەکان، "هاونەزەری" و "هاوخەتی" ئەوان لەگەل حیزبی ئێمە، معیار و پیوانە نیە، بەڵکوو جەوهەر و خەسلەتی کرێکاری لە ئیتحادیەکاندا، یانی ئەوە کە هەتا چ رادەیەك کۆمەڵانی کرێکاریان لە دەوری خۆیان کۆکردوەتەوە و بوونەتە زەرف و وەسیلەی خەباتیان، دەبی وەك معیار و پێوانە چاو لی بکەین. بە وتەیەکی‌تر شێوەی تێکۆشانی هاوری‌یانی ئێمە لە ئیتحادیەکان دا و ئەو خەتە کە دەبی بەرەوپێشی بەرن مەسەلەیەکی موشەخەسە کە دەبی بە پێی دەور و جێگای ئیتحادیەکان لە خەباتی کرێکاری‌دا و ئەو شیعار و سیاسەتانە کە لەم خەباتەدا تەعقیبیان دەکەن دیاری بکرین نەك بە پێی جیاوازی نیوان ئێمە و حیزبە سیاسی‌یەکان. لەم رووەوە ئێمە رەخنەکانمان و ناکوکی نەزەری _ سیاسی خۆمان لەگەل حیزبەکان راستەوخۆ ناکەینە معیار بۆ دیاری کردنی چونیەتی هەڵوێستمان بەرانبەر بەو ئیتحادیانە کە سەر بەو حیزبانەن، بەڵکوو بە ستە بوونی ئیتحادیەکان بە حیزبە سیاسی‌یەکان، تەنیا لەو جێگایە لە هەڵوێستی ئێمەدا بەرانبەر بە ئیتحادیەکان حیسابی بۆ دەکری کە ئەو وابەستە بوونە راستەوخۆ تەئسیری کردبێتە سەر دەور و جێگای ئیتحادیەکان لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، چ لە نیو ئیتحادیەکاندا و چە لە دەرەوەیان پەیوەندمان هەبی. بە گشتی ئەو خاڵە دەبی لە بەرچاو بگیری کە لە هەر کوی‌یەك و لە هەر هەلومەرجیك دا کە گەلیك رێکخراوەی کرێکاری هەبن، بۆ پەیوەندی لەگەل گرتن و بەشداری تێدا کردن لە پێشدا ئەو رێکخراوانە هەل دەبژیرین کە لە بزووتنەوەی کرێکاری دا رادیکالتر و پێشرەوتر بن.

لایەنی دووهەمی پرسیارەکەتان، یانی شیوەی کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی هەڵسووران لە ئیتحادیەکان دا و مەسەلەی رابەری عەمەلی خەباتی ئابووری کرێکاران، مەسەلەیەکی تەواو موشەخەسە کە لە هەر نموونەیەکی دیاریکراودا دەبی وەڵامی تایبەتی خۆی پی بدرێتەوە، هەتا ئەو جێگایە کە لە ئاستیکی عام و گشتی‌دا دەکری قسەی لەسەر بکەین، پێویستە لەسەر زەروورەتی رەچاو کردنی خەت و سیاسەتیکی ئیسباتی و روشن بەرانبەر بە مەسەلە موشەخەسەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بو رەخنەگرتن لە سیاسەتە سازشکارانە سەندیکالیستی‌یەکان بەم پی‌یە، تەئکید بکەن. لە هەمان کاتدا، ئاشکرایە کە رەخنەی ئێمە بەرانبەر بە ئیتحادیەکان نابی ببێتە کوسپ لەسەر رێگای بەشداری کردنمان لە خەباتی ئیقتسادی کرێکاران دا کە ئیتحادیەکان ریکی دەخەن و بەریوەی دەبەن. ئەگەر هاوری‌یانی ئێمە لە ئیتحادیەکان و خەباتی کرێکاران دا ئەمە بکەنە بناغەی تێکۆشانی خۆیان، ئەو کات کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی تێکۆشانی بە ئاشکرا لە هەر پلەیەك دا و لە هەر جێگایەك کە ئیمکانی بوو، بەڵکوو تەواو پێویست و زەروری‌یە. ئێمە بۆمان هەیە و بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین کە لە هەموو ئیمکاناتیك بۆ تەئسیر دانان لە سەر خەباتی ئابووری کرێکاران، بە هەڵوێستیکی رادیکالەوە، کەڵك وەرگرین. ئەمە تاقە رێگای ئوسوولی و گونجاوە بۆ "هەنگاو هەڵگرتن لەسەر رێبازی رێبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری کرێکاران" بە بی ئەوەی خۆمان لە چوارچێوەی "خەباتی ریفورمیستی _ سەندیکالیستی"دا ببەستێنەوە.

پرسیار: لە بابەت ئێرانیانی موهاجیرەوە، یەکم پرسیار ئەوەیە کە بە چ شکلیك مەترسی ئەوە هەیە کە ئێرانیانی موهاجیر ببنە عامیلی فشار لە سەر چینی کرێکاری وڵاتانی دەرەوە؟

وەڵام: بەشیکی زۆر لە موهاجیرە ئێرانی‌یەکان کرێکار و زەحمەتکێشن. کەسانیکن کە یان لە ئێران لە تویژە بی‌بەش و زەحمەتکێشەکان بوون وە یا ئێستا تووشی ئەمە وەزعە بوون. سەرەرای ئەمە لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا، لەبەر ئەو جیگا و شوینە تایبەتە کە وەك کەمایەتی‌یەکی پەنابەر هەیانە، و هەروەها لە نەتیجەی فەعالییەتی رێکخراوەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی رژیمی ئێران و دەوڵەتەکان و حیزبە محەللی‌یەکاندا لەهەر وڵاتیك، گەرایش و بۆچوونی بورژوایی دەتوانی زەمینەی گەشە کردن وەدەست بینی.

تەبدیل بوون بە کەمایەتییەک لە نیو خۆدا و بوون بە کۆمەلیکی داخراو و دابراو کە حەساریکی لە جیاوازی و تایبەتییە میللی و فەرهەنگییەکەی بە دەوری خۆدا کێشاوە و ڕەواج پەیدا کردنی مەیلی تووندی ناسیونالیستی و شۆڤینیستی، یەکیکە لە نەتیجە دەکری بڵێین "تەبیعی"یەکانی ژیانی کەمایەتییە موهاجیرەکان لە ولاتانیتر. بە تایبەت، لە نیو ئێرانیانی موهاجیرەدا، لە هەلومەرجی ئێستادا جەماعەتی ڕێکخراوە سیاسییە بورژوایی‌یەکان ئەم مەیل و بۆچوونە پەرە پی دەدەن. لە لایەکیترەوە موهاجیرەکان لە لایەن حیزب و هێزە دەستە ڕاستییەکانەوە و تەنانەت لە لایەن بەشێک لە بیروڕای گشتییەوە فشاریان لەسەرە و جگە لە وەزعی نالەباری ئابووری، لە باری کۆمەلایەتی فەرهەنگی‌شەوە لە هەلومەرجیکی نالەباردان. ئەم هەلومەرجەش دەتوانی موهاجیرەکان لەو کۆمەلگایە کە تێیدا دەژین هەرچی زیاتر دابڕی و لەم لاشەوە لە نیو ئەمانیش دا ناسیونالیزم و شۆڤینیزم پەرە پی بدا.

مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە بەشێک لە موهاجیرە ئێرانی‌یەکان، لە ژێر فشاری ئابووری دا و بۆ گوزەران و بەری چوونی خۆیان بکێشرینە بازاری کاری ڕەش و غەیرە قانوونی و بەم جۆرە دەکەونە ململانە و ڕقەبەری لەگەل کرێکارانی ئەو ولاتە. دەولەت و بورژوازی لەو ولاتانە کە موهاجیر وەردەگرن، هەمیشە لە پەنابەرەکان و موهاجیرەکان وەک هێزی کاری هەرزان و وەسیلەی فشار هێنان بۆ چینی کرێکاری ولاتەکەی خۆیان کەلکیان وەرگرتوە و ئەمڕۆ موهاجیر و ئاوارە بی‌بەشە ئێرانی‌یەکان لەم بابەتەوە لە لای بورژوازی وەک پاروویەکی چەور چاویان لی دەکەن.

سەرجەمی ئەم مەسەلانە، موهاجیرە ئێرانی‌یەکان لە ولاتانی جۆراوجۆر بەرەو ئەوە پال پێوە دەنین کە لە لایەکەوە ببنە کەمایەتی‌یەکی داخراو لە کۆمەلّ دابڕاو بە مەیل و بۆچوونی تووندی ناسیونالیستی و شۆڤینیستی‌یەوە و بەم جۆرە بکەونە لای دەستی هێزە دواکەوتوو و کونەپەرستەکانی کۆمەلّ و لە لایەکیترەوە لە نیو چینی کرێکاردا وەک وەسیلەی تەفرەقە سازکردن و بۆ کەم کردنەوەی هەقدەست و هەرەشە لە هەلومەرجی گوزەرانی کرێکاران بخرێنە کار. دیارە ئەم وەزعە لە هەرتک بارەوە بە تەواوی بە زەرەری کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاریی‌یە و دەبی پەیگیرانە بەربەرەکانیی لەگەل بکری.

پرسیار: حیزبی ئێمە لەم بابەتەوە دەتوانی چ بکا و دەبی چ بکا؟

وەلّام: لەم بابەتەوە کاری ئێمە بە شێوەی سەرەکی دەبی بەربەرەکانی لەگەل ناسیونالیزم لە نیو ئێرانیانی موهاجیر دا بی. دەبی بە کار و تەبلیغی وشیاریدەرانەی بەردەوام بە موهاجیرەکان نیشان بدەین کە ئەو مەحروومییەت و فشارەی چ وەک پەنابەر و چ وەک کرێکار بە سەریانەوەیە لە بەر "ئێرانی" بوونیان نیە و ڕێگای بەربەرەکانی کردن لەگەل ئەو فشار و مەحروومییەتانەش هێنانە مەیدانی "سیمای میللی" و تعسباتی ناسیونالیستی و شۆڤینیستی نیە. دەبی تەبلیغاتی ناسیونالیستی جەماعەتی سەلتەنەت تەلەب و موجاهدین و لیبرال چەپەکان کە لە بەرانبەر "ڕژیمی ئاخوندی"دا و بۆ خوجیا کردنەوە لە "ڕۆژئاوا پەرستی"، پەنا دەبەنە زەق کردنەوەی "سیما و فەرهەنگ و تایبەتییە میللی‌یەکان"، پووچەل کەینەوە. لە لایەکیترەوە دەبی لە پشت فشار و و ژەهر پژاندنی فاشیستی و ڕەگەزپەرستانەی حیزب و هێزە دستەتە ڕاستی‌یەکان لە دژی موهاجیرەکان، سیمای سەرمایەداری و کونەپەرستی‌ی بورژوایی پەردەی لەسەر هەلّدرێتەوە و پێش بە توند و تیژ بوونەوەی جیاوازی و تعسباتی میللی بگیری. بەرانبەر بەم نەوعە تەبلیغات و بۆچوونانە دەبی زەینی موهاجیرەکان بەرانبەر بە هەلومەرج و مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و جێگا و شوێنی واقیعی یان لەو کۆمەلگایەدا کە تێیدا دەژین ڕوون کرێتەوە. دەبی جیاوازی و ناکۆکی‌یە چینایەتی‌یەکان بەرچاو بخرین. هاوبەش بوونی بەرژەوەند و نزیکایەتی ئاوارە ئێرانی‌یەکان لەگەل کرێکاران و تویژە مەحرومەکانی کۆمەلّ نیشان بدری و بۆ هاوپشتی و بۆ پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران بانگەواز بکرین. ئێمە دەبی داوا لە موهاجیرەکان بکەین کە مل بە کاری غەیرە قانوونی نەدەن و دەبی بۆیان ڕوون بکەینەوە کە ئەمە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ هاو چینەکانیان لە هەر ولاتیک دابن زیانی هەیە، دەبی لە کرێکارانی موهاجیرە داوا بکەین کە بچنە نیو ئیتحادیەکان و ڕێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان و لە ئیعتیرازات و خەباتی کرێکاری دا ڕیزی خۆیان لە باقی کرێکاران جیا نەکەنەوە.

ئەمانە بە گشتی سەرخەتی ئەرکە ئەنترناسیونالیستی‌یەکانی ئێمەن لە حاست ئێرانیانی موهاجیر. ئەوە کە بە شیوەی موشەخەس و بە وردی بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکانە دەبی چ بکری، ئەوە مەسەلەیەکە کە هاوڕیانی ئێمە لە هەر ولاتیکی دیاریکراو دا و لەبەر چاو گرتنی هەلومەرج خۆیان دەبی ڕوونی کەنەوە و بە گشتی پێش بینی ناکری.

پرسیار: بەم سیاسەت و کارە جیاوازەوە، هێزەکانی حیزب لە لایەن باقی هێزە ئێرانی‌یەکانەوە بەوە تاوانبار دەکرین کە خەریکن تەفرەقە و چەند بەرەکی ساز دەکەن. لەم باتەوە دەبی چ بکەین؟ لە ڕاستیدا چون دەکری هەم سیاسەتیکی کرێکاری ئەنترناسیونالیستی ڕەچاو بکری و هەم شەخسییەت و سیمای پەنابەر و ئاوارەی ئێرانی لە دەرەوە دیفاعی لی بکری؟ بە چ شیوەیەک دەتوانین ئەم دوو ئەرکە هاو کات لەگەل یەکتر بەریوە بەرین؟

وەلّام: ئێمە باکمان لەوە نیە کە ناسیونالیستەکان پێمان بڵێن ئێوە "تەفرەقە و چەند بەرەکی" پێک دێنن. نەک تەنیا پابەند بوونی کۆمۆنیستەتەکان بە ئەنترناسیونالیزمی پرولتری، بەلّکوو نەفسی دیفاعی کۆمۆنیستەکان لە بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆکانی چینی کرێکار، هەمیشە بووەتە هۆی ئەوە کە حیزب و هێزە سیاسی‌یە بورژوایی‌یەکان ئالای کونی ناسیونالیزم بە دەستەوە بگرن وە بۆ شاردنەوەی ناکوکی‌یە چینایەتی‌یەکان، سینگ و بەرۆک بۆ "وەحدەتی میللی" دادرن. ئەمڕۆ خەبات لە دژی ئەم ریاکاری و چاوبەستی‌یانەش بەشیکە لە خەباتی ئێمە بەرانبەر بە ناسیونالیزم لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا. هیچ شتیک لەوە ئاسایی‌تر و ڕەواتر نیە کە جەماوەری ئەو ئێرانی‌یانەی لە ژێر فشاری شەر و کونەپەرستی جمهووری ئیسلامی دا ئاوارەی ولاتانی دەرەوە، بوون، لەگەل ئەو ژمارە کەمەی کە ئەغلەبیان بۆ خو دەرباز کردن لە چنگ شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە سەرمایە و سەروەتی زۆر و زەبەندیانەوە لە ئێران چوونەتە دەرەوە، جیاوازی و تەفرەقە"یان لە نیوان دا بی. ئەم بەشەی موهاجیرەکان، کە ناسیونالیزم لە ڕاستی‌دا خزمەت بە بەرژەوەندی ئەمانە دەکا، لە مەیدانی سیاسەتی ئێران دا ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی خەتی سەلتەنەت تەلەب و بە گشتی بورژوا ناسیونالیستەکان نوینەریانن و لە دەرەوەش لە هەر وەلّاتیک بن دەکەونە لای دەستی کونەپەرست ترین و دەستە ڕاستی‌ترین حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان. ئەمانە تەنانەت وەک کەمایەتی‌یەکی پەنابەریش هیچ مافیکیان پێشێل نەکراوە. نە ئاوارەن، نە بێکارن، نە بی مال و حال و جێگای حەوانەوەن. تەنانەت حیزب ڕاستیەکانیش حیسابی ئەمانە لە حیسابی "موهاجیرینی بی مایە" جیا دەکەنەوە. تێکۆشانی ئێمە لە نیو موهاجیرینی ئێرانی‌دا، لە هیچ لایەنیکەوە پەیوەندی بەم جەماعەتەی موهاجرینەوە نیە، تێکۆشانی ئێمە لە نیو ئێرانیاندا لە دەرەوە سێ لایەنی سەرەکی هەیە: یەکەم، تێکۆشان لە نیو ئێرانیان دا وەک کەمایەتی‌یەکی پەنابەر یانی ئاشنا کردنیان لەگەل مافەکانیان وەک موهاجیر، دیفاع لەم مافانە، یارمەتی دانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ژیان و مەسکەن و گوزەرانیانەوە هەیە. دووهەم، تێکۆشان لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا وەک بەشیک لە مەحروومان و زەحمەتکێشانی ئێرانی بە مەبەستی هەلّخراندنیان لە دژی جمهووری ئیسلامی و بۆ وەدی هێنانی ئامانج و سیاسەتە پرولتری‌یەکان. وە لایەنی سێهەمی تێکۆشانمان ، تێکۆشانی ئەنترناسیونالیستی‌یە لە نیو موهاجیرەکان دا بە مەبەستی پێش گرتن بە تەفرەقە لە نیو کرێکاران دا و خوش کردنی ڕێگا بۆ پشتیوانی کردنی موهاجیرەکان لە خەباتی چینی کرێکار لە هەر ولاتیک.

ئەم لایەنانەی تێکۆشان نەک هەر هیچ ناکوکی‌یەکیان پێکوە نیە بەلّکوو یەک مەبەستی واحیدیان هەیە و یەکتر کامل دەکەن، دیفاعی ئێمە لە مافی پەنابەرەکان، دیفاع لە "ئێرانیەتی" و "سیمای میللی" یان نیە بەلّکوو دیفاعە لە هەلومەرجی کار و ژیانی ئینسانی بۆ موهاجیرەکان و بەرەبەرەکانی‌یە لەگەل ئەو مەحدوودییەتانە کە لەم ڕوانگەیەوە بە سەریان دا دەسەپێندری. ئەمە هەم خۆی لە خۆی‌دا مەبەست و ئامانجیکی ڕەوا و بەنرخە، هەم تێکۆشانیکە کە زەمینە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەرک

ئەنترناسیونالیستی‌یەکانمان و پتەو بوونەوەی پەیوەندی نیوان کرێکاران و دەستەنگانی موهاجیری ئێرانی و هاوچینەکانیان لە هەر ولاتیک دا پێک دینی. هەمیشە ناکوکی و جیاوازی نەژادی و مەزهەبی و میللی و جنسی و ... عامیلی تەفرەقە ساز کردن و ئالوزی پێک هێنان لە ڕیزی کرێکاران دا بووە و هەمیشە کۆمۆنیستەکان بۆ یەکگرتوو کردنی ڕیزی کرێکاران دابووە و هەمیشە کۆمۆنیستەکان بۆ یەکگرتوو کردنی ڕیزی کرێکاران، داواکاری لە ناوچوونی ئەو مەحدوودییەت و فشار و هەلاواردنە بوون کە بورژوازی بە پێی ئەم جیاوازی‌یانە بە سەر بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری داسەپاندوون. ئەمڕۆ لە حاست کرێکارانی موهاجیری ئێرانی‌ش هەر ئەرکیکی لەم چەشنە لە ئەستومانە. کرێکاری ئێرانی لە دەرەوەی ولاّت وەک "پەنابەر" هەرچەندی کەمتر ستەمی لی بکری و جیگا و شوینی خۆی وەک کرێکار باشتر دەناسی و هەرچی فشاری کۆمەلایەتی و ئابووری وەک پەنابەر کەمتر قورسایی بکاتە سەر شانیان، ئامادەیی زیاتریان دەبی کە بۆ دیفاع لە مافە چینایەتی‌یەکانیان بکەونە لای دەستی کرێکارانی باقی ولاّتان. لەم ڕوانگەیەوە دیفاع لە مافی پەنابەرە ئێرانی‌یەکان بەشێکە لە خەباتی ئەنترناسیونالیستی مان و خزمەت بەو خەباتە دەکا.

پرسیار: بە گشتی پێشڕەوی و سەرکەوتنی هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی ولاّت لە هەموو ئەم مەیدانانەی تێکۆشان لە دەرەوەی ولاّت دا، بە چ سەنگ و پێوانەیەک بەراورد دەکری و لە چ دیاردەیەک دا خۆ دەنوینی؟

وەلّام: ئەگەر بمەوی زۆر بە کورتی وەلّامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەبی بلیم پێشڕەوی ئێمە بە میزانی پەرەگرتن و جیگیر بوونی جیهانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و شۆڕشگێرانە وەک هێز و جەرەیانیکی کۆمەلایەتی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینایەتی دا هەل دەسەنگێندرێ. وەدی هاتنی ئەم ئامانجە هەلّبەت مەسەلەیەک نیە کە تەنیا لە گرەوی تێکۆشانی هێزەکانی ئێمە لە دەرەوەی ولاّت دا بی، وە نە تیجە و شوێنەوارەکانیشی تەنیا لە دەرەوەی ولاّت خۆ نانوینی، بەلّام سەرەڕای ئەوەش، ئەم ڕێبازی گشتی پێشڕەوی حیزبی ئێمە لە دەرەوەی ولاّتیش دیاری دەکا.

حیزبی ئێمە خەریکی هەلّگرتنی یەکەم هەنگاوەکانیەتی بۆ شی کردنەوە و ناساندنی کۆمۆنیزمیکی ئوسوولی، ڕادیکال، دەخالەتگەر و داشوراو لە توز و گەردی بۆچوونی ناسیونالیستی و وردە بورژوایی لە ئاستی جیهان دا. دەیان ساڵە کە جەرەیانانی چینایەتی جۆراوجۆر لە ژیر ناوی کۆمۆنیزم دا سیاسەت و ڕەوشت و سوننەت و نەریتی وا بەڕێوە دەبەن کە فری بەسەر چینی کرێکاری جیهانی و بەرژەوەند و ئامانجەکانی ئەو چینەوە نیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبی لە هەموو مەیدانیکی خەباتی چینایەتی‌دا، جیاوازی خۆی لەگەل ئەم جەرەیاناتە نیشان بدا و ببێتە جەرەیانیکی خاوەن نەزەر و هەلّوێست و دەخالەتگەر لە حاست مەسەلە سەرەکی‌یەکانی خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانی‌دا. حیزبی ئێمە دەبی هەموو هەول و کوششی خۆی بۆ گرسان و شکل گرتنی جەرەیانیکی لەم چەشنە بخاتە کار و بریارنامەی "هەندیک لە لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی جیهانی حیزب" لە ڕاستی دا بەشیک لەم هەول و کوششە لە ئاستی جیهان دا، دەست نیشان دەکا. لەم زەمینەیەدا هەندیک سەنگ و پێوانەی دیاریکراو هەن کە دەکری ئیشارەیان پی بکەین: میزانی ئەدەبییاتی ئێمە کە بۆ خەباتی نەزەری لەسەر گرینگترین مەسەلەکانی مەربووت بە خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانی دا تەرخان کراوە و میزانی بلاو بوونەوە و چەسپاندنی ئەم ئەدەبییاتە لە نیو بزووتنەوەی چەپی ولاّتانی جۆراوجۆردا، میزانی نزیکی هێز و ڕێکخراوە چەپەکان لە ئاستی جیهان دا لە جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ژمارەی ئەو هێز و ڕێکخراوانە، میزانی پشتیوانی ماددی و مەعنەوی دوولایەنە لە نیو کرێکارانی ئێران و باقی ولاّتان دا (ڕاگەیاندن و دەربرینی هاوپشتی لەگەل خەباتی کرێکاری، پشتیوانی عەمەلی، ناردنی پەیام و یارمەتی مالی و...)، نزیکایەتی و هاوپشتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی موهاجیری ئێرانی لەگەل چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری لە ولاّتانی دەرەوە، بەرینایی پەیوەندمان لەگەل ڕێکخراوەکان و ڕابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕادەی تەئسیر دانانمان لە سەر خەباتی کرێکاری لە ئاستی جیهان دا، وە جگە لەمانەش میزانی پتەوی تەشکیلاتی ئێمە لە دەرەوە و خۆ گرتن و جیگیر بوونی نەریت و شیوەکانی کاری کۆمۆنیستی لەم تەشکیلاتەدا، ئەمانە لەو سەنگ و پێوانە هەرەگرینگانەن کە میزانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئێمە لە مەیدانی کاری جیهانی دا پێیان هەل دەسەنگێندرێ. ئێمە هەر ئێستا ئامانج و ڕیگەی حەرەکەتی خۆمانمان بە ڕوشنی دیاری کردوە و لەم ڕێگایەدا چەند هەنگاومان هەلّگرتوە. بێگومان بە هەول و تێکۆشانی پێگیرانەی هەموو هێزەکانی حیزب، وە لەوانە هاوڕیانی حیزبی لە دەرەوەی ولاّتیش، لە وەدی هێنانی ئامانجە جیهانی‌یەکانمان دا پێشڕەوی زیاتر و بەر چاوترمان دەبی.

لە کوتایی دا پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەم وت و وێژەدا من خەتە گشتی‌یەکانی تێکۆشان و سیاسەت و ئامانجە گشتی‌یەکانی حیزبم لە مەیدانی جیهانی دا لە بەر چاو بووە و هەولم داوە لە ئاستیکی گشتی دا وەلّامی پرسیارەکان بدەمەوە. نەتیجەی عەمەلی کونکریت تر و ورد کردنەوەی ئەرکەکان و نەقشەی کاری ئێمە لە دەرەوەی ولاّت، دیارە لە ئەستوی هاوڕیانی بەرپرسی ئەم کارەیە لە تەشکیلاتی دەرەوەدا کە لە نزیکەوە لەگەل هەلومەرج و مەسەلەکان و وەسیلەی کاری خۆیان ئاشنایەتی‌یان هەیە.

***

خەباتی جەماوەری

کورتەیەک لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی.

خەبات لە دژی سەربازگیری

مەهاباد:

* هێزە جیناییەتکارەکانی جمهووری ئیسلامی، ڕۆژی ٢ی پووشپەر هێرشێکی گەورەیان کردەسەر کرێکارانی ئەو شارە لە "مەیدانی ئاسنگەران" و نزیکەی ٤٠ کەسیان بە سەربازگرت و ڕەوانەی مەرکەزە نیزامییەکانیان کردن.

تا ڕۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر ٢٠ کەس لەم کرێکارانە هەلاتوون و هەلاتنی باقییەکەشیان هەروا دریژەی هەیە.

* بەکریگیراوانی رژیم لە هەموو ئیمکاناتی خۆیان کەلکیان وەر گرتوە کە ژمارەیەکی زیاتر سەرباز بگرن. بەکریگیراوان بە وەسیلەی کونەپەرستانی محەللی و شووڕا ئیسلامییەکان، نامەیان بۆ مەشموولانی گەرەکەکانی شار و دێهاتی ئەم شارە ناردوە و داوایان لی کردوون خۆ تەحویل بدەن. بەڵام لە هەموو شوینێک خەڵکی تێکۆشەر و مەشموولەکان لە دژی سەربازگیری رژیم ڕاوەستاون و حازر نەبوون خۆی تەحویل دەنەوە.

* بەپێی هەوالی گەیشتوو و هەلاتنی سەربازان لە جبهەکان و مەرکەزە نیزامییەکان هەروا دریژەی هەیە و لەم دواییانەدا ١٠٠ کەسیتر لە سەربازانی خەڵکی شاری مهاباد هەلاتوون و گەراونەتەوە شوینی کار و ژیانیان.

* لە مانگی گەلاوێژی ئەمسااڵدا بەکریگیراوانی رژیم بۆ سەربازگیری هێرشیان بردە سەر گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها" و لە گەرەکی "ئەسحابە سپی" لاویکیان گرت.

بەڵام پەلاماری ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی ئەم گەرەکە بەکریگیراوانی ناچار کرد لاوە گیراوەکە ئازاد بکەن.

لە گەرەکی "کانی سوفی تەها"ش ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر بووە هۆی ئەوە کە چەند کەس لە گیراوەکان هەلین و خۆ لە چنگ بەکریگیراوانی دەرباز کەن.

بۆکان:

بەکریگیراوانی رژیم لە شاری بۆکان دەستیان داوەتە هەول و تەقالایەکی تازە بۆ سەربازگیری و ڕەشبگیری مەشموولەکان و پوستی بازرەسی و کۆنترۆڵی خیابانەانیان زیاتر کردوە و بە هێرشی درندانە توانیویانە ژمارەیەک لە مەشموولەکان غافلگیر کەن و بەرییان کەنە مەرکەزە نیزامییەکان.

بەڵام مەشموولەکان و خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی رژیم دا ڕاوەستاون و موقاومەتیان کردوە.

پیرانشار:

بەکریگراوانی رژیم لە پیرانشار بە وەسیلەی ئیمام جومعەی بەکریگیراوی ئەم شارە و شووڕا ئیسلامییەکان هەولیان دا کە بە بیانووی دیفاع لە نیشتمان، لاوەکان ناچار بکەن کە بۆ سەربازی رژیم سەردانەوینن. بەڵام خەڵکی زەحمەتکێش و لاوانی شۆڕشگێڕ بە شیوەی جۆراوجۆر دەستیان داوەتە موقاومەت و حازر نەبوون بچنە سەربازی جمهووری ئیسلامی.

سەقز:

* کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی بە بیانووی گورینی شناسنامە، هەولیان دا کە مەشموولانی شاری سەقز بە سەرباز بگرن بەڵام خەڵکی تێکۆشەر و لاوانی شۆڕشگێڕ نەتەنیا فریوی ئەم سیاسەتەی رژیمیان نەخواردوە، بەڵکوو بەرانبەر بەم پیلانە ڕاوەستان و بە هەموو شیوەیەک کومەکی سەربازانی فەراریان کردوە.

* ژمارەیەک لەو سەربازانەی بەهاری ئەمسااڵ گیرا بوون، لە کاتی ڕاگویزتنیان دا شیعاریان لە دژی رژیم و سیاسەتە سەربازگیریدا. بەکریگیراوانی رژیم دوای گەیشتنە جێی ئەو سەربازانە، ژمارەیەک لەو کەسانەیان ٢ مانگ زیندانی کرد کە ٧٠ کەسیان خەڵکی شاری سەقز و ئەوانی تر خەڵکی مهاباد و بۆکان بوون. ژمارەیەک لە زیندانییە ئازاد کراوەکان، لە سەربازی هەلاتوون.

* بەپێی ئەو هەوالانەی بەدەستمان گەیشتوون دوای شکستی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی شەردا، هەلاتن لە سەربازی و جواب نەدانەوەی سەربازان بە فەرماندەکانی رژیم بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە و سیاسەتی سەربازگیری رژیم بە موقاومەتی خەڵک تووشی شکست هاتوە.

بەکریگیراوانی رژیم ناچار بوون بۆ فریودانی خەڵک مەلاکان کۆبکەنەوە و وانیشان بدەن کە بەرییان دەکەنە جبهەکانی شەر، بەڵام موقاومەتی خەڵکی تێکۆشەری ئەم ناوچەیە هەروا دریژەی هەیە.

سەردەشت:

* دوای شکستی جمهووری ئیسلامی بەکریگیراوانی رژیم بۆ سەرکوت کردنی خەبات و ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێشی شاری سەردەشت و بۆ سەربازگیری، مەقەرەکان و پوستی بازرەسییەکانیان زیاد کردوە و دەرندانەتر لە پێشوو دەستیان داوەتە ئەزیەت و ئازاری خەڵک. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە سەرەرای ئەم زەخت و زۆر و هەرەشانە دەستیان لە موقاومەمت هەڵنەگرتوە و حازر نەبوون بچنە سەربازی رژیم.

موقاومەتی خەڵک و لاوانی شۆڕشگێڕ، رژیمی ناچار کردوە کە شووڕا ئیسلامییەکان و جاسووسانی خۆی بۆ شناسایی کردنی مەشموولەکان و شوینی ژیانیان بخاتە گەر.

* خەڵکی ئاوایی "نیسک ئاوی" لە دژی ڕەشبگیری لاوانی ئەم ئاوایییە ئیعتیرازیان کرد و بە موقاومەتی یەکگرتوویان نەیان هیشت کەس بە سەرباز بگرن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە نیوەراستی مانگی گەلاوێژدا، لە سێ ڕێیانی "بی‌زەیلە" ژمارەیەک لە لاوەکانیان گرت و ٥ کەسیان بە کەلەبچەوە بەری کردە پادگانی "چهل دختر" گیراوەکان لە ڕێگا دەستیان دایە ئیعتیراز و خوازیاری کردنەوەی کەلەبچەکانیان بوون.

ئەم ٥ کەسە دوای شەویک لە پادگانی "چهل دختر" هەڵدێن و حازر نابن سەربازی بۆ جمهووری ئیسلامی بکەن.

مەریوان:

بەکریگیراوانی رژیم ڕۆژەکانی ئاخری مانگی جوزەردان بە مەبەستی سەربازگیری هێرش دەبەنە سەر خەڵکی ئاوایی "زەلکە" و هەول دەدەن بە پێک هێنانی ترس و نواندنی زەبر و زەنگ لاوەکان بە سەرباز بگرن.

بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایییە بە وشیاری و یەکگرتوویی‌یەوە کومەکی مەشموولەکان دەکەن و ناهیلن بەکریگیراوان کەس بگرن.

بەکریگیراوان کە لە ناو ئاوایی نەیان توانی کەس بگرن، مەزراو باغەکانی خەڵکیان دایە بەر دەسریژ و بە دەستی بەتال گەڕانەوە.

پاوە:

بەپێی هەوالی گەیشتوو و هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە شاری پاوە، لە دریژەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەربازگیری دا کۆنترۆڵی بازرەسی کووچە و خیابانەکان و جادەکانی ئەم شارەیان زیاتر کردوە و تا بتوانن ژمارەیەکی زیاتر بە سەرباز بگرن لە دریژەی ئەم هەول و تەقالایانەدا بەکریگیراوان لە جادەی باینگان _ پاوە ١٦ کەسیان گرت و ڕەوانەی مەرکەزە نیزامییەکانیان کردن. بەڵام ٦ کەس لە گیراوەکان توانیان هەڵین و خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەرباز کەن.

خەڵکی شاری سنە حازر نەبوون بچن بۆ جبهە

ڕۆژی ٤ی مانگی گەلاوێژ، ژمارەیەک لە کاربەدەستانی رژیم لە شاری سنە وەک: ئیمام جومعە، نوینەری خومەینی لە کوردستان و ڕەئیس شارەبانی، بە خیابانەانی شاردا گەڕان و بە بلندگو داوایان لە خەڵک کرد بۆ چوون بۆ جبهەکانی شەر خۆیان بە مەرکەزە نیزامییەکان بناسێنن.

بەڵام خەڵکی تێکۆشەری سنە نەک هەر حازر نەبوون بچن بۆ جبهە، بەڵکوو ئاشکرا بیزاری خۆیان لە رژیم و کاربەدەستانی بەکریگیراو و خوشحالی خۆیان لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەربڕی.

خۆپێشاندانی خەڵکی بێژوی لە دژی شەر

ڕۆژی ١٧ی پووشپەر، لە نەتیجەی توپبارانی ئاوایی "بێژوی"دا، کەسیکی خەڵکی ئاوایی گیانی لەدەست دا و چەند کەسیتر بریندار بوون.

خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایییەی "ئالان"ی سەردەشت، دەسبەجێ بە ژن و پیاوەوە کۆدەبنەوە و بە شیعاری "مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی" و "ئێمە شەرمان ناوی" دەست دەکەن بە ئیعتیراز و خۆپێشاندانیک وەری دەخەن.

بەکریگیراوانی رژیم بۆ پێش گرتن بە پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵک، حکوومەتی نیزامی لە ئاوایی دا ڕادەگەیەنن و لە شوینە حەساسەکانی ئاوایی دادەمەرزینن. ئەم تەزاهوراتە سەعاتیک دریژەی هەبوو.

جووتیارانی ئاوایی زەلکە لە دژی ڕژیم و ئاغاکان ڕاوەستان

ماوەیەک لەوەپێش، ئاغاکانی پێشووی ئاوایی "زەلکە"ی مەریوان بە پشتیوانی هێزەکانی رژیم هەول دەدەن کە بەشیک لە زەوی جووتیارانی ئەم ئاوایییە لە دەستیان دەربێنن و لەبری کار کردن لەسەر ئەم زەوی‌یانە پوولیکی زۆریان لی بستینن.

جووتیارانی ئەم ئاوایییە بە شیوەی جۆراوجۆر دەست دەدەنە موقاومەمت و ئاخری بە پشتیوانی جووتیارانی ئاوایی‌یەکانی "دگاشێخان"، "سەرنژمار"، "وشکین" و "باران ئاوا" رایان گەیاند هەموو جۆرە پیلانیکی ئاغاکان و بەکریگیراوانی رژیم، بە خەباتی یەکگرتووی خۆیان پووچەل دەکەنەوە.

نەغەدە:

ماوەیەکە هێزەکانی رژیم زەخت و زۆری خۆیان لەسەر خەڵکی زەحمەتکێشی نەغەدەت زیاتر کردوە، بەکریگیراوان چەندین جار هێرشیان کردوەتە سەر دەستفروشان و کەل و پەلەکانیان بە تالان بردوون. هەروەها بەکریگیراوان وبرای ملهوری بە هەر بیانوویەک بەرتیل لە خەڵک دەستێنن و کەل و پەلەکانیان بەتالان دەبەن.

خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارە تا ئێستا زۆر جار دەنگی ئیعتیرازیان بەرز کردوەتەوە و بە ئاشکرا بیزاری قوولی خۆیان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم دەربڕیوە.

ئیعتیرازی خەڵکی شاری سەقز بە کەم بوونی نان

ڕۆژی ٢١ی جوزەردان، نزیکەی ١٠٠ کەس لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز کە لەبەر نانەواخانەیەک و لە بەر فەرماندارى کۆببونەوە، بە کەم بوونی نان ئیعتیرازیان کرد و خوازیاری زیاد کردنی سەهمیەی نانی خەڵکی ئەو شارە بوون.

فەرماندارى بەکریگیراوی ئەم شارە لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵک سەهمیەی ئاردی ژمارەیەک لە نانەواخانەکانی زیاد کرد.

گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکانی کوردستان

بەکریگیراوانی رژیم دوای شکستی سەر شووڕانەی لە شەری کونەپەرستانەیاندا، لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیراز و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و بۆ تیک شکاندنی ورەی خەباتکارانەیان لە زۆر شوینی کوردستان دەستیان داوەتە گرتن و زیندانی کردنی خەڵکی زەحمەتکێش.

بەکریگیراوان لە ٨ ئاوایی مەریوان پتر لە ١٠٠ کەسیان بە بیانووی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە گرت.

لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان"ی سنەش رژیم ژمارەیەکی زۆری لە خەڵک بە بیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە گرتوە و ژمارەی گیراوەکان لە چەند ئاوایی زیاتر لە ٨٠ کەس بووە.

لە ناوچەی بانەش بەکریگیراوان زۆر کەسیان بە بیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە گرتوە.

هەروەها لە ناوچەی بۆکان، بەکریگیراوانی رژیم ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی: "قەرەلی"، "حەشی‌ئاباد"، "تەپی"، "شاریکەند"، "قورەبەراز" و چەن ئاوایی‌تر گرتوە.

سەردەشت:

ڕۆژی ١ی مانگی گەلاوێژ بەکریگیراوانی ئیعتیلاعاتی سپای پاسدارانی رژیم، لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "گردینە" و "دەشتی وەزنی"ی سەردەشت دا کەمین بۆ کاروانچی‌یەکان دادەنینەوە و تەقەیان لی دەکەن. لە جەریانی ئەم تەقەیەدا کاروانچی‌یەکی خەڵکی "زیوە" بە نیوی حسین ممندی بریندار دەبی.

بەکریگیراوان هەروەها ١٤٥٠٠٠٠ تمەن پووڵی کاروانچی‌یەکان بە تالان دەبەن.

موقاومەتی ڕاننەدەکانی مهاباد لە بەرانبەر بێگاری رژیم دا

ڕۆژی ١ی مانگی گەلاوێژ بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی دەچنە ترمینال و گاراجەکانی شاری مهاباد و بە ڕاننەدەکان ڕادەگەیەنن کە دەبی بچن بۆ بێگاری لە جبهەی پیرانشار بەڵام ڕاننەدەکان دەست دەکەن بە ئیعتیراز و حازر نابن بچن بۆ بێگاری رژیم و موسافیرەکانیش پشتیوانیان لی دەکەن.

هەر ئەو ڕۆژە بەکریگیراوان لە ڕاننەدەکانی ناو شاری مهابادیش داوا دەکەن بۆ ڕاگویزتنی کوژراو و بریندارى جبهە "حاجی ئومران" بچنە بێگاری رژیم. بەڵام جگە لە چەند ڕاننەدە کەسیتر حازر نابی بێگاری بۆ رژیم بکا.

ئیعتیرازی سەرکەوتوانەی ژمارەیەک لە خەڵکی شاری بۆکان

ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ ژمارەیەک لە خەڵکی شاری بۆکان لە نیو سەفی سەهول دا لە بەر دەرگای کارخانەی سەهول ڕاوستابوون. پاش ماوەیەک خەبەر دێنن کە ئاو و بەرق قەتع بووە و سەهول نیە و لە خەڵک داوا دەکەن کە بلاوە بکەن. بەڵام خەڵک دەست دەکەن بە ئیعتیراز و دەڵین تا سەهول وەر نەگرین هەر لیرە دەمێنێنەوە.

بەکریگیراوانی شارەبانی لە ترسی پەرەسەندنی ئەم ئیعتیرازە هێرش دەکەنە سەر خەڵک و کەسیک بریندار دەکەن و چەند کەسیش دەگرن. خەڵکی تێکۆشەر بەم جینایەتەی بەکریگیراوانیش ئیعتیراز دەکەن و خوازیاری ئازاد کردنی گیراوەکان دەبن.

کاربەدەستانی رژیم ناچار دەبن لە بەرانبەر ئیعتیرازی خەڵک دا هەموو گیراوەکان ئازاد کەن.

ئیعتیرازی خەڵکی "هەبەکی" بە جینایەتی بەکریگراوان

لە مانگی پووشپەردا بەکریگیراوانی رژیم شوانیکی خەڵکی ئاوایی "هەبەکی" بۆکان دەدەنە بەر دەسریژ و دەی کوژن. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە ویرای ئیعتیراز بەم جینایەتەی بەکریگیراوان، خوازیاری سزادانی قاتلی ئەم زەحمەتکێشە دەبن.

بەکریگیراوان لە ترسی پەرەسەندی ئیعترازی خەڵک چەند ڕۆژ بەکریگیراوی قاتلیان گرت بەڵام دوای چەند ڕۆژ ئازادیان کرد.

چەند هەوال لە تیک هەڵچوونی خۆ بە خۆی هێزەکانی رژیم

* ڕۆژی ٢٩ی مانگی پووشپەر، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دەور و بەری ئاوایی "سەولاوا"ی ناوچەی مەریوان خەریکی حەسانەوە بوون.

هێزە وەربەرداوەکانی رژیم لە ترسی پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، هێزیکی زۆریان ڕژاندە مەقەر و پایگاکانیان. ئەو شەوە ٢ واحید لە بەکریگیراوان کە یەکتریان نەناسیبووەوە، خۆ بە خۆ لیکیان دا و ٣ کەسیان لە یەکتر بریندار کرد.

* ڕۆژی ٩ی مانگی گەلاوێژ بەکریگیراوانی ژاندارمری رژیم لە پوستی بازرەسی "نەلاس"ی ناوچەی سەردەشت بەکریگیراویکی ئیتیلاعاتی سپای پاسدارانیان لە ماشین کێشایە خوار و وەبەر پەلاماریان دا. ڕۆژی دواتر بەکریگیراوانی سپای پاسداران، لە ئاوایی "نەلاس" ٢ ژاندارم دەگرن و دەرژێنە سەریان.

ئەم کێشە و لیدانە بە دەخالەتی بەکریگیراوانی ئەرتەشی کوتایی پی دی.

* بەپێی ئەو هەوالانەی بەدەستمان گەیشتوون شکستی جمهووری ئیسلامی لە شەری ئێران و عێراقدا، ناکوکی و ئیختیلافی نیوان هێزەکانی رژیمی زیاتر کردوە و لەم دواییانەدا چەندین جار بەکریگیراوانی ئەرتەش و سپای پاسداران تەقەیان لە یەکتر کردوە و ژمارەیەکیان لە یەکتر کوشتوە و بریندار کردوە.

چەند هەوالی کورت

* ئاخری مانگی پووشپەر، بەکریگراوانی رژیم لە بازاری "نەلاس"ی ناوچەی سەردەشت دەیانەوی کەل و پەلی کاروانچییەك بە تالان بەرن و ئەو کاروانچییە و ژمارەیەك لە لاوانی شۆرشگێڕ لە بەرانبەر بەکریگیراواندا رادەوەستن و بەکریگیراویك دەدەنە بەر پەلامار. ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی محەللی رژیم دینە کومەکی بەکریگیراوەکە و چەند کەس دەگرن.

* کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەقز نرخی ئاویان گران کردوە و نرخی ئاوی ٦ مانگی خانەوادەیەکیان لە ۱۰۰۰ تمەنەوە تا ۵۰۰۰ تمەن دیاری کردوە.

خەڵکی شار لیرە و لەوی لە دژی چوونە سەری نرخی ئاو چەند ئیعتیرازیان وەری خستوە و حازر نەبوون ئەم باجە بدەن بە جمهووری ئیسلامی.

* رۆژی ۲۵ی مانگی پووشپەر ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراویکی رژیم بەڵام چەند بەکریگیراوی دیکە بۆ نەجات دانی هاوکارەکەیان هێرش دەکەنە سەر خەڵکی تووڕە و بە تەقەی هەوایی بلاوەیان پی دەکەن.

* منالە دەستفرۆشەکانی شاری سەردەشت بەرانبەر بە هێرشەکانی بەکریگیراوان راوەستان و بە ئیعتیرازی خۆیان و پشتیوانی خەڵك پاشەکشەیان بە مەئموورانی رژیم کرد.

* کاربەدەستان و مەسئوولانی زیندانی رژیم، زیندانییە ئازاد کراوەکانیان خستوەتە ژێر زەخت و فشار بۆ ئەوەی کە ناچاریان کەن تا زوو بە زوو هات و چووی سپای پاسداران بکەن و ئیمزا بکەن و ئیتیلاعاتی خۆیان بدەن بە بەکریگیراوان. تەنانەت بەکریگیراوان ژمارەیەك لە زیندانییە ئازاد کراوەکانیان سەر لە نوێ گرتوەتەوە و خستوویانیانەتە ژێر شکەنجە و فشارەوە.

* شەوی ۹ی مانگی گەلاوێژ بەکریگیراوانی رژیم لە دەوروبەری ئاوایی "وشەدەرە"، لە بەشی سەرشیوی سەقز، کەمین دادەنینەوە و چەند زەحمەتکێشی خەڵکی ئەم ئاوایییە دەدەنە بەر دەستریژ.

خەڵکی ئەم ئاوایییە لە دژی کەمین دانانەوەی هێزەکانی رژیم و تەقە کردنیان لە خەڵك، ئیعتیرازیان کرد و ئەم جینایەتەیان مەحکووم کرد.

* هێزە جینایەتکارەکانی رژیم لە نیوەراستی گەلاوێژدا زەحمەتکێشیك بە نیوی "محەمەد ئەمین شریف" لە ئاوایی "هانەشیخان"ی مەریوان دەدەنە بەر دەسریژ و دەیکوژن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە بەشی "گەورك"ی سەردەشت خەڵکیان خستوەتە ژێر زەخت و فشار. رۆژی ۲۸ی پووشپەر چادری یەکیك لە خەڵکی ئاوایی چوالان دەدەنە بەر دەسریژ و کچیکی ۱۵ ساڵە بە نیوی "ئایشی" دەکوژن و ۲ کەسی تریش بریندار دەکەن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایییەکانی "وەلیو"، "پاراستان" و "نەلوسە"لەناوچەی سەردەشت حکوومەتی نیزامییان راگەیاندوە و تا ئێستا بە هۆی مل کەچ نەکردن بۆ حکوومەتی نیزامی لە چەند کەسیان داوە.

* بەکریگراوانی ئیتیلاعاتی سپای پاسدارانی سەردەشت، لە ژمارەیەك لە ئاوایییەکانی ئەم ناوچەیە خۆیان بە پێشمەرگە لە قەلەم داوە و پوولیان لە خەڵك ئەستاندوە.

* بەکریگراوانی رژیم لە ترسی حوزووری هێزی پێشمەرگە و بۆ تەنگەبەر کردنی مەیدانی هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگ، لەسەر جادەی ژمارەیەك لە ئاوایییەکانی ناوچەی سەردەشت، دەستیان داوەتە دانانەوەی مین. لە ئاوایی "سیسیر" بەکریگیراوان هەر ئیوارە مین لە جادەی ئاوایی دادەنێنەوە و تا ئێستا ژمارەیەك لە مەر و مالاتی خەڵك تێداچووە.

* دوای شکست و پاشەکشەی هێزەکانی رژیم لە جبهەکانی مەریوان، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوایییەکانی ئەم ناوچەیە چول کران و خەڵکی ئەم ئاوایییانە ئاوارە بوون. ئاوایییەکانی "جەژنی ئاوای"، "خانمەکون"، "میرئاوا"، "خاو"، "ساوجی" و چەند ئاوایی‌تر بە تەواوی ویران بوون و و خەڵکی ئەم ئاوایییانەش ئاوارە بوون.

* رۆژەکانی هەوەڵی مانگی گەلاوێژ، بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "توراخ تەپە"ی مەریوان بۆ ترساندنی خەڵکی ئاوایی دەست دەکەن بە تەقە و زەرەر و زیانیکی زۆر لە خەڵك دەدەن. ژنان و پیاوانی ئەم ئاوایییە بەم جینایەتەی بەکریگیراوان ئیعتیرازیان کرد.

***

سیمای سیاسی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە چی دەناسرێتەوە؟

سیمای راستەقینەی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە باشترین شێوە لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا کە هەرتکیان لەچەند رۆژی رابوردوودا رووبان داوە خونیشان دەدا.

یەکەمیان وت و وێژێك بوو کە قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا کردی و تێیدا لەم دەرفەتە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەلکی وەرگرت هەتا دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانەی خۆی لەگەل ئامانجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و لەگەل کۆمۆنیزم لە رادیوی ئەمریکاوە جاریکی‌تر رابگەیەنی و تەئکیدی لەسەر بکاتەوە. لە لایەکی‌ترەوە لە کوردستان چەکدارەکانی قاسملوو لە سنوورەکانی سەردەشت لە چوار رۆژدا دووجار رێگایان لە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی بەشەکەی‌تری حیزب دیموکرات گرت و لە گەلیان تێك هەڵچوون کە هەرتك جار ژمارەیەك لە هەرتك لا کوژران و بریندار بوون. هاوکات بوونی ئەم دوو حەرەکەتە ئەگەرچی رەنگە بە هەڵکەوت بی بەڵام لە ناوەرۆك دا، دووبەشی سیاسەتیکی واحید پێك دێنن و بە تەواوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. تەقالاکانی قاسملوو بۆ نیشاندانی توانایی و زەرفییەتی دژ بە شۆرشی بەرانبەر بە کۆمەڵە و بەرانبەر بە هێزە سیاسی‌یەکانی موخالیفی داروودستی قاسملوو لە کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەم سیاسەتی خۆی لە لای بورژوازی بنێتە بازاری معامەلە و بیکاتە وەسیلەیەك بۆ ئەوەی ئەمپریالیستەکان وەك جەرەیانی بەکەلك بۆ خۆیان وەری بگرن. رێگری و شەرخوازی ئاغای قاسملوو ئەگەر بۆ ئەوە نەبی کە لە لای بورژوازی لە ئوروپا و ئەمریکا بێهنێتە سەر سەودا و بازاری خۆی پی گەرم بکا بە کەلکی چ دی؟ ئەم دوو هەنگاوە بە ڕوپشتی میدالیکن کە دەمیکە بەسەر سنگی ئەم داروودستەیەی حیزبی دیموکراتەوە دەڵەرێتەوە. میدالی دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانە لەگەل هەر بیریکی پێشڕەو و شۆرشگێڕ، وە لەگەل هەر هەڵسووڕانیکی وشیاریدەرانە و هەر شتیك کە موریکی دیموکراسی و ئازادی سیاسی پێوە بی، دوژمنایەتی لەگەل هەر هەنگاویکی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو یەکگرتن و بۆ دیفاع لە ماف و ئامانجە چینایەتی‌یەکانی خۆیان. ئەم میدالە ئەگەر لە لای خەڵکی کوردستان جێگای نەفرەت و بیزاریی‌یە و مەحکووم، بۆ قاسملوو و داروودستەکەی ئاخرین دەسمایەی حەیاتی سیاسی‌یانە.

ئەم حیزبە پاش ئەوەی لە شەر لەگەل کۆمەڵەدا جگە لە شکستی سیاسی و نیزامی هیچی پی نەبرا، دەستی لە ئازاوەنانەوەی چەکدارانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا هەل نەگرت. ئاگر بەسی کۆمەڵەی قەبوول نەکرد و دریژەی بە شەرخوازی خۆی دا و ئەمرۆ دەبینین کە بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی سەرشورانەی و بۆ پاراستنی ئیعتباری لە دەست چووی لەو مەنتەقەیەدا رووی کردوەتە رێگری و هێرشی چەکدارانە بۆ سەر بەشەکەی تری حیزبی دیموکراتیش. بەم جۆرە ئاشکراتر لە هەمیشە نیشانی داوە کە ئیتر قاسملوو و حیزبەکەی هیچ پەیوەندیکیان لەگەل بزووتنەوەی حەقخوازانە و شۆرشگێڕانە و لەگەل بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نیە.

نیشانەی سیمای ئەم جەماعەتە لە مەیدانی سیاسی ئەمرۆی ئێران و کوردستاندا تەنیا بریتی‌یە لە دوژمنایەتی کویر لەگەل ئامانجە کرێکاری‌یەکان و خەیانەت پێشەیی لە مەیدانی بزووتنەوەی جەماوەری دا لە کوردستان. حوزوور و فەعالییەتی ئەم داروودستەیە لە بزووتنەوەی جەماوەری دا لە کوردستان جگە لە پێك هێنانی موزاحەمەت لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستاندا هیچ خاسییەتیکی‌تری نیە.

لە هەلومەرجی ئێستادا و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بوحرانە و گیروگرفتانە کە بەروکیان بە جمهووری ئیسلامی گرتوە، لە کوردستان شیعار و ویستی گشتی ئەوەیە کە بە پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری و چەکدارانە دەسەلاتداریتی ئەم رژیمە داگیرکەرە لە کوردستان هەڵپچڕی. بەڵام هەموو کارکردی حیزبی دیموکراتی داروودستەی قاسملوو بە پێچەوانەی ئەم داخوازیە و کوسپ بوونیان لەسەر رێگای خەباتی جەماوەری بە تەواویی ئاشکرا بووە. ئەگەر عەمەلییاتیکی نیزامی لە دژی جمهووری ئیسلامی‌دەکەن بۆ ئەوەیە کە ئیمکانییان بۆ پێك هێنانی موزاحەمەت بۆ باقی هێزە سیاسی‌یەکانی هەبی. ئەمانە بە کردەوە تەنیا خزمەت بە جمهووری ئیسلامی دەکەن و هیوادارن رۆژیك ئەم خزمەتە بە حیسابیان بنووسری و معامەلەییەکیان لەگەل بکری. چارەنووسی ئەم داروودستەیە لەم سیاسەتانەیان دا هەرچی بی، ئەو شتەی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و راپەریوی کوردستان پێویستە ئاگادار بوونی هەرچی زیاترە لە چارەنووسی حیزبی سیاسی بورژوازی لە بزووتنەوەی کوردستاندا کە ئێمە پێشتر لەم بابەتەوە دواوین و قسەی زیاتری هەل دەگرین بۆ داهاتوو. بەڵام ئەو شتە کە وەبیر هێنانەوەی پێویستە ئەو واقعییەتەیە کە حیزبی دیموکرات لە رەوتی روو لە کزبوون و دامرکانی خۆیدا بە دریژایی ئەم چەند ساڵە لە دوژمنایەتی کردنیدا لەگەل ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ریزی کرێکارانی وشیاری کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی‌دا نەماوەتەوە و نەیتوانیوە ناکوکی‌یە سیاسی و چینایەتی‌یەکانی خۆی لەگەل کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە شیوەی سیاسی بەرەوپێش بەری. لە نەتیجەدا کەوتە تەقالا بۆ داسەپاندنی شەری سەراسەری بەسەر کۆمەڵەدا هەتا بە خیالی خۆی بەم جۆرە مەوقعییەتی لە دەست چووی خۆی وەدەست بێنێتەوە. یانی لە لایەکەوە بە زۆری سەرەنیزە و لە مەیدانی بزووتنەوە و خەبات دا لە کوردستان ببێتە کوسپی سەر ڕێگای گەشە و پەرە گرتنی هەڵسووڕانی وشیاریدەرانە و رزگاربەخشی کرێکاران و لە لایەکی ترەوە ئەم کارکرد و سیاسەتەی خۆی بکاتە دەست مایەیەك بۆ معامەلە و سازان لەگەل جمهووری ئیسلامی و هەروەها نیشاندانی سیمای دژی کۆمۆنیستی خۆی بە ئەمپریالیستەکان. چەند ساڵ شەر لە دژی کۆمەڵە ڕێك بە پێچەوانەی ئەو شتە کە حیزبی دیموکرات چاوەروانی بوو حاسلەکەی بۆیان بوو بە شکستی چەکدارانە و بی ئیعتبار و سەرەنجام تووندوتیژ بوونەوەی ناکوکی و کیشەی ناوخۆیی ئەو حیزبە و لە ئەنجامدا جیابوونەوەی بەشیك لەو حیزبە لە زستانی رابوردوودا. قاسملوو و داروودستەکەی بەرانبەر بەم جیابوونەوەیەش نەیانتوانی شیوەی خەباتی سیاسی بگرنە پێش و هەر لە سەرتاوە بە ڕەفتاری غەیرە سیاسی و هەرەشە و شەری ڕەوانی وەعدەی شەری چەکدارانەیان بە بەشەکەی تری حیزبی دیموکرات دا و هەروەك دیتمان بەرەیوەشیان برد و لەم شەرەش دا نەك هەر هیچ سەرکەوتنیکی چەکدارانەیان بەدەست نەهێنا بەڵکوو داماوی و پەك کەوتوویی خۆیانیان لە هەمیشە ئاشکراتر بەرچاو خست. بەم جۆرە ئەمرۆ سیاسەتیك کە حیزبی دیموکراتی کیشایە شەری چەند ساڵە لە دژی کۆمەڵە و زەربەوەشاندن لە یەکەری بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان، سیاسەتیك کە بووحران و سەر لی شیواوی و جیابوونەوەی بۆ حیزبی دیموکرات بە دیاری هێنا و ئەم حیزبەی لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکان بی ئیعتبار کرد و بە تاقی خستەوە، بۆ هەموان دەرکەوتوە. بەڵام وادیارە ئەم هەموو دەرس و تەجرەبەیە بۆ ئەم جەماعەتە بەس نیە. بی زەرفییەتی سیاسی و بە دوور بوون لە هەر چەشنە دیموکراسی‌یەك، جەماعەتی قاسملووی لە باری سیاسی‌یەوە تووشی حال و وەزعیکی ئەوەندە شپرز کردوە کە چەکدارەکانی حیزبەکەی بۆ مانەوەی تاقمی بەرێوەبەرایەتی ناچار کردوە کە دەست بدەنە شەری چەکدارانە لە دژی بەشەکەی تری ئەو حیزبە و دوای چەند مانگ هەرەشە و خۆرانان سەرەنجام شەر لەگەل بەشکەی‌تریان دەست پێکرد و پەرەیان پێدا.

پاشماوەی لە دژی ئیعدامەکان، ئیعتیراز بکەن!

لە هەلومەرجیکی ئاوادا عەمەلیاتی بی باکانە و تیك شکێنەری هێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شارەکان و لە قووڵایی مەنتەقەی پر لە چەکدار و میلیتاریزەی کوردستان، ئارام و ئوقرەی لە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم هەڵگرتوە و بەم جۆرە داماوی و زەبوونی هێزەکانی رژیمی ئاشکراتر کردوە و هیوای سەرکەوتنی لە دڵی خەڵك داگەشەبارتر کردوە و هات و هاوار و ئیددیعا پووچەکانی رژیمی کردوەتە گالتە جاری هەموان.

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر!

ئەم دیکتاتورە میزەربەسەرانە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی خۆیان لە جەبهەکانی شەری ئێران و عێراقدا، لە کووچە و خیابانی شارەکان و لە گوشەی زیندانەکان، بە شوین سەرکەوتن دادەگەرین، وە بەوەگەر خستنەوەی جووخەکانی ئیعدام، بی هووده پەلەقاژە دەکەن تا لە سایەی تڕۆرو ترساندن و توقاندن دا، عومری نگریسیان درێژ کەنەوە.

رژیم بۆ بەرێوە بردنی ئەم سیاسەتە درندانەیەی خۆی، لە مێژە مولاقاتی زیندانیانی سیاسی بڕیوە تا پێش بە بلاو بوونەوەی هەر جۆرە خەبەر و دەنگ و باسیك لە بابەت چارەنووسی ئەوانەوە بگری. پاشان شایعەی ئیعدام کرانی ئەوانی بلاو کردەوە تا بزانی خەڵك چلون لە بەرانبەر ئەم شایعانە دا دەجوولینەوە. ئێستاش بە پێی ئەو خەبەرانەی گەیشتوون و بە پێی تەحقیقات و لیکولینەوەی ئێمە دەیان کەس لە خەباتکارانی شارەکانی سەقز، مهاباد، و سنە لە لایەن ئەم جینایەتکارانەوە ئیعدام کراون!

کرێکاران!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

رژیمی جمهووری ئیسلامی، رژیمی سەرکوت و شکەنجە و تڕۆر، لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازاتی خەڵك و هەلمەتی تیك شکێنەری هێزی پێشمەرگە ئیعدامی بە کۆمەڵی‌ڕوو لە تێکۆشەرەکانی ئیوەی وەری خستوە.

دەبی دەسبەجێ بۆ بەربەست کردنی ئەم سیاسەتەی رژیم و بۆ پێش گرتن بە دووپات بوونەوەی ئەم جۆرە جینایەتانە، دەس بەکار بن! لەگەل خانەوادەی ئەم خەباتکارانە هاودەردی بکەن! کووەبوون لەسەر قەبران و مەراسمی ریزگرتن لەم قوربانی‌یانەی وەحشی گەری جمهووری ئیسلامی، بکەن بە ئیعتیراز لە دژی ئیعدام کردنی بە کۆمەڵ لە لایەن رژیمەوە.

موقاوەمەت و ئیعتیرازی ئیوە دەتوانی پاشەکشە بە رژیم بکا.

مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی!

بەریز بی یادی ئازیزانی گیان بەخت کردوو!

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

۳۰ی خەرمانانی ۱۳٦۷

***

(پاشماوەی) ئەهمییەتی سەرکەوتنەکانی ئەمسالّی کرێکارانی کوورەخانەکان

یەکەم، ئەمسالّ، زۆر زووتر لە سالان مانگرتن لە کوورەخانەکان دەستی پێکرد. ئەمە نیشان دەدا کە کرێکاران و ڕابەرانی بە تەجرەبەیان، لە ماوەی پاییز و زستاندا پەیوەندی یان لیک نەبراوە، بو خەباتی سەردەمی کار تەدارەکیان دیوە و بە گشتی ئامادەگییان بۆ مانگرتن و خەباتی یەکگرتوانە لە چاو پارەکە، هەنگاویک بەرەو پێشتر چووە.

دووهەم، خەباتی ئەم بەشە لە کرێکاران، بەرادەیەکی بەرچاو سەراسری بوو. لە "سەردەرو"ی "تەورێز" و تا "مەرەند" و "وایگان" و تا "هەمەدان" و هەروەها "تاکستان" و "مهاباد" و "کەرەج"، کرێکارانی کوورەخانەکان چەندین خەبات و مانگرتنی سەرکەوتوانەیان بەرێوە برد. کرێکارانی کوورەخانەکانی "هەمەدان" ئەمسالّ دووجار مانیان گرت و بەشیلگیری خۆیان سەرکەوتنیکی بی وێنەیان وەدەست هێنا و حەقدەستیان بەجاری گەیاندە ٢٣٠ تمەن.

سێیەم، ڕادەی یەکگرتوویی و ریک و پێکی مانگرتنەکان، بە ئاشکرا، پێشکەوتوو تر لە پار بوو. هەموو بەشەکان، لە قالبدار و چەرخکیش و قرمزدار و ئەمبار زەنەوە، پێکەوە خەباتیان کرد و تەنانەت لە بریک شوێنیش، بی ئەوەی بگاتە مانگرتن. بۆ جێبەجێ کردنی داخوازەکانیان، سەریان بە سەرمایەدارانی خاوەن کوورە دانەواند.

سەرجەمی تەجرەبەی ئەمسالّی ئەم خوشک و برایانەمان نیشان دەدا کە لیهاتوویی و هێزی کرێکاران، یەکگرتوویی و ریک و پێکییان، وە لە نەتیجەدا ئامادەگییان بۆ پووچەل کردنەوەی پیلان و فشاری دوژمن بە سەرمایەدار و دەولّەتەوە، زیادی کردوە. بە پێچەوانەی ریزی دوژمن زۆر لە پارەکە شپرزەتر و داماوتر خۆی نواندوە.

وەختیک ئەم نەتیجەگیرییە کورت و گشتییەی خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکان لەگەل چەند نموونەیەکی وەک : هاتنە مەیدانی سەرکەوتوانەی کرێکاران، حەرەکەتی بەهێزی ڕۆژی کرێکار لە سنە و لە مهاباد، وە چەندین خەبات و مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی ساختمانی، لە پال یەکتردا بێنین، بێگومان بۆمان دەردەخا کە هێزە و توانامان، لیهاتوویی و قابیلییەتی ڕێکخراوبوون و موبارەزە کردنمان لە رادەیەکدا یە کە بتوانین سەرکەوتنی لەمەزیاتریش بەدەست بێنین.

ئەم پێشڕەوییانە، لە سەردەمیکدا کە ریزی دوژمنانمان تووشی دەیان گیروگرفت و تەنگانە و شکستە، هەر ئێستا دەتوانی سەرکەوتنی سەنگەر بە سەنگەرمان بۆ بەدەست هێنانی هەموو داخوازە فەوریەکانمان، ئاسانتر و گونجاوتر بکا. ئەم ڕاستییە دەبی تێنی دل و هومیدی سەرکەوتنمان زیاتر بکا و ڕیزەکانمان لیک نزیکتر بکاتەوە و ڕێگا بۆ هاتنە مەیدانمان خوشتر بکا. تا ئەو جێگایە کە دەگەڕێتەوە سەر خوشک و برایانی کوورەخانەکان، ئێمە جاریکیتریش پیروزبایییان لی دەکەین.

خوشک و برایانی کرێکاری کوورەخانەکان کە ئەمسالّ نە تەنیا خۆیان سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست هێنا، بەڵکوو لە خەباتی ئەمسالّمان دا ڕچەشکین و پێشقەدەم بوون، دەبی قەدری ئەم پێشڕەوییانە بزانن و یەک ڕۆژیش هەنگاوی لی شل نەکەنەوە، دەبی وریایی خۆیان بەرانبەر بە دوژمن لە دەست نەدەن، پێویستە ئەم خەباتەی کە تا ئێستایان هێناوە، هەتا ئاخری فەسلی کار و تا گەیشتن بە هەموو داخوازەکانیان دریژەی پی بدەن. کرێکارانی کوورەخانەکان دەبی زیاد کردنی حەقدەست بە پێی گرانی وەک ئەسلیک بخەنە جێ. ئەو هەقەبچەسپێنن کە لە وەختی خۆیدا، حەوتوو بە حەتووریان ئەو پەری مانگ بە مانگ، حەقدەستیان پی بدری، هەروەها پێویستە ئەو مافە حاشا هەلّنەگرەی خۆیان کە دەبی شەرایەتی کار و ژیانیکی باشتریان هەبی، جێگیر بکەن.

بەلّام تەجرەبەی گشتیتری ئەم سەرکەوتنانە بۆ ئێمە و هەموو کرێکاران ئەوەیە کە هێزی خۆمان و قودرەتمان لە کاتی یەکگرتوو بوون و ڕێکخراو بوونی ڕێزەکانماندا، باشتر بناسین. هەروەها وەزعی دوژمنان، یانی ئەم حال و وەزعەی کە ئێستا دوژمنمان تیی کەوتوە، بە وردی هەلّسەنگینین و بی ناسین. دەبی وشیار بین، دەرفەتیکی تاریخی و گەورمان وەدەست کەوتوە! دوژمنان لە ئەساسیترین سیاسەتەکانی خۆیدا شکستی خواردوە و ئەوە بۆ ئێمە درەفەتیکی زۆر گەورەیە بۆ بەرەوپێش چوون و سەنگەر لی گرتنی، ئەمە هەلّیکە بۆ ئەوەی زیاتر بێنە مەیدان و بە هێزی ریزی یەکگرتوومان، هەموو حەقی خۆراومان بستێنەوە.

ئێستا بۆ زیادکردنی حەقدەست، بۆ داسەپاندنی بیمەی بێکاری، بۆ دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانمان بە قیمەتی دەولّەتی، بۆ پی بژاردنی تاوانی خەسارەتی ئاوارەکان و ئەو خانەوادانە کە نان ئاوەری مالیان لە شەری ٨ ساڵەی ڕژیمدا لە دەست داوە، بۆ داسەپاندنی ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوون، بۆ ئازاد کردنی کرێکارە گیراوەکان و تێکۆشان لە پێناو ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی دا و بۆ زۆر داخوازیترمان، زەمان لە هەمیشە ئامادەتره.

لەم مەیدانەدا کارسازترین چەکمان ڕێکخراوبوون و یەکگرتنە کە ئەمڕۆ لە ٢ ڕێگاوە دەتوانین وەدی بێنین، لە ڕێگای پێکهینانی زۆر بە زووی کۆبوونەوەی گشتییەوە و لە ڕێگای پەیوەندی دایمی کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیست پێکەوە. نەک هەر لە نیو کارخانە و سنفیکدا، بەڵکوو لە شار و مەنتەقەدا.

ئەم وتارە ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێژ لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

***

خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە کەمینی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا لە نزیک ئاوایی بستام لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان ١٥ بەکریگیراوی ڕژیم کوژران و بریندار بوون.

شەوی ٢ی مانگی گەلاوێژ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاوە، لە نزیک ئاوایی "بستام" لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان، کەمینیان بۆ هێزە داگیر کەرەکانی ڕژیم دانا.

واحیدیکی ڕژیم سەعات ٩ی شەو کەوتە کەمین و لە چەند میرتیەوە درایە بەر ئاوری چەکی پێشمەرگەکانو چەند کەسیان کوژران و بریندار بوون و چەند کەسیش لە تاریک بوونی هەوا کەلکیان وەرگرت و هەلاتن.

لە کاتیک دا کە بەکریگیراوانی پایگا و مەقەرەکانی دەوروبەر بە کالیبر٥٠ و خومپارەی ١٢٠ شوینی شەرەکەیان دەکوتا، واحیدیکیتری پێشمەرگەکان بەکریگیراوانی ڕژیمیان لە نزیکەوە دایە بەر پەلامار و تەلەفات و خەسارەتیکی بە خۆیان و ماشینەکانیان گەیاند.

لەم عەمەلیاتەدا نزیکەی ١٥ بەکریگیراوی ڕژیم کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەکان هەموو بە سلامەت گەرانەوە ئەو شوینانەی کە لە پێشدا دیاری کرا بوو.

لە پەلاماریکدا بۆ سەر هێزەکانی ڕژیم لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "بوخەلوو" و "سەردەرەی سەقز":

* **٣ ماشینی بەکریگیراوان تیک شکان**
* **نزیکەی ١٥ کەس لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون**

سەعات ٧و ١٥ دەقیقەی ئیوارەی ڕۆژی ٢ی مانگی گەلاوێژ، چەند وادحیدی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی ٢٦ی سەقز و گوردانی کاوە، لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "بوخەلوو" و "سەردەرە"ی سەقز، ٣ ماشینی هەڵگری بەکریگیراوانی ڕژیمیان خستە کەمین و داوایان لی کردن تەسلیم بن.

بەلّام بەکریگیراوان تەسلیم نەبوون و کەوتنە بەر پەلاماری تیک شکینەری پێشمەرگەکان و هەر سیک ماشینەکان تیک شکیندران و زۆربەی بەکریگیراوان کوژران و چەند کەسیش بەشلەژاوی هەلاتن.

بەکریگیراوانی پایگاکانی دەرووبەر بە چەکی سووک و قورس مەنتەقەیان کوتا و لە پایگای "بوخەلوو"ەوە هێزی کومەکیان بەرەو شوینی شەرەکە بەری کرد. بەلّام هێزی کومەکی ڕژیمیش کەوت کەمینی واحیدیکیتری پێشمەرگەکان و دوای دانی تەلەفاتیک، ناچار بە پاشەکشە کرا.

لەم عەمەلیاتەدا نزیکەی ١٥ کەس لە بەکریگیراوانی ڕژیم کوژران و بریندار بوون و سێ ماشینی ڕژیم تیک شکێندرا.

بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی خۆیان، دەسکەوتەکانیان کونەکردەوە و هەموو بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

لە بەرزاییەکانی "کاوملە" لە سەرشیوی سەقز:
پێشمەرگەکانی کۆمەڵە واحیدیکی دوژمنیان لە داو خست و چەند هێرشی هێزەکانی ڕژیمیان تیک شکاند.

ڕۆژی ١١ی مانگی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، کە لە بەرزاییەکانی "کاوملە" لە بەشی سەرشیوی سەقز بوون. لە جم و جوولی واحیدیکی هێزەکانی ڕژیم ئاگادار بوون و کەمینیان بۆ دانان و لە نزیکەوە هێرشیکی قورسیان کردنە سەر و ژمارەیەک لە بەکریگیراوانیان کوشت و ژمارەیەکیتریشیان بریندار کرد. باقی بەکریگیراوانیش بە بی دەست کردنەوە هەلاتن.

هێزەکانی ڕژیم بۆ قەرە بوو کردنەوەی شکستی خۆیان، سەعات ٧ی بەیانی لە ئاوایی "حاجی ئەول"ەوە بەرەو شوینی پێشمەرگەکان وەری کەوتن. بەلّام کەوتنە کەمینی واحیدیکی تری پێشمەرگەکان و دوای دانی تەلەفاتیک پاشەکشەیان کرد.

فەرماندە جینایەتکارەکانی ڕژیم بە هەرەشە و گورەشە، هێزەکانیان کودەکەنەوە و جاریکیتریش هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکان، بەلّام ڕاوەستاوی پێشمەرگەکان مەجبوریان دەکا دوای دانی تەلەفاتیکیتر، بەیەکجاری، پاشەکشە بکەن.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا سەرجەم ١٦ کەس لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون کە جەنازەی چەند کەسیان تاکوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە لە دەست پێشمەرگەکاندا بوو. هەروەها چەکیک بە هەموو موهیماتەوە کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکان سەرەڕای توپ بارانی هێزە جینایەتکارەکانی دوژمن، هەموویان بە سلامەت، دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە ئەو شوینەیان بەجێ هیشت.

* شەوی ٤ی مانگی گەلاوێژ، هاورییانی گوردانی ٢٦ی سەقز، لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان، سەعات ٩ی شەو واحیدیک لە هێزەکانی ڕژیمیان خستە کەمین و هەر لە هێرشی هەول جاردا هەموو بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون و ماشینەکەش بە تەواوی تیک شکێندرا.

پایگاکانی "دگاگا" و "بوخەلوو" بە چەکی قورس و سووک مەنتەقەیان کوتا بەلّام هیچ زەرەر و زیانیکی بەدواوە نەبوو.

پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی خۆیان، دەسکەوتەکانیان کونەکردەوە و هەموو بە سلامەت شوینی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

کەمینیکی تیک شکێنەر:

دیواندەرە:

شەوی ١٣ی مانگی گەلاوێژ چەند واحید لە هاورییانی گوردانی کاوە کە بۆ ئەنجام دانی مەئموریەتیک دەچوونە ئاوایی "ماسیدەرەی شیخ" لە بەشی خورخورە، لە حوزووری هێزەکانی ڕژیم لە ناو ئاوایی ئاگادار بوون.

پێشمەرگەکان بۆ زەربە لیدان لە بەکریگیراوان و دەرکردنیان لە ئاوایی ئارایشیان گرت و هێرشیکی توند و بەدەست و بردیان کردە سەر هێزەکانی ڕژیم و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیک، لە پێشدا بەشیک و دواییش هەموو ئاوایی‌یان لە دەستیان دەرهینا.

بەکریگیراوانی پایگای ڕژیم کە چاویان لەم پەلاماره بەدەست و بردەی پێشمەرگەکان بوو، نەیان توانی دەست بکەنەوە. پێشمەرگەکان دوای ئەنجام دانی ئەم عەمەلیاتە لە کۆر و کۆمەڵی خەڵکی ئاوایی دا بەشداریان کرد و پێشوازی‌یەکی گەرمیان لی کرا و پاشان هەموو بە سلامەت گەرانەوە بۆ شوینە دیاری کراوەکانیان.

ئازاد کردنی ٤ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر

کومیتەی ناوچەی سەقز رایگەیاند، ڕۆژی ٢٠ی مانگی گەلاوێژ ٢ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر بە نیوی "میرهاشم حسینی" و "محمەد نوری" بە پێی سیاسەتی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵە ئازاد کران. ئەم دوو کەسە لە شەری ڕۆژی ١٥ی گەلاوێژ بەدیل گیرابوون.

هەروەها کومیتەی ناوچەی سنە ڕۆژی ١٠ی جوزەردان، بە پێی ئەم سیاسەتە ٢ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەری بە نیوی "کەرم باجەلان" و "عزەت الله حسن زادە" ئازاد کرد.

بەکریگیراویکی محەللی ڕژیم گیرا

ڕۆژی ١٠ی مانگی گەلاوێژ بەکریگیراویکی ڕژیم بە نیوی "سعید ئەحمەدی" لە دەوروبەری ئاوایی "مولینان"ی مەریوان، لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە گیرا.

ئەم بەکریگیراوە چەکدارەی ڕژیم ماوەی ٣ ساڵ چەکدارانە هاوکاری ڕژیمی کردوە و لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی ڕژیم و سەرکوتی خەڵک دا نەقشی بەرچاوی هەبوە.

کومیتەی ناوچەی مەریوان ویرای ڕاگەیاندنی ئەو خەبەرە لە ڕاگەیاندنیکدا داوای لە خەڵکی مەنتەقە کرد کە هەر جۆرە ئیتیلاعات و شکایەتیکیان لە ناوبراو هەیە، بێنێنە ئیختیاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان.

هەوالیک لە جینایەت و پیلانی داروودەستی قاسملوو لە دژی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

سەعات یەک و نیوی شەوی ١٣ی مانگی گەلاوێژ چەند کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە بۆ ئەنجام دانی مەئموریەتیک بە نزیک ئاوایی‌یەکانی "هوویە" و "سەر هوویە"دا دەرویشتن، لە ناکاو کەوتنە کەمینی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لە باندی قاسملوو کە لە پێشدا لە مەسیری جم و جوولی هاورییانمان ئاگادار ببوون.

هاورییانمان دەسبەجێ بە پەلاماری دلیرانە وەلّامی ئەم هێرشە جینایەتکارانەیان داوە و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیک بە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات، ئەوانیان ناچار کرد کە سەنگەرەکانیان کۆکەنەوە و خۆیان دریژەیان بە مەئموریەتەکەیان دا.

بەداخەوە لە تەقەی هەوەل چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات دا، ٣ کەس لە هاورییانمان بە نیوی: بهروز شادفر ناسراو بە "سیروان باوەریز"، الله کەرم ئازەری ناسراو بە "سیروان پاوەیی" وە سەمین ناسری ناسراو بە "سەمین ویسەر" کەوتنە بەر گوللەی ئەم جینایەتکارانە و گیانیان لە ڕێگای خەبات لە دژی کونەپەرستی و خەبات لە ڕێگای ئامانجە بەرزە چینایەتی‌یەکانیان دا، بەخت کرد.

ئێمە بەم بۆنەوە لە خانەوادەی ئەو هاوری خۆشەویست و سەربەرزانەمان و لە هەموو هاورییانی حیزبی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و تێکۆشەری کوردستان سەرەخۆشی دەکەین.

بێگۆمان جینایەتکارانی سەربەداروودەستەی قاسملوو کە لە ئێران و کوردستان هیچ ئابرووییەکیان بۆ نەماوەتەوە، بەم پەلەقاژانە، جگە لە نەفرەت و بیزاری خەڵکی ئازادیخواز و ریسوایی زیاتر هیچ نسیبیان نابی. کۆمەڵە پێشتریش بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ڕاگەیاندوە کە بە شێوەی یەک لایەنە، لەگەل هەموو بەشەکانی حیزبی دیموکرات ئاگر بەس دەکا و بۆ ئەوەی تێدەکوشی کە لوولەی هەموو تفەنگەکان بەرەو جمهووری ئیسلامی وەرگەڕێن. کۆمەڵە ڕایگەیاند بوو کە دەست پێکەری شەر لەگەل داروودەستەی قاسملوو نابی.

لە هەولومەرجیک دا کە جمهووری ئیسلامی لە ژیر فشاری جەماوەری خەڵک دا هەموو ڕۆژی زیاتر لە ڕۆژی پێشوو شکستی سیاسەتەکانی خۆی بە چاو دەبینی و گلولەی کەوتوەتە لیژی و بەرەو مەرگ و نابوودی دەچی، داروودەستی ریسوا و بە تاک کەوتوەوەی قاسملوو کە حازر نیە ئاگر بەس قەبوول بکا و لە دەرفەتیکی لەم چەشنە دەگەڕی تا بەڵکوو بەردیک بخاتە سەر ڕێگای هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، دەبی چاوەروانی ڕق و بیزاری زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و وەلّام و سزادانی گورچک بری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بی.

پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە

رۆژی ۲۲ی مانگی گەلاوێژ، لە مەراسمیکی شکودار دا، لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و تێکۆشەر، پاش تێپەڕ کردنی سەرکەوتوانەی دەورەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.

ئەم هاوڕییانە لە ناوچە جۆاروجۆرەکانی کوردستان و لە شارەکانی دەرەوەی کوردستانەوە، خۆیان گەیاندبووە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و لە دەورەیەکی چەند مانگەدا لەگەل سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کاروباری نیزامی پێویست ئاشنا کران.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان"

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی تیپی ۱۱ی سنە لە مانگی پووشپەردا، جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی سەرکەوتوانەیان لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان" بەرێوە برد.

هاوڕیانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا، جگە لە ئەنجام دانی چەندین عەمەلیاتی نیزامی سەرکەوتوانە لە دژی هێزەکانی رژیم، لە نیو کۆر و کۆمەڵی خەڵکی زەحمەتکێشی مەنتەقەدا سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان تەبلیغ کرد و نەشریات و نووسراوەکانی حیزبیان بلاو کردەوە.

خەڵکی شۆرشگێر و زەحمەتکێشی ئەم ئاوایانە، وەرای پێشوازی گەرم و گۆر لە پێشمەرگەکان، یارمەتی مالی و تەداروکاتی خۆیان دا بە پێشمەرگەکانی و هەوال و ئیتیلاعاتی هێزەکانی رژیمیان لەگەل پێشمەرگەکان باس کرد.

لە ماوەی ئەم جەولەیەدا هێزەکانی رژیم لەو مەنتەقەیە لە ئامادەباشی کامل دا بوون بەڵام هیچ جم و جوولیکیان لە خۆیان نیشان نەدا.

۳ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر ئازاد کران

کومیتەی ناوچەی مەریوان رایگەیاند کە بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، رۆژی ٢٤ی پووشپەر ۳ کەس لە هێزەکانی رژیم بە نیوی: محی‌الدین ئەحمەدی، محمەد ئەسدی و ئەبوبەکر ئیزەدی، لە لایەن ئەم کومیتەیەوە ئازاد کران.

ئەم دیلانەی مەیدانی شەر لە جەرەیانی تیک شکاندنی گوروویکی زەربەتی رژیم لە ٥ کیلومیتری شاری مەریوان ئەسیر کرابوون.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کەمینی هێزەکانی رژیمیان تیک شکاند

شەوی ٤ی مانگی گەلاوێژ، واحیدیک لە پێشمەرگەکانی تیپی ۱۱ی سنە کە بۆ ئەنجام دانی مەئموریەتیک دەچوونە ئاوایی "سالیان" لە بەشی ژاوەری سنە، لە نزیک ئاوایی لە کەمینی بەکریگیراوان ئاگادار بوون. پێشمەرگەکان بۆ تیک شکاندنی کەمینی هێزەکانی رژیم دوای شناسایی، ئارایشی پێویستیان گرت و بە پەلاماریکی دلیرانە و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیک ناچاریان کردن هەلێن.

بەکریگیراوانی جێگیر لە مەقەری ئەم ئاوایی‌یە تا چەند سەعات دواتر دەوروبەری خۆیان بە چەکی سووک و قورس کوتا.

لەم شەرەدا چەند بەکریگیراو کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەکان بە سلامەت دریژەیان بە مەئموریی‌یەتەکەیان دا.

کونترۆلی جادەی سنە _ مەریوان

* بەدیل گرتنی ٥ کەس لە هێزەکانی رژیم و بە دەسکەوت گرتنی ۲ ماشینیان

شەوی ۲ی مانگی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و گوردانی ئاریز لە تیپی ۱۱ی سنە، لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "کەرگینە" و "دادانە"، جادەی ئەسلی سنە _ مەریوان یان خستە کونترۆلی خۆیان و کەمینیکی گەورەیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا.

پێشمەرگەکان، بە پێی تەرحی لە پێشدا داریژراویان، هەموو ماشینە سەخسی و موسافیربەریی‌یەکانیان راگرت و لەسەر ئەوزاعی ئێستای ئێران و کوردستان قسە و باسیان بۆ کردن. هەروەها پێشمەرگەکان لە دوو نوبەدا ٥ کەس لە هێزەکانی رژیمیان بەدیل گرت و کامیونیک و ماشینیکی رژیمیان بە دەسکەوت گرت. پاسداریکی بریندار و دوو کەس کە لەگەل بوون بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، هەر لەوی ئازاد کران.

لەم عەمەلیاتەدا ۲ ماشینی دەوڵەتی. ۲ کلاشینکوف بە هەموو شتیکەوە، ٥ ماسکی زیددی گازی شیمیایی و دوربینیکی نیزامی و هەندیک کەل و پەلی تەداروکاتی و دەرمانی کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە، لە نیو شوور و شەوقی موسافیرەکاندا، بەدیل و دەسکەوتەکانەوە، هەموو بە سلامەت ئەم شوینەیان بەجێ هیشت.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەریکی ۱۰ سەعاتەدا تەلەفاتیان لە هێزەکانی رژیم دا

رۆژی ۷ی مانگی گەلاوێژ چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و گوردانی ئاریز لە تیپی ۱۱ی سنە، کە لە بەرزاییی‌یەکانی "بران" و "کەلاتی" لە بەشی ژاوەروی سنە خەریکی حەسانەوە بوون، لە جم و جوولی دوو ماشینی هێزەکانی رژیم ئاگادار بوون و بە دەست و برد کەمینیان بۆ دانان.

پێشمەرگەکان سەعات ۱۰و نیوی بەیانی ئەم واحیدەی رژیمیان خستە داو و بە پەلاماریکی بەدەست و برد تەلەفاتیکیان لیدان و ماشینیک و بی‌سیمیکیان بە دەسکەوت گرت و دوای راونانی بەکریگیراوان و سووتاندنی ماشینەکە گەرانەوە بەرزاییی‌یەکانی مەنتەقە و ئامادەی تیک شکاندنی هێرشی رژیم بوون.

هێزەکانی رژیم سەعات ۱ی پاش نیوەرو بە هێزیکی زۆرەوە لە بەرزاییی‌یەکانی "کوچکە سوور"ەوە هێرشیان کرد و پێشمەرگەکان دلیرانە ئەم هێرشەیان تیک شکاند و دوای پی گەیاندنی تەلەفاتیک ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن.

لە شەریکی ۹ سەعاتەدا لە خورخورەی سەقز:

* چەند هێرشی بەکریگیراوانی رژیم تیک شکێندرا
* ۲ پایگای رژیم لە ئاوایی‌یەکانی "ملە" و "سەردەرە" کەوتنە بەر پەلامار
* ۲٥ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون و ۳ کەسیان بەدیل گیران

سەعات ۱۱ی بەیانی رۆژی ۱٥ی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، لە جم و جوولی هێزەکانی رژیم لەسەر بەرزاییی‌یەکانی نزیک ئاوایی "ملە"ی بەشی خورخورە ئاگادار بوون.

پێشمەرگەکان دەسبەجێ ئارایشی موناسبیان گرت و بە پەلاماریکی قورس بۆ سەر بەکریگیراوان و لە شەریکی سەنگەر بە سەنگەردا، تەلەفاتیکیان لی دان و ناچاریان کردن کە پاشەکشە بکەن و بەرزاییی‌یەکانیان لی ئەستاندن. پاشان پێشمەرگەکان بە پەلاماریکی دلیرانەی‌تر بەرزاییی‌یەکانی دیکەشیان، پێش دامەزران لە چنگ بەکریگیراوان دەرهێنا و تەلەفاتیکی تریان لی دان و مەجبووریان کردن هەلێن.

هێرشی سەعات یەکی پاش نیوەروی بەکریگیراوانی رژیمیش کە بە هێزیکی زۆرەوە لە ئاوایی "کەمەرسیاوە"وە دەستی پێکرا، کەوتە بەر پەلاماری واحیدیکی‌تری پێشمەرگەکان وە تیک شکا و تەلەفاتیکی‌تریش لە هێزەکانی رژیم کەوت و هەلاتن.

سەعات ٤ی ئیوارەش هێزەکانی رژیم ویرای کوتانی شوینی پێشمەرگەکان بە چەکی قورس و نیوە قورس، بە ۲۰ ماشین پر لە هێزی کومەکی‌یەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان. ئەم هێرشەش لە شەریکی قاەرمانانە و سەنگەر بە سەنگەردا بە تەواوی تیک شکیندرا و هێزەکانی رژیم دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان ویکەوت مەجبوور بوون پاشەکشە بکەن.

تا سەعاتی ۸ چەند هێرشی دیکەی هێزەکانی رژیمیش لە لایەن پێشمەرگەکانەوە تیک شکێندرا و هەر جارەی تەلەفاتیکیان لیدرا و ناچار بوون هەلێن.

پێشمەرگەکان لە جەرەیانی ئەم شەرە قارەمانانەیەدا هێرشیان بردەسەر پایگاکانی رژیم لە ئاوایی‌یەکانی "ملە" و "سەدەرە".

لە جەرەیانی ئەم شەر سەرکەوتوانەدا کە تا سەعات ۸ی شەوی خایاند ۲٥ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون کە فەرماندەیەکی نیو زراوی رژیم بە نیوی "غفوری" لە نیو بریندارەکاندا بووە. هەروەها لەم عەمەلیاتەدا سێ کەس لە بەکریگیراوان بەدیل گیران و دوو تفەنگ و دووربینیکی نیزامی هەندیک تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەکان. یەکیک لە دیلەکان کە بریندار بوون بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، هەر لەوی ئازاد کرا. پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی ئەم شەرە، هەموویان بە سلامەت و بەدیل و دەسکەوتەوە شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری بۆکان

سەعات ۸و نیوی شەوی ٢٤ی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۳۱ی بۆکان، بە وشیاری و کارزانی‌یەوە، لە دەیان مەقەر و پایگای رژیم تێپەڕین و چوونە نیو شاری بۆکان و بەشیکی ئەم شارەیان خستە ژێر کونترۆلی خۆیانەوە.

سەعات ۸ و ٤٥ دەقیقە گوروهیکی گەشتی رژیم کەوتە کەمین و بەر پەلاماری دلیرانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و تەلەفاتیکیان وی کەوت. بەکریگیراوان بی ئەوەی بتوانن جەنازەی کوژراوەکانیان کۆبکەنەوە، بە شەلەژاوی هەلاتن.

هەروەها پێشمەرگەکان، سەعات ۹ و ۱٥ دەقیقەی شەو بە پێی تەرحیکی داریژراو، پایگایەکی رژیمیان لە گەرەکی "حەسار" بە چەکی سووک و نیوە قورس دایە بەر پەلامار و دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان لیدان، لەم گەرەکە و لە دەوروبەری پایگاکانی رژیم تراکت و راگەیاندنی حیزبی‌یان بلان کردەوە، پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە کە سەعات و نیویکی خایاند، هەموویان بەسلامەت گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

لە میزانی دەقیقی تەلەفاتی دوژمن ئاگادار نین.

هێرشی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر مەقەریکی رژیم لە ٥ کیلومیتری شاری بۆکان

شەوی ۲٥ی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۳۱ی بۆکان چوونە ئاوایی "کوچکی سەروو" لە ٥ کیلومیتری شاری بۆکان و مەقەری بەکریگیراوانیان لەم ئاوایی‌یە گەماروا.

پێشمەرگەکان، پاشان هێرشیکی دلیرانەیان کردە سەر بەکریگیراوان و تەلەفاتیکیان پی گەیاندن و دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە هەموویان بەسلامەت گەرانەوە. لە ژمارەی دەقیقی تەلەفاتی دوژمن هەوالیکمان پی نەگەیشتوە.

دوو کەمین لە دەوروبەری شاری سەقز

* سەعات ۸ونیوی شەوی ۲٥ی گەلاوێژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦، لە سەر جادەی سەقز _ بۆکان و یەک کیلومیتری ئاوایی‌یەکانی "ئالتوون" و "قاراوا" کەمینیان بۆهێزەکانی رژیم داناوە.

سەعات ۱۰ی شەو ماشینیکی رژیم کەوتە کەمین و بەر هێرشی پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و پاسداریک کە لە ماشینەکەدا بوو کوژرا. پێشمەرگەکان پاش ئاگر تی بەردانی ماشینەکە کەمینیکی تریان بۆ هێزەکانی کومەکی رژیم دانا بەڵام بەکریگیراوان نەیان ویرا هیچ جم و جوولیک بکەن و پێشمەرگەکان پاش دوو سەعات کۆنترۆلی جادەی سەقز _ بۆکان، هەموویان بەسلامەت وە دوای مەئموریەتەکەیان کەوتن.

* چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، لە چەندین مەقەر و پایگای رژیم تی پەرین و سەعات ۸ ونیوی شەوی ۲٥ی گەلاوێژ، لە ۳ کیلومیتری پادگانی شاری سەقز، ویرای بەدەستەوە گرتنی کونترۆلی جادەی سەقز _ بانە، کەمینیکیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا. بەڵام بەکریگیراوان جم و جوولیکیان نەبوو.

پێشمەرگەکان دوای ۲ سەعات قەسە و باس لەگەل موسافیرەکان، لە سەر گرینگترین رووداوە سیاسی‌یەکانی ئێران و کوردستان، هەموو بەسلامەت ئەم شوینەیان بەجێ هیشت.

گرتنی مەقەری بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "ساوسلیمانە" و تەفروتوونا کردنی گوروویەکی زەربەتی "جانەوەرە"

* ۷ بەکریگیراوی رژیم بەدیل گیران
* ۱۷ پارچە چەکی قورس و نیوە قورس و سووک بەدەسکەوت گیرا
* فەرماندەی پایگای رژیم لە نیو کوژراوەکان دا بوو

ئیوارەی رۆژی ۲۸ی موردداد، هاوکات لەگەل سالڕۆژی دەست پێکردنی دەهەمین سالّی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان، هێزیکی هاوبەش لە تیپی ۱۱ی سنە و گوردانی کاك فوئاد، لە دەیان مەقەر و پایگای رژیم تێپەڕین و بە رۆژی روشن مەقەریکی رژیمیان لە ئاوایی "ساوسلیمانە" گەماروادا و هێرشیکی جەسوورانەیان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم.

هەر لەم کاتەدا چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکان، بۆ لە داوخستنی هێزی کومەکی رژیم، لە نیوان "ساوسلیمانە" و "شیخ عەتار"دا، کەمینیان دانا.

عەمەلیاتەکە سەعات ٦ی ئیوارە دەستی پێکرد و بەکریگیراوان سەرەرای ئەوەی بە بۆنەی سالڕۆژی ۲۸ی موردادەوە لە ئامادە باشی کامل دا بوون، بە هێرشی بەدەست و بردی پێشمەرگەکان غافلگیر بوون و ژمارەیەکیان کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان خزانە نیو پایگا و پشت خاک ریزەکانەوە. لە پەلاماری دووهەمی پێشمەرگەکان دا ژمارەیەکی تریش لە بەکریگیراوانی رژیم کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکان کرد و مەقەرەکە بە تەواوی گیرا. سەرجەمی ئەم عەمەلیاتە ۲۰ دەقیقەی خایاند.

هاوکات لەگەل دەست پێکردنی عەمەلیاتەکە، چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکان چوونە نیو ئاوایی و لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێران و کوردستان و لەسەر وەزعیەتی رژیم پاش ئاگر بەس، قسە و باسیان لەگەل خەڵک کرد و پێشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لی کرا.

دوای دەست پێکردنی عەمەلیاتەکە، مەقەری فەرماندەهی دوژمن هێزیکی ۳٥ کەسی کومەکی لە بەکریگیراوانی "گوروویەکی زەربەتی جانەوەرە" بە سێ ماشینەوە، بەرەو "ساوسلیمانە" بەرێ کرد کە لە ٤ کیلومیتری ئاوایی "شیخ عەتار" کەوتنە کەمین و بەر پلاماری پێشمەرگەکان و ۱٥ نەفەریان کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان هەلاتن و پێشمەرگەکان تا نزیک ئاوایی "حەسن قەرە" راویان نان.

لە سەرجەمی ئەم عەمەلیاتەدا، مەقەری رژیم لە ئاوایی "ساوسلیمانە" بە تەواوی گیرا، "گوروویەکی زەربەتی جانەوەرە" تەفروتوونا کرا، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون، ۷ کەس لە بەکریگیراوان بەدیل گیران و ئەم دەسکەوتانەش کەوتە دەستی پێشمەرگەکان:

۱- خومپارەیەکی ۸۲ میلی‌میتری
۲- ئار.پی.جی. حەوتیک
۳- تیرباریکی کلاشینکوف
٤- تیرباریکی ژ_۳
٥- تفەنگی ژ_۳ و کلاشینکوف ۱۳ دانە
٦- گوللە خومپارە ۸۰ دانە
۷- گوللە ئار.پی.جی ۳۰ دانە
۸- نارنجووکی دەستی ۸۰ دانە
۹- گوللەی ژ _ ۳ و کلاشینکوف ۱٥ هەزار دانە
۱۰- نارنجووکی سەرتفەنگ ۱۰۰ دانە
۱۱- موتوری بەرق یەک دەزگا
۱۲- مەنبەعی سووخت ۲ دەزگا
۱۳- هەندیک سەنەد و بەلگەی رژیم و کەل و پەلی تەداروکاتی دیلەکان ئەم حەوت کەسەی خوارەوەن

۱- عبداللە سالحی، ۲- محمەد رفیعی، ۳- ئەکبەری گودرزی، ٤- ئەکبەری، ٥- محمەد ولی نجفی، ٦- عەتاالله برزویی، ۷- ئیسماعی ئەمیر

لە ناو کوژراوەکاندا جەنازەی فەرماندەی پایگا بە نیوی "رەجەب لو" و ٤ بەکریگراوی تر ناسرانەوە کە بریتین لە ۱- شاپور قروەای. ۲- محمەد سالح ناسری. ۳- مسیب رستەم پور ٤- خانعەلی پور

هاوڕیانی پێشمەرگە دوای ئاگرتی بەردانی پایگای "ساوسلیمانە"، هەموویان بەسلامەت شوینی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

***

(پاشماوەی) بریارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.....

٤- ڕژیمی ئیسلامی نەیتوانی چینی سەرمایەداری ئێران لە ژێر ئالای خۆیدا یەکگرتوو بکا. جمهووری ئیسلامی شۆڕشی سەرکوت کرد، بەڵام نەیتوانی ئەو دامەزراوەیە سیاسییە کە چینی سەرمایەدار بۆ تیهەلکردنەوەی سەرمایە گوزاری پێویستی پی بوو، بەرقەرار کا. بەردەوام بوونی ئیعتیرازات و ڕاوەستانی کرێکاران بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕژیم، بەردەوام بوونی شۆڕشی چەکدارانە لە کوردستان، سەردانەنەواندنی کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەت ژنان بۆ سیاسەتەکان و قانوونە کونەپەرستانەکانی ڕژیم، کێشەی قوولی ناوخۆی لەسەر شێوەی بەڕێوە بردنی ئیتقسادی وڵات و سەرەنجام شەڕی دڕێژ خایەن و مالوێرانکەری ئێران و عێراق لە زومرەی ئەو عامیلە گرینگانە بوون کە جمهووری ئیسلامی ناتوان کرد لە فەراهەم هێنانی ئەو ئەمنیەتی ئیقتسادییە و ئەو دامەزراوەیە سیاسییە کە بۆ کەلەکە کردنی سەرمایە لە ئێران و بۆ یەکگرتوو کردنی چینی سەرمایەدار پێویست بوون.

٥- بە دڕێژایی حەیاتی ڕژیمی ئیسلامی وەزعی ئیقتسادی تا هاتوە شپرزەتر بووە. نشستی اوپک، فیراری سەرمایەکان، مەخاریجی گەزافی شەر و تەریک کەوتنەوەی ڕژیم لە باری ئیقتسادییەوە، بوو بە هۆی ئەوە کە تەولید بە توندی بێتە خوار. ئەم وەزعە، لە لایەک نارەزایی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی لە جمهووری ئیسلامی پەرە پێدا و لەو لاشەوە ڕژیمی ئیسلامی لە باری ئیقتسادییەوە خستە مەنگەنە بە جۆرێک کە سیاسەتە جەنگییەکەی بۆ ئیدامە نەدرا. لە ساڵێک لەمەوبەرەوە، وەزعی شپرزی ئیقتسادی ڕژیمی ئیسلامی کە بە بۆنەی تەریک مانەوەی لە ناو وڵاتاندا، هیچ ئاسوێەکی ڕوونی بۆ بە دی نەدەکرا، زۆر دەگونجا کە هەستانیکی جەماوەری لە ئێران و پێکهاتنی وەزعییەتیکی شۆڕشگێرانە بە شوین خوێدا بینی. دوورنمایەکی ئاوا چ بۆ ڕژیمی ئیسلامی، چ بۆ چینی سەرمایەداری ئێران و هێزە ئەمپریالیستەکان، کە هیچ بەدیلیکی بەکار هاتوویان بۆ جێی ڕژیمی ئیسلامی بە دەستەوە نەبوو، نیگەرانییەکی قورسی پێکهێنابوو. بۆیە بە ناچار، تەقەلایەکی هەمە لایەنە بۆ کوتایی هاتنی شەر و دەر باز کردنی ڕژیمی ئیسلامی لە بن بەست و بوحران، لە لایەن دەولّەتە ئەمپریالیستەکان و لە لایەن هەندیک جەماعەتی ناوخۆی ڕژیمەوە دەستی پێکرد.

٣- شکستی سیاسەتی جەنگی ڕژیمی ئیسلامی ودەست هەڵگرتنی لە ئیدامەی شەر، سەرچاوەکەی ئەساسەن لە بن بەستی سیاسی پان ئیسلامیزم و لە بەسترانی هەر چەشنە ئاسوێەک بە ڕووی پێشڕەوی و پەر و بال گرتنیکی سیاسی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە دایە. ئەم بن بەستە سیاسییە و ئەم واقعیەتە کە پەر و بال گرتنی سیاسی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە، بە دلخوازی بوڕژوازی چ لە ئێران و مەنتەقە و چ لە ئاستی بین المللیدا نەبوو شەریشی بە کردەوە بە بن بەست گەیاند. هێزی ئەمپریالیزمی ئەمریکا بە حیسابی کەوتنە تەقالا بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی نیزامی هەرکام لە ٢ لایەنی شەر، بۆ بەرگری لە هەر ئاڵ و گۆریکی جیددی لە جوغرافیای سیاسی و تەرازووی هێزەکانی مەنتەقەدا و بۆ پاراستنی سەباتی هەر ٢ دەولّەتی ئێران و عێراق. ڕژیمی ئیسلامی بۆ دەورەیەک تێکۆشا سیاسەتی جەنگی خۆی، سەرەڕای ئەوە کە هیچ ئاسوێەکی سیاسی و نیزامی بۆ پێشڕەوی نەبوو، هەروا دڕێژە پێبدا، بەڵام عاقیبەت بەرانبەر بە واقعیەتی سیاسی و نیزامی چوکی دادا. گرینگترین شت کە ڕژیمی ئیسلامی ناچار بە تەسلیم و سەردانەواندن بۆ کوتایی شەر لەم سەردەمە تایبەتییەدا کرد بریتی بوو لە پەرە ئەستاندنی ڕاوەستانی جەماوەری بەرانبەر بە سیاسەتی جەنگی ڕژیم و ترسی ڕژیم لە هەڵچوونیکی بەرینی ئیعتیرازاتی جەماوەری لە ژێر مەینەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری شەردا، بە جۆرێک کە جمهووری ئیسلامی ئیتر بە کردەوە نەیدەتوانی هێزی ئینسانی کۆکاتەوە و خەرجی دڕێژەدان بە تەرحە نیزامییەکانی خۆی تەئمین بکا و بەم بۆنەوە شکست و پاشەکشەی گران و کاریگەری لە جەبهەکان بە سەردا سەپێندرا. لە ئاخرین مانگەکانی شەردا هەلاتنی سەربازان و بەسیجییەکان پەرەی گرتبوو، ورەی هێزە نیزامییەکانی بە ئاشکرا ڕووخابوو وە دیمەنی لە بەریەک ترازانیکی نیزامی هاتبووە بەر چاوی. ئیحتمالی مەرگی خومەینی لە داهاتوویەکی نزیکدا و ئەو واقعیەتە کە ئەگەر خومەینی نەمایە بریاردان لەسەر کوتا کردنی شەر لە ناو قرە و کیشەی بالە جۆربەجۆرەکانی ڕژیمدا چەند قات دژوارتر دەبوو، ڕژیمی ناچار کرد بە پەلە وەرسووڕانیکی لە ناکاو لە سیاسەتی خۆیدا پێک بینی و ئاگر بەس و سولح قەبوول بکا.

ب: وەزعی سیاسی ئێران دوای کوتایی پی هاتنی شەر

١- جامیعەی ئێران تووشی قوولترین بوحرانی ئیقتسادی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئیقتساد هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، تەولیدی گەورە وەستاوە، مەینەت و ویرانی شەری ٨ ساڵە، دەرکەوتنی نیشانەکانی ماندوویەتی و لە پی کەوتن لە نتیجەی شەردا لە گشت لایەنیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیقتسادی دا، بەو پەری خۆی گەیشت، قاتی و قری کار و کالا، بەرشکست بوونی کاملی دەولّەتی سەرمایەداری، بوحرانی ڕوو لە قوولبوونەوەی جمهووری ئیسلامی هەموو شتیکیان لە ئێران بەو جێیە گەیاندوە کە ئیتر نە لە نەزەر چینی سەرمایەدار و و نە لە نەزەر چینی کرێکارەوە ناتوانی قابیلی دەوام بی. گورینی وەزعییەتی حازر پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و حەیاتییە کە چینە جۆربەجۆرەکانی ناچار کردوە واریدی دەورەیەک لە جم و جوولو کیشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن بۆ بە لایەکدا خستنی ئەم وەزعە.

٢- مادامیک کە بوڕژوازی جی نشینیکی سیاسی و مەعلووم و مشەخس و قەوارە گرتووی لە بەرانبەر جمهووری ئیسلامیدا نیە و مادامیک کە هەر تەقالایەک بۆ لابردنی ڕژیمی ئیسلامی دوورنمای بوحرانیکی شۆڕشگێرانە و هاتنە مەیدانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دێنێتە بەرچاوی بوڕژوازی، بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی سەرمایەداری ئێران و هێزە ئەمپریالیستەکان ئەساسەن تیدەکوشن بۆ تەقویەتی ڕژیمی ئیسلامی و پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕی دلخوازی خۆیان هەر لەم ڕژیمەدا. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی جیهەتگیریان بۆ ئەم کارانەی خوارەوە.

١- جەریانی پان ئیسلامی لە ناو دا بە تاق بخرێتەوە، تا بە یەکجاری لە دەسەڵات وەدەر دەنری. تەبلیغات و تەحریکاتی پان ئیسلامی ڕژیمی ئێران کوتایی پی بی و دەستی جەناحی ڕەفسەنجانی لە ڕێبەرایەتی ی ئیسلامی دا بە هێز بکری.

٢- ناسیونالیزم بە هێز بکری و ببێتە ئیدئولوژی ڕەسمی لە ئێران. کاریکی وابکری جەریاناتی بوڕژوا ناسیونالیست لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە ڕەسمی یا بە کردەوە، لە بالی غەیرە پان ئیسلامیستی ی ئێران، پشتیوانی سیاسی بکەن و لە دەوری کووەبن. بۆ بەڕێوە بردنی کار و باری ئیقتسادی و جیبەجی کردنی کۆنترۆلی و سەرکوتی سیاسی، پشت بە شێوە و ڕەوشت و دام و دەم و دەزگای ئاسایی بوڕژوایی ببەستی.

٣- سەباتی ڕژیم مەحکەم بکری. بۆ بازسازی ئیقتسادی ئێران و سووک کردنی ئەم بوحرانە ئیقتسادییەی ئێستا، سەرمایەگوزاری بکری و بە فراوانی یارمەتی ئیقتسادی و تکنیکی ئێران بدری.

٤- پەیوەندی سیاسی و ئیقتسادی نیوان ئێران و ئەمریکا و ئوروپای ڕۆژئاوا خوش و مەحکەم بکری. ڕژیمی ئێران پا بەند بکری بە موناسەبات و مقراتیکی بین المللی، کە لە نیوان دەولەتە بورژوایییەکاندا هەیە.

٥- لە سیاسەتی ئیقتسادی دەولّەتیدا ئاڵ و گور بدری، ئیمتیاز و زەمانەتی پێویست بۆ سەرمایەی خسووسی دابنری، تا بورژوازی ئێران لە بازسازی ئیقتسادی و سووک کردنی تەنگانە ئیقتسادییەکانی ئێستای ئێراندا بکەوێتە جم و جوول و هەڵسووران. لە پال ئەمەدا، دەرەجەیەک ئازادی تێکۆشان و نەقشیکی زیاتر بە سیاسەتمەدارەکان و بالەکانی لایەنگری سەرمایەداری خسووسی بدری.

٣- ئەم جیهەتگیرییانە سەر خەتی پلاتفورمی سیاسی بوڕژوازی ئێران و ئەمپریالیزمە بۆ دەربار کردنی ئێران لە بوحرانیکی شۆڕشگێرانە. لە نەزەر بوڕژوازییەوە جمهووری ئیسلامی بۆ ئەوەی نەڕووخی، چاریکی نیە جگە لەوەی سەر بۆ ئەم ڕەوتانە دانەوینی. چەند جەناحیک لە ناوخۆی ڕژیمدا بە تایبەت جەناحی ڕەفسەنجانی ئالای ئەم ئاڵ و گۆڕانەیان لە ناو دا بە دەستەوە گرتوە. شکستی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقەدا کە خۆی نیشانەی بەرەوپێش چوونی ئەم ڕەوتانەیە، ڕەوتی تەریک کەوتن و زەوالی پان ئیسلامیزم لە ناوخۆی ئێرانیش خیراتر دەکاتەوە. کێشەی ئەساسی لە ناوخۆی لەم سەردەمەدا کێشەیەکە لە سەر وەدەرنانی جەریانی پان ئیسلامیستی لە ئورگانەکانی ئەسلی دەسەڵات و تەبدیل کردنی ڕژیمی ئیسلامی بە ڕژیمیکی ئاسایی بوڕژوایی کە بتوانی پەیوەندی سیاسی و ئیقتسادی خۆی لەگەل ئەمریکا و دەولّەتانی بلوکی ئەمپریالیستی ڕۆژئاوا بە گشتی، عادی بکاتەوە و بیخاتەوە سەر بار و بوڕژوازی ئێران لە ژێر ئالای خۆیدا بۆ دەورەیەک لە کەلەکە کردنی سەرمایە و باز سازی ئیقتسادی سەرمایەداری ئێران یەکگرتوو بکا. ئەم ڕەوتە پێویستی بە کومەڵیک ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە ڕژیمی ئیسلامی دایە و بێگومان کێشەی ناوخۆی توندتر دەکاتەوە. بە کوتایی هاتنی شەر جەریانی پان ئیسلامیستی لە ناوخۆی دا کزتر بووە بەڵام هێشتا موقاومەتی تیک نەشکاوە. شەری چارەنووس ساز لە نیوان بالەکانی ناوخۆی دا بۆ دوا ڕۆژ ماوەتەوە و ئەسلەن ئیحتمالی ئەوە کەم نیە کە بە تایبەت دوای مەرگی خومەینی جەریانی پان ئیسلامیستی بو ڕاگرتنی مەوقعییەتی خۆی دەس بۆ کاری قەهراوی بەرێ یا بالی زالی ئێستا بۆ تێکشاندنی موقاومەتی جەریانی پان ئیسلامیستی دەس بداتە حەرەکەتی قەهراوی.

٤- بە کوتایی هاتنی شەر، خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و بی بەشی کۆمەڵ بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانیان کە لە دەورەیەکی دوور و دڕێژدا بە بیانووی شەرەوە پێشێل کرابوون، تووندتر دەبێتەوە و هەرچی زیاتر حاڵەتی تعرزی دەگرێتە خۆی. لەبەر نەفرەت و بیزاری کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە ڕژیمی ئیسلامی وە ئەو هەموو خەفەقانە سیاسی و فەرهەنگییە کە ڕژیم بە سەر ژیانی خەڵکیدا سەپاندوە، ئیعتیرازاتی جەماوەری لە توانای دا هەیە کە بە خیرایی تووندتر بێتەوە و ببێتە ئیعتیرازاتیک لە دژی نەفسی حاکمییەتی ڕژیم. بە ڕادەیەک کە بوحرانی ی قوولتر بێتەوە، ئیعتیرازاتی جەماوەری تعرزی تر و سیاسی تر دەبێتەوە. ڕووخانی ڕژیم داخوازیکی بەرینی جەماوەرییە و سەر هەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ ڕووخاندنی ڕژیم، شکل پی بدری، دەبی ئەو کوسپ و مانعانە کە لە هەلومەرجی تازەدا لەسەر ڕێگای گەشەی ئەم بزووتنەوەیەدا هەن، لە بەرچاو بگیرین کە گرینگترین یان ئەمانەن:

١- جامیعە، لە دەورانی دوور و دڕێژی شەردا بە تەواوی ماندوو بووە و لە پی کەوتوە و مەیل و گەرایشی دووڕە پەریزی و مەیل بە نەزم و هێمنایەتی و سەقامگیری لە نیو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ دا و بە تایبەت لە نیو ریزەکانی ورده بورژوازی دا زیاتر بووە.

٢- حەرەکەت و وەگەر کەوتنی سەرمایە بۆ دەورەیەکی بازسازی ئیقتسادی، وە پێویستی چینی کرێکار و باقی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بە باش بوونی خیرای وەزعی گوزەران و بەری چوونیان، دەبێتە هۆی بە هێز بوونی مەیل و گەرایشیک بە چاوەروان مانەوە و فورسەت دان بە ڕژیم هەتا سیاسەتە ئیقتسادییەکانی بەڕێوە بەری و تەولید وەگەر خاتەوە، شوغل و کار پەرە پی بدا و ویرانییەکانی دەورەی دڕێژخایەنی شەر لابەری.

٣- سەرەڕای هەموو کێشە و ناکوکییەک کە لە نیو ریزەکانی چینی سەرمایەدارەدا هەیە و سەرەڕای نارەزایەتی تویژە جۆراوجۆرەکانی بوڕژوازی لە ڕژیمی ئیسلامی، هەر جارە کە ڕژیم ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی کرێکاران دەبێتەوە و لە هەر مەسەلەیەکی مەربووت بە موناسەباتی کار و سەرمایەدا، چینی سەرمایەدار بۆ پشتیوانی کردن لە ڕژیم یەک دەگرێتەوە و کاتیک سەرمایە بەرەنگاری کار دەبی، هەموو ناکوکییەکانی نیو خۆی ریزەکانی خۆیان لەبەر چاویان کال دەبێتەوە.

٤- چینی کرێکار، بە دڕێژایی سالانی ڕابوردوو تووشی گەلیک پاشەکشە کراوە و ئێستا لە باری سیاسی و تەشکیلاتییەوە ئامادەیی لازمی نیە کە خیرا دەست بداتە خەباتیکی ڕاستەوخۆ و بۆ دەسەڵاتی سیاسی. وەزعی مەینەتباری ژیان، ڕەقابەتی لە نیو ریزەکانی کرێکاران دا پەرە پێداوە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەسەرەتایی ترین قوناغی شکل گرتنی خۆیان دان. بەدیلی کرێکاری بۆ بە دەستەوە گرتنی دسەڵاتی سیاسی لە نیو جامیعەدا، ئەو جۆرە کە لازمە نەناسراوە. ئەم کەم و کووڕیانە، کە لە کاتی ئیعتلای بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکاری دا و بە دەخالەتی هەڵسووڕانەی کۆمۆنیستەکان دەکری بە خیرایی جوبران کرێنەوە، لە قوناغەکانی سەرەتادا، کوسپ و مانعی جیددی دەنێنە سەر ڕێگای گەشە و ئیعتلای بزووتنەوەییەکی شۆڕشگێرانە بەرابەری چینی کرێکار.

٥- شکل گرتنی بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ ڕووخاندنی ڕژیم پێویستی بەوەیە کە وینەیەکی تا ڕادەیەک ڕوونتر لەو شتە کە دەتوانی جیگای ئەم ڕژیمە بگرێتەوە، لە نیو کۆمەڵ دا وجوودی هەبی و ئەو بەدیلە کە دەبی جێگای ئەم ڕژیمە بگرێتەوە هەتا ڕادەیەک شکلی گرتبی و ناسرابی. تەجرەبەی سەرکوتی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە دەستی ڕژیمی ئیسلامی و ئەو مەینەتانە کە ئەم ڕژیمە لە ژێر ناوی شۆڕش دا بە کۆمەڵانی خەڵکی تەحمیل کردوە، تویژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی سەرەرای ئەو هەموو نەفرەتە کە بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی هەیانە وای لیکردوە کە بە بی ڕیز بەستن و تەسویە حیسابی چینایەتی بە ئیحتیات و پاریزیکی زیاترەوە پی بنێنە مەیدانی خەبات بۆ ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی.

٥- دوورنمای دەوریک بازسازی و ئەو تەرحانە کە بۆ سەرمایەگوزاری بەرینی خارجی لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی تەولید هەیە لەگەل ئەم واقعییەتە کە زیاد بوونی خیرای بەرهەم هێنان و شوغل و کار، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو زەرفییەتە سەنعەتییانە کە تا ئێستا کەلکیان لی وەرنەگیراوە شتیکی مومکینە،

بەو مەعنایە دەبی کە بە کردەوە ئیمکانی کەم بوونەوەی فشاری ئیقتسادی بۆ ماوەیەکی کورت وجوودی هەیە. سەرەرای ئەوە کە رژیمی ئیسلامی هەروا بەرانبەر بە داخوازە بنەرەتییە کرێکاریەکان موقاومەت دەکا و تەنانەت رەنگە بە بیانووی بازسازی ئیقتسادی بیەوی هەلومەرجیکی دژوارتریش بە سەر کرێکاران دا بسەپێنی، نەفسی زیادبوونی کار و تەئمینی شوغلی زیاتر و شتی لەم چەشنە لە نەتیجەی بووژانەوەی ئیقتسادی عموومی دا، دەتوانی ببێتە مایەی باشتر بوونی مەوقعییەتی گشتی چینی کرێکار. ئەم وەزعییەتە لە هەمان کاتدا کە لە لایەکەوە لە کورت ماوەدا مەیل بە چاوەروانی و ئینتزار لە نیو ریزەکانی چینی کرێکاردا زیاتر دەکا و زیاتر فورسەت و ئیمکانی مانور بەرانبەر بە بزووتنەوەی کرێکاری بە رژیمی ئیسلامی دەدا، لە لایەکی‌ترەوە بناغەکانی بزووتنەوەی کرێکاران لە پێناو داخوازەکانیان دا پتەوتر دەکا، رەقابەتی نیو ریزەکانی کرێکاران کەم دەکاتەوە و ئیمکاناتیکی زۆر بەرینتر بۆ پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاری و زیاد بوونی رادەی هێز و توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار پێک دینی.

٦- لە جامیعەی ئێران دا لە باری چینایەتییەوە سنووری نیوان چینەکان گەلیک روشنتر بووەتەوە. ئەمە پێشرەفتیکی چارەنووس سازە لە موناسەباتی چینایەتی‌دا کە رێگا بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار و هاتنە مەیدانی سەربەخۆی کرێکاران خۆش دەکا. ئەم مەسەلەیە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوە کە داهاتووی وەزعییەتی سیاسی ئەساسەن بکەوێتە گرەوی چەند و چۆنی زەرفییەت و هێز و توانای چینی کرێکار بۆ چالاکی نواندن لە مەیدانی خەباتی سیاسی‌دا، وە ئەوە کە چینی کرێکار بەدیلیکی شۆرشگێرانە لە نیو جامیعەدا بێنیتە گور و هەموو هێزەکانی دیموکراسی شۆرشگێر لە جامیعە دا لە دژی رژیمی ئیسلامی و بەرانبەر بە هەموو هێزەکان و ئەحزابی بورژوازی هەلخرێنی.

۷- بەم جۆرە، بە کوتایی پی هاتنی شەر جامیعەی ئێران پی دەنێتە نیو بوحرانیکی قوول سیاسی و کۆمەلایەتی و دەورەیەک لە کیشمەکیشی سیاسی و کیشە و ریز بەستنی چینایەتی لەسەر مەسەلە بنەرەتییە ئیقتسادییەکانی ئەم دەورەیە ئەمانەن:

۱- قوول بوونەوەی بوحرانی حکوومەتی و پەرەگرتنی کیشەی ناوخۆی رژیم، وە پێک هاتنی ئالٌ و گۆڕی بنەرەتی لە گوروهبەندی و رێککەوتنی دەستەجاتی ناوخۆ و دەرەوەی حکوومەتدا بەرەو کزبوونی جەرەیانی پان ئیسلامیستی. بوحرانی حکوومەت دەتوانی ئەگەر باقی هویەکانی‌تر موساعید بن، بە تایبەت ئەگەر بزووتنەوەی ئیعتیرازی پەرەبگری، سەر لە نوی مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لە نیو جامیعەدا بێنێتە گور و ببێتە بوحرانیکی شۆرشگێرانە.

۲- بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار لە پێناو داخوازەکانی‌دا پەرە دەگری و حالەتی پەلامارەرانە دەگرێتە خۆ. بووژانەوەی ئیقتسادی، سەرجەم مەوقعییەتیکی باشتر بۆ چینی کرێکار فەراهەم دەکا، کە ئیعتیرازاتی خۆی بەرەوپێش بەری و رژیم بنێتە ژێر فشار.

۳- حەرەکەتی ئیعتیرازی جەماوەری لە دژی سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی رژیم و بۆ وەدەست هێنانی مافە ریفاهی و دیموکراتیکە بنەرەتییەکان، زیاتر پەرە دەگری.

٤- ئەگەرچی رژیمی ئیسلامی هەول دەدا بە توند و تیژ کردنەوەی خەفەقان و سەرکوتی سیاسی ببێتە مانعی جم و جوولی بزووتنەوە ئیعتیرازییەکان، بەلام دوای دەورەیەک کە زۆریش ناخایەنی، بوحرانی ناوخۆی حکوومەت و فشاری داخوازە جەماوەرییەکان، توانایی رژیم بەرانبەر بە ئیعتیرازاتی جەماوەری کەم دەکاتەوە.

۵- حیزب و هێزە بورژوایی‌یەکانی ئوپوزیسیون، دژایەتی خۆیان لەگەل بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە جاران توند و تیژ دەکەنەوە و دوژمنایەتی ئاشکرایان لەگەل شۆرش و بزووتنەوەی حەقخوازانەی جەماوەری بە ئاشکراتر نیشان دەدەن.

ج: سەرخەتی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست لە هەلومەرجی ئێستادا

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گرینگترین بەشی تێکۆشانی خۆی لە هەلومەرجی پر لە ئالٌ و گۆڕی ئێستادا بۆ شکل پێدانی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سوسیالیستی و قودرەتمەند، وە بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی سەربەخۆ لە سەحنەی سیاسی‌دا، تەرخان دەکا. شۆرشی سالّی ۵۷ و دەورانی دە سالّەی پاش ئەو شۆرشە، دەورەی سەرهەلدانی زەمینەکان و پێویستی‌یەکانی سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار و پتەو بوونەوە و بە هێز بوونی ریزی سوسیالیستی کرێکاران بووە. حیزبی کۆمۆنیست هەلومەرجی ئێستا بە قوناغیک لە پێشرەفتی ئەم رەوتە حەیاتی و چارەنووس سازە دەزانی و لە هەموو ئەو فورسەت و ئیمکاناتە کە بوحرانی مەوجوودی بورژوازی دەی نێتە ئیختیاری بزووتنەوەی کرێکاری، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بنەرەتییەی چینی کرێکاری ئێران کەلک وەردەگری. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە نەک هەر مەسەلەی شۆرشی کرێکاری، بەلکوو هەر چەشنە باش بوونیکی مادی ژیانی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە گرەوی ئەوە دایە کە کرێکاران وەک هێزێکی سەربەخۆی سیاسی، بە شیعار و سیاسەت و رێکخراوە و ئالترناتیوی سیاسی سەربەخۆی خۆیانەوە بێنە مەیدان و خونیشان بدەن. ئەمە نیشانەی واقیعی پێشرەوی بزووتنەوە و مەرجی پێویستی سەرهەلدانی ئیعتلایەکی شۆرشگێرانە و رووخانی جمهووری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتیکی شۆرشگێرە کە داخوازە بنەرەتییەکانی زەحمەتکێشان وەدی بێنی.

لە پێناوی ئەم سیاسەتەدا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم ئەرکانەی خواڕەوە دەنێتە دەستووری کاری فەوری خۆی و کرێکارانی کۆمۆنیست بۆ جێبەجێ کردنی هەرچی کاملتر و بەرینتری ئەم ئەرکانە بانگەواز دەکا:

۱- تەبلیغی هەرچی بەرینتر سەبارەت بە ئەهمییەتی رووخانی جمهووری ئیسلامی بە هێزی کۆمەلایەتی کرێکار و زەحمەتکێش، تەبلیغی زەروورەتی دامەزرانی حکوومەتی کرێکاری وەک تاقە رێگای واقیعی بۆ کوتایی پی هێنانی مەینەتەکانی کۆمەلانی بەرینی خەلک، خەبات لە دژی مەیل و بە چاوەروانی و ئینتزار و فورسەتدان بە رژیمی ئیسلامی کە بە بیانووی بازسازی ئیقتسادییەوە لە لایەن بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی و حیزبە سیاسییەکانیانەوە چ ئەوانەی لە دەسەلات دان و چ ئەوانە لە ئوپوزیسیونن تەبلیغ دەکری، هەولدان بۆ پێش گرتن بەوەکە کۆمەلانی کرێکار بکەونە شوین جەماعەتە جۆراوجۆرەکانی نیو رژیم وە یا حیزبە غەیرە کرێکاریەکانی ئوپوزیسیون.

۲- پتەو کردنەوە و بەهێز کردنی بزووتنەوەی کرێکاری و ریزی سوسیالیستی کرێکاران. هەولدان بۆ ئەوە کە چینی کرێکار وەک هێزێکی یەکگرتووتر و رێکخراوتر لە کلی ئەم دەورەیە بێتە دەر بە دەسکەوتی ماددییەوە لە زەمینەی پێک هێنانی رێکخراوە جەماوەری و حیزبییەکاندا وە بە پەیوەندیکی پتەوتروە لەگەل کۆمۆنیزم. ئەمە چارەنووس سازترین نیشانەی پێشرەوی چینی کرێکارە لەم دەورەیەدا و زامنی هەرچەشنە پێشرەوییەک لە داهاتوودا. لەهەلومەرجی ئێستا دا ئەم کارانەی خوارەوە ئەهمییەتی حەیاتی هەیە:

۱- پەرەپێدانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی وەک شکلیکی ئەساسی بۆ رێکخراوبوون و ئیعتیراز دەربرینی کرێکاران. کۆبوونەوەی گشتی یانی مەجمەعی عمووومی، نەک هەر زەرفییەتی ئەوەی هەیە کە بە خیرایی لانی کەمی رێکخراو بوون و یەکدەنگی و وەحدەتی ئیرادە لە خەباتی رۆژانەی کرێکاران دا تەئمین بکا، بۆ موقاومەت بەرانبەر بە فشاری رژیم و خۆیەکخستن لەگەل هەنگاو بە هەنگاوی گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریش موناسب ترین وەسیلەی خەباتی کرێکارانە. دەورەی داهاتوو، دەبی دەورەی گەشانەوە و قودرەتمەند بوونی بزووتنەوەی مەجمەعی عمووومی بی.

۲- هەولدان بۆ شکل پێدانی رابەریەکی شۆرشگێر و سوسیالیستی کرێکاری، کە بتوانی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی کۆمەلانی کرێکار لە خەباتی ئەمرۆیان دا و لە کیشەی سیاسی داهاتوودا بپاریزی، کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی عەمەلی لە دەوری ئاسو و ئامانجی کۆمۆنیستی و سیاسەتەکانی حیزب، پتەوکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندی سیاسی و عەمەلی حیزب لەگەل رابەرانی کرێکاری، پێک هێنانی یەکدەنگی و یەکدەستی هەرچی بەرینتر لە نیو رابەرانی کرێکاران دا بە تایبەت لە دەوری شیعارە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، ئامادە کردنی رابەرانی کرێکاری، بۆ تەدارەکی پێک هێنانی رێکخراوە سەراسەریی‌یە کرێکاری‌یەکان لە هەلومەرجیک دا کە وەزعییەتی سیاسی و سەنگ و سووکی هێزە چینایەتی‌یەکان، ئیمکانی ئەم کارە بدا.

۳- هەولّدان بۆ رێکخستن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاران لە پێناو داخوازەکانیان دا بە مەبەستی باشکردنی دەسبەجێی وەزعی ئیقتسادی و ریفاهی کرێکاران و زیاد کردنی توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار. دەبی کۆمەلانی کرێکار بۆ توند و تیژ کردنەوەی خەبات لە پێناو داخواز و مافە پێشێل کراوەکانیان دا بانگەواز بکرین و هەول بدری بزووتنەوەی کرێکاری بکەوێتە حالەتیکی تەرزی و پەلامارەرانە. داخوازە سەراسەری و حەیاتی‌یە کرێکاری‌یەکان، کە لە یەکگرتوو کردنی ریزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دا دەوری سەرەکی یان هەیە دەبی بکەونە دەستووری خەباتی بەرینترین کۆمەلانی کرێکارەوە. حیزبی کۆمۆنیست و کرێکارانی کۆمۆنیست لە هەر تێکۆشانیکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران بۆ باشکردنی وەزعییەتی خۆیان لیبراوانە دیفاع دەکەن و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ وەدەس هێنانی ئەو داخوازانە دەنێنە سەرووی ئەرکەکانی خۆیان، کە راستەوخۆ خزمەت دەکەن بە کەم بوونەوەی فشاری هەژاری و برسیەتی هەموو چینی کرێکار و تەئمینی هەلومەرجی باشتر بۆ خەباتی کرێکاری و سەراسەری کردنەوەی بزووتنەوەی کرێکاری. گرینگترینی ئەم داخوازانە ئەمانەن:

* زیاد کردنی دەس بەجێی کری و هەقدەستی کرێکاران.

* دانی بیمەی بێکاری بە هەموو ئەفرادی ئامادە بەکار.

* گەرانەوەی هەموو کرێکارانی بێکار کراو و دەرکراو بۆ سەر کار، ئازاد بوون و گەرانەوە سەر کاری هەموو کرێکارانی زیندانی.

* کەم کردنەوەی سەعات کاری حەتووانە هەتا دەگاتە حداکسر ٤٠ سەعات.

* هەلوەشانەوەی ئەنجومەن و شووڕا ئیسلامی‌یەکان و هەموو دەزگا دژی کرێکاری‌یەکانی رژیم لە کارخانەکان.

* ئازادی بی قەید و شەرتی ئیعتساب و رێکخراو بوون.

۳- هەولّدان بۆ تەبدیل کردنی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری بە رابەر و ئالا هەلّگری داخوازەکان و خەباتی دیموکراتیک لە هەموو جامیعەدا و هەولّدان بۆ ئەوە کە چینی کرێکار بکەوێتە ریزی پێشەوەی ئیعتیراز لە دژی ئەو خەفەقان و کونەپەرستی‌یە کە رژیمی ئیسلامی بەسەر ژیانی کۆمەلانی خەلکی‌دا سەپاندوە. رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و رابەرانی کرێکاران دەبی موافیع و پاریزەر و نوینەری پەیگیری داخوازەکانی هەموو کۆمەلانی زۆرلێکراو بن. گرینگترینی ئەم داخوازانە، کە چینی کرێکار دەبی بکەوێتە ریزی پێشەوەی خەبات بۆ وەدی هێنانیان، ئەمانەن:

* ئازادی هەمەلایەنەی سیاسی، ئازادی رێکخراو بوون، بەیان و عەقیدە.

* ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی.

* بەرابەری کاملی ژن و پیاو لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی‌دا، هەلوەشانەوەی دەس بەجێی هەموو ئەو مقەررانە کە لە دژی ژنان دانراون.

* جیایی کاملی مەزهەب لە دەولّەت و لە ئامووزش و پەروەرش.

* کوتایی پی هاتنی سەرکوتی نیزامی خەلکی کوردستان، بە رەسمییەت ناسرانی مافیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە پێی موراجەعە بە رەئی‌ی گشتی خەلکی کوردستان.

* نەهیشتنی میلیتاریزم و جوبرانی هەر سەدەمە و خەسارەت و زیانیک کە شەر بە خەلکی گەیاندوە.

* تەئمینی دەس بەجێی پێویستی‌یە گشتی‌یەکان بە قیمەتی هەرزان.

* هەلّگرتنی هەرچەشنە تەعقیب و مەحدوودییەتیک لەسەر هەموو ئەو کەسانە کە حازر نەبوون بچنە سەربازی و لە شەر دا بەشداری بکەن.

کوتایی پی هاتنی شەر جاریکی تر بەرژەوەند و ئامانجی دژ بە یەکی چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاری بە ئاشکراترین شیوە لە رووی یەکدا راگرتوە. ئالٌ و گۆڕەکانی داهاتووی ئێران لە هەموو شتیک زیاتر کەوتوەتە گرەوی پراتیکی ئامانجداری چینی کرێکاری ئێرانەوە. بورژوازی هەول دەدا بە هەر قیمەتیک بووە پێش بە قوول بوونەوەی بوحرانی سیاسی و سەرهەلّدانی وەزعییەتی شۆرشگێرانە لە جامیعەدا بگری. بورژوازی لە ئێران و لە جیهان دا وە خۆکەوتوە هەتا بوحرانی رژیم ئیسلامی کەم کاتەوە و بە ئالٌ و گۆڕ و ئیسلاحاتیک ئەم رژیمە سەر لە نوی بە پێچەوانەی ویستی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش وەک رژیمی سبات و نەزمی بورژوایی و عامیلی بازسازی سەرمایەداری لە ئێران پتەو کاتەوە و کەلکی لی وەرگری. بۆ چینی کرێکار و کۆمەلانی زەحمەتکێش لە ئێران ئەم سبات و بازسازی‌یە هیچ مەعنایەکی نیە جگە لە بەردەوام بوونی چەوساندوە و ئیستبداد و کونەپەرستی بورژوایی. لەبەرانبەر دا چینی کرێکار دەبی ئاسوی حکوومەتی کرێکاری و ئازادی و بەرابەری بخاتە بەرچاوی جامیعە و وەک هێزێکی یەکگرتوو و رێکخراو و رابەری خەباتی جەماوەری بۆ بەرابەری ئیقتسادی و ئازادی سیاسی پی بنێتە مەیدان و رژیمی ئیسلامی و سەرتا پێی حاکمییەتی سەرمایە لە ئێران تێکەوە پێچی.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەمان کاتدا کە لە هەر زەعف و پاشەکشەیەکی بورژوازی بوحران لیدراوی ئێران و حکوومەتەکەی لە هەلومەرجی ئێستادا، بۆ باشکردنی وەزعییەتی چینی کرێکار هەرچەند کەم و کورت ماوەش بی کەلّک وەردەگری، لە هەمان کاتیش دا ئامادە کردنی چینی کرێکار بۆ بەرێوە بردنی دەوری ئەساسی و تاریخسازی خۆی، یانی بۆ شۆرشی کۆمۆنیستی کرێکاران، بە ئەرکی بنەرەتی خۆی دەزانی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خەرمانانی ۱۳٦۷

***

چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

مان گرتنی سەرکەوتوانەی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان

کرێکارانی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان، دوای چەند ڕۆژ قسە و باس، لە ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانەوە مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داواکاری ئەوە بوون کە خەرجی هات و چووی نیوان شار و کوورەخانە لە لایەن خاوەن کوورەکانەوە دابین بکری.

کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوورەخانەکان، بە قالبدار و قرمزدار و چەرخ کێش و کوورەسووزەوە لەم مان گرتنەدا بەشداریان کرد.

دوای سێ ڕۆژونیو مانگرتن و پاش وت و وێژی نوێنەرانی کرێکاران و خاوەن کوورەکان، کرێکاران سەرکەوتن و توانیان بە داخوازەکانیان بگەن.

کرێکاران بە مانگرتنی یەکپارچە و خەباتی یەکگرتوانەیان خاوەن کوورەکانیان ناچار کرد کە ٢٠ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکەن و هەروەها بە خەرجی خاوەن کوورەکان ڕۆژانی پێنج شەممە و جومعە سرویسی هات و چوویان بۆ دابنێین.

کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا"ی کەرەج سەرکەوتن

کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا" لە کەرەج دوای قسە و باس لەگەل یەکتر و موخالەفەتی خاوەن کوورەکە لەگەل زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و دابین کردنی نایلون و دەسکیشی کار، تەسمیمیان گرت بۆ ئەم داخوازانە مان بگرن.

ڕۆژی ٢٠ی مانگی پووشپەر کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم کوورەخانەیە مانیان گرت و دەستیان لە کار هەڵگرت.

کرێکاران بە مان گرتنی یەکگرتوانەی خۆیان، دوای دوو ڕۆژ سەرکەوتن و توانیان خاوەن کوورەکە مەجبور بکەن ٢٥ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکا.

سەرکەوتنی کرێکارانی ٧ کوورەخانەی تاکستان

کرێکارانی کوورەخانەکانی "حاجی شەلایی"، "حاجی نووری"، "حاجی بابایی" و چوار کوورەخانەی تر، لە نیوەی دووهەمی مانگی جۆزەردان دا مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داواکاری کرد بۆ بڕینی هەر ١٠٠٠ خشت لە ١٧٠ تمەنەوە بکرێتە ١٩٥ تمەن.

خاوەن کوورەکان دوای چەند جار وت و وێژ لەگەل نوێنەرانی کرێکارەکان، ناچار بوون لە ڕۆژی حەوتەمی مانگرتنەکەدا داخوازی کرێکارەکان قەبوول بکەن. بەم جۆرە کرێکارانی ئەم کوورەخانانە، بە یەکگرتوویی و خەباتی خۆیان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستەکانیان بگەیەنن ١٩٥ تمەن.

ڕژیم سەهمیەی شیرکەتی تەعاونی کرێکارانی مەریوانی بری

ماوەیەک لەوەپێش جمهووری ئیسلامی بۆ تیک شکاندنی یەکگرتوویی کرێکارانی مەریوان و تیک دانی شیرکەتی تەعاونی سەربەخۆی کرێکارانی ئەم شارە، سەهمیەی ئەم شیرکەتە تەعاونیەی بری.

پێویستە بکوتری کرێکارانی تێکۆشەری ئەم شارە کە بڕیتین لە کرێکارانی ئیدارەی ئاو و ئیدارەی بەرق و ئیدارەی ڕێگا و بان و شیرکەتی فەننی "گاران" و نانەواخانەکانی مەریوان، سااێک لەوەپێش ئەم شیرکەتە تەعاونیەیان پێک هێناوە. ئەم شیرکەتە تەعاونیەیە ٤٠٠ ئەندامی هەیە و بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان ٩ نوینەریان هەڵبژاردوە.

کومیتەی ناوچەی مەریوان لە ڕاگەیاندنیک دا، داوای لە کرێکارانی ئەندامی ئەم شیرکەتە تەعاونیەیە کرد کە لە بەرانبەر زەخت و زۆری ڕژیم دا ڕاوەستن و لە ڕێکخراوەکەیان دیفاع بکەن و هەڕوەها خوازیاری ئەوە بن کە ڕژیم پێداویستیەکانی ژیانیان بە قیمەتی دەوڵەتی بۆ دابین بکا.

ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی لە ناوچەی بانە

کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی لە نزیک ئاوایی "دروڵە"ی ناوچەی بانە، لە دژی شەرایەتی سەخت و دژواری کار و هەروەها لە دژی ملهوری و زەخت و زۆری موهەندیسەکان و نازری شیرکەت و خاوەنی شیرکەت ئیعتیرازیان کرد. لە جەرەیانی ئەم ئیعتیرازەدا نازری بەکریگیراوی شیرکەت کەوتە بەر پەلاماری جەسوورانەی کرێکارەکان.

هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ پاراستنی قازانجی خاوەن شیرکەت و پشتیوانی لە نازری شیرکەتەکە، لەم جەرەیانەدا دەخاڵەتیان کرد و کرێکاریکیان گرت و زیندانیان کرد. بەڵام کرێکارەکان هەروا دریژە بە خەباتیان دەدەن و ویرای ئیعتیراز بە دەخالەتی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی ڕژیم، خوازیاری ئازادی کرێکارەکەش دەبن.

سەرەنجام کرێکارەکان پاش ٢٠ ڕۆژ خەباتی یەکگرتوانە و لیبراوانە، بەکریگیراوانی ڕژیمیان ناچار کرد کە ڕەفیقە کرێکارەکەیان ئازاد بکەن.

ئیعتیرازی کرێکارانی کوورەخانەکانی "قەزوین" لە دژی سەربازگیری

بەپێی هەوالیک کە لە کوورەخانەکانی "قەزوین"ەوە بەدەستمان گەیشتوە، ڕۆژی ٢٤ی پووشپەر بەکریگیراوانی ڕژیم بە مەبەستی سەربازگیری، هێرش دەبەنە سەر کوورەکانی "قەزوین"، "ئابیەک" و "شال" لە نزیک شاری "قەزوین".

بەکریگیراوان لە کوورەکانی "قەزوین" ٦ کەس دەگرن بەڵام ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکاران ناچاریان دەکا کە هەر ٦یان ئازاد کەن.

کرێکارانی کوورەی "ئابیەک"یش بە سەربازگیری ڕژیم ئیعتیراز دەکەن بەڵام بەکریگیراوان دەتوانن ٦ کەس بە زۆر بگرن و بەرێیان کەنە سەرباز خانە.

مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی کوورەخانەکانی "مەرەند"

کرێکارانی کوورەخانەکانی "مەرەند" دوای ماوەیەک تەکبیر و قسە و باس لە ڕۆژی ٢٠ی پووشپەرەوە بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و وەرگرتنی حەقدەستی نیوەی هەوەڵی کاریان مانیان گرت.

کرێکاران پێش دەست پی کردنی مانگرتنەکەیان، بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل کرێکارانی کوورەکانیتر و بۆ بەڕێوە بردنی مانگرتن و وت و وێژ لەگەل خاوەن کوورەکان نوینەریان هەڵبژارد.

خاوەن کوورەکان کە لەم مانگرتنە توقیبوون بۆ پێش گرتن بە پەرەسەندنی ئەم مانگرتنە و بۆ تەفرەقە پێک هێنان لە نیو کرێکاران دا دەستیان دایە پیلانگیری و هەرەشە و وعدەی بە درو. یەکیک لە خاوەن کوورەکان بە نیوی حاجی بیوک بۆ فریودانی کرێکاران دەچێتە کوورەخانەکانی تر و دەڵی کرێکارانی کوورەکەی ئەو دەستیان لە مانگرتن هەڵگرتوە. بەڵام کرێکارەکان باوەری پی ناکەن و پیلانەکەی پووچەل دەکەنەوە و دریژە بە مانگرتنەکەیان دەدەن.

پاش ١١ ڕۆژ مانگرتنی کرێکاران و دوای چەندین جار وت و وێژی خاوەن کوورەکان و کرێکاران، خاوەن کوورەکان ناچار دەبن داخوازی کرێکارەکان قەبوول کەن و حەقدەستەکانیان لە ١٧٠ تمەنەوە بگەیەننە ١٩٠ تمەن. بەڵام کرێکاران بەوەش ڕازی نابن و داوای حەقدەستی ڕۆژانی مانگرتنیش دەکەن و خاوەن کوورەکان ناچار دەکەن کە ٥ تمەنی دیکەش بە حەقدەستەکانیان زیاد کەن.

کرێکارانی کوورەخانەی حاجی بیوک، ئەم خاوەن کوورەیە مەجبور دەکەن کە حەقدەستی نیوەی هەوەڵی کاریان پی بدا و کرێکارانی کوورەیەکیتریش خاوەن کووڕە ناچار دەکەن کە حەقدەستی حەوتوو بە حەوتوو حەقدەستەکانیان پی بدا.

کرێکارانی مەیدانی کاری بۆکان حەقدەستەکانیان دیاری کرد

ماوەیەک لەوەپێش سەرمایەداران و خاوەن کارەکانی بۆکان بە کرێکارانی ساختمانی ئەم شارە ڕادەگەیەنن کە دەبی ٥٠ تمەن لە حەقدەستەکانیان کەم کەنەوە. بەڵام کرێکاران بە وشیاریەوە ئەم پیلانە پووچەل دەکەنەوە و ڕادەگەیەنن کە حازر نین بە ٣٠٠ تمەن کەمتر کار بکەن.

بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە سەرمایەدارەکان و بیانووی سەبازگیریەوە هێرش دەبنە سەر کرێکارانی مەیدانی کاری بۆکان. بەڵام کرێکارەکان خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەرباز دەکەن و بەم جۆرە نە تەنیا ناچنە سەربازی بەڵکوو حەقدەستی ٣٠٠ تمەنیش دەچەسپێنن.

تێکۆشانی کرێکارانی کوورەخانەکانی مهاباد بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان

کرێکارانی کوورەخانەکانی مهاباد لە ڕۆژەکانی هەوەڵی مانگی پووشپەرەوە بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان دەست دەکەن بە قسە و باس و تەکبیر و مەشوەرەت لەگەل یەکتر و لە نیوەڕاستی مانگی گولان دا بۆ ئەم مەبەستە دەچنە ئیدارەی کاری ڕژیم و داواکاری دیاری کردنی حەقدەستەکانیان دەبن.

تا ئێستا ئیدارەی کار و خاوەن کوورەکان وەڵامیکیان نەداوەتەوە بە کرێکاران. کومیتەی ناوچەی مهاباد لە ڕاگەیاندنیک دا داوای لە کرێکارەکان کرد کە لەسەر وەڵامی ئیدارەی کار و خاوەن کوورەکان ڕانەوەستن و خۆیان حەقدەستەکانیان دیاری کەن و بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان لە تەجرەبەی خەباتی کرێکارانی شوینەکانیتر و بە تایبەت کرێکارانی کوورەکانی هەمەدان کەلک وەرگرن.

کورتە گوزارشیک لە چەند مەرکەزی کرێکاری شاری سنە

بەهۆی کەم بوونی مەواد و کەرەسەی کارەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کارخانە و کارگاکانی شاری سنە بێکار بوون.

کارخانەی پارچەچنی "چیا" کە ٢٠ کرێکاری هەیە تەعتیل بووە و مەترسی ئەوە هەیە کە بە تەواوی وەر شکست بی.

لەم دوایی‌یانەدا قرار بووە کە شیفتی شەوانەی کارخانەی "شاهو" تەعتیل بی و کرێکارانی هەر کام لە شیفتەکان حەوتوویەک کار بکەن و حەوتوویەکیش بێکار بن. ئەم تەرحە بە قەولی کرێکارەکانی ئەم کارخانەیە، تەرحی دەرکردنی لانی کەم ١٠٠ کرێکاری ئەم کارخانەیە.

بە هۆی نەبوونی کەرەسەی کاری ساختمانی‌یەوە، کاری زۆربەی شاروچکەکانی دەوروبەری شاری سنە و پروژەکانی ئاوەدانی و عومران تەعتیل بوو، کرێکارانی ئەم بەشانە بیکار بوون و ڕوویان کردوەتە مەیدانی کاری ئەم شارە و هەموو ڕۆژی سەدان کرێکاری بێکار لەم مەیدانە بەدەستی بەتال و ناهومید دەگەڕێنەوە.

هەڕوەها هەزاران خوێندەوار و منالە کرێکاری ئەم شارە کە هاوینی ئەمسالْ بۆ کومەک بە خەرجی بەری چوونی خانەوادەکانیان ڕوویان کردبووە کرێکاری، لە بەر نەبوونی کار ناچار بوون دەسفرۆشی و وردە واله فرۆش بکەن.

کاربەدەستانی ڕژیم بە بیانووی نەبوونی جەوازی کەسب و کار، هەموو ڕۆژی چەندین دووکانی وەک کەباب خانە و نەجاری تەعتیل دەکەن کە هەر کامیان چەند کرێکار، کاری تێدا دەکەن.

گوزارشیک لە موقاوەمەتی کرێکارانی کارخانەی شاهو لە بەرانبەر ئاموزشی نیزامی دا

سەراسەری زستانی پار کرێکارانی کارخانەی "شاهو"ی سنە لە بەرانبەر ئاموزشی نیزامی ڕژیم دا ڕاوەستان، بەکریگیراوانی ڕژیم دوای ئەوەی بە هۆی خەباتی یەکپارچەی کرێکارانی ئەم کارخانەیە لە بەڕێوەبردنی تەرحی "جهاد مالی"دا شکستیان خوارد، تەرحی ئاموزشی نیزامی‌یان هێنایە گۆڕ. بەڵام کرێکارەکان ڕایان گەیاند حازر نین مل بۆ ئەم سیاسەتە کەچ کەن.

ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمە ٣ مەسئوولی بەکریگیراوی ئاموزشی نیزامی چوونە کارخانەی شاهو و هەرەشەیان لە کرێکارەکان کرد کە ئەگەر نەچن بۆ دەورەی ئاموزشی نیزامی، کارخانەکە تەعتیل دەکەن. بەڵام کرێکاران ملیان نەدا و دریژەیان بە خەباتیان دا.

بەکریگیراوانی ڕژیم بە شیوەی جۆراوجۆر و بە نامە نووسین و سوخەنرانی پەیتا پەیتا، کرێکارەکان دەخەنە ژیر زەخت و فشارەوە و ڕۆژی ٢٣ی مانگی گولان لە نامەیەکدا بە کرێکاران ڕادەگەیەنن دەبی تا جەژنی "ڕەمەزان" ٣ کرێکار بۆ ئاموزشی نیزامی بنیرنە ئیدارەی بەسیج.

کرێکاران لە بەرانبەر ئەم پیلانەی ڕژیمیش دا ڕادەوستن و دەست لە کار هەڵدەگرن و خوازیاری ئەوە دەبن کە تەرحی ئاموزشی نیزامی هەڵوەشێتەوە.

بەڵام بەکریگیراوان بە زیاتر کردنی فشار و بە هەرەشە و فریودانی کرێکاران توانیان کرێکاران ناچار بکەن کە بە نیوان هەر دە ڕۆژ ٣ کرێکار بنیرنە دەورەی ئاموزشی نیزامی.

گوزارشیک لە وەزعی کار و ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی شاری نەغەدە

بە هۆی ئەوەوە کە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی ناوچەی نەغەدە و شار و دێهاتی پیرانشار ڕوویان کردوەتە شاری نەغەدە و هەروەها کاربەدەستانی ڕژیم ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە ئاوارەکانی عێراق یان لەم شار جێ گیر کردوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. پی بە پێی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی شار، ژمارەی کرێکارانی بێکاریش زیادی کردوە.

لە مەیدانی مەرکەزی شار، کە لە نزیک ترمینالی ئەم شارەیە، هەموو ڕۆژی ١٥٠ تا ١٦٠ کرێکار بە دەستی بەتال و بە ناهومیدی‌یەوە دەگەڕینەوە مالەکانیان. لە مەیدانیکی دیکەی نزیک ئیدارەی "پست و تلگراف" هەموو ڕۆژی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران چاوەڕوانن ماشینەکانی میوەو تەرەبار لە شاری مهابادەوە بگەنە جێ و ئەوان خۆیانی تا مەرکەزی شار پێوە هەڵواسن تا بەڵکوو بە داگرتنی باری ماشینیک پوولیکیان وەدەست کەوی و تیکە نانیکی خۆیان و منالەکانیانی پی بکرن. لانی زۆری حەقدەستی داگرتنی باری ماشینیک ١٠٠ تا ١٥٠ تمەنە.

نرخی حەقدەستی کرێکاران کەمە و لە ٢٠٠ تمەن ناچێتە سەر. لە ڕاستیدا نرخیکی یەکسان و دیاری کراو بۆ حەقدەستی کرێکاران نیە و حەقدەستی کرێکاران بە مەیلی خاوەن کارەکان دیاری دەکری.

هاوینان، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی ئەم شارە لەگەل خانەوادەکانیان، بەیانی زوو، بە هەر وەسیلەیەک کە وەدەستیان کەوی، بۆ دەسکەنەی نوک، خۆیان دەگەیەننە مەزراکان. حەقدەستی سەر کارگەرانی کاری کەشاوەرزی ٣٠٠ تا ٣٥٠ تمەنە. حەقدەستی کرێکارانی تری ئەم بەشە، سەرەڕای ئەوە کە لە بەیانی زووەوە تا تاریکان کار دەکەن و بە پێی تەمەنیان ١٠٠ تا ١٥٠ تمەنە.

لە هەموو شوینیکی ئەم شارە، زۆر جار منالانی تازە پی گەیشتوو بەر چاو دەکەون، و بە هۆی لە دەست دانی دایک و باوکیان، یان بە هۆی نەخۆشی و بێکاری سەرپەرستەکانیان خەرێکی سوال کردنن.

نیوەی نانەواخانەکانی ئەم شارە مەجبور کراون کە نان بۆ سپای پاسداران بکەن. هەر بەم هۆیەوە نان کەمە و خەڵک بۆ وەدەست خستنی چەند نان ناچارن پێش ڕووناک بوون سەفی دوور و دریژ لەبەر نانەواخانەکان پێک بینن.

فشار و خەفەقانی پولیسی ڕژیم خەڵکی ئەو شارەی وەتەنگ هێناوە. لەسەر هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەگەنە نیو شار، بە تایبەت لە جادەکانی مهاباد _ ورمی و شنو و پیرانشار پوستی بازرەسی کومیتە خەڵک دەپشکنن و کەس هەقی نیە لە ٥ کیلو زیاتر قەند و شەکری پی بی. بەکریگیراوان قەند و شەکری زیاتر لە ٥ کیلو زەوت دەکەن و دەلین بە جێگای قەند بە کشمیش و خورما چاپی بخونەوە.

هەموو خیابانەکانی شار، بەر ترمینال و مەیدانی نزیک ترمینال، پەر لە گەشتی‌یە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم کە هەموو کەس و هەموو شتیکیان خستوەتە ژیر کۆنترۆلی خۆیان و شکیان لە هەر کەس بی، بە بی دەلیل و بەڵگە دەیگرن وە ڕەوانەی کومیتەی دەکەن.

ئەگەر لە چنگ هەژاری و نەداری و نابەرابەری وەگیان هاتوون،

ئەگەر بێ مافی و تەحقیری هەموو ڕۆژە بەڕۆکی پێ گرتوون،

ئەگەر بێکاری و بێ بڕیوی ژیانی لێ تاڵ کردوون،

ئەگەر لە شەر، لە کوشتاری ئینسانەکان، لە ئیعتیاد و فەحشا بێزارن،

وە ئەگەر دەتانەوێ بە ئازادی و بەرابەری واقیعی بگەن،

لەگەل کۆمەڵە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری خەبات بکەن!

***

راگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی نوهەمین ساڵڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

کرێکاران، زەحمەتکێشان!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاوێژ نەهەمین ساڵڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە.

٩ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی خومەینی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان هێنایە سەر کوردستان تا داخوازی ڕەوای گەلی کورد بۆ ئازادی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، لە گومی خوێن دا بخنکێنن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دوای ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا داوایان دەکرد کە ئازاد بن چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن، شووڕای خۆیان، ڕێکخراوەی سنفی و سیاسی خۆیان هەبی، چەکی خۆیان پی بی و لە ئازادی بەیان و عەقیدە و باقی دەسکەوتە دیموکراتیکەکان بەهرەمەند بن.

جمهووری ئیسلامی جوابی سیاسی بەم داخوازە سیاسییانەی خەڵکی کورستان نەدایەوە، بەڵکوو هەوڵی دا بە ملهوری و بە زۆری سەرەنیزە و توپ و تەیارە سەرکوتیان بکا. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٦ مانگی دوای ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندان دا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستە کار کە بە خەباتی سیاسی و جەماوەری بەر بە سەرکوت و هێرشی جمهووری ئیسلامی بگری. بەڵام ئەم ڕژیمە کە بە تەواوی کەمەری بۆ سەرکوتی شۆڕش لەسەراسەری ئێران بەستبوو، دوای چەند جار پەلامار و کوشتاری ئەم شوین و ئەو شوین و موقاوەمەت و ڕاوەستانی قارەمانانەی خەڵک لە نەوروزی خوێناوی سنە، لە شاری نەغەدە، لە مەریوان و لە پاوە، سەرئەنجام لە ٢٨ی مورداد دا بە پێی فەرمانی جیهادی خومەینی هێرشیکی سەرتاسەری بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی کوردستان دەست پی کرد.

٢٨ی گەلاوێژ هەموو ساڵێک، ئەم سیاستە سەرکوتگەرانەیەی جمهووری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان وەبیر دێنیتەوە. سیاسەتیک کە ماوەی ٩ ساڵ بە پشت ئەستووری ماشینی جەنگی و ئیمکاناتی زۆر و زەبەندی تەسلیحاتی هەروا دریژەی پێداوە. هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هێزی سەرکوتگەر و داگیر کەری جمهووری ئیسلامی لە ٣ هەزار پادگان و پایگا و مەقەر لە گەرەکی شارەکانەوە تا جادەکان و تا ناو هەر دێیەک و سەرهەر تەپولکەیەک دامەزراون و ئەمنیەت و ئاسایشیان لە ژیانی گشت کۆمەڵانی خەڵک هەڵگرتوە. جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر لەگەل عێراق، فشاری نیزامی خۆی و ژمارەی هێزە چەکدارەکانی لە کوردستان گەلیک زیاتر کرد و بە کێشانی ئەم شەرە مالویرانکەرە بۆ سنووڕەکانی کوردستان، کوشتار و مالویرانی و ئاوارەیی زیاتری بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاند بە جۆرێک کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا چەند شار و سەدان ئاوایی بەم بۆنەیەوە چول و کاول کران، هەروەها رژیم بە بیانووی شەرەوە سیاسەتی سەربازگیری ئیجباری، چەکدار کردنی زۆرەملی، کوچی زۆرەملی و خەفەقان و زەبروزەنگی خۆی لە دژی خەڵکی کوردستان بەو پەری خۆی گەیاند. ئێستاش کە لە ژیر فشار دا و لە ترسی پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵک ناچار شکستی خۆی لە شەری کونەپەرستانەی دا سەڵماندوە و بە قەبوولی ئاگر بەس شەری لە مەرزەکان ڕاگرتوە، بە تەمایە شەری ٩ ساڵە و داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان و جینایەتەکانی خۆی هەروا دریژە پی بدا.

کرێکاران، کۆمەڵانی خەڵکی کولنەدەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ساڵڕۆژی لەشکرکێشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بکەن بە ڕۆژی ئیعتیرازی گشتی و جەماوەری لە دژی داگیر کردنی چەکدارانە و سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی! داوا بکەن کە هاوکات لەگەل ڕاگرتنی شەر لە سنووڕەکان، شەری جمهووری ئیسلامی لە کوردستانیش کوتایی پی بی.

هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی لە کوردستان بچنە دەر!

خەڵکی کورد دبی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا ئازاد بی و بە بی هیچ فشاریکی نیزامی و سیاسی بتوانی بە ریفراندومیکی ئازاد چارەنووسی سیاسی خۆی هەڵبژیری!

ئەگەر جمهووری ئیسلامی لە ژیر فشار دا ناچار کراوە لە شەری ٨ ساڵەی لەگەل عێراق دەست هەڵگری، دەبی ئێمەش بە هەموو هێز و توانای شۆڕشی جەماوەری و چەکدارانەمانەوە، بە جەلبی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بە ئاگادار کردنی بیرورای جیهانی لە حەقخوازی خۆمان، فشار بۆ جمهووری ئیسلامی بینین تا شەری ٩ ساڵە و داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان کوتایی پی ببینی و مافی گەلی کورد لە هەڵبژاردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا بسەڵمێنێ. ئێستا کە ڕژیم لەوپەڕی شکست و زەعف و داماوی دایە، هەل بۆ ئەم تێکۆشانە لە هەمیشە لەبارترە.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، کە یەک ڕۆژ پێش ئاگر بەسی ڕەسمی شەری ئێران و عێراقە، بکەن بە ڕۆژی ئیعتیرازی گشتی و جەماوەری هەموو خەڵکی شار و دێهاتی کوردستان لە دژی دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی و حوزووری هێزە نیزامییەکانی لە کوردستان، بە تەعتیلی گشتی کامل و سەراسەری و ڕاگرتنی هەموو کار و باریک، بە وەری خستنی ئیعتیرازی ئاشکرا و بە کۆمەڵ لە هەر کوی و بە هەر میزان کە بۆتان دەکری، تەنانەت بە نەهاتنە دەر لە مال وە یا بە هەر شیوەیەکی‌تر دەنگی ئیعتیرازی خۆتان لە دژی سەرکوت و میلیتاریزمی جمهووری ئیسلامی دەربرن و بە تاق کەوتوویی ڕژیمی داگیر کەر لە کوردستان ئاشکراتر لە هەمیشە نیشان بدەن.

بێگومان ئیوە کە ٩ ساڵە شۆڕشی جەماوەری و چەکدارانەی خۆتان بەرانبەر بە سەرکوت و کوشتاری جمهووری ئیسلامی کولنەدەرانە دریژە پیداوە و لە هیچ چەشنە فیداکاریەک دریغتان نەکردوە، ئێستاش بە حەرەکەتی ئیعتیرازی سەراسەری خۆتان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا دەتوانن جاریکی‌تر دەنگی حەقخوازانە و ئیرادەی یەکگرتووانەتان بۆ وە دەرنانی هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان و بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە هەموو دنیا ڕابگەیەنن.

مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی!

سەرکەوتوو بی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد!

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە
٢٣ی گەلاوێژی ١٣٦٧

***

وەڵامیکی کورت بە وت و وێژی قاسملوو لەگەل ڕادیو ئەمریکا

چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕادیو دەنگی ئەمریکا وت وێژێکی لەگەل قاسملوو سکرتری یەکیک لە دوو بەشەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. ناوەڕۆکی ئەم وت و وێژە تەنیا بریتی بوو لە چەندپات کردنەوەی سەرخەتەکانی سیاسەتی هەمیشەیی ئەم جەماعەتە کە دوژمنایەتی کویرانەیە لەگەل ئامانج و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بۆ خۆشیرین کردن لە لای کۆڕ و کۆمەڵە ئەمپریالیستیەکانی ڕۆژئاوا و تەئکید کردن لە سەر سیمای دژی کۆمۆنیستی ئەم حیزبە بۆ وەدەست هێنانی ئیعتبار لە لای ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە. ئەمەش هەر ئەو مورک و نیشانەیە کە ئەمڕۆ لە مەیدانی سیاسی ئێران دا سیمای قاسملووی پی دەناسرێتەوە.

وت و وێژی قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا بە تەوهین کردن بە کۆمەڵە دەستی پی کرد.

قاسملوو هەل و دەرفەتەکە بۆی هەڵکەوتوە هەتا دەنگی خۆی بە گویی کۆڕ و کۆمەڵە ئەمپریالیستیەکانی ئەمریکا بگەیەنی کەلك وەردەگری بۆ ئەوەی سیاسەتی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری خۆی، لە بە شەر و جینایەت دەرهەق بە کۆمەڵە بە دریژایی ئەم چەند ساڵە بەڕێوەی بردوە، هەر لیرە، کە جێگای خۆیەتی بێنیتە مەیدانی معامەلە.

قاسملوو بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە گویی مەئموورانی وەزارەتی کار و باری دەرەوەی ئەمریکا بگەیەنی، لە دەزگای تەبلیغاتی ئەمریکا و بە کۆمەڵە دەڵی پوڵ پوت. قاسملوو لە ڕاستیدا هەوڵ دەدا لەم ڕێگایەوە حاسلی چەندین ساڵ شەر و موزاحەمەتی خۆی لە دژی جەرەیانی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، لە دژی کۆمەڵە، ئەمڕۆ لە بازاری سەوداگەری ئەمپریالیستی‌دا لە سەرمەسەلەی کورد، کۆبکاتەوە و دەیەوی ئەمپریالیستەکان لەوە دلنیا بکا کە خۆی و حیزبەکەی دوژمنی بی ڕەزای هەرچەشنە ئامانجیکی شۆڕشگێڕانە و کرێکاری و ڕادیکالن لەو مەنتەقەیە و لەم ڕێگایەدا حازرن هەرچی لە دەستیان بی لە دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی دەس تەنگ و بی بەشی کوردستان بیکەن. ئێمە هەتا ئێستا گەلیک جار بۆ ڕوونکردنەوەی هوی لاساری و پی داگرتنی حیزب دیموکرات لەسەر دریژە پێدانی شەر لە دژی کۆمەڵە ئەم واقعییەتەمان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون کردوەتەوە کە یەکیک لە ئامانجەکانی قاسملوو لەوەدا کە دریژە بەم شەڕەدا و گوی ناداتە هیچ هەول و تەقالایەک بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە، ئەوەیە کە دەیەوی لەم ڕێگایەوە جێگا و مەوقعییەتی خۆی وەک جەرەیانیکی ڕاست و دژی کۆمۆنیست لەم مەنتەقەیە، لە لای بورژوازی و ئەمپریالیزم قایم بکا و نیشان بدا کە ئەو حیزبە داردەست و گوپالیکی لە بارە کە هەرکات ئەمپریالیستەکان و بورژوازی بیانەوەی دەتوانن لە دژی جەرەیانی ڕادیکال و شۆڕشگێڕ لە کوردستان هەڵی سوورێنن. قاسملوو کە خۆی و حیزبەکەی لە لای کۆمەڵانی وشیار و زەحمەتکێش هیچ ئیعتباریکیان نەماوە و بە تاک کەوتونەتەوە لەم ڕێگایەوە هەول دەدا هەتا بەشکەم ئەمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا پشتیوانی لی بکەن و بەم جۆرە ئاسویەک بۆ خۆی و حیزبەکەی بکاتەوە. قسەکانی ئاغای قاسملوو دەربارەی کۆمەڵە لە ڕادیو ئەمریکاوە بە ڕوشنترین شیوە جاریکی‌تر ڕاست و دروست بوونی قسە و بۆچوونەکانی ئێمە لەسەر ئەم داروودەستە خەیانەت پێشەیە ئیسبات دەکا و ڕوونی دەکاتەوە کە قاسملوو و داروودەستەکەی بە چ مەبەستیک لە دژی دیموکراسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و لە دژی کۆمەڵە شەری چەکدارانەیان دەست داوەتی و فەرمانی سەراسەری کردنەوەی شەر لە دژی کۆمەڵەیان لە پلینوم و کونگرەی خۆیان دا پەسەند کرد و بەرانبەر بە هەر چەشنە هەولدانیک بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە لاسارانە بی ئیعتنایی یان نیشان دا و لەم ڕێگایەدا تەنانەت شکستی نیزامی و نەفرەتی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری خەڵکی کوردستانیشیان بە بەژنی خۆیان بری. بەڵام ئەم خۆش خزمەتیەیە لە لای فلانە یان فیسارە سناتوری ئەمریکایی چ دەسکەوتیکی بۆ قاسملوو بوو؟ ئایا قاسملوو لەم ڕێگایەوە دەتوانی ڕێزە شپرزەکانی سەر و سامان پی بداتەوە و ئاسویەک بە ڕوویان دا بکاتەوە؟ ڕەنگە لەم بابەتەوە تەجرەبەکانی خۆدی ئاغای قاسملوو بە باشترین شیوە بی حاسل بوونی ئەم تەقالایەیان ئیسبات کردبی بەڵام بە هەر حال وەلامەکە هەرچی بی ئەم سیاسەتە ئەمڕۆ جگە لە بیزاری ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری خەڵکی زۆرلێکراو و زەحمەتکێش لە کوردستان و سەرگەردانی و ئالوزی لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا هیچ سەمەرەو حاسلیکی‌تری نیە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەر خەیانەتیکی ئەم داروودەستەیە، ڕێگای خۆی بە هێزی وشاری و بیداری سیاسی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەرەوپێش دەبڕێ.

ئەم وتارە لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٧ October: ١٩٨٨

راگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی نوهەمین سالڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

کرێکاران، زەحمەتکێشان!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاوێژ نەهەمین سالڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە.

٩ سالّ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی خومەینی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان هێنایە سەر کوردستان تا داخوازی ڕەوای گەلی کورد بۆ ئازادی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، لە گومی خوێن دا بخنکێنن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دوای ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندانی سالّی ١٣٥٧دا داوایان دەکرد کە ئازاد بن چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن، شووڕای خۆیان، ڕێکخراوەی سنفی و سیاسی خۆیان هەبی، چەکی خۆیان پی بی و لە ئازادی بەیان و عەقیدە و باقی دەسکەوتە دیموکراتیکەکان بەهرەمەند بن.

جمهووری ئیسلامی جوابی سیاسی بەم داخوازە سیاسییانەی خەڵکی کورستان نەدایەوە، بەڵکوو هەوڵی دا بە ملهوری و بە زۆری سەرەنیزە و توپ و تەیارە سەرکوتیان بکا. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٦ مانگی دوای ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندان دا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستە کار کە بە خەباتی سیاسی و جەماوەری بەر بە سەرکوت و ل١١

بریارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەزعی سیاسی ئێران و شوینەوارەکانی ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراق دا

شەری ئێران و عێراق، دوای ٨ سالّ، پاش ئەوەی زیاتر لە یەک میلیون کەس بە کوشت دران و چەند سەد هەزار ئاوارە و مالوێران بوون، وە کاتیک هەموو هەست و نیستی خەڵک لە نیو ئاگری ئەم شەڕەدا بوو بە خۆڵەمیش، بە هەڵوێست گرتنیکی لە ناکاوی جمهووری ئیسلامی، کوتایی پی هات. هەتا دوینی هەرکەس باسی کوتایی پی هێنانی شەری کردبا "دژی شۆڕش" بوو، وە ئەمڕۆ هەر کەس باسی دریژە پێدانی شەر و پەل و پو بلاو کردنەوەی ئینقلابی ئیسلامی بکا، باسی سەرە.

هەموان دەزانن کە ڕژیم لە بەر بە بن بەست گەیشتنی خۆی ناچار بووە بریارنامەی ڕێکخراوی میللەتان و کوتایی پی هاتنی شەر قەبوول بکا. پاش ئەوەی ڕژیم رایگەیاند ئاگر بەس قەبوول دەکا، زۆر کاربەدەستی جمهووری ئیسلامی هەرەشەیان دەکرد کە ئەو کەسانەی بوونە باعیسی ئەوەی ئێران لەم شەڕەدا بەم ڕۆژە بگا و تووشی ئەم وەزعە بی، لە داهاتوودا، نامەی کرداریان دێتە بەردەست و....

هەموان دەیانەوی بزانن جمهووری ئیسلامی پاش ئەوەی لە بەر داماوی خۆی دەستی لەشەرخوازی هەڵگرت، لە حالیک دا کە لە جیهان دا بە تاک کەوتوەتەوە و بەدناوە و لە ئێرانیش نەفرەتی بە میلیون کەس لە خەڵکی زۆرلێکراو و لەسەر شانی بارە کە هەر کامیان بە جۆرێک بوونەتە دوژمنی قەستەسەری، تووشی چ چارەنووسیک دەبی. ئایا بە کوتایی پی هاتنی ئەم شەرە کە ڕژیم هەموو مەوجوودییەتی خۆی لی گری دابوو ئیسلامیش چنگی لە بەروکی خەڵک دەبێتەوە و دەگاتە کوتایی ژیانی خۆی؟ ئایا داروودەستەچەکدارە ڕەشەکوژەکانی کە بناغەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەن بەر دەبنە گیانی یەکتر و شەر بە جۆرێکیتر خۆی دەکێشێتە خیابانەکان؟ ئایا هەر ئەم دەوڵەتە دەتوانی وەک خۆی ئیددیعا دەکا ببێتە دەوڵەتیک بۆ ساز کردنەوەی ئابووری لە بەریک ترازاوی ئێران؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەر تێکۆشەرێکی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بەرەوپێش بردنی تێکۆشانیکی سەمەر بەخش لە دەورەی دوای شەر دا پێویستی بە وەڵامیان هەیە.

بریارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە مەسەلە سەرەکییەکانی ئەم دەورەیە شی دەکاتەوە و ئەرکەکانی حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی دوای شەردا، دەست نیشان دەکا.

بریارنامە سەبارەت بە:

وەزعی سیاسی ئێران و شوینەوارەکانی ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراقدا

الف: کوتایی هاتنی شەر و شکستی پان ئیسلامیزم.

١- ناکامی یەک لە دوای یەکی جمهووری ئیسلامی لە بردنە پێشی سیاسەتەکانی جەنگی و پان ئیسلامیستی خۆیدا و قەبوول کردنی بریارنامەی ٥٩٨، جمهووری ئیسلامی و گشت جامیعەی ئێرانی هێناوەتە بواریکی تازە لە ئاڵ و گۆڕی تاریخی. سیاسەتی جەنگی جمهووری ئیسلامی کلیلی سەقامگیر بوون و پەر و باڵ گرتنی جەریانی پان ئیسلامیستی بوو لە مەنتەقە دا و بە شکستی ئەم سیاسەتە، هەول و تەقالای چەند ساڵەی جەریانی پان ئیسلامیستی بە ڕێبەرایەتی جمهووری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی خۆی وەک ئالترناتیوییکی مەنتەقەیی بنوینی و وەک بەدیلیکی موناسیب بۆ سووک کردنی بوحرانی حوکومەتی چینی سەرمایەدار لە مەنتەقە، خودا سەپێنی. بە تەواوی تێکشاوە و ڕەوتی نشستی یەکجاری جەریانی پان ئیسلامیستی لە ئێران و لە مەنتەقە دەستی پێکردوە.

٢- سەردانەواندنی جمهووری ئیسلامی بۆ کوتایی هاتنی شەر، لە ڕاستیدا بەرهەمی ئاشکرای لاواز بوون و بە بن بەست گەیشتنی سیاسەتەکانی پان ئیسلامیستی ڕژیمە و خۆی گرینگترین نیشانەی شکستی ئەم سیاسەتانەیە. ئەو هویانە و ئەو ڕەوتانە کە نەقشیکی کار سازیان لە لاوز کردن و بە بن بەست گەیاندنی جەریانی پان ئیسلامیستی دا بووە بریتین لەمانە:

١- ڕادەی فەلاکەتی ئیقتسادی، خەفەقانی سیاسی و کونەپەرستی فەرهەنگی لە سایەی دەسەڵاتی دە ساڵەی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، هەروەها ئاشکرا بوونی پەیوەندی نزیکی جەریانی ئیسلامی لەگەل ئەمپریالیزمی ئەمریکا و قازانجی ئەمریکا لە مەنتەقە، نەیهیشت ئەم جەریانە جی پی یەکی قایم لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ خۆی دابین بکا. تەبلیغاتی عەوامفریبانەی بە ناو "دژی ئەمپریالیستی" و "دیفاع لە مستزعفین" کە جمهووری ئیسلامی دەیکرد، بەرانبەر بە واقیعیەتی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و بەرانبەر بە نەقشیکی واقیعی کە ئەم ڕژیمە لە مەنتەقەدا هەیبوو، بە هیچ دەر چووە سیاسەتی "ناردنە دەرەوەی ئینقیلابی ئیسلامی" تووشی شکست بوو.

٢- وەرسووڕانی جیددی سیاسەتی شووڕەوی لە سەتحی بین المللیدا و پاشەکشەکانی ئەم ولاتە لە سەحنەی جیهانیدا بە هۆی فشاری وەزعی ئیتقتسادی ناوخۆیەوە، زەمینەی خۆش کردوە بۆ دەورەیەک لە نەمانی تووندوتیژی و لە پێکهاتنی بین المللی بەینی شەرق و غەرب لەسەر کانوونە ئەسلییەکانی بوحران. ئەم پێکهاتنانە کە بەشیکی ئەسلی یان پێکهێنانی دامەزراویی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و مەنتەقەی خەلیجی فارسە، مەیدانی بە جەریانی ئیسلامی ژێر ڕێبەرایەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ خۆ نواندن لە مەنتەقەدا، تەنگەبەر کردوە.

٣- ناسیونالیزمی عەرەب بەرانبەر بە پەلاماری ئیدئولوژیک و سیاسی و سەرەنجام نیزامی جەریانی پان ئیسلامیستی، کەوتە خۆ و بەکردەوە نیشانی دا کە ئەوەندەی هێز هەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە ڕەسایی بکا. سەرەڕای ئەم واقیعیەتە کە پشتیوانی کردنی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبەکان لە عێراق بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی دەری خست، هێزە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا و ئوروپای ڕۆژئاواش بە تەواوی ساغ بوونەوە کە جەریانی پان ئیسلامیستی نە بەکار دی و نە دەتوانی بۆ چینی سەرمایەداری مەنتەقە ببێتە ئالترناتیوییکی ی. ئەم واقیعیەتە پشتیوانی ئەوانی لە جمهووری ئیسلامی کەم کردەوە.

ل٨

وەڵامیکی کورت بە وت و وێژی قاسملوو لەگەل ڕادیو ئەمریکا

چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕادیو دەنگی ئەمریکا وت ووێژێکی لەگەل قاسملوو سکرتری یەکیک لە دوو بەشەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. ناوەڕۆکی ئەم وت و وێژە تەنیا بریتی بوو لە چەندپات کردنەوەی سەرخەتەکانی سیاسەتی هەمیشەیی ئەم جەماعەتە کە دوژمنایەتی کویرانەیە لەگەل ئامانج و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بۆ خۆشیرین کردن لە لای کۆر و کۆمەڵە ئەمپریالیستییەکانی ڕۆژئاوا و تەئکید کردن لە سەر سیمای دژی کۆمۆنیستی ئەم حیزبە بۆ وەدەست هێنانی ئیعتبار لە لای ئەم کۆر و کۆمەڵانە. ئەمەش هەر ئەو مورک و نیشانەیە کە ئەمڕۆ لە مەیدانی سیاسی ئێران دا سیمای قاسملووی پی دەناسرێتەوە.

وت و وێژی قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا بە تەوهین کردن بە کۆمەڵە دەستی پی کرد.

قاسملوو هەل و دەرفەتەکە بۆی هەڵکەوتوە هەتا دەنگی خۆی بە گوێی کۆر و کۆمەڵە ئەمپریالیستییەکانی ئەمریکا بگەیەنی کە هەرچی لە دەستیان بی لە دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی دەس تەنگ و بی بەشی کوردستان بیکەن. ئێمە هەتا ئێستا گەلیک جار بۆ ڕوونکردنەوەی هوی لاساری و پی داگرتنی حیزب دیموکرات لەسەر دریژە پێدانی شەر لە دژی کۆمەڵە ئەم واقعییەتەمان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون کردوەتەوە کە یەکیک لە ئامانجەکانی قاسملوو لەوەدا کە دریژە بەم شەڕەدا و گوی ناداتە هیچ هەول و تەقالایەک بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە، ئەوەیە کە دەیەوی لەم ڕێگایەوە جێگا و مەوقعییەتی خۆی وەک جەرەیانیکی ڕاست و دژی کۆمۆنیست لەم مەنتەقەیە، لە لای بورژوازی و ئەمپریالیزم قایم بکا و نیشان بدا کە ئەو حیزبە داردەست و گوپالیکی لە بارە کە هەرکات ئەمپریالیستەکان و بورژوازی بیانەوەی دەتوانن لە دژی جەرەیانی ڕادیکال و شۆڕشگێڕ لە کوردستان هەڵی سوورێنن.

ل١١

چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

مان گرتنی سەرکەوتوانەی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان

کرێکارانی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان، دوای چەند ڕۆژ قسە و باس، لە ڕۆژی ٢٤ی جوزەردانەوە مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داواکاری ئەوە بوون کە خەرجی هات و چووی نیوان شار و کوورەخانە لە لایەن خاوەن کوورەکانەوە دابین بکری.

کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوورەخانەکان، بە قالبدار و قرمزدار و چەرخ کیش و کوورەسووزەوە لەم مان گرتنەدا بەشداریان کرد.

دوای سێ ڕۆژونیو مانگرتن و پاش وت و وێژی نوینەرانی کرێکاران و خاوەن کوورەکان، کرێکاران سەرکەوتن و توانیان بە داخوازەکانیان بگەن.

کرێکاران بە مانگرتنی یەکپارچە و خەباتی یەکگرتوانەیان خاوەن کوورەکانیان ناچار کرد کە ٢٠ تمەن بەحەقدەستەکانیان زیاد بکەن و هەروەها بە خەرجی خاوەن کوورەکان ڕۆژانی پێنج شەممە و جومعە سرویسی هات و چوویان بۆ دابنیین.

کرێکارانی کووڕەخانەی "حسین ئاغا"ی کەرەج سەرکەوتن

کرێکارانی کووڕەخانەی "حسین ئاغا" لە کەرەج دوای قسە و باس لەگەل یەکتر و موخالەفەتی خاوەن کووڕەکە لەگەل زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و دابین کردنی نایلون و دەسکیشی کار، تەسمیمیان گرت بۆ ئەم داخوازانە مان بگرن.

ڕۆژی ٢٠ی مانگی ڕابوردوە کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم کووڕەخانەیە مانیان گرت و دەستیان لە کار هەڵگرت.

کرێکاران بە مان گرتنی یەکگرتوانەی خۆیان، دوای دوو ڕۆژ سەرکەوتن و توانیان خاوەن کووڕەکە مەجبور بکەن ٢٥ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکا.

سەرکەوتنی کرێکارانی ٧ کووڕەخانەی تاکستان

کرێکارانی کووڕەخانەکانی "حاجی شەلایی"، "حاجی نووری"، "حاجی بابایی" و چوار کووڕەخانەی تر، لە نیوەی دووهەمی مانگی جوزەردان دا مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داوایان کرد بۆ برینی هەر ١٠٠٠ خشت لە ١٧٠ تمەنەوە بکرێتە ١٩٥ تمەن.

خاوەن کووڕەکان دوای چەند جار وت و وێژ لەگەل نوینەرانی کرێکارەکان، ناچار بوون لە ڕۆژی حەوتەمی مانگرتنەکەدا داخوازی کرێکارەکان قەبوول بکەن. بەم جۆرە کرێکارانی ئەم کووڕەخانانە، بە یەکگرتوویی و خەباتی خۆیان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستەکانیان بگەیەنن ١٩٥ تمەن.

ل١٠

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٨ | خاکەلیوەی _ ١٣٦٨ | ئاوریلی_ ١٩٨٩

بۆ ئیعتیراز بە ئیعدامی زیندانیانی سیاسی هەستن!

رۆژ نیە خەبەری ئیعدامی ژمارەیەك لە شۆرشگێرانی کۆمۆنیست و ئازادیخوازانی ئێران لە سەرتاسەری جیهان بلاو نەبێتەوە. بلاوبوونەوەی دەنگ و باسی ئیعدامی شۆرشگێران شەپولیك لە نەفرەت و بیزاری لە نیو بیرورای گشتی جیهان دا لە دژی جمهووری ئیسلامی پێك هێناوە. ژمارەی ئیعدام کراوەکان ئەوەندە زۆرە کە رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و عەفوی بین المللیش ئیعتیرازیان بەم وەحشی گەرییەی جمهووری ئیسلامی کردوە. لە لایەن ئەو رێکخراوانەوە لەم دوایی‌یانەدا ناوی ٣٠٠ کەس لە ئیعدام کراوەکان راگەیندراوە، هەروەها ئەو دەولەتانە کە هەتا ئێستا بۆ پاراستنی قازانجی ئیقتسادی خۆیان لە ئێران بی دەنگەیان لە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی کردبوو، ناچاربوون بی دەنگی بشکینن. جمهووری ئیسلامیش کە لە پەرەگرتنی شەپولی ئیعتیرازات لەسەرتاسەری جیهان و پەرەگرتنی ئیعتیرازاتی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی ئێران نیگەرانە، هەول دەدا ژمارەی راستەقینەی ئیعدام کراوەکان بشارێتەوە.

ئەوانەی ئیعدام کراون ئەو ئینسانە شرافەتمەندانە بوون کە سالّەها لە سیاچالەکانی جمهووری ئیسلامی دا بوون. ئەمانە بەرانبەر بە جەللادانی رژیم دلیرانە راوەستان و گالتەیان بە مەرگ کرد. ئەمانە ئەو شۆرشگێرە کۆمۆنیستانە و ئەو تێکۆشەرانە بوون کە بەرانبەر بە سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی راوەستان. ل٦

شەری چینەکان تەواو نەبووە!

سەرەنجام شەر کوتایی پی هات، لە ماوەیەکی زۆر کورت دا سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەم بارەوە کەوتە ئەو بار. ئەو رژیمەی کە قسەی لە دامەزراندنی حکوومەتی جیهانی ئیسلام و، ئازاد کردنی قودس و نەجەف و کەربەلا دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە مەککە لە ژیر چەپۆکی حاکمانی ئەمریکا "حیجاز" دێنیتە دەر. لە ماوەی چەند رۆژدا هەموو قسەکانی خۆی خواردەوە و دروشمی "شەر، شەر تا سەرکەوتن" و شیعارە شەر خوازانە و پان ئیسلامیستی‌یەکانی دیکەی وەلا نا و هەموویانی لەسەر دیوارەکان سری‌یەوە و وای خۆ لە قەلەم دا کە گویا هەر لە هەوەلەوە حکوومەتیکی ستەم لیکراو ئاشتی خواز بووە و ئەگەر لیی گەرابان و کاریان بە سەر کاریەوە نەبوایە، ئێستا سالّیانی سال بوو کە خەرێکی کشت و کال و کاریزلیدان و ئاوەدان کردنەوەی ئێران بوو! ئێستا پاش تێپەر بوونی دە سالّ لە حکوومەتی ئەم بلیمەتانە ئیتر کەس بی شەرم و شکویی و ساختەچی‌یەتی و چاو بەستی فەرمان رەوایانی ئێرانی پی سەیر نیە و جمهووری ئیسلامیش بە پێویستی نازانی روشنی بکاتەوە کە ئەگەر ناکوکی‌یەکانی نیوان ئێران و عێراق دەکرا لە رێگای سیاسی و ناوبژی کردنی سازمانە بین المللی‌یەکانەوە چارە سەر بکری، ئەی بۆچی ٨ سالّی رەبەق فووی بە زورنای ئەم شەرە مال ویرانکەرەدا کرد و، میلیونەها کەسی مالویران و ئاوارە و دەربەدەر کرد و خەلّکی گرفتاری ئەم رۆژە رەشە کرد. ئەوان هەر ئەوندەیان کوت کە دوایی ئەو دەلیلانەی کە دەولّەتی ئێرانی ناچار کردوە ئەم سولحە تالّ و ژەهراوی‌یە قەبوول بکا بە ئومەتی شەهید پەروەر رادەگەیەنن و لە هەلیکی موناسب دا مەسئوولەکانی کارەساتی کوتایی هینان بە شەر دەناسینن. بەرهەر حال حکوومەتی خودایی هەر لە بەرانبەر خودا دا مەسئوولە نەك لە بەرانبەر خەلّك دا، وەهەر ئەوەندەش کە کاربەدەستانی خودا بە پەیام و سوخەنرانی‌یەکانی خۆیان بە شێوەیەکی داپوشراو خەلّکیان لە تەسمیمەکانیان ئاگادار کردوە لوتف و مەرحەمەتیکی گەورەیە و خەلّك دەبی گەلیکیش شوکرانە بژیر و مەمنوون بن! ئەمەش وەلامی ژمارەیەکی دیکە لەو ئاغایانەیە کە بروایان بەوە هەیە ئیمە هەموومان مریدی ئیمامین و ئەم جۆرە مەسەلّانە بە ئیّمە مەربووت نیە. ئیمام خۆی فەرمانی شەری داوە و هەر وەختیکیش خۆی بە مەسلەحەتی بزانی فەرمانی سولح دەردەکا. قسە لە کاری خودا و وەلی خودا دا مەکەو مەپرسە بۆچی!...

لە میژبوو لە هەموان ئاشکرا بوو کە هەول و تەقالای جەنگی حکوومەتی پان ئیسلامیستی ئێران گەیشتوەتە بن بەست. بەلّام ماوەیەك پێویست بوو تا خودی حکوومەت پی لەسەر ئەم واقیعییەتە دابنی. ماوەیەك پێویست بوو تا چەند شانسی دیکەش تاقی بکرێتەوە، تا کەللە شەق ترین و میشك وشك ترین فەرماندە نیزامی‌یەکان و خاوەن مقامەکانی دەولّەتی دەست لە لاساری هەلّگرن و بێسەلمێنن کە رێگای پێش یان لی گیراوە و بەر لەوەی رێگای دواشیان لی بگیری دەبی لە کەری شەیتان دابەزن. هەلاتن لە سەربازی پەرەی سەندبوو. ئیتر هەلاتن هەر مەسەلەی ئەفراد نەبوو بەلّکوو واحیدە نیزامی‌یەکانیش لە نیوان رێگای پادگان و جبهەدا غەیب دەبوو. تەنانەت هێزە هەلّبژاردە و ئامووزش دراوەکانی بە نیو موئمین و حیزب الهی‌ش لە دەروون دا شەق و شر بوون و لە حالی پرش و بلاو بوون دا بوون. خەلّکی عادیش وەیان چووبووە سەر و بە ئاشکرا دەنگی ئیعترازیان هەلّبریبوو و باکیان لە تیك هەلّچوون لەگەل هێزەکانی رژیم و دەربرینی شیعاری دژی حکوومەتی نەبوو. فاکتورە بین المللی‌یەکانیش هیچ هیوایەکی وایان تیدا بەدی نەدەکرا کە شەر خوازەکان دلی پی خۆش کەن. درێژە پی‌دانی لەوە زیاتری شەر دەکرا ببێتە هۆی ئەوە کە لەسەر ئەساسی یاخی بوونیکی جەماوەری و هاتنە مەیدانیان بۆ تۆلّە سەندنەوە، شکستی سەرشورانە بۆ جمهووری ئیسلامی چاوەروان بکری.

راەکارگر و لیك جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات

"زۆر جار دوژمنانی دوینی دەبنە دوستانی ئەمرۆ." قاسملوو ئەم وتەیەی کردبوە بیانوو بۆ هاوپەیمانی لەگەل کەسیك کە پێشتر لە داگیرکردن و سەرکوت کردنی چەکدارانەی کوردستان دا سەر کردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی خومەینی بوو، ئێستا بە پێچەوانەی ئەمە لە راەکارگر رووی داوە: دوستانی دوینی بوونەتە دوژمنانی ئەمرۆ.

راەکارگر کە هەتا ماوەیەك دوای پێك هاتنی کونگرەی هەشتەم (ی حیزبی دیموکرات) بی دەنگەی لە کیشە و ناکوکی تووندوتیژی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کردبوو، وە تەنانەت لە قسەی ئێرە و ئەوی دا کۆمەلّەی بەوە تاوانبار دەکرد کە کارێکی ناپەسند دەکا و هەول دەدا بۆ شکاندنی تەشکیلاتی (حیزبی دیموکرات) و ئەمە بزووتنەوەی کوردستانی پی لاواز دەبی، کاتیك لیك جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات رەسمییەتی پەیدا کرد و پلاتفورمی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بلاو کرایەوە، بەش بە حالی خۆی هاتە نیو ماجەراکە و لە هەموان بێ باکانەتر دیفاعی لە بەشی جیابووەوە و لە ئیددیعاکانی ئەو بەشە لە دژی قاسملوو کرد. بە هەر حال راەکارگر دەبوو لایەك هەلّبژیری و گوناهی نەکردوە کە لەم هەلّبژاردنە موشەخەسەدا بە شوین مەنفەعەتی سیاسی خۆیەوە بوو: راەکارگر هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ لە ریز بەستنە سیاسی‌یەکانی کوردستاندا، لە هەموو شوینیك چووبووە لای دەستی حیزبی دیموکرات _ بە رێبەرایەتی قاسملوو و بە سیاسەتەکانی ئەوەوە بەم لیك جیابوونەوەیەی دوایی فورسەتیکی دەست کەوت هەتا بە خۆ دوور خستنەوە لە لایەنەکەی قاسملوو، وەبەر رەخنە گرتنی سیاسی ئاشکرا لەو لایەنە کە ئیتر بە تەواوی ریسوا بووە و لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەکرێتە سەر هەم روخساریکی ئابروومەندانە بە پەروەندەی سیاسی ئالوودەی خۆی ببەخشی و هەم تەواوی میهرو مەحەببەتی خۆی ئەمجار بی دریغ و بی دەغدەغە بە حیزبی دیموکرات" لایەنی سوسیال دیموکراتیك"ی لی دەرچی پێشکەش بکا.

ئەمە سیاسەتیکە کە راەکارگر بە دیقەت کەوتوەتە شوینی. نەشرییەی راەکارگر (ژمارەی ٥٠، مانگی گولانی سالی ٦٧) دوو بەشەکەی حیزبی دیموکرات ئاوا هەل دەسەنگێنی.

ل٣

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەلّە سەبارەت بە فەوتی هاوری دوکتور عبدالقادری وحیدی (دوکتور دەرویش)

بە داخیکی گرانەوە کومیتەی ناوەندی کۆمەلّە ئاگادار کرا کە بەرەبەیانی رۆژی ١٢ی سەرماوەزی ٦٧ هاوریی تێکۆشەر و کۆمۆنیستی شێلگیر دوکتور عبدالقادری وحیدی دوای دەورەیەکی درێژ تەماوەی نەخۆشی، گیانی بەخت کردوە.

هاوری دوکتور عبدالقادر ناسراو بە دوکتور دەرویش ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تێکۆشەریکی ماندووییی نەناسی نیو رێزی پێشمەرگەی کۆمەلّە بوو کە سالّەها بە هەموو توانایی و زانست و تەجرەبەیەوە، وەك دوکتوریکی جەراح و وەك تێکۆشەریکی سیاسی، ژیانی نایە پێناوی رێگای رزگاری کرێکاران و هەموو ستەم لیکراوان و مەحرووماں و لەو ماوەیەدا بە حەق بوو بە جیگای متمانەی هەموو هاوسەنگەرانی و بووە خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانەی دوکتور دەرویشیان وەك جەراحیك و وەك پێشمەرگەیەك دەناسی.

هاوری عبدالقادری وحیدی هەر لە سالّی ٥٧ەوە هاوکات لەگەل بەرپوە بردنی ئەرکی جەراحی بیمارستانی شاری سەقز، وەك تێکۆشەریکی سیاسی هاتە نیو رێزی خەباتی شۆرشگێرانەوە و وەك لایەنگریکی کۆمەلّە دەستی بە تێکۆشان کرد. لە بەهاری سالّی ١٣٦٠دا دوای ئەوەی کەوتەبەر تەعقیبی پولیس، هاتە نیو رێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەلّە و لەمەو بەدواوە چالاکانە لە هەموو مەیدانەکانی موقاومەت و خەباتی خەلّکی زەحمەتکێش دا لە کوردستان بەشداری کرد و لەگەل بەرێوەبردنی ئەرکی پێشمەگانە وەك دوکتوریکی جەراحی لیهاتووش بی وچان لە

ل٦

بە بۆنەی ٢٥ی خەزەلوەر سالّرۆژی هێرشی جینایەتکارانەی حیزبی دیموکرات بۆ سەر مقەرەکان و پێشمەرگەکانی کۆمەلّە لە هەورامان

کرێکاران و کۆمەلّانی وشیار و تێکۆشەری کوردستان!

چوار سالّ لە ٢٥ی خەزەلوەری ٦٣ کە حیزبی دیموکرات هێرشیکی بەرنامە بۆ دارژاوی بۆ سەر مقەرەکانی کۆمەلّە لە هەورامان دەست پێکرد، تێپەر دەبی. چوار سالّ لەوەپێش لە رۆژیکی ئاوادا حیزبی دیموکرات دەستی دایە هێرشیکی جینایەتکارانە لە دژی پێشمەرگەکانی کۆمەلّە لە هەورامان و بەم جۆرە سیاسەتی خۆی بۆ هەلّگرساندنی شەری سەرتاسەری لە دژی کۆمەلّە هێنایە مەیدانی کردەوە. خەتە گشتی‌یەکانی ئەم سیاسەتە زستانی سالّی ٦٢ لە کونگرەی شەشەمی ئەو حیزبەدا لە لایەن رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە هێنرا بوونە گۆر هاوینی سالّی ٦٣ لە پلینومی کومیتەی ناوەندی یان دا وەك سیاسەتی عەمەلی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەلّە پەسندیان کرد و سەرەنجام بە کارەساتی جینایەتکارانەی ٢٥ی خەزەلوەری هەورامان بە کردەوە دەستیان پێکرد.

بەرەبەیانی رۆژی ٢٥ی خەزەلوەری سالّی ٦٣، هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە هەورامان کە پێشتر خۆیان ئامادە کردبوو هێرشیان هێنایە سەر مقەرەکانی کۆمەلّە لە "نەوسوود" و "شوشمی" و لە زەنجیرە شەریك دا کە هەتا شەوی خایاند،

ل٧

بەیادی هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی

سەعات ٦ی پاش نیوەروی رۆژی پێنج شەممە ٧ی خەزەلوەری پارەکە، رابەریکی هەلّکەوتووی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران، سیمای ماندووییی نەناسی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان، هاوری و هاوسەنگەری کرێکارانی وشیار، دوکتور جەعفەری شەفیعی دلی لە لیدان کەوت.

مەرگی هاوری جەعفەری پەژارەیەکی قورسی خستە دلی کرێکاران و زەحمەتکێشان. دەیان نامە و پەیامی سەرەخۆشی و هاوەردی لە لایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و شۆرشگێرانی کۆمۆنیستەوە خۆی نموونەیەك بوو لە ریزگرتنی شۆرشگێرانە و بەلّین تازە کردنەوە لە سەر رێبازی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی هەتا بەدی هاتنی رزگاری یەکجاری کرێکاران و کۆمەلّانی بەرینی مەحروم و زۆرلێکراو، چۆنکوو دوکتور جەعفەر بە ژیانی پر سەمەری خەباتکارانەی، رابەریکی لی هاتوو بوو بۆ پەروەردە کردنی کۆمەلّانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ تێکۆشان لە پێناو رزگار بوون دا.

ل٧

هەول و تەقالای زیاتر بۆ سەربازگیری بو لەشکریک کە فەرماندەکانی خودی رژیم نیوی "هیات واگزاری زەمین" یان لەسەر دانابوو، هەول و تەقالایەکی بی سەمەر و مەسخەرە بوو... قەبوولی ئاگر بەس حکوومەتی لە رووخان و لە بەریەک ترازان نەجات دەدا و دەرفەتیکی دیکەی بۆمان و ئیدامەی دەسەلاتی پێک دەهێنا. رەفسەنجانی و داروودستەکەی ئەم درەفەتەیان تەشخیس دا و بە دەست و برد ئەم هەلەیان بۆ نەجات دانی رژیم لە مەرگیکی نزیک قوازتەوە.

تەرحی کوت و پری قەبوولی بریارنامەی سازمانی ملل لە لایەن حکوومەتی ئیسلامیەوە بی ئەوەی لە بەرچاوی بگرین کە ئەم ئیقدامە چەندە لە داماوی رژیمەوە سەرچاوەی گرتبی یان ئیقدامیکی هەلسەنگیندراو بووبیت پێشی بەوە گرت کە خەلک ئەو خەلکەی کە بیزاری و ئیعتیرازی خۆیان هەموو رۆژی زیاتر و ئاشکراتر لە رۆژی پێشوو دەردەبری بە باشی نەقشی خۆیان لە گورینی سیاسەتی دەولەت و ناچار کردنی دا بە راگرتنی شەر، هەلسەنگینن و بینانسن وە بە پێی ئەو هێزەی کە بە کردەوە هێنابوویانە مەیدان و بە پێی ئەو زەعف و داماویەی کە رژیم تووشی هاتبوو، لەو سەنگ و سووکی نوییەی کە لە نیوان هێزەکاندا پێک هاتبوو، کەلک وەرگرن و دەسکەوت وە چنگ خەن. ئەگەر لەو مانگانەی ئاخردا کە ئیعتیراز و خەباتی خەلک پەرەی سەندبوو، دەولەت ئاشکرای کردبا بەوە گەیشتوە کە پێویستە شەر راگری، بێگومان خەلک کوتایی پی هاتنی شەریان لە ریزی سەرکەوتنەکانی خۆیاندا دەنووسی و نەقشە و گەلالەی پەلامار دەرانەی هێرشەکانی دوایی، پی بە پێی پاشەکشەی رژیم لە سیاسەتی جەنگی خۆی، لە میشکی خەلک داقەوارەی دەگرت و هەر لە کاتی کوتایی پی هاتنی شەرەوە، بۆ هێنانە گۆڕی ئەو داخوازانەی کە ماویەکی زۆر بوو شەر پێشی وەدی هاتنیانی گرتبوو، بە وردیەکی پەلامارەرانەوە دەهاتنە مەیدان. بەڵام وای لی نەهات. تەرحی کوت و پری هەڵوێست گورینی رژیم لە عەمەلدا ئەم دەرفەتەی لە خەلک بری. لە مانگەکانی ئاخری شەردا کە دەولەت شەپولیکی تازەی سەربازگیری وەری خستبوو و دەستی بە هێنانە گۆڕی زۆرمالیاتی جەنگی تازە کردبوو، بزووتنەوەی پەلامارەرانەی خەلک کەمتر بیری لەو کارانە کردبووەوە کە دەبوایە دەسبەجێ دوای راگەیاندنی ئاگر بەس بێهێنیتە گۆڕ. لە نەتیجەدا ئەو خوشحالی و شادمانیەی کە هەوالی راگرتنی شەر پێکی هێنابوو، رازی بوونیکی تیکەلاو لەگەل بی دەنگی و چاوەروانی لە نیو جامیعەدا پێک هینا کە راستەوخۆ بە مەعنای کەم بوونەوەی فشار و ئیعتیرازی خەلک لە سەر دەولەت بوو. لە شەرایتیک دا کە دەبوایە بە پێی قاعیدە مەشموولانی فەراری و ئەو سەربازانەی ملیان بە شەر نەدابوو وەک قارەمان لەسەر شانی خەلک بەرزبکرینەوە، خەلک بێدەنگ بوون و جینایەتکارانی جەنگی دەرفەتیان وەدەست هێنا تا جاریکی دیکەش دەست بکەنەوە بە هەرەشە بۆ بەسیج گیری و سزادانی ئەو کەسانەی کە لە جبهەکانی شەر هەلاتبوون.

بە کوتایی پی هاتنی شەر یەکیک لە ئاواتەکانی خەلک وەدی هاتبوو، بێجگە لەوە دوای کوتایی پی هاتنی شەر ئیحتکارچیەکان کەل و پەل و خوردوخوراکی پێویستی خەلکیان لە ئەمبارەکان دەرکیشا و هینایانە بازار، کوت و پر قیمەتەکان شکان، یانی ئەو فشارەکە پشتی خەلکی چەماندبووەوە، کەمی کرد، رژیمیش پی بە پێی ئەوە مەترسی یاخی بوون و شۆرشی خەلکی لی دوورکەتەوە و توانی خۆی کوکاتەوە و لە خوراديوی پێشووی وەدەست بێنێتەوە. بەڵام هەم رژیم و هەم خەلک هەرتک لاباش دەزانن کە ئەمە دەرفەتیکی کەم ماویە و زووتێدەپەڕی. بۆ ئەوەی رژیم بتوانی خەلک و بە تایبەت خەلکی مەحروومی جامیعە بۆ ماویەکی زۆر رام بکا و بی دەنگ رایانگری، پێویستە هیوای باشتر بوونیکی جیددی وەزعی ژیانیان بنێتە بەر و ئەمە کاریکە کە حکوومەتی بوحران لیدراوی ئێران بە تەواوی تێی گەیشتوە و هەموو دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی تەبلیغاتی خۆی، تەنانەت پێش کوتایی پی هاتنی شەر بووەگەر خستوە.

ئەم رۆژانە لە هەموو جێگایەک قسە، قسەی ساز کردنەوەی ئابووریە. شوورا ئیسلامیەکان کە ئوگانی سەربازگیری رژیمن لە کارخانەکان ویرای بەڕێوبردنی ئەم ئەرکە ئێستا ئەو مەئموریەتەیان وەعودە گرتوە کە سەرنجی کرێکاران بو لای ئەرکی داهاتووی سەرشانی جمهووری ئیسلامی لە زەمینەی سازکردنەوەی ئابووریدارا بکێشن. رۆژنامە دەولەتیەکان، ماموستایانی دانشگاکان، وەزیر و وەکیلەکان و تەنانەت خودی رەئیس جمهووریش و، بێجگە لەوانیش نوینەرانی سەفارەت خانەکانی ئێران لە ولاتانی دەرەوە، هەموویان قسەی ساز کردنەوەی ئابووری، هەلبەت ئابووری لە چوارچێوەی ئیسلام دا، بەرنامە دارشتنی دریژ ماوە و کورت ماوەی ئابووری و پێویستی راکێشانی سەرمایەکانی دیکە دەکەن و تەنانەت زۆر سووک و هاسان بۆ سازکردنەوەی ئابووری بە گویی "شەیتانی گەورە" هەلدێنن. جمهووری ئیسلامی لەم قسە و باسانەدا بە لە خۆ رادیویەکی بە روالەت کاملە و تێدەکوشی و بنوینی کە بە تەمایە سالەهای سالێ لە سەر کار بمێنێتەوە و چەندین و چەند بەرنامەی ٥ سالە و ٧ سالە و شتی لەم جۆرە بۆ سازمان دانەوەی سەر لە نوی و سازکردنەوەی سەر لە نویی سەنعەت و ئاوەدانی ولات بەڕێوە بری. ئاشکرایە بۆ رژیمیکی وەرشکستە کە لە ناو خۆی دالە مەترسی پەرەگرتنی ئیختیلافات و تەنانەت تیک هەڵچوونی نیوان هێزەچەکدارەکانی دایە، رژیمیک کە لە حالی وەرشکستە بوونی کاملی ئابووری دایە، رژیمیک کە تەنانەت تا ئێستا نەیتوانیوە مەسەلە حقووقیەکانی مەربووت بەجێ نشینی خومەینی چارەسەر بکا، رژیمیک کە گیرودەی بیزاری و نەفرەتی گشتی خەلک و لە دنیا دا بە تاک کەوتوەتەوە، ئەوە زورېە قازانجە کە روخساریک ئاوالە خۆی نیشان بدا و پەرەپێدانی ئەم روخسارە زۆر سوودی پی دەگەیەنی. تێگەیشتن لەوەش ئاسانە کە رۆژنامە و رادیو ئەمپریالیستیەکان بۆ دەربرینی دوستایەتی و راگەیاندنی پشتیوانی دەولەتەکانیان لە رژیمی ئێران عەلاقەی ولاتەکەیان بۆ یارمەتی ئابووری و فەننی جمهووری ئیسلامی و وەگەر خستنی سەرمایەکانیان لە ئێران، دەست پێشکەری بکەن. مەسەلەی ئەسلی ئەوەیە کە ئایا کرێکاران و ئەو خەلکە بەش مەینەتەی کە قوربانی دەسالّ حکوومەتی کونەپەرست و جینایەتکاری ئیسلامی بوون، بە هۆی هەرا و هوریای نویی دام و دەزگا تەبلیغاتیەکان رام دەبن، چاوەروان دەمێننەوە و دەرفەتی ئەوە دەدەن کە هەر ئەم حکوومەتە چارەنووسی ساڵەکانی داهاتووشیان دیاری بکا؟

چین و تویژە جۆراوجۆرەکان لەو مەسەلەیەش دا قازانجی جۆراوجۆریان هەیە و هەر بۆیە لە هەلسەنگاندنی ئەو مەسەلەیەش دا بۆچوونی جیاوازیان هەیە. سەرەولێژ بوونەوەی سەرمایەکان، دەست پی کردنەوەی پرۆژە ئابووریەکان، وەگر خستنەوەی چەرخی تەولید وە رەونەق کەوتنەوەی بازار و کەسب و کار، بۆ سەرمایەداران، نەک هەر بۆ ئەوان بەڵکوو بۆ بەشیکی بەرین لە سەرمایەدارانی تازە پێگەیشتوو، بۆ تکنوکراتەکان، بوروکراتەکان و متەخەسسەکان و کەسانی وا، خەیالیکی شیرین و هاندەرە. ئەگەر دەورودووکانی هەراج و مناقسە و قونتەرات و بساز و بفرۆشی دیسان وەری کەوێتەوە، بۆ زۆر کەس دنیا دیسان وەک بەهەشتی لی دی. لە روانگەی سەرمایەداران و هەموو ئەو کەسانەی کە نیزامی ئابووری ئێستا پیشاو پێش جێگایەکی تایبەتی پی بەخشیون، وە رەونەق کەوتنەوەی ئابووری یانی وە رەونەق کەوتنی کاری ئەوان. لە روانگەی ئەوانەوە ئەگەر دەولەت دەست لە گەوجیەکانی پێشووی هەلگری و خوی بەگرتنی ولاتانی دیکە و "سدوری ئینقلاب"ەوە خەریک نەکا و کاری بەسەر ئەم کارانەوە نەدابی، ئەگەر ئەم دەولەتە بتوانی کاریکی وا بکا کە ولاتانیتر و بە تایبەت ئامریکا و هاوپەیمانە ئوروپاییەکانی بروای پی بکەن و، نیوانی لەگەلیان خۆش بی، ئەمنیەتی وەگەر کەوتنی سەرمایەکان و هاتنی متخەسسەکان و تکنولوژی دەرەوە تەئمین بکا و هاوکاریەکی دریژماوەی زەمانەت کراویان لەگەل پێک بینی، ئیتر ناکری هیچ رەخنە و ئیرادیکی ئوسوولی لەم رژیمە بگیری. لەروانگەی ئەوانەوە هەر حکوومەتیک کە بیەوی دوای شەر لەسەر کار بی، کاریکی جگە لە سازکردنەوەی ئابووری نیە و ئەگەر ئەم حکوومەتە لیهاتوویی و لیاقەتی خۆی بو وەگەر خستنەوەی چەرخی ئابووری و تەولید نیشان بدا و دلخوازی دەولەتانی دیکەش بی، ئەوا زور باشە و جاری لەوە باشتر شک نابەن. ئەو مولاحەزانەی کە هەلدەگەرینەوە سەر زەبر و زەنگی فەرهەنگی و ئیجباری بوونی بەریوە بردنی رەسم و یاسا مەزهەبیەکان و تەنانەت نەبوونی ئازادیە دیموکراتەکان، مولاحەزاتیکی فەرعی و لە لاوەن. ئەسل ئەوەیە کە کەس بەرد نەخاتە سەر ریگای سەرمایەداری و سەرمایەگوزاری و "ئابووری" ووێدەچی حکوومەتی ئیسلامی خەریک بی بەرەو "واقیع بینی" بروا. جا ئەگەر بتوانی خۆی لە شەر و بەلای وشکە حیزب الهیەکان خەلاس کا کە وردەورده وادەکا ئەوجار هەر ئەو "مەسلەحەت خوازی"یە حوکم دەکا دەست و بالی سەرمایە و قانوونەکانی سەرمایە هەموو رۆژی پتر لە رۆژی پێشوو ئاوالە بێتەوە. کەسیک کە حیسابی بانکیەکەی و کیفەکەی پر لە پوول بی دیارە نابی خەفەتی ئەو تەنگەبەریانە بخوا کە دەروانیتە سەر خەرج کردنی پوول و بەهرەمەند بوون لە خۆشیەکانی ژیان و خۆش رابواردن و شتی لەم چەشنە. سەرمایەدار دەزانی وە رەونەق کەوتنی کاری سەرمایە و سەرمایەگوزاری و بەرهەم هێنانی سوود، یانی ئاغایەتی بۆ سەرمایەدار و، وەختیکیش وای لی هات دەکری کامە حکوومەت لە هەموان ئیدلوژیکتر کەللە وشک تر، ناچار بە تیرانینەوە و وەگەران لە ئەسلەکانی بکەی. بی سەبەب نیە کە ژمارەیکی زۆر لەو دەولەمەندانەی کە لە چەند ساڵی رابوردوودا لە ئێران رویشتبوون، ئێستا بەجیدی خەریکی هەلسەنگاندن و تەدارەکی گەرانەوە بۆ ئێران. زۆر رووندە ئەگەر جمهووری ئیسلامی لە سەر کار بمێنێتەوەو بی دەردی سەردەست بە کاری سازکردنەوەی ئابووری بی، لە بەر ئەو نیازەی کە بە سەرمایە و متخسس و بوروکراتی دەبی، ئیمتیازاتیکیش لەبری موساڵەحەی نیوانیان پێشکەشی ئەوان دەکا.

بەڵام بۆ کرێکاران و ئەو تویژانەی کە بە فرۆشتنی هێزی کاریان بەری دەچن مەسەلەکە هەروا سادە نیە ئاشکرایە کە هیچ کەس ویرانی و قات و قری و گرانی و بە کورتی ئەم وەزعە ئابووریەی ئێستای پی خۆش نیە و بە قازانجی خۆی نازانی. بەڵام کرێکار زۆر باش دەزانی لەوانەیە لەو پەری رەونەقی ئابووری و سوودبەخشی سەرمایەش دا جێگای خۆی و منالەکانی هەر حەلەبیئاباد و لە پال مشک و رسق دابی. کرێکار دەزانی هەر کەس قسەی سازکردنەوە بکا خەریکە قسە لەوە دەکا کە کاری بەسەر دابیری. وەگەر کەوتنەوەی چەرخی تەولید مانای هێنانە بازاری بەرهەمیکی زیاترە. بەڵام کرێکار دەزانی رەنگە بازار پر لە کالا و سفرەکەی بەتال و بی نان بی. دەبی جادە و کارخانە و پالایشگاە ساز بکری . کرێکار دەزانی هەموو ئەوانە دەبی بە دەستی خۆی، بەشان و باهۆی خۆی، بە رەنج و شیرەی گیانی خۆی سازبکرین. قسە لەسەر ئەوەیە لە کام شەرایت دا و بوکی دەبی دیسان کوما کومە خول بکرێتە ئاسمان خەراش و ئاسنەواله بکرێتە پالایشگا و کارخانە؟ جمهووری ئیسلامی لە ماوەی دە ساڵ حکوومەتی نگریسی دا و بە تایبەت لە دەورانی شەردا، وەحشیانەترین شەرایتی چەوسانەوەی بەسەر کرێکارانی ئێران دا سەپاندوە. لە حالیک دا کە قیمەتەکان ٢٠ _ ٣٠ بەرابەر چووەتە سەر، حەقدەستەکان هەروەک جارانە و زیادی نەکردوە. لانی کەمی حەقدەستی رەسمی لە ماوەی ئەم سالانەدا تەنیا چەندتەمن زیادی کردوە. عەمەلەن پلەی ژیان و گوزەرانی کرێکاران لە چاو گوزەرانی دە ساڵ پێشتریان ٢٠ بە یەک و ٣٠ بە یەک هاتوەتە خوار و ئەگەر قەرار بی "سازکردنەوە"ی ئابووری و وەگەر خستنەوەی تەولید هەر بەم شەرایتەوە بکری، ئەمە جگە لە سازکردنەوە و بەرهەم هێنانەوەی سەر لە نویی هەژاری بۆ کرێکار هچی‌تر نیە، ئەمە "خراپ کردنەوەی سەر لە نوی"ی مەوقعییەتی چینی کرێکارە، رەسمییەت پێدان، سەقام گیر کردن و درێژە پێدانی ئەو شەرایتە وەحشیانەی چەوسانەوەیە کە لە پەنای ٨ ساڵ شەردا شەریکی جینایەتکارانە و بی بەزەیی و مال ویرانکەر کە نرخی ئینسان و کاری ئینسانی داشکاندە سەر هیچ دەکرا بە سەر چینی کرێکاردا بسەپی. چینی کرێکاری ئێران هەرگیز نابی مەوقعییەتیکی ئاوا نزم، وەک شەرایتی ئاسایی کار و ژیانی خۆی قەبوول بکا.

ئەگەر قەرار بی کرێکارانی ئێران لە مەوقعییەتیکی ئاوا پاشەکشە پی کراودا سیاسەتەکانی دەولەت بۆ ساز کردنەوەی ئابووری ولات قەبوول بکەن و بەو بەشە لە سەروەت و سامانی کۆمەلایەتی قانع بن کە پێیان دەدری و تەسلیمی بن، ئەوا جمهووری ئیسلامی ئەرکی دژی شۆرشی خۆی تەواو و کەمال بەجێ گەیاندوە. لەم حالەتەدا ئەم حکوومەتە یان هەر حکوومەتیکی تر کە بتوانی بەهەشتیکی ئاوا بۆ سەرمایە بخولقێنی ساڵەها سالّ دەمینی و، بورژوازی ئێران و جیهان پشتیوانی لی دەکن و بگرە دەشی پەرستن. جمهووری ئیسلامی بە هەموو هێز و توانای تەبلیغاتی خۆیەوە هەول و تەقالایەتی کە رێگەی وەدی هاتنی ئەم "ئەگەر"ە خۆش بکا. بروانە نوکەرانی "خانەی کارگەر"ی جمهووری ئیسلامی کە چلون پێشەکی لە لایەن ئیوەوە قەول و بەڵینی چەندین و چەند نەسل کویلەتی بی جیرە و مەواجبی ئیوە دەدەن بەسەرمایەداران ... حسینی کمالی لە وت و وێژێک دا لەگەل رۆژنامەی "کار و کارگەر"ی رۆژی ١٢ی خەرمانان دەڵی:

"جامیعەی کرێکاری ئێران کە تا ئێستا شانی داوەتە بەر بەشیک لە فشاری شەر و قارەمانانە لە بەرانبەریدا راوەستاوە و چکولەترین ئیعتیرازیکیشی نەکردوە، لەمە بەدواش دەتوانی دەوام بێنی..."

هەر لەم ژمارەی رۆژنامەی دژی کرێکاری "کار و کارگەر"دا جەنابی غلامحسینی خورشیدی ماموستای دانشگای تاران دەڵی:

"بۆ ئەوەی تەئسیراتی رەوانی پێک هێنانی تەوقوعی زیادی کەم بکرێتەوە پێویستە مەسئوولین هەتا دەکری لە وەعد و بەڵێنی دانی بی‌جێ بە خەلک، بە تایبەت لە باری ئابووریەوە خو بیاریزن .... ئێمە دەبی ساز کردنەوەی ئابووری وەک حالەتیکی چاوەروان نەکراو کە قاعدە و قانوونی تایبەت بە خۆی هەیە، چاو لی بکەین و بەو هێزانەی کە ئابووری دەشیویننن."

وەختێک دەم راستەکان و پشتیوانانی "کرێکاری پەنا"ی جمهووری ئیسلامی ئاوا بە ئاشکرا و بی شەرمانە قسە لە مەبەستەکانی رژیم و دەبی و نابی‌کانی دەورەی سازکردنەوەی ئابووری بکەن، زۆر رووندە کە لە کۆر و کۆمەڵی خومانەتری ئاغایان دا چ رادەبری. قاعیدە و قانوونی تایبەت وە وەزعیەتی چاوەروان نەکراو داتاشین بۆ ئەوەی وەک کویلە کار لە کرێکار بکێشنەوە و سەرکوت کردنی هەموو دەنگیکی هەقخوازانە بە نەعرەتەی "بمری خرابکاری ئابووری"! جمهووری ئیسلامی خۆی بۆ شەریکی قورس و گرانی دیکە ئاماده دەکا. هەموو شتیک ئەوەنیشان دەدا کە لەم شەرەدا بە شیوەیەکی جیددی هیوای بریوەتە پشتیوانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکان و حیسابیان لە سەر دەکا. نەک هەر لەسەر دەولەتە ئەمپریالیستیەکان، بەڵکوو بێجگە لەوان لەسەر هەموو تویژە "پێشکەوتن خوازە" نیشتمان پەروەرەکان، لە دانشگاهیەوە تا ئەرتەشی و لە بازاریەوە تا دوکتور و موهەندیسە فەرەنگ دیدەکانی نیو خودی ئێران حیساب دەکا.

کرێکاران!

شەری دەولەتی ئێران لەگەل عێراق تەواو بوو. ئێستا ئەم دەولەتە وەک نوینەری سەرمایە بۆ بەرێوە بردنی شەریکی دیکە و لە چوار چێوەیەکی تازە دا هێز کودەکاتەوە. ئارام دامەنیشن. خۆتان بۆ دەوریکی نوی لە خەباتی چینایەتی ئاماده بکەن. ئەو شەرەی پێشوو شەری ئێمە نەبوو ئەم شەرەیان هی ئێمەیە. ئەمە شەریکە کە دەبی لیبراوانە و فیداکارانە بەرەو پیری بچین. نابی ئیجازە بدەین جمهووری ئیسلامی بە ئاگر تی بەردانی ژیانی ئێمە و نەسلەکانی داهاتووی چینی کرێکاری ئێران چەرخی تەولید وەری بخاتەوە. ئێمە کویلەنین! مەیدان مەدەن بە تەفرەقە و دووبەرەکایەتی. دەستی یەکیەتی بۆ لای یەک راکیشن. لە دژی وەعدە و بەلینە پر و پووچەکان و عەوامفریبی پەست و نیشتمان پەروەرانە وەرنە مەیدان و بە دەنگی بەرز بڵێین پێش ئەوەی مافەرەواکانی کرێکاران و ژیانی شیاوی کرێکاران بە رەسمیەت بناسری کە هەموو سەروەت و داهاتی کۆمەڵ دەخولقینن، ناهێلین هیچ چەرخیک بگەری و ئیجازەی ساز کردنەوەی ئابووری بە هیچ دەولەتیک نادەین. بڵێن ئێمە بە دەستی خۆمان گوری منالەکانمان هەلناکەنین و بەلگەی برسیەتی‌یان مور ناکەین. بە دەنگی بەرز بڵێن چی دی حازر نین بەو شەرایتەی کە لە شەردا پێمان تەحمیل کرا کار بکەین. بڵێن هەر کەس نەقشی ساز کردنەوەی ئابووری لەسەر دایە دەبی پێش هەموو شتیک کرێکار رازی بکا. بۆ باشتر بوونی حەتمی و دەسبەجێ وەزعییەتی چینەکەتان بە ئالای داخوازە سەربەخۆکانی خۆتانەوە وەرنە مەیدان. پێش ئەوەی ئەو ئەژدیهایە بتوانی تویخ فری‌دا، پەلاماری بدەن. هاو دەنگ بن با رژیم هیچ رێگایەکی جگە لە پاشەکشە بۆ نەمینی. لەسەر داخوازە سەربەخۆکانتان بۆ باشتر بوونی حەتمی و دەسبەجێ مەوقعییەتی چینەکەتان پی دابگرن و برونە پێش. ئەمە رێگای رووخانی جمهووری ئیسلامی و رزگاری ئێمە و هەموو خەلکی ستەم لێکراوی ئێرانە لە چنگ ئەو ژیانە بەش مەینەتەی کە ئەم رژیمە بەسەری دا بڕیوین و ئەمرۆ سەرکەوتنمان هەر لەم رێگەوە تێپەر دەبی.

***

ڕاەکارگر و لیك جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات

"زۆر جار دوژمنانی دوینی دەبنە دوستانی ئەمڕۆ." قاسملوو ئەم وتەیەی کردبوو بیانوو بۆ هاوپەیمانی لەگەل کەسیك کە پێشتر لە داگیرکردن و سەرکوت کردنی چەکدارانەی کوردستان دا سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی خومەینی بوو، ئێستا بە پێچەوانەی ئەمە لە ڕاەکارگر ڕووی داوە: دوستانی دوینی بوونەتە دوژمنانی ئەمڕۆ.

ڕاەکارگر کە هەتا ماوەیەك دوای پێك هاتنی کونگرەی هەشتەم (ی حیزبی دیموکرات) بی دەنگەی لە کیشە و ناکوکی تووندوتیژی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کردبوو، وە تەنانەت لە قسەی ئێرە و ئەوی دا کۆمەڵەی بەوە تاوانبار دەکرد کە کارێکی ناپەسند دەکا و هەول دەدا بۆ شکاندنی تەشکیلاتی (حیزبی دیموکرات) و ئەمە بزووتنەوەی کوردستانی پی لاواز دەبی، کاتیك لیك جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات ڕەسمییەتی پەیدا کرد و پلاتفۆرمی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بلاو کرایەوە، بەش بە حالی خۆی هاتە نیو ماجەراکە و لە هەموان بێ باکانەتر دیفاعی لە بەشی جیابووەوە و لە ئیددیعاکانی ئەو بەشە لە دژی قاسملوو کرد. بە هەر حال ڕاەکارگر دەبوو لایەك هەڵبژێری و گوناهی نەکردوە کە لەم هەڵبژاردنە موشەخەسەدا بە شوین مەنفەعەتی سیاسی خۆیەوە بوو: ڕاەکارگر هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ لە ڕیز بەستنە سیاسییەکانی کوردستاندا، لە هەموو شوینیك چووبووە لای دەستی حیزبی دیموکرات _ بە ڕێبەرایەتی قاسملوو و بە سیاسەتەکانی ئەوەوە بەم لیك جیابوونەوەیەی دوایی فورسەتیکی دەست کەوت هەتا بە خۆ دوور خستنەوە لە لایەنەکەی قاسملوو، وەبەر ڕەخنە گرتنی سیاسی ئاشکرا لەو لایەنە کە ئیتر بە تەواوی ڕیسوا بووە و لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەکرێتە سەر هەم ڕوخساریکی ئابروومەندانە بە پەروەندەی سیاسی ئالوودەی خۆی ببەخشی و هەم تەواوی میهرو مەحەببەتی خۆی ئەمجار بی دریغ و بی دەغدەغە بە حیزبی دیموکرات" لایەنی سوسیال دیموکراتیك"ی لی دەرچی پێشکەش بکا.

ئەمە سیاسەتیکە کە ڕاەکارگر بە دیقەت کەوتوەتە شوینی. نەشرییەی ڕاەکارگر (ژمارەی ٥٠، مانگی گولانی سالی ٦٧) دوو بەشەکەی حیزبی دیموکرات ئاوا هەل دەسەنگێنی.

"ئەم گەرایشە توانی لە کونگرەی شەشەمی حیزب دا بە ئەکسەریەیەتیکی زۆر زەعیف خۆی زال بکا. عاقیبەتی ئەم ڕێبازە، لادان لە دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕ بوو لەم چەند زەمینەیەدا: ڕارایی لە خەباتی لیبراوانەدا بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی فوقەها و دل خوش کردن و هیوا بەستن بە ئیمکانی گورانی ڕژیم لە نیوخۆیدا و گەیشتن بە ڕێککەوتنیك لەگەل جناحی "واقع بین"ی ڕژیم لە سەر داخوازی خودموختاری، نیگەرانی و ترس لە ریککەوتن لەگەل چینی کرێکار و هەولدان بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە بورژوازی لیبرال، حاشا کردن لە وجوودی چینەکان لە بزووتنەوەی شۆشگێڕانەی گەلی کوردا، وە لە نەتیجەدا چاوپوشی کردن لە هینانە گۆڕی داخوازی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالی کرێکاران و دەس تەنگان و زەحمەتکێشان و دیفاع نەکردن لەو داخوازانە، بە تەنیا خۆ بەستنەوە بە نزامی گەری و خۆ ڕێکخستنی جەماوەر نەدان و بە کەم گرتن و سووك چاولیکردنی، هەلگرتنی هەنگاوی دژی دیموکراتیك بەرانبەر بە هێز و ڕێکخراوەکانی نیو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد کە زەقترین نموونەی پی داگرتنی حیزبی دیموکراتە لەسەر دریژە پێدانی شەری ناوخۆیی لەگەل کۆمەڵە، وەلانانی ڕێبازی یەککگرتن ستراتژیك لەگەل ئوردووگای سوسیالیستی و هەوڵدان بۆ سازان لەگەل مەحافلی ئەمپریالیستی و پەیوەست بوون بە ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە مەیدانی جیهانی دا و سەرەنجام پێشێل کردنی یاسا دیموکراتیکەکانی ژیانی حیزبی و سەرکوت کردنی تەبلیغ و تەرویج لەو جناحە و وەدەرنان و بەرەبەرە سەرکوت کردنی لایەنگرەکانی ئەو جناحە.

"مەودای نیوان کونگرەی شەشەم و هەشتەم شاهیدی مزبوونی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری سیاستە دیموکراتیکەکانی حیزبی دیموکرات، پەرە گرتنی لادانەکانی ڕاستگەرایانەی ناوبراو لە هەموو زەمینەکاندا، تەسفیە و سەرکوتی جناحی. شۆڕشگێڕ و لایەنگرانی ئەو جناحە و لە یەك کەلام دا دوور بوونەوەی هەرچی زیاتری حیزبی دیموکرات لە سونەتە شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیکەکانی ٤٠ ساڵەی خۆی بوو".

چەند پرسیار:

ئێمە پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە کە ئەم قسانەی ڕاەکارگر بە چ میزانیك ڕەخنەی واقیعی لە حیزبی دیموکراتیان تیدا بەدی دەکری، چەن پرسیار لە ڕاەکارگر دەکەین:

یەکەم: ڕاەکارگر بەیان کردنی ئەم ڕەخنەیەی بۆچی ٥ ساڵ وەدوا داوە؟ ئاخر خۆ کونگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات ئەمساڵ و پار نەبوو. ئەو کونگرەیە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٦٢ گیرا. یانی چەند مانگ پێش دەسپێکردنی شەری ناوخۆیی نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە. جگە لەوە "ڕێبازی زال بە سەر ئەو کونگرەیەدا، کە بە قسەی ڕاەکارگر سەرچاوی هەموو خەتاکانی حیزبی دیموکرات بووە و بووەتە باعیسی "لادانی حیزبی دیموکرات لە دیموکراتیزمە شۆڕشگێڕانەکەی" پێشوو، پێش کونگرەی شەشەمیش، مانگی گەلاوێژی سالی ٦٢، بە ناوی "کورتە باسیك لەسەر سوسیالیزم "هاتەسەر کاغەز و حیزبی دیموکرات بلاوی کردبووەوە. بەم حیسابە ڕاەکارگر بە دریژایی ئەم چەند ساڵە شاهیدی ئەوە بووە کە ڕێبازی لادەرانە خەریکە بەسەر حیزبی دیموکرات دا زال دەبی، بەڵام هەرستایشی حیزبی دیموکرات و ستایشی جێگا و شوینی بەرزی ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا لەسەر زمانی بووە و جگە لەمە باسی هیچ شتیکی‌تری نەکردوە و ئێستا، یانی لە کاتیك دا کە حیزبی دیموکرات سەرەنجام تووشی لیك جیابوونەوەیەکی تەواو عەیار بووە و جناحیکی خودی ئەو حیزبە ئتهامی خۆی لە دژی خەتی حاکم بە ئاشکرا دەردەبری، ئەمجار ڕاەکارگریش بە سادەیی، وەك ئەوەی باسی شتیك بکا کە کەس قسەی لەسەری نیە دیتە سەر ڕەخنەگرتن لە "ڕێبازی حاکم بەسەر حیزبی دیموکرات دا" بە دریژایی چەند ساڵی ڕابوردوو.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە ئێمە بە دەلیلی دیفاع کردنی حیزبی دیموکرات لە مالکیییەت و موناسباتی سەرمایەداری، بە دەلیلی دیفاع کردن لە مانەوەی چینەکان و نابەرابەری‌یە چینایەتی‌یەکانی مەوجوود، بە دەلیلی دژایەتی کردنی لەگەل کۆمۆنیزم، بە دەلیلی حاشا کردنی لە مەوجوودییەتی چینی کرێکار و موخالەفەتی لەگەل داخوازەکان و خۆ ڕێکخستنی سەربەخۆی ئەو چینە، بە دەلیلی ناسیونالیزم و هەوڵدانی بۆ فریودان و بە لاری‌دا بردنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بە دەلیلی دژایەتی کردنی لەگەل دیموکراسی و ملهوری کردنی و پێشێل کردنی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، بە دەلیلی سازشکاری و معامەلە گەری لەگەل جمهووری ئیسلامی و سیاستی خەیانەتکارانەی لە حاست بزووتنەوەی کوردستان، بە دەلیلی هەولدانی بۆ خۆ شیرین کردن لە لای ئەمپریالیستەکان و بورژوازی ئێران و هەولدانی بۆ بەشداری کردن لە ڕێککەوتنەکانی بورژوازی دا لە دژی شۆڕشی ئێران و قازانج و مەسلەحەتی زەحمەتکێشان، بە دەلیلی پێشێل کردنی یاسا دیموکراتیکەکان لە موناسەباتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکاندا لە کوردستان، وە سەرەنجام بە دەلیلی هێرشی چەکدارانەی خوێناوی و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری لە دژی کۆمەڵە و عاقیبەت شەری تەواو عەیار لە دژی کۆمەڵە، پەردەمان لەسەر ڕوخساری واقیعی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات هەل دەدایەوە و زەینی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش مان لەگەل ماهییەت و ناوەڕۆکی واقیعی ئەو حیزبە و سیاسەت و کار کردەکانی ئاشنا کرد، بەڵی لە تەواو ئەو ماوەیەدا ڕاەکارگر نەك هەر لە حەنای حیزبی دیموکرات زمانی بە ڕەخنە نەگەرا، بەڵکوو ئێمەشی بەوە تاوانبار دەکرد کە بە وتنی ئەم حەقیقەتانە دەبینە هۆی هەلگرسانی شەری ناوخۆیی لە کوردستان.

*

عیللەتی ئەم سکووتە تووڵانی‌یە چ بوو، وە ئیستاش چ شتیك بووەتە باعیس کە ڕاەکارگر ئەم سکووتە "مەسلەحەت ئامیز"ەی بشکینی و لانی کەم کورتەیەك لەو حەقیقەتە "فیتنەبارە" بەسەر زمانی دا بێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە خۆمان ڕوونە: هەتا کاتیك حیزبی دیموکرات ڕەسمەن یەکپارچە بوو، وە ئالترناتیویکی لە دژی خەتی حاکم لە نیو خۆی دەر نەهاویشتبوو، هەرچەشنە ڕەخنە گرتنیکی سیاسی لەو حیزبە دەیتوانی بە مەعنای زەعیف کردنی کوللییەتی ئەو خەتە سیاسی‌یە و تەئییدی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست بی و لە ڕیز بەستنە سیاسی‌یەکان و لە خەباتی سیاسی زیندووی کوردستان دا، ببیتە مایەی بە هێز بوونی حیزبی کۆمۆنیست بەرانبەر بە خەتی سیاسی حیزبی بورژوازی کورد، وە ئەمەشتیك بوو کە ڕاەکارگر پێی وابوو بە هەر قیمەتیك بی دەبی پێشی پی بگیری. ئەو کات مەسلەحەت بوو بی دەنگە لە هەموو شتیك بکا, نە باسی سازشکاری حیزبی دیموکرات لەگەل جمهووری ئیسلام و "هیوا بەستنی حیزبی دیموکرات بە ڕێککەوتنیك لەگەل جناحی "واقع بین"ی ڕژیم "بکا، نەباسی" هەولدانی بۆ سازان لەگەل مەحافلی ئەمپریالیستی"، نەباسی "حاشا کردنی لە وجوودی چینەکان"، و نە "پەنابردنی ئەو حیزبە بۆ ئیقداماتی دژی دیموکراتیك"، ئەمانە هیچکامیان نەدەبوو باسیان بکری. ئەمانە حەقیقەتیان بوو بەڵام باسکردنیان مەسلەحەت نەبوو. لە جیاتی ئەمانە پێویست بوو وەکیلایەتی حیزبی دیموکرات و دیفاع لیکردنی بگرێتە ئەستو و لە باری تیئوریکەوە یاریدەی بدا نەکا حیزبی دیموکرات لەم بابەتەوە کورتی بینی. هەلبەت ئەم کارە لەگەل "ئیلزاماتی عەمەلی بزووتنەوەکە" دەگونجا، ئەم شیوەیە "سیاسی" بوو.

*- هەموان دەزانن کە ڕاەکارگر دەیگوت لیکدانەوەی چینایەتی و سیاسی کۆمەڵە لە سەر حیزبی دیموکرات و کار کردەکانی ئەو حیزبە باعیسی هەلگرسانی شەری ناوخۆیی کوردستانە. ڕاەکارگر لە لیکدانەوەی خۆیدا لەسەر عیللەتی شەری نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، دەینووسی:

"ئەو شتە کە بووە باعیسی ئەوەی شەری چەکدارانەی نیوان ئەو دوو هێزە ببیتە شتیکی حەتمی ئەوەیە کە کۆمەڵە ڕیزی ئینقلابی و زد ئینقلابی تیك شیواندوە. کۆمەڵە خۆی بە نوینەری پرولتاریا و حیزبی دیموکرات بە نوینەری بوژوازی دەزانی و لە بەر لیکدانەوەیەك کە کۆمەڵە لەسەر بورژوازی میللی بە ئەفسانە دەزانی (وتەنانەت ئیددیعا دەکا تاقە هێزیکە کە بروای بەمە هەیە) و هەموو هێزەکانی بورژوازی بە بورژوا ئەمپریالیست دەزانی، ئاشکرایە کە لە ڕیز بەستنی سیاسی‌دا حیزبی دیموکرات دەنیتە کوی و بەرانبەر بەو حیزبە چ ساسەتیك دەگریتە پێش".

(ڕاگەیاندنی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران _ کومیتەی کوردستان _ ٦٣/١١/١٦ کە لە "ڕێگای کرێکار"دا مانگی ڕێبەندانی ٦٣ چاپ کراوە.)

هەروەها:

"کۆمەڵە کە حیزبی دیموکرات بە نوینەری بورژوازی و خۆی بە نوینەری پرولتاریا دەزانی و بەوە پابەندە کە ئەم دوو هێزە لە خەباتی جاری لە کوردستاندا ئاشتی لە نیوانیان دا ناگونجی و لە ئیقداماتی ڕۆژانەی خۆیدا ئەم سیاسەتە بەڕێوە دەبا، زەمینەی ئەسلی هەڵگرسانی ئەم تیك هەلچوونانەی پێك هیناوە."

("ڕێگای کرێکار"، ژمارە ٢٢، مانگی جۆزەردانی ٦٤")

بەڵی! هیچ کەس لە پێناوی حەقیقەت دا دەست لە قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی خۆی هەلناگری. ڕەنگە ڕاەکارگر پێی وابوو بی ئەم شیوەیە زۆر بە "قازانجیەتی"، بەڵام دەبی بزانی هەڵپرستی و ئوپورتونیزمە سیاسی‌یەکەی لە بیری کەس نەچووەتەوە و ڕاەکارگر هێشتا دەبی جوابی ئەمە بداتەوە.

دووهەم: ئایا ڕاەکارگر پێی وا نیە ئەو ڕەخنانە کە ئێستا لە دەورەیەکی دیاریکراوی حەیاتی سیاسی‌ی حیزبی دیموکراتی دەگری، یانی ڕەخنەکانی بەرانبەر بە دەورەی نیوان کونگرەی شەشەم و کونگرەی هەشتەم، پەیوەندیکیان لەگەل سیاسەتی شەر خوازانەی ئەو حیزبە بەرانبەر بە کۆمەڵە هەیە؟ ئایا بە بروای ڕاەکارگر وەرچەرخانی حیزبی دیموکرات بەرەو "سازشکاری لەگەل ئەمپریالیزم"، "هیوا بەستن بە ڕیککەوتن لەگەل جناحی واقع بینی ڕژیم"، "هەولدانی بۆ نزیك بوونەوە لە بورژوازی لیبرال"، "ڕاستگەرایی"، "پەنا بردنی بۆ ئیقداماتی دژی دیموکراتیك" وە تەنانەت سەرکوت و زەبر و زەنگ نواندن لە نیو خۆی حیزب دا، لە هەمان کات دا تەوزیحی سیاسەتی شەر خوازانەی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە و لاساری ئەو حیزبە لە سەر دیژە پێدانی ئەو شەڕەشی تێدانیە؟

ئایا ئێستا کە بوونی ئەم گەرایشانە و زال بوونیشیان، لە دەورەی ئەخیری فەعالییەتی حیزبی دیموکرات دا، بۆ ڕاەکارگر دەرکەوتوە و غەزەبی لە قاسملوو و لە سیاسەتەکانی گرتوە ڕاەکارگر پێی وانیە پێویستە ئاڵ و گۆڕیك لەو نەزەرەی پێشووی دا پێك بینی کە کۆمەڵەی مەحکووم دەکرد بەوە کە بەلیکدانەوەی تەبلیغاتی دوژمنانە لە کوردستان براکوژی پێك هێناوە؟

سێهەم: ڕاەکارگر دەبی ئەوە بسەلمێنی کە تاوانبار کردنی قاسملوو و سیاسەتەکانی بە سازشکاری لەگەل جمهووری ئیسلامی و ئەمپریالیزم و بورژوازی لیبرال، پەنا بردن بۆ ئیقداماتی دژی دیموکراتیك لە مونافەباتی‌دا لەگەل ئەحزابی سیاسی و سەرکوت و زەبر و زەنگ نواندن لە نیوخۆی حیزبیش دا زۆر غەیرە دوژمنانە نیە.

(ڕاەکارگر لە ڕابوردوودا بە دوور و درێژی قسەی لەسەر ئەوە کردوە کە تەبلیغاتی کۆمەڵە دوژمنانەیە و ڕەخنەی لەو تەبلیغاتەی ئێمە گرتوە و باسی ئەوەی کردوە کە دەست هەڵگرتن لە تەبلیغاتی دوژمنانە یەکیکە لە مەرجەکانی سولح.) پرسیارمان ئەوەیە کە ئەگەر داروودەستەی قاسملوو ئەم لیکدانەوە و تەبلیغاتەی ڕاەکارگر بکاتە بیانووی هەڵگرساندنی شەر لە دژی ڕاەکارگر، ئەوکات لە باری سیاسی‌یەوە ڕاەکارگر چ جوابیك دەداتەوە؟

دیارە ئەم شەرخوازییە بە بی هیچ قەید و شەرتیک مەحکووم دەکا، موری دژی دیموکراتیزمی پێوە دەنی و هەر نەفسی ئەم شەر هەڵگرساندنە دەکاتە دەلیلک بۆ ئیسباتی لیکدانەوەی سیاسییەکەی لەسەر حیزبی دیموکرات. ئەوە دروست، بەڵام چۆن جوابی ئەوە دەداتەوە کە پێی بگوتری ئەمە بانیک و دووهەوایە و راەکارگر دووعەیار و پێوانەی داناوە یەک بۆ خۆی و یەک بۆ کەسانیتر؟ بە وتەیەکیتر چۆنە کۆمەڵە کە ئەم کارانەی کردبی نادروست و ناحەق بووە و ئەمرۆ کە راەکارگر بیکا، دروست و لەسەر حەقە؟

چوارەم: راەکارگر هەمیشە لیکدانەوەی ئێمە لەسەر ماهییەتی سیاسی حیزبیدیموکراتی رەت دەکردەوە و گەلیک جار لە بلاو کراوەکانی خۆیدا هێرشی کردوەتە سەر لیکدانەوەکانی ئێمە هەڵبەت بەبی ئەوەی قەت نەزەری ئیسباتی خۆی لەم بابەتەوە بەیان کردبی و وتبیتی ئەگەر ئەم لیدانەوەیە نا کامەیتر! راەکارگر لە رابوردوودا بە تەئکیدەوە دیگوت "خەتایەکی گەورە"یە کە کۆمەڵە حیزبی دیموکرات بە بورژوازیی دەزانی و بەو ناوە هەڵیدەدا، وە عەقیدەی وا بوو کە:

"کۆمەڵە لە لیکدانەوەی چینایەتی خۆیدا لەسەر حیزبی دیموکرات تووشی خەتایەکی گەورە بووە و خەتا دەکا حیزبیک بە نوینەری بورژوازی دەزانی کە بلوکیک لە تویژ و چینە جۆراوجۆرەکانی تێدایە، وە بەم جۆرە ئەوە نابینی کە نەیتوانیوە تایبەتییەکانی بزووتنەوەیەکی میللی و ئەو حیزبە میللییانە بناسی کە وەک بلوکیک لەو چینە جۆراوجۆرانە فەعالییەت دەکەن کە لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارن."

("ڕێگای کرێکار"، ژمارەی ٢٩، مانگی بەفرانباری ١٣٦٤")

دەبی پرسیار بکری، ئایا راەکارگر هیشتا ئاوا بیر دەکاتەوە؟ ئایا شکل گرتنی بەرینی چینی کرێکار، پەل و پو هاویشتنی موناسەباتی سەرمایەداری تەنانەت بۆ هەموو کویرە دێیەک، شۆرشی ئێران و ریز بەستنی سیاسی دە ساڵی رابوردوو لە کوردستان، نەیتوانیوە راەکارگر تێبگەیەنی کە حیزبی دیموکرات ئیتر بلوکیکی پێک هاتوو لە چین و تویژە جۆراوجۆرەکان نیە؟ ئایا تەنانەت لیک جیابوونەوەی ئەم دوایی‌یانەش (کە بە قسەی راەکارگر) ریزی لایەنگرانی "مەیل بەرەو ئەمپریالیزم و ڕێککەوتن لەگەل بورژوازی لیبرال"ی لە ریزی لایەنگرانی "ژیانەوەی دیموکراتیزمی شۆرشگێرانە" جیا کردوەتەوە بە بروای راەکارگر ئەم بلوکەی لەبەر یەک هەلنەوەشاندوە؟ ئایا هەر کام لەو دوو بەشەی حیزبی دیموکرات، دووبارە هەمان بلوکی بی هویت و غەیرە چینایەتین و ئایا وەختی ئەوە نەهاتوە کە راەکارگر بو حفزی زاهریش بی بچێتە سەر لیکدانەوەیەکی چینایەتی لە سەر حیزبی دیموکرات، وە بەتایبەت لەسەر جناحی قاسملوو کە باسکردنی بۆ راەکارگر ئاسانترە؟ ئەگینا بە تەمایە هەتا چەند ساڵیتر بەرانبەر بە فشاریک کە لە چەپەوە بوی دی و داوای لی دەکا تەکلیفی چینایەتی خۆی لەگەل ئەم حیزبە یەک لا کاتەوە و موقاومەت دەکا؟

راەکارگر و عیللەتەکانی لیک جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات

لە پێش دادەچینە سەر لیکولینەوەی ئەوە کە راەکارگر ئەم لیک جیا بوونەوەیە چۆن دەبینی و عیللەت و زەمینەکانی چۆن لیک دەداتەوە، پەنجە دەخەینەسەر دوو خاڵی سەرەکی:

١- ئەوەی راەکارگر لە بابەت زەمینەکان و چونیەتی لیک جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتەوە دەیگێرێتەوە، شتیکی دەست تێوەردراو و غەیرە واقیعییە. ئەو داستانەی راەکارگر سازی کردوە هەتا لە نەتیجە کەی عیللەتی ئەم جیابوونەوەیە دەرکێشی، ریک هەر بۆ ئەوە ساز کراوە کە قسەکانی خۆی پی ئیسبات بکا و بیکاتە پالپشتی هەڵوێستەکەی خۆی.

راەکارگر بە سادەیی ئیددیعا دەکا کە هەر لە سەرەتای راپەرینەوە ٣ گەرایشی تووەیی و سوسیال دیموکراتیک و شۆرشگێرانە دیموکراتیک کەوتنە بەرانبەر یەکتر. گەرایشی لایەنگری لە حیزبی تووەدە کە هەولی دەدا سیاسەتی خۆی لە نیو حیزبیدیموکرات دا بەریتەپیش، سەرەرای جیابوونەوەی "باندی بلوریان"، بە دەلیلی "گەشەی عەمومی بزووتنەوەی گەلی کورد" و "حوزووری جناحی شۆرشگێری حیزب و سەرەرای رارایی و ناپەیگیری جناحەکەیتر" لەگەل بن بست بەرەو روو بوو. "خەیانەتی تووەییەکان و بە تایبەت پیلانی شکشت خواردووی باندی بلووریان، باشترین زەمینەی بۆ گەشە و هەلدانی گەرایشاتی" لایەنگرانی "سوسیالیزمی دیموکراتیک" پێک هێنا... وە ئەم گەرایشە توانی لە کونگرەی شەشەمی حیزب دا خۆی زال بکا" کە "عاقیبەتی ئەم ریبازەلادان لە دیموکراتیزمی شۆرشگێرانە بوو لەم زەمینانەدا..."

سەرەنجام "لە کونگرەی هەشتەمی حیزب دا، موخالفینی ڕێبازی حاکم بە شێوەی خۆ ڕێکخستوو موخالەفەتیان لەگەل مەجموعەی سیاسەتەکانی حاکم کرد و لە بەیاننامەیەک دا پاش کونگرەی هەشتەم، جیابوونەوەی خۆیانیان راگەیاند." (هەمان شوین) وە ئەمانە بە قسەی راەکارگر لەو زەمینە جۆراوجۆرانەدا کە خۆی ئیشارەیان پی دەکا "خەریکن دەگەڕێنەوە سەر سونەتە شۆرشگێرانە و دیموکراتیکەکانی حیزبی دیموکرات".

هەر لەم نووسراوە کورتەدا، شتی نادروست و پێچەوانە ئەوەندە زۆرە کە ئیشارە کردن بە هەموویان لێرەدا نە ئیمکانی هەیە و نە پێویستە. ئەو شتە کە دەبی لێرەدا بگوتری ئەوەیە کە راەکارگر بە ئاشکرا تاریخی ئەخیری حیزبی یموکرات هەڵدەگیرێتەوە و ئاوەژووی دەکاتەوە و گەرایشی بۆ دادەتاشی. گەرایشی شۆرشگێرانە دیموکراتیک ئاوا زەق و بەرچاو و ئەم کولنەدەری و سباتی قەدەمە و ئەم کارنامە پرشنگدارە، راەکارگر خۆی دای هێناوە هەتا روخساری حیزبی دیموکرات کە لە چەند ساڵی رابوردوودا لە بەرچاوی کرێکاری شۆرشگێر و چەپی ئێران بەگشتی بی ئیعتبار بووە بچێتەوە ژیر پەردەیەکی ئاڵ و والای تر و ئابرووی وەبەر بیتەوە. بە قسەی راەکارگر گەرایشی شۆرشگێرانە دیموکرتیک هەر لە سەرەتای شۆرشەوە وجوودی بوو، پیلانی تووەییەکان ئەم گەرایشە پووچەڵی کردەوە و تووشی شکستی کرد و لە کونگرەی هەشتەمیش دا لە رووی مەجموعەی سیاسەتەکانی حاکم دا راوەستا و ئێستاش بە تەواوی حیسابی خۆی لە گەرایشی سوسیال دیموکراتیک جیا کردوەتەوە. هەرچی بووە خەتای "باندی بلووریان" و "گەرایشی سوسیال دیموکراتیک" بووە گەرایشی جناحی قاسملوویە وە ئێستا حیزبی دیموکرات حیزبیکی پاک و پالاوتەیە و خەریکە "دەگەڕیتەوە سەر سونەتە شۆرشگێرانە و دیموکراتیکەکان"ی خۆی.

جگە لەمە، هەرکەس چکولەترین ئاشنایەتی لەگەل لیک جیابوونەوەی ئەم دوایی‌یەی حیزبی دیموکرات هەبی دەزانی کە ئەوانەی لە کونگرەی هەشتەم دا جیابوونەوە، سەرەرای ئەوەی ئەوکات نارەزایەتی، سەر لی شیواوی و ناکوکی لەگەل سیاسەتەکانی ڕێبەرایەتی شەپولی دەدا، موخالفەتیان لەگەل مەجموعەی سیاسەتەکانی حاکم نەکرد، وە جناحی قاسملووش هەر ئەمەی بە نیشانەی قودرەت و مەشرووعییەتی خۆی بە دەستەوە گرت. واقعییەت ئەوە بوو کە بەشی جیابووەوە پێی وابوو زۆربەی دەنگەکان لەگەلە و هەموو هیوا و هومیدی خۆی لە هەڵبژاردن (ی کونگرە) و نەتیجەکانی گری دابوو، وە بەرانبەر بە گوزارشی کومیتەی ناوەندی و باسە سیاسییەکانی تری کونگرە موخالەفەتیکی وایان نەکرد. دیارە ئەم مەسەلەیە خۆی، جیاواز لەو فەرهەنگ و ڕەوشتە سیاسییەکە لە نیو حیزبی دیموکرات داباوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکانگیری سیاسی کافی و نەبوونی پلاتفورمی سیاسی واحید و ئالترناتیوی روشن لە نیو موخالیفەکان دا. هەموو ئەم واقعییەتانە، ئەو وینە پاک و بی خەوشە ڕەش دەکەنەوە کە راەکارگر بە دانستە لە ناکوکییەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی ساز کردوە و بەر چاوی دەخا.

٢- ئەگەر چاو لە لایەنە تاریخییەکانی مەسەلەکەش نەکەین، لیکدانەوەی راەکارگر لەسەر لیک جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات بی ئەندازە سەتحی و بی مایە و غەیرە ماتریالیستییە و دیسان هەر لە خزمەت مەبەستی سیاسی دیاریکراوی خۆیدایە. لەم لیکدانەوەیەدا هیچ ئەسەریک لە دەور و نەقشی چینەکان و خەباتی چینایەتی، لە ریز بەستنی سیاسی کۆمەڵ لە ساڵانی رابوردوودا، لە بی جوابی حیزبی دیموکرات لە حاست مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان، لە سەر هەڵدان و تەئسیری هێزی بزوینەری کۆمەڵایەتی نوی لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا، لە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان، لە گەشە و هەڵدانی جەرەیانی سوسیالیستی و رادیکال و دەور و نەقشی ئەو جەرەیانە لە کز کردن و تەریک هیشتنەوەی گەرایشی ناسیونالیستی و سوننەتی‌دا کە حیزبی دیموکرات نوینەری عومدە بووە، وە لە تەئسیراتی قوولی چەندین ساڵ شەری ناوخۆیی لە کوردستان و خەباتی سیاسی توند و تیژ لە کەنار ئەم شەردا و لە گەلیگ شتی‌تری لەم چەشنە، بەرچاو ناکەوی. لە لیکدانەوەکەی راەکارگر حیزبی دیموکرات نوینەری هیچ تویژ و چینیکی کۆمەڵایەتی نییە و ڕێکخەر و نیونەری هیچ جەرەیانیکی سیاسی نیە و بۆ لیکدانەوەی ئاڵ و گۆڕەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکراتیش، ئەویش ئاڵ و گۆڕیک کە بە قسەی خودی راەکارگر "یەکیکە لە گەورەترین ئال و گۆڕەکانی تاریخی چل و سەند ساڵەی حیزبی دیموکرات لە سەراسەری دەورانی خەباتی دا و بەتایبەت لە تاریخی پاش راپەرین دا"، هیچ پێویست نییە چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان، گەرایشە سیاسی‌یەکانی ئەم چینانە و ئاڵ و گۆڕ پێک هاتن لە موناسەباتیان دا، باسی بکری. هەموو شتیک لە نیو خۆدی تەشکیلاتەکەدا لە نیوان "چاکەکان" و "خراپەکان" دا ڕووی داوە و حل و فسل کراوە. "چاکەکان" هەر لە سەرەتای شۆرشەوە بوون و پاش کیشە و ململانیەکی زۆر و پاش ئەوەی "خراپەکان" چیها چەرمەسەری یان بەسەر هینان، ئێستا بەسەر "خراپەکان" دا زال بوون و خەریکن دەگەڕێنەوە سەر ئەسل و بنەچەی خۆیان کە دیموکراتیزمی شۆرشگێرە و تاقە کاریک کە ماوە بکری ئەوەیە کە ئەم سەرکەوتنە جەژنی بۆ بگیری.

بەڵام لە دنیای واقیع دا مەسەلەکە وەکی راەکارگر باسی دەکا ئاوا بە خیر و خۆشی نەبراوەتەوە. لە پشت ئەم جیابوونەوەیەدا عیللەت و سەبەبی سیاسی چینایەتی واقیعی هەن، هەروەک چۆن خۆدی ئالوزی و بی ئاسویی و بی هیوایی و بن بەست و شەر خوازی ئەو حیزبەش عیللەت و سەبەبی سیاسی چینایەتی لە پشتە، وە هەڵبەت راەکارگر قەت نەی ویستوە بیان بینی و بە ڕەسمییەتیان بناسی.

راەکارگر و ڕەخنە گرتن لە حیزبی دیموکرات

جیاواز لە لیکدانەوەی جیا بوونەوەکە، راەکارگر هەروەک دیمان بۆ یەکەم جار ڕەخنەیەک لە حیزبی دیموکرات دەگری. هەرچەند ڕەخنەگرتنی راەکارگر لەو شتە کە خۆی پێی دەلی "ڕێبازی حاکم بەسەر حیزبی دیموکرات دا لە کونگرەی شەشەمەوە هەتا کاتی جیابوونەوە" لە ناوەرۆک دابی ئەندازە سەتحی و مەحدوود و بەرتەسکە، بەڵام هەر ئەوەندەش کافی‌یە بۆ ئەوەی سیاسەتی تا ئێستای خودی راەکارگر بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات بی بایەخ بکا و بیداتە بەر پرسیار و بە هەموو کەس نیشان بدا کە دیفاعی سیاسی تا ئێستای راەکارگر لە حیزبی دیموکرات کە تەنانەت هەر بە پێی ئەم پی هەڵگرتنەی ئێستاشی حیزبی دیموکرات جگە لە حیزبیکی گەندەڵی دژی دیموکرات هیچی تر نیە، چەندە پرەنسیپ فرۆشی‌یەکی قوول بووە.

دەچینە سەر لیکولینەوەی لایەنە ئەسلی‌یەکانی ڕەخنەی راەکارگر لە حیزبی دیموکرات. ئەم ڕەخنەیە لەهەمان کات دا نیشاندەری ڕەوشتی سیاسی راەکارگرە.

١- راەکارگر بە ئەنقەست ڕەخنەکەی خۆی لە حیزبی دیموکرات، تەنیا دەباتە سەر قونا‌غیکی دیاریکراو، یانی لە کونگرەی شەشەمەوە هەتا کاتی جیابوونەوە و ئەویش مەحدوودی دەکاتەوە بە ڕەخنەگرتن لە "ڕێبازی حاکم لەو دەورەیەدا".

نووسەرەکەی راەکارگر، کە لە هەموو جی‌یەک تاریخ واقیعی ڕووداوە سیاسی‌یەکان دەسکاری دەکا و بە کەیفی خۆی داستانی بۆ ساز دەکا، دەبی لە لای خۆی وای دانابی کە خوێنەران ئاگاداری هیچ مەسەلەیەک نین، ئەگینا ئەو کەسەی عامیل و باعیسی ئەوە بووە کە حیزبی دیموکرات لە "دیموکراتیزمە شۆرشگێرانەکەی" لابدا، یانی قاسملوو، نەک لە کونگرەی شەشەمەوە، بەڵکوو لە کونگرەی سێهەمەوە کە ساڵی ١٣٥١ گیرا، یانی لە ١٦ ساڵ لەوەپێشەوە سکرتیری گشتی حیزبی دیموکرات بووە و "باندی بلووریان"یش کە بە پێی داستانە ساز کراوەکەی راەکارگر بە سادەیی و بە ئازایەتی جناحی شۆرشگێر لە حیزب وەلانراون بەشیکی بەرچاو لە رابەری و کادرەکان و بەدەنەی حیزبی دیموکراتیان لی پێک دەهات و زۆربەی سیاسەتەکان و کار کردەکانی ئەو حیزبە و کونگرەی چوارەمیش یان کە دەبی تسدیق بکری پێش کونگرەی شەشەم گیراوە، بە هەموو بریارەکان و پەسند کراوەکانیەوە بە تەواوی لە ژیر تەئسیری سیاسەتەکان و جیهەت گیری‌یەکانی خۆیان دا شکل پێدا.

٢- راەکارگر ڕەخنەگرتن لە جناحی قاسملوو دەکاتە وەسیلەیەک بۆ بە پاک و پیرۆز نیشاندانی رابوردووی حیزبی دیموکرات و پاکانەکردن بۆ کوللی خەتە سیاسی‌یەکەی، پەردەپوش کردنی ناوەرۆکی سیاسی واقیعی حیزبی دیموکرات و، هەروەها خۆشباوەری بلاو کردنەوەی بی پایە لە بابەت جناحی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر و پشتیوانی کردنی سیاسی نامەشرووت لەو جناحە.

ئەسلە مارکسیستی‌یەکانی هەڵوێست گرتن لە حاست ئەحزابی سیاسی و هەڵسەنگاندنی چینایەتی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکارانەوە لە لیکدانەوەکەی راەکارگردا نە لەسەر رابوردووی حیزبی دیموکرات، نە لەسەر ئاڵ و گۆڕە ناوخۆیی‌یەکانی ئەو حیزبە و نە لە بابەت داهاتووی هەر کام لە جناحەکانەوە هیچ ئەسەریکیان لی نابینری. رابوردووی حیزبی دیموکرات سەخاوەتمەندانە بە میدالی "دیموکراتیزمی شۆرشگێرانە" و "سوننەتە شۆرشگێرانە و دیموکراتیکەکان" دەرازینرێتەوە. وانیشان دەدری کە جناحی قاسملوو ئیستسنایەک بووە لە حیزبی دیموکرات دا و قاعیدەی حیزبی دیموکرات شتیکی تر بووە، جناحی قاسملوو لەو قاعیدەیە لای داوە و "لە سوننەتە شۆرشگێرانە و دیموکراتیکەکانی "ئەو حیزبە" دوور کەوتوەتەوە "راەکارگر ئاواتی ئەوە دەخوازی کە جناحی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر" بو زیندوو کردنەوەی سوننەتە شۆرشگێرانە و دیموکراتیکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لیبراوانە هەنگاو هەڵگری. (هەمان جیگا) ئەوە ڕەخنەگرتن نیە، ئەوە خراپترین نەوعی چاوبەستنە. گەرایشیکی حیزبی دیموکرات لە دەورەیەکی دیاریکراو دا ڕەخنەیەکی لیبرالی و مەحدوودی لی دەگیری، بە قیمەتی ئەوە کە کوللی سوننەتی سیاسی حیزبی دیموکرات، کوللی ئامانجی چینایەتی و بەرنامەی سیاسی و مەجموعەی کار کردەکانی ئەو حیزبە بە ریاکارانەترین شیوە پاکانەی بۆ بکری و بە شتیکی پاک و پیرۆزنیشان بدری و لە ژیر زەبری هەر ڕەخنەیەکی رادیکال دەربکێشری. لە حالیکدا تەواوی تاریخی دە ساڵەی رابوردووی حیزبی دیموکرات، تاریخی هەولدانی ئەو حیزبە بووە بۆ پاراستنی مەوقعییەتی لەرزوکی خۆی لە نیوان کونەپەرستی و لیبرالیزم دا. سەرتاسەری ئەم دەورەیەی حەیاتی سیاسی حیزبی دیموکرات پرە لە پێشێل کردنی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، فریودانی جەماوەر، بەند و بەست لەگەل کونەپەرستی محەللی و سات و سەودا لەگەل جمهووری ئیسلامی. دوژمنایەتی لەگەل ویست و داخواز و حەرەکەتەکانی کرێکاران و هەولدان بۆ فریودان و زەبروزەنگ نواندن لە هرجی‌یەک لە دەستی هاتبی، گەلیک جار موخالەفەت لەگەل داخوازەکان و بزووتنەوەی جووتیارانی هەژار و زەحمەتکێش و راوستان لە بەرانبەر داخوازەکانیان دا لە لای دەستی خاوەن ملکەکان، موخالەفەت لەگەل بەرێوە چوونی ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەر و هەنگاو هەڵگرتنی سەربەخۆیان و حاکمییەتیان (لە شوورا‌کانەوە بگرە هەتا ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانی تر) و ناو هینانیان بە ئاژاوە گیر و غەیرە مەسئوول و تەنانەت گرتن و زیندانی کردنی نوینەرانی شووراکان لە هەندیک شوین، دەسدریژی کردن بۆ سەر ئازادی‌یەکان و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ملهووری کردن و لیدان و ڕووت کردنی زەحمەتکێشان، دەسدریژی کردن بۆ سەر ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و شەر هەلایساندن لەگەل زۆربەی گوروو و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی لە کوردستان بوون، تەحقیر کردن و بە سووک چاولیکردنی بەرابەری و ئازادی ژنان و دنەدانی کونەپەرستانەترین خورافات و بیر و باوەر لە دژی هەر هەول و کوششیک کە لەم بابەتەوە کرابی، بەند و بەست لەگەل کونەپەرستی محەللی کوردستان و یارمەتی دان و هاندانی لە دژی کۆمۆنیستەکان، دنەدانی ئیحساساتی مەزهەبی لە دژی فیکر و عەقیدەی پێشرەو، هاوکاری کردن لەگەل ئەرتەشی جمهووری ئیسلامی بۆ دامەزرانەوەی سە رلە نویی لە کوردستان پاش چەندین شکستی پەیتا پەیتا و قورسی ئەرتەشی و سپای پاسداران و پێک هاتنی ئاگر بەسیکی موقت لە کوردستان سەرەرای موخالەفەتی کۆمەڵە و بەشی زۆری خەڵکی کوردستان، تیکەل بوون لەگەل شووڕای میللی موقاومەت و قەبوول کردن و تەئیید کردنی تەرحیک کە خەواندن و سەرکوت کردنی

بزووتنەوەی شۆشگێڕانەی کوردستانی تیدا بەستەیە، بەڵی! هەموو ئەمانە و گەلێک شتی‌تر پێش کونگرەی شەشەم جۆزوی سیاسەتەکان و کار کردەکانی حیزبی دیموکرات بوون. ئەمانە بەشکین لە حەقیقەتە سیاسییەکانی دە ساڵی رابوردووی کوردستان، هەروەک چۆن تووندوتیژبوونەوەی رۆژ لە رۆژ زیاتری مەیلی دژی دیموکراتیک و کونەپەرستانەی حیزبی دیموکرات دوای کونگرەی شەشەمیش بەشێکە لەم حەقیقەتانە.

پاکانە کردنی ڕاەکارگر بۆ حیزبی دیموکرات و ئەو لاواندنەوە و پی هەڵگوتنەی، گورین و بەراوژوو کردنەوەی بی شەرمانەی تایخی سیاسی دە ساڵەی رابوردووی کوردستانە بە قازانجی بورژوازی.

۳- ئێستا هەر کام لە خالەکانی ئەو ڕەخنەیە کە ڕاەکارگر هەر لەم دەورەیەی حیزبی دیموکراتی دەگری بە شێوەی موشەخەس و بە جیا جیا دەدەینە بەر لیکولینەوە. ڕاەکارگر پێی وایە "عاقیبەتی ئەم ڕێبازە، لادان لە دیموکراتیزمی شۆرشگێڕانە بووە لەم چەند ژمینەیەدا".

"رارایی لە خەباتی لیبراوانەدا بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی فوقەها و هیوا بەستن بە ئیمکانی ئاڵ و گۆڕ پێک هاتن لە نیوخۆی ڕژیم دا و ریککەوتن لەگەل "جناحی واقیع بین"ی ڕژیم لە سەر داخوازی خودموختاری."

سەرفی نەزەر لە راوێژ و شیوەی بەیانی موجاهیدانەی ئەم عیبارەتە، مەگەر حیزبی دیموکرات پێش کونگرەی شەشەم و لە دەورانی دیموکراتیزمی شۆرشگێڕانەی نەوعی ڕاەکارگریەکەی دا، ڕەوشتەکەی لەگەل ئەمە فەرقی هەبوو؟ بە پێچەوانە، سازشکاری و تەقالای حیزبی دیموکرات بۆ خوشین کردن لە لای جمهووری ئیسلامی لە دەورەی پێشتردا زۆر ئاشکراتر و زەقتر بوو. نامە مەفروفەکەیان بۆ بازرگان لە سەرەتای هاتنە سەر کاری جمهووری ئیسلامیدا، پەسند کراوەکانی کونگرەی چوارەم کە تێیدا جمهووری ئیسلامی و "خەتی ئیمام" دیفاعی لی دەکرا و وەک خەباتی دژی ئەمپریالیستی تەحسین دەکرا، شیواندنی پیلانگێرانەی هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد و خو کوتان بۆ وت و وێژی جیاواز لەگەل دەولەت، لایەنگری کردن لە دامەزرانەوەی سەر لە نوێی واحیدەکانی ئەرتەش لە کوردستان لە دەورەی ئاگر بەس دا و ئیسکورت کردنی ئەرتەش و زۆر کاری‌تری لەم چەشنە، هیچکامیان لە نیوان کونگرەی شەشەم و هەشتەم دا نەکراون و ناشکری هیچکامیان ئاوا بە سادەیی، بە تەواوی بخرێتە ئەستوی "باندی بلووریان" بۆ ئەوەی کوللییەتی ئەو جەریانە سیاسییە نەبێتە بەرپرسیاری ئەم پەروەندە سیاسییە ڕەشە. ئەگەر حیزبی دیموکرات لە نیوان کونگرەی شەشەم و هەشتەم دا، چاوی هیوای بریوەتە "جناحی واقیع بین"ی ڕژیم کە حەقیقەتیکە ئێمە هەتا ئێستا گەلێک جار پەردەمان لەسەر لادەاوە و ڕاەکارگر هەتا مانگی گولانی ئەمسال بی دەنگەی لی کردبوو هەر ئەم حیزبە لە دەورەی پێشتردا، سالی ۵۹ش لەگەل ڕەئیسی جمهووری ڕژیمی ئیسلامی یانی بەنی‌سەدر خەریکی بەندوبەست و سات و سەودا بوو و هەتا لیکەوتنی بەنی‌سەدر هەتا ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات هیوای پێی نەما، ئەم حیزبە سیاسەتی سازان و چاو لە دەستی ڕژیم بوونی دڕێژە پێدا و ئەمە لە تووندوتیژ بوونەوەی موخالەفەتی لەگەل کۆمەڵەدا و لە پیلان گیرانی لە دژی کۆمەڵەدا و تەنانەت لە نەوع و میزانی فەعالییەتی چەکدارانەی حیزبی دیموکراتیشدا خۆی نیشان دەدا. ئەم جۆرە تەقالایە بۆ خۆ شیرین کردن لە لای ڕژیمی ئیسلامی و هەندیک جناحی ئەو ڕژیمە، بە پێچەوانەی ئەوەی ڕاەکارگر نیشانی دەدا، تەنیا لەو دەورە دیاریکراوەدا کە ڕاەکارگر باسی دەکا نەکراوە. ئەگەرچی هیچ گومانی تیدا نیە لەو دەورەیەدا ئێمە شاهیدی ئەوە بووین کە ئەو حیزبە هەرچی زیاتر هیوای لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە براوە و زیاتر خۆی کوتاوە بۆ خۆ یەک خستن لەگەل مەسلەحەت و بەرژەوەندی ئەمپریالیزم و بۆ سازان لەگەل جمهووری ئیسلامی.

بەڵام لەوەش بگوزەرین، ڕاەکارگر هەر سیاسەتی ئەم دەورەیەی حیزبی دیموکراتیش بە شێوەیەکی چاوبەستانە بەیان دەکا: "رارایی لە خەباتی لیبراوانە دا بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلام". تەواوی هیوای سیاسی حیزبی دیموکرات ئەوە بووە کە حکوومەت لەگەڵی بسازی، کە چی ڕاەکارگر پێی دەڵی "رارایی و ناپەیگیری لە خەباتی لیبراوانەدا"! یان "هیوا بەستن بە ئیمکانی ئاڵ و گۆڕ پێک هاتن لە نیوخۆی ڕژیم دا و ریککەوتن لەگەل "جناحی واقیع بین"ی ڕژیم لە سەر مەسەلەی خودموختاری". ئەوە پاکانە کردنە بۆ دارو دەستەی قاسملوو. تەبرەئە کردنیەتی. چونکوو حیزبی دیموکرات نەک بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەڵکوو بۆ فرۆشتنی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان و بۆ خەواندن و سەرکوت کردنی ئەو بزووتنەوەیە، چاوی هیوای بریوەتە ڕێککەوتن لەگەل ڕژیمی ئیسلامی یان لەگەل هەر ئالترناتیویک کە لە نیو ئەم ڕژیمەوە هەلقولی. یەکیک لە عیللەتە سیاسییەکانی شەری دژی کۆمۆنیستی و دژی شۆڕشی چەند ساڵەی رابوردووی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵەش هەر خۆشکردنی ڕێگای سیاسی و عەمەلی بووە بۆ ئەم سازانە.

-"نیگەرانی لە ڕێککەوتن لەگەل چینی کرێکار و هەولدان بۆ نزیکایەتی و ڕێککەوتن لەگەل بورژوازی لیبرال". جیاواز لەوە کە ئێستا "ڕێککەوتن" لەگەل چینی کرێکار، لە جیتاتی نزیک بوونەوە لە شیعار و داخوازە ئابووری و سیاسییەکانی کرێکاران و هاوکاری لەگەل کۆمۆنیستەکان، بە شیوەی واقیعی چەندە ناویکی بەجێیە و لە بۆچوونی سیاسی تووەیی‌یەیانەی ڕاەکارگر چ خاسییەتیکی هەیە، بەڵام مەسەلەی ئەسلی ئەوەیە کە لیرەش دا مەتلەبەکە بی ئەندازە سووک کراوەتەوە و ڕاەکارگر لە ژیر پەردەی ڕەخنەگرتن دا، دەستی داوەتە ژیر بالی جناحی قاسملوو. لە جیاتی ئەوەی باسی دژایەتی و دوژمنایەتی حیزبی دیموکرات لەگەل چینی کرێکار و شەری چەکدارانەی ئەو حیزبە لە دژی کۆمۆنیستەکان بکری، "نیگەرانی لە ڕێککەوتن لەگەل چینی کرێکار" باسی دەکری.

-"حاشا کردن لە وجوودی چینەکان لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی گەلی کورددا و لە نەتیجەدا چاوپوشی کردن لە هینانە گۆڕ و دیفاع لیکردنی داخوازە شۆرشگێڕانە و ڕادیکالەکانی کرێکاران و دەس تەنگان و زەحمەتکێشانی کورد. ئەمە ئیتر هەم بە پێچەوانە نیشاندانی واقیعییەتەکانە و هەم چاوبەستنی جەماوەرە لە حەنای حیزبی دیموکرات کە ڕاەکارگر بیشەرمانە تیکەلیان دەکا. لەو دەورەیەدا حیزبی دیموکرات حاشا دەکا لە وجوودی چینەکان وە ئەساسەن لە وجوودی چینی کرێکار لە کۆمەڵی کوردستاندا (وە یا وەک ڕاەکارگر دەڵی" لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا")، وە لە دژی ویست و داخوازە شۆرشگێڕانەکانی ئەو چینە ڕادەوەستی، تەبلیغ دەکا و دەست بۆ چەک دەبا، کەچی ڕاەکارگر "ڕەخنە"ی لی دەگری کە حیزبی دیموکرات "لە هینانەگور و دیفاع لیکردنی داخوازە شۆرشگێڕانە و ڕادیکالەکانی کرێکاران چاوپوشی" دەکا

-"هەڵویستە ڕاگەیەندراوەکانی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ و ئەو ئیقدامە بە نرخەی کە سولح لەگەل کۆمەڵەی ڕاگەیاند، سەرەتای حەرەکەتیکی موسبەت و هیوا بەخشە کە دەبی هەرچی زیاتر پەرەبگری و بەرین بێتەوە هەتا حیزبی دیموکرات بە تەواوی ئینحراف و لادانی ریفورمیستی و سوسیال دیموکراتیک لە خۆی دا تەکینی". (هەمان شوین)

ئەمە ئیتر ڕاەکارگر دەبی جوابی بداتەوە کە حیزبیکی بورژوایی چۆن دەتوانی "بە تەواوی" "ریفورمیزم" لە خۆی داتەکینی؟ ڕەنگە پاش ئەم خوتەکاندنە لە حالەتی حیزبی ئیسلاحی کۆمەڵایەتی بێتە دەر و ببێتە حیزبی شۆڕشی کۆمەڵایەتی!

"لەبەرچاو گرتنی داخوازەکانی کرێکاران ودەس تەنگان و زەحمەتکێشانی گەلی کوردیش بە هەڵوێستیکی پەیگیر و دیموکراتیکەو، بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتیکی رادیکال لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا، پێویستی‌یەکی حەتمی‌یە. ئەم داخوازانە دەبی هەموو مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان بگرێتەوە و هەرچی زیاتر زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕانەن بێنێتە نیو ریزی خەباتی شۆڕشگێڕانە....

ڕێکخستنی شکلە سنفی و سیاسی‌یەکانی موقاوەمەتی جەماوەری لە شارەکان و دێهات و بە تایبەت بایەخ دان بە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری لە شارەکان و پێک هێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری موناسب بۆ ڕاکیشانی هەموو زەحمەتکێشان بۆ ناو ریزی خەباتی شۆڕشگێڕانەش یەکیکە لە پێویستی‌یەکانی قوول کردنەوە و ڕادیکالیزە کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ولایەتی فەقیە.

ڕاست کردنەوەی ئینحرافاتی حیزبی دیموکرات لەم زەمینانەی سەرەوەدا، لەم لایەنانەوە کە لە بنەما حەیاتی‌یەکانی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕانەن، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، بە هیوای ئەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە بەرێوە بردنی ئەم ئەرکەدا بۆ زیندوو کردنەوەی سوننەتە شۆڕشگێڕانەکان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لیبراوانە هەنگاو هەڵگری." (هەمان شوین)

ئەگەر ئیددیعا کردنی ئەوە کە حیزبی دیموکرات لە رابوردوودا خاوەنی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕانە بووە، درویەکی ئاشکرا و ئاوەژو کردنەوەی تاریخە بۆ ئەوەی جەرەیانی بورژوایی ئابرووی وەبەربێتەوە، ئەوەش کە ئەم ئەرکە بنرێتە ئەستوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، بلاو کردنەوەی خۆش خەیالی‌یەکی بی پایە و ئەساسە. دەبی پرسیار بکری ئەم جناحە تا ئێستا کام یەک لە داخوازەکان و شیعارەکانی دیموکراسی شۆڕشگێڕی قەبوول کردوە و رای گەیاندوە خەباتی بۆ دەکا؟ لە قانوونی کاریکی شۆڕشگێڕانە بە قازانجی کرێکاران پشتیوانی کردوە؟ بەیاننامەی مافە سەرەتایەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی قەبوول کردوە؟ لە هەڵوەشانەوە و تیک ڕووخانی دام و دەزگاکانی دەولەتی بورژوایی ئاسایی وەک پارلمان و ئەرتەش و دانانی دەسەلاتداڕەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر و چەکدار بوونی گشتی لە جێگای ئەوانە، دیفاعی کردوە؟ نەخێر! هیچکامیانی نەکردوە! بەڵام جناحی جیابوەوە باسی پێویستی دوستایەتی و یەکگرتن لەگەل "ئوردووگای سوسیالیستی"ی کردوە و ڕاەکارگر کە ئەم هەموو تەقالایەتی بیباتە عەرشی ئەملا، هەر لە بەر ئەمەیە، وەک دواتریش دەبینین.

لە هەمووی پرەنسیب فرۆشانەتر و دژی کۆمۆنیستی‌تر ئەوەیە کە ڕاەکارگر ئەرکی ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پێک هینانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان بەو حیزبە دەسپێری. لیرەدا دەبینین کە یەکیک لە سەرەتایی‌ترین ئەسلەکانی مارکسیزم پێشێل دەکری و کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش بە ئاشکرا بانگەواز دەکرین کە بچنە ژیر شیعارەکان و ڕێکخستنی حیزبە بورژواکان. ڕاەکارگر تەنانەت ئیشارەیەکی سەرپیش بەوە ناکا کە ئەم ڕێکخستنە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە.

قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئێمە ڕاەکارگر دوو بوچوونمان لەسەر کۆمۆنیزم و "کۆمۆنیستەکان" هەیە. قسە لەسەر ئەوەیە کە ڕاەکارگر هەر بە پێی ئەو بۆچوونەی خۆی، ئەو ئەرکە لە "کۆمۆنیستەکان" و لە خودی سازمانی ڕاەکاریگەریش دەستێنێتەوە و خۆی تەنیا وەک، گۆرووهیکی پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات چاو لی دەکا.

بۆچی ڕاەکارگر بە شوێن ئەم سیاسەتەوەیە؟

ئەو ڕەوشتە سیاسی‌یەی ڕاەکارگر لە هەڵوێستی‌دا لەسەر لیک جیابوونەوەی حیزبی دیموکرات و لەسەر هەر کام لە جناحەکانی ئەو حیزبە ڕەچاوی کردوە و ئێمە لەم نووسراوەیەدا هەولمان دا لایەنە جۆراوجۆرەکانی بخەینە بەر چاو و ئەنقەست ڕەچاو کراوە و هەموو دەلیلەکانی وان کە دەکری بە ڕوشنی پەنجە بخرێتە سەریان.

واقعییەت ئەوەیە کە ڕاەکارگر لە بەر وابەستە بوونی بە میراتی سیاسی و فیکری خۆی تووەیی لە ئێران و هەروەها بە پێی خەسلەتی بورژوا لیبرالی سیاسەتەکانی، لەگەل حیزبی دیموکرات وەک سوننەت و خەتیکی سیاسی داریکراو لە کوردستان هەست بە نزیکایەتی‌یەکی تەواو دەکا و ئەو حیزبە بە هاوپەیمانی سیاسی بالقوەی خۆی دەزانی و پێی وەیا دەکری بۆ مەبەستی سیاسی خۆی کەلکی لی وەرگری. دیسان هەر وەک تەیفی تووەیی، ڕاەکارگر هەول دەدا ئەم جەرەیانە ڕاکیشی بەرەولای ئوردووگای شووڕەوی و ئامانج و قازانجی هاوپەیمانانی ناوخۆی. ئەوەش سوننەتیکە کە لە چەندین ساڵ لەوەپێشەوە لە حیزبی تووەیی بە میرات بەجێ ماوە و شتیک نیە ڕاەکارگر دای هێنابی.

ئەو شتە کە بووەتە باعیسی ئەوەی ئەو هاوپشتی‌یە سیاسی‌یە لەگەل حیزبی دیموکرات لە چەند ساڵی رابوردوودا بۆ ڕاەکارگر و بو کوللی ئەو تەیفە زەرووەتیکی هەرچی زیاتری هەبی، ئەو دەور و نەقش و جیگا و شوینەیەکە حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا وەدەستی هێناوە. ڕەوتی پێشڕەوی جەرەیانی سوسیالیستی و ئالترناتیوی ئەو جەرەیانە بەرانبەر بە جەرەیانی سوننەتی بورژوایی و ناسیونالیستی، وە ئەوەکە ئەم جەرەیانە ئالاهەلگری داخوازەکان و خەباتی کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و مەحروم و هیوا بەخشی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بووە، ڕاەکارگر و هاومالەکانی ڕاەکارگر کە لە ڕیزی موخالیفی ئەم ڕەوتە ڕوو لە پێشەدا بوون وادار کردوە کە هەرچی زیاتر چنگ لە جەرەیانی "خۆیان" قایم کەن، بەهەر قیمەتیک بووە دیفاعی لی بکەن، عەیبەکانی بۆ داپوشن، ڕینوینی بکەن، ئاموژگاری بکەن و دلگەرمی پی ببەخشن نەکا ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانی لە بیر بچێتەوە و ڕەقیبەکەی گۆی ئەم مەیدانە بەڕێتەوە.

هەر ئەم ئامانجانەی کە ڕاەکاگەر بە شوینیانەوە بووە نیشان دەدەن کە بۆچی ڕاەکارگر لە سالآنی ڕابووردوودا دیفاعی لە حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرایەتی قاسملوو و بە سیاسەتەکانی ئەوەوە کردوە و ئێستا بۆچی قاسملوو دەداتە بەر هێرش و دیفاعی هەمەلایەنە لەبەشی جیابووەوە دەکا. ڕاەکارگر لە دەمێک پێشترەوە لە لاربوونەوەی حیزبی دیموکرات بەرەولای ولآتانی ڕۆژئاوا و لە "رووە چەرخاندنی لە ڕێبازی یەکگرتنی ستراتژیک لەگەل ئوردووگای سوسیایستی "کە لە کونگرەی شەشەم دا بریاریان لەسەر درا، نارازی بووە، بەلام بی دەنگەی لی کردوە و سەری لەی ناوەتەوە. چۆنکوو ئەو مەسەلەیە، ئەوکات دەیتوانی کوللی ئەو جەرەیانە زەعیف بکا.

بەلآم ئێستا، کە بەشیک لە خودی ئەو حیزبە جیابووەتەوە و لە دژی ئەو خەتە ڕایەڕیوە کە بەرەو ولآتانی ڕۆژئاوا لاربووتەوە، ڕاەکارگر مەجالی ئەوەی دەست کەوتوە هەرچی لە دلی دایە هەلیڕێژی. دیارە ڕاەکارگر ئاگای لەوە هەیە کە نابی ئەوەندە قوول روچی ئابرووی کاملی ئەو جەرەیانە پەلەی وی کەوی. بە پێچەوانە، میراتی ئەم جەرەیانە سیاسیە کە دیارە دەبی هەرچی زیاتر ستایش بکری و گەورە بکرێتەوە، بە تەواوی دەنیتە ئیختیاری جناحی لایەنگری "ڕێبازی یەکگرتنی ستراتیژیک لەگەل ئوردووگای سوسیالیستی".

تەواو نووسراوەکەی ڕاەکارگر هەر ئەم مەعنایەی تیدایە. ئەگەرچی ڕاەکارگر بە ڕاشکاوی و سەراحەتیش باسی دەکا:

"بەیاننامەکە (مەبەستی بەیاننامەکەی ڕێبەرایەتی شۆرشگێرە) مەجموعەیەک هەلوێستی تێدا ڕاگەیەندراوە کە لەگەل زنجیرەیەک لە ئینحرافاتی حاکم بەسەر حیزبی دیموکرات دا موخالەفەتی کردوە. ڕاست کردنەوەی ئەم لادان و ئینحرافانە مەسەلەیەکە کە بیگومان کۆمۆنیستەکان و شۆرشگێرانی ڕاستەقینەی ئێران دەبی تەئییدی بکەن. ئەم شتانە ئەمانەن:

سازکردنەوە و دارشتنەوەی بناغە دژی ئەمپریالیستی‌یەکان لە حیزبدا و ولانانی ئەو سیاسەت و ڕەوشتە ڕاستگەرایانەیە کە مەبەستیان خۆ شیرین کردنە لە لای مەحافیلی ئەمپریالیستی و ئوپوزیسیونی سەر بەو مەحافیلە، وە هەولدان بۆ پێک هێنانی پەیوەندی دوستانە لەگەل ولآتانی سوسیالیستی و پێشکەوتنخواز و حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و ئازادی خوازەکان. تەئکید کردن لەسەر بنەما دژی ئەمپریالیستی‌یەکانی خەبات بیگومان یەکیکە لە بنەڕەتی‌ترین مەرجەکانی پابەندبوون بە دیموکراتیزم. ڕێبەرایەتی شۆرشگێر ئەم ئەسلەی لە سەرووی هەلوێستەکانی خۆیدا ڕاگەیاندوە و بەم جۆرە سیاسەتی سات و سەودا لەگەل ئەمپریالیزمی کە لە دەورەی پاش کونگرەی شەشەم دا بەسەر حیزب دا زال ببوو، مەحکووم کردوە. لایەنیکی‌تری خەباتی جیددی بەرانبەر بە سەرمایەداری جیهانی، نزیکایەتی و یەکگرتنە لەگەل پرولیتاریای سەرکەوتووی جیهانی یانی ئوردووگای سوسیالیستی. لەو هەلوێستە دا کە ڕێبەرایەتی شۆرشگێرانە بەو جەرەیانە ببەخشی بەلآکوو پێویستە لەم بابەتەشەوە ڕینوینی یان بکا کە مەبەستی کام خەت و ڕێبازە لە شوورەوی‌دا، وە بەم جۆرە ئەو مەسەلەیەش کە یەکیکە لە گری نەزەری و سیاسی‌یەکانی کوللی ئوردووگا، بۆ ئەو جەرەیانە حەل بکا. هەروەها ڕاەکارگر دەبی لەم ڕێنوێنی‌یانە دریغ نەکا و بۆ ڕێبەرایەتی شۆرشگێر ئەوەش تەوزیح بدا کە بۆچی پشتیوانی کردن لە شوورەوی بەسەنەدی دیموکرات بوونی جەرەیانیک حیساب دەکری لە حالیک دا ئێستا لە خودی شوورەوی هەموو ڕۆژی کیویک سەند و بەلگە لە ڕەوشت و سوننەت و ئیقداماتی دژی دیموکراتیک و بوروکراتیک و لە ملهووری‌یەکانی دە سالّی ڕابوردوو کۆدەکرێتەوە سەریەک.

بەهەر حال، ڕاەکارگر هەر ئامانجیکی هەبی دەتوانی بکەوێتە شوینی، بەلآم هەر کەس لە نیو بەشی جیابووەوەدا کە نییەتی‌یە ڕاستی شۆرشگێرانە و ڕادیکال لە خۆی دا شک دەبا و دەیەوی دابران لە داروودەستەی قاسملوو ناوەڕۆکیکی شۆرشگێرانە و ڕادیکالی هەبی، دەبی بزانی کە هەنگاو هەلگرتن بەرەو سیاسەتیکی ڕادیکال ئەوە نییە کە "ئوردووگای سوسیالیستی" بنرێتە جێگای "سوسیال دیموکراسی". ڕادیکالیزمی هەر جەرەیانیک لەو وەلامە ڕادیکالانە دایە کە بە مەسەلە کۆمەلآیەتی‌یەکانی سەردەمی خۆی دەداتەوە نەک لەوەدا کە چەندە لە حزمەت ئوردووگای شوورەوی دا ئیزهار خلاس دەکا، ئەگینا دەبوو حیزبی تووده لە هەموان ڕادیکالتر بی چۆنکوو لەم بابەتەوە لە هیچی کەم نەبوو. تاریخی خەبات لە ئێران بە ڕوونی ئەوەی نیشان دا کە لایەنگری لە "ئوردووگای سوسیالیستی" و ستراتژی‌یەکەی، قەت بە مەعنای ڕەچاوکردنی سیاسەتیکی چەپ و ڕادیکال یان دیموکراتیک لە حاست مەسەلە کۆمەلآیەتی‌یەکان نیە.

هەروەک دیمان ئورگانی ڕاەکارگر لە باسەکەی خۆیدا لەسەر لیک جیابوونەوەی حیزب دیموکرات، ڕەخنەیەک لە دەورەیەکی حیزبی دیموکرات و ڕێبازی جناحی قاسملوو دەگری. دیمان کە ئەم ڕەخنەیە هێشتا چەندە مەحدوود و چاو بەستانەیە. ڕاەکارگر بە حوکمی پابەندی‌یە سیاسی و فیکری‌یەکانی و لە بەر حیساباتی دیپلوکاتیکی خۆی، ناتوانی ڕەخنەیەک لە حیزبی دیموکرات وەک جەرەیانیکی سیاسی چینایەتی بگری. ئەم ڕەخنەیە تەرایی‌مایەی سوسیالیستی و ڕادیکالی تێدانیە و ناتوانی لە چوارچێوەی بۆچوونی لیبرالی و تووده‌یی‌یانە واوەتر بچی.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم ڕەخنەیە کاتیک لە جەرگەی ئالّ و گۆڕەکان و ڕووداوەکانی چەند سالّەی ڕابوردوودا چاوی لی بکری، ئالّ و گۆڕیک نیشان دەدا کە لە دنیای دەڕەوە ڕووی داوە. دوینی دیفاعی سیاسی لە حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرایەتی قاسملوو و سیاسەتەکانی و ئەمڕۆ هێرش کردنە سەری بە تاوانی سازشکاری لەگەل بورژوازی و ئەمپریالیزم و باو باوین لەگەل جمهووری ئیسلامی و دژی دیموکرات بوون، ڕێگایەکی درێژیان نیوانە کە تەی کراوە.

ڕەخنەی ئێستای ڕاەکارگر پەڕوەندەی ڕابوردووی سووک ناکاتەوە، بەلآم بێگومان خەتیکی سوور بەسەر پەڕوەندەی ئەو ئیتهاماتە دادەکیشی کە ڕێکخراوەکانی چەپی وردە بورژوایی ئێران و بە تایبەت خودی ڕاەکارگر لە بابەت حیزبی دیموکراتەوە لە دژی ئێمە هەلیان بەستبوو. ئەوانی تر لە دەمیک لەوەپێشەوە بەرەبەرە، وە ئەوەی نەک لە ڕووی سەر لی شیواوی‌یەوە بەلآکوو لە ڕووی کوللی ڕەقی‌یەوە بە ئەنقەست ئەو هەلوێستانەی دەگرت ئێستا لە ڕێگای پیشووییان گەڕاوەتەوە. ئێستا هەموان تەنانەت ڕاەکارگریش چوونەتە ناو ڕیزی مەحکووم کردنی جناحی قاسملوو و سیاسەتەکانی ئێستا و ڕابوردووی. ئەمە گورانیکە کە جێگای ڕەزامەندی‌یە.

ڕەخنەی ڕاەکارگر، نیشانەیەکە لە پێشرەفتیکی واقیعی کە جەرەیانی سوسیالیستی لە کوردستان لە خەباتی تووندوتێژی ناوخۆی دا وەدەستی هێناوە. ئەگەرچی ڕاەکارگر دەستی تی بەردوە و درەنگ وەسەر خۆی هێناوە.

***

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەلّە سەبارەت بە فەوتی هاوری دوکتور عبدالقادری وحیدی (دوکتور دەرویش)

بە داخیکی گرانەوە کومیتەی ناوەندی کۆمەلّە ئاگادار کرا کە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٢ی سەرماوەزی ٦٧ هاوریی تێکۆشەر و کۆمۆنیستی شێلگیر دوکتور عبدالقادری وحیدی دوای دەورەیەکی درێژماوەی نەخۆشی، گیانی بەخت کردوە.

هاوری دوکتور عبدالقادر ناسراو بە دوکتور دەرویش ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تێکۆشەریکی ماندووبی نەناسی ناو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەلّە بوو کە سالّەها بە هەموو توانایی و زانست و تەجرەبەیەوە، وەک دوکتوریکی جەراح و وەک تێکۆشەریکی سیاسی، ژیانی نایە پێناوی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و هەموو ستەم لیکراوان و مەحروومان و لەو ماوەیەدا بە حەق بوو بە جیگای متمانەی هەموو هاوسەنگەرانی و بووە خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانەی دوکتور دەرویشیان وەک جەراحیک و وەک پێشمەرگەیەک دەناسی.

هاوری عبدالقادری وحیدی هەر لە سالّی ٥٧ەوە هاوکات لەگەل بەریوە بردنی ئەرکی جەراحی بیمارستانی شاری سەقز، وەک تێکۆشەریکی سیاسی هاتە نیو ڕیزی خەباتی شۆرشگێرانەوە و وەک لایەنگریکی کۆمەلّە دەستی بە تێکۆشان کرد. لە بەهاری سالّی ١٣٦٠دا دوای ئەوەی کەوتەبەر تەعقیبی پولیس، هاتە نیو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەلّە و لەمەو بەدواوە چالاکانە لە هەموو مەیدانەکانی موقاومەت و خەباتی خەلکی زەحمەتکێش دا لە کوردستان بەشداری کرد و لەگەل بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەگانە وەک دوکتوریکی جەراحی لیهاتووش بی وچان لە نیو ڕیزەکانی پێشمەرگە و لە نیو خەلّک دا خەڕێکی کاری دەرمانی و جەراحی بوو و لەم مەیدانەش دا گەلیک فیداکاری کەم وینەی لە خۆی نیشان دا.

هاوری دوکتور دەرویش بە درێژایی خەباتی لە ڕیزەکانی کۆمەلّەدا دەیان جار لە مەیدانەکانی شەری شۆرشگێرانەی کوردستان دا بۆ نەجات دانی گیانی هاوڕیی‌یانی پێشمەرگە گیانی خۆی دەخستە خەتەر و بەم جۆرە سەدان پێشمەرگە و زەحمەتکێشی کوردستانی لە مەرگی حەتمی نەجات دا.

ئێمە بە بۆنەی لە دەست دانی ئەم هاوری و هاوسەنگەرە خۆشەویستەمان لە هەموو خەلّکی کوردستان، لە خانەوادە و کەس و کاری هاوری دوکتور دەرویش و لە هەموو هاوڕی‌یانی حیزبی پر بە دل سەرەخۆشی دەکەین. یادی فیداکاری و تێکۆشانی شۆرشگێرانە و ژیانی سادە و پر سەمەری دوکتور دەرویش هەرگیز لە بیر نابەینەوە.

بژی یادی هاوری دوکتور دەرویش
کومیتەی ناوەندی کۆمەلّە
١٣ی سەرماوەزی ١٣٦٧
***

بۆ ئیعتیراز بە ئیعدامی زیندانیانی سیاسی هەستن!

ڕۆژ نیە خەبەری ئیعدامی ژمارەیەک لە شۆرشگێرانی کۆمۆنیست و ئازادیخوازانی ئێران لە سەرتاسەری جیهان بلاو نەبیتەوە. بلاوبوونەوەی دەنگ و باسی ئیعدامی شۆرشگێران شەپولیک لە نەفرەت و بیزاری لە نیو بیروڕای گشتی جیهان دا لە دژی جمهووری ئیسلامی پێک هێناوە. ژمارەی ئیعدام کراوەکان ئەوەندە زۆرە کە ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و عەفوی بین المللیش ئیعتیرازیان بەم وەحشی گەری‌یەی جمهووری ئیسلامی کردوە. لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە لەم دوایی‌یانەدا ناوی ٣٠٠ کەس لە ئیعدام کراوەکان ڕاگەیندراوە، هەروەها ئەو دەولّەتانە کە هەتا ئێستا بۆ پاراستنی قازانجی ئیقتسادی خۆیان لە ئێران بی دەنگی بشکینن. جمهووری ئیسلامیش کە لە پەڕەگرتنی شەپولی ئیعتیرازات لەسەرتاسەری جیهان و پەڕەگرتنی ئیعتیرازاتی کۆمەلآنی وەگیان هاتووی ئێران نیگەرانە، هەول دەدا ژمارەی ڕاستەقینەی ئیعدام کراوەکان بشارێتەوە.

ئەوانەی ئیعدام کراون ئەو ئینسانە شرافەتمەندانە بوون کە سالّەها لە سیاچالەکانی جمهووری ئیسلامی دا بوون. ئەمانە بەرانبەر بە جەللادانی ڕژیم دلیرانە ڕاوەستان و گالتەیان بە مەرگ کرد. ئەمانە ئەو شۆرشگێرە کۆمۆنیستانە و ئەو تێکۆشەرانە بوون کە بەرانبەر بە سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی ڕاوەستان. بەرانبەر بە سەرکوتگەری‌یەکانی ڕژیم تەسلیم نەبوون و پەردەیان لەسەر جینایەتەکانی ڕژیم و ڕابەرانی حکوومەتی ئیسلام هەلّدایەوە. ئەمانە کەسانیک بوون کە لە خەفەقانی جمهووری ئیسلامی دا دەنگی ئازادیخوازی یان بەرزتر کردەوە.

جمهووری ئیسلامی، ئەم پاریزەرەی قازانجی سەرمایەداران کە بۆ پاراستنی دەسەلآتی خۆی تەنیا هیوای بە تروڕ و زیندان و شکەنجە و ئیعدام بەستوە، ئەم ئینسانە تێکۆشەر و شەرافەتمەندانە ئیعدام دەکا چۆنکوو لە هەموو حەرەکەتیکی وشاریدەرانە و ئیعتیرازی وەحشەتی هەیە. چۆنکوو ناتوانی وەلآمی چکولەترین ویست و داخوازی کۆمەلآنی خەلّک بداتەوە، لە بوحرانی ئیقتسادی و کیشەی ناوخۆی چەقیوە و فیزی ملهوری جارانی تیک شکاوە و ترسی جم و جوولی جەماوەری خەلّکی لە دل دایە. ئەم ڕژیمە بەم جینایەتانە هەول دەدا بە پەرەپێدانی فەزای ترس و وەحشەت و شر و تیرکیشان لە خەلّک چەند ڕۆژیکی‌تر درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، ئەرکی هەموو جەماوەری زۆر لیکراوە، زیندانیانی سیاسی بەشیکن لە کۆمەلآنی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازانی کۆمەلّ. ئەوانە لەسەر دیفاع لە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان، لەسەر دیفاع لە ئازادی بەیان و عەقیدە، ئیعتیراز بە دەسەلاتدارەتی ڕەشی جمهووری ئیسلامی و ئیعتیراز بە وەزعی مەینەتباری کۆمەلآنی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە خراونەتە نیو سیاچالەکان و ئیعدام کراون.

دیفاعی جەماوەری خەلّک لە زیندانیانی سیاسی، دیفاعە لە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان. بەشیکە لە خەباتی ئێمە لە دژی سەرکوت و خەفەقان. لە دژی ئیعدامی زیندانیانی سیاسی هەستین و هاودەنگ لەگەل ئیعتیرازی خانەوادەی زیندانیان و ئیعدام کراوەکان، لە دژی ئەم کوشت و کوشتارە خەبات بکەین و سێبەری مەرگ بخەینە بەرچاوی دوژمنانی ئازادی و مافەکانی خەلّکی زۆرلیکراو.

***

پاشماوەی شەر لەگەل عیراق تەواو بووە بەلام لە دژی کۆمەلآنی خەلّک هەروا درێژەی هەیە!

بەراستی ڕژیمی ئیسلامی نەک هەر بە قسە، بەلّکوو بە کردەوەش هەرەشەکانی خۆی وەدی هێنا. لە جیاتی کوتایی پی هاتنی سەرکوت و خەفەقان شەپولیکی‌تر لە گرتن و ئیعدامی تێکۆشەران و شۆرشگێران کەوتە ڕی. ئیعدامی بی محاکەمە زیاتر لە جاران بەریوە برا. ئەردەبیلی ڕەئیسی قوەی قەزایی دەستووری بە حاکمانی شەرعی ئیسلام دا کە چاوە ڕێی تەکمیلی پەروەندە و محاکمە کردن نەبن و بۆ بەریوە بردنی ئەم دەستوورە گەلیک زیندانی بە جووخەی ئیعدام سپێردران و هەتا جیگایەک چوونە پێش کە نەیان هیشت جەنازەی زۆر کەس لە ئیعدام کراوەکان بدرێتەوە بە کەس و کاریان. ئەمە یەکەمین جوابی جمهووری ئیسلامی بوو بۆ کرێکاران و کۆمەلآنی زۆرلیکراو دوای شەر. جمهووری ئیسلامی ئەم وەلآمەی دایەوە بە کەسانیک کە ٨ سالّ بوو لە ژیر مووشەک باران و بومباران دا چاوە ڕێی کوتایی پی هاتنی شەر و چاوەڕێی حسەانەوەیەک بوون.

دوای ئاگر بەس نەک هەر مەینەتەکانی ژیانی خەلّک کەم نەبووەتەوە بەلّکوو گیروگرفتەکان زیاتر بوون. دوای ئەوەی چەند ڕۆژ قیمەتەکان هاتنە خوار، ئێستا دەبینین گرانی دیسانەوە خۆی سەپاندوەتەوە. سەدان هەزار ئاوارەی شەر کە چاوەڕوانی کوتایی پی هاتنی شەر بوون دیتیان جمهووری ئیسلامی خۆ لەدانی غەرامەت گیل دەکا و ساز کردنەوەی ماله ڕووخاوەکان دەخاتە ئەستوی "یارمەتی خەلّک" و ئەمەش جگە لە مەیدانیکی تر بۆ دزی و فڕی "بنیادی شەهید" و "بنیادی مسکن" هیچی تر نیە. بێکاری لە جاران زیاترە. کرێکارانی دەرکراو نەبراونەتەوە سەر کارەکانیان. کرێکارانی بێکار بیمەی بێکاری یان پی نەدراوە.

ئەگەر جمهووری ئیسلامی لە زەمانی شەردا، بە بیانووی شەر لە وەلامدانەوەی ویست و داخوازەکانی خەلّک خۆی دەبوارد پاش تەواو بوونی شەر ئیتر چ بیانوویەکی هەیە؟ ئایا ٨ سالّ شەر و تالان کردنی سەمەرەی ڕەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەس نەبوو؟ بۆچی دەبی دوای شەریش ژیانی کۆمەلآنی خەلّکی ئێران لە ژیر باری گرانی و بی خانەولانەیی و دەیان گیروگرفتی‌تر دابی؟

جمهووری ئیسلامی هەموو تاقالای بۆ ئەوەیە وەزعییەتی دژواری بەری چوونی زەمانی شەر هەروا ڕاگری. لە هەمان کاتیش دا لە پەڕەگرتنی ئیعتیرازاتی خەلّک نیگەرانە بۆیە نەک هەر نایەوەی و بە تەمانیە وەلامی ویست و داخوازەکانی خەلّک بداتەوە بەلّکوو دەستی خۆی وەپێش دەخا و بە هێرش کردن بۆسەر گیان و مالی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەگرتن و ئیعدام کردنی بەرینی شۆرشگێران، فەزای خەفەقان و ترس وەحشەت بە تاقە ڕێگا چارەی خۆی دەزانی. کرێکاران و کۆمەلآنی زۆرلیکراو نابی چاوەڕوانی ئیقداماتی ڕژیم بۆ باش کردنی وەزعی ژیانیان بن. دەبی لەم وەزعە بە قازانجی خۆیان کەلک وەرگرن و خەباتی یەکپارچەی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانیان پەرە پی بدەن و بۆ ڕزگاری لە چنگ هەژاری و خەفەقان، ئێرادەی خۆیان بەسەر جمهووری ئیسلامی دا فەرز بکەن.

بەیادی هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی



سەعات ٦ی پاش نیوەڕوی ڕۆژی پێنج شەممە ٧ی خەزەلوەری پارەکە، رابەریکی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران، سیمای ماندوویی نەناسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، هاوری و هاوسەنگەری کرێکارانی وشیار، دوکتور جەعفەری شەفیعی دڵی لە لیدان کەوت.

مەرگی هاوری جەعفەری پەژارەیەکی قورسی خستە دڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان. دەیان نامە و پەیامی سەرەخۆشی و هاوەردی لە لایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیستەوە خۆی نموونەیەک بوو لە ڕیزگرتنی شۆڕشگێڕانە و بەڵێن تازە کردنەوە لە سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی هەتا بەدی هاتنی ڕزگاری یەکجاری کرێکاران و کۆمەڵانی بەرینی مەحروم و زۆرلێکراو، چۆنکوو دوکتور جەعفەر بە ژیانی پر سەمەری خەباتکارانەی، رابەریکی ل هاتوو بوو بۆ پەروەردە کردنی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ تێکۆشان لە پێناو ڕزگار بوون دا.

هاوری جەعفەر هەر لە سەرەتای لاوێیەوە هەستی بەو هەموو مەینەتباری و مەحروومییەتەکان دەکرد کە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لە پەنجەی نگریسی دادەگوشی، تەواوی وجوودی کەیلی رق و نەفرەت بوو لە دژی ئەم وەزعە غەیرە ئینسانییە و لە دژی ڕژیمی پاریزەری ئەو وەزعە. هاوری جەعفەر لە دەورانی دانشجویی‌دا لە تەوریز لەگەڵ مارکسیزم و ئەدەبییاتی چەپ ئاشنا بوو، وە هەتا ئاخرین هەناسە پێشڕەویکی شیلگیری ئەم ڕێبازە و هاوڕێیەکی دلسوزی کرێکاران و رابەریکی هەڵکەوتوویان بوو بەرەو شۆڕشی کرێکاری.

هاوری جەعفەر لەو ماوەیەدا کە لە تەوریز بوو لەگەڵ کرێکارانی ماشین سازی، کرێکارانی قاڵی، کرێکارانی کەوش و کرێکارانی‌تر لەو شارە و و هەروەها لە شاری بۆکان و ناوچەکانی دەوروپشتی پەیوەندیکی سیاسی و گەرم و گوری پێک هێنا و لە نەتیجەی ئەم تێکۆشانەدا بوو بە یەکیک لە رابەرانی فەعالییەتی سیاسی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە نیو کرێکاران دا لەو دووشارە.

زیندان و ئازار و شکەنجەی ڕژیمی شاش نەیتوانی کار بکاتە سەر ئیرادەی کولنەدەرانەی ئەم شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستە و پاش زیندان ڕاستەوخۆ ڕووی کردە کرێکاری، ژیانی کرێکارانەی بۆ ئەوە پر بوو لە تەجرەبەی تازە و ئەمجار خۆی سەختی و دژواریەکانی کاری تاقەت پرووکین و مەحروومییەت و بی مافی و پێشێل کران و چەوسانەوەی تەجرەبە کرد. هاوری جەعفەر هاوسفرە و هاو ڕەنجی کرێکاران بوو. هەر بە بۆنەی ئەم پەیوەندە واقیعییەوە دەیزانی کە چلون هەموو شتیک بە چاوی کرێکاریک چاو لی بکا. نفووزی کەلامی هاوری جەعفەر وەک ئاژیتاتوریکی کۆمۆنیست کە بە ئاسانی تەئسیری دەکردە سەر گویگری زەحمەتکێش نیشاندەری ئەو پەیوەندە قوول و واقیعییەیە. ئاخر هاوری جەعفەر دەیزانی قسە بۆ کی دەکا و بۆیان لە چی دەدوێ.

لە جەرگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەردا لە دژی ڕژیم شا، هاوری جەعفەر وەک ڕابەر و ڕێکخەری خەباتی جەماوەری هاتە مەیدان و پاشان بوو بە یەکیک لە رابەرانی جێ متمانە و باوەر پێکراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. قسە گەرم و گوڕەکانی و ڕینوینییە ڕوشنەکانی لە میتینگەکانی سەقز و بۆکان دا هەر لە بیری خەڵک ماوە.

بەشداری کردنی هاوری جەعفەر لە هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورددا بۆ وت و وێژ لەگەل دوژمن، سیمای وەک ڕیبەریکی هەڵسووراوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هەمووان ناساند. پاش ئەوە هاوری جەعفەر وەک ڕابەری کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە هەموو قوناغیک دا لە ڕیزی پێشەوەی بزوتنەوەدا بوو.

هاوری جەعفەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو، وە لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەوریکی هەڵسووراوانەی گرتە ئەستوو هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەو حیزبەوە هەتا ئاخرین ڕۆژی ژیانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو، بەڵام هێشتا جیگا و شوینی تەشکیلاتی بۆ ناسینی ئەو ڕابەرە هەڵکەوتوە کافی نەیە. هاوری جەعفەر ڕابەری و هیدایەتی نەشرییات و رادیو و باقی ئورگانە تەبلیغییەکانی حیزبی ئێمە لە کوردستانی لە ئەستو بوو، یەکیک لە سیاسەتگوزاران و ڕابەرانی تەشکیلاتی ئێمە بوو، بەڵام هێشتا شەخسییەت و جیگا و شوینی دەبی لە مەیدانیکی کۆمەڵایەتی‌تر و بەرینتردا چاوی لی بکری، بەڕێوەبردنی دەوری ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئاسوی ڕوون و بەرینی شۆڕش و حکوومەتی کرێکاری لە جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەدا، ڕاوەستان لە حاست داب و ڕەسم و ئەخلاقییات و فەرهەنگی کون و سوننەتی کونەپەرستانە کە دەیان و سەدان ساڵ لە نیو خەڵک دا ریشەیان داکوتاوە، وە پێک هێنانی تەشکیلاتیکی کۆمۆنیستی لەسەر بناغەیەکی قایم و پتەوی کۆمەڵایەتی، گوشە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕەوتە بەردەوامەن کە هاوری جەعفەر لەگەل هاوڕیانی، لە وەدی هێنانیدا دەوریکی پێشڕەو و هەڵسووراوانەی بووە. ئەمڕۆ بیروباوەر و شیوە و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی هاوری جەعفەر لە نیو کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دا لە کۆمەڵگایەکی سوننەتی وەک کوردستان دا ڕەواجی سەندوە و بە پێچەوانەی مەیلی چینە داراکان و کونەپەرستان لە نیو دلی کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا ریشەیان داکوتاوە و خەریکە ئاڵ و گۆڕی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵ دا پێک دینن. ئەمە بە بی وجوودی ڕابەرانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕی وەک هاوری جەعفەر لە نەدەهاتە دی. هاوری جەعفەر لە پەرەپێدانی ئامانجی هیوا بەخش و کولنەدەری کۆمۆنیزم دا، لە شەری لیبراوانە لە دژی دوژمنانی ئازادی و و بەشەرییەتی زۆرلێکراودا، لە ریسواکردنی دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگی چینی کرێکار دا لە کوردستان و باقی ئێران، لە ریسوا کردنی دوژمنانی جیهانی ئەم چینەدا، دەوری بەرچاوی لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا گێرا و سیمای رابەریکی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی بە خوی بەخشی.

یادی گەشی هاوریی هێژا و پێشڕەومان هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی موژدە بەخشی دواڕۆژی ڕوونی سەر کەوتنە، سەرکەتنی چینی کرێکار لە خەباتی دا بۆ ڕزگاری خۆی و هەموو بەشەرییەت.

بژی یادی هاوری جەعفەری شەفیعی!

بژی حکوومەتی کرێکاری!

***

بە بۆنەی ٢٥ی خەزەلوەر ساڵڕۆژی هێرشی جینایەتکارنەی حیزبی دیموکرات بۆ سەر مقەرەکان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەورامان

کرێکاران و کۆمەڵانی وشیار و تێکۆشەری کوردستان!

چوار ساڵ لە ٢٥ی خەزەلوەری ٦٣ کە حیزبی دیموکرات هێرشیکی بەرنامە بۆ دارژاوی بۆ سەر مقەرەکانی کۆمەڵە لە هەورامان دەست پێکرد، تێپەڕ دەبی. چوار ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژیکی ئاوادا حیزبی دیموکرات دەستی دایە هێرشیکی جینایەتکارانە لە دژی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەورامان و بەم جۆرە سیاسەتی خۆی بۆ هەڵگرساندنی شەری سەرتاسەری لە دژی کۆمەڵە هێنایە مەیدانی کردەوە. خەتە گشتییەکانی ئەم سیاسەتە زستانی ساڵی ٦٢ لە کونگرەی شەشەمی ئەو حیزبەدا لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە هێنرا بوونە گۆر هاوینی ساڵی ٦٣ لە پلینومی کومیتەی ناوەندی یان دا وەک سیاسەتی عەمەلی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵە پەسندیان کرد و سەرەنجام بە کارەساتی جینایەتکارانەی ٢٥ی خەزەلوەری هەورامان بە کردەوە دەستیان پێکرد.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ٦٣، هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە هەورامان کە پێشتر خۆیان ئامادە کردبوو هێرشیان هێنایە سەر مقەرەکانی کۆمەڵە لە "نەوسوود" و "شوشمی" و لە زەنجیرە شەریک دا کە هەتا شەوی خایاند، چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات سێ کەس لە هاوڕیانی کۆمەڵەیان شەهید کرد و دە کەسی تریان کە دیل و بریندار بوون ئیعدام کرد.

هەروەک هەمووان دەزانن، لیکولینەوەکانی دواتر بە روشنی دەری خست کە حیزبی دیموکرات لە هەورامان بە پێی نەقشەیەکی لە پێش دا دیاریکراو دەستی دا بووە ئەم جینایەتە و لە ماوەیک لەوە پێشەوە خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کۆمەڵە، پاش هێرشی ٢٥ی خەزەلوەری حیزبی دیموکرات چی کرد؟ چ ڕێگایەکی پێشنیار کرد. بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەکە و بۆ پێش گرتن بە شەری سەراسەری کە نەقشەی حیزبی دیموکرات بوو؟ کۆمەڵە هەرچەند لە تەسمیمی حیزبی دیموکرات ئاگادار بوو، دیسان ڕێگا چارەی سیاسی بە قازانجی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دەزانی و هەر ئەم ڕێگایەی نایە بەر پێی حیزبی دیموکرات. کۆمەڵە بە تەواوی خۆی بە حەقدار دەزانی کە هێرشی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات لە هەورامان هەر بە شێوەی چەکدارانە وەڵام بداتەوە بەڵام دەرفەتی ئەوەی بە حیزبی دیموکرات دا کە ڕێگا چارەی سیاسی بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەکە لە هەورامان هەڵبژیری. هەیئەتی هاوبەشی تەحقیق بۆ لیکولینەوەی ئەم تیک هەڵچوونە پێک هات بەڵام هەڵوێستی نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە هەیئەتی تەحقیق دا لە هەوەلەوە هەتا ئاخر ئەوە بوو کە بەلاساری و تەگەرە سازکردن ببێتە مانعی سەر ڕێگای دەرکەوتنی عیللەت و سەبەبی جینایەتی هەورامان. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کاری هەیئەتی تەحقیقیان بە بن بەست گەیاند و بەم جۆرە بە کردەوە ڕێگا چارەی سیاسییان کە کۆمەڵە نابوویە بەر پێیان ڕەت کردەوە. ئەگەرچی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەیانزانی کە ڕەت کردنەوەی ڕێگا چارەی سیاسی ئەم کارەساتە جینایەتکارانەیە ریک بە مەعنای شکاندنی ئاگر بەس و بە مەعنای ڕاگەیاندنی ئامادەیی حیزبی دیموکرات بۆ دڕێژەپێدانی شەری سەرتاسەری لە دژی کۆمەڵەیە، بەڵام بۆ دڕێژە پێدانی سیاسەتی کونگرە و پلینومی ساڵی ٦٣ی خۆیان ئەو هەڵوێستەیان ڕەچاو کرد و موری تەئییدیان پێوە نا و هێنایانە مەیدانی کردەوە.

نەفسی بەرێوە بردنی پیلانی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە هەڵبەت ڕووداویکی تازە نەبوو. ئەمە یەکەم جار نەبوو کە حیزبی دیموکرات لە دژی ئێمە دەستی‌دا بووە شەر هەلایساندن. جگە لە چەندین تیک هەڵچوون کە بە درێژایی چەند ساڵ لە شوینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەسەر ئێمەیان دا سەپاند، هاوینی ساڵی ٦٢ لە ئاوایی "بەردەسوور"ی ناوچەی سەردەشت، بە پێی پیلانیکی لەپێش دا دارژاو هێرشیان کردە سەر مقەری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ژمارەیەک لە هاوڕیانی ئێمەیان شەهید کرد و چەند مانگ دواتر لە ئاوایی "گلیە"ی مەریوان کاتیک بە تەمابوون دووپێشمەرگەی خۆیان کە پەنایان هێنا بووە مقەری کۆمەڵە، بە زۆر ملهوری بکێشنە دەر، هێرشی چەکدارانەیان کردە سەر مقەری کۆمەڵە لەو ئاوایی‌یە و دوای ماوەیەکی کورت لە ئاوایی "دوزەغەرە"ی دیواندەرەش ژمارەیەک لە لاوانیان کە تازە هاتبوونە نیو ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە خستە کەمینی هێزە چەکدارەکانیان و جینایەتیکی بیشەرمانەیان خولقاند. هەموو ئەو ڕووانەش لەسەر و بەندی کونگرەی شەشەمی ئەو حیزبەدا و لە سەروبەندی شکل گرتنی ئەو سیاسەتەی حیزبی دیموکرات دا بوون کە دەیەویست شەری سەراسەری پر بە پر بەسەر کۆمەڵەدا بسەپێنی. کارەساتی ٢٥ی خەزەلوەری هەورامان دوای کونگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات ڕووی دا.

ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەو کونگرەیەدا زەمینەی ئەو شەرە دژ بە شۆڕشەی خۆش کرد بە خەیالی ئەوەی گویا دەتوانی بە زەبری چەک ڕێگای خەباتی ڕزگاریبەخشی کۆمەڵە بەربەست بکا، بەرەوپێش چوونی خەباتی کۆمەڵە و کرێکارانی وشیاری کوردستان بەربەست بکا و بەم جۆرە ڕەوتی کزبوون و بە تاک کەوتنەوەی سیاسی خۆی وە درەنگ بخا. بەڵام موقاومەتی سەرسەختانەی کۆمەڵە و پشت بەستنی کۆمەڵە بە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیاری کوردستان، نەک هەر ئەوەی بردە ناو میشکی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کە ئەو تەقالایە بی سەمەرە، نەک هەر ئەو حیزبەی زیاتر لە جاران بە خەڵک و بە تایبەت بە زەحمەتکێشانی کوردستان ناساند، نەک هەر هەموو ئیددیعاکانی ئەو حیزبەی کردە بلقی سەر ئاو کە وای بردبووە نیو میشکی هێزەکانیەوە گویا توانای چەکدارانەیان لە کۆمەڵە زیاترە، بەڵکوو کوتایی بە دەورانی ملهوری و قەدەرقودرەتی حیزبی دیموکرات لە کوردستان هێنا و نەفرەت و بیزاری بەرانبەر بەو حیزبە لە نیو خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستاندا بە جاریک پەرەپێدا و سەمەرەی سیاسەتی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە بۆ ئەو حیزبە هیچ نەبوو جگە لە بە تاک کەوتنەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە نیو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا، جگە لە بە تاک کەوتنەوەی سیاسی و جگە لە ئالوزی و سەرگەردانی لە نیو ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا کە سەرەنجام دووپارچەی کرد.

ئەمڕۆ بەشیک لە حیزبی دیموکرات بە ناوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ حازر بووە شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە کوتایی پی بینی و لە لایەن خۆیەوە ئاگر بەسی ڕاگەیاندوە و خەڵکی کوردستانی لی ئاگادار کرد. بەڵام داروودەستەی قاسملوو بەشکەی تری حیزبی دیموکرات لەو پەری داماوی خۆشی‌دا هێشتا عیبرەتی لە رابوردوو وەرنەگرتوە و حازر نەبووە ئەو ئاگر بەسە قەبوول بکا کە کۆمەڵە یەک لایەنە ڕای گەیاندوە.

ئەم داروودەستەیە بە درێژە پێدانی ئەم سیاسەتەی خۆیان بە کردەوە بە تەواوی کەوتوونەتە بەرانبەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئەمڕۆ حاسلی ئیدامەی ئەم سیاسەتەیان نەک لە کوردستان کە ناکام ماوەتەوە بەڵکوو لە دەرەوەی کوردستان، لە نیو ڕیزەکانی بورژوازی ئێران و لە نیو بورژوازی ئەمپریالیستی دادەبی بەدی بکری.

داروودەستەی قاسملوو لە ڕاستی‌دا ڕەق و قینی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری‌یان و خاسییەتی دژ بە شۆڕشیان بە بورژوازی ئەمپریالیستی نیشان دەدەن هەتا بەڵکوو مەجالیکیان دەست کەوی بۆ ئەوەی لە پێناو جیگا و شوینیکی سووک و بی بایەخ دا بۆ حیزب و داروودەستەکەیان معامەلەی پێوە بکەن.

وتاریکی دەنگی شۆڕشی ئێرانە ڕۆژی ٢٥ی خەزەلوەر بلاوکراوەتەوە.

***

چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

کورتەی چەند هەوال و گوزارش لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

ئیعتیرازی کرێکارانی موخابەراتی سنە

رۆژی ٢٠ی خەرمانان دوای تەعتیل کرانی کاری کانال کیشی موخابەرات، کرێکارانی ئەم بەشە بۆ وەرگرتنی حەقدەستەکانیان دەستیان دایە ئیعتیراز. کرێکارەکان دوو رۆژ دواتریش لە حەوشی ئیدارەی موخابەراتی سنە کۆبوونەوە و بە وەدواکەوتنی پەرداختی حەقدەستەکانیان ئیعتیرازیان کرد و رەئیسی ئەم ئیدارەیان ناچار کرد جوابیان بداتەوە. سەرەرای هەرشەی رەئیسی بەکریگیراوی ئەم ئیدارەیە کرێکاران ئیعتیرازی خۆیان درێژە پێدا.

مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی کەنال کیشی یەکیک لە ئاوایی‌یەکانی مەریوان

لە نیو راستی مانگی گەلاوێژدا کرێکارانی کەنال کیشی ئاوایی "شیخە کویرە" کە بۆ زیاد کردنی نیو سەعات کاری رۆژانە کەوتبوونە ژێر فشاری خاوەن کارەکەوە، مانیان گرت و داوایان کرد سەعات کاریان کەم بکرێتەوە. دوای دوو رۆژ مانگرتنی یەکپارچەی کرێکاران، خاوەن کار ناچار بوو سەر بۆ داخوازی کرێکاران دانەوینی و سەعاتیک لە کاری رۆژانەیان کەم بکاتەوە.

دوو مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی مەریوان

* رۆژی ٥ی گەلاوێژ دەیان کرێکاری شارەداری مەریوان بۆ وەرگرتنی حەقدەستی وەدواکەوتووی سێ مانگی رابوردوو دەستیان دایە ئیعتیراز و مانیان گرت. کرێکارەکان نوینەرانی خۆیان هەلبژارد و ناردیانە لای شارەدار بەلام ئەم بەکریگیراوە بۆ تیک شکاندنی مانگرتنی کرێکاران داوای یارمەتی لە سپای پاسداران کرد. کرێکاران سەرەرای زەخت و زۆری پاسداران دەستیان لە مانگرتن هەلنەگرت و لە سەر داخوازەکەیان راوەستان و شارەداری بە کریگیراویان ناچار کرد حەقدەستەکانیان پی بدا.

* رۆژی ٥ی خەرمانانیش کرێکارانی مەسکەن و شار سازی مەریوان بۆ وەرگرتنی حەقدەستەکانیان دەستیان دایە ئیعتیراز و مانیان گرت و بە تیکرا چوونە ئیدارەی مەسکەن و شار سازی، سەرەرای پیلانی بەکریگیراوانی ئەم ئیدارەیە و هێنانی پاسدار بۆ سەرکوتی موبارەزەی کرێکارەکان، کرێکارانی مان گرتوو دەستیان لە ئیعتیراز هەلنەگرت و بە ئیعتیرازی یەکپارچەی خۆیان خاوەن کاریان ناچار کرد کە حەقدەستەکانیان بداتی.

کرێکارانی ئیخراج کراوی سەددی مهاباد داوایان کرد بگڕێنەوە سەر کار

کرێکارانی ئیخراج کراوی سەددی مهاباد کە لەسەر ئەساسی سیاسەتی دژی کرێکاری بێکار سازی رژیم ئیخراج کراون، دوای کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق کاربەدەستانی رژیمیان بۆ گەرانەوە بۆ سەر کار خستوتە ژێر فشار. بەلام کاربەدەستانی رژیم تا ئێستا تەفرەیان داون و لە چاوەروانی‌دا رایان گرتوون.

کرێکارانی کارخانەی شاهو بە ئیعتیرازی خۆیان رەفیقە ئیخراج کراوەکانیان گەرانەوە سەر کار

ماوەیەک لەوەپێش بەرێوەبەری نویی کارخانەی شاهوی سنە حوکمی ئیخراجی چەند کرێکاری ئەم کارخانەیە رادەگەیەنی. هەموو کرێکاران لە دژی ئەم حوکمە ئیعتیرازیان کرد و سەرەنجام پاش ٤ رۆژ موبارەزە توانیان رەفیقەکانیان بگەرێننەوە سەرکار.

یەکیک لەو فشارانەی کە بەرێوە بەری نویی کارخانە بۆ کرێکارانی هێناوە ئەوەیە کە وەزعی غەزایی و خوراکی کرێکارانی خراپتر کردوە. کرێکارەکانی ئەم کارخانەیە بۆ ئیعتیراز بەم مەسەلەیە مانگرتنیکی ٣ سەعاتەیان وەری خست. بەرێوەبەری کارخانە بەم بۆنەوە ژمارەیەک لە کرێکارەکانی جەریمە کرد. بەلام کرێکاران بەم تەمبی و جەریمە کردنەش ئیعتیرازیان کرد.

ئیعتیرازی کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "بی‌شاسب"ی سەردەشت

ماوەیەک لەوەپێش ئوستانداری ئازەربایجانی رۆژئاوا چووە ئوردووگای بیشاسب لە ١٥ کیلومیتری شاری سەردەشت. کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی بی شاسب کودەبنەوە و بە تیکرا داوا دەکەن حەقدەستەکانیان کە مانگ و نیویک وەدواکەوتووە بدرێتی. سەرەرای هێنانەوەی بروبیانوو ناچار بوو قەولیان پی بدا کە تا چەند رۆژی دیکە حەقدەستەکانیان بدەنی. بەلام رۆژی دواتر کاری ساختمانی تەعتیل دەکن و ١٧٠ کرێکاری ئەم شیرکەتە بێکار دەکەن.

ئیعتیرازی کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "سیام"ی دیواندەرە بۆ وەرگرتنی حەقدەستەکانیان

رۆژەکانی هەوەلی رەزبەر کرێکارانی شیرکەتی ساختمانی "سیام"ی دیواندەرە لە دژی سیاسەتی تەفرەدانی کاربەدەستانی ئەم شیرکەتە و کاربەدەستانی رژیم دەست دەدەنە ئیعتیرازیکی یەکپارچە و داوا دەکەن حەقدەستی ٥ مانگی رابوردوویان بدەنی.

سەرەنجام کرێکاران بە یەکگرتوویی و ئیعتیرازی خۆیان کاربەدەستانی رژیم ناچار دەکەن قەولی ئەسەحیان پی بدەن کە تا ئاخری مانگی رەزبەر هەموو حەقدەستەکانیان بدەنی.

***

داخوازەکانی خەلک و نیگەرانی کاربەدەستانی رژیم

دەولەتی سەرمایەداری ئیسلامی، پاش کوتایی پی هاتنی شەر، زیاتر لە جاران تووشی بوحران و ناکوکی ناوخۆ بووە و کەوتوەتە ژێر فشاری ویست و داخوازەکانی کرێکاران و کۆمەلانی خەلکی زۆرلێکراو.

کرێکاران و کۆمەلانی خەلک لە ٨ ساڵی رابوردوودا بە هۆی شەری مالویرانکەری ئێران و عێراق لەگەل هەژاری و مەینەت دەست و پەنجەیان نەرم کردوە و تامی تالی هەموو کویرەوەرییەکیان چەشتوە، خوازیاری باش بوونی وەزعی ژیانیان و وەدی هاتنی داخوازە رەواکانی خۆیانن. لە بەرانبەر دا، جمهووری ئیسلامیش هەول دەدا بە هێشتنەوەی وەزعییەتی زەمانی شەر و بە هێنانە خواری تەوقوعاتیان و بەسەرکوت کردنیان، خۆی لە چنگ داخوازەکانیان دەرباز بکا.

خومەینی و باقی کاربەدەستانی رژیم هەتا ئێستا لە هەموو مەجال و دەرفەتیک کەلکیان وەرگرتوە بۆ ئەوەی خۆیان لەو گێژاوە کە لەسەر ریانە رزگار بکەن.

ئێستاش خومەینی لە نامەیەک دا بۆ موسوی سەرۆک وەزیر، وریای دەکاتەوە کە: "زدی ئینقلاب بۆ نارازی کردنی خەلک و بردنە سەری ویست و داخوازەکانیان دەست بەکار بووە."، "زدی ئینقلاب ئەوە تەبلیغ دەکا کە بۆچی پاش کوتایی پی هاتنی شەریش گیروگرفتەکان چارەسەر نەکراون"، دواییش دەپرسی "مەگەر لە محاسرە هاتووینەدەر"؟

خومەینی و باقی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی، هەر لە رۆژەکانی پاش ئاگربەس دا بە مەبەستی پێش گرتن بە ئیعتیرازات و خەباتی کۆمەلانی خەلک هێرشێکی بەرینیان لە دژی کۆمەلانی خەلک دەست پێکرد و بە شیوەیەکی بەرین دەستیان دایە ئیعدام کردنی شۆرشگێران و تێکۆشەران ئێستاش کە دەبینن ئەم هێرشەیان نەیتوانیوە ئیعتیراز و نارەزایەتی خەلک بەربەست بکا، داماوانە داوا لە خەلک دەکەن تەوقوعاتیان بێننە خوار و فریوی زدی ئینقلاب نەخون.

مەگەر کرێکاران و کۆمەلانی خەلک چیان دەوی کە خومەینی داوایان لی دەکا دەست لە داواکانیان هەلگرن؟ کاریان دەوی! ئەگەر نیە، دەبی بیمەی بێکاریان پی بدری، کرێکاران داواکاری ئەوەن هەقدەستەکانیان دەسبەجێ زیاد بکری و لانی کەم داواکاری ئەوەن پێویستی‌یەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان و خانەوادەیان تەئمین بکری. لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە قیمەتی پێویستی‌یەکانی ژیان رۆژ بە رۆژ دەچیتە سەر، نەک تەنیا دانی کری مال و تەئمینی پوشاک و قەلەم و دەفتەری رولەکانیان زۆر دژوارە، بەلکوو نانی مەمرە و مەژیش بە زەحمەت دەست دەکەوی. باسکردنی ئەوە کە "لە محاسرە دایین" و "وەری خستنەوەی ئابووری دوای شەر وەختی دەوی" بۆ کەس نابیتە نان و ئاو.

جمهووری ئیسلامی لە ٨ ساڵی رابوردوودا بە تالان کردنی سەمەرەی رەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشان توانیویەتی خەرجی قورسی شەری ئێران و عێراق و شەر لە دژی خەلکی کوردستان تەئمین بکا. ئێستا کە شەری ئێران و عێراق تەواو بووە، نەک هەر دەبی شەر لە کوردستان کوتایی پی بینی، بەلکوو دەبی لە خەرج و مەخارجی نیزامی و دەم و دەزگا سەرکوتگەرەکانی کەم بکاتەوە و وەلامی داخوازە فەوریی‌یەکانی کرێکاران و کۆمەلانی خەلک بداتەوە کە داواکاری باش بوونی وەزعی گوزەران و چوونە سەری هەقدەست و بیمەی بێکارین. هیچ دەلیلیکی نیە کرێکاران و کۆمەلانی خەلک لە نانی شەوی رولەکانیان بە قازانجی ئامانجی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی چاوپوشی بکەن.

جمهووری ئیسلامی داوا لە خەلک دەکا کە لە داخوازەکانیان چاوپوشی بکەن بەلام لە بەرانبەریش دا حازر نیە یەک شایی لە بووجەی نیزامی خۆی کەم کاتەوە! حازر نیە یەک قرانیش لە خەرجی دام و دەزگای سەرکوتگەر و مفتەخوری وەک ئەرتەش، سپای پاسداران، بەسیج، گەشت، نهی از منکر، تەفتیشی عەقیدە، و رایەلەی ئاخوند و ئیمام جومعەکان و ئەنواعی فیزە و حسینیە و ئیمامیە و دەم و دەزگای پان و بەرینی وەزارەتی و خەرج و مەخارجی راگرتنی گوپال بەدەستانی حیزب اللە و داروودەستەی رەشە کوژ و چەقوکیش و رەشە چەکداری ئیسلامی لە لوبنان و بەرتیل دان بە حافز ئەسەد و دەیان ئورگانی دیکەی تروریستی لەم گوشە و ئەو گوشەی دنیا و لە سەدان خەرجی‌تر کەم بکاتەوە. چونکوو رژیمی ئیسلامی بۆ پاراستنی خۆی ئیحتیاجی بەم دەم و دەزگایانەی ملهووری و سرکوت و پیلان گیری و چاوبەستن هەیە. چونکوو ئەم رژیمە پاریزەری قازانجی سەرمایەداران و مفتەخورانە. چونکوو سەرمایەداران بو خودەرباز کردن لەو بوحرانە کە تیی چەقیون هیوایان بەوەیە هەژاری و مەینەتیکی زیاتر بخەنە سەرشانی کرێکاران و جگە لەمە رێگا چارەیەکی تریان نیە.

واقعییەت ئەوەیە کە نیزامی جمهووری ئیسلامی لەسەر بناغەی فەعالییەتی سەرکوتگەرانە و تالانگەرانەی ئەم ئورگانانە راوەستاوە. ئەوانەی لە رووی کرێکارانداباسی قەناعەت پێشەیی و پێویستی وەگەر خستنەوەی چەرخی ئیقتساد دەکەن، باش دەزانن کە چ لە زەمانی رەونەق دا و چ لە زەمانی بی رەونەقی دا، حاکمییەتیان لە سەر بناغەی سەرکوتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساندنەوەی ئەو چینە و داتەکاندنی سفرەی خەلکی هەژاران دامەزراوە. هەر بۆیەش بۆ پاراستنی ئەم موناسەباتە، پەنا بۆ سەرکوت کردن دەبەن و داوا لە کرێکاران دەکەن چاوپوشی لە ویست و داخوازە رەواکانیان بکەن.

کرێکاران دەزانن خومەینی و باقی سەرمایەدارانی جمهووری ئیسلامی بە تەمای چین. کرێکاران بکاتەوە و وەلامی داخوازە فەوریی‌یەکانی کرێکاران و کۆمەلانی خەلک بداتەوە کە داواکاری باش بوونی وەزعی گوزەران و چوونە سەری هەقدەست و بیمەی بێکارین. هیچ دەلیلیکی نیە کرێکاران و کۆمەلانی خەلک لە نانی شەوی رولەکانیان بە قازانجی ئامانجی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی چاوپوشی بکەن.

جمهووری ئیسلامی داوا لە خەلک دەکا کە لە داخوازەکانیان چاوپوشی بکەن بەلام لە بەرانبەریش دا حازر نیە یەک شایی لە بووجەی نیزامی خۆی کەم کاتەوە! حازر نیە یەک قرانیش لە خەرجی دام و دەزگای سەرکوتگەر و مفتەخوری وەک ئەرتەش، سپای پاسداران، بەسیج، گەشت، نهی از منکر، تەفتیشی عەقیدە، و رایەلەی ئاخوند و ئیمام جومعەکان و ئەنواعی فیزە و حسینیە و ئیمامیە و دەم و دەزگای پان و بەرینی وەزارەتی و خەرج و مەخارجی راگرتنی گوپال بەدەستانی حیزب اللە و داروودەستەی رەشە کوژ و چەقوکیش و رەشە چەکداری ئیسلامی لە لوبنان و بەرتیل دان بە حافز ئەسەد و دەیان ئورگانی دیکەی تروریستی لەم گوشە و ئەو گوشەی دنیا و لە سەدان خەرجی‌تر کەم بکاتەوە. چونکوو رژیمی ئیسلامی بۆ پاراستنی خۆی ئیحتیاجی بەم دەم و دەزگایانەی ملهووری و سرکوت و پیلان گیری و چاوبەستن هەیە. چونکوو ئەم رژیمە پاریزەری قازانجی سەرمایەداران و مفتەخورانە. چونکوو سەرمایەداران بو خودەرباز کردن لەو بوحرانە کە تیی چەقیون هیوایان بەوەیە هەژاری و مەینەتیکی زیاتر بخەنە سەرشانی کرێکاران و جگە لەمە رێگا چارەیەکی تریان نیە.

واقعییەت ئەوەیە کە نیزامی جمهووری ئیسلامی لەسەر بناغەی فەعالییەتی سەرکوتگەرانە و تالانگەرانەی ئەم ئورگانانە راوەستاوە. ئەوانەی لە رووی هەتا ئێستا گەلیک جار سەرکوتی وەحشیانە و عەوامفریوی حکوومەتی ئیسلام بۆ پاراستنی نیزامی سەرمایەداریان دیتوە. سەرمایەداران و حاکمانی رژیمی ئیسلامی دەبی ئەوە بچێتە کەللەیانەوە کە کرێکاران و کۆمەلانی خەلک ئیتر فریوناخون و بروا بەم دەغەلکاریانە ناکەن، نەک هەر چاوپوشی لە داخوازەکانیان ناکەن بەلکوو بە هینانە گۆری هەرچی زیاتری ویست و داخوازەکانیان و بۆ وەدەست هێنانیان و بۆ کوتایی هینان بە ژیانی نگریسی ئەم رژیمە هەروا دریژە بە خەباتیان دەدەن.

***

هەموومان یان هیچمان!

کی رزگارت دەکا کویلە؟
بێجگە لەوانەی وەک خوتن
رەشن، رووتن، دەست بەتالن
هەر ئەوانن کە دەت ناسن!
هەر ئەوانن کە دەت بیسن!
هەر کویلەکانن کە کویلە رزگار
دەکەن.
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەر خوت تەنیا،
ئەو دنیایەت پی ناگوری!
وەزعت لەوە باشتر نابی.
یان کوت و بەندی کویلەتی،
یان ساز و بەرگی شەر!
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
هەر خوت تەنیا،
ئەو دنیایەت پی ناگوری!
وەزعت لەوە باشتر نابی.
یا کوت و بەندی کویلەتی،
یان ساز و بەرگی شەر!
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
هۆ بەش مەینەت!
بلی! بلی!
کی بویرە؟
کی نەترسە؟
کی ئازایە؟
کیە کە هیمەتی بەرزە؟
ئەوەی چی دی قەبوول ناکا.
هو هاوری هو!
وەرە ریزی هاورییانت!
ریزی هەموو کرێکاران،
ریزی هەموو جەماوەری
گیان لە سەر دەست،
چونکوو هەول و تەقالایان
بۆ ئەورویە، نەکە بەیانی.
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
هەر خوت تەنیا،
ئەو دنیایەت پی ناگوری!
وەزعت لەوە باشتر نابی.
یا کوت و بەندی کویلەتی،
یان ساز و بەرگی شەر!
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
پی خوست کراو!
کیە تولەت دەکاتەوە؟
ئەگەر لەشت
چڕەی شەللاقی ویکەوتوە،
وەرە ناو ریزی یەکگرتووی
یاخی بووەکان!
بە گشت بی هێزی مانەوە،
یەکیەتی بە هیزمان دەکا.
وەرە تیکرا
تولەی تو بستێنێنەوە.
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
هەر خوت تەنیا،
ئەو دنیایەت پی ناگوری!
وەزعت لەوە باشتر نابی.
یا کوت و بەندی کویلەتی،
یان ساز و بەرگی شەر!
هەموو شتیک، یان هیچ!
هەموومان، یان هیچمان!
***

کرێکاران! خەلکی زەحمەتکێش!

جمهووری ئیسلامی ئەم حکوومەتەی شەر و کوشتار، شکەنجە و زیندان، فەلاکەت و گرانی، ستەمگەری و نابەرابەری، دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی، بەحەق نەفرەت لێکراوی خەلکی مەحروومە و بێ بەشە. ئەم حکوومەتە نابێ لە سەر کار بمێنێتەوە!

هەستن و دەر و دووکانی ئەم رژیمە، رژیمی چەوسانەوە و تڕۆر و سەرکوت بۆ هەمیشە تێکەوە پێچین و رای مالین. ئەم پارێزەرانەی جەهل و ستەم و بی مافی لەسەر تەختی دەسەلاتداریتی بکێشینە خوارەوە.

بڕووخی رژیمی جمهووری ئیسلامی!
بژی دیموکراسی شۆرشگێر!
***

راگەیاندنی کوتایی پلینومی سێهەمی کومیتەی‌ناوەندی کۆمەڵە

کرێکاران! خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

سێهەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کونگرەی شەشەم لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٦٧ دا بەڕێوەچوو.

لە ماوەی نیوان پلینومی دووهەم و سێهەم دا وەزعی سیاسی ئێران و مەنتەقە بە هۆی شکستی کامل و قەتعی جمهووری ئیسلامی و سیاست و ئالترناتیوی پان ئیسلامیستی و بە هۆی قەبوولی ئاگر بەس لە لایەن ڕژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی و سەلماندنی ڕەسمی ئەم شکستەوە ئاڵ و گۆڕیکی گرینگی بەخۆیەوە دی.

هەلومەرجی تازە و شکستی جمهووری ئیسلامی لە شەری ئێران و عێراقدا بیگومان تەنیا بە هۆی خەبات و موقاومەتیکەوە ئیمکانی پەیدا کرد کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە شەری کونەپەرستانە کردیان و سەریان بۆ ئەو پەری وەحشیگەری و ملهووری ڕژیم کە دەیویست بیانباتە قەتلگاکانی شەردا نەنەوانێد و لە ڕاستی دا قەتعی شەریان بەسەردا سەپاند. ئەمە خەباتیک بوو کە حیزبی ئێمە بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی ئالا هەڵگری شیلگیری بوو لەم ٨ ساڵەی ڕابوردوودا.

ئەم شکستەیی بی شک لەڕزی خستوەتە پەیکەری هەموو دەزگا جینایەت و سەرکوتی ڕژیمی سەرمایەداری جمهووری ئیسلامی و سەران و کاربەدەستانی ڕژیم لە ترسی جوولانەوەی تری کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بە دوای ئەم شکستەدا، دایم لە وەحشەتدان. ئەم شکستە، شکستی جمهووری ئیسلامی بوو لە بەرانبەر کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانەدا و هەلومەرجیکی لەباری پێک هیناوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناو ڕووخاندنی نیزامی گەندەڵی جمهووری ئیسلامی دا و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران و بە تایبەت خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە هەر لە ڕۆژی هەوەلەوە بەرانبەر بە شەری کونەپەرستانە ڕاوەستان، خستوەتە وەزعییەتیکی موناسب ترەوە.

لە هەمان کاتدا ترس لە ڕاپەڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی تێکۆشەر بۆ ڕووخاندنی ڕژیم، ترس لە هەڵوەشانەوە و لەبەریک ترازانی کوللی نیزامی چەوسانەوەی سەرمایەداری، جمهووری ئیسلامیش و هەموو سەرمایەداری جیهانی بۆ مەحکەم کردنەوەی پایەکانی ئەم نیزامە وە خۆ خستوە و بۆ ئەم مەبەستە لە لایەک سیاستی سەبر و چاوەڕوانی تەبلیغ دەکەن و لە لایەکی‌ترەوە حکوومەتی تڕور و ترساندن پەرە پی دەدەن.

جمهووری ئیسلامی کۆنترۆڵی خۆی لەسەر خەڵک تونددتر کردوەتەوە، داروودەستەی جینایەتکاری پاسداری کیشاوەتە خیابان و بەری داونە گیانی خەڵک و شەپولیک لە گرتن و ئیعدام کردنی موخالیفانی سیاسی وەری خستوە و بەم جۆرە هەول دەدا خەڵک چاوترسین بکا و سام و دەسەلاتی لەدەس چووی بەدەست بێنێتەوە.

لە هەلومەرجیکی ئاوادا کۆمەڵە تێکۆشاوە کە کار و هەڵسووڕانی خۆی لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا بە گوێرەی سیاستی ڕاگەیەندراوی حیزب پەرە پی بدا و پتەوتری کاتەوە، خەباتی چەکدارانە بە قودرەتەوە بەرەوپێش بەری و لە کاری ڕێکخستنی جوولانەوەی کرێکاری وجوولانەوەی ئیعتیرازی جەماوەری دا پیشقەدەم بی. پلینومی سێهەم لە پێشدا گوزارشی کار و هەڵسووڕانی تەشکیلاتی کۆمەڵەی لەسەر زەمینەی ئەم وەزعە سیاسیە، بە تایبەت لە مەیدانەکانی خەباتی چەکدارانە، تەبلیغات و تەشکیلاتی شوینی کار و ژیان خستە بەر لیکولینەوە و ویرای تەئکید لەسەر سیاسەتەکانی تا ئێستا، بە تایبەت تەئکید لەسەر بەرەوپێش بردنی سەرکەوتوانەی سیاسەتەکانمان لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەدان چەند ڕینوینی و بریاری سەبارەت بە کاروباری نیزامی‌مان لە دەورەی داهاتوودا پەسند کرد.

پلینوم هەروەها لەسەر پەرەپێدانی زەرفییەتی کاری تەبلیغی‌مان لە کوردستان و لە سەر پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕی پێویست لە ئارایشی تەشکیلاتی دا بە مەبەستی ئامادە بوونی زیاتر بۆ جوابدانەوە بە پێویستییەکانی دەورەی داهاتووی کار و تێکۆشانمان، قسە و باسی کرد و لەم بابەتانەشەوە هیندیک بریاری پەسند کرد.

پلینومی سێهەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە کوتایی‌دا ئورگانەکانی بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی تەشکیلاتی بۆ ماوەی نیوان دوو پلینوم هەڵبژارد و کوتیای بە کۆبوونەوەکانی خۆی هێنا

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

١٣ی ڕەزبەری ١٣٦٧

***

کرێکاران و مەسەلەی "بازسازی"!

ئێران تووشی قوڵترین بۆحرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە. ئابووری بە تەواوی لە بەرێک هەڵوەشاوە، ڕاوەستان و لە کارکەوتنی بەرهەم هێنانی گەورە، هەژاری و فەلاکەتی کەم وینە، بێکاری و گرانی، نەبوونی پێویستییەکانی گوزەران، وەرشکستەیی دەوڵەت و خاڵی بوونی خەزانە، شەر و مەینەتەکانی، قوڵتر بوونەوەی کێشە و ناکۆکی ناوخۆی ڕژیم، وەئیحتیا جی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵک بە باش بوونی هەرچی خیراتری وەزعی بەری چوونی ڕۆژانە، ئەمانە هەموویان هەلومەرجیکیان پێک هیناوە کە هەم بۆ چینی کرێکار و هەم بۆ سەرمایەداران ناتوانی ماوەیەکی زۆر بخایەنێ. گورانی ئەم هەلومەرجە، پێویستی و ئیحتیاجی حەیاتی و چار هەڵنگەری جامیعەی ئێرانە.

سەرانی ڕژیم لە وەزعیکی ئاوادا و لە ترسی خراپتر بوونی وەزعەکە، ڕوویان کردوەتە "بازسازی"، کیویک لە موشکلات و ئالوزی و سەر لی شیواوی و ترس لە داهاتوو، نەک هەر سەران و کاربەدەستانی ڕژیمی ناوەتە ژێر فشار بەڵکوو لە گیانی یەکتری بەردەاون. ئەم وەزعە و بەردەوام بوونی، تەئسیری کردوەتە سەر هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵ، جم و جوولی تی خستوون و دەیان نیتە بەرانبەر یەکتر.

موسوی! ئەردبیلی سەبارەت بە "بازسازی"، باسی سازکردنەوەی بازرگانی دەڕەوە و باش بوونی وەزعی پوولی و مالی و سەنعەت و کەشاوەرزی و ئەرتەش دەکا. خومەینی دیتە مەیدان و باسی ئەوە دەکا کە بازسازی زۆری پی دەچی و نابی دەوڵەت بخرێتە ژێر فشار. ئەردەبیلی و وەزیری کار بە کرێکاران دەڵێن: لە فیکری زیادبوونی حەقدەست و ژیانی تیر و تەسەل دا مەبن. خومەینی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش نسیحەت دەکا و پێیان دەڵی دەوڵەت مەخەنە ژێر فشار و بەم جۆرە سەرمایەداران لەوە دلنیا دەکا کە هەتا ئاخرین هەناسە لە قازانجیان و لە نیزامی سەرمایەداری دیفاع دەکا. ئەردەبیلی بە هەڕەشە کردن لە خەڵک و خومەینی بە ئاموژگاریەکانی، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە "بازسازی" لە ڕوانگەی ڕژیمەوە جگە لە هەستاندنەوە سەر پێی ئابووری وەرشکستە و وەگەر خستنەوەی سەرمایە بە قیمەتی هەژاری و فەلاکەت و چەوسانەوەی زیاتری کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش هیچی تر نیە.

لە هەلومەرجی ئێستادا کرێکاران داواکاری ئەوشتانەن کە هەرچی خیراتر ژیانی ڕۆژانەیان لە تەنگانە دەربینی. تەئمینی گوزەرانی خۆیان و خانەوادەیان، زیاد بوونی حەقدەست، کەم بوونەوەی سەعاتی کار، گەرانەوە سەر کار، بیمەی بێکاری و... کە ئەمانە بە بی لاچوونی فشار و خەفەقانی حیزب اللە و شووڕا ئیسلامیەکانی کارگا و کارخانەکان و بە بی لاچوونی فشاری ئورگانەکانی سەرکوت و بە بی ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن ئیمکانی نیە.

کاربەدەستانی ڕژیم بەم "بازسازی"یە لە فیکری ئەوەدان هەرچی زیاتر سەرمایەداران پەروار بکەن، لە حالیکدا چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵک لە فیکری ئەوەدان خەسارەتی هەشت ساڵ شەریان بۆ ببژێردری و لە سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان، غەرامەت بستینن.

سەرمایەداران دەیانەوەی بە ئارەقی شان و پیلی کرێکاران هەرچی زیاتر سەرمایە کەلەکە بکەنە سەر یەک لە حالیکدا چینی کرێکار لە فکری چارەکردنی هەژاری و مەینەتی حاسڵی بێکاری و ئاوارەیی و گرانی دایە. "بازسازی" دەبی وەڵامی کام یەک لەو دوولایەنە بداتەوە؟ سەرمایەداران و کرێکاران دوو جوابی جیاواز بەم پرسیارە دەدەنەوە. سەرمایە و سەرمایەداران نەک هەر نەیانهێشت فشاری شەریان بکەویتە سەر بەڵکوو شەر بۆیان بوو بە مایەی قازانجیکی زۆر و زەبەند. لە حالیکدا کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش بە میلیون کەس بێکار بوون و هەژاری و مەینەتی لە ڕادەبەدەریان بەسەر هات: دەریایەک مەینەت و کویرەوەری لە پێناو ئامانجی کونەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی دا بە درێژایی ٨ ساڵ شەر، لە پێناو ئامانجی پووچی وەک فەتحی کەربەلا و قودس و لە پێناو دیفاع لە قازانجی سەرمایەداران دا، لە پێناو قازانجی کەسانیک دا کە ئاوا قولیان لە خزمەت کردن بە سەرمایەداری و ئەربابانی ئەمپریالیست هەڵمالیوە، وە لە دەورانی دوای شەریش دا ئاوا دوژمنایەتی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ئاشکرا دەکەن و لە هەموو قسەیەکیان دا هەرەشەیان لی دەکەن کە لە فیکری زیاد بوونی حەقدەست و ژیانی‌تیر و تەسەل دا نەبن و بەم جۆرە خۆیان بۆ دەورەیەکی تری سەرکوت و فشار بۆ سەر چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکیش ئامادە دەکەن.

"بازسازی" لە ڕوانگەی سەرمایەدارانەوە یانی وەگەر خستنی هێزی کاری کرێکارانی بێکار و برسی، یانی کەلەکە کردنی سەرمایە بە قیمەتی هەژاری هەرچی زیاتری کرێکاران. سەرمایەداری ئێران بە دەلیلی ئەو شکستەی لە شەردا تووشی بووە، لەنیو بورژوازی مەنتەقەدا ئەو قەدەر قودرەتی‌یەی جارانی نەماوە و ئێستا بە تەمایە بە وەگەر خستنی هێزی کاری هەرزانی کرێکاران پەروبال دەرکاتەوە. ئەم ڕژیمە کە ٨ ساڵ شەری بە قیمەتی هەژاری و فەلاکەت و کوشتاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش درێژە پێدا، ئێستاش دەیەوی بە قیمەتی دەورەیەکی‌تر لە چەوسانەوەی چینی کرێکار، ئابووری وەرشکستەی خۆی سازکاتەوە هەتا لە مەنتەقەدا مەوقعییەتی ڕابوردووی وەدەست بێنێتەوە.

کرێکاران لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە ڕژیمی ئیسلامی دەستی داوەتە "بازسازی" دەبی داخوازە فەوریەکانی خۆیان بێننە گۆڕ. بۆ کرێکاران باش بوونی ژیانی ڕۆژانە گرینگترین مەسەلەیە. تەئمینی پێویستییەکانی ژیانیان بە قیمەتی هەرزان، کوتایی پی هاتنی هەر چەشنە سەرکوت و خەفەقانیک، دەست هەڵگرتنی ڕژیم لەو کەسانە کە نەچوونەتە سەربازی، هەڵوەشانەوەی میلیتاریزمی جەنگی، ئازادی عەقیدە و ئازادی کرێکاران لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیان دا، ئەو مەسەلە هەرە پێویستانەن کە کرێکاران دەبی داوای وەدی هاتنی دەست بە جییان بکەن. لە هەلومەرجی ئێستادا کرێکاران داواکاری بەهرەمەند بوون لە ژیانیکی ئینسانی و هەموو ئەو ئیمکاناتەن کە خۆیان بەرهەمی دینن. چینی کرێکار پاش کوتایی پی هاتنی شەر هێزی خۆی بۆ وەدی هێنانی ئەو داخوازانە یەکگرتوو دەکا و ناهیلی سەرمایەداران و حکوومەتەکەیان دەورەیەکی‌تر لە چەوسانەوەیان بەسەردا بسەپێنن. کرێکاران بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانی خۆیان دینە مەیدان. چاوە ڕێی ئەوە نابن جمهووری ئیسلامی مەبەستی کونەپەرستانە و دژ بە شۆڕشی خۆی لە ژێر ناوی "بازسازی" دا بەڕێتە پێش. کرێکاران داوای ئەوشتانە دەکەن کە بە شێوەی واقیعی ژیانیان دەگوڕی و ڕێگا بۆ پێشڕەوی خەباتیان دەکاتەوە. ئێمە هەموو کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش بۆ وەدی هێنانی ئەم داخوازانە بانگەواز دەکەین.

***

لە گەرەکە فەقیرنشینەکان چ دەگوزەری؟

بە تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق و گەرانەوەی خەڵک بۆ شارە چول کراوەکانی کوردستان، دیسانەوە جم و جوول و قەرەبالغی کەوتوەتەوە گەرکە فەقیرنشینەکانی قەراخ ئەو شارانە. مالی لاروخاو و کووچە و کولانی پر زبل و زال و گەنکاوی ئاوەڕوی مالان، مندالانی ڕووتەڵە و بەرگ شر کە لە نیو خاک و خوڵی کولان دا دەتلینەوە، خەلکیک کە بە شوین پەیدا کردنی کار و نان دا بە چەرمەسەری ڕۆژ دەگەیەننە ئیوراە، دەستفروشان کە بە چەند جووت گورەوی و چەند پاکەت سیگار و هەندیک وردەوالەی‌ترەوە لە سەر چوار ڕیکان سەرگەردانن، منالانی لە ٧ ساڵ باتر کە بۆ سەرە پیپسی و کەوشە کون کوکردنەوە و بیرەو بەوی دا دەخولینەوە و لە دەرس و مەدرەسە بی بەرین، نەخۆشی جۆراوجۆری تایبەتی ژیانی ئەم گەرەکانە وە مەحروومییەت لە دەرمانگا و جلشوورخانە و شیرخورگە ئەمە دیمەنی گشتی گەرەکە فەقیر نشینەکانی شارەکانی کوردستانە.

بەڵام، گەورەترین گیروگرفتی دانیشتوانی ئەم گەرەکانە بی مەسکەنی‌یە. نەبوونی سەرپەنایەک کە زستان تێیدا بحاوینەوە. ئەو خانووە تەنگەبەرانەش کە بە ڕەنج و مەینەتی چەندین ساڵ بە قور و خشت هەڵچنراوون لە سایەی شەری مال ویرانکەردا، یان چول کراون یان ویران بوون. سەری قسە و باس لەگەل هەر مالە زەحمەتکێشیک بکەیەوە دەس بەجێ دەچێتە سەر باسی ئەم گیروگرفتە سەرەکی‌یە. فیکری ئەم گیروگرفتە و داهاتنی فەسلی سەرما ژان دەخاتە دلیانەوە چونکوو ئەم خانووە ڕووخاوانەبە دەستی بەتال چاک ناکرێنەو و کەسیش لە خەمی ئەو خەڵکە فەقیرەدا نیە. جگە لەوە شارەداری و ئیدارەی مەسکەن و شارسازی هەموو ڕۆژی بە مەئموورەکانیانەوە دادەبارینە سەر ئەم خەڵکە. هەتا بە هەزار کویرەوەری دووخشت وە سەریەک دەخەن بولدوزری شارەداری دەگاتی و لییان دەڕووخێنێتەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی شەردا، گەرک و مال و حالی زەحمەتکێشان زیاترین خەسارەتی پی گەیشتوە. ئەگەر نەش کەوتبینە بەر بومباران، لە بەر ئەوەی چول بوون و لە قور دروست کراون بە هەر بارانیک لایەکیان داروخاوە. سەرپەنایەک کە بە دوور لە چاوی "ئەوقاف" و "جەنگەلبانی" و "شارەداری" و... دروست کرابوو، ئەو مالانەی بە کیشە لەگەل مەئموورانی شارەداری و بەهاو کاری و هەرەوەزی خەڵکی گەرەک ساز کرابوون، ئەو مالانەی زۆربەیان شەوانە دروست کرابوون سەرەنجام بە گەرووی شەردا چوون.

کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش!

ئێستا کە پاش ئەم هەموو ئاوارەیی‌یە و ساڵەها شەر دەگەرینەوە شار و مال و حالی خۆتان دەبی سەرپەنایەکتان بۆ خۆتان و منداڵتان هەبی. بۆ گەیشتن بە داخوازەکانتان، کاربەدەستانی ڕژیم بنێنە ژێر فشار، داوا بکەن خەسارەتی شەر و خەرجی سازکردنەوەی مالەکانتان و خەرجی تەئمینی مەسکەنتان دەوڵەت بیدا. ئەو شتە کە ڕژیم وادار دەکا سەر بۆ داخوازەکانتان دانەوینی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خۆتانە. بە پێک هێنانی کۆبوونەوەی گشتی و ڕێککەوتن لەسەر ویست و داخوازەکانتان، بۆ وەدەست هێنانیان خەبات بکەن. ئەم خەباتە نابی تەنیا لە چوارچێوەی گەرەکی خۆتان دابمێنێتەوە. هەموو گەرکە فەقیرنشینەکان دەبی تێیدا بەشدار بن. دەبی بە هێزێکی زیاترەوە بینە مەیدان و ڕژیمی ئیسلامی وادار بکەن کە پێش فەسلی سەرما وەڵامی داخوازەکانتان بداتەوە. فریوی وەعدە و بەڵێنی کاربەدەستانی ڕژیم مەخون، داوا بکەن داخوازەکانتان دەس بەجێ وەدی بهێنرێن. نەک هەر بۆ گەیشتن بەم داخوازانە خەبات بکەن بەڵکوو یاریدەی ئەو کەسانەش بدەن کە وەک خۆتان لە دێهاتەوە هاتوونەتە شار، هەتا بتوانن سەر پەنایەک بۆ خۆیان ساز بکەن. ئەگەر مەئموورانی ڕژیم هەر کوسپ و مانعیکیان خستە سەر ڕێگاتان، هەروەک ڕابوردوو بەرانبەر بە ملهووری و دەسدرێژی یان ڕاوەستن و لموزیان لە خۆل وەردەن!

سەرکەوتوو بی خەباتی خەڵکی گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان!

وتاریکی دەنگی شۆڕشی ئێرانە لە مانگی ڕەزبەردا بلاو کراوەتەوە.

***

خەباتی جەماوەری

لە دەهەمین ساڵڕۆژی دەست پێ کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان دا، خەڵکی تێکۆشەری شارەکانی کوردستان، بە ئیعتیراز لە دژی حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی رژیم، بانگەوازی کۆمەڵەیان وەلاّم داوە.

دوابەدوای بانگەوازی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٨ی مورداد، ساڵڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەرەوپێری ئەو بانگەوازە هاتن و بە شێوەی جۆراوجۆر بە حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی ئیعتیرازیان کرد. خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە بەیانی رۆژی ٢٨ی مورداد لە مال نەهاتنەدەر و لە کۆر و کۆمەڵی خۆیاندا لەسەر بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان قسە و باسیان کرد و پاش نیوەرۆش لە کۆر و کۆمەڵی ٢٠ تا ٥٠ کەسیدا لە دەرەوەی شار لەسەر شکستی جمهووری ئیسلامی و داماوی رژیم و پێویستی ئیدامەی موبارەزەی یەکگرتوانە تا گۆر کردنی ئەم رژیمە قسە و باسیان کرد.

رۆژی ٢٩ی گەلاوێژی خەڵکی تێکۆشەری سنە بە بۆنەی شکستی جمهووری ئیسلامی لە شەری ئێران و عێراق دا جەژنیان گرت و شیرینیان لە گەرەکەکان بلاو کردەوە و راننەدکان چرای ماشینەکانیان هەلکرد.

لەشاری بانەش خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە رۆژی ٢٨ی مورداد بۆ ئیعتیراز بە حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان لە مال نەهاتنە دەر و لە کۆر و کۆمەڵی خۆیان دا لە سەر بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و چلونایەتی بەرەوپێش بردنی ئەم بزووتنەوەیە قسە و باسیان کرد.

لە شاری مەریوان و شاروچکەکانی "کانیدینار" و "جوجە سازی" و ئاوایی "نگل"یش خەڵکی تێکۆشەر کار و دووکان و بازاریان بە تەواوی تەعتیل کرد و رادیوی کۆمەڵەیان گرت و گوییان دایە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە و لە سەر چلونایەتی بەسەر کەوتن گەیاندنی ئەم شۆرشە، قسە و باسیان کرد.

لە شاری سەردەشت رۆژی ٢٨ی مورداد تەعتیلی عمووومی بوو و بێجگە لە چەند نانەواخانە و قەسابی هەموو شوینیک تەعتیل بوو. کرێکاران تەعتیل کرد و کرێکارانی باغەکانی دەرەوەی شاریش دەستیان لە کار هەڵگرت. خەڵک لەو رۆژەدا لە مال نەهاتنە دەر.

لە دەرەوەی ولاّتیش رۆژی ٢٨ی مورداد، لە سەر بانگەوازی کومیتەی دەرەوەی ولاّتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە چەند شاری ئوروپا وەک "استکهلم"، "گوتنبرگ"، "کوپنهاک"، "هامبورگ" و "فرانکفورت" بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان، چەند مەراسم و خۆپێشاندان بەرێوە چوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێرانیانی ئازادیخوازی دانیشتووی دەرەوەی ولاّت بەشداریان تیدا کرد.

خەڵکی ئاوایی "تەوریوەر"ی سنە چەند بەکریگیراویان چەک کرد.

رۆژی ٣١ی گەلاوێژ ٣ بەکریگیراوی محەللی تەوهینیان بە کەسیکی خەڵکی ئاوایی "تەوریوەر"ی سنە کرد و خەڵک پاش ئاگادار بوون پەلاماریان دان و چەکیان کردن و لە ئاوایی دەریان کردن. بەکریگیراوانی چەک کراو پەنایان بردە مەرکەزی میحوری رژیم لە ئاوایی "حسن ئاوا" و پاشان بە کومەکی بەکریگیراوانی ئەم مەرکەزە ژمارەیەک لە خەڵکی ئاوایی "تەوریوەر"یان گرت. پاش ماوەیەکی کورت، خەڵکی ئاوایی بە تیکرا دەستیان دایە ئیعتیراز و بەکریگیراوانیان ناچار کرد هەموو گیراوەکان ئازاد کەن.

خەباتی خەڵکی مەریوان بۆ وەرگرتنی خەسارەتی جەنگی

دوای ئاگر بەس هەزاران کەس لە خەڵکی مەریوان کە زۆربەیان کرێکار و زەحمەتکێشن، گەرانەوە شاری مەریوان و سەرتاسەری مانگی خەرمانان خەڵکی خەسارەت ویکەوتوو بۆ وەرگرتنی خەسارەت و دابین کردنی خەرجی ساز کردنەوەی خانووەکانیان بەر دەرکی ئیدارە دەولّەتییەکانیان بەر نەدا و رۆژی ٣١ی خەرمانان پتر لە ٤٠٠ کەس لە بەر ئوستانداری کۆبوونەوە و داوای خەسارەتیان کرد. موعاوینی ئوستانداری ناچار بوو بی قسە بکا و لە قسەکانیدا کوتی دەبی شارەداری خەسارەتی ئیوە بدا. بەلاّم شارەداریش رایگەیاندوە کە خەڵک چاوەروانی وەرگرتنی خەسارەت نەبن و خۆیان دەست بە کاری ساز کردنەوەی خانووەکانیان بن.

خەباتی ئاوایی "کەلکەجان"ی مەریوان لە دژی نیگابانی زۆرەملی

رۆژی ٢٥ی خەرمانان خەڵکی ئاوایی "کەلکەجان"ی مەریوان، لەبەر پایگای رژیم لە ئاوایی کوبوونەوە و ویرای دەربرینی ئیعتیرازی خۆیان لە دژی بەکریگیراوانی رژیم داوایان کرد نیگابانی زۆرەملی لەم ئاوایییە هەڵوەشێتەوە. بەیانی ئەو رۆژە سەرەرای قەولی مەسئوولیکی بەسیج سەبارەت بە کەم کردنەوەی فشاری نیگابانی زۆرەملی لەسەر شانی خەڵک، خەڵکی ئاوایی درێژەیان بە ئیعتیرازەکەیان دا و بە تیکرا بەرەو ئاوایی "نی" وەری کەوتن و لەسەر داخوازی خۆیان پێیان داگرت. خەڵکی ئاوایی لە درێژەی خەباتیان دا بریار نامەیەکیان دەربری و چوون بۆ نیگابانی زۆرەملی یان تەحریم کرد. بەلاّم ٤ رۆژ دواتر بەکریگیراوان بە یارمەتی ژمارەیەک کونەپەرست نیگابانی زۆرەملییان وەری خستەوە.

خەڵکی ئاوایی "ئەسکول"ی مەریوان گەرانەوە ئاوایییەکەیان

خەڵکی ئاوایی "ئەسکول"ی مەریوان پاش ٨ مانگ ئاوارەیی گەرانەوە ئاوایییەکەیان. بەکریگیراوان کە پێشتر خەڵکی ئەم ئاوایییەیان بە زۆر کوچ دابوو، دیسانیش فشاریان بۆ خەڵک هێنا کە ئاوایی چول کەن، بەلاّم خەڵکی ئاوایی دەستیان دایە موقاومەت. خەڵکی ئەم ئاوایییە کە تا ئێستا چەندین جار هێرشیان کراوەتە سەر لەگەل بەکریگیراوان دەرگیر بوون، داوای خەسارەتی جەنگییان کردوە.

خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز لە تیک هەڵچوونیک دا ژمارەیەک لە بەکریگیراوانیان چەک کرد.

رۆژی ٤ی گەلاوێژ ژمارەیەک لە خەڵکی شاری سەقز، لە پارکی شار، پەلاماریان بردەسەر بەکریگیراویکی کومیتەی کە تەوهینی بە خوشک و برایەک کردبوو و تەمبیان کرد. دوای هەلاتنی ئەم بەکریگیراوە، ماشینیک پر لە بەکریگیراوانی گەشتی، هێرشیان بردە سەر خەڵک و خەڵکیش لییان هاتنە دەست و ژمارەیەکیان چەک کردن و چەند کەسیشیان بە بریندار خۆیان دەرباز کرد. پاشان بەکریگیراوانی ژاندارمری هاتنە شوینی تیک هەڵچوونەکە بەلاّم کاتیک چاویان بە خەڵکی تووڕە کەوت وەریان بەردا و دەستیان کرد بە پارانەوە. خەڵکی تێکۆشەر پاش هەندیک هەرەشە و چاوترسین کردنی ئەو بەکریگیراوانەش، چەکەکانیان دانەوە.

خەڵکی چەند ئاوایی "ئالان"ی سەردەشت داوای غەرامەتیان کرد و خەڵکی چەند ئاوایی‌تریش گەرانەوە ئاوایییەکانیان.

رۆژەکانی ٥ و ٦ی خەرمانان خەڵکی چەند ئاوایی "ئالان"ی سەردەشت لە بەرچەند ئیدارەی دەولّەتی کۆبوونەوە و داوای غەرامەتیان کرد. خەڵکی ئەم ئاوایییانە ساڵی ٦٥ بە هۆی پەرەسەندنی شەری ئێران و عێراق ناچار بوون ئاوایییەکانیان چول کەن. بە پێی ئەم هەوالە خەڵکی چەند ئاوایی دیکەی "ئالان"یش گەراونەوە ئاوایییەکانی خۆیان.

ئیعتیرازی سەرکەوتوانەی ژمارەیەک لە خەڵکی شاری سەردەشت

١٠٠ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت دوای ماوەیەک هات و چووی شارەداری، بۆ وەرگرتنی کەل و پەلی ساختمانی، رۆژێک لە مانگی خەرمانان دا، سەرەرای پێشگیری مەئموورانی رژیم رژانە نیو شارەداری و رایان گەیاند تا پێداویستییەکانیان نەدریتی ناروّن. ٣٠ کەس لە بەکریگیراوانی شارەبانی بۆ دەرکردنی خەڵک هاتنە شارەداری و خەڵکی تووڕە لەگەلیان دەرگیر بوون و لییان دان. شارەداری بەکریگیراو لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵک ناچار بوو هەر ئەو رۆژە ٥٠ هەزار میتر تەلیس بەش کا و رۆژی دواتریش لە نیو ٣٥٠ خانەوادە سیمان بلاو بکاتەوە.

ئیعتیرازی سەرکەوتوانەی خەڵکی "ئیساق ئاوا"ی دیواندەرە.

رۆژی ٤ی خەرمانان بەکریگیراویکی رژیم بە نیوی "سیروان رستمی" بە نیازی پێش گرتن بە هات و چووی پێشمەرگە بۆ ئاوایی "ئیساق ئاوا"ی دیواندەرە، فەرمانی بە بەکریگیراوان دا دارەکانی دەور و بەری ئاوایی ببرن. خەڵکی ئاوایی دەستیان دایە ئیعتیراز و بەکریگیراوان بە دەستوری فەرماندەکەیان تەقەیان بەسەر خەڵک دا کرد. خەڵکی ئاوایی ویرای ئیعتیراز بە تیکرا بەرەو شاری سەقز وەری کەوتن. بەکریگیراوان لە ترسی ئەوەی کە خەڵکی ئاوایییەکانی دیکەش پشتیوانیان لی بکەن، پێشیان گرتن و چەند کەسیان گرت. بەلاّم خەڵکی تێکۆشەر دەستیان لە ئیعتیراز هەلنەگرت و فەرماندەی جینایەتکاریان ناچار کرد هەموو گیراوەکان ئازاد بکا و خەیالی بریتی دارەکان لە سەر دەرکا. خەڵکی ئاوایی "ئیساق ئاوا" هەروەها چەند نوینەریان بۆ ئیعتیراز نارد بۆ ئەم خانەوادانە. خانەوادەی ئەو قوربانییانە قاپی عەکسەکانیان شکاند و بو ئیعتیراز بەو بی شەرمییەی بەکریگیراوان لە بەر "بنیاد شەهید" و مەقەری بەکریگیراوانی "سارالله" کۆبوونەوە و دەستیان دایە ئیعتیراز. ئەم ئیعتیرازە ساعتیکی خایاند و خەڵکی تێکۆشەری شاری دیواندەرە پشتیوانیان لە ئیعتیرازی خانەوادەی ئەو قوربانیانە کرد.

ئیعتیرازی ئاوارەکانی مەریوان لە شاری سنە

رۆژی ١٦ی رەزبەر ژمارەیەکی زۆر لە نوینەرانی ئاوارە جەنگییەکانی مەریوان چوونە شاری سنە و لەبەر "بنیاد مهاجرین"ی رژیم لەو شارە کۆبوونەوە و ویرای ئیعتیراز داوایان کرد حەقی ئاوارەگی یان پی بدری. سەرەرای پەنا بردنی مەسئوولانی رژیم بۆ فیل و تەلەکەی وەک "فیشی پەرداختی حەقی ئاوارەگیمان ناردوەتە مەریوان"، نوینەرانی ئاورە جەنگییەکانی مەریوان پێیان لەسەر داخوازەکەیان داگرت و داوایان کرد حەقەکەیان هەر لەوی بدەنی. لە حالیکدا کە نوینەرانی ئاوارەکان دەیانەویست بە تەزاهورات بەرەو ئوستانداری وەری کەون، مەسئوولانی رژیم لە ترسی پەرە ئەستاندنی ئیعتیراز و پشتیوانی خەڵکی سنە قەولیان دا هەر لەوی حەقی ئاوارەگییان بدەنی.

زەحمت و زووری رژیم بۆ کوچ پی دانی زۆرەملی خەڵکی ئاوایییە مەرزییەکانی ناوچەی بانە

کاربەدەستانی رژیم بۆ بەریوە بردنی سیاسەتی دژ بە شۆرشی کوچی زۆرەملی، خەڵکی ئاوایییە سنووریەکانی ناوچەی بانەیان خستوەتە ژیر فشار و پیشیان بەگەرانەوەی خەڵکی ئاوایییەکانی "سەیران بەند"، "چەمپاراو" و "هەلالەبرایمە" گرت. هەروەها بەکریگیراوان پێشی گەرانەوەی خەڵکی ئاوایی "ئالوت"یان گرت.

بەرکیگراوان بە خەڵکی ١٢ ئاوایی دیکەی ئەم ناوچەیان راگەیاندوە کە دەبی پایزی ئەمسال ئاوایییەکانیان چول بکەن. خەڵکی ئەم ئاوایییانە دەستیان داوەتە موقاومەت لە دژی سیاسەتی کوچی زۆرەملی و تا ئێستا حازر نەبوون ئاوایییەکانیان چول بکەن.

هەروەها جمهووری ئیسلامی بە خەڵکی ٣٥ ئاوایی دیکەی ناوچەی بانەی راگەیاندوە کە دەبی بەهاری ساڵی ٦٨ ئاوایییەکانیان چول بکەن. بەکریگیراوانی رژیم کوتوویانە کە بەهاری داهاتوو دەبی ئاوایییەکانیان چول کەن و کەس هەقی نیە زەوی و زار بکیلی. خەڵکی ئەم ئاوایییانە کە لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی رژیم دا ناچار ببوون ئاوایییەکانیان چول بکەن. زەرەر و زیانیکی زۆریان ویکەوتوە و ئێستا گەراونەتەوە ئاوایییەکانی خۆیان.

بەکریگیراوان تا ئێستا چەندین جار و بە شێوەی جۆراوجۆر خەڵکی ئەم ئاوایییانەیان بۆ چول کردنی ئاوایییەکانیان خستوەتە ژیر فشار بەلاّم خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایییانە دەستیان داوەتە ئیعتیرازی دەستەجەمعی و موقاومەت.

کومیتەی ناوچەی بانە لە راگەیاندنیک دا خەڵکی ئەم ئاوایییە سنووریەکانی ناوچەی بانەی بۆ موقاومەت و موبارەزەی یەکپارچە لە دژی سیاسەتی کوچی زۆرەملی و بۆ وەرگرتنی خەسارەتی شەر و ئاوارەگی بانەگەواز کردوە.

هەول و تەقالای ئاغاکانی پێشووی "فیز الله بەگی" بۆ وەرگرتنەوەی زەویییە موساەدەرە کراوەکان

ئاغاکانی پێشووی بەشی "فیز الله بەگی"ی بۆکان بەهاوکاری بەکریگیراوانی چەکداری رژیم بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەویو زارە کە زەحمەتکێشانی ئەم بەشە لە سەردەمی قیامی ٥٧دا دەستیان بەسەردا گرتبوو، کەوتوونە هەول و تەقالا و تا ئێستا چەندین جار لەگەل ئەو زەحمەتکێشانە دەرگیر بوون.

دەرەبەگەکانی "ئینگیجە" بە کومەکی بەکریگیراوانی رژیم زەویییەکانیان لە زەحمەتکێشانی ئەم ئاوایییە ئەستاندوەتەوە. خەڵکی ئاوایی ئالبلاغیش بۆ تەحویل دانەوەی زەویییەکان کەوتوونەتە ژیر زەخت و فشار.

*لە ناوچەی دیواندەرەش یدالله خانی مرادی، کە چەند ساڵ پێشتر بە تاوانی سەرکوتی زەحمەتکێشان لە لایەن کۆمەڵەوە محاکەمە کرا بوو، دیسان گەراوەتەوە ئاوایی "قزل بلاغ". ئەم دەرەبەگە جینایەتکارە بە هاوکاری بەکریگیراوانی رژێم بۆ وەرگرتنەوەی زەوییە موسادەرە کراوەکان، زەحمەتکێشانی ئەم ئاوایییەی خستە ژێر زەخت و فشار. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی ملیان نەداوە و بە ئیعتیرازی خۆیان پیلانی هاوبەشی یدالله خان و بەکریگیراوانی تری رژێمیان پووچەل کردەوە.

کورتە گوزارشێك لە وەزعی خەڵکی ١٤ ئاوایی بە زۆر کۆچ دراوی ناوچەی پیرانشار

جمهووری ئیسلامی دوای چەند هێرشی درندانە لە ساڵەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا بۆ سەر بەشەکانی "لاجان"، "سەرشاخان" و "بەریمیرگان" لە پیرانشار، بە زۆر کۆچی بە خەڵکی ١٤ ئاوایی ئەم ناوچەیە کرد و ئاوایییەکانیانی ئاگر تی بەردا و ئاوارەی کردن.

لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، خەڵکی ئەم ئاوایییانە زۆر جار بە ئاوارە بوون و بی مەسکەنی خۆیان ئیعتیرازیان کردوە و شکایەتیان بردوەتە ئیدارە دەوڵەتییەکان. بەڵام کاربەدەستانی رژێم هەر تەفرەیان داون و هیچیان بۆ نەکردوون.

ماوەیەك لەوەپێش بەکریگیراوان ژمارەیەك مالیان لە ئاوایی "کەوپەر" ساز کرد بەڵام هەموویان پیشکەشی بەکریگیراوانی ئاغا مەنگورەکان کرد و خەڵکی زەحمەتکێش هیچیان بە نسیب نەبوو.

پایزی ساڵی ٦٦، کاربەدەستانی رژێم بە خەڵکی ئەم ئاوایییانەیان راگەیاند هەر خانەوادەی ١٣٠ هەزار تمەن بدەن بە رژێم تا دوو وەتاغی بلووکییان بداتی. بەڵام خەڵکی ئاوایییەکانی "زەویان"، "خەرپاپ" و "دولەنی" قەبوولیان نەکرد و حازر نەبوون باج بدەن بە رژێم.

بەهاری ئەمساڵیش رژێم بە خەڵکی راگەیاند دەتوانن بە پێی تەرحی دەوڵەت، لە شوێنیك بە نیوی "قەبری حوسینی" لەسەر جادەی پیرانشار _ سەردەشت، مال بۆ خۆیان ساز بکەن و بەم بۆنەیەوە داوای کرد هەر خانەوادەی کرێکاریك لە ئیختیار رژێم بنین و هەروەها بە شێوەی جۆراوجۆر دەستی بەباج و بەرتیل وەرگرتن لە خەڵك کردوە و نەتیجەی ئەم کارەش تا ئێستا مەعلووم نیە.

کەم بوونی نان لە شاری دیواندەرە.

ئارد و نان لە شاری دیواندەرەش وەك شارەکانی دیکەی کوردستان کەمە و ئەوەندەش کە لە بازاردا هەیە زۆر بەسەختی دەگاتە دەستی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش. لەم دوایییانەدا بەکریگیراوانی رژێم نانەواخانەکانیان مەجبوور کردوە کە سەعاتەکانی هەوەڵی رۆژ بۆ بەکریگیراوانی رژێم نان بکەن و پێش دابین کردنی نانی بەکریگیراوان نانەواخانەکان هەقیان نیە نان بە خەڵك بفرۆشن. بەم دەلیلە خەڵکی شار رۆژانە چەندین سەعات ناچارن لە سەفی دور و دریژدا بۆ کرینی چەند نان مەحتەل بن. خاوەن نانەواخانەکانیش بە بیانووی کەم بوونی سەهمیە تەنیا ٥ نان دەدەن بە هەر کەسیك و لە وەڵامی ئیعتیرازی خەڵك دا دەڵین شووڕای ئارد و نانی سنە خەتابارە کە بە ئەندازەی پێویست ئارد نادا بە شووڕای ئارد و نانی دیواندەرە.

سەهمیەی دیاری کراوی ئەو خانەوادانەش کە خۆیان لە مالەوە نان دەکەن زۆر کەمە و تەنیا سێ بەشیکی نیازیان دابین دەکا و رژێم لە مانگ دا بۆ هەر کەسیك ١٠ کیلو سەهمیەی ئاردی دیاری کردوە.

کەم بوونی ئارد و نان گیروگرفتیکی زۆر بۆ خەڵکی شار و بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان پێك هێناوە و ئەوان ناچارن ئارد و نانی پێویستیان لە بازاری ئازاد بکرن. کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی و سەرمایەداران ئاردیکی زۆریان لە سەهمیەی خەڵك دزیوە و رژاندوویانەتە بازاری ئازاد و بە قیمەتیکی زۆر گران دەیفرۆشن. گرانی سووختیش دەردی سەرباری هەموو دەردانە و ئەم وەزعییەتە گیانی خەڵکی شاری گەیاندوەتە سەر لیویان و تا ئێستا لیرەو لەوی چەند ئیعتیرازیان لە دژی ئەم وەزعە وەری خستوە.

مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری محەمەد نسری

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایییەکانی بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان" لە مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری محەمەد نسری (حەمەی لەنگەرین)دا بە گەرمی بەشداریان کرد. ئەم مراسمە لە ئاوایی "لەنگەریز" لە بەشی "کەلاتەرزان" بەریوە چوو. هاوری محەمەد لە جەرەیانی شەریك دا لە ئاوایی "تەمرخان"ی مەریوان گیانی بەخت کرد.

گیان بەخت کردنی ٥ هاوریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شار و دێهاتی کوردستان

لە ماوەی دوو مانگی رابوردوودا بە داخەوە هەوالی گیان بەخت کردنی ٥ هاوریی تێکۆشەر و حیزبی مان بە دەست گەیشت کە ناویان بەم جۆرەیە هاورییان: کەمال عباسی، حوسین مارفی، ئامنە پرستار، خالید فەقێنەبی، عەلی حاجی عبدالله.

هاوری کەمال خۆشەویستی زەحمەتکێشانی سەردەشت کە بۆ گوزەرانی خۆی و خانەوادەی کاروانچییەتی دەکرد و ٣ ساڵ بوو کە لایەنگری تەشکیلاتی کۆمەڵە بوو، ساڵیك لەوەپێش لە کویستانەکانی قەندیل ون بوو. جەنازەی هاوری کەمال بە یارمەتی زەحمەتکێشانی ناوچەی سەردەشت دوزراوە و گواستراییەوە ئاوایی "هەرمزاوی" لەو ناوچەیە.

هاوری حوسین تێکۆشەری کۆمۆنیست و خۆشەویستی زەحمەتکێشانی ناوچەی شنو، لە ساڵی ٥٧وە لایەنگری تەشکیلاتی کۆمەڵە بوو. هاوری حوسین لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا دلسوزانە و ماندووبی نەناس بو وشیار کرنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سازماندانیان لە دەوری سیاسەتەکانی کۆمەڵە تێکۆشا. هاوری حوسین هاوینی ئەمساڵ لە دەوروبەری ئاوایییەکەیان "دی شەمس" کەوتە بەر گوللەی بەکریگیراوانی رژێم و گیانی بەخت کرد.

هاوری ئامینە کە لە ساڵی ٥٩وە لایەنگری لە کۆمەڵە دەست پی کرد، ساڵی ٦٣ بە تاوانی لایەنگری لە کۆمەڵە گیرا و سەرەرای شکەنجەی وەحشیانە لیوی رازداری نەکرایەوە. ساڵی ٦٤ هاوری ئامینە لە حالیکدا کە لە ئەسەر شکەنجەدا فەلەج ببوو لە زیندان ئازاد کرا و پاش ٣ ساڵ موعالەجە چاك نەبووە و رۆژی ٨ی گەلاوێژ گیانی بەخت کرد.

هاوری خالید خۆشەویستی زەحمەتکێشانی سندووسی نەغەدە و شار ویرانی مهاباد، خەڵکی "گردەقیت" ی سندووس بوو و لە ساڵی ٥٩وە لایەنگری تەشکیلاتی کۆمەڵە بوو کە بەداخەوە لە رۆژەکانی ئاخری گەلاوێژدا گیانی بەخت کرد.

هاوری عەلی حاجی کە رۆژەکانی هەوەڵی خەرمانان بە هۆی کارەساتیکی دلتەزین گیانی بەخت کرد خەڵکی ئاوایی"دەرەسمایل"ی سەرشیوی سەقز بوو کە پاشان مالی چووە گەرەکی "حەمال ئاوا"ی سەقز، هاوری عەلی لە چەند ساڵی رابوردوودا پەیوەندیکی نزیکی لەگەڵ کۆمەڵە هەبوو و جێگای متمانە و خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بەشی سەرشیوی سەقز و کرێکارانی گەرەکی "حەمال ئاوا"ی سەقز بوو.

ئێمە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی ئەو هاورییانە لە هەموو هاوسەنگەرانیان و لە بنەماڵەکانیان و کرێکاران و زەحمەتکێشان سەرەخۆشی دەکەین و بە دریژەی ریگایان ریزیان لی دەگرین.

خەبات لە دژی سەربازگیری رژیم

خەڵکی تێکۆشەری شار و دێهاتی کوردستان لە مانگی خەرمانان دا بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی سەربازگیری رژیم موبارەزەیان کرد.

لە شاری مەریوان هەلاتنی سەربازان هێندەی پەرە سەند کە فەرماندەکانی رژیم ناچار بوون ماوەی مەرەخەسی سەربازان زیاد بکەن و لە جیاتی حەوتوویەك ١٥ رۆژ لە ٤٥ رۆژدا مەرەخەسی یان پی بدەن.

لە شاری سەقز بە هۆی موقاوەمەتی خەڵك و مەشموولەکانەوە بەکریگیراوان رۆژی ١٩ و ٢٠ی خەرمانان بەهەڵی کوپتەر راگەیاندنیان بلاو کردەوە و هەرەشەیان کرد ئەگەر مەشموولەکان تا رۆژی ١٨ی رەزبەر خۆ تەحویل نەدەنەوە بە توندی سزا دەدرین. پاش ئەم هەرەشەیە بەکریگیراوان لەسەر هەموو چوارریەکان و جادەکانی شار پوستی بازرەسی یان دانا.

رۆژی ٢١ و ٢٢ی خەرمانان بەکریگیراوان سەرجەم، توانیان ٦ کەس بگرن کە یەکیان هەلات.

رۆژی ٢٦ی خەرمانان ژنان و پیاوانی ئاوایی "تەموغە" لە دژی سەربازگیری رژیم دەستیان دایە ئیعتیراز و پەلاماریان بردەسەر بەکریگیراوان، بە جۆرێك کە تەنیا ٢ کەسیان بۆ گیرا و ناچار بوون ئاوایی بەجێ بێڵن. رۆژەکانی ٢٩ و ٣٠ و ٣١ی خەرمانانیش مەئموورانی رژیم سەرەرای ٣ رۆژ هەول و تەقالا نەیان توانی کەس بە سەرباز بگرن.

لە شاری بانە، رۆژی ١٥ی خەرمانان بەکریگیراوان بۆ رەش بگیری هەموو خیابانەکان و مەیدانەکانی شاریان گەمارودا. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە بەشاردنەوەی مەشموولەکان و دەرباز کردنیان ئەو پیلانەی رژیمیان پووچەل کردەوە. بەکریگیراوان سەرەرای هەول و تەقالایەکی زۆر تەنیا ٧ کەسیان بۆ گیرا.

لە شاری سەردەشت بەکریگیراوانی رژیم زەخت و فشاریکی زۆریان بۆ سەربازگیری بەکار هێنا و لە هەموو جادەکان و خیابانەکان دەستیان دایە سەربازگیری و تەنانەت بۆ گرتنی هەر مەشموولیك ١٥٠ تمەن جایزەیان دیاری کرد. بەڵام مەشموولەکان بە حازر نەبوون لەسەر کار و بە خودەرباز کردن لە بەرانبەر ئەم پیلانەی رژیم دا راوەستان.

لە شاری سنە و نەغەدە و پیرانیشاریش خەڵك و مەشموولەکان لە دژی سەربازگیری دەستیان دایە موقاوەمەت. رۆژی ١٢ی خەرمانان خەڵکی ئاوایی "چەتان"ی سنە لە دژی سەربازگیری رژیم دەستیان دایە ئیعتیراز و مەشموولەکانیان شاردەوە. بەکریگیراوان باوکی ٣ مەشموولیان گرت و تەقەیان لە خەڵك کرد. بەڵام خەڵکی ئاوایی لە نەتیجەی ئیعتیرازی خۆیان دا پاش ٣ رۆژ گیراوەکانیان ئازاد کرد.

خەڵکی ئاوایی "بیکوس"ی پیرانشار رۆژی ٢٤ی خەرمانان لە دژی سەربازگیری رژیم دەستیان دایە ئیعتیراز و گیراوەکانیان ئازاد کرد و بەکریگیراوانیان لە ئاوایی دەر کرد.

رۆژی ٢٦ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم بۆ سەربازگیری رژانە ئاوایی "ئاوەبەرە" لە بەری میرگانی پیرانشار. بەڵام مەشموولەکان ئاگادار بوون و خۆیان دەرباز کرد. بەکریگیراوان سەرەرای تەقەکردن لە مەشموولەکان نەیانتوانی کەس بگرن و لەگەل ئیعتیرازی یەکپارچەی خەڵکی ئاوایی بەرەو روو بوون. ئەو بەکریگیراوانە کاتی گەرانەوە کەسیکی خەڵکی ئاوایییان گرت و لەگەل خۆیان بردیان.

رۆژەکانی ١٥ و ١٦ و ١٧ی رەزبەر ژمارەیەك لە مەشموولان کە لەبەر ئیدارەی نیزام وەزیفەی سەقز کۆببونەوە، پاش تەوهینی بەکریگیراوانی ژاندارمری لەگەلیان دەرگیر بوون. دوا بە دوای ئەم دەرگیرییە بەکریگیراوانی پاسدار رژانە ئەم شوینە و تەقەی هوایییان کرد کە لەگەل ئیعتیرازی مەشموولەکان و خانەوادەکانیان بەرەوروو بوون و هەر لەوی ژمارەیەك لە مەشموولەکان لە چوون بۆ سەربازی پەشیمان بوونەوە و گەرانەوە.

رۆژی ١٩ی رەزبەریش لە سنە دوای تەوهینی بەکریگیراوانی ژاندارمری و سپای پاسداران، مەشموولەکان و خانەوادەکانیان دەستیان دایە ئیعتیراز و لەگەل بەکریگیراوان دەرگیر بوون. ئەم تیك هەڵچوونە سەعاتیك دیژەی بوو و بەرنامەی بەری کردنی سەربازانی ٥ سەعات وەدوا خست.

خەڵکی تێکۆشەری بانە لە جەرەیانی ناشتنی قوربانییەکی شەری ئێران و عێراق بە نیوی "سلاح زەبیحی" بیزاری خۆیان لە سەربازگیری رژیم و جمهووری ئیسلامی دەربری. لەم مەراسمەدا هەزاران کەس بەشداریان کردبوو.

چەند هەوالی کورت لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی

سەقز:

رۆژی ١٢ی خەرمانان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سەقز بۆ ئیعتیراز بە ناروشنی وەزعی وڵەکانیان کە بە زۆر برابوونە سەربازی لەبەر "بنیاد شەهید"ی رژیم لەو شاخە کۆبوونەوە و دەستیان بە دانی شیعاری "مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی"، و "مەرگ بۆ خومەینی" کرد و عەکسی خومەینی یان دراند. زۆربەی بەشدار بووانی ئەم ئیعتیرازە خانەوادەی سەربازانی بی سەر و شوینن دیلەکانی مەیدانی شەر و کوژراوەکانی شەری ئێران و عێراق بوون.

مهاباد:

نیوەراستی مانگی خەرمانان ژمارەیەك لە خەڵکی شاری مهاباد، لە سەفی وەرگرتنی کوپین دا، بیزاری خۆیان لەم وەزعە مەینەتبارە دەربری کە جمهووری ئیسلامی بەسەری دا بریون و بەنەبوونی و گرانی پێداویستییەکانی ژیانیان ئیعیترازیان کرد. بەکریگیراوان لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك، بلاوەیان پی کردن و دابەش کردنی کوپینیان تەعتیل کرد.

دیواندەرە:

رۆژی ٢٩ و ٣٠ی مانگی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم چوونە ئاوایی "قەرەبوغرە" لەبەشی خورخورەی دیواندەرە و دەستیان بە ئەزیەت و ئازاری خەڵك کرد و ٢ کەسیان گرت و رایان گەیاند کەس هەقی نیە یارمەتی پێشمەرگە بکا. خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی یەکپارچە دەستیان بە ئیعتیراز کرد و کوتیان یارمەتی پێشمەرگە بە وەزیفەی خۆیان دەزانن و داوایان کرد گیراوەکان دەسبەجێ ئازاد بکرین. بەکریگیراوان لە نەتیجەی ئەو ئیعتیرازەدا ناچار بوون گیراوەکان ئازاد کەن و ئاوایی چول کەن.

دیواندەرە:

مانگی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم دوای زیادکردنی زەخت و زۆر لەسەر خەڵکی بەشی خورخورە بۆ چوول کردنی هەوارەکان و سووتاندنی چەند هەواری خەڵك لە ئاوایی "مەولان ئاوا"، لە ئاوایی "دەرەویانی شیخ"یش چەند لاو دەگرن کە بە ئیعتیرازی یەکپارچەی خەڵکی ئاوایی ناچار دەبن ئازادیان کەن.

دیواندەرە:

خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی "ئیساق ئاوا"ی دیواندەرە، لە مانگی خەرمانان دا، لە دژی خومپارە بارانی دەوروبەری ئاوایی لە لایەن بەکریگیراوانەوە، دەستیان دایە ئیعتیراز و داوایان لە بەکریگیراوان کرد کە دەست لە کردەوەی جینایەتکارانەیان هەلگرن.

سەردەشت:

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بەکریگیراوانی رژیم لە شاری سەردەشت کەل و پەلی کاروانچییەکی زەحمەتکێشیان زەوت کرد. خانەوادەی کاروانچییەکە چوونە فەرماندارى و داوایان کرد کەل و پەلەکانیان بدەنەوە. کەسیکی خەڵکی شاریش کە ئیعتیرازی بەو ئیقدامەی بەکریگیراوان کردبوو گیرا. پاش ئەو کارەساتە ٢٠٠ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت چوونە فەرمانداری و دەستیان دایە ئیعتیراز و بەکریگیراوانیان ناچار کرد دەسبەجێ گیراوەکە ئازاد بکەن.

سەردەشت:

ئاخری مانگی گەلاوێژ راننەدکانی مینیبووسەکانی جادەی سەردەشت _ "نەلاس" لە دژی قسەی فەرمانداری ئەو شارە کە کوتبووی کری ماشین لە ١٠ تمەنەوە داشکینن سەر ٧ تمەن، مانیان گرت و رایان گەیاند تا نرخی وەسایلی یەدەکی ماشین و نرخی بەنزین کەم نەکرێتەوە ناتوانن کری ماشین داشکینن.

مەریوان:

بەکریگیراوانی رژیم داوایان لە خەڵکی مەریوان کرد بە بۆنەی "حەوتووی دیفاعی موقەدەس"ی رژیمەوە لە مەراسمی رۆژی ٣١ی خەرمانانی رژیم دا بەشداری بکەن. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری مەریوان ئەو مەراسمەیان تەحریم کرد و بێجگە لە بەکریگیراوانی خودی رژیم کەس بەشداری تێدا نەکرد.

چەند هەوالی کورت

بۆکان:

رۆژی ٢٤ی خەرمانان بەکریگیراوان لە ئاوایی "تایەربوغە"ی بەشی تورجان، بە بیانووی یارمەتی کردنی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە پەلاماری رۆژی پێشوویان دا، ژمارەیەکیان لە خەڵک گرت و بردیانن بۆ ئاوایی "میرئاوا". خەڵکی ئاوایی دەسبەجێ دەستیان دایە ئیعتیراز و بەکریگیراوان ناچار بوون پاش چەند سەعات هەموو گیراوەکان ئازاد بکەن.

بۆکان:

رۆژی ٨ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم زەحمەتکێشیکی ئاوایی "داشاغل"ی بۆکان، بە نیوی کەریم، بە بیانووی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە ئەزیەت دەکەن، پاش ئیعتیرازی ئەو زەحمەتکێشە، دەیگرن و رەوانەی زیندانی دەکەن.

سەقز:

رۆژی ١٠ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم خەڵکی ئاوایی "چاخلوو"، "یازی بلاغی" و "چوومەلوو" لە بەشی "فیزاللە بەگی" سەقز، بۆ هەڵگرتنی چەکی رژیم دەخەنە ژێر فشار. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە دەست دەدەنە ئیعتیراز و حازر نابن چەکی رژیم هەڵگرن. لە درێژەی ئەم ئیعتیرازانەدا، خەڵکی "چوومەلوو" ٣ رۆژ لە ئاوایی نایەنەدەر و خەڵکی "یازی‌بلاغی"ش دەچنە فەرمانداری سەقز و ئیعتیراز دەکەن.

سەقز:

رۆژی ١٧ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم خەڵکی ئاوایی "ئارەبەلەنگ" لە بەشی سەرشیوی سەقز، بە بیانووی هاوکاری لەگەل پێشمەرگەی کۆمەڵە، دەخەنە ژێر زەخت و فشار. رۆژی ١٨ی خەرمانان خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە بۆ ئیعتیراز دەچنە ئاوایی "گەورەقەلا" و ویرای ئیعتیراز خوازیاری دەست هەڵگرتنی رژیم لەو زەخت و فشارانە دەبن و داوە دەکەن بەکریگیراویکی رژیم سزا بدری.

دیواندەرە:

رۆژی ٥ی خەرمانان هێزەکانی رژیم بۆ تەحویل دانەوەی چەک، خەڵکی ئاوایی "دەرەشیخان" لە بەشی خورخورە دەخەنە ژێر زەخت و فشار بەڵام بە ئیعتیرازی یەکپارچەی خەڵکی ئاوایی ناچار دەبن پاشەکشە بکەن و لە کاتی گەرانەوەدا، دور لە چاوی خەڵک کەسیک بە نیوی حسن دەگرن و تاپریکی لی زەوت دەکەن.

دیواندرە:

دوای عەملیاتی رۆژی ١٢ی خەرمانانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "قادرئاوا"ی دیواندەرە، بەکریگیراوانی رژیم رژانە ئەم ئاوایی‌یە و پێشیان بە چوونە دەری مەر و مالاتی خەڵک گرت. خەڵکی ئاوایی دەستیان دایە ئیعتیراز و بەکریگیراوانیان ناچار کرد پاشەکشە بکەن و داوای لی بوردن لە خەڵک بکەن.

سەقز:

رۆژی ٢٥ی خەرمانان، دوای تەوهین کردنی ٢ پاسدار بە ژنیکی زەحمەتکێش، ژمارەیەک لە خەڵکی شاری سەقز پشتیوانی لە ئیعتیرازی ژنەکە دەکەن و پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان و لییان دەدەن. ژمارەیەک لە بەکریگیراوانی شارەبانی دەرژینە شوینی شەرەکە و کاتیک چاویان بە خەڵکی تووڕە دەکەوی ناچار دەبن پاسدارەکان بگرن و بیانبەنە شارەبانی.

سەقز:

مانگی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم هاوکات لەگەل بلاو کردنەوەی شایعەی ئیعدامی ٧٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی شاری سەقز، ملاقاتی زیندانیانی سیاسی ئەو شارەیان بری. خانەوادەی زیندانیانی سیاسی ئەو شارە لە ماوەی ئەو مانگەدا چەندین جار لەبەر زیندان کۆبوونەوە و داوای ملاقاتی رولەکانیان کرد. بەڵام کاربەدەستانی رژیم ملاقاتیان پی نەدان.

دیواندەرە:

رۆژی ١١ی خەرمانان جیگری فەرماندەی بەکریگیراوانی پایگای رژیم لە ئاوایی "دەرەهووان"ی دیواندەرە داوا لە خەڵکی ئاوایی دەکا بۆ کومەک بە شووڕای ئیسلامی ئورگانیک بە نیوی "هیات مجریە" دابنین. خەڵکی ئاوایی بە موقاوەمەت و موخالەفەتی خۆیان بەکریگیراوان ناچار دەکەن دەست هەڵگرن و بگرێنەوە پایگاکەی خۆیان.

مەریوان:

رۆژی ١٥ی خەرمانان بەکریگیراوانی پایگای رژیم لە ئاوایی "گاگل"ی مەریوان و گوروهی زەربەتی ئەم مەنتەقە لە دەوروبەری ئاوایی دامەزران و کاک مینەی حسین، زەحمەتکێشیکی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یەیان گرت و هەر لەوی وەحشیانە ئیعدامیان کرد و پاشان لە ترسی ئیعتیرازی خەڵک دەسبەجێ ئەو شوینەیان بەجێ هیشت.

مەریوان:

رۆژی ٤ی خەرمانان فەرماندەری بەکریگیراوی مەریوان چووە ئاوایی "نی" و خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە داخوازەکانی خۆیان پی راگەیاند. فەرماندەری بەکریگیراو راگەیاندنیکی کۆمەڵەی لە دیواری مەزگەوت کردەوە و کوتی دوی شەو کۆمەڵە لێرە بووە، داوا لە کۆمەڵە بکەن حەمام و دەرمانگاتان بۆ ساز بکا. خەڵکی ئاوایی بە تیکرا ئیعتیرازیان کرد و داوایان کرد فەرماندار وەڵام بداتەوە بۆچی سەهمیەی ئاردی نانەواخانەی ئاوایی یان کەم کردوەتەوە و سەهمیەی دەرمانی دەرمانگایان بریوە. هەروەها خەڵک لەسەر داوای خۆیان بۆ دروست کردنی حەمام و دەرمانگا پێیان داگرت.

سەقز:

رۆژی ٧ی رەزبەر بەکریگیراوانی رژیم لە بەرزایی‌یەکانی ئاوایی "حاجی ئەول" لە بەشی سەرشیوی سەقز، ٣ شوانیان بە نیوی ئەوی کە کۆمەڵەن گرت و پاش ئیعتیرازی ئەم ٣ کەسە ئازادیان کردن. پاش نیوەرو کاتیک ئەم ٣ کەسە گەرانەوە ئاوایی دیسان بەکریگیراوان گرتیانن کە ئەو جاریش لەبەر کۆبوونەوە و ئیعتیرازی تیکرای خەڵکی ئاوایی بەکریگیراوان ناچار بوون ئازادیان کەن.

مەریوان:

رۆژی ١٣ی رەزبەر بەکریگیراوانی رژیم چوونە ئاوایی "مرگ"ی مەریوان و تەوهینیان بە خەڵک کرد و پاش ئیعتیرازی خەڵکی ئاوایی لاویکیان گرت و بردیانە ئاوایی "بیەکەرە". ژنان و پیاوانی ئاوایی بەتیکرا لە بەر پایگای رژیم کۆبوونەوە و بەهات و چووی بەکریگیراوان بۆ نیو ئاوایی و گرتنی ئەو لاوە ئیعتیرازیان کرد و بەکریگیراوانیان ناچار کرد گیراوەکە ئازاد کەن و قەول بدەن لەوە بەدوا هات و چووی ئاوایی نەکەن.

سەقز:

رۆژی ١٢ی رەزبەر هێزەکانی رژیم چوونە ئاوایی "بارام" لەسەر شیوی سەقز و بە خەڵکی ئاوایی‌یان راگەیاند لە سەعات ٦ی ئیوارەوە هەقتان نیە پیکەوە کوبنەوە و داوا لە خەڵک دەکەن بلاوەی بکەن. بەڵام خەڵکی ئاوایی گوێیان نەدانی و بەکریگیراوان چەکیان لی کیشان و هەرەشەیان لی کردن. خەڵکی ئاوایی بە توندی لە بەرانبەریان دا راوەستان و ناچاریان کردن ئاوایی بەجێ بیلن.

رۆژی پێشتریش بەکریگیراوان داوای تەراکتوریان لە خەڵک کردبوو کە خەڵکی ئاوایی نەیاندا بوونی.

سەقز:

رۆژی ١٠ی رەزبەر هێزەکانی رژیم هێرشیان بردە سەر دەستفرۆشانی دەوروبەری گاراجی سەقز و سەرەرای ئیعتیرازی ئەوان، بەشیک لە کەل و پەلەکانیان زەوت کرد. رۆژی دواتر دەستفرۆشەکان لەبەر شارەداری کۆبوونەوە و داوای کەل و پەلەکانیان کردەوە. شارەدار کوتی بە شەرتی ئەوەی ئیتر دستفرۆشی نەکەن و شتوومەکەکانتا دەدرێتەوە. بەڵام زەحمەتکێشانی دەستفرۆش نەچوونە ژێر باری ئەو شەرتە و پێیان لەسەر داوای خۆیان داگرت. تا گەیشتنی ئەم هەواڵە کەل و پەلی ئەو زەحمەتکێشانە نەدراوەتەوە.

دیواندەرە:

رۆژی ٤ی رەزبەر بەکریگیراوان رژیم ئاوایی "دەرەویانی شیخ"یان وەحشیانە خومپارەباران کرد کە بە هۆی وشیاری خەڵکەوە زەرەر و زیانی گیانی نەبوو. رۆژی ٦ی رەزبەریش بەکریگیراوان رژانە نیو ئاوایی و ٤ تاپری جەوازداری خەڵکیان زەوت کرد و پاشان دەستیان دایە مالان گەری و بە بیانووی گرتنی رادیو کۆمەڵە رادیوکانی خەڵکیان زەوت کرد. خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی بە توندی بەم زەخت و فشارانە ئیعتیرازیان کرد و هەموو رادیوکانیان ئەستاندنەوە و بەکریگیراوانیان لە ئاوایی دەر کرد.

بۆکان:

رۆژەکانی ئاخری مانگی رەزبەر بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "قەرەگویز" لەبەشی تورجانی ناوچەی بۆکان ٤ کەس، و لە ئاوایی قاراوای ئەم ناوچەیەیش ٣ کەسیان بە بیانووی هاوکاری لەگەل پێشمەرگە گرت.

* بەکریگیراوانی رژیم لە شاری بۆکان و بە تایبەت ئاوایی‌یەکانی ئەم ناوچەیە، لە نیوەی هەوڵی مانگی خەرمانان دا، ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵک گرت. کومیتەی ناوچەی بۆکان لە راگەیاندنیک دا پاش باس کردنی ترسی رژیم لە پەرەسەندنی ئیعتیراز و موبارەزەی خەڵک، داوای لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کرد لە دژی ئەم زەبروزەنگەی رژیم دەست بدەنە ئیعتیراز و موبارەزە.

* رۆژەکانی ئاخری گەلاوێژ بەکریگیراوانی رژیم لە پوستی بازرەسی بۆکان _ میاندواو ٣ موتور سواریان ئیعدام کرد و پاشان لە ترسی ئیعتیرازی خەڵک رایانگەیاند ئەم کەسانە لە وەختی دزی کردن دا تەقەیان لیکراوە و پێکراون.

* نیوەراستی مانگی هاوین بەکریگیراوانی رژیم لە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی دیواندەرە داوا دەکەن بچنە شار و لە مەراسمی فەرمایشی رژیم دا بەشداری بکەن بەڵام خەڵک نەچوون و تەحریمیان کرد. ژمارەیەکی کەمیش کە بە بوتەی وەرگرتنی کوپینەوە چووبوون، بۆ ئیعتیراز بە قسەکانی فەرمانداری بەکریگیراوی رژیم کە لە دژی پێشمەرگە قسەی دەکرد، مەراسمەکەیان بەجێ هیشت.

* شەوی ٣٠ی گەلاوێژ بەکریگیراوانی رژیم رژانە ئاوایی "شەریف ئاوا"ی دیواندەرە و لە حاڵی خەودا زەحمەتکێشیکی خەڵکی ئاوایی‌یان بە نیوی ناسر دایە بەر دەسریژ و کوشتیان.

* بەکریگیراوانی رژیم پاش گیرانی پایگای "تەوکلان" بە دەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ٣ کەس لە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یەیان بە تاوانی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە گرت و رەوانەی شاری دیواندەرەیان کردن.

* رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ فەرماندەی بەکریگیراوی ژمارەیەک لە هێزەکانی رژیم کە چووبوونە ئاوایی "هەلوی"ی سەردەشت سەرباز پاسداریکی خەڵکی ئاغەلانی کوشت و لە ترسی ئیعتیرازی خەڵک رایگەیاند کە پێشمەرگە کوشتوویانە.

* رۆژی ٤ی خەرمانان، ٤ منالی خەڵکی ئاوایی "جانەوەرە" بە هۆی تەقینەوەی مینیک کە بەکریگیراوان دایان نابوو، گیانیان لە دەست دا.

* سەعات ٤ی بەیانی رۆژی ٣ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم کەمین بۆ ئەو کرێکارانە دادەنینەوە کە بۆ کار کردن لە ئاوایی "بسام" دەچنە دەر و تەقیان لی دەکەن و پاشان دەچنە مالی زەحمەتکێشیکی ئاوایی بە نیوی "دەرویش محمەد" و تەقە دەکەن و چەند سەر مەر و مالات دەکوژن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە مانگی خەرمانان دا بە بلاو کردنەوەی شایعەی ئیعدامی ٧٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی سەقز هەوڵیان دا فەزای ترس و سام لە نیو خەڵک دا پێک بینن و وەریان بروووخێنن.

* سەربازەکانی پایگای "دەرەزیارەت"ی سەرشیوی سەقز، فەرماندەی بەکریگیراوی ئەم پایگایەیان بە سزای جینایەتەکانی گەیاند، ئەم بەکریگیراوە زۆری ئەزیەت و ئازاری خەڵک دەدا و فشاریکی زۆریشی خستبوە سەر سەربازەکان.

* خەڵکی ئاوایی "باین دەرە"ی بەشی سەرشیوی سەقز داوایان لە مەسئوولینی رژیم کردوە کە لووڵەکەشی‌یان بۆ بکەن. بەکریگیراوان تا ئێستا لە هەر خانەوادەی ٥٠٠ تا هەزار تمەنیان باج وەرگرتوە بەڵام هیچیان بۆ نەکردوون.

* لە حالیکدا بەریوەبەرانی جمهووری ئیسلامی بە دەهول و زورنا رادەگەیەنن بۆ ناونووسی دانش ئاموزان پوول وەر ناگرن، ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی بۆکان رایگەیاند تا ئێستا ٢ میلیون و ٢٠٠ هەزار تمەن پولی لە دانش ئاموزان وەرگرتوە.

* ئاخری مانگی خەرمانان و هەوەڵی مانگی رەزبەر جمهووری ئیسلامی نزیکەی ١٠٠ کەس لە کارمەندانی شاری مهابادی بۆ ئاموزشی نیزامی بە زۆر بردە مەرکەزە نیزامی‌یەکان.

* ئاخری مانگی ئەمساڵ کاربەدەستان رژیم لە ناوچەی بانە بە خەڵکی ٢٦ ئاوایی‌یان راگەیاند کە ئاوایی‌یەکانیان چول کەن و دروینەیان لە خەڵک قەدەغە کرد. کومیتەی ناوچەی بانە ویرای مەحکووم کردنی ئەم پیلانەی رژیم داوای لە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە کرد بە پشتیوانی خەڵکی شار و دێهاتی دیکە دەست بدەنە ئیعتیراز و بەتیکرا بچنە شار و داوای هەلوەشانەوەی ئەم حوکمە بکەن.

*سەربازیکی لەشکری "قودس"ی ٣٠ی گورگان لە پایگای "بویەن"ی بانە، بو ئیعتیراز بە رژیم و تەوهینی فەرماندە بەکریگیراوەکەی، رۆژی ١٦ی گەلاوێژ خۆی کوشت.

* کاربەدەستانی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش ٣٠٠ کرێکاری مەدرەسەی شەوانەیان بە بیانووی تەمەنی زۆر لە دەرس خویندن مەحروم کرد و ئیخراجیان کردن.

* شەوی ١٠ی خەرمانان گوروهی زەربەتی "باریکاوی" زەحمەتکێشیکی خەڵکی "وسووەکەل" بە نیوی عەلی دەرویش قادر دەگرن و لە دەرەوەی ئاوایی زۆری لیدەدەن. خەڵکی ئاوایی هەر کە بەم مەسەلەیە دەزانن دەست دەدەنە ئیعتیراز و ئەو زەحمەتکێشە ئازاد دەکەن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی‌یەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سەردەشت بە خەڵکیان راگەیاند کە نابی گوی بدەنە رادیوی هێزە سیاسی‌یەکانی موخالیفی رژیم. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاوایی‌یانە ملیان نەدا و بە ئاشکرا گوی دەدەنە ئەم رادیویانە.

* خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی‌یەکانی بەشی "خاومیراو"ی مەریوان داوایان کرد بگەڕێنەوە ئاوایی‌یەکانی خۆیان بەڵام یەکیک لە فەرماندە بەکریگیراوەکانی ئەرتەش بەری پی گرتن. کومیتەی ناوچەی مەریوان داوای لە ئاوارەکانی ئەم ناوچەیە کرد موبارەزەی خۆیان بۆ گەرانەوە بۆ شوینەکانی خۆیان و وەرگرتنی خەسارەت درێژە پی بدەن.

* بەکریگیراوانی رژیم رۆژی ٢١ی خەرمانان لە گەرەکەکانی "باوەرەشید" و "ئیستادیوم" دەستیان دایە مالان گەران و ژمارەیەک لە خەڵکی ئەم گەرەکانەیان گرت. لە مەزراکانی دەروبەری شاریش دوو کەسیان گرت کە ٢ رۆژی دواتر ئازاد کران.

* رۆژی ٥ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم هێرشیان بردە سەر مەیدانی فوتبالی بۆکان و ٤ تەماشاچی موسابقەی فوتبالیان گرت.

* شەوی ٢١ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم لەسەر جادەی سنە _ مەریوان تەقەیان لەو ماشینانە کرد کە هات و چوویان دەکرد و راننەدەیەکیان کوشت.

* رەزبەری ئەمسالّ کاربەدەستانی ئاموزش و پەروەرشی رژیم لە شاری سەقز بە موعەلیمەکانی کلاسەکانی شەوانەیان راگەیاند بەم بۆنەیەوە هیچ پوولیکیان پی نادری و دەبی حەقی دەرس کوتنەوەی شەوانە لە دانش ئاموزان وەرگرن. کاربەدەستانی ئەم ئیدارەیە ئەمسالّ لە هەر دانش ئاموزیک ١٥٠ تا ٥٠٠ تمەن پوولی نیونووسی یان وەرگرتوە.

* "بنیاد شەهید"ی رژیم لە مەریوان دوو مانگ پاش تەواو بوونی شەر حقووقی ژمارەیەک لە نوقسانەکانی شەری بری. بە پێی ئەم گوزارشە ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادەی قوربانیانی شەر و دیلەکان و کەسانی بی سەروشوین هەموو رۆژی لەبەر ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان کۆدەبنەوە و داوای ئەوە دەکەن کە دەوڵەت خەرجیان بکێشی.

* مەئمووڕەکانی ئیدارەی "بهداشت"ی رژیم بە بیانووی غەیرە بیهداشتی بوونی دووکانەکانی گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکانی سەقز، کەل و پەلی ئەم دووکانانەیان هەڵرشتە سەر خیابان. خەڵکی ئەم گەرەکانە ئیعتیرازیان بەم کارە کرد.

* ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش لە پیرانشار لە ساڵی تازەی خویندن دا ٢٥٠ تا ٥٠٠ تمەن پوولی نیونووسی لەهەر دانش ئاموزیک ئەستاند.

* بەکریگیراوانی رژیم بۆ ئەوەی خەڵکی بەشەکانی "لاجان" و "نەلین" ناچار بکەن کە چەک تەحویل بدەنەوە، لە هەر کام لە ئاوایی‌یەکانی ئەم دوو بەشە ٣ کەسیان گرت.

* مەدرەسەی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوایی‌یەکانی بەشەکانی "خورخورە"، "سەرشیو"، "فیزاللە بەگی"، "گەورک" و "مەرخوز" موعەلمیان نیە و بەم بۆنەوە تەعتیلن.

* شارەداری سەقز بە بیانووی "بازسازی"یەوە سەهمیەی کەل و پەلی ساختمانی خەڵکی بری و ئەو زەحمەتکێشانەی کە مالیان بە بومباران ویران بووە، لەساز کردنەوەی خانووەکانیان مەحروم کران.

* بەکریگیراوانی رژیم ویرای راگەیاندنی حکوومەتی نیزامی لە ئاوایی‌یەکانی بەشی سەرشیوی سەقز، زەخت و زۆریکی یەکجار زۆریان خستە سەر خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە و چەندین جار تەقەیان لی کردوون و لە ئاوایی "بسام" کەسیکیان بریندار کردوە.

* رۆژی ٢١ی خەرمانان بەکریگیراوانی گوروهی زەربەتیکی رژیم لە دەرەوەی ئاوایی "گوگجە"ی سەرشیوی مەریوان دەسریژیان لە زەحمەتکێشیکی خەڵکی ئاوایی کرد بریندارییان کرد.

* رۆژی ٦ی خەرمانانیش بەکریگیراوانی گوروهی زەربەت لەم ئاوایی‌یە پاش تیک هەڵچوون لەگەل بەکریگیراوانی ژاندارمری و کوژرانی ٢ بەکریگیراوی گوروهی زەربەت هێرشیان بردە سەر خەڵکی ئاوایی و یەکیک لە زەحمەتکێشانی ئەم ئاوایی‌یەیان بە نیوی محمەد فروری کوشت.

* رۆژی ١١ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "کاومەلە"ی سەرشیوی سەقز دوو کەسیان بە نیوی جلیل کویخا و عەولا و مستەفا حاجی مەلا گرت.

خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە زەرەر و زیانێکی قورسیان بە هێزەکانی رژێم گەیاند.

* چەند واحید لە هێزەکانی رژێم تەفروتونا کران

* ژمارەیەکی زۆر لە بە کریگیراوان کوژران و بریندار بوون

* دوو بەکریگیراوی رژێم بە دیل گیرا

* دوو ماشینی تویوتا رژێم تیک شکا و ئاگریان تی بەردرا

* ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی و سەنەد و بەلگەی رژێم کەوتە دەستی پێشمەرگەکان.

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە چەندین مەرکەزی نیزامی رژێم تێپەرین و لە نیوان پایگاکانی "کەچەل مینان" و "خەیەر" ٣ کیلومیتر لە جادەی سەقز مەریوانیان گرتە ژێر دەسەلآت و چاوەدێری خۆیان.

سەعات ٧و ١٥ دەقیقەی ئیوارە ماشینێکی تویوتای رژێم بە ١٢ سەرنشینەوە کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکان و هەموو سەرنشینەکانی کوژران و دوای کوکردنەوەی دەسکەوتەکان ماشینەکەش ئاگری تی بەردرا.

ماشینێکیتری هێزی کومەکیەکانی رژێم کەوتە کەمینی واحیدێکی دیکە لە پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و بەکریگراوانی رژێم دوای پی گەیشتنی تەلەفاتیک هەلاتن. هاوریانمان ویرای ئاگر تێبەردانی ئەو ماشینەش هێزەکانی رژێمیان هەلبری.

هێزێکی کومەکی دیکەی رژێم کە لە پایگای "کەچەل مینان"ەوە دەستیان دابووە پێشرەوی کەوتنە کەمینی دەستەیەکی دیکەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ٣ کوژراو و چەند بریندارێکیان بەجێ هێشت و هەلاتن.

لەم عەمەلیاتەدا کە بە رۆژی روشن بەرێوە چوو ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم کوژران و بریندار بوون. مەیتی ١٦ کوژراو و تا کوتایی پی هاتنی شەرەکە لە دەست پێشمەرگەکان دا بوو کە ١٣ کەسیان ناسرانەوە. یەکێک لە کوژراوەکان سەروان غلامحسین عبداللەزادە فەرماندەی گورهانی حەسەن سالاران و فەرماندەی میحوەر بوو.

هەروەها لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا ٢ بەکریگیراوی رژێم گیران کە یەکیان بە پێی سیاسەتی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر هەر لەوی ئازاد کرا. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو چەک و تەقەمەنی و سەند دوو بەلگەی رژێم کەوتە دەستی پێشمەرگەکان.

هاوریان پاش کوتایی پی هاتنی شەرەکە لە نیو شوور و شەوقی موسافیران و خەڵکی دێهاتی دەوروبەر کە چاویان لە شەرەکە بوو ئەم شوینەیان بەجێ هیشت.

واحدیکی گەشتی ژاندارمری رژیم تەفروتونا کار

* ژمارەیەک لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون و ٤ بەکریگراوی‌تر بە دیل گیران

* ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

رۆژی یەکی خەرمانان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە ئاوایی "کانی تەمرخان" لە ٥ کیلومیتری جادەی سەقز_ مەریوان واحیدێکی گەشتی ژاندارمری رژیمیان گەمارودا. لە پەلاماری قارەمانانەی هاوریانمان دا ژمارەیەک لە هێزەکانی رژێم کوژران و بریندار بوون و ٤ کەسیشیان بە دیل گیرا و ئار.پی.جی. حەوتیک و ٦ قەبزە تفەنگ کەوتە دەست پێشمەرگەکان. ٣ کەس لە کوژراوەکان ناسرانەوە کە یەکیان عەلی عیسی زادە مەسئوولی سیاسی _ عەقیدەتی واحیدی گەشتی رژیم بوو.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا بە داخەوە هاوریی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی کۆمەڵە محەمەد نسری ناسراو بە "حەمەی لەنگەریز" گیانی بەخت کرد.

پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر مەقەریکی بەکریگیراوان لە بەشی خورخورەی دیواندەرە

رۆژی یەکی خەرمانان واحدیک لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە پەلاماریکی قارەمانانەیان بردە سەر مەقەری بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "دەرەویانی شیخ" لە بەشی خورخورە و دەرفەتی هیچ دەستی بەکوژراوەکان نەدا. هاوریان پاش ئاگر تێبەردانی ئەو ماشینەی کە بەکریگیراوانی رژیمیان تێدا بوو بەجێ هێشت.

لە دوو عەمەلیاتی یەک لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی گوردانی کاوەدا:

* دوو کەمینی هێزەکانی رژیم تیک شکا.

* فەرماندەی پایگای "تەوەکولان" و ژمارەیەکیتر لە بەکریگیراوان کوژران.

نیوە شەوی ٤ی خەرمانان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە، لە ٥ کیلومیتری ئاوایی "تەوەکولان"ی دیواندەرە لە چەند لاوە هێرشیان بردە سەر کەمینێکی هێزەکانی رژیم و هاوکات پایگای رژیمیان لە ئاوایی دایە بەر دەسرێژ. پاش تەواو بوونی ئەم عەمەلیاتە کە ٤٠ دەقیقەی خایاند پێشمەرگەکان بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هێشت.

* ئیوارەی رۆژی ٥ی خەرمانانیش چەند واحیدی دیکەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە نیو ئاوایی "تەوەکولان"دا تووشی واحیدیکی گەشتی رژیم بوون. لە پەلاماری هاوریانماندا بۆ سەر کەمینی بەکریگیراوان چەند کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و باقییەکەیان هەلاتن. یەکێک لە کوژراوەکان حسنی باباخانی فەرماندەی پایگای "تەوەکولان" بوو. لەو شەرەدا کلاشینکوفێک بە دەستکوت گیرا. پێشمەرگەکان سەعات ١٠ی شەو هەموویان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هێشت.

لە زەنجیرە عەمەلیاتێکی پەلاماردانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی گیان بەخت کردنی هاوری فوای مستەفاسولتانی و پێنجەمین ساڵڕۆژی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرێوە چوو:

* پایگای "بس" بە تەواوی گیرا

* بەشێکی بەرچاو لە ساختمانی چەندین پایگای رژیم خاپوور کرا

* ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون

* دوو ماشینی رژیم تیک شکا

* کومەلێک چەک و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

رۆژی ٩ی خەرمانان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاک فوئاد بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری فوئاد مستەفاسولتانی و پێنجەمین ساڵڕۆژی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ٢٠ کیلومیتری مربع لە بەشی سەر شیوی مەریوانیان خستە ژێر دەسەلآت و کۆمنترۆڵی خۆیان.

هاوریان سەعات ٦ی پاش نیوە روو هاوکات بە چەکی سووک و نیوە قور پەلاماریان بردە سەر مەقەرەکانی سپا، ژاندارمری، مەرکەزی میحوەرەکان و بەخشداری "چنارە" و هەروەها پایگاکانی هێزەکانی دوژمن لە ئاوایی‌یەکانی "چالی سوور"، "گیلی کەران" و "ئیسەولی" و بەشیکی بەرچاو لە هەر کام لەو پایگا و مەقەرانەیان بەسەر هێزەکانی دوژمن دا ویران کرد و سەنگەرەکانیان خاپوور کرد.

هاوریانمان کە هەموو جادە و رێگای هات و چووی هێزەکانی رژیمیان بەدەستەوە بوو لە نزیک ئاوایی چنارە دوو ماشینی پر لە بەکریگیراوانی رژیمیان تیک شکاند و هەموو سەرنشینەکانی بەجێ هێشت.

* ئیوارەی رۆژی ٥ی خەرمانانیش چەند واحیدی دیکەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە نیو ئاوایی "تەوەکولان"دا تووشی واحیدیکی گەشتی رژیم بوون. لە پەلاماری هاورییانماندا بۆ سەر کەمینی بەکریگیراوان چەند کەس لە هێزەکانی رژیم و باقی‌یەکەیان هەلاتن. یەکێک لە کوژراوەکان حسنی باباخانی فەرماندەی پایگای "تەوەکولان" بوو. لەو شەرەدا کلاشینکوفێک بە دەستکوت گیرا. پێشمەرگەکان سەعات ١٠ی شەو هەموویان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هێشت.

* پایگای "بس" بە تەواوی گیرا

* بەشێکی بەرچاو لە ساختمانی چەندین پایگای رژیم خاپوور کرا

* ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون

* دوو ماشینی رژیم تیک شکا

* کومەلێک چەک و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

رۆژی ٩ی خەرمانان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاک فوئاد بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری فوئاد مستەفاسولتانی و پێنجەمین ساڵڕۆژی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ٢٠ کیلومیتری مربع لە بەشی سەر شیوی مەریوانیان خستە ژێر دەسەلآت و کۆمنترۆڵی خۆیان.

هاوریان سەعات ٦ی پاش نیوە روو هاوکات بە چەکی سووک و نیوە قور پەلاماریان بردە سەر مەقەرەکانی سپا، ژاندارمری، مەرکەزی میحوەرەکان و بەخشداری "چنارە" و هەروەها پایگاکانی هێزەکانی دوژمن لە ئاوایی‌یەکانی "چالی سوور"، "گیلی کەران" و "ئیسەولی" و بەشیکی بەرچاو لە هەر کام لەو پایگا و مەقەرانەیان بەسەر هێزەکانی دوژمن دا ویران کرد و سەنگەرەکانیان خاپوور کرد.

هاوریانمان کە هەموو جادە و رێگای هات و چووی هێزەکانی رژیمیان بەدەستەوە بوو لە نزیک ئاوایی چنارە دوو ماشینی پر لە بەکریگیراوانی رژیمیان تیک شکاند و هەموو سەرنشینەکانی بەجێ هێشت.

* ئیوارەی رۆژی ٥ی خەرمانانیش چەند واحیدی دیکەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە نیو ئاوایی "تەوەکولان"دا تووشی واحیدیکی گەشتی رژیم بوون. لە پەلاماری هاورییانماندا بۆ سەر کەمینی بەکریگیراوان چەند کەس لە هێزەکانی رژیم و باقی‌یەکەیان هەلاتن. یەکێک لە کوژراوەکان حسنی باباخانی فەرماندەی پایگای "تەوەکولان" بوو. لەو شەرەدا کلاشینکوفێک بە دەستکوت گیرا. پێشمەرگەکان سەعات ١٠ی شەو هەموویان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هێشت.

تیک شکانی هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "قادرئاوا"ی دیواندەرە

ئیوارەی رۆژی ١٢ی خەرمانان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە، لە ئاوایی "قادرئاوا"ی دیواندەرە گەیشتنە گوروهیکی گەشتی رژیم و دەسبەجێ پەلاماریان دان و ناچاریان کردن هەلین. لە درێژەی ئەم تیک هەڵچوونەدا پێشمەرگەکان پەلاماریان بردە سەر هێزی کومەکی رژیم کە لە پایگای "قادرئاوا"وە پێشرەویان کردبوو. لەم پەلامارەش دا ژمارەیەک لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان بە شپرزەیی‌ەوە پاشەکشەیان کرد.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا کە ٢ سەعات و ٤٥ دەقیقەی خایاند ٦ بەکریگراوی رژیم کوژران و بریندار بوون و یەکیان بە دیل گیرا و ٤ قەبزە چەک کەوتە دەستی پێشمەرگەکان. پێشمەرگەکان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هێشت.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی گوردانی کاک فوئاد لە شار و دێهاتی مەریوان کوتایی پی هات.

جەولەی پێشمەرگەکانی گوردانی کاک فوئاد کە رۆژی ٣ گەلاوێژ دەستی پی کردبوو رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ سەرکەوتوانە کوتایی پی هات.

لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا هاورییان لە نیو کۆر و کۆمەڵی خەڵکی شار و زۆربەی زۆری دێهاتی مەریوان دا بەشداری‌یان کرد و لە سەر گرینگترین رووداوە سیاسی‌یەکانی ئێران و کوردستان قسە و باسیان لەگەل کردن و هەڵوێست و سیاستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان تەبلیغ کرد.

هەروەها لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا هاورییان چەند عەمەلیاتێکی سەرکەوتوانەی نیزامی‌یان بەرێوە برد، پایگای دوژمنیان لە ئاوایی "ساوسلیمانە" بە تەواوی گرت، گەورووهی زەربەتی "جانەوەرە"یان تیک شکاند، بەکریگیراوی نیوزراوی رژیم "سعید عەودە"یان گرت، زۆرەیەک لە هاوکارانی رژیمیان گرت و پاش هەرەشە ئازادیان کردن، شووڕای ئیسلامی چەند ئاوایی‌یان هەلوەشاندەوە و داوایان لە خەڵک کرد نوینەری خۆیان هەلبژێرن.

لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا ژمارەیەک لە زەحمەتکێشان بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون و خەڵکی شار و دێهاتی مەریوان موشکلاتی خۆیان لەگەل هاورییانمان باس کرد و ئیتلاعاتی پێویستیان سەبارەت بە هێزەکانی رژیم نایە ئیختیار پێشمەرگەکانەوە و یارمەتی‌یە مالی و تەدارەکاتی‌یەکانی خۆیان گەیاندە دەست هاورییانمان.

هێرشی تەیارەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر یەکیک لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

رۆژی ١٦ی گەلاوێژ چەند تەیارە یەکیک لە مەقەرەکانی کۆمەڵەیان لە شمالی کوردستانی عێراق بومباران کرد. جمهووری ئیسلامی رەسمەن مەسئوولیەتی ئەم هێرشە جینایەتکارانەیەی وە ئەستۆ نەگرت بەڵام تەحقیقاتی دوایی کۆمەڵە دەری خست کە ئەم بومبارانە لە لایەن دوو تەیارەی جمهووری ئیسلامی‌یەوە کراوە.

لە جەرەیانی ئەم بومبارانەدا ٣ هاوریی کۆمۆنیست و پێشرەومان، هاورییان حسین سهیلی، هوشنگ نیک نژاد و رحیم تلوعی‌فەر گیانیان بەخت کرد کە بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە کرێکاران و هاوسەنگەران و کەس و کاریان دەکەین.

لە زنجیرە عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری سەقزدا:

* چەند شوینی شار کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەکان

* حسینی محەمەدی هاوکاری نیوزراوی رژیم کوژرا.

سەعات ٨ و نیوی ئیوارەی ١٨ی خەرمانان پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز رخنەیان کردە نیو شاری سەقز و کۆنترۆڵی وروودی شاریان بە دەستەوە گرت و زنجیرە عەمەلیاتیکی سەرکەوتوانەیان بەرێوە برد.

لە بەشێک لەم عەمەلیاتەدا هاورییان مالی هاوکاری نیوزراوی رژیم، حسین محەمەدی یان گەمارو دا و داوایان لی کرد تەسلیم بی. بەڵام ناوبراو کە دەستی کردەوە بە ئاگری چەکی پێشمەرگەکان کوژرا.

لە بەشەکانی‌تری ئەم عەمەلیاتەدا پێشمەرگەکان پەلاماریان بردە سەر سەنگەرەکانی پایگایەکی رژیم لە بلوار زیان و تەلەفاتی گیانی یان پی گەیاندن و بەشێک لە سەنگەرەکانیان خاپوور کرد و لە نیو "قەرەچی‌ئاوا" و مەرکەزی شاردا کەمینیان بۆ هیزەکانی رژیم دانا کە بەکریگیراوان نەیان ویرا جم و جوول بکەن.

لە جەرەیانی ئەم زنجیرە عەمەلیاتەدا کە ٢ سەعاتی خایاند، خەڵکی شار بە شیعاری "بژی کۆمەڵە" و "بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" پێشوازی‌یان لە پێشمەرگەکان کرد و پێشمەرگەکانیش تراکت و نووسراوەی حیزبی‌یان لە نیودا بلاو کردنەوە و لە سەر وەزعیەتی سیاسی ئێران و کوردستان و مەوقعییەتی جمهووری ئیسلامی قسە و باسیان لەگەل کردن و پاشان هەموو بە سلامەت شاریان بەجێ هیشت.

پێشڕەو

کۆنترۆلی جادەی سنە _ سەقز

ئیوارەی رۆژی ١٥ی خەرمانان پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، لەسەر جادەی سەقز _ سنە، بۆ ماوەی ٣ سەعات کۆنترۆلی چوارریی "چاپان _ سوننەتە" یان بە دەستەوە گرت و ویرای بازدیدی ماشینەکان، لەگەل دەیان موسافیر و راننده لەسەر ئەوزاعی کوردستان و وەزعییەتی پێشمەرگە قسە و باسیان کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبییان بلاو کردەوە.

لە پەنا لەشکری ٢٨ و ل ٥ کیلومیتری شاری سنە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە:

* کۆنترۆلی ٤ کیلومیتر لە جادەی سنە _ مەریوانیان بە دەستەوە گرت
* واحیدیکی هێزەکانی رژیمیان تیک شکان* هێرشیان بردە سەر پاگیاەکی رژیم و تەلەفات و خەسارەتیان پی گەیان
* ١٩ بەکریگیراوی رژیمیان بە دیل گرت.

رۆژی ٢٠ی خەرمانان پێشمەرگەکانی گوردانی شوان لە تیپی ١١ی سنە لە پەنا لەشکری ٢٨ و لە ٥ کیلومیتری شاری سنە، کۆنترۆلی ٤ کیلومیتر لە جادەی سنە _ مەریوانیان بە دەستەوە گرت و بۆ ماوەی چەند سەعات ماشینەکانی ئەم ریگایەیان بازدید کرد، لەگەل موسافرەکان لەسەر ئەوزاعی سیاسی کوردستان قسە و باسیان کرد و نووسراوە و تراکتی حیزبییان لە نیودا بلاو کردەوە.

* ٩ بەکریگیراو بەدیل گیران و ژمارەیەکی‌ترپشیان کوژران
* ژمارەیەکی بەرچاو چەک و تەقەمەنی بە دەسکەوت گیرا.

سەعات ٢/٥ی پاش نیوەروی ٢٢ی خەرمانان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەر بەرزاییەکان و پشت باغەکانی ئاوایی مەلەکشان لە دە کیلومیتری شاری سنە دامەزران و کۆنترۆلی جادەی ئاوایی‌یان بە دەستەوە گرت. سەعات ٣و ٤٥ دەقیقە بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیرا و نیو سەعات دواتریش واحیدیکی بەکریگیراوان بەدیل گیران. سەعات ٦ی پاش نیوەرو بە رۆژی روشن و بە بەرچاوی واق ماوی بەکریگیراوان دا پێشمەرگەکان چوونە نیو پایگا. ٢ بەکریگیراوی رژیم کە سەرەرای دەستوری تەسلیم بوونی پێشمەرگەکان کردنەوە.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی رژیم کە بەرەو شوینی پێشمەرگەکان دەهاتن، کەوتنە بەر پەلاماری دلیرانەی هاورییانمان و تەلەفاتیکیان وی کەوت و پاشەکشەیان کرد. هەروەها پێشمەرگەکان پەلاماریان بردە سەر پایگایەکی بەکریگیراوان کە دەی روانی‌یە سەر شوینی شەرکە و زەرەر و زیانی گیانی و مالی یان پی گەیاندن.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە. سەر کەوتوانەدا ١٩ بەکریگیراوی دوژمن بە دیل گیران و ماشینیکی رژیم بە دەسکەوت گیرا و لە ناو برا و پاشان هەموو پێشمەرگەکان بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

پایەگای مەلەکشان لە دە کیلومیتری سنە بە تەواوی گیرا

* ٩ بەکریگیراو بەدیل گیران و ژمارەیەکی‌ترپشیان کوژران
* ژمارەیەکی بەرچاو چەک و تەقەمەنی بە دەسکەوت گیرا.

سەعات ٢/٥ی پاش نیوەروی ٢٢ی خەرمانان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەر بەرزاییەکان و پشت باغەکانی ئاوایی مەلەکشان لە دە کیلومیتری شاری سنە دامەزران و کۆنترۆلی جادەی ئاوایی‌یان بە دەستەوە گرت. سەعات ٣و ٤٥ دەقیقە بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیرا و نیو سەعات دواتریش واحیدیکی بەکریگیراوان بەدیل گیران. سەعات ٦ی پاش نیوەرو بە رۆژی روشن و بە بەرچاوی واق ماوی بەکریگیراوان دا پێشمەرگەکان چوونە نیو پایگا. ٢ بەکریگیراوی رژیم کە سەرەرای دەستوری تەسلیم بوونی پێشمەرگەکان خەیالی دەست کردنەوەیان هەبوو بە ئاگری چەکی پێشمەرگەکان کوژران و باقی‌یەکەیان تەسلیم بوون. هاورییان دوای گرتنی پایگای مەلەکشان چەند سەعات لە نیو ئاوایی مانەوە و لەگەل خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە سەبارەت بە مەسایلی سیاسی و موشکلاتی ژیانیان قسە و باسیان کرد و پاشان هەموو بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هیشت.

لە جەرەیانی گرتنی ئەم پایەگایە دا ژمارەیەک لە بەکریگیراوان کوژران کە دوو کەسیان ناسراونەوە، ٩ بەکریگیراوی‌تر بەدیل گیران، ٢٥ قەبزە چەکی سوک و قورس و دەیان هەزار فیشەک و هەروەها ٢ دەزگا بی‌سیم و کومەلیک بەلگە و سەنەدی رژیم و کومەلیکی زۆر وەسایلی تەداروکاتی بەدەسکوت گیرا.

تیک شکاندنی دوو کەمینی هێزەکانی رژیم

رۆژی ١٤ی خەرمانان واحیدیک لە هاورییانی تیپی ١١ی سنە لە کاتی بەرێوە بردنی مەئموریەتیک دا، لە نزیک ئاوایی "گەوەن توو"ی بەشی سارالی سنە دەگەنە کەمینیکی هێزەکانی رژیم و پەلاماریان دەدەن و ناچاریان دەکەن هەلین. پاشان پێشمەرگەکان هەموو بە سلامەت مەئموریەتەکەیان درێژ پی دەدەن.

رۆژی ١٧ی خەرمانانیش واحیدیکی دیکە لە هێزەکانی دوژمن کە بەرەو پێشمەرگەکان پێشرەوی‌یان کردبوو کەوتنە کەمینی واحیدیکی تری هاورییان و تەلەفاتیکیان ویکەوت و ناچار بوون پاشەکشە بکەن.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا ٢ کلاشینکوف و ماشینیک و بی‌سیمیک و دوربینیکی نیزامی و هەندیک سەند و بەلگەی نیزامی کەوتە دەست پێشمەرگەکان. دیلەکان، عەلی حسنی و رەزا پێشەگر بە هۆی بریندار بوونیانەوە هەر لەوی ئازاد کران.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە رخنەیان کردە نیو شاری مەریوان و لە نزیک شوینی دامەزرانی سپای سولحی سازمانی ملل پەلاماریان بردە سەر ٣ مەقەری بەکریگیراوان و تەلەفاتیان لی دان.

پاش نیوەروی رۆژی ٢١ی خەرمانان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد رەخنەیان کردە نیو شاری مەریوان و لە گەرەکەکانی "ئیستادیوم"، "باوە رەشید" و "بلوار"ی شار دامەزران و پاشان لە نزیک شونیی جی‌گیر بوونی سپای سولحی سازمانی ملل ٣ مەقەری بەکریگیراوانی دوژمنیان ئاگر باران کرد و خەسارەت و تەلەفاتیان پی گەیاندن و چەند بەشی مەقەرەیکیان خاپوور کرد.

پێشمەرگەکان لە جەرەیانی حوزووری بە هێزیان دا لە نیو شاری مەریوان، لەگەل خەڵکی شار گفت و گویان کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبییان لە نیودا بلاو کردنەوە و هەموو بە سلامەت گەرانەوە.

دوو گوروهی زەربەتی رژیم تیک شکا

سەعات ٥ و ٢٠ دەقیقەی ئیوارەی رۆژی ٢٣ی خەرمانان گوروهیکی زەربەتی رژیم بۆ زەربە وەشاندن لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە بەرزاییەکانی ئاوایی "شارانی"ی مەریوان دامەزران. پێشمەرگەکان پێیان زانین و پەلاماریان بردە سەریان و چەند کەسیان لی کوشتن و ناچاریان کردن هەلین. گوروهی زەربەتی ئاوایی‌یەکانی "چور" و "نەنە"ش کە بە کومەکی هێزەکانیانەوە هاتبوون کەوتنە بەر پەلاماری واحیدیکی‌تری پێشمەرگەکان و تەلەفاتیکیان پی گەیشت و پاشەکشەیان کرد. لەسەرجەمی ئەم عەمەلیاتەدا ٧ بەکریگیراو کوژران و بریندار بوون، بەکریگیراویکی دیکە بە چەکەوە بە دیل گیرا و پێشمەرگەکان بە سلامەت گەرانەوە.

ماشینیکی بەکریگیراوان تیک شکا و ژمارەیەکیان لی کوژرا

شەوی ٢٤ی خەرمانان، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاك فوئاد، لە نیوان پادگان و شاری مەریوان دا کەمینیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا و سەعات ١٠ی شەو ماشینیکی دوژمنیان خستە کەمین و تیکیان شکاند. لە جەرەیانی ئەم پەلامارەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون و چەکیک کەوتە دەست هاورییان.

پایگای "تایربوغە" لە ژیر ئاگری چەکی پێشمەرگەکانی گوردانی ٣١ی بۆکان دا

سەعات ٧ی پاش نیوەروی رۆژی ٢٣ی خەرمانان، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٣١ی بۆکان، بە رۆژی روشن پەلاماریان بردەسەر پایگای دوژمن لە ئاوایی "تایربوغە" و بەشیک لە سەنگەر و ساختمانی پایگاکەیان خاپوور کرد و پاشان لە نیوان پیشوازی گەرمی خەڵک دا کە شاهیدی عەمەلیاتەکە بوون چوونە نیو ئاوایی. لەم عەمەلیاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون و پایگاکانی دەوروبەر نەیان ویرا هێزی کومەکی بنێن.

٣٩ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر ئازاد کران

لەسەر بریاری کومیتەی ناوچەی مەریوان لە رۆژەکانی ١١ی خەرمانان و ٢٥ی خەرمانان ٤ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر ئازاد کران کە ناویان بەم جۆرەیە:

١- اکبر گودرزی، ٢- اسکندر اکبزی، ٣- عبدالله صالحی، ٤- محمودی

هەروەها کومیتەی ناوچەی دیواندەرەش یەکیک لە دیلەکانی مەیدانی شەری بە نیوی ارش پاشایی ئازاد کرد کە رۆژی ١٧ی خەرمانان بە دیل گیرا بوو.

لە سەربریاری کومیتەی ناوچەی سنە رۆژەکانی ١١ی خەرمانان، ٢٣ی خەرمانان، ٢٩ی خەرمانان و ٨ی رەزبەر، سەرجەم ٣٤ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر ئازاد کران کە بریتین لە:

١- محەمەد ملانەژاد ٢- عبدالرئوف باکمال ٣- رەزا سعید نژای ٤- داود معین نژای ٥- علی الله مرادی ٦- محسن حسین زادە ٧- عزیزقلی بهرامی ٨- عەلی عبدی ٩- عەلی درگاهی ١٠- سابر ارموند ١١- عەلا رحیمی ١٢- ایوب رحیمی ١٣- رشید رحیمی ١٤- یارعەلی یعقوبی ١٥- مهدی ناتقی ١٦- رستم شریفی ١٧- جعفر روح الهی ١٨- شعبان میزاخانی ١٩- محمی کرمانی ٢٠- اسماعیل موسوی ٢١- ناسر جامیشی ٢٢- قدرت الله حکمی ٢٣- خزعل داوری ٢٤- فرهای فرات بدل ٢٥- عبود عبدالله‌نژای ٢٦- حسین نیك خلق ٢٧- محمی عەلی شاهی ٢٨- حسن جماعتی ٢٩- محمی یوسف وند ٣٠- حسین احمدی ٣١- علیرزا حمید زادگان ٣٢- حیدر عەلی اسلامی ٣٣- موسی شریفی ٣٤- حبیب الله رحمانی.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سنە.

پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی ٢٠ رۆژەیان لە بەشەکانی "سارال"، "چەم شار" و "بەرپلەی سارال" سەرکەوتوانە بەریوە برد. لەم جەولەیەدا هاورییان چوونە زۆربەی ئاوایی‌یەکانی ئەم بەشانە و قسەیان بۆ خەڵک کرد و رسیدەگی‌یان بە موشکلاتی خەڵک کرد و ویرای هەرەشە لە کونەپەرستانی محەللی، ٢ کەسیان لی گرتن. پێشمەرگەکان لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سنە دیدار و گفت و گویان کرد و چەندین عەمەلیاتی نیزامی‌یان بەریوە برد کە گرتنی پایگای مەلەکشان، تیک شکاندنی دوو کەمینی هێزەکانی رژیم، کۆنترۆلی جادەی سنە _ مەریوان بەشیک لەو عەمەلیاتانە بوون. لەم شەرانەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ٢٨ کەسیان بە دیل گیران.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی دیواندەرە

پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە لەگەل هاورییانی دەستەی سازماندەهی بەشەکانی "خورخورە" و "تیلەکو" لە رۆژی ٣١ی گەلاوێژەوە تا ١٩ی خەرمانان جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی سەرکەوتوانەیان بەریوە برد و لە نیو کۆر و کۆمەڵی خەڵکی تێکۆشەری ئاوایی‌یەکانی ئەم دوو بەشەدا بەشداری‌یان کرد و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان تەبلیغ کرد. لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا چەن زنجیرە عەمەلیاتی نیزامی بەریوە چوو کە گرینگترین یان بریتی بوون لە: گرتنی پایگای "بس"، "سزادانی فەرماندەی پایگای "تەوەکولان" تەفروتوونا کردنی گوروهە گەشتی‌یەکانی "قادرئاوا" و گوروهی زەربەتی "ماسیەری شیخ" و هێزەکانی رژیم لە پایگای ئاوایی "دەرەویانی شیخ". لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا دەیان بەکریگیراوی رژیم کوژران و بریندار بوون و ژمارەیەکیشیان بەدیل گیران.

لە کەمینی پێشمەرگەکانی گوردانی کاوەدا لەسەر جادەی مەریوان _ سەقز

* ماشینیکی رژیم تیک شکا و کومەلیک چەک و وەسایلی نیزامی بە دەسکەوت گیرا
* ژمارەیەک بەکریگیراوی رژیم کوژران و بریندار بوون و ٢ کەسیان بەدیل گیرا.

سەعات ٦ و نیوی رۆژی ١٢ی رەزبەر چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە نزیک ئاوایی "بسام" لە سەر جادەی مەریوان _ سەقز ماشینیکی رژیمیان خستە کەمین و لە کاریان خست و پاش کوکردنەوەی دەسکەوتەکان ئاگریان تی بەردا. سەعات ٨/٥ی رۆژی ٣ی رەزبەر هێزەکانی دوژمن کوژران و ٢ فەرماندەی نیوزراوی رژیم لە نیو کوژراوەکاندا بوون.

هێرشی بەربلاوی هیزەکانی رژیم لە "ژاوەرو"ی سنە تیک شکا.

* ٢٢ بەکریگیرای رژیم کوژران و ژمارەیکی زۆر زیاتریش بریندار بوون.
* ٢ فەرماندەی نیوزراوی رژیم لە نیو کوژراوەکاندا بوون.

رۆژی ٣ی رەزبەر هێزەکانی رژیم کە بریتی بوون لە گوردانی زەربەتی سپای پاسداران، گوردانی ویژە، گوروهی زەربەتی "شویشە"، گوروهی زەربەتی "نگل" و گوروهی جانبازان، پاش دامەزران لە بەرزاییەکانی "ژاوەرو" هێرشیکی بەربلاویان بۆ سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هینا. پێشمەرگەکان سەعات ١٠ی ئەو رۆژی لە شوینەکانی خۆیان دامەزران و لە سەعات ١٠/٥ چەند واحیدی هێزەکانی

←

رژیمیان لە نزیک ئاوایی "نجی" خستە کەمین و لە شەریکی سەرنگەر بە سەنگەردا زەبریکی قورسیان لی وەشاندن و تیکیان شکاندن.

واحیدیکی تری پێشمەرگەکان بەکریگیراوانی گوردانی ویژەیان لە نزیک "سالیان" خستە کەمین و ژمارەیەکیان لی گلاندن و راویان نان کە ئەوانیش کەوتنە کەمینی سێیەمی پێشمەرگەکان و گەمارودران و زۆربەیان کوژران و بریندار بوون و ۲ کەسیان بەدیل گیرا.

سەعات ۱۱/۵ هاوریان دەستیان دایە پێشرەوی و کۆنترۆلی چەند شوینی گرینگ و ستراتژیکیان بە دەستەوە گرت و سەعات ۵ی ئێوارە دلیرانە پەلاماریان بردە سەر هێزەکانی دوژمن و لە هەموو لایەکەوە راویان نان و تا پایگای ئاوایی "سپیبن" پاشەکشەیان پی کردن و بە تەواوی تیکیان شکاندن.

لەم زەنجیرە عەمەلیاتەدا ۲۲ بەکریگیراوی رژیم کوژران و ژمارەیەکی زیاتریشیان بریندار بوون و ۲ بەکریگیراویش بەدیل گیران و جەنازەی شریف اسدی ناسراو بە "شەریف شویشە" فەرماندەی گوروهی زەربەتی جانبازان و درویش سلاح فەرماندەی گوروهی زەربەت ویژە لە نیو کوژراوەکاندا بوون.

لە جەرەیانی ئەم تیک هەڵچوونەدا بەداخەوە ۲ هاوریی کۆمۆنیست و تێکۆشەرمان، هاوریان محمەد جەفعەری(محەمەد هالەدەرە) و ئەسەد ئەمیری گیانیان بەخت کرد.

جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی گوردانی ۲۶ی سەقز

جەولی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی گوردانی ۲۶ی سەقز کە رۆژی ۲۵ی گەلاوێژ لە ناوچە داگیرکراوەکانی سەقز دەستی پی کردبوو پاش ۳۸ رۆژ سەرکەوتوانە کوتایی پی هات.

هاورییانی گوردانی ۲۶ی سەقز لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا، لە سەر جادەوی سەقز _ مەریوان و سەقز _ بۆکان ۳ جار کەمینیان بۆ هێزەانی رژیم دانا، زەنجیرە عەمەلیاتیکی سەرکەوتوانەیان لە شاری سەقز بەرێوە برد و حسین محمدی یان بە سزای خەیانەتەکانی گەیاند و کۆنترۆلی چەند گەرەکی شاریان گرتە دەست و هێرشیان بردە سەر پایگایەکی رژیم، ۳ جار کۆنترۆلی بەشیک لە جادەی سەقز _ بانە و سەقز _ دیواندەرەیان بەدەستەوە گرت و ۲ کەمینی هێزەکانی رژیمیان تیک شکاند.

هەروەها لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا پێشمەرگەکانلە نیو شاری سەقز و ۲۳ ئاوایی دەوروبەری دەستیان دایە تەبلیغی سیاستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ویرای قسە و باس لەگەل خەڵک تراکت و نووسراوەیان لە ناودا بلاو کردنەوە، شووڕای ئیسلامی چەند ئاوایی‌یان هەڵوەشاندەوە، چەند جاسووس و هاوکاری رژیمیان گرت. خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی سەقز لە هەموو شوینیک پێشوازی گەرمیان لە پێشمەرگەکان کرد و هاوکاری گەرمیان لەگەل کردن.

دووهەمین جەولەی سیاسی نیزامی پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە مەریوان:

پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە درێژەی جەولەی پێشوویان دا جەولەیەکی ۲۰ رۆژەی تریان سەرکەوتوانە بەریوە برد. لە جەرەیانی ئەم جەولەیەدا پێشمەرگەکان چوونە نیو شاری مەریوان و شاروچکەکانی "جووجە سازی" و "کانی دینار" و ئاوایی‌یەکانی دەوروبەر و بۆ هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم ناوچەیە سوخەنرانیان کرد. لە شاروچکەی "جووجە سازی" هاوری عبدالله دارابی بۆ سەدان کەس لە خەڵکی ئەم شارە سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی ئێران و کوردستان و ئەرکەکانی سەرشانی کرێکاران سوخەنرانی کرد. لە شاروچکەی "کانی دینار"یش مەراسمیکی لەم چەشنە بەرپا کرا. پێشمەرگەکان لەم جەولەیەدا رەسیدەگی‌یان بە موشکلاتی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کرد و شووڕای ئیسلامی ئاوایی "لەنج ئاوا"یان هەڵوەشاندەوە.

خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە پێشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لە پێشمەرگەکان کرد و ژمارەیەکیان خوازیاری پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بوون و بە هاورییان پەیوەست بوون.

مەقەری دوژمن لە ئاوایی "چاوگ" بە تەواوی گیرا.

رۆژی ۲۲ی رەزبەر هاوکات لەگەل رەخنەی پێشمەرگەکان بۆ نیو شاری مەریوان، چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ۱۱ی سنە لە دەیان مەقەر و پایگای دوژمن تێپەرین و لە ٤ کیلومیتری ئەم شارە کۆنترۆلی کاملی ئاوایی "چاوگ"یان بە دەستەوە گرت. سەعات ۹ی شەو پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە سەربانی مەقەری بەکریگیراوان لەو ئاوایی‌یە و ئاگریان تی‌بەردا و پاشان رەخنەیان کرد ناو مەقەر و پاش نیو سەعات شەر بە تەواوی گرتیان. لە جەرەیانی گیرانی ئەم مەقەرەدا ۱۲ بەکریگیراو کوژران و ۳ کەسیشیان توانیان هەلین. زۆربەی زۆری چەک و تەقەمەنی ئەم مەقەرە سووتا. پێشمەرگەکان تەنیا ۵ کلاشینکوف و ئارپی‌چی‌یەک و هەندیک تەقەمەنی و سەنەد و بەلگەی رژیمیان بۆ دەرچوو و بە دەسکوتیان گرت و پاشان هەموویان بەسلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هیشت.

لە جەرەیانی رەخنەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ نیو شاری مەریوان:

* کۆنترۆلی بەشیکی زۆری شار کەوتە دەستی پێشمەرگەکان.
* ۳ مەقەری دوژمن کەوتە بەر پەلامار و بەشیکیان خاپوور کرا.
* ۳ ماشین و دووشکایەکی رژیم تیک شکا.
* ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون.

سەعات ٦ی و نیوی ئێوارەی رۆژی ۲۲ی رەزبەر پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و بەشیک لە هاورییانی تیپی ۱۱ی سنە رەخنەیان کرد نیو شاری مەریوان و کۆنترۆلی کاملی ئەم شارە کۆنترۆلی "چاوگ"یان بە دەستەوە گرت. سەعات ۹ی شەو پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە سەربانی مەقەری بەکریگیراوان لەو ئاوایی‌یە و ئاگریان تی‌بەردا و پاشان مەئموریەتەکەیان هەموویان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هیشت.

* شەوی ۳ی رەزبەر پێشمەرگەکان کە لە درێژەی جەولەی سیاسی _ نیزامی‌یان دا بۆ دیتنی خەڵکی ئاوایی "رێخەلان" لە حەومەی شاری مەریوان چووبوونە ئەم ئاوایی‌یە، لە کاتی هاتنە دەریان دا لە نیوان "رێخەلان" و شاروچکەی "جووجە سازی" گەیشتنە کەمینی بەکریگیراوان و دەسبەجێ پەلاماریان بردنە سەر و پاش ۱۰ دەقیقە تیکیان شکاندن. هێزەکانی رژیم لە کاتی پاشەکشەیان دا لە شاروچکەی "جووجەسازی" زەحمەتکێشیک یان بە نیوی رحیم بریندار کرد و بەیانی ئەو رۆژەش گەرانەوە رێخەلان و ئیعلامیە و تراکتەکانی کۆمەڵەیان دراند. پێشمەرگەکان زیانیان پی نەگەیشت.

راونانی بەکریگیراوان لە "عەسرئاوا"وە تا "رەشەدی"

رۆژی ۵ی رەزبەر پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە نزیک ئاوایی "عەسر ئاوا" خەریکی حەسانەە بوون کە لە مەودوایەکی دوورەوە لە لایەن بەکریگیراوانی رژیمەوە تەقەیان لی کرا. پێشمەرگەکان دەسبەجێ لییان هاتنە دەست و بەرەو دوژمن پێشرەوی‌یان کرد و لە شەریکی ٤٠ دەقیقەیی‌دا تیکیان شکاندن و دوای لی دانی تەلەفاتیک تا نزیک ئاوایی "رەشە دی" راویان نان. لەو شەڕەدا بێجگە لەو تەلەفاتەی لە بەکریگیراوان کەوت، هیندیک کەل و پەلی تەدارەکاتی دوژمن کەوتە دەست پێشمەرگەکان. هاورییان هەموویان بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

پێشمەرگەکانی گوردانی ۲۶ی سەقز ۲ سەعات بەشیک لە جادەی سەقز _ بانەیان کۆنترۆل کرد.

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲۶ی سەقز، رۆژی ۲۷ی خەرمانان، ۲ سەعات بەشیک لە جادەی سەقز _ بانەیان لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "کیلە شین" و "قورەدەرە" کۆنترۆل کرد و لە نیوان موسافیرەکانی دەیان ماشین دا تەبلیغاتیان کرد. سەعات ۸/۵ی شەو بەکریگیراوان لە شوینی پێشمەرگەکان نزیک بوونەوە و کەوتنە بەر پەلاماری هاورییان و پاش ئەوەی تەلەفاتیکیان وی کەوت ناچار بوون پاشەکشە بکەن. بەداخەوە لەو تیک هەڵچوونەدا هاوری یحیی لتفی ناسراو بە "وریا" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گیانی لە پێناو ئامانجی کۆمۆنیستی‌دا بەخت کرد.

۳ کەمینی هێزەکانی رژیم لە بانە و سەقز و مەریوان تیک شکا.

* سەعات ۷و ۱۵ دەقیقەی ئیوارە لە ئاوایی "مازوار"ی بەشی سەرشیوی سەقز واحیدیک لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲٦ کەوتنە کەمینی هێزەکانی رژیم کە شوینە گرینگەکانی ئاوایی‌یان بەدەستەوە بوو. هاورییان پەلامارێکی بەدەست و بردیان بردە سەر بەکریگیراوان و راویان نان و پاشان بە سلامەت درێژەیان بە مەئموریەتەکەیان دا. لەم تیک هەڵچوونەدا ۲ بەکریگیراو کوژران.
* سەعات ۸ی شەوی ۲۸ی خەرمانان واحیدیک لە پێشمەرگەکانی گوردانی بانە کە بۆ ئەنجامی مەئموریەتیک چووبوونە نیو ئاوایی "دەوسینە" لە حوزووری هێزەکانی رژیم لەو ئاوایی‌یە ئاگادار بوون و پەلاماریان بردنە سەر و تەلەفاتیکیان لی دان و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن. پێشمەرگەکان دوای ئەنجام دانی مەئموریەتەکەیان هەموویان بە سلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هیشت.

گوروهی زەربەتی "حەسەن ئاولە" تەفروتوونا کرا

رۆژی ۱۱ی رەزبەر پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد کە لە حوزووری بەکریگیراوانی گوروهی زەربەتی "حەسەن ئاوالە" لە ئاوایی "عەسرئاوا"ی مەریوان ئاگادار ببوون، کەمینیان بۆ دانان. سەعات ۷/۵ واحیدیکی هێزەکانی رژیم کەوتنە بەر پەلاماری دلیرانەی هاورییان و تیک شکان و هەلاتن. پاشان پێشمەرگەکان لە ئاوایش دەریان کردن و بە تەواوی تیکیان شکاندن.

لە جەرەیانی ئەم شەرەدا ۱۵ بەکریگیراو کوژران و بریندار بوون. یەکیک لە مەسئوولینی محەللی رژیم بە نیوی عەزیزی "لەنج ئاوا" کوری فایق لە نیو کوژراوەکاندا بوو. پێشمەرگەکان لە بەر تاریک بوونی هەوا دەسکەوتەکانیان کونەکردەوە و پاش تازە کردنەوەی دیدار لەگەل خەڵکی "عەسرئاوا" هەموویان بەسلامەت ئاوایی‌یان بەجێ هیشت.

گوروهیکی گەشتی‌ی رژیم تیک شکا.

سەعات ۲و نیوی پاش نیوەرووی ۱۸ی رەزبەر چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نزیک ئاوایی "رەشەدی" گەیشتنە گوروهیکی گەشتی رژیم کە بۆ شناسایی کردنی شوینی پێشمەرگەکان هاتبوون. هاورییان بە دەست و برد پەلاماریان دان و بەکریگیراوەکان بی دەست کردنەوە هەلاتن. هەر بەم بۆنەوە ئەم بەکریگیراوانە لە پایگای رژیم لە ئاوایی "پیلە" کەوتنە بەر لەومەو سەرزەنشت و لەگەل بەکریگیراوانی ئەم پایگا تیک هەڵچوون.

هێرشی بەکریگیراوان بۆ سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە تیک شکا.

سەعات ۱۲و نیوی ۱۳ی رەزبەر، ژمارەیەک لە هێزەکانی رژیم بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستی رۆژی پێشوویان لە نزیک ئاوایی "بسام" هێرشیان هێنایە سەر شوینی حەسانەوەی پێشمەرگەکان لە نزیک ئاوایی "بوردەمە" و لە دوورەوە تەقەیان لی کردن. پێشمەرگەکان سەعات ۲ی پاش نیوەرو بەرەو هێزەکانی رژیم پێشرەوی‌یان کرد و پەلاماریان بردەسەر چەند واحیدیان. چەند واحیدی دیکە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە، بەرەو شوینی بەکریگیراوان لە سەر بەرزایی‌یەکان پێشرەوی‌یان کرد و هەڵیان برین.

سەرەنجام پێشمەرگەکان دوای پی‌گەیاندنی تەلەفاتیک بەکریگیراوانیان تیک شکاند و تانیو ئاوایی "بسام" هەلیان برین و خۆیان بەسلامەت گەرانەوە.

کەمینی بەکریگیراوانی رژیم تیک شکا.

سەعات ۷ی ئێوارەی ۱۱ی رەزبەر واحیدیک لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲٦ی سەقز کە بۆ ئەنجامی مەئموریەتیکی تەشکیلاتی دەچوون لە نزیک ئاوایی "قامیشەلە"ی خورخورە ئاگاداری کەمینی بەکریگیراوان بوون و لی‌یان نزیک بونەوە و لە چەند میتری‌یەوە پەلاماریان بردەسەریان و پاش پی گەیاندنی تەلەفاتیک هەلیان برین و خۆیان بەسلامەت درێژەیان بە مەئموریەتەکەیان دا.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٨ April: ١٩٨٩

کرێکاران و مەسەلەی "بازسازی"!

ئێران تووشی قوولترین بۆحرانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی بووە. ئابووری بە تەواوی لە بەریەك هەڵوەشاوە، راوەستان و لە کارکەوتنی بەرهەم هێنانی گەورە، هەژاری و فەلاکەتی کەم وینە، بێکاری و گرانی، نەبوونی پێویستییەکانی گوزەران، وەرشکستەیی دەوڵەت و خاڵی بوونی خەزانە، شەر و مەینەتەکانی، قوولتر بوونەوەی کیشە و ناکۆکی ناوخۆی رژێم، وەئیحتیا جی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵك بە باش بوونی هەرچی خیراتری وەزعی بەری چوونی رۆژانە، ئەمانە هەموویان هەلومەرجیکیان پێك هیناوە کە هەم بۆ چینی کرێکار و هەم بۆ سەرمایەداران ناتوانی ماوەیەکی زۆر بخایەنی. گورانی ئەم هەلومەرجە، پێویستی و ئیحتیاجی حەیاتی و چار هەڵنگەری جامیعەی ئێرانە.

سەرانی رژیم لە وەزعیکی ئاوادا و لە ترسی خراپتر بوونی وەزعەکە، رووبان کردوەتە "بازسازی"، کیویك لە موشکلات و ئالوزی و سەر لی شیواوی و ترس لە داهاتوو، نەك هەر سەران و کاربەدەستانی رژیمی ناوەتە ژێر فشار بەڵکوو لە گیانی یەکتری بەرداون. ئەم وەزعە و بەردەوام بوونی، تەئسیری کردوەتە سەر هەموو تویژ و چینەکانی کۆمەڵ، جم و جوولی تی خستوون و دەیان نیتە بەرانبەر یەکتر.

ل٩

خەباتی جەماوەری

لە دەهەمین ساڵڕۆژی دەست پێ کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان دا، خەڵکی تێکۆشەری شارەکانی کوردستان، بە ئیعتیراز لە دژی حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی رژیم، بانگەوازی کۆمەڵەیان وەلام داوە.

دوابەدوای بانگەوازی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٨ی موردادە، ساڵڕۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەرەوپێڕی ئەو بانگەوازە هاتن و بە شێوەی جۆراوجۆر بە حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی ئیعتیرازیان کرد. خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە بەیانی رۆژی ٢٨ی موردادە لە مال نەهاتنەدەر و لە کۆر و کۆمەڵی خۆیاندا لەسەر بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان قسە و باسیان کرد و پاش نیوەڕۆش لە کۆر و کۆمەڵی ٢٠ تا ٥٠ کەسیدا لە دەرەوەی شار لەسەر شکستی جمهووری ئیسلامی و داماوی رژیم و پێویستی ئیدامەی موبارەزەی یەکگرتوانە تا گۆر کردنی ئەم رژیمە قسە و باسیان کرد.

رۆژی ٢٩ی گەلاوێژیش خەڵکی تێکۆشەری سنە بە بۆنەی شکستی جمهووری ئیسلامی لە شەری ئێران و عێراق دا جەژنیان گرت و شیرینییان لە گەرەکەکان بڵاو کردەوە و رانندەکان چرای ماشینەکانیان هەلکرد.

لەشاری بانەش خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە رۆژی ٢٨ی مورداد بۆ ئیعتیراز بە حوزووری هێزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان لە مال نەهاتنە دەر و لە کۆر و کۆمەڵی خۆیان دا لە سەر بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و چلونایەتی بەرەوپێش بردنی ئەم بزووتنەوەیە قسە و باسیان کرد.

لە شاری مەریوان و شاروچکەکانی "کانیدینار" و "جوجە سازی" و ئاوایی "نگل"یش خەڵکی تێکۆشەر کار و دووکان و بازاریان بە تەواوی تەعتیل کرد و رادیوی کۆمەڵەیان گرت و گوییان دایە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە و لە سەر چلونایەتی بەسەر کەوتن گەیاندنی ئەم شۆرشە، قسە و باسیان کرد.

لە شاری سەردەشت رۆژی ٢٨ی موردادە تەعتیلی عموومی بوو و بێجگە لە چەند نانەواخانە و قەسابی هەموو شوینیك تەعتیل بوو. کرێکاران کاریان تەعتیل کرد و کرێکارانی باغەکانی دەرەوەی شاریش دەستیان لە کار هەڵگرت. خەڵك لەو رۆژەدا لە مال نەهاتنە دەر.

لە دەرەوەی ولاتیش رۆژی ٢٨ی موردادە، لە سەر بانگەوازی کومیتەی دەرەوەی ولاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە چەند شاری ئوروپا وەك "استکهلم"، "گوتنبرگ"، "کوپنهاك"، "هامبورگ" و "فرانکفورت" بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان، چەند مەراسم و خۆپێشاندان بەڕێوە چوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێرانیانی ئازادیخوازی دانیشتووی دەرەوەی ولات بەشداریان تیدا کرد.

ل١٠

کەم بوونی نان لە شارەکانی کوردستان و ریگا چارەی رژیم

بەپێی ئەو هەوالانەی گەیشتوون کەم بوونی نان لە هەموو شارەکانی کوردستان، گیروگرفتیکی جیددیی لە ژیانی خەڵك دا. خەڵکی شارەکان هەموو رۆژی پێش خورهەلات لەبەر نانەواخانەکان ریز دەبەستن و چەند سەعاتی پی دەچی هەتا چەند نانیان وەبەر دەکەوی. ئەم وەزعە هەتا ئێستا چەندین جار بووەتە هۆی هەڵگرسانی ئیعتیرازاتیکی پرڕ و بڵاو کە کار بەدەستانی رژیمی نیگەران کردوە.

کاربەدەستانی رژیم لە ترسی پەرەگرتنی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵك و بۆ پێش پی گرتنی، هەول دەدەن هەر رۆژە بیانوویەك بۆ کەم بوونی نان بدوزنەوە. رۆژێك خەتاکە دەخەنە ئەستوی خەڵکی دێهاتی دەوروبەری شار و رۆژێکی تر منداڵەروت و برسیەیە نان فرۆشەکان قەراخ خیابانەکان کە لە بەر بێکاری و هەژاری و نەداری رووبان کردوەتە ئەم کارە بە خەتابار لە قەلەم دەدەن و رەخنە لە خەڵك دەگرن کە بۆچی ناهیلن دەوڵەت ئەم منداڵانە بگری. بەڵام سەرەرای ئەم هەموو هەراو هوریایە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە مەسەلەی کەم بوونی نان چارەسەر بکەن و ئێستاش ئەم مەسەلەیە ژیانی لە خەڵکی زەحمەتکیشی شارەکان تال کردوە.

رادیوی رژیم لە شاری سنە لە لایەن شووڕای ئارد و نانی ئەو شارەوە رایگەیاند کە تەسمیمیان گرتوە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کەم بوونی نان ئیجازە بدەن لە گەرەکە جۆراوجۆرەکانی شار چەند نانەواخانە دابندری و لەو کەسانە کە دەیانەوی نانەواخانە بکەنەوە داوای کرد بۆ وەرگرتنی ئیجازە بچنە شووڕای ئارد و نان.

ئێمە پێشتر گەلیك جار لە سەر دەلیلی کەم بوونی نان قسەمان کردوە و وتوومانە کە هۆی ئەم وەزعە تەنیا کەم بوونی نانەواخانە نیە بەڵکوو هۆی سەرەکی ئەوەیە کە ئەوەلەن رژیم سەهمییەی ئارد کەم دەدا بە نانەواخانەکان و دووهەم: شووڕای ئارد و نان بە هاوەستی باقی کاربەدەستانی رژیم و هەندیك لە سەرمایەدارانی خاوەن نانەواخانە بەشێك لە ئاردەکە دەدزن و لە بازاری ئازاد بە قیمەتی گرانتر دەیفرۆشنەوە. هۆیەکی‌ترییش ئەوەیە کە بەشیکی زۆری ئاردەکە وەلا دەنری بۆ تەئمینی نانی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم. ئێستا کە رژیم بە ناچار حازر بووە ژمارەی نانەواخانەکان زیاد بکا، ئەمە بە تەنیایی ناتوانی مەسەلەی کەم بوونی نان چارەسەر بکا. دەبی پرسیار بکری ئەگەر ژمارەی نانەواخانەکان زیاد کرا ئەو کات رژیم چ وەلامیك دەداتەوە؟

ئێمە دەڵێین مادام لە لایەن دەوڵەتەوە سەهمییەی ئارد زیاد نەکری و خەڵکیش لەوە ئاگادار نەکرین کە چەند زیاد کراوە و خەڵکی گەرەکەکان خۆیان بەسەر چونیەتی دابەشکردنی ئارد و چوونیەتی بڵاو کردنەوەی نان دا چاوەدێری نەکەن. هەتا شووڕای ئارد و نانی رژیم ڕێگای دزی یان لی نەگیری، مادام رژیم نانی هێزە چەکدارەکانی خۆی لە نانەواخانەکانی شار بستینی، ئەم مەسەلەیە هەروا دەمێنیتەوە.

جگە لەوە، زیاد کردنی ژمارەی نانەواخانەکان کە رژیم باسی دەکا بۆ هەموو شارەکانی کوردستان نیە و تەنیا بۆ شاری سنەیە لە حالیکدا خەڵکی هەموو شارەکان ئەم گیروگرفتەیان هەیە. دەوڵەت وەزیفەتی ئەم گیروگرفتە لە هەموو شارەکانا چارەسەر بکا. و بە ویستی خۆیان لەم بابەتەوە هیچ هەنگاویك هەلنەگرن مەگەر ئەوەی لەگەل خەبات و ئیعتیرازی گشتی و یەکیارچەی کۆمەڵانی خەڵك بەرەوروو بن.

لە گەرەکە فەقیرنشینەکان چ دەگوزەری؟

شەری ئێران و عێراق ماوەیەکە کە کوتایی پی هاتوە. شەریك کە بۆ کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك جگە لە مالوێرانی و هەژاری و بێکاری هیچی تیدا نەبووە. شەریك کە نەتەنیا بەشیك لە کرێکارانی بۆ بەری چوون خستە کونە فرۆشی و بووە هۆی بێکاری بە میلیون کرێکار بەلکوو دەیان مەینەتیتری خستە سەر شانی ئەو چینە. کاربەدەستانی ورد و دروشتی جمهووری ئیسلامی لە هەشت ساڵی رابوردوودا هەموو ویست و داخوازیکی کرێکاران و کۆمەڵانی خەلکیان بە بیانووی شەر بی وەلام هێشتەوە. هەموو مەینەت و مەحروومییەتیکیان خستە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە بیانووی شەر پاساویان کرد و بەرانبەر بە هەر ئیعتیراز و خەباتیکی کۆمەڵانی خەڵك بە وەعدە و بەڵێن و "جاری راوەستن تا دوای شەر"، هەولیان دا بەرۆکی خۆیان لە چنگیان دەربینن.

بۆ کرێکاران و کۆمەڵانی زۆرلێکراو، کوتایی پی هاتنی شەر بە مەعنای کوتایی پی هاتنی هەموو ئەو گیروگرفتانە بوو کە جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر خۆی لە چارەسەر کردنیان دزیوەتەوە. کرێکارانی بێکار داوای کاردەکەن، کرێکارانی بێکار دەیانەوەی بگەرینەوە سەرکار، کرێکاران دوای شەر خوازیاری کوتایی پی هاتنی حالەتی جەنگی لە شوینی کار و ژیانن. خوازیاری زیاد بوونی هەقدەست و باش بوونی وەزعی ژیان و گوزەرانیانن. سەدان هەزار ئاوارەی شەر داوای غەرامەت دەکەن. خەڵك چاوەروانی ئازادبوونی کەسانیکن کە لە سەر نەچوون بۆ سەربازی و شەر گیراون. خەڵکی کوردستان داواکاری کوتایی پی هاتنی شەر لە کوردستان و چوونە دەری هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانن.

هیشتا چەند رۆژێك لە ئاگر بەس تێپەر نەببوو کە "موسوی اردبیلی" وەك کویخای حکوومەتی ئیسلامی جوابی ئەم داخوازانەی دایەوە و لە قسەکانی دا بە راشکاوی رای گەیاند خەڵك چاوەروانی ژیانیکی خۆش نەبن چونکوو چاویان پێی ناکەوی. نەك هەر ئەردەبیلی بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە کە لەم چەن ساڵەدا خەڵکیان حەوالەی پاش کوتایی پی هاتنی شەر کردوە، هەر کە ئاگر بەس راگەیەندرا هاتنە مەیدان و هاتەران پاتەران لەم چەشنەیان بە هەرەشەوە بۆ خەڵك هەڵرشت.

ل٦

شەر لەگەل عێراق تەواو بووە بەڵام لە دژی کۆمەڵانی خەڵك هەروا دریژەی هەیە!

شەری ئێران و عێراق ماوەیەکە کە کوتایی پی هاتوە. شەریك کە بۆ کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك جگە لە مالوێرانی و هەژاری و بێکاری هیچی تیدا نەبووە. شەریك کە نەتەنیا بەشیك لە کرێکارانی بۆ بەری چوون خستە کونە فرۆشی و بووە هۆی بێکاری بە میلیون کرێکار بەلکوو دەیان مەینەتیتری خستە سەر شانی ئەو چینە. کاربەدەستانی ورد و دروشتی جمهووری ئیسلامی لە هەشت ساڵی رابوردوودا هەموو ویست و داخوازیکی کرێکاران و کۆمەڵانی خەلکیان بە بیانووی شەر بی وەلام هێشتەوە. هەموو مەینەت و مەحروومییەتیکیان خستە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە بیانووی شەر پاساویان کرد و بەرانبەر بە هەر ئیعتیراز و خەباتیکی کۆمەڵانی خەڵك بە وەعدە و بەڵێن و "جاری راوەستن تا دوای شەر"، هەولیان دا بەرۆکی خۆیان لە چنگیان دەربینن.

بۆ کرێکاران و کۆمەڵانی زۆرلێکراو، کوتایی پی هاتنی شەر بە مەعنای کوتایی پی هاتنی هەموو ئەو گیروگرفتانە بوو کە جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر خۆی لە چارەسەر کردنیان دزیوەتەوە. کرێکارانی بێکار داوای کاردەکەن، کرێکارانی بێکار دەیانەوەی بگەرینەوە سەرکار، کرێکاران دوای شەر خوازیاری کوتایی پی هاتنی حالەتی جەنگی لە شوینی کار و ژیانن. خوازیاری زیاد بوونی هەقدەست و باش بوونی وەزعی ژیان و گوزەرانیانن. سەدان هەزار ئاوارەی شەر داوای غەرامەت دەکەن. خەڵك چاوەروانی ئازادبوونی کەسانیکن کە لە سەر نەچوون بۆ سەربازی و شەر گیراون. خەڵکی کوردستان داواکاری کوتایی پی هاتنی شەر لە کوردستان و چوونە دەری هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانن.

هیشتا چەند رۆژێك لە ئاگر بەس تێپەر نەببوو کە "موسوی اردبیلی" وەك کویخای حکوومەتی ئیسلامی جوابی ئەم داخوازانەی دایەوە و لە قسەکانی دا بە راشکاوی رای گەیاند خەڵك چاوەروانی ژیانیکی خۆش نەبن چونکوو چاویان پێی ناکەوی. نەك هەر ئەردەبیلی بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە کە لەم چەن ساڵەدا خەڵکیان حەوالەی پاش کوتایی پی هاتنی شەر کردوە، هەر کە ئاگر بەس راگەیەندرا هاتنە مەیدان و هاتەران پاتەران لەم چەشنەیان بە هەرەشەوە بۆ خەڵك هەڵرشت.

ل٦

خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە زەرەر و زیانیکی قورسیان بە هێزەکانی رژیم گەیاند.

* چەند واحید لە هێزەکانی رژیم تەفروتونا کران
* ژمارەیەکی زۆر لە بە کریگیراوان کوژران و بریندار بوون
* دوو بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیرا
* دوو ماشینی تویوتا رژیم تیك شکا و ئاگریان تی بەردرا
* ژمارەیك چەك و تەقەمەنی و سەنەد و بەلگەی رژیم کەوتە دەستی پێشمەرگەکان.

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە چەندین مەرکەزی نیزامی رژیم تێپەرین و لە نیوان پایگاکانی "کەچەل مینان" و "خەیەر" ٣ کیلومیتر لە جادەی سەقز مەریوانیان گرتە ژیر دەسەلات و چاوەدیری خۆیان.

سەعات ٧و ١٥ دەقیقەی ئیوارە ماشینیکی تویوتای رژیم بە ١٢ سەرنشینەوە کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکان و هەموو سەرنشینەکانی کوژران و دوای کوکردنەوەی دەسکەوتەکان ماشینەکەش ئاگری تی بەردرا.

ماشینیکی‌تری هێزە کومەکییەکانی رژیم کەوتە کەمینی واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و بەکریگراوانی رژیم دوای پی گەیشتنی تەلەفاتیك هەلاتن. هاورییانمان ویرای ئاگر تی‌بەردانی ئەو ماشینەش هێزەکانی رژیمیان هەلبری.

هێزیکی کومەکی دیکەی رژیم کە لە پایگای "کەچەل مینان"ەوە دەستیان دابووە پێشرەوی کەوتنە کەمینی دەستەیەکی دیکەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ٣ کوژراو و چەند بریندارییان بەجێ هیشت و هەلاتن.

ل١٣

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٩ | گوڵانی _ ١٣٦٨ | مەی_ ١٩٨٩

سەبارەت بەوەزعی کاری ژنانی قالی باف لە هەوشار

قالی هەوشار لە باش و جوانی و بەدەوامی دا بەناوبانگە. بەڵام رەنجی ئەو بەناو بانگی و باشی و جوانی و بەدەوامیەیە کی دەی کیشی و کی قازانجی زۆر و زەبەندی دەخوا؟ دەیان هەزارژنی کرێکار، ژنانی بێبەش و ستەمکیش، بەرەنجی دەست و پەنجەیان، بە تەحوملی پشت ئیشە و نەمانی سومای چاو و ژاکانی روح و لەشیان ئەو نەقشە رەنگینەو ئەو کردەبەنرخ و بەدەوامە، لەبەن و شریت دەخولقینن و لەبری حەقدەستیکی کەم و کورت، تەختە تەختە دەیدەنە دەست سەرمایەدرانی مفتە خۆر، ئەوسەرمایەدارانە تەنیا بەم بۆنەوە دەبنە خاوەنی ئەوقالی یانە کە سەرمایە دەخەنە کار، دارتەون و بەن و شریت و رەنگ هی ئەوانە و هیزی دەست و میشکی ژنانی کریکاریشی بۆ دەکرن تا بیانکەنە قالی بۆ موعامەلەی پر لە قازانجی بازاری ناوخۆیی ئیران و دەرەوە.

قالی هەوشارزورتر لە شارەکانی تیکاب و زەنجان و تەوریزو تاران دەفروشری.

٤-٣ سال بوو قیمەتی قالی لە بازاری ئیران و جیهاندا شکابوو، شکانی قیمەتی قالی ژمارەیەکی زۆرلەوخانەوادە زەحمەتکیشانەی بەرشکست کردکە هیشتا دارونەداریکیان بودامەزراندنی دارتەون و وەدەست خستنی بەن و شریت و خوری بە دەستەوە مابوو . بەشیك لەم خانەوادانە کە خۆیان بەنی قالی یان دەرست، بەبۆنەی ئەوەوە بەرشکست بوون کە لە چەند سالی رابوردوودا کارگای "نخ ریسی"، بەقیمەتیکی هەرزانتربەنی تەولید دەکرد. ل٧

کی‌دەبی چارەنووسی فەلەستین دیاری بکا؟

نوزدەهەمین جەلەسەی شووڕای میللی فەلەستین لە الجزایر، لە بڕیارنامەی رۆژی ١٥ی نوامبردا، رەسمەن پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی ڕاگەیاند.

ئەم جەرەیانە پشتیوانیەکی بەرین وهەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شۆڕشگیری خەڵکی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەکان و حیزبە سوسیالیتیەکانەوە لی کرا. دەرك کردنی ئەم عکس العەملەکە لە ڕوالەت دا یەك ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە. دەولەتە ئەمپریالیستیەکان بۆیە بە پیشوازی ئەم بڕیارنامەیە و بە گشتی بە پیشوازی سیاسەتەکانی "ساف"ەوە چوون، چونکوو ئەم بڕیارنامەیە"بەرەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل و"ڕەت کردنەوەی تروریزم"ی تیدابوو- دوو مەسەلەی کەپاشان لەلایەن سکرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشکراتریش باسی کرا. لە حالیکدا، ئەخزاب و جەرەیاناتی چەپ و دژی ئەمپریالیست ئەم بڕیارنامەیان وەك وەدی هاتنی داخوازی ڕەوای خەڵکی فەلەستین بۆ وەدەست هینانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و، وەك سەر- کەوتنی خەباتیان لەدژی ئیسرائیل و ئەمپریالیزمی ئامریکا بە حیساب هینا و بەئەرکی سەرشانی خۆیان زانی کە پشتیوانی لی بکەن. لەراستی دا بڕیارنامەکە هەولی دابوو لە نیو ئەم دوو واقعییەتەدا پر دیك هەلبەستی.

راستی ئەم مەسەلەیە چونە؟ ئایا ڕاگەیاندنی پیك هینانی دەولەتی فەلەستین و پیشوازی جیهانی لەم بڕیارنامەیە ویرای هاتنەوە ڕووی دووبارەی "ساف" نیشانەی سەرکەوتنی پراگماتیزم و دیپلوماسی بورژوایی یە بەسەر ریبازی شۆڕشگیرانەداو، ئایا نیشانەی کارساز بوونی ریبازی هەولیانەبۆ وەدەست هینانی داخوازەکانی خەڵکی زەحمەتکیش؟ ئایا ئەم تەسمیمانە خەیانەتن بەئامانجەکانی خەڵکی فەلەستین و دەبی ڕەت بکرینەوە و بە ناحەزو ناشایست دا بنرین؟ وەیان قەبوولی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ میللەتی فەلەستین و پیویستی دیفاع لە بزووتنەوەی ئازادی خوازەکان حوکم دەکا بی قەیدوشەرت لەم تەسمیمانە پشتیوانی بکری؟ ولام دانەوەی ڕۆشن و ڕەپیش گرتنی هەلویستیکی دروست بەرانبەر بەم مەسەلانە چ لە باری ئوسوولیەوە و چ لەبەر ئەهمییەتی سیاسی مەسەلەی فەلەستین، بۆچینی کرێکاری ئێران زۆر گرینگە.

ڕاگەیاندنی پیك هاتنی دەوڵەتی فەلەستین و بەرەسمی ناسران و پیشوازی بەرینی دەوڵەتەکان، حیزبەکان و جەرەیاناتی سیاسی لەم مەسەلەیە، سەرەڕای هەموو ئەو تەنگەبەری و موشکیلاتەی کە لەسەر ریگای دامەزرانی واقیعی ئەم دەولەتە هەیە، بۆ بزووتنەوەی میللی فەلەستین بەسەرکەوتنیکی واقعیی دەژمیردری. ئەم سەرکەوتنە بی ئەم لاو ئەولایە نەتیجەی قیامی یەکساله و قارەمانانەی خەڵکی زەوی‌یەداگیرکراوەکانە. ئەمە "انتفازە" و، بزووتنەوەی جەماوەری ناوچەداگیرکراوەکان بوو کە هیزیکی بزوینەری نوێی بۆ مەسەلەی فەلەستین هینایە مەیدان، دیپلوماسی بین المللی خستە هەول و تەقالایەکی تازە بۆچارەسەر کردنی مەسەلەی فەلەستین وویرای ئەوانەش سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینی لەو شەوەزەنگە دەرکیشا کە تیی چەقیبوو. هەرئەم بزووتنەوە جەماوەری یەبوو کە گیانیکی تازەی بەبەر فکری پیك هینانی دەولەتی فەلەستین دا کردو ئیعتیباریکی واقیعی پی بەخشی. وەسەرەنجام هەرئەم بزووتنەوەیە بوو کەچاوی تەماع تی برین و ئاوات و ئارەزووەکانی دەولەتی ئیسرائیل و بەتایبەت جیناحی راست و مەزەهەبی ئەم دەولەتەی بەبادا ونەی هیشت زەوی‌یە داگیرکراوەکانی ساڵی ١٩٦٧ پیش وەك زەوی‌یەزەوت کرا وەکانی سالی ١٩٤٨لە کاتی پیك هاتنی

←

قسەوباسی هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە

ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە دەقی پیرۆزبایی و قسەکانی هاوری صدیق کمانگرە کە ڕۆژی ١٠مانگی گولان بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە قسەی کرد.

"پیشرەو"

هاوری یانی کرێکار

ئەوەلی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار و جەژنی یەکیەتی و هاوخەباتی کرێکارانی جیهانتان لی پیرۆز بی.

بیگۆمان ڕۆژی کرێکاری ئەمسالیش هەروەکووسالانی پیشوو، گەرەك و خیابانی شارەکانی سەراسەری جیهان دەبیتە مەیدانی نمایشی هیزی یەکگرتووی دەیان و سەدان میلیون کرێکاری وشیار و تیکۆشەر ئەوسالیش کرێکارانی هەموو جیهان بە هەرشیوەیەك بۆیان بکری لە کۆڕوکۆمەڵ و مەراسمەکانی شکودارەکانیان دا دەنگی دلیری خۆیان لە دژی هەموو ڕەنج و مەینەتیکی نیزامی سەرمایەداری بەرزدەکەنەوە و بە جەژن گرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکار عەزم و ئیرادەی یەکگرتووی خۆیان بودامەزراندنی جیهانیکی دوور لە هەرچەشنە چەوسانەوە وستەم و هەلاواردنیك نیشان دەدەن.

کرێکارانی ئێران لە حالیکدا ئەم ڕۆژە جیهانی یە جەژن دەگرن کەنزیك بە ٩مانگە ئاوری شەری ئیران و عیراق کوژاوەتەوە. ئەوشەرە دژی بەشەریەکە کرێکارانی ئێران، بە تایبەت کرێکارانی کوردستان لە بڕیارنامەکانی ڕۆژی کرێکاری پارەکەوسالانی رابوردوودا، داواکاری کۆتایی پی هاتنی بی قەیدوشەرتی بوون و نەفرەت و بیزاری خۆیان لە دریژەی ئەم شەرە دەردەبری، ئیستا نزیکەی ٩مانگە تەواو بووە. ئیتر سەرمایەداران و ڕژیمە ئیسلامی یەکەیان ناتوانن بە بیانووی شەرەوە دەیان هەزار کرێکار لەکارخانە و کارگاکان دەربکەن و سەدان هەزار کرێکار و زەحمەتکیشی ئیران ڕەوانەی جەبهەکان بکەن و پۆل پۆل بەکوشتیان بدەن، بەڵام لە لایەکی‌ترەوە بە پیچەوانەی ئەو هەموو وەعدە و فروفیشا لە کە جمهووری ئیسلامی لە ڕۆژەکانی سەرەتای کوتایی پی هاتنی شەر دا بۆیەرگری ل٣

بیانووی"کۆن"لە زمان حیزبی دیموکراتی"تازە"وە

بەتاك کەوتنەوەی سیاسی ئەو حیزبە حاسلی"مەیلی سازشکارانەی سەرانی فراکسیون لە حاست کۆڕوکۆمەڵەی ئەمپریالیستی‌یەکان"،"گرتنە پیشی شیوەی مەسلەحەت خوازانەی جەماعەتی فراکسیون لە حاست ئوپوزیسیونی دژی شۆڕش" و بە تایبەت "خوبەزل زانینی لە ڕادەبەدەری"ئەو جەماعەتەیە.

بالە پیش دا هەر لەم چوارچیوە گشتی یەدا شیوەی ڕەخنەگرتنی بەشی انشعابی لە هەلویستی ڕیبەرایەتی قاسملوو بە کورتی بدەینەبەر لیکولینەوە و دوایەبچینەسەرباسی بوچوونیان بەرانبەربە شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە.

١

ڕەخنەی بەشی انشعابی لە سیاسەتی ڕیبەرایەتی قاسملوو (وەبەگشتی سیاسەتی ڕابوردووی حیزبی دیموکرات) بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان سەرتاپارە جیایی و هەلاواردنیك، هەستی هاوچارەنووسی و ئامانجی هاوبەشی ڕزگاری‌یان جەژن بگرن، هەموو چەرخەکان ڕاوەستینن و لەهەموو جی‌یەك لە نەزم و جامعەی مەوجوود داوا بکەن کە گۆی بداتە دەنگی ئەم زۆربە هەرە زۆرەی ئینسانەکان و سەربۆ حوکم و داخوازی کرێکاران دانەوینی، ڕۆژی کرێکار، ڕۆژی نیشاندانی قودرەتی کرێکارانە لە خنەیەکی خەتاپوشانەیە.

چونکە یەکەم: سیاسەتی ملهورانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە باقی ریکخراوە سیاسی‌یەکان بەدریژایی سالانی رابوردوو، وە هەولدانی ئەو حیزبە، بەشیك و نەتیجەیەکی سیاسەتی گشتی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە دیموکراسی لە کوردستان و بەرانبەر بە کرێکاران و کۆمەڵانی خەلك بووەوبەهیچ شیوەیەك لەو سیاسەتە گشتی یەجیا ناکریتەوە، لە حالیك دا بەشی انشعابی بە سادەیی ئەم مەسەلەیە دەخەنە پشت گوێ.

دووهەم: لەقەلەم دانی ئەم سیاسەتە بە حاسلی فلانە"مەیل" و"شیوە و ڕەوشت" و،"خوبەزل زانین"ی یەك دوو کەس لەرابەرانی حیزب، هیشتا ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە خودی ئەم مەیل و ڕەوشت و خۆبەزل زانینانە سەرچاوەیان لە کۆیدایەو لە خزمەت کام بەرژەوەندوکام سیاسەتی دیاریکراوی حیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی کوردستاندا بوون.

ل٤

پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە

هاوری یانی کرێکار!

بە بۆنەی ئەوەلی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکارەوە پیرۆزبایی تان لی دەکەین و هاوەدەنگ لەگەڵ یەکتر دروود دەنیرین بۆ ڕیزەمەزنەکانی کرێکاران لە هەموو ولاتان گەیشتنی ڕۆژی کرێکار، لە هەموو جی یەك بانگەوازیکە بۆ ئەوەی کریکاران لە ڕژیمەکی واحیدو جیهانی دا ریزەکانیان یەکانگیر بکەن، بەبی هیچ سنووریك و فارع لە هەموو هەموو جیهان دا و ڕۆژی ڕاگەیاندنی بەرانبەر بەم نەزمەو بەم هەل و مەرجەی لە کۆمەڵ دا هەیە.

هاوریان!

سالی رابوردوو لەم گۆشەیەی جیهان دا بۆ ئیمە وەزعیکی تازەی پیك هینا. شەری هەشت سالەی دەولەتەکانی کۆتایی پی هات ، موژدەی گەرانەوە بۆ ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتی شووڕو شەوقیکی تازەی هەلگرساندو ئیعتیرازی قوول و بەرین و ڕەوای لەدژی هەموو ئەو مەینەت و موسیبەتە کۆمەڵایەتی یانە کە لەژیر پەردەی هەل و مەرجی جەنگی دا شاردرابوونەوە، وەگەر خست بە کۆتایی پی هاتنی شەر، ئەو فشار و مەینەتە کۆمەڵایەتی یانەی بە بیانووی شەرەوە پاوسادەکران ئیتر بۆ هیچ کەس تەحەمول ناکرین.

ل

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە پیك هاتنی کۆنگرەی سیهەم

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، مانگی ڕیبەندانی ئەمسال، سیهەمین کۆنگرەی خۆی گرت. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەندیك کەمتر لە ٣سال پاش دووهەمین کۆنگرەی حیزبی ئیمە بە بەشداری نوینەرانی تەشکیلاتی جۆراوجۆرەکانی حیزب پیك هات. کۆنگرە پاش ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریگای سوسیالیزم و پاش پەسند کردنی ئیعتیبارنامەی نوینەران و پەسندکردنی ئایین نامەی کاری خۆی چووە سەرباسی مەسەلە سەرەکی‌یەکانی کاری خۆی. کۆنگرە پاش وتاریکی کورتی افتتاحیە چووە سەرباس و لیکولینەوەی گوزارشەکان. گوزارشی مەربووت بە ئال و ڕەو جیهانی یەکانی ئەخیرو مەوقعییەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وەزعییەتی سیاسی ئیران،

ل ٦

گوزارشیك لە:
زنجیرە عەملیاتی گەورەو سەکەوتوانەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان!

ئیوارەی ڕۆژی ٥ی مانگی گولان پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنەو گوردانی کاك فوئاد، بەپیی تەرحیکی چەندلایەنە و دەقیقی لە پیشدا دارژاو، لە دەیان مەرکەز و قەرارگای هیزەکانی ڕژیم تیپەرین و سەعات ٩ی شەو چوونە نیو شاری مەریوان و بەیارمەتی بی دریغی خەلکی تیکۆشەری شار، کونترولی بەشیکی گەورەی ئەم شارەیان بەدەستەوە گرت کەبریتی بوون لە: گەرەکی "بلچەسووری‌یەکان"، گەرەکی "داسیران"، گەرەکی "تازەئاوا"، گەرکی "کۆنەدیو" مەنتەقەی فەرماندارى و خیابانە ئەسلی یەکانی ئەم مەنتەقەیە و چەند شوینی تری شار.

ل٦

دەولەتی ئیسرائیل دا، بەزۆری سەرەنیزە و حکوومەتی نیزامی لە سەر ئەم ناوچانە، بەسازان و بەندوبەست جیاواز لەگەڵ دەولەتانی عەرەب، فەلەستینی یەکان بخاتە هەلویستی بی هیوایی و ناهومیدی کاملەوە، دوای دەیان سال زەمانی بەسەردا تی پەری و تەنیا وەک مەسەلەیەکی حقووقی و میژوویی بمینیتەوە.

بەم مانایە بەحەق دەتوانین بلیین ئەم هیزە بزوینەرە و ئەم هیزە واقعییەی کە لەپشت بریارنامەی شووڕای میللی فەلەستینەوە هەیە و "ساف"ی بۆ پیک هینانی ئەم دەولەتە هیناوەتە سەر صەحنە، بزووتنەوەی یەکساڵەی جەماوەری خەڵکی ئەو ناوچەداگیرکراوانەی فەلەستینە کە ئیسرائیل داگیری کردوون.

بەڵام ئایا بریارنامەی شووڕای میللی فەلەستینیش بەش بەحاڵی خۆی وەلامیکی شیاوی بەنیازوبەڕژەوەندەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی فەلەستین داوەتەوە؟ ئیتر لێرەدا ناکری هەروا سووک و هاسان بلیی بەڵی.

بریارنامەی شووڕای میللی فەلەستین لەراستی دا دووپەیامی جیاوازی تیدایە و ڕووی لەدوو لایەنی پیچەوانەی یەکترە:

لەلایەکەوە ریشەی لەویست و داخوازی خەڵکی ناوچەداگیرکراوەکانداید بۆ وەدەرنانی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەسەلاتی خۆیان و بۆڕاگەیاندنی پیک هاتنی دەولەتی فەلەستینی تیدەکۆشی ئەو نیازەی بزووتنەوەی "انتفازە" کە خوازیاری ئاسویەکی ڕۆشنی سەرکەوتنە، وەلام بداتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە وەلامی مەیل و مەسەلەحەتەکانی ئەمپریالیستەکان و دەولەتە بورژوایی یەکانی مەنتەقە بۆدا مرکاندنەوەی لایەنە رادیکال و شۆڕشگێرانەکانی بزووتنەوەی فەلەستین و گونجاندنی ئەم بزووتنەوەیە لە نیو چوارچیوەیەکی قابیلی قەبوولی سەرمایە داری جیهانی دا، دەداتەوە. بە هەر حال تا ئەو جیگایەی کە قسەلەسەر کیشەی ولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل وداخوازە ئەرزی یەکانی فەلەستین و ئیسرائیلە، ئەوەی کەلەم بریارنامەیەدا و بە گشتی لەسیاسەتی"ساف" دا تازەیە، نەک پیک هینانی دەولەتی فەلەستین، بەلکوو زیاتر قەبوولی ڕسمی مەحدوود بوونەوەی قەلەمڕەوی ئەم دەولەتەیە بە ناوچەداگیرکراوەکانی لیوارەی ڕۆژئاوای چومی اردن و باریکەی غەزە، یان بە وتەیەکی تر بەڕەسمییەت ناسینی سنوورەکانی دەولەتی ئیسرائیلی پیش سالی ١٩٦٧و، قەبوولی بریارنامەی ٢٤٢ی شووارای ئەمنیەتی سازمانی میلەل و، دەست هەڵگرتنی تەلویحی کیشە ئەرزی یەکانی فەلەستینییەکانە لەسەر زەوی یەکانی سالی ١٩٤٨داو وەلانانی مەنشووری خودی سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینە لەم بارەیەوە.

ئیمە لەگەڵ ئەم تەئییدە موافیق نین کەلیبرال چەپەکانی "دژی ئەمپریالیست" بەقریوە و لەژێر نیوی پشتیوانی لە مافێ دیاری کردنی چارەنووس و پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادی خوازو دژی ئەمپریالیستییەکان دا، دەینینە سەرتەسمیمەکانی شووڕای میللی فەلەستین، بەڵام بە نەزەری ئیمە ڕەخنە گرتن لە پیک هینانی دەولەتی فەلەستین لەو ڕوانگەیەوە کەبوچی قەلەمڕەوی ئەم دەولەتە بەناوچە داگیرکراوەکانی سالی ١٩٦٧مەحدوود کراوەتەوە و بۆچی داخوازەئەرزییەکانی فەلەستین وەلانراون، فری بەسەر ڕەخنەیەکی سوسیالیستییەوە نیە و لە باشترین حالەتی خۆی دا ناسیونالیزمیکی رادیکال نیشان دەدا ڕەخنە دەبی لە شوینیکی تربگیری.

تەسمیمی شووڕای میللی فەلەستین بی گۆمان مەنشووری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستین هەلدەوشینیتەوە. بەڵام ئالترناتیوی جەڕەیانیکی سوسیالیستی ئەمڕۆی فەلەستین بەهیچ جۆرئەوە نیە کەبگەڕیتەوە سەر شورشگێریەتی پیشووی ساف و سازمانی الفتح. ئەم دەوریەنەک هەربەزەبروزەنگ وسەرسەختی ڕژیمی مەزهەبی – ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بەڵکوو بە حوکمی ئال و گۆڕە ئابووری و کۆمەلایەتی یەکانی جامیعەی فەلەستین تی پەڕیوە وهەول و تەقالا بۆدانانی مەنشووری ڕابووردووی ساف بەجیگای سیاسەتە بە ئاشکرا بورژوایی یەکانی ئیستا هەول و تەقالایەکی بی سەرەمەر و مەحکووم بەشکستە. چونکوو ئەو بیروباوەڕو شعارانەبەیانی پوپولیزم و ناسیونالیزمی دەورانیک لە ژیانی میللەتی فەلەستین بوون و ئیستا نەبورژوازی نەپرولتاریای ئەم میللەتە قازانجی خۆیانی تیدا بەدی ناکەن. بورژوازی پی گەیشتوو ئەم بیروباوەڕو شعارانەی وەلاناوە و لەلایەن کریکارانیشەوە نابی هەلگیرین. بۆ بورژوازی زیادە لە ئەندازە ڕادیکالە و هۆی دەردی سەرەو بۆ کرێکارانیش مەحدوود و ناکافی یەو لەگەل قازانج و ئاسوی چینایەتی یان یەک ناگریتەوە.

لەهەموو جیگایەک و لەولاتانی ژێر دەسەلاتی ئەمپریالیزم و لەفەلەستینیش "بورژوازی میللی" دەستی لە ئاخرین پاشماوەکانی ڕادیکالیزمی دژی ئەمپریالیستی هەلگرتووە وپانای بۆ دیپلوماسی و سازان و بەند و بەستی سیاسی بردوە خەریکە خۆی لە چوارچیوەی ئولگووە ئەمپریالیستییەکاندا دەگونجینی وئەمە خۆی نیشانەی ئال و گۆڕیکی گەورەی ئابووری و کۆمەلایەتییە لەوالتانی ژێر دەسەلاتی ئەمپریالیزم دا ئال و گۆڕیک کە لەلایەکی دیکەوە بە پیک هینان و شکل پی دانی بەرینی چینی کرێکار و بەهینانەمەیدانی ئەم چینەوەک هیزی هەرئال و گۆڕیکی کۆمەلایەتی و بنەڕەتی، بەقازانج و ئاسوی جیاوازەوە، ئیدەئولوژی یەکان و بزووتنەوە ناسیونالیستی، پوپولیستی و بورژوا – ڕادیکالەکانی چەند دەسالی ڕابووردووی بۆئەو چینە بی ئەندازە بەرتەسک کردوەتەوە و لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندەکانییەک ناگریتەوە. کرێکارانی شۆڕشگێری فەلەستین دەبی ئالترناتیوی چینایەتی و سەربەخۆیان هەبی، کەوەلامی پیک هینانی دەولەت و مەسەلەی ئاوارە فەلەستینی یەکانیشی تیدا درابیتەوە. ئالترناتیویک کە نەک لەسەر ئاساسی "ژیاندنەوە"ی بەرنامەو سوننەتەکۆنەکانی ساف، بەڵکوو لەسەر ئاساسی بەرنامە و سیاسەت و ئەو ریبازەنوێ یانەدانرابی کە لە قازانج و ئاسوی چینی کرێکارەوە سەر چاوەدەگری.

هەروەها بزووتنەوەی مەوجوودی خەڵکی فەلەستین لە ناوچەدا گیرکراوەکان دەبی ئاسویەکی ڕۆشن بۆسەر کەوتنی خۆی دیاری بکا. ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچانە لەبەر سەنگ و سووکی ئیستای تەرازووی نیوان هیزەکان ناتوانن ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسرائیل و بەرپاکردنی دەولەتیکی دیموکراتیک لەسەرتاسەری ئەم ولاتەدا بکەنە هەدەف ڕاستەوخۆی ئەمڕۆیان کە هەموو دانیشتوانی ئەم ولاتە بەبی لەبەر چاوگرتنی مەزهەبیان بگریتەبەر، نابی لەبەر ئەوە لۆمەوسەرزەنش بکری. حاشای لی ناکری کەئولگوویەکی ئاوا دەیتوانی لەباری پەرەپیدانی ئازادانەیخەباتی چینایەتی، بەهیزکردنی دیموکراتیزم لە مەنتەقەدا، کەم کردنەوەی هۆیەکانی دەخالەتی ئەمپریالیستی و، چارەسەر کردنی کیشەی میللی و مەزهەبییەوە، بە ئاشکرالەوەی تریاشتربی و ناکری وەدی نەهاتنیشی بەپیویستی یەکی میژوویی دابنری، ئەو هۆیانەی کەهەل و مەرج و مەوقعییەتی ئیستایان پیک هیناوە ئەمانەن: وەدواکەوتوویی سیاسی جامیعەی فەلەستین پیش پیک هاتن و دوای پیک هاتنی دەولەتی ئیسرائیل، نەبوون و قەوارە نەگرتنی بنکەو دەزگای واکەدوو لەچاوتی برین و مەبەست و ڕەقابەت و فەسادی دەولەتانی عەرەب نوینەرایەتی خەلکی فەلەستین لەم دەورەیەدا بکا، بوونی مەسەلەی فەلەستین بەوەسیلەو دەست کایەی ناسیونالیزم و وزال بوونی ناسیونالیزم لەمەیدانی سیاسی فەلەستین دا، ماهییەت و سیاسەتی بورژوایی ساف ولار بوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بەلای ڕاست دا، نەبوونی ئالترناتیویکی رادیکالی سوسیالیستی لە فەلەستین کەبتوانی جەماوەری خەڵک بەدەوری خۆیەوە کۆبکاتەوە وڕینوینیان بکا، ئەو زەربە قورسانەی کە دەولەتانی اردن و سووریە لە بزووتنەوەی فەلەستین یان دا، کزولاوازبوونی جەڕەیانی سوسیالیستی لە هەموو مەنتەقەدا وجوودی بیروباوەری مەزهەبی و میللی لە نیوان کرێکاران و جەماوەری خەڵکی یەهودی دا، زەبروزەنگ و تروریزمی سیستماتیکی ڕژیمی ئیسرائیل و پشتیوانی قورس و قایمی ئەمپریالیزمی ئامریکا لەو ڕژیمە.

لەوەش واوەتر ئەوەیە کەناکری فەلەستینی یەکان ئامانجە بەرژەوەندەکانییەک ناگریتەوە. میللییەکانیان لەولاتیکی پان و بەرینتردا وەدی بینن. ئەوە چ لەباری ئوسوولی یەوەو چ لە باری عەمەلییەوە نادروست و بی مانایە. ئالترناتیویکی سوسیالیستیش دەتوانی لەهەل و مەرجی نالەبارولەشەرایتیک دا کەتەرازووی نیوان هیزەکان بەقازانجی خۆی نابینی چاوپوشی ئەرزی بکا و لەسەر ئەوەسازش بکا کە قەلەمڕەوی جوغرافیایی چەندەبی، بەڵام نابی وابیر بکریتەوە کەمەسەلەن ئەمڕۆ خواستی ئەستاندنەوەی ئەوزەوییە فەلەستینییەدا گیرکراوانەی کە ئیسرائیل لەسەرەتای بەدەستەو گرتنی دەسەلات و پیک هینانی دەولەتی ئیسرائیلەوە داگیری کردوون، ئەو زەوی یانەی کەبەسەرکوت و دەست بردن بۆ تروریزمیکی لە رادەبەدەر خۆیناوی و بە قیمەتی ئاوارەبوونی سەدان هەزار فەلەستینی زەوت کراون، ریگاچارەی هەرەپیشکەوتووترو رادیکالتر پەرە پیدانی لەرادەبەدەری مەسەلەی میللی و داخوازە میللییەکان، نەلەفەلەستین و نەلەهیچ کویی تر، بزووتنەوەرادیکالترناکاتەوە. رادیکالیزمی واقیعی ئەمڕۆی فەلەستین لەوەدایە کە لەمەسەلەی میللی واوەتر بروا.

ئەم مەسەلەیە بۆ کرێکارانی سوسیالیستی فەلەستین نەک بەم شیوانەی سەروبەڵکوو بەشیوەیەکی تر دیتەگۆڕ: ئیستا کە موبارەزە بۆ وەدەست هینانی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە گوڕە، ئیستا کە بزووتنەوەیەکی گەرم و گوڕوزیندوو بۆ وەدەرنانی داگیرکەران و، پیک هینانی دەولەتی فەلەستین، یانی مەسەلەی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەگوڕە، کرێکاران دەبی لەهەموو کەس وشیارتر و هەلسووراوترین وبەباشی لەو دەرفەتە کەلک وەرگرن کە میژووی فەلەستین بۆی هیناونەپیش. ئەوچوار چیوەیە کە ئیستا میژوو ناویەتە بەرانبەریان پیک هینانی دەولەتی فەلەستینییە لە زەوییە داگیرکراوەکانی سالی ١٩٦٧ دا، (هەلبەت ئەویش بەهەموو ئەو دژواری یەگەورانەوە کە لە عەمەل دا دیتەسەر ریگای وەدی هاتنی، چونکوو"قەلەمڕەوی دەولەتی فەلەستینی"ڕاگەیەندراو لە ڕاستی دا هیشتاش" لە ژیر دەسەلاتی داگیرکەرانەی ئیسرائیل" دایە.) بەڵام ناوەڕوکی چینایەتی ئەم دەولەتە شتیکەکە زیاتر لە لایەن هیزە ناوخۆیی یەکانی خودی فەلەستین و بە پیی تەرازووی نیوان هیزەکان دیاری دەکری و دەبی کرێکاران ئەم"دیاری کردنی چارەنووسە" بە قازانجی شۆڕش و سوسیالیزم حەل بکەن. ئاشکرایە ساف نەدەیەوی و نەدەتوانی وەسیلەی ئەم دیاری کردنی چارەنووسەبی.

پیویستە بزانری ئەوەی کە ڕاگەیاندنی پیک هاتنی دەولەتی فەلەستینی لە زەوییە داگیرکراوەکاندا لە لایەن سافەوە مومکین کردوە و پشتیوانی جەماوەری بۆ ئەو داخوازانە هەلخراندوە، ریک ئەم واقعییەتەیە کە ریبەرایەتی بورژوایی ساف لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیوی لیوارەی ڕۆژئاوا وغزە، سەرەڕای ئەوەی کە هەر کامیان بۆچوونیکی جیاوازیان هەیە، لە جیگایک دا پیک دەگەنەوە و خالیکی هاوبەشیان هەیە: یەکیان نەدەیەوی و نەدەتوانی لەوە زیاتر باری گرانی ئەرکی سەرشانی ناسیونالیزم و داخوازەمیژوویی یەکانی فەلەستین، بەهیوای پووچی پشتیوانی و لاتە عەرەبی یەکان بەدوای خۆی دابکیشی، بەڵکوو داوای داهاتووی ڕۆشن و دیاری کراوی خۆی دەکا و ئەم داهاتووەش لەرزگار بوونی زەوی یە داگیرکراوەکان لە چنگ ئیسرائیل و لەپیک هینانی دەولەتیکی خودی لە ناوچەداگیرکراوەکاندا بەدی دەکا. ئەوی تریشیان قەبوول کرانی خۆی لە باشگای دەولەتە بورژوایی یەکاندا لەوەدا دەبینی کە سنووروومەرزکانی نیوانیان قەبوول بکا و ریگای سازان لەگەڵ ئەمپریالیزم و بەشداری کردن لە موسابەقەی ڕاکیشانی نەزەری ئامریکا بولای خۆی ڕەچاوبکا.

زەحمەتکیشانی ناوچەداگیرکراوەکان و ساف هەرتکیان "واقیع بین" بوون، بەڵام بەدوومانای جیاواز، هەرتکیان لە ڕابوردووی هاوبەشیان دوورکەوتوونەوە. ئەوەی کە ساف دەتوانی لەگەرمەی بەرەو پیش چوونی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ناوچەداگیرکراوەکاندا قسەلەبەرەسمی ناسینی ئیسرائیل بکا، هەردەگەریتەوە سەر ئەم خاڵە هاوبەشەی کە ساف و "انتفازە" لەویدا پیک دەگەنەوە.

ئەمە لەبارەی تروریزمیشەوە هەروایە ڕەت کردنەوەی تروریزم بۆ ساف نیوی ڕەمزیکە بۆ دەست هەلگرتن لە شۆڕشگێریەتی وڕەپیش گرتنی دیپلوماسی. بەڵام بۆ نەسلی تازە پی گەیشتووی کرێکاری فەلەستینی لەراستیش دا عەمەلیاتی ناوهومیدانەی تروریستی موشکیلات و دەردەکانی چار ناکا. ئەو، بەبزووتنەوەی جەماوەری بەهیزی، بەخوپیشاندانی بەرین، بە مانگرتنی دریژخایەتن، بەکاری ریکخراو و خەباتی سازماندراو لە دژی ئیسرائیل، ریباز و شیوەی موبارەزی خۆی هیناوەتە سەرشانوکەهەم لە بارەی مەعنەوەی یەوە و هەم لەبارەی عەمەلی یەوە بەتەواوی لە شیوە عەمەلیاتی تروریستی باشترە. بەبەیانیکی تر ئەویش "بەشیوەی خۆی" تروریزمی ڕەت کردوەتەوە، زۆر لەوەش بەهیز و تواناتر کەسازمانی ئەمنیەت و جاسووسی ئیسرائیل یان دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی ئەمپریالیستی یەکان هەرگیزتوانیبیتیان .

کەوایە هەموو هۆنەری ساف، ئەو هونەرەی کەئیمکانی پیداوە لە ڕوانگەی جەماوەری ناوچەداگیرکراوەکانەوە وەک نوینەری ڕەسمی خەڵکی فەلەستین بمینیتەوە و لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانی لی بکری، بیجگە لەو دەورونەقشە لە میژینەی کە وەک نوینەری سوننەتی بزووتنەوەی فەلەستین بوویەتی، لەوەدایە کە ویست و داخوازەکانی زەحمەتکیشانی ناوچەداگیرکراوەکانی دەرک کردوە و لە هەمان کات دا ئەم ویست و داخوازانەی بەزمانیکی موناسبی مەسلەحەتەکانی بورژوایی بەیان کردوە. ساف هەولی داوە لە نیوان شۆڕشی زەحمەتکیشانی فەلەستینی و مەسلەحەتی ئەمپریالیزم و بورژوازی مەنتەقەدا پردیک هەلبەستی . سیاسەتی شووڕای میللی فەلەستین و ساف ڕەنگ دانەوەی ویست و داخوازی جەماوەری ڕاپەڕیوە، بەڵام بەشیوەی گوراووتەحریف کراوەکەی.

کەوا بی ئەگەر هەرواتەئییدکردنی دەوڵەتی ڕاگەیەندراوی فەلەستین و ساف، بەم جۆرەی کە لە نیو تەیفی سازمانە تووەیی یەکاندا باوە، مانای لیبرالیزمی سیاسی و ناسیونالیزمەو فری بەسەر هەلویست گرتنیکی مارکسیستی و چینایەتییەوە نیە، مەحکووم کردنی هەر جۆرە سازشیکش لەسەر قەلەمڕەوی دەولەتی فەلەستین ورازی بوون و پیک هینانی ئەم دەولەتە لەزەوی یەداگیراوەکاندا، لەژیر نیوی خەیانەت بە ئامانجی فەلەستین دا، جگە لە ناسیونالیزم بە زمانی چەپ هیچیتر نیەو وەک ڕادیکالیزمیکی زاهیری، ئاسو لە بزووتنەوەی جەماوەری واقیعی ومەوجوود ون دەکا موخالەفەت کردن لەگەڵ هەرجۆرە هەقی مەوجوودیەتیکی دەولەتی بۆیە هوودییەکانی فەلەستینیش، لە ڕوانگەی دژی یەهوودی گەری، کۆنەپەرستی ئیسلامی وەیان کۆنەپەرستی قەومی عەرەبەوە بە بەجیی خۆی.

لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا ئیمە مافێ میللەتی فەلەستین و خەباتی ئەم میللەتە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و پیک هینانی دەولەتی خۆی پشتیوانی دەکەین ئیمە بەتایبەت لە بزووتنەوەی"انتفازە" پشتیوانی دەکەین ئیمە مافی خەلکی فەلەستین بۆئەوەی کە خۆیان نوینەری خۆیان دیاری بکەن بەڕەسمی دەناسین و، هەول وتەقەلای ئامریکاو ئیسرائیل بۆ تەگەرەخستنەسەر ریگای قەبوولی ساف یان هەرجەڕەیانیکی تر کە خەڵکی فەلەستین لەداهاتوودا دیاری بکەن و، هەروەها هەر هەول و تەقالایەکی ئامریکا و ئیسرائیل کەبیانەوی نۆینەر بۆ خەڵکی فەلەستین داتاشن تا حاسلی خاباتیان بەقیمەتیکی هەرچی هەرزانتر لەکرین بی، وەک تەحمیلیکی ئەمپریالیستی مەحکووم دەکەین.

لەهەمان کات دا ئیمە لە ئالترناتیوی کرێکاری و سوسیالیستی لە فەلەستین پیشتیوانی دەکەین و مادام ئەم ئالترناتیوە نیە، لە تیکۆشان بۆ پیک هینانی ئەم ئالترناتیوە پشتیوانی دەکەین هەل و مەرجی جامیعەی فەلەستین ئەمە مومکین دەکا و لەهەمان کات دا دەیکاتە پیویستی

قسەوباسی هاوری صدیق کمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە

یەک و پایەی مادی وواقیعی بە قەوارە گرتنی ئالترناتیو یکی ئاوادەبەخشی بزووتنەوەی جەماوەری یەکسالەی رابوردوو نیشانی داوە وەزعیەت وا هەیەکە کرێکاری کۆمۆنیستی فەلەستینی هەرلە ئیستاوە هەموو هیزی خۆی بۆئەم مەبەستە بخاتە گەر و ئەم ئالترناتیوە، بە وشیوەیەکە لەوانەیە کەسانیکی زۆرهانی بدەن، نەخاتە پاش وەدەست هینانیمافی دیاری کردنی چارەنووس کرێکاری کۆمۆنیستی فەلەستینی دەبی ئەم موبارەزەیە هاوکات لەگەڵ خەباتی گەرم و گۆرلەدژی داگیرکەری ئیسرائیل، بێسێ و دوو لێ کردن و بێ چاوپوشی بەرەوپیش بەری.

ئیمە لەهەر رادەیەک لەسەر بەخۆیی کرێکاری لە بزووتنەوەی فەلەستین داو، لەهەرویستیکی کرێکارانی فەلەستین کە داوای بەشیکی زیاتر لە دەسەلاتی سیاسی دا هاتوو یان لە باشترین حالەتی خۆی دا بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی دەولەتی داهاتوو لە فەلەستین دابکا، پشتیوانی دەکەین. لەهەمان کات دا ئیمەوەدی هاتنی ئەو دەولەتە رزگاگەیندراوەی فەلەستینیش بەقازانج و بەهەنگاویک بۆ پێشەوە دەزانین، چونکوو بەگشتی سەرکەوتنی خەباتیکی حەقخوازانەی جەماوەری یە بولابردنی ستەمی میللی، زەربەلە ئیسرائیل و قەدەرقودرەتی ئیسرائیل دەدا لە مەنقەقەدا، ئیمکانی ئەوەپیک دینی کە فەلەستین وەک وەسیلەیەک بۆ کەلک لی وەرگرتن و سازان و بەندوبەست لە دەست ناسیونالیزمی عەرەب بیتەدەر، وەلەنەتیجەدا بە هاتنە گۆری ئاشکراتری مەسەلەبنەرەتی یە کۆمەلایەتییەکان و خەباتی چینایەتی لە دنیای عەرەب و بگرە لە ئیسرائیلیش دا کۆمەل دەکا. بەلام دەسبەجی وەبیر دینینەوە کە سەربە خۆیی فەلەستین لە ژیر رابەری جەرەیانیکی کرێکاری سوسیالیستی دا، تەنانەت ئەگەر هەر لەم روانگەدیاری کراوەشەوە چاوی لی بکری، هەزاربەرابەر باشتر هەموو ئەم نەتیجانە، بە باشترین و قوول ترین شیوەی خۆی وەدی دینی .

بی گۆمان بەرەسمی ناسینی مافی میللەتیک بۆ هەلبژاردنی نوینەری خۆی، هەنگاوی یەکەمی بەرەسمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارنووس بۆ ئەومیللەتەیە و فەلەستینی یەکانیش هەقی ئەم هەلبژاردنەیان هەیە.بەلام ئیمە بەرانبەر بەم هەلبژاردنە بی لایەن نین، ئەگەر چەپی سوننەتی و دژی ئەمپریالیست و، لە ماهییەت دا ناسیونالیست، تەئییدی مافی دیاری کردنی چارەنووس و بە پیی ئەوەش تەئییدی دەولەتی راگەیەندراوی ئیستای فەلەستین بە کافی دەزانی، نە کریکاریی فەلەستینی و نە ئیمە هاوخەباتە چینایەتییەکانیان لە ئیران، ناتوانین خۆمان بەمەمەحدوود کەینەوە. لەروانگەی ئیمەوە چارەنووسی فەلەستین دەبی لە لایەن کرێکار و زەحمەتکیشی فەلەستینییەوە و بەقازانجی ئەو دیاری بکری.

خولقینەری ئیمکانی واقیعی پیەک هاتنی دەولەتی فەلەستین،کرێکاران و زەحمەتکیشانی فەلەستینن. ئەی بۆچی پیک هینەرانی عەمەلی ئەم قودرەتە سیاسییە ناوەرۆکی کۆمەلایەتی و سیاسەتەکانیشی نەبن؟ ئەمە بەشی واقیعی ئەوانە: کرێکارو زەحمەتکیشی فەلەستینی نابی هەربەوەرازی بی کەدەولەتی داهاتووی فەلەستین بخولقینی و پاشان ببیتە"وەرەقیک" کە کەسانی تر چارەنووسی فەلەستینی پی دیاری دەکەن، بەڵکوو دەبی خۆی عامیلیک بی کەچارەنووسی خۆی لەسەر ئەساسی قازانج و بەرژەوەندی رەوای دیاری دەکا.

هیزە بزوینەرەنوی یەکانی فەلەستین کەشۆڕشی ئیستای فەلەستین و لەنەتیجەش دا گەلالەی دەولەتی فەلەستینیان خولقاند، دەبی بۆ قەوارەپیدانی دەسەلاتی سیاسی داهاتووی فەلەستین و خەسلەتی ئەم دەولەتەوەک نوینەری کرێکاروزەحمەتکیشی فەلەستینیش بینە مەیدان و نەک هەر بۆ بەدەست هینانی مافە میللی یەکان و، کۆتایی پی هینانی ژیر دەستەیی میللی و ستەمگەری رەگەز پەرستانەی ئیسرائیلی، بەڵکوو بۆقەرارەبەخشین بەهەموژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی فەلەستینی دا هاتوو بەپیی ئەلگووی کرێکارانی سوسیالیست چارەنووسی جامیعەی فەلەستین دیاری بکەن.

تەنیا لەم حالەتەدایە کە حاسلی خەباتی خەڵکی فەلەستین هەر بە پیک هینانی ولاتیکی نوێ مەحدوود نابیتەوە کەدوای کۆتایی پی هاتنی قریوەی سەرکەوتنی گشتی و میللی، جەماوەری زەحمەتکیش دیسانیش خۆیانی تیدا بە چەوساوە و ژیر دەستە ببینینەوە و ببنەوە کەسانیک کە حکوومەتیان بەسەردا دەکری.

فەلەستینی یەکان لەهەل و مەرجیکی وادان کە ناچارنین تەجرەبەی ولاتی میواندارای کۆنفرانس یانی الجزایر دووپات کەنەوە. ولاتیک کە ۲۰ سال پاش گرتنی جەژنی سەرکەوتنی سەربەخۆیی میللی، شاهیدی یاخی بوون و قیامی لە خۆین وەردراوی جەماوەری زەحمەتکیش و دەست تەنگە لەدژی هاورییان و رابەرانی خۆشەویستی دوینی یانی بەرەی ئازادیبەخش. کرێکارانی فەلەستینی هەر لە ئیستاوە و پیش ئەوەی تەجرەبەی تال و تفتی دا هاتوو تیپەرکەن و ژانی ناکامی وەخۆیان بینیتەوەو چاویان بکاتەوە، دەبی بەوشیاری و بەریکخراوی چینایەتی یان چارەنووسی خۆیان و لەم ریگایەشەوە چارەنووسی جامیعەی فەلەستینیش دیاری بکەن. واقعییەتەکان ئەوە دەسەلمینن کە زەمینەی عەینی بۆ خەباتیکی ئاوا وجوودی هەیە.

عبدالله مهتدی

وەرگێر: محمد مصری

وەرگێردرا و لەگۆڤار "کمونیست"ژمارە ٤٦-٤٧

ئەوەی لێرەدا دەیخوینینەوە دەقی پیرۆزبایی و قسەکانی هاوری صدیق کمانگرە کە رۆژی ۱۰مانگی گولان بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە قسەی کرد.

"پیشرەو"

هاوری یانی کرێکار

ئەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار و جەژنی یەکیەتی و هاوخەباتی کرێکارانی جیهانتان لی پیروز بی.

بیگۆمان رۆژی کرێکاری ئەمسالیش هەروەکووسالانی پیشوو، گەرەک و خیابانی شارەکانی سەراسەری جیهان دەبیتە مەیدانی نمایشی هیزی یەکگرتووی دەیان و سەدان میلیون کرێکاری وشیار و تیکۆشەر ئەوسالیش کرێکارانی هەموو جیهان بە هەرشیوەیەک بۆیان بکری لە کۆروکۆمەڵ و مەراسمە شکودارەکانیان دا دەنگی دلیری خۆیان لە دژی هەموو رەنج و مەینەتیکی نیزامی سەرمایەداری بەرژەوەکەنەوە و بە جەژن گرتنی رۆژی جیهانی کرێکار عەزم و ئیرادەی یەکگرتووی خۆیان بودامەزراندنی جیهانیکی دوور لە هەرچەشنە چەوسانەوە وستەم و هەلاواردنیک نیشان دەدەن.

کرێکارانی ئێران لە حالیکدا ئەم رۆژە جیهانی یە جەژن دەگرن کەنزیک بە ۹مانگە ئاوری شەری ئیران و عیراق کوژاوەتەوە. ئەوشەرە دژی بەشەریەکە کرێکارانی ئێران، بە تایبەت کرێکارانی کوردستان لە بریارنامەکانی رۆژی کرێکاری پارەکەوسالانی رابوردوودا، داواکاری کۆتایی پی هاتنی بی قەیدوشەرتی بوون و نەفرەت و بیزاری خۆیان لە دریژەی ئەم شەرە دەردەبری، ئیستا نزیکەی ۹مانگە تەواو بووە. ئیتر سەرمایەداران و رژیمە ئیسلامی یەکەیان ناتوانن بە بیانووی شەرەوە دەیان هەزار کرێکار لەکارخانە و کارگاکان دەربکەن و سەدان هەزار کرێکار و زەحمەتکیشی ئیران رەوانەی جەبهەکان بکەن و پۆل پۆل بەکوشتیان بدەن، بەلام لە لایەکیترەوە بە پیچەوانەی ئەو هەموو وەعدە و فروفیشا لە کە جمهووری ئیسلامی لە رۆژەکانی سەرەتای کوتایی پی هاتنی شەر دا بۆبەرگری لە تەقینەی رق و تووڕەیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیشی ئێران، هەلی دەرشت نە تەنیا هیچ ئال و گۆریک لەو مەزهیبەتی ژیان و گوزەرانی جەماوەری چەوساوەی ئەم ولاتە دا پیک نەهات بەڵکوو لەپال رۆژ لە رۆژ زیاتر بوونی فەقیری و گرانی و بێکاری، شەپولیک لەسەرکوت و خەفەقان لە لایەن رژیمەوە کەوتەری. رژیم هەموو هیزوقودرەتی سەرکوتگەرانەی هینایە مەیدان بۆئەوەی هەر دەنگیکی حەقخوازانە لە گەروی جەماوەری دا بخنکینی. هیرشی بی رەحمانە بۆسەرکار و ژیانی کۆمەلانی کرێکارو دەس تەنگ و، گرانی و نەبوونی و کەم بوونی پیداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان، ئیعدامی جینایەتکارانەی هەزاران ئینسانی تیکۆشەر و موعتەریز، بەردەوام بوونی خەفەقان و سەرکوتی سیاسی و نیزامی لە کوردستان و بەردەوام بوونی شەری زدی انقلابی لە دژی گەلی کورد، ئەمانە دیاری سەرمایەداران و رژیمەئیسلامیەکەیان بوون بۆ کۆمەلانی کرێکاری ئێران لە سالی رابوردوودا. هەموو ئەمانە ئیدامەی سیاسەتی دژی کرێکاری و دژی ئینسانی رژیمیک بوون کە هەر لە سەرەتاوە سەرکوتی شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێرانی لەسەرووی هەموو ئەرکەکانی خۆی دانابوو. بەلام ئەگەر دەسال خەفەقان و کوشتار، ۸سال شەری جینایەتکارانەو کۆشتار، ۸سال شەری جینایەتکارانەو کۆنەپەرستانە توانیویەتی ئەم حکوومەتە و نیزامەسەرمایەداریەکەی لەگیژاوی ئەو بۆحرانە قوولە سیاسی و ئیقتیسادیەیە کەبەروکی پی گرتوون نەجات بدا، ئەم جارەش دەتوانن خۆیان لەم بواڕەحاستەمەدەر بازبکەن وروداوەکانی ئەم ۹مانگەی پاش وەخەبەرهاتوو لەگەروودا بخنگینی ئەگەر ئەمرۆ لە ژیر بەرقی سەرنیزە و لەسایەی زیندان و کۆشتار و شکەنجەدا توانیویەتی بۆ ماوەیەک بەر بەتەقینەوەی ئیعتیرازی جەماوەری کرێکار و دەس تەنگ بگری، ئەگەر ئەمرۆ لە نیو فەزای تەرس و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی دا ئەم هیزە گەورە جەماوەری یە رق و تووڕەیی خۆی دەخواتەوە و لیو دەکروژی و ئیعتیرازی بەرینی خۆی ئاشکرا ناکا، سبەی رۆژ، ئەوکاتەی وەک هیزیکی یەکگرتوو و ریکخراو دیتە مەیدان، نیزامی گەندەلی سەرمایەداری بەرژیمی جمهووری ئیسلامی و هەموودام و دەزگای ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەکەیەوە تەفرو تونادەکا و دەیان خاتە زبلدانی تاریخەوە. ئەوکات کرێکاری وشیار و کۆمۆنیست حکوومەتی چینایەتی خۆی بەرپا دەکا و دنیایەکی شیاوی ئینسانی ئازاد و بەرابەربنیات دەنی. جەژن و مەراسمی رۆژی کرێکاری پارەکە وسالانی پیشتر نیشانەو سەمبولی ئەم هیزەیە ککرتووە جەماوەری یە بوون.

کرێکارانی کوردستان لە دەسالی رابوردوودا ویرای ئەوەی کە بە بەشداری چالاکانەیان لە مەیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەو جەماوەری دا لە دژی رژیمی جمهووری ئیسلامی گەلیک قارەمانەتی یان خولقاندوە، بەبەرپاکردنی جەژن مەراسمی رۆژی کرێکار و هەل بریندی دەنگی دلیرویەکگرتووی خۆیان موژدەی هاتنە مەیدانی هیزیکی تازەی چینایەتی یان بیگۆمان رۆژی کرێکاری ئەمسالیش، رۆژی نیشاندانی هیزی یەکگرتووی چینی کرێکاری وشیاروشۆڕشگیری کوردستانە.

کرێکارانی کوردستان!

رۆژی۱۱ی گولان، رۆژی جیهانی کرێکار فورسەتیکی تری هەتا جاریکی تر بە هینانەمەیدانی هیزی یەکگرتووی چینایەتیمان بە هەموو سەرمایەداران و دەولەتەکانیان نیشان بدەین کە ئیستا ئیتر کرێکاری وشیاری کورد ئەو هیزە بەرینە چینایەتی یەیە کە نەک تەنیا ناکری مەوجوودییەتی حاشای لی بکری و داخوازە سیاسی و ئیقتیسادی یەکانی بخریتنە پشت گوێ، نەتەنیا ئیتر برسیەتی و فەقیری و بیکاری قەبوول ناکا و بەهیزی یەکگرتووی خۆی حەقی خوراوی لە گەروی سەرمایەدار وخاوەن سەروەتە کۆنەپەرست وچاوچنوکەکان دەردینی، بەڵکوو هەروەک هەتا ئیستا نیشانی داوە هیچ ئال و گۆریکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بە بی بەشداری ئەو چینە ناتوانی بە سەرەنجام بگا. رۆژی ئەوەلی مانگی مەی بەتەعتیل کردنی کار، بەبەرپا کردنی کۆبوونەوە و میتینگ و راپەیمایی و بە بەرپا کردنی مەراسم و جەژن بەهەرچەشنیک کە بۆتان دەکری، ویرای ریزگرتن لەم جەژنە پیرۆزە جیهانی یە، ویرای دەربرینی هاوودەنگی و هاوخەباتی خۆتان لەگەڵ کرێکارانی ئیران و جیهان، کووچەوکولان و خیابانەکانی کوردستان بکەنە مەیدانی نمایشی هیزی کرێکارانی و شیار و تیکۆشەر بە تەعتیل کردنی کار و بەبەرپاکردنی جەژن و مەراسمی گەورە و یەکپارچەنیشان بدەن کەشیشەی عومری سەرمایەداری لە دەستی ئیوە دایە و ئەگەر ئیوە ئیرادە بکەن چەرخی تەولید لەکار دەکەوی و عومری ئەم نیزامە زالمانەیە تەواو دەبی. لە رۆژی ۱۱ی گولانی ئەمسالیش دا دەبی وەکوو سالانی پیشتر دەنگی دلیری خۆتان لە دژی چەوسانەوەو چەشنە ستەم و هەلاواردنیک بەرز کەنەوە. لەبریارنامەکانی خۆتان دا داواکاری ئەوەبن هەموو خەسارەتیک کەبەدریژایی ۸سال شەری کونەپەرستانە لە کومەلانی کرێکار و زەحمەتکیش کەوتوە جۆبران کریتەوە داواکاری گەرانەوەی کرێکارانی دەرکرا و بۆسەرکارەکانیانن، بیمەی بیکاری بۆهەموو کرێکاریکی بیکار، بەرەسمی ناسینی حەقی مانگرتن و ریکخراوبوون و پیک هینانی ریکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری بن. داواکاری ئەوەبن هەرچەشنە ستەم و هەلاواردنیک لە سەر ژنان هەلگیری رق و بیزاری خۆتان لە دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دەربرن و داواکاری چوونەدەری هیزەداگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بن.

بیگۆمان جمهووری ئیسلامی ئیستا وەزعی لە وشیرزەترە کە بتوانی لەبەرانبەر ویست وئیرادەی یەکگرتووی ئیوەدا موقاومەت بکاو بەناچار لە بەرانبەر هیزی یەکگرتووی و ریکخراوی ئیوەدا پاشەکشە دەکا. کۆمەلانی شەرافەتمەند و ئازدیخوازی کوردستان،

ژنان و پیاوانی شۆڕشگیر!

جەژنی رۆژی کرێکار جەژنی هەموو چەوساوەکان و مەحرووماندە بەشداری هەمەلایەنەی ئیوە لەم جەژنە پیروزەدا و هەرچی شکودارتر بەریوە چوونی جەژنی ئەوە لی مانگی مەی، جەژنی جیهانی کرێکار، نیشانەی رادەی وشیاری و لەسەروە بوونی وڕەی شۆڕشگیرانەی ئیوەیە، کەبەبەشداری بیدریغ و هەمەلایەنەتان لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستاندا ترسی مەرگتان خستوەتە گیانی رژیمی کۆنەپەرست و داگیرکەری جمهووری ئیسلامی، ئیستاش بەبەشداری لە جەژنەکانی رۆژی کرێکاردا و بەپشتیوانی لەکرێکارانی وشیاری کوردستان بۆ بەریوەبردنی ئەم جەژنە جیهانی یەمان جاریکیتر نیشان بدەن کە کوردستان سەنگەری لەشکان نەهاتووی شۆڕشی ئیرانەو جمهووری ئیسلامی لەنیو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا هیچ جیگایەکی نیە. جاریکی تر بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە پیرۆزبایی تان لی دەکەین و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

بژی رۆژی کرێکار

بژی هاوخەباتی جیهانی چینی کرێکار

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

بیانووی "کۆن"له زمان حیزبی دیموکراتی "تازه"وه

بەتاك كەوتنەوەی سیاسی ئەو حیزبە حاسڵی "مەیلی سازشكارانەی سەرانی فراكسیون لە حاست كۆڕووكۆمەڵە ئەمپریالیستییەكان"،"گرتنە پێشی شێوەی مەسەلەحەت خوازانەی جەماعەتی فراكسیون لە حاست ئۆپۆزیسیونی دژی شۆڕش" و بە تایبەت "خوبەزل زانینی لە رادەبەدەری"ئەو جەماعەتەیە.

باڵە پێش دا هەر لەم چوارچێوە گشتی یەدا شێوەی رەخنەگرتنی بەشی انشعابی لە هەلویستی ریبەرایەتی قاسملوو بە كورتی بدەینەبەر لیكولینەوە و دوایەبچینەسەرباسی بوچوونیان بەرانبەر بەشی حیزبی دیموكرات و كۆمەڵە.

۱

رەخنەی بەشی انشعابی لە سیاسەتی ریبەرایەتی قاسملوو (وەبەگشتی سیاسەتی رابوردووی حیزبی دیموكرات) بەرانبەر بە باقی ریكخراوە سیاسییەكان سەرتاپارە خنەیەكی خەتاپوشانەیە.

چونكە یەكەم: سیاسەتی ملهورانەی حیزبی دیموكرات بەرانبەر بە باقی ریكخراوە سیاسییەكان بەدرێژایی سالانی رابوردوو، وە هەوڵدانی ئەو حیزبە، بەشێك و نەتیجەیەكی سیاسەتی گشتی حیزبی دیموكرات بەرانبەر بە دیموكراسی لە كوردستان و بەرانبەر بە كرێكاران و كۆمەڵانی خەڵك بووەوبەهیچ شێوەیەك لەو سیاسەتە گشتی یەجیا ناكرێتەوە، لە حالیك دا بەشی انشعابی بە سادەیی ئەم مەسەلەیە دەخەنە پشت گوێ. دووهەم: لەقەڵەم دانی ئەم سیاسەتە بە حاسڵی فلانە"مەیل" و"شێوە و رەوشت" و،"خوبەزل زانین"ی یەك دوو كەس لەرابەرانی حیزب، هیشتا ئەوە روون ناكاتەوە كە خودی ئەم مەیل و رەوشت و خۆبەزل زانینانە سەرچاوەیان لە كۆیدایەو لە خزمەت كام بەرژەوەندوكام سیاسەتی دیاریكراوی حیزبی دیموكرات لە بزووتنەوەی كوردستاندا بوون.

ئەمڕۆ لە كوردستان تەقریبەن هەموو كۆمەڵانی تیكۆشەری خەڵك لەوە گەیشتوون كە سیاسەتی دژی دیموكراتیەك و دژی زەحمەتكێشی حیزبی دیموكرات پایە و بناغەی تەمایولاتی سازشكارانەی ئەو حیزبەیە لە حاست جمهووری ئیسلامی و هەروەها لە حاست ئۆپۆزیسیونی بورژوایی ئەورێمە وباقی هیزە بورژوایی و ئەمپریالیستییەكان.

پی شیل كردنی هەموو رۆژەی مافە سەرەتاییەكانی زەحمەتكێشانی كوردستان (لە هەرجیگایەك كە ئەو حیزبە لە دەستی هاتبێ) كۆشتاری پیشمەرگەكانی سازمانی "پیكار" لە مقەرەكەیاندا لە شاری بۆكان (مانگی رەشەمەی سالی ۵۹)، ساز كردنی موزاحەمەتی بەردەوام لە سەرریگای تیكۆشانی سیاسی و نزامی گوروهە سیاسییەكان، گرتنە پیشی سیاسەتی سازان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی، چوونە نیو شووڕای میللی موقاومەت و لە سەردەمیكی تردا هاتنە دەر لە وشووڕایە دیسان بە تەمای خۆكۆتان بەرەوجمهووری ئیسلامی، پەرەپیدانی پیلانی چەكدارانە لە دژی كۆمەڵە هەتا ئەوەی كردیە شەریكی سەراسەری و تەواو عەیار ئەمانە رووداوی جیاجیا نەبوون كە گۆیا بە دەلیلی وجوودی فلانە تەمایولات و رەوشت و خۆبەزل زانینی یەك دووكەسی ریبەرایەتی حیزبی دیموكرات قەومابن، بەڵكوو هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە و حاسڵی سیاسەتیكی دژی دیموكراتیكن كە حیزبی بورژوازی لە كوردستان لە سەرەتای دەوری تازەی حوزووروفەعالییەتیەوەیانی لە سەروبەندی راپەرینی ۵۷ەوە هەتائیستا گرتوویەتە پێش. مەبەست لەرەچاوكردنی ئەو سیاسەتە پیش گرتن بە گەشەی خەبات و شیاری و ریكخراوی كۆمەڵانی كرێكار و زەحمەتكێش بۆ پاراستنی بناغەكانی چەوسانەوە و ستەمی سەرمایەداری، دوورخستنەوەی بزووتنەوەی خەڵكی كوردستان لە مانا و مەبەستی شۆڕشگێرانە و دیموكراتیك و تەبدیل كردنی بە مەیدانیك بۆ سازان و معامەلە لەگەڵ دەولەتی مەركەزی بووە. لەسەر تاسەری ئەم دەورە ۱۰ ساڵەیەدا كە پربووە لە جم و جوول و كیشەی چینایەتی و سیاسی لە ئیران و لە كوردستان، حیزبی دیموكرات مەوجوودییەتی خۆی لەوەدا دیتوە كە ئەم سیاسەتە دژی دیموكراتیكە لە نیو بزووتنەوەی گشتی خەڵكی كوردستان دا بەرێوە بەری . زەروورەتی بە هیزكردن و پتەو كردنەوەی ئەم سیاسەت و كاركردە كە حاسڵی ماهییەتی چینایەتی و مەوقعییەتی سیاسی و تاكتیكی حیزبی دیموكرات لە كوردستانە، حەرەكەتی ئەو حیزبەی لە باقی مەیدانەكانی سیاسەت و دیپلوماسی دا دیاری كردوە. دژایەتی بە كردەوە و موخالەفەت لەگەڵ ماف و داخوازەكانی كرێكاران و كۆمەڵانی زەحمەتكێش و زۆرلیكراوی كوردستان، ئەو حەرەكەتە بنەرەتی و كۆمەڵایەتیەی حیزبی دیموكراتە كە میحوەروشكل پێدەری باقی سیاسەتەكانی بووە چ بەرانبەر بە ریكخراوە سیاسییەكانی حازر لە كوردستان، چ لە حاست جمهووری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیونی بورژوایی ئەو رژیمە، چ لە دل گورینی دا هەرجارە بۆ داخستنی كەین وبەین لەگەڵ ئەم یان ئەو جناحی ئەمپریالیستی كەوایە"میلی سازشكارانە "ی ریبەرایەتی قاسملوو بەرەوهیزە ئەمپریالیستی یەكان رەچاوكردنی فالنەیان فیسارەرەوشت وشیوە بۆ خونزیك كردنەوە لە ئۆپوزیسیونی سلتنت تلب و هەروەها خۆبەزل زانینەكەیش (تەنانەت هەر لە وحەددەدا كە بەشی انشعابی باسی دەكەن وەزاهرا رەخنەشیان لیی هەیە) شتیك نین كە هەر لەخووە بنەیان كردبی و ریشەیان نەچووبێتەوە سەر سیاسەت و كاركردەكانی ئەو حیزبە لە نیو بزووتنەوەی كوردستاندا ئەو رخنەیە كە پایەو ئەساسی ئەم كاركردانە ناباتەوەسەر سیاسەتیكی دژی دیموكراتیك كەلە جەرگەی كیشمەكیشی كۆمەڵایەتی دەورەیەكی شۆڕشگێرانەدا بەریوە براوەو ئەو شتە ئەساسییە دەخاتە پشت گوێ، بە ئاشكرا دیارە كە هیچ خاسییەتیكی نیە و پیش هەموو شتیك نیشاندەری ئەوەیە كەبەر خوردی بەشی انشعابی بە موناسەباتی حیزبی دیموكرات بەرانبەربە باقی ریكخراوەكان، لەگەڵ بەرخوردی قاسملوو (وەهەروەها لەگەڵ بەرخوردی رابوردووی خۆیان، ئەو كات كە لەگەڵ قاسملوو لە ریبەرایەتی حیزبەكەیان دابوون) لە بنەرەت دا جیاوازییەكی نیە.

خەڵكی كوردستان زەمانیك باوەر بەوە دەكەن كە ئیختیلافاتی نیوان جناحەكانی حیزبی دیموكرات دەمەقالە و دل ئیشاوییەكی خانەوادەگی وشەخسی نیەوكیشەی سیاسی نیوان حیزبی دیموكراتی قەدیم و حیزبی دیموكراتی تازەلەرەقابەتی شەخسی واوەتر دەچی، خەلكی زەحمەتكێش زەمانیك دەتوانن قەبوول كەن ئەم هەموو قسەكوتنە بە "راست رەوی" و "سازشكاری" جناحی قاسملوو تەنیا بازارگەرمییەكی سیاسی نیە، بەرانبەر بە گرینگترین مەسەلەكانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و خەباتی جاری خەلك لە كوردستان، – مەسەلەی وەك ئازادییە سیاسی و كۆمەڵایەتی یەكانو ریزدانان بۆ مافەسەرەتاییەكانی خەڵكی زەحمەتكێش،– هەلویست و قسەیەكی جیاواز ببیستن و لە كاركردی رۆژانەو كۆمەڵایەتیش دا بە شێوەی واقیعی ئەم گۆرانە ببینن، ئیستا كە نزیكەی سالیكە جیابوونەوەی حیزبی دیموكرات – ریبەرایەتی شۆڕشگێر بە ئاشكرا راگەیەندراوە، لەسەرجەمی هەلویستەكانی دا ئەو خالانە نابینرین.

۲

بەڵام ویكچوون و نزیكایەتی هەلویستی بەشی انشعابی وجناحی قاسملوو، جیاواز لەوچوارچێوە گشتی یە لەو جیگایە ئاشكراتر دەبی كەبەشی انشعابی لە گوزارشی كۆنفرانسەكەیاندایتە سەرباسیشەری حیزبی دیموكرات و كۆمەڵە و نەزەری خۆیان لەسەردەربری.

لە گوزارشی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكرات .ك.ئ– ریبەرایەتی شۆڕشگێردا بۆ كۆنفرانسی چوارەم، هەتا ئەو جیگایەی باسی باقی ئالوزبوونی موناسەبات و، بە تاك كەوتنەوەی سیاسی حیزبی دیموكرات بەهەر صورت دەنریتە ئەستوی ریبەرایەتی قاسملوو، بەڵام كاتیك قەراربێتە سەرباسی مەسەلەیەكی زۆرجیددی لە بزووتنەوەی كوردستاندا، یانی شەری حیزبی دیموكرات لەگەڵ كۆمەڵە، بەجاریك لەو نیمچەرەخنە تەنانەت"تەمایولات و شێوەو رەوشتە" باسكراوەكەو"خوبەزل زانینی لەرادەبەدەری سەرانی فراكسیون "یش لە بیر دەبرێتەوە و تەواوی خەتای دەسپێكردنی ئەوشەرە لە ئەستوی كۆمەڵە دادەنری لەم بابەتەوە دەڵین:

"بەبروای ئێمە چەپڕەوی و تەبلیغاتی شەرهەلایسینانە و دەنەدەرانەی كۆمەڵە كە شەرلەگەڵ حیزبی دیموكراتی لە پیش تر لەشەر دژی رێژیمی كۆماری ئیسلامی دانا و، دروست كردنی سێگۆشەیەك لە لایەن ئەوریكخراوەوە كە لەودا حیزبی دیموكرات تەنانەت بەخراپتر لە رێژیمی كۆماری ئیسلامی لە قەڵەم درابوو، وەسەرەنجام بە حیساب هینانی حیزبی ئێمە وەك بەشیك لە ئەمپریالیزمی جیهانی دادەنی". ئەوەی ئێمە لەبابەت حیزبی دیموكراتەوە وتوومانە هەموو بە نووسراوە هەیەو لەبەردەست دایە، ئەوەی ئێمە وتوومانەو دەیلێین ئەوەیە كە حیزبی دیموكرات حیزبی بورژوازییە لە كوردستان و غەیری ئەوە هەرچی گوتراوە تەنیا خاسییەتی ئەوەیە كە رێزەكانی خۆیانی پێ لە دژی كۆمەڵە هەلخرینن.

لێرەدا بەتایبەت دەبی چەندكەس لە رابەرانی ئیستای حیزبی دیموكرات – ریبەرایەتی شۆڕشگێر ئەوەیان بهێنرێتەوە كەیەكیك لەو مەسەلانەی لە جەرەیانی دەمەقالەی ناوخۆیان لەگەڵ جناحی قاسملوودا پەردەی لەسەرلاچوو، قسەكان و قەزاوەتە رسمی یەكانیان لەسەر كۆمەڵە لە كۆنگرەی حەوتەمی حیزبەكەیان دا بوو كە نەوارەكەی بلاو كرایەوە بیستراون (كە زۆربەی رابەرانی ئیستای بەشی انشعابی تییدا بەشداربوون) ، بەڵام لەوجیگایەی دەگەنە رەخنەگرتن لە هەلویستی ریبەرایەتی و دەگەنە ئەوەكە سووكە رەخنەیەك لە خۆشیان بگرن، هەر بەوەندە اكتفادەكەن كە بە شێوەیەكی لیل و نارۆشن باسی"هەلویستی چەوت"بكەن.

ئەمرۆئیتر جۆابدانەوەی سەر لەنوی بەوشتەكە بەشی انشعابی حیزبی دیموكرات سەبارەت بە زەمینە سازی دەسپێكردنی شەرجاریكی تر بەسەر كۆمەڵەی دادینن، لازم نیە چونكوو كۆمەڵانی خەلك و هیزە سیاسییە زیندووەكان دەمیكە لەسەر خەتابار بوون و بەمەحكووم زانینی حیزبی دیموكرات لە دەسپێكردن و دریژەپیدانی شەری ناوخۆییدا قەزاوەتیان كردوەو ئەم واقعییەتە عامیلیكی گرینگی بە تاك كەوتنەوەی سیاسی و بوحران و بن بەستی حیزبی دیموكرات بووە. ئەو شتە كەلی ئاگادار بوونی بۆ كۆمەڵانی كرێكارو زەحمەتكێش لازمە ئەوەیە كە روایەتی بەشی انشعابی وجناحی قاسملوو لەبابەت عیللەتەكانی دەسپێكردنی شەرەكەوە، بەشێوە و ناوەروك هەرێەك شتن. بەشی انشعابی هەر وەك جاران بۆ خولادان لە باسیكی سیاسی و جیددی پەنایان بردوەتەوە سەر هەندیك شتی غەیرەواقیعی و بیانووی دەسكرد و هیندیك شتیان سەبارەت بە حیزبی دیموكرات بەزمان ئێمەوە هەلبەستوە كە قەت قسەی ئێمە نەبوون. قسەی وەك ئەوە كە گۆڕایە"كۆمەڵە حیزبی دیموكراتی پی لە رژیمی جمهووری ئیسلامی خراپترە" گۆڕایە "كۆمەڵە شەر لەگەل حیزبی دیموكراتی پی لازمترە لە خەبات دژی جمهووری ئیسلامی" و، گۆڕایە "كۆمەڵە حیزبی دیموكرات بە بەشیك لە ئەمپریالیزمی جیهانی دادەنی". ئەوەی ئێمە لەبابەت حیزبی دیموكراتەوە وتوومانە هەموو بە نووسراوە هەیەو لەبەردەست دایە، ئەوەی ئێمە وتوومانەو دەیلێین ئەوەیە كە حیزبی دیموكرات بورژوازییە لە كوردستان و غەیری ئەوە هەرچی گوتراوە تەنیا خاسییەتی ئەوەیە كە رێزەكانی خۆیانی پێ لە دژی كۆمەڵە هەلخرینن.

لێرەدا بەتایبەت دەبی چەندكەس لە رابەرانی ئیستای حیزبی دیموكرات – ریبەرایەتی شۆڕشگێر ئەوەیان بهێنرێتەوە كەیەكیك لەو مەسەلانەی لە جەرەیانی دەمەقالەی ناوخۆیان لەگەڵ جناحی قاسملوودا پەردەی لەسەرلاچوو، قسەكان و قەزاوەتە رسمی یەكانیان لەسەر كۆمەڵە لە كۆنگرەی حەوتەمی حیزبەكەیان دا بوو كە نەوارەكەی بلاو كرایەوە نیشانی دەدا چلون ئەوانیش تومەت و ناوونا تورە دەسكردەكانی قاسملوویان دووپات كردبووەوەو شەرلەگەڵ كۆمەڵەیان لە هەموو كاریكی دیكە بەلازمتر دانا بوو كەوایە خەڵكی كوردستان تەواوحەقیان بووە كوللی ریبەرایەتی حیزبی دیموكرات بە مەسئوولی راستەوخۆی هەلگرساندنی شەر لە دژی كۆمەڵە و دریژەپیدانی دواتریشی بزانن. جگە لەوە، لەریبەرایەتی جناحی انشعابی دا كەسانیكیش هەن كە لە "كۆمیسیونی تەحقیقی تیك هەلچوونی حیزبی دیموكراتو كۆمەڵە لە سویسنایەتی سەردەشت"دا بەشدار بوون و قەتعەن ناتوانن حاشابكەن لە مەسئوولییەتی حاشا هەلنەگری حیزبی دیموكرات لەوشەردا و ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە كارەساتی ۲۵ی خەزەلوەری ۶۳لە هەورامانیش صادقە.

بەڵام ئەوشتەش كە بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموكرات لەبابەت"تەبلیغاتی شەر هەلایسینانەودنەدەرانەی كۆمەڵە" وەك زەمینەسازی دەسپێكردنی شەرەكە باسیان كردوە هەر دووپات كردنەوەی هەمان باسەكۆن و دواكەوتووەكانە كە نەتەنیا بە سالەها رۆشنگەری و استدلال و جەدەلی سیاسی، بەڵكووبە واقعییاتی دنیای دەرەوەش دەمیكە موری باتل بوونی لیدراوە.

تا ئەوجیگایە كە بە تەبلیغاتی وشیاریدەرانەی ئێمە مەربووتە، ئێمە هەمیشە ئەم تەبلیغەمان بەبەشیكی بەردەوام لە فەعالییەتی سیاسی و لەفەلسەفەی وجوودی خۆمان زانیوەو بەپێی توانابو بەرەوپێش بردنی هەولمان داوە. ئەوە تەنیا هەلویست و منتق ی دژی دیموكراتیكی حیزب دیموكرات بووكە تەحەمولی نەدەكرد، دەلیلەكەشی روون بوو: زەمانیك كە حیزبی دیموكرات لە دژی ئێمە دەستی بوچەك نەدەبردو كیشەی نیوانمان وەك كیشەیەكی سیاسی بەرەوپێش دەچووتە–بلیغاتی ئێمە بە شێوەی ئاسایی لە خزمەت وشیار كردنەوەی كرێكاران و كۆمەڵانی خەلك دابوو. هەر ئەمەبووە هۆی نارەزایەتی و هەلەشەبوونی حیزبی دیموكرات. ئەگەر تەبلیغات لە لای حیزبی دیموكرات وەك جۆرە"تجارەت" یەك چاوی لیدەكری، لەلای ئێمە هەمیشەوەسیلەیەك بووەبۆ وشیار كردنەوەی كرێكاران و ئاگاداركردنیان لە واقعییەتەكانی نیو كۆمەڵ و لەوەزعیەتی سیاسی ولە ماهییەت و كاركردی هیزە سیاسی یەكانی نیو جامعە جائگەگر ئەم تیكۆشانەی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبی دیموكرات وەك حیزبیكی بورژوایی ساز گارنەبوو،

ئەوە بە خودی ئەو حیزبە و بە قازانج و مەسلەحەتی چینایەتی خۆی مەربووتە. لە داهاتووش دا بیگۆمان ئیمە تەبلیغاتی وشیاریدەرانە ی خۆمان لە نیو کرێکاران وزەحمەتکیشانی کوردستان دا دریژەپی دەدەین و ئەگەر کەسانیک نەتوانن تەحەمولی بکەن، دەبی فکریک لە حالی خۆیان بکەنەوە.

جناحی انشعابی بە دووپات کردنەوەی ئەم باسە کۆنە، مسەلەیەک دیننەوە گۆر کە ئیتر زەمان لە دەوری دەرهاویشتوە.ئەم باسە لەسەر تەبلیغات هی زەمانیکە کە حیزبی دیموکرات بە تەمابوو ملهوری پیش بە تەبلیغاتی وشیاریدەرانەی کۆمەلە بگری. ئیستا ئیتر دەمیک ساله حیزبی دیموکرات توانای ئەوەی لەدەس داوە و ئیتر دووپات کردنەوەی ئیددیعاکانی رابوردوو بیجگە لەوەی بەجی مانی بەشی انشعابی لەواقعییەتەکان و ئال و گۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان هەرچی ئاشکراتر دەربخا هیچ خاسییەتیکی نیە.

سوننەتی پیش گرتن بە تەبلیغات بە بیانووی ئەوەکە "ئاژاوە سازدەکا" و بیانووی تری لەم نەوعە سوننەتی ئەو جەرەیانە بورژوایی‌یەدواکەوتووەیە کە موخالیفی هەرنەوعیک و هەرمیزانیکی دیموکراسی یە. جەرەیاناتی بورژوا ناسیونالیست نەک هەر لە هەر چەشنە عەدالەت خوازی یەکی اقتصادی و لە هەرچەشنە خۆیەکخستنیک لەگەلّ داخوازە اقتصادی و سیاسی‌یەکانی کۆمەلانی مەحروم وزەحمەتکیش بەلّکوو تەنانەت لە سوننەتی دیموکراسی سیاسیش بەدوور و بیگانەن. هەمیشە کۆمەلانی خەلکیان لە بەرچاو سووک بووە. بە شایستەی ئەوەیان نەزانیوە دەخالەت لە "مەعقوولاتی" سیاسی دابکەن، وپییان وابووە لە شانیان دانیەوشیاربنەوە، بیرکردنەوەیان گەشە بکا و سەرەنجام لە مەسەلە سیاسی یەکاندا قەزاوەتی سەر بەخۆ بکەن.

جناحی انشعابیش بەم هەلویستە کوللی‌یەی خۆی لەبابەت دەورونەقشی تەبلیغاتی کۆمەلە لە پیک هینانی زەمینەی دەسپیکردنی شەردا، تەنیا بیگانە بوونی خۆی لە دیموکراسی سیاسی نیشان داوە.

سەبارەت بە تەبلیغاتی دوای شەریش، ئاشکرایە کە تەبلیغاتی جەنگی لە دەورانی شەردا، شتیکی تەبیعی و ئاسایی یە و تەفاوەتی ئەدەبییاتی تەبلیغی ئیمە بەر لەشەرولەدەورانی شەردابەروونی ئەوە نیشان دەدا کە ئیددیعای ئەوە کە تەبلیغاتی کۆمەلە زەمینەی دەسپیکردنی شەرەکەی سازکردوە تاچ رادەیەک پووچ و بی ئەساسە لە حالیکدا هەموورووداوەکان و بەلّگە و نیشانەی مەکتووب وەرەسمی حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی شەشەم و پلینومی هاوینی ٦٣ی ئەو حیزبەوە بگرەهەتا کارەساتی هەورامان و تووشی بن بەست کردنی هەول و کوششی سیاسی و سولح خوازانەی کۆمەلە، هەرهەموویان مەسئوولییەتی کاملی حیزبی دیموکرات لە دەسپیکردن و دریژەپیدانی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەلە دا بەروونی ئیسبات دەکەن.

***

بەم تەوزیحاتەوە دەبی روون بووبیتەوە کە بەشی انشعابی لەهەلویستیان دا لە سەر شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەلە نە دەرسیان لە تاریخ وەرگرتوەونەهیچ ریزیک بۆ بیروڕای گشتی خەلکی کوردستان دادەنین و هیشتاش ئەو بیانووەکۆنانە دیننەوە گۆر کە زەمانیک کرابوونە پالپشتی سیاسەتی شەر خوازانەی حیزبی دیموکرات و ئەمڕۆ ئیتر دووپات کردنەوەیان زیاتر لە هەمیشە بی پایە دەنوینی ئەم بیانووانە تەنیا دەتوانن وەبیر هینەرەوەی لاساری کۆنەپەرستانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە ئال و گۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتی یە نۆی یەکانی کۆمەلّی کوردستان و وەبیر هینەرەوەی ئەوە بن کە شکست و تەریک مانەوەیسیاسی، تاوانیک بوون کە حیزبی دیموکرات لەسەرلاساری کۆنەپەرستانەی خۆی بژاردوویەتی ئەوە بە هەلکەوت نیە کە جناحی انشعابی دوای جیابوونەوەیان هەتابەینیک بی‌دەنگەیان لەومەسەلەیە کردوکاتیکیش وەقسەهاتن هەر ئەوقسانەیان دووپات کردەوە کەلە میژە رەنگ ورووی مەجلیسیان نەماوە.

بەشی انشعابی لە گوزارشەکەی خۆیان دابەناچارتووشی مەسەلەیەک بوون کەسەروبەری یەک ناگریتەوەو بەپیچەوانە ویستی خۆیان زۆرواقعییەت ئاشکرادەکا، بەشی انشعابی ئەوە تەئییددەکەن کە: "ریبەرایەتی لە کۆنگرەی حەوتەم دالەسەر ئەوە پیی داگرت کە هەتاکاتیک کۆمەلّە هەموو شەرتەکانی حیزبی دیموکرات قەبوول نەکا، شەرەکە دریژەی پی بدری بەلّام ئەوە کە ئەو شەرتانە چ بوون و لە روانگەی بەشی انشیعابی یەوە کامعامیل و قازانجی مادەی با عیسی ئەوە بوون ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە سەریان چەق دا بەستی و هەروەها ئەوەکە نەزەری ئەمرۆی بەشی انشعابی لەبابەت ئەو شەرەتانەوە چیە، دیسانیش بی دەنگەی لی دەکری. پرسیار ئەوەیەکە ئایا هینانە گۆری مەسەلەی تەبلیغاتی"دنەدەرانە" نەوعەتیکرارکردنەوەیەکی شەرمیونانەی جەوهەری هەمان شەرتە کۆنەکان نیە؟ ئەگەر بەشی انشعابی ئەمرۆتوانای ئەوەلە خۆیدا نابینن کە بە سەراحەت و راشکاوی ئەو شەرتانە بیننەوە گۆر، دووپات کردنەوەی ئەو کە حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی شەشەم و پلینومی هاوینی ٦٣ی ئەو حیزبەوە بگرەهەتا کارەساتی هەورامان و تووشی بن بەست کردنی هەول و کوششی سیاسی و سولح خوازانەی کۆمەلّە، هەرهەموویان مەسئوولییەتی کاملی حیزبی دیموکرات لە دەسپیکردن و دریژەپیدانی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەلّە دا بەروونی ئیسبات دەکەن.

***

بەم تەوزیحاتەوە دەبی روون بووبیتەوە کە بەشی انشعابی لەهەلویستیان دا لە سەر شەری حیزبی دیموکرات و کۆمەلّە نە دەرسیان لە تاریخ وەرگرتوەونەهیچ ریزیک بۆ بیروڕای گشتی خەلکی کوردستان دادەنین و هیشتاش ئەو بیانووەکۆنانە دیننەوە گۆر کە زەمانیک کرابوونە پالپشتی سیاسەتی شەر خوازانەی حیزبی دیموکرات و ئەمڕۆ ئیتر دووپات کردنەوەیان زیاتر لە هەمیشە بی پایە دەنوینی ئەم بیانووانە تەنیا دەتوانن وەبیر هینەرەوەی لاساری کۆنەپەرستانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە ئال و گۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتی یە نۆی یەکانی کۆمەلّی کوردستان و وەبیر هینەرەوەی ئەوە بن کە شکست و تەریک مانەوەیسیاسی، تاوانیک بوون کە حیزبی دیموکرات لەسەرلاساری کۆنەپەرستانەی خۆی بژاردوویەتی ئەوە بە هەلکەوت نیە کە جناحی انشعابی دوای جیابوونەوەیان هەتابەینیک بی‌دەنگەیان لەومەسەلەیە کردوکاتیکیش وەقسەهاتن هەر ئەوقسانەیان دووپات کردەوە کەلە میژە رەنگ ورووی مەجلیسیان نەماوە.

بەشی انشعابی لە گوزارشەکەی خۆیان دابەناچارتووشی مەسەلەیەک بوون کەسەروبەری یەک ناگریتەوەو بەپیچەوانە ویستی خۆیان زۆرواقعییەت ئاشکرادەکا، بەشی انشعابی ئەوە تەئییددەکەن کە: "ریبەرایەتی لە کۆنگرەی حەوتەم دالەسەر ئەوە پیی داگرت کە هەتاکاتیک کۆمەلّە هەموو شەرتەکانی حیزبی دیموکرات قەبوول نەکا، شەرەکە دریژەی پی بدری بەلّام ئەوە کە ئەو شەرتانە چ بوون و لە روانگەی بەشی انشیعابی یەوە کامعامیل و قازانجی مادەی با عیسی ئەوە بوون ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە سەریان چەق دا بەستی و هەروەها ئەوەکە نەزەری ئەمرۆی بەشی انشعابی لەبابەت ئەو شەرەتانەوە چیە، دیسانیش بی دەنگەی لی دەکری. پرسیار ئەوەیەکە ئایا هینانە گۆری مەسەلەی تەبلیغاتی"دنەدەرانە" نەوعەتیکرارکردنەوەیەکی شەرمیونانەی جەوهەری هەمان شەرتە کۆنەکان نیە؟ ئەگەر بەشی انشعابی ئەمرۆتوانای ئەوەلە خۆیدا نابینن کە بە سەراحەت و راشکاوی ئەو شەرتانە بیننەوە گۆر، دووپات کردنەوەی ئەو کە "گەیشتن بە ئاشتی لە نیوان دووریکخراوی سیاسی داکەهەر دووک چەکدارن ناتوانی لەگەلّ شەری تەبلیغاتی دوژمنانە بەدژی یەکتر هاوکات بی "، هەروەها هینانە گۆری ئەوەکە هەلویستی کۆمەلّە لە جەرەیانی ئاگربەس دا لە پەیوەندی داهاتوومان دا لەگەلّ کۆمەلّە بی تەسیرنابی، نیشاندەری وجوودی ئەو ئیددیعا لە بەرەو کەوتوانە، لە نیو قسەکانیاندایە. بەشی انشعابی هەروەها ئیعتیراف بەوە دەکەن کە "سەرانی فەراکسیون "بەپی داگرتن لەسەر هەلویستی غەیرە ئوسوولی مانعی سولح بوون و هەول و کوششی سیاسی سولح خوازانەیان بەبن بست گەیاند، بەلّام ئەوە روون ناکەنەوە کە مەبەستیان لە "هەلویستی غەیرە ئوسوولی" چیە؟ بەشی انشعابی ئەویان قەبوولە کە ریبەرایەتی حیزبەکەیان لە کۆنگرەی ٦بەم لاوە گەرایشی راست گەرایانەی تیدا تەقویەت بووە(وەگۆیا "رەخنە"شیان لەوەهەیە) بەلّام باسی ئەوە ناکەن تەئیسری ئەم گەرایشە راستگەرایانەیە لەسەر رەچاوکردنی سیاسەتی شەری سەراسەری لەدژی کۆمەلّە چ بووە. بەشی عنشعابی ئیعتیراف بەوەدەکەن کە مەسەلەی شەری شەراسەری لە دژی کۆمەلّە لە کۆنگرەی حەوتەم دا ئەوەندە ئەهمییەتی پی دراوە کە کۆنگرە و هەموو سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی داپوشیوە، بەلّام ئەم مەسەلەیە لە سیاسەتی عەمەلی و لە هەموو ئەو گەرایشە چەوتانە کە خۆیان پییان وایە لە ریبەرایەتی داوجوودیان بووە بە ئەنقەست جیادەکەنەوە.

بەم جۆرە بەشی انشعابی ماهییەت و واقعییەتی کیشەی نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەلە کە بووبە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە سیاسەتی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەلە بگریتە پیش، بە ئاشکراپەردەپوش دەکەن. بەشی انشعابی بە ئەنقەست بی ئاسویی جیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی گەلی کورد دا لە بەرچاو گوم دەکەن، گورانی تەناسوبی قوای سیاسی لە کوردستان بە هۆی هاتنەمەیدانی کرێکاران و زەحمەتکیشانی وشیار و تیکۆشەر لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەدا و لەهەمان حالداتەقالا و خۆکۆتایی حیزبی دیموکرات بەرەوسازان و مەجموعەی ئەو هوسیاسیانە کە زەمینە و عیللەتی واقیعی دەسپیکردنی شەری جیزبی دیموکرات لەدژی کۆمەلّە بوون لە قەلەم دەخەن و بی دەنگەی لی دەکەن، وە تاقەکاریک کە دەیکەن ئەوەیە بەشکەم بە هینانە گۆری رەخنەی لاوەکی وفەرعی لە ریبەرایەتی قاسملوو، داوینی خۆیان لە افتزاحاتی سیاسی جەرەیانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەرکیشنەوە.

پیک راگرتنی هەلویست و بیروراکانی جناحی انشعابی لەگەلّ هەلویستەکانی ئیستاورابوردووی جناحی قاسملووبە ئاسانی ناوەروک ودەروونمایەی یەکسانی هەرتک لایان دەردەخاو تەوزیح و بیانووی وەک یەک و نەتیجەی سیاسی وەک یەکی هەرتک جناحەکەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە شەر لە دژی کۆمەلە نیشان دەدا.

کۆمەلّە هەر لەسەرتای سەرهەلدانی نیشانەکانی انشعاب لە حیزبی دیموکرات لەزستانی سالی ٦٦ دا، بە سەراحەت لە جناحی انشعابی داواکرد هەول بدا لەسەر شەری ناوخۆیی و لەسەر مەسەلەی دیموکراسی لە کوردستان هەلویستیکی سەریح و سەحیح بگری. ئەوە کە بەشی انشعابی کاتی راگەیاندنی هەلویستی سەرەتایی خۆیان بی دەنگەیان لەمەسەلەکە کرد و ئیستا ئاوا بیهوودە خەریکن هەلویستەکانی پیشوویان پاساو دەکەن کە بە هیچ شیوەیەک بۆ دیفاع لیکردن نابن، نیشاندەری ئەوەیە کە چ لەسەروبەندی جیابوونەوەدا وچ لە انشعابەکەوە هەتاکۆنفرانسی چوارەم لە بابەت ئەم مەسەلە ئەساسی‌یانەوە قسەیەکی تازەی جیاواز لە بیانووە کۆنەکانی جناحی قاسملوویان نەبووەبیکەن.

نەتیجەیەک کە دەکری لە هەلویستە راگەیەندراوەکانی جناحی انشعابی وەربگیری ئەوەیەی کە اشتباهاتی سیاسی و تاریخی حیزبی دیموکرات دەرسی دانەداون و هەر لە ئیستاوەسەر ئاسوی دووپات بوونەوە اشتباهاتی رابوردوویان بەرچاو خستوە. ئەمان میراتگری هەلویستی سیاسی رابوردووی حیزبی دیموکراتن تەئکیداتی یەک لەدوای یەک لەسەر هەلویستی لەنەوعی هەلویستەکانی جناحی قاسملوو نیشاندەری ئەوەیە کە ئیترقسەکانی ئەم جناحە لەسەر"راستگەرایی" و"مەیلی سازشکارانە" و "شیوەورەوشتی مەسلەحەت گەرایانە" و" خۆبەزل زانینی لە رادەبەدەر"ی ریبەرایەتی قاسملوو جگە لە تەعاروفات و زاهیرسازی مەسلەحەتی و وردەگلەیی شەخسی هیچی تر نیە و مەبەستیان تەنیا بریتی یە لە دیفاع کردن لەجەوهەری سیاسەتەکانی رابوردووی حیزبی دیموکرات، پاوساکردنی هەلەکان و پەردەپوش کردنی بوحران و بن بستی سیاسی ئەو حیزبە هەلبەت لە ژیر پەردەی رەخنەیەکی لیبرالی دا کە بەرانبەر بە بەشیک لەریبەرایەتی ئەو حیزبە دەیکەن.

فاتح شیخ الاسلامی

بەفرانباری ١٣٦٧

(پاشماوەی) پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە

لە کارخانەکان و کارگاکان و لە هەموو شوینەکرێکاری‌یەکان، کرێکارانی شاغل کە چەندین سال تینی لەش و نانی سفرەیان هەرتک لی تالان کرا، داوای شەرایتی کاری شیاوی ئینسان و حەقدەستی زیاتر و ئیحترامی کۆمەلایەتی یان دەکەن. دەیان هەزار کرێکار کە دەورەی شەردا بیکار کراون، داوای کار دەکەن سەدان و سەدان هەزار لاو کەلەشەردا و بو دەرباز بوون لە چنگ شەر ژیانیان ببووە دەسکایەی ئەم و ئەو داوای کارو تەئمینی داهاتووی خۆیان و حورمەتی ئینسانی دەکەن. خەلّکی زەحمەتکیش کە خوراک و مەسکەن و فەرهەنگ و بیهداشتیان کرابووە خەرجی شەرو ویرانی، داوای خوراک و مەسکەن و بیهداشت و حورمەتی کۆمەلایەتی دەکەن. شەرومەینەتەکانی، ئیعتیادو فەحشا و و تاوانی گەیاندە ئەو پەری خۆی ئەم هەموو کوانە چلك کردوە کە لە پەیکەری هەژاری و تەحقیر سەریان وەدەرناوە تەحەمول ناکرین بەلّام لەوە غەیری قابیلی تەحەمول تر خودی ئەو هەژاری و تەحقیرەیە کە ئیمکانی ژیانی شیاوی ئینسانی لە زۆربەی هەرە زۆری ئینسانەکانی جامعە بریوە.

ئەو ئیعتیرازە قوول و بەرینە کە لە وجوودی کرێکارو ویست وداخوازەکانی گری دراوە، ئیستا فەزای هەموو شوینە کرێکاری‌یەکانی پر کردوە لە رق و تووڕەیی بەرانبەر بەم وەزعە تیپەر بوونی ٩مانگ لە کوتایی پی هاتنی شەر کافی بوو بۆ ئەوەی بە هەموان نیشان بدا کە ئیعتیرازی کۆمەلایەتی و رق و نەفرەتی پەنگ خواردووی نیو ئەو ئیعتیرازە، گەورەترین هیزی ئیستای نیو جامعەیە. ئەوە هیزیکە کە نە جمهووری ئیسلامی و نە هیچ کەسی تر، ناتوانی تیکی بشکینی جمهووری ئیسلامی هەر لە یەکەمین رۆژەکانی دوای شەرەوە هەرچی لە توانای دابوو وەگەری خست. هەزاران زیندانی سیاسی لە پشت دیواری زیندانەکان قەتلی عام کران. جمهووری ئیسلامی نیشانی دا کە لە دەورەی دوای شەریش دا بە هەمان ئەندازە چاوشۆرو جینایەت پیشەیە. بەلّام جینایەتکاری هەرچەندی بەرین و هەرچەندی سازماندراو بی ناتوانی ئیعتیرازی کۆمەلایەتی کرێکاران لە نیو بەری. تەنانەت زەمانیک کە هیز و ئیمکانی بەرەو روو بوونەوە لەگەلّ جینایەتکاران نەبی، ئیعتیراز دەبیتە بوغزو پەنگ دەخواتەوەو ئەمجار بەهیزو قودرەتیکی زیاترەوە دەتەقیتەوە. نە جمهووری ئیسلامی و نە هیچ کەسیکی تر، ناتوانی سەرپوش بنیتە سەر ئەم ئیعتیرازەو بیشاریتەوە چلون لە دەستیان دی ئیعتیرازی هیزیک بشارنەوە کە تەنانەت ئەگەر هەموو ئیمکاناتی بەیان و خۆ دەرخستنی دەستە جەمعی شیان لی ئەستیندرابیتەوە، دیشانیش لە کارخانە لە گنجی نیو چاوانی کرێکارادا، لەگەرەك لە نیگای هاوسەری ژیانی دا و لە کووچە و مەدرەسە لەچاوی مندالّەکانیان دا شەپول دەدا و حوکم بە مەحکوومییەتی وەزعییەتی کۆمەلایەتی مەوجوود و پاریزەرانی ئەم وەزعە دەدا. ئەم ئیعتراز ئیستا جمهووری ئیسلامی و چینی سەرمایەداری لە هەموو چینی چەوسینەر هەلدەستی و لە دالانەکانی حکوومەت دا دەنگ دەداتەوە، رژیمی داماو دەچیتە شەری کتیبیکی داستان، کار بە دەستانی حکوومەت لە بەرزترین پلەی دەسەلاتدارەتی یەوە یەکتر هەلدەدیرنە خوارەوە و رژیم پەنا بۆ هەموو شتیك دەبا هەتا نالّەی ترس و وەحشت لە نیو ریزەکانی دا خامووش بکا. گەیشتنی رۆژی جیهانی کرێکار بۆ ئیمە فورسەتیکە کە ئەم قودرەتە عەزیمەی ئیعتیرازو، داخوازەکانی خۆمان یەکدەنگ و یەکگرتوو و ئاشکرا رابگەیەنین. رۆژی کرێکار دەبی بکریتە رۆژی دەرخستنی وجوودی کۆمەلایەتی یەکپارچەو یەکگرتووی کرێکاران بە ئیعتیراز و داخوازەکانیانەوە و بکریتە رۆژی راگەیاندنی حوکمی کرێکاران رۆژی ١١ی گولان چەرخی هەموو کارخانەکان رادەوەستی یەکدەنگ لە بەرابەر جامعەدا رادەگەیەنین:"کاتی ئەوە گەیشتوە کە بی هیچ عوزر و بەهانەیەك هەموو ئەو فشارو مەینەتانەی لە دەورەی شەردا کو بەناوی شەر و سەر ژیانی خەلکی ئیران دا سەپیندرابوون، دەست بەجی کوتایی پی بهینری و جوبران کریتەوە.

کاتی ئەوە گەیشتوە کە پی شیل کرانی مافی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی مەحروومی ئیران، کوتایی پی بهینری، خەلکی ئیران ئیمکانیان پی بدری ئازادانە، نەزەرو ئیرادەی سیاسی خۆیان دەربرن، هەموو سەرچاوەو ئیمکاناتی ئابووری مەوجوودی ولات بۆ تەئمینی غەزاو مەسکەن و بیهداشت و خویندن بەچاوەدیری خودی خەلك بخریتە کارو هەژاری و تەحقیری سەربە هەموو مالیك دا کردوو لە سەر شانی خەلك لابری.

کاتی ئەوە گەیشتوە کە حەقی ئازادی مانگرتن و ئازادی خوریکخستن بۆ کرێکاران لەم ولاتە بەرەسمی بناسری و داخوازەکانیان بۆ زیاد کردنی هەقدەست، تەئمینی ژیانی بیکاران، گەرانەوە سەرکاری بیکارکراوەکان و ئینسانی بوونەوەی هەل و مەرجی کارو کەم بوونەوەی سەعاتی کار دەست بەجی وەلامیان بدریتەوە.

بە هاتنەوەی رۆژی کرێکار یەکیەتی وعەزمی کرێکاری بۆ راگەیاندنی و حوکم لەسەردانی هەموو ئەم داخوازانەوەحەرەکەت دەکەوەی.قودرەتی عەزیم و پەنگ خواردووی کرێکارانی ئیران خۆ نیشان دەدا و هاوەنگ لەگەلّ میلیونها کرێکار لە ئوروپا و ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکا، لە هەموو ولاتانی سەر زەوی، موژدەی دنیایەکی گەش، دنیای ئینسانی ئازادو بەرابەر لەگەلّ خۆی دینی.

برژی رۆژی کرێکار

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گ١٠ی گولانی ١٣٦٨

راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە پیك هاتنی کۆنگرەی سیهەم

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، مانگی ریبەندانی ئەمسال، سیهەمین کۆنگرەی خۆی گرت. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەندیك کەمتر لە ۳سال پاش دووهەمین کۆنگرەی حیزبی ئیمە بە بەشداری نوینەرانی تەشکیلاتی جۆراوجۆرەکانی حیزب پیك هات. کۆنگرە پاش ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریگای سوسیالیزم و پاش پەسند کردنی ئیعتیبارنامەی نوینەران و پەسندکردنی ئایین نامەی کاری خۆی چووە سەرباسی مەسەلە سەرەکییەکانی کاری خۆی.

کۆنگرە پاش وتاریکی کورتی افتتاحیە چووە سەرباس و لیکولینەوەی گوزارشەکان. گوزارشی مەربووت بە ئال و ۆرە جیهانی یەکانی ئەخیرو مەوقعییەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وەزعییەتی سیاسی ئیران، وەکارکردی حیزب لە فاسلەی نیوان دوو کۆنگرەدا، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بە نووسراوە درابوو بە ئەندامانی کۆنگرەو لە کۆنگرەدا سەرەتا چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە سوخەنرانییەکانیان دا گوزارشەکانیان پیشکەش کردو لەسەری دوان و پاشان کۆنگرە قسەی لەسەر کردن و رای خۆی لەسەر دەربرین.

هەروەها هەندیك لە مەسەلەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، هەلسەنگاندنی ریکخستنی حیزب و تیکۆشانمان لە نیو کرێکاران دا، مەوقعییەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەزعی ئیستای کوردستان و ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان، تیکۆشانی حیزب لە دەرەوەی ولات و هەروەها هەندیك مەسەلەی ناوخۆی حیزب لەو خالانە بوون کە کۆنگرە قسەوباسی لەسەر کردن. کۆنگرە هەروەها پیرەوی ناوخۆی حیزبی کە پیشتر بە پی بریاری کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە ئامادە کرابوو و بەنەزەر وەرگرتن لە ئەندامانی حیزب پەسند کرابوو، بەتیکرای دەنگ تەئیید کرد. کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە کوتایی دا چووە سەر هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جیگرەکانی ئەو کۆمیتەیە و، ۱۸ کەسی وەك ئەندامی ئەسلی و ٥کەسی وەك ئەندامی جیگری کۆمیتەی ناوەندی هەلبژارد. بەم جۆرە سیهەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پاش ٥رۆژ کار، بە ئەنجام دانی ئەو ئەرکانەی بۆ خۆی دیاری کردبوون، سەرکەوتوانە کۆتایی پی هات.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
۲۸ی ریبەندانی ۱۳٦۷

گوزارشیك لە:
زنجیرە عەمەلیاتی گەورەو سەکەوتوانەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری مەریوان!

ئیوارەی رۆژی ٥ی مانگی گولان پیشمەرگەکانی تیپی ۱۱ی سنەو گوردانی کاك فوئاد، بەپیی تەرحیکی چەندلایەنە و دەقیقی لە پیشدا دارژاو، لە دەیان مەرکەز و قەرارگای هیزەکانی رژیم تیپەرین و سەعات ۹ی شەو چوونە نیو شاری مەریوان و بەیارمەتی بی دریغی خەلکی تیکۆشەری شار، کونترولی بەشیکی گەورەی ئەم شارەیان بەدەستەوە گرت کەبریتی بوون لە: گەرەکی "بلچەسووریەکان"، گەرەکی "داسیران"، گەرەکی "تازەئاوا"، گەرکی "کۆنەدیو" مەنتەقەی فەرماندارى و خیابانە ئەسلی یەکانی ئەم مەنتەقەیە و چەند شوینی تری شار.

چەندواحید لە پیشمەرگەکان لە نزیك مەرکەزیکی گرینگی نیزامی رژیم جیگیر لە مالی "ئەقدەسی" لە مەرکەزی شار دامەرزان. واحیدیکی تر لەهاورییان خۆیان گەیاندە نزیك مەقەری هیزەکانی رژیم لەگەرەکی "داسیران" واحیدیکی دیکە لە پیشمەرگەکان بۆ کۆنترولی جم و جوولی هیزەکان و تیك شکاندنی هیزی کۆمەکی رژیم لە سی ریی "داسیران" لەسەر خیابانی فەرماندارى و خیابانی شارەبانی دامەرزان. واحیدیك لە پیشمەرگەکانیش بەتایبەتی بۆ تەبلیغ و سوخەنرانی چوونە گەرەکی"تازەئاوا". خەلکی شار لە هەموو شوینیك لە دەوری پیشمەرگەکان کۆببوونەوە ویارمەتی یان دەکردن پیش دەست پی کردنی عەمەلیاتەکەرانندە شەخسی یەکان ئاگادارکرابوون کە بۆ بەرگری لەزەرە روزیانی ئیحتمالی لەم شوینانەوە هات و چوونەکەن.

سەعات ۹ونیو بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیات، پیشمەرگەکان هاوکات، بە چەکی سووك و نیوەقورس پەلاماریان بردە سەر ئەم دووەمەرکەزەنیزامی یەی رژیم و تاسەعات ۱۰ئاگربارانیان کردن. لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا مەقەری "داسیران" بەسەرهیزەکانی رژیم داخاپوور کراو زۆربەی زۆری بەکریگیراوانی جی گیر لەم مەرکەزەی رژیم کوژران و بریندار بوون. توزو دووکەلیکی زۆریش لە مەرکەزەکەی تری هیزەکانی رژیم بەرزبووە و بەلأم لە میزانی دەقیقی زەرەر و زیانیان ئاگادار نین.

جەسارەتی پەلامارەرانەی پیشمەرگەکان دەرفەتی هەرچەشنە جم و جوول و دەست کردنەوەیەکی لە هیزەکانی رژیم بریبوو و لەتەواوی شاردا تەنیا"پایگای حفازتی " شار، لەنیوان گەرەکەکانی"کۆنەدیو" و "جەنگەلبانی"، تەقەیان کرد کە ئەویش بە پەلاماری جەسوورانە و ئاگری ئار.پی.جی. و تیرباری واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان زۆر زوو بی دەنگ کرا.

هاوکات لەگەلّ دەست پی کردنی عەمەلیاتەکە واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان کەبۆ تەبلیغ سازمان درابوون، لە نیو پیشوازی گەرم و گۆرى خەلگی گەرەکی "تازەئاوا" دا دەستیان دایە تەبلیغ و گف و گۆ لەگەلّ خەلك. یەکیك لە هاورییانی پیشمەرگە لەبلند گۆی مزگەوتی ئەم گەرەکەوە سوخەنرانی بۆ خەلك کرد و ویرای راگەیاندنی ئەوەکە کونترولی بەشیکی گەورە لەشاری مەریوان بە دەست پیشمەرگەکانی کۆمەڵەوەیە، تەئسیری هەلسووراني چەکدارانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵەی لەسەر بەهیزکردنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان باس کرد. ئەم هاوریەمان لە بەشیکی دیکە لە قسەکانی دا باسی هەل و مەرجی سیاسی ئیستای کوردواوای لەکرێکاران و زەحمەتکیشان کردبەرانبەر بە چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری و سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی و هەژاری و گرانی و فەلاکەتیك کە رژیم بەسەری دابریون یەکپارچەتراوەستن و بۆ وەدەست هینانی داخوازەسیاسی و ئابووری یەکانیان خەباتی خۆیان لە دژی جمهووری ئیسلامی دریژەپی بدەن. بیجگە لەم واحیدە هاورییانی تریش لەهەموو ئەو شوینانەی کەلەکونترولیان دا بوو گفت و گۆیان لەگەلّ خەلك کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبی یان لە نیو دا بلاّم کردنەوە.

ئەم زنجیرەعەمەلیاتەی نیو شاری مەریوان سەرجەم چەند سەعاتی خایاند و هاورییانی پیشمەرگەپاش جیبەجی کردنی سەرکەوتوانەی هەموو مەئموریەتەکانیان هەموو بەسلامەت لە نیو شوروشەوقی کۆمەلّانی خەلکدا شاریان بەجی هیشت.

بەیارمەتی خەلکی تیکۆشەر کونترولی بەشیکی گەورەی شارکەوتەدەست پیشمەرگەکان،

چەند مەرکەزی گرینگی نیزامی رژیم کەوتەبەرپەلاماری جەسوورانەی هاورییان،

یەکیك لە هاورییان لە بلندگوی مزگەوتیکەوە سوخەنرانی بۆ خەلکی شار کرد،

خەلّکی تیکۆشەری شاری مەریوان ویرای پیشوازی هاوکاری یەکی گەرم و گۆریان لەگەلّ پیشمەرگەکان کرد .

وەلامی پرسیاریك لە سەر خۆکۆتانی حیزبی دیموکراتی جەماعەتی قاسملوو بۆ سات و سەودا لەگەلّ جمهووری ئیسلامی

خوینەری بەریز!

لەمەودوا هەول دەدەین هەندیك پرسیارو وەلامی بەرنامەی" ئیمە و گۆیگرەکان"ی رادیو دەنگی شۆڕشی ئیران کە بۆخۆینەرانی "پیشرەو"یش بەکەلك بن، چاپ بکەین لەم ژمارەیەی پشرەودا پرسیاری گویگریك و وەلامەکەی دەنگی شۆڕشی ئێران چاپ دەکەین، ئەم وەلام و پرسیارە لە بەرنامەی رۆژی ٦خاکەلیوەی ئەمسال لە رادیوی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاّوکراوەتەوە.

وەلامی نامە

گویگریك لە شاری سەردەشتەوە لە نامەیەك دا کەبەنیوی م.د ئیمزای کردوە نووسیویەتی :

"ئەوەماویەیەکە لەم لاولەولا شایعەیك بلاّو بووەتەوە کە خۆی لە خۆی دا نەتازەیە و نەسەیرە: ئەویش شایعەی پەیوەند و هاوسەرگیری نێوان جمهووری ئیسلامی و جەماعەتی قاسملووی حیزبی دیموکراتە ئەم شایعەیە راست بی یان درو، وادیارە رژیم یان کەسانیکی دیکە بە ئەنقەست پەرەی پی دەدەن و گەورەی دەکەنەوە جانازانم مەنزووریان چیە؟ زۆر کەس لە خەلك بە دەلیلی تەجرەبەیان لە جمهووری ئیسلامی و بە دەلیلی ئەوە کەوت وویژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بیهوودەوبی حاسلە تەنانەت هەست بە نیگەرانی یەك نیگەرانی لە پیلانیك، شتیك – دەکەن و بە دردونگی چاو لەم مەسەلەیەدەکەن. پیم باش بوو بزانم نەزەرتان لەم بابەتەوە چیە؟"

گویگری خۆشەویست! دیارە هەرقسەو دەنگ و باسیك لە ناوخەلکدا بلاّوبیتەوە بە دەستی ئیمەش دەگا سەبارەت بەم مەسەلەیەش هەم لە دەنگ و باسەکەوهەم لە قسەونەزەری چارەسەرکردنی کەلین و کەلەبەری گیروگرفتی ناوخۆیان پیویستی یان بەم جۆرە قاوبلاّوکردنەوانە هەیە.

ئەوەندەی جمهووری ئیسلامی یە، دیارە بە قەد کیویك گیروگرفتی بەسەردابارپوە و دەیەوی بە هەرفیلیك بووەتەنانەت بۆ ماوەی چەند مانگیکیش بووەگۆشەیەك لەو بارە لە سەرشانی خۆی سووك بکا. فەرزبکە بۆ بەرپا کردنی نمایشی ئینتخاباتی رەئیس جمهووری کە قەراە ۸-۷ مانگی تر بیکا، دەیەوی بریك سەری خۆی سووك بکا. ئەگەر لەلایەك بۆ ئەوکارە دەست دەداتە وەحشیانەترین کۆشتار و ئیعدامی بە کۆمەلّ، لەلایەکی تریش تیدەکۆشی خەلك لە چاوەروانی داراگری ولە بازاری وەعدەوبەلین دا، تەخشان و پەخشانیان بۆ بکابەشکەم بەقەولی مەشهوور لەم ستوون بۆ ئەو ستوون فەرەجیك حاسل بی لە کوردستانیش دەیەوی وابنوینی کەگوایە لە فکری خەلك دایە و بیر لە چارەسەرکردنی گیروگرفتیان دەکاتەوە. لە بیرتانەهاوین و پاییزی رابوردووش کەسانیکیان نارده ئەم شاروئەوشار،بریك پرسیاری جۆربەجۆریان لە نیو خەلکدا بلاّو کردەوە کە بۆ مەسەلەی کوردستان چی بکەین باشەوشتی نەزان هەلخەلەتینی لەم بابەتە, ئەودەمیش هەر مەبەستیان ئەوە بوو چاوەروانی یەك لە نیو خەلکدا پیك بینن و هەرکەس ئەهلی خلەتان و سازان بی، پیی هەلخەلەتینن ئیستاش وادیارە هاتوەلەگەلّ جەرەیانیکی سیاسی–کەباش دەیناسی ودەزانیّ بۆ ئەوە دەبی بیکاتە دەسکایەی خۆیپەیوەندیکی هاکەزایی گرتوە و جاری کایەی پی دەکا. دیارە ئەگەر رژیم بە مەقسەدی خۆی گەیشت، ئەو وەختەیان حیزبی دیموکراتی قاسملوو بە تەواوی دەبیتە وەرگیرکەی بەردەستی رژیم کە ئیتر عاقیبەتی مەعلوومەو مەعنای عەمەلی یەکەی لە هەموو کەس رۆشنە، یان هەرهیچ نەبی لەمەیدانی سیاسەت داولەبەرچاوی هەموان بی بایەخ دەبی و زیاتر لە جاران دەبیتە ریسوای خاص و عام کەلەهەرتك حالەتەکەدا رژیم زەرەریکی نەکردوە.

ئەلحەق جەماعەتی قاسملووش بۆ ئەم کارە زۆر ئامادەوکەمەربەبستەن. ئەمە یەکەم جارنیە کە بە چاوداگرتنیکی جمهووری ئیسلامی کەوتوونەتە دوو دەسمالە و ئیختیاری خۆیان لە دەست بەرداوە.

سەبارەت بەوەزعی کاری ژنانی قالی باف لە هەوشار

لە سالانی رابوردووش دا هەرکات گیروگرفتی ناوخۆی حیزبی دیموکرات توند بوو بیتەوە و ئاسوی چارەنووسی خۆی لە شۆڕشدا لی تاریک بووبی پەنای بردوەتە بەر ئەم جۆرە سات و سەودایانە یان هەرهیچ نەبووبی خۆی دەنگۆی ساز کردوەو بە دوایدا تیکۆشاوە لە دەنگو و شایعەی دەست هەلبەستی خۆی کەلك وەرگری بۆ ئەوەی روحیك بەبەرهیزەکانی دا بکاو بە دلخوشی یەکی پووچ رایان گری.

جاری واش بووە هیچ قسەیەکی بۆ خەلك پی نەبووە و ئەم جۆرە شایعاتەی بلاو کردوەتەوە هەتا بە خەیالی خۆی تیپی سازشکارو بی ئاسوی لە قۆماشی خۆی پی سەرگەرم و سەرودلخوش بکا.

بەهەرحال هەموو کەس لە بیریەتی کە بەدریژایی ئەم سالانە، لە نیوان رژیم و حیزبی دیموکرات دا، هەمیشە ئەوە حیزبی دیموکرات بووە دۆراندوویەتی و رژیم بۆ مەقسەدوو مەنزووری خۆی کردوویەتە دەسکایە. هەمیشە ئەوە حیزبی دیموکرات بووە کە ئاخرەکەی سەرەرای هەرخوڕانان و لاملی خۆ سوورکردنەوەیەك، رووزەردی بەسەرداهاتوەو تەنانەت ناسیاسەتمەدار بوونی خۆشی بە ئاشکرا دەرخستوە.

بەلی دوستی خۆشەویست ! هەروەك تۆش نووسیوتە کەم کەس هەیە بە چاوی دردونگی چاو لەم دەنگ و باسە نەکا، یان پووچی و بی حاسلی ئەم کارەی هەر لە ئیستاوە لی ڕۆشن نەبی. ئاخرڕژیمیك کە کوردستانی پادگانیکی گەورەو لە هەر کولان و گەرەك و شارودی یەك بەسەر نیزەوە رووبەرووی خەلك راوەستاوە، رژیمیك کە چکولەترین مافی سەرەتایی و بەرهەقی خەلك قەبوول ناکا، رژیمیك کەلە زمانی زۆروسەرکوت و کوشتار بەولاوە هیچ زمانیك نازانی، چلون متمانەی پی دەکری؟ چلون خەلك لیی دردونگ نابن؟ کی باوەر دەکارژیمیك کە خۆینی ئەم هەموو خەلکەی کردوەتە شیشە لە ناکاو بکەویتە فکری وت وویژلەگەڵ ریکخراوە سیاسی یەکان؟ ئینسان ئەگەر کەمیك عەقل وتی گەیشتنی هەبی، ئەگەروەعدەی پووچەل حەواسی تیك نەدابی، زۆر ئاسانە کەتی بگا نابی هیچ چاوەروانی یەکی لەم رژیمە هەبی کە بەزەیی بەمریدانی ولایەتی فقیە وەفاداراني قانوونی ئەساسی خۆشی دا نایە. مەگەر بنیادەمی گیل و نەزان، یان ئەوکەسانەی خۆیان لەگیلی و نەزانی دەدەن چاویان لە حەنای ئەم حەقیقەتانە بقونجینن.

بیجگە لەمانە ئەو وت ووێژوە ختیك هیچ پابەندی و بەلینیکی ئاشکراو غەیری قابیلی پەشیمان بوونەوەی رژیمی لەپشت نەبی وەختیك لە پیشدا هیچ حەق و حقووقیکی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلك لە لایەن رژیمەوە بەرەسمی نەناسرابی، بەلکووبە پیچەوانە لە ئیدامەی کوشتاری زیندانیانی سیاسی و گرتنی خەلکیکی زۆر لە ئیران و کوردستاندا بی، لە دریژەی داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان و ناردنی هیزی سەرکوتگەری زیاترو سەرکوت و خەفەقانی زیاتری رژیمدابی، چون دەتوانی پیلان نەبی؟ پیلانیکی ڕەزیلانە بۆ پی شیل کردنی ماف و داخوازو ئامانجەکانی خەلك نەبی؟ خەلك چون دەتوانن مسقالیك نیازپاکی رژیمی تیدا ببینن؟

کاریکی وەها ئەگەر بەبی ئاگاداری خەلك و دوور لە چاوی خەلك بکری، ئەگەر هیچ ئیمکانیکیان نەبی بۆ دەخالەت کردن تییدا و بۆ ئاگادار بوون لیی، ئەگەر خەلك نەتوانن بە هیچ جۆرە ڕەزا بوون و ناڕەزابوونی خۆیان و ئیرادەی ئاشکرای خۆیانی تیدادەرخەن، غەیری پیلان چی تری پی دەگوتری؟ کاریکی وا تەنیا مەرگە بۆ ئەوە بی بناوانی دەسال خەباتی خەلکی کوردستان کە جمهووری ئیسلامی یان بەزەلالەت هیناوە بە ئاودا بدا ئەگەر شتیکی وابووبی لە یەکەم هەنگاویدا بی هیچ ئەم لاوئەولایەك بە مەعنای پیشیل کردنی مافی خەلکی کوردستانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، کردنی گیروگرفتی ژیانی میلیونەها ئینسانی زەحمەتکیش و تیکۆشەری کوردستان نیە. هەرچی بی تەقەلایەکی بی سەمەر وبی خاسیەتە بۆ ئەوەی چەند رۆژیك لە عومری نەگبەتی رژیم زیادبی و لەم ناوەدا حیزبی دیموکراتی قاسملووش دەبیتە دەسکایەی رژیم و دیارە ئەوە چارەنووسی خۆدی ئەم حیزبەیە کایەی پی دەکری نەهیچی تر.

قالی هەوشار لە باش و جوانی و بەدەوامی دا بەناوبانگە. بەلام ڕەنجی ئەو بەناو بانگی و باشی و جوانی و بەدەوامییە کی دەی کیشی و کی قازانجی زۆر و زەبەندی دەخوا؟ دەیان هەزارژنی کرێکار، ژنانی بێبەش و ستەمکیش، بەڕەنجی دەست و پەنجەیان، بە تەحوملی پشت ئیشە و نەمانی سومای چاو و ژاکانی روح و لەشیان ئەو نەقشە ڕەنگینەو ئەو کردەبەنرخ و بەدەوامە، لەبەن و شریت دەخولقینن و لەبری حەقدەستیکی کەم و کورت، تەختە تەختە دەیدەنە دەست سەرمایەدرانی مفتە خۆر، ئەوسەرمایەدارانە تەنیا بەم بۆنەوە دەبنە خاوەنی ئەوقالی یانە کە سەرمایە دەخەنە کار، دارتەون و بەن و شریت و ڕەنگ هی ئەوانە و هیزی دەست و میشکی ژنانی کریکاریشی بۆ دەکرن تا بیانکەنە قالی بۆ موعامەلەی پر لە قازانجی بازاری ناوخۆیی ئیران و دەرەوە.

قالی هەوشار زورتر لە شارەکانی تیکاب و زەنجان و تەوریزو تاران دەفروشری.

٤-٣ سال بوو قیمەتی قالی لە بازاری ئیران و جیهاندا شکابوو، شکانی قیمەتی قالی ژمارەیەکی زۆرلەوخانەوادە زەحمەتکیشانەی بەرشکست کردکە هیشتا دارونەداریکیان بودامەزراندنی دارتەون و وەدەست خستنی بەن و شریت و خوری بە دەستەوە مابوو . بەشیك لەم خانەوادانە کە خۆیان بەنی قالی یان دەرست، بەبۆنەی ئەوەوە بەرشکست بوون کە لە چەند سالی رابوردوودا کارگای "نخ ریسی"، بەقیمەتیکی هەرزانتربەنی تەولید دەکرد.

پاش بەرشکست بوونی ئەم خانەوادانە ژمارەی کرێکارانی قالی باف زیادی کردو چونیەتی قەرارومەداری نیوان ئەو کریکارانە و سەرمایەدارانیش ئال و گۆڕی بە سەرداهات. دەستی خاوەن سەرمایەکان بۆ چەوساندنەوەی زیاتر و قازانج خۆڕی بی حیساب و ئاوالەتربووەوە و لەبەرانبەردا دەسەلاتی خانەوادەکریکارو زەحمەتکیشەکان بۆ پاراستنی بەرهەمی ڕەنجی خۆیان کەمتر و کەمتریش بووەوە.

یەك دووساله دیسان قیمەتی قالی چووەتەوە سەروتاجران و سەرمایەداران دیسان دەستیان کردوەتەوە بە سەرمایە گوزاری لەم مەیدانەدا و سەرمایەیەکی زۆریان لەم بەشدا خستوەتە گەر. "جهادسازندگی" ڕژیمیش بەبوودجەی دەولەتییەوە وەك سەرمایەداریکی گەورەهاتە مەیدان وزیاتر لە ۱۰هەزاردەزگای لە مالی کرێکارانی قالی باف دامەزراند. بەپیی ئاماری خودی "جهادسازندگی" ژمارەی ئەم دەزگایانە ئەمسال گەیشتوەتە ۱۲هەزار کە هەرکامیان لانی کەم ۳کریکار کاری لەسەر دەکەن.

بیجگە لە "جهاد سازندگی" ژمارەیەك لەسەرمایەداران و تاجرانی تیکاب قەرارداد لەگەڵ کریکاران دەبەستن و بە پی شیل کردنی سەرەتایی ترین حەق و حقووقی کریکاری یان، بی پەردە، بەرهەمی ڕەنجی مانگ و سالیان بە تالان دەبەن.

شوینی کاری قالی کردن لە مەنتەقەی هەوشار هەرمالی خودی کریکارانە کە دارتەونی سەرمایەدارانی تیدا دادەمەزرینن. ئەومالانە نەروشنایی پیویستیان هەیەو نەهەوای تازە و نە وەزعیەتیکی موناسبی بیهداشتی بەم جۆرە سەرمایەداران بەر لە هەموشتیك، بە قیمەتی مەحرووم کردنی کرێکاران لە شوینی کاریکی بیهداشتی و موناسب، خەرجی سازکردنی ساختمان و حەمام و کیشانی ئاو و بەرق و تەئیمینی باقی پیداویستی یەکانی شوینی کار لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە و ئەوەی بۆیان دەگەڕیتەوە بۆچەوساندنەوەی ژمارەیەکی زیاتری کریکاران وەگەڕی دەخەن. سەرمایەداران بۆراگرتنی ئەم وەزعەتیدەکۆشن و دەلین قازانجی کریکاری قالی باف لەوەدایە کە لە مالی خۆی کاربکا. چونکوو نەوعی کارەکە کۆنتراتی یەو بەم جۆرە دەرامەدی زیاترە. بەڵام ئەمە لەراستی دافریویکی سەرمایەدارانە کە ریشەی گیانی ژنی کریکار دەکیشی. بەدامەزراندنی دارتەون لە مال و بەقەرارادی کۆنتراتی، سەرمایەدار نەك هەر ئەوخەرجەی بۆ دەگەڕیتەوە کە باسمان کرد، بەلکوو لە عەمەل دا ڕەئیسی خانەوادە (باب یان میرد) دەکاتە سەرکارگەریکی بی مواجب بە سەر ژنانی کریکاردا، ڕەقابەت دەخاتە نیوان دراوسی کان و لەم ناوەدائەوەی کە ریشەی دەردێ ژنان و کچانی کریکارن و ئەوەش کە بەرهەمی زیاتری دەچیتە گیرفان ئاغای سەرمایەدارە.

ئەم شیوەکارە باب و میرد وەتەماع دەخا کە فشاریکی بی بەزەیی ولەتاقەت بەدەر بخاتە سەر ژن و کچی خۆی و بیەوی و نەیەوی دەبیتە عامیلیکی پوول وەسەریەك نانی سەرمایەدار کە چی خۆی و منداڵەکانی بیجگە لە مەینەت و ڕووتالی زیاتر هیچ شتیکی تریان لەم فشارە بەنسیب نابی.

لەم شیوەکارەدا سەعاتی کاریش هیچ قاعیدەو قانوونیکی نیە لە زەردەی بە یانی یەوە ژنان و کچانی قالی باف لە پشت دار تەون دا دەنیشن و تانیوەشەو، تا کاتیك بەسەر دەزگاکەوە خەو دەیانباتەوە "گری چن" دەکەن و "کەلکیت" دەکوتن. جاری وایە ٢کەرەت نەوتی چراتور تەواو دەبی و دەکوژێتەوەو دیسان هەلی دەکەنەوە. بەم جۆرە سەعاتی کاردەگاتە ١٦و تەنانەت ١٨سەعات تەعتیلی لە کاردانیە مەگەر شایی یەك یان شیوەنیك بیتە پیش کە ئەویش نابی زۆر دەوام بینی لەتاقەت بە دەری ئەم کارە وەختیك ڕۆشن تردەبیتەوە کە بزانین ئەغلب کچان لە عومری ٥سالی یەوە دەبرینە پیشت دارتەون و دوایش هەر بەم بۆنەوە کە فیری سەنعەتی قالی چنین دەبن، جاری وایە تاتەمەنی ٢٥و ٣٠ سالی ناهیلن میرد بکەن. ئەم جۆرە کچە کریکارانە تەنانەت دوای میردکرنیش بە بۆنەی ئەوەوە کەشیربایی یەکی زۆر لە میردەکانیان دەستینن، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شیربایی یە فشاریکی زیاتریان دەکەویتە سەر لەراستی دا ژن و کچی کریکاری قالی چن لەو کاتەوە کەچاو دەکەنەوە تا ئەو وەختەی کە ئیتر سومای چاویان نامینی، پیردەبن، دەستیان دەکەویتە لەرزین و توانای گری چن و کەلکیت کۆتانیان نامینی، وەك کەنیزی زەرخریدو ئەسیروکویلەی کاری قالی کردن بی ئەوەی لە بەرهەمی ڕەنجی خۆیان بحەسینەوە. سەرمایەداران ئەم وەزعەیان جۆریك تەرتیب داوە کە موناسباتی خانەوادەگی دەکاتە موناسباتیکی ژالمانەی وەك کارگەرو کارفەرمایان کارگەر و سەرکارگەر، هەربۆیە زۆربەی ئەو ژنا و کچانە باب و میردی خۆیان بەزالم و چەوسینەر دەزانن نەك سەرمایەداریك کە لەوبەری قەراردادەکەوە شیرەی گیانیان دەمژی و قالیە دەسکردەکانیان بە کروور کروور دەفرۆشی و سال بە سال سەروەت و سامانیکی زیاتری پی کۆ دەکاتوە.

حەقدەستی ئەم کریکارانە بە دووشیوە دیاری دەکری. نیوەکاری، یان ئیجارە. ئەگەر قەراردادەکە نیوەکاری بی، ڕەئیسی خانەوادە دارتەون و کەرەسەی پیویست وەردەگری و قالی تەحویل دەداتەوە و قیمەتی فروشی قالی یەکە لەگەڵ سەرمایەدار نیوەدەکەن. ئەگەریش قەراردادەکە ئیجارە بی، میزانیك بە بڕەدار دەنین کە سەرمایەدار لە کاتی تەحویلی وەرگرتنەوەی قالی یەکەدا دەیدا بەڕەئیسی خانەوادە ئاشکرایە کە لە هەرتك حال دا قەراردادە کە هەربە زەرەری خانەوادەی کریکارە چونکوو لە نیوەکاریەکەشدا سەرمایەداربە بیانووی جۆراوجۆر قیمەتی کەم لەسەر قالی یەکان دادەنی بە جۆرێك کە بۆ هەر قالی یەکیەك مێتر لە مێتر و نیویك دا کە ١٢هەزارتمەن سەرمایەی دەزگاو وەسایلەکەیەتی، تەنیانزیکەی ١٣تا ١٥ هەزارتمەن حەقدەست بە خانەوادەی کریکار دەگا. لە حالیکدا ئەو قالی یەبە ٥٠ تا ٧٠ هەزارتمەن دەفرۆشری و سوودی سەرمایەدار زیاتر لە ٢بەرابەری حەقدەستی کریکارەکانە لە قالی ٢لە٣ و ٣لە ٤ مێتریش دا سوودیکی زۆرزیاتر دەستی سەرمایەدار دەگری.

ئەم شیوە دیاری کردنی حەقدەستە کونتراتی یە کە رۆژ ومانگ و نەخۆشی و تەعتیل و ئیستراحەت بۆ کریکارناناسی سەرمایەدار بەم شیوەیە لە ژیر خەرجی دەواو دەرمان و بیمە و هەموو هەقیکی لەم چەشنەی کریکاران دەردەچی تەنانەت بە هۆی ڕەسم و سوننەتی کۆنەپەرستانەوە کە پیاو بە خاوەن ئیختیاری ژن حیساب دەکری، ئەم حەقدەستە راستەوخۆ نادری بە ژن و کچی کریکار و دەدری بە باب وبرا و میردەکانیان یانی بەکورتی ئەم دەیان هەزار ژن و کچە کریکارە تەنانەت لەبەرانبەر ئەم کارەسەخت و تاقەت پروکینەش دا بە کرێکار و بەخاوەنی هیچ هەق و حقووقیك ناناسرین.

ئەم وەزعییەتە ئابووریە، لەسەر وەزعی خانەوادەگی و کۆمەلایەتی ئەو ژنانەش تەئسیری داناوە. ژنان و کچانی قالی باف بە پیی ئەوەی لە قالی کردن. دا چەندە دەست ڕەنگین ووەستابن، ڕادەی شیربایی شیان دەچیتە سەریا بە گرانتر دەفرۆشرین یانی ئەمە دەبیتە بەلای گیانیان و جاری وایە خانەوادەکە یان ناهیلن کچەقالی چنەکانیان زوو، یان بە ئیختیاری خۆیان میرد بکەن. دوای میردکردنیش ئەم جۆرە ژنانە، بەر لەوەی هاوسەری میردەکانیان بن، کریکارن و کریکاربن، دەیان چەوسینەوە، یان دەبن بە عامیلی چەوسانەوەی زیاتریان بۆ سەرمایەداران .

چاوگێرانێك بەسەر خەباتی كرێكارانی كوردستان لە سالی٦٧دا

سالی پێشوو ژمارێەكی زۆر هەوال و گوزارشی خەبات و ئیعتیرازی كرێكارانی كوردستانمان بەدەست گەیشت. هەرچەندكە ئەم هەوال و گوزارشانە تەنیا گوشەیەكی خەباتی كرێكارانی كوردستان نیشان دەدەن نەك هەمو ئیعتیراز و تیكۆشانیان، بەڵام زۆر شت روون دەكەنەوە چاو گێرانیكی كورت بەسەر ئەم بەشە لە خەباتی كرێكاران كە بە دەستی ئیمە گەیشتوە ئەم واقعییەتە دەسەلمینی كە كرێكارانی كوردستان، سالی ٦٧، پوختە تر و بەتەجرەبەتر لە پێشوو، سازمان دروتر و یەكگرتووترو لیبراوانەتر لە پێشوو، لە ئیدارە و شێركەتە دەولەتییەكانەوە تامەیدانی كاری شارەكان و شێركەتەساختمانییەكان، لە كارگا و كارخانەكانەوە تا گەركە كرێكارنشینەكانی سنەو سەقزو سەردەشت و مەهاباد و... لە كوورەخانەی كوردستانەوە تا، كوورەخانەكانی تەوریزو ئەهەر و ئەراك و هەمەدان و شارەكانی تری ئێران، خەباتیكی یەكپارچەتریان لە دژی سەرمایەداران و جمهووری ئیسلامی بەریوەبردوە وسەركەوتنیان بەدەست هیناوە ئەوەش نیشانەی پێشرەوی و چوونە پێشی هەنگاویكی تری كرێكارانی كوردستانەبووەدی هینانی داخوازە سیاسی و ئابوورییەكانیان و بۆیەكیەتی و یەكگرتوویی چینایەتی زیاتری ریزەكانیان.

هەلبەت خەباتی پاری كرێكاران لە هەل و مەرجیكی تال و ناخۆش دا بەریوە چوو. بێكاری و گرانی لە رادە بەدەر، نەبوونی بیمە بێكاری، حەقدەستی كەم و سەعات كاری زۆر و كاری تاقەت پرووكین، مەحروم بوون لە ئیمكاناتی ریفاهی و دەرمانی و بیهداشتی، ئیخراج و نەبوونی ئەمنیەتی شوغلی، ئاوارەگی و مەحروم بوون لە مەسكەنی مناسب و ئیمكاناتی سەرەتایی ژیانیكی ئینسانی، زەبروزەنگی سیاسی و سەركوت و نەبوونی ئازادی بیرو باوەروئازادی بەیان، نەبوونی ئازادی خوپیشان دان و مانگرتن و پێك هینانی ریكخراوەی سنفی و سیاسی، هەول و تەقالای رژیم بۆبەسەر بازگرتنی كرێكاران و بەرێ كردنیان بۆ جبهەكانی شەروتەنانەت هینانە گۆری قانوونی دژی كرێكاری قەدەغەبوونی سپاردنی كار بەو كرێكارانەی نەچوو نەسەربازی، ئەمانە تەنیا بەشیك لەم هەل و مەرجەدژوارە بوون كە كرێكارانی كوردستان خەباتی خۆیانیان تیدا و لە دژیان بەریوە برد.

ئەگەر بەرپاكردنی پترلە ١١مەراسمی شكودار ی رۆژی كرێكارلە شاری سنە و چوار مەراسمی رۆژی كرێكار لە مەهاباد سەرەتای دەسپێكردنی موبارزەی كرێكاری سالی ٦٧لە كوردستان بوو لە هەمان كات دا بەریوە بردنی ئەم مەراسمانە لەو هەل و مەرجە دا كە باسمان كرد، نیشانەی ئامادە بوونی بەریوەبردنی خەباتیكی لیبراوانەتر و یەكگرتوانەتری كرێكارانیش بوو.

لەم رۆژەدا چەندین هەزار كرێكاری كوردستان لە شارەكانی سنەو مەهاباد وبرای هەموو هاوچینەكانیان لەسەراسەری دنیاریزیان لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتیان گرت و ئەساسی ترین داخوازەكانی سیاسی و ئابووری ئیستای خۆیانیان دەست نیشان كرد ئەم مەراسمانە بە پێچەوانەی مەیل و ویستی جمهووری ئیسلامی و سەرەرای زەبروزەنگ و پێلانگێری و ئیقداماتی سەركوتگەرانەی رژیم بۆ پێش گرتن بە بەرپاكردنیان بەریوەچوون و كرێكاران كاربەدەستانی رژیمیان ناچار كرد كە لە بەرانبەر هیزیان دا سەردانەوینی.

هەرلەیەكیك لەم مەراسمانەدا بوو كە كرێكارانی تیكۆشەری شاری سنە لە بریارنامەیەكی ٢٠مادەیی دا ئەساسی ترین داخوازەكرێكاریەكانی كریكارانی كوردستانیان هینایەگۆر، داخوازی وەك: بەرەسمی ناسران و تەعتیل بوونی رۆژی كرێكار، بەرەسمی ناسرانی ریكخراوە كرێكاریەكان، پێك هینانی كاری موناسب بۆ هەموو ژنان و پیاوانی بێكاری ولات، بەرابەری مافی سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی ژنان و پیاوان، زیادبوونی حەقدەستی كرێكاران لەسەرئەساسی بەریوە چوونی ژیانی خیزانیكی ٥كەسی، بیمەی بێكاری، ٤٠سەعات كار لە حەوتوو دا، مەسكەنی موناسب و زۆر داخوازی ئابووری و سیاسی و ریفاهی تر.

كرێكارانی كوردستان لە سالی ٦٧ پێش دابێجگە لە بەراپاكردنی مەراسمی شكوداری رۆژی كرێكار، زۆرخەباتی سیاسیان وەك: نەچوون بۆ سەربازی و نەچوون بۆ جبهە، راوەستان لە بەرانبەرقانوون و موقەرەراتی نیزامی و ئاموزشی نیزامی دا، مەحكووم كردنی بۆمبارانی شارەكان و پشتیوانی دەربرین لە كرێكارانی دنیان و بزوتنەوەی رەوای كرێكاران و زەحمەتكیشانی فەلەستین و... هەلسوراوانە بەریوەبردوە. بەڵام لێرەدا لەوە زیاتر ناچینەسەر ئەمانە و لە سەرخەباتی ئابووری كرێكاران لە شوینی كاریان زیاتر دەروین هەروەها لیكولینەوە لە سەرخەباتی كرێكاران و زەحمەتكیشانی گەرەكە فەقیر نشینەكانی شارەكان دادەنین بۆ فورسەتیكی دیكەتا خەباتی ئابووری لە شوینی كار زەقتر بكەینەوە.

خەبات بوداخوازە ئابووری یەكان لە خەباتی سالی ٦٧ی كرێكاران دا جیگا و شوینیكی تایبەتی هەبوو. ئەگەر خەبات بۆ ئەم داخوازانە سالانی پێشوو زیاتر و ئەساسەن لە كوورەخانەكان دەكرا، سالی ٦٧شوینەكانی تری كاروەك ئیدارات و شێركەتە دەولەتییەكانو مەیدانی كاری شارەكان و شێركەتە ساختمانییەكانیشی گرتە بەر.

سالی پێشووبیجگە لە گوزارشەكان، ٣٣هەوالمان لە خەباتی ئابووری كرێكارانی كوردستان بە دەست گەیشتوە كە ١٨ خەباتیان بوزیاد كردنی حەقدەست بووە و باقی یەكەشیان ئیعتیرازبە وەدوا كەوتنی پەرداختی حەقدەست ئیعتیراز بۆ كەم كردنەوەی سەعاتی كار، ئیعتیراز بۆ دابین كردنی وسایل و ئیمكاناتی ریفاهی ئیعتیراز بە باج و خەراجی جەنگی، ئیخراج وجەریمەبوون. لەم ٣٣خەباتە، لانی كەم ٢٥یان سەركەوتوون و كرێكاران توانیویانە داخوازەكانیان بەسەر سەرمایەداران و دەولەت دا تەحمیل بكەن.

چاوگێرانیكی كورت بەسەر ئەم ٣٣، هەوالەو مەراسمەكانی رۆژی كرێكاردا چەند خەسلەتی خەباتی سالی ٦٧ی كرێكارانی كوردستان بە روشنی نیشان دەدا یەكەم: یەكگرتوویی كرێكاران زیاتر بووە دەیان هەزار كرێكار لەم خەباتە دیاری كراوانە دا بەشداریان كردوە. هاودلی و هاوفكری و مەشوەرەت كردن لە نیو كرێكاران دا هەنگاویك چووەتەپێش لە مەراسمەكانی رۆژی كرێكار دا كرێكارانی بەشە جۆراوجۆرە كان بە ژمارەیەكی زیاترەوە بەشداریان كردوە لە كوورەخانەكان هەموو كریكاران مەنتەقەیەك، قالبدار قرمزدار، چەرخ كیش، كووڕە سووز، بەژن و پیاوەوە لە قسە و باسی پێش مانگرتن و لە مانگرتنەكاندا هەلسووراوانە بەشداری یان كردوە. خاوەن كووڕەكان و دەولەت سەرەرای سەركوت و پێلانگێری نەیانتوانیوەتەفرەقەیان لە نیو بخەن.

لە شیونەكانی تریش، لە شارەداری و ئیدارەی راهی مەریوان، لە موخابەرات و لە كارخانەی شاهوی سنە و لە شیركەتی ساختمانی بی شاسپ و پیرشیخ لەسەردەشت، لە مەیدانی كاری شارەكانی بۆكان و سەقز و مەهاباد، لە شیركەتی سیام و چل چەمەی دیواندرە و... كرێكاران بە تیكرا ئیعتیرازیان كروەوتا ئاخریەكپارچە ماونەتەوە و لەسەرداخازەكانیان سوور بوون.

دووهەم: داخوازەكانی رۆشنتر لە پێشووبوون و داخوازی هەموو كرێكاران و بشەجۆراوجۆرەكان بووە. لە پێشدا كریكاران لە كوروكۆمەلی خۆیانداو لە مەجمەعی عمووومی دا قسەیان لە سەر داخوازەكان كردوەو پێكەوە مەشوەرەتیان لی كردوە و تەواوفوقیان لە سەركردوە ئەمە بەتایبەت لە بریارنامەی كرێكارانی شاری سنەو لە مەراسمی هەوەلی مانگی مەی دا و لە خەباتی كرێكارانی كوورەخانەكان دا زۆر زەق و بەرچاوبووە.

سیهەم: سازماندراوی و مەیلی كرێكاران بۆ خەباتی سازماندراو و بۆ كاری ریكخراو چەندین هەنگاوەاتوەتە پێش، كرێكاران بە تایبەت لە بابەتەوە بە باشی لە تەجرەبەكانی پێشووبیان كەلكیان وەرگرتوە و بە كاریان هیناون. بەریوە بردنی مەراسمی سازماندراوی رۆژی كریكار، هەلبژاردنی نوینەر، پێك هینانی مەجمەعی عمووومی، ناردنی نوینەر بۆ كوورەكانی تر لە لایەن كرێكارانی كوورەكانەوە، دەست پێكردنی مانگرتنەكان لە رۆژی دیاری كراودا لە هەموو مەنتەقەكان، هەلبژاردنی نوینەر بۆ وت وویژ لەگەڵ خاوەن كوورە و سەرمایەدار، پێك هینانی گاردی ئیعتساب، كەلك وەرگرتن لە ریكخراوە كرێكاریەكانی مەوجوود، پێك هینانی سندووق و... هەموویان ئەم واقعییەتە دەسەلمینن.

لەراستی دائەگەر بەرپاكردنی مەراسمی رۆژی كریكار نموونەیەك بوو بۆ كاری ریكخراو، ئەگەر داخوازی بەرەسمی ناسرانی ریكخراوە كرێكاریەكان لە بریارنامەی ئەوەلی مانگی مەی داپەنجەراكیشانی پێشرەوانی كرێكارانی كوردستان بوو بوداخوازیكی كرێكاری و بانگەوازیك بوو بۆ ریكخراوی زیاتر، خەباتی ریكخراوی دەیان هەزار كرێكاری سەدان كوورەخانەو مەركەزی كاری تر وەلام دانەوەی كرێكاران بوو بەم بانگەوازە و هەولدانیان بوو بوجیگیر كردنی شیوەی خەباتی سەزماندراو.

چوارەم: بەشداری ژنان لە خەباتی سالی ٦٧دا زۆربەرچاوبوو. ژنانی كرێكار و زەحمەتكیش لەبەرپاكردنی مەراسمی رۆژی كریكاردا بەشداریەكی هەلسووراوانەیان هەبوو لەبریارنامەی ئەوەلی مانگی مەی دا چەند داخوازی ژنانی كرێكار وەك: بەرابەری كاملی مافی ژن و پیاوە حەقدەستی بەرابەر بۆكاری بەرابەری ژن و پیاو، دابین كردنی مەهدی كوودەك و شیرخورگەو جل شورخانە گونجا بوو لە كوورەخانەكان ژنان لە قسە و باسی پێش مان گرتن، لە مەجمەعی عمووومی دا، لە مانگرتن و... دەور و نەقشیكی تایبەتیان هەبوو.

پێنجەم: سالی ٦٧هەم خەباتی ئابووری كرێكاران زیاتر پەرەی سەند و هەم لە نەتیجەی یەكگرتوویی و ریكخراوی زیاتر و بەشداری زۆرتری كرێكاران لە خەباتەكاندا، سەركەوتنیكی زیاتریان بە دەست هینا. هەروەك باسمان كرد لە ٣٣خەباتی دیاری كراودا لانی كەم ٢٥یان بەتەواوی سەركەوتوون.

سەركەوتنی باری خەباتی كرێكاران هەرنابی بەرپا مەحدوود بكریتەوە ئەگەر ئەمسال رژیم لە كوردستان ناویری وەك پارلە دژی بەرپا كردنی مەراسمی رۆژی كرێكار بیتەمەیدان و ناچاردەبی خۆی مەراسمی فەرمایشی پێك بینی و سوێندبە سەری كریكاربخوا و تەنانەت دا خوازی كریكاری بە بریارنامە مەترح كا، ئەگەر خاوەن كوورەكان ناچاردەبن بەقەرارداد دیكەوە بینە مەیدان كە بەشیك لەو داخوازانەیان هەر لە ئیستاوە بە رەسمی ناسیوە كە پارگریكاران خەباتیان بۆ وەری خستوە، هیئەوەیە كە خەباتی پار، ترسی هاتنە مەیدانی زیاتر و خەباتی لیبراوانەتری ئەمسالی و بەر ناون و خۆیان ناچار دەبینن ئەم ماف و داخوازانە بۆ كرێكاران بسەلمینن تا لە توندو تیژی خەباتی ئەو سالیان كەم كەنەوە لەراستی دا جی گیر بوون و تەعتیل بوونی رۆژی كرێكار و هەندیك لەو داخوازانەی كە سەرمایەداران و دەولەت هەر لە ئیستاوە سەلماندوویانە، بەرهەمی خەباتی لیبراوانەی پاری كرێكارانی كوردستانەو بی گۆمان ئەمسال بە كەلك وەرگرتن لە دەرس و تەجرەبەكانی پار و بە كار هینانیان سەركەوتنیكی زیاتریش بە دەست دینن.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانە، چەند كەم و كوورپش لە خەباتی پاردا هەبوو كە نابی لە پێش چاوی كرێكاران و پیشرەوان و رابەرانیان ون بی.

هەروەك باسمان كردخەباتی كریكارانی كوردستان بۆ زیادكردنی حەقدەست، وەك داخوازیكی ئەساسی یان زۆر بە گەرمە و سەركەوتوانەبەریوە چووە. بەڵام لە هەندیك داخوازی ئەساسی تریان دا دەسكەوتیكی كەمیان بەدەست هیناوە. بۆ نموونەكەم كردنەوەی سەعاتی كار، تەئیمنی كار بۆ هەموو كرێكاریكی بیكار، وەرگرتنی بیمەی بیكاری، گەرانەوەی كرێكارانی ئیخراج كراو و... ئیستا لە داخوازە سەرەكییەكانی كرێكارانی كوردستانن و پیویستە هەروەك زیاد كردنی حەقدەست خەباتیكی گەرم و گۆڕ و یەكپارچەیان بۆ وەری بخری و جیی خۆیەتی ئەمسال ئەم كەم و كوورپی یەی خەباتی پارقەرەبوو بكریتەوە.

ریكخراو بوونی كرێكاران زیاتر لە كاتی بەریوەچوونی خەباتیكی دیاری كراو دابووە. یانی مەسەلەن كاتیك مانگرتن بۆ حەقدەستی زیاتر لە گۆڕ دابووە، كرێكارانیش خەباتی خۆیان باش سازمان داوە بەڵام پاش تەواو بوونی مانگرتنەكە، ئەم سازماندراوی وریكخراوی یەش كۆتایی پی هاتوە ئاشكرایە كە بەشیك لە ئارایشی كرێكاران پاش كۆتایی پی هاتنی خەباتیكی دیاری كراو، ئیتر پیویستی خۆیان لە دەست دەدەن. بەڵام هەموویان وانین مەسەلەن مەجمەعی عمووومی یەكیك لەو ریكخراوانەی كریكارانەكە چ لە كاتی خەباتیكی دیاری كراو داو چ لە وەختی تردا پیویستە و كریكاران دەبی بۆ جی گیر كردنی هەول و تیكوشانیكی زیاتر و جیددی تر بە كار بەرن سالی پیشوو دەورونەقشی ژنانی كریكار لە خەباتی كریكاری دا بەرچاوتر بوو بەڵام زیاتر بە مەراسمی هەوەلی مانگی مەی و بە خەباتی كوورەخانەكان مەحدوود كرابووەوە. مەسەلەن هەر ئیستا دەیان هەزار ژن و كچی كریكار لە هەل و مەرجیكی زۆر سەخت و غەیرە ئینسانی دا لەبری حەقدەستیكی زۆر كەم لە لایەن "جهادسازندگی" و سەرمایەدارانەوە دەچەوسێندرینەوە. یان هەر لە كوورەخانەكان زۆرداخوازی وەك نانەوا خانە و جل شور خانە و... هەیەك ئەمسال دەبی بچیتەنیو داخوازی كریكارانی كوورەكانەوە.

هیشتاش پیویستە بۆ هەلسووراوی زیاتری ژنانی كریكار لە خەباتەكاندا و بۆ لابردنی موشكیلاتی سەرریگایان، چ لە لایەن خۆیان و چ لەلایەن باقی كریكارانەوە هەولیكی زۆر زیاتر بدری.

پیویستە بۆسەرا سەری كردنەوەی زیاتری خەباتی كریكارانی كوورەخانەكان، بۆ یەكگرتوویی زیاتری كریكارانی مەیدان، بۆراكیشانی پشتیوانی بەشە جۆراو جۆرەكانی كریكاران لە خەبات و ئیعتیرازیەكترو... هەولیكی زۆر زیاتر بدری و ریگای سەركەوتنی خەباتی ئەمسال هەر لە ئیستاوە خۆش بكری.

محمد مصری

مانگی گولانی ٦٨

به سەرهات
بەسەرهاتی ژنیکی کرێکاری قالی کە هاتوەبۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە



باڕانی پایز بەخورەم ئەباری بەسەرما
تاڵە دەزوویەك بەوشکی نەماوەلە بەرما
خەت خەت
ڕەهیلەی پەنایەك، پەنایەك،
وەك تانی تەونە
کە بەرچاوی گرتووم و لیم بۆەتە موتەك
سواری سەرم بووە.
بەیەکە بین ئەلی: "دەی!
دەسا دەی !"
هەرچی ئەکۆشم کەئەو تەونە بەشکم بەرم دا
محالە!
یەك تاقە ئازاری لەشم جوولە ناکا،
ئەڵێی
هەر لەپشتین بەرەو خوارمی
پیوەبەستراوە، پیچەن دراوەو
لەسەردا
بەقامچی
بەبی بەین
لە تەوقی سەرم رائەکیشن!
* * *
نانا!خەیالات! خەیالات!
خەیالاتە ئەم باتەوە پشتی ئەوداڕەتەو نەلەعینە
من تازە ئیتر ڕەها بووم ڕەها،
کوا؟ کوانی؟ کوا تانی تەونە؟
ئەمە شەستە بارانە ئەم شێڵی
باڕانی پایز
– کەئاوا لە گۆی بردووم.
پاساری یەکم لە حەوزەهەلکشاو
وەختە بمرم لە سەرما دواجمگە
ئەندام و ئازام ئەلەرزی
– وەنە چونە، ئاوا.
سێ ڕۆژە بەم تاو وبارانە لەم ناوە
ڕیگا ئەکەم
دول بەدول، دی بەدی م پشکنیوە
شوین پولە بالندەیەك کەتووم وا دەمیکە،
خوزگەی دلی خۆم
لەچاویان، بزەی لیوو
ڕاوێژی دەمیان و تیسکەی تفەنگیان،
بەدی کردوە.
سێ ڕۆژە ئاسکیکی بەربووم و
هەرپیرەبیرە و گل و ژانمە.
بە هیچ هەردوبەردیکەوە بەن نەبووم و
ئەژانم کەژانی بڕینم
لەکام مەنزلی دلنیایی دەمێ ئەسرەوی.
ئەڵێی سیبەڕۆم گرتوە.
یاو و لەرز و ڕاوەم لە کۆڵ ناکەوی.
بەپێوە خەوی سەردەمی تفت و
تاڵی منالیم و لاویم ئەبینم:
– دەمێ وەك پەپوولە
بەناو میرگی نەخشینی ژیندا
ئەهاتم ئەچووم
کام گۆڵی جوان بوو
لەخرخاڵێ زیاتر–
نەچاوم بەپوولێ ئەکەوت و
نەپەنجەم لە پووشی ئەبووگیر
بەشی من ئەسیری بوو
گیرودەیی ناو قەفەس بوو
قەفەس دارەتەونی ڕەقی بی نەفەس بوو
بەیانان
دەنووکم لە میلی ئەگیراند
هەتا زەردەپەر.
بەبەر تەونەوە مورەمورم ئەکرد
بەشکە ساریژی کەم
ئەم خەمەی وەك گولولەی بەنیکم
لە سەر دل گری بوو.
بەڵام
بۆبەڵای گیانی خۆم نەم ئەزانی
کە هەرچەندە خیم دایە قالی
خراپتر لە چالی سیابەختی کەوتم
ئەم ئەژانی
کەهەر چەندە"کرد"م وەسایانەتر بۆایە
خۆ نرخی کەولم
لەگەل نرخی قالی ئەرویشتە سور!
هەر ئەتوت کە بەم ڕۆژگارە
من
بەکەلکیتی ئاسن بەهیزی هەموو پەنجەکانم
خەریکم
گریی بەندوداوی کوڵوڵی و ئەرامەننەیی خۆم
پتەو تر ئەکەم.
سەرەنجام هەمیسان
خەریك بوون بەشووم دەن
بە تاجر دەڵالیکی خۆین تاڵی خۆین مژ
کە قالی بەکردن ئەدا لەو دیهاتە
ئیتر کارد بە ئیسقان گەیشت و
من ئەم جارە دەر چووم
دەڵاقەی تەویلەم شکاندو
– چلون تیر بە لوولەی تفەنگدا –
وەها من بە تاریکە شەودا
گڤەم کرد
لەگەڵ بیربیرەی منالی و
خەم و دەردی عومری بە باچووم
لە پاش چەندە مەینەت گەیشتم
بە ئاواتی مەنزل
گەیشتم بە تاواتی مەنزل،
نهینگای عەزیزانی خۆم دیتەوە
– ئای لە خۆشی دلم ئەو دەقیقە و سەعاتە!
"ڕەشی" هات بە پیرمەوە
خۆی بوو. باشم ئەناسی
– "ئەمە توی؟"
دوو ڕیزەدیانی سپی ژیر سمیلی ڕەشی
دوو چاوی زیتی وەکوو گر لەکوا نووی برویا
بەجا مانەکەی وا تەویلی شەتەك دابوو
گشت دەم و چاوی سوور هەلگەڕابوو
کەدیم، وام ئەزانی
بەجاری گری چاوی بەربوەتەگیانم
تەزوویەك و
گەرمایی یەکی مولایم،
بەلەشما گەڕا
یەك و دووکچان دەورەیان دام
چما دەستە خوشکیکی چەن ساڵەیان بووم
–چ ڕوح سووك و خۆش ویستەنی و میهرەبان بوون!
لەبەر چاوی پرتاسەما
وەك فریشتەی حەکایەت
پەریزادی شیرینی گۆل –
خەندەران بوون.
بەیەك چاوترووکان
هەریکیان کوتی جل
لەخۆر جینەکەی یا لەبەر بۆ دەرینام
ئەوەی وا لەبەر مابوو پاك دام
رنی
بەرگی وشکم لەبەرکرد
وتت بوومە بنیادەمیکی ترو
هەرچی ئازاری چەن ساڵەمە
لەگەڵ ئەو لیباسانە یەکسەر فرەم
دان
هەر ئەو عانە من ڕاستەکەی
گیانی خۆم،
خۆشی ڕزگاری و
خۆشەویستی "ڕەشی"م
پیکەوە نایە ناو دەسرەیەك،
– وەکوو خۆشترین یادگاری –
لە گۆشەی دلمدا هەلم گرت و
هەرگیز فەراموشی ناکەم.
ئەفسووس و داخی بەجەرگم
نەما ئەو نەمامەی
یەکەم جار بەدلخوازی خۆم
باوەشم گرتەوە بۆی،
سەرم نایە سەرسینگی گەرمی و
هەموو ئیشی پیشووم لەبیر بردەوە.
بەلی وا بوو ئەو
یاری خۆینگەرم و هاو سەنگەری هاندەرم بوو.
ڕەفیقی ژیانم
شەریکی و تووێژەکانم بوو
دەستی ئەگرتم بەرەو ڕوشنایی.
بەرەو ژینی تازەم
کەئیتر لەوەدوا بکۆشم
لی جیی نەخشی قالی،
بەسەرپەنجە نەخشی ژیانیکی نوی دابدەم
بۆ ژن و پیاوی هاوچارەنووسم.
من ئیستا کە ئیتر
ژنیکی کزی دەستە مونیم
زەلیلی بریقەی چەقونیم
ئەسیریکی بن مال و مالی خرید و فرۆش نیم،
من ئەو پەنجە واسالەها بوو لە هەیلمەم ئەگیراند
لە پیلکەی تفەنگی ئەگیرینم ئیستا و
بەرەو ڕووی هەموو ڕەنجمژان ئەیتەقێنم.
دووچاوم کە ماندووی گریی وردی قالی بوو
ئیستا بەریزی وشەی چاوودل ڕوونکەری ناوکتیب ئاشنایە.
من ئەوکات مشتیك منالێ بووم
چلونم ئەزانی
دوری کەم زیانی
لەناو گەنم و جۆی ئاوەدانی
ئیستاش ئەزانم
کەچون بەرهەمی ڕەنج و کار گشتەکەی
لە چنگ مفتەخۆران ڕەهاکەین
من ئیستاکەوەك چون ئەزانم
لەساراتی سەوزی بەهارا
بزن چون ئەزی و کارژەلەی جوان
ئەبینی بەبی دەستی مامان
وەها یشە ئەزانم
کەدونیای لە عینی هەژار خۆری ئیستا
بەدەستی هەژاران، بەمامانی شۆڕش
جیهانیکی نوێی لی دەزی،

لییی دلشادی و جوانی و بەهرەمەندی
بۆهەموو ئادەمیزاد
ژن و پیاو بەیەکسان.

ف. پشکو – ڕەشمەی ۱۳٦۷–
بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن
(۸ی مارس ی ۱۹۸۹)

(پاشماوەی) گوزارشێك لە بەریوەچوونی مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

"ئەورو بۆ جواب دانەوە بەم پیویستی یانە، بۆ گیرانی دەوری ڕابەری لە شۆڕش داو، بۆ گورینی سیمای جامیعە و مسوگەرکردنی دوا ڕۆژی سەرکەوتوانە لە کوردستان، پیویستیمان هەیە زۆرلەوە کەهەین بە هیزوتواناتر بین. دەسکەوت و پیشرەویەکانی تا ئیستامان هەرچەند زۆربەکەلك و پربایەخن بەڵام بەبی پیشرەوی زیاتر، بەبی ئامادەیی زۆرتر لە خەباتی چینایەتی دا، تەنانەت هەروەك خۆشیان ناپاریزین . یەکیەتی و هاوپشتی زیاترمان بۆ سەرکەوتنمان لە خەبات داپیویستە.

جیی خۆیەتی ئەمڕۆجاریکی تر فەوری ترین وەزیفەکرێکاری یەکانمان وەبیر بینینەوە و بۆ ئەنجامیان پەیمان تازەکەینەوە.

لە شەرایتی فەقروفەلاکەت و بیکاری ئیستادا، لە حالیکدا کە لە کوردستان لانیکەمی چەقەدەستیش بوزۆربەی کرێکاران تەنیا هەر ئارەزووە، پیویستە بە هەموو هیز و توانای کرێکاریەوە بۆ زیاد کردنی حەقدەست و بوراگرتنی مەزایای کار حەقدەست و بوراگرتنی مەزایای کار تی بکۆشین.

لە حالیکدا بەشیکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان کریکاری فەسلی و ساختمانین و ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران بیکارن، بەبی موبارەزە بۆ وەرگرتنی بیمەی بیکاری و موبارەزە لە دژی بیکاری، ناتوانین کریکارانی بیکارو لەسەر کار بە باشی پیکەوە یەکگرتووبکەین . هەربۆیەوە ڕگرتنی بیمەی بیکاری و وڕیکخستنی بیکاران داخوازیکی گرینگ و ئەسلی کریکارانە.

جی گیر کردنی ۸ سەعات کار لە ڕۆژدا و، موبارەزە لە دژی هەرچەشنە بی قانوونییەك و، قەدەغەکرانی کاری منداڵان و کاری کۆنتەڕاتی، بەشیکی دیکەی خەبات و ئیعتیرازی کریکاریە.

موقاوەمەت و موبارەزە لە دژی زوڵم و زۆری هەرڕۆژەی هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی و موبارەزە لە پیناو ئازادیەیە دیموکراتیکەکانداو وەك هەمیشە دەبی بەبەشداری گەرم و گوڕ وریکخراوتری کریکاران دریژەبدری.

موبارەزە بۆ حقووقی بەرابەری ژن و پیاو بەشیکی جیانەکراوەی خەباتی کریکاریە. ئیستا کە ژنانی کوردستان،، لەبی حقووقی و مەحدوودیەتی زۆر لە نا و مال و لە کۆمەڵ دا ڕەنج دەبەن و کۆنەپەرستی مەزهەبی و سەرمایەداری بە هەموو قودرەتیانەوە دەیانەوی نەقشی دەرەجە دووهەم بە ژنان تەحمیل بکەن، نابی ئەو پەرچەمەی کە بۆ بەرابەری ژن و پیاو بەرزبووەتەوە بە بیانووی پروپووچ دانەوینن. پی داگرتنی هەرچی زیاتر و قایم ڕاگرتنی هەرچی زیاتری ئەو شیعارو پەرچەمە بۆ گەشەی خەباتی کریکاری و ئازاد بوونی ژنان، ئەرکی سەرشانی هەر کریکاریکە.

بەریوە بردنی ئەرکەکانی ئەم قوناغە بەبی ریکخراوی کریکاری و بەبی پیرە ئەستاندنی ریکخستنی کریکاران لە سەراسەری کوردستان دا، ئەنجام نادری یان باشترە بلیین بە ئەنجام گەیاندنی تەواویان کاریکی زەحمەت و پردەردیسەرە. لە نەتیجەدا موبارەزە بۆ ریکخستنی کریکاران و پیك هینانی ریکخراوەکریکاریەکان ئەرکی هەرەفەوری و ئەساسی بزووتنەوەی کریکاری یە لە کوردستان بەرپا کردنی شوورا کریکاریەکان و دامەزراندنی مەجمەعی عمووومی ئەرکیکی گرینگی پیشرەوانی کریکار و کریکارانی کۆمۆنیستە. ئیمە پشتیوانی لە دروست کردن و پیك هینانی هەموو ریکخراویکی کریکاری وەك اتحادیە و سندیکاو... دەکەین و هاورییانی کۆمەڵە و کرێکارانی پیشرەو، بەشداری گەرم و گوڕی تیدا دەکەن. تیپەر بوون لەم قوناغە و گەشەی بزووتنەوەی کریکاری تارادەیەکی زۆر بەریکخستنی کریکارانی کوردستان لە ریکخراوە سەراسەری و جەماوەریە کریکاریکاندا بەستەگی هەیە. پیك هینانی ریکخراوە کریکاریەکان چەندین قات توان و وزەی خەباتکارانەمان زیاددەکا. کۆمەڵە ئەوە بە ئەرکیکی گرینگی خۆی دەزانی و هاورییانی کۆمەڵە لە هەر شوینیك بن، چالاکانە بۆ ئەم مەبەستە تیدەکۆشن. بە ئەرکی سەرشانی هەموو کۆمۆنیست و کریکاریکی وشیاری دەزانین کە بە هەموو هیزەوە لەم ئەرکە پیرۆزەدا بەشداری بکەن." هاوری عمر لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا کۆتی:

"تاریخی تائیستای کۆمەڵە و بزووتنەوەی کریکاری لە کوردستان تارادەیەکی زۆر تیکەلاوبوون کۆمەڵە وەك ریکخراوی سیاسی و پیشەنگی کریکاران هاتوەتە مەسدان پاراستن و تەقویەتی کۆمەڵە، پتەو کردنی ریزەکانی و تەبدیل کردنی بە ریکخراویکی تەواو عەیاری کریکاری ئەرکیکی سیاسی سەرشانی هەموو پیشرەویك و هەلسووراویکی کۆمەڵەیە. کۆمەڵە دەسکەوتی پربایەخی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستانە، گەشەدار ڕاگرتنی لە هەموو هەلس و کەوتیکی سیاسی دا، بۆبەرەوپیش بردنی بزووتنەوەی کریکاری پیویستی یەکی چینایەتیە. تاهەم لەم ڕیگایەوە کۆمەڵەمان هەموو ڕۆژیك زیاتر بەرەوباری کریکاری و چینایەتی بگورین و هەم هیز و توانای زیاتری کۆمەڵە بوریکخراوتر کردن و گەشە پیدانی زیاتری بزووتنەوەی کریکاری بە کاربینین بە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندام و پیشمەرگە و هەلسووراویکی کۆمەڵە دەزانین کە لەم ڕیگایەدا هەروەك ڕابوردوو،

کورتە هەلسەنگاندنیکی هەلسووڕانی چەکدارانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە ساڵی ٦٧دا

سەرسەختی و چالاکی و فیداکاری لە خۆی نیشان بدا. بە بی پشتیوانی گەرم و گۆڕی ئیوە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە کۆمەڵە، نەمان دەتوانی زۆرقوناغی دژوار تێپەڕبکەین ئیستاش کە ئەرکەکانمان قورس ترن چاوەڕوانی پشتیوانی گەرم و گۆڕتری ئیوە لە کۆمەڵەین.

ناموناسب نیە لەو ڕۆژەدا ڕووبکەینە هەموو ئینسانێکی دیموکرات و ئازادیخواز هەموو ڕوناکبیرێکی شەرافەتمەندوداوایان لی بکەین و پێیان بڵێین: ئەگەر دەتانەوێ دژ بە زوڵم و زۆر و چەوسانەوەبن، ئەگەر بۆ ئازادی و دیموکراسی تیدەکۆشن، دەبێ پشت بە خەباتی کرێکاران ببەستن و یارمەتی دەری ئەم خەباتەبن. لە ژێر ئالای کرێکاری دا هەموو ئامانجەکانی ئیوەش دێتەدی.

وەک کۆمەڵە و وەک کرێکارانی کوردستان، دەستی دوستی و برایەتی بۆ هەرکەس کەبەدژی زوڵم و چەوسانەوە بێ دریغ دەین و ، خۆمان بە پاڵ پشت و مودافیعی بێ ئەم لاو ئەولای هەموو مافیکی ئازادیخوازانە دەزانین هیوا دارین ئیوەش دەستی هاوخەباتیمان لەو قوناغەدا بێ جواب نەهێلنەوە و بەشکاندنی دیواری ترس و وەحشەتێک کە بورژوازی دروستی کردوە. هەنگاوی قایمتر لە جاران هەلێننەوە.

هاورێیان قسەکانم بەکەلامی کرێکارێک تەواو دەکەم. "اسپتیش"کرێکارێکی ئامریکائی کە لە تەزاهوراتی ڕۆژی هەوەلی مانگی مەی ١٨٨٦ی شیکاگو دا بە دەستی پولیس گیراو لە دادگای سەرمایەدار حوکمی ئیعدامی درا، لە دیفاعیە کەی خۆیدا کوتی:

"گەرپێتان وابێ بەئیعدامی من دەتوانن بزووتنەوەی کارگەری کپ و بێ دەنگ کەن، بزووتنەوەیەک کە میلیونها میلیون ئینسانی زەحمەتکێش، ئینسانی هەژار وچەوساوە، چاوی هیوایان بریوەتە ئاسوی سەرکەوتن، زۆر لە ئیشتیباە دان هەموومان بکوژن، بەڵام بزانن بە و کارەتان تەنیا پێتان بە پرشکێکی ئەم ئاگرەدا هێناوە و کوژاندووتانەتەوە، لە حالیک دا لە پشت سەرتانەوەو لە هەموولایەکەوە بڵێسەی گری ئەم ئاگرە بەرز بووەتەوەو هەرگیز ناتوانن بیکوژێننەوە."

خەبات و ئیعتیرازی ئیمەش لە کوردستان بەشێکە لەم گروئاگرەودەبێ گەشاوەتر ڕابگیری، تابەدی هینانی ئامانجی هەزاران هەزار" اسپتیش"، تا لابردنی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە وبەدی هینانی دنیای پر لە خۆشی و سولح و حەسانەوە، دنیای ئازادی و بەرابەری.

بۆپیشەوە لە ریگای ئەم خەباتە بەرزوپیرۆز و پر لە شانازی یەدا!

پیرۆزبێ ئەوەلی مانگی مەی جیژنی جیهانی کرێکاران!

"هەربژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری"

ئەم مەراسمەش لە نیو شادمانی و دەربڕینی ئیحاساتی گەرمی بەشداربووان و تەقەی پرخوشی چەکی پیشمەرگەکانی کۆمەڵەدا کۆتایی پی هات.

نوزدەهەمین جەلەسەی شووڕای میللی فەلەستین لە الحزایر، لەبریارنامەی ڕۆژی ١٥ی نوامبردا، ڕەسمەن پێک هاتنی دەولەتی فەلەستینی ڕاگەیاند.

ئەم جەڕەیاتە پشتیوانیێکی بەرین و هەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شورشگێری خەلکی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەکان و حیزبە ئەمپریالیستیێکانەوە لێکرا. دەرک کردنی ئەم عەکس العەمەلەکەلەروالەت دا یەک ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە دەولەتە ئەمپریالیستیێکان بۆیە بە پیشوازی ئەم بریارنامەیە و بەگشتی بە پیشوازی سیاسەتەکانی" ساف"وە چوون، چونکوو ئەم بریارنامەیە" بەڕەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل"و"ڕەت کردنەوەی تروریزم"یتیدا بوو- دوومەسەلەی کەپاشان لەلایەن سکرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشکراتریش باسی کرا سەرەکی بەخۆیەوە دیت کە بەش بە حالیخۆی تەئسیری دیاریکراوی کردە سەر هەلسووران چەکدارانەمان لە دژی هیزەکانی ڕژیم ئیمەسەرەتا بە کورتی ئیشارە بەهەرکام لەم هۆیانەو تەئسیریان لەسەر هەلسووڕانی چەکدارانەی کۆمەڵە دەکەین.

جمهووری ئیسلامی دەمیک بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە چنگ بن بەستی شەر لە جەبهەکانی جنووب، بەناردنی هیزو کیشانی ئەوشەرەمالویرانکەرە بوجەبەهەی شیمالی و کوردستان، دەیەویست بە هەر قیمەتێک بووە، تەنانەت بەوەدەس هینانی سەرکەوتنیکی بەرتەسک لیرە و لەوی، وەزعیکی گۆنجاوتر بۆ خۆی لە کوللی شەری ئێران و عێراق دا پێک بێنی، ئیمکانی پەرەپێدانی نفووزی نیزامی و سیاسی لە ناوخۆی کوردستانی عێراق و کەلک وەرگرتن لەخەباتی ئەوی بۆ ئامانجی کۆنەپەرستانەی خۆی هەرچی زیاتر فەراهەم بکا و لە هەمان کات دا لە چوارچیوەی سنووڕەکانی ئیرانیش دا هیز و لەشکری تازە بخزینیتە کوردستان و بەم جۆرەخەباتی چەکدارانەی خەلکی کوردستان هەرچی زیاتر تووشی تەنگەبەری بکا و تەنانەت پێش بەوە بگری هیزەکانی ئیمە لە قوولایی ناوچەکانی کوردستان حوزووری خۆیان نیشان بدەن کەوایە دریژەی شەری ئێران و عێراق یەکیک لەو فاکتورەسەرەکییانە بوو کە سالی ٦٧ لە چوینەتی بەرەپوەچوونی تەرح و بەرنامەی هەلسووڕانی چەکدارانەی ئیمەدا تەئسیری هەبوو.

یەکەمین گیروگرفت کەهاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی شەری ئیران و عێراق بۆ کوردستان، پێک هات و بەتایبەت لە سالی ٦٦دا وهەتا هاوینی سالی ٦٧ کە شەی کوتایی پی هات – یانی لە قوناغی یەکەمی هەلسووڕانی چەکدارانە و جم و جوولی واحیدەکانمان لە ناوەوەی کوردستانی ئێران لە سالی ٦٧ دا – تووندوتیژتر بووەوە چونیەتی پەرینەوەمان لە سنووڕەکان بوو. چونکوو دریژەی شەری ئیران و عێراق تەنیا بە مانای هاتنی لەشکرلەشکر هیزی ڕژیم بۆ کوردستان وخەست بوونەوەی ئاگر باران لە جەبهەکان و مەسەلەی بۆمبارانی شارەکان کوچ پێکردنی گوندەسنووریێکان نەبوو. ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بە چاندنی چەندین مەیدانی مین، پێک هینانی چەندین قەرارگا و پادگانی تازە لەسەر تاسەری سنووڕەکانی کوردستانی ئیران، ساز کردنی کانال و دیواری تەلبەند و وەگەڕخستنی تاقمی گەروک بە شەو وبە ڕۆژ، بەکردەوە هات و چووی واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمەی تووشی گیرو گرفت کردبوو. لەو وەزعییتەدا هات و چوی واحیدەکانمان بە سنووڕەکاندا ئیتر وەک سالان بەسادەیی نەدەکرا. لەو دەورەیەی هەلسووڕانماندابەرینەوە لە سنووڕەکان، دیاریکردنی کاتی ڕویشتنیان و گەیشتنیان لە کاتی خۆی دا بە مەنزلی بی مەترسی، بەتایبەت لە کاتی پەرینەوە لەسنووردا دەوریکی زۆر گرینگی لەوەدا هەبوو کە تووشی شەری دیفاعی نەبن. سالی ٦٦ هەندیک لە واحیدەکانمان لە بەرئەوەی ریگای پەرینەوەیان دریژ ببووەوە یان قەرارگای تازەی هیزەکانی دوژمن لەسەر ریگایان دانرابوو، ناچار دەبوون لە جەرگەی قەرارگاکانی هیزەکانی ڕژیم دا هەتاشەوی دواتر بە نهینی و شاراوەیی بمێننەوە و کەتاریک داهات ریگاکەیان دریژەپی بدەن. جگەلەوە بەهیزکردن و تەئمینی پیداویستی یەکانی ئەو واحیدانەی لەقوولایی ناوچەکان لە حالی عەمەلیات دا بوون، چوینەتی تەقەمەنی و دەرمان پی گەیاندنیان لە کاتی پیویست دا ئەویش بەلەبەرچاو گرتنی ئەو کوسپانەی لەسەر سنووڕەکان هەبوو،، ئەمانە هەموویان گیروگرفتی واقیعی بوون کە لە سالی تازە دا دەبوو ریگا چارەیان بۆ بدوزرێتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو کوسپانەی جمهووری ئیسلامی لە سەرتاسەری سنووڕەکان سازی کردبوون، گەف و گۆڕی ڕابەران و فەرماندەنیزامی یەکانی ڕژیمیش دەستی پێکرد. لەرفسنجانی و خامنەیی یەوە بگرە هەتا موسوی نوێنەری خۆمەینی لە کوردستان و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، هەرکام بە جۆرێک وەعدەیان بە هیزەکانی خۆیان دەدا، هەر کەس لیستەی هەنگاوەکانی خۆی ڕیزەدەکرد و هەموویان دلخوشی خۆیان دەداوە کە دەتوانن دەستی خەباتی شۆڕشگێرانەی چەکدارانەی کوردستان لە بەروکی خۆیان بکەنەوە. ڕژیم هەروەها بە کۆ کردنەوەی فەرماندەکانی هەزارپایگاو بنکەی نیزامی خۆی لە کوردستان، سمیناریکی بەنێوی "سمیناری بە هەمەن"(مانگی ڕیبەندانی ٦٦) پێک هینا هەتا بە کرێگیراوانی خۆی بۆ بەڕەنگار بوونەوەی هیزی پیشمەرگە لە سالی ٦٧دا ئامادەبکا. جگە لەوە بۆ هاواهەنگی نیوان هیزەکانی وچاوەدیری سنووڕەکان، ستادیکی بە ناوی "ستادی قائم"پێک هیناو بۆ پێش گرتن بە حوزووری پیشمەرگەکانی ئیمە لە قوولایی ناوچەکانی کوردستان، ژمارەی گەشتیێکانی خۆی زیاد کردکە بەشەو و بەڕۆژ بە دریژایی سنووڕەکان هات و چوویان دەکرد. جگە لەو هەنگاوانە، جمهووری ئیسلامی لە سالی ٦٧دا بۆ ئەوەی شوین پێی واحیدەکانی شناسایی و تەعقیبی تازەی وەگەڕ خست و تووشی شەری دیفاعی یان بکا، هیزی تایبەتیشی هینایە مەیدان.

بۆتەکمیلی ئەم هەنگاوانە و بۆهەر چی زیاتر خۆ بە ملهور نیشاندان و هەروەها بۆ پێک هینانی فەزای ترس و وەحشەت لە نیو خەڵک دا و ئەوەی زەحمەتکێشانی کوردستان وهیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە هاوکاری یان لە نیوان دا نەمینی، ڕژیمی ئیسلامی لە ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ئاوایێکانی ناوچەی سنە بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکی تیکۆشەر و بە تایبەت لاوانی گرت و زیندانی کردن.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەوهەنگاوانەی جمهووری ئیسلامی کە بۆکۆسپ سازکردن لە سەرڕیگای حوزوور و هەلسووڕانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە هەلیگرتبوون، هیشتا فاکتوری سەرکی تر و قایمتر هەبوون کە بەپشت پی بەستنیان نەک هەردەکرا تا کتیک وپیلانەکانی جمهووری ئیسلامی پووچەل کەینەوە، بەڵکوو دەمانتوانی قەلسووڕانی چەکدارانەمان دریژە پی بدەین، حوزووری قودرەتمەندی خۆمان نیشان بدەین و بە پیی تەرح و نەقشەی دیاریکراو مان عەمەلیاتی چەکدارانەمان بەڕیوە بەرین کە فاکتورانە سەرەرای پاشەکشەی نیزامی سەپیندراوی چەندسالی ڕابوردوو، سەرەرای میلیتاریزە بوونی کاملی کوردستان تەشەنەکردنی شەری ئێران و عێراق بۆ کوردستان، ڕژیم بورژوایی جمهووری ئیسلامی و هیزە بەکرێگیراوەکانی ئەو ڕژیمەی تووشی داماوی کردوە. بەردەوام بوونی خەباتی کرێکاری و خەباتی ئیعتیرازی کۆمەڵانی خەڵکی شارەکان و دیهاتی کوردستان لە دژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی و لە دژی حوزووری هیزەداگیرکەرەکانی لە کوردستان، بەردەوام بوونی پشتیوانی بی دریغی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و مەحروومی کوردستان لە هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە کە هویەکی گرینگە بۆ بەردەوام بوونی هەلسووڕانی چەکدارانەی هیزەکانمان لە هەموو وەزعییەتێک و هەل و مەرجێک دا و وجوودی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە وەک هیزی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، کە بە هەموو توانای خۆیەوە هەولی داوە وخۆی لە خەباتی خەلکی کوردستان بەڕەنگاری جمهووری ئیسلامی و دەسەلاتی سیاسی و چەکدارانەی بووە، ئەو فاکتورە سەرەکی و پایەدرانەن کە یارمەتی یان داوین سیاسەتە دژی شۆڕشەکانی ڕژیم لە کوردستان پووچەل کەینەوە و بەردەوام بوونی هەلسووڕانی چەکدارانەمان بەپێی نەقشەی خۆمان بپاریزین.

مەسەلەیەکی تر، شەری ئیمە و حیزبی دیموکرات بوو. هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە نیوەی دووهەمی سالی سالی ٦٣ بەم لاوە هەتا ماوەیەکی زۆر ناچار بوو بۆ وەلام دانەوە بە شەر خوازی دژی بە شۆڕشی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە، هیزەکانی ئەو حیزبە دانیشینیتەوە سەر جیگای خۆیان و ئەمە لە کردەوەدا بە مانای ئەوە بوو قودرەتی جەنگی ئیمە هەتا سالی ٦٦ دابەش بیتە سەر دووجەبهە، بەڵام لە سەرەتای سالی ٦٧دا پاش لێک جیابوونەوەی ئەو حیزبە کە لەراستی دا نەتیجەی لاوازبوونی بورژوازی کورد لەباری نفووز و ئاسوی سیاسی و دەست ڕویشتوویی عەمەلی و توانای تەشکیلاتی یەوە بەرانبەر بە ئالترناتیوی کرێکاری لە کوردستان و هەروەها نەتیجەی شکست و ناکامی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە بوو، حیزبی دیموکرات بەکردەوە تووشی وەزعییەتێک بوو کە ئیتر پیویست نەبوو وەک جاران بەشیک لە هیزی چەکداری ئیمە تەرخان بکری بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دایمی لەگەڵ ئەو حیزبە ئیمە بەرانبەر بە هەرتک بەشەکەی ئەو حیزبە ئاگربەسمان ڕاگەیاند. بەشی جیابووەوە خوازیاری ئەوە نەبوو شەر لە دژی کۆمەڵە دریژە پی بدا. بەڵام لایەنی قاسملوو سەرەرای وەزعییەتی ئالوزی سیاسی و چەکدارانەی خۆی هیشتا ملی بەوە نەدا بوو ئاگربەس قەبوول بکا، بۆیە ئیمە ویرای ئەوەی بە بەریوەبردنی ئاگربەسی ڕاگەیەندراومان پابەند بووین، بەرانبەر بە پیلانگێری و ماجەراجۆیی ئەو لایەنە هەرکات بیهەوی ئاگربەس بشکێنی، بە هیزەکانی خۆمان سپارد کە وشیاری و ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕەنگار بوونەوەی کاریگەر بپارێزن و بەدەستێکی ئاوا لە ترەوە هیزی چەکداری ئیمە بۆ خەبات لە دژی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی گاردی گرت.

جگە لە مانە هۆیەکی لاوەکی تریش لە کاردا بوو ئەوەیش بریتی بوو لە چونە سەری ڕوحی تەسلیم بوون و بی مەیل بوون بەشەر لە ڕیزی سەربازان و هیزەکانی بەسیج دا کە بەئاشکرا لە نیو هیزە چەکدارەکانی ڕژیم دا دەبینرا و هاوکات لەگەڵ بن بەستی ئاشکرای ڕژیمی ئیسلامی لەشەری ئێران و عێراق دا وپاشان بە شکست و بەزینی پەیتاپەیتایان لە جەبهەکانی شەردا دوو ئەوەندە زیادی کردبوو.

لەجەرگەی ئەو هەل و مەرج و وەزعییەتەدا و بەلەبەرچاو گرتنی تەرازووی هیزەکان و هەروەها ئەو هۆیانەی باسیان کرا، هەلسووڕانی چەکدارانەی سالی ڕابوردوومان بە پیی سیاسەتی نیزامیمان لەم قوناغەی بەرەوپیش بردنی ستراتیژی حیزبەکەمان لە بزووتنەوەی کوردستان دا و بەلەبەر چاوگرتنی ئیمکانات و مەقدوورات و توانای جەنگاوەرانەی هیزە چەکدراەکانمان دەست پێکرد.

تایبەتی‌یەکانی هەلسووڕانی چەکدارانەمان لەم دەورەیەدا

تایبەتی یەکانی هەلسووڕانی چەکدارانەمان لەو دەورەیەدا بە کورتی بەم جۆرەیە:

– هەلسووڕانی چەکدارانەمان لە سالی رابوردوودا لە هەمیشە زیاتر ئامانجدار و بەپیی نەقشەبوو. هەلسەنگاندنیکی واقیع بینانەی هەل و مەرج و وەزعییەتی عەینی (بەو فاکتورانەوە کە پێشتر باسمان کرن)، بەراوردکردنی توانایی ئیمکاناتی جەنگاوەرانەی هێزەکانی خۆمان و هەروەها توانایی هێزەکانی خۆمان و هەروەها توانایی و ئیمکاناتی خەباتکارانەی خەلك لە دارشتنی تەرح و نەقشەی هەلسووڕانی چەکدرانەمان دا جێگای واقعی خۆیان بۆ دانراوە. بۆ ئیمە مەسەلەی گرینگ و سەرەکی ئەوە بوو کە تیکۆشانی چەکدرانەی ئەم دەورەیە حیزبەکەمان لە کوردستان بە پیی بەرنامە و نەقشەی ئامانجدار و بەدانستە بەرەوپێش بەرین، بە ئاگادار بوونی کامل لەوەکە لەم دەورەیەدا دەمانەوی چ ئامانجیك وەدی بینین و لەبەرەوپێش بردنی هەلسووڕانی چەکدرانەمان دا لەم دەورەیەدا چاومان لە چی‌یەوبەتەمای چین، نەقشەوتەرحی نیزامی ئەم دەورەیەی هەلسووڕانی چەکدرانەی خۆمان دیاری کرد.

–یەکجی ترکردنی هەلسووڕانی چەکدرانەمان لەم دەورەیەدا بەلەبەر چاوگرتنی وەزعییەتیك کە تیکۆشانی ئیمەی تیدا بەرەوپێش دەچوو یەکیکی‌تر لە تایبەتی‌یەکانی هەلسووڕانی چەکدرانەمان بوو لەسالی رابوردوودا. ئەوە مەسەلەیەکی گرینگ بوو و دەبوو بەوردی لەبەرچاوبگیری، لەسالی رابوردوودا ئیمە لە هەمیشە زیاتر پێویستیمان بەوە بوو هەموو هێزەکانمان لە ژێر نەقشەیەکی واحیددا کۆبنەوە و رووبکەنە مەبەستیکی واحید، نەك هەر هەل و مەرجی تازە بەلکوو سەرجەمی تەجرەبە و ئەزموونی تا ئیستامان و سیاسەتی چەکدرانەمان وای پی دەویست کە زۆر زیاتر لە جاران هاواهەنگی لە جم و جوولمان دا هەبی.

– بۆگەیشتن بە ئامانجەکان و وەدی هینانی تەرحە نیزامی یەکانمان لەسالی رابوردوودا، دەبووریکخستن و گارد و شیوی جم و جوولی هێزەکانیشمان بە پیی پێویست بگوردری. بەم دەلیلە لە سالی رابوردوودا تیکۆشانی هەموو واحیدەکانی خۆمانمان دەورەبەندی کرد، گۆڕینی واحیدەکانمان لەوەختی خۆیدا و حەسانەوەی پێویستیان نرایەدەستوور، ریتمی گونجاو بۆ هەلسووڕانی چەکدرانەیان دیاری کرا و بەم جۆرە شەکەت بوونی واحیدەکان کەم کرایەوە و کارایی و لیهاتوویی هەموو واحیدەکان زیادی کرد.

– جگە لەوە پێویست بوو واحیدەکانمان لە جاران بزێوتر بن و جم و جوولیان زیاتر بی، پێویست بوو توانیی و قودرەتی جەنگاوەرانەیان ئەوەندەبی کە بتوانن هەر رووداویك بقەومی گۆرج بەرەنگاری بنەوە، بتوانن شوینەونکە بکەن، مانور بدەن، هێزەکانی دوژمن تووشی سەرلی شێواوی بکەن و بەغافلگیر کردنیان لە وەختی خۆیدا بەوردی بەریوە بەرن. لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلەیە تەئسیری راستەوخۆی دەکردە سەر بەریوەچوونی تەرحەعەمەلیاتی‌یەکانمان لە سالی رابوردوودا گارد و ریکخستنی واحیدەرەزمی‌یەکانی خۆمان لەگەڵ ئەم پیداویستی یانە یەك خست...

– لەو دەورەیەدا دەبوو بە کەمترین تەلەفاتەوە و تەنانەت بەبی تەلەفات تەرحە عەمەلیاتی‌یەکانمان بەریوە بەرین . کەوایە پێویست بوو خۆمان تووشی شەری دیفاعی لەگەڵ دوژمن نەکەین بۆئەم مەبەستە، ئامانجەعەمەلیاتی‌یەکانمان بە جۆرێك هەلبژێردرابوون کە بە تەواوی قابیلی وەدی هینان بوون تەجرەبەی شەری چەکدرانەی خۆمان بەدروستی نیشانی دەدا کە بەریوە بردنی هەرچەشنە هەلسووڕانیکی چەکدارانە خۆی لە خۆی دا بەپی لەبەرچاوگرتنی توانای واحیدەکانمان ئیمکانی وەدی هاتنیان لەباری نیزامی یەوە، وەکەوتنە شوین شەری هەرچی زیاتر و خۆ بەدەم هەموو شەریکەوەدان دەبیتە هۆی ئالوزی پیك هاتن لەبەروپێش چوونی بەرنامەونەقشە نیزامی یەکاندا، ئالوزی لە حەرەکەت و جم وجوولی واحیدەکان دا، تووشی شەری نەخوازرا و دیفاعی بوون، تەلەفاتی قورس و تیك چوونی هەموو نەقشەی هەلسووانی واحیدیکی هیزی پیشمەرگە کەوایە لە بەرچاو گرتنی ئەو تەجرەبە و ئەزموونانە و بە کارهینانیان لە کردەوەدا ئەویش بەکەیفییەتیکی زۆر باشتر لە جاران و بەکەمترین تەلەفاتەوە لە سالی ٦٧دا، نەك تەنیا بووەهۆی ئەوەی تووشی شەری دیفاعی نەبین بەلکوویەکیك لە دەسکەوتەکانی هیزەکانیشمان بوو.

– هەرچەند لەم دەورەیەدا هەلسووڕانی چەکدارانەمان لەباری چەندایەتیشەوە جێگای رەزامەندی بوو، بەڵام ئەوشتەی لە پلەی‌یەکەم دا لەو دەورەیەدا مەبەستمان بوو، نەك بەتەنیاژمارەی عەمەلیاتی چەکدرانە بەلکوو نیشاندانی کارایی و لیهاتووی چەکدرانەی هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و بەریوە بردنی عەمەلیاتی ئامانجدار و بە پیی نەقشەو بەرنامە بوو.

دەسپێکردنی هەلسووران، حوزوور لە قوولایی ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان و دەست پێشکەری لە شەرەکان دا.

بەهاوکاری و فیداکاری واحیدەکانی شناسایی و مین کۆکردنەوە، کۆسپەکانی پەرینەوە لە سنوورەکانمان لەسەر ریگای واحیدەکانمان لابرد. پاش چەند رۆژ واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمە خۆیان گەیاندە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە تایبەت دەوروبەری شارەکان و هەلسووڕانی خۆیان بەپیی تەرح و نەقشەی نیزامی دیاریکراو دەست پێکرد.

هیزی پیشمەرگەی ئیمە بۆ ئەوەی دەست پێشکەری بکا و جلەوی شەرەکان بە دەستەوە بگری و نیشان بدا لەم هەل و مەرجەدا دەتوانی هەلسووڕانی چەکدرانەی خۆی چونی دەیەوی بەرەوپێش بەری، دەبوو بەکەیفییەتیکی زۆر بالاتر لە جاران بجوولیتەوە و ئامادە بی عەمەلیاتی ئامانجدار و تیك شکینەر و گورج و غافلگیرانە و کەمترین تەلەفاتەوە و لە باشترین حالەت دا ئەنجام بدا. بەم بۆنەوە پێویست بوو توانا و لیهاتوویی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بچیتە سەر بە جۆرێك کە نەك هەر لەو هەل و مەرجەدا کەباسی کرا بەڵکوو لەهەر سەنگ و سووکی‌یەکی نیوان هیزەکاندا بتوانی زیاترین لیهاتووی لە خۆی نیشان بدا. ئەمە ئەو شتە بوو کەلە سالی ٦٧دا لەچاو جاران زۆر جیددی تر نرابووە دەستووری کاری فەرماندەیی و هەموو واحیدەنزامی‌یەکانمان.

واحیدەکانی هیزی پیشمەرگەی ئیمە چ کاتی ئاموزش و پەروەردەکردنی سەرەتایی، چ لەباری لیهاتوویی فەردی و گوروهی و ئامادەیی بۆ بەکارهینانی تاکتیکی گونجاوی شەر، بەتایبەت لە شەری پارتیزانی دا لەهەل و مەرجی ئیستای کوردستاندا و چ لەباری تکنیکی و فەننی‌یەوە، تەمرین و راهنیانی سیستماتیك تریان لەچاوجاران بۆ دانرابوو، بۆ ئەوەی نەك هەروەلامدەرەوەی پێویستی‌یەکانی شەر و عەمەلیات بن وبەڵکوو زۆر کارامەتر لە رادەی پێویست بن.

بەم پی‌یەفەرماندەکانی ئیمە لە سال ٦٧دا بەحەرەکەت و مانوری وشیارانە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەخۆ لە دوژمن ئاشکرا نەکردن و فریودان و غافلگیر کردن، بە هەلبژاردنی ئامانجی عەمەلیاتی گونجاو لە کاتی خۆیدا، بە خۆپاراستن لە داوی هات و نەهات و خۆبەدەم رەوتی رووداوەکانەوەنەدان، توانی‌یان بەدوومەبەستی دیاریکراو بگەن:"خوپاراستن لەشەری دیفاعی کە دوژمن کات و جیگای بۆدیاری کردبی" و "دەست پێشکەری لە مەیدانی شەردا" بەگشتی کەیفییەتی رەزمی هەلسووڕانی واحیدەکانمان لە سالی ٦٧دا زۆر لەجاران بالاتر بوو.

بەراگەیاندنی ئاگربەس و کوتای پی هاتنی شەری ئیران و عیراق، کوسپ و گیروگرفتەکانی پەرینەوە لە سنوورەکان تارادەیەکی زۆر، کەم بوونەوە لە نەتیجەدا واحیدەکانی ئیمەبەبی گیروگرفتیکی ئەوتو لەسنوورەکان دەپەرینەوە و بەخیرایی لە دەوروبەری شارەپرجەمعییەتەکانی کوردستان جیگای یەکتریان دەگرتەوە بەم بۆنەوە ئیمە لە ناوەراستی پایزەوە هەتا سەرەتای زستان دەوریکی ترمان بۆ هەلسووڕانی چەکدرانەی هیزی پیشمەرگەدیاری کرد کە تییدا واحیدەکانمان چەند عەمەلیاتی دیاریکراویان لە دژی هیزەکانی رژیم بەرویوە برد.

تائەو جیگایەی پەیوەندی بەوەزعییەتی هیزەکانی رژیمەوە هەیە، بە هۆی شکستی پەیتاپەیتایان لە جەبهەکانی شەری ئیران و عیراق دا و چوونەسەری روحی خورانەگرتن و خۆبەدەست هەدان لە نیو یان دا و بی مەیل بوونیان بەشەرکردن لەکوردستان هەتا ماوەیەکی زۆر حالەتی دیفاعی یان بوو و خۆیان لەوەدەپاراست راستەوخۆ بەرەنگاری پیشمەرگەکانی ئیمە بن و زیاتر خەریکی پاراستنی خۆیان و پایگاکانیان بوون هەندیك جاریش هەولیان دەدا کەبکەونە شوین واحیدەکانی ئیمە وزەربەیان لی بدەن بەڵام ئەغلەب هەول و تەقالایان بە هوی هوشیاری واحیدەکانی ئیمە پووچەل دەبووەوە. جگە لەچەندین عەمەلیاتی چەکدرانەی سەرکەوتوانی کەهیزی پیشمەرگەی ئیمە لە سالی ٦٧دا بەریوەی بردن، هەلسووڕانی چەکدارانەی تریش وەك جەولەی سیاسی، نیزامی، تەبلیغی لە دەستووری کاری واحیدەکانی ئیمە دا بوو کە جاری وابوو هەتا مانگیکی دەخایاند پیشمەگەکانی کۆمەڵە بەدرێژایی چەند مانگ هەلسووڕانی نیزامی خۆیان لە سالی ٦٧دا لە کۆروکۆبوونەوەی خەلگی زەحمەتکیش دا و جاری وابوو لە شوینی کارۆژیانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان حازر دەبوون و سەبارەت بە مەسەلەکان و گیروگرفتی جۆراوجۆر قسەوباسیان لەگەڵ دەکردن.

کۆمەڵانی خەلکیان لەگەڵ ئاسوی ئال و گۆڕەسیاسی یەکانی ناوچەکە پاش کۆتایی پی هاتنی شەری ئیران و عیراق و هەلویست و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەم بابەتەوە ئاشنادەکرد و قسەیان لەگەڵ دەکردن هەروەها هەولیان دەدا ئەو نارۆشنی و نیگەرانی یانە کە پاش کوتاییپی هاتنی شەری ئیران و عیراق لەبابەت دا هاتووی بزووتنەوەی کوردستانەوە سەریان هەلدابوو، بدەنەبەرباس و وەلامیان بدەنەوە. جگە لەمەپێشمەرگەکانی ئیمە لە

بەراوردکردنیك و نەتیجەگیری لەسالی ٦٦دا، هیزەکانی ئیمە ٦٢جار

کەوتنەبەر هیرشی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی کە ٢٨جاریان هیرشی قورس بوون لە حالیکدا سالی ٦٧، هیرشی هیزەکانی رژیم بۆسەرهاوری یانی ئیمە گەیشتە ١٥ جار کەتەنیا ٤ جاریان هیرشەکان لە چاوئەوانی تر قورس و بەرین بوون، ئەمە لەچاوشەرە دیفاعی‌یەکانی سالی رابوردوو بەئاشکرا کەمترە.

جگە لەوە کەمین نانەوەی بەرینی واحیدەکانی هیزی پێشمەگەی ئیمە لەشوینی زۆر گوینگ لە نزیك شاری سنە، لە ٤کیلومیتری پادگانی لەشکری ٢٨و بەدیل گرتنی ١٩کەس لە هیزەکانی دوژمن، نموونەیەك بوو لەشەری گورج و بەدەست وبرد و غافلگیرانە دەدژی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی هەروەها رۆژێك دوای ئەو عەمەلیاتە، عەمەلیاتی گرتنی پایگای هیزەکانی رژیمە لە ئاوایی "مەلەکشان" لە لای خواروی رۆژاوای شاری سنە، ئەویش بەتەواوی و بەغافلگیر کردن و فریودانی هیزەکانی رژیم، نموونەیەك بوو لەو عەمەلیاتە بە دەست و بردانە کە دوژمن غافلگیردەکەن و سەری لێدەشێوێنن. هەروەها عەمەلیاتی بەرین و چەند سەعاتەی نیو شاری مەریوان و عەمەلیات لە نیو شارەکانی سەقز و بۆکان چەند عەمەلیاتی پەلامارەرانە و نموونەی پێشمەرگەکانی ئیمە بوون لە سالی ٦٧دا لە نیو شارەکان. بەگشتی حوزووری پێشمەرگەکانی ئیمە لە چەند ناوچەیەکی بەرینی کوردستان، گرتنی چوارپایگای هیزەکانی رژیم، بەریوەبردنی چەند عەمەلیاتی پەلامار دەرانە لە نیو شارەکان و کۆنترول کردنی جاە ئەسلی یەکانی نیوان شارەکانی کوردستان و، جگە لەوانەش چەندین عەمەلیاتی گەورە و چکولەی ترکەتییاندا سەدان کەس لە هیزەکانی رژیم کوژران و برینداربوون، ٥٨کەسیان لی بەدیل گیرا، کۆمەڵیك تەقەمەنی و چەکی قورس و نیوەقورس و سووکیان لی بەدەسکەوت گیرا و ژمارەیەك لەواحیدەتایبەتەکان و گوروهە زەربەتەکانی رژیم تەفروتوناکران، سەرکەوتنی بەرچاوی هەلسووڕانی چەکدرانەمان لە سالی ٦٧دا نیشان دەدەن.

لەم دەورەیەی هەلسووڕانی چەکدرانەمان دا ٨کەس لەهاوری یانمان گیانیان بەخت کرد.

بەگشتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەل و مەرج و مەوقعییەتە کە لەسالی ٦٧دا هیزەکانمان تییدا لە دژی بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی هەلسووڕانی چەکدرارانەی خۆیان بە ریوە برد، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوە کەهیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە توانی بە بەشی هەرەزوری ئەو ئامانجانە بگا کە لە نەقشەو بەرنامەی نیزامی و عەمەلیاتی‌دا بۆخۆی دیاری کردبوو، دەکری هەلسووڕانی چەکدرانەی سالی رابوردوومان بەشیوەی قەتعی وەك سەرکەوتنیك حیساب بکری.

حسین مرادبیگی
خاکەلیوەی ١٣٦٨
وەرگێردراو لە "پیشرو"ی فارسی،
ژمارە ١٧، دەورەی سیهەم

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٩ may: ١٩٩٨

وەلامی پرسیاریك لە سەر خۆکۆتانی حیزبی دیموکراتی جەماعەتی قاسملوو بۆ سات و سەودا لەگەڵ جمهووری ئیسلامی

خوینەری بەریز!

لەمەودوا هەول دەدەین هەندیك پرسیارو وەلامی بەرنامەی" ئیمە و گۆیگرەکان"ی رادیو دەنگی شۆڕشی ئیران کە بۆخۆینەرانی "پیشرەو"یش بەکەلك بن، چاپ بکەین لەم ژمارەیەی پشرەودا پرسیاری گویگریك و وەلامەکەی دەنگی شۆڕشی ئێران چاپ دەکەین، ئەم وەلام و پرسیارە لە بەرنامەی رۆژی ٦ خاکەلیوەی ئەمسال لە رادیوی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاوکراوەتەوە.

وەلامی نامە

گویگریك لە شاری سەردەشتەوە لە نامەیەك دا کەبەنیوی م.د ئیمزای کردوە نووسیویەتی :

"ئەوەماویەیەکە لەم لاولەولا شایعەیك بلاو بووەتەوە کە خۆی لە خۆی دا نەتازەیە و نەسەیرە: ئەویش شایعەی پەیوەند و چاوپی کەوتنی نیوان جمهووری ئیسلامی و جەماعەتی قاسملووی حیزبی دیموکراتە ئەم شایعەیە راست بی یان درو، وادیارە رژیم یان کەسانیکی دیکە بە ئەنقەست پەرەی پی دەدەن و گەورەی دەکەنەوە جانازانم مەنزووریان چیە؟ زۆر کەس لە خەلك بە دەلیلی تەجرەبەیان لە جمهووری ئیسلامی و بە دەلیلی ئەوە کەوت وویژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بیهوودەوبی حاسلە تەنانەت هەست بە نیگەرانی یەك نیگەرانی لە پیلانیك، شتیك – دەکەن و بە دردونگی چاو لەم مەسەلەیەدەکەن. پیم باش بوو بزانم نەزەرتان لەم بابەتەوە چیە؟"

ل٦

گوزارشیك لە بەریوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە مەقەرەکانی کۆمەڵە

رۆژی ١١ی گولان ریکەوتی هەوەلی مانگی مەی بە بۆنەی رۆژی جیهانی کریکار، چەندین مەراسمی گەرم و گوڕ لە مەقەرەکانی کۆمەڵە بەریوەچوو. لەم مەراسمانەدا ویرای پیشمەرگەکانی کۆمەڵە ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانانیش بەشداریان کردو ریزیان لە رۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی کریکارانی جیهان گرت. ئەم مەراسمانە لە مەقەرەکانی ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت، سەقز، مەریوان، سنە و لە مەقەریکی مەرکەزی کۆمەڵەوەروەها لە یەکیك لە مەقەرەکانی ئاسوس بەریوە چوو.

هەموو ئەم مەراسمانە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستیان پی کردو پاش راگرتنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی گیان بەخت گروانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم، بە سوخەنرانی و شیعر وسروود دریژەیان پیدرا. ئەم مەراسمانە بە شادمانی وشایی و هەلپەرکیی بەشداربووان و لە چەند شوین لە نیو تەقەودەنگی تەقینەوەیەك دا کە بە بۆنەی ئەم رۆژەوە تەدارەکی بودیترابوو، کۆتاییان پی هات.

چەندبەش لە قسەوباسی هاوری عمرایلخانی زادە لەمەراسمی رۆژی کرێکاردا .

لە یەکیك لەم مەراسمانەداکە لە مەقەریکی مەرکەزی کۆمەڵە بەریوە چوو هاوری عمرایلخانی زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سوخەنرانی کرد. هاوری عمردوای پیروز بایی لە کرێکاران و هاورییانی حیزبی کۆتی:

" ... ئەورو ١٠٣ سال دوای تەزاهوراتی کرێکاری لە خۆین دا شەلال کراوی شیکاگو، ئەم جارنەك بە هەزاران و دەیان هەزار، بەڵکوو بە دەیان و سەدان میلیون کرێکار، نەك هەربۆ زیادکردنی حەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار، بەلکوو بۆ وەبیر هینانەوەی حوکمی بە تال بوونی دنیای سەرمایەو بودوارۆژی کرێکاری ئەم جیهانەوە، بۆبەئەنجام گەیاندنی ئەم حوکمە چینایەتی و میژوویی یە پی دادەگرن.

بەم جۆرە بەهەموو دنیاو بە دوژمنان نیشان دەدەین کە ئەو کرێکارەی کە لە خیابانەکانی شیکاگو کوژرایان لە بیدادگای سەرمایەدا حوکمی ئیعدامی درا، هەرئەم کرێکارە، هەرئەم ریبازە، لە ئوکتوبری ١٩١٧دا تەخت و تاجی یەکیك لە گەورەترین نیزامە دیکتاتوریەکانی ئەم جیهانەی نایەگۆر و حکوومەتی کرێکاری دامەزراندو بۆ ماوەیەکی دوورودریژ لە رزی خستە گیانی زۆرداران و چەوسینەرانی هەموو دنیا.

هەرئەو کریکارە، ئیستاش هەموو رۆژی، هەرجارە لە گوشەیەکی ئەم جیهانەدا بە ئیعتساب و ئیعتیرازی دەیان و سەدان هەزارکەسی، ئیرادەی لەشکان نەهاتووی خۆی بۆ ئەستاندنی هەق و بۆهەس دانەوەی سەرمایە نیشان دەداو هەخەرجارە لە گوشەیەك کوت و زنجیری سەرمایەدەداتە بەرپەلامارو نەزم و نیزامی تیك دەشیوینی."

هاوری عمر لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا کوتی:

"خەبات و تیکۆشانی کرێکارانی ئیران و کوردستان، لە گۆشەیەکی ئەم عەرزە، بەشیکی جیانەکراوەی ئەم خەباتە جیهانی یەیە. جیگای خۆیەتی کە لەم رۆژەدا هاودەنگ لەگەڵ هەموو هاوچینەکانمان، بەهەلسەنگاندنی هەل و مەرجی ئیستا ئەرك و وەزیفەکانی خۆمان وەبیر بینینەوەو خەبات لەدژی جمهووری ئیسلامی و موبارەزە لە پیناو داخوازەکانی چینی کرێکار، گەرم و گوڕتر لە هەمیشە بەرەوپیش بەرین.

ئەوروژیمی جمهووری ئیسلامی لە بوحرانیکی قوولی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دایەو دوای شکستی لە شەری کۆنەپەرستانەی ئیران و عیراق دا، ناکوکی ناوخۆیی حکوومەت بەرادەیەکی یەکجار زۆر تووندوتیژ بووەتەوە دوا رۆژی جمهووری ئیسلامی تەنانەت لە لایەن کاربەدەستان و بەریوەبەرانی ئەم رژیمەشەوە لیل و تاریکە بۆحرانی ئابووری چارهەلنەگر رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرە دەستینی بی پایەبوونی وەعدە و وەعیدی بازسازی و رفورمی ئابووری، زۆر لەوە زووتر کە چاوەروان دەکرا بۆ کۆمەڵانی خەلك ئاشکرا بوو. شکستی پان ئیسلامیزم و شعارەکانی، ویرانی ئابووری، کوشت و بروزیندان و خەفەقانی بەوینە، ریسوایی هەرچی زیاتری بورژیم، لە دەرەوەی ولات و ناوخۆی ولات دا، بەدواوە بووە. روالەتی دژبە دیموکراسی و دژایەتی فەلاکەت، بی حقووقی، خەفەقان و چەوسانەوە لەم جامیعەیەدا تاکەی دریژەی دەبی؟ لە حالیکدا بوحرانی سەرمایەداری و بی دوورنمایی بورژوایی سەرتاپای ئەم رژیمەی داگرتوە، کەی وچون دەبی بەم وەزعە خاتیمە بدری؟ ئەوانە و زۆر پرسیاری تر لە میشکی هەموو کەسیك دا دین و دەچن هەرکرێکاریکیش ئەم پرسیارانە لە خۆی بکا، رۆشن تر لە هەر کاتیك بۆی دەردەکەوی کە ئەم بۆحرانە چارە هەلنەگرە جگە لە انقلابیگری هیچ ریگا چارەیەکی تری نیە. ئەم واقعییەتە ئەمر و لە جامیعەی ئێران دا لە هەمیشە زیاتر خۆی نیشان دەداو لەگەڵ خۆی ئەرکیکی تاریخی خستوەتە سەرشانی کرێکاران. پیویستی شۆڕشیکی سوسیالیستی ئیتر نەك هەر واقعییەتیکی میژوویی، بەلکوو بووەتە واقعییەتیکی ئەورویی ش.

ئەم رسالەتە جارلەگەڵ جارزیاتر لە ناو میشك و زەینی کرێکاران و زەحمەتکیشاندا رەنگ دەداتەوە. ئیتر حکوومەتی کارگەری واقعییەتیکی مەربووت بە داهاتوویەکی دوورونادیارنیە، بەڵکوو بووەتە ئارەزووی زۆربەی کۆمەلانی زۆرلیکراو و زەحمەتکیش و بەرادەیەکی زیاتر لە جاران بە عەزم و ئیرادەی چینی کریکار و پیشرەوان و رابەرانی کریکاریەوە گری دراوە.

ئەم مەسەلەیە لە کوردستان و بۆ کرێکاران ئەرك و وزیفەی تایبەت دیاری دەکا، لیرە ١٠ ساله شۆڕشیکی چەکدرانەی زیندووی جەماوەری بەردەوامە. هاوکات لەگەڵ راوەستاوی و خەبات لە دژی جمهووری ئیسلامی کرێکارانی کوردهیرش و پیلانی بورژوازی کورد و حیزبی بورژوایی شیان تیك شکاندوەو پووچەلیان کردوەتەوە. کۆمەڵە وەك سازمانیکی کۆمۆنیستی،رۆژلەگەڵ رۆژ زیاتر تیکۆشاوە ببیتەریکخراویکی گۆنجاوبۆ کرێکارانی وشیاری کوردستان و ئەورو بە خۆشیەوە بووەتە جیگای متمانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش.

رابەران و پیشرەوانی کرێکاری بە تایبەت لەم سالانەی دوایی دا، ئەساسەن بە بیرو بوچوونی کۆمەڵەوە پەروەردەبوون و خۆیان بە کۆمەڵە دەزانن. کرێکارانی کوردستان بە شعاروداخوازوستراتیژی خۆیانەوە لە بەریوەبەرایەتی ئەم شۆڕشە دابەشدار بوون و بەشدارن . هەربۆیە ئیتر ئەورو لە کوردستان بە بی ئیرادەی کرێکاران ، ئال و گۆریك پیك نایەت شۆڕش لە کوردستان، هەم لە باری تاریخی یەوەو هەم لە باری عەمەلی یەوە، بەشیوەیەکی یەکجار زۆر بە بزووتنەوەی کرێکاری و سیاسەتی کارگەریەوە گری دراوە.

هەموو ئەم راستی یانە لە شەرایتیك دا کە بن بەستی ناسیونالیزمی بورژوایی هەموو رۆژی زیاتر خۆی دەنوینی، گرینگی و حەساسیەتی بزووتنەوەی کارگەری لە سیمای سیاسی ئەوروودا هاتوی کۆمەڵی کوردستان دا بە باشی نیشان دەدەن."

هاوری عمر لە دریژەی قسەکانی داکوتی:

ل٩

کورتە هەلسەنگاندنیکی هەلسووڕانی چەکدرانەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە ساڵی ٦٧دا

نوزدەهەمین جەلەسەی شووڕای میللی فەلەستین لە الحزایر، لەبریارنامەی رۆژی ١٥ی نوامبردا، ڕەسمەن پیك هاتنی دەولەتی فەلەستینی ڕاگەیاند.

ئەم جەڕەیاتە پشتیوانیەکی بەرین و هەموولایەنەی بین المللی، چ لەلایەن جەماوەری شورشگیری خەلکی فەلەستین و چ لەلایەن دەولەتەکان و حیزبە ئەمپریالیستیەکانەوە لیکرا. دەرك کردنی ئەم عەکس العەمەلەکەلەوالەت دا یەك ناگریتەوە هیندەسەخت و دژوار نیە دەولەتە ئەمپریالیستیەکان بۆیە بە پیشوازی ئەم بریارنامەیە و بەگشتی بە پیشوازی سیاسەتەکانی" ساف"ەوە چوون، چونکوو ئەم بریارنامەیە بەرەسمییەت ناسرانی مەوجوودییەتی دەولەتی ئیسرائیل"و"ڕەت کردنەوەی تروریزم"یتیدا بوو– دوومەسەلەی کەپاشان لەلایەن سکرتیری سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستینەوە ئاشکراتریش باسی کرا سەرەکی بەخۆیەوە دیت کە بەش بە حالیخۆی تەئسیری دیاریکراوی کردە سەر هەلسووران چەکدارانەمان لە دژی هیزەکانی رژیم ئیمەسەرەتا بە کورتی ئیشارە بەهەرکام لەم هۆیانەو تەئسیریان لەسەر هەلسووڕانی چەکدارانەی کۆمەڵە دەکەین.

جمهووری ئیسلامی دەمیك بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە چنگ بن بەستی شەر لە جەبهەکانی جنووب، بەناردنی هیزو کیشانی ئەوشەرەمالویرانکەرە بوجەبەهەی شیمالی و کوردستان، دەیەویست بە هەر قیمەتیك بووە، تەنانەت بەوەدەس هینانی سەرکەوتنیکی بەرتەسك لیرە و لەوی، وەزعیکی گۆنجاوتر بۆ خۆی لە کوللی شەری ئێران و عیڕاق دا پیك بینی، ئیمکانی پەرەپیدانی نفووزی نیزامی و سیاسی لە ناوخۆی کوردستانی عیڕاق و کەلك وەرگرتن لەخەباتی ئەوی بۆ ئامانجی کۆنەپەرستانەی خۆی هەرچی زیاتر فەراهەم بکا و لە هەمان کات دا لە چوارچیوەی سنووڕەکانی ئیرانیش دا هیز و لەشکری تازە بخزینیتە کوردستان و بەم جۆرەخەباتی چەکدارانەی خەلکی کوردستان هەرچی دانرابوو، ل١٠

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٠ جوزەردانی _١٣٦٨ ژوئەنی_ ١٩٨٩

مانگرتنی بەرینی کرێکارانی کووڕەخانەکان!

مانگی خاکەلیوەی ئەمسال کرێکارانی کووڕەخانەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی تەورێز رایان گەیاند ئەگەر حەقدەستەکانیان زیاد نەکرێ بە تیکرا دەست لە کار هەڵدەگرن و کار تەعتیل دەکەن. پاش چەند رۆژ خاوەن کووڕەکان موخالەفەتی خۆیان لەگەڵ داخوازی کرێکاران دەربڕی و کرێکارانیش دەستیان لە کار هەڵگرت و مانگرتنیکی گەورە و بەرینیان لە کووڕەخانەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی تەورێز وەری خست.

ئەم نانگرتنە کە پاش چەند رۆژ هەموو کووڕەکانی "سنخ" و "سەردەرو"ی داگرت، لە رۆژەکانی هەوەڵی مانگی گوڵان دا تەشەنەی کرد و کیشرایە کووڕەخانەکانی مەلایر و مەرەند و روالەتیکی سەراسەری بە خۆیەوە گرت.

هەوالی ئەم مانگرتنە بەرینە، بێجگە لە شارەکانی تەورێز و مەلایر و مەرەند لە زۆر شاریتری ئێرانیش بلاو بووەتەوە و شوور و شەوقیکی لە دڵی کرێکارانی شوینەکانی تریش دا هەڵگیرساندوە.

داخوازی کرێکارانی مانگرتووی ئەم شوینانە بەم جۆرەیە:

١- حەقدەستی بڕینی هەزار خشت دەبی بکرێتە ٢٥٠ _ ٢٧٠ تمەن.

٢- دەبی هەر کرێکارێک ٢٠٠٠ تمەن پوولی سووختی بدرێتی.

٣- دەبی هەر کرێکارێک ٥٠٠٠ تمەن خەرجی هات و چووی بدرێتی.

ل٣

وەزعی سیاسی ئێران و هەلومەرجی دوای مەرگی خومەینی بۆ کرێکاران

مەرگی خومەینی، ئیتر ماوەیەکە کە سێ حەوت رۆژانەشی بەسەر چووە. نەوحەخوانی و سەرەخۆشی ڕەسمی کاربەدەستانی ناوخۆ و دەرەوە هەتا دی کەمتر دەبێتەوە. بەڵام باسی مەرگی خومەینی هیشتا باسی گەرمی هەموو رادیو و رۆژنامەکان و سیاسەتمەدارانە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران. پیچی هەر رادیوێک بسوڕێنی، باس باسی مەرگی خومەینییە و لیکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر هەڵوێستی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی و وەزعییەتی سیاسی لە ئێران. بە تایبەت رادیو و رۆژنامەکانی رۆژئاوا، ئاڵ و گۆرەکانی وەزعییەت لە ئێران بە وردی دەدەنە بەر سەرنج و و دەستیان بە هەر سیاسەتمەدار و ساحەب نەزەرێکی تەبعید کراو و هەڵاتووی ئێرانی رابگا میکروفون لە بەردەمی ڕادەگرن هەتا هەر لیکدانەوە و نەزەرێکی هەیە باسی بکا و هیچ مەسەلەیەک بە باس نەکراوی نەمێنیتەوە.

ئەگەر کەسێک پرسیار بکا بۆچی هیشتا باسکردن لە سەر رووداوێک کە خەبەرەکەی کون بووە، هەتا ئەم ڕادەیە وەختی رادیو و رۆژنامەکانی بۆ تەرخان دەکری، ئەگەر کەسێک بپرسی بۆچی هەر قسەیەک لە دەمی رابەرانی حکوومەتی ئێران بێتە دەر، ئاوا بە وردی لە هەموو لایەکەوە سەرنجی دەدرێتێ و تۆێ بە تۆێی قسەکانیان دەپشکنن هەتا بزانن چی تێدایە، وەڵامەکەی ئەوەیەکە مەرگی خومەینی بۆ بورژوازی هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەی ئێران زەنگی دەسپێکردنەوەی هەول و تەقالایەکە کە لە سالەکانی ئاخری ژیانی خومەینیدا، دوا بە دوای پەلەقاژەی پان ئیسلامیستەکان بۆ سەر لە نوی هەڵکردنەوەی ئالای خۆیان، شل ببووە و یان هەر بە تەواوی ڕاوەستابوو. بورژوازی بە وردی و لیبراوانە خەرێکی بەرەوپێش بردنی ئاڵ و گۆرێکە کە لە روانگەی خۆیان و حکوومەتی ئیسلامی ئێرانەوە، دەبی بە خێرایی تێپەڕ کری. هەمان ئاڵ و گۆر کە دەس بە جی پاش کوتایی پی هاتنی شەر، لایەنیک هەر لە ناو خۆی ئەم حکوومەتەوە، بە ڕێبەرایەتی ڕەفسەنجانی، سەرخەتەکانی ڕاگەیاند بوو و بە پەلە کەوتبووە شوێنی. لە روانگەی ئەوانەوە ئەم ئاڵ و گۆرە ئەمڕۆ ئیتر پاش مەرگی خومەینی دەبی لیبراوانە و بە خێرایی بە سەرەنجام بگەیەنری و هەڵبەت ئەمجار بە پاریزیکی زۆر زیاترەوە و زور حیسابکراوتر و ژیرانەتر لە جاران.

لە سالەکانی ئاخری شەردا کە هەموو شتێک لە خزمەت بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پان ئیسلامیستیدا وەگەڕ خرابو و هەمووان بە ئاشکرا دەیان دیت کە درێژە پێدانی ئەم سیاسەتانە، یان بە وتەیەکیتر سەرپوش نانەسەر مەسەلە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پان ئیسلامیستی، ئابووری بەرەو وەرشکستەیی کامل و کۆمەڵ بەرەو بوحرانیکی شۆرشگێرانەی جیددی دەبا. بورژوازی کە ئەم وەزعەی دەدیت بەو نەتیجەیە دەگەیشت کە فکریکی بنەرەتیتر بۆ حکوومەتەکەی لە ئێران بکاتەوە. ئەو کاتیش وەک ئەمڕۆ، ئەگەر ئالترناتیویکی سەقامداری دیکە پەیدا بوایە کە جێگای حکوومەتی ئیسلامی بگرێتەوە و بە دەربەست تر بی بو بەراوردە کردنی

بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات مانەوەی لە سەر ڕێبازی کون!

جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بەڵگەکانی کونفرانسی پووشپەڕی ٦٧ی پاش چەند مانگ بلاو کردەوە. بەشی ئەسڵی "بەڵگەکانی کونفرانسی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"، "ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی" بە کونفرانس.

نە ئەم گوزارشە و نە بەڵگەکان بە گشتی، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژیان پێویست نیە، یان ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە. هەر ئەوەندە بەسە وەبیر بێنێنەوە ئەم نووسراوەیە کە بە پێی قاعیدە دەبوا بۆ نیشان دانی لایەنە بەهێزەکان و توانایی‌یەکانی خاوەنەکانیان نووسرابا، تەنیا لایەنە کز و لاواز و بی هێزەکانی ئەوان ئاشکرا دەکا. نیشان دەدا کە چۆن جیناحی جیابووەوە نەیانتوانیوە رابوردووی هاوبەشیان لەگەڵ جیناحی قاسملوو، بدەنە بەر ڕەخنە، چۆن نەیانتوانیوە لەبنەمای فکری و سیاسی تا ئێستای حیزبی دیموکرات و ڕێبازی سیاسی ئەم حیزبە دابڕین، چۆن نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی موعتەبەر و بە ناوەرۆک بەرانبەر بە جەرەیانی کونەپەرست و بەرشکستەی جیناحی قاسملوو بێننە گۆڕ و چۆن تەنیا بن بەست و بی ئاسویی ئەم جەرەیانەیان بە زمانیکی تر هێناوەتەوە گۆڕ.

دیارە هیچکام لەوانە سەرسوور هێنەر و چاوەڕوان نەکراو نین. بریارنامەی پەسند کراوی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە باسی هەموو ئەوانەی کردوە کە ئەم جەرەیانەی پی دەناسرێتەوە. بەڵام بۆ کەسێکی کە جۆرێکیتر بیری کردوەتەوە یان ئێستا بە دوای ڕاستی‌یەکاندا دەگەڕی، وە یان تەنانەت بۆ کەسێک کە بە شوێن هەڵسەنگاندنی نەزەراتی ئێمەوە بی، لەوانەیە ئەم بەڵگانە سەرنج راکیش بن و بە کەلکی خوێندنەوە بین. بە هەر حال ئێمە تەنیا چەند خاڵی دیاری کراو بە کورتی دەدەینە بەر لیکولینەوە:

یەکەم: ئەم بەڵگەیە بە روشنی نیشان دەدا کە بە پێچەوانەی جیناح دا تاشینەکانی ئەم بەشەی حیزبی دیموکرات و ڕاەکارگر، ئەوەی کە پێی دەگوتری جیناحی دیموکرات و شۆڕشگێڕ، تەنیا هەڵدەگەڕێتەوە سەر لایەنگری لە شووڕەوی.

بەڵگەی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە کاتی هێنانە گۆڕی "چاوخشاندنیک بە رابوردوودا" وەبیر دەێنێتەوە: ل٤

قانوونی کار و کرێکارانی کوردستان

کیشە لە سەر قانوونی کار لە نیوان کرێکاران و ڕژیمی جمهووری ئیسلامی‌دا لە ساڵی ٦١ بەم لاوە، هەتا ئێستا (یانی ٧ ساڵ) هەروا درێژەی هەیە. لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا چوار پێش نووسی قانوونی کار دەسکاری کراوە و ڕژیم هەندیک پاشەکشەشی کردوە. پی داگرتنی کرێکاران بۆ ئەوەی پاشەکشەی هەرچی زیاتر بەسەر ڕژیم دا بسەپێنن هەروا درێژەی هەیە.

ماوەیەکە ڕژیم بی دەنگەی لە قانوونی کار کردوە چونکوو دوای شکستی سیاسەتی کونەپەرستانەی شەر، سیاسەتی بازسازی و سیاسەتی سەبر و چاوەروانی ڕژیمیش شکستی خواردوە و ئێستا لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی دا لە هەمیشە داماوترە.

هەڵبەت کرێکارانی کوردستان کە لە نیو دەریای بی قانوونی‌دا خەباتێکی سەرکەوتوانەیان بەرەوپێش بردوە و گەلیک داخوازیان بەسەر کارفەماکان و دەوڵەت دا سەپاندوە ئەوە دەزانن کە قانوون بەڵگەیەکە کە نیشان دەدا هەر کام لە لایەنەکان هەتا چ ڕادەیەک دەتوانن ویستی خۆیان بەسەر لایەنکەی‌تردا بسەپێنن. ل٨

شەری خوێناوی لە لوبنان!

جاریکی‌تر ئاگری شەری ناوخۆیی لە لوبنان بلێسەی سەندوە. ئێستا لە "بیروت" و چەند شاری‌تری لوبنان گوللە توپ و مووشەک بە شێوەیەکی وەحشیانە مالی خەڵک کاول دەکەن و ئاگری ئەو شەرە کونەپەرستانەیە ئاسمانی لوبنانی وەک ژیانی خەڵکی ئەو ولاتە ڕەش و تاریک کردوە.

ئەم ڕۆژانە لە هەر گوشەیەکی دنیا هەر ئینسانیکی شەریف کاتیک دیمەنەکانی ئەم وەحشیگەرییە لەسەر تلویزیون دەبینی دەس بەجێ ئەم پرسیارانە بە میشکی دا دی:

– چ کەسانیک شەری ١٥ ساڵەی ناوخۆی لوبنان پەرە پی دەدەن؟ مەسیحی‌یەکان، موسولمانان، سوننی‌یەکان، شیعەکان، دروزی‌یەکان، دەوڵەتی سووریە، جمهووری ئیسلامی، ئەمریکا، فەرانسە و ئیسرائیل کامیان؟

– ئەم شەرە لەسەر چیە و بۆچی کوتایی پی نایە؟ ل٥

١١ی گوڵان: کریکارانی کورستان جەژنی چینا یەتی خویان بەریوەبرد

سنە:

*- کریکارانی سنە مەراسمی دەولەتی‌یان تەحریم کرد.

* - هەزاران کریکار، مەراسیمکی سەربەخۆی گەورە و شکودایان لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەریوە برد.

*- لە بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیی‌دا کریکاران داخوازەکانی خۆیانیان ڕاگەیاند.

*- لە ڕاپەیمایی کریکاران دا لە خیابانەکانی شاری سنە، هەزاران ژن و پیاوی کریکار، شیعاریان دا: بژی حکوومەتی کارگەری، بژی سوسیالیزم، بژی بزووتنەوەی شورشگێرانەی گەلی کورد!

مەهاباد:

*- شەوی پیش ١١ی گوڵان، کریکاران لەسەر بەرزایی‌یەکانی دیوی شار، ئاگریان کردەوە.

*- تراکت و اتلاعیەکانی ڕۆژی کریکار لە نیوشاردا بلاوکرانەوە.

*- لە ڕۆژی کریکاردا کارتەعتیل کرا و کریکاران و کوروکومەلی جوراوجۆردا جەژنیان گرت.

*- کریکارانی شارەکانی مەریوان و سەقز جەژنی ڕۆژی کریکاریان لە کوروکومەلی خویاندا بەریوە برد.

گوزارشێک لە بەڕێوەچوونی مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە شاری سنە

هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە هەر کەس لە کووچە و کولان و گەرەکە کرێکار نشینەکانی شاری سنەوە تێپەڕ بوایە، جم و جوولیکی تازەی بەرچاو دەکەوت: جم و جوولیک کە بە ئاشکرا خەبەری لەوە دەدا لە ڕۆژانی داهاتوودا جاریکی‌تر ئەم شارە دەبێتە مەیدانی نیشاندانی هێز و قودرەتی ل٦

پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

خەڵکی وشیاری کوردستان!

٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، باسکی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانتان لێ پیروز بی. لەم ڕۆژەدا یادی هەموو ئازیزانی گیان بەخت کردوو و لە ناویان دا یادی هاوری سەعیدی موعینی، یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕیز لێ دەگرین. ئەوان بۆ ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە و بە عەشق بە ئازادی کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، لە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تا دوا هەناسەیان تێکۆشان، یاد و ئامانجیان لە هەموو ئیعتیراز و خەباتێکی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان، لە هەڵسووڕانی نهینی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە شار و لادی، لە مەزرا و کارخانە و لە خەبات و هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بەرز و بەریز ڕادەگیری و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو خۆی ڕادەکیشی.

دە ساڵ لەوە پێش، لە حالیکدا زۆربەی خەڵکی ئێران هیشتا تەوەهومیان بە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و خومەینی هەبوو، ل٩

هەمەلایەنەتری نیاز و پێویستیەکانی سەرمایە چ لە کورت ماوەدا و چ لە درێژ ماوەدا بتوانی ریزەکانی بورژوازی لە ئێران لە دەوری ئالای خۆی کۆ کاتەوە، ئەگەر ئالترناتیویکی وا لە بەردەست بوایە، بورژوازی ئێران و جیهانی هیچ دوودڵیەکیان لەوەدا نەبوو کە خێرا بینێتە جێگای جمهووری ئیسلامی. بەڵام ئاوا حازر و ئامادە بۆیان دەست نادا. نەتیجەکە بوو بەوە کە هەول و تەقالایەکی یەکجار زۆر بدری بۆ ئەوەی هەمان حکوومەت بە هەمان روالەت و شکل و قالبەوە، بە قازانجی بۆرژوازی هەندیک ئالّ و گۆر تێدا بدری. بۆیە زیاترین هێزەکانی بورژوازی بە ئێرانی و جیهانیەوە بە شێوەی نیزامی و غەیرە نیزامی دەستیان دایە ئەم کارە.

ئامانجەکانیان روشن و دیاری کراو بوون. لە کیسینجیری ئامریکایی و گنشیری ئالمانیەوە هەتا هەیئەتی نوینەرایەتی میتسووی ژاپونی، لە هەڵسووران و موبەللغینی ورد و درشتی ئەم جەریانەوە لە خودی ئێران هەتا فەرماندەکانی کەشتیەی جەنگیەکانی ئەمریکا لە خەلیجی فارس کە جار و بار لەگەل خەبەرنیگاران وت و وێژیان دەکرد، هەموان بە روشنی دەیانزانی دەبی چ بکری. فشار لە هەموو لایەکەوە زیادی کرد بۆ ئەوەی هەموو ریّگاکان، بێجگە لەو ریّگایە کە دەبوو ریّگای داهاتووی جمهووری ئیسلامی بی، لە رژیمی حاکمی ئێران ببەستری، دەبوو چ کرابا؟

هەول و تەقالای پان ئیسلامیزم کە دەیەویست شەر بکاتە مەنتەقەیی، دەبوو لیبراوانە و بی رەحمانە سەرکوت بکری. جەرەیانی پان ئیسلامیست لە نیو حکوومەت دا دەبوو ئەوەندە بخرێتە حاشیەوە کە ئیتر هیچ کلیلیکی قودرەتی بە دەستەوە نەمابی، دەبوو ناسیونالیزم بە شێوەی جیددی لە ئیدئولوژی رەسمی حکوومەتی ئێران دا بە هێز بکری. دەبوو حکوومەتی ئیسلامی رووبکاتە شێوە و رەوشت و دەرگا ئاسایەکانی بورژوازی بۆ بەرەیوە بردنی کارو باری ئابووری و بەرقەرار کردنی نەزم. دەبوو سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی دەستیکی پێدا بهینری و ئیمتیاز و زەمانەتی لازم بۆ سەرمایەی خوسووسی و بەشداری چالاکانەی بورژوازی لە "بازسازی" و وەگەر خستنەوەی بەرهەم هێنان دا دابین بکری. دەبوو پەیوەندی سیاسی و ئابووری ئێران لەگەل ئەمریکا و ئوروپای رۆژئاوا زیاتر و پتەوتر بکری و رژیمی ئێران زیاتر خۆی بە پابەندی عورف و یاسا جیهانیەکان بزانی.

ئەمانە سەرخەتی ئەو پلاتفورمە سیاسیەیە بوون کە بورژوازی ئێران و ئەمپریالیزم بو دوور کردنەوەی خەتەری بوحرانیکی شۆرشگێرانەتر بەتەما بوو بەرێوەی بەری. ئەوان لە لایەک کە هەر چەندی بۆیان ئیمکانی هەبوو بۆ پێک هێنان و خیرا کردنەوەی ئەم ئالّ و گۆرە فشاریان بە کار دەبرد و لە لایەکیتر بە ئاشکرا لە زمان بە دەسەلات ترین رابەرانیانەوە، لە بەیاننامەکانی کاخی سپیدا، بی دریغ پشتیوانیان لە حکوومەتیکی ئیسلامی دەکرد کە ئەم ئالّ و گۆرانەی بە خۆیەوە دیبی. ئەمپریالیستەکان بە ئاشکرا دەیان گوت ئەگەر ئێران ئەم ریبازە قەبوول بکا رژیمی ئێران لە ناوخۆی دا هەرچی بکا ئەوان دەستی وەبەر ناهینن ئەم قسانە لە کاتیکدا کە بیروڕای گشتی جیهان رۆژ لە رۆژ زیاتر نەفرەت و بیزاری خۆی لە جینایەتەکانی رژیمی ئێران چ لە جەبهەکانی شەر و چ لە نیو زیندانەکاندا دەردەبری، هیچ مەعنایکی جگە لەوە نەبوو کە ئەگەر بیت و حکوومەتی ئیسلامی سەر بینێتە ری دەوڵەتانی رۆژئاوا لە سەرکوتی هەر هێزێکی ئوپوزیسیون کە بیهەوی حکوومەتی ئێران لە ناوەوە لاواز بکا پشتیوانی دەکەن و پیش بەوەش دەگەرن کە رادیو و رۆژنامەکان لە سەر "پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران" هەرا ساز بکەن یان موزاحەمەتی لەم چەشنە بۆ رژیمی ئێران دروست بکەن. لە هەموو ئەم وەعدە و بەڵێنە سیاسیانە گرنگتر، دەست و دل ئاوالەیی دەوڵەتانی ئەمپریالیست بوو کە لە زەمینەی یارمەتی ئابووری و مالیدا لە خۆیان نیشان دا. کاتێک شەر کوتایی پی هات، هەندیک بەشی ئەم پلاتفورمە وەدی هاتبوو. هەر خودی ئەوەکە ئێران گەردنی کەچ کردبۆ کوتایی پی هینانی شەر و قەبوول کردنی بریارنامەی ٥٩٨، بە مەعنای شکست دانی جەرەیانی پان ئیسلامیزم بوو لە گرینگترین مەیدانی بەربەرەکانیدا. بە تاک خستنەوە و بەرو حاشیە پال پێوەنانی خودی ئەو جەرەیانە لە مانگەکانی پێش قەبوول کردن و دوای قەبوول کردنی ئاگر بەس دا، زۆر بە خێرایی بەرەوپێش چوو بوو، لە هەمووش گرینگتر ئەوە بوو کە ئەو هێزە ئالّ و گۆر بەخشە کە دەبوو ئەم پروسەیە لەسەر کورسی دەسەلاتی دەوڵەتیەوە ریّبەرایەتی بکا و بە سەرەنجامی بگەیەنی بە لە خورا دیوی و دل قایمیەکی چاوەروان نەکراوەوە لە ناوخۆی حکوومەت بە پێک هێنانی کیشە و ئالوزیەکی زۆر کەم، سەری هەڵدابوو سەر بەرز کردنەوەی لیبراوانەی رەفسەنجانی و ئەو ئامادەییە کە ئەو لە خۆی نیشان دابو بەرێوە بردنی دەوری رێبەرایەتی ئالّ و گۆری ناوخۆی رژیم، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو جێگا و شوینەکە خۆی و هاوریکانی بوویان و هەر وەها روشن بینی رەفسنجانی لە زەمینەی ئەو کارە بنەرەتیانەدا، کە بورژوازی و ئەمپریالیزم پێیان وا بوو دەبوو بکری بە جۆرێک دەوڵەتانی رۆژئاوا و سەرمایەدارانی ناوخۆ و دەرەوەی گەشکە کردبوو کە تەنانەت هەندێک لە نوینەرانیان لە بیریان چوو بووەوە کە ئەم هەموو شادمانی کردنە تاریف و تەحسین کردنی رەفسەنجانی و دارو و دەستەکەی، لەوانەیە لەو هەلومەرجە ئالوزەی ئێران دا بە زەرەری تەواو بی و هەموو جەرەیانی پان ئیسلامیست بۆ پاراستنی جێگا و شوێنی خۆی وەخوخا. بەڵام سەرەرای ئەمە، پێشرەوی رژیمی ئێران بەرەو ئەوەکە خۆی لەگەل خەتە سەرەکیەکانی ئەو پلاتفورمە یەک خا هەتا ئەو جێگایە رەفسەنجانی نوینەرایەتی دەوڵەتی دەکرد ئەوەندە خیرا بوو. وت و وێژی سولح بە خێرایی بەرەوپێش چوو. هەر شتێک کە لە سەری پێک دەهاتن بە خێرایی بەرێوە دەبرا. گەلێک وت و وێژ و چاوپی کەوتن هەم بە نهینی و هەم بە ئاشکرا و هەم بە رەسمی و غیرە رەسمی بۆ نیوان خوش کردن لەگەل رۆژئاوا و تەنانەت لەگەل "شەیتانی گەورە" بەرێوە برا، لە بەیاننامە رەسمیەکاندا ناوی "میللەتی قارەمان" جێگای "ئومەتی شهید پەروەر"ی گرتوە. هەیئەتی ئابووری لە هەموو لایەکی جیهانەوە رووبان کردە تاران و ئەمە خۆی نیشاندەری ئەوە بوو کە کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران لە زەمینەی دابین کردنی ئەمنییەت و قازانج بەری سەرمایەکانی دەرەوەدا لانی کەم لە چوارچێوەی پروتوکولی رانەگەیەندراو دا قەول و بەڵێنی خۆیان داوە.

ئیتر تەم و مژ رەوییووەو و بورژوازی و ئەمپریالیزم ریّگای خۆیان بەرەو داهاتووی حکوومەتی ئێران دوزیبووە. ئیتر ئاشکرا ببوو کە دەبی پشتیوانی لە کام دارودەستەی نیو حکوومەت بکەن. ئێستا ئیتر گیروگرفتی چکولەتر مابوو چارەسەر بکرین، نەفسی کوتایی پی هاتنی شەر بە دەست پێش کەری رەفسەنجانی بۆ خۆ یەکخستن لەگەل ویستی بورژوازی و ئەمپریالیزم هەڵگیران، نەک هەر بە خیرایی پشتیوانی جیهانی رۆژئاوا و رەزایەتی بورژوازی ناوخۆی ئێرانی بو لای خۆی راکیشا، بەڵکوو هەر وەها توانی رەوتی رووڵە زیاد بوونی ئیعتیرازات و داخوازەکانی جەماوەری خەڵکی وەگیان هاتووش هەتا رادەیەکی زۆر شل کاتەوە. خەڵکیکی تووڕە کە لە مانگەکانی کوتایی شەردا هەموو بیانوویەکیان بۆ دەربرینی بیزاری خۆیان لە رژیم بە دەستەوە دەگرت، خەڵکیک کە ئیعتیرازات و خەباتی پرژ و بلاو بەڵام بەردەوامیان بە رادەیەک هەرەشەی لە رژیم دەکرد کە رژیم ناچار ببوو هەندیک سیاسەت بۆ دڵخوشی دانەوەیان بگرێتە پێش، بە تەمای ئەوە کە داهاتووی ئێران بە جۆرێکی تر دەبی و بەو هەراو هوریایەی لەسەر هەڵوێستەکانی جمهووری ئیسلامی ساز کرا بوو، لە ناکاو کەوتنە حالەتێکی چاوەروانی، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو کە کاربەدەستانی رژیم نەک باسی مەسەلەکانی فقە و شەرع و مەکتب، بەڵکوو باسی مەسەلەحەت و نەقشەی وایان دەکرد کە لە سەر مەسەلە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان وەک قاتی، وەگەر کەوتنەوەی چەرخی بەرهەم هێنان، بێکاری و ئەم جۆرە شتانە تەئسیری چارەنووس سازیان هەبوو. ئەو حالەتی ئەومید و چاوەروانیە کە جێگای ئیعتیراز و داخوازەکانی خەڵکی گرتبووەوە لەگەل شەپولی گرتن و ئیعدامی بە کۆمەڵ کە مەجالی ئەوەی بە رژیم دابوو مەیداندارى بکا و ریّگا بۆ هێرشەکانی دواتریشی بکاتەوە، بەش بە حالی خۆی بورژوازی لە نیگەرانی نیسبەت بە چارەنووسی خۆی دینایە دەر و هانی دەدا بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر پشتیوانی لە لایەنی رەفسەنجانی بکا.

ئەوە ئاشکرا بوو کە جەرەیانی پان ئیسلامیست کە بەرانبەر بە حەریفەکەی بە تەواوی پاشە کشەی کردبوو دەبوو بۆ پاراستنی جێگا و شوێنی خۆی کاریک بکا. رەخنەگرتن دەستی پی کرد. ئەو سیاسەتانەی رەچاوکرا بوون، بە حوکمی شیعارە سەرەتایی و سوننەتییەکانی رژیم تەنانەت بە ئاشکرا بە خیانەت لە قەلەم دران، حیزب اللە کەوتبووە تەقالا و خومەینی دەبوو دەخالەتی کردبا. مەسەلەی کتیبی سەلمان روشدی و ئەو هەرایەی لەسەری ساز کرا، ئەوپەری تەقالای پان ئیسلامیستەکان بوو کە لەوە زیاتریان لە دەست نەدەهات. مەسەلەیەک کە ئەو هەرایەی لەسەر ساز کرا، خۆی لە هەموو شتێک زیاتر نیشاندەری لاوازی و داماوی و بی ئاسویی سیاسی پان ئیسلامیستەکان بەرانبەر بە رەقیبەکانیان بوو. مەسەلەیەکی فقهی و نامەربووت بە مەسەلە حەیاتییەکانی رژیم، هەروا هەنگامەیەکی کۆنەپەرستانە کە شەپولیک لە نەفرەتی لە سەرتاسەری جیهانیدا وەری خستبوو، خۆی بوو بە هویەکی تر بۆ خیرا بوونەوەی رەوتی وەدەرنانی پان ئیسلامیستەکان لە مەیدانی سیاسەت و سیاسەتگوزاری. بەڵام هەرچی بوو ئەو کەلکەی بوو کە رەوتی ئالّ و گۆرەکانی شل دەکردەوە و بۆ پا ئیسلامیستەکان درەفەتێکی وەدەست دەخست. پا ئیسلامیستەکان لەم بەرانگار بوونەوەیەدا پشتیان بە خومەینیە کە لە دەمیک لەوە پێشەوە کەلک و قازانجی مەسەلەحەت خوازی بۆ دەرکەوتبوو و هەروەها لە شپرزی و ئالوزی وەزعییەت ئاگادار بوو نەیهێشت وەخۆ کەوتنەوەی حیزبی اللە بناغەکانی دەسەلاتی رەفسەنجانی بلەقینی و زێر پیی بوش بکا. خومەینی نەی دەتوانی بەرانبەر بەو هەنگاوانە کە هەلدەگیران موخالفەتیکی سەرسەختانە بکا.. واقعییەتەکان کاریان کردبووە سەر میشکە وشکەکەی ئەویش. ئەو بەرنامانە کە رەفسەنجانی بە تەمای بەرێوە بردنیان بوو، خومەینیش بە تاقە رێگای مانەوەی حکوومەتی دەزانین. خومەینی لەو رۆژەوە کە جامی ژەهرەکەی بە سەرەوە نا، تێگەیشت بوو کە هیچ رێگایەکیتر نەماوە. جیاوازی خومەینی لەگەل تاقمەکەیتر ئەوە بوو کە خومەینی لەسەرەخۆتر و بە شێنەییتر دەچووە لاوە و نەیدەویست هەتا خۆی زیندووە ئەم ئالّ و گۆرانە سەر بگرن. وادیارە هەر بۆیەش هاوکات لەگەل بەربەست کردنی رەوتی نیوان خوشکردن لەگەل رۆژئاوا، جیگا پێی رەفسەنجانی و داردەستەکەی بۆ وە ئەستو گرتنی مەسئولییەتە سەرەکیەکانی پاش مەرگی خۆی قایم دەکرد.

قەبوولی دەسکاری کردنی "قانوونی ئەساسی"، ئەسپاردنی دەسەلاتی زیاتر بە رەئیس جمهوور کە تاقە کاندیدای "واجدی شەرایت"ی هەتا ئەوکات رەفسەنجانی بوو، وەسەرەنجام، مانەوەی رەفسەنجانی لە سەرکورسی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان وەک نوینەری خومەینی، دەکری وەک نیشانەی تەسلیم بوونی خومەینی بەم سیاسەتە چارە هەڵنەگرەی حکوومەتی ئیسلامی لە درێژ ماوەدا حیساب بکری.

ئێستا ئیتر خومەینی مردوە، حیزب اللە هەتیو کەتەووە و ملی لاوازی بە لاوەناوە زۆر زوو، بەرێوە بردنی باقی خالەکانی ئەو پلاتفورمەی باسی کرا، دوای تەواو بوونی رەوزەخوانی، بە یەکجاری دەکەوێتە دەستوورەوە. رەفسەنجانی و شەریک و برا بەشەکانی بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم ئالّ و گۆرانە و بۆ ئەوەی رژیمی ئیسلامی ببێتە رژیمیکی هەرچی ئاسایی‌تری بورژوایی نەک هەر پشتیوانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و سەرمایە ئەمپریالیستیەکان، بەڵکوو پشتیوانی هێزەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی ئێرانیشیان لە پشتە. رۆژانی مالاوایی کردن لە پان ئیسلامیزم کە تا ئێستا شەریکی دەسەلات بوو، خەریکە دەگا. ئەو رێگایەی کە دەبی جمهووری ئیسلامی بیگرێتە پێش، بۆ بورژوازی و نوینەرە واقیع بینەکانی، روشن و ئاشکرایە. بورژوازی، ئەمرۆ لە نیو ری دایە. لەم نیوەدا ئێمە لە کوی وەستاوین؟ کرێکاران دەبی چ رێگایەک بگرنە پێش؟ داهاتوو چ دیاریەکی پییە بۆ ئێمە؟

حەتمەن ئەوەتان بیستوە کە پاش مەرگی خومەینی شەر لە سەر قودرەت لە نیو حکوومەت دا پەرە دەگری، ئەوە هەم ئێمە گەلیک جار وتوومانە و هەم کەسانیتر. حەتمەن هەموشتان دەزانن کە کاتێک لە نیو ریزی دوژمنانی خەڵک دا، لە نیو دەوڵەت دا یانی لە نیو دەزگای سەرکوت دا کیشە و ناکوکی سەر هەڵدا، مەوقعییەتی ئێمەمانان بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات و ئیعتیرازی هەقخوازانەمان سەرجەم باشتر دەبی. هەموو ئەحزابی ئوپوزیسیونی ئێرانی هەم ئەوانە کە لایەنگری خەڵکن و هەم ئەوانەی کە دەیانەوی خەڵک بیان نیتە جێگای جمهووری ئیسلامی ئەم رۆژانە ئەم واقعییەتە بە زمانی جۆراوجۆر دووپات دەکەنەوە. کەوایە ئێمە لە سەر ئەم باسە ناروین. دیارە بۆ کرێکار هیچ رۆژێک بە بی خەبات و بی تێک هەڵچوون لەگەل چەوسینەران و مفتەخورانی ورد و درشت ناگاتە شەو، لاوازی لایەنەکەیتر، لاوازی خاوەن کار، لاوازی پولیس و پاسدار و کومیتەچی کە هەمیشە لە بەرانبەری دا راوەستاون، هەر کە گوشەیەکی دەرکەوت، ئەمە خۆی یانی بانگەواز کردنی کرێکار بۆ پێشرەوی و بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی هەقخوازانەی.

بەڵام ئەحزاب و گورووهەکانی موخالیفی رژیم پاش تەئکید لە سەر کیشە ناوخۆی رژیم و ئاسوی پەرەگرتنی کیشمەکیش لە ناوخۆی حکوومەت دا، زۆر جار بەو نەتیجەیە دەگەن کە: کەوایە دیسانەوە خەڵکی بیزار لە رژیم دەرژینە خیابان و حکوومەت ژیرەوژوور دەکەن و تولە لە جینایەتکارانی ناسراو دەستێننەوە. موجاهد گویا دەیەوی بە پێی ئەم لیکدانەوەیە دیسان لەشکر بکاتە سەر ئێران و رەنگە ئومیدەوار بی خەڵک هەر بەم زوانە مریم و مەسعوود بخەنە سەر شان و لە "فرودگا" وە هەتا "دەفتەری ریاست جمهووری" دایان نەنین. هەندیکیتر کە زۆر لەوە دلنیانین خەڵک لە دەورەی کیشەی

ناوخۆی حکوومەت دا ئەو کارە بکەن، تەنیا ئەرکی ئەوەیان بۆ خۆیان داناوە کە خەڵک هان بدەن برژینە خیابانەکان و کارێکی پی بکەن با بە دەواری شری نەکردبی.

ئەمانە ئارزووی خۆیان دەنینە جێگای راستییەکان. ئەمانە کەندو کوسپ و دژواریە واقعییەکانی سەر ڕێگای ئاخیزی جەماوەری خەڵک نابینن، یان باشترە بڵێین نایانەوی ببیبنن، چونکە ئەگەر قەبوول بکەن ئاخیزی جەماوەری جاری ماویەتی سەر بگری بۆ خۆیان کە قەراڕە سواری شەپولەکانی بن و خویان بگەیەننە جێگایەک نەتیجەیەکی بێجگە لە ناهومیدی و بی سەمەری ڕێکخراوە و کاری سازمانی تێدا نابینن. ڕابەری باش لەو ڕێکخراوانەدا ئەو کەسەیە کە بتوانی تەنانەت ئەگەر دووڕەی خەفەقان و سەرکوتی دژی شورش دە ساڵیش بخایەنی وا نیشان بدا کە ڕاپەڕینی جەماوەری یەکجار نزیک و زۆر بە ئاسانی سەر هەڵدەدا. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەفرادی ڕێکخراوەکەیان قانع بن بەوەی هەڵسووڕانی نمایشی درێژەیی پی بدەن.

هیچ کەس بە قەدەر کرێکار لەم حکوومەتە و لەم نیزامە بیزار نیە، ئەم ڕژیمە و ڕۆژیمەکانی پێشووی لە هیچ کەس بە قەدەر کرێکار زۆلمیان نەکردوە، هیچ کەس وەک کرێکار بە درێژایی ژیانی سەرشوڕانەی جمهووری ئیسلامی تووشی بەلا و موسیبەت نەبووە. ئاخر بەرانبەر بە کرێکار، ڕژیم تەنیا پەنا ناباتە بەر زیندان و ئیعدام و کوشت و بڕ و ئەو وەسیلانە کە تۆڕەکانیتری پی دەخاتە ژێر ستەم، سەرمایەدارە و دەوڵەتەکەی تەنیا لە زیندان دا گیانی ڕولەی کرێکاریان بە بارمتە نەگرتوە. دەست بە سەر بەرهەم و ئامرازی بەرهەم هینان داگرتن لە لایەک و هەژاری و برسیەتی لە لایەکی وەسیلەیەکی ساز کردوە کە دەلیی دەکری هەموو شتێکی کرێکاری پی کۆنترۆل بکری، ئەو کرێکارە بە ڕوالەت ئازادەی بە نیو شاردەگەری لەوانەیە لە زیندانیانی ڕەسمی زیندانیتر بی. هەژاری و ئیجباری کویلەتی بۆ پارەوە نانیک، مەحکەمتر لە هەموو دیواریکی دیکە، ئەو ئینسانەی لە ژیان و لە هەموو نەعمەتەکانی بی بەش کردوە. زیندانی ئەبەدیە زیاترین شکەنجەوە بۆ هەموو ئەفرادی خانەوادە!

بورژوازی و حکوومەتە تازەکەی یانی جمهووری ئیسلامی لەم ساڵانەدا بە بی ڕەحمانەترین شیوە لەم ڕێگا و شێوەیە لە دژی کرێکار و ژیان و بەری چوونی کەلکیان وەرگرتوە. دیارە لە ڕوانگەی کرێکارەوە ئەم حکوومەتە دەبی برووخی. لە ڕاستیدا هیچ کەس نیە بە قەدەر کرێکار خوازیاری ڕووخانی ئەم حکوومەتە و نیزامەکەی بی.

بەڵام ئەگەر تەنیا ساتێک بیر لە تەبلیغاتی ڕێکخراویکی وەک موجاهیدین بکەنەوە کە باسی لە بەریەک چوونی بناغەکانی حکوومەت و ئاخیزی دووبارەی خەڵک لە خیابانەکان دەکا، خیرا بۆتان دەردەکەوی کە ئەم تەبلیغاتە بە ڕوالەت ڕادیکاڵەش هەتا ئەو جێگایەی بە کرێکار و زەحمەتکێش مەربووتە هەر ئەو تەئسیرە زیانبارەی هەیە کە تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی و تەبلیغاتی بی.بی.سی و ڕادیو ئەمریکا و ئەوانی تر هەیانە، نەتیجەی هاوبەشی هەموو ئەمانە، چاوەڕوان هیشتنەوەی کرێکار و زەحمەتکێش، یانی چاوەڕوان هیشتنەوەی ئەو هیزە کۆمەڵایەتییە پر قودرەتەیە کە زیاترین شکایەت و زیاترین نەفرەتی لەم وەزعەی ئێستا هەیە. ئەو شتە کە ئەمانە زیرەکانە یان بە حوکمی غەریزە لە گویی کرێکار و زەحمەتکێشی دەخوێنن ئەوەیە کە ئەگەر کارت دەوی جاری ڕاوەستە، وەزعەکە بەم زوانە دەگوڕی. ئەگەر لە قاتی و گرانی وەگیان هاتووی جاری ڕاوەستە و تەنانەت ئەگەر بە تەمای ئەوەی هەموو داخوازەکانت وە دی بینی جاری ڕاوەستە، حکوومەت دەرووخی و هەموو شتێک چا دەبی! هەم ئەو بەشەی بورژوازی کە دەساڵەتی بەدەستەوەیە و وعدەی ئیسلاحات و سەقامگیر بوونی حکوومەت دەدا و هەم بەشەکەی دیکە کە موخالیفە، هەرتکیان لە یەک شت دا قازانجی هاوبەشیان هەیە و ئەویش ئەوە کە ئەوانەی خاوەنی ڕاستەقینەی کۆمەڵ و هیزی پێک هێنەری هەموو ئاڵ و گۆڕەیکن، یانی کرێکاران، جاری خۆ لە هیچ نەگەیەنن و نەیەنە مەیدان. لە تەبلیغاتیان وردبنەوە: هەموویان بە بی ئەوەی وای دانین ئێوەش دەوریکتان هەیە، وەعدەی دوا ڕۆژیکی باشتر تان بی دەدەن.

چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەم وەزعە هەر خۆی دەگوڕی و باشتر دەبی، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەو گیروگرفتانەی بەروکیان بە چینی کرێکار گرتوە خۆیان بەرە بەرە چارەسەر دەبن، دروست لە دەورەیەک دا کە کرێکار پڕڕ و بلاوە و خۆی ڕیک نەخستوە و لەو لاوە گیروگرفتەکانی دەوڵەت هەتا دی تونتر دەبنەوە، خراپترین ژەهرە بۆ ژەهراوی کردنی زەینی کرێکار. یەکەمین شت کە کرێکار دەبی بە دیتنی ئەم وەزعە بۆی دەرکەوی، ئەوەیە کە ڕۆژ ڕۆژی وەخو کەوتنە نەک چاوەڕوانی مانەوە. ئەوەیە کە نابی بە خاوەخاو کردن وەخت بە هەدەر بدەین. ئەوەیە کە هەرچی زیاتر لەم هەلومەرجە کەلک وەرگرین. دەبی ئامادە بین بۆ هاتنە مەیدان. ئەوەیە کە کرێکار ئەگەر نەجوولێتەوە، ئەگەر ریزەکانی خۆی سەروسامان پی نەدا، سەری بی کلاو دەمینێتەوە. شەری ناوخۆی دەسەڵاتداران چ قورس بی و چ سووک، خەڵک چ بێنە خیابانەکان و چ نەیەن، هیچی پی نابری، کەوایە بە دوستانی کرێکارتان بڵێن کاریکی باش دەکەن لە هەموو ئاڵ و گۆڕە سیاسییەکان و لە هەموو لیکدانەوە و دەنگ و باسەکان ورد دەبنەوە. بەڵام ئەوەشیان پی بڵێن کە وریای ئەو ژەهرە بن کە ڕادیوکان بە ئەنقەست بە زینی گویگرەکانیدا دەپژینن.

وەزعییەتی شۆرشگێرانە و ئاخیزی جەماوەری خەڵک بۆ ووخاندنی حکوومەتیک شتێک نیە کە تەنیا بە هۆی نەفرەت و بیزاری خەڵک پێک بی، وە لەبەریەک ترازانی بناغەکانی حکوومەت شتێک نیە کە ئەگەر "ئایت الله"یەک پێی کوترا "حجت الاسلام" ئیسبات بوو بی. ئێمە بروامان وایە و گەلیک جاریش وتوومانە کە جەماوەر ئەگەر نەزان چ شتێک دەنینە جێگای ئەم دەوڵەتەی لەسەر کارە، بۆ ووخاندنی دەوڵەت هەڵناستن. جەماوەر، ئاژاوە گێر و بشێوە خوازنین. تەنیا کاتیک بۆ ووخاندنی حکوومەت رادە پەڕن کە لە زەینی خۆیان دا وەڵامی ڕوشنیان بەو پرسیارە دابێتەوە کە "دەوڵەت دەبی چ بکا؟" و لە هەموو گرینگتر ئەوەکە وەڵامی هەموان یەک وەڵام بی. جگە لەوە جەماوەر دەبی باوەڕیان بەوە کردبی کە ئەم یان ئەو حیزبی سیاسی، ئەم یان ئەو ڕێکخراو و هێزی ناو کۆمەڵ، کە نوینەریانە یان سەربەخۆیانە، دەتوانی جێگای دەوڵەت بگرێتەوە و دەتوانی گیروگرفتەکان چارەسەر بکا و کۆمەڵ بەڕێوە بەری. بە وتەیەکیتر ئەگەر خەڵک ئەو سیاسەتە و ئەو هێزە سیاسییە جی نشینەیان کە قەبوولیانە لە بەردەست نەبی و نەیناسن هیشتا ووخانی حکوومەت وەک شیعاریکی عەمەلی و ڕۆژانە ناهێننە گۆڕ و خەباتیان هەر لە چوارچێوەی پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕی کاتی و سەرسەرەکیدا دەمێنێتەوە. گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ئێران، لە بێکاری و ئیعتیادەوە بگرە هەتا ڕاوەستانی بەرهەم هێنان و کەسری بوودجە، ئەمڕۆ بە جۆرێک وەک کلافەبەنی ئالوزیان لی هاتوە کە لە چوارچێوەی ڕێگا چارەی بورژوایی‌دا، چ بگا بە خەڵکی ئاسایی، تەنانەت کارشناسانی ئابووری و ئەوستادانی دانشگاش ڕێگا چارەی دەس بەجێ بۆ چارەسەر کردنیان ناتوانن بدوزنەوە. هەر ڕێگا چارەیەک کە بیەوی لە چوارچێوە "مقدسات" ی سەرمایەدا خۆی نیشان دا، بە ئەندازەیەک بی خاسییەت و بی نەتیجەن و جاری وایە لە ڕوانگەی خەڵکی هەژار و بی بەشەوە زیانبار و زالمانەن کە زەحمەتە کەس حازر بی بووە دی هێنانیان بڕژێتە خیابان و باتوومی پولیسی بۆ قەبوول بکا چ بگا بەوە کە شیعاری ڕاپەڕین بەرز کاتەوە و گیانی خۆی بنێتە بەری دەستی و حازر بی خۆی بۆ بە کوشت بدا. لە وەزعیکی ئاوا دا خەڵک ڕەنگە هەلچن، بینە خیابانەکان، شووشەی دووکانان بشکێنن، ئەنبار و سیلوکانی دەوڵەت تالان بکەن و بەو پەری توندوتیژی نان و کار و مەسکەنیان لە دەوڵەت بۆی، بەڵام هەتا نەزانن کە ئەگەر خۆیان لە جێگای دەوڵەت بوایەن بۆ ووخاندنی حکوومەت ڕانابەڕن. هەر بەم دەلیلەیە کە ئێمە گەلیک جار تەئکیدمان کردوە کە شکل گرتنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ ووخاندنی حکوومەت لە ئێرانی ئەمڕۆ، کە تێیدا چینەکان بە باشی یەکتریان ناسیوە، خۆی پێش هەموو شتێک لە گرەوی ئەوەدایە کە کرێکاران وەک هێزێکی سەربەخۆی سیاسی خۆنیشان بدەن. هێزیک کە بتوانی بە ڕێکخراوە و شیعار و سیاسەت و ڕێگا چارەی شۆرشگێرانەی خۆیەوە بۆ هەموو ئەو نیو کۆمەڵ دا بە زەقی بەرچاون وەڵام بدوزێتەوە. ئێمە تەئکیدمان کردوە کە داهاتووی وەزعییەتی سیاسی ئێران بە شێوەی سەرەکی بە توانایی چینی کرێکار بەستراوەتەوە کە بتوانی ئالترناتیویکی هەمە لایەنە و شۆرشگێرانە بنێتە بەرانبەر هەموو کۆمەڵ. هەلخراندن و هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی دیموکراسی شۆرشگێر بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی هەموو هێز و حیزبەکانی بورژوازی لە گرەوی ئەوە دایە کە ریزی سەربەخۆی کرێکاران ئالا هەڵگری ئەو خەباتە بی.

بە لە بەرچاو گرتنی وەزعییەتی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری، پەرەگرتنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ ووخاندنی ڕژیم، داهاتوویەکە بۆ پاش دەورەی حیساب یەک لایی کردنەوەی ناوخۆی ڕژیم. لە نەزەر ئێمەوە بزووتنەوەی کرێکاری نابی نەقشەی پێشڕەوی خۆی لە سەر بناغەی ئەو ئیحتمالە دارێژی کە لە چەند مانگی داهاتوودا ئیعتیرازاتی پر قودرەتی جەماوەری ڕوو دەدا. بە پێچەوانە، کرێکاران دەبی بزانن کە هەستانی شۆرشگێرانە و جەماوەری لە ئێران پێش ئەوەی یەکیک لە مەرجەکانی کاری بزووتنەوەی کرێکاری بی، یەکیک لە نەتیجەکان و حاسلی پێشڕەوی و سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریە. هەڵبەت ئاشکرایە کە پێش بینی داهاتوو بە شێوەی قەتعی، کاریکە کە لە دەس هیچ کەس نایە. ڕەنگە زۆر هۆ، کە ئێستا پێش بینی ناکرین، وەزعییەتێکی تەواو جیاواز لە ئێران بخولقێنن. بەڵام هەر چی بی، تەنیا ئەو بزووتنەوە کرێکاریەیە کە لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەوپێشەوەدا تەنیا بە هێزی خۆی پشت ئەستووڕە، دەتوانی لە ڕووداوەکان بە قازانجی وەدی هێنانی خیراتری ئامانجەکانی کەلک وەرگری، نەک بە پێچەوانەی ئەمە.

واقعییەت ئەوەیە کە جگە لە شکل نەگرتنی کافی ئالترناتیویکی شۆرشگێرانە لە هەموو کۆمەڵدا، کە بتوانی هەموو خەڵکی زۆلیکراو هەڵخرینی بۆ ڕووخاندنی ڕژیم، فاکتوری دیکەش ئێستا هەن کە بە زەرەری ئەوەن جەماوەر بێتە ناو مەیدانی کیشە لەسەر دەسەڵات. پلاتفورمیک کە بناغەی کاری ڕەفسەنجانی و بناغەی لە ناوەوە گورانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامیە، پلاتفورمیکە کە هێزەکانی بروژوازی، لانی کەم بۆ دەورەیەک، دەکاتە پشتیوانانی چالاکی ڕژیمی شکل گوراوی ئیسلامی و ڕیزەکانیان پتەو دەکاتەوە. پێک هێنانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دنیای دەرەوە، هاتنی سەرمایەکانی دەرەوە و زیاد بوونی بەرهەم هێنان و بازرگانی و ئەسپاردنی هەندیک بەشی هەڵسووڕانی پر لە قازانجی دەوڵەت بە بەشی خوسووسی و بە کورتی هەموو ئەو ئاڵ و گۆڕە کە وەعدەی دراوە، لە هەندیک بابەتەوە بۆ توێژێکی بەرینی وردە بورژوازی و خەڵکێکی دەست تەنگیش کە بە هەر حال کرێکاری بە هەقدەستی ڕۆژانە بەری چوونین دەتوانی بە مەعنای باش بوونی وەزعییەت چاوی لی بکری و سەرجەمی ئەم هویانە بەشێکی بەرچاو لە کومەڵانی غەیرە کرێکار بەرەو پشتیوانی کردنی لە ڕابەرانی تازەی حکوومەت هان دەدا وە یا لانی کەم چاوەڕوانی داهاتوویان دەکا.

بەم جۆرە هەموو شتێک نیشاندەری ئەوەیە کە هەرچەشنە ئاڵ و گۆڕێک بە قازانجی کرێکاران لە کەم بوونەوەی بێکاری و هەژاریەوە بگرە هەتا ڕووخانی ڕژیم هەر هەمووی دەستی خودی کرێکاران ماچ دەکا. چاوەڕوانی داهاتوو بوون بێجگە لە تالتر بوونی هەرچی زیاتری وەزعی ژیانمان، هیچی تێدا بەستە نیە. بە هێز کردنی ئەم یان ئەو دەستە لە نوینەرانی بورژوازی، دووپات بوونەوەی تەجرەبەی تال و پرژانی ڕابوردوویە کە خومەینی پشتیوانی لیکرا، بە تەمای ئەوەی کە وەزعییەت دەگوڕی، دووپات بوونەوەی پشتیوانی کردن لە دوژمنانی چینایەتی، لە حالیکدا هیشتا کرێکار و زەحمەتکێش بریندی هەڵەی پیشووی بە لەشەوەیە، ئیتر ئەمجار هەڵەکردن نیە، بەڵکوو عەینی سەفا هەتە.

ئەوەی چاوەڕوانی ئێمەیە، دەورەیەکە لە کیشمەکیشی دەسەڵاتداران لە سەر یەکپارچەیی قودرەت و پتەو دارشتنی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی، پاشانیش دەورەیەک لە چەوساندنەوەی بیرەحمانە بە پشت ئەستووری دەوڵەتێکی پتەوو بە هەمان میزانی دژی کرێکار، هەڵبەت بە پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی. ئەمە ئەو شتەیەکە ئەگەر هێزی ئێمە کرێکاران بۆ بەر پەرچدانەوەی، خۆی کونەکاتەوە و ئامادە نەبی، چاوەڕوانمانە. دەبی تەواوی هەوڵی خۆمان وەکار خەین. تەواوی هێزمان کۆ بکەینەوە، لە هەر دەرفەتێک کە خۆمان وەدەستی دێنین وە دوژمنانمان بۆمان دەرخسێنن، کەلکی تەواو وەرگرین و ڕیزەکانمان بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانمان، بۆ باشکردنی هەلومەرجی خەباتمان و هێنانە گۆڕ و جێ خستنی ئالترناتیوی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان بەرانبەر بەم نیزام و حکوومەتە پتەو بکەین.

هیچ گومانتان لەوەدا نەبی جمهووری ئیسلامی دەروخێنین، هیچ گومانتان لەوەدا نەبی کە لە جیاتی هەژاری و نەزانی و ستەم، ڕۆژیک ئازادی و دەسەڵات دادەبی. بەڵام ڕێگای ئێمە لیرەوە تا ئەوی بە ڕێبازیک دا تێپەڕ دەبی: ڕێبازی وشیاری جەماوەری بەرینی کرێکار و ئاگادار بوونیان لە بەرژەوەندی چینایەتییان و توانایی کرێکاران بۆ دیفاع لە، مافە ڕەواکانیان، وە ڕێبازی ڕێکخراو بوونی کرێکاران و بە هێز بوونیان بۆ وەدی هێنانی هەموو ئەو شتانەی دیانەوی. ڕێبازی حکوومەتی کارگەری.

کەوایە هەستن! ڕێگای ئێمەش ڕوشنە. دەست بدەنە دەستی یەکتر، سەنگەرەکانی بەرانبەرمان هەرچەندیش بچووک بێنە بەر چاو، دەبی بە هێزی خۆمان بیان گرین. لە هەر هەنگاویک دا یەکگرتووتر و ڕێکخراوتر بن، ڕیزەکانتان پتەوتر کەنەوە و ئامادە بن!

هەستن کە ڕۆژی ئاخرین شەرمان، ڕۆژی ووخاندنی جمهووری ئیسلامی، ڕۆژی خەبات بۆ گور کردنی نیزامی هەژاری و نەزانی و چەوسانەوە، بەڕێوەیە!

***

پاشماوەی مانگرتنی بەرینی کرێکارانی کووەخانەکان!

٤- دەبی هەر کرێکاریک ٤٠٠٠ تمەن حەقی خاوین کردنەوەی مەیدان و کرینی ئارد و دەسکیشی بدرێتی.

٥- ئەو کرێکارانەی یەخچالیان نیە دەبی ١٠٠٠ تمەن پوولی سەهولیان بدرێتی.

٦- خاوەن کووەرە دەبی خەرجی نایلون و قالب بدا بە کرێکاران و ئاوی خواردنەوەیان بۆ بکیشی و حەمامیان بۆ ساز بکا.

بەپێی هەوالی گەیشتوو کرێکارانی هەر کووەخانەیەک ٣ تا ٤ کەسیان وەک نوینەری خۆیان هەڵبژاردوە تا بە شێوەی دەستەجەمعی کار و باری مانگرتنەکە بەرنە پێش.

ئەم مانگرتنە تا ڕۆژی ١٨ی گولان هەروا درێژەی بووە و لە ژمارەکانی داهاتوودا خوێنەرانی بەریز لە چونیەتی درێژەی مانگرتنەکە و نەتیجەکانی ئاگادارتان دەکەین.

***

بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات مانەوەی لە سەر ڕێبازی کون!

جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بەڵگەکانی کونفرانسی پووشپەڕی ٦٧ی پاش چەند مانگ بلاو کردەوە. بەشی ئەسلی "بەلگەکانی کونفرانسی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ "، "ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی" بە کونفرانس.

نە ئەم گوزارشە و نە بەڵگەکان بە گشتی، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژیان پێویست نیە، یان ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە. هەر ئەوەندە بەسە وەبیر بێنێنەوە ئەم نووسراوەیە کە بە پێی قاعیدە دەبوا بۆ نیشان دانی لایەنە بەهێزەکان و توانایی‌یەکانی خاوەنەکانیان نووسرابا، تەنیا لایەنە کز و لاواز و بی هێزەکانی ئەوان ئاشکرا دەکا. نیشان دەدا کە چۆن جیناحی جیابووەوە نەیانتوانیوە ڕابووردووی هاوبەشیان لەگەل جیناحی قاسملوو، بدەنە بەر ڕەخنە، چۆن نەیانتوانیوە لەبنەمای فکری و سیاسی تا ئێستای حیزبی دیموکرات و ڕێبازی سیاسی ئەم حیزبە دابڕین، چۆن نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی موعتەبەر و بە ناوەڕوک بەرانبەر بە جەڕەیانی کونەپەرست و بەرشکستەی جیناحی قاسملوو بێننە گۆڕ و چۆن تەنیا بن بەست و بی ئاسویی ئەم جەڕەیانەیان بە زمانیکی تر هێناوەتەوە گۆڕ.

دیارە هیچکام لەوانە سەرسوور هێنەر و چاوەڕوان نەکراو نین. بریارنامەی پەسند کراوی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە باسی هەموو ئەوانەی کردوە کە ئەم جەڕەیانەی پی دەناسرێتەوە. بەڵام بۆ کەسێکی کە جۆرێکی‌تر بیری کردوەتەوە یان ئێستا بە دوای ڕاستی‌یەکاندا دەگەڕی، وە یان تەنانەت بۆ کەسێك کە بە شوێن هەڵسەنگاندنی نەزەراتی ئێمەوە بی، لەوانەیە ئەم بەڵگانە سەرنج ڕاکێش بن و بە کەلکی خوێندنەوە بین. بە هەر حال ئێمە تەنیا چەند خاڵی دیاری کراو بە کورتی دەدەینە بەر لیکولینەوە:

یەکەم: ئەم بەڵگەیە بە ڕوشنی نیشان دەدا کە بە پێچەوانەی جیناح دا تاشینەکانی ئەم بەشەی حیزبی دیموکرات و ڕاەکارگر، ئەوەی کە پێی دەگوتری جیناحی دیموکرات و شۆڕشگێڕ، تەنیا هەڵدەگەڕێتەوە سەر لایەنگری لە شووڕەوی.

بەڵگەی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە کاتی هێنانە گۆڕی "چاوخشاندنیك بە ڕابووردوودا" وەبیر دەێنێتەوە:

" لە کونگرەی چوارەمی حیزب دا... دوو جەڕەیانی گرینگ لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستا بوون. یەکەم: جەڕەیانی سازان لەگەل کومارى ئیسلامی کە لە ژیر شوینەواری سیاسەتەکانی حیزبی تووەدا بوو و خەتی خوبە دەستەوە دان لە بەرامبەر ڕژیمی تەبلیغ دەکرد و جەڕەیانی دووهەم لە کەسانێك پێك هاتبوو کە بروایان بە درێژەدانی خەباتی چەکدارانە و بەربەرەکانی لە بەرامبەر کونەپەرستی دەسەلاتدار هەبوو، کونەپەرستی یەك کە دەیەویست بناغەی حاکمییەتی دژی گەلی خۆی لە ئێران دا دامەزرینی. جەڕەیانێکی تیکەلاو لە دیموکراتە شۆشگێڕەکان و سوسیال دیموکراتەکان بوو...".

تا ئێرە ئەوەی باسی لی دەکری نەك جیاوازی نیوان "دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان" و "سوسیال دیموکراتەکان"، بەڵکوو لە ڕاستی‌دا خاڵی هاوبەشیانە یانی ئەوەی کە بەڵگەکە وەك موخالفەت لەگەل خەتی تەسلیم لە بەرانبەر ڕژیم دا (خەتی حیزبی تووده) و، لایەنگری درێژە پی دانی خەباتی چەکدارانە لە دژی ڕژیمی حاکم نیوی لی دەبا. (هەرچەند بەڵگەکە "وجوودی دوژمنایەتی قاسملوو لەگەل خەتی تەسلیم تەلەبی حیزبی تووده نیو دەبا، بەڵام ئەم دەلیلە تەنیا بۆ خودی قاسملوو دەتوانی موعتەبەری بی نەك بۆ خەتی سوسیال دیموکراسی.) دیسانیش بە وتەی بەڵگەکە:

"هەلبەت دەبی ئەوەمان لەبەر چاو بی کە تەیفی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان کە زۆربەی ئەندامان، کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبیان پێك هێنابوو تەیفیکی یەکگرتوو، یان بالیکی جیاواز نەبوو کە بەرنامەیەکی دیاری کراوی بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆی هەبی".

کەوابی ئەم تەیفە هێندەش لەوانی‌تر جیاواز نەبوون و بەرنامەیەکی دیاری کراویشیان نەبوو، دیسانیش مەعلووم نەبووەوە کە ئەی بۆچی بە شێوەیەکی تایبەت پێیان دەکوتری دیموکراتی شۆڕشگێڕ و ئەسلەن بە بی پتەوی، جیاوازی و بەرنامە و پلاتفورمی دیاری کراو و چون لەوانەی‌تر جیا دەکرێنەوە بەم جۆرە دیاری کراوەش نیویان لی دەنری؟

بەڵگەکە باسەکە درێژە پی دەدا:

"ئەو تەیفە زورتر لەو ڕووناکبیرانە پێك هاتبوو (ئەی "زوربەی ئەندامان" بوو بەچی) کە ویرای باوەر بە ڕەوا بوونی بزووتنەوەی عادلانەی گەلی کورد، بەرامبەر بە ماهییەتی سوسیال دیموکراسی لە شك و گومان دا نەبوون و هەر ئەوانەیان بە حەق بە دوستانی ستراتیژیکی حیزب و گەلی کورد دەزانی کە لە ئەدەبیاتی حیزب و بەرنامە و پیرەوی نیو خودا باسیان دەکرا و لەگەل مەیل و بۆچوونی ئەو بەشە لە ڕیبەرایەتی کە هەولی دەدا حیزب بەرەو سازان لەگەل کۆر و کۆمەڵە ئیمپریالیستی‌یەکان و سوسیال دیموکراسی بەری، موخافەفەتیان دەکرد."

(بەڵگەکان... لاپەڕی ١٣ و ١٤)

کەوابی هەموو "دیموکراتیزمە شۆڕشگێڕەکەی" ئەم تەیفە لەوەدایە کە "دوستانی ستراتیژیك" بەڕەسمی دەناسن. یان بە وتەیەکی‌تر لەوەدا خولاسە دەبێتەوە کە لایەنگری لە شووڕەوی دەکەن. لێرەدا چکولەترین قسەیەك لە مەسەلە و مەوزوعە واقیعی‌یەکانی دیموکراسی شۆڕشگێڕ لە جامیعەدا و هەڕوەها پێوەندی هەڵوێستەکانی ئەم "دیموکراتە شۆڕشگێڕانە" لەگەل مەسەلە دیاری کراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان ناکری. هەر ئەوەی کە شووڕەوی بە دوستی ستراتیژیکی خەڵکی کورد بزانی بەسە تا ئەتوماتیك و بی ئەوەی هیچ شتیکی سیاسی و بەرنامەیی ئەو حوکمەت بۆ بسەلمێنێ، ببێتە دیموکراتی شۆڕشگێڕ.

دیارە سەرچاوەی بەخشینی ئەم ناو و سفەتە بە بەشیك لە لایەنگرانی شووڕەوی کە لە ئەحزابی ڕەسمی سەر بە شووڕەوی دانین کەس نەبووە جگە لە خودی شووڕەوی و ئیدەئولوگەکانی کە کاریان ئەوەیە تئوری لەگەل قازانج و بەژەوەندی دەوڵەتی شووڕەوی و دیپلوماسی ڕیك بخەن و لە چوارچێوەیەکیان دا بگونجینن. ناوەڕۆکی واقیعی و بایەخی سیاسی ئەمەش چی لە تەعاروفیکی دیپلوماتیك زیاتر نیە. تازە هەموو ئەمانەش هی ڕابوردوویە ئەمڕۆ شووڕەوی نەهێندە لەغەمی ئەم دوستانە دایە و نە سەر فراز کردن و شانازی پی بەخشینیان بە لایەوە گرینگە.

هەروەها مەعلووم نیە بی ئەوەی کە ئەم دوستانە نیشانەیەکیان لە دوستایەتی خۆیان دەربڕیبی بۆچی دەبی ئەم شەرە توند و پر شورە لە سەر "دیاری کردنی دوستانی ستراتیژیك" بکری.

دووهەم_ بەڵگەی جیناحی جیا بووەوەی حیزبی دیموکرات لە درێژەی موبارزەی خۆی دا لە دژی سوسیال دیموکراسی و بە قازانجی شووڕەوی دەچێتە سەر باسیکی "تئوریك"ی بی ناوەڕۆك و تەنانەت سەیر و سەمەرەکە بە ئاشکرا مەعلوومە ئەوەشیان لە "دوستانی ستراتیژیکیان" بە ئەمانەت وەرگرتوە." بەڵگەکانی کونفرانسی چوارەمی..." دەنووسی:

"ئێستا کە قسە لە سوسیال دیموکراسی هاتوەتە گۆڕی هیندیك تەوزیحی کورت لەو بارەوە بە پێویست دەزانین: سوسیال دیموکراسی لە پێوەندی لەگەل شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سوسیالیزم دا بە هێزیکی ریفورمیست دەژمێردری. ئەو جەڕەیانە لە هیندیك ولاّت دا دەسەلاّتی بە دەستەوە گرتوە و بە کردەوە نیشانی داوە کە سەرەڕای هیندیك هەوڵدان بۆ بەر تەسك کردنەوەی داهاتەکان و دیفاع لە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و شتی دیکە لە بناغەدا هیزیکە کە بۆ پاراستنی نیزامی سەرمایەداری و بە ئیستلاح ئاشت بوونەوەی چینایەتی تێدەکوشی.

(بەڵگەکانی ... لاپەڕەی ٢٩)

ڕەخنەگرتن لە سوسیال دیموکراسی لە ڕوانگەی سوسیالیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌یەوە کاریکی زۆر باشە. بەڵام مانای ئاسایی ئەم ڕەخنە گرتنە ئەوەیەکە ئەو کەسەی ڕەخنە دەگری خۆی باوەڕی بە سوسیالیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەساسەن هەر بۆیەشە کە سوسیال دیموکراسی بەم عەیارە هەڵدەسەنگینی و لەمحەکی دەدا. لەوەش واوەتر ئەگەر حیزبیکی سیاسی‌ش بیەوی قسەکانی بە جیددی بزانن و پێی پێنەکەنن و نەیکەنە گالتەجار، دەبی بتوانی ئەوە نیشان بدا کە لەبەریوەبردنی ئەم ڕوانگە و بۆچوونەدا جیددی‌یە و لە ڕاستیش دا مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان و، لەوانە بەرنامەی سیاسی حیزبەکەی خۆشی هەر بە پێی ئەم ڕوانگە و بۆچوونە هەڵدەسەنگینی و دای دەڕێژی. ئەگەر وا نەبی، ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنانە لە لایەن کەسانیکەوە کە هەموو بەرنامەی حیزبەکەیان جگە لە پاراستنی بنج و بناوانی سەرمایەداری و داخوازی ئیسلاحاتیکی زۆر کەم و ناچیز هیچی‌تر نیە، تەنیا بە چاو بەستنیکی سیاسی دەژمێردری.

دەبی لەو ئاغایانە بپرسری کە بۆچی ئەو ڕەخنەیەی کە لە سوسیال دیموکراسی دەیگرن هیچ پێوەندی‌یەکی واقیعی و ئورگانیکی لەگەل بەرنامەی سیاسی و ڕێبازی خۆتان نیە؟ ئەم پێوانە دوو لایەنەیەیان ئەم یەك بان و دوو هەوایە چۆن تەوزیح دەدەن و چۆنی پاساو دەکەن. ئێوە نەك هەر هەڵوەشاندنەوەی مالیکیەتی خوسووسی و موناسەباتی بەرهەم هێنانی بورژوایی و دامەزراندنی مالیکییەتی هاوبەش، نەك هەر شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کارگەری لە بەرنامە سیاسی‌یەکەتان دا نەبووە و نیتانە، بەڵکوو تەنانەت نوینەری ئیسلاح تەلەبی‌یەکی جیددیش لە جامیعەدا نین. شۆڕشی کۆمەڵایەتی هیچ، بۆچی لە هەموو بەرنامەکەتان دا سەبارەت بە ئازادی مانگرتن، بیمەی بێکاری بۆ هەموان، زیاد کردنی حەقدەست بە پێی تەوەروم و گرانی، باشتر بوونی شەرایتی کار، قانوونی کاری پەسند کراوی کرێکاران، ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان و ... تەنانەت کەلیمەیەکیش وجوودی نیە؟ بۆچی تەنانەت باسیکیش لە مەحدوود کردنەوەی دەرامەدەکان و دابەش کردنی عادلانەتری سەروەت و سامان، کە وەك شتیکی کەم و ناکافی لە بەرنامەی سوسیال دیموکراتەکاندا نیوی لی دەبەن، نیە؟ بۆچی ئاسەوارێك لە مالیاتی تساعدی، لە دانی کوشك و تالاری زیادی و تەجەمولی داراکان بە خەڵکی هەژار و بی سەرپەنا، لە مسادەرەی ئەرزی لە لایەن زەحمەتکێشانەوە و شتی لەم چەشنە نابیندری؟ بۆچی تەنانەت لەوە دەترسن بەرانبەر بە مەزهەبی‌یەکان و خورافات و سوننەتە کونەکان ڕاوەستن و لەوە دەترسن دیفاع لە ئازادی و ڕزگاری ژنان بکەن و مانای دیاری کراوی پی ببەخشن؟

نا ئاغایان ئێوە ناتوانن بە ئەمانەت هەڵوێستی سوسیالیستی بگرن، ناتوانن بە قەستی هەڵوێستێك بگرن کە بە پێی ماهییەتتان هی خۆتان نیە و ناتەبانەوی هی خۆتان بی و دەتانەوی تەنیا بۆ بەحس کردن لە دژی جیناحی ڕەقیبتان کەلکی لی وەرگرن و پاش تەواو بوونی پاراگرافەکەش هەروا سووك و هاسان بگەڕێنەوە سەر هەڵوێستی بورژوا ناسونالیستی‌تان. ئەمە تیکەلاویکە لە ریاکاری و سادەلوحی.

بەڵام ئەگەر شێوەی جوولانەوەی جیناحی جیابووەوە لەگەل سوسیال دیموکراسی و بە کار هێنانی محەکی دوولایەنە لەو بابەتەوە تیکەلاویکە لە ریاکاری و سادەلوحی، دیفاع کردنیان لە شووڕەوی و بە گشتی مانەوەیان لە حال و هەوای چەند دەسالّی ڕابوردوودا ئیتر سادەلوحی‌یەکی داماوانەیە. ئەوان هەر ئەو شتانە دووپات دەکەنەوە کە چەند دەسالّی پێشوو لە بەریان کردوە، یانی بەڕیوایەتیك باسی مەسایلی جیهانی دەکەن کە هی زەمانیکە کە پاش چەند جار دەستاودەست بوون دەگەیشتە دەستیان و لە حیزبی تووده فیری دەبوون، بی ئەوەی تەنانەت سەرنج بدەنە ئەوەی کە ئیستا خۆدی شووڕەوی نە هەڵوێست و لیکدانەوەی ئەوەیە و نە ئەمانە فورموله دەکا و نە خریداریشیانە، ئەوان وا خۆ بەم شێوە نەزەراتە هەڵدەواسن کە گوایە ئاگاداری ئەوە نین کە ئەم شێوە نەزەراتە لە پێش چاوی هەمووان دادەڕووخی. گوایە نابینن کە ئەم ئوردووگایە خۆی یەك لە دوای یەك حاشا لە محەکەکانی پێشووی دەکا و خیرا خیرا ڕەتیان دەکاتەوە. ئەوانە وا بە بی خەبەری‌یەوە قسە دەکەن کە گوایە ئەسلەن هیچ ڕووداویك بۆ "دوستە ستراتیژیکەکانیان" نە هاتوەتە پێش و ئەم خۆ پی هەڵواسینەیان دەتوانی هەم پتەوی نەزەری و هەم پشتیوانی سیاسی، هەرتکیانیان بو زەمانەت بکا.

وا وی دەچی ئەوان تەنانەت نەیان بیستبی کە هەڵوێستی شووڕەوی بەرانبەر بە سوسیال دیموکراسی گوراوە و لە کونگرەی بیست و حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی شووڕەوی دا سوسیال دیموکراسی وەك جەڕەیانیك لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا نیوی لی براوە و حیزبە سوسیال دیموکراتەکان وەك ئەحزابی کرێکاری ناسراون.

ئینسان لەو هەموو بی خەبەری‌یە شك هەلدەگری کە نەکا ئاغایان تەنانەت دەستیان بە نووسراوە و ڕۆژنامەکانی دنیا ڕاناگا و گوی نەدەنە ڕادیوکانیش. بە هەر حال ناکری لە کەسیك کە کونەشاگردی لاوەکی حیزبی تووده بووبی و ڕاویژکەری باسی ئێستاشی ڕاەکارگر بی، چاوەڕوانی لەوە پترت هەبی.

سێیەم _ خالیکی‌تریش کە لە "بەلگەکانی کونفرانسی چوارەم"دا سەرنج ڕاکیشە و بو لیکولینەوە دەبی، لیکدانەوەیەکی سەبارەت بە شەری نیوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات دەیهیننە گۆڕ. "ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی بە کونفرانسی چوارەم" پاش هێنانە گۆڕ و لیکولینەوەی ئیخلاقیاتیان لەگەل دارودەستەی قاسملوو لە بەندی پێنجەم دا دەچیتە سەر لیکولینەوەی موناسەباتی حیزبی دیموکرات لەگەل حیزب و سازمانەکانی دیکە و لە بەشێکی دا سەبارەت بە شەری دیموکرات و کۆمەڵە ئاوا بیروڕای خۆی دەردەبڕی.

"شەری سی ساڵەی نیوان کۆمەڵە و حیزب کە گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران گەیاندوە، یەکیك لەو مەسەلە گرینگانەیە کە دەبی سەرنجیکی تایبەتی بدریتی. بە هۆی ئەو شەرە زیانبارەوە سەدان کەس لە باشترین پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزب و کۆمەڵە گیانی خۆیان لە دەست داوە و زۆر کادر و پێشمەرگەی هەر دووك لاش بە هۆی موخالیفەت لەگەل ئەو شەرە دانیشتوون و پەسیو بوون. بە بروای ئێمە چەپڕەوی و تەبلیغاتی شەر هەلایسینانە و دنەدەرانەی کۆمەڵە کە شەر لەگەل حیزبی دیموکراتی لە پێش تر لە شەر دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دادەنا و دروست کردنی سی گوشەیەك لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە کە لەودا حیزبی دیموکرات تەنانەت بۆ خراپتر لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەلەم درا بوو و سەرەنجام بە حیساب هێنانی حیزبی ئێمە وەك بەشیك لە ئیمپریالیزمی جیهانی و زۆر شتی دیکە لە هەڵوێستی غەیری مەنتیقی و نامەسئوولانەی ڕیبەرایەتی کۆمەڵە، دەبی وەك پێك هێنەری زەمینەی دەست پێکردنی ئەو شەرە و هێندیك لە هەڵوێستە چەوتەکانی ڕیبەرایەتی حیزبی

←

ئێمە تا ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ڕیبەرایەتی شۆڕشگێڕ وەک هۆی عومدەی دروستکردنی بخرێتە بەر چاو."

(بەڵگەکانی..... لاپەڕەی ٣٤و ٣٥)

ئەم قسانە بە ڕوشنی نیشان دەدەن کە بەڕێوەبەرانی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات لە لیکدانەوە و هەڵوێست گرتنیان دا بەرانبەر هۆیەکانی شەڕی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە، لەگەڵ جیناحی قاسملوو وەک یەک بیر دەکەنەوە و لەم بابەتەوە هیچ لیک جیا نەبوونەوە. ئەوان تەنانەت هەر ڕیک ئەو ڕوانە کە قاسملوو و جیناحەکەی لەم بارەیەوە هەڵیان بەستوە و ئێمە زۆر جار وەدڕومان خستوونەتەوە، بێ ئەوەی شەرم لە خۆیان بکەن بۆ خەڵک دووپات دەکەنەوە. (ڕوی وەک ئەوەی کە گەوایە ئێمە شەر لەگەڵ حیزبی دیموکراتمان لە پێشتر لە شەر لەگەڵ ڕژیمی جمهووری ئیسلامی دا ناوە یان ئەم جەرەیانەمان بە خراپتر لە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی دانـاوە) ڕیبەرایەتی جیناحی جیا بووەوە بە لاساری کردنی بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و بە هەرتک دەست بەو ڕیوایەتە هاوبەشەوە نووسان کە سەبارەت بەو شەرە لەگەڵ قاسملوو پێکەوە دەیکەن، تەنیا هەڵوێستی سیاسی چینایەتی هاوبەشیان لەگەڵ قاسملوو نیشان دەدەن.

ئێمە زۆر جار لە بەڕێوەبەرانی "جیناحی شۆڕشگێڕ" مان پرسیوە (بێ ئەوەی وەڵامیکمان وەرگرتبیتەوە) و دیسانیش لییان دەپرسین ئایا هەموو ئەو خەتا و ئینحرافانە کە خۆتان بۆ جیناحی قاسملوو دەبژێرن (لە نزیک بوونەوە لە ئەمپریالیزم و ئوپوزیسیونی دژی شۆڕشی ئێرانەوە بگرە تا لە دەست دانی ئاسوی موبارەزاتی و سازان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و گوتنە پێشی سیاسەتی دژی دیموکراتیک بەرانبەر بە حیزب و سازمانە سیاسیەکانی تر کە بە قسەی خۆتان بووەتە هۆی تەریک بوونەوەی سیاسی حیزبی دیموکرات، دەست بردن بۆ شێوە و ڕەوشتی دژی دیموکراتیک تەنانەت لە نیو تەشکیلات دا و دامەزراندنی فەزای خەفەقان و هەڕەشە و بەرتیل دان بە ئەندامان، وجوودی فەسادی مالی و ئەخلاقی و زۆر خەسڵەتی ناحەزیتر کە خۆتان باسی دەکەن و زۆر شتیتری لەم چەشنە) لەگەڵ دەست بردن بۆ شەر لە دژی کۆمەڵە هیچ پەیوەندیکیان نیە؟

سەرنج بدەنی کە ئەوان هەر لە هەوەڵی ئەم باسەدا، ڕابیتەی نیوان حیزبی دیموکرات و سازمانە سیاسیەکانی دیکە چون تەوزیح دەدەن:

"بوونی پێوەندیی دوستانە لە نیوان حیزب (ی‌دیموکرات) و زۆربەی ڕێکخراوە خەباتگێر و شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی و کوردستانی یەکیک لەو مەسەلانە بووە کە هەمیشە لە لایەن ڕیبەرانی حیزبەوە وەک دیاردەیەکی موسبەت قامکی لەسەر دادەنرا. بەڵام ئەو پیوەندییە لە زۆر بارەوە وردە وردە بەرەو لاوازی چوو و کار گەیشتە جیگایەک کە حیزبی ئێمە لە نیو ئەو ڕێکخراوانە، لانی کەم ئەوانە کە بەکردەوە لە خەبات دژی ڕژیم دا هوزووریان هەیە تەقریبەن تەریک کەوتەوە.

دەکری بڵێین پێوەندیی دوستانەی حیزبی ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە دیموکراتەکان، خەباتگێر و شۆڕشگێڕەکان لە لایەکەوە بە هۆی دەرکەوتنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری مەیلی سازشکارانەی سەرکردەکانی فراکسیون بۆ لای کۆر و کۆمەڵە ئیمپریالیستیەکان و گرتنە پێشی شێوەی مەسەلەحەت خوازانە لەگەڵ ئوپوزیسیونی دژی شۆڕش کە فراکسیون وەک "جمهووریخواز "ناوی دەبرد و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی خۆ بە زل زانینی سەرکردەکانی فراکسیون لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ساردی چوو. بە شێوەیەک کە ئێستا پێوەندیی فراکسیون لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانە کە بە کردەوە لە بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشدارن، نەک هەر دوستانە نیە بەڵکوو لە زۆر بارەوە دوژمنانەشە."

(بەڵگەکانی ... لاپەڕەکانی ٣٣ و ٣٤، خەتی تەئکیدەکان هی ئێمەن.)

دەبینن کە لە هەموو ئیختیلافەکاندا و لە پێک هاتنی هەموو دوژمنایەتیەکانی نیوان حیزبی دیموکرات و سازمانە سیاسیەکاندا "سەرکردەکانی فراکسیون" (یانی جیناحی قاسملوو و ڕیبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دیموکرات) بە خەتابار نیویان دەبری جگە لە مەوریدی کۆمەڵە. وە لە هەموو ئەو مەوریدانەدا هۆیەک کە بۆ پێک هاتنی ئەو دوژمنایەتیانە دەدوزرێتەوە وجوودی گەرایشە دیاری کراوەکانی نیو حیزبی دیموکرات جگە لە مەوریدی کۆمەڵە، لەو مەوریدەیان دا بە پێچەوانە، هیچکام لەو "ئینحیرافاتەی" کە لە ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا دوزرا بووەوە و وەک عامیلی پێک هێنانی هەموو دوژمنایەتیەکان لەگەڵ سازمانە سیاسیەکان نیوی لی برا بوو، بە هیچ جۆر باسی لی ناکری و لە لیکدانەوەکەیان دا بە کارنابری، بەڵکوو هەمان ڕیوایەتی کونی "سەرکردەکان فراکسیون"، بە هەمان ئیستیلاحات و تەنانەت بە هەمان دروکانیانەوە، بە تام و خۆی دووپات دەکرێتەوە. گوایە ئاغایان لە بیریان چووەتەوە کە ئەوان لە حیزبی دیموکراتی پێشوو جیا بوونەوە نەک لە کەسیتر و قەرار بوو لەو کونفرانسەدا جیاوازی خۆیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات و سیاسەتەکانی پێشووی ڕوشن بکەنەوە نە لەگەڵ کەسیتر.

سەرنج ڕاکیشە کە چاوتان بە نموونەیەکی دیکە بکەوی لە بەر کار هێنانی ئەم دوو محەکە لە قەزاوەت کردن دا:

"لە پێوەندی لەگەڵ هاتنە دەری حیزب (دیموکرات) لە شووڕا (میللی مووقاوەمەت) وەبیر هێنانەوەی مەسەلەیەک پێویستە: یەکیک لە کارە دژی دیموکراتیەکانی سەرکردەکانی فراکسیون، کە لە ڕاستیدا بە شێوەی ئاکامی لاوەکی هاتنە دەری حیزب لە شووڕا خۆی نواند (١١) پێک هێنانی مەحدوودیەت لە ڕێگای تێکۆشانی ئازادانەی ڕێکخراوە سیاسیەکان لە کوردستان بوو کە لە هێندیک مەوریدا پێک هێنانی تێک هەڵچوونی لە نیوان حیزب و ئەو ڕێکخراوانەدا بە دواوە بوو."

(بەڵگەکانی .... لاپەڕەی ١٨، نووسراوی ناوکەوانەکان هی ئێمەن)

وا دیارە ئەم مەسەلەیە تەنیا لە مەوریدی کۆمەڵەدا وا نەبووە!

سەرەڕای هەموو ئەوانە "ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی بە کونفرانس" لە بەشێکی دیکەی دا بە نیوی "چاوخشاندنیک بە ڕابوردوودا" ویڕای باس کردنی ئەو مەسەلانەی کە لە کونگرەی حەوتەم دا ڕووی داوە، باسی چەند خاڵی سەرنج ڕاکیش دەکا:

"کونگرەی حەوتەم لە گەرمەی شەڕی کۆمەڵە و حیزب دا پێک هات. مەسەلەی تەئییدی هەڵوێستی تازەی ڕیبەرایەتی لە لایەن کونگرەوە سەبارەت بە سەرانسەری کردنی شەر دژی کۆمەڵە و دڕێژەدانی ئەو شەرە تا کاتیک کە کۆمەڵە هەموو مەرجەکانی حیزب قەبوول دەکا، بەشێوەیەک مەسەلە و گیروگرفتەکانی دیکەی داپوشی کە کارەکانی دیکەی فراکسیون سەرنجیکی ئەوتویان پی نەدرا، سەرکردەکانی فراکسیون لە ژێر پەردەی بە ناو یەکسەرە کردنی کاری کۆمەڵەدا، لە سەرە خۆڕ بە بی دەنگی ژمارەیەکی دیکە لە ئەفرادی دیاری کراوی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان لە داهاتوودا هێنایە نیو کومیتەی ناوەندییەوە و بەم جۆرە هەنگاویکی دیکە لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان چوونە پێش."

(بەڵگەکانی ... لاپەڕەی ١٧ و ١٨)

هەر ئەوچەند جومڵەیە واقیعییاتیکی گرینگی تێدایە کە هەڵبەت هەرگیز جیناحی جیابووەوە لە لیکدانەوەی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات دا ئیشارەیان پی ناکا و وەک بەڵگە نایان هێنێتەوە و بە کاریان نابا.

یەکەمیان ئەوەیە کە ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکرات تەسمیمی گرتبوو شەر لەگەڵ کۆمەڵە سەراسەری بکاتەوە. گوزارشی کومیتەی مەرکەزی سەبارەت بە تاریخی گرتنە پێشی ئەم "سیاسەتە تازەیە" لە لایەن ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە هیچ نالی. ئەم تەسمیمە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣، یانی پێش دەست پی کردنی شەر لە پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دا گیرا بوو.

ئەمە لە بابەت زەمینە ساز کردنی شەڕەوە.

دووهەمیان ئەوەیە کە ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەوڵی دەدا کە بە تایبەت ئەمە بە کونگرە بسەڵمێنێ و سەڵماندی کە تا قەبوول کردنی "هەموو شەرتەکانی" حیزبی دیموکرات لە لایەن کۆمەڵەوە، شەر دەبی دڕێژەی پی بدری." ئەمەش لە بابەت مەسئوولیەتی دڕێژە پێدانی شەر و هەڵوێستی شەر داسەپێنانە و دژی دیموکراتیکەوە.

سێهەمیان ئەوەیە کە "یەکسەری کردنەوەی کاری کۆمەڵە" بە ئاشکرا لە کونگرەدا هاتوتە گۆڕ، تەوافوقی لەسەر کراوە و تەنانەت هێندەی هەیەجان و هیستریای گشتیی لەسەر ساز کراوە کە ڕیبەرایەتی توانیویەتی لە سیبەری دا ئامانجەکانی خۆی بەرەوپێش بەری. ئەمەش لە بابەت مەبەست و ئامانجەنیهاییەکانی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە کۆمەڵە و شەر لەگەڵ کۆمەڵە.

ڕیبەرایەتی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات چکولەترین ڕەخنەیەکیش لەم تەسمیم گیری و سیاسەتانە ناگری و تەنانەت ئەوروش نایەوی هیچ سنووریک لە بەرانبەری دا بکیشی. بەڵکوو سەرەڕای هەموو ئەوانە زۆر سووک و هاسان ڕادەگەیەنی کە "چەپ ڕەوییەکان و تووندڕەوییەکان"ی کۆمەڵە و "دروست کردنی سی گوشە" (کە لە کۆمۆنیست"ی ١٥دا کە بە هەر حال پاش دەست پی کردنی شەر لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە نووسرا) ئەم شەرەیان پێک هینا.

شیوە و ڕەوشتی ڕیاکارانەی ڕیبەرایەتی جیناحی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات پتر لەوەی کە بگەڕێتەوە سەر خەسڵەت و شەخسییەتی ئەوان، دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەڵوێستە سیاسییەی کە هەیەتی ڕەچاو دەکا و ئەو جیگا و شوێنە سیاسییەی کە خۆی تێدا دادەنی. ئەوان بە سنگەوە گوشینی پەروەندەی "ئازیز" و پر لە شەرم و شووڕەیی پێشووی خۆیانیان بەلاوە باشترە لە فری دانی ئەم پێشینەیە، چونکوو لە ئەساس دا، هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی یان هیچ فەرقیکی نەکردوە.

دەور و نەقش و مەسئوولیەتی واقیعی ئەم کەسانە هەرچی بوو، جیا بوونەوە بە شێوەیەکی عەینی دەرفەتیکی هاندەری بۆ خوڵقاند بوون تا ئەوان باری گرانی تاوانی ئەم شەرە جینایەتکارانەیە لە سەر شانیان لابەرن و هەموو مەسئوولیەتیک بخەنە سەر شانی ئەو کەسانەی کە ئێستا ئەم سیاسەتە دڕێژە پی دەدەن. بەڵام ئەوان نیشانیان دا کە زۆر لەوە زیاتر پابەندی سیاسەتەکانی پێشوویان بوون و ئەم دەرفەتەی کە بۆیان خوڵقا بوو لە دەستیان دا.

***

شەری خوێناوی لە لوبنان!

جاریکیتر ئاگری شەری ناوخۆیی لە لوبنان بلێسەی سەندوە. ئێستا لە "بیروت" و چەند شاریتری لوبنان گوللە توپ و مووشەک بە شێوەیەکی وەحشیانە مالی خەڵک کاول دەکەن و ئاگری ئەو شەرە کونەپەرستانەیە ئاسمانی لوبنانی وەک ژیانی خەڵکی ئەو ولاتە ڕەش و تاریک کردوە.

ئەم ڕۆژانە لە هەر گوشەیەکی دنیا هەر ئینسانیکی شەریف کاتیک دیمەنەکانی ئەم وەحشیگەریە لەسەر تلویزیون دەبینی دەس بەجێ ئەم پرسیارانە بە میشکی دا دی:

– چ کەسانیک شەری ١٥ ساڵەی ناوخۆی لوبنان پەرە پی دەدەن؟ مەسیحییەکان، موسوڵمانان، سوننییەکان، شیعەکان، دروزییەکان، دەوڵەتی سووریە، جمهووری ئیسلامی، ئەمریکا، فەرانسە و ئیسرائیل کامیان؟

– ئەم شەرە لەسەر چیە و بۆچی کوتایی پی نایە؟

– بۆچی ئەم هێزە شەرخوازانە، کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی کۆمەڵانی لوبنان کە موخالیفی ئەو شەڕەن دەکەنە قوربانی ئامانجە چەپەڵەکانی خۆیان؟

لە کوردستان و ئێران کە خەڵک لە چەند ساڵی ڕابوردوودا لە جەهەننەمی توپ باران و مووشەک باران دا ژیانیان بەسەر بردوە باش دەزانن کە ئێستا کرێکار و زەحمەتکێشی "بیروت" و "سیدا" لە چ وەزعیکی تال و ناخۆش دان.

واقعییەت ئەوەیە کە شەری ١٥ ساڵەی لوبنان شەری دابەشکردنی میرات، شەری قودرەتی سەرمایەداران و ملکدارانە کە وەک شەریکی خوێناوی لە نیوان چەند دەستە و تاقمی کونەپەرست دا کە هەرکامیان سەر بە مەزهەب و میللەتیکن بەڕێوە دەچی، وە جمهووری ئیسلامی، سووریە، ئیسرائیل، ئەمریکا، فەرانسە و دەوڵەتانی تریش هەر کامیان لەم بازارە ئالوزەدا لە دووی بەرژەوەندی مەنتەقەیی و ڕۆژانەی خۆیەتی و کایە بە چارەنووسی خەڵکی لوبنان دەکا.

ئێستا نزیکەی ١٥ ساڵە لە نەتیجەی ئەم شەرە ناوخۆییەدا، شیرازەی حاکمییەتی مەرکەزی و دەوڵەتی لە لوبنان لە بەریەک چووە. قودرەتی دەوڵەتی لە لوبنان پاش کوتایی حوزووری ئیستیعمارگەرانەی فەرانسە لە لایەن سەرمایەداران و ملکدارانەوە بە شکلی پلە و پایەی دەوڵەتی و دەسەڵاتی سیاسی دابەش کرایە نیو تاقمە مەزهەبییەکانی مەسیحی، سوننی و شیعە. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ئەم شێوە حکوومەتە دەبێتە کانگای کیشە و پێک دادانی حاکمانی دەوڵەتی و لە هەمان کات دا دەبێتە مایەی پەرەگرتنی تەفرەقەی مەزهەبی لە نیو خەڵکدا. بێگۆمان ئەگەر خەڵک خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکردایە لەوە ئاگادار بوون کە ئەم جۆرە تەفرەقەیە و دابەشکردنی کورسییەکانی پارلمان قەت بە قازانجیان نیە. بە هەر حال بەردەوام بوونی ئەو وەزعییەتە شەریکی هەڵگرساند کە تێیدا تاقمی وەک حزب اللەی سەر بە جمهووری ئیسلامی وە ئەمەڵی سەر بە ڕژیمی سووریە پێک هاتن. ئەمەل و حزب اللە هەرکامیان خۆیان بە نوینەری شیعەکانی لوبنان دەزانن. بەڵام نە ئەم دوو تاقمە و نە ئەوانەی خۆیان بە نوینەری مەسیحییەکان و سوننییەکان و دروزییەکان دەزانن و نە ئەرتەشی سووریە و نە پاسدارانی جمهووری ئیسلامی و نە ئەرتەشی ئیسرائیل هیچکامیان بەلایانەوە گیانی ئەو خەڵکە کە بە درێژایی ئەم ١٥ ساڵە و بە تایبەت لە ئاگر بارانی ئەم ڕۆژانەی بیروت دا خوێنیان بە ناحەق دەڕژی، بایەخی نیە.

کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی لوبنان موخالیفی ئەم شەرە جینایەتکارانەیەن و ئەگەرچی ئیمکان و مەجالی نارەزایەتی دەربڕینیان لی زەوت کراوە، چ لە مانگرتنی گشتی ئەم دوایی‌یانەی دانیشتوانی بیروتی شەرقی دا و چ لە خوپێشاندانی گەورە و شکوداری کرێکاران لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا، خەڵکی لوبنان نەفرەت و بیزاری خۆیان بەرانبەر بەم شەرە نیشان داوە و داواکاری ئەوە بوون دەس بەجێ کوتایی پی بی. لە خوپێشاندانی گەورەی دوو ساڵ لەوەپێش دا ژنان و پیاوان و منداڵانی لوبنان یەکدەنگ ڕایان گەیاند: "ئێمە نانمان دەوی، شەرمان ناوی"، "شەری ناوخۆیی دەبی دەس بەجێ کوتایی پی بی!". ئەم شیعارانە ئێستا زیاتر لە هەمیشە داخوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی لوبنانن لە دژی ئەم جەهەننەمە کە تاقم و دەوڵەتە کونەپەرستەکان دایان خستوە.

بورژوازی و ئەمپریالیستەکان لە لوبنان بۆ نەجاتی ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیان لە چنگ تووڕەیی چینایەتی، تووی نەفرەت و تەفرەقەی مەزهەبی یان لە نیو خەڵکی لوبنان دا چاند. سەرمایەداران و ملکداران لە لوبنان ڕەنگ و بۆی مەزهەبی یان بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و بە کیشەی ناوخۆیی داوە و بۆ پاراستنی میراتی خۆیان خەڵکیان بەرداوەتە گیانی یەکتر. ئێستا چەندین ساڵە لە لوبنان کیشەی دەوڵەمەندان میلیونەرەکان بووەتە شەری مەزهەبەکان و ئاسایشی لە خەڵک بڕیوە. قەرەو کیشە لە سەر ژمارەی کورسییەکانی پارلمانو کابینە بە قیمەتی ویران بوونی مالی هەزاران ئینسانی زەحمەتکێش تەواو دەبی.

کەوایە دەخاڵەتی ئازادانەی خەڵک بە بی لە بەر چاو گرتنی ئەوەی لە باری مەزهەبی و قەومییەوە سەر بە چ لایەنیکن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی لوبنان دا یەکەمین هەنگاوە بۆ کوتایی پی هێنانی شەری ناوخۆیی و ڕقەبەری مەزهەبی و هەروەها دەسەڵاتی بورژوازی بەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لوبنان دا.

***

١١ی گولان: کریکارانی کورستان جەژنی چینا یەتی خویان بەریوەبرد

سنە:

- کریکارانی سنە مەراسمی دەولەتیان تەحریم کرد.
- هەژاران کریکار، مەراسمیکی سەربەخۆی گەورە و شکودار یان لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەریوە برد.
- لە بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیدا کریکاران داخوازەکانی خۆیانیان راگەیاند.
- لە راپەیمایی کریکاران دا لە خیابانەکانی شاری سنە، هەزاران ژن و پیاوی کریکار، شیعاریان دا: بژی حکوومەتی کارگەری، بژی سوسیالیزم، بژی بزووتنەوەی شورشگیرانەی گەلی کورد!

مەهاباد:

- شەوی پیش ١١ی گولان، کریکاران لەسەر بەرزایی یەکانی دیوی شار، ئاگریان کردەوە.
- تراکت و اتلاعیەکانی رۆژی کریکار لە نیوشاردا بلاوکرانەوە.
- لە رۆژی کریکاردا کارتەعتیل کرا و کریکاران و کوروکومەلی جوراوجۆردا جەژنیان گرت.
- کریکارانی شارەکانی مەریوان و سەقز جەژنی رۆژی کریکاریان لە کوروکومەلی خویاندا بەریوە برد.

گوزارشیك لە بەریوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە شاری سنە

هەر لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە هەر کەس لە کووچە و کولان و گەرەکە کرێکار نشینەکانی شاری سنەوە تێپەر بوایە، جم و جوولیکی تازەی بەرچاو دەکەوت: جم و جوولیك کە بە ئاشکرا خەبەری لەوە دەدا لە رۆژانی داهاتوودا جاریکی‌تر ئەم شارە دەبێتە مەیدانی نیشاندانی هێز و قودرەتی یەکگرتووی کرێکارانی وشیار و تێکۆشەر.

لە هەزاران بەرگ تراکت و ئیتلاعیەدا کرێکاران بانگەواز کرا بوون بۆ رۆژی ١١ی گولان کار تەعتیل بکەن، مەراسمی دەولەتی تەحریم بکەن و بە پێك هێنانی مراسمی سەر بە خۆی کرێکاری جەژنی چینایەتی خۆیان بەریوە بەرن.

رژیمی جمهووری ئیسلامی کە تەجرەبەی سالانی پێشوو ئەو راستیەی پی سەلماند بوو کە ناتوانی بە ئاشکرا پێش بە بەریوە چوونی مەراسمی رۆژی کرێکار بگری، لە چەند رۆژ پێش ١١ی گولانەوە دەستی دایە هەول و تەقالا هەتا بە هەر چەشنیك بوی بکری کوسپ بخاتە سەر ریگای بەریوە چوونی جەژنی کرێکاران. رژیم بە دانانی چەندین مسابەقەی سیاسی عەقیدەتی و وەرزشی و شتی‌تر و بە راگەیاندنی مەراسمی دەولەتی لە رۆژی کرێکاردا هەولیدا نەهیلی کرێکاران مەراسمی سەربەخۆیان بەریوە بەرن، بەڵام کرێکارانی سنە، بە وشیاری و یەکگرتوویی خۆیان پیلانەکانی رژیمیان پووچەل کردەوە و جەژنی شکوداری خۆیانیان بەریوە برد.

کیوی ئاویەر: کۆبوونەوەی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەڵکردنی دو ئالای سوور!

رۆژی جومعە، ٨ی گولان، کیوی ئاویەر کە دەروانیتە سەر شاری سنە، شاهیدی شەوق و شادمانی سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێشی شاری سنە بوو کە بە پیشوازی جەژنی رۆژی کرێکارەوە دەهاتن.

سەعات ٢ و ٣ی بەیانی رۆژی ٨ی گولان ژمارەیەکی زۆر لە ژناو پیاوانی ئازادیخواز و شۆرشگێر بەرەو کیوی ئاویەر کەوتنە ری. خەڵکەکە لە ریگادا ژمارەیەکی زۆر تراکت و شیعاریان بەرچاو کەوت کە پێشتر بەسەر بەردەکانی قەراخ ریگاکەدا درا بوون. لە تراکتەکان دا نووسرا بوو:

– بەریز بی ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکار!

– بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

– مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی، بژی کۆمەڵە، بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!

– گرانی، خەفەقان، بێکاری، ئەمەیە دیاری جمهووری ئیسلامی!

کاتێك کاروانی خەڵکەکە گەیشتە سەر لووتکەی کیوی ئاویەر، پلاکاردیکی گەورە بە درێژایی ٥ میتریان بەرچاو کەوت کە بە ئەستیرەی سوور و داس و چەکوش رازیندرابووەوە و لە سەری نووسرابوو: ١١ی گولان رۆژی هاوپەیمانی کرێکارانی جیهانتان لی پیروز بی!". لە چەند میتر ئەولاتر ئالایەکی سوور هەڵکرا بوو و لە سەری نووسرابوو: "بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!".

سەعات ٥ی بەیانی، کاتیك کە چەند کەس لە کاروانەکە دەگەنە سەر لووتکەی ئاویەر، لەگەل دوو پاسدار بەرەو روو دەبن کە دەیانەویست ئالا و پلاکاردەکان لەگەل خۆیان بەرن. خەڵکەکە بەرەنگاری پاسدارەکان دەبن و پلاماریان دەبەنە سەر کە لە ئەنجام دا پاسدارەکان هەڵدین و ئەو شوێنە بەجێ دێلن.

بەیانی رۆژی جومعە کاروانەکە کە لووتکەی ئاویەر بەجێ دیلی و بەرەو شوینیك بە نیوی "کانی ماماتکە" دەکەویتە ری. لیرەشدا پلاکاردیکی گەورەی پارچەیی دەبینن کە بە ئەستیرەی سوور و داس و چەکوش رازیندرابووەوە و لە سەری نووسرابوو: "بژی ئەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار"، "بژی یەکیەتی و هاوپەیمانی کرێکارا،". هەروەها لە پال ئەم پلاکاردەش دا ئالایەکی سوور هەڵکرابوو کە لەسەری نووسرابو: "بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران".

سەعات ٧/٥ی بەیانی دەستەیەك لە لاوانی کچ و کور کە موزیك و ساز و زەربیان لەگەل خۆ هێناببو هەڵپەرکی‌یەکی گەرم و گۆر دەخەنە ری کە تاماوەیەکی زۆر بە خۆشی و شادمانی‌یەوە درێژەی پی دەدری. سەعات ٩ی بەیانی چەند لاوی شۆرشگێر ئالایەکی سووری دیکە لەسەر یەکیك لە بەرزاییەکانی ئەو دەور و پشتە هەل دەکەن کە دەبیتە مایەی خۆشاحالی بەشدار بووان. ئەم مەراسمە هەتا سەعات ١٠ی بەیانی رۆژی جومعە درێژەی بوو. پاشان بەشدار بووان دەگرێنەوە نیو شاری سنە.

هەوالی ئەم مراسمە لە شاردا دەنگی دایەوە و زۆربەی شار پر بوو لە شیعار و تراکتی رۆژی کرێکار. بە دوای ئەوە دا ژمارەی گەشتی‌یەکانی رژیم لە کووچە و کولان و خیابانەکانی سنە لە چاو جاران چەند بەرابەر زیاتر ببوون.

تەحریمی مراسمی دەولەتی

شەوی ١١ی گولان رژیم رایگەیاند کە بەیانی ئەو رۆژە بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە مەراسمیکی دەولەتی لە "ئامفی تئاتر"ی دانشگای رازی سنە بەریوە دەچی. بەم بۆنەوە رژیم داوای لە کرێکاران کرد کە لەو مەراسمەدا بەشداری بکەن بەڵام کرێکارانی سنە کە لە ماوەیەك پێشتر‌ەوە رایان گەیاندبوو مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری بەرپا دەکەن، حازر نەبوون لەو مەراسمە دەولەتی‌یەدا بەشداری بکەن و تەحریمیان کرد. ئەو مەراسمە بە پێچەوانەی ویستی رژیم، بوو بە جێگای نمایشی بەرشکست بوون و ناکامی رژیم و شکستی سیاستەتە دژی کرێکاریەکانی لە کوردستان و سەرەرای هەموو هەول و تەقالایەك کە نەیتوانی کوسپ و تەگەرە بخاتە سەر ریگای پێك هاتنی مەراسمی سەربەخۆی کرێکارانی تێکۆشەری سنە.

مەراسمی گەورە و سەربەخۆی کرێکاران لە سالونی وەرزشی "تەختی"

سەعات ٣ی دوانیوەروی ١١ی گولان بە بەشداری هەزاران ژن و پیاوی کرێکار مەراسمیك لە سالونی وەرزشی "تەختی" بەرپا کرا. ئەمەش لە حالیکدا بوو کە لە چند رۆژ لەوە پێشەوە کرێکارانی تێکۆشەری سنە لە لایەن رژیمەوە هەرەشەیان لی دەکرا و بە بیانووی جۆراوجۆر لە پێك هێنانی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری مەنع دەکران. چەند رۆژ پێشتر ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی فەسلی و کرێکارانی کارگا چکولە و گەورەکانی سنە لە دەوری یەك کۆبوونەوە و بۆ بەریوە بردنی جەژنی رۆژی کرێکار تەگبیر و راوێژیان کرد، لەگەل ئیدارەی کار قسەیان کرد و داوایان کرد جێگایەکیان پی بدری بۆ گرتنی مەراسمەکە. کاربەردەستانی رژیم بە کرێکارانیان راگەیاند مادام نیو و موشەخەساتی کاملی هەموو ئەو کەسانەیان پی نەدری کە لە مراسمی رۆژ کرێکاردا قسەدەکەن جێگا بە کرێکارەکان نادەن. بەڵام کرێکارانی وشیار فریوی ئەم پیلانگیری‌یەی کاربەدەستانی ئیدارەی کاریان نەخوارد و حازر نەبوون نیوی هیچ کرێکاریکیان پی بدەن. قسە و باس و گفت و گو لە نیو کرێکاران و ئیدارەی کاری رژیمدا کە لە چەند رۆژ پێشترەوە دەستی پێکردبوو هەتا سەعات ١٢ی نیوەروی ١١ی گولانی خایاند. کرێکاران کە ئیتر دلنیابوون رژیم جێگایان ناداتی بریاریان دا خۆیان جیگا بۆ بەرێوە بردنی مراسمەکەیان دیاری بکەن و بەم جۆرە سالونی وەرزشی تەختی‌یان هەڵبژارد.

ئەم خەبەرە خیرا لە نیو کرێکارانی شاردا بلاو بووەوە. کرێکاران لە سەعات ١ی دوانیوەرۆوە دەستە دەستە بەرەو شوینی مراسمەکە وەری کەوتن. سەعات ٣ی دوانیوەرو کرێکاران درگای سالونەکەیان کردەوە.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە کرێکارەکان لە دەرەوەی سالونەکە کۆببوونەوە گشتی‌یەکانی رژیم کە پێشتر لەو نزیکانە بوون و کارتی شناسایی یان لە خەڵك دەویست، نەیان ویرا لە کرێکاران نزیك بنەوە و دوای ماوەیەك لەوی دوور کەوتنەوە.

هەر کە درگای سالون کرایەوە دەستەیەك لە کرێکاران پلاکاردەکانیان لەسەر دیوارەکانی سالونەکە دا کوتا و سالونەکەیان رازاندەوە. بەشیك لەو شیعارانە کە لە سەر پلاکاردەکان نووسرابوون ئەمانەن:

– کرێکارانی جیهان یەکگرن!

– پیروز بی ١١ی گولان رۆژی جیهانی کرێکار!

– ئێمە کرێکارانی سەنعەتی خوازیاری تەعتیل بوونی رۆژی جیهانی کرێکارین!

– ئێمە کرێکارانی شیرکەتی شاهو خوازیاری تەعتیل بوونی رۆژی جیهانی کرێکارین!

– ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی فەلەستین دەردەبرین!

– بژی رۆژی کرێکار!

– بژی یەکگرتوویی و هاو خەباتی کرێکاران!

– رێگای نەجاتمان یەکیەتی‌مانە!

زۆربەی پلاکاردەکان بە ئستیرەیەکی سوور رازابوونەوە و لە ژیریان دا نووسرابوو: "کرێکارانی سنە". سەعات ٣ی دوانیوەروو لە حالیکدا چەند هەزار ژن و پیاو و پیر و لاو لە ناوەوە و دەرەوەی سالونەکە کۆببوونەوە، مەراسم دەستی پێکرد.

لە پێشدا یەکیك لە کرێکارانی بەخیر هاتنی حازرانی کرد. پاشان بۆ ریزگرتن لە یادی کرێکارانی گیانبەخت کردووی شیکاگوو هەموو ئەو کەسانەی کە لە ریگای رزگاری چینی کرێکاردا گیانیان بەخت کردوە دەقیقەیەك بی دەنگی راگیرا. بە دوای ئەوەدا سوخەنرانی کرێکاران دەستی پێکرد.

کرێکاریك سەبارەت بە تاریخچەی رۆژی کرێکار قسەی کرد. ئەم کرێکارە لە قسەکانیدا پاش باسکردنی چونیەتی بەریوە چوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە لایەن کرێکارانی هەموو ولاتانی دنیاوە و پی داگرتن لەسەر ئەوە کە لەم رۆژەدا چەرخی بەرهەم هێنان لە هەموو کارخانەکانی دنیا راوەستی و چینی کرێکار بە تەعتیل کردنی کار هێز و قودرەتی یەکگرتووی خۆی نیشان بدا، وتی: ئەم رۆژە بۆ ئێمە کرێکاران دەرفەتیکی گەورەیە کە هێز و قودرەتی یەکگرتووی خۆمان بە هەموان نیشان بدەین و ئەم راستی‌یە بسەڵمێنین کە هەموو سەروەت و سامانی ئەم جیهانە بەرهەمی کاری ئێمەیە. قسەکانی ئەم هاوری کرێکارە لە ناو شور و شەوقی حازران دا کوتایی پی هات.

دووهەمین قسە و باسی ئەو مراسمە، قسە و باسی کرێکاریکی‌تر بوو سەبارەت بە پێویستی رێکخراو بوونی کرێکاران. ئەو کرێکارە لە قسەکانیدا ئیشارەی بەو مەحدوودیەتانە کرد کە پەیتا پەیتا لە لایەن دەولەتی سەرمایەدارانەوە لەسەر رێگای خۆ رێکخستنی کرێکاران پێك دەهێنرین. ئەو هاوری‌یە لەسەر ئەهمییەتی پێك هێنانی شووراو کۆبوونەوەی گشتی و ئیمکان پەیزیر بوونی ئەو کارە بە هێزی خودی کرێکاران تەوزیحاتیکی بۆ حازران دا. پاشان لەسەر بیمەی بێکاری قسەی کرد و وتی: "ئێمە کرێکاران خوازیاری ئەوەین کە هەر کرێکاریکی بیکار و هەموو ئەو کەسانەی کاریان نیە، بیمەی بیکاری یان پی بدا بەڵام کە کارمان پی نادەن دەبی بیمەی بێکاری مان پی بدەن. "ئەم کرێکارە لە درێژەی قەسکانیدا وتی: "بە پێی ئاماری دەولەتی تەنیا دە هەزار بیکار لە ئێران هەن کە دەبی بیمەی بێکاری یان پی بدری، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم ئامارە دروست نیە چونکوو تەنیا لەم شارەی ئێمەدا زیاتر لە دە هەزار کرێکار بێکارن. "قسەکانی ئەم کرێکارە لە نیو شور و شەوقی حازران دا کوتایی پی هات.

سێیەمین قسە و باسی ئەم مەراسمە سەبارەت بەو زولم و ستەمانە بوو کە لە جامیعەدا لە ژنان دەکری. ئەو کرێکارەی لەم بابەتەوە قسەی کرد، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە کرێکاران بۆ بە دەست هێنانی بەرابەری ژنانی هاو چینی خۆیان لە هەموو مەیدانەکانی کار و ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا خەبات بکەن.

بە دوای ئەوەدا کرێکاریکی ١٥ سالە سەبارەت بە کاری منداڵان و لاوانی کەمتر لە ١٨ سالّ قسەی کرد و بەوردی لەسەر ئەوە رویشت کە چلون سەرمایەداران لە موحتاجی و کەم دەرامەدی خانەوادەی کرێکار کەلك وەردەگرن بۆ ئەوەی لە رولەی نەونەمامیان کار بکێشنەوە. لە حالیکدا ئەو منداڵ و لاوانە لەو تەمەنەدا دەبی بە کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتی کۆمەڵ خەریکی خوێندن و خەملاندنی توانایی و قابلییەتی ئینسانی خۆیان بن، سەرمایەداران لە باوەشی خانەوادە دەیان رفینن و لە بازاری بیرەحمی و بی بەزەیی کاردا دەیان چەوسێننەوە.

دوایین بەشی بەرنامەکە خوێندنەوە و پەسند کردنی بریارنامەیەکی ٢٣ی ماددەیی بوو کە کرێکاریك

←

خوێندیەوە و هەر ماددەیەکی بە چەپلە ریزانی دوور و درێژ و هەڵهەڵەی شادمانی حازران پشتیوانی لێ کرا و پەسند کرا. کاتی خوێندنەوەی بریارنامە چەند کەس لە کرێکاران دەقی چاپکراوی بریارنامەکەیان لە نیو بەشداربووان دا بلاو کردەوە. وەرگیردراوی دەقی بریارنامەکە لە کوتایی ئەو گوزارشەدا هاتوە.

لە نیوان سوخەنرانیەکاندا چەند کەس لە کرێکاران بە سروود خوێندن و گورانی وتن مەراسمەکەیان رازاندبووەوە. یەک لەوانە کچیکی کرێکار بوو کە سروودی "بپا بپا! ئەی گرسنەگان، ئەی ستەمکەشان"ی پێشکەش کرد.

هەروەها سروودیک لە لایەن چەند کرێکاری منداڵکارەوە خوێندرایەوە. کرێکارانی بەرێوەبەری مەراسمەکە بە شەربەت و شیرینی پەزیرایی‌یان لە بەشدار بووان کرد. مەراسمەکە بە خوێندنی سروودی "ئاگرە سووە" لە لایەن یەکیک لە کرێکارەکانەوە هاودەنگی‌یان لەگەل دەکرد، تەواو بوو.

بەم جۆرە مەراسمی شکوداری جەژنی جیهانی کرێکار لە نیو سروود خوێندن و دەنگی شیعاری "بژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد!"، "یەکیەتی، تێکۆشان، سەرکەوتن" دا کوتایی پی هات.

ڕاپەیمایی هەزاران ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێش لە شەقام و کۆلانەکانی شاری سنە

پاش کوتایی پی هاتنی مەراسمی سالونی وەرزشی تەختی، هەزاران ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێش بە هەلبرینی دەنگی شیعاری "ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری"، لە ریزی پتەو و یەکگرتوودا بەرەو شەقام و خیابانەکانی شار کەوتنە ری.

جەمعییەتەکە بەرەو خیابانی "شەهدا"، لە کووچەکانی "تەختی"، "مەولەوی"، "ئەولەسەن" و "شەعبانی" تێپەر بوون و تا نزیک چوار ریی "تالەقانی" ڕێگاکەیان درێژە پێدا. لە ناو ری دا ژمارەی جەمعییەتەکە هەرچی دەهات زیادی دەکرد و خەڵکی تێکۆشەر دەستە دەستە دەهاتنە نیو ریزی خوپێشاندانی کرێکارانەوە و دەنگی شیعاریان بەرزتر دەبووەوە بە چەشنیک کە لە چەند کۆلان و خیابانی ئەولاترەوە دەنگی شیعار دەبیسترا. لە کوتایی ریگاکەدا ژمارەی جەمعییەتەکە دوو بەرابەر زیادی کردبوو. شیعارەکانی ئەم خوپێشاندانە بریتی بوون لە:

– ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

– هەر بژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کورد!

– یەکگرن! یەکگرن! کرێکاران یەکگرن!

– بژی سوسیالیزم!

– سینگی ئێمە قەلخانە، گوللە کارمان لێ ناکا!

– کوردستان دەکەینە فەلەستین!

جەمعییەتەکە لە نزیک چوار ری "تالەقانی" لە سەعات ٦ی ئیوارەدا بە نەزمەوە بلاوەیان کرد.

مەراسمی‌تر لە کۆر و کۆمەڵی کرێکاراندا

جگە لەو مەراسمە لە سەرەوە باسی کرا، دەیان مەراسمی تر لە گوشە و کەناری شار، لە دەرەوەی شار و لە گەرەکە جۆراوجۆرەکانی شار بەرپا کرا. یەک لەوانە مەراسمی کارخانەی شاهو بوو. مەراسمی سەربەخۆی کرێکارانی کارخانەی شاهو سەعات ١٢ی نیوەڕوی ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی بەرێوە چوو. لەو مەراسمەدا ویرای ئەوەی چەند کەس لە کرێکاران قسەیان کرد، لە نیو بەشدار بووان دا شەربەت و شیرینی بلاو کرایەوە و چەند گورانی و سروود پێشکەش کران. هەروەها بریارنامەیەکی ١٦ ماددەیی لە لایەن کرێکارانی ئەو کارخانەیەوە خوێندرایەوە و پەسند کرا.

بریارنامەی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژی کرێکاری‌دا سنە ١١ی گولانی ١٣٦٨

کرێکاران، زەحمەتکێشان!

هاوڕیانی هاوچارەنووس!

ئەوەڵی مانگی مەی، ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی کرێکاران و ڕۆژی نیشاندانی یەکیەتی و هاوپشتی هەموو کرێکارانی جیهان لە هەر میللەت و نەژاد و دین و جنسیک، لە هەمووتان پیروزبایی دەکەین و ئێمەش لەگەل هاوچینەکانمان لە سەراسەری جیهان، ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یە بەریز دەگرین و، لە کاتیک دا جەژنی ئەم ڕۆژە بەرپا دەکەین کە کرێکاران بە شیعاری "کرێکارانی جیهان یەکگرن!" بەرەو ئەوە دچن بە کەلک وەرگرتن لە هێزی مەزن و یەکگرتووی خۆیان، داخواز و ئامانجەکانیان بە ڕوشنی ڕاگەیەنن، ویست و داخوازی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتریان بە هێزیکی زیاترەوە وەدی بینی. ئەمڕۆ ڕۆژیکە کە کرێکارانی جیهان دەست لە ناو دەستی یەکتر، پەیمانی یەکگرتنی خۆیان تازە دەکەنەوە. ئەم ڕۆژە نەک هەر ڕۆژیکە بۆ ڕیز گرتن لە یادی مانگرتنی گشتی ئامریکا و خەباتی خوێناوی کرێکارانی موعتەریزی شیکاگو لە ساڵی ١٨٨٦، (١٠٣ ساڵ لەوەپێش)، بەڵکوو ڕۆژیکە کە ویست و داخوازەکانمان ڕادەگەیەنین و پێیان لەسەر دادەگرین و بریارنامەیەکی ٢٣ ماددەیی ڕادەگەیەنین.

ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکارین:

١- ئێمە داواکاری بەرەسمی ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی کرێکارین.

٢- ئێمە داواکاری بە ڕەسمی ناسرانی ڕێکخراوە کرێکاریەکانین لە شووڕا و سەندیکا و ئیتحادیە و کومیتەی چارەسەری کیشەی نیوان کرێکاران و کارفەرمایان بە بەشداری نوینەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران.

٣- ژنان نیوەی کۆمەڵن، ئێمە کرێکارانی کوردستان داواکاری بەرابەری مافی کاملی پیاوان و ژنانین بۆ کاری یەکسان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی‌دا.

٤- ئێمە داواکاری قەدەغەبوونی کاری منداڵانی کەمتر لە ١٨ ساڵین.

٥- ئێمە داواکاری زیاد بوونی هەقدەستی کرێکارانین بە لەبەر چاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیکی ٥ کەسی.

٦- داواکارین لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بەلە بەرچاو گرتنی گرانی و خەرجی خیزانیی ٥ کەسی بە هۆی نوینەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران دیاری بکری.

٧- ئێمە داواکاریبەڕێوەچوونی ٤٠ سەعات کار لە حەوتوودا و دوو ڕۆژ تەعتیلی لەسەر یەک لە حەوتوودا‌ین.

٨- داواکاری قەدەغەبوونی هەر چەشنیکی زیدەکاری و شەو کارین لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا، بیجگە لەو کارانەی بۆ کۆمەڵ پێویستن ئەویش بە حقووق و مەزایای دووبەرابەرەوە.

٩- ئێمە داواکاری قەدەغەی هەرچەشنیکی قەتعەکاری و کاری کونتراتین.

١٠- ئێمە داواکاری قەدەغەی هەرچەشنیکی دەرکردن لەسەر کار و کەم کردنەوەی هەقدەستین کە کارفەرما بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بیکا.

١١- ئێمە داواکاری پێک هاتنی بیمەی بیکارین بۆ هەموو کەسانی بیکاری ئامادە بە کار، چ ژن و چ پیاو، کەتەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتربی.

١٢- هەر وەک دەزانن هۆی سەرەکی بۆ فەساد و فەحشا و ئیعتیاد و هەژاری، بیکاری‌یە لە کۆمەڵدا. ئێمە داواکاری پێک هاتنی کاری مناسبین بۆ هەموو ژنان و پیاوانی تەمەن زیاتر لە ١٨ ساڵ.

١٣- ئێمە داواکاری مەسکەنی موناسب، بیهداشت و تەعاونی مەسرەف لە شوێنی موناسب بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانین.

١٤- ئێمە داواکاری ئیجباری بوونی خوێندن بۆ هەموو منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشانین هەتا تەمەنی ١٨ ساڵی بە خەرجی دەوڵەت.

١٥- ئێمە داواکارین ڕۆژانی مەرەخەسی کرێکاران لە ١٢ ڕۆژەوە بکرێتە ٣٠ ڕۆژ لە هەموو واحیدەکانی بەرهەم هێنان و غەیری بەرهەم هێنان دا.

١٦- ئێمە داواکاری پێک هاتنی تەسهیلاتی ریفاهی بۆ ژنانین وەک مەهدی کوودەک، شیرخورگە، مەرەخەستی کافی لە کاتی دووگیانی دا و دامەزراندنی جلشورخانەی گشتی لە شوێنی کار و ژیان.

١٧- ئێمە کرێکاران داواکاری کەم بوونەوەی دەس بەجێ قیمەتی کالا پێویستەکان و پێداویستی‌یە گشتی‌یەکانی کۆمەڵین.

١٨- ئێمە داواکارین هەقدەست و "بن"ی کالاکان لە سەر وەختی خۆیدا بدری.

١٩- ئێمە داواکاری ئەوەین لە بەرانبەر "بن"ی کرێکاری‌دا ئەو کالا ئەساسی‌یانە کە یارمەتی پلەی بەرێچوونی ئێمە کرێکاران دەدا بدرین.

٢٠- ئێمە داواکاری سزادانی کەسانی ڕشوە خور و سوود خور لە هەموو ئیدارە و دەزگا دەوڵەتی و خوسووسی‌یەکانین.

٢١- ئێمە داواکاری پێک هاتنی ئیمکاناتی وەرزشی و تەفریحی بۆ هەموو کرێکاران لە شوێنی کار و ژیانی کرێکارانین.

٢٢- ئێمە کرێکارانی کوردستان، پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستینی لە دژی ئیسرائیل و ئەمپریالیزم، ڕادەگەیەنین.

٢٣- ئێمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیبراوانەی خۆمان لە خەباتی کرێکارانی جیهان لە پێناوی وەدی هێنانی داخوازە ڕەواکانیان دا ڕادەگەیەنین.

بژی ئەوەڵی مانگی مەی، ١١ی گولان، جەژنی جیهانی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکارانی جیهان!

پتەوتر بی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکارانی جیهان!

١١ی گولان _ ئەوەڵی مانگی مەی ١٣٦٨ کرێکارانی کوردستان

مهاباد:
ڕێزگرتن لە ڕۆژی کرێکار

کرێکارانی شاری مهاباد ڕۆژی کرێکاریان لە گەرەکەکان و لە نوی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاری‌یەکاندا جەژن گرت و بەشێوەی جۆراوجۆر شادمانی و پەیمانی هاوپشتی و یەکیەتی خۆیان لەگەل باقی کرێکاران لە ڕۆژی کرێکاردا نیشان دا.

کرێکارانی تێکۆشەری مهاباد لە ماوەیەک پێش ڕۆژی کرێکارەوە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جەژنە ئامادە دەکرد. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی گولانەوە دەرک و دیواری زۆربەی شوێنە کرێکاری‌یەکان بە شیعار و بانگەوازی جۆربەجۆر ڕازابوونەوە کە تێیاندا کرێکارانی مهاباد بانگەواز کرا بوون ڕۆژی جیهانی کرێکار جەژن بگرن. ڕۆژی پێش ڕۆژی کرێکار لە مەیدانی کرێکاران و چەندین شوێنی کار تراکتیک بلاو کرایەوە کە تێیدا نووسرا بوو:

"کرێکارانی شاری مهاباد! سبەینی دووشەممە ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی کرێکارە، لەم ڕۆژەدا کرێکاران لە سەراسەری دنیا کار تەعتیل دەکەن. ئێمەش وەک باقی هاوچینەکانمان لە جیهان سبەینی کار تەعتیل دەکەین و لە گەرەکەکان، یان لە مالی دوستان و ئاشنایانمان لە دەوری یەکتر کو دەبینەوە و سەبارەت بە گیروگرفتەکان و داخوازەکانمان وەک زیاد کردنی هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و گرانی و بێکاری لە ڕادەبەدەر قسە و باس و ڕاوێژ دەکەین.

ئەگەر کارفەرماکان وە یا کەسانی‌تر لە تەعتیل بوونی کاری کرێکاران لەو ڕۆژەدا بەرگری بکەن لەگەل وەڵامی تووندی ئێمە بەرەو ڕوو دەبن".

لە سەرەوەی تراکتەکە شیعاری "بژی ڕۆژی جیهانی کرێکار" و لە خوارەوەی تراکتەکەش شیعاری "کرێکارانی جیهان یەکگرن"! نووسرابوو.

ئیوارەی ڕۆژی ١٠ی گولان، سەرەڕای زیاتر بوونی ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە نیو شاردا، پێش تاریک بوونی هەوا، چەند دەستە لە کرێکاران بۆ ڕیز گرتن لە جەژنی جیهانی خۆیان لە چەند شوین و لەوانە لەسەر بەرزایی‌یەکانی دیوی گەرەکەکانی "مەجبورئاوا"، "کانی مام قەنبەران" و "کانی سوق تەها" ئاگریان کردەوە.

ڕۆژی ١١ی گولان، سەرەڕای ئامادە باشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم و زیاد بوونی ژمارەی گەشتی‌یەکان و دانانی چەندین کەمین لە گەرەکەکان و خیابان و کولانەکانی شار بۆ چاوترسین کردنی کرێکاران بە جورێک کە مهاباد بە تەواوی سیمای شاریکی داگیر کراو و میلیتاریزەی گرتبووە خۆی، کرێکارانی تێکۆشەری مهاباد بە تەعتیل کردنی کار لە گەلیک شوین ویرای دەربڕینی خوشحالی خۆیان جەژنی ڕۆژی کرێکاریان دەست پی کرد. لەو ڕۆژەدا لە گەرەکەکانی مەجبووڕئاوا، سی ئاشان، کانی مام قەنبەران و باغی شایگان چەندین کۆمەڵ لە کرێکارانی ساختمانی، کرێکارانی کارگا چوکولەکان و چەند ڕشتەی‌تر مەراسمی جەژنی ڕۆژی کرێکاریان بەرپا کرد. لەو مەراسمانەدا کرێکاران لەسەر گرینگی تەعتیلی کار و بەرپا کردنی مەراسم، پێویستی یەکیەتی کرێکاران لە خەبات دا و هەروەها پێویستی زیاد کردنی هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و باقی مەسەلە کرێکاری‌یەکان قسە و باسیان کرد. لەم ڕۆژەدا ڕادیوی دەنگی شۆڕشی ئێران بەشداری جەژنی کرێکارانی شاری مهاباد بوو.

لە مەراسمەکانی ڕۆژی کرێکاردا کرێکارانی ساختمانی لەو شارە بۆ وەدی هێنانی یەکیک لە داخوازەکانیان، یانی زیاد کردنی هەقدەست، بریاریکیاندا و ڕایان گەیاند کە لە ڕۆژی دواترەوە، یانی لە ڕۆژی ١٢ی گولانەوە هەقدەستەکانیان ٥٠ تمەن زیاد دەکەن و لە جیاتی ٣٥٠ تمەن، ڕۆژی ٤٠٠ تمەن کار دەکەن. بە پێی ئەو هەواڵانەی دواتر گەیشتوون، کرێکارانی ساختمان لەو ڕۆژەوە بریارەکەی خۆیان بەرێوە بردوە.

کورتە گوزارشێک لە بەرێوە چوونی مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە شاری مەریوان و دێهاتی دەوروبەر

کرێکارانی شاری مەریوان چەند ڕۆژ پێش ڕۆژی کرێکار بە بلاو کردنەوە تراکت لە خیابانەکان و مەدرەسەکان و چەند گەرەکی ئەو شارە وەک تازاوا، گەرەکی بلچەسووری‌یەکان، جەنگەلبانی، داسیران، سی‌ڕای بایەوە و گەرەکی میانەیی‌یەکان، خۆیان بۆ بەرێوە بردنی ئەو جەژنە ئامادە کردبوو.

ئیوارەی ڕۆژی ١١ی گولان لە بەرزایی‌یەکانی پشت داسیران لە دوو جێگە ئاگر کرابووەوە. لە ڕۆژی کرێکاردا بەشێکی زۆر لە مەرکەزە کرێکاری‌یەکانی شار تەعتیل بوون و کرێکاران نەچوونە سەر کار. ڕژیم لەو ڕۆژەدا مەراسمیکی بەرپا کرد بەڵام کرێکاران تەحریمیان کرد و تەنیا ژمارەیەک لە دەست پێوەندەکانی ڕژیم بەشداری‌یان تێدا کرد.

کرێکارانی شاری مەریوان لە کۆبوونەوە و کۆر و کۆمەڵی خۆیان دا ئەو رۆژەیان جەژن گرت.

ژمارەیەک لە کرێکارانی مەریوان بۆ بەرپا کردنمی جەژن و مەراسم لە شوینیک کە پێشتر دیاریان کردبوو کۆبوونەوە. کرێکاران کە بە جل و بەرگی تازەوە هاتبوونە ئەو جەژنە ویرای قسە و باس کردن لە سەر رۆژی کرێکار و لەسەر پێویستی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان، شیرینی یان بلاو کردەوە و شادی و شادمانی خۆیان دەربری. ئەم مەراسمە پاش سوخەنرانی یەکیک لە کرێکاران سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێش چوونی خەباتی کرێکاران و پێویستی یەکگرتنی کرێکاران، کوتایی پی هات.

هەر لەو رۆژەدا ژمارەیەکی‌تر لە کرێکارانی شاری مەریوان بە بەرپا کردنی مەراسمی سەربەخۆیان، رۆژی کرێکاریان جەژن گرت. لەو مەراسمەدا کە کرێکاران پێشتر خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەباتی کرێکاران قسە وباس کرا. ئەو مەراسمەش بە سوخەنرانی یەکیک لە کرێکاران لە بابەت تاریخچەی رۆژی کرێکار و وەزعی چینی کرێکار و داخوازە کرێکاریەکان کوتایی پی هات.

هەر بە پێی ئەو گوزارشە لە ژمارەیەک لە ئاوایی‌یەکانی ناوچەی مەریوانیش کرێکاران لە کۆر و کۆمەڵی خۆیاندا ئەو رۆژەیان جەژن گرت. لە هەندیک لەو مەراسمانەدا ژمارەیەک لە کرێکارانی کەشاوەرزی ویرای قسە کردن لەسەر هەقدەستەکانیان بریاریان دا هەقدەستەکانیان زیاد کەن کە رۆژی دواتر ئەو بریارەیان بەرێوە برد.

سەقز:
ریزگرتن لە رۆژی کرێکار لە کۆر و کۆمەڵی کرێکاران دا

ئیوارەی رۆژی ١٠ی گولان، کرێکارانی شاری سەقز لە چەند گەرەکی ئەو شارە وەک حەمال ئاوا، سالەح ئاوا، شافعی، کەریم ئاوا و بەرزایی‌یەکانی پشت بەردبران و تەپی مالان ئاگریان کردەوە.

لە رۆژی کرێکاردا کرێکارانی چەند مەرکەزی کرێکاری ئەو شارە کاریان تەعتیل کرد و لە کۆبوونەوە و کۆر و کۆمەڵی خۆیان دا جەژنیان گرت.

لە یەکیک لەو مەراسمانەدا کە بە بەشداری دەیان کەس لە کرێکاران بەرێوە چوو، مەراسمەکە بە دەقیقەیەک بی دەنگی دەستی پێکرد و بە قسە و باسی چەند کەس لە کرێکارەکان سەبارەت بە مەسەلەی جۆراوجۆر درێژەی پی درا. یەکیک لە کرێکارەکان لە بابەت گرانی و فشاریک کە لەم بابەتەوە بۆ ژیانی کرێکاران دی و هەروەها پێویستی زیاد بوونی هەقدەستەکان پی بە پێی گرانی، قسەی کرد و وتی: "سەرمایەداری هۆی هەموو نابەرابەری و ستەم و چەوسانەوەیەکی نیو جامعەیە. کرێکاران بۆ رزگار بوون لەم وەزعە دەبی بۆ بنیات نانی کۆمەڵیکی ئازاد و بەرابەر خەبات بکەن". ئەو کرێکارە لە درێژەی قسەکانیدا وتی "تەجرەبەی چینی کرێکار لە سەرتاسەری جیهان دا نیشانی داوە هەر کات کرێکاران پەکپارچە و یەکگرتوو لە دژی نابەرابەری‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری خەبات بکەن، سەرمایەداران تووشی پاشەکشە و شکست دەکەن. ئێمە کرێکاران جگە لەوە هیچ ریگا چارەیەکی‌ترمان نیە. رزگاریمان لە گرەوی خەباتی یەکگرتوانەمان دایە؟".

لە مراسمیکی‌تردا لەو شارە، یەکیک لە کرێکاران سەبارەت بە رۆژی کرێکار قسەی کرد. ئەمجار کرێکاران لە سەر ئەو ستەم و نابەرابەری‌یەی جامیعەی سەرمایەداری بەسەر ژنانی داسەپاندوە و هەروەها سەبارەت بە مەسەلە و داخوازە کرێکاری‌یەکان قسەیان کرد.

ئەو مەراسمانە سەرجەم ٣ سەعاتیان خایاند و لە نیو شادمانی کرێکاران دا کوتایی‌یان پی هات.

گوزارشێک لە بەرێوەچوونی مەراسمی رۆژی کرێکار لە ئوردووگای ئاوارە ئێرانی‌یەکان

رۆژی ١١ی گولان، زیاتر لە ١٠٠٠ ژن و پیاوی کرێکار و زەحمەتکێشی دانیشتووی ئوردووگای ئاوارە ئێرانی‌یەکانی رمادیەی عێراق مەراسمیکی گەورە و شکودایان بۆ ریزگرتن لە رۆژی کرێکار بەرپا کرد.

لە چەند رۆژ پێشترەوە قسە باسی رۆژی کرێکار و بەرپا کردنی مراسم لەم رۆژەدا، لە نیو کۆر و کۆمەڵی بەشیکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ئوردووگایەدا بە گەرمی دەستی پی کرا و هەیئەتیک بۆ بەرێوە بردنی ئەم مراسمە پێک هات. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم ئوردووگایە، شەوی ١١ی گولان لە ١٢ شوێنی ئوردووگا ئاگریان

کەریمی کە لەگەل پیشتوازی گەرم و گور و چەپلەریزانی بەشدار بوانی مەراسمەکە بەرەو روو بوو، هاوری مسلەح شیخ الاسلامی (ریبوار) پارچە شیعریکی خوێندەوە کە بە بۆنەی ئەم رۆژەوە وتبووی.

پاشان مەراسمەکە بە سوخەنرانی ژنیکی زەحمەتکێش و پەیامی موعەلیمان و دانش ئاموزان درێژەی پیدرا و دوای ئەوانەش بریارنامەی کرێکارانی دانیشتووی ئەم ئوردووگایە خوێندرایەوە.

ئەم بریارنامەیە لە لایەن بەشدار بوونانی مەراسمەکەوە پەسند کرا.

دوای کوتایی پی هاتنی مەراسمەکە چەند کۆبوونەوەی هونەری بە بەشداری سێ کەس لە دانیشتوانی ئوردووگای رمادیە بەرپا کرا و ویرای ئەوەش باس سەبارەت بە رۆژی کرێکار لە کۆر و کۆمەڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئوردووگای رمادیە درێژەی هەبوو.

***

قانوونی کار و کرێکارانی کوردستان

کیشە لە سەر قانوونی کار لە نیوان کرێکاران و رژیمی جمهووری ئیسلامی‌دا لە ساڵی ٦١ بەم لاوە، هەتا ئێستا (یانی ٧ ساڵ) هەروا درێژەی هەیە. لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا چوار پێش نووسی قانوونی کار دەسکاری کراوە و رژیم هەندیک پاشەکشەشی کردوە. پی داگرتنی کرێکاران بۆ ئەوەی پاشەکشەی هەرچی زیاتر بەسەر رژیم دا بسەپێنن هەروا درێژەی هەیە.

ماوەیەکە رژیم بی دەنگەی لە قانوونی کار کردوە چونکوو دوای شکستی سیاسەتی کونەپەرستانەی شەر، سیاسەتی بازسازی و سیاسەتی سەبر و چاوەروانی رژیمیش شکستی خواردوە و ئێستا لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی دا لە هەمیشە داماوترە.

هەڵبەت کرێکارانی کوردستان کە لە نیو دەریای بی قانوونی‌دا خەباتێکی سەرکەوتوانەیان بەرەوپێش بردوە و گەلیک داخوازیان بەسەر کارفەماکان و دەوڵەت دا سەپاندوە ئەوە دەزانن کە قانوون بەڵگەیەکە کە نیشان دەدا هەر کام لە لایەنەکان هەتا چ رادەیەک دەتوانن ویستی خۆیان بەسەر لایەنکەی‌تردا بسەپێنن.

کەوایە لە کیشەی نیوان کرێکاران و دەوڵەتی سەرمایەداران دا، ئەوەی چارەنووس سازە، هێزی لایەنەکانە. هەڵبەت رژیم بە هەر ئەندازەیەک لە قانوونی کاردا مل بە داخوازی کرێکاران بدا، جەماوەری کرێکاران هاسانتر لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و بە جیددی‌تر داوای مافەکانیان دەکەن. رژیم بە درێژایی ئەم چەند ساڵە هەمیشە هەولی داوە قانوونی کاریک پەسند بکا کە کەمترین مافی بۆ کرێکاران تێدا بی. بەڵام هەر جارە لەگەل ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران بەرەو روو بووە و پاشەکشەی کردوە. ئەم پاشەکشە کردنانەی رژیم کە حاسل و دەسکەوتی خەباتی چەند ساڵەی چینی کرێکاری ئێرانن بریتین لە:

– قانوونی کاری ئیسلامی "ناوی گوراوە و کراوەتە "لایحەی کار"، کەوایە رژیم لەمەولا ناتوانی بە بیانووی ئیسلامی بوونی ئەم قانوونە، رەسم و یاسای کونەپەرستانەی هەزاران ساڵ لەوەپێش بەسەر کرێکاران دا بسەپێنی.

– سەعات کاری حەوتوانە لە ٤٨ سەعاتەوە کراوەتە ٤٤ سەعات.

– لەو لایحەیەدا راگەیەندراوە کاری منداڵانی لە ١٥ ساڵ کەمتر قەدەغەیە.

– بە پێی ئەم لایحەیە، ژنان و پیاوان بۆ کاری یەکسان دەبی کریی یەکسانیان پی بدری.

– لەو لایحەیە هەڵبژاردنی نوینەر و شووڕای کرێکاری ئیشارەی پی کراوە کە ئەگەرچی مەبەست شووڕای ئیسلامی‌یە بەڵام پاشەکشەی رژیم بەرانبەر بە مافی رێکخراو بوونی کرێکاران نیشان دەدا.

– لەو لایحەیەدا رۆژی جیهانی کرێکار بە رەسمی ناسراوە.

هەندیک خالی تریش هەن کە لەگەل پێش نووسەکانی پێشوو بە تەواوی جیاوازن. بەڵام هیشتا ئەم لایحەیەی کاریش کە لە سالونەکانی مەجلیس دا سەرگەردانە سەرەرای هەموو پاشەکشەکانی جمهووری ئیسلامی زۆر لەو قانوونی کارە کەمترە کە کرێکاران داوای دەکەن. لەوە کەمترە کە هەر ئێستا کرێکاران بە هێزی خەباتی خۆیان دەتوانن بەسەر رژیمی بسەپێنن.

بۆ نموونە کرێکارانی کارگا چکولەکان بە بیانووی "کارگای خانەوادەگی" و شتی ترەوە، مەشموولی ئەم لایحەیە نابن و لە کوردستانیش بەشیکی زۆری کرێکاران لە کارگا چکولەکان کار دەکەن کە بە پێێ ئەم لایحەیە پەیوەندیان لەگەل کارفەرماکان ناگوردری. یانی کارفەرماکان دەتوانن بە مەیلی خۆیان بەهەر ئەندازەیەک پێیان خۆش بی دەسدرێژی بکەنە سەر پلەی گوزەران و هەقدەستی کرێکاران. یانی کارفەرما یان هەروا ئازاد دەبن کە منداڵانی لە ١٥ ساڵ کەمتر و تەنانەت منداڵانی ٧ _ ٦ ساڵەش لە کارگاکانی قالیباف، لە کووڕەخانەکان، وە یا لە فرۆشگاکان و چایخانەکان و ڕەستوورانەکان و ... بخەنە بەر کار و بیان چەوسێننەوە. یانی هەروا ژنانی قالیباف و کرێکارانی ژن لە کووڕەخانەکان و لە کاری کەشاوەرزی دا هەقدەستی کەمتر لە پیاوانیان پی بدری، یانی جەماوەری بەرینی کرێکارانی کەشاوەرزی و ساختمانی بە بی هیچ قانوونیک بۆ چەوسانەوە دەکەونە بەر دەستی سەرمایەداران.

کەوایە داخوازی هەموو کرێکاران و بە تایبەت ژنان و پیاوانی کرێکار لە کوردستان ئەوەیە کە قانوونی کار هەموو کرێکاران بگرێتەوە.

لەم رووەوە بەشداری هەرچی زیاتری کرێکارانی کوردستان لە خەباتی سەراسەری کرێکارانی ئێران دا بۆ داسەپاندنی قانوونی کاریک کە ویست و داخوازەکانی هەموو ژنان و پیاوان و منداڵانی کرێکار بەراورد بکا، زۆر پێویستە دەبی زیاتر لە سالانی رابوردوو بکرێتە سەر لەوحەی خەباتی کرێکاران.

***

لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا

لە ئاوینەی خوزگەی خوم دا
دنیایەکم لە بەرچاوە
لەو دنیایە
هیچ ئینسانیک، کەسی دیکە
لە خۆی بەکەمتر نازانی
هیچ ئینسانیک، کەسی دیکە
بەچاوی سووک چاو لی ناکا
هیچ ئینسانیک
دوژمنی ئەوی تر نیە
هەموو کەس دوستی یەکترە و
زەویش پرە
لە ئەوین و خۆشەویستی
جادەکانیش
بیشکەی ئاشتی و ئاسایشن
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
دنیایەکم لە بەرچاوە
لەو دینایە
هەموو کەسیک
ریگای پیروزی رزگار
شارەزایە و
بەرچاو تەنگی
نەشتەر لە چاومان روناکا
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
دنیایەکم لە بەر چاوە
لەو دنیایە
رەش یان سپی
هەر کەس لە هەر نەژادیک بی
لە نیعمەتی لیوا و لیوی سەر
رووی زەوی بەهرەمەندە
هەموو ئینسانیک ئازاد و
هەر بە تەنیا
خەم و مەینەت گەردن کەچ و
شەرمەزارە و
شادیش وەکوو
ملوانکەیەک لە مرواری
بۆ گەردنی هەموومانە و
بەشەرییەت خەنی دەکا.
لە ئاوینەی خوزگەی خۆم دا
ئەو دنیایەم لە بەر چاوە.

***

پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ۳۱ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان!
خەڵکی وشیاری کوردستان!

۳۱ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، باسکی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانتان لێ پیرۆز بێ. لەم رۆژەدا یادی هەموو ئازیزانی گیان بەخت کردوو و لە ناویان دا یادی هاوری سەعیدی موعینی، یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە ریز لێ دەگرین. ئەوان بۆ رزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە و بە عەشق بە ئازادی کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، لە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تا دوا هەناسەیان تێکۆشان، یاد و ئامانجیان لە هەموو ئیعتیراز و خەباتێکی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان، لە هەڵسووڕانی نهینی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە شار و لادێ، لە مەزرا و کارخانە و لە خەبات و هەڵسووڕانی هێ

کورتەی هەواڵی هەڵسووڕانی سێ مانگی رابووردووی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

* ڕۆژی ١٨ی ڕەشەمەی ٦٧ پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە ئاوایی "دەرەوەران" لە بەشی خاومیراوای مەریوان، پەلاماریان بردە سەر قەرارگایەکی هێزەکانی ڕژیم.

هاوکات لەگەڵ ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر ڕێگایەکی حفازەتی ڕژیم لە نزیک ئەم قەرارگایە. لەم دوو پەلامارەدا تەلەفاتیک لە بەکریگیراوان درا و زەرەر و زیانێکیش لە ساختمانی قەرارگا و سەنگەرەکانیان کەوت.

* ڕۆژی ٥ی خاکەلیوە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە لە دەرێژەی حوزوور و هەڵسووڕانی خۆیاندا لە ناوچەی مەریوان، چوونە ئاوایی "ڕەشەدی" لە ٥ کیلومیتری شاری مەریوان و پاش شناسایی ساختمانێك کە بۆ مەرکەزی میحوەری سپای پاسداران ساز کرا بوو، ئەم ساختمانەیان تەقاندەوە.

هاوکات لەگڵ ئەم عەمەلیاتەش هاوڕیان لە بەلامارێکی جەسووڕانەیان بردە سەر پایگای ڕژیم لەو ئاوایی‌یە و تەلەفات و خەسارەتێکی بەرچاویان پێ گەیاند.

* شەوی ٧ی خاکەلیوە هاوڕیانی گوردانی کاك فوئاد چوونە نیو ئاوایی "سیف" لە ١٠ کیلومیتری شاری مەریوان و پەلاماریان بردە سەر پایگای ڕژیم لەم ئاوایی‌یە و تەلەفاتیکیان پێ گەیاند.

* ئیوارەی ڕۆژی ٥ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە دەرێژەی ئەنجام دانی مەئموورییەتەکانیان دا کە بە پێێ تەرحیك گشتی و لە پێش دا داریژراو دەچووە پێش، چوونە نیو شاری مەریوان و بە یارمەتی خەڵکی تێکۆشەر کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری شاریان بە دەستەوە گرت. هاوڕیان هاوکات پەلاماریان بردەسەر دوو مەقەری گرینگی هێزەکانی ڕژیم لە مەرکەزی شار و هەروەها پەلاماریان بردەسەر مالی فەرماندار و موعاوینی فەرماندارێ مەریوان و تەقەی پایگای حفازەتی شاریش دەسبەجێ بە ئاگری چەکی پێشمەرگەکان بێ دەنگ کرا. هاوکات لەگەڵ ئەوەش پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بلندگوی مزگەوتی گەرەکی "تازاوا"وە سەخەنرانیان بۆ خەڵك کرد و لە هەموو شوینەکانی تریش ویرای قسە و باس لەگەڵ خەڵك، نووسراوە و تراکتی حیزبی‌یان لە نیودا بلاو کردنەوە.

لە جەرەیانی ئەم زنجیرە عەمەلیاتە سەرکەوتوانەیەدا مەقەری داسیران بە تەواوی بەسەر بەکریگیراوانی ڕژیم دا خاپوور کرا و بێجگە لە تەلەفاتیکی بەرچاوی‌تر هەموو بەکریگیراوانی ئەم مەقەرە کۆژران و بریندار بوون.

* ڕۆژی ٦ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت و گوردانی ٢٤ی مەهاباد لە چەندین قەرارگا و پایگای ڕژیم تێپەرین و لە ئاوایی "بەنەژاژ" پەلاماریان بردەسەر پایگایەکی ڕژیم لەو ئاوایی‌یە و بەشێك لە سەنگەرەکانی ئەم پایەگایەیان خاپوور کرد و تەلەفاتیکیان بە بەکریگیراوانی ڕژیم گەیاند.

* هاوڕیانی ئەم دوو گوردانە پاش ئەنجام دانی ئەم عەمەلیاتە دەستیان دایە جەولەیەکی سیاسی و لە چەند ئاوایی دەوروبەر ویرای قسە و باس لەگەڵ خەڵك لە نیو پێشوازی گەرمی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەدا تراکت و نووسراوەی حیزبی‌یان بلاو کردەوە.

* شەوی ٨ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت لە درێژەی جەولەی سیاسی و نیزامی خۆیان دا پەلاماریکی دلیرانەیان بردەسەر پایگای بەکریگیراوانی ڕژیم لە ئاوایی "کانی بی" لە ١٠ کیلومیتری شاری سەردەشت و زەرەر و زیانی گیانی و مالی‌یان پێ گەیاندن.

* شەوی ٢ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە کە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی "مەولان ئاوا" خەریکی قسە و باس لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێران و کوردستان بوون، لە لایەن بەکریگیراوانی ڕژیمەوە هێرشیان کرایەسەر. پێشمەرگەکان بە دەست و برد پەلاماریکیان بردەسەریان و هێرشی بەکریگیراوانیان تێك شکاند و ڕاویان نان. هاوکات لەگەڵ تێك شکاندنی هێرشی بەکریگراوان، پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر پایگایەکی ڕژیمیش لە دەور و بەری ئاوایی و بە گشتی تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان پێ گەیاندن.

* پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، شەوی ٥ی گولان، ویرای بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی ئاوایی "حاجی مەمەدان"ی سەقز و گەماروادانی مەقەری گووڕهی زەربەتی ڕژیم لەو ئاوایی‌یە پەلاماریان بردەسەریان و تەلەفات و خەسارەتێکیان پێ گەیاندن.

* واحیدیك لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد کە ڕۆژی ٢٠ی خاکەلیوە دەستیان دابووە جەولەیەکی سیاسی لە چەندین ئاوایی ناوچەی مەریوان، ویرای تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی و بلاوکردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی، لە کۆبوونەوەکانیان دا لەسەر موشکیلاتی خەبات و ژیانی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە و چونیەتی خەباتیان بۆ وەدەس هێنانی داخوازە سیاسی و ئابووری‌یەکانیان قسە و باسیان کرد و جەولەکەیان سەرکەوتوانە کوتایی پێ هێنا.

* پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی بانەش لە جەولەی سیاسی سەرکەوتوانەیان دا لەسەر چونیەتی بەرەوپێش بردنی خەباتی خەڵکی ئاوایی‌یەکانی ئەم ناوچەیە بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕژیم قسە و باسیان لەگەڵ خەڵك کرد.

* هاوڕیانی گوردانی کاك فوئاد لە جەولەیەکی سیاسی نیزامی‌تردا کە لەم ناوچەیە بەرێوەیان برد ویرای دیدار تازە کردنەوە لەگەڵ خەڵکی چەندین ئاوایی ئەم ناوچەیە، سەبارەت بە وەزعیەتی نالەبار و ئیختیلافاتی ناوخۆی ڕژیم و لەسەر موشکلاتی خەڵکی ئەم ناوچەیە قسە و باسیان لەگەڵ کردن.

* ڕۆژی ١٤ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە، لە درێژەی جەولەی سیاسی و نیزامی خۆیاندا، پەلاماریکی دلیرانەیان بردە سەر مەقەری هێزەکانی دوژمن لە ئاوایی "چنارە".

هاوکات لەگەڵ ئەم پەلامارە واحیدیکی دیکەی پێشمەرگەکان پەلاماری کەمین و دیدەبانەکانی ڕژیمیان دا و لەسەرجەمی ئەم دووعەمەلیاتەدا تەلەفاتیك بە هێزەکانی ڕژیم گەیشت و خەسارەتیان ویکەوت.

* نیوەی دووهەمی گولان هاوڕیانی واحیدی ئینفجاراتی گوردانی کاك فوئاد مینیکیان لەسەر جادەی نیزامی "دەکەل" لە نزیك شاری مەریوان داناوە کە پاش چەند ڕۆژ تەراکتوریکی تەداروکاتی ڕژیم وەسەری پەری و تیەك شکا و ڕانندە بەکریگیراوەکەی بە تۆندی بریندار بوو.

* شەوی ٢٠ی گولان واحیدیك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە دەچوونە ئاوایی "ڕەشەدی" لە نزیك ئاوایی تووشی کەمینی بەکریگیراوان بوون و بە پەلاماریکی بەدەست و برد تیکیان شکاندن و تەلەفاتیکیان پێ گەیاندن.

* شەوی ٢٤ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە چوونە ئاوایی "شیخ عەتار" لە نزیك جادەی سنە _ مەریوان و پەلاماریان بردەسەر پایگای بەکریگراوان لەو ئاوایی یە و تەلەفات و خەسارەتیان پێ گەیاندن.

* شەوی ٢٥ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە پاش تێپەرین لە دەیان پایگا و مەرکەزی نیزامی ڕژیم، پایگای بەکریگیراوانیان لە ئاوایی "سوفی بلە" لە بەشی سارالی سنە دایە بەر پەلامار و ویرای خاپوور کردنی بەشیکی زۆر لە ساختمانی پایگا تەلەفاتیکی بەرچاویان لە هێزەکانی ڕژیم دا.

* شەوی ٢٧ی مانگی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە پاش تێپەڕ بوون لە دەیان پایگا و مەقەری بەکریگیراوان خۆیان گەیاندە ئاوایی "دەورەقەلا" لە بەشی خورخورە و لە پەلاماریکی جەسووڕانەدا بۆ سەر پایگای هێزەکانی ڕژیم لەم ئاوایی‌یە، تەلەفات و خەسارەتیان پێ گەیاندن.

* هەر ئەو شەوە چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە، بە پەنای کەمینی هێزەکانی ڕژیم دا چوونە نیو ئاوایی "قاراوا" و هاوکات لەگەڵ بەرێوە بردنی مەئموورییەتی تەبلیغی و بلاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی پەلاماری پایگای کەمینی بە کریگیراوانیان دا و تەلەفاتو خەسارەتیان پێ گەیاندن.

* شەوی ٢٩ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی سەقز و گوردانی کاوە پەلاماری بردەسەر پایگای ڕژیم لە ئاوایی "کەکەوسان" لە بەشی خورخورە و ویرای خاپوور کردنی بەشێکی پایەگا و سەنگەرەکان، تەلەفاتیکیان پێ گەیاندن.

هاوکات لەگەڵ ئەم عەمەلیاتە چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە پەلاماریان بردە سەر پایگای ڕژیم لە ئاوایی "دی بنیا" لە بەشی بەری سارال و ویرای ویران کردنی بەشیکی زۆر لە سەنگەرەکان و ساختمانی پایگا بەسەر بەکریگیراواندا، تەلەفاتیکی بەرچاویان بە هێزەکانی ڕژیم گەیاند.

* شەوی ٣٠ی گولان چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقز لە ئاوایی "دەرەویانی شیخ" لە بەشی خورخورە پەلاماری پایگایەکی ڕژیمیان دا و تەلەفاتیکی بەرچاویان لە هێزەکانی ڕژیم دا و بەشیك لە سەنگەر و ساختمانی پایگاکەیان ویران کرد. کاربەدەستانی ڕژیم ڕۆژی دواتر بە هیلیکوپتەر و ئامبولانس جەنازەی کوژراو و بریندارەکانیان گواستەوە.

* ڕۆژی ٣١ی گولان پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد خۆیان گەیاندە ئاوایی "گیلی کەران" لەسەرشیوی مەریوان و لە پەلاماریکی دلیرانەدا بەشیك لە سەنگەر و ساختمانی پایگای هێزەانی ڕژیمیان لەو ئاوایی‌یە وێران کرد و تەلەفاتیان لە هێزەکانی ڕژیم دا.

* شەوی ١ی جۆزەردان پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز و گوردانی کاوە لە ئاوایی "بەسام" کە مەرکەزی فەرماندەهی هێزەکانی ڕژیم لەو مەنتەقەیە و هەروەها فەرماندەهی جەبهەی شلیرشی لیبیە، پەلاماریان بردەسەر مەقەریکی بەکریگیراوان و تەلەفات و خەسارەتیان پێ گەیاند.

* ڕۆژی ٢ی جۆزەردان پایگای هێزەکانی ڕژیم لە ئاوایی "خانەخەل" لە بەشی باسکی کۆلەسەی سەردەشت کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکانی گوردانی سەردەشت و تەلەفات و خەسارەتیك لە بەکریگیراوان کەوت.

* شەوی ٥ی جۆزەردان هاوڕیانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە سێ عەمەلیاتی جیاوازدا، هاوکات پەلاماریان بردەسەر پایگاکانی ڕژیم لە ئاوایی‌یەکانی "بەیان دەر"، "سیانەزار" و "مام سیوەدین" لە بەشی سەرشیوی سەقز، لەم سێ عەمەلیاتە پەلامار دەرانەدا خەسارەت و تەلەفاتیکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕژیم درا.

* هاوڕیانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە، لە نیوەی دووهەمی مانگی گولانەوە تا ڕۆژی هەوەلی مانگی جۆزەردان لە جەولەیەکی سیاسی و نیزامی‌دا کە لە بەرپلەی سارال و کوماسی و سەرشیوی مەریوان بەریوەیان برد، دیداریان لەگەڵ خەڵکی ئاوایی‌یەکانی "بەردەرەشە"، "گوگجە"، "کانی تەمرخان"، "گولچی‌یەر"، "ئالی‌هەمەیان"، "قەوەتەن" ، "بیەرەشە"، "شیخ عەتا"، "باوا"، "سیوەر"، "توراخ تەپە" و "زویران" تازە کردەوە و ویرای باس کردنی ئەوزاعی سیاسی ئێستا و تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی، سەبارەت بە موشکیلاتی ژیان و خەباتی خەڵکی ئەم ناوچەیە قەس و باسیان لەگەڵ کردن.

* هاوڕیانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقز لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی گولانەوە جەولەیەکی سیاسی نیزامی سەرکەوتوانەیان لە بەشەکانی خورخورە و سەرشیوی سەقز بەریوە برد و سەبارەت بە مەسایلی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و سەبارەت بە موشکیلاتی ژیانی خەڵك و پێویستی موبارەزەی یەکگرتوانە لە دژی جمهووری ئیسلامی قسە و باسیان لەگەڵ خەڵك کرد و زنجیرە عەمەلیاتیکیشیان لە "کەکەوسان"، "بسام"، "دەرەویانی شیخ"، "دەورەقەلا"، "بەیان دەرە" و "مام سیوەدین" بەریوە برد و خەسارەت و تەلەفاتیکی بەرچاویان بە هێزەکانی ڕژیم گەیاند.

***

چەند نموونەی قەراردادی کار لە کووەخانەکان

بەدەست پێکردنی کاری کووەخانەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خانەوادەکانیان لە شارەکان و دێهاتی سەردەشت، مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنو، پیرانشار و شارەکانی‌تری کوردستان بۆ کار چوونە کووەخانەکانی تاران، مەرەند، کەرەج، قەزوین، تەوریز مەلایر و هەمەدان و ورمی.

زۆربەی ئەم کرێکارانە پێش دەست پی کردنی کار قەراردادیان لەگەڵ خاوەن کووەکان نووسیوە کە تا ئێستا ژمارەیەك لەم قەراردادانەمان بە دەست گەیشتوە و بۆ ئاگاداری خوێنەران چەند دانەیان وەك نموونە دێنێنەوە:

دەقی قەراردادی ژمارەیەك لە کووەخانەکانی تاران لەگەڵ کرێکارانی سەردەشت

– حەقدەستی بریتی هەزار خشت ٢٥٠ تمەنە.
– هەر خانەوادەیەك یەخچالیکی دەدریتی.
– سووختی نان کردن لەسەر خاوەن کووەیە و کرێکاران سەهمیەی ئاردیان دەدریتی.
– خاوین کردنەوەی مەیدان، چ کاتی دەست پی کردن و چ لە نیوان کاردا، لە ئەستوی خاوەن کارە.
– ٢٠ لەتە خشت بە ١٠ خشت دەژمیردری.
– ٢ وەتاغ دەدری بەو خانەوادانە کە ژمارەیان ٢ تا ٥ کەس بی.
– دابین کردنی ئاو، بەرق و حەمام لە سەر خاوەن کارە.
– لە ماوەی فەسلی کاردا ٢ جار حەقدەست پەرداخت دەکری، جاریك لە نیوە ڕاستی کاردا و جاریکیش لە ئاخری کاردا.
– ئەگەر لەبەر نەبوونی وەسایلی کار وەك شیلانگ و نایلون و پیمەرە و قولنگ، کرێکاران ناچار بن کار تەعتیل کەن دەبی خاوەن کار حەقدەستی بەقەد ڕۆژی پیشوو بدا بە کرێکاران.
– خاوەن کار ٢٠٠٠ تمەن لە سەرەتای دەست پێکردنی کاردا بدا بە هەر خانەوادەیەك و هەموو پێنج شەممەیەك "مساعدە"یان دەداتی.

دەقی قەراردادی خاوەن کووەیەکی قەزوین کە بۆ کرێکارانی نەغەدە و مهاباد و پیرانشار و شنوی ناردوە:

– کری ماشینی چوون بۆ کووەر و گەڕانەوە لە ئەستوی خاوەن کارە.
– خەرجی خوردوخوراکی هەوەل ڕۆژی گەیشتنە جێی کرێکاران لەسەر خاوەن کارە.
– هەر خانەوادەیەك لەسەرەتای کاردا، ١٠٠٠٠ تمەنیان بە نیوی "شیرینی مەیدان" دەدریتی.
– حەقدەستی بریتی هەزار خشت ٢٦٠ تمەنە. ئەگەر قیمەتی فرۆشی خشت چووە سەر حەقدەستی کرێکارانیش زیاد دەکری و دەنا هەر ئەوەندە دەبی.
– خاوەن کووەر قەولی داوە بۆ هات و چووی ڕۆژانی جومعە ماشین بۆ کرێکاران دابین کا.
– خەرجی کۆکردنەوەی خشتی شکاو و کرینی پێمەرە و نایلون و قالب و شیلانگ و فەرغوون لەسەر خاوەن کارە.
– نەفت بۆ نان کردن بە خۆڕایی دەدری بە کرێکاران.
– هەموو مانگی تایەك ئارد بە قیمەتی دەوڵەتی دەدری بە کرێکاران.
– خاوەن کووەر قەولی داوە لە کاتی پێویست دا "مساعدە" بدا بە کرێکاران.

دەقی قەراردادی بەشیك لە کووەکانی تاران لەگەڵ کرێکارانی مەهاباد:

– حەقدەستی بریتی هەزار خشت ٣٠٠ تمەنە.
– کرێکاران مانگی ٢ جووت دەسکیش وەردەگرن.
– خاوین کردنەوەی مەیدانی کار لە سەر خاوەن کووەیە.
– خشتی شکاو لە سەر خاوەن کووەر حیساب دەکری.
– کری ماشینی چوون بۆ کووەخانە لە ئەستوی خاوەن کووەیە.

***

(پاشماوەی) کورتە باسێك سەبارەت بە قەراردادی خاوەن کووڕەکان!

کەوابی پێشنیاری نووسینی قەرارداد پێش دەست پێکردنی کار و سەلماندنی هیندیك لە داخوازەکانی کرێکاران لە لایەن خاوەن کووڕەکانەوە هی پیاو چاکی و بزوتنی ڕەحمی ئەوان نیە و بۆ ئەوە نیە کە شەرایتی کاریکی ئینسانیتر و مناسبتر بۆ کرێکاران فەراهەم بکری. ئەمە نەتیجەی خەباتی یەکپارچە و مانگرتنی دەستەجەمعی و لیبراوانەی سالانی پێشووی دەیان هەزار ژن و پیاوی کرێکاری کووڕخانەکانە کە سەرمایەدارانی ناچار کردوە پاشەکشە بکەن و پێویستە کرێکاران ئەمە بە دەسکەوتیکی بی ئەم لاو ئەو لای خەبات و هێزی یەکگرتووی خۆیان بزانن نەك حاتەم بەخشی و پیاو چاکی خاوەن کووڕەکان.

مەسەلەیەکی دیکەش پێویستە لەم بابەتەوە ئیشارەی پی بکری: ئەمسال شەری ئێران و عێراق نەماوە. کاری کووڕخانەکان ڕەونەقیکی زیاتری هەیە. خاوەن کووڕەکان کە لەوە ئاگادارن قیمەتی خشت ئەمسال زۆر دەچێتە سەر و هەڕوەها قیمەتی پێداویستی ژیانی کرێکارانیش زۆر لە پار گرانتر بووە، دەیانەوەی بە سەلماندنی بەشیکی کەم لە داخوازەکانی کرێکاران شان لە ژێر باری دابین کردنی هەموو داخوازەکان لادەن و هەر بەوەندە چاوی کرێکاران ببەستن و پێشی خەباتی ئەمسالیان بۆ زیاد کردنی حەقدەست بە پێی گرانی و بۆ باقی داخوازەکانیان بگرن.

کرێکاران دەبی وشیار بن و کلاوی خاوەن کووڕەکانیان نەچێتە سەر. قسە ئەوە نیە کە گویا کرێکاران ئەم بەشە لە داخوازەکانیان، کە سەرمایەداران سەلماندوویانە، قەبوول نەکەن. بەڵکوو مەسەلە ئەوەیە کە ئەوان پێویستە ویرای قەبوول کردن و جی گیر کردنی ئەم دەسکەوتانەی خەباتی خۆیان، دەست لە خەباتی یەکپارچە و دەستەجەمعیان بۆ وەدی هێنانی باقی داخوازەکانیان هەلنەگرن. نابی ئەم چەند داخوازە سەلمێندراوە پێش چاویان بگری و پێی رازی بن. بەڵکوو پێویستە بەکەلك وەرگرتن لەم دەسکەوتانەی کە بە دەستیان هێناوە ڕێگای خەباتی یەکپارچەتر و سەراسەری تر و بە هێز و تواناتری ئەمسالیان خوشتر کەن و بە خەباتی یەکگرتووی خۆیان، پیلانی سەرمایەداران و خاوەن کووڕەکان بۆ چەوساندنەوەی زیاتر پووچەل کەنەوە. بێجگە لەم مەسەلە گشتیانەی کە تا ئێستا باسمان کرد پێویستە بۆ روشن بوونەوەی زیاتر، بە تایبەتی باسی چەند خالی ئەم قەراردادانە بکەین:

یەکیك لەو مەسەلانەی کە خاوەن کووڕەکان لە قەراردادەکانیان دا گونجاندوویانە دیاری کردنی حەقدەستە. لانی کەمی حەقدەستی کرێکاریك دەبی ئەوەندە ببی کە خانەوادەیەکی ٥ کەسی بە باشی پی بەری بچی. بۆ پاراستنی ئەم لانی کەمی حەقدەستەش پێویستە پی بە پێی گرانی و چوونە سەری قیمەتی کالا ئەساسیەکان، حەقدەستی کرێکارانیش بچێتە سەر. بەڵام ئەگەر چاویك لەو میزانە بکەین کە خاوەن کووڕەکان لە قەراردادەکانیاندا گونجاندوویانە، دەبینین هیچکام لەوانە لە بەر چاو نەگیراوە. خاوەن کووڕەکان ٢٥٠ تمەن و ٢٦٠ تمەنیان بۆ بڕینی هەر هەزار خشت داناوە، ئەمە تەنیا ١٠ تمەن لە ئاخرین حەقدەستی پاری کرێکارانی کووڕخانەکان زیاترە لە حالیکدا خەرجی ژیانی کرێکاران زۆر لەوە زیاتر چووەتە سەر. هەر بۆیە پێویستە کرێکارانی کووڕخانەکان لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیاندا لە سەر میزانی حەقدەستی ئەمسالیان قسە بکەن و پی بە پێی چوونە سەری قیمەتی پێداویستیەکانی ژیانیان، خۆیان حەقدەست دیاری بکەن و رای بگەیەنن کە حەقدەستی لەوە کەمتر وەرناگرن.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە خاوەن کووڕەکان دەبی حەقدەستی ڕۆژانی تەعتیل بدەن بە کرێکاران. لە زۆربەی ولاتانی دنیا و لە هەموو کارخانە و کارگا و شیرکەتەکانی ئێرانیش حەقدەستی ڕۆژانی تەعتیلی حەوتوو و ڕۆژانی تەعتیلی ڕەسمی وەك حەقی کرێکاران بەڕەسمی ناسراوە. تەنانەت لە زۆر جێگا حەقدەستی ڕۆژانی مانگرتنیش دەدری بە کرێکاران. بۆچی دەبی کرێکارانی کووڕخانەکان لەو حەقدەستە ڕەوایەی خۆیان بی بەش بن؟ خاوەن کووڕەکان لە قەراردادەکانیاندا تەنیا حەقدەستی ئەو ڕۆژانەیان سەلماندوە کە لەبەر نەبوونی وەسایلی کار، کرێکاران ناچار دەبن کار تەعتیل بکەن و حەقدەستی ڕۆژانی تەعتیل و ڕۆژانی مانگرتنیان نەسەلماندوە.

مەیدانی کار بە ڕەنجی شان و کاری کرێکارانی کووڕخانەکان خاوین دەکرێتەوە، کرێکاران دەبی چەند ڕۆژ لە وەختی خۆیان و مال و مەندالیان بۆ خاوین کردنەوەی مەیدانی کار و ئامادە کردنی بۆ کار تەرخان بکەن. ئاشکرایە کە خاوەن کووڕەکان دەبی حەقدەستی خاوین کردنەوەی مەیدان بدەن بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە خاوەن کووڕەکان بە بیانووی جۆراوجۆر هەول دەدەن ئەم حەقەی کرێکاران بخۆن. کرێکاران نابی قەبوول بکەن خاوەن کووڕە لە هەر دەرفەتیکدا کە بۆی هەڵدەکەوی ئەو حەقەیان لی ببڕی. مەسەلەیەکی تر کە کرێکاران تا ئێستا بە تەجرەبەی خۆیان بۆیان دەر کەوتوە بە قازانجی خاوەن کووڕەکان تەواو دەبی ئەوەیە کە حەقدەستەکانیان بە دوو جار پی دەدری. ئەمسالیش خاوەن کووڕەکان لە قەراردادەکانیان دا هەر ئەوەیان گونجاندوە و کوتوویانە حەقدەست بە دوو جار دەدری. جاریك لە نیوەی کاردا و جاریکیش پاش تەواو بوونی کار. لە حالیدا لە هەموو کارخانە و کارگا و شیرکەتەکانیش حەقدەستی کرێکاران ڕۆژانە یان مانگانە پەرداخت دەکری. خاوەن کووڕەکان بەم جۆرە دەیانەوی کلاو بکەنە سەر کرێکاران و جاری پێش هەموو شتیك کرێکاران دەکەنە دەسەندە خۆری خۆیان و چونکوو حەقدەستەکەیان نادەنی، مەجبووریان دەکەن تا ئاخری کار لە لایان بمێننەوە و تەنانەت ئەگەر کرێکاران بە قەراردادەکەش نارازی بوون و ویستیان لە جێگایەکیتر بە شەرایتیکی باشتر کار بکەن، لەو حالەدا ناتوانن کووڕخانەکە بەجێ بێلن.

لەمانەش خراپتر ئەوەیە کە خاوەن کووڕەکان پاش تەواو بوونی کار بە بیانووی جۆراوجۆر لە حەقدەستی کرێکاران کەم دەکاتەوە یان دەڵێن جاری پولمان نیە و چەندین مانگ دەیان هینن و دەیان بەن و خەرجیان لەسەر دەست دادەنین و ئاخریش بە هەر فیلیك بووە بەشیك لە حەقدەستەکانیان دەبرن.

موساعەدە وەرگرتن، کە خاوەن کووڕەکان بۆ هیشتنەوەی ئەم وەزعە کەلکی لی وەردەگرن، هیچ دەردیکی کرێکاران لەم بابەتەوە چارەسەر ناکا و پێشی ئەم فیل و تەلەکانەی خاوەن کووڕەکان ناگری. تەنیا ڕێگای پێش گرتن بەم کلاو بەرداریانە ئەوەیە کە کرێکارانی کووڕخانەکانیش، وەك کرێکارانی شوێنەکانیتر، حەقدەستەکانیان مانگانە وەرگرن. ئەمە بەری فیل و کەلەکی سەرمایەداران دەگری و ئەم موشکیلاتەی کە باسمان کرد بۆ کرێکارانی ناهێنێتە گۆڕ.

لە قەراردادەکاندا باسی ئەوە کراوە کە خەرجی چوونی کرێکاران بۆ کووڕخانە لە سەر خاوەن کووڕەیە بەڵام بی دەنگە لە خەرجی گەرانەوە کراوە. کرێکارانی کووڕخانەکان لە نەتیجەی خەباتی سالانی پێشوویان دا زۆر جار ئەم حەقەیان لە خاوەن کووڕەکان ئەستاندوە و پێویستە ئەمسالیش لە سەری بچن و لە ریزی داخوازەکانیان دا بێگونجینن و وەك حەقیکی حاشا هەلنەگری خۆیان بە تەواوی جیی بخەن.

داخوازە ریفاهیەکانی کرێکارانیش، لە قەراردادی پێشنیار کراوی خاوەن کووڕەکاندا، بە چەند شتی چکولەی وەك تەئمینی سووخت و سەهول و ساز کردنی حەمام براوەتەوە کە تازە ئەوانیش نیوە و نیوە چل باسیان کراوە.

لە حالیکدا ژنانی کرێکار بە دوو گیانی و سەرەرای منداڵداری و کاری نیو مال و کاری تاقەت پرووکینی قالبداری، تەنانەت مەجبوورن غەزا لی بنین و نان بکەن و بە قرچە قرچی نیوەرو لە بەر خورەتاو لیباس بشون، ئەوە حەقی کرێکارانە کە نانەواخانە و سالونی غەزا خۆری و جل شورخانەیان بە خەرجی خاوەن کووڕەکان بۆ ساز بکری.

ئەمانە بە تایبەت داخوازی ژنانی کرێکاری کووڕخانەکانیشە و کاری ئەوانی پی ئاسان تر دەبێتەوە و پێویستە کرێکاران سەرنجی پێویست و تایبەتی بدەنی.

بێجگە لەوانە خاوەن کووڕەکان دەبی فروشگا لە کووڕخانەکان دابنین تا کرێکاران بتوانن پێداویستی ڕۆژانەیان هەر لە کووڕخانەکە وەدەست بخەن و مەجبوور نەبن وەختێکی زۆر و خەرجیکی زیادی بۆ کرینی ئەم شتانە سەرف بکەن.

هەروەها کرێکاران حەقیانە وەتاغ و مەسکەنی کافی و موناسبیان هەبی و لە شوینیك دا بژین کە شیاوی ئینسان بی. تاکەی دەبی کرێکاران بە حەوت هەشت سەر خیزانەوە لە وەتاغیکی تەنگەبەری بی ئیمکانات دابژین؟ بۆچی دەبی خانەوادەی کرێکار لە گەرمای هاوین دا تەنانەت ئەوەندەیان جیگا نەبی کە لەشی ماندوویان تێدا بحەسێننەوە؟ بۆچی دەبی ئاوی خاوین و لوولەکیشی و بەرق و ئیمکاناتی سەرەتایی ژیانیان نەبی؟ بۆچی منداڵی کرێکاران دەبی شوینیکیان نەبی کایەی تیدا بکەن و مەجبوور بن لە نیو خاك و خۆڵ مەیدانی کاردا میش و مەگەس دەوریان بدا و لە هەموو ئیمکاناتیکی بیهداشتی مەحروم بن و یەك لە دوای یەك بە نەخۆشی زۆر سادە لە دەست بچن؟ خاوەن کووڕەکان دەبی بە خەرجی خۆیان ئیمکاناتی موناسبی لەم بابەتە بۆ کرێکاران پێك بینن.

بە کورتی ئەوانەی باسمان کرد بە ڕوشنی نیشان دەدەن کە خاوەن کووڕەکان، کە لە نەتیجەی خەباتی سالانی پێشووی کرێکارانی کووڕەدا ناچار بوون پاشەکشە بکەن، دەیانەوی بە سەلماندنی چەند داخوازی نیوە و ناتەواو، خۆ لە باقی داخوازەکانی کرێکاران گێل کەن. دەیانەوی بە هێنانە گۆڕی قەراردادەکانیان کرێکاران فریو بدەن و چاویان ببەستن تا بەڵکوو ئەمسال خەباتی کرێکارانی کووڕخانەکان شل کەنەوە و تەفرەقەیان لە نیودا ساز کەن.

ئاشکرایە کرێکارانی کووڕخانەکان کە خەباتیکی پر تەجرەبە و چەندین سالەی لیبراوانە و سەرکەوتوانەیان ناوەتە پشت سەر و تا ئێستا بە هێزی یەکگرتووی خۆیان هەموو سالی خاوەن کووڕەکانیان ناچار کردوە داخوازەکانیان قەبوول بکەن، دەسکەوتەکانی خۆیان دەکەنە پلیکانیك بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانی تریان و ئەمسالیش بە خەباتی دەستەجەمعی و یەکپارچەیان سەرکەوتنیکی زیاتر بەدەست دینن. نیشانەکانی ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و پر سەمەرە، لە خەباتی سەراسەری کرێکارانی کووڕەکانی "سنخ" و مەرەند و ملایردا وەدیار کەوتوە.

***

ژمارەیەکیتر لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە مەراسمیك دا ڕۆژی ٧ی گولان بەبۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە لە ئاموزشگای مەرکەزی کۆمەڵە دەستەیەکیتر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕ چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

ئەو مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاری و سوسیالیزم دەستی پی کرد و پاشان هاوری "ئەبوبەکر جگری" یەکیك لە بەرپرسانی ئاموزشگا وێڕای پیروزبایی لە هاوریانی تازە پێشمەرگە سەبارەت بە پێویستی بە هیز کردنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ خەبات لە پێناو ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرلیکراوانی کۆمەڵ و هەروەها دەور و جێگا و شوێنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا قسەی کرد. پاشان یەکیك لە هاوریانی تازە پێشمەرگە وەك نوێنەری هاوریانی تازە پێشمەرگە قسەی کرد و ویرای باسکردنی ئەوەکە ئەمڕۆ لە کوردستان هەموو ئەوانەی دلیان بۆ ڕزگاری لی دەدا کۆمەڵە بە هێزی پشتیوانی خۆیان دەزانن، سەبارەت بە چونیەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئاموزشی قەسی کرد.

مەراسمەکە بە پیشکەش کرانی چەند سروود و شیعر و گورانی کوتایی پی‌هات.

وت و وێژ لەگەل چەند هاوریی تازە پێشمەرگە

پاش تەواو بوونی مەراسم، چەند هاوریی تازە پێشمەرگە، لە وت ووێژیك دا سەبارەت بە هۆی پەیوەست بوونی خۆیان بە ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و سەبارەت بە چونایەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئاموزشی قسە و باسیان کرد.

یەکیك لەم هاوریيانە کوتی:

من کچە زەحمەتکێشیکی خەڵکی یەکیك لە ئاوایی‌یەکانی سەقزم. لە ژیانم دا زۆرم ستەم و نابەرابەری دیوە و تامی تالی ئەم نابەرابەری‌یانەم چەشتوە. هەر لە منداڵی‌یەوە شوانی و زۆر کاری ترم کردوە و پاشانیش لە جیاتی خوێندن و چوون بۆ مەدرەسە مەجبوور بووم لە کووڕەخانە کار بکەم ... ئێستاش بۆیە هاتووەتە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە لە دژی ئەو ستەم و نابەرابەری‌یانە موبارەزە بکەم.

سەبارەت بە دەورەی ئاموزشی پێویستە بڵیم بیجگە لە ئاموزشی سیاسی و نیزامی بەشی ئەوندە فیری خوێندنەوە و نووسین بووم کە ئێستا بتوانم نامە بنووسم و نووسراوەی سادە بخوێنمەوە و لەوەی کە سەوادم پەیدا کردوە زۆر خوشحالم.

هاوری‌یەکی تر کە خەڵکی ناوچەی سنەیە وتی:

ئەم جامیعەیە پرە لە زۆلم و چەوسانەوە. چاو لە مەیدانی کاری شارەکان بکەن! پول پول ئینسانی بیکار دەبینن کە لە بەری بەیانی‌یەوە تا تاریکانی ئیوارە بە دوای پارەوە نانیك دا دەگەرین کە خۆیان و منداڵەکانیانی پی بەخیو کەن، بەڵام ئیوارە بە دەستی بەتال دەگەڕێنەوە. ئەم هەژاری و بەش مەینەتی‌یە تەنیا ریگایەکی کە بۆ هەر ئینسانیکی زەحمەتکێشی دەهێلێتەوە ئەوەیە کە لە دژی ئەم وەزعە مەینەت بارە بیمە ناو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.

ئێمە لە دەورەی ئاموزشی دا لەگەل مەبانی مارکسیزم، ئەحزابی سیاسی و تاریخ و جوغرافیای سیاسی، شیوەی تەبلیغ کردن، چلونایەتی جوولانەوەمان لەگەل دیلەکانی مەیدانی شەر و خەسڵەت و شیوەی ڕەفتاری پێشمەرگەی کۆمەڵە ئاشنا بووین.

هاوری‌یەکی دیکەی خەڵکی سەردەشت لە ئاخری ئەم وت و وێژەدا کوتی:

شەرایتی مەینەت باری جامیعەی سەرمایەداری کە جمهووری ئیسلامیش هێندەی‌تری پەرە پی داوە، هەر ئینسانیکی ئازادیخواز بیزار دەکا. من خۆم کرێکارم و زۆرم ڕەنج و مەحروومییەت کیشاوە و سەرەنجام بەم نەتیجە گەیشتم کە بۆ موبارەزە کردن لە دژی ئەم وەزعە مەینەت بارە بیمە ناو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.

ئێمە لە ئاموزشگا فیری شیوە و تاکتیکی شەر، چلونایەتی کار کردن بە چەکە جۆراوجۆرەکان، شیوەی عەمەلیات و شەری شەوانە، کەمین و زیددی کەمین و... بووین و فیر بووین کە چۆن شەری چەکدارانە لە پێناو بە هێز کردنی زیاتری خەباتی کرێکاری دا بەکار بەرین.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٠ June: ١٩٨٩

کورتەی هەوالی هەڵسووڕانی سێ مانگی رابووردووی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

* رۆژی ١٨ی ڕەشەمەی ٦٧ پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە ئاوایی "دەرەوەران" لە بەشی خاومیراوای مەریوان، پەلاماریان بردە سەر قەرارگایەکی هێزەکانی رژیم.

هاوکات لەگەل ئەم هەمەلیاتە واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکان پەلاماریان بردەسەر ڕێگایەکی حفازەتی رژیم لە نزیك ئەم قەرارگایە. لەم دوو پەلامارەدا تەلەفاتیك لە بەکریگیراوان درا و زەرەر و زیانیکیش لە ساختمانی قەرارگا و سەنگەرەکانیان کەوت.

* رۆژی ٥ی خاکەلیوە پێشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە لە دەرێژەی حوزوور و هەڵسووڕانی خۆیاندا لە ناوچەی مەریوان، چوونە ئاوایی "ڕەشەدی" لە ٥ کیلومیتری شاری مەریوان و پاش شناسایی ساختمانیك کە بۆ مەرکەزی میحوەری سپای پاسداران ساز کرا بوو، ئەم ساختمانەیان تەقاندەوە.

هاوکات لەگل ئەم هەمەلیاتەش هاورییان پەلاماریکی جەسوورانەیان بردە سەر پایگای رژیم لەو ئاوایی‌یە و تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان پی گەیاند.

* شەوی ٧ی خاکەلیوە هاورییانی گوردانی کاك فوئاد چوونە نیو ئاوایی "سیف" لە ١٠ کیلومیتری شاری مەریوان و پەلاماریان بردە سەر پایگای رژیم لەم ئاوایی‌یە و تەلەفاتیکیان پی گەیاند.

ل١٠

چاوگێرانیکی کورت بەسەر هەڵسووڕانی نیزامی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سێ مانگی رابووردوودا!

هەڵسووڕانی نیزامی ئەمسالّی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، زووتر لە ساڵانی پێشوو، هەر لە ئاخرمانگی زستانیەوە دەستی پێکرد. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نیوەی هەوەڵی مانگی ڕەشەمەی ٦٧، بێ ئەوەی مانعیکی جیددی‌یان بێتە سەر ڕێ بە نیو دەیان مەقەر و پایگا و قەرارگای هێزەکانی رژیم داتێپەرین و خۆیان گەیاندە قووڵایی ناوچە داگیرکراوەکان و پەنا شارەکانی کوردستان.

لە ماوەی سێ مانگی رابووردوودا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نزیکەی ٤٠ عەمەلیاتی گەورە و چکولەیان بە جەسارەت و کارزانی‌یەوە لە قووڵایی ناوچە داگیر کراوەکان دا بەرێوە برد. بێجگە لە ٣٠ پەلاماری غافلگیرانە بۆ سەر پایەگاکانی هێزەکانی رژیم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و گرتنی پایگای "خواشت" لە بەشی "ژاوەرو"ی سنە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند مەقەر و مەرکەزی فەرماندەهی و گورووهی زەربەتیان لە نیو شارەکانی مەریوان و سەقز و پەنا شارەکانی‌تر دایە بەر پەلاماری بەدەست و برد و دلیرانەیان.

بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی بەشێکی زۆر لە گەرەك و خیابانەکانی شاری مەریوان، پەلاماری هاو کات بۆ سەر دوو مەقەری مەرکەزی گرینگی نیزامی لە مەرکەزی شار، پەلامار بردن بۆ سەر مالی فەرماندارى بەکریگیراو لە مەریوان و مالی موعاوینەکەی، بێ دەنگ کردنی تەقەی پایگایەکی‌تری رژیم، بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکتی حیزبی و قسە و باس لەگەل خەڵك و سوخەنرانی لە بلندگوی مزگەوتیکی شارەوە بۆ خەڵکی تێکۆشەری مەریوان، تەنیا یەکیك لە عەمەلیاتە گەورەکانی سێ مانگی رابووردوو بوو کە لە نیو پیشوازی گەرم و گۆر و هاوکاری خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە بەرێوە چوو.

بەرێوە بردنی دوو زنجیرە عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی‌تر لە نیو شاری سەقز لە ماوەی حەوتوویەك دا، بەدەستەوە گرتنی بەشێکی شار، پەلامار بردن بۆ سەر هێزەکانی رژیم لە پارکی جەنگەلبانی و وەستاندنی زەربە، گفت و گو لەگەل خەڵك و بلاو کردنەوەی نووسراوە و تراکت و نەوار، سوخەنرانی بۆ خەڵك و بلاو کردنەوەی نەواری سروود و سوخەنرانی لە سەر بلندگوی مزگەوتیکی شار، دوو نموونەی‌تری عەمەلیاتی نیو شاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو.

پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر مەقەر و مەرکەزی فەرماندەهی هێزەکانی رژیم لە ئاوایی "بسام" کە هەم مەرکەزی فەرماندەهی رژیم لەو مەنتقەیە و هەم مەرکەزی فەرماندەهی رژیم "جەبهەی شلیر"ە، پەلاماری بەدەست و برد بۆ سەر قەرارگای ژاندارمری و سپای پاسداران لە چنارە، پەلامار بۆ سەر قەرارگای نیزامی هێزەکانی رژیم لە دەور و بەری شاری مەریوان، پەلامار بۆ سەر مەقەری گورووهی زەربەتی "حاجی ئەول" لەسەرشێوی سەقز، پەلامار بۆ سەر گورووهیکی زەربەتی تر لە سەرجادەی سنە _ مەریوان و بە دیل گرتنی مەسئولی ئەو گورووهی زەربەتە و ٣ بەکریگیراوی‌تر، چەند نموونەی‌تر لە عەمەلیاتەکانی سێ مانگی رابووردووی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەن.

بەشیکی دیکە لە هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا بەرێوەبردنی چەندین جەولەی سیاسی نیزامی بە قودرەت بوو کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سنە و مەریوان و سەقز و دیواندەرە و بانە و سەردشت، لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە بەرێوە چوو.

لەم جەولانەدا هاورییانمان بێجگە لە زەبر وەشاندن لە هێزەکانی دوژمن چوونە نیو کۆر و کۆمەڵی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و ویرای قسە و باس لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان و چونیەتی بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و راوەستان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی رژیم دا، نووسراوە و تراکتی حیزبیان لە نیودا بلاو کردنەوە و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان بۆ باس کردن. لە هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە جەولەیان تیدا کرد، خەڵکی تێکۆشەر پیشوازیەکی گەرم و گوریان لی کردن و ویرای هاوکاری بی دریغ ئیتیلاعات و نهینی‌یەکانی هێزەکانی رژیم و یارمەتی مالی و تەداروکاتی خۆیان گەیاندە پێشمەرگەکان.

هەموو عەمەلیات و جەولە و هەڵسووڕانی ئەمسالّی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەلومەرجیك دا بەرێوە چوون کە لە لایەکەوە سەرەرای تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق، جمهووری ئیسلامی هێزی زۆر و زەبەندی داگیرکەری بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕەشی لە کوردستان و بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، لە هەزاران مەقەر و پایگا و قەرارگا و مەرکەزی نیزامی، لە شارەکان و لە دێهاتی کوردستان راگرتوە و کوردستان هەروەك سالانی پێشوو میلیتاریزە کراوە.

لە لایەکی دیکەشەوە خەباتی کرێکاران و خەباتی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و لە دژی دەسەڵاتی کونەپەرستانە و حوزووری سەرکوتگەرانەی رژیم لە کوردستان بەردەوامە و پشتیوانی هەمەلایەنە و بێ دریغیان لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە درێژەی هەیە.

ل٩

کورتە باسێك سەبارەت بە قەراردادی خاوەن کووڕەکان!

ئەمسالّ کە ئیتر ماوەیەکە شەری ئێران و عێراق تەواو بووە کاری کووڕەخانەکانیش ڕەونەقیکی زیاتری پەیدا کرد و لە چاو ساڵانی رابووردوو ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکارانی کوردستان بۆ کار چوونەتە کووڕەخانەکانی دەڕەوەی کوردستان.

ئەمسالّ لە شێوەی جوولانەوەی خاوەن کووڕەکاندا بەرانبەر بە کرێکاران ئالّ و گۆڕێك پێك هاتوە کە هەر لە چاولیکردنی هەوەل دا بە زەقی دەبیندری. ئەم ئالّ و گۆڕەش ئەوەیە کە ئەمسالّ خاوەن کووڕەکان بە قەراردادەوە هاتبوون بۆ گرتنی کرێکار. هەر لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ٦٧ەوە خاوەن کووڕەکان و نوینەرانیان خۆیان گەیاندە شار و دێهاتی کوردستان و داوایان لە کرێکاران کرد کە بە پێی پێشنیارەکانی ئەوان قەراردادیان لەگەل بنووسن.

جیا لەوەی کە پێشنیاری خاوەن کووڕەکان پێکەوە هێندیك فەرق و جیاوازی‌یان هەبوو، مەسەلەیەك سەرنجی کرێکارانی ڕادەکیشا ئەویش ئەوە بوو کە بەشێك لە لانی کەمی داخوازەکانی کرێکاران لە قەراردادی پێشنیار کراوی خاوەن کووڕەکاندا گونجا بوو.

ڕەنگە ئەم شێوە جوولانەوەی خاوەن کووڕەکان لەگەل کرێکاران ئەم پرسیارە بۆ ژمارەیەکیان هێنابێتە پێش کە چونە خاوەن کووڕەکان کە ساڵانی پێشوو ماوەیەك پاش دەست پێکردنی کا و تەنانەت بە زۆری خەبات و مانگرتنی کرێکاران حازر دەبوون قەرارداد لەگەل ئەوان بنوسن، ئەمسالّ خۆیان پێش دەست پێکردنی کار قەرارداد پێشنیار دەکەن و تەنانەت هێندیکیش لە داخوازەکانی کرێکارانی کووڕەخانەکانیان لە قەراردادانەدا گونجاندوە؟

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە و روشن کردنەوەی هۆی بەرخوردی خاوەن کووڕەکان و هەروەها چونیەتی بەرخوردی کرێکاران بەرانبەر بەم مەسەلەیە پێویستی‌یەکی فەوری‌یە و خەباتی کرێکارانی کووڕەخانەکان هەنگاویك دەباتە پێش و ئێمە لێرەدا بە کوردتی لە سەریان دەدوین.

پێش هەموو شتێك کرێکارانی کووڕەخانەکان پێویستە سەرنج بدەنە ئەم مەسەلەیە کە نە ماهییەتی بورژوایی خاوەن کووڕەکان وە نە خۆیان، فەرقیان کردوە. ئەوان هەمان خاوەن کووڕەکانی پار و پێرارن کە ئەمسالّیش وەك ساڵانی پێشوو، ماوەیەك پاش دەست پێکردنی کا و تەنانەت بە زۆری خەبات و مانگرتنی کرێکاران، بۆ وەدەست هێنانی سوودی زیاتر، بۆ داسەپاندنی شەرایتی کاریك کە بە قازانجی خۆیان بی، هەموو مافیکی ئینسانی کرێکاران پێشێل دەکەن و دەست لە هیچ پیلانیك لە دژی کرێکاران ناپارێزن. خاوەن کووڕەکان ئەمسالّیش وەك هەمیشە بۆ تەفرەقە ساز کردن لە نیو ریزی کرێکاران دا، بۆ پێش گرتن بە خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران، بۆ سەرکوت کردنی کرێکارانی مانگرتوو بە یارمەتی بە کریگیراوانی رژیم، بۆ بە گرتن دانی رابەرانی کرێکاران و ... هەموو توانای دژی شۆرش و دژی کرێکاری خۆیان دەخەنە گەر.

ل١١

چەند نموونەی قەراردادی کار لە کووڕەخانەکان

بەدەست پێکردنی کاری کووڕەخانەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خانەوادەکانیان لە شارەکان و دێهاتی سەردەشت، مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنو، پیرانشار و شارەکانی‌تری کوردستان بۆ کار چوونە کووڕەخانەکانی تاران، مەرەند، کەرەج، قەزوین، تەوریز مەلایر و هەمەدان و ورمی.

زۆربەی ئەم کرێکارانە پێش دەست پی کردنی کار قەراردادیان لەگەل خاوەن کووڕەکان نووسیوە کە تا ئێستا ژمارەیەك لەم قەراردادانەمان بە دەست گەیشتوە و بۆ ئاگاداری خوێنەران چەند دانەیان وەك نموونە دێنینەوە:

دەقی قەرارادی ژمارەیەك لە کووڕەخانەکانی تاران لەگەل کرێکارانی سەردەشت

– حەقدەستی برینی هەزار خشت ٢٥٠ تمەنە.

– هەر خانەوادەیەك یەخچالیکی دەدریتی.

– سووختی نان کردن لەسەر خاوەن کووڕەیە و کرێکاران سەهمیەی ئاردیان دەدریتی.

– خاوین کردنەوەی مەیدان، چ کاتی دەست پی کردن و چ لە نیوان کاردا، لە ئەستوی خاوەن کارە.

ل١٠

ژمارەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

لە مەراسمیك دا رۆژی ٧ی گولان بەبۆنەی رۆژی کۆمەڵەوە لە ئاموزشگای مەرکەزی کۆمەڵە دەستەیەکی‌تر لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش و شۆرشگێر چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

ئەو مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای رزگاری و سوسیالیزم دەستی پی کرد و پاشان هاوری "ئەبوبەکر جگری" یەکیك لە بەرپرسانی ئاموزشگا وێڕای پیرۆزبایی لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە سەبارەت بە پێویستی بە هیز کردنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ خەبات لە پێناو رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرلیکراوانی کۆمەڵ و هەروەها دەور و جێگا و شوێنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا قسەی کرد. پاشان یەکیك لە هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە وەك نوینەری هاوری‌یانی تازە پێشمەرگە قسەی کرد و ویرای باسکردنی ئەوەکە ئەمرۆ لە کوردستان هەموو ئەوانەی دلیان بۆ رزگاری لی دەدا کۆمەڵە بە هێزی پشتیوانی خۆیان دەزانن، سەبارەت بە چونیەتی بەرێوەچوونی دەورەی ئاموزشی قەسی کرد.

ل١١

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣١ | گەلاوێژی _ ١٣٦٨ | ئووتی_ ١٩٨٩

وەلامی خەلکی کوردستان بە نمایشی هەلبژاردنی رژیم

رۆژی جومعە،٦ی گەلاوێژ، رژیم نمایشی هەلبژاردنی ڕەئیسی جمهوور و رفراندومی قانوونی ئەساسی لە کوردستانیش وەری خست. خەلکی تیکۆشەری کوردستان بە بەشداری نەکردن لەم هەلبژاردن و رفراندومەدا وەلامی موسبەتیان بەبانگەوازی کۆمەڵە بۆ تەحریمی ئەم نمایشە داوە.

کاربەدەستانی رژیم کە لە میژو بوو بۆ وەری خستنی ئەم نمایشە لە هەول و تەقالادا بوون، بە خوشحالی مەوە رایان گەیاند:"ئومەتی موسولمان کورد بوپشتیوانی کردنی لە ئیسلام و نیزامی جمهووری ئیلامی بەشداریان لە هەلبژاردن دا کرد".

بە پیی فروفیشالی کاربەدەستانی رژیم ٣٥٠هەزارکەس لە کوردستان لە هەلبژاردنی جمهووری ئیسلامی دا بەشداریان کردوە کە گۆیا ژمارەی بەشداربووان لەچاو هەلبژاردنەکانی پیشوو ٥٠٪ زیاتر بووە ئەوان لەوە خوشحالن کە بەهەر جۆریک بووە ژمارەیەک رەئی رژاوەتە نیو سندووقەکان، بەڵام کێیە نەزانی ئەم قەلبژاردنە لە کوردستان چون بەریوە چووە وچ کەسانیک بەشداری یان تیدا کردوە؟

ل ٣

دەسڵ خەبات لە دژی دەسەلاتی جمهووری ئیسلام لە کوردستان بەبۆنەی ٢٨ی موردادی سالڕۆژی هیرشی رژیم بۆسەر کوردستان

دەسال لەو رۆژە تیپەڕیوەکە خۆمەینی لەسەر کورسی حکوومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتووی ئیسلامیی‌یەوە وەک سەرکردەی گشتی هیزەچەکدارەکانی جمهووری ئیسلامی فەرمانی دا کە لەشکری سەرکوت – گەر و داگیرکەر، ئەرتەش و پاسدار و حیزب اللەی کۆنەپەرست هیرش بکەنە سەرکوردستان، هەتا سەر بەو خەڵکە شۆڕشگێرە دانەوینن کە حازر نەبوون تەسلیمی ئەو چارەنووسە رەشەبن کە حاکمانی جینایەتکاری سەرمایە بۆیان نووسیبوون. جمهووری ئیسلامی هەر لەیەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکاری خۆیەوە بە ئاشکرا ئەوەی بەرچاو کەوتبوو کە ئەو رەوتە شۆڕشگێرانەیەی لە کوردستان خەریکی گەشەو بەرەوپیش چوونە بە پیچەوانەی خەون و خەیالی کۆنەپەرستانەی ئەو رژیمەیە. کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکیش و زۆرلیکراوی کوردستان هەر لە رۆژەکانی راپەرینی ریبەندانەوە دەستیان بۆ جێبەجێ کردنی داخوازەکانیان ووەدیهینانی مافەکانی خۆیان بردبوو. شووڕای خۆیان پیک هینا بوو، یەکیەتی جووتیاران و ریککخراوە دیموکراتیکەکانی خۆیان دامەزراندبوو، بەپیچەوانەی ویستی کۆنەپەراستانی سەربەجمهووری ئیسلامی عەقیدەو ئیرادەی خۆیان لە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری دا دەردەبڕی، چەکیان کردبووە شان ودەرەتانی جم و جوولیان لەدەرەبەگ و کۆنەپەرستان بریبوو، ریکخراوەکانی وەک شووڕای عەشایری و کۆمیتەی لە نەوعی جمهووری ئیسلامی و شتی دیکەی لە وقوماشەیان بە دەستی بە هیزی خۆیان تیک رماندبوو، وەچکدارانە هاتبوونە مەیدانی دیفاع لە دەسکەوتەکانی راپەرینی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێران بەم جۆرە لە ماوەی نیوان ٢٢ی ریبەندانەوە هەتا ٢٨ی مورداد کوردستانیان کردبووە مەلبەندی شۆڕش و ئازادی و دیموکراسی.

جمهووری ئیسلامی نەی دەتوانی ئەوە قەبوول بکا لەولاتیک دا کە ئەوبە تەما بوو ئاسەواری شۆڕشی لی بسریتەوە، گەرای ئازادی و ئازادیخوازی تیدا نەهیلی و بیکاتە گورستانیکی ئارام بۆچەوساندنەوەی کرێکاران و کەلەکە کردنی سەرمایە، لەو ولاتەدا، لە گۆشەیەک، لە کوردستان، کۆمەڵانی شۆڕشگێڕ و وەخەبەر هاتوو خۆیان چارەنووس و قەزاو قەدەری ژیانی خۆیان دیاری بکەن و ئیرادەی خۆیان بەریوە بەرن.

تاریخی ١٠ سالّ حوزووری داگیرکەرانەو سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، تاریخی ١٠ سالّ ململانی و دەست و پەنجەنەرم کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی لەسەر ماف و داخوازەکانی خۆیان.

هەر لەسەرەتای هیرشی رژیمی جمهووری ئیسلامیی‌یەوە هەلویستی خەلکی کوردستان بریتی بوو لە خوپیشاندانی جەماوەری لە هەموو شارەکان بۆ ئیعتیراز بەرانبەر بە ئیعدام و کوشتار و لە هەمان کاتدا دەستدانە چەک لەسەر تاخوازی کوردستان بۆ بەرەنگاربوون لەگەڵ لەشکری داگیرکەر ئامادەیی بۆ ئەم حەرەکەتە شۆڕشگێرانەیە خۆی حاسڵی زیاتر لە سالّیک خەباتی جەماوەری و شۆڕشگێرانە هەم لە دژی رژیمی شاو هەم بەرانبەر بە رژیمی جمهووری ئیسلامی بوو. تەجرەبەش نیشانی دا کە هەر ئەو دەرجەیە لە ئامادەیی زەحمەتکیشان و خەڵکی شارودیهات بۆخەباتی سیاسی و چەکدرانە، کافی بوو بۆئەوەی بزووتنەوەیەکی پر قودرەت لە دژی هیزە داگیرکەرەکانی دەولەتی دژ بە خەڵک و دژبە ئازادی بەرپابکری: بزووتنەوەیەک کە بە ٣ مانگ توانی شیرازەی هیزی داگیرکەر لەبەریەک هەلوەشینی و بۆ جاریکی تر دیموکراسی و دەسەلاتی خەڵک لەسەراسەری کوردستان جی نشینی دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی بکا،

←

دەوری کۆبوونەوەی گشتی لە خەباتی کرێکارانی کووڕەخانەکاندا!

خەباتی ١٥ – ١٠ سالی رابوردوو کرێکارانی کووڕە بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان، گەلیک تەجرەبەی تیدایە کە لە سەرووی هەموویانەوە تەجرەبەی بەنرخی چونیەتی یەکگرتن بەرچاودەکەوی یانی بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران کە بە باشترین شیوە یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران تەئمین دەکا.

ئەگەر چاویک لەو تەجرەبەیە بکەین، ئەوە دەبینین کە کرێکارانی کووڕەخانەکان لە چ وەزعییەتیک دان، گەیشتوونەتە کوێ و دەبی چی بکەن هەتا بە دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی سالانی رابوردوو هەنگاویکی سەرەکی‌تر، بەرەو پەکگرتوو بوون و ریکخراو بوونی خۆیان بۆپیشەوە هەلگرن.

ئەوە ئاشکرایە کە مانگرتنە گەورەکانی کووڕەخان لە سالانی رابوردوودا – ئەو مانگرتنانە کە زۆربەیان سەرەرای پیلانی رەنگاورەنگی دوژمن بەسەرکەوتن گەیشتوون بەبی پلەیەکی بالای یەکگرتوویی نەدەس پی دەکران و نەبەشی هەرە زۆریان دەیانتوانی داخوازەکانیان وەدی بینن. مانگرتنی نزیک ١٠٠کووڕەخانە لە "وایگان"ی تەوریز، مانگرتنی نزیک ٥٠ کووڕەخانە لە دەوروبەری بۆکان لە چومی مەجیدخان، لە سالانی ٦٥و٦٦دا، مانگرتنی زیاتر لە ٣٠٠ کووڕەخانەی تەوریز لە هاوینی سالی ٦٦و بەهاری سالی ٦٧دا، مانگرتنەکانی دوو سالی رابوردووی کووڕەخانەکانی هەمەدان و چەند نموونەی حەرەکەتی ئیعتیرازی گەورەی کرێکارانی کووڕەخانەکان بوون کە هەموویان بەهیزی هاوپشتی سەراسەری لە مەنتەقەیەک دەس پیکراون.

تەجرەبەی ئەم چەند نموونەیە و دەیان نموونەی گەورە و چکولەی‌تر، کەم تا زۆر وەک یەک بوون. یانی سەرەتا لەکۆر و کۆمەڵ و لەمالان و لەدیداری رۆژانەدا و لە بازاری ئەم شار و ئەوشار قسەوباس لەسەر بەرپاکردنی مانگرتن لەلایەن کرێکارانەوە لیرەولەوی دیتەگۆر وسەرەنجام بە گەرمی لەنیو هەموو کرێکاراندا دەتەنیتەوە. ئەمجار لە کووڕخانەیەکەوە دەگاتە کووڕەخانەیەکی‌تر. لە بابەت داخوازەکانەوە راویژدەکری و بریاردەدری و کات و رۆژی مانگرتنە کە دیاری دەکری. مانگرتنەکە لەشوینیکەوە دەست پی دەکا و بە خیرایی پەرەدەگری و ئاخرین کووڕەخانەی ئەو مەنتەقەیەش دادەگری....

ل٢

لەسەرراگەیاندنی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەمەرگی خومەینی

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی پاش مردنی خومەینی سەرەرای هەموکیشەیەکی نیوخۆیان ولەپیناو بەرژەوەندی هاوبەشیان دا بەرانبەر بەخەڵک و رەقیبە سیاسی یەکانیان بۆماوەیەکیش بووە ناکوکی‌یەکانیان ناوەتە لاوە و وادیارە یەکیان گرتبی هەتا سەروسامانیک بە حکوومەتەکەیان بدەن وجلەوی کارەکانیان لەدەست بەرنەبی. بۆئەم کارە ئەگەر لەلایەکەوە لەسەر جۆرە ریک کەوتنیک لەگەڵ یەک پیک هاتوون، لەلایەکی‌ترەوە هەول دەدەن هەروەک دەورانی پاش ئاگربەس کۆمەڵانی خەڵک لە چاوەروانی و دەستەوەستانی دا راگرن.

پەلەکردن لە هەلبژاردنی رەئیس جمهوور وریفراندومی قانوونی ئەساسی، بەرپاکردنی هەموو رۆژەی نمایشی بەیعەت بەخامنەیی و وەری خستنی دەورودووکانی رەوزەخوانی لە جەماران بۆ ئەحمەدی کوری خومەینی، هەموو بۆئەوەیە کە پیش ئەوەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش مەجالی وەخوکەوتن و هاتنەمەیدان و حەق داواکردنیک پەیدا بکەن، ئەوان میخی دەسەلاتی رژیمەکەیان – کە بەمردنی خومەینی شل بووەتەوە – مەحکەم کەنەوە.

سەرجەمی حەرەکەت و رەفتارەکانی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی نیشان دەری ئەوەیە کە هەول دەدەن بە چاوەروان راگرتنی خەڵک هەرچی زیاتر جیگا پیی خۆیان مەحکەم کەن.

ئەمە بناغەی سەرەکی سیاسەتی رژیمە لەم دەورەیەدا.

بەڵام بۆبردنە پیشی ئەو سیاسەتە رژیم لە پشتیوانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەلات بە هەرمەندە. شووڕەوی بۆ پەرەپیدانی پەیوەندەکانی و بەستنی قەراردادی دەسالّە لەگەڵ ئاخوندەکان دەس بەجی هەنگاوی نایەپیش و وەک تاجری شەروخۆین بەلینی چەک وتەقویەتی نیزامی پی دان و لەباری سیاسی شەوە یارمەتی کردن هەتا لەتەریک کەوتەیی جیهانی بینەدەر. دام و دەزگا تەبلیغاتی‌یە بەرینەکانی ئەمریکاو ئۆروپاش لەم چەند حەوتوەدا هەموو رۆژی تەئسیراتی مەرگی خومەینی‌یان داوەتە بەرلیکولینەوە وبە لیکدانەوەی بەروالەت بی لایەنەیان بەخەڵک دەلین کە چاوەروانی وەزعییەتی داهاتوو بن.

ئەم دەزگا تەبلیغاتی‌یانە هەر لەبی.بی.سی. و رادیو ئەمریکاوە بگرە هەتا ئەوانی تر ئەغلەب هەولیان داوە باوەر بەسەقامگیربوونی دەولّەت و تەنانەت گەشەی ئابووری لەناو خەڵکی ئێراندا پەرە پی بدەن. ئۆپوزیسیونی بۆژوایی ئێرانیش هەر لەسەلتەنەت تەلەبەوە هەتا حیزبی دیموکرات سەرەرای ئەوەی لە دژی رژیم تەبلیغات دەکەن بەم ئەوانیش بەچاوەروان راگرتنی خەڵک بەکردەوە خزمەت بەخۆگرتنی و جیگیربوونی دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دەکەن....

ل٣

گوزارش بە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕوونکردنەوە:

ئەم نووسراوەیە چەندبەش لە گوزارشیکە کە لە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەند کۆمەڵەدا- کە نیوەی هەوەلی گەلاوێژ دەستی پیکرد و نیوەی دووەمی رابەری نیوان دوو پلینومی کۆمەڵەوەن هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە پیشکەشی کرد. پلینوم پاش باس وراویژکردن لەسر ئەو گوزارشە و وەبیرهینانەوەی هەندیک خالی بە کەڵک بۆتەکمیل کردن و ڕۆشن کردنەوەی، کوالیەتی گوزارشەکەی پەسند کرد. ئەم گوزارشەی کە ئیستا دەیبینن بۆبڵاوبوونەوەی عەلەنی نووسراوەتەوە و ئەو بەشانەی لە ئاخری گوارشەکەدا سەردیرەکانیان نووسراوە، بەهۆی تی بینی سیاسی و تەشکیلاتی لابراون.

١- وەزعییەتی سیاسی:

خاموش بوونی ئاگری چەکەکان لە جبهەکانی شەری ئێران و عێراق و قەبوولی بریارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە هەمان کاتدا کە قورسایی ئەم شەرە مال ویرانکەر و بەسامەی لە سەرشانی خەڵک لابرد، هەروەها شکستی جەرەیانی پان ئیسلامیستی لە مەنتەقەدا مسوگەر کرد. پان ئیسلامیزم کە قەرار بوو ئالترناتیوی کە کردنەوەی بوحرانی حکوومەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بی لە مەنتەقەدا، نەک هەربەم ئامانجە نەگەیشت، بەڵکوو خۆی لە ماوەی چەندین سالدا بوو بەهۆی بی سەباتی و جیگیرنەبوونی سیاسی بورژوازی و تووندوتیژ کردنەوەی بوحرانی ئابووری نەبوونی هیچ هیوایەک بو زال بوون بەسەر ئەم بوحرانەدا، مەترسی هەستانیکی جەماوەری و پیک هاتنی وەزعیکی شۆڕشگیرانەی لە ئێران دا هینابووەگۆر ئەم مەترسی‌یە هەم جمهووری ئیسلامی و هەم بورژوازی ئێران و .....

ل٤

کوچ پی کردنی خەڵکی ئاوایی‌یەکانی سەرسنوور

جمهووری ئیسلامی بۆ کۆچ پیکردنی خەلکی زەحمەتکیشی ئاوایی‌یەکانی "ئالان" و "سویسنی" و "گەورک" لە ناوچەی سەردەست خەریکی پیلانیکە و دیسانەوە فشاری خستوەتە سەر خەلکی ئەو بەشانە.

رژیمی جمهووری ئیسلامی ماوەی ٧ساڵە بەتەمای بەریوەبردنی ئەم سیاسەتەیە. کیشانی شەری مالویرانکەری ئێران و عێراق بۆ شووڕەکانی کوردستا، لەکەلک خستنی موچەو مەزراکانی دیهاتی سەرسنووربە بۆمباران، موحاسەرەکردنی دیهات و پیش گرتن بە هات وچووی خەلک، مین نانەوە لەسەر ریگاکان، ئەزیەت و ئازاردانی خەلک لە دیهات بە شیوەی جۆراوجۆر، ئاواڕە کردنی خەلک وسووتاندنی ئاوایی‌یەکان بیانوو و شیوەی جمهووری ئیسلامی بوون بۆفشارخستنە سەر خەلک و بەریوە بردنی پیلانی کوچی زۆرە ملی.

خەڵکی زەحمەتکیش و تیکۆشەری ئاوایی‌یەکانی سەرسنووریش لەبەرانبەر ئەم پیلانەدا بەردەوام ئیعتیرازیان کردوە و هەتا ئیستا نەیان هیشتوە ئەم سیاسەتە بەریوە بچی.

جمهووری ئیسلامی لەهەل ومەرجیکی تازەدا بەتەمای بەریوەبردنی ئەم سیاسەتە دژبەشۆڕشەیە. شەری ئێران و عێراق کۆتایی پی هاتوە و کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان بەویست و داخوازەکانیانەوە زیاتر لە جاران کەوتوونەتە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی، وە بەپیچەوانەی ئیددیعا پووچەکانی رژیم خەباتی چەکدارانە بەردەوامە و کوسپیکی گەورەیە لەسەر ریگای سەقام گرتنی دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان و بەرەوپیش چوونی سیاسەتە دژبە شۆڕشەکانی.

ل٣

پێشڕەو

دەوری کۆبوونەوەی گشتی لە خەباتی کرێکارانی کووڕەخانەکاندا!

بزووتنەوەیەک کە بەرانبەر بە هێرشی دووبارەی رژیم لە بەهاری ٥٩دا توانی بەرەنگاریەکی لی براوانەترو جەماوەریتر لەزۆربەی شارەکان و لە سەراسەر ناوچەکانی کوردستان بەدی بینی.

ئەمرۆ لە کوردستان لە دریژەی ١٠ساڵ خەباتی شۆڕشگێرانەدا، بە میلیون ژن و پیاوی زەحمەتکیش و سەدان هەزار لاوی تازەپێ گەیشتوو دژایەتی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و دام و دەزگای سەرکوت و خەفەقانی ئەو رژیمە بە بەشیکی جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەزانن. هەروەها بەشداری کردن لە خەباتی چەکدارانەبەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی بەشیکە لەو سوننەتە شۆڕشگێرانەیە کە بەتەواوی ریشەی لەناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی شارودیهات دا داکوتاوە.

بیجگە لەمە، لەم ١٠ساڵەدا کوردستان گەلیک ئال و گۆڕی کۆمەڵایەتی زۆریان کردوەتە سەر سیمای سیاسی کۆمەڵی کوردستان گرینگترینی ئەو ئال و گۆڕانە بریتیبە لە کۆبوونەوەی هیزیکی تازەی کۆمەڵایەتی هیزی میلیونی کرێکاران – لە شارەکان. ئەم هێزە بە پیی جیگاوشوینی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی، بەپیی ئەوە کە مادام کاری نەبی ناژی، ناچارە هەموو رۆژێک لە خەباتیکی ئابووری بەردەوامدا بی بەرانبەر بەسەرمایەدارانی وردودرشت و بەرانبەر بە رژیمی سەرمایەداران، لەم ١٥ساڵەدا وجوودی خەباتیکی شۆڕشگێرانە و چەکدارانە لە کوردستان مەجالیکی موساعیدی بۆ خەبات بە کرێکاران داوە و هەر خەباتیکی کرێکارانیش بەبەشی خۆی ئەم زەمینەیەی موساعیدتر کردوە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ئەوە بەرچاوە کە داخوازی ئابووری کرێکاران لە پاڵ داخوازەگشتییەکاندا بەشیوەی بەرین هاتوەتە مەیدان داخوازی زیاد کردنی هەقدەست و باشترکردنی هەل و مەرجی کار وەدەیان داخوازیتری مەربوت بە بەرپچووننی کرێکاران و زەحمەتکیشان بەهۆی فەوری بوون و حەیاتی بوونیان بۆ میلیونەها ژن و پیاوی زەحمەتکیش، هەتا هاتوە بناغەی خەبات لە دژی سەرمایەداری و لە دژی حکوومەتی ئیسلامی پتەوتر کردوەتەوە. مانگرتنەکانی هەموو ساڵەی کرێکاران و بەرپابوونی هەموو ساڵەی جەژنی کرێکار، هاتنە مەیانی ژنان، بەتایبەت ژنانی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیان کە راستەوخۆ لەگەڵ هیزی سەرکوت و خەفەقانی رژیم بەرەو ڕووی کردوون، ئەمانەو ئاشنابوونی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری زەحمەتکیشان لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی خۆیان و ئامادەییان بۆ دیفاع لەو مافانە، هەموو بوونەتە هۆی بەرین تر بوونەوەی پایە و بناغەی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانە لە کوردستان و پشت بەستنی هەرچی زیاتری ئەو بزووتنەوەیە بە هیزی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش.

گرێدرانی زیاتری ئەو بزووتنەوەیە لەقازانجی کۆمەڵانی کرێکاروزەحمەتکیش هاوکات بووە لەگەڵ ئەوە کە چینەداراکانی کۆمەڵی کوردستانیش بەرەبەرە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان لەگەڵ دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی گری داوە و بەپیی قازانجی ماددی خۆیان بە کردەوە لە موخالەفەتی جمهووری ئیسلامی پاشەکشەیان کردوە و ریگای سازان لەگەڵ ئەو رژیمەیان گرتوەتەپیش.

لە پاڵ ئەم ئال و گۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا گەلیک ئال و گۆڕی سیاسیش لەم ماوەیەدا ڕووی داوە. کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە مەیدانی ترجەرەبەی ڕاستەوخۆدا حیزبە سیاسییەکانیان تاقی کردوەتەوە و بەدلنیاییەکی زیاترەوە لە دەوری کۆمۆنیزم و هیزی سیاسی کۆمۆنیستی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کۆبوونەتەوە . بەگشتی ئەمرۆ بە ترازانی خەباتی هەمە لایەنەی کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچیوەی ریبازی ناسیونالیستی و بە کۆبوونەوەی هیزی سەرەکی ئەو خەباتە لە دەوری سیاسەتی کۆمۆنیستی و ریبازی کۆمۆنیزم کە دەتوانی وەلامدەرەوەی گرینگترین مەسەلەکانی نیو کۆمەڵ بی–خەریکە لە کوردستان کۆمۆنیزم بەسەر شیوە و ریبازی کۆنی ناسیونالیستی دا زال دەبی. وەک جەریانیکی کۆمەڵایەتی بەهیزتر دەبی.

ئەم ڕەوتە لە کوردستان خەریکە بەرەوپیش دەچی، سەرەتاکانی ئەو زەمینەیەی فەراهەم کردوە کە تییدا ئەم خەباتە شۆڕشگیرانەیە بە ئامانجەکانی خۆی بگاو بەسەر دوژمنی سەرکوتگەر و داگیرکەردا سەرکەوی. فشاریکی هاوکات وهاوئاهەنگی خەباتی ئابووری کرێکاران و زەحمەتکیشان، خەباتی سیاسی جەماوەری و خەباتی چەکدارانە، ئەو فشارەیە کە دەتوانی سەرەنجام چوکی جمهووری ئیسلامی بشکینی و کۆتایی بە دەسەلاتی بینی.

بی شک لەو وەزعەدا کە جمهووری ئیسلامی تییدا دەژی، لەهەل و مەرجیکدا کە لەسەراسەری ئێران ئەم رژیمە لەگەڵ دەیان گیروگیرفت و سەدان داخوازی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش بەرەروەوە، جم و جوولی کرێکاران و زەحمەتکیشان لە سەراسەری ئێران دەتوانی پالپشتیکی بەهیزبی بۆ سەر کەوتنی خەباتی عادلانەی خەڵکی کوردستان، هەروەک ئەم بزووتنەوەیەیش بەش بە حالی خۆی دەتوانی وەک رابوردووچقلی چاوی جمهووری ئیسلامی و عامیلی بی سەقام کردنی دەسەلاتی ئەو رژیمە بی ولەم ریگایەوە خزمەت بە بەهیز کردنی خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکیش و ئازادی خوازی ئێران بکا.

هیزی میلیونی کرێکاران لە کوردستان لە ریزی پیشەوی هەموو کۆمەڵانی بیبەش و ستەم لیکراو و ئازادیخوازدا ئەرکی بەرین کردنەوە و بەرەوپیش بردنی هەموو مەیدانەکانی ئەم خەباتەی لە سەر شانە و بیگۆمان دەتوانی ئەم بزووتنەوەیە لە ریبازی قازانجی خۆیدا هەتا وەدی هینانی مافی ڕەواو عادلانەی بەرەوپیش بەری و بەسەرەنجامی سەرکەوتنی بگەیەنی.

خەباتی ١٥ – ١٠ ساڵی رابوردوو کرێکارانی کووڕە بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان، گەلیک تەجرەبەی تیدایە کە لە سەرووی هەموویانەوە تەجرەبەی بەنرخی چونیەتی یەکگرتن بەرچاوەکەوی یانی بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران کە بە باشترین شیوە یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران تەئمین دەکا.

ئەگەر چاویک لەو تەجرەبەیە بکەین، ئەوە دەبینین کە کرێکارانی کووڕەخانەکان لە چ وەزعییەتیک دان، گەیشتوونەتە کوێ و دەبی چی بکەن هەتا بە دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی ساڵانی رابوردوو هەنگاویکیتر، هەنگاویکی سەرەکیتر، بەرەو پەکگرتوو بوون و ریکخراو بوونی خۆیان بۆپێشەوە هەلگرن.

ئەوە ئاشکرایە کە مانگرتنە گەورەکانی کووڕەخان لە سالانی رابوردوودا – ئەو مانگرتنانە کە زۆربەیان سەرەرای پیلانی ڕەنگاوڕەنگی دوژمن بەسەرکەوتن گەیشتوون بەبی پلەیەکی بالای یەکگرتوویی نەدەس پی دەکران و نەبەشی هەرە زۆریان دەیانتوانی داخوازەکانیان وەدی بینن. مانگرتنی نزیک ١٠٠کووڕەخانە لە "وایگان"ی تەوریز، مانگرتنی نزیک ٥٠ کووڕەخانە لە دەوروبەری بۆکان لە چومی مەجیدخان، لە ساڵانی ٦٥و٦٦دا، مانگرتنی زیاتر لە ٣٠٠ کووڕەخانەی تەوریز لە هاوینی سالی ٦٦و بەهاری سالی ٦٧دا، مانگرتنەکانی دوو ساڵی رابوردووی کووڕەخانەکانی هەمەدان و چەند نموونەی حەرەکەتی ئیعتیرازی گەورەی کرێکارانی کووڕەخانەکان بوون کە هەموویان بەهیزی هاوپشتی سەراسەری لە مەنتەقەیەک دەس پیکراون.

تەجرەبەی ئەم چەند نموونەیە و دەیان نموونەی گەورە و چکولەیتر، کەم تا زۆر وەک یەک بوون. یانی سەرەتا لەکۆر و کۆمەڵ و لەمالان و لەدیداری ڕۆژانەدا و لە بازاری ئەم شار و ئەوشار قسەوباس لەسەر بەرپاکردنی مانگرتن لەلایەن کرێکارانەوە لیرەولەوی دیتەگۆڕ وسەرەنجام بە گەرمی لەنیو هەموو کرێکاراندا دەتەنیتەوە. ئەمجار لە کوورخانەیەکەوە دەگاتە کووڕەخانەیەکیتر. لە بابەت داخوازەکانەوە راوێژدەکری و بریاردەدری و کات و ڕۆژی مانگرتنە کە دیاری دەکری. مانگرتنەکە لەشوینیکەوە دەست پی دەکا و بە خیرایی پەرەدەگری و ئاخرین کووڕەخانەی ئەو مەنتەقەیەش دادەگری.

هەرکە مانگرتنەکە دەستی پیکرد دەس بەجی کۆبوونەوەی زۆرگەورەتری کرێکاران پیک دی کەزۆربەی کرێکاران تییدا بەشدارن و هەر لە سەرەتای پیک هاتنیەوە کرێکاران تییدا هەست بە هاودلی و هیزی زیاتر دەکەن.

بەم جۆرە کۆبوونەوەی گشتی کە لە تەجرەبەی سالانی رابوردووی کووڕەهانەکاندا شاهیدی بووین، هاوکات لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتنەکە سەرهەلدەدا و هیزوپتەوییەکی زیاتر بە خەباتی کرێکاران دەبەخشی.

تەجرەبەی مانگرتنی وایگانی تەوریز لە هاوینی سالی ٦٦دا ریک هەر ئاوا بوو کە هاوکات لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتنەکە لەهەر کووڕەیەک کۆبوونەوەی گشتی پیک هات و پاش بریاردان لەسەر دان لەسەر داخوازەکان هەرکام لەکووڕەکان دوو نوینەریان دیاری کرد. ڕۆژی دواتر نوینەرانی دەیان کووڕە لەشوینیک کۆبوونەوە و کۆبوونەوەی گشتی نوینەرانیان پیک هینا لیرەش دا لەسەر داخوازەکان قسەیان کرد و بریاریان دا پاشان چوارکەسیان بۆ وت وویژ لەگەڵ خاوەن کووڕەکان دیاری کرد. جگە لەمانە گاردی مانگرتنیشیان پیک هیناو هەتا کوتایی مانگرتنەکەهەموو ڕۆژی کۆدەبوونەوە بۆ پاراستن و دریژەپیدانی مانگرتنەکە و پیش گرتن بە پیلانی کارفەرما سەریان لە کووڕەخانەکان دەدا. گوزاریشی نوینەرەکانیان دەبیست، بۆبەرەوپیش بردنی هەرکاریک نەزەری خۆیان دەردەبری و دەخالەتیان دەکرد ولەسەر میزانی هەقدەست و چونیەتی قەرار دادەکان موخالیف و موافیق قسەیان دەکرد. لە یەکیک لەو کۆبوونەوانەدا، کرێکاران یەکیک لە نوینەرەکانیان لەبەر ئەوەی لە کاتی وت وویژ لەگەڵ خاوەن کووڕەکانەدا بەباشی نەیتوانیبوو نەزەر و داخوازی کرێکاران رابگەیەنی، لە نوینەرایەتی خست و کرێکاریکیتریان لە جیاتی ئەو هەلبژارد.

لەباقی کووڕەخانەکانیش لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتن دەیان جار لەم جۆرە کۆبوونەوانە پیک هینراون. ئەم کۆبونەوانە کە سال بە سال ریک وپیک تر و جیددیتر و بەرینتر بەرپاکراون، وە لیهاتووتر بوون ودەوریکی سەرەکیتریان لەیەکگرتووکردنی کرێکاران و ریبەرایەتی خەباتیان دا لە دژی پیلانی خاوەن کووڕەکان و بەکریگیراوانی ڕژیم گرتوەتە ئەستۆ، هەمان کۆبوونەوەی گشتی کرێکارانن.

کەوایە دەکری بلیین تەجرەبەی ساڵانی رابوردووی کرێکارانی کووڕەخانە بەڕۆشنی ئەوەی نیشان داوە کە کۆبوونەوەی گشتی دەوری لیهاتووانەی خۆی گیراوە. بەڵام لایەنیکی لاواز کە کەم تازۆر لە تیکۆشانی کرێکارانی کووڕەخانەکاندا بەرچاوەکەوی ئەوەیە کە کۆبوونەوەی گشتی لەسەرەتای دەسپیکردنی مانگرتن و لە دەورانی مانگرتن دا ڕەونەقی بووە.

ئەگەرچی لە دەورانی مانگرتن دا کۆبوونەوەی گشتی ئامرازیکی بە کار و لیهاتوو بووە بۆپاراستنی یەکگرتوویی هەموو کرێکاران، ئەو لایەنەلاوازە بەردەستی خاوەن کووڕەکان و دەولەتی کردوەتەوە، کەبتوانن کرێکاران بگرن، لەبەرێوەچوونی قەرارداد کاندا تەنگ و چەلەمە سازبکەن، هەقدەستەکان وەدوا دەن و تەنانەت بەشیک لە هەقدەستەکانیش بخەنە پیش گۆی ونەیدەن بە کرێکاران. لەحالیکدا ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی دریژە بەتیکۆشانی بدا بەباشی دەتوانی لەسەر بەش بە بەشی هەموو داخوازەکان و ناوەڕوکی قەراردادەکان پی دابگری و تەفرەو کارشکینی کارفەرماکان پووچەل بکاتەوە. کەوایە هەموو کرێکاریکی پیشڕەو ئیستا دەبی ئەوە بزانی کە ئەمسالّ چ تەجرەبەیەک دەخاتە سەر دەسکەوتی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران هەتا ریکخراوی گۆنجاوی کرێکارانی کووڕەهانەیانی کۆبوونەوەی گشتی شکل بگری و هەل نەوەشێتەوە و ببیتە ئامرازی یەکگرتوویی پایەدار وقایمی کرێکاران پیک هینانی کۆبوونەوەی گشتی و دریژەپیدانی، یانی پیک هینانی کۆبوونەوەی گشتی وموناڤزمی هەموو کرێکارانی یەک کووڕەخانە یان چەند کووڕەخانەی لەیەکتر نزیک، لە هەمان کاتدا کەزۆر گرینگە، کاریکی سادە و عەمەلییە چونکوو کرێکاران لەبەیانی یەوە هەتا ئیوارە لە دەوری یەکن، شەوانە و ڕۆژی تەعتیلی ئاخری حەوتوو ئەغلەب چاویان بەیەک دەکەوی و بە ئاسانی دەتوانن بۆهەر گیرو گرفتیک کە بۆیان دیتەپیش وەیا هەر مەسەلەیک کە پیویست بی، لەماوەی چەند ساعات دا قەول و قەراری کۆبوونەوەی گشتی دابنین، وە لەکوتایی هەر کۆبوونەوەیەکیش دا، کاتی گرتنی کۆبوونەوەی دواتر دیاری بکەن، بەبەرەوپیش بردنی ئەم ڕەوالە، کرێکاران توانیویانە ریکخراوی کارسازی خۆیان پیک بینن. وەلەمەوڵا دەتوانن بۆئەنجام دانی هەرکاریک وچارەسەرکردنی هەر گیروگرفتیک، یەکگرتووانە و یەکپارچە و بەهەموو توانایانەوە بینە مەیدان.

تەجرەبە نیشانی داوە هەر کات کرێکاران بیانەوی لە پیک هاتنی ریکخراوە کرێکاریەکان – کۆبوونەوەی گشتی یان اتحادیە – پشتیوانی بکەن، رژیم و سەرمایەداران نەک هەر ناتوانن پیشی پی بگرن، بەڵکوو ناچاردەبن بەرەسمییەتی بناسن.

کرێکاران بۆ وەدی هینانی داخوازە فەوریەکانی خۆیان وەک: زیاد بوونی هەقدەست و کەم بوونەوەی سەعاتی کار و باش بوونی هەل و مەرجی کار، بەردەوام بەرانبەر بەسەرمایەداران و دەولەتەکەیان دەرگیری خەباتیکی ئابووڕین و بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم کارە ناچارن هەموو ڕۆژی لەگەڵ یەکتر قسەو ڕاویژ بکەن، سەرنج بدەنە بوچوون وپیشنیاری ئەو هاوڕیانەی پیشڕەو و پیشقەدەمترن، وەسەرەنجام ناچارن بریاربدەن و بەریوەی بەرن. ئەم کۆبوونەوانەدا دەکری، پلەیەک لە یەکگرتوویی کرێکاری و بناغەی هەر ریکخراویکی کرێکاریە. بەڵام دەبی بکرینە کۆبوونەوەی مونەززەم وبەردەوام کەزیاترین ژمارەی کرێکاران تییدا بەشداری بکەن ونەزەری خۆیان دەربرن.

لە کوتایی دا تەئکیدکردنەوەیەکی سەرلەنۆی لەسەر دووخالی تر پیویستە:

– خالی یەکەم ئەوەیە کە لەبابەت هەرمەسەلەیەک کەدیتەپیش، دەبی هەول بدری کۆبوونەوەی گشتی پیک بهینری. بۆهەر داخوازیکی ئابووریان سیاسی، بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، بۆ پیک هینانی تەعاونیوەیا دروست کردنی نانەواخانە، بۆ بەرپەچ دانەوەی خیرای هەرچەشنە ملهوریەکی خاوەن کووڕە یان مەمووڕانی دەولەت و...، دەبی کۆبوونەوەی گشتی پیک بهینری. دریژەپیدانی ئەم ڕەوتە بە کردەوە کۆبوونەوەی گشتی دەکاتە سوننەتیکی پایەدار ومونەززەم.

– خالی دووهەم ئەوەیە کە : تەجرەبەی سالانی رابوردوو نیشانی داوە کە بە هەر میزانیک ژنانی کرێکار راستەوخۆ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن، هەم خەباتی هاوبەشی کرێکاران بەرانبەر بە خاوەن کارەکان بەهیز و تواناتر دەبی و هەم بەم شیوەیە ریگا بۆ هاتنەگوری داخوازەکانی تایبەتی ژنان زیاتر دەکریتەوە، وە لە نەتیجەدا هاوپشتی نیوان ژنان و پیاوانی کرێکاریش پتەوتر دەبی.

وەرگیردراو لە گۆڤاری "پیام" ژمارە ٤٥

(پاشماوی)لەسەرراگەیاندنی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەمەرگی خومەینی

بۆنموونە بابزانین بە یانامەی ئەو جناحەی حیزبی دیموکرات چون ئەم کارە دەکا؟ بەر لەهەموشتیك ئەو بەیان نامەیە خومەینی وەك کەسیك نیشان داوە کەگوایە ئەو بووە کە راپەرینی خەڵکی ئێرانی لەدژی رژیمی شا بە سەرکەوتن گەیاندوە. بەیاننامەکە لەم بارەوە دەڵی:

"ناوی ایت الله خومەینی وەك کەسیك کە لەسەر کەوتنی راپەرینی یەکپارچەی خەڵکی ئێران وتیك رووخاندنی نیزامی کۆن وگەندەڵی پاشایەتی لە ئێراندا دەوریکی زۆر کاریگەری هەبوو، بی شك لە میژوودا دەمینیتەوە. "

ناوی خومەینی لە میژووی کی دا ئاوا دەمینیتەوە؟ لە میژوویەکدا کە حیزبی دیموکرات بینووسی بەڵی، بەڵام لە میژووی زیندووی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش و ئازادیخوازی ئێراندا ریك بەپیچەوانەیە. واقعییەتی حاشاهەڵنەگری شۆڕشی ساڵی ٥٧، کە لە بیر هیچ ئازادیخوازیکی ئێران نەچووەتەوە و حیزبی دیموکرات ئاوا بە ئاشکرا دەیگوری ئەوە بوو کە کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك رژیمی شایان رووخاند بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی سیاسی و تەشکیلاتی چینی کرێکارەوە، بەهۆی نەبوونی ئالترناتیویکی سیاسی و شۆڕشگێرانە لە کۆمەڵدا، کۆنەپەرستی مەزهەبی بە سەروکایەتی خومەینی دەسەڵاتی پاش رژیمی شای لەدژی هەمان کرێکاران و زەحمەتکیشان بەدەستەوە گرت.

ئەو هەلویستەی ئەم جەماعەتە بەرانبەر بەخومەینی نەتازەیە و نەبۆ وەفاداری بە میژوو نووسراوە. هەمووکەس لەبیریەتی کەچلون حیزبی دیموکرات هەر لەسەرەتاوە خۆشباوەری دەرهەق بە خومەینی و رژیمەکەی بڵاو دەکردەوە و لە هەل و مەرجیك دا کە خەڵکی کوردستان شۆڕشگێرانە بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی راوەستابوون، ئەم حیزبە پەیتا پەیتا عەروز حالی دەنارده خزمەت "ایت الله العزمی حەزرەتی ئیمام خومەینی".

هەلویستی ئەمرۆی ئەم جەماعەتە لە لایەك بۆپاکانە کردنی ئەو رابوردوە بی شانازی یەیە ولەلایەکی تریش مەعنای ئەوەیە کە ئەگەر سبەی رۆژ دیسان بە هۆی ئامادەنەبوونی هیزی شۆڕشگیری کۆمەڵ، هیزیکی کۆنەپەرستی دیکە توانی لە جیی جمهووری ئیسلامی دانیشی، جیزبی دیموکرات هلپەرستانە لەدژی کرێکاران و زەحمەتکیشان بە بالای هەلبلی، ریایی لەبەربکا و خۆی پیوەهەلاوەسی هەرلیرەدا پیویستە ئیشارە بە بەشیکی دیکەی بەیاننامەکەی ئەم جەماعەتە بکەین:

"خەڵکی کوردستان شانازی لەوە دەکا کە هەلا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری خومەینی یەوە زۆر زوو لە نیوەروکی رژیمەکەی گەیشت و لەبەرانبەریدا لیبراوانە هەلویستی گرت."

بەڵی! خەڵکی کوردستان ئەشانازیەی بوخۆی تومار کردوە بەڵام ئەمە بە حیزبی دیموکرات چ مەربووتە؟ ئەوەی خەڵکی کوردستان کردوویەتی ریك بە پیچەوانەی هەلویستەکانی ئەوسەردەمی حیزبی دیموکرات بووە. ئەوە ئەوپەڕی دەغەلی وریاکاریی‌یە کە حیزبی دیموکرات ئەمرۆ بیەوی بەشیك لەو شانازیی‌یە بە سینگی خۆیەوە بلکینی. ئەگەر خەڵکی کوردستان شانازی بەوە دەکا کە هەر لە ئەوەل هەرەتای هاتنە سەرکاری خومەینی‌یەوە، بەرانبەریدا لیبراوانە هەلویستی گرتوە، حیزبی دیموکرات ئەمرۆ دەبی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان ئارەقی شەرم و خەجالەتی بریژی کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خومەینی‌یەوە هەتا زیاتر لە دووسالیش هەتا ئەو کاتەی خودی جمهووری ئیسلامی بە تەواوی جوابی کرد، خوشباوەری دەرهەق بە خومەینی و رژیمەکەی لەناو خەڵکدا بڵاو کردوەتەوە و لە بەرانبەریدا زۆر سازشکارانە هەلویستی گرتوە!

کی لەبیر چووەتەوە کە حیزبی دیموکرات چەندەی بە خومەینی هەلکوت و چەندە بە ئەنواعی سازشکاری و لەبنەوەبری هەولی دا بنەاوانی جوولانەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان بە ئاودا بدا؟ کی لەبیری چووەتەوە کە لە ریفراندومی جمهووری ئیسلامی دا مانگی خاکەلیوەی سالی ٥٨ کاتیك هەموو هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەو ریفراندومەیان تەحریم کردبوو، تازە حیزبی دیموکرات هەیئەتەکەی بە نارەڵای خومەینی و بازرگان و تەنیا دوای ئەوەی هەیئەتەکەی بە دەستی بە تال گەڕایەوە بۆ ئەوەی لە قافلە پاش نەکەوی ولەناو خەڵکی کوردستاندا وەك حیزبی تووەی لی نەیە، لەشەوی ئاخردا رای گەیاند کە لە ریفراندوم دا بەشداری ناکا؟

لەمانەوە بگرە هەتا باقی هەلویستەکانی حیزبی دیموکرات هەتا"لبیك" ناردنی بۆ خومەینی، هەتا ئیسکورت کردنی هیزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی و هەتا تیکدانی "هەیئەتی نمایندەگی خەڵکی کورد"، هەتا گورینی بەرنامەی حیزبی خۆی لە کۆنگرەی ٤دا بەدلخوازی خومەینی و جمهووری ئیسلامی، هەتا سوال کردنی خودموختاری "ئیسلامی"! و زۆرکاری‌تری لەم نەوعە، پەروەندەی ئەستووری سازش کاری وهەلپەرستی حیزبی دیموکرات پردەکەن و هەروەك جینایەتکانی خومەینی نابی لە بیر بچیتەوە، ئەو سازشکاری و هەلپەرستی‌یانەی حیزبی دیموکراتیش بەرانبەر بە خومەینی و رژیمەکەی وەك بەشیك لە تاریخی زیندووی ئێران و کوردستان نابی قەت لە بیرکرێکاران و زەحمەتکیشان بچنەوە.

ئەمانە رەنگدانەوەی رابوردووی سەرشورانەی حیزبی دیموکرات بوون لە بەیاننامەکەی ئەم جەماعەتە دیتە سەر لیکدانەوەی وەزعی جمهووری ئیسلامی دوای مردنی خومەینی بە یك کەلیمەش ریگا بۆخەباتی خەڵك رۆشن ناکاتەوە، بەڵکوو تەنیا ری لی ون کردن و دەستە وەستان راگرتنیان بەوەزیفەی خۆی دەزانی. بەیاننامەکە دەڵی:

" ئەو رژیمە لەراستی‌دا رژیمی خومەینی‌یەوە وەك لیباسیکی تایبەتی بە بەژن و بالای خودی خومەینی براوەوبەس... ئەو نیزامە پیویستی بە بوونی یەك دیکتاتور هەیە و لەگەڵ شیوەی شووڕایی و دەسەلاتی هاوبەشی چەند و چەندین کەس بە هیچ جۆر یەك ناگریتەوە. لە نەتیجەدا ناتەبایی و شەڕی نیو خۆیی ناچارە ئەوەندە دریژەی هەبی هەتا یەکیك ئەوانی دیکە لە مەیدان دەباتە دەر.

شەریکی نیوخۆیی ئەوتو کە دەبیتە هۆی خۆین لەبەرڕۆیشتنیکی دایمی، دەتوانی تائەو جیگایە بروا کە بە لەنەفەس کەوتنی هەمووان و مردنی یەکجاری رژیم تەواوبی"! بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە سەرانی جمهووری ئیسلامی هەرچەندی کیشەی ناوخۆشیان تووندبی، بەپیی قازانجی پاراستنی مەوجوودییەتی خۆیان و لەترسی خەڵکی زەحمەتکیش بۆ ماوەیەکیش بووە دەتوانن لەگەڵ یەك بسازین و تەنیا بە فشار لە خوارەوە کیشە و ناکوکی‌یان لی تووندتر دەبیتەوە. بیجگە لەوە ناکوکی ناوخۆی رژیم هەرچەندیش توند بی مادام کرێکاران وزەحمەتکیشان لەمەیدان دا نەبن و بەباشی کەلکی لی وەرنەگرن قازانجیکی لی ناکەن و سەرەنجام ملهوریکی‌تر هەر لەخۆیان کەلکی لی‌وەردەگری یان حیزبیکی دەستدەخۆری وەك حیزبی دیموکرات پیی بەنان ونەوا دەگا.

کیشەی ناوخۆی رژیم واقعییەتیکی مەوجوودەو چینی کرێکار و کۆمەڵانی حەقیانە لە زەعف و داماوی رژیم دوای مەرگی خومەینی و لەشەری نیو ریزی دوژمنانی جینایەتکاران خوشحال بن. بەڵام بۆچ مەبەستیك؟ بۆ چاوەروان مانەوە وسەبرکردن ودەست لەسەر دەست دانان یان بۆکەڵك لی وەرگرتن و هاتنە مەیدان؟

لەدریژەی بەیاننامەکەدا هاتوە:

"بەڵام دیواریکی لە رزوك و بن کۆل کراو بەبی پال پیوەنان مومکینە هەتا ماوەیەکی دریژ خۆی راگری ونەرووخی".

کەسیك حیزبی دیموکرات نەناسی، بەشوین ئەم قسە مەعلوومەدا رەنگە چاوەروان بی حیزبی دیموکرات بە خەڵك بلی دەیسا وەرنە مەیدان و بە هیزی خۆتان پال بەم دیوارە لەرزوکەوە بنین و بیرووخینن. بەڵام حیزبی دیموکرات لەم ناپاریزی‌یە ناکا وقسەی وای بەزاری دا نایە بەڵکوو هەر دوابەدوای ئەو قسەیە دەڵی:

"لیرەدایە کە ئەرکی ئوپوزیسیونی پیشکەوتوو و شۆڕشگێری ئێرانی خۆی بەتەواوی دەنوینی".

وە لەئیدامەی باسەکەیدا"هیزەکانی دیموکرات وکۆماری خوازی ئێران "بانگەواز دەکا کە بۆ "پیك هینانی بەرەیەکی یەکگرتوو چالاکانە تی بکۆشن".

"هیزی دیموکرات وکۆماری خواز"

"ئوپوزیسیونی پیشکەوتوو و شۆڕشگێر" لە روانگەی حیزبی دیموکراتەوە کامەیە؟ ئەگەر هەرکەسیك حیزبی دیموکرات و هاوقوماشەکانی نەناسی خەڵکی کوردستان باشیان دەناسن. بیجگە لەوەش سکرتیری گشتی ئەوحیزبە زۆرجار نەیشاردوەتەوە کە نگ هەربەشیك لە سەلتەنەت تەلەبکان بەڵکوو لایەنیك لە ناوخۆی رژیمیشی لەبەرچاوە کەپییان دەڵی "واقیع بین" و ئەگەر مەیدانی پی بدرایە حەتمەن ئیستا زۆرتر لە جاران بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ "واقیع بینەکان"ی ناوخۆی رژیم وەسوەسە هەلی دەگرت.

ئەفسانەی بەرە بۆحیزبی دیموکرات سالەهایە تەنیا نەقشی پەردەیەکی هەیە کە بی عەمەلی سیاسی، بی ئاسویی و تەریك مانەوە و بی دواڕۆژی خۆی پی دادەپوشی.

بەکورتی حاسلی بەیاننامەکەی ئەم جەماعەتە لەسەر مەرگی خومەینی ئەوەیە کە هەتا ئەو جیگایەی تیغی قسەوسیاسەتی دەبری، خەڵك بە هەلەتی چاوەروانی دا بەری ولەهاتنەمەیدانی راستەو راست لە دژی رژیم و مەینەتەکانی ژیانیان، لە حەرەکەت و ئیعتیرازی حەقخوازانە و لە کۆکردنەوە وریکخستنی هیزی خۆیان غافلیان بکاو وەك باقی هیزەکانی بورژوازی لەم رۆژە ناسکانەدا بە کردەوە خزمەت دەکا بە خۆگرتنەوەی جمهووری ئیسلامی دوای مەرگی خومەینی.

جمهووری ئیسلامی بیگۆمان لەگەڵ دەورەیەك لەبوحرانی سیاسی و ئابووری و لەگەڵ دەوریکی‌تر لەکیشەی ناوخۆ بەرەو روو دەبی، بەڵام بەپیچەوانەی بەیاننامەکەی حیزبی دیموکرات ئەوەی دەبیتە هۆی فەوتانی، نەتوندتر بوونەوە کیشەی ناوخۆیی‌یە، نەبەرەی خەیالی حیزبی دیموکرات وهاوقوماشەکانی بەڵکوو کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکیشی وەکیان هاوو ئەوهیزە کۆمەڵایەتی‌یە پرسام و پرقودرەتەن کە دەتوانن گۆڕ هەلکەنی جمهووری ئیسلامی و وەدی هینەری ئال و گۆڕی بنەرەتی بن لە ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیان و باقی خەڵکی ولات دا.

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە کوردستان کە تائیستاش بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خۆیان بە پیچەوانەی سیاسەتی خەیانەتبارو هەلپەرستانەی حیزبی دیموکرات هیناوەتە پیش، لەم سەردەمەشدا بەپیچەوانەی ئاموژگاری و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە چاوەروان دەستەوەستان دانانیشن بەڵکوو بەپیداگرتن لەسەر دانەدانە داخوازە ئابووری و سیاسی‌یەکانیان، بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی ریزی خۆیان پتەو دەکەن و لە لاوازی و ئالوزی ئەم رژیمە جینایەتکارە بۆ هەر سەنگەرگرتن و پیشرەوی کردنیکی خۆیان وشیارانە کەڵك وەردەگرن.

(پاشماوەی) وەلامی خەلکی کوردستان بە نمایشی هەلبژاردنی رژیم

رژیم دلی بەوە خۆش کردوە کە لە کوردستان ٣٥٠ هەزار رەئی کۆ کردوەتەوە کە لەم ژمارەیەش نزیکەی ٢٠٠ هەزار رەئی هی‌بەکریگیراوانی چەکدار و دام ودەزگای سەرکوت و جاسووسی رژیم لە کوردستانە هەرکەس بە قامك حیسابی کا دەتوانی تی بگا ئەوەی رژیم بۆخۆی بەسەرکەوتنیکی دادەنی ژمارەیەکی نزیکەی ١٥٠ هەزار کەسە. لە کوردستانی ٦-٥ میلیونی دا ١٥٠ هەزار رەئی مانای چیە؟ یانی ئەگەر فروفیشالی رژیم بەراستیش دابنری، هیشتاش ١٠٪ی ئەو کەسانە ناکا کە هەقی رەئی دانیان بووە بە وتەیەکی‌تر یانی ٩٠٪ ی خەڵکی کوردستان لە نمایشی هەلبژاردنی رژیم دا بەشداری یان نەکردوە.

بەکریگیراوانی رژیم بۆ ئەوەی بەزۆر خەلك بکیشنە شوینی سندووقەکان، خیابانەکان وگەرەکەکانیان خستە ژێر کۆنترول و بە شوین خەڵك دا چوون و بەزۆر هینایانن بۆشوینی سندووقەکان.

چوونە هەر ئاوایی‌یەك لە پیشدا گەماڕویان دا و پاشان رژانە نیو ئاوایی و هەرکەسیان کەوتەبەردەست بەزۆرکیشایانە شوینی سندووقەکان، یان بەزۆر چوونە مالی خەلك و سجیلی خانەوادەکانیان هیناتا ژمارەی رەئی‌یەکان زیادکەن.

بۆنموونە لەشاری سەقز، رۆژی هەلبژاردن، خەلك شوینی کاری خۆیان و بازاریان تەعتیل کردوە تا ناچار نەبن رەئی بدەن. خەڵکی ئاوایی‌یەکانیش گوییا نەداونی و وەشوین کارو ژیانی خۆیان کەوتوون رژیم لە ناچاریان بۆ کۆکردنەوەی رەئی، لەشارودیهات پەنای بردوەتەبەر هیزی سەرکوتەگەری.

کەوابی دەوردەکەوی لە کوردستان جگە لە ژمارەیەك هاوکارو دەست و پیوەندەکانی رژیم، زۆربەی ئەو کەسانەی رژیم ئیددیعادەکارەئیان داوە بەزۆر کیشراونەتە شوینی هەلبژاردنی نمایشی رژیم و بە زۆر رەئیان لی ئەستاندوون.

بەم جۆرە خەلکی کوردستان جاریکی تریش دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و نیزامە گەندەلەکەی نیشان دا. خەڵکی کوردستان کاتیك هەلبژاردن بەرەوا دەزانن و بە دلخواز رەئی پیدەدەن کە هیزی سەرکوتگەری رژیم لە کوردستان چووبیتە دەرتا جەماوەری خەڵك بتوانن ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

(پاشماوەی) کوچ پی کردنی خەڵکی ئاوایی‌یەکانی سەرسنوور

لەهەل و مەرجی ئیستادا یەکیك لە ئامانجەکانی جمهووری ئیسلامی تەنگەبەر کردنی مەیدانی خەباتی چەکدارانەیە. رژیم ویرای کۆکردنەوەی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری هیزەکانی لە سنووەکان، وبەریوە بردنی گەلالەی تەلبەندکردنی سنووەکان ومین نانەوە، رووی کردوەتە سیاسەتی کۆچ پیکردنی زۆرەملی خەلکی زەحمەتکیشی ئاوایی‌یەکانی سەرسنوور لە حالیکدا هیزی پیشمەرگە بەپەرینەوە لە دەیان بنکەو پایگای جۆراجۆر خوی دەگەیەنیتە قوولایی ناوچەکانی کوردستان لەناوشارەکان و قەراخ شارەکان و جادە ئەسلی‌یەکان تیکۆشانی خۆی دریژە پی دەدا.

بەڵام تەقەلای رژیم بۆ بەریوە بردنی پیلانی کوچی زۆرەملی تەنیا بریتی نیە لە گواستنەوەی خەلکی ئاوایی‌یەکانی سەرسنوور بۆ جیگای دیکە. جمهووری ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە کە لەم پیلانەدا هەیەتی، دەیەوی کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان زیاتر لە جاران بەریتە ژێر دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی خۆی و ژێر چنگی هیزە سەرکوتگەرەکانی. هەر بۆیە رژیم لە بەهارو هاوینی رابوردوودا تەنیا بە فشار هینان بۆ خەڵکی زەحمەتکیشی ئاوایی‌یەکانی سەرسنووەوە نەوەستا بەڵکوو لە مەیدانیکی بەرین تردا لە ئاوایی‌یەکانی دەوروبەری دیواندەرەو پیرانشار و سنە پیشی بەهات و چووی ئازادانەی خەڵك بۆ مووچەو مەزراکان و دەرەوەی ئاوایی گرت. هەر ئیستاش ئەم سیاسەتە دریژە پی دەدا و لە هەندیك ناوچە بەراگەیاندنی حوکمی نیزامی بە کردەوە کۆسپ دەخاتە سەر ریگای کار و ژیانی خەڵکی زەحمەتکیش.

کرێکاران! خەڵکی زەحمەتکیش!

سیاسەتی کوچی زۆرەملی بە مانای پی شیل کردنی یەکیك لە سەرەتایی ترین مافە ئینسانی‌یەکانتانە. هەموو ئینسانیك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە شوینی کار و ژیانی خۆی هەلبژیری. کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستان هەروەك هەتا ئیستا تەسلیمی ئەم سیاسەتە جینایەتکارانەیەی رژیم نەبوون و پاشەکشەیان نەکردوە، دەبی یەکگرتووتر لەجاران ئیعتیراز بکەن و بە خەباتی یەکگرتووانە و یەکپارچەی خۆیان پیش بەوەبگرن بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە کار و ژیانیان دا دەخالەت بکەن. دەبی بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە شوینی کار و ژیانی خۆتان وەدەرنین.

وەرگیردراو لە گوڤاری "پیام" ژمارە ٤٥

گوزارش به پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

رووبکردنەوە:

ئەم نووسراوەیە چەندبەش لە گوزارشیکە کە لە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەند کۆمەڵەدا- کە نیوەی هەوەلی گەلاوێژ دەستی پیکرد و نیوەی دووهەم کۆتایی پی هات لەلایەن جەمعی رابەری نیوان دوو پلینومی کۆمەڵەوەن هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە پیشکەشی کرد. پلینوم پاش باس وراوێژکردن لەسر ئەو گوزارشە و وەبیرهینانەوەی هەندیک خالی بە کەڵک بۆتەکمیل کردن و رۆشن کردنەوەی، کوالیەتی گوزارشەکەی پەسند کرد. ئەم گوزارشەی کە ئیستا دەیبینن بۆبڵاوبوونەوەی عەلەنی نووسراوەتەوە و ئەو بەشانەی لە ئاخری گوارشەکەدا سەردیرەکانیان نووسراوە، بەهۆی تی بینی سیاسی و تەشکیلاتی لابراون.

١- وەزعییەتی سیاسی:

خاموش بوونی ئاگری چەکەکان لە جەبهەکانی شەری ئێران و عێڕاق و قەبوولی بریارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە لایەن جمهووری ئیسلامیەوە لە هەمان کاتدا کە قورسایی ئەم شەرە مال ویرانکەر و بەسامەی لە سەرشانی خەڵک لابرد، هەروەها شکستی جەرەیانی پان ئیسلامیستی لە مەنتەقەدا مسوگەر کرد. پان ئیسلامیزم کە قەرار بوو ئالترناتیوی کە کردنەوەی بوحرانی حکوومەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بی لە مەنتەقەدا، نەک هەربەم ئامانجە نەگەیشت، بەڵکوو خۆی لە ماوەی چەندین سالدا بوو بەهۆی بی سەباتی و جیگیرنەبوونی سیاسی بورژوازی و توندوتیژ کردنەوەی بوحرانی ئابووری نەبوونی هیچ هیوایەک بو زال بوون بەسەر ئەم بوحرانەدا، مەترسی هەستانیکی جەماوەری و پیک هاتنی وەزعیکی شۆڕشگیرانەی لە ئێران دا هینابووەگۆر ئەم مەترسیەیە هەم جمهووری ئیسلامی و هەم بورژوازی ئێران و هیزە ئەمپریالیستەکانی کە ئالترناتیویکی گونجاویان نەبوو تالەجیی رژیمی ئیسلامی دابنین، زۆرنیگەران کردبوو. لەبەر ئەوە هەم لەناوخۆ و هەم لەدەرەوە رژیمی دسەلاتداریان بووەلا نان ودەست هەلگرتن لە مەبەستی داگیرکەرانە و پاوان خوازانەی خستە ریرفشار. کەوتنە اصلاحی ئەم رژیمە و تیکۆشان لق وپوی زیادی و دەست و پی گیر و توندرەوانەی پان ئیسلامیستی لی ببن و خۆیان لە مەترسی سەرهەلدانی شۆڕشیکی تر رزگار بکەن. بەم بۆنەوە بورژوازی لە ناوخۆی رژیم و لەدەرەوەی رژیم رادەستی دایە هەول و تەقالایەکی هەمەلایەنە بۆ دەربازکردنی جمهووری ئیسلامی لە بوحران و بن بەستی سیاسی.

بەدوای برانی نەعرەی"شەر، شەر..."ی حیزب اللە بولەبولی ناو خۆی دام و دەزگاکانی حکوومەتی زیادی کرد و موسابەقەیەک بورخنەگرتن لە "توند – رەویەکان و هەلەکانی رابوردوو" لە لایەن منتزری و جاروباریش لە لایەن رفسنجانی و ئەوانی ترەوە وەری کەوت. بلند گوکانی ئەمپریالیستەکانی رۆژئاواش بۆ هاو – ئاهەنگ کردنی خۆیان لەگەڵ ئەم شەپولە وەکارکەوتن و هەولیان دا ئەوجیهەت – گورانە وەک نیشانەی سەرکەوتنی "میانەرەوی " و " نەرم و نیانتر بوون" ی شیوەو شیعارەکانی رژیم سەبارەت بە مەسەلەکانی نیو خۆی ئێران و دەرەوەی ئێران لە قەلەم بدەن و جیی بخەن بۆ دەورەیەکی تر هەولیان دارفسنجانی وەک کەسیکی واقیع بین نەرم و نیان لە قەلەم بدەن کە بازسازی دوای شەر لەسەر ئەساسی نەزم و قانوون رابەری دەکا و دەستیان دایە تاریف کردن و پی هەل – کوتنی و هەموو هیوا و ئارەزووەکانیان بۆ "داهاتووی ئێران" بەرفسنجانی یەوە گری دا.

بەڵام لەهەموو ئەم ماوەیەدا "حیزب – اللە"ش بەکەلک وەرگرتن لە ئاخرین هیزوتوانی خمینی، هەولی دەدا هیزی خۆی بۆسازمان دانی پەلاماریکی پان – ئیسلامیستی لە دژی ئەو هیرشەی کە کرابووەسەری ئامادەبکاو سەرەنجام بە کیشانەخوارەوەی منتزری و پاشان بە کارشکینی کردن لە رەوتی ئاسایی کردنەوەی پەیوەند لەگەڵ غەرب و بەکەلک وەرگرتن لە"رووداوی سەلمان روشدی" دەستی دایە ئەم هیرشە. هۆی ماددی ئەم بەرەنگاربوونەوە پان ئیسلامیستیەیە لە راستیدا ناکام مانەوەیان چوونە پیشی زۆربەشینەیی رفسنجانی وداروودەستەکەی بوو لەراکیشانی سەرمایەکانی دەرەوەو لە وەگەرخستنی سەرمایەکانی نیوخۆ و بە گشتی ئەوەی بە نیوی بازسازی باسی لی دەکرا. کاتیک وەعدە و بەلینەکانی ئەم جیناحە بوراکیشانی سەرمایەکان بەریوە نەچوو و ئەوزاعی ئابووری بەرەو خراپ بوونی زیاتر چوو، حیزب اللە ئەم هەلەی بوهیرش کردن خواستەوە و لە "رووداوی سەلمان روشدی" بە قازانجی خۆی کەلکی وەرگرت.

غەرب لەبەرانبەر ئەم هیرشەی پان ئیسلامیستەکاندا راوەستاو رژیمی جمهووری ئیسلامی بۆپاشەکشە کردن نایەژیر فشار (بانگ کردنەوەی سەفیرەکان، تیکدانی پەیوەندی سیاسی، وەری خستنی هەرای تەبلیغی لەسەر ئەو مەسەلەیە و ...) ئەم جیناحەی بورژوازی ئەمپریالیستی وەها هیزی خستبووەسەر بەهیز کردنی جەرەیانیکی "میانەرەو" کە تەنانەت کاتیک رفسنجانی بوراگرتنی مەوقعییەتی خۆی هیندیک وەرگەرایە لای حیزب اللە، زەخت و فشاریکی تووندوهەمەلایەنەی خستە سەرخودی رفسنجانی و ناچاری کرد قسەکانی سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین کە لە سوخەنرانی رۆژی قودس داکرد بووی وەرگریتەوە.

بە هەر حال سەرەرای هەول و تەقالای حیزب اللە واقعییەت ئەوە بوو کە هەم خمینی وەک وشکە حیزب اللهی یەک و وەک کەسیکی کەدام و دەزگای حکوومەتی و سەرو خواری دەولەتی مان و مەشرووعییەتی لە گرەوی ئەوەدا بوو پەیرەوی لەوبکا، پیی لەسەر لیوی قەبربوو وهەم دام و دەزگا ئەسلیی ئیداری و قانوونیەکان لە هەموو باریکەوە لە دژی جیناحی پان ئیسلامیست و بە دەست رفسنجانی وداروودەستەکەیەوە بوو لەم رووەوە حیزب اللە بە تەواوی کزو لاوازبوو و خرابووە جی و شوینی ئوپوزیسییونەوە (گەرچی ئوپوزیسیونیکی دەردی سەرساز و تیک دەر لە روخواری حکوومەت دا) و تەنیا مانی خمینی ببووە هۆی ئەوە کە هیشتا جۆرەسەنگ و سووکی یەک لە نیوان هیزەکان دارابگیری بۆیە پاش مەرگی خمینی حیزب اللە دیسانیش کزولاوازتر بوو وجی و شوینی جارانی لە نیو حکوومەت دا نەماو هەول و تەقالا بۆ دەرهینانی یەکجاری ئەرکانی دەسەلات لە دەستیان زیادی کرد.

لەم دەورەیەدا رژیم بەرانبەر بە موخالیفانی سیاسی خۆی وەک هەمیشە بە زمانی کۆشتار و سەرکوت و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بی وینەودرندانە دەدوا سیاسەتی بەرانبەر بە نارازییەکانی چینەکانی سەروو، تکنوکراتەکان، بوروکراتەکان و سەرمایەدارانی نیوخۆ ئەوە بوودەرووبەکی رووناکیان بەرووداو بکاتەوە تتاسەرمایە و "تخصص"ە کانیان بۆسەروسامان پیدانی وەزعی شپرزی بەرهەم هینانی سەرمایەداری وەگەربخەن. بەرانبەر بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش سیاسەتی رژیم، سیاسەتی چاوەروان وراگرتنی خەڵک و دریژەپیدانی هەرچی زیاتری دەورەی چاوەروان مانەوەیان وهینانە خواری تەوەقوعیان بوو.

لەم دەورەیەدا جگە لەماوەیەکی کورت کەدوابەدوای ئاگربەس نرخی پیداویستیی ئەساسیەکان هیندیک داشکا ومانگیکیش دەوامی نەبوو-وەزعی ژیانی خەڵک و بە تایبەت کرێکاران و تویژە کەم دەرامەدو زەحمەتکیشەکان رۆژ بە رۆژ بەرەوخراپی چووە. بە پیی ئامارە رەسمییەکان، خەڵک توانای خریدیان لەچاو سالەکانی هەوەلی هاتنەسەرکاری جمهووری ئیسلامی نۆتا دە بەرابەر هاتوەتە خوارو ژمارەی بیکاران رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاد دەکا.

لە کوردستانیش رژیم سیاسەتی تەفەردان وچاوەروان راگرتنی خەڵکی گرتەپیش جمهووری ئیسلامی هیزە سازشکارەکانی کۆمەڵ، دەولەمەندان، بازرگانەکان، کارمەندە پایە بەرزەکان و عامیلانی فروشی کالا دەولەتییەکان و کەسانی لەم چەشنەوەکار خست و خۆی لە پشت تەبلیغاتی سازشکارانە و ریاکارانە ئەوان دا شاردەوە. وەعدەو بەلینەکانی زۆرترکرد. کاربەدەستانی سەرووی رژیم هاتنە کوردستان، هەوالی وت و وێژی نهێنی خۆیانیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات (جیناحی کۆنگرەی٨) و وەعدەی چارەسەرکردنی مەسەلەکانی کوردستانیان لە ریگای هیمنانەوە، بە شیوەی غەیرە رەسمی بلاوکردەوە. سەرچاوەی ئەم هەول و تەقالایانە ترس ونیگەرانی ئەوان بوولە پەرەسەندنی بزووتنەوەی پەلاماردەرانە و هەستانی جەماوەری لە کوردستان.

بە کۆتایی پی هاتنی شەر، لە کوردستانیش فشاری گرانی و بیکاری هەروا زیادی کرد. خەڵک لەباری بەری چوون و سەختی ژیانەوە پییان نایە دژوارترین هەلو مەرجی پاش تەواوبوونی شەر. مەسەلەی گوزەرانی ئەمرۆ و سبەینی هیشتاش هەر گرینگترین مەسەلەی خەڵکە، خەڵکیک کە فرۆشی هیزی کاریان تەنیا وەسیلەی بەری چوونی ژیانی ئەمرۆ وسبەینی یانە. تەواوبوونی شەر نەک هەر تەئسیریکی نەکردەسەر چوونەسەرکار، پەیداکردنی کار، کەم بوونەوەی بێکاری، کەم بوونەوەی رادەی گرانی و داشکانی قیمەتەکان، بەڵکوو بە تەعتیل بوونی کاری ئیرەوئەوی و راوەستانی هیندیک لە پرۆژە دەولەتی و خوسووسییەکان، وەک جادەکیشان، دروست کردنی ساختمان و بیمارستان و...، رادەی بیکاری زیاتر بوو وکوو وکۆمەڵی کرێکاران زیاتر لە پیشوو لیک بڵاوبوون.

گەرچی کەم بوونەوەیەک لە بەرینایی ئیعتیرازی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەریدا لەچاو رۆژەکانی پیش ئاگربەس وەبەرچاو دەکەوی، بەڵام کەیفییەتی داخوازەکانی کرێکاران وجەماری خەڵک لەچاو جاران فەرقی کردوە. راوەستان بەرانبەر بەزیادکردنی سەعاتی کار و کەم کردنەوەی حەقدەست توند وتیژتر بووەتەوە. داخوازی زیادکردنی حەقدەستەکان، باستر بوونی شەرایتی کارو... نیشان دەری چاوەروانی و تەوەقوعی بالای کرێکارانە لە سەرمایەداران و حکوومەتە لە شارەکانی نەغەدە و شنو و بۆکان جاریک ولە مەهاباد سێ جار حەقدەستەکانیان زیادکرد، ئاکسیونەکانی ئەوەلی مانگی مەی ئەمسال لە چاوپیشوو بە کەیفییەتیکی باشتر ورادەی ریکخراویەکی لەسەرتر بە ریوەچوو و بە گشتی گەرچی هیزی ئیعتیرازی کۆمەلایەتی لە ناو کۆمەڵ دا لە چاومانگەکانی پیش ئاگربەس کەمی کردوە، بەڵام کرێکاران بە ترجرەبەترو وشیارتر ماوەترو پیچیدەتر لە دژی سەرمایەداران و رژیمی جمهووری ئیسلامی دەبەنەپیش .

خەباتی خەڵکی گەرەکە زحمەتکیش نشینەکان گەرچی نەگەیشتوەتەوە رادەی رۆژەکانی پیش کۆتایی پی هاتنی شەر، بەڵام هەروا دریژەی هەیە. ئیستاش لەسەر گەرەکەکانی خارجی مەحدووده لە نیوان رژیم و خەڵکی ئەو گەرەکانەدا کیشمەکیشی توندوتیژ بەردەوامە.

ئیعتیراز بەکەمی سووخت و ئاردو نان نەک هەرکەمی نەکردوە بەڵکوو توند و تیژتر بوونەوەی ئەم ئیعتیرازە لە چەند مانگی رابوردوودا شارەکانی لە هەلچوونیکی گشتی نزیک کردەوە بە جۆرێک کە تەنانەت بلندگو تەبلیغاتی یەکانی رژیمیش باسیان کردو رژیم ناچار بوو پاشەکشە بکاو داخوازەکانی خەڵک قەبوول بکا. کیشانی ئاوی لوولەکیشی و بەرق، سازکردنی بیمارستان، دەرمانگا، مەدرەسە و ئیسفالت کردنی کووچە و خیابانەکان، بوونە بەشیک لە داخوازە بنەرەتی و ریفاهییەکانی گشتیی دانیشتوانی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکان.

بەگشتی سیاسەتی تەفەردان و سەرگەرم راگرتنی خەڵک، بەلینی وئیمتیازی بچووک دان بە خەڵک لە لایەن رژیمەوە هەروا دریژەی هەیە. لە هەمان کاتدا کە رژیم هەروەک پیشوو سیاسەتی زیندانی کردن، ئەشکەنجەو ئیعدامی هیزەکانی موخالیفی خۆی بەریوەدەبا، هەبرانبەر بە ئیعتیرازە جەماوەرییەکان بە پاریزەوە دەجوولیتەوە.

مەوقعییەتیخەباتی چینایەتی

کاتیک باسی مەوقعییەتی چینی کرێکاری ئێران لە کیشمەکیش و خەباتی چینایەتی دەسالّی رابوردوودا دەکەین، پیویستە لەم بارەیەوە باسی چەندخالی ئەساسی بکەین. چینی کرێکاری ئێران لە دەسالّی رابوردوودا مەینەت و سەختی یەکی سامناکی پی تەحمیل کراوە. ئەمرۆ ئەم چینە هەموو مەیدانەکانی ژیانی مەینەتباری سەرمایەداری تەجرەبە دەکا. کۆمەڵیکی یەکجار زۆر لە کرێکاران بێکارن و مەسەلەی گوزەرانی رۆژانە بووەتە سەرەکیترین مەسەلەی ئەم جەماوەرە بەرینە.

هەروەها وەزعی مەینەتباری ئابووری دووبەرەکایەتی نیوان کرێکارانی پەرەپیداوە و ئیستا ئەم چینە لەباری پیک هیناین ریکخراوە کرێکاریەکانەوە لە سەرەتای قەوارەپیدانی ئەم ریکخراوانە دایە. هەلوەشاندنەوەی ریکخراوە کرێکاریەکان، شەرومەینەتەکانی شەر، دەرکردن و بێکارکردن و هیرشی بورژوازی و حکوومەتی ئیسلامی بۆسەر ژیان و رادەی گوزەرانی کرێکاران، چینی کرێکاری چ لەباری وەزعی ژیان وچ لەباری دەورونەقش و مەوقعییەتی لە مەیدانی سیاسی دا، دەورونەقش و مەوقعییەتیک کە بە حوکمی هەل و مەرجی عەینی دەورانی شۆڕشی سالّی ٥٧ وەدەستی هینابوو، خستوەتە هەل و مەرجیکی دژوارترو لە دواتر جمهووری ئیسلامی بەبی داسەپاندنی ئەم رادەیە لە بەلاّو مەینەتی سامناک هەرگیز نەیدەتوانی نیازەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش، شۆڕشیک کە چینی کرێکار بربرە پیشی بوو، جواب بداتەوە.

سەرەرای هەموو ئەوانە کاتیک باسی مەوقعییەتی چینی کرێکاری ئیران دەکەین بەبی قامک دانان لەسەر ئەو دەسکەوتانەی کە پایەدارترن و ئەم چینە لە هەورەی شۆڕش دا توانیویەتی وەدەستیان بینی و لە دەسالّی رابوردووش دا ولەدژوارترین هەل ومەرج دا زۆربەیانی پاراستوە، ناکری بگەینە تیگەیشتنیکی دروست لە مەوقعییەتی چینی کرێکاری ئێران.

چینی کرێکار بە شۆڕشی سالّی ٥٧ و هەروەها ماوەی دەسالّ کیشە و خەباتی چینایەتی و تیکۆشان بۆپاراستنی گوزەران و مەوجودییەتی خۆی، لەباری سیاسی و ناسینی مەوقعییەتی چینایەتی خۆیەوە، زۆر بەرەوپیش چووە. ئاگادار بوونی ئەم چینە لەمەوقعییەتی خۆی، خۆناسینەوە و پەی بردن بەمەوجوودیەت و قازانجی هاوبەش وهاوچارەنووسی چینایەتی خۆی ئیستا بۆی بوون بە دەسکەوتیک کە ئیتر ناکری لە چینی کرێکاری ئێران بستیندریتەوە چینی کرێکار تارادەیەک پەی بە هیزەتوانای خۆی بردوە ودیتوویەتی دوژمنانی چینایەتی چەندی لی دەترسن وچون ترس و خوفیان لی نیشتوە. ئەمرۆ هیزوتوانای چینی کرێکار تەنانەت لە جم وجوولی دوژمنیش دا دەبیندری. جگە لەوانە لە ماوەی دەسالّی رابوردوودا چینی کرێکار هەمیشە ناکوکی و سەرلی شیواوی وناتەوانییەکانی نیو خۆی دوژمنانی چینایەتی خۆی بە چاودیوە و هەرئەمەش بەری بەوە گرتوە کە ئەم چینە چاوترسینی حکوومەتی بورژوایی ئێران بیت. هەموو رۆژیک ئالوزی و سەرلی شیواویەکانی نیوخۆی حکوومەتی بە چاو دیوەو ئەم واقعییەتەی دیوە کە چون ئەم حکوومەتە رۆژانە و لە رووداویکەوە تاروودا ویکی تر مەوقعییەتی سیاسی خۆی راگرتوە.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر ناکوکییەکانی نیوخۆی هەیئەتی دەسەلاتداری بورژوایی ئێران، راستەکەی ئەوەیە ئەم ناپتەوەیە سەرچاوەکەی لەم داماوی وسەرلی شیواویە دایە کە بۆ وەلامدانەوەی بوحرانی کۆمەلایەتی تووشی بوون، بوحرانیک کە رۆژ بە رۆژ قوولتر بووەتەوە. هەر ئەوەی کە خۆیان نیویان ناوە "شەری چوارەم"، شەری نیوان فەقیرو دەولەمەند. بەتاک خستنەوە و پاشەکشە پی کردنی هەرکام لەداروەدستە و جیناحەکانی نیوخۆی حکوومەتی بورژوایی ئێران بەوەلامیکەوە بەستراوە تەوە کە هەرکام لە جیناح وداروەدستەکانی رژیم بۆ دەربازکردنی بورژوازی لەم بوحرانە کۆمەلایەتییە، دەیدەنەوە ئەمە لە قەوارەپیدانی شەروکیشەکانی داهاتووی نیوخۆی دام و دەزگای حکوومەتیشدا گرینگیەکی زۆری دەبی.

داماوی حکوومەتی بورژوایییەکانی ولاتانی ژیردەستە بۆچارەسەرکردن یان کەم کردنەوەی بوحرانی ئابووری کۆمەلایەتی لەولاتەکانیاندا، هیچ هیوایەکی بۆ بورژوازی لە ناوەوەیان لە دەرەوە نەهیشتوەتەوە کە دەوریکی تازەی رەونەق یان تەنانەت سەقام گرتنیکی سیاسی کۆمەلایەتی بۆ بورژوازی ئێرانیش پیک بینی بەلاّم بەهەر حال ئەوەی کە بە نیوی بازشازی، لەچواچیوەی سازکردنەوەی ویرانییەکانی شەرووگە رخستنەوەی سەنعەتی مەوجوود دا دەهینریتە گۆر، گەرچی ئیمکانی مانور دانیکی زیاتر و دەرفەتیکی زیاتر دەدا بە بورژوازی کە لە داهاتوودا بەرانبەر بە بزووتنەوەی کرێکاری راوەستی، بەلاّم باشتر بوونی هەر رادەیەکی وەزعییەتی ئابووری دەتوانی

پایەی ماددیی بزووتنەوەی کرێکاران بۆ داخوازەکانیان بەهیزو تواناتر بکا و هەل و مەرجیکی لە بارتر بۆپەرەپیدانی بزووتنەوەی کرێکاری وبردنە سەری وزە و توانای خەباتگیرانەیان بخولقینی.

کرێکاران دەبی بەچاویکی ئاوالەوە سەرنج بدەنە ئال و گۆڕەکانی ئەم دەورەیە و نەك هەر لە لاوازییەکانی ئیستای حکوومەت کەڵك وەرگرن، بەڵکوو هیزی یەکگرتوویان بۆ راوەستان لە بەرانبەر بردنەسەری رادەی چەوساندنەوە وبۆکەڵك وەرگرتنی زیاتر لە نیعمەت و خزمەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە کە هیچ شتیك نیە جگە لە حاسل وداهاتی کاری خۆیان، وەکاربخەن و داخوازەکانیان بە سەر سەرمایەداران و حکوومەتەکەیاندا داسەپینن. لەم حاڵەدا بەهیزوتواناتر وریکخراوتر خەباتی چینایەتی ئەم دەورەیە تیپەر دەکەن. جامیعە هیزی چینی کرێکاری لە شۆڕشی ساڵی ۵۷دا تەجرەبە کردوە ولە تەواوی ماوەی دەساڵی دوای شۆڕشی ۵۷یش دا ئەم چینە لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی دەسکەوتەکان و پاراستنی رادەی ژیان و گوزەرانی دا تەجرەبەی وەدەست هیناوەو لە نەتیجەی ئەم ئال وگۆڕە دەسالەیەدا، ئەمرۆ دەرفەتی ئەوە خولقاوە کە کۆمۆنیزم وەك ریگایەك بودەربازکردنی کۆمەڵ لەو بوحرانەی کەتووشیەتی، بیتەگۆڕو ئاوات و ئامانجەکۆمۆنیستیەکان دەرفەتی بلاوبوونەوە ورەواج پەیداکردنیان وەدەست هیناوە. لە کوردستان وەزع لەوەش لەبارترە. لیرە ئیمە لە شوینیك دا دەژین و خەبات دەکەین کە جەماوەری کرێکار سوسیالیزم و خەباتی سوسیالیستیان لە زمانی کۆمەڵەوە بیستوەو هەرچی زیاتر پەرەی پی بدەین و قوولتری کەینەوە هەر بەم میزانەش ریزی بزووتنەوەی کرێکارانمان بەهیزوتواناتر کردوە. ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە لەم هەل و مەرجە لە بارەی کە بۆمان خولقاوە کەڵك وەرگرین و ئامانجی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار وەك ریگای ئال و گۆر بەخشی ئەم کۆمەڵگایە بخەینە بەرچاوی هەمووان و بەزمانی سوسیالیستی و لەروانگەی سوسیالیستییەوە وەلامی هەموو گیروگرفتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بدەینەوە وبۆ وەلانانی هەرکامیان ریگا کرێکاریەکەی نیشان بدەین و لەم ریگایەوە کرێکاران و بزووتنەوەکەیان سەروشانیك هەلکیشینە سەرتر ولە هەموو زەمینەیەك دا بریارە کرێکاریەکان لە سەر سەری ئەم جامیعەیە بەرزکەینەوە.

لە کوردستان کۆمۆنیستەکان پیویستیەکیان بەوەنیە کە جاریکی تر باش بوونی نیەتیان لەلای کەس بسەلمینن. لیرە هەلسووران و ئامانجی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ عەدالەت خوازی، لەگەڵ خۆشەویستی ئینسان، لەگەڵ نزیکایەتی کردن و گەرم وگۆر بوون، لەگەڵ تیکۆشەری و شۆڕشگێڕی و لەگەڵ دیفاع کردن لە هەموو بیبەشان وەبیردیتەوە ئەمە حاسلی لانی کەم دەسال خەباتی سەرسەختانەی ئەوانە لەسەنگەری کرێکاران دا. کەوایە دەکری ودەبی بەهەولدانی بیوچان وماندوویی نەناس ئەم ئال و گۆڕە سوسیالیستییە لەبیروباوەر ولەکردەوەی خەباتکارانەی کۆمەڵی کوردستاندا خیرا بکریتەوە و بە ئاکام بگەیەندری هەر ئال و گۆڕیکی تەنانەت چکولە و باشتر بوونیك لە شەرایتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بیبەش دادەبی لەگەڵ نیوی کۆمەڵە وەبیربیتەوە و حاسلی خەباتیك بی کە کۆمەڵە هاندەروپشتیوانی بووە. کۆمەڵە دەبی ریبەری هەموو خەبات و ئیعتیرازیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دابی. لیرەدا ئەوە خەلیکی موسبەتە کە کۆمەڵی کوردستان لە خەباتی خۆیدا بۆپیك هینانی رفورم، سەرمەشق و ئولگووەکانی خۆی لە هیچ حیزب و جەرەیانیکی دیکە وەرنەگرتووە و ئەمە مەیدانیکە کە بورژوازی نەپیی خۆش بووە و نەتوانیویەتی پی بنیتەناوی کەوابی دەکری ئەم خەباتانە راست لە خزمەت ستراتیژی کۆمۆنیستی و لە پیناو قازانجی دریژماوەی چینی کرێکار دابی .

۲- هەلسووران لە شوینی کارۆژیان

ئەلف: سیاسەتی سازماندەهی :

بۆبەکارهینانی کاریگەرتری"سیاسەتی سازماندەهی ئیمە لە نیو کریکاران دا "دەبی تایبەتیەکانی کار لە نیو کرێکارانی کوردستان بزانین ناسینی ئەم تایبەتیانە دەتوانی کاری ئیمە لەم زەمینەیەدا تارادەیەکی یەکجار زۆر بەرەوپیش بەری. ئەم تایبەتیانە هەم لایەنی باش و موسبەتیان لە بەرەوپیش چوونی هەلسووراوان و رابەرانی ئەم حەرەکەتانەیە. ئەم کارۆژیاندا هەیە و هەم عامیلی بەرتەسك کەرەوەوریگر دەهیننە نیو شەرایتی کارمانەوە. ئەم تایبەتیانە بەکورتی دەکری ئاوا باس بکری.

لە کوردستان چینی کرێکار ساوایەو لە ئەساس دا لە چەندەدەساڵی رابوردوودا پیی ناوەتە بازاری کارو لە تەولیدو بەرهەم هینانی گەورەدا ریکخراونیە بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری پیشینەیەکی زۆری نیەو لەم بارەیەوە سوننەت وشیوە و رەوشتی جی کەوتووی کەمە. رابەرانی سەراسەری یان مەنتەقەیی ناسراوی نیە کە هەر ئیستا لە نیو کرێکاران دابن، کەسانی لەم جۆرە زیاتر لە ریزی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵەدان تەجرەبەی ریکخراوە سەربەخۆکرێکاریەکان کەم ومەحدوودە. بەڵام لەبەرانبەردا ریکخراوی کۆمۆنیستی – کۆمەڵە – لە ماوەی دەسالی رابوردوودا خۆشەویستی و نفووزیکی بەرینی لە نیو کرێکاران دا وەدەست هیناوە و لەم ریگایەوە لە کوردستان گەرایشی سوسیالیستی لە نیو چینی کرێکاردا زۆرپەرەی سەندوە. زۆربەی هەلسووراوانی کرێکاری لە کوردستان یان پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە هەیە یان لایەنگری لە کۆمەڵە دەکەن و گەرایشە سیاسیەکانی دیکە پایە و نفووزیکی بەرچاویان نیە. تەوازووی هیزەکانی لە کوردستان بۆ خەبات لە دژی دەولەتی مەرکەزی لەبارترە و...

بەلەبەرچاوگرتنی لایەنە باش و خرایەکانی تایبەتیەکانی سەروو لە دووساڵی رابوردوودا ئەرکە سەرەکیەکانمان سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاری بریتی بوو لەوەگەرخستنی هەموو هەول و تیکۆشانمان بۆیە کگرتووکردن و ریکخراو کردنی خەباتی کرێکاری، بردنە سەری رادەی تەوەقوع و داخوازە کرێکاریەکان لە کوردستان (سەبارەت بە تەفاوەتی نیوان تەوەقوع و داخوازەکانی کرێکارانی کوردستان و شوینەکانی تری ئێران و یاریدەدانی هاوخەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار)، کۆ کردنەوە و وەگەرخستنی ئیمکانات وەزرفییەت حیزبیەکان بۆبەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران، کردنی ئورگانە تەبلیغیەکان بە دەنگی ئیعتیراز و داخوازی کرێکاران، سەبارەت بە سازماندەهی حیزبی بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئیمە دەماندیت هەلسووراني تەشکیلاتی مان ولایەنگری لە کۆمەڵە گەیشتوەتە رادەیەك کە ئیجازەمان پی دەدا جیددتر زەین بدەینە سەرکاریکی بە کەیفییەت بە تایبەت لەگەڵ کرێکارانی سوسیالیست و هەلسووراوانی هەلبژاردەی بەریوەبەری خەباتی کرێکاری، لەم رووەوە پەیوەندی تەشکیلاتی و بەرنامە ئامووزشیەکانمان رووی کردە بەهیز کردن و بردنە سەر و کومەك کردن بە پتەوی و ریکخراو بوونی ئەم بەشەلە کرێکاران – کرێکاران بوونی ئەم بەشەلە کرێکاران – کرێکارانی سوسیالیست – لە رادەیەکی گشتیتردا و لە ریگای بەرنامە ئامووزشیەکانی رادیووە پەرەپیدان وپتەوکردنی کۆر و کۆمەڵی کرێکارانی پیشرەومان نایە دەستوور.

پیشرەوییەکانی کارمان لە دەورەی رابوردوودا

بۆئەوەی بتوانین بەشیوەیەکی واقیع بینانە بەرنامە عەمەلی داهاتوومان لەم زەمینەیەدا داریژین دەبی پیش هەموشتیك جی وشوینی ئیستای پیشرەویەکان و دەسکەوتەکانی تا ئیستامان لی رۆشن بی. بۆپەی بردن بەوە تەنیا بە کارهینانی پیوانەی تەشکیلاتی بە هیچ جۆرکافی نیە. ئەمرۆ بە لیکدانەوەی ئال و گۆڕە عەینیەکانی خەباتی کرێکاری دەکری خالە لاواز و بەهیزەکانی هەلسووراننمان بناسین. لەم بارەیەوە قامك دانان لە سەر ئەم چەندخالەی خوارەوە خۆی رۆشنی دەکاتەوە:

ئێستا تەقریبەن هەرجۆرە زولم و دەست دریژی یەك بۆسەر مافەکانی کرێکاران لەگەڵ موقاوەمەتی جیددی کرێکاران بەرەو رووەدبی، وەدواخستنی حەقدەستەکان، زیادکردنی سەعاتی کار، کەم کردنەوەی ئیمکاناتی ریفاهی، لە لایەن خاوەن کارەدەولەتی و خوسووسیەکانەوە هەروا سووك و هاسان ناچیتە پیش. حەرەکەتی کرێکاران لەم مەیدانانەدا لە حالەتی خودبەخود هاتوەتەدەر و رۆژ لەگەڵ رۆژ شکل و شیوەیەکی ئاگاهانەتر و وشیارانەتر پەیدادەکاو لە چاو رابوردوو ریکخرای یەکی زیاتری تیدایە و ئەمە خۆی نیشانەی چوونەسەری لیهاتوویی هەلسووراوان و رابەرانی ئەم حەرەکەتانەیە. ئەم حەرەکەتانە لە پیشەوە خۆیان بۆ ئامادە دەکری، هیزی پیویستی بۆکودەکریتەوە، لەوەختی خۆیدا ئال و گۆڕی پیویستی تیدادەدری، وزە و توانای موقاوەمەتی یەکگرتووی کرێکاران تا چەندین رۆژرادەگیری و... بەر چاوترین نموونەی ئەم جۆرە حەرەکەتانە مانگرتنەکانی دووساڵی رابوردووی کوورەخانەکانە، ئەم مانگرتنانە سەرەرای ئامادەبوونی خاوەن کاروەدەولەت لە رادەی بەرین و بەربلاودا سازمان دەدری و زۆربەیان بە قازانجی کرێکاران کۆتایی پی دی. لەم دەورەیەدا ئەمە بە ئال و گۆڕیکی باش لە پیشرەوی بزووتنەوەی کرێکاریدا لە کوردستان دادەنری و خۆی هەل و مەرجیکی زۆر لە بارتر دەخولقینی بۆ پەروەردەبوونی رابەرانی عەمەلی و بۆ یعتیبار و نفووز پەیدا کردنیان لە نیو کرێکاران دا.

بەرپاکردنی مەراسمی ئەوەلی مانگی مەی لە ماوەی سی ساڵی رابوردوودا جگە لەوەی نیشاندەری برشتی قسەی کۆمەڵە و وەلام وەرگرتنەوەی بانگەوازەکانی کۆمەڵەیە، نیشانەی ئەوەیە کرێکار وەك موددەعییەکی کۆمەڵایەتی خۆی کیشاوەتە سەرو جیاوازی یەچینایەتی یەکان زەقتر بوونەوە. دەنا ئەم مەسەلەیە چون وەلامی دەدریتەوە لەکۆمەڵیك دا کە دیکتاتوری بی ئەم لاو ئەولا حاکمەووەلامی هەر ئیعتیرازیك سەرکوت و زیندانە، کرێکار–بەهەر ژمارەیەکی کەم و بە هەر کەیفییەتیك بی– تەدارەکی مەراسمی هاوخەباتی خۆی دەبینی و هیزکۆدەکاتەوە وبەم جۆرە نەك هەر بالغ بوونی چینایەتی خۆی بەڵکوو رادەیەکی بەرز لە کارزانی و لەنەترسی بۆبەریوە بردنی کاری چینایەتی لە خۆی نیشان دەدا.

وەبیرهینانەوەی ئەم خالانە بە تایبەت بۆیە گرینگە کە سەرنجمان بەرەو ئەو هیزو زەرفییەتە گەورەیەرابکیشی کە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان دەتوانی بینوینی و لە نەتیجەدا پیویستی تیکۆشانی زیاتر و وشیارانەتری ئیمە لەم مەیدانەدا نیشان دەدا. داخوازە کرێکاریەکان مەعلوومن، جیاوازیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان جیگای ناڕۆشنی بەرانبەر بە چینەکانی دیکەی گرتوەتەوە، سەلمیندراوە کرێکار لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هیزی سابتی هەرجۆرە ئال و گۆریکە، نارازی بوون جیگای خۆی داوە بە خەباتی راستەوخوو رووبەروو، کۆمۆنیزم قەوارە بە ئامانج و ئاواتەکانی کرێکاران دەبەخشی و رۆشنیان دەکاتەوە و... وەئال و گۆڕیکی ئاوا لە دنیا واقیعی دا بە بی هەلسووراني وشیارانە نەدەکرا بەریوەبچی وئەمە خۆی پالپشتی ئال و گۆرەکانی داهاتوە.

سەرخەتی بەرنامەی عەمەلی کورت ماوەی ئیمە:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەهل ومەوجە لە بارەی کە لە سەرەوە باسی کرا و بە لەبەرچاوگرتنی وحەیاتی بوونی دەست وبرد کردن لەبەرەپیش بردنی بزووتنەوەی کرێکاریدا بۆ کۆمەڵە، ئەم خالانەی خوارەوە دەبی وەك سەرخەتی بەرنامەی عەمەلی کورت ماوە بخریتە دەستوور:

۱) دیاری کردن و روون کردنەوەی هەموو سیاسەت و شیوەو رەوشتە عەمەلیەکانمان سەبارەت بە پتەوکردنی ریکخراوی حیزبی سەبارەت بە خەباتی کرێکاران و کردنیان بە بناغەی ئاموزش و تەبلیغ و هەلسووراني تەشکیلاتیمان لە کوردستان بلاوکردنەوەی ئاشکرای ئەوشتانە لە ریگای نوسراوە و بریارنامە و...

۲) شی کردنەوەی وردترو موفەسەل تری جیهەت گیری و سیاسەتەکانمان بەرانبەر بەریکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران

۳) ئاموزش دان و کاری تایبەت وبە حەوسەلەکردن لەگەڵ هەلسووراوانی کرێکاری و هەلسووراوانی تەشکیلاتی و ئەنجامدانی ئیقداماتی عەمەلی بۆپیك هینانی ریکخراوە کرێکاری یەکان.

٤) دیدارکردن لەگەڵ هەلسووراوان بە لەبەرچاو گرتنی قەرارو بریارە ئەمنییەتیەکان بە هەر میزانیك کە دەکری.

۵) هەنگاوهەلگرتن بۆ ئەوەی شارەکانی کوردستان لە ریگای جۆراوجۆرەوە بکەویتە ژیر پوششی نەشریاتی حیزبی و تەدارەك بینین و پەیگیری کردنی مەسەلەی دامەزراندنی شوینەکانی چاپ و چاپ کردنەوە.

٦) باشتر کردنی جیددی بەرنامە ئامووزشیەکانی رادیو، نشریات لە پیناو بردنەسەری رادەی ئیدئولوژیکی هەلسووراوانی کرێکاری و تەشکیلاتی.

۷) پەیگیری نەقشە عەمەلەکانی تا ئیستای ارتباتی...

۸) ...

ب: ریکخراوە جەماوەری یە کرێکاریەکان و سیاسەتەکانی ئیمە:

راستی ئەوەیە تیکۆشانی پەراکەندە و لیك بلاوی تائیستا کە بۆپیك هینانی ریکخراوە جەماوەریەیە کرێکاریەکان دەستی دراوەتی نەیتوانیوە بە نەتیجەیەکی بەرچاومان بگەیەنی. ئیستا کرێکارانی کوردستان ئەو ریکخراوە جەماوەریەیە بە هیزانەیان نیەکەبتوانن لەم ریگایەوە راستەوخۆ تەئسیر بکەنە سەر خەباتی رۆژانەی خۆیان و لەم ریگەشەوە ریکخراوی حیزبی وریزی خەباتی خۆیان بۆ رزگاری بەهیزبکەن. ئەوەی ئیستا هەیە ئەوریکخراوانەن کە خەریکن کاروباری سەرەتایی کرێکاران لە پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی کارو بیمەوشتی وا دا بەریوەدەبەن و جاروباریش شکایەتی کرێکاران لەخاوەن کارەکان پەیگیری دەکەن. ئیمە لە ماوەی یەکسالی رابوردوودا هەولمان داوە یەکەم: تەبلیغاتی رادیویی‌مان لەم زەمینەیەدا هەدەفمەندتر بەرینەپیش و لایەنە ناروشنەکانی سیاسەتە گشتی یەکانمان لەم بارەوە رۆشن بکەینەوە. تا ئەو جیگایەی کەهەلدەگەریتەوە سەر لایەنەگشتیەکانی سیاسەتی ئیمە رابنەر بە سازماندەهی جەماوەری کرێکارانی کوردستان، ناڕۆشنی یەك نیە. بەڵکوو باس چووەتە سەر هەلینانەوەی هەنگاوی عەمەلیتر و نەقشەکانی کارمان بۆ پیك هینانی ئەم ریکخراوانە. دووهەم: ئیمکانی ئەوە پیك بینین کە لە ریگای هەلسووراوان و بەریوەبەرانیك لە محەلدا ولەریگای کەسانی ناسراو لە جەرگی خەباتی ئەمرۆی کرێکارانەوە بەرەوپیش بردنی نەقشەی پیك هینانی ریکخراوە جەماوەریەیە کرێکاریەکان دریژە پیدەین... ئەوەی پیویستە لەم گوزارشەدا قامکی لەسەر دانیین کوتنی سیاسەتە گشتیەکان وئیقدامە عەمەلی یەکانی ئیمەیە لەم بارەیەوە.

۱) تەعاونیەکان و سندووقەکانی هاوپشتی مالی: ئەمرۆ رادەی هەژاری و دەستەنگی وبی بەشی لە کۆمەڵ دا هیندە بەرینە وهیندەی قورسیایی خستوەتە سەرژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش کە گرتنە پیشی ریگا چارەیەکی دەستەجەمعی بۆکەم کردنەوەی هەر میزانیکی ئەم مەینەتانەی کردوەتە شتیکی پیویست وحەیاتی. پیك هینانی سندووقی هاوپشتی مالی و تەعاونیە کرێکاریەکان ئەو سەنگەرە دیفاعیانەن کە کرێکاران دەتوانن لەویوە ولەم دەورەیەدا بە چەشنیکی هەرچەند کەمیش لە نائەمنی ژیانی رۆژانەیان کەم کەنەوە و هیزی جەمعی خۆیان بۆبەرانبەرکی لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانیان وەگەر بخەن.

کرێکاران بەهۆی ئیحتیاجی حەیاتی ژیانی رۆژانەیان لەهەر باریکەوە مەیلیان بەپیك هینانی ئەم ریکخراوانە هەیە ولەهەل ومەرجی ئیستای کوردستاندا بەتەواوی ئیمکانی پەرەپیدانی ئەم ریکخراوانە هەیە. مەسەلەی ئەسلی لەم بارەیەوە ئەوە کە سندووقەکان و تەعاونیەکان دەبی بتوانن بە شیوەیەکی واقیعی دەخالەت لە گیروگرفتەکانی ژیان رۆژانەی کرێکاران دا بکەن و گری لە کاریان بکەنەوەوهەر نەبنە شوینیك بۆکۆ کردنەوەی ژمارەیەکی کەم و تەنیا لەو حالەتەدایە کە ئەم ریکخراوانە لە لایەن کرێکارانەوە پیشوازیەکی بەرین تریان لی دەکری. یەکیك لە پایەکانی هەلسووراني هاوریانی ئیمە بە کردەوە لەم زەمینەیەدا ئەوەیە کە ئیبتیکاری وا بنوینن وشیوەی وا بگرنە پیش کە بتوانی سەرمایە بۆئەم سندووقانە کۆبکاتەوە، تەعاونیەکان والی بکا کە بتوانی پیداویستیەیە ئەساسیەکانی کرێکاران بە قیمەتی هەرزان لە دەولەت وەرگری و بیگەیەنیتە دەستی کرێکاران لەزەمینەی پیك هینانی تەعاونیە کرێکاریەکان و سندووقی هاوپشتی مالی کرێکاران دا، لە لایەن رژیمەوە گیروگرفتیکی وامان بۆ نەهاتوەتەپیش، چونکە لە چەند سالی رابوردوودا پیك هینانی ریکخراوەی لەم جۆرە لە رادەی سەراسەری دا بەسەر رژیم دا داسەپاوە.

۲) اتحادیەکرێکاریەکان: اتحادیەکان، باشترین شکلی رایکخراو بوونی کرێکارانی کارگا بچووکەکان و کرێکاران لیك بلاوی ساختمانی کوردستانن خەبات بۆ پیك هینانی اتحادیە کرێکاریەکان لە تەجرەبەی کرێکارانی کوردستانیش دا بنجی داکوتاوە.

جەماوەری کرێکاران لە جەرگەی خەبات بۆ باشترکردنی شەرایتی کارۆژیانیان یان بەوتەیەکیتر لەجەرگەی خەباتی ئابووری لە دژی خاوەن کارەکان و دەولەت دایە کە بۆپیک هینانی ریکخراوەی ئاوا هاندەرین و بۆپیک هینانیان هەنگاو هەلدەگرن. بۆیە دەبی نەقشەی ئیمە بۆ پیک هینانی اتحادیەکانیش هەر لەسەر ئەم رەوتە بچیتەپیش کرێکاران دەبی پەیوەندی هەلسووڕانی خۆیان بۆ پیک هینانی سەندیکاو پەیوەندی سەندیکاش پاش پیک هاتن لەگەڵ بەرەوپیش چوونی عەمەلی خەباتیان بۆباشترکردنی شەرایتی ژیانیان هەست پی بکەن. تەنیا لەو حالەدایە کە ئیقداماتی رژیم بۆهەلوەشاندنەوە یان پیش گرتن بەپیک هینانی اتحادیەکانیش دەبیتە تەجرەبەیەک لە هەولدانی داهاتووی کرێکاران لەم زەمینەیەدا.

بۆکۆکردنەوەی هەموو ئیمکاناتیک لە پیناو پیک هینانی بەکردەوەی ئەم اتحادیەیانەدا پیش هەموو شتیک پیویستە ئەرکە سەرەکییەکانمان لەم بارەیەوە دیاری بکەین. دیتنی کۆنکریتی وەزعییەتی کرێکارانی کوردستان نیشان دەدا ئەمرۆ پیک هینانی "اتحادیەی کرێکارانی ساختمانی وفەسلی و پرۆژەیە" سەرەکییە وموبرەمییەتیکی زیاتری هەیە. ئەم بەشە زۆربەی زۆری کرێکارانی کوردستان دەگریتە بەر. لە نیو ئەم بەشە لە کرێکاراندا گەرایشیکی عەینی بەرەو ریکخراوبوون لە اتحادیەی ئاوا دا هەیە، چۆنکوو بە هەلکەوت وبەچەند رۆژ و چەند مانگ لە کارگاو شیرکەتیک کار دەکەن. ناو، سابیقەی کار، تخصص، وەزعی خانەوادەگی و ...ی ئەوان وەک کرێکار لە هیچ کۆی سەبت نەکراوە، تەنانەت هیچ جۆرە بیمەیەک بەروالەتیش بووەنە یگرتوونەتەبەر . هیچ قانوونی کاریک بەسەر موناسەباتی ئەوان و خاوەن کاردا زال نیە، قەراردادەکان لە مەیدانەکان کارو لە ماوەی چەندەقییەقەو لەژیر فشاری بیکاری و... دا قسەی لیدەکری و جاری وایە تەنانەت ئەمانەش ناکری. شەرایتی کاریان سەخت و ناخۆشە ومیزانی حەقدەستەکان کەمە و لەعینی حالدا سابت نیە. بۆیە گۆمانیک لەوەدانیە بە تونڈی لەپیک هینانی سەرپەنایەک بۆخۆیان و بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفت و مەینەتانەپشتیوانی دەکەن.

ئەرکە سەرەکییەکانی دواتر لەم زەمینەیەدا ئەو رشتانە لە کار دەگریتەبەر کە بیجگە لەوە ژمارەیەکی بەرژەاوی کرێکارانی شاغلیان لە خوداکۆکردوەتەوە، دەورو نەقشیکی ئەساسییان لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵ دا هەیە و لە کوردستان بەکاری گرینگ و بە ئەهمیەت دادەنڕی، وەک نانەواخانەکان، ئاووبەرق، شارەداریەکان، شیرکەتی نەوت و...

ئاشکرایە پیک هینانی اتحادیەکان پیش هەموشتیک لە گرەوی وجوودی کەسانیک دایە کە سیمای بە نفووزوناسراوی کرێکاری بن لەمحەل دا و لە نیو کرێکاراندا. ئەم رابەرانە دەبی بۆئەم مەبەستە بکەونە گەرو لە چوارچیوەی کاری ئاشکرادا یان بە کۆمەکی ئەوریگا قانوونی وئیداریانەی کەهەن، جەماوەری کرێکاران بەرەو ئەوە راکیشن کە لە اتحادیەکاندا کۆببنەوە. ئیمە دەبی ئەم رابەرانە زیاتر ببینینەوە، نەقشەی ئیقداماتی عەمەلی و مومکین بۆپیک هینانی اتحادیەکان دیاری بکەین. ئەم رابەرانە دەبی بۆئەم مەبەستە بکەونە گەرو لە چوارچیوەی کاری ئاشکرادا یان بە کۆمەکی ئەوریگا قانوونی وئیداریانەی کەهەن، جەماوەری کرێکاران بەرەو ئەوە راکیشن کە لە اتحادیەکاندا کۆببنەوە. ئیمە دەبی ئەم رابەرانە زیاتر ببینینەوە، نەقشەی ئیقداماتی عەمەلی و مومکین بۆپیک هینانی اتحادیەکان دیاری بکەین. ئەم رابەرانە دەبی بۆئەم مەبەستە بکەونە گەرو لە چوارچیوەی کاری ئاشکرادا یان بە کۆمەکی ئەوریگا قانوونی وئیداریانەی کەهەن، جەماوەری کرێکاران بەرەو ئەوە راکیشن کە لە اتحادیەکاندا کۆببنەوە. ئیمە دەبی ئەم رابەرانە زیاتر ببینینەوە، نەقشەی ئیقداماتی عەمەلی و مومکین بۆپیک هینانی اتحادیەکان دیاری بکەین.

بۆئەوەی اتحادیە کرێکاریەکانی کە مەبەستی ئیمەن ببنەریکخراوەی بەریوە بردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکاران لە خەباتی رۆژانەیان دا وببنە وەسیلەیەک بۆ بەهیزکردنی هاوخەباتی نیو خۆی چینی کرێکار، دەبی هەمیشە ئەو پیویستیە تەبلیغ بکری کە اتحادیەکان مەجمەعی عمووومی ئەندامانی کرێکار بکەنە پالپشتی خۆیان و ئەم جیبەعت گیری یە لە نەقشەی ئیمەدا بۆ پیک هینان و پتەوکردنی اتحادیەکان لەبەر چاوبگیری نابی ئیجازە بدەین کە شیوە و سوننەتی کۆن و دژی دیموکراتیک لەم جۆرە ریکخراوانەدا جیگا بۆ خۆیان بکەنەوە و لەم ریگایەوە ری دەستی خاوەن کارەکان و دەولەت و ... بۆ دەست دریژی کردن بکریتەوە.

٣) شووراکان و مەجمەعی عمووومیەکان: ئەمرۆ لە کوردستان دا مەرکەزی جۆراوجۆر پیک هاتوە کە پتر لە دەیان و سەدان کرێکار کاری تیدا دەکەن. لەومەرکەزانە دەبی ئیمە لە پیشدا هەول بدەیرت کرێکاران بۆ پیک هینانی مەجمەعی عمووومی و شووڕای کارگاکانیان یاریدە بدەین.

پاش ئەوەش دەبی بۆ بەریوە بردنی تەرحی پیک هینانی پەیوەندی لە نیویاندا و یەکگرتوو کردنیان لە شووراکانی نوینەران دا هەول بدەین سیاسەتی ئیمە لەم بارەیەوە لە چوار چیوەی شیوە و رەوشتە سەراسەری یەکانمان و بریارنامەی پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەم بارەیەدا دەبی.

ئیتلاعاتی مەربووت بە هەموو ئەم مەرکەز کرێکاریانەمان هەر ئیستا هەیە و بە چاولی کردنیان گرینگیکار کردنی سیستماتیکمان بۆ وەری خستنی بزووتنەوەیەکی مەجمەعی عمووومی لە کوردستان بۆ دەردەکەوی. (پەیوەستی گوزارشەکە کراوە) لیرەدا پیویستە باسی تایبەتیەکی کارگابچووکەکان بکەین کە بە تایبەت لە چەند سالی رابوردوودا پیک هاتوە هەر ئیستا لە شارەکانی کوردستان شوینی وا پیک هاتوە کە ژمارەیەکی زۆری لەم کارگا بچووکانە کە هی خاوەن کاری جۆراوجۆرن تیدا کۆبووەتەوە و لە عەمەل دا مەرکەزیکی کرێکاری واحیدیان پیک هیناوە. هەروەک باسی کرا هەرچەند ئەم کارگایانە هی خاوەن کاری جۆراوجۆرن بەلام لە عەمەل دا کرێکارانی ئەم شوینانە زۆر مەسەلەی هاوبەشیان پیکەوە پەیدا کردوە. دوورنیە شووڕای کرێکارانی ئەم مەرکەزە کرێکاری یانە لە داهاتوودا پیک دیت.

٤)سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بە ژمارەیەک لەو ریکخراوەکرێکاری یانە کە لە دەورەی رژیمی شادایان لە سالەکانی ٥٨-٥٧دایان دواتر لە لایەن رژیمەوە پیک هاتوون:

گەرچی ئەم ریکخراوانە نفووزیکی کەمیان هەیە، بەلام چونکە هەرکامیان وەلامی نیازە ماددییەکانی بەشیک لە کرێکاران دەدەنەوە، توانیویانە ژمارەیەک لە کرێکاران لە نیو خۆیاندا کۆکەنەوە. لە رابوردوودا هەلسووراوانی محەللی ئیمە خۆیان لە دەخالەتی هەلسووراوانە لە کاروباری ئەم ریکخراوانە پاراستوە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کەسانی غیرە جیددی و ناتیکۆشەربنە بەریوەبەری ئەم ریکخراوانەو دەورەی سستی و کەم ئەسەر بوونی ئەم ریکخراوانە دریژەی هەبی.

خالەسەرەکییەکانی سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بەم جۆرە ریکخراوانە دەبی بەشیوەی خوارەوەبی:

ئەلف- سەبارەت بەشیوەی جوولانەوەمان لەگەڵ ئەم جۆرەریکخراوانە ناکری لە پیشدا و بۆ هەمیشە تئوری داتاشری بەلکوو دەبی هەرکامیان بە شیوەی کۆنکریت لیک بدریتەوە. وەک ئەسلیکی کوللی دەکری بلیین هەرکوی کرێکاری لی بی بە پیی قاعیدە دەبی کۆمۆنیستیشی لی بی. ئەمرۆ وەزعی کوردستان جۆریکە کە کرێکاران لە هەر کۆی و لە هەر ژمارەیەکدا پیکەوە کۆببنەوە، دەبی لایەنگری لە کۆمەڵە لە نیویان دا بەفەرز بگیری و کەوابی ئەسل لەسەر ئەوە دابنری کە کاری ئەو کرێکارانە لەم ریکخراوانەدا بە کۆمەڵە مەربووتە.

ب- لەوروەوە هەلسووراوانی ئیمە دەبی بچنە ناو ئەم ریکخراوانەوە و تیبکۆشن بە بەشداری هەلسووراوانەی خۆیان چ لە باری قەوارەی تەشکیلاتی و چ لە ابری دەورونەقش و هەلسووڕانی عەمەلی یەوە بۆ پیەیگیری "گیروگرفتەکانی نیو کرێکاران" ئال و گۆڕی تیدا پیک بینن. ئەم سوننەتە جی بخەن کە مەجمەعی عمووومی ببیتە پالپشتیک لە نیو اتحادیەکاندا بۆ تەسمیم گرتن لە سەر مەسەلە گرینگەکان . ئامانجە سوسیالیستیەکانی چینی کرێکار لە نیو ئەم ریکخراوانەدا تەرویج بکەن. دەست و پیوەندەکانی خاوەن کار و سیاسەتە دژی کرێکاریەکان لە نیو ئەو ریکخراوانەدا بە تاک بخەنەوە و...

ج- کاری قانوونی و عەلەنی لە کوردستان

وەک باسیکی ئوسوولی لەم زەمینەیەدا ئیمە دەمانەوی خەباتی چینی کرێکار سازمان بدەین، ئیمە نامانەوی تەنیا "دانەدانە" کرێکار بکیشینە نیو حیزبەکەمانەوە و بەم جۆرە حیزبەکەمان "زال کەینەوە. هەربۆیە ئیمە پیویستیمان بە پەیوەندیکی بەرین لەگەڵ چینی کرێکار هەیە و ئەمەش تەنیا لە ریگای کاری عەلەنییەوە دەکری. ئیمە دەمانەوی حیزبی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی کرێکاران بین و ئەوە بەبی ناسینی مکانیزمەکانی کاری عەلەنی ناکری. ئیمە دەبی بتوانین لە هەمان کاتدا کە مەوجوودییەتی تەشکیلاتی حیزبی ناخەینە ژیر زەبری دوژمن و ئاشکرای ناکەینەوە، بەلام سەرەرای هەر هەل و مەرجیک کە لە کۆمەڵ دابیتەپیش، لیهاتوویی دەرگیر بوون لە خەباتی عەلەنی دا بەرادەی جۆراجۆر وەدەست بینین. ئەم کارە بەتەواوی ئیمکانی هەیە.

کادرەکان و هەلسووراوان و رابەرانیک کە وا توانای ئەوەیان هەیە دەرگیری خەباتی کرێکاری و جەماوەری بن، دەبی خۆیان لەو قەید و بەندانە کەچ لە لایەن چەپی سکتاریست و روونا‌کبیر و چ خود بە خود و لە ئەسەر حاکم بوونی فەزای خەبات بۆ رووخاندنی رژیم و خەباتی چەکدارانە و... قورسایی خستوەتە سەر زەینیان، رزگاربکەن وە بورابەری کردنی حەرەکانی واقیعی، بەتەمەبەستی مەحدوود و لە چوارچیوەی عەلەنی و قانوونی مەشرووع دا وتەنانەت لە ریگای ئیداری یەوە تیبکۆشن و ئەم حەرەکەتانە بەرەوپیش بەرن. جایزبوونی ئەم حەرەکەتانە دەبی بە رۆشنی لە لایەن ئیمەوە رابگەیەندری.

ئەم مەسەلەیە لە کوردستان شتیکی میژوویی تازیە و ناسیونالیستەکان و حیزبی بورژوازی لەم بارەوە سوننەتیکیان دا نەهیناوە قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئەوان کاریان بە جەماوەر نیە، بەلکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە جەماوەر لە سوننەتی ناسیونالیستی دا کەسانیک نین کە بۆ باشتر بوونی شەرایتی ژیانی رۆژانەیان خەبات دەکەن و لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵی خۆیاندا دەخالەت دەکەن، بەلکوو وەسیلەیەکن کە دەخرینە خزمەت وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ حیزبی بورژوایی. سەرەرای ئەوانەش ئیمە لیرەدا لە هیچەوە دەست پی ناکەین. لە سالەکانی ئەم دوایی‌یانەدا زۆر ئاکسیونی ئیعتیرازی و عەلەنیمان دیوە. مانگرتنە کرێکاری یەکان، میتینگەکان و راپەیمایی یە ئیعتیرازی یەکان، جەژن و مەراسمە کرێکاری‌یەکان و...، هەموو ئەم حەرەکەتانە عەلەنی بوون، رابەرانیان ناسراو بوون، رژیم هەولی داوە ئەوان بە نیو ئەندام و لایەنگری حیزبە سیاسیەکان و بەتایبەت کۆمەڵە بناسینی و رابەرانی ئەم حەرەکەتانە توانیویانە بەو ریدەستە مەشرووع و قانوونی یانەوە کە بوویانە لە ژیر ئەم زەخت و فشارانە دەربازبن.

خەباتی عەلەنی کرێکاری و جەماوەری هەر ئیستا لە کوردستاندا هەیەو بەریوە دەچی، ئیمە دامانەوی پەرەیان پی بدەین و وەک حیزبی سیاسی لەچارە نووسی ئەم خەباتانەدا دەخالەت بکەین و بیکەینە وەسیلەیەک بۆ سووک کردنی باری شەرایتیک کە روح و لەشی کرێکاران لەژیر فشاری ئابووری سەرمایەداری دالە بەین دەبا و بیکەینە وەسیلەیەک بۆ بردنە سەری وشیاری چینایەتی کرێکاران .

ئەوەی کە ئەم خەباتانە ئەمرۆ بۆ داخوازی بچووک وەری دەکەون و لەچوار چیوەی رفورمی بچووک لە نیزامی چیوەی رفورمی بچووک لە نیزامی مەوجوود دا واوەتر ناچن، نابی بە هیچ جۆریک هەلسووراوانی کۆمۆنیست لەوە بگیریتەوە کە بۆ بەسەر کەوتن گەیاندنیان بە شکل و شیوەی بەتەواوی منعتف و عەمەلی محەل دا بەشداری هەلسووراوانەیان تیدا بکەن. چەپی سکتاریست و روناکبیر، چەپی ماجەراجۆ کە لە مەنتقی ئەم خەباتە و جەوهەری بەرەوپیش بەری ناگا، لەگەڵی بیگانەیە و بە سووکی دەگری، بەلام جەرەیانیکی کۆمۆنیستیناتوانی خۆی لە خەباتیکی وا لادا. خەبات بۆ باشتر کردنی شەرایتی ژیان، بەشیک لە ژیانی جەماوەری کرێکارە و ناکری وەلابنری، هەر حیزبیکی سیاسی کە لەگەڵ ئەم خەباتە بیگانە بی، فری بە ژیانی واقیعی جەماوەرەوە نابی.

هەر خەباتیکی عەلەنی رەنگە خەباتیکی قانوونی نەبی، کاتیک مەشرووعیەتی داخوازیک بگاتە رادەیەک لە مەقبوولییەتی کۆمەلایەتی کە حاشا کردنی وەک حاشا کردنی شتە ئاسایی‌یەکانی ژیانی بی و جەماوەر بوپرن پشتیوانی لی بکەن، پەرژین و حەساری قانوونی زۆر هاسان دەشکی . رابەرای کرێکاران بەکەڵک وەرگرتن لە چواچیوە مەشرووعەکان وسیلە و ئامرازی خەباتیان دەدوزنەوە و لەم ریگایەوە هیزی هەلخرینەری شیعارەکانیان زیاتر دەکەن.

رابەرانی محەللی کرێکاران لە چوارچیوەی سەنگ و سووکی تەرازووی هیزی واقیعی‌یەکاندا و لەوزەو توانای بەکردەوەی حەرەکەتی جەماوەری‌دادیارە دەست دەدەنە سازش و مانور کە رەنگە زۆربەیان وەک پرەنسیپەکانی حیزبیکی سیاسی کرێکاری قەبوول نەکەین بەلام وەک تاکتیک و رەوشتی محەللی بۆ بەریوە بردنی کاریکی دیاری کراو بە جایزی بزانین، بۆیە هەلسووراوانی کۆمۆنیست و رابەرانی محەللی دەبی وەها ئاموزش بدرین و تەجرەبەی وایان بنیریتە بەردەست کە هەمیشە سنووورەکانی جایز و غەیرە جایز لە حەرەکەتی خەباتکارانەیان دا لیک جیابکەنەوە و ئەمە کاریکە کە تا رادەیەکی زۆر بە هەول وتیکۆشانی وشیارانەی ئیمە بۆ جێخستنی سوننەتە پیشرەوەکانی کاری عەلەنی لە کوردستان گری دراوە.

کۆمەڵە دەبی سیاسەتەکانی خۆی لەم بارەیەوە رۆشن کاتەوە و رایگەیەنی و خۆی لە رادەی جۆراوجۆردا و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئەو وەسیلەوئامرازانەی کە لە دەستی دایە، لە بەریوە بردنی ئەم خەباتانەدا بەشداری بکا. رابەری سیاسی کۆمەڵە دەبی لە هەموو ئەو خەباتە ئیعتیرازی یانەی کوردستان دا کە لە چوارچیوەی عەلەنی دا بەریوەدەچن وەک پشتیوانی چینی کرێکار خۆی نیشان بداو بیروڕای راگەیەنی. سیاسەتە گشتی‌یەکان دیاری بکا. بۆ نموونە شیوەی جوولانەوە لەگەڵ شووڕا ئیسلامی‌یەکان، سیاسەت و چونیەتی بەریوە بردنی ئاکسیونەکانی هەوەلی مانگی مەی، شیوەی جوولانەوە لەگەڵ ئەم یان ئەو ریکخراوەی مەوجوودی کرێکاری، مەسەلەی کەمی کالا ئەساسی‌یەکانی پیویستی خەڵک، بزووتنەوەی خەڵکی دانیشتووی قەراخ شارەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی ریفاهی شاری، حەرەکەتی زەحمەتکیشانی لادی لە دژی بورژوا-مەللاکەکان و دەولەت و زۆر شتی تری لەم چەشنە دەبی سابارەت بە هەموو ئەم مەوریدانە سیاسەتی رابەری کۆمەڵە راگەیەندراو و رۆشن و قابیلی ئیستیناد بی. لەهەر حال دا ئوتوریتە و ئیعتیباری کۆمەڵە لە نیو بزووتنەوەی ئیعتیرازی دا، هەمیشە لە پشت سەری گەرایشی رادیکال سوسیالیست دەبی.

تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە دەبی لە خۆش کردنی ریگا و تەدارەکی حەرەکەتە عەلەنی‌یەکاندا هەلسووراوانە بەشداری بکا و تەجرەبەکان و خالە بەهیزو لاوازەکانی ئەم خەباتە دوای کوتایی پی‌هاتنیان جەمع بەندی بکا. ئاشکرایە کە تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە نایەوی لە هەل و مەرجی ئیستادا جێی دەورونەقشی رابەری ئاکسیونەکان بگریتەوە لە رۆژی ئاکسیون دا ئەوە هەلسووراوانی حیزبی محەللی و رابەرانی عەلەنی حەرەکەتی جەماوەرین کە گێرانی دەورونەقشی سەرەکی‌یان لە ئەستویە.

تەنانەت لەم زەمینەیەدا تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە دەبی زۆر پوخت و هەلسەنگیندراو بی تا سەنگ و سووکی مەوجوود لە نیوان هیزەکان دا تیک نەدا و ئاگاداری ئەوەبی کە چەندە ریگا خۆش دەکا یان چ گیروگرفتیکی ئیحتمالی پیک دینی.

کاری نیزامی ئیمەش دەتوانی تەئسیریکی کاملی لەسەر پیک هینانی فەزایەکی لەبار بۆ حەرەکەتە عەلەنی‌یەکان لە کوردستان دا هەبی. حوزووری هەلسووڕانی هیزی چەکدار کۆمۆنیستی سەنگ و سووکی هیزی خەباتکارانە بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاران وجەماوەری ئیعتیراز کردوو دەگوری و باشتری دەکا، پیشتی ملهوری مەئموورە محەللی‌یەکان دەگری و جاسووس و راپورت چی‌یەکان دەخاتە ژیر فشار و زۆرشتی تری لەم چەشنە، بەهەر حال یەکیک لە گرینگترین مەبەستەکانی هەلسووڕانی نیزامی ئیمە ئەوەیە کە تەئسیر لە سەر فەزای خەباتکارانەی کوردستان دابنێین و دەرفەتیکی هەرچی زیاتر بۆ پەرەپیدانی حەرەکەتە عەلەنی‌یەکان بخولقینین.

د- سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بە بزووتنەوە ئیعتیرازی یەگشتی و جەماوەریەکان.

بزووتنەوە ئیعتیرازییە جەماوەریەکان لە ماوەی دەسالی رابووردوودا هەمیشە وەسیلەیەکی فشار هینان بووە بۆ سەر رژیمی جمهووری ئیسلامی و زۆر مەیدانی جۆراوجۆری گرتوەتە بەر. گەرچی ئەم حەرەکەتانە زیاتر لیك بلاو ومحەللی بوون و تائیستا کەمتر سەراسەری بوونەوە، بەلام سەرەرای هەموو ئەوانە دەورونەقشیکی زۆریان لە راگرتنی و زەوتوانای ئیعتیراز و سەر دانەنەواندن بۆ دام و دەزگا و قانوونەکان و بەگشتی بۆ دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی گێراوە ئەمرۆ گرینگترین مەیدانەکانی ئەم حەرەکەتانە ئەمانەن:

– بزووتنەوەی ئیعتیرازی لە دژی داگیر کردنی نیزامی وفشار هینانی راستەوخۆی هیزەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان، راوەستان بەرانبەر بە زەخت و زۆری رۆژانەی هیزەکانی رژیمی بۆ سەر ژیانی خەڵك، ئیعتیراز بە نەبوونی ئەمنییەت و ئاسایش کە سەرچاوەکەی وجوودی هیزەکانی رژیمە لە کوردستان و...

– بزووتنەوەی گەرەکەکانی قەراخ شارەکان، خەباتی خەڵکی ئەم گەرەکانە بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی ژیانی کوردستانی و لە دژی پیش گرتنی رژیم سازکردنی خانوو لەم گەرەکانەدا. بە لەبەر چاوگرتنی بەرین بوونەوەی شارەکان، ئەم گیروگرفتانە ئەساسەن بۆ تویژە زەحمەتکیشەکان دیتە پیش.

– بزووتنەوەی زەحمەتکیشانی لادی و جووتیارانی فەقیر لە دژی سیاسەتی ئەستاندنەوەی زەوی یە موسادەرە کراوەکان، مل نەدان بۆ دانەوەی قەرزی بانکەکان کە بە بیانووی جۆراوجۆر دا سەپیندراون، خەبات بۆ وەدەست هینانی ئیمکاناتی ریفاهی لە دیهات وەك ئاو و بەرق و دەرمانگا و بیهداشت و...، خەبات بۆ وەدەست هینانی پیداویستییەکانیان بە ئهمەتی دەولەتی و...

– بزووتنەوەی ئیعتیرازی لاوان، لاوانی کوردستان لە ژیر فشاریکی چەند لایەنەدان، مەوقعییەتی مەتمانە پی نەکراوی داهاتوو، نەبوونی ئیمکاناتیك کە بتوانن خویندنی دەورەی دەبیرستان تەواو بکەن، بی بەش بوون لە ئیمکاناتی خویندنی دەورەی دانشگا، بیکاری، فشاری وەدواکەوتوویی کۆمەلایەتی لە خانەوادە و لە کۆمەڵدا کە رژیم خۆشی هاندەریەتی، بەشیك لەو فشارو زەختانەن کە دەخرینە سەر لاوان. بەرانبەر چاوگرتنی ئەم وەزعە لاوان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعیە لاوان بە خیرایی دەتوانن لە فەزای خەباتکارانە و سیاسی کوردستاندا ببنە هیزیکی تەئسیربەخش لە ناوجەرگی بزووتنەوە ئیعتیرازی و جەماوەریەکاندا.

دەکری زۆر مەوریدی تر وەك حەرەکەتی ئیعتیرازی ژنان لە دژی نابەرابەریە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان و... لەو لیستە زیاد بکری، ئیمە هاندەری ئەم خەباتانە دەبین و پشتیوانی لە داخوازەرەواکانیان دەکەین و تیدەکۆشین کە لە چارەنووسی ئەم بزووتنەوانەدا دەخالەت بکەین.

٣- هەلسووڕانی نیزامی

ئەلف- سیاسەتی نیزامی

کاری نیزامی ئەمسالی ئیمە لەو ئەسل و جیهەت گیری یانە پەیرەوی کردوە کە لە کۆنگرەی شەشەم دا پەسند کراون.

بە پیی ئەو جیهەت گیری یانە تەنیا بە خەباتیکی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی و بە کارهینانی سیاسەتیکی هاو ئاهەنگی فشار و زەخت ئیعتیرازی یەك جی دەکری رژیم بخریتە ژیر مەنگەنە و سەرەتاکانی ئاخیزیکی ئیعتیرازی جەماوەری و پەلاماریکی گشتی بۆ سەر مەوجوودییەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان پیك بی. جیهەت گیری ئیمە لە هەلسووڕانی نیزامیدا بریتی بووە لە خونیشاندانی نیزامی و نیشاندانی لیهاتوویی و کارامەیی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بە بەریوە بردنی عەمەلیاتی ئامانجدار و هەلسەنگیندراو. ئەسلی پاراستنی هیزو خۆ پاراستن لە عەمەلیاتی پر تەلەفات وەك فاکتوریکی جیددی لە دارشتی نەقشەی نیزامی، کۆنترول و رینوینی مەرکەزی و دەقیقی هەموو مەیدانەکانی هەلسووڕانی نیزامی، لە هەلسووڕانمان لە قوولایی مەنتەقەکانی کوردستانەوە بگرە تا ئامووزشی تایبەت لە ئامووزشگا، لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی بەردەوامی لیهاتوویی هیزەکانی رژیم بۆ تمرکز، وەهەروەها هەلسەندگاندنی ماوە، شوین ونەوعی عەمەلیاتەکان و مەئموورییەتەکان بە جۆریك کە رژیم نەتوانی دەرفەت و ئیمکانی کۆ کردنەوە هیز لە دژی واحیدەکانی ئیمە وەدەست بینی و لەپال هەموو ئەوانەشەوە پیك هینانی ئیمکاناتی واقیعی بۆ راکیشانی داوتەلەب بۆ نیو ریزی هیزی پیشمەرگە لەبەرچاو بووە. هەروەها تا ئەو جیگایەی لە چوارچیوەی نیزامی دا گونجابی، وەك شکل و شیوەیەك لە عەمەلیاتی نیزامی و کەڵك وەرگرتنی باش و دروستی تەبلیغاتی لە شکلە جۆراوجۆرەکانی هەلسووڕانی نیزامی، دیدار کردن و چوون بۆ نیو کۆروکۆمەڵی خەڵك گرینگی پیدراوە.

هەل و مەرجی واقیعی خەباتی ئیعتیرازی خەڵك، ئیحتمالی مەحدوود بوونەوەی ئیمکاناتی سنووردکان، ئیحتمالی چوونە سەری لیهاتوویی تمرکزی هیزەکانی رژیم لە دژی هیزی پیشمەرگە وتوندو تیژ و بەرین تربوونەوەی هەلسووڕانی شەبەکە جاسووسییەکانی رژیم و کۆنەپەرستانی محەللی، گرینگترینی ئەو فاکتورانە بوون کە تەئسیریان داناوەتە سەر دارشتنی نەقشەعەمەلە نیزامییەکانی ئیمە لە دەورەی دوای ئاگربەس دا.

سەبارەت بە وەزعی ئوردووگاسنووریەکان، بردنەسەری رادەی ئامادەبوونی نیزامی، ئاموزش و راهینان، بردنە سەری رادەی ئەمنییەتی ئوردووگاکان و توانای پاراستنی رادیو و ئورگانە مەرکەزی یەکانی تر وەك ئەرکیکی جیددی لە لایەن ستادی نیزامییەو پەیگیری کراوە و بازەرسی لیکراوە.

سەبارەت بە حیزبی دیموکرات جیناحی کۆنگرەی ٨، چونکوو ئەم جیناحە لەسەر سیاسەتی شەرخوازانەی لە دژی کۆمەڵە پیی داگرتوە، تەئکیدمان داناوەتە سەر پیویستی بە فەرزگرتنی پیلان و هیرشی چەکدارانەی ئەم حیزبە لە دژی واحیدەکانی ئیمە و ئامادە بوونی واحیدەکانمان بەرانبەر بە هەر جۆرە پیلانیکی ئەم حیزبە.

ب- فەعالیەتی نیزامی ئیمە دوای کۆتایی پی هاتنی شەر لە سالی ٦٧دا

دوای ئاگربەس ئال و گۆریك – بۆ ئەوەی توانایی بەرەوروبوون لەگەڵ هەرجۆرە ئیحتیمالیك و توانایی مانوردانی زیاترمان لە هەر حالەتیك دا راگرین – لە بەرنامە و ئارایشی هیزەکانماندا کە ئەوکات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا خەریکی فەعالییەت بوون، پیك هات.

لەسەرەتای کار دا هەلسووڕانی خۆمانمان بە عەمەلیاتی هەلبژاردە و حیساب کراو لەباری کات و شوین و مەوقعییەتی جوغرافیایی‌یەوە، دەست پی کرد و وردەورد کەیفییەتی عەمەلیاتەکانمان بردەسەر بە جۆریك کەهەم لەباری تەبلیغاتی یەوە بەرەویکی زیاتریان هەبی و هەم لەباری نیزامی‌یەوە گرینگی‌یەکی زیاتریان هەبی. هیزەکانی رژیم ئەوکات بە هۆی شکست خواردنیان لە شەری ئێران و عێراقدا تووشی ناهومیدی و وەرەبەرداوی ببوون و بەگشتی یان دەس پیشکەری هەمیشە بە ئیمە بوویان زۆر خیرادەکەوتە دەستمان. ئەم حالەتە تا چەند مانگ دوای ئاگر بە سیش دریژەی بوو. لە مانگەکانی پایزدا رژیم وردە وردە مەوقعییەتیکی بەنیسبەت باشتر لە بەرانبەر هیزەکانی ئیمەدا وەدەست هینا و هەولی دەدا بکەویتە شوین تمرکزی هیزەکانمان و بەرنامەکانیان بشیوینی.

لەو دەورەیەدا هیزە رەزمی‌یەکانی کۆمەڵە رەزمەندەگی‌یەکی یەکجار زۆریان بۆ بەریوە بردنی ئەرکەکانیان لە خۆیان نواند و گیروگرفتە فەننی و عەمەلی‌یەکانی مەحدوود بوونەوەی هات وچووی سنووردکانیان عەمەلەن وەپشت سەرناولەوهەل و مەرجە سیاسی‌یە تایبەتەدا کە پیك هاتبوو وەك هەمیشە عامیلیکی وربەبخش و یاریدە دەری خەباتی شۆڕشگێرانەی زەحمەتکیشانی کوردستان و پیك هینانی سەنگ و سووکی‌یەکی لەبارتری سیاسی بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم خەباتە بوون.

هیزەکانی ئیمە لەکاتی کۆتایی پی هاتنی شەرەوە تا ئاخری مانگی رشەمەی سالی ٦٧ بە ئەنجام دانی ٥٥عەمەلیاتی نیزامی و ١٠ جەولەی بەرینی سیاسی – نیزامی، ئەرکیکی سیاسی و تەبلیغی زۆر و پرتەئسیریان بەریوەبرد و جگە لەوەی زەرەرو زیانیکی بەرچاویان لە دوژمن دا، ٥٤ کەسیان لە هیزەکانی دوژمن بە دیل گرت و کۆمەڵیکی زۆریان چەك و تەقەمەنی بە دەسکەوت گرت. لەم دەورەیە لە هەلسووڕانی نیزامی مان دا ١٠ هاوریمان گیانیان بەخت کرد.

هەلسووڕانی نیزامی ئیمە لە سالی ٦٨

هەلسووڕانی نیزامی ئیمە لە سالی ٦٨ تائیستا لە دووەورەدا چووەتە پیش.دەورەی یەکەم لەباری زەمانی‌یەوە لە رەشەمەی سالی ٦٧ەوە دەست پی دەکا تا ئاخرەکانی مانگی گۆلانی ٦٨و لە باری ئەرکەکانەوە بریتی بوو لە حوزوور پەیدا کردن لە ناوچە هەلبژاردەکاندا بۆ پەیوەندگرتن لەگەڵ خەڵك، بەریوە بردنی عەمەلیاتی نیزامی بچووك، ناسینی لیهاتوویی‌یەکانی رژیم، بەریوە بردنی مەئموورییەتی دیاری کراوی وەك هەلسووران لە شارەکاندا و بلاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی لەم دەورەیەدا عەمەلیاتیکی بەرینمان بە برەویکی تەبلیغاتی زیاترەوە لە شاری مەریوان بەریوە برد.

لەم دەورەی دووهەم دا کە لە ئاخرەکانی مانگی گۆلانەوە دەست پیکراوە و ئیستاش دریژەی هەیە، حوزوور پەیدا کردن لە قوولایی ناوچەکاندا، بەریوە بردنی عەمەلیات و مەئموورییەتی دیاری کراو و پیك هینانی ئیمکاناتیکی زیاتر بۆ دریژە پیدانی کارو حەسانەوە و وەدەست هینانەوەی هیزی دووبارە لە دەستوور دابووە لەم دەورەیەدا کەم و کووری‌یەك لە کاری فەرماندە محەللی یەکاندا بووە بەلام ئەوان بەگشتی نیشانیان داوە کە هەل و مەرجەکەیان باش ناسیوە و بەپیی ئەو هەل و مەرجە باشیش کاریان کردوە.

حاسلی هەلسووڕانی نیزامی ئیمە لەو دەورەیەدا تا تاریخی نووسینی ئەم گوزارشە بریتی بووە لە ئەنجام دانی زنجیرەیەك مەئموورییەتی غەیرە جەنگی، تەشکیلاتی، لە لایەن واحیدەکانی پیشمەرگەوە، بلاوکردنەوەی چەندین هزار تراکت و راگەیاندن و نووسراوەی حیزبی، چەندین گەشتی سیاسی بەرین و سوخەنرانی و پەیوەند گرتن لەگەڵ خەڵك لە دیهات و لە دەوروبەری جادەکان، ١٣جار پەلامار بردن بۆ سەر پایگاکان، گرتنی ٢پایگا، ٤جار عەمەلیات لە شارەکان، ٥جار کەمین دانانەوە، ٤جار پەلامار بردن بۆسەر گوروهە زەربەتەکان و جاریك شەری دیفاعی، ٩جار مین دانانەوە. لە سەرجەمی ئەم هەلسووڕانانەدا ٧٠کەسمان بەدیل گرتوە و دەیان قەبزە چەك و تەقەمەنی جۆراوجۆرمان بە دەسکەوت گرتوە و یەکیك لە هاوریانمان گیانی بەخت کردوە.

د- ئاسوی کاری نیزامی

دریژەپیدانی هەلسووڕانی نیزامی و پاراستنی و پتەوکردنی سیمای حیزبی چەکدار لەم دەورەیەدا لەباری سیاسی‌یەوە زۆر گرینکە. جیهەتی ئیمە ئەوەیە کە وزەو توانای ئەم مەیدانەی کارمان بە کەلك ورگرتن لە هەموو ئیمکاناتی موجوود بخەینە پال بزووتنەوەی ئیعتیرازی و خەباتی کرێکاری و جەماوەری و بیخەینە پیناوی پیك هینانی هەل و مەرجیکی لەبارتر بۆپەرەپیدانی ئەم خەباتانە لە چوارچیوەی سیاسەتە دەورەییەکانماندا. وەبەپیك هاتنی دەرفەتیکی بەهەر میزان لەبارتر و باشتر بوونی سەنگ و سووکی تەرازووی نیوان هیزەکان بتوانین ئەم شکلە لە هەلسووڕانمان پەرە پی بدەین. ئاشکرایە کە بەگورانی وەزعییەتی سنووردکان ئەگەر ئال و گۆریکی جیددی لە هەل و مەرجی گشتی سیاسی کوردستان و ئێران دا پیك نەیە و لە نەتیجەدا ئال و گۆریك لە سەنگ و سووکی مەوجوودی نیوان ئیمەو هیزەکانی رژیم دا پیك نەیە، هەلسووڕانی نیزامی لە رادەی ئیستادا ناکری بەریوە بچی و تەنیا دەکری لەسەر هەلسووران و مەئموورییەتی مەحدوودتر حیساب بکری. بۆ پاراستنی ئیمکانی دەخالەت کردنی بەوەخت بە تایبەت لەهەل و مەرجی هەلدانی بزووتنەوەی سیاسی – جەماوەری‌دا یان گورانیکی خیرا لە ئەوزاعی سیاسی دا، پاراستنی مەرکەزە نیزامی‌یەکان و وزەو توانای حیزبی چەکدار هەروا پیویستە.

هەروەك لەپیشدازۆرجار باسمان کردوە بە هەر میزانیك ئالوزی لە مەنتەقەدا کەم بکا و ناکوکیەکانی نیوان دوو دەولەتەکە کەم بیتەوە و لە نەتیجەدا مەترسی تیك هەلچوونی نیزامی لە سنووردکان بە تەواوی کەم بکا، ئەو دەرفەتانەش کە دەکری بۆ کاری نیزامی کەلکیان لی وەرگیری کەم دەکا. لەم رووەوە هەروەك لە رۆژەکانی ئەوەلی پاش ئاگر بەسیش دا بە خەلکمان راگەیاد، لەوە بەدواش تەبلیغی ئیمە بە بی بە جۆریك بەریوە بچی کە هاتنە پیشی عەمەلی هەل و مەرجیکی ئاوا بۆهیچ کەس روو داویکی چاوەروان نەکراو نەبی و هەمووان بە شیوەیەکی ئاسایی بە ئال و گۆریکی بزانن کە تەنیا لە مەیدانیکی هەلسووڕانی کۆمەڵە و حیزبی کرێکاران لە کوردستان دا هاتوەتە پیش.

٤- تەبلیغی دەنگی شۆڕشی ئێران

ئەلف – جیهەت گیری‌یەکان

تەبلیغی رادیویی‌مان لە نیوان دوو پلینوم دا ئیدامەی هەمان سیاسەتی تەبلیغی دا چووەتە پیش کەدوای کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە ولەچوارچیوەی جیهەت گیری‌یەکانی ئەم کۆنگرەیەدا گرتبوومانە پیش تا ئەو جیگایەی دەگەریتەوە سەر ئەرکەکانی تەبلیغی رادیویی‌مان سەرخەتی جیهەت گیری یەکانمان بریتی بوو لە هەولدان بۆ قایم کردنی پەیوەندی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، سازماندەهی و هینانە مەیدانی چینی کرێکار وپەرەپیدانی شکلە جۆراوجۆرەکانی ئیعتیرازی چینایەتی، کردنی کۆمۆنیزم بە هیزیکی کۆمەڵایەتی و کردنی سازمانی کوردستانی حیزب بە ریکخراوی راستەوخۆی رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، پیك هینانی ریکهراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران، کردنی کۆمەڵە بەرابەری بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری، بەتاك خستنەوەی سیاسەتی حیزبە بورژوایی‌یەکان، لاواز کردنی ئاسوی ناسیونالیستی بە قازانجی ئاسوی سوسیالیستی و دیموکراتیکی شۆڕشگێر، پەرەپیداین داخواز و ئامانجە کرێکاری و دیموکراتیکەکان لە کۆمەڵدا و زیادکردنی وزەوتوانا و ئامادە بوونی کرێکاران بۆ رابەری کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و حکوومەت کردن لە ریگای شووراکانەوە لە داهاتوودا.

رەوشتی ئیمە بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی سەرو و ئەوە بوو کەهەموو تەلیغی رادیویی‌مان، بەهۆی شووراییەك چاوەدیری دەکرا و بەریوە دەچوو کە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کۆمیتەی رابەری کۆمەڵە هەبوو. بیجگە لەوە ژمارەیەکی زیاتر لە هاورییان لەو دەورەیەدا ئەرکی کارکردن لە رادیویان پی سپێردرا. راندمانی کارو میزانی پیشرەوی ئەم هاورییانەلە بەریوە بردن و نووسینی بەرنامەکانی رادیویی‌دا بەرچاو بووە.

ب- ئەرکە سەرەکیەکانی تەبلیغی ئەو دەورەیە.

لە دەورەی رابوردوودا ئیمە هەولمان دا نەك هەر میزانی ئەو بەرنامە ووتارانە کە راستەوخۆ چوونەتە سەر هەلخراندنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی وموتالەباتی و چوونەتە سەر پیك هینانی ریکهراوە جەماوەری‌یە کرێکاریەکان زیاد بکری، بەڵکوو لەباری ناوەروکیشەوە جۆریك بن کە یاریدەی چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کرێکاران بکا و ریگا بکاتەوە بۆ خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش. هەر بەم مەبەستە جگە لەو وتار و نووسراوانەی کە لە لایەن هاورییانی رادیووە نووسراوەیان تەهییە کراوە، بە وەری خستنی وت وویژ و موساحەبە لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات، لە زمانی ئەوانەوە لەگەڵ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش قسەمان کردوە و رینوینی پیویستمان بۆخەباتیان راستەوخۆ لە زمانی رابەرانی ناسراویانەوە لەگەڵ باس کردوون.

یەکیك لەئەرکەسەرەکی‌یە گرینگەکانی ئەودەورە لە تەبلیغمان هەلخراندنی بزووتنەوەی موتالەباتی، هەلخراندنی بزووتنەوەی موتالەباتی، هەلخراندنی بزووتنەوەی مەجمەعی عمومی و بەگشتی یاریدەدانی ریکخراو بوونی جەماوەری و ئەهمییەت دانان بۆ ئاموزشی کرێکاران بووە لە پەیوەند لەگەڵ ژیان وتەجرەبەی راستەوخۆی خەباتکارانەیان دا. ئەمانە لە دەستووری تەبلیغی دەنگی شۆڕشی ئێران دا بوون: قانوونی کاری دیموکراتیك، زیادکردنی حەقدەستەکان، گەرانەوەی کرێکارانی ئیخراج کراو بۆسەر کار، بیمەی بیکاری بۆ هەموو کەسیکی ئامادە بەکار تاکاتیك کە دەچیتە سەر کار، ئازادی ریکخراوە، ئازادی مانگرتن، تەبلیغ سەبارەت بە ریکخراوەی پەیەدارو موناسب بۆ کرێکارانی رشتە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان، دابین کردنی وەسایلی ایمنی و بیهداشتی شوینی کار، خەبات بۆ ٨سەعات کاری رۆژانە و دوو رۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا. بە کردەوە جگە لە بەرنامە سابتەکان و وتارە تایبەتەکان، لە تەبلیغاتی هۆنەری وەك نمایشنامەیرادیویی و چیروکی کورت و ئاسوی شۆڕشیش

←

کەڵک وەرگیراوە، هەوڵدراوە کە دەنگی شۆڕشی ئێران بتوانی زیاتر لە پیشوو، وەک رادیوییەکی کرێکاری و دەنگی حیزبیکی کۆمۆنیست کە هی‌چینی کرێکارە لە نیو کرێکاراند جیی خۆی بکاتەوە.

جگە لەوانە رادیو ئیمە چووەتە سەر داخوازە کۆمەڵایەتی و جەماوەری یەکان و بڵاو کردنەوەی هەوال و گوزارشی مەربووت بە کارو ژیان و خەباتی جەماوەری زەحمەتکیش و بی بەشی شار و دیهات و مەسەلە و گیروگرفتەکانی خەباتی ئەم بەشە بەرینەی کۆمەڵی داوەتە بەر باس و لیکولینەوە و ریگا چارەی پی نیشان داون .

ئەهەمییەت دان بە خەباتی ژنان لە دژی جیاوازی و نابەرابەری و ڕۆشن کردنەوەی بناغە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ستەم کیشی ژن و وردکردنەوەی خەتی تەبلیغمان لەم زەمینەیەدا یەکیکی تر لە جیهەت گیری یەکانی ئەم دەورەیەبووە کە بە پیی ئەم جیهەت گیری یە سەرنجیکی زیاتر دراوە بەمەسایل و موشکیلاتی ژنان، هەروەها لە مەیدانە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تریش دا وەک خەباتی لاوان، دانش ئاموزان و مەسەلەی سەربازی و... رادیوی ئیمە لە جاران هەلسووراوتر بووە.

٨مانگی رابوردوو لە باری ئەوزاع و هەل و مەرجی سیاسی ئێران ومەوقعییەتی رژیمی جمهووری ئیسلامی دەورەیەکی پرلە رووداو بوو. لەم ماوەیەدا ئیمە هەولمان دا لەسەر رووداوە گرینگە سیاسیەکان و، ئەو مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتی یانەی کە رژیم و جامیعەی ئێران لەگەڵیان بەرەوڕوو بوون، خیرا عکس العمل ی تەبلیغی نیشان بدەین و مانای سیاسی ئەم حەرەکەت و رووداوانە و بە تایبەت تەئسیریان لە سەرژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش بە ڕۆشنی بۆ ئەو کەسانە باس بکەین کە ڕووی قسەمان لەوان بووە.

لە زەمینەی مەسەلە جیهانی یەکاندا بە تایبەت چوویە سەر مەسایلی مەربووت بە بزووتنەوەی کرێکاری لەولاتانی جۆراوجۆردا و لەو دەورەیەدا تەبلیغیکی هەلسووراوانەمان بووە و جگە لە بڵاو کردنەوەی هەوال و گوزارشەکانی مەربووت بە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و گیرانەوەی تەجرەبە جیهانی‌یەکان و بە هیز کردنی هاوخەباتی ئەنترناسیونالیستی کرێکاری بەرانبەر بەو هیرشانەی کە بە تایبەت لەلایەن بورژوازی رۆژئاواوە بە بیانووی بن بەستەکانی شووڕەوی وولاتانی دیکەی بلووکی رۆژهەلات کراوەتە سەر کۆمۆنیزم عکس العمل مان نیشان داوە و بە پیی توانامان ماهییەتی سەرمایەدارانە و مەوقعییەتی بوحران لیدراوی سوسیالیزمی بورژوایی مان لە ولاتانی سەرمایەداری دەولەتی بۆ کرێکاران روون کردەوەتەوە و هەروەها ماهییەتی بورژوازی غەربمان دەرخستوەکەدەیانەوی بوحرانی سەرمایەداری دەولەتی ئەم ولاتانە بە بورحرانی کۆمۆنیزم و سوسیالیزم لە قەلەم بدەن.

لە دەورەی رابوردوودا ئیمە لە دریژەی چەند وتار و وت وویژی رادیویی دا سیاسەتی کۆمەڵەمان سەبارەت بە خەباتی چەکدارانە و هەل و مەرجی ئیستای هەلسووڕانی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، باس کردوە و ڕۆشنمان کردوەتەوە.

لەم دەوریەدا هەروەها تەبلیغی ئیمە بەرانبەر بە دووجیناحی حیزبی دیموکرات لە سەر ئەساسی خەتەکانی بریارنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم سەبارەت بە مەوقعییەتی ئەم حیزبە، دریژەی بووە.

ج- کەمپەینە تەبلیغی یەکان.

لەم دەورەیەدا ٥کەمپەینی تەبلیغی‌مان بووە کە بریتی بوون لە کەمپەینەکانی مەربووت بە: دەهەمین سالڕۆژی قیامی بەهمەنی ٥٧، ڕۆژی کۆمەڵە، ڕۆژی جیهانی ژن، ئەوەلی مانگی مەی و، انتخاباتی رژیم. گرینگترینی ئەم کەمپەینانە مەربووت بە ئەوەلی مانگی مەی و ڕۆژی جیهانی ژن بوو. هەروەها بە بۆنەی ئەم ڕۆژانەوە بەرنامەی فوق العادەی سیاسی و هونەری تەهییەکراوە کە لە ساعەتی تری غەیری بەرنامەی ئاسایی دا بڵاو کراونەتەوە.

لەم دەورەیەدا ١٦ژمارە "پیام"، گۆڤاری دەنگی شۆڕشی ئێران (لەم ٣٣وە تا ٤٨) بڵاو کراوەتەوە کەلەم ریگایەوە کورتە و جەوهەری تەبلیغی رادیویی بە شیوەی نووسراو گەیشتوەتە دەستی خۆینەران. هەروەها ١١ ژمارە نەواری "بانگەواز" (نەشریەی گویای دەنگی شۆڕشی ئێران) لە ژمارەی ١٢ وە تا ٢٣ بڵاو کراوەتەوە کەلەم ریگایەوە هەلبژاردەیەک لە وتارە رادیوییەکان و شیعر و سروود لە سەر نەوار تومار کراوە و گەیاندراوەتە دەستی جەماوەری خەڵک.

د- کەم وکووری یەکانی تەبلیغی رادیویی لەم دەورەیەدا

هەوڵدان بۆ بردنە سەر ڕادەی وشیاری سوسیالیستی کرێکاران و ئاموزشی سیاسی – ئیدئولوژیکی کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاری یەکیک لە جیهەت گیری یە تەبلیغی‌یەکانی ئیمە بووە. سەرەڕای هەول و کوششیکی بەرچاو کە لەو زەمینەیەدا لە ریگای بڵاو کردنەوەی بەرنامە ئاموزشی‌یەکانی کۆمیتەی تەشکیلاتی محەللی، بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیزم و، هەروەها لە ریگای باس کردنی تەجرەبەکان مەربووت بە بزووتنەوەی بین المللی کرێکاری و کۆمۆنیستی، وەبیرهینانەوەی سوننەتەکان و تەجرەبەکانی حکوومەتە کرێکاری‌یەکانی کۆمۆنی پاریس و شۆڕشی ئوکتوبر، بڵاوکردنەوەی وتاری تەفسیری سەبارت بە ڕووداوەکانی شووڕەوی و لیهستان و چین بۆ ئاگادار کردنی کرێکاران لە بوجران و بن بەستی سوسیالیزمی دروینەی حاکم بەسەر ئەم ولاتانەداو، بڵاو کردنەوەی دەقی نووسراوە ئاموزشی یە حیزبی‌یەکان کە بەریوەمان بردوە، هیشتا لە زەمینەی تەبلیغ کردنی ئامانجەنیهایی‌یەکانی چینی کرێکار و تەبلیغ کردنی شۆڕشی کرێکاری و سوسیالیزم و کۆمۆنیزم و هەروەها تەرویج کردنیکی بنەڕەتی‌ی ئەم ئامانجانە کەم و کووری جیددی مان هەبی لەم ئاخرانەدا خۆیەکانی ئەم کەم و کووری‌یانە درایە بەر لیکولینەوە و هیوادارین بە تەرخان کردنی هیزیکی زیاتر ئەم کەم وکووری‌یانە لابەین . هەروەها تەبلیغمان سەبارەت بەهیندیک لەمەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان، وەک خەباتی لاوان کەم و کووری تیدا بووە.

٥- مەسایلی تەشکیلاتی عەلەنی

گرینگترین ئەو مەسەلانەی کە لە تەشکیلاتی عەلەنی دا لە پیشمانە بریتین لە:

– کامل کردنی سازمانی رەزمی‌ی سەرلە نۆی ئامووش دراو وەپیک هینانی هیزیک کە بتوانی لە هەل ومەرجی تازەدا لە هەر باریکەوە قودرەتی مانوری خۆی راگری و وەک هیزیکی کارامە و پتەو کاربکا. بۆ ئەم مەبەستە دەورەی تایبەت ی ئاموزشی واحیدەکان دریژەی پیدەدری و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بەگشتی لە ژیر چاوەدیری مەرکەزیکی واحید دا – ستادی نیزامی – ئەرکەکانی بەریوە دەبا. بۆ متمرکز کردنی هەرچی زیاتری تەشکیلاتی عەلەنی بە پیی تەرحی دیاری کراو ئال و گۆڕی پیویست لەکوللی سازمانی تەشکیلاتی عەلەنی دا دەدری.

– ئوردووگاکانی جیگیر لە کوردستانی عێراق هەروەک پیشوو شوینی ئاموزش دان و سەرلەنۆی سازمان دانەوە و حەسانەوەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە دەبن و شوینیک دەبن بۆ ئەنجام دانی ئەو فەعالییەتانە کە پەیوەندی بەئەرکەکانی ئیمەوە لە کوردستانی ئێران هەیەو لە ریگای سنووورەکانەوە باشتر بەریوە دەچن.

– ئاموزشی نیو خۆ بۆ ئیمەگرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە. ئیمە دەمانەوی لەو دەرفەتانە کە هاتوەتە پیش، بۆ بردنە سەری ڕادەی ئیدئولوژیک و سیاسی و کامل کردنی ئاموزشە ئەساسی‌یەکانی هەموو هاوڕییانی تەشکیلاتی عەلەنی زۆرترین کەلک وەرگرین هاوڕییانی ئیمە لە ئوردووگا سنووری‌یەکان دەبی ئەو شوینانە وەک دانشگایەکی گەورە چاولی بکەن کە بودەخالەت و بەشداری کردنی هەرچی زیاتر و کاریگەرتر و هەلسووراوانەتر لە بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاراندا خۆیانی تیدا ئامادە دەکەن.

٦– ئاموزش لە تەشکیلاتی عەلەنی دا.

٧– ئیقداماتی ئەنجام دراوی نیو تەشکیلاتی عەلەنی لە پەیوەند لەگەڵ شەری ئێران و قێراقدا هاتوونە پیش.

٨– نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

٩– رابیتە لەگەڵ ئەحزاب و سازمان و گوروهە سیاسی یەکان.

١٠– تەقسیمی کارو ئەرکە سەرەکی‌یەکانی کاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

(پاشماوەی) سیاسەتی بەریوە بەرانی تازەی حیزبی دیموکرات .....

دارشتن و بەریوەبردنی شەری چەکدارانە لە دژی پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ریەرایەتی شۆڕشگیر – لە کاتیکدا لە عەمەلیات لە دژی جمهووری ئیسلامی دەگەرینەوە، بە ئاشکرا مانای ئەوەیە کە دەیانەوی بەمجۆرە بەرژیم ڕاگەیەنن تەنانەت پیش هەرسازان و پیک هاتن یکیش ئامادەن وەک داردەستی رژیم بجوولینەوە ولووڵەی تفەنگیان بەرەو موخالیفانی جمهووری ئیسلامی بگرن.

ئەم کردەوەیە نیشاندەری بن بەستی سیاسی تەواو وکە مالی تاقمیکە کە ئیتر بەتەواوی پشتیان لەخەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان هەلکردوە و هیچ ریگایەکیان بۆ خۆیان نەهیشتوەتەوە ئەوەنە بی بەم شیوەیە ریگایەک بۆ سات و سەودا لەگەڵ جمهووری ئیسلامی بکەنەوە.

خەڵکی ئازادیخواز و تیکۆشەری کوردستان کە ئەم ڕۆژانە دەهەمین سالی شۆڕشی حەقخوازانەیان بەکولنەدەری‌یەوە دەنینە پیش سەر، بیگۆمان ئیجازە نادەن بەهەمی دەسالّ شۆڕشیان سات و سەودای پی بکری.

سیاسەتی سازش لەگەلّ جمهووری ئیسلامی و حزمەتی بەکردەوە بەورژیمە جینایەتکارە بووەتە سیاسەتیکی پایەداری ئەم تاقمە و بیگۆمان لە ناو خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگیری کوردستان دا هیچ جیگایەکیان بۆ ناهیلیتەوە.

(پاشماوەی) بریارنامەی پەسندکراوی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

گرینگترینی ئەو هەنگاوانە ئەمانەن:

١– وەری خستنی فەعالییەتیکی سیاسی– عەلەنی بۆتەبلیغ و ڕوون کردنەوە و بە هیزکردنی ئەم پروسەیە:

الف: ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە و ریبازی کۆمەڵە بە کرێکاران و بە هەموو کۆمەلّ بۆ تی‌گەیاندنی وهاندانی کرێکاران، دەخالەت دانیان لەم پروسەیەدا، واوەتر بردنی لە چوارچیوەی تەشکیلاتی و بە هیزکردنی بە بەهرەمەندبوون لە لایەنگری کرێکاران و لە تەوەقوعی ئەوان.

ب: ڕوون کردنەوەی بۆ تەشکیلاتی مەوجود بۆ تی‌گەیشتن لەم پروسەیە، بە پیک هینانی سمینار و کۆنفرانس و بە چاوپی کەوتنی تیکۆشەران.

٢– کاردابەشکردنی نیوکۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە جۆریک کە بەتەواوی لەگەلّ ئەوە بیتەوە کە ئەرکەکانی داهاتووی بەدروستی بەریوەبەری و هیزی خۆی بۆ جوابدانەوە بە مەسەلە کرێکاری‌یەکان کۆ بکاتەوە:

الف: هەلبژاردنی کۆمیتەی ڕابەری لە نیوان پلینومەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا. لایەنی سەرەکی کاری ئەم کۆمیتەیە، بزووتنەوەی کرێکاری و فەعالییەتی کرێکاری دەبی و بەم مەبەستە لەهەموو ئورگانە تەبلیغی‌یەکان و توانایی‌یەکانی تەشکیلات کەڵک وەردەگری و لەکاتی پیویست دا قەوارەی تەشکیلاتی پیویست پیک دینی.

ب: دیاریکردنی کۆمیتەیەکی بە ئەندازەی کافی بە هیز (کۆمیتەی تەشکیلات) کە ئەرکی بەرەوپیش بردنی راستەوخۆی "سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران دا" لە کوردستان لە ئەستوی بی و توانایی‌بەریوەبردنی ئەو ئەرکەی هەبی.

ج: .....

٣– جیاکردنەوەی ڕابەری و فونکسیونە سیاسی – تەشکیلاتی یە سەرەکی و مەرکەزی یەکانی کۆمەڵە لەوبارودوخە نائاسایی و هەلس و کەوتانە کە رەنگە بۆ تەشکیلاتی عەلەنی و چەکدارمان بیتە پیش و، هەلگرتنی ئەم هەنگاوانە بەم مەبەستە:

ئەلف: .....

ب: ریکخستنەوە و گوڕینی قەوارەی تەشکیلاتی بەشی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بە پیی جیهەت گیریە و ئوسووڵی‌یەکانی سەرەوە و هەروەها واقعییەتەکان و پیویستی‌یەکانی دەورەی ئیستا.

ئەم بەشەی تەشکیلات بە ڕابەری راستەخۆی خۆیەوە، بە کەلک وەرگرتن لە هەرئەندازە ئیمکانات کە دەست بدا، هەول دەدا ئەرکە حیزبی‌یەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بەرەوپیش بەری.

لەهەمان کاتدا ئیزگەی رادیو و هەروەها هەندیک بەشی تری کارمان کە لەم شوینەی ئیستایانەوە باشتر بەریوە دەبرین، بە پیشتیوانی بەشی چەکداری تەشکیلات کاری خۆیان دریژە پی دەدەن.

ج: ئەسپاردنی بەریوەبرایەتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و تیکۆشانی نیزامی بە کۆمیتەیەک یان ستادیکی دیاریکراو و بوداهاتووش ئەمە شیوەی ئاسایی کاردابەشکردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بی.

٤– مەسەلەکانی مەربووت بە سیاسەتی ریکخستنی کرێکاری مان:

ئەلف: دارشتنی کۆنکریت و عەمەلی"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران دا "لە کوردستان ئەمە دەتوانی لایەنی تازە و زۆربەرین بەکاری ریکخستنی کرێکاری‌مان بدا. ب: وەلامدانەوەی بەردەوام بە مەسەلەکانی سەر ڕیی ڕابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری و تەبدیل کردنی ڕابەری کۆمەڵە بە مەرجەعی خاوەن نفووز و خاوەن سەلاحییەتی مەسەلە و سیاسەتە کرێکاری یەکان.

بەدەستەوەگرتنی گۆڤاری"پیشرو" وەک وەسیلەی ئەم کارە.

ج: پیکهینانی پەیوەندی بەردەوامی ریبەرایەتی کۆمەڵە و کۆمیتەی شارەکان لەگەلّ تیکۆشەرانی حیزبی و، لەوەش گرینگتر ڕابەرانی کرێکاری، پاراستن و پەرەپیدانی دیالوگی بەردەوام و هەمیشەیی، پتەوکردنەوە و جیگیرکردنی ئەم پەیوەندە.

د: پەی گرتن و بەرەوپیش بردنی سیاسەتی تازەی ئەندامەتی کرێکاری پەسندکراوی کۆمیتەی ناوندەی حیزب.

ه: ریکخستنی جەماوەری کرێکاری:

دیاریکردنی پرۆژەی کۆنکریت ومەرحەلەبەندی کراو بۆپیک هاتن وسەقام گرتنی ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان بە جۆریک کە ئەرکەکانی هەربەشیکی تەشکیلات، تەبلیغات، تەشکیلاتی نهینی و تیکۆشەرانی عەلەنی لەم بابەتەوە بەپیی ئەو جیهەت گیریانەی لە گوزارشی کۆمیتەی ڕابەری و باسەکانی پلینوم دا باسیان کراوە، دیاری بکری. بەریوە چوونی ئەم سیاسەتە لە لایەن ریبەرایەتی کۆمەڵەوە.

٥– کاری قانوونی وعەلەنی و دیاریکردنی سیاسەتمان لەم زەمینەیەدا:

لیکولینەوە و دیاریکردنی یاساکان و هەروەها شیوە عەمەلی‌یەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران و کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر لە ئیمکاناتی کاری قانووئی و عەلەنی.

٦– تەبلیغات:

ئەلف: بەدەستەوەگرتنی گۆڤاری"پیشرو" وەک وەسیلەی سەرەکی بوریکخستن و ری نیشاندانی کرێکارانی سوسیالییست و تیکۆشەر و هەلسووڕانی حیزبی.

ب: بردنەسەری کەیفییەتی تەبلیغاتی رادیویی و کەڵک لی وەرگرتن لە خزمەت ئەم سیاسەتەدا. تەرخان کردنی هیزیکی زیاتر بۆ ئەم کارە.

ج: سازمان دانی ناردنی بڵاوکراوە حیزبی‌یەکان بۆ شارەکان و گەیاندنیان بەدەستی تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و حیزبی.

(پاشماوەی) راگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ریکخستنی جەماوەری کرێکاران، یەکیکی تر لەو ئەولەوییەتانە بوو کە پلینوم باسی کردن. لەم زەمینەیەدا لە سەرپیویستی هەلگرتنی هەنگاوی هەمە لایەنە بۆ ئاسان کردنەوە و یارمەتی کردن بە پیک هاتنی ریکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران تەئکیدکرا. پلینوم داوای کرد تەرح و گەلالەی موشەخەس و مەرحەلەبەندی کرا و بابەتەوە بنریتە دەستووری کار. هەروەها لەسەر پیویستی دیاریکردنی خالەکان وەرچاوکردنی شیوە و رەوشتی عەمەلی بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی کاری قانوونی و عەلەنی لە لایەن کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر و ریکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران تەئکید کرا.

لە بابەت تەشکیلاتی عەلەنی و تیکۆشانی چەکدارانەوە، ویرای ئەوەی پلینوم تیکۆشانی نیزامی مان لە دەورەی رابوردوودا و سیاسەتەکانی زال بەسەر ئەو تیکۆشانەی دا تەئیید کرد، لەسەر ئەوە تەئکیدی کرد کە پیویستە کۆمەڵە لەم بەشەی کاری خۆیدا قەوارەیەکی تەشکیلاتی تازە بگریتە خۆی و، ئەو ئەرکەی بەجەمعی ریبەرایەتی ئەسپارد کە بە پیی تەرحیکی دیاریکراو ئەم قەوارە تەشکیلاتییە تازەیەداریژی و بۆ بەروپیش بردنی باشتری تیکۆشانی هیزی پیشمەرگە، پلینوم بریاری دا ئەرکی هیدایەتی کاملی ئەم هیزە و تیکۆشانی نیزامی، بە کۆمیتەیان ستادیکی نیزامی بسپیردری.

سەرەنجام بریارنامەیەک کە سەرخەتەکان و گرینگترین ئەرکەکان و جیهەت گیرییە عەمەلییەکانمانی لە دەورەی داهاتوودا بە پیی باسەکانی سەرەوە تیدا بەرۆشنی دیاریکراوە، لەلایەن پلینومەوە پەسندکرا هەتا وەك بەلگەیەك ری نیشاندەری تیکۆشانمان بی لە کوردستان.

ئاخرین دەستووری پلینوم هەلبژاردن بوو. لەم بەشدا ئورگانی ریبەرایەتی تەشکیلاتی لە فاسلەی نیوان دوو پلینوم دا، هەلبژێردراو پاشان سەرلەنوێ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە بەتیکرای دەنگ بۆ دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە هەلبژێردرا و بەم جۆرە پلینوم کاری خۆی کۆتایی پی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە

٢٨ی گەلاویژی ١٣٦٨

(پاشماوەی) ئامووزش و پەروەرش لە سائی رابوردوودا

پیداویستییەکانی ئامووزشی بە قیمەتیکی یەکجار گران دەگاتە دەستی خانەوادەکان. موعەلیمەکان لە وەزعیکی نالەبار وشلووق دا بەوپەری تووڕەیی دەرس دەلینەوە. ئاشکرایە لەهەل و مەرجیکی ئاوادا لیدان و کوتەك تیکەلاوی دەرس کوتنەوە دەبی.

ئەمە وەزعی تال و نالەباری ئامووزش و پەروەرش بووە لە سالەکانی رابوردوودا و لەماوەی عومری نگریسی جمهووری ئیسلامی دا کە بە هۆی بیروباوەری کۆنەپەرستانە و مەزعەبی و بەسیج گیری، تیکەلاوی شوردنەوەی میشکی دانش ئاموزان و ترساندن و بەلاری دابردنی زەین و بیر منالان بووە و خویندنی کردوەتە هۆی خەرفاندن وشتیکی بی ناوەروك. ئەگەر تا دویني بە بیانووی شەر و سەرکەوتنی ئیسلام هەرجۆرە دەنگیکی ئیعتیراز لەگەرودا دەخنکیندرا و هیچ جۆرە ئیمکاناتیك بۆ باشترکردنی ئەم وەزعەنالەبارە بەکار نەدەهینرا، ئیستا نابی بیلین ئەم وەزعە دریژەی پیبدری. خویندن دەبی لە هەموو رادەیەك دا بۆ هەموو کەسی ناوکۆمەڵ بە خورایی بی و زەمانەت بکری. دەبی مەدرەسەو جیگا و شوین و ئیمکاناتی تەفریحی پیویست و سالونی غەزاخوری، مەیدانی وەرزشی، بۆ دانش ئاموزان دابین بکری.

نابی ئیجازەبدری داهاتی کارورەنجی میلیونها کرێکار برژیتە گیرفانی دەلالەکان و سەرمایەدارانی تەوەزل و شکەنجەچیەکان و کاربەدەستانی زیندان. تەنانەت بە بەشیکی زۆرکەمی سەروەت و سامانی کۆمەڵ، دەکری هەزاران مەدرەسە و مەهدی کوودەك دروست بکری وئەو ئیمکاناتە پیویستەی باسی کرا پیك بی.

هاوکات لەگەڵ ئەمە مەقەری سپای پاسداران لە ساواکی پیشوویان دایە بەر پەلامارو زەرەر و زیانیان پی گەیاندن.

واحیدیکی دیکە لە هاورییان لە گەرەکی مەسناو خەڵکیان لە مزگەوت کۆکردەوە دەستیان دایە بلاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی ولە بلندگوی مزگەوتی ئەم گەرەکەوە سوخەنرانی یان بۆ خەڵك کرد و لە لایەن خەلکەوە پیشوازیەکی گەرم و گۆریان لی کرا.

هیزەکانی رژیم کە سەریان لی شیوا بوو لە هەموو لایەکەوە بی هەدەف تەقەیان لە دەورو بەری خۆیان دەکرد و پایگاکانی دەوروبەری شار تا سەعات ١١ی شەو بە چەکی قورس و نیوەقورس دەوروبەری شاریان کوتا.

هاورییان پاش ئەنجام دانی سەرکەوتوانەی مەئموریەتەکەیان هەموو بەسلامەت شاریان بەجی هیشت.

ئیوارەی رۆژی ٢٨ی مرداد، چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فوئادیش بەبۆنەی سالرۆژی هیرشی رژیم بۆسەر کوردستان وتیپەر بوونی ١٠ سال بەسەر خەباتی شۆڕشگیرانەی خەڵکی کوردستان دا بە پیی تەرحیکی لە پیشدا داریژراو چوونە نیوشاری مەریوان.

پاش ئەوەی چەند واحید لە پیشمەرگەکان لە دەوروبەری پایگای "حفازتی" و شوینە جۆراوجۆرەکانی شار دامەزران و جم و جوولی هیزەکانی رژیمیان گرتە ژێر چاوەدیری، چەند واحیدی تر لە هاورییان چوونە چەند گەرەکی فەقیرنشینی شار وەك "کونەدیو"، "داسیران"، جەنگەلبانی و لەنیو پیشوازی گەرم و گۆری خەلك دا ویرای قسە و باس لەسەر داخوازەکانی خەلك و مەسایلی سیاسی رۆژ، نەوار و نووسراوە و تراکتی حیزبی یان بلاوکردەوە و پاشان لە نیوبەدرەقەی گەرمی خەڵك دا لەشار هاتنە دەر. لەبەشی ئاخری عەمەلیاتەکەدا چەند واحیدیتر لە پیشمەرگەکان بەئار.پی.جی. و چەکی سووك پەلامارێکی دلیرانەیان بردەسەر پایگای بەکریگیراوان لە "جەنگە لبانی" و زەرەرو زیانیان بە هیزەکانی دوژمن گەیاند.

هاورییان پاش بەریوەبردنی سەرکەوتوانەی عەمەلیاتەکە، هەموو بە سلامەت لە شار هاتنەدەر.

گرتنی دوومەقەری هیزەکانی رژیم

پایگای کە لەوینجە بە تەواوی گیرا

ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی پایگا کوژران و ژمارەیەکیش بەدیل گیران.

ژمارەیەکی بەرچاو چەك و تەقەمەنی و کەل و پەلی تەداروکاتی کەوتە دەست پیشمەرگەکان.

ئەم عەمەلیاتە لە نیوان چەندین قەرارگاو مەرکەزی نیزامی گەورەی رژیم بەریوە چوو.

ئیوارەی رۆژی ٢٢ی پووشپەر چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فواد، بەپیی تەرحیك کە بۆ گرتنی پایگای رژیم لە ئاوایی"کەلەوینجە" لە ١٢کیلومیتری شاری مەریوان دایان رشتبوو، وەری کەوتن.

چەکی قورس و نیوەقورس و سووك، دەیان سندووق گوللەی چەکی سووك و قورس، دەزگایەك بی سیم و هەندیك کەل و پەلی تەداڕەکاتی و بەلگەو سەنەدی رژیم کەوتە دەست پیشمەرگەکان. هاورییان پیشمەرگە کە بەرۆژی رۆشن و لەماوەی نیو ساعەت دا ئەم پایگایەیان بەتەوای گرت پاش راگویزتنی دیل و دەسکەوتەکان، پایگاکەیان ئاگرتی بەردا. بەپیی هەوالی گەیشتوو کاتی گەرانەوەلە نزیك ئاوایی عەسرئاوا، ئاگاداری کەمینی بەکریگیراوان دەبن و بی ئەوەی دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی بدەن ئاگربارانیان دەکەن و راویان دەنین و خۆیان بە سلامەت بە دیل و دەسکەوتەوە مەنتەقە بە جی دیلن.

مەقەر هیزەکانی رژیم لە ئاوایی خواشت بە تەواوی گیرا

هەموو بەکریگیراوانی جیگیر لەو مەقەرە کوژران یان بەدیل گیران.

هەموو چەك و تەقەمەنی و وەسایلی مەقەر کەوتە دەست پیشمەرگەکان.

٨بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیران.

رۆژی ٢٥ی جۆزەردان، چەند واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فوئاد بە پیی تەرحیکی لە پیشدا داریژراو پاش تیپەربوون لە دەیان پایگا و مەرکەزی نیزامی رژیم خۆیان گەیاندە دەوروبەری مەقەری بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "خواشت"و سەعات ٦و ٤٥ دەقیقەی ئیوارە پەلاماریان بردە سەر مەقەر بەکریگیراوان لە نیو ئاوایی.

هەر لەپەلاماریەکەم دا هەموو سەنگەرەکانی دەوروبەری مەقەر کەوتە دەست پیشمەرگەکان و بەکریگیراوانی نیو ئەوسەنگەرانە نەیانتوانی دەست بکەنەوە. پیشمەرگەکان پاشان ویرای ئاگر باران کردنی مەقەروسەنگەرەکانی خۆیان گەیاند سەربانی مەقەرەکەو لەویوە چوونە ناوساختمانی مەقەر و بەکریگیراوان پاش دەست کردنەوەیەکی کورت ماوە ناچار بوون خۆ بەدەستەوە بدەن و مەقەر بەتەواوی گیرا.

لە جەرەیانی گرتنی مەقەری خواشت دا ٣ بەکریگیراوی رژیم کوژران و٨بەکریگیراوی تر بەدیل گیران. کورژراوەکان بریتی بوون لە:

١) تالب احمدی، مەسئوولی گوروهی زەربەتی بوریەر
٢) حسین رحیمی، سەباز
٣) حسین احمدی سەباز
ناوی دیلەکان بەم جۆرەیە:
١) زاهید کشاورز
٢) محمد جعفری
٣) حسن غلامی
٤) محمد پیراهی
٥) رجبعلی باقری
٦) اصغر مرتزایی
٧) جهانبخش مجیدی
(موعاوینی فەرماندەی مەقەر)
٨) غلامرزا مرادی، بی سیم چی
که بەهۆی بریندار بوونی، بە پیی سیاسەتی کۆمەڵە بەرانبەر بە دیلە بریندارەکان ئازادکرا.

هەروەها لە جەرەیانی گرتنی مەقەری خواشت دا ئەم دەسکەوتانەش کەوتە دەست پیشمەرگەکانی کۆمەڵە:

چەکی سووك و نیو قورس ١٢قەبزە گوللەی ژ.٣ و کلاشینوکف ٢٠٠٠٠دانە خەشاب و گوولە ئار.پی.جی. و نارنجەکی دەستی ١٤٥دانە بی سیم یەك دەزگا و هەروەها کۆمەڵیك وەسالیلی نیزامی و تەداڕەکاتی وسندوبەلگەی نهینی رژیم.

هاورییانی پیشمەرگە پاش ئەنجام دانی سەرکەوتوانەیان مەئموریەتەکەیان هەموو بە سلامەت گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

(پاشماوەی)چەند هەوال لە هەلسووڕانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣١ oat: ١٩٨٩

سیاسەتی بەریوە بەرانی تازەی حیزبی دیموکرات بۆداسەپاندنی شەربەسەر موخالیفانی سیاسی خویاندا مەحکوومە!

رادیو حیزبی دیموکراتی کوردستان ریبەرایەتی شۆڕشگیرانە– رای گەیاند لە ریکەوتی ١٨ی گەلاویژدا کاتیک چەند دەستە لە پیشمەرگەکانیان پاش بەریوەبردنی عەمەلیات لە دژی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی لە شاری مهاباد دەگەرینەوە دیهاتی ئەم ناوچەیە، لەبەرزایی‌یەکانی مەنتەقە دەکەونە بەرهیرشی تەرح ریژ کراوی چەکدارەکانی بەشەکەی دیکەی حیزبی دیموکرات – جیناحی کۆنگرەی ٨ و شەریکی چەندین سەعاتەیان بەسەردا تەحمیل دەکری کە لە ئاکامدا چەند کەس لە هرتک لا کورژران و بریندار بوون.

ئیمە جاریکی تریش ئەو کردوە دژ بە شۆڕشە تاقمی بەریوەبردی حیزبی دیموکرات مەحکووم دەکەین. بیگۆمان کردەوەی ریگرانەی ئەم تاقمە بۆ بەرد خستنە سەرریگای هەلسووڕانی سیاسی و نیزامی موخالیفانیان، راستەوخۆ خزمەتی بە رژیم دەکاو لای هەموو خەلکی ئازادی خوازی کوردستان بەتەواوی مەحکوومە.

هیرشی ئەم جارەی چەکدارەکانی ئەم تاقمە بۆسەر پیشمەرگەکانی ح.د.ك. ریبەرایبەتی شۆڕشگیر لەهەل و مەرجیکدا بەریوە چووە کە بەریوەبەرانی تازەی حیزبی دیموکرات تەنانەت دوای تروری قاسملووش پەیتاپەیتا لەوت وویژەکانیان ولەوتارە رادیویی یەکانیان دا داواکاری دریژەدانی وت وویژ لەگەڵ رژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامین. ل٨

بریارنامەی پەسندکراوی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

١) سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەك هەموو حیزبی ئێمە، سەرەرای دووركەوتنەوەی لە چەپی سوننەتی و لەرادیکالیزم و سوسیالیزمی غەیرە کرێکاری، هیشتا نەگەیشتوەتە ئەوجیگاوشوینە کۆمەڵایەتی‌چینایەتی‌یە جیاوازە کە ریکخراویکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبی ببیی.

هەنگاوی داواتر کە لەهەمان کات دا هەنگاویکی چارەنووس سازە و دەبی بەرەوپیشی هەلگرین، بریتی‌یە لە کرێکاری بوونەوەی حیزب، یانی بوون بە حیزبی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری.

بەڵام ئەم کارە بەبی پیك هاتنی ئال و گۆڕیکی بنەرەتی لە جیهەت گیری‌یەکان وکارکرد و ئەرکە سەرەکی‌یەکان و شیوەکانی پراتیك دا ئیمکانی نیە.

٢) کۆمەڵە دەبی ببیتە ریکخراویك کە تەیفی کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی عەمەلی کرێکاری لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ریکیان بخاو قالب و وەسیلەی خەباتی هەموو رۆژەیان بی، وەلامدەرەوەی مەسەلە گرینگەکانی سەرریی خەباتی بەردەوام و جۆراوجۆریان وری نیشاندەری ئەم خەباتە بی و، بەشیوەی جیددی و کارێگەرخەریکی پیك هینان و ریکخستنی ریکخراوە جەماوەری یەکانی کرێکاران بی. ریبەرایەتی کۆمەڵە دەبی وەك نوینەر و ری نیشاندەری بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی کرێکاران لە کوردستان دەورو نەقشی بەرچاوی بی.

کۆمەڵە دەبی ببیتە ریکخراوی خودی کرێکاران، ریکخراوی تەبیعی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری لە هەموو لایەنەکان و مەیدانەکانی داو ئەمجار لەم جیگاوشوینەوە وەلامدەرەوەی گرینگترین مەسەلە ئابووری و سیاسی‌یەکانی نیو کۆمەڵ بی.

پیویستی یەکانی ئەم کارە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نفووزە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یە کە کۆمەڵە هەیەتی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە گەرایشی سوسیالیستی لایەنگری حیزبی کۆمۆنیست مەیداناری نیو بزووتنەوەی کرێکاری و وەزعییەتی سیاسی لە کوردستانە، هەر ئیستا ئامادەیە.

٣) وەدی هینانی ئال و گۆڕیکی جیددی و بنەرەتی و تەبدیل کردنی کۆمەڵە بە ریکخراوی حیزبی کرێکاران، بەدەورو دەخالەتی ریبەرایەتی کۆمەڵەوە بەستراوەتەوە و ئەمە پیویستی بە ئال و گۆڕیکی جیددی لە کار کردەکان و شیوەکاری ریبەرایەتی کۆمەڵەدا هەیە .

لە هەمان کات دا بەرەوپیش بردنی ئەم ئال و گۆڕە پیویستی بە تیکۆشانیکی هەمەلایەنەی سیاسی و زەنجیرە ئیقداماتیکی عەمەلی و تەشکیلاتی هاو ئاهەنگ و لیك هەلپیکراو هەیە.

ل٨

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پینجەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم، نیوەی یەکەمی مانگی گەلاویژ لە چوار رۆژدا بە ریوەچوو. پلینوم بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆریزگرتن لە یادی هاوریانی گیان بەخت کردوو، دەستی پیکرد.

سەرەتا گوزارشیك کە بریتی بوو لە لیکولینەوەی وەزعییەتی سیاسی، مەوقعییەتی جمهووری ئیسلامی و داهاتووی خەباتی چینایەتی لە ئێران و کوردستان و لیکولینەوەی هەموو مەیدانەکانی کار و تیکۆشانی کۆمەڵە و سەرخەتی سیاسەتەکان و ئەرکەکانمان لە هەرکام لەم مەیدانانە لە دەورەی داهاتوودا، لە لایەن دەبیر ئەوەلی کۆمەڵەوە پیشکەشی پلینوم کرا. پاش بیستنی گوزارشەکەن پلینوم چووە سەر باسکردن و راویژ کردن لەسەر خالەکانی ئەو گوزارشەو پاشان سەرجەمی گوزارشەکە لە لایەن پلینومەوە تەئییدا کرا.

پلینوم لە باسەکانی تری خۆیدا سەر لە نۆی لە سەر پیویستی پەی گرتنی پەسندکراوەکانی شەشەم، بۆئەوەی کۆمەڵە ببیتە ریکخراویك کە کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی خاوەن نفووزی کرێکاری لە خۆیدا کۆبکاتەوەو ریکیان بخاو ببیتە ئەبزاری خەبات و ئیعتیرازی هەموو رۆژەیان بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەولەت، تەئکیدی کرد و رای گەیاندکە بەرەوپیش بردنی ئەم ئەرکە تەنیا بە بەریوەچوونی دەور و دەخالەتی هەرچی زیاتری ریبەرایەتی کۆمەڵە و ریکخستنیی موسری هەموو ئیمکانات و توانایی‌یەکان ئیمکانی هەیەو، بەم مەبەستە، لەسەر پیویستی بەریوە چوونی تیکۆشانیکی هەمەلایەنەی عەلەنی بەرادیو و نەشرییە بۆ روونکردنەوە و تەوزیح دانی ئەم حەرەکەتە بۆ کرێکاران و زەحمەتکیشان، تەئکیدی کرد. لە ئەنجامی ئەم باسانەدا ئەولەوییەتە سەرکی‌یەکانی کارمان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دیاری کرا کە گرینگترینیان بریتین لە مانە:

لە زەمینەی پەرەپیدانی تەشکیلاتی حیزبی لە نیو کرێکاران دا، پلینوم تەئکیدی کرد کە بربرە پشتی کۆمەڵە ئەساسەن دەبی لە شوینی کار و ژیانی کرێکاران شکل بگری و"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاراندا" لەسەر

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی٣٢ | خەرمانانی _١٣٦٨ | سێپتامبر_ ١٩٨٩

گوزارشێك له بەرێوەچوونی چەند ئاکسیون بە بۆنەی تڕۆری هاوری غلام کشاورز

بە بۆنەی تڕۆری هاوری غلام کشاورز بە دەست تڕۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی، چەند ئاکسیون لە وڵاتانی ئالمانی ڕۆژئاوا و سوئید و فەرانسە بەڕێو چوو. لەو ئاکسیونانەدا بێجگە لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، ژمارەیەك لە خەڵکی ئەو وڵاتانەش بەشدار بوون. لەم ژمارەیەی پێشڕەو دا کۆرتەی خەبەری دوو ئاکسیون چاپ دەکەین و لە ژمارەکانی داهاتوودا لە خەبەری باقی حەرەکەتە ئیعترازییەکان ئاگادارتان دەکەین.

ڕۆژی ٣١ی ئووت بەرانبەر بە ٩ی خەرمانان لە سەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووڕای پەناهندە سیاسییەکانی ئێران_ کە هاوری غلام مەسئوولی ئەم هەیئەتە بوو_ میتینگ و ڕاپەیمایییەك لە شاری "ئەستهکلم" بەڕێوە چوو کە ٥٠٠ کەس ئێرانی و خەڵکی سوئید بەشداریان تێدا کرد. چەندین سازمان و ڕێکخراوی سوئیدی وەك: حیزبی سوسیالیستی سوئید، فراکسیونی پارلمانی سوئید، کومیتەی پەناهەندەکانی سوئید، سەندیکالیستە شۆڕشگێڕەکان، وە بزووتنەوەی دژی ڕاسیسم، لەو مەراسمەدا بەشدار بوون.

ل٦

وت و وێژی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە سەبارەت بە پلینومی پێنجەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پاش کوتایی پی هاتنی پلینومی پێنجەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، دەنگی شۆڕشی ئێران لە سەر باسەکانی ئەو پلینومە، وت و وێژێی لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلیزادە دەبیری یەکەمی کۆمەڵە کرد. ئەوەی لیرەدا دەیخوێنیتەوە دەقی ئەو وت و وێژەیە بە بی ئەوەی بۆ هێنانە سەر شێوەی نووسین، دەسکاری کرا بی.

پرسیاری یەکەم: هاوری برایم! ڕاگەیاندنی کوتایی پلینومی پێنجەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، حەوتووی ڕابوردوو لە ڕادیووە بڵاو کرایەوە. لەو ڕاگەیاندنە وادەردەکەوی کە ئەو پلینومە قسە و باسی گرینگی تێدا کراوە و، وەزایفیکی هەمەلایەنە دیاری کراون. پێش هەموو شتێك دەمەوی ئەوە بپرسم کە تایبەتی ئەم پلینومە لە چاو پلینومەکانی پێشوو چ بوو؟ ئایا بە تایبەت خۆی بۆ ئامادە کرابوو؟

وەڵام: پلینومی پێنجەمی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە چەند لەحازەوە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بە ئەهمییەت بوو، وە بە تەدارەك و ئامادەییەکی نیسبەتەن باشەوە بەڕێوە برا. ئەوەڵ ئەوە کە، پلینومەکانی کومیتەی ناوەندی پێشتر بە فاسلەی کەم، هەر بە نزیکەی دوومانگ جاریك دەگیران. لە حاڵێکدا ئەم پلینومە پاش ماوەیەکی تووڵانی تر پێك هات. وەدرەنگ کەوتنی ئەم پلینومە، ئەساسەن بە دەلیلی مەسایلی فەننی بوو. لەوماوەیەدا بەشی زۆری ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە مەئموورییەتی جۆراوجۆری حیزبیدا بوون و نەمان توانی کاڕێکی وابکەین لەو ماوەیەدا ئەکسەرییەتی هەرەزۆری ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە جێگایەك کۆببنەوە. سەرئەنجام ئەکسەرییەتی نزیك بە تەواوی ئەندامان و علی البدلەکان کۆبوونەوە و هەروەها ئیمکانی ئەوەش پێك هات کە دوو هاوریی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبیش وەك نازر لە کۆبوونەوەکانماندا بەشداری بکەن.

دووهەم ئەوە کە لە هەموو پلینومەکانی پاش کونگرەی شەشەم دا بە دەلیلی شەرایتێکی تایبەت کە بەشی عەلەنی تەشکیلاتی ئێمە لەم دەورەیەدا تێیدا بوو، ئەغلەب مەسایلی فەوری دەهاتنە بەرباس و ڕێگاحەلیان بۆ دیاری دەکرا و تەسمیمیان لەسەر دەگیرا. ڕووداوەکانی ساڵی ٦٧، لە سەروبەندی کونگرەدا و هەروەها چەند مانگ دواتر ئاتەش بەسی شەری ئێران و عێراق و ئەو مەسەلانەی کە بە شوێنی داهاتن، هەندیك وەزیفەیان دەخستە سەر شانمان کە وەڵام پی دانەوەیان نەدەکرا تەئخیری تێدا بکری و پەیگیری کردنی ئەو کارانە وەخت و ئینرژی پی دەویست. لە حاڵێکدا ئەم پلینومەی ئاخری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە باری واقیعی و عەمەلییەوە ئیمکانی ئەوەی بوو بچێتەسەر دیاریکردنی وەزایفیك بە پێی ئەوباسە موهیم و بنەڕەتییانە کە چوارچێوە و جیهەتە ئەسلییەکەیان مستقل لە مەسەلە و ڕووداوە تاکتیکییەکان لە کونگرەی شەشەم دا دیاری کرابوو.

وە بە پێی ئەمە، ئەو پلینومە لەبەر ئەوەی قامکی لەسەر مەسایلی موشەخەس و لایەنە عەمەلییەکانی کاری ئێمە لە شارەکانی کوردستان و مەرکەزە کرێکارییەکان دان و سیاسەتی ڕوشنی لەم زەمینەیەدا پەسند کرد، دەور و نەقشێکی موهیمی دەبی لە شکل پێدانی پراتیك و تێکۆشانی ئێمە لەو مەیدانەدا.

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە



بە داخ و پەژارەیەکی زۆر گرانەوە سەعات ٢ی بەیانی ڕۆژی ١٣ی شەهریوەر دلی هاوری و ڕابەری خۆشەویست هاوری سدیق کمانگر بە حەملەی جینایەتکارانەی خائینیکی بەکرێگیراوی جمهووری ئیسلامی لە لیدان کەوت. هاوری سدیق کمانگر لە کاتیکدا کەوتە بەر ئەو جینایەتە و گیانی بەخت کرد کە چەند حەزەیەك بوو کاری نووسینی وتاری بۆ دەنگی شۆڕشی ئێران تەواو کردبوو، وە لە ئۆتاقی کارەکەی هاتبووە دەر.

هاوری سدیق کمانگر شەخسییەتی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران، سیمایەکی خۆشەویست و ڕابەریکی خاوەن نفووزی ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، لە بناغەدانەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو.

ئەو لە یەکەم دەستەی ئەو تێکۆشەرانە بوو کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەریزی تێکۆشانی کۆمۆنیستی کۆمەڵە پەیوەس بوو. ئەم ٢٠ ساڵە لە تێکۆشانی بی وچانی هاوری سدیق پرە لە ئیستقامەت و کولنەدانی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی، پرە لە بەجێ هێنانی دەور و نەقشی بەرجەستە لە فەعالییەتی تەشکیلاتی دا و لە تەکامول و گەشە پێدان و پتەوکردنی فکری و سیاسی و عەمەلی کۆمەڵەدا.

ل٥

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی تڕۆری هاوری غلام کشاورز



ڕۆژی شەممە ٤ی خەرمانان هاوری غلام کشاورز (بهمن جوادی) سیمای ناسراوی بزووتنەوی کۆمۆنیستی ئێران کە بۆ دیتنی خانوادەی چوو بووە قبرس، لە شاری لارناکا، بە دەست بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی تڕۆر کرا و بە داخەوە چەند سەعات دواتر لە بیمارستان گیانی بەخت کرد. لەم ڕووداوە دا یەکیك لە خزمەکانیشی بریندار بوو.

هاوری غلام شۆڕشگێڕی لە مێژینە و سیمای ناسراوی موقاومەت و ڕاوەستان لە زیندانەکانی ڕژیمی شا، یەکیك لە هەوەل ئەندامانی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست"، یەکیك لە بەشدار بووانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادریکی لیهاتووی ئەم حیزبە بوو کە لە دەورەی هەڵسووڕانی لە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیست دا ئەرك و مەسئوولیەتی جۆراوجۆڕی لەسەر شان بوو کە یەکیان ئەندامەتی دەورەی دووهەمی کومیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە چەند سالی ڕابوردوودا هاوری غلام زیاتر لە مەیدانی کاری دەرەوەی وڵات دا هەڵدەسووڕا. ئاخر مەیدانی فەعالییەتی هاوری غلام ئەندامەتی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە سیاسییە ئێرانییەکان و هەول دان بۆ پێك هێنانی ئەم فدراسیونە بوو. هاوری غلام بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی لە دژی سەرمایەداری و لە پێناو ڕزگار کردنی چینی کرێکاردا بە گەرم و گۆڕی و پەیگیرییەوە تێکۆشا و هەر لەو ڕێگایەش دا گیانی بەخت کرد.

ل٤

وەرگێردراوی وت و وێژی هاوری منسورحکمت بە بۆنەی شەشەمین سالڕۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پرسیاری یەکەم: هاوری منسور! ویرای سپاس بۆ ئێوە بۆ بەشداریتان لەم وت و وێژەدا. شەش ساڵ لە پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێپەڕ بووە. شەش ساڵ لەوە پێش هەر لەم ڕۆژانەدا، سی و چەند کەس لە هاوریانمان لە کونگرەی دامەزرینەری حیزبدا کۆبوونەوە و ئەم حیزبەیان پێك هێنا، بە ئاسویەکەوە کە بۆیان دەروانی و بە دیاریکردنی داهاتوویەك کە لە بەر چاویان گرتبوو بۆ ئەم حیزبە. ئەمرۆ پاش تێپەڕینی شەش ساڵ، کاتیك چاو لە حیزب دەکەین، ئایا پێت وایە لەو ماوەیەدا بە پێی ئەو شتانەی بەتەمایان بووین و ئەو ئاسویەی ڕووman تی کردبوو چووینەتە پێش؟

وەڵام: بە پێوانەی چاوەڕوانییە گشتییەکانی کونگرەی دامەزرینەر، ئەك هەر ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا دەبووا بکری کراوە، بەڵکوو حیزبی کۆمۆنیستی زۆر لەوە واوەتریش چووە. نازانم لەم بەرەوپێش چوونە چەندە نەتیجەی هەنگاو هەڵگرتنی بە دانستەی خۆدی حیزب بووە و چەندەی حاسڵی ئاڵ و گۆڕێکی عەینییە کە لە نیو کۆمەڵدا و لە ڕەوتی خەباتی چینەکاندا لە ئێران و لە ئاستی جیهانیدا ڕووی داوە. بێگومان ئەمانە هەر دووکیان دەوریان بووە. بەهەر حال کاتێك چاو لەو ئاسویە دەکەین کە کونگرەی دامەزرینەر ڕووی تی کردبوو، وەچاو لە جێگا و شوێنی ئێستای حیزبیش دەکەین، ئەو بەرەوپێش چوونە گەورەیە دەبینین. زۆر کەس لە بیریان چووەتەوە کە حیزبی کۆمۆنیست لە چ وەزعییەتێکی فیکری و کۆمەڵایەتیدا پێك هات. حیزبی کۆمۆنیست کاتێك دا پێك هات کە ڕژیمی ئیسلامی هێرشێکی قورسی کردبووە سەر کرێکار و کۆمۆنیزم،

ل٧

هاوریانی کرێکار! حیزبی خۆتان فەتح کەن

دەقی قسەکانی هاوری سدیق کمانگر لە مەراسمی شەشەمین سالڕۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا

هاوریان، میوانە خۆشەویستەکان!

بەر لە هەموو شتێك ئیجازەم پی بدەن لە لایەن خۆم و هاوریانی کومیتەی ناوەندییەوە بەخێر هاتنتان بکەم و لەم ڕۆژە تاریخییەدا، یانی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جاریکیتر یادیك بکەین لەو کرێکارە کۆمۆنیست و پێشرەوانە کە لە مەیدانەکانی خەبات و موبارەزەی چینایەتی دا قارەمانانە موبارەزەیان کرد و لە ڕیزگای گەیشتن بە هیوا و ئامانجە تەبەقاتییەکانیاندا گیانیان فیدا کرد. هەروەها یادی ئەو هاوری و هاوسەنگەرە قارەمان و فیداکارانەمان کە لە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ هەموار کردنی ڕێگای موبارەزەی چینی کرێکار و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە گیانبازییان کرد و گیان و ژیان و هەموو شتێکیان لەم ڕێگایەدا لە دەس دا ڕیز لی بگرین، وە لە بەرانبەر عەزم و ئیرادەی کۆمۆنیستانەی ئەو تێکۆشەرە کۆمۆنیستانەوە کە بە خەبات و موبارەزەی بی وچان و کولنەدەرانەی خۆیان لە کارخانە و کارگا و شار و دێهاتی سەراسەری ئێران و لە مەیدانەکانی شەری شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا پەرچەمی سووری کۆمۆنیزمی کارگەریان بەسەر بەرزییەوە بەرز کردوەتەوە سەر دانەوینین.

هاوریان!

ئێمە لە شەرایەتێکدا پی دەنیینە حەوتەمین ساڵی ژیانی پر لە شانازی حیزبەکەمان کە چینی کرێکار، یانی ئەو کەسانەی خاوەن و ساحیبی ئەسلی ئەم حیزبەن، لە شەرایتێکی سەخت و مەشەقەتباردا ژیان دەبەنەسەر. یەك ساڵ و وردەیەك دوای تەواو بوونی شەر و دە ساڵ و چەند مانگ دوای قیامی جەماوەری و تووەیی ساڵی ٥٧، ئیتر موسیبەت و ڕەنج و کویرەوەری لە ژیان و گوزەرانی ئەم چینە گەورە کۆمەڵایەتییەدا بووەتە شتێکی ئاسایی و تەبیعی.

ل٦

زۆر بە کورتی، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم مەسەلانەی لەم پلینومەدا باسیان کرا، هەر رۆژی دوای کونگرەی شەشەم دەکرا باسیان بکری و هەر ئەو کاتیش بۆ جوابدانەوە بەم مەسەلانە، لە باری ئوسوولییەوە هیچ مانع و کەم و کووڕییەک نەبوو. بەڵام ئەوشتەی رووی‌دا، حاسڵی ئەوە نەبوو کە گوایا مەسەلەکە دەرک نەکراوە یان ئەحیانەن ئەهمییەت وە حەیاتی بوونی ڕەچاو کردنی جەهت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم لە لایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە لەبەرچاو نەگیراوە. بەڵکوو ئەو وەدەرەنگ کەوتنە حاسڵی شەرایتێکی واقیعی بوو کە ئەساسەن خارج لە ئێرادەی ئێمە بە وجوود هاتبوو. بە جۆرێک کە تەنانەت کونگرەی سێهەمی حیزبیش کە زستانی پارەکە گیرا بە بریاریک کومیتەی ناوەندی حیزبی موزەف کرد بە پەیوەندیکی نزیکتر لەگەڵ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، وەڵامی هەمەلایەنەتر بەو مەسەلە تاکتیکی‌یانە بداتەوە کە بەشی عەلەنی تەشکیلاتی کوردستان لەگەلیان بەڕەو ڕوو بوو.

دیارە لێرەدا قسەم لەو ئەولەویەتانە و لەو باسانەیە کە پلینومیک عەلی القاعدە دەتوانی بچێتە سەریان. نامەوی کاری ڕووتین و ئاسایی ئورگانە تخسسی‌یەکانی شارەکان، رادیو و تەبلیغاتی سەراسەری و ستادی نیزامی و بەشەکانی دیکە، باس بکەم و بچمەسەر ئەرزیابی کردن و هەڵسەنگاندنی ئەوانە.

لە بابەت خو ئامادەکردن و تەدارەکی پێویست بو پلینوم دەبی بڵیم کە لانی کەم لە ٣ مانگ پێش پێک هاتنی ئەو کوبوونەوەیەوە نا‌وەرۆک و مەزموونی ئەو مەسەلانە کە دەبوا لەم پلینومەدا بێنە گۆڕ و تەسمیمیان لەسەر بگیری، لە کۆبوونەوەکانی مەحدوودتری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی حیزبدا و لە سمینارەکاندا قسەیان لەسەر کرابوو. جەمعی ڕەهبەری کۆمەڵە لە گوزارشیک دا کە ئامادەی کردبوو بۆ پێشکەش کردن بە پلینوم، هەوڵی دا بوو سەرخەتی ئەو سیاسەتانە کە کومیتەی ناوەندی دەبوو بەرەوپێشیان بەری، لە هەموو زەمینەکاندا بەیان بکا، هەروەها لە لایەن کومیتەی ئیجرایی حیزبیشەوە پێش نووسی قەتعنامەیەک ئامادە کرابوو کە لە پلینوم دا مەترەح بکری. بۆیە وتم پلینوم بە تەدارەک و ئامادەگی‌یەکی نیسبەتەن باشەوە بەڕێوە چوو.

پرسیاری دووهەم: هاوری برایم! دووهەمین پرسیارم ئەوەیە کە دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم چ بوو، وە پەسندکراوە ڕەسمی‌یەکان پلینوم چ بوون؟

وەک هەموو پلینومەکانی دیکەی کومیتەی مەرکەزی، سوننەتەن، لە ئایین نامەی ئەولەویەتەکانی کاری کومیتەی مەرکەزی لە دەورەی ڕابوردوودا و لە دەورەی داهاتوودا، وە مەجمووعەیەک مەسەلەی دیکە کە زەمینەی گوزارشەکە بوون، وەک گوزارشی تەشکیلاتی شارەکان، ئامووزشی نیوتەشکیلاتی عەلەنی، وە چەند شتی دیکە.

لە باسی وەزعییەتی سیاسی‌دا، سەرەتا لیکدانەوەیەک لە مەوقعییەتی ئێستای جمهووری ئیسلای و مەسەلەکانی ناوخۆی ڕژیم پاش خەتمی شەر باسی کرا و پاشان تەسویریک لە وەزعییەتی کار و ژیانی چینی کرێکار ئەرائە درا. دوای ئەوە، داهاتووی گەشە کردنی بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازی لە سەر متالبات و داخوازەکان و گەشەی خەباتی چینایەتی لە ئێران و ئەو توانایی و زەرفییەتانە کە ئەم بزووتنەوە چینایەتی‌یە لە ئاڵ و گۆڕەکانی سیاسی داهاتووی ئێراندا دەتوانی لە خۆی نیشان بدا، ئیشارەی پی کرا. هەدەفی ئەم باسە ئەوە بوو کە بناغە عەینی‌یەکانی گەشە کردن و پەرەگرتنی خەباتی کرێکاری و بزووتنەوەی پێشڕەوا، وە تەقویەتی پەیوەندەکانی سیاسی و ئیدیولوژیکی ئەو کۆر و کۆمەڵانە لەگەل حیزب وەک تەبیعی‌ترین ڕێگا بۆ پەرەپێدانی سازمانی حیزبی، وە لەسەر پێویستی کاری ئاگاهانە بۆ پەرەپێدانی موبارزاتی ئیقتسادی کرێکاران و ڕوشن کردنەوەی هەموو سیاسەتەکانمان لە زەمینەی ئەو موبارزاتەدا، لەسەر هەموو ئەوانە تەئکید کرا.

لە بەشی ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاراندا، هەندیک خاڵی موشەخەس لە بابەت نەوعی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان و ئەولەوییەتەکانمان بۆ کار کردن لەو زەمینەیەدا، مەترەح کراو لەسەر پێویستی گرتنە پێشی سیاسەتێکی فەعالتر سەبارەت بە ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکانی مەوجووج لە کوردستان تەئکید کرا. لەو بەشدا تەوزیح درا کە تەشەکولە کرێکاری‌یەکان دەبی لە جەرگەی خەباتێک دا پێک بهێنرین کە هەر ئێستا بۆ باش بوونی شەرایەتی ژیان و کاری کرێکاران لە جەریاندایە. ئەم تەشەکولانە دەبی بتوانن بە شێوەی واقیعی لە تێکۆشەر و پێشرەو ئیعلام بکری. ئەو بوچوون و سوننەتانە کە فەعالییەتی لەم چەشنە بە شتێکی کەم بایەخ دەزانن و تەحقیری دەکەن و بە غەیرە لازمی دەزانن، لە کوردستان پاشەکشەیان پی بکری و شکل و شێوە و میکانیزمەکانی کاری عەلەنی و قانوونی بە ئاموزش دان و پەروەردەکردنی بەردەوام ببنە سوننەتی جی کەوتوو لە جامیعەی کوردستاندا.

سیاسەتی ئێمە لە بابەت حەرەکەتەکانی جەماوەری و حەقخوازانەی ئەقشاری موعتەریزی جامیعەی کوردستانیش بەشیکی دیکەی گوزارش بوو کە هەر لەم بەشەدا لە مەورد خەبات دژی ئیشغالی نیزامی، حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی زەحمەتکێشان لە گەرەکەکانی حاشیەی شارەکان، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشانی دێهات و موبارەزەی جەوانانی کوردستان بەیان کرابوو. جیهەتی ئێمە ئەوەیە کە کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست، مودافع و لایەنگری پەیگیری نەهیشتنی هەرچەشنە بی عەدالەتی و ستەم

سوننەتەکانی چەپی ڕووناکبیرانە و غەیرە کرێکاری هێشتا لە نیو ئەم حیزبەدا ماون و ئەم سوننەتانە دەبنە مایەی شینەیی بوون و بە کاوە خۆبوونێکی زیانبار لە حەرەکەتی ڕوو بە پێشمان دا، وە ڕەوتی تەبدیل بوونی حیزب بە حیزبێکی تەواو و کەمال کرێکاری، دژوار دەکەنەوە. ئەم سوننەت و ڕەوشتانە، کۆمەڵایەتین و بەم مەعنایە سەرچاوەی بە هێز بوونیان لە جامیعە دایە و پووچەل کردنەوەشیان هەر لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا دەکری.

جەماوەری لە دەورەی داهاتوو دانیشان بدا و جارێکی دیکە تەئکید بکا لەسەر زەروورەت و پێویستی ئامادە بوونی حیزبی کرێکاران بۆ دەخالەتی موسر و ئاگاهانە لەم جەرەیانەدا. تەولاتی سیاسی داهاتووی ئێران لە حاڵیک دا کە چینی کرێکار ئاگاهانە دەخاڵەتی تێدا بکا دەتوانی هەموو خەون و خەیالاتی بورژوازی بوحران لیدراوی ئێران، خەون و خەیالاتی وەک ئەوە کە گویا ڕەفسەنجانی و هاودەستەکانی بودەورەیەکی تووڵانی سبات و ڕەونەق و شکوفایی بو سەرمایەداری ئێران دەرەخسێنن، وە خەیالاتی دیکەی لەو نەوعە پووچەل کاتەوە.

باسی فەعالییەت لە شوێنی کار و ژیان، هەروەک ئیشارەم پی کرد، خۆی چەند بەش بوو: لەبەشی بەرنامەی ئێمەدا بۆ پەرەپێدانی کاری حیزبی و فەعالییەتی تەشکیلاتی لە شارەکانی کوردستان، لەسەر پێویستی بردنەسەری کەیفییەتی کاری کرێکارانی سوسیالیست و تێکۆشەرانی تەشکیلاتی، بە ئاموزش دانی ئیدئولوژیک و سیاسی فشردە، وەک بناغەی ئەسلی و ژێر بینای هەر نەوعە ڕێکخراویکی پتەوی حیزبی لە نیو کرێکاراندا، لەسەر پێویستی بەشداری کردنی ئەو هاوری‌یانە لە پێک هێنان یان پتەوکردنەوەی کۆر و کۆمەڵی کرێکارانی و نابەڕابەری‌یەکن، لەم حەرەکەتانە پشتیوانی دەکەن و بۆ تەقویەت کردن و بەسەر کەوتن گەیاندنیان خەبات دەکەن.

باسی دواترمان ئەرزیابی کردن و هەڵسەنگاندنی کاری نیزامی مان بوو، پاش خەتمی شەری ئێران و عێراق. لەم بەشەدا سیاسەتی نیزامی‌مان و چونیەتی بەرەوپێش چوونی لەم دەورەیەدا و هەروەها داهاتووی کاری نیزامی‌مان لە کورت ماوەدا، قسەی لە سەر کرا. فەعالییەتی نیزامی‌مان لەم دەورەیەدا بە کولنەدەری و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەگەی کۆمەڵە بەرەوپێش چوو، وە بە هەموانی نیشان دا کە شەری شۆرشگێرانە لەم مەنتەقەیەدا هەروا بلیسەدارە و ئاگری چەکەکانی بە دامرکانی شەری کونەپەرستانەی ئێران و عێراق خاموش نابی. ئەم شەرە مەیدانێکە لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان. خەباتی چەکدارانەی ئێمە سەرەرای مەسایلیکی تازە کە بە خەتمی شەری ئێران و عێراق بوی هاتبوونە پێش، لە کوسپەکانی سەرڕێگای خۆی تێپەر بوو و لە تەواوی ئەو دەورەیەدا لە مەوزعێکی قودرەتمەند دڕێژەی پەیدا کرد.

لە بابەت بەشەکانی دیکەی گوزارشەکە تەوزیحی زیاتر نادەم. مەتنی ئەسلی ئەو گوزارشە بێجگە لە هەندیک جێگای کە بە پێی مولاحەزاتی ئەمنییەتی و تەشکیلاتی بۆ بلاوکردنەوە نەبی، بە عەلەنی بلاو دەکرێتەوە.

پرسیاری چوارەم: بۆ بلاوکردنەوە و تەوزیحی زیاتری باسەکان و جهەت گیری‌یەکانی نیو پەسند کراوەکانی پلینوم چ بەرنامەیەکتان هەیە؟

هەروەک وتم پەسندکراوە ڕەسمی‌یەکانی پلینوم بەم زووانە بلاو دەکرێتەوە و ژمارەی داهاتووی نەشرییەی "پێشرەو" بۆ ئەم باسانە تەرخان کراوە. بەڵام ئێمە دەمانەوی لەم زەمینەیەدا لە ڕاگەیاندن و ئیعلام کردنی پەسندکراوەکانی پلینوم واوەتر بچین. ئێمە دەمانەوی لە بابەت ئەو ئەرکانەی بو ئەم دەورەیە دیاری کراون و جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم، لە رادیو و نەشرییاتی خۆمان دا بەرنامەیەکی بەرینی تەوزیحی بەرەوپێش بەرین. خەتەکانی کاری ئێمە لەم بارەیەوە دیاری کراون و مەسەلەکانی مەربووت بە هەموو لایەنەکانی فەعالییەتی ئێمە لە شارەکانی کوردستان لە سەدری ئەم بەرنامە تەبلیغی و تەرویجی‌یەدایە وە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا رادیو و نەشرییاتی ئێمە دەست دەکەن بە بەڕێوە بردنی ئەم بەرنامەیە.

ئێمە پێشتریش لەم زەمینانەدا بە ئورگانە تەبلیغی و ئاموزشی‌یەکانی خۆمان و بە تەماسی حوزووری لەگەل کرێکاران قسەمان کردوە. بەڵام ئەو شتە کە بەرنامەی عەمەلی ئەمڕۆمان لە فەعالییەتی تا ئێستامان تا رادەیەک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دەمانەوەی پێش هەموو شتێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەموو سیاسەتەکان و جهەت گیری‌یەکان و شێوە عەمەلی‌یەکانی خۆمان لە کوردستان لە مەجمووعەیەکی واحیددا رابگەیەنین و بەم جۆرە ئاسوی حەرەکەتی داهاتوومان بە تەواوی و بە هەموو لایەنەکانیەوە بخەینە بەرچاوی کرێکاران. دیارە کاری عادی تەبلیغی و ئاموزشی‌مان، دوای ئەوەش هەر درێژەی دەبی.

بەڵام مەسەلەیەک کە پێم باشە هەر لیرە ئیشارەی پی بکەم ئەوەیە کە ئەم باسانە بۆ ئێمە عەمەلی موشەخەسیان لە مەیدانە جۆاروجۆرەکانی فەعالییەتمان دا هەیە و دەبی بەپراتیک و فەعالییەتێکی تەشکیلاتی و موبارزاتی دیاریکراو بگا. ئەوشتە کە هیوادارم بکری ئەوەیە کە تەبلیغاتی ئاموزشی‌مان لە داهاتوودا رەنگدانەوە و حاسلی پێشرەفتی عەمەلی ئەم سیاسەتانە بی و وەسیلەیەک بی بۆ وەڵامدانەوە بە ناروشنی‌یەکان و پرسیاری تازە و هینانەگوری مەسایلی تازە.

پرسیاری پێنجەم: لە قەتعنامەی پەسند کراوی پلینوم دا،

وەك زۆر لە پەسەندكراوەكان و باسە حیزبییەكانی دیكە هەول دراوە كە رەوتی جیاوازیی‌ەكانمان لەگەل باقی جەرەیانانیی غەیرە كرێكاری نیشان بدری و هەروەها ئەو جەهتەی لە داهاتوودا دەبی رەچاوكری و سیمایەك كە بۆ داهاتووی حیزبی ئێمە، جەریانی ئێمە، وە نەسلی ئێمە_ نەسلی شۆرشگێرانی سوسیالیزمی كارگەری _ لە بەرچاو گیراوە و دەبی پێی بگەین، بەیان بكری. تا ئەو جیگایە كە بەم قەتعنامەیە مەربووت بی، ئێوە چ تەوزیحێكتان هەیە؟

جەرەیانی ئێمە وەك حەركەتێكی رادیكالی ماركسیستی، بەرانبەر بە چەپی ورده پورژوایی ئێران شكلی گرت و سەرەنجام ئالای حیزبێكی هەلكرد كە بە هەر عەیب و نەقسیكەوە كە بوویەتی هەتا ئەمڕۆش لە هەموو جەرەیانێكی دیكە لە سەراسەری تاریخی كۆمۆنیزمی ئێراندا لە كرێكاران نزیك تر بووە. سەقام گرتن و گەشە كردنی جەرەیانی حیزبی كۆمۆنیست رووداوێكی بی بناغە و پێشینە نەبوو لە تاریخی كۆمۆنیزم دا لە ئێران، وە تەنیا حاسلی تەسمیم و ئیرادەی ئەو ئینسانانەش نەبوو كە ئەو حیزبەیان پێك هێنا. وجوودی عەینی چینی كرێكار، وجوودی عەینی خەباتی چینایەتی كرێكاران، وجوودی عەینی گەرایشاتی سیاسی نیو ئەو تەبەقەیە و تایبەت هاتنە مەیدانی سیاسی چینی كرێكار و قودرەت نیشاندانی لە جەرەیانی ئینقلابی ۵۷دا، بناغەی ماددی رادیكالیزمێك بوون لە جامعەی ئێراندا كە مەجال و ئیمكانی ئەوەی بە جەرەیانی شۆرشگێر و پێشرەوی ماركسیستیدا هەتا خۆی بنوینی و گەشە بكا و حیزبی كۆمۆنیست لەسەر ئەم زەمینەیە، بوو بە قوتبێكی رادیكالی ماركسیستی لە جامعەی ئێراندا. ئەم جەرەیانە نەی دەتوانی تەنیا بە سیرقی راگەیاندنی تعلق و وەفاداری خۆی بە كرێكاران، وە یا تەنیا بە پێی خالیس بوونی عەقایدی ماركسیستی خۆی، ببیتە حیزبی كرێكاران. مەرجی پێویست بۆ گەیشتن بەو جێگا و شوینە، ئەوە بووە و ئەوەیە كە ئەم حیزبە واقیعەن و لە عەمەلدا لەگەل بزووتنەوەی چینایەتی كرێكاران تێكەل بی‌و بەم جۆرە و لەم رێگایەوە لەسەر دنیای دەوروبەری خۆی، لە سەتحی كۆمەلایەتیدا ئاگاهانە تەئسیر دابنی. حیزبی كۆمۆنیست لەسەر ئەم ریبازە بەرەو پێش چووە و لەم لە حازرەوە بی شك ئەم حیزبە دەسكەوتی بە نرخی چینی كرێكارە، چینی كرێكارێك كە لانی كەم ۷۰ ساڵە لە ئێران بە ناوی ئەوەوە حیزب و سازمان و جەبهە و ئەنواعی شتی دیكە پێك دینن بەڵام حاسلی رەنج و خەباتی دەچیتە كیسەی چینەكانی دیكەوە. بۆیە ئەم حیزبە دەبی بپاریزری و بۆ پاراستن و تەقویەتی لە باری ئیدئولوژیك و سیاسی و تەشكیلاتییەوە دەبی موبارەزە بكری.

بەڵام ئەم واقعییەتانە هیشتا بە مەعنای ئەوە نین كە ئەم حیزبە توانیویەتی بگاتە جیگا و مەكانی كۆمەلایەتی خۆی وەك حیزبێكی تەواو كرێكاری، حیزبێك كە كرێكارانی سوسیالیست و رەهبەرانی كارگەری لە نیو خۆیدا كۆكردبیتەوە و حیزبی ئیعتیرازی رۆژانەی كرێكاران بی. تەی كردنی ئەم رێگایە، یانی تەبدیل كردنی كۆمۆنیزم و حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بە جەرەیانێكی كرێكاری، جەوهەری تحول و ئاڵ و گۆڕی داهاتوە كە تەنیا بەوەدی داشكاندنی و هێنانەی خواری ئەم خەباتە هەتا حەددی كیشەیەك لە ناو خۆی سازمانیكدا بە هیچی‌تر ناگا بیجگە لەوەی ئەم خەباتە ناوەرۆكی واقیعی خۆی لە دەست بدا و بە تال بكری. بۆیە ئەو هێزەی كە ئەساسەن ئەو تحول و ئاڵ و گۆڕە بەرەوپێش دەبا، نەك لە حەسار و چوارچێوەی بەرتەسكی تەشكیلاتیدا بەڵكوو لە نیو جامیعەدا دەبی بۆی بگەریی و بیكەیە هێزی فشاری واقیعی بۆ پێك هێنانی تحول و گورانكاری لە حیزبیش دا. لەم رێگایەوە، وە تەنیا لەم رێگایەوە هێزی پێویست بو لابردنی كوسپ و مانعەكانی دواتریش_ كە بی شك دینە پێش_ كۆدەبیتەوە.

ئەمرۆ ئەگەر تەكیە دەكرێتە سەر زەمینە عەینی‌یەكان و شەرایتێكی موساعید كە لە تەشكیلاتی كوردستانی حیزب دا بۆ پتەوكردنەوەی مەوقعییەتی كۆمۆنیزمی كارگەری هەیە، دەقیقەن لە بەر ئەوەیە كە لیرە هێزی لازم بۆ پێك هێنانی ئەو تحول و ئاڵ و گۆڕە لە دەسترەس دایە. رابوردووی كۆمەڵە هەر چونێك ئەرزیابی كەین ئەمرۆ ئەوە دەبینین كە سازمانی كۆمۆنیستی پەیوەندێكی وای لەگەل كرێكاران و زەحمەتكێشانی ئەو جامیعەیە پێك هێناوە كە هیچ هێزێك ناتوانی پێشرەوی‌یەكانی تا ئێستای لی بستێنێتەوە. كۆمۆنیزم لە نیو كرێكاران دارەواجی پەیدا كردوە، هەموو ئیعتیرازێكی كرێكاری لە كوردستان، لە لای هەموان و تەنانەت لە لای بورژوازی، كۆمەڵە دەخاتەوە بیر. ئەمرۆ نموونەیەك لە مەوجوودییەتی كۆمەلایەتی كۆمۆنیزم لە بەر چاوی ترس لی نیشتووی چینە داراكان شكلی گرتوە كە ئیمام جومعەكەیان داماوانە هاوار دەكا دەلی: "مەهیلن سوننەتەكانی ماركسیستی لیرە ریشە دا كوتن"، "مەهیلن ئیرە ببێتە پایتەختی كۆمۆنیستەكان".

بەڵام قودرەتی چینی كرێكار لە هێنانی ئەو تحولە، دەسكەوتەكانی هەتا ئێستامان لە باری تاریخی‌یەوە جیگیر دەبن و دەبنە شتێكی غەیری قابیلی هەڵگەرانەوە و لە نیو چوون.

بەڵام بۆ وەدی هێنانی ئەم ئاڵ و گۆڕە، هەندێك مانع لەسەر رێگامانە. سوننەتەكانی چەپی روناكبیرانە و غەیرە كرێكاری هێشتا لە نیو ئەم حیزبەدا ماون و ئەم سوننەتانە دەبنە مایەی شینەیی بوون و بە كاوە خۆبوونێكی زیانبار لە حەرەكەتی روو بە پێشمان دا، وە رەوتی تەبدیل بوونی حیزب بە حیزبێكی تەواو و كەمال كرێكاری، دژوار دەكەنەوە. ئەم سوننەت و رەوشتانە، كۆمەلایەتین و بەم مەعنایە سەرچاوەی بە هێز بوونیان لە جامیعە دایە و پووچەل كردنەوەشیان هەر لە ئاستی كۆمەلایەتی‌دا دەكری. ئەگەر شكل گرتنی كۆمۆنیزمێكی كارگەری و تجسم و قەوارەی حیزبی ئەو كۆمۆنیزمە، تەنیا دەتوانی حاسلی خەباتێكی چینایەتی لەم دەورەیەدا بی، كوسپ و مانعەكانی سەر رێگای بەرەوپێش چوونیشی تەنیا بە دەخالەتی چینی كرێكار لە گەشە كردن و خەملینی ئەم حیزبەدا، لە نیو دەچن. هێزی ماددی ئەو سوننەتانە كە ریشەی قەوی كۆمەلایەتی‌یان هەیە بە فشاری تەشكیلاتی لە نیو ناچی. بو پووچەل كردنەوە و لە مەیدان وەدەرنانی ئەو سوننەتانە، پێویستە هێزی قەوی‌تری كۆمەلایەتی بە شێوەی واقیعی وە حەرەكەت بكەوی. بەر تەسك كردنەوەی خەبات بو لابردنی كوسپەكانی سەر رێگای پێشرەوی كۆمۆنیزمی كارگەری و داشكاندنی و هێنانەی خواری ئەم خەباتە هەتا حەددی كیشەیەك لە ناو خۆی سازمانیكدا بە هیچی‌تر ناگا بیجگە لەوەی ئەم خەباتە ناوەرۆكی واقیعی خۆی لە دەست بدا و بە تال بكری. بۆیە ئەو هێزەی كە ئەساسەن ئەو تحول و ئاڵ و گۆڕە بەرەوپێش دەبا، نەك لە حەسار و چوارچێوەی بەرتەسكی تەشكیلاتی‌د

هەتا ئێستا مانەوە دەست پی بکەن و بە دەسکەوتەکانی تا ئێستامان متکی بن و زیاترین باری سەرنجمان بخەینە سەر لایەنە موشەخەس و تایبەتەکانی کاری ئێمە لە کوردستان هەتا تووشی دووبارە کاری نەبین و وەخت لە کیس نەدەین.

چوارەم: لە زەمینەی تەشەکولە جەماوەرییەکانی کرێکاران دا هەر وەک لە تەوزیحاتی مەربووت بە گوزارشەکەش دا ئیشارەم پێکرد، سیاسەتەکان روشنن، دەبی بچێنە سەر ئیقداماتی عەمەلی لەم زەمینەیەدا. دیارە ئەو قسەیە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە لەم بابەتەوە ئیحتیاجمان بە کاری تەبلیغی و نووسینی مقالات لە نەشرییەدا نیە. قسە لەسەر ئەوەیە لەم قوناغە واوەتر بچین و ئەم کارە، بە دیاریکردنی ئەولەوییەتەکانمان لە مەورد رێکخستنی جەماوەری لە نیو بەشەکانی جۆراوجۆری کرێکارانی کوردستاندا، بە دیاریکردنی ئیقداماتی عەمەلی بۆ پێک هێنانی رێکخراوە و تەشەکولەکان، بە بەرقەرار کردنی تەماس و رابیتەی لازم لەگەل فەعالین و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاران و بە کاری دیکەی لەم نەوعە ئیمکان پەزیرە.

پێنجەم: لە زەمینەی کاری عەلەنی و قانوونیدا لازمە بەزووترین کات سیاسەتەکانی خۆمان بە کرێکاران و بە کۆمەلانی موعتەریز لە کوردستان رابگەیەنین هەتا موبارزینی کۆمۆنیست و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی جەماوەری بتوانن خۆیان لە چنگ هەموو ئەو بوچوونانە رزگار بکەن کە مانعی شکل گرتنی ئەم حەرەکەتانەن، وە لەم رێگایەدا خۆیان بە قەرزداری هیچ نەوعە "ئینقلابیگەری"یەکی خوپاریز و لە واقیع دا مونزەوی و غەیرە جیددی نەزانن و توانایییەکان و ئیبتیکاراتی خۆیان بە تەواوی وەگەر خەن.

شەشەم: ئیقداماتێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی نەشریات و تەبلیغاتمان لە شارەکان و دیهاتی کوردستان مەودایەکی بەرینتر بگرنەبەر، لە مانگەکانی داهاتوودا بەرێوە ببری. ئەم حەرەکەتە زەمانەتە بۆ دەخالەت دانی کرێکارانی پێشرەو و کۆمەلانی کرێکار لە تێکۆشانی ئەم دەورەیەی کۆمەلدا.

پرسیاری حەوتەم: ئایا ئیقداماتێکی واتان لە دەستوور دایە کە بەشی عەلەنی تەشکیلات و هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە بگرێتەبەر؟

لەسەر فەعالییەتی نیزامی هێزی پێشمەرگە، ئەهمییەت و جیگا و شوێنی ئەو فەعالییەتە و سیاسەتەکانی ئێمە لەو عەرسەیەدا زۆرجار قسەمان کردوە و لەو گوزارشەش دا کە درا بە پلینوم، خەتە ئەسلییەکانی سیاسەتمان لەم زەمینەیەدا روشن کراوەتەوە. موهیمترین ئیقداماتێك کە لەم بابەتەوە دەبی بیکەین و پێم وایە بەش بە حالی خۆی ئیکانێکی زیاترمان پی دەدا بو پەیگیری کردنی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان، دەتوانم بە کورتی بڵێم ئەمانەن:

ئەوەل ئەوەکە: هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە بە تەواوی بکەوێتە ژێر هیدایەتی فەرماندەهییەکی واحید، وە هەموو کار و باری ئەو هێزە، هەر لە تحرک و فەعالییەتی نیزامییەوە هەتا ئاموورزش و هیدایەتی سیاسی، تەدارکات و کاروباری پشتی جەبهەیی و شتی‌تر لە ژێر چاوەدێری کومیتەیەك یان ستادیکی نیزامی دابی.

دووهەم: بردنەسەری سەتحی ئاموورزشەکانی سیاسی و ئیدئولوژیك و هەروەها ئاموورزشی نیزامی دەکەوێتە سەروی ئەرکەکانمان لە حاست هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە. بەم مەنزوورەش مەدرەسەکانی حیزبی و ئاموورزشگای پێشمەرگە تازەکان تەقویەت دەکری.

سێهەم: ئەو شتەی ئەمرۆ پێی دەگوتری تەشکیلاتی عەلەنیمان لە کوردستان و بەشە ئەسلییەکەی لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە پێك هاتوە، سەر لە نوی سازمان دەدرێتەوە. کومیتەکانی ناوچەکان و مەنتەقەکان جیگای خۆیان دەدەن بە کومەلێك کومیتەی حیزبی کە کاری تایبەتیان هیدایەتی سیاسی واحیدەکانی پێشمەرگەیە. ئەو تەسویرە سوننەتییە نامینی کە ئەم کومیتانەی وەك کومیتەی محەللی و حیزبی و بەرێوەبەری تەشکیلاتی شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرچاو دەسخت. ئەم کومیتانە ئەگەر لە رابوردوودا لەو زەرفییەتە نزیك بوون ئێستا بە شێوەی واقیعی لێی دوور کەوتوونتەوە. بەلام لەهەمان کاتدا زەرفییەت و توانایییەکانی هاوریانی ناسراوی نیو جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان، کە لەبەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی عەلەنیدا و لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە لایەن کرێکارانی پێڕەو و سوسیالیستەوە وەلامی شایستەی خۆیانیان پی بدرێتەوە. ئینتیزاری ئێمە ئەوەیە کە ئەم هاوریانە سیاسەتە موشەخەسەکانی حیزب لەم دەورەیەدا بە دیقەت تەعقیب بکەن و بە هەول و تێکۆشانی یەکگرتوانەی خۆیان ئەم سیاسەتانە لە ژیان و خەباتی واقیعی کرێکاران گری بدەن. ئێمە دەمانەوەی ئەم هاوریانە پەیگیر و جیددی بن نیسبەت بە بردنەسەر و ئیرتقای تەجرەبە و کارایییەکانی عەمەلی خۆیان لە دلی خەبات بۆ یەکگرتوو کردنی کرێکاراندا، نیسبەت بە بردنە سەر و ئیرتقای دەرك و ئاگاهی خۆیان و ناسینی ئامانجەکانی رزگاریبەخشی کۆمۆنیستی، وە لە یەك کەلام دا نیسبەت بە ئەمری تەقویەتی حیزبی خۆیان و دەخالەت کردن لە دیاری کردنی رەوتی حەرەکەتی داهاتووی ئەو حیزبەدا. نیسبەت بە هەموو ئەمانە پەیگیر و جیددی بن و حەرەکەتی کۆمەلە لەم زەمینەیەدا بکەن بە ئومید و شۆر و شەوقی موبارزاتی لە نیو دلی کۆمەلانی کرێکاردا.

پرسیاری نوهەم: هاوری برایم! ئاسوی داهاتووی بەرەوپێش چوونی ئەم جهەت گیری و سیاسەتانە چون دەبینی؟ ئایا بەوە خۆشبینی کە ئالۆ و گۆریکی جیددی و ئەساسی پێك دی؟

بەلی! من بە تەواوی بە بەرەوپێش چوونی ئەم جەرەیانە لە حیزبی کۆمۆنیست و لە تەشکیلاتی کوردستاندا خۆشبین و ئومیدەوارم. ئەم خۆشبینییەش ئێرادەگەرایانە نیە. بەلکوو بناغەی ماددی قەوی هەیە بۆ ئەم خۆشبینییە. کرێکاران لە کوردستان ئەکسەرییەتی جامیعە پێك دینن، کۆمۆنیزم بە وەسیلەی کۆمەلە لە نیویان دا رەواجی پەیدا کردوە و تەیفیکی بەرین لە کرێکارانی سوسیالیست بە وجوود هاتوون کە کۆمەلە بە تەشکیلاتی سیاسی خۆیان دەزانن و تەقویەتی دەکەن. سیاسەتە عەوومییەکانی ئێمە لە زۆربەی زەمینەکاندا روشنن و لەو جیگایانەش کە هەندیك ناروشنی هەبی، هەولّ و تێکۆشانێکی سەیمانە بۆ روشنکردنەوە و وەلام پێدانەوەیان روو بە داهاتوو، لە جەریاندایە. هێزی ئینسانی مەوجوود لە تەشکیلاتی عەلەنی و لە ئورگانە مەرکەزییەکاندا ئامادەگی و دلگەرمی موبارزاتی خۆیان بۆ حەرەکەت لەم رێگایەدا، لە کردەوەی رۆژانەیان دا نیشان دەدەن. ئیقداماتێك کە بوحران دیاری کردوون هەموویان واقیع بینانە و عەمەلین. لیرەدا ئەگەر قسەیەك هەیە لەسەر سورعەتی عەمەل و هەولدانە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتانە لە کورت ترین زەمانی مومکین دا. دیارە ئەو مەسەلەیەش بە عەمەلی کردنی تعهدات و تێکۆشانی هاوبەش لە لایەن ژمارەیەکی هەرچی زیاترەوە بەستراوەتەوە.

***

ئەگەر دەمانەوەی ئەو هێزە بە هەموو قودرەتی خۆیەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەم جامیعەیە دا دەخالەت بکا، وە حیزبی خۆشی بە تەواوی بە دەستەوە بگری، دەبی بە شێوەی رێکخراو بێتە مەیدان. بۆ تەبیدیل کردنی کۆمۆنیزم بە جەرەیانی متشکل و ریکخراوی کرێکاری لە کوردستان بۆ شکل پێدانی کۆمۆنیزمیکی کارگەری قودرەتمەند نابی هیچ فورستێك لە دەست بدەین. دەبی دەس بە جێ، بە خیرایی و بە وەگەرخستنی هەموو ئیمکاناتێك دەست بەکار بین.

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام کشاورز



رۆژی شەممە ٤ی خەرمانان هاوری غلام کشاورز (بهمن جوادی) سیمای ناسراوی بزووتنەوی کۆمۆنیستی ئێران کە بۆ دیتنی خانوادەی چوو بووە قبرس، لە شاری لارناکا، بە دەست بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ترۆر کرا و بە داخەوە چەند سەعات دواتر لە بیمارستان گیانی بەخت کرد. لەم رووداوە دا یەکیك لە خزمەکانیشی بریندار بوو.

هاوری غلام شۆرشگێڕی لە مێژینە و سیمای ناسراوی موقاومەت و راوەستان لە زیندانەکانی رژیمی شا، یەکیك لە هەوەل ئەندامانی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست"، یەکیك لە بەشدار بووانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادریکی لیهاتووی ئەم حیزبە بوو کە لە دەورەی هەلّسوورانی لە ریزی حیزبی کۆمۆنیست دا ئەرك و مەسئوولیەتی جۆراوجۆری لەسەر شان بوو کە یەکیان ئەندامەتی دەورەی دووهەمی کومیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە چەند سالی رابوردوودا هاوری غلام زیاتر لە مەیدانی کاری دەرەوەی ولاّت دا هەلّدەسوورا. ئاخر مەیدانی فەعالییەتی هاوری غلام ئەندامەتی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە سیاسییە ئێرانییەکان و هەول دان بۆ پێك هێنانی ئەم فدراسیونە بوو. هاوری غلام بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی لە دژی سەرمایەداری و لە پێناو رزگار کردنی چینی کرێکاردا بە گەرم و گۆری و پەیگیرییەوە تێکۆشا و هەر لەو رێگایەش دا گیانی بەخت کرد.

جمهووری ئیسلامی بەم جینایەتە لاپەرەیەکی‌تری لە کارنامەی سەرتاپی رەش و سەرشوورانەی زیاد کرد. بەلاّم بەم جۆرە کردەوە جینایەتکارانەیە ناتوانی بەری خەباتێك بگری کە هاوری غلام هەلّسووراویکی پەیگیری بوو. خەباتی ئێمە گوشەیەکی بزووتنەوەی گەورە و بەرینی کرێکارییە لە دژی نەفسی وجوودی نیزامی سەرمایەداری و ئاوینەی بالانوینی درندەیی ئەم نیزامە یانی جمهووری ئیسلامی و تا رووخاندنی ئەم نیزامە بەسەر سەری پێك هێنەرانی دا و تا دامەزراندنی کۆمەلّی ئازاد و بەرابەری ئینسانەکان، ئەو خەباتە بی پشوودان درێژەی دەبی. ئێمە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری غلام کشاورز لە خانەوادەی و لە هەموو هاوسەنگەرانی سەرە خۆشی دەکەین و دلنیاین کە خەمی لە دەست دانی هاوری غلام نەفرەت و بیزاری لە جمهووری ئیسلامی زیاتر و ئیرادەی ئێمە بۆ خەبات لە دژی ئەم نیزامە پتەوتر دەکا.

بروخی جمهووری ئیسلامی

بژی یادی هاوری غلام کشاورز

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٥ی خەرمانانی ١٣٦٨

***

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە



بە داخ و پەژارەیەکی زۆر گرانەوە سەعات ۲ی بەیانی رۆژی ۱۳ی شەهریوەر دلی هاوری و رابەری خۆشەویست هاوری سدیق کمانگر بە حەملەی جینایەتکارانەی خائینیکی بەکریگیراوی جمهووری ئیسلامی لە لیدان کەوت. هاوری سدیق کمانگر لە کاتیکدا کەوتە بەر ئەو جینایەتە و گیانی بەخت کرد کە چەند لەحزەیەک بوو کاری نووسینی وتاری بۆ دەنگی شۆرشی ئێران تەواو کردبوو، وە لە ئوتاقی کارەکەی هاتبووە دەر.

هاوری سدیق کمانگر شەخسییەتی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران، سیمایەکی خۆشەویست و رابەریکی خاوەن نفووزی ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە لە کوردستان، لە بناغەدانەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو.

ئەو لە یەکەم دەستەی ئەو تێکۆشەرانە بوو کە ۲۰ ساڵ لەمەوبەر بەریزی تێکۆشانی کۆمۆنیستی کۆمەڵە پەیوەس بوو. ئەم ۲۰ ساڵە لە تێکۆشانی بی وچانی هاوری سدیق پرە لە ئیستقامەت و کولنەدانی شۆرشگێڕانە و کۆمۆنیستی، پرە لە بەجێ هێنانی دەور و نەقشی بەرجەستە لە فەعالییەتی تەشکیلاتی دا و لە تەکامول و گەشە پێدان و پتەوکردنی فکری و سیاسی و عەمەلی کۆمەڵەدا.

لەسەرەتای خەباتی جەماوەری ساڵی ۵۷ەوە هاوری سدیق کمانگر هاوکات لەگەل فەعالییەتی نهینی تەشکیلاتی نەقشیکی گرینگیشی لە فەعالییەتی عەلەنی و شۆرشگێڕانەدا بە عودە گرت، کە دەسبەجێ کردی بە سیمایەکی خۆشەویست و رابەریکی بە توانای بزووتنەوەی جەماوەری لە دژی رژیمی شا.

هاوری سدیق وەک حقووقدان و وەکیلیکی تێکۆشەر جێگای رەهبەریەکی شۆرشگێڕانەی بەرانبەر بە ئیرتجاع و کونەپەرستی کە تێدەکوشا جیگە پی یەک لە جنووبی کوردستان پەیدا بکا پر کردوە. بانگەوازەکانی هاوری سدیق لە لایەن جەماوەری شۆرشگێڕەوە جوابی وەر دەگرتەوە و فەعالییەتی بی‌وچانی بوو بە هۆی کوکردنەوەی جەناحی رادیکال و جەماوەری شۆرشگێڕی ئەو بزووتنەوەیە لە بەرانبەر ئیرتجاع و کونەپەرستیەکدا کە دەیەویست سەمەری خۆین و خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکا بە پاشکوی ئیرتجاعی مەزهەبی لە تاران. هاوری سدیق کە پێش قیام و لە رۆژەکانی قیام دا پێشەنگی نەسرەوتووی خەبات و شۆرشی کۆمەڵانی خەڵک بوو، بەرێوەبەری ئەو خەباتەی لە دژی جمهووری ئیسلامی بە عودەگرت و لە شەری نەوروزی شاری سنەدا لە سەدری شووڕای ئینقلابی ئەو شارەدا راپەرینی قارەمانانەی خەڵکی شۆرشگێڕ و ئازادیخوازی سنەی لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رابەری کرد. نەقشی لیبراو و سازش ناپەزیری هاوری سدیق لەم دەورەیەدا لە کوردستان، ئەوی کرد بە شەخسییەتێکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە لە سەراسەری ئێراندا.

بەڵام نەقشی هاوری سدیق تەنیا لەمانەدا نەمایەوە بەڵکوو بوو بە رابەریکی هەمەلایەنە و بە ئاسانی توانی وەک رابەر و رێکخەری مانگرتن و تەحەسونی یەک مانگەی شاری سنە، وەک ئاژیتاتورێکی جەماوەری و وەک بەریوەبەریکی لیهاتووی شەری شۆرشگێڕانەش بێتە مەیدان.

بزووتنەوەیەکی جەماوەری و شۆرشگێڕانە کە هاوری سدیق یەکیک لە بنیادنەرانی بوو، بوو بە پایەی موقاوەمەت و راوەستانێکی جانانە و شۆرشگێڕانە کە لە شاری سنە و سەراسەری کوردستانی گرتە بەر، وە ئێستاش زیاتر لە ۱۰ ساڵە وەک قەلای پولا راوەستاوە و هەروا چقلی چاوی جمهووری ئیسلامی و سەنگەرێکی پایەداری خەباتی چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی ئێرانە.

هاوری سدیق کمانگر کە هەر لە سەرەتای تێکۆشانی سیاسییەوە خۆی بە خەباتکاری ئامانجی چینی کرێکار بۆ رزگاری لە چنگ بیعەدالەتی و نابەرابەری دونیای سەرمایەداری دزانی، ریبوارێکی لیبراوی رێگای پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. لە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیست دا بە تەواوی توانای هەوڵی دەدا و هەر بەو بۆنەوە بوو بە ئەندامی کونگرەی دامەزرینەری حیزب و لەو کاتەوە تا ئاخر لەحزەی ژیانی لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست دا بوو.

هاوری سدیق کمانگر ساڵەها ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەش بوو وە لەو مەوقعییەتەدا لە کاری نووسینەوە هەتا کاروباری ئیجرایی و کۆمەڵایەتی هەتا هێدایەتی خەباتی پێشمەرگانە هەتا نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، لە هەموو مەیدانیکدا رادەی بەرزی لێهاتوویی و برشت و کارزانی خۆی نیشان داوە. زیاتر لە یەک ساڵ بوو هاوری سدیق بەریوە بردنی دەنگی شۆرشی ئێرانی لە عودە بوو. هاوریانی لە رادیو و کرێکاران و زحمەتکێشانیک کە هەموو رۆژێک لە سەراسەری کوردستان گوێیان لە دەنگی ئەم رادیویە بووە دەبی قەزاوەت بکەن کە لەم دەورەیەدا جیهەتگیری کرێکاری لە تەبلیغاتی دەنگی شۆرشی ئێراندا_ کە هاوری سدیق تێیدا نەقشی ئاساسی بووە _ چەندە گەشەی کردوە.

بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئێران و بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بە لە دەس دانی هاوری سدیق کمانگر زایعەیەکی گەورەی بە سەر هاتوە. بەڵام ریبازێک کە هاوری سدیق ریبواری سادق و شیلگیری بوو، ریبازی خەباتی کرێکاری بۆ هەڵتەکاندنی نەزم و نیزامی سەرمایەداری، ریبازی کۆمۆنیزم و شۆرشی کرێکاری، ئەمرۆ ئیتر لە دلی میلیونەها کرێکار و زحمەتکێشی کوردستاندا جێگای خۆی کردوەتەوە و لە کانوونی خەبات و ئیعتیرازی هەمە رۆژهەڵاتەوە بنجی داکوتاوە.

ئەو کرێکارانە کە هاوری سدیقیان وەک یاری دیرینەی خۆیان و وەک ئالاهەلگریکی رزگاری یەکجاریان لە مەینەتەکانی سەرمایەداری ناسیوە، ئەو ژن و پیاوە زەحمەتکێشانە کە دەنگی دلیری بانگەوازەکانی هاوری سدیقیان هەر لە گویدا دەزرینگیتەوە، ئەوبی بەشانە کە ساڵەهایە بو رزگاری لەم مەینەتباریە هاتوونە مەیدان، هەموو ئەوانەی تینووی ئازادی و بەرابەرین، بێشک ئالای ئامانجەکانی هاوری سدیق بەرز و شەکاوە رادەگرن تا بە سەرکەوتنی سەرکەوتنی حکوومەتی کارگەری دەگەیەنن.

رژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی ئەگەر دوای ۱۱ ساڵ عومری پر لە جینایەت هێشتا بۆ مانەوی خۆی لە پال کوشتار و ئیعدامی هەزاران کەس دا بە رەزیلانەترین شێوە دەس بوترۆر دەبا، ئەوە نە نیشانەی قودرەتی، بەڵکوو نیشانەی زەبوونی و نیشاندەری ئەوجی وەحشەتی ئەو لە رابەران و شەخسییەتە کۆمۆنیست و شۆرشگێڕەکانە. بێگومان کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ئازادیخواز بە بیستنی هەوالی لە دەسدانی رەهبەریکی خۆشەویستی وەک هاوری سدیق کمانگر، تووڕەتر لە هەمیشە سیاسەتی تڕۆری جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکەن، ئەوپەری نەفرەت و بیزاری خۆیانی لی دەردەبڕن و لەو جینایەتانە خۆش بابن، هەتا بە دڕێژەدانی تەلاش و موبارەزەی هەمە لایەنەیان حکوومەتی جینایەتکاران نابودی دەکەن.

ئێمە گیان بەخت کردنی هاوری و رابەری خۆشەویست و ماندوویی نەناس هاوری سدیق کمانگر لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، لە هەموو زۆرلیکراوان و بی‌بەشان و لە هەموو ئەو کەسانەی بە بیستنی هەوالی شەهید بوونی دلییان کەیلی خەم و پەژارە دەبی، سەرەخۆشی دەکەین و یادی ئازیزی بە دڕێژەدانی رێگای هەتا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی ریز لی دەگرین.

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

بژی یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

۱۳ی شەهریوەری ۱۳٦۸

***

گوزارشێک لە بەڕێوەچوونی مەراسمی ئەسپەردە کردنی هاوری سدیق کمانگر

بەیانی رۆژی ١٤ی خەرمانان مەراسمێکی گەورە و شکودار بۆ بەدرەقەکردنی پەیکەری هاوری سدیق کمانگر، رابەری خۆشەویست لە سەر گلکوی ژمارەیەک لە هاورییانی گیان بەخت کردوو بەرپا کرا. لەو مەراسمەدا کە سەعات ١٠/٥ی بەیانی دەستی پێکرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاورییانی حیزبی و میوانان لە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی بەشداریان کرد.

دوای ئەوەی تەرمی هاوری سدیق لە یەکیک لە مەقەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، لە سەر شانی هاورییانی گویزرایەوە سەر گلکوی گیان بەخت کردووان، مەراسم بە سرووی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و بۆ ریزگرتن لە یادی هەموو ئەو ئینسانە تێکۆشەرانە کە لە ریبازی تێکۆشان بۆ ئازادی و سوسیالیزمدا گیانیان بەخت کردوە، دەقیقەیەک بی‌دەنگی راگەیەندرا.

پاشان هاوری ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر هەوەڵی کۆمەڵە لە سوخەنرانیەکەی دا ویرای ریزگرتن لە یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر و سەرەخۆشی لە هاورییان و هاوسەنگەران و خانەوادەی ئەو ئازیزە، لە سەر دەور و نەقشی بەرجەستەی هاوری سدیق لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان دا قسەی کرد و سیاسەتی جینایەتکارانەی تڕۆریزمی جمهووری ئیسلامی وەک هەول و تەقالایەکی بی حاسل بۆ پێش گرتن بەهەستان و راپەرینی جەماوەری باس لی کرد کە ناتوانی چارەنووسیک بگوری کە چاوەروانی ئەو رژیمە دەکا.

لە دریژەی مەراسمەکەدا ماموستا شیخ عزالدین حسینی، کاک حسن رستگار لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران_ ریبەرایەتی شۆرشگێڕەوە، نوینەری سازمانی کارگەرانی ئینقلابی_ راە کارگر _، نوینەری ئیتحادیەی کۆمۆنیستەکانی ئێران _ سەربداران _ و نوینەری سازمانی چریکە فیدایی یەکان _ پەیرەوی بەرنامەی هویت _، بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر و مەحکووم کردنی سیاسەتی تڕۆریزمی جمهووری ئیسلامی سوخەنرانیان کرد و پەیامیان خویندەوە.

لە کوتایی دا هاوری ئەختەر کمانگر هاوسەر و هاوسەنگەری هاوری سدیق سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لە مەراسمەکەدا بەشداریان کردبوو و دلنیایی خۆی دەربری و کوتی کە ئالای ئامانجەکانی هاوری سدیق لە لایەن چینی کرێکار و لە لایەن هەزاران کۆمۆنیستی شۆرشگێڕەوە بەرز رادەگیری.

پاش کوتایی پی هاتنی مەراسمەکە تەرمی ئازیزی هاوری سدیق لە نیو بەدرەقەی پرشکوو پر لە هەستی حازراندا بەرەوشاری "سلیمانیە" بەدرەقە کرا.

پاش نیوەڕوی ئەو رۆژە مەراسمیکی شکودارتر بە بۆنەی ئەسپەردە کردنی پەیکەری هاوری سدیق لە سەر گلکوی ژمارەیەک لە گیان بەخت کردووانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شاری "سلیمانیە" بەڕێوە چوو.

لەو مەراسمە شکودارەش دا پاش ئەوی تەرمی هاوری سدیق لە ٣٠٠ میتری گلکوی شەهیدانەوە لە سەر شانی هاورییانی بەدرەقەکراو لە شوێنی ئەسپەردە کرا.

مەراسم بە سروودی ئەنترناسیونال و راگرتنی دەقیقەیەک بیدەنگی بۆ ریز گرتن لە یادی هەموو گیان بەخت کردووانی ریبازی ئازادی و سوسیالیزم، دەستی پێکرد و بۆ پاشان هاوری حسین مرادبیگی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ژیانی پر لە تێکۆشانی هاوری سدیق کمانگر سوخەنرانی کرد.

بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری سدیق کمانگر و هاوری غلام کشاوەرزەوە لە لایەن ڕێکخراوە سیاسی و شەخسییەتە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانییەوە ژمارەیەک پەیامی سەرەخۆشی گەیشتوەتە کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە. لە هەموو ئەم پەیامانەدا ویرای دەربڕینی هاودەردی لەگەل کادر و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و کەس و کاری ئەو ئازیزە گیان بەخت کردووانە، سیاسەتی تڕۆریسی جمهووری ئیسلامی بە توندی مەحکووم کراوە.

ئەو پەیامانەی کە بەم بۆنەوە گەیشتونەتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بریتین لە:

پەیامی شیخ عزالدین حسینی

پەیامی کومیتەی ناوەندی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران (راە کارگەر)

پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ ریبەرایەتی شۆرشگێڕ

پەیامی ئیتحادیەی کۆمۆنیستەکانی ئێران _ سربداران

پەیامی کومیتەی ناوەندیی چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێران

پەیامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

پەیامی کومیتەی مەرکەزی سازمانی چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێران _ پەیرەوی بەرنامەی هویت

پەیامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتی میللی و ئیسلامی کوردستانی ئێران

پەیامی کاک عبدالله فلاحی لە لایەن کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێرانەوە

پەیامی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێران

ئێمە بەم بۆنەوە سپاسی گەرم و گۆڕی هەموو ئەو هاودەردیانە دەکەین.

***

گوزارشـــێك لـــه بەڕێوەچـــوونی چـــەند ئاکسیون بە بۆنەی تـرۆری هاوری غلام کشاورز

بـه بۆنـەی تـرۆری هـاوری غـلام کشـاورز بـه دەسـت ترۆریسـتەکانی جمهـووری ئیسـلامی، چـەند ئاکسیون لـه ولاتـانی ئالمـانی رۆژئـاوا و سوئید و فەرانسه بەڕێو چوو. لەو ئاکسیونانەدا بێجگه لە ڕێکخراوە سیاسـیەکان، ژمارەیـەك لـه خـەڵکی ئـەو ولاتانـەش بەشـدار بـوون. لـەم ژمارەیـەی پێشـڕەو دا کۆرتـەی خەبـەری دوو ئاکسـیون چـاپ دەکـەین و لـه ژمارەکـانی داهـاتوودا لـه خەبـەری بـاقی حەرەکەتـه ئیعترازیەکان ئاگادارتان دەکەین.

ڕۆژی ٣١ی ئووت بەرانبـەر بـه ٩ی خـەرمانان لە سەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئـەتی دامەزرینـەری فدراسـیونی شـووڕای پەناهنـدە سیاسـیەکانی ئێران_ کە هاوری غـلام مەسـئوولی ئـەم هەیئەتـه بـوو_ میتیـنگ و ڕاپەیمایـیەك لـه شـاری "ئەسـتهکلم" بـەڕێوە چـوو کـه ٥٠٠ کـەس ئێرانـی و خـەڵکی سـوئید بەشـداریان تێـدا کـرد. چـەندین سـازمان و ڕێکخراوی سوئیدی وەك: حیزبی سوسیالیستی سوئید، فراکسیونی پارلمانی سوئید، کومیتەی پەناهەنـدەکانی سـوئید، سەندیکالیسـتە شۆڕشـگێڕەکان، وە بزووتنـەوەی دژی ڕاسیسـم، لەو مەراسمەدا بەشدار بوون.

بەشدار بووان پاش تەواو بوونی میتینگەکە بـەڕەو وەزارەتـی کـار و بـاری دەرەوەی سـوئید دەسـتیان دایـه ڕاپـەیمایی و بریارنامـەی پەسندکراوی میتینگەکەیان دا بە مەسئوولینی ئەم وەزارەتخانەیە. لەم بریارنامەیەدا پەیگیری جیددی ناسین و بـه سـەزا گەیشـتنی قـاتلانی هـاوری غـلام، مـەحکووم کردنـی ڕەسـمی سیاسـەتی تڕۆریسـتی جمهـووری ئیسـلامی، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی دیپلوماتیك لەگەڵ جمهـووری ئیسـلامی و تـەحریمی ئـابووری و بازرگـانی جمهـووری ئیسـلامی، لـه دەوڵـەتی سوئید دا وا کرا بوو.

پـاش نیـوەڕوی ڕۆژی دواتـر یـەکی سـپتامبر بەرانبـەر بـه ١٠ی خـەرمانان، پتر لـه ٢٠٠ کـەس بـوریزگرتن لـه تـەرمی ئـازیزی هـاوری غـلام لـه فرووگای شاری "ئەستهکلم" کۆبوونـەوە و لـه حالێکدا دەسته گول و عەکسی هاوری غلامیان بە دەستەو بوو، چـەند سـەعات چاوەڕوان بـوون تا تەرمی هاوری غلام گەیشته فرووگا.

بـه پێـی سیاسـەتی دەوڵـەتی سـوئید بـۆ بـی دەنگـه کـردن لـەو جینایەتـەی جمهـووری ئیسـلامی، کاربەدەسـتانی فرووگـا نەیاندەویست تەرمی هاوری غلام بدەنه دەست بەشداربووانی ئەم مەراسمه. بـەڵام پـی داگرتنـی بەشداربووان لـه سـەر داخـوازی وەرگرتنـەوەی تەرمی هاوری غلام کاربەدەستانی تەسلیم کرد و تەرمی هاوری غلام تەحویلی ئەوان درا.

مەراسمی ڕیزگرتن بەسروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و پاشان هاوری مهوش چرمچی هاوسەری هاوری غلام قسەی بۆ حازران کرد و لە قسەکانی دا داوای لە دەوڵەتی سوئید کرد بە بۆنـەی تـرۆری هـاوری غلامـەوە ڕەسـمـەن جمهووری ئیسلامی مەحکووم بکا و خانەوادەی هاوری غلام کە لە قبرس لە وەزعیکی خراپ و نالـەباردان، وەك پەناهنـدەی سیاسـی وڵاتـی سوئید وەرگری.

پاشـان بەشـدار بـووانی مەراسـم پەیکـەری هاوری غلامیان لـه ئالای سوورەوە پیچا و بـه گول ڕازاندیانەوە و مەراسمی ڕیزگرتن لە تەرمی هاوری غلام بـه کوتنـەوەی دووبـارەی سـروودی ئەنترناسیونال و شیعاری "مەرگ بۆ جمهووری ئیسـلامی" کوتـایی پـی هـات و دوای ئـەوە ژمارەیـەك لـه یـارانی هـاوری غـلام تـەرمی ئـەو ئازیزەیـان تـا سـاردخانەی شـاری "ئەسـتهکلم" بەدرەقە کرد.

***

هاوڕیانی کرێکار! حیزبی خۆتان فەتح کەن

دەقی قسەکانی هاوری سدیق کەمانگر لە مەراسمی شەشەمین ساڵڕۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا

هاوڕیان، میوانە خۆشەویستەکان!

بەر لە هەموو شتێك ئیجازەم پی بدەن لە لایەن خۆم و هاوڕیانی کومیتەی ناوەندیەوە بەخێر هاتنتان بکەم و لـەم ڕۆژە تاریخیـیـەدا، یـانی لـه سـاڵڕۆژی دامـەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جاریکیتر یادیك بکەین لەو کرێکارە کۆمۆنیست و پێشڕەوانە کە لە مەیدانەکانی خەبات و موبارەزەی چینایەتی دا قارەمانانە موبارەزەیان کـرد و لـه ڕێگـای گەیشـتن بـه هیـوا و ئامانجـه تەبەقاتیەکانیاندا گیانیان فیدا کرد. هەروەها یادی ئەو هـاوری و هاوسـەنگەرە قارەمـان و فیداکارانـەمان کـه لـه ڕیـزی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێراندا بـۆ هـەموار کردنـی ڕێگای موبارەزەی چینی کرێکار و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتیـیە گیانبازیـان کـرد و گیان و ژیان و هەموو شتێکیان لەم ڕێگایەدا لە دەس دا ڕیـز لی بگـرین، وە لـه بەرانبـەر عـەزم و ئـیرادەی کۆمۆنیستانەی ئەو تێکۆشـەرە کۆمۆنیستانەوە کـه بـه خەبات و موبارەزەی بی وچان و کولنەدەرانەی خۆیان لـه کارخانە و کارگا و شار و دێهاتی سەراسەری ئێران و لـه مەیدانـەکانی شـەری شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتاندا پەرچـەمی سـووری کۆمـۆنیزمی کارگـەڕیان بەسـەر بەرزیەوە بەرز کردوەتەوە سەر دانەوینین.

هاوڕیان!

ئێمـه لـه شـەرایەتێکدا پـی دەنیینـه حەوتـەمین سـاڵی ژیانی پر لە شانازی حیزبەکەمان کە چینی کرێکار، یانی ئەو کەسانەی خاوەن و ساحیبی ئەسلی ئەم حیزبەن، لـه شـەرایتێکی سـەخت و مەشـقەتباردا ژیـان دەبەنەسـەر. یەك سـاڵ و وردەیەك دوای تەواو بوونی شەر و دە سـاڵ و چـەند مـانگ دوای قیـامی جـەماوەری و تـووەدەیی سـاڵی ٥٧، ئـیتر موسـیبەت و ڕەنـج و کـویرەوەری لـه ژیـان و گـوزەرانی ئـەم چـینه گـەورە کۆمەڵایەتیـیـەدا بووەتـه شتێکی ئاسایی و تەبیعی.

لـه دە سـاڵی ڕابـوردوودا چـینی کرێکـار لـه ئێـران ئەوەنـده ڕەنـج و موسـیبەتی غـەیرە قـابیلی تسـوری تەحـەموول کـردوە کـه نـه تـەنیا لـه نـاو خـۆی ئێراندا سەرمایەداران و خاوەن دەسەڵات و قودرەتەکان ناتوانن حاشـای لی بکـەن بـەڵکوو لـه سـەتحی دونیاشـدا دەنگـی داوەتەوە و دونیای دەرەوە هەر چەند بە شێوەیەکی کەم و مەحـدوود لـه ئـەبعادی وەحشـەتناکی ئـەم ڕەنـج و موسیبەتە ئاگادار بووە. ئیتر بەشێکی گەورە و عەزیم لە جەمعییەتی ئەم وڵاتە تەنیا وەسیلەیەك کە بۆ ئیدامەی ژیانیان شکی دەبـەن فرۆشی هێـزو و نیـرووی کاریانـه. ئیتر ئەم تەبەقە گەورە ئیجتماعیـیە، تەبەقەی کارگـەڕ، لـه تـەواوی عەرسـەکانی ژیانیـدا ڕەنـج و مەشـەقەت و کویرەوەریـەکانی جامیعـەی سـەرمایەداری ئیحسـاس دەکـا. بـوحرانی سـەرمایەداری بەشـێکی هـەرەزوری کرێکـاران بێکـار کـردوە و هەژارانـەترین سـەتحی ژیـان و گوزەرانی پێیان تەحەمول کردوە. ئیمرۆ ئیتر لـه سایەی ئەم وزعییەتە فەلاکەتبارەوە کە نیزامی سەرمایەداری بە سەر چینی کرێکاری هێناوە موهیمترین و ئەسلی ترین مەسەلە بۆ کرێکاران تەئمینی گوزەرانی ڕۆژانە و پەیدا کردنی تێکە نانیکە کە ژیانی هەژارانە و مەمرە و مەڕی خۆیـان و منداڵەکانیانی پـی تـەئمین بکـەن. ئـەم وەزعـه فەلاکەتبارە کـه نیزامـی سـەرمایەداری لـه وڵاتێکـی وەك ئێران دا بەسەر چینی کرێکاری دا سەپاندوە، نە تەنیا سەتحی تەوەقوع و ژیانیانی هێناوەتە خوارەوە، بەڵکوو لـه عەرسـەی موبـارەزەش دا زۆرتـرین زەرەری داوە لـه ئیتحـاد و هەمبەسـتەگی تەبـەقاتی و چـینایەتیان. وەزعییەتی فەلاکەتباری ئیقتسادی ڕەقابەتی لە ناو ریزی کرێکاراندا زیاتر کردوە. زۆر جار دیومانە و بیستوومانە کە چلون سەرمایەدار و خاوەن کارەکان لە و ئیحتیاجی کرێکارەکان سو ئیستفادەیان کردوە و لـه لایەکەوە بـه قەول و وەعدە و وەعید و لە لایەکی ترەوە بە هەرەشە و تەهدید کردنیان بە ئیخراج و بێکاری بەریان بە یەکیەتی و ئیتحادیـان گرتـوە و بریـك جـاریش لـه بەرانبـەر هاوچینەکانیاندا قەراریان داون. هەر بەم بۆنەوە لە حالی حازردا نـه تـەنیا تەبەقـەی کارگـەڕ لـه لـەحاز تەشـەکولە سـنفیەکانیانەوە زەعیفـه و لـەم لـەحازەوە لـه مـەراحلی ئیبتـدایی و زەعیفدایـه، بـەڵکوو ئیـنحلال و هەلپیچـانی تەشەکولە کرێکاریەکان، ٨ سـاڵ شـەر و فەلاکەتێك کە ئەم شەرە بە چینی کرێکاری تەحمیل کردوە، ئیخراج و بێکـار سـازی و هێڕشـی جمهـووری ئیسـلامی بۆسـەر سەتحی مەعیشـەت و گـوزەرانی کرێکـاران، مەوقعییـەتی ئـەم تەبەقەیـەی وەکـوو تەبەقەیـەکی ئیجتیمـاعی چ بـه لەحازی ژیانەوە و چ بە لەحازی نەقش و مەوقعییـەتی لـه سـەحنەی سیاسـیدا زەعیـف تـر کـردوە و بردوویـەتـه دواوە. ئەلبەتـه وەختێـك لـەم زەعـف و بـەرەو دوا چـوونه قسـه دەکـەین، مـەنزووڕمان موقایسـەی مەوقعییـەتی سیاسـی ی ئـەم تەبەقەیـه لەگـەل ئـەو مەوقعییـەتـه سیاسـیـەیه کـه لـه دەورەی ئینقلابـی ٥٧دا بـه دەسـتی هێناوە. ئەمە ڕوشنە کە بانی و با عیسی ئەسلی تەواوی ئەم ڕەنج و مەینەت و فەلاکەتە کە ئیمرۆ کرێکاری ئێرانی ڕەنجی لی دەبا، جمهووری ئیسلامیـیە. ئەمەش ڕوشنە کە جمهووری ئیسلامی بە بی ئەوەی وەها شەرایتیك بەسەر تەبەقەی کارگـەڕ و خەڵکی مەحروومی ئەم وڵاتـە تـەحمیل بکا هەرگیز نەی دەتوانی وەکوو دەوڵـەتێکی بورژوایی بـه نیازەکـانی سـەرمایەداران و دەوڵـەتـه ئیمپریالیسـتەکان جواب بداتەوە و ئینقلابی ٥٧، یانی ئینقلابێك کە خەڕێك بـوو شیرازەی تـەواوی کارەکـان لـه دەسـتیان خارج بکـا، سـەرکوت بکـا. ئـەو ئینقلابـه گـەورە و عەزیمـه کولەکـەی ئەسـلی وە گـەورە تـرین هێـز و نـیرووی ئیجتمـاعی کـه لەسەر هەڵدانیدا نەقشی بوو، تەبەقەی کارگەڕ بوو.

بـەڵام وەختێـك کـه لـه مەوقعییـەتی تەبەقـەی کارگـەڕی ئێـران قسـه دەکـەین ئەگـەر ئـەو پێشـڕەوییانە کـه ئـەم تەبەقەیە وەك تەبەقەیەکی ئیجتماعی زیندوو و ڕەزمەندە سەرفینەزەر لـه تـەواوی فەقر و فەلاکـەت و مەوقعییـەتی نالەبـاری ئیقتسادی و سیاسی کە تێیدا بووە بە دەستی هێناوە لەبەر چاو نەگرین بی شك ناتوانین موددەعی بین کـه لیکدانەوەیـەکی دروسـت و هەمـه لایەنـەمان لـه مەوقعییەتی ئەم تەبەقەیە کردوە.

تەبەقەی کارگەڕی ئێران سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەنج و مەینەتە کە لەم دە سـاڵەی دوای ئینقلابی ٥٧دا کیشاویە، سـەرەڕای ئـەو گشـتە سـەختی و مەرارەتـە کـه لـەم دە سـاڵەدا تەحەمولی کردوە، سەرەڕای ئەو گشتە بێکاری و فەلاکـەت و هەژاریـیـە کـه بـه سـەریدا تـەحمیل بـووە، سـەرەڕای ئـەوەی کـه دە سـاڵی تـەواو لـه ژیـر خەفەقان و سەرکوتی جمهووری ئیسلامیدا هێزی لەش و گیانی لـه بەرانبـەر کـری و حەقدەسـتێکی کـەم و لـه ژیـر مەنگەنـەی چـەرخی سـەرمایەداری ئێرانـدا تواوەتـەوە، نـه تـەنیا توانیوویەتی وشیاری تەبەقاتی خۆی بەریتە سەر بەڵکوو زۆر دەسکەوتی زیاتری لە موبارەزەی تەبەقاتی خۆیدا بە دەست هێناوە.

ئیمرۆ ئیتر تەبەقەی کارگـەڕ لـه ئێـران تـا حدوودێکی زۆر بـه قودرەتی تەبەقاتی خۆی پەی بردوە، وە دەزانی خاوەن و بەرهەم هێنەری ئەسلی تەواوی ئەو سەروەت و سامانەیە کە لە جامیعەی سەرمایەداری ئێراندا لە دەست تاقمیـك چەوسـێنەر و خـاوەن دەسـەڵاتدا کۆبووەتـەوە، دەزانی کە ئەگـەر ئیراده بکا و یەکگرتووانە بێتە مەیدان لە یەك لەحزەدا لە سەراسەری جامیعەدا چەرخی تەولید لـه کـار دەکـەوی و سـەرمایەی خـاوەن سـەرمایەکان بـی ئەرزش و بی مەسرەف دادەکەوی.

ئیمـرۆ ئـیتر کرێکـاری ئێرانـی بـه چـاوی خـۆی ئـەم واقعییەتە دەبینی کە ترس لە ئەو و تەبەقەکەی، ترس لـه هاتنـه مەیـدانی یەکگرتوانـەی ئـەم هێـزە گـەورە ئیجتماعیـیە خۆی لە چاوی سەرمایەداران و حکوومەت و ئەرتـەش و پاسـدار و پـولیس و هـەموو هێـز و دام و دەزگـا سـەرکوتگەرەکانیاندا وشك کـردوە و شـەو و ڕۆژ خـەرێکی نەقشەکێشـان و تـەرح و تەوتئـەن تـا بـه هـەر چەشـنیك بۆیـان بکـری ڕۆژی هاتنـه مەیـدانی ئـەم هێـزە گـەورە کۆمەڵایەتـیـە بخەنە دواوە. ئیمرۆ ئیتر تەبەقەی کارگـەڕ لـه ئێـران بـەم حەقیقەتـه پـەی بـردوە کـه تـەنیا ڕێگەی نەجاتی ئەو و هەموو ئەو کەسانە کە لە ژێر زولم و زۆر و فشـاری جامیعـەی سـەرمایەداریدا پشـتیان چـەماوەتەوە، لەبـەین چـوون و تێـك ڕووخـانی نیزامـی سـەرمایەداری و دامـەزرانی جامیعەیـەکی سوسیالیستیـیە.

ئیمرۆ ئیتر کرێکاری ئێرانی بەم حەقیقەتە پەی بردوە کە تەنیا کۆمۆنیزم و ئینقلابی کۆمۆنیستی دەتوانی ئەم بوحرانە قوولە کۆمەڵایەتی و ئیقتسادیـیە کـه سـەراپای جامیعـەی ئێرانـی داگرتـوە لـه بـەین بـەری. ئیمـرۆ ئـیتر سوسیالیزم و کۆمۆنیزم دوو وشـەی ناسراو و ئاشنان و لـه نـاو تەبەقـەی کارگـەڕی ئێرانـدا جێگـای خـۆی کردوەتەوە.

ئەمانە ئەو پێشڕەوییانەن کە تەبەقەی کارگەڕی ئێران سەرەڕای ئـەو هـەموو زوڵم و سـتەمە کـه لێـی دەکـری و سەرەڕای فەقر و فەلاکەتێك کە بەسـەریدا تـەحمیل کـراوە، لە ماوەی ئەم دە سـاڵەی ئەخیردا پێی گەیشتوە.

بێجگـه لەمانـه، لـەم دە سـاڵەدا چـینی کرێکـاری ئێـران هەمیشـه و دایـم شـاهیدی ئـەوە بـووە کـه دوژمنـەکانی لـه نـاو خۆیانـدا تووشـی بـوحران و ئاشـوفتەگی و ناتـەوانی بوون و هەر ئەمە مانعی ئەوە بووە کە خەفەقان و ترس و وەحشەتێك کە تەبەقەی سەرمایەداری ئێران و حکوومەتە ئیسلامیـیەکەی لە جامیعـەی ئێراندا خستووپانەتە سەر ڕێگـای، وە کوششـیان کـردوە بـه زۆری سـەرنیزە و قـودرەتی دام و دەزگـا سـەرکوتگەرەکانیان تەبەقـەی کارگـەڕ چاو ترسین بکـەن، نەتوانی چاوترسینی بکا و لـه هەر کوی و بەهەر ئەندازە کە بۆی کرابی لە بەرانبەریاندا وەستاوە و بـه موبـارەزەی سەرسـەختانەی خـۆی مـانعی ئەوە بووە کە دوژمنـه تەبەقاتیـیـەکانی شـەویکیش خـۆی ڕاحەت بکەن.

هەڵبـەت پێشـڕەوییەکانی جونبشـی کرێکـاری لـه سـەتحی دونیاشـدا لـەو فاکتورانـەن کـه ڕاسـتەوخۆ تەئسیریان بووە و تەئسیریان هەیە لەسەر وشیارتر بوون و ئامادە تر بوونی تەبەقەی کارگـەڕی ئێران لە عەرسـەی موبـارەزەی تەبـەقاتیدا لـه بەرانبـەر سـەرمایەداران و حکوومەتە ئیسلامیـیەکەیاندا.

کرێکـارانی ئێـران ئێسـتا ئـیتر ٦ سـاڵە کـه بوونەتـه خـاوەنی حیزبێکـی کۆمۆنیسـت. تەشـکیلی حیزبـی کۆمۆنیستی ئێران کە ٦ سـاڵ لەوەپێش لـەوەها ڕۆژێك دا ئیعلام کرا، موژدەیەك بوو بۆ کرێکاری ئێران کە ئیتر لەمە بـەولاوە ئەوسـتادە ئینقلابیـیـه کـه دەتـوانی و دەبـی ئینقلابـی ئیجتمـاعی سوسیالیسـتی تەبەقـەی کارگـەڕ سازمان بدا و متحققی بکا، بە وجوود هاتوە. بۆیە دەڵێین بە وجوود هاتن و تەشکیلی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەسکەوتێك بوو بۆ چینی کرێکاری ئێران. بە تەشکیلی ئـەم حیزبـه کـه خـۆی حاسل و بەرهـەمی گەشـە کـردن و عـەمیق بوونـەوەی موبـارەزەی تەبـەقاتی کرێکـاران و قـودرەت نمـایی ئـەم تەبەقـە ئیجتماعیـیـه لـه جـەریانی ئینقلابـی ٥٧ و سـەرهەڵدانی مارکسـیزمی رادیکـال و ئینقلابی لە ئێراندا بوو، ئیتر چینی کرێکاری ئێران بوو بـه خـاوەنی حیزبیـك کـه لـه ڕووبەرەوەی ئاسـوی سوسیالیزمی کرێکاری و پێك هێنانی سەفی مستقیمی کرێکـارانی سوسیالیسـت لـه نـاو جونبشـی کرێکـاری ئێراندا. لـه کوردسـتانیش ئیمـرۆ ئـەم حیزبـه نـه تـەنیا بووەتە جێگای هیوا و هومیدی ژنان و پیاوانی کرێکار و لە ناو دلیاندا جێگای کردوەتەوە، بەڵکوو ئیمرۆ ئیتر لە هـەر گۆشـەیەکی کوردسـتاندا، لـه کارخانـه و کارگـا و شیرکەت و کووڕەخانە و مەزرادا موبارەزەیەکی کرێکاری بکەوێتـه ڕی بێگومـان ئـەم خـەبات و موبارەزەیـەی کرێکاران بە ناوی کۆمەڵەوە گریی خواردوە و کرێکارانی کۆمۆنیست و تێکۆشەر، حیزبی کۆمۆنیست و سازمانی کوردستانەکەی بە حیزبی خۆیان دەزانن، خۆشیان دەوی و وەك گلینەی چاویان دەی پارێزی.

بەڵی! پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیست لە وەها ڕۆژێك دا هـەنگاویکی گـەورە بـوو بـۆ بەسـەرکەوتن گەیانـدنی موبارەزەی ئیجتماعی تەبەقەی کارگـەڕ لـه ئێران. بـەڵام ئیمـرۆ دوای تێپـەڕ بـوونی ٦ سـاڵ لـه عـومری حیزبـی کۆمۆنیسـت لـه سـەرەتای ٧ سـاڵەیی ئـەم حیزبـەدا، وەختێـك تەماشـای دەسـکەوتەکانی ئـەم ٦ سـاڵەمان دەکـەین، ئـەو حەقیقەتـه دەبیـنین کـه هەرچـەند لـەم ٦ سـاڵەدا حیزبـی ئێمـه لـه عەرسـه جۆراوجۆرەکـانی موبارەزەدا لە کارخانە و کارگا و کووڕەخانەکانەوە بگرە هـەتا مەیدانی شـەری پێشـمەرگانە شاهیدی گـەورەترین حەماسە و قارەمانەتی فەعالین و ئەندامان و کادرەکانی بووە لە ڕێگای سازمان دان ڕەهبـەری کردنی موبارەزەی چینایەتی تەبەقەی کارگـەڕدا، وە بـەم ئیعتبارە دەبی ئـەم حیزبـه وەك دەسـکەوتێکی چـینی کرێکـار بپـاریزین، ناتوانین بـەم میزانە لە پێشڕەوی و چوونە بەرەوە ڕازی بین چونکوو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەرەڕای هەموو پێشڕەوییەکان و حەماسە خولقینی کادر و ئەندامانی هیشتا نـەی توانیـوە ئـەو مەکانـه ئیجتماعیـیـه کـه وەك حیزبێکی تەواوەن کرێکاری دەبی ببیی وەدەستی بینی، هیشـتا نـەیتوانیوە بـه تـەواوی ببیتـه حیزبێـك کـه کرێکارانی سوسیالیست و هەموو ڕەهبەرانی کرێکاری لە خۆیـدا کۆبکاتـەوە، هیشتا نـەیتوانیوە بـه تـەواوی ببیتـه حیزبـی ئیعتیرازی ئیجتماعی کرێکاران. هـەڵگرتنی ئـەم هـەنگاوە، یـانی تەبـدیل کردنـی کۆمـۆنیزم و حیزبـی کۆمۆنیستی ئێران بە جەرەیانێ:کی کارگـەری. ئەمـه ئـەو وەزیفه گەورەیـەیە کە ئیمرۆ لە سەر شانی ئێمە و تەواوی کرێکـارانی کۆمۆنیسـت و فـەعالینی کۆمۆنیسـتی نـاو جونبشی کرێکاریـیە. تـەنیا بـه ئـەنجام دانـی ئـەم وەزیفه تاریخیـیـه دەتـوانین ئـەو دەسـکەوتانه بپـاریزین کـه تـا ئێستا بە دەستمان هێناون.

بـەم بۆنـەوە لازمـه لـێرەوە ڕووبکەینـه کرێکـارانی کۆمۆنیست و ئەو هاوری کرێکارانەی کە ڕەسمەن عـزوی حیزبـی کۆمۆنیستی ئێران نین و پێیان بڵێین: هاوڕیان! ئـەم حیزبـه هـی ئێوەیـه ئـەم حیزبـه تـەنیا حیزبێکـی کۆمۆنیسـته کـه لـه ئێـران و دونیـا پەرچـەمی کرێکـاری بەرزکردوەتەوە و بە ناوی کرێکارەوە تەشکیل بـووە و بـو دامـەزرانی حکوومـەتی کارگـەری موبـارەزەی دەکـا. موبارەزەی ئەم حیزبە تا ئیستە لە موبارەزەی ئێوە جیا نەبووە و لەمەولاش دەبی هەروا بی. ڕیزەکانی ئەم حیزبە دەبی پـر بـی لـه ئێـوە. ئـەم حیزبـه هـی ئێوەیـه. وەرن ئـەم حیزبـه بگـرنه دەسـت، فـەتحی کـەن! تـەنیا بـه فـەتحی ئـەم حیزبـه و بـه تەقویەتی ڕیزەکانی ئەم حیزبە و بە دەستەوە گرتنی ئەم حیزبە بۆ بەرەوپێش بردنی موبارەزەی ئەمرۆ و دواڕۆژتـان دەتـوانن لەگـەل مەینـەت و فەلاکـەتی سـەرمایەداری موبـارەزە بکـەن، تـەنیا بـه حیزبێکـی ئـاوا دەتوانن نیزامی زالمانەی سەرمایەداری لە ریشە دەربینن و پایـەکانی حکوومـەتی سـووری کرێکـاری لەسـەر ویرانەکانی دامەزرینن.

هاوڕیان!

ئەم حیزبە حیزبی ئێوەیە. فەتحی کەن!

ئیتر هەر بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەڕی!

پیـرۆز بـی ١١ی خـەرمانان شەشـەمین سـاڵگەردی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

***

وەرگێردراوی وت و وێژی هاوری منسورحکمت بە بۆنەی شەشەمین سالڕۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پرسیاری یەکەم: هاوری منسور! ویرای سپاس بۆ ئێوە بۆ بەشداریتان لەم وت و وێژەدا. شەش ساڵ لە پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێپەڕ بووە. شەش ساڵ لەوە پێش هەر لەم ڕۆژانەدا، سی و چەند کەس لە هاوریانمان لە کونگرەی دامەزرینەری حیزبدا کۆبوونەوە و ئەم حیزبەیان پێك هێنا، بە ئاسوێکەوە کە بۆیان دەڕوانی و بە دیاریکردنی داهاتوویەك کە لە بەر چاویان گرتبوو بۆ ئەم حزبە. ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی شەش ساڵ، کاتێك چاو لە حیزب دەکەین، ئایا پێت وایە لەو ماوەیەدا بە پێی ئەو شتانەی بەتەمایان بووین و ئەو ئاسویەی ڕوومان تی کردبوو چووینەتە پێش؟

وەڵام: بە پێوانەی چاوەڕوانیی گشتیی‌یەکانی کونگرەی دامەزرینەر، نەك هەر ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا دەبووا بکری کراوە، بەڵکوو حیزبی کۆمۆنیستی زۆر لەوە واوەتریش چووە. نازانم لەم بەرەوپێش چوونە چەندە نەتیجەی هەنگاو هەڵگرتنی بە دانستەی خۆدی حیزب بووە و چەندەی حاسڵی ئاڵ و گۆڕێکی عەینی‌یە کە لە نیو کۆمەڵدا و لە ڕەوتی خەباتی چینەکاندا لە ئێران و لە ئاستی جیهانی‌دا ڕووی داوە. بێگومان ئەمانە هەر دووکیان دەوریان بووە. بەهەر حال کاتێك چاو لەو ئاسویە دەکەین کە کونگرەی دامەزرینەر ڕووی تی کردبوو، وەچاو لە جێگا و شوێنی ئێستای حیزبیش دەکەین، ئەو بەرەوپێش چوونە گەورەیە دەبینین. زۆر کەس لە بیریان چووەتەوە کە حیزبی کۆمۆنیست لە چ وەزعییەتێکی فیکری و کۆمەڵایەتی‌دا پێك هات. حیزبی کۆمۆنیست کاتێك دا پێك هات کە ڕژیمی ئیسلامی هێرشێکی قورسی کردبووە سەر کرێکار و کۆمۆنیزم، سەر دیموکراسی و تەنانەت سەر بنەڕەتی‌ترین و سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکانی نێو کۆمەڵی ئێران. چەپی ڕادیکالی ئێران پێش حزبیی کۆمۆنیست، بیرورا و تیئوری وای بەسەردا زال بوو کە ئەمڕۆ تەنانەت دواکەوتووترین بەشەکانی چەپی ئێران پێی پی دەکەنن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕانبەر بەو چەپە دواکەتووە ورده بورژوایی‌یە پێك هات. لە ئاستی جیهانی دا هەندێك لایەنی خودی بورژوازی و قوتبە جیهانی‌یەکانی بورژوایی مارکسیزمیان وەك مەکتەبێك بە ڕەسمی موسادەرە کردبوو. حیزبی کۆمۆنیست ئالای مارکسیزمی ڕادیکال و ڕایستەقینەی هەڵگرت. ئەو کات قسە لەسەر ئەوە بوو کە دەبی بەارنبەر بەمانە قوتبیکی پێشڕەو و حیزبێکی مارکسیستی پێك بهێنری کە خۆی بە پابەندی ڕێکخستنی چینی کرێکار و شۆرشی کرێکاری بزانی. ئەو کات قسە لەسەر ئەوە بوو ببینە هەڵگری سوسیالیزمی ڕادیکال لە ئێران. هەموو ئەوانە و تەنانەت لەوانە زیاتریش لەم شەش ساڵەدا وەدی هاتوون. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی سەقامگیر کردو بوو بە هەڵگری سەرەکی مارکسیزمی ڕادیکال لە ئێران.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەك هەر پێشی بە لەبەرێك ترازان و ئاسویەی شەش ساڵ لەوەپێش و چاوەڕوانی‌یەکانی ئەوکاتەمان کە ئیتر پێیان ڕازی نین. ئیتر سێ ساڵە خەریکین بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکەین پێویستە تەوەقوع و چاوەڕوانی‌یەکی زیاترمان لە خەباتی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست ببی. لە کونگرەی دووهەم دا باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد. ئەگەر بە پێی ئاسویەك کە کونگرەی دووهەم بە ڕووی حیزبی‌دا کردەوە، یانی بە پێی ئاسوی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بمانەوی قسە بکەین، ئەمجار ئیتر من هەڵسەنگاندنەکەم فەرق دەکا و دەتوانم پەنجە بخەمە سەر کەم و کووری و شینەیی بوونی جیددی لە کاروبارمان دا.

پەیوەندی ڕاستەوخۆی نیوان قودرەتی کۆمەڵایەتی کرێکار و پێشڕەوی کۆمۆنیزم مان لە کوردستانیش دیت. ئەوە کە حیزبی ئێمە توانی وا بە قودرەتەوە بەرانبەر بە دژی دیموکراتیزم و هێرشی قەهراوی بورژوازی محەللی ڕاوەستی و دای نیشینیتەوە سەر جێگای خۆی، نەك تەنیا حاسڵی کۆڵنەدەری و ڕەشادەتی شکۆداری سازمان و حیزبیکی دیاریکراو، بەڵکوو لە بنەڕەت دانیشانەی هاتنە مەیدانی کرێکار لە کوردستان وەك هێزێکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتی‌یە.

تێدا چوونی چەپی ڕادیکال گرت، بەڵکوو بینایەکی دارشت کە تێیدا حەرەکەتی سوسیالیزمی کرێکاری و تەبدیل بوونی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەیتوانی سەرەڕای هێرشی بورژوازی و دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکەی بۆسەر کرێکار و بۆ سەر مارکسیزم لە کۆمەڵدا، درێژەی پی بدری. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوشایی‌یەکی واقیعی لە کۆمەڵدا پر کردەوە. بە ڕاستی پری کردەوە. حیزبێکی مارکسیستی ڕادیکال و ڕوو لە چینی کرێکار، پێك هات.

حیزبی کۆمۆنیست دەوری:ی زۆر کاریگەری بوو لە دیاریکردنی ئاسوی خەباتی کرێکاریدا و لە پێك هێنانی قوتبێك لە کۆمەڵدا کە داخوازە چینایەتی‌یەکانی کرێکاران بەیان دەکا. هەموو کرێکارێکی کۆمۆنیست و هەر کەس خۆی بە سوسیالیست و کۆمۆنیست دەزانی دەتوانی ئەوە بینیتە بەرچاو کە ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست پێك نەهاتبا، ئیستا، لە کۆمەڵدا، لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا و لە بزووتنەوەی مارکسیستی دا چ وەزعییەت و جێگا و شوێنێك خۆی داسەپاندبوو.

بەهەر حال هەروەك وتم بە پێی چاوەڕوانی‌یەکانی شەش ساڵ لەوەپێش و بەپێوانەی شەش ساڵ لەوە پێش، حەرەکەتی ئەم حیزبە بە تەواوی جێگەی ڕەزامەندی‌یە. بەڵام لە ڕاستی‌دا هەر خۆدی ئەو بنەڕەتیمان کردوە. ئەمە ئاڵ و گۆڕێکە کە خەڕێکە ڕوو دەدا. بە هەموو هەڵس و کەوتەکانیەوە.

بەڵام ئەوەکە وتت لە چەند دەقیقەدا لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکاری‌یەوە چ دەتوانین بڵێین، ئەگەر من بم و بەڕاستی مەجالی قسە کردن ئەوەندە تەسك بی، من دەڵێم: قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی، هی کام چینە؟ ئێمە دەڵێین هی چینی کرێکارە. ئەمە هەموو کەس قەبوولیەتی و کەس قسەی لەسەری نیە، بەڵام بۆ ئێمە ئەو حوکمە سادەیە کیشمەکیشیکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لە پێشە. کیشمەکیشیك لەسەر ئەوە کە بزووتنەوەیە. ئەگەرچی هەنگاویکی بنەڕەتی‌یە بەرەو ئەوە. دەبی بەم ئیعتیرازە کۆمەڵایەتی‌یەوە پەیوەست بن. لە ڕاستی‌دا بوونە مارکسیست، بە مانای واقیعی خۆشی بە بی ئەوەی لە جەرگەی ئەو ئیعتیرازە دا بەشدار بی و ببی بە تێکۆشەرێکی چالاك و نەسرەوتووی ئەم ئیعتیرازە کۆمەڵایەتی‌یە کە لەوەتی سەرمایەداری هەیە، ئەویش هەیە ئێمکانی نیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تیئوریەك و بوچوونێك و ڕەخنەیەکی شۆڕشگێڕانە و چینایەتی‌یە بەرانبەر بە کۆمەڵ. دەبی ئەم بۆچوون و ڕەخنەیە، تێبگەی و قەبوولی بکەی ئەو شتەکە جەڕەیاناتی چەپی چینە دەسەڵاتدارەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیونالیزم و ڕیفورمیزم و دیموکراسی و شتی تر هێناویانەتە نیو مارکسیزم. بیروراکانی مارکس دەبی وەك کرێکاریکی موعتەریز بخوێنێنەوە و جەوهەری ڕەخنەگەرانە و ئاڵ و گۆڕ پێك هێنەری تێبگەن، نەك وەك کەسانێك کە نییەتی کاری خیریان هەیە و خۆیان سەر بە هیچ چینیك نین. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری کیشەیەکی تیئوریکە. کیشەیەکی بۆ گورینی بوچوون و ڕوانین بۆ کۆمەڵ و تاریخی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕوانین بۆ خودی مارکسیزمیش وەك تیئوریێك. کۆمۆنیزمی کرێکاری سوننەتێکی خەباتی حیزبیە. قوتبێك، ڕیزیکی دیاریکراوی حیزبیە کە هەوڵ دەدا حیزبە کرێکاری‌یە کۆمۆنیستی‌یەکان بە پێی ئەو خالانە کە باسم کردن دارێژی. کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەروەها، هەوڵدانێکە لە نیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ وەدی هێنانی ئەو داهاتووە نەك هیچ شتیکی لەوە کەمتر. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری، جەرەیانێکی فیکری، حەرەکەتێکی کۆمەڵایەتی و سوونەتێکی حیزبی‌یە بە ئامانج و شێوەکان و ئاسو و ئەرکی تایبەتی خۆیەوە. ڕێك هەروەك هەموو سوننەتێکی خەباتی کۆمەڵایەتی دیکە. پاش ئەم تەوزیحە کورتە هەڵبەت ئەگەر من بم، داوا لە هاوریکەمان دەکەم بچی گەلێك مەتلەب کە هەتا ئێستا لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکاری‌یەوە نووسراون و وتراونن دەورە بکاتەوە.

پرسیاری سێهەم: ئەو چاوەڕوانی‌یانە چون دەبی وەدی بین؟ مەبەستم ئەوەیە کە ڕەوتی تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی سوسیالیزمی کرێکاری لە ئێ{ان لە کام قوناغان تێدەپەڕی و پێشڕەوی‌یەکانی بە کام هۆیانەوە گری دراوە؟

وەڵام: بە بڕوای من ئەمە پێش هەموو شتێك بە هەڵوێستی چینی کرێکار و بەشی پێشڕەوە و سوسیالیستی ئەو چینەوە بەستراوەتەوە. وتم کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە. کە وایە پێشڕەوی‌یەکەی، تەنانەت لە چوارچێوەی حیزبی‌ش دا، لە گەڕەوی حەرەکەتی هێزە کۆمەڵایەتی‌یەکان دایە. ڕاستی یەکەی هەتا ئێڕەش هەموو پێشڕەوی‌یەکی مارکسزم و هەر سەرکەوتنیك کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەدەستی هێناوە ڕەنگدانەوەی وەخو کەوتن و جم و جوول و قودرەتێکی چینایەتی‌یە لە کۆمەڵدا. هەمان خەبات لە دژی سوسیالیزمی وردە بورژوایی لە بەرچاو بگرن کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێیدا سەری هەلدا. ئەوە بیرتەسکی‌یە ئەگەر پێمان وابی ئەم سەرکەوتنە تەنیا حاسلی خەباتی فیکری خۆمان و تێکۆشانی تەشکیلاتی خۆمان بووە. ئەگەر کرێکاری ئێرانی لە شۆڕشی ساڵی ۵۷دا بەو بەرینی‌یە نەهاتبایە مەیدان، ئەگەر کرێکاری سەنعەتی نەوت بۆ دەورەیەك بە کردەوە ڕیبەرایەتی شۆڕشی شووڕا کرێکاری‌یەکان و بزووتنەوەی کرێکارانی بێکار بەو بەرینایی‌یە وەگەر نەکەوتبان، زەحمەت بوو بتوانین وا بە خیرایی و بە ئاسانی بەسەر ئەو بیر و بوچوونە میللی گەرایانە و خەلقی‌یەدا کە بە سەر چەپی ئێران دا زال بوو سەرکەوین. نەمان دەتوانی بوچوونەکان و بەرنامە مارکسیستی خۆمان وا بە قودرەتەوە سەقامگیر بکەین. قودرەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك جەرەیانیکی فیکری و جەرەیانیکی حیزبی، بە قودرەتی کرێکار وەك هێزێکی موعتەریزی کۆمەڵایەتی پشت ئەستوورە. مەبەستم لەم تەنیا لە چوارچێوەیەکی میللی‌دا نیە هەرچەند وەخوکەوتنی چینی کرێکار لە ئێران و پەرەگرتنی ئیعتیرازی ڕادیکال لە نیو ئەم بەشەی چینی کرێکاردا تەئسیریکی ڕاستەوخۆتری لەسەر کاری ئێمە هەیە. مەعدەنچی ئینگلیسی و ساڵیك خەباتی بی ئەمانی، بزووتنەوەی ۳۵ سەعات کار لە ئالمان و خەباتی کرێکاران لە ئافریقای جنوبیش دەستی ئێمە بە هێزدەکەن و ڕێگای خەباتمان خۆش دەکەن. پەیوەندی ڕاستەوخۆی نیوان قودرەتی کۆمەڵایەتی کرێکار و پێشڕەوی کۆمۆنیزم مان لە کوردستانیش دیت. ئەوە کە حیزبی ئێمە توانی وا بە قودرەتەوە

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی تڕۆری هاوری سدیق کمانگر

بەرانبەر بە دژی دیموکراتیزم و هێرشی قەهراوی بورژوازی محەللی راوەستی و دای نیشینیتەوە سەر جێگای خۆی، نەک تەنیا حاسلی کۆلنەدەری و ڕەشادەتی شکوداری سازمان و حیزبیکی دیاریکراو، بەڵکوو لە بنەڕەت دانیشانەی هاتنە مەیدانی کرێکار لە کوردستان وەک هێزیکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتییە. ئەم واقعییەتە، یانی ئەوە کە بە وەخۆکەوتن و جم و جووڵی کۆمەڵایەتی کرێکار ئێمە وەک حیزبیک وختیک بە هێز بووین، پیوانە و نیشانەیەکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە حەقانییەت و ڕەوا خۆی دەزانی و وەک وەسیلەی خەباتی خۆی بە دەستەوە دەگری یان نا. هەموو کەس ئەوە دەزانی کە هەر کارێک وەسیلە و ئامرازی خۆی پی دەوی. هەموو کارخانەیەک ناتوانی هەموو شتێک دروست بکا و هەموو ئاچاریک بۆ هەموو پێچێک نابی. ئەگەر کرێکار و سوننەتی ئیعتیرازی رادیکالی کرێکاری قەراڕە حیزبێک وەک وەسیلە و ئامرازی خۆی بە دەستەوە بگری، ئەم حیزبە دەبی وەسیلەیەکی موناسب بی بۆ ئەم کارە. لە باری فیکری و عەمەلی و تەشکیلاتی و... شتی تڕەوە. کەوایە بەشێک لە خەبات بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەباتە بۆ گرینگی ئەو جی گورکی و ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییە بەرن کە حیزبی ئێمە دەبی بیکا. بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە هاتنە گۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم حیزبەدا و لە لایەن ئەم حیزبەوە، سوسیالیزم لە ئێران گەیشتوەتە سەرەڕێی مەنزیلیکی چارەنووس ساز. دەیان ساڵە لە ژێر ئەم ناوەدا کرێکاریان بۆ میللی کردنەوەی فلان و فیسار سەنعەت و نیمچە دەسکاری کردنی ئەم یا ئەو گوشەی نیزامی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری هێناوەتە مەیدان.

ئەو دەورانە بە سەر چوو کە کرێکار بە تەمای باش بوونی ژیانی بکەویتە شوێن ئەم و ئەو و هێزای بەم و بەو بی. دەبی بە حیزبی سەربەخۆی چینایەتی خۆمانەوە لە مەیدانی سیاسی دا و لە هەموو بەربەرەکانییەکی ڕۆژانەدا لەسەر قازانج و بەرژەوەندی کرێکاری، خۆنیشان بدەین. لەسەر ئەم ریبازە پێشرەوییەکی زۆرمان کردوە. حیزبی کۆمۆنیست و ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەو حیزبەدا هەڵکراوە، نیشانەیەکە لەو پێشرەوییە. بەڵام هەموو پێشرەوییەکی لە گرەوی ئەوە دایە کە ئێوە لەگەل ئەم حیزبە چ دەکەن.

بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مایەیە بۆ ئەوەی لە داهاتووی خۆمان بە تەواوی دلنیا بین.

پێش تریش وتوومە، بە بروای من کۆمۆنیزمی کرێکاری حیزبێکی بەرینی کۆمەڵایەتییە کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا تەنیا گوشەیەک لەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتییەمان بەرچاو دەکەوی. داهاتووی ئەم جەرەیانە، داهاتووی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەر لەم مەیدانە کۆمەڵایەتیدا دیاری دەکری. ئەوە ئێمەین کە دەبی بو داهاتووی خۆمان بەرنامە داڕێژین و بە دانستە و شیارانە هەموو لەحزەیەکی بەرەوپێش بەرین. ئەوە ئێمەین کە دەبی کوسپە فیکری و سیاسی و تەشکیلاتییەکانی سەر ڕێگای ئەم پێشرەوییە تێک بشکینین و ڕێگا بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزە گەورە کۆمەڵایەتییە دەور و ئەرکی خۆی بەڕێوە بەری. هەرچی بی، ئەوە ئێمەین کە حیزبی کۆمۆنیست مان پێک هێناوە و ئالای شۆرشی کرێکاری مان هەلکردوە. بەڵام بۆ یەک لەحزەش نابی لەو واقعییەتە غافل بین هێزی واقیعی ئەم ئاڵ و گۆڕە و مەیدانی واقیعی خۆنواندنی ئەم کۆمۆنیزمە کرێکارییە لە کۆمەڵدا، لە چینی کرێکاردا و لە گەرایشی سوسیالیستی ناوخۆی ئەو چینە دایە.

بە بروای من تەواوی قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری حیزبی و تەشکیلاتییەوە، لانی کەم لەم دەورەیەدا، دێتەوە سەر ئەوە کە ئایا سوننەتی سوسیالیزمی کرێکاری و جەرەیانی کرێکارانی کۆمۆنیست، حیزبی کۆمۆنیست لە ئاستیکی کۆمەڵایەتیدا بە حیزبی سیاسی تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو وەسیلە و ئامرازە و زال بوون بەسەر گەلێک کوسپ و مانعی فیکری و عەمەلی دا کە دینە سەر ڕێگامان. ئەمە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو تێکۆشانەیە کە ئێمە دەبی وەک ئەندامانی حیزبێکی دیاریکراو بەرەوپێشی بەرین.

بەم پێیە، پێم وایە دەبی ڕووی قسەمان بکەینە ئەندامانی سەرتاپێی ئەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتییە. دەبی ڕووی قسەمان بکەینە کرێکاران. ئەگەر کاتێک کرێکار قانوونی کاری ئیسلامی پووچەل دەکاتەوە ئێمە وا پێی بە هێز دەبین، دەتوانن ئەوە بێننە بەرچاو کە ئەگەر ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیست دا و لە ڕەوتی تەبدیل بوونی بە حیزبێکی کرێکاریدا دەور و دەخالەتی هەبی، چاوەڕوانییەکانی ئەمرومان چەندە بە خێرایی وەدی دین.

پرسیاری چوارەم: بەم جۆرە بانگەوازی ئێوە بە بۆنەی شەشەمین ساڵڕۆژی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە، بانگەوازیکە بۆ کرێکاران و سوسیالیزمی کرێکاری بە گشتی، نەک تەنیا بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب؟

وەڵام ڕاستییەکی هەموو هەول و تەقالای ئێمە دەبی ئەوە بی کە ئەم بە جیابژاردنە بە تەواوی و بەکردەوە لە نیو بەرین. لێرەدا بانگەوازی من بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕووی هەر لەو حیزبە بەرینەیە و لە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستیش وەک تێکۆشەرێکی ئەم حیزبە بەرینە. لەوانەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا کۆبوونەتەوە داوا دەکەم پەی بە هەتا پێش ئێمە، سوسیالیزم لە ئێران بزووتنەوەی ناڕازیانی چینە دەسەڵاتدارەکان و بزووتنەوەی هەڵپاچینی لق و پوپی سەرمایەداری بووە. بەشێکی بەرینی ئەم سوسیالیزمە هەر بڕای ببر بە لای کرێکاردا نەچوو. ئەو بەشانەش کە بە لایەدا چوون لە بەر بەرچاوتەسکی خۆیان و بە هۆی ئەوەی بە شێوەی واقیعی لە مەسەلەی کرێکار جیا بوون، هەموو جاری، چ بە مەشرووتەکەیان گەیشتن و چ پێی‌نەگەیشتبن، بزووتنەوەی کرێکاریان بە ناکامی و پڕژ و بلاوی و بەبی دەسکەوت لە بەر دەستی بورژوازیدا بەجێ هیشتوە. ئێمە، حیزبێکی کۆمۆنیست مارکسیست و ڕادیکال کە حاسلی شۆرشێک و حاسلی جم و جوولێکی گەورەی چینی کرێکارین، ئێستا لە جێگا و شوێنێک داین کە ئەم وەزعییەتە بە جارێک بۆ هەمیشە بگورین. ئێمە لە جیگا و شوێنێکین کە ئەگەر بە دروستی ئەرکەکانمان بناسین و لە کوسپ و تەگەرەی سەر ڕێگامان نەترسین، دەتوانین ئەو سوننەتە کۆمۆنیستییە لە کۆمەڵدا سازمان بدەین کە سەرچاوەکەی، ئیعتیرازی کرێکارە، هێزە بزووینەرەکەی کرێکارە و سەرکەوتنەکەی شۆرشێکی کرێکاریە بە تەواوی مانا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئالای ئەم ئاڵ و گۆڕەیە و هەموو ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیست دەبی هەروەک چون دە ساڵ لەوەپێش وا بە گەرم و گۆڕی و بە ئیرادەی پتەو بە پێچەوانەی کوللی جەرەیانی چەپی مەوجودی ئالای مارکسیزمی شۆرشگێڕی لە کۆمەڵدا هەڵکرد، ئەمڕۆ ئالاهەلگری کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێکۆشەری ئەم ئاڵ و گۆڕە گرینگە کۆمەڵایەتییە بی.

ڕووەکەمە ئەو هاوری کرێکارانە کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نین و پێیان دەڵێم ئەم حیزبە حیزبی ئێوەیە. تاقە دەنگیکە کە لە سەراسەری ئێران بە ناوی کرێکارەوە بەرز بووەتەوە. ئەم حیزبە بە ناوی ئێوە پێک هاتوە و بە ناوی ئێوە کاردەکا. دەبی بە ڕەسمی و بە کردەوە بیکەنە هی خۆتان. دەبی بە دەستیەوە بگرن. پێشڕەوی ئەم حیزبە هەتا ئەمڕۆ لە خەباتی ئێوە جیا نەبووە و لە داهاتووشدا هەروا دەبی. دەبی ریزەکانی پر کەنەوە. دەبی ئاگاتان لە چارەنووسی ئەم حیزبە بی.

دەبی هەوڵ بدەن ئەم حیزبە بە شێوەی واقیعی ببیتە ئەو چەکە کە کرێکار لە خەباتی هەموو ڕۆژەی‌دا و لە شۆرشەکەیدا پێویستی پی‌یەتی. ئەم حیزبە بە بی دەخالەتی ڕاستەوخۆ و چالاکانەی ئێوە نابیتە ئەوچەکە. ئەو دەورانە بە سەر چوو کە کرێکار بە تەمای باش بوونی ژیانی بکەویتە شوێن ئەم و ئەو و هێزای بەم و بەو بی. دەبی بە حیزبی سەربەخۆی چینایەتی خۆمانەوە لە مەیدانی سیاسی دا و لە هەموو بەربەرەکانییەکی ڕۆژانەدا لەسەر قازانج و بەرژەوەندی کرێکاری، خۆنیشان بدەین. لەسەر ئەم ریبازە پێشرەوییەکی زۆرمان کردوە. حیزبی کۆمۆنیست و ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەو حیزبەدا هەڵکراوە، نیشانەیەکە لەو پێشرەوییە. بەڵام هەموو پێشرەوییەکی لە گرەوی ئەوە دایە کە ئێوە لەگەل ئەم حیزبە چ دەکەن. ئەم حیزبە تەنیا سازمانی ئەو تێکۆشەران و ئەندامانە نیە کە ناویان تومار کراوە. حیزبی هەموو کرێکارێکی نارازی لە سەرمایەداری و موعتەریز بە سەرمایەداریە، حیزبی هەر کرێکارێکە کە ئەم دنیایە بە شیاوی ئادەمیزاد نازانی و نایەوی هەر ئەم چارەنووسە بۆ ڕولەکانمان بمینیتەوە. ئەمە حیزبی هەر کرێکاریکە کە لە ژێر فشاری ژیانی ڕۆژانەدا لە بیری ناچیتەوە کە دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری دەکری، کۆتایی هێنان بە چەوسانەوە و مەینەتی ئینسانەکان دەکری، پێک هێنانی کۆمەڵێکی ئازادی جیهانی دەکری، کە سەرکەوتنی یەکجاری کرێکار بە سەر سەرمایەداری‌دا دەکری. ئەمە حیزبی هەر کرێکاریکە کە شان و ریزی خۆی وەک کرێکار، بوی دەرکەوتوە و تێی گەیشتوە. شەش ساڵ پاش کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بانگەوازی من بۆ کرێکاری ئێران تەنیا یەک جوملەیە:

حیزبەکەتان بە دەستەوە بگرن!

***

بە داخێکی گرانەوە ئاگادارتان دەکەین کە سەعات ٢ی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی شەهریوەر، هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزب، بە پیلانی جینایەتکارانەی خائینیکی جمهووری ئیسلامی، گیانی بەخت کرد.

بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانەی ئەم سەردەمەی ئێران، هاوری سدیق کمانگر پێویستی بە ناساندن نیە. هاوری سدیق کمانگر سیمای پرشنگدار و تێکۆشەری لە مێژینەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەکیک لە ناودارترین و خۆشەویست ترین ڕابەرانی کۆمەڵانی خەڵک و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتور و موبەللیغیکی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی جەماوەری و لە کادرەکانی پێک هێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.

لە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوە پێشەوە هاوری سدیق ئامانجی کۆمۆنیزم و خەباتی لە ڕیگای چینی کرێکار دا کردە ئامانجی ژیانی خۆی و لەوە بە دوا ژیانی پر لە تێکۆشانی لەگەل خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە تێکەل بوو. دەس پێکردنی خەباتی ڕێکخراو و مارکسیستی لە سازمانی نهینی کۆمەڵە دا لە یەکەمین مانگەکانی پێک هاتنیەوە هەتا زاهیر بوونی وەک ڕابەریکی بزووتنەوەی جەماوەری لە دەورانی ڕاپەرین دا لە دژی ڕژیمی شا، تەبدیل بوون بە ڕابەر و ئاژیتاتوری جناحی ڕادیکال و شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەرانبەر بە کونەپەرستی محەللی و مەزهەبی لە جنووبی کوردستان، وەئەستو گرتنی نەقشی ڕابەری کۆمەڵانی ڕاپەرین لە شاری سنە، پاشان خۆ نیشاندان وەک نوینەری ڕاشکاو و زمانی ئاگرینی خەڵکی ڕاپەرین بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە جەرەیانی نەوروزی خوینناوی سنەدا و لە سەدری شووڕای ئینقلابی ئەو شارەدا، ئەوە کە ناو و سیمای هاوری سدیق بۆ خەڵکی بی بەش و زەحمەتکێشی شار و دیهات لە جنووبی کوردستان وەبیر هێنەرەوەی داخوازەکانیان و بزووتنەوەی حەق خوازانەیانە، تەبلیغاتی سوسیالیستی و وشیارییەرانە بۆ کرێکاران وەک کادریکی ناودار‌ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وە هەروەها بەشداری کردنی لە فەعالییەتی جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی دا وەک ئەندامی کومیتەی حیزب، بەشیکە لە کارنامەی پربار‌ی هاوری سدیق کمانگر. ناوی هاوری سدیق کمانگر لەگەل خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە لە ئێران و کوردستان، لەگەل خەبات دژی ستەمکاری و ملهوران، لەگەل خوروشان و ڕاپەرین، لەگەل تێک شکاندنی دوژمنانی خەڵک، وە لەگەل هەر شتێک کە بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ئازیز و خۆشەویستە، تێکەل بووە.

جێگای هاوری سدیق لە نیو دلی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دا بوو و لە نیو دلیان دا هەر دەمینیتەوە. لە دەست چوونی هاوری سدیق بی شک بۆ حیزبی ئێمە، بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان خەساریکی گەورەیە. ئەگەر چی سەری پرشوور و دلی نەسرەوتووی هاوری سدیق ئێستا لە ژیر خاک بۆ هەمیشە ئارامی گرتوە، بەڵام ئەو کارە گەورەیە کە هاوری سدیق و هاوسەنگەرانی ژیانی خۆیان نایە پێناوی، یانی شۆڕشی کرێکاری و ڕزگاری کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، ئەمڕۆ لە ئێران زیاتر لە هەمیشە هێز کودەکاتەوە هەتا وەک قودرەتمەندترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، چارەنووسی داهاتووی جامعە دیاری بکا.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وبرای سەرەخۆشی کردن لە کرێکارانی شۆڕشگێڕی سەراسەری ئێران، خەڵکی تێکۆشەر و زەحمەتکێشی کوردستان، هاوڕییانی حیزبی و خانەوادەی هاوری سدیق کمانگر، دلنیایە کە ئەم جۆرە کردەوە جینایەتکارانەیەی ڕژیمی ئیسلامی، ئەم ڕژیمە لە سەرئەنجامی حەتمی بە گۆڕ سپاردنی بەدەست کرێکاران و کۆمەڵانی زۆر لیکراو نەجات نادا.

کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کە زیاتر لە دە ساڵ کینە و وەحشت لە هاوری سدیق کمانگریان لە دل دا ماوەتەوە و لە ترسی شەللاقی کلامی گەرم و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و هاندەرانەی، گل و ژانیان بوو دەبی بزانن کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەرچی پتەوتر کردنەوەی ریزە جەنگاوەرەکانی خۆی و بە هەرچی گەرم و گورتر کردنی تێکۆشانی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا و بە لیدانی زەربەی هەرچی مەرگبارتر لە پەیکەری ڕژیمی ئیسلامی وەڵامی ئەم تڕۆرە دژ بە شۆڕشە دەداتەوە.

بەریز بی یادی هاوری سدیق کمانگر

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی جمهووری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

کوبتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٥ی شەهریوەری ١٣٦٨

***

(پاشماەی) ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە کارگا بچووکەکان

لە دنیایەك دا کە سەرمایەداران حوکمداران، گیان و چارەنووسی بە میلیون کرێکار دەسکایەی تەماعکاری سەرمایەدارانە. سەرمایەداران ئازادن لە خراپترین هەلومەرجی کار و ژیان دا کرێکاران وادار بە کاری زیاتر بە هەقدەستی کەمتر بکەن و ئازادن قیمەتی کەل و پەل کە شیرەی گیانی کرێکارانیان تێدایە بە دلخوازی خۆیان زیاد بکەن و "کەم و کەسری مالی" یان گرانی لە گیرفانی کرێکاران تەئمین بکەن. ئەوان ئازادن بۆ پاراستنی مالکییەت دارایی‌یەکانی خۆیان تریبونەکان بکەنە هی خۆیان، دەست بەسەر ڕۆژنامەکاندا بگرن و بۆ فشار خستنە سەر کرێکاران، کۆر و ئەنجومەن و ڕێکخراوی خۆیان پێك بینن.

خاوەنانی کارگا بچووك و نارنجی‌یەکانیش هەروان. بۆ نموونە خاوەنی کارگا میکانیکی‌یەکان، تەعمیر گاکان، کارگاکانی قەنادی و خەیاتی و بەشەکانی تر، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیان هەیە و هەر ماوەی جارێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و لەسەر چونیەتی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ڕاوێژ دەکەن و بەرنامە دادەڕێژن و بریاری هاوبەش دەدەن. بۆ کرێکاران هەلومەرجی کار دیاری دەکەن، بە مەیلی خۆیان کرێکار دێننە سەر کار وە یا دەری دەکەن، میزانی هەقدەست کەم دەکەنەوە و ... .

ئایا ئێمەش نابی ڕێکخراوی سەربەخۆمان هەبی؟

لە هەلومەرجێك دا کە سەرمایەداران و خاوەنانی کارگاکان بە مەیلی خۆیان لەگەل کرێکاران ڕەفتار دەکەن، یانی سەعاتی کاری دوور و درێژ و هەقدەستی کەم و زیدەکاری و جەریمەیان بۆ دیاری دەکەن، هەر کات ویستیان دەریان دەکەن و بە ژمارەیەك لە کرێکاران بە ناوی ئەوە کە کارفیر دەبن، یان شاگردن، یان هیچ هەقدەستێك نادەن و یا هەقدەستێکی یەکجار کەمیان پی دەدەن... تاکەی دەبی خەباتی فەردی و پرژ و بلاوی ئێمە بەرانبەر بەم هەموو ستەم و چەوسانەوە و بی مافی‌یە، بی نەتیجە بمێنێتەوە؟ بۆچی خەباتێکی ڕێکخراو و دەست نەدەینی هەتا هیچ کارفەرما و خاوەن کارێك نەتوانی ئاوا مافمان پێشیل بکا؟

لە ساڵەکانی ۵۸ و ۵۹دا گەلێك لە کرێکاران لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی خۆیانیان پێك هێنا. هەر ئیستاش هەندێك لە کارگاان و بەشەکان، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیانیان هەیە و فەعالییەت دەکەن. وەك ئیتحادیەی کرێکارانی: نانەوایی، قەسابی، جگەرپەزی و کەللە پەزی غەزاخوری، حەمام و ... .

کرێکارانی کارگاکان و ئەو مەرکەزانەی ژمارەیەکی کەم کرێکار کاریان تێدا دەکەن، بە تەجرەبە بۆیان دەرکەوتوە واباشترە هەموو کرێکارانی ڕشتەیەك یان چەند ڕشتەی وەك یەك لە شارێك، ئیتحادیە پێك بینن هەتا بەم جۆرە هێزێکی هەرچی زیاتری کرێکاران لە دەوری یەك کۆبێتەوە و خۆ ڕێك بخا و خەباتێکی بە هێز بۆ وەدەس هێنانی داخوازەکانی بەرەوپێش بەری! بەڵام ئەم جۆرە ڕێکخراوانە چون پێك دێن؟

بەکردەوە هاوپشتی و یەکگرتوویی نیوان کرێکاران کاتێك چووەتە سەر کە خەباتێکی جیددی لەسەر داخوازێك کەوتبێتنە ری. بۆ نموونە هەر کات زیاد کردنی هەقدەست داخوازی هەموو کرێکارانی مەرکەزێك بووە، ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران لە دەوری یەك کوبوونەتەوە و خەباتێکی یەکگرتوانەیان بەرەوپێش بردوە. بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوەی کرێکاریش هەروایە. زەمینەی پێك هێنانی ڕێکخراوێك کاتێك فەراهەم دەبی کە هێزی خەباتی یەکپارچە و یەکگرتووی کرێکاران بۆ داخوازی ئابووری و ریفاهی وەك: زیاد کردنی هەقدەست، کەم کردنەوەی سەعاتی کار، قەدەغەی دەرکردن، بیمەی بێکاری و باقی ماف و داخوازە کرێکاری‌یەکان پەرە بگری و هێزی زۆربەی کرێکاران بۆ وەدەست هێنانی ئەم داخوازانە بێتە مەیدان. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە کرێکاران دەست دەدەنە خەبات، پێویستی یەکگرتوویی و هاوپشتی و خەباتی هاوبەش و هاوهەنگاو لە نیو هەموو کرێکاراندا هەست پی دەکری و ڕوحی یەکگرتن بە هێز دەبی و پێك هێنانی ڕێکخراوە ئاسانتر دەبی، کەوایە یەکێك لە ئەرکەکانی کرێکارانی تێکۆشەر هاندانی جەماوەری کرێکارانە بۆ خەباتێکی تێکرای هاوبەش لە پێناو وەدەست هێنانی داخوازەکانیان دا.

خاڵێکی‌تر ئەوەیە کە کۆر و کۆمەڵی کرێکاران گونجاوترین وەسیلەیە بۆ پێك هێنانی پەیوەندی نزیکتر و لیك هەلپێکرانی هەرچی زیاتری کرێکاران و قسە و باس و ڕاوێژ و بریاردانی هاوبەشیان. ئامادەیی و هەنگاو هەڵگرتنی ئەو کۆر و کۆمەڵانە دەتوانی زەمینەی پێك هێنانی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان بەرە بەرە فەراهەم بکا و کەسانێك بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل کرێکارانی باقی کارگاکانیش دیاری بکرین. کەوایە نابی ئەوە فەراموش بکری کە ئەو کۆر و کۆمەڵانە لە پێك هاتنی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکاندا دەوریان هەیە. هەڵبەت کرێکارانی یەك یان چەند ڕشتەی وەك یەك لە خیابانێك، گەرەکێك وە یا بەشێکی شار، دەتوانن ئیمکاناتێك پێك بینن کە لە دەوری یەك کۆبنەوە و لەسەر ئەوە ڕاوێژ بکەن کە چون ئیتحادیە و سەندیکای خۆیان پێك بینن و بریاری هاوبەش بدەن.

لە هەر جێگایەك کە زیاتر لە ۲۰ یان ۳۰ کارگای چکولەی یەك یان چەند ڕشتەی لێك نزیك هەبن، وەك کارگاکانی فلزکاری و تەعمیرکاری و میکانیکی و پەنچەرگیری و ... کە کارەکەیان وە یەك دەچی و لیك نزیکن، کرێکارانی ئەو کارگایانە بە ئاسانی دەتوانن لە دەوری یەك کۆبنەوە و بریار بدەن و دەست بدەنە خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و یەکەمین بناغەکانی یەکگرتن و ڕێکخراو بوونیان دارێژن.

کوبوونەوەی کرێکارانی یەك ڕشتە یان چەند ڕشتەی لیك نزیك لە ڕاستی‌دا یەکەمین مەرجی بەرەوپێش چوونی خەباتی یەکگرتووانەیان و یەکەمین بەردی بناغەیە بۆ پێك هێنانی ئیتحادیە و سەندیکا.

ڕەنگە هەندیك لە کرێکاران بڵێن ئەگەر ئێمە کارێکی وا بکەین خاوەن کارەکان دەرمان دەکەن و ئیتر ناتوانین لە دەوری یەك کۆببینەوە. لە وەڵام دا دەبی بڵێین خاوەن کارەکان دەرکردنیان کردوەتە چەکیك بۆ بی دەنگ کردنی کرێکاران هەتا ئەگەر کرێکاران بەرانبەر بە هەلومەرجی دژواری کار ئیعتیرازیان کرد، خاوەن کارەکان دەست بۆ ئەم چەکە بەرن و کرێکاران لە ترسی دەرکران، بە هەقدەستی کەم ڕازی بن.

دیارە پێك هێنانی ئیتحادیە و هەر ڕێکخراوێکی کرێکاری دیکە، بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکارانە بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانیان و موقاومەت بەرانبەر بە بی مافی و هەر ستەمێکی‌تر و یەك لەو ستەمانە دەرکرانی کرێکار لەسەر کارەکەی لە لایەن کارفەرماوە. کەوایە لەم هەلومەرجەی بێکاری و بوحران دا ئەگەر لە فیکری پێك هێنانی ئیتحادیە و ڕێکخراوی کرێکاری دا نەبین، دەرکران لەسەر کار و بێکار کران لە جاران زیاتر پەرە دەستێنی.

ڕەنگە هەندیك لە هاوری‌یانی کرێکار بڵێن لەم بێکاری و بوحرانەدا چیمان لە دەست دی؟ خۆ هەر ئێستاش هەزاران کەس بێکارن! لە وەڵامدا دەبی بڵێین دەبی کارێك بکەین کە کرێکاران ببنە خاوەنی هێز و قودرەتێك کە خاوەن کارەکان نەتوانن لە وەڵامدانەوەی داخوازەکانیان خوبدزنەوە و نەك هەر نەتوانن هیچ کرێکارێك لەسەر کار دەرکەن، بەڵکوو بۆ کرێکارانی بێکار، بیمەی بێکاری یان کار دابین بکەن.

ڕەنگە هەندیك لە کرێکاران بکەونە شوێن قسەی خاوەن کارەکانیان و بڵێن ئێمە بۆچی خۆمان تووشی ئەو کیشەیە بکەین. سبەی دوو سبەی منیش دەبمە وەستاکار. کارگایەك دەکەمەوە و گیر و گرفتەکە دەبڕێتەوە. بەڵام مەگەر لە سەدا چەندی کرێکاران سبەی دوو سبەی دەتوانن ببنە وەستاکار؟ خاوەن کارەکان بۆ ئەوە قسە و باسی ئاوا لە نیو کرێکاران دا بلاو دەکەنەوە کە کرێکاران بە هیوای هاتنی ئەو ڕۆژە بەرانبەر بە هەموو چەشنە بی مافی‌یەك بی دەنگە بکەن و بە کەمترین هەقدەست و نارەواترین هەلومەرجی کار شاگردی و بەردەستی بکەن.

هاوری‌یانی کرێکار!

بێگومان کاربەدەستانی ڕژیم و سەرمایەداران نایانەوی ئێوە سەندیکا و ئیتحادیەی کرێکاری خۆتان پێك بینن. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئێمە بۆ خەباتی خۆمان ئیجازە لەوان وەرناگرین و ئەوە حەقی ئێمەیە کە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتمان ئیتحادیە و سەندیکامان هەبی. خەباتی پرژ و بلاوی ئێمە ناتوانی پاشەکشە بە دوژمنانمان بکا و ئێمە بە مافەکانمان بگەیەنی. ئێمە بۆ ئەوە ڕێکخراوی خۆمان پێك دینین هەتا بە هێز و توانات و یەکپارچەتر بەرانبەر بە دەوڵەت و سەرمایەداران خۆنیشان بدەین و ئەوان لەمە زیاتر نەتوانن مافەکانمان پێشێل بکەن.

***

عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەرجادەی سنە _ سەقز

لە ماوەی حەوتوویەك دا دووجار بەشێك لەو جادەیە بۆ ماوەی چەن سەعات کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

ئەو عەمەلیاتانە لە هەلومەرجێك دا بەڕێوە چوون کە هێزەکانی ڕژیم لە ئامادەباشی کامل دا بوون.

لەسەر یەك ٦١ بەکریگیراوی ڕژیم بەدیل گیران کە ۲ ئەفسەر و چەند دەرەجەداریان تێدا بوو.

ماشینێکی بەکریگیراوانی ڕژیم لە کارخرا و ئاگری تێبەر درا.

ڕۆژەکانی ۵ و ۱۱ی گەلاوێژ جادەی سنە _ سەقز شاهیدی دوو عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو.

لە عەمەلیاتی ڕۆژی ۵ی گەلاوێژدا کە سەعات ۸/۵ی ئێوارە لە نیوان تونیلی ماموخ و ئاوایی حوسین ئاوادا بەڕێوە چوو، پێشمەرگەکان پاش بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی کاملی دوو کیلومیتر لەو جادەیە، لە نزیك چەندین پایگای ڕژیم کەمینیان بۆ هێزەکانی ڕژیم دانا.

لە بەشی هەوڵی عەمەلیاتەکەدا ماشینێکی تویوتای پر لە بەکریگیراوانی ڕژیم کەوتە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و سەرنشینەکانی هەلاتن. پێشمەرگەکان پاش پاکسازی مەنتەقەی عەمەلیاتەکە، ماشینەکەیان ئاگر تێبەردا.

لە بەشی دووهەمی عەملیاتەکەدا هاورییان ژمارەیەکی زۆر ماشینی موسافیر بەری و باری یان بازدید کرد و ویرای قسە و باس لەگەل موسافیرەکان و بلاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی ٦.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا کە ٤ سەعاتی خایاند ٥٥ کەس لە هێزەکانی ڕژیم بەدیل گیران کە دوو ئەفسەر و چەند دەرەجەداری ڕژیم یان لە نیودا بوو.

هاورییان پاش تەواو بوونی عەمەلیاتەکە هەموویان بە سلامەت بە دیل و دەسکەوتەوە شوێنی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

ئەم عەمەلیاتانە لە لایەن موسافیرەکانەوە پیشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لێ کرا.

ناوی دیلەکانی ئەم دوو عەمەلیاته بریتین لە:

١) قاسم علی نوری
٢) رحمان شیخانی
٣) حسین فاتحی
٤) مەجید سلجوقی
٥) مستەفا مەحمودیان
٦) حسین زنگویی
٧) ئەمیر حسین ناتقی
٨) نادر ئەسعەدی خلیل
٩) عەلیرەزا سابونی
١٠) جەمشید قدرتی
١١) عەلی نزری
١٢) قدرت تیمی
١٣) نەبی سالح نیا
١٤) خسرو شوق مینایی
١٥) فەرج دادرسی
١٦) محەمەد ناجی
١٧) عەبدالعزیم بیگی
١٨) کامبیز حیدەر ئەوغلی
١٩) سەفەر خرجی
٢٠) حەبیب الله سفری
٢١) ئیبراهیم عبدالله پور
٢٢) ئەبوبەکر محەمەد نژاد
٢٣) عەلی شاهورنی
٢٤) محمود بهاری
٢٥) ئەسەدالله بەهرامی
٢٦) ئەحمەد کوچەبان
٢٧) محەمەد رزا شوکتی
٢٨) فیز الله ئەژیری
٢٩) مهدی اسد الهی
٣٠) عەلیرەزا وسفی
٣١) سعید یزدی
٣٢) غلامرزا جاویدفر
٣٣) مرتزا قربان نژاد
٣٤) سالح امجدی
٣٥) زوروار عەلی پور
٣٦) محەمەد سبحانی
٣٧) ابولفزل جوادی بابره
٣٨) رەزا ستاری
٣٩) محمود حسینی
٤٠) ئیبراهیم رحمانی
٤١) یونس فرخی
٤٢) ئەسغر میرزایی
٤٣) سلیمان تاباز
٤٤) شنبه حسین وند
٤٥) ئیسماعیل ئیسماعیل نژاد
٤٦) اردشیر زعیفی ئابان
٤٧) عەلی ئەسغر قلیچ تپەی
٤٨) سیامەك محمەدزاده
٤٩) عەلی رەزا شکری زاده
٥٠) ئیرەج شوری
٥١) نیکنام ئازاده
٥٢) عەلی رەزا کریمی
٥٣) نایب عەلی سمیمی هنری
٥٤) عەلی کوچه باغ
٥٥) غلام حسین مرادی
٥٦) حیدەر لو
٥٧) کامبیز موسوی
٥٨) ئیبراهیم سلمانی پور حیدری
٥٩) محمەد رەزا مزاهری
٦٠) نجات عەلی قلیچ تپەی
٦١) حیدەر پارسایی

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٨٤ january: ١٩٩٨

عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەرجادەی سنە _ سەقز

لە ماوەی حەوتوویەك دا دووجار بەشێك لەو جادەیە بۆ ماوەی چەن سەعات کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

ئەو عەمەلیاتانە لە هەلومەرجێك دا بەرێوە چوون کە هێزەکانی رژیم لە ئامادەباشی کامل دا بوون.

لەسەر یەك ٦١ بەکریگیراوی رژیم بەدیل گیران کە ٢ ئەفسەر و چەند دەرەجەداریان تێدا بوو.

ماشینێکی بەکریگیراوانی رژیم لە کارخرا و ئاگری تێبەر درا.

رۆژەکانی ٥ و ١١ی گەلاوێژ جادەی سنە _ سەقز شاهیدی دوو عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو.

لە عەمەلیاتی رۆژی ٥ی گەلاوێژدا کە سەعات ٨/٥ی ئێوارە لە نیوان تونیلی ماموخ و ئاوایی حوسین ئاوادا بەرێوە چوو، پێشمەرگەکان پاش بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی کاملی دوو کیلومیتر لەو جادەیە، لە نزیك چەندین پایگای رژیم کەمینیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا.

لە بەشی هەوەلی عەمەلیاتەکەدا ماشینێکی تویوتای پر لە بەکریگیراوانی رژیم کەوتە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و سەرنشینەکانی هەلاتن. پێشمەرگەکان پاش پاکسازی مەنتەقەی عەمەلیاتەکە، ماشینەکەیان ئاگر تێبەردا. ل٩

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری سدیق کمانگر

بە داخێکی گرانەوە ئاگادارتان دەکەین کە سەعات ٢ی بەرەبەیانی رۆژی ١٣ی شەهریور، هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزب، بە پیلانی جینایەتکارانەی خائینێکی جمهووری ئیسلامی، گیانی بەخت کرد.

بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆرشگێڕانەی ئەم سەردەمەی ئێران، هاوری سدیق کمانگر پێویستی بە ناساندن نیە. هاوری سدیق کمانگر سیمای پرشنگدار و تێکۆشەری لە مێژینەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەکێك لە ناودارترین و خۆشەویست ترین رابەرانی کۆمەڵانی خەڵك و بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتور و موبەللیغێکی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی جەماوەری و لە کادرەکانی پێك هێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.

لە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوە پێشەوە هاوری سدیق ئامانجی کۆمۆنیزم و خەباتی لە ڕێگای چینی کرێکار دا کردە ئامانجی ژیانی خۆی و لەوە بە دوا ژیانی پر لە تێکۆشانی لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆرشگێڕانە تێکەڵ بوو. دەس پێکردنی خەباتی ڕێکخراو و مارکسیستی لە سازمانی نهینی کۆمەڵە دا لە یەکەمین مانگەکانی پێك هاتنیەوە هەتا زاهیر بوونی وەك رابەریکی بزووتنەوەی جەماوەری لە دەورانی ڕاپەرین دا لە دژی ڕژیمی شا، تەبدیل بوون بە رابەر و ئاژیتاتوری جناحی ڕادیکال و شۆرشگێڕی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە بەرانبەر بە کونەپەرستی محەللی و مەزهەبی لە جنووبی کوردستان، وەئەستو گرتنی نەقشی رابەری کۆمەڵانی ڕاپەریو لە شاری سنە، پاشان خۆ نیشاندان وەك نوینەری ڕاشکاو و زمانی ئاگرینی خەڵکی ڕاپەریو بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە جەرەیانی نەوروزی خوینناوی سنەدا و لە سەدری شووڕای ئینقلابی ئەو شارەدا، ئەوە کە ناو و سیمای هاوری سدیق بۆ خەڵکی بی بەش و زەحمەتکێشی شار و دیهات لە جنووبی کوردستان وەبیر هێنەرەوەی داخوازەکانیان و بزووتنەوەی حەق خوازانەیانە، تەبلیغاتی سوسیالیستی و وشیاریدەرانە بۆ کرێکاران وەك کادریکی ناوداری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وە هەروەها بەشداری کردنی لە فەعالییەتی جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی دا وەك ئەندامی کومیتەی حیزب، بەشیکە لە کارنامەی پربارى هاوری سدیق کمانگر. ناوی هاوری سدیق کمانگر لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆرشگێڕانە لە ئێران و کوردستان، لەگەڵ خەبات دژی ستەمکاری و ملهوران، لەگەڵ خوروشان و ڕاپەرین، لەگەڵ تێك شکاندنی دوژمنانی خەڵك، وە لەگەڵ هەر شتێك کە بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ئازیز و خۆشەویستە، تێکەڵ بووە.

ل٨

ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە کارگا بچووکەکان

لە دنیایەك دا کە سەرمایەداران حوکمداران، گیان و چارەنووسی بە میلیون کرێکار دەسکایەی تەماعکاری سەرمایەدارانە. سەرمایەداران ئازادن لە خراپترین هەلومەرجی کار و ژیان دا کرێکاران وادار بە کاری زیاتر بە هەقدەستی کەمتر بکەن و ئازادن قیمەتی کەل و پەل کە شیرەی گیانی کرێکارانیان تێدایە بە دلخوازی خۆیان زیاد بکەن و "کەم و کەسری مالی" یان گرانی لە گیرفانی کرێکاران تەئمین بکەن. ئەوان ئازادن بۆ پاراستنی مالکییەت دارایی‌یەکانی خۆیان تریبونەکان بکەنە هی خۆیان، دەست بەسەر ڕۆژنامەکاندا بگرن و بۆ فشار خستنە سەر کرێکاران، کۆڕ و ئەنجومەن و ڕێکخراوی خۆیان پێك بێنن.

خاوەنانی کارگا بچووك و نارنجی‌یەکانیش هەروان. بۆ نموونە خاوەنی کارگا میکانیکی‌یەکان، تەعمیر گاکان، کارگاکانی قەنادی و خەیاتی و بەشەکانی تر، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیان هەیە و هەر ماوەی جارێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و لەسەر چونیەتی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ڕاویژ دەکەن و بەرنامە دادەڕێژن و بریاری هاوبەش دەدەن. بۆ کرێکاران هەلومەرجی کار دیاری دەکەن، بە مەیلی خۆیان کرێکار دێننە سەر کار وە یا دەری دەکەن، میزانی هەقدەست کەم دەکەنەوە و ... .

ئایا ئێمەش نابی ڕێکخراوی سەربەخۆمان هەبی؟

لە هەلومەرجێك دا کە سەرمایەداران و خاوەنانی کارگاکان بە مەیلی خۆیان لەگەڵ کرێکاران ڕەفتار دەکەن، یانی سەعاتی کاری دوور و دریژ و هەقدەستی کەم و زیدەکاری و جەریمەیان بۆ دیاری دەکەن، هەر کات ویستیان دەریان دەکەن و بە ژمارەیەك لە کرێکاران بە ناوی ئەوە کە کارفیر دەبن، یان شاگردن، یان هیچ هەقدەستێك نادەن و یا هەقدەستێکی یەکجار کەمیان پی دەدەن... تاکەی دەبی خەباتی فەردی و پرژ و بلاوی ئێمە بەرانبەر بەم هەموو ستەم و چەوسانەوە و بی مافی‌یە، بی نەتیجە بمێنێتەوە؟ بۆچی خەباتێکی ڕێکخراو و دەست نەدەینی هەتا هیچ کارفەرما و خاوەن کارێك نەتوانی ئاوا مافمان پێشیل بکا؟

لە ساڵەکانی ٥٨ و ٥٩دا گەلێك لە کرێکاران لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی خۆیانیان پێك هێنا. هەر ئیستاش هەندێك لە کارگاان و بەشەکان، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیانیان هەیە و فەعالییەت دەکەن. وەك ئیتحادیەی کرێکارانی: نانەوایی، قەسابی، جگەرپەزی و کەللە پەزی غەزاخوری، حەمام و ... .

کرێکارانی کارگاکان و ئەو مەرکەزانەی ژمارەیەکی کەم کرێکار کاریان تێدا دەکەن، بە تەجرەبە بۆیان دەرکەوتوە واباشترە هەموو کرێکارانی ڕشتەیەك یان چەند ڕشتەی وەك یەك لە شارێك، ئیتحادیە پێك بێنن هەتا بەم جۆرە هێزێکی هەرچی زیاتری کرێکاران لە دەوری یەك کۆبێتەوە و خۆ ڕێك بخا و خەباتێکی بە هێز بۆ وەدەس هێنانی داخوازەکانی بەرەوپێش بەری! بەڵام ئەم جۆرە ڕێکخراوانە چون پێك دێن؟ ل٩

کرێکارانی کوردستان و مەینەتی بێکاری!

نارەزایەتی و ئیعتیرازاتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کرێکارانی کوردستان لە دژی بێکاری، وەزعییەتێکی وای پێك هێناوە کە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە وەزارەتی کارەوە بگرە هەتا ئیدارەتی کاری ڕژیم لە شارەکان و هەتا ئوستاندار و ئیمام جومعەکانی وادار کردوە وا نیشان بدەن کە گویا لە فکری بێکاران دان. بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی داخوازی دەس بەجێی دەیان هەزار کرێکاری بێکار و خانەوادەکانیان بن کە بێکاری ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەیانی خستوەتە مەترسی‌یەوە.

بە ئیقراری خۆدی کاربەدەستانی ڕژیم لە ساڵی ٦٠ بەم لاوە گەلیك بێکار چوونەتە مەرکەزەکانی "کاریابی" و رایان گەیاندوە ئامادەین کار بکەین. دەیان هەزار ئینسانی شەریف و زەحمەتکێش لە هەشت ساڵ لەوەپێشەوە بە شێوەی ڕەسمی رایان گەیاندوە کە حازرن ئەمرۆ بە فرۆشتنی هێزی گیان و لەشیان نانی سبەینێیی خۆیان و خانەوادەیان دابین بکەن. بەڵام چ وەڵامیکیان وەرگرتوەتەوە؟

ئەو کرێکارانەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا بێکار کراون، ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵێك لە کوتایی پی هاتنی شەر هیشتا هەیە، بەڵام هەر کە باسی ژیان و بەری چوونی کرێکار دێتە گۆڕی هەمووی وشکایی دی؟

ئەوە حەقی کرێکارانە کە خەرجی بەری چوونی خۆیان و خیزانیان دەوڵەت تەئمینی بکا. بەڵام بەم حەقە بە زمانی خۆش وەدەست نایە. بێگومان لەبەر ئەوەی مافەکانی کرێکاران بە پێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیانن، بە بی هێزی خەباتی لیبراوانەی خۆدی کرێکاران وەدی نایەن. ئەم هێزە هەموو ڕۆژە لە مەیدانی کاری شارەکان، لە بازاری دەستفرۆشان، لە گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان و لە هەموو شارێکی کوردستان لە دەوری یەك کۆدەبێتەوە. ئەگەر ئەو هەزاران و دەیان هەزار ژن و پیاوە کرێکارە بێکارە کە لە شارێك دەژین بۆ نەهێشتنی مەینەتی بێکاری یەکگرتوو بن، داخوازی هاوبەشیان بێننە گۆڕ و بۆبەرێوە بردنی ئیرادەی خۆیان هەنگاو هەلگرن. ئەگەر بەهەر شێوەیەك بۆیان دەکری ئیعتیراز بکەن، بۆ نموونە لە بەر دەرکی ئوستانداری و فەرماندارى وە یا ئیدارەی کاری ڕژیم کۆبنەوە و تەحەسن بکەن و یا برژینە فلان ئیدارە و لە کرێکارانی لەسەر کار و لە ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان داوا بکەن پشتیوانی‌یان لێ بکەن و بە خۆپێشاندان و ڕاپەیمایی و شێوەی‌تر هێزی یەکگرتووی خۆیان بێننە مەیدان و داوای کاری دەس بە جێ یان بیمەی بێکاری بکەن، دەتوانن بە هێزی خۆیان ڕژیم ناچار بکەن بی ئەم لاو ئەولا هەر ئەمرۆ وەڵامی داخوازەکانیان بداتەوە.

گیروگرفتی بێکاری هەموو چینی کرێکاری ئێرانی داگرتوە. گیروگرفتێك کە تەنانەت سەرمایەداران و دەوڵەتەکەشیان نای شارەنەوە چونکوو وجوودی بە میلیون کرێکاری بێکار و بی نان قازانجێکی زۆر و زەبەند دەرژێنیتە خەزینەی سەرمایەداران و دەستیان ئاوالە دەکا بۆ ئەوەی کرێکارانی لەسەر کار ناچار بکەن هەرچی زیاتر کار بکەن.

لە ڕۆژی کرێکاری ئەمساڵدا یەکیك لە کاربەدەستانی وەزارەتی کاری جمهووری ئیسلامی بە ناوی "گەنجەیی" لە وت و وێژێکی ڕادیویی‌دا بیشەرمانە وتی:

"ئەندازەیەك لە بێکاری لە کۆمەڵدا پێویست هەبی ئەگینا ئەو کرێکارانەی لەسەر کارن باش کار ناکەن و بەهرەوەری کار کەم دەبێتەوە".

بەڵی! ئەمە واقعییەتی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری‌یە، واقعییەتێکە کە سەرمایەداران بە هەر شێوەیەك بیانەوی بیشارنەوە، کرێکاران هەموو ڕۆژی بەرەگ و پیستەوە هەستی پی دەکەن.

بێکاری هەمیشە کار و ژیانی کرێکارانی لەسەر کار دەنیتە ژێر فشار. بێکاری، کرێکارانی لەسەر کار ناچار دەکا بە هەقدەستی کەمتر ڕازی بن، بە سەعاتی کاری زیاتر ڕازی بن، بە زیدەکاری ڕازی بن و تەنانەت شلکەنەمامی لەشی منداڵان لە بازاری بی بەزەیی کاردا هەراج بکەن. بێکاری، بۆ کرێکارانی لەسەر کار یانی ڕێگای یەکگرتن و خەباتی کرێکاران. بەڵام کرێکارانی لەسەر کار لە کوردستان دەمیکە بۆیان دەرکەوتوە چارەیان بەرانبەر بە بێکاری ئەوە نیە ڕازی بن بە هەقدەستی کەمتر و سەعاتی کاری زیاتر، بەڵکوو بە خەبات و بە یەکگرتن لەگەڵ هاوڕیانی بێکاریان بۆ وەدی هێنانی داخوازی کار یا بیمەی بێکاری پێش بە ڕەنج و مەینەتی بێکاری بگرن.

ئاشکرایە یەکگرتنی بەرینی کرێکاران لە دژی بێکاری، یەکگرتنێك کە هێزی بەشی هەرە زووری کرێکارانی بێکار و لە لەسەر کاری سەراسەری ولاّت بگرێتە بەر، کاریگەر ترین و بە تواناترین ئامرازە بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان، کرێکارانی لەسەر کار هەر لە ئێستاوە دەتوانن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دژی بێکاری دەست بدەنە خەبات.

***

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٣ | رەزبەری _١٣٦٨ | ئوکتوبری_ ١٩٨٩

بوپشتیوانی لە ئازادی دەسبەجیی کرێکارانی زیندانی هەستین!

لە ماوەیەک لەوەپێشەوە لە شاری سنە ژمارەیەک لە کرێکارانی حەقخواز، لە لایەن رژیمەوە گیراون و زیندانی کراون و تا ئیستاش کە چەند مانگ لە گرتنیان تێپەر دەبی وەلامیکی ڕۆشن نەدراوەتەوە بە خانەوادەکانیان.

گیرانی ئەم کرێکارانە، هەر ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخواز کە ڕیز بۆ ئینسان دادەنی دەباتە ناو فکر و ئەم پرسیارەی بۆ دینێتە پێش کەئەم رژیمە بە چ حەقێک لە چەند مانگ لەوە پێشەوە دەیان کرێکاری لە گۆشەی زیندان دا ڕاگرتوە و بەم جۆرە نائەمنی بۆ خانەوادەکانیان پێک هێناوە و ئاسایشی لی هەلگرتوون؟

برسێتی و نیگەرانی ژن و منداڵەکانی ئەم کرێکارە زیندانیانە تاوانێکە کە هیچ ئینسانیکی شەریف و ئازادە چاوپۆشی لی ناکا. هەژاری و بێبەشیێک کە ئەم رژیمە لە ماوەی ئەم دەسالەدا بۆسەر میلیون میلیون کرێکاری ئێرانی هێناوە، نەک هەر لە لایەن کرێکارانەوە بەڵکوو لە لایەن هەموو ئینسانیکی وەخەبەر هاتوو و وشیارەوە بەگەورەترین تاوانی کۆمەڵایەتی دەژمێردری و ناکری چاوپۆشی لی بکری.

بەشەرییەت بەکەسری شانی خۆی دەزانی شەریفترین وزەحمەتکێش ترین ئینسانەکان، لە نانی شەو، لەبەرگ و لیباسی منداڵەکانیان، لە مەسکەن و ئاسایش و بە کورتی تەنانەت لە لانیکەمی ژیانیکی ئاسایی بی بەش بن. ل٩

ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان

عبدالله موهتەدی

دیاریکردنی ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان و داهاتووی ئەو تیکۆشانە، بیگۆمان یەکێکە لە مەسەلە گرینگەکانی سەر ڕیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمە هەڵبەت کارێکە کە بناغەیی‌ترین لایەنەکانی لە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە دا کراوە سەرەڕای ئەوەش وی ناچی ئیستا هەموو لایەک وەک یەک لەو مەسەلەیە گەیشتبن و لەوە کە کام ئاسو و کام تیکۆشان مەبەستە و چون دەبی پیی بگەین. لە ڕاستیدا هەر ئەمەش پێویستی‌یەکی تایبەت بە هێنانەوە گۆڕی سەرلەنوێی ئەم باسە دەبەخشی.

ئەگەر بمانەوی لە یەک کەلام دا دیمەنێک لە داهاتووی ئامانجداری جیزبەکەمان، ئەو شکلە دلخوازە کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی لە کوردستان بە خویەوە بگری، بەرچاو بخەین، دەبی بڵێین کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە حیزبی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار: حیزبی ئیعتیرازی واقیعی‌ی خودی کرێکاران لە خەباتی ئابووری ڕۆژانە و بەردەوامیاندا بۆ باش بوونی هەل و مەرجی کار و بەریچوون، حیزبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران لە دژی ستەمە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان و لە هەمان کاتدا حیزبی ئیعتیراز و خەباتی یەکگرتوانە و چینایەتی کرێکاران بەرانبەر بەسەر تا پیی کۆمەڵی سەرمایەداری مەوجوود.

ئیمە لیرە قسەمان لە حیزبیک نیە کە باسی مەسەلە کرێکاری‌یەکان دەکا یان "دیفاع" لە داخوازە ئابووری‌یەکانی کرێکاران دەکا و...، بەڵکوو قسەمان لە حیزبی خودی کرێکارانە، لە حیزبیکە کە خاوەن نفووزترین و لە هەمان کاتدا بەرینترین ڕابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری لەگەڵە حیزبیک کە بەم جۆرە خۆی لە جەرگە و لە ریزی پیشەوەی خەباتی ئابووری و هەموو ڕۆژەی خودی کرێکارانداید و نوینەری ئەم خەباتە و داخوازەکانیەتی لە ئاستی کوردستاندا .

حیزبیک کە هەر مەسەلە و بابەتیکی ئەم خەباتە ڕەت کاتەوەیان بیسەلمینی هەلویستەکەی تەئسیری تەواو بکاتە سەر ڕەت کرانەوەیان قەبوول کرانی ئەو مەسەلە و بابەتە لە لایەن جەماوەری کرێکارانەوە حیزبیک کە پەیوەندیکی مەعنەوی و سیاسی نزیکی لەگەڵ ریکخراوە کرێکاری‌یە جۆراوجۆرەکان هەیە. ئەو ریکخراوە کرێکاری‌یانە کە لە اتحادیە و شووڕا و کۆبوونەوەی گشتی‌یەوە بگرە هەتا سندووق و تەعاونی و کلووپ و باشگاکان و شتی تر بە ڕینوینی و دەس پێشکەری خودی ئەم حیزبە پێک هاتوون و گەشەیان کردوە حیزبیک کە بە هۆی ڕابەران و تیکوشەرانی کرێکاری خۆیەوە بە هەزار جەمسەرەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ریکخراوە جۆراوجۆرانە هەیە.

حیزبیک کە سەرجەمی ئەم خەباتە لە خەبات بۆ شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کرێکاری هەل دەپێکی و لیک گری یان دەدا.

بۆ نموونە: هەروەک جمهووری ئیسلامی یان هەر ڕژیمیکی سیاسی دیکە لە ئێران ناتوانی لە سەر مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارە نووس و داخوازەکانی گەلی کورد بریاریکی بنەڕەتی بدا بە بی ئەوەی هەلویستی کۆمەڵە لە بەر چاو بگری (جا چ بیەوی پووچەڵی بکاتەوە و چ بە تەما بی لەگەڵی ڕیک بکەوی)، دەبی لە بابەت بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ چینی کرێکار و داخوازە کرێکاری‌یەکانیشەوە وەزع هەر وای لی بی.

وەدی هاتنی ئەمە، لە ماوەیەکی نەک دووریش دا بۆ حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان، ئیمکانی ئەمە دەبی ناوەڕوکی تیکۆشانمان بی لە دەورەی داهاتوو دا.

حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

((مەنسوری حیکمەت))

لە حیزبی کۆمۆنیست واوەتر، زۆربەی جەڕەیاناتی سوسیالیست، کرێکاری بوونەوە و ریکخراوی کرێکاران بوون تەنانەت وەک ئەرک وپرە نسیبیش چاو لی ناکەن زۆریان بە یەکجار بیری شۆڕشی کرێکاری یان هەر وەلاناوە بۆ زۆربەیان سوسیالیزم چوارچیوەیەکی گشتی‌یە بۆ بەشەر دوستی، نیشتمان پەروەری، سەربەخۆیی ئابووری و پەرە گرتنی سەنعەتی، دیموکراسی و شتی تری لەم چەشنە و هەربەم بۆنەوە لەلای ئەمانە سوسیالیزم بە شیوەیەکی تایبەت ری ناباتەوە سەر کرێکار و خەباتی چینایەتی زۆری تریش کە پییان وایە هیشتا بۆ کاری خۆیان پیویستی‌یان بە مارکسیزم و بابەتی وەک پرولیتاریا و خەباتی چینایەتی هەیە، بە ریگا و شیوەی تر خۆیان لە کرێکاری بوونەوە بە معاف دەزانن ڕەنگە هیشتا وەزعییەتی سیاسی لەبار نەبی، ڕەنگە بۆ پرولیتیری بوونی تەشکیلات مەرج نەبی حەتمەن بەدەنە و قەوارەی تەشکیلاتەکە کرێکاری بی، لەوانەشە کرێکاران هیشتا بە ئەندازەی کافی"وشیاری چینایەتی"یان وەدەست نەهینا بی.

بەڵام بیانووەکان هەرچی بن، میژووی کۆمۆنیزم لە ئێران و بە تایبەت میژووی دەورانی ڕابوردوو پڕە لە سازمان و ریکخراوی "پرولیتاریایی" کە هەر لە بنەوە لە خۆیندەواران و زانایانی سەر بە چینی ناونجی کۆمەڵ پێک هاتوون ئەوەکە لانی کەم لە هەندیک دەورەدا لایەنی چینی کرێکاریان گرتوە هیچ گۆمان هەلناگری ڕەنگە ئەمانە ئەگەر بە دەسەلات گەیشتبان-کە بەلەبەر چاو گرتنی جیگا و شوینی عەینی یان و ئەوە کە هەمیشە لە حاشیە و پەراویزی خەباتی چینەکان دا بوون مەگەر بە هەلکەوت بە دەسەلات گەیشتبان-ژیان و هەل و مەرجی کاری کرێکاران تا ڕادەیەک ڕووەو باشی چووبا بەڵام، هیچکام لەمانە ئەم واقعییەتە ناگۆڕی کە ریک لە پەنا ئەمانە وهاوکات لەگەڵ پراتیکی "پرولیتاریایی" ئەمانە، خەباتی واقیعی چینایەتی، هەرلە دەدانە چیرە و مشت قووچاندنی هەموو ڕۆژەی کرێکارانەوە هەتا مانگرتنەکان و بزووتنەوە و جم و جوولی ئاشکرا و بەرینی کرێکاری، ل٤

بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

وەرگیر دراوی بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی بریاری پازدەهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئەندامەتی کرێکاران

هاوڕیان! ئەهمییەتی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پیویستی بە تەوزیح دان نیە.هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی کە تەبدیل بوونی حیزب بە ریکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران، بەبی ئەوەی ئەم حیزبە ئامراز و وەسیلەی یەکگرتن و خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست بی، بە بی ئەوەی بناغەی تەشکیلاتەکەی و زۆربەی هەرزۆری ئەندامەکانی لە کرێکاران پێک هاتبی، ئیمکانی نیە. لە سەرەتای پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە مەسەلەی لابردنی کۆسپ و مانعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی سەر ڕیگای ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، یەکێک لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی ئێمە بووە و تا ئێستا پیشڕەوی بەرچاومان لەم زەمینەیەدا بووە دیارە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، مەسەلەیەک نیە کە تەنیا تەشکیلاتی و ئەساسنامەیی بی پەیوەندی کرێکاران لەگەڵ حیزب تابعیکە لە خەسلەتی چینایەتی نەزەرات و سیاسەتەکان و شکل و شیوەکانی خەباتی حیزبی ئیمە و هەتا حیزب بە شیوەی واقیعی ل٣

تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەریکخراوی کرێکاران و ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان وت وویژ لەگەڵ هاوری عمرایلخانی زادە

هاوری عومەر ویرای بەخیر هاتنت، پرسیاری یەکەمم دەست پی دەکەم. ئیمە زۆر جار باسی تحول و تەبدیل بوون بە حیزبی کرێکاریمان کردوە و لە نەشریات و ڕادیوشمان دا ئەوە باسی کراوە. تۆزیح بدە کە لە چ ڕوانگەیەکەوە هیشتا کۆمەڵە سازمانیکی کرێکاری نیە؟ ئایا مەنزوور ئەهداف و بەرنامە و سیاسەتەکانیشمانە؟

سپاستان دەکەم و سلاوم هەیە بۆ گویگرە خۆشەویستەکانی ڕادیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەساسەن بەرانبەر بە چەپی وردە بورژوایی و پوپولیستی و بە هەدەف و ئامانجی کارگەری‌یەوە پێک هات . لە هەموو دەورەی حەیاتیشی دا ئەم حیزبە پاریزەری جەوهەری ئیدئولوژیکی و کرێکاری مارکسیزم بووە بەرانبەر بە بیروراکانی چەپی ئێران، وە لە سەرەتای پێک هاتنیەوە لایەنگری ئەوە بووە کە ببیتە حیزبیکی کرێکاری لەم بابەتەوە حیزبی کۆمۆنیست، جم و جوول و وەخۆ کەوتنیکی لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دا بەرانبەر بە جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری پەرەپیداوە .

کۆمەڵە، بیجگە لەوە، پەیوەندیکی قوولی لەگەڵ کرێکارانی کوردستان هەیە و نفووزیکی جەماوەری بەرینیشی لە نیویان دا هەیە. تەئسیراتی گرینگ و ڕۆژانەی لەسەر زۆر لایەنی خەباتی ئیعتیرازی کرێکاری بووە و هەیەتی و لەم بابەتەوە نوینەری بەرژەوەند و سیاسەتە چینایەتی و کرێکاری‌یەکان بووە، وەلە ریزبەستنی سیاسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا وەک ریکخراویکی موافیعی کرێکاران، وەک ریکخراوی سیاسی کرێکاران جی کەوتوە بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، قەوارەی حیزبی و تیکۆشەرانی ئیمە وا نەبوو کە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ڕابەرانی ئیعتیرازی کارگەری و، پیشڕەوان وتەیفی کرێکارانی ڕادیکال سوسیالیست بگرێتە بەر و لە خۆی‌داکویان بکاتەوە. هیشتا بەشی عومدەی تیکۆشەران و کادرەکان و ئەندامانی کۆمەڵە لە کرێکارانی پیشرەوە و لە ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران پێک نەهاتوە. ل٧

ڕیز گرتنی خەڵکی شارەکانی سنە، کرماشان، مەریوان، کامیاران، دیواندەرە و قروە لەیادی هاوری سدیق کەمانگر!

ڕۆژی ١٤ی خەرمانان، پاش بلاوبوونەوەی هەوالی تروری جینایەتکارانەی هاوری سدیق کەمانگر لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە سیمای شاری سنە بەتەواوی گۆڕا و خەم و پەژارەیەکی قورس و نەفرەت و بیزاری یەکی قوول لەو چینایەتەی جمهووری ئیسلامی سیمای خەلکی شاری داگرت.

لە حالیکدا خەلکی شار خۆیان بۆ بەشداری لە مەراسمی ڕیزگرتن لە یادی هاوری سدیق ئامادە دەکرد، بەکریگیراوانی سپای پاسداران بۆ پیش گرتن بەو حەرەکەتە خیابان و کووچەکانی دەوروبەری مالی خانەوادەی هاوری سدیقیان خستە کۆنترولی خۆیان و باوکی هاوری سدیقیان گرت. بەڵام ماوەیەک دواتر پاش ئەوەی وەزعی شاریان هاتەدەست و هەستیان بەتووڕەیی و کینەی خەڵکی شار لەوجینایەتە کرد ناچار بوون ئازادی کەن.

هەر لەو ڕۆژەوە مەراسمی ڕیزگرتن لە یادی هاوری سدیق بەڕپاکرا و خەڵکی شار دەستە دەستە چوونە مالی خانەوادەی هاوری سدیق و ڕیزیان لە ڕابەری خۆیان گرت و ماوەی ٣-٢ ڕۆژ دووکان و بازاری بەشیکی زۆری شاریان تەعتیل کرد.

ڕۆژی ١٥ی خەرمانان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکانی کرمانشان، مەریوان، کامیاران و قروە و دیواندەرە هاتنە سنە و بەبەشداری بەرینیان لە مەراسمی ڕیزگرتن لە یادی هاوری سدیق دا هەموو هەول و تەقالای ڕژیمیان بۆ پیش گرتن بەو حەرەکەتە پووچەل کردەوە و جار لەگەڵ جار بەکریگیراوانیان ناچار بە پاشەکشەیەکی زیاتر کرد. ڕۆژی ١٦ی خەرمانان لە حالیکدا کە ژمارەی بەشدار بووانی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە مەراسمەکەدا زیادی کرد بوو کۆمەڵیکی بەرین لە خەڵک بەرەو گورستانی شار وەری کەوتن و لەسەر گۆڕی گیان بەخت کردوانی ئەم شارە مەراسمیکی باشکویان بۆ ڕیزگرتن لە یادی هاوری سدیق بەڕپا کرد کە هەزاران کەس بەشداری یان تیدا کرد.

ل٩

لە هەمان کاتدا و بەم پی یە حیزبی ئیمە لە کوردستان دەبی حیزبی ڕابەر و بە تایبەت ریکخەری هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگیرانە و ئیعتیرازیی جەماوەری بۆ داخوازە ڕیفاهیی‌یەکانی زەحمەتکیشان، بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ مافەکانی ژیان، بۆ هەلخراندنی دیموکراسی شۆڕشگێڕ و بۆ ریکخستنی دەسەلاتدارەتی شۆڕشگێڕانە بی.

ڕەنگە بلین ئەمانە کەس لە سەریان نیە بەڵام هەموو مەسەلەکە لە سەر ناسینی ئەو کوسپە فیکری و عەمەلی‌یانەیە کە ناهیلن ئەم ڕەوتە بە شیوەی دلخواز بەڕەو پیش بچی و مەبەست ریگا کردنەوەیە بۆ ئەو ڕەوتە.

واقعییەت ئەوەیە ئەمە تاقەئاسویەک نیە کە هەبی، وە یا باشتر بلیم: ئەمە ئاسویەک نیە کە بناغە و بنەمای کردەوەیە و پراتیکی ڕۆژانە و بەردەوامان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بە پیی ئەم ئاسویە دیاری ناکری.

خەریک بوون لەگەڵ "ریکخراوی خۆ" بە مانای بەرتەسکی وشەکە-کەلەبابەت کۆمەڵەوە بە شیوەی موشەخەس دەکا ریکخراوی چەکداری عەلەنی - بەقیمەتی کەم ڕەنگ بوونەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی چینایەتی بەرین و بنەڕەتی کارمان، کە بە پیی تەعریف هەر لە بنەڕەتەوە بوونمان لە پیناو ئەوە دایە، گیر و گرفتیکی واقیعی‌یە لە سازمانی کوردستانی حیزبدا.

دیارە لەم هەل و مەرجە دامەسەلەی ئاسو و داهاتووی کارمان ئەغلەب و "لە خووە" لەگەڵ تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە و تیکۆشان و داهاتووی ئەو بەشە بە یەک شت دادەنرین. (لەم دوایی‌یانەش دا بە دەورەی تاکتیکی‌ی کۆتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق پەیوەند دەدریتەوە).

هیچ گۆمان لەوەدا نیە کە پاراستن و پتەو کردنەوە و پەرە پیدانی تەشکیلاتی عەلەنی و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە وەک باسکی چەکداری کرێکاران لە خەباتی سیاسی و چینایەتی دا لە کوردستان یەکیکە لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبی کۆمۆنیست کە وایە ئەو پرسیارانە کە لە بابەت ئەم لایەنەی کارمانەوە بکرین تەواو گرینگن و دەبی بە وردی وەڵامیان پی بدریتەوە (بیجگە لەمە، تەئسیر و شوینەواری شەری ئێران و عێراق لە سەر ئەم شکلەی تیکۆشانیشمان دەبی بەوردی بدریتە بەر لیکولینەوە).

بەڵام پیش وەڵامدانەوە بەم جۆرە مەسەلانە و لە هەمان کاتدا بۆ وەڵامدانەوەی دروست پییان، دەبی لە پیشدا ئەوە دیاری بکری خودی ئەو مەسەلەیەی دەبی وەڵامی پی بدریتەوە کامەیە: ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان تەنیا بریتی نیە لە تەشکیلاتی عەلەنی و هیزی پیشمەرگە و کاری چەکدارانە و، فاکتورە سەرکی‌یەکانی دیاریکردنی ئەم داهاتووەش تەنیا لەم هەل و مەرجە تاکتیکی‌یەی ئیستا دەرناکیشرین تەنیا بە وەلامدانەوەی دروست بە سەرجەمی ئاسوی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست، لە کوردستان وە تەنیا لە بەر تیشکی ئاسویەکی هەمەلایەنەی کرێکاری بەگشتی ئەم مەسەلەیەش دەچیتە سەر جیگای دروستی خۆی.

زەمینە و هەل و مەرجی تکیۆشانمان لە کوردستان

دەکری بلیین بوون بە حیزبی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرێکاران بە گشتی بۆ هەموو حیزبی کۆمۆنیست بە ئامانجیک دادەنری بەڵام پیشینەو ئەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتی‌یە کە سازمانی کوردستانی حیزبی ئیمە تییدا بەسەر دەبا، جیگا و شوین و مەوقعییەت، هەل و مەرجی لە بار، وە هەروەها ئەو چەشنە کۆسپانەی لە گەلیان بەرووە، لە هەموو جی‌یەک دەقاودەق وەک یەک نین کە وایە دەبی سەرەتا ئەم هەل و مەرج و تایبەتی یانە، ئەگەر چی بەشکلی گشتی ش بین بناسرین و بدرینە بەر لیکولینەوە ئەمانە بە کورتی بریتین لە:

ئەلف- ئیعتیبار و نفووزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە بە گشتی کۆمەڵە لە باری نفووز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە جیگایەکە کە هیچ حیزب و جەرەیانیکی کۆمۆنیستی لە ئیران هەتا ئیستا پی نەگەیشتوە ئەوشتە کە بە سالەها تیکۆشانی دژوار وە دەست دی، ئەمرۆ، هەر لە سایەی ئەو تیکۆشانەوە، بۆ کۆمەڵە وەدی هاتوە نفووزی مەعنەوی یەکجار زۆر و خۆشەویستی قوول و سەمیمانەی کۆمەڵە لە لای جەماوەر بالقوە توانای ئەوەی بە کۆمەڵە داوە کە لە هەنگاوی ورد لە خەباتی سیاسی دا واوەتر بچی بەڕەو هەلگرتنی هەنگاوی گەورە و بانگەوازی بەرینی جەماوەری.

ب- زال بوونی گەرایشی کۆمۆنیستی -ئەگەر نەلیین تاقانە بوونی ئەو گەرایشە لە بزووتنەوەی کرێکاراندا لە کوردستان کە لە باری سیاسی و تەشکیلاتی‌یەوە ری دەباتەوە سەر حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە ئەم مەیداندار بوونەی گەرایشی سوسیالیستی لە نیو تیکۆشەران و ڕابەران و پیشڕەوانی کرێکاریدا لە کوردستان ئەگەر چی لە هەمان کاتدا نیشانەی کەمتر خەمیلین و کەمتر خاراوی و پوختە بوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی پیوەیە و نابی یەک لایەنە ستایش بکری، بەڵام دەتوانی بەردی بناغەیەکی گەورە بی بۆ بنیات نانی حیزبیکی قودرەتمەند و خاوەن نفووزی کرێکاری-کۆمۆنیستی لە کوردستان.

لە ڕاستیدا شکل گرتنی کۆمەڵە و چینی کرێکار و بالاکردنیان، لە باری کۆمەڵایەتی و میژوویی‌یەوە لیک گری دراون پروسەی خۆ وشیاری چینی کرێکار و ئاگادارب‌ووننی لە جیگا و شوینی خۆی، لە تیکۆشانی سیاسی کۆمەڵە جیا ناکریتەوە هەلدەگری بلیین کرێکاری کورد لەگەڵ کۆمەڵە و بە کاری وشیاریدەرانە و تەبلیغاتی بەرینی کۆمەڵە ریز و بایەخی خۆی ناسیوەوپەی بە مافەکانی خۆی بردوە ئەمە پەیوەندیکی سیاسی و ڕووحی‌ی قوولی لە نیوان کۆمەڵە و کرێکاری کورد دا پیک هیناوە کە بیگۆمان لە کلی دژوارترین تاقیکردنەوە دەر دی و بەرگەی دژوارترین سەرکوتی بورژوازی و دەورەی خەفەقان دەگری.

ج- تایبەتی‌یە محەللی‌یەکان ولایەنە لاواز و بە هیزەکانی خودی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری دەبی لە دیاریکردنی ئەرک و سیاسەتەکونکریتەکاندا(و یەک لەوانە پیک هینانی ریکخراوە کرێکاری‌یەکان)لەبەر چاو بگیری بەهەرحال هەتا ئەو جیگایەی پەیوەندی بەم باسەوە هەبی ئەم مەسەلەیە دەتوانی تەئسیر بکاتە سەر چونیەتی کار نەک نەفسی کارەکە.

د- مەوقعییەت و جیگا و شوینی سیاسی گشتی لە کوردستان بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە دژی ڕژیمی ئیسلامی و بۆ وەدەست هینانی مافێ دیاریکردنی چارەنووس و بەریوە چوونی کاروبار بە دەست خەڵکی کوردستان لە هەمان کاتدا کە هەمیشە ئیمکان و زەرفییەتی ئەوەی ڕەخساندوە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە جۆرە خەباتیک لە سەر دەسەلاتی سیاسی لە ئارا دا بی، بووەتە هۆی پیک هاتنی سەنگ و سووکی یەک لە نیوان هیزی خەڵک و حکوومەت کە جیاواز لە چاو باقی شوینەکانی ئێران و ئەمەش بەش بە حالی خۆی توانایی خەبات و مانور و داسەپاندنی زیاتری مەوجوودییەتی خۆ و تیکۆشانی خۆ، بە هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و بزووتنەوەی داخوازەکانی کرێکاران و بە ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران دەبەخشی.

هـ- بوونی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان و گرسانی ئەم شکلەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دە سالی ڕابوردوودا. ئەمە کە خۆی یەکیکە لە لایەنەکانی مەوقعییەتی سیاسی گشتی لە کوردستان، تەئسیری گەورەی بووە نەک هەر لەسەر خەباتی سیاسی لە کۆمەڵی کوردستان بە گشتی، بەڵکوو لەسەر پلەی نفووز و ئوتوریتە و شکلەکانی تیکۆشان و سوونەت و نەریتی سیاسی و خەباتکارانەی کۆمەڵە بە تایبەت. ئەمە ئیعتیبار و نفووزیکی یەکجار زۆری بە کۆمەڵە بەخشیوە و وای کردوە کرێکاری کورد هەست بە پشت ئەستووری بکا و هەست بەوە بکا باسکیکی چەکداری هەیە کە چ ئەمرۆ و چ بە تایبەت سبەینی دەتوانی بیتە کایەوە و هەروەها، لە خوراديوی‌یەکی تایبەتی پی بەخشیوە کە هیزیکی وا کە تەنیا ئوپوزیسیون بی هەست بەو لەخۆ ڕادیوی‌یە ناکا کرێکاری کورد هەردەم بە قودرەت گەیشتن و دەسەلاتدارەتی خۆی وا دەبینی کە عەمەلی تەرە و زیاتر لە دەسرەس دایە.

کەم و کووری‌یەکان و کۆسپەکان

ئیستا دەبی پرسیار بکری کە ئێمە لە ڕووی ئەو داهاتووە دلخوازە دا کەباسی دەکەین کە کوی ویستاوین؟ ئایا لە حاست ئەو مەبەستەی باسی کرا لە جیگای شیاوی خۆیداین و کەوتوینە سەر ڕەوتی خۆی؟ ئەگەر نا، کەم و کووری‌یەکە چیە و لە کوێ‌یە؟ کۆسپەکان کامانەن؟

یەکەمین واقعییەت کە دەسبەجی وەک کەم و کووری یەکی جیددی دیتەبەر چاو-کە هەلبەت باسکردنیشی هیچ شتیکی تازە نیە- ئەوە کە نفووزی مەعنەوی و سیاسی کۆمۆنیزم و بە شیوەی موشەخەس حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بە هیچ شیوەیەک لەگەڵ پلە و میزانی ریکخراو بوون ی لە نیو چینی کرێکار دا و هەر وەها لەگەڵ میزانی ریکخراو بوونی خودی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هاوسەنگ و هاوتا نین بە وتەیەکی‌تر حیزبی ئیمە سەرەڕای بەهرەمەند بوون لە مەوقعییەت و جیگا و شوینیکی تاقانە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا-کە خۆی حاسلی سالەها تیکۆشانە-هیشتا نەیتوانیوە نە کۆمۆنیزم بکاتە جەرەیانیکی تەواو خۆ ریکخستوو لە نیو کرێکاراندا و نە کرێکاران، بە هۆی ریکخراوەی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەم جەرەیانە کۆمۆنیستی یە گری بدا و پەیوەندیان لە نیو دا پیک بینی ئیمە لەم بابەتەوە زۆر لەوە لە دواترین کە توانامان پیی دەشکی. گیر و گرفتە کە کاتیک زیاتر بەرچاو دەکەوی کە پەی بەوە بەرین کە ئیمە بە کردەوە نەکەوتوینە سەر ڕەوتی ئاسایی وڕەوتیک کە ری دەباتە سەر لابردنی ئەم کۆسپ و کەم و کووری‌یانە بە خیرایی و بە شیوەی کاریگەر.

بەڵام ئەم فاکتە، ئەم کەلینە، کەخۆی بە ئەندازەی کافی ڕۆشنە، تەنیا ئەوە نیشان دەدا کە چلون ئیمە هیشتا نەمانتوانیوە حیزبەکەمان وەک تەشکیلاتیکی دیاریکراو لەگەڵ نیاز و پیویستی‌یەکانی چینی کرێکار بگونجینین و بەو پی‌یە لە دەقی بدەین و، هەولدان لەم بابەتەوە چەندە پیویست و زەرووی‌یە لە کوردستان بە هۆی نفووزی سیاسی زۆر بەرین و بە لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە حیزبی ئیمە کرێکاری بەدەورەوەیە، ئەم کەلینە و ئەم ناتەبایی یەزۆرزەقتر بەرچاو دەکەوی.

لەباری لیکدانەوەوە، ئەم پاش کەوتنە ئەم دوو دانی‌یە، بیجگە لە میراتی سوننەت و نەریت و پراتیکی چەپی غەیرە کرێکاری هیچی تر نیە ئەم ناتەبایی‌یە و مانەوەی هەتا ئیستا وسەرەڕای زەمینەی لەبار و نفووزی سیاسی بەرچاو و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری حیزبی کۆمۆنیست، نیشان دەدا کە چلون ئیمە سەرەڕای دوور کەوتنەوەی زۆرمان لەباری ئیدئولوژیک و سیاسی‌یەوە لە چەپی سوننەتی ئێران، لە لایەکی تەرەوە هیشتا نەمانتوانیوە جیگایەکی کۆمەڵایەتی جیاواز کە حیزبیکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبی بیبێ، وەدەست بینین وە چلون ئەم کۆسپە ئیمەی لە جیگایەک کە تەنیا هەنگاویکی ماوە بۆ وەدی هاتنی ئال و گۆریکی گرینگی سیاسی لە کۆمەڵی کوردستاندا، ئال و گۆڕیک کە بیگۆمان تەئسیر دەکاتە سەر چارەنووسی سالەهای سالّی داهاتوو، ڕاگرتوە. هەندیک هۆی عەینی و واقیعی کە ڕیشەیان لە تاریخی دەسالّی ڕابووردووی کوردستان و کۆمەڵە دایەوشی کردنەوەیان لەو وتارەدا ناگونجی هەن کە زەمینەی کەم تا زۆر بەردەوامیان هەیە بۆ سەر-هەلدانەوەی بوچوون و شیوە کاریکی تایبەت بوچوونیک کە کۆمەڵە لە کردەوە دا تەنیا وە یا بە شیوەی عومدە لە چوارچیوەی ئەو ڕیکخراوە دا دەبینی کە دەم و دەست لەبەرچاو و ئاشنایەیانی بە تایبەت سازمانی چەکداری عەلەنی - ولایەنە کۆمەڵایەتی و چینایەتی‌یەکانی کاری خۆی لە بیر دەباتەوە وە یا کەمرەنگی دەکاتەوە و دەیکاتە شتیکی لاوەکی.

مانەوەی ئەم بوچوون و ڕوانینە بەر تەسکە و ڕەواجیشی بیجگە لە بەیانیکی‌تر وشکلیکی‌تر بودیاردەی نەدیتن و کەمتەرخەمی - ئەگەر چی لە کردەوە دا و"لە خووە" لە حاست هیزی کۆمەڵایەتی گەورەی کرێکاران نیە کە بە دلگەرمی پشتیوانی لە دەوری کۆمەڵە کۆ بوونەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر کۆ دەبنەوە.

ئەم بوچوونە کە خۆی نەک لە بیروباوەر دا وە یا لە پلاتفۆرمی سیاسی موشەخەس و جیاواز دا بەڵکوو لە کارکرد وپراتیکی "لە خووە"دا نیشان دەدا، بە ناچار دەبیتە هۆی جۆریکی دیاریکرا و لە ئاسو، جۆریکی دیاریکراو لە کار و ئەرک، جۆریکی دیاریکراو لە شیوە و ڕەوشتی عەمەلی و بەم پی‌یە لە دەورەیەک دا ئەنجامەکەی بە کردەوە دەبیتە پراتیکیکی‌تر-پراتیکیکی غەیری ئەوەی لە جەرەیانیکی بە ڕاستی کرێکاری دەوەشێتەوە-.

بەڵام ئەم شیوە ڕایج و "لە خووە"یە بە ڕەخنەی وشیارانە و گورینی ئامانجدا و بە دانستەی پراتیک و ئەرک و کار و جیهەت گیری‌یەکان نەبی جیگای خۆی نادا بە شیوە و ڕەوشتیکی تر.

گورانکاری و ناوەڕوکەکەی

ئەم وەزعییەتە دەبی بگوردری ئەم ناکوکی‌یە، ئەم کەلینەی نیوان پیویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی وزەرفییەتیکی گەورە و بەرین لەگەڵ کارکرد و وەلام دانەوەی نارەسای تەشکیلاتی ئیمە کە خۆی لە هەمان کاتدا هویەکی گرینگە لە وەکارنەکەوتن و وەگەر نەکەوتنی هەموو توانایی بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها هەموو توانایی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، دەبی هەرچی زووتر کۆتایی پی بهێنری.

ئەم وەزعییەتە بە هەرناویکەوە پاساو بکری، هیچ مەعنایەکی نیە بیجگە لە مانەوەمان لە سنووری ڕادیکالیزمی غەیرە کرێکاری‌دا و بۆ گورانکاری‌یەکی چینایەتی و پر بە پر نەبی بۆ هیچی تر بانگەوازمان ناکا.

ئەوشتەی بۆ چەپی سوننەتی و ڕووناکبیرانە لە ڕاستیدا شکلی ئاسایی مەوجوودییەت و بوونیانە و شیوەیەکی ژیانە کەپیی ڕاهاتوون و خوویان پی گرتوە، بۆ ئیمە ناکوکی‌یەکی پر ژانە کە دەبی بە ڕەخنەیەکی لیبراوانە و بە پابەند بوونیکی سەرسەختانە بە گورینی بەکردەوەی بە قازانجی چینی کرێکار، چارە سەر بکری.

کۆمۆنیزم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکاران لە دژی نیزامی سەرمایەداری‌یە و حیزبی کۆمۆنیست ریکخەری ئەم کادرەکان، قەوارەی تەشکیلاتی و جۆری کار دابەشکردن و جۆری فەعالییەتی ریبەرایەتی کۆمەڵە، هەر هەموویان دەبی لەبەر تیشکی ئاسویەکی هەمەلایەنەی کرێکاری‌دا سەرلەنوێ پییاندا بچینەوە و دایان ڕیژینەوە.

ئەم گورانکاری‌یە، یان ئەم جیگۆرکی‌یە بە شیکە لە سەرجەمی هەولدان و تیکۆشان بۆ وەدی هینانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وە تەنیا لەم حالەتە دایە کە ئیمە دەکری بلیین توانیومانە دابرانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆمان لە چەپی ڕادیکالی غەیرە کرێکاری مسوگەر بکەین.

ئەو کەسەی بڕوای هەیە و دەیەوی لە دنیایەک دا کە هەموو چەشنەکانی سوسیالیزمی بورژوازیی و غەیرە کرێکاری خەریکن تیدا چوون و فەوتانی خۆیان بەرچاو دەخەن، کۆمۆنیزمیکی کرێکاری هەلبژیری، ئەو کەسەی دەیەوی لە چەپی سوننەتی ڕووناکبیرانە و وردە بورژوایی بە تەواوی دابری و بە تەواوی لەم بارەوە بچیتە سەر باریکی تر، ئەو کەسەی دەیەوی بە ڕاستی گۆی ڕایەل بی بۆ تی گەیشتن لە پیویستی‌یەکانی چینی کرێکار و دەیەوی وەلامدەرەوەی ئەم پیویستی‌یە جۆراوجۆرانە بی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن، ئەو کەسەی دەیەوی بورژوازی شکست بدا و ئالترناتیوی ناسیونالیستی- بورژوایی لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە مەیدان وەدەر نی، ئەو کەسە دەبی بە تەواوی وجوودەوە و گەرم و گۆڕ بۆ وەدی هینان و

←

مسوگەرکردنی ئەو ئال و گۆڕە کە ئیمە دەخاتە سەر ئەو ڕەوت و ڕیبازە، خەبات بکا.

ئیمە بە گشتی قسەمان لەوەیە حیزبی کۆمۆنیست ببیتە حیزبێک کە لەگەڵ ئامانجە چینایەتییەکانی و لەگەڵ بناغەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم یانی کرێکاران بیتەوە، ببیتە ئامرازیکی خۆشدەست بۆ تیکۆشانی کرێکاران و پیویستییەکانی بوونی ئەم حیزبە بە حیزبێکی کرێکاری کۆمۆنیستی بە تەواوی مەعنا فەراهەم بکری، وە خۆدی ئەمە بە ئامرازی خەبات بۆ مسوگەرکردنی ئەو ئال و گۆڕە سیاسی و و کۆمەڵایەتییە دەزانین کە شۆڕشی کرێکاری لە گرەوی دایە وەدی هاتنی ئەمە لە کوردستان پیویستی بەجێ گۆڕکی و گورانکاری یەک لە کارکردی ئیمە دا هەیە.

ئەمە تەنیا "دەسکاری" کردنێکی تیکۆشانمان نیە بۆ ئەوەی لە چاوجاران باشتر بی بەڵکوو بەبی ئەم گۆڕانکارییە هەر ناتوانین ئەرکە سیاسی و چینایەتییەکانمان بەڕیوە بەرین ئەمە مەرجی پیویستە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتییەی لە پێناوی دا خەبات دەکەین کۆمەڵە دەبی ڕووبکاتە "حیزبی گەورەی ئێمە" بە مانا کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەکەی یانی هەموو ڕابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری و کرێکارانی خەباتکار و پێشڕەو، وەلامدەرەوەی مەسەلەکانیان بی، ڕێچکە و ڕیبازی بۆ دیاری بکا و خۆی وەک ڕابەری واقیعی و ڕی نیشاندەری ئەو خەباتە جێگیر بکا دیارە بۆ وە دەست هینانی ئەو جێگا و شوێنە دەبی لە هەمان کاتدا وەلامی مەسەلەکانی کوللی ئەو چینە بدرێتەوە و ئەم کارە بە شێوەی ڕووتین و هەموو ڕۆژە و بەردەوام بەڕیوە بڕی.

ئەو کات لەم هەلویستەوە و لەم جێگا و شوێنەوە دەبی کۆمەڵێکی بەرین لە مەسەلە گشتییە سیاسییەکانی بەردەم کۆمەڵ لە کوردستان، لە خەباتی ئیعتیرازی جەماوەری یەوە بگرە هەتا مەسەلەی میللی، ژنان، جووتیاران، بزووتنەوەی چەکدارانە، دەسەلاتداڕەتی شۆڕشگێڕانە و هەر مەسەلەیەکی تری لەم بابەتە بە قودرەتمەندترین و واقیعی ترین شێوە وەلامیان بدرێتەوە.

بە پێی ئەم ئاسو بەرینە کرێکارییە دەبی هەرچی زووتر گرینگترین مەسەلەکان کە لەسەر ڕیی ئەم کارە بەرینە ڕیکخەرانە و سیاسییەن، بدرێنە بەر لیکۆلینەوە و بە شێوەی موشەخەس وەلامیان بدرێتەوە گرینگترینی ئەو مەسەلانە بە کورتی بڕیتین لە: ئەلف- پەرە پیدانی ڕیکخراوەی حیزبی لە نیو کرێکاران دا و دەرکیشانی ئەنجامی موشەخەس لە "سیاسەتی ڕیکخستنمان" لە کوردستان ئەگەر چی باسەکان "سیاسەتی ڕیکخستنمان"هەتا ئیستاش تەئسیری زۆر بەرچاوی کردوەتە سەر بنەماکان و شێوەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە لە مەیدانی کرێکاری دا، سەرەڕای ئەمە ڕێک هەر بە هۆی ئەم وەزعییەتەوە، هیشتا ئیمە لە سەروبەندی ئەوگورانکارییە واقیعی و شۆڕشگێڕانەیە داین کە ئەم بوچوونە لەبارەی مەنتیقییەوە لە کاری ئیمەدا دەبی پێکی ببینی.

ب- ڕیکخراوە جەماوەری یەکرێکارییەکان واوەتر بردنی ئەم کارە لە چوارچێوەی تەبلیغ و ڕوون کردنەوە و کردنی بە پڕوژەی کۆنکریت و زەماندار بۆ بەڕیوە چوون و هیدایەتی ئەم سیاسەتە لە لایەن ڕیبەرایەتی کۆمەڵەوە.

ج- ئیمکاناتی کاری قانوونی و عەلەنی و سیاسەتی ئیمە لە حاست ئەو کارە لیکولینەوەی یاساکان و هەروەها شێوە عەمەلییەکان بۆ بردنە سەر توانایی خەباتکارانە و پەرە پیدان و بەرین کردنەوەی مەیدانی هەلسووڕانی ڕیکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران و کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر.

د- ڕیکخستنی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی ئیعتیرازیان هەیە و خاوەنی وزەی خەباتکارانەن وەک قوتابیان و لاوان.

هـ- ئیدامە کاری تەبلیغات (ڕادیو، بڵاوکراوەکان و...) و پێک هینانی کەیفییەتیکی نۆی بۆ وەلامدانەوە بە پیویستییەکانی تیکۆشەران و بە گشتی کرێکارانی سوسیالیست و خەباتکار لە کوردستان.

و- هەلبواردنی هەرچی زیاتری ڕیبەرایەتی و فونکسیونە سیاسی تەشکیلاتییە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لەو هەل و مەرجە نائاسایییەی کە ڕەنگە لەبەر هۆی نیزامی بە ناچار بۆ بەشی چەکدار و عەلەنی کۆمەڵە بێتە پێش دانانی ئەم ڕیبەرایەتییە لە ژووروی مەیدانە جیاجیاکانی تیکۆشان، قەوارە پیدان و کاردا بە شکردنێکی تازە کە لەگەڵ ئەم ئامانج و ئاسویەبێتەوە.

ز-...

ئەم هەنگاوانە دەبی ئیدامەکاری و پتەو بوونەوەی کاری ڕیکخروی چەکداری نیزامی و تیکۆشانی چەکدارانەشمان بداتە بەر لیکولینەوە، بینیتە جیگای شیاوی خۆی و وەلامی خۆی پی بداتەوە. بەم پێیە حیزبی ئیمە دەبی وەک حیزبێکی چەکدار، یان دروست تر بلێین وەک حیزبێک کە لقێک یان باسکێکی چەکداری هەیە، حیزبێک کە لەم مەیدانەی خەباتیش دا بە قودرەتەوە حوزووری هەیە و توانایی ئەم خەباتە ئەمڕۆ دەنێتە خزمەت داسەپاندنی سەنگ و سووکی یەکی موساعیدتر لە نیوان هێزەکاندا و پەرەپیدانی نفووزی جەرەیانی سوسیالیستی، و سەبەینی دەینێتە خزمەت هەلخراندنی گشتی، ئازاد سازی و ڕاپەڕینی گشتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، و بمینیتەوە و گەشە بکا و بە کولنەدەری و خوراگری تەواوەوە دەسکەوتە سیاسی و چینایەتییەکانی کرێکارانی کوردستان، کە بە شۆڕش و بە قیمەتی خەباتی خوێناوی وەدەستیان هیناون - بپارێزی.

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا کە دەسکەوتەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بەو پەری وریایی یەوە دەپارێزی، بەڵام نابی گیرودەی شکلەکانی تاریخی ڕابووردووی خۆی بی بەڵکوو دەبی تاریخی داهاتووی خۆی بەپێی ئاسویەکی بەرین و هەمە لایەنەی کرێکاریداڕێژی. پاراستن و پەرەپیدانی ئەم دەسکەوتانە چ بەڕانبەر بە دوژمنانی چینایەتی و چ بەڕانبەر بە گەڕایشی تەسلیم خواز و خۆپاڕیز و چ بە تایبەت بەڕانبەر بە بەند و بەست و سات و سەوداکانی بورژازی کورد، بێگومان یەکێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵەیە، بەڵام مەسەلەی سەرەکی بۆ کۆمەڵە ئەوە نیە کە چلون ئەو شکلە بایەخدارانەی لە باری میژوویی یەوە وەدەست هاتوون دەپارێزی بەڵکوو ئەوەیە کەتاریخی ئەم سەردەمەی کۆمەڵ ی خۆی چون شکل پی دەدا.

ڕەنگدانەوەی ئەم گورانگاریەیە

هەنگاو و ئال و گۆڕی گرێنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکری-و نابی-بە شاراوەیی بەڕیوە بچی و چ باشتر با هەموان بزانن کە حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئێران- و لێرە بەشێوەی موشەخەس لە کوردستان - دەست بە کاری چ ئال و گۆڕێکە، بە شوین چ ئامانج و مەبەستێکەوەیە و خۆی چون بەراورد دەکا.

با کرێکاری کورد لە بەرینترین ئاست دا بزانی و دلگەڕم بی، چاوەڕوانی و تەوەقوعی هەبی، بیەوی، و خۆی بە خاوەنی حیزبی کۆمۆنیست بزانی و بۆ تەئسیر دانان لەسەر ئەو حیزبە دلی لی بدا بەهەر ئەندازەیەک کە کرێکار لەم پروسەیەدا دەخالەت بکا و لایەنگری و هیزی کۆمەڵایەتی خۆی لە پێناو بە هیز و توانا کردنی ئەم گورانکاریەیە دا بخاتە کار، سەرکەوتنی ئاسان و خیرامان باشتر و کاملتر زەمانەت دەکری.

ڕاستە ئەوەی ئەمڕۆ و ڕاستەوخۆ دەبی بکری هەڵگرتنی هەنگاوی سیاسی و تەشکیلاتی دیاریکراوە، بەڵام ئەمە بە زووییی لایەنی گەورەی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی جیگا و شوینی سیاسی و کۆمەلایەتی سازمانی کوردستانی حیزب، کەبە کورتی ئیشارەی پی کرا، و دەسکەوتەکانی تا ئیستامان ئیمکانی ئەوە فەراهەم دەکەن کە گورانکاریان ئەو جیگورکییەی باسی دەکری نەتیجە و ئەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بە خیرایی و بە تەئسیری هەرچی زیاترەوە و لە لایەنی هەرچی بەرینتر دا وەدەرخا.

جوزەردانی ١٣٦٨

ناصر حسامی کردوویە بە کوردی

بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

وەرگیر دراوی بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی بریاری پازدەهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئەندامەتی کرێکاران

هاوڕیان! ئەهمییەتی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پیویستی بە تەوزیح دان نیە.هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی کە تەبدیل بوونی حیزب بە ڕیکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران، بەبی ئەوەی ئەم حیزبە ئامراز و وەسیلەی یەکگرتن و خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست بی، بە بی ئەوەی بناغەی تەشکیلاتەکەی و زۆربەی هەرەزۆری ئەندامەکانی لە کرێکاران پیک هاتبی، ئیمکانی نیە. لە سەرەتای پیک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە مەسەلەی لابردنی کۆسپ و مانعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەشکیلاتییەکانی سەر ڕیگای ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، یەکێک لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی ئێمە بووە و تا ئێستا پیشڕەوی بەرچاومان لەم زەمینەیەدا بووە دیارە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، مەسەلەیەک نیە کە تەنیا تەشکیلاتی و ئەساسنامەیی بی پەیوەندی کرێکاران لەگەڵ حیزب تابعیکە لە خەسلەتی چینایەتی نەزەرات و سیاسەتەکان و شکل و شێوەکانی خەباتی حیزبی ئیمە و هەتا حیزب بە شیوەی واقیعی لەم مەیدانانەدا لەگەڵ پیویستییەکانی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری و کۆمۆنیستی زیاتر خۆی یەک دەخا، پەیوەندی عەمەلی و تەشکیلاتی کرێکاران و ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکاران لەگەڵ حیزب قایمتر دەبی بە هاتنە گۆڕی باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری و بە قەوڵ بوونەوەی بوچوون و ڕوانین مان بۆ لایەنە کۆمەڵایەتی و تاریخییەکان پەیوەندی نیوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، جاریکیتر مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاری کەوتە سەرووی ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەزەراتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بابەت لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، لە مانگەکانی ڕابوردوو لە ئورگانی مەرکەزی حیزبدا بە تەفسیل باسی کراوە و جێگایی خۆیەتی کە هاوری یان بە ورد بینی و سەرنجیکی هەرچی زیاترەوە لەم باسانە ورد بنەوە.

لەم بابەتەوە، پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران قەرارێکی بۆ ئاسان کردنەوەی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا پەسەند کردوە کە مەتنی ئەو قەڕارە هاوکات لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە نراوەتە ئیختیاری کۆمیتە حیزبییەکان ئەرکەکانی موشەخەس تری کۆمیتەکان و حەوزە حیزبییەکان بە پێی قەرارێ پەسند کراوی پلینومی پازدەهەم، دواتر دەنریتە ئیختیارتان جگە لەوە نەشرییەکان و ڕادیوکانی حیزب لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا و قەرارێ پەسند کراوی کۆمیتەی ناوەندی بە تەفسیلیکی زیاترەوە تەوزیح دەدەن.

ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، بۆ ئیمە لە دوو ئاست دا مەترەحە: یەکەم، ئەندامەتی کرێکارانی کۆمۆنیست و ڕابەران و تیکۆشەرانی سوسیالیست ی چینی کرێکار هەر لە شوینی ئیعتیرازی کرێکاری و،دووهەم،ئەندامەتی کرێکاران لە سازمانەکانی حیزفەییەوە یا عەلەنی حیزبدا قەرارێ پلینومی پازدەهەم هەرتک لایەنەکەی لەبەرچاوە و ئیقداماتیکی لە هەرتک زەمینەکاندا ناوەتە دەستووری کاری کۆمیتەکان و تەشکیلاتە حیزبییەکان.

واقعییەت ئەوەیە کە ئەندامانی ڕەسمی حیزب تەنیا بەشیکی چکولە لە ئەندامان و تیکۆشەرانی واقیعی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پیک هێناوە ئەمڕۆ هەزاران هاوڕیی کرێکار لە دوورترین شوینی ولات ئاگاهانە نەزەرات و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کردوەتە ڕینوینی ڕێگای خۆیان لە مەیدانی خەباتی کرێکاریدا و لە شوینە کرێکارییەکاندا ئەمانە کەسانیکن کە لە تعلقی خۆیان بە حیزب و لە تعلقی حیزب بە خۆیان ئاگادارن. هەر هەلسەنگاندنیکی واقیعی و عەینی لە هیز و توانایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبی ئەم ئەندامە واقیعییانەی حیزبی کۆمۆنیست بە حیساب بینی ئەگەر ئەم هاوڕیانە ئەمڕۆ ئەندامی ڕەسمی حیزبی کۆمۆنیست نین، لەبەر ئەوە نیە کە گۆیا سەلاحییەتی ئەم کارەیان نەبی یان مەیلیان پی نەبی، بەڵکوو ئەمە لە وەزعییەتی سیاسی و وەزعییەتی کۆمەڵایەتی مەوجوودی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بە شکل و شێوەی جۆراوجۆربووەتە مانعی ئەوە کە کرێکارانی تیکۆشەر بە شیوەیەکی بەرین ببنە ئەندامی حیزب لە هەر فەزایەکی نیوە دیموکراتیک دا، لە هەر وەزعییەتیک دا کە لانی کەمی فەزا بۆ فەعالییەتی حیزبە سیاسییەکان وجوودی هەبی و تەنانەت لە هەل و مەرجیک دا کە بەرینایی وەحشیگەری دژی کارگەری و دژی کۆمۆنیستی حکوومەتی بورژوایی، بە خەباتی جەماوەری زەحمەتکیشان کەمتر بیتەوە، ژمارەی ئەندامانی کرێکاری حیزبی کۆمۆنیست زۆر لەوە زیاتر دەبی کە ئەمڕۆ هەیە جگە لەمە پاشماوەی شیوەکانی فەعالییەتی چەپی غەیرە کارگەری بەداخەوە هیشتا بە سەر هەندیک لایەنی فەعالییەتی حیزبی ئیمە دا قورسایی دەکا و مانع دەخاتە سەر ڕیگای پەیوەست بوونی ئەو کرێکارە تیکۆشەر و کۆمۆنیستانە کە تەنانەت هەر لەم هەل و مەرجەش دا دەتوانن و دەبی لەم حیزبە دا وەک ئەندام و کادر نەقشی خۆیان بگرنە ئەستو.

هاوڕیان!

تەسمیمی پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دەرەجەی یەکەم دا قسەی لەسەر بە ڕەسمییەت ناسینی ئەرزش و جیگا و شوینی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی واقیعی حیزبی کۆمۆنیستە لە نیو چینی کرێکار دا کە هەر ئەمڕۆ بە بی ئەوەی ڕەسمەن ئەندامی ئەم حیزبەبن، بەشیکی جیا نەکراوەی فەعالییەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر کرێکاریکی تیکۆشەر و موعتەریز کە خۆی بە کۆمۆنیست دەزانی و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبی خۆی دەزانی، هەر هاوری یەکی کرێکار کە لە مەیدانی ئیعتیراز و موقاومەتی کرێکاریدا لە دژی بورژوازی، ئاگاهانە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئیلهام وەر دەگری و گۆشەیەک لە سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکانی ئەم حیزبە بە هیزی خۆی بەرەوپیش دەبا بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی حیزبی کۆمۆنیست خۆی بە بەرپرس و پابەند دەزانی کە هەرچەندی لە توانای دا هەیە هەول بدا بۆ ئەوەی ئەم هاوڕیانە وەک ئەندامانی واقیعی حیزب لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا دەور و دەخالەتیان هەبی حیزبی کۆمۆنیست لە هەمان کات دا هەول دەدا ئەو مانعە تەشکیلاتییانە و ئەو بوچوون و شیوە و ڕەوشتە عەمەلییانە لە ڕیزەکانی خودی حیزبدا کە مانعی پەیوەست بوونی ڕەسمی ئەم هاوڕیانە بە حیزبن، لەسەر ڕیگا لابا تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە کانوونی ڕابەرانی پیشڕەوەی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی.

لە هەمان کات دا تعلقی سیاسی ئەم هاوڕیانە بە حیزب، مەعنایەکی تەشکیلاتی و حقووقی ڕۆشنی بۆ ئیمە هەیە جیاواز لەوە کە ئەندامەتی ڕەسمی ئەم هاوری کرێکارانە لە چ شەرایتیک دا پییان ڕادەگەیەنری فەعالییەتیان لە هەر وەختیکەوە کە خۆیان بە تیکۆشەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زانیوە، وەک پیشینەی ئەندامەتی یان حیساب دەکری نەزەر و ڕەئی ئەم هاوڕیانە لە بابەت سیاسەتەکان و پەسندکراوەکانی حیزب لە بابەت کۆنگرەکان و کۆبوونەوە بریار دەرەکانی حیزب و لە بابەت هەموو لایەنەکانی تیکۆشانی حیزب دەبی هەر لە ئیستاوە بنریتە ئیختیاری مەراجعی حیزبی. حیزبی کۆمۆنیست هەروەها دەبی وەلامدانەوە بە نیازە سیاسی و عەمەلی و فەننییەکانی فەعالییەتی ئەم هاوڕیانە لە بزووتنەوەی کرێکاری دا وەک بەشیک لە خودی حیزب بە ئەرکی خۆی دابنی دەبی بۆ هەر کرێکاریکی کۆمۆنیست و هەر تیکۆشەریکی بزووتنەوەی کرێکاری کە حیزب بە سازمانی خۆی دەزانی، ڕۆشن بی کە جیاواز لە پەیوەندە حقووقی و تەشکیلاتییەکای لەگەڵ حیزب، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی لە حاست ئەو وەک هەر ئەندامیکی تری حیزب لە هەموو بابەتیکەوە بە بەرپرس و پابەند دەزانی.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەها تەئکید دەکا کە مەوازینی ئەساسنامەیی ئەندامەتی لە حیزبدا دەبی لە ڕوانگەی کرێکاریەوە و بە دوور لە هەر بوچوونیکی ڕووناکبیرانە و سکتاریستی دەرک بکری چونیەتی بەرخورد بەم شەرتانە لە ئەندام گرتنی کرێکاریدا

←

حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

((مەنسوری حیکمەت))

بە تەفسیل لە ئورگانی مەرکەزی حیزبدا باسی دەکری و لازمە هەموو کۆمیتەی تەشکیلاتی یەکان لەم باسانە ورد بنەوە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە پیی گوزارشی کۆمیتە حیزبییەکان و شەبەکە تەشکیلاتی یەکانی حیزب لە شارەکان، دەبی لیستیکی کامل لەو هاوری کرێکارانە کە لە باری سیاسییەوە تیکۆشەری واقیعی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن ئامادە بکا و رایان گری جگە لەوەهەر هاوریەکی کرێکار کە خۆی متعلق بە حیزب دەزانی و فەعالییەتی خۆی و بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهەت سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست دا چاو لی دەکا، دەتوانی راستەوخۆ بە لەبەرچاو گرتنی زەوابتی ئەمنییەتی کە گەلیک جار حیزب رای گەیاندون، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزب پەیوەندی بگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست بە لیکولینەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەر مەوردیک، بە شیوەی موناسب، ئەندامەتی ڕەسمی هەر هاوریەک بە خۆی ڕادەگیەنی.

هەر وەک وتمان تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە کانوونی یەکگرتن و خەباتی یەکگرتووانەی کرێکارانی کۆمۆنیست، مەسەلەیەک نیە کە تەنیا بە ئیقداماتی تەشکیلاتی وەدی بی. ئەم هەدەفە تەنیا بە زاهیر بوونی حیزب وەک حیزبیکی سوسیالیستی کرێکاری لە مەیدانی ئیعتیرازی چینایەتی دا لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری وەدی دی بەلام لە هەمان کاتدا هەر کرێکاریکی تیکۆشەر و موعتەریز، هەر کرێکاریکی سوسیالیست کە بۆ ڕزگار بوونی چینی کرێکار و هەموو بەشەرییەت لە چنگ چەوسانەوە خەبات دەکا، دەبی هەر لە ئیستاوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبی خۆی بزانی، وە جیگای واقیعی خۆی لە لای ئەو کرێکارە کۆمونیستانە ببینیتەوە کە هەر ئیستا لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یەکیان گرتوە کرێکاران دەبی بزانن و هاوری یانی حیزبی بە هەر شیوەیەکی مومکین ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ئەم حیزبە هەر لە ئیستاوە حیزبی خۆیان و هیچ شتیک بۆ حیزبی ئیمە لە دەخالەتی هەرچی بەرینتر و هەرچی ڕاستەوخۆتری کرێکاران لە چارەنووس و خەباتی ئەم حیزبە دا بە نرختر نیە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی بە بەشیک لە حیزبیکی بەرینی کۆمەلایەتی و کرێکاری دەزانی کە هەر ئەمرۆ لە هەر واحیدیکی ئابووری دا و لە هەر گەرەکییکی کرێکاری، بۆ پتەو کردنەوەی یەکگرتوویی کرێکاران و بە قودرەت بوونی کرێکار لەمەیدانی سیاسی و کۆمەلایەتی دا خەبات دەکا ئیمە حیزبی کۆمۆنیست هەر لە ئیستاوە بە حیزبی تیکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە بەرینە کرێکاریە دەزانین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٢ی ڕەزبەری ١٣٦٨

لە حیزبی کۆمۆنیست واوەتر، زۆربەی جەرەیاناتی سوسیالیست، کرێکاری بوونەوە و ریکخراوی کرێکاران بوون تەنانەت وەک ئەرک وپرە نسیبیش چاو لی ناکەن زۆریان بە یەکجار بیری شۆڕشی کرێکاری یان هەر وەلاناوە بۆ زۆربەیان سوسیالیزم چوارچیوەیەکی گشتیە بۆ بەشەر دوستی، نیشتمان پەروەری، سەربەخۆیی ئابووری و پەرە گرتنی سەنعەتی، دیموکراسی و شتی تری لەم چەشنە و هەربەم بۆنەوە لەلای ئەمانە سوسیالیزم بە شیوەیەکی تایبەت ری ناباتەوە سەر کرێکار و خەباتی چینایەتی زۆری تریش کە پییان وایە هیشتا بۆ کاری خۆیان پیویستیان بە مارکسیزم و بابەتی وەک پرولیتاریا و خەباتی چینایەتی هەیە، بە ریگا و شیوەی تر خۆیان لە کرێکاری بوونەوە بە معاف دەزانن ڕەنگە هیشتا وەزعییەتی سیاسی لەبار نەبی، ڕەنگە بۆ پرولیتیری بوونی تەشکیلات مەرج نەبی حەتمەن بەدەنە و قەوارەی تەشکیلاتەکە کرێکاری بی، لەوانەشە کرێکاران هیشتا بە ئەندازەی کافی"وشیاری چینایەتی"یان وەدەست نەهینا بی. بەلام بیانووەکان هەرچی بن، میژووی کۆمۆنیزم لە ئێران و بە تایبەت میژووی دەورانی ڕابوردوو پرە لە سازمان و ریکخراوی "پرولیتاریایی" کە هەر لە بنەوە لە خۆینەدەواران و زانایانی سەر بە چینی ناونجی کۆمەلێ پیک هاتوون ئەوەکە لانی کەم لە هەندیک دەورەدا لایەنی چینی کرێکاریان گرتوە هیچ گۆمان هەلناگری ڕەنگە ئەمانە ئەگەر بە دەسەلات گەیشتبان–کە بەلەبەر چاو گرتنی جیگا و شوینی عەینی یان و ئەوە کە هەمیشە لە حاشیە و پەراویزی خەباتی چینەکان دا بوون مەگەر بە هەلکەوت بە دەسەلات گەیشتبان–ژیان و هەل و مەرجی کاری کرێکاران تا ڕادەیەک ڕووەو باشی چووبا بەلام، هیچکام لەمانە ئەم واقعییەتە ناگۆڕی کە ریک لە پەنا ئەمانە وهاوکات لەگەڵ پراتیکی "پرولیتاریایی" ئەمانە، خەباتی واقیعی چینایەتی، هەرلە ددانە چیرە و مشت قووچاندنی هەموو ڕۆژەی کرێکارانەوە هەتا مانگرتنەکان و بزووتنەوە و جم و جوولی ئاشکرا و بەرینی کرێکاری، لە مەیدانیکی تر لە هەمان کۆمەڵدا لەسەر ڕەوتی خۆی چووە و مەوجوودییەت و فەعالەییەتی ئەم جەرەیانانە کەمترین تەئسیری ڕاستەوخۆی کردوەتە سەر ئەو خەباتە.

قسەکە لیرەدا لەسەر بوون و نەبوونی حیزبی گەورە گەورەی کرێکاری نیە. قسەکە ئەوەیە کە ریکخراوی کۆمۆنیستی –جا بەرینایی یەکەی کەم یا زۆر هەر چەندی بی– دەبی پیش هەموو شتیک ریکخراوی کرێکاری بی و پەیوەندی لەگەڵ شوینی ئیعترازی کرێکاری هەبی ئەگەر ئەوانەی بۆ سوسیالیزمەکەیان پیویستیان بە کرێکار نیە بتوانن گۆیی خۆیان لەم وەزعییەتەی ئیستای ریکخروەکەیان بخەوینن، تیکۆشەری حیزبی کۆمۆنیست کە بۆ گرسان و شکل گرتنی کۆمۆنیزمیکی قودرەتمەندی کرێکاری خەبات دەکا، دەبی بە دیتنی ئەم وەزعییەتە، ئەو ناکوکی و ناتەبایی و گیر و گرفتانەی بیتە بەرچاو کە پیویستە بە جیددی سەرنجیان بداتی.

باسی ئەندامەتی کرێکاران، گریەکی میژوویی و کۆمەلایەتی لە پشتە مەبەست لەم وتارە شی کردنەوەی ئەم گری و گیر و گرفتە و هەلینجانی نەتیجە و ئەنجامی عەمەلی یە بۆ زال بوون بەسەر ئەو گیر و گرفتە دا.

ئەم وتارە بە پیی قسەوباسیک کە ٣ مانگ لەوە پیشچ لە سمیناری کۆمیتەی شارەکان دا پیشکەشم کرد، نووسراوە من پیم وایە ئەم باسە یەکیکە لە ئالقە گرینگەکانی بەرەوپیش چوونی کۆمۆنیزمی کارگەری چ لە نیو حیزبی کۆمۆنیست دا و چ لە ئاستی بەرین دا لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و، نەتیجە عەمەلییەکانی، ئەگەر پەیگیرانە ڕەچاو بکرین، دەتوانی سیمای سیاسی و جیگا و شوینی عەمەلی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بگوری دیارە باسی ئەندامەتی کرێکاران تەنیا گوشەیەکە لە نەبەردیکی بەرینتر بۆ کۆمۆنیزمی کارگەری باسی ئەندامەتی کرێکاران سەرەنجام بە هەموو لیکدانەوە و تەفسیریکی سیاسی کە دەیانگریتە بەر دەگەریتەوە سەر مەسەلەی "ئەندامەتی" کە مەسەلەیەکی ئەساسنامەییە. ئەو هەنگاوە موشەخەسانە کە بە پیی ئەم باسە دیاری دەکرین ڕەنگەخۆی لە خۆیدا ئال و گۆڕی بنەڕەتی پیک نەهینی بەلام من هیوام وایە ئەم باسە کار بکاتە سەر ڕوانین مان بۆ حیزب و ئەو ڕەخنە گشتی یەکە بە نیوی کۆمۆنیزمی کارگەری باسی دەکەین، بە هیز بکا.

کورتەیەک سەبارەت بە کرێکاران بوونەوەی حیزب

چەندین ساڵە کە حیزبی کۆمۆنیست بە دانستە "کرێکاری بوونەوە"ی کردوەتە ئامانجی خۆی بە دریژایی چەند ساڵی ڕابوردوو هەولم داوە بۆ تیکۆشەرانی حیزب ئەوە ڕۆشن بکەمەوە کە پیویستییەکانی ئەم ئال و گۆڕە کامانەن ئەگەر بمهەوی جەوهەری هەموو ئەم باسانە لە چەند ڕستەیەک دا بەیان بکەم، ئەوەیە: سوسیالیزمی کرێکاری حەرەکەتیکی زیندووی ئیعتیرازیەیە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا کە پی بە پیی ئەو شتەی خۆی ناو ناوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەر ڕەوتی تایبەتی خۆی بەرەو پیش هاتوە و خاوەنی چارەنووسی سەربەخۆی بووە.

پیک هینانی حیزبیکی کۆمۆنیستی کرێکاری یانی ریکخستنی ئەو سوسیالیزمە کرێکاریە وەک حیزبیکی سیاسی مارکسیستی، یانی حیزبییەت پیدانی بزووتنەوەیەک کە هەر ئیستا– ئەگەر چی بی سەر و سامانە و خۆ ریکخستنی ناوخۆی لاوازە– وجوودی هەیە.

چەپی تا ئیستا مەسەلەکە ئاوا نابینی. بۆ ئەوان بزووتنەوەی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی ئەو کۆمەڵە ریکخراو و حیزبە سیاسی یانەن کە بە نیوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم فەعالییەت دەکەن هەر جەرەیانیک ڕەنگە ئەم یان ئەو دەستە لە حیزب و ریکخراوەکان– بە هەندیک سەنگ و پیوانە کە ئەغلەب عەقیدەتی و فیرقەیین–لە چوارچیوەی"بزووتنەوەی کۆمۆنیستی" دا حیساب بکا یان نەیکا.

بەلام بەرهەر حال تا باسی "بزووتنەوەی کۆمونیستی" دەکەن پەنجە بۆ کۆمەڵیک حیزب و ریکخراوە ڕادەدیرن بەرانبەر بەم حیزب و ریکخراوانە، چینی کرێکار و بزووتنەوەی "خورسک"ی ئەو چینە دەس نیشان دەکری لەم بوچوونانە دا حەرەکەتی سوسیالیستی چینی کرێکار تا ئەو جیگایە ئیمکانی هەیە کە ئەم حیزبانە کاریان کردبیتە سەری و ریکیان خستبی ئەمانە دیارە وجوودی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی کرێکاری لە دەرەوەی ئەم حەرەکەتە حیزبییە بە ڕەسمی ناناسن.

هەم جیگا و شوینی ئیستای چینی کرێکار و بزووتنەوەی بە ناو کۆمۆنیستی و هەم تاریخی سەر هەلدانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەرشکستەیی ئەم پیشداوەرییە بورژایی یە دەردەخەن مانیفیستی کۆمۆنیست خۆی لە جەرگەی سوسیالیزمیکی کرێکاری زیندووی مەوجوود لە سەدەی نوزدەهەم دا، ڕاگەیەندرا مارکس و ئەنگلس تەنانەت ناوی بە یانناممەکەی خۆیانیان لە ناویک وەرگرت کە کرێکاران لە بزووتنەوەی سوسیالیستی خۆیانیان نابوو، وە تەئکیدیان کرد کە وشەی "کۆمۆنیست" بۆیە بە کار دەبەن هەتا خۆیان لە سوسیالیزمی غەیری کرێکاری سەردەمی خۆیان جیاکەنەوە و نیشان بدەن سەر بەو حەرەکەتە کرێکاریەن کە بە ناوی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵدا هەیە بۆ مارکیسزم، ئیعتیرازی سوسیالیستی چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، پیش فەرزیکی عەینی مەوجوود بوو.

ئەوان بە تەمای داهینانی بزووتنەوەیەکی وا نەبوون کە تا ئەو کات کەس نەی دیبی و نەی بیستبی، بەڵکوو خۆیانیان بە خاوەن بیر و ریکخەری ئەو سوسیالیزمە کرێکاری یە دەزانی کە بە کردەوە لە کۆمەڵدا هەبوو ئەمرۆ، پاش نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ کە لە تیکۆشانی مارکسیستەکان تیپەر دەبی، پاش نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ کە تیئوری مارکسیزم بە شیوەی جۆراوجۆر و یەک لەوانە لە نیو جەرگەی شۆڕشە مەزنەکاندا لە نیو خۆی بزووتنەوەی کرێکاری دا جیگیر بووە سوسیالیزمی کرێکاری ئیتر بەشیوەی تەبیعی، مەیلی بەرەو مارکسیزمە و لە مارکسیزم ئیلهام وەر دەگری بودەورەیەک و لە هەندیک قوناغ دا لە ولاتانی جۆراوجۆر، حیزبە مارکسیستی و کۆمۆنیستییەکان بە شیوەی واقیعی، حیزبی ریکخەری ئەو سوسیالیزمە کرێکاریە بوون تاریخی حیزبی‌ی سوسیالیزم و تاریخی کۆمەلایەتی و چینایەتی سوسیالیزم هەمیشەوەک ئیستا لیک جیا و پیک نامەربووت نەبوون.

بەلام ئەمرۆ ئیمە لە مەوقعییەتیکی تەواو جیاواز داین جەرەیانی حیزبی‌ی بە ناو کۆمۆنیستی و سیالیستی بە هەموو لق وفیرقەکانیەوە ئیتر پەیوەندیکی ڕاستەوخۆی بەم بزووتنەوە سوسیالیستییە کرێکاری یەوە نیە ئیعتیرازی کرێکار لە دژی سەرمایەداری، کە پی بە پیی گەشە و پەرەگرتنی سەرمایەداری تووندتر بووەتەوە و ئەمرۆ کیشمەکیشی سەرەکییە لە سەر تاپیی کۆمەڵی سەرمایەداری دا، ئیتر هەرچی کەمتر و کەمتر دەخالەتی ئەم جەرەیانە حیزبی یانەی تیدایە ئیمە ئیتر دەبی باسی دوو بزووتنەوە بکەین دوو بزووتنەوە بە پالپشتی چینایەتی جیاوازەوە، بە ئامانجی جیاوازەوە، بە چارەنووس و داهاتووی جیاوازەوە و بە مەسەلە و گیروگرفتی جیاوازە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری و واقعییەتیکی کۆمەلایەتی و سوننەت و نەریتیکی زیندووی سیاسی و خەباتکارانەیە جەرەیانیکی کۆمەلایەتییە ریک هەر وەک لیبرالیزمی بورژوایی کە واقعییەتیکی کۆمەلایەتییە ئەم سوننەت و نەریتانە دەکەونە پیش حیزبە سیاسییەکان زانستی سیاسی بورژوایی حیزب بە کۆمەلێک لە ئەفراد دەزانی کە بۆ وەدی هینانی ئامانجی هاوبەش لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە بۆ مارکسیزم، حیزب ریکخراوی تیکۆشەرانی سوننەتیکی خەباتکارانە و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتییە لیبرالیزم دەتوانی لە دەورەیەک دا حیزبیک نوینەرایەتییەکەی بکا یان نەیکا بەلام مادام پایە عەینییە کۆمەلایەتی یەکانی هەبن، سوننەتی لیبرالیزم وەک جەرەیانیکی زیندووی نیو بورژوازی دەمینیتەوە و هەر جارە حیزبیکی لیبرالی تازە دینیتە کایەوە. هەر عەینی ئەمە، بۆ ناسیونالیزم و ریفورمیزمی بورژوایی و بۆ هەموو گەرایشە کۆمەلایەتی یەکانی تریش دەگونجی هەموو کەس بە ئاسانی لەوە دەگا کە بۆ نموونە جەبهەی میللی و هەموو ریکخراوەکانی ناو ئەو جەبهەیە لە سوننەتی لیبرالیزم و ناسیونالیزم ئێرانییەوە سەریان هەلدا و شکلیان گرت بەلام ئەم سوننەتانە لەگەڵ جەبهەی میللی سەری هەلداوە و نە لەگەڵ ئەوەیش کۆتایی پی دی لەبابەت کۆمۆنیزمی کرێکاری‌شەوە هەر ئەمە هەیە سوننەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئەنترناسیونالی یەکەم و بولشویزم و شۆڕشەکانی ئالمان و ڕووسیای بەخۆیەوە دیوە دەمیکە نەیتوانیوە ئەحزابی سیاسی جیددی شکل پی بدا دەکری باسی هویەکانی ئەم نەتوانینە بکەین، بەلام ئەم نەتوانینە هیچ ئال و گۆڕیک لەو واقعییەتە دا پیک ناهینی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری جەرەیانیکی خەباتکارانەی واقیعی و مەوجوودە لە کۆمەڵدا.

کە وایە قسە لەسەر شکل پیدانی حیزبیکی کۆمۆنیستی یە لە نیو ئەم سوننەتە خەباتکارانەیەدا هەنگاوی یەکەم کە ئەوەیە ئینسان هەر ئەوە ببینی و تیی بگا کە حیزبە شیوە سوسیالیست و شیوە مارکسیستەکانی مەوجوود نە لە نیو ئەم سوننەتەوە سەریان هەلداوە و نە کاری تیدا دەکەن بەلام ئەرکی سەرەکی، دەست بە کار بوون و دارژتنی ئەو حیزبەیە.

بەم قسانەوە کە کران، دەبی چوارچێوەی گشتی باسەکەمان سەبارەت بە کرێکاری بوونەوەی حیزب تاراددەیەک ڕوونتر بووبێتەوە لە پەنا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سوسیالیزمیکی کرێکاریش بەرانبەر بە بورژوازی لە سەنگەر دایە ئەم جەرەیانە حیزبی نیە بەرنامەی نووسراوی نیە، لە نیو خۆیدا هەزار و یەک خەت و هەزار نارۆشنی هەیە، ریکخراو بوونی ناو خۆی لە ئاستیکی سەرەتایی و لانی کەم دایە حیزبی کۆمۆنیست دەبی بەم جەرەیانەوە پەیوەست بی و ئەگەر قسەیەکی هەیە بیلی و کاریکی هەیە بیکا، لێرە بیلی و بیکا کرێکاری بوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی بە ڕەسمییەت ناسرانی حیزبی کۆمۆنیست وەک ئامرازی پەرە پیدانی ئیعتیرازی کرێکار لە دژی سەرمایەداری بە وەسیلەی خودی جەرەیانی سوسیالیزمی کرێکاری و کرێکارانی کۆمۆنیست ئەمە پیویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئەو بیر و بوچوون و پیشداوەری و موناسەبات و کارکرد و شیوە و ڕەوشتانە کە میراتی چەپی غەیرە کرێکارین دابڕی و، بە تەواوی لە نیو ئەو سەنگەربەندیەی کرێکاریەیە حوزووری هەبی ئەمە پیویستی بەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست ببێتە قسەکەر و ئالا هەلگری ئەم سوننەتە کرێکاریەیە و تەنیا ئەمە، بەرانبەر بە کوللی کۆمەڵی مەوجوود و کوللی بورژوازی.

ئەندامەتی کرێکاران، گەلالەی مەسەلەکە

ئەوەکە ئیمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەبی ئەمرۆ مەسەلەی "ئەندامەتی کرێکاران" بدەینە بەر باس و بۆ ئاسان کردنەوەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا ریگا چارە بدوزینەوە، خۆی نیشانەی ناکوکی و پێچەوانە بوونیکی بنەڕەتی یە دەبوو مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئەمە بوایە حیزبی کۆمۆنیست بە پیی تەعریفی خۆی و بە پیی ئینتیزاری ئاسایی هەر کەسیک کە جاریک مانیفیستی کۆمۆنیستی خوێندبێتەوە، دەبوو حیزبیکی کرێکاری بی ئەگەر لە نیو ئیمەدا قسەیەک لە سەر ئەندامەتی دیتە گۆڕ دەبوو باسی مەرجەکان و پیویستیەکانی ئەندامەتی غەیری کرێکاران لە حیزبی کرێکاریماندا بی ئەم ناکوکیەیە دەبی هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دا چلەکینی و بیخاتە سەر بیر کردنەوە.

هەندیک لە هاوری یان مەسەلەی ئەندمەتی کرێکاران لە حیزبدا وەک نیشانکردیکی ئاماری چاو لی دەکەن سەدی چەندی ئەندامانی حیزب کرێکارن؟ خودی ئەوەکە هاوریان ئەم پیوانەیە لەبەرچاو بگرن هەلبەت زۆر باشە بەڵام هینانە خوارێ مەسەلەکە هەتا ئاستی ئامارەکان و سەدی چەند، سەردەشیوینی بە حیسابی ئامار و ژمارە، ژمارەی ئەندامانی کرێکار لەچاو ئەندامانی غەیرە کرێکار لە حیزبدا لە سەرەتای پیک هاتنیەوە هەتا هاتوە زیادی کردوە ئەمرۆ حیزبی کۆمۆنیست لەم بابەتەوە گەیشتوەتە پلەیەک کە لە نیو چەپی رادیکالی ئێران لە دەیان سالّی رابوردوودا بی سابیقەیە دەکری بلیین زۆربەی هەرەزۆری ئەو غەیرە کرێکارانەی لەم سالانەدا بوونەتە ئەندامی حیزب، لەو هاوری یانەن کە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست کاریان دەکرد بەڵام لە مافێ ئەندامەتی بەهرەمەند نەبوون بەڵام لە نیو ئەو هاوری یانەدا کە پاش پیک هاتنی حیزب بە ئیمەوە پەیوەست بوون زۆربەی زۆریان هاوریانی کرێکارن لە ڕاستی دا، بە تایبەت لە سی چوار سالّی رابوردوودا ڕوناکبیران و غەیرە کرێکاران بە مقیاسیکی زۆرکەم داواکاری ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون، لە حالیکدا ڕووهینانی کرێکاران بەرەو کاری ریکخراو لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست گەلیک پەرەی گرتوە.

ئەم ڕەوتانە هەموویان موسبەت و دلخوازن ئەمانە نیشانەی توانایی بالقوەی حیزبیکی کۆمۆنیستی ئێرانن بۆ تەبدیل بوون بە حیزبیکی بە ڕاستی کرێکاری بەڵام باسی ئەندامەتی کرێکاران، ئەم گۆرانە ئاماریەشینەیی و سادەیەی مەبەست نیە دواتر نیشان دەدەم کە چلون ئەم ڕووهینانەی کرێکاران بەرەو حیزب هیشتالە جەرگەی سیاسەت و سیستمیکی ئەندام وەرگرتن دا بەرەو پیش دەچی کە خۆی لەبنەڕەت دا غەیرە کرێکاریە بۆیە هەر خودی ئەم ڕەوتەش بە کردەوە لە هەر چەشنە مانا و ناوەڕوکیکی جیددی چینایەتی دادەتەکی بەڵام لیرەدا تەنیا سەرنجی هاوری یان بۆ ئەوە ڕادەکیشم کە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران ئەوە نیە کە تاک تاکی کرێکاران بینینە ناو حیزب و بیانکەینە ئەندام بەو مەعنایەی ئەمرۆ تیی دەگەین بەڵکوو قسە لەسەر پەرە پیدانی بەرینایی مەوجوودییەتی حیزبە بە جۆریک کە فەعالییەتی کرێکاری کۆمۆنیست، هەر لەو جیگایەی ئەمرۆ ئەو فەعالییەتە بەریوە دەچی، بگرێتە بەر و بیکاتە بەشیک لە خۆی بە وتەیەکی تر لەباسی ئەندامەتی کرێکاران دا قسە لەسەر ڕوانینیکی تڕە بۆ مانای ئەندامەتی و حیزبییەت بە جۆرێک کە ئەو خەباتە کۆمۆنیستی و ڕادیکالە کرێکاریەش کە هەر ئیستا لە پەیوەندیکی تەنگاتەنگ لەگەڵ حیزبدا بەرەوپیش دەچی هەزم بکا و بیکاتە شکلی سەرەک خۆ نواندنی حیزب لە پەنا ئامار و ژمارەی ئەو کرێکارانەی هاتوونە نیو حیزب، فاکتی گەلیک گرینگتریش هەن کە بە داخەوە هیشتا بەو جۆرەی بایەد و شایەدە لە حیساباتی ئیمە دا لەبەرچاو نەگیراون و تەئسیریان نەکردوەتە سەرییر کرنەوەی تەشکیلاتی و سوننەتە حیزبی یەکانمان .

نموونەیەک لەم فاکتانە، شکل گرتنی تەیفیکی بەرین لە کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەری خەباتی ئیعتیرازی کرێکاریە کە بەتەواوی ئیلهام لە حیزب وەر دەگرن و ئەگەر بە کردەوە پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ ئیمە نیە، لەبەر بی مەیل بوونیان نیە جاری وایە دەنگ و باسی فەعالییەتی ئەم هاوریانە بۆ ریکخەرانی حیزبی سەر سورهینەرە حیزبی ئیمە نەک هەر هیشتا نەیتوانیوە کوللی حەرەکەتی سوسیالیستی ڕادیکالی کرێکاران لە نیو خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکوو تەنانەت ئەو بەشە لە هەموو جیگایەکی ئێران هەیە بەڵام کوردستان جیگایەکە کە دەکری بە زەقترین شیوە ئەم حەقیقەتە و ئەم ناکوکیە ببینی ئەندامەتی کرێکاران بە مانای ئەوە نیە کە ژمارەی کرێکارانی بەشی یەکەم (ئەو بەشەی ئەمرۆ ڕەسمییەتی پەیدا کردوە) بەشیوەی خەتی زیادیکا ئەگەرچی لیرەشدا دەبی بە بی هیچ ئەم لاو ئەولایەک کرێکاران زیاتر بن، بەڵکوو بە مەعنای بەرەسمییەت ناسینی ئەم بەشەی دووهەم و پەرە پیدانی ئەندامەتی حیزبی یە هەتا ئەو ریکخراوە بەرینە کرێکاری یەدەگریتەبەر کە لە دەرەوەی سنووورەکانی ئەمرۆی حیزبە کرێکاری بوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی کرێکاری بوونەوەی پراتیکی ئەو حیزبە یانی ئەوە کە پراتیکی کرێکاری کۆمۆنیست، لە بەرانبەرکیی ڕاستەوخۆیدا بەرانبەر بە سەرمایە، ببیتە گرینگترین بەشی پراتیکی حیزب یانی تیگەیشتنیکی تر لە حیزبییەت بە جۆرێک کە ئەم پراتیکەی هەر ئیستا بە کردەوە هەیە و لە گۆڕیدایە، بگرێتە بەر وەزعییەتی ئیستا واقیعی نیە و لەوەش گرینگتر، زیانە سەرکی یەکەی لەوەدایە کە حیزب لەو جیگا و شوینە کە خۆی لە دەوری پراتیکی ئەم بەشە کرێکاری یە ریک بخا و تەئسیری شیاوی خۆی بکاتە سەر ئەم پراتیکە، مەحرووم دەکا ئەم بەشە کرێکاریە هەر ئیستا بە بروای من ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە.

ئەوەکە ئەم بەشە بەرینە لە باری حقووقی یەوە لە دەرەوەی سنووورەکانی حیزب ماوەتەوە، بە دەرەجەیەکی زۆر تا ئێرەش ڕەوتی پتەو بوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبدا شینەیی کردوەتەوە و کۆسپی خستوەتە سەر ڕیگای تەبدیل بوونی حیزبی ئیمە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران ئەم وەزعە دەبی کۆتایی پی بهینری.

بۆ ڕۆشن کردنەوەی چوارچێوەی ئەم باسە دەبی ئیشارە بە چەند خالی تریش بکەم:

یەکەم، کاتیک باسی حیزبی کرێکاری دەکەین مەبەست حیزبیک نیە کە حەتمەن کۆمەڵانی کرێکاری هەروا و لە پەیوەند لەگەڵ خۆیدا ریکخستبی (شتیکی وەک مەوقعییەتی سوسیال دیموکراسی ئوروپا هەتا پیش بوحرانی دە سالّی ئەم دوایی‌یە) ئەمە بۆ کۆمۆنیزمی شۆڕشگێر لە دەورەی تایبەت دا ئیمکانی هەیە ئەو شتەی ئیمە مەبەستمانە ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی بەهەر حال هەتا ئەو جیگایەکە وەک حیزبیکی سیاسی مەوجوودییەتی هەیە و فەعالییەت دەکا ریکخەر و کۆ کەرەوەی تیکۆشەرانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار و ڕابەرانی کرێکاران بی حیزبی کۆمۆنیست دەبی حیزبی گەرایشیکی کرێکاری بی.

دەبی حیزبیک بی لە شوینی ئیعتیرازی کرێکاری یەوە هەستابی و دەرگیری ئەو ئیعتیرازە بی بینای سەرەکی و فەعالییەتە سەرەکی یەکەی دەبی بە بەشی پیشرەو و کۆمۆنیستی خودی کرێکاران پشت ئەستوور بی دیارە لەم حیزبە دا شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست لە نیو هەر چینیکەوە هەستابن جیگایان دەبیتەوە بەڵام بربرە پشت و ڕایەل و پوی ئەو حیزبە بە شیوەی سەرەکی دەبی لە خودی کرێکاران پیک بی و مەیدانی ئەسلی پراتیکی حیزب دەبی لەو جیگایە بی کە کرێکارانی کۆمۆنیست و حیزبی لە جەرگەی ئیعتیرازی کرێکاری دا بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەداری تیکەل جەماوەری کرێکاران دەبن.

دووهەم، ئەم باسەی من جیاوازیەکی گرینگی هەیە لەگەڵ باسی کەسانیک کە ئەمرۆ حیزب بە حیزبی "پیشەنگ"ی چینی کرێکار دادەنین من ناکوکیم لەگەڵ مەقوولەی "پیشەنگ" نیە، بەڵکوو لەگەڵ تیگەیشتن لەو مەقوولەیە یە لایەنگرانی ئەم فورموولبەندیەیە لە دەورەی ئیمە دا بە پیی سوننەت وە دووی ریکخستی ڕووناکبیران دەکەونەوە و لەم فورموولەدا ئیجازە نامەیەک دەبیننەوە بۆ پیک هینانی ئەحزابی چەپی غەیرە کرێکاری بۆ ئەمانە پیشەنگ هیشتا پیشەنگیکی عەقیدەتیە و هیشتا دەگەرینەوە سەر تویژی خوێندەواری کۆمەڵ باسی من لە بارەی پیشرەو و ڕابەرانی عەمەلی چینی کرێکارەوە، ئەو کرێکارە کۆمۆنیستانەی لەبەرچاوە کە هەر ئیستا وەک ڕابەرانی ئیعتیرازی کرێکاری و موبەللیغ و ریکخەری سوسیالیزمی کرێکاری فەعالییەت دەکەن ئەمانە دەبی بربرە پشتی هەر حیزبیک بن کە بە ناوی کۆمۆنیست فەعالییەت دەکا.

"چەپی ڕادیکال" و کرێکاران

ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕیگای ئیمە، وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆتەبدیل بوون بە حیزبیکی بە کردەوە کرێکاری هەن، بەرهەمی ڕەوتیکی دوور و دریژی میژوویین ئەمانە ڕەنگدانەوەیەکن لە جیایی میژوویی و گشتی چەپی ڕادیکالی ئێران لە چینی کرێکار و هەر وەک گەلیک جار و بە شیوەی جۆراوجۆر دووپاتم کردوەتەوە، هەر پیشرەوی یەکی ئیمە لە گرەوی دابرانی فیکری و سیاسی و عەمەلی مان دایە لەم چەپە ڕادیکالە ئیمە لەسەر ئەم ڕەوتە بەرەو پیش چووین بۆیە لە هەموو ڕەخنەیەک دا کە لە چەپی ڕادیکالی دەگرین لیرە و لەوی دەبی بە هینانی هەندیک تیبینی باسی جیاوازی یەکانی حیزبی ئیمە لەگەڵ ئەو جەرەیانە بکەین من لە کۆتایی باسەکەم دا باسی ئەم جیاوازی یانە دەکەم چونکوو بە بروای من چارەنووسی حیزبی ئیمە هەتا ئیستاش هەر وێک چوونەکان دیاریکەری بوون نەک جیاوازی یەکان مەسەلەی ئەندمەتی کرێکاران و پەیوەندی عەمەلی حیزب لەگەڵ کرێکاران یەکیک لەو نموونانەیە کە ئیمە خەریکین تاوانی ڕەچاو کردنی باوەر و تەجرەبە و پیشینەی چەپی غەیرە کرێکاری دەبژێرین.

مەبەستی من لە چەپی ڕادیکال لەم باسەدا هەموو ئەو گەڕایشە شیوە سوسیالیستی یەیە کە دوابەدوای شکستی هیزە سوننەتی‌یەکانی ئوپوزیسیونی ئێران، جەبهەی میللی و حیزبی تووده، و بە تایبەت دوابەدوای ئال و گۆڕە ئابووری‌یەکانی ئەنجامی "اصلاحات ارزی" لە ئێران پیک هات ریبازی چریکی و پاشان خەتی ٣ و، لە پەنا ئەمانە تەیفیکی بەرینتر لە گورووهە مائوئیست و لیبرال چەپەکان، ئەو شکل و شیوە سازمانی‌یانە بوون کە نوینەری سەر هەلدانی ئەم چەپە ڕادیکالە بوون بەڵام هەرلیرە ئەوە بلیم کە چوارچیوەی گشتی باسەکەی من بۆ ڕەخنە گرتن لە پەیوەندی چەپی ڕادیکال لەگەڵ کرێکاران، لە چوارچیوەی موحیتی سیاسی ئێراندا نامینیتەوە ئەم جەرەیانە لە ئاستی جیهانیدا–ئەگەر باسی ئەو گوروهانە نەکەین کە لە دەورەکانی پیشتردا لە کۆمینتین دوور کەوتبوونەوە–، لە ناوەراستی پەنجاکانی زایینی یەوەبەرە بەرە بە ڕەخنە گرتن لە بەناو خەتی ڕەسمی کۆمۆنیزم کە حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی نوینەری بوو، شکلیان گرت تروتسکیزم، مائوئیزم و چەپی نوی سەر– چاوە سەرەکی‌یەکانی سەر هەلدانی ئەم چەپە ڕادیکالە بوون ئەم جەرەیاناتە ئەمرۆ ئیتر مەوزووعییەتی خۆیانیان لە دەست داوە و فەوتاون لە ناوەراستی شەستەکانەوە هەتا نیوەی دووهەمی حەفتاکان دەورەی فەعالییەت و ڕەونەقی ئەم جەرەیاناتە بوو ئەمانەش لە ڕوانگەی جیایی لە چینی کرێکارەوە تایبەتمەندی لە چەشنی چەپی ڕادیکالی ئێرانیان هەیە و دیارە کاریان کردوەتە سەر بوچوون و پراتیکی جەرەیاناتی ئێرانی بەڵام بۆ لیکدانەوەی ئەم جەرەیاناتە دەبی ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرچاوگەی چینایەتی و موحیتی کۆمەڵایەتی‌یان جیاواز بوو چەپی ڕادیکال لە ئوروپای ڕۆژاوا و ئەمریکا دەقاودەق حاسل و نوینەری ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە و ئەو داخوازە چینایەتی‌یانە نەبوو کە لە ئێران چەپی ڕادیکال حاسل و نوینەریان بوو بۆیە من باسەکەی خۆم بە چەپی ئێران مەحدوود دەکەمەوە بە تایبەت کە ئەمەیان لەباری فورمال و تەقویمی یەوە پەیوەندیکی ڕاستە خۆتری لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە.

بە تاک کەوتنەوەی چەپی ڕادیکالی ئێران لە چینی کرێکار

نە پیویستی بە ئیسبات کردن هەیە و نە حیگای سەرسومانیشە ئەم چەپە لە بۆشایی یەك دا کە حاسلی شکستی حیزبە سوننەتی‌یەکانی ئوپوزیسیونی بورژوازیی ئێران حیزبی تووده و جەبهەی میللی بوو شکلی گرت کە لە نیو خودی ئامانجە قەدیمی‌یەکانی بالەکانی چەپ و ڕاستی بورژوازی تازە پی گەیشتووی ئێراندا، نوینەری ریفورمیزم و ناسیونالیزم بوون ڕەخنەی چەپی ڕادیکال بەرانبەر بەم حیزبە سوننەتی‌یانە ڕەخنەیەك بوو لەوەکە ئەو حیزبانە ئالای ئەو ئامانجە بورژوایی یانەیان وەلا نابوو و شیوە و ڕەوشتی هیمنانەیان بۆ وەدی هینانی ئەو ئامانجانە گرتبووە پیش سەر هەلدانی چەپی ڕادیکال حاسلی بە دەستەوە گیرانی هەر ئەم ئالایە بوو لە لایەن هیزیکی کۆمەلایەتی دیکەوەو دیارە لە هەل مەرجیکی ئابووری و سیاسی جیاواز دا چەقی خەبات بۆ دەسکاری کردن و ئیسلاحی سەرمایەداری ئێران و دابین کردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری لە بورژوازیی‌یەوە گویزرایەوە بۆ وردە بورژوازی ئەم گواستنەوەیە لە هەمان کاتدا حاسلی هەندیك ڕەوتی فیکری چارەنووس ساز بوو لە بزووتنەوەی چەپ لە ئاستی جیهاندا و هەر وەها هەندیك ئال و گۆڕی بنەڕەتی لە ئابووری سیاسی ئێراندا من لیرە دا ناتوانم بچمە سەر ئەم باسانە هەر ئەوەندە دەلیم کە "اصلاحات ارزی " و ئەو ئال و گۆڕە گرینگانە کە لەو پروسەیەدا لە بینای ئابووری ئێراندا و لەقەوارەی چینایەتی کۆمەڵدا پیك هاتن گرینگی‌یەکی چارەنووس سازیان لە توانەوەی حیزبە سوننەتی‌یەکان و شکل پیدانی ئەم چەپە نوی یە و پال پیوەنانیان بەرەو داخوازی ڕادیکالتر و شیوە و ڕەوشتی تووندڕەوانەتر لە خەباتی سیاسی دا هەبوو لە پال ئەم ئال و گۆڕە ئابووری‌یە، وەزعییەتی جیهانی بزووتنەوەی بە ناو سوسیالیستی و بە تایبەت سەرهەلدانی مائوئیزم و هەڕەوها پوپولیزم ناسیونالیستی لە ئەمریکای لاتین کە هەرکامیان بە جۆرێك ستراتژی ناسیونالیزم و ریفورمیان لە ولاتانی ژێر دەستەدا بەیان دەکرد، ماتریالی پیویست بۆ دیاریکردنی سیمای سیاسی و نەزەری ئەم چەپە نۆی‌یەیان فەراهەم دەکرد.

بەهەرحال ئەو شتەی دەبی تەئکیدی لەسەر بکری ئەوەیە کە چەپی ڕادیکالی ئێران بەم جۆرە هەر لە بنەوەلەناوەند و جەرگەی ئیعتیرازی کرێکاری‌دا لە دایك نەبوو و پیی هەلنەگرت لە ڕوانگەی ئامانج و مەبەستەکانەوە، ئەم چەپە نوینەری مەیلیکی تایبەت بەرەو سوسیالیزمی کرێکاری و هەلوەشاندنەوەی مالکییەتی خوسووسی نەبوو خەباتی دژی ئیستیبدادی، "عەدالەتی کۆمەلایەتی" و "سەربەخۆیی لە ئەمپریالیزم" ناوەڕوکی سیاسی ئەو چەپە بوو لەباری عەمەلی‌یەوە تەرکیبی ئەم چەپە، تیکۆشەرانی، کادرەکانی، مەیدانەکانی فەعالییەتی، زمانی، ئەرکەکانی، و کارکردەکانی و سەرەنجام ئەو شکل و شیوانەی بۆ خەبات پیشنیاری دەکردن، هەر هەموویان لەو چینە کۆمەلایەتی‌یە غەیرە کرێکاریانەوە سەرچاوەیان دەگرت کە ئەو چەپە ئالای ئامانجەکانیانی هەڵگرتبوو من دواتر، زیاتر دەگەریمەوە سەر ئەم لایەنە عەمەلی‌یانە و نیشان دەدەم کە چلون ئەم چەپە کە وایەك بوو بە بەری ڕووناکبیرانی نارازی بورژوازی دووڕا بوو هەر ئەوەندە ڕۆشنە کە بە جیا مانەوەی چینی کرێکار لەم چەپە ئاسایی و چار هەلنەگر بووە بە دریژایی دەورانی پیش شۆڕشی ٥٧ تەنانەت پەیوەندیکی بەرچاو لە نیوان ئەم چەپە و ئیعتیرازی کرێکاری و موحیتی ئەو ئیعتیرازە دا نەبینراوە بەشی هەرەزۆری ئەم چەپە بە ئاشکرا ئەم جیایی‌یە تیئوریزە دەکا مائوئیست بە جووتیارەکەی و چریکی شار بە چیروکی موتوری چکولە و گەورە و شەری چەکدارانەی شۆڕشی ٥٧یەکەمین تیك هەلەنگووتنی واقیعی ئەم چەپە بوو لەگەڵ کرێکار وەك چینیکی کۆمەلایەتی تاریخی دەورەی شۆڕش، تاریخی چەسپانی ئەم جیایی‌یە و بە ناچار لە مەیدان دەرچوونی ئەم چەپە ڕادیکالەیە.

ئەگەر ئەو چەپە بە خۆی دەگوت مارکسیست، دوو هوی سەرەکی هەبوو

یەکەمیان، مارکسیزم لە ڕوانگەی ئەوانەوە تیئوری یەك (و لە ڕاستی دا تاقە تیئوری موعتەبەر) بوو بۆ ئال و گۆڕی وەزعییەتی مەوجوود بە شیوەی قەهراوی ئیدەی شۆڕش لە مارکسیزم گری دراوە و هەر کەس کە بە دریژایی تاریخی ئەم چەرخە بە شوین ئال و گۆڕیکی لە ناکاو و قەهراوی یەوە بووبی، تەنانەت بۆ وەدی هینانی ریفورمی تەواو بورژوای، ناچار بووە لە سیستمی فیکری خۆیدا جیگایەك بۆ مارکسیزم بکاتەوە هەروەك وتم مائوئیزم و شیوە مارکسیستەکانی مەکتەبی پەرە نەگرتوویی بە ئەندازەی کافی مارکسیزمیان کردبووە گەڵی ومیللی کە بورژوازی نارازی ولاتانی ژێر دەستە بتوانی ڕەچاوی بکا ئەم وەزعەهەلبەت ئەمڕۆ گوراوە و ئەو "مارکسیستانە" کە ئاوا هاتبوونە مەیدان خەریکن بە خیرایی لە مەیدان دەچنە دەر ئەمڕۆ ئیتر بۆ ڕووناکبیری ولاتی ژیر دەستە نە مارکسیزم مودە و نە شۆڕش بەڵام لە دەورەیەك دا کە چەپی ڕادیکالی ئێران شکلی گرت مارکسیزم تەنیا ریگای وەدەست هینانی هەر چەشنە ئیعتیباریکی سیاسی بوو وەك جەرەیانیکی ڕادیکال هۆی دووهەم لەوەدا کە ئەم جەرەیانە خۆی بە مارکسیزمەوە هەلواسی، مەوقعییەت و جیگا و شوینی چینی کرێکار لە خودی ئێران و ڕوو هینانی بەرەو مەیدانی سیاسی بوو لە کۆمەڵدا چەپی ڕادیکال چینی کرێکاری بە بربرە پشتی "گەل"ە کەی خۆی دانابوو و ئەگەرچی گوێی نەدەدایە داخواز و پیویستی‌یەکان و ئامانجە سەربەخۆکانی ئەو چینە، سەرجەم خۆی بە نوینەر و لایەنگری کرێکار – وەك بەشیك لەگەل–دەزانی بە دەرەجەیەك کە ئەم چەپە لە سیاسەتی خۆیدا، جا بە هەر بەیان و بوچوونیکەوە جیگای بۆ کرێکار دەکردەوە، بە هەمان دەرەجە بە ناچار دەبوو مارکسیزمیش بەریتە نیو دەزگای فیکری خۆی.

لە جەرەیانی شۆڕش دا کرێکاران لەم چەپە نزیك بوونەوە بەڵام هەر ئەوەندە کرێکار مادام بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خۆی سەر و سامانی نیە، مادام کە حیزبی نیە، بەرنامەی نیە و خۆی بە شیوەی واقیعی و بالفعل ئالترناتیوی سەربەخۆی بەرانبەر بە دەسەلاتی سیاسی دروست نەکروە، ناچار چاو دەبریتە ڕادیکالترین و چەپ ترین جەرەیاناتی مەوجودی نیو کۆمەڵ هەر ئەم میکانیزمە، کرێکاران لە هەموو ولاتان بەرەو بالی چەپی بورژوازی دەبا هۆی ئەم مەسەلەیە ڕۆشنە کرێکار نەك بە پیی ئارەزووی تەجریدی، بەڵکو بە داخوازی واقیعی‌یەوە و بۆ باش بوونی ژیانی خۆی پی دەنیتە مەیدانی سیاسی جێگاو شوینی عەینی کرێکار لە بەرهەم هینان دا ناچار دەکا هەموو لەحزە و ساتیك بە هیوای بگرە چکولەترین ئال و گۆڕ، لە نیو حەرەکەتە سیاسی‌یەکاندا یەکیان هەلبژیری بەڵام ئەمە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئەم جەرەیاناتە دەکەونە جەرگەی ئیعتیرازی کرێکاری و دەبنە حیزبی تەبیعی و ئاسایی کرێکاران چەپی ڕادیکالی ئێران تەنانەت ئەم هیوایەی کرێکار و ئەم هاو جیهەتی‌یە سیاسی‌یە بە ناچارەی کرێکاریشی لە ئێران وەکار نەخست ئاسوی ناسیونال ریفورمیستی، بیری دژی ئیستیبدادی و بینا و بوچوونی ریکخراوەیی ڕووناکبیرانە و شیوە ئانارشیستی‌ی ئەم چەپە تەنانەت نەی هیشتوە ئەم جەرەیاناتە لە لایەن کرێکارانەوە بۆ ئیعتیرازی ئابووری و سیاسی بە دەستەوە بگیرین.

زۆر کەس کاتیك تاریخی سوسیالیزمی هاوچەرخی ئێران و بە تایبەت کارکردی ئەم سوسیالیزمە لە شۆڕشی سالی ٥٧دا دەنووسنەوە، تاریخی ئەم چەپە ڕادیکالە دەورە دەکەنەوە واقعییەت، بەڵام، ئەوەیە کە سوسیالیزمی کرێکاری، وەك بزووتنەوەیەکی بالفعلی کۆمەلایەتی بە دریژایی هەموو ژیانی ئەم چەپە ڕادیکال لە ڕەوەندی "سوسیالیزم"لەگەڵ کرێکاران وەك تویژیکی کۆمەلایەتی، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە خۆیان لە جیگای کۆمەلایەتی خۆیان دابرین و قسە لەسەر پەیوەست بوونە بەو حەرەکەتە سوسیالیستی‌یە کرێکاری‌یە کە حەلال حازۆ لە نیو کۆمەڵدا هەیە حەرەکەتیك کە کردەوەی ڕاستەوخۆ کرێکاران ریك دەخا، ئیعتیرازات و مانگرتنەکان پیك دینی، ڕابەرانی کرێکاری پەروەندە دەکا، خۆ وشیاری سوسیالیستی چینی کرێکار گەشە پی دەدا، کرێکاران هەتا هەر جیگایەك بکری، لە کۆڕ و کۆمەڵەوە هەتا شووڕا یەکگرتوو ڕادەگری و مارکسیزم سەرەڕای هەموو زیدە لق و پوپ و خەوشەکان و هەموو ئەو بیر ئالوزی‌یەی هەر ئەم چەپە پیوەی هەلواسیوە لە ژیر دەست و بال دەدەکیشی هەتا بە کاری بەری ئەم بزووتنەوەیە لاواز و بی سەر و سامانە حیزبایەتی‌ی وەخۆ نەگرتوە و قودرەتی گەورە و گرانی خۆی نیشان نەداوە بەڵام واقیعی‌یە واقعی‌ترین سوسیالیزمیکە کە لە ئێران هەیە.

جیایی چەپی ڕادیکال لە کرێکاران، وە یا دروست تر بلیین لە بزووتنەوەی سوسیالیزمی کرێکاری، جیایی یەکی هەمە لایەنە و قوولە جیایی یەکی نەزەری، بەرنامەیی، پراتیکی، و لە یەك کەلام دا کۆمەلایەتی ئەمانە دوو بزووتنەوەن بۆ دوو کۆمەڵە ئال و گۆڕی کۆمەلایەتی جیاواز، بۆ دوو شۆڕشی جیاواز، بە پشت ئەستووری چینە کۆمەلایەتی‌یەکانی جیاواز هەرتکیان بالفعل هەن و پراتیکن وا نیە یەکیان نوینەری سوسیالیزم بی و ئەوی دیکە زەرف و وەسیلەی حەرەکەتی خورسکی کرێکاری بی لە ڕاستی دا ئەگەر سوسیالیزمیك هەبی لەوی دووهەم دایە ئەوی دیکە بە تەواوی زەرفی ئیعتیرازی میللی–دیموکراتیکی ڕووناکبیرانی نارازی‌ی ئێرانی بوو.

مارکسیزم، وەك تیتر و تابلویەکی گشتی و هەڕەوها کۆمەڵێك داخوازی سیاسی و مەیدانی ڕابەرانی ناوبەدەڕەوەوناسراوی نیو خەباتی ئابووری و تاریخی شتی‌تری لەم چەشنە نیە ئەم ڕووداوانە کە بە بەرینایی‌یەکی یەکجار زەق و بەر چاو لە پەنا ئەم چەپە و لەبەر چاوی ناباوەری ئەم چەپە دەقەومان، لە دەرەوەی پراتیکی کۆمەلایەتی ئەم چەپە مانەوە چەپی ڕادیکال باسی"پەیوەند" لەگەڵ چینی کرێکاری دەکرد و بەم جۆرە دانی بەوە دا دینا کە لە چینی کرێکار بە تاك کەوتوەتەوە بەڵام هەرگیز لەوە نەگەیشت کە قسە نەك لەسەر پەیوەندی "سوسیالیزم"لەگەڵ کرێکاران وەك تویژیکی کۆمەلایەتی، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە خۆیان لە جیگای کۆمەلایەتی خۆیان دابرین و قسە لەسەر پەیوەست بوونە بەو حەرەکەتە سوسیالیستی‌یە کرێکاری‌یە کە حەلال حازۆ لە نیو کۆمەڵدا هەیە حەرەکەتیك کە کردەوەی ڕاستەوخۆ کرێکاران ریك دەخا، ئیعتیرازات و مانگرتنەکان پیك دینی، ڕابەرانی کرێکاری پەروەندە دەکا، خۆ وشیاری سوسیالیستی چینی کرێکار گەشە پی دەدا، کرێکاران هەتا هەر جیگایەك بکری، لە کۆڕ و کۆمەڵەوە هەتا شووڕا یەکگرتوو ڕادەگری و مارکسیزم سەرەڕای هەموو زیدە لق و پوپ و خەوشەکان و هەموو ئەو بیر ئالوزی‌یەی هەر ئەم چەپە پیوەی هەلواسیوە لە ژیر دەست و بال دەدەکیشی هەتا بە کاری بەری ئەم بزووتنەوەیە لاواز و بی سەر و سامانە حیزبایەتی‌ی وەخۆ نەگرتوە و قودرەتی گەورە و گرانی خۆی نیشان نەداوە بەڵام واقیعی‌یە واقعی‌ترین سوسیالیزمیکە کە لە ئێران هەیە.

جیایی چەپی ڕادیکال لە حاشیەی سیاسەت دا مایەوە چونکوو بیجگە لە سوسیالیزمی تویژە حاشیەیی‌یەکانی کۆمەڵ هیچی‌تر نەبوو تاریخی ئەم چەپە تاریخی خەباتی دیموکراتیك و دژی ئیستیبدادی‌یە تاریخی جم و جوولی خوینەدکاران و ڕووناکبیرانی لاو و پولمیك و کۆبوونەوە و لیك دابرانی ئەم ریکخراو و ئەمانەیە. ئەم خەباتە بەهەر حال بۆ چینی کرێکار بایەخی خۆی هەیە بەڵام تاریخی عەمەل و کاری ڕاستەخۆی کرێکاری و سوسیالیزمی چینی کرێکار نیە تاریخی مانگرتنە کرێکاری‌یەکان نیە تاریخی سەرهەلدانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران، بەربەست کردن و ڕاوەستاندنی چەرخی بەرهەم هینان، کیشمەکیش لە سەر هەقدەست، سەرهەلدانی شانەکانی تیکۆشانی کۆمۆنیستی‌ی کرێکاری، هاتنە ئابووری فەوری، ئەمانە پیکەوە پەیوەند دەدا و لیك نزیکیان دەکاتەوە بەڵام هەلەیە ئەمانە بە هاوجسن دابندرین.

غەیرە کرێکاری بوونی ڕایەل و پۆی چەپی ڕادیکال کە وایە دیاردەیەکی چارەهەلنەگر بوو کە لەجەوهەر و ناوەرکی سیاسی و جیگا و شوینە چینایەتی‌یەکەیەوە سەر چاوەی دەگرت ئەم جەرەیاناتە، هەر وەك وتم، نەك لە بزووتنەوەی چینی کرێکار و لە موحیتی ئیعتیرازی کرێکاری‌یەوە، بەڵکوو لە دریژەی ئوپوزیسیونی بورژوایی ناسیونالیست و دژی ئیستیبدادی دا شکلی گرتبوو چالاك و هەڵسووراو بوون لە نیو چینی کرێکار و بزووتنەوەی ئیعتیرازی ئەم چینە دا هەر لە بنەوە حالەتی ئاسایی و تەبیعی‌ی مەوجوودییەتی ئەم جەرەیاناتە نەبوو چریکەکان هەر لە بناغەوە بەو پیش فەرزەوە ریبازی خۆیانیان دارژتبوو کە: خەفەقان ناهیلی لەگەڵ کرێکار پەیوەند بگرین لە جەرەیانی شۆڕش دا، کاتیك کە فاکتوری خەفەقان ئیتر دەوریکی وای نەبوو، جم و جوولی تویژی خوینەدەوار و ڕوناکبیری وردەبورژوا جاریکی‌تر سیبەری خستە سەر بزووتنەوەی چینایەتی لە ڕوانگەی ئەم چەپەوە هەر ئەمڕۆش پاشماوەی ئەم چەپە ڕادیکالە "دانشجوو" هیشتا بە شەیپوورچی و ئومیدی"شۆڕش" حیساب دەکا و هەر ئەوەندەی خویندکاری فلانە دانشگا بە ئیعتیراز بەرانبەر بە کوژانەوەی کارەبا تەقەیان لە کەوچك و دەوری هەستاند جەرەیاناتی وەك ڕاە کارگر ئەوەندەیان بەسە بۆ ئەوەی پیی گەرم دابین و بینە سەر زەوق و ڕۆژنامەکانی خۆیان پر کەن لە پەیامی پیرۆزبایی گەرم و گۆڕ و خۆیندکاران و "بزوونەوەی دانشجوویی" بەهەرحال خالی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم جیایی و بیگانەیی‌یە لەگەڵ ئیعتیرازی کرێکاری قەت شتیکی بە هەلکەوت نەبووەو تەنیا تەئکید لەسەر غەیرە کرێکاری بوونی جیگای کۆمەلایەتی ئەم چەپە دەکا.

لەبەشی دواتری ئەم نووسراوەیە دا بە دریژە باسی ئەو میکانیزمە موشەخەسانە دەکەم کە دەبوونە هۆی جیایی عەمەلی و ریکخراوەیی کرێکاران لە چەپی ڕادیکال و، لەبەشی کۆتایی دا ئەو هەنگاوە موشەخەسانە کە ئیمە دەبی لە ئاستی جۆراوجۆر دا هەلیان گرین بۆ پەرە پیدانی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بە کورتی باس دەکەم.

پوشپەری ٦٨

ناصر حسامی کردوویە بە کوردی

تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەریکخراوی کرێکاران و ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان لە وت وویژ لەگەڵ هاوری عمرایلخانی زادە

هاوری عومەر ویرای بەخێر هاتنت، پرسیاری یەکەمم دەست پێ دەکەم. ئیمە زۆر جار باسی تحول و تەبدیل بوون بە حیزبی کرێکاریمان کردوە و لە نەشریات و رادیوشمان دا ئەوە باسی کراوە. تۆزیح بدە کە لە چ روانگەیەکەوە هیشتا کۆمەڵە سازمانیکی کرێکاری نیە؟ ئایا مەنزوور ئەهداف و بەرنامە و سیاسەتەکانیشمانە؟

سپاستان دەکەم و سلاوم هەیە بۆ گوێگرە خۆشەویستەکانی رادیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەساسەن بەرانبەر بە چەپی ورده بورژوایی و پوپولیستی و بە هەدەف و ئامانجی کارگەریەوە پێک هات . لە هەموو دەورەی حەیاتیشی دا ئەم حیزبە پاریزەری جەوهەری ئیدئولوژیکی و کرێکاری مارکسیزم بووە بەرانبەر بە بیروراکانی چەپی ئێران، وە لە سەرەتای پێک هاتنیەوە لایەنگری ئەوە بووە کە ببیتە حیزبیکی کرێکاری لەم بابەتەوە حیزبی کۆمۆنیست، جم و جوول و وەخۆ کەوتنیکی لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دا بەرانبەر بە جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری پەرەپیداوە .

کۆمەڵە، بیجگە لەوە، پەیوەندیکی قوولی لەگەڵ کرێکارانی کوردستان هەیە و نفووزیکی جەماوەری بەرینیشی لە نیویان دا هەیە. تەئسیراتی گرینگ و رۆژانەی لەسەر زۆر لایەنی خەباتی ئیعتیرازی کرێکاری بووە و هەیەتی و لەم بابەتەوە نوینەری بەرژەوەند و سیاسەتە چینایەتی و کرێکاریەکان بووە، وەلە ریزبەستنی سیاسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا وەک ریکخراویکی مودافیعی کرێکاران، وەک ریکخراوی سیاسی کرێکاران جی کەوتوە بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە، قەوارەی حیزبی و تیکۆشەرانی ئیمە وا نەبوو کە ئاستە جۆراوجۆرەکانی رابەرانی ئیعتیرازی کارگەری و، پیشرەوان وتەیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست بگرێتە بەر و لە خۆیداکویان بکاتەوە. هیشتا بەشی عومدەی تیکۆشەران و کادرەکان و ئەندامانی کۆمەڵە لە کرێکارانی پیشرەوە و لە رابەرانی عەمەلی کرێکاران پێک نەهاتوە.

ئەو کرێکارانە کە خۆیان بە کۆمەڵە و کۆمۆنیست دەزانن بە شیوەیەکی بەرین لە نیو بزووتنەوەی کرێکاریدا و لە پیشەوەی ئیعتیرازاتی رۆژانەی کرێکاران دان بەڵام ئەمانە هیشتا سازمان و قەوارەی حیزبی یان بە خووە نەگرتوە و بەم پی یە نفووزی سیاسی و ئیدئولوژیکی کۆمەڵە نەبووەتە ریکخراوی حیزبی لە نیو بزووتنەوەی ریکخراوی حیزبی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا لە لایەکی دیکەشەوە هیشتا کرێکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست و تیکۆشەرانی کرێکاری لە حیزب دا دەوری واقیعی خۆیانیان نیە و تییدا بەشدار نین.

ئەم واقعییانە، بە روونی ئەوە نیشان دەدەن کەسەرەرای دەور و نەقشی کۆمەڵە و سەرەرای ئەوە کە کۆمەڵە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا وەک رابەر چاوی لیدەکری، بەڵام لە باری ساخت و بینای تەشکیلاتی و قەوارەی حیزبییەوە لەباری کارکردی رۆژانەی حیزبیکی کرێکاریەوە هیشتا گورانیکی ئەساسی و بنەرەتیمان لە پیشە هەتا ببینە حیزبیکی کارگەری و وەسیلە و زەرفی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی کرێکاران، ببینە ریکخراوی خەباتی خودی کرێکاران لەم روانگەیەوە و لەم لایەنەوەیە کە ئیمە تەئکید لەسەر گورانیکی هەمە لایەنە دەکەین ریکخراوی کۆمۆنیستی و کرێکاری چوارچیوە و پەیکەری دەبی کرێکاری بی و لە نیو کرێکاران دا بی.

کە وایە ئایا مەنزوورمان ئەوەیە بافتی تەشکیلاتی کۆمەڵە بگوردری و ئەوەیە کە دەبیتە هۆی جیگورکیی کۆمەڵایەتی حیزبی ئیمە لە کوردستان و ئیمە دەکاتە جەرەیانیکی کارگەری؟

ئەو مەسەلەیە بە جۆریکی تر باسی بکری دروستە. کۆمۆنیزم گەرایشیکی سیاسی زیندوو و فەعالی نیو بزووتنەوەی کرێکاریەمان گەرایشی موعتەریز بە چەوسانەوە و دژی سەرمایەداریە.

هەمان خەباتی هەموو رۆژەی کرێکارانە لە دژی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری ئەم گەرایشە و کرێکارانی سەر بەم گەرایشە لە نیو خۆیاندا ریکخراو و ئارایش و قەوارەی موشەخەس، رابەران و پیشرەوانی خۆیان هەیە. هەدەف ئیمە یەکەم: هەرچی زیاتر پتەوکردنەوە و پەرەپیدانی ئەم گەرایشەیە، دووهەم: پێک هینان و تەقویەتی حیزبییەت لە نیو ئەو گەرایشە دایە هەتا بە وەدی هینانی ئەم ئامانجە بتوانین بزووتنەوە یەکی بەرین و ریکخراوی کرێکاری بەرپا بکەین کە گەرایشی کۆمۆنیستی تییدا زال بی. ئەم حیزبە و ئەم تەشکیلاتەی مەوجوود، دەتوانی و دەبی یەکیک لە ئامراز و وەسیلەکانی بەسەرەنجام گەیشتنی ئەم پرۆسەیە بی و دیارە لەم رەوتە دا خۆشی دەگوری لە وەلامی پرسیارەکەی ئیوەدا دەتوانم بلیم کە قەتعەن بافتی تەشکیلات و ریکخراوی مەوجوود دەبی بگۆڕی، بەڵام کرێکاری بوونەوەی حیزب تەنیا بەمە مەحدوود نابیتەوە. بەڵکوو زۆر لەوە واوەتر، ریکخراو بوونی بەرینی کرێکاران و ئەوە کە ئەو گەرایشە کۆمۆنیستی یە زیندووەی نیو چینی کرێکار کە مەوجوودە، قەوارەی حیزبی بگرێتە خۆی، ئەوە مەنزووری ئیمەیە. تەئسیراتی ئەم مەسەلەیە و بەرینایی ئەو تەئسیراتەش لە چوارچیوەی تەشکیلاتی دا مەحدوود نابیتەوە و نابی مەحدوود بیتەوە، بەڵکوو تەئسیراتیکی کۆمەڵایەتی و بەرینی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری و لە نیو کۆمەڵدا دەبی ئەگەر گەرایشی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکارانی کوردستاندا ریک بخەین و سازمانی بدەین و، کۆمەڵە بگوری و ببیتە ئەو سازمانە، ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری و نفووز و توانایی رابەرانی کرێکاری و تیکۆشەرانی کۆمۆنیست زۆر لەمە زیاتر پەرە دەگری و بەرین دەبیتەوە ریکخراو بوونی جەماوەری کرێکاران بە کەیفییەت و کەمییەتیکی تازە دەگا و هەموو ئەمانە تەئسیراتی خەباتکارانە و کۆمەڵایەتی واوەتر لە چوارچیوەی تەشکیلاتیان دەبی ئەو ئال و گۆڕەی ئیمە باسی دەکەین ئەو هەدەفە کۆمەڵایەتییەی لەبەر چاوە و، هەڵبەت لە جەریانی بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم گورانکارییە کۆمەڵایەتی دا و پی بە پیی ئەوە تەشکیلاتی کۆمەڵەش ئال و گۆڕی بەسەر دا دی یانی هەم قەوارەکەی وای لی دی کە کرێکاران و رابەرانی کرێکاری ریزەکانی پر کەنەوە و هەم جیگا کۆمەڵایەتی یەکەشی لە نیو خەبات و بزووتنەوەی کرێکاری دەبی.

بەم جۆرە ئەو جیایی و دابرانە تاریخییە کە لە نیوان سازمانەکانی چەپ و کۆمۆنیست و، بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکار دا بووە، کۆتایی پی دی. یانی سازمانی کۆمۆنیستی دەبیتە سازمانی گەرایشی کۆمۆنیستی کرێکاران خەباتی ریکخراو و یەکگرتوانە لە بەرزترین پلەی سازمانی دا، یانی لە لایەن حیزبیکی کۆمۆنیستەوە کە تیکۆشەران و پیشرەوانی کرێکاری لە خۆی دا کۆ کردوەتەوە، بەرەو پیش دەچی سازمانی ئیمە دەگوری و بە تەواوی و پر بە پر دەبیتە زەرف و وەسیلەی موناسب بۆ خەباتی ئابووری و ئیعتیرازاتی هەموو رۆژەی کرێکاران لە دژی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری کە وایە دەتوانم بلیم هەدەفی ئیمە تەنیا هەر بەوە مەحدوود نابیتەوە کە بافتی تەشکیلات بگورین بەڵکوو پەرەپیدانی بزووتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و کرێکاری و ریکخستنی گەرایشی کۆمۆنیستی نیو چینی کرێکار و گەیاندنی بە جیگایەک کە قەوارەی حیزبی بگرێتە خۆی، هەدەف ئیمەیە. ئەمە بە بی خەباتیکی هەمە لایەنەی کۆمەڵایەتی و بە بی دەخالەتی چالاکانە لە بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی جاری کرێکاراندا، بەبی پێک هینانی پەیوەندی قوول و پتەو لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بە بی هەموو ئەوانە ئیمکانی نیە. کۆمەڵە ئیستا مەوقعییەتیکی موساعیدی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە بۆ ئەوەی بگۆڕی و ببیتە ئەو سازمانە.

هاوری عومەر! بەلەبەرچاو گرتنی وەزعییەتی سیاسی ئیستا و ئەو فشارانە کە لە سەر ژیانی کرێکارانن، وە بە لەبەرچاوگرتنی فەزای پولیسی و ئەو خەفەقانەی رژێم لە کوردستان پێکی هیناوە، پێتان وایە زەمینەی گۆڕان و تەبدیل بوون بە حیزبیکی کرێکاری لە هەل و مەرجی ئیستادا چەندە موساعیدە؟

فەزای سیاسی لە کۆمەڵدا چ دیموکراتیک بی و چ غەیرە دیموکراتیکە رژێمی حاکم چ دەسەلاتی خۆی زال بکا و چ لە مەوقعییەتیکی زەعیف دا بی، لە کۆمەڵی چینایەتی و سەرمایەداری دا، چەوسانەوە هەیە کە وایە خەبات لە دژی زولم و چەوسانەوە هەیە. کرێکار لە هەرحاڵدا موعتەریزە و هەموو رۆژ و هەموو لەحزەیەک لە کارگا و کارخانە و شیرکەت و مەزرا بەستە بە توانایی خۆی دەرگیری خەباتە وخوی لە بەرانبەر نەزم و قانوون و یاساکانی مەوجوود دا دەبینیتەوە. هەتا وەختیکیش کە ئیعتیراز و خەبات لە دژی نیزامی سەرمایەداری وجوودی هەیە، زەمینە و شەرایتی شکل گرتن و پێک هاتن و گەشە و پەرە گرتنی حیزبی کرێکاریش هەیە. هەل و مەرجی موساعید و غەیرە موساعیدی سیاسی و، ئاستی ئیعتیراز و خەباتی گشتی جەماوەری و کرێکاری دەتوانن لە سەر شینەیی بوون و خیرا بوونی رەوتی شکل گرتنی ئەو حیزبە لە قوناغی جۆراوجۆر دا تەئسیر دانین و رەوتی بەرەوپیش چوونی خیرا کەنەوە یان ئارامی کەنەوە بەڵام ئەم رەوتەقەت نە بەربەست دەکری و نە رادەوەستی.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرجەمی لایەنەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان لەبەر چاو بگرین دەبینین کە کۆمەڵە بۆ تەبدیل بوون بەوحیزبە مەوقعییەتیکی موساعیدی هەیە کۆمۆنیزم وەک ریگایەکی رزگاریبەخش لە نیو کرێکارانی کوردستاندا مایەی شانازییە و بەچاوی خۆشەویستی تەماشای دەکەن پیشرەوانی کرێکاری و کرێکارانی کۆمۆنیست، سیاسەت و شیعارەکانی حیزبی کۆمۆنیست یان قەبوول کردوە و ئەو حیزبە بە حیزبی خۆیان دەزانن و بەشیکیان پەیوەندی تەشکیلاتی یان لەگەڵ ئیمە هەیە لەباری شیعار و داخوازەکانەوە جەرەیانی ئیمە لە ریزی پیشەوەی زۆر خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری دایە.

دەتوانین ئیددیعای ئەوە بکەین کە بەشیکی زۆر لە پیویستییەکان و بناغەی سازمانیکی کارگەری لە کوردستان داریژراوە کۆمەڵە و خەباتی کرێکاری ئیستا بە دەرەجەیەکی زۆر لیک هەل پیکراون و قابیلی لیک جیاکردنەوە نین. هەموو ئەمانە شەرایتی موناسب و مەوقعییەتیکی موساعیدن بۆ ئەوەی لە هەموو باریکەوە ببیتە ئەو سازمانە کرێکاری یە. بۆیە دەکری بڵێین کە کۆمەڵە دەتوانی لەگەڵ خۆی بزووتنەوەی کرێکاریش بە هەنگاوی زۆر گەورە بەرەو پیش بەری ئیستا سەرەرای شەرایتی سیاسی کە خەفەقانی بەسەر دا حاکمە و لەم بابەتەوە ناموناسبە، بەشیکی زۆر لەم پرۆسەیە بە کاری ئاگاهانە و هەدەفمەندی ئیمە مەربووتە و پراتیک و کارکردنی ئیمە لە رابەریەوە هەتا هەموو تەشکیلات دەوریکی گرینگی لەم دەورەیە دا لە ئەستویە.

هاوری عومەر! هەر وەک ئیشارەتان پێکرد لە کوردستان بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە بە دەرەجەیەکی مەربووتە بە فەعالییەتی ئاگاهانە و نەقشەمەندی ئیمە بە تایبەت لە زەمینەی ریکخستنی حیزبی کرێکاری سوسیالیست و رابەران و پیشرەوان دا لەم نیوەدا بەریوە بردن و ورد کردنەوەی "سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران" نەقشیکی گرینگی هەیە. پرسیارم ئەوەیە کە چ ئیقداماتیک لەم زەمینەیەدا دەبی بنیینە دەستوور؟

بەریوە بردن و بەرەو پیش بردنی سیاسەتی ریکخستنمان لەنیو کارگەری نەک هەر ئەهمییەتیکی تایبەتی هەیە، بەڵکوو بە سەرەنجام گەیاندنی عەمەلی ئەم سیاسەتە، مەعناکەی عیبارەتە لە ریکخستنی سازمانە حیزبی یەکان لە محەل و جیگیر کردنی بەدەنەی حیزب لەنیو کرێکارانی سوسیالیست و پیشرەوا سیاسەت و ئیقداماتی موشەخەسی ئیمە لەم بارەوە دەکری بە پیی مەوقعییەت و ئیمکاناتی ئیمە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا بەرەوپیش بچی.

لێرە لە کوردستان تەیفی کرێکارانی سوسیالیست و کۆمۆنیست نەک هەر حیزبی کۆمۆنیستیان قەبوولە، بەڵکوو لە چەندین سالّی رابوردوو دا لەگەڵ کۆمەڵە و لە نتیجەی تیکۆشانی ئیمە دا و لە زمان ئیمەوە سوسیالیزمیان بیستوە و قەبوولیان کردوە ئەگەر لە باقی شوینەکانی ئێران بەشیکی گرینگ لە پرۆسەی حیزبییەت پیدان و ریکخستن بریتییە لە نزیک کردنەوە ئەم تەیفە لە حیزبی کۆمۆنیست، لە کوردستان ئەساسەن ئەو تەیفە سەر بە حیزبە و هەر بەم دەرەجەیەش ئامادەیە سازمان و قەوارەی حیزبی بگرێتە خۆی بەڵام هەر وەک گەلیک جار وتوومانە تەیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست و رابەرانی عەمەلی لە کوردستان، جەوانە و تازە پی گەیشتوون و لە چاو باقی شوینەکانی ئێران لە خەباتی کرێکاریدا تەجرەبە و ئەزموونیکی کەمتریان هەیە.

ئیقدامی ئیمە لەم مەرحەلەیەدا دەبی بەرەو رەفع کردن و نەهیشتنی ئەم کەم و کووریە بی هەتالە نیو کرێکارانی کۆمۆنیست دا نەمینی و پیویستییەکانی ریکخراو بوون و لیک هەلپیکرانیان هەرچی زیاتر فەراهەم کەین و بۆ بەرەوپیش بردنی هەرچی باشتری ئەم ئەرکە دەبی لە دەرەجەی یەکەم دا رابەرانی کارگەری و کەسانی خاوەن نفووز لە نیو ئەم تەیفە دا ببینینەوە و بوگەشەی سیاسی–ئیدئولوژیکیان و بۆ پەروەردەکردنیان دەست بە کار بین و بە هۆی ئەوانەوە پتەوی ئەم تەیفەی کرێکاران و ریکخراو بوونی زیاتریان بە راوردە بکەین.

ئێستا لە شارەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، وە یا لە رشتە جۆراوجۆرەکانی کار دا، شەبەکەکانی خەباتی کرێکاران–دیارە بە بەرینایی جیاوازەوە – وجوودیان هەیە کە ئەغلەب لە ریزی پیشەوەی ئیعتیرازات دان و، ئەو کەسانەی لەم شەبەکانە دا نەقشی رابەریان هەیە وە یا لە شەبەکەکان و لە خەبات دا هەلسووراون، زۆربەیان سازمانی کوردستانی حیزب و سیاسەتەکانیان قەبوولە، تەنانەت بە بیئەوەی پەیوەندی تەشکیلاتی یان لەگەڵ کۆمەڵە هەبی یەکەم: دەبی لەگەڵ هەموو ئەم ر ابەران و تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری تەماس و پەیوەندمان هەبی،

دوهەم: هەول بدەین هەموویان، چ کەسانیک کە لەگەڵ ئیمە پەیوەندی تەشکیلاتیان هەیە و چ کەسانیک کە نیانە، شارەزای هەلویستی سیاسی و ئیدئولوژیکی ئێمە بن دەبی ئەم هاوڕیانە، بۆ تەسمیم گرتن لە سەر مەسەلە کرێکارییەکان و ئیقداماتمان لەم بابەتەوە ڕاوبژیان لەگەڵ بکری. دەبی ببنە ڕەواج پیدەر و مودافیعی توانا و لیهاتووی کۆمۆنیزم و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و بە پیی سیاسەت و جیهەت گیریەکان و ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە شوینی خۆیان فەعالییەت بکەن، وە بەم جۆرە و بە سەرجەمی ئیقداماتی خۆمان تەقویەت و پتەوکردنەوە و پەرە پیدانی شەبەکەکانی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری بنییننە دەستووری کارمانەوە لە هەر جی یەک شەبەکەکان هەبن دەبی ئاژیتاتور لە نیویان دا پەروەردە بکەین و تەرویجی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرەوپیش بەرین و لە هەر جیگایەکیش شەبەکەکان زەعیفن یان لە سەرەتای پیک هاتن و شکل گرتن دا یان وجوودیان نیە، دەبی بۆ پەرەپیدان و ریکخستنیان تیبکۆشین ئەم شەبەکانەی خەبات، نەتیجەی پەیوەندی خەباتکارانە و تەبیعی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکارین و لە نەتیجەی پەیوەندیکی تەشکیلاتی و حیزبی دا پیک نەهاتوون و پیک نایەن ئەم شەبەکانە دەتوانن تەنیا لە ڕشتە و حرفەیەک دا مەحدوود نەبنەوە و مەنتەقەیەک بگرنە بەر.

بۆ ئەوەی ڕابەرانی عەمەلی ببنە هەڵسووراو و کادری وا کە شارەزای هەلویستەکانی حیزب بن کە ئەمە دەبی لەم دەورەیەدا لە کوردستان لە دەستووری کارمان دا بی، چ ئیقداماتیک بە پیویست دەزانن و بە شیوەی موشەخەس ڕیبەرایەتی کۆمەڵە چ دەور و نەقشیکی لە ئەستویە؟

یەمەمین هەنگاومان لەم بابەتەوە ئەوەیە کە هەدەفی خۆمان لەم کارە ڕا بگگەینین و سیاستی دەورەیی مان لە زەمینەی ریکخستنی حیزبی دا ڕۆشن بکەینەوە و دیمەن و تەسویریکی ڕۆشن لەو ئال و گۆڕە کە لە پیشمانەلە زەینی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکاری دا جیگیر بکەین، پاشان پەرە پیدانی بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازی و ئابووری کرێکاران لە کوردستان بە پیی سیاسەت و شیعار و ڕینوینیەکانی کۆمەڵە دەبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری لەم دەورەیە دا بە دەخالەت و تەئسیری ئیمە پەرە بگری و بەم جۆرە ڕابەرانی کرێکاری فەعال کەینەوە و بۆ هیدایەتی هەرچی باشتری ئەم خەباتە، ڕینوینی عەمەلی و فیکری ئەو هاوڕی یانە بە شیوەی بەردەوام وەک ئەرکی خۆمان چاو لی بکەین هەتا تەیفی ڕابەرانی کرێکاری و فەعال لە ئیعتیرازاتی جاری کرێکاری دا پەرە بگری و پەروەدە بن. لەم پروسەیەدا ئەو بەشەیان کە ئاشنایەییەکی کەمتریان لەگەڵ ئیمە بووە لەگەڵ هەلویست و سیاسەتەکانمان ئاشنا دەبن و ئەو بەشەش کە خۆیان بە لایەنگری حیزب زانیوە و لە حیزب نزیک بوون زیاتر شارەزای هەلویست و سیاسەتەکانمان دەبن و لە نەتیجە دا ڕیگا خۆش دەبی بۆنەوەی گەڕایشی کۆمۆنیستی هەرچی زیاتر لە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستاندا ببیتە گەڕایشکیکی زال و بە هیز. یەکیکی تر لە هەنگاوەکانی ئیمە دەبی تەقویەتی شەبەکەی ارتباتات و، ریکخستن و پیک هینانی سازمانیکی ارتباتی و حیرفەیی بی بە جۆریک کە بتوانین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری پتەوتر کەین و یەکیک لە ئەرکە سەرەکی یەکانیشمان ئەوە بی کە پەیوەندی بەردەوامی خۆمان لەگەڵ ڕابەرانی کرێکاری بپاریزین پیک هینانی شەبەکەیەکی ارتباتی حیرفەیی لە ئەندامان و لەو هاوڕیانە کە بەکاری خۆیان عەلاقەمەند بن و لیی بزانن ئەرکیکی فەوری و گرینگە بۆ ئیمە.

بیجگە لەو ئیقداماتەی باسم کرد، هەروەک پیشتریش ئیشارەم پیکرد، دەبی پەرەپیدان و تەرویجی کۆمۆنیزم لە نیو شەبەکەکاندا و تەقویەتی بناغەی ئیدئولوژیکی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و ڕابەرانی کرێکاری وەک یەکیک لە ئەرکەکانمان چاو لی بکەین تەقویەتی ڕابەران و پیشرەوانی کرێکاری لەم بابەتەوە لە درێژەی خەتی کۆمۆنیستی و ریکخراو بوونی زیاتر و پاراستنی پتەوی شەبەکە و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریەکان دا گرینگی هەیە.

هەروەها ڕابەری کۆمەڵە دەتوانی بۆ ئاسان کردنەوەی مەسەلەی پەروەردە کردنی کادر لە دوو ئاست دا دەور و ئەرکی خۆی بەریوە بەری: یەکەم ئەوەکە هەموو ئیمکاناتی مەوجوودی بەشە جۆراوجۆرەکان کە هەرکامیان بەریوە بەری ئەرکی خۆیانن لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگ بکا. دووهەم ئەوە کە خودی ڕیبەرایەتی کۆمەڵە ببیتە مەرکەز و کانوونیکی سەرەکی بۆ هیدایەتی بزووتنەوەی کرێکاری و، بۆ بەریوەبردنی هەرچی خیراتری ئەم وەزیفەیە سیاسەتی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری دا ڕۆشن دەکاتەوە. دەبی ئاگادار و شارەزای هەموو لایەنیکی مەسەلەکان و خەباتی کرێکاران بی هەتا بتوانی بە هۆی ئورگانە تەشکیلاتییەکانی، ڕابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری لە خەباتی ڕۆژانەیاندا ڕینوینی بکا و ڕاستەخۆ پروسەی پەروەردە بوونیان بگریتە ژێر چاوەدێری خۆی. ڕیبەرایەتی کۆمەڵە دەبی لەهەر تەماس و پەیوەندیکی خۆیدا لەگەڵ ڕابەرانی کارگەری و تیکۆشەرانی کۆمۆنیست، ئاسوی خۆی بینیتە بەرچاویان و لەگەڵیان باس بکا، پەیوەندیکی سیاسی قایمتریان لەگەڵ پیک بینی و کاریک بکا کە زیاتر پشتیان پی ببەستری دەبی ولامدەرەوەی پیویستییەکان و گیر و گرفتی تەیفی کرێکارانی کۆمۆنیست بی لە خەباتیان دا و بۆ پەرە گرتن و ریکخراو بوونیان، وە بە شیوەی بەردەوام حەرەکەت و کارکردی ڕابەرانی کرێکاری تەسحیح بکا و بە بەریوە بردنی هەموو ئەو ئەرکانە دەور و نەقشی ڕابەری یەکی سەراسەری لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و بۆ هیدایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان بگریتە ئەستو هەروەها لە ئوتوریتە و نفووزی مەعنەوی کۆمەڵە بۆبە سەرەنجام گەیاندنی مەسەلەی تەشکیلات سازی حیزبی لەم دەورەیەدا هەرچی زیاتر کەلک وەر بگری. بە کورتی، ئەرکی ریبەرایەتی کۆمەڵە وەک ڕابەری سیاسی کرێکاران لە کوردستان ئەوەیە کە سیاسەت و ئوسوول دیاری بکا، ئەرک و وەزیفەی بەشە جۆراوجۆرەکان تەشکیلات ڕابگەیتنی و ویرای پەیوەند گرتن لەگەڵ ڕابەران و کەسانی هەڵسووراوی نیو کرێکاران، بەردەوام چاوی لە شیوە کار و چونیەتی بەریوە چوونی کارەکانیان بی و لە جەریانی پیشرەوی دا ئیسلاحیان بکا. یان لەم دەورەیەدا ڕاستەوخۆ لە هیدایەتی خەباتی جاری‌ش دا دەخالەت بکا.

هاوڕی عومەر! هەر وەک ئاگادارن ماوەیەکە دەنگی شۆڕشی ئێران هەول و کوششیکی تایبەتی بۆ تەوزیح و ڕوون کردنەوەی ئەو ئال و گۆڕە کە لە پیشمانە دەست پیکردوە لە بابەت سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران و مەسەلەکانی ئیستای سەر ڕیگامان چ ڕینوینی یەکتان بۆ تەبلیغات و ڕادیو هەیە؟

ئەو فەعالییەتە تەبلیغییە کە دەنگی شۆڕشی ئێران دەستی پیکردوە لە دەرەجەی یەکەم دا هەدەفی ئەوە بووە و ئەوەیە کە سەرنجی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکاری بۆ ئەو ئال و گۆڕە ڕاکێشی کە کۆمەڵە ڕووی تی‌کردوە و، تەسویریکی کوللی لەو گورانەیان بخاتە بەرچاو. ئەم کارە بە دەرەجەیەک کراوە و بەریوە چووە، بە جۆرێک کە ئیستا لە ئیدامەی خۆیدا دەبی بچیتە سەر باسی مەسەلەی موشەخەس تر و تەئسیراتی ئەم ئال و گۆڕە لەسەرلایەنە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتمان هەتا بتوانین دیمەنیک لە داهاتووی خۆمان – لەو شتە کە دەبی پیی بگەین–بە شیوەیەکی ڕۆشنتر بخاتە بەر چاوی تیکۆشەران و کرێکاران.

بەڵام بیجگە لەمانە تەبلیغاتی ئیمە لەم دەورەیە دا دەبی لەسەر چەند مەسەلەی سەرەکی کە بە ریکخراو بوونی حیزبی کرێکاران مەربووتن، تەئکیدیکی تایبەت بکا. ڕادیو و نەشریاتی ئیمە دەبی بۆ هەلخراندن و گەشە و تەقویەتی خەباتیکی ئابووری کرێکاری، شیعار و داخوازی ڕۆشن بنینە دەستوور. ئەگەر دەمانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ داخوازە ئابووریەکان لەم دەورەیەدا ئەساسەن بە دەخالەت و تەئسیری سیاسەتەکان و فەعالییەتی ئاگاهانەی ئیمە بەرەوپیش بچی، تەبلیغاتی ڕادیویی دەتوانی نەقشیکی زۆر گرینگ بگریتە ئەستو و دەبی لە وەختی خۆیدا دەنگ و باسی ئەو خەباتە بلاوکاتەوە، شیعار و داخوازەکانی ئیمە لە زەمینەیە دا بەردەوام تەبلیغ بکا و تەوزیحیان بدا و تەجرەبەی خەباتی کرێکاران لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی کار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە کرێکارانی تر بگەیەنی دەبی هەموو حەرەکەتیک و هەموو کەم و کووری یەکی ئەم خەباتە لە ڕادیو و نەشریاتی ئیمەدا بکرینە بناغەی پەروەردە کردنی ڕابەرانی کرێکاران و پوختە تر کردنی خەباتیان.

تەبلیغ و تەرویجی سوسیالیزم و ئامانجە نیهاییەکان، لە بەرنامەکانی ڕادیودا ئەم دەورەیە، گرنیگی یەکی تایبەتی هەیە. بەشیک لە ئەرکی گەشە پیدانی سیاسی– ئیدئولوژیکی شەبەکەکان و تیکۆشەران و ڕابەرانی کرێکاری لە ئەستوی ڕادیویە. بۆ یارمەتی دانی پیشرەوان، دەبی بە هەموو شیوەیەک، بە تایبەت بە بلاو کردنەوەی نەشرییەی کۆمۆنیست و پیشرەو و پەیام و نەوارەکانی بانگەواز لە نیو کرێکاراندا دەست بە کار بین.

یەکیکی تر لەو مەسەلانە کە لە تەبلیغاتی ئیمە دا بە جیددی دەبی لە بەرچاو بگیری، کومەک کردن بە پیک هاتنی ریکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان و تەوزیحی سیاسەتەکانی ئیمەیە لەم بابەتەوە. پیک هینان و پەرەپیدان و تەقویەتی ریکخراوە جەماوەرییەکان ئەو ئالقە گرینگەیە کە تەئسیر دەکاتە سەر گەشە و بەرەو پیش چوونی خەباتی جاری کرێکاران، هەروەها پیک هاتنی ریکخراوە جەماوەرییەکان کۆمەک دەکا بە ریکخستنی کۆڕ و کۆمەڵ و شەبەکەکانی خەباتی کرێکاران و مەوقعییەت و ئەمنییەتی ڕابەرانی کرێکاری مەحکەمتر دەکا. بۆیە تەبلیغ و تەرویج لەسەر ئەو ئیقدامات و شیعارانە کە ڕیگا بۆپیک هاتنی ریکخراوە جەماوەرییەکان خۆش دەکەن وەزیفەیەکی گرینگی تەبلیغاتی ئیمەیە لەم دەورەیەدا.

بیجگە لە تەبلیغ و تەوزیحی گشتی بۆ کرێکاران لەم دەورەیەدا، دەبی ڕۆشنتر و ڕاستەوخوتر ڕوو بکەینە کرێکارانی کۆمۆنیست و ڕابەرانی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری لە عەینی حالدا تەبلیغاتی ئیمە و بە تایبەت ڕادیو دەنگی شۆڕشی دەبی وردی و ناسک بوونی دەخالەتی تەبلیغی سەراسەری و عەلەنی مان لەو مەسەلانە دا لەبەر چاو بگری. لە هەر حالدا دەبی ڕابەرانی عەمەلی و کرێکارانی کۆمۆنیست تەقویەت بکا. هاواهەنگی هەرچی زیاتری تەبلیغات و ئەو ئیقداماتە کە کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان لەم زەمینەیە دابەریوەی دەبا پیویستی و زەوورەتیکی لە جاران زیاتری هەیە.

هاوڕی عومەر لە بابەت ئەو مەسەلانەی باست کردن چ تەوسیەیەکت بۆ تیکۆشەران و ڕابەرانی کرێکاری هەیە؟ پیت وایە گرینگترین ئیقدامی ئەو هاوڕیانە بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتی ریکخستنمان لەم دەورەیەدا چیە؟

وەری خستنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری ئەرکیکە کە ئیمە ڕوومان تی کردوە و هەموو هەول و کوششمان ئەوەیە کە گەڕایشی کۆمۆنیستی لەو بزووتنەوەیەدا زال بی و بەم جۆرە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بکەینە بزووتنەوەیەک کە گەڕایشی کۆمۆنیستی تییدا مەیداندارە. لە دلی ئەم خەباتە دایە کە لەم مەرحەلەیە دا سیاستی ریکخستنی حیزبیمان بەرەوپیش دەبەین کە ئەساسەن –هەر وەک وتم–بریتییە لە زیاد بوون و پەرەگرتنی شەبەکەکانی خەبات و پەروەردە بوونی کادر و ڕابەرانی عەمەلی و گەشەی ئیدئولوژیکیان و پتەوی تیفی کرێکارانی ڕادیکال سوسیالیست لە باری سازمان و فکری یەوە. هەموو ئورگانە تەشکیلاتییەکانی ئیمە هەول دەدەن پراتیکیکی گونجاو لەگەڵ ئەم جیهەت گیرییە بەرەوپیش بەرن. بەڵام ئەوەی وتم، بە بی وەخو کەوتنی ئەو ئینسانانە کە بە فەعالییەتی زیندووی خۆیان دەبی ئەم ئال و گۆڕ و ئیقداماتە لە شوینی خۆیان بەریوە بەرن، بەرەوپیش ناچی یانی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و ڕابەرانی کرێکاریش دەبی بە پیی ئەو باسانە کە مەترەح کراون وەخو کەون و لەم مەقتەعەی خەباتی چینایەتی دا دەوری تاریخی و چینایەتیدا دەوری تاریخی و چینایەتی خۆیان بناسنەوە و پیویستییەکانی دەخالەتی هەرچی زیاتری خۆیان لەم گورانکاریە دا فەراهەم بکەن. پیم وایە ئەوەڵەن دەبی بە وردی باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری و"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران"لە نەشریاتی ئیمەدا تەعقیب بکەن، گوێ بدەنە بەرنامەکانی ڕادیوی دەنگی شۆڕش و سەرنجی باقی کرێکارانیشی بۆ ڕاکیشن، دوهەم: بیجگە لە ئیقداماتیک کە ئیمە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەوان بەریوەی دەبەین، دەبی خۆیان ڕاستەوخۆ هەول بدەن لە هەر ئیمکانیک کە بۆیان دەست دەدا کەلک وەرگرن و پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن: چ بە ئادریسەکانی دەرەوە دا و بە نامە نوسین و چ لە ڕیگای دیکەوە و بە یارمەتی کەسانی باوەڕپیکراوی خۆیان بە تایبەت ڕووی قسەمان لەو هاوڕیانەیە کە ئیستا ئەرکی ڕابەری کردنی بەشیک لە خەبات و مەسەلەکانی کرێکارانیان لە ئەستویە ئەو هاوڕیانەش کە تەماس و پەیوەندیان بووە بەڵام گیرو گرفتیکی بۆ پیش هاتوە دەبی دەس بەجی دەست بە کارین و پیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان بەرەقەرار کەنەوە تەنیا بە تیکۆشانی هەمەلایەنەی هەرتک لا کۆمەڵە دەتوانی هەرچی زووتر لەگەڵ ڕابەران و تیکۆشەرانی خەباتی کرێکاری پەیوەند بگری و بە کەڵک وەرگرتن لە نەزەر و پیشنیاریان، سیاسەت و ئیقداماتی عەمەلی ڕۆشن بنیتە دەستووری بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات یانی ئیمە ئەو کات باشتر دەتوانین نەقشی تەبلیغات، کۆمیتەی تەشکیلاتی شار، تەشکیلاتی عەمەلی و خودی تیکۆشەران و ڕابەرانی کرێکاری دەست نیشان بکەین پیم وایە لەم دەورەیەدا ئەوە ئەسلی ترین ئەرکی ئەو هاوڕیانەیە هەتا بتوانن هاواهەنگ لەگەڵ کوللی حیزب و ئورگانەکانی بەریوە بەری ئەم کارە عەمەل بکەن و هەر لە ئیستاوە دەخالەتیکی کاریگەرتریان بی لە تەسمیم گیری یەکاندا. گەلیک باسی بە نرخ و پر ناوەڕوک بۆ وردتر کردنەوە و شی کردنەوەی سیاسەت و نەقشە عەمەلەکانمان کراوە و هەر ئیستاش خەریکە دەکری کە قەتعەن لە نەشرییەکاندا چاپ دەکرین و دەنرینە ئیختیاری هەموو هاوڕیانی کرێکار تەعقیب کردن و پەی گرتنی ئەم باسانە و بەشداری هاوڕیان لەم باسانەدا زۆر بە کەڵک و کاریگەر دەبی.

پاشماوەی ریزگرتن لە سالیادی هاوری سدیقی کەمانگەر

هیزەکانی رژیم سەرەڕای ئاگادار بوون لە بەڕپا کرانی ئەم مەراسمە، لە ترسی تووڕەیی خەڵکی دل پڕلەقین هیچ دەخالەتیکیان نەکرد. یەکیک لە فەرماندەکانی رژیم فەرمانی دابوو لەبەر وەجوش نەهینانی زیاتری خەڵکی تووڕە دووڕەپەریزیان لی بکەن و خۆیان نیشان نەدەن.

جگە لەو مەراسمە عەلەنی وشکوداڕە، کرێکاران و زەحمەتکیشانی شاری سنە کە خۆیان لە نزیکەوە هاوری سدیقیان دەناسی و لە ماوەی پتر لە ٢٠ ساڵ خەباتی بێوچان و کۆمۆنیستی ئەم ڕابەڕە ماندووییی نەناسەیاندا سەدان بیرەوەریان لە بیرە، لە کۆر و کۆمەڵی خۆیاندا و لە شوینی کار و ژیان و شوینە گشتییەکان ریزیان لە یادی هاوری سدیق گرت و بیرەوەرییەکانی خەباتی گەرم و گۆڕی خەڵکی شاری سنەیان بۆیەکتر دەگیراوە کە هاوری سدیق ڕابەری کرد بوو.

مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر لە ئوردووگای ڕمادیەی عێڕاق

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە سەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئوردووگای پەناهندەکانی ئێرانی لە ڕمادیەی عێڕاق، مەراسمیکی شکودار بۆ ڕیزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر بەڕپا کرا.

لە کۆتایی ئەم مەراسمەدا کە سەدان ژن و پیاوی تیکۆشەر بەشداریان تیدا کرد بریارنامەیەک درا کە سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکرد و داوای لە هەموو ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخوازی ئێران دەکرد کە ئەم سیاسەتە جینایەتکارانەیەی جمهووری ئیسلامی بە تونDی مەحکووم بکەن.

بوپشتیوانی لە ئازادی دەسبەجیی کرێکارانی زیندانی هەستین!

لە ماوەیەک لەوەپێشەوە لە شاری سنە ژمارەیەک لە کرێکارانی حەقخواز، لە لایەن ڕژیمەوە گیراون و زیندانی کراون و تا ئیستاش کە چەند مانگ لە گرتنیان تێپەڕ دەبی وەلامیکی ڕۆشن نەدراوەتەوە بە خانەوادەکانیان.

گیرانی ئەم کرێکارانە، هەر ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخواز کە ڕیز بۆ ئینسان دادەنی دەباتە ناو فکر و ئەم پرسیارەی بۆ دینیتە پێش کەئەم ڕژیمە بە چ حەقیک لە چەند مانگ لەوە پێشەوە دەیان کریکاری لە گۆشەی زیندان دا ڕاگرتوە و بەم جۆرە نائەمنی بۆ خانەوادەکانیان پێک هیناوە و ئاسایشی لی هەلگرتوون؟

برسێتی و نیگەرانی ژن و منداڵەکانی ئەم کرێکارە زیندانییانە تاوانیکە کە هیچ ئینسانیکی شەریف و ئازادە چاوپوشی لی ناکا. هەژاری و بێبەشییەک کە ئەم ڕژیمە لە ماوەی ئەم دەساڵەدا بۆسەر میلیون میلیون کرێکاری ئێرانی هیناوە، نەک هەر لە لایەن کرێکارانەوە بەڵکوو لە لایەن هەموو ئینسانیکی وەخەبەر هاتوو و وشیارەوە بەگەورەترین تاوانی کۆمەڵایەتی دەژمێردری و ناکری چاوپوشی لی بکری.

بەشەرییەت بەکەسری شانی خۆی دەزانی شەریفترین وزەحمەتکیش ترین ئینسانەکان، لە نانی شەو، لەبەرگ و لیباسی منداڵەکانیان، لە مەسکەن و ئاسایش و بە کورتی تەنانەت لە لانیکەمی ژیانیکی ئاسایی بێبەش بن. ئیعتیراز بەم ژیانە مەینەتبارە ئیعتیرازیکی بە تەواوی ڕەوایە و هیچ ئینسانیکی شەرافەتمەند نابی قەبوول بکا کرێکاران بە تاوانی ئیعتیراز بەم وەزعە بخرینە گۆشەی زیندان.

تەنیا دەلیلی سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی بۆ گرینی کرێکارانی خەبات و ئیعترازی کرێکارانە بەرانبەر بەم وەزعە و هیچ دەلیلیکی دیکەی نیە.

کاربەدەستانی رژیم لە شاری سنە ماوەیەک پاش بەڕپاکرانی جەژنی هەوەلی مانگی مەی، ژمارەیەک لە کرێکارانیان گرت و بەم کردەوەیان نیشانیان دا تەنانەت ڕۆژیکی سالیش- ڕۆژیک کە هەموو دنیا و تەنانەت خودی ئەم رژیمەش بە نیوی ڕۆژی کرێکار بە ڕەسمییان ناسیوە- قەبوول ناکا.

رژیم مەراسمی سەربەخۆی کرێکاران کە داخوازەکانیانی تیدا دینە گۆڕ و چارەی دەیان موشکیلی خۆیانی تیدا دەدوزنەوە، قەبوول ناکا .

رژیم بۆ مەبەستیکی دیاری کرا و دوابەدوای هەوەلی مانگی مەی ئەم کرێکارانەی گرتوە بە خەیالی خۆی دەیەوی کرێکارەکانی دیکەچاوترسین کا، ئەو تەئسیرە بشواتەوە کە یەکیەتی و هیزی کرێکاران لە ڕۆژی کرێکاردا پیکیان هیناوە و پیشی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کرێکاران بگری و بەگشتی کرێکاران ناچار بە پاشەکشە بکا.

ئەم رژیمە جگە لە گرتنی دەیان کرێکار لە شاری سنە، بەوەری خستنی نمایشی گەشتی "ئارالە" و مانور دانی بە کریگیراوانی کۆمیتەکان لە شاردا و بەهاشاول بردن بۆ سەر ژنان و هیرش کردن بۆ سەر زەحمەتکیشانی دەستفروش هەولی داوە فەزای ترس و سام و خەفەقان پەرە پی بدا و بەری پەرەسەندنی فەزای شۆڕشگیرانە و ئیعتیراز و خەباتی ڕوولە گەشەی جەماوەری خەڵک لە شارەکانی کوردستان بگری.

بەڵام سەرەڕای هەر سیاسەتیکی کە رژیم گرتوویەتە پیش دەبی وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە بۆچی و لەسەر چی ئەم کرێکارانە گیراون و تاوانیان چیە؟

ئایا تاوانی ئەو کرێکارانە ئەوەیە کە ڕۆژی جیهانی خۆیانیان جەژن گرتوە؟ تاوانیان ئەوەیە کە مەراسمی دەوڵەتی یان تەحریم کردوە و خۆیان ڕۆژی جیهانی کرێکاریان بەریوە بردوە؟ تاوانیان ئەوەیە کە باسی داخوازەکانی خۆیانیان کردوە و ئیعتیرازیان بە وەزعی مەینەتباری خۆیان هەیە؟

ئەگەر وایە، ئەی جمهووری ئیسلامی ئەم ریاکاری یەی خۆی کە گۆیا موافەقەتی کردەوە کرێکاران ڕۆژی ئەوەلی مانگی مەی بەریوە بەرن، چون تەوزیح دەدا؟

خەڵکی شۆڕشگیر و ئازادی خواز لە هەموو شارەکانی کوردستان، بە تایبەت کرێکاران، زەحمەتکیشان، ژنان و هەموو جەماوەری بەشەرەفی شاری سنە دەبی پشتیوانی لەو کرێکارانە بکەن و دا واکاری ئازاد کرانی دەسبەجیی ئەم کرێکارانە بن.

بێ گۆمان لەهەل و مەرجی ئیستادا پشتیوانی کردنی جیددی خەڵکی شۆڕشگیر لە ئازادی دەسبەجیی ئەم کرێکارانە و شۆڕشگیرانی زیندانی، پشتیوانی لە ئیعتیرازی خانەوادەی زیندانی یەکان، هەنگاویکی زۆر پیویستە بۆ پووچەل کردنەوەی فەزای خەفەقان و سەرکوتیک کە رژیم پیکی هیناوە و هەروەها کۆمەکیکە بە بەرەوپیش چوون و سەرکەوتنی ئیعتیرازی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکیشان. سیاسەتی گرتن و زیندانی کردنی کرێکارانی حەقخواز و تیکۆشەر، بەشیکە لە سیاسەتی دیکتاتوری و خەفەقانی ئەم رژیمە دژی کرێکاریە کەهەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ چینی کرێکار نیشان داوە.

گرتن و بی سەروشوین کردنی سەدان کرێکاری تیکۆشەر و پیشرەو بەتاوانی حەقخوازی، تەنیا گۆشەیەکە لە جینایەتەکانی ئەم رژیمە دژی کرێکاری یە کەبەپەرەپیدانی بیکاری و هەژاری و مەینەت، لە ڕاستی دا مەرگیکی بەشینەیی بەسەر میلیونها ژن و پیاو و منداڵی چینی کرێکاری ئێران دا سەپاندوە.

هاتنەمەیدانی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری ئەم میلیون میلیون کرێکارە تووڕە و حەقخوازانە و ئیعتیرازی یەک لە دوای یەکی ئەوان، سەرەمەرگی جمهووری ئیسلامی و هەموو دام و دەزگای ئابووری و سیاسی سەرمایەداری نزیک و نزیکتر دەکاتەوە.

سێ پایگای رژیم بە تەواوی گیرا.

* پایگاکانی "سماقلوو" و "سەردەرە"ی سەقز و "گیلی کەران" لە مەریوان گیرا.

* دەیان بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیران و فەرماندەیەک و چەندین بەکریگیراویش کوژران.

* دەیان قەبزە چەکی سووک و قورس و نیوەقورس، دەیان هەزار گوللە و سەدان گوللە خۆمپارە و گوللە ئارپی جی و کۆمەڵیکی زۆر کەل و پەلی نیزامی و تەدارەکاتی بە دەسکەوت گیرا.

* پیشمەرگەکان هەموو بەسلامەت گەڕانەوە شوینەکانی خۆیان.

ڕۆژەکانی ١و١٥ و ٢٠ی خەرمانان پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ٣عەمەلیاتی بەدەست و برد و دلیرانەدا، بەپیی تەرحی لە پیشدا دیاری کراو پایگاکانی"سماقلوو" و "سەردەرە"ی سەقز و "گیلی کەران" لە ناوچەی مەریوان یان بەتەواوی گرت.

* عەمەلیاتی گرتنی پایگای "سماقلوو" ڕۆژی ١ی خەرمانان بەدەست پیشمەرگەکانی گوردانی پایگایان گرت.

لەبەشی سیهەمی عەمەلیاتەکەدا پیشمەرگەکان دەستیان دایە پاکسازی ساختمانە بتونییەکان و پەلاماریان بردەسەر هیزەکانی رژیم کەبەتەمای دەست کردنەوە بوون و چەند بەکریگیراو کوژران و ئەوانی تریش بەدیل گیران و پایگا بەتەواوی کەوتە دەست هاورییانی پیشمەرگە.

هاوکات لەگەڵ دەست پی کردنی ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان چوونە نیو ئاوایی "سماقلوو" و لە بلندگوی مزگەوتەوە قسەوباسیان بۆ خەڵک کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبی یان لە نیو دا بڵاو کردنەوە.

* عەمەلیاتی گرتنی پایگای "سەردەرە" ڕۆژی ١٥ی خەرمانان لە لایەن چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقزەوە لە ٣بەشدا بەریوە چوو.

لە بەشی یەکەمدا هاورییان پاش تیپەڕ بوون لە دەیان پایگا ومەقەری هیزەکانی رژیم لە شوینەبەرزەکانی دەور و بەری ئاوایی"سەردەرە" لە بەشی سەرشیوی سەقز دامەزران و پایگایان گەماروادا هەروەها واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان، لەسەر ریگای نیوان ئاوایی"ڕەنگەڕیژان" و "سەردەرە" کەمینیان بۆ هیزی کۆمەکی رژیم دانا.

لە بەشی دووهەمدا سەعات ٦/٥ی ئیوارە هەموو واحیدەکان هاوکات لەگەڵ واحیدی پیشرەوی پایگایان بەتوندی ئاگر باران کرد و دەرفەتی دەست کردنەوەیان لە هیزەکانی رژیم بری. واحیدی پیشرەوی بەدەست وبرد خۆیان گەیاندە نیو پایگا و ویرای بەدیل گرتنی بەکریگیراوانی رژیم پایگایان بە تەواوی گرت و پاش ڕاگویزتنی دیل و دەسکەوتەکان، پایگا و سەنگەرەکانیان تەقاندەوە.

لە بەشی سیهەمدا واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان ویرای دیدار و قسەوباس لەگەڵ خەڵکی ئاوایی تراکت و نووسراوەی حیزبی و نەواری بانگەوازیان لە نیودا بڵاو کردنەوە.

* پایگای "گیلی کەران" ڕۆژی ٢٠ی خەرمانان گیرا. هاورییانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە بۆگرتنی ئەو پایگایە لە پیشدا کونترولی بەرزاییەکانی بەشیکی زۆری مەنتەقەیان بە دەستەوە گرت. واحیدی ئینفجارات مەیدانی مینی دەوری پایگایان لە کار خست و سەعات ٥و ٤٥ دەقیقەی ئیوارە واحیدی پیشرەوی لە ژیر پشتیوانی ئاگری چەکی سووک و نیوە قورسی واحیدی پشتیوانی پیشرەوی پاش تیپەڕ بوون لە مەیدانی مین و تەلبەندەکانی دەوری پایگا، لە ماوەی چەند دەقیقەدا بی ئەوەی دەرفەتی دەست کردنەوە بدەن بە هیزەکانی رژیم، هەموو سەنگەرو کانالەکانی پایگایان گرت.

لەبەشی سیهەمی عەمەلیاتەکەدا پیشمەرگەکان دەستیان دایە پاکسازی ساختمانە بتونییەکان و پەلاماریان بردەسەر هیزەکانی رژیم کەبەتەمای دەست کردنەوە بوون و چەند بەکریگیراو کوژران و ئەوانی تریش بەدیل گیران و پایگا بەتەواوی کەوتە دەست هاورییانی پیشمەرگە.

هاوکات لەگەڵ دەست پی کردنی ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان چوونە نیو ئاوایی "سماقلوو" و لە بلندگوی مزگەوتەوە قسەوباسیان بۆ خەڵک کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبی یان لە نیو دا بڵاو کردنەوە.

* عەمەلیاتی گرتنی پایگای "سەردەرە" ڕۆژی ١٥ی خەرمانان لە لایەن چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقزەوە لە ٣بەشدا بەریوە چوو.

لە بەشی یەکەمدا هاورییان پاش تیپەڕ بوون لە دەیان پایگا ومەقەری هیزەکانی رژیم لە شوینەبەرزەکانی دەور و بەری ئاوایی"سەردەرە" لە بەشی سەرشیوی سەقز دامەزران و پایگایان گەماروادا هەروەها واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان، لەسەر ریگای نیوان ئاوایی"ڕەنگەڕیژان" و "سەردەرە" کەمینیان بۆ هیزی کۆمەکی رژیم دانا.

لە بەشی دووهەمدا سەعات ٦/٥ی ئیوارە هەموو واحیدەکان هاوکات لەگەڵ واحیدی پیشرەوی پایگایان بەتوندی ئاگر باران کرد و دەرفەتی دەست کردنەوەیان لە هیزەکانی رژیم بری. واحیدی پیشرەوی بەدەست وبرد خۆیان گەیاندە نیو پایگا و ویرای بەدیل گرتنی بەکریگیراوانی رژیم پایگایان بە تەواوی گرت و پاش ڕاگویزتنی دیل و دەسکەوتەکان، پایگا و سەنگەرەکانیان تەقاندەوە.

لە بەشی سیهەمدا واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان ویرای دیدار و قسەوباس لەگەڵ خەڵکی ئاوایی تراکت و نووسراوەی حیزبی و نەواری بانگەوازیان لە نیودا بڵاو کردنەوە.

* پایگای "گیلی کەران" ڕۆژی ٢٠ی خەرمانان گیرا. هاورییانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە بۆگرتنی ئەو پایگایە لە پیشدا کونترولی بەرزاییەکانی بەشیکی زۆری مەنتەقەیان بە دەستەوە گرت. واحیدی ئینفجارات مەیدانی مینی دەوری پایگایان لە کار خست و سەعات ٥و ٤٥ دەقیقەی ئیوارە واحیدی پیشرەوی لە ژیر پشتیوانی ئاگری چەکی سووک و نیوە قورسی واحیدی پشتیوانی پیشرەوی پاش تیپەڕ بوون لە مەیدانی مین و تەلبەندەکانی دەوری پایگا، لە ماوەی چەند دەقیقەدا بی ئەوەی دەرفەتی دەست کردنەوە بدەن بە هیزەکانی رژیم، هەموو سەنگەرو کانالەکانی پایگایان گرت.

لە سەرجەمی گرتنی ئەم ٣ پایگایەدا ٤بەکریگیراوی رژیم کوژران کەیەکیان مەسئوولی پایگای سەردەرە حجت شعبانی و ٣ کەسەکەی تربریتی بوون لە: حسن یعقووب نژاد، معزم حسنی و عبدالله محمدی، هەروەها لەم سی عەمەلیاتەدا ٣٢کەس لە هیزەکانی رژیم گیران کە بریتی بوون لە:

١- عزت الەنزری، ٢- اسماعیل زارع، ٣- حسن خوشی، ٤- حسن خدایی، ٥-موسی سلتانی، ٦- ابراهیم کریمی، ٧- لتفعلی بیات، ٨- عبدالله سلیمی، ٩- پرویزنیک نژاد، ١٠- محمد صدیق کریمی، ١١- علی سوداگری، ١٢- قاسم جلیل وند، ١٣- مزفر حمانی، ١٤- حسن عنبری، ١٥- علی قاسم خانی، ١٦- محمد فتحی نژاد، ١٧- سید صلاح دهقانی، ١٨- شهرام قربانیان، ١٩- حسین فروتن، ٢٠- محمد رادپور، ٢١- ابراهیم هدایتی، ٢٢- محمد قارداش، ٢٣- عبدالله حسینی، ٢٤- رمزان ویسی، ٢٥- شمس الدین مومن زاده، ٢٦- یدالە رشیدی، ٢٧- هیبت محمدی، ٢٨- جبار سیدی، ٢٩- جلال سیدی، ٣٠- عبدالە خالدیان، ٣١-حسین پناهی،٣٢- رزا گوش بر هەروەها لە جەرەیانی گرتنی ئەم ٣ پایگایەدا ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی کەوتە دەست پیشمەرگەکان کە بریتی بوون لە:

١- کلاشینکوف و ژ-٣ ٥٠قەبزە
٢- تیربار ٣قەبزە
٣- ار.پی.جی ٣قەبزە
٤- خومپارە ٦٠ میلیمیتری ٣قەبزە
٥- بیسیمی پیئار.سی ٧٧ ٤دەزگا
٦- گوللەی خومپارە ١٧٠دانە
٧- گوللەی ئار.پی.جی ٩٠دانە
٨- نارنجەکی تفەنگی و دەستی ٢٦٩دانە
٩- فیشەکی ژ-٣ و کلاشینکوف ٤١٠٠٠دانە
١٠- مینی جۆراوجۆر ١٦دانە
١١- موتور بەرق ١دەزگا
١٢- مەنبەعی نەوت ٧دانە
١٣- مەنبەعی ئاو ٤دانە
١٤- چەندین کولەپشتی دەواودەرمان
١٥- ژمارەیەک بەلگەوسەندی نهینی
١٦- کۆمەڵیکی زۆر کەل و پەلی نیزامی و تەدارەکاتی

پیشمەرگەکان لەهەر سیک عەمەلیات دا، پاش بەریوەبردنی سەکەوتوانەی عەمەلیاتەکانیا بی جی هیشت.

(پاشماوەی) چاوگێرانێك بەسەر خەباتی کرێکارانی .....

بە گشتی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لەو مەرکەزە کرێکاری یانە دالە کوردستان کار دەکەن لە چاو چەند ساڵی پێشوو زۆر زیادی کردوە. بەڵام سەرەرای زیاد بوونی ژمارەی ئەم کرێکارانەی کە لەو جۆرە کارگایانەدا کار دەکەن و سەرەرای دەور و نەقشێك کە لە بەرهەم هێنانی پیداویستیەی جۆراوجۆرەکانی رۆژانەی خەڵکی شارەکاندا بوویانە، بە خۆی هەل و مەرجێك کە بە سەر کارەکایاندا زاڵە و بە هوی تر کە باسیان دەکەین، ئەم کارگایانە جاروبار نەبی، هیشتا نەبوونەتە مەرکەزی جۆش و خروش و ئیعتیرازی کرێکاری لە شارەکانی کوردستان و خەباتی کرێکارانی ئەم شوینانە بۆ داخوازی وەك زیاد کردنی حەقدەست، کەم کردنەوەی سەعات کاری رۆژانە، باشتر بوونی هەل و مەرجی کار، دابین کردنی بیمە کۆمەلایەتیەکان، وەرگرتنی حەقی رۆژانی تەعتیل و... هیندێك جار نەبی، هیشتا هەر کەمە لە حالیکدا کەم بوونی حەقدەستەکان، زۆر بوونی سەعات کاری رۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی شوغلی، هەل و مەرجی ناخۆش و نالەباری کار و تەنانەت ئەوەی کە زۆربەی ئەم کارگایانە وەبەر قانوونی کاری دەولەتی ئیسلامیش ناکەون، نیشاندەری هەول و مەرجی ناخوشی کار لەو کارگایانە و چەوساندنەوەی وەحشیانەی ئەم بەشە لە کرێکارانە لە لایەن خاوەن کارەکانەوە.

مانەوەی پاشماوەی پەیوەندی وەستا کار و شاگرد لەم کارگایانە، پرش وبلاو بوون و نامتمکز بوونی کرێکارانی ئەم بەشە، بوونی ژمارەیەك کرێکاری کار کوشتە لەو کارگایانە کە هەر کامیان پاش چەند سال ئارەق رشتن و چەوسانەوەی هیشتاش لە فکری ئەوە دان بگەنە رادەی وەستاکاری و بەشکم بە یەك دوو شاگردەوە ببنە خاوەن کار، زۆربوونی ژمارەی میر منداڵانی شاگرد و کەلك وەرگرتنی بەرین لە کاری منداڵان لەم کارگایانە بە گشتی ئەم هویانەن کە بەری جوش و خروش و پەرە گرتنی ئیعتیرازی کرێکاری کاریگەریان لە زۆربەی ئەم کارگایانە دا گرتوە ئەم وەزعە بووەتە هۆی ئەوەی کۆر و کۆمەڵی کرێکاریی نیو ئەو کارگایانەش پتەوی و جی کەوتوویی پیویستیان نەبی.

هەلبەت جاری واش بووە کە بە هۆی پیشینەی خەباتکارانە، مەیل بە ریکخراو بوون و بوونی کرێکارانی هەلسوراو لەم شوینانە، ریکخراوی سەرەتایی پیك هاتوە و دەور و نەقشیکی کاریگەریان لەخەباتی کرێکاراندا بووە.

هەروەها کرێکارانی ئەم کارگایانە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە پیداویستیەی جۆراوجۆرەکانی خەڵکی شارەکانیان بەرهەم هیناوە یان خەدەماتیکی دیاری کراویان پی داون، دەکری لە هەندیك رشتەی وەك نانەواخانەکان، بە دەست لەکار هەڵگرتن بۆ داخوازە رەواکانیان، تەئسیر دابنینە سەر شاریك، بە تایبەت ئەم مەسەلەیە لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا گرینیگیی یەکی زیاتری هەیە. خەباتی کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان، نموونەی حەرەکەتیکی کاریگەر لە لایەن ئەم بەشە لە کرێکارانەوە بوو کە بۆ داسەپاندنی داخوازەکانیان بە سەر سەرەمایەدارانداً کردیان هەر وەك ئاگادارن کەمی نان لە شاری سنە دەسبەجی ئیعتیرازی خەڵکی بەرانبەر بە کەم بوونی سەهمیەی ئارد و نان و لە دژی کار بەدەستان و دام و دەزگای ئیداری رژیم بە جۆرێك هەلخراند کە کاربەدەستانی رژیم سەرەرای هەموو دەسیسە و پیلانیکی کە بە کاریان هیناو هەولیان دا کەم بوونی نان بخەنە ئەستوی کرێکاران، سەرنجام ناچار بوون سەهمیەی ئارد و نان و ژمارەی ناواخانەکان زیاد بکەن و کرێکارانیکی زیاتریش بەرنە سەر کار.

بە هەرحاڵ ئەو هەل و مەرجە بە نیسبەت یەکسانەی کە دەروانیتە سەر کاری ئەم بەشە لە کرێکاران و رەوتی روو لە متمرکز بوونی ئەو کارگایانە لە هیندێك لەشارەکانی کوردستان، سەرنجدانیکی زیاتری کرێکارانی تیکوشەر و هەلسووراوی نیو ئەم کارگایانە و کۆر و کۆمەڵی مەوجوود لەو شوینانەی پیویستە.

کرێکارانی فەسڵی

کرێکارانی فەسڵی بەشیکی گەورەی کرێکارانی کوردستان دەگرنە بەر بەشیك لەم کرێکارانە فەسڵیك لە ساڵ، لەسەدان کووڕەخانەی دەور و بەری شارەکانی بۆکان، مەهاباد، تەورێز، هەمەدان، ئەهەر، مەرەند، کەرەج و تاکستان و... لە هەل و مەرجیکی سەخت و تاقەت پرووکین دا کار دەکەن. بەشیکی دیکەش لە شیرکەتەکانی ریگاوبان و ساختمان سازی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کار دەکەن و بەشیکی تریش یان کاری کەشاوەرزی و پاتالداری و جووجە سازی دەکەن یان بۆ پەیدا کردنی کار روو دەکەنە بەندەرەکانی جنووب و شارەکانی دیکەی ئێران.

لە نیو کرێکارانی فەسڵی خەباتی یەکپارچەی کرێکارانی کووڕەخانەکان لە کوردستان گرینگیی یەکی تایبەتی وەدەست هیناوە. بەم ئیعتیبارە ئەم بەشە لە کرێکاران لە نیو کرێکارانی کوردستانیشدا بوونەتە وەزنەیەکی گرینگ کرێکارانی کورە خانەکان سالی رابوردوو، بۆگەییشتن بە داخوازەکانیان و توانیکی زیاتر بەم خەباتانە دەبەخشی.

کرێکارانی کووڕەخانەکان سالی پێشوو بە ئامادەیی یەکی زیاترەوە لە بەرانبەر خاوەن کارەکاندا راوەستان سالی رابوردوو داخوازی زیاد کردنی حەق دەستەکان و نووسینی قەرار داد، بەر لەوەی کار دەست پی بکا، لە لایەن خودی کرێکارانەوە هاتە گۆڕ (ئەوە باو بووە کە خاوەن کارەکان هەموو سالی پاش پیك هاتن لەگەڵ دەوڵەت و یەك دوو مانگ دوای دەست پێکردنی کار، حەقدەستی ئەو سالەی کرێکاران بۆ بڕینی هەر هەزار خشت دیاری بکەن و بە کرێکارانی راگەیەنن). کرێکاران توانیان پاش چەند دەورە مانگرتنی سەراسەری و هاوئاهەنگ حەقدەستەکان زیاد کەن و نووسینی قەرار دادی دەستە جەمعی بە سەر خاوەن کارەکان دابسەپینن نووسینی قەرار دادی دەستە جەمعی لە راستی دا یەکیك لە دەسکەوتەکانی خەباتی سالی ٦٧ی کرێکارانی کووڕەخانەکانە هەروەها کرێکارانی کووڕەخانەکان سالی رابوردوو توانیان حەقی هات و چوو و حەقی رۆژانی مانگرتن لە خاوەن کارەکان بستینن و جیی بخەن پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتیش شیوەیەکی کاریگەر لە خەباتی ئەو بەشەی کرێکاران لەدژی دەولەت و خاوەن کارەکان بووە پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی لە نیو ئەو بەشە لە کرێکارانی کوردستاندا بووەتە سوننەتیکی جی کەوتوو. هەروەها لە پال داخوازە ئەساسیەکانی وەك نووسینی قەراردادی دەستە جەمعی و زیاد کردنی حەقدەست دا هیندیك داخوازی تریش وەبەرچاو دەکەون کە هەر کامیان بە جۆرێك پەیوەندی بە باشتر بوونی هەل و مەرجی کار و باشتر بوونی وەزعی گوزەرانی کرێکارانەوە هەیە وەك داخوازی خەرجی هات و چوو، حەقی خاوین کردنەوەی مەیدان، دروست کردنی حەمام و نانەوا، خانە و کیشانی ئاوی خواردنەوە و وەرگرتنی یەخچال و سەهول و نایلون دەسکیش و قالب و داخوازیتری لەم چەشنە ئەم سوننەت و داخوازانە سال بە سال زیاتر و باشتر لە نیو کرێکارانی کووڕەخانەکاندا جی دەکەوی و بە چوونە سەری رادەی تەوەقوعیان بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبی.

کرێکارانی ساختمانی

کرێکارانی ساختمانیش هەر وەك کرێکارانی تری فەسڵی بەشیك لە سال کار دەکەن کە ئەوەیش هەمیشە بەردەوام نیە و رۆژانە بێکاریان بە دەستفروشی دەگوزەری بەڵام سەرەرای ئەوە، ئەم بەشە لە کرێکاران لە یەك دوو سالی رابودوو دا و بە تایبەت پار لە زۆربەی شارەکانی کوردستان شیوەی ئیعتیرازی دەستە جەمعی یان لە نیو خۆیاندا جی خستوە و پەرەیان پیداوە.

سالی ٦٧ کرێکارانی ساختمانی لە شیرکەتەکانی ریگاوبان و ساختمان سازی شارە جۆراوجۆرەکانی وەك: سەردەشت، دیواندەرە، سەقز، مەهاباد و بۆکان، بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان خەباتیان کرد و توانیان لە دریژەی چەند مانگرتن دا رادەی حەقدەستەکانیان بەرنە سەر .

کرێکارانی ئیدارەکان و شوینە دەوڵەتیەکان

ئەم بەشە لە کرێکاران، یانیئەو کرێکارانەی لە ئیدارەکانی: بەرق، ئاو، موخابەرات، ریگاوبان، سەددەکان، شارەداریەکان، پوست، شیرکەتی نەوت و دوخانیات و ئیدارەکانی دیکە و شوینە دەولەتیەکان کار دەکەن، بەشیکی بەر چاو لە کرێکارانی کوردستانن و بە تایبەت پی بەپیی زیاد کردنی جەمعییەتی شارەکانی کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا ژمارەی کرێکارانی ئەو مەرکەزە دەولەتی یانەش زیادی کردوە کرێکارانی ئیدارەکان و شوینە دەولەتیەکان لە میژە متمرکزن و پیشینەیەکی خەباتکارانەی زیاتریان هەیە فشار و زەخت و زۆری دەوڵەتیان زۆر لەسەر بووە و سەرەرای دەولەتی بوونیان لە هەر دەورەیەکی رکوودی ئابووری دا وەك کرێکارانی دیکە کەوتونەتە بەر دەر کردن و بێکار کردن بە تایبەت لەو چەند ساڵە و لە ماوەی شەری ئێران و عیراقدا، بە هۆی زال بوونی راستەوخۆی دەولەت بە سەرياندا ئەغلەب فشاری شەر وەك: بەرێ کردن بۆ جەبهەکان، باج و خەراجی شەر، کەم کردنەوەی حقووقی مانکانە و وەدواخستنی، لەو کرێکارانەوە دەستی پێکراوە و بەم بۆنەشەوە فشاریکی زۆریان لەسەر بووە. کاری ئەم بەشە لە کرێکاران چونکوو تەئسیریکی راستەوخۆی لە بەریوە چوونی ژیانی خەڵك دا هەیە، گرینیەکی کۆمەلایەتی تایبەتیشی پەیدا کردوە. ئەگەر ئەم کرێکارانە بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان دەست لە کار هەلگرن، دەسبەجی کار دەکاتە سەر ژیانی خەڵك و ئەم مەسەلەیە لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا دەتوانی خیراتر لە شوینەکانی تری بەرهەم هینان، دەولەت بخاتە ژیر فشار خەباتی سالی ٦٦ی کرێکارانی ئیدارەی ئاو و بەرقی شاری سنە، خەباتی سالی ٦٧ی کرێکارانی شارەداری مەریوان گرینگی خەباتی ئەم بەشەی کرێکاران و جیگا و شوینی کۆمەلایەتیان بۆ بەرەو پیش بردنی خەباتی چینایەتیان و خستنە ژیر فشاری دەولەت لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا نیشان دەدا. کرێکارانی ئیدارەکان و شوینەدەولەتیەکان، پارەکە چەندین خەباتیان لە شارەکان بۆ وەرگرتنی حقووقی وە پاش کەوتوویان لە دەولەت وەری خستوە.

هەلسەنگاندنی گشتی

پێش هەموو شتیکی پیویستە وە بیر بخەینەوە کە خەباتی کرێکاری سالی رابوردووش هەروەك ساڵانی پێشووتر، لە هەل و مەرجی بێکاری روو لە زیاد بوونی و ئیخراج و زەخت و فشاری جەنگی جمهووری ئیسلامی تا پێش ئاگربەس و گرانی و پەرە سەندنی رۆژ لە رۆژ زیاتری هەژاری و مەینەت و رۆژ رەشی دا بەریوە چوون، لە هەل و مەرجی دریژەی سەرکوت و زەبر و زەنگی رەشی جمهووری ئیسلامی و دەست پێکردنی شەپولیکی نویی هیرشی رژیم بۆسەر کرێکارانی تیکۆشەر و هەلسووراوانی دیکەی سیاسی و گرتن و ئیعدامی بە کۆمەڵی ئەواندا. پیویستە لێرەدا ئیشارەیەك بە چەند خاڵی بە هەیز و لاوازی خەباتی سالی رابوردووی کرێکارانی کوردستان بکری:

١-نزیکەی حەفتا لە سەتی خەباتی پاری کرێکاران بە شیوەی مانگرتن بەریوە چوو. زیاتر بوونی رادەی مانگرتنەکان نیشان دەدا کرێکارانی کوردستان مانگرتنیان وەك ئامرازیکی کاریگەر و بەرەوپیش بەری داخوازەکانیان زیاتر ناسیوە و وەك وەسیلەیەکی کاریگەر لە دژی دەوڵەت و خاوەن کووڕەکان کەلکی لێوەر دەگرن. چوونە سەری رادەی مانگرتنەکان لە چاو شیوەکانیتری خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری لە کوردستان، لە لایەکەوە نیشانەی پەرە سەندنی خەباتی کرێکاریە و لە لایەکی دیکەشەوە زیاتر بوونی هاوخەباتی و یەکگرتوویی کرێکاران دەسەلمینی.

٢- سالی رابوردوو هیندیك داخوازی کرێکاری وەك نووسینی قەراردادی دەستە جەمعی و زیاد کردنی حەقدەستەکان لە نیو کرێکارانی ساختمانی و مەیدان دا و لە سەتحی شارەکانی کوردستاندا بوونە داخوازی گشتی رۆشن بوون و گشتی بوونەوەی ئەم داخوازانە بووە هۆی نیشان دانی یەك گرتوویی و هاوپشتی بەرینی کرێکاران.

ئاشکرایە ئەمانە هەرتکیان، یانی رۆشن بوون و گشتی بوونەوەی هیندیك لە داخوازە کرێکاریەکان پیویستی بە هاو فکری و پیك هاتنی کرێکاران بووە کە ئەوەش بە هەول و تیکۆشان و پەیگیری کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر لە نیو کرێکارانی تر دا بەریوە چوو.

٣- بە دەستەوە گرتنی ئیعتیرازی بە تیکرا وەك ئامرازیك و بەشداری کردنی کرێکارانی تر لەم ئیعتیرازانەدا یەکیك لە دەسکەوتەکانی سالی رابوردووی کرێکارانی ساختمانی و کووڕەخانەکان بووە. ئیعتیرازی بە تیکرای کرێکارانی ساختمانی و کرێکارانی لە شارەکانی: سەردەشت، دیواندەرە، بۆکان، مەهاباد و سەقز و هەولدانیان بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکان یان

راوەستان

بەرانبەر بەکەم کردنەوەی حەقدەستەکان، ئامادە کردن و بەشدار کردنی کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی وەک: کوورە سووز، قرمزدار، کوورەچن، چەرخ کێش و... لە مانگرتنەکان و خەباتە جۆراو جۆرەکانی سالی رابوردووی کرێکارانی کوورەخانەکاندا و مەحدود نەبوونەوەیان بە کرێکارانی قالبدار، هەروەها نموونەکانی تری ئیعتیرازی بە تیکرای کرێکاران لە ئیدارەکان و شوینە دەولەتییەکان کە تەنانەت جاروبار بە شێوەی راپەیمایی و مانگرتن بەرێوە چوون، نیشانەی پەرەسەندنی شکل و شێوەی جۆراوجۆری ئیعتیرازی بە تیکرای کرێکارانی کوردستانە لە سالی رابوودووا.

٤- لە سالی رابوردوو دا هەوڵ و تێکۆشانی کرێکاران بۆ پێک هێنانی ریکخراوە و بۆ ریکخراو بون لە پێشوو زیاتر بوو. پێک هێنانی کۆبونەوە گشتی یەکان، ریکخستنی گاردی مانگرتن، پشت ئەستووری کرێکاران بە کۆبوونەوە گشتییەکان و تەنانەت جاروبار سەندیکا و اتحادیە، نیشانەی هەول و تێکۆشانی کرێکاران بووە لەو زەمینەیەدا سالی رابوردوو لە هەر کۆی کرێکاران رێکخراوە کرێکاریەکانیان کردبێتە پالپشتی خەباتیان، پێشرەوی یەکی زیاتریان کردوە و دەسکەوتیکی زۆرتریشیان وەدەست هیناوە.

٥- ریکخستی مانگرتنە جۆراوجۆر و سەرکەوتووەکان لە کوورەخانەکان ئەوەیش بۆ ماوەی ١٠تا ١٥ رۆژ، بەرپا کردنی مەراسمی ئەوەلی مانگی مەی لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و پەرەسەندنی شکل و شێوەکانی ئیعتیرازی بە تیکرا لە نیو کرێکارانی بەشەکانیتر دا، نیشانەی چوونە سەری رادەی وشیاری و زیاتر بوونی تەجرەبە و ئەزموونی خەباتکارانە و لیهاتوویی هەرچی زیاتری پێشرەوان و رابەرانی عەمەلی کرێکارانی تیکۆشەری کوردستانە چوونە سەری نفووز و ئیعتیباری پێشرەوان و رابەرانی عەمەلی لە نیو کرێکاراندا، پالپشتیکی قایمە بۆ پاراستن و دریژە پیدانی خەباتیکی بە هیزی کرێکاری لە داهاتوودا.

٦- سەرەرای هەموو دەسکەوتە بە نرخەکانی سالی رابوردووی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، هیشتا زۆر کەم و کووری ئەساسی هەیە کە دەبی بزووتنەوەی کرێکاری وەلایان بنی تا داخوازەکانی بە سەر دەولەت و خاوەن کارەکاندا بسەپینی و خۆی بکاتە بربرە پشتی هەموو ئال و گوریکی سیاسی ناو کۆمەڵ دەبی لە سەرووی هەموو ئەو کەم و کووری یانەوە قامک بخریتە سەر نەبوونی ریکخراوە بەهێزە جەماوەرییەکان. نەبوونی ئەم ریکخراوانە دەبێتە هۆی ئەوەی تەجرەبەی خەباتکارانەی کرێکارانی پێشرەو و رابەرانی عەمەلی وەک سوننەتیکی پایەدار و جی کەوتوو سەقامگیر نەبی و دەسکەوتەکانی خەباتی کرێکاران هەمیشە لە مەترسی ئەستاندنەوە دا بی جگە لەوە، ئیعتیرازە کرێکاریەکان هیشتاش هەر پەراکەندە و پرش و بلاون و هیشتا شیعارە واحید و سەراسەریەکانی بە تەواوی لە داخوازەکانی کرێکاراندا جی نەکەوتوون.

گەلاویژی ٦٨

وەرگێر محمد مصری

تیک هەلچوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات-جیناحی قاسملوو

نیوەشەوی ٤ی خەرمانان، کاتیک چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ ئەنجامدانی مەئموریەتیکی تەشکیلاتی بەنزیک ئاوایی "هەرمی دول"ی سەرشیوی سەقزدا تیدەپەرین، لەگەڵ تەجەموعیکی چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی جیناحی قاسملوو بەرەوروو بوون.

ئەفرادی حیزبی دیموکرات کە خۆیان بۆ تیک هەلچوون لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئامادە کردبوو تەقەیان کرد و شەر دەستی پێکرد. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات خیرا پەلاماریان بردنەسەر و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیک ئارایشی واحیدەکانی حیزبی دیموکراتیان شیواند.

ئەم تیک هەلچوونە ٢ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٣ی بەیانی دریژەی بوو. لەم ماوەیداچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات بەرەو بەرزاییەکانی "پەرەژال" و "کەلەباب" لە سنووری پاشەکشەیان کرد و هاوریانی کۆمەڵەش لە بەرزاییەکانی ئاوایی "هەرمی دول" دامەزران.

هەرکە هەوا رۆشنی کرد، چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لە دریژەی پیلانی پێشوویاندا واحیدیک لە هیزەکانیان بەرەوشوینی دامەزرانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەری کرد بەڵام هاوریانمان کە هەموو جم و جوولیکی ئەوانیان گرتبووە ژێر چاوە دیری بە ئاگربارانی چەکی سووک و نیوەقورسیان ناچار بە پاشەکشەیان کردن و ئیتردوای ئەم ناکامی یە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات نەیانویرا هیچ چەشنە جم و جوولیک بکەن.

تیک هەلچوون و دوورەتەقە تا ئیوارەی ئەو رۆژە دریژەی بوو. پاشان چەکدراەکانی حیزبی دیموکرات جاریکی تریش واحیدەپرش و بلاوەکانیان کۆ کردەوە کە لە سەعات ٥ی ئیوارە کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و تەلەفاتیکیان پی گەیشت. دوورەتەقە تا تاریکی هەروادریژەی بوو.

لەجەرەیانی ئەم تیک هەلچوونەدا ٣ کەس لە ئەفرادی حیزبی دیموکرات کوژران و ژمارەیەکیان بریندار بوون و ناچار بوون پاشەکشە بکەن.

هاوریانی پێشمەرگە پاش پووچەل کردنەوەی پیلانی جینایەتکارانەی حیزبی دیموکرات هەموو بە سلامەت دریژەیان بە مەئموریەتەکان دا.

(پاشماوەی) ئاکسیونەکانی دژی تروریزمی جمهووری ئیسلامی لە ئوروپاو ئامریکا!

سوئید:

* رۆژی ١١ی خەرمانان خۆ پیشاندانیک لە شاری مالمو بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز و مەحکووم کردنی تروریزمی جمهووری ئیسلامی بەرپاکرا. ئەم خۆپیشاندانە لەسەر بانگەوازی شووری کاتی بۆ پێک هینانی ریکخراوی دیموکراتیکی پەناهندە و کۆچەرە ئێرانی یەکان بەرپا کرا.

* رۆژی ١٨ی خەرمانان لە شاری "استکهلم" لەسەر بانگەوازی چەند سازمان و ریکخراوی چەپی ئێرانی خۆپیشاندانیک لە سەعات ١١ی بەیانییەوە تا ٣ی پاش نیوەرو بەریوە چوو. خۆپشاندەران بۆ ئیعتیراز بە سیاستەکانی جمهووری ئیسلامی لە مەیدانی مەرکەزی شارەوە تاسەفارەتی جمهووری ئیسلامی راپەیمایی یان کرد و لەوی لە لایەن پولیسەوە بەری پی گیرا.

* لە سەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری صدیق کمانگر خوپیشاندانیکی شکودار لە شاری "استکهلم" بەریوە چوو کە پترلە ٤٠٠ کەس بەشداریان تیدا کرد.

لە جەرەیانی ئەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەک لە بەکریگیراوانی حزب الهی دەستیان دایە فیلم بەردارى. خۆپیشاندەران کە ئەوانیان دەناسی بۆ ئەستاندنەوەی فیلمەکان پەلامارىان دان و پولیسی سوئید دەخالەتی تیدا کرد و بۆ پاراستنی حزب الهییەکان فشارى خستە سەر خۆپیشاندەران و ٤ کەسی لی گرتن، هەلسووراوانی ئێرانی و چەند ریکخراوی سوئیدی ئیعتیرازیان بەم کردەوەی پولیس کرد و لەبەر زیندان دەستیان دایە پیکیت و پولیس ناچار بووگیراوەکان پاش ٢٤ سەعات ئازاد بکا.

فەرانسە:

* رۆژی ١٣ی خەرمانان خۆپیشاندانیک لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە شاری پاریس بەرپاکرا خۆپیشاندەران بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز لەبەر دەفتەری هەواپەیمایی جمهووری ئیسلامی ئەم خۆپیشاندانەیان بەرپاکرد و سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی یان مەحکووم کرد.

* رۆژی ٢٥ خەرمانان بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوریان صدیق کمانگر و غلام کشاورز بە دەست بەکریگیراوانی رژیم، لە شاری پاریس خۆپیشاندانیکی کەم وینە لە لایەن هیزە سیاسییەئیرانییەکانی چەپ لە فەرانسە بەریوە چوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە پترلە ٢٥٠ کەس بەشداری تیدا کرد لە سەر بانگەوازی: کۆری لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست لە پاریس، هەمیئەتی دامەزرینەری شووراى پەناهندەکان و کۆمیتەیەکی هاوبەش لە کوری لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست، راە کارگر، هەیئەتی بەریوەبەرایەتی بۆ تەدارەکی کۆنگرە (راە کارگر)، وەحدەتی کۆمۆنیستی و سازمانی چریکە فیدایییەکانی خەڵکی ئێران بەرپا کرا.

جگە لە پەناهندەئێرانییەکان، هەیئەتی نوینەرایەتی سازمان خەباتی کرێکاری فەرانسە (L.O)، اتحادیەی خۆیندکارانی فەرانسە، کۆمیتەی دیفاعی کۆمەڵایەتی، لایەنگرانی بزووتنەوەی بین المللی و هەروەها سازمانی کاوە لە کوردستانی تورکیە، بەشداریان لەم خۆپیشاندانەدا کرد.

ئەمریکا:

* رۆژی ١٨ی خەرمانان، لەسەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خۆپیشاندانیک بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز، لە شاری"لوس ئانجلس" بەرپاکرا. لەم خۆپیشاندانەدا نوینەری حیزبی کاری پیشرەوەی ئامریکا P-L-P ویرای دەربرینی هاودەردی لەگەڵ خۆپیشاندەران جمهووری ئیسلامی بەتوندی مەحکووم کرد.

* رۆژی ١٨ی خرمان مەراسمیک لە شاری نیویورک بۆ ریزگرتن لەیادی هاوری غلام کشاورز پیک هات کە بیجگە لە لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست نوینەرانی حیزبی مارکسیست-لنینیست ی ئامریکا M-L-P سازمانی خۆیندکارانی ئامریکا و پلاتفورمی چەپ بەشداری یان تیدا کرد. لەو مەراسمەدا سوخەنرانیکی حیزبی کاری پیشرەوی ئامریکا، ویرای دەربرینی پشتیوانی ئەم حیزبە، سیاسەتی جمهووری ئیسلامی مەحکووم کرد.

دانمارک:

* رۆژی ١٨ی خەرمانان لەسەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خوپیشاندانیک لە شاری کۆپنهاک بەرپا کرا. لەم خۆپیشاندانەدا یەکیک لە مەسئوولانی حیزبی سوسیالیست ی خەڵکی ی دانمارک S-F سوخەنرانی کرد و ویرای دەربرینی پشتیوانی، سەرکوتی ئازادی و بەرابەری و زەبروزەرنگ و ترور و ستەم لە ژنان و کوشتاری زیندانیانی سیاسی ئێرانی لەلایەن جمهووری ئیسلامی یەوە مەحکووم کرد.

چەند سازمانی سیاسی ئێرانیش لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامیان خۆیندەوە و پاشان خۆپیشاندەران بەرەو سەفارەتی جمهووری ئیسلامی لە دانمارک وەری کەوتن کە بە هیرشی پولیسی دانمارک بۆسەر خۆپیشاندەران بەری پی گیرا و ٩ کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن پولیسەوە گیران کە پاش ماوەیەکی کورت ئازاد کران.

ئینگلستان:

* رۆژی ١٧ی خەرمانان پیکێتێک بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز لەبەر سەفارەتی سوئید لە شاری لەندەن بەریوە چوو. بەشداربووانی ئەم پیکیتە لە نامەیەکدا کە دایان بە مەسئوولانی سەفارەت خوازیاری ئەوە بوون کە دەولەتی سوئید لیبراوانە بوناسین و سزا دانی قاتلانی هاوری غلام هەول بدا.

*هەر لەو رۆژدا مەراسمیکی ریزگرتن لە یادی هاوری غلام بەرپا کراو هاوری فرهاد بشارت ئەندامی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانییەکانەوە لە کۆبوونەوەی گشتی اتحادیەکانی کرێکاری لەندەن بە بۆنەی تروری هاوری غلام قسەی کرد و پیشوازی لی کرا.

لەلایەن کرێکارانی ئینگلستانەوە سەبارەت بە مەحکووم کردنی سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی، بیجگە لە پەیامی کرێکارانی مانگرتووی بەندەری"دوور" و اتحادیەی کرێکارانی ترانسپورت و خەدەمات - کە گەورەترین اتحادیەی کرێکاری ئینگلستانە - پەیامی فورمەن ویلز دەیبر ئەوەلی اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستانمان بەدەست گەیشتوە، فورمەن ویلز لە بەشیک لە پەیامەکەی دا دەلی:

" اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستان T-U-G کاتیک هەوالی تروری کەسیکی بیست کە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران بۆ دیفاع لە مافی سەرەتایی ئینسان و مافی پیک هینانی اتحادیەی کرێکاری هەولی دەدا، راچلەکی، ئیمە زۆرنیگەرانی وەزعی کرێکارانی ئێرانین..." .

بەری سەفارەتی ئێران و لەبەر بانکی میللی ئێران لە لەندەن بەرپا کرا.

* ئیوارەی ١٨ ی خەرمان هاوری فرهاد بشارت لە لایەن هەیئەتی فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانییەکانەوە لە کۆبوونەوەی گشتی اتحادیەکانی کرێکاری لەندەن بە بۆنەی تروری هاوری غلام قسەی کرد و پیشوازی لی کرا.

لەلایەن کرێکارانی ئینگلستانەوە سەبارەت بە مەحکووم کردنی سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی، بیجگە لە پەیامی کرێکارانی مانگرتووی بەندەری"دوور" و اتحادیەی کرێکارانی ترانسپورت و خەدەمات - کە گەورەترین اتحادیەی کرێکاری ئینگلستانە - پەیامی فورمەن ویلز دەیبر ئەوەلی اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستانمان بەدەست گەیشتوە، فورمەن ویلز لە بەشیک لە پەیامەکەی دا دەلی:

" اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستان T-U-G کاتیک هەوالی تروری کەسیکی بیست کە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران بۆ دیفاع لە مافی سەرەتایی ئینسان و مافی پیک هینانی اتحادیەی کرێکاری هەولی دەدا، راچلەکی، ئیمە زۆرنیگەرانی وەزعی کرێکارانی ئێرانین..." .

(پاشماوەی) حیزبی دیموکرات پەیرەوی گۆنگرەی ٨ ...

و بەندو بەست لەگەڵ جمهووری ئیسلامی بە تەواوی پشت بکەنە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، ئەمە کردەوەی تاقمیکە کە تەنانەت پاش تروری قاسملووش سوالی وت و وێژ لە بارەگای جمهووری ئیسلامی دەکا.

بۆ دارو دەستەیەک کە ئاسویەک بۆخۆیان و سیاسەتەکانیان لە نیو کۆمەڵانی خەڵکدا بەدی ناکەن، بۆ داروەدستەیەکی دا ماوی بەبن بەست گەیشتوو کە سیاسەتەکانیان ریسوا بووە، ئەم دل رەقی یەشتیکی ئاسایی یەولییان چاوەروان دەکری. ئەمە دریژەی هەمان ریگایەکە ئەم جەماعەتە چەندین ساڵە بە دانستە هەلیان بژاردوە و دریژەی پی دەدەن. شەری ٥ساڵە لەگەڵ کۆمەڵە، وەری خستنی شەری نیو خۆ لەگەڵ جیناحەکەی تری حیزبەکان، ئەم واقعییەتە بە تەواوی دەسەلمینی کە ئەو جەماعەتە ریگای گەرانەوەیان بۆ خۆیان نەهیشتوەتەوە و بۆ مانی خۆیان و دریژەپیدانی سیاسەتەکانیان، ریگای دوژمنایەتی کویرو کۆنەپەرستانەیان لەگەڵ کۆمۆنیزم و دیموکراسی، لەگەڵ کرێکار و زەحمەتکیش و لەگەڵ بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان هەلبژاردوە.

بەڵام ئەمانە لە شەری چەند ساڵەیان دا لەگەڵ کۆمەڵە جگە لە شکست، جگە لە زەعیف بوون و تەریک بوونەوە چیان وەدەست هیناوە؟ کۆمەڵە بەهاری ساڵی پیشوو لە سەروبەندی کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا، ئاگر بەسیکی یەک لایەنەی لەگەڵ هەرتک جیناحی دیموکرات راگەیاند و تا ئیستاش بەریوەی بردوە. کۆمەڵە لە سەر ئەساسی سیاسەتی راگەیەندراوی خۆی ئەم ئاگر بەسەی راگەیاند و گەرچی ئیمە ئیستاش تەئکید دەکەینەوە سەر ئەم سیاسەتە بەڵام لە هەمان کاتدا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرانبەر بەم جینایەت و شەر هەلایساندنانە و بۆ تیک شکاندن و بەرپەچ دانەوەی پیلانەکانی حیزبی دیموکرات، کەڵک وەرگرتن لە هیزی نیزامی بەهەقی حاشاهەلنەگری خۆیان دەزانن.

ئەم جەماعەتە کە تەنانەت سەری رابەرەکەیانیان لە ریگای بەندوبەست و سازش لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و پشت هەلکردن لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە بادا وهیشتاش لە بارەگای جمهووری ئیسلامی دا سەری سوجدە لە عەرز دەسوون دەبی بزانن توان و زەرفییەتی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی خەڵکی کوردستان و قودرەتی ریکخراوی کۆمۆنیستی و پەیوەندەکانی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکیشان ئەوەندە بەهیزە کە بزووتنەوەی کوردستان بە تاقمیکی ئاوا نەدا.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٣ october: ١٩٨٩

تیك هەلچوونی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە وچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات-جیناحی قاسملوو

نیوەشەوی ٤ی خەرمانان، کاتیك چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ ئەنجامدانی مەئموریەتیکی تەشکیلاتی بەنزیك ئاوایی "هەرمی دول"ی سەرشیوی سەقزدا تیدەپەرین، لەگەڵ تەجەموعیکی چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی جیناحی قاسملوو بەرەوروو بوون.

ئەفرادی حیزبی دیموکرات کە خۆیان بۆ تیك هەلچوون لەگەڵ پیشمەرگەکانی کۆمەڵە ئامادە کردبوو تەقەیان کرد و شەر دەستی پیکرد. پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات خیرا پەلاماریان بردنەسەر و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك ئارایشی واحیدەکانی حیزبی دیموکراتیان شیواند.

ئەم تیك هەلچوونە ٢ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٣ی بەیانی دریژەی بوو. لەم ماوەیەداچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات بەرەو بەرزاییەکانی "پەرەژال" و "کەلەباب" لە سنووردان پاشەکشەیان کرد و هاورییانی کۆمەڵەش لە بەرزاییەکانی ئاوایی "هەرمی دول" دامەزران.

هەرکە هەوا رۆشنی کرد، چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لە دریژەی پیلانی پیشوویاندا واحیدیك لە هیزەکانیان بەرەوشوینی دامەزرانی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بەری کرد

ل ١١

چاوگێرانیك بەسەر خەباتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ٦٧دا

کارخانەکان، کارگا گەورە و بچووکەکان (بەرهەم هینەر، خەدەماتی و...) لە شارەکان و دیهاتی کوردستان، شیرکەتەکان ریگا و بان و ساختمانی، ئیدارەو شوینە دەولەتییەکان، مەزراکان، پاتالداریەکان و جووجە سازی یەکان، بە گشتی ئەو شوین و مەرکەزانەن کە کرێکارانی کوردستان کاریان تیدا دەکەن. بەشیکی بەرچاو لە کرێکارانیش بە تایبەت کرێکارانی فەسلی لە دەرەوەی کوردستان لە شارەکان و شوینە سەنعەتی و غەیرە سەنعەتییەکان کار دەکەن. دەبی بەم کرێکارانە دەیان هەزار کرێکاری بێکاریش زیاد کەین کە لە ماوەی چەند سالی رابوردوودا بەردەوام ژمارەیان زیادی کردوە.

لەم نووسراوەیەدا لە پیشدا بەکورتی سەبارەت بە هیندیك لەو شوینە کرێکاریانە دەدوین و پاشان ئیشارەیەك بە خەباتی کرێکارانی ئەم شوینانە لە سالی ٦٧دا دەکەین و دوای ئەوەش دەچینە سەر لیکولینەوە و هەلسەنگاندنی ئەم خەباتانە لە ساڵی ٦٧دا

ژمارەی کارخانەکان و مەرکەزە سەنعەتییەکان لە کوردستان کەمەو لە چاو بەشەکانی تری کار بەشیکی کەم لە کرێکاران لەم شوینانە کار دەکەن بەڵام سەرەرای ئەمەش کارخانەکان، هەر بەم کەمایەتی و ژمارەشەوە، لە چەند بارەوە گرینگییەکی زۆریان هەیە. یەکیان ئەوەیە کە کارخانەکان بە شیکی کۆ کراوەی کرێکارانی کوردستانیان لەسەراسەری ساڵ دا لە خۆیاندا کۆ کردوەتەوە. دووهەمیان ئەوەیە کە زۆربەی کرێکارانی کارخانەکان لە کاسانیك پیك هاتوون کە پیشینەی کاریکی لە میژینەیان هەیە. بیجگە لەوانە، رابەران و پیشرەوانی بە تەجرەبە و سارد و گەرم چیشتووی کرێکاری لە نیو کرێکارانی ئەم کارخانانەدا زۆرن، رابەرانی تیکۆشەری کرێکارانی کارخانەکان رەگی خەباتی کرێکاریان لەو مەرکەزانە لە دەست دایە، بە پیچ و خەمی خەباتی ئابووری و سنفی کرێکاری شارەزان، لەگەڵ کۆروکۆمەڵ و پیشرەوانی کرێکاری لە محەلدا پەیوەندی

یەکیکی تر لە هاورییانی پیشمەرگە کە لەو هیرشە وەحشیانەی داردەستەی پەیرەوی کۆنگرەی ٨دا بریندار ببوو خۆی گەیاندەوە واحیدەکانی دیکەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە.

ئەو ئازیزانەی کە لەو جینایەتەی جەماعەتی خۆفرۆشتوی حیزبی دیموکرات دا گیانیان بەخت کرد بریتین لە:

– شەهین ساعدی رولەی شۆڕشگێری زەحمەتکیشانی ناوچەی کامیاران، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پیشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە.

– نودر مالك پور ناسراو بە سادق، کرێکاری کۆمۆنیست، خەڵکی خوزستان، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مەسئوولی واحیدیکی ئینفجاراتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە .

– احمد عزیزی پیشمەرگەی ئازاو فیداکاری کۆمەڵە.

– عبدالله احمدی، رولەی وشیاری زەحمەتکیشانی ناوچەی مەریوان پیشمەرگەی فیداکار و ئازای کۆمەڵە.

ئەم هاورییانە تیکۆشەرانی ریگای رزگاری کرێکاران و زەحمەتکیشان و بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان بوون و سالیانی سال بە خەباتی شۆڕشگێرانە لە دژی هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی، هەلسووڕانی کۆمۆنیستی لە دژی نیزامی سەرمایەداری و بۆ بە هیزکردنی ریزی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان تیکۆشان.

* * *

ئەم دل رەقەیە تەنیا لە دەست جەماعەتیك دی کە هیچ ریگایەکیان جگە لە دوژمنایەتی کۆیر و بی ئەو پەر لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکیشانی شۆڕشگیر بۆ خۆیان نەهیشتبیتەوە و لە دەست کە سانیك دی کە ئامادەن بۆ سازش

ل١١

ساڵی رابوردوو لە زۆربەی ئەو مەرکەزانە شاهیدی راوەستان و خەباتی جۆراوجۆری کرێکاران بووین بەرانبەر بە مودیرەکان و خاوەن کارخانەکان خەبات بۆ: زیاد کردنی حەقدەست، باشتر کردنی بارودۆخی کار، بیمەی بێکاری، خۆ پاراستن لە دانی باج و خەراجی شەر بە رژیم، هەولدان بۆ پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی، راوەستان بەرانبەر بە پیك هینانی شووڕای ئیسلامی و... هەموویان مەیدانی جۆاۆاو جۆری خەبات و راوەستانی مەرکەزە کرێکاریە بە نیسبەت گەورەکان بوون.

کارگاکان

کارگاکانی وەك: قالی بافی، مکانیکی جوشکاری، ریختەگەر، سافکاری، موزاییك سازی، بلووك لیدان، درگاوپەنجەرەسازی، شیرینی خانە جۆراوجۆرەکان، خوراك خوریەکان و نانەواخانە جۆراوجۆرەکان لە چەند سالی رابوردوو دا بە شیوەیەکی بەرچاو زۆر بوون لە راستی دا بە لە کار کەوتنی تەولیدی گەورە لە ئێراندا و وەگەر کەوتنی سەرمایە لە بەشە تەولیدی یە بچووکەکاندا، ژمارەی ئەم کارگایانە لە چەند سالی رابوردوو دا خیراخیرا چووەتەسەر. زیاد کردنی ئەم جۆرە کارگایانە لە شارەکانی کوردستانیش زۆر بە ئاشکرا دەبیندری.

لە هیندیك لە شارەکانی کوردستان وەك سنە، ژمارەی ئەم کارگایانە لە چەند سەد کارگاش تیپەڕیوە. هەر ئیستا لە شاری سنە چەندین شوین پیك هاتوە کە ژمارەیەکی زۆر کارگای بچووکیان تیدا کۆ کراوەتەوە کەهی خاوەن کاری جۆراوجۆرن و بە کردەوە بوونەتە شوینیك کە مەرکەزیکی کرێکاری یان پیك هیناوە. بۆ نموونە، سافکاری، نەققاشی، باتری سازی، مکانیکی، جوشکاری، ئاپاراتی، گورینی رونی ماشین، لە شاری سنە لە چوار شوینی: "فەیز ئاوا" بە ٨٠٠ کرێکارەوە، تەقتەقان بە ٣٠٠ کرێکارەوە ئەکباتان بە ٨٠٠ کرێکارەوە، شەشمیبەهمەن بە ٥٠٠ کرێکارەوە، کۆکراونەتەوە گەرچی سەرمایەدارانی جۆراوجۆر خاوەنی ئەم کارگایانەن بەڵام کرێکارانی ئەم شوینانە زۆر مەسەلەی هاوبەشیان پیکەوە پەیدا کردوە. هەروەها ئەم جۆرە شوینانە لە شارەکانی وەك بوکان و مەهاباد و سەقز خیراتر لە پیشوو بەردەوام زیاد دەکەن بە پیی ئاماری رەسمی جمهووری ئیسلامی تەنیا لە ناوچەی "هاوشار" (ئەو مەنتەقەی شارەکانی تیکاب و شاهیندژی تیدا هەلکەوتوە) پتر لە ٣٥ هەزار کرێکاری ژن بە شیوەی موزدی لە کارگا قالیبافییەکانی ئەم ناوچەیە کار دەکەن هەلبەت لە چاو ناوچەکانی سنە، کامیاران، دیواندەرە، قروە و بیجار کە وەك مەرکەزی کارگای قالیبافی ناوبانگیان کردوە، ژمارەی کارگا و کرێکارانی هەوشار کەمترە و ئەوە بە رۆشنی نیشان دەدا چ هیزی کاریك لە ژنان و پیاوان و منداڵانی کرێکار لە کارگا قالی بافییەکانی شار و دیهاتی کوردستاندا بە دەست دەولەت و سەرمایە داران دەچەوسیتەوە .

بروانە لاپەری ١٠

حیزبی دیموکرات پەیرەوی گۆنگرەی ٨ و دیسان جینایەت و وەحشیگەری

سەعات ٦ی ئیوارەی رۆژی٢٩ی خەرمانان واحیدیکی ٥کەسی لە گوروەهی ئینفجاراتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە کەبەنیازی ئەنجامدانی مەئموریەتیك لە دەوروبەری مەریوان بە مەنتەقەی شلیردا تیدەپەرین، کاتیك لە سەر کانیەکی دەوروبەری ئاوایی کاولی"شیرە" لە نیو خاکی عێراقداشەکەتی یان دەردەکرد، کەوتنەبەر هیرشی ناجوامیرانە و لە ناکاوی ژمارەیەك لە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات– پەیرەوی کۆنگرەی ٨.

لەم هیرشە جینایەتکارانەیەدا کە چەکدارەکانی دارەودەستەی خەیانەت پیشەی پەیرەوی کۆنگرەی ٨ بە پی شیل کردنی قەراروبەرەی پیشوو سەبارەت بە خۆ پاراستن لە شەر لە خاکی عێراقدا، بەریوەیان برد، هاوری یەکمان گیانی بەخت کرد و ٣ هاوریی ترمان بریندار بوون کە وەحشیانە بە دەست ئەو چەکدارانە ئیعدام کران.

ئاکسیونەکانی دژی تروریزمی جمهووری ئیسلامی لە ئوروپاو ئامریکا!

ئالمانی رۆژئاوا:

رۆژی ١١ی خەرمانان پتر لە ٦٠٠ کەس لە پەناهندە سیاسییە ئێرانی یەکان و ئیرانیانی دانیشتووی ئالمانی رۆژئاوا، لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وشووڕای پەناهندە سیاسی یە ئێرانی یەکان، بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز، دەستیان دایە خۆپیشاندان لە شاری فرانکفورت.

بەشدارانی ئەم خۆپیشاندانە لە کۆتایی خۆ پیشاندانەکەدا لە مەیدانیکی مەرکەزی شار کۆبوونەوە و لە بریارنامەیەکدا داوایان لە دەولەتی ئالمان کرد تروریزمی جمهووری ئیسلامی مەحکووم بکا، پەیوەندی سیاسی و دیلپوماتیك لەگەڵ جمهووری ئیسلامی ببڕی و ئەم رژیمە تەحریمی ئابووری بکا.

ئەم ریکخراوانە لە بانگەوازی خۆپیشاندانەکە پشتیوانیان کرد:

–سازمانی ئیرانییەکانی دیموکراتەکان،

–شووڕای ئێرانییەکانی شاری گوتینگن،

– ژمارەیەك لە ئیرانیان و پەناهندە سیاسییەکانی شاری گوتینگن،

– سازمانی خۆیندکارانی ئیران گوتینگن،

– کور (انجمن) ی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست لە گوتینگن،

– حیزبی سەوزەکانی ئالمانی رۆژئاوا.

*ئیوارەی ١١ی خەرمانان مەراسمیکی ریزگرتن لە یادی هاوری غلام لە شاری فرانکفورت بەرپا کرا و پاش قسەو باسی هاوری ساعد وتندوست ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چەندین سازمان و ریکخراوی ئێران، چەندین سازمان و ریکخراوی ئێرانی پەیامیان خۆیندەوە کە بریتی بوون لە:

– کوری تەدارەکی بۆیە کگرتنی کۆمۆنیستەکانی ئێران،

– بانگەوازی یەککگرتن،

– سازمانی ریگای داهاتوو،

– ریکخراوی کۆمۆنیستی هانوفر،

– کۆمیتەی دەرەوەی ولاتی سازمانی کرێکارانی ئینقلابی (راە کارگر) ،

– هەیئەتی بەریوە بەرایەتی کاتی بۆ تەدارەکی کۆنفرانس،

– اتحادیەی لایەنگری تئوری خەباتی چەکدارانە هەم ستراتیژی و هەم تاکتیك،

– دەفتەری سیاسی حیزبی رەنجبەرانی ئێران،

– سازمانی سوسیالیستەکانی ئێران،

– کوری لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هولەند،

– لایەنگرانی رەزمەندەگانی ئازادی چینی کرێکار – ئالمانی رۆژئاوا،

– اتحادیەی کۆمۆنیستەکانی ئێران،

– جەبهەی دیموکراتیکی میللی،

هەروەها لەم مەراسمەدا ژمارەیەك لە شەخسییەتە تیکۆشەر و ناسراوە ئێرانییەکان بەشداری یان کرد

ل١١

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٤ بەفرانباری _١٣٦٨ ژانویەی_ ١٩٩٠

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە نیوەی دووهەمی خەزەلوەردا بە بەشداری هەموو ئەندامان و جیگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەریوە چوو و پاش ٩ کۆبوونەوەی باس و تەسمیم گرتن لە بابەت ئەو مەسەلانەوە کە لە دەستووری دا بوون، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلینوم بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەک بی دەنگی بە یادی هاوری یان غلام کشاورز و صدیق کمانگر و باقی هاوریانی گیانبەخت کردوو، دەستی بە کار کرد.

سەرەتا پلینوم یەکیک لە ئەندامانی جیگری کۆمیتەی ناوەندی لە جیاتی هاوری صدیق کمانگر هەلبژارد هەروەها پلینوم بریاریکی لە بابەت هەڵبژاردنی ژمارەیەک لە کادەرکانی حیزب وەک ئەندامی مشاوری کۆمیتەی ناوەندی پەسند کرد و ٦کەس لە هاوریان بۆ مشاور هەڵبژێردران.

ماددەی ئەسلی دەستووری پلینوم گوزارشی کۆمیتەی ئیجرایی بوو لەم بەشەدا لەسەر مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی حیزب قسە و راویژ کرا و بریاری پیویست پەسند کران.

لەم پلینوم دا گەرایش و ئاسو جیاوازەکانی مەوجوود لە حیزبدا لە پەسند لەگەڵ ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان قسەی لەسەر کرا پلینوم پەسندی کرد کە مەتنی مەشرووحی ئەم باسانە بنریتە ئیختیاری ئەندامانی حیزب.

پلینوم بە هەڵبژاردنی دەبیری کۆمیتەی ناوەندی بە مەسئوولییەتی بەرەو پیش بردنی کاروباری ئیجرایی حیزب لە فاسلەی نیوان دوو پلینوم دا، کاری خۆی کۆتایی پی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ٢٩ی خەزەلوەری ١٣٦٨

کرێکاران لە کوردستان: ئامانجن یان ئامرازن؟

کوردستان لە دە ساڵی رابوردوودا شەپۆلیکی تازەی لە زیاد بوون و پەرە گرتنی چینی کرێکار بە خۆیەوە دیوە. بەرین بوونەوەی شارەکان بە شیوەیەکی بەرچاو و پیک هاتن و پەرە گرتنی گەرەکە کرێکار و زەحمەتکێش نشینەکانی دەوراندەوری شارەکان، ئەمەوە بیر هەموو بینەریک دەینیتەوە.

بەڵام وە نەبی ئەمە تاقە ئال و گۆرێک بی کە لەم ساڵانەی دوایی دا لە پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکار دا رووی داوە تیگەیشتن و ناسینی هەرچی قوولتری جیگاو شوینی خۆ وەک چینیکی کۆمەڵایەتی جیاواز، بەرچاو روون بوونەوە لە حاست ئامانجەکان و داخوازە ئابووری و سیاسییەکانی خۆ، پەرە گرتنی خەبات و حەرەکەتە سەر بە خۆ کرێکاریەکان و سەر هەلدانی بزووتنەوەی کرێکاری بە مانای تایبەتی ئەم وشەیە و وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز و خۆ دەرخستوو، مەیل و تیکۆشانی رۆژ لە رۆژ زیاتر بەرەو ریکخراو بوون و خۆ ریکخستن، وەسەرەنجام رەواجی کۆمۆنیزم لەنیو کرێکاراندا و بوونی بە جەرەیانیکی واقعیی کۆمەڵایەتی لە نیو چینی کرێکاردا، هەموو ئەمانە، ئەو ئال و گۆرە گرینگانەن کە لە ساڵانی رابوردوودا لە پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکاردا رووبان داوە.

بەڵام ئەوانە ئال و گۆریکن کە رەنگە لە یەکەمین چاو پی کەوتن دا، بەرچاو نەکەون رۆژی یەکی ئەیار، ئەمساڵیش، دەرفەتیک بوو هەتا حاسڵ و پوختەی هەموو ئەمانە لە ئاکسیونیکی کرێکاریدا خۆ نیشان بدەن ئاگادار بوون لە جیگا و شوین و بەرژەوەندی چینایەتی خۆ، پەی بردن بە هیزی کۆمەڵایەتیی لەمپەر شکینی خۆ، راگەیاندنی ویست و داخوازە فەوریەکانی خۆ و ئیرادە بۆ وەدی هێنانیان، راگەیاندنی هاوچارەنووسی لەگەڵ کرێکارانی جیهان، ئیرادە بۆ ریکخراو بوون، ، سەرەتا داخستن بۆ راگەیاندنی هەلویستەکانی خۆ لە حاست مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵ و جیهانی خۆ، هەموو ئەمانە لە بریارنامەی کرێکارانی سنە لە رۆژی یەکی ئەیار دا بەرچاو دەکەون.

سەرەرای ئەمانە، سەرەرای گرینگ بوونی ئەمانە، یەکی ئەیار هێشتا ئاکسیونیکە، لە حاڵیکدا قسەلەسەر مەوجوودییەتیکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، لەسەر بزووتنەوەیەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتییە، هەر ئەم دیاردەیەشە کە هەتا دێ زیاتر و زیاتر سیبەر دەخاتە سەر فەزای سیاسی کوردستان ئاکسیونەکانی یەکی ئەیار ئەوەیان تیدایە کە ئەم واقعییەتەبە نابیناترین چاو و بە گرانترین گۆی دا دەکەن.

ئەمرۆ ئێتر ئەو سەر سەختییەی چەند ساڵ لەوە پیش بۆ حاشا کردن لە چینی کرێکار، چ لە لای حیزبە بورژواکان و چ لە لای گوروهە چەپە سوننەتییە ورده بورژواکان، کەمترین نیشانەی لی بە دی ناکری.

ئەوانەی هاتنە شەری حیزبی کۆمۆنیست هەتا وای لی بکەن قەبوول بکا کە کرێکار لە کوردستان حاسڵی تیئوریی خەیاڵییەکانی روناکبیرانە و لەگەڵ هەل ومەرجی کوردستان ناگونجی و، واداری بکەن دەست لەوە هەڵگری کە بروای بە کرێکار بی و لە پیناوی دا خەبات بکا، ئێستا هەول دەدەن ئەم قسانە لە بیر بەرنەوە و واقیعییەتی تازە هەزم کەن.

گوروهە چەپەکانیش کە وایان دانا بوو حیزبی کۆمۆنیست خۆی، خۆی کردوتە نوینەری ئەو کرێکارە کە گوێا "بە مانای واقیعی " لە کوردستان هەر نێە، ئەوانەی بزووتنەوەی کرێکاریان لە کوردستان بە غەیرە واقیعی دادەناو بە تایبەت

←

تیکۆشانی عەلەنی و قانوونی لە کوردستان

(١)

مەوزووعی کاری عەلەنی و قانوونی بۆ ئێمە باسیکی تایبەت نیە لە زەمینەی تیکۆشانمان دا لە کوردستان، بەڵکوو ئالقەیەکی سەرەکی و چارەنووس سازەبو بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاری بە شیوەی بەرین و جەماوەری، وە بۆ بەهیز کردنی جەرەیانی رادیکال لە ریزەکانی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاراندا.

حیزبیکی سیاسی کرێکاری بە پیی تەعریفی خۆی، ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری بابەتی کاریەتی، وە دیارە مەسەلەی جەماوەری کرێکارانیش (ناتوانی مەسەلەیەکی) نهێنی بی ئەگەر ریکخراوی حیزبی و پەیوەندەکانی تەشکیلاتی حیرفەیی دەبی بە لەبەر چاو گرتن و بەریوەبردنی کاملی ئوسوولی نهینی کاری و شیوەکاری ئەمنییەتی ئوسوولی لە دەسرەسی پولیسی سیاسی دوور خریتەوە و بپاریزری، بە پیچەوانە خەباتی کۆمەڵانی کرێکار بە شیوەی ئاشکرا و لەبەرچاوی هەموان نەبی بەرەو پیش نابری ئیمە دەمانەوی شیوەکان و میکانیزمەکانی کاری وشیارانە و عەلەنی ببنە سوننەتی وا جی کەوتوو کە بە هۆی ئەوانەوە حیزبی کرێکاری-جیاواز لە هەر وەزعییەتیکی سیاسی کە لە کۆمەڵدا حاکم بی-بتوانی لەهەر ئیعتیرازیکی چینایەتیدا حازر بی و لە چارەنووسیدا دەخالەت بکا وەدەست هێنانی توانایی بۆ بەریوە بردنی ئەم کارە و تەبدیل بوونی بە بەشیکی هەمیشەیی لەتیکۆشانی وشیارانە و نەقشەمەندی حیزبە کە ئیمکانمان پی دەدا خەباتی حیزبی وا لی بکەین کە تەنیا تایبەتی شۆڕشگێرانی حیرفەیی نەبی و بیخەینە دەسرەسی جەماوەریکی بەرینتر و لەم ریگایەوە خەباتی جەماوەری کرێکاران هەر لەسەر ریبازی ئەو ستراتیژی و سیاسەتانە بەرەوپیش بەرین کە ریکخراوی نهینی و شەبەکە یەکجار نهینییە تەشکیلاتییەکانیش خەریکین.

واقعییەتیکی عەینی و حاشا هەلنەگر کە بناغەی کاری عەلەنییە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە جامعەی سەرمایەداری دا لە کیشمەکیشیکی بەردەوام و هەمیشەیی دایە بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەت و، ئەم سەرماوسەخلەت داهاتوە و موشکیلی مەسکەن وەک یەکیک لە دژوارترین موشکیلەکانی دەیان میلیون کرێکار و زەحمەتکیش جارکی دیکە زەقترلە پیشوو خۆ نیشان دەدا دەولەتی جمهووری ئیسلامیش بە پیچەوانەی قەول و بەڵینەکانی نەک هەر هیچ ئەرکیکی بەرانبەر بە بی مەسکەنی ئەم جەماوەرە بەرینە وە ئەستو نەگرتوە، بەڵکوو بە کردەوە، بە شیوەی جۆراوجۆر بەری هەول و تیکۆشانی ئەوان بۆ ساز کردنی سەرپەنایەک بۆ خۆیان دەگری.

بە پیی گوزارشیک کە لە شاری سنەوە بە دەستمان گەیشتوە یەکیک لە سەرەکیترین موشکیلەکانی بەشیکی زۆری کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەو شارە نەبوونی مەسکەن و ناموناسب بوونی مەسکەنە کە بە داهاتنی فەسڵی سەرما و سەخلەت چەند بەرابەر زیاد دەکا.

کری خانوو لەو شارە هیندە گرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی دەستەنگ و زەحمەتکیش ناچارن لە قەراخ شار یان لە شوینی زۆر ناخۆش و ناموناسب و وەتاغی تەر و تەنگ و تاریک دا رابویرن.

ئەگەر کەسیک لە شاری سنە بیەوی ٢وەتاغی تەنگ و چکولە بە کەمترین ئیمکاناتی سەرەتاییەوە بە کری بگری، بیجگە لە ٢٠٠٠٠ تمەن پیشەکی دەبێ لانی کەم مانگانە ٣٠٠٠ تمەنیش کری خانوو بدا بەم بۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران، زەحمەتکیشانی دەستفرۆش، کرێکارانی بیکار و جەماوەری دەستەنگ ناچارن بە چەند کەس و جاری وایە بە ٢٠ کەس وەتاغیکی تەنگ و تاریک لە قەراخ شار بەکری بگرن و بە بی ئەوەی هیچ ئیمکاناتیکی تەنانەت سەرەتایی هەبی ژیانی تیدا بەرنەسەر دیارە لە فەسلی سەرما و سەخلەت و بەفر و باران دا وەزعی ژیانیان زۆر لەوەش ناخۆشتر دەبی.

تازە ئەمە بیجگە لە ژمارەیەکی زۆری تر کە تەنانەت ئەو سەرپەنایەشیان نیە و لیی بی بەرین کەم نین ئەوانەی لە مەیدانەکان، سەر پلیکانی بانکەکان، بەر درگای مالان، یان لە قەراخ پیادە رەوەکان، بە پەتوپەکی شرولە و لە سەر کارتون شەوگار کیشمەکیش و خەباتە هەموو رۆژە ئاشکرا و نا ئاشکرایە هەمیشە بەشیک بووە لە تەسویری ژیان لە جامعەی ئەمرۆدا، ئەم خەباتە بۆ کرێکاران حەیاتیی و تەعتیل بوون هەلناگری، چونکوو لەم کیشەو بەربەرەکانیەدا نەک تەنیا بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیانی خۆی بەڵکوو تەنانەت بۆ دیفاع لە پلەی گوزەران و بەریچوونی ئیستای خۆی و بۆ پیش گرتن بە دەسدرێژی، هەموو رۆژەی سەرمایەداران بۆسەر ئەو دەسکەوتانەی کە کرێکاران هەتا ئەمرۆ وەدەستیان هیناون، ناچارن دەست بدەنە خەبات، وە لە جەریانی ئەم خەباتە دایە کە بە شیوەی تەبیعی نوقتە زەعفەکانی خۆیان دەناسن

کرێکاران ل٣

دەولەت دەبی مەسکەنی موناسب بنیتە ئیختیاری کرێکاران و زەحمەتکیشان!

چەند هەوال لە پەلامارە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

٥پایگا لە ناوچەکانی دیواندەرە، سەقز و مەریوان کەوتنە بەر پەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە .

زەرەر و زیانیکی بەرچاوی گیانی و مالی بە هیزەکانی رژیم

گەیشت و ژمارەیەکیان کوژران و ٥ ماشین تیک شکا.

پیشمەرگەکان لە هەموو عەمەلیاتەکان بە سلامەت گەرانەوە.

لە ماوەی ٢٠ رۆژدا، لە ١٤ی خەزەلوەرەوە تا ٤ی سەرماوەز پیشمەرگەکانی کۆمەڵە پەلاماریان بردە سەر ٥پایگای رژیم لە ناوچەکانی دیواندەرە و سەقز و مەریوان و تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان بە هیزەکانی رژیم گەیاند لەم ژمارەیەدا کورتەیەکی هەوالی ئەم عەمەلیاتەتان پیشکەش دەکەین.

رۆژی ١٤ی خەزەلوەر، چەند واحیدلە پیشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە دریژەی حوزووریان لە مەنتەقە دا پایگایەکی رژیمیان لە دەوروبەری ئاوایی "دوو ئاو" دایە بەر پەلامار.

لە جەرەیانی ئەم پەلامارە بە دەست و بردەدا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە پیشدا کۆنترولی بەرزایی یەکانی مەنتەقەی عەمەلیاتەکەیان بە دەستەوە گرت و پاشان سەعات ٨/٥ی شەو لە چەند میتریەوە سەنگەر و شوینەکانی سەرکوتگەرانیان دایە بەر ئاگری چەکی سووک و نیوە قورس.

ل٦

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پلینومی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە رۆژەکانی حەوتووی ئاخری مانگی خەزەلوەردا بە بەشداری زۆربەی ئەندامان و جیگیرەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەریوە چوو و پاش دوو رۆژ باس و تەسمیم گرتن لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی کوردستانی حیزب، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلینوم سەرەتا یەکیک لە هاوریانی جیگری لە جیگای هاوریی گیانبەخت کردوو صدیق کمانگر هەڵبژارد و هەروەها پەسندی کرد کە ژمارەیەک لە هاوریانی حیزبی وەک مشاوری کۆمیتەی ناوەندی دیاری بکا. بەم مەبەستە ٦کەس لە هاوریان هەڵبژێردران.

پلینوم تەرحی ریکخستنی تازەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵەی دایە بەر باس و خەتە گشتییەکانی ئەو تەرحەی پەسند کرد هەتا ستادی فەرماندەهی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە جزئیات دا وردی کاتەوە و بەریوەی بەری پلینوم هەروەها لە بابەت پیویستییە تەشکیلاتییەکانی گرتنی کۆنگرەی جزئیاتی تەرحی گرتنی کۆنگرە بۆ پەسند کران لە پلینومی داهاتووی کۆمەڵە دا ئامادە بکا.

پلینوم جیهەتی ئەسڵی باسەکانی پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تەئیید کرد و بەڵگە و سەنەدی پیویستی لە بابەت ئاسوی تیکۆشانی کۆمەڵە لە کوردستان پەسند کرد.

پلینوم لە کۆتاییدا بە تیکرای دەنگ ٥کەس لە هاوریانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ریبەرایەتی کۆمەڵە لە فاسڵەی نیوان دوو پلینوم دا هەڵبژارد و هەروەها هاوری ئیبراهیمی عەلیزادەی بە تیکرای دەنگ وەک دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە هەڵبژارد.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە

١ی سەرماوەزی ١٣٦٨

پییان وابوو وجوودی کۆمۆنیزم و گەرایشی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاراندا دەسکردی حیزبی ئیمەیە بۆ گەورە کردنەوەی خۆی، دەرنگ یان زوو دەبوو بیر و راکانی خۆیان وەپەنادەن یان حاشای لی بکەن و لە راستیشدا- هەر چەند نەك راشکاو و راستەوخۆ- دەستیان داوەتە ئەم کارە.

بزووتن و جم و جوولی قودرەتمەندی کۆمەلایەتی‌ی کرێکاران لە کوردستان، کە بە شیوەیەکی بەرچاو خۆی لە ئاکسیونەکانی یەکی ئەیار و لە مانگرتنەکان و لە ئیعتیرازە بەرینە کرێکاریەکاندا نیشان دەدا، ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی ئەم جەرەیاناتە هەر کامەیان بەجۆرێك هەول بدەن واقعییەتە تازەکان لیك بدەنەوە و لە سیستمی سیاسی و فیکری خۆیاندا جێگایەکی بۆ بکەنەوە.

حیزبی دیموکرات بە سادەیی، بی دەنگە کردنی لە هەموو شتیك بە باشتر زانیوە راە کارگر دەستی داوەتە پی هەلگوتن و ستایش کردنی بزووتنەوەی کرێکاری و رینوینی کردنی ئەو بزووتنەوەیە و لەگەلّ بەشی جیا بووەوەی حیزبی دیموکرات راگەیاندنی هاوبەشی یەکی ئەیار بۆ کرێکاران بلاّو دەکەنەوە خودی ئەم بالەی حیزبی بورژوازی لە سەر پیویستی پەرە پیدانی کاری تەشکیلاتی لە نیو کرێکاران و زەحمەتکیشاندا، تەئکید دەکا.

بە کورتی، حوزووری چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە، هەر ئێستا لە بیر و بوچوونی بورژوا دا رەنگی داوەتەوە.

ئەم ئال وگۆرە، خەباتی سیاسی و فیکری نیوان سوسیالیزمی کرێکاری و جەرەیاناتی بورژوای کۆتایی پی نەهیناوە بەلّکوو گەیاندوویەتە شوینیکی تازە ئێستا ئەو مەسەلەیەی کیشەی لە سەرە ئێتر نەفسی ئیسبات کردنی بوون و حوزووری چینی کرّکار لەمەیدانی سیاسی و کۆمەلایەتی‌دا نیە، بەلّکوو چونیەتی هەلّویست گرتنە لە حاست ئەو دیاردەیە و ئەو جیگا و شوینەیە کەبۆی لەبەر چاو دەگیری.

ئێستا حیزبە بورژواکانیش باسی پیویستی بایەخ دان بەریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکیشان دەکەن و کاری تەشکیلاتی لە نیویاندا بە یەکیك لە ئامرازەکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن حیساب دەکەن حاشا کردن لە بوون و مەوجوودییەتی چینی کرێکاریان گرینگی ئەو چینە، ئێستا جیگای خۆی داوەتە هەولدان بۆ بەر تەسك کردنەوەی خەباتی کرێکاری لە چوارچیوەیەك دا کە خۆیان بە گۆنجاوی دەزانن و خۆیان بۆی دیاری دەکەن: "گرتنە خزمەت"ی هیزی کرێکاران لە ستراتیژی بورژوازی‌دا بۆ وەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی.

بورژوایەك، دیارە، خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری تەنیا وەك "هیزیك لە دەرەوی خۆ"ی چاولی دەکا، هیزیك کە دەبی سەرکوت بکری، بەرانبەرکیی لەگەلّ بکری، مودارای لەگەلّ بکری، کەلکی لی وەر بگیری، لە خزمەت خۆ دا بخریتە کار و شتی لەم بابەتە.

ئەمە ریك ئەو جیگاو شوینەیەکە ئەحزابی بورژوا و بورژوا- چەپ لە پەیوەند لەگەلّ بزووتنەوەی کرێکاریدا لە کوردستان خەریکن پیی دەگەن.

دەبی لە نیو کرێکاران دا کاریك بکەی چونکە ئێتر رۆشنە کە کرێکاران هیزیکی کۆمەلایەتی‌ی گرینگن لە کوردستان و "حیزبی ئیمە" و"گەلی ئیمە" بۆ "سەرکەوتن" پیویستی بەم هیزە هەیە ئەمە ئەو بانگەیە کە بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات- کە قەراڕە لە رابوردووی خۆی دەرس وەربگری- بە گوێی خۆی‌دا دەدا.

چەپی بورژواش کەهەر ئەم ئامانجەی - بە ترمینولوژی و زمان و بەیانی تایبەتی خۆیەوە- گرتوەتە پێش، جاریکی‌تر تیئوری‌ی "چینی کرێکار، بەشی پەیگیری بزووتنەوەی دیموکراتیك"- کە بە شیوەی گشتی و لە ئاستی سەراسەری دا لە ژیر فشاری سوسیالیستی دا وەلا نرابوو- ئێستا لە ئاستی محەللی دا دیسانەوە دەگریتە خزمەت راە کارگر رادیکالیزم دەبیتەوە و دەنووسی:

"گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە سالّی رابوردوودا کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفی‌یەکاندا و هەروەها لە قورسایی نیسبەتەن زۆری حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسی‌یەکانی کرێکاراندا لە دژی شەر و بۆ دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆ کرێکاری یەکاندا خۆی نیشان دەدا نیشاندەری ئەوەیە کە گەلی کورد ئێستا ستوونیکی قایم لە جیهەت خەباتی خۆیدا بۆ وە دی هینانی داخوازە دیموکراتیکەکان و یەك لەوانە خودموختاری کوردستان دا دەرێژی."

(ڕیگای کرێکار، ژمارە ٥٦)

سوسیالیزم و خەباتی سوسیالیستی هەر ئاسەواری دیاری نیە و ریکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ وەدی هینانی ئامانجە راستەوخۆکانی ئەم بزووتنەوەیەش هەر باسی نێە.

قەراڕە کرێکار لە مەیدانیك دا کە بە هەر حال لە پیشدا مەعلوومە چیە، دەوری رادیکال بگریتە ئەستو بەلّام هەموو قسەکە لەسەر گوریتی خودی ئەم مەیەدانەیە، لەسەر هەلّبژاردنی ناوەروکیکی تازە و لەسەر تیکدانی یاساکانی کایەکەیە. چینی کرێکار داشی دەستی ئەم وئەو نیە لە کایە کردن دا، بەلّکوو خۆی ئەو کەسەیە کە کایە دەکا.

وەخو هاتنەوەی بیروبوچوونی بورژوا و راکیشرانی سەرنجی بەرەو"کەم و کووری‌یەك" کە لە کارەکەی‌دا بووە، بەیان و دەربڕینی ناراستەوخۆی پیشڕەوی و بەرەوپیش چوونی کرێکار هەیە بەلّام کەلەبەری چینایەتی‌ی نیوان ئەم دوانە هەروا لەسەرجیی خۆی دیلیتەوە.

سوسیالیزمی کرێکاری، بەلّام، کرێکاران بۆ ئامانجەکانی خودی کرێکاران، لە ئامانجی ئابووری‌یەوە بگرە هەتا ئامانجی شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کرێکاری، ریك دەخا لە روانگەی ئەم جەرەیانەوە، هیزی خەباتی کرێکاران لە ئامانجەکان و لە ناوەروکی ئەم خەباتە جیا ناکریتەوە ئامانج و ئالای ئەم خەباتەش پیش هەموو شتیك سوسیالیزمە. لە روانگەی سوسیالزمی کرێکاری‌یەوە ئەو شتەی هەموو هەول و تیکۆشان و خەباتیکی کرێکاران- لە خەبات بۆ چکولەترین داخوازی ئابووری رۆژانەوە هەتا خەبات بۆ ئامانجە دیموکراتیەکان و شتی دیکە - لیك گری دەدا جیگا و شوینیانە لە دیمەنی گشتی‌ی خەباتی سوسیالیستی دا وەیا بە وتەیەکی‌تر جیگایەکە کە هەر کام لەم مەیدان و شکلانەی خەباتلە ستراتیژی سوسیالیستی‌ی کرێکاران دا هەیانە.

قسە لەسەر ئەوە نیە کە چ کەسیك هیزیکی باشتری بۆ ستراتیژی گشتی‌ی وەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی، کە گۆیا بە فەرز دانراوە و هەموان قسەیان لەسەری‌یەکە، لە ئیختیار دا هەیە لە روانگەی چینی کرێکارەوە قسەکە تەنیا دەتوانی ئەوە بی کە هەر کام لەم بزووتنەوانە، ئیعتیرازاتی کۆمەلایەتی حەقخوازانە و مەیدانەکانی خەبات کە لە کۆمەلدا دەکرینەوە، چ جیگایەکیان لە وەدی هینانی ستراتیژی خودی ئەو چینە دا دەبی تەنیا بەم جۆرەیە کە چینی کرێکار نابیتە هیزی پاشەکەوت و پاشکوی بزووتنەوە و چینە کۆمەلایەتی‌کانی‌تر، بەلّکوو بە پیچەوانە توانای ئەوەی دەبی هەر کام لەمانە بەدروستی هەلسەنگینی و بیانداتە بەر رەخنەو لە ستراتیژی سوسیالیستی‌ی خۆیدا جیگەی شیاوی خۆیانیان بداتی.

تەنیا پوپولیستیك دەتوانی تەئکیدی ئیمە لەسەر کاری کرێکاری و ئەرکی سوسیالیستی بە مانای لاواز کردنی بزووتنەوەی دیموکراتیك، وە لە بابەت کوردستانەوە بە تایبەت بە مانای لاواز کردنی خەبات بۆ وەدەست هینانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دابنی ئەو رۆژەی کرێکارانی یەکگرتوو و خوریکخستوو شیعاری چوونە دەری هیزە سەرکوتگەرەکان و ئازاد هیشتنەوەی خەلّکی کوردستان لە دیاریکردن و بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیاندا، بکەنە یەکیك لە شیعارەکانی ئاکسیونەکان و کۆر و کۆمەلّ و ریکخراوە جۆراوجۆر و قودرەتمەندەکانی خۆیان، نەك هەر هیچ ئاسەواریکی ئەم ئیددیعایە نامینی بەلّکوو هەموان بەچاوی خۆیان دەبینن کە چ هیزیکی گەورە پشتی خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی و نابەرابەری‌یە میللی‌یەکانی گرتوە لە راستیدا ئەمە خۆی یەکیکە لە بەشەکانی ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان .

هەر لیرە دەبی ئیشارەیەك بکەین بەوە کە لەم دوایی‌یانە دا بە دروستی تیکۆشانی ئیمە و ئیمکاناتی ئیمە لە داهاتوودا، تەجرەبەی ئافریقای جنووبی و"کۆنگرەی میللی ئافرقا" لەمەسەلەی ریکخستنی کرێکاری و جەماوەری و پەیوەند دانی خەباتی کرێکاری لەگەلّ بزووتنەوەی جەماوەری‌ی دژی ئاپارتاید دا بە بەلّگە دادەنری.

هیچ گۆمان لەوە دا نیە کە تەجرەبەی ئافریقای جنووبی (و تەنانەت فەلەستین) دەتوانی بۆ نیشاندانی بۆشایی‌یەك کە هەر ئێستا لە کاری ئیمە دا هەیە و، وەك نموونەیەك لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی چەشنی تازە و ریکخستنی جەماوەری زۆر جیگای سەرنجدان ولی فیر بوون بی. بەلّام هەر ئەم تەجرەبانەش ناکری بی قەیدو شەرت و بە بی تێبینی رەخنە گرانە پشتیوانیان لی بکری چونکوو ئەم شکلانەی کاریش خۆی لە خۆیدا هیشتا لە چوارچیوەی زەرفییەت و ئاسوی بورژوازی دەرناچن ئەم نموونەیە دەتوانی بۆشایی ئێستای کاری ئیمە و ئەو زەرفییەتانە کە کەلکیان لی وەر نەگیراوە نیشان بدا، بەلّام ناتوانی ئاسوی بەرینی داهاتوویان بە دروستی بخاتە بەرچاو.

* * *

سەرەنجام لە بابەت حیزبی کۆمۆنیستەوە دەبی بلّێین کە حیزبی ئیمە دەبی ببیتە تای تەشکیلاتی‌ی جەرەیانی سوسیالیزمی کرێکاری، ببیتە بەشی حیزبی‌ی ئەم حەرەکەتە کۆمەلایەتی-چینایەتی‌یە.

دەوری کۆمەلّە لە شکل گرتن و پیشرەفتی جەرەیانی سوسیالیستی‌دا شتیکی حاشا هەلنەگرە بەلّام هیشتا چونیەتی تیکۆشانی ئیستای حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان جیاوازی‌یەکی بنەرەتی هەیە لەگەلّ سوننەت و نەریت و رەوشت و هەروەها نەتیجەی تیکوشانی حیزبیکی کرێکاری - کۆمۆنیستی کە تەنیا بە گۆرینی هەموو سوننەت و نەریت وپراتیکی تا ئێستامان دەکری لە ناو ببری ئەم گورانکاری‌یە دەبی لیبراوانە و لە زەمانیکی هەرچی کورت تردا وەدی بهینری.

لەم حالەتە دا بە دلنیایی دەکری بلّێین کە بزووتنەوەی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیست، هەرتکیان، جیگاو شوینیکی زۆر قایمتر و قودرەتمەندتر وەدەست دینن.

عبدالله مهتدی

پووشپەڕی ١٣٦٨

ناصری حسامی کردوویە بە کوردی

(پاشماوەی)

دەولەت دەبی مەسکەنی موناسب.....

ئەم ئاوارەیی‌یە و بی‌خانەولانەیی‌یە لە حالیکدایە کە هەر لەو شارە دەیان ئاپارتمان و ساختمانی چەندنهومی چول و هول هەیە کە هەر کامیان دەیان وەتاغیان هەیە و کەسیش کەلکیان لی وەرناگری.

ئەوانەی لە گەرەکەکانی قەراخ شار و بە دوور لە چاوی مەئمووڕانی شارەداری و بە هەزاران مەینەت و چەرمەسەری خانە و لانەیەکیان پیکەوە ناوە، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە دەکەونە بەر هەرەشەی مەئمووڕانی ئیدارە دەولّەتی‌یەکان و بە شیوەی جۆراوجۆر باج و بەرتیلیان لی دەستیندری، هیشتاش لە هەموو ئیمکاناتیکی بیهداشتی و ریفاهی بی بەشن و کاربەدەستانی رژیم بۆ کیشانی ئاو و بەرق و ئاوەرو داوای پوولیکی یەکجار زۆریان لی دەکەن.

* * *

ئەم وەزعە مەینەتبارە تەنیا تایبەتی شاری سنە یان شارەکانی دیکەی کوردستان نیە، ئەمە دەرد و رەنجی هاوبەشی هەموو کرێکاران و خەلّکی زەحمەتکیش و بی بەشی سەراسەری ئێرانە زۆربەی هەرە زۆری خەلّکی شارەکان ئەمرۆ لەو کرێکارو زەحمەتکیشانە پیك هاتوە کە لەبەر بی خانە ولانەیی، گرانی زەوی و کەرەسەی ساختمانی و گرانی کری خانوو، پەنایان بردوەتە دوورترین گەرەکەکانی قەراخ شارەکان و بە بلووك و بەرد و حەسیر و نایلون سەرپەنایەکیان بۆ خۆیان ساز کردوە کە نەك هەر شیاوی ژیانی ئینسان نیە بەلّکوو پەلّەیەکی پر شەرم و شچوورەیی‌یە بە نیو چاوانی ئەم نیزامە و ئەو رژیمەوە کە زۆربەی ئینسانە شەریف و زەحمەتکیشەکانی کۆمەلّی لە وەزعیکی ئاوا نالەبار و غەیرە ئینسانی دا راگرتوە وە لە هەمان حالدا بە دەیان و سەدان ساختمانی چەند نهوم، ویلای پر زەرق و بەرق، هوتیلی دەرجەیەك، هەزاران ساختمانی ئیدارە دەولّەتی‌یەکان هەن کە گیراونەتە خزمەت چەوساندنەوە و سەرکوتی دەولّەت و سەرمایەداران هەموو ئەم ساختمانانە بە دەست و باهۆی چینی کرێکار ساز کراون بەلّام خۆیان لە وەتاغیك و سەرپەنایەك بی بەشن.

دەولّەت بە پیی قانوونی خۆی، لە قانوونی ئەساسی‌یەوە بگری تا هەموو قانوونەکانی دیکەی، ئەرکی سەرشانیەتی کە مسکەنی هەموو خەلّك دابین بکا.

تازە ئەگەر لە قانوونیش دا نەنووسرابی خودی ئەوەی کە هەموو ئیمکاناتی ولات، هەموو ئیمکاناتی خانوو دروست کردن لە دەست سەرمایەداران و دەولّەت دایە و میلیونها ئینسان هەموو رۆژی ئارەق دەرێژن و دەچەوسینەوە و شوینیکیان نیە کە تییدا بحەسینەوە و شەوی تیدا بکەنەوە بە رۆژ، خودی ئەو واقعییەتە کە ئەمە حاسلی کاری ئەم میلیونها ئینسانەیە کە دەرێتە گیرفانی سەرمایەداران و دەولّەتەوە، ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی ئەوان کە مەسکەنی موناسب بۆ ئەم جەماوەرە بی خانە و لانە و بی سەرپەنایە ساز بکەن.

ئەگەر نان و بەرگ و پیداویستی‌یەکانی‌تری ئەم ئینسانانە دەبی لە حەقدەستی ناچیزیان بدری، مال و خانوویان چون دابین دەکری و، دەولّەت و کۆمەلّ چە وەلامیکیان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە؟

ئەو رژیمە کە چەندین سال بۆ دەرباز کردنی خۆی لەم موشکیلە شەری دەکردە بیانوو، ئیستا دەلی چی؟ رژیمیك کە بە زۆری سەرنیزە کرێکاران و زەحمەتکێشانی بی مەسکەنی لەو ساختمانانە وە دەر نا کە لە دەورەی قیام دا دەستیان بەسەر دا گرتبوو و کوتی داگیر کردنی ئەم ساختمانانە خیلافی شەرع و قانوونە، ئێستا بە پیی کام قانوونی ئینسانی و تەنانەت قانوونی پەسەند کراوی خۆشی دەتوانی لە بەرانبەر ئاواڕە بوون و بی مەسکەنی میلیونها کرێکار و زەحمەتکیشدا بی تەفاوەت بی.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش!

مەسکەنی موناسب، سەرەتایی ترین مافی ئیوەیە. ئەو مافەش تەنیا بە خەبات و ئیعتیرازی بە تیکرای ئیوە وەر دەگیری لە هەر کارخانە و کارگایەك، لە هەر سنف و رشتەیەکی کار، لە کۆبوونەوە گشتی‌یەکانی خۆتاندا یان لە هەر ریکخراوەیەکی‌تری کرێکاری دا تەسمیم بگرن و بە تیکرا داوا کاری ئەوە بن دەولّەت پیداویستی‌یەکانی پیکەوە نانی مەسکەنیکی موناسبتان لە ئیختیار بنی ساختمانە چولەکانی سەرمایەداران و دەولّەت،ساختمانە زیادی‌یەکان،ئیدارە وموئەسیسە خوسووسی‌یەکان، دەبی بنریتە ئیختیاری خەلّکی بی مەسکەن و بی سەرپەنا.

دەولّەت دەبی زەوی و کەرەسە ساختمانی بە قیمەتی هەرزان و لە شوینی باش، وامی بی سوود و هەموو ئیمکاناتی پیویست بنیتە ئیختیاری ئیوە و بە کەمترین خەرج مەسکەنی موناسبتان بۆ دابین بکا، مەسکەنیك کە هەموو ئیمکاناتی ژیانیکی شارستانی هەبی.

تا کاتیك کە نەبوونە خاوەن خانوو، سەرمایەداران دەبی بە قەدرایی کری خانوویەکی موناسب و بەجۆرێك کە ژیانیکی رەحەت بۆ هەموو ئەفرادی خانەوادە دابین بکری بخەنە سەر حەقدەستەکان.

کری خانوو بەشیك لە حەقدەستی کرێکانە و دەبی وەك خەرجی گوزەران و بەرگ و پیداویستی‌یەکانی دیکە، حیساب بکری هەروەها کرێکاران و زەحمەتکیشانی گەرەکەکانی قەراخ شار بۆ چارەسەر کردنی موشکیلی مەسکەن و بۆ وەلامدانەوە بە ئیددیعای ئیدارە دەولّەتی‌یەکان و خاوەن زەوی یە گەورەکان و بۆ دابین کردنی جەوازی ساختمان و ئاو و بەرق و دەر کردنی ئاوەرو و ئیسفالت کردنی کووچە و خیابانەکان دەبی لە دەوری یەکتر کۆ بنەوە و بە ئیعتیراز و خەباتی بە تیکرایان لە مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان و مافی دابین کرانی مەسکەنی موناسب دیفاع بکەن.

دەولّەت نەك هەر ئیجازەی نیە کە بە بیانووی ساختمان سازی، پوول لە زەحمەتکیشان بستینی ، بەلّکوو ئەرکی سەر شانیەتی کە وامی بی سوودیان پی بدا و کەرەسەی ساختمانی و پیداویستی یەکانی تریان بە قیمەتی هەرزان بخاتە ئیختیار و بەم جۆرە مەسکەنیان دابین بکاو زەمانەتی بکا.

تیکۆشانی عەلەنی و قانوونی لە کوردستان

(١)

مەوزووعی کاری عەلەنی و قانوونی بۆ ئێمە باسیکی تایبەت نیە لە زەمینەی تیکۆشانمان دا لە کوردستان، بەڵکوو ئالقەیەکی سەرەکی و چارەنووس سازەبو بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکاری بە شێوەی بەرین و جەماوەری، وە بۆ بەهێز کردنی جەرەیانی رادیکال لە ریزەکانی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاراندا.

حیزبێکی سیاسی کرێکاری بە پێی تەعریفی خۆی، ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری بابەتی کاریەتی، وە دیارە مەسەلەی جەماوەری کرێکارانیش (ناتوانی مەسەلەیەکی) نهێنی بی ئەگەر ریکخراوی حیزبی و پەیوەندەکانی تەشکیلاتی حیرفەیی دەبی بە لەبەر چاو گرتن و بەریوەبردنی کاملی ئوسوولی نهینی کاری و شێوەکاری ئەمنییەتی ئوسوولی لە دەسرەسی پولیسی سیاسی دوور خریتەوە و بپاریزری، بە پێچەوانە خەباتی کۆمەڵانی کرێکار بە شێوەی ئاشکرا و لەبەرچاوی هەموان نەبی بەرەو پێش نابری ئێمە دەمانەوی شێوەکان و میکانیزمەکانی کاری وشیارانە و عەلەنی ببنە سوننەتی وا جی کەوتوو کە بە هۆی ئەوانەوە حیزبی کرێکاری-جیاواز لە هەر وەزعییەتیکی سیاسی کە لە کۆمەڵدا حاکم بی-بتوانی لەهەر ئیعتیرازیکی چینایەتیدا حازر بی و لە چارەنووسیدا دەخالەت بکا وەدەست هێنانی توانایی بۆ بەریوە بردنی ئەم کارە و تەبدیل بوونی بە بەشیکی هەمیشەیی لەتیکۆشانی وشیارانە و نەقشەمەندی حیزبە کە ئیمکانمان پی دەدا خەباتی حیزبی وا لی بکەین کە تەنیا تایبەتی شۆڕشگێرانی حیرفەیی نەبی و بیخەینە دەسرەسی جەماوەریکی بەرینتر و لەم ریگایەوە خەباتی جەماوەری کرێکاران هەر لەسەر ریبازی ئەو ستراتیژی و سیاسەتانە بەرەوپێش بەرین کە ریکخراوی نهینی و شەبەکە یەکجار نهینییە تەشکیلاتییەکانیش خەریکین.

واقعییەتیکی عەینی و حاشا هەلنەگر کە بناغەی کاری عەلەنییە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە جامعەی سەرمایەداریدا لە کیشمەکیشیکی بەردەوام و هەمیشەیی دایە بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەت و، ئەم کیشمەکیش و خەباتە هەموو رۆژە ئاشکرا و نا ئاشکرایە هەمیشە بەشیک بووە لە تەسویری ژیان لە جامعەی ئەمرۆدا، ئەم خەباتە بۆ کرێکاران حەیاتییە و تەعتیل بوون هەلناگری، چونکوو لەم کیشەو بەربەرەکانییەدا نەک تەنیا بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیانی خۆی بەڵکوو تەنانەت بۆ دیفاع لە پلەی گوزەران و بەریچوونی ئێستای خۆی و بۆ پێش گرتن بە دەسدرێژی، هەموو رۆژەی سەرمایەداران بۆسەر ئەو دەسکەوتانەی کە کرێکاران هەتا ئەمرۆ وەدەستیان هیناون، ناچارن دەست بدەنە خەبات، وە لە جەریانی ئەم خەباتە دایە کە بە شێوەی تەبیعی نوقتە زەعفەکانی خۆیان دەناسن کرێکاران بۆیان دەردەکەوی کە قودرەتی سەرمایەداران لە سەرمایە و سەروەت و لەو دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتوە کە پاریزەری ئەم سەرمایە و سەروەتەیە و زەعفی کرێکارانیش لە پرژو بلاوی و ریکخراونە بوونیانەوە سەرچاوەی گرتوە لەم رووەوە مەیل بەرەو ریکخراو بوون و پشت بەستن بە یەکگرتوویی و هاوچارەنووسی چینایەتی لە جەرگەی ئەم خەباتەدا پتەوتر دەبی و دەبیتە هۆی پێک هاتنی ریکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکانیش.

کەوایە کاتیک باسی فەعالییەتی عەلەنی دەکری و باسی ئەوە دەکری کە پێویستە سەزمانی کۆمۆنیستی لەم فەعالییەتەدا دەخالەت بکا، قسە کە ئەساسەن لەسەر ئەوەیە کە ئەم حەرەکەتە واقیعی و مەوجوودانە چلون لە جیهەت بەرژەوەندی ئەمرۆ و سبەینیی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی، خۆی بەشێکی جیانەکراوەی ئەم ئیعترازە عەلەنی یە بی و لەم ریگایەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە هەل و مەرجی موساعید و واقیعی پەرەی پی بدا و بێکاتە سەراسەری بەشداری هەڵسووراوانە لەم رەوتە دایە کە توانایی ئەوەمان پی دەبەخشی لە نزیک کردنەوەی هەل ومەرجی گەشەی شۆڕشگیرانە و ئاخیزی جەماوەریدا دەوریکی ئاگاهانە بگرینە ئەستو نزیک بوونەوە لە

بەشێکی زۆر لە زەرفییەتەکانی خۆیانیان بۆ تەئسیر دانان لەسەر خەباتی عەلەنی و جاری لە دەست دەدا.

ج: لە فەزای سیاسی جامعەی کوردستاندا حەرەکەت و ئاکسیونە عەلەنییەکان لەسەر ئامانجی بەرتەسک بە خیرایی لە شیعارە سەرەتاییەکانی خۆیان دوور دەکەوتنەوە هەتا خۆیان لە شیعار و ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەکدارانەی مەوجوود نزیک کەنەوە بە هۆی نەبوونی رابەرانی کارزان و لیهاتووی کرێکاری لە محەل دا کۆنترولی ئاکسیونەکان دەکەوتە دەست هەلچوونیکی ماجەراجویانەی ورده بورژوایی ئەو داخوازانەی قابیلی وەدی هینان بوون دەخرانە حاشیەوە یان هەر وەلادەنران و ئەو ئاکسیونانە کە دەیانتوانی زۆر بەرینتر و جەماوەریتر بنەوەو زەمینەی گەشە و پەرە گرتنی داهاتووی خۆشیان هەر لە نیو دلی خۆیاندا پەروەردە بکەن دەبوونە حەرەکەتی بی نەتیجە و دەوریان چول دەبوو ئەگەر چی ئیمە لە کوردستان لەگەڵ جەرەیاناتیکی لە نەوعی چەپی سوننەتی وەردە بورژوایی بە ریبازی چریکی و شتی لەم چەشنەوە کە لە نیو جەماوەردا نفووزیان هەبی و لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا کاری عەلەنی نەفی بکەنەوە و تەحقیری بکەن و دوور بوونی خۆیان لە خەباتی جاری کرێکاران و زەحمەتکیشان تیئوریزە بکەن، بەرەوروو نەبووین، بەڵام سەرەرای ئەمە شۆڕشگێریەتی وردە بورژوایی لە نیو موحیتی خەباتی کوردستاندا بناغەیەکی کۆمەڵایەتی نیسبەتەن بە هیزی هەیە کە بە تایبەت لەو هەل ومەرجی کۆمەڵی کوردستاندا توانیویەتی وەک کۆسپیک لەسەر ریگای شکل گرتن و جێگیر بوونی میکانیزمەکانی کاری عەلەنی لە رابەرانی خاوەن نفووزی محەللی عەمەل بکا حەرەکەتە عەلەنییەکان لەبەر شکلی خەباتیان و لەبەر بەرتەسک بوونی داخوازەکانیان لە لایەن ئەم گەرایشەوە وەک شتیکی چکولە و بی حاسل و غەیرە پیویست چاوی لیکراوە و تەنانەت تەحقیر کراوە و گالتەی پی کراوە و ئەگەریش بە هەر دەلیکلیک ناچار بووبن بەشداری و دەخالەتی تیدا بکەن بەردەوام بە چەپ و راست دا کەوتوون و بەم جۆرە بە کردەوە بوونەتە کۆسپی سەر ریگای ئەوە کە جەماوەریکی بەرینتر بە دلنیاییەوە روو بکەنە ئەو حەرەکەتە کەمتەرخەمی لە حاست بەرپا بوون و پەرەگرتنی شکلە جۆراوجۆرەکانی خەباتی عەلەنی و قانوونی لە پلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەش دا بەشیکی هەر بە هۆی رەنگدانەوەی جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی ئەم تویژانە بووە.

د: سیاسەت و رەوشتەکانی حیزبی سیاسی بورژوازی–حیزبی دیموکرات–لە بنەرەتەوە لە دژی شکل گرتن و گەشەی خەباتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش عەمەل دەکا حیزبی دیموکرات بە درێژایی سالیانی سال ژیانی سیاسی خۆی لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی دژی دەوڵەتی مەرکەزیدا بە پیچەوانەی زۆر حیزبی هاوچەشنی خۆی لە جێگەکانیتر، نەک هەر دەور و نەقشیکی لە هیدایەت و ریکخستنی حەرەکەتە جەماوەریەکاندا وەئەستو نەگرتوە بەڵکو سیاسەت و رەوشتەکانی ئەو حیزبە بە کردەوەزیانی بەم بزووتنەوانە–بزووتنەوەی داخوازیگەیاندوە و تەنانەت کەوتووەتە بەرانبەریان حیزبی دیموکرات تەنیا کاتیک سەر و سوراغی جەماوەری گرتوە کە بتوانی لە جەماوەر وەک وەسیلە و ئامرازیک لە حیساباتی سیاسی دا بۆ پتەو کردنەوەی وەزعییەتی خۆی کەڵک وەرگری ئەم حیزبە، کۆمەڵانی زەحمەتکیش و زۆر لیکراوی نەک وەک کۆمەڵیک ئینسان کە حەقیان هەیە هەموو رۆژی بۆ باشکردن و ئینسانیتر کردنی هەل و مەرجی ژیانی خۆیان خەبات بکەن و لەم رەوتەدا خۆیان بۆ دەخالەت کردن و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆشیان ئامادە بکەن، بەڵکوو وەک پاشکوی سیاسەتەکانی خۆی و وەسیلەی بە دەسەلات گەیشتنی رابەرانی بورژوا و یەک لاکردنەوەی کیشە و ناکوکییەکانی بورژوازی کورد لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی چاو لی دەکا و، لەبەر ئەوبە ئەم حیزبە هیچ ئاسویەکی بیجگە لە چاوەروانی دەرفەت و فورسەتی"موناسب" دانیشتن و پاشان بەشداری کردن لە سات و سەوداکاندا لەسەر وەدەست هینانی بەشیکی محەللی لە دەسەلاتی دەولەتی لەبەرچاو نەبووە، بە پیویستی نەزانیوە خۆی تیکەل خەباتی ئابووری و داخوازەکانی هەموو رۆژەی جەماوەر بکا لەم رووەوە حیزبی بورژوازی لە کوردستان تەنانەت بە پیچەوانەی زۆر حیزبی سوننەتی، یا بورژوا لیبرالی دیکەی وەک حیزبی تووده و جبهەی میللی و... قەت هیچ ئامادەگییەکی بۆ هەنگاو هەلگرتن لەگەڵ خەباتی عەلەنی لە دەورەکانی غەیرە شۆڕشگێرانە و پیش ئاخیزی جەماوەری دا لە خۆی نیشان نەداوە.

ه: بیجگە لەمانە دەبی ئەوەش بڵێین کە کرێکارانی کوردستان ئەساسەن لەبەرهەم هینانی بچووک و لە واحید و کارگاکانی پەراکەندەی بەرهەم هینان دا خەریکی کارن و ئەوە کە لە بەر هەم هینانی گەورە دا نین خۆی هویەکی مەنفییە بۆ شکل گرتنی خەباتی بەرینی جەماوەری و عەلەنی کاریگەر لە سەر ویست و داخوازە ئەزموونی بەرتەسکی خەباتی شوورایی و سەندیکایی شیان هەر تەجرەبەی ئەم دە ساڵەیەو لەم بابەتەشەوە سوننەتی جیگیر بوو و سەقامگرتوو وجوودی نیە.

لابردن و لە نیو بردنی کۆسپ و گیر و گرفتەکان لە سەرەوە باسیان کرا تیکۆشانیکی جیددی و هەمە لایەنەی جەرەیانی رادیکال و کۆمۆنیستی لە کوردستانی پی دەوی لە پیناو شکل پیدانی کاری ئاگاهانەی عەلەنی لە خەباتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش دا.

(٣)

ئایا هەر چەشنە تیکۆشانیکی عەلەنی لە هەمان کاتدا تیکۆشانیکی قانوونییە؟

بی گۆمان وەلامی ئەم پرسیارە مەنفییە.

حکوومەتی مەزهەبی بورژوایی لە ئێران و ئەو دیکاتوری و خەفەقانە کە لەم دەورەیەدا بەسەر جامعەی ئێرانی داسەپاندوە هیچ جیگایەکی بۆ گەران بە شوین فورجە و ئیمکاناتی قابیلی اتکای قانوونی لە خەباتی جەماوەردا نەهیشتوەتەوە و قانوونەکانی مەوجوودی جمهووری ئیسلامی بە هیچ شیوەیەک ئەوەیان تیدا نیە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ پەی گرتنی ویست و داخوازەکانیان پشتیان پی ببەستن و ئەم قانوونانە ناتوانن لەم خەباتەدا هیچ ئەمنییەتیکیان بۆ تەئمین بکەن لە لایەکەوە بە گشتی قانوونە رەسمییەکان و ئەو قانوونانەی بەریوە دەچن خۆیان بە ئەندازەی کافی مەحدوود کەرەوە و دژی کرێکارین کە لە هەر لەحزەیەک دا پیویست بی لە دژی کرێکارانی تیکۆشەر کەڵکیان لی وەر بگیری و لە لایەکی دیکەشەوە لە ماوەی دەسالێرابوردوودا رژیم بە ئاشکراترین شیوە نیشانی داوە کە بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێرانە و بەرانبەر بە خەباتی کرێکاران تەنانەت پابەندی بە لینەکان و قانوونە پەسند کراوەکانی خۆشی نیە و لە هەر لەحزەیەک دا بۆ پاراستن و دریژە پیدانی دەسەلاتی دژ بە شۆڕشی خۆی چ بە لازم بزانی ئەوە دەکا.

کەوایە کاری عەلەنی نەک هەر بە مەعنای تیکۆشان لە چوارچیوەی تەنیا قانوونی دا نیە بەڵکوو لە راستیدا خەباتیکە بۆ شکاندن و پووچەل کردنەوە و لە نیو بردنی هەموو ئەو مەحدوودییەتانە کە بە حوکمی قانوونە بورژوایی‌یەکان بەسەر جەماوەری موعتەریز دا تەحمیل دەکرین کاری عەلەنی ریگای خۆی بە نیو گەلیک زەرفییەت و ئیمکاناتی جۆراوجۆردا دەکاتەوە کە لە نیو کۆمەڵدا مەرج و وەزعییەتیکی سیاسی دیاریکراودا پیک هاتوون کاری عەلەنی دەتوانی خارج لە قانوونەکان و ئایین نامەکان و یاسا ئیداری‌یەکانی رژیم بەرەوپیش بچی و شیعارەکانی خۆی لە چوارچیوەی وا مەشرووع و جەماوەری دا بەیان بکا کە دەزگا ئیداری‌یەکانی رژیم و خاوەن کارەکان و دەزگاکانی سەربەوان خۆیان بە ناچار بزانن حەرەکەتە دەسپیکراوەکە بە رەسمی بناسن، خۆی لی نەدەن، حازر بن وت و وێژ و سازشی لەگەڵ بکەن و تەنانەت داخوازەکانی قەبوول بکەن سەرهەلدانی ئەم وەزعییەتە لە هەمان کاتدا کە بە مەعنای پەسند کرانی هیچ قانوونیک نیە بەڵام بە شیوەی واقیعی بۆ رژیم و خاوەن کارەکان تەسلیم بوونە لە حاست وەزعییەتیک ودانی ئیمتیازیکە کە لە ژیر فشاری خەباتی جەماوەری دا ناچار بوون قەبوولی بکەن بۆ نموونە رەنگە لە زۆر مەرکەزی کرێکاری لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا ٨سەعات کار لە رۆژدا بەریوە بچی، کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران بە بی موزاحەمەتی مەئموورینی دەولەتی بەریوە بچی، مەراسمی سەر بە خۆی کرێکاران لە رۆژی کرێکاردا بگیری، سەندیکای کرێکاری‌ی بەشیکی دیاریکراو پیک بی و...، بە بی ئەوەی هیچکام لەمانە قانوون و بەلینی رەسمی و راگەیەندراوی جمهووری ئیسلامی‌یان لە پشت بی و تەنانەت بە بی ئەوەی بە شیوەی رەسمی و راگەیەندراو، لە لایەن رژیمەوە قەبوول کرابن مانگرتن لە رژیمی جمهووری ئیسلامی دا قانوونی نیە، بەڵام کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکان لە سەراسەری ئێران و لە کوردستانیش گەلیک جار دەستیان داوەتێ و زۆر جاریش ویست و داخوازی خۆیانیان پی وەدی هیناوە پیک هینانی اتحادیەی کرێکاری قەت بە شیوەی رەسمی لەلایەن رژیمەوە قەبوول نەکراوە بەڵام وجوودی ژمارەیەکی زۆر اتحادیەی سنفی کرێکاری بە رژیم تەحمیل کراوە لە زۆربەی ئەم نموونانەدا رژیم و سەرمایەداران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم حەرەکەتانە و بۆ ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی خەباتی کرێکاران بە ناچار نەک بە شیوەی رەسمی و لە ریگەی قانوونە جاری‌یەکانی خۆیانەوە، بەڵکوو بە شیوەی ناراستەوخۆ و فریوکارانە جوولاونەتەوە و پەنایان بردوەتە بەر فیل و فریو.

بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاران پیش ئەوەی بە شوین ئەوەوە بی هەندیک قانوون دیاریکراو بە سەر رژیم دا بسەپینی بۆ هینانی هەندیک ئال و گۆڕی واقیعی لە هەل ومەرجی خەبات و لە پیویستی‌یەکانی ژیانی رۆژانەی کرێکاران دا هەول دەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاشکرایە کە ئەگەر فشاری خەباتی جەماوەری بتوانی رژیم بە شیوەی رەسمی و لە ئاستی هەندیک قانوونی راگەیەندراودا ناچار بە پاشەکشە بکا، بیگۆمان پیک هاتنی ئەم وەزعییەتە بە قازانجی کرێکاران تەواو دەبی و فەزای سیاسی کوللی کۆمەڵیش بۆ لە رزوک کردنی بناغەکانی حکوومەتی دیکتاتوری مەزهەبی زیاتر ئاواڵە دەکاتەوە بەڵام لیرەدا مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکەم، دانانی ئەم ئامانجە لە دەستووری خەباتی ئەمرۆی کرێکاران دا–بەتایبەت لە کوردستان– ئالوز کردن و لە دەسرەس دوورخستنەوەی ئەو سەرکەوتنە کۆنکریت و هەنگاو بە هەنگاوانەیە کە بە کردەوە دەبنە هۆی باش بوونی هەل و مەرجی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی کرێکار بۆ ئەوەی ماف و داخوازەکانی جەماوەر ببنە قانوون و بەلینی رەسمی پیویستە ئەم ماف و داخوازانە پیشتر بە شیوەی واقیعی لە خەباتی جەماوەردا وەدەست هاتبن رابەرانی کرێکاران بۆ دوزینەوەی ریگە دەست و ئیمکاناتی واقیعی بۆ حەرەکەتی عەلەنی جەماوەر ئەساسەن لە نیو کتیبەکانی قانوون داناگەرین بەڵکوو بە هەلسەنگاندنی ئەو وەزعییەتە موشەخەسەی کە تییدان کاری خۆیان بەرەوپیش دەبەن ئەو شتە کە توانایی ئەوەمان پی دەبەخشی داخوازەکانی خۆمان بە قودرەتەوە بەیان بکەین و بکەوینە شوین وەدی هینانیان، قانوونەکانی مەجوودی جمهووری ئیسلامی نین بەڵکوو ئەساسەن میزانی ئەو هیزە کۆمەڵایەتی‌یە واقیعی‌یەیە کە پیشتر دەتوانی لە دەوری ئەم داخوازانە کۆ بیتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا قانوونەکان و بەلینە رەسمی‌یەکان رژیمیش ئەگەر هەبن ئەو وەسیلە و ئامرازانەن کە کەڵک لی وەرگرتنیان ئیمکانی ئەوە بە رابەرانی کرێکاران دەدا داخوازەکانی خۆیان وا ببینن مەیدان کە هیزیکی زیاتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هاودەردی و پشتیوانی‌یەکی کۆمەڵایەتی بەرینتر بۆ لای خۆی راکیشی کەوایە بەکورتی بڵێین کاتیک باسی کاری عەلەنی و قانوونی دەکەین مەبەست گەران بە شوین هەل و مەرجی کار و تیکۆشانی حیزبی سیاسی لە چوارچیوەی قانوونەکانی جمهووری ئیسلامی دا نیە و ئاشکرایە کە لە توێی ئەم قانوونانەدا هیچ جیگا و ریگە دەستیک بۆ تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نادوزریتەوە، بەڵام بزووتنەوەی ئیعتیرازی و چینایەتی کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە بەشیکی جیا نەکراوەی ئەو بزووتنەوەیە، دەتوانی لە زۆر ریگەی ئیداری و قانوونی مەشرووع و بە کردەوە سەلمیندراو کە وجوودیان هەیە، بۆ هەرچی جەماوەری‌تر بوونەوە و هیز هەلخراندن بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانی خۆی کەڵک وەربگری.

رابەرانی کرێکاری و تیکۆشەرانی کۆمەڵە دەبی شیوەکانی کەڵک وەرگرتن لەم ئیمکانات و ریگە قانوونی یانەش فیربن ئەوە کە چلون دەکری و دەبی ئەم بزووتنەوە عەلەنی‌یە لە چوارچیوەی قانوونە جاری‌یەکان واوەتر بەری، ئەساسەن لە مەسەلەی سەنگ و سووکی واقیعی هیزەکان لە نیوان کۆمەڵانی موعتەریز و رژیم و سەرمایەداران دا گری دراوە.

(٤)

تی‌گەیشتنی دروست لە تەوازونی قوا مەسەلەی سەرەکی و چارەنووس سازی هەر خەباتکی عەلەنی‌یە هیچ حەرەکەتیک بە بی دوزینەوەی وەلامی واقیعی بینانە بۆ پرسیاری وەک ئەوەکە چ هیزیک لە دەوری شیعارەکانمان کۆ دەبیتەوە؟ چ دەرەجەیەک لە هاودەردی و پیشوازی گشتی لە داخوازەکانمان هەیە؟ یەکگرتوویی و هاوپشتی هیزی موعتەریز هەتا چ ئەندازەیەک حیسابی لەسەر دەکری؟ وەزعییەتی گشتی رژیم چونە و شیوەی بەرخوردی عەمەلی رژیم چونە و شیوەی بەرخوردی عەمەلی رژیم بە مانگرتنە کرێکاری‌یەکان و ویست و داخوازەکانی خەڵک چون دەبینن؟ وە گەلیک پرسیاری تری لەم چەشنە، تەنانەت یەک هەنگاویش بەرەوپیش هەلنەگیری بە هەلسەنگاندنی دروستی ئەم مەسەلەیە کە رابەرانی خەباتی عەلەنی دەتوانن شکلی موناسبی ئیعتیرازی خۆیان دیاری بکەن شیعارەکان و داخوازەکانی لە قالبی مەشرووع و جەماوەری دا مەترەح بکەن، لە جەریانی عەمەلی دا دەست بدەنە مانورو انعتاق دروست و بەجی، لە کاتی خۆیدا پیشرەوی یان پاشەکشە بکەن و هیزی موعتەریز هەتا کۆتایی حەرەکەتەکە یەکگرتوو رابگرن.

ئەم موحاسەباتە لە غالبی ئەو حەرەکەتە کرێکاری‌یانەدا کە رۆژانە بەریوە دەچن، بە بی ئەوەی لە جیگایەک بنووسری‌یان تەنانەت بەیان بکری، بە هۆی رابەرانی عەمەلی کرێکاران لە ئاستی محەللی دا و لە هەر ئاکسیونیکی دیاریکراو دا دەکرین و بە پیی ئەو موحاسەباتە ریگە دیاری دەکری تەجرەبەی راستەوخۆی خەبات و فشاری پیویستی‌یە واقیعی‌یەکان و ئەو مەسئولییەتانەی لە ئەستویانە، رابەرانی کرێکاران و لەم بابەتەوە زۆر تیژبین و بەرچاوروون و وریا بار دینی.

هەڵسەنگاندنی واقیعی سەنگ و سووکی نیوان هیزەکان نابی تەنیا بە هەلسەنگاندنی ئەو هیزانە کە لەو رۆژە دیاریکراوە دا و لەو حەرەکەتە کرێکاری و جەماوەری‌یە دیاریکراوە دا بەشدارن وەدەست بی ئەم تەعادولی قوا چینایەتی‌یە نەک هەر تەنیا محەللی نیە بەڵکوو زۆر هۆ و عامیلی سەراسەری لە ئاستی کوردستاندا، لە ئاستی ئێراندا و تەنانەت لە ئاستی جیهاندا، بۆ ناسینی دروستی سەنگ و سووکی هیزەکان دەبی حیساب بکرین بۆ نموونە ئەوە کە رژیم بەریوە چوونی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری لە رۆژی جیهانی کرێکار دا کەم تا زۆر قەبوول دەکا، ناکری تەنیا بە حیسابکردنی ئەو تەعادولی قوایە کە لە کوردستان لە نیوان هیزی رژیم و چینی کرێکاردا هەیە پیی بگەی دەیان ساڵ خەباتی چینی کرێکار لە ئاستی جیهاندا ئەم رۆژەی کردوەتە رۆژی هاوپشتی چینایەتی جیهانی چینی کرێکار و لموزی دەیان دیکتاتوری لە خۆل وەرداوە کە لە سەتحی جیهاندا بەرانبەر بە رەسمی بوونەوە و بەریوە چوونی عەمەلی ئەم رۆژە موقاومەتیان کردوە لە ئێران لە چەند دە ساڵی رابوردوو دا ئاگری خەبات بۆ بە رەسمییەت ناسرانی ئەم رۆژە و بەرێچوونی ئەو رۆژە بە کەڵک وەرگرتن لە هەر دەرفەت و هەل و مەرجیکی مومکین، قەت خاموش نەبووە، لە کوردستانیش نزیکەی دە ساڵە کە هەموو ساڵی کرێکاران لە ئەبعادی جۆراوجۆردا توانیویانە مەراسمی سەربە خۆی ئەم رۆژە بەریوە بەرن کەوایە کاتیک لە شاریکی دیاریکراو کرێکاران عەزم دەکەن جەژنی چینایەتی خۆیان لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەی دا بە شیوەی عەلەنی بەریوە بەرن هەموو ئەم خەبات و تەجرەبە و دەسکەوتانەیان لە پشت سەرە و پشتی پی دەبەستن. خەبات بۆ رۆژکاری ٨ سەعاتە، خەبات بۆ تەئمینی بیمەی بیکاری، خەبات بۆ وەدەست هینانی ئازادی پیک هێنانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان، خەبات بۆ وەردەست هینانی مافی ئازادی مانگرتن و شتی‌تری لەم چەشنە هەموویان لەو داخواز و شیعارانەن کە تەعادولی قوای خەباتکارانە بۆ وەدەست هینانیان لە سەتحی محەللی واوەتر دەچی فاکتورە ئەساسی‌یەکانی هەلسەنگاندنی ئەم تەعادولی قوایە دەبی لە هەل ومەرجیکی کۆمەڵایەتی گشتی‌تر دا بەدی بکری، ئەو هەل ومەج و وەزعییەتە کە سەرەرای هەموو ئالوز و پیچیدە بوونی ئەغلەب بە شیوەی خودبەخودی لە زەینی رابەرانی کرێکاری دا عەمەل دەکا ئەم عامیل و فاکتورانە کۆمەڵایەتین و بە شیوەی کۆمەڵایەتیش عەمەل دەکەن نموونەی ئەوەلی مانگی مەی پیشتر ئیشارەی پی کرا گەلیک نموونەی تریش بۆ تەوزیحی ئەم مەسەلەیە دەکری باس بکەین بۆ نموونە، لە بابەت لایحەی قانوونی کاری رژیم دەکری بڵێین کە جەمع بەندی دەورەیەک لە دەرگیری و بەرانبەرکیی لیرە و لەوی و پەراکەندەی کرێکاران لەگەڵ سەرمایەداران و دەولەت لەسەر مەسەلەکانی مەربووت بە قانوونی کار، هەلسەنگاندن و ناسینی زەرفییەتەکانی بالقوەی چینی کرێکار و نیگەرانی بورژوازی ئێران لە حەرەکەتەکانی ئەم چینە، نیگەرانی لە گەشە کردنی جەرەیاناتی رادیکالی کرێکاری و پەرەگرتنی کار و تیکۆشانی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاراندا و شتی دیکەی لەم نەوعە رژیم ناچار دەکا باسی قانوونی کار لە سەتحی جامعەدا مەترەح بکا و لایحەکەی بەریتە مەجلیس و هەول بدا بەم مانورە هەتا ئەو جیگایەی دەتوانی ویست و داخوازەکانی کرێکاران داشکینی و لە قالبەکانی خۆیدا دایان رێژی ئەمە سەنگەریکە کە سەرەرای هەموو فریوکاری و ریاکاری‌یەکانی دوژمن پیی تەحمیل کراوە و کرێکاران هەر لیرەوە دریژە بە

خەباتی خۆیان دەدەن نەفسی قەبوول کردنی ریکخراوە کرێکاریەکان وەک "خانەی کارگەر" و تەنانەت شووڕا ئیسلامیەکانی کارخانەش – سەرەڕای ئەوەی استفادەی کۆنەپەرستانە و دژی کرێکاری لی دەکری–نیشاندەری نیگەرانی واقیعی رژیمە لە گەشە کردنی خەبات بۆ ریکخراو بوونی سەربەخۆی کرێکاری ریکخراو بوونی.

ریکخراوە کۆنەپەرست و زەردەکان لە راستیدا سەنگەری دیفاعی دوژمنن بەرانبەر بە چینی کرێکار و بەرانبەر بە خەباتی ئەو چینە بۆ پیک هینانی شووڕا واقیعیەکان، کۆبوونەوەی گشتی، سەندیکای سەربەخۆ و ریکخراوی دیکەی کرێکاری.

لە بابەت کوردستانەوە ئەم نموونانەی خوارەوە مەسەلەکە زیاتر ڕۆشن دەکەنەوە، ئەوە کە رژیم بەرانبەر بە موقاومەتی خەڵکی چەند ئاوایی لەسەر مەسەلەی سەربازگیری بۆ جەبهەکانی شەر، پاشەکشەی دەکرد لە مەرقەبیەت و وەزعییەتیکی گشتی تردا تییدا بوو، وە بەرانبەر بە کوللی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانە پاشەکشەی پیکرا بوو نەک تەنیا بەرانبەر بەو هیزەی لەو چەند ئاوایی یە لە دژی ئەم سیاسەتە کۆ ببوونەوە موقاومەتی شاری سنە بەرانبەر بە لەشکر کیشی و موحاسەرەی جمهووری ئیسلامی تەنیا بە دەلیلی ئەو تەناسوبی قوا نیزامی یە نەبوو کە لە نیوان هیزی پیشمەرگە و رژیم دا بە وجوود هاتبوو، بەڵکوو موقاومەتیکی جەماوەری بوو کە نزیکەی مانگیک هیزەکانی رژیمی لە پشت دەروازەکانی شار چەقاند لە مانگرتنەکانی کووڕەخانەکاندا کە مەرکەزی کووە بوونی بەشیکی زۆر لە کرێکارانی کوردستانن و هەموو ساڵی سەرکەوتوانە بەریوە دەبری، تەوازونی قوا تەنیا لە هیزی چەند کۆمەڵی کرێکاران لە چەند کووڕەخانەی ئیرە و ئەوەی پیک نەهاتوە بەڵکوو ساڵەها خەباتی کرێکارانی ئەم بەشە و تەجرەبە و لیهاتوویی رابەرانی کرێکاری لەم مەیدانەدا لانی کەم لە سەتجی کوردستانی دا ئەوە دیاری دەکا.

دیمەنیک لە تەناسوبی واقیعی هیزەکانی نەک تەنیا لە حەرەکەتە ئیعتیرازیی یە کرێکاری و جەماوەری یەکاند بەڵکوو لە حەرەکەت و عکس العمل و تاکتیکەکانی دوژمنیش دا بەدی دەکری رژیمی دیکتاتوری مەزهەبی کە بیجگە لە زمانی ئیعدام و شکەنجە و سەرکوت بە هیچ زمانیکی تر لەگەڵ موخالیفانی خۆی نەدواوە، ڕووهێنانی بەرەو تاکتیکی فریو کارانە و وەعدە و بەلێن لە حاست کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بیبەش ناتوانی حاسڵی هیچیتر بی بیجگە لە فشاری بالقوە و بالفعلی واقیعی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری.

ڕێکخراوەی کرێکاری ئیسلامی پیک دەهێنرین، ڕۆژنامەی تایبەتی کرێکاران بڵاو دەکریتەوە، بەرنامەی رادیو و تلویزیونی تایبەت بۆ کرێکاران تەرخان دەکری و یەکێک لە نوکەرانی رژیم وەک "نوێنەری کرێکاران" دەبریتە مەجلیس و دەگاتە وەزارەت، باسی قانوونی کار و بیمەی بێکاری پەرەی پی دەدری، باسی ئەوەڵی مانگی مەی دەبریتە نوێژی جومعە و هەموو ئەم کارانە لە جەرگەی وەحشیانەترین چەوساندنەوەی کرێکاران و هەژاری و بی مافی موتلەقی کرێکاراندا دەکرین رژیمیک کە ئەوکات کە هیشتا خوشباوەری بەشیکی بەرین لە چینە ناونجی و ژیان خۆشەکانی جامعەی بە پشتەوە بوو و خۆی بە سەمەرە و حاسڵی ئینقلابی ٥٧دادەنا تەنانەت حاشای لە مەوجوودییەتی چینی کرێکار دەکرد ئەمرۆ ناچارە لە زمان رفسنجانی یەوە لە نوێژی جومعەدا را بگەینی:" ئەم ڕۆژی ١١ی ئوردیبهشە هەلبەت خۆ ئیمە دیاریمان نەکردوە بەڵام ئێتر جەژنی کرێکارانە و ئیمەش ئیحترامی دەگرین"!

ڕۆشنە کە توازونی قوا پەیوەندی یەک نیە نەگۆری دەبی هەول بدری ئەم رابیتەیە بە کاری ئاگاهانە هەتادی بە قازانجی کرێکاران بگوردری نەفسی پەرەگرتنی خەباتی عەلەنی و هیدایەت کردنی ئاگاهانەی ئەو خەباتە یارمەتی بە گۆرانی ئەم رابیتەیە دەکا لە جەرگەی ئەم خەباتە دایە کە جورئەت و جەسارەتی ئیعتیراز کردن دەچیتە سەر، پلەی تەوقوعاتی جەماوەری دەچیتە سەر، رابەرانی عەمەلی خاراوتر و لیهاتووتر دەبن، جەماوەری کرێکاران لە ئاستیکی گشتی تردا دەرسی خەبات فیر دەبن، ریگای پیک هێنانی ریکخراوەجەماوەری یەکان خۆش دەبی و لە هەل ومەرجیک دا کە تەرازووی هیزەکان بە قازانجی کرێکاران بی، موقاومەتی کارفەرمایان و دەوڵەت پووچەل دەبیتەوە و ئەو ریکخراوانە پیک دین، و هەموو ئەم رووداوانەیە کە تەرازووی هیزەکان بە قازانجی کرێکاران دەگوری کۆمەڵە بە کەلک وەرگرتن لە زەرفییەتەکان و لەو جیگاوشوینە کە لە کوردستان و لە نیو کرێکاراندا وەدەستی هیناوە دەتوانی لە باشکردنی ئەم تەناسوبی قوا چینایەتی یەدا بە قازانجی کرێکاران، دەوریکی چارەنووس سازی لە ئەستو بی. بردنە سەری پلەی وشیاری و ئاگادار بوون لە بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتی بە تەبلیغات و ئاموزشی کەتبی و شفاهی، کەمپەینی تەبلیغی و تەرویجی بەنامەدار، گشتی کردنەوەی شیعار و داخوازەکانی کرێکاران و سەراسەری کردنەوەیان و بردنە سەری پلەی تەوەقوعاتی جەماوەر لەم ریگایەوە، کۆ کردنەوە سەریەکی دەسکەوتەکانی خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران و هەوڵدان بۆ تەبدیل کردنی ئەم نەتیجەگیریانە بە تی گەیشتن و بوچوونی گشتی کرێکاران، کاری تایبەت و پر بە پر بۆ پووچەل کردنەوەی هویەکانی پیک هینەری تەفرەقە و چەند بەرەکی لە نیو کرێکاراندا وەک رەقابەت لەسەر پەیدا کردنی کار، پەیدا بوونی نموونەی مانگرتن شکاندن، جیایی کۆنەپەرستانە بە پیی کورد و تورک و فارس و ئەفغانی و شیعە و سوننی و شتیتر بوون، وە لە سەرووی هەموو ئەمانەوە هەول و تیکۆشانی سیستماتیک بۆ جیگیر کردنی هەموو دەسکەوتەکانی خەبات بە پیک هینانی ریکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران، ئەمانە سەر خەتی ئەو هەنگاوانەن کە دەبی بۆ گورینی تەناسوبی قوای خەباتکارانە بە قازانجی کرێکاران، لە هەر مەقتەعیکدا لە لایەن ئێمەوە شوینیان بگیری.

(٥)

شیعار و شیوەی هیزی هەلخرین:

فەعالییەتی عەلەنی بە پیی قاعیدە فەعالییەتیکە کە بە خەباتی جەماوەر پشت ئەستوورە، کە وایە شیعارەکان و داخوازەکانی دەبی جەماوەر کۆبکەنەوە و لە هەر ئاکسیونیکی دیاریکراو دا پشتیوانی جەماوەریکی هەرچی بەرینتر بۆلای خۆیان راکیشن، هەر بۆیە دەبی مەسەلە سەرەکی یەکانی نارەزایەتی کرێکاران بگرنە بەر لە هینانە گۆڕ و شیوەی بەیان کردنی ئەم داخوازانەدا دەبی لەسەر ئیمکانی بە سەرکەوتن گەیاندنیان و جیگیر کردنیان وەک دەسکەوتیک بە شیوەی جیددی حیساب بکری ئەم دەرک و تی گەیشتنە بە رابەری محەللی خەباتی عەلەنی ئیمکان دەدا لە هیدایەت و بەرەوپیش بردنی خەباتیک دا کە رابەری یەکەی گرتوەتە ئەستو، توانایی یەکانی جەماوەری موعتەریز لەبەرچاو بگری نە بەرەو ئامانجی غەیری قابیلی وەدی هاتنیان بەری و نە بیانکاتە شوین کەوتووی مەیل و خواستی بەشی خۆپاریز و محافزەکار ئەو شیعارانە کە لە تەوازونی قوای مەجوود دا غەیری قابیلی وە دی هاتن بن و جەماوەری موعتەریز پییان وا نەبی دەتوانن بەهیزی خۆیان وەدەستیان بینن، هیچ خاسییەتیکیان نیە بیجگە لە پرژ و بلاو کردن و لیک دابرانی جەماوەر لەو حەرەکەتە دیاریکراوەدا لە دەورەی شۆڕشگیرانەدا و لە هەل ومەرجیک دا کە مەسەلەی قودرەتی سیاسی لە نیو جامعەدا دیتە گۆڕ و دەسەلاتدارەتی رژیم دەکەویتە بەر هیرش دیارەئامانجی خەباتی عەلەنی لە چوارچیوەی داخوازی ورد و داخوازی سنفی واوەتر دەچی و شیعار و داخوازی ئابووری–سیاسی هاوبەش و سەراسەری دەبیتە ناوەرۆک و ئامانجی خەباتی عەلەنی جەماوەری و لە راستیدا ئەو شیعارانە کە حیزبی سیاسی کرێکاری هەمیشە تەبلیغی دەکردن لەم هەل ومەرجە داجەماوەرلە دەوریان کۆ دەبیتەوە و بە شیوەی بەرینی کۆمەڵایەتی پشتیوانیان لی دەکری.

بەڵام ئەو شتە کە ئەمرۆ تیکۆشەرانی محەللی و رابەرانی کرێکاری بە تایبەت لە کوردستان دەبی لەبەر چاوی بگرن، فەراهەم کردنی پیویستی یەکانی پیک هینانی ئەو هەل ومەرجەیە و ئەم کارە تەنیا بە پشتیوانی لیکردن و هینانە گۆڕی ئەو داخوازانە دەکری کە لە تەناسوبی قوای واقیعی ئەمرۆ و لە حەرەکەتی دیاریکراودا قابیلی وە دی هاتن بن.

بەڵام بۆ ئەوەی لەو هەل ومەرجەدا ویست و داخوازەکانی حەرەکەتی عەلەنی لە لایەکەوە جۆرئەت و جەسارەتی بەشداری کردن لە خەبات دا بۆ وە دی هێنانیان، لە نیو ژمارەیەکی هەر چی بەرینتری کرێکاران و خەڵکی موعتەریزدا بەریتە سەر و لە لایەکی دیکەوە هاودەردی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە دەورەوی ریزەکانی خۆشی بەرەو لای ئەو حەرەکەتە راکیشی، پیویستە ئەم شیعارانە بە مەشرووعییەتی هەرچی زیاتر و لە قالبی وا دا کە لە لایەن بەشیکی هەرچی بەرینتری کرێکارانەوە قابیلی دیفاع بی بهینریتە گۆڕ رابەرانی کرێکاران بە تەجرەبە فیر دەبن کە چلون ویستی خۆیان بە بەیانیکی جەماوەری بیننە گۆڕ، چلون سەبارەت بە حەقانییەت و رەوا بوونی داخوازەکانیان دەلیل بیننەوە، لە حەیاتی بوونیان بۆ دابین کردنی لانی کەمی ژیان و دابین کردنی هەل ومەرجی ئینسانی دیفاع بکەن، نیشان بدەن کە ئەمە سەرەتایی ترین و ئاشکراترین مافیانەکە حاشای لیدەکری و بەم جۆرە فەزایەک لە پشتیوانی و هاو دلی لە دەو+روبەری خۆیان پیک بینن و بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ئەم فەزایە بۆ کارفەما و رژیم هەر چی دژوار و دژوارتر بکەنەوە.

دیارە کرێکاران خۆیان بۆ "قانع بوون" و تی گەیشتن لە هەل ومەرجی ژیانیان و حەقانییەت و رەوا بوونی و ویست و داخوازەکانیان پیویستی یان بەم دەلیلە سادە و روشنانە کە لە قالبی قانوونی و مەشرووع دا بەیان کراون نیە ئەوان خۆیان ئەو شتەی بە سەریان دی و ئەو هەل ومەرجەی تییدان بە گوشت و پیستەوە هست پی دەکەن بەڵام لیرەدا ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەم جۆرە هێنانە گۆڕەی داخوازەکان بە بەیانی موناسب و لە قالبی وا دا کە مەشرووعییەتیان لە لایەن ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵکی شەرافەتمەند و حەقخوازەوە قەبوول بکری لە لایەکەوە بە کۆمەڵانی موعتەریز لە تەعادولی قوای ئێستا دا جۆرئەت و هیزیکی زیاتر دەبەخشی و لە لایەکی دیکەوە ریاکاری و فریو کاری دوژمنانی کرێکاران بۆ پەردە پوش کردنی سیمای چەوسینەر و دژی کرێکاری خۆیان، لە لای هەموان ئاشکرا دەکا و سەرمایەداران دەنیتە بەرانبەر ئیددیعا ورد و درشتەکانی هەموو رۆژەیان.

(٦)

فەعالییەتی عەلەنی و رابەرانی عەلەنی

هۆی چارەنووس ساز لە بەرپا کردنی هەر حەرەکەتیکی عەلەنی دا وجوودی رابەرانیکە کە هەمیشە و بە شیوەی تەبیعی بتوانن بکەونە ڕێزی پێشەوەی ئەو خەباتە و، بەردەوام بوون و پەرەگرتنی ئەم جۆرە ئاکسیونانە خۆی باشترین مەدرەسەیە بۆ وەدەست هێنانی تەجرەبە و پەروەدە بوون وخەمیلینی توانایی یەکانیان لەم زەمینەیەدا هەموو حەرەکەتە عەلەنی و جەماوەری یەکان لە مەرکەزە کرێکاری یەکان و لە شارەکانی کوردستان بە دریژایی دەسالی رابوردوو بە دەور و نەقشی هەڵسووراوانەی ئەم رابەرە محەللی یانە بەرەوپیش چووە و لە جەرگەی ئەم خەباتەدا بووە کە نفووز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی ئەو رابەرانە چووەتە سەر، لیهاتووتر و پوختەتر بوون و شکل و شیوەی جۆراوجۆرتر و پیچیدەتریان لە هیدایەتی خەباتی جاری لە چوارچیوەی مەشرووع و قانوونی دا هەڵبژاردوە بەڵام لە هەمان کاتدا پەرە نەگرتنی ئەم حەرەکەتە جەماوەرییانە بەوجۆرەی پیویستە و کەحدوود مانەوەیان لە سەتحی محەللی دا بە تایبەت لە ساڵانی ئەخیر دا ناشی بووە لە وجوودی کەم و کووری یەکی واقیعی لە کاری ئێمەدا لە زەمینەی پەروەردە کردنی رابەرانی عەمەلی بزووتنەوە عەلەنی یەکاندا.

یەکێک لە تایبەتی یەکانی مەوقعییەتی ئێستا لەم بابەتەوە، لە کوردستان ئەوەیە کە بەشکی زۆر لە رابەرانی کرێکاری بزووتنەوەی جەماوەری لە دە ساڵی رابوردوودا هاتوونەتە نیو سازمانی عەلەنی و چەکداری کۆمەڵە و ئەمرۆ پر بوونەوەی جیگای خالی ئەم ژمارە نیسبەتەن زۆرەی رابەرانی خاوەن نفووز کە لە مەنتەقەیەک دا وە یا لەوەش واوەتر، دەیانتوانی دەوری رابەری بگرنە ئەستو، پیویستی بە کاریکی تایبەت لە لایەن ئێمە هەیە لە لایەکەوە ئەو رەوشت و میکانیزمانە کە ئەمنییەتی ئەم رابەرانە وەک سیمای عەلەنی بزووتنەوەی جەماوەری دەپارێزن دەبی بە دروستی بناسرین و بە تەواوی ریعایەت کرین و لە لایەکی دیکەشەوە بە کاری تەرویجی و وشیاریدەرانە و لیکدانەوە و هەلسەنگاندنی سیاسی واقیعی و رۆشن یارمەتی ئەم هاوریانە بکری بۆ ناسینی تەوازونی قوا و هێنانە گۆڕی شیعاری هەڵخرینەر و شیعاری وا کە هیز لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و هەروەها بۆ رەچاو کردنی تاکتیکی بە جی ئەو شتە کە بە تایبەت لیرەدا دەبی تەئکیدی لەسەر بکری، مەسەلەی ئەمنییەتی ئەو رابەرانەیە سیاسەتە تەشکیلاتی یەکانی ئێمە نەک هەر نابی مەوقعییەتی ئەم هاوری یانە لە باری ئەمنییەتی یەوە تووشی خەتەر بکا بەڵکوو دەبی ئەوان بە پەی گرتنی ئەو رەوشت و سیاسەتە عەمەلی یانە کە ئێمە تەرویجیان دەکەین، ئەمنییەتیکی زیاتر وەدەست بینن و بە خەیالیکی ئاسوودەترەوە کاری خۆیان لە شوینی خۆیان بەریوە بەرن ئەوان بە شیوەی تەبیعی لە نیو خەڵک دا خۆشەویست و خاوەن نفووزن، ئەو داخوازانەی دیفاعیان لی دەکەن هەموویان مەشرووعن و بە شیوەیەکی بەرین پشتیوانی یان لی دەکری ئالوودەگی ئەمنییەتی و تەشکیلاتی نابی ئەم مەوقعییەتە بەنرخەی ئەوان تووشی خەتەر بکا.*

(٧)

فەعالییەتی عەلەنی و تاکتیکی شۆڕشگێرانە

ئایا تەئکیداتی تا ئێستامان لە زەمینەی کاری عەلەنی و رەواجی ئەو ئاموزشانە دا کە بە کەڵک لی وەرگرتنیان بکری لە هەر هەل ومەرجیک دا و لە چوارچیوەی مەحدوود دا و تەنانەت لە ریگەی ئیداری و قانوونی و ئەم جۆرە شتانەشەوە، خەباتی عەلەنی بەرەو پیش بەری بە مەعنای ئەوەیە کە ئێمە پیمان وانیە هیچ سنووریک بۆ مەحدوود کردنەوەمان هەیە و لە باری رەوشت و سیاسەتە عەمەلی یەکانەوە فەرقیک لە نیوان ئێمە و ئەحزابی لیبرال – ریفورمیست دا نیە؟ قەتعەن لەم بابەتەوە جیاوازی بنەرەتی وجوودی هەیە. پیش هەموو شتیک ئەو سیاسەت و تاکتیکانە کە ئێمە لەم نیوەدا وەک جەرەیانیکی کۆمۆنیستی بە شوینیانەوەین، لە راستیدا بەش بەشی ستراتیژی یەکی گشتین کە قەرارە کرێکاران بنیتە سەرووی دەسەلاتی سیاسی یەوە و جامعە لە مەوقیی یەتی پیچەوانە و غەیرە عادلانەی دەسەلاتدارەتی کە مایەتی یەکی چەوسینەر رزگار بکا و مالکییەتی خوسووسی و کاری کری گرتە هەلوەشینیتەوە هەموو تەئکیداتی ئێمە لەسەر کاری قانوونی و عەلەنی، بێجگە لە خەباتی پەیگیرانە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو زەرفییەت و ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی کرێکاران بۆ بەرپا کردنی شۆڕشیکی کرێکاری و نزیک بوونەوە لەم ستراتیژی یە کۆمۆنیستی یە هیچی تر نیە ئەم ئاسویە بیگۆمان ئێمە لەباری شیوە عەمەلی یەکان و تاکتیکی خەباتکارانەوە لە بزووتنەوەی عەمەلی جەماوەریش دا لە ئەحزاب و جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری جیا دەکاتەوە ناسینی دروستی ئەم جیاوازی یە لە هەر خەباتیکی دیاریکراودا دەگەریتەوە بۆ ڕۆشن بینی سیاسی و تعلقی ئیدئولوژیکی رابەرانی محەللی بە جەرەیانی کۆمۆنیستی و ئامانجە ستراتیژیکەکانی کرێکاران.

واقعییەت ئەوەیە کە رابەرانی محەللی و عەمەلی کرێکاران لە جەریانی هیدایەت و بەرەوپیش بردنی ئاکسیونیکی دیاریکراو دا هەندیک جار دەست دەدەنە شکل و شیوەی وا و سازش و مانوری وا بۆ بەسەر کەوتن گەیاندنی خەباتی خۆیان هەڵدەبژیرن کە مەرج نیە بە ئوسوولی کاری عەلەنی و فەعالییەتی کۆمۆنیستی دا بنرین بەڵام دەکری لە چوارچیوەی فەعالییەتی محەللی دا جیگەی خۆیانیان هەبی و قابیلی قەبوول بن لە هەر حاڵدا ئەم جۆرە انعتاف و مانورانە تەنیا لە چوارچیوەی سیاسەتیکی کۆمۆنیستی کرێکاری دا دەکری جیگەیان بدریتی مەبەست ئەوەیە کە کرێکارانی پیشرەو بە رەچاو کردنی سیاسەتە کۆمۆنیستی یەکان حەرەکەتی ئیعتیرازی خۆیان جەماوەری بکەنەوە ئیمە بە شیوەی جیددی موخالیفی ئەو سیاسەت و رەوشتانەین کە خەبات بۆ باش بوونی(هەل ومەرجی ژیان و خەبات) و ئیسلاحات دەکەنە ئامرازیک بۆ دوور کردنەوەی کرێکاران لە تاکتیکەکانی شۆڕشگێرانە و دژی سەرمایەداری، وە لە جەرگەی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاراندا ئامانجی دریژ خایەنی سوسیالیستی و بەرژەوەندی کوللی چینی کرێکار وەک چینیکی جیهانی کەم رەنگ دەکەنەوە و لە بیریان دەبەنەوە تاکتیکەکانی خەباتی کرێکاران لە بزووتنەوەیەکی عەلەنی دا بۆ داخوازی بچووکیش دەکری و دەبی ببنە هۆی تەقویەتی هاوپشتی چینایەتی و چوونە سەری پلەی ریکخراو بوونی کرێکاران، بە هیز بوونی ڕێزی خەبات لە دژی مالکییەتی خوسووسی، لە دژی کاری کری گرتە و بۆ پیک هێنانی جامعەی سوسیالیستی تاکتیکی شۆڕشگێرانە ڕەوشتی خەباتکارانەی ئوسوولی دەبی لەم واقعییەتەوە دەر بکیشرین وەک پیوانەی کوللی لەم زەمینەیەدا دەکری ئیشارە بەم خالانەی خوارەوە بکەین:

ئەو ڕەوشت و تاکتیکانەی خەبات کە کرێکارانی پیشرەو و رابەرانی عەمەلی لە حەرەکەتیکی خەباتکارانەی عەلەنی دا دەکەونە شوینیان نابی جەوهەر و ماهییەتی واقیعی دوژمنانی چینایەتی و سیمای دژی کرێکاری و چەوسینەر و سەرکوتگەریان لە چاوی جەماوەر بشاریتەوە و بەم مەعنایە خۆشباوەری دروست بکا کرێکاران ئیمکاناتی خەباتی عەلەنی بە هیزی یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان و حەقانییەتی شیعارەکانیان وەدەست دینن کەوایە هیچ پیوویستی یان بەوە نیە شیوە و ڕەوشتی وا هەڵبژیرن کە سەرمایەداران و دەولەتەکەیان نەرەنجینی کرێکاران لە حەرەکەتەکانی خۆیاندا موری تەئیید نانینە سەر خەسلەتی فریو کارانەی هیچ بەش و لایەنیکی بورژوازی، بەڵکوو کاری خۆیان بە پشت ئەستووری ئەو میزان هیزەی کە بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان کویان کردوەتەوە بەرەوپیش

دەبەن حیزبی وەک حیزبی تووده ئیمکانی فەعالییەتی عەلەنی خۆی بە قیمەتی پی هەڵگوتنی جمهووری ئیسلامی و خزمەت بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەو رژیمە وەدەست دینی بەڵام کرێکارانی شۆرشگێر، خەباتی عەلەنی لە پیناو داخوازەکانیاندا لە چوارچیوەی کوللی ئەو ئیمکانات و هەل ومەرجەدا کە بە هیزی خەباتی جەماوەر وەدەست هاتوە بەرەوپیش دەبەن.

خەباتی عەلەنی نابی تەفرەقە لە نیو کرێکاراندا پەرە پی بدا پەرە گرتنی یەکگرتوویی چینایەتی لە خەبات دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیاندا یەکەمین ئامانجی هەر خەباتیکی کرێکاریە لەم رووەوە تاکتیکە ئوسوولییەکانی رابەرانی محەللی کرێکاران لە خەباتی عەلەنیدا ناتوانی و ناکری بیجگە لەمە هیچ نەتیجەیەکی بی بە تایبەت لە هەل ومەرجی ئێستادا کە هەژماریکی بەرینی بێکاران لە ئێران هەن و سەرمایەداران و دەوڵەت لە جیایی مەزهەبی و میللی وشتیتر بۆ وەدەست هێنانی هیزی کاری هەرچی هەرزانتر، بە شیوەی بەرین بەهرە بەرداری دەکەن، ئەم مەسەلەیە گرینگی و ئەهمییەتیکی زیاتریشی هەیە.

خەباتی عەلەنی دەبی وەدی هێنانی عەمەلی ئەو شیعارانە بە ئامانجی خۆی دابنی کە بوخۆی دیاری کردوون کەوایە هەڵبژاردنی شیوەیوا کە کرێکاران لە وەدەست هێنانی نەتیجەی مادەی و باش بوونی واقیعی لە هەل ومەرجی کار و ژیانیان دا دوور کاتەوە، غەیری قابیلی دیفاعە و نادروستە تەنیا بە هەول و تیکۆشانی بیوچان و پەیگیرانە و مەسئوولانە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندن و وەدەست هێنانی نەتیجەی مادەی لە رابەری حەرەکەتی عەلەنی دایە کەدەکری ئەگەر بە هەر دەلیلیک ئەم خەباتە دیاریکراوە ناکام مایەوە و نەیتوانی ئیرادەی خۆی بە سەر دوژمن دا فەرز بکا، دیسانیش بکریتە پالپشتیک بۆ حەرەکەتی داهاتووی کرێکاران لەم سووڕەتە دایە کە دەرسەکانی ئەم خەباتە کرێکاران لە بەرانبەرکی و کیشەی بەردەوامیاندا لە دژی سەرمایەداران هەنگاویک بەرەوپیش دەبا و بە سەرکەوتن نەگەیشتنی ئەو ئاکسیونە روحیەی ناهومیدی پیک ناهێنی و بە پیچەوانە کرێکاران تەجرەبەکانیان وەک دەسکەوتی خەباتی خۆیان دەپارێزن و دەیکەنە سەرمایەیەک بۆ حەرەکەتی داهاتووی خۆیان.

بە کورتی حەقانییەتی تاکتیکەکان و شیوەکانی خەبات کە لە کاری قانوونی و عەلەنی دا رەچاو دەکرین دەبی لە کردەوە دا بە ئیسبات بگەن بەم مەعنایە کە ئەم خەباتە دەبی ببیتە هۆی باش بوونی ژیانی کرێکاران جا هەر چەند ئەم باش بوونە کەمیش بی، تەجرەبەی کرێکاران لە خەباتی چینایەتی دا بەریتە سەر، یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نیو کرێکاران دا زیاتر بکا و تەفرەقە پیک نەهێنی و نەبیتە هۆی پیک هاتنی خۆشباوەری لە حاست هیچ بەشیکی بورژوازی.

(٨)

ئایا فەعالییەتی عەلەنی و قانوونی دەکەویتە بەر هێرشی دوژمن؟

پیشتر وتمان کە لە دەسەلاتداریتی رژیمی دیکتاتوری مەزهەبی لە ئێراندا هیچ قانوونیکی و هیچ قەرار و بەلینیکی رەسمی ناکری وەک هویەک بۆ تەئمینی ئەمنییەت و بە مایەی دلنیایی لە کاری عەلەنی دا حیساب بکری تەنیا هیزی واقیعی بزووتنەوەی جەماوەری و فشارە واقیعییەکانی هەل ومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە رژیم وادار دەکا نەرمتر بجوولیتەوە و لە حاست حەرەکەتە عەلەنییەکان بە پاریزەوە هەنگاو هەڵگری ئەگەر بەرپا بوونی حەرەکەتە عەلەنییەکان و پەرە گرتنیان میکانیزمی تەبیعی بیداری و خەباتگیری و رکیخراو بوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیشە، کەوایە بە هەمان دەرەجەش تەبیعییە کە رژیم بۆ بەر پەرچ دانەوەی و پیش گرتن بە گەشە و پەرە گرتنی خۆی ئامادە بکا بە پیچەوانەی ئەو شتە کە رژیم بە زاهیر لە خۆی نیشان دەدان پیی خۆشە خەباتی کرێکاران و تیکۆشانی کۆمۆنیستی لە ئالقەی کاری مەحدوود و نهێنی و تیکۆشان لە چوارچیوەی تەنیا تەشکیلاتی دا بمینیتەوە و تیکۆشانی کۆمۆنیستی کرێکاران قودرەت و ئیمکانی ئەوە پەیدا نەکا کە بە شیوەی عەلەنی خۆی دەرخا و جەماوەر لە دەوری شیعار و سیاسەتەکانی کۆ بنەوە هەر بەم مەبەستەش ئەم حەرەکەتانە دەنیتە ژیر فشار هەتا حیزبی سیاسی ناچار بکا بە تەواوی بکشیتەوە نیو سەنگەرەکانی کاری نهێنی بەڵام هەمان رادە کەوجودی خەباتی چینایەتی عەینی و حاشا هەلنەگرە، بە هەمان رادەش موقاومەت بەرانبەر بەم فشارەانەن وادار کردنی دوژمن بە پاشەکشە و سەلماندنی واقعییەتی ئەم حەرەکەتانە شتیکی واقیعییە حەرەکەتە عەلەنییەکانی کرێکاران بە حیلە و فشار و سەرکوتی رژیم ئەگەر چی تووشی هەلس و کەوت دەبن و ژمارە و بەرینایی‌یان ئال و گۆڕی بەسەر دا دی بەڵام لەمەیدان دەرناچن و کاری ئاگاهانە و پەیگیرانەی حیزبی سیاسی کرێکاران ئەوەیە کە لە هەموو هەوراز و نشیوەکانی ئەم خەباتە بۆ بەهێز کردنی یەکگرتوویی کرێکاران و پیشرەوی بەرەو ستراتیژی کرێکاران بە باشی کەڵک وەر بگری و بەهەرسەر کوتیک کە لە لایەن دوژمنەوە دەکری بزووتنەوەی عەلەنی بتوانی هێزی پیویست بۆ فەعالییەت لە مەیدانەکانیتر (یانی لە مەیدانی کاری نهێنی) دا، وە تەجرەبەی پیویست بۆ تەدارەک و گورینی مەسیر و غەنی بوونەوەی حەرەکەتی عەلەنی پاشە کەوت بکا.

ئەگەر هیدایەت کردنی خەباتی عەلەنی جەماوەری شیوە و رەوشتی جۆراوجۆر و پیچیدەی هەیە کەکرێکارانی پیشرەو و کۆمەڵانی موعتەریز بەرە بەرە فیری دەبن، دیارە رژیم یش بەرانبەر بەم حەرەکەتانە شگرد و شیوەی جۆراوجۆر دەگریتە پیش لە خەباتی عەلەنی دا دوژمنیش پەی بە میزانی قودرەت و هیزی حەرەکەتی ئیعترازی دەبا و بە پیی ئەوە بۆ بەرەوروو بوونەوەی تەرح دادەڕێژی.

بەرانبەرکی لەگەڵ حەرەکەتە عەلەنییەکان لە لایەن سەرمایە داران و دەوڵەتەوە هەمیشە بەشیوەی سەرکوتی موستەقیم و گرتن و زیندان و ئەم جۆرە شتانە نیە هەر وەک کرێکارانی وشیار هەول دەدەن ئیعتیراز و خەباتی خۆیان بە شیوەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بیننە مەیدان، دوژمنیش هەول دەدا مەسەلەکە لە مەیدانی کۆمەڵایەتی‌دا چارە بکا و بیبریتەوە بۆ نموونە بە گرتنی تیکۆشەرانی سیاسی، ئیعدام لە بەرچاوی هەموان و شەللاق لیدان بە هەموو بەهانەیەک و هیرش کردنە سەر ژنانی بی حیجاب و ئیقدامی تری لەم نەوعە، فەزای ترس و نیگەرانی پیک دینی و پەرەی پی دەدا لە راستیدا هەول دەدا لەم ریگایەوە کوللی جەماوەری موعتەریز لە سەتحی کۆمەڵایەتی دا بخاتە ژیر فشاری روحی و قودرەتی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی‌یان لەم ریگایەوە مەحدوود کاتەوە گەشتی جۆراوجۆر و مانوری هەموو رۆژەیان لە خیابان و کووچە و کولانەکان و کاری تری لەم نەوعە جۆرە قودرەت نیشاندانیکە کە رژیم هەول دەدا بەم جۆرە و بە شیوەی غەیرە موستەقیم زەمینەی بالقوەی حەرەکەتی ئیعتیرازی داشکینی و کەمی بکاتەوە. وە یا بە شیوەیەکی تر و هەرلەئیدامەی ئەمە دا، پەنا دەباتە بەر وەعدە و وەعید دان و هەول دەدا بە دروست کردنی حاڵەتی چارەروانی، کۆمەڵانی کرێکار لە ئیعتیراز بگیریتەوە هەتا بەڵکوو بەرە بەرە هیزی ئامادە بۆ حەرەکەتیان لە نیو سەختی و دژواریەکانی ژیانیان دا دامرکی و لیی کەم بیتەوە جاری وایە تەماع وە بەر هەندیک کەس دەنی و لەم ریگایەوە هەول دەدا لە ڕێژەکانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی‌دا تەفرەقە ساز بکا و زۆر رەوشت و شیوەی تر کە هەر کامیان بەشیکە لە سیاسەتی بەرانبەرکیی دەوڵەت و سەرمایەداران لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکیشانی موعتەریز.

دوو خالی سەرەکی کە وەک نەتیجە گیری، لەم باسە دا دەبی تەئکیدیان لە سەر بکری ئەوانەن: یەکەم، دەرکی ئەو واقعییەتە کە نابی دلنیابی نیسبەت بە کارایی قانوون و بەلینی رەسمی دەوڵەت لە بەر سەمەر گەیاندنی حەرەکەتە عەلەنییەکاندا حەرەکەتی عەلەنی سەرەرای هەموو وریایی و ورد بینی و ناسینی میکانیزمەکانی بەرەوپیش بردنی مومکینە بکەویتە بەر هیرش و سەرکوتی دوژمن و ئەو شتەی گرینگە ئەوەیە کە کرێکارانی وشیار و حیزبی سیاسی کرێکاری ئەم قابلییەتەیان هەبی کە لە شکستی ئەم خەباتە بۆ دارژتنی بناغەی حەرەکەتەکانی داهاتوویان بە باشی کەڵک وەرگرن وە دووهەم، رابەرانی محەللی و باوەر پیکراوی خەباتی عەلەنی کرێکاران لە دەورەیەکی وەک ئێستادا – هەتا ئەو جیگایەی دەگەریتەوە سەر ئیرادە و نەقشە و پیش بینی‌یەکانی خۆیان – دەبی هەول بدەن ئەو حەرەکەتەی لە نەزەریاندایە وا هیدایەت بکەن کە ئەم یەک حەرەکەتە دیاریکراوە نەبیتە مەیدانی تەعینی تەکلیف لەگەڵ رژیم و سەرمایەداران، وە بە پیچەوانە دوژمن لە چوارچیوەی هێز و توانایی وەگەر کەوتووی کرێکاراندا عەمەلەن بخاتە مەوقعییەتیک کە لە روبەروو بوونەوەی قەتعی و سەرکوتی موستەقیم خودداری بکا و داخوازەکانی حەرەکەتی ئیعتیرازی پیشمەرگەکان ویرای پی گەیاندنی زەرەر و زیانیکی گیانی و مالی بە هیزەکانی رژیم و بەریوەبردنی سەرکەوتوانەی عەمەلیاتەکە هەموویان بە سلامەت دریژەیان بە مەئموورییەتەکەیان دا.

رۆژی ٢٧ی خەزەلوەر چەند واحید لە پیشمەرگوردانی کاک فوئاد و تیپی ١١ی سنە بۆ بەریوە بردنی عەمەلیاتیک چوونە نیو ئاوایی چالی‌سوور لە بەشی سەرشیوی مەریوان و لە چەند شوینی زال بەسەر پایگای رژیم دامەزران.

عەمەلیاتەکە ساعات ٥ی ئیوارە لە حالیکدا دەستی پیکرد کە واحیدیکی تەبلیغی رژیم لە ئاوایی‌دا بوون و بەکریگراوانی پایگا بەم بۆنەوە لە حالەتی ئامادە باشی کامل دا بوون پەلاماری پیشمەرگەکان ماوەی ساعاتیک بە چەکی سووک و نیو قورس دریژەی هەبوو.

لە جەرەیانی ئەم پەلامارە دلیرانەدا زەرەر و زیانیکی گیانی و مالی لە بەکریگراوانی رژیم و پایگا کەوت.

هاورییان پاش بەریوە بردنی سەرکەوتوانەی ئەم عەمەلیاتە هەموویان بە س

لامەت ئەم شوینەیان بە جی‌هیشت .

ساعات ١٠ی شەوی ٢٧ی خەزەلوەر پیشمەرگەکانی گوردانی کاک فوئاد و تیپی ١١ی سنە بە چەکی سووک و نیو قورس پەلاماریان بردە سەر پایگایەکی رژیم لە نیزیک ئەم ئاواییە.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە دا کە ٢٥دەقیقەی خایاند تەلەفات و خەساراتیک لە هیزەکانی رژیم کەوت و پیشمەرگەکان پاش تەواو بوونی سەرکەوتوانەی عەمەلیاتەکە هەموویان بە سلامەت مەنتەقەی شەریان بە جی هیشت.

رۆژی ٤ی ڕەمەزان پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە، مەرکەزی فەرماندەهی سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی‌یان لە ئاوایی"مەولان ئاوا" ی دیواندەرەدایە بەر پەلامار.

بەرزایی‌یەکانی ئەم مەرکەزە کە هەر ئەو رۆژە چەندین ماشینی پر لە هیزی کۆمەکی تی خزا بوو، سەعات ٥/٥ کەوتە کۆنترولی پیشمەرگەکان و سەعات ٦ی ئیوارە سەنگەر و پایگای رژیم کەوتەبەر پەلاماری دلیرانە و بە دەست و بردی هاورییان و ئاگر بارانی چەکی سووک و نیوە قورسی ئەوان.

لەم عەمەلیاتەدا کە سەعاتیکی خایاند، ژمارەیەکی زۆر لە بەکریگیراوان کوژران و زەرە و زیانیکی زۆر لە پایگا و سەنگەرەکانی کەوت و ٥ماشینی رژیم تیک شکا.

هاورییانی پیشمەرگە پاش تەواو بوونی عەمەلیاتەکە هەموویان بە سلامەت دریژەیان بە مەئموورییەتەکەیان دا.

١٨کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر لە زیندانی کۆمەڵە ئازاد کران

بە پیی هەوالی زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە رۆژەکانی ٢٦و٢٧و٢٨ی ڕەزبەر ١٨ کەس لە هیزەکانی رژیم کە لە جەرەیانی گرتنی دوو پایگای "سەردەرە" و "گیلی کەران" دا بە دیل گیرا بوون، لەسەر بریاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە زیندان ئازاد کران ناوی ئازاد کراوەکان بەم جۆرەیە:

١_محمد فتحی نژاد، ٢_حسن عنبری، ٣_محمد قاراداش، ٤_مزفر رحمانی، ٥_صلاح دهقانی، ٦_قاسم جلیلوند، ٧_علی قاسم خانی، ٨_شهرام قربانیان ٩_ابراهیم هدایتی،١٠_حسین فروتن ١١_علی سوداگر، ١٢_محمد مراد پور، ١٣_رمزان ویسی، ١٤_جبار سیدی، ١٥_سیدعبدالله حسینی، ١٦_هیبت الله محمدی، ١٧_شمس علی مومن زاده، ١٨_یدالله رشیدی.

دوو کەس لە هاوکارانی رژیم لە زیندانی کۆمەڵە ئازاد کران

زیندانی مرەکەزی کۆمەڵە رای گەیاند ٢کەس لە هاوکارانی رژیم رۆژی ١٩ی خەزەلوەر لە زیندانی کۆمەڵە ئازاد کران ناوی ئازاد کراوەکان و تاوانەکانیان ئەمانەیە:

١_عدنان زبیحی، کوری عەلی، خەڵکی بیساران کە رۆژی دەی گەلاوێژی سالی ٦٦ بە تاوانی هاوکاری رەسمی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی لە لایەن پیشمەرگەکانی کۆمەڵەوە گیرا و لە دادگای ناوچەیی کۆمەڵە موحاکەمە و مەحکووم کرا.

٢_ حبیب الله نادر پور، کوری محمود خەڵکی ئاوایی "بلچەسوور"ی ناوچەی مەریوان کە رژی یەکی رەزبەری سالّی ٦٦بە تاوانی خولقاندنی فەزای ترس و وەحشەت لە نیو خەڵکدا، هاوکاری لەگەڵ رژیم و ئەزیەت و ئازاری زەحمەتکیشان، لە لایەن پیشمەگەکانی کۆمەڵەوە گیرا و لە دادگای ناوچەیی کۆمەڵەدا موحاکەمە و مەحکووم کرا.

ئەو دوو هاوکارەی رژیم کە لە پیشدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بەشیک لە موجازاتەکەیان بەخشرا بوون لەسەر بریاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بۆ جاری دووهەم بە تەواوی بەخشران و رۆژی ١٩ی خەزەلوەر لە زیندان ئازاد کران.

(پاشماوەی) چەند هەاول لە پەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

تەنگانە ئەحمەدی شاملوو

دین بون بە دەمتەوە دەکەن
نەکا رۆژێک وتبیتت خۆشم دەویی.
دین بون بە دلتەوە دەکەن
رۆژگاریکی سەیرە گۆلم.
خۆشەویستی
لە دارتەلی قەراخ ریگەی بەربەست کراو شەتەک دەدەن
دەیدەنە بە رقەمچی و شەللاق
دەبی ودمی خۆشەویستی لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بشارنەوە.
لە کولانی بەربەستراوی سارد و سر دا
ئاوردووە شیعر و سروود
ئاگری پی دەکەنەوە
باسی سەرە بیر کردنەوە
رۆژگاریکی سەیرە گۆلم.
ئەوە شەوان درگا دەکوتی
هاتوە چرا بخنکینی
دەبی تیشکی رووناکایی لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بیشارنەوە.
وا قەسابان
سەر ریگەکانیان گرتوە
تیغ و چەقوی خۆیناوی یان بە دەستەوە
رۆژگاریکی سەیرە گۆلم.
توی توی بزە لە بریتی لیو دادەتاشن
گۆرانی لە بریتی گەروو



دەبی شەوق و شادمانی لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بیشارنەوە.
دین قەناری
بە ئاگری یاس و سویسن دەبرژینن
رۆژگاریکی سەیرە گۆلم.
ئیبلیسی سەرکەوتووی سەرخۆش
لە سەر سفرەی شینی ئێمە شایی دەکا
دەبی خودا لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بیشارنەوە.

(پاشماوەی)حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

سیاسەتە کرێکاریەکەی سەندیکالیستی‌تر و سنفی تره.

بەڵام مەسەلەی جیگای سەرنج، تێگەیشتنی چەپی رادیکالی فیرقەیی لە سندیکا و سەندیکالیزمە کرێکار بۆ ئەمانە سنفە و لە نەتیجەدا سەندیکالیزم بە مەیلی "غەریزی و خود بە خودی"ی کرێکار دادەنین نەک بە یەکێک لە سوننەتە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا جیاوازی سەندیکالیزم ئەمان لەگەڵ حیزبی تووده لە دەورەی پیش ١٣٣٢دا ئەمەیە حیزبی تووده خۆی سوننەتیکی حیزبی بوو کە پشتی بە جەرەیانی سەندیکالیستی نیو چینی کرێکار بەستبوو سەندیکالیزمی کرێکاری وەر گرتبوو بەشێک لە پراتیکی خودی حیزبی تووده سەندیکا سازی بوو بەڵام بۆ چەپی تازە، سەندیکالیزم وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی دل و سەرنجی کرێکار وەک سنفێک بولای خۆی راکیشی کاری خودی ئەو چەپە نیە ریک هەر وەک چون بەلینی زەوی بە جووتیار دەدەن، ئاواش بەلینی سەندیکا بە کرێکار دەدەن ئەو جەرەیاناتە کە کاتیک مەسەلەی بزووتنەوەی دانشجوویی دیتە گۆڕ لەسەر ئەوە پی دەچەقینن کە خەتە سیاسیەیە جۆراوجۆرەکان لەو بزووتنەوەیەدا لە باری ئیدئولوژیک و تەشکیلاتی یەوە سنووری خۆیان جیا کەنەوە، لە حاست کرێکار بیجگە لە راگەیاندنی وەفاداری بە ئیدەی سەندیکا، کە پییان وایە دلخوازی کرێکارە وەک سنفێک، هیچ کاریکی‌تریان نیە بیکەن هەروەها ئەوەش جیگای سەرنجە کە بە هەر دەرجەیەک کرێکار وەک چینێک هاتوەتە مەیدان و خەباتی نیوان خەتەکانی نیو خۆی و وجوودی ژیانیکی سیاسی لە نیو چینی کرێکاری نیشان داوە، ریبازی چەپی رادیکال لە حاست ریکخراوە جەماوەریەی کرێکاریەکان تووشی گۆران بووە کاتیک کرێکار لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا وەخۆ دەکەوی و سوننەتی خەباتی شوورایی لە چینی کرێکار دا دەبێتە سوننەتیکی بالا دەست، چەپ وەفاداری خۆی بەم سوننەتە رادەگەیەنی و هەر کە کرێکار پاشەکشەی پی دەکری، سەر لە نۆی "شووراییەکانی پیشوو" لە چەپی غەیرە کرێکاری دا دەگەرینەوە سەر ریبازی کورنش بردن بۆ سەندیکا.

بە کورتی کرێکار وەک چینێک لە دەرەوەی سنووڕەکانی سازمان، مەیدانیک نەبووە بۆ تیکۆشان ریکخەرانەی چەپی تازە ئەم چەپە نوێنەری سیاسی و ئامرازی حیزبی هیچ گەرایشیکی نیو خۆی بزووتنەوەی چینایەتی نەبوو بۆیە تەنانەت لەو جیگایەشەوە کە کرێکار لە چوارچێوەی تیکۆشانی جەماوەری و چینایەتیدا دیتە دەر و بەرەو ئەم چەپە دی و دەچێتە نیو قەوارەی ریکخستنی ئەو چەپە، پیش هەموو شتێک جیگا و شوین و مەوقعییەتی خۆی وەک تیکۆشەرێکی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی لە دەست دەدا رەنگە کرێکار هەتا ماوەیەک لە هەمان شوینی تیکوشانی پیشووی خۆی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاریدا بمینێتەوە بەڵام دەورونەقشی بەرەبەرە، بە ناچار، دەگوڕی لە جیاتی تیکۆشەری بزووتنەوەی سەندیکایی، "کرێکاری سازمانی" وردە وردە دەبێتە راپورت دەری تایبەتی سازمان، مەئموری بڵاو کردنەوەیان دەبێتە مەئموری راکیشانی کەسانی تازە بەرەو سازمان بەم جۆرە بۆ رەخنە گرتن لە ئەندامەتی کرێکاری لە سازمانە چەپە غەیرە کرێکاریەکاندا، بە هەر حال دەبی لە پەیوەندی فەردی و تاکە کەسی کرێکار لەگەڵ سازمان، ورد بینەوە چونکە ئەمە تاقە شکلیەکە سوننەتی چەپی غەیرە کرێکاری، کرێکار دینێتە نیو چوارچێوەی ریکخراوی خۆی و بە وتەیەکی‌تر "دەیکاتە ئەندامی خۆی".

هەر لێرەدا یەکەمین جیاوازی بنەرەتی نیوان سوننەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چەپی رادیکال لە مەسەلەی بە ئەندام وەر گرتنی کرێکاراندا، بەدی دەکری بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبە کۆمۆنیستیەی کرێکاریەکان، وەرگرتنی کەسانیک بۆ ئەندامەتی حیزب، بێجگە لە رەوتی هەڵبژاردنی باشترین کەسانی خەباتی چینایەتی و کرێکاری بۆ حیزبی پیشەنگ و ریکخەری ئەو خەباتە، هیچی‌تر نیە ئەندامەتی لە حیزبدا یانی ئەوە کە کرێکاریک کە هەر ئیستا و حالی حازر خەباتکار و تیکۆشەری ئیعتیرازی کرێکاریە، دیتە نیو ریکخراویکی بەرنامەدار و ئامانجداری سوسیالیستی کرێکاران و دەبیتە بەشێک لە حەرەکەتیکی یەکگرتوانە و وشیارانە ئەندامەتی لە حیزبدا یەکەم هەنگاوی کرێکار بەرەو تیکۆشەر بوون نیە بە پیچەوانە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیزبی ریکخەری کەسانیکە کە حالی حازر لە خەباتیکی کۆمەڵایەتی‌دا کە لە نیوان کرێکار و سەرمایەدار هەیە، دەور و دەخالەتیان هەیە.

بۆ چەپی رادیکال تائێستا، ئەندامەتی تەنانەت ئەندامەتی کرێکاران، مەعنایەکی دیکەی هەیە پیشتر وتوومە کە چلون سوسیالیزمی رادیکالی غەیرە کرێکاری خەباتی چینایەتی عەینی و کۆمەڵایەتی دەرەوەی خۆی نابینی خەبات لەو جیگایەوە دەست پیدەکا کە کەسیک دەبیتە ئەندامی سازمان ئەرکی سازمانی مەوجوودییەتی سیاسی ئەو کەسە دیاری دەکا و هەر بەمەشەوە دەناسری لەو سوننەتەدا، ئەوە ئەندامەتی و پەیوەست بوون بە تەشکیلاتەوە کە قەڕارە خەسڵەتیکی کۆمەڵایەتی بدا بە تیکۆشەر بوونی کەسان ئینسانەکان نەک بە سیمای خەباتکارانەیان لە کۆمەڵدا، بۆ نموونە ئەوە کە فلانکەس تیکۆشەری شووڕای فلانە کارخانەیە، ئاژیتاتوری کرێکاریە لە فلانە واحید، رابەری فلانە مانگرتن بوو، نوێنەری کرێکاران بووە لە فلانە سالدا و شتی تری لەم بابەتە، بەڵکوو بە پیی ئەوە کە سەر بە کام تەشکیلاتن هەلدەسەنگێندرین، وەک فیدایی، پەیکاری، راەکارگەری، رەزمەندەگانی و... هتد سازمانەکە خۆی شوینی فەعالییەتی سیاسی بۆ کەسە کە دیاری دەکا و دەینیتە نیو خستەی کاردا بە شکردنیکی سازمانی و بەم جۆرە رەنگی کۆمەڵایەتی لە فەعالییەتەکەی هەلدەسوون لە سوننەتی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاریدا، سازمانە کە بۆ فەرد کانالی خەباتی کۆمەڵایەتیە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، حیزب ریکخەر و بەرەوپیش بەری ئەو خەباتە کۆمەڵایەتیەیە کە لە نیو کۆمەڵدا هەیە، خەباتی بی‌وچانی کرێکار لە دژی سەرمایە و سەرمایەدار.

ئەم جیاوازیەیە، بە ڕۆشنی لە سیاسەتەکان و ڕەوشتەکانی هەڵبژاردنی ئەندام دا، لەو دوو سوننەتەدا، خۆی نیشان دەدا کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆی گەرایشیکە لە نیو جەرگەی خەبات و ئیعتیرازی چینایەتی‌دا و بەم بۆنەوە باشترین و پرنفووزترین کەسانی ئەم خەباتەبەرەوخۆی رادەکیشی سازمانی چەپی غەیرە کرێکاری، لە بەرانبەردا، جیاواز لەوەی چەندەبەرین بی یان بچووک، فیرقەیەکە کە یەکەم شوینی دەسپێکردنی خەباتی کسەکەیە، وە هەر بەم بۆنەوە کە سانیک هەلدەبژێری کە لەگەڵ تایبەتمەندیە ناوخۆییەکانی ئەو سازمانە بگونجێن بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەندامی تازە، ئینسانیک و تیکۆشەریکی کۆمەڵایەتیە کە هەر ئێستا دەرگیری خەباتە بۆ چەپی غەیرە کرێکاری، ئەندامی تازە ئینسانیکی لە کۆمەڵ دا براوی بی پێشینەیە کە تایبەتمەندیەیە فەردیەکانی بۆ ئەوە دەبن سازمان کەڵکیان لی وەر بگری تاقە یەک ئەتومە کە هەر کات هاتە نیو سازمان و لەگەڵ ئەتومەکانی‌تری وەک خۆی تیکەل بوو دەتوانی جۆرە فەرعالییەتیکی دەستە جەمعی بکاکۆمۆنیزمی کرێکاری دیارە بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆی دەروانی و هەول دەدا تیکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەو خۆی راکیشی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری بۆ کۆمەڵە تۆمیکی ئینسانی کە لەو جامعەیە دان دەروانی و بە شوین کەسانیکەوەیە کە ئامادەن بۆ قەبوول کردنی بیر وباوەری سازمان و قالبەکانی خەباتی سازمان و ئەو ئەرکانەی سازمان دەست نیشانی کردوون هەر سازمانیک و هەر سوننەتیکی خەبات بەهەر حال ئەندامی خۆی و تیکۆشەری خۆی هەلدەبژێری جیاوازیەکە لەوە دایە کە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران، بەشیکی گرینگی ئەو هەڵبژاردنە، هەر ئێستا لە جەرگەی خەباتی کرێکاری‌دا کراوە ئەندامەتی بۆ ئەم سوننەتە، یەکانگیر بوونی تیکۆشەریکی‌تری ریگەی کرێکارانە لە حیزبی سیاسی ئەو چینەدا بۆ بەرەوپیش بردنی نەقشەی هاوبەش بوچەپی غەیرە کرێکاری، تەواوی ئەم هەڵبژاردنە، سازمان دەیکا، ئەویش بە سەنگ و پیوانەی خۆی، ئەندامەتی هەر کەس بە مەعنای ئەوەیە کە ئەو کەسە پی دەنیتەنیو ئەو مەیدانە پراتیکی و ئاکسیونیە کە تەشکیلات لەبەرچاوی گرتوە.

تان و پوی غەیرە کرێکاری: بیانووەکان و واقیعییەتەکان

هەتا ئیرە ئەوە دەرکەت کە لە باسی ئەندامەتی کرێکاری و چەپی رادیکال دا دەبی بە گشتی مەسەلەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌ی سازمان لەگەڵ چینی کرێکار و ئینتیزاری ئەوە کە سازمان پشت بە گەرایشیکی خەباتکارانەی نیو خۆی چینی کرێکار ببەستی، لەولا دابنیی و چاو لە پەیوەندی تاکە کەسی کرێکار لەگەڵ سازمان بکەی کاتیک بگەینە باسی ئەندامەتی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیست، بە ناچار دەبی ئەو پەیوەندەبنەرەتیە بدەینە بەر باس بەڵام تا ئەو جیگایەی قسە لە چەپی رادیکالە، مەسەلەکە بە تەواوی لەسەر چەند و چونی ئەندامەتی تاکە کەسی کرێکارە لەو سازمانانەدا و بە وتەیەکی‌تر مەسەلەی تان و پوی چینایەتی خودی سازمانە.

غەیرە کرێکاری بوونی تان و پوی سازمانەکانی چەپی رادیکال شتیک نەبوو کە لە خۆیان شاراوە بی ئەم واقعییەتە یان بە وتەیەکی‌تر ئەم ناکوکیەیە ئاشکرایەی نیوان ئەو پەیوەندەی کە سازمان لەسەر کاغەز لەگەڵ پرولیتاریا پیکی هیناوە و ئەو جیاییەیە عەمەلییە کە لە جیهانی واقیعی‌دا لە کرێکاری هەیە، بە شیوەی جۆراوجۆر لە سیستمی فیکری گەرایشاتی جۆراوجۆری چەپی رادیکال دا پاساو کراوە و بیانووی بۆ داتاشراوە ئەگەر ئەم بیانوانە، کە لە سوننەتی وەک ریبازی چریکی و لیرالیزم و تروتسکیزم دا بە ئاشکرا تیئوریزە کراون، بیشکینن چەند فاکتوری سەرەکیمان بەرچاو دەکەوی یەکەم مەسەلەی خەفەقان و سەرکوتە سیاسی بەگشتی دەلین کە سەرکوتی سیاسی مانعی پەیوەند گرتنی بەرینی سازمان لەگەڵ کرێکارانە، فەعالییەت و کارکردن لەگەڵ سازمانی سیاسی، کرێکاران تووشی خەتەر دەکا، رووهینانی کرێکاران بەرەو سازمانی سوسیالیستی پیویستی بە بوونی دەرەجەیەک دیموکراسی و فەزای دیموکراتیک لە کۆمەڵدا هەیە و بیانووی‌تری لەم چەشنە دەبی پرسیار بکری بۆ چی ئەم خەفەقانە تەئسیری لەسەر رووناکبیران نیە؟ بۆچی ئەم خەفەقانە مانعی پیک هاتنی دەیان سازمانی بە ناو کۆمۆنیست نیە کە لە خویند کاران پیک هاتوون؟ و بۆچی کرێکاران کە لە کۆمەڵدا بە ژمارە چەند سەد ئەوەندەی رووناکبیران بەقەدەر رووناکبیرانی چینە غەیرە کرێکارەکان کەسانی وا کە "خۆیان لە خەتەر دەدەن" و بە کاری ئەم سازمانانە دین لە نیویان دا پەیدا نابی؟ بیانوویەکی‌تر مەسەلەی دەور و نەقشی تیئوری و وشیاریە لە خەباتی کۆمۆنیستی‌دا دەلین بوون بە کۆمۆنیست و بوونە ئەندامی ریکخراوی کۆمۆنیستی پیویستی بە پلەیەکی بالای وشیاری سیاسی و تێگەیشتنی تیئوریک لە سوسیالیزم هەیە و وادیارە رووناکبیران بۆ وەدەست هێنانی ئەو پیویستیانە ئامادەترین دیسان لێرەش پرسیارێک کە دیتە پیش کە مەگەر وشیاری لەگەڵ وجوودی کۆمەڵایەتی کەسەکە پەیوەندی نیە؟ چۆنە بە میلیون ئینسان کە کەوتوونەتە جیگاوشوین و مەوقعییەتیکی کۆمەڵایەتی کە تیئوری سوسیالیزم قەڕارە زمانی حالیان و بەیانی ئیعتیرازیان بی ئەوەندە ئینسانی وشیاری سیاسی‌یان لە نیودا هەلناکەوی کە هەر ئەم سازمانە سوسیالیستی‌یانەی مەوجوود پر بکەنەوە؟ چونە تیئوری سوسیالیزم بە شیوەی سەرەکی لە لایەن ئەو بەشانەوە ڕەچاو کراوە کە بە پیی وجوودی کۆمەڵایەتی‌یان و جیگا و شوینی عەینی‌یان پیویستی‌یان بەم تیئوری‌یە نیە و ئەو میلیونەها ئینسانە کە بە حوکمی جیگاوشوینی عەینی خۆیان پیویستی‌یان بەم تیئوری‌یە هەیە و ئەم تیئوری‌یە هی‌خۆیانە، ناتوانن بە شیوەی بەرین تیی بگەن ووەری‌بگرن؟ بیانوویەکی‌تر وجوودی ئەو گەرایشە غەیرە سوسیالیستی‌یانەیە کە بە سەر کرێکاراندا حاکمن وادیارە سازمانی چەپی رادیکال ریک هەر لەبەر ئەوەی زۆر رادیکالە توخنی کرێکاران ناکەوی و لییان هەلبراوە! گلەیی لەوە دەکەن کە کرێکاران لە ژێر نفووزی سەندیکالیزمدان لەگەڵ حیزبە ریفورمیستەکانن، یان مەزهەبین و شتی تری لەم نەوعە دیسانیش دەبی پرسیار بکری کە روناکبیرانی چینی داراکان چ خاسییەتیکی تایبەتیان هەیە کە بە سادەیی نفووزی بیر و باوەری حاکم بەسەر کۆمەڵدا، کە لەگەڵ جیگا و شوینی عەینی خۆیان و بەرژەوەندی مادی‌یان وەک کەسانی دیاریکراو زیاتریش دەگونجی، لە خۆیان دادەتەکینن و کرێکاران چ کەمایەسی‌یەکی زگماکیان هەیە کە جیا کردنەوەیان لەم گەرایشات و بیر و بوچوونانە ئاوا دژوار و چەتوونە؟

ئەم بیانوانە کە هەرکام لە سوننەتەکانی چەپی رادیکال بەستە بە حال و وەزعی خۆی چەند دانەیانی بە دەستەوەیە، زیاتر لەوە کە بتوانن هۆی دووری کرێکاران لە چەپی رادیکال تەوزیح بدەن، خۆیان شاهید و بەلگەیەکی‌ترن بۆ نیشاندانی روانینی غەیرە کرێکاری ئەم جەرەیاناتە بۆ خەباتی چینایەتی و سیاسی و تەنانەت بۆ تیئوری سوسیالیزم لە هەمان کاتدا ئەمانە سەرەتای تێگەیشتنیکی دروست لە مەسەلەی پەیوەند، یان لە راستیدا بی پەیوەندی چەپی رادیکال و کرێکاران بەدەستەوە دەدەن واقعییەت ئەوەیە کە سازمانەکانی چەپی رادیکالی تا ئێستا تایبەتمەندی تیئوریکی خۆیان و شیوەی ژیان و تیکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی تایبەتی

خۆیانیان بووە کە ئیمکانی ئەوە بە کرێکار نادەن وەک ئامراز و وەسیلەی خەبات و یەکگرتن کەلکیان لی وەربگری.

لە راستیدا هەرچی سازمانەکە غەیرە کۆمەڵایەتی تر و فیرقەیی‌تر بێ، بە سنفی‌تر و غەیرە سیاسی‌تر لە کریکار دەگا. هەرچی سازمانەکە فیرقەیی‌تر و ئاکسیونیست تر بی، سیاسەتە کریکاری‌یەکەی سندیکالیستی‌تر و سنفی تره.

بویە تەنانەت لەو جیگایەش کە کریکار لە چوارچیوەی تیکۆشانی جەماوەری و چینایەتی دیتە دەر و بەرەو ئەم چەپی دی و دەچیتە نیو قەوارەی ریکخستنی ئەو چەپە، پیش هەموو شتیک جیگا و شوین و مەوقعییەتی خۆی وەک تیکۆشەریکی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی لە دەست دەدا.

پیوانەی میکانیزمەکانی وەرگرتن و وەلانان

تان و پۆی غەیرە کرێکاری چەپی رادیکال نیشاندەری ئەوەیە کە کرێکار تەنانەت وەک تاکە کەسێک، ماتریالیکی ئینسانی مناسب بۆ بینای تەشکیلاتی سازمانەکانی ئەم سوننەتە نیە میکانیزمەکان و پیوانەکانی وەرگرتن و وەلانانی ئەفراد، لە دژی کرێکار و بە قازانجی لاوانی خوێندەواری سەربەچینە ژیان خۆش و نیوە خۆشەکانی کۆمەڵ کار دەکەن ئەم میکانیزمانە کامانەن؟

مەرجە کلاسیکەکانی ئەندام وەرگرتنی حیزبە کۆمۆنیستەکان چاو لی بکەین:

قەبوول کردنی بەرنامە، پیرەوی ناوخۆ، وەکار کردن لە ئورگانیکی تەشکیلاتیدا ئەم مەرجانە تەواو ئوسوولی و دروستن بەڵام ئەم مەرجانە تەنیا پەیوەندیکی حقووقی نیوان فەرد و سازمان نین، بەڵکوو پەیوەندیکی واقیعی و کۆمەڵایەتی بەیان دەکەن ئەم مەرجانە بەیانی ئەو واقعییەتەن کە فەرد دەبێ ئامانجەکانی زال بەسەر ئەو سازمانەدا قەبوول بکا، شێوەی تیکۆشان و ژیانی سیاسی سازمان لە کۆمەڵدا و یاساکان و موناسەباتی ناوخۆی سازمانەکە تەئیید بکاو لەگەڵیان سازگار بی و هەروەها ئەو ئەرکە دیاریکراوانە کە بەرنامە و نەقشەی تیکۆشانی سازمانەکە دەیان نیتە سەر شانی، بەرەوپیش بەری بە وتەیەکی تر کەسەکە دەبێ لەگەڵ سازمانەکە لە باری سیاسی و عەمەلییەوە یەک جسن بی چەپی رادیکالی ئێران، بەشی زۆری، بەرنانە و پیرەوی ناوخۆی نووسراوی نەبوو ئەمە تازە خەریکە لەم ئاخرانەدا لەنیو پاشماوەی ئەم جەرەیاناتەدا دەبیتە مود بەڵام بەهەر حال، بە بی بەرنامە و پیرەوی ناوخۆی نووسراویش چەپی رادیکال خاوەنی میکانیزم و شێوەی تایبەتی خۆی بووە بۆ ئەوە کە بزانی چ کەسانیک لەباری فیکری و عەمەلییەوەبۆی موناسبن هەندیک میکانیزمی تریش کە بەشیکیان بە دانستە دانراون و بەشیکیان"خودبەخودی" و کۆمەڵایەتین، هەمان مەرجە سەرکیەکانیان بۆ ئەفراد دیاری دەکرد ئەو شتە کە ئیمە دەبێ پیی بزانین ئەوەیە کە چلون ئەو میکانیزمانە، کەسەکان لەباری فیکری و عەمەلییەوە دەپالیون و چلون بە تایبەت هاتنی کرێکار بۆ نیو ئەو سازمانانە دەکەنە شتیکی دژوار و حەستەم.

هەر سوننەتیکی سیاسی، بە هەر حال دیمەنیک لە خەباتیکی نموونە بە دەستەوە دەدا ئامانجەکانی سازمانیکی سیاسی، رەوشتەکانی خەباتی، ئەخلاقیاتی زمان و کار کردەکانی و شتیتری لەم بابەتەی، دیمەنیکی گشتی لە سازمانەکە و لەو چەشنە ئینسانانە کە دەتوانن رەگەلی بکەون، بەرچاو دەخا ئەو شەخسییەتەی کە هەر سوننەتیک بۆ قارەمانەکەی خۆی دادەتاشی، سیمای فەردی و سیاسی ئەندامیکی نموونە وەک ئولگوویەک بەرچاو دەخا و دینیتە بەرانبەر کۆمەڵ کەوایە مەسەلەی ئەندامەتی فەرد لە سازماندا لەو پرسیارەوە دەست پی ناکا کە ئایا کەسەکە ئامانجەکان و کردەوەی سازمانەکە قەبوول دەکا یان نا، بەڵکوو لەوەوە دەست پیدەکا کە بە گشتی چ چەشنە ئینسانیک بە حوکمی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی خۆیان دەتوانن ئەو ئامانج و رەوشتانە قەبوول بکەن و خۆیان لەو پەیکەرەیە بچوینن کە بۆ ئەندامی نموونە داتاشراوە بۆ نموونە، سوننەتی فیدایی پیش راپەرینی ٥٧، جۆرە ئینسانیکی دیاریکراومان وەبیر دینیتەوە سوننەتی مائویی، سوننەتی سوسیال دیموکراسی، سوننەتی تروتسکیستی، و... هەر کامیان ئولگوویەکیان بۆ تیکوشەری نموونە هەیە کاتیک لە خەت و خالی سیمای سیاسی ئەم پەیکەرە سیاسییانە ورد بینەوە، ورده ورده بۆمان دەر کەوی کە لەو تویژە کۆمەڵایەتییانە دەچن کە ئەو سازمانانە لە نیویان هەلقولیون لە پشت وینەی ئەفسانەیی و ئیدەلیزەی قارەمان و ئولگووکە، ئینسانە واقیعییەکان دەبینن کە لە جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی و تەولیدی واقیعی راوەستان لە پشت فیدایی، بە لەخو بوردوویی‌یەکەی‌یەوە، بە بی ئوقرەیی‌یە سیاسی‌یەکەیەوە، بە نەفرەتی لە ئیستبدادەوە و بە بی‌بڕوا بوونی بە هیزی چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بەو ئەرکەوە کە خۆی پیی وایە وەک قارەمانیک لە سەر شانیەتی، بە هەموو ئەمانەوە، سیمای خویندکارانی فەننی و سەنعەتی دیتە بەر چاوتان، کە قارەمانانە، دەست لە داهاتووی زەمانەت کراوی فەردی خۆیان هەلدەگرن لە پیناوی خزمەت بە گەلّ دا. "عنصری فیدایی"ی زەمانی شا، نموونەی گەشە کردنی ویژدانی ئیسلاح خوازانە بوو لە نیو لاوانی خویندەوار و هیواکانی داهاتووی بورژوازی دا لە پشت "نهضت آزادی" و موجاهیدی خەلق، دوو نەسل لە ئیعتیرازی بازارتان بەرچاو دەکەوی، بە هەموو ئەو محەللی گەرایی و دواکەوتوویی‌یە ئەخلاقی‌یە و ئەو دوور بوونە لە مودرنیزم کە لەم قەوارە سوننەتی‌یەی کۆمەڵدا جێگای خۆش کردوە لە پشت تروتسکیزم و لیبرالیزم چەپی ئێرانی، زۆر بە ئاسانی سیمای رووناکبیری ئاشنا لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتی ئوروپای رۆژاوا دەبینن کە خۆیان نە شەرمەزاری ئەوە دەبینن لە جیهانی سیمهمەوە دەرهاتوون ئەو سوننەتە سیاسی یانە کە لەنیو ئەم تویژانەی کۆمەڵی ئێرانیدا سەقامیان گرتوە و سەرجەم چەپی رادیکالی ئەم سەردەمەیان شکل پیداوە، بیگۆمان لە پەیکەری ئەو تویژە کۆمەڵایەتی‌یە کە لیی دەرهاتوون و لە ژیانی ئاسایی ئەو تویژانە دوورەکەونەوە بەڵام سەرەنجام هیچ ریگاچارەیەکی‌تریان نیە بیجگە لەوەی رەوشتیکی گۆنجاو لەگەڵ خەباتی ئەم تویژانە، رەوشتیکی ئیلهام وەرگرتوو لە ئاسوی کۆمەڵایەتی و زەرفییەتە ماددی‌یەکانی ئەم تویژانە رەچاو بکەن ژیانی سیاسی و رەوشتەکانی خەباتی ئەم جەرەیاناتە بە ناچار لەگەڵ وجوودی کۆمەڵایەتی ئەو تویژە کە لیی هەلقولیون، خۆی سازگار دەکا.

ئەم دیمەنە لە پیشدا دیاریکراوە لە "ئینسانی موناسب" بۆ هەر سوننەتیکی خەباتکارانە، بە شێوەی جۆراوجۆر بە کۆمەڵ تەلقین دەکری و ئاگاهانە یان بە شیوەی خودبەخودی میکانیزمەکانی ئەم ریکخراوانە بۆ وەرگرتن و وەلانانی ئەفراد، شکل پیدەدا سازمانەکە بەم میکانیزمانە کەسانی موناسب بۆ خوی هەلدەبژیری و هەر بە پیی ئەم میکانیزمانەش کەسانی نادلخوازلە خۆی دوور دەخاتەوە و وەلایان دەنی لە زۆربەی سازمانەکاندا، ئولگووی دیاری کراوی سازمانەکە بۆ ئەندامی موناسب، ئەوەندە ئولگوویەکی زیندووە و کۆمەڵ وەها ناسیوە کە ناهیلی بە هەلکەوتیش کەسیکی نامناسب توخنی سازمانەکە بکەوی من دلنیام لە ٥سالّی رابوردوودا تەنانەت تاقەیەک کرێکاری ئێرانی ئەوەی بە خەیال دا نەهاتوە کە لەگەڵ جەرەیانی "خەباتی چەکدارانە هەم ستراتیژی هەم تاکتیک " وە یا"سەربەداران" پەیوەند بگری لە نیو خۆی سازمانەکەدا هەر ئەم میکانیزمانە، ئینسانەکان بە پیی سوننەتی خەبات و ئولگووی تیکۆشانی خۆیان دەپالیون حاسڵی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە سازمان وەک بەشیک لە سوننەتی خەباتکارانەی تویژ و چینیکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەزیتەوە ئەوە رەوشتی خەباتکارانە و ژیانی سیاسی سازمانەکان و حیزبە سیاسی‌یەکانە کە بە کردەوە ئەوەدیاری دەکا چ ئولگوویەک لە تیکوشەرانی سیاسی بە کاریان دی و هەر بەم بۆنەوە تیکۆشەرانی کام تویژی کۆمەڵایەتی دەبی بینە ناوی ئەگەر لە فاکتورە جۆراوجۆرەکانی ژیان و تیکۆشانی سیاسی چەپی رادیکال ورد بینەوە، ئەو میکانیزمە عەمەلییانە بەرۆشنی دەبینن کە ناهیلی کرێکار لەو سازمانانە نزیک بیتەوە ئەوە دەبینن کە کرێکار ماتریالیکی تەبیعی و موناسب نیە بۆ ئەوەی لە بناغە و بینای تەشکیلاتی ئەم جەرەیاناتە دا دابنری.

پیوانەی عەقیدەتی: مەسەلەی تیئوری و قەبوول کردنی بەرنامە

بە بروای من یەکەمین مانعی نزیک بوونەوەی کرێکاران لە سازمانەکانی چەپی رادیکال، لیرەدا دەبی بۆی بگەریی هەم ناوەروکی نەزەراتی تیئوریکی ئەم جەرەیاناتە و هەم جیگای تیئوری بە گشتی لەلایان، کرێکاریان لی دوور دەخاتەوە لەبەری ناوەروکەوە، هەروەک وتم، تیئوری بۆ ئەم جەرەیاناتە بیانوویەکی نەزەری بوو بۆ ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتی و خەباتە سیاسی‌یە کە خۆی لە خۆیدا ناوەروکەکەی غەیرە کرێکاری بوو لە پلەی یەکەمدا ئەوە ناوەروکی خودی تیئوری‌یەکەی ئەو جەرەیاناتەیە کە تیئوری‌یەکە دەکاتە شتیکی ئالوز کە کرێکاری تیی نەگا مانیفیستی کۆمۆنیست، تیئوری مارکس لە بابەت ریشەکانی چەوسانەوە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، تیئوری حیزبی کرێکاری، تیئوری مارکسیستی‌ی دەوڵەت و بابەتی‌تری لەم چەشنە، هەموویان، دیارە کرێکار تییان دەگا نووسراوە کلاسیکە مارکسیستی‌یەکان بۆ تەرویج کران لە کۆر و کۆمەڵە کرێکاری‌یەکاندا ئەغلەبیان پیویستی‌یان بەوە نیە سادە بکرینەوە تەرجەمەیەکی رەوان و پاراو، زۆر جاران هەر خۆی بەسە بەڵام تی‌گەیشتن لە دابەشکردنی بورژوازی بە دووبەشی چاک و خراپ، تی‌گەیشتن لە تیئوری جۆراوجۆر، تی‌گەیشتن لە تیئوری دەستەبەندی کردنی وردە بورژوا بەتویژی جۆراوجۆر، تی‌گەیشتن لە کەڵک و خاسییەتی سەرمایەداری غەیرە وا بەستە، تی‌گەیشتن لە شۆڕشی شەق قوناغی ئەویش بە پشتیوانەی نووسراوەی "دەربارەی ناکوکی‌یەکان"ی مائوتسەدون، وەبە کورتی تی‌گیشتن لە تەواوی ئەو هاتەران پاتەرانە کە بەنیو مارکسیزم کارخانە فیکری‌یەکانی بورژوازی و کارگاکانی وردە بورژوازی‌یەوە رەوانەی بازار دەکرین، بە راستی تەنیا لە وزەی زەینی ئالوزبین و مەتەلوکە داهینەر و دنیا نەدیتووی روناکبیری بورژوا و وردە بورژوا دایە و زەینی ئاوا پیویستە بۆ تی‌گەیشتنیان قانع کردنی کرێکار بەوە کە دەبی لە پیناو ئەمانەدا گیانی خۆی بنیتە سەر بەری دەستی، بی گۆمان کاریکی زۆر دژوارە چەپی رادیکال لەگەڵ ئەم واقعییەتە بەرەوروە کە تەنانەت کاتیک ئەم ئامانجە بە زمانی مندالاّن دەگیرنەوە، تەنانەت کاتیک تیئوری هەتا ئاستی حیکمەتی خەڵکی عامە دادەشکینن، دیسان کرێکاران تیی ناگەن مەسەلەکە ئەوەیە ئەم تیئوریە خەسڵەتی غەیرە کرێکاری هەیە و لەگەڵ مەسەلەکانی کرێکاران نایەتەوە گەشە کردنی وشیاری سیاسی کرێکار دەبیتە هۆی دوور بوونی لەم تیئوری‌یانە و لەو سازمانانەی پشت بەم تیئوری‌یانە دەبەستن چەپی رادیکالیش، بەپیی تەعریفەکەی، نەیدەتوانی کرێکاری ئاگادار لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی بەرەو لای خۆی راکیشی چونکوو خودی چەپی رادیکال بەم وشیاری‌یە چینایەتی‌یە پشت ئەستوور نەبوو.

جیاواز لە ناوەروکی تیئوری‌یەکە، شیوەی روانینی چەپی رادیکال بۆ تیئوری و جیگای تیئوری بە لای ئەم جەرەیاناتەوە، بەش بە حالی خۆی کوسپیکی‌تر دەخاتە سەر ریی کرێکاران سازمانەکانی چەپی رادیکال هەموویان بە پیی "اعتقادات" و "بیروباور" شکلیان گرتوە و دیارە"تیئوری" و "عەقیدە" گرینگترین پیوانەن بۆ چوونە نیو ریزی ئەو سازمانانەوە لە هەر ریکخراویکی کۆمۆنیستی کرێکاریش دا ئیدئولوژی و بروا بە سوسیالیزم، پیوانە و عەیاریکی گرینگن بەڵام قسەکە لەسەر جۆرە روانینکە بۆ تیئوری و ئیدئولوژی لە سوننەتی چەپی غەیرە کرێکاریدا و ئەو پەیوەندەی لە نیوان ئەم ئیدئولوژی‌یە و تیکۆشەری سازمانی دا پیک دی.

حیزبەکانی چەپی رادیکال لە دەرەوەی سنووری‌کانی سوننەتی کرێکاری گرساون و بەم بۆنەوە سەر هەلدانیان لە پلەی یەکەم دا حاسلی رەت کردنەوەی نەزەری‌ی بیر و باوەرەکانی سوننەتە رەسمی‌یەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی‌یە گەلیک لەم جەرەیاناتە حاسلی جیا بوونەوە هەلبران لە لیبرالیزم، ناسیونالیزم، ریفورمیزم وە یا تەنانەت ئوپوزیسیونی مەزهەبی بوون ئەم جەرەیاناتە لە سەرەتای پیک هاتنیان دا لەو ئینسانانە پیک هاتبوون کە بۆ رادیکال بوونەوە و بۆ "بوونە مارکسیست" جا هەر چونیک تیی گەیشتبن، ناچار بوون بە وەسیلەی فیکری و بیر و باوەری خۆیان، جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی خۆیان وەک بەشیک لە چینە داراکان، رەت بکەنەوە ئەمانە ناچار بوون جیگای کۆمەڵایەتی خۆیان رەت بکەنەوە و بە پیی بیر و باوەریان، خۆیان بناسینن ئەمانە ناچار بوون بیروباوەری رادیکالی خۆیان وەک بەڵگەی ئینسان بوون و تیکۆشەر بوونی خۆیان، لە بەرانبەر چینیک دا کە لە نیوی دەر هاتبوون، نیشان بدەن ئەمانە لە جیگا و شوینی تەولیدی و چینایەتی خۆیان دابراون هەتا ببنە"چەپ" کەوایە لەو سوننەتە تەشکیلاتی دا کە پیکیان هێناوە، بیرو باوەر بۆ بوچوون دەبیتەمحەک و پیوانەی سەرەکی، چونکوو ئەم محەک و پیوانەیە، مەودای دوور کەوتنەوەیان لە چینەکەی خۆیان نیشان دەدا کەوایە هەر ئەمەش دەبیتە سەر لەوحەی ئەو تەشکیلاتەی کە پیکی دینن لەنیو ئەمانە دا هەر کەس لە ئیدئولوژی و تیئوری دا لەگەڵ ئەوی‌تر ناکوکی هەبی، لە روانگەی لایەنەکەی ترەوە هەر گەراوەتەوە سەر ئەو چینەکە پیشتر پشتی تی کردبوو هەر ئەوەندەی ناکوکی نەزەری‌یان لە نیواندا پیک بی بەسە بۆ ئەوەی لایەنیک بە لایەنەکەی تر بلی بووەتە بورژوا، چونکوو هەر ئەم محەکە تیئوریکە نیشانەی جیا بوونەوەیان لە بورژوازی و دابرانیان لە چینەکەی خۆیان بوو لەم رووەوە، تیئوری بۆ ئەم جەرەیاناتە وەسیلە و ئامرازیک نیە بۆ تی‌گەیشتن لە کۆمەڵ و جیهانی دەرەوە و دیاریکردنی ریبازی خەباتی سوسیالیستی، ئامرازیک نیە بۆ رەخنە گرتن، بەڵکوو محەکیکی مەزهەبی‌یە بۆ لیک جیا کردنەوەی خۆیی و بیگانە.

تیئوری یەک کە بەم چەشنە وشکەل بکری و بکریتە پیوانەیەک بۆ نیشاندانی هەلویستی چینایەتی، دیارە بە ناچار دەبیتە تیئوری‌یەکی ئالوز و مەتەلوکە ئاسا چونکوو ئەوەلەن دەبی بکریتە حوکمیک کە بکری سویندی پی بخۆی و دووهەم ئەو حوکمانە دەبی وەها بە ورد بینی بەیان بکرین کە تەواوی سنووری‌کان و فەرق و جیاوازی‌یەکانی ئەم جەرەیانە لەوانی‌تر جیا کاتەوە تیئوری دەکریتە هەندیک حوکم بۆ رەت کردنەوە قەبوول کردن، دەکریتە هەندیک فورموول کە هەموو وشەیەکی، چارەنووس سازە چونکوو جیاوازی ئەم فیرقەیە لەگەڵ شتیک یان کەسیک بەیان دەکا هەندیک فورمووڵی پیروز و موقەددەس کە ئینسان یان ئیمان پیبانی هەیە یان نیەتی ئەگەر ئیمانی بەم فورموولانە هینابی ئەوە ئەندامی فیرقەکەیە و ئەگەر نەی‌هینابی ئەندامی نیە.

ئەندامەتی لە حیزبدا یەکەم هەنگاوی کریکار بەرەو تیکۆشەر بوون نیە.

لە سوننەتی چەپی رادیکال غەیرە کریکاریدا، سازمانە کە بۆ فەرد کانالی خەباتی کۆمەڵایەتی‌یە. بۆ کۆمونیزمی کریکاری، حیزب ریکخەر و بەرەو پیش بەری ئەو خەباتە کۆمەڵایەتی‌یەیە کە لە نێو کۆمەلدا هەیە، خەباتی بی‌وچانی کریکار لە دژی سەرمایە و سەرمایەدار.

ئەمە گیر و گرفت و وەزعییەتیکی عەینیی واقعییەت ئەوەیە کە رووناکبیری بورژوای سوسیالیست و غەیرە سوسیالیست لە باری کۆمەڵایەتییەوە، نوینەری ئاسو و بەرژەوەندی چینایەتی تەواو جیاوازن پیوانەی نەزەری-ئەگەر چی نەک بە بوچوونیکی مەزهەبی-بۆ پەیوەست بوونی رووناکبیران بە سازمانی مارکسیستییەوە پیوانەیەکی حەتمی‌یە و پیویست بوونی حاشا هەلنەگرە بەڵام گرینگ کارە کە لێرەدایە کە چەپی رادیکال، هەر ئەو پیوانەیەی بۆ رووناکبیری موعتەریزی چینە حاکمەکانی دیاری کردوە- و لە راستیدا هەموو مەعنا و ناوەرۆکیکی لی داتەکاندوە-بە هەمان شیوە بۆ کرێکارانیشی بە کار دەبا پەیوەست بوونی کرێکاریش بە سازمانە بە ناو کۆمۆنیستییەکەی ئەمانەوە پێش هەموو شتیک دەخریتە گرەوی ئەوە کە کرێکار، کە لە تاقیکردنەوەیەکی تیئوریکی سەخت و دژوار بپەریتەوە کە سازمانەکە بە پێی تاریخی دابرانی عەقیدەتی خۆی لە بورژوازی، دینیتە سەر ریگای هەموو کەسیکی کە تازە دیتە نیو سازمانەکە گری کارەکە لەوە دایەکە ئەم سازمانەبەم بۆچوونەوە و بەم شیوەیەی لیک-جیا کردنەوەی خۆیی و بیگانەوە، لەگەڵ چینی کرێکاریک بەرەوروو دەبن کە بۆ شۆڕشگێڕ بوون و سوسیالیست بوونی خۆی هیچ پیویستی بەوە نیە کە جیگاو شوینی عەینی خۆی لە بەرهەم هیناندا رەت کاتەوە و حاشای لی بکا لە راستیدا ناتوانی رەتی کاتەوە تەواو بەپیچەوانە، ریک هەر لەبەر ئەوەی لەم جیگا و شوینە عەینی‌یە دایە دەتوانی سوسیالیزم وەک بیر و باوەر و ئامانجیک وەرگری و لە تیئوری سوسیالیزم لە خزمەت خەباتی خۆیدا کەڵک وەبگری پیویست نیە کرێکار وەک فەردیک خۆی بنیتە بەر، یان رەخنەیەکی قوولی فەلسەفی و خۆی لە رابوردووی خۆی و لە پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بشواتەوە هەتا ببیتە سوسیالیست و بیتە نیو ئوردووی خەبات لە دژی سەرمایەداری هەر کرێکاریک لە کۆمەڵدا هەر بە پێی جیگا و شوینە سەرەتایی‌یەکەی، لەم خەباتەدا حوزووری هەیە ئەو بورژوا نیە وابەستە بە مالکییەت و زیدەبایی نیە دەتوانی لەسەر جیگای خۆی لە کۆمەڵدا سوسیالیست بی‌و وەک سوسیالیست خەبات بکا تیئوری مارکسیستی، ئەو تایبەتمەندی‌یە کلیشەیی‌یە و ئەو مەعنا مەزهەبی و عیرفانی‌یەی بۆ کرێکار نیە و تەبدیل کردنی ئەم تیئوری‌یە بە شتیکی لەم چەشنە، بیجگە لە دوور خستنەوەی لە دەسرەسی کرێکار و دوور راگرتنی کرێکار لە سازمانیکی وا، هیچ نەتیجەیەکی نیە.

کاتیک چەپی رادیکال، قەبوول کردنی بەرنامە یان بیروباوەر و ئامانجەکان دەکاتە مەرجی ئەندامەتی، لەراستیدا ئیشارە دەکا بە قەبوول کردنی سیستمیکی ئالوزکاوی فیکری و کۆمەڵیک "کلمات قصار" و کلیشەی فیرقەیی و سازمانی کە کەسەکە دەبی قەبوولیان بکاو دووپاتیان بکاتەوە ئەگەر بەرنامەیەک هەبی، ئەغلەب هەر پوختەی ئەم کلیشە و کەلیماتەیە هەر عیبارەتیکی بەرنامە، کە قەراڕە بە کورتی بەیان بکری و دووپاتیش نەکریتەوە، یەک دنیا سنوورجیا کردنەوەی فیکری و خوهەلاواردن لە باقی گەرایشەکان لە سەرتاسەری تاریخی چەپ دا، بەیان دەکا ئەگەر بەرنامەیەکیش لە کار دا نەبی، ئەمجار وتار و نووسراوی رۆژنامەکان و پولمیکەکان و شتی‌تر دەکرینە پیوانەی عەقیدەتی بۆ لە محەک دانی بوچوون و روانینی تیئوریکی کەسەکە دواتر لە باسی سیاسەتی ئەندام وەرگرتنی حیزبی کۆمۆنیست دا جاریکی‌تر دەگەڕیمەوەسەر پیوانەی"قەبوول کردنی بەرنامە"، بەڵام لێرەدا دەبی ئەوە بلیم کە پیوانەی تیئوری و بیر وباوەر، لە هەموو سوننەتەکانی چەپی رادیکالی ئێران دا وەک یەک دەکار نەکراوە یەکیک لە تایبەتی‌یە بەرچاوەکانی چەپی رادیکالی ئێران کەمتەرخەمی بووە لە حاست تیئوری بەڵام ئەمە بە مەعنای ئەوە نیە کە لە ئەندام وەرگرتن دا پیوانە و محەکی نەزەری لە کاردا نەبووە بە پیچەوانە، ئەگەر بیر و باوەری سازمان لە جیگایەک دا کۆ نەکراوەتەوە و نەنووسراوە و بەرنامە و شتی وا لە کاردا نەبووە لە بەرانبەر دا ئەفراد و کادرەکانی لەمیژینە جۆرە"اجتهاد"یکیان بۆ لەبەر چاو گیراوە و پروسەیەکی ئالوزی تاقیکردنەوەی بیروباوەری فەردی لە عەمەل دا بەریوە براوە سازمانی بی تیئوریش کەسەکە لەبارى عەقیدەتی‌یەوە تاقی دەکاتەوە جیاوازی یەکە لیرەدایە کە لەم جۆرە جیگایانە ئەم تاقیکردنەوەیە دەبیتە ریگایەک بۆ هاتنە گۆڕی خراپترین جۆری قەزاوەتی زەینی گەرایانە و فیرقەیی و ئەخلاقی و دواکەوتوو لەسەر ئەفراد لەم قەزاوەتانە دایە کە خەسلەتی رووناکبیری و ورده بورژوایی چەپی رادیکالی تا ئێستا و ناسازگار بوونی لەگەڵ خەباتی کرێکاری و مەسەلەی راکیشانی کرێکاران بەرەو سازمان، بە رۆشنترین شیوە ئاشکرا دەبی.

شیوە کار و شیوەی ژیانی سیاسی چەپی رادیکال

لەپال پیوانەی ئیعتقادی، پیوانەی شیوەکار و شیوەی ژیانی سیاسی سازمان دیتە گۆڕ بە دەرەجەیەک کە تەشکیلات لەباری تیئوریکەوە دواکەوتووتر و بی مایەتر بی، پیوانە و محەکی عەمەلی بۆ وەرگرتنی ئەندام، زەقتر دەبیتەوە. کەسەکە دەبی بە هەر حال لەلای سازمان "لە کلی تاقیکردنەوە" دەر هاتبی ئەم تاقیکردنەو ئەغلەب ماددەکانی بریتین لە : وەقاداری، "انزبات" بەریوە بردن و ئامادە بوونی عەمەلی بۆ وەرگرتنی ئەو قالبانەی خەبات کە سازمانەکەی لەسەری پیک هاتوە ئەم قالبانە کامانەن؟ وا باشترە دیسانیش بروانینە سیمای کۆمەڵایەتی ئەندامی نموونە هەر وەک وتم سازمانی چەپی رادیکالی ئێرانی کە رووناکبیری نارازی بورژوا و ورده بورژوا پیکیان هێناوە، لەسەر بناغەی دابرانی فەرد لە جیگا کۆمەڵایەتی و تەولیدی‌یەکەی دامەزراوە وتیشم ئەمە مەرجی سوسیالیست بوون و خەباتی سیوسیالیستی و رادیکال کردنی بورژوایەکە نەک کرێکاریک سازمان لەگەڵ ئەفزاد و ئاحاد تەرەفە نەک لەگەڵ تویژ و چینەکان ئەو شتە کە سەلاحییەتی ئەندام بوونی لەو سازمانانەدا بە کەسیک داوە وەدیداتی توانایی و زەرفییەتی ئەو کەسەیە بۆ "رەت کردنەوەی" شتی جۆراوجۆر و پشت هەلکردن لە شتی جۆراوجۆر وەک ویستە کۆمەڵایەتی‌یەکانی پیشووی، ئەخلاقییاتی پیشووی، خۆش ژیانی، خانەواده و دلبەستەگی‌یە شەخسی‌یەکانی و پەیوەندە ماددی‌یەکانی رەوشتی خەباتی سازمان بەم جۆرە کەسانە نەبی بەریوە نابری کاتیک چاو لەم پەیوەند و دلبەستەگی‌یانە دەکەین دەبینین کە کەسی بورژوا بۆ دابران لەوانە لە مەوقعییەتیکی زۆر موناسب تر دایە . چونکوو تەنانەت کاتیک کە پشت دەکاتە هەموو ئەمانەش، تازە دەبیتە رووناکبیری یاخی بوو و نارازی هەمان چین و لە پەیژەی کۆمەڵایەتی‌دا، نایەتە جیگایەکی نزمتر یاخی بوونی کەسی بورژوا لە ویست و رەوشتەکانی چینەکەی خۆی و لە دلبەستەگی و پەیوەندەفەردی‌یەکانی، ئەو کەسە ناکاتە ئینسانیکی ژیر دەستە لە کۆمەڵدا ئەم جۆرە کەسانە، نە ریزو حورمەتی کۆمەڵایەتی‌یان دادەشکی و نە تەنانەت ئەمنییەتی ئابووری‌یان بە شیوەی جیددی تووشی مەترسی دەبی بۆ رووناکبیری بورژوا، هەموو ئەمانە تەنانەت رەنگە بە حیسابی هەستیار بوون و رەخنەگر بوونی و بە حیسابی بیر تیژ بوون و ماقوول بوونی وەیارەنگە تەنانەت بە حیسابی ماجەراجویی و سەربزیوی دەورانی هەرزەکاری‌یەکەی دابنرین بورژوا، هەروا ئامیزی بۆ لە باوەش گرتنی لاوانی یاخی بوو و سەربزیوی دوینیی خۆی کراوەیە و پشتیان تی‌ناکا هەر چەند رووناکبیری بورژوا سەربزیوی و یاخیگەری بکا و لە ئەخلاقییات و نەریتی چینەکەی خۆی نەبان بی، هیشتا جیگا و شوینی ئەوەندە دانابەزی کە بگاتە ئاستی جیگا و شوینی ئابووری نائەمن و بی ئاسوی کرێکاریک کۆمەڵ بە هەرحال ئاسایشی ماددی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی بە مانی ئەو کەسە دەزانی سازمانەکانی چەپی رادیکال بەشیوەی سوننەتی لە دەوری ئەم مەوجووده کۆمەڵایەتی‌یە پیک هاتوون و هیزی خۆیان لەم تیپە کۆمەڵایەتی‌یە وەرگرتوە لەو مەوجودییەتەی نیو کۆمەڵ کەدەتوانی تەواوی خەسلەتی کۆمەڵایەتی و جیگای کۆمەڵایەتی خۆی داتەکینی و ببیتە ئینسانیکی خۆ هەلبواردووی دابراو لە قەید و بەندی عەینی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە جیهانی واقیعی دا ئەم مەوجووده ئەساسەن لە خویندنگاکان دا دەبی بۆی بگەڕیی خویندکار و قوتابی، ئەویش ئەو بەشە کە قەرار نیە خویندنەکەی تەواو بکا هەتا دایک و باوکی لە زیدەکاری و شتی وا رزگار بکا یان خەرجی خویندنی خوشک و برا چکولەکەی دابین بکا، باشترین ماتریالە بۆ ئەم سوننەتە سیاسی‌یە.

تەشکیلاتیکی لەم چەشنە جیگای کرێکار نیە لە راستیدا کرێکار بە بی ئەوە کە جیگا و شوینی خۆی وەک کرێکار رەت کاتەوە، ناتوانی لەم سوننەتە سیاسی‌یە دا و لەم شیوە ژیانەدا جیگای خۆی بکاتەوە بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە چونکوو بە پیی ئەم کاراکتیرە کۆمەڵایەتی‌یە سیستمیکی ئەرزشی و ئەخلاقی‌ی فەردگەرایانە و لە هەمان کاتدا نهیلیستی شکل دەگری کە ئێتر لەگەڵ نەفسی ژیان و حورمەتی ئینسانی دەکەویتە دژایەتی کرێکار لایەنگر و پاریزەری ژیانە خەباتی کرێکاری خەباتیکە بۆ باشبوونی ژیانی ئینسانەکان و بەهرەمەند بوونی ئینسانەکان لە هەرچی تەبیعەت و کۆمەڵ دەیرەخسینی لە پشت ئەخلاقییاتی مورتازانە و وشک و دواکەوتووی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری ئێران، رەخنەی ورده بورژوای دواکەوتوو و لە سەنعەت و مودیرنیزم ترساوی ولاتیکی دواکەوتوو بەدی دەکری کرێکار وەک هیزیکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەم بوچوون و ئەخلاقییاتە هیچ تەبایی و سازگاری‌یەکی نیە شەهادەت خوازی و روحی خۆ بەخت کردن، ئاوانتوریزمی سیاسی و فەردی، تەحقیر و رەت کردنەوەی دلبەستەگی و خوشەویستی‌ی نیوان ئینسانەکان، ئەخلاقییاتی شیوە مەزهەبی، تەنیا نموونەی زەقی ئەم شیوە ژیانە سیاسی‌یە غەیرە کرێکاری‌یە بوون بەڵام نفووزی ئەم دەمارگیری‌یە وردەبورژوایی‌یە لە ژیانی سیاسی چەپی غەیرە کرێکاریدا هەر ئەوەندە نیە و لە ئاژیتاتوری جەماوەری نیە سازمانەکە ئەو کرێکارەی بەم سیمایەوە نەویستوە و ناتوانی ئەم توانایی یانەی بخاتە کار ئەو کرێکارانە کە بەم جۆرە چوونەتە نیو سازمانی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری، زۆر زوو خاسییەتیکی نمایشی پەیدا دەکەن ئەگەر قەرار بی تیئوری ئالوز و دژوار کریتەوەی تیئوری محەک و پیوانە بی، ئەگەر قەرار بوو دابران لە جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی و پابەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بوون بە ئینسانیکی خۆ هەلبواردوو محک و پیوانە بی، یانی ئەو قالبانە کە رووناکبیری لاو و سەلت و خاتر جەمی بورژوا و ورده بورژوا بە ئاسانتر دەتوانی لە نیویان دا جیگەی خۆی بکاتەوە، ئەمجار ئیتر کرێکار لە خودی تەشکیلاتەکەش دا وەک ئەندامی دەرەجە دوو دەمینیتەوە دەبیتە سەربازیکی سادە کە دەبی فەرمانی پی‌بدری ناتوانی بگاتە پلە و پایەی تەشکیلاتی و ببیتە کاربەدەست، لە رۆژنامە و تەبلیغ و تەرویجی تەشکیلاتەکەدا ناتوانی دەوریکی هەبی، لە کۆنگرەکەی ناتوانی بەشداری بکا و زۆر نەتوانینی‌تری لەم چەشنە بروانە ئەو جۆرە فەعالییەتانە کە کرێکاران لەو چەشنە تەشکیلاتانەدا وەئەستوی دەگرن هەتا ئەم "کەلینە چینایەتی" یە لەنیو خۆی سازمانەکەدا ببینن.

بە کورتی: سازمانی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری بە شیوەی سیستماتیک تایبەتمەندی و تان و پوی غەیرە کرێکاری خۆی دەژیەنیتەوە و بەرهەمی دینیتەوە نەبوونی لەجەرگەی ئیعتیرازی کرێکاریدا و نەبوونی لەژیر ئالای گۆرینی کۆمەڵ بە پیی ئامانجە کرێکاری‌یەکان، ریشەی سەرەکی جیایی عەمەلی کرێکارە لەو سازمانانە. بەڵام لە لایەنی عەمەلدا ئەم جیایی چینایەتی‌یە بە هۆی هەندیک میکانیزمی موشەخەس، کە لەو میکانیزمانەدا کەسانی موناسب بۆ سازمان و سازگار لەگەڵ ژیان و شیوەی فەعالییەتی سیاسی سازمان هەلدەبژیردرین، بالفعل ماددییەت پەیدا دەکا. بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی‌یەکانی فیکری و سازمانی و شیوەکاری سازمانەکانی چەپی رادیکال بە سادەیی دەکری ئەوە ببینی کە چۆن کرێکار ماتریالیکی موناسب نیە بۆ دارژتنی بینای تەشکیلاتی ئەو سازمانانە ئەو کونکووره فیکری و عەمەلی‌یە کە سازمان بۆ دوزینەوەی کەسانی موناسب داینا‌وە، هەر خۆی کرێکار و وەلا دەخا و رووناکبیر وەردەگری.

***

لەبەشی دواتردا دەچمە سەر ئەوەکە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەتا چ رادەیەک خۆی لەم جیگا و شوینە کۆمەڵایەتی‌یە دەرکیشاوە و لەم میکانیزمانە رزگار کردوە کاکڵەی باسەکە هەتا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە هەیە، لایەنی کۆمەڵایەتی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاری‌یە ئەمەیان زیاتری لەسەر دەروم بەڵام لە هەمان کاتدا پیویستە لایەنی فەردی‌ی مەسەلەی ئەندامەتی و محەک و پیوانەکانی مەوجوودیش بۆ هەڵبژاردنی ئەندام لە لایەن حیزبەوە، بدەینە بەر لیکولینەوە و کەم و کووری‌یەکانی ئەم لایەنەش بناسین وەسەرەنجام ئیشارە دەکەم بەو هەنگاوانە کە حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئاسان کردنەوەی ئەندامەتی کرێکاران بە خیرایی بیان نیتە دەستوور و هەروەها ئیشارە دەکەم بە بریاریک کە پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوندی حیزب لەم بابەتەوە پەسندی کردوە.

کۆمۆنیزمی کریکاری دیارە بۆ بزووتنەوە کومەڵایەتی‌یەکەی خۆی دەروانی و هەول دەدا تیکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەو خۆی راکیشی، چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری بۆ کومەڵ بەگشتی و بۆ کۆمەڵە ئەتومیکی ئینسانی کە لەو جامعەیە دان دەروانی و بە شوین کەسانیکەوەیە کە ئامادەن بۆ قەبوول کردنی بیر و باوەری سازمان و قالبەکانی خەباتی سازمان و ئەو ئەرکانەی سازمان دەست نیشانی کردوون.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No:٣٤ january: ١٩٩٠



تەنگانە

دین بون به دەمتەوە دەکەن
نەکا رۆژێك وتبیتت خۆشم دەویی.
دین بون به دلتەوە دەکەن
رۆژگاریکی سەیرە گوڵم.
خۆشەویستی
لە دارتەلی قەراخ ریگەی بەربەست کراو شەتەك دەدەن
دەیدەنە بە رقەمچی و شەلاق
دەبی ودمی خۆشەویستی لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بشارنەوە.

حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کریێکاری

لە بەشی پیشتر دا وتم کە جیایی عەمەلی کرێکاران لە حیزبەکانی چەپی رادیکالی ئێران و زال بوونی روونا‌کبیران و خویندکاران لەو ریکخراوانەدا، بە هیچ شیوەیەك، نە بە هەلکەوتە و نە لە سیاسەتی نادروستی ئەندام وەرگرتنەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵکوو رەگ و ریشەی دەچیتەوە سەر جیایی میژوویی و کۆمەڵایەتی چەپی رادیکالی ئێران لە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری ئیعترازی کرێکاری، مەیدانی ئاسایی تیکۆشان و مەوجوودییەتی ئەم چەپە نەبووە و، ئامانجە سیاسییەکان و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و شکلەکانی خەباتی ئەو چەپە، لەگەڵ مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی و پیویستیە سیاسییەکانی کرێکار وەك چینیکی کۆمەڵایەتی، هاوبابەت و سازگار نەبوون لەم بەشە دا دەمەوی ئیشارە بکەم بەو میکانیزمانە کە ئەم واقعییەتە بەرینە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی عەمەلی دا نیشان دەدا، وە کرێکاران – تەنانەت لەو جیگایانە کە ئەم تەشکیلاتانە وەك بابەتی کاری خۆیان رووبان تی دەکەن – لەو ریکخراوانە و لە ئەندامەتی ئەو ریکخراوانە دوور دەکاتەوە.

خەباتی کۆمەڵایەتی یان تیکۆشانی رێکخراوەیی

پیشتر ئیشارەم بەوە کرد کە چەپی رادیکال ئێران بە شکستی هیزە سوننەتییەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی جەبهەی میللی و حیزبی تووده، سەری هەلدا ئەم چەپە نویە، رەخنەی لە جەرەیاناتی سوننەتی گرت. لە تیئوریدا تەئکیدیکی جیددیتر لەسەر سوسیالیزم و مارکسیزم وەك مەکتەبیك کرا لەباری سیاسییەوە، رەخنەی دژی ئیستبدادی و ناسیونالیستی تیژتر بووەوە لەکردەوەی سیاسی دا، رەوشتە ئارام و هیمنانەکانی جەرەیاناتی سوننەتی وەلانرا و خەباتی قەهراوی و نهێنی جێگای ئەو رەوشتانەی گرتەوە بەم جۆرە بەشیك لە ئوپوزیسیونی بورژوایی لە ئێران رادیکالیزە بووەوە بەڵام لەم نیوە دا ئال و گۆریکی بنەرەتی دیکەش رووی دا کە ئەم چەپە نۆی یەی لەو سوننەتە سیاسییانە کە بنەماو سەرچاوەی بوون، جیا دەکردەوە.

جەرەیاناتی سوننەتی، جەرەیاناتیکی کۆمەڵایەتی بوون نەك هەر جەبهەی میللی – کە خۆی لە بنەرەتەوە ریك کەوتنی بەرینی هێزە جۆراوجۆرەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی بوو– بەڵکوو حیزبی تووەدش کە لە باری تەشکیلاتییەوە یەکدەست تر و ریکخراوتر بوو، مەرکەز و ئالقەی پیوەندی دەری خەباتی تویژە واقعییەکانی نیو کۆمەڵ بوون.

چەپی تازە، ئەو تایبەتمەندییەی نەبوو چەپی رادیکالی ئێران وەك کۆمەڵیك گوروە و ریکخراوی ژیر زەمینی و غەیرە قانوونی شکلی گرت کە خەباتیکی ریکخراوەیی دیاریکراویان بەرەوپیش دەبرد ئەم ریکخراوانە، نوینەر و ریکخەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەبوون بۆ ئەم ریکخراوانە، جم و جوولی سیاسی چین و تویژە کۆمەڵایەتییەکان، لە پلەی یەکەم دا بزووتنەوەی خویندکاران و پاشان بزووتنەوەی کرێکاری، هەندیك جم و جوول بوون لە دەرەوەی سنووورەکانی پراتیکی "سازمان"، "کە "سازمان" دەبوا لە رەوتی خەباتی خۆیدا "پەیوەند"یان لەگەڵ پیك بینی لە جیاتی سوننەتە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی تووده و جەبهەی میللی، هەندیك ریکخراوە سەریان هەلدا کە نەك بە پیی جێگا و شوینی کۆمەڵایەتییان، بەڵکوو بە سەنگ و پیوانەی تەشکیلاتی تەعریف دەرکران ئەم خەسلەتە غەیرە کۆمەڵایەتییە و، ئەوە کە "سازمان" لە مەیدانی سیاسیدا جیگای هیزی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بگریتەوە، خەسلەتیك بوو کە چەپی رادیکال نەدەکرا خۆی لی لابدا چونکوو ئەم سوننەتە حاسڵی رادیکالیزە بوونەوەی بەشیك لە تیکۆشەرانی سیاسی ئەو چینانە بوو کە خۆیان لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا نەك هەر رادیکال نەبوون بەڵکوو دوابەدوای "ئیسلاحاتی ئەرزی"ی سالانی چل بە شیوەی رەسمی لە نیزامی سیاسی محافزە کاری مەوجوود داچوار چیوەیەکی گونجاویان بۆ گەشە کردنی ئابووری دیتبووەوە.

شیوەی هەلدانی ئەم چەپە تازەیەش موری خۆی بە تایبەتمەندییە ریکخراوەییکان و کردەوەی سیاسی ئەم جەرەیاناتەوە نابوو تەرویج کردنی بیر و باوەری تازە دەس پێراگەیشتو وی شیوە مارکسیستی، تەبلیغ و هاندان لە دژی ئیستبداد و ئەمپریالزم و بەریوە بردنی ئاکسیون بە هیزی ئەندمان و کەسانی سەر بە تەشکیلاتی خۆ، خەتە سەرکیەکانی پراتیکی ئەم چەپە تازەیەیان دیاری دەکرد جەرەیاناتی سوننەتی، ریکخەری ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی بوون چەپی تازە لاگرتووی دووەپەریز لە حەرەکەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئیعتیرازی"سازمانی"و ریکخراوەیی کرد بە شکلی وجوودی خۆی دووبوچوونی سەرەکی بۆ پاساو کردنی ئەم تایبەتمەندییە غەیرە کۆمەڵایەتییە، لە نیو ئەم چەپە دا بووە دوو بوچوون کە هەرتکیان بەشیك لە بنەماکانی مارکسیزم و سوسیالیزمی کرێکاریان دەست تیوەر دابوو یەکەم، مەقوولەی "سازمانی شۆڕشگێرانی حیرفەیی" و دووهەم، "پەیوەند"ی سوسیالیزم لەگەڵ بزووتنەوەی چینی کرێکار چەپی رادیکال مەوقعییەت و جیگا و شوینی غەیرە کۆمەڵایەتی و بە تاك کەوتووی خۆی بە جیگا و شوینیکی "انتقالی" دادەنا.

دەیانگوت ئەو ریکخراوانەی پیك هاتوون هەندیك رایکخراوی"شۆڕشگێرانی حیرفەی"ن پەیوەندی ئەم ریکخراوانە لەگەڵ چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری، مەسەلەیەکە مەربووت بە داهاتوو گیر و گرفتەکە لیرە دایە کە هیچکام لەو مەفهوومانە لە سوننەتی مارکسیستی دا بەم شیوەیە بە کار نەبران سازمانی شۆڕشگێرانی حیرفەیی کە بەشیکی گرینگە لە تیئوری حیزبی لینینی، بە سازمانی حیرفەیی و فوول تایمی حیزبیکی کۆمەڵایەتی کرێکاری دەگوتری وجوودی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی کرێکاری، وجوودی کانوون و مەرکەزی محەللی بۆ ئیعتیرازی سوسیالیستی کرێکار، پیش مەرجی بوون و وجوودی سازمانیکی شۆڕشگێرانی حیرفەیی کۆمۆنیستیە ناکری بە جیا لەم سوننەتە خەباتکارانەیە، بە بی پەیوەندی عەمەلی لەگەڵ ئەم سوننەتە، و بە هیزیکی ئینسانی کە بیگانەیە لەگەڵ ئەم مەیدان و مەرکەزەی خەبات، سەرەتا لە گۆشەیەك"سازمانی شۆڕشگیرانی حیرفەیی" بۆ سوسیالیزمی کرێکاری دروست بکەی و پاشان بکەویە فیکری پیك هێنانی "پەیوەند" لەبابەت خودی ئەم مەقوولەیەی "پەیوەند" ەوە پیشتر قسەمان کردوە قسەی بولشویکەکان لە سەرەتای ئەم سەدەیە دا ئەوە نەبوو "سازمان" یك لەگەڵ جەماوەر پەیوەند پیك بینی بەڵکوو لەسەر ئەوە بوو سوسیالیزم وەك سوننەتیکی فیکری و خەباتکارانە لە نیو چینی کرێکاری رووسیادا جیگای خۆی بکاتەوە ئەم پەیوەندە لە ئاخر و ئوخری ئەم سەدەیە دا نەك هەر لە هەموو ولاتیکی سەرمایەداری وەدی هاتوە، بەڵکوو سوسیالیزمی کرێکاری وەك سوننەتیکی ئیعتیرازی بووەتە جەرەیانیکی موعتەبەر لە نیو چینی کرێکاری گەلیك لە ولاتان و یەك لەوانە ئێرانیش کەوایە تیزەکانی "سازمانی شۆڕشگیرانی حیرفەیی" و "پیوەند " بۆ چەپی تازە تەنیا پەردەیەك بوو بۆ داپوشین و شاردەنەوەی مەوقعییەتیکی تالی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ شاردنەوەی ئەو واقعییەتە کە مەوجوودییەتیکی ریکخراوەیی و فیرقەییە پراتیکی سیاسی ئەم جەرەیاناتە لە چوارچیوەی پراتیکی تەرویجی و تەبلیغی و ئاکسیونی – کە ئەندامان دەیکەن – واوەتر ناچی تیکۆشانی ریکخراوەیی جیگای خەباتی کۆمەڵایەتی گرتوەتەوە.

"سازمان"و کرێکاران

سازمانی غەیرە کۆمەڵایەتیش هەر چونیك بی لە نیو کۆمەڵدایە و لەگەڵ تویژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرەوروو ئەگەرچی هەندیك نموونەی وەك موجاهیدین و هەندیك لقی فیدایی نیشاندەری ئەوەن کە "سازمان" دەتوانی تەنانەت رووبەروو بوونەوەی ماددی خۆشی لەگەڵ کۆمەڵ بگەیەنیتە لانی کەم و خودی سازمان بکاتە مینیاتور و کاریکاتوریك لە کۆمەڵ کە ئەفراد لە راستیدا ژیانی تیدا دەبەنە سەر و مەسرەف دەکەن و چینی جۆراوجۆریان هەیە و... هتد بەهەر حال ئەمرۆ نموونەی ئاوا زەق لە نیو چەپ–بەمانای تایبەتی و شەکە–دا کەمتر بەر چاو دەکەوی چەپ بەهەر حالّ لەگەڵ کرێکار وەك تویژیکی کۆمەڵایەتی بەرەوروودەبی لە سوننەتی چەپی غەیرە کرێکاری‌دا، کرێکار لە دوو قامەتی جیاوازدا دەکەویتە بەرانبەر سازمان یەکەم وەك تویژ و چینیکی کۆمەڵایەتی و دووهەم وەك تاکە کەس چەپی رادیکال، کرێکار لە قامەتە کۆمەڵایەتییەکانی دا وەك جەمعی تاکە کەسان و ئەو پەرەکەی وەك"سنف" یك چاو لی دەکا بە وتەیەکی‌تر بۆ ئەمانە، کرێکار وەك چینیك و وەك دیاردەیەك لە دەرەوەی سازمانەکەیان، خاوەنی هیچ سیمایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیە لە بابەت خەتی دوو جەمسەرەی سازمان– جەماوەر پیشتر بە دریژە باسمان کردوە جەماوەر بە لای سازمانەوە بی شکل و کرچ و کالن، ژیانی سیاسی و میژوویی‌یان نیە، مەوجوودییەتیکی وشکەلن کە لە جیی خۆیان چەقیون و هەر جۆرە شکل بەندیەکی سیاسی لە نیو جەماوەردا پیك بی، سازمان دەبی پیکی بینی کرێکار وەك تاکە کەسیش لەلای ئەمانە خاوەنی سیمایەکی کۆمەڵایەتی نیە ئەتومیکی ئینسانی‌یە کە وەك هەر کەسیکی تری سەر بە هەر تویژیکی کۆمەڵایەتی دیکە بە پیی پەیوەندیك کە لەگەڵ سازمان هەیەتی جیگای بۆ دیاری دەکری و هەر خەسلەت و تایبەتمەندییەکی سیاسی و خەباتکارانە خۆی، وەك باقی ئەندامانی سازمان، لە سازمان وەر دەگری بە وتەیەکی‌تر، کرێکار، چ لەو جیگایەکە لە دەرەوەی سازمان وەك چینیك چاوی لی دەکری و چ لەو جیگایەی وەك ئەندامیك و تیکۆشەریکی سازمان چاوی لی دەکری تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لە دەست داوە.

لە دەرەوەی سازمان چینی کرێکار وەك سنفیك چاوی لی دەکری و لە نیو خۆی سازماندا کەسی کرێکار نەك وەك کەسیك لە چینیك یان تەنانەت لە سنفیك بەڵکوو وەك سللوولیك لە تەشکیلات، مەوجوودییەت پەیدا دەکا.

سازمان، کرێکاریش گیروەی ئەو خەسلەتە غەیرە کۆمەڵایەتییەی خۆی دەکا کە لە زەین و شیوە بوچوونی‌دا هەیە کرێکار لە دەروونی خۆیدا تووشی دوو کەسایەتی دەبی کرێکار وەك فەرد، کە دەبی بیرو کردەوەی سازمان قەبوول بکا، پیی پەیوەست بی و وەك هەموو ئەندامیکی‌تر توانایی‌یەکانی خۆی بنیتە خزمەت نەقشە و ئاکسیونەکانی سازمان، وە کرێکار وەك بەشیك لە کۆمەڵ، وەك سنفیك کە دەبی بۆ بەرژەوەندی سنفی خۆی خەبات بکا.

لە راستیدا هەرچی سازمانەکە غەیرە کۆمەڵایەتی‌تر و فیرقەیی‌تر بی، بە سنفی‌تر و غەیرە سیاسی‌تر لە کرێکار دەگا هەرچی سازمانەکە فیرقەیی‌تر و ئاکسیونیست تر بی،

بروانە لاپەری ٧

جەریاناتی سوننەتی، ریکخەری ئیعتیرازی کومەڵایەتی بوون، چەپی تازەی لاگرتووی دووەپەریز لە حەرەکەتە کومەڵایەتی یەکان، ئیعتیرازی "سازمانی، و ریکخراوەیی کرد و بەشکلی وجوودی خوی.

تیزەکانی "سازمانی شورشگیرانی حیرفەیی" و "پەیوەند" بۆ چەپی تازە تەنیا پەردەیەك بوو بۆ دا پوشین و شاردنەوەی موقعییەتیکی تالی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بۆ شاردنەوەی ئەو واقعییەتە کە مەوجوودییەتیکی ریکخراوەیی و فیرقەییە.

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٥ ڕیبەندانی _ ١٣٦٨ فوریەی _ ١٩٩٠

منداڵانی نێو قوولکەکان

هیچ لە هیوا و لە سبەێنی لە مستیاندا
منداڵانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
بە جەنگەڵی بی بەهارەوە دەپشکوین
بە چلی داری بی ڕەنگەوە بەر دەگرن
منداڵانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
پر بە گەرووی خوێناوی یان دەچڕیکینن و
ئەو کاتەی کە دەشکینەوە
ئاڵایەکی بەژن بەرزیان بەدەستەوە
کاوەکانی نیو قوولکەکان
کاوە ئالا هەڵگرەکان
***

لە شاری بی خیابان دا گەورە دەبن
لە ڕایەڵەی لاکولان و کووچەی تەنگی بەر بەستراودا
ئاوێتەی دووکەڵی کوورە و قاچاخچیەتی و زەردە بڕین
چەند دەس کەللاّ لە گیرفان دا و قوچەقانی بە دەستەوە
منداڵانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
لیتە جاری چارەنووسی بی بەزەیی لە پێشیان و
جنیوی باوکانی ماندوو لە دوایان
نەفرینی دایکانی وەرەز لە گوێ یاندا و

باسێك سەبارەت بە ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان

سەرەتا

بوونی ستەمگەری میللی، خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس، خەبات بۆ هێنانە گۆڕ و ناساندنی سیمای میللی، ئامانجی سەربەخۆیی و پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و ...، لە سەدەی ڕابوردوودا بووەتە هۆی شکل گرتنی گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ناسیونالیستی لە کوردستان. لە جەرگەی ئەم گەرایشە کۆمەڵایەتییەدا حیزب و گوروهی سیاسی و ڕێبەرایەتی جۆراوجۆر پێك هاتوون کە ئەم گەرایشە بووتە سەرچاوەی هێزیان و نفووزی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستان داپەرەپێداوە.

ئەم هێزانە لە هەلومەرج و وەزعییەتی مێژوویی موساعیدا بە تایبەت بە سەرهەڵدانی زەعف و سستی لە بناغەکانی حکوومەتی مەرکەزیدا، خەباتی کەم تا زۆر جەماوەری یان ئەساسەن بە شکلی چەکدارانە بەرپا کردووە وە یا خۆی لە هەر شکلیك دا بەرپا بوونی بەشداریان تێدا کردووە.

لەوەتی بزووتنەوەی میللی و موقاومەت بەرانبەر بە سەرکوتگەری دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستان بووە، خەباتی چەکدارانەش لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بووە. حاشا کردنی ئەم دەوڵەتانە لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانییەکان، پەنا بردنیان بۆ لەشکرکیشی چەکدارانە، میلیتاریزە کردن و داگیرکردنی کوردستان، بەکار بردنی ڕەشترین زەبر و زەنگ و سەرکوت لە حاست چکولەترین جم و جوولی ئیعتیرازی و سیاسی، کوشتاری بە کۆمەڵ، تەبعید و کوچ پێکردنی خەڵك بە شێوەی بەرین و گەلیك شتی‌تری لەم چەشنە، بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی زۆرلیکراو لە خەباتی خۆیان دا، دەس دانە چەك وەك ڕێگایەك بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی قەلاچۆ و زەبر و زەنگی حکوومەتی مەرکەزی بگرنە پێش.

خەباتی چەکدارانە بە درێژایی ئەو دەورە دوور و دێژە، بێجگە لە دەورەی ئەم دوایی‌یە لە کوردستانی ئێران، لە جەرگەی حەرەکەتی ناسیونالیستی دا و بە پێی سیاسەت و تاکتیکی حیزب و ڕابەرە ستوننەتی‌یە ناسیونالیستەکان، هەڵگرساوە و حەرەکەتی کردوە. ئاسو و ئامانجی ناسیونالیستی، یانی هەوڵدان بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی هەر لە چوارچێوەی موناسباتی مەوجود دا، سیاسەت و ڕیبازی بۆ خەباتی چەکدارانە دیاری کردوە. بەڵام بوونی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی چەکدارانەی دەوری ئەم دوایی‌یەی کوردستانی ئێران،

ل٥

ئەوەی تاوانباری مێژووە، چون داوەری لەسەر مێژوو دەکا؟

پاش تێپەڕینی دە ساڵ، جێگای خویەتی ئاوڕیك لە شۆڕشی ئێران و لە ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشە بدرێتەوە. لەم ئاوردانەوەیەدا، بەڵام، دیارە ئینسانەکان، ئەوانەی چاو بە مێژوودا دەگێرنەوە نوێنەر و نیشاندەری بەرژەوەندی دیاریکراوی چینایەتی و تۆێژی کۆمەڵایەتی جیاواز و جۆراوجۆرن و بەم بۆنەوە، نەك هەر دەورەیەك لە مێژوویان هەندیك ڕووداوی تایبەتی ئەو دورەیە، بەڵکوو خۆیان و مەبەستی سیاسی خۆیان و ئاسوی کۆمەڵایەتی خۆشیان دێننە بەر داوەری. نەك تەنیا ماجەراکە، بەڵکوو ئەو کەسەش کە ماجەراکە دەگێرێتەوە داوەری لەسەر دەکری. بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە خۆی یەکێك لەوانە بی کە لەو مێژووەدا دەوریان بووە وە یان خۆد بێهەوی ئەم ماجەراگیرانەوەیە بکاتە دەسمایەیەك بۆ دەورونەقشی داهاتووی خۆی.

ئەو وت و وێژە کە لەم دوایی‌یانەدا "ڕاە ئارانی" گۆڤاری "حیزبی دیموکراتێکی خەڵکی ئێران" لەگەڵ بەنی‌سەدری کردوە تەواو پر بە پیستی ئەم حەقیقەتەیە. ئەم وت و وێژە هیچ شتێك لە مێژووی دە ساڵی ڕابوردوودی ئێران ڕوشن ناکاتەوە هیچ دەشیگوری، بەڵام لە بەرانبەردا مەبەستی هەرتك لایەنی وت وێژەکە هەم ئەوەی پرسیار دەکا و هەم ئەوەی وەڵامی دەداتەوە بە باشی ئاشکرا دەکا.

لەم وت و وێژەدا جەرەیانێکی هەلبراو لە حیزبی تووده لەگەڵ ڕەئیس جمهووری پیشووی ئێران کە خومەینی لێی خست کەسان و جەریاناتێك کە هەموو هونەرەکەیان لەوە دایە قوربانیانی گیان دەرباز کردووی خزمەتگوزاری‌یەکانی خۆیان بە ڕژیمی‌ئیسلامین، فیکر و تەگبیری خۆیان لیکداوەتەوە هەتا بزانن چلون بوو پاش شۆڕش، دیموکراسی لە ئێران سەرنەکەوت! و "نیزامی توتالیتاریستی ویلایەتی فەقیهە" هاتە سەر کار!

لەم وت و وێژەدا باسی زۆرشت دەکری: باسی "لیکدانەوە"ی دەسکرد سەبارەت بە "شەری چوار تقدم" کە گویا "لە تاریخی ئێمەدا لە مەشرووتە بەم لاوە شەری ئەم چوارە تقدمە بووە" وە یا شی کردنەوەی "چوار بناغەکەی ئیستیبداد" باسی ڕەخنە گرتنی یەك لە دوای یەك لە مارکسیستەکان کە "بەشیکیان ... دەیانەویست شۆڕشی یەکەم بگەیەننە شۆڕشی دووهەم، لاسای لینین بکەنەوە"، یان "چاویان لە واقعییەتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وڵات نەبوو و لە بانیژەی ئەدەبییاتی مارکسیستی‌یەوە چاویان لە واقعییەتی ئێران دەکرد. ئەمانە نەیاندەزانی ڕوحانی لەگەل کۆمەڵ چ پەیوەندیکیان هەیە و چ جیگا و شوێنێکیان هەیە"، باسی ئەوە کە ئایا "هەلخزانی ڕوحانییەتی لایەنگری ویلایەتی فەقیهە بەرەو دەسەلات، قانوونمەندی شۆڕشی مانگی ڕێبەندان بوو "یان ناو "ڕێگای پێش گرتن بەمە کام بوو"، باسی "گرینگترین و سەرەکی‌ترین خەتاکان و ئەوەکە بەنی‌سەدر کام کردەوە و هەڵویستی خۆی بە جێگای ڕەخنەلیگرتن دەزانی"، باسی داگیر کردنی دانشگا و هێرش هێنان بۆ سەر کوردستان و شەری سنە، باسی کێشمەکیش و کیشە لەسەر دەسەلات لە ناوخۆی ڕژیمی ئیسلامی دا" باسی داهاتووی ئەم ڕژیمە و مەعنا و جێگای مەسەلەی ئازادی و چی و چی.

بەشی هەرە زۆری ئەم وت و وێژە، بە تایبەت لەو جیگایانەی بیروباوەر و بۆچوونەکانی بەنی‌سەدر دەگرێتە بەر، وەڵامدانەوەیەکی ئەوتوی پێویست نیە، چونکوو نە نیشاندەری ڕەوتێکی فیکری یان سیاسی تایبەت و بەرچاو لە نیو بورژوازی ئێراندایە و نە بیروباوەر و بوچوونی واش بەیان دەکا کە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی هەبی. بەڵام هەندیك بەشی ئەو وت و وێژە کە دەچێتە سەر مێژوو، وەیا باشترە بڵێم دەچێتە سەر گوریتی مێژوو، لەو جیگایە کە باسی کوردستان و شەری سنە و دەوری کۆمەڵە لەو شەردا دەکا، جوابدانەوە بۆ من دەکاتە کارێکی پێویست. ئەمەش نەك لەبەر دەورونەقشی خۆم لە کۆمەڵە و لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمی کوردستاندا، بەڵکوو لەبەر ئەوەیەکە بی دەنگ بوون لە حاست ئەم چاوبەستی‌یە ئاشکرایە و ئەم ئاوەژو کردنەوەیەی مێژوو، بەزیانی هەمان جەماوەر دەزانم کە هەر بەدەستی ئەم کەسەی ئێستا ماجەراکە دەگێرێتەوە و بە دەستی کەسانی لەم چەشنە سەرکوت کراون و سەرکوت دەکرین و ئەمەبە پێچەوانەی مەسئوولییەتی سیاسی و ئەخلاقی خۆم دەزانم.

بەڵام ئەوەی پرسیارەکانیش دەکا، ناکری هەروا بە سادەیی چاوپوشی لی بکری: حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران و باقی بەشەکانی هەڵبراو لە "مودیلی قەدیمی"ی شوورەوی، ئەمڕۆ لە ژیر ناوی ڕەخنە لیرگتن و وەڵانانی وابەستە بوون بە شوورەوی، وە لە ژیر پەردەی ئەم ڕەخنەیەدا بە تەقلەکوت بەرەو ناسیونالیزم دەچن، بۆ نزیك بوونەوە لە کور و کۆمەڵی بورژوازی میللی گەرا و لیبرال، هەرکامەیان حەولی ئەوەیەتی خۆی ڕەپێش بەشەکەی‌تر بخا. ئەوە کە حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران هاتوە ئەم وت وێژە بکا خۆی بەشێکە لە بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتە بۆ خۆ نزیك کردنەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ ئوپوزیسیونی بورژوازی جمهووری ئیسلامی.

بروانە لاپەڕی ٢

پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان _ ڕۆژی کۆمەڵە

ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٨ سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە، پی دەنیتە ناو دوازدەهەمین ساڵی هەڵسووران و خەباتی ئاشکرای خۆیەوە. یازدە ساڵ لەوەپێش لە وەها ڕۆژێکدا و پاش تێپەڕ کردنی نزیك بە ١٠ ساڵ هەڵسوورانی شۆڕشگێرانە و نهینی، ئەویش لە هەلومەرجی دژواری زەبر و زەنگی ڕژیمی سەرمایەداری سەلتەنەتی‌دا، کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی یەکیك لە هاورییانی دامەزرینەرەوە، هاوری محەمەد حسین کریمی، لە ڕاگەیاندنیکدا مەوجوودییەتی ئاشکرای خۆی بە کۆمەڵ ڕاگەیاند. لەو کاتەوە تا ئێستا پتر لە ١٠ ساڵ لە ژیانی پر لە خەباتی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی کۆمەڵە تێپەڕ بووە. بی گومان کۆمەڵە وەك ڕابەر و بەڕیوە بەری بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانە لەم دەورەیە دا زۆر قوناغی ئاستەم و چارەنووس ساز و پر لە هەلس و کەوتی ناوەتە پشت سەر و زۆر دەسکەوت و تەجرەبەی شۆڕشگێرانەی وەدەست هێناوە و سەختی و دژواری‌یەکی زۆری دیوە و لە سەر ڕێگای خۆی لای بردوون.

ڕاگەیاندنی ئاشکرای خەباتی کۆمۆنیستی سەرەتای دەورەیەکی نوێ لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارانی کوردستانە. ئێستا مێژووی خەباتی کۆمەڵە لەگەل مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەها لیك هەڵپێکراوە کە لیك جیا ناکرێنەوە و ئەمە جێگا و شوێنیکە کە بە هۆی ساڵەها هەول و تێکۆشانی بی وچان بۆ کۆمەڵە وەدەست هاتوە.

ئەمڕۆ هەر کەس بیەوەی چاو لە هەڵسووانی تا ئێستای کۆمەڵە و ئاڵ و گۆڕەکانی بکا، ناچار دەبی لە جەرگەی ئەو ئاڵ و گۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە بنەڕەتی‌یانەدا چاوی لی بکا کە لە ٢٠ ساڵی ڕابوردوودا لە کۆمەڵی ئێران و کوردستان ڕووی داوە.

کۆمەڵەش وەك هەموو دیاردەیەکی زیندووی دیکە، مەوجوودییەتێکی لە حالی ئاڵ و گۆڕ و گەشە و هەلدان و تەکامول دا بووە. هەڵسەنگاندنی جیگا و شوێنی ئێستای کۆمەڵە لە هەر باریکەوە و لە یەکەمین ساڵەکانی شکل گرتنی ئەم ڕێکخراوە سیاسی‌یە و تەنانەت یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی ئاشکرای ئەم ڕەوتە ڕوو لە گەشە و هەلدانەمان بە ڕوشنی پی نیشان دەدا و ئەم گەشە و هەلدانە لە ناو دلی کۆمەڵیکدا پێك .....

ل١٠

وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی

ئەو دوو نووسراوەیەی لیرەدا دەیانخوێننەوە:

یەکەیمان "وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی" بەشێك لە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە _ مانگی گولانی ١٣٦٧.

دووهەمیان "ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان" نووسراوەیەکی هاوری ئیبراهیم عەلیزادەیە کە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٦ لە دریژەی باسەکانی کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا نووسراوە.

ئەم دوو نووسراوەیە پێشتر هەرتکیان لە نیو ریزەکانی تەشکیلات دا بلاوکراونەتەوە و ئێمە چاپکردنیانمان لەم پێشڕەوەدا لە بەر گرینگی ناوەڕوکەکەیان سەرەڕای وەدرەنگ کەوتنیان بۆ ئاگاداری خوێنەران بە پێویست زانی.

هەڵویستمان سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان

هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان چیە؟ ئەمە چ جێگا و شوێنێکی لە کوللی ڕوانگە و ئەرکە سەرەکی‌یەکانماندا هەیە؟ خودموختاری یانی چی؟ ئەو خودموختاری‌یەی ئێمە دەمانەوی چ جیاوازی‌یەکی لەگەل داخوازی خودموختاری حیزبە بورژوایی‌یەکان هەیە؟

دامەزرانی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا و پێك هاتنی بازارێکی واحید و سەراسەری بۆ بورژوازی لە چوارچێوەی ولاتێکدا، پایەی ئابووری سوونەتی‌ی میللی_ پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و بازاری واحیدی لە نیو بردوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەم گورانکاری‌یە ئابووری‌یە نەبووەتە هۆی نەمانی مەسەلەی میللی لە ئێراندا. واقعییەتی عەینی کۆمەڵی کوردستان پێمان نیشان دەدا مەسەلەی میللی موشکیلیکە کە لە ڕەوتی مێژوودا لەو کۆمەڵگایەدا چارەسەر نەکراوە و هەر بۆیە مەسەلەیەکی مادیدی و واقیعی‌یە و پێویستە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوون و تەکاملی خۆیدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکا و بێنێتە پشت سەر.

واقعییەتی بوونی ستەمی میللی لە کوردستاندا دەرفەتی داوە بە حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان تا پاشماوەی وزە و توانایی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە زەمینەی ستەمی مللی‌دا بە دەستەوە بگرن و بیکەنە خۆراکی خۆیان. چونکوو ئەو مەسەلەیە لە هەمان حالدا کاری کردوەتە سەر چارەنووسی چینی ئێمەش، بۆ ئەوەی نەهیلین زەین و میشکی کرێکاران بە ژەهری ناسیونالیزم ئالوودە بی و بۆ ئەوەی نەهیلین کرێکاران ببنە...

ل١١

(پاشماوەی) ئەوەی تاوانباری مێژووە، چون داوەری لەسەر مێژوو دەکا؟

ئەم لایەنگرانەی گلاسنوست کە گویا ئێستا ئیتر پابەندی دروستی و ئەمانەتی مێژوویین و ئیددیعا دەکەن کە پاش چەند ساڵ کە شوورەوی مێژووی کۆمۆنیزم و مێژووی واقعییەتەکان و ڕووداوەکانی گوریوە و هەڵبەت حیزبەکەی پێشووی ئەمانیش بە سەرنجێکی زۆر وردەوە چاوی لە دەستی شوورەوی دەکرد و هەرچی ئەو نووسیبای ئەمانیش دەیاننوسیەوە و بلاویان دەکردەوە، ئێستا بروایان بەوە هێناوە "بۆشاییەکانی مێژوو" پربکەنەوە، نیشان دەدەن کە ئەم ئیددیعایەیان، ئەویش لە بابەت مێژووی ئەم دواییەی ئێران کە هەموومان شاهید و بەشداری بووین، چلون بەڕێوە دەبەن. "بەشێوەیەکی تەواو دیموکراتیک" تریبون بە بەنی‌سەدر دەدەن کە حەقیقەتە هێشتا زیندووەکانی مێژوو لە دژی چینی کرێکار، لە دژی شۆڕش و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە، ئاوەژووکاتەوە و ئەمانیش خۆیانی لێ کلابکەن و بلین ئەمە بیروڕای ئەو کەسەیە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە نەک هەر خاوەن پرسیار. ئەوە ئاشکرایە بەڵام خاوەن پرسیار بۆچی لال بووە و متەق ناکا؟ بەڵام کەسێک کە ئەم جۆرە هاوکارییانە ئامانجیەتی و داهاتووی خۆی لەم جۆرە ڕێک کەوتنەدا بۆ دیفاع لە "ئازادی" دەبینی، چون دڵی دی هاتەران پاتەرانی بەنی سەدر لە وەدروخاتەوە و دڵی بەنی سەدر لە خۆی بێشنیی؟ ئەم بەڕیزانە، چەق و چوی پێک هێنانی بەرە لەگەڵ تاقم و تاکی بورژوا وەهای داگرتوون کە کاتی قسەکردن لەسەر هۆیەکانی "بەرەوژوور هەلکشانی ڕووحانییەتی لایەنگری وێلایەتی فەقیهە" کاتێک بەنی سەدر دەڵی "من هەر لە سەرەتاوە هەوڵم دا هێزە دروستکارەکان بینمە سەر ڕێگەی دیفاع لە شۆڕش" خاوەن پرسیار لە جیاتی ئەوەی بە گژی دابیتەوە و تف لە ڕووی بەنی سەدر بکا، قسەیەک لە دەمی بەنی‌سەدر دەنی کە خۆی نەیکردوە و پێی دەڵی: "یانی تو پێت وایە دەبوو بەرەیەک لە هەموو هێزە میللی و دیموکرات و چەپە مارکسیستیەکان پێک هاتبا؟ "لێرەشدا ئەمجار بەنی‌سەدر مەرج بۆ ئەو "بەرە"یە دیاری دەکا: "بەڵی! بەڵام هێزە وابەستەکان نا". هەر کەس ئەم وت و وێژەی خوێندبێتەوە، بە باشی دەزانی کە تەواوی ڕوح و مەبەستی ئەم وت و وێژە قۆڵ هەلمالینە بۆ پاکانە کردن بۆ بەنی‌سەدر و هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئێسباتی بکەن کە بەنی‌سەدر کەسیکە بەهەر حال بۆ ئەوە دەبی لە پیناو دیفاع لە "ئازادی"دا هاوکاری لەگەڵ بکەی. بەڵام باشە هەرچەند بە کورتیش بی بزانین ئەو کەسەی "ڕاە ئارانی" ڕووی تی کردوە چە شتێک بە "هۆی سەرکەوتنی ئیستیبداد" دەزانی: "کەوایە ئەگەر سەرجەم چاوی لی بکەین لایەنگرانی بیری ئیستیبدادی لە کۆمەڵدا زۆربە بوون. لە نیو خوێندواران و بەناو کادرە سیاسیەکاندا، کەسانێک کە لایەنگری ئازادی بوون، کەمایەتی بوون".

بەم جۆرە موڕەی دوینی ڕژیمی سەرکوت و جینایەت، خەڵک یانی قوربانیانی ئیستیبدادی بورژوازی بە تاوانبار دادەنی. ئەمە گالتەیەکی تال نیە؟ ناوەڕۆکی ئەو ئازادیەیەش کە بەنی‌سەدر دیخاتە بەر چاوی ئەم لیبرالە تازانەی ئێرانی، خۆی بە هەمان ئەندازە ڕۆشنە: "مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕژیم بیەوی بەرەو جۆرە لیبرالیزمێک بچی، ئازادیەکی زیاتر پێویستە. خاوەن کار و باقی کادرەکانی بەشی سەنعەت بۆ ئەمنییەتی فەعالییەتەکانی خۆیان پێویستیان بەم ئازادیەیە هەیە."

بەنی‌سەدر لە لای بەریزانی حیزبی دیموکراتیک دەردی دلیشیان بوودە کا کە: "ئەم ستالینیستە چەپانە هەر ئەم قسانەت لی ببیستن دەڵێن ئەوە تا ئەمانە لیبرالن". بەڵام حەیفە بەنی‌سەدر لی گەڕیی لەم خۆش خەیاڵیەدا بمێنێتەوە. دەبی پێی بیلی "حەدت چیە لیبرال بی! تو کونەپەرستێکی تەواوی. لیبرال ئەو کەسانەن کە لەگەڵ تو هەڵدەستن و دادەنیشن و لە شەرمان دانارزین."

بەڵام تەقالای سەر شورانەی ڕووناکبیرانی نیو لیبرالیستی ئێرانی کە بە تەمان بە بی ئەوەی هیچ وەسەر خۆیان بینن پاکانە بۆ بەنی‌سەدر بکەن و تاوانبار بنینە جیگای قازی، تەقالایەکی بیهوودەیە. تەکلیفی بەنی‌سەدر ڕوشنە. تەنانەت تەقالا بۆ ئیسبات کردنی نا لازم و وەختە بەهەدەر دانە. بەنی‌سەدر تاوانباری دەورەی ئەم دواییەی مێژووی ئێرانە نەک قازی و داوەری ئەو مێژووە. دانیشتنی بەنی‌سەدر لەسەر کورسیەکانی سەرووی حکوومەت تەنیا بۆ ئەوە نیە کە لە لای کەسانێک کە لەبەر پێشینەی سیاسی خۆیان وەیا حیزبەکەیان لە بەرانبەریدا لال بوون، پوزبدا و بە خۆی هەل بلی و بلی "کەسێک کە حکوومەت دەکا بەرپرسە. چونکوو من خۆشم لە حکوومەت دا بووم و دەزانم." بەڵکوو بە ئەوەش هەیە کە جوابدەرەوە بی.

بابچینە سەر خۆدی وت و وێژەکە. "ڕاە ارانی: لەم بابەتەوە لە نیو هێزە چەپەکاندا بە تایبەت دووکار و هەڵوێستی تو قسەی لەسەرە. یەکیان بەستنی دەفتەری تێکۆشانی سازمانی چەپەکانە لە دانشگا کە واوی دەچی بۆ ئەوە کرابی دانشگاکان لە هێزەکانی موخالیف پاک کرێنەوە و بکرێنە حیزب اللهی. لەم بابەتەوە حەرەکەتی ئێوە هەر لە ڕیزی پێشەوەی ئەم حیزب اللهییانەدا ڕەخنەی لەسەرە. مەسەلەی دووهەم، لەبابەت کوردستانەوەیە کە بە فەرمانی خومەینی ڕوو لە ئەرتەش و سپای پاسداران لە ٢٧ی موردادی ٥٨دا لە ڕووداوەکانی پاوە وە دەستی پێکرد و شەری کوردستانی لیکەوتەوە. ڕەخنەکە لەو سوخەنرانیەی تو دەگیری کە داوات لە پێشمەرگە کرد چەکەکانیان دانین و هەرەشەت لیکردن کە فەرمان بە ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان دەدەی کە بە زۆر چەکیان لی بستینن. بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە زەمان نیشانیدا کە هەرتک ڕووداوەکە بەشێک بوون لە ئیقداماتی بەرنامە بۆ داریژراو بۆ سەرکوتی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵک چ قسەیەکت لەسەر ئەم دەورونەقشەی خۆت هەیە؟"

پێش ئەوەی بچینە سەر وەڵامەکەی بەنی‌سەدر، جێگای خۆیەتی خاوەن پرسیارەکە "تسحیح" بکەین: تاوانی بەنی‌سەدر یان "ڕاە ئارانی" وتنی ئەو ڕەخنەیەی پێی بەنی‌سەدر دەگرێتەوە ئەوە نیە کە بەنی‌سەدر "قسە" و "سوخەنرانی"ی کردوە و "داوای" کردوە کە خەڵکی کوردستان چەک دانین. ئەمە، ئوستادیکی دانشگاش وەیا ڕۆژنامەنووسیکیش دەیتوانی کردبیتی و پەروەندەی سیاسی خۆی پی ئالوودە کردبی. تەنانەت تاوانی بەنی‌سەدر ئەوەش نیە کە "هەرەشە"ی کردوە فەرمان بە ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان دەدا لە دژی خەڵک لە کوردستان بینە مەیدان. هەموو ئەم وشانەی "ڕەخنە" و "ئیراد" و "سوخەنرانی" و "هەرەشە" بە ئەنقەست بە جۆرێک هەڵبژێردراون کە باری تاوان لەسەر شانی بەنی‌سەدر سووک بکەن و پاش تێپەڕینی دە ساڵ وانیشان بدەن کە ئەمانە هیچکامیان لە سنووری قسە تێپەڕ نەبوون و نەبوونەتە کردەوە. بەڵام ئەو تەجرەبە تال و پرژانەی لە سنە بە گوشت و خوێنی زیندووی ئینسانیدا ڕوچوو، شاهیدی بۆ واقعییەتێکی بە پێچەوانەی ئەمە دەدەن، بەنی‌سەدر تەنیا قسە و سوخەنران وە یا داوای نەکرد، بەڵکوو خۆی وەک ڕەئیس جمهووری وڵات و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سیاسەتی چەک کردنی کاملی خەڵکی کوردستانی وەک پێش مەرجی پێویست بۆ سەرکوتی موقاومەتی گەلی کورد و دامەزراندنی دەستەڵاتی کونەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی کە بەنی‌سەدر گویا ئەمڕۆ خەریکە هۆی زال بوونی ئەو دەسەڵاتە شی دەکاتەوە بە کردەوە گرتە پێش، ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی لە دژی ئەم خەڵکە هێنایە مەیدان، شاری سنەی بۆ ماوەی بیست و چوار ڕۆژی تەواو نوقمی ئاگر و خوین کرد و سەرەنجام هەموو ئەمانەشی کردە دەسمایەیەک لە کیشەی ناو خۆی دەزگای دەسەڵاتداڕەتی ئیسلامی دا.

بگەڕییەوە سەر وت و وێژەکە: "بەنی‌سەدر: ئەم پرسیارەی ئێوە بە ئیستلاح بەشێکە لەو سی مەسەلەیە کە جەریاناتی وابەستە سی کراسی عوسمانیان لی ساز کردوە، کە ئەگەر ئەو مەسەلەیەشی لی زیاد کری کە قژی ژن بەرقی هەیە ئیتر کامل دەبی!" (١)

بەنی‌سەدر نەک هەر شتەکە ناگرێتە ئەستو یان هەول نادا بۆ بیانوو هێنانەوە و داوای لیبوردن ناکا، بەڵکوو بە ئاشکرا بەرهەلست دەبێتەوە و ناوی ناسراوی "جەرەیاناتی وابەستە" لە موخالیفانی خۆی دەنی.

"ڕاە ئارانی" تەنیا ئەوەندە غیرەت وەبەر خۆی دەنی کە بلی: "ڕاە ئارانی: بەڵام تەنیا جەرەیاناتی وابەستە نین. بەراستی لە نیو هەموو هێزەکانی چەپ دا ئەم مەسەلە و پرسیارانە هەن."

بەنی‌سەدر: واقعییەت ئەوە نیە، ئاغای تهرانی لە بیرەوەریەکانیدا کە ئەم دواییانە لە کتێب دا بلاوی کردوەتەوە بەشێکی ئەمەی تەوزیح داوە. کاتێک قاسملووی ڕەحمەتی هاتە لای من، من ئیعتیرازم بەو کرد نەک ئەو بە من. من ئیعتیرازم پێکرد و وتم دەبی ئەوە تەوزیح بدا کە بۆچی لە سنە ئەو شەرەیان هەلایساند؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە بە پێی هێندیک ئیتلاعاتی وەدەست هاتوو کە قتب زادەی ڕەحمەتی کریبووی عێراق بە تەما بوو هێرش بکاتە سەر ئێران و لە سەرەتای هێرشەکەدا دەبوو نیوەی ئێران بگری و حکوومەتێک دامەزرینی. حکوومەتی بەختیار بێنێتە سەر کار. بەشێکی دیکەی هەر ئەم بەرنامەیە ئەوە بوو کە قەزیەی کوردستان بە کوشتار چارەسەر بکەن. بۆ ئەوەی کە زەمینە فەراهەم بی دەبوو ئەرتەشی ئێمە لە لای ڕۆژئاوای وڵات چەک بکری هەتا ئەمانە توانیبایان بە ٤-٣ ڕۆژ لای ڕۆژئاوای ئێران داگیر بکەن. ئەمە بەرنامەیان بوو. من لە خووزستان بووم، کاتێک هاتمەوە تاران، ڕەئیسی ستاد هاتە لام و وتی لە سنە پێشیان بە هێزەکانمان گرتوە نەیان هێشتوە بچنە پادگان... بە ئاغای سلامەتی یانم وت تەلەفون لە ئاغای قاسملوو بکە پێی بلی ئێمە ئەوە خەریکین قەزیەی خودموختاری لە شووڕای ئینقلاب دا دەبڕینەوە. ئێوە ئەم گونگەلە چیە سازتان کردوە؟ ئێوە خۆتان پێتان خۆش نەبوو بۆچی نوینەرتان نارد بۆ وت و وێژ؟... ئاغای قاسملوو وەڵامی دایەوە وتی ئەوە من نیم کۆمەڵەیە وادەکا. ئێمە هەر لە سنە نین. بە کۆمەڵەیان وت بۆچی لی ناگەرین ئەرتەش بەرەو پادگان بچی؟ وتیان ئەرتەش دەیەوی بە بیانووی چوونە پادگان شار داگیر بکا. ئێمە دەمانزانی ئەوانە عێراق دنەی داون بۆ چەک کردنی لەشکر. لە نێو خۆی لەشکریشەوە جەماعەتێکیان هەلنا بوو کە گویا دەرگاکانیان بۆ بکەنەوە. ٢٣ کەسیش لەسەر ئەمە گیران. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێمە وتمان ئەرتەش بە دەرەوەی شاردا دەچی ئیتر ئێوە قسەی ترتان هەیە؟ وتیان قسەمان نیە. بەڵام کاتێک ئەرتەش تێدەپەڕی تەقەیان لیکرد.

ڕاە ئارانی: کی تەقەی لیکرد؟

بەنی‌سەدر: کۆمەڵە! لەو ماجەرایە دا زۆر کەس کوژران و مەرکەزی ستادیشیان لەناو شار گەمارو دابوو و بەفەرماندەی ستادیان وتبوو توپێک مان پێوە بنیی سی توپت پێوە دەنین. ئیتر ئێمە دەبوو لایەک هەڵبژێرین یان بە خیرایی دەست بە کار بووایەین و یان دەستمان لەسەر دەست دانابا هەتا تەرح و گەلالەی عێراق بەڕیوە چووبا و ولاتەکەمان لە کیس چووبا. دەبوو لایەکیان هەڵبژێرین. چەند ساڵ لەوەپێش قاسملوو لە نامیلکەیەک دا کە لە دژی کۆمەڵە بڵاوی کردەوە بۆ یەکەمین جار ئیعترافی بەم حەقیقەتە کرد. قاسملوو لەو نامیلکەیەدا نووسی کە لە سنە شەرەکە کۆمەڵە سازی کرد. من دیفاعم لە نیشتمانەکەم کرد... کاتێک مقەری کۆمەڵە لە سنەگیرا لیستی دابەشکردنی قورخانەی لەشکری کوردستان کەوتە دەستمان کە لە نیو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و فیدایی‌دا بەش کرا. بەهەر حال عێراق نەیتوانی خۆشبەختانە بەو جۆرە لە کوردستان پێشڕەوی بکا کە خۆی بە تەمای بوو. کاتێک کە مەخفیگا بووم نامەیەکی ئاغای قاسملووم پی گەیشت کە دەعوەتی کردبووم بچمە کوردستان. ئەگەر ئەم قسانەی بە من دەگوترین ڕاست بوایەن دیارە منی دەعوەت نەدەکرد بچمە کوردستان. من جوابی ئەم نامەیەم هەر نەدایەوە. گلەیی لی کردبووم کە بۆچی جواب نادەمەوە. وتم من چ جوابیکی کەسێک بدەمەوە کە لەو شەرەدا بە بەرپرسی دەزانم؟ سەیرە ئەوە بزانن، کاتێک کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات حازر بوون لە بری ئەوەی ئەمانیان پی بدری چەک دابنین (٢) من نامەم بۆ خومەینی نووسی و داوای ئەمان نامەم بۆ ئەمانە کرد. خومەینی خۆی لە جوابی ڕوشن و ڕاشکاو نەدا. پیم وت ناکری بەمانە بڵێی وەرن چەک دابنین و دوایی خەڵخاڵی بنیرێتە سەریان. ئەگەر وەک پیغەمبەر ئەمانیان دەدەی، با من بچم وت و وێژیان لەگەڵ بکەم. خومەینی وتی تو خۆت هەروا ئەمانیان بدە. من خۆم لیم ڕاسپاردن کە چەکەکانتان دامەنین. هەموو ئەمانە بەلگەیان هەیە و لە لای من مەوجوودن. لە ئێرانیش مەوجوودن و ڕۆژێک هەموو ئەمانە ڕوشن دەبنەوە... لە پاریسیش مەسەلەی حیزبی دیموکرات هاتە گۆڕ. من وتم نەخێر قسە هەر ئەوەیە لە تاران کردم. نوینەری حیزبی دیموکرات هاتە ئێرە وتی: ئێمە ئەو کات "ئیتلاعیە"مان (لەسەر شەری سنە" بلاو کردەوە و مەحکوومان کرد. بەهەر حال من لیم قەبوول کردن کە ڕاست دەکەن و قسەکەم بۆ سەلماندن. دواتر چاوپێکەوتنیکمان لەگەل ئاغای قاسملوو بوو کە ئاغای تهرانی لە کتێبەکەی‌دا باسی کردوە. من بە قاسملووم وت ئێمە ئەوە دووبەدوو لێرە دانیشتووین و من پێت دەڵیم بۆچی ئەو کارەتان کرد؟ هەر ئەو دەلیلەی هێنایەوە و وتی ماجەرای سنە خەتای کۆمەڵە بوو. وتم ماجەرای ئەو لیستەی (چەک و تەقەمەنی و) دابەش کردن چیە؟ وتی ئیتر شەرەکە کە دەستی پێکرد نەمان دەتوانی خۆی تی نەگەیەنین...."

(ڕاە ئارانی: ژمارە ١٦، ڕەزبەری ١٣٦٨ تەئکیدەکان هی منن)

ئەم بیانووانە و ئەم تومەتانە زۆر لەوە بی پایەتر و واقعییەتە مێژوویی‌یەکانی مەسەلەکە زۆر لەوە ئاشکراتر و بەلگەدارترن کە من بە پێویستی بزانم قسەیەکی زۆریان لەسەر بکەم و دەلیلەکان بێنمە بەرچاو، بێجگە لەوەش وا بە درست تر دەزانم ڕوونکردنەوەی ئیسباتی و تیر و تەسەلی مێژووی ئەم ڕوواداوە، لە جەرگەی لیکولینەوەیەکی گشتی‌تری مێژووی شۆڕش و خەباتی چینایەتی لە دە ساڵی ڕابوردوودا لە کوردستان بکری نەک بۆ جوابدانەوە بە هاتەران پاتەران و ورینەی ئەم و ئەو. بێجگە لەمەش، جوابدانەوە، هەرچەند ناراستەوخۆش بی، بە کەسێک کە پلەی ئەخلاق و ئەمانەت و شەهامەتی هەتا ئەم ڕادەیە نزم بی، گەلیک لەشان قورسە. بۆیە من تەنیا ئەوەندە کە بۆ بەجی هێنانی ئەو ئەرکەی کە لەسەرەتای نووسراوەکەدا ئیشارەم پێکرد، پێویست بی، وەڵام دەدەمەوە. بەم مەبەستەش باسکردنی چەند خال چ بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو مفتەوێژیانە و چ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و هەروەها دەور و نەقشی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بە پێویست و کافی دەزانم:

بەنی‌سەدر بۆ تەوزیح دانی هۆیەکانی شەری سنە و پاساو کردنی نەقشی خۆی لەوەدا کە هێزی نارەسەر خەڵکی کوردستان بۆ سەرکوت کردنی ئەو خەڵکە و داگیر کردن وشەلاڵی خوێن کردنی شاری سنە، داستانێکی سەرتاپی دروی ساز کردوە کە خۆشی لە هەموو کەس باشتر دەزانی فری بەسەر ڕاستی‌یەوە نیە. بە گشتی ئەوەکە شۆڕش و بزووتنەوەکانی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بە دەسکردی "دەست و یەیوەندەکانی بێگانە" و "دوژمنی خارجی" و شتی‌تری لەم چەشنە دابنرین چاوبەستن و حیلەیەکی کۆنی هەموو کونەپەرستان و دەوڵەتەکان و جەرەیاناتی بورژوایە.

بە تایبەت ئەوە کە مەسەلەی کوردستان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و داخوازەکانی گەلی کورد بە پیلانی عێراق دابنرین، خۆی پێلانێکی ناسراوە و لە چەندین ساڵ لەوە پێشەوە هەتا ئێستا کاکلەی تەبلیغاتی ڕەسمی جمهووری ئیسلامی بووە لە سەر ئەم مەسەلەیە. ئەو درۆیەی بەنیسەدر ئەمڕۆ دەیکا هیچ جیاوازییەکی لەگەل تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی نیە، بێجگە لەوەکە بەنیسەدر دەیبات‌ەوە شەش مانگ پێش دەسپێکردنی ڕەسمیی شەڕی ئێران و عێراقیش.

هەر ئەوەندە بەسە کەسێک بۆ یەکەمین جاریش بی ئەم پرسیارە و مەسەلانەی خوارەوە بنێتە بەردەم خۆی و هەول بدا وەلامیان پی بداتەوە هەتا ئەوپەڕی درو و دووڕوویی ئەم ملهورە چاوبەستە ئاشڕا بی:

١- ئایا شەڕی ئێران و عێراق لە مانگی حاکەلیوە و گولانی ساڵی ٥٩وە کە پادگان و هێزی ناردراوی ناوبراو دڕێژەیان بە کوشتاری خەڵکی سنە دەدا دەستی پێکرد؟ ئەگەر نا، ئایا ئەو "تەرح و گەلالە"یە کە باسی کرا لەبەر ئەوە تێک چوو کە ئەو هێزە خۆی گەیاندە پادگانی سنە و دەستی کرد بە گوللە باران و خومپارەباران کردنی شار؟ ئایا هیچ ناشارەزایەکیش دەتوانی ئەوە قەبوول بکا کە ئەو هێزەی ناردرا بووە سنە بە هیچ شێوەیەک دەیتوانی لە چاو (بەرینایی) شەڕی ئێران و عێراق دەور و نەقشێکی هەبی؟ بە ڕاستی هیچ مێژوو نووسێک لە هیچ کوپی دنیا دەتوانی بلی شەڕی ئێران و عێراق وە یا شەش مانگ وەدرەنگ کەوتنی ئەو شەرە هەر پەیوەندی بەو پیلانەوە هەیە کە باسی کرا؟ ئایا ئەگەر ئەو هێزە نەناردرابا، عێراق هێزەکەی خۆی لە جیاتی خووزستان دەهێنایە سەر کوردستان؟ ئایا لە بەر ئەمە بو کە جەبهەی شیمالی لە شەڕی فەرعیتر بوو و ئەگەر ئەو شەڕەی سنە جمهووری ئیسلامی هەڵی نەگرساندبا، ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکیتر دەبوو؟ ئایا ئەو هێزە و بە گشتی پادگانی سنە هەتا ٣ ساڵ دواتریش، لەبەرانبەر هەزاران گوللە توپ و خومپارەدا کەبەسەر خەڵکی سنەی دا هەلڕشت، تەنانەت تاقەیەک گوللەشی بە عێراقەوە نا؟

شەڕی ئێران و عێراق هۆی مێژوویی و ئابووری و سیاسی تەشەنەداری مەنتەقەیی و جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوەکە هۆیەکانی دەسپێکردنی یان زەمانی دەسپێکردنی ئەو شەڕە بە بزووتنەوەی کوردستان نیسبەت بدری، نەک تەنانەت بەو چەشنە بیشەرمانەیە کە بەنیسەدر باسی دەکا و بە پێی "ئیتلاعاتێک" کە فلانە یان فیسارە ڕەحمەتی لە جیگایەکی کریبوو، بەڵکوو بە هەر شکلیکی تریش، لە باری مێژوویی‌یەوە نادروستە و هەتا ئێستا هیچ کەسێکی جیددی کاری وای نەکردوە. هەر وەک بزووتنەوەی کوردستانیش ریشەی لە هۆی مێژوویی و هەروەها وەزعییەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران و کوردستان و یەک لەوانە شۆڕشی ئێران دایە و نیسبەت دانی ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی خاریجی و شتی‌وا، تەنانەت ئەگەر بە نیازی بەدناو کردن و تاوانبار کردنی ئەو بزووتنەوەیەش نەبی، دیسانیش لە باری مێژوویی و سیاسی‌یەوە بە تەواوی نادروستە. سادەترین دەلیل ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان و شەڕی کوردستان پێش شەڕی ئێران و عێراق، کاتێک کە هیچ نیشانەیەکی ئەو دۆزمنایەتی‌یە دەر نەکەوتبوو، دەستی پێکرد و بە کوتایی پی هاتنی شەڕی ئێران و عێراقیش بزووتنەوە و شەڕی کوردستان کوتیای پی نەهاتوە.

بەڵام ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە عێراق بە درێژایی دەورانی شەڕی ئێران و عێراق وەک فاکتوریکی عەینی کەلکی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی ئێران وەرگرتوە، لێرەدا دەبی ئەوە بخرێتە بەرچاو کە خۆدی ئەو دەوڵەتەش لەگەل مەسەلەی کورد و لەگەل شەڕی کوردستان لە وڵاتەکەی خۆی بەرەو ڕوو بووە. کەوایە بە گشتی بزووتنەوەی کوردستان ناتوانی بەشێوەی یەک لایەنە وەک هۆیەکی موساعیدی عەینی بە قازانجی هیچکام لەو دوو دەوڵەتە چاوی لی بکری.

بەڵام با پەیوەندیکی زۆر واقیعی و ڕوشن کە لە نیوان شەڕی ئێران و عێراق و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا بووە و هەر ئێستاش لە قسەکانی بەنیسەدر دا خۆی نیشان دەدا، دەست نیشان بکەین: یەکیک لە کار کردەکانی شەڕی ئێران و عێراق بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران، نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێران، سەرکوت کردنی شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەکان و خەباتی حەقخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک بە بیانووی شەر لەگەل عێراق بووە. بەنیسەدر هێشتاش لەم بابەتەوە، عەینەن هەر وەک ڕژیم دەجوولیتەوە. ئەم داردەستە فری دراوەی خومەینی هیشتاش خەڕێکە لە شەڕی ئێران و عێراق تەنانەت لە بابەت ڕووداوێک کە مەربووتە بە ٦ مانگ پێش دەسپێکردنی ئەو شەرە لە دژی شۆڕش و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەهرەبەردار دەکا.

٢- ئاخری‌یەکەی کامیان وەراست گەران و زەمان کامیانی ئیسبات کرد: ئەوە کە کۆمەڵە دەیگوت ناردنی ئەم هێزە ڕاستەوخۆ بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی شاری سنە و دوابەدوای ئەوەش بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستانە و مەسەلەی عێراق بیانوویەکە بۆ ئەم کارە، یان ئەوەکە ئێوە ئیددیعاتان دەکرد و ئێستاش دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو هێزە بۆ خو تەیار کردنە بەرانبەر بە عێراق و بو پووچەل کردنەوەی فلان و فیسار پیلانە؟ و ئەگەر ئەو هێزە نەناردرابا "ولاتەکەمان لە کیس چووبوو"؟ سەرئەنجام ئایا ئەو هێزە (و گەلیك هێزیتریش کە مانگان و ساڵانی دواتر ناردرانە کوردستان) چووە شەڕی عێراق یان چووە شەڕی خەڵکی شاری سنە و باقی کوردستان؟

خۆدی بەنیسەدر کە دەزانی ئەو خەیالانە دروینەیەی قەت لە واقعییەت دا ڕووی نەداوە، ئاوا سەر و بەری مەسەلەکە ویک دێنێتەوە: "بەهەر حال عێراق نەیتوانی خوشبەختانە بەو شێوەیە لە کوردستان پێشڕەوی بکا کە خۆی بە تەمای بوو".

ڕاستی‌یەکەی ئەمە ئیتر چاو بەستنیش نیە، ڕەزالەتێکە کە تەنیا لە بەنیسەدر دەوەشێتەوە.

٣- بەنیسەدر وەک قاتلیک کە هەول دەدا تاوانی قەتلیک کە ڕووی داوە بنێتە پال کەسێکیتر، هەول دەدا سناریویەک هەلبەستی و بۆ ئیسباتی بی تاوانی خۆی سەحنە سازی بکا، بەڵام لەم ڕێگایەدا تەنانەت ناتوانی ئەوە بەیان بکا کە ئەو کەسانەی دەیەوی بە تاوانباریان لە قەلەم بدا بە چ مەبەستێک ئەم کارەیان کردوە. بە پێی سناریوکەی بەنیسەدر گوایە عێراق لە سەرەتای هێرشەکەی‌دا نیوەی ئێرانی دەگرت و حکوومەتی بەختیاری دەهێنایە سەر کار و ئەم بەرنامەیە بەشیکیشی ئەوە بوو کە مەسەلەی کوردستان بە کوشتار چارەسەر بکەن."

بەشەکانیتری ئەم سناریویە لەولا ڕاوەستی، بەڵام ئاخر خەڵکی کوردستان چلون دەیانویست مەسەلەی خۆیان بە کوشتاری خۆیان چارەسەر بکەن؟ ئەمە چلون "چارەسەر"یکە کە ڕەنگە خەڵکی کوردستان بە لایدا چووبن؟ و بێجگە لەوەش لەبری قەبوول کردنی ئەم "چارەسەر"ەی مەسەلەی کوردستان بە کوشتاری خۆیان، قەرار بوو چ ئیمتیازیک بە خەڵکی کوردستان بدری؟ سەرئەنجام، خەڵکی کوردستان لە پێناو چ شتێك دا حازر دەبوون هەموو ئەم پیلانە خوێناوی‌یە بەسەر خۆیان بێنن؟ بەنیسەدر تەنانەت ئیشارەیەکیش بەم مەسەلەیە ناکا.

وە سەرئەنجام ئەگەر قەرارە کۆمەڵە لەم تەرح و گەلالەیەدا دەور و نەقشێکی بووبی، چ مەبەستێکی بووە و چ بەرژەوەندیکی سیاسی هانی داوە بۆ ئەم کارە؟

جیاواز لەوەی ئەم تومەتە چەندە بیشەرمانەیە، ئەگەر چاو لە مەسەلەکە بکەین، بەنیسەدر بێجگە لەوەی وای دانابی میللەتێك بە تیکرا عەقل و ئاوزیان لەدەست دابی و میشکیان تێك چووبی، هیچ شتیکی‌تر شك نابا کە خەڵکی کوردستانی هان دابی بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بکەن.

بە پێی ئەم سناریویە هەر کەسە بەشی خۆی پی دەبرا عێراق قەرار بوو نیوەی ئێران بگری، بەختیار حکوومەتی بەدەستەوە دەگرت، بەڵام خەڵکی کوردستان چی؟ خەڵکی کوردستان تەنیا قەرار بوو خۆیان بەدەست جمهووری ئیسلامی بە کوشت بدەن؟ بەم جۆرە قاتل خەریکە باسی ئەوە دەکا کە کوژراوەکە پیلانی گیراوە بۆ ئەوەی خۆی بەدەست ئەو بە کوشت بدا!

هەموو کەس دەزانی کە بەنیسەدر خەریکە تیکەل دەکا، بەڵام ئەمە ئیتر بەراستی تیکەلاوی گەوجیتی و بیشەرمی‌یە.

٤- بەنیسەدر بە ئەنقەست خۆی لەوە دەدزیتەوە کە باسی پێشینە و زەمینەی سیاسی شەڕی سنە بکا. دەلیی تاقە یەک جار ڕژیمی جمهووری ئیسلامی، کاتیک کە بەنیسەدر لە سەر کار بوو، هێرشی چەکدارانەی هێناوەتە سەر کوردستان و ئەویش تەواو بە جی بووە و "ولات"ی نەجات داوە کە "لەکیس" نەچی، چونکوو پیلانێکی پووچەل کردوەتەوە کە خۆدی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت خەڵکی سنە بۆ دەسپێکردنی هەر ئەو هێرشە! دایان ڕشتبوو. بەڵام ئایا یەکەم مەگەر ئەمە سەرەتای شەڕی کوردستان بوو؟ وە یا مەگەر شەڕی کوردستان بەمە کوتایی پی هات؟ و دووهەم ئایا خەسلەت و ناوەڕۆکی ئەم تاقە شەرە لە شەڕی کوردستاندا، لە چاو هەموو شەڕەکانی تەواوی ئەم دەورە دە ساڵەیە جیاواز بووە؟

لە ڕاستیدا نە شەڕی سنە لە خاکەلیوە و گولانی ١٣٥٩دا هەنگاویکی جیاواز و تاقانە و دابڕاو لە کوللی سیاسەتەکانی پێش و پاش ئەو ڕووداوەیە و نە تەنانەت شێوەی پاساو کردن و شێوەی عەوامفریوی لە بابەت ئەو شەڕەوە، شتێکی جیاوازە.

ئەگەر تەنانەت پیلانگێری و ئاژاوە نانەوە و دەسدرێژی‌یە پەیتا پەیتا و خوێناوی‌یەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان لە تەقریبەن هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەم ڕژیمەوە دەستی پێکرد و گیرانەوەی لەم نووسراوەیەدا ناگونجی لەولا دانین و تەنیا بروانینە هێرشە سەراسەری و ڕاگەیندراوەکەی ڕژیم بۆ سەر کوردستان تاریخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨ی موردادی (گەلاوێژ)ی ساڵی ١٣٥٨. ئەو شەرە سیستماتیك و دڕێژ خایەنەش کە بە شوین ئەوەدا لە کوردستان هەڵگرساوە، هیشتا هەر بەردەوامە. هێرشی خوێناوی بۆسەر سنە لە بەهاری ١٣٥٩دا کە بەنیسەدر دەسپیشکەری تیدا کرد، وە یا لانی کەم ئەو کات پێی خۆش بوو وا دابنری و لەم وت و وێژەش دا ڕەتی ناکاتەوە، هەرچەندیش زەق بی، تەنیا یەکیکە لە ئالقەکانی سیاسەتی گشتی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ سەرکوت کردنی کوردستان و یەکی لە زنجیرە هێرشە خوێناوی‌یەکانی ئەو ڕژیمە بە دریژایی دە ساڵ شەڕی کونەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی لە دژی زەحمەتکێشانی کوردستان.

پاش فەرمانی هێرشی خومەینی لە ٢٨ی موردادی ساڵی ١٣٥٨دا، بە بیانووی نەجات دانی ژنانی موسولمان کە گویا کۆمۆنیستەکان و کافرەکان لە مزگەوتی جامعی سنەدا بە بارمتەیان گرتبوون، شەڕیك لە کوردستان هەلگرسا کە هیشتاش دریژەی هەیە و بێجگە لەوچانیکی چەند مانگە تەنانەت ئاگر بەسیکیشی بە خۆیەوە نەدیوە. لە یەکەمین قوناغی ئەو شەرەدا کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی پاش هەندیك سەرکەوتنی کورت خایەن کە لەسەرەتا دا وەدەستیان هێنا، لەبەر هۆی جۆراوجۆر تووشی گەلیك شکستی گەورە بوون. ڕژیم بە ناچار و بۆ پێش گرتن بە لەبەریەك ترازانی کاملی هێزە چەکدارەکانی خۆی لەو مەنتەقەیە، وەدەست هێنانی ئیمکانی مانوری سیاسی، وچان گرتن بۆ بەخودا هاتنەوە و خۆ تەیار کردنەوە و خۆ ساز کردن بۆ هێرشی سەرلەنوێ و پێك هێنان یان بەرین کردنەوەی کەلینی ناوخۆی نیوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە دەورەی حکوومەتی بازرگان دا ڕوخساری سیاسەتی خۆی گوری: خومەینی "پەیامی سولح"ی دا، دەوڵەتی بازرگان "هەیئەتی تایبەت"ی نارده کوردستان، پیشنیاری ئاگر بەسی کرد و بە کایە کردن بە مەسەلەی وت و وێژ خۆی خەریك کرد.

بەش بە بەشی سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەو سەردەم دا نیشاندەری ئەوە بوو کە خۆ ئامادە کردنێکی سیاسی و تەبلیغاتی و چەکداری بۆ هێرشیکی تازە بۆ سەر گەلی کورد لە کار دایە و دەرەنگ یان زوو ئەو هێرشە دەست پێدەکا. تەبدیل کردنی وت و وێژەکە بە گالتە جاریێك بۆ هاوکاری لەگەل قاسملوو و حیزبی دیموکرات، مانور و خو خافلاندن، ئاژاوەچیەتی و دوو بەرەکی نانەوە، کۆ کردنەوەی هێزی چەکدار بە شێوەی بەرین و ئاشکرا هەر بە هاوکاری حیزبی دیموکرات و سات و سەودا لەگەل ئەو حیزبە، دەسپێکردنی پێشڕەوی لە جادەکان و هەندیك ناوچەی دیاریکراو و دەسپێکردنی داگیر کردنی هەندیك ناوچەی دیاریکراو، تووندوتێژ کردنەوەی هەڵویستی تەبلیغاتی و شل کردنی هەوساری مفتەویزی و عەوامفریوی بیشەرمانە لە بابەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هەنگاوی‌تری لەم چەشنە، جیگای گومانی بۆ هیچ کەس نەهیشتبووەوە کە ئەو هێرشە هەر بە زووی دەست پێدەکا. سەرئەنجامیش ئەم دووهەمین هێرشە بەرین و سەراسەری‌یە بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد.

ئەمجارە کە ڕژیمی ئیسلامی بە ئەزموونیکی زیاتر و بە نەقشە و ئامادەیی کافی دەست بە کار بوو و بە پێی تەرحیك کە بووی دەبوو لە پێشدا شارەکان، پاشان جادە سەرەکی‌یەکان و سەرئەنجام ڕێگە فەرعی‌یەکان و دیهات داگیر بکا، یانی تەقریبەن هەمان مەبەست کە بە درێژایی چەندین ساڵ شەڕی بەرین و خوێناوی پێی گەیشت و لە ئەنجام دا ئەمڕۆ خەباتی چەکدارانە لە کوردستان تەواو بە شکلی پارتیزانی بەڕێوە دەچی.

هێرش هێنان بۆ سەر سنە بەشێك لەو نەقشەیە بوو و ئەوکات بەشێکی گرینگی ئەو نەقشەیە بوو، ئەگەرچی بە یەکەمین هەنگاوی جەنگی‌ی جمهووری ئیسلامی بۆ داگیر کردنەوەی سەر لە نوێی کوردستان و بە یەکەمین شەڕی موقاومەتی خەڵکی کوردستان حیساب نەدەکرا. لە ڕاستیدا خۆ ئامادە کردن و جم و جوول و دەسدرێژی‌یە سەرەتایی‌یەکان بۆ دووهەمین هێرشی بەرینی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستان هەر ئەو کات دەستی پێکردبوو. هێرشەکانی یەك لە دوای یەکی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر کامیاران کە هەر لە مانگی ڕیبەندانی ساڵی پەنجاو هەشتەوە دەستی پێکرا بوو، شکلیکی تەواو بەرینی بە خۆیەوە گرت و بوو بە هێرشی چەکدارانەی پر بە پر بۆ داگیر کردنی ئەو ناوچەیە. هەروەها لە بابەت ناوچەکانی شیمالی کوردستان ڕژیم هێرشی چەکدارانی جیددی خۆی لە "گەلی قاسملوو"ەوە دەست پێکردبوو. بۆ هەرکام لەم هێرشانەش بیانووی پێویست دادەتاشران و "پیلان"یکی تایبەت خراپتر یان باشتر لەوەی بەنیسەدر، دەدوزرایەوە.

خودی هەرا تەبلیغاتی‌یەکەی بەنیسەدر لە بابەت چەك کردنی خەڵکی کوردستان، هەرایەکی تەبلیغاتی کە بە هەزار بیانوو دەی هێنایە گۆڕ و ئەو کات زۆری پی خۆش بوو هەموان بزانن ئەم تەبلیغاتە بەنیسەدر بەڕێوەی دەبا، خۆی بەشێك بوو هەر لەم بەریاردانەی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ پاشگەز بوونەوە لە سیاسەتی وەعدە و بەلین و بەڕێوە بردنی دووهەمین هێرشی بەرین و کوتایی هێنان بە موقاومەتی گەلی کورد و زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرکوت کردنی یەکجاری.

بەنیسەدر وەك ڕەئیس جمهوور و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی خومەینی لە دارژتنی ئەم سیاسەتەدا و لەم بریاردانە دا بەشدار بووە. هەر خۆی بوو بە ئەرتەشی وت هەتا خەڵکی کوردستان بە تەواوی چەك نەکەن پوتینەکانتان دامەکەنن. بە چاوەدیری خۆی و بە ئاگاداری و تەئییدی خۆی پادگانیك کە گویا قەرار بوو بەرانبەر بە عێراق تەقویەت کرابی، چاردەهەزار گوللە توپ و خومپارەی بەسەر خەڵکی شاردا هەلڕشت و گەلیك شتی‌تر.

چاوبەستی و عەوافریوی گەوجانەی بەنی‌سەدر کە هەول دەدا ئەو هێرشە دیاریکراوە لە کوللی سیاسەتی جمهووری ئیسلامی و لە هەرا تەبلیغاتی‌یەکانی خۆی کە هەر لەسەر ئەم شەرە سازی کرد جیاکاتەوە و وا نیشان بدا کە ئەو هیرشە دیاریکراوە هیچ پەیوەندیکی نەبووە و لەگەل شەریك کە پێش ئەو هێرشە و دوای ئەویش هەر ئەم ڕژیمە لە دژی هەر ئەم خەڵکە بەڕێوەی بردوە و بەڕێوەی دەبا، هەروەها بارکردنی تاوانی پیلانگیری لەسەر شانی قوربانیانی ئەم دەسدرێژی‌یە، تەنیا وەك تەقالا بیشەرمانەی تاوانباری ئەم پەروەندەیە بۆ دەرباز بوون لە مەحکوومییەت، تومار دەکری.

بێجگە لەوە خودی سیاسەتی گشتی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستانیش تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی گشتی‌تری ئەم ڕژیمەدا بەرانبەر بە شۆرش، بەرانبەر بە کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان، بەرانبەر بە خەڵکی زەحمەتکێش و بزووتنەوە حەقخوازانەکانیان، بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان، بەرانبەر بە ژنان، بەرانبەر بە کەمایەتی میللی و مەزهەبی‌یەکان، بەرانبەر بە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و شتی‌تری لەم چەشنە، جیگای دروستی خۆی دەبینێتەوە و هەموو لایەنەکانی دەبینری.

دەبی لەم کونە نوکەرەی خومەینی پرسیار بکری ئایا پەیوەندی سیاسەت و کردەوەی تو لە کوردستان لەگەل سەرجەمی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی چ بوو؟ ئایا سیاسەت و کارکردی تو لە کوردستان دیاردەیەك بووە بە تەواوی جیاواز و دابراویان بەشێك بووە لە سەرجەمی سیاسەت و ریبازی جمهووری ئیسلامی؟

هەروەها ئایا پەیوەندی ئەم سیاسەت و کارکردەی تو لە کوردستان لەگەل سەرجەمی کارکردەکانی خودی تو چیە؟ هەڵویستی تو بەرانبەر بە کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاریش کە ئەتوت "شووڕا و مووڕا فت، دەبی کار بکەی"، ئەوەش هەر بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی بەختیار و عێراق بوو؟ ئەوە کە وەك عەلەمدار کەوتیتە پێش "خەڵك"ی حیزب اللە بۆ شەلالی خوین کردنی دانشگا، ئەوە چی؟ ئایا هەموو ئامانە لەگەل ناردنی ئەرتەش بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی سنە و باقی کوردستان، خزمەتی کرد بە دامەزران و پتەو بوونەوەی دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی، کە ئەمرۆ لەگەل جەماعەتی ناسیونال لیبرال کە خۆیان لە گوناهی پێشوویان شوردوەتەوە دانیشتووی و هەرتك لاتان عەقلتان ناوەتە سەر یەك و خەریکن لە هویەکانی دامەزرانی ئەم دەسەلاتە دەکولنەوە وە یا خیر بەشیك بوو لە بەرنامەی ئێوە بۆ "یەككرتوو کردنی هێزەکانی لایەنگری ئازادی"؟!

٥- زانینی ئەوە کە بۆچی داگیرکردنی سنە و سەرکوت کردنی کاملی ئەو شارە و شەلالی خوێن کردنی، بۆ جمهووری ئیسلامی ببووە ئالقەیەکی سەرەکی لە بەڕیوەبردنی ئەم سیاسەتەدا کە پێشتر باسی کرا و ڕژیم بۆچی هێرشی بەرینی خۆی لەو ناوچەیەوە دەست پێکرد، خۆی یارمەتی دەدا بە ئاشکرا کردنی پیلانی ڕژیم لەو سەردەم دا و ئاشکرا کردنی دروکانی ئیستای بەنی‌سەدر (٣) لە ڕاستیدا خودی ئەمەش ئەو کات بەشێك بوو لە نەقشەی جمهووری ئیسلامی. دەلیلەکەشی روشن بوو: سنە ببووە ناوەندیك بۆ هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشان و پەرەگرتنی ڕادیکالیزمی بزووتنەوەی کوردستان، جیگایەك کە ئووراکانی گەرەکەکان و بنکەکان (کەم تا زۆر وەك باسکی چەکداری ئەو شووراییانە) تێیدا سەریان هەڵدابوو و بە گشتی هاتنە مەیدانی جەماوەر و بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و بەڕێوە بردنی کار و بار ئەگەرچی هێشتا بە شێوەی کرچ و کال، لە چاو باقی شارەکانی ئێران زیاتر بوو، جیگایەك کە نفووزی کۆمۆنیستەکان تێیدا یەکجار زۆر بوو و کۆمەڵە سازمانی خۆشەویستی زەحمەتکێشان بوو، جیگایەك کە جەریانانی مەزهەبی ئەگەرچی هێشتا خوزووریان بوو بەڵام شکستیکی بەرچاویان لەدەست کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی چەپی کۆمەڵە بەسەردا هاتبوو و حیزبی دیموکرات نفووزێکی وای نەبوو و... .

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە تەواو تەبیعی بوو کە لە ڕوانگەی جمهووری ئیسلامی‌یەوە هەوڵدان بۆ داگیر کردنی سنە و تێك شکاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لەوی، ئەرکیکی گرینگ و سەرەکی بی. هەر ئەمەش بە ڕوشنی نیشان دەدا کە چلون وەری خستنی شەر و کوشتار لە سنە سیاسەتێکی جمهووری ئیسلامی بوو کە تەواو بیری لی کرا بووەوە و ڕژیم دەیزانی ئەمە بۆچی دەکا و کارکردی بەنی‌سەدریش بێجگە لەمە هیچ شتێکی‌تر نەبووە و هەر ڕەحمەتی‌یەك هەر "ئیتلاعات"یکی کریبی ناتوانی مەسەلەکە بشاریتەوە.

٦- بەڵام ئەوە کە ڕژیمی ئیسلامی ئەو ناوچەیەی بۆ هێرشی قورس خۆی هەڵبژارد هویەکی موشەخەسی دیکەشی هەبوو و ئەویش ئەوە بوو کە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی هیوادار بوون بە پشت بەستن بە سات و سەودای نهێنی لەگەل حیزبی دیموکرات، کە لە دەمیك لەوەپێشەوە درێژەی هەبوو و خۆی ڕێگا خوشکەر بوو بۆ هێرشەکانی جمهووری ئیسلامی، لە قوناغە سەرەتایی‌یەکانی ئەو هێرشەدا خۆیان تووشی حیزبی دیموکرات نەکەن. هەڵبەت لەم کارەدا سەرکەوتنیشیان وەدەست هێنا. حیزبی دیموکرات هەر قولە مەئموورێکی حکوومەت لە ژووری درگا داخراویش دا مەرحەبایەکی لیکردبا شایی لە دلی دەگەرا و ئەم جۆرە مەرحەبایانەش بۆ ڕژیم هیچی تی نەدەچوو. ئەوە کە بەنی‌سەدر ئەوەندە ئەخلاقی قاسملووی لە لاپەسندە و باسی دەکا و باسی ئەوە دەکا کە حیزبی دیموکرات لە "پیلان"ی ناو براودا و لە "شەر هەڵایساندن"ی سنەدا بەشدار نەبووە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ بەشداری حیزبی دیموکرات لە پیلانی وایقعی و وەدی هاتووی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی‌دا بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان و لەو سەردەم دا بە شێوەی موشەخەس شەری سنە، ئەگەرچی حیزبی دیموکرات لەو پیلانەدا وەك دەسکایە و بە شێوەیەکی لاوەکی و بی دەسەڵاتانە بەشداری بووە.

بەنی‌سەدر و قاسملوو کە هەرتکیان کۆمەڵە بە هەڵگرساندنی شەری سنە تاوانبار دەکەن، وێرای ئەوە کە هەول دەدەن دیفاع لەو کارە سەرشوڕانەیە بکەن کە هەرکامیان بە جۆرێك ئەوکات کردیان، بەناچار پاکانە بۆ جمهووری ئیسلامی و کوللییەتی سیاسەتی ئەو ڕژیمە دەکەن. هەرتکیان بەم جۆرە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بە ڕاستی چ پیلانیك لە کاردا بووە.

بەنی‌سەدر بە درێژایی باسەکەی خۆی لەم بابەتەوە گەلیك جار قسەکانی قاسملوو بە شاهید دەگری و باسی ئەوە دەکا کە قاسملوو کۆمەڵەی بە تاوانبار زانیوە نەك ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و خۆدی بەنی‌سەدر. بەم جۆرە، بە بی ئەوەی خۆی بیهەوی، هەموو ئیددیعاکانی خۆی سەبارەت بە پیلانی هاوبەشی عێراق و بەختیار و کۆمەڵە ڕەت دەکاتەوە و نیشان دەدا کە هەتا چ ڕادەیەك شەری سنە نەقشە و کاری حیسابکراوی جمهووری ئیسلامی بووە و چلون لەوەدا کە خۆی تووشی حیزبی دیموکرات نەکا و نەك هەر ئەوە بەڵکوو ئەو حیزبە وا لی بکا کە لە باری سیاسی و تەبلیغاتی‌یەوە پاکانە بۆ نەقشەی جمهووری ئیسلامی بکا، سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

ئەوە کە "حیزبی واقیع بینی ئێمە" لەم نیوەدا بێجگە لە ریسوایی هیچی پی نەبراوە و نزیکەی دە ساڵ بە دووی وەعدە و بەلینی پووچی جمهووری ئیسلامیدا ویل بووە، مەسەلەیەکی تڕە. بەهەر حال بە بەڵگە هێنانەوە و بە شاهید گرتنی قسە و هەڵوێستەکانی قاسملوو و گەردن کەچی و شێوە ئاخا وتنی پاکانە ئاسای لە لای بەنی‌سەدر وێرای ئەوەکە بەلگەیەکە بۆ دەرکەوتنی بیگانەیی و جیاوازی نیوان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و حیزبی دیموکرات، ئەوەش نیشان دەدا کە بەنی‌سەدر هیشتاش عەینەن هەمان سیاسەتی ئاشنای جمهووری ئیسلامی لە حاست حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، لە لایەن خۆیەوە درێژە پی دەدا.

٧- لەبابەت مەسەلەی "شەر هەڵایساندن" لە کوردستانیش جا بەنی‌سەدر وەك ئەوەی قسە بۆ منداڵان بکا دەڵی: "وتم بچو تەلەفون لە ئاغای قاسملوو بکە پێی بڵی ئێمە ئەوە خەریکین قەزیەی خودموختاری لە شوورای ئینقلاب دا دەبرینەوە" و ئەمە لە حالیکدایە کە جمهووری ئیسلامی هیچ کاتیك و تەنانەت لە دەورەی ئاگربەس و وت وێژە گورینەکەش دا، حازر نەبووە تەنانەت وشەی خودموختاری، جا بە هەر ناوەرۆکیکەوە، قەبوول بکا و بە کاری بەری.

بە ڕاستی شووڕای ئینقلاب خەریك بوو خودموختاری کوردستان، تەواو بە پێچەوانەی هەموو سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان و هەروەها سەرجەمی سیاسەت و کار کردی ئەو ڕژیمە، پەسند دەکرد و تەنیا چاوەری بوو ئەو ستوونە بگاتە پادگانی سنە هەتا کارەکە یەك لایی کاتەوە؟ و هەڵبەت چونکوو پێش بەم کارەیان گیرا خودموختاری‌یەکەی لە بیر چووەوە هیچ دە ساڵە خەریکە کوردستان بە ناپالم و توپ و خومپارە دەکیلی و خەڵك شەلالی خوێن دەکا و بە درێژایی ئەو دە ساڵەش لانی کەم بۆ پاساو کردنی مەسەلەکە و بۆ حەقانییەت بەخشین بە کارەکەی خوشیان بووبی، کەس لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە هیچی نەوتوە!

بە ڕاستی زمان ئەم هەموو بی وێژدانی‌یەی پی بەیان ناکری.

نە دەسپێکردنی شەر، نە کوتایی پی هێنانی وت و وێژ و نە سەر لە نوی هەڵگرسانەوەی شەری کوردستان هیچکامیان ویستی کۆمەڵە نەبوون و کۆمەڵە لە هیچکامیان دا دەست پێشکەری نەکردوە. کۆمەڵە هەتا بۆی کرا لە ڕێگەی سیاسی‌یەوە و بە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی جەماوەر بەرانبەرکیی لەگەل پیلانگیری‌یەکانی جمهووری ئیسلامی کرد. ئاخرین نموونەشی پێش شەری سنە، مەسەلەی وەدەرنانی سپای پاسداران لەو شارە بوو کە بە بی دەسدانە زۆر و بە هێزی ئیعتیراز و خەباتی سیاسی و جەماوەری تەواو سەرکەوتوانە بەرەوپێش چوو.

(٥) (ئایا ئەمەش پیلانی بەختیار و عێراق بوو؟) بەڵام کۆمەڵە "تاوان" یەك بە دل و بە گیانی دەگریتە ئەستو: ئەوەکە چاوی هیوای نەبری‌یە جمهووری ئیسلامی و بەلینەکانی، بو وت و وێژ لەگەل نوینەرانی جمهووری ئیسلامی ئامادە بوو و هەولیدا وت و وێژەکە تەواو جیددی و بەدەربەستانە بەرەوپێش بەری، بەڵام بۆ هیچ سات و سەودایەك بە پیچەوانەی بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشان و بە دوور لە چاوی ئەوان ئامادە نەبوو، لە مەبەستی کاربەدەستانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی گەیشت و بەردەوام زەحمەتکێشانی بۆ وشیاری و خوسازدان و چەکدار بوونی گشتی بانگەواز کرد، تەبلیغاتی ژەهراوی‌ی حکوومەتی مەرکەزی و بورژوازی محەللی تووشی سازشی نەکرد و داخوازەکانی پی دا نەشکاند، وە کاتیکیش کە شەرەکە خۆی داسەپاندەوە، وەری بەر نەدا، بەڵکوو بە عەزمی قایم و پتەو لە ریزی پێشەوەی جەماوەردا ڕاوەستا. هەموو ئەمانە هەڵبەت کۆمەڵەیان لە لای دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش و کار بەدەستانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی کردبووە دوژمنێکی سەرسەخت کە بەهەر شێوەیەك بوایە دەبوو خراپترین تاوانی وە پال بنری و بەدناو کری. تەواوی قینی شیت گیرانەی بەنی‌سەدر لە کۆمەڵە و مفتەوێژی و هاتەران و پاتەرانی بیشەرمانە و هیستریکی لە دژی کۆمەڵە، تەنیا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم هەست و غەریزە هاوبەشەی بورژوازی لە بەنی‌سەدر دا هەر زیندووە.

بۆ کۆمەڵە وەك ڕۆژ ڕوشن بوو کە هێرشی بەرینی جمهووری ئیسلامی حەتمی‌یە، سنە ئامانجی سەرەکی‌یە و ئەگەر خیزبی دیموکرات مەیدان پەیدا بکا بۆ چاندنی تووی خوشباوەری، ئەمە تەنیا دەتوانی کۆمەڵانی خەڵك کارەکە یەك لایی کاتەوە؟ و هەڵبەت چونکوو پێش بەم کارەیان گیرا خودموختاری‌یەکەی لە بیر چووەوە هیچ دە ساڵە خەریکە کوردستان بە ناپالم و توپ و خومپارە دەکیلی و خەڵك شەلالی خوێن دەکا و بە درێژایی ئەو دە ساڵەش لانی کەم بۆ پاساو کردنی مەسەلەکە و بۆ حەقانییەت بەخشین بە کارەکەی خوشیان بووبی، کەس لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە هیچی نەوتوە!

بە ڕاستی زمان ئەم هەموو بی وێژدانی‌یەی پی بەیان ناکری.

نە دەسپێکردنی شەر، نە کوتایی پی هێنانی وت و وێژ و نە سەر لە نوی هەڵگرسانەوەی شەری کوردستان هیچکامیان ویستی کۆمەڵە نەبوون و کۆمەڵە لە هیچکامیان دا دەست پێشکەری نەکردوە. کۆمەڵە هەتا بۆی کرا لە ڕێگەی سیاسی‌یەوە و بە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی جەماوەر بەرانبەرکیی لەگەل پیلانگیری‌یەکانی جمهووری ئیسلامی کرد. ئاخرین نموونەشی پێش شەری سنە، مەسەلەی وەدەرنانی سپای پاسداران لەو شارە بوو کە بە بی دەسدانە زۆر و بە هێزی ئیعتیراز و خەباتی سیاسی و جەماوەری تەواو سەرکەوتوانە بەرەوپێش چوو.

(٥) (ئایا ئەمەش پیلانی بەختیار و عێراق بوو؟) بەڵام کۆمەڵە "تاوان" یەك بە دل و بە گیانی دەگریتە ئەستو: ئەوەکە چاوی هیوای نەبری‌یە جمهووری ئیسلامی و بەلینەکانی، بو وت و وێژ لەگەل نوینەرانی جمهووری ئیسلامی ئامادە بوو و هەولیدا وت و وێژەکە تەواو جیددی و بەدەربەستانە بەرەوپێش بەری، بەڵام بۆ هیچ سات و سەودایەك بە پیچەوانەی بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشان و بە دوور لە چاوی ئەوان ئامادە نەبوو، لە مەبەستی کاربەدەستانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی گەیشت و بەردەوام زەحمەتکێشانی بۆ وشیاری و خوسازدان و چەکدار بوونی گشتی بانگەواز کرد، تەبلیغاتی ژەهراوی‌ی حکوومەتی مەرکەزی و بورژوازی محەللی تووشی سازشی نەکرد و داخوازەکانی پی دا نەشکاند، وە کاتیکیش کە شەرەکە خۆی داسەپاندەوە، وەری بەر نەدا، بەڵکوو بە عەزمی قایم و پتەو لە ریزی پێشەوەی جەماوەردا ڕاوەستا. هەموو ئەمانە هەڵبەت کۆمەڵەیان لە لای دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش و فریو خواردن و بی پەنایی و شکستیان پی بچێژی و نەسلیك لە شۆڕش و حەرەکەتی شۆڕشگێرانە دلسارد کاتەوە و تووشی سەرشکستەیی‌یان بکا.

داستانی ئەم موقاومەتە و دیمەنە جۆراوجۆرەکانی دوور و درێژە. بەڵام هەتا ئەو جیگایە کە دەگرێتەوە بۆ شەری ٢٤ ڕۆژەی سنە لەو کات دا، بە ڕاستی حەماسەیەك لە خەللاقییەت و ئازایەتی و فیداکاری شۆڕشگێرانەی جەماوەر بوو. ئەوە شێوە ڕاپەڕینیك بوو کە بە بی مەیل و بەشداری و دەخالەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری شۆڕشگێڕ، هیچ ڕێکخراوێکی جیاواز لە دەستی نەدەهات بیکا. ئەگەر ئیرادیك پێی کۆمەڵە بگرێتەوە، زەعفی کۆمەڵە لە ڕێکخستن و هەڵخراندنی کافی جەماوەردا، نیشان نەدانی دەست و بردی کافی بۆ کەلك وەرگرتن لە خوروش و ئاخێزی شۆڕشگێرانەی جەماوەر بۆ چەك کردنی هێزی نیزامی هەر لە ڕۆژی یەکەم دا و شتی‌تری لەم قەبیلەیە نەك ئەوە کە ئەم موقاومەتە شۆڕشگێرانەیە کە لە تاریخی بزووتنەوەی کوردستان دا بیسابیقەیە، بە ناوی کۆمەڵەوە تەواو بووە.

جەماوەری شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیو، شەری سنەی وەك شەریکی موشەخەس، بە دوژمنیك کە توانایی و کەرەسە و چەك و چولی چەندین بەرابەر زیاتر بوو دوراند و ئەو ڕووداوە ئێستا لەگەل گەلیك حەماسەی دیکەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە ئێران و لە کوردستان چووەتە ناو میژوو. بەڵام وەك هەموو بزووتنەوە و ڕاپەڕینیکی ڕەسەنی خەڵکی زۆرلێکراو، تووی ترسێکی بی دەرمانی لە دلی دوژمناندا چاندوە و یادگاری خۆی بە ڕێگا خوشکردن بۆ پەروەردە بوونی چەند نەسل بە ڕوحی ئازادەیی و سەرفەرازی و جەسارەت و بروا بە هێزی خەڵکی شۆڕشگێڕ، کە بۆ خەباتی سەرکەوتوانەی چینە چەوساوەکان لە دژی کویلەتی پێویستە، بەجێ هێشتوە.

باسێك سەبارەت بە ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان

لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵە گەلیك ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتوە، ویرای پاراستنی باشترین تەجرەبە و دەسکەوتە شۆڕشگێڕانەکان، کۆمەڵە ئاسوی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە شۆڕشگێڕیەتی خەلقییەوە گواستوەتەوە بۆ سوسیالیزمی کرێکاری و وەك بەشێك لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکخستنی چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری بە ئامانجی خۆی داناوە. لەسەر بناغەی ئەم ئامانجە گشتییە، حیزبی کۆمۆنیست ستراتیژیەکی ڕوشنیشی بۆ سەرکەوتن لە بزووتنەوەی کوردستاندا دیاری کردوە کە ڕێکخستنی ڕاپەڕینی جەماوەری شارەکان تێیدا دەورێکی هەرچی بەرچاوتری هەیە. بورژوازی و دەست و پێوەندەکانی، لە حکوومەت دا بن یان لە ئوپوزیسیون دا، کورد بن یان فارس، دەتوانن موقاوەمەتی جەماوەری سنە بێننەوە بەرچاو و بە نەفرەت و ڕق و وەحشەتەوە یادی بکەن و هەول بدەن سیمای عادلانەی ئەو موقاومەتە شلوی بکەن. بۆ کۆمەڵە و جەماوەری شۆڕشگێڕ، بەڵام ئەو ڕووداوە جێگایەکی‌ترە هەیە: موقاومەتی حەماسی و خوێناوی سنە، بە هەموو کەم و کووڕیەکانیەوە، یەکێك بوو لەو پروڤە و تەمرینە سەرەتاییەیە پێویستانە کە دەبی ئەوە زەمانەت بکا کە ئەو کایە سەرکەیەی سبەینی دێتە سەر شانو بە دروستی و بی کەم و کووڕی بەڕێوە دەچێ.

یادداشتەکان!

(١) بەنی‌سەدر، هەروەها لەم تریبونە کەلك وەر دەگری و درویەکی گەورەی تریش بە سنگی خوینەوە دا دەدا: گویا مەسەلەی بەرقی قژی ژن تومەتیکە و شتی وا هەر نەبووە. بەنی‌سەدر کە نە دەویری ئەم چاوبەستییە بیشەرمانە ئیسلامیەیەی خۆی تەئیید بکا و دیفاعی لی بکا و نە دەویری و نە بروای بەوە هەیە وەری گرێتەوە، ڕێگا چارەی تەنیا بەوە زانیوە بیشەرمانە حاشای لی بکا بە هیوای ئەوەی پاش تێپەڕینی ئەم چەندین ساڵە کەس هیچ بەڵگەیەکی لەمە بەسدەتەوە نیە، و بەم جۆرە چەند و چونی کاراکتیری خۆشی نمایش دەدا.

(٢) ئەوە کە ئایا حیزبی دیموکرات حازر بووە ئەو کارە بکا یان نا، ئەوە با خوودی ئەو هاوکارە قەدیمیانە لە نیوان خۆیاندا ببڕنەوە. بەڵام ئەوە کە لە بابەت کۆمەڵەوە شتیوا هەر نەبووە هیچ پێویستی بە ئیسبات کردن نیە و ئەمەش لە خەیالاتی بەنی‌سەدرە.

(٣) ئەمە، یەکەمین "پێشینەی ئاشنایی"ی بەنی‌سەدر لەگەل خەڵکی سنە نەبوو. لە جەرەیانی نەوروزی خوێناوی سنەش دا (خاکەلیوەی ١٣٨٥) یانی کاتێك کە پادگان لە یەکەمین مانگەکانی‌پاش شۆڕش دا شاری گوللە باران کرد (بۆ پێش گرتن بە هێرشی کام ولاتؤ؟) و لە ئەنجامی هەستانی گشتی خەڵکی شار و پشتیوانی‌ی گەرمی خەڵکی سەراسەری کوردستاندا سەرەنجام ڕژیم حازر بوو بۆ گفت و گو و پێك هاتن، بەنی‌سەدر لەگەل خەڵکی کوردستان "ئاشنایەتی" یەکی پەیدا کرد بوو: بەنی‌سەدر خۆی کاتێك کە وەك نوینەری ئەو ڕژیمە کە ئەمڕۆ خەریکە هوییەکانی بە دەسەلات گەیشتنی شی دەکاتەوە بۆ بەشداری لە وت و وێژەکەدا دەهاتە سنە، لە سەر ڕێگای خۆی لە هەمەدان نوتقیکی لە دژی خەڵکی کوردستان و داخوازەکانیان کرد و هەر بەم دەلیلە خەڵك تەحریمیان کرد، لە بەرانبەریدا شیعاریان دا و حازر نەبوون گوی بدەنە قسەکانی. ڕەنگە ئەوانیش لایەنگرانی "بیر و بۆچوونی ئیستبدادی" بو بن کە بەنی‌سەدر زال بوونی دەسەلاتی ڕژیمی ئیسلامی دەخاتە ئەستوی ئەوان.

(٤) تاوانبار کردنی کۆمەڵە بە هەڵگرساندنی شەر یەکیك لە سەر خەتە تەبلیغیی‌یە سەرەکی‌یەکانی حیزبی تووده بوو لە بابەت کوردستان و حیزبی دیموکراتیش بە پێی بەرژەوەندی ئەو کات، چ بۆ دامرکاندن و بە بەدناو کردنی شۆڕشگێڕیەتی جەماوەر و چ بۆ نیشاندنی "دلپاکی"ی خۆی بە ڕژیمی ئیسلامی، کەلکی لی وەردەگرت. خوێنەر دەبی خۆی بۆی دەرکەتبی کە بۆ چی لە ڕووداوەکانی مەربووت بە شەری سنە دا حیزبی دیموکرات بە هەر تك دەلیل دەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەم چەکە ژەنگاویە. بۆ وەبیر هێنانەوە هەر ئەوەندە بەسە باسی ئەوە بکەین کە ڕەوشت و هەڵویستی حیزبی دیموکرات لە شەری سنەدا کەوتە بەر ئیعتیرازی تووندی خەڵکی شاری سنە و باقی شارەکانی کوردستان و دەفتەری حیزبی دیموکرات لە شاری سنە لەگەل خوپێشاندانی بەرین و پر لە تووڕەیی بەڕەو ڕوو بوو کە تەنیا بە بانگەوازی کۆمەڵە کە لە بەر هەلومەرجی ئەو کات داوای هێمنایەتی لە خەڵك کرد، پێش بە زەبر و زەنگ گیرا.

بەهەر حال یەك شت هەیە کە هیچ گومان هەڵناگری: حیزبی دیموکرات تەنیا لە بەرانبەر ویست و فشاری یەکجار زۆری خەڵك و ئیعتیرازی خەڵك دا بوو کە ناچار بوو نا بە دل و بە شێوەیەکی غەیرە موسر لە موقاومەتی حەماسی و جەماوەری‌ی خەڵکی شاری سنەدا بەشداری بکا. ئەوەی شەری هەڵگرساند هیچکەس نەبوو بێجگە لە جمهووری ئیسلامی. بەڵام ئەو شتەی لە ڕوانگەی جەماوەرەوە تاوانیك بوو لەسەر شانی حیزبی دیموکرات بریتی بوو لە سازشکاری لەگەل جمهووری ئیسلامی، هەوڵدان بۆ بەدناو کردنی موقاومەتی ڕەوای خەڵکی زۆر لێکراو و کارشکینی و دوو ڕوویی.

(٥) هەر وەها زانینی ئەوەش پێویستە کە حیزبی دیموکرات بە هەموو هێز و توانایەوە هەولیدەدا بو تووشی شکست کردنی ئەم خەباتە جەماوەری‌یەی خەڵکی سنە کە خەڵکی کوردستان پشتیوانی یان لی دەکرد. حیزبی دیموکرات تەنانەت بە تەبلیغ و هەرەشە پێشی بەوە دەگرت بزووتنەوەی پشتیوانی و کاروانی پشتیوانی سیاسی و ماددی لە مهابادەوە بەرەو سنە بکەوێتە ڕێ

***

سەرەتا

بوونی ستەمگەری میللی، خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس، خەبات بۆ هێنانە گۆڕ و ناساندنی سیمای میللی، ئامانجی سەربەخۆیی و پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و ...، لە سەدەی ڕابوردوودا بووەتە هۆی شکل گرتنی گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ناسیونالیستی لە کوردستان. لە جەرگەی ئەم گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یەدا حیزب و گوروهی سیاسی و ڕێبەرایەتی جۆراوجۆر پێك هاتوون کە ئەم گەرایشە بووتە سەرچاوەی هێزیان و نفووزی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستان داپەرەپێداوە.

ئەم هێزانە لە هەلومەرج و وەزعییەتی مێژوویی موساعیدا بە تایبەت بە سەرهەڵدانی زەعف و سستی لە بناغەکانی حکوومەتی مەرکەزی‌دا، خەباتی کەم تا زۆر جەماوەری یان ئەساسەن بە شکلی چەکدارانە بەرپا کردووە وە یا خۆی لە هەر شکلیك دا بەرپا بوونی بەشداریان تێدا کردووە.

لەوەتی بزووتنەوەی میللی و موقاومەت بەرانبەر بە سەرکوتگەری دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستان بووە، خەباتی چەکدارانەش لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بووە. حاشا کردنی ئەم دەوڵەتانە لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکان، پەنا بردنیان بۆ لەشکرکیشی چەکدارانە، میلیتاریزە کردن و داگیرکردنی کوردستان، بەکار بردنی ڕەشترین زەبر و زەنگ و سەرکوت لە حاست چکولەترین جم و جوولی ئیعتیرازی و سیاسی، کوشتاری بە کۆمەڵ، تەبعید و کوچ پێکردنی خەڵك بە شێوەی بەرین و گەلیك شتی‌تری لەم چەشنە، بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی زۆرلیکراو لە خەباتی خۆیان دا، دەس دانە چەك وەك ڕێگایەك بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی قەلاچو و زەبر و زەنگی حکوومەتی مەرکەزی بگرنە پێش.

خەباتی چەکدارانە بە درێژایی ئەو دەورە دوور و دێژە، بێجگە لە دەورەی ئەم دوایی‌یە لە کوردستانی ئێران، لە جەرگەی حەرەکەتی ناسیونالیستی دا و بە پێی سیاسەت و تاکتیکی حیزب و ڕابەرە ستوننەتی‌یە ناسیونالیستەکان، هەڵگرساوە و حەرەکەتی کردوە. ئاسو و ئامانجی ناسیونالیستی، یانی هەوڵدان بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی هەر لە چوارچێوەی موناسباتی مەوجود دا، سیاسەت و ڕیبازی بۆ خەباتی چەکدارانە دیاری کردوە. بەڵام بوونی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی چەکدارانەی دەوری ئەم دوایی‌یەی کوردستانی ئێران، ڕوخساریکی جیاوزمان پێشان دەدا. بە درێژایی ٩ ساڵی ڕابوردوو کۆمەڵە لە کێشەیەکی سەخت و دژوار دا لە جەبهە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و چینایەتی‌دا، هەوڵیداوە ڕیبازیکی نوی بۆ خەباتی چەکدارانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا دارێژی و ئەم شکلەی خەبات، لە ئالقەی فەرهەنگ و نەریت و بۆچوونی ناسیونالیستی بترازینی و ڕزگاری بکا.

ئەو پێویستی‌یە کە ئەرکی پێك هێنانی هێزی چەکداری لە کوردستانی ئێران دەنایە سەر شانی کۆمەڵە پێش هەموو شتێك ئەوە بوو کە دەسدرێژی کونەپەرستانی محەللی و فیئودالەکان و داروودەستەی جیرەخور و نوکەری ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر دەسکەوتەکانی و گوزەران و ئاسایشی خەڵکی زەحمەتکێش، بەرپەرچ بدرێتەوە.

هێزی چەکداری کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێك هاتنی خۆیەوە ئەرکی وەك: دیفاع لە ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان و مافەکانی خەڵك لە بەرانبەر ملهوری داوردەستەی باجگر و کونەپەرست دا، دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەبات، دیفاع لە ئورگانەکان و تشکیلاتی کۆمۆنیستی و ...ی لە سەر شانی خۆی هەست پێکرد. بۆ کۆمەڵە هێزی چەکدار ئامرازیك بوو بۆ قایم و پتەوکردنی جەبهەکانی خەباتێك کە دەسبەجی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ لە کوردستان وەخو کەوتبوون. بەڵام هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی موردادی (کەلاوێژی)ی ١٣٥٨دا گەلیك مەسەلەی نیو کۆمەڵی کوردستانی بەشێوەیەکی کاتی هێنایە ژێر سێبەری خۆی. لەو دەورەیەدا کۆمەڵە بە هەموو هێز و توانایەوە دەستی دایە ڕێکخستن و بەڕەوپێش بردنی موقاومەت و خەباتی چەکدارانەی سەرسەختانە بەرانبەر بە هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی و دەسدرێژی درندانەی ئەو ڕژیمە بۆ سەر ئازادی‌یەکان و مافەکانی خەڵك لە کوردستان. بوونی سوننەت و نەریتی مێژوویی خەباتی چەکدارانە و تەجرەبەی خەڵك چ لە کوردستانی ئێران و چ لە بەشەکانی‌تر ئیمکانی بە ئێمەدا کە ئەم خەباتە بە پشتیوانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش وەك وەسیلەیەکی قودرەتمەند لە دژی دەسدرێژی دەوڵەتی مەرکەزی و لە دژی جیگیر بوون و سەقامگرتنی دەسەلاتی ئەو ڕژیمە وە کار بخەین.

پشت بەستنی هێزی چەکداری لە کوردستان بە خەباتی کۆمەڵایەتی و هێزە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەك خەباتی جووتیارانی هەژار لە دژی دەربەگەکان، دیفاع لە مافە دیموکراتیکەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، دیفاع لە داخوازە ئابووری و ڕیفاهی‌یەکانی کرێکاران، پەرەپێدانی و بلاوکردنەوەی باوەری بەرابەری خوازانە و ئامانجی سوسیالیزم کە ئەم هێزە چەکدارە لە کوردستان بەرە و پێشی دەبردن، ئەمانە یەکەمین نیشانە گرینگەکانی دابران لە سوننەتی ناسیونالیستی لە خەباتی چەکدارانەدا بوون و لەم بابەتەوە خەباتی چەکدارانە بۆ ئێمە دڕێژەی سوننەتی خەباتی چەکدارانەی ناسیونالیستی لە کوردستان نەبوو بەڵکوو حەرەکەتێکی بە دانستە و وشیارانە بوو کە هەولیدەدا پشت بە ئامانجی کۆمەڵایەتی بەرزی کرێکاران یانی بە سوسیالیزم ببەستی. بەڵام کرێکاری بوونی حەرەکەتەکەی ئێمە کە لە لایەن سوننەتە خورستکە ناسیونالیستی‌یەکانی مەوجود لە هەموو لایەکەوە بەشێوەی جەماوەری، وەك هێزی کۆمەڵایەتی و هەروەها هێزی مەوجودی حیزبی ناسیونالیستەوە لە ژێر فشاردا بوو خۆی لە خویدا بە مەعنای ئەوە نەبوو کە تێکۆشانی چەکدارانەی ئێمە لە ڕەوشت و نەریتەکانی ناسیونالیزم بەری و بە دوور بی. هەرقوناغێکی تێکۆشانی هێزی چەکداری خۆمان لە ساڵەکانی پاش ڕاپەڕینی ٥٧دا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی دلسوزانە چاولی بکەین، نفووزی سوننەتە ناسیونالیستی‌یەکان لە کاری خۆماندا بەدی دەکەین. گەشەی کۆمەڵە و کرێکارانی کوردستان لەم مەیدانەدا هەنگاو بە هەنگاو و حاسلی ڕەخنەگرتنی وشیارانە لەم سوننەتانە بووە و حاسلی ئەوە بووە کە تێکۆشانی چەکدارانەی گونجاو لەگەل حەرکەتی سوسیالیستی مان هەڵبژاردوە. کەوایە ڕەخنەی ئەمڕۆمان بەرانبەر بەم سوننەتانە، لە هەندیك بابەتەوە ڕەخنەیەکە بەرانبەر بە ڕەوشتە عەمەلی‌یەانی کاری هەتا ئێستای خۆشمان.

مەبەستی ئەم نووسراوەیە دەس نیشانکردنی هەندیك لە لایەنە ناسیونالیستی‌یەکانی تێکۆشانی چەکدارانەیە و لەم ڕەخنەگرتنەدا حیزبە ناسیونالیستەکان و ئەو ڕەوشتە جی کەوتووانەی ئەو حیزبانە دیفاعیان لی دەکەن، بە نمونە دەگرین. بێگومان ڕەخنەگرتنیکی هەمەلایەنە پێویستی بە کاریکی زیاتر هەیە و ئەم نووسراوەیە تەنیا هەنگاویکە بەرەو لیکولینەوەی ئەم باسە گرینگە.

(١)

پێشتر وتمان کە خەباتی چەکدارانە شێوەیەکی موقاومەت و ئیعتیرازی خەڵکی زۆرلیکراو بووە بەرانبەر بە دەسەلات و سەرکوتگەری دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەم خەڵکە لە خۆیانیان بەبیگانە زاینووە. دەسدانە چەکیش لە کوردستان لەسەر زەمینەی ئەم حەقخوازی‌یە میللی‌یە بووە. ناسیونالیزمی میللەتی کورد گەرایشیکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بووە کە حیزب و گوروە و ڕەوبەرایەتی سیاسی و ڕەوشتی خەباتکارانەی تایبەتی خۆشی شکل پێداوە و خەباتی چەکدارانەی سوننەتی لە کوردستان دەبی لە جەرگەی ئەو گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یەدا بدرێتە بەر لیکولینەوە. بۆیە سەرەتا ئەو تایبەتمەندی‌یە بنەڕەتی‌یانەی ناسیونالیزمی کورد کە لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی‌یەکان و شیوەکانی خەباتی ئەو گەرایشە نیشان دەدەن دەس نیشان دەکەین و پاشان دەچینە سەر باسی ڕەنگدانەوەی ئەم تایبەتمەندی‌یانە لە کاری چەکدارانەدا.

ئەلف:

ئامانجی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە چوارچێوەی وەدیهێنانی مافی میللی واوەتر نەچووە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان بە دریژایی مێژووی خۆی قەت لە مەسەلەکانی نیو چوارچێوەی مافی میللی و خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەم جۆرەشتانە واوەتر بەرەو هیچی دیکە نەچووە. هەموو ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یانە کە باسکردنیان وخوپێوە ماندووکردنیان، هێنانەگوریان و خەبات بۆ گورینیان و بەرەنگار بوونەوەیان، لەگەل بەرژەوەندی چینەداراکان نەهاتوونەتەوە و بە پێچەوانەی ئەخلاقییات و داب و نەریت و بیروباوەری ئەو چینانە بووە نەهاتوونەتە نیو ئالقەی خەباتی بزووتنەوەی ناسیونالیستی. ئەو بزووتنەوەیە هێزی خەڵکی بەرانبەر بە دسدرێژی و ملهوری دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا بە تەمای داهاتوویەکی ناروشن بە ناوی گەیشتن بە مافی میللی هەڵخراندوە. بەرتەسك بوونی ئاسوی خەباتکارانەی ئەو بزووتنەوەیە و بازدانی بەسەر دەیان مەسەلەی کۆمەڵایەتی‌دا کە بەروکیان بە کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراو گرتوە، هۆی بنەڕەتی و سەرەکی هەموو ئەو هەرس و بە بن بەست گەیشتنانەیە کە بزووتنەوەی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی تووشیان بووە. حزبە ناسیونالیستەکان نەیانتوانیوە بناغەی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتی بۆ دەوام و خوراگرتنی ئەو بزووتنەوانە بەرانبەر بە فشار و زەخت و وەعدە و بەلینی دەوڵەتی مەرکەزی پێك بینن.

←

هینانە گۆڕی داخوازە میللییەکان وەک خودموختاری و دەوڵەتی فیدرالی، مافی دیاریکردنی چارەنووس وشتێتری لەم تەرزە و، تەنیا پشت بەستن بەم داخوازە گشتییە ئەگەرچی لە سەرەتاوە چوارچێوە و قالبی گرینگ یان بۆ بەرپا بوونی ئەو بزووتنەوانە و بۆ هێز کۆ کردنەوە پێك هێناوە. بەڵام بۆ پێشرەوییەکانی دواتر و بۆ نزیك کردنەوەی بزووتنەوەکە لەسەر کەوتن هەر بەمەعنا میللییەکەشی نەك هەر کافی نەبوون بەڵکوو گەرای سازش و تەسلیم بوونیان لە نیو خۆیان دا پەروەردە کردوە. نەبوونی داخوازی هەرچەشنە دەسکەوتیکی ئابووری لە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی دا هەلومەرجێکی پێك هێناوە کە تەنانەت هەر چەشنە نیمچە ریفورمیك و هەر پاشەکشەیەکی بچووکی دەوڵەتی مەرکەزی لە زەمینەی ئەم جۆرە مەسەڵانەدا، هێزی لە دەوری ئەم بزووتنەوانە تەکاندوەتەوە و بڵاوەی پی کردوون.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی، لەگەڵ هەرچەشنە عەدالەت خوازییەکی ئابووری و لەگەڵ هەر چەشنە دیموکراتیزمیکی سیاسی بۆ جەماوەر، بیگانەیە و ئەم واقعییەتە پێش هەموو شتێك ئەمرۆ لە بیر کردنەوە و کردەوەی سیاسی ناسیونالیستییەکانی کوردستاندا بەروشنی بەدی دەکری. بەرانبەر بە هەموو ئەمانە تاقە ئامانجیك کە وەك هەڵخرێنەر و مەبەستی ئەم بزووتنەوانە باسی دەکری، داخوازی میللییە لە قالبی جۆاروجۆردا و بە شیعاری وەك دەوڵەتی فیدرالی، مافی دیارکردنی چارەنووس و جیابوونەوە و، خودموختاری رادیکال بوونەوە و رادیکال مانەوەی بزووتنەوەکە لە ڕوانگەی ئەمانەوە مەعناکەی تەنیا رادیکال بوونەوەی ئەم شیعارانە و، رادەی لیبراوی و کولنەدەری مەعناکەی تەنیا پەیگیر بوونە لە بەرەوپێش بردنی ئەم شیعارانەدا.

ئەگەر لایەنیکی مێژوویی واقیعی بزووتنەوەی کوردستان لە دەیان ساڵی ڕابوردوودا بریتی بووە لە موقاومەتی چەکدارانە بەرانبەر بە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی حیزبەکان بەسەر ئەم بزووتنەوانەدا هاوتا بووە لەگەڵ پووچەڵ کردنەوە و لەبیر بردنەوەی داخوازە تایبەتە چینایەتییەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە هەنگاوی یەکەم دا و، خەتابار کردن و سەرکوت کردنی ئەم داخوازانە بە بیانووی خەباتی میللی لە هەنگاوەکانی دواتردا. ئەو حیزب و هێز و ڕابەرانە کە پشتیان بەم گەرایشە کۆمەڵایەتییە ناسیونالیستییە بەستوە و هێزیان لی وەرگرتوە، نەك هەر خۆیان هیچ مەیلیان لەوە نەبووە ئەم داخوازانە ببینن گور و بکەونە شوینیان و هیزیان لە دەور کو بکەنەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ قازانجیان لە مانەوەی سوننەت و نەریت و پەیوەندە چەوسێنەرانە و ناعادلانەکانی نیو کۆمەڵ دا بووە. نەبوونی دیموکراتیزمی سیاسی و عەدالەت خوازی ئابووری لە کردەوەی سیاسی هێز و حیزبە سیاسییەکاندا ریك لە خەسلەتی بورژوایی ناسیونالیزم لە بزووتنەوەی کوردستاندا سەرچاوەی گرتوە. ئەم هێزانە خۆیان لەگەڵ بورژوازی سەراسەری و دەوڵەتی بورژوایی مەرکەزی لە پاراستنی ئەم بناغە و بنەڕەتانەی کۆمەڵی سەرمایەداری دا هاوبەش بوون و ترس لە وەخەبەر هاتنی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و هاتنە گوری شیعار و داخوازە تایبەتە چینایەتییەکانیان، ئەو حیزب و هێزانەی خستوەتە کونەپەرستانەترین هەڵوێست لە حاست دیموکراسی سیاسی و مەسەلەکانی مەربووت بە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش.

قەتیس مانی ئاسوی حیزبە سوننەتییەکان لە کوردستان لە چوارچێوەی مافی میللیدا و کارکردەکانی ئەو حیزبانە لە بزووتنەوەی ناسیونالیستیدا، لە جەوهەری بورژوایی ئەو هێزانەوە سەر چاوەی گرتوە و لەوەوە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی بالادەست و بورژوازی میللەتی زۆرلیکراو بەرژەوەندی ئابووری یان لەبنەڕەتی ترین ئاست دا یەك دەگرێتەوە. ئەوانە نەك هەر هیچ ناکوکی و دژایەتییەکی قوول و بنەڕەتییان پێکەوە نیە بەڵکوو لە پاراستنی بناغەکانی کۆمەڵی سەرمایەداریشدا دەستیان هەیە و تێیدا هاو قازانجن. تویژ و چینە داراکان لە کوردستان لەم خەباتە گشتییەدا لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی، پاراستنی بەرژەوەندە ئابووریەکانی خۆیانیان لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر مەبەستە و ئەو هێزە ماددییەن کە ڕێگا نادەن دیموکراتیزمی سیاسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش ببێتە کاکلە و ناوەڕۆکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جاری. حیزبە سیاسییە بورژوا ناسیونالیستەکان تەنانەت لە خەباتی چەکدارانەی خۆیان بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی بێجگە لە وەدەست هێنانی ئیمتیازاتیك بۆ خۆیان هیچی تریان ناوی هەر بۆیە لەترسی ئەوەی ڕادیکالیزمی بزووتنەوەکە بەرەو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی واوەتر لە مەسەلەی میللی بچی و لە ئەنجامدا گەرایشی سوسیالیستی گەشە بکا و جێگا و شوینی چینی کرێکار قایم بی، لەگەڵ هەموو چەشنە کارکردەکانی کونەپەرستی لە کۆمەڵی کوردستاندا سازش دەکەن.

خەباتی کرێکاران بۆ داخوازە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان، بەرپا بوونی بزووتنەوەی جەماوەری و حەقخوازانەی بەهێز وەك خەباتی ژنان بۆ بەرابەری مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پچراندنی زنجیرەکانی کویلەتی سوننەتی، خەباتی جووتیارانی هەژار لە دژی دەرەبەگ و چەوسێنەرانی بورژوا ملکدار لە دێهات، خەباتی زەحمەتکێشانی شار بۆ باشبوونی هەلومەرجی کار و دەیان خەباتی دیکەی جەماوەری، هەموویان هێزی کۆمەڵایەتین بۆ گەشە کردنی گەرایشی سوسیالیستی کە حیزبە بورژوا ناسیونالیستەکان لە ترسی گەشە و پێشرەوی ئەمانە حازرن ورده حیساباتی خۆیان لەگەڵ بورژوازی بالادەست وەلا بنین و بە ئیمتیازاتی نیوە و نیوەچڵ تەنانەت لە مەسەلە میللییەکەیاندا قەناعەت بکەن.

دەوری گەرایشی ناسیونالستی لە کۆمەڵی کوردستاندا پێش هەموو شتێك ئەوە بووە کە ستەمی میللی بەسەر چاوەی هەموو بی عەدالەتی و نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان و بەسەر چاوی هەژاری و مالویرانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە و بە سەر چاوی بی مافییەکانیان لە قەلەم بدا و بەم جۆرە بە داپوشین و شاردنەوەی دژایەتییە چینایەتییەکان، خاك و خول بە چاوی کرێکاراندا بکا و نەهیلی بورژوازی و نیزامی سەرمایەداری وەك سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو ستەم و نابەرابەرییەکان و یەك لەوانە ستەمی میللی، لە سەردەمی ئێستادا، بکەوێتە بەر ئیعتیراز و پەلامار. دەوری ناسیونالیزم ئەوەیە کە بورژوازی لەسەر دەمیك دا کە کرێکاران هاتوونەتە مەیدانی کیشە کۆمەڵایەتییەکان لە مەترسی دوورخاتەوە، بەرابەری خوازی و عەدالەت خوازی کرێکاران حەوالەکاتە داهاتووی دووری "٢٥ ساڵ پاش خودموختاری" و هەروەها نەهیلی کرێکارانی کوردستان خۆیان لەگەڵ باقی هاوچینەکانیان لە جێگەکانی تر لە سەنگەری خەباتێکی هاوبەش دا ببێننەوە.

دەسەڵاتی دریژماوەی موناسەباتی ستەمگەرانەی فیئودالی بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا و، خۆ لەگەڵ گونجاندن و تەنانەت پشتیوانی کردنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەم موناسەباتە و پشت بەستنی بەم موناسەباتە، یەکیکە لە واقعییەتە حاشا هەڵنەگرەکانی تاریخی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابوردوودا. لە حاڵێکدا جووتیارانی زەحمەتکێشی کوردستان لە ژێر باری ستەم و چەوسانەوەی فیئودالی دا ساڵەهای ساڵ پشتیان چەماببووەوە، بۆ بزووتنەوەی ناسیونالیستی خەبات لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی نەك هەر هیچ پەیوەندیکی بەم واقعییەتە کۆمەڵایەتییەوە یانی بە مەسەلەی مەرگ و ژیانی میلیونەها جووتیاری زۆرلیکراوەوە پەیدا نەکردوە بەڵکوو خۆی دەبووە وەسیلە و ئامرازیك بۆ خاموش کردنی جم و جوولە خورسکەکانی زەحمەتکێشانی دێهات.

پلاتفورمی حیزبە سیاسەیە ناسیونالستەکان و لەوەش گرینگتر کارکردی عەینی ئەو حیزبانە پرە لە تەبلیغی بەردەوام لەسەر پێویستی سازشی کونەپەرستانە و دژی زەحمەتکێشی لە نیوان جووتیارانی هەژار و فیئودالەکان دا بە بیانووی خەباتی میللی. زەحمەتکێشی دێهات دەبوو لە حاست وەحشیانەترین فشاری فیئودالەکان بی دەنگە بکا چونکوو گویا خەباتی جەماوەری لە دژی دوژمنی سەرەکی پێی لاواز دەبی. لەوەها هەلومەرجێکدا تەنانەت ریفورمە بورژوا ئەمپریالیستییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ لاواز کردنی بناغەکانی نیزامی فیئودالی، لە سیاسەتی حیزب و هێزەکان و ڕابەرانی محەللی لەم بابەتەوە واوەتر چووە.

بۆ کرێکارانی کوردستان خەبات لە دژی ستەمگەری دەوڵەتی مەرکەزی هەمیشە مەعناکەی سازان لەگەڵ چەوسێنەرانی محەللی بووە. لەوەش گرینگتر لە دە ساڵی ڕابوردوودا نەفسی مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە لایەن ناسیونالیستەکانەوە حاشای لیکراوە و، حاشا کردن لە مەوجوودییەتی ئەو چینە سیاسەتێك بووە لە خزمەت پێشێل کردنی مافەکانی‌کرێکاراندا و لەبەر چاو نەگرتنی داخوازەکانی و خەابتی سەر بە خۆیان و تەنانەت هەڵدان بۆ سەرکوت کردنیان. حیزب و هیزە بورژوا ناسیونالیستەکانی کوردستان هەرکاتیك و لە هەر قوناغیك دا کە لە گۆڕ و تینی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەم دەبیتەوە، حاشا لە نەفسی وجوودی چینەکان و خەباتی چینایەتی دەکەن و هەرکات ئەو خەباتە گەشە دەکا دەکەونە لای دەستی بورژواکان و ملکداران و کونەپەرستان.

مەسەلەی ژنانی زۆرلیکراو لە کوردستان قەت وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لە نیو ئەو بزووتنەوانەدا بە ڕەسمی نەناسراوە. لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی سوننەتی دا لە کوردستان ژنان نەك هەر مەجال و مەیدانی خۆ نیشان دانیان پی نادری، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی گشتی خۆی دەبیتە هێز و وەسیلەیەك بۆ دریژە پێدانی ئەو داب و نەریت و ئەخلاقییات و ستەمگەرییە غەیرە ئینسانییە کە بەسەر ژنانەوەیە.

خورافات و ئەخلاقییات و فەرهەنگی عەشیرەتی و دواکەوتوو لە کۆمەڵی کوردستاندا نەك هەر ناکەوێتە بەر هێرشی بزووتنەوەی ناسیونالیستی، بەڵکوو بەشتێکی پیرۆز دادەنری و ڕیزی دەگیری. شوین هەڵگرتن و سەرکوت کردنی موخالەفەتی سیاسی، پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵك، تەحەمول نەکردنی چکولەترین ڕەخنە و ناکوکی سیاسی، بە سووك چاولیکردنی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بیانووی ئەوە کە "دیموکراسی هیشتا بۆ ئەمانە زووە"، لە مەیدانی هێز و قودرەتی ئەو حیزبە سیاسییە ناسیونالیستانەدا کە لە حەرەکەتە سیاسییە ناسیونالیستییەکاندا دەسەڵاتیان بووە، یەکیکی تڕە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جەرەیانە. بە دڕێژایی چەندین ساڵ یەکیك لە داخوازە ڕەسمییەکانی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵە، لە هەموو وت و وێژ و گفت و گۆکانی نیوان ئەم دووڵایەنەدا ئەوە بووە کە کۆمەڵە پولمیك و تەبلیغی سیاسی لە دژی حیزبی دیموکرات کوتایی پی بینی. هەمیشەش بەندیکی هەموو پەیمان نامە و بەڵگەیەکی ئاشتیخوازانەی نیوان حیزب و گوروهە سیاسییە ناسیونالیستەکان لە کوردستان ئەوە بووە کە بەلین بدەن و پابەند بن بەوەی ڕەخنە گرتن و قسە و تەبلیغی سیاسی لە سەر سیاسەت و ڕەوشتەکانی یەکتر، کوتایی پی بینن.

ب:

نەبوونی ستراتیژییەك بۆ پێشرەوەی و سەرکەوتنی بزووتنەوە

تاریخی بزووتنەوەی ناسیونالیستییەکان لە کوردستان لە هەمان کاتدا کە تاریخی سەرکەوتگەرییە فاشیستیەکانی حکوومەتی مەرکەزی و تاریخی خەباتی ئازادیخوازانە و حەقخوازانەی میللەتی کورد لە دژی ستم و سەرکوت بووە، تاریخی شکست و هەرەس هێنانی یەك لە دوای یەك، تاریخی بی دەماری و بی لیاقەتی و لە نەهاتوویی ڕابەران و حیزبە ناسیونالیستەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم بزووتنەوە جەماوەریانەش دا بووە. حیزبەکان و ڕابەرانی ناسیونالیست هیچکام نەیانتوانیوە بە کۆمەڵانی ڕاپەڕیو بلین دەیانەوی بزووتنەوەکان چلون لە سەرکەوتن نزیك بکەنەوە، گوایا کۆمەڵانی زۆرلیکراو هەر بۆ ئەوە دەبوون ڕەنج و مەینەتی خەباتی سەخت و دژوار بچێژن هەتا ئەم حیزب و ڕابەرانە بتوانن سەمەرەی خوێن و ئارەقیان بکەنە دەسمایەی سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی. ئەم جەریانە هیچ ئاسویەکی نەبووە بێجگە لە چاوەڕوان مانەوە هەتا بارودوخیکی موساعیدی سیاسی هەڵدەکەوی و بێجگە لە هیوادار بوون بەوەی ڕەنگە ئاڵ و گور و ڕووداویکی سیاسی ڕووبدا و دەوڵەتی مەرکەزی لایەکیان لی بکاتەوە.

بی ئاسویی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان و ئەوەکە جەریانی ناسیونالیستی قەت دیمەنیکی ڕوشنی لە داهاتووی بزووتنەوەکان لە بەرچاو نەبووە، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەم جەرەیانە نەك هەر بروای بە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی هێزی بزووێنەری جەماوەری خۆدی بزووتنەوەکان نەبووە بەڵکوو لێی ترساوە.

هەڵخراندی خەباتی جەماوەری، ئیعتیرازاتی سیاسی، هەوڵدان بۆ وەدی هێنانی داخوازە ئابووری و سیاسییە کورت خایەنەکان و بە کورتی هەوڵدان بۆ وەحەرەکەت خستنی شکلیك لە خو نیشاندانی جەماوەر هیچ جێگایەکی لە سیاسەتی عەمەلی بزووتنەوەی ناسیونالیستی سوننەتی لە کوردستان دا نەبووە و لە هەر جێگایەك کە ئەم حەرەکەتانە خۆیان بەرپا بووبن، ئەگەر هێزە ناسیونالیستەکان نەیانتوانیبی بیهێننە ژێر رکیفی خۆیان و بیکەنە دەسمایەی سات و سەوداکانیان، لەبەرانبەریدا ڕاوەستاون و ڕاستەوخۆ موخالەفەتیان لەگەڵ کردوە. خەباتی چەکدارانە یانی تاقە مەیدانی خونیشاندانی بزووتنەوەی میللیش بۆ ناسیونالیستەکان تەنیا وەسیلەیەك بووە بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتی مەرکەزی بۆ پێك هاتن و وەرگرتنی ئیمتیاز. بۆیە ناسیونالیستەکان هەرگیز ستراتیژییەکی ڕوشن و دیاریکراویان لە بابەت قوناغەکانی تەکاملی سیاسی و نیزامی بزووتنەوەی جەماوەری و ڕەوتی بەرەوپێش چوون و چونیەتی وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە دژی ستەمی میللی کە ناسیونالیزمی کورد ئامانجی خۆی بەوە داناوە ئەو ستەمە لەسەر خۆی لابەری نەبووە. ئەمانە ئەم بزووتنەوانەیان تووشی سازان و شکست دەکرد چونکوو بێجگە لەمە هیچ ئاسویەکیتریان لەبەر چاو نەبوو. ئەگەر بزووتنەوەی ناسیونالیستی پەیژەیەك بووە بۆ ئەوەی ڕابەران و حیزبە بورژوایییەکان لە کوردستان پێی دا سەربکەون، لەهەمان کاتدا خۆدی ئەم بزووتنەوانەش قوربانیانی لی نەهاتوویی ئەم حیزبە و "ڕابەر"انە بوون. یەکیك لە نوینەرانی لە مێژینە و ناسراوی جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران بووە. زیانی سیاسی ئەم حیزبە بە باشترین شێوە نیشاندەری لی نەهاتوویی و دامەزاوی ناسیونالیزمە لە دەس نیشانکردنی هەرچەشنە

داهاتوویەکی روشن دا بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە کە لە روانگەی ئەم حیزبەوە بە دەس هێنانی خودموختاریی لە کوردستان.

ج:

خولادان لە ڕێکخستنی جەماوەر

بزووتنەوەی ناسیونالستی لە کوردستان هەرگیز نەیتوانیوە بە ڕێکخستنی توانایی خەباتکارانەی کۆمەڵانی زۆرلیکراو لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا، قودرەتی هەڵسووڕانی خۆدی جەماوەر بەریتە سەر. پێك هێنانی شووڕا، سەندیکا، یەکیەتی جووتیاران و بنکەکانی خەباتی تویژە زەحمەتکێشەکان نەك هەر هیچ جێگایەکی لە تێکۆشانی عەمەلی حیزبە ناسیونالیستەکاندا نەبووە بەڵکوو بەهەر رادەیەك ئەم جۆرە ڕێکخراوانە نوینەرایەتی بورژوەوەندی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشیان کردبی، ئەم حیزبانە بوونەتە کوسپی سە ڕێگایان و رق بە رقەیان کردوون. حیزبە ناسیونالیستەکان بە دڕێژایی تاریخی ژیانی خۆیان هیچ خزمەتیکیان بە ڕێکخراو بوونی جەماوەر نەکردوە و لەم بابەتەوە خشتیکیان نەناوەتە سەر خشت. حاسلی سالەهای سالێ تێکۆشانی حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان نەیکرددوەتە پێك هاتنی تاقەیەك ڕێکخراوی جەماوەری و بەم مەعنایە هیچ سوننەتیکیان لە پاش خۆیان بە جی نەهیشتوە.

کارشکینی و کوسپ سازکردنی حیزبی دیموکرات لەسەر ڕێگای پێك هاتنی بنکەکانی گەرەکەکان لە شارەکانی سنە و مهاباد و... هەوڵدان بۆ پێش گرتن بە یەکیەتیەکانی جووتیاران لە کوردستان، موخالەفەتی بە ئاشکرا و بە نهێنی لەگەل شووڕا واقیعییەکان و کۆبوونەوە گشتییەکان کە حازر نەبوون چاو لەدەست و گوی لە مستی حیزبی دیموکرات بن وە تەنانەت چەند جار گرتنی ئەندامانی ئەو شووڕایانە و، سەرئەنجام نەبوونی چکولەترین ئیشارە لە نیو نووسراوە و بڵاوکراوەکانی ئەو حیزبەدا کە نیشاندەری مەیلیان بە ڕێکخستنی جەماوەری بی، ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لە کارکردی ناسیونالیزم لە بزووتنەوەی کوردستاندا و تاریخی خەباتی خەڵکی کورد لە کوردستان لە سەدەی رابوردوودا شاهدی حاشا هەڵنەگری ئەم واقعییەتەیە.

ئورگانەکانی حکوومەتی داهاتوو (دەوڵەتی سەربەخۆ، حکوومەتی خودموختار و...)ی ئەم حیزبانە بێجگە لە ڕێکخراوی حیزبی و تەشکیلاتی چەکداری خۆیان هیچتر نیە. لە راستیدا ئەوشتە کە ئەمانە دەیانەوی قەوارەی سازمانیەکەی داریژن ئورگانی ریبەرایەتی بورژوازی محەللییە کە دەبی جێگای دام و دەزگاکانی ئێستا بگرێتەوە و لەم بابەتەوە سازمان و قەوارەی ئەو دەوڵەتەی ئەمانە داوای دەکەن هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل سازمان و قەوارەی محەللی دەوڵەتی بورژوازی. هێزی چەکداری ئەمانە قەوارە جێگای هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی مەرکەزی بگرێتەوە و پلە و پایەکانی حیزب دەچنە جێگای دام و دەزگای بوروکراتیکی حاکم. تاقە جیاوازیەك کە لەم نیوەدا هەیە ئەوەیە کە سیاسەتمەداران و دەست و پێوەندەکانی بورژوازی محەللی جێگای کاربەدەستانی پێشوو دەگرنەوە. لە راستیدا ئەو ئەرکە کە ناسیونالیستەکان بیوچان خەریکن بەریوەی دەبەن بریتییە لە پەروەردە کردن و ئامادەکردنی "شەخسییەت" بۆ ئەوەی جیگای ئەو فەرماندار و کاربەدەستانە بگرنەوە کە ئێستا دەوڵەتی مەرکەزی دایناون. ئەمانە هەر لە بنەرەتەوە پابەندی پێك هینانی ریکخراوە جەماوەریەکان و ڕێگا و ڕەسمی خەباتی یەکگرتوو نین.

د:

پشت بەستن بە بیر و داب و نەریت و بنکە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ

لە بەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی ناسیونالیزم، نەك پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و باشبوونی وەزعییەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی چینە ژیر دەستەکان، بەڵکوو وەرگرتنی ئیمتیازە بۆ بورژوازی محەللی لە دەوڵەتی مەرکەزی کە بە ناوی داخوازی میللی بەیان دەکری ناسیونالیزم ئامادەیە بۆ پاراستن وە یا تەنانەت پشت گرتن و بەهێز کردنی دواکەوتووترین بنکە و بوچوونەکانی کۆمەڵی مەوجوود و تەنانەت بە مەبەستی فشار هێنان بۆ دەوڵەتی مەرکەزی وە یا بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەك هەندیك لایەن بەرەوخۆی راکیشی، کەلکیان لی وەردەگری. ئەمە، بە تایبەت کاتی گەشە کردنی هێزە وشیاریدەر و پێشرەوە کرێکاریەکان زەقتر دەبێتەوە و ناسیونالیزم دەکاتە مەنزلگەی هەموو ئەم دواکەوتوویانە. بۆ روشنتر بوونەوەی زیاتری ئەم واقعییەتەش دەروانینە نزیکترین نموونە لەم بابەتوە یانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کارکردەکانی ئەم حیزبە لەم زەمینەیەدا.

حیزبی دیموکرات بە پێی ئەوشتەی خۆی بەرەسمی رایەگەیاندوە حیزبیکی مەزهەبی نیە بەڵام بەرنامە رادیویی‌یەکانی خۆی بە بڵاوکردنەوەی چەند ئایاتیك لە قورئان دەست پێدەکا. لە بەرنامەی راگەیەندراوی خۆیدا بەلینی یارمەتیدان بە بنکە مەزهەبیەکان و کومەك کردن بە بەرەوپێش چوونی کاروباری مەزهەبی داوە. لە تەبلیغاتی رادیویی‌دا لە دژی کۆمۆنیستەکان گەلیك جار ئیدئولوژیکەی بەدەستەوە گرتوە و لە تەبلیغاتی محەللی‌یەکەی دا بە دنەدان و بزواندنی دەماری مەزهەبی جەماوەر، پەنای بردوەتە بەر پیس ترین و بیشەرمانەترین تەبلیغاتی مەزهەبی لە دژی کۆمۆنیستەکان. رایەل و پوی پرتووکاوی مەزهەب و دەزگای مەزهەب هەر لە ئێستاوە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە تەقویەت دەکری و بە دەستەوە دەگیری. لە ساڵانمی ۵۸ و ۵۹دا کە لە پال ناوچە تورك نشینەکان هەندیك ناوچەی ئازاد لە ژیر کونترولی هێزەکانی پیشمەرگەدا بوون، ئەم حیزبە بە پەرە پێدانی رقەبەری مەزهەبی و جیاوازی میللی لە ناوچەکانی "میاندواو"و "نەغەدە" بە کردەوە دەستی دا بووە پێش برکی لەگەل ئاخونده کونەپەرستە شیعە مەزهەب حیزب اللهییەکان سەر بە دەزگای جمهووری ئیسلامی و گەلیك جار بە هەڵخراندنی ئیحساساتی دواکەوتوو و بزواندنی هەستی تولە ئەستاندنەوەی قەومی هەوڵی دەدا هێز لە دەوری خۆی کو بکاتەوە و پاشماوەی ئەم کیشە و ناکوکی‌یانە بووە سەرچاوەیەك بۆ هێز کوکردنەوەی ئەم حیزبە. چەند جار دەستیان دایە توپ باران کردنی خەڵکی دێهاتی تورك نشین و کوشتاری گەلیك ئینسان لەو شوینانە.

تەئیید کردن و تەنانەت بە هێزکردنی سوننەتە کۆمەڵایەتی‌یە دواکەوتووەکان لە زەمینەی ستەمگەری لەسەر ژنان دا و تەبلیغاتی رەزیلانە و بیشەرمانە لە دژی کۆمۆنیستەکان لەم زەمینەیەدا، لایەنیکی هەمیشەیی کارکردەکانی حیزبی دیموکرات بووە. زۆر قانوون و یاسا و داب و ڕەسمی نیو کۆمەڵ وەك داب و ڕەسمی ژن هێنان و شووکردن و مافەکانی ژن لە خانەوادەدا لەم بابەتەوە، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بەدەستەوە گیراوە و کەلکی خۆی لی وەرگرتوە. پەیوەست بوونی ژنانی تێکۆشەر بەریزی هێزی پێشمەرگایەتی‌یەوە، هەتا ماوەیەکی زۆر، لە لایەن ئەم حیزبەوە هێرشی دەکرایە سەر و ئەم حیزبە هەوڵی دەدا بە هەڵخراندنی دەماری مەزهەبی و ئەخلاقییاتی سوننەتی، سیاسەتی کۆمەڵە کە بانگەوازی ژنانی دەکرد بێنە نیو ریزی خەباتی چەکدارانەوە، تووشی شکست بکا.

لەیەك کەلام دا مەزهەب، خورافات، جیاوازی و کیشە قەومی و عەشیرەیی‌یەکان و تەعەسوباتی محەللی، ئەخلاقییاتی دواکەوتوو و داب و نەریتی پرتووکاوی نیو کۆمەڵ، نابەرابەری و بی عەدالەتی‌یەکانی مەوجوود لە بابەت ژنان و تەعەسوباتی جنسی، نەخویندەواری و بی ئاگایی جەماوەر لە مافەکانی خۆیان، ئەمانە هەموویان لە لایەن جەرەیانی ناسیونالیستی و حیزبەکان و رابەرانی ناسیونالیستەوە نەك هەر هەریگز هێرشیان نەکراوەتە سەر بەڵکوو ناسیونالیزمی سوننەتی لە کوردستان خۆی هۆی مانەوەیان بووە و پشتی پی بەستوون.

(۲)

ئەوشتانەی باسیان کرا، هەموو ئەو تایبەتمەندی و لایەنانە نین کە جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستانمان پی دەناسینن و هیشتا گەلیك تایبەتمەندی و خەسلەتی تریش هەن کە دەکری باسیان بکەین: پەرە پێدانی شوڤینیزمی میللی و پێك هێنانی کەلەبەر و نیوان ناخۆشی لە نیوان زەحمەتکێشانی کورد و غەیرە کورددا، بی پرەنسیبی لە خەباتی سیاسی‌دا، پەرەپێدانی درو و دووروویی و گورینی حەقیقەتە ئاشکراکان، داشکاندنی خەباتی سیاسی و نزم کردنەوەی هەتا ئاستی هونەری پیلانگیران و حیلە و چاوبەستن، بەندوبەست لە کوردستان هیچ ئامانجیك بێجگە لە وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ بورژوازی محەللی لە دەوڵەتی مەرکەزی کە تەنیا وەك داخوازی میللی بەیان دەکری بۆ خۆی دیاری ناکا و تێکۆشانی خۆی لەم زەمینەیەدا ناباتەوە سەر هیچ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە. ئەم واقعییەتە، هەندیك تایبەتمەندی بە شێوەیەکی چار هەڵنەگر لە ڕێکخراوی چەکدار و خەباتی چەکدارانەی حیزبە ناسیونالیستەکاندا پێك دینی کە گرینگترین یان ئەمانەن:

– ئەو هێزە چەکدارە کە هەموو ئامانج و مەبەستی تەنیا بریتی‌یە لە رزگاری میللی جا خۆی هەرچوونیکی تەعبیر کا هیچ ئەرك و وەزیفەیەك لە بابەت کاری وشیاری دەرانە لە نیو جەماوەردا و لە بابەت هەوڵدان بۆ باشبوونی وەزعییەتی ژیان و گوزەرانی جەماوەر بۆ خۆی دانانی و ئەرکی وا هەر بە پێویست نازانی. بە ناچار داهاتووی هێزیکی چەکداری لەم چەشنە، لە زەینی جەماوەردا و لە ئاسوی سیاسی خۆدی ئەو هێزەش داهیچی تر نیە بێجگە لەوەی ببیتە جی نشینی ئەرتەشی مەرکەزی.

هێزێك کە ئەمرۆ لە نیو کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراودا هیچ دەوریکی وشاریدەرانەی نەگرتوەتە ئەستوو بە ئەرکی خۆی نازانی هیچ هەولیك بدا بۆ زەررەیەك باشبوونی ژیانی جەماوەر، وە بۆ سبەینیش هیچ هیوا و ئاسویەکی نیە بێجگە لەوەی ببیتە هێزی چەکداری حکوومەتێکی مەسەلەن خودموختاری محەللی، هەر ئەم واقعییەتە "ئەرتەشی خودموختاری خواز" هەر ئەمرۆ دەکاتە هێزێکی غەیرە پێشرەو و ملهور. ئەگەر ستەم و سەرکوتگەری بی سنووری دەوڵەتی بورژوایی مەرکەزی دەبیتە هۆی ئەوە کە خەڵك لە حاست ئەم جۆرە ڕەوشت و تایبەتی‌یانەی نیو ئەم هێزە چەکدارە کەم تا زۆر چاوپوشی بکەن یان مودارای لەگەل بکەن، ئەمە زەررەیەك لەم واقعییەتە کەم ناکاتەوە کە هێزێکی ئاوا، هێزی سەرباری جەماوەرە. سووکایەتی و ئێهانەت کردن بە خەڵکی زەحمەتکێش، لە بەرچاونەگرتنی مافە شەخسی و فەردی‌یەکانیان، کەمتەرخەمی لە حاست مال و دارایی و بەرژەوەندیان و بە کەیفی خوبیروبەوی دادان و خەسار کردنی دارایی یان، کە شێوەی جۆراوجۆری لە ڕەفتاری جەرەیاناتی ناسیونالیست دا بەرانبەر بە جەماوەر دەبینری، لەو مەوقعییەت و جیگا و شوێنەوە سەرچاوە دەگری کە هێزی چەکداری بزووتنەوەی ناسیونالیستی تێیدایە. سەرهەلدان و گەشەکردنی ئەم خسووسییەت و ڕەوشتانە سەرچاوەکەی لە تەماوخواستی دەروونی شەخسییەتی کەسەکان دا نیە بەڵکوو سەرچاوەکەی لە ئامانج و ئاسو سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکەیاندایە. بۆ هێزی "خودموختاری خواز" جەماوەر بۆ هیچی‌تر نیە بێجگە لەوەی پێویستی‌یە جەنگی‌یەکان و کاروباری پشتی جەبهەی بۆ جێبەجێ بکەن و ئەو "هێزەش لە حاست ئەوان هیچ ئەرکیکی نەگرتوەتە ئەستو بێجگە لە وەرگرتنی خودموختاری وەك ئامانجی نیهایی و ئەوپەری ئامانجی سیاسی خۆی

– بوونی ئەم ڕەوشت و خوسووسیاتە، نەك هەر پەیوەندی هێزی چەکداری پێشمەرگە لەگەل کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراو دەکاتە پەیوەندیکی ملهوورانە و غەیرە دیموکراتیك، بەڵکوو شێوەی ژیان و ڕەفتار و ئەخلاقییاتی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەش بەرەبەرە تووشی گەندەل بوون دەکا. سەرهەڵدانی مەیلی ماجەراجویانە و نیزامی گەرایانە و غەیرە سیاسی، بەر و پەیدا کردنی ئەخلاقییاتی لومپەنی و...، ئەمانە حاسلی چارە هەڵنەگری ئەوەن کە ئەو هێزە چەکدارە خاوەنی هیچ ئامانجیکی بەرزی کۆمەڵایەتی نیە و ئاسو و مەبەستی سیاسی‌یەکەی بەرتەسك و تەنگەبەرە.

– ناوچەکانی ژیر دەسەڵاتی پێشمەرگەی ناسیونالیست لە باری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌یەوە لە دواکەوتوویی‌دا دەمێننەوە چونکوو هێزی نیزامی خۆ خەریك کردن بەم مەسەلانەوە بە ئەرکی خەباتکارانەی خۆی نازانی. ئەمانە گویا ئاڵ و گۆریکن کە "۲۵ ساڵ پاش خودموختاری" تازە دەبی بیریان لی بکرێتەوە! قسە لەسەر ئەوە نیە کە هێزی پێشمەرگە بە قودرەت و ئیمکاناتی حیزبی و سازمانی خۆی هەتا چەندە دەتوانی لەم مەیدانەدا راستەوخۆ ئاڵ و گۆر پێك هێنەر بی، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا هێزی نیزامی کە خۆی لە نیو ئەم خەڵکەدا دەژی، چ هەولیك دەدا بۆ هەڵخراندن و ڕێکخستنی پێك هێنانی ئاڵ و گۆر لە هەلومەرجی ژیانیان دا؟ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەسەڵاتدارەتی خۆی هەر بەوە دەزانی کە کیشە و ناکوکی‌یەکانی خەڵك "حل و فەسل" بکا ئەوەیش بە ئەستاندنی جەریمە بە قازانجی خۆی! شووراکانی زەحمەتکێشانی دێهات لە جیاتی ئەوەی ئورگان و بنکەی جەماوەری بن بۆ بەرێوە بردنی دەسەڵاتدارەتی خەڵك و ئامرازی پێك هێنانی ئاڵ و گۆر بن بۆ باشبوونی ژیانی گشتی بە هێدایەت و ڕینوینی هێزی چەکدار، دەکرێنە ئامراز و وەسیلەیەك بو جێبەجێ کردنی پێویستی‌یە گەورە و چکولەکانی هێزی چەکدار و دەبنە پاشکوی ئەو هێزە.

– سازش لەگەل عەشایر و هەولدانی هەمیشەیی بۆ ڕاکیشانی هێزی چەکداری ئەوان، بۆ حیزبە ناسیونالیستەکان هەمیشە ئارەزوویەك بووە، عەیار و پیوانەی سەرکەوتنیان بووە و حیزب و گوروهە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەمە ڕەقابەتیان کردوە. هیشتنەوەی پەیوەندە زالمانەکانی فیئودالی، چاوپوشی کردن لە جینایەتەکانیان و تەئیید کردنی ئەم جینایەتانە، نرخیك بووە کە ناسیونالیستەکان هەمیشە لە پێناو ئەوەدا کە عەشایر پشتیان بگرن، حازر بوون بیدەن بە سەروك عەشیرەتەکان.

– خەباتی نیزامی تەواو بە دوور لە پێویستی‌یە ماددی‌یەکان و داخوازەکان و ئارەزووەکانی ڕۆژانەی زەحمەتکێشان ڕێگەی خۆی دەگری. بۆ نموونە کاتێك هێزی پێشمەرگە ناوچەیەکی گوندنشین دەگرێتەوە، مەعناکەی ناکاتە راونانی کونەپەرستان، ناکاتە موسادەرە کردنی زەوی و

چـــاڵە دەغـــڵ و ئـــەنباری ملکدارەکان، ناکاتە پێک هێنانی "تـەعاونی دێهـات"، ناکاتـە پێـک هێنانی شووراکانی خەڵک یان هیچ هـــەنگاوێکی‌تری لـــەم چەشـــنە، بەڵکوو تەنیا مەعناکەی ئەوەیە کە هێـــزی خودموختـــاری‌خواز، سـەربەخۆیی خـواز و ....، جێگای ئەرتەشی مەرکـەزی دەگرێتـەوە و خـــەڵک لـــەم دەســـتاو دەســـت پێکردنەدا دەسکەوتێکی وایان پی نابری.

– لـــە منتقـی هێـــزی نیزامـــی ناسیونالیســـت دا، جـــەماوەری خەڵک بۆ ئەوە نابن هیچ دەورێکی ڕاستەوخۆ و سـەربەخۆیان هـەبی چـــونکوو خەباتەکـــەیان لـــە چوارچـــێوەی تێکۆشـــانی چەکدارانەدا نەبی هیچ بایەخیکی نیـــە. ئەمانـــە پێیـــان وایـــە جـەماوەریان دەبی بینە ناوریزی هێـزی پێشـمەرگەیان کاروبـاری پشتی جەبهەی بۆ بکەن و دەنگ و باسی بـۆ کۆبکەنـەوە و ئازووقـەی پی بگەیەنن. لە بەر ئەوەش کە لە ژیـــانی واقیعـــی کۆمـــەڵی کوردسـتاندا ئیمکـانی ئـەوە نیـە زۆربـەی خـەڵک بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ خـەباتی چـەکدارانە بکـــەن، کـــە وایـــە سیاســـەتی ناسیونالیســـتی لـــە ڕاســـتی‌دا مەعناکەی ئەوەیە ئەم زۆربەیە لە حاشیەدا ڕابگـری و گـوێ نەداتـە ئـەو مەیدانـە واقیعی‌یانـە کـە ئـەم جـەماوەرە بەرینـە دەکـری تێیـدا هەڵسـووڕین. بۆیـە بزووتنـەوەی ناسیونالیستی کە تـەنیا پشت بـە خـــەباتی چـــەکدارانە دەبەســـتی، ناتوانی لە جەرگەی ئەم خەباتـەی خۆیدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری هەڵخرێنی.

بەڵام مەسەلە تەنیا ئەوە نیە کە هێـــزی چـــەکداری بزووتنـــەوەی ناسیونالیســـتی بـــۆ هەڵخرانـدنی بزووتنـەوەی سیاسـی جـەماوەری هـیچ هـەولیک نـادا، بـەڵکوو لـە دنیای واقیعی دا ئەم بزووتنەوانـە لـــە لایـــەن هێـــزی چـــەکداری ناسیونالیسـتەوە سـووکایەتی‌یان پێکـراوە، بـەبی بایـەخ دانـراون و تەنانەت سەرکوت کراون. چونکوو لەبـــەر ئـــەوەی حیزبـــە ناسیونالیســتەکان پێیـــان وایـــە هـەرکات جـەرەیاناتی ئیعتیرازی و سیاسی گەشە بکـەن، جـەماور لـە کـۆنترۆل و ئالقـەی نفـووزی ئـەم حیزبانـە دەچـنە دەر و، لـە گەشـە کردنـــی رادیکـــالیزمی ئـــەو بزووتنەوانـە دەترسـن، نـەک هـەر هیچ هەولیک نادەن بۆ هەڵخراندن و ڕێکخسـتنی ئـەو بزووتنەوانـە، بەڵکوو تەنانەت بۆ خاموش کردن و بـی دەنـگ کردنیشـیان هـەول دەدەن. گـــەلیک نموونـــە لـــەم زەمینەیەدا لە حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێـــران دەتـــوانین ئیشـارە پـی بکـەین. کاتیـک لـە پـاییزی سـاڵی ١٣٥٨دا مـانگرتنی گشـتی و تەحەسـنی یـەک مانگـەی خەڵکی شاری سنە بۆ ئیعتیراز بە حوزووری پاسدارانی ئیسلامی لە نیو شار دەستی پێکرد، حیزبی دیمـوکرات نـەک هـەر خـۆی لـە تەقویـەت کردنـی ئـەم حەرەکەتـە بەرینـە جەماوەری‌یـەدا هـیچ دەورێکـی نـەبوو بـەڵکوو هـەموو هێـزی خۆشی بـۆ پێش گـرتن بـە پشتیوانی خەڵکی باقی شارەکانی کوردسـتان و بـە تایبـەت شـاری مهابـــاد لـــەم حەرەکەتـــە شۆرشگێرانەیە بە کار دەبرد. لـە جـەرەیاناتی سیاسی و ئیعتیرازی گرینگـــی دیکـــەش دا وەک خۆپێشـاندانی گشـتی خـەڵکی شـاری مهابـاد لـە سـەروبەندی گەرانەوەی پێشمەرگە بۆ نیو شار لـە پـاییزی سـاڵی ١٣٥٨دا کـە بـە بانگـــەوازی کۆمەڵـــە و شـــێخ عزالدینی حسینی بەریوە چوو، لە کوچـی مێـژوویی خـەڵکی شـاری مـەریوان دا و لـە دەیـان ڕووداوی گەورە و چکولەی دیکە دا حیزبی دیمـــوکرات هـــیچ ئـــەرکیکی نەگرتوەتـە ئەسـتو. لـەم جـۆرە نموونانە لە مێژووی بزووتنەوەی ناسیونالیسـتی‌دا لـە کوردسـتان گەلیک زۆرن.

ب:

نـــەبوونی ســـتراتیژی و تـێگەیشـتنی روشـن لـە قوناغـــەکانی تـــەکاملی سیاسی و نیزامی بزووتنەوە

بـــۆ هێـــزی پێشـــمەرگەی ناسیونالیســـت، قوناغـــەکانی تـەکاملی خـەباتی چـەکدارانە و سـەرئەنجام سـەرکەتنی نیزامـی، هـیچ مەعنایـەکی کـونکریتی نیـە. ڕوشـنترین ئاسـوی سـتاتیژیک بـۆ حیزبـــە ســـوننەتی‌یە ناسیونالیستی‌یەکان بریتی‌یـە لـە شـەر کـردن بـۆ نزیـک بوونـەوە لـە هەلومەرجی ڕێک کەوتن و سازان و ئیمتیـاز وەرگـرتن لـە دەولـەتی مەرکـەزی. پێشـرەوی نیـزامیش هـەر بـۆ ئەوەیـە خزمـەت بـەم مەبەسـتە بکـا. میزانـی دووری و نزیکـی لـەم ئاسـو سیاسـی‌یە، هومیـد و ناهومیدی‌یـەکان لـە نیـو ریـزی چـەکداری ئـەم حیزبانـەدا شـکل پێـدەدا و ئەگـەر ئـەم دەرفەتانە هەڵنەکەون، ئیتر شایعە و دەنگوو وەعدە و بەلین لە بابەت وت و وێـژ و ڕێـک کـەوتن دەسـت پێـدەکا و بیروزەینـی هێـزی چـەکداری دادەگـری و ئەمـە بـۆی دەبێتە مایـەی پشت ئەستووری و توانایی و وزەی پی دەبەخشی.

حیزبـی دیمـوکرات یـەکیک لـە نموونـە زەقـەکانی ئـەم چەشـنە سیاســـەتەیە لـــە کوردســـتان. هیچکام لە ئەفرادی ئەو حیزبە، لە ژیـانی ٩ سـاڵی ڕابـوردووی ئـەم حیزبەدا پێیان شک نایە جارێک ٦ مـانگ تێپـەڕ بـی و دەنگویـەک لـەم بابەتـــەوە نەکەوتبێتـــە نیـــو ریزەکانیان. لە سـاڵی ١٣٦٤دا ئەو حیزبە لەسـەر پاراستنی مافی وت و وێـژ کـردن بـۆ خـۆی لەگـەل دەولـــەتی مەرکـــەزی لـــە هاوپەمانەکانی خۆی کە پێکەوە لـە شـووڕای میللـی موقاومـەت دا بـوون جیـا بـووەوە. مـوجاهیـدین دەیانەویسـت حیزبـی دیمـوکرات لەو مافە کە هەمیشە ستراتیژی و ئاسـوی سیاسـی و عەمـەلی هێـزی چـەکداری ئـەم حیزبـە بـووە مـەحروومـ بکـەن. مـەعلووم نیـە ئەگـەر ئـەم ئاسـو سیاسـی‌یە کـویر بێتـەوە ئیتر خـەباتی چـەکدارانەی هێـزی پێشـمەرگەی ئـەو حیزبـە دەبـی هـەتا کـوی بچـێتە پـێش؟ حیزبـی دیمـوکرات چـلون و بـە پشت بەستن بە کام هێزەکان و بە تێپـەرین لـە کـام قوناغانـەوە ئـەو خودموختاری‌یە وەدەست دینی؟ ئـــەوە کـــە حیزبـــی دیمـــوکرات ســـتراتیژی‌یەکی ڕوشـــنی بـــۆ پێشـــرەوی و ســـەرکەوتنی بزووتنەی ناسیونالیستی نیە، بە ڕوشـنترین شـێوە لـەوەدا خـۆ دەنـوینی کـە هێـزی پێشـمەرگەی خۆی لە تاریکی دا ڕادەگـری و بـە وەعـدە و بـەلینی چـەند مانگـە لـەم ڕووداوە سیاســـی‌یەوە هـــەتا ڕووداوێکی‌تر لەم دەرفەتـەوە هـەتا دەرفـەتێکی‌تر، دلگـەڕمی‌یان پـی دەبەخشی.

لـە وەزعییـەتیکی ئاوادایـە کـە شـکل و شـێوەی جۆراوجـۆری تریش بۆ هاندانی هێزی چـەکدار وەکار دەخرین هەتا ژمـارە و وڕەی هێزی چەکدار بە هر قیمەتێک بووە بپاریزری. پێک هێنانی ڕەقابەت لـە نیو بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزی پێشـمەرگەدا لـە شـەڕەکاندا و دەنـــەدانی ناوچـــەگەرایی و شـتی‌تری لـەم بابەتـە دەکرێنـە هۆیەک بۆ هاندانی هێزی چەکدار و، هـەر ناوچـەیەک، بەسـتە بـەو ڕووداو و مەسـەلە موشەخەسـە مێژوویی‌یانـە کـە لـەو ناوچـەیە ڕوویـان داوە "شـانازی"یـەکی تایبـەتی لـە ژیـر گـل بودەردەهێنریتـەوە. شـەڕەکان و دەسکەوتەکانی شەری چەکدارانە چەندین بەرابەر گەورە دەکرێنەوە و هـــەول دەدری نەفســـی سەرکەوتنی نیزامی لە عەمەلیاتە جیاجیاکانـدا بکرێنـە مایـەی دلگرمی بۆ هاندان و پال پێوەنانی هێـزی چـەکدار بـەرەو کـارێکی چەکدارانەی هێزی ناسیونالیست بە بی هیچ حیکمەتێک بەرەوپێش دەبری. کاری نیزامی نەک بە پێی بـەرەوپێش بردنـی سیاسـەتێکی گشـتی کـە تێیـدا پێشـرەوی جەماوەری و وڕەی خەباتکارانەی خـەڵک و فـاکتوری‌تر لەبـەر چـاودەگیری، بـەڵکوو بـە پێـی هەندیک پێوانـەی کـاتی و فـەننی وەک میزانی دەسکەوتەکان زیانی دوژمن و ژمارەی دیلەکان و شتی لەم چەشنە بەراورد دەکری.

پەرەپێـــدانی "کیشـــی پێشـــمەرگە"، وەک "قارەمـــان" بەرچـاو خسـتنی و هـەروەها وەک مـەوجوودیک پـیرۆز و بـاتر لـە ئینسـانی ئاسـایی، هانـدانی ئیحاسـات و تـەمای فـەردی بـە قیمـــەتی پـــەرە پێـــدانی ئـەخلاقییاتێکی خـۆ پەرسـتانە و ملهورانـــە، لـــە تایبـــەتی هەمیشـــەیی‌یەکانی تـــەبلیغاتی حیـــزب و گوروهـــە ناسیونالیسـتەکان بـووە. ئەگـەر قـەراڕە خـەبات لـە دەسرەسـی جـەماوەر دووبـری و کراسـیک بـی تـەنیا بـە بـەری پێشـمەرگە برابـی، دیـارە هەرکەسـێکی نیـو ئـەو هێزەش دەبی وەک مـەوجوودیکی باتر لە ئینسانی ئاسایی بەرچاو بخـری، بـەم جـۆرە لـە تـەبلیغاتی ناسیونالیسـتی‌دا سـیمایەکی غـــەیرە واقیعـــی و غـــەیرە کۆمەڵایەتی لە پێشمەرگە بەرچاو دەخـری. بـەڵام سـەیر ئەوەیـە هـەر ئـەم "قارەمان"ە لە پەیوەندەکانی نیـو خـۆی تەشـکیلات دا تـەحقیر دەکـری و بـە سـووک چـاوی لیـدەکری و لەسـربازیکی سـادەی ئەرتەشـی خودموختـاری خـواز واوەتر هیچ بایەخێکی پی نادری. ئەو کەسە کە بە پێی قاعیدە بۆ ئامانجیکی سیاسی یانی بۆ وەدی هێنـانی مـافی میللـی هاتوەتـە مەیدان، لیرەدا دەبێتە شەرکەریکی نیـو ڕێکخـراوی چـەکدار. بـە پێچەوانەی بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیسـتی کـە ریـزی خـۆی بـە ریـزی پێشـرەوانی خـەباتیکی بـەرینی کۆمەڵایـەتی دەزانـی و هەموو کەسیکی نیو ئەم ریزە وەک سـەرمایەی ئینسـانی ئـەم خەباتـە چـاو لی دەکـا و بۆیـە ئینسانەکان بەلایـەوە بایـەخیکی زۆر زیـاتر لـە بایـەخی سـەربازیکی سـادەی ئەرتەشیان هەیە، لە ریزی خەباتی ناسیونالیسـتی‌دا هـەر ئـەم ئینسـانانە کـە ڕووبـە دەڕەوە لـە حاست جەماوەر وەک قارەمانانی بەرزەفر و مەوجوودانیکی پیرۆز و موقەددەس بەرچاو دەخرین، لـە پەیوەنـدەکانی نیـو خـۆی تەشکیلات دا و لەو ڕەفتارەدا کـە سازمانی حیزبی لەگـەلیان دەکـا، ئەوپـەری بـی دەربەسـتی و کەمتەرخەمی لە حالت پاراستنیان و لـە حالـەت پـەرەپـردە کـردن و بارهێنانیـان بەرچـاو دەکـەوی. پێشـمەرگە لـە تەشـکیلاتی ناسیونالیسـتی‌دا لـە چـاو بەرپرسان و ڕیزەکانی سەرەوەتر بـە سـووک چـاوی لیـدەکری. مونافسەباتی غەیرە دیموکراتیک لە نیـو تەشـکیلاتی چـەکدار دا و هێنانـە خـوار و داشـکاندنی شەخسییەتی پێشمەرگە لـە چاو فەرمانـدەکان و ڕیزەکـانی سەرەوەی تەشکیلات، یەکیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی موناسەباتی ناوخۆی حیزبە ناسیونالیستەکان. بۆ ئەمانە بەرابەری خەباتکارانە و دیموکراسی ناوخۆی تەشکیلات لەگـەل جـەنگاوەر بـوونی هێـزی چـەکدار نـاکوکی هەیـە. موناسەباتی غەیرە دیموکراتیک و جیـایی نیـوان پێشـمەرگە و فەرماندەکان و مەسـئوولین لـە تەشکیلاتی نیزامی‌دا کە ئەم کەلین و جیایی‌یە لە باری شێوەی ژیان و تەنانـەت بەهرەمەنـدی لـە ئیمکانـات و ئیمتیـازات و گوزەرانـەوە هـەتادی زیـاتر دەبـی بەشـێکی جیـا نـەبووەوەی ئـەخلاقییاتی نیـو ئـەو ڕێکخراوانەیە کە بەرەبەرە بووەتە شێوە و دەقـی ئاسـایی ژیـان و ستانداردیکی سەلمیندراو لە نیو ئەو حیزبانەدا.

هەرتک لایـەنی ئـەم ئەخلاقییاتـە سـازمانی‌یە، یـانی قارەمـان سـازکردن لـە پێشـمەرگە ڕووبـە جـەماوەر و داشکاندنی و هێنانـە خـواری بایـەخی پێشـمەرگە هـەتا ئاسـتی شـەرکەریکی چـەکدار و هیچی‌تر لە نیو تەشکیلات دا، بۆ ناسـیونالیزمی بـورژوایی زەروورەتیکـە بەرانبـەر بـە جـەماوەر، مـەرجی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە ببێتـە ئـامرازیکی کـارا لـە دەسـت ناسوونالیستەکاندا بۆ ڕێکخستنی دەزگایـــەکی نیزامـــی و بـوروکراتیکی خودموختـار کـە قـەراڕە جێگـەی کاربەدەسـتانی دەوڵەتی مەرکەزی بگرێتەوە. بۆیە هـەر لـە ئێستاوە ئـاوا پـەروەردە دەکرین: یـانی هـەم بـە فەرهەنگ و ئەخلاقییاتیکـەوە کـە پێشـمەرگە خـۆی بـەبان سـەری خـەڵک بزانـی، وەهـەم بۆ ئەوەی ببیتە ئینسانێک کـە بـی ئـەم لاو ئـەولا سیاسـەت و بریارەکـانی دەزگـای ڕێبەرایـەتی حیزبـی و بەرژەوەنـدی بـورژوایی ئـەم حیزبانـە بـەریوە بـەری پێویستە گوێ لەمست و سەرکویر و کەم تەوەقوع فیر بـی، لەمەسـەلە سیاســـی‌یەکانی مـــەربووت بـــە چارەنووسـی ئـەو خەباتـە کـە لـە پێنـاوی‌دا چـەکی هـەڵگرتووە دەخالـەت نـەکا و لـە حاسـت "هونەرنمایی"یـە سیاسـی‌یەکانی "ڕابـەران" زمـانی نەگـەری، بۆیـە پاراسـتن و جـێگیر کردنـی ئـەم موناسـەبات و پەیوەندی‌یانـە لـە نیـو حیزبـە ناسیونالیسـتەکاندا پێویستە.

– حیزبە ناسیونالیستەکان بی سیاسـەتی و بـی ئاسـویی لـە خەباتی چەکدارانەدا، ئەغلەب بە ماجـەراجویی بـۆ پاراسـتنی پریستیژی نیزامی خۆیان و جاری وایـە بـە ڕەقابـەت لەگـەل هێـزی "ڕەقیـب" قـەرە بـوو دەکەنـەوە. عەمـەلیاتی نیزامـی پەراکەنـدە و حیساب نەکراو و کویرانە جێگای نەقشـەی لـە پێشـدا داڕێـژراو و کـاری بـە دانسـتە کـە خزمـەت بـە وەدی هێنـانی ئامـانجی ڕوشـن و قوناغ بو دیاریکراو بکا دەگرێتەوە و نەفسی شەر کردن و زەربە لیدان خـۆی لـە خۆیـدا دەبیتـە ئامـانجی نیزامی.

ئەو شتە کە باسی کرا بو هێزی چـەکداری ناسیونالیسـت بـە هـیچ شـێوەیەک شـتیکی سـەیر و بەهەڵکەوت نیـە. ئاسـوی سیاسـی و سـتراتیژی خەباتکارانەی حیزبـە بـورژوا ناسیونالیسـتەکان، نـەبوونی ئاسـو و سـتراتیژی خەباتکارانـەی ڕوشـن، هێـزی پێشـمەرگەی ئـەم حیزبانـە بـە شـێوەیەکی چـارەهەڵنگری بـەرەو ئەم چارەنووسە دەبا.

ج:

خـــۆلادان لـــە ڕێکخســـتنی جەماوەر

کـاری نیزامـی لـە بزووتنـەوەی ناسیونالیسـتی‌دا بـە بـی ئـەوەی هـــیچ پەیوەنـــدیکی لەگـــەل شێوەکانی‌تری خەباتی جەماوەری هـەبی، ڕیگـەی خـۆی دەگرێتـە پـێش. هێـزی ناسیونالیسـت کـە هیچ ڕێگایەکی نیە بۆ هەڵخراندنی بەشە بەرینەکانی خـەڵکی غـەیرە چـەکدار و هـیچ مەیلیشـی لـە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی ئەم خەباتـە نیـە، نـاتوانی پەیوەنـدی نیـوان خـەباتی نیزامـی لەگـەل بزووتنـــەوەی ئیعـــتیرازی و جـــەماوەری و شـــێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خەڵک لە شارەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و ... پێک بینی. بۆیە تەبیعی‌یە کە ڕێکخستنی خەڵک بۆ ئەم خەباتە بە ئەرکی خۆی نەزانی و خەباتی چەکدارانەش بە هیچ شێوەیەک ری ناباتـەوە سـەر بـاقی شـکلەکانی خـــەباتی جـــەماوەری. خـــەباتی غـەیرە چـەکدارانەی جـەماوەر بـە سووک و بی بایەخ دادەنری، کاری ڕابـەرانی خاوەن نفووزی محەللی بۆ هێدایەت کردنی خەباتی ڕۆژانە بە بی بایەخ دادەنری، ئەو چەشنە ڕابەرانـە ئەگـەر نەیەنـە نیـو ریـزی خـەباتی چـەکدارانە بێجگە لـەوەی ئازووقـــە و پێویســـتی‌یە جەنگی‌یـەکانی هێـزی پێشـمەرگە دابـین بکـــەن لـــە ســـوننەتی ناسیونالیستی‌دا هیچ جیگایەک بۆ خۆیان نابینـنەوە. هـەر بـە پێـی ئـەم سـوننەتەیە کـە لـە نیـو ڕێکخـراوی چـەکداری ئەمانـەوە (کـە تـەواوی مەوجوودییەتیانـە) ئاژیتـاتوری عەلـــەنی و ڕابـــەرانی ناســـراوی سیاسـی جـەماوەری لـە ئاسـتی محەللی‌دا سـەر هەڵنادەن. لـەوەها تەشکیلاتیک دا کادرەکان تەنیا لـە ســـوننەت و نـــەریتی نیزامـــی‌دا پـــەروەردە دەبـــن و ناودەکـــەن. بارهێنـان و ناسـاندنی فەرمانـدە نیزامی‌یـــەکان و ئوتوریتـــە نیزامی‌یەکان لە باشترین حالەت دا تـــەنیا حاســـلی تێکۆشـــانی ناسیونالیسـتەکانە لـە زەمینـەی پـــەروەردە کردنـــی ئـــەفرادی سازمانی‌دا.

لـــەو ســـوننەتەدا تێکۆشـــانی هێزی چەکدار ناتوانی ببیتە هۆی پـەرەگرتنی تەشـکیلات لـە نیـو کۆمـــەڵانی زەحمـــەتکێش دا و توانایی‌یـــەکان و ئیمکانـــاتی خـــەباتی نیزامـــی لـــە خزمـــەت ڕێکخـــراو بـــوونی جـــەماوەر و تەنانـەت پـەرە گرتنـی تەشکیلاتی حیزبی‌دا ناخرێتە کار و ئەم جۆرە ڕێکخستنە تەحقیر دەکری و ئەگەر بـە هـەر دەلیلیکیش شکل بگـری، ئەرکەکـەی نـەک بـەرەوپێش بردنـی خـــەباتی ئیعـــتیرازی جـــەماوەر و پەرەپـــێدانی ڕێکخـــراوە جەماوەری‌یـەکان لـە محـــەل دا بەڵکوو تەئمینی پێویستی‌یەکانی پشـــتی جەبهـــەی هێـــزی پێشمەرگەیە.

بـــەڵام ئەگـــەر هێـــزی ناسیونالیسـت نـاتوانی خـەباتی نیزامی خـۆی لـە خـەباتی سیاسـی و ئیعـتیرازی کۆمـەڵانی غـەیرە چەکدار گری بدا و جەماوەر تەنیا بـە پشتی جەبهەی خۆی دەزانی، بـە مەعنای ئەوە نیـە کـە گویـا هـەر ئـەم پشـتی جەبهەیـە واریـک دەخـا بتوانی درێـژە بـە کـاری خـۆی بـدا. یارمـــەتی دان بـــە هێـــزی پێشـمەرگەش تـەنیا بـە شـێوەی نـاڕێکخراو و فـەردی و تاکـە تاکـە دەکری. کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتنی جەماوەر بۆ یارمەتی دانی خەباتی

چەکدارانە و ڕێکخستنی هێزی یارمەتی دەری پشتی جەبهە بە شێوەیەک کە بتوانی کاری خۆی درێژە پی بدا لە سوننەتی ناسیونالیستیدا هیچ جێگایەکی نیە. کاتیک شاری سنە لە ساڵی ۱۳۵۹دا لە لایەن هێزەکانی جمهووری ئیسلامیەوە گەمارو درا و موقاومەتێکی ۲٤ ڕۆژەی تاریخی کرا، بوونی زنجیرەیەکی بەرین لە بنکەکانی گەرەکەکان کە ئەساسەن بە هێدایەتی کۆمەڵە ڕێکخرا بوون ئیمکانی بە هێزی پێشمەرگەدا کە ئەم موقاومەتە گرینگە بەرەوپێش بەری. حیزبی دیموکرات هەتا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش، هەر پێی دەگوت "چەپرەویەکانی کۆمەڵە". هێزی چەکدار لە سوننەتی ناسیونالیستیدا نەک هەر هیچ ئامادەییەک بۆ خزمەت بە ڕێکخستنی ئورگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری وەک شووراکان لە خۆی نیشان نادا بەڵکوو لە بەر ئەوەی خۆی گەلیک بە باتر لەوانە دەزانی، نایەوی و ناتوانی لەگەل ئەو ئورگانانە هەڵکا و موداریان لەگەل بکا. ئەم ئورگانانەیان دەبی تەواو گوێ لەمستی هێزی پێشمەرگە بن و لە خزمەت پێویستیەکانی ئەو هێزەدا هەڵسوورین یان بە شێوەی پیلانگێرانە و تەنانەت بە زەبروزەنگ لە مەیدان دەردەکرین. لە ساڵانی رابوردوودا لە هەندیک ناوچەی کوردستان کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات حوزووریان بووە گەلیک جار شاهیدی کیشەی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لەگەل ئەو شووراییانە بووین کە نەیان ویستوە جلەوی ئیرادەی خۆیان بدەنە دەست چەکدارەکانی ئەو حیزبە. لەو ناوچانە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات کوسپیان دەخستە سەر ڕێگای پێک هاتنی شووڕا واقیعییەکانی پشت بەستوو بە کۆبوونەوی گشتی کە کۆمەڵە تەبلیغی دەکردن. لە هەر جێگایەک چەکدارەکانی ئەو حیزبە لەدەستیان هاتبی هەولیان داوە بەزەبروزەنگ و هەرەشە ئەو شووراییانە هەڵوەشینەوە.

د:

کەوتنە سوێن دواکەوتوویی و پەرەپێدانی

– پێشتر ئیشارەمان پێکرد کە بۆچوون و داب و ڕەسمی دواکەوتوانە و مەزهەب و شتی لەم چەشنە ئەو ئامرازە ئیدئولوژیکانە بوون کە جەرەیانی ناسیونالیستی پشتی پی بەستوون. هەروەها وتمان کە مەبەست و ئامانجی سیاسی ناسیونالیزم لە سنووری وەدەست هێنانی مافی میللی تی ناپەڕی. لەبەر ئەم تایبەتمەندیانە، تۆژە پێشڕەوەکانی کۆمەڵ ناچنە نیو ریزی خەباتێکی لەم چەشنەوە. ئەو کرێکارە پێشڕەوانە کە لە چەوسانەوە و ژێر دەستەیی چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان ئاگادار دەبن و ئیعتیرازیان بەرانبەر بەوە هەیە، ئەو کرێکارانە کە بۆچوونی ناسیونالیستی و مەزهەبی حەقیقەتەکانی کۆمەڵی چینایەتی لەبەر چاویان گوم ناکا، ئەو ژنە پێشڕەو و تێکۆشەرانە کە لە جیگە و شوێنی غەیرە ئینسانی ژنان و ستەم لیکراوی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستاندا ئاگادار دەبن و خەبات لە دژی ئەو ستەمە بە ئەرکی شۆرشگێرانەی خۆیان دەزانن، ڕووناکبیرانی شۆرشگێر و ئەو ئینسانە شرافەتمەندانە کە ئامانجی بەرزتری کۆمەڵایەتی و بەرابەری و سوسیالیزم و عەدالەتی ئابووری هانیان دەدا بۆ خەبات، ئەمانە هیچکامیان بۆ خەبات لە دژی ستەمی میللی بە پێی قاعیدە ناچنە نیو ریزی بزووتنەوەی چەکدارانەی ناسیونالیستی. بە وتەیەکیتر بزووتنەوەی ناسیونالیستی ناتوانی جێگایەکی باش بی بۆ ئەوەی ئەم تویژانە وجوودی سیاسی خۆیان تێدا نیشان بدەن و ئەگەریش بەهەر دەلیلیک بەو جەرەیانەوە پەیوەست بن، خەباتی ناسیونالیستی بە پێی جەوهەری خۆی ناتوانی ڕایانگری و بیان خەملینی بۆیە پاش ماوەیەکی نەک دوور و درێژیش یان لە نیو سوننەتەکانی خۆیدا دەیان توینیتەوە یان پەسیو و لاکەوتەیان دەکا و وەلایان دەنی. وجوودی ریزی خەباتی چەکدارانەی کۆمۆنیستی لە کوردستان بە هەر ئەندازەیەک لە توز و خەوشی ناسیونالیستی بە دوور بووە و لەسەر هەڵویستە کرێکاری و پێشڕەوەکانی خۆی سوور بووە، زیاتر توانیویەتی ئەم جۆرە کەسانە بەرەو خۆی بینی و بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەم جۆرە ئینسانانە.

– پێش گرتن بە بەشداری ژنان لە خەباتی چەکدارانەدا یەکیک لە نموونە ئاشکراکانی ئەو واقعییەتەیە کە گەرایشی ناسیونالستی لە کوردستان هەولیداوە بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی دواکەوتوویی. نایسونالیزمی کورد لە حاست تەحقیری مێژوویی و ریشەداری ژنان لە کۆمەڵی کوردستاندا، بی دەنگەی کردوە و سەری دانەواندوە. هەولدانی کۆمەڵە لەم زەمینەیەدا ئەگەرچی لە سەرەتاوە هەندیک دوودڵی تێدا بوو کە نەکا بەگژدا چوون و بەرانبەرکی لەگەل سوننەتێکی جی کەوتوو هێشتا زوو بی کە بە بروای من ئەو دوودڵیە بی جی بوو بەڵام بە هەر حال هەر لە سەرەتاوە حیزبی دیموکرات بە دەنگی کونەپەرستانی محەللی بەرەسمی و غەیرە ڕەسمیموخالەفەتی لەگەل ئەم هەول و هەنگاوانەی ئێمە دەکرد. لە نووسراوەکانی حیزبی دیموکرات دا گەلیک جار ئەوە دەبینری کە گوڕەوی و پووزەوانە و دەسکیش چنین بۆ پێشمەرگە و پەزیرایی لە پێشمەرگە بە ئەرکی ژنانی کوردستان دانراوە. ئەمڕۆ کە کۆمەڵە ڕێگای هاتنە مەیدانی ژنانی تێکۆشەری لە لایەن زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پشتیوانی لیکراوە، حیزبی دیموکرات شەرمینانە بە شەلەشەل بە هەندیک تی بینییەوە خەریکی ڕێکخستنی ژمارەیەک لە ژنانە لە ریزەکانی خۆیدا و ئەمڕۆ گویا سەرئەنجام تی گەیشتوە "ژنان نیوەی کۆمەڵن"!

– هێزی چەکداری ناسیونالیست پشتیوانە و پالپشتی کونەپەرستانی محەللییە لە حاست خەباتی شۆرشگێرانە و هێزی پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیست. وە نەبی بە حوزووری هێزی چەکداری ناسیونالیست کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان هەست بە قودرەت و لە خوراديوی بکەن بەڵکوو ئەو بەشەی کونەپەرستانی محەللی کە بە هەر حال لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی بە ئاشکرا یان ڕاستەوخۆ هاوکاری ناکەن، ئەوانە بە حوزووری ئەو هێزە چەکدارە هەست بە دلنیایی و لە خوراديوی دەکەن. ئەم جۆرە کونەپەرستانە (شێخەکان، جووتیارانی دەوڵەمەند، ملکدارەکان، سەرمایەداران و ...) بە تایبەت لەو ناوچانەی ئەو حیزبانە حوزووریان هەیە، لە دێهات نزیکایەتی و نیوان خوشی خۆیان لەگەل ئەو هێزە چەکدارە دەکەنە گوپالیک بۆ هەرەشە لە زەحمەتکێشان و بۆ ئەوەی بی دەنگەیان پی بکەن. ئەم تایبەتمەندیانە، هێزی پێشمەرگەی ناسیونالیست بەرەبەرە لەبەر چاوی جەماوەر دەکەنە سەربار و ملوزمیکیتر لە چەشنی ژاندارم و دارودەستە چەکدارەکانیتری سەربە ڕژیمی مەرکەزی و بناغەی متمانە و هاوکاری خەڵک لەگەل ئەو هێزە دەر دێنی.

هاودەستی هێزی چەکداری حیزبی دیموکرات لەگەل کونەپەرستانی محەللی بە تایبەت لە دژی کۆمۆنیستەکان لە دەورەی ڕابوردوودا لە کوردستانی ئێران نموونەی گەلیک زۆرە. هاودەنگ بوون لەگەل هەموو کونەپەرستێک لە دژی کۆمەڵە و بوون بە دار دەستی ئەو کونەپەرستانە، سیاسەتی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە بووە.

– ڕارایی و زەعفی شەخسییەت و بی مایەیی و دواکەتوویی سیاسی لە ڕیزەکانی هێزی چەکداری ناسیونالیست دا یەکجار زۆرە. تەبلیغاتی دوژمن و لەوەش خراپتر قەول و بەلینی دوژمن بۆ دانی ئیمتیازاتی فەردی و تەماع وەبەرنان، یەکیک بووە لە شێوە کار سازەکانی ڕژیم بۆ کز کردنی ریزی ناسیونالیستەکان. لە ریزە چەکدارەکانی ئەم جەرەیانانەدا گەلیک کەس هەن کە لە ماوەیەکی نەک درێژیش دا چەندجار لە نیوان ریزی جاشەکان و ریزی پێشمەرگەکاندا هات و چووپان کردوە. ئەمڕۆ لە ریزی ئەو حیزبەدا مەسئووليیەتی نیزامی لە ئەستویەتی، سبەینی لە ریزی گوروهی زەربەتی ڕژیم دا خزمەت دەکا و لەویش فەرماندەیە. سەیر ئەوەیە کاتیک دیسانیش دەگەڕێنەوە نیو ریزی پێشمەرگە بە نیشاندانی هەندیک توانایی دیاریکراو لە زەمینەی کاری چەکدارانەدا، دەبڕێتەوە سەر جێگاکەی جارانی خۆی. سوننەتی ناسیونالیستی بە ئاسانی دیاردەیەکی وەک نورەنیگابانی لە مقەرەکانی دوژمن (سیاسەتێک کە لە دوو ساڵی رابوردوودا لە هەندیک بەشی کوردستان ڕژیم بۆ ڕاکیشانی کەسانی چاولەدەستی خۆی بەرەو هاوکاری لەگەل هێزە چەکدارەکانی دەستی داوەتی) وشتیتری لەم چەشنە لە خۆیدا هەزم دەکا و مودارای لەگەل دەکا و تەنانەت تەبلیغیکی ئەوتوش لە دژی ناکا.

(۳)

هەتا ئەو جیگایە کە دەگرێتەوە بۆ گرینگی و جیگا و شوێنی خەباتی چەکدارانە لە خەباتی کۆمۆنیستەکاندا لە کوردستان کونگرەی ۵ لەم بابەتەوە جیهەتگیریەکی ڕوشن و ڕاشکاوی هەیە. لە کونگرەی ۵دا لەم بابەتەوە وتمان:

"خەباتی چەکدارانە یەکیکە لە بناغەکانی وەدی هاتنی ستراتیژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان و بە تایبەت لە دەورەیەکی ئاخیزی جەماوەری دا بەرینایی جەماوەری دەگرێتە خۆی و ئامرازیکی سەرەکی دەبی بۆ یەک لاکردنەوەی کاری جمهووری ئیسلامی لە کوردستان... خەباتی چەکدارانەی ئێمە بەشێکە لە تێکۆشانی ئێمە وەک حیزبێکی لە حالی شەردا ... (ئەم خەباتە) پێش بەوە دەگری جمهووری ئیسلامی دەسەڵات لە کوردستان یەک کاسە کاتەوە، تەئسیریکی گرینگ دەکاتە سەر ئیعتیرازاتی جەماوەری و سەنگ و سووکیەکی عەمەلی لە کوردستان لە نیوان هێزی خەڵک و جمهووری ئیسلامی بەسەر ڕژیم دا دەسەپێنی و ناچاری دەکا بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسی و جار لەگەل جار پاشەکشە بکا... پاراستن و پەرەپێدانی ئەم قابلییەتە و بەم پیەیە بلیسەدار هێشتنەوەی ئاگری خەباتی چەکدارانە، بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان ئەهمییەتێکی حەیاتی هەیە... لە دەورەی داهاتووی تێکۆشانی نیزامیمان، دەبی بەشێک لە تێکۆشانی سیاسی هەمەلایەنەمان بی بۆ وەگەر خستنی هێزە چارەنووس سازەکانی ئەو بزووتنەوەیە و پێداویستیەکانی. تێکۆشانی نیزامیمان دەبی کارکردی تا ئێستای خۆی کە پێشتر ئیشارەی پێکرا بپاریزی و هەنگاو بە هەنگاو بە پێی توانایی خۆی پەرەی پی بدا...".

ناميلکەی باسەکانی گونگرەی ۵، گولانی ۱۳٦٦

بەڵام بێگۆمان ئەو هەلومەرجە کە خەباتی چەکدارانەی ئێمەی تێدا بەڕێوە دەچی تەئسیر دەکاتە سەر کاری ئێمەش و تەنیا بە کرێکاری بوون و کۆمۆنیستی بوونی ئەو حەرەکەتە کە بەرەوپێشی دەبەین ناتوانین لە تەئسیری گەرایشی ناسیونالیستی بە دوور بین. ناسیونالیزم گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ریشەدارە لە کۆمەڵی کوردستاندا کە ئەخلاقییات و فەرهەنگ و ڕەوشتی خۆش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەبووژێنێتەوە، حیزبە سیاسیيە بورژوایيەکان بە پشت بەستن بەم گەرایشە لە نیو جەماوەردا جێگە پێی خۆیان دەکەنەوە و بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ئەو گەرایشە ئیدەئالیزە دەکەن. مادام کە مەسەلەی میللی هەیە و بورژوازی محەللی هەیە ئەم گەرایشە جا بە هێز بی یا لاواز و کەم هێز لە نیو جەماوەردا عەمەل دەکا.

خەباتی چەکدارانەی ئێمە وەک یەکیک لە مەیدانە گرینگەکانی بزووتنەوەی ئێمە لەم گەرایشە تەئسیر وەردەگری. سڕینەوەی تەئسیراتی جەرەیانی ناسیونالیستی لە ریزی خەباتی چەکدارانە وەک باقی مەیدانەکان، پێویستی بە هەوڵدانی بەردەوام و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە هەیە. ئێمە بەرانبەر بە تەئسیراتی جەرەیانی ناسیونالیستی لەسەر ریزەکانی هێزی چەکداری خۆمان، ڕاوەستاوین و لە پێشدا هێزیکی چەکدارمان پێک هێناوە کە ئامانج و ئاسوی خەباتکارانەی خۆی لە بەرژەوەند و ئامانجی چینیکی دیاریکراو چینی کرێکار گری داوە. خەباتی چەکدارانە و هێزی چەکداری کۆمەڵە بۆ ئێمە ئەو مەیدانە و ئەو ئامرازەی خەباتن کە ریزی کرێکارانی کوردستانیان بەرانبەر بە بورژوازی قودرەتمەندتر کردوە و سەنگ و سووکیەکی موساعیدتریان لە نیوان هێزەکاندا بە قازانجی چینی کرێکار لە خەباتی ئەو چینەدا پێک هێناوە. ئامرازی ئێمە لەم ڕێگایەدا ڕەخنەگرتن بووە و ئەم خەباتە بۆ ئێمە کونگرە بە کونگرە بە ڕەخنەگرتن بەرەوپێش چووە و لەمەو دواش پی بە پێی تێکۆشانی عەمەلی خۆمان و بۆ ڕوشنتر کردنەوەی مەسەلەکانی مەربووت بە لایەنە جۆراوجۆرەانی مەیدانەکانی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان، دەبی بەردەوام بنەما فکریيەکان و پایگای چینایەتی ئەم گەرایشە بدەینە بەر ڕەخنە و ڕەوشت و سوننەتەکانی خۆمانی لە جێگا دانیین.

چینی کرێکار لە کوردستان لە چەند ساڵی رابوردوودا لە باری ژمارەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و هەر بەم بۆنەوە لە کیشە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کوردستان جێگە پێی قایمتر بووە. ئەم واقعییەتە چارەنووس سازە ئیمکان بە کۆمۆنیستەکان دەدا کە لە کیشەی نیوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم دا بە پشتیوانیەکی کۆمەڵایەتی قایمتر پشت ئەستوور بن. خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و کوتایی هێنان بە ستەمگەری دەوڵەتی مەرکەزی، بێگۆمان یەکیک لە حاسل و بەر ئەنجامەکانی خەباتی ڕزگاری بەخشی چینی کرێکارە بۆ هەڵچنینی نیزامی سەرمایەداری. میللەتیکی زۆرلیکراو کە لە تەحقیر و بی مافی و لە سەرکوتگەری حکوومەتی مەرکەزی بیزارە و خوازیاری هەلومەرجیکە کە تێیدا بتوانی ئازادانە و بە دلخوازی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا، بە پەیوەست بوون بە ریزی کرێکارانەوە لە دژی ئەم نیزامە پێچەوانە و ناعادلانەیە، لە کەم دەردی سەرترین ڕێگاوە دەتوانی ئەم مافەی خۆی وەدی بینی. بۆیە خەبات بو دەرکیشانی بزووتنەوەی جەماوەری کوردستان لە ژێر دەست و بالی گەرایشی ژەهراوی و ڕوو لە پاشەی ناسیونالیزم خەباتێکی تەنیا تەشکیلاتی لە نیو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا نیە. لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خەباتە بۆ ئێمە گەلیک بەرینتر و گەورەترن و ئێمە لەم خەباتە مەزنە کۆمەڵایەتییەدا پێش هەموو شتێک بە هێزی ماددی چینی کرێکار پشت ئەستوورین کە بە پێێ هەلومەرجی عەینی ژیانی خۆی، ڕادیکالیزمەکەی لە چوارچێوەی بەرتەسکی بزووتنەوەی میللیدا نامێنێتەوە و گەلیک واوەتر دەچی.

لە کاتیکەوە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد پێی ناوەتە مەیدانی خەباتی ئاشکرا و بەرین و هەوڵ دەدا ڕێبەرایەتی سەرجەمی خەباتی دیموکراتیک وە یەک لەوانە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی وە ئەستو بگری، ناسیونالیزمی کورد مەیدانی لی تەنگەبەر دەبێتەوە و ڕەوتی کزبوون و پووکانەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری دەست پێدەکا. بەرەوەپێش بردنی هەتا سەری ئەم پروسەیە و بەهێز و تواناتر کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی پشت ئەستوور بەریزی سوسیالیستی کرێکاران ئەرکی ئێمەیە. وەلانان و بە تاک خستنەوەی ناسیونالیزم و میراتی بەرتەسک و سوننەت و نەریتی دواکەوتووی ئەو جەرەیانە، یەکیکە لە مەیدانەکانی ئەو خەباتە.

***

پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان _ ڕۆژی کۆمەڵە

ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٨ سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە، پی دەنیتە ناو دوازدەهەمین ساڵی هەڵسووران و خەباتی ئاشکرای خۆیەوە. یازدە ساڵ لەوەپێش لە وەها ڕۆژێکدا و پاش تێپەڕ کردنی نزیک بە ١٠ ساڵ هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە و نهینی، ئەویش لە هەلومەرجی دژواری زەبر و زەنگی ڕژیمی سەرمایەداری سەلتەنەتی‌دا، کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی یەکیک لە هاوڕیانی دامەزرینەرەوە، هاوری محەمەد حسین کریمی، لە ڕاگەیاندنێکدا مەوجوودییەتی ئاشکرای خۆی بە کۆمەڵ ڕاگەیاند. لەو کاتەوە تا ئێستا پتر لە ١٠ ساڵ لە ژیانی پر لە خەباتی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی کۆمەڵە تێپەڕ بووە. بی گومان کۆمەڵە وەک ڕابەر و بەڕیوە بەری بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە لەم دەورەیە دا زۆر قوناغی ئاستەم و چارەنووس ساز و پر لە هەلس و کەوتی ناوەتە پشت سەر و زۆر دەسکەوت و تەجرەبەی شۆڕشگێڕانەی وەدەست هێناوە و سەختی و دژواریەکی زۆری دیوە و لە سەر ڕێگای خۆی لای بردووە.

ڕاگەیاندنی ئاشکرای خەباتی کۆمۆنیستی سەرەتای دەورەیەکی نوی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارانی کوردستانە. ئێستا مێژووی خەباتی کۆمەڵە لەگەل مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەها لیک هەڵپێکراوە کە لیک جیا ناکرێنەوە و ئەمە جێگا و شوێنیکە کە بە هۆی ساڵەها هەول و تێکۆشانی بی وچان بۆ کۆمەڵە وەدەست هاتوە.

ئەمڕۆ هەر کەس بیەوەی چاو لە هەڵسووڕانی تا ئێستای کۆمەڵە و ئاڵ و گۆڕەکانی بکا، ناچار دەبی لە جەرگەی ئەو ئاڵ و گۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتی‌یانەدا چاوی لی بکا کە لە ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا لە کۆمەڵی ئێران و کوردستان ڕووی داوە.

کۆمەڵەش وەک هەموو دیاردەیەکی زیندووی دیکە، مەوجوودییەتێکی لە حاڵی ئاڵ و گۆڕ و گەشە و هەلدان و تەکامول دا بووە. هەڵسەنگاندنی جیگا و شوێنی ئێستای کۆمەڵە لە هەر باریکەوە و لە یەکەمین ساڵەکانی شکل گرتنی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە و تەنانەت یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی ئاشکرای ئەم ڕەوتە ڕوو لە گەشە و هەلدانەمان بە ڕوشنی پی نیشان دەدا و ئەم گەشە و هەلدانە لە ناو دلی کۆمەڵیکدا پێک هاتوە کە خۆی بەر دەوام و بی ڕاوەستان لە حاڵی جم و جوول و ئاڵ و گۆڕ دا بووە و ئاڵ و گۆڕەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەورێکی چارەنووس سازی لە چارەنووسی تا ئێستای ئەم جەرەیانە دا گیراوە. ئەم واقعییەتە جۆراوجۆرەکان دا لە ئارا دا بووە: موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە سەرکوتی نیزامی، موقاوەمەتی هەموو ڕۆژە بەرانبەر بە ملهووری مەئموران و بەکریگیراوانی دەوڵەتی، بۆ باش بوونی هەلومەرجی ژیان لە کارخانەکان و کووڕەخانەکان و کارگاکان لە شار و دێهات، خەباتی کرێکاران لە دژی خاوەن کارەکان و دەوڵەت بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانیان، هەول و تێکۆشانی کرێکاران لە مەیدانی وەک هەوەڵی مانگی مەی‌دا بو نیشاندانی مەوجوودییەتی چینایەتی خۆیان، خەباتی زەحمەتکێشانی دێهات لە دژی خاوەن ملکەکان و سەرمایەداران، خەباتی ژنان لە دژی داب و نەریتی کونی فەرەنگی و سیاسی و بۆ بە دەست هێنانی مافی بەرابەری ژن و پیاو لە کۆمەڵدا، خەبات بۆ وەدەست هێنانی دیموکراسی لە کۆمەڵی کوردستاندا و دەیان مەیدان و شکلی تری خەبات.

لە هەموو ئەو مەیدانانەدا کە باسمان کرد مێژووی واقیعی کوردستان ئەوە نیشان دەدا کە گەرایشێکی ڕادیکاڵی کرێکاری لە هەر دەورەیەکدا بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەولیداوە ئەم خەباتە لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دا بەرێتە پێش و بە شێوە و ڕەوشتی چینایەتی خۆی بیهێنێتە گۆڕ و جیبی بخا. هەر مێژوو نووسیک کە نەیەوی واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بشارێتەوە، ناتوانی چاوپوشی لەوە بکا کە مێژووی کوردستان بەر لە هەموو شتێک مێژووی خەباتێکی چینایەتییە.

بەم جورە وجوودی چینی کرێکار لە کومەلێکی سەرمایەداری لە کوردستان دا بووەتە هوی گەشە و هەلدانی گەرایشی سوسیالیستی لەم کومەڵگایەدا و واقعییەتە تازەکانی خەباتی زیندووی چینایەتی هیز وئامرازە هەلخرینەرە کومەڵایەتی‌یە نویی‌میەکانی بۆ بەرەو پیش چوونی ئەم خەباتە هیناوەتە گور. کومەڵە جەرەیانیکە کە بە هەر ڕادە پشتی بەم ئامراز و هیزانەوە بەستبی بزووتنەوەی چینایەتی ی بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو پیش بردوە و پەرەی پیداوە و لە هەمان حاڵدال لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئەم واقعییەتە نوی یانەی کۆمەلی کوردستان خویان هۆی گەشە و هەلدانی نەزەری وسیاسی وتەشکیلاتی و بناغەی نفووزی کومەڵایەتی وجەماوەری کومەڵە بوون. کومەلە بە بەشداری هەڵسووڕاوانەی لە مەیدانی خەباتی بو وەدەست هینانی داخوازە میللی یەکانی گەلی کورد دا و بە چەک هەلگرتن دەبیتە ڕابەری بەشیکی گەورە لەموقاوەمەتی جەماوەری وبزووتنەوەی گشتی وەلامی شورشگیرانەی کومەلە بەم مەسەلانە دیفاع کردنی لەم داخوازاە ڕەوایانە دەرفەتی دەداتی کە بچیتە سەر کیشمەکیشە چینایەتی‌یەکان و نەهیلی بورژوازی کوردستان بە پژاندنی ژەهری ناسیونالیزم و دواکەوتوویی بە تەواوی بیر و بۆچوون و خەباتی چینی کرێکار ئالوودە بکا. لەمە بە دوا بزووتنەوەی کوردستان تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر دەور و نەقش و کردەوەی کۆمەڵە ئیتر تەنیا بزووتنەوەیەک بۆ وەدەست هێنانی داخوازە میللی‌یەکان نیە، بە دەستەوە گرتنی هەلخرینەرە کۆمەڵایەتی‌یە نوی‌یەکان وەک هێنانە گۆڕ و خەبات بۆ داخوازە ئابووری‌یەکانی کرێکاران، داخواز و مەسەلەکانی ژنان و جووتیارانی دەستەنگ، ڕاگەیاندن و دیفاع لە بەیاننامەی مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، خەبات لە دژی خورافات و کونەپەرستی مەزهەبی، دیفاع لە شووراکان و دەسەلاتدارەتی خەڵک و ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان، هەموویان مەسایلیک بوون کە ئیتر لە ڕەوتی مێژوو دا لە چوارچێوەی داخوازە میللی‌یەکاندا نەبوون و هەر ئەم مەسەلانەش بوون کە ناکوکیە بنەڕەتی‌یەکانی حیزبی بورژوازی‌یان لە کوردستان لەگەل کۆمەڵە پێک دەهێنا و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی پێی بەهێز دەبوو و بە پشت ئەستووری ئەمانە بوو کە کۆمەڵە دەیتوانی لە بەرانبەر فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیزامی‌یەکانی ناسیونالیزمی کورد دا موقاوەمەت بکا و وەک هێزێکی سوسیالیستی لە مەیداندا بمێنێتەوە.

بەلام بزووتنەوەی میللی و گشتی و سوننەتەکانی خەباتی ناسیونالیستی لە کوردستان پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە و لە سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٥٧دا و چەند ساڵ پاش ئەویش چوونە لای سەرووی مەسەلە سیاسی‌یەکانی ناو کۆمەڵ. سەرەکی بوونەوەی مەسەلەی میللی و خودموختاری و زەق بوونەوەی داخوازە گشتی‌یەکان، زەق بوونەوەی تەنیا شێوەیەکی خەبات یانی هەڵسووڕانی چەکدارانە، لە هەمان حالدا سەر هەڵدانی عارزەی وەک لە بیر بردنەوەی هەڵسووڕانی وشیاری دەرانە و ڕێکخرانە لە نیو کرێکاراندا بی ئیمکانی نەبووە. هەر لە بەر ئەوەیە کە سەرەڕای هەر کەم و کووری‌یەکی هەڵسووڕانی کۆمەڵە، ئەم جەرەیانە ئەمڕۆ جیگا و شوێنێکی مێژوویی لە خەباتی کرێکاراندا هەیە. مێژووی واقیعی چینی کرێکار لە کوردستان و ئەو کێشمەکێشە بنەڕەتی‌یەی کە ئەمڕۆ کرێکاری بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەدار ڕاگرتووە بە هۆی کۆمەڵەوە دەچێتە پێش. ئەمڕۆ گەشە و هەڵدانی خەباتی کرێکاری لە کوردستان، بەرەوپێش چوون یان ڕاوەستانی لە سەر جێگای خۆی، بە دەر و بەرە بەرە و بە پشت ئەستووری ئەو هێزە ماددی‌یانە توانی ڕوانگە و سیاسەت و تاکتیکە کرێکاری‌یەکانی خۆی گەشتر و ڕوشنتر بکاتەوە. لە نەتیجەدا سوننەت و ڕەوشت و عەمەلکردی خەباتی گشتی و ناسیونالیستی لە دەورە و قوناغی جۆراوجۆردا کاری کردوەتە سەر تێگەیشتن و سوننەت و ڕەوشت و پراتێکی ئەم جەرەیانەش و جم و جوولی جەرەیانی سوسیالیستی‌ی بە شێوەیەکی پر ئازار شێنەیی کردوەتەوە.

بەلام سەرەڕای ئەوە و سەرەڕای ئەم کوسپانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی جەرەیانی سوسیالیستی، کۆمەڵە بە هۆی ئەو وەلامانەی کە بە هەر ڕادە و میزانێک لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە، هەر چەند دڕەنگ، داوایەتەوە بە کوللی مەسەلەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەلیداوە و گەشەی کردوە و بە پشت ئەستووری ئەم پایە ماددی‌یە واقیعی‌یەیە کە توانیویەتی زەخت و فشاری سوننەتە بەر چاو تەنگ و دواکەوتوو و ناسیونالیستی‌یەکان پووچەل کاتەوە و حاسلی ئەم خەباتە بە دڕێژایی ئەم دە ساڵەی دوایی بووەتە هۆی پاشەکشەی بەردەوامی سوننەتی ناسیونالیستی بەرانبەر بە سوننەتی سوسیالیستی.

ئەساسەن لیبراوی کۆمەڵە بەرانبەر بە دەولەتی مەرکەزی، هەول و تێکۆشانی بۆ پووچەل کردنەوەی سات و سەودای حیزبی بورژوازی لەگەل ئەم دەولەتە، خەباتی بەرانبەر بە خورافاتی مەزهەبی، خەباتی بۆ ڕزگاری ژنان لە کوت و زنجیری سوننەتە کونەکان و نابەرابەری‌یە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان، شەر و بەرانبەرکیی لەگەل حیزبی دیموکراسی و بۆ دیفاع لە خەڵکی زەحمەتکێش نەدەکرا بە هیچ شتێک جگە لە هەڵخراندن و سازدانێکی چینایەتی و جگە لە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی و سیاسی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان و ئێران بە هیچی تر پشت ئەستوور بی و ئەم هەڵخراندن و سازدانە چینایەتی‌یەش بە بی ئەوەی کۆمەڵە لە سەنگەر و جەبهەی کرێکاردا بی ئیمکانی نەبووە. هەر لە بەر ئەوەیە کە سەرەڕای هەر کەم و کووری‌یەکی هەڵسووڕانی کۆمەڵە، ئەم جەرەیانە ئەمڕۆ جیگا و شوێنێکی مێژوویی لە خەباتی کرێکاراندا هەیە. مێژووی واقیعی چینی کرێکار لە کوردستان و ئەو کێشمەکێشە بنەڕەتی‌یەی کە ئەمڕۆ کرێکاری بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەدار ڕاگرتووە بە هۆی کۆمەڵەوە دەچێتە پێش. ئەمڕۆ گەشە و هەڵدانی خەباتی کرێکاری لە کوردستان، بەرەوپێش چوون یان ڕاوەستانی لە سەر جێگای خۆی، بە کۆمەڵەوە گری دراوە.

کۆمەڵە تەنیا هەنگاوێکی ماوە بگاتە ئەو ئاڵ و گۆڕە گەورەیە کە دەتوانی لە مێژووی سیاسی کوردستاندا پێکی بینی، هەنگاوێکی ماوە بگاتە گەورەترین و گرینگترین خزمەتێک کە دەتوانی بە سوسیالیزمی کرێکاری ئێرانی بکا و ئەمە جیگا و شوێنیکە کە هیچ جەرەیانێکی کۆمۆنیستی لە ئێراندا تا ئێستا نەیتوانیوە پێی بگا.

کاتێک گرینگی جیگا و شوێنی ئێستای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان و زەمینەی لە باری پەرە گرتن و ڕێکخراو بوونی سوسیالیزمی کرێکاری زیاتر دەر دەکەوی کە ببینین ئەمڕۆ سوسیالیزمی بورژوایی هەلدیران و تێدا چوونی خۆی بە ڕۆشنی نشان دەدا و لە سەراسەری جیهان دا دوژمنانی چینی کرێکار ڕادەگەیەنن شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوتایی پی هاتوە. بەلام لە ڕاستیدا ئەو شتە کە ساڵیانی ساڵ بە ناوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم بە سەر چینی کرێکاری جیهانی دا داسەپێندرا، ئەو دام و دەزگا حکوومەتی‌یە فاسید و دیکتاتوری‌یانەی کە ساڵیانی ساڵ چینی کرێکاریان لە ژێر نیوی "کرێکار"دا چەوساندەوە، جگە لە نەوعە سەرمایەداری‌یەکی دیکە، سەرمایەداری دەوڵەتی بەرنامە بۆ داڕێژراو، هیچی‌تر نەبوو. ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕووی داوە و بە ئاشکراترین شێوە لە بلووکی ڕۆژهەلاتدا دەی بینین، بن بەستی ئەم سیستمە ئابووری و سیاسی‌یەیە کە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مێژ ساڵە سیما بورژوایی و ئەمپریالیستی‌یەکەیان ڕیسوا کردوە و ڕووداوەکانی ئێستاش هەر ئەم ڕاستی‌یە دەسەلمێنن و تەئکیدی دەکەنە سەر. بەلام سەرەڕای داروخان و لەبەریەک ترازانی سوسیالیزمی بورژوایی و خۆشی و شادمانی کردنی سەرانی بورژوازی جیهانی، کۆمۆنیزم وەک ئیعتیرازی کۆمەلایەتی چینی کرێکار لە دژی کوللییەتی سەرمایەداری، لە ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوای ئەم جیهانە، ڕیک لە ولاتانی بلووکی ڕۆژهەلاتی مودەعی "کۆمۆنیزم"ەوە تا ولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و ولاتانی‌تری ئەم گوشە و ئەو گوشەی جیهان، زیندووە و ئیمە شاهیدی بزووتنەوەی زیندوو و ئیعتیرازی ڕێکخراوی کرێکارانین لە دژی هەموو سیستم و شکلەکانی چەوساندنەوەی سەرمایەدارانە کە بیزاری خۆیان لەم نیزامە جەهەننەمی‌یە بە هێنانە گۆڕی داخوازە کۆمەلایەتی‌یەکانیان را دەگەیەنن. لە ئێران و کوردستانیش ئەم کێشمەکێشە

چینایەتیی بەردەوامە و بە چاوی خۆمان گەشە و هەڵدان و نفووزی گەرایشی سوسیالیستی لە دەروونی بزووتنەوەی کرێکاریدا دەبینین.

لە هەلومەرجیکدا کە لە سەراسەری دنیا نەفرەت و بیزاری لە کۆمۆنیزمی بورژوایی و درویەنە گەیشتوەتە ئەو پەری خۆی، لە کوردستان کۆمۆنیزم و سوسیالیزمی دژی چەوسانەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاران، نفووز و ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی و خوشەویستیەکی ڕۆژ لە ڕۆژ بەرینتر وەدەست دینی. لیردایە کە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، ئەرکیکی زۆر ئەساسی و گرینگی بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری لە ئێران دەکەوێتە سەر شان و سەرەڕای فشارێک کە بن بەستی سوسیالیزمی بورژوایی پێکی دینی، دەتوانی دەور و نەقشێکی بەرچاوی لە هەڵدان و هەڵکردنی ئالای سوسیالیزمی کرێکاری لە ئێران دا هەبی.

بە تێگەیشتن لەم واقیعییەتانە و پشت ئەستوور بوون بەم هەلومەرجە لەبارەی کە پێک هاتوە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە بۆ چینی کرێکار و ڕێکخراوە سیاسییەکەی کارێکی عەمەلیە و دەکری ئەنجام بدری. ئێستا پاش تێپەر بوونی ۱۱ ساڵ بەسەر شۆڕشی ڕیبەندانی ساڵی ۵۷دا، موناسەباتی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە کوردستان بەردەوامە و پتر لە جاران پەرەی سەندوە. کاری کری گرتە وەک شکلیکی زال بە سەر کار و ئیشتیغال دا زیاتر جی کەوتوە، شارەکان یەکجار زۆر گەورە بوونەوە و ئابووری دواکەوتوو لە دێهات، بە قازانجی ئابووری بازار و کرین و فرۆشتنی هێزی کرا سست و لەرزوک بووە. کوردستان ئێستا کۆمەڵێکی زۆر شاری تڕە و جیابوونەوەی چینایەتی و دابەش بوونی بە کرێکار و سەرمایەدا لە جاران زیاتر و ئاشکراترە. چینی کرێکار بەژمارە زۆر لە جاران زیاترە و جیاوازیەکی زۆریش لە باری کەیفیەوە لە نەوعی کاری چینی کرێکار دا دەبیندری.

پی بە پی ئەم ئاڵ و گۆڕە ئابووریە، پولاریزاسیون و قوتب بەندیەکی سیاسی جیاوازیش پێک هاتوە. چینی کرێکار حوزووریکی بەرچاوتری لە مەیدانی سیاسی دا هەیە و چینی کرێکار و ئیعتیرازی کرێکاری، چ بە شێوەی ئیعتیرازی ڕاستەوخۆی کرێکاری و چ بە شێوەی خەباتی حیزبی، جیگا و شوێنیکی گرینگی لە مەیدانی سیاسیدا وەدەست هێناوە. ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی ئەوەی شۆڕشگێڕیەتییەکی نوی کە ڕەنگدانەوەی مەوقعییەت و داخوازەکانی کرێکاری کوردستاندا، شکل بگری و جێگای خەباتگێری میلیی لە دەورەکانی پێشوودا بگرێتەوە. ئەحزابی وەک حیزبی دیموکرات، کە نوینەرایەتی ئەم خەباتگێریەیە بەرتەسکە میللییە دەکەن، تووشی زەعف و پرژو بلاوی دەبن، وە لە لایەکیترەوە جەڕەیانێ:ی وەک کۆمەڵە، کە نوینەری ئەو شۆڕشگێڕیەتییەیە، بە هێز دەبی. هەر چی کۆمەڵە زیاتر پێی لە سەر خەسلەتی چینایەتی و کرێکاری خۆی داگرتوە، توانیویەتی سەرنج و لایەنگری کرێکاران پتر بو لای خۆی ڕاکیشی و ئەو کرێکارەی کە کۆمەڵەی خۆش دەوی بە هەموو کۆمۆنزیمەکەیەوە و لەبەر کۆمۆنیزمەکەی خۆشی دەوی. ئەمە ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی گەورەیە لە کوردستاندا. لە دڵی ئەم واقعییەتە گرینگە دایە کە بە پێچەوانەی خەیاڵی خاو و بەرتەسک و ئەو خەیاڵەی کە دوژمنان لە کوردستان پێیان خۆشە لە بارەی ئێمەوە بیکەن، کۆمەڵە تەنیا بە بەشی حیرفەیی و چەکدار و عەلەنیەوە مەحدود نابێتەوە بەڵکوو کۆمەڵە بزووتنەوەیەک و هێزیکی بەرینی کۆمەڵایەتیە کە بەشە ئەسلی و هەرە زۆر و بەرینەکەی لە شارەکان و لە شوینەکانی کار و ژیانی کرێکارانداید.

بۆشایی و کەم و کووری ئەساسی کاری ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێکخراو نەبوون و یەکگرتوو نەبوونی ئەم هێزە بەرینەیە لە ڕێکخراوە جەماوەری و حیزبییەکانی کرێکاراندا. تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە بۆ پر کردنەوەی ئەم بۆشاییەو بۆ ڕێکخراو (کردن و یەکگرتوو کردنی کرێکاران لەموحیتی کۆمەڵایەتیدا و تەبدیل کردنی کۆمەڵە لە کوردستان بە ڕێکخراوی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار، سەرەکیترین ئەرکی حیزبی کۆمۆنیستە لە کوردستان.

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، وەک کوللییەتی حیزب فاسلەیەکی زۆری لە چەپی سوننەتی و لە ڕادیکالیزم و سوسیالیزمی غەیرە کرێکاری گرتوە بەڵام بۆ ئەو کۆمۆنیستانە کە ئەرکی شۆڕشی کرێکاری یان لەسەر شانە ئەم جیاوازی و جیاییە دەبی هەتا وەدەست هێنانی جێگایەکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتی جیاواز کە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبی بیبی درێژەی پی بدری و لە نەتیجە دا کۆمەڵە دەبی لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییەوە کە نفووز و خوشەویستیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە نیو کرێکاراندا هەیە، لە ڕێکخراوێکەوە کە سەر بە کرێکاران و لایەنگری کرێکارانە ببیتە ڕێکخراوی خۆدی کرێکاران و لە خەباتی ئابووری ڕۆژانە و بەردەواما بۆ باش بوونی هەلومەرجی کار و بەری چوون، ببیتە ڕێکخراوی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران لە دژی ستەمە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و لە هەمان کاتدا ببیتە سازمانی ئیعتیراز و خەباتی یەکگرتووی کرێکاران بەرانبەر بە کوللییەتی کۆمەڵی سەرمایەداری مەوجوود. ئەمە ناوەرۆک و جەوهەری ئەو گورانکاریە ئەساسییەیە کە دەبی لەم دەورەیە لە حەیاتی سیاسی و خەباتکارانەی کۆمەڵە دا لە کوردستان پێک بی.

ئێستا کۆمەڵە لە درێژەی دە ساڵ بەشداری هەڵسووراوانە لە بزووتنەوەی جەماوەری و لە خەباتی توندی چینایەتیدا، ئاسوی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە شۆڕشگێڕیەتی خەلقیەوە گواستەوە بۆ سوسیالیزمی کرێکاری و بە دیاری کردنی ستراتیژیەکی ڕوشن لە ئەرکەکان و ئاسوی داهاتووی خۆی لە کونگرەی شەشەمدا، لەسەر ئەم ڕیبازە هەنگاو هەلدەگری. ستراتیژی ئێمە لە کوردستان بەشێکە لە هەڵسووڕانی گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕێکخستن و بە سەرەنجام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری لە ئاستی سەراسەریدا. لەم بابەتەوە ریبازی گشتی و ئولگووەکانی ئوسوولی تێکۆشانی سەراسەری حیزب بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەک هێزی بزوینەری ئەسلی و ڕابەری هەر گورانکاری و ئاڵ و گۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانی سیاسیدا، دەروانیتە سەر تێکۆشانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە لە کوردستانیش.

سەرخەتی ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا بە کورتی بریتنی لەمانە:

گرتنە پێشی خەباتێکی هەمە لایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی دەتوانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بخاتە ژێر گیر و گاز و سەرەتاکانی هەستانێکی ئیعتیرازیی جەماوەر و پەلامارێکی گشتی بۆسەر مەوجوودییەتی جمهوری ئیسلامی لە کوردستان پێک بینی هەڵکیش کردنی ئەم شکلانەی خەبات لە سیاستێکی هاوئاهەنگ دا بۆ فشار هێنان و ئیعتیراز لە دژی ڕژێم لە کوردستان، میحوەری ئەرکەکانی ئێستای حیزبی ئێمەیە لە کوردستان.

شارەکان مەیدانی سەرەکی هەڵسووڕانی ئێمەن. ڕێکخراوی ئێمە لە شارەکان و بە گشتی بربرە پشتی کۆمەڵە لە کوردستان دەبی ڕێکخراوە کرێکاریەکەی بی. ڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەری و حیزبییەکان لە سەر زەمینەی پەرەگرتن و پەرە پێدانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و ئابووری کرێکاران ئامراز و ئەهرومی ئەسلی هەڵسووڕانی ئێمەن.

هێزی چەکداری کۆمەڵە و خەسلەتی چەکداری حیزبی ئێمە دەسکەوتێکی گرینگە کە بە جیددی بو پاراستنی تێدەکوشین. ئێمە تەئکیدمان کردوە کە خەباتی چەکدارانە تاکتیک و ڕەوشتێکی خەباتکارانەی ئێمەیە کە بە پێی بریاریکی شۆڕشگێڕانە دەستمان داوەتی و بە تەشخیسی خۆمان لەسەر ئەبعاد و بەرینایی ئەم خەباتە تەسمیم دەگرین. ڕاگەیاندنی شەرمان لەگەل جمهووری ئیسلامی هەر وا لە سەر جێگای خۆیەتی و لە حالی حازریش دا لە هەموو توانایی و زەرفییەتی مومکین ئەم مەیدانەش لە حزمەت ئامانجی شۆڕشگێڕانە و کرێکاریمان دا کەلک وەر دەگرین. خەباتی چەکدارانە و هێزی چەکدار بۆ ئێمە بە پێچەوانەی هێزە ناسیونالیستەکان لە کوردستان، مەیدان و ئەهروم و هێزی فشار هێنان بۆ ئەستاندنی ئیمتیازاتی بچووک و بەرتەسک، یان سازش و سات و سەودا لە سەر میزی وت و وێژ نیە بەڵکوو حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی چەکدار، یان دەقیقتر بلیین حیزبێک کە لقیک یان باسکێکی چەکداری هەیە، حیزبێک کە لەم مەیدانەی خەباتیش دا بە هێزە و حوزووری هەیە، توانایی ئەم خەباتە ئەمڕۆ دەنیتە خزمەت داسەپاندنی سەنگ و سووکیەکی لەبارتری نیوان هێزەکان و پەرەپێدانی نفووزی جەرەیانی سوسیالیستی و سەبەینی دەینێتە خزمەت هەڵخراندنی گشتی و ئازاد سازی و ڕاپرینی گشتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، وە بە پایداری و خو ڕاگری تەواوەوە دەستەکەوتە سیاسی و چینایەتییەکانی کرێکاران لە کوردستان کە بە شۆڕش و بە قیمەتی خوێناوی وەدەست هاتوون دەپاریزی.

کۆمەڵە لەهەمان کات دا وەک ڕابەر و بەرەوپێش بەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری لە کوردستان وەلامدانەوە بە مەسەلە گشتییە سیاسییەکانی بەردەم کۆمەڵە لە کوردستان بە ئەرکی ئەساسی سەرشانی خۆی دەزانی. سیاسەتەکانی ئێمە لە حاست مەسەلەی وەک مەسەلەی ژنان مەسەلەی میللی، جووتیاران، دەسەڵاتداڕەتی شۆڕشگێڕانە و مەیدانەکانی دیکەی ئیعتیرازی جەماوەری، ڕوشن و ڕاگەیەندراون. ئێمە دەخاڵەتگەری لەم مەیدانەدا، هێدایەتی زەرفییەت و توانایی شۆڕشگێڕانەیان لە پێناو ئامانجی شۆڕشگێڕانە و کرێکاری دا و بۆ نەهیشتنی هەر چەشنە ستەمیکی کۆمەڵایەتی بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆمان دەزانین و بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری ئەم گیر و گرفتە کۆمەڵایەتییانە تێدەکوشین.

ئێستا لە دوازدەهەمین ساڵی هەڵسووڕانی ئاشکرای کۆمەڵەدا بە ڕوشنی بۆمان دەردەکەوی ئەو شتە کە لە قوناغە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی چینایەتیدا سەرکەوتنی بە کۆمەڵە بەخشێوە، هێز و قودرەتی چینایەتی چینی کرێکارە. چینیک کە هاتنە مەیدانی، ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لەم کۆمەڵگایە دا پێک هێناوە و موری خۆی بە هەموو گورانکارییەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەوە ناوە. بێگومان کرێکارانی کوردستان، شان بە شانی چینی کرێکاری ئێران بە دامەزراندنی حکوومەتی کارگەری لە ئێران چارەنووسی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە دیاری دەکەن.

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

۲۶ی ڕیبەندانی ۱۳۶۸

***

وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی

ئەو دوو نووسراوەیەی لیردا دەیانخوێننەوە:

یەکەیمان "وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی" بەشێک لە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا _ مانگی گولانی ۱۳۶۷.

دووهەمیان "ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان" نووسراوەیەکی هاوری ئیبراهیم عەلیزادەیە کە مانگی ڕیبەندانی ساڵی ۱۳٦٦ لە درێژەی باسەکانی کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا نووسراوە.

ئەم دوو نووسراوەیە پێشتر هەرتکیان لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلات دا بلاوکراونەتەوە و ئێمە چاپکردنیانمان لەم پێشڕەوەدا لە بەر گرینگی ناوەرۆکەکەیان سەرەڕای وەدەرەنگ کەوتنیان بۆ ئاگاداری خوێنەران بە پێویست زانی.

هەڵوێستمان سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان

هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان چیە؟ ئەمە چ جێگا و شوێنێکی لە کوللی ڕوانگە و ئەرکە سەرەکییەکانماندا هەیە؟ خودموختاری یانی چی؟ ئەو خودموختاریەی ئێمە دەمانەوی چ جیاوازیەکی لەگەل داخوازی خودموختاری حیزبە بورژوایییەکان هەیە؟

دامەزرانی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا و پێک هاتنی بازارێکی واحید و سەراسەری بۆ بورژوازی لە چوارچێوەی ولاتێکدا، پایەی ئابووری سوننەتیی میللی_ پێک هێنانی دەوڵەتی میللی و بازاری واحیدی لە نیو بردوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەم گورانکاریە ئابووریە نەبووەتە هۆی نەمانی مەسەلەی میللی لە ئێراندا. واقعییەتی عەینی کۆمەڵی کوردستان پێمان نیشان دەدا مەسەلەی میللی موشکیلیکە کە لە ڕەوتی مێژوودا لەو کۆمەڵگایەدا چارەسەر نەکراوە و هەر بۆیە مەسەلەیەکی ماددی و واقیعییە و پێویستە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوون و تەکامولی خۆیدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکا و بێنێتە پشت سەر.

واقعییەتی بوونی ستەمی میللی لە کوردستاندا دەرفەتی داوە بە حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان تا پاشماوەی وزە و توانایییەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە زەمینەی ستەمی مللیدا بە دەستەوە بگرن و بیکەنە خۆراکی خۆیان. چونکوو ئەو مەسەلەیە لە هەمان حالدا کاری کردوەتە سەر چارەنووسی چینی ئێمەش، بۆ ئەوەی نەهیلین زەین و میشکی کرێکاران بە ژەهری ناسیونالیزم ئالووده بی و بۆ ئەوەی نەهیلین کرێکاران ببنە هێزی زەخیرە و پاشکوی بورژوازی محەللی و وەسیلەی حیساب لیک پاک کردنی نیو خۆی بورژوازی ئێران، بۆ پێک هێنانی هەلومەرجێکی دیموکراتیک کە تێیدا پەردەی عەوامفریوی لە سەرو ڕووی دوژمنانی چینایەتی کرێکاران لابدری و خەباتی چینایەتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکان و هێزە پشتیوانەکانیان بە ئاشکرا و لیبراوانە و بی هیچ بەر هەلستێک بچیتە پێش، بۆ پێک هێنانی سەنگ و سووکیەکی باشتری نیوان هێزەکان بە جۆرێک کە لە باری پلەی وشیاری و ڕێکخراو بوون و نزیک بوونەوە لە دەسەلاتی سیاسی بە قازانجی چینی کرێکار بی، کۆمۆنیستەکان خۆیان بە خاوەن هەق دەزانن بۆ لابردنی ستەمی میللی بەشداری لەو خەباتەدا بکەن و بە دەخالەتی وشیاریدەرانەی خۆیان تیدەکوشن کۆمەڵی کوردستان لە چنگ ئەم موشکیلە مێژوویییە رزگار کەن.

بەڵام کوللی ئەم خەباتە بۆ کۆمۆنیستەکان تەنیا مەیدانێکی تاکتیکیی هەڵسووڕانیان دەژمێردری کە تێدا سەرکەوتنی دەبی کرێکاران هەنگاوێک بە رزگاری لە کوت و زنجیری چەوسانەوەی سەرمایەداری و کاری کری گرتە_ بۆ ئێمە لە ئاستی ئێراندا_ نزیکتر بکاتەوە. بەشداریی کۆمۆنیستەکان لەم خەباتەدا دەبی ببێتە هۆی پتەو بوونی کۆمۆنیزم لە نیو چینی کرێکاردا، هێنانە گۆڕ و هێنانە ڕووی داخوازەکانی سەربەخۆی کرێکاران، هێنانە مەیدانی ئەوان وەک هێزی ماددی و سەرەکی لە خەباتی زیندووی سیاسی ئێستادا و... بوونی ئەم خەسلەت و تایبەتمەندییانە لەم خەباتەدا دیاردەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئێمە لە پێناو خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی شدا بزووتنەوەیەکی کرێکاریە.

ستەمی میللی یەکیک لەو بیعدەالەتیانەیە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی کۆمەڵی سەرمایەداری ئێراندا دەرهەق بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەکری. هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەم مەسەلەیە لە لایەکەوە و هەڵوێستێکی رزگاری بەخش و ئازادیخوازانەیە، ئێمە خوازیاری دابین کردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستانین، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوێستێکی خەباتکارانە و دەخالەتگەرە، هەر خەباتێک کە بۆ ئەو داخوازە دیموکراتیکانە وەری بکەوی کە باریک لە

سەرشانی بی بەشان و ستەم لیکراوانی کۆمەڵ هەڵگری و هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ پێشڕەوی‌یەکانی داهاتووی کرێکاران پێک بێنی، ئێمە بەشداری تیدا دەکەین. کە وابی بە لەبەر چاو گرتنی ئەم دوو پایە بنەڕەتی‌یەی سەروو ئێمە لە هەڵوێست گرتنی کۆمۆنیستی ماندا بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە نەقشەدادەڕێژین و بۆ ئەوەی کرێکاران رابەری لەم خەباتەدا وەدەست بینن تیدەکوشین. شۆرشی ساڵی ٥٧ و بوونی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک و شۆرشگێڕی سەراسەری لە ئێران و لە دژی دیکتاتوری‌ی پەهلەوی، زۆر شیعاری هاوبەشی سەراسەریی پێک هێنا و ڕوحیەی هاو پشتی خەباتکارانەی لە هەموو ئێراندا بەهێز کرد. مەسەلەی میلی‌ی لە ماوەی شۆرشی ٥٧دا تاڕادەیەکی زۆر کەوتە ژێر تێشکی کوللی مەسەلەی دیموکراسی لە ئێران. بەڵام بە هاتنە سەر کاری ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و پاش هێرشی بەرینی نیزامی بۆ سەر کوردستان و پاشەکشەی بەرەبەرەی بزووتنەوی سەراسەری لە داخوازە دیموکراتیکەکانی خۆی، کوردستان لە سەنگەری خەبات بۆ خودموختاری دا دەستی دایە موقاومەت و داخوازی خودموختاری چووە سەروی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

کۆمۆنیستەکان بۆ پاراستنی سەر بەخۆیی چینی کرێکار و پێک هێنانی یەکیتی چینایەتی ئەم چینە، بۆ بە تاک خستنەوەی بورژوازی کورد، لە حاست مەسەلەی تایبەتی خودموختاری خوازی، تەرحی خودموختاری خۆیان ڕادەگەینن. خودموختاری بەمانای بەرتەسک بوونەوەی ڕادەی دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی‌یە و مانا عەمەلی‌یەکەی پێک هاتنی هەلومەرجێکە کە خەڵکی کوردستان تێیدا بە دەربڕینی ڕەئی ئازادانەی خۆیان ئەوە بسەلمێنن کە ئیتر ستەمی میللی یان لی ناکری و بەم جۆرە چارەسەر کردنی مەسەلەی چلونایەتی بەڕێوە بردنی کۆمەڵی کوردستان و مەسەلەی دەسەلاتداری‌تی لە کوردستاندا بە سەنگ و سووکی نیوان هێزە چینایەتی‌یەکانی خودی کوردستان بسپێرن.

تەرحی خودموختاری بە هیچ جۆر داخوازە پرولتیری‌یەکانی ئێمە بە مانای تایبەتی وشە ناگرێتە بەر. بەرنامەی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ کۆمەڵی کوردستان، شکل و شێوەی دەسەلاتداری‌یەکەی، مەسەلەی کێشمەکێشی نیوان پرولیتاریا و بورژوازی‌یە. لە حالێکدا کە خودموختاری تاڕادەیەک دەتوانی خالی پێک هاتن و سازش کردنی تاکتیکی‌ی ئێمە و بورژوازی محەللی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزیش بی. جیاوازی‌یەکانی ئێمە و بورژوازی لەسەر مەسەلەی خودموختاری لەوە دایە کە وەدی هاتنی تەواو و کەمالی ئەو خودموختاری‌یەی ئێمە داوای دەکەین هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ پرولیتاریا پێک دینی کە بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی پەی بگری. سەرخەتەکانی ئەم جیاوازی‌یانە بە بروای ئێمە ئەمانەن:

یەکەم: دامەزرانی خودموختاری دەبی بە مانای واقیعی، لابردنی ستەمی میللی و بەم ئیعتبارە بە مانای سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کوردستان بی لە دژی دەسەلاتی ستەمگەرانەی حکوومەتی مەرکەزی. ئێمە خوازیاری جی گیربوون و پایدار بووی ئەم سەکەوتنە و دەسکەوتەکانی ئەم سەرکەتنەین. لەم ڕووەوە بەرنامەی سیاسی ئێمە بۆ خودموختاری دەبی هێندە زەمانەتی عەمەلی تیدابی کە دەوڵەتی مەرکەزی نەتوانی بە هاسانی بی ئەستێنێتەوە و ئەم دەسکەوتانە بە هاسانی نەبنە دەسکایە بۆ سازدان و سات و سەودای حکوومەتی مەرکەزی و بورژوازی محەللی. تەئکید لەسەر پێویستی چوونە دەری هێزە نیزامی و ئەمنیی‌یەتی‌یەکانی ڕژیم لە کوردستان و سپاردنی کاروباری پاراستنی ناوخۆی کوردستان بە میلسی جەماوەری و هەروەها قەدەغەبوونی گورین و هات و چووی هێزی نیزامی لە کوردستان بە بی موافەقەتی ئورگانە دەسەلاتدارە محەللی‌یەکان ئەو زەمانەتانەن کە ئێمە دەمانەوی.

دووهەم: بۆ چارەسەر کردنی یەکجاری مەسەلەی میللی و کورت کردنەوەی دەستی پورژوازی محەللی لە هەر جۆرە مانوریکی هەڵپەرستانە لە پێناو بەرژەوەندە چینایەتی‌یەکانی خۆیدا بەرانبەر بە کرێکاران، لە ڕوانگەی ئێموە دەبی پالپشتی هەر تەرحیک (خودموختاری یان هەر شکلیکی دیکەی خوازراوی خەڵکی کوردستان) کە لە لایەن حکوومەتی مەرکەزی‌یەوە قەبوول دەکری، سەرئەنجام ڕەئی ئازادانەی خەڵکی کوردستان مەسەلەن لە ڕیفراندومیکی گشتی دابی.

تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە ئەو تەرحە دەبێتە تەرحیکی قانوونی.

سێیەم: ئێمە لە ئەساسدا خوازیاری یەکیتی و یەکگرتوویی گەلانی ئێرانین لە چوارچێوەیەکی شووڕایی و شۆرشگێڕ لە سەراسەری ئێراندا و ئەم یەکیتی‌یە بەردەوام تەبلیغ دەکەین و پیمان وایە ئازادی و مافە ئینسانی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لە نیزامیکی ئاوا دا و لە یەکیتی و هاوخەباتی لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران زۆر لەوەی کە بورژوازی بە هەر نیویک بێهێنێتە گۆڕ زیاتر دەبی و بزووتنەوەی کرێکاری لە هەلومەرجیکی ئاوا دا دەتوانی خوازراو بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕێگا چارەکانی خۆی بە تەئییدی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بگەیەنی.

پەوەندی بزووتنەوەی کوردستان و شۆرشی سەراسەری

بزووتنەوەی کوردستان و شۆرشی سەراسەری چە پەیوەندیکیان پێکەوە هەیە؟ ئایا سەرکەوتنی بە جیا لە کوردستان دا ئیمکانی هەیە؟

بو ڕوون کردنەوەی نەزەرمان سەبارەت بەم پرسیارە پێویستە پێشەکی دوو ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بەم مەسەلەیە بە کورتی باس بکەین و بیناسین.: یەکەم ڕوانگەی ناسیونالیستی، ئەم ڕوانگەیە خەباتی شۆرشگێڕانەی مەوجوود لە کوردستان بە ئیدامەی سادەی بزووتنەوەی مێژوویی‌یەکانی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەزانی و ناوەڕۆکی ئەم خەباتە بە تەواوی لە چوارچێوەی مەسەلەی میللی‌دا باس دەکا. ئەم ڕوانگەیە، ئاڵ و گۆڕە عەینی‌یەکانی کۆمەڵی کوردستان لە چەند دە ساڵی ڕابوردوودا، بووی هێزە کۆمەڵایەتی‌یە نوی‌یەکان کە بە داخواز و ئامانجی تایبەتی خۆیانەوە هاتوونە مەیدانی خەباتی شۆرشگێڕانەی کوردستانەوە نابینی، دور و نەقشی کۆمەڵە لە دە ساڵی ڕابوردوودا، بۆ هێنانە گۆڕ و پەی گرتنی داخوازە کرێکاری‌یەکان، مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، مافەکانی ژنان و ... لە پال مەسەلەی خودموختاری و پەرەگرتنی گەرایشی سوسیالیستی بەرانبەر بە ناسیونالیزمی سوننەتی بە حیساب ناهێنی، پەرە گرتنی هەستی هاوچارەنووسی و داخوازە ماهییەتەن هاوبەشکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران کە بە پەی گرتن و کاری کۆمەڵە ڕەواج دراون نابینی و لە نەتیجەی هەمووی ئەمانەدا، باسی پایەی کۆمەڵایەتی تەواو سەر بەخۆ بۆ "بزووتنەوەی کوردستان" دەکا. بەڵام چونکوو بە کردەوەش ناتوانی نەقشەیەک بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی درایژی، لە "ڕادیکال" ترین حالەتی خۆی و لە ڕاستی‌دا تەنیا "درێژە پێدانی بزووتنەوە" دەبیتە ئامانجی و لە کردەوە دا بەم سیاسەتەوە جگە لەوەی "ستراتیژی چاوەڕوانی" بکاتە پێشە و، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چاوەڕوانی ئاڵ و گۆڕە بە هەڵکەوتەکانی موعادەڵاتی مەنتەقەیی و بین المللی بی، چارەیەکی نابی.

دووهەم، ڕوانگەی شۆڤینیستی، ئەم ڕوانگەیە مەوجوودییەتی بزووتنەوەی کوردستان بەبی بزووتەوەی سەراسەری بە ڕەسمی ناناسی و سەر بە خۆیی نیسبی‌ی بزووتنەوەی کوردستان نابینی و واقعییەتی عەینی بەردەوام بوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە و جەماوەری لە حاڵێکدا کە بزووتنەوەی سەراسەری ڕوو لە نشێو بوو ئینکار دەکا. بە خەیاڵی ئەم ڕوانگەیە ستراتیژی کوردستان لە عەمەلدا ئەوەیە تا ئەو کاتەی بزووتنەوەی سەراسەری فریای دەکەوی "درێژەی پی بدری". وە چونکوو بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی هیچ نەقشەیەکی دارێژراوی نیە، ناتوانی هیچ هێزیکیش لە دەوری "ستراتیژی چاوەڕوانی" یەکی هەڵخرینی و لە نەتیجەدا بی عەمەل و نا هەڵسووراو دەبی و بە تاک دەکەوێتەوە.

بێگومان پەرە گرتن و بەرین بوونەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، کە لە چەند ساڵەدا دەیان مەیدانی خەباتکارانەی دیموکراتیک و سوسیالیستی‌ی تێدا بە دی هاتوە، زۆر هەلومەرجی لەبار بۆ پەرە پێدانی خەباتی جەماوەری لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش پێک دینی و بەم مانایە دەتوانی ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری لە ئێراندا هاستر بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئاخیزێکی جەماوەری و سەر هەڵدانی بەرینی خەباتی جەماوەری لە شوێنەکانی‌تری ئێران، وەزن و سەنگیکی چارەنووس ساز، وەک پالپشتی خەباتکارانە، بە بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەبەخشی. بەڵام سەرەڕای ئەم واقعییەتە، بۆ ئەوەی "ستراتیژی چاوەڕوانی "لە ژێر هەر ناویکدا، تەنیا ستراتیژی‌یەک نەبی کە لە دەسرەسی ئەم بزووتنەوەیە دایە، دەبی شکل و شێوەی ئەم سەرکەوتنە، بە جۆرێک کە بە پشت ئەستوری و بە وسیلەی هێزە کۆمەڵایەتی‌یەی مەوجوودەکانی ئەم کۆمەڵگایە بکری و ئیمکانی هەبی، مانا بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لەم کونگرەیەدا لیکدانەوەی خۆمان سەبارەت بە جیگا و شوێنی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان و قوناغە جۆراوجۆرەکانی تا گەیشتن بە سەرکەوتن، لە بریارنامەیەکدا پێشکەش دەکەین.

بەڵام لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە دا دەلین تا ئەو جیگایەی هەڵدەگەڕیتەوە سەر دامەزراندنی خودموختاری، دەکری بە شێوەی سەر بە خۆ و جیاواز لە شوێنەکانی‌تر، لە کوردستاندا سەرکەوتن وەدەست بی. ئاشکرایە کاتێک دەڵێین دەکری بزووتنەوەی کوردستان بە جیاواز سەرکەوی لازم ناکا وەک گونجاوترین ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستان مانا بکرێتەوە. بەڵام چینی کرێکاری بی ئەوەی تیگەیشتن و لیکدانەوەی خۆی سەبارەت بە شکلی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی‌ی ئەم مەسەلەیە ڕەت کاتەوە و لە نەتیجەدا دەبێتە شوێن کەوتووی ئالترناتیوی ناسیونالیستی.

ئەو ئەسلانەی دەروانێتە سەر خەباتی چەکدارانەمان

ئەو ئەسلانەی دەروانیتە سەر خەباتی چەکدارانەی ئێمە کامانەن و خەباتی چەکدارانە چ جێگا و شوێنێکی بۆ ئێمە هەیە؟ بۆچی و تا چ ڕادەیەک شەری چەکدارانە دەکەین؟ ئەسلە نیزامی‌یەکانی ئێمە چ جیاوازی‌یەکی لەگەل ئەسلە نیزامی‌یە سوننەتی‌یەکانی پێشمەرگایەتی یان نیزامی گەری ناسیونالیزمی کورد هەیە؟

هەڵسووڕانی نیزامی ئێمە بەشێک لە خەباتی ئێمەیە لە دژی سەرمایەداری و مالکییەتی خوسووسی و بودامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری. ئەمە ئەو حوکمە بنەڕەتی‌یەیە کە پێش هەموو شتێک دەروانیتە سەر هەڵسووڕانی نیزامی ئێمە. لە هەمان حاڵدا خەباتی چەکدارانەی ئەمڕۆی ئێمە هیشتا خەباتی چەکدارانەی و هەستانی قەهراوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کە دەبی وەک ئاخر زەربە لە هێزەکانی دوژمن بدری، نیە. بەڵکوو خەباتی نیزامی حیزبیکە کە بەشێکی چەکدارە و خەریکی پێک هینانی هەلومەرجی ئاخێز و هەستانێکی جەماوەری‌یە. بەم جۆرە چەکدار بوون و چەکدار مانەوە خاسییەت و جیگا و شوێنێکی واوەتر لە مەسەلەی میللی‌ی بۆ ئێمە هەیە. ڕادەی پر ڕەنگ بوونەوە و کەم ڕەنگ بوونەوەی مەسەلەی میللی ئاڵ و گۆڕێکی ئەساسی لە پەیوەندی نیوان ئێمە و بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان و جیگا و شوێنێک کە ئێمە لە کوللی خەباتی سوسیالیستی و دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕی کرێکاران دا بۆ ئەم بزووتنەوەیەی دادەنین پێک ناهینی. کەم ڕەنگ بوونەوەی مەسەلەی میللی نەک هەر بەڵگەیەک بۆ کەم کردنەوەی دەور و نەقشی خەباتی چەکدارانە نیە، بەڵکوو بە هەر ڕادەیەک کە مەسەلەی میللی ببێتە مەسەلەیەکی لاوەکی‌تر لە کوللی داخوازە شۆڕشگێڕانە و سوسیالیستی‌یەکانی کرێکارانی کوردستان، بە هەمان ڕادە دەردەکەوی کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ئێستا لە کوردستان پالی بە زۆر داخواز و مەبەستی چینایەتی ڕوشنترەوە داوە و بەم بۆنەوە هەڵسووڕانی ئێمە لەم بزووتنەوەیەدا و دەور و نەقشی ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە گرینگتر و حەیاتی تر دەبی. ئەگەر شەری ئێستامان دژ بە جمهووری ئیسلامی تەنیا لە سەر مەسەلەی میللی نیە بەڵکوو شەڕێکە بۆ دیموکراسی و سوسیالزم بە گشتی، ئەو حوکمە کە کۆمۆنیستەکان دەبی ڕابەری ئەم خەباتە و هۆی بەردەوامی و بەرین بوونەوەی بن، سەد بەرابەر زەقتر دەکەوێتە بەرچاو. بە وەتەیەکی‌تر وەبیر هێنانەوەی مەسەلەی میللی لەگەل خەباتی چەکدارانە و سوسیالیزم لەگەل کاری بەکاو خۆی سیاسی تەنیا ناتیگەیشتوویی و سەردانەواندنە بۆ تەبلیغاتی بنج دا کوتاوی ناسیونالیستی.

لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەدا دەبی بکوتری، بۆ هێزی شۆشگێڕ تەکلیفی سەرکەوتنی نیزامی تەنیا لە مەیدانی نیزامی‌دا دیاری ناکری. ئەم سەرکەوتنە لە هەلومەرجێکی سیاسی تایبەتدا وەدەست دی. بە بی ئەو هەلومەرجە سیاسی‌یە، هێزی نیزامی ئێمە توانای پێویستی بۆ دەست ڕەسەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆی نیزامی نابی و لەم حاڵەتەدا هێزەکانی دوژمن هەروا قەوی‌تر دەبن و ساز و بەرگ و ئیمکاناتیکی نیزامی باشتریان دەبی. بەم بۆنەوە لە هەلومەرجێکی وا دا ناکری سەرکەوتنی ڕاستەوخۆی نیزامی بەسەر هێزەکانی ڕژیم دا وەدەست بی. ئەوەی دەرفەتی دەست ڕەسەرکەتوویی نیزامی بە هێزێکی شۆشگێر دەبەخشی، لایەنە سیاسی‌یەکانی هەلومەرجیکە کە شەری تێدا دەکری. مەسەلەن لە هەلومەرجیکدا کە هێزەکانی ڕژیم بە کاریگەر بوونی فشارە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ناکوکی‌یەکانی نیو خۆ تووشی ڕارایی بی و نەتوانی وەک هێزیکی پتەو لە بەرانبەرماندا ڕاوەستی، هەلومەرجیکی وا کە جەماوەری بەرینی خەڵکی تێدا هاتبێتە مەیدانی خەبات و ئیعتیرازی سیاسی و بە پەیوەست بوونی جەماوەری خۆیان بە ریزی خەباتی چەکدارانە، لە باری کەمایەتی‌یەوە، دەستی هێزی نیزامی‌ی شۆڕشگێڕ و ڕەسەر خەن و... بەم مانایە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لە جەرگەی ئاخێزێکی جەماوەری‌دا هاو کات دەبی لەگەل سەرکەوتنی نیزامی. تا ئەو کاتەی ئەم هەلومەرجە سیاسی‌یە پێک نەهاتبی، هەڵسووڕانی نیزامی ئێمە ناتوانی سەرکەوتنی نیزامی بە سەر دوژمندا بکاتە ئامانجی خۆی، بەڵکوو لایەنە سیاسی‌یەکانی کاری نیزامی لە بەر چاو دەگری. کاری ئێمە ئەوەیە کە بە هەڵسووڕانی خۆمان لە هەموو مەیدانەکاندا هەلومەرجەکانی ئاخێزێکی جەماوەری ئاوا پێک بێنین و ڕەوتی ڕووداتی خیراتر بکەینەوە.

سەبارەت بە بەشی ئاخری پرسیارەکە بە کورتی دەبی بڵێین ئوسوولی پێشمەرگایەتی بۆ ئێمە لە بنەڕەتەوە لەگەل خەباتی چەکدارانە بۆ ناسیونالیستەکان جیاوازە. بە گشتی دەتوانین بڵێین سەر چاوەی ئەم جیاوازی‌یە لە ئامانج و ئارمانە

←

کۆمەڵایەتییەکاندایە ئارمان و ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێمە دیمەنێکی جیاواز لە دیمەنی ناسیونالیستەکان دەنیتە بەر هێزی پێشمەرگەی ئێمە.

هێزی نیزامی ئێمە هێزیکە کە لە ئەساسدا دژ بە مالکییەتی خوسووسییە و لە ڕیزی زەحمەتکێشان و بی بەشاندایە، هێزیکی وشیاریدەر و پێشکەتن خوازە، دژی جەهل و نەزانی، دژی مەزهەب و خورافات، دژی هەڵاواردنی میللی و مەزهەبی و جنسییە، هێزێکی ڕێکخەرە کە بەرەو ڕێکخراو کردن و لە دەوری یەک کۆ کردنەوە و یەکگرتوو کردنی جەماوەری زەحمەتکێش هەنگاو هەڵدەگری نەک لە جهەت سەقامگیر کردنی داماوی و لاوازی ئەوان لە کانالی زل کردنەوەی خەبات قارەمانانەوە، هێزێکە کە بۆ هەڵخراندن و ڕێکخراو کردنی جەماوەر بەرەو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتداریتی خۆیان تێدەکوشی نەک بۆ پەروەردە کردنی تووی دەسەڵاتداریەک کە لە سەر سەری خەڵکەوە بی و لە دژی ئەوان بی، وە سەرئەنجام هێزێکە کە لە کەسانێکی ئازاد و شۆرشگێڕ و بەرابەر و بە مافی یەکسانەوە پێك هاتوە نەك لە دوو جور ئینسان کە جوریکیان ڕابەران و فەرماندەکان بن و جۆرەکەی تریان ژێر دەستان و پێشمەرگەکان.

هەڵوێستمان سەبارەت بە وت و وێژ لەگەڵ ڕژیم

هەڵوێستی ئووسوولی ئێمە سەبارەت بە وت و وێژ لەگەڵ ڕژیم چیە؟

ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ئووسوولی ئێمە لە حاست وت و وێژ بە تایبەت بە هەرا و هوریایەك کە موجاهیدین سەبارەت بە قایل نەبوونی مافی وت و وێژ لەگەڵ ڕژیم لە دژی حیزبی دیموکراتی وەری خستوە، گرینگییەکی تایبەتی وەدەست هێناوە و پێویستە جاریکی دیکەش هەڵوێستە ئووسوولییەکانی پێشووی کۆمەڵە لەم بارەیەوە نادروستانەی کە لە سیاسەتی چەشنی موجاهیدینەوە سەر چاوە دەگری پووچەل بکرێتەوە.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەکری بە کورتی باسی ئەو خالانەی خوارەوە بکەین:

١- هەر جۆرە مەیلیکی ڕژیم بۆ وت و وێژ ئەگەر تەنیا پیلانێکی کەم دەوامی ڕژیم نەبی، ناکری حاسلی شتێکیتر بی جگە لە فشاری خەباتی شۆرشگێڕانە و قەهراوی و پێك هاتنی سەنگ و سووکییەکی دیاریکراوی نیوان هێزەکان کە وت و وێژی تێدا مومکین بووە. بە لە بەر چاو گرتنی ماهییەتی بورژوازی بە گشتی و لەم دەورەیەدا بە تایبەت شناختمان لە سەر جمهووری ئیسلای داخوازەکانمان بێگۆمان هەر لە ڕێگەی قەهراوی یەوە وەدەست دین.

٢- دەکری وەك هەنگاوێکی دیاریکراو بۆ وەدی هاتنی ئامانجە تاکتیکی، تەبلیغی و ئامووزشییەکان وت و وێژ بکری. وت و وێژ لەگەل فاسدترین دوژمنان، بەشێکی جیا نەکراوەی خەبات لە دژی ئەوانە. ئوسوولی مەرجە ڕاگەیندراوەکانی ئێمە لە هەر وت و وێژێکدا دەکری ببیتە بناغەیەك بۆ بردنە سەری ڕادەی ئاگاهی و وشیاری جەماوەر. وت و وێژ دەرکی ببێتە وەسیلەیەك کە بە شێوەی ڕەسمی پێشڕەویەکانی ئێمە سەقامگیر دەکا و پاشەکشەکان بە دوژمن دەسەلمێنی.

٣- وەڵامدانەوەی کونکریت بە مەسەلەی وت و وێژ لە هەر برگە و دەورەیەك دا بۆ هەلومەرجە سیاسییەوە گری دراوە کە وت و وێژی تێدا دەکری. بۆچوونی ئێمە لە هەر هەلومەرجێکدا دەبی ئەوەبی کە دەرفەتی پیلانگێری، وە دەست هێنانی وەخت بۆ هێرش سەر لە نوی، پێك هێنانی خوشباوەری، پێك هێنانی تەفرەقە لە ریزەکانی جەماوەردا و چاندنی تووی شك و ڕارایی و شتی لەم چەشنە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕژیم بستێنێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە:

٤- یەکەم، ڕژیم دەبی مەیلی خۆی بۆ وت و وێژ کردنی ڕاستەوخۆ، بە ئاشکرا و لە زمانی کار بە دەستە مەسئوولەکانیەوە ڕاگەیەنی.

دووهەم، پێشەکی وە پێش دەست پی کرانی هەر چەشنە وت و وێژێك تعهداتێك لە حاست خەڵکی کوردستان وە ئەستو بگری و عەمەلی پی بکا. ئەم تعهداتە پێش ئەوەی کە ئیمتیازاتێك بی بۆ حیزبی ئێمە دەبی مەسلەحەتی گشتی خەڵکی تێدا گونجا بی، بە جۆرێك ئەگەر ئەم پێش شەرتانەی نایە ژێر پی سیمای دژی خەڵکییەکەی زیاتر ئاشکرا بی و مەسئوولیەتی قەبوول نەکردنی سازش و وت و وێژ بکەوێتە ئەستوی. بۆ نموونە، دەکری داواکاری ئەوە بین کە ڕادەی میلیتاریزە کردنی کوردستان کەم کاتەوە، هێزە چەکدارەکانی لە نیو خەڵك بکێشێتە دەر و بیانگەڕێنێتەوە پادگانەکان، غەرامەت بدا بەو کەسانەی لە شەر دا زەرەر و زیانی گیانی و مالییان ویکەوتوە، کردەوەی سەرکوتگەرانە وەك چەکدار کردنی زۆرە ملی، کۆچ پی کردنی زۆرە ملی و سیاسەتی لەم چەشنە هەڵوەشێنێتەوە، هەڵسووراوان و تێکۆشەرە سیاسییە زیندانییەکان ئازاد کا و شتی لەم چەشنە.

سێهەم، هەر جۆرە وت و وێژێك دەبی بە ئاشکرا و بە ئاگاداری جەماوەری خەڵك بکری.

***

دەبی وەبیری بێنێنەوە کە حیزبی دیموکرات ئەم شیعارە نوێیەی بە شەویك نەدوزیتەوە بەڵکوو لە ڕاستیدا حاسل و هاوتای سیاسیی ئەم وەزعییەت و تەنگە بەرییانەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا حیزبی دیموکرات پەلەقاژەی تێدا دەکا. هێنانە گۆڕی شیعاریکی ئاوا لەم وەختەدا تەنیا لە دڕێژەی ئەو هەول و تەقالا و هەلبەز و دابەزانەی ئەم چەند ساڵەی ئاخری حیزبی دیموکرات دا دەکری دەرك بکری. بە دڕێژایی چەند ساڵی ڕابوردوو تا هاتوە مەیدانی خۆ نیشان دانی سیاسی و ڕادەی تەئسیر و دەخالەتی سیاسی ئەم جەرەیانە تەنگ تر و بەرتەسك تر بووەتەوە و لە هەر دەورەیەکدا بە پێی هەلومەرجێك کە هاتوەتە گۆڕ بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵیداوە بەرۆکی لەو دەردی سەر و بوحرانە سیاسییەی کە تێی کەوتوە و ئەمانی خستوەتە مەترسییەوە ڕزگار بکا.

ڕاگەیاندنی شەری سەراسەری لەگەل کۆمەڵە و بەڕێوە بردنی لە پایزی ساڵی ٦٣وە، لە هەلومەرجیکدا کە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە لە کوردستان کەوتە بەر هێرشی بەرینی جمهووری ئیسلامی، یەکیك لەم مەوریدانە بوو. ڕەوتی ڕوو لە داشکانی ئیعتیبار و تەئسیری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵی کوردستاندا کە لە چەند ساڵ پێشترەوە دەستی پێکردبوو، بەردەوام ئەم حیزبەی بەرەو جێگا و شوێنی جەرەیانێکی سیاسی پال پێوە دەنا کە فری بە سەر بنەڕەتیترین داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستانەوە نیە. حیزبی دیموکراتیش بە تەواوی هەستی بە فشار و گرانی ئەم ڕەوتە کرد، لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە هەولێك بوو بۆ ڕاوەستاندنی ڕەوتی داشکانی نفووز و ئیعتیباری ئەم جەرەیانە لە کوردستان. دەنا ڕاگەیاندنی فتوای خەزای حیزبی "ئەکسەرییەت" لە دژی کۆمەڵەی کەم نفووز! بەو جۆرەی کە ئیددیعای دەکرد دەبیتە هۆی پێکەنین و لەو هەموو هەرشە و خەت و نیشان کیشانە لە دژی کۆمەڵە لە لایەن حیزبیکەوە کە خۆی بە هێزی ئەسلی و سەرەکی لە قەلەم دەدا سەر دەر ناهێنی. لە ڕاستیدا ئەم خەزایە و ڕاگەیاندنی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە بۆ کەم کردنەوەی ئەم فشار و تەنگەبەرییانە بوو کە وەزن و ئیعتیباری سوننەتیی ئەم حیزبەی خستبوە مەترسیی جیددییەوە و ئەم حیزبە بە ناهومیدی هەوڵیدەدا هەر چەند بۆ ماوەیەکیش بووە ئەم ڕەوتە ڕاوەستینی و لە هەمان حالدا بە وەری خستنی هەرا و هوریای ماخولیایی دژ بە جەرەیانی سوسیالیستی و کۆمەڵە پێشەکییەکانی نزیك بوونەوەی لە جمهووری ئیسلامی فەراهەم بکا و ئەم خاسیەتەی خۆشی لە هەنگاو هەڵگرتن دژ بە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی زەحمەتکێش نیشان دا.

دەست پی کردنی ئەم شەرە دژی شۆرشە و دڕێژە پێدانی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە نە تەنیا بەرۆکی ئەم حیزبەی لە چنگ بوحرانی سیاسی ڕزگار نەکرد و ئەم بوحرانەی دانەشکاند، بەڵکوو بە هۆی هەڵسەنگاندن و لیکدانەوەی واقیع نەبینانەی ڕابەرانی ئەم حیزبە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵی کوردستان و پی دا گرتنیان لەسەر دڕێژە پێدانی شەر بوحران و ناکوکییە دەروونییەکانی قوولتر بووە و کێشرایە لیك جیا بوونەوەیەکی گەورە. ئەم لیك جیا بوونەوەیە لەبەر ئەو لایەن و نەتیجە سیاسییانە کە بە دوایەوە بوو، پتر لە هەمیشە مان و مەوجوودییەتی ئەم جەرەیانە سیاسییەی خستە مەترسییەوە.

لە ڕاستیدا هەرچەند کە مەیدانی خۆ نیشاندانی ئەم جەرەیانە لە کوردستاندا بەر تەسك تر دەبووەوە و بە هەر ڕادەیەك کە بی ڕەبت بوونی ئەم جەرەیانە بە چاوەروانی و داخوازە دیموکراتیك و شۆرشگێڕانەکانی خەڵکی کوردستان زیاتر ئاشکرا دەبوو و بە هەر میزانیك هەلومەرجی سیاسی و ئاڵ و گۆڕە سیاسییەکانی ئێران وە مەنتەقە ئاسوی سیاسیی لیل تر دەکرد، ئەم حیزبە زیاتر و زیاتر مان و مەوجوودییەتی سیاسیی خۆی نەك لە ڕووخاندنی جمهووری ئیسلامی و نەك لە بەرەو پێش چوون و گەشە و هەلدانی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەدا، بەڵکوو لە دوزینەوەی ئەو دەراو و دەرفەتانەدا دەدی کە ئیمکانی پێدەدا بە هەر شکل و شێوەیەك بووە بمێنێتەوە. بەم مانایە ئیعتیبار و ئابرووی ئەم جەرەیانە وەها هاتوەتە خوار کە ئەمڕۆ تەنیا لە فکری مانی خۆیدایە و بۆ ئەوە هەول دەدا.

تەنیا لەم ڕوانگەیەوە دەکری بزانی کە بوچی بەرەبەرە لیکدانەوە سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات بە دلی ڕابەرانی جمهووری ئیسلامی دەهێنرێتە گۆڕ. لیرەدا بو نیشاندانی ئەم ئاڵ و گۆڕ و جیاوازییانە لە لیکدانەوەی چەند نمونە لە گوڤاری "کوردستان" بە کافی دەزانین:

"گەرچی ئاخوندە مەکرباز و کەلەك بازەکان (کە بە هۆی ناوشیاری جەماوەر و لەبەر نەبوونی ڕابەرییەکی وشیار و شۆرشگێڕ، توانیان سواری شەپولی شۆڕش بن) لە ماوەیەکی کورت دا حاسل و داهاتی ٥٧ ساڵ خەباتی خوینناوی نیشتمانەکەمانیان بە بادا".

(کوردستان، ژمارەی ١١١، ڕێبەندانی ٦٤)

"گەرچی شۆڕش بە هۆی دەخالەتی ئاخوندەکان لە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی دوور کەوتەوە و بە لاری دا برا وە هەرچەند شیعارە بەرزەکانی تۆڕە و چینە چەوساوەکانی گەلانی بی بەشی ئێران لە ژێر "نعلین"ی ئاخوندەکاندا پیس و پێشێل کرا، سەرەڕای ئەوە، شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان لە میژوی پر هەوراز و نشیوی ئێراندا جێگا و شوینیکی تایبەت بە خۆی هەیە."

(کوردستان، ژمارە ١١٢، ڕێبەندانی ٦٥)

"... ئاخوندیزم پێش شۆڕش ساڵەهای ساڵ پەیوەندیکی نزیك لەگەل فراماسیونیزم بووە و هەر وەك هەموان ئاگادارن فراماسیونیزم یەکیك لە ڕێکخراوە نهینییەکانی وابەستە بە ئەمپریالیزمی ئینگلیس بووە کە لە هەموو ولاتانی وەدواکەوتوو، بە تایبەت لە ولاتانی ڕۆژ هەلاتدا ریشەی داکوتابوو."

(کوردستان، ژمارە ١٢٣، ڕێبەندانی ٦٥)

ئەم نموونانە و نموونەکانی تری وەك ئەمانە نیشان دەدەن کە حیزبی دیموکرات لە کاتی خۆیدا دەور و نەقشی ئاخوندەکانی کە هەلبەت خومەینیش دەگریتە بەر لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا چون هەلسەنگاندوە. ڕەنگە مەسلەحەتە دەورەییەکانی حیزب ئەمەی پێویست بووبی. بەلام ئێستا گوی بیستی ئال و گورە تازەکان بن. لە ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسی ئەم حیزبەدا بە بونەی مەرگی خومەینییەوە نووسراوە:

"ناوی ئایەتوڵلا خومەینی، وەك کەسیك کە لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی یەکپارچەی خەڵکی ئێران و تیك ڕووخاندنی نیزامی کون و گەندەڵی پاشایەتی لە ئێران دا نەخشیکی زۆر کاریگەری هەبوو، بە بی شك لە مێژوودا دەمێنیتەوە."

(کوردستان، ژمارە ١٥٠، جوزەردانی ٦٨)

بە ڕاستی کە حیزبی دیموکرات لە بی شەرمی و بی چاو و ڕوویی دا هیچ سنووریك ناناسی.

حیزبی دیموکرات بی شەرمانە دەور و نەقشی مێژوویی بۆ خومەینی دادەتاشی و خومەینی، ئەم قاتلە کە شۆڕشی ساڵی ٥٧ی خنکاند وەك کەسیك نیو دەبا کە دەور و نەقشیکی بەرچاوی لە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا بووە، تا بتوانی پی بنیتە ناو دەورەیەکی نوێی سەودا و بەند و بەست لەگەل جمهووری ئیسلامی. بەم جۆرە جارێکی دیکەش ئەم حیزبە "لبیك" بە "ئیمامی ئومەت" دەڵی بەڵام ئەم جار بە مەیتەکەی و بە دوای مەرگی دا تا "باش بوونی نییەت"ی خۆی بە سەردەمدارانی ئێستای جمهووری ئیسلامی بسەلمینی. هەلبەت مەبەستمان ئەوە نیە بە ئاشکرا کردنی ئەم ناکوکییانە ئەم حیزبە بخەینە ژێر بارانی تانە و تەشەر و لومەوە و بلێین بۆچی لەسەر لیکدانەوەکان و ئیددیعاکانی و پرەنسیپە سیاسییەکانی خۆی ڕانەوەستاوە. نە ئەم کارە بە پێویست دەزانین و نە ئەم جۆرە گلەیی و بنداشتانە بە مەسەلەی خۆمان. ئەمە فکر و مەشغەلەی ئەو بەشەی هێزە چەپەکان بووە یان دەبی کە بەم وەرسووران و بەم بارەو بەو باردا کەوتنە سیاسییانە "سومای چاو"یان یانی حیزبی دیموکرات لە ڕیزی بەرەی خەڵك دا بە لە دەست چوو دەزانن و بەم بونەوە ویرای نەسیحەت و ڕینوینی دەست بە گلەیی دەکەن. لە ڕاستیدا نان بە نرخی ڕۆژ خواردن، ڕەچاو کردنی خوو و خدەی دەلال و بازرگان لە سیاسەتدا بی پرەنسیپی بەشێکی جیانەکراوەی سیما و خەسلەتی ئەم جەرەیانە و یەك لەوانیش حیزبی دیموکراتە. ئەم وەرسووارنە سیاسییانە چە کوتوپر بی و چ بەر بەرە، شتێکی بە هەلکەوتی ژیانی سیاسی حیزبی دیموکرات نیە بەڵکوو قاعیدە و سوننەتێکی جی کەوتووی ناو ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بووە و دەکری پەروەندەیەکی ئەستوور ئەم حیزبە بێنێتەوە. بەڵام لیرەدا هێنانەوەی چەند نموونە بە کافی دەزانین:

پاشماوەی وت و وێژەکانی حیزبی دیموکرات،....

-٢-

بەم بار و بەو باردا کەوتنی سیاسی لە سوننەتی حیزبی دیموکرات دا:

سەبارەت بە وجوودی چینی کرێکار

قاسملوو لە وت و وێژێکدا لەگەل گوڤاری حەوتوانەی "کوردستان پرس" سپتامبری ساڵی ٨٨ی زایینی، سەبارەت بە وجوودی چینی کرێکار دەڵێ:

"... بەعزە گوروویەک هەن کە لە هەلومەرجەکە ناگەن و لە چەند کتێبی بچووک و ڕۆژنامە و هیندیک شت فێر بوون و پێیان وایە مارکسیست لنینیستن. بەڵام زۆربەیان کتێبەکانی مارکسیان نەخوێندوەتەوە و دینە کوردستان و خۆیان وەک نوینەری چینی کرێکاری ئێران دەناسینن. بۆ نموونە گوروویەک لە ئێران هەیە بە نیوی کۆمەلە لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. قسە کردن لەگەل ڕابەرانی کۆمەڵە زۆر سەخت و ئەستەمە. ئەوان بە زۆر دەیانەوەی چینی کرێکار لە کوردستان بخوڵقینن. ئێمەش ئەمەمان زۆر پی خوشە و پێمان خۆشە لە کوردستان چینی کرێکاریک پێک بی بەڵام نیە..."

(تەئکیدەکان هی ئێمەیە)

(کوردستان پرس، ژمارەکانی ٤٢ و ٤٣، ٦ و ١٣ی ئوکتوبری ٨٨)

کەوابی دەر دەکەوی "سەخت بوونی قسە کردن لەگەل ڕابەرانی کۆمەڵە" لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵە لەسەر وجوودی چینی کرێکار و دیفاع لە بەرژەوەندی ئەم چینە پی دادەگری و ئەمە لە ڕاستیدا لاساری ڕابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ قەبوول کردن و تەحەموول کردنی واقعییەتە تازەکان یانی سەر هەڵدان و بە هێز بوونی چینی کرێکار لە کوردستان دەگەیەنی. ڕەنگیشە مەسلەحەتیکی تایبەت ئەمەی داسەپاندبێتە سەر وت و وێژەکەرەکە، کە ئەم تەوزیحە بدا.

ئەمە شێوەی باوی حیزبی دیموکرات بووە کە بە حاشا کردن لە وجوودی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و خو لە ژیر باری داخواز و چاوەڕوانیی سیاسییەکانی کرێکاران دەرباز کا. ئەم شێوەیە تەنیا حاشا کردنیکی لە ڕووی لیکدانەوەی کۆمەڵ ناسییەوە نیە. بەڵکوو شێوەی تایبەتی حیزبی دیموکراتە دژ بە کرێکاران لە کوردستان و حاشا کردن لە بوونی چینی کرێکارە. بەڵام قسە و سوخەنرانی کردن سەبارەت بە ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران نەک چینی کرێکار تەنیا کایە بە کەلیمە کردنیکی بێتامە. دەنا حیزبی دیموکرات چ لە ڕووی ناچاری و چ لە ڕووی مەسلەحەتەوە پێی لەوە ناوە کە لە چەند ساڵی ڕابووردوودا خەباتی ئابووری و سیاسیی چینی کرێکار لە کوردستان گەشەی کردوە:

"چینی کرێکار لە کوردستان بە ئەندازەی پێویست گەشەی نەکردوە و کرێکارانی کوردستان هێشتا لە سەرەتای خەبات بۆ داخوازە چینایەتییەکانی خۆیاندا... سەرەڕای ئەمە لە ساڵەکانی ڕابووردوودا کرێکارانی کوردستان داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر هێناوەتە گۆڕ و بو وەدی هاتنیان خەباتیان کردوە و ئەم خەباتە ئێستاش هەر بەردەوامە."

(کوردستان، ژمارە ١٤٩، مانگی گولانی ٦٨)

حیزبی دیموکرات بە ڕاستی هەر پێی خۆشە بە شێوەی هەمیشەی خۆی حاشا لە بوونی چینی کرێکار بکا. بەڵام واقعییەتە ڕەق و تالەکان ناچاری دەکەن باسی ناکافی بوونی گەشە و هەلدانی چینی کرێکار و باسی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و ئابووری ئەم چینە بکا.

سەبارەت بە دیموکراسی بی قەید و شەرت

بە درێژایی ساڵیانی سال حیزبی دیموکرات لە پەیوەند لەگەل مەسەلەی دیموکراسیدا هەمیشە لە دوو قالبدا خۆی نواندوە. کاتێک کە لەبەرانبەر ڕۆژنامەکان و سیاسەتمەداراندا قسە دەکا، هەول دەدا بە دیموکراسی و پلورالیزم و شتی لەم چەشنە هەڵکوتن لاسای حیزبیکی سیاسیی پارلمانتاریست و دیموکراسی خواز بکاتەوە، بەڵام هەر ئەو ئاغایانە لە کۆمەڵی کوردستاندا "ناونیتکە"ی ئانارشیزم لە ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی و داخوازی پەرەپێدانی ئازادییە سیاسییەکان هەڵدەدەن و کاتێک دەکەونە ژیر فشار، خەڵک بە بی فەرهەنگی، سالح نەبوون و ئامادە نەبوون بۆ کەلک وەرگرتن لەم ئازادییانە تاوانبار دەکەن. ئەگەر قازانجی ناچیزی ئەم حیزبەش لە لایەن خەڵکەوە بکەوێتە مەترسی، ئەم حیزبە دژ بە خەڵکی زەحمەتکێش و موخالیفە سیاسییەکانی دەست بۆ غەیرە دیموکراتیک ترین شێوە دەبا. هیچ کەلین و قوژبنیکی کوردستان نیە کە دەیان نموونەی لەم جۆرەی لە نزیکەوە تەجرەبە نەکردبی. گرتن و ئەزیەت و ئازاری هەڵسووراوانی سیاسیی جەرەیانە سیاسییەکانی دیکە، هەرەشە و ئازار دانی چەکدارانەی خەڵک بۆ بەرتیل وەرگرتن یان ناچار کردنیان بە هاوکاری لەگەل ئەم حیزبە، هیچ تەوزیحیکیتر جگە لەوەی باسمان کرد هەڵناگری. هەموو ئەو گووڕوهانە، هەموو ئەو سازمان و هەڵسووراوانەی کە تەنانەت ماوەیەکی کورتیش لە کوردستان هەڵسووڕانی سیاسی و نیزامییان بووبی، ئەم شێوە و ڕەوشتانەیان بە چاوی خۆیان دیوە.

سەبارەت بە مافی ژنان

لە سوننەتی حیزبی دیموکرات دا تەنیا مافیکی کە بۆ ژنان بە ڕەسمی دەناسری لە کونجی مال دانیشتن و مندالداری و گۆڕەوی چنینە و هیچیتر. کاتێک ئەم حیزبە باسی مافەکانی ژن لە نیو خانەوادە دا دەکا عەقلی لە بیر و باوەر و ڕەسم و ڕسوومی کویخاکانی دێهات و حاجییەکانی بازار واوەتر برناکا. چونکوو ئەم حیزبە لە ڕەوتی مێژووداً خوراکی لە سوننەت و ڕەوشتە گەندەل و دواکەوتووەکانی کۆمەڵی کوردستان بووە. هێزی لی وەرگرتوون و پاراستوونی. چونکوو لە سوننەتی ناسیونالیستی کوردستاندا ژنان نەک هەر دەرفەت و مەیدانی خۆ نیشاندانیان پی نادری بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەم جەرەیانانە و ئەو حیزبانەی چەشنی حیزبی دیموکرات خۆیان دەبنە وەسیلەیەک بۆ مانەوەی سوننەتەکان، ئەخلاقییات و ئەو ستەمە غەیرە ئینسانییانی کە دادەسەپێندرێتە سەر ژنان. پێویستە ئەوەش بڵێین پەیوەست بوونی ژنان بە ڕیزی پێشمەرگایەتی بۆ ماوەیەکی دور و درێژ لە لایەن ئەم حیزبەوە بە کارێکی ناپەسەند دادەنرا و مەحکووم دەکرا. حیزبی دیموکرات لە پەیوەند لەگەل مافی ژنان دا هەمیشە و دایم پشتیوان و لایەنگری دووا کەوتووترین و کونەپەرستانەترین ڕەسم و سوننەتەکانی بووە و هەرگیز لەم بارەوە کاریکی نەکردوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەم حیزبە ناتوانی کایە بە کەلیمە بکما و سیاسەتە عەمەلییە خۆڕاپریزانە (محافزەکارانە) و دواکەوتووەکەی بە قسەی تازە برازێنیتەوە. ئێشارەکانی بریارنامەی کونگرەی ٧ی حیزبی دیموکرات ئەم خاسیەتەی هەیە:

"بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستیە کە ژنان لە ڕابەری حیزب داوا دەکا بەرنامەیەکی پوخت و لەبار بۆ هەڵسووراوتر کردنی نەخشی ژنان لە جوولانەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا دابنی."

(بەندی ٧ی بریارنامەی کونگرەی ٧ی حیزبی دیموکرات، کوردستان، ژمارە ١٢٤، ڕەشنەمەی ٦٥)

ڕەنگە حیزبی دیموکرات پی لەسەر ئەوە دابنی کە "ژنان نیوەی کۆمەلن"، ڕەنگە حیزبی دیموکرات بە پێی مەسلەحەت و چوونە سەری ڕادەی داخوازەکانی ژنان شیعاری لەوە توند و تیژ تریش بێنێتە گۆڕ، بەڵام هیچیان ئاڵ و گۆڕیک لە هەڵوێستە عەمەلییە خۆپاریزانەکانیدا پێک ناهێنی. چونکوو حیزبی دیموکرات خزمەتکار و پاریزەری ڕەسم و سوننەتە کونەکانە.

سەبارەت بە شەری نیو خۆیی

پاش چەند ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژە پێدانی شەری نیو خۆیی لە کوردستان و هێنانە گۆڕی زۆر مەرجی غەیرە دیموکراتیک ئیتر ئێستا هەمووان سەر و بنی دەلیلکەکان و قسەکانی ئەم حیزبە لەم بارەیەوە دەزانن و پێویست ناکا لێرەدا ڕوشن بکرێتەوە. بەڵام بیستنی ئەوەش باشە کە بزانن کاتیک ڕابەرانی ئەم حیزبە دەلیلیکیان پی نامینی بۆ درست لە قەلەم دانی سیاسەتە غەیرە دیموکراتیکەکەیان زۆر جار کوتوویانە: "پێشمەرگەکانی ئێمە کەم سەوادن، تێگەیشتنی سیاسییان کەمە، تەبلیغی ئێوە (کۆمەڵە) تووڕەیان دەکا و هانیان دەدا و لەوانەیە دەست بدەنە هەر کاریک کە ئەو کات ئێمە ناتوانین کۆنترۆلیان کەین." ئەم جۆرە قسانە زۆر جار بەسەر زمانی ڕابەرانی ئەم حیزبەدا هاتوە. قسەیەک کە تەنانەت سەرۆک عەشیرەکان و سەروک ئیلەکانیش سەبارەت بە کەسانی عەشیرە و ئیلەکەی خۆیان نایلین و خۆی لی دەپارێزن. بەڵام ڕابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ پاساو کردنی سیاستە ناپەسند و دژی دیموکراتیکەکانی خۆیان باکیان باسی دەکا، لە ڕاستیدا جگە لە ڕیاکاری گەندەلی سیاسی هیچیتر نیە. ئەمانە باکیکیان نیە ڕۆژێک جنیو بە ئاخوندەکان و خومەینی بدەن و ڕۆژێکی دیکە بە دەور و نەقشی مێژوویی یان هەل بلین. تەنیا بەستە بەوەیە کە چ پێداویستییەکیان هەبی و چە جۆرە قسە کردنیک دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەخوڵقینی تا لە خانوادەی بورژوازی دا بە نەردیوانی مەقام و مەنسەبدا سەرکەون و بۆ پێک هێنانی هەلومەرجێکی لە بار بۆ کوما کردنی سەرمایەدارانیان کردوە، هەمیشە خەباتی چەکدارانە و هەڵسووڕانی نیزامییان وەک تەنیا شکلی خۆ نیشان دان و هاتنە گۆڕی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان بۆ لابردنی ستەمی میللی لە قەلەم داوە. لە زمانی ئەم حیزبانە و ئەم سوننەتە سیاسییانەوە خەبات لە سیاسی یانە تەنانەت خودموختاری خوازیکی باشیش نین. ئەمانە نەک هەر هیچ بەرنامەیەکی سیاسییان بۆ لە ناو بردنی بی بەشی و ستەمە کۆمەلایەتی و ئابووریەکانی نیە بەڵکوو تەنانەت پاریزەریکی باش و بەدەربەستیش بۆ لابردنی ستەمی میللی لە کۆمەڵی کوردستاندا نین. ستەمی میللی بۆ ئەم سیاسەتمەدارانە تەنیا بۆ ئەوە بە دەستەوە دەگیری تا هەستی پاکی خەڵک بکەنە دەست کایەی خۆیان و سواری شەپولی هەستان و ئیعتیرازیان بن و باری خۆیانی پی بگەیەننە مەنزل.

ڕابەرانی ئەم حیزبە پوز و قەلافەتی سیاسەتمدارانە بە خۆ دەگرن و "سیاسەت بە هونەری گونجاو" ناو دەبەن و شانازی بەوەوە دەکەن کە بە پێی ئەم ئوسوولە زانایانە دەجوولینەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر نەک هەر لیکدانەوە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندە واقعبینانەکان بەڵکوو تەجرەبەی ژیانی واقیعی و ئەوەی لەم چەند مانگەدا ڕووی‌دا (تڕۆری قاسملوو) بە کردەوە نیشانیدا کە ئەم جۆرە ڕابەرانە نە "سیاسەت" یان هەیە و نە "هونەر" و نە لیهاتوویی تێگەیشتنی ئەو شتەی کە "گونجاو"ە. دەنا ئاوا سووک و هاسان نەدەبوونە دەست کایەی مانۆرە سیاسییەکانی جمهووری ئیسلامی و سەری خۆیان بە با نەدەدا. لە دنیای واقیعی‌دا سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و ڕابەرانی ئەم حیزبە هەمیشە لە ترسەنوکی و خوشباوەری و لینەهاتوویی و بی لیاقەتی وەردراون.

-٣-

لە بی ئاسویی سیاسییەوە تا وت و وێژ:

هەر وەک باسی کرا ڕەوتی داشکانی ئیعتیبار و نفووزی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵی کوردستاندا، ئەم حیزبەی تووشی بوحرانیکی سیاسی قول و لە مێژینە کردوە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا بەڕۆکی بەم حیزبە گرتوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا ئەم حیزبە بە ناهومیدی و بە دەست بردن بۆ مانوری جۆراوجۆر و هەولی داوە خۆی لەم بوحرانە سیاسییە دەرباز کا. سەردەمیک بە پاش گەز بوونەوە لە بیر و باوەرە سیاسییەکانی بۆ ئەوەی خۆی بە ئوردوگای سوسیال دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا هەلواسی. جاریک بە ڕاگەیاندنی شەر لە دژی کۆمەڵە و جاریکیتریش بە چاو داگرتن لە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و بە گەرم ڕاگرتنی شایعەی وت و وێژ.

بوحران و سەر لی شیواوییە سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەبەرە ئەم حیزبەی تووشی بن بەست و تەنگەبەریی سیاسی کردوە. ئێستا با بزانین سەرچاوەی ئەم ئالوزییە سیاسییەی ئێستای حیزبی دیموکرات لە کوێوەیە و چ شتێک توند و تێژتری دەکاتەوە.

هەموو حیزبە سوننەتییەکانی نیو کۆمەڵی کوردستان کە نوینەرایەتی چین و توێژە داراکان، دەرەبەگەکان و سەرمایەدارانیان کردوە، هەمیشە خەباتی چەکدارانە و هەڵسووڕانی نیزامییان وەک تەنیا شکلی خۆ نیشان دان و هاتنە گۆڕی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان بۆ لابردنی ستەمی میللی لە قەلەم داوە. لە زمانی ئەم حیزبانە و ئەم سوننەتە سیاسییانەوە خەبات لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا و تەنیا لە خەباتی چەکدارانەدا بەرتەسک دەکرێتەوە کە خۆدی ئەم خەباتە چەکدارانەیەش بە کردەوە دادەشکێتە سەر هەڵسووڕانی نیزامیی هێزی چەکداری ئەم حیزبانە. لەم ناوەدا هەموو شکل و مەیدانەکانی ئیعتیراز، موقاومەت و خەباتی جەماوەری خەڵک دژ بە ڕژیم تا ئەو جیگایە موعتەبەرن کە خزمەت بە خەباتی چەکدارانە بکەن. شکلەکانی تری خەبات هەر بە ڕادەیەک کە خزمەت بە خەباتی چەکدارانە دەکەن سەرنجی ئەم جەرەیانانە بۆ لای خۆیان ڕادەکیشن.

ئەمڕۆ تا هەر ڕادەیەکیش بریارنامەکان پەسند کراوەکانی کونگرە و پلینومی حیزبی دیموکرات لە باری سیاسییەوە پینە بکری یان سەبارەت بە وجوود و گرینگیی شێوەکانی تری خەبات لە کوردستاندا بریار و قەرار بدری هیچ فەرقیک لە ئەسلی مەسەلەکەدا پێک ناهینی. هەروەک پیشوو لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە بزووتنەوە لە کوردستان لە خەباتی چەکدارانەدا بەرتەسک دەکرێتەوە ئەم حیزبە خۆی بە خۆدی ئەم خەباتە چەکدارانەوە بەند کردوە و پەرە پێدانی واقیعی و یان تەنانەت خزمەتێک بە بەرەو پێش بردنی ئەم

←

مەیدانەی خەبات، بە پێی نەقشەی داڕێژراو بکا.

لە هەلومەرجی ئێستادا بە هۆی ئاڵ و گۆڕیک کە لە سەنگ و سووکی‌ی نیوان هێزە نیزامی‌یەکاندا لە کوردستان پێک هاتوە لە کردەوەدا ڕادەی هەڵسووڕانی نیزامی بەرتەسکتر بووەتەوە و ئێمە قسەمان لەسەر بەرتەسکی‌یەکانی ئێستای ئەم مەیدانەی خەبات لە کوردستان نیە. بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم بەرتەسکی‌یانە چ تەئسیریک دەکاتە سەر ئاسوی جەرەیانە جۆراوجۆرەکان و چ شێوە و ڕێگا چارەیەک لە لایەن ئەوانەوە ڕەچاو دەکرێ.

تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکرات هەڵسووڕانی نیزامی تەنیا خاسیەت و قابلییەتیکە کە ئەم حیزبە دەتوانی لە خۆی نیشان بدا. جگە لەمە حیزبی دیموکرات هەول دەدا هەڵسووڕانی نیزامی خۆی، لەبەر شێوە قەهراوی‌یەکەی وەک ڕادیکالیزمیکی سیاسی لە مەیدانی بەرنامە و سیاسەت دا لە قەڵەم بدا تا لیبرالیزم و محافزەکاری قووڵی بەرنامە سیاسی‌یەکەی داپوشی. هەر بەم بونەویە کە ڕیک لە هەلومەرجیکدا کە سیاسەت و کردەوەیەکی بە تەواوی ڕاست و ڕەوانەی بەرانبەر بە مەسەلەکانی کۆمەڵی کوردستان ڕەچاو کردوە، بە جۆرێک لە دژی موخالیفە سیاسی‌یەکانی قسە دەکا کە گوایە ڕادیکالە و، ڕیک لە هەلومەرجێکدا کە ڕابەرانی ئەم حیزبە قەولی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی نیزامی‌ی خۆیان بە دەوڵەتی مەرکەزی دەدەن یان لەسەر گونجاو و بوونی دەمەقەریانە، کەسانی‌تر بەوە تاوانبار دەکە کە دەستیان لە خەباتی چەکدارانە کیشاوەتەوە یان لەم مەیدانەدا ناهەڵسووراون!

بە کۆرتی حیزبی دیموکرات حوزووری خۆی لە خەباتی چەکدارانە دا دەکاتە وەسیلەیەک تا ئابرووی‌ەک بۆ سیاسەتە یەکجار لیبرالی و محافزەکارانەکەی خۆی بکری. لە هەمان حالدا چونکوو هەڵسووڕانی نیزامی تەنیا شکلی خۆ نیشاندانیەتی، بە هەر ڕادەیەک کە بە هۆی ئاڵ و گۆڕی سەنگ و سووکی‌ی نیوان هێزە نیزامی‌یەکان و ئاڵ و گۆڕی هەلومەرجی سیاسی، خەباتی چەکدارانە بەرتەسکی و تەنگە بەری‌ی سیاسی‌ی بۆ بیتە پێش، دیمەنی سیاسی‌ی لە دەورەی داهاتوودا لیل و شلوی دەبی و مەوجوودییەتی سیاسی‌ی خۆی لە مەترسی‌ی تیدا چوون دا دەبینی. بە هەر ڕادەیەک کە ئەم مەیدانەی خەبات وەک مەیدانیک لە بزووتنەوەی کوردستان بکەوێتە ژێر فشارە واقیعی‌یەکان بە هەمان ڕادەش حیزبی دیموکرات بی کەلکتر و بی خاسیەت تر دەبی. لە وەها هەلومەرجیکدایە ئەم حیزبە هەموو هەول و تەقالای خۆی بە کار دەبا تا مەوجوودییەتی سیاسی خۆی بپاریزی و ئیمکانی مانی خۆی پێک بینی. ئیتر قسە لەسەر ئەوە نیە کە حیزبی دیموکرات چ ئاڵ و گۆڕێک پێک بینی، قسە لەسەر ئەوەیە کە چون مەوجوودییەتی سیاسی خۆی بپاریزی و هەموو بی قەراری‌یەکانی ڕابەرانی ئەم حیزبە بۆ وت و وێژ لەگەل ڕژیم هەول و تەقالایەکی ناهومیدانەیە لەم ڕێگایەدا.

حیزبی دیموکرات لە باشترین حالەتی خۆیدا نوینەرایەتی بورژوازی کوردستان دەکا و بەرژەوەندەکانی دەپاریزی و هەر کە کەلین و کەلەبەری نیوان دەوڵەتە بورژوایی‌یەکان زیادی کرد و هەر کە تاج و تەختی دەوڵەتی مەرکەزی کەوتە لەرزین سەرکیشی و نافەرمانی دەست پی دەکا و بەدەست خەرو کردنی هەستی پاکی خەڵکی دەوڵەتی مەرکەزی دەخاتە ژێر فشار تا بە شێوەی نەغدی بەشەکەی لە دەسەلاتدارەتی سیاسی بداتی، بورژوازی کورد تیدەکوشی بە وەدەست هێنانی پالپشتێکی دەوڵەتی نەک هەر ئەمنییەتی دارایی‌یەکانی، ملکەکان و سەرمایەکەی بپاریزی بەڵکوو بازار و ئیمکاناتیکی بەرینتریش وەدەست بینی. ئەگەر ئاڵ و گۆڕیک بە قازانجی دەوڵەتی مەرکەزی لە هەلومەرجی سیاسی‌دا پێک هات، بورژوازی کورد دەست لە بولە بول هەلدەگری و بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی خۆی و پاراستنی دارایی و سەرمایەکانی سەر بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، بۆ ملهوور و زەبر و زەنگ دادەنەوینی. لە دە ساڵی ڕابوردوودا خۆنیشان دانی سەرمایەداران، بازرگانان و دەرەبەگەکان و دەلالەکان و حیزبەکەیان یانی حیزبی دیموکرات لە مەیدانی خەباتی سیاسی‌دا ئەم مەسەلەیە نیشان دەدا. ئەمرۆ ئەمانە لە حوجرەکانیان دا چاوەڕوانی دەرفەتێکی دیکەن و ئەسکەناس لە سەر ئەسکەناس هەڵدەچنن. لەم چوارچێوەیە دایە کە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەی درگای دووکانە سیاسی‌یەکەیان دانەخری هەول دەدەن و ئیجازەی هەڵسووڕانی سیاسی خۆیان بە سوال و سەدەقە لە ڕژیم وەر دەگرن. وت و وێژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بۆ حیزبی دیموکرات ئەو جیگا و شوێنەی هەیە.

-٤-

پی داگرتن لەسەر "ئەسلی وت و وێژ" پەردەیەکە بۆ داپوشینی سەودا و بەند و بەست:

لەو کاتوە کە بە دوای تروێری قاسملوودا و سەرەڕای مەیلی حیزبی دیموکرات مەسەلەی وت و وێژی حیزبی دیموکرات لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاشکرا بوو، تا ئێستاش خەڵکی کوردستان هیچ قسەیەکی ئاشکرا و ڕوشنیان جگە لە قسەی کوللی و ناڕوشن سەبارەت بە ناوەڕۆکی واقیعی ئەم وت و وێژانە لە زمان ئەم حیزبە نەبیستوە. دەلیی ئەم مەسەلەیە کاریکی خوسووسی‌ی ئەم حیزبەیە و بە پێویست نازانی لەم بارەیەوە بۆ کەس تەوزیح بدا. بەڵام ڕابەرانی ئەم حیزبە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە تەئکید دەکەنە سەر ڕەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ لەگەل ڕژیم. ڕابەرانی ئەم حیزبە بە ماندوویی نەناسی‌یەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چون ئەسلی وت و وێژ لەگەل ڕژیم، لە نیو حیزبی دیموکراتدا سیاسەتێکی پایدار و جی کەوتووە و بە بروای ئەم حیزبە بۆ چارەسەر کردنی یەکجاری‌ی "مەسەلەی کوردستان" دەبی لەگەل ڕژیم وت و وێژ بکری. دووپات کردنەوەی ئەم تەوزیحە ماندوویی هێنەرانە لە لایەن ڕابەرانی حیزبی دیموکراتەوە تەنیا دەتوانی ساویلکەیی و سادە لەوحی‌ی ئەوان و ئەوە نیشان بدا کە چەندە ئەوانەی ڕووی قسەیان تێیانە بە کەم دەگرن. ئەوان لە ڕاستی‌دا لەم ڕێگایەوە هەول دەدەن لە ژێر باس کردنی ناوەڕۆکی واقیعی‌ی ئەم وت و وێژانە دەرچن. ڕەنگە ئەم بە کوللی قسە کردنانە، وەڵامی ڕەخنەی نەوعی موجاهیدین بداتەوە بەڵام لە مەیدانی سیاسی‌ی کوردستان مەسەلەکە لەسەر قەبوول کردن یان ڕەت کردنەوەی ئەسلی وت و وێژ نیە.

ڕەنگە ئەسلی وت و وێژ بە گشتی هەر وەک ئەسلی خودموختاری‌یەکیک لەو مەوریدە کەمانە بی کە دەکری خالیکی هاوبەشی‌ی نیوان حیزبی کرێکاری و حیزبی بورژوایی لە کوردستان بی. وت و وێژ بە مەرجیک لە خزمەت بەهێز کردنی بزووتنەوە یان وەدی هێنانی داخوازەکانی بزووتنەوەدا بی، هێندیک ئیمتیازی دیاری کراو لە جهەت دابین کردنی داخوازە سیاسی‌یەکانی جەماوەری خەڵکدا وەدەست بینی و... دەتوانی لەگەل دوژمن بکری.

کەوابی لیرەدا قسە نەک لەسەر ئەسلی وت و وێژ بە گشتی و یان لە سەر ئەوەی کە ئایا ماف و ئیجازەی وت و وێژ هەیە یان نا، بەڵکوو لەسەر وت و وێژی دیاری کراو لە برگەیەکی زەمانی دیاری کراو دایە. وت و وێژێکی دیاری کراو دایە. وت و وێژێکی دیاری کراو بەڕێوە چووە و پێشینەکەشی تا ڕادەیەک ئاشکرا بووەتەوە و تەنیا نەتیجەی تا ئیستاشی تروێری قاسملوو بووە. بەڵام ڕابەرانی حیزبی دیموکرات بە دانستە بریاریان داوە و ڕازی سەودا و بەند و بەستە سیاسی‌یەکانیان هەر وەک پێشوو لە خەڵک بشارنەوە و چەند مانگە هەر تەئکید لەسەر ڕەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە و لە ناوەڕۆکی واقیعی‌ی ئەو تەوافوقانەی کە ڕەنگە کردبیتیان بی دەنگەیان کردوە و هەروا درێژەی پێدەدەن.

هەڵبەت بی دەنگی‌ی حیزبی دیموکرات مانای تایبەتی خۆی هەیە و ئەو مانایە دەبی نەک لەو شتانەی کە باسی کردوە بەڵکوو لەو مەسەلانەی کە بە دانستە و بە ئەنقەست باسی ناکا دەرکێشی.

یەکەمیان ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات بەم بی دەنگی‌یە، سر پوشی و وەفاداری خۆی بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی دەسەلمێنێ و نیشان دەدا کە ئینسافەن هێندە بەرانبەر بە وت و وێژەکانی ئەم دوایی‌یانە قسە دەکا جگە لە گلەیی لە ناپەگیر بوونی ڕژیم لە وت و وێژەکاندا و، کەلکی نارەوا وەرگرتنی ڕژیم لە نییەت باشی‌ی حیزبی دیموکرات و دەربڕینی سەر سورمانی خۆی لە ڕادەی جینایەتکار بوونی ڕژیم، هیچ شتێک لە قسەکانی پێشووی زیاد ناکا:

"لەو نووسراوانەی کە لە کۆبوونەوەکانی وت و وێژ ماونەتەوە دەر دەکەوی کە ڕژیم لەسەر چارەسەری ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کوردستان جیددی نەبووە..."

(وت و وێژی حسن شرڤی لەگەل دەنگی کوردستان، ١١ی سەرماوەزی ٦٨)

سەرەڕای ئەوەی کە لەم وت و وێژانەدا قاسملوو بەدەست بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی تروڕ کراوە هیشتاش گلەیی ئەم حیزبە ئەوەیە کە ڕژیم لە وت و وێژەکاندا جیددی نەبووە. دەلیێ ڕابەرانی ئەم حیزبە ژیانی خەڵک کەم دەکاتەوە؟ وەڵام نەدانەوە و بی دەنگە لی کردنی ڕابەرانی ئەم حیزبە سەبارەت بەم مەسەلەیە پتر لە هەر ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بی ڕەبت بوونی ئەم جۆرە وت و وێژە نهێنی‌یانە لەگەل خەبات و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نیشان دەدا.

سێیەم، شاردنەوەی بە دانستەی ئەم مەسەلەیە خۆی نیشاندەری شەرمەزاری و ترسی ئەم حیزبەیە لە ئاشکرا کردنەوەی مەسەلەکە. بێگۆمان ئەگەر وت و وێژەکان بچووکترین ئیعتیازی بە قازانجی بزووتنەوە تێدا بۆایە یان هێندیک قەید و بەندی لەسەر دەست و پێی خەڵک لابردبا، حیزبی دیموکرات کیوی دەکردە کاو کیچی دەکردە گا و بە زل کردنەوەی ئیمتیازە بچووک و ناقابیلەکان هەوڵی دەدا زیاترین کەڵکی تەبلیغاتی لەم مەسەلەیە وەرگری. بەهەرحال حیزبی دیموکرات بە هەر ڕادەیەک بیەوی دەتوانی بی دەنگی‌ی ماناداری درێژە پی بدا بەڵام هیشتا نەکوتراوە دیارە ئاستی ئەو مەسەلانەی لەگەل جمهووری ئیسلامی وت و وێژی لەسەر کراوە هێندە لە ئاستی داخواز و چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لە خوارترە و هێندەیان لێ دوورە کە حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجیی ئیستادا ناویری ڕەوتی هەوڵدانی خۆی بۆ هێنانە خواری چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵک هەر لە ئێستاوە دەست پی بکا.

بەڵام تا ئەو جێگایەی حیزبی دیموکرات بە تایبەتی سەبارەت بە وت و وێژەکانی ئەم دوایی‌یانە قسە دەکا جگە لە گلەیی لە ناپەگیر بوونی ڕژیم لە وت و وێژەکاندا و، کەلکی نارەوا وەرگرتنی ڕژیم لە نییەت باشی‌ی حیزبی دیموکرات و دەربڕینی سەر سورمانی خۆی لە ڕادەی جینایەتکار بوونی ڕژیم، هیچ شتێک لە قسەکانی پێشووی زیاد ناکا:

"لەو نووسراوانەی کە لە کۆبوونەوەکانی وت و وێژ ماونەتەوە دەر دەکەوی کە ڕژیم لەسەر چارەسەری ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کوردستان جیددی نەبووە..."

(وت و وێژی حسن شرڤی لەگەل دەنگی کوردستان، ١١ی سەرماوەزی ٦٨)

سەرەڕای ئەوەی کە لەم وت و وێژانەدا قاسملوو بەدەست بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی تروڕ کراوە هیشتاش گلەیی ئەم حیزبە ئەوەیە کە ڕژیم لە وت و وێژەکاندا جیددی نەبووە. دەلیێ ڕابەرانی ئەم حیزبە هیشتاش دەرس وپەندیان وەر نەگرتوە و لە خەوی غەفلەت هەڵنەستاون. یان دەکوتری:

"... ڕژیم لە ڕێگاکانی دیکەوەش تێکۆشا زەبر لە بزووتنەوەکەمان بوەشینی و لەو پی یەدا توانی بە کەڵک وەرگرتن لە نیاز پاکیی حیزبی دیموکرات کە هەمیشە لایەنگری چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان بووە، سکرتیری گشتی حیزبەکەمان دوکتور "عبدالرحمن قاسملوو" بە ناوی وت و وێژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان لە داو بخا و تیرۆری بکا."

(کوردستان، ژمارە ١٥٥، خەزەلوەری ٦٨)

بەڵی حیزبی دیموکرات نییەت باشی‌ی خۆی پێشکەشی سەرانی جمهووری ئیسلامی کرد بەڵام ڕژیم خۆش خەیالی‌یەکانی ئەم لیبراڵە خوشباوەر و ترسەنوکانەی دەسخەرو کرد و ئەوانی لە پێناو سیاسەتەکانیدا کردە دەست کایە. لە هەمان حاڵدا دەبی ئەوەش بڵێین کە نییەت باشی‌ی حیزبی دیموکرات دەرهەق بە جمهووری ئیسلامی نیشانەی ئاشتی خوازی و سیاسەتمەداری ڕابەرانی ئەم حیزبە نەبووە بەڵکوو خۆش خەیالی قوول و داماوی ئەم حیزبە ئاشکرا دەکا.

دووپات کردنەوەی سکالای بی هێزی وەک: "بەڵام کونەپەرستانی دوور لە ئینسانییەت و عەقلی سەلیم بەم کارە درندانەیە (تروێری قاسملوو) سەڵماندیان کە بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانی ئەمڕۆی ئێران هیچ ڕێگایەک بە ناوی ڕێگای ئاشتی خوازانە ناناسن و لە نیوان خۆیان و خەڵکی ئێراندا تەنیا زۆر و خشوونت بە حاکم دەزانن و بەس..." و یان "بەڵام پەروەردە کراوانی خوێن و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا کە نە لە فیکری ئێران دان و نە گەلی کورد لە ئێران بە ئێرانی دەزانن. ئەوان جاریکی دیکە بە ڕوونی ڕایان گەیاند کە هیچ بایەخێک بە ئوسوولی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن..." هیچ کەڵک و خاسیەتێکی نیە جگە لەوەی کە ئەم ڕاستی‌یە دەرخا کە ساڵەها کوشتاری زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی هەموو ڕۆژەی جەماوەری خەڵک نەیتوانیبوو ڕواڵەتی تروێریستی و جینایەتکارانەی ڕژیم بۆ سەرانی حیزبی دیموکرات ڕوون کاتەوە تا ئەو کاتەی تروێریستەکانی جمهووری ئیسلامی سیلەیان لە ڕابەرانی ئەم حیزبە گرت.

-٥-
داردەستە بوون یان وت و وێژ کردن:

بە کورتی قسە لەسەر ئەسڵی وت و وێژ کردن بە شێوەی گشتی نیە بەڵکوو قسە لەسەر بەکارهێنانی تایبەتیەتی لە هەلومەرجی دیاری کراوی سیاسیدا. بە بی لەبەر چاو گرتنی هەموو هەلومەرجێکی سیاسی و سەنگ و سووکی نیوان هێزەکان و بە بی قەید و شەرت چوونە پشت میزی وت و وێژ، بە کردەوە، جگە لە دەست بە داوین بوونی جمهووری ئیسلامی، و چاو لە لوتف و مەرحەمەتی جمهووری ئیسلامی برین، هیچ مانایەکی تری نابی. وت و وێژ کردن لەگەل دوژمن پەیرەوی لەو سەنگ و سووکیەی نیوان هێزەکان دەکا کە لە دەرەوەی سالونی وت و وێژ وجوودی هەیە. ئەگەر قەرار بی لە ڕێگای وت و وێژ لەگەل ڕژیمەوە ئیمتیازاتێک بە قازانجی بزووتنەوەی جەماوەری وەر گیری و هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ گەشە و هەڵدانی ئەم خەباتە پێک بهێنری یان هەنگاوێکیتر بۆ دەرخستنی ریاکاریەکان و داماوی‌یەکانی ڕژیم هەڵبگیری، ئەم کارە تەنیا بە پشتیوانی و بە پالپشتی بزووتنەوەی جەماوەری دەکری. تەنیا خەیال خاوان و کەسانی خوشباوەری وەک ڕابەرانی حیزبی دیموکرات رەنگە وا خەیال بکەن کە هەر بە چەنە لیدان و پەنا بردن بۆ مانوری دیپلوماتیک دەکری ئەو ئیمتیازات و هەلومەرجە بە سەر ڕژیم دا سەپێندری کە لە خەیالیاندایە. بە پشتیوانی بزووتنەوەی جەماوەری نەبی سەرئەنجام وت و وێژی لەم چەشنە جگە لە چەنە لیدانی بی کەڵک هیچی‌تر نابی و زۆرجار جەرەیانێکی وەک حیزبی دیموکرات لەبری قەوڵ و بەڵێنی‌یە پووچەکانی ڕژیم، پێشەکی هێندیک ئیمتیازیش دەدا بە ڕژیم.

جگە لەوە ئەگەر ئەم وت و وێژانە بە شێوەی واقیعی لەسەر مەسەلەکانی کوردستان، نابی بە نهێنی و بی ئاگاداری جەماوەری خەڵک بکری.

پەنا بردن بۆ فەننی نهێنی کاری، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک لە ناوەڕۆکی ئەم وت و وێژە ئاگادار نەبن، نەک لیهاتوویی و هونەرمەندی وت و وێژکەران بەڵکوو پێش هەموو شتێک بی ڕەبت بوونی وت و وێژێکی ئاوا بە مەسەلە و چاوەڕوانی‌یە شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالەکانی جەماوەری خەڵک دەسەلمێنێ. حیزبی دیموکرات، بە هیچ بیانوویەک و هیچ پاکانەکردنێکی سیاسی ناتوانی نهێنی بوونی وت و وێژەکە تەوزیح بدا و، ئەمە تەنیا دەتوانی ئەوە نیشان بدا کە ئەم حیزبە چەندە سووک و هاسان دەبێتە دەسکایەی ڕژیم و لە حاست مەیل و مەبەستەکانی جمهووری ئیسلامی سەر دا دەنەوێنی.

لە ڕاستیدا ئاشکرا کردنەوەی ڕەوتی وت و وێژەکان هەوەل هەنگاوێکە کە ڕژیم ناچار دەکا لایەنەکەی تری وت و وێژ و هەروەها خەبات و داخوازە سیاسی‌یەکانی خەڵک بە ڕەسمی بناسی و لە هەلومەرجی ئێستاش دا ئەمە یەکەم مەرجێکە کە دەبی پێک بی تا وت و وێژێک بە قازانجی بزووتنەوەی جەماوەری دەست پی بکا. دووهەم، تەنیا بە ئاشکرا بوونی وت و وێژەکە دەکری دەرفەتی مانور و وەختکوژی لە ڕژیم بستێندری و ریاکاری‌یەکانی ئاشکرا بکری. لە هەمان حالدا شێوەی ئاشکرا بوونی وت و وێژ دەرفەتی ئەوە پێک دینی کە قسەیان لەسەر دەکری و بتوانن دەخاڵەتی تێدا بکەن. حیزبی دیموکرات کە ئەم ئەسلە ڕوشن و سەرەتایی‌یانەی لە بەرچاو نەگرتوە و پێشی خۆش نیە لەبەر چاویان بگری، ڕێگایەکی نیە جگە لەوەی بە هەوای ڕژیم سەرچوپی بگری.

بێجگە لەوە بۆ ئەوەی دەرکەوی وت و وێژ لەگەل ڕژیم تا چ ڕادەیەک پەیوەندی لەگەل مەسەلە و گیر و گرفتەکانی خەڵک هەیە، دەبی بزانی ئەم وت و وێژانە چەندە بە خواست و داخوازە سیاسی‌یەکانی خەڵک مەربووتن و لەم بارەیەوە ئیددیعاکان و وەعدە و بەڵێنی‌یەکانی وت و وێژکەران هیچ بایەخێکی جیددی‌یان نیە. بۆ ئەوەی وت و وێژ نەبێتە مەیدانیک بۆ مانور دانی ڕژیم، دەبی لە پێشدا ڕژیم ئیقداماتێک بکا. پاش بەڕێوە بردنی دە ساڵ شەری خوێناوی لە دژی خەڵک، سیاسەتی بگرە و ببرە و پێک هێنانی خەفەقان و بی بەش کردنی خەڵکی زەحمەتکێش لە سەرەتایی‌ترین مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان لەلایەن ڕژیمەوە، ساویلکەیی‌یان بە کەم گرتنی تێگەیشتنی سیاسی و ڕادەی چاوەڕوانی‌ی خەڵکی زەحمەتکێشە کە بی هیچ مەرج و زەمانەتێک لەگەل ڕژیم وت و وێژ بکری ئەم کارە ڕاستەوخۆ بە مانای تەئیید کردنی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕژیمیان چاوپوشی لی کردنیەتی. هەر لەبەر ئەوەیە کە سەرەڕای قەبوول کردنی ئەسڵی وت و وێژ، دیسان دەبی تەئکید بکرێتەوە سەر ئەوەی مەرجی دەست پێکردنی هەر جۆرە وت و وێژێک لەگەل ڕژیم ئەوەیە کە ڕژیم هێندیک هەنگاوی دیاری کراو هەڵگری. هەنگاوی وەک: ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی، گەڕاندنەوەی خانەواده تەبعیدی‌یەکان یان بە زۆر کوچ پی کراوەکان، غەرامەت دان بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە شەری دە ساڵەی ڕژیم دا لە دژی خەڵکی کوردستان زەرەر و زیانی گیانی و مالی‌یان وبکەوتوە، هەروەها هەلچنینی هەموو مەقەرەکان و پایگاکانی لە شار و دێهاتی کوردستان. تەنیا بە ئەنجامدانی ئیقداماتێکی لەم چەشنەیە کە دەکری لە ڕژیم قەبوول بکری بە نیازە بۆ ڕاگرتنی شەری بەرین لە دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە هەنگاوی سەرەتایی هەڵگری.

بیجگە لەوە دەبی قامک بخرێتە سەر ئەمە کە بە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی حیزبی دیموکرات، چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی تەنانەت بە شێوەی ئاشتی خوازانەش هەر بە شکلی دەخالەتی ڕاستەوخۆی هەموو خەڵک ئیمکانی دەبی. بۆیە دەبی ئەم دەرفەتە پێک بهێنری کە هەموو کەس و دانەدانەی خەڵکی کوردستان مەسەلەن لە ڕیفراندومێک دا بەشداری بکەن و سەبارەت بە شێوەی تایبەت و دیاریکراوی بە کار هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس بڕیار بدەن. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەکری بە ئازادترین و دیموکراتیک ترین شێوە یانی بە شێوەی دەربڕینی ڕەئی‌ی ڕاستەوخۆ، گشتی و ئازادی خەڵک ستەمی میللی

-٦-
وت و وێژ لەسەر چی بووە:

حیزبی دیموکرات و ڕژیم بی دەنگەیان لە ناوەڕۆکی واقیعی وت و وێژ و ئەم تەوافوقانە کردوە کە ڕەنگە کردبیتیان و دەڵێی پێک هاتنی پێشوویان لەم بارەوەیە ئێتساش بە دەربەستی‌یەوە بەڕێوە دەبەن. جمهووری ئیسلامی بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی تڕۆری قاسملوو ڕایگەیاند کە قسە و باس لەسەر دانی ئەمان نامە بە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات بووە و هەوڵی دا باری شەرمەزاری حیزبی دیموکرات گرانتر بکا. تا ئەو جێگایەش کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکرات هەر قسەی کوللی و ناڕوشن و دژ بە یەکی کردوە و هیچی‌تر.

سەبارەت بەم مەسەلەیە سادق شەرفکندی سکرتیری گشتی‌ی حیزب دەڵی: "هەوەل دیدار لەم بارەوە سەرەتای زستانی ساڵی پێشوو لە نیوان دوکتور قاسملوو و عبدالله قادری لە لایەن حیزبەوە لەگەل نوینەرانی ڕژیم لە "وین" کرا. لە ڕاستیدا ئەو چاو پی گەوتنە، وت و وێژ نەبوو بەڵکوو چاو پی کەوتنێک بوو چونکوو نوینەرانی دەوڵەت دەیانەویست بزانن نەزەری نێهایی حیزب سەبارەت بە چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردستان چیە؟"

شەرفکندی لە دریژەی ئەم قسانەدا دەڵی: "نەزەری دەفتەری سیاسی ئەمە بوو: تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی وت و وێژێک بە مانای واقیعی لە گۆڕی بی و زەمینەیەک بۆ وت و وێژ کردنی هەبی دەبی ڕژیم پێش هەر شتێک بە شێوەی ڕەسمی و ئاشکرا ئەسڵی خودموختاری قەبوول بکا. قەبوول کردنی ئەم ئەسلە و ڕاگەیاندنی بە شێوەی ڕەسمی، چوارچێوەیەک پێک دینی کە بکری وت و وێژ لەسەری دەست پی بکری..."

(وت و وێژی سادق شەرفکندی لەگەل دەنگی کوردستان سەرماوەزی ٦٨)

بەڵام هێندیک لە قسەکانی هلن قاسملوو ئەو قسە کوللی‌یانە کە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات وەسەر یەکیان خستوە پووچەڵ دەکاتەوە و ڕیاکاری‌یەکەیان دەر دەخا. هلن قاسملوو دەڵی: "هاشمی ڕەفسەنجانی دەری بڕیوو ئامادەیە موافەقەت نامەیەک لە نیوان کوردەکان و دەوڵەتی مەرکەزی‌دا ئیمزا بکری بە مەرجێک کە باسی خودموختاری نەکری. چونکوو ڕەنگە وشەی خودموختاری کەمایەتی‌یە قەومی‌یەکانی دیکەی ئێران هان بدا و بوو وەدەست هێنانی ئیمتیازاتێکی لەم چەشنە هەلیان خرینی... هاشمی ڕەفسەنجانی داوای کردبوو کە ڕابەرانی کورد لە بری وەرگرتنی ئەم ئیمتیازانە سازمانی نیزامی‌ی حیزب کە بە پێشمەرگە ناسراوە هەڵوەشێننەوە." بە پێی قسەی هلن، قاسملوو ئەم مەرجانەی قەبوول کردبوو و تەنانەت ئامادە بووبوو خۆی دەربڕیبوو کە ڕابەرانی حیزبی دیموکراتیش بۆ قەبوول کردنیان قانع بکا.

دەلیل و بەڵگەکان نیشان دەدەن کە ماوەیەکی زۆر لە نیوان حیزبی دیموکرات و ڕژیم دا لەسەر دەستووری کۆبوونەوەکان جەدەل کراوە. نوینەرانی ڕژیم بە هیچ جۆر حازر نەبوون باس لەسەر خودموختاری بکەنە دەستووری کۆبوونەوەکان و بەڵێن دەدەن کە دەوڵەت خۆی ئیقداماتێک بکا، بەڵام حازر نین لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەل حیزبی دیموکرات وت و وێژ بکەن چونکوو خودموختاری لە جمهووری ئیسلامی‌دا ناگونجی. سەرئەنجام بە هۆی فشاری نوینەرانی ڕژیم حیزبی دیموکرات دەچێتە ژێر باری لابردنی ئەم باسە و وت و وێژەکان تەنیا لەسەر چلونایەتی هەڵسووڕانی حیزبی دیموکرات دڕێژەی دەبی. ریوایەتە جۆراوجۆرەکان نیشان دەدا نوینەرانی حیزبی دیموکرات قەبوولیان کردوە سازمانی نیزامی‌ی خۆیان هەڵوەشێننەوە تا لە بری ئەمە ئیجازەیان پی بدری دەفتەرەکانیان لە شارەکانی کوردستان دابنین. بە هەرحال ناوەڕۆکی ئەسلی‌ی وت و وێژەکان مەسەلەی چلونایەتی هەڵسووڕانی سیاسی‌ی حیزبی دیموکرات بووە.

پێویست ناکا حیزبی دیموکرات تێگەیشتنێکی زۆر قوول سیاسی‌ی هەبی تا لە چارەنووسی کەسانی وەک مهدی بازرگان و منتزەری و حیزبە وەفادارەکانی‌تری ڕژیم دەرس وەرگری. ڕەنگە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات چارەنووسێکی ئاوا بە شیاو و خوازراوی خۆیان بزانن و بە دانستە بەرەوپیری بچن ڕەنگیشە بیانەوی بە پلورالیزمی ئیددیعا کراوی خۆیان وەفادار بن و لە پال حیزبی وەک حیزبی جمهووری ئیسلامی و وەفادارانی خەتی ئیمامەوە سەر لە مەجلیسی شورای ئیسلامی دەربینن.

هەڵبەت حیزبی دیموکرات دەتوانی هەر تەسمیمێک لەسەر چارەنووسی خۆی بگری یا دروست تەر بڵێین ئیجازە بدا چارەنووسی سیاسی‌ی ئەم حیزبە ببێتە دەستکایەی سەرانی جمهووری ئیسلامی و یەک لەوانیش ڕەفسەنجانی. ئەمە هەڵبژاردنیکە خۆیان دەیکەن و لە چارەنووسی کەس مەربووت نیە. هەر وەک ئەوەی کە وەرگرتنی ئیجازەی هەڵسووڕانی سیاسی بە سوال و سەدەقە لە جمهووری ئیسلامی هیچ پەیوەندیکی بە خەڵکی کوردستانەوە نیە و لەگەل خەبات و ڕاوەستانی شۆڕشگێڕانە بەرانبەر بە ڕژیمی دیکتاتوری و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی و لەگەل داخوازە ڕادیکالەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بە تەواوی بیگانەیە.

ئەمڕۆ ئیتر سەر لی شێواوی سیاسی‌ی حیزبی دیموکرات و ڕادەی داماوی و لینەهاتوویی سیاسی، کاری ئەم حیزبەی گەیاندوەتە سوال و سەدەقە وەرگرتن لە جمهووری ئیسلامی سادەلەوحی‌یە ئەگەر وابیر بکرێتەوە کە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات نازانن لە هەلومەرجێکی تەواو نالەبارداً چوونە وت و وێژی جمهووری ئیسلامی، یان ڕابەرانی حیزب نازانن کە لە هەلومەرجی ئێستادا جمهووری ئیسلامی حازر نیە هیچ پاشەکشەیەکی ئاشکرا و هەست پی کراو لەبەرانبەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستاندا بکا. ڕابەرانی ئەم حیزبە ئەگەر خۆیان فریو نەدەن دەبینن کە تەسلیمی چ هەلومەرجێکی سووک و چرووک بوون. ڕاستی ئەوەیە کە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات هەموو ئەمانە دەزانن و قەبوولی دەکەن. ئەوان پێشەکی و پێش هەموو شتێک چاوەڕوانی‌یەکانی خۆیان داشکاندوەتە سەر کەمترین ڕادەی خۆی. ئەوان خۆیان لە هەلومەرجیک دا دەبینن کە بە کەمترین وەعدە و بەلینی پووچی ڕژیم حازرن سەر دانەوینن و خۆیان سووک کەن و سەر شووری قەبوول کەن تا دەرفەتی مانی خۆیان وەدەست بینن.

ئێستا کە حیزبی دیموکرات چاوەڕوانی‌یەکانی خۆی تا ڕادەی ئیجازە وەرگرتن لە جمهووری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی داشکاندەوە، دەکری پێش بینی بکەی کە ئیدامەی کاری دووکانی سیاسی‌ی ئەم حیزبە لە شارەکانی کوردستان لە گەرەوی هێنانە خواری ڕادەی چاوەڕوانی و داخوازە گشتی‌یەکانی خەڵکی کوردستاندا دەبی. وە ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم حیزبە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەرانبەر ئیعتیراز و خەباتی ڕەوای خەڵک. یان حیزبی دیموکرات دەبی بتوانی خەڵک بەریتە مەراسمەکانی بەیعەت و لایەنگری لە جمهووری ئیسلامی، یان دەبی بتوانی ئەوان ناچار بکا ڕۆژێک بۆ بەهێز کردنی مەوقعییەتی ڕەفسەنجانی، ڕۆژێک بۆ ساز کردنەوەی "نیشتمانی خۆشەویست"، و ڕەنگیشە لەبەر مەترسی‌ی "دژی شۆڕش" ئارام بن. ئەگەر حیزبی دیموکرات نەتوانی ئەم کەلکەی بۆ ڕژیم هەبی دەسبەجی دەور و دووکانی هەڵدەپێچری.

-٧-
ئەو مەبەستانەی ڕژیم و حیزبی دیموکرات بە شوێنیانەوەن کامانەن؟

پێکوە دانیشتنی حیزبی دیموکرات و بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە پشت میزیک بە هەلکەوت نەبووە و وت و وێژکەران بە هەلکەوت لە ئاوایی‌یە سنووری‌یەکان و لە مەرکەزی شاری "وین" تێک هەڵنەنگووتوون، بەڵکوو ئامانج و سیاسەتەکانی هەر تک لا ئەوانی کێشاوەتە سەر میزیک لە هەلومەرجێکدا کە حالەتی شەر لە کوردستان بەردەوامە، جمهووری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک بۆ بە هێز کردنی مەوقعییەتی خۆی لە کوردستان کەڵک وەردەگری. هەر بۆیە دەکری بڵیی جمهووری ئیسلامی لەم بارەوە هیچ نەرم بوونێکی لە خۆی نیشان نەداوە. ڕەنگە تەنیا نەرمی‌ی جمهووری ئیسلامی ئەوە بووبیت کە دەرفەتی ئەوەی بۆ حیزبی دیموکرات خوڵقاندوە کە لەگەل مەئمووڕانی دەستی چەندەمی ڕژیم چاویان پێک بکەوی.

بەڵام لە برانبەردا بە ئاشکرا دەبیندری کە حیزبی دیموکرات لە باری سیاسی‌یەوە تا چ ڕادەیەک هەڵدێراوە و پاشەکشەی لە هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی کردوە.

ئەم جۆرە پەیوەندی‌یانەی حیزبی دیموکرات و جمهووی ئیسلامی هەمیشە و بە درێژایی ساڵیانی ساڵ کەلکی دەسبەجێی کورت ماوەی تەشکیلاتی و ناوخۆیی بووە و ئێستاش هەیەتی. حیزبی دیموکرات هەمیشە هەوڵی داوە بە وەری خستنی شایعەی وت و وێژ ڕیزەکانی خۆی لە پرش و بڵاوی نەجات بدا. سەرەڕای جیددی بوون و جیددی نەبوونی وت و وێژ شایعەی وت و وێژ وەک دەرمانێکی ئارام بەخش کار دەکا کە حیزبی دیموکرات ناچارە هەموو ساڵی وەک دەرزی لە لەشی خۆی بوەشێنی. ئەمە یەکێک لە کەلکەکانی وت و وێژ یان شایعەی وت و وێژ لەم دەورەیەش دا بووە.

نیاز و مەبەستی وەک: خۆش کردنی ئاگری شەری نیوخۆیی لە کوردستان، کردنی حیزبی دیموکرات بە گوپالیک بۆ فشار هێنانە سەر خەڵک و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە و یان کردنی حیزبی دیموکرات بە دیلماج خانەیەک کە سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی بە زمانی کوردی وەر دەگێڕی، ئەو نیاز و مەبەستانەن کە جمهووری ئیسلامی بە شوێنیانەوەیە.

سەرئەنجام هەر چەندیک کە حیزبی دیموکرات لە داخوازە ڕادیکالەکانی خەڵکی کوردستان دوور کەوێتەوە و بکەوێتە بەرانبەر خەباتیانەوە، هەر چەند کە سەودا و بەند و بەست لەگەل ڕژیم بکاتە پێشەی هەمیشەی خۆی، ڕۆژێک کە ئاگری تووڕەیی و ڕقی شۆڕشێگڕانەی جەماوەری خەڵک بەروکی جمهووری ئیسلامی بگری، هەموو ئەو کەسانەش کە چارەنووسی خۆیان بە جمهووری ئیسلامی‌یەوە گری داوە دەکەونە بەر پەلاماری ڕق و تووڕەیی خەڵک. تەنیا ئەوانەی وەک حیزبی دیموکرات کە وەعدە و بەڵێنی‌یەکانی جمهووری ئیسلامی بیر و هوشی لە کار خستوون و ئەوانەی کە داخواز و سوننەتە شۆڕشگێڕانەانی مەوجوود لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بە کەم دەگرن و هیچ بایەخێکیان جگە لە سیاهی لەشکری چاو بەستنە سیاسی‌یەکانی خۆیان بۆ دانانین، دەتوانن لەو ڕاستی‌یە ئاشکرایە نەگەن.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٥ February: ١٩٩٠

پی داگرتن لەسەر "ئەسلی وت و وێژ" پەردەیەکە بۆ داپۆشینی سەودا و بەند و بەست:

لەو کاتوە کە بە دوای تڕۆری قاسملوودا و سەرەرای مەیلی حیزبی دیموکرات مەسەلەی وت و وێژی حیزبی دیموکرات لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاشکرا بوو، تا ئێستاش خەڵکی کوردستان هیچ قسەیەکی ئاشکرا و روشنیان جگە لە قسەی کوللی و ناروشن سەبارەت بە ناوەرۆکی واقیعی ئەم وت و وێژانە لە زمان ئەم حیزبە نەبیستوە. دەلیی ئەم مەسەلەیە کاریکی خوسووسیی ئەم حیزبەیە و بە پێویست نازانی لەم بارەیەوە بۆ کەس تەوزیح بدا. بەڵام رابەرانی ئەم حیزبە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە تەئکید دەکەنە سەر ڕەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم. رابەرانی ئەم حیزبە بە ماندوویی نەناسیی‌یەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چون ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم، لە نیو حیزبی دیموکراتدا سیاسەتێکی پایدار و جی کەوتووە و بە بروای ئەم حیزبە بۆ چارەسەر کردنی یەکجاریی "مەسەلەی کوردستان" دەبی لەگەل رژیم وت و وێژ بکری. دووپات کردنەوەی ئەم تەوزیحە ماندوویی هێنەرانە لە لایەن رابەرانی حیزبی دیموکراتەوە تەنیا دەتوانی ساویلکەیی و سادە لەوحیی ئەوان و ئەوە نیشان بدا کە چەندە ئەوانەی ڕووی قسەیان تێیانە بە کەم دەگرن. ئەوان لە راستیدا لەم ڕێگایەوە هەول دەدەن لە ژێر باس کردنی ناوەرۆکی واقیعیی ئەم وت و وێژانە دەرچن. ڕەنگە ئەم بە کوللی قسە کردنانە،

وت و وێژەکانی حیزبی دیموکرات، لە داماویەوە تا سوالکەری

لە ئەوزاع و هەلومەرجی ئێستادا شایعە سیاسی‌یەکان بازاری باسی نیو کۆر و کۆمەڵە سیاسی‌یەکان گەرم ڕادەگری، ڕەونەق بەم کۆر و کۆمەڵانە دەبەخشی و دەم بە دەم دەگەڕی. جەڕەیانی وت و وێژی حیزبی دیموکراتیش لەگەل جمهووری ئیسلامی هەر چارەنووسێکی وای بووە تا ئەو کاتەی تڕۆری قاسملوو بە دەست تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی ئەوەی ئاشکرا کرد کە نەدەبوو ئاشکرا بوایە.

سەرەڕای ئەوەی چەند مانگ لەم ڕووداوە تێدەپەڕی هیشتا حیزبی دیموکرات بی دەنگی‌ی خۆی سەبارەت بە بابەت و ناوەرۆکی واقیعی ئەم وت و وێژە دڕێژە پێدەدا و تەنیا بە فەخر فرۆشی‌یەوە لەسەر ئەسلی وت و وێژ قسە دەکا. جاریك جمهووری ئیسلامی بە ناپەیگیری لەم وت و وێژانەدا تاوانبار دەکا و جاریکی دیکە وەك کەسێکی تازە ڕوالەتی تیرۆریستی و جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی‌ی ناسیبی بی مەتمانەیی خۆی دەردەبڕی.

بەهەر حال ئاشکرا بوونی نەخوازراوی ئەم ڕووداوە و ئاگادار بوونی هەمووان لەم مەسەلەیە جاریکی‌تر ئەم دەرفەتە و لە هەمان کاتدا ئەم پێویستی‌یەی هێناوەتە پێش کە ویرای چاوپوشی لەوەی خۆدی ئەم وت و وێژانە چەند و تا چ ڕادەیەك جیددی بن، بچینە سەر ئامانجەکانی هەرتك لای ئەم وت و وێژانەوە هەروەها پێشینەی مەسەلەکە و ئەو نەتیجانەی کە ڕەنگە بە دوایەوە بی. باس کردنی ئەم مەسەلەیە ئەو دەرفەتەمان پێدەدا کە جاریکی دیکەش سیاسەت و ڕەوشتە جی کەوتووەکانی ئەم حیزبە هەڵسەنگێنێنەوە چونکوو شێوەی جوولانەوە و کردەوەی ئەم حیزبە لە وت و وێژی ئێستادا لە دلی هەڵسەنگاندنێکی ئاوا دا باشتر ڕوون دەبێتەوە. دیارە حیزبی دیموکرات هاکو بەڕەو ئەم ڕەوتە ڕانەکیشراوە و خۆی تیوەرنەداوە و ئەم هەنگاوە نهێنی‌یانەی هەڵنەگرتوە و زۆر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاری کراوی بووە کەوا باشە لە پێشدا هێندیك لەسەر ئەمانە بدوین.

-١-
حیزبی دیموکرات و شیعاری "مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامی‌ی نیە"

حیزبی دیموکرات وەك جەڕەیانیکی خودموختاری خواز و وەك حیزبێکی بورژوایی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو سوننەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانە کە ئەم حیزبە تێیدا هەڵیداوە، هەمیشە ئاسوی خۆی لە سەنگ و سووکی نیوان هێزەکان و بە تایبەت کز و لاوازی دەوڵەتی مەرکەزی و کەلین و کەلەبەری مەنتەقەیی‌یەکان وەرگرتوە. بەر فرەوان بوونەوەی ئەم کەلەبەرانە بە هێزی دەکا و بە دەرکەوتنی سەرەتای بەرتەسك بوونەوەیان و کەم بوونەوەی هێندیك لە زەعفەکانی دەوڵەتی مەرکەزی، دڕێژە پێدانی مەوجوودییەتی سیاسی و مافی خۆی لە مەترسی‌یەکی جیددی‌دا دیوە. هەڵبەت لە ڕەوتی هەڵچوون و بشێوە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ئاخێزی جەماوەری‌شدا هەوڵدەدا لە کۆمەڵی کوردستاندا خۆ بە مەسەلەی میللی هەڵواسی و سواری شەپولی بزووتنەوەی جەماوەری بی تا بۆ ماوەیەك ڕەنگ و ڕەونەقیکی تازە بە ژیانی سیاسی‌ی خۆی بدا.

ئەمە قاعیدەی گشتی و پایداری دەورە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی جەڕەیانە ناسیونالیست و بورژواکان بووە لە کۆمەڵی کوردستاندا کە حیزبی دیموکراتیش لەو قاعیدەیە جیاواز نەبووە.

ئەم حیزبە بە درێژایی سالی ڕابوردوو دووپاتی کردوەتەوە: "مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامی نیە" لەیەکەم چاو پی کەتن دا ویدەچی ئەمە پەند و نەزیرەیەکی ئاشتی خوازانەیە باس دەکری کە خۆی لە خۆیدا خراپ نیە و ئیرادیکی لەسەر نیە.

بەڵام چونکوو ئەو قسانە لە هەلومەرجێکی تایبەت و سەردەمێکی دیاری کراودا دێتە گۆڕ دەبی مانا و ناوەرۆکی سیاسی و عەمەلی و واقیعی‌یەکەی لەو هەلومەرجەدا لەبەرچاو بگیری و هەر بەم ئیعتیبارەش ئەم قسانە کاربەستێکی دیاری کراویان بۆ حیزبی دیموکرات هەیە.

لە ڕوالەت دا وا ویدەچی کەسانیك هەن کە وەك پێشوو لەسەر ڕێگا چارەی نیزامی پی دادەگرن و دەست بەردار نین و حیزبی دیموکرات بە هێنانە گۆڕی ئەم شیعارە دەیەوی بۆ لای ڕێگای ڕاستیان ڕینوینی بکا و بۆیان ڕوشن بکاتەوە "ڕێگا چارەی نیزامی" کەلکی نیە. لە هەلومەرجێکدا کە درێژەی شەریکی ناعادلانە و نابەرابەری دە ساڵە کوردستانی کردوەتە پادگانیکی گەورەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، لە هەلومەرجیکدا کە ئەم شەرە و پێك هاتنی حالەتی شەڕ دەرفەتی ژیانیکی ئەمن و ئەمان و ئاسوودەی لە خەڵکی ئەم وڵاتە بریوە، لە پێشدا دەبی بزانی کی‌یە ئێستاش هەر لە سەر ڕێگا چارەی نیزامی و ئیقداماتی سەرکوتگەرانە و لەشکر کیشی پی دادەگری.

بێگومان ڕووی ئەم حوکمە لە خەڵکی کوردستان نابی چونکوو ئەوان نە شەریان دەست پی کرد و نە لەشکریان کیشایە سەر شوێنیك و نە ڕێگا چارەی نیزامی‌یان هێنایە گۆڕ، بەڵکوو ئەوان لە خانە و لانەی خۆیاندا کەوتنە بەر هێرشی درندانەی ئەرتەشیکی سەرکوتگەر کە ئەمن و ئەمان و ئاسایشی لێ هەڵگرتوون و باریکی دیکەشی خستوەتە سەر باری گرانی ژیانی مەینەتباری خەڵکی زەحمەتکێش لە ئێران. دانانی چەند هەزار پایگا، پاسگا و قەرارگای نیزامی، زەخت و زۆر و سێبەری نگریسی دیکتاتوری و خەفەقانی لە سەر قورستر کردوون. کەوابی خەڵکی کوردستان ئەو لایەنە نیە کە لەسەر درێژە پێدانی شەر پی دادەگری. ئەوان لە ژێر باری شەریکی نەخوازراودا کە لە دژیان وەری خراوە، ژیان و گوزەرانیان بە ژیانیکی تال و مەینەتبار دەزانن. خەڵکی کوردستان لە ڕاستیدا خوازیاری چوونە دەری دەسبەجێ هێزە سەرکوتگەرەکان و کوتایی پی هاتنی هەرچی زووتری ئەم شەڕ و سەرکوتەن. لە ڕاستی‌دا خۆدی دەست بۆ چەك بردنی خەڵکی کوردستان و خەباتی ڕەوای ئەم خەڵکە بەرانبەر بە زەخت و زۆر و سەرکوتی نیزامی‌ی ڕژیم نیشاندەری موخالەفەتێکی بەرین و گشتی‌یە بەرانبەر بە هەڵگرساندنی شەڕ و لەشکرکیشی ڕژیم. خەڵکی زەحمەتکێش بە خەبات و موقاومەتی خۆیان بەرانبەر بە هێرشی نیزامی بەرین و ڕێکخراوی جمهووری ئیسلامی، بە درێژایی دە ساڵی ڕابوردوو، لەسەر وەدی هێنانی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان سوور بوون و پێیان داگرتوە. کەوابی بۆ ئەوەی ڕێگا چارەی نیزامی وەڵا بنری دەبی لە پێشدا داهێنەری "ڕێگا چارەی نیزامی" لە کوردستان، یانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی، وە نموونەی ڕێگا چارەی نیزامی لە کوردستان، یانی خوزووری هێزی چەکداری چەند سەت هەزار کەسی‌ی ڕژیم لە کوردستان دەر بکری. دەنا ئەم جۆرە فەخر فرۆشی و فەرمایشانەی حیزبی دیموکرات جگە لە بی کەلك نیشان دانی موقاومەتی ڕەوای ئەم خەڵکە مانایەکی تری نابی.

بەڵام تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر لایەنەکەی تری شەر یانی جمهووری ئیسلامی، دەکری بڵێین سەرەڕای بی قەراری‌یەکانی حیزبی دیموکرات و بە باشی‌یەکانی ڕێگا چارە غەیرە نیزامی و هێمنانە هەڵکوتنی بی ناوەرۆکی ئەم حیزبە، بە درێژایی ئەم ماوەیە کە حیزبی دیموکرات ئەم شیعارە نوێ‌یەی بەرز کردوەتەوە، جمهووری ئیسلامی، تەنانەت جاریکیش قسەیەکی لەسەر ڕێگا چارەی هێمنانە نەکردوە و نایکا. بەڵکوو بەردەوام و لە دەرفەتی جۆراوجۆردا دەستی داوەتە بە هێز کردن و ئامادە ڕاگرتنی هێزی سەرکوتگەری خۆی لە کوردستان و هەمیشە تەئکیدی کردوەتە سەر دەور و نەقشی ئەرتەش و سپای پاسداران لە سەرکوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و پاراستنی تاج و تەختی جمهووری ئیسلامی لە کوردستاندا و پێی هەڵکوتوون. جاری قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئایا بە کردەوە و لە چوارچێوەی جمهووری ئیسلامی و هەلومەرجی سیاسی‌ی ئێستادا دەکری لە ڕێگای غەیرە نیزامی‌یەوە مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکری یان ناکری. بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە بەرین کردنەوەی دام و دەزگای چەند سەد هەزار نەفری لە کوردستان، کە بە هۆی حوزووریان کەس ئاویکی خۆشی لە گەروو ناچێتە خوار، نیشاندەری وەڵامی عەمەلی و سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی‌یە. کەوابی بە پێچەوانەی ئەو حوکمە پسپورانە و بی کەلکانەی حیزبی دیموکرات خەڵکی کوردستان تەنیا شاهیدی درێژە پێدەرانی حالەتی شەر و سەرکوت و خەفەقان بوون و ئێستاش هەر شاهیدی ئەوەن. کەوابی نە نیشانەیەك وەبەر چاو دەکەوی کە ڕژیم شێوە و ڕەوشتی گوریبی و نە ئامادە بوونیکی بە کردەوە دەبیندری کە ڕژیم ئەم شێوە و ڕەوشتە دەگوری و لەم ناوەدا ئەوە تەنیا خۆش خەیالی و خۆش باوەری بی پایەی حیزبی دیموکراتە کە پەر و بالی لێ ڕوواوە و بە ئاسماندا دەفڕی.

کەوابی دەکری بڵێین دووپات کردنەوەی بە جێ و نابەجێی ئەم شیعارە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوەتەنیا نیوی ڕەمزیك بوو تا ئامادە بوونی ئەم حیزبە بۆ جێ خۆش کردن لە پشت میزی بەندوبەست و سەوداگەری لەگەل کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی دەربڕی. ئەم قسانە کە هیچ ناوەرۆکیکی عەمەلی‌یان لە پەیوەند لەگەل مەسەلە و مەینەتەکانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان دا نیە، تەنیا کەلکیان ئەوەیە کە دەستی ئەو ئاغایانە لە داوینی جمهووری ئیسلامی نزیك بکەنەوە و هیچی‌تر.

گەرچی لەوانەیە ڕابەرانی حیزبی دیموکرات لە شیعار دانیش پی واوەتر بنین و هیندیك سیاسەت و هەنگاوی عەمەلی دیاری کراویش ڕەپێش بگرن یان بۆ سەلماندنی "باش بوونی نییەتیان" عەمەلیکی زیاتریش بە قسەی خۆیان بکەن و بە لەسەر تاقە دانانی تفەنگەکانیان بۆ وەڵانانی ڕێگا چارەی نیزامی دەست ڕەپێش خەن تا بە کردەوە بسەلمی کە حیزبی دیموکرات هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەی نیە و هیچ ئاسویەکی‌تری بۆ خەبات، ئیعتیراز و بزووتنەوەی جەماوەری بە گوماندا نایە. جا کارمان بەوە نیە کە هەڵگرتنی هەنگاویکی ئاوا لە لایەن ئەم حیزبەوە چەندە ئاسان دەبی و بە چ قیمەتێکی سیاسی دەکری. بەهەرحال خۆی خاوەنی تفەنگی خۆیەتی و ئەگەر ئەم تفەنگانە لە کوردستان بە مەقامی ئوستاندار، شارەدار و فەرماندار نەگەیەنی، دەتوانی لەسەر تاقەیان دانی و دەفتەر و مەقەرە "غەیرە نیزامی"یەکانی خۆی لە پال قەرارگاکانی ئەرتەش و سپا و لە لیباسی کوردی‌یەوە دامەزرینی.

هەنگاوی لەم چەشنە لە هەر شکلیك دا بەڕێوە بچی و لە هەر ئاستیك دا کە بەڕیوە بردنی بۆ حیزبی دیموکرات بگونجی، چارەنووسی داهاتووی ئەم جەڕەیانە لە کوردستاندا لە قەلەم دەدا و بی کەلکی و ناقابیل بوونی ئەم حیزبە لە هەمیشە زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دەر دەخا.

بەڵام ڕوشنە ئاگری قین و تووڕەیی و شۆڕشی خەڵکی وەگیان هاتوو لە دژی سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی نەك هەروا بە هاسانی دانامرکێندرێتەوە، تەنانەت ڕەنگە بلیسەدار بوونی ئەم ئاگرە داوینی حیزبی دیموکراتیش بگرێتەوە. ڕەنگە حیزبی دیموکرات و لایەنەکەی‌تری سەوداکەیان، جمهووری ئیسلامی، خەیالی ئەوە هەلی گرتبن کە یەکەمیان پێشەکی دووهەمەکەیانە یانی بی دەنگ بوونی تفەنگەکانی حیزبی دیموکرات ئاگری تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێش دادەمرکێنێتەوە.

بروانە لاپەڕی ١٣

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٦ | خاکەلێوە _ ١٣٦٩ | ئاوریلی_ ١٩٩٠

بریارنامەی کرێکارانی سنە لە یەکی ئەیاری ١٣٦٧دا

کرێکاران، زەحمەتکیشان، هاوڕییانی

هاوچارەنوس!

ئەمڕۆ ١٠٢ ساڵ لە تەمەنی پر بایەخی‌یەکی ئەیار–ریکەوتی ١١ی گولان–ڕۆژی جیهانی کرێکار تیپەڕ دەبی، چینیک کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئەوە دەچی لە سەرتاسەری جیهاندا شاهیدی بە ڕەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازەکانی بی. چینیک کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوپشتی و یەکگرتووی ریزە میلیونی‌یەکانی خۆیەتی.

ڕۆژی جیهانی کرێکار،ڕۆژێکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەڵ یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعی‌یەکانی خۆیان، خەباتی بی‌وچانیان دریژە پی بدەن.

ئیمە کرێکارانی کوردستان پی بە پیی چینی کرێکاری جیهان ئەمسالیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوی پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکی‌تر لە سەر داخوازە کرێکاری‌یەکان پی دادەگرین و لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بریارنامەیەك کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان ڕادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئیمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١– داواکاری بە ڕەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارین. ل٥

ئال و گۆڕەکانی ئەم دورەیەو ئەرکەکانی ئێمە وت و وێژ لەگەڵ هاوری ابراهیم علیزادە

ئەم وت ووێژەکە ڕۆژی ٧ی ڕیبەندان لە دەنگی شۆڕشی ئێران بلاو کراوەتەوە، بە هیندیك دەسکاری‌یەوە هینراوەتە سەر شیوەی نووسین.

با پرسیارەکەمان لەو باسەوە دەست پی بکەین کە لانی کەم سال نیویکە و بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا چ لە نووسراوەکان و نەشریاتماندا چ لە باسەکانی ناو تەشکیلات دا هاتوەتە گۆڕ. ئیمە هەلسووڕانی کۆمەڵەمان لە ١٠ سالی ڕابوردوودا، لە ڕوانگەی تەئسیراتیکەوە کە ئەو هەلسووڕانە لەسەر وەزعی کرێکاران و زەحمەتکیشان و کۆمەڵی کوردستان بۆیەتی، جاریکی دیکەش هەلسەنگاندوەتەوە و هەوڵمان داوە ئەو هەنگاوانە دیاری بکەین کە پیویستە حیزبی سیاسی کرێکاری لەمە بەدوا بۆ بەگژتووکردن و پتەوتر کردنی ریزی شۆڕشی کرێکاری هەلی بگری و لیرەوە ئاسوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و تەوەقوع و چاوەڕوانی یەکانی چینی کرێکار لە سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە ڕۆشن بکەینەوە. پرسیارە کەم ئەوەیە ئیستا پترلە سال و نیویك دوای کۆنگرە، چ هەلسنگاندنیکتان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە؟

ئیمە زۆر جار کوتومان کە پیشرەفتی کاری خۆمان وەك کۆمۆنیستیکی ئەم دەورەیە لە ڕوانگەی ئەو تەئسیرانەوە قەڵدە سەنگینن کە لە سەربەرەوپیش چوونی مەسەلەی کرێکار و، بە تایبەت لەسەر پتەو کردنی ریزی شۆڕشی کۆمۆنیستی دایدەنی ئەم مەسەلەیە لە لایەن ئیمەوە بە تەئکیدەوە باسی لی دەکری چونکوو دەمانەوەی خۆمان لەو بوچوونەی کە لەناو چەپ دا باوە کە بنەڕەتی هەلسەنگاندنی هەر لە دریژایی و پانایی ریکخراوەکەی خۆی واوەتر ناچی، دوور خەینەوە لە وەها نوختە حەرەکەتکیەوەیە کە هەمیشە پاك کردنەوەی ریزی سوسیالیزم لە گەرایشاتی غەیرە سوسیالیستی و غەیرە کرێکاری لە سەتحی کۆمەڵایەتی‌دا لە دەستووری کارماندا دەبی.

لەم بارەیەوە کۆنگرەی شەشەم ڕووداویکی گرینگی حەیاتی کۆمەڵە بوو خەسلەتی پوویایی و ڕانەوەستاویی و خۆ قەتیس نەکردن لە چوارچیوەی دەسکەوتە تەشکیلاتی‌یەکاندا، ئەو خەسلەتە قەدیمی تەرەی جەرەیانی ئیمە بوو کە لەو کۆنگرەیەدا ئیمکانی پیداین بناغەکانی ئال وگۆڕ و گورانکاری‌یەکی ئەساسی لە هەلسووڕانی داهاتووی کۆمەڵەدا لە کوردستان دابڕیژین بۆ باسی ستراتیژی ئیمە لە بزووتنەوەی کوردستان دا گەرچی بە هەموو شتیك لە جەوهەر و ناوەڕوکی خۆیدا بە ڕەخنەگری‌یەك لەوەی کە تا ئەو کات بە گشتی لە کۆمەڵی کوردستاندا و بە تایبەت لە ڕەوتی حەرەکەتی کۆمەڵەدا عەمەلی کردوە، دەست پی دەکا و بناغەکەی لەسەر ئەساسی ئەو ڕەخنەیە دامەزراوە.

ئیمە ئەو کات هەولمان دا بەر لە هەموو شتیك ئەو فکر و بیر وبوچوون و ڕەوشت و سوننەتی خەبات و ئەخلاقیاتە بناسین کە لە ناو کۆمەڵ دا وجوودیان هەیە و ئیمە پییان دەلیین گەرایشی کۆمەڵایەتی و بزانین ئەوانە لە کام ریگا و تا چ ڕادەیەك تەئسیریان لەسەر کاری ئیمە داناوە و ئیمە لە ڕەوتی ئال وگۆڕەکانی ناو کۆمەڵدا و لە ڕاستی‌دا لە ڕەوتی کیشە و ململانی چینایەتی‌یەکاندا، هەر دەورەیەك لە کۆی ڕاوەستاوین ئەو کارە مانای چاو پیدا خشاندنیکی ڕەخنەگرانەی

بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی "ڕادیکال"ی خودموختاری؟ یان ڕاە کارگر بالی ڕادیکالی بورژوازی؟

پیشرەوی‌یە سەرەکی‌یەکانی دەورەی چوار ساڵەی ڕابووردووی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مەیدانی خەباتی چینایەتی‌دا لە کوردستان بووە. یەکیك لە لایەنە گرینگەکانی ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەوتە، نەزەر گورین یان لە ڕاستیدا دەست هەلگرتن و کشانەوەی جەرەیاناتی بورژوایی و وردەبورژوایی‌یە لە هەلویستەکانی پیشوویان لە حاست چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان هەموو هاوڕییانی کرێکار و هەر کەس بە جۆرێك لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسی‌یەکان و خەباتی چەند ساڵەی ڕابوردوو لە کوردستان ئاگادار بی، لە بیریانە کە دوو، یان سێ ساڵ لەوە پیش و ئەو کات کە کرێکاران لە کوردستان لە مەیدانی ئابووری و سیاسی و چەکدارانەدا بەڕەووڕوی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بوونەوە و خەباتیکی جیددی‌یان بەڕەوپیش دەبرد، حیزبی بورژوازی لە کوردستان لەوپەڕی بیشەرمی‌دا نەك هەر حاشای لە خەباتیان دەکرد، بەڵکوو لە تەبلیغاتی ڕۆژانەی خۆیدا حاشای لە مەوجوودییەتی چینی کرێکار دەکرد.

دیارە حیزبی دیموکرات، بە پیی جەوهەری چینایەتی خۆی و هەروەها بە پیی ئەو مەبەستە سیاسی‌یانە کە بە تایبەت لە دەورەی شەر لەگەڵ کۆمەڵەدا بە شوینیانەوە بوو، هەر ئەوەی لی چاوەڕوان دەکرا کەنەزەر و هەلویستی ئەوە بی بەڵام سەیر ئەوەیە چەپی بورژوایی و سوننەتی ئێران هەر لە هەمان دەورەدان ئەگەرچی بە سووکە جیاوازی‌یەکەوە لە شیوەی گۆفتاردا، عەینەن نوێنەرایەتی هەمان بیر و بوچوونیان دەکرد و بەم شیوەیە تەقالایەکی بی سەمەریان دا بۆ پەردەپوش کردنی واقعییەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان و خەباتی چینایەتی لە کوردستان، یەکیك لەو هیزە چەپانە کە ئەو کات لەمەدا دەوریکی تایبەتی بوو، ڕاەکارگر بوو.

ڕاەکارگر بەو ئیددیایەکە "لەبەر ئەوەی لە کوردستان چینی کرێکاریکی قودرتەمەند وجوودی نیە."(ریگای کرێکار ژمارە ٣٢، لاپەرەی ١٤، خاکەلێوە ٦٥) و ئیددیعای دیکەی لەم چەشنە، بەو نەتیجەیە دەگەیشت کەخەباتی چینایەتی خەباتیکی لاوەکی‌یە و وجوودی کیشە و بەربەرەکانێی نیوان چینەکان و حیزبە جۆراوجۆرەکانی سەر بەو چینانەدا، لە لایەن ڕاەکارگرەوە بە ڕەسمییەت نەدەناسرا و لە دەورەی دەسپیکردنی شەری نیوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و لە گەرمەی شەرکەش دا، هەر بەم پی‌یە، لەباری هەلویستی سیاسیشەوە کەوتە لای دەستی حیزبی بورژوازی (هەلبەت ئەو کاتیش وەك بەشی ڕادیکالتر!)

ل٥

پاراستنی مافێ ئینسان و سەرشوری جمهووری ئیسلامی

گالین دوپول، نوینەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش ئەوەی سەری لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی دا، ڕاپورتیکی سەبارەت بە وەزعییەتی زیندانەکان و زیندانیان بلاو کردوەتەوە.

هاتنی هەیئەتی نوینەرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر چەند خۆی لە نەتیجەی ئیعتیراز و فشاری خەڵکی تووڕە و وەگیان هاتوو و فشاری بیرووڕای گشتی جیهانی‌دا بوو، بەڵام خۆشی دەرفەتیك بوو بۆ شکاندنی فەزای زەبرو زەنگ و فەزای سام و سەرکوت.

دەرفەتیك بوو بۆ خوپیشاندانی هەزاران کەسی خانەوادەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان و خەڵکی ئازادیخواز تا سەرەڕای وەحشی گەری ڕژیم و دەیان سەدان هەزار هیزی سەرکوتگەری کومیتە و پاسدار و "سارالله" و... بڕژینە خیابانەکان و بە دەنگی بەرز و پر بەدل هاوار بکەن:

"زیندانی سیاسی دەبی ئازاد بکری!".

گالین دوپول لەو ڕاپورتەدا کە بلاو کراوەتەوە زۆری هەول داوە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی داپوشی و بیان شاریتەوە بە جۆریك کە بووەتە جیی ڕەزامەندی جمهووری ئیسلامی و بە شادمانی‌یەوە لە ڕادیو و تلەویزیوندا باسیان دەکا. بەڵام وەحشی‌گەری و جینایەتەکانی درندانەی ڕژیم دەرهەق بە زیندانیانی سیاسی هیندە زۆر و بی ئەوپەڕە و هیندە زەق و ئاشکرایە کە نوێنەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیدەتوانی بە تەواوی پەردەپوشیان کا و بە ناچار لە بەشیك لە ڕاپورتەکە دا باسی کردوە.

ئەوە کە ڕاپورتەکەی گالین دوپول چی تیدایە و لە ڕوانگەی ئەوەوە "ماف"ی زیندانیان لە سیاچالەکانی جمهووری ئیسلامی دا هەتا چەندە پاریزراوە و لە کوی پی شیل کراوە، مەسەلەیەکە کە دەکری بە جیاواز و لە جیگای خۆیدا باسی بکەی بەڵام هەندیك شتی‌تر هەن کە جیاواز لەوەی لەو ڕاپورتەدا باسیان بکری یان نا، باس کردن و وەبیر هینانەویان بۆ ئێمە پیویستە.

گۆیا مەسەلەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران مەسەلەی چونیەتی خورد و خوراك و هەناسەدانی ئەو چەند سەدئینسانەیە کە لە قوڕبنی سیاچالەکان دا ماون و هەتا ئیستا گیانیان بەدەر بردووە–و هەلبەت نەك گیانی سلامەتیش–.

ل٤

کاری کونتراتی بە قازانجی سەرمایەداران و زەرەری کرێکارانە

بەشیکی بەرین لەکرێکارانی کوردستان بە شیوەی کونتراتی کار دەکەن یانی نەك بە پیی سەعاتی کاریکی دیاریکراو، بەڵکوو بە پیی میزانی کاریك کە تەحویلی خاوەن کاری دەدەن هەقدەست وەر دەگرن.

بۆ نموونە، کرێکارانی کورە لەبری هەر هەزار خشت کە دەبڕین، کرێکارانی نانەوا لەبری هەرچند نانیکی کەدەیکەن کرێکارانی خەیات لەبری هەرپارچەیەك کە بیدروون یان کرێکارانی قالیباف لە بری هەر گەزیك قالی کە دەیکەن ، یان لە بری هەر تەختە فەرشیك کە تەحویلی خاوەن کاری دەدەن هەقدەست وەر دەگرن لە کاری ساختمانی و کاری دەستی و کاری مالیش دا هەر ئەم جۆرە یانی بڕە کاری و شیوەی کونتراتی باوە. ئەم شیوە کارە خراپترین شیوەی کاری کرێگرتەیە و دەبی هەرچی زووتر کۆتایی پی بهینری و کرێکاران تەنیا بە شیوەی کاری‌کرێگرتە ئەویش بەسەعات کاری دیاریکراو و مەحدوود کار بۆ سەرمایەدار و خاوەن کارەکان بکەن و هەقدەست وەربگرن.

بەداخەوە ئەم شیوەیەی کار لە نیو بەشیکی بەرینی کرێکاران و بە تایبەت لەنیو کرێکارانی کووڕە ئەوەندە ڕایج و باوە کە دەلیی بیجگە لەم شیوەیە هیچ شیوەیەکی‌تر نیە بۆ کار کردن.

ئیمە دەلیین ئەم شیوەیە خراپترین شیوەی کاری کرێگرتەیە! با بزانین بۆ چی؟

لەبەر گەلیك هۆ ئەم شیوەیە خراپە و دیارە بەشیکی زۆر لە کرێکارانیش بە تایبەت ئەو کرێکارانەی خۆیان بەم شیوەیە کاریان کردوە لە زەرەری ئەم کارە ئاگادارن، کەم تا زۆر دەزانن لە چ بابەتیکەوە بە زەرەریانە و هەتا چ ئەندازە بە قازانجی سەرمایەدارانە.

بەڵام ئەگەر پرسیاریان لی بکری ئەی بۆ چی ئەم شیوەیە هەروا ڕایجە، هەموویان یەك وەلام دەدەنەوە و ئەویش ئەوەیە کە:"چارەم نیە، کار و بارم بە ڕیوە ناچی، ئاوا بۆ من باشترە، ڕۆژی چەند سەعاتیك زیاتر کار دەکەم و هەموو ئەفرادی خانەوادەش کار دەکەن و بەم جۆرە خەرجی زستانمان پاشەکەوت دەکەین!"

بەلی، وایە! بەم جۆرە کار کردن و خۆ بە دار و بەرد دادان و کیشانە ژیر کاری هەموو ئەفرادی خانەوادە، خەرجی ٣مانگەی زستانی پی پاشەکەوت دەکری بەڵام بەچ قیمەتیك؟

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەمەتاقە ریگای پەیدا کردنی خەرجی زستان و لە برسا نەمردنە؟ ئایا زەرەری ئەم کارە هەر ئەوەندەیە کە ناچار دەبی کەمیك زیاتر کار بکەی؟ هەر ئەوەندە و هیچی‌تر؟

ل٦

ڕابـــوردووی کۆمەڵـــە بـــوو وەهارەخنەیەك بوو کە دەرفەتی پیداین تا "چ کردن"ی کرێکاری وشیار بۆ پیك هێنانی ئال و گۆڕی جیددی لە هەل ومەرجی ژیان و خەبات و لـە سەنگ و ســووکی هیزی خەباتکارانەمان لە پینـاو ســـتراتیژی کرێکـــاری سەراسەری‌دا، ئـەو جـار بـە شیوەیەکی ئیسپاتی بینینە گۆڕ.

کوردســـتان کۆمـــەڵیکی سەرمایەداری‌یە و لـە چـەند دە سـاڵی ڕابـوردوو دا ئـال و گـۆڕی گـەلیك گرینگـی بەسـەردا هـاتوە چـینی کرێکـاری کـری گرتـە زۆر خیرا و لە ژمارەیەکی یەکجار زۆردا زیادی کردوە، فەرهەنگ و سوننەت و داب و نـــەریتی پـــیش سەرمایەداری بەرەو تیداچـوونی تـەواو چـووە و دەور و نەقشـی شارەکان لەچاو لادی، لـە سیمای سیاسی و ئابووری کۆمەڵدا چەند قـــات زیـــادی کـــردوە، چاوەروانی‌یەکانی چینی کرێکار لـە کۆمـەڵ و ئیعتیرازی لـە دژی وەزعـی کـار و ژیـانی بووتـە سەرچـاوە و ئیلـهام بەخشـی هەرچەشـــنە ڕادیکـــالیزم و شۆڕشـگێڕی‌یەك لەسـەر بناغـە جیاوازی و ناکوکی‌یە چینایەتی‌یە واقیعی‌یەکانی ناو کۆمـەل قوولتر بووەتـــەوە و ڕیبـــازە سیاســـیی‌یەکانیان کەوتوەتـە بەرانبـەر یەکتر، وە هەموو ئـەم ئال وگۆڕانـە لـەناو دلـی کۆمەڵیکـدا ڕووی داوە و ڕوو دەدا کـە خـۆی سـەرجەم دەرگـیری خـەباتیکی سیاسی لانی کـەم دەسالە لە دژی دەوڵـەتی مەرکـەزی بـووە و لـەم خەباتـــەدا حیـــزب و چـــینە جۆراوجۆرەکـان هـەرکامیان بـە شیوە و سوننەت و ڕیبازی تایبـەت بـە خۆیانـەوە بەشداری‌یان تیـدا کـردوە و دەور و نەقشیان تییـدا بووە.

ناسیونالیزمی کورد سوننەتکی خەبات لە دژی دەوڵـەتی مەرکـەزی بووە کە لەسـەر ئەساسی مانەوەی سـتەمی میللـی لـە کۆمـەڵی کوردستاندا ماوەتەوە و بە کردەوە پالپشتی ئیدئولوژیك و سیاسـی‌ی تویژ و چینە غەیرە کرێکاری‌یەکان بـووە لـە خەباتیاندا دژ بەدەوڵـەتی مەرکـەزی بـەڵام ئـەوە تـەنیا سـوننەتیك نـەبووە کـە عەمـەلی کـردوە بـوونی چـینی کرێکـار لـە مەیـدانی خـەباتی چـینایەتی کوردسـتاندا زەمینـە و ئیمکـانی پیـك هـاتن و گەشـە کردنـی ســـــــــــــوننەتی کرێکاری‌وسوسیالستی‌شـی پیـك هێنـــاوە وجـــەرەیانیکی سوسیالیستی‌ی کرێکاری هـەولی داوە بزووتنەوەی کرێکاری هـەولی داوە بزووتنەوەی ئیعتیرازی و دژی ڕژیمـی لـە کوردسـتان، لەسـەر ئەساسی بەرژەوەندی چـینایەتی خۆی بەریتە پیش.

ئەگـەر خـەباتی چـینایەتی و شەری ئاشکرا و نهێنی چینەکان ناوەروك و جەوهەری ڕووداوەکانی کۆمـەڵی کوردسـتان لـە دەسـاڵی ڕابوردووش دابووە و زووتر لە هەر واقعییـەتیکی دیکـە دەلیـل و حیکمـەتی ئـەم ڕووداوانـە ڕوشـن دەکاتـەوە، هـەر بـەو ئەندازەیـەش بەرانبـەرکی و خـەباتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ئـەم دوو گەرایشـە، یلانی سوسیالیزم و ناسیونالیزم، لەسـەر ئەساسی بەرژەوەندی دوو چـینی سـەرەکی ئـەم کۆمەڵگایـە، یـانی کرێکـار و سـەرمایەدار، واقعییەتیکی حاشا هەلنەگر بووە من جاری لێرەدا باسی ئەوە ناکـەم کە لەم دەورەیەدا هەرکام لە حیزبە سیاسی‌یەکان لە کوردستان چەندە پـر بـە پـر لـە جیگـا و شـوینی چینایەتی خۆیاندا ڕاوەستاون و، ئەو بەرابەرکی چینایەتی‌یە چەندە عەینەن خۆی لە بەرانبەرکی حیزب سیاسی‌یەکانیشـدا نیشـان داوە، باسـی ئەسـلی، لـێرەدا، ناسـینی ڕەوتە عەینی‌یەکانە.

لیکدانەوەیـەکی ئـاوا بـە ئێمـە نیشـان دەدا کـە هـیچ سـتراتیژی‌یەکی سـەرکەوتوانە نـاکری بـۆ بزووتنـەوەی شۆڕشـگێرانە لـە کوردسـتان دابندری بە بی ئەوەی نـەزوکی و بـی ئیعتیبـاری و بـی کیفایـەتی‌ی سـتراتیژی و ڕیبـازی سـوننەتی ناسیونالیسـتی لـە کوردسـتان نیشان بدری، بە بی ئەوەی نیشان بدری کە سیاسەت و ڕەوشت و بیر و بوچـوونی بەڕچاوتەنگی میللـی بـۆ تیپـەڕ کـردن و دەرباز کردنـی کۆمەڵی کوردستان لە گیر و گرفتی مەسـەلەی میللـی‌ش ئـیتر هـیچ سەلاحییەتیکی نیە و نیشان بدری ئەگـــــەر ڕادیکـــالیزم و ئازادیخوازیـەکی واقیعـی مـەودای هەیە، بە هۆی بوونی چینی کرێکار و سوننەتیکی نۆی‌یە کە لەناو ئـەم کۆمەڵگایەدا هاتوەتە کایەوە.

ئێمـە هـەولمان دا لـە ڕوانگـەی کرێکاریکی وشیارەوە و لەچاوی کرێکاریکی وشیارەوە کـە ڕەوتی بـەرەوپیش چـوونی جـەرەیانی حیزبی‌ی زەمانی خۆی لە جەرگەی ئـال و گـــۆڕە سیاســـی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئـەم دەورەیـەدا سەیر دەکا، چاویك بە ڕابوردووی جەرەیانی کۆمەڵەشدا بخشینینەوە و دەور و نـەقش و تەئسیریکی کـە ئـەم جەرەیانـە لـە خـەباتی چـینایەتی‌ی واقیعـی و زیندووی کۆمـەڵی کوردسـتان دا بۆیـەتی هەلسەنگینین و بـەم جۆرە بایـەخ و جیگایەکی کە ئەمڕۆ ئەو جەرەیانە بـۆ کرێکـاری وەدەسـت هێنـاوە بناسین.

ئەو لیکدانەوەیە بە ئێمە نیشان دەدا کـە مەسـەلەکانی خـەباتی چینایەتی لە کۆمەڵی کوردستان دا بـە دایـم کۆمەڵـەی خسـتوەتە بەرانبـەر زۆر مەسەلەی تازەوە. بـە ڕادەیـەکی کـە کۆمەڵـە توانیویـەتی وەلامـی پیویسـت بـەم مەسـەلانە بداتەوە گەشەی کردوە و هەلیداوە و لـە سـەر ڕەوتـی بـەرەو پـیش چـوونی کۆمـەڵی کوردسـتان تەئسیری وشیارانەی داناوە و ئـەم ئـال وگۆڕانـە و ئـەم خەباتـە چینایەتی‌یە کە میژووی کۆمەڵەش ڕۆشن دەکاتەوە و ئـەم واقعییەتەیە کە بە ڕۆشنی ژیانی کۆمەڵەی تیدا دەبیندری.

بەرنامـەی سیاسـی و ڕیبـازی کۆمەڵە کۆنگرە بە کۆنگرە ڕەنگ و بۆیـەکی کرێکـاری بـەخودەگری و داخوازە کرێکاری‌یەکان لـە خۆیدا جـی دەکاتـەوە. کۆمەڵـە سـاڵ بـە سـاڵ خـۆی زیـاتر بـە مەسـەلە کۆمەڵایەتی‌یـەکان مـەڕبووت دەکاتـەوە، ئـەو مەسـەلانەی کـە هـەرگیز پەیوەنـدیکیان لەگـەڵ سوننەتی خەباتی ناسیونالیسـتی نـەبووە وەك: مەسـەلەی ژنـان، بەرانبـەرکی لەگـەڵ خورافـات و سوننەتە دواکەوتووەکان و شتی‌تر کۆمەڵـە سـیمای سیاسـی خـۆی زەقتر دەکاتـەوە، پەیوەنـدی خـۆی لەگـــەڵ چـــەپی ئێـــران نـــزیکتر دەکاتەوە لە هەر چەشنە پیك هاتن و بـەرە دروسـت کردنیـك لەگـەڵ حیزبە سوننەتی‌یە بورژوایی‌یەکان دوور دەکەوێتەوە و لە پیك هێنانی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی ئێڕانـــدا بەشداری دەکا.

ئاشکرایە کە سوننەتی خەباتی ناسیونالیسـتی لـەڕەوتی میـژوودا لە کوردستان هەمیشە بەرانبەر بەو سیاسـەت و ڕیبـازە سیاسـی‌یانە ڕاوەستاوە کە وابی بە پیی قاعیدە دەبی هیزیکی کۆمەڵایـەتی دیکـە، سـوننەت و ڕەوشـتیکی دیکـە جەرەیانی ئیمەی بەڕەو جهەتیکی ئاوا هاندابێت و بە هیزی کردبی، بوونی چینی کرێکار، بە فەرهەنگ و ئاوات و ئامانجەکان و بە نەقش و دەوری کۆمەڵایـەتی خۆیـەوە وەهـا جهـەت گیری‌یـەکی بـۆ کۆمەڵـە مومکین کردبوو و فشاری خەباتی چینایەتی لە کوردستان نزیکترین و ڕادیکالترین جەرەیانی حیزبی‌ی لەگەڵ خۆی دەبردە پیش.

بە هەموو ئەمانەشەوە، ئیستا کە چاو لە کۆمەڵی کوردستان دەکەین و چاو لە وەزعی چینی کرێکار و هەل و مەرجی خەباتەکەی و ڕادەی ڕیکخـراو بـوونی و ئـەو جیگـا و شوینە خەباتکارانەیە دەکەین کە تییدایە، ئـەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەر دەکـەوی کـە کۆمەڵـە تـەنیا توانیویەتی ریکخراویك بی نزیکتر و دلسوزتر و ڕادیکالتر لەوانەی‌تر بـۆ حـالی کرێکـاران بـە هـەموو نزیکـی و دلسـوزی‌یەکەوە کـە کرێکاری وشیار لە جەرەکەتەکانی کۆمەڵەدا شکی دەبرد، هەقی بوو ئەگەر ڕایگەیاندبا ئەم حیزبە، ئەم ڕیکخراوە هیشتا لە دەسترەسی من دوورە بـــەڵام ڕادیکـــالترین و پیشـڕەوترین جـەرەیانی زەمـانی منە کە دەتوانم دلی پی خۆش کەم و تەنانەت شتی لی فیر بم.

وەهـا لیکدانەوەیـەکی ڕەخنـە گرانـە بـە ئیمـەی نیشـان دا هـەر برگەیەك کە لە ڕابوردووی کۆمەڵە هـەلی بـژێرین، کیشمەکیشـیکی ئاشـکرا و نهـێنی و ئاگاهانـە و خورسکی گەرایشە واقیعی‌یەکانی تیدا دەبینین، گەرایشاتیك کـە لـە دەوری ڕیبـــازی ڕەسمـــی و ڕاگەیانـــدراوی حیزبـــی کـــۆ بوونەتـەوە و هیچـکامیان ئـالا و بەرنامەی جیاوازیان نیە و تەنانەت نوینـەرانی ناسـراو و دیـاری کراویشیان نیـە، بـەڵاموجوودیان واقیعی‌یە و هەستیان پی دەکری، ڕەنگدانـەوەی جەرەیانـە فیکـری و کۆمەڵایەتی‌یـەکان و بەرژەوەنـدە چینایەتی‌یەکانی دەرەوەی ئیمـەن کە خۆیان لە سوننەت و ڕەوشت و تیگەیشتنی وادا نیشان دەدەن کە ئەساسەن لە هەل ومەرجی ناسك و هـەل ومـەرجی واقیعـی‌ی شـەر، فشاری نیزامی، گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووراوانی تەشکیلاتی و کۆمـەڵیك ڕووداوی چـاوەڕوان نەکرا و هـەرکام لـەم خالانەی باسم کـردن خۆیـان وەك موشـکیلیکی واقیعی لەسـەر ڕیگـای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان وجوودیان بووە و عەمەلیان کردوە.

ئیمە لە دەورەی شۆڕشی سـاڵانی ٥٧و ٥٨و لـــە جەرگـــەی بزووتنەوەیـــەکی گشـــتی دا گەشەمان کرد و هەلمان دا.

بزووتنەوەیـەك کـە داخوازەکـانی کۆمـەڵانی کرێکـار لـەژێر دەسـت و پیـــی وردە بـــۆژوازی و لـــەژێر شـــیعارەکانی بزووتنـــەوەی جەماوەری‌دا دەرفەتی هاتنە گۆڕ و هاتنە ڕوویان تیدا وەدەست نەهینا و لـە کـردەوەدا لـە مەیـدان بـەدەر کرابوو و هەر دیار نەبوو ئاسویەك کـە لـە ڕاسـتی‌دا لـە زمـانی وردە بورژوازی‌یەوە بـۆ کۆمـەڵی داهاتوو دیـاری دەکـرا، شـتیکی تایبـەتی تیدا نەبوو کە کرێکاران را بکیشی. بـۆ کەسیك کـە مافی دیـاری کردنی چـــارەنووس و خودموختـــاری میشکی دانـەگرتبوو، کەسیك کـە نـانی شـەو و ژیـانی ڕۆژانـەی نیگەرانی‌یـەکان و ئاواتـەکانی دیـاری دەکـرد، ئاسـایی بـوو کـە خـۆی لـەو جـەرەیان و جیزبانـە نەزانی کە ئەم شیعار و داخوازانە هانـدەری خەباتیانـە و لەگـەڵیان بیگانە بی، داخوازە ناروشنەکانی چـینی نـاوەنجی کـە لـە جیگـا و شـوینی ئـەم چینەوە سەرچاوەی دەگـرت، لـە قـالبی میللـی و خودموختـــاری خوازانـــە و دیموکراسی خوازانـە و شتی لـەم چەشنەدا باسی لیدەکرا بـە هـەر ڕادەیـەك کـە حیزبـی سیاسـی قورســـایی شـــیعارەکانی و هەلسـووڕانی سیاسـی‌ی خـۆی دەخستە ئەم مەیدانەوە دیارە بەو ڕادەیـەش هیـزی ئـەو بەشـە لـە کۆمـەڵی کوردستانی پـتر لـە خـۆی کۆ دەکردەوە.

لـە هـەل ومـەرجیکدا کـە ئـەو بـە کرێکـــار مـــەڕبوت بـــوو، وەك وەعدەیـــەکی ســـتراتیژیك و وەك ئارمانیك حەوالەی داهاتوو دەکرا وخـەباتی زینـدووی ئـەمڕۆ و داخوازەکـانی ئـەمڕۆ لـە شـکل و شـیوەی وادا دەمانـەوە کـە لـە میـژوودا هەمیشـە لـە لایـەن چـینە غـەیرە کرێکارەکـان هاتوەتـە گـۆڕ (وەك داخوازی خودموختاری و...) و بـەم جۆرە جەماوەری کرێکار لە کـردەوە دا لـە دەرەوەی مەیـدان ڕادەگیران یان لە باشترین حالەت دا ئەوانیش بە ڕادەیـەك کـە دلیان بـەم شیعارانە خۆش کردبا دەهاتنە ناو ریزی ئەم خەباتەوە.

کۆمەڵە لە دەروونی بزووتنەوەی جەماوەری ئەو سالانەدا کەوتبووە بـەر شـەپولی ئـەم بزووتنـەوە گشـتی‌یە و لـە ئەساسدا لـە لایـەن تویژە غـەیرە کرێکاری‌یەکانی ناو کۆمـــەڵ و وردە بـــۆرژوازی کوردستانەوە دەورە دڕابوو.

مـانعیکی دیکـە هـەر وەك باسـم کـرد ناسـیونالیزم بـوو کوردایـەتی سـوننەتیکی خـەباتی دژی ڕژیمـی بووە لە کوردستان و کۆمەڵـەش بـە هـۆی دەور و نەقشـیك کـە لـە بزووتنەوەی جەماوەری‌ی سالانی ٥٧و٥٨ دا وەدەسـتی هینـابوو جـەرەیانیکی کۆمەڵایـەتی بـوو لـە کوردسـتان هـەر ئـەم خەسلەتەش دەرفەتی ئەوەی پیك هینا کە ئەم سوننەتە لەسـەر ژیانی سیاسـی‌ی کۆمەڵـەش تەئسـیر دابنـی یـان لەراسـتیدا پـی بنیتـە نیـو ژیـانی سیاسی کۆمەڵەوە.

ئیمـە هەمیشـە لەگـەڵ هینـدیك پەدیـدەی مـەنفی لـەنیو خۆمـان دا بەڕەو ڕوو بووین کە هـەولمان دەدا جار لەگـەڵ جار بەرەبـەرەکانی یـان لەگـەڵ بکـەین لـە حالیکـدا کـە هـەمووی ئەوانـە لەڕشتەیەك دا کـە بـریتی بـوو لـە سـوننەتی خـەباتی ناسیونالیسـتی لـە کوردسـتان پیکـەوە هـونرا بوونـەوە و گـەلیك دیـاردەی زەقـتر و بەرچـاوتریمان هـەموو ڕۆژیـك لـە هەڵسـووڕانی حیزبـی سیاسـی‌ی بـورژوازی لـە کوردسـتاندا بەچـاوی خۆمـان دەدیت. کەم بایەخ دان بـە ڕیکخراو بوونی جەماوەری لە شوینە ئازاد کراوەکانی کوردستان، کـەم بایـەخ دان بە وەگەڕ خستنی هیز و توانا و لیهاتوویی‌یـەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی زەحمـەتکیش بـۆ پیـك هینانی هەل و مەرجیکی باشتر یا تەنانـەت هینـدیك باشتر لـە ژیـانی ڕۆژانـەیان دا، زۆر بایـەخ دان بـە مەوجوودییەتی نیزامی لە بەرانبەر کز و لاواز بوونی نەقشی کۆمەڵە لە ڕیکخسـتنی و هەلخرانـدنی بزووتنەوەی سیاسـی‌ی ئیعتیرازی لـە ناو کرێکاران و هـەروەها لـەناو کۆمـەڵانی نـارازی و سـتەم لـی کـراودا، محـافزە کـاری و ڕارایـی بەرانبـەر بـە سـوننەتە دواکـەوتووەکانی نـاو کۆمـەڵ و درەنگ دەس بردن بۆ ئەو مەسـەلە کۆمەڵایەتی‌یانە کە لە چوار چیوەی مەسـەلەی میللـی دا نـەدەگونجان وەك:

مەسـەلەی ژنـان و مەسـەلەی شووڕاکان و دەسـەلاتدارەتی خەڵك هیزی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەویەخە بوون لەگـەڵ هـەموو ئـەم مەسـەلانە پیك هـاتبوو، کۆمـەڵی کوردسـتان لـەناو خـۆی دا دەرفـەتی ئـەم پـەلامارەی خولقانـدبوو، بـەڵام محـافزە کـاری بەرانبـەر بـە فشـارە سوننەتی‌یەکان مانعی دیتنی ئـەم ئیمکانەکۆمەڵایەتی‌یانە بوو هـەموو ئەمانە بە هـۆی خـەباتیکی گشـتی دژی ڕژیمـی جیگایـان بـۆ خۆیـان کردبـووەوە و کـاری وشیاریدەرانە و بـە دانسـتەی ئیمـە لـە دژی ئـەم گەرایشـە کۆمەڵایەتی‌یـە هیـواش و شینەیی بەرەوپیش دەچوو.

نارۆشـــنی لـــە سیاســـەت و بیروبوچـــــــــــوونە نەزەری‌یەکانیشـماندا، بـە نۆبـەی خۆی دەبووە مانعیك لەسـەر ڕیگای ئـەو گورانکاری‌یـە ئەساسی‌یە کـە پیویسـت بـوو تـا کۆمەڵـە بکـا بـە قالبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران و ڕیکخـراوی ئاسـایی ئـەوان واقعییـەت ئەوەیـە کـە تـەکامولی کۆمەڵـە تـەکامولی ڕوانگـە و بیرو بوچـوونە سیاسی‌یەکانیشی بـووە توانایی‌یەکان و

ئیـوە قسـەتان لـە تەبـدیل بوونی کۆمەڵە بـە ڕیکخـراوی کرێکاران و نموونـەی حیزبـی کرێکاری کرد بە بروای تو ئەو مـــانع و موشـــکیلە ئەساســـی‌یانەی کـــە چ لـــە ڕابـــوردووداو چ ئیســـتا لەگـەڵیان بـەڕووڕوین چـی بوون و کامانەن؟

ئەگـــەر بمـــەوی گـــرینگترین مانعـەکانی سـەر ڕیگـای تەبـدیل بـوونی کۆمەڵـە بـە بەشـیکی جیا نـــەکراوە لـــە بزووتنـــەوەی سوسیالیسـتی‌ی کرێکـاران بـە کـورتی بـاس بکـەم دەبـی قامـك لەسـەر چـەند مـانعی ئەساسـی دابنـیم کـە بـە بـروای مـن بـە پیـی گرینگی‌یـان ئەمانـەن: وجـوودی بزووتنەوەیـەکی گشـتی کـە تییـدا کۆمەڵـە لـە لایـەن جـەماوەریکی بـەرینی وردە بورژوازی‌یـەوە دەورە دراوە، وجـــوودی ســـوننەتی خەباتکارانـە و ڕەوشـت وشـیوە هەڵسـووڕانی ناسیونالیسـتی لـە کوردسـتان وەکـوو جـەرەیانیکی موعتـــەریز لـــە دژی دەوڵـــەتی مەرکەزی، گەشـ و ڕۆشن نـەبوونی ڕوانگە نەزەری‌یەکان و تیکەڵاوی و ڕارایی لە بوچوونەکان و بەرنامەی عەمـەلی سیاسـی‌دا و سـەرەنجام

لیهاتوویی‌یه‌ نه‌زه‌ری‌یه‌کانی کۆمه‌ڵه‌ به‌ره‌به‌ره‌ کامل بوون و، به‌ره‌به‌ره‌ نارۆشنی‌یه‌کانی لی رۆشن بووه‌ته‌وه.

کاتیك بیر و بوچوونی نارۆشن له‌ روانگه‌یه‌کی سیاسی‌دا هه‌بی، ئاشکرایه‌ ئه‌م نارۆشنی‌یه‌ ئه‌و هه‌لسووراوانه‌ عه‌مه‌لی‌یه‌ش به‌ لاری‌دا ده‌با که‌ ئه‌م بیر و بۆچوونانه‌ ده‌رواننه‌ سه‌ریان که‌س ئیددیعای ئه‌وه‌ی نیه‌ هه‌ر له‌ هه‌وله‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ مه‌سه‌له‌ جۆراوجۆره‌کان، وه‌ك سیاسه‌تی ریکخستنمان له‌ شاره‌کان، کاری نیزامی، ته‌بلیغات، مه‌سه‌له‌ی خودموختاری و... نه‌زه‌رمان هیندەی ئیستا گه‌ش و رۆشن بووه‌ دیاره‌ ئه‌و جۆره‌ نارۆشنی‌یه‌ نه‌زه‌ری‌یانه‌ تاوانی عه‌مه‌لی خۆشیان هه‌یه.

ئاخرین خاڵێ که‌ پیویسته‌ به‌ کورتی ئیشاره‌ی پی بکه‌م ئه‌و هه‌ل ومه‌رجه‌ واقیعی‌یه‌یه‌ که‌ به‌ نۆبه‌ی خۆی وه‌ك هامیلیکی مه‌نفی و فشاریك بوون له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌کانی کرێکاران له‌ کوردستان یه‌کیك له‌وانه‌ مه‌سه‌له‌ی له‌شکر کیشی رژیم و هیرشی نیزامی بۆ سه‌ر کوردستان بووه‌ ئه‌م هه‌ل ومه‌رجه‌ وه‌زعیکی وای پیك هینابوو که‌ شه‌ر و موقاوه‌مه‌تی نیزامی ببووه‌ میحوه‌ری هه‌موو مه‌سه‌له‌کانی کۆمه‌ڵی کوردستان و بۆ ماوه‌یه‌کی زۆر هه‌موو مه‌یدانه‌کانی خه‌بات و تیکۆشان که‌وتبووه‌ ژیر ته‌ئسیری ئه‌م وه‌زعییه‌ته‌ شه‌ر و موقاوه‌مه‌تی نیزامی به‌ شیوه‌یه‌ك له‌ کۆمه‌ڵی کوردستاندا زەق ببووه‌وه‌ که‌ نه‌ده‌کرا خۆی لی دوور خه‌یه‌وه‌ ئه‌م واقعییه‌ته‌ ویرای ئه‌و عامیله‌ ناله‌بارانه‌ی که‌ پیشتر باسم کرد شیوه‌یه‌ك له‌ خه‌باتی بۆ کۆمه‌ڵه‌ش زەق کرده‌وه‌ که‌ به‌ کرده‌وه‌ له‌ ده‌سره‌سی کۆمه‌ڵانی به‌رینی کرێکار له‌ کوردستان دوور بوو دیاره‌ شك له‌وه‌دا نیه‌ که‌ کۆمه‌ڵه‌ به‌ وه‌لام دانه‌وه‌ به‌م پیویستی‌یه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌، یانی به‌ موقاوه‌مه‌ت، موقاوه‌مه‌تی چه‌کدارانه‌ به‌رانبه‌ربه‌ هیرشی رژیم، خۆی له‌گه‌ڵ میژووی واقیعی‌ی ده‌وره‌یه‌ك له‌ کۆمه‌ڵی کوردستان جووت کرد ئه‌م کاره‌ پیویست بوو و ئه‌م بریاره‌ بی گۆمان نوخته‌ وه‌رسووانیکی گرینگ له‌ ژیانی سیاسی کۆمه‌ڵه‌ دایه‌. به‌ڵام سه‌ره‌رای ئه‌وانه‌ش هه‌ل ومه‌رجیکی پیك هینا که‌ به‌شیکی زۆر له‌ هه‌ڵسووراني کۆمه‌ڵه‌ و به‌شیکی زۆر له‌ هیز و توانا و ئیمکاناتی کۆمه‌ڵه‌ له‌ ده‌سره‌سی جه‌ماوه‌ری کرێکار، که‌ له‌ شوینی کار و ژیانیان خه‌ریکی خه‌بات و تیکۆشانی هه‌موو رۆژه‌ له‌گه‌ڵ نیزامی سه‌رمایه‌داری بوون، دوور که‌وته‌وه.

شه‌ری دریژ ماوه‌ی ئێران و عێراقیش یه‌کیك له‌ مانعه‌کانی سه‌ر ریگامان بووه‌. نه‌بوونی ئه‌منییه‌ت، ویرانی، کۆشتار له‌ سنووره‌کان، ته‌بدیل بوونی کوردستان به‌ مه‌یدانی شه‌ریکی گه‌وره‌ی ٨ ساڵه‌، هه‌موو ئه‌مانه‌ وه‌ك عامیلی مه‌نفی کاریان کرده‌ سه‌ر ره‌وتی هه‌ڵسووڕانمان و گه‌لیك مانعیان له‌سه‌ر ریگای به‌ره‌و پیش چوونمان پیك هینا.

هه‌روه‌ها پیویسته‌ باسی گیران و ئیعدام کرانی کۆمه‌ڵیکی زۆر له‌ تیکۆشه‌رانی کۆمه‌ڵه‌ له‌ شاره‌کانی کوردستان بکه‌م له‌ هیرشی دوژمن بۆ سه‌ر ته‌شکیلات و هه‌لسووراوانی کۆمه‌ڵه‌ له‌ شاره‌کان، ژماره‌یه‌کی زۆر کادری لیهاتووی کۆمۆنیست و هه‌ڵسووراوانی ناو بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری له‌ ده‌ست چوون یان له‌ ده‌ور دا نه‌مان و ئێمه‌ تا ماوه‌یه‌کی دریژ خایه‌ن و تا ئێستاش نه‌مانتوانیوه‌ بۆشایی نه‌بوونیان له‌ شاره‌کان پر بکه‌ینه‌وه‌ بیجگه‌ له‌مه‌ گیانبه‌خت کردنی ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ کادره‌ پیشره‌و و لیهاتووه‌کانی به‌شی عه‌له‌نی، چ له‌ رابه‌ری و چ پله‌کانی‌تردا ته‌ئسیریکی به‌رچاویان له‌سه‌ر هیواش بوونه‌وه‌ و شینه‌یی کردنه‌وه‌ی به‌ره‌وپیش چوونمان داناوه.

ئێستا، پاش ئه‌م ڕووبه‌ڕوبونه‌وه‌یه‌ و به‌ له‌به‌ر چاو گرتنی ئه‌و گیروگرفت و مانعانه‌ی که‌ باستان کرد، به‌ گشتی له‌سه‌ر نموونه‌ و ئولگووی هه‌لسووران و مه‌وجوودییه‌تی حیزبیکی کرێکاری و و به‌ تایبه‌ت ته‌شکیلاتی کوردستانی حیزب له‌ ده‌وره‌ی داهاتوودا نه‌زه‌رتان چیه‌؟

راستی‌یه‌کی ئاشکرایه‌ که‌ بزووتنه‌وه‌ی ئیمه‌ و جه‌ره‌یانی ئیمه‌ سه‌ره‌رای هه‌موو نیازپاکی‌یه‌ك که‌ سه‌باره‌ت به‌ ئارمان و ئامانجه‌ کرێکاری‌یه‌کان بوویه‌تی، سه‌ره‌رای شۆڕشگێری و تیکۆشه‌ری‌یه‌ك که‌ له‌ ده‌وره‌ی جۆراوجۆردا له‌ خۆی نیشان داوه‌، سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی نزیکترین جه‌ره‌یان و بزووتنه‌وه‌ی حیزبی‌ی زه‌مانی خۆی بووه‌ به‌ کرێکاران، ژیانی سیاسی‌یه‌که‌ی له‌ سوننه‌تی خه‌باتی کرێکاری‌یه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی نه‌گرتوه‌، ریشه‌ی له‌ خه‌باتی ئابووری و سیاسی و هه‌موو ڕۆژه‌ی کۆمه‌ڵانی کرێکاردا نه‌بووه‌، له‌ سوننه‌تی خه‌باتی کرێکاران بۆ باشتر بوونی ژیانیان یان له‌ سوننه‌تی خه‌باتی سه‌ندیکایی و شووڕایی‌یه‌وه‌ هه‌لنه‌قولیوه‌، به‌ڵکوو له‌ جه‌رگه‌ی ئیعتیرازی کۆمه‌ڵانی چینی ناونجی‌دا په‌ره‌وه‌رده‌ بووه‌ و هه‌ر له‌وی و ئه‌ساسه‌ن له‌وی هیزی گرتوه‌، سوننه‌ت و ره‌وشت و ئه‌خلاقییات و ته‌نانه‌ت بیر وبوچوونی ئه‌و چینانه‌ش له‌ هه‌ڵسووڕانی‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌، قورسایی کاری سیاسی‌ی له‌ناو وردەبورژوازی‌دا بووه‌ له‌باری فکریشه‌وه‌ ریگای خۆی به‌ خه‌بات له‌گه‌ڵ پوپولیزم و ناسیونالیزم دا کردوه‌ته‌وه‌ یان به‌قسه‌ کردن له‌ دژی رویزیونیزم و پاش گه‌ز بوونه‌وه‌ی نه‌زه‌ری، بیروڕای خۆی ده‌ربڕیوه‌ و سیمای سیاسی خۆی به‌م ئیعتیباره‌ وه‌ده‌ست هیناوه‌ و به‌مه‌خۆی ناساندوه‌.

ئێمه‌ ده‌مانه‌وی له‌م پیشینه‌یه‌ ببڕین و ببین به‌ جه‌ره‌یانیك که‌ نه‌ك هه‌ر نزیك له‌ کرێکار و دلسوزی کرێکار به‌ڵکوو هی خۆدی کرێکاره‌ ئه‌وه‌ی که‌ ئێمه‌ به‌ شوینیه‌وه‌ین پیك هینان و پته‌و کردنی جه‌ره‌یانیکی حیزبی‌ی به‌هیز و رادیکاله‌ له‌ناو دلی خه‌باتی هه‌موو ڕۆژه‌ی کرێکاران دا ئێمه‌ ده‌مانه‌وه‌ی ببینه‌ حیزبیکی وا که‌ هه‌ل ومه‌رجی ژیان و شکل و شیوه‌کانی خه‌بات و هه‌لس و که‌وته‌کانی چینی کرێکار، راسته‌وخۆ له‌ ناویدا ره‌نگ بداته‌وه‌ و ته‌ئسیری لی وه‌ربگری و ته‌ئسیر له‌سه‌ر ره‌وتی به‌ره‌و پیش چوونی دابنی.

کۆمه‌ڵه‌ به‌ به‌شداری کردن و هیدایه‌تی بزووتنه‌وه‌یه‌کی جه‌ماوه‌ری له‌ کوردستان ئیعتیباریکی کۆمه‌ڵایه‌تی زۆری له‌ناو کۆمه‌ڵانی کرێکار و زه‌حمه‌تکیشان و خه‌ڵکی ستەم لیکراودا وه‌ده‌ست هیناوه‌.

ئێمه‌ ده‌مانه‌وه‌ی ئه‌م جیگا و شوین و ئیعتیباره‌ بیته‌ خزمه‌ت ته‌بدیل بوونی ئه‌و جه‌ره‌یانه‌ فکری و سیاسی و ته‌شکیلاتی‌یه‌ و حیزبیکی کرێکاری و بۆ ئه‌وه‌ تیده‌کۆشین، تازه‌ به‌ بروای ئیمه‌ ئه‌وه‌ ئامانج و مه‌به‌ست نیه‌، ئه‌مه‌ هه‌نگاوی هه‌وله‌ بۆ پیك هێنانی ئال و گۆڕی واقیعی له‌ ژیانی کۆمه‌ڵانی کرێکاردا و هه‌نگاوی هه‌وله‌ بۆ شۆڕشی کرێکاری، عه‌مه‌ل پی کردن و به‌ڕیوه‌ بردنی به‌رنامه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی کرێکاران، هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی مالکییه‌تی خوسووسی و کاری کری‌گرته‌ و چاره‌سه‌ر کردنی هه‌موو ئه‌و مه‌سه‌له‌ کۆمه‌ڵێه‌تی‌یانه‌ که‌ بوڕژوازی پیکی هیناون یان ده‌یانپاریزی کاتیك کوللی مه‌سه‌له‌که‌ ئاوا ببینین ئه‌مجار دیینه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ که‌ خه‌باتی ئیمه‌ له‌ کوردستان به‌ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌کانی خۆیه‌وه‌ به‌ڕیوه‌ ده‌چی و مه‌سه‌له‌کانی تایبه‌تی ئه‌م کۆمه‌ڵگایه‌ هه‌ل ومه‌رجی کارمان پیك دینی. بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری له‌ کوردستان مه‌سه‌له‌کانی خۆی له‌ جه‌رگه‌ی کیشه‌یه‌کی واقیعی دا و له‌ سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی که‌ له‌ ئاستی کۆمه‌ڵایه‌تی‌دا له‌ جه‌ره‌یاندان ده‌باته‌ پیش.

تا ئه‌و جیگایه‌ی که‌ هه‌لده‌گه‌ریته‌وه‌ سه‌ر بورژوازی کورد له‌ کوردستان، ئه‌و هه‌ول ده‌دا خه‌باتی شۆڕشگێرانه‌ له‌ ژیر چه‌تری کوردایه‌تی‌دا له‌ چوارچیوه‌ی خه‌بات بۆ وه‌ده‌ست هینانی خودموختاری واوه‌تر نه‌چی، به‌ بیانووی خه‌بات له‌ دژی جمهووری ئیسلامی و به‌ بیانووی وجوودی مه‌سه‌له‌ی میللی خه‌باتی چینایه‌تی له‌ مه‌یدانی خه‌باتی ئه‌م کۆمه‌ڵگایه‌ بچیته‌ ده‌ر و له‌ ژیر فشاری کوردایه‌تی‌یه‌کی به‌رچاو ته‌نگ داله‌ بیر بچیته‌وه‌ تا له‌م ریگایه‌وه‌ سه‌رمایه‌داری‌ی کوردستان له‌ژیر تیخی خه‌باتی سه‌راسه‌ری‌ی کرێکاران ده‌رباز کا و نه‌جاتی بدا به‌ڵام بۆ ئیمه‌ چاره‌سه‌ر کردنی مه‌سه‌له‌ی میللی به‌ شیوه‌یه‌ك که‌ زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری خه‌ڵکی کوردستان پیی رازی بن، تازه‌ هه‌نگاویکه‌ بۆ په‌ی گرتن و برده‌نه‌ پێشی ڕۆشن تر و سه‌ر راست تری خه‌باتیکی قوولی کۆمه‌ڵایه‌تی‌تر، خه‌باتی چینایه‌تی چینی کرێکار له‌ دژی سه‌رمایه‌داران به‌ کورد و غه‌یره‌ کورده‌وه‌، خه‌بات له‌ دژی ئه‌وانه‌ی‌که‌ حاکمییه‌ت و ده‌سه‌لاتی خۆیان به‌ تواندنه‌وه‌ی ژیانی کۆمه‌ڵانی کرێکار پیکه‌وه‌ ناوه‌ هه‌ر بۆیه‌ ئیمه‌ به‌ ئه‌رکی هه‌میشه‌یی و به‌رده‌وامیی خۆمان ده‌زانین که‌ ویرای ریکخستن و هیدایه‌تی خه‌باتی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستان له‌ دژی ده‌وڵه‌تی مه‌رکه‌زی و زولم و سته‌می ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌، ریاکاری و فریو کاری بورژوازی کورد، له‌ حیزبه‌ سیاسی‌یه‌کانی‌یه‌وه‌ بگره‌ هه‌تا ده‌گاته‌ خاوەن دارایی و سه‌ره‌وه‌ته‌کانی شار و دی و کارخانه‌ و کارگا و حوجره‌ی بازه‌رگانان و شوینه‌کانی‌تر، ده‌ربخه‌ین و ریسوای بکه‌ین و نیشانی بده‌ین که‌ پی داگرتنی ئه‌م تاقم و تویژانه‌ له‌سه‌ر کورد‌ایه‌تی له‌م ده‌وره‌یه‌دا جگه‌ له‌ ریاکاری هیچی‌تر نیه‌ و ته‌نیا بۆ ئه‌وه‌یه‌ که‌ خۆیان له‌ ژیر فشاری خه‌باتی چینایه‌تی کرێکاران ده‌رباز بکه‌ن.

گه‌رچی قسه‌وباسه‌که‌ زۆر ڕۆشن بوو و نیشانی ده‌دا که‌ قسه‌ له‌سه‌ر گورانکاری‌یه‌کی بنه‌ره‌تی و جی‌گورکیی کۆمه‌ڵایه‌تی حیزبه‌، به‌ڵام به‌له‌به‌رچاو گرتنی ڕووداوه‌کانی ئه‌م دوایی‌یانه‌ی ئوروپایی ڕۆژهه‌لات ره‌نگه‌ هیندیك که‌س ئه‌م جهه‌ت گیری‌یانه‌ به‌م ئال و گۆڕانه‌ مه‌ربووت که‌نه‌وه‌ ئیوه‌ خۆتان ئه‌م ڕووداوانه‌ چون هه‌لده‌سه‌نگینن و سه‌باره‌ت به‌م داوه‌ری‌یه‌ که‌ ره‌نگه‌ له‌سه‌ر کاری ئیمه‌ بکری نه‌زه‌رتان چیه‌؟

هه‌رکه‌س ده‌توانی هه‌ر ته‌فسیریك که‌ بروای پییه‌تی‌یان پیی خۆشه‌ وابی، باسی بکا هه‌رکه‌س جهه‌ت گیری‌یه‌کانی ئیمه‌ به‌ بن به‌ستی سوسیالیزمی بورژوایی و ڕووداوه‌کانی ئوروپای ڕۆژهه‌لات مه‌ربووت ده‌کاته‌وه‌ خۆی ده‌زانی، به‌ڵام بۆ ئیمه‌ زۆر ڕۆشن و ساده‌ مه‌سه‌له‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌مانه‌وی له‌ هه‌نگاوی یه‌که‌م دا ببینه‌ جه‌ره‌یانیکی هه‌ڵسووراو له‌ جه‌رگه‌ی خه‌باتیکی چینایه‌تی‌ی عه‌ینی و واقیعی‌دا که‌ له‌ کۆمه‌ڵدا هه‌یه‌ و ریزیکی به‌هێزی کۆمۆنیستی و کرێکاری له‌ ناو دلی ئه‌م خه‌باته‌دا پیك ببینین.

هه‌را و هوریای ئه‌مپریالزمی ڕۆژئاوا، له‌ جیژنی سه‌رکه‌وتنی به‌سه‌ر بلووکی سه‌رمایه‌داری ڕه‌قیبه‌که‌ی داله‌ ڕۆژهه‌لات سه‌ت به‌رابه‌ر له‌وه‌ش به‌رزتر بی واقعییه‌تیك حاشا هه‌لنه‌گره‌ و ناشاردریته‌وه‌ که‌ ئه‌وه‌یش ئه‌و له‌ کۆمه‌ڵی چینایه‌تی ئه‌مڕۆدا چینی کرێکار، به‌ حوکمی هه‌ل و مه‌رجی عه‌ینی‌ی ژیانی و به‌ ناچار، بزووتنه‌وه‌ی خۆی له‌ دژی چه‌وسانه‌وه‌ی سیستماتیك و به‌ وردی ریکخراوی چینی کرێکار بوو- توانیبووی سیستمیکی پولیسی و نیزامی‌ی به‌ هیز بۆ پاراستنی مه‌وجوودییه‌تی خۆی به‌رانبه‌ر به‌ هه‌ستان و قیامی شۆڕشگێرانه‌ی جه‌ماوه‌ر پیك ببینی و هه‌ره‌وها توانیبووی له‌ موساباقه‌یه‌کی گه‌وره‌ی ته‌سلیحاتی (چه‌ك و چول پیکه‌وه‌نان) له‌گه‌ڵ ڕۆژئاوادا مه‌وقعییه‌تی خۆی وه‌ك "ابرقدرت" پته‌و بکا و جیی بخا ئه‌مڕۆ ئه‌و نه‌وعه‌ سه‌رمایه‌داری‌یه‌ ده‌وڵه‌تی‌یه‌ که‌ ئه‌رکه‌کانی خۆی به‌ ئه‌نجام گه‌یاندوه‌ و له‌ مه‌وقعییه‌تیکدایه‌ که‌ ئیتر به‌رانبه‌ر به‌ گه‌شه‌ و هه‌لدانی گه‌وره‌ و به‌رینی سه‌رمایه‌داری له‌ ڕۆژئاوا و پیشره‌وی یه‌کجار به‌رینی تکنولوژی ناتوانی له‌ ئاستی جیهانی‌دا وه‌لامی پیویستی‌یه‌کانی سه‌رمایه‌داری بداته‌وه‌ و ئیتر توانای ره‌قابه‌تی له‌ده‌ست داوه‌ و هه‌ر بۆیه‌ هه‌ولده‌دا به‌ره‌و ئامانجی به‌رزتر ده‌خاته‌ ری ئیمه‌ ده‌مانه‌وی کادر و هه‌لسووراوی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ بین.

ئیمه‌ ده‌مانه‌وی ئالاهه‌لگری‌هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی مالکییه‌تی خوسووسی و هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی کاری کری‌گرته‌ و، ئالا هه‌لگری حکوومه‌تی کرێکاری بین له‌ ناو ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌دا و ئه‌مه‌ بۆ ئێمه‌ سه‌ره‌رای هه‌ر وه‌زعییه‌تیکی سیاسی که‌ هه‌بی، کاریکه‌ که‌ ناکری وه‌ده‌رنگ بخری یان ته‌نانه‌ت بۆ ماوه‌یه‌کیش وه‌لا بنری.

به‌ڵام با له‌ وه‌لامی پرسیاره‌که‌تدا، بۆ ڕۆشن بوونه‌وه‌ی زیاتری جهه‌تی ئیمه‌ هیندیك زۆرتر سه‌باره‌ت به‌و لایه‌نه‌ بدویم که‌ باست کرد، ئاشکرایه‌ که‌ ئیمه‌ هه‌رگیز بلووکی ڕۆژهه‌لات و ئه‌و سیستم و نیزامه‌مان به‌ ئوردووگای سوسیالیستی نه‌ناسیوه‌ که‌ ئه‌مڕۆ خه‌ریکه‌ هه‌لده‌وه‌شیته‌وه‌ و له‌به‌رچاوی هه‌موو خه‌ڵکی دنیا و به‌ زه‌قترین شیوه‌ خه‌ریکه‌ ئیعتیبار له‌ خۆی ده‌ستینیته‌وه‌. ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ ڕوو ده‌دا ته‌نیا دروستی‌ی هه‌لسه‌نگاندنیکی گشتی‌ی ئیمه‌ ده‌سه‌لمینی که‌ هه‌میشه‌ بروامان پیی بووه‌ ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ له‌و ولاتانه‌ ڕوو ده‌دا که‌ به‌ بلووکی ڕۆژهه‌لات ناسراون، گه‌یشتنه‌ ئاخر و بن به‌ستی سیستمیکی ئابووری و هه‌ره‌وها ره‌وشته‌ سیاسی‌یه‌کانی نه‌وعه‌ حکوومه‌تیکه‌ که‌ له‌ ره‌قابه‌تی ناو خۆی سیستمی سه‌رمایه‌داری‌ی جیهانی‌دا، ئیتر وزه‌ و توانایی‌یه‌کانی پیشووی خۆی له‌ ده‌ست داوه‌ و هه‌ول ده‌دا بیته‌وه‌ سه‌ر شکل و نورمه‌ ئاسایی‌یه‌کانی نیزامی ره‌قابه‌تی ئازادی سه‌رمایه‌داری‌ی جیهانی سه‌رمایه‌داری‌ی ده‌وڵه‌تی له‌ ولاتی ڕۆژهه‌لات، که‌ سه‌رده‌میك به‌ ره‌چاو کردنی شیوه‌ ئابووری‌یه‌کی متمرکز زه‌رفییه‌ت و ده‌رفه‌تیکی به‌رینی بۆ قه‌ره‌بوو کردنه‌وه‌ی دواکه‌وتوویی‌یه‌ ئابووری‌یه‌کانی خۆی وه‌ده‌ست هینابوو - که‌ ئه‌مه‌ش خۆی حاسڵی چه‌وسانه‌وه‌ی سیستماتیك و به‌ وردی ریکخراوی چینی کرێکار بوو- توانیبووی سیستمیکی پولیسی و نیزامی‌ی به‌ هیز بۆ پاراستنی مه‌وجوودییه‌تی خۆی به‌رانبه‌ر به‌ هه‌ستان و قیامی شۆڕشگێرانه‌ی جه‌ماوه‌ر پیك ببینی و هه‌ره‌وها توانیبووی له‌ موسابه‌قه‌یه‌کی گه‌وره‌ی ته‌سلیحاتی (چه‌ك و چول پیکه‌وه‌نان) له‌گه‌ڵ ڕۆژئاوادا مه‌وقعییه‌تی خۆی وه‌ك "ابرقدرت" پته‌و بکا و جیی بخا ئه‌مڕۆ ئه‌و نه‌وعه‌ سه‌رمایه‌داری‌یه‌ ده‌وڵه‌تی‌یه‌ که‌ ئه‌رکه‌کانی خۆی به‌ ئه‌نجام گه‌یاندوه‌ و له‌ مه‌وقعییه‌تیکدایه‌ که‌ ئیتر به‌رانبه‌ر به‌ گه‌شه‌ و هه‌لدانی گه‌وره‌ و به‌رینی سه‌رمایه‌داری له‌ ڕۆژئاوا و پیشره‌وی یه‌کجار به‌رینی تکنولوژی ناتوانی له‌ ئاستی جیهانی‌دا وه‌لامی پیویستی‌یه‌کانی سه‌رمایه‌داری بداته‌وه‌ و ئیتر توانای ره‌قابه‌تی له‌ده‌ست داوه‌ و هه‌ر بۆیه‌ هه‌ولده‌دا ره‌نگ بگوری و خۆی له‌گه‌ڵ هه‌ل ومه‌رجی جیهانی سه‌رمایه‌داری دا بینیته‌وه‌.

ئه‌وه‌ی له‌ ولاتانی بلووکی ڕۆژهه‌لاتدا ڕووده‌دا به‌ر له‌ هه‌موو شتیك نیشانه‌ی بی ره‌بت بوونی ئه‌و سیستمه‌یه‌ به‌ سوسیالیزم و چینی کرێکار ئه‌وه‌ سه‌رمایه‌داری و نیزامی کاری کری گرته‌ بووه‌ که‌ له‌م ولاتانه‌دا و له‌ژیر ناوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم دا دریژه‌ی به‌ ژیانی خۆی داوه‌ و له‌ژیر ئه‌م ناوه‌دا چه‌وسانه‌وه‌یه‌کی توند و تیژ و ژیانیکی سه‌خت و دژواری به‌ زۆری سه‌رنیزه‌ به‌ سه‌ر کرێکاراندا سه‌پاندوه‌ که‌ وایه‌ بوحرانی ئه‌مڕۆی ئه‌م ولاتانه‌، نه‌ك بوحرانی کۆمۆنیزم و بوحرانی ئارمان خوازی و رزگاری خوازی‌ی چینی کرێکار، به‌لکوو بوحرانی ناوخۆی جیناحیك له‌ سه‌رمایه‌داری‌یه‌ ئه‌مپریالیستی‌ی جیهانی‌یه‌ ئه‌وه‌ی خه‌ریکه‌ روو ده‌دا سه‌رکه‌وتنی ئابووری‌ی سیاسی‌ی جیناحیکی سه‌رمایه‌داری‌یه‌ به‌سه‌ر جیناحیکی دیکه‌دا، سه‌رکه‌وتنی ئابووری‌ی نه‌وعی بازار به‌ سه‌ر ئابووری نه‌وعی ده‌وڵه‌تی و متمرکزدا.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر هه‌ر ئه‌و سیستمه‌ ڕۆژیك وه‌سیله‌یه‌ك بوو بۆ توند و تیژ کردنه‌وه‌ی چه‌وسانه‌وه‌ی چینی کرێکار و بۆ هیشتنه‌وه‌ی مه‌ینه‌ت و کویره‌وه‌ری‌یه‌کانی نیزامی سه‌رمایه‌داری به‌سه‌ر کرێکاراندا، ئه‌مڕۆ جه‌سته‌ی بوگه‌نیشی له‌ لایه‌ن سه‌رمایه‌داری‌ی جیهانی یه‌وه‌ بووته‌ وه‌سیله‌یه‌ك بۆ مه‌سموم کردن و ئالووده‌ کردنی ریزی بزووتنه‌وه‌ی سوسیالیستی‌ی کرێکاران و له‌ دژی خه‌باتی چینایه‌تی ئه‌وان به‌کار ده‌بری.

به‌ کورتی بلیم: سوسیالیزمه‌که‌یان وه‌ك سوسیالیزمی واقیعه‌ن مه‌وجوود، ڕۆشن بوو که‌ فه‌رسه‌خهای فه‌رسه‌خ له‌ کۆمه‌ڵیکی ئازاد و به‌رابه‌ر و ئینسانی دوور بووه‌، حکوومه‌تی کرێکاری که‌ئیددیعا ده‌کرا له‌م ولاتانه‌ له‌سه‌ر کار بووه‌، ڕۆشن بوو که‌ چون ساڵه‌های ساڵ ده‌سه‌لاتی تویژیکی بوروکرات و مفته‌ خوری به‌سه‌ر چاره‌نووسی کرێکاران له‌م ولاتانه‌دا حاکم کردبوو که‌ چه‌کوله‌ترین په‌یوه‌ندیکیان به‌ چینی کرێکاره‌وه‌ نه‌بووه‌، مارکسیزم وه‌ك ئیدئولوژی ره‌سمی، وه‌سیله‌یه‌ك بووه‌ بۆ پاراستنی ئورگانیکی حکوومه‌تی به‌نیوی حیزبی کۆمۆنیست، ئابووری متمرکزی ده‌وڵه‌تی وه‌سیله‌یه‌ك بووه‌ بۆ ره‌قابه‌ت له‌گه‌ڵ سیستمی سه‌رمایه‌داری‌ی ره‌قابه‌تی ئاژاد.

بۆ که‌سانیکی که‌ نموونه‌ و ئولگووی سوسیالیزم و ئاسویه‌ك که‌ له‌ ولاتی خۆیان خه‌باتیان بۆ ده‌کرد ولاتانی بلووکی ڕۆژهه‌لات بووه‌، هیوا براوی و دل ساردی و ناهومیدی شتیکی ئاسایی‌یه‌ و ده‌ست هه‌لگرتن له‌م ئاسویه‌ به‌ مانای ده‌ست هه‌لگرتن له‌ مارکسیزم و

←

(پاشماوەی) پاراستنی مافێ ئینسان و سەرشوری جمهووری ئیسلامی

کۆمۆنیزمە بەڵام ئەمە تەئسیری لەسەر کاری ئیمە دەتوانی هەر ئەوە بی کە بۆ پەیوەست بوون بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکاران و بەهێز کردنی ریزی سوسیالیزمی کرێکاری لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا سوورتر و پەیگیرترمان دەکا. بۆ ئێمە مانای دەست وبردو خیرا جوولانەوە و درەنگی هەلنەگرتنی ئەم بزووتنەوەیە.

پیویستی پیک هاتنی گورانکاریەکی بنەرەتی لە هەڵسووڕانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بە جۆرێک کە ئەم حیزبە بکاتە بەشکیی جیا نەکراوەی بزووتنەوەی کرێکاری و بیکاتە ریزی کۆمۆنیزم لە نیو کارێکاراندا، لە بن بەست و هەلوەشانەوە و بی ئابروو بوونی سیستمی سوسیالیزمی بۆڕوایی لە ولاتانی ڕۆژهەلاتەوە دەرنەکیشراوە، بەڵکوو لەم باوەرە قایمەوە سەرچاوەی گرتوە کە پیک هاتنی ئال و گۆرێکی "کیفی" و بنەرەتی لە هەڵسووڕانی حیزبی کۆمۆنیست دا تەنیا بە مەرجیک دەکری کە لە پیشینەی خۆی و گەلیک لە سوننەتەکانی رابوردووی بری و لیی دوور کەوێتەوە و ئال و گۆرێکی بنەرەتی لە هەڵسووڕانی و بوچوونی تا ئێستای‌دا پیک بینی حیزبی کۆمۆنیست هەمیشە وەلامی پیویستی بۆ مەسەلەکانی ئەمڕۆی ئوروپای ڕۆژهەلات و سیستمی سەرمایەداری دەولەت هەبووە و هەلویستی ڕۆشن بووە و تەنانەت ئەم سنوورکیشانە لەگەڵ سوسیالیزمی بورژوایی لەم ولاتانە بەشیک لە سیمای سیاسی و ئیدئولوژیکی بووە وەک چەپی رادیکال و سەربەخۆی ئێران، بەم سنوورکیشانەوە ناسراوەتەوە و بەشیک لە سیمای سیاسی‌ی شکل پیداوە. کە وایە گورانکاریەک کە ئێستا قسەی لی دەکەین و باسیک کە ئێستا پیویستە و جۆرە گیرێک کە ئیستا پیویستە و بۆ حیزبی کۆمۆنیست حەیاتی بووەتەوە، بە هیچ جۆر لە سنوور کیشانیکی ئاواوە دەرنەکیشراوە.

تکایە لەم دەرفەتەدا ئەزەری خۆتان سەبارەت بەو بۆچوونەش باس بکەن کە ئال و گۆرە سیاسی‌یەکانی مەنتەقە لە دوای شەری ئێران و عێراق و تەئسیری ئەم ئال و گۆرانە لەسەر هەڵسووڕانی تەشکیلاتی عەلەنی ئیمە و بەرتەسک بوونەوەی خەباتی چەکدارانە بەسەرچاوەی ئەم باسانە دەزانی.

بە بروای من، ئەو کەسانەی جەهەت گیری و سیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی ئیمە بۆ تەبدیل بوون بە حیزبی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی‌ی کرێکاران بە حیسابی ئەوە دادەنین کە کەم بایەخ دراوە بە فلانە یان فیسارە مەیدانی کار یان سەرچاوەکەی لەو تەنگەبەری و بەرتەسکی‌یانەدا دەبینن کە هەل و مەرجی ئێستا هیناویەتە پیش، ئەوپەری کورت بینی خۆیان دەسەلمینن. ئەگەر ئیمە بە فەرز ئەمڕۆ گەرابانەوە سالّی ٥٧یش هەر ئەو ئەرکانەمان لە دەستووری خۆمان دا دادەنا و ئەم جەهەتەمان دەگرتە پیش کە ئەمڕۆ گرتوومانەتە پیش مەسەلە بۆ ئیمە قەتعەن کەم بایەخ دان بەو مەیدان و ئەو مەیدانی هەڵسووران نیە بەڵکوو شان دانەبەر هەلسووڕانیکی جیددی لە هەموو مەیدانەکاندایە. تەنیا وەعودە گرتنی دەور و نەقشیکی شۆڕشگێرانە و تیکۆشەرانە لە لایەن کرێکارانی وشیارەوە هیزیکە کە بزووتنەوەی کوردستان لە دەوری باتلی مەیدان چول کردن و خەیانەت کردن و بە شکست کیشانیکی کە لە ڕەوتی میژوودا تووشی بووە رزگار دەکا و ئاسوی پیشڕەوی و سەرکەوتنی بەروودا دەکاتەوە.

هیزە بورژوایی‌یەکان لە بزووتنەوەی کوردستاندا هیز و توانای خۆیان لە کەلین و کەلەبەر و ناکوکی‌یەکانی ولاتانی مەنتەقە و لە کز ولاواز بوونی دەولّەتی مەرکەزی لەم یان ئەو دەورەیە وەر دەگرن و تەنانەت لەم بارەیەشەوە نەک بە پیی نەقشەیەکی داریژراوی بە دانستە بەڵکوو چاوەروانی هەلکەوتنی هەل ومەرجیکی لەبار، ژیانی سیاسی‌یان تیپەر دەکەن. دیارە لەم ماوەیەش دا سات و سەودا بەو کارتانەش دەکەن کە وەک هیزی چەکدار، وت وویژ و دیپلوماسی‌ی بین المللی لە دەستیاندایە و بەم جۆرە مەوجوودییەتی خۆیان دەپارێزن.

بەڵام ئەگەر بۆ نموونە مەوجوودییەتی نیزامی هەموو شتیکە و هەموو مەوجوودییەتیانە، مەسەلەکە بۆ ئیمە پیچەوانەیە. ئیمە نامانەوی وابی بۆ ئیمە وانیە. خەباتی نیزامی بۆ ئیمە بەشیک لە بەرنامەی خەباتمانە و لە خزمەت کوللی ستراتیژی‌ی چینایەتی‌ماندایە. پیویستی‌ی چەکدار بوون و چەکدار مانەوە و پارستنی سەنگ و سووکی‌یەکی لە بارتری نیوان هیزەکان بە قازانجی کرێکاران بە خەباتی چەکدارانە لەو ستراتیژی‌یەوە هەلینجراوە. بە هۆی ئەم سیاسەتەوەیە کە کۆمەڵە بەشی چەکدارانە تەنیا شیوەیەک و تاکتیکیک لەکوللی هەڵسووڕانی چەکدارانەی ئیمە لەگەڵ حیزبە سوننەتی‌یەکانی کۆمەڵی کوردستان دیاری دەکا.

بۆ حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان هۆی چەکداری بوونیان، شیوەی چەکداری بوونیان و فەلسەفەی خەباتی چەکدارانەیان جگە لە مەسەلەی میللی و مافی دیاری کردنی چارەنووس بە هیچ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی‌یەوە مەربووت نیە بی دەلیل نیە کە ئەم جۆرە هیزانە وەری خۆیان لە هەلس و کەوتەکانی ئەم خەباتە وەردەگرن و شایعەی وت وویژیان دوور بوون و نزیک بوونی وت وویژ لەگەڵ دەولّەتی مەرکەزی مەوجوودییەتە سیاسی‌یەکان مانا دەکاتەوە. بۆ هیزی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەم خەباتە بەشیک لە خەباتی چینایەتی کرێکارانە لە کوردستان و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بەم مانایە لە ئەساسدا هیزیکی دژی مالکییەتی خوسووسی، دژی نەزانی و خورافات و دژی هەموو هەلاواردن و نابەرابەری‌یەکە لە کۆمەڵدا کە یەکیشیان مەسەلەی میللی‌یە.

ئەگەر ئاوا بروانریتە هەڵسووڕانی عەلەنی‌ی ئیمە و هەڵسووڕانی هیزی پیشمەرگە، دەر دەکەوی گرینگی و بایەخی ئەم خەباتە بۆ ئیمە بە دەیان قات پتر لە خەباتی چەکدارانەی ناسیونالیستی‌یە و هەر بۆیە بە پیی توانایی‌یە فەنی و عەمەلی‌یەکانی ئەم دەورەیە، لە پیناو پیک هینانی سەنگ و سووکی‌یەکی لەبارتری نیوان هیزەکان بە قازانجی کرێکاران دەیبەینە پیش تا ئەم جیاوازی‌یانەش نەبیندرین و هەر ئەو جۆرە هەلسەنگیندری‌کە تا ئێستا باو بووە، زۆر ئاسایی‌یە کە ئەم گۆمانە پیک بی کە گۆیا کۆتایی پی هاتنی شەر و ئەو مەسەلە تایبەتانەی کە بۆ هەلسووڕانی نیزامی ئیمە هیناوەتە پیش، هاندەرمان بوون تا ئەم باسانەی ئەمڕۆی کۆمەڵە بینینە گۆڕ. وە ئەمە ئەو تیگەیشتنە نادروستەیە کە باسم کرد.

داهاتووی باسەکان و جهەتگیری‌یەکانی ئەم دەورەیەمان لە ناو تەشکیلاتی کوردستانی حیزب دا چون دەبینی؟

ئیمە تا رادەیەکی زۆر ئەو موشکیلاتانەی کە چ لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و چ لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە لەسەر ریگامانە دەناسین شکل پیدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک جەڕەیانیکی کۆمەڵایەتی، هەم ڕۆشن بینی سیاسی و نەزەری پیویستە و هەم پەڕەوەردە بوون و دەخالەتی هەلسووراوانەی کۆمەڵیک ئینسانی ماندوویی نەناس و تیکۆشەر و هەلسووراوی ئەم ریبازەی پیویستە و ئەمە جم و جوولیکە کە لە هەرتک بارەیەوە لە جیزبی ئیمە دا دەستی پیکراوە و لە تەشکیلاتی کودستانی جیزبیش دا ماتریالی ئینسانی و ئیمکانی عەمەلی بۆ بەڕەوپیش چوونی ئەم خەباتە یەکجار زۆرە. بەڵام بە بروای من باسی ڕۆشن کردنەوەی تەکلیف و چارەنووسی ئەم بزووتنەوەیە، لە سنوورەکانی ئیمکاناتی تەشکیلاتی مەوجوود گەلیک تیدەپەڕی و هیواداریمان بە نەتیجەبەخش بوونی ئەم جهەت گیری‌یانە سەر چاوەیەکی بەهیز و تواناتری هەیە.

با لە پیشدا ئەوە بلیم کە چارەنووسی باسەکان و کیشەکانی ئەم دەوەرەیە و هەر دەورەیەکی ناو حیزبی ئیمە، حیزبیک کە دەیەوی ببیتە جەڕەیانیکی کۆمەڵایەتی و نایەوەی لە چوارچیوەی ئەو بیر و بوچوون و بروایانەدا بمینیتەوە کە لە نیو کتیب و دەفتەردا پاک و زیندو ڕاگیراوە، وەلامیکە کە لە لایەن چینی کرێکارەوە و لە پەیوەندە لەگەڵ خەباتیکی چینایەتی‌دا کە ئەم چینە دەستەویەخەیەتی پیی دەدریتەوە و بەم جۆرە جیگا و شوینیکە کە ئەم حیزبە و ئەم بیر و باوەر و بوچوونانە لەناو خەباتی ئەم چینەدا وەدەستی دینن.

ئەو هیزە کۆمەڵایەتی‌یە کە پایە و بنەرەتی ستراتیژی ئیمە لەسەر بزووتنەوەی ئەو دانراوە، لە کوردستان هەیە و جەڕەیانی ڕادیکال و سوسیالیستی‌ی تیدا بەهیزە سەدان کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانی تیکۆشەر هەن کە سوسیالیزمی کرێکاری بە چرای ریگای خۆیان دەزانن، بە هەزاران کرێکاری وشیار هەن کە کۆمەڵە بە ریکخراوی خۆیان یان زۆر نزیک لە خۆیان دەزانن و گەلیک پالپشت و پشتیوانی موسبەتی لەم چەشنە، سالانی داهاتوو بی گومان دەورەیەکە کە بە حوکمی هەل ومەرجی عەینی بزووتنەوە کرێکاری‌یەکانی تیدا دەبیتە میحوەر و ئەساسی ئیعتیرازە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کوردستان کۆمەڵە دەتوانی ئەم ریکخراوە کرێکاری‌یە بی کە جەڕەیانی کۆمۆنیستی بکاتە سەرەکی‌ترین حەرەکەتی نیو ئەم بزووتنەوەیە.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر بەجی هینانی دەور و نەقشی وشیارانەی ئیمە وەک بزووتنەوەیەکی دیاری کراو کە لەژیر ئالای مارکسیزم دا شکلی گرتوە، بەرنامەی کاری و جهەتی فکریمان ئەوەیە کە لە بریارنامەکان و پەسندکراوە ڕەسمی‌یەکانی حیزبی و لە نەشریاتمان دا باسی کراوە و من لیرەدا دەمەوی ئەوە بلیم کە ئەم ریبازە سیاسی و ئیدەئولوژیکی‌یە واقیع بینانە و عەمەلی‌یە و لەسەر بناغەی پیویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی دانراوە. تا ئەو جیگایەش کە بە حیزبی کۆمۆنیست مەربووتە بەڕەوپیش چوونی ئەم ریبازە سیاسی و ئیدەئولوژیکی‌یە لە گرەوی ئەوە دایە کە یەکە یەکەی تیکۆشەرانی ناو ریزەکانی حیزب و لیرەدا بە تایبەت کۆمەڵە کە مەوریدی باسمانە، وەک هەڵسووراویکی جیددی و ماندوویی نەناسی ئەم ریبازە کار بکەن و ئەرکی خۆیان لە ڕۆشن کردنەوەی هەنگاوەکانی دا هاتوومانداوە بەریوە بەرن.

(پاشماوەی) پاراستنی مافێ ئینسان و سەرشوری جمهووری ئیسلامی

مەسەلەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران تەنیا لیکولینەوەی وەزعی ئەو کەسانە نیە کە ئیستا لە زیندان دان، تەنیا ئەوە نیە کە ئەمانە وەزعی خوراک و بیعداشتیان چونە، لە چەند جیگاوە شکەنجە کراون و ڕۆژی چەند جار دەدرینە بەر شەللاقی زیندانەوانانی جینایەتکار و چلون کەرامەت و شەخسییەت و ڕوح و ڕەوانیان پی شیل دەکری و چلون ژەهری تەحقیر و سووکایەتی دەکریتە نیو دەرمارەکانیان پەروەندەی جمهووری ئیسلامی گەلیک لاپەڕەی‌تریشی هەیە کە دەبی هەلدرینەوە تەواوی جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی لە دادگای ویژدانی بیداری کۆمەڵانی شەرافەتمەند و ئازادیخوازدا حوکمیان لەسەر بدری.

زیندانیانی سیاسی، ئیعدام کراوەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە پاش تەحوملی وەحشیانەترین شکەنجەی فیزیکی و ڕوحی تیک شکاو و ژاکاو، لە زیندان ئازاد کراون، ئەمانە کەسانیک نەبوون کە دەستیکی نادیار ئەم چارەیەی لە نیو چاوانیان نووسیبی. کەم نەبوون ئینسانی ئازادیخواز، کەم نەبوون ژنانی دووگیان و منداڵانی کم تەمەن کە کەوتنە بەر دەسریژی دەستەی ئیعدام و ئیستاش کەس بە سەر و سوراغی گورستانیان نازانی.

کەم نەبوون و کەم نین ئەو ئینسانە شەرافەتمەندانە کە بە هۆی هەژاری و دەستەنگی و هەزار مەینەتی‌تری ژیان کەوتنە داوی ئیعتیاد و دزی و فەحشاو، جینایەتکارانی ئیسلامی پول پول ئیعدامیان کردن و جمهووری ئیسلامی بە شانازی و لە خوبایی بوونیکی درندانەوە خەبەری کوشتنی سەدان کەس لەمانەی لە ڕادیو و ڕۆژنامەکانەوە ڕاگەیاند و ڕادەگەینی هیچ کەس لە بیری نەچووەتەوە کە چلون خانەوادەی زیندانیانی سیاسی بە تەمای چاوپیکەوتنی ڕولەکانیان دەچوونە بەر درگای بەندیخانەکان بەڵام جەنازەی ئەنجن–ئەنجن کراوی ڕولەکانیان پی دەدرایەوە و تەنانەت داوای دەسخوشانەیان لیدەکرا. هەژاری و کویرەوەری ئەو خانەوادانە دەبی ببینری کە تاکەمایەی بەریچوونیانخراوەتە زیندان و بی سەرپەرست ماونەتەوە.

لە حکوومەتیک دا کە وەزعی ئینسان ئاوایە، لە حاکمییەتیک دا کە زیندانەکان و کوشتارگاکانی لە هەموو شتیکی دیکە ئامادەتر و تەیارترن و بەکری‌گیراوانی ئینسانکوژ ئامادەی هەموو جینایەتیکن، ئایا ئیددیعای پاراستنی مافێ ئینسان گالتەیەکی تال نیە؟

ڕژیمیک کە نیوبانگی کوشتار و پی‌شیل کردنی مافی ئینسان و جینایەتەکانی لە هەموو دنیا بلاّو بووەتەوە و ڕیسوای هەموو ویژدانیکی بیدار و شەرافەتمەندەو ئیستا بۆ هەلخەلەتاندنی بیروڕای گشتی جیهان دەیەوی پاکانە بۆ خۆی بکا نابی هیچ مەجال و دەرفەتیکی پی بدری.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەموو کردەوە و جینایەتەکانی ئەم ڕژیمەیان لەبیرە لاپەڕەی تەواوی پەڕەوندەکانی ئەم ڕژیمە دەبی هەلدرینەوە نابی بیلّێن جینایەتەکانی ئەم ڕژیمە بی دەنگەیان لی بکری و سەرپوشیان بنریتە سەر بە تایبەت هەموان دەبی ئەوەیان لە بەری چاو بی کە ئیعتیراز بە جینایەتەکانی ئەم ڕژیمە، دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و خەبات لە پیناوی ئازادی زیندانیانی سیاسی‌دا تەنیا ئەرکی خانەوادەی زیندانی‌یەکان نیە.

دیفاع لە زیندانیانی سیاسی، دیفاعە لە ئازادی دەربرینی عەقیدە، دیفاعە لە ئازادی خەبات لە پیناوی ژیانی ئینسانی‌دا و دیفاعە لە مافێ ئازادانەی هەر ئینسانیک بۆ تیکۆشان لە پیناوی وەدەست هینانی سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆیدا و لە پیناوی وەدی هینانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌دا ئەمە ئەرکیکە لەسەر شانی هەموو ئەو کەسانە، هەموو ئەو ژن و پیاوە شەرافەتمەندانە کە ڕزگاری لە مەینەتی دەسەلاتدارەتی ڕژیمی ئیسلامی و حاکمییەتی چەوسینەرانە و ستەمگەرانەی سەرمایەداری بە مافی خۆیان دەزانن، هیچکەس نابی ئەوە قەبوول بکا کە لەبەر چاوی هەموان سەدان کەس لە هاوچارەنووسانی ئیمە سەنگەسار دەکرین و تەناف دەخریتە ملیان و گوللە باران دەکرین و لە ژیر چوکی جەللادانی شکەنجەگەردا پشوویان لە سنگیان دا دەتاسی، نابی ئەوە قەبوول بکری کە سەربرین و دەست پەراندن و بەردەباران کردن وەک قانوونی جینایەت بەریوە بچی.

ڕاپورت و نەزەری هەیئەتی تەحقیقی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی هەرچی بکا، دیفاع لە ئازادی زیندانیانی سیاسی ناکا، دیفاع لە مافێ ئینسانی، ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان، ئازادی بەیان و عەقیدە، حورمەت و کەرامەتی ئینسانی ئەرکی سەرشانی ئیمەیە. نابی ئیجازە بدەین هیچکەس بگیری و بخریتە زیندان، نابی ئیجازە بدەین هیچکەس شکەنجە بکری، نابی ئیجازە بدەین هیچکەس سەنگەسار و ئیعدام بکری. نابی ئیجازە بدەین لەبەر چاوی ژن و پیاو و منالاّنمان نمایشی وەحشیانەی ئینسانکوژی بخریتە ری. هەموو ئەمانە دەبی کۆتایی‌یان پی بهینری.

بەڕانبەر بە هەموو جینایەتەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئەوە دەنگی ئیعتیرازی ئیمەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیشە کە دەبی بەرز بیتەوە و تیکەل بی لەگەڵ هاواری ئەو سەدان هەزار دایک وباوکە کە سالّەهایە لە پشت درگای زیندانەکان چاوەڕیی چەند دەقیقەچاوپیکەوتنی ڕولەکانیان و تەوهینیان پیکراوە، جنیویان پیدراوە.

(پاشماوەی) بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی"رادیکال"ی خودموختاری؟ یان راە کارگر بالی رادیکالی بورژوازی؟

ئەمرۆ، کە خەباتی کرێکاران لە کوردستان هەرچی زیاتر هیز و گوری بە خووە گرتوە و جم و جوولی قودرەتمەندی سیاسی و ئابووری چینی کرێکار کە بە ئاشکرا لە ئاکسیونەکانی رۆژی کرێکار دا و لە مانگرتنەکان و ئیعتیرازە کرێکاریەکاندا خۆی نیشان دەدا، هەموو حیزب و جەرەیانەکان، حیزبی دیموکرات (هەرتک بەشەکەی) و بە تایبەت هەموو هیزە چەپەکان، ئیددیعاکانی رابوردووی خۆیانیان لەبیر بردوەتەوە (پییان وایە کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش زەین کویرن)، هەندیکیان بی دەنگەیان کردوە و هەندیکیان بەمەشەوە نەوەستاون و لە بابەت"بایەخدان بە کرێکاران و زەحمەتکیشان و پیویستی ریکخستنیان" قسە دەکەن.

لەم نیوەدا، بوچوون و هەلویستەکانی راەکاگر، چ لە رابوردووداو چ هی ئیستای، جیگای سەرنجن هی‌رابوردووی لەبەر ئەوە کە لە جەرەیانی شەری نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەلّەدا بە کردوە وەک فراکسیونیکی ناوخۆی حیزبی دیموکرات دەجوولایەوە و هەولیدەدا بۆ شایی تیئوریکی ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات پر کاتەوە و حاشا کردنیان لە وجوودی خەباتی چینایەتی لە کوردستان پاسا وبکا، وە ئێستاش لەبەر ئەوە کە رابوردووی تاریکی خۆی- کەرابوردوویەکی زۆر دووریش نیە- بە ئەنقەست لە بیر دەباتەوە و کەوتوەتە مەدح و سەنای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، لە حالیکدا ئەمجاریش بە هەمان رەوشت و میتودی پیشووی خۆی وەزعی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان بەراورد دەکا کە دیسانەوە هیچنەتیجەیەکی نیە بیجگە لە پەردەپوشکردنی وەزعییەتی سیاسی و خەباتکارانەی ئیستای کرێکاران لیرەدا، هەر چەندبە کورتیش بی چاویک لەنەزەراتی راەکارگر دەکەین سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان هەتا بزانین ئەمجار بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان چون بەراورد دەکا.

راەکارگر پیی وایە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی"رادیکال"ی بزووتنەوەی خودموختاریە.

پیشتر ئیشارەمان پیکرد کە جم و جوولی نویی کرێکاران لە کوردستان بە تایبەت لە ساڵی ٦٤ بەم لاوە قودرەتی خوی نیشان داوە کە نەک هەر مەوجوودییەتی خۆی بەلکوو خەباتی خۆشی وەک واقعییەتیک بەسەر حیزبە بورژوایی‌یەکاندا سەپاندوە و گەلیک واقعییەتی بردوەتە نیو زەین و میشکی ئەوانەوە کە فرچکیان بەوە گرتوە بەرانبەر بە چینی کرێکار پی بچەقینن. بە جۆرێک کە ئیستا ئیددیعاکانی پیشووی خۆیانیان لە بیر بردوەتەوە و ملیان داوە بە قەبوول کردنی ئەو شتانە کە پیشتر دەیانگوت ئەمانە "خەیالات"ی کۆمۆنیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستن و کۆمەلّە لە زەینی خۆیدا"دای هیناون" هەلویستی ئیستای راەکارگر لەم بابەتەوە نموونەیەکی زۆر رۆشن و بەرچاوە.

راەکارگر، عەینەن وەک کەسیک کە لە ناکاو لە خەو راپەریبی و تاسابی، گۆیا تیگەیوە هەندیک ئال وگۆری ئابووری-کۆمەلّایەتی لە کوردستان رووبان داوە و، بە ناچار و نابەدل لە کۆنفرانسی چوارەمی کۆمیتەی کوردستان- ساڵی ٦٧-دادەلی:

" پەرەگرتنی بزووتنەوەی جاماوەری و بە تایبەت شکل گرتنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری لە راستیدا بەیان و دەربرینی ئال و گۆری ئابووری کۆمەلّایەتی لە کوردستان و تحولاتی چینایەتی لە ریزەکانی بزووتنەوەی میللی- دموکراتیک دایە." ریگای کرێکار، ژمارە ٥٧، جوزەردان و پووشپەری ٦٧، لاپەرەی ٢٢ وەیا لە جیگایەکی‌تر دەلی:

"بەریوەچوونی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری بە بۆنەی یەکی ئەیار لە شاری سنە لە ساڵی رابوردوودا(ساڵی ٦٦) یەکیک لە لووتکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان و سەراسەری ئێران بوو."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٦، خاکەلیوە گولانی ٦٧، لاپەرەی ١٠

هەر ئەوە کە راەکاگر ئەوەندە ئیعتیراف بە واقعییەتەکان دەکا، خۆی نەزەر گورین و کشانەوەیەتی لە هەلویستەکانی پیشووی خۆی لە حاست بزووتنەوەی چینی کرێکار لە کوردستان کە بە پیی قاعیدە دەبی وەک هەنگاویکی بەرەوپیش حیساب بکری بەلّام ئایا لە راستیدا دەکری ئەم هەلویست گورینەی راەکارگر لە حاست بزووتنەوەی کرێکاران لە کوردستان بە هەنگاویکی بەرەوپیش و موسبەت دابندری؟ ئایا راەکارگر ئیستا دیمەنیکی دروست و واقیعی لەم بزووتنەوەیە بەرچاو دەخا؟ بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە با بروانینە نەزەری راەکارگر سەبارەت بەم مەسەلەیە کە لە گوڤاری "ریگای کرێکار"دا چاپ کراوە.

راەکارگر پاش مەدح و سەنای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، عاقیبەت کاتیک دیتە سەر قسەی موشەخەس، ئاوا باسی ئەو بزووتنەوەیە دەکا:

"گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ساڵی رابوردوودا، کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفی‌یەکاندا و هەروەها لە قورسایی نیسبەتەن زۆری حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسی‌یەکانی کرێکاراندا لە خەباتدا لەدژی شەر و بۆ دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆ کرێکاری‌یەکان خۆی نیشان دەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە گەلی کورد ئیستا کۆلەکەیەکی قایم لە خەباتی خۆیدا بۆ وەدی هێنانی داخوازە دیموکراتیکەکانی و یەک لەوانە خودموختاری کوردستان، دادەریژی."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٦، لاپەرەی١١، تەئکید هی ئیمەن.

ئەمەش بەشیکی‌تر لە بوچوونەکانی راەکارگر هەر لەم زەمینەدا:

"خەباتی کرێکاران لە ساڵی رابوردوودا و گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفی‌یەکاندا، لە حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسی‌یەکاندا، لە بەریوە چوونی یەکی ئەیاردا و لە دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆکرێکاری‌یەکاندا خۆی نیشان دەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە کرێکاران لە حەرەکەتەکانی خۆیاندا لەگەلّ پیویستی پیک هینانی ریکخراوە تایبەتەکانی خۆیان، بە تایبەت سەندیکا، هەرچی زیاتر ئاشنا بوون و ئەمانە هەمووی نیشانەی وەخەبەر هاتن و ریکخراو بوونیکی هیوا بەخشە کە رزگاری گەلی کورد و وەدی هاتنی مافە میللی‌یەکۆمەلّایەتی‌یەکانی، لە گرەوی‌دان و نیشاندەری ئەوەیە کە چینی کرێکار خەریکە بەرەو ئەوە دەچی موری خۆی بە رەوتی ئال و گۆرە سیاسی‌یەکانی کوردستانەوە بنی."

ریگای کرێکار، ژمارە ٦٢، خاکەلیوە و گولانی ٦٨، لاپەرەی ١٦، تەئکید هی ئیمەیە.

ماشاالله لەم هەموو تیژ بینی‌یە!

دیارە کرێکاران لە کوردستان ئالا هەلگری خەبات لە مەیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و رزگاری گەلی کورد لە ستەمی میللی و بۆ دیفاع لە داخوازە دیموکراتیکەکانی خەلکی کوردستان بوون و هەن. بەلّام مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە دەور و جیگا و شوینی کرێکاران هەر ئەوە نیە کە حوزووری هەلسووراوانەیان لە بزووتنەوەی گشتی میللی‌دا هەبی و دیفاع لە داخوازە دیموکراتیکەکان و خودموختاری بکەن و لەم چوارچیوەیەدا مەحدوود نابیتەوە هەر جەرەیانیک کە دەور و جیگا و شوین، ئاسو و داهاتووی خەباتی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەتا ئەوەندە بینیتە خوار کە وەک "کۆلەکەی قایم"ی بزووتنەوەی دیموکراتیک چاوی لی بکاو لە چوارچیوەی بزووتنەوەی میللی و گشتی‌دا مەحدوودی بکاتەوە، لایەنی دژی سەرمایەداری و ئاسوی سوسیالیستی ئەو بزووتنەوەیە دەشاریتەوەو تەسویریکی بورژوایی و پیچەوانەی لی بەرچاو دەخا و ئەمە تەقالایەکە کە راەکارگر دەستی داوەتی و بەم شیوەیە دەوری کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری ئەوەندە مەحدوود دەکاتەوە کە ئەو پەرەکەی وەک بەشی "پەیگیر" و بالی "رادیکال"ی بزووتنەوەی دیموکراتیک و خودموختاری خواز چاوی لیدەکا بەم پییە و لە روانگەی راەکارگرەوە ئەوپەری ئامانج و ستراتیژی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ریبەرایەتی بزووتنەوەی گەلی کورد و رزگاری گەلی کورد واوەتر ناچی کەگەلیک جار لە ژمارەکانی گۆڤاری ریگای کرێکاردا هەتا ئیستا تەنیا لەسەر ئەمە پیی داگرتوە و یەک کەلیمەش باسی ئاسوی سوسیالیستی ئەو بزووتنەوەیە ناکا.

بەلّام بە پیچەوانەی بوچوونی راەکارگر واقعییەت شتیکی‌تر، بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی ئیستای کرێکاران لە کوردستان ئەساسەن بزووتنەوەیەکی دژی سەرمایەداری و دژی ئەو موناسەباتە زالمانەیە کە لەسەر ئەستویان قورسایی دەکا و حەرەکەتیکە کە رزگاری لە ستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی حکوومەتی کارگەری و وەدی هینانی داخوازە سیاسی کۆمەلّایەتی و ئابووری‌یەکانی کرێکارانی لەگەلّ باقی هاوچینەکانیان لە ئێران کردوەتە سەر لەوحەی حەرەکەتی خۆی کرێکاران لە کوردستان و لە جەرەیانی ئیعتیراز و خەباتی چەند ساڵی رابوردوویاندا بە کردەوە و لە بریارنامە پەسند کراوەکانیاندا لەسەر خەسلەتی دژی سەرمایەداری، ئاسوی سوسیالیستی و ئەنترناسیونالیستی و لەسەر حەق خوازی خۆیان لە وەدی هینانی داخوازە فەوری‌یەکانیان و نەهیشتنی ستەمیکی کۆمەلّایەتی‌دا تەئکیدیان کردوە بەلّام راەکارگر کاتیک باسی بریارنامە پەسند کراوەکانی کرێکاران دەکا، بیشەرمانە سەروبنی لی هەلدەپاچی، ناوەروکە کۆمۆنیستی و کرێکاری‌یەکەی تەحریف دەکا و دەیشاریتەوە و بە پیی بوچوونی خۆی، دیمەنیکی بەر تەسک و مەحدوود لە دەور و جیگا و شوینی کرێکاران هەلەبت بە ناوی خودی کرێکارانەوە بە ئەستویاندا دەبری. لەم بابەتەوە سەرنج بدەنە ئەم وتەیەی راەکارگر:

"کرێکارانی کوردستان بەحەرەکەتی خۆیان، پلاتفورم و بریارنامەکانی خۆیان نیشانیان دا، کە هەتا چ ئەندازە لە دەوری واقیعی خۆیان لە بزووتنەوەی گەلی کورد دا ئاگادارن و هەتا چ ئەندازەیەک لە پیویستی ریکخراو بوون و یەکگرتوویی خۆیان گەیشتوون."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٧، جوزەردان و پووشپەری ٦٧، لاپەرەی ٢٥، تەئکید هی ئێمەیە.

راەکارگر ئیشارە بە بریارنامە پەسند کراوەکانی کرێکارانی سنە لە رۆژی یەکی ئەیار دا دەکا ئەگەر وایە و لەبەر ئەوەی ئەم وتەیەی راەکارگر ئیشارە دەکا بە بریارنامەی یەکی ئەیاری ساڵی ٦٧ی کرێکارانی سنە، با پیکەوە بروانینە سەرەتا و چەند بەندی ئەو بریارنامەیە هەتا تەحریف و هەروەها پووچ بوونی ئیددیعاکەی راەکارگر دەکەوی:

بریارنامەی کرێکارانی سنە لە یەکی ئەیاری ١٣٦٧دا

کرێکاران، زەحمەتکیشان، هاورییانی

هاوچارەنوس!

ئەمرۆ ١٠٢ ساڵ لە تەمەنی پر بایەخی‌یەکی ئەیار-ریکەوتی ١١ی گولان-رۆژی جیهانی کرێکار تیپەر دەبی، چینیک کە رۆژ بە رۆژ بەرەو ئەوە دەچی لە سەرتاسەری جیهاندا شاهیدی بە رەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازەکانی بی. چینیک کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوپشتی و یەکگرتووی ریزە میلیونی‌یەکانی خۆیەتی.

رۆژی جیهانی کرێکار،رۆژیکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەلّ یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعی‌یەکانی خۆیان، خەباتی بی‌وچانیان دریژە پی بدەن.

ئیمە کرێکارانی کوردستان پی بە پیی چینی کرێکاری جیهان ئەمسالیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوی پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکی‌تر لە سەر داخوازە کرێکاری‌یەکان پی دادەگرین و لەم رۆژە پیرۆزەدا بریارنامەیەک کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان رادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئیمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١- داواکاری بە رەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان رۆژی جیهانی چینی کرێکارین.

٢- ...

١٩- ئیمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکیشانی فەلەستینی و لە دژی ئیسراییل و ئەمپریالیسم، رادەگەیەنین.

ئەمە سەرەتا و تەنیا دوو بەند لە بریارنامەی‌یەکی ئەیاری ساڵی ٦٧ بوو. جگە لەمە، کرێکارانی سنە لە ١٨ ماددەی‌تردا ئەساسی‌ترین داخوازە ئابووری و سیاسی و دیموکراتیکەکانی خۆیانیان وەک کۆمەلّی بورژوایی و حاکمانی ستەمگەری ئەم کۆمەلّگایە راگەیاندوە بەلّام هینانەوەی ئەم سەرەتایە و دوو بەند لە بریارنامەکە تییدا کرێکاران باسی دەور و جیگای خۆیان دەکەن بە ئەندازەی کاڤ رۆشنە هەتا نە هەر زەقترین نەوعی درو و چاوبەستی، بەلّکوو هەموو چەشنە تەحریفیک ئەویش لە زمان ریکخراویکی سیاسی‌یەوە ئاشکرا بی.

کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بە پیچەوانەی بوچوونی راەکارگر دەور و جیگای خۆیان تەنیا لە چوارچیوەی بزووتنەوەی گەلی کورد دا و مەحدوود لە دەور و جیگا و شوینی کرێکاران باسی دەور و جیگای خۆیان دەکەن بە ئەندازەی کاڤ رۆشنە هەتا نە هەر زەقترین نەوعی درو و چاوبەستی، بەلّکوو هەموو چەشنە تەحریفیک ئەویش لە زمان ریکخراویکی سیاسی‌یەوە ئاشکرا بی.

جیهان و ئێران دەزانن و، بە شیعار و پلاکاردی کرێکارانی جیهان یەک گرن هاتوونە مەیدان و لە خەباتی باقی هاو چینەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا پشتیوانی دەکەن.

بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، حەرەکەتی ئەو کرێکارە سوسیالیست و کۆمۆنیستانەیە کە رووگەی حەرەکەتیان بژی سوسیالیزم و ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری‌یە و ویست و داخوازە فەوری‌یەکانی کرێکارانیان کردوەتە سەر لەوحەی خەباتی رۆژانەی خۆیان و مانگی ئەیاری هەموو سالیک ئامانجە نیهایی و فەوری‌یەکانی خۆیان وەک پلاتفورمیک بە هەموو کۆمەلّ رادەگەیەنن، بەلّام کاتیک راەکارگر دەیکاتە بەلگە بۆ قسەی خۆی، دەیگوری و پەردەپوشی دەکا و ئەو واقعییەتە زیندووە سیاسی و کۆمەلّایەتی‌یە کە سەرنجی هەموو چاویکی نابینا و گوی‌یەکی ناژنەوای بۆ لای خۆی راکیشاوە، بە پیچەوانە نیشان دەدا و ئەمە هەمان شیوەی لە میژینەی راەکارگر لە حاست چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان.

راەکارگر ریک وەک بورژوازی کە لە حاست بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان تەمکینی کردوە، جیگا و شوین و مەوقعییەت و ئاسوی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەندە دادەشکینی هەتا دەی هینیتە ئاستی بەشی "رادیکال" ی دیموکراسی و خودموختاری و لە کردەوەدا وەک هیزی زەخیرەی بزووتنەوەی دیموکراتیک چاوی لی دەکا، بەلّام واقعییەتی حاشا هەلنەگر و رۆشنی خەباتی کرێکاران ئیسباتی کردوە کە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی "رادیکال"ی خودموختاری نیە و ئەوە راەکارگرە کە بالی رادیکالی بورژوازی‌یە.

ئەمرۆ بە پیچەوانەی بوچوونە بورژوایی و وردە بورژوایی‌یەکان، سوسیالیزمی کرێکاری، ئەو حەرەکەتە زیندوو و حازرەی نیو بزووتنەوەی کرێکاری‌یە لە کوردستان کە کرێکاران لە پیناو ئامانجەکانی خۆدی کرێکاراندا، هەر لە ئامانجی ئابووری‌یەوە بگرە هەتا ئامانجی شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کارگەری، ریک دەخا حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بە پشت ئەستووی ئەم هیزە، ئامانجی قەتعی خۆی بەوە داناوە ببیتە حیزبیکی کۆمۆنیستی و کرێکاری و سوسیالیزمی کرێکاری مەوجوود حیزبییەت پی بدا و سووڕە لەسەر ئەوەی جیایی واقیعی کۆمۆنیزم و ریکخراوی کۆمۆنیستی لە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری کۆتایی پی بهینی.

وەرگیردراو لە "پیشڕەو"ی ژمارەی ١٩ی فارسی

(پاشماوەی)کاری کونتراتی بە قازانجی.....

پیویستە جاریکی‌تر لەوە ورد بینەوە کە ئەم شیوە کارە چ زەرەریکی بۆ ئیمە هەیە و چ قازانجیکی بۆ سەرمایەداران و خاوەن کاران تیدایە.

ئەگەر ئەوەمان سەلماندبی کە بەم جۆرە کار بکەین، ئیتر مندالّ و دایک و باوکی پیر و پەک کەوتە و ژنی دووگیان و... هیچ مەعنایەکی بۆیان نامینی و دەبی هەموان کار بکەن مەگەر کاری کووڕەخانەکان وانیە؟ مەگەر لە کووڕەخانەکان ژنانی دووگیانیش قالبەخشت ناگوێزنەوە؟ مەگەر منداڵی ٨-٧ سالان خشت هەلناچنن؟

لەم شیوەیەی کار کردن دا، لە هەر کوی بی، لە کووڕەخانە یان لە کارگای قالیباف، هەموو ئەفرادی خانەوادە دەکیشرینە بەر کار ئەویش چ کاریک؟

کاریکی سەخت و دژوار کە هەتا زیاتر بکری قازانجیکی زیاتر دەچێتە گیرفانی خاوەن کارەوە.

لەم شیوە کارەدا، گەورەی مال، بۆ ئەوەی هەرچی خیراتر و پوختتر کار بکری، بە بی ئەوەی هیچ کەس پیی ئەسپاردبی، دەبێتە نوێنەری خاوەن کار و دروست وەک سەرکارگەریک ئەمرۆ نەهی دەکا.

لەم شیوە کارەدا رەفاقەت و هاودلی لەنیو کرێکاران دا کەم دەبێتەوەودەکری بڵێین هەرکەس سەرقالی کاری خۆیەتی و زۆر جاریش لەنیو کرێکاران دا بەرانبەریکی و رەقابەت پیک دی.

خاوەن کار لەم شیوە کاردا نەک هەر قازانجیکی زۆر و زەبەندی دەست دەکەوی، بەڵکوو ئیمکانی ئەوەی دەست دەکەوی بە بیانووی جۆراوجۆر کرێکاران بکاتە چاو لە دەستی خۆی و لە چاوەروانیدا رایانگری و حەقی تەواویان نەداتی.

کرێکار ئەگەر بە رۆژکار بکا، لە سەعاتیکی دیاریکراودا دەست بە کار دەبی و پاش چەند سەعات دەست لە کار هەلدەگری و هەقدەستی خۆی وەر دەگری و دەکەویتە شوین ژیانی خۆی بەڵام ئەگەر شیوەی کونتراتی کار بکا خاوەن کار بە بیانووی جۆراوجۆر گیرو گرفتی بۆ پیک دینی و جەریمەی دەکا.

دیارە لەم شیوە کارەدا، کاریک کە کات و وەختی بۆ نەبی و کرێکار ناچار بی هەمیشە دەستی تییدا بی، نەک هەر هیچ هیز و توانایەک بۆ کرێکار نامینی بەڵکوو کرێکار تووشی وەزعیک دەبی کە ئیتر ژیان هیچ مەعنایەکی بۆی نامینی نە شەونشینی و هات و چووی دوست و ناسیاو، نە وچان و حەسانەوە، نە گۆی دانە رادیو، نە خوێندنەوە، ماندوو و هیلاک وەک بەرد دەکەویتە سەر عەز و جوولەی لی دەبری.

ئەم جۆرە کارە، رووداو و کارە ساتی ناخوشیشی زۆر تیدایە، ئینسان وەختیک بۆ چەند تەمەن زیاتر حازر بی ئەو کارە دژوارە قەبوول بکا، بیگۆمان لەبەر هیلاکی و ماندوویی ئاگای لە خۆی دەبری و تووشی کارەساتی ناخۆش دەبی کەم جارتان بیستوە یان دیتووتانە کە هاوریانی کرێکارمان بەهۆی ماندوویەتی یەکجار زۆر تووشی کارەساتی دلتەزین بوون و گیانی خۆیان لەدەست داوە؟

ئەگەر گیانیشیان لەدەست نەدەن ئیتر وەها هیز و توانایان لی دەبری کە توانایی ئەوەیان نامینی ئەو ژیانە مەمرە و مەژیی‌یەی جارانیش بۆ خۆیان دابین بکەن چاویک لە دەور و بەری خۆمان بکەین هەموو ئەوانەی پشت ئیشە و لاق ئیشە لە کاری خستوون، هەموو ئەوانەی لە نەتیجەی کاری‌قورسی هەمیشەیی‌دا لەنیو ژووری تاریکی کارگاکانی قالیباقی بینایی خۆیان لە دەست داوە، ئەوانە هەموویان سەردەمیک پرکارترین و هەڵسووراوترین کەسان بوون بۆچی ئاوا لە کار کەوتوون و لە تەمەنی ژیر ٣٠سالّی دا تووشی هەموو جۆرە نەخۆشی‌یەک بوون؟

ئەگەر بە کاری کونتراتی بکری خەرجی زستان یان دەورەی بیکاری ئەو ساڵە دابین بکەی، ئەی بۆ ساڵانی پەک کەوتەیی و بۆ خەرجی دوکتور و دەوا و دەرمان و چارەسەری ئەو نەخۆشی‌یانەی بەهۆی ئەم کارە قورسەوە تووشی دەبن دەبی چ بکری؟ رەنگە بلین ئەگەر هەموو خیزانی‌مال بە ژن و پیاو و منداڵەوە ئاوا کار نەکەین چون بەری بچین، ئەگەر ساڵی چەند مانگ کە کار هەیە ئاوا پر بە پر کار نەکەین ئەی زستان چون خۆمان بەخیو کەین؟

ئەم پرسیارە دەبی وەلامی بدریتەوە. بەڵام وەلامەکەی ئەوە نیەکەبلیی بیجگە لەم شیوەیە هیچ ریگایەکی‌تر نیە. وەلامەکەی ئەوە نیە کە ئینسان هاوینان خۆی بکوژی بۆ ئەوەی زستانان بەری بچی.

ئیمە بە تەئکیدەوە دەلیین هەر کاریک لە هەر جیگایەک بە شیوەی کونتراتی خراپ و بە زەرەرە و دەبی قەدەغە بکری.

ئیمەی کرێکار لە هەر جیگایەک کار دەکەین ئەگەر بە قەدەر بەریچوونی خۆمان هەقدەست وەرگرین، ئەگەر غەمی زستان و رۆژانی بێکاریمان نەبی و هەر کات بێکار بووین بیمەی بێکاری وەرگرین ئایا ناچار دەبین بە شیوەی کونتراتی کار بکەین؟ دیارە ناچار نابین! کەوایە ئایا ناکری بە هەولدان بۆ داسەپاندنی ئەم داخوازە بەسەر کارفەرما ودەولەت دا، یانی بە ئەستاندنی هەقدەستی کافی و بیمەی بێکاری، بۆ هەمیشە کاری کونتراتی قەدەغە بکەین و تەنیا بە شیوەی رۆژکار، کار بکەین؟

کەوایە وەرن بە حیسابیکی سادە، خەرجی بەریچوونی رۆژیکمان- هەموو پیویستی‌یەکانی خانەوادەیەکی ناوەنجی حیساب بکەین، وای دانین دەبێتە نزیکەی ٦٠٠ تمەن دوای ئەم حیسابە دەبی خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە بە خاوەن کار و دەولّەت رابگەیەنین:

١- رۆژکار، کار دەکەین.

٢- لە رۆژدا لە ٨ سەعات زیاتر کار ناکەین.

٣- بە هەقدەستی کەمتر لەوەی خۆمان دیاری دەکەین، کار ناکەین.

٤- بۆ دەروەری بێکاریمان دەبی بیمەی بێکاریمان پی بدری.

ئەم کارە دەکری و ئیمکانی هەیە و دەبی لە ئیستاوە بۆی دەست بەکار بین.

بەم حیسابە، یانی ئەگەر بمانەوی لە چنگ کاری کونتراتی خۆمان رزگار بکەین، دەبی داخوازی هەقدەست بە قەدەر بەرێچوونی خیزانیکی ٥کەسی، ٨سەعات کار لە رۆژدا و بیمەی بیکاری بۆ دەورانی بێکاری، بە کارفەرما و دەولّەت تەحمیل بکەین.

بیگۆمان کرێکارانی کووڕەخانەکان کە هەتا ئیستا بە خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان گەلیک داخوازی خۆیانیان وەدی هیناوە دەتوانن ئەم داخوازەشیان وەدی بینن بەو مەرجە کە هەر لە ئیستاوە کاری بۆ بکری یانی هەموو کۆر و کۆمەڵیکی کرێکاری هەڵسووراوانە دەست بە کار بن هەتا بە وردی زیانەکانی کاری کونتراتی و جیاوازی ئەم کارە لەگەڵ رۆژکار، وە پیویستی خەبات بۆ سەعا کاری مەحدوود و هەقدەستی باش و بەهرەمەند بوون لە بیمەی بێکاری باس بکەن، بەرینترین بەشی کرێکاران لە دەوری ئەم داخوازە سەرەکی‌یە کۆ بکەنەوە.

ئەگەر هەر لە ئیستاوە هەموو کرێکارانی کووڕە بریار بدەن کە لە قەراردادی ساڵی تازەیان دا ئەوە ببرنەوە کە بە شیوەی کونتراتی کار ناکەن و تەنیا بە شیوەی رۆژکار ئەویش بە حداکسر ٨ سەعات لە رۆژدا، کار دەکەن، ئەگەر کرێکارانی کارگاکانی قالیباقی و هەموو ئەو خانەوادانە کە هیزی لەش و بینایی چاویان لە سەر کاری کونتراتی لەدەست داوە رابگەیەنن کە ئیتر بە هیچ شیوەیەک بڕە کاری ناکەن و، دەبی دەولّەت و خاوەن کار بیمەی بیکاری بۆ دەورەی بیکاری یان پی بدا، دەتوانن ئەم داخوازانە بەسەر دەولّەت و کارفەرمادا بسەپینن.

هیز و توانایی دەیان هەزار کەسی کرێکارانی کووڕەخانە، کرێکارانی قالیباف و زۆر کرێکاری‌تر کە بە شیوەی کونتراتی کار دەکەن، ئەوەندە زۆرە کە دەتوانن ئەم داخوازانە وەدی بینن.

(پاشماوەی)نەوروزتان پیرۆز

ئەم بەهارە یازدە بەهارە ئازادیمان بە وەحشیانەترین شیوە پی شیل دەکری، رولەکانمان بە زۆر براوەتە شەری کونەپەرستانە و کراوەتە قوربانی ئامانجی دژی بەشەری سەرمایەداران، کۆنەپەرستانەترین ستەم و نابەرابەری و رەسم و یاسای مەزهەبی بەسەر ژنان داسەپاوە، کرێکاران و شۆڕشگیرانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەگیرین و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام دەکرین.

بەڵام ئیمەی کرێکار و زەحمەتکیش، ئیمەی کۆمۆنیست، ئیمەی ئازادیخواز و شۆڕشگیریش یازدە بەهارە لە دژی ئەم وەزعە مەینەتبارە هاتووینە مەیدان و بەدەنگی بەرز بە هەموو دنیامان راگەیاندوە کە ئەم رژیمە جینایەتکارەمان ناوی و یازدە بەهارە شۆڕشیکی بەرین و جەماوەریمان لە دژی ئەم رژیمە و بۆ داخوازە رەواکانمان وەری خستوە.

کرێکاران، زەحمەتکیشان، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

با سالی تازە بکەینە بەهاری یەکگرتوویی زیاتر و خەباتی لیبراوانەترمان لە دژی جمهووری ئیسلامی و لە پیناو ئازادی و بەرابەری و حکوومەتی کارگەری‌دا!

با سالی تازە بکەینە بەهاری کاری، بەهاری نان، بەهاری گەیشتن بە داخوازە سیاسی و ئابووری‌یەکانمان!

با سالی تازە بکەینە بەهاری ئازادی ئازیزانی زیندانی مان و بەهاری شاد بوون بە دیداری ئەو ئازیزانەمان!

با ساڵی تازە ویرای هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێران، بە دەستی خۆمان، بە هیزی خۆمان، لە خەباتی بی وچانمان، لە کارخانەکان، کارگاکان، کووڕەخانەکان، مەیدانەکانی کار، خیابانەکانی شار، کولانەکان و مەزراکان و تەپولکەکانی دی، سەر و بەری ئەم رژیمە نگریسە تیک دەین و بەهاری خۆمان وەدی بینین، بەهاری ئازادی..

"پیشرەو"

(پاشماوەی) ئەگەر یەک بی

تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی.
ئەو دنیا پیچەوانەیە ژیرەوژوور کەی
تاکوو گەنم
برسی نەبی و برسی تیر کا
تاکوو کانیاو تینوو نەبی و
ئاوی زولال، بە گەرووی تینودا بکا
تاکو ئینسان،
کویلە نەبی و ئازاد و بەرابەر بژی
تا ئازادی ئازاد بیت و
ژیان لە دیلی رزگار بی.
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس ناتوانی.

ئەگەر یەک بی!
ئەی ئەوەی کە هەرچی هەیە بە شیرەی گیان دەی خولقینی و
خۆت بی بەشی!
تو دەتوانی و لە دەستت دی.
تینی ژیان، وەبەر گیانی مردوو بینی!
تو دەتوانی گریان بکەی بە پیکەنین!
تو دەتوانی دارستان پر شکوفە کەی!
تو دەتوانی بەهار بینی و دنیا بکەیتە گولستان!
ئەگەر یەک بی!
ئەگەر یەک بی!

(پاشماوەی) پەیامی هاوری ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە بەبۆنەی نەوروزەوە

کۆمەڵانی تیکۆشەر لە کوردستان موقاوەمەت و بەرەنگاری‌یەکی بە هیز و دریژ ماوەیان لە بەرانبەر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی‌دا تەجرەبە کردوە سالّەهایە بەردەوام لە هەموو مەیدانەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەدا لە دژی ستەمی میللی و سەرکوتی نیزامی، لە دژی پی‌شیل کردنی مافەکان و ئازادی‌یە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش، ئەو خەبات و راوەستانە دریژەی هەیە و دەرس و تەجرەبەکانی لە رادەی کۆمەڵایەتی‌دا جی‌گیر بوون و بوونەتە هیزی مادی ئەمرۆ هاتنە مەیدانی خەباتی کرێکارانی کوردستان بۆ داخوازە ئابووری‌یەکانیان نوختە پیشرەفتیکی گرینگە لە بزووتنەوەی چینایەتی و سیاسی کوردستاندا کوردستانی شۆڕشگێر بەهۆی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی بووەتە سەنگەریکی بەهیزی خەباتی کرێکارانی ئێران و دەرس و تەجرەبەکانیشی لە خزمەت بە هیز کردنی هاوپشتی چینایەتی هەموو کرێکارانی ئیراندایە، یەکگرتوویی و هاوپشتی‌یەکی چینایەتی کە بیگۆمان بە بزووتنەوەی یەکپارچەی خۆی بازاری ملهوری و زۆرداری حاکمانی جمهووری ئیسلامی تیکەوە دەپیچی و تەفر وتوونای دەکا.

هاورییانی کرێکار!

ئەو رۆژانە بە دوای رووداوەکانی ولاتانی ناسراو بە بلووکی رۆژهەلات، هەموو دەزگای تەبلیغاتی سەرمایەداری‌ی جیهانی بە هەموو زەرفییەت و توانایی خۆیانەوە کەوتوونەتە کار تا پاشەکشە و شکستی ئابووری‌ی سەمایەداری دەوڵەتی و شیوەکانی دەسەلاتداریەتی سیاسی لە ولاتانی بلووکی رۆژهەلات بکەن بە وەسیلەیەک بۆ بڵاو کردنەوەی تووی ناهومیدی و لەدەست دانی ئاسوی داهاتوو لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی سوسیالیستی‌ی کرێکاران دا، هەموو توپخانەی تەبلیغاتی‌ی سەرمایەداری ئەمپریالیستی دەست بەکار بووە تا نیشان بدات کە گوێا شۆڕشی سوسیالیستی کرێکاران ناومکین و بی حاسڵی و نیزامی سەرمایەداری شیوەیەکی بەرهەم هینان و فەرهەنگ و ئەخلاق و رەوشتیکی ئەبەدی بۆ ژیانە گوێا ژیان لە کۆمەڵی چینایەتی‌دا چارەنووسیکی چارهەلنەگری بەشەرە تا جیگایەک کە جمهووری ئیسلامیش جۆرئەتی بە خۆی داوە کە لەم هەرا و هوریا تەبلیغاتی‌یەدا ئەو مەینەت ئاوایەی کە بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردوە وەک نموونە و ئولگووی ژیانی داهاتووی بەشەر لە قەلەم بدات گوێا ئەو پەری ئاوات و ئاسوی بەشەرییەت لە ئاخری سەدەی بیستەم دا دەبی ئەوە بی کە سەر بۆ نیزامیک دانەوینی کە کەمایەتی‌یەکی بچووک بتوانی خۆی بە رەوا لە قەلەم بدا و ئیزنی هەبی برسی‌یەتی، هەژاری، بیکاری، بی مەسکەنی، بی بیهداشتی، بی دەرمانی، ئیعتیاد، فەساد، بی مافی و ستەم بەسەر زۆربەی هەرە زۆر و بەرینی بەشەری ئەمرۆدا، لە چوار گۆشەی دنیا، داسەپینی و بەرهەمی گەشەی تکنولوژی و سەنعەت و پیشرەفت عیلمی‌ی بەشر لە خزمەت جەماعەتیک سەربار و مفتە خۆر دابی و خۆشی و ئاسایشی ئەوان دابین بکا وەها وەحشی‌گەری‌یەک گوێا ئەوپەری ئاوات و ئەوپەری دلنەوایی بەشەرییەتی پیشکەوتووی ئەمرۆ بی و بەشەر مەحکووم بی لەژیر سیبەری وەها موناسەباتیکی جینایەتکارانەدا بژی.

بەڵام واقعییەتەکانی دنیای ئەمرۆ رۆشنتر لە هەمیشە بەرهەق بوونی قسەکانی مارکس سەبارەت بە ناوەروکی کۆمەڵی چینایەتی و پیویستی‌ی ژیرەوژور بوونی ئەم نیزامە نیشان دەدا کۆمەڵی ئەمرۆی بەشەری کۆمەڵیکی چینایەتی‌یە و کرێکاران چینیکن کە لە بەرهەم و حاسڵی دنیایەک کە سەروەت و سامانەکەی حاسڵی رەنجی شان و ئارەقی نیو چاوانی ئەوانە، بی بەشن هیچ حوققە بازی‌یەکی تەبلیغاتی ناتوانی ئەو واقعییەتە سەرسەختە، کە هەموو سات و کاتیک لە ژیانی کۆمەڵانی کرێکاردا خۆی نیشان دەدا، بشاریتەوە کرێکاران بۆپارستنی ئەوەی کە وەدەستیان هیناوە و بۆ بەهرەمەند بوون لە پیشرەفتەکانی دنیای ئەمرۆ چارەیەکیان نیە جگەلە خەباتی راستەوخۆ و رووبەروو بۆ وەری خستنی بزووتنەوەی چینایەتی خۆیان لەدژی سەرمایەداران و دەولەتەکانیان ئەم خەباتەواقعییەتیکی سەرسەخت و حاشاهەلنەگرە کە تەنانەت خۆی بەسەر سەفحەی تلویزیونەکانی دەولّەتی‌ی سەرمایەدارانیش دادەسەپینی و هەموو شانازی سەرمایەداری‌ی جیهانی ئەوەیە کە گوێا لە بەربەرەکانی بەرانبەر بە دەنگی ئیعتیرازدا تەنیا گوللەی پلاستیکی و گاز" اشک آور" و باتومی بەکار هیناوە نەک شتیکی‌تر، ئەم بی شەرمی‌یە و ئەم وەحشی‌گەری‌یە شیاوی بەشەرییەتی ئاخری سەدەی بیستەم نیە و کۆمۆنیزم بزووتنەوەی ئاگاهانە، وشیارانە، عەدالەت خوازانە و ئازادیخوازانەی کرێکارانە و وەلامی ئەم نیازە کۆمەڵایەتی‌یە دەداتەوە پیک هینان و ریکخستنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی حاسڵی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە و تەنیا لەناو چوون و نەمانی چینەکان و جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵی بەشەر دایە کە بە مانای واقیعی زەمینە و ئیمکانی ئازادی بۆ ئینسان پیک دینی و بەشەر لە هەموو کوت و بەندەکانی کۆمەڵی چینایەتی رزگار دەبی تارمایی وەها ئاسویەکە کە ئەمرۆ سەرمایەداران و دەولەتەکانیانی هیناوەتە مەیدانی تەبلیغاتیکی دژی کۆمۆنیستی لە هەموو دنیا.

ئێمە تیکۆشەری ئەم بزووتنەوە چینایەتی‌یەین و لە هەلس وکەوتەکانی رابوردوو دەرس وەر دەگرین و ریگای داهاتوومانی پی رۆشن دەکەینەوە.

جاریکی دیکەش ساڵی تازەتان لی پیرۆز بی.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٦ April: ١٩٩٠

نەوروزتان پیرۆز

کرێکاران! زەحمەتکێشان!

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ئەوا دیسان بەهار هاتەوە، بەهاری تازە و سااڵی تازەتان پیرۆز و هەموو رۆژێکتان نەوروز بێ.

ئەم بەهارە یازدە بەهارە رژێمیکی هار و دەرندەی مەزهەبی ، بە جینایەتکارانەترین شێوە چنگی خستوەتە گیان و مال و کەرامەتی ئینسان و داهاتی ڕەنج و ئارەقمان.

ئەم بەهارە یازدە بەهارە بێکاری، ئێخراج، حەقدەستی کەم، کاری تاقەت پروکێن، سەعات کاری زۆر، گرانی، بێمەسکەنی، بێبیهداشتی، بێدوکتور و دەرمانی، بێبەشی لە سەرەتاییترین پیداویستییەکانی ژیان، هەژاری و بێ دەرەتانییەکی بێ ئەوپەر، لە لایەن ئەم رژیمە سەرمایەداریەوە کراوەتە یاسا و بەسەرماندا سەپێنراوە. ئەم بەهارە یازدە بەهارە کە جمهووری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خۆمان و شۆڕشمان هیزی سەرکوتگەر و زۆر و زەبەندی خزاندوەتە کوردستان و ئەمنییەت و ئاسایشی لی هەلگرتووین.

ل٦

پەیامی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە بەبۆنەی نەوروزەوە

ئەم پەیامە بە هیندیک دەسکاریەوە هینراوەتە سەر شیوەی نووسین.

"پێشرەو"

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

سااڵی نۆی لەهەموتان پیرۆز بێ، بەو هیوایە کە سااڵی تازە سالی پەرەگرتنی یەکگرتوویی و پەیوەندی خەباتکارانەی پتەوتر و بەهێزتری خەڵکی چەوساوە و مەحروم بێ.

با بەبۆنەی سااڵی تازەوە یادی هەموو ئەو خۆشەویستانە ڕیز لی بگرین کە لە ناو ڕیزی بزووتنەوەی چینایەتیدا و بۆ ڕزگاری ئینسان لە چەوسانەوە و سووکایەتی پی کردن و ستەم، خەباتیان کرد و لەو ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد.

پیاوان و ژنانێکی تێکۆشەر کەبەبی باکی و کولنەدەری خۆیان ڕیگای خەباتی داهاتووی ئیمەیان ڕۆشنتر کردەوە، با جاریکی دیکەش لەگەڵ ئامانجی بەرز و پیرۆزی ئەو ئازیرانە مان پەیمان تازە کەینەوە!

سااڵی ڕابوردوو وەکوو گەلێک سااڵیتر، وەکوو زۆربەی هەرەزۆر بەرینی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار، سااڵی دژواری و سەختی ژیان و دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ هەل ومەرجێک بوو کە بەرهەمی دەسەلاتدارەتی جمهووری ئیسلامی لە ئێرانە:

زیاتر لە حەوت میلیون کرێکار تەواو وەخت بێکار بوون و میلیونەها کەسیش بۆ زیاتر لە نیوەی سااڵ کاریان نەبوو. بەم جۆرە بەشێکی بەرین لە کرێکاران تەنانەت لە هەقی کار کردن بە کرێیەکی کەمیش مەحروم بوون و بودەورانی بێکاریش هیچ بیمە و یارمەتییەکی تایبەتیان وەرنەگرت وەهیچ ڕووناکاییەک بۆ بەری چوونی ڕۆژانەیان شک نابەن. تازە ئەوە لەهەل و مەرجێک دایە کە ئەوانەی کاریش دەکەن، بە هەرەشەی بێکار کردن و دەر کردن، کە سەرمایەداران بە پشت ئەستووری میلیونەها بێکاری بازاری کار لە سەر سەری کرێکارانی شاغل ڕایان گرتوە، سەخت ترین هەل ومەرجی کار، سەعاتی کاری زۆرتر و هەقدەستی کەمتریان بەسەردا داسەپێنن و بەردەوام لە ترس و نیگەرانی بێکار بوون دا ڕایان دەگرن.

گرانی هەروا بیدادی کرد و بەردەوام ڕوو لە زیادی بوو. ئیستا نرخیتەوەروم زیاتر لە هەشتا لە سەد دایە . بێ مەسکەنی و گرانی لە ڕادەبەدەری کری خانوو، بێ بیهداشتی و گرانی و دوور لە دەسرەس بوونی دوکتور و دەوا و دەرمان مایەی پەریشانی و نیگەرانی هەموو ڕۆژەی کرێکاران و کۆمەڵانی فەقیر و کەم دەرامەدە. زەحمەتکێشانی دیهات کە کۆمەڵێکی بەرین لە جامیعەی ئیمەن بە کەمترین دەرامەدیکەوە کە بە خەیال دا دی ژیان دەبەنە سەر و لە سەرەتایی‌ترین پیداویستییەکانی ژیانی بەشەری بێبەشن.

بەشێکی زۆر لە لاوان و منداڵانی خانەواده کرێکار و کەم دەرامەدەکان هەر لە سەرەتای ساڵانی لاوێیانەوە لە جیاتی ئەوەی توانایی و لیهاتوویی‌یە ئینسانیەکانی خۆیان بە یارمەتی سیستمیکی ئاموزشی و پیشکەوتوو پەروەردە بکەن و گەشەی پی بدەن، تەنانەت لە کردەوەدا لە دەرفەتی خۆیندەوار بوونیکی سادەش بێ بەشن و لەهەولو تەقالای بەری چوونداو بۆ کەم کردنەوەی باری قورسی ژیان لەسەر شانی خانەوادەکانیان ڕەوانەی بازاری چەوسانەوە و کار و نان وپەیدا کردن دەبن و سەرمایەدارانی تەماغ کار بە کەڵک وەرگرتن لەو پیویستییە حەیاتی و چارهەلنەگرەی ئەوان، بە کەمترین حەقدەست دەرفەتی ژیانیان پی دەدەن و بەم جۆرە، وەکوو تازە گولی نەپشکووتوو، هەر لە سەرەتایی لاوێیانەوە لەژێر فشاری ژیاندا پەڕپەڕ دەبن.

وەزعی مەینەتباری مەردەسەو ئاموزش بۆ ئەوانەش کە بە هەر حال دەرفەتی چوون بۆ مەردەرسە پەیدا دەکەن، لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی سەرمایەداری ئیسلامی‌دا، لە دنیادا کەم وینەیە لە کەل و پەلی زۆر سادە و سەرەتایی وەزرزشیەوە بگرە هەتا دەگاتە موعەلیم و ئیمکاناتی کۆمەک ئاموزشی و سەرپەنایەک بەنیوی کلاس، هەمووی ئەو مەینەتەی لی دەباری و سەرباری هەموو ئەوانەش ناوەروکی کۆنەپەرستانەو دژی عیلمی گەلێک لە دەرسەکانە.

رژێم بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی خۆی لە هەل و مەرجیکی ئاوادا کە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی پیک هیناوە،بێ بەزەیی سیستمی دیکتاتوری، ترور، زیندان، ئەشکەنجە و دنەدانی هەستی کۆنەپەرستانەی دژ بە ژنان و سەرکوتی هەر چەشنە دەنگیکی هەقخوازانە و ئازادی خوازانەی دامەزراندوە.

بە پیی بەرنامەی ئابووری و سیاسی جمهووری ئیسلامی، ئەم ڕەنج و مەینەتانە تاوانیکە کە دەبی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بیدەن بۆ ئەوەی ڕژێم ئیمکان و دەرفەتی ئەوە پەیدا بکا تا جاریکی دیکە ڕیزە بەڵا و بوحران لیدراوەکانی بورژوازی ئێران لەژێر ئالای سەرمایەداریەکی جی کەوتوو و خاوەن دەسەلات دا کۆ بکاتەوە و ڕەوتی چەوساندنەوەی کرێکاران و ئاخنینی کیسەی سەرمایەداران بخاتەوە سەر ڕەوتیکی ئاسایی.

سەرانی ڕژێم لەهەر هەلیک دا کە بۆیان هەلدەکەوی دەچنە سەر مەنبەر و داوا لە خەڵک دەکەن سەبر و لەخۆ بووردوویی‌یان بی و دەرفەتیان پی‌بدەنتا ڕژێم بەرنامەکانی خۆی بەڕیوە بەری تاوانی ئەو سەبر و خۆ ڕاگری‌یانە بۆ زۆربەی هەرە زۆری کەسانی ئەم کۆمەڵگایە مانای مەینەت و دەردو ڕەنجیکە کە ئەمڕۆ کرێکاران و بەشی مەحروومی خەڵکی ئێران دەی چێژن و ئاسوی بەرنامەیەک کە قەڕارە ڕژێم بە سەبر و خۆ ڕاگری خەڵک بەڕیوەی بەری، پتەو بوون و سەقامگیر بوونی بناغەکانی نیزامیکە کە تییدا سەروەتیکی بی ئەوپەر لە خەزینەی جەماعەتیکی بچووکدا کۆ بووبیتەوە و زۆربەی هەرە زۆری بی بەشیش هەمیشە هشتیان لە گرەوی نویان دا بی، لە پەنای قەسر و کوشکی کۆمەڵێکی بچووکدا"حەلەبی ئاباد" و "حەسیر ئاباد" لە قەڕاخ شارەکان پەڕەیان سەندبی، بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە ئەمڕۆ مەوعیزەی مەلاوئیمامی جومعە و بانگیشتن کردن بە سەبر و قەناعەت لە لای کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بایەخیکی نیە و دووپات کردنەوەی ئەم فرە ویژی‌یانەش هەر تووڕەیی و نەفرەتی خەڵک لە سەر یەک کۆ دەکاتەوە و خەڵک لە دریژەی ئەم وەزعە بیزارن و لەهەر هەل و دەرفەتیک دا کە وەدەستی بینن ئیعتیراز و تووڕەیی خۆیان نیشان دەدەن.

ئەمڕۆ کە خەبات لە دژی بی بەشی‌یەکان و بۆ باشتر کردنی هەل ومەرجی ژیان و وادار کردنی ڕژێم بە پاشەکشە، سەنگەر بە سەنگەر، لە هەموو شوینیک لە ئاراداید و دیکتاتوری و سەرکوت و زیندان نەیتوانیوە بەری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یانە بگری، ئاسوی بەهیز بوون و ریکخراو بوونی وەها جەڕەیانیکە کە ڕژێمی ئیسلامی ئیران دەخاتە خۆفی مەرگەوە ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم جم و جوولانە بۆ داخوازی ڕۆژانەن و چاویان لە ئیمتیازاتیکی بچووکە، بەڵام لە نیازو پیداویستی‌یە واقیعی وحەیاتی‌یەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە سەر چاوەیان گرتوە لە ناو جەرگەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوان هەلقولیوە و بە هیزی بزووتنەوەی جەماوەری پشت ئەستوورن هەر بۆیە سیستمی دیکتاتوری حاکم لە بەرانبەریاندا بی هیز و کەم دەسەلاتە بی گۆمان لەسەر بناغەی خەباتیکی وایە کە کرێکاران خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵمەسەلەکانی داهاتووی شۆڕشی ئێران لە هەموو باریکەوە ئامادە دەکەن و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی یەکپارچە و سەراسەری‌ی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش شکل دەگری.

ل٦

ئەگەر یەک بی

شەوە زەنگەو
خۆر، زیندانی.
بە تاوانی خۆشەویستی
شنەی بەیانی خرایە بەند،
گول برایە پشت پەنجەرە
قەفەس بۆ مەل دروست کرا و
فرین قاچاخ...
زستان هات و سەهول بەندان
هەموو ڕووباری داپوشی
تا دارستان ئاو نەبینی و
سەوزەلانی بالا نەکا
تا خۆرەی ئاو، گورانی بۆ
کویستان نەلی.
کانیا و خنکا
تا مانگە شەو، عەکسی خۆی
تیدا نەبینی و
سەری لەبەر دانەهینی .
دوریا گیرا
تا ماسی‌یەکان، ببنە دیلی
ماسی‌گر و
تا بازرگان، ببیتە خاوەنی دەریا.
لەو دنیا پیچەوانەیە
گەنم برسی‌یە و کانیا و تینوو.
ئینسان، کویلەی دەسکردی
خۆیەتی و
ئازادیش تاوانباریکە
لە دارتەلی قەڕاخ جادە،
هەلواسراوە و
ژیان دیلە.
ئای بۆ کەسیک ژیان لە دیلی
ڕزگار کا!
کی‌بویرە و بە شەوە زەنگ، ڕیگا
دەبڕی؟
تو! تو دەتوانی!
تو دەتوانی و لە دەستت دی
خۆر لە زیندان ئازاد بکەی
شەوی تاریک بکەیتە ڕۆژ
ڕووناکی لە جیهان بەش کەی.
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس
ناتوانی،
ئەگەر یەک بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
خوشەویستی بکەیتە یاسای
سروشت و
شنە بکەیتە هەناسە بۆ گیانی
گول
گول لە پشت پەنجەرە دەر بینی
و
باخ بە دیداری شاد بکەی
قەفەس تیک دەی
فرین بۆ مەل ئازاد بکەی.
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس
ناتوانی ئەگەر یەک بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
سەهول بەندان بکەیتە ئاو
تاکوو ڕووبار بگەیەنی بە
دارستان
تا هەمیشە گورانی بۆ کویستان
بلی
تا سەوزەلانی تیر ئاو بی و بالا
بکا .
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس
ناتوانی.
ئەگەر یەک بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
قەوزە لەسەر کانیا و لادەی
تا مانگە شەو، عەکسی خۆی
تیدا ببینی و
سەری لەبەر دابهینی.
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس
ناتوانی.
ئەگەر یەک بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
لە دەریا توفان هەستینی
هەموو ماسی‌یەکان یاخی کەی
چی کەشتی‌یە نوقم کەی و
خاوەن دەریا و ماسی‌گریش
بخنکینی
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس
ناتوانی.
ئەگەر یەک بی!
تو دەتوانی ! ل٦



کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٧ ڕەزبەری _١٣٦٩ ئۆکتوبری _ ١٩٩٠

ئازادی بۆ هەموو ئەسیرەکان!

ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق خەریکن دەگەڕینەوە. ئەم ڕۆژانە دەیان هەزار خانەوادە دوای چەندین ساڵ چاوبان بە دیداری ئازیزانیان ڕوون دەبێتەوە. ژنان و پیاوان و منداڵان کەس و کاری ئازاد کراوی خۆیان لە باوەش دەگرن و گەرمای خۆشەویستی سەرتاسەری وجوودیان دادەگری و شادیەك لە دەمارەکانیان دەگەڕی کە لانی کەم بۆ چەند لەحزە خەم و هەناسە ساردی عومریك مەینەت و هەشت ساڵ کوشتار و مالوێرانیان لەبیر دەباتەوە.

شاد بوونەوەتان بە دیداری ئازیزان لی پیرۆز بی و چاو و دڵتان ڕوون!

بەڵام لەوکاتەدا کە ئەسیری تازە ئازادکراو لە باوەش دەگرن، لەو کاتەدا کە دەستە گوڵی پیرۆز بایی بۆ یەکتر دەبەن و لەو کاتەش دا کە بۆ چاو و دل ڕوونی هات و چوی مالی یەکتر دەکەن لە بیرتان بی هیشتا گەلیك خانەوادەی تر ڕولەکانیان ئەسیرن. لەبیرتان بی هیشتا هەزاران کەس لە شەریف ترین و خۆشەویست ترین ڕولەکانمان ئەسیرن. هەزاران کەس کە لە شەڕێکی ڕانەگەیەندراودا ئەسیر کراون: دە ساڵ شەری بە ڕەسمی ڕانەگەیندراوی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز و هەزاران کەس کە لەسەر دیفاع لە حەقی ئینسانی چەوساوە و ستەم لیکراو، لەسەر دیفاع لە ئازادی‌دا، لە سیاچاڵەکانی جمهووری ئیسلامی توند کراون.

ل٨

سالهاتی گیانبەخت کردنی دوو ئەستێرەی گەشی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی



هاوریانی لە کۆمەڵەدا، بە ڕابەری ڕادیکال و شۆڕشگێڕانەی خۆیان مانعی ئەوە بوون کە کونەپەرستیی مەزهەبی حاسلی خەباتی خەڵکی کوردستان برفینی و بە قازانجی خۆی کەڵکی لی وەرگری.

ل٥

نیوی هاوری سدیقی کمانگر نیویکی ناسراوە. هاوری سدیق یەکیك لە خوشەویست ترین ڕابەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. هاوری سدیق، تێکۆشەری لە مێژینەی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بیست ساڵ پێش بە ڕیزی کۆمەڵە پەیوەست بوو و لە بزووتنەوەی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧دا لە دژی ڕژیمی شا، یەکیك لە ڕابەرانی کارامە و لیهاتووی خەڵکی جنووبی کوردستان بوو. کونەپەرستی و کونەپەرستانی محەللی هەوڵ و تەقالایەکی زۆریان بەکار برد تا جی پییەك لە جنووبی کوردستاندا بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵام هاوری سدیق و

سااڵیك لەوە پیش کاتیك هاوری غلام کشاورز بۆ دیدار تازە کردنەوە لەگەڵ دایکی کە یەکیك لە ئازیزترین کەسانی ژیانی بوو چوو بووە قبرس، لەبەرچاوی دیاك و برا و هاوسەری، لە لایەن جینایەتکارانی حیرفەیی جمهووری ئیسلامییەوە تەقەی لیکرا و چەند سەعات دواتر گیانی لەدەست دا.

هاوری غلام لەگەڵ ژیان و خەباتی زەحمەتکیشان و لەگەڵ ئینسانە زەحمەتکیشەکان پەیوەندیکی ریشەداری هەبوو کە لە نەتیجەی عەشقیکی بی ئەو پەردا پێك هاتبوو، عەشقی بی ئەوپەر بە خانەوادەیەك کە خۆی لە داوینی‌دا گەورە ببوو، تامی تاڵی هەژاری و بی بەشی خەڵکی زەحمەتکێشی تێدا چەشتبوو و ژیانی خۆی نابووە پێناو ئامانجی ڕزگاری کۆمەڵایەتییانەوە. یادداشتەکانی دەفتەری ڕۆژانەی هاوری غلام خۆی قسە دەکا و ئێمە لێرەدا چەند خەتی بە نموونە دێنێنەوە:

ل٥

وت وێژ لەگەڵ هاوری ئیبراهیم عەلیزادە

پرسیار: یەکەمین پرسیارمان ئەوەیە کە وەزعی ئێستای ڕژیمی جمهووری ئیسلامی چون دەبینن؟

وەڵام: لە بابەت مەوقعییەتی ئێستای ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران و وەزعیەتی سیاسی ئێران زۆر مەسەلە هەن کە لە لیکدانەوەیەکی هەمەلایەنەدا دەبی ئیشارەیان پی بکری بەڵام تا ئەو جیگایەی کە لەم گفت و گویەدا دەگونجی دەتوانم لەم بارەوە ئیشارە بە چەند خاڵی سەرەکی بکەم.

هەر لە مانگەکانی دوای ئاگر بەسی شەری ئێران و عێراقەوە ئاشکرا بوو کە جمهووری ئیسلامی و بە تایبەت ئەو جناحە کە دواتر بە تەواوی قودرەتی بە دەستەوە گرت (یانی جناحی ڕەفسەنجانی_ خامنەیی) وردەورە لە هەموو ئیددیعا پان_ ئیسلامیستییەکانی خۆی دەکشێتەوە و سەر لە نوی زیندوو کردنەوەی مەوقعییەتی بورژوازی ئێران لە مقیاسێکی میللی و لە تەوازونی قوایەکی محەللی دای بە ئامانجی حداکسەر خۆی داناوە. بورژوازی ئێران ئەمجارە تیدەکوشا کە لە شکل و قالبی جمهووری ئیسلامی‌دا مەوقعییەتی لەدەست چووی خۆی وەکوو هێزێکی موسر لە موعادەلاتی سیاسی لە مەنتەقەی خەلیجی فارس دا، سەر لە نوی بەدەست بێنیتەوە. ئەمڕۆ پاش دوو سال لە بەرقەراری ئاگر بەس لەشەری ئێران و عێراقدا، دەتوانین ئەو واقعییەتە ببینین کە جمهووری ئیسلامی لەم زەمینەیەدا موفەقییەتێکی وای بە دەست نەهێناوە. بەچاو خشاندن بەسەر دەور و نەقشی ڕژیمی ئێران لە بەر خوردی‌دا بە مەسەلەکانی ناشی لە بوحرانی تازەی مەنتەقەی خەلیج کە لە نەتیجەی حەملەی عێراق بۆ کویت دا بە وجوود هاتوە بە ڕۆشنی دەکری بڵێین کە بورژوازی ئێران بۆ دەورەیەکی دریژ خایەن لەوە نائومید بووە کە ئێران ببیتە قودرەتی یەکەمی مەنتەقە کە جمهووری ئیسلامی لەو ڕوودا‌وەدا بە ئاشکرا پیوەی دیار بوو کە دەوری هێزێکی دەرەجە چەندەم لەو مەنتەقەیە دەگیری و عەمەلەن کەوتوەتە حاشیەی ئەو مەسەلەیە. پێك هاتنی ئاوا وەزعییەتێك ریشەی یەك گویا لە "بی لیاقەتی" و "بی کفایەتی" ڕابەرانی جمهووری ئیسلامی و ئەم یا ئەو جناحی ڕژیم دا بەلکوو لە بوحرانێکی قوولتر دایە کە ئەو ڕژیمە هێشتا لەگەڵ دەستەویەخەیە و ٨ ساڵ شەر و ناکامی ئەو ڕژیمە لە سیاسەتە پان ئیسلامیستییەکانی خۆیدا ئەو بوحرانەی ئەوەندەی‌تر لی توند کردوەتەوە. ئیقتسادی ئێران وەرشکستەیە، ئەرتەشی ئێران و هیزە نیزامییەکانی لەژیر باری شکستی یەك لە دوای یەکدا کە بە تایبەت ساڵێ ئاخری شەڕەکە بەسەریان دا هات هێشتا نەیتوانیوە پشت ڕاست کاتەوە. جمهووری ئیسلامی هێشتا نەیتوانیوە ریزەکانی بورژوازی ئێران یەکگرتوو بکا. نارەزایەتی گشتی هەتا دی زیاد دەکا، وە زور مەسەلەی دیکە لەم زەمینەیەدا کە دواتر دەگریمەوە سەریان. ئەو وەزعییەتە واقیعییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەکە لە جەرگەی بوحرانی سیاسی و ریز بەستنی نیزامی ئێستادا کە لە مەنتەقەی خەلیجی فارس پێك هاتوە، جمهووری ئیسلامی وەك هێزیکی بەرچاو حیسابی لەسەر نەکری.

لە زەمینەی سیاسەتی دەرەوەدا، مەبەستی ڕەفسەنجانی ئەوە بوو پشتیوانی ولاتانی ڕۆژئاوا بولای جمهووری ئیسلامی ڕاکیشی. نیگەرانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ڕژیم لە ناکامییە ئیقتسادییەکانی و توند بوونەوەی نارەزایەتی ناو خۆ لە لایەك،

←

وت و وێژ لەگەڵ هاوری منسور حکمت سەبارەت بە: پێك هێنانی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری

مانگی جوزەردان، بە بلاو بوونەوەی ڕاگەیاندنیك لە لایەن هاوری منسور حکمت بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبدا مەوجوودییەتی خۆی ڕاگەیاند. ئەوی لیرەدا دەیخوێننەوە وت و وێژیکە لەگەڵ هاوری منسور حکمت سەبارەت بە پێك هاتنی فراکسیون. ئەم وت وێژەلە ژمارەی ٥٨ی گوڤاری "کمونیست" ئورگانی ناوندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا چاپ کراوە.

کمونیست: وەك یەکەمین پرسیار با ئەوە بپرسم کە چون بوو پێك هێنانی فراکسیونتان بە پێویست زانی و بوچی ئێستا پێك دەهێنری؟ لە کونگرەی دووهەم دا کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جیهەت گیری یەك کەوتە بەرانبەر حیزب و بە زاهیر قەبوول کرا. بە کونگرەی سێهەم موشەخەس بوو کە کۆمۆنیزمی کارگەری بە گشتی وەك تابلویەکی تازەی لی هاتوە بۆ حیزب کە دەکری لە سایەی پال بدەیەوە و تەنانەت لە حاست لافاوی ئاڵ و گۆڕەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان ئاسوی جاران و هەمان پراتیکی جاران دریژە پی بدەی.

بەم کونگرەیە کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جەرەیانێکی ڕەخنەگرانە لەرابەری حیزبدا باسی کرا. ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی ئەو حەرەکەتە ڕەخنەگرانەیە؟ لە چاو ساڵ و نیویك لەوەپێش کە کونگرەی ٣ گیرا ئێستا چ زەمینەیەك فەراهەم بووە کە کۆمۆنیزمی کارگەری شکلی فراکسیونێکی تەشکیلاتی دەگرێتە خۆی؟

هاوری منسور حکمت: ئەگەر یەك لەحزە پەیوەندی تاریخی هاوبەشمان وەك کادری حیزبی کۆمۆنیست لە بیر بەرێنەوە و چاو لە وەزعییەتی ئەمڕۆ بکەین و بزانین هەرکامەمان چ ئاسویەکی هەیە و چون لە کۆمۆنیزم دەگا و دەیەوی چ بکا، پێم وایە ئەوە بۆ هەموومان لە ڕۆژڕوشنتر دەبی کە بە پێی بۆچوون و فیکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمڕۆمان، ئێمە دەبوو لە ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆردا بوایەین. بەڵام ئەو تاریخە هاوبەشە لەوە بە هیزتر و بەنرختر کە ئەمڕۆ هەرکەس خۆی ملی ڕێگا بگری بچی حیزبێکی بە پێی ئاسوی خۆی پێك بینی یان بیدوزێتەوە.

ل٦

بەیانییەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە قەبوولی ئاگربس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

کرێکاران!

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

سەرئەنجام پاش نزیك بە ٦ ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژەی شەر لەگەڵ کۆمەڵە و زیاتر لە دوو ساڵ دوای ڕاگەیاندنی ئاگر بەسی یەك لایەنە لە لایەن ئێمەوە بەڕیوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە تاریخی ١٧ی گولانی ئەو ساڵدا، ڕایگەیاند کە شەر لەگەڵ کۆمەڵە درێژە پی نادات.

شەڕێك کە ئەمڕۆ حیزبی دیموکرات کوتایی پی هێنانی بە ڕەسمی قەبوول دەکات لە ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٦٣وە دەستی پێکرد و سەنەد و بەڵگە و شەواهیدی زیندوو و حاشا هەڵنەگری ئەم دەورەیە بێگۆمان بە حیزبی دیموکرات ئیجازە نادات کە پەردەی ئیبهام و ناڕوشنی بکێشێتە سەر واقعییەتی ڕووداوەکانی ئەم دەورەیە. لەم ڕۆژەدا بوو کە حیزبی دیموکرات هێرشێکی گەلالە کراوی کردە سەر بنکەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی هەورامان و لە ئاکامی کارەساتێکی جینایەتکارانەدا ژمارەیەك لە هاورییانی ئێمە بە دەستی حیزبی دیموکرات گیانیان بەخت کرد.

ل٤

جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر ئەسیری قەهری تەبیعەت و وەك ئاخوندەکان دەلین "مەشییەتی ئیلاهی" نین. کافییە چاویك لەو گەرەکانە بکەین کە نەك بەتەکانی بوومەلەرزە بەڵکوو بە کەوچکی لودیر و بە ئەمر و مەشییەتی شارەدارەکانی جمهووری ئیسلامی ڕووخاون: لە مەریوان ٨٠ مالی ویران کراوی گەرەکی جەنگەلبانی، لە سنە گەرەکی تەقتەقان، لە سەردەشت گەرەکی هەنداوییەکان، وە چەندین مەجبوور ئاوا و زۆرئاوا و حەلەبی ئاوا لە بۆکان و سەقز و مەهاباد و پیرانشار و شنو و لە هەر جێگایەك کە خەڵکی بی مەسکەن گویا بە بی ئیجازەی حاکمانی ئیسلام چوونەتە ژێر پەنایەك هەتا خۆ لە قرچەی گەرمای هاوین و لە سوزی سەرمای زستان بپارێزن، لەو گەرەکانە پاسدارانی حکوومەتی ئیسلام دەوری مالەکان دەگرن، دار و نەداری هەژارانەی دانیشتوانی مالەکان فری دەدەنە دەر و مالەکان ویران دەکەن.

لە نەزەر جمهووری ئیسلامییەوە ئەم کەسانە حەقیان نیە مەسکەنیان هەبی. جمهووری ئیسلامی دەزانی ئەم کەسانە بێجگە لەو چوار دیواریە کە بە قور و پووش دروستیان کردوە هیچ مەنزل و مەسکەنێك شك نابەن. دەزانی ئەگەر ئەم خەڵکە ئیمکان و دەرەتانێکی دیکەیان بۆ ڕەخسێنرا، نەبوون لەو جۆرە جێگایانە بژین،

ل٧

ببووە هۆی ئەوە کە رژێم زیاتر لە پێشوو خۆی بە موحتاجی ڕاکێشانی ئەو پشتیوانییانە بزانی و دەروازەکانی خۆی بەڕووی سەرمایەی ڕۆژئاوادا بکاتەوە لە لایەکی دیکەش تەوازونی قوای جناحەکانی ڕژێم ناچاری کردوە کە هەدەفەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بە پاریزەوە بەرێتە پێش. بیجگە لەمە، لەم زەمینەیەدا هوێەکی مەنفی دیکەش بۆ جمهووری ئیسلامی هەیە کە دەبێ ئیشارەی پی بکرێ: کەم بوونەوەی ئالوزی نێوان ئامریکا و شوورەوی و تێک چوونی ڕژێمەکانی ئوروپای شەرقی لە لایەک ئەو کەلێنانەی کەمتر کردوەتەوە کە لە قەدیمەوە هەبوون و جمهووری ئیسلامی دەیتوانی بە مانور دان لە نێوان ئەو کەلێنانەدا سیاسەتی خۆی بەرەو پێش بەرێ و غەرب هان بدات کە یارمەتی پی بکەن. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێک هاتنی مەیدانی ئیقتصادی تازە لە ئوروپای شەرقی و شووڕەوی و کرانەوەی دەروازەکان، بو دەورەیەکی کورتیش بی سەرمایەی ئوروپا غەربییەکان عەمەلەن ئێرانیان لە بەر چاو دەکەوی و لە لیستی ئەولەویەتەکان دا ئێران دەکەوێتە نورەی دواتر سەرنجی ئەم وەزعییەتی بووتە هۆی ئەوەکە سیاسەتی ڕژێم ئێران بو نزیکی لە غەرب و ڕاکێشانی پشتیوانی غەرب بە شێنەیی بچێتە پێش.

لە زەمینەی وەزعییەتی ئیقتیسادیدا عەمەلەن ڕژێم لە کەم کردنەوەی نارەزایەتی گشتییەکان و کەم کردنەوەی بێکاری‌دا، لە کەم کردنەوەی تۆرم و گرانی‌دا، لە "بازسازی سنایع"دا، لە ڕاکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە و وەر گرتنی وام دا، لە کۆنترۆلی جەمعییەت و بەرەوپێش بردنی تەرحی دریژ ماوە و لە زۆر شتی دیکەدا، هەر بە پێی موشاهەدەی وەزعییەتی عەینی و هەم بە پێی ئاماری نیو ڕۆژنامەکان و سەرچاوە ڕەسمییەکان موەفەقییەتێکی بەدەست نەهێناوە.

ئاماری بێکاری هەتا دی زیاد دەکا، ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٠٪ی هێزی ئامادە بە کار لە ئێران بێکارە. ناونجی زەرفییەتی بەرهەم هێنانی سەنعەتی لە بەشی دەوڵەتی و تەنانەت لە هێندێک لە کارخانەکانی بەشی خوسووسی بەهۆی کەم بوونی پێداویستییەکانی ماشینە تەولیدییەکان، نەبوونی ئەرز بۆ کرینی دەزگای تازە و وەلانانی دەزگا کونەکان، کەم بوونی مەوادی ئەولیە و کەم بوونی هیزی متخەسس، وە بە دەلیلی مانگرتنەکان و خەباتی کارگەری، کەمتر لە ٥٠٪ی زەرفییەتی دیاریکراوی ئەو واحیدانەیە. تۆرم بە ئیقراری ڕۆژنامەکانی ئێران ٣٠٪ لە سالدا و لە ڕاستیدا زیاترە لە ٧٠٪، ئەو بەرنامە پێنج سالەیەی کە بە پێی زیاد کردنی ٢٪ی جەمعییەت دانراوە، ئەمڕۆ لەگەل ٣/٢٪ زیاد کردنی جەمعییەت بەرە وروە کە لە نەوعی خۆیدا بالاترین ڕەقەمە لە دنیادا. دیارە باری ئەم بوحران و فشارە ئیقتسادییە ئەساسەن لەسەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی کەم دەرامەد و دەستەنگی کۆمەڵ قورسایی دەکا و هەر ئەم وەزعییەتەش نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵک لە جمهووری ئیسلامی پەرە پی دەدا.

لە بابەت کێشە و ناکوکییەکانی ناو خۆی ڕژێم دەبی بڵێین بە کوتایی پی هاتنی شەر لەگەل عێراق بەرەبەرە جناحی حزب اللهی و پان ئیسلامیست لە مەوقعییەت و جێگا و شوێنی کلیدی و ئەساسی و وەلانران و بە لابردنی "نخست وەزیری" و باقی ئاڵ و گۆڕەکانی قانوونی ئەساسی، عەمەلەن میحوەری قودرەتمەندی ڕەفسەنجانی خامنەیی کە تا ڕادەیەک یەکدەست بوو، کەوتە لا سەرووی هێزی قودرەت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێشتا موخالفینی ئەم قوتبە لە مەجلیس و لە نیو سەتحی جۆراوجۆری سپای پاسداران نفووزیان هەیە و پوستی جۆراوجۆریان بەدەستەوەیە و بە تایبەت لەبەر مەوقعییەتێک کە سپای پاسداران وەک هیزێکی چەکدار هەیەتی هێشتا بو ڕەفسەنجانی جێگای ئەو نێگەرانییە هەیە کە مەبادا ئەمانە لە شەرایەتی "مناسب"دا دەست بدەنە کودەتا یان هەر ئیقدامێکی نیزامی دیکە. ئەم کێشە و ناکوکییە هیچ نیشانەیەک لە کەم بوونەوەی پێوە دیار نیە و ئیمکانی "تصفیە حیساب"ی خوینناوی لە دەزگای دەوڵەتی ئێران دا بە هیچ شێوەیەک مەنتەفی نیە. شتێک کە هەتا ئێستا نەقشی بووە لەوەدا کە جناحە جۆراوجۆرەکانی ڕژێم بەرانبەر بە یەکتر دەست نەدەنە زەبر و زەنگ و ئیقدامی قەهراوی، ئەوەیە کە هیچکامیان نەیانتوانیوە پشتیوانەیەکی ماددی لە زەمینەی ئیقیسادی‌دا بە وجوود بینن بۆ وەری خستنەوەی چەرخی تەولید و پێک هێنانی سبات و سەقامگیریەکی جیگەی متمانە بۆ سەرمایە لە ئێران، تەنانەت نەیانتوانیوە تەرحیکیش بۆ ئەمە بدەن.

لەبابەت بزووتنەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری لە سەتحی ئێران دا دەبی بڵێین مانگرتنە کرێکاریەکان لە واحیدە سەنعەتییەکان لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا هەم لە بارەی ژمارە و چەندایەتی وهەم لە باری دەرەجەی ڕێکخراو بوون و تەجرەبەی خەباتکارانەوە، لە بەرەوپێش بردن و وەدی هێنانی داخوازەکاندا پێشرەفتی بەرچاو و ئومید بەخشی بووە. ئیعتیرازاتی پەراکەندەی جەماوەری کە لە ئارادایە ئاگریکە لە ژێر خولەمیش دا کە جاروبار لیرە و لەوەی سەر هەلدەدا. هەلومەرجی سەختی ژیان، خەفەقانی سیاسی و فەرهەنگی نەفرەتێکی قوول پێک هێناوە کە جمهووری ئیسلامی بو پێش گرتن بە تەقینەوەی، هیچ ڕێگایەک بێجگە لە توند کردنەوەی خەفەقان و سەرکوتی پولیسی بو خۆی دانانی. ئەو شتەی وەک سکلی ژیر خولەمیش باسم کرد لە ڕاستیدا لە عەینی حالدا ڕیز بەستنێکی چینایەتییە کە خەریکە لە کۆمەڵدا شکل دەگری و سیما و ڕوخسارێکی تازە دەدا بە بزووتنەوەی جەماوەری داهاتوو بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە. چینەکان بە داخوازی تایبەتی خۆیانەوە پی دەنینە مەیدانی کێشە و ململانی چینایەتی توند و تیژی داهاتوو و هەول دەدەن بەستە بە میزامی هێز و قودرەتی خۆیان، ئێراده و بەرژەوەندی خۆیان تەئمین بکەن و قسەی خۆیان بەرنە سەر ئەمە دەرسیکە کە شورشی ئێران و دە ساڵ خەبات بەرانبەر بە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بە زۆر کەسی داوە.

جمهووری ئیسلامی هەول دەدا بەسەرکوت کردنی فەعالییەتی سیاسی موخالیفی خۆی ئیمکانی شکل گرتنی هەر ئالترناتیویکی واقیعی کە بێهەوی جێگای ڕژیم بگرێتەوە لە لە بەین ببا. حەساسییەتێک کە جمهووری ئیسلامی ئەمڕۆ تەنانەت بەرانبەر بە فەعالییەتی بوژوا لیبرالەکان کە لە ئێران مجاز و قانوونیشن، لە خۆی نیشان دەدا، لە لایەک نیشانەیەکە لە ناکامی جمهووری ئیسلامی لە یەکگرتوو کردنی ریزەکانی بورژوازی ئێراندا و لە لایەکی دیکە نیشانەی نیگەرانییەتی لە شکل گرتنی ئالترناتیویکی لیبرالی کە جێگای ڕژیم بگرێتەوە.

پرسیار: ئیشارەتان بە تەوافوقاتی ئەم دواییانەی ئێران و عێراق کرد. بە نەزەری ئیوە جمهووری ئیسلامی هەتا چ ئەندازە توانیویەتی بە کەلک وەرگرتن لەم فورسەتە، مەوقعییەتی خۆی لە تەوازونی قوای مەنتەقەیی‌دا باشتر بکا؟

وەڵام: بەڵی! بی شک ڕژیمی ئێران لەو فورسەتانە کە بە موناسەبەتی بوحرانی ئەخیر لە خەلیجی فارس پێک هاتبوون موقتەن بەهرەمەند بوو، وە توانیویەتی بە یەکێک لە هەدەفەکانی بگا کە بە دریژایی وت و وێژەکانی دوو ساڵی ڕابوردوو لە مەیدانی دیپلوماسی‌دا بە شوێنیەوە بوو. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە تەوافوقاتی ئەخیری ئێران و عێراق، ئەمڕۆ بە ڕووداوێکی چکولە بە حیساب دی لە جەرگەی بوحرانێکی گەورەی مەنتەقەیی‌دا.

قەزاوەت لەسەر ئەوەکە لەم نیوەدا تای تەرازوو چەندە بە لای جمهووری ئیسلامی‌دا هاتوە بە دەرەجەیەکی زۆر بەستەگی بەوە هەیە کە نەتیجەی ئەم بوحرانە چی‌لی دێتەوە. هەر وەک پێشتریش ئیشارەم پێکرد ڕژیمی ئێران کە بە پاشەکشە لە ئیددیعا پان ئیسلامیستی و مەنتەقەیی‌یەکانی خۆی، خزا بووە سەنگەری دیفاع لە ناسیونالیزمی ئێرانی لە چوار چێوەیەکی بەرتەسک تردا، دەورێکی تەنانەت بە قەدەر تورکیەش لە ڕووداوەکانی ئەم دەورەیەی خەلیج دا لە ئەستو نیە و لە حاشیەی ئەم ڕووداوەدا تەنیا لەو کەلینانە کە لە نەتیجەی ئەم بوحرانەدا پێک هاتوون بەهرەبەرداری دەکا. ئەمە بی شک بۆ بورژوازی ئێران بە مەوقعییەتێکی ناموساعید حیساب دەکری و دەتوانی تەبدیل ببی بە سەرشکستەیی و مەوقعییەتێکی پایین دەست تری لە مقیاسی مەنتەقەیی‌دا بۆ بە وجوود بینی.

پرسیار: لەبەر ئەوەی پرسیارەکانی دواترمان دینە سەر هەندیک مەسەلەی موشەخەسی مەربووت بە کاری ئێمە لە کوردستان، تکایە لیرەدا نەزەری خۆتان سەبارەت بە وەزعییەتی سیاسی گشتی لە کوردستان، بەیان بکەن.

وەڵام: لە بابەت هەلومەرجی ژیان و مەسەلەکانی بەرێچوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان، دەبی هەر باسی ئەو موسیبەتە و مەحروومییەتانە بکەین کە لە ئاستی سەراسەری‌دا بۆ زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵی ئێمە وجوودی هەیە. بێکاری و گرانی پێداویستییە سەرەتایی‌یەکانی ژیانی خەڵک بیداد دەکا و لە دوای کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراقەوە هیچ باشبوونێک لە ژیانی خەڵک دا حاسل نەبووە. وەعدە و بەلینی جمهووری ئیسلامی بۆ پێک هێنانی "ئشتعال" و دەسپێکردنی پرۆژەی جۆراوجۆری ئیقتسادی، هەموو بە درو دەر چوون. ئەمڕۆ تەنانەت کاری ساختمانی لە شارەکان کە بەشێکی بەرین لە کرێکارانی کوردستان سەر بەم بەشەن تووشی رکوود و ڕاوەستان بووە. ئەمڕۆ ئەگەر قەرار بی باسی ڕەونەقێک لە کوردستان بکری، ڕەونەقی کەسب و کاری تاجران و معامەلە گەرانی دەوڵەمەندە کە وەک هەمیشە مەجالیان دەست کەوتوە فەلاکەتی ئیقتسادی خەڵکی زەحمەتکێش بکەنە وەسیلەیەک بۆ وەسەریک نانی سەروەت و بو هەر چی دەوڵەمەندتر کردنی خەزینە و پاشە کەوتیان.

کوردستان، دوو ساڵ پاش کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق هێشتا سەرزەمینێکی تەواو نیزامی و میلیتاریزەیە و هێزە چەکدارەکانی ڕژێم نەک هەر لە سنووروەکان بەڵکوو لە قوولایی کوردستان لە هەموو گوشەیەکی ژیانی کۆمەڵدا دەخالەت دەکەن و مەوجوودییەتی خۆیان بە خەڵک تەحمیل دەکەن.

ئەو وەعدە و شایعاتە کە بەشێوەی غەیرە ڕەسمی لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا و لە هەندیک مەقتەع دا بلاو دەبوونەوە سەبارەت بەوە کە گویا جمهووری ئیسلامی مەیلی هەیە مەسەلەی کوردستان بگاتە ڕێگاچارەی "مسالمت ئامیز" و هیمنانە و ڕژێم داخوازەکانی بزووتنەوەی خەڵک بەڕاوردە بکا. ئەم جۆرە قسانە کە حیزبی دیموکراتی پەێرەوی کونگرەی ٨یش پەرەی پی دەدان لاپەریکی‌تری لە سیاسەتی دوو ڕوویانە و ریا کارانەی ڕژێم لە کوردستان زیاد کرد. هەر وەک پێشتریش ئاشکرا بوو وت و وێژی نهێنی لەم زەمینەیەدا بە هیچ کوی نەگەیشت و بە ریسوایی کوتایی پی هات. هەر لەم دەورەیەدا ڕژیم بەرانبەر بە بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان سیاسەتی تونند کردنەوەی سەرکوت و ئیعدامی تێکوشەرانی سیاسی و کرێکارانی موعتەریزی درێژە پی‌دا. وە نیشانی دا کە بە پێی جەوهەری کونەپەرستانە و بورژوایی خۆی ناتوانی پێک هێنەر و سەرچاوەی هیچ شتێک بی بێجگە لە چەوسانەوە و ڕۆژ ڕەشی و مەحروومییەت لە کوردستان.

جمهووری ئیسلامی وەک هەمیشە لە کوردستان بی پایە و نەفرەت لیکراوە. کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش کە بە درێژایی ساڵانی ئەخیر هەمیشە وەک جەماوەرێکی موعتەریز و نارازی و خوراگر بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و سەرمایەداران و کونەپەرستانی محەللی بە شکل و شێوەی جۆراوجۆر خەباتیان کردوە و بە تەحمیلی ویست و داخوازەکانی خۆیان بە ڕژیم و بە بورژوازی کوردستان، هەولیان داوە، ئەمڕۆ خەباتی خۆیان بە تەجرەبەو کارزانی‌یەکی زیاترەوە و تەنانەت لە شکل و قەوارەی سازمانی‌ی پێشرەفتەتر دا درێژە پی بدەن. حەرەکەتە کارگەری‌یەکان و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکە فەقیر نشینەکان لە شارەکان بە داخواز و ویست و تەوقوعاتی زیاترەوە، ئیدامەی هەیە. لە تەناسوبی قوایەکی کۆمەڵایەتی دا کە گوراوە، کونەپەرستی مەزهەبی و سوننەتە دواکەوتووەکان لە بابەت ژنانەوە، بە دەرەجەیەکی زۆر پاشەکشەیان پێکراوە و سوننەتی پێشکەوتنخوازانە و سوننەتەکانی خەباتی سوسیالیستی جێگای ئەوانەیان گرتوەتەوە.

زەرفییەتی گەشە کردن و پەرە گرتنی خەبات و موقاومەتی جەماوەری و ئیعتیرازی لە نیو کرێکاران و لاوان و خەڵکی دەستەنگ و کەم دەرامەد دا یەکجار زۆرە و ئەم خەباتە تەجرەبەی خۆی هەیە ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە دەبی ئەم بزووتنەوانە بە بزووتنەوەی چینی کرێکار بو ڕزگاری مەربووت کاتەوە، دەبی ئەرکەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بناسی و هەلسووراوانە و چالاکانە بەرێوەیان بەرێ.

پرسیار: هاوڕی ئیبراهیم! ئێوە باسی تەوافوقاتی تازەی ئێران و عێراق و مەسەلەی سولحی داهاتووی نیوان ئەو دوو وڵاتەتان کرد. لە نەزەر ئێوەوە، وەها ڕووداوێک چ تەئسیرێک لەسەر کار و تێکۆشانی ئێمە دادەنی؟

وەڵام: ئێمە پێشتر گەلێک جار وتوومانە کە تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق ڕووداوێکی دلخواز و بە قازانجە، چ بە نیسبەت ژیان و ئەمنییەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە و چ بە نیسبەت ڕێگا خۆش بوون بو گەشە کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان و لە هەموو ئێران. ئێستاش کە تەوافوقاتی تازە بە دەرەجەیەکی زۆر ئیمکانی سەر لە نوی دەسپێکردنەوەی شەرێکی ویرانگەر کویر دەکاتەوە، وە کۆمەڵێکی زۆر ئەسیر و زیندانی جەنگی کە لە نەتیجەی ئەم شەرە کونەپەرستانەیەدا چەندین ساڵی ژیانیان بە ئسیری بەسەر چوو بوو، دەگەڕێنەوە باوەشی خانەوادەکانیان. هەمووی ئەوانە جێگای خوشحالیە. هەر وەها کویر بوونەوەی هەموو ئەو بر و بیانووە سنووریانە کە هەمیشە بە بورژوازی ئیمکان دەدا مەبەست و ئامانجی واقیعی خۆی لە شەر بشارێتەوە، ئەوەش خۆی حالەتێکی دلخوازە. وەها تەوافوقاتێک بەهەر دەلیلێک پێک هاتنی ئەو ئیمکانە لە بورژوازی دەستێنێتەوە کە زەین و فیکری کۆمەڵانی نارازی و مەعتەریز و هەقخواز بەرە و کێشە و ناکوکی وا ڕابکیشی کە چەند و چونی حەل بوون و حەل نەبوونەکەی، ڕەبتی بە قازانج و مەسلەحەتی ئەوانەوە نیە. هەر بۆیە زۆر بە کورتی دەتوانم ئەوە بلیم کە تەواو بوونی حالەتی شەر و بەر قەراری سولح، بە قازانجی ئامانجی دریژ ماوەی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان دەزانین.

ئێمە تێدەکوشین بە هەموو ئیمکاناتی تەشکیلاتی و زەرفییەتی سیاسی خۆمانەوە بە کەلک وەرگرتن لە هەلومەرجێکی موساعید کە وجوودی هەیە، بەرەو پێری بەرپا کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی گشتی و متالەباتی و سیاسی کرێکاری‌یەوە بچین.

لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی بەشێک لە تەشکیلاتی ئێمە هێزی چەکداری ئێمە و

رادیۆکانی ئێمە لە ئیمکاناتێك كەڵك وەر دەگری كە لە نەتیجەی وجوودی ناكۆكیـیەكانی نیوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراقدا، پێك هاتوە، ڕەوتی سولح و كەم بوونەوەی ناكۆكیـیەكان عەڵی ئەلقاعدە لەسەر ئەم ئیمكاناتە تەئسیر دادەنی و ئەو بەشە لە فەعالییەتەكانی ئێمە دەچێتە ناو فاز و دەورەیەكی دیكە. ئێمە تێدەكوشین لەگەڵ ئەوەشدا كە لە ئێمكانات و زەرفییەتەكانی مەوجوود بە شێوەی ئوسوولی كەڵك وەرگرین، شكلەكانی فەعالییەتی خۆشمان لەگەڵ روحی هەلومەرجی تازە تەتبیق بدەین. ئێمە لە ماوەیەك لەوەپێشەوە لەم بابەتەوە ئیقداماتێكمان دەست پێكردبوو كە ئێستاش ئیدامەی دەدەین و تەكمیلی دەكەین. ئیقداماتێكی وەك:

– ئارایشی تازەی تەشكیلاتی عەلەنی بە جۆرێك كە تێكۆشانی هێزی چەكداری كۆمەڵە و ڕابەری و ئوركانەكانی سەر بەو هێزە، لە باری تەشكیلاتییەوە بە تەواوی لە باقی مەیدانەكانی دیكەی فەعالییەتی كۆمەڵە جیا بكرێتەوە و ئەم بەشە بە ڕابەری و ئوركانەكانیەوە نزیك و تێكەڵاو لەگەڵ مەوزوعی كاری خۆی بی. وەها شكلێك لە كار لەگەڵ ئەوەشدا قەوارەیەكی سازمانی ئوسوولیتر لە فەعالییەتی نیزامی حیزبی سیاسی بە دەستەوە دەدا، گونجاندنی فەعالییەتمان لەگەڵ هەلومەرجی تازەش ئاسان دەكاتەوە.

– ڕوشن كردنەوەی سیاسەتی نیزامیان و چەندایەتی و چونایەتی كاری نیزامی بە جۆرێك كە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی تازە و مەقدووراتی ئەم دەورەیە بگونجی.

– وەگەر خستنی هەندیك مەیدانی تازەی كاری كۆمەڵە لە ولاتانی جۆراوجۆر بە كەلك وەرگرتن لە بەشێك لە كادرەكان و تێكۆشەرانی خۆمان كە ئێستا لە مەنتەقە سنووریەكانی ئێران و عێراقن، وە یا پێشتر لەوی بوون، وە بەم مەبەستە هەوڵدان بۆ ناردنی بەشێك لەو هاورییانە، بۆ شوێنەكانی فەعالییەتیان لەو شوینانە.

– ڕاگواستنی هەندێك فونكسیونی ڕابەری سیاسی كۆمەڵە بو ولاتێك كە بتوانن لە ئیمكاناتێكی زۆرتر و بەرینتر بۆ بەرەو پێش بردنی بەرنامەی كارمان لە پەیوەند لەگەڵ كوللی كارماندا لە كوردستانی عێراق، بەهرەمەند بین.

– فەعال كردنەوەی نەشریات و باشتر كردنی شەبەكەی بلاو كردنەوەیان لە شارەكانی كوردستان و هەروەها بە كار گرتنی شكل و شێوەی تری تەبلیغات بۆ ئەوەی كە لە هیچ هەلومەرجێك دا بوشاییەكی ئەوتو لەكاری تەبلیغی ئێمەدا پێك نەیە، ئەوانە و كۆمەڵێك ئیقداماتی دیكەی لەو نەوعە.

پرسیار: هاوری ئیبراهیم باسی ئەوەتان كرد كە خەباتی چەكدارانە بە پێی سیاسەتی تازە و بە پێی ئارایشی تەشكیلاتی ئوسوولی، بە شێوەی گونجاو و لەگەڵ هەلومەرجی تازە دەچێتە پێش. تكایە لەم بابەتەوە زیاتر تەوزیحمان بو بدە؟

وەڵام: مەعموولەن وەختێك باسی سولحی ئێران و عێراق دەكری زۆر كەس دەس بە جی دەكەونە فیكری چەند و چونی ئیدامەی خەباتی چەكدارانە لە كوردستان. دیارە پرسیارەكان و تەنانەت ئەو ناروشنیانەش كە لە وەها هەلومەرجێكدا لەم بابەتەوە دێتە پێش، ریشەی لە مەوقعییەتێكی واقیعی دایە كە بزووتنەوەی چەكدارانە لە كوردستان تێیدا بە سەر دەبا. یەكەم، بۆچوون و تەسویرێكی سوننەتی و قەدیمی كە وجوودی هەیە، مەوجوودییەتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە كوردستان و تەنانەت زۆر جار مەوجوودییەتی حیزبە سیاسییەكانی نیو ئەو بزووتنەوەیەش بە نەفسی ئیمكانی ئیدامە وە یا نەبوونی ئیمكانی ئیدامەی خەباتی چەكدارانە مەربووت دەكاتەوە. لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە هەلس و كەوتەكانی ئەم تاكتیكە و ڕەوشتە خەباتكارانەیە لە عەینی حالدا دەبێتە هەلس و كەوتی كوللی حیزبە سیاسییەكەش، هەر بۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر جوابی عەمەلی خۆمان بەم مەسەلەیە، دەبی شێوەی بۆچوونی خۆمان لە بابەت ئەم بزووتنەوەیە و تەفاوەتی لەگەڵ ئەو بۆچوونە سوننەتییەی كە ئیشارەم پێكرد، باس بكەم.

كۆمەڵە بە تایبەت لە سالانی ئەخیردا و دوای كونگرەی پێنجەمی خۆی لە سالی ٦٥دا، تێكۆشاوە كە ڕوالەتێكی دیكە لە بەرانبەر ڕوالەتی سوننەتیدا لە تێكۆشانی حیزبی سیاسی لە بزووتنەوەی كوردستاندا وە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی كوردستان بخاتە بەر چاو، وە بە وەگەر خستنی جەبهە جۆراوجۆرەكانی خەباتی سیاسی و شۆشگێرانە لە كوردستان ئیدامەی ئەم بزووتنەوەیە بە دەوام

بەیانییەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە قەبوولی ئاگربس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

بە هیچ شێوەیەک بەری بە تەبلیغ و پەی گرتنی سیاسەتە ئوسوولییەکانی کۆمەڵە لە زەمینەی خەبات بەرانبەر بە بیر و باوەر و شێوە و سوننەتەکانی بورژوا ناسیونالیستی لە کۆمەڵی کوردستاندا، نەگرتوە و ئێمە لەم بابەتەوە کاری خۆمان کردوە و دەیکەین.

لە نەزەر ئێمەوە، حیزبە سیاسییەکانی موخالیفی رژیم لە کوردستان و لەوانە حیزبی دیموکرات ئەگەر پەیوەندیکی هیمنانەیان لەگەل کۆمەڵە هەبی و بەهەر دەرەجەیەک لە حاست داخوازە دیموکراتیکەکان و داخوازە کرێکاریەکان هەڵوێستی تائید ئامیز بگرن بە هەمان دەرەجە، دەکری ئەم موناسەباتە بپاریزری و درێژەی پی بدری هەروەها لە زەمینەی مەسەلەکانی تایبەت تری بزووتنەوەی کوردستاندا لە حاست مەسەلەی میللی، تەنانەت هاوکاری دیاریکراو موفید و رەنگە هەندیک جار زەروریش بی. لەگەل بەشەکەی تری حیزبی دیموکراتیش، پاش بەرقەراری ئاگر بەسیک کە ئیتر ئەمرۆ لە لایەن ئەوانیشەوە ڕەسمەن قەبوول کراوە، هەر ئەو ئوسوولەی لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد دەتوانی بەسەر موناسەباتی ئێمەدا حاکم بی.

دەنگی شۆرشی ئێران: هاوری ئیبراهیم! پرسیارەکانی ئێمە لێرەدا تەواو بوون. ئەگەر مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە لە نەزەر خۆتانەوە ئیشارە پێکردنی پێویستە تکایە لە کوتایی ئەم گفت و گویەدا لەگەل گوێگرەکانی دەنگی شۆرشی ئێران باسی بکە.

هاوری ئیبراهیم عەلیزادە: بە سپاسەوە لەم فورسەتە کەڵک وەر دەگرم و بە چەند خال بە تایبەت روو لە هاوڕیانی تێکۆشەری حیزبی لە شارەکان و دێهاتی کوردستان، ئیشارە دەکەم:

هاوڕیان! ئەو واقعییەتەی کە ئیمکانی بە کۆمەڵە داوە وەکوو جەریانێکی کۆمۆنیستی لە جامعەی کوردستاندا بمێنێتەوە، فشاری جەریاناتی کۆمەڵایەتی سوننەتی پووچەل بکاتەوە، لە بەرانبەر هێرشی نیزامی جمهووری ئیسلامیدا بە سەبەرزییەوە موقاومەتی چەکدارانە بۆ سالّەها درێژە پیبدا، نەقشە جەنگییەکانی بورژوازی محەللی لە دژی خۆی پووچەل بکاتەوە و تووشی شکستیان بکا، سەرەڕای شەپولی ئیعدام و سەرکوتی پولیسی تێکۆشانی تەشکیلاتی خۆی لە شارەکان لە جەرگەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دا زیندوو ڕابگری، پیلانی جۆراوجۆر و ڕووداوی دژوار لە سەر بگوزەرینی، هەمووی ئەوانە لەو واقعییەتە سەرچاوە دەگرن کە کۆمەڵە وەک بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خەباتی خۆی بە ئارەزووەکان و ئامانج و خەباتی چینیکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاری بە خەباتی چینی کرێکار، مەربووت کردوەتەوە. چینیک کە مەوجوودییەتی لە جامعەی کوردستاندا عەینی و خەباتەکەی زیندوو و توانا بەخشە. بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە ئەمرۆ قسەی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵە دەبی بە دەخالەتی هەلسووراوانە و ڕاستەوخۆی کرێکاران لە تەشکیلاتێکی موفید و نزیک و پشت بەستوو بە کرێکارانەوە و موعتەریز وەک وەسیلەی نیشاندانی وجوودی ریکخراوی خۆیان لە کێشە چینایەتییەکانی ئەمرۆ و سبەینی ئەو جامعەیەدا بە کاری بینن.

ئێمە دەمانەوەی بەشێکی جیا نەکراوە لە جەم و جوول و خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی بین و لە وەها مەوقعییەت و جیگایەکەوە کوللی ئەو چینە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەور و نەقش لە ئەمری ڕزگاری خۆیدا لە چنگ کاری کری گرتە و چەوساندنەوەی سەرمایەداری ئامادە بکەین. ئێمە دەمانەوەی چینی کرێکار وەک هێزێکی سەبەرخۆ لە مەیدانی کوللی خەباتی سیاسیدا ڕێکخراو بەهێز، خۆی نیشان بدا و وەک چینیک کە دەیەوی ببی بە ڕابەر و بەڕیوە بەری کۆمەڵ، بۆ دەخالەتی کاریگەر و چارەنووس ساز لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵدا ئامادەیی پێویست بە دەست بینی.

پیشرەفتی سەرکەوتوانەی وەها حەرەکەتێک پێویستی بە پەروەردە بوونی کادر و ڕابەرانێکی شۆرشگێڕ و ڕەزمەندە لە جەرگەی خەباتی کرێکاراندا هەیە. کاری ئێمە لە کوردستان دەبی چوارچێوەیەکی قایم لە کۆمەڵێک ئینسانی شۆرشگێڕ و سوسیالیست و یەکگرتوو و هاونەزەر کە ڕابەری خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و نوینەری قازانج و ئامانجی درێژ ماوە و ستراتیژیکی ئەوان لەو خەباتەدا و لە کۆمەڵدان پێ: بینی

دەرەجەی پێشرەفتی ئێمە لە وەدی هێنانی وەها هەدەفیک دایە کە بە جەریانی ئێمە ئیمکان دەدا کە لە تەوازونی قوای موساعید لەهەر کاتێک دا وە بە تایبەت لە دەورەی شیددەت پەیدا کردنی بوحرانی سیاسی و لە دەورەی شۆرشگێڕانەدا بتوانی بە ئەرکەکانی خۆی عەمەل بکا و ئیمکانی ئەوە نەهێلێتەوە کە شیعارەکان و داخوازەکان و هەدەفی کارگەران بکەوێتە ژێر شەپولی هەڵچوون و حەرەکەتی و چینەکانی دیکە.

ئێمە بە داهاتووی کاری خۆمان ئومیدەوارین و ئەو ئومیدەواریەی لە وجوودی عەینی چینیک وەردەگرین کە دەستە خولقینەرەکانی، بەرهەم هێنەری هەموو نیعمەتەکانی ئەمرۆ و فراوانییەکانی کۆمەڵگای سبەینیی.

***

کرێکاران!

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

سەرئەنجام پاش نزیک بە ٦ ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژەی شەر لەگەل کۆمەڵە و زیاتر لە دوو ساڵ دوای ڕاگەیاندنی ئاگر بەسی یەک لایەنە لە لایەن ئێمەوە بەڕیوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە تاریخی ١٧ی گولانی ئەو ساڵدا، ڕایگەیاند کە شەر لەگەل کۆمەڵە درێژە پی نادات.

شەرێک کە ئەمرۆ حیزبی دیموکرات کوتایی پی هێنانی بە ڕەسمی قەبوول دەکات لە ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٦٣وە دەستی پێکرد و سەنەد و بەڵگە و شەواهیدی زیندوو و حاشا هەڵنەگری ئەم دەورەیە بێگۆمان بە حیزبی دیموکرات ئیجازە نادات کە پەردەی ئیبهام و ناروشنی بکێشێتە سەر واقعییەتی ڕووداوەکانی ئەم دەورەیە. لەم ڕۆژەدا بوو کە حیزبی دیموکرات هێرشێکی گەلالە کراوی کردە سەر بنکەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی هەورامان و لە ئاکامی کارەساتێکی جینایەتکارانەدا ژمارەیەک لە هاوڕیانی ئێمە بە دەستی حیزبی دیموکرات گیانیان بەخت کرد.

هێرشی حیزبی دیموکرات بۆسەر بنکەکانی کۆمەڵە لە هەورامان لە واقیع دا بەڕیوەبردنی سیاسەتێک بوو کە بە شوێن دەورەیەک موزاحەمەت و بەرد خستنە سەر ڕێگای فەعالییەتی کۆمەڵە، چەند مانگ پێشتر لە پلینومی کومیتەی مەرکەزی ئەو حیزبەدا چوارچێوەکەی دیاری کرابوو و ڕەهبەری حیزبی دیموکرات هەر تەنیا لە هەولی پەیدا کردنی زەمان و مەکانی لەبار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەدا بوو. هەر بۆیەش هەموو هەول و تەقالای کۆمەڵە بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی ئەو شەرە لە ڕێگای هێمنانە و گفت و گووە بی نەتیجە مایەوە و بە بن بەست گەیشت. کۆمەڵە لەگەل ئەوەش دا کە وەلامی چەکدارانە بە دەست دریژییەکانی حیزبی دیموکراتی بە هەقی بی ئەم لا و ئەو لای خۆی دەزانی و لە کاتی خۆشیدا جوابی موناسبی بە دەست دریژییەکانی حیزبی دیموکرات بۆسەر هێزی پێشمەرگە و هەڵسووڕانی سیاسی و تەجاوز بە مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش دایەوە، بە دریژایی ئەم چەند ساڵەش هەرگیز وازی لە شوێن گرتنی ڕێگای هێمنانە بۆ تەرح کردن و پێش بردنی ناکوکییەکانی خۆی لەگەل حیزبی دیموکرات بە گشتی و بۆ کوتایی هێنانی شەر بە تایبەتی، نەهێنا.

ئەگەر هەست بە مەسئووڵییەت کردنی کۆمەڵە بۆ پاراستنی مەسەلەحەت و بەرژەوەندی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی هۆی ئەسلی سەبر و تەحەمولی کۆمەڵە و هۆی ئەسلی پی گیری ڕێگای هێمنانە بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی ئەو شەرە بوو، بە پێچەوانە حیزبی دیموکرات لە هیچ ئیقدامێک بۆ بەن بەست گەیاندنی ئەم هەول و تەقالایەی ئێمە کۆتایی نەکردوە.

شەرێک کە حیزبی دیموکرات هەڵی گیرساند و نزیک بە ٦ ساڵ سەرەڕای دەربرینی بیزاری و نەفرەت لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشەوە لەسەر ئیدامەی ئەو شەرە پێی‌داگرت، پەلەقاژەی جەریانێکی بورژوایی و ناسیونالیستی بوو کە بە حوکمی ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ناو جامیعەی کوردستان دەمیک بوو ڕەوتی زەوال و لاواز بوونی دەستی پێکردبوو و هەرچی زەمان دەگوزەرا زۆرتر بێگانە بوون و بی ڕەبت بوونی سیاسەت و شیعار و کردەوەی سیاسی و ڕەوشتەکانی لەگەل مەسەلە واقیعییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان ئاشکرا دەبوو. حیزبی دیموکرات کە نەی دەتوانی یا نەی دەویست ئاڵ و گۆڕەکانی چەند دە ساڵەی دوایی لە سەخنەی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە ڕەوتی گەشە کردنی چینی کرێکار و پەرەگرتنی جەریانی ڕادیکالی سوسیالیستی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دا ببینی، تێدەکوشا بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە ئاخرین حەربەی خۆی یانی بەکار هێنانی هەموو زەرفییەت و توانایییەکانی هێزی چەکداری لە شەرێکی سەراسەری‌دا لە دژی کۆمەڵە، مەوقعییەتی لەدەست چووی خۆی سەر لە نوی بەدەست بێنێتەوە، بە زەربە لیدان لە کۆمەڵە و کردەوەی زیددی دیموکراتیک و بلاو کردنەوەی تووی ترس و نیگەرانی ڕێگای هاتنە مەیدانی مبارزەی سیاسی لە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بگری و مەودای فەعالییەتی سوسیالیستی لە کوردستان بەرتەسک کاتەوە، دژایەتی لەگەل کۆمۆنیزم بکات بە وەسیلەی بەدەست هێنانی ئیعتیبار لە لای بورژوازی و ئیمپریالستەکان کە خۆیان بۆ شکل پی‌دان بە ئایەندەی حاکمییەتی سیاسی لە ئێران ئامادە دەکرد، ڕێگای سات و سەودا لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاوالە ڕابگری و قابلییەتەکانی خۆی بۆ زەربە لیدان لە کۆمەڵە بێنێتە پای موعامەلە لەگەل ئەو ڕژیمە. هەدەفی کۆمەڵە لەم شەرەدا ناکام هێشتنەوە و بە شکست کێشانی هێرشی نیزامی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، دیفاع لە فەعالییەتی کۆمۆنیستی لە کوردستان، دیفاع لە ئازادی تێکۆشانی سیاسی و دیفاع لە مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بوو.

حیزبی دیموکرات لەو ماوەیەدا نە تەنیا لە مەیدانی شەر و ڕووەڕوویی‌یەکانی ڕاستەوخۆی نیزامی‌دا سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و بگرە بە تەواوی ناکام مایەوە و لە مەیدانی موبارزەی سیاسی‌دا لەسەر مەسەلەکانی مەربووت بەو شەرە و بە تایبەت بە هێنانی کۆمەڵێک شەرت و شروت کە ئەمرۆ دەستی لی هەڵگرتوون، بە تەواوی بە تاق کەوتەوە، بەڵکوو لەوانە گرینگتر لەم دەورەیەدا ئەو ئیمکانە زیاتر لە هەمیشە پەیدا بوو کە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری‌ی حیزبی دیموکرات لە ناو جامیعەی کوردستان دا زیاتر لە هەمیشە بناسری و ڕیاکاری و دوو ڕوویی بەڕیوەبەرانی ئەو حیزبە کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لەسەر دریژەی شەر لەگەل کۆمەڵە پێیان دادەگرت، خەرێکی تەقالایەکی بی سەمەر بۆ نزیک بوونەوە لە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بوون، ئاشکراتر لە هەمیشە بناسری.

موبارەزەی سەرکەوتوانە بۆ بەشکست کێشانی نەقشە و سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات حاسلی سیاسەتی ڕوشنی کۆمۆنیستی، خەباتێکی پێگیرانە و ماندوویی نەناسانە و خۆ ڕاگری و لەخوبوردوویی بی وینەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و پشتیوانی و پشت گەرمی گەرم و گوڕی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان بوو وە ئەمرۆ قەبوولی ئاگر بەسی ڕەسمی لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە سەنگەرێکی دیکەیە لەو موبارزەیەدا کە بەدەست هاتووە. بە عیبارەتێکی دیکە ئەوە لە واقیع دا قەبوولی ڕەسمی شکستی سیاسەتی شەرخوازانەی حیزبی دیموکراتە کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا لە لایەن بەڕیوەبەرایەتی ئەو حیزبەوە پێی لە سەر داگیراوە.

ئێمە هەر وەکوو لە لەبەیانییەی ٣ی گولانی ساڵی ١٣٦٧دا ڕامان گەیاند، ئەمرۆش بۆ جاریکی‌تر ڕای دەگەیەنینەوە کە مادام حیزبی دیموکرات هێرشی چەکدارانە نەکاتە سەر کۆمەڵە و بە زۆری چەک مانعیک لەسەر ڕێگای فەعالییەتی سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پێک نەهێنی، کۆمەڵەش لە دژی حیزبی دیموکرات دەست بۆ چەک نابات. لەهەمان کات دا ئاشکرایە کە دیفاع لە خۆی بەرانبەر بە هەر هێرشێکی چەکدرانەش بە هەقی بی ئەم لا و ئەو لای خۆی دەزانی.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

٢٤ی گولانی ١٣٦٩

***

پاشماوەی گورینی‌ی ئەشکیلاتی کۆمەڵە ڕێکخستنی تەشکیلاتی کرێکاری بە لقی نیزامی‌یەوە

لە ڕواڵەت دا و ویدەچی ئارایشی تا ئێستای کۆمەڵە گرینگی‌یەکی زیاتری بە باشتر بوونی هەڵسووڕانی نیزامی ئێمە دابی کەچی واقعییەت و لیهاتوویی‌یە نیزامی‌یەکانی ئێمە لەچەند ساڵی ڕابوردوودا لە ڕادەی جۆراوجۆردا پێشڕەفتی جیددی و بەرچاوی کردوە و لە چاو جاران زۆر باشتر بووە. بەڵام ڕەوت و ڕادەی ئەم پێشڕەفتە و باشتر بوونە هەمیشە بەهۆی دەور و نەقشی جۆراوجۆری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سیستمی پێشوودا (هێزی نیزامی، سازماندەر، جەماوەری، ڕابەری عەمەلی و...) بەر تەسک بووەتەوە. زۆر جار سازماندران و هەڵسووراوانی نیزامی بە پێی نورم و ئیستانداردی حیرفەیی وەک دیاردەیەکی ناپەسند، غەیرە سیاسی، و نیزامی گەرایانە نەفی کراوەتەوە. کۆمەڵە سەرەڕای دینایەک هەڵسووران و تەجرەبەی عەینی لەم زەمینەیەدا هیشتا نەیتوانیوە کەسانی ستراتیژیستی بەمانای واقیعی وشە بخاتە ڕوو. زانستی تئوریکی نیزامی لەنیو پلە جۆراوجۆرەکانی فەرماندەکانی ئێمەدا لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. هێشتا ئێمە ناتوانین لە ماوەیەکی دیاری کراودا دەورەی خوێندن و فیر بوونی فەرماندەکانی پلە جۆراوجۆرەکان لە ئاموزشگاکانی خۆمان بە تەواوی بەڕیوە بەرین چونکە ئەسلەکانی ڕابەری و تاکتیکەکانی واحیدە جۆراوجۆرەکانمان هیشتاش بە نەنووسراوی ماونەوە و فەرماندەکانی ئێمە دەبی هەر وەک وەستا بوونی ئولگووی هەڵسووڕانی نیزامی ئێمە (پێشمەرگەی هەمە کارە)یە و لە لایەکی تریشەوە بە مانای برشتی ئەم ئولگووەیە، لە لایەکەوە کارایی هێزی نیزامی‌مان کەم دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگایەتی کۆمەڵە دەکاتە کاریکی زۆر گران و ئاستەم ژمارەی ئەو کەسانە کە توانایی بوون بە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە خۆیاندا دەبینن کەم دەکاتەوە و بەم جۆرە لە ڕادەی بەرین بوونەوە و پەرەسەندنی تەشکیلاتی نیزامی کەم دەکاتەوە. گورانی ئەم وەزعە هەم کارایی و لیهاتوویی نیزامی‌مان دەباتە سەر و هەم ئولگووی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون لە باری سەخت و ئاستەم بوونیەوە دەگوڕی. یانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون دەکاتە کاریکی هاسان و دەرفەتیکی زۆر لەبارتر بۆ بەرین بوونەوەی هێزی نیزامی‌مان دەخولقینی.

سەرماوەزی ١٣٦٨

ئەم نووسراوەیە لە پێشدا لە "پیشرو" ژمارەی ١٩دا بە فارسی چاپ کراوە.

***

بەریز بی یادی هاوری سدیق کمانگر

نیوی هاوری سدیقی کمانگر نیویکی ناسراوە. هاوری سدیق یەکیک لە خوشەویست ترین رابەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستان بوو. هاوری سدیق، تێکۆشەری لە مێژینەی ڕێگای رزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بیست ساڵ پێش بە ریزی کۆمەڵە پەیوەست بوو و لە بزووتنەوەی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧دا لە دژی ڕژیمی شا، یەکیک لە رابەرانی کارامە و لیهاتووی خەڵکی جنووبی کوردستان بوو. کونەپەرستی و کونەپەرستانی محەللی هەوڵ و تەقالایەکی زۆریان بەکار برد تا جی پی یەک لە جنووبی کوردستاندا بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵام هاوری سدیق و هاورییانی لە کۆمەڵەدا، بە رابەری رادیکال و شۆرشگێڕانەی خۆیان مانعی ئەوە بوون کە کونەپەرستی مەزهەبی حاسلی خەباتی خەڵکی کوردستان برفینی و بە قازانجی خۆی کەڵکی لی وەرگری. بانگەوازەکانی هاوری سدیق و هاورییانی لە لایەن خەڵکی ڕاپەڕیوەوە بە گەرم و گوری وەرگیرا و دەور و نەقشی شۆرشگێڕانەی هاوری سدیق و هاورییانی بووە هۆی ئەوەی کە هەر لە ڕۆژانی هەوەڵی پێش قیامەوە لە کوردستان جەناحیکی رادیکال و شۆرشگێڕ بەرانبەر بە کونەپەرستی و ئیرتجاع شکل بگری و ریز ببەستی.

هاوری سدیق و هاورییانی کە لە ڕۆژانی قیام دا لە ریزی پیشەوەی خەبات و ئیعتیرازی خەڵکی شۆرشگێڕی کوردستاندا بوون و ئەم خەبات و ئیعتیرازەیان رابەری دەکرد، پاش بە دەسەڵات گەیشتنی جمهووری ئیسلامیش درێژە دەری خەباتی شۆرشگێڕانە لە دژی ڕژیمی تازە بوون. لە ڕووداوەکانی "نەوروزی خوێناوی"دا هاری سدیق کمانگر وەک رابەر و بەریوەبەری شووڕا شۆرشگێڕەکانی شاری سنە، قیامی قارەمانانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رابەری کرد.

هاوری سدیق خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو و قسەکانی هەمیشە شوور و شەوقیکی حەقخوازانە و عەدالەتخوازانەی لە دلیاندا هەڵدەگرساند.

هاوری سدیق کمانگر، "سخنگو" ی شووراکان و خەڵکی شاری سنە، سازماندەری مانگرتن و تەحەسونی یەک مانگەی شاری سنە بەرانبەر بە جمهووری ئیسالمی، پاش لەشکرکیشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان و سازماندانی شەری شۆرشگێڕانە لە لایەن کۆمەڵەوە، بووە یەکیک لە رابەرانی لیهاتووی ئەم مەیدانە لە خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی دژی جمهووری ئیسلامی.

هاوری سدیق کمانگر لە کونگرەی دامەزرینەری حیزب کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوو. پاش پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، تا دواهەناسەی ژیانی پر لە شانازیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. هەروەها، هاوری سدیق زۆر مەسئوولییەتی تەشکیلاتی و حیزبیی لەسەر شان بوو و کاتی گیان بەخت کردن مەسئوولی دەنگی شۆرشی ئێران بوو.

چەند سەعات لە نیوە شەوی ١٣ی خەرمانانی ساڵی رابوردوو تێپەڕیبوو کە خەیانەتکارێکی بەکریگیراوی جمهووری ئیسلامی، لە تاریکی شەودا هاوری سدیقی دایە بەر دەسرێژ. هاوری سدیق غەرقی خوین بوو و دلی لە لیدان کەوت، دەنگیک کە تا دوا هەناسە بە زمانی دەرد و ڕەنجی کرێکار و زەحمەتکێش دوا بوو و ئەوانی بۆ خەبات لە دژی ستەم و چەوسانەوە بانگەواز کردبوو، خاموش بوو.

هەوالی تیرۆری جینایەتکارانەی هاوری سدیق کمانگر، خەم و پەژارە و تووڕەییەکی قوولی لە نیو خەڵکی کوردستاندا پێک هێنا. لەشاری سنە، شاریک کە هاوری سدیق ڕۆژانی قیام و جەژنی زەحمەتکێشان رابەرێی کردبوون و ببووە "سخنگو"ی شووراکانیان هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم شارە و شارەکانی کامیاران و قروە و کرماشان و دیواندەرە لە مەراسمە جۆراوجۆرەکاندا کە بۆ ریز گرتن لە یادی ئازیزی هاوری سدیق بەرپا کرابوو بەشداریان کرد و ویرای ریزگرتن لە یادی ئازیزی و ریز گرتن لەو ئارمان و خەباتەی کە هاوری سدیق وەبیر هێنەرەوەی بوو، پەیمانیان تازە کردەوە.

بەرێز بی یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر

***

بە یادی هاوری غلام کشاورز

ساڵیک لەوە پیش کاتیک هاوری غلام کشاورز بۆ دیدار تازە کردنەوە لەگەڵ دایکی کە یەکیک لە ئازیزترین کەسانی ژیانی بوو چوو بووە قبرس، لەبەرچاوی دیاک و برا و هاوسەری، لە لایەن جینایەتکارانی حیرفەیی جمهووری ئیسلامییەوە تەقەی لیکرا و چەند سەعات دواتر گیانی لەدەست دا.

هاوری غلام لەگەڵ ژیان و خەباتی زەحمەتکیشان و لەگەڵ ئینسانە زەحمەتکیشەکان پەیوەندیکی ریشەداری هەبوو کە لە نەتیجەی عەشقیکی بی ئەو پەردا پێک هاتبوو، عەشقی بی ئەوپەر بە خانەوادەیەک کە خۆی لە داوینی‌دا گەورە ببوو، تامی تالی هەژاری و بی بەشی خەڵکی زەحمەتکێشی تێدا چەشتبوو و ژیانی خۆی نابووە پێناو ئامانجی رزگاری کۆمەڵایەتی‌یانەوە. یادداشتەکانی دەفتەری ڕۆژانەی هاوری غلام خۆی قسە دەکا و ئێمە لیرەدا چەند خەتی بە نموونە دێنێنەوە:

"ئێستا سەعات چواری ڕێکە، چواری ئێوارە. بەڵام سەعات چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٣٦٢/٨/٢٨، لە چادرەکەم دا بە دژواری دەتوانم بنوسم.... هەواڵەکان خەبەر لە ڕووداوی وا دەدەن کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. بە تایبەت بەشێک لەو هەواڵانە جاری وایە هێندە دلتەزینن کە تا ناخی جەرگی ئینسان هەڵدەقرچینن. دلی تۆند تۆند دەگوشن فرمیسک دەڕێننە چاوی و چیتان لی بشارمەوە ناچاری دەکەن چەندین سەعات دور لە چاوی کەسانی‌تر و لەژیر پەتوو دا، یانی تەنیا جیگایەک کە دوور لە چاوی کەسانی‌تر دەکری هەنیسک بدا، بگری. بەڵی گەرچی ڕەنگە هیندێک سەیر بنوینی و تەنانەت خۆشم پێم سەیرە بەڵام هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەم ٥٠ ڕۆژە ئاوا بوون: یەکەمیان هەواڵی قەتعی و دەقیقی ئیعدام کرانی هاورییانم جوادی قائدی و منیر هاشمی بوو لە گەلاوێژی ١٣٦٢دا. دووهەمیشیان هەوالی مەرگی زەحمەتکێشی شەریف و بۆ من زۆر ئازیز باوکم بوو. لە کات و هۆی مردنی هیچ نازانم و ئەمە لە هەموو شتێک زیاترم ناڕەحەت دەکا. لە حالێکدا بە تەمای هاتن بۆ دیداری من بوو، نازانم ئایا لەبەر نەخۆشی، دەستەنگی کیشە و تیک هەڵچوونی محەللی بوو مرد یان لە تەسادوفی ماشین دا... بۆ کەسێک کە لە دوورەوە بروانی یان بە شێوەی گشتی ئەم مەسەلە و پەیوەندانە هەڵسەنگینی، ئەگەر تەنانەت بە گشتی هێندیک منیش بناسی، سەیر و تا رادەیەک مەسخەرەیە."

هاوری غلام ساڵی ١٣٣٤ لە ئاوایی "نارەک" سەر بە شاری بۆ کارخانەکان، بەشداری کردن لە گرتنی "پادگانی عیشرەت ئاباد" دا، پێک هێنانی کۆر و کۆمەڵ و کانوونی ئامووزشی تەرویجی بۆ کرێکاران و لاوان و ئیقداماتی‌تری



"دووگوبنەدان" لە دایک بوو. چەشتن و هەست پی کردنی هەموو ڕۆژەی برسیەتی و دەستەنگی خانەوادە و ئینسانە هاوچینەکانی کە خۆی لە نیویان دا دەژیا و هەروەها مەیلی یەکجار زۆری بە کتێب خویندنەوە زۆر زوو لەگەڵ ئەدەبییاتی موعتەریزی کوتایی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی ٥٠ ئاشنای کرد. پێک هێنانی کوریکی چکولە بۆ ئیقدامی شۆرشگێڕانە لە دژی وەزعییەتی مەوجوود لە ساڵەکانی ٥٢ و ٥٣دا، یەکەمین هەنگاوی بوو لە ڕێگایەک دا کە سەرەنجام گەیشتە ئارمانخوازی‌ی بەرزی کۆمۆنیستی و بەشداری کردن لە پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا.

ساڵی ٥٤، هەر لە هەمان سەرەتای چوونی بۆ دانشکەدەی کەشاوەرزی کەرج، جێگای خۆی لە نیو کۆری دانشجوویانی شۆرشگێڕدا کردەوە. سەرجەمی هەڵسووڕانی سیاسی و بەشداری کردنی لە بەرپا کردنی چەندین ئیعتیراز و مانگرتنی دانشجوویی‌دا لە ئاخرینیان بانگەواز کردنی سەرکەوتوانەی دانشجوویان بوو بۆ پشتیوانی کردن لە داخوازەکان و مانگرتنی کرێکارانی چینی تاران لە مانگی گولانی ساڵی ١٣٥٥ دا، بووە هۆی گیرانی و زیندانی کرانی. هاوری غلام لە زیندان دا بە لیبراوی موقاومەتی کرد. کەسانێک کە لە سلوولەکانی پەنا دەستی‌دا دەنگی ئەویان دەبیست و دەیاندیت سەرەڕای ئەوەی لەشی بریندار خوی بەسەر موزاییکی ڕاهڕەوەکاندا دەکیشی چلون هەر بە "کوتم نازانم" وەڵام دەداتەوە، ئیعتماد بە نەفس و ئومید و ئیمان و ڕازداری و غروروری شۆرشگێڕانە و توانایی موقاومەتیان چەندلانە زیاد دەبوو.

ساڵی ٥٧ لەگەڵ هەزاران زیندانی‌تر لە زیندان ئازاد کرا. شوور و شەوقی هاوری غلام لەو دەورەیەدا وردی زمانی هەموو دوستانی بوو. سوخەنرانی، تەبلیغ و تەرویج لە کارخانەکان، لە دانشگاکان لە خیابانە پر جم و جوولەکانی سەردەمی قیام، چوون لەم چەشنە، ڕۆژ و شەوی هاوری غلامی داگرتبوو. سەرەتای زستانی ساڵی ٥٨ لەگەڵ دەستەیەک لە هاورییان و هاو فکرانی بە ڕێکخراوی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست" پەیوەست بوو. خەرمانانی سالی ٦١ لە کونگرەی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست" دا بەشداری کرد و پاش کونگرە وەک ئەندامی کومیتەی "ئیسفەهان" ی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردرا. پاش زەربە ویکەوتنی تەشکیلات و تەعقیبی پولیس، زستانی سالی ٦١ هاتە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان خەرمانانی سالی ٦١ لە ئەندامانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیست ئێران بوو. پاش کونگرە هاوری غلام بووە ئەندامی کومیتەی سازماندەری تەشکیلاتی نهێنی حیزب.

هاوری غلام پاشان ناردرایە تەشکیلاتی دەرەوەی ولات و بووە ئەندامی کومیتەی ئەو تەشکیلاتە.

لە کونگرەی دووهەم و سێهەمی حیزبدا وەک نوینەری تەشکیلاتی دەرەوەی ولات بەشداری کرد. لە کونگرەی دووهەمدا هاوری غلام بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌ی حیزب هەڵبژێردرا. هاوری غلام بۆ نەشیریە جۆراوجۆرەکانی حیزب و بۆ رادیو وتاری دەنووسی و لە کومیتەی دەرەوەی ولاتیش دا سەردەبیری نەشرییەی "رسانە" بوو.

هاوری غلام لە ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانی هەڵسووراو و پرباری خویدا خەرێکی هەوڵدان بوو بۆ ڕێکخراو کردنی تەبعیدی‌یەکان و پەناهندە ئێرانی‌یەکان لە دەرەوەی ولات و ئەندامی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانی‌یەکان بوو و هەتا کاتیک کە تڕۆر کرا "سخنگو"ی ئەو هەیئەتە بوو. کونگرەی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانی‌یەکان لە مانگی پووشپەر گیرا، ڕۆژی مەرگی هاوری غلامی وەک ڕۆژی هاو پشتی‌ی پەناهندە ئێرانی‌یەکان و ڕۆژی ئیعتیراز لە دژی جمهووری ئیسلامی ڕاگەیاند.

ساڵی ڕابوردوو، ئێوارەی ڕۆژی ٤ی خەرمانان، سەری پر شووری هاوری غلام کەوتە بەر گوللەی جینایەتکارانی بەکریگراوی جمهووری ئیسلامی و دلی کە لە عەشقی رزگاری ئینسانەکان لێی دەدا، لە لیدان کەوت.

هاوری غلام لە نیو ئێمەدا نەماوە، بەڵام یادی ئازیزی زیندووە و ئامانجی بەرزی لە دلی میلیونەها ئینسان دایە. ڕژیمی جینایەتکار بە سزای جینایەتەکانی خۆی دەگا.

***

پاشماوەی جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

ئەوانە ژمارەیەک حەیوانی درەندەن کە هەلپەی هەلدرین و خوین ڕشتن سەرتاسەری وجوودیانی داگرتوە. ئەوانە هەر ئەو ڕۆژەی حکوومەتەکەیان هاتەسەر کار لە نیو ژان و خوین و زنجکاودا لە دایک بوون. تاوانی هەژاریمان، تاوانی ڕەنگ زەردی منداڵمان، تاوانی نەخۆشیمان کە بە بلاو بوونەوەی هەر وەبایەک هەزاران کەسمان دەمری و دەستیان بە تاقە یەک ئامپوول ناگا، وە تاوانی دەفن بوونی دەیان هەزارمان لەژیر دار و پردووی بوومەلەرزەدا، هەمووی لە ئەستوی ئەم جینایەتکارانەیە. لە ئەستوی کەسانێکە کە حازرن بۆ هەر تەمەنێک کە بچێتە گیرفانیانەوە جارێک شەق لە شەرافەتی نەبوونی خۆیان هەڵدەن حازرن دەم بنینە نیو گوشت و ئیسقانی هەموومان. ئەمانە، ئێمە تەنیا وەک ڕەوە ئینسانێک چاو لی دەکەن کە دەبی لە نێو حاک و خۆڵ دا بتلینەوە، بچەوسێنەوە، زەو و زوو بکەین هەتا نەسلی ئینسانی بەرهەم هینەری خیر و خۆشی ئەوان وەجاخی کویر نەبیتەوە و دوایەش پول پول بمرین، بخنکیین، بمانکوژن، بە کوشتمان بدەن.

مەسکەن، جیگایەک کە ئینسانی شارنشینی ئەمرۆ بتوانی بی دەغدەغە تێیدا بژی، حەقی هەموومانە. ڕژیمی سەرمایەداران کە تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵی گرتوەتە ژیر دەستی خۆی و هیچ سەروەتێکی بە دەست ئێمەوە نەهیشتوە، وەزیفەیەتی مەسکەنی ئێمە تەئمین بکا. تەواوی ئەو ئینسانانە کە ژیانی ئینسانی لای کەم لەبری چەوسانەوەی خۆیان بە حەقی خۆیان دەزانن، دەبی داوای ئەمە لە ڕژیم بکەن. ئەمە بۆ تەئمینی مەسکەن. بەڵام ڕووخاندنی سەرپەنای زەحمەتکێشان، جۆرمێکی جنایی‌یە کە ڕژیم کردوویەتی. ئەوە تەنیا ڕاپەرین و ئیعتیراز و فشاری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشە کە دەتوانی پەروەندی ئەم جۆرمە و دەیان جۆرم و جینایەتی‌تری حاکمانی سەرمایەی ئیسلامی، بینێتە دادگای خیابان و کووچە و بەردەستی خەڵکی ڕاپەریو.

بە خەباتی یەکگرتوو، بە چاوپوشی نەکردن لە هیچ حەقیکی خۆمان و بە دەنگ هەڵینان و ڕاگەیاندنی داخوازەکانمان هەنگاویک لەو داوا ڕەوایەمان نزیک دەبینەوە: مەسکەن و ئیمکاناتی پێویست بۆ ژیانی ئینسان!

***

وت و وێژ لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە: پێك هێنانی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری

مانگی جوزەردان، بە بلاو بوونەوەی ڕاگەیاندنیك لە لایەن هاوری منسور حکمت بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبدا مەوجوودییەتی خۆی ڕاگەیاند. ئەوی لیرەدا دەیخوێنەوە وت و وێژێکە لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە پێك هاتنی فراکسیون. ئەم وت وێژەلە ژمارەی ٥٨ی گۆڤاری "کمونیست" ئورگانی ناوندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا چاپ کراوە.

کمونیست: وەك یەکەمین پرسیار با ئەوە بپرسم کە چون بوو پێك هێنانی فراکسیونتان بە پێویست زانی و بوچی ئێستا پێك دەهێنری؟ لە کونگرەی دووهەم دا کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جیهەت گیری یەك کەوتە بەرانبەر حیزب و بە زاهیر قەبوول کرا. بە کونگرەی سێهەم موشەخەس بوو کە کۆمۆنیزمی کارگەری بە گشتی وەك تابلویەکی تازەی لی هاتوە بۆ حیزب کە دەکری لە سایەی پال بدەیەوە و تەنانەت لە حاست لافاوی ئاڵ و گۆڕەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان ئاسوی جاران و هەمان پراتیکی جاران درێژە پی بدەی. بەم کونگرەیە کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جەرەیانێکی ڕەخنەگرانە لەرابەری حیزبدا باسی کرا. ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی ئەو حەرەکەتە ڕەخنەگرانەیە؟ لە چاو ساڵ و نیویك لەوەپێش کە کونگرەی ٣ گیرا ئێستا چ زەمینەیەك فەراهەم بووە کە کۆمۆنیزمی کارگەری شکلی فراکسیونێکی تەشکیلاتی دەگرێتە خۆی؟

هاوری منسور حکمت: ئەگەر یەك لەحزە پەیوەندی تاریخی هاوبەشمان وەك کادری حیزبی کۆمۆنیست لە بیر بەرێنەوە و چاو لە وەزعییەتی ئەمڕۆ بکەین و بزانین هەرکاممان چ ئاسویەکی هەیە و چون لە کۆمۆنیزم دەگا و دەیەوی چ بکا، پێم وایە ئەوە بۆ هەموومان لە ڕۆژڕوشنتر دەبی کە بە پێی بۆچوون و فیکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمڕۆمان، ئێمە دەبوو لە ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆردا بوایەین. بەڵام ئەو تاریخە هاوبەشە لەوە بە هیزتر و بەنرختر کە ئەمڕۆ هەرکەس خۆی ملی ڕێگا بگری بچی حیزبێکی بە پێی ئاسوی خۆی پێك بینی یان بیدوزێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چەند حیزبە لە پەیکەری حیزبیکدا. جەبهەیەکی ئینتلافیی یە لە چەند ڕەگەی جیاوازی سوسیالیزمی ڕادیکال. ئەگەر تو بتەوی حیزبی دلخوازی خۆت دروست بکەی و نەشت هەوی دەست لەو حیزبە هەڵگری کە هەیە و نەشت هەوی چاوپوشی لە هەموو ئەو شتانە بکەی کە بەم حیزبە وەدەست هاتوون، فراکسیون دروست دەکەی. فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری بۆ ڕێکخستنی حەرەکەتی سوسیالیستی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بەدەستەوە گرتنی فەرمانی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم جەرەیانەوە پێویست و زەروورییە. پێك هێنانی فراکسیون بەمانای ئەوەیە کە ئێمە بە کردەوە وەفادارین بەو ئیددیعایەی خۆمان کە دەڵێین ئەم حیزبە ئینتلافیی یە چەند ڕەگەیە لە سوسیالیزمی ڕادیکالی هاوچەرخ کە لەیەکتر جیاوازن.**

ئەم فراکسیونە دەبوو زۆر زووتر پێك هاتبا. لە کونگرەی "ئتحاد مبارزان کمونیست"ەوە هەتا دەسپێکردنی باسەکانی مەربووت بە ئاژیتاتوری کرێکاری ئیتر من لیم مەعلووم بوو کە ئێمە خەریکین باسی چەند کۆمۆنیزم و مارکسیزمن جیاواز دەکەین. شۆرشی ٥٧ هەموومانی لە ڕیزیکی سوسیالیستی ڕادیکال دا کو کردبووەوە. بە دامرکانی ئەو شۆرشە و هاتنە گۆڕی مەسەلەی بنەڕەتیتر و غەیرە تاکتیکی بۆ ئێمە، کەلینە واقیعییەکان دەکرانەوە و بە شێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکران. باسەکانی من لە کونگرەی دووهەم دا دەبوو لە بەیاننامەی فراکسیونێکی جیاوازدا بوایەن نەك وەك گوزارشی سەرجەمی دەفتەری سیاسی و ناوندی حیزب. گوزارشی وەزعییەتی جیهانی و مەوقعییەتی کۆمۆنیزمیش هەروەتر کە ئەوانەشم هەر لە زمان کومیتەی ناوندییەوە بۆ کونگرەی سێهەم نووسی. ئەوەکە بۆچی فراکسیون هەر ئەو کات پێك نەهات، تەنیا دەکری بە حیسابی ئەوە دابنری کە هیشتا پاشماوەی بۆچوونی "هەموومان پێکەوە" هەر مابوو. خوشم بە ئەندازەی کافی فاسلە و مەودای نیوان خەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستم بە ڕوشنی بو دەر نەکەوتبوو. لە جیاتی پێك هێنانی ڕیزیکی ڕوشن و سیاسی لە نیو حیزبدا، بۆ ماوەیەك ڕێگای تەرویج کردنمان گرتە پێش. لە مەودای نیوان کونگرەی دووهەم و کونگرەی سێهەم دا ئەم شکاف و کەلینانەمان بە شێوەیەکی وردتر و عەینیتر ناسی و وەدرەنگ خستی لەوە زیاتری پێك هێنانی ڕیزیکی جیاواز بە هیچ شێوەیەك جیگای نەبوو.

کمونیست: پاش کونگرەی سێهەم شاهیدی پێك هاتنی کانوونی کومونیزمی کارگەری بووین. بە پێی چ هەڵسەنگاندنێك ئەو کانوونە پێك هات؟ ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی کانوونە؟ چ پەیوەندییەك لە نیوان کانوون و فراکسیون دا هەیە؟

منسور حکمت: لە کونگرەی سێهەم گرینگتر بە بڕوای من پلینومی سیزدەهەم بوو کە دروست پێش کونگرە گیرا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە فاسلەی کونگرەی دووهەم و سێهەم دا، من دەبیری کومیتەی ناوەندی بووم و لەگەل هاوڕیان ڕەزا مقدەم و بهروز میلانی پێکەوە کومیتەی ئیجرایی حیزب بووین. کە وایە ئەوەی دواتر ناوی نرا کانوون، عەمەلەن لە سەرووی حیزب بوو و لەو دەورەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو ماشینەی ئێمە ڕەسمەن فەرمانەکەیمان بە دەستەوەیە، لە کردەوەدا بە میکانیزمێکی دیکە حەرەکەت دەکا. هەموو ئیقدامات و بڕیارەکانمان وەك ئورگانی بەرزی حیزب، بە شێوەی ڕەسمی تەئیید دەکرا بەڵام دواتر لە پروسەی عەمەلیدا دەبوو بە شتێکی دیکە. ئێمە لە سەرووی حیزب، قودرەتی عەمەلی گەرایشاتی جۆراوجۆرمان بەروشنی هەست پی دەکرد و دەماندیت. ناکری بە ئیقداماتی ئیداری بەرەوڕووی گەرایشاتی سیاسی بیەوە. هیچ نەقشە عەمەل و بڕیار نامە و لی پرسینەوەیەك نەیدەتوانی بی ئاسوی و بی حالی ڕادیکالیزمی چەپ لە حیزب و لە لایەڕیدا، یان خۆ گرتنی ئاسوی ناسیونالیستی لە کوردستان، یان دەستە وەستانی و بی عەمەلی سوسیال دیموکراتێك لە تەشکیلاتی دەرەوەدا جواب بداتەوە. بڕیارنامەکان و پەسند کراوەکانمان لەبابەت فەعالییەتی حیزب لە کوردستان، سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاریمان، نەقشە عەمەلمان بۆ پێك هێنانی تەشکیلاتی قایم و بە قودرەت لە دەرەوەی ولات، بانگەوازەکانمان بۆ وەخوکەوتن و جم و جووڵی نەزەری و سیاسی لە ڕابەری حیزبدا، هەموویان دەبوونە ئەسیری واقعییاتێك کە خەسلەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بوو. لە پلینومی سیزدەهەم دا ئێمە هەر ئەمەمان وەك گوزارش وت. ئێمە وتمان گەرایشی سوسیالیستی کارگەری لە حیزبدا کە هێزی بەرەوپێش بەرەی سیاسەتەکانمانە، گەرایشێکی کەمایەتییە و بە کردەوە سوننەتەکانی تر لە حیزبدا بە سەریدا زاڵن. لە کونگرەی سێهەم دا، لە گوزارشی وەزعییەتی جیهانی و سوخەنرانیەکانی مەربووت بەو گوزارشەدا ئێمە باسی جیاوازییەکانی خومانمان کرد. دوای ئەوە، بە قازانجی خەباتی سیاسی بەرانبەر بە گەرایشەکانی تر، لە قودرەتی ئیداری کشاینەوە. کانوونی کۆمۆنیزمی کارگەری لیرەدا پێك هات. (ئەو کانوونە کە ئەو کات من و ڕەزا مقدەم و ایرج ئازەرین بووین و پاشان کورش مدرسیش پێی پەیوەست بوو) جەمعێك بوو کە تەقویەت و بە هێز کردنی کۆمۆنیزمی کارگەری چ لە حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزبی بە ئامانجی خۆی دانابوو. کانوون لە هەنگاوی یەکەم دا دەستی دایە تەوزیح دانی جیاوازییەکانی ئێمە لەگەل گەرایشەکانی تر.**

کونگرەی سێهەم، کونگرەی سانتر بوو لە حیزبدا. گوزارشەکە و یەك دوو سوخەنرانی ئێمە نەبی، کونگرە مەیدانی خو نیشاندانی سانتر بوو بەرانبەر بە هێندێك حەریفی بچووك و بی مایە، کە سانتر زیندوو بوون و خاوەن قسە بوونی خۆی لەوەدا دەدیت کە بەرانبەر بەو حەریفانە ڕاوەستاوە. هاوریەك بە سەد و چەند ئیمزاوە لە ئەندامانی حیزب، سوخەنرانیەکی وای لەسەر مەسەلە تەشکیلاتییەکان کرد کە پوپولیستەکانی ٥٧ لە چاو ئەو دەتگوت ڕولەی لوگزامبورگن. سانتری حیزبی بە دیتنی پوپولیستێکیتر کە دەکرا بیکاتە کیسەی بوکس گەشکە بوو. دنیای دەرەوە تووشی تەکان و هەژانێکی میژوویی ببوو، چارەنووسی سوسیالیزم و مارکسیزم و بیر و باوەر و ئەرکی شۆڕشی کرێکاری تووشی ئالوزی و ناڕوشنییەکی بی وینە ببوو، بەڵام سانتری حیزب توانی گویی خۆی لەوانە بخەوینی و لە هەوڵی ئەوەدا بی سەرکەوتنێکی دژی پوپولیستی تازە وەدەست بینی. چەند ڕۆژەی کونگرەی سێهەم یەکیك لە تالترین سەردەمەکانی ژیانم بوو. ئیتر مەعلووم بوو کە کەمایەتییەکی زۆر چکولەین لە نیو کادرەکانی ئەم حیزبەدا و دەبی فیکریك بکەینەوە. ئەم حیزبە بەو وەزعەوە کە بووی نەی دەتوانی وەڵامی پێویستییەکان و ئەولەوییەتەکانی سوسیالیزمی کارگەری بداتەوە. هاتینە سەر ئەوەکە ئەگەر پێویستە دەبی لەسەرڕاوە دەست پی بکەین. کانوون حاسلی ئەم هەڵسەنگاندنە بوو.

فراکسیون بە مەعنایەك ئیدامەی کاری کانوونە. لە کانوون دا بەو نەتیجەیە گەیشتین کە دەبی دەخالەتێکی تەشکیلاتی چالاکانە لەچارەنووسی حیزبدا بکەین. کانوون خۆی وەك مەرجەعیکی غەیرە ڕەسمی و ڕوشنگەر، ئورگانێکی موناسب نەبوو بۆ ئەم کارە. نەمان دەویست کانوون زەینی بە مەسەلەی تەشکیلاتی یەوە خەریك بی. کانوون دەتوانی مەرکەزیك بی بو هاو ئاهەنگ کردنی کۆمەڵێك فەعالییەت کە سنووری لە فەعالییەتی حیزبیمان واوەتر دەچی. بێجگە لەوەش خۆم وەك ئەندامی لە میژینەی ڕیبەرایەتی حیزب نەمدەویست و نەمدەتوانی چارەنووسی عەمەلی حیزب، حیزبیك کە هەتا ئیرەمان هیناوە، بسپیرمە دەست ڕەوتی خود بە خودی وەزعییەت و ئەنجامی ناڕاستەوخوی تیکوشانمان وەك کانوون. فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری وەك ئامرازی دەخالەتی تەشکیلاتی چالاکانەمان لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیست دا پێك هاتوە.

کمونیست: بەرچاوترین ئاڵ و گۆڕی ناوخۆیی حیزب لەم دەورەیەدا باسەکانی مەربووت بە تێکۆشانی حیزب لە کوردستان و خەباتی ناو خۆی سازمانی کوردستانی حیزب بووە کە نووسراوە و بەڵگەکانی کانوون لەم باسانەدا، خەریکە بلاو دەکرێنەوە. ئەم باسانە هەتا چ ڕادەیەك لە شکل گرتنی گەرایشەکانی ناوخۆی حیزب دا و بەشێوەی موشەخەس لە جیاواز کردنەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری لە پەیکەری حیزبدا، دەوریان هەبوو؟

منسور حکمت: خاسییەتی ئەم باسانە ئەوە بوو کە هەمووانی لەو واقعییەتە گەیاند کە حیزب خەت و ڕیبازی جۆراوجۆری تێدایە بە بۆچوونی جیاوازەوە. ئەمە تا ڕادەیەك نەتیجەی ئەوە بوو کە کانوونێکی غەیرە ڕەسمی ئەم باسانەی هێنایە گۆڕ کە بە خۆی دەگوت کەمایەتی. ئەگەر هەر ئەم باسانە بە ناوی دەفتەری سیاسییەوە یان بە ناوی کومیتەی ناوەندییەوە کرابان ڕەنگە بە پێی سوننەتەکانی تا ئێستا هیچ هەڵویستێکی موخالیفیان لە حاست نەگیرا با و هەر بە پێی ئەو ڕەسم و قاعیدەیەی کە هەبوو بە ڕوالەت موافقەتی لەگەل کرابا و بە کردەوە پشت گوی خرابا. هاتنە گۆڕی باسەکان لە لایەن کانوونەوە، ئەویش بەو تەئکیدەی کانوونەوە کە دەیگوت ئەمە خەتی ڕەسمی نیە و قسەی چەند کەسێکی دیاریکراوە، ئیمکانی ئەوەی پێك هێنا کە موخالفەتە واقعییەکان لە بەرانبەریدا خو نیشان بدەن. ریزەکانی حیزب بەم جۆرە دیتیان کە ئەو ئیددیعایەی ئێمە کە دەڵێین خەت و ڕیبازی جۆراوجۆر هەن، شتیکی واقیعییە و کادرەکانی ڕیبەرایەتی حیزب کە تا ئەو کات وەك ڕوحیك لە چەند جەستەدا بەرچاو دەکەوتن لە ڕاستیدا نوینەری گەرایشی جۆراوجۆرن. بۆ یەکەم جار ریزەکانی حیزب بە تایبەت لە کوردستان لەگەل ئەوە بەرەوڕوو بوون کە لە نیو خەتەکان دا یەکیان هەڵبژێرن. گرینگی باسەکانی کوردستان لەوەدا بوو کە سەرنجی ریزەکانی حیزبی بەرەو ناکوکییەکان و تارمایی خەت و ریبازەکان ڕاکیشا و کوتایی هێنا بە ڕوالەتی یەکپارچەی کومیتەی ناوەندی کە ئەم ڕوالەتە یەکپارچەیە خۆی حاسلی ئەوە بوو کە خەتیك بە شێوەی زاهیری لە لایەن باقییەکەوە تەئیید دەکرا. خودی باسەکانی کوردستان لە بوون و نەبوونی گەرایشی کۆمۆنیزمی کارگەریدا تەئسیریان نەبوو، ڕەنگە گەرایشی تازە لەم نیوەدا شکلیان گرت. بەڵام ناکوی و جیاوازی ئێمە لەگەل گەرایشەکانیتر پێش ئەم باسانە بوون. ئەو شتەی لەم باسانەدا وەدەست هات بریتی بوو لە وشیاری سیاسی زیاتر لە نیو ئەندامان و تیکوشەرانی حیزبدا لە کوردستان و هاتنە سەر هەڵبژاردن لە نیو گەرایشات دا. خودی ئەم باسانە بە تەنیایی بۆ جیا کردنەوەی کاملی گەرایشی کۆمۆنیستی کارگەری لە کوردستان کافی نین زۆربەی تیکوشەرانی حیزب لە تەشکیلاتی کوردستان بە قازانجی کانوون هەڵوێستیان گرت. بەڵام حاسلی ئەم هەڵوێست گرتنە لیك هەڵاویردرانی چەپ و ڕاست و پەیدا بوونی گەرایشێکی چەپ بوو کە خۆی دەبی لە نیو خویدا بە پێی بنەماکانی خەتی کۆمۆنیزمی کارگەری تەتەلە بکری.**

کمونیست: لە کردەوەدا گەرایشێکیتر لە حیزبدا نەیویستوە وجوودی ڕەسمی خۆی دەرخا و لانی کەم لە تەشکیلاتی کوردستاندا هیچ گەرایشێکی چالاك و هەڵسووراویتر بە ڕاشکاوی خەریکی نیشاندانی وجوودی تەشکیلاتی خۆشی نیە. کۆمۆنیزمی کارگەری تاقە گەرایشی ئیسباتی بووە لە حیزبدا. سنووری نیوان گەرایشەکان چون دیاری دەکری؟ سەنگ و سووکی نیوان گەرایشەکان ئێستا چون دەبینی؟

منسور حکمت: گەرایشەکانیتر قسەیان کردوە بەڵام ئەو ئوتوریتە و قودرەت و تەئسیرەیان نیە کە لەسەردەمی باسەکانی کانوون و ڕیبەرایەتی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەو گرینگیەشیان نیە. بەڵام سنووری نیوان گەرایشەکان بە پێی ئەوە دیاری ناکری کە چ جیاوازییەکمان لەگەل فلانە نووسراوەی نیو نەشرییەی ناوخۆییدا هەیە. من پێشتر ڕاست و چەپ و مەرکەزم لە حیزبدا بە پیی بۆچوون و ڕەوشتیان دەستەبەندی کردوە و لە "جیاوازییەکانی ئێمە"دا و هەروەها لەو بەڵگانەی باسەکانی کوردستاندا کە قەڕارە بلاو بکرێنەوە باسم کردوە. لە بابەت سەنگ و سووکی نیوان گەرایشەکان، ئەگەر مەبەستتان شێوەی ڕیز بەستنی ئەندامان و تێکۆشەران بی دەبی بڵیم هەر لەم دەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر و لەوانە زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەندامانی خودی کومیتەی ناوەندی بە فراکسیون پەیوەست بوون. بەڵام قورسایی ئەسلی فراکسیون نەك لە چەندایەتی و ژمارەی کەسانێك دا کە پێی وابەستەن بەڵکوو لەو واقعییەتەدایە کە تاقە جەریانێکە کە چوارچێوەیەکی سیتماتیك بۆ فەعالییەتێکی کۆمۆنیستی لە دنیای ئەمڕۆدا بەدەستەوە دەدا. هەر ئەمە ڕێگای لەوە گرتوە کە گەرایشێکیتر بە ڕەسمی لەبەرابەر ئەم فراکسیونەدا شکل بگری.

کمونیست: حیزبی کۆمۆنیستی شوێنی لە دەوریەك کۆبوونەوەی سوسیالیزمی ڕادیکالی ئێران بووە. ئەم سوسیالیزمە قسەیەکی نیە بیکا و هیچ ئاسویەکی جیاواز و تایبەتی لە کۆمەڵدا لەبەر چاو نیە. ئەم سوسیالیزمە بەهەر حال ناچارە حیزب بە گەرایشێکی ئیسباتی بسپیری کە ساغە لەسەر ئەوەی خۆی دەفتەری ئینتلافەکەیان ببەستی. پرسیارەکەی من ئەوەیە: بێجگە لەم حیزبە کە هەیە، کەرەسە و ماتریالی واقیعی بۆ پێك هێنانی حیزبێکی سوسیالیستی

←

کارگەری بە چ ڕادەیەک هەیە؟ خەباتی ئێستا بۆ یەک بنە کردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست وە بە دەستەوە گرتنی ئەو حیزبە، چ جێگا و شوێنێکی هەیە لە پێک هێنانی حیزبێکی سوسیالیستی کارگەری‌دا؟

منسور حکمت: ماتریال و کەرەسەی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، سوننەتی خەباتی سوسیالیستی کارگەری‌یە کە لە نیو کۆمەڵدا هەیە. بە مارکسیزم، بە بروای من ئەو سوننەتە بووەتە خاوەنی ئاسویەکی زیندوو و خەوش هەڵنەگری مارکسیزم لەوەی‌یە و خوشبەختانە ئەوانەی قەوارەی کۆمەڵایەتی‌یان لەم تیئوری و جیهان بینی‌یەدا جێی نابێتەوە. خەریکن دەستی لی هەڵدەگرن. ئیعتیرازی دژی کاپیتالیستی کرێکار ئەوەندە بەرینە کە بۆ خنکاندنی ئەو ئیعتیرازە ئەرتەشی چەند میلیونی و شەبەکەی جۆراوجۆری ئیتیلاعاتی بۆ گورینی حەقیقەت و گەلێک رادیو و ڕۆژنامە، خەرجی گەورەیان بۆ دەکری. ئەگەر کەسێک بیهەوی سوسیالیزمی زیندووی کرێکاری ببینی من هەر ئەم چەند ژمارەیەی "کارگەر امروز"ی پی نیشان دەدەم. لە "جمال چراغ ویسی"یەوە هەتا "جری تاکر" ریزیکی بەرینە لە نوێنەرانی سوسیالیستی چینی کرێکار. بزووتنەوەی ئێمە پەراکەندەیە، ئالوزە، خۆی کۆ نەکردوەتەوە، یەکگرتوو نیە، هەزار و یەک خورافە کاری تی دەکا، بەڵام هەیە و زیندووە. جگە لەمەش وادیارە کۆمۆنیزمی کارگەری بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یەی جیهان، جاریکی‌تر دەرفەتی دەست دەکەوی وەک لایەنێکی سەرەکی لە کیشەی کۆمەڵایەتی‌دا پی بنێتە مەیدان.

بەڵام لە بابەت بەشی دووهەمی پرسیارەکەتانەوە، دەبی بڵێم بە بروای من بۆ ئێمە ئەم مەسەلەیە حەیاتی‌یە. نزیکترین جەرەیانێک کە دەتوانی لە چارەنووسی سوسیالیزمی کارگەری‌دا بە هۆی ڕێکخراوێکی حیزبی _ ڕێکخراوێکی وا کە دەتوانی ئەرکی جۆراوجۆر و پێچێدە بەریوە بەری_ دەخالەت بکا، ئێمەین. ڕەخنەیەکی سەرەکیم لە تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری ئەوەیە کە لە ئاسوی عەمەلی سەبارەت بە حیزبایەتی و پێک هێنانی یەکگرتوویی بەرین و پر جم و جوول، دوورن. سەنگەر بەندی‌یەکانی ئەمرۆی کرێکارانی سوسیالیست محەللی و جی جی‌یە. ئاسوکان کەم تا زۆر هەر لە سنووری ولاتەکاندا دەمێنێتەوە و لە سنووری هەر ولاتێکیش دا رادیکالیزە کردنەوەی ئەو بزووتنەوانە کە ئێستا هەن ناوەڕۆکی سەرەکی تێکۆشانی کرێکارانی سوسیالیستە. ئەمانە هەموو دەبی هەبن. بەڵام سەرەنجام کرێکار دەبی بە حیزب و ئەنترناسیونالی خۆیەوە بێتە مەیدان. مەیدانی کیشە و بەرانبەرکیی گەورە و بەرین. کیشە لە سەر بیر و باوەری بە میلیون کەس، لە سەر چارەنووسی نەسلەکانی کرێکار، لەسەر سیستمە کۆمەڵایەتی‌یەکان و لەسەر عاقیبەتی مالکییەت و شتی‌تری لەم چەشنە. لەم هەڵوێستەوە، من دەست لەو حیزبە هەڵناگرم کە ئێستا هەیە و تەنانەت هەر ئێستا ماشینێکی ڕێکخستن و تەبلیغ و تەرویجی نیسبەتەن پر قودرەتە_ تەنانەت لە چاو ڕێکخراوە رادیکالە کارگەری‌یەکان لە ئوروپا و ئەمریکا_ . ئەم حیزبە دەتوانی وەسیلەیەکی زۆر کارامە بی بۆ دەخالەتی کاریگەرمان لە بزووتنەوەی سوسیالیستی کارگەری دا چ لە ئێران و چ لە جیهان. بە بروای من کۆمۆنیست و کرێکاری ئێرانی کە بیهەوی تەئسیری ماددی و هەست پێکراو بکاتە سەر دنیای دەرەوەی خۆی ناتوانی چاوپوشی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکا.

کمونیست: لە سوننەتی چەپی مەکتەبی و فیرقەیی‌دا، یەک بنە بوونەوە و یەک گەرایشی بوونەوەی هەمیشە بەمانای بەرزتر کردنەوەی دیوارەکانی فیرقە و هەنگاوێکی‌تر بەرەو بەتاک کەوتنەوە. لە خەبات دا بە یەک بنە کردنەوەی حیزب _ کە بێگومان بە مانای یەک بنە کردنەوەی حیزبە لە بارى جێگا و شوێنە کۆمەڵایەتی‌یەکەیەوە چ نیشانە و پێوانەیەکی بەرچاو هەیە کە ئەم خەباتە لە سوننەتی کیشەی ناوخۆی فیرقەکان جیا دەکاتەوە؟

منسور حکمت: سکتاریزم بە مانای خۆ جیا کردنەوە لە فیرقەکەی پەنا دەست خۆت نیە. بە مانای فیرقە بوونە بە گشتی و جیا بوونەوەیە لە جەرگەی کۆمەڵایەتی خەباتی چینەکان. بناغەیەکی سەرەکی باسی کۆمۆنیزمی کارگەری، کە ئەگەر کەسێک بەدل سەرنجی دابێتە ناوەڕۆکەکەی بۆی دەر دەکەوی، ڕەخنە گرتنە لە خەسلەتی فیرقەیی چەپی ڕادیکالی تا ئێستا. لەم باسانەدا من باسی دوو جۆرە تەریکی و بە تاک کەوتنەوەم کردوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. بە تاک کەوتنەوە لە چینی کرێکار و بە تاک کەوتنەوە لە کیشمەکیشە سەرەکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان. چەپی ڕادیکال نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە ئاستی جیهانی‌دا، لە جەرگەی ئیعتیرازی کارگەری‌دا نەبوو. جەریانێکی کرێکاری_ بەمانای خەڵک ناسانە و کۆمەڵناسانەی ئەو وشەیە_ نەبوو. (جیایی ئیدئولوژیکی ئەم چەپە لە مارکسیزم و تیئوری شۆڕشی کرێکاریش بەجیی خۆی). بێجگە لەمەش تەنانەت تاقە یەک جەریانی کرێکاریش بەبی ئەوەی لە نیو دلی کیشمەکیشە سەرەکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا لە هەر دەورەیەک دا حوزووری هەبی، هیچ تەئسیریکی لی ناوەشیتەوە. ئەمە جۆرێکی‌تر لە جیایی و بە تاک کەوتنەوە کە زۆر ڕێکخراوی کرێکاریش، وەک ئیتحادیەکان، جەریاناتی ئانارکو سەندیکالیست و ئەمانە، گیرودەی بوون. جیایی لەو کیشە فیکری‌یانە کە خەریکە بالانسی فیکری کۆمەڵی ئەم سەردەمە دیاری دەکا، جیایی لە کیشەی "ئیتلاعاتی" و "سوئی ئیتلاعات"، جیایی لە خەبات بۆ نیشان دانی ئاسوی کۆمەڵی ئینسانی، جیایی لە تەواوی ئەو حەرەکەتە کۆمەڵایەتی‌یانە کە خەریکە چارەنووسی ئەم نەسلەی ئینسانەکان دیاری دەکا. جیایی و بە تاک کەوتنەوە بەو مەعنایە کە باسم کرد، ڕەگەیەکی سەرەکی‌یە لە ڕەخنەماندا بەرانبەر بە تاریخی سوسیالیزمی ڕادیکالی نیو سەدەی ڕابوردوو. یەک بنە بوونەوەمان یانی ڕزگار بوونمان لە چنگ تەواوی ئەو ڕەگە شێوە سوسیالیستی‌یە ڕادیکالانە کە ئەم بە تاک کەوتنەوە و فیرقەگەرایی‌یە لە زاتیان دا و لە وجوودی کۆمەڵایەتی‌یاندا. یەک بنە بوونەوە یانی ڕزگار کردنی حەرەکەتی حیزبی کۆمۆنیزمی کارگەری لە چنگ جەرەیاناتێک کە دنیا لە چوارچێوەی فیرقەکەی خۆیاندا دەبینن. حەرەکەتی خۆدی ئێمە باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئێمە خەریکین فیرقەگەری بەگشتی، بە قازانجی نیشان دانی وجوودی کۆمەڵایەتی، دەدەینە بەر ڕەخنە و وەلای دەنین. هەر لەوەوە کە ڕەخنەمان لە تەعبیری مەکتەبی و فیرقەگەرایانە لە تاریخی شۆڕشی ڕووسیا گرت، هەتا بەیانکردنی سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاری لەسەر بناغەی بەرەسمییەت ناسینی جم و جوولی کۆمەڵایەتی خۆدی چینی کرێکار، بەڵگەی جیا بوونەوەی قوول و خیرامانە لە ئاسوی فیرقەیی چەپی مەوجوود. ئێمە کیشەی فیرقەییمان لەگەڵ کەس نیە. بەڵام حازریش نین چینەکان و جەرەیاناتیک کە ئاسوی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە پێکەوە بکەینە ناو تووڕەکەیەک. ڕیک بە پێچەوانە، بۆ ئەوەی ببی بە جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و قودرەتمەند، پێویستە لە چنگ هەموو ڕەگەیەکی سوسیالیزمی فیرقەیی کە تایبەتی ڕووناکبیرانی نارازی‌یە، ڕزگار بی.

کمونیست: گەرایشی کۆمۆنیزمی کارگەری بە شێوەی موشەخەس لە گەلێک وتار و نووسراوە و بەڵگەدا کە خۆت لە نەشریە حیزبی‌یەکاندا نووسیوتن وە یا دراون بە ڕیبەرایەتی حیزب، بۆ مەیدانە جۆراوجۆرەکان تەرح و گەلالە و ئولگووی جیاوازی دیاری کردوە. بیجگە لەم تەرح و ئولگووانە، نەقشەی فەعالییەتی گشتی‌تری فراکسیون چیە؟

منسور حکمت: لە باری عەمەلی‌یەوە ئێمە دەمانەوی لە کورت ترین ماوەدا حیزب بە دەستەوە بگیرین و هەتا کونگرەی چوارەم تەکلیفی گەرایشات لەم حیزبەدا ڕوون کەینەوە. بەڵام بە گشتی، ئێمە دەمانەوەی شێوەیەک لە تێکۆشان و فەعالییەت لە حیزبی کۆمۆنیست دا جێگیر بکەین کە حیزب ببیتە شوێنی تەبیعی و سازگاری فەعالییەت بۆ تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری، وە تێکۆشەرانی بزووتنەوەکانی نەسلەکانی کرێکار و زەحمەتکێشان هەر ئەسەرەخۆ و بە تەدریج بە نیو ئەم حیزبەدا، هەست بە غریبایەتی و ناسازگاری بکەن. ئەمە جۆرێکی جیاوازە بۆ نیشان دان و دەرخستنی وجوودی حیزب لە کۆمەڵدا. لە بابەت ئەم ئولگوو و تەرحانە بەشێوەی موشەخەس، بە تایبەت لە پلاتفورمیک دا کە دەیدەین بە پلینومی‌هەژدەهەم، دەنووسن. بەڵام بەگشتی، ئێمە شێوەی تێکۆشانی حیزب و ئەولەوییەتەکانی حیزب لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری دەر دەکیشین. ئێمە دەمانەوەی وجوودی حیزبی کۆمۆنیست نەک هەر لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بۆ ئەو ئینسانە ئاسایی‌یانە کە هەموو ڕۆژی خەریکن دەچنە سەر کاری خۆیان، بکەینە شتێکی بەرچاو و هەست پێکراو. دەمانەوی هێزێکی گۆرینی وەزعییەتی ماددی کۆمەڵ بین. کەوایە حەرەکەتی ئێمە بە تەمای پتەو کردنەوەی پەیوەندی حیزب و چینی کرێکارە و ئەوە کە حیزب بچێتە نیو مەیدانە سەرەکی‌یەکانی کیشەی کۆمەڵایەتی. هەول دەدەین حیزبی کۆمۆنیست بۆ هەمیشە لە ئالقەی ئەحزابی ڕادیکال چەپی ئێران بێتە دەر و بەرەو ڕووی هێزە واقیعی و کاریگەرەکانی دنیای ئەمڕۆ بێتەوە.

کمونیست: لە بابەت ئەو حیزبەوە کە دەبی دروست بکری، تا ئێستا لە زۆر جێگا نووسیوتە و قسەت کردوە. دیمەنی گشتی ئەم حیزبە چون دەبینی؟

منسور حکمت: لە بابەت شێوەی تێکۆشانی ئەو حیزبەوە دەکری گەلێک نموونە باس بکەین. بەڵام من لیرە تەنیا چەند قسەیەک دەکەم. حیزبی ئێمە حیزبێک دەبی کە لە چارەنووسی ئەم نەسلەی کرێکاراندا دەخالەت و تەئسیری هەیە، چ لە ئێران و چ لە ئاستی جیهانیدا، حیزبێک دەبی کە لە پێک هینانی یەکگرتنی جیهانی کارگەری دا دەخالەتی هەیە و هەروەها لە کیشە سەرەکی‌یەکانی دنیای ئەمڕۆدا. حیزبی ئەو کرێکارە سوسیالیستانە دەبی کە سەبارەت بە کوللی دینا و هەموو نەزم و نیزامی ئەم دنیایە قسەیان هەیە و دیکەن، حیزبێک کە پاریزەری ناسراو و قودرەتمەندی بیری سوسیالیستی و کارگەری‌یە و قودرەتی ئەوەی هەیە کە قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی جەماوەری بەرین. حیزبێکی بە دیسیپلین، سازماندەر و تی گەیشتوو کە وەک ئالقەی پەیوەندی و هێزی ئیلهام بەخش. ڕینوین بۆ هەموو شەرەکانی سوسیالیزمی کارگەری لە مەیدانی ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ و ئەخلاقییات دا عەمەل دەکا. بەرزەفرانەیە؟ بۆ کەسانێک کە دنیاکەیان لە سنووری نامەکانی بازرگان و فەعالییەتی سەر میزی کتێبەکەیان واوەتر ناچی، ڕەنگە وابی! بۆ کەسیک کە دەلی پەیرەوی مانیفیستی کۆمۆنیستم نە! بەرزەفر بوون، ئاوا، مەرجی ئەندامەتی‌یە لەو حیزبەدا.

جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر ئەسیری قەهری تەبیعەت و وەک ئاخوندەکان دەلین "مەشییەتی ئیلاهی" نین. کافی‌یە چاویک لەو گەرەکانە بکەین کە نەک بەتەکانی بوومەلەرزە بەڵکوو بە کەوچکی لودیر و بە ئەمر و مەشییەتی شارەدارەکانی جمهووری ئیسلامی ڕووخاون: لە مەریوان ٨٠ مالی ویران کراوی گەرەکی جەنگەلبانی، لە سنە گەرەکی تەقتەقان، لە سەردەشت گەرەکی هەنداوی‌یەکان، وە چەندین مەجبوور ئاوا و زۆرئاوا و حەلەبی ئاوا لە بۆکان و سەقز و مەهاباد و پیرانشار و شنو و لە هەر جێگایەک کە خەڵکی بی مەسکەن گویا بە بی ئیجازەی حاکمانی ئیسلام چوونەتە ژێر پەنایەک هەتا خۆ لە قرچەی گەرمای هاوین و لە سوزی سەرمای زستان بپارێزن، لەو گەرەکانە پاسدارانی حکوومەتی ئیسلام دەوری مالەکان دەگرن، دار و نەداری هەژارانەی دانیشتوانی مالەکان فری دەدەنە دەر و مالەکان ویران دەکەن.

لە نەزەر جمهووری ئیسلامی‌یەوە ئەم کەسانە حەقیان نیە مەسکەنیان هەبی. جمهووری ئیسلامی دەزانی ئەم کەسانە بێجگە لەو چوار دیواری‌یە کە بە قور و پووش دروستیان کردوە هیچ مەنزل و مەسکەنێک شک نابەن. دەزانی ئەگەر ئەم خەڵکە ئیمکان و دەرەتانێکی دیکەیان بۆایە حازر نەبوون لەو جۆرە جێگایانە بژین، دەشزانی ئەم خەڵکە دوای ئەوەی مالەکەیان تەخت کرا، هیچ کونجەخانوویەک شک نابەن ڕووی تی کەن. دەبی زیلو و حەسیر و دەستەنوین بە کولیان دادەن هەتا بزانن لە پەنا کام دیوار و لە قەراخ کام خیابان و لەژێر کام پرد بارگەیان بخەن.

ئەوانە لە "خارجی مەحدوودە"ن! ئەوانە "جەوازی خانوو"یان نیە! ئەوانە حاشیە نشینی شارەن. حاشیەنشینی کۆمەڵن. ئەمانە لەشکری کرێکارانی بێکارن کە بە حکوومەتی سەرمایەداران مەربووت نیە ئەم لەشکرە لە کوی ئوردووگای خۆی لی دەدا، لە کوی هێزی کاری خۆی حەراج دەکا، لە کوی ئازووقەی خۆی پەیدا دەکا و لە کوی دەژی و لە کوی دەمری! حاکمانی چینی سەرمایەدار، وەک فاتحانی مەیدانی شەر، بەرانبەر بەم لەشکرە تەنیا حوکمی خۆیان ئیعلام دەکەن: حەقتان نیە لە قەراخ شارەکان خانوو دروست بکەن، حەقتان نیە لە قەراخ خیابانەکان دەسفرۆشی بکەن، حەقتان نیە "سد معبر" بکەن و، کاتیکیش بیشەرمانە و ریاکارانە هەول دەدەن بۆ شاردنەوەی سیمای سەرکوتگەرانەی خۆیان، دەیان "حەقتان نیە"ی دیکە بە جۆرێکی‌تر بەیان دەکەن. بەرقتان دەوی خۆتان پووڵی بدەن، مەدرەسەتان دەوی خۆتان پووڵی بدەن، ئاوی خواردنەوەتان دەوی خۆتان پووڵی بدەن .. زۆر پێویستی دیکە کە دابین کردنیان دەخاتە ئەستوی خۆدی ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە. ئەویش لە هەلومەرجێک دا کە ئەم خەڵکە توانای دابین کردنی ئەم شتانەیان نیە و بەم جۆرە رژیم عەمەلەن و بە سەراحەت لە حەقی بەهرەمەند بوون لەسەرەتایی‌ترین ئیمکاناتی ژیان مەحروومیان دەکا.

ئەم هێرشەی نوکەران و نوێنەرانی حکوومەتی سەرمایە بۆسەر گەرەکەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەلومەرجیک دایە کە لە شار و دێهاتی کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابوردوودا، هەر لە نەتیجەی شەری مالویرانکەری ئەم ڕژیمە جینایەتکارەدا، دەیان هەزار کەس ئاوارە و بی مەسکەن بوون. ئەمە لە هەلومەرجێکدایە کە ڕژیم هیشتا بۆ هەزاران خانەوادەی بی مەسکەن نە هیچ خەسارەتێکی بژاردوە و نە هیچ فکرێکی بۆ کردوونەتەوە. لە هەلومەرجیکدایە کە هیشتا چەندین شار و دی و سەدان گەرەک هەر ویران و چولن.

ئەمانە، ئەو شتەی بە مردووی خۆیانی ڕەوا دەبینن، بە زیندووی ئێمەی ڕەوا نابینن! بۆ یەک لەحزە چاو بەم ئامارانەدا بخشینن کە لە ڕۆژنامەکانی ڕژیم دا چاپ کراون. بزانن بۆ سازکردنی مەقبەرەی خومەینی چ ئیمکاناتێک خراوەتە کار:

کارکردنی حەوت هەزار موهەندیس و تکنسیەن و کادری شارەزا و شەو و بە ڕۆژ، بتون ڕیژی ٨٠ هەزار میتری چوار گوشە لە "سەحنی مەقبەرە"، ئاسفالتی ٩٠ هەزار میتری چوار گوشە بۆ پارکینگ، چاندنی دە هەزار بنە دار و چل هەزار گول بۆ سەوزایی مەقبەرەکە، دە کار کردنی حەفتا هەزار کیلو ڕەنگ و هەزار تون ئاسن و ٣ هەزار میتری شەش گوشە بتون، تەئمینی بەرق و ڕوشنایی ٨٠٠ هەزار میتری چوار گوشە بە ٩٦ چرای ٢٢ میتری، سەنگفەرشی ٨ هەزار میتری چوار گوشە بە بەردی مەرمەر، ٣٥ هەزار میتر جەدوەلکاری، دانانی نەیرکوندیشن بۆ فینک کردنەوەی ١٠٠ هەزار میتری چوار گوشە، وە کرینی ٣ هەزار و دووسەد میتری چوار گوشە فەرشی دەسچن بە قیمەتی زیاتر لە ١٠٠ میلیون تمەن. ئەمانە هەمووی بۆ مەقبەرەی ئیمام خومەینی! ئەمە بەرابەرە لەگەل خەرجی تەئمینی مەسکەن و ئیمکاناتی ژیان بۆ چەند گەرەکی زەحمەتکێش نشین؟

بروانە لاپەرەی ٥

ئازادی بۆ هەموو ئەسیرەکان!

ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق خەریکن دەگەڕینەوە. ئەم رۆژانە دەیان هەزار خانەوادە دوای چەندین ساڵ چاوەیان بە دیداری ئازیزانیان روون دەبێتەوە. ژنان و پیاوان و منداڵان کەس و کاری ئازاد کراوی خۆیان لە باوەش دەگرن و گەرمای خۆشەویستی سەرتاسەری وجوودیان دادەگری و شادیەک لە دەمارەکانیان دەگەڕی کە لانی کەم بۆ چەند لەحزە خەم و هەناسە ساردی عومریک مەینەت و هەشت ساڵ کوشتار و مالویرانی‌یان لەبیر دەباتەوە.

شاد بوونەوەتان بە دیداری ئازیزان لی پیرۆز بی و چاو و دلتان روون!

بەڵام لەوکاتەدا کە ئەسیری تازە ئازادکراو لە باوەش دەگرن، لەو کاتەدا کە دەستە گوڵی پیرۆز بایی بۆ یەکتر دەبەن و لەو کاتەش دا کە بۆ چاو و دل روونی هات و چوی مالی یەکتر دەکەن لە بیرتان بی هیشتا گەلیک خانەوادەی‌تر رولەکانیان ئەسیرن. لەبیرتان بی هیشتا هەزاران کەس لە شەریف ترین و خۆشەویست ترین رولەکانمان ئەسیرن. هەزاران کەس کە لە شەڕیکی رانەگەیەندراودا ئەسیر کراون: دە ساڵ شەری بە ڕەسمی رانەگەیندراوی رژیمی جمهووری ئیسلامی لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز و هەزاران کەس کە لەسەر دیفاع لە حەقی ئینسانی چەوساوە و ستەم لیکراو، لەسەر دیفاع لە ئازادی‌دا، لە سیاچاڵەکانی جمهووری ئیسلامی توند کراون. کەسانێک کە ناچار بوون بۆ نانی شەوی رولەکانیان خۆ بە نیو ئاگردا بکەن، بە گەڕووی ئەژدیهای پاریزەری سەرمایەدا روچن و بەرەنگاری خیلی پاسەوانانی سەرمایە و داگیر کەرانی سەروەتی کۆمەڵ بن و کەسانێک کە هاواریان کردوە: نامانەوەی پێشێڵ بکرین! ئەوانە هیشتا ئەسیرن.

لە پەیماننامەی سولحی نیوان دەوڵەتان دا داوای ئازادی ئەمانە ناکری هیچ کۆمیسیون و کومیتە و کونوانسیونێکی ڕەسمی جیهانی‌ناوی ئەمانە لە لیستی ئەو ئەسیرانەدا کە دەبی ئازاد بکرین نانووسی و، لە شەری نیوان چینی کرێکار و پاریزەرانی نەبووە تیپ و گوردانەکانی ئەرتەشی سەرمایەداران بە دیل بگرین کە ئێستا ئازادی رولەکانمانی پی بکرینەوە.

تەنیا حەڕەکەتی ئیعتیرازی بەرینی ئێمە دەتوانی ئەو ئەسیرانەمان لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی ئازاد بکا. هەر ئینسانێکی شەرافەتمەند کە ئازادی بەحەقی مسوگەری خۆی دەزانی، هەرکەس کە پێی وایە دیفاع کردن لە خۆ لە بەرانبەر پێشێڵ کران دا مافی ئینسانە و هەرکەس حازرە لەسەر ئازادی بەیان و بیرو باوەر و لەسەر کەرامەت و حورمەتی ئینسان، وەجواب بی دەبی بە ریزەکانی ئەم حەڕەکەتە پەیوەست بی.

دوژمنانی ئێمە، حاکمانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئەم رۆژانە بە گەرانەوەی ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق شەپێووری سەرکەوتنی خۆیان لی دەدەن. ئەسیرەکان دەبەنە سەر قەبری خومەینی کە بەشارەتی سەرکەوتنی لەشکری ئیسلامی پی بدەن و پەیمانی لەگەل تازە بکەنەوە. دەیانەوی بە گەرانەوەی ئەسیرەکان هەرا و هاوار و تەپ و توزیک بەرپا کەن کە ڕۆژ ڕەشی و کوێرەوەری نەتیجەی دە ساڵ دەسەڵاتدارەتی خۆیانی تیدا گوم بکەن. دەیانەوی دەرد و ژانی ڕولە کوژراوی و کوست کەوتووی لەبیر دەیان هەزار خانەوادەی ئازیەدار و ڕەشپوشی قوربانیانی ئەم شەڕە مالویرانکەرە بەرنەڕە. دەیانەوی ئەوە بە چاوی هەموان دا بدەنەوە کە ئەو دەیان هەزار ئینسانەی لە شەری دیفاع لە موقەددەساتی سەرمایەدا و لە شەری دیفاع لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامی دا ئەسیر کرابوون سەرکەوتوانە گەڕاونەتەوە.

لەم هەلومەرجەدا ئێمەش دەبی هەر چەندی دەنگی ئیعتیرازمان دەروا هاوار بکەین: کەسانێک کە لە شەری دیفاع لە موقەددەس ترین ئامانج و ئارەزووەکانی بەشەر دا ئەسیر کراون دەبی ئازاد کرین!

کرێکاران!

لە بیرمان بی کە بەشێک لە لەشکری ئێمە، بەشێک لە لەشکری ئینسانی ستەم لیکراو و چەوساوە، کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری ئینسان، ڕیزیک لەو کرێکارانە کە دیفاع لە نانی رولەکانمان دەکەن، هیشتا لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی دان.

ئەگەر ئەمڕۆ حاکمانی جمهووری ئیسلامی بە گەرانەوەی ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق سەرکەوتنی خۆیان ڕادەگەیەنن ئێمەش دەبی بە هەلبرینی دەنگی ئیعتیرازمان و بە خەباتی خۆمان بۆ ئازادی کرێکارانی تێکۆشەر و زیندانیانی سیاسی، بەردەوام بوونی خەباتی خۆمان و عادلانە بوونی ویست و داخوازەکانمان رابگەیەنین.

بۆ تەواوی ئەو کەسانە کە خوازیاری کوتایی پی هاتنی ستەم و سەرکوت، خوازیاری کوتایی پی هاتنی بی مافی و هەژاری و برسیەتی و خوازیاری ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین، خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی و کرێکارانی زیندانی کراو، بۆ ئازادی کەسانێک کە تاقە تاوانیان مل نەدانە بە ستەم و سەرکوت و بی مافی و ژێر دەستەیی، ئەرکیکی گرینگ و فەوریە.

با لە نەتیجەی خەبات و ئیعتیرازی یەکپارچەمان دا شاهیدی ئازاد کرانی هاوری و ڕولە ئەسیرەکانمان بین. با خۆشەویست ترین تێکۆشەرانی نیو سەنگەرەکانی خەباتی چینایەتیمان کە لە زیندان دینەدەر، بگرینە نیو ئالقەی خۆمان و گولبارانیان بکەین. با شاهیدی ئەوە بین کە ئەوانیش دەگەڕینەوە نیو کوری گەرمی خانەوادەی خۆیان: خانەوادەیەکی بەرین کە تەواوی زۆرلیکراوان و چەوساوەکان دەگرێتە بەر.

***

پێشڕەو

(پاشماوەی) گورینی‌ی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەڵە ڕێکخستنی .....

بەڵام ئەمە نە خەتای "زەعفی ئیدەئولوژیکی" کەسیکە و نە لە فەراموشکاری یان گریمان لە کەم کاری کەسیکەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەمە هەمووی لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەوە سەرچاوەی گرتوە کە کۆمەڵە لە ڕیزی پێشەوەی دایە و ڕابەری دەکا. کۆمەڵە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە ڕیزی پێشەوەی جیناحی چەپی بزووتنەوەی گشتی لە دایک بوو و گەشەی کرد.

ئەوەی کۆمەڵەی ئەمڕۆی شکل پێدا و ئەوەی سازمانەکەی، ئەولەوییەتەکانی و مەشغەلەکانی و نورم و ئیستاندارد تەشکیلاتی‌یەکانی لە قالب دا ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە بوو کە کۆمەڵە کەوتە ڕیزی پێشەوەی. هەرچەند کە چوارچێوە و ئاسوی ئەم بزووتنەوەیە لەگەل ئاسوی فکری ئەم یان ئەو کور و دامەزرینەری کۆمەڵەیەکی نەگرتبیتەوە، بەڵام خەسلەت و جێگا و شوێنی حیزبە سیاسی‌یەکان ناکری بە پێی ئەو ئامانجانە دیاری بکری کە ڕەنگە لە میشکی پێک هێنەرانی‌دا بووبی. حیزبەکان لەسەر زەمینەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و لە جەرگەی وەڵامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی خەباتێک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا شکل دەگرن و گەشە دەکەن. حیزبەکان شوێنی ڕێکخراو بوونی هەڵسووراوانی ئەم خەبات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەن.

کۆمەڵە لە دەورەی قیام دا و پاشانیش لە دەورەی سازمان دان و ڕابەری موقاومەت بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی‌دا، چووە ڕیزی پێشەوەی جیناحی چەپی بزووتنەوەی گشتی. کۆمەڵە لەسەر ئەم زەمینە کۆمەڵایەتی‌یە بووە شوێنی کو بوونەوە و ڕێکخستنی هەڵسووراوانی ڕادیکالی بزووتنەوەی گشتی، لە دانش ئاموز و موعەلیمی نارازی بگرە هەتا جووتیارانی دەستەنگ و ڕووناکبیرانی چەپی ڕادیکال و تەنانەت کرێکارانیش بە شێوەی تاکە تاکە. لەو نیوەدا بزووتنەوەی کرێکاری و هەڵسووراوانی نەک هەر جێگا و شوێنی تایبەتیان وەدەس نەهێنا، بەڵکو بە هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و هەڵدرانی ئالای خودموختاری لەسەرووی هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵ، گیرانی شارەکان لە لایەن ڕژیم و پێویستی‌ی سازماندانی خەباتی چەکدارانە لە دەرەوەی شارەکان، بۆ دەورەیەک پەیوەندی موجوودی نیوان کۆمەڵە و بزووتنەوەی کرێکاری پچرا و کۆمەڵە پتر لە پێشوو بە ئولگووی هەڵسووراوانی سوننەتی لە کوردستان نزیک بووەوە.

مەسەلە ئیراد گرتن لە زیادە ڕەوی کردن لە خەباتی چەکدارانەدا، "زل" نەکردنەوەی و کەم بایەخ دان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە نیە. لە بەبوونی خەباتی چەکدارانەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی خۆی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی پەرە پی بدا و ئەو نزیکایەتی‌یەی کە ئێستا لەگەل چینی کرێکاری هەیە وەدەس بێنی. خەباتی چەکدارانە لە کوردستان و دەور و نەقشی چارەنووس سازی، وەڵامیکی شۆڕشگێرانە بوو کە ئەگەر کۆمەڵە خۆی لی لادابا بێگومان دەخرایە حاشیەی کۆمەڵ. هەروەها خۆدی خەباتی چەکدارانە و هەڵسووراوانیک کە بە دەوری‌دا ڕیکخرا، فەزایەکی سیاسی و ئیعتیرازی ئاوالەتری لە چاو شوێنەکانی‌تری ئێران لە کوردستان پێک هێنا، کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی‌ی لە چوارچێوەی حیزبی چەکداردا ڕێکخست و جێگیری کرد و ئەم دەرفەتەی پێک هێنا کە کۆمۆنیستەکان و حیزبەکەیان لە هەلومەرجی پێویست دا (کە ئەم پێویستی‌یەش هاتە پێش) بەرانبەر بە بورژوازی و حیزبە چەکدارەکەی نەبنە قوربانیانی دەست و پی بەستراو. چینی کرێکار لە کردەوەدا پتر لە هەموان لەم دەسکەوتە کەلکی وەرگرت، خەباتی چەکدارانە دەبی بمینی تا ئەم هەلومەرجە بپاریزری.

سەرەڕای هەموو ئەمان مەسەلە ئەوەیە کە کۆمەڵە بە هاتنە گۆڕی پێویستی سازماندانی خەباتی چەکدارانە بە جاریک لە ڕێکخراویکی جەماوەری‌یەوە کە هێزی خۆی ئەساسەن لە شارەکان وەر دەگرت بووە ڕێکخراویکی مەحدود بە خەباتی چەکدارانە کە پتر ڕووی لە دیهات بوو. هەروەها شکلی تەشکیلاتی، ئولگووی تیدا هەڵسووڕانی و مەشغەلە و ئەولەوییەتەکانی ڕابەری‌یەکەی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی گشتی‌دا لە قالب درا کە ئێستا شکل و شێوەی چەکدارانەی بە خۆوە گرتبوو.

حیزبی کرێکاری دەتوانی لەهێندیک دەورەدا خەباتی چەکدارانە ڕێک بخا و تەنانەت لە هیندیک هەلومەرجدا ئەم خەباتەی لی "زل" بیتەوە (وەک دەورانی قیام و شەری نیو خۆ)، بەڵام ئەمە ئاڵ و گۆڕیک لە خەسلەتی کرێکاری‌یەکەی دا پێک ناهینی هەموو کەس دەبینی کە ئەمە حیزبی کرێکاری‌یە کە خەباتی چەکدارانە ڕیک دەخا و ڕابەری دەکا و لە هەمان حالیش دا هەر بنەڕەتی لەسەر ئەساسی حەوزەکان، کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان دامەزراوە، سەر و خوار و پلە جۆراوجۆرەکانی ئەساسەن لە ڕابەرانی کرێکاری و ئەو کومینانە پێک دی کە ئەم ڕابەرە کرێکاری‌یانەی تیدا ڕێکخراوە. حیزبی بولشویک نموونەی بەرچاوی حیزبیکی وایە. سازماندانی قیام و پاشان شەری نیو خۆ هیچکامیان ئەوەی بەسەر ئەو حیزبە نەهینا کە لە ڕواڵەت دا پێویستی‌ی خەباتی عەلەنی، چەکدارانە و جەماوەری بەسەر ئێمەی هێنا. تەنیا کەسانیک تووشی بەڵای جیا بوونەوە لە کرێکار دەبن کە هەر لە سەرەتاوە کرێکار نەبوون. کرێکار و حیزبی کرێکاری ناتوانن لە شوێنی کرێکاری جیا ببنەوە. ئەمە تەنیا خاسییەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یە غەیرە کرێکاری‌یەکان و ڕووناکبیران و خوێندەوارانی کۆمەڵە کە دەتوانن تەسمیم بگرن و ئەمڕۆ کار و باری کرێکاران گرینگە و بەیانی ئەم کار و بارەیان "لەبیر بچێتەوە" ، "ئاسویان بگوری" و بە هەر حال شتیکی دیکە جێگای کرێکاریان بۆ بگرێتەوە و ئولگوویەک بۆ هەڵسووڕانیان هەڵبژێرن کە کرێکاران نەتوانن ژیان و خەباتی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیانی تیدا بەرنە پێش. کرێکار، کرێکارە و ژیانی ڕۆژانە دەرفەتی خولەبیر چوونەوەی پی نادا و حیزبی کرێکاریش کە بە مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی و زەمینەی کرێکاری‌یەوە گری دراوە، حیزبێکیش کە کۆڕ و کۆمەڵی ڕابەرانی کرێکاری لە خۆدا کۆکردبێتەوە، ناتوانی خۆی لە بیر بچێتەوە. لە هەرحال دا ئەگەر ئەم وەزعە لە مەوقعییەتێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەلقولابی، گورینی ئەم وەزعەش بە "تەزکیەی نەفس" و نە "پالاوتنی ئیدەئولوژیک" و نە بە "کاریکی بەرینی ئاموزشی" ناکری. ناسینی ئەو بزووتنەوەی کە ئێمە ڕابەری دەکەین، دەرک کردنی کاملی جیاوازی‌یەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەل بزووتنەوەی کرێکاری، ڕاگەیاندنی ڕەسمی و ئاشکرای ئەم تێگەیشتن و خۆ وشیاری‌یەی خۆمان بە کرێکاران، بە ڕەسمی ڕاگەیاندنی ئاشکرای کۆمەڵەی کرێکاری بەڵام غەیرە ڕەسمی مەوجوود و بە شێوەی واقیعی بە حیساب هێنانی بیر و ڕای ئەندامانی ئەم کۆمەڵە کرێکاری‌یە لە دیاری کردنی سیاسەت و فونکسیونە تەشکیلاتی‌یەکاندا، ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ڕەسمی ئێستا وەک بەشێک و لقیک لە کۆمەڵەی مەوجوود و مەربووت کردنەوەی کامل و تەواوی کۆمەڵە بە بزووتنەوەی کرێکاری لە هەموو باریکەوە دەتوانی ئەم وەزعە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگوری.

سەر لە نوی ئارایش پێدانی تەشکیلاتی کۆمەڵە هەنگاویکە لەم ڕێگایەدا. مەبەست لەم سەر لە نوی ئارایش پێدانە، ڕاگەیاندن و ڕەسمییەت پێدانی کۆمەڵەی ئێستا (کۆمەڵەی ڕەسمی و چەکدار) وەک لقی نیزامی کۆمەڵە، لقی نیزامی ڕێکخراوێکی کرێکاری کە بربرە پشتی لە شارەکان و لە نیو کرێکاران دایە. ئەمە هەر وەها ڕاگەیاندنی ئەو مەسەلەیە کە ئولگوو و نموونەی ئەسلی‌ی ئەندامێکی کۆمەڵە و کادرێکی کۆمەڵە هەڵسووڕاو و ڕابەری کرێکاری‌یە. ئەم تەرحە ڕیبەرایەتی سەراسەری‌ی کۆمەڵە، کە بە پی قاعیدە دەبی بەر لە هەموو شتیک ڕابەری بزووتنەوەی ئیعترازی‌ی کرێکاران لە کوردستان بی، لە ڕیبەرایەتی لقی نیزامی کۆمەڵە جیا دەکاتەوە و سەرئەنجام ئەم هەنگاوە بۆیە بە تەمای ئەوە هەڵدەگیری کە لە پال ڕاگەیاندنی ئەم دوایی‌یانەی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و ئەو فەعالییەتانەی کە دەبی لە پەیوەند لەگەل ئەمەدا بەڕیوە بچی، کۆمەڵەی غەیرە ڕەسمی وەک بربرە پشتی کۆمەڵە ڕەسمییەت پی بدا و بیکاتە شوین و بەستەری سەرەکی‌ی کۆمەڵە.

سەرجەمی ئەو ئیقداماتەی کە ئەگەر بکری جێگا و شوینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە دەگوڕی.

بە گورینی جێگا و شوینی کۆمەڵە، دیمەنی کۆمەڵەش دەگوردری. لە جیاتی دیمەنیک کە ئێستا کۆمەڵە هەیەتی دیمەنیکی وا پێک دی کە کۆمەڵە بریتی دەبی لە ڕێکخراوی ڕابەران و هەڵسووراوانی کۆمۆنیستی کرێکاران کە لە شارەکانی کوردستانن و هەروەها هێزی چەکداری کۆمەڵە لە قەڕارگا نیزامی‌یەکانی خۆی لە ناوچەکانی سنووری کوردستان دا جێگیر دەبن و ڕیبەرایەتی کۆمەڵە کە لە ڕاستی‌دا ڕیبەرایەتی ئەم حیزبە کرێکاری‌یەیە، وەک هەموو ئەو حیزبانەی کە هەلومەرجیکی ناوایان هەیە لە تەبعیددا دەبن.

بەم جۆرە نەتیجەگیری ئەو ئیقداماتەی کە دەبی بۆ سەر لە نوی ئارایش پێدانی تەشکیلاتی کۆمەڵە بەڕیوە بچی کارێکی دژوار نابی. سەر خەتە سەرەکی‌یەکانی ئەم ئیقداماتە لە بەڵگەیەکی نیوخۆیی‌دا کە پلینومی شەشەمی کومیتەی ناوەندی‌ی کۆمەڵە پەسندی کردوە، دیاری کراوە کە گرینگترین خاڵەکانی بەم جۆرەیە:

بێجگە لەو بەشە لە ئورگانەکانی کۆمەڵە کە هەڵسووڕانیکی سەراسەری‌یان هەیە، وەک "کومیتەی تەشکیلاتی نیهنی" ، "ڕادیو دەنگی شۆڕشی ئێران" "ئینتیشارات" و ئورگانی لەم چەشنە، هەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ئورگانە تەدارەکاتی‌یەکان، ئورگانە خەدەماتی‌یەکان، ئورگانە ئامووزشی‌یەکان و ئورگانە دەرمانی‌یەکان و... بە "هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە" نیو دەبرین و دەچنە ژێر مەسئووللییەتی "ستادی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە"وە "ستادی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە" مەسئوولی سازمان دان و بەڕێوە بردنی هەموو جۆرە هەڵسووڕانێکی نیزامی و سیاسی‌ی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کار و باری تەبلیغی (ڕاگەیاندنی هەوالی عەمەلیاتەکان و شتی لەم چەشنە)، کار و باری پشتیوانی و هەموو کار و باریکی حیزبی‌ی ئەم هێزە دەبی و بە پێی سیاستەتەکانی کومیتەی ناوەندی‌ی کۆمەڵە ئەم ئەرکانە بەڕێوە دەبا. بەم جۆرە ڕیبەرایەتی کۆمەڵە کە تا ئێستا ئەم دەور و نەقشەی بەڕێوە بردوە دەبی ئەساسەن ڕووبکاتە مەیدانی کار و هەڵسووڕانی کرێکاری.

شکلی سازمانی‌ی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش بە پێی ئەم ئاڵ و گۆڕانە، دەگوردری. ئەو بەشانەی کە ئێستا بە تەشکیلاتی محەللی، وەک: "تەشکیلاتی سنە" ، "تەشکیلاتی سەقز" ، "تەشکیلاتی مەهاباد" و... نیو دەبرین، و لە ڕاستی‌دا هێندێک بەشی تەشکیلاتی نیزامی‌ی مەوجوودن، هەڵدەوشینەوە و دیارە کومیتەی ناوچەکان و کومیتەی مەنتەقەکانیش هەڵدەوەشینەوە. تەشکیلاتی محەللی کۆمەڵە لە ئەساس دا تەشکیلاتی هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری لە شارە جۆراوجۆرەکان دەبی کە سیاسەتی سازماندەهی ئێمە لە نیو کرێکاران دا بەرەوپێش دەبا و پەرەی پی دەدا و هاو ئاهەنگی دەکا. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە باری سازمانی‌یەوە ئارایشی کاملی نیزامی بەخۆ دەگری و لە دەستە، پەل، گوردان و تیپ دا سازمان دەدری. کولەکەی حیزبی ئەم سازمانە نیزامی‌یە هەر وەک پێشوو شەبەکەی حەوزە حیزبی‌یەکان دەبی.

بروانە لاپەڕی ٤

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٧ October: ١٩٩٠

کارگر امروز

"کارگر امروز" گوڤاریکی فارسی و ئینگلیسی‌یە کە تا ئێستا ٥ ژمارەی لە دەرەوەی ولآت دەرچووە. لە میژبوو بوشایی گوڤاریکی ئەنترناسیونالیستی و کرێکاری بە زمانی فارسی هەستی پێ دەکرا، گوڤاریک کە خوینەرانی خۆی لەگەل ژیان و خەبات و هەوالی هەلسووڕانی کرێکارانی جیهان ئاشنا بکا. بیگومان بۆ هەلسووڕاوانی سوسیالیستی دەرەوەی ولآت دەرچوونی ئەم گوڤارە، هەنگاویکی پر سەمەرە بۆ پر کردنەوەی ئەم بوشاییە.

رەزا مقدەم سەردەبیری "کارگر امروز" لە یادداشتی سەردەبیر لە ژمارەی یەکەم دا سەبارەت بە مەبەستی گوڤارەکە دەلی بە تەمایە خوینەرانی خۆی بە روانگەیەکی سوسیالیستی‌یەوە بەریتە دنیای کرێکاران و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و رێکخراوەکان و هەلسووڕانی کرێکارانی جیهان ئاگاداریان کا و ئێستا پاش دەرچوونی ٥ ژمارە دەرکەوتووە کە "کارگر امروز" لە وەدی هێنانی مەبەستی دا سەرکەوتوە. بێجگە لەوەی خوینەرانی خۆی لەگەل بزووتنەوەی جیهانی و بەرینی کرێکاری ئاشنا دەکا، خوینەران و هەلسووڕاوانی غەیرە فارسیش لەگەل مەینەت و ئامانج و خەباتی کرێکارانی ئێران ئاشنا دەکا.

هەلسووڕاوانی سوسیالیست و هەر کەس خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی سوسیالیستی‌ی کرێکاری دەزانی ناتوانن سەبارەت بە "کارگر امروز" بی تەفاوەت بن. ئەوان "کارگر امروز" بە یار و یاوەر و یاریدەدەری خۆیان و خوشیان بە یاریدەدەری "کارگر امروز" دەزانن و کومەکی دەکەن.

بە هیوای ئەوی "کارگر امروز" ببیتە رۆژنامەی رۆژانەی کرێکارانی ئێران.

***

گورینی‌ی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەلّە رێکخستنی تەشکیلاتی کرێکاری بە لقی نیزامی‌یەوە

کۆمەلّە بەدرێژایی فەعالییەتی خۆی گەلێك جار بەرەولای کرێکاران گوراوە و لەم جیهەتەدا ئارایشی تەشکیلاتی خۆی گوریوە. بەلآم ئەم ئالّ و گۆرانە نەیانتوانیوە سیمای تەشکیلاتی کۆمەلّە بکەنە سازمانێکی کرێکاری کە لقێکی نیزامی هەیە. سەرەرای باشتر بوونی جیددی پەیوەندی کۆمەلّە و چینی کرێکار لە کوردستان و سەرەرای ئەوەی کۆمەلّە لە چەپی رادیکال دوور کەوتوەتەوە، هێشتا ئەو شتەی هەلسووڕانی ئێمە لە کوردستان دیاری دەکا، ئەو ویچوون و شەباهەتانەیە کە لەگەل تەشکیلاتی سوننەتی‌یەکان هەیەتی. هیشتاش لە هەرکەس بپرسی کۆمەلّە لە کوی‌یە؟ ئوردووگا نیزامی‌یەکانی کۆمەلّەت نیشان دەدا. هیشتا ئولگووی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان، چ بە لای خۆدی ئەو تەشکیلاتەوە و چ بە لای کرێکاری لایەنگری ئەو تەشکیلاتەوە، ئەوەیە کە ئەندام لە مەیدانی هەلسووڕانی نیزامی‌دا کاریکا و هەلسووڕاوانی ئەم مەیدانە گرینگی و پرستیژێکی زیاتریان لە هەلسووڕاوانی کرێکاری هەیە و هیشتاش ئەولەوییەتەکان و مەشغەلەی ئەم مەیدانەی هەلسووڕانن. گورینی ئارایشی تەشیکلاتی کۆمەلّە ئەم جار بۆ ئەوەیە کە هەنگاوێکی گرینگ بەرەو گورینی کوللی ئەم وەزعە هەلّگری.

هاوری عمر ئیلخانی زادە لە گوڤاری "پیشرەو"ی ژمارە ١٨دا، لە مەقالەیەك دا بە نیوی: "گورینی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەلّە و مەبەست لەم گورینە هەولی داوە ئەم مەسەلەیە لە روانگەی خۆیەوە شی کاتەوە. بەلآم بە بروای من لە شی کردنەوەی دەلیل و بنەمای ئەم کارەدا سەرکەوتنی وەدەس نەهێناوە.

بەدەستەوەدانی دیمەنێکی روشن لە هۆیەکانی ئەم ئارایش گورینە لە هەموو باریکەوە گرینگی‌یەکی حەیاتی هەیە. ئەم دیمەنە نەك هەر نەقشەی ئەمرۆمان بۆ گورینی ئارایشی تەشکیلاتی بەدەستەوە دەدا بەلّکوو لەوەش گرینگتر ئەو دیمەنەی کە ئێمە لە حیزبی کرێکاری‌مان هەیە و ئەو ئامانجەی کە ئێمە بۆ خۆمان دیاری کردوە نیشان دەدا. ئەم وتارەی ئێستا دەیخوێننەوە هەولدانیکە بۆ روون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە. بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بەم باسە پێشتر لە ئەدەبییاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌دا باسی کراوە. (هەروەها هاوری عبدالله مهتدی لە نووسراوەیەکدا بە نیوی "داهاتووی تێکۆشانمان لە کوردستان" لە ژمارەی ٥١ی گوڤاری "کمونیست"دا سەرخەتەکانی شکلی تەشکیلاتی کوردستانی حیزبی دەست نیشان کردوە.)

گورینی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەلّە لە باری ئیقداماتی تەشکیلاتی‌یەوە هەر وەك دواتریش رووندەکەمەوە شتێکی ئالوز و پێچیدە نیە. بەلآم بەشیکە لە وەلآمی گیر و گرفت و مشکلیکی گرینگ. موشکلی یەك نەگرتنەوەی کۆمەلّە لەگەل نیاز و پێداویستی‌یەکانی رۆژانەی کرێکار و یەك نەگرتنەوەی ئەم تەشکیلاتە لەگەل قالبی ئاسایی ئیعتیرازی کرێکاری.

هەروەك گەلیك جار باسمان کردوە، حیزبی کرێکاری ئەگەر بەراستی و لە باری کۆمەلّایەتی‌یەوە کرێکاری بی، پێش هەموو شتێك قالبی ئیعتیرازی کرێکارە. هەر کرێکاریك کە بیەوەی ئیعتیراز بکا خۆی نەك بە لایەنگری ئەو حیزبە بەلّکوو دەبی خۆی بە بەشیك لەو حیزبە بزانی. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبی گەرایشیکی دیاری کراو لەنیو کرێکاران دایە. ئەم حیزبە، شوێنی سەرەکی هەلسووراوی شوێنی کرێکارانە و تەبلیغەکەی، ساختمانەکەی، رابەری پایە جۆراوجۆرە حیزبی‌یەکانی، گرینگی کادرەکانی، مەشغەلە و دل نیگەرانی‌یەکانی، هەموویان کرێکارین و ئولگووی ئەندامی هەلسووراو و کادری ئەو حیزبە، ئولگووی کرێکاریکی هەلسووراو و رابەریکی کرێکاری‌یە. گەشە کردن و کز بوونی ئەم حیزبە راستەوخۆ بە گەشە کردن و کز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری‌یەوە گری دراوە، رۆژ رەشی و هەژاری لە نیو کرێکاران دا دەبیتە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە تووشی گیر و گرفتی مالی بی، هەلسووراو بوونی هەر گەرایشێکی نیو کرێکاران راستەوخۆ بە چاك یان بە خراپ تەئسیر دەکاتە سەر هەلسووڕانی ئەم حیزبە. هەرکەس بیەوەی حیزبێکی ئاوا نیشان بدا دەسبەجی دەست بۆ شوێنە کرێکاری‌یەکان رادەدیری ئیتحادیەکان و شوراکان نموونەیەکی باشی تەشکیلاتی کرێکارین. کرێکاریك کە بیەوەی خەبات بکا بە شێوەی ئاسایی لە قالبی ئەم رێکخراوانەدا دەیکا. حیزبی کرێکاری هەر جیاوازی یەکیشی لە باری ئامانج و تەیفی ئەو کرێکارانەی کە دەیانگرێتە بەر لەگەل شووڕا و ئیتحادیە هەبی، لەم بابەتەوە لەگەلیان یەکیسانە. هەر کرێکاریك کە خۆی لە ئامانجەکانی ئەم حیزبە بە نزیك بزانی، ئەم حیزبە بە قالبی رێکخراو بوونی خۆی و بەرەو پێش بردنی خەباتی رۆژانە و درێژ خایەنی خۆی دەزانی.

پەیوەندی کۆمەلّە لەگەل چینی کرێکار لە کوردستان لە سالآنی رابوردوودا گەلێك گوراوە. کۆمەلّە لە رێکخراوی پوپولیستی‌یەوە بووەتە تەشکیلاتیکی کۆمۆنیستی کە لە ئامانجە کرێکاری‌یەکان دەدوی. هەلسووران و تەبلیغاتی کۆمەلّە لە نیو کرێکاراندا خیرا و بەهێز کردوە و کۆمۆنیزم و سوسیالیزم و ئامانجی کرێکاری‌یەکان حەققانییەتێکی بەرینیان لە کۆمەلّدا وەدەست هێناوە. کۆمەلّە هێزی خۆی لە کۆمەلّدا لەو واقعییەتانە وەر گرتوە و چینی کرێکار دەرفەتی گەشە و هەلّدانی کۆمەلّەی بەرانبەر بە حزبی دیموکرات پێك هێناوە. بەلآم کۆمەلّە وەك رێکخراوێك هیشتاش لە دەستەسی کرێکاران دووەر. کۆمەلّە لە دەرەوەی چوارچێوەی رەسمی و تەشکیلاتی خۆی لە نیو چینی کرێکار و خەباتی کرێکاری کۆمەلّەیەکی دیکەی پێك هێناوە کە غەیرە رەسمی‌یە. کۆمەلّەی کرێکاری لە لایەن کۆمەلّەی رەسمی‌یەوە بە رەسمی ناناسری و تەنانەت خۆیش خۆی بە رەسمی ناناسی. ئەو کۆمەلّەیە تێکرای ئەو کرێکارە تێکۆشەرانەن کە لە دەرەوەی تەشکیلاتی کۆمەلّەن کە کۆمەلّە رووی قسەیان تیدەکا. کۆمەلّەی کرێکاری لە سازمانی حیزبی کۆمەلّەدا، لە ئەولەوییەتەکان و مەشغەلەکانی ریبەرایەتی کۆمەلّەدا جیگایەکی گرینگی نەبووە. ئەندامانی کۆمەلّەی کرێکاری تەنانەت نەیانویراوە خۆ بە ئەندامی کۆمەلّە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بزانن و کاتیك بە تەشکیلاتی کۆمەلّە پەیوەست دەبن دەرفەت و ئیمکانی گەشە و هەلّدان و وەئەستو گرتنی مەسئوولییەتیان نیە. ئەرکەکانی لەم تەشکیلاتەدا بە شێوەیەکن کە روناکبیری خویندەوار دەتوانی بو وەئەستو گرتنیان خۆ کاندید کا. زمانی تەبلیغاتی کۆمەلّە زمانێکی کرێکاری نیە و بۆیە ئەوە کرێکار نیە کە دەتوانی لە تەبلیغاتی کۆمەلّەدا دەور و نەقشیك وەئەستو بگری. پەیوەندی ناو خۆیی‌یەکانی کۆمەلّە و مەسەلەکانی بۆ کرێکار هیندە ئالوز و پێچیدەیە کە کرێکار بە دژواری دەتوانی دەور و نەقشیکی شیاوی خۆی تیدا وەئەستو بگری و... بە کورتی کۆمەلّە، رەسمەن بریتی‌یە لە تەشکیلاتە چەکدارەکەی. کرێکار هەمیشە ئولگووی پێشمەرگەی کۆمەلّەی بۆ خو هەلّسەنگاندن وەك ئەندامی کۆمەلّە لە بەرچاو و دیارە هەر وەك کوتمان ناویری خۆی بە ئەندامی کۆمەلّە بزانی. بۆ ئەویش کۆمەلّە، یان بە قەولی خۆیان "کورەکان" چ لەبارى جوغرافیایی‌یەوە و چ لە باری سازمانی‌یەوە لیی دوورن. ئەمە بە ئاشکرا ناکوکی لەگەل تەشکیلاتیکی کرێکاری هەیە.

ل٨

راگەیاندنی کوتایی پی‌هاتنی پلینۆمی هەژدەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی هەژدەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٩دا_ رێکەوتی مانگی سپتامبری ١٩٩٠_ بەرێوە چوو. دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم بریتی بوون لەمانە:

لیکولینەوەی گوزارشی دەبیری کومیتەی ناوەندی، وەزعییەتی سیاسی ئێستا لە رۆژهەلآتی ناوەراست و تەئسیراتی لەسەر تێکۆشانی حیزب لە کوردستان، دیاریکردنی ئورگانەکانی رابەری حیزبی و، هەلّبژاردن.

لەباسی وەزعییەتی رۆژهەلآتی ناوەراست دا، ویرای قسەکردن لەسەر رەوندە ئیحتمالی‌یەکان لە رەوتی وەزعییەتی مەنتەقەدا، پلینوم تەئسیراتی ئەم ئالّ و گۆرانەی لەسەر تێکۆشانی حیزب لە کوردستان دایە بەر لیکولینەوە. لەم پلینومەدا سەرخەتەکانی بەرنامە عەمەلی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری درا بە کومیتەی ناوەندی. هەروەها بە پێی پێشنیاری فراکسیون، پلینوم تەسمیمی گرت لە سەرووی حیزب دەفتەری سیاسی پێك بی. منصور حکمت، کورش مدرسی، رەزا مقدەم و ایرج ئازەرین ئەندامی دەفتەری سیاسی هەلّبژیردران. پلینوم بە تیکرای دەنگ منصور حکمتی بۆ دەبیری کومیتەی ناوەندی هەلّبژارد.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خەرمانانی ١٣٦٩

***

راگەیاندنی پێك هاتنی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا

دوای هاتنە گۆری باسەکان و بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی هەرچی پەیگیرانەتری ئەو سیاسەتانە کە لەم بۆچوونانەوە سەرچاوە دەگرن، لە راگەیاندنێك دا کە رۆژی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٦٩ (رێکەوتی ١٠ی ژوئەنی ١٩٩٠) روو لە تێکۆشەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بلاو کرایەوە، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەوجوودییەتی خۆی راگەیاند. سەرخەتی ئامانجەکانی ئەم فراکسیونە بریتین لەمانە:

١- دیفاع لە مارکسیزم و ئامانجی شۆرشی سوسیالیستی

٢- هەولدان بۆ گەیشتن بە ئاسویەکی بەرنامەیی، ستراتیژیکی و سیاسی روشن بۆ بزووتنەوەی سوسیالیستی کرێکاری.

٣- بەشداری کردن لە ئەرکی یەکگرتوو کردنی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە رێزیکی واحیدی ئەنترناسیونالیستی‌دا.

٤- بەشداری کردنی یەکگرتوانە و رێکخراو لە جەبهە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کرێکاری دا.

٥- پێك هێنانی ریزیکی پتەو لە رابەران و کادرەکان و تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ هەلّبژاردنی کۆنگرەی چوارەم.

٦- هەولدان بۆ تەبدیل کردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبێکی یەکپارچەی کۆمۆنیستی کارگەری.

٧- هەولدان بۆ جێگیر کردنی رابەری فیکری و عەمەلی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەر لە ئێستاوە و بەرێوە بردنی رابەری‌یەکی کۆمۆنیستی لە حیزبدا. زال بوون بەسەر ئەو سستی و مانعانەدا کە گەرایشەکانی‌تر بەسەر خەباتی کۆمۆنیستی حیزبی‌دا دەسەپێنن.

٨- هەولدان بۆ ئەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر لە ئێستاوە بچێتە نیو ریزی پێشرەوی خەبات بۆ سوسیالیزمی کارگەری لە ئاستی نەزەری و پراتیکی‌دا.

٩- ئامادەگی بۆ یەك لاکردنەوەی یەکجاری تەکلیفی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە قازانجی حەرەکەتی کۆمۆنیستی کارگەری لە کونگرەی چوارەم دا.

منصور حکمت

١٣٦٩/٥/١٠

١٩٩٠/٨/١

***

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٨ رەشەمەی _ ١٣٧٠ مارس_ ١٩٩٢

کۆمەڵێك لە لاوانی شۆرشگێڕ چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

ڕۆژی ١٠ی ڕەشەممەی ڕابوردوو، واحیدێك لە خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، چەکدار کران و بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون.

هاوری "بهمن عەلییار" مەسئوولی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، لەم بابەتەوە لە لیدوانێکی کۆرت دا وتی:

"ئەو کەسانەی کە خوازیاری پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بوون و توانیبوویان خۆیان بگەیەننە ئاموزشگا، دوای تێپەڕ بوونی کار و باری سەرەتایی پێویست بۆ وەرگرتنیان، دەورەی ئاموزشییەکەیان دەستی پێکرد. ئەو هاوریانە لە ماوی چەند مانگدا دەورەکەیان سەرکەوتوانە تەواو کرد و ڕۆژی ١٠ی ڕەشەممە لە مەراسمێك دا کە بو چەکدار کردنیان بەڕپا کرا. چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان لە لایەن یەکێك لە مەسئوولینی ئاموزگشاوە پێدرا و بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوون."

مەراسمی چەکدار کردنی هاوریانی تازە پێشمەرگە بە سروودی ئەنترناسیونال و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ڕیز گرتن لە یادی هاوریانی گیان بەخت کردووی ڕێگای سوسیالیزم و ئازادی دەستی پێکرد. پاشان هاوری بهمن عەلییار مەسئوولی ئاموزشگا، سەبارەت بە دەورەی تازەی کار و فەعالییەتی ئاموزشگا قسەی کرد. لە درێژەی مەراسمەکەدا نوینەری هاوریانی تازە پێشمەرگە پەیامێکی خوێندەو. هەروەها پەیامی باقی خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە کە چاوەڕیی دەستپێکردنی دەورەی ئاموزشی بوون و پەیامی جەمعێك لە دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵە کە لە مەراسمەکەدا بەشدار بوون، پێشکەش کران.

***

مارکس لەودیوی ئەفسانەوە

بیروراکانی مارکس دەبێ وەکوو ڕەفیق و دوستێکی قەدیمی بزووتنەوەی کارگەری ڕەواج پەیدا بکا!

بۆ دەیان ساڵ، حکوومەتی شوورەوی لە ڕووسیە لە ناوی مارکس و پەیکەرەکان و ڕوینەکانی وەکوو موعجزە گەڕێك کەلکی وەرگرت. ئەوان ئەم ئینسانە بی مەزهەب و شۆرشگێڕەیان کردبووە سەمبولێکی غەیرە واقعی لە ئیمکانێکی مەزهەبی.

هەر منالە مەدرەسەیەك پێویست بوو بیر و باوەری ئەو بخوێنێتەوە، یان لانی کەم وا دەردەکەوی کە خوێندوویەتەوە. بەڵام ئەگەر وردتر سەرنج بدەین دەبێنین کتێبە دەرسییەکان، بیر و باوەری مارکس یان بە تەواوی لە ناوەڕۆکی ئەسلی خۆی داتەکاندوە و کردوویانەتە پشتیوانێك بۆ چینی دەسەڵاتدار، قوتابییەکان دەیان زانی بۆ ئەوەی لە ئیمتحانەکان دا سەرکەون، ناچارن هەموو ئەو درویانە دووپات بکەنەوە.

مارکس ڕەخنەگریکی مەزهەب بوو بەڵام ئەوان مارکس یان کردبوە "قدیس"یك، بە ڕاستی بۆچی ئەوان ئا بەم جۆرە لەهەر بابەتێکەوە بە پێچەوانەی قسەکانی مارکس دەجوولانەوە؟ ئایا ئەوان ئاشنایییەکی ئەوتویان لەگەڵ مارکس نەبوو؟

ساڵی ١٩١٧ جولانەوەیەکی گەورە بۆ دەس پێکردنی شۆرشی سوسیالیستی جیهانی لە ڕووسیە دەستی پێکرد و



ئەم شۆرشە لەبیر و باوەری مارکسەوە سەرچاوەی دەگرت. کرێکاران حکوومەتی خۆیان پێك هێنا. ئەوان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت بەڵام نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر بپارێزن. ئەم شۆرشە لە پروسەیەکی چەند دەساڵەدا بە تەواوی بە دژی خۆی هەڵگەڕایەوە. شکستی شۆرش ڕژیمێکی دژی کرێکاری هێنایە سەرکار کە هونەرەکەی ئەوە بوو بە زۆر بە خەڵك بسەلمێنی کە ئەوان نوینەری چینی کرێکار و بیر و باوەری مارکسیزمە.

چینە دەسەڵاتدارەکان لە وڵاتانی غەربیش، ئەم ڕژیمەیان وەکوو نیشان و نوینەری سوسیالیزم و کۆمۆنیزم لە قەلەم دەدا و بەم جۆرە بیروڕای گشتی خەڵکیان گوش دەکرد. سوسیالیزم نیشاندەری ئینسانیترین هەول و تێکۆشانی بەشەر بۆ ڕزگاریبە، بەڵام ئەوان تێدەکۆشان ئەوە لە زین و مێشکی کرێکارن دا جیگیر بکەن کە سوسیالیزم یانی دەسەڵاتداڕەتی بی ئەم و ئەولای حیزبەکەی خۆیان.

بروانە لاپەڕی ٢

کاری منداڵان فەوتانی ژیانی نەسلیکە

مرتزا تەمەنی ١٠ ساڵە و کلاس دووهەمە. هەڵبەتە دەبوایە ئیمسا ڵ کلاسی چوارەی خوێندبایە، بەڵام بە هەر دوو ساڵ کلاسێکی خوێندوە. ئەگەر ئیمسا ڵ قەبوول نەبی دەبی دەوری خوێندن خەت بکێشی و لە فکری پەیدا کردنی کارێك دابی. باوکی مرتزا لە ئەنبارێکدا کار دەکا کە ئەنباری ورتکە نانە. ورتکە نانی ئەم ئەنبارە لە لایەن گاریچییەکانەوە لە خیابانەکانی "ئازەری" و "سی‌میتری" لە مالانی خەڵك کۆدەکرێتەوە و لە بەرانبەریدا خۆی یان دەدەنی. مرتزا هەموو ڕۆژێك دوای مەدرەسە یارمەتی باوکی دەدا. چونکو باوکی دیسکی‌کەمەری هەیە و ناتوانی تەلیسەکان بە تەنیا ئەم بارە و بار بکا. ساحەب کارەکەش بە باوکی مرتزای وتوە ئەگەر ناتوانی کارکەی بکا، کرێکاریکی‌تر دەنێتە جێگای. ئەو گاریانەی کە ورتکە نان دێننە ئەم ئەنبارە ئەغلەب منداڵان لە سەری کار دەکەن و هەموو ڕۆژێك دوانێوەڕۆ نانەوردەکان دێننە ئەم ئەنبارە، بەڵام کاری ئەسلی تازە لەم کاتەدا دەس پی دەکا و تا دوازدە و یەکی نیوە شەو درێژەی دەبی. مرتزا و باوکی سەرەتا نانەکان لە شوێنێك هەڵدەرێژن و پاش خاوین کردنەوەیان سەر لە نوی دەیکەنەوە ناو تەلیسەکان و لە سەریەك هەڵیان دەچنن تا ماشینەکانی "گاوداری" بین و بیانبەن. مرتزا ئەسلەن حەز بەم کارە ناکا، بە تایبەت کاتێك دەبینی هیچ حەقدەستێکی پی نادەن! مرتزا هەموو بەیانییەك بە ئێشی مل و پشتی وەخەبەر دی و لە سەر کلاسی دەرسیش ئەغلەب وەنەوز دەدا و خەوی لێ دەکەوی.

نەسرین ١١ ساڵەیە و لە ٨ ساڵیەوە لە پشت داری قالی خەریکی کارە. هەموو ڕۆژێك لە سەعات ٧ی بەیانییەوە تا ١٢/٥ی نیوەڕو خەریکی کار دەبی. دوای ئەوە هەر لەوی و لە ناو توزی بەن و شریت دا نان دەخوا و هەمیسان دەچێتەوە پشت دەزگاکە و تا ئیوارە کار دەکا. لەسەر ئەو دارە کە نەسرین کار دەکا ٢ کچی تری ١٤ و ١٦ ساڵەش کاردەکەن. هەموویان قامکی دەستیان لار و لەویر بووە و دەستەکانیان جێگای بڕینی کونیان پێوە دیارە. ئەم کارگایە هی "جهاد"ە منداڵانی کرێکار ٣-٢ ساڵی ئەوەل وەك "کار ئاموز" چاویان لێ دەکری و حەق دەست وەرناگرن.

.....

ل٣

٢٦ی ڕێبەندان:
ڕیزگرتن لە یادی ١٣ ساڵەی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە

مەراسمی ڕیزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە یەکێك لە مقەرە مەرکەزییەکانی کۆمەڵە، بەڕێوە چوو. لەو مەراسمەدا بێجگە لە هاورییانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، جەمعێك لە دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵەش بەشدار بوون.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال سروودی یەکیتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێکرد و پاشان بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم دەقیقەیەك بی دەنگی ڕاگیرا.

لەو مراسمەدا هاوری سەلاحی مازوچی ئەندامی کومیتەی ڕابەری کۆمەڵە سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چەند ساڵەی ڕابوردووی کۆمەڵە و هەروەها ئەرکەکانی کۆمەڵە لە دەورەی ئێستا و داهاتوودا قسەی کرد.

هەروەها پەیامی پیرۆزبایی خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، خوێندرایەوە.

مەراسمی ریزگرتن لە سەرلەتازە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، واحیدێك لە خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، چەکدار کران و بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون.

وت و وێژ لەگەڵ هاوری ئیبراهیم عەلیزادە

ئەوەی لیرەدا دەیخوینیتەوە وت و وێژی دەنگی شورشی ئێران لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵەیە کە بە بۆنەی ٢٦ی ڕیبەندان لە دەنگی شورشی ئێرانەوە بلاو کرایەوە.

ڕسیاری یەکەم:

پرسیارەکانم لە مەسەلە سیاسییەکانی ئێستای ئێرانەوە دەست پێدەکەم. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە مەوقعییەتی بین المللی و مەنتەقەیی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی چون دەبینن و بە دوای ئال و گۆڕەکانی گرینگی دوو ساڵی ڕابوردوو لە دونیادا ڕژیمی ئێران چ جیگایەکی بە دەست هێناوە؟

وەڵام:

بو ڕوشن بوونەوەی جوابی ئەو پرسیارە پێویستە چاویك بەو ڕووداوانەدا بخشینینەوە کە بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی خەلیج لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە و هەر کامەیان بە شێوەیەك کاریان کردوەتە سەر وەزعی سیاسی ئێستای ئێرانیش. ڕووداوەکانی مەربووت بە کێشەی خەلیج هەر لە سەرتاوە، هەتا کوتایی پی هاتنی شەر و هەتا ئێستا هەموویان ڕەنگ دانەوەی ناکوکییەکانی نیو خانەوادەی بورژوازی جیهانی بوون لە وەزعییەتێکی سیاسی نێودەوڵەتی دا کە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە بەرژەوەندیان هەبوو. کە ئەو مەوزووعە جاری جێگای باسی ئێمە نیە.

شەڕی خەلیج بە پتەوتر بوون یەك لایی بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمریکا لە مەنتەقەی خەلیج کوتایی پی هات. ئەو شەرە لە پال ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو دەورەیە ئەو واقعیەتەیان ئەو ڕاستییەیان بە دەوڵەتی سەرمایەداری لە هەموو جیهان سەلماند ....

ل٥

تەئمینی بیمەی بازنشستەیی داخوازی گشتی کرێکارانە

خوشك و برایانی کرێکار!

ئێوە چاوێك لە دەور و بەری خۆتان بکەن بزانن چەند کەس دەناسن کە بە سەری پیری و دوای ٤٠ تا ٥٠ ساڵ کار کردن و ئارەق ڕشتن، هێشتا ناچارن بە پشتی چەماوە و چاوی کەم سوماوە بۆ بژێوی ڕۆژانەی خۆیان سەر بە هەر مەیدانێکی کاردا بکەن و بە کەم ترین حەقدەستەکەیانە. ناچارن تەنانەت بە نێوەحقووقیش کار بکەن بۆ ئەوەی بە هەر جۆر بووە ژیانی خۆیان تەئمین بکەن. بەڵام ئایا دەتوانن لە عودەی ئەم ژیانە مەینەت بارە بەرین؟ دیارە کە ناتوانن. چونکوو لە نانی وشکی و بڕینج و گوشت و قەند و چایییەوە بگرە تا کری خانوو، دکتور و دەرمان و پوولی ئاو و بەرق و هەموو پێداویستییەکی ژیان، نە تەنیا بەنیسبەتی ڕابوردوو کەم نەبوتەوە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ و بە چەندین قات زیادی کردوە. ئێستاش کە نزیکەی ٦٠ تا ٦٥ ساڵ و بگرە زیاتریش لە تەمەنیان دەگوزری کار دەکەن و هێشتا ژەمێك تیر و دەژەم برسین؟

بەڵی ئەم ئینسانە شەریفانە کە هەموو عومریان هێزیان کردوتە گیانی مردووی کالاکان و ژینیان بە تەبیعەت داوە و خۆشی و نیعمەتی ژیانیان فەراهەم کردوە و خۆیان وردە وردە تواونەتەوە، ئەمڕۆش لە ترسی هەژاری و نەداری زیاتر لە ترسی ئەوەی کە دەستەندە خواری کەسیکی‌تر نەبن دێسانیش کار دەکەن و ئارەق دەڕیژن. بەڵام لەم بازارە بی‌ڕەحمە دا هەموومان دەزانین کە خاوەن کارەکان ئەگەر دەیانەوی کە کرێکاریك بگرن بەر لە هەموو شتێك چاو لە هێز و توانا و شان و باهۆی دەکەن و لە نیویاندا قەوی‌ترین و کارامەترین کەسان هەڵدەبژێرن. ئیتر دیارە کە ئەم ئینسانە لە کار کەوتوانە لە ڕەقابەتێکی ئاوا دا کەمترین شانسی کار پەیدا کردنیان هەیە و ناچارن ئەمە بە شێوەیەکی‌تر قەرەبوو بکەنەوە ئەویش هێنانە خواری قیمەتی هێزی کارەکەیان یانی حەقدەستەکەیانە. ناچارن تەنانەت بە نێوەحقووقیش کار بکەن بۆ ئەوەی بە هەر جۆر بووە ژیانی خۆیان تەئمین بکەن. بەڵام ئایا دەتوانن لە عودەی ئەم ژیانە مەینەت بارە بەرین؟ دیارە کە ناتوانن. چونکوو لە نانی وشکی و بڕینج و گوشت و قەند و چایییەوە بگرە تا کری خانوو، دکتور و دەرمان و پوولی ئاو و بەرق و هەموو پێداویستییەکی ژیان، نە تەنیا بەنیسبەتی ڕابوردوو کەم نەبوتەوە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ و بە چەندین قات زیادی کردوە.

ل٣

پاشماوەی مارکس لەودیوی ئەفسانەوە

بەڵام با بزانین مارکس ئەم پیرە پیاوە کی بوو؟

مارکس خوێندکارێکی رادیکال و ڕۆژنامەگەرێکی ئالمانی بوو لە باڵی چەپی ئەفراتی بزووتنەوەی دیموکراتیخوازی. مارکس هەر لە سەرەتای دەس بەکار بوونیەوە لە سەر مەسەلەی سانسور لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی دەرگیربوو. لە سەرەتای ساڵەکانی چلی سەدەی نوزدەدا، مارکسی لاو، بوو بە کۆمۆنیستێك. ئەو دەیگوت هەر ئەمە کافی نیە کە تەنیا بۆ ڕزگاری سیاسی، بۆ بە دەست هێنانی مافی دەنگ دان و مافی هاوواڵتی بوون بۆ هەموان، خەبات بکری، بەڵکوو ڕەگ و ریشەی واقعی ستەم و بێ عەدالەتی دەرحەق بە ئینسان زۆر قوولتر لەویە و دەگەڕێتەوە سەر شێوە و ریگایەك کە جامیعە خۆی لەسەر ئەوە سازمان داوە. بەڵام بەرتەسك و مەحدوودە. ئازادی واقعی بۆ ئینسان بە دانانی حکوومەتی جمهووری لە جێگای پاشایەتی بە دەست نایە، بەڵکوو تەنیا بە ڕووخاندنی مالکیەتی خسووسی و ڕەقابەت و چەوسانەوە، مومکین دەبی.

لە جمهووریێکی دیموکراتیکی وەکوو ئامریکا و ئەمرۆش دەتوانین هیوادار بین میللەتانی جمهووریێکانی شوورەوی سەرەڕای ئەوە کە هەموو کەس لەبەرانبەر قانوون دا وەکوو یەك وان، بەڵام هەژاری و کویرەوەری هەر وا دڕێژەی هەیە. کویلەتی هەڵوەشاوەتەوە بەڵام لە دەرەوەی شوێنی کار و کارگا و کارخانەدا. مارکس پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سەرمایەدارەکان دەسەڵاتی ملهورانەی خۆیان بەسەر کرێکاران دا، لە شوێنی کار هەروا ڕاگرتوە. مارکس بە کاری کرێگرتەی دەگوت "کویلەتی کرێگرتە". کوللی ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەر کار و ڕەنجی کرێکار بنیات نراوە بەڵام بۆ خۆیان ناتوانن کۆنترۆلی بکەن. تەنیا شتێك کە ئێمە لە هەموو مەوجوودیەتێکی تر جیا دەکاتەوە، هێز و توانای بەشەر لە خولقاندن و زال بوون بەسەر تەبیعەت دایە. بەڵام سەرمایەداران بە شێوەیەکی سیستماتیك کرێکارانیان لەوە مەحروم کردوە. ئینسان مەوجوودێکی کۆمەڵایەتییە کە ژیانی هەموومان بە ژیانی بە میلیون کەسی ترەوە گری دراوە. بەڵام سەرمایەداران ئێمە لە شەر و ڕەقابەت دا، دەخەنە بەرانبەر یەکتر وە و لە بەرانبەر یەکتردا ڕامان دەگرن.

لە جامیعەی مودیرنی سەرمایەداری دا دەسەڵاتی ئینسان بەسەر تەبیعەتدا دەگاتە جێگایەك کە هەموو کەس دەتوانی لە خورد و خوراکی کافی، مەسکەن و پوشاکی پێویست و ئیستراحەتی کافی بەهرەمەند بێ. لە رابوردوودا، قات و قری ببووە بەشێك لە چارەنووسی حەتمی ئینسانەکان. بەڵام ئەمرۆ هەموو کەس دەزانی کە پێویست ناکا هیچ منالێك برسیەتی بکێشی. نابی کەم بوونی دەوا و دەرمان هەبی و نابی هیچ نەخۆشێك لە چاوەدیری پزشکی بی‌بەهرە بی. ئەگەر لە رابوردوودا ڕێگا چارەی ئەم مەینەتانەیان بە دوعا کردن دەزانی، بەڵام ئەمرۆ گیروگرفتەکە، گیروگرفتێکی سیاسییە و دەبی تەکلیفی چینی دەسەڵاتدار روشن بکەیەوە. مارکس لە باسی زۆر توند و تیژی خۆی‌دا لە دژی سوسیالیستە خەیالیەکان دەیگوت: تەنیا ئەوە کافی نییە کە ئاوات و ئارەزوو بۆ دنیایەکی جیاواز بخوازی یان تەرحێکی بیر لێکراوە بهێنێتە سەر کاغەز، بەڵکوو دەبی هێزێکی واقعی کۆمەڵایەتی بۆ وەدی هێنانی ئەم ئاوات و ئارەزوانە بەدی بێنی. ئەمەش ئیشارەی بە چینی کرێکارە کە مارکس دەڵی: سەرمایەدار بەر لە هەر شتێك گۆڕ هەڵکەنەکانی خوی دەخولقێنی و چینی کرێکاری نوی پەرە پی دەدا.

کرێکاران وەکوو چینە چەوساوە و زولم لێکراوەکانی جارانی مێژوو نین. سەرمایەداری بۆ خۆی کرێکاران لە شارەکان و لە شوێنی کارەکان کۆ دەکاتەوە، هێزی بە کۆمەڵیان پی دەدا، ناچاریان دەکا پێکەوە هاوکاری بکەن. هەروەها سەرمایەداری بە نیازی چەوساندنەوەی زیاتر و باشتر ناچارە پەروەردەیان بکا، ڕادەی فەرهەنگیان بەرێتە خەباتێکی بەردەوامەوە جا چ پێیان خۆش بی، چی پێیان ناخۆش بی. کەوایە، ئەو شتە کە چینی کرێکار لە تەواوی چینە چەوساوەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە هەژاری چینی کرێکار نیە. لە واقیعدا ئەگەر چی کرێکاران زیاتر لە جووتیاران تووشی "لە خو بێگانە بوون" هەن بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی متوست، باشتر و بۆ ماوەیەکی زیاتر لە جووتیاران دەژین. چینی کرێکار ساحەبی دەسەڵات و زەرفییەتێکی گەورەیە. بۆ یەکەمین جار لە تاریخدا، چینێك گەشە دەکا و هەلدەدا کە دەتوانی کوللی نیزامی چینایەتی هەڵتەکێنی.

بەهەر ڕادەیەك سەرمایەداری بەرینتر دەبێتەوە، چینی کرێکاریش گەورەتر دەبی و دەبێتە خاوەنی هێزێکی بالقوە گەورە لە سەرتاسەری جیهاندا. سالی ١٨٤٨ کاتێك مارکس، مانیفیستی کۆمۆنیستی نووسی، چینی کرێکار هێشتا کەم بوو. چینی کرێکار زۆربەی جەمعییەتی لە بەریتانیای گەورە و یەك دوو ولاتی تر بوو. ئەوکات لە ئینگلستان، زۆربەی کرێکاران هێشتا لە کارگا چکولەکاندا کاریان دەکرد. ئەمرۆ چینی کرێکار، یانی ئەوانەی کە لە ڕێگای فرۆشی هێزی کاریانەوە دەژین بۆ یەکەمین جار لە تاریخ دا، زۆربەی جەمعییەتی دونیا پێك دەهێنن و ئەمرۆ هێز و توانی بالقوەی چینی کرێکار گەلێك لە زەمانی مارکس زیاترە.

جیاوازی نیوان سەرمایەداری زەمانی مارکس و دەورەی ئێمە (بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە پسپورانی بورژوایی و تەنانەت بریك لە شێوە سوسیالیستەکان دەڵێن) ئەوە نیە کە سەرمایەداری توانیویەتی بەسەر دەورەکانی بوحرانی خۆیدا زال بی، بەڵکوو بوحرانەکانی سەدەی بیستەم بە ڕادەیەکی زۆر بەرینتر پەرەی ئەستاندوە. کەوایە ئێستا، ترس لە خەباتی چینایەتی زۆر زیاترە. کاتێك بزووتنەوەی کرێکاری شکست دەخوا، ئەو بەهایەی کە کرێکاران دەبی بیدەن بەرادەیەك کە هیچ کات مارکس لە خراپترین حالەتیش دا نەی دەتوانی بێهێنێتە خەیال. شەڕەکانی جیهانی، فاشیزم، قەتلی عامەکان و سووتاندنی بنیادەمەکان، ئوردووگاکانی کاری زۆرە ملی و هەرەشەی شەری ئەتومی.

مارکس ڕوناکبیرێکی ناو بورجی عاج نەبوو. بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر هەڵسووراوانە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەکانی سەردەمی خۆیدا بەشداری کرد. مارکس لەبەر تێکۆشانی سیاسی لە ئالمان، دەر کرا. لە جەڕەیانی دەس پێکردنی شۆڕشی ١٨٤٨دا لە ئالمان، وەکوو سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ڕادیکال و بۆ بە دەستەوە گرتنی دەوری ڕابەری بزووتنەوەی گشتی گەرایەوە کولن. شکستی شۆڕش لە ئالمان جاریکی تر مارکسی ناردەوە تەبعید و ئەم جارە ناردیانە ئینگلستان.

لە سالی ١٨٤٨ەوە هەتا ١٨٥٢ مارکس زنجیرەیەك وتار و نامیلکەی بەنرخی بۆ لێکولینەوەی شۆڕشی ١٨٤٨ نووسی. ئەو نەتیجە ئەساسی و گرینگانەی کە مارکس گرتی، لە هەلومەرجی ئەمڕۆشدا بە تەواوی سادقە. مارکس وتی چینی کرێکار دەبی لە داهاتوودا فیر ببی کە نابی متمانە بە دیموکراتەکانی چینی ناونجی بکا کە لە هەر هەلێس و کەوتیکدا خەیانەتیان پی دەکەن. کرێکاران دەبی داخوازییەکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خۆیان پەرە پی بدەن و لە هەموو کاتێکدا ئامادە بن کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەن. هەر کاتێك کە ئەم دیموکراتانە یانی چینی ناونجی لە بەرانبەر ئەوەدا کە هێرش دەکرێتە سەر دیموکراسی ڕاوەستان، یان دەرگیری خەبات لە گەڵ ڕژیم بوون، کرێکاران لە خەباتیان پشتیوانی بکەن و ویرای ئەوان خەبات بکەن. بەڵام لە عەینی حالیش دا مارکس دەستی لەسەر ئەوە دادەنا کە کرێکاران نابی لە بیریان بچێتەوە کە ئەوانە هەر ئەو دیموکراتانەن کە دەیانەوی هەر وەکوو پێشوو هەمان کرێکار بن یانی بچەوسێنەوە. کەوایە هیچ کات جیگای بروا و متمانە نین. کرێکاران پێویستیان بە حیزبی خۆیان و هێزی چەکداری خۆیان هەیە.

هەڵبەت سالێ ١٩٩١ لەگەڵ سالی ١٨٤٨ فەرقی زۆرە. ساڵەکانی ١٨٥٠ شاهیدی پەرە ئەستاندنێکی بەرینی سەرمایەداری بووین و خەبات لە سەراسەری جیهان و خەباتی چینایەتی لە هەموو مەیدانەکانیدا لە حالی پاشەکشەدا بوو. ئەمرۆ کرێکاران لەگەڵ درێژەی بوحرانی سەرمایەداری و مەسەلەی زۆر گەورە بەرەو ڕوون کە دیارە خەباتی چینایەتی پەرە دەستێنی و گەشە دەکا. لە ساڵەکانی ١٨٦٠دا، بزووتنەوەی کرێکاری جاریکی تر خۆ دەگرێتەوە و مارکسیش تێیدا دەخاڵەت دەکا. هەر لەم سالانەدا کە مارکس پێش نووسی گەورەترین شاکاری ناتەواوی خۆی، یانی کتێبی کاپیتالی ئامادە دەکرد، بوو بە سکرتیری ئەنجومەنی جیهانی کرێکاران. ئەمە یەکەمین تەشکیلاتی جیهانی کرێکاران بوو. مارکس بە هۆی ئەم تەشکیلاتەوە پەیوەندێکی قوولی لەگەڵ ئیتحادیە سنفییەکان و حیزبە کرێکاریەکانی ئوروپا دامەزراند.

ئەم ئەنجومەنە هەر لە سەرەتاوە خەباتی سیاسی و ئابووری کرێکارانی پێکەوە گری دا، بۆ نموونە، لە سالی ١٨٧١دا دەرگیری فەعالییەتێکی گەورەی سیاسی بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی لهستان بو بە دەست هێنانی سەربەخۆیی بوو وە مانگرتنێکی زۆر موسری بین المللی بۆ پشتیوانی لەو خەباتە ڕێکخست. ئەنجومەنی بین المللی کرێکاران خەباتکارێکی ریزی پێشەوەی خەبات لە دژی کویلەتی و بەردەداری لە ئامریکا بوو. لە ناو ئەنجومەنی بین المللی کرێکاران دا ئەنترناسیونال مارکس ڕێکخەر و سیاسەت داریژی ئەسلی هەمووی ئەو فەعالییەتانە بوو.

تەرحی ئایین نامەی ئەنجومەنەکە مارکس نووسی. لە سەرەتای ئەو تەرحەدا مارکس جەوهەری بیر و باوەری خۆی بەیان کرد، یانی ئەوەی کە:

"چینی کرێکار تەنیا بە دەستی خۆی ڕزگار دەبی"، "ئامانجی ئەنترناسیونال هەڵوەشاندنەوەی هەموو قانوونە چینایەتیەکانە", "بناغەی هەموو کویلەتی و ڕەنج و سەختی و سووکایەتی و قەید و بەندی سیاسی لە سەراسەری جیهاندا، وابەستە بوونی کرێکارانە بەو کەسانەی کە وەسائیلی کار و بەرهەم هێنانیان گرتوەتە چنگی خۆیان، کە وایە هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی دەبی ڕزگاری ئابووری چینی کرێکار بکات بە هەدەفی ئەسلی خۆی.

ساڵی ١٨٧١، دوای شەڕی فەرانسە و پرووس، کرێکارانی پاریس ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کوڕت بەڵام شکلێکی تازە لە تەشکیلات، یانی کۆمۆنی پاریسیان دامەزراند. دوای دوو مانگ حکوومەتی بە تەواوی دیموکراتیك و خەڵکی، بە زەبر و زەنگی وەحشیانەی چینی دەسەڵاتدار کۆمۆن لە ناو چوو. هەزاران ڕێکار کوژران و مارکس بە ناوی ئەنترناسیونال (I W M A) بۆ دیفاع لە کۆمۆن بەیاننامەیەکی دوور و دڕێژ و گەورەی دەرکرد.

لەو بەیاننامەیەدا مارکس نووسی کرێکارانی پاریس بە کردەوە چوارچێوەی ئەساسی و پێویستیان بۆ حکوومەتێکی کرێکاری ڕاستەقینە دارشت.

ئەوان دەوڵەتی چینی دەسەڵاتداریان کە پشتی بە بورکراسی بەستبوو هەڵوەشاند. لە کۆمۆن نە تەنیا هەر کاربەدەستێکی دەوڵەتی، بەڵکوو کاربەدەستانی قەزایی و پولیسی و نیزامی و باقیتر دەبوایە هەڵبژێردرابان و دەشیان توانی وەلایان بنێن. هەموو ئەوانەی کە پلەیەکی دەوڵەتیان هەبوو حقووقی زیاتر لە کرێکاریکیان وەرنەدەگرت.

کۆمۆن بۆ مارکس بەر لە هەر تەجروبەیەك دوو شتی تێدا بوو: یەکەم: کەوتنە کاری توانا و ئیبتکاری کرێکاران لە ڕەوتی خەبات دا ئەنجامێکی زۆر پێش کەوتووتر لەوەی دەبی کە هەر ڕوناکبیرێك یان ڕابەرێك دەتوانی پێی بگات. کرێکاران و پێشەوەرانی پاریسی بنەماکانی قانوونێکی ئەساسی سوسیالیستی دامەزراند بوو. دووهەم: خەبات ئەو شتانەی نیشان دا کە تەنانەت مارکسیش بە تەواوی نەی توانیبوو پەی پی بەری. ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەر کرێکاران بیانەوی دەسەڵاتی بەریوە بردنی کۆمەڵ بە دەستەوە بگرن، پێویستیان بە شکلی تازەی حکوومەتی زۆر دیموکراتێکتر دەبی. مارکس نووسی: چینی کرێکار هەروا بە ئاسانی ناتوانی ماشینی دەوڵەتی حی و حازر تەحویل وەرگری و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵکیان لێ وەربگری. بەم بەیانە کورتەی مارکس جیایی نیوان سوسیالیستە کرێکاریەکان کە بو حکوومەتی چینی کرێکار خەبات دەکەن و جەریاناتی ڕەنگاو ڕەنگی ریفورمیستی بە ڕوشنی دەردەکەوی. چونکوو سیستمی مەوجوود یانی ماشینی دەوڵەتی مەوجوود، بە مەبەستی دوور ڕاگرتنی زۆربەی جامیعە لە دەسەڵات، دروست کراوە و دەبی جێگای خۆی بدا بە شکلی نوێی دەوڵەتی یانی حکوومەتی شوورایی کە ڕاستەوخۆ و بە هەڵبژاردنی خەڵکی دادەمەزری.

شکستی کۆمۆن بە مانای لە ڕەونەق کەوتنی ئەنترناسیونال بوو. چەند ساڵی خایاند تا ڕادەیەکی نوی لە ڕەونەقی تێکۆشانی سوسیالیستی لە ئوروپا سەر لە نوی دەستی پی کردەوە.

ئەمە کاتێك وای لێ هات کە حیزبە تازە کرێکاریەکان لە فەرانسە و ئالمان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ریفورمیستەکانەوە. مارکس ساڵی ١٨٨٣ بەر لەوەی کە ئەم ڕەوتانە بە تەواوی زال بووبن کوچی دوایی کرد. ئەگەرچی لە نیو نووسراوەکانی ساڵەکانی ئاخری عومری دا بوو سەنەدی گرینگ کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە بەرچاو دەکەوی:

لە کتێبی ڕەخنەی بەرنامەی گوتا لە ساڵی ١٨٨٥دا، مارکس حیزبی سوسیالیستی ئالمان لە بەر هەڵوێستی کزی دەرحەق بە مەسەلەی دەوڵەت و مەسەلەی بازار، هەروەها لە بەر نەبوونی سەراحەت سەبارەت بە پی نانە ناو سوسیالیزم، بە توندی دەداتە بەر ڕەخنە و لە نامەیەکدا بۆ سوسیالیستەکانی ئالمان لە ساڵی ١٨٨٩دا، مارکس و ئەنگلس تەئسیری ریفورمستە لیبرالەکان لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، دەدەنە بەر هێرشی ڕەخنەی خۆیان. نەتیجەیەك کە ئەوان دەیگرن بەم جۆرە بوو: "کاتێك کە ئەنترناسیونال پێك هات، ئێمە ئەم شیعارەمان دانا کە دەڵی: ڕزگاری چینی کرێکار دەبی بە دەستی خۆدی ئەم چینە بکری. کەوایە ئێمە ناتوانین لەگەڵ کەسانێك یەك بگرین کە بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن کە کرێکاران لەوە نەخوێندەوارتر و بی فەرهەنگ ترن کە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و دەبی سەرەتا لە سەرەوە و لە لایەن بەشەردوستانی بورژوا و وردە بورژواوە ئازاد بکرێن."

بەم جۆرە مارکس هەمیشە لە سەر ئەوە ساغ بوو کە چینی کرێکار دەبی خۆی بۆ بە دەستەوە گرتنی ڕاستەوخۆی دەسەڵات ئامادە بکا. بە بڕوای مارکس وەزیفەی سوسیالیستەکان تەرویجی بیر وباوەری سوسیالیستی بوو، وە هەر وەها ئەوەی کە کرێکاران خۆیان سازمان بدەن.

بەڵام نەك بەو مانایە کە خۆیان بە جیاواز لە خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران سازمان بدەن بەڵکوو دەبی ئەم سازمان دانە بە یەکگرتنێکی نزیك لەگەڵ خەباتی ڕۆژانە بی. کرێکاران کە دەتوانن و دەبی بەسەر هەموو جیهاندا حکوومەت بکەن لە ڕەوتی خەبات دا دەتوانن پەی بە هێز و توانای خۆیان بەرن. سوسیالیستەکان پێویستە لە هەر خەباتێکی شۆڕشگێرانەدا بەشداری بکەن و ڕێگای پاراستنی هاو پشتی و هێز و توانای کرێکاری خۆیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوە کە لە ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ دا، لە ڕووسیە و ولاتانی ئوروپای شەرقی بە ناوی مارکسیزم و لە ژێر ئالای مارکسیزم دا، حکوومەتە ملهوور و چەوسێنەرەکان بە سەر کرێکارانەوە بوون ئەمرۆ فشارە کۆمەڵایەتییەکان و مەحروومییەتەکان لە ڕووسیە و باقی ولاتانی بلووکی ڕۆژهەلات کرێکاران ناچار دەکا کە دیفاع لە ڕاگرتنی پلەی ژیان و گوزەرانیان و ئەو ئازادیانە بکەن کە بە دەستیان هێنابوو. ژیانی واقیعی، کرێکاران بەرەو سازمان دانی خۆیان و بیر و باوەری واقعی سوسیالیستی و کرێکاری، چە ئێستا و چ لە داهاتوودا دەبا. جاریکی‌تریش لە مەسکو و بوداپست و وەرشەو و باقی شارە گەورە کرێکاریەکان ڕێکخراوی واقعی کرێکاران و سوسیالیستی دێنە مەیدان.

جاریکی‌تریش لەم سەردەمە نوێیەدا کارل مارکسی ڕاستەقینە دەناسرێتەوە: بەڵام نەك وەکوو پەیکەرەیەکی گەورەی بورونزی موقەدەس!، بەڵکوو وەکوو هاوری و دوستێکی لەمێژینەی بزووتنەوەی کرێکاری کە بیروراکانی دەبی ڕەواج پەیدا بکەن.

***

کاری منداڵان فەوتانی ژیانی نەسڵیکە

مرتزا تەمەنی ١٠ ساڵە و کلاس دووهەمە. هەڵبەتە دەبوایە ئیمسااڵ کلاسی چواری خوێندبایە، بەڵام بە هەر دوو ساڵ کلاسێکی خوێندوە. ئەگەر ئیمسااڵ قەبوول نەبی دەبی دەوری خوێندن خەت بکێشی و لە فکری پەیدا کردنی کارێک دابی. باوکی مرتزا لە ئەنبارێکدا کار دەکا کە ئەنباری ورتکە نانە. ورتکە نانی ئەم ئەنبارە لە لایەن گاریچییەکانەوە لە خیابانەکانی "ئازەری" و "سی‌میتری" لە ماڵانی خەڵک کۆدەکرێتەوە و لە بەرانبەریدا خۆی یان دەدەنی. مرتزا هەموو ڕۆژێک دوای مەدرەسە یارمەتی باوکی دەدا. چونکو باوکی دیسکی‌کەمەری هەیە و ناتوانی تەلیسەکان بە تەنیا ئەم بارە و بار بکا. ساحەب کارەکەش بە باوکی مرتزای وتوە ئەگەر ناتوانی کارکەی بکا، کرێکاریکی‌تر دەنێتە جێگای. ئەو گاریانەی کە ورتکە نان دێننە ئەم ئەنبارە ئەغلەب منداڵان لە سەری کار دەکەن و هەموو ڕۆژێک دوانێوەڕۆ نانەوردەکان دێننە ئەم ئەنبارە، بەڵام کاری ئەسڵی تازە لەم کاتەدا دەس پی دەکا و تا دوازدە و یەکی نیوە شەو درێژەی دەبی. مرتزا و باوکی سەرەتا نانەکان لە شوێنێک هەڵدەڕێژن و پاش خاوین کردنەوەیان سەر لە نوی دەیکەنەوە ناو تەلیسەکان و لە سەریەک هەڵیان دەچنن تا ماشینەکانی "گاوداری" بین و بیانبەن. مرتزا ئەسڵەن حەز بەم کارە ناکا، بە تایبەت کاتێک دەبینی هیچ حەقدەستێکی پی نادەن! مرتزا هەموو بەیانیەک بە ئێشی مل و پشتی وەخەبەر دی و لە سەر کلاسی دەرسیش ئەغلەب وەنەوز دەدا و خەوی لێ دەکەوی.

*

نەسرین ١١ ساڵەیە و لە ٨ ساڵیەوە لە پشت داری قاڵی خەرێکی کارە. هەموو ڕۆژێک لە سەعات ٧ی بەیانیەوە تا ١٢/٥ی نیوەرو خەرێکی کار دەبی. دوای ئەوە هەر لەوی و لە ناو توزی بەن و شریت دا نان دەخوا و هەمیسان دەچێتەوە پشت دەزگاکە و تا ئیوارە کار دەکا. لەسەر ئەو داڕە کە نەسرین کار دەکا ٢ کچی تری ١٤ و ١٦ ساڵەش کاردەکەن. هەموویان قامکی دەستیان لار و لەویر بووە و دەستەکانیان جێگای بڕینی کونیان پێوە دیارە. ئەم کارگایە هی "جهاد"ە منداڵانی کرێکار ٣-٢ ساڵی ئەوەل وەک "کار ئاموز" چاویان لێ دەکری و حەق دەست وەرناگرن. دواتر کەم کەم سەرەتا ڕۆژی ١٠ تمەن و دوایی‌یش ٤٠-٣٠ تمەن حەق دەستیان دەدەنی.

*

ئەحمەد ١٥ ساڵەیە بەڵام قیافەی زۆرتر نیشان دەدا. دڕانەکانی هەمیشە زەردە و یەک دوویەکیان شکاوە. ئەحمەد زۆربەی وەخت دەست و سەر و چاوی ڕەشە، چونکوو لە میکانیکێیەکی گەورە لە ئەوەڵی جادەی "ئابعلی" کار دەکا. سێ ساڵە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و تا ئێستا ئەمە دووهەمین جێگایە کە کاری لێ دەکا. ساحەب کارەکەی بڕوای پی‌یەتی و کلێلی دووکانەکەی پی دەدا. ئەویش هەموو ڕۆژێک بەیانی زوو دەچی دەرگای دووکان دەکاتەوە و کتری ئاوەکە دەنێتە سەر چرا و دەست دەکا بە خاوین کردنەوەی دووکانەکە. تازە کاری ئەسڵی سەعاتێکی‌تر دەس پی دەکا کە کرێکارەکانی‌تریش دێنە سەر کار. چونکوو دووکانەکەیان لەسەر جادەی ئەسڵی‌یە کاریان زورە. ئەحمەد زۆر لەگەڵ کارەکەی ئاشنایە و خۆی لەگەڵ هەموو کارێک خەریک دەکا. بای لاستێکی ماشین تەنزیم دەکا، ڕونی ماشین دەگۆری، قەتعەی شکاو دەگۆری، لە تەنزیمی کاری موتوریش هەندێک سەری دەر دەچی. بێجگە لەمانە کارگا و وەسیلەی کار پاک دەکاتەوە و کاتی نەهاریش زەرفەکان دەشوا، ئەگەر جەماعەت بیان هەوی شتێک بکرن دەس بەجێ ئەو ئامادەیە و بۆیان تهیە دەکا. کاری ئەحمەد سەعات ٧/٥ی بەیانی دەست پی دەکا و تا هەر وەختێک کار هەبی، حەوت، هەشت، تەنانەت شەویش، بۆ ئەم کارە ئەحمەد ٢٥٠ تمەن وەردەگری.

*

جەمال و ڕەفیقەکانی لە ئیستگای خارک کار دەکەن. لەوی بار خالی دەکەن. ناو گەمی‌یەکان دەشون و چەند کەسیشیان لە بازارن. ئەوانەیان کە وەزعیان تۆزێک باشترە بە چەرخی دەستی و ئەوانی‌تر هەر بە کۆڵ کارتونی جنس جێبەجێ دەکەن. منداڵانی چکولەتری ٧-٦ ساڵەشیان لە بازار سەهولاو دەفرۆشن. جەمال لەو کاتەوە ڕاست و چەپی خۆی ناسیوە هەر خەرێکی کار بووە و نەچووەتە مەدرەسە.

*

نیرگز ١٦ ساڵەیە و لە سێ‌ڕێی "جمهووری" لە کارگایەکی گەورەی خەیاتی کار دەکا. کاری نیرگز سەعات ٧/٥ بەیانی دەست پی دەکا و تا ٥/٥ی ئیوارە درێژەی دەبی. نیوەرویانیش بۆ خواردنی نەهار سەعاتێک دەس لە کار هەڵدەگری. ئەو ڕۆژەی کە نیرگز لەگەڵ دایکی هاتە ئەم کارگایە، ساحەب کارەکە وتی پێویستی بە کرێکار نیە. بەڵام کاتێک دایکی نیرگز بۆ دامەزرانی کچەکەی زۆری پی داگرت، ساحەب کارەکەی قەبوول کرد کە بچی و لەوی فێری کار ببی. ئێستا دوای ساڵێک کار، ڕۆژانە ٥٠ تمەن حەقدەستی دەدەنی. ئەگەر ڕۆژێک کار نەکا حەقدەستی نیە. تەنانەت ڕۆژانی جومعە و تەعتیلیش هەروایە. نیرگز بەم حالەوە مانگی ١٠٠٠ تمەن بۆ دایکی دەخاتە لاوە تا بتوانی یارمەتی‌یەک بە خەرجی قورسی گوزەرانی ژیانی خۆیان و چوار خوشک و براکەی‌تری بکا.

*

ئەمانە چەند گوشەیەک بوون لە وەزعییەتی کار و ژیانی هەزاران منداڵ و لاو لە سەراسەری ئێران وەزعی گوزەرانی چینی کرێکار بە تایبەت لەم چەند ساڵەدا زیاتر و زیاتر منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕەوانەی بازاری بیرەحمی کار کردوە. ژمارەیەک لەم منداڵانە دایک و باوکی خۆیان لە دەست داوە و لە ماڵی خۆیان هەڵاتوون و هەندێکیان بە هۆی شەر و کێشەی ناوخانەوادە، لە خانەوادەی خۆیان جیا دەبنەوە و بۆ بەری چوون هیچ ڕێگایەکیان بێجگە لە کار کردن نیە. لەوەش دڵتەزین تر ئەوەیە کە ئەم منداڵانە زۆریان بۆ گوزەران شوێن و جێگایان نیە. تەنانەت هەندێکیان ناچار دەبن بێجگە لە خۆیان، گوزەرانی چەند خوشک و برای دیکەشیان تەئمین بکەن.

بەڵام سەرەکی‌ترین دەلیلی ناچار بوونی منداڵان بە کار کردن، دەستەنگ بوونی دایک و باوکیانە. کاتێک دایک و باوک حەقدەستیان کەمە یان بێکارکراون یان بە هۆی پیری و نەخۆشی لە کارکردن کەوتوون، لە جیاتی ئەوەی دەوڵەت بیمەی بێکاری و بازنشستەیی‌یان پی‌بدا، خەرجی خانەوادەکە دەکەوێتە ئەستوی منداڵەکانیان و ئەم منداڵانە ناچار دەبن زیاترین کار بە کەمترین هەقدەست قەبوول بکەن. ئەویش دوای ئەوە کە ئەغلەب جار لە سەرەتای کارەوە چەند مانگ یان تەنانەت دووساڵ وەک شاگرد و بەر دەست بە بی هەقدەست کار بکەن.

بێجگە لەمانە، زۆر جار منداڵان کار کەر و یارمەتیدەری دایک و باوکیانن لە کار کردن دا لە شوێنی وەک کوورەخانە و کارگاکانی‌قاڵی بافی و لە باخ و مەزراکان و لە کاری ساختمانی‌دا، لە کاری ناو مال و لە زۆر جێگای‌تریش. کە ئاشکرایە لەم حاڵەتەش دا هەر کرێکارێکی بی هەقدەستن و دایک و باوک لە ڕووی ناچاری ژیان یان ناوشیاری دەبنە کارفەرمای جگەر کوشەی خۆیان.

تەنانەت لەو جێگایانەش کە منداڵ وەک هەموو کرێکارێکی‌تر کار دەکا، هەقدەستی کەمتری پی دەدری و مافی نیوە و ناتەواوی کرێکارێکی‌تری بۆ بە ڕەسمی ناناسری.

کاری منداڵان، بێجگە لەوەی دەبێتە هۆی ژاکانی نەمامی لەشیان و دواکەوتنیان لە دەرس خوێندن و فێر بوونی زانست، بێجگە لەوەی مەجاڵی کایەکردن و گەشت و سەیرانیان بۆ ناهێڵێتەوە، بێجگە لەوەی دەست و قاچ پەران و چاو کوێر بوون و ئەنواعی نەخۆشی دیکەی بە شوێنەوە، هەر لە ئێستاوە لە ژیان وەڕەزیان دەکا و مەینەت و سەختی لەو ژیانەدا بەشتێکی ئاسایی دەزانن.

منداڵان خۆیان بۆ ڕزگار بوون لەم وەزعە هیچی وایان لە دەست نایە و ئەوە چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و زۆر لێکراون کە دەبی ئەم نەسڵەی چینی خۆیان لە چنگ سەختی و مەینەت و تێداچوون ڕزگار بکەن.

– کاری منداڵانی لە ١٨ ساڵ کەمتر دەبی قەدەغە بکری.

– دەبی هەر چەشنە کوسپێک لە سەر ڕێگای خوێندنیان هەڵگیری. خوێندنی بە خۆڕایی و ئیجباری بۆ هەموو منداڵانی لە ١٨ ساڵ کەمتر لە بەر چاو بگیری و هەتا تەمەنی ١٨ ساڵ هەموو خەرجێکی خوێندنیان لە ئەستوی دەوڵەت بی.

***

ڕیزگرتن لە یادی ١٣ ساڵەی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە

مەراسمی ڕیزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە یەکێک لە مقەرە مەرکەزی‌یەکانی کۆمەڵە، بەڕێوە چوو. لەو مەراسمەدا بێجگە لە هاوڕیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، جەمعێک لە دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵەش بەشدار بوون.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال سروودی یەکیتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێکرد و پاشان بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم دەقیقەیەک بی دەنگی ڕاگیرا.

لەو مراسمەدا هاوری سەلاحی مازوچی ئەندامی کومیتەی ڕابەری کۆمەڵە سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چەند ساڵەی ڕابوردووی کۆمەڵە و هەروەها ئەرکەکانی کۆمەڵە لە دەورەی ئێستا و داهاتوودا قسەی کرد.

هەروەها پەیامی پیرۆزبایی خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، خوێندرایەوە.

مەراسمی ڕیزگرتن لە سیزدەهەمین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە، بە شیعر و سروود شۆڕشگێڕانە دڕێژەی پێدرا.

لەو شیعرانەی خوێندرانەوە، شیعری بەیان کە بەسەرهاتی کچە پێشمەرگەی ناسراو و شۆڕشگێڕی کۆمەڵەیە و جوامیری شاعیر لە یادی گیانبەخت کردنی بەیان دا وتوویەتی و لەو مەراسمەدا هاوری محمەدی کەمالی خوێندیەوە، هەر وەها دوو شیعری هاوڕیی شاعیر شەبەق بە ناوی "گوڵ" و "پێشمەرگە بوون" لەگەڵ پیشوازی گەرم و گوڕی بەشدار بوان بەڕوڕوو بوون.

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنینەوە بەشێکە لە قسەکانی هاوری سەلاحی مازوچی لە مەراسمی ٢٦ی ڕێبەندان دا:

بزووتنەوەی کوردستان تا ئەوجێگایەی پەیوەندی بە دەور و پراتیکی کۆمەڵەوە هەیە ئیتر بزووتنەوەیەک نیە کە لە چوارچێوەی داخوازی میللی‌دا مابێتەوە. هێنانە گۆڕی شیعاری نویی کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازە ئیقتصادی‌یەکانی کرێکاران، مەسەلەکانی مەربووت بە ستەمکێشی ژنان و زەحمەتکێشانی دەستەنگ، دەرکردنی بەیاننامەی مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان و دیفاع لەو مافانە، خەبات لە دژی خورافات و کۆنەپەرستی‌ی مەزهەبی، هێنانە گۆڕی مەسەلەی شووراکان و دەسەڵاتداریەتی خەڵک و دیفاع لە ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان، هەموویان لەو داخوازانەن کە لە باری تاریخی‌یەوە لە چوارچێوەی داخوازە میللی‌یەکاندا نەبوون. ئەمانە ئەو مەسەلانە بوون کە حیزبی بورژوازی لە کوردستان و کۆمەڵە کێشەی بنەڕەتیان لە سەریان بووە و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی هێزی لێ وەرگرتوە و کۆمەڵە بە پشت بەستنی بەمانە توانیویەتی لە بەرانبەر فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیزامی‌یەکانی ناسیونالیزمی کورد دا ڕاوەستی، تێکی بشکێنی و وەک جەریانێکی سوسیالیستی بمێنێتەوە.

بەڵام بزووتنەوەی میللی و بوونی سوننەتەکانی خەباتی ناسیونالیستی لە کوردستان پێشینەیەکی لە میژینەی هەیە و لە دەورەی ڕاپەڕینی ٥٧دا و چەند ساڵ دواتریش کەوتنە سەرووی مەسەلەکانی جامعەی کوردستان.

ئەولەوییەت پەیدا کردنی مەسەلەی میللی و خودموختاری و زەق بوونەوەی تاقە یەک شکلی خەبات یانی شەری چەکدارانە لە هەمان کاتدا هەندێک نەتیجەی مەنفی وەک کەم ڕەنگ بوونەوەی تێکۆشانی وشیاریدەرانە و ڕێکخەرانە لە نیو کرێکاراندا و پێک هێنانی ریزی سەربەخۆی کرێکاران، فەرعی بوونەوەی خەباتی چینایەتی و پێک هاتنی کۆسپ لەسەر ڕێگای ڕەوتی سوسیالیستی لە کوردستانی بە شوێنەوە بووە. کۆمەڵە بە پابەند بوونی بە کۆمۆنیزم و دیفاع کردن لە کرێکاران، ئەگەرچی جەرەیانێک نەبوو کە ڕاستەوخۆلە نیو بزووتنەوەی کرێکاری‌یەوە سەری هەڵدابی، بەڵام بەرەبەرە بە پشت بەستن بە هێزی ماددی چینی کرێکار توانی ڕوانگە و سیاسەت و تاکتێکە کرێکاری و کۆمۆنیستی‌یەکانی خۆی هەرچی سەریحتر و ڕوشنتر بکاتەوە.

کەوابوو سوننەت و شێوە و کارکردە ناسیونالیستی‌یەکان لە مەقتەعی جۆراوجۆردا و لە هەندێک دەورەی دیاریکراودا تەئسیریان کردوەتە سەر سوننەت و شێوە و کارکردەکانی کۆمەڵەش، وە حەرەکەتی ڕەوتی سوسیالیستیان لەگەڵ گەڵێک کۆسپ و دژواری بەرەو ڕوو کردوە. بەڵام سەرەڕای ئەو کۆسپانەش کۆمەڵە لەبەر وەڵامدانەوەی بە هەموو مەسەلەکانی جامعە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە، گەشەی کردوە و لەسەر ئەم بناغە واقعی‌یەیە کە توانیویەتی بەرنگاری فشاری سوننەتە دواکەوتوە ناسیونالیستی‌یەکان بێتەوە و پووچەلیان بکاتەوە و حاسلی ئەم خەباتە لە ١٣ ساڵی ڕابوردوودا پاشەکشەی بەردەوامی سوننەتی ناسیونالیستی بووە لە بەرانبەر سوننەتی سوسیالیستی‌دا.

کۆمەڵە لە لیبراوبوونیدا بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، لە تێکۆشانیدا بۆ پووچەل کردنەوەی بەند و بەستی حیزبی بورژوازی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، لە خەباتیدا لە دژی خورافاتی مەزهەبی و نابەرابەری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان، لە شەر و بەرانبەرکیی‌دا بەرانبەر حیزبی بورژوازی کورد بۆ دیفاع لە مافە دیموکراتیکەکان، لە هەموو ئەمانەدا بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی و سیاسی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە ئێران پشت ئەستوور بووە. ئەم پشتیوانی‌یەش تەنیا لە بەر ئەوە ئیمکانی بووە کە کۆمەڵە توانیویەتی لە سەنگەری خەباتی چینی کرێکاردا حوزووری بی. هەر بەم دەلیلە سەرەڕای هەر کەم و کووری‌یەک لە فەعالییەتی تا ئێستای کۆمەڵەدا، ئەم جەریانە ئێستا دەور و جێگایەکی تایبەتی بۆ خەباتی کرێکاران هەیە و تەکامولی خەباتی کرێکاری لە کوردستان بە عەمەلکردی کۆمەڵەوە گری دراوە.

کۆمەڵە لە هەلومەرجێک دا دەبی ئەم خەباتە بەرەوپێش بەری کە لە ئاستی جیهاندا ئال و گۆڕێکی گەورە پێک هاتوە. بە شوێن ئال و گۆڕی ولاتانی ئوروپای شەرقی و لەبەریەک هەڵوەشانی یەکیتی جمهووری‌یەکانی شووڕەویدا، بن بەستی سەرمایەداری دەوڵەتی و تێک چوونی حیزبە بە ناو کۆمۆنیستەکان لەو ولاتانە، دەوڵەتەکان و سەرجەمی حاکمانی سەرمایە لە ئەمریکا و ڕوژئاوا بە وەگەڕ خستنی دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانیان لە سەراسەری دنیا دا هەوڵ دەدەن بن بەستی سەرمایەداری دەوڵەتی بە شکستی شۆڕشی سوسیالیستی و تێک چوونی حیزبە بە ناو کۆمۆنیستەکان بە بن بەستی مارکسیزم و کۆمۆنیزم لە قەلەم بدەن و بەم جۆرە هەوڵ دەدەن سەر لە نوی خۆیان لە زەمینەی سیاسی و نیزامی و ئیدئولوژێک دا ساز بکەنەوە و هێرشێکی هەمەلایەنە لە دژی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە سەراسەری جیهاندا دەست بدەنی.

بەڵام سەرەڕای تەواوی تەقالاکانی ئوردوی سەرمایە بۆ وەدەوا خستنی شۆڕشی کرێکاری، ئەوشتە کە بەشێکی‌تری واقعییەتی دنیای ئەمڕۆیە، خەباتی چینی کرێکار و گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری بە بەرینایی هەموو جیهانە. لە کوردستانیش سەرەڕای ئەوە کە کۆمۆنیزمی بوژوایی لە سەراسەری دنیادا لەگەڵ نەفرەت و بیزاری بەرەوڕوو بووە، بەڵام خەباتی چینی کرێکار درێژەی هەیە و کۆمۆنیزمی واقیعی، کۆمۆنیزمی دژی چەوسانەوە، خاوەنی جێگا و نفووزێکی کۆمەڵایەتی‌یە.

لێرەدایە کە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەرکی گرینگ و قورسی لە ڕێگای ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاریدا دەکەوێتە سەرشان.

کۆمەڵە ئەم ئەرکانە سەرەڕای گیر وگرفتێک کە بە هۆی ئال و گۆڕی دووساڵەی ناو خۆی حیزب تووشی بوو، بەرەوپێش دەبا. ئەم ئەرکانە لە هەلومەرجیک دا بەرەوپێش دەبا کە جەمعێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و لایەنگرانیان لە درێژەی دووسال سیاسەتی بەرەو هەڵوەشاندنەوە بردنی حیزب دا سەرەنجام بە بی لەبەر چاو گرتنی نەتیجە مەنفیی‌یەکانی ئەو سیاسەتانەیان و بە بی لەبەرچاو گرتنی ئەو زیانانەی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزب دەکەون و بە بی لەبەرچاو گرتنی ئەو ناهومیدی و دلساردی‌یە کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەم کارەی ئەوان دا پەرە بگری و هەروەها بە بی لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە ئەو کارەی ئەوان دەتوانی بیانوویەک بداتە دەست بورژوازی بۆ وەری خستنی شەپولێک لە تەبلیغاتی دژی کۆمۆنیستی و بە بی ئەوەی هیچ موخالەفەتیکیان لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستە ڕەسمی‌یەکانی حیزبدا ڕاگەیاند بی، لە ئەندامەتی حیزبی کۆمۆنیست ئیستعفایان دا و ریزەکانی حیزبیان بەجێ هێشت و بە کردەوە هەموو بەڵێن و پایبەندی‌یەکانی خۆیان لە زەمینەی بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی سەر شانیان دا نایە ژێر پی.

بەڵام سەرەڕای وجوودی فشاری ناشی لە بن بەستی سوسیالیزمی بوژوایی و سەرەڕای ئەو گیروگرفتە عەمەلی‌یانە کە، بە هۆی چوونەدەری ئەو هاورییانە لە حیزب هاتوونەتە سەر ڕێگای ئێمە، کۆمەڵە پابەندبوونی خۆی بە هەموو ئەرکەکانی هەتا ئێستای، ڕادەگەیەنی و هەموو ئەو ئەرکانەی بەڵێنی داوەبەرەو پێشان بەری، بەرەوپێشیان دەبا و دەتوانی دەوری خۆی لە هەڵکردنی ئالای سوسیالیزمی کرێکاری لە ئێراندا بە ئەنجام بگەیەنی. کۆمەڵە کاتێک دەتوانی ئەو ئەرکە مێژوویی‌یە بە ئەنجام بگەیەنی کە ببێتە بەشێک لە ئیعتراز و خەباتی کرێکار لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری. کۆمەڵە دەبی ببێتە سازمانی ئیعتراز و خەباتی کرێکاران لە دژی هەموو ستەمە کۆمەڵایەتی‌یەکان و لە دژی سەرتاپای جامعەی سەرمایەداری و ئەوە ناوەرۆکی ئەو ئال و گۆڕە سیاسی و خەباتکارانەیە کە کۆمەڵە دەبی بەرێوەی بەری.

کۆمەڵە دەبی لە هەمان کاتدا وەک ڕابەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە وەڵامدانەوە بە مەسەلە سیاسی‌یە گشتی و کۆمەڵایەتی‌یەکان بە ئەرکی خۆی بزانی. سیاستی ئێمە لە حاست مەسەلەکانی وەک مەسەلەی ژنان، مەسەلەی میللی، مەسەلەی چەکدارانە و باقی مەیدانەکانی خەباتی جەماوەری ڕوشنە. کۆمەڵە دەبی بە دەخالەتی چالاکانە لەم مەیدانانەی خەبات دا، بۆ چارە سەری قەتعی ئەو مەسەلانە تێبکۆشی.

بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکانە، چینی کرێکار لە کوردستان دەتوانی شان بە شانی چینی کرێکار لە ئێران، شیعاری ئازادی و بەرابەری وەدی بێنی و حکوومەتی کرێکاری دامەزرینی.

***

تەنانەت بە نێوەحقووقیش کار بکەن بۆ ئەوەی بە هەر جۆر بووە ژیانی خۆیان تەئمین بکەن. بەڵام ئایا دەتوانن لە عودەی ئەم ژیانە مەینەت بارە بەرین؟ دیارە کە ناتوانن. چونکوو لە نانی وشکی و بڕینج و گوشت و قەند و چایی‌یەوە بگرە تا کری خانوو، دکتور و دەرمان و پووڵی ئاو و بەرق و هەموو پێداویستی‌یەکی ژیان، نە تەنیا بەنیسبەتی ڕابوردوو کەم نەبوتەوە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ و بە چەندین قات زیادی کردوە. کەوایە مەجبوورن بەرە و گلیمی ژێر خۆیان دەربکیشن و بیفرۆشن بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێکی تریش پێوەی بەرنە سەر. بەڵام ئەمەش ئیتر کۆتایی پی دی و هێز و توانی لەشیشیان چۆرایی دێ و خانە نشین دەبن و ئەو ڕۆژەی کە لێی دەترسان، یانی چاو لە دەستی ئەم و ئەو کردن و موحتاج بوون بەربینیان پی دەگری. ئەم ئینسانە شەریف و زەحمەتکێشانە بە حەقدەستێکی لە ڕادەبەدەر لە خوارەوە ناچار بوون تەواوی ژیانیان کار بکەن و مەرارەوە بکێشن بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ئەمرۆ و دوا ڕۆژیان تەئمین بکەن، بەڵام دەبینن پاش ساڵەهای ساڵ کار کردن، لە کاتێکدا کە ئیتر هیچ چەشنە هێز و توانایی‌یەکیان تێدا نەماوە زەمین گیر دەبن و چاو لە دەستی ئەم و ئەو. دەڵیی ئەم بە میلیون ئینسانە زەحمەتکێشانە بە تولەی ئەوەی کە هەموو ماوەی ژیانیان خەرێکی بەرهەم هێنانی هەموو نیعمەتەکانی ژیان، لە نان و لیباس و ماڵەوە بگرە تا رادیو و تلویزیون و یخچال و کارخانە و ئەم جۆرە شتانە بوون، ئەمرۆ دەبی تاوانەکەی بدەنەوە و لە تەئمینی ژیانێکی مەمرە و مەژی بی بەهرە بن. بە ڕاستی ئەم ژیانە ئەگەر کویلەتی نیە ئەی چی‌یە؟ چ فەرقێک لە نیوان ئەو کویلانە دا کە ئیتر نەیان دەتوانی کار بکەن و بە دەستی ساحیب کویلەکان دەکۆژران، لەگەڵ شێوەی ڕەفتاری ئەمرۆی جامیعەی سەرمایەداری دەرحەق بەو کرێکارە هەیە کە بەدرێژایی هەموو ماوەی ژیانی کاری کردوە و مەرارەتی کێشاوە بەڵام ئەمرۆ دەبی ئەگەر ڕەحم و عاتیفەی ئەم و ئەو، کۆر و کچ و دراوسێی نەبی لە برسان بمری؟

بەڵی لە ئێرانی ئێمەدا ئەمرۆ بو ٨٠ لە سەدی کرێکارانی پیر نە تەمەنی بازنشستە بوون و نە حقووقی بازنشستەیی هیچ مانا و مەفهومیکی نیەکە بکری تەنانەت لە سەر میزانی کەم بوونی یان زیاد بوونی قسەیەک بکری. تازە بۆ ئەو لانی کەمە لە کرێکارانیش کە لە فلان کارخانە یان موسسە کاریان کردوە و بە پێی قانوونی ئەم ڕژیمە بازنشستە دەکرین پوولیک کە وەری دەگرن ٢٠ یەکی خەرجی ژیانیان تەئمین ناکا و و دیسان هەر تووشی مەینەت و مەرارەتیکن کە باقی کرێکاران لە گەلی بەرەو ڕوون. مەسەلەی بازنشستە بوون و کەلک وەرگرتن لە حقووق و مەزایای دەورانی بازنشستەیی لە خەون و خەیالیک واوەتر نیە بوویان، چوونکە بە بەش بەش کردنی حەقدەستەکانیان هەر لە سەرەتای کارەوە، ئەو بەشانەی کە بە ناوی حەقی شیفت، حەقی بەهرەوەری. جیژنانە و پاداشی ئاخری سال و چی و چی‌یەوە پی‌یان دەدرا، ئیتر بە تەواوی قەتع دەبی و هیچکام لەمانەیان پی نابری. لە واقعدا ئەو کرێکارەش کە بە خەیالی خۆی بازنشستە یان کردوە، هەر لەو ڕۆژەوە کە بازنشستە دەبی، دەبی لە فکری ئەوە دابی کە هرچی زیاتر لە خەرج و مەخاریجی بگیرێتەوە و لە فکری ئەوەدا بی کە لە شوینیکی‌تر کاریک گیر بینی بو ئەوەی بتوانی پێی بەری بچی. ئیتر لەوەش گەری کە گرانی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەگەر ئیستا دوهەزار تمەن پووڵی بازنشستەیی دەدەنی تا چەند مانگی‌تر ئەم پووڵە ئەرزشی هەزار و پێنج سەد تمەن زیاتری نیە و دیسان و دیسانیش کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر کرێکاران دەتوانن لە دەورانی کارەکەیان بە هۆی ئەوەوە لە شوینیک لەگەل باقی کرێکارانی هاوچارەنووسی خۆیان بە دەوری یەکەوەن، بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان مبارەزەیەک بکەن، کاتێک ئەمانەپی دەنینە دەورانی پیری و لە واقع دا لە کار دەکەون لیک هەلدەبرین و بە تەواوی پەیوەندی و ئیرتباتیان لەگەل یەکتر قەتع دەبی و هیچ ریگایەکیش بو ئەوەی کە بتوانن بە زۆری مبارەزەی خۆیان داواکاری تەئمینی ژیانیان بن، لە ئارادا نامینی و بە تەواوی بە تاک دەکەونەوە. ئێمە بەم ڕۆژگارە دەبینین لەسەر هەر کولان و شەقامیک، ژن یا پیاویکی پیر بە دیار چەند پاکەت سیگار و چەند جووت گورەوی و چەند بەستە شەمچەوە دانیشتوە وناچارە شەو و ڕۆژ لەگەل ئەم و ئەو خەریکی چەنە لیدان بی و لە سەرمای زستان و گەرمای هاویندا بو پەیداکردنی پاروە نانیک ڕۆژی دەیان جار بمری و زیندوو بێتەوە. ئەم شیوە ڕەفتارە لەگەل بە میلیون ئینسانی شەریف و زەحمەتکێشدا هیچ مەنتقیکی ئینسانی و هیچ ویژدانیکی ئاگا ناتوانی قوبڵی بکات. ئەمە تەنیا مەنتقی سەرمایە بە تایبەت لە حاکمیەتی جمهووری ئیسلامی دایە کە بەم جۆرە بەربەریەت و درندە خوویی‌یە ڕوالەتی شەرعی و قانوونی دەدا. بۆ سەرمایە و سەرمایەداری گیانی ئەم کرێکار و زەحمەتکێشانە هەر ئەوەندە بایەخ و ئەرزشی هەیە کە بتوانی سوود و سەرمایەیان بۆ بە دەست بینی. ئیتر ئەگەر دوای ئەو چ بە هۆی نەخوشین یان لە دەست دانی ئەندامیکی بە دەنیەوە یان بە هۆی پیری و پەک کەوتەییەوە نەیان توانی نیازی سەرمایەداران بەر ئاوردە بکەن و سوود و سەرمایەیان بۆ کوگا بکەن ئیتر خاسیەتی خۆیان لە دەست دەدەن و لە خۆیانیان دوور دەخەنەوە. بو کوتایی هینان بەم وەزعە دەبی ئەم نەزم و نیزامە ژێرەوژوور بکەین. دەبی نەزم و نیزامی دابەزری کە بەرهەم لە جامیعە تەنیا بۆ ریفاە و ئاسایشی ژیانی ئینسانەکان بی. بەڵام تا بنیاد نانی جامیعەیەکی لەو چەشنە بە هیچ جۆریک نابی دەست لە سەر دەست دابنین و چاوەروان بن. بەڵکوو دەکری هەر لەم نیزامەش دا بو باشتر کردنی شەرایەتی ژیانی داهاتووی کرێکاران مبارەزە بکری و بە زۆری میارەزە تەئمینی ژیانی دەورانی پیری هەر کرێکار و زەحمەتکێشیک بەسەر دەوڵەت و سەرمایەداران دا تەحمیل بکری. هەر ئێستا لە زۆر وڵاتی سەرمایەداری کرێکاران توانیویانە بە هۆی مبارەزە و یەکگرتوو بوونی خۆیانەوە تەئمینی ژیانی هەر ئینسانێکی پیر کە بە تەمەنی بازنشستەیی دەگا بەسەر سەرمایەدارانی وڵاتەکەی خۆیان دابسەپێنن. بۆ نموونە لە وڵاتانی ئالمان، ئینگلستان، سوئید، دانمارک و ئوسترالیا کرێکاران توانیویانە ئەم حەقە بەسەر دەوڵەت دا بسەپێنن کە ئەگەر کرێکاریکی بازنشستە لە بوودجەی بیمەی بازنشستەیی بە تەواوی ژیانی بە عودە بگری و دەوڵەتیان ناچار کردوە کە بیجگە لە وەی کە کری خانوو، پووڵی ئاو و بەرق و بیهداشت و دەرمان و هات و چووی ڕۆژانەیان تەئمین بکات تەنانەت ئیمکاناتی تەفریحی و فەرهەنگی و ئەم جۆرە شتانەشیان بۆ تەئمین بکات. هەروەها ئەو کەسانەی کە توانای کار و باری ناو مال وەکوو لیباس شوردن و سازکردنی خوراکی ڕۆژانە و خەریدیان نیە کەسانیکیان بۆ بگرن کە هەموو ئەو کار و بارانەیان بۆ جێبەجێ بکەن. تەواوی ئەم خەرج و مەخاریجە ئیتر خیروسەدەقەی دەوڵەت نیە، بەڵکوو لە هەمان پوول تەئمین دەکری کە بۆ نموونە هەر ئێستا لە ئێرانیش لە هەموو کرێکاران بە ناوی بیمە و مالیات گەل دەدرێتەوە، بەڵام بە داخەوە هەموو ئەمانە دەرژێتە کیسەی سەرمایەداران و لە لایەن ئەوانەوە بە تالان دەبری.

هاورییانی کرێکار!

خوشک و برایانی خوشەویست!

هەموو ئێوە دەبی مەسەلەی تەئمینی ژیانی کرێکارانی بە سالا چوو بە بەشیک لە داخواز و مبارەزەی خۆتان بزانن. ئەگەر ئەمرۆ لە تەمەنی گەنجی و جەوانی دان، بەڵام پیریی سبەینی بەر دەرگا بە ئێوەش دەگری و ئەمە دەردی هاوبەشی هەموو ئێوەیە. هەر ئێستاش دەبینن باوک، دایک، برا، یان خزم و ئاشنایەکتان بە هۆی پیری‌یەوە توانای کار کردنیان نەماوە و ئێوە ناچار بوون خەرجی ژیان و بەری چوونی تەئمین بکەن. کەوایە هەر لە ئێستاوە دەنگی ئیعتیراز و نارەزایەتی‌تان لە دژی ئەم وەزعە بەرز کەنەوە. داواکاری ئەوە بن کە هەموو ئینسانیک لە دەورانی پیری‌دا دەبی لە مەسکەنی مناسب، خوراک، ئیستراحەت و دوکتور و دەرمانی مناسب بەهرەمەند بی. دەبی دەوڵەت و سەرمایەداران کە دەیان ساڵ شیرەی گیانی ئەم ئینسانانەیان مژیوە، ئەمرۆ هەموو مەخاریجی ژیان و بەری چوونیان تەئمین بکەن. دەبی هەموو ئینسانیک بیمەی بازنشستەیی وەربگری. ئەم داخوازەش وەکوو باقی داخوازەکانی‌تر، وەکوو بیمەی بیکاری، زیاد کردنی حەق دەست، کەم کردنەوەی سەعاتی کار و زۆر داخوازی‌تر دەبی بە زۆری خەبات و مبارەزە بە دەستی بێنن.

دەبی داواکاری ئەوە بن کە هەر ئینسانیک دوای ٢٥ ساڵ کار کردن یان دوای ئەوەی کە تەمەنی بە ٥٥ ساڵ گەیشت تەواوی حقووقی دەورانی کارەکەی پی بدری. هەروەها ئەم میزانە لە حقووق بە پێی چوونە سەری قیمەتی کەل و پەلی ژیان زیاد بکری. ئەم جۆرەیە کە دەتوانین چلون ئاگاداری لە مەندالەکانمان دەکەین کەسانی پیر و بە سالا چووش کە ئیتر توانی کار کردنیان نەماوە و هەموو ئەم دنیایە لە رەنج و زەحمەتی ئەوان ئاوا رازاوەتەوە لە هەر چەشنە دەست دریژی‌یەک بۆ سەر ژیان و کەرامەتی ئینسانی‌یان بپاریزین و سەتحیک لە ژیان و گوزەرانیان بۆ فەراهەم بکەین کە بە حەق شیاوی خۆیان و شانی ئینسانی‌یان بێت.

***

تەئمینی بیمەی بازنشستەیی داخوازی گشتی کرێکارانە

خوشک و برایانی کرێکار!

ئێوە چاوێک لە دەور و بەری خۆتان بکەن بزانن چەند کەس دەناسن کە بە سەری پیری و دوای ٤٠ تا ٥٠ ساڵ کار کردن و ئارەق ڕشتن، هێشتا ناچارن بە پشتی چەماوە و چاوی کەم سوماوە بۆ بژێوی ڕۆژانەی خۆیان سەر بە هەر مەیدانێکی کاردا بکەن و بە کەم ترین حەقدەست ناچار بن دیسانیش ئارەق بڕیژن و بە زۆر لەشی شەکەت و ماندوو بە شوێن خۆیاندا بکێشن؟ چەند کەس دەناسن کە لە زمان خۆیان یا دایک و باوکتان بیستوتانە کە هێشتا لە تەمنی ١٢–١٠ ساڵەیی‌دا بوون کە ناچار بوون بو تیر کردنی سکی خۆیان و یارمەتی دانیک بە خانەوادەکەیان کار بکەن و ئێستاش کە نزیکەی ٦٠ تا ٦٥ ساڵ و بگرە زیاتریش لە تەمەنیان دەگوزری کار دەکەن و هێشتا ژەمێک تیر و دەژەم برسین؟

بەڵی ئەم ئینسانە شەریفانە کە هەموو عومریان هێزیان کردوتە گیانی مردووی کالاکان و ژینیان بە تەبیعەت داوە و خۆشی و نیعمەتی ژیانیان فەراهەم کردوە و خۆیان وردە وردە تواونەتەوە، ئەمرۆش لە ترسی هەژاری و نەداری زیاتر لە ترسی ئەوەی کە دەستەندە خواری کەسیکی‌تر نەبن دێسانیش کار دەکەن و ئارەق دەڕیژن. بەڵام لەم بازارە بی‌ڕەحمە دا هەموومان دەزانین کە خاوەن کارەکان ئەگەر دەیانەوی کە کرێکاریک بگرن بەر لە هەموو شتێک چاو لە هێز و توانا و شان و باهۆی دەکەن و لە نیویاندا قەوی‌ترین و کارامەترین کەسان هەڵدەبژیرن. ئیتر دیارە کە ئەم ئینسانە لە کار کەوتوانە لە ڕەقابەتێکی ئاوا دا کەمترین شانسی کار پەیدا کردنیان هەیە و ناچارن ئەمە بە شێوەیەکی‌تر قەرەبوو بکەنەوە ئەویش هێنانە خواری قیمەتی هێزی کارەکەیان یانی حەقدەستەکەیانە. ناچارن

وت و وێژ لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلیزادە

ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە وت و وێژی دەنگی شورشی ئێران لەگەل هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵەیە کە بە بۆنەی ٢٦ی ڕیبەندان لە دەنگی شورشی ئێرانەوە بلاو کرایەوە

پرسیاری یەکەم:

پرسیارەکانم لە مەسەلە سیاسیەکانی ئێستای ئێرانەوە دەست پێدەکەم. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە مەوقعییەتی بین المللی و مەنتەقەیی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی چۆن دەبینن و بە دوای ئال و گۆڕەکانی گرینگی دوو سالی ڕابوردوو لە دونیادا ڕژیمی ئێران چ جیگایەکی بە دەست هێناوە؟

وەڵام:

بو ڕوشن بوونەوەی جوابی ئەو پرسیارە پێویستە چاویک بەو ڕووداوانەدا بخشینینەوە کە بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی خەلیج لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە و هەر کامەیان بە شێوەیەك کاریان کردوەتە سەر وەزعی سیاسی ئێستای ئێرانیش. ڕووداوەکانی مەربووت بە کێشەی خەلیج هەر لە سەرتاوە، هەتا کوتایی پی هاتنی شەر و هەتا ئێستا هەموویان ڕەنگ دانەوەی ناکۆکیەکانی نیو خانەوادەی بورژوازی جیهانی بوون لە وەزعییەتێکی سیاسی تازەدا کە دنیا پێی نابووە ناویەوە. کە ئەو مەوزووعە جاری جێگای باسی ئێمە نیە.

شەڕی خەلیج بە پتەوتر بوون یەك لایی بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمریکا لە مەنتەقەی خەلیج کوتایی پی هات. ئەو شەرە لە پال ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو دەورەیە ئەو واقعییەتەیان ئەو ڕاستییەیان بە دەوڵەتی سەرمایەداری لە هەموو جیهان سەلماند کە ئەمڕۆکە سەرکردایەتی جیهانی سەرمایەداری بە بی هیچ تەردید و گومانیک کەوتوەتە دەست ئەمپریالیزمی ئەمریکا. وڵاتانی ئەورووپایی و ژاپون کە بە هەموو ئیمکاناتیانەوە کەوتنە شوین سیاسەتی جەنگی ئەمریکا لەو شەڕەدا و بەپێرەوی کردن لە ئەمریکا. لە سازمانی میلەل دا زەبر و زەنگ و بۆ قودرەت نمایی ئاوالە هێشتبووەوە، بەشێکی ئەوتویان لە دیاری کردنی سیاسەت و سەهمیکی ئەوتویان لە ئیقتصادی وڵاتانی ئەو ناوچەیە وەبەر نەکەوت. ئەو وڵاتە بە تایبەت دەستیان لە تەئسیر دانان لە سەر سیاسەتەکانی مەربووت بە نەوت کە بۆ خۆیان مشتەری ئەسلی ئەو نەوتەش بوون تەقریبەن بە تەواوی برا و ئەمریکا بوو بە یەکەم بریاردەری سیاسەت و ئیقتصادی نەوتی لەم وڵاتانەدا. دەوڵەتی شوورەوی نەیتوانی کارێك بکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە. دەور و نەقشی ئەو وڵاتە وەکوو ئەبەرقودرەتێکی ڕەقیب و هاوسەنگ لەگەل ئەمریکا کوتایی پی هات و دواجار و پاش هەڵوەشانەوەی شووڕەویش، جی گرەکەی یانی دەوڵەتی ڕووسیاش، مەکانی جارانی پەیدا نەکردەوە. دەوڵەتەکانی حاکم لە خاوەرمیانە و هیزە سیاسیە بورژواییەکان لەو ناوچەیە کەوتنە پەلە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەل وەزعییەتی تازە ڕیك بخەن و پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەل ئەبەرقودرەتی سەرکەوتوو مەحکەم بکەن و سیاسەتی خۆیان لەگەل سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاوئاهەنگ بکەنەوە.

لە وەها هەلومەرجێك دا دەوڵەتی ئێران کە خۆی لە شەڕی خەلیج دوور ڕاگرتبوو هەولی دا بو ئەوەی خۆی لە ئاکامەکانی زیان بەخشی ئەو شەرە بپاریزی بەڵام ئەو واقعیەتە کە ئەمریکا هەولی دەدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا تەکمیل بکات، دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی خستە ژێر فشارێکی تازەوە. هەولی جمهووری ئیسلامی بۆ تریك بوونەوە لە جمهووریەیە سەربە خوکانی تازەی ئاسیا و ڕاکیشانی ئەوان بۆ نیو کۆمەڵێك پەیمانی هاوکاری ئیقتصادی سیاسی، مەنتەقەیی، بەشێکە لە تەقالای جمهووری ئیسلامی بۆ بەر فراوان کردنەوەی مەیدانی عەمەلی خۆی بە موقاوەمەت لە بەرانبەر فشاری ئەمریکا دا. هەلبەت لیرەش دا لەگەل ڕەقابەتی دوو هاو پەیمانی ئەمریکا یانی تورکیە و عەرەبستانی سعوودی بەڕەو ڕووە. لە لایەکەوە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر ئەو فشارە دەرباز بکات تی دەکوشی کە لە ناو کەلین و کەلەبەرەکانی تازەی جیهانی سەرمایەداریدا کە بە دوای هەلوەشانەوەی ئیتحادی شووڕەوی و بلوکی شەرق دا پیك هاتوون جیگایەك بو خوی بکاتەوە و لەو ڕیگایەوە حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران بپاریزی، و لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی ئەورووپایی و لە سەرووی هەموانەوە ئالمان و فەرانسە و ئیتالیا و هەروەها ژاپون کە دەستیان لە مەنتەقەی نەوت خیزی عەرەبی براوە، لە جمهووری ئیسلامی دا ئەو وەزعییەتە دەبینن کە لەو ڕیگایەوە جیگا پێی خۆیان لە بازاری سەرمایە و کالای ئەو مەنتەقەیە دا بکەنەوە.

بە کورتی ئەو بلیم: مەیلی وڵاتانی ئوروپایی و ژاپون بۆ پەرەپیدانی دەسەڵات و نفووزی سەرمایەی خۆیان لە ئێران مەحکەم کردنی ڕابیتەی خۆیان لەگەل جمهووری ئیسلامی لە ڕاستیدا موری ئەم ململانی تازەیەی جیهانی سەرمایەداری پیوەیە کە لە سەر دابەش کردنەوەی سەر لە نویی بازارەکانی کار و کالا و سەرمایە لە ئاستی جیهانی دا دەستی پی کردوە. ڕەوتی ڕووداوەکان نیشان دەدەن کە ئوروپا و ژاپن بۆ پەرە پیدانی دەسەڵاتی سەرمایەی خۆیان لە ئێران کەوتوونەتە خو و ئێران بەئەو جیگایە دەزانن کە یارمەتیان ئەدات بۆ ئەوەی دەستیان لە گوشەیەکی خاوەرمیانە گیر بی. هەلبەت ئەگەر جمهووری ئیسلامی بۆ خۆی وەکوو خەتەریك لە سەر ئەمنییەت و سباتی وڵاتانی دەور و بەری و بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی نەمینی، لەو سوورەتەدا و بە لەبەر چاوگرتنی تەرازووی هیزەکانی بلوك بەندیەکانی تازەی جیهانی سەرمایەداری، بە ئیحتمالی قەوی، دەوڵەتی ئەمریکا دەتوانی ئەو بەشە بۆ پەرو بال هاویشتنی دەوڵەتە ئوروپایەکان و ژاپونیەکان بە ڕەسمیەت بناسی.

پرسیار:

هاوری بڕایم! باسی مەیل و بووچونی لایەنە جۆراوجۆرەکانتان کرد. ئێستا پرسیارم ئەوەیە ئایا لەو ماوەیەدا جمهووری ئیسلامی توانیویەتی دەرگای سەرمایەی ئوروپایی و ژاپونی بەڕەو ڕووی ئێران بە تەواوی بکاتەوە؟ لەم بابەتەوە لەگەچ کەند و کوسپێك بەڕەو ڕووە؟

وەڵام:

بەلی! باسی ئەوەم کرد کە ڕەوتی بەڕەو پیش چوونی ناکۆکیەکانی ناو خانەوادەی بورژوازی جیهانی لە ئیقتصاد و سیاسەتی ئەمڕۆی دونیادا چ جیگایەکی داوە بە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی. بۆ جمهووری ئیسلامی و بۆ تەرفەکانیشی، کومەلیك کوسپ و مانعی ناوخۆیی لە ئێران وجوودیان هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوی کە ئەو ڕەوتە زۆر بە خاوی و بە هیواشی بچیتە پێش و دەوڵەتی ڕەفسەنجانی بە هەموو نەرمی و ئینعتافیکەوە کە نیشانی ئەدات. تا ئێستا سەرکەوتنێکی ئەوتوی بە دەست نەهێناوە، لیرە دەتوانم بۆ نموونە بە چەند کوسپێك ئیشارە بکەم.

– دریژە پەیدا کردنی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی جمهووری ئیسلامی و هەبوونی لایەنێکی ئەفراتی و مەزهەبی کە مەوجوودیەتی خۆی لە سەر پایەی عەوام فریویکی دژی خاریجی و دژی غەربی داناوە زۆرێك لە سەرمایەگوزارانی ئوروپایی و ژاپونی نیگەرانی داهاتووی سیاسی ئێران دەکات و لەبەر ئەوە، سەرمایەکانیان بە شینەیی و بە ئاخیزەوە دەنین بۆ ئێران و چاوەڕوانی یەك لایی بوونەوەی مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لە ئێران. هەر ئێستا لایەنی ئەفراتیتری جمهووری ئیسلامی لە بەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نوینەرانی مەجلیسی لەگەلە، بەری ئەوەدەگری کە ئەو مانیعە حقووقی و قانوونیانەی کە لە سەر ڕێگای هاتنی سەرمایەی خاریجی بۆ ئێران بەر تەرەف بکرین.

– نەبوونی کادیری شارەزا و پسپوری سەنعەتی و لە خوارەوە بوونی ڕادەی ئاموزشی فەننی، لە چەند مانگی ڕابوروودا هەراو هەنگامەیەکی زۆریان بۆ گەرانەوەی ئێرانیانی تەبعیدی کە سەرمایە، یان تەخسووسیان هەیە لە دەرەوە، ساز کرد کە کەس بروای پی نەکردن و بی نەتیجە بوو.

– زەعیف بوونی تائسیسات و ئیمکاناتی ژێر بینایی کە پیداویستیەکانی خەدەماتی بۆ سەرمایەگوزاری گەورە دابین بکات وەکوو کارخانەی بەرق، جادە و ئتوبان، بەندەر و شتیتر.

بەگشتی دەتوانم بلیم کە سەرمایەگوزارەکانی غەربی چاوەروانی ئەوەن کە دەزگای سیاسی حاکم لە ئێران لە ڕوالەتی ڕژیمیکی مەزهەبی کۆن بیتە دەر و سیمایەکی ئاساییتری بورژوازیی بەخۆیەوە بگری و بەم جۆرە خۆی لەگەل پێویستی ئالوگوڕە ئیقتصادیەکەی هاوئاهەنگ بکات. داهاتی فرۆشی نەوت یانی گرینگترین سەرچاوەی دەرامەدی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی، کە ڕێگای بۆ نەکراوەتەوە لە پێناوی نەقشەی دریژ ماوەی سەنعەتی کردنی ئێران دا بخریتە کار بو کرینی بە لیشاوی چەك و کەل و پەلی نیزامی سەرف دەکری. هەر ئێستا بە ئیقراری خۆیان هەزینەی خەریدە نیزامییەکان دوو بەرابەری ئەو میزانەیە کە لە کاتی شەڕی ئێران و عیراق دا سەرف دەکرا و هەروەها بەشێکی بەرچاوی دیکەی ئەو دەرامەدە سەرفی خەرجی دەزگایەکی پان و بەرینی بوروکراسی فاسدی دەوڵەتی دەکری.

ڕەفسەنجانی هەول دەدات کە وەکوو هەنگاویکی ئەسلی بۆ مەحکەم کردنی جیگای خۆی و بۆ جی گیر کردنی سیاسەتەکان، دەستی موخالیفەکانی ناخویی خۆی لە هیچ شوینیکی موئسری بەریوە بردن و بریاردان دا نەهیلی. بەهاری داهاتوو کە هەلبژاردنی مەجلیسی ئیسلامی دەست پی دەکات فورسەتیکە بۆ ئەوەی ئەم جیناحە خۆی لە دەست موزاحەمەتەکانی ناو مەجلیس ڕزگار بکات و بۆ دەورەی داهاتوو ئیجازە نەدات نوینەرەکانی بە ئیستلاح "پیرەوی خەتی ئیمام" هەلبژیردرینەوە و هەر لە ئێستاوە مانوەرکانیان بۆ حەزفی ئەوانە دەستی پی کردوە.

پرسیار:

ئەو وەزعییەتەی کە باسمان کرد چ کاریکی کردوەتە سەر مەسەلە کۆمەلایەتییەکان لە ئێران: وەزعی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەلك زەحمەتکیش، وەزعی خەبات و موبارەزەی ئەوان؟

وەڵام:

ئاشکرایە کە کرێکاران و کۆمەڵانی دەست تەنگ و کەم دەرامەد دەورەیەکی سەخت و تاریك لە ژیر حاکمیەتی جمهووری ئیسلامی تیپەر دەکەن. بە پێی ئامارەکانی نیوە و ناتەواو، ئەوەی کە بە هەرحال لە ژیر چنگی سانسوری دەوڵەتی دیتە دەری، هەر ئێستا زیاتر لە ٦ میلیون کەس لە ئێران بێکار هەیە، کە ئەو ٦ میلیون کەسە باری بە خیو کردن و تەئمینی ژیانی زیاتر لە ٢٠ میلیون کەسی دیکەیان لەسەر شانە.

لە حالیکدا کە حەقدەستەکان تەقریبەن سابیتن، پیداویستیەکانی ژیانی خەڵك لە ساڵ دا زیاتر لە ٦٠٪ گرانتر دەبن.

کەشاوەرزی ئێران وەزعێکی یەکجار فەلاکەت باری هەیە و بەرهەمەکانی کەشاوەرزی بە هیچ جۆر جوابی پێداویستیەکانی ئەساسی ژیانی جەمعیەتی ئێرانی پی نادرێتەوە. بە کرانەوەی دەروازەکان بۆ وارید کردنی حاسلاتی کەشاوەرزی لە دەرەوەی وڵاتەوە، لە ساڵدا نزیکەی ٦ میلیارد دولار سەرفی ئەو واریداتە دەکری.

لە پال ئەو وەزعیەتەی کەشاوەرزیدا مەوجی هاتنی خەڵك لە دێهاتەوە بەرەو شارەکان ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنی و ڕژیم لە بەرانبەر ئەو مهاجرەتەدا وەکوو هەمیشە دەستی داوەتە زەبر و زەنگ نواندن و ویران کردنی سەرپەنای ئەو زەحمەتکێشانەی کە بە هەزار و یەك مەزارەت، بی بەهرە لە کەمترین ئیمکاناتی ژیان لە دەوروبەری شارەکان دروستیان کردوە.

شەرایەتی ژنان لە چاو باقی بەشەکانیتری کۆمەڵێش یەکجار سەخت تر و غەیرە قابیلی تەحەمولترە، ئەم بەشە لە کۆمەڵ بە پێی قانوون و بە ڕەسمی کوت و بەند کراون و سەرکوت دەکرین و زیاتر لە پیاوان ڕەنجی بیکاری و مەرارەتی سەپەرستی و ئیدارەی خانەوادەکانیان لەسەر شانە.

زۆربەی هەرە زۆری جەوانان بە هۆی وەزعی ژیان و بەری چونی خانەوادەکانیان، بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئاموزشی، بە هۆی هەلاواردن و گەلیك سەد و مانعی سیاسی و عەقیدەتی کە لەسەر ڕێگای خویندن مەحروومن کراون و زۆربەی جەوانانی دیپلوم بێکارن و لەسەرەتای جەوانیان دا بە هەزاران ئومید و ئارەزووەوە، مایوس و سەرگەردان، ڕەهسپاردن. ئیعتیاد بە مەوادی موخدیر لە ناویان دا ڕوو لە زیاد بوونە.

بە میلیون کەس لە ئێران لە دە ساڵەی ئاخری قەرنی بیستەم دا هێشتا ئەسیری تاریکیای بیسەوادین. هەڵاواردنی نەتەوایەتی و ستەم لە میللەتانی دانیشتووی پارچەکانی ئێران، سەرکوتی ئیعتیراز و خەباتیان هەر وا درێژەی هەیە و... .

لە بەرانبەر وەها وەزعیەتێك دا کرێکاران و خەڵکی مەحروووم و ستەم لیکراو بی دەنگ و بی تەفاوەت نین. ئیعتیراز و مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە گەورە سەنعەتیەکانی ئێران بی پسانەوە درێژەی هەیە و لە ڕۆژانی ئەخیر دا مانگرتنی کرێکارانی سەنعەتی نەوت لە تاران و لە جنووب دیواری خەفەقان و بی دەنگی ڕژیمیشی شکاند و خەبەرەکەی لە هەموو دونیا بڵاو بووەوە. هەر ڕۆژە لە شاریك و لە گوشەیەکی ئێران دەنگی ئیعتیرازی گشتی خەڵك بەرز دەبێتەوە. ئەو ئیعتیرازاتە زۆربەیان بە تێك هەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕژیمیش دەگات. خەبەرەکانی ئەو ڕووداوانە ئەوندە زیادیان کردوە کە جمهووری ئیسلامی نەتوانی بیان شارێتەوە و هەر بۆیە ڕۆژنامەکانی ڕژیمیش جار و بار ددان بە بەشێك لەو ئیعترازاتە دادەنین.

پرسیار:

هاوری بڕایم دەزانن کە لە مانگەکانی نەخیردا لە کوردستانی عێراق و بە تایبەت بە دوای گەرانەوەی خەڵکی ئاوارە و ئاوەدان بوونەوەی زۆربەی شارەکان، کۆمەڵێك مەسەلەی گرینگی سیاسی لەو ناوچەیە هاتوەتە گۆڕی کە سەرەڕای ئەوەی خۆی لە خۆیدا گرینگ و جێگا سەرنج و لێکولینەوەیە، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێرانیش ڕووداوەکانی تەعقیب دەکەن و تامەزڕوی ئەوەن بزانن ڕەوتی ڕووداوەکان لەو پارچەیەی کوردستان بەڕەو کوی ئەڕوات؟ تکایە لەم بارەوە ئەوەندەی بە مومکین و بە پێویستی دەزانن تەوزیحیکمان بۆ بدەن.

وەڵام:

سەبارەت بەو پرسیارەی ئیوە چەند ڕاستیەکی ئەساسی هەن کە پێویستە هەڕچەند بە کورتیش بووە ئیشارەیان پی بکری، هیوادارم بتوانی چەند لایەنیکی هەڵوێستی ئێمە لەسەر ئەو ڕووداوانە بخاتە بەر چاو.

یەکەم ڕاستی کە دەبی تەئکیدی لەسەر بکری ئەوەیە کە ئێمە هێزێکی ئەنترناسیونالیستین و بەو ئیعتبارە لە هەر گوشەیەکی دونیا هەر مەسەلەیەك کە تەئسیر لە سەر ژیان و خەباتی چینی کرێکار دابنی بە خۆمانی مەربووت دەزانین و تیدەکوشین هەڵوێستی ڕوشنمان لەسەری هەبی. مەسەلەکانی کوردستانی عێراقیش کە بە تایبەت گەلێك تەئسیری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیان لەسەر کار و هەڵسووڕانی ئێمەش مەربووت دەبنەوە. بەڵام دیارە هەلومەرجیکی تایبەتی کە هەڵسووڕانی تەشکیلاتی عەلەنی و کاری پێشمەرگانە، بۆ کۆمەڵە هیناویەتە گۆڕی، لە تەرازووی هێزە واقعییەکانی ئەو ناوچەیەدا کۆمەلێك مەحدوودیەت لەسەر کار و لەسەر تەبلیغاتی ئێمە دادەنی. کە ئێمە ئەو مەحدوودیەتانەمان لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندی ئەساسیتریی خەباتی کرێکاری و شورشگێرانە لە ئێران و لە کوردستان ئێران قەبوول کردوە و خۆمان مولزەم بە ریعایەتی دەزانین.

بزووتنەوەی کرێکاری و حەرەکەتی

←

سوسیالیستی لە کوردستانی عێراقی بەشێکی جیا نەکراوە لە خەباتی ئەتەرناسیونالیستی کرێکارانی هەموو ناوچەکە و جیهانە و ئێمە ئەو مبارەزەیە لە کوردستانی عێراق بە سەنگەرێکی دیکەی هەر ئەو حەرەکەتە دەزانین کە لە کوردستانی ئێران و لە هەموو ئێران تیدەکوشین نوێنەر و ئالا هەلگری بین، لە پال ئەوەدا ئەمرۆکە بزووتنەوەیەکی حەق خوازانەی جەماوەریش لە کوردستانی عێراق لە کاردایە، کە داواکاری مافی نەتەوایەتیە. لەو بزووتنەوەیەش دا ئێمە لایەنگری دابین بوونی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراقین و خەبات و ڕاپەرین لە پێناوی پێک هێنانی هەلومەرجێک دا کە ئیمکانی واقعی بۆ جێبەجێ بوونی ئەم مافە بە وجوود بینی لە حەقی بی ئەم لاو ئەو لا و بی قەید و شەرتی ئەو خەڵکە دەزانین و پشتیوانی لی دەکەین. وە پیمان وایە کە چارە سەر کردنی مەسەلەی میلیی ڕێگا دەکاتەوە بۆ گەشە کردنی خەباتی چینایەتی لە کوردستان. یانی بۆ بزووتنەوەیەکی واقعی و ریشەداری دیکە. ئەو بزووتنەوەیە هەر ئێستاش بی پسانەوە لە کایەدایە بەڵام مەوجی مەیلی ناسیونالیستی و تەبلیغاتی ناسیونالیستی و هەلومەرجێک کە بە تایبەت بە هۆی گەماروی ئابووریەوە کوردستانی عێراقی تێدا بەسەر دەبا، پەردەی بەسەردا دەکێشی.

ڕاستیەکی گرینگی دیکە لە پێوەندەوە لەگەڵ ئەو پرسیارەدا ئەوەیە کە دەولّەتەکانی ئەمریکا و ئینگلیس و ولاتە هاو پەیمانە غەربیەکانی دیکە، بەسەروکایەتی ئەمپریالیزمی ئەمریکا، کە لە هەولی ئەوە دان، سەرکەوتنەکانیان لە شەری خەلیج دا تەکمیل کەن، فشاری خۆیان بۆ سەر دەولّەتی عێراق لە هەموو لایەکەوە زیاد کردوە و بەم مەبەستە سیاسەتێکی دیاری کراو لە هەموو عێراق وە لە کوردستانیش دەبەنە پێش و لە هەولی ئەوە دان کە هەموو زەرفیەتەکان و ئیمکاناتی سیاسی مەوجوود بە پێی مەسلەحەت و بەرژەوەندی خۆیان، بە مەبەستی بە نەتیجە گەیاندنی ئەو فشارانە بە کار بینن. بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق یەکیک لەو مەیدانانەن کە سەرنجی ڕاکیشاون و هەول دەدەن بۆ ئەنجامی مەبەستەکەی خۆیان بە کاری بێنن. ئەوەندەی کە ئەم بزووتنەوەیە خزمەت بە ستراتیژیەکەی ئەوان بکات لایەنگری لی دەکەن و هەر کات هەست بەوە بکەن کە ئەو مبارەزەیە خەریکە لە چوارچێوەی ستراتیژی و مەنفەعەتی خۆیان و هاو پەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا دەچێتە دەری موخالەفەتی دەکەن و تەنانەت لە دژیشی ڕادەوەستن. ناسیونالیزمی کورد کە ئەمرۆکە جلەوی بزووتنەوەی میلی لە کوردستانی عێراق بە دەستەوەیە هەول ئەدات حەرەکەتی خۆی لەگەڵ ئەم ستراتیژیەی ئەمریکا و ئینگلیس لە ناوچەکەدا هاوئاهەنگ کات و گەلیکی هومید پی‌بەستوە. بەڵام واقعیەتیکی ئاشکرا کە ئەمرۆکە لە بەر چاوی هەمووان لە کایە دایە ئەوەیە کە ئەمریکا لەو مەسەلەیە تەنیا وەکوو کارتیکی کایەی سیاسی بۆ پێک هێنانی نەوعیکی دیاری کراو، لە ئال و گۆڕی دەسەلاتی سیاسی لە عێراق کەلک وەردەگری وە سەبەینی بە نیسبەت دیموکراسی و حقووقی بەشەرەوە هەر ئەوەندە بە پەروش دەبی کە لە کویت و لە عەرەبستان و لە شیخ نشینەکان وە ولاتانی عەرەبی هاوپەیمانی بە دوای شەری خەلیج دا بە پەروشیەوە بوو.

پێک هێنانی کوردستانێک کە عێراق کە ئیلهام بەخش و هاندەر و بزوینەری حەرەکەتی سیاسی بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس و تەحمیلی ئەو مافە بە دەولّەتەکانی تورکیە و ئێران بی و بەو مەعنایە بی سباتی لەو ولاتانەدا پەرە پی بدات، لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا لە خاوەرمیانە یەک ناگرێتەوە، هەر لە بەر ئەوە درەنگ یا زوو پشت لەو حەرەکەتە دەکات و یان بە یارمەتی دەست و پیوەندەکانی ئەورو و سبەینێی خۆی لە مەنتەقەکە، لە دژی ڕادەوەستن. هەر ئێستاش جم و جولی دەولّەتەکانی ئێران و تورکیە کە نیگەرانی "ئالوزتر بوونی وەزعەکە"ن دەستی پی کردوە و دوو ڕوویانە بوونی سیاسەتەکانی ئەمریکا بە نیسبەت خەباتی خەڵکی کوردستانەوە بۆ جاریکی دیکەش، هەر لەو دەورەیەدا سەرەتاکانی دەر کەوتوە.

نابی لە بیرمان بچێتەوە کە ئەگەر دەورانی شەری سارد بە شکستی ولاتانی بلووکی شەرق کە لایەنێکی ئەو شەرە بوون کوتایی پی هاتوە، ئەوە جبهەی ئەوانە کە ئالّ و گۆڕی سیاسی و جوغرافیایی گرینگی بۆ ئەمریکا تێیدا تەحەمول دەکری، ئەم ڕووداوانە بە نیسبەت بەرژەوەندی ئەمریکاوە، ناتوانی لە جبهەی مقابل یانی لە بەرەی سەرکەوتووش دا دووپات بێتەوە.

سەرئەنجام ڕاستیەکی دیکە کە دەمەوی لەم بارەوە ئیشارەی پی بکەم ئەوەیە کە هەلومەرجی جیهانی ئەورو کە تێیدا دەولّەتی ئەمپریالیستی ئەمریکا توانیویەتی دەسەلاتی خۆی بە زوری چەک و توانایی سەرمایەکەی بە سەر بەشەرییەت دا بسەپێنی، بە حوکمی ناکوکیەکانی جیهانی ئەورو ناتوانی دریژماوە بی. لە لایەکەوە بورژوازی جیهانی خەریکە بەرەو ریزبەستنیکی تازە دەروات وە ئوروپا بە ڕوسیەشەوە ئەمریکا و ژاپون، سی کوچکەی ئەم ریزبەستنە نوێیە دەبن کە لەسەر بناغەی میزانی دەسەلاتی ئیقتصادی و قودرەتی سەرمایەی هەر کام لەو ولاتانە دادەمەزری و لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی شورشگیرانە و حەقخوازانە لە سەرتاسەری دونیا بو ئازادی و بەرابەری واقعی لەبەرانبەر شەرایت و موناسەباتی غەیرە ئینسانی حاکم دا، لە بەرانبەر دیکتاتوری و ستەم و سەرکوت دا لە هەموو شوێنێک ستراتیژی هاوبەش، مەسلەحەتی هاوبەش و جیهتی واحید پەیدا دەکات و کرێکار و زەحمەتکێشی هەموو ولاتان لە مبارەزەی خۆیان دا بو وەدەست هێنانی مافەکانی زەوت کراویان خۆیان لەم جبهەیە دا دەبیننەوە. خەباتی عادلانە و حەق خوازانەی خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراقیش دەتوانی لەم جبهەیەدا بی و بەم جبهەیە پەیوەست بی.

بۆ ئێمە لە کوردستانی ئێران ستراتیژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستاندا، ئەو نەقشە عەمەل و بەرنامەی کارەیە لە ناوخۆی کوردستان کە جیگای خەباتی شورشگیرانەی گەلی کورد لە ناو ئەو جبهە جیهانیەدا زەمانت دەکات.

پرسیار:

ماوەیەکە کە ڕەوتێک بو عادی کردنەوەی نیوانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پی کردوە، دەمانەوەی بزانین ئەم جەریانە بە کوی گەیشتوە، مەبنای سیاسی بو تەنزیمی موناسەباتی بەینی کۆمەڵە و حیزبە سیاسیەکان و لەوانە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە نەزەر ئێمەوە چیە و پایەکانی هاوکاری ئیحتمالی داهاتوو لە سەر چ ئەساسێک دەتوانی دا بمەزری؟

وەڵام:

دیارە ئاگادار هەن کە بەینی ئێمە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران_ ڕێبەرایەتی شورشگیر_ شەر و حالەتی شەر و هەر نەوعە ئالوزیەک ماوەیەکی زۆرە کوتایی پی هاتوە و گفت و گو بو دارشتنی بناغەی نەوعێک هاوکاری لەسەر ئەساسی مەسلەحەتی خەباتی حەق خوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران لە دژی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی دەستی پی کردوە. ئەگەر چی ناکری بڵێین لەم بارەوە پێش ڕەفتێکی زۆرمان کردوە بەڵام نەفسی کرانەوەی ئەم دەرگایە بو خۆی هەنگاوێکی پێویست و سوودبەخش بووە.

لە جوابی ئەوەدا کە ئەو ڕابیتەیە لە سەر چ بناغەیەکی سیاسی دەتوانی دامەزری لە پێش دا پێویستە ئەو ڕاستیە دووپات کەمەوە کە کوردستان وەکوو هەموو جێگایەکی تر کۆمەڵگایەکی چینایەتیە کە تێیدا حیزبە سیاسیەکان لە سەر ئەساسی گەرایشاتی سیاسی مەوجوودی ناو جامیعەکە شکل دەگرن و هەر کامەیان بە کردەوە بە قازانج و بەرژەوەندی چینەکانی ناو ئەو جامعەیە گری دەدرین.

ئێمە خۆمان لە بەرەی کرێکارانی کوردستان دا دەبینین و لیرەوە و لە ڕوانگەی قازانج و مەسلەحەتی ئەو چینەوە دەروانینە هەموو مەسەلەکانی ناو کۆمەڵ. بزووتنەوەی چینی کرێکار لە کوردستان حەرەکەتێکی عەینی و واقعیە و حاشای لی ناکری. ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ فەعالییەت و هەلسووڕانی کۆمەڵە لیک جیا ناکرێتەوە و ئالا هەلگری هەموو مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشە لە کوردستان. بەڵام لە کوردستان خەباتێکی جیاوەڕیتر و گشتیتریش لە دژی دەولّەتی مەرکەزی بەرپا بووە کە ئەساسەکەی لە سەر نابەرابەری و ستەمیک بیناکراوە کە لە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان قورسایی دەکات. حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان بە هۆی زیندوو بوون و مەوجوودیەتی ئەو حەرەکەتەوە هاتوونەتە مەیدانی مبارزەی سیاسیەوە و لە کوردستان لەو بزووتنەوەیە هیز وەردەگرن. خەبات لە پێناوی لابردنی ستەمی میللیدا کە یەکیک لە مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشە ئەو خالە هاوبەشەیە کە ئێمە لەگەڵ حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان هەمانە.

بۆ ئێمە کە پێمان وایە دەبی ڕێگای عەمەلی و واقعی بۆ لابردنی ستەمی‌میللی لە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان، نیشان بدری، هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتیش کە بو عەینی ئەو ستەمە مبارەزە دەکات، بەشێکە لەو ڕێگا چارەیە کە پێویستە هەولی بو بدەین.

لەسەر ئەو مەبنا ئوسوولی و سیاسیەی کە باسم کرد، تا ئەو جێگایەی کە بە ئێمە مەربووت دەبێتەوە پێمان وایە کە حیزبە چەکدارەکان لە کوردستان دەتوانن لەگەڵ ئەوەش دا کە جیاوازیەکانیان بو خەڵک ڕوون دەکەنەوە و بەیانی دەکەن، دەگەڵ ئەوەش دا کە دەست لە ململانیی سیاسی خۆیان و تەبلیغاتی سیاسی خۆیان بە شێوەیەکی هیمنانە و لە چوارچیوەی پرەنسیبەکانی دیموکراتیکەنااندا، هەل ناگرن، لە هەمان کات دا دەتوانن لە خالی خەباتی هاو بەشیان یانی خەبات بو لابردنی ستەمی میللی بە شێوەیەکی موسر بو بە هیزتر کردنی سەفی مبارەزەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر دەولّەتی مەرکەزیدا کەلک وەربگرن. لەسەر ئەو ئەساسە زۆر مەسلەلەی گرینگ هەیە کە بە گرتنە پێشی سیاسەتی یەکسان لە سەریان، دەتوانی خەڵکی کوردستان یەک پارچە لە بەرابەر دەولّەتی مەرکەزیدا قەرار بدات و تەرازووی هیزەکان بە زەرەری جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بگوڕی و هەلومەرجی لەبارتر بو گەیشتن بە داخوازیەکانی گەلی کورد بەدی بینی.

بو نموونە:

دارشتنی تەرحی هاوبەشی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لە دەولّەتی مەرکەزی، دیاری کردنی هەلومەرجێک کە تێیدا دەتوانی شەری هیزی پێشمەرگە لەگەڵ دەولّەتی مەرکەزی کوتایی پی بێت، دیاری کردنی پرەنسیبەکانی وت و وێژ کردن لەگەڵ دەولّەتی مەرکەزی، دیاری کردنی پێش شەرتەکانی وت ووێژی ئیحتمالی دوا ڕۆژ لەگەڵ ڕژیم و دیاری کردنی هەیئەتی هاوبەش بو وەها وت و وێژێک. هاوکاری و کاری هاوبەش لە پێناوی جێبەجێ کردنی ڕفراندومیک لە کوردستان کە تێیدا گەلی کورد بریاری نێهایی خۆی لەسەر شکل و شیوەی پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ دەولّەتی مەرکەزی دیاری بکات و کۆمەلێک مەسائیلی عەمەلی دیکەی لەو نەوعە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گوری کە ئایا ئەوە بە مانای پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی نیە. جوابی ئێمە بەو پرسیارە مەنفیەیە. ئێمە پێک هێنانی بەرەیەک لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان کە پایگا و بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازیان هەبی بەڵام لە یەک قالبی تەشکیلاتیدا کۆبوونەوە بە ئوسوولی و مومکین نازانین. بەڵام ئەگەر لە پێناو ئەم کۆمەڵە سیاسەتە هاوبەشانەی کە پێوەندیان بە چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی و مافی دیاری کردنی چارەنووسەوە هەیە دروست کردنی چەند نیهادێکی تایبەتیش پێویست بی ئێمە مانعیکی تیدا نابینین. تەجروبەی سالانی ٥٨ و ٥٩و وجوودی هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد کە بە کردەوە وەزیفیکی واوەتری لە وەت وێژ کەوتبوە سەر شان، لەم بارەوە گەلیک دەرس و تەجرەبەی عەمەلی و موسبەتی تیدایە.

پرسیار:

هاوری برایم ئاخرین پرسیارم سەبارەت بە ڕووداوەکەی پلینومی ٢١ی کومیتەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستە. تا ئێستا ئیمە لە ڕادیووە لە فرسەتی جۆراوجۆردا لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەمان کردوە، ئێستاش لەو فرسەتە کەلک وەردەگرم و داوا دەکەم لەم بارەوە ئەگەر تەوزیحاتیک بە پێویست دەزانی بومان بدەی.

وەڵام:

بەلی هەر وەک تا ئێستا چەند جار لەم ڕادیوییەشەوە باسمان کردوە، بە دوای پلینومی ٢١ی حیزبی کۆمۆنیست دا جەمعیک لە هاوریانی کومیتەی مەرکەزی حیزب، لە ئەندامەتی حیزبی کۆمۆنیست ئیستعفایان دا و ڕیزی حیزبیان بەجی هیشت بە بڕوای من حەرەکەتی ئەو هاوڕییانە لە جەوهەری خۆیدا شتێک نیە غەیری دل ساردی و ناهومیدییەک کە لە نەفسی پراتیکی سیاسی کۆمۆنیستی لەم دەورەیەدا تووشی هاتوون. بۆ کەسانێک کە باوەڕیان بە خەتی سیاسی و فکری و عەمەلی حیزبێک لە دەست دەدەن هەلبەت تەبیعی‌ترین کار ئەوەیە کە ڕیزی ئەو حیزبە بەجی بهیلن و ئەوانیش ئەو کارەیان کرد. و لە نەزەر خۆیانەوە ڕیگایەکی سیاسی دیکەیان گرتە پێش. بە هەر حال سەرفی نەزەر لە چەند زیانیکی دیاری کراو کە ئیقدامی ئەو هاوڕییانە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا، ئەوان هەر تەوزیحیک بۆ کارەکەی خۆیان بدەن و هەر چونیک تەوجیهی کەن، ئەساسی حەرەکەتەکەیان بەو دەلیلە بوو کە ئەم هاوڕییانە لە یەک دوو سالی ڕابوردوودا ورده ورده لەگەل خەت و مشی، جیهەتی سیاسی و تاکتیکی و پراتیکی حیزبی کۆمۆنیست بیگانە ببوون و هەر بەم پییەیەش سەبارەت بە چارەنووسی دوا ڕۆژی ئەو حیزبە و پاراستنی ئینسجامی ریزەکانی، هەستیان بە بەرپرسایەتی و مەسئوولیەت نەدەکرد و تەنانەت بە کردەوە ڕیگای هەلوەشاندنەوەی ریزەکانی حیزبیشیان گرتبوە بەر. بە بروای من حەرەکەتی ئەو هاوڕییانە لە جەوهەری خۆیدا شتێک نیە غەیری دل ساردی و ناهومیدییەک کە لە نەفسی پراتیکی سیاسی کۆمۆنیستی لەم دەورەیەدا تووشی هاتوون. بۆ تەوزیحی ئەو حەرەکەتە، ئەگەر خۆمان زۆر بە عیبارەت پەردازییەکی پێچیدەوە کە ئەوان بۆ تەوجیهی کارەکەی خۆیان دەیکەن، خەریک نەکەین، حەقیقەتەکە زۆر سادەیە، بۆ کەسانێک کە باوەریان بە خەتی سیاسی و فکری و عەمەلی حیزبێک لە دەست دەدەن هەلبەت تەبیعی‌ترین کار ئەوەیە کە ڕیزی ئەو حیزبە بەجی بهیلن و ئەوانیش ئەو کارەیان کرد.

لەسەر جیهەت و ڕیبازی حیزبی کۆمۆنیست لە دەورەی داهاتوودا پیشتر لە بەیانیەی هاوڕییانی کومیتەی مەرکەزی حیزب دا کە بەم بونەوە بلاوکراوەتەوە قسەمان کردوە تا ئەو جیگایەی کە بە زەرفیەتی ئەو گفت و گویەی ئەمڕۆمان مەربووتە، پێویستە بە چەند نوکتەیەک لە بابەت کاری ئیستای کۆمەڵە بە دای ئەم ڕووداوەدا ئیشارەیەک بکەم:

ئەولاً، ئەکسەریبەتی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەلبژێردراوی کونگرەی شەشەم هەر لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست دا و لە سەر مەسئوولیەتەکانی خۆیان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا ماون.

سانیاً، لە هیچ مەیدانیک لە کار و هەلسووڕانی کۆمەڵەدا بوشایی‌یەک بە وجوود نەهاتوە و هەموو ئورگانەکانی فەعالییەتی کۆمەڵە لەسەر ریبازی داریژراو لە ئاخرین کونگرەی کۆمەڵەدا دریژە بە کاری خۆیان دەدەن.

مەرکەزی هیدایەتی تەشکیلاتی مەخفی لەشار و دیهاتی کوردستان، هیزی چەکدار و ئاموزشگای پیشمەرگایەتی، ڕادیوکان و مەرکەزەکانی فەعالییەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق، نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات، ئەوانە، هەموویان کاری عادی خۆیان دەکەن.

ئێمە هیوادارین کە بە پەیگیری ڕەخنەگری‌یەکی پێشڕەو کە بە تایبەت لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەوە لە سەر کار و فەعالییەتی ئێمە لە کوردستان دەستی پیکرد و بە یارمەتی شور و شەوقیک کە بو کار کردن و فەعالییەت و مەسئوولیەت قەبوول کردن بە وجوود هاتوەتەوە ریزی هەلسووراوانی سوسیالیستی و کارگەری لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستاندا لە پێناوی ئامانجەکانی دوور و نیزیکی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش دا، هەرچی بە هیزتر کەین. هەر لەو فرسەتەدا داوا لە هاوڕییانمان لە هەموو شار و دیهاتی کوردستان دەکەم کە بە فەعالییەت و هەلسووڕانی چالاکانەی خۆیان ئیجازە نەدەن کە جمهووری ئیسلامی بە تەبلیغاتی ژەهراوی لە دژی کۆمۆنیزم و بە بلاو کردنەوەی شایعاتی پوچ و بی پایە لەسەر حیزبی کۆمۆنیست و لە سەر کۆمەڵە، تووی نیگەرانی لە ناو کرێکاران و خەڵکی تیکوشەردا بچینی.

چەند یادداشتی سیاسی

ناگورنو قەرەباغ

شەر لە ناوچەی ئەرمەنی نشینی قەرەباغی سەروو، لە نێوان ئەرمەنستان و ئازربایجان دا بە توندی دریژەی هەیە و ئاماری کوژراو و بریندارەکانی هەرتك لا هەتا دێت زیاد دەکا. قەرەباغ مەنتەقەیەکە کە زۆربەی ئەرمەنی نشینە و لە باری جوغرافیاییەوە لە جەرگەی مەنتەقەی ئازربایجان دایە. هەرتك لا ئیدیعای حاکمییەت بەسەر ئەو مەنتەقەیەدا دەکەن. چوار ساڵ لەوە پێش کاتێك یەکەمین پریشکی ئەم تیکهەڵچوونە قەومیە دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کوڕت دا نزیکەی هەزار کەس لە هەرتك لا کوژران و کارەساتێکی دڵتەزین لە بێ ڕەحمی و دل ڕەقی قەومی لە بەر چاوی خەڵکی دنیادا ڕووی دا.

لەم نمونەیەش دا وەکوو دەیان نمونەی تر لە هەموو دنیا، شاهیدی ئەوە بووین کە چون بورژوازی، هۆو عامیلی مانەوەی هەڵاواردن، نابەرابەری و ستەم و سەرکوتی قەومی بوو، بۆ ئەوەی ئەم گیر وگرفتانە کوسپێك بن لەسەر ڕێگای گەشەی یەکیتی و هاوپشتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەروەها وەسیلەیەك بی بۆ دریژە دان بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیان.

سەرمایەداری دەوڵەتی حاکم لە ڕووسیە دەیان ساڵ بوو، مەسەلەی قەرەباغی وەکوو برینێکی کۆن کەوتوو ڕاگرتبوو بۆ ئەوەی کە ئاگری ناکۆکی قەومی نیوان ئازەری و ئەرمەنییەکان بلیسەدارتر بکا و ڕابگری و هەرتك لا لە ترسی یەکتر ناچاربن پەیڕەوی لە ڕووسیە بکەن. دام و دەزگای دەوڵەتی حاکم لە شووڕەوی، نەك هەر لە ماوەی ئەم دەیان ساڵەدا چکولەترین هەوڵیان نەدا بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکییە کەم بکەنەوە و ڕێگا چارەیەکی بۆ بدوزنەوە، بەڵکووو بە ڕەواج دانی فەرهەنگێکی گەندەڵی شۆڤینیستی و لە ئاکام دا زیندوو ڕاگرتنی کێشەی ناسیونالیستی لە جمهووریەکانی شووڕەوی دا، بەریان بەوە دەگرت کە زەمینەی ماددی و کۆمەڵایەتی بۆ کردنەوەی ئەم گری پووچکەیە و دەیان گریی تر لە سەرتاسەری ئەم وڵاتە پان و بەرینەی شووڕەوی دا پێك بی.

لەم جەریانەدا کلیسای کاتولیك خۆی لە پال ئەرمەنییەکان دا دەبینی و جمهووری ئیسلامی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی موسولمانیتریش خۆیان لە پال ئازەریەکاندا دەبینن. بەم جۆرە ئەم شەرە کۆنەپەرستانەیە بەرەو ئەوە دەچی تا بە ژەهری خۆارفەی مەزهەبی ش ئەو موسیبەتە کۆمەڵایەتی و ماددیانەی کە بەربینی بە خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە گرتوە، هەرچی زیاتر پەرە پی بدا. کرێکارانی ئێران و ناوچەکە دەبی بە وریایی‌یەکی زیاترەوە چاو لەم ڕووداوە دڵتەزینە بکەن و بە چاوی خۆیان ببینن کە چون سەرمایەدارانی حاکم لەم وڵاتانە و لە تەواوی جیهان، بە هەموو ئیمکاناتی خۆیانەوە بە کەڵك وەرگرتن لە نەژاد و میللیەت و مەزهەب و پەرە پێدانی ئەمانە، بۆ ئەوەی حاکمییەتی چەوسێنەرانەی خۆیان بپارێزن، کۆمەڵانی خەڵکی مەحرووم و چەوساوە دەکەنە گوشتی بەر دەم توپی خۆیان.

ڕەنج و مەینەتی هاوبەش، خەباتی هاوبەش و چارەنووسی داهاتووی هاوبەش و هەروەها دوژمنی هاوبەش دەبێتە هۆی پەیوەندی نیوان کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش. برایەتی و ڕەفاقەتی کرێکاری دەبی جێگای ئەم درندەیی و بەربەرییەتە بگرێتەوە کە سەرمایەداران پێکیان هێناوە. کرێکاری ئەرمەنی و کرێکاری تورك، سەرەنجام بە وڵاتانی جیاوازی میللی و بە پشت هەڵکردن لەو بیانووە چکولە و لە عەینی حاڵیشدا خۆین بارەی وەکوو مەسەلەی قەرەباغ جبهەی واحیدی خۆیان لە دژی بورژوازی ئەرمەنی و تورك، پێك دێنن.

یوگوسلاوی

فاجعەیەك کە چەندین مانگە وڵاتی یوگوسلاوی تی‌چەقیوە و ئەم وڵاتە لە ئاگری شەرێکی ناوخۆیی کۆنەپەرەستانەدا دەسووتێنی، نموونەیەکە، کە تێیدا بورژوازی سەردەمی ئێمە لە جەرگەی ئوروپای پێش کەوتوودا خەسڵەتە زاتی‌یەکانی خۆی دەخاتە بەر چاوی هەموو خەڵکی دنیا. تەواوی خەسڵەتە دژی بەشەرییەکانی بورژوازی کە لە تی‌دەپەرن و بە شوێن سوژەی داغتر لە باقی شوێنەکانی تری دنیادا دەگەرین. یوگوسلاوی وڵاتێکی چەند میلیەتی‌یە بریتی لە میللەتانی سیرب، کرواسی، ئیسلوونی، بسنیا و مەقدوونیە و چەند میلیەتێکی چکولەی‌تر کە بە دوای شەری جیهانی دووهەم دا فدراسیونی یوگوسلاوی‌یان پێك هێنا. بەڵام دام و دەزگای دەوڵەتی فیدرال و ئەرتەشی ئەم وڵاتە، لە ئەساس دا لە ژێر کۆنترۆڵ و نفووزی سیربەکاندایە. ڕووخانی سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئوروپای شەرقی و شل بوونەوەی زنجیری دیکتاتوریەت لەم وڵاتە بووە هۆی ئەوە کە کرواتەکان و ئیسلووانی‌یەکان بۆ وەڵام دانەوە بە بوحرانە ئابووری‌یە کە بەربینی بەم وڵاتە گرتبوو بە شوێن ڕێگا چارەیەکی محەللی لە چوار چێوەی میللی دا بگەرین. ئەو شوێنانەی کە کرواتەکان و ئیسلووانی‌یەکان تێیدا دەژیان بەشێکی سەنعەتی‌تر و دەوڵەمەندتری یوگوسلاوی پێك دەهێنا. سەرمایەداری لەم دوو بەشەدا بە شوێن ئەوەوە بوو کە بۆ ڕزگاری لە چنگ دەوڵەتی فیدرال، پەیوەندیکی نوی لەگەڵ ئوروپای غەربی و بە تایبەت ئالمان پێك بێنی و بە لێك هەڵپێکانی ئابووری خۆیان و ئابووری پێش کەوتووی ئوروپا، خۆیان لە چنگ بەشە دواکەوتوەکانی یوگوسلاوی ڕزگار بکەن. هەر بەم بۆنەوە شعاری پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بە دەستەوە گرت.

بورژوازی ئالمان کە لە لایەکەوە نەی دەویست لە مەرزەکانی جنووبی خۆیدا شاهیدی دەوام و خۆگرتنی قودرەتێکی چەند میللیەتی سەنعەتی و بە هێز وەکوو ڕەقیبێکی خۆی بە ئیددیعای مافێکی بەرابەر لە داهاتوودا بی و لە لایەکی‌تریشەوە بە پێك هاتنی دوو وڵاتی سەنعەتی چکولەتر کە بە دوای دابەش بوونی یوگوسلاوی‌دا پێك دەهاتن، دەیتوانی دوو وڵاتی هاوپەیمان و گوی لە مست لە ئیتحادیەی داهاتووی ئوروپادا بدوزێتەوە، بە شێوەیەکی دوو ڕوویانە بۆ ئەم کارە هانی دەدان و چەك و چوڵی پێویستی دەخستە ئیختیاری هێزەکانی موقاومەتی کرووات و ئیسلووانی. ڕەقیبەکانی‌تر بۆ نموونە ئینگلستان و فەرانسە خوازیاری وەحدەتی یوگوسلاوین. بەم جۆرە دەبینین ئەگەرچی وڵاتانی ئوروپای غەربی خوازیاری کوتایی هاتنی شەڕن و دەیانەوی بە ئاگر بەس و لە ڕێگای وت و وێژەوە مەسەلەی یوگوسلاوی چارەسەر بکەن. بەڵام بە دزی و لەژێر پەردەدا ئاگری ئەم شەرە خوش دەکەن. لەم نیوەدا واتیکان و کلیسای کاتولیکیش بی دەنگ دانەنیشتوون و لەم شەرە کۆنەپەرستانەیەدا بەش بە حاڵی خۆیان سەهمیان هەیە. کلیسا بە پشتیوانی کردن لە بەشە کاتولیك نشینەکانی ئەم وڵاتە کە زۆربەی کرواسی و ئیسلووانی دەگرێتە بەر، لە بەرانبەر مەزهەبەکانی‌تر بە کردەوە تێدەکۆشی ئەم کارەساتە لە عەینی حاڵدا ڕواڵەتی شەرێکی مەزهەبیش بە خۆیەوە بگری.

بەڵام سەرمایەداری سیرب کە کۆنترۆڵی دەوڵەت و ئەرتەشی یوگوسلاوی بە دەستەوەیە، لەم جەریانەدا ئەوپەری درندە خوویی و وەحشی‌گەری زاتی خۆی بە کار هێناوە و بە پەرەپێدانی دواکەوتووترین ئیحساساتی شۆڤینیستی، هێزەکانی خۆی بۆ سەرکوتی جیاوازی خوازانی کرواسی و ئیسلاوەکان بەسیج کردوە و بۆ گەیشتن بە نیازەکانی خۆی لە هیچ جینایەتیك دەست ناپاریزی. دیمەنی دەڵتەزین لەم جینایەتانە هەموو ڕۆژێك دێنە سەر سەفحەی تلویزیونەکانی دنیا و وێژدانی هەر ئینسانێکی شەرافەتمەند ئازار دەدەن.

شەری ئێستای یوگوسلاوی، بی گومان هیچ ڕەبتێکی بە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشەوە نیە و شەرێکی بە تەواوی کۆنەپەرستانەیە. بەڵام بە هەر حال وەکوو واقعییەتێك ئەم شەرە هەست و نیستی ئەوانی بە قورگی خۆیدا کردوە. بۆ ڕزگار بوون لە چنگ ورده حیساباتی نیو خۆی بورژوازی لەم وڵاتە و بۆ ئەوەی بورژوازی لە هیچ بەشێکی ئەم وڵاتە مەودای عەوام فریوی و بەهرەبەردای لە مەوقعییەتی عەینی و ستەمێك کە بەسەر خەڵکی ئەم یان ئەو بەشی وڵات داسەپاوە پەیدا نەکات، تەنیا ڕێگا، بەرێوە بردنی ڕیفراندومێکی ئازاد و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و ترس و نانەوە و گەمارویەکی ئابووری و هەر چەشنە فشارێکی‌تر لە تەواوی بەشەکانی ئەم وڵاتەدایە. ڕیفراندومێك کە تەواوی خەڵك، کەمایەتی‌یەکان و گوروەهە میللی‌یەکان ئازاد بن شکل و شێوەی پەیوەندی حقووقی داهاتووی خۆیان لەگەڵ یەکتر دیاری بکەن، یان ڕەئی بە جیابوونەوە و سەربەخۆیی بدەن. وە بەم جۆرە هەم بورژوازی شۆڤینیستی سیرب و هەم ناسیونالیستەکانی دەسەڵاتدار لە کرواس و ئیسلوونی و باقی شوێنەکانی‌تر ئیتر ناتوانن هەست و ئیحساساتی میللی و قەومی بجوولێننەوە و پەرەی پی بدەن، وە پایەکانی یەککگرتنێکی چینایەتی ئاگاهانە و بە دڵخوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی قازانج و سیاسەتەکانی بورژوازی لەم وڵاتە دادەمەزری.

گورجستان

ماوەیەکە هەواڵی ڕووداوەکانی گورجستان یەکێك لە جمهووری‌یەکانی پێشووی شووڕەوی کەوتوەتە سەرووی هەواڵەکانی جیهان. ماجەراکە لەو جێگایەوە دەستی پێکرد کە بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی گورجستان لە دژی ڕەئیس جمهووری گورجستان و وەڵاتە هەستان و بە بەیانێکی‌تر کوودەتایان کرد و دەستیان دایە گەماروی ساختمانی مەجلیس کە ڕەئیس جمهوور لێ بوو. ڕەئیس جمهوور و لایەنگرەکانی دەستیان دایە موقاومەت و لەم نیوەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کە لە نزیك شوێنی تێك هەڵچوونەکان دەژیان و هات و چویان دەکرد گیانی خۆیان لەدەست دا و سەرەنجام ڕەئیس جمهووری هەلاتە ئەرمەنستان. ئەوشتەی ڕووی داوە هەڵبەت لە دنیای ڕەقابەتی دار و دەستە بوژوازیی‌یە ڕەنگاوڕەنگەکانی حاکم دا لە گوشە و کەناری دنیا، ڕووداوێکی غەریب نیە. بەڵام ئەو شتە کە ئەم ڕووداوە هەتا ڕادەیەك لە ڕووداوەکانی‌تری لەم نەوعە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە لە یەکێك لە جمهووری‌یەکانی یەکیتی یەکێتی سۆڤیەت ڕووسیە بن و هیچ گومان لەوە دانیە کە ناکۆکی قەومی و ئیددیعای مەرزی و شتی‌تری لەم بابەتە بیانووی پێویست بۆ دەخاڵەتی ڕووسیە لە چارەنووسی خەڵکی وڵاتانی تازە سەربەخۆیی وەرگرتووە بەدەستەوە دەدا.

لە شووڕەوی پێشوو ۲۰۰ گوروهی جۆراوجۆری قەومی هەن کە لە ۱۵ جمهووری سەربەخۆ و ۸ مەنتەقەی خودموختار و ۱۰ ناوچەی چکولەتردا بە جیاوازی میللی و دەرەجەیەك لە ئیختیاراتی محەللی، دابەش بوون. لە هەلومەرجێکدا کە شۆڤینیزمی عەزەمەت خوازانەی ڕووسی بە دریژایی دەیان ساڵ فەرهەنگی حاکم بە سەر کۆمەڵی فەرهەنگی و کاردانەوی قەومی و ناسیونالیستی ئەمرۆی میللەتانی دانیشتووی ئەو سەرزەمینە بەرینەن وەك سکلی ژێر خولەمیشن ڕووداوێکی قابیلی پێش بینی. لە هەلومەرجێك دا کە بوحرانی ئابووری بەربینی شووڕەوی پێشوو، وەزعییەتێکی دژواری بەسەر ژیانی خەڵکی ئەو بەشانەدا سەپاندوە، زۆر لە کەمایەتیە میللی‌یەکان لە سەرەتادا ڕێگای نەجاتی خۆیان لەوەدا دەدیت کە پەنا بەرنەبەر چوارچێوە و مەودا میللی‌یەکانی خۆیان و ئەمە لە ڕاستیدا هەوڵدانێکی سەرەتایی‌یە بۆ مانەوە و بەقا، کە لە بۆشایی سیاسی مەوجوود دا، وەك تاقە ڕێگای نزیك پەنای بۆ دەبەن. بەڵام بیری ڕزگاری لە فشارە ئابووری‌یەکان و گەیشتن بە ریفاە و حەسانەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە میللی و "خۆیی"یەکاندا لەو وڵاتانە تەنیا خۆش خەیاڵی‌یەکە و هیچیتر. خۆش خەیاڵی‌یەك کە بۆ داروخانی نەك ساڵان و مانگان، بەڵکوو جاری وایە چەند حەفتە و تەنانەت چەند ڕۆژ کافی‌یە. ئەمرۆ ژیان لە جمهووری‌یەکانی پێشووی شووڕەوی گەلێك دژوارتر لە ڕابردووشە. کەمبوونی خواردەمەنی، گرانی لە ڕادەبەدەر کە بە لاچوونی سوبسیدی کالاکان پێك هاتوە، زیاد بوونی بێکاری کە حاسلی تەعتیل بوونی دەزگا غەیرە ئینتفاعی‌یەکانە، ڕەواجی بی سنووری مەوادی موخدر، بە دیاری هێنانی ژیانی شێوە ئامریکایی بۆ لاوان، ژیانی نائەمنی ناشی لە وجوودی ناکۆکی قەومی و مەرزی، بەشێك لەو دوزەخەیە کە "بەهەشتی" سەرمایەداری بازاری ئازاد، بۆ خەڵکی جمهووری‌یەکانی پێشووی شووڕەوی بەدیاری هێناوە.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٨ march: ١٩٩٢

کرێکاران!
کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو!

حاکمانی جمهووری ئیسلامی خۆیان بۆ شانوی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی ئامادە دەکەن.
رژێمێک کە بە درێژایی ١٣ ساڵ حاکمییەتی خۆی عامیل و پاریزەری هەژاری و بێکاری و کوشتار و شکەنجە و بی مافی سیاسی بووە، رژێمێک کە بەرێوەبەری ستەم و سەرکوت بووە، ئێستا دەیەوی بۆ جارێکیتر کۆمەڵێک لە نوکەران و جێرە خورانی خۆی لە مەجلیسەکەی دا کۆ بکاتەوە هەتا بە ناوی ئێوە و لە زمان ئێوەوە جینایەتەکانی تەئیید بکەن و قانوونی سەرکوتگەرانە و ستەمی بۆ پەسەند بکەن.
کێشەی نیوان دەستە و تاقمەکانی هەیئەتی حاکمەی ئیسلامی، لە سەر بەشداری لە مەجلیس دا، کێشەیەکە لەسەر چونیەتی چەوساندنەوەی زیاتری ئێوە و کەڵەکە کردنی زیاتری سەروەت و سامانی خۆیان.
سەرتاپێی ئەو رژیمە چەوسێنەر و جینایەتکارە بە هەموو دەستە و تاقم و دەزگا و ئورگانەکانیەوە مەسئوولی رۆژ رەشی و بی عەدالەتی و مەحروومییەتێکن کە ١٣ ساڵە بە ئێوە تەحمیل کراوە.
ئەم جینایەتکارانە، نابی ئیجازەیان پی بدری لەژێر پەردەی ئیختیلافات و ناکۆکی ناوخۆیان و ئیعیراز بە یەکتردا، تاوانەکانیان بشارنەوە. نابی ئیجازەیان پێبدری هیچکامیان فیلبازانە مەشرووعییەت و حەقانییەت لە رەئی ئێوە وەر بگرن.
نوینەرانی مەجلیسی ئیسلامی، نوینەرانی سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی حاکمن.
شانوی هەڵبژاردنی نوینەرانی مەجلیسی ئیسلامی تەحریم بکەن.
بە تەحریمی شانوی هەڵبژاردنی نوینەرانی مەجلیسی ئیسلامی جاریکی تر نیشان بدەن کە ئەم رژیمە هیچ پایگا و جێگا پێیەکی لە نێو ئێوە دا نیە و رەئی و ئیرادەی میلیونەها کەس لە قوربانیانی حاکمییەتی ئەم رژیمە لەسەر فەوتان و رووخانی ئەم رژیمەیە.
بروخی رژیمی جمهووری ئیسلامی

کەم بوونی نەوت لە ئێران

کەم بوونی سووتەمەنی، نەوتی سپی و گازوئیل و بەنزین و گاز سەرتاسەری ئێرانی داگرتووە. سەرمای سەخت و لە هندیك شوین تا ٣٥ دەرەجە ژێر صفر و بەفری قورس کە زۆربەی شوینەکانی ئێرانی داگرت، ئەم کەم بوونی سووتەمەنییەی کرد بە بەلا و موسیبەتێکی گەورە لە سەرتاسەری ئێران دا.
سەفی دوور و درێژ و چەندین سەعاتە لە بەر شوێنی فرۆشی نەوت و ئەم دەرك و ئەو دەرك لیدان بۆ چەند لیتر نەوت، بازاری رەش و فرۆشتنی کوپینی نەوت و موعامەلاتی پەنامەکی دەلالان و قازانج پەرستان کە هەمیشە لەم جۆرە کاتانەدا قوت دەبنەوە، پەرە سەندنی نەخۆشی لە بەر سەرما و خەرجی کەمەر شکینی دەوا و دەرمان و زۆر بەلا و مەینەتیتر، سیمایەکە کە لە هەموو شار و دیهاتی ئێران بە روونی بەرچاو دەکەوی.
لە زۆر شوێنی کویستانی، لە رۆژانی سەختی زستان دا، یەك قەترەش نەوت لە نیو خەڵك دا بلاو نەکراوەتەوە و لە زۆر شوێن لە جیگای نەوت چەند لیتریك گازوئیلیان بلاو کردوەتەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی خراپ بوون و لە کار کەوتنی کووڕە و چرای خوراك پەزی و هەر وەسیلەیەکیتری نیو مال کە بە نەوت کار دەکا.
لە زۆر شوێنی سارد و کویستانی خەلك بە ناچار لە سەخت ترین هەلومەرج دا و لە ژێر سەرمای تاقەت پروکین دا، دەستیان کردوە بە کۆکردنەوەی چیلکە و دار بۆ ئەوەی لانی کەمی گەرمای نیو مال تەئمین بکەن کە لە سەرما رەق نەبنەوە. بۆ نموونە گوی بگرن لە دەردی دلی پیرە پیاویکی خەلکی "خرم ئاباد" کە لە رۆژنامەی "کیهان"دا هاتوە:
"٢٥ رۆژ بوو لە شاری ئێمە نەوت دەست نەدەکەوت. بە دوای ئەم ماوەیەدا ئەم رۆژانە بریك نەوتیان لە شاردا بلاو کردەوە کە ئێمە بە هەزارچەرمەسەری و دوای چەند شەر و کێشە لەگەل یەکتر توانیمان چەند تەنکەی ٢٠ لیتری نەوت بە قیمەتی ٨٠ تمەن بکرین. کرینی نەوت بۆ کەسێکی وەکوومن، کە کەسم نیە، کاریکی زۆر سەختە. ئێمەمانان دەبی بچێتە ناو قەرەبالغیکی زۆر لە خەڵك و دوای شەر و کێشەیەکی زۆر بتوانین نەوتی پێویستی خۆمان دابین بکەین."
بوحرانی نەوت لە ولاتێك دا کە خۆی لە سەر دەریای نەوت خەوتوە و هەموو رۆژێك بە میلیون بوشکە نەوت بو هەموو شوێنێکی دنیا دەنێری، بۆ کەسیك کە لە دەرەوەی ئێرانە و ئاگای لە حال و رۆژی خەڵکی ئێران نیە، باوەر پی کردنی زۆر سەختە. بەڵام ئەمە شتێکی واقعیە. ئەویش لە یەکیك لە ساردترین زستانەکان دا کە دەیان ساڵە سەرمای ئاوا سابقەی نەبوە کە تا ئێستا سەدان کەس راستەوخۆ بە هەزاران کەسیش ناراستەوخۆ بوونەتە قوربانی سەرما و نەبوونی سووتەمەنی لە ئێران دا.
هۆی کەم بوونی نەوت چیە؟ مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە تاران و جنووبی ئێران رووداوێکی گرینگ بوو کە هەر لەم جەنگەی کەم بوونی نەوتەدا رووی دا.
بەڵام بە هیچ جۆرێك هۆی کەم بوونی نەوت ئەم حەرەکەتە حەق خوازانەیەی کرێکاران نەبوو. ئەگەر ئیدیعایەکی ئاوا بکری بە تەواوی غەیرە واقعیە و تەنانەت سەرانی رژیمیش ناتوانن گوناهی کەم بوونی نەوت بخەنە ئەستوی مانگرتنی کرێکاران. ئەنبار و زەخیرە نەوتەکانی ئێران ئەوەندە گەورە و بەرینن کە دەکری نیازی چەندین مانگی هەموو خەڵکی ئێران تەئمین بکەن. کرێکارانی سەنعەتی نەوت کە بۆ داخوازەکانی خۆیان مانیان گرت بە باشی لەم مەسەلەیە ئاگادارن. هۆی ئەسلی پێك هاتنی ئەم وەزعیەتە لە دەسەڵاتدارەتی سیستمێك دایە کە هەموو فکر و خەیالی ئەوەیە کە رۆژ لەگەڵ رۆژ قازانج و سوود پەرەستی خۆی و داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر ژیان و چارەنووسی خەڵکدا بپاریزی نەك تەئمینی ژیان و ریفاهی کۆمەڵانی خەڵك و کەم کردنەوەی باری قورسی گیر وگرفت و موشکلاتێك کە بەر بینی پی گرتوون. سیستمی گەیاندنی سووتەمەنی لە مەرکەزە تەولیدیەکانەوە بۆ شارەکان، هەروەها سیستمی دابەش کردنی سووتەمەنی لە شارە گەورەکاندا ویرای ئەوەی کە ئیمکانات و وەسیلەی پێویستیان لە ئیختیار دانیە. تووشی وەهاا بوروکراسییەکی فاسد و گەندەلی کە پێك هاتنی وەزعیەتێکی ئاوا دەکری زۆر بە راحەتی رەچاو بکەی. بەڵام ئیعتیرازی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێش لە شارەکان بە تایبەت لە گەرەکە فەقیر نشینەکاندا، دەتوانی رژیم لەو هەموو کەمترخەمی و لاقەیدییە دەرحەق بە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك و ئەو بی دەنگییە مەرگ هێنەرەی کە هەلی بژاردوە، وەخەبەر بینی. دەبی بە زۆری خەباتی یەکگرتوو و یەکپارچەی خەڵك سووتەمەنی لە ئەنبارەکان بکێشرێتە دەر.
ئەزانم بە هاتنی نەوروز ئێوە زیاتر لە هەموو کەس خوشحالن!
ئەزانم خوشی و شادی پیش هەموو کەس و زیاتر لە هەموو کەس حەقی ئێوەیە.
ئەزانم دلی بچکولەتان لەم رۆژانەی سەرەتای ساڵدا تەنانەت بە دێتنی پەپوولەیەك، بە دیتنی بالندەیەکی رەنگاوڕەنگ، ئەوەندەی دەشتێکی بەرینی پر لە سەوزەلانی گەش دەبێتەوە.
بەڵام نازانم، ئایا مەجالی ئەوەتان بۆ هەلدەکەوی کە شاد بن؟ ئایا وا دێتە پێش لە قوولایی دلتانەوە پی بکەنن؟
ئەگەر وابی، کە ئێمەش پێی شادین. ئەگەر نا... ئەزانن چی منالەکان!
ئێوە دەبی لە ئێستاوە ژیانی خوش بە حەقی خۆتان بزانن.
دایك و باوکتان هیچ شتێك لە ئێوە دریغ ناکەن. ئێوە هەر بە راستی پارەی جەرگیانن. ئەگەر لیباسی تازەیان بۆ نەکڕین، دلنیا بن نیانە. ئەگینا حازرن لە دەمی خۆیان بگێڕنەوە بۆ کڕینی هەر شتێك کە ئێوە دەتانەوی. دایك و باوکتان نەدارن. ئەوەتان لە بیر بی.
ئێوە گەورە دەبن. زۆر زووش گەورە دەبن. زووتر لە هەموو کەس دیکە. ئەگەر منالی دیکە هەتا بە تەواوی پی دەگەن دەخوینن، ئێوە لە هەشت نۆ ساڵیەوە پیاوی مەیدانی کارن. ژنی بەرداری قالین. زوو گەورە دەبن زوو دەبنە کرێکار!
بەڵام لە بیرتان بی کە نابی پشتا و پشت هەر ئاوا بژین. نابی منداڵی ئێوەش چاو لە دەست بن.
هەر لە ئێستاوە دەبی بۆ ژیانێك هەول بدەن کە منداڵەکەتان لە هەموو ئیمکاناتێکی خویندن و کایە کردن و خوشی بەهرەمەند بی. گەش بی. ساغ و سلامەت بی. بە کەیف و سەر زیندوو بی و لە قوولایی دلێەوە پی بکەنی. بی حال و ژاکاو نەبی. ماندووی کار نەبی. تەون نەکا. کەوش واکس نەکا. بخوینی و گەشە بکا و گەش بژی.
منالەکان لانی کەم منداڵەکانی ئێوە دەبی وا بن.
پێتان وایە ئێوە نابنە ساحەبی منداڵ؟ پێتان وایە درەنگ گەورە دەبن؟
وانیە. ئێوە لە هەموو کەس زووتر گەورە دەبن. لە هەشت نۆ ساڵیەوە پیاوی مەیدانی کارن و ژنی بەر داری تەوەن. ئێوە لە هەموو کەس زووتر گەورە دەبن.
هەموو ساڵێ، ئاخر رۆژی زستان، لە زەردە پەڕی ئێوارەیەکی مس رەنگی پسوو عەترواویدا، بالندەیەکی دەنوك سووری سەر بال سپی دێتە سەر ئاسمانی شار. بەسەر یەکە یەکەی ماڵەکانا ئەخولێتەوە و بەرەو نزیکترین بەرزایی شار بالی لێ ئەدا و لە چاوی هەموان گوم دەبێ.
پەیکی بەهار بوو، ئەگەڕا، ئێوە دیتان؟ ئاگری نەوروزی ئەوێ.
تاوێك دواتر، تارمایی کۆمەڵێك ئینسان بە داوێنی شاخ و هەڵدەگەڕێ. هەناسە سوار و ئارەقە کردوو. هەتا پێش هەڵاتنی یەکەمین ئەستێرە گڕ لەو ئێوارەیە بەر بدەن.
بالندەکە ئەگەڕێتەوە. لە بەر چاوی هەموویاندا، لوور دەبێتە نێوان گڕی سووری ئاگر، لە نێو گڕی سەوز و سووردا، شابالی خۆی، هەر لە چەشنی بایەوانی کاتی توفان، را ئەوەشێنێ و ئەخوێنێ. قەقنەسێکە کە پشتاوپشت لە نێو سکڵی سووری ئاگر جووجەلەکانی سەر دەردێنن. هەر ئەو ئێوارەیە، دوای نمە بارانێك جووجکەی قەقنەس لە نێو ئاگردێتە دەر و بالەکانیان فێری تەجرەبەی فڕین دەکەن. ئەبێ فێر بن بفڕن!
بو رزگار بوون،
ئەبێ سواری ئەستوی رەشە با بی
بالەکانت بەرگە بگرن
لەگەڵ شەپۆلی زێوینی هەوا،
زۆران بگرن
ئەگینا خۆ شتێك نیە
بالندەی تازە پەڕ گرتوو
بە ئاسمانی بلێندەوە،
سەرئەنجام بالێ دەکاتەوە.
بالێ ئەکاتەوە و هەر ئەو شەوە، رێی دارستان ئەگرێتە بەر.
تا بزانێ لە کام گوشەی ئەم جیهانە، کام دارستان، گڕی ئاگری لێ بەرزە؟
لەو جێگایەی کۆمەڵی ئێنسانی بە هەلپەی ژیان و تینووی رزگاری، بەیاخی کاوەی کار و رەنج و قوربانی بوون، ئەخاتە سەر شانی و لەشکر لەشکر بەرەو کۆشکی ئەژدهاکەی سەرمایە، رێگە ئەبڕێ هەتا ژێرەو ژووری بکا.
لەو جێگایە، لە نێو خەرمانەی گەشترین ئارەزووەکاندا.
لەبەر تیشکی رووناکترین هیوا،
سەوزترین گوڵە گەنمی سەر رووی زەوی
بە نیشانەی بەهرەمەندی و حەسانەوە،
دەکاتە دیاری و دەی هێنێ بۆ جەژنە پیرۆزە لە ئێوە.
هەتا لە کازیوەی بەربەیانێکی وەها خۆشەویست دا
خۆزگەی هەرچی خۆزگەداری ئەم جنایە بۆ رزگار بوون
لە ئاهەنگی یەك سروودا تێکەلاو بی:
بژی دنیای بێ ستەم و چەوسانەوە
بژی دنیای بەختەوەری و حەسانەوە!
***

دوو تابلۆ

تەعتیلات و مەرەخەسی

لە فەسلیکی قانوونی کاری جمهووری ئیسلامیدا، سەبارەت بە تەعتیلات و مەرەخەسی لە جیاتی ١٢ رۆژ مەرەخەسی سالانە کە لە قانوونی کاری دەورانی شادا هاتبوو، ٣٠ رۆژ مەرخەسی سالانەیان لە بەرچاو گرتوە. هەروەها لەم قانوونی کارەدا هاتوە: ئەگەر لە کارگایەك یان مەرکەزیکی کرێکاری لە ماوەی ٥ رۆژدا بتوانن ٤٤ سەعات کار بکەن کرێکاران دەتوانن رۆژانی پێنج شەممەش تەعتیل بن و بەم جۆرە لە دوو رۆژ تەعتیلی پێنج شەممە و جومعە کەلك وەربگرن.
واقعیەت ئەوەیە کە قانوونی کاری جمهووری ئیسلامی لە نەتیجەی فشاری بزووتنەوەی کرێکاری لە ساڵی ١٣٥٧دا لە دژی ١٢رۆژ مەرەخەسی قانوونی کاری شا، ناچار بووە ٣٠رۆژ مەرەخەسی قەبوول بکا. داخوازی ٣٠ رۆژ مەرەخەسی لە بەرانبەر ١٢ رۆژ مەرەخەسی قانوونی کاری زەمانی شادا، داخوازی کرێکاران لە شۆرشی ٥٧ بەم لاوە بووە و هەر ئەمەشە کە رژیمی جمهووری ئیسلامی ناچار کردوە ٣٠ رۆژ مەرەخەسی لە قانوونی کارەکەیدا بگونجینی و بە رەسمی بناسی. بەڵام ئێستا ئیتر وەختی ئەوەیە کە کرێکاران داخوازی ٦ حەوتوو مەرەخەسی بهێننەگور، مەرەخەسی بۆ کرێکاران دەبی وەکوو ماوەی سەعات کاری رۆژانە تابعیك بی لە زەرفییەتی فەننی و حەقدەستیکیش کە لەو دوو رۆژ تەعتیلیەدا وەری دەگرن بو هەر رۆژێکی بە ئەندازەی حەقدەستی رۆژانەی ئەوان دەبی. ئەم تبصرانە بۆ کرێکاران غەیری قابلی قبوولە. لە بەرانبەر ئەمەدا کرێکاران دەڵین ئەمە بە رەسمی و بە ئاشکرا پێشێل کردنی حەقی مەرەخەسیە. ئەمە یانی تەعتیل کردنی ئاخری هەفتە بە بی حقووق. داخوازی کرێکاران ئێستا ٧ سەعات کار لە رۆژدا و ٢ رۆژ تەعتیلی لەسەر یەك لە حەوتوو دایە و بەم جۆرە بەر بە هەر چەشنە فیل و تەلەکەیەکی رژیم دەگرن کە بە هێنانی ئەم تبصرانە دەیەوی بەم دەستیك بیان داتی و بەو دەستەکەیتری لێیان بستێنێتەوە.
داخوازی ٢ رۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا یەکیك لە داخوازەکانی کرێکاران بووە کە لە راپەرینی سالی ٥٧ەوە، داواکاری بوون و توانیویانە ئەم داخوازە بە کردەوە جێبەجێ بکەن. بەڵام دەبینین رژیم کاتیك لە قانوونی کارەکەیدا باسی مەرەخەسی دەکا، دەس بە جێی بە دوو تبصرە لە پالیدا، گریی دەداتەوە بە وەی کە لە لایەکەوە شەش یەکی حقووق حەوتوانەیان بداتی و حەفتە دەکا بە ٦ رۆژ، وە لە لایەکیتریشەوە دەس بە جێ دەلی ٥ رۆژ کار بکەن بە ٤٤ سەعاتەوە یانی رۆژانە نزیك بە ٩ سەعات کار. کرێکاران هیچ کات ٢ رۆژ مەرەخەسی حەوتوانە بە سەعات کاری حەوتوانەوە گری نادەن. تەنانەت ئەگەر لە هەر مەرکەزیکی کرێکاری توانی. بیتیان ٤٠ سەعات یان ٣٥ سەعات کار لە حەوتوودا سەقام گیر بکەن دیسانەوەش ٢ رۆژ تەعتیلی حەوتوانە بەم سەعات کارەوە گری نادری. ٢ رۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا داخوازیکی سەربەخۆیە و هیچ چەشنە پەیوەندیکی بە هیچ شتیکیترەوە نیە و دەبی بە تەواوی حقووق و مەزایای کارەوە ئەم ٢ رۆژ مەرەخەسیە حیساب کرێت.
قانوونی کاری جمهووری ئیسلامی مەرەخەسی ئیزترارى بە جێگای مەرەخەسی ئیسحقاقی حیساب دەکا و بەم جۆرە هەر نەوعە مەرەخەسیەکی ئیزترارى لە ٣٠ رۆژ مەرەخەسی سالانە کەم دەکاتەوە لە حالیکدا مەرەخەسی ئیزترارى بو کرێکاران کە بە هۆی نەخوشی یان کارێکی ترەوە پێویستە هیچ رەبتێکی بە مەرەخەسی ئیستحقاقی نیە. بێجگە لەمە قانوونی کاری رژیم مەرەخەسی ئیزترارى کرێکاران حەوالە دەکا بە تائیدی دوکتور و تەشخیصی شورای ئیسلامی. لە حالیکدا ئەوە کرێکار بۆ خۆیەتی کە دەبی تەشخیص بدا کە دەتوانی بێتەوە سەر کار یان نا؟ ئەمە دەبی بۆ تەواوی دانیشتوانی جامعە لە بەرچاو بگیری. کەوایە مەرەخەسی ئیزترارى مەرەخەسیەکە، کە لە شەرایتیکی تایبەتیدا دێتە پێش. کرێکاران حەقی خۆیانە کە لەم نەوعە مەرەخەسی کەڵك وەربگرن. مەرەخەسی ئیزترارى دەبی بە بی کەم کردنەوە لە حقووق و مەزایا بی.
***

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٩ | گوڵانی ١٣٧١ | مەی ١٩٩٢

کۆمەڵیکی تر
لەلاوانی شۆڕشگیر
چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

لە درێژەی کاری ئامووزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵەدا، رۆژی ١٠ی مانگی گوڵان کۆمەڵیکی تر لە لاوانی شۆڕشگیر دوای تیپەرکردنی دەورەی ئامووزشی سیاسی – نیزامی چەکدار کران و بە ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوون.

دوای دەست پێکردنەوەی دەوری تازەی فەعالییەتی ئامووزشگای پێشمەگایەتی کۆمەڵە ئەمە دووهەمین دەورەی چەکدارکردنی پێشمەرگەی تازە بوو هەر ئێستا ژمارەیەکی‌تر لە خوازیارانی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە خەریکی تیپەرکردنی دەورەی ئامووزشی سیاسی–نیزامین.

ئیمە سەرکەوتن بۆ ئەو هاوڕییانە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە دا بە ئاوات دەخوازین.

پیویستی خۆ یەکخستن لەگەڵ ستراتیژی جیهانی حەرەکەتی کرێکاری و سوسیالیستی

لە مەراسمێکی گەورەدا کە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەوە لەشاری ستۆکهۆلم بە بەشداری سەدان کەس بەڕیوە چوو، هاوڕی عبدالله مهتدی قسە و باسێکی پێشکەشی بەشدار بووان کرد ئەوەی لێرەدا دەیخوێنەوە چەند بەش لەو قسە و باسەیە کە بە هەندێك دەسکاریەوە هینراوتە سەر شێوەی نووسین.

دوستانی بەڕێز،
میوانانی خۆشەویست،
هاوڕییان!

پێم خۆشە پێش هەموو شتێك بەخێر هاتنێکی گەرمتان بکەم و خۆشحالی خۆم دەربڕم لەوەی کە لە ڕۆژێکی ئاوادا زەحمەتتان کێشاوە و کۆبوونەتەوە.

ئەگەر کاتی خۆی و سالانی پێشوو پێویست بووبی لە بارەی میژووی کۆمەڵە و چونیەتی پێك هاتن و ڕێبازێك کە پێیدا ڕۆیشتوە و ئەوە کە چون لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یەکی گرتوەتەوە، وە لە سەر بەسەر هاتەکانی و بەرنامەی قسە بکەری، من پێم وایە ئەمساڵ ساڵێکە هەموومان دەزانین تایبەتی بووە بۆ حیزبی کۆمۆنیست. یان بڵێین دوو، سێ ساڵی ڕابوردوو تایبەتی بوون بۆ حیزبی کۆمۆنیست. حیزب بە زۆر تەنگ و چەڵەمەدا تێپەڕ بووە و ڕوبەڕوی هەر بۆیە پێم وایە هەموو کەس بە حەق چاوەڕوانی ئەوە دەکا لەم بارەیەوە شت ببیستی و بزانی دوای ئەو بەسەر – هاتەی دوو سی ساڵی ڕابوردوو ئیمە ئێستا لە چ وەزعێك دایین و دەمانەوی چ بکەین هەروەها با ئەوەش بڵیم بەسەرهاتی ناوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دیارە بۆ حیزبی ئیمە بەسەرهاتیکی گەورە بوو بەڵام بە نیسبەت ئەو شتانە کە لە دنیا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، بەسەر هاتیکی زۆر چکولەیە بۆیە پێم وایە ئەمساڵ جیی خۆیەتی لە بابەت ڕووداوەکانی جیهانیش، دەرحەق بە کۆمۆنیزم، سوسیالیزم، دنیای سەرمایەداری، وە ئەوە کە ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوانە چون خۆمان دەدوزینەوە و ئێستا چون بیر دەکەینەوە و بە تەماین چی بکەین، قسە بکەین.

لە دوو سی ساڵی ڕابوردوودا زۆر کەس نەك هەر تەنیا لە ناو ڕیزەکانی خۆماندا یان لایەنگرانی ڕیکخراوەیی خۆمان، بەڵکوو لە لایەن جەماوەرێکی بەرچاو لە خەڵکەوە، لە هەموو ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، نیگەرانی بووە بەرانبەر بەوە کە چارەنووسی حیزب کۆمۆنیست چی لی دی و چارەنووسی کۆمەڵە چی لی دی زۆر کەس لیمان تووڕە بوون لیمان بە گلەیی بوون کە ئەم دوو سی ساڵە حوزووڕێکی فەعالی سیاسی شیاوی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست مان نەبوو من نامەوی لێرە هیچکام لەو کەم و کووڕییانە بشارمەوە ڕاستە بە ڕوودانی ئەو شتانەوە ناڕەحەتین، بەڵام بەوە خۆشحالین کە جەماوەری خەڵك لە حاست ئەم ڕووداوانە بە دەربەست و نیگەران بوون نیگەرانیەك کە زۆر جار دەڕیشیان بڕیوە یان تەنانەت مەجالیان نەبووە دەری بڕن بەوانەوە خۆشحالین و تەنانەت شانازی پێوە دەکەین ئەوە نیشان دەداکە حیزبی کۆمۆنیست بە گشتی–وەهەر وەها سازمانی کۆمەڵە–حیزبیکی سیاسی تەریك و دابراو لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش و لە بیرای گشتی سیاسی و شۆڕشگێڕ نەبووە و نێە بۆیە پێمانەوە ماندوو بوون و نیگەران بوون نەیان ویستوە وابی زۆرکەس ئاواتی خۆی تیدا دیتوەتەوە زۆرکەس بەوە ناڕەحەت بووە کە–بە دروست یان نادروست وای زانیوە ئەو ئاواتە شەریف و خۆشەویستانە کە پیناسەی سیاسی ئێمە بوون ئێتر جیگایەکیان

بگرێتەوە

ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شارەکانی کوردستان

ڕۆژی ئەولی مانگی مەی، جەژنی جیهانی چینی کرێکار، کرێکارانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هاوچینەکانیان لە سەراسەری جیهاندا جەژنیان بەڕپاکرد.

ئەرگەچی بە هۆی حکوومەت نیزامی یەکی ڕانەگەیەندرا و کە هێزەکانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ پێش گرتن بە هاتنە مەیدانی بەرینی کرێکاران لەو ڕۆژە دالە شارەکانی کوردستان بەڕیوەیان برد، کرێکاران نەیانتوانی میتینگ و کۆبوونەوەی وا بەرین و گەورە پێك بێنن کە نوێنەر و نیشاندەری هەموو یەکگرتوویی و هێز و خواستی خۆیان بی، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر لەو جەژنەدا بەشداریان کرد ئەوەی جێگای سەرنج بوو، بڵاوبوونەوەی بەرینی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بوو کەلەسەروبەندی جەژنی کرێکاردا بە تەواوی سیمای شارەکانی بۆ پێشوازی لەو ڕۆژە گوڕیبوو.

لێرەدا چەند خەبەری بەڕیوەچوونی ئەو جەژنە لە نیو کرێکارانی شارەکانی کوردستاندا بڵاو دەکەینەوە و هەر خەبەرێکی دیکەشمان لەو بابەتەوە بە دەست بگا لە ژمارەکانی داهاتوودا بە ئاگاداریتان دەگەیەنین.

کرماشان

کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری کرماشان لە ماوەیەك بەر لە ڕۆژی ئەولی مانگی مەیەوە لە فکری بەڕیوەبردنی مەراسمی سەربەخۆی خۆیاندا بوون و هەر بەم بۆنەوە خەریکی تەدارەك و خۆ ئامادە کردن بوون. ل٥

ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ئەولی مانگی مەی

چینی کرێکار ئەمساڵ لە کاتێك دا دەچێتە پێشوازی ڕۆژی ئەولی مانگی مەی کە بورژوازی لە تەواوی جیهان هەموو توانایی تەبلیغاتی خۆی بەرینتر لە هەمیشە لە دژی سوسیالیزم و ئامانجە کرێکاریەکان وەکار خستوە و، لە بەرێك ترازانی سیستەمەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی لە شووڕەوی و ولاتانی ئوروپای ڕۆژ هەلات بە کۆتایی ژیانی کۆمۆنیزم ڕادەگەیەنن لە جەرگەی ئەم شەرە تەبلیغاتیەدا، بورژوازی بێشەرمانە ئەم جیهانەی نوقمی بێعەدالەتی و نابەرابەری،بە کۆمەڵگای شیاوی ئینسان و بە وەزعییەتێك لە قەلەم دەدا کە ڕزگار بوون لە چنگی محالە و هەر تەقالایەك بۆ گوڕینی دەبێتە هۆی خولقانی کارەساتیکی دەردناك.

بەڵام هێرشی بورژوازی تەنیا لە مەیدانی تەبلیغات دا نیە هێرش کردن بۆ سەر ئامانج و ئارەزوە کانی چینی کرێکار نیە هاوکات پلەی‌ژیان و دەسکەوتەکانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش یش لە هەموو جێگایەك هێرشی کراوەتە سەر تەنانەت لە ئوروپا و ئەمریکا ئەو دەسکەوتانەی لە دەیان سال لەوە پێشەوە بەدی هاتوون، ئەمڕۆ خەریکە دەستیندرینەوە بیکار کردنی کرێکاران و پال پێوەنانی ژیانی خانەوادە کرێکاریەکان بەڕەو پلەی ژێر سنووری هەژاری خەریکە زیاد دەکا ئەمە لە حالیکدایە کە دەولەتەکان و پارلمانەکانی سەرمایەداری بەردەوام ئاستی تەئمینی کۆمەڵایەتی خەڵك و سنووری مەسئوولییەتی جامعە لە حاست هاو ولاتیان، بەرتەسك تر دەکەنەوە.

تحولی تکنولوژیك کە خەریکە سەر لی دەبیندری بۆ وەدەست هینانی چەکی ئەتومی .

بە دوای شەری ئەمریکا لەگەڵ عێراق دا لاواز بوونی عێراق لە باری نیزامیەوە، ئێران بووەتە گەورەترین قودرەتی نیزامی لە مەنتەقەدا–وە ئەم جیگا و شوێنە ویست و مەیلی عەزەمەت– خوازانەی ئێرانی زیاتر بزواندوە و بورژوازی دەسەلاتداری ئێران بۆ وەدی‌هینانی ئارەزووە کۆنەکانی پان–ئیرانیستی، دیسان وەخۆ کەوتوەتەوە. ل٥

زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان، هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ڕژیمیان تەحریم کردوە بۆ نموونە لە مهاباد نزیکەی ٧٥٪ی ئەو کەسانەی حەقی ڕەئی دانیان بووە، لە هەڵبژاردن دا بەشداریان نەکردوە ئەوانەش کە بەشدار بوون زۆربەیان ڕەئی سپیان خستوەتە ناو سندووقەکان یان ناوی کەسانی‌تریان لێ نووسیوە لە شنو، خەڵك زۆر کەم بەشدار بوون و زۆر کەس لەوانەش کە دەنگیان داوە، شتی‌تریان لە وەرەقەکان نووسیوە لە مەریوان خەڵك پوستێر و عەکسی تەبلیغاتی‌ی پێش هەڵبژاردنیان دراندوە و هەر بەم جۆرە لە زۆربەی شوینەکانی دیکەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕق و تووڕەیی خۆیان بەرانبەر بەم ڕژیمە و هەڵبژاردنەکەی دەربڕیوە. ل٦

جمهووری ئیسلامی وکرینی چەك

ماوەیەکە خەبەری کرینی چەك لە لایەن ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئێرانەوە، لە زۆربەی ئاژانسە خەبەری‌یەکان و ڕۆژنامەکانی دنیاوە باسی دەکری ئەوەی کە واقعی‌یە و دەبیندری ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران بە دوای تەواو بوونی شەر لەگەڵ عێراق دا، هەوڵا بە گەرمە لە هەموو لایەکەوە خەریکە خۆی لە باری نیزامی‌یەوە تەیار دەکا. ئێران لە کوڕە، ئارژانتین، چین و ڕووسیە کەل و پەلی جەنگی کڕیوە تەنانەت هەولدانیکی ئاشکرای

تەحریمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی

سەبارەت بە تەقینەوەی مەعدەن لە تورکیا

ڕووداوی دلتەزینی کوژرانی نزیکەی ٣٠٠ کرێکار لە مەعدەنێکی زغال سنگ لە نزیك شاری گوزلو لە تورکیا، دیمەنێکی ئاشکرای دیکە بوو لەو هەموو جینایەتە کە ڕۆژانە لە گۆشە و کەناری جیهان، نیزامی چەوسینەر و زالمانەی سەرمایەداری لە دژی چینی کرێکار بەڕیوەی دەبا ئەمە یەکێك لە نموونە هەرە زەق و بەرچاوەکانی جینایەتێکی چینایەتی بوو شەوی سی‌شەممە ٣ی مانگی مارس لەوە مەعدەنەدا، کە نزیکەی ٧٠٠ کرێکار کاریان تیدا دەکرد، تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا لە سەعاتەکان هەوەل دا جەنازەی ٧٨ کرێکار لە مەعدەنەکە هێنرایە دەر و دواتر ژمارەی جەنازەکانی گەیشتە نزیکە ١٤٠ چەند سەعاتێکی‌تر نیزکەی ١٠٠ کرێکاری بریندار و سووتاو بەنیوەگیانی لە ژێر ئاگری مەعدەن دەکیشنە دەر لە دریژەی ئەم هەول و تەقالایەدا هەتا ئیوارەی ڕۆژی پینج شەممە نزیك بە ٤٠٠ کرێکار کە بەشێکیان بریندار و سووتاون، لە مەرگ نەجاتیان دەبی و ڕادەگەیەندری کە هیچ ئومیدیك بە نەجاتی کرێکارەکانی تر نیە بەم جۆرە ژمارەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە نزیکەی ٣٠٠ کەس بوو.

هەلبەت ئەمە یەکەمین ڕووداوی مەعدەنەکانی تورکیە نیە کە کرێکاران تییدا قوربانی دەبن تەنیا لەو مەعدەنە پیشتر ٥ جار تەقینەوە ڕووی داوە سالی ١٩٨٣ لە ڕووداویکی تری ئەم مەعدەنەدا ١٠٧ کرێکار گیانی خۆیان لە دەست دابوو بێگۆمان ئیعتیراز و نارەزایەتی بەرانبەر بەم جینایەتە و هەل ومەرجیکی دژوار کە بە سەر کار و ژیانی کرێکارانی ئەم ولاتە دا حاکمە، لەگەڵ هاودلی و هاو دەردی هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدە بەڕوڕوو دەبی پیشتر مانگرتنی کرێکارانی چەندین مەعدەن لە ئوستانی زنگولداك لە ڕۆژەکانی ٣٠و ٣١ی نوامبری ساڵی ١٩٩٠ دا کە نزیکەی ٤٨٠٠٠ کرێکار بەشداریان تیدا کرد، بوو بە میتینگیگی گەورە و بەرین و پاشان ١٣٠هەزار کرێکاری بەشەکانی تر دەستیان دایە مانگرتن.

خەبات و ئیعتیراز لە دژی هەل و مەرجێك کە حاکمانی سەرمایەداری لە تورکیە دەیپارێزن، وە لە دژی حاکمییەت ڕژیمی بیکار کردن و هەژاری کرێکاران و ڕژیمی کۆشتار و شکەنجە و زیندانی کردنی هەزاران لاو و مندالّ و ڕژیمی قەتل و سەرکوت، خەباتێکە کە چینی کرێکار بۆ دیفاع لە گیان و بەرێچوونی خۆی دریژەی پی دەدا.

لە نیو ئێمە دا نەماوەتەوە، وەیا ئەگەر مابێتەوە ئێمە لەوە بی هیزتر بووین کە بە دی هینەری ئەو ئاواتانە بین زۆربەی نیگەرانییە کان لێرەوە سەرچاوەیان گرتوە (دەڵێم نیگەرانیەکان نەک خۆشحالی پی کردنەکان کە لە لایەن موخالیفانی سیاسی ئێمەوە بوون) بۆیە بۆ ئێمە ئەو نیگەرانی و پیوە ماندوو بوونانە جیگای ریز و سەرنجن، وەمن ئەمرۆ لە دەرفەتیکی کورت دا کە هەیە دەمەوی لە روانگەیەکی تایبەتەوە جۆابێک بەوانە بدەمەوە.

ئەم قسانەی من ئەمرۆ هیچ موعجزەیەک ناکا تەنیا هەول و تێکۆشانی مانگەکان و ساڵەکانی داهاتوو دەتوانی نیشان بدا کە چەندە بە کردەوە ئێمە دەتوانین ئەوانە بەریوە بەرین و نەک هەر ئەو متمانە و بروایە کە لە ساڵانی رابوردوودا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش و شۆڕشگێر دەرحەق بە ئێمە بوویانە وەلامی پی بدەینەوە، بەڵکوو زۆر لە جاران پتەوتریشی بکەین و بیگەینینە ئاستیکی تازە هەر وەکوو باسم کرد، من، یان هیچکام لە ئێمە نامانەوی هەول بدەین بۆ شاردنەوەی ئالوزی و نافەعالی دوو سی ساڵی رابوردووی حیزبی کۆمۆنیست، تا ئەو جیگایەی روو بە دەرەوە و روویە ئەرکە سیاسییەکانە و حیزبیک خۆی پیوە دەناسینی و خۆی پیوە مەعنا دەکاتەوە حەقیقەتی ئەوەیە ئەگەر کەسیک خۆی لەوانە لادا و هیچ باسیکیان نەکا و وا بنوینی کە گوێا هیچ شتیک رووی نەداوە تەنیا زەعفی خۆی نیشان داوە و هیچ بە هیزبوونیکی نیشان نەداوە ئێمە ئەو شتانەمان لەبەرچاوە و ئامادەین لەگەڵ خەڵکیش قسەی لی بکەین و پیمان وایە ئەمە نە تەنیا دەتوانی بۆ خۆمان سەر چاوەیەکی هیز بی، بەڵکوو دەتوانی بۆ خەڵکیش سەرچاوەی باوەر پیکردن و باوەر پیکرانیکی تازە و نۆی بی حەقیقەتی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئالوزی و رووداوانەی دوو سێ ساڵی رابوردوو بە سەرماندا نەهاتبایە ئێمە ئێستا لە وەزعیکی زۆر موساعدتر دا دەبووین بۆ ئەوەی ئەو قسانە رابگەیەنین بە کرێکار و خەڵکی زەحمەتکیش و موخاتەبی کۆمەڵایەتی خۆمان دیارە ئەو قسانەی من بەو مەعنایە نێە کە من بمەوی بچمە ناو لیکولینەوە یەکی ورد و هەمەلایەنەی ئەو رووداوانە کە لە دوو سی ساڵی رابوردوودا لە نێو ئێمە دا رووبان داوە دیارە ئەوانەش بەجیی خۆی لە دەرفەتی خۆیدا حەتمەن دەبی روون بکرینەوە .

ئێستا کەمتر مەجالی ئەوە هەیە، زۆرتر مەجالی ئەوەیە راگەیەنین ئێمە ئەوە بە رەسمی دەناسین کە وەزعیکی ئاوا بووە بەڵام بروامان هەیە و تەسمیمان گرتوە کە ئەم وەزعە چارە سەر بکەین.

دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئێمە ئەو بنەما کۆمەڵایەتییەمان نەبوایە کە وا هەمانە، وەئەگەر خاوەنی ئەزموونی تیپەرکردنی رۆژگاری سەخت نەبوایەین نەمان دەتوانی ئەوانە تەحەمول بکەین و دیار بوو شیرازەی کارەکەمان لەوانە بوو بە تەواوی لە دەست دەربچی شتیک کە من ئێستا دەتوانم بیڵێم ئەوەیە: ئەو مەترسییە ئێتر لەبەین چووە حیزبی کۆمۆنیست جیگەی خۆی گرتوەتەوە، یان خەریکە دەیگرێتەوە مەترسی هەلوەشانە وە، هەلوەرین، مەترسی هەرەسیک –دیارە هەرەسیک کە نە تەنیا تەشکیلاتی دەبوو بەڵکوو لە باری سیاسی شەوە رەنگی دەدایەوە–ئەوە ئێتر بە سەر چووە نەک هەر بە سەرچووە، رەوتیکی پیچەوانەی ئەوە دەستی پی کردوە بۆ سەرلەنۆی ریکخستنەوە و سەر لە نۆی ئاوەدان کردنەوەی یەکە یەکەی کارەکان. ئەمە یەکەمین کاریک بووە کە دەستی پیکراوە و ئێستاش درێژەی هەیە و من بە هیوام لانی زۆرهەتا چەند مانگی دیکە ئەم پروسەیە بگاتە نەتیجە و ئەرکەکانی ئەم دەورەیە ئەنجام بدری.

سەرلەنۆی کاری ریکخراوەی دەست پی بکاتەوە سەرلەنۆی نەشریبە و گۆڤار و بلاّوکراوەی سیاسی و حیزبیمان بلاّوبێتەوە سەرلەنۆی نووسین و قسە کردن و لیکولینەوەی فکری و سیاسی جیی خۆی بکاتەوە لە نیو ئێمە دا و هەر وەها تەشەنە بکا بۆ دەرەوە و بلاّو بکرێتەوە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ هەڵسووراوان و تێکۆشەرانی نهێنیمان لە هەموو شارەکان و لەوانە لە شارەکانی کوردستانیش لەگەڵ جەمسەرەکانی یەکتر گیربێتەوە و جارکی دیکە دەستمان بگاتەوە یەکتر کاری ریکخراوەییمان لە دەرەوەی ولات لە سەر رەوتیکی دروست سەقامگیر بی کاری تەشکیلاتیی پێشمەرگەی ئێمە لە کوردستان دیسان بکەوێتە سەر رەوالیکی دروست و جیی خۆی بگرێتەوە ئەمانە هەندیکیان تەواو بوون، هەندیکیان خەریکن وە هەندیکیان هەر وەک وتم تا چەند مانگی دیکە دەکرین دەتوانم ئیشارە هەر وەها بەوەش بکەم کۆنگرە و کۆنفرانسی پیویست بگیرین و تیپاندا کۆمیتەی ناوەندییەکان تەرمیم و انتخاب بکرین، خۆینیکی تازە بێتە ناو رابەری تەشکیلاتەوە و، بەو نەوعە ئەو دەورەیەی ئێمە ناومان نابوو دەورەی بازسازی، دەورەی سەر لە نۆی ریکخستنەوە، بە تەواوی ئەنجامی گرتبی و کۆتایی پی بێنین.

بەڵام دوستان خۆشەویست! هەروەک وتم ئەمە تەنیا بەشیکی زۆر چکولەیە لە کاری ئێمە ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست هیچکام لەوانەی بەسەرنەهاتبایە و بیتوانیبا بە ژمارەیەکی زۆرتر کادر و ئەندام وبە بەهرەمەندی لە هیز و توانا و وزەیەکی زیاتر کار بکا، وە ئەگەر ئەو ساردی و دلسارد بوونەوە و ناهومیدییانەش نەبوایەن کە لە دوو سی ساڵی رابوردوودا بە وجوود هاتن، یان باشترە بڵێم بە وجوود هێنران، ئەگەر هەموو شتیکیش لە جیی خۆی بۆایە، هێشتا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک حیزبیکی سوسیالیستی، وەکوو حیزبیکی مارکسیستی لە بەرانبەر پرسیاری ئەساسیی میژوویی و پرسیاری سیاسی لە سەردەمی ئێمەدا قەرار گرتبوو و دەبوایە بۆ ئەوە جۆابیکی ببوایە دەبوایە ریگەی خۆی لەم هەل و مەرجەدا رۆشن بکاتەوە کە وابی ئەگەر ئیجازەم بدەن دەچمە سەر ئەو مەسەلەیە.

لە دوو سی دەیەی رابوردوودا، لە هەموو دنیای سەرمایەداری، بە تایبەت لە مەرکەزە ئەسڵییەکان، لە ئوروپا و ئەمریکا و ژاپون، ئال وگۆڕیکی ئەساسی و بنەرەتی دەست پیکراوە و ئێستاش هەر لە کار دایە ئەم ئال وگۆڕە تەئسیری خۆی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسان داناوە بە جۆرێک کە دنیای ئەمرۆ ئێتر دنیای دوای جەنگی دووهەمی جیهانی نێە. بناغە و بنەمای ئەو ئال وگۆڕەش بریتییە لە تحول و ئال و گۆڕیک کە لە تکنولوژی و هیزی بەرهەم هێنەری هەموو کۆمەڵی ئینسانیدا پێک هاتوە ئەمە–هەر وەک ماتریالیزمی تاریخی پێش بینی کردبوو–بووەتە هۆی پێک هاتنی ئال و گۆڕی گەورە لە هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری ئینساندا، وە هەر ئەمە لە تەحلیلی نیهایی‌دا یەکیک لە هۆیەکانی ئەو ئال وگۆڕە و ئەو هەرەس هێنانەیە کە لە بلوکی شووڕەوی و لە بلوکی رۆژهەلات–کە بە ناوی کۆمۆنیزم ناسرابوون–رووی دا ئەو ئال وگۆڕانەی لە ئوروپا پێک هاتوون، دەلیلی سەرە کی‌یە بۆ کز بوون و زەوالی قودرەتی ئەمریکا و بۆ سەرهەلدانی قودرەتی گەورەی دیکە لە ناو دنیای سەرمایەداری وەکوو ئالمان وژاپون. ئەگەر بە کورتی بڵێم، ئەو ئال وگۆڕە بنەرەتی‌یانەی کە لە دەورەی ٣٠–٢٠ ساڵی رابوردوو دا لە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دا دراوە، ئەوەندە گەورە و بە هێزن کە هیچ زیادەرەوی وموبالەغەیەک نێە ئەگەر بڵێین لەگەڵ ئەو ئال وگۆڕە بەرانبەرکی دەکا کە لە کوتاییەکانی سەدەی نوزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا پێک هات، یانی ئال وگۆڕ لە سەرمایەداری پێش انحصاریەوە بۆ ئەمپریالیزم حەقیقەتی ئەوەیە ئێمە لەگەڵ دەورەیەکی تازە لە سەرمایەداری بەرەو رووبن دەورەیەک کە هێشتاش لە ئال وگۆڕدایە و هیچ کەس بە تەواوی ناتوانی پێش بینی بکا کە چی لی دێتەوە .

یەکێک لە نەتیجەکان، یان یەکێک لە دیاردەکانی ئەوەیە کە نەک هەر موبادلە و گورینەوە، بەڵکوو بەرهەم هێنان لە ئاستیکی بی سابقەدا بووەتە جیهانی سەرمایە لە ئاستیکدا کە تا ئێستا سابقەی نەبووە، بووە بە جیهانی، وە شتێک کە لەوانەوە سەرچاوە دەگری ئەوەیە کە میژووی ئینسان بە شێوەیەک کە هیچکات تا ئێستا نەبینراوە، بووە بە میژوویەکی جیهانی میژووی ئینسان، ئێستا کەمتر لە هەمیشە میژوویەکی میللی و محەللی و ناوچەیی و ناوخۆییە ئێستا لە هەمیشە زیاتر تاریخ وەک تاریخیکی جیهانی دەچێتە پیشەوە چکولەترین حەرەکەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و ئیدئولوژیک کە لە مەرکەزە ئەسڵییەکانی سەرمایە پیک دی تەئسیر دەکاتە سەر هەموو زاویە و کەلین و قوژبنی ژیانی هەموو بنەماڵەیەک لە کام ولاتی دواکەوتووی دنیایە. ئێتر من قسە لەوە ناکەم کە تا چ ئەندازە مەفاهیمی سیاسی بوون بە جیهانی من دواتر باسی ئەوە دەکەم رەنگە زۆر کەس بڵێن"مارکسیزم ئیدئولوژیەکی واریداتییە، بە کاری ئێمە نایە، بۆ ئێران دروست نەکراوە"میللی خوازی ئێرانی یان میللی خوازی کورد بلی ئەوە بۆ ئێران یان بۆ کورد دروست نەکراوە، هی ئێمە نێە جۆابەکەی زۆر سادەیە بۆچی پارلمانتاریزم کە ئەمرۆ زۆر کەس پێیان وایە ریگاچارەیەکە، هی کورد بووە؟ ئەم سیستم و دەزگا کۆمەڵایەتییە، کوا و کەی سەرچاوەکەی لەکوردستان بووە؟ قسە لە دیموکراسی دەکری دیموکراسی چ بە تەجرەبەی تاریخی، کوا هەلقولاوی هیچکام لەو ولاتانە بووە کە ئەمرۆ قسەی لیوە دەکەن و زۆر کەس خۆی پیوە دەناسینەوە و دەیکەن بە ئیدئولوژی خۆیان؟ تەنانەت ناسیونالیزمیش وەکوو فەلسەفەیەکی سیاسی، شتیکی لە دەرەوە هاتوە، چ بە نیسبەت کوردستان ئێران و چ بە نیسبەت کوردستان ئەوانە هەموو بەرهەمی شۆڕشی فەرانسەن و دوای شۆڕشی فەرانسەن ، هەموو ئەوانە بەرهەمی ئوروپایین دیارە، یەک لەوانەش مارکسیزمە کیشەکە ئەوە نێە کە کی‌یەتایبەتی لە بەرهەمی ناوخۆیی و میللی ئێران یان کوردی کەڵک وەردەگری یان کەڵکی لی وەرناگری کێشەکە ئەوەیە هەرکەسە دەچی بۆ لای شەریکی جیهانی خۆی و بۆ لای هاوتا و هاوفکر و هاوچینی خۆی لە دنیادا سیاسەت مەداری نیشتمان پەروەری کورد ئەمرۆ دەتوانم بڵێم لە سەد بەشی یەک بەشی نزیک نێە لەوەی کەسەد – سەدوپەنجا ساڵ لەوە پێش بۆ هەولین جار لە کوردستان سەری هەڵدا زیاتر لەوە نزیکە کە واشنگتن پوست و نیویورێک تایمز و ئیکونومیست لە دنیا دا چی دەنووسن زیاتر لەوە نزیکە کە سیاسەتمەداران و نووسەرانی ئوروپایی غەربی لەم بارەیەوە چی دەڵین یان لە دەیەکانی رابوردوودا چیان وتوە کوا سیاسەتمەداری کورد لەوە دەگەری ئێستا بزانی حەتمەن حاجی قادری کویی چونی پێش بینی کرد بوو ئێستا ئەوە بەریوە بەری؟ لەوە دەگەرین بزانن جورج بوش چونی پی مەسلەحەتە یان فەزای فکری ئوروپای غەربی و دنیای سەرمایەداری چون دەخوازی و چون دەگونجینی، ئەم خۆی بە نیسبەتی ئەو لە قالب بدا کە وابی قسە لەوەنێە کی زۆر ناوخۆییە و کی شتی واریداتی و خارجی و نەگونجاو لەگەڵ کۆمەڵی کوردستان یان ئێران دێنیتە گۆر ئەم تیکەلاوییە جیهانییە سەرمایەداریە بە شوین خۆیدا یەکگرتوویی و نزیکی و لیک هەڵپیکرانیکی فکری فەرهەنگی، سیاسی و ئیدئولوژیکی بۆ هەموو جیهان هێناوەتە گۆرە. هیچ کەس ریگەی دەرباز بوون و دەرچوونیکی نێە کە دەست ئەوە هەر وەک وتم تەنیا کیشەکە ئەوەیە کە کی خۆی لەگەڵ کام بەشی ئەم فەرهەنگە جیهانییە گری دەدا.

یەکێک لە نەتیجەکانی ئەم ئال وگۆڕە گەورە دنیاییە، بریتییە لەوە کە رەوتی ئەسڵی دنیای کردوە بەلیک نزیک بوونەوە و یەکتر گرتنەوە لە بەینی هەموو میللەتەکان و لە بەینی هەموو بەشە جۆربەجۆرەکانی دنیادا مەبەستی من لێرەدا ئەوەنیە کە زمانیان لیک نزیک دەبێتەوە و دەگا بە یەک زمانی یەکگرتوو مەبەستم ئەوە نێە کە جوغرافیای سیاسی–میللی ولاتەکان یان میللەتەکان مەعنایەکی نەماوە بەڵام لە راستیدا ئەوە تەنیا هەر رووپوش و قاپیلیکی لی ماوەتەوە ناو ئەوقاپیلک و رووپوشە لە هەموو چوارگۆشەی ولاتی دنیا ئاخنراوە بە مەسەلەحەت و قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەی بین المللی لە هەموو گۆشەیەکی دنیا لە بەرابەر ئەوە دا مومکینە بڵێن–وە زۆر جار دەڵین–کە "سەردەمی ئێمە سەردەمی بووژانەوەی جوولانەوە میللی‌یەکانە".

ئیستدلال دەکەن کە"ئێوە تەماشای ئەوە بکەن وەختیک شووڕەوی پیشووروخاچون لیک جیابوونەوە، بزووتنەوەی میللی چون لە ناویان سەری هەڵدا، چون مەیل بە میللی گەراییی و ناسیونالیزم بووبە بزوینەری ئەسڵی، چون بوو بە هیزیکی بزوینەر بۆ ئەو ئال وگۆڕانە کە لە دوو، سی ساڵی رابوردوودا رووبان دەدا"، وە پێش بینی دەکەن کە بۆ ساڵانی داهاتووش هەر ئاوا دەبی جوابی ئێمە یان هیچ نەبی جوابی من بۆیان ئەوەیە کە ئەوە راستە کە ئەو دەورەیە بەوجوود هات و جوغرافیای سیاسی تا ئەندازەیەک گۆڕا جوغرافیای سیاسی لە ولاتانی فرەنەتەوە کە میراتی ئیمپراتوری‌یە کۆنەکان بوون و لە دەورەی سەرمایەداری سەدەی نوزدە و بیستیش دا خۆیان راگرتبوو، هەلوەشانەوە جوغرافیای سیاسی دەوڵەتی لە سەر بناغەی میللەت بەوجوود هاتوە مومکینەلە زۆر جیگای دیکەش بەوە بەگەن. هەرچەند لە وانەشە پیی نەگەن بەڵام نابی چەند شت لەم بابەتەوە لە بیر بچێتەوە.

یەکەم ئەوەیە کە: من پیم وانیە ئەمە ئیتر دەورەیەک لە تاریخی جیهانی پیک بێنی هەر وەک وتم من پیم وایە ئەمە حادسەیەکی فەرعی‌یە لە کتیبی ئەسڵی‌دا یان لە رەوتی ئەسڵی‌دا کە رەوتی تیکەل بوون و یەک گرتنەوە و لیک نزیک بوونەوەی چارەنووسی کوللی بەشەرە لە هەموو قارەکان و لە سەرتاسەری کورەی زەوی ئەمە لە باری تکنولوژی‌یەوە، لە باری ئابووری‌یەوە و لە باری کۆمەڵایەتیشەوە دروستە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا، زیاترو زیاتر دابەش بوون بە دوو چینی ئەسڵی کرێکار و سەرمایەدار موزیکی دنیا خەریکە دەبی بە یەک هەموو ئیدئولوژی‌یەکانی دنیا خەریکن دەبن بە دوو سی ئیدئولوژی ئێتر بووداً ئیزم تازە لە حاست دیموکراسی ئەهمییەتیکی نێە.

خاڵیکی دیکە کە دەبی لەبەر چاوی بگرین ئەوەیە کە ئەم حەرەکەتە بۆ پیک هێنانی دەوڵەتی میللی، نالیم لە هیچ مەوردیک دا، بەڵام لە زۆر مەوریددا من بەش بە حاڵی خۆم بە جوولانەوەیەکی رزگاری خوازانە و جوولانەوەیەکی ئازادی بەخشیان نازانم دیارە تییاندا زۆر جاران هەن ئەو میللەتانەی کە داخوازی میللی‌یان هەیە و حەقیشیان هەیە داوای مافی رەوای خۆیان بکەن بەڵام ئێستا بە شیوەی سەرەکی میللەت حوکمی قالبیکی هەیە وەکوو بنکەی ئیقتسادی‌ی ئەمرۆ مەسەلەکە ئەوەیە چۆنی تیجارەت پیوە بکەن میللەت قالبیکە بۆ بورژوازی ناو ئەو ولاتە یان ئەو میللەتە بۆ ئەوەی وەک واحیدیکی ئیقتسادی بە دەستیەوە بگری بۆ رویشتنە ناو بازاری جیهانی فەرقی لەگەڵ دەورەی پیشووی جوولانەوە میللی‌یەکان–سەرەرای ئەوەی ئەوان لە باری سیاسی یەوە پر بوون لە عونسوری ئازادیخوازی و هەر ئەوە لایەنی موتەرەقی پیدەدان–ئەوەیە کە لە دەورەی پیشوو دا، یان تەنانەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستیش دا، هەر کام لەو میللەتانە بازاری ناوخۆیی خۆیانیان جیا دەکردەوە و ئەمە ناوەروکی ئیقتسادی‌ی هەموو حەرەکەتە میللی‌یە کەیان بووە بەڵام ئەمرۆ جمهووری‌یەکانی بالتیک بۆیە جیانابنەوە کە بازاری خۆیان بکەنە بازاری ناوخۆیی و پشتیوانی لە سەنعەتی ناوخۆیی بکەن و گۆمرکات دامەزرینن و سەنعەتی ناوخۆیی گەشە پی بدەن، بەڵکوو بۆیە وادەکەن پییان وایە ئەگەر هێشتا لکابن بە پاشماوەی ئیمپراتوری رووسیەوە ناتوانن وا بە خیرایی برون بەرەو بازاری جیهانی و تیکەل بن لەگەڵ EG و بچنە نێو بازاری هاوبەشی ئورووپا کوروات لە سیرب جیا دەبێتەوە بۆ ئەوەی تەقلەکوت بروات باوەشی ئالمانەوە مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەمرۆ ئەم حەرەکەتانە زۆر جار بوونەتە دەسکایەی حیزبەکان چینە دەسەلاتدارەکان و موعادەلاتی سیاسی بۆ تەفرەقە خستن و بۆ ئەوەی مەسئوولییەتی مەسەلەکانی ناوخۆوە ئوستو نەگرن بە دریژایی ١٥ ساڵ بوحرانی ئابووری، یوگوسلاوی داگرتبوو چینی دەسەلاتدار و بورژوا بوروکراتیکی ئەوێ جوابیکی بۆی نەبوو چونکە هەمووان

بەشداربوون لەو بوحرانەدا کە ۱۵ ساڵ تەحمیلیان کردبوو بە سەر کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی یوگوسلاوی دا ئێستا هەموویان لە ژێری دەرچوون ئەوانەی کە جاران، بە دریژایی ئەو ۱۵ساڵە، پیکەوە و بە شیوەی هاوبەش حکوومەتیان دەکرد بە سەر یوگوسلاویدا ئێستا هەر کەسە بووەتە سەروکی میللەتەکەی خۆی وەکوو هیچ شتیک لە ئارادانە بووبی کەوابی ئەم ڕەوتە، ئەگەرچی چەند دەوڵەتیکی میللیتیدا بەدی هاتوە و دیاردەیەکی دنیای ئێمەیە بەڵام ئەم جیاوازییە بنەڕەتی یانەی هەیە لەگەڵ جوولانەوەیەکی میللی دەورەی رابوردوو زۆر تیکەلاوە لەگەڵ مایەی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە لە باری ئابوورییەوە، تەنیا سنووریکی سیاسی بۆ دەسەلاتی دەوڵەتی دەکیشی. چکسلواکی کە تا دوینی لە کۆمیکون (لە بازاری ئیقتسادی هاوبەش لەگەڵ بلوکی پەیمانی وەرشەو) دابوو، ڕاستە لەوان جیا بووەتەوە، بەڵام بۆ ئاگاداریتان یەکەمین موعامەلەی گەورە کەئێستا دەوڵەتی چکسلواکی خەریکە وت ووێژی لە سەر دەکا ئەوەیە کە سەنعەتی ئوتوموبیلی چکسلواکی بدا بە"میرسدیس بینز"ی ئالمان یان بیدا بە "رینو"ی فەرانسە.

بەڵام ئەم ئال و گۆڕانەی دنیای سەرمایەداری نەتیجەی دیکەشی بووە یەکیان ئەوەیە کە هاو چارەنووسی واقعی چینی کرێکاری لە هەموو دنیا زیاتر لە هەمیشە پەرەپیداوە و گردوویە بە مەزووعی ڕۆژ هەر بەم دەلیلە زیاتر لە هەمیشە مومکین بوون و عەمەلی بوونی ستراتیژیەکی جیهانی بۆ حەرەکەتی کرێکاری و سویالیستی لە دنیا دا پیک هاتوە ئەگەر دەوڵەتانی ئوروپای غەربی سالّەهایە خەریکی وت ووێژن و لە ژێر فشاری ئەو واقعییەتە ئابووریانە دا کە ئیشارەیەکی کورت و موختەسەرم پیکردن خەریکەن یەک دەگرنەوە و، لە باری ئابوورییەوە و لە باری هیزی ئینسانی یەوە و تەنانەت خەریکن لە باری حاکمییەتی سیاسی و پارلمانی هاوبەشیشەوە لە یەکتر نزیک دەبنەوە، ئەگەر ئیدیولوژی سەرمایەداری وەکوو پلورالیزم و دیموکراسی و ناسیونالیزم و هەروەها راسیزم و فاشیزم، دیاردەیەکی جیهانین، بۆ چی حەقی خۆی نیّە کە سوسیالزم و حەرەکەتی کۆمۆنیستی – کرێکاری ش دیاردەیەکی جیهانی بی؟ بۆچی حەقی خۆی نیە کە بە ڕەسمی بناسری و هەموو حیزبیکی کۆمۆنیستی کە لە چوارچیوەی میللەت یان ولاتیک دا فەعالییەت دەکا، زیاتر و زیاتر لە هەمیشە خۆی لەگەڵ ئەم ستراتیژیە جیهانییە یەک بخا و بە نۆبەی خۆی تیبکۆشی بۆ شکل دان بەم ستراتیژیە جیهانییە؟ بۆچی حەقی خۆی نیە خۆی بە بەشیکی جیانەکراوەی حەرەکەتی چینی کرێکار لە هەموو دنیا بزانی؟ من تەنیا لیرەدا هەر ئەوەندە بڵیم ئەگەر کرێکاری ئالمانی، وە یا باشتر بڵیین کرێکارانی ئەو ولاتانە کە پیشکەوتووترن یان دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی یان زیاترە، (یەک لەوانە سوئید کە تا ئێستا وابووە) لە ئوروپایەکی هاوبەش دا بتوانن هەرچی زۆرتر ویستی خۆیان بە سەرمایەداری تەحمیل بکەن و هیچ نەبی دەسکەوتەکانی تا ئێستایان بپارێزن، ئایا ئەمە زیاترین دەسکەوت و تەسیریشی نیە بۆ بەشەدواکەوتووەکەی ئوروپا، لەوانە پرتغال و یونان و تەنانەت لە باقی جیهانیش؟ ئایا ئەگەر سەعات کاری حەوتوانە لە ئوروپا ببیتە ۳۵سەعات بە ئاسانی دەکری ئێستاش لە ژاپون کرێکار ٤٥ سەعات کاربکا؟ ئایا دەکری لە حەوتوودا تەنیا یەک ڕۆژ تەعتیلی بی؟ لە ڕووسیە و باقی ئوردووگای ئەوان–کە هیچ شتیک نەبوون بیجگە لە سەرمایەداری دەوڵەتی، جا بی مافێ سیاسی و خەفەقانی سیاسی شی لەسەر–،ئایا ئێتر دەتوانن بە یەک ڕۆژ تەعتیلی و ٤٥–٤٠ سەعات کاری کرێکار دریژە بدەن؟یان ولاتانی تا ڕادەیەک دواکەوتووتری سەرمایەداری لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئافریقاش، دەتوانن چی دیکە دریژە بدەن بەم هەل ومەرجە دژوارە کە بۆ کرێکاریان خۆلقاندوە؟ کە وابی ئەو هاو چارە نووسیە هەمیشە زیاتر واقعیە.

یەکێک لە بەرهەمە گەورەکانی ئەو ئال وگۆڕە بریتی بووە لەهەرەس هێنانیکی گەورە کە لە ناو هەموو بلوکی شووڕەوی، لە بلوکی ڕۆژهەلات پیک هات و هەموو ڕۆژ نامەکان و دەزگا تەبلیغاتی یەکانی سەرمایەداری جیهانی هەول دەدەن پیمان بسەلمینن ئەوە عەینی کۆمۆنیزم بوو وای لیهات ئەمەش دیارە فشاریکی سیاسی فکری مەعنەوی و ئەخلاقی زۆر گەورەی خستوەتە سەر کۆمۆنیستەکان و بگرە هەموو ئینسانیکی ئازادیخواز و هەموو بەشەریەتی پیشکەوتنخواز کە کەم تا زۆر لایەنگری عەدالەتی کۆمەڵایەتیە حەقیقەتی ئەوەیە هەرچەندی لە سەر مەسەلەی شووڕەوی برون و بەناوی کۆمۆنیزمەوە بیناسینن، ئەو ڕاستیە ناگۆڕی کە شووڕەوی بە دریژایی دەیان سال هیچ شتیک نەبوو بیجگە لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دەولەتی شۆڕشی ئوکتوبر، شۆڕشیکی مەزنی سوسیالیستی بوو شۆڕشیکی بەرحەق و ڕەوا بوو کە کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی ستەم دیدەی ڕووسیەی تزاری بەڕپایان کرد و دیموکراسی یەک کە ئەوکات لە سەرەتای ئەو شۆڕشەوە بەشەر پی گەیشتبوو هیشتاش هیچکام لە ولاتە ئوروپاییەکان پیی نەگەیشتوون ئەو شۆڕشە ئیمکاناتیکی گەورەی بۆ ئازادیی ئینسان کردەوە و تەئسیریکی گەورەی لە سەر هەموو میژووی سەدەی بیستەم دانا بەڵام بە هەر دەلیل–کە ئێستا ئیرە جیگای لیکولینەوەی نیّە–ئەم شۆڕشە نەبوو بە هۆی پیک هاتنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی ئەوەی کە لە شووڕەوی ئەو کات بە ناوی دەوڵەتی کردن (دەولەتی کردنیکی ویرای زەبر و زەرنگی یەکجار زۆر) و زولم و فشاریکی یەکجار زۆر) دا سەپیندرا بە سەر کۆمەڵگای شووڕەوی دا هەر ئەو کۆما کردنەی سەرمایە بوو کە بۆ پیش–کەوتنی خیرای هەموو جامیعەیەکی سەرمایەداری تا ئێستا پیویست بووە و هەر وەک لە زۆر کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشوودا و یەک لەوانە ئینگلیس کە بیشکەی سەرمایەداری جیهانییە، ئەم کۆما بوونی سەرمایەیە، بە زولم و زۆر و دەرکردن و دەسکوتا کردنی جووتیاران بەریوە چوو، لە ڕووسیەش هەر ئەو کارە کرا هەموو ئەو کولیکتیویزا سیونەی کشت و کال کە لە دەیەی ۳۰دا کرا، ئەوکات بە هەر نییەتیک کراوە یان خەڵک چونیان تەعبیر کردوە، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ کاتیک چاوی لیدەکەین هیچ شتیک نەبووە زیار لەوە کە سەرمایەی پیویست بۆ حەرەکەتی خیرای سەرمایەداری ڕووسیە بەرەو پیش، کۆما بکری، وە ئەوەش وەکوو زۆر لە ولاتانی سەرمایەداری، بە چەوساندنەوە و زەبرو زەنگ و دەسکوتا کردنی جووتیار کراوە دیارە ئەو سەرمایەداریی ئەو کات پیشکەوتنیکی گەورەی بە دەست هینا بۆ کۆمەڵگای شووڕەوی ئەوە ویستی دەوڵەت و چینی دەسەلاتداری ئەو کاتی ڕووسیە بوو لە ژێر ڕابەری ستالین دا کە بگەن بە دەوڵەتانی سەرمایەداری و لە ڕەقابەت لەگەڵ ئەواندا پیش کەون و ڕووسیە بکەنە دەوڵەتیکی قودرەتمەند، وە ئەو ئاواتە کە هەر لە زەمانی تزارەکانەوە هەرگیز بۆیان وەدی نەهاتبوو بە زەبری بەرنامەی ٥ساڵە و...

وەدی بینن ئەمە سوسیالیزم نەبوو ئەمڕۆ وەختیک ۷۰ ساڵی ڕابوردووی ڕووسیە دەنیینە تەرازووی لیکولینەوەیەکی میژوویی دەبینین کە هیچ شتیک نەبووە بیجگە لە فەسلیک لە کتیبی سەرمایەداری جیهانی سەدەی بیستەم ئەمە لە لایەکەوە لە ژێر فشاری ناکوکییەناو خۆییەکانی خۆیدا ئیتر توانای بەرگە گرتنی نەما دوای ئەوەی دووجار سەرمایەداری دەوڵەتی ڕووسیە توانی تەرەقیەکی گەورە بدا بە سەنعەت و پیشکەوتنی خۆیان، جاریکیان لە سی‌یەکاند، جاریکیان لە پەنجاکان و شەستە کاندا، بەڵام لە حەفتاکان بەم لاوە ئیتر دیار بوو کە سەرمایەداری دەوڵەتی ڕووسیە توانایی و برستی بەرەو پیش بردنی جامیعەی نەماوە و لەگەڵ ناکوکییەکی گەورە و چارەلنەگر بەرەو ڕووە ڕۆژ بە ڕۆژزیاتر بە جی‌ما ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە ئەمە هاو کات بوو لەگەڵ ئەو شۆڕشە گەورە تکنولوژیکە کە سەرتاپای بەرهەم هێنانی جامیعەی سەرمایەداری کەدنیای ڕۆژئاوای داگرتبوو و هێشتاش دایگرتووە ئەمە دواکەوتوویی‌یەکەی شووڕەوی چەندین و چەند قات زیاتر کرد سەرەنجام سەرمایەداری دەوڵەتی ئەگەر ئەمڕۆ بە چاویکی ڕەخنەگرانەی میژوویی تەماشای بکەین، دەبینین سەردەمیک پیشرەفتیشی دا بە سەرمایەداری بەڵام سەرەنجام دەوری میژوویی خۆی بۆ سەرمایەداری تەواو کرد بوو، جیگەی خالی کرد و جیگای خۆی دا بە شکلیکی دیکەی سەرمایەداری کە بازاری ئازاد بی دیارە ئەمانە لە شووڕەوی هەموو بە ناوی کۆمۆنیزم کراون ئەمە هیچ شتیکی سەیر نیە هەمیشە دنیا شاهیدی ئەوە بووە هەموو حەرەکەتەکانی جووتیاران لە سەدەکانی ناوەڕاست دا بە ناوی مەزهەب کراون بە بی ئەوەی لە واقعییەت دا مەزهەب هیزی بزوینەری ئەو حەرەکەتانە بووبی زۆر حەرەکەتی ئازادیخوازانە ئەمڕۆ لە دنیادا بە ناوی دیموکراسی دەکری بە بی ئەوەی لە واقعییەتدا ژان ژاك روسو یان مونتسکیو بە کتیبەکانی خۆیانەوە بزوینەری ئەو خەڵکە بن دیموکراسی ئەمڕۆ باوە جوولانەوەکانی ئەمڕۆی دنیا خۆیان بەم ناوە دەناسینن کۆمۆنیزم ئەو وەخت مور و شەقلی خۆی لە حەرەکەتی کۆمەڵگای ڕووسیەی تزاری و شووڕەوی دابوو نەك هەر لەوە، لە بەشیکی گەورەی دنیا بەشەر بەو زمانە قسەکانی خۆی بە یان دەکرد چینی دەسەلاتداری بوروکراتی ڕووسیەش نەی توانی لەو ناوە دەست هەڵگری ئەوەیە کە وەکوو هەمیشە لە میژودا ناوەروك بە سەر ناودا زال بوو ناو، شتیکی پووچ و بۆشی لی مایەوە شووڕەوی ڕووخا هیچ کەس فرمیسکیك هەلناوەرینی بۆ ڕووخان و هەرەس هێنانی نیزامی سەرمایەداری دەوڵەتی شووڕەوەی بەناو کۆمۆنیزم ئەو با بروا حەقی خۆی بوو کیشە لە سەر ئەوەیە ئەو ئالترناتیو و بەدیلەی کە ئەمڕۆ سەرمایەداری لە بەرابەر بەشەر قەرارای دەدا، ئەوە قەبوول نیە تەنیا با من هەر یەك شت لە چەندین نموونە باس بکەم لەو کاتەوە کە دەلین کۆمۆنیزم مردوە، هەر لەو کاتوەیە کە دەبینین هەموو حەرەکەتیکی فاشیستی و ارسیستی و نازیستی لە ئوروپا سەری هەلداوەتەوە ئەوە شتیکی بە هەلکەوت نێە.

دیارە چەپلە ریزان بۆ"مەرگی کۆمۆنیزم" کە لە سایەی ڕووخانی ڕژیمی شووڕەوی و هەموو دەوڵەتانی بلوکی ڕۆژ هەلاتەوە پیك هاتبوو، زۆری نەخایاند و نەی دەتوانی زۆر بخایەنی چەپلەریزان لە سەر مەرگی ئەوان، نابی بە ریگا چارە بۆ سەرمایەداری سەرەنجام ریگە چارەی سەرمایەداری بۆ بەشەر چیە؟ ریگاچارەی بۆ هەژاری چیە؟ بۆچی کۆمەڵی ئینسانی وەها دابەش کراوە کە ژمارەیەکی هەر چەند کەمتر، گەورەترین سەروەتی دنیایان هەیە بەڵام میلیارد میلیارد ئینسان یان بە دریژایی ژیانیان زەحمەت دەکیشن یان تەنانەت لە حەقی کارکردن وزەحمەت کیشانیش بی بەشن و بیکارن؟ جواب بۆ ئەو موشکلە چیە؟ جوّاب بۆ موشکلی بی عەدالەتی چیّە؟ سەرمایەداری بۆ هیچکام لەوانە جوابی نیە نەك هەر جوابی نیە، لە هەموو سەیرتر –کە بە بروای من نیشاندەری جەوهەری سەرمایەداریی‌یە– ئەوەیە کە سەرمایەداری دەلی هەر خودی ئەوە کە بە شوین ئەو جوابانەدا بگەڕیی، ئەوە فاجیعەیە بەم جۆرە سەرمایەداری تەنیا یەك شت ئیعتیراف پیدەکا: نیشان دەدا کە چەندە لە جەوهەر و لە زاتی خۆیدا ناسازگار و ناتەبایە لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرابەری ئینسان و لەگەڵ چارەسەری گیر و گرفتە ریشەیی‌یەکانی ئینسان تەنیا ریگایەك کە سەرمایەداری نیشانی دەدا ئەوەیە کە قەناعەتمان پی بینی کە هیچ ریگا چارەیەك وجوودی نیە بەم جۆرە سەرمایەداری سەرەڕای ڕوالەت و زاهیرەکەی–ئەگەر ئەو ڕوالەتە زاهیری‌یەی ڕووخانی بلوکی ڕۆژهەلاتی ل‌ابەی–لە هەمیشە بی ئاسوتر و بی جوابترە بۆ دنیای ئایندەی ئینسان.

زۆر جار قسە لەوە دەکری کە مارکسیزم یان سوسیالیزم ڕەت کراوەتەوە بەڵام دەبی ڕۆشنی‌بکەنەوە کە بە شیوەی موشەخەش چی ڕەت کراوەتەوە؟سوسیالیزم و کۆمۆنیزم وەکوو جوولانەوەیەکی کۆمەڵایەتی پیش مارکس و ئەنگلس، لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەوە هەبوون ئەنواعی جەمعییەت و کۆر و کۆمەڵ، هەربەناوی کۆمۆنیست، لە هەموو ئوروپا بووە پیش ئەوەی مارکس و ئەنگلس قەلەم بەرنە سەر کاغەز و ناو و کەلیمەی کۆمۆنیزم دابنین ئەوە، ئەمڕۆ تو هەر ناویکی لی بنیی، حەرەکەتیکە نیشاندەر و کۆکەرەوەی قازانج و بەرژەوەندی و ویست و خواستی چینی کرێکارە کە خۆی بەرهەمی جامیعەی سەرمایەداری‌یە بەڵام چەوساوەی ئەو کۆمەڵگایەیە و ڕیگە چارەی خۆی لەویدا نابینیتەوە و بۆ دنیایەکی خۆش هەول دەدا بۆ نەمانی کۆمەڵگای چینایەتی هەول دەدا ئەمە کۆنترە لە مارکس و ئەنگلس مارکس و ئەنگلس خۆیان تەوزیحی دەدەن جاریك لییان دەپرسن ئایا ئیوە کۆمۆنیستن یان نا مارکس جواب دەداتەوە من هێشتا موتالەعەی کافیم نیە لە بارەی کۆمۆنیزمەوە، دوایی جواب دەدەمەوە، بەڵام سالانی دوایی کە دەبن بە کۆمۆنیست، تەوزیحی دەدەن دەلین ئێمە ساغ ببووینەوە لە باری فکری‌یەوە لە سەر لیکولینەوە و لیکدانەوەی جامعەی سەرمایەداری ساغ ببووینەوە لە باری چینی کرێکار تەماشامان کرد چینی کرێکار خۆی حەرەکەتیکی داوەتە دەرەوە و نیشانی داوە کەئێمە تەنیا بەیانی فکری و عیلمی و نەزەری ئەو حەرەکەتەین کەوایە ئێمەش ئەو ناوەمان لە خۆمان نا کەوایە کۆمۆنیزم و سوسیالیزم حەرەکەتیکن بە پانایی هەموو کورەی زەوی و بە بەرینایی ئەو چەند میلیارد ئینسانە کرێکار و زەحمەتکیشە کە لە دنیادا دەژین لە ناوچوونی ئیمکانی نیە لە ناو بردنی کەمایەتی‌یەکی چکولەی جامیعەی ئینسانی، ئەوە بەشەر ۱۵۰ ساڵە لەگەڵی خەریکە، مومکین نەبووە.

نازانم نابود کردنی ۸۰٪ی بەشەرییەت و مەیل و ویستی عادلانەی ئەوانە، چون مومکینە ئەگەر قسە لە مارکسیزم دەکری، وەکوو سیستمیکی فکری، وەکوو بەیانی فکری‌ی ئەو حەرەکەتە کۆمەڵایەتی‌یە،یەکیك بی و قسە لەوە بکاکە چی ڕەت کراوەتەوە؟ ئایا هەر ئەم ماتریالیزمە تاریخی‌یە، بە ڕوونترین شیوە هەر لەم چەند ساڵەدا ئیسبات نەبووە؟ ئایا ئەوە کە ئیدئولوژی، سیاسەت، ئەحزاب، دەوڵەتان سیستمە سیاسی‌یەکان پەیمانە نیزامی‌یەکان، هەموو سەرەنجام تابعی ئال وگۆڕی ئابوورین، ئەمە نیشان نەدراوە لە چەند دەیەی ڕابوردوو دا؟ ئایا بنەمای هەموو ئەو ئال وگۆڕانەی کە دراوە، بریتی نەبووە لە شۆڕشی تکنولوژی و تەولید و هیزی بەرهەم هینەر و ئابووری جامیعە؟ ئایا ئەوە نیە کە فشاری هیناوە بۆ هەموو سەران ورابەرانی دەوڵەتانی ئوروپای ڕۆژئاوا کە نزیك بنەوە و یەك بگرنەوە لە بازاریکی هاوبەش دا؟ ئایا ئەو کیشە ئابووری‌یە نیە کە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەمڕۆ ئەمریکا و ژاپون بەگڕ یەکدا بکاوشەری تیجاری لەگەڵ یەکتر بکەن؟ ئاخر ئەو شتەی مارکس دەیلی، ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە دەگونجی دەلی وەختیک تەماشای دەوڵەتی سەرمایەداری دەکەی، لە حەقیقەت دا دەوڵەتی سەرمایەداری هیچ شتیك نیە بیجگە لە کۆمیتەیەکی ئیجرایی کە بورژواکان لە نیو خۆیاندا هەلیان بژاردبی ئیوە هەر لەوە بروانن وەختیک جۆرج بوش سەفەری ژاپونی کردوە، کیی لەگەڵ بووە؟ ڕەئیسی ۳ کۆمپانی گەورەی ئوتوموبیل سازی ئەمریکایی لەگەڵ بووە بەشی زۆری وت ووێژی بوش بریتی بووە لە چەنە لیدان لە سەر ئەوەی کە بازاری ژاپونی دەبی چەندە ئاوەلا بکریتەوە بۆ کالا و ئوتوموبیلی ئەمریکایی، وە کیشەی تیجاری نیوان خۆیان چۆن چارە سەر بکەن. ئایا بوش لەم حەرکەتە سیاسی‌یەی خۆیدا بیجگە لە کۆمیتەیەکی ئیجرایی بۆ کۆمپانی‌یە گەورەکانی ئەمریکا شتیکی تر بووە؟ ئایا هەموو کەس لە دنیا ئیعتیراف بەوە ناکا کە شکستی ئابووری سیستمی شووڕەوی، جا ناوی هەرچی بی، لە دنیای ڕەقابەت لەگەڵ غەرب دا، هۆی ئەوە بوو کە نەیتوانی ئوتوماسیون بەوجوود بینی و تحولی ئەنفورماتیك و کامپیوتری بکا و ئەمە بووە هۆی ڕووخانیان؟ حیزبی کۆمۆنیستی شووڕەوی بەوە وە ڕویی سکرتیرەکەی بەوەوە ڕویی ئەرتەشی سوور، پەیمانی وەرشەو،

←

هەمووی ئەوانە هەلوەرین ئەگەر زەرووڕەتە ئابووریی‌یەکان پالیان بەوانەوە نەنابایە، چون مومکین بوو ئەوە بکری؟ ئەی ماتریالیزم تاریخی چی‌یە غەیری ئیسبات کردنی ئەمە؟ بۆ مارکس چی کوتوە لە ماتریالیزمی تاریخی دا بیجگە لەمە؟ ئەوەندەی نیشان داوە کە ئەم حەرەکەتە کرێکاری‌یەش واقعییەتیکە بە هەمان ئەندازە بە هێز، وە درەنگ یا زوو تەئسیری خۆی ناراستەوخۆدا ناوە و راستەخۆش دایدەنی لە سەر چارەنووسی هەموو بەشەر با نەموونەیەکی دیکە بینینەوە ئەوە سەرکەوتنیکە ئەلبەتە بۆ بەشەر کە ئینسان لە جیاتی ئەوەی کە کویلە بی، یاخیر بڵێین لە سەدەکانی ناوەراست دا لە جیاتی ئەوەی رەعییەتیک بی و تابعی ئینسانیکی دیکەی بی، ئەمرۆ کۆمەڵگای ئینسانی بریتی‌یە لە شارومەندی ئازاد کە تییدا بژین، یان لانی کەم لە باری قانوونی‌یەوە ئاوایە ئەمە، کە هەر وەک وتم دەسکەوتیکی گەورەیە بۆ بەشەر، دیارە لە دەورەی سەرمایەداریش دا رووی داوە بەڵام نەک لە رووی نییەتی خیری سەرمایەدارانەوە، هەمووی بە تیکوشان بە دەست هاتوە ئازادی فەردی دەسکەوتیکە کە لەدەورەی ٢٠٠ ساڵی ئەخیردا بە دەست هاتوە و دیارە نابی بەرەودوا بگەرێتەوە بەڵام بەنیسبەت کەلەکە بوونی زۆر و زەبەندی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا، فەردی ئینسانی بی دەسەڵات و ژێر دەستە کراوە لە بەرانبەر قودرەتیکی زۆر گەورەدا کە حکوومەتی بەسەر دا دەکا ئەمرۆ ئەوە کۆمپانی‌یە گەورەکانی کە فەرهەنگ و ئەخلاق و سیاسەتی زال بە سەر جامیعە دا لە ریگای دەوڵەت و قانوون و رادیو و تلویزیون و رۆژنامەکانەوە دیاری دەکەن کەوابی کوا مەسەلە بنەرەتی‌یەکانی بەشەر چارەسەر کراون؟ کۆا ناکوکی بنەرەتی‌یە کانی کۆمەڵگای بەشەری چارەسەر کراون؟ نە چەپلەریزان بە سەر مەرگی شوورەوی و هەلورین و رووخانی‌دا، نە هەول دان بۆ ئەوەی ئینسان قانع بکری کە دنیا هەر ئاوایە و ریگا چارەیەکی نێ‌یە، هیچکام لەوانە نەبوو بە جواب ئێمە پیمان وایە سەربەم واقعییەتە گەورە جیهانی‌یەین با لە باری زمان و جوغرافیای سیاسی‌یەوە لە جیگایەکی دیاریکراو بین، بەڵام لە باری جیهان-بینی‌یەوە، وە گرینگتر لەوە لە باری تعلقی کۆمەڵایەتی و چینایەتی‌وە ئێمە سەر بە رەوتیکی گەورەی جیهانین: رەوتی جوولانەوەی کرێکاری و دژ بە ستەم و چەوسانەوە ئەو قسانەی کە دەیکەم، لە رووی ئەوەوە نیە کە ئیمە واقعییەتەکانی جیهان نازانین و ئەو کەسەی کە ئەمرۆ ئاشتی دەکا لەگەڵ سەرمایەداری ئەوە واقعییەت دەبینی دوو واقعییەت هەیە هەر کەسەی یەکیان هەلدەبژیری واقعییەتی جیهانی بوونی هەرچی زۆرتری سەرمایەداری، واقعییەتی حکوومەت و دەسەلاتی هەرچی زۆرتری سەرمایە بە سەر ئینساندا، وە ئەوی کە سەرمایەداری هەول دەدا زەوق و سەلیقە و ئاوات و ئارەزووی خۆی بەسەر بە میلیون وبە میلیارد ئینساندا بسەپینی، ئەلبەتە ئەوە واقعییەتیکە بەڵام واقعییەتی هاوچارەنووسی ئەو سی میلیارد، چوار میلیارد ئینسانەکەی دیکەش واقعییەتیک نیە لەوی دیکە چکولەتربی ئاوات و ئارەزووی ئەو جەماوەرە بەرینە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نویی ئینسانی، ئاوات و ئارەزوویەکی نە کەمتر بە هیزە، وە ئەلبەتە هەزاران جار موقەددەستەرە .

دەورەی رابوردوو یەکیک لە تایبەتی‌یەکانی ئەوە بوو کە روونا‌کبیر جیا بووەتەوە لە سوسیالیزم، ئەلبەتە ئەوە مەسەلەیە کی گرنگە، چونکە روونا‌کبیرانیش زمانیان هەیە، قەلەمیان هەیە، لە میدیاو بلاو کراوەو رۆژنامەکاندا دەستیان هەیە، لە شکل پیدانی بیر ورای گشتی دا دەستیان هەیە، هەر چەند ئەوانیش خۆیان تابعی ئەو قازانجە ئابووری‌یە و رەوتە ئابووری‌یانەن، بەڵام بە نۆبەی خۆیان تەئسیریان هەیە لە سەر بیرورای گشتی .

دیارە ئەوان دەوریکیان هەیە لە جیا بوونەوە و لە هەلکەندنیان وە زۆر جار لە دژایەتی‌یان لەگەڵ سوسیالیزم و لەگەڵ مارکسیزم دا، بەڵام بیجگە لەوانیش زۆر جوولانەوەی کۆمەڵایەتی دیکە بووە کە تا ئێستا بە قازانجی بووە ناوی سوسیالیزم هەل بژیری بۆ خۆی، ئەمرۆ ئیتر هەلی نابژیری لە هەمان کاتدا لە ژیر ئەو فشارەدا تا رادەیەک پاک و پیس لیک جیا بووەتەوە، بە وتەیەکی دیکە کارگەر ماوەتەوە (نالیم و موتلەقا) بەڵام تارادەیەکی زۆر زیاتر لە جاران، چینی کرێکار ماوەتەوە و سوسیالیزم. ئێمە بەش بە حالی خۆمان، دیارە نالیین توانایی‌یەکانمان نامەحدوودە، بەڵام لە چوارچیوەی توانایی خۆماندا هەول دەدەین بۆ هەلپیکانی سوسیالیزم لەگەڵ حەرەکەتی چینی کرێکار و خۆمان بە بەختەوەر دەزانین ئەگەر حیزبیکی ئاوا دروست کەین.

کەوابی دەگەریمەوە سەر قسەی ئەولم:

ئێمە سەر لە نوی ریک رخستنەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵە و هەروەها حیزبی کۆمۆنیستمان هەیە ئەمە لە چەندمانگی داهاتوودا دەتوانین بە دلنیایی‌یەوە بلیین تەواو دەبی و بە خۆشی و بە سەرکەوتنیشەوە تەواو دەبی بەڵام ئەرکی گرانتر ئەمەی دیکەیانە یانی کرێکاری کردنەوە، هەلپیکانی سوسیالیزم لە جوولانەوەی کرێکاری پیمان وانیە دەتوانین موعجزە بکەین بەڵام ئیمە خۆمان کردوە بە تیکۆشەری ئەم ریگایە و بۆئەم ریگایە هەول دەدەین دیارە لە هیچ خەبات و تیکۆشانیکی سیاسی دا، هیچ کەس ناتوانی زەمانەتی سەرکەوتن بکا.

نە لە رابوردوو دەمان کرد و نە ئیستا دەیکەین بەڵام ئەمە خەباتیکی بەر حەقە ئەمەیە کە دەتوانی سەرچاوەی هیز بی، دەتوانی پایەی کۆمەڵایەتی بی چونکە زۆرترین بەشی کۆمەڵی ئینسانی دەگریتەوە چونکە قامک لەسەر ویستە ئەساسی‌یەکانی ئینسان دادەنی، قامک لەسەر ئال وگۆڕیکی ئەساسی جامیعەی ئینسانی دادەنی لە ئابووری‌یەوە بگرە لە هەقدەستەوە بگرە، تا مەسەلەی ژن تا ئازادی سیاسی، تا هەموو عەدالەتیکی کۆمەڵایەتی، تا چارە سەرکردنی مەسەلەی میللی و لابردنی ستەمی میللی وە بەدی هاتنی ئاواتی عادلانەی میللەتی‌ژیر دەست پیم خۆشە لە کۆتایی دا ئیشارە یەکی کورت بکەم بەوە کە حیزبی کۆمۆنیست بە گشتی وەمن ئەمرۆ بە تایبەتی لە کۆمەڵە قسە دەکەم، بە بی ئەوەی خەیالم بی زیاد لە ئەندازە گەورەی کەمەوە-سەرەرای هەموو کەم و کۆری‌یەک کە دەتوانی لە سەر زۆر شت قامک دابنیی، بەڵام بە نیسبەت کۆمەڵەوە من پیم وایە لە سەر دوو سی دەسکەوت دەتوانی قامک دابنیی وە ئەوانەن کە بۆ ئێمە خۆشەویستن پیش هەموشتیک کۆمەڵە یەک کاری گەورەی لە جامیعەی کوردەواری ئێراندا کرد، ئەوەیش ئەوەیە کە کرێکار و زەحمەتکیشی هینایە نیو سیاسەتەوە هینایە ناو مەیدانەوە و وەک هیزیک خۆیان نیشان دا. کۆمەڵە ئەو مەجالەی فەراهەم کرد وە کە سیاسەت لە پاوانی ئەو سەرگەورە سوننەتی‌یانەی کە لە کۆمەڵی کوردەواری دابوون رزگار بکری ئەو مەجالەی فەراهەم کرد لە جیاتی مەلاکان، شیخەکان رەئیس حیزبە سوننەتی‌یەکان و کی‌وکی کان، رەش و روت بین، زەحمەتکیش بێن، ئەو کەسەی بە هیچ حیساب نەدەکرا ئەو بیتە مەیدان و بیتە سەرسەحنەی سیاسی و بەم مەعنایە یاساکانی تیکۆشان لە مەیدانی سیاسەت داگۆڕان وە بەم مەعنایە هیزی غەیرە سوننەتی هینایە ناو سیاسەتی کۆمەڵی کوردستانەوە. دیارە ئیقتسادی کۆمەڵ و وەزعی کۆمەڵایەتی لە باری عەینی‌یەوە ئەوەی مومکین کردبوو، بەڵام کۆمەڵە هانی دا و هینایە سەر سەحنەی سیاسی‌یەوە ئەمە دەسکەوتیکی چکولە نیە ئەمە بە "گروە" و "گروهک" ناکری ئەمە بەو کەسە ناکری کە بە سادەیی گوروەهیکی پیک هیناوە و تەمایەتی تەنیا لە مالی خۆی قسەی چاک بکا ئەمە بە کەسیک ناکری کە سیاسەتەکانی و هەلویستەکانی لە واقعییەتدا نەگونجی لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری خەڵک.

دەسکەوتیکی دیکە کە بە بروای من ئەویش بە نۆبەی خۆی گەورەیە و کۆمەڵایەتی‌یە- بۆیە ئیشارەی پی دەکەم، ئەوەیە کە کۆمەڵە لە کوردستان لە باری سیاسی‌یەوە کۆمەڵی نەیەک هەنگاو چەندین هەنگاوی گەورە بەرەو چەپ و بەرەو رادیکالیزم برد بە بی کۆمەڵە، سیاسەت لە کوردستاندا سیاسەتیکی راست، سیاسەتیکی سەرتاپا بورژوایی بوو ئەو هیزەی کە تا ئەو جیگایەی مومکین بوو زەربەی لە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی‌دا، زەربەی لە پاشماوەکانی عەشایەری و بیر و بوچوونی کۆن دا، ئەو هیزەی لە حاست مەزهەب لە شکلی شیخایەتی‌یەکەی‌دا -بە چەکدار و بی چەکەوە- زەربەی وەشاند، ئەو هیزەی ئەو مەجالەی فەراهەم کرد کە سیاسەت رادیکال بکری، ئەو هیزەی تەنانەت لە باری مەسەلەی میللی و مافە رەواکانی خەڵکی کوردیشەوە نەیهیشت، یا تا رادەیەکی زۆر پیشیبەوە گرت کە سیاسەت ببیتە وەسیلەی سات و سەودا و وت وێژی نهینی ئەم و ئەو لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی، ئەو هیزەی کە دنەی‌دا کە شورا و بنکە پیک بی، خەڵک چەکدار بی، قسە لە ئازادی ژنان بکری، قسە لە مافی ئینسان بکری (نەک بەو مەفهوومە مەحدوودەی-کە ئەمرۆ ئەو دەولەت یان ئەو دەولەت بەکاری دەبا، بەڵکوو لە مافی ئینسانی بەگشتی، لەوە کە ئینسان شەخسییەتی هەیە، حەقی هەیە و دەبی بیتە پیش و دەبی مافی خۆی داوا بکا.) بەم مەعنایە کۆمەڵە سیاسەتی رادیکال کرد و ئەم رەوتەی بەرەو چەپ برد وە سەرەنجام چینی کرێکاریک کە لە ٣٠-٢٠ ساڵی رابوردوودا بە باشی شکلی گرتوە لە کوردستان، بۆ یەکەم جار لە ئاستیکی بەرین و فراواندا کۆمەڵە لەگەڵ سوسیالیزم ئاشنای کرد نالیم هەموویانی کرد بە کۆمۆنیست یا لە ریکخراوی کۆمۆنیستی‌دا ریکی خستن بەڵکوو ئاشنای کردن بە سوسیالیزم هەروەها تا رادەیەک ئاشنای کردن بە مافە ئابووری و سیاسی یەکانی خۆیان وە سەمپاتی و عەلاقە و دوستایەتی لەگەڵ سوسیالیزمی لە نیو کرێکاران پیک هینا هیچ کام لەوانە هەنگاوی چکولەنین هیچکام لەوانە دەسکەوتی چکولەی تەشکیلاتی نین وەختیک ئیمە ئەو کەسانەی وا لە حیزب و کۆمەڵە چونە دەری تاوانبار دەکەین کە بە هاسانی دەستیان لەوانە هەلگرت و تەنانەت ویستیشیان رەنگی رەشی پیوەبدەن، ئەو واقعییەتەمان لەبەر چاوە ئەوانە هیچکامیان رەش نین. بەڵکوو مایەی شانازین با من هەر لیرە روشنی کەمەوە وەختیک من دەلیم ئەو کەسانە، من تەنها بە چەند کەس دەلیم کە بە مەبەستیکی تایبەتی ئەوکارانەیان کرد و عامیلی ئەسلی بوون ئەگینا هەموو ئەو کەسانەی لە ریزی ئیمە دابوون، راستە کە جیا بوونەوە لە ئیمە، راستە ئیمە سیاسەتی ئەوروپان تەئییدناکەین و لەگەڵ هەلویستەکانیان بەرانبەر بە حیزب و کۆمەڵە موافق نین، بەڵام ریزو حورمەتی کار و رابوردووی خۆیان لە لای ئیمە هەیە چونکە ئەوانیش سەردەمی خۆی بەشیک بوون لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم دەسکەوتانەدا کە وا من ئەمرۆ باسی دەکەم کەوابی ئیمە هیچ کام لەوانە، ئەگەر ئەوان لەگەڵ ئیمە بن یا لەگەڵ ئیمە نەمابن، نەفی ناکەینەوە هەر کەسە بەشی خۆی تی‌خستوە ئەمە حەرەکەتیکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بووە شیوەی ئێمە ئەوە نیە کە بە خاتری هەلەی ئەوروپان، رابوردوویان لە بیر بەرینەوە و نەفی کەینەوە.

هەموو ئەو قسانەش کە من دەیکەم بۆ ئەوە نیە کە تەقدیسیکی سادەی رابوردوو بکەین وتم کە ئیمە لە سەر چ ئەساسیک کار دەکەین و وتم کە ئامانجی ئیمە چی‌یە با ئەوەندە بلیم کە ئەم جیایی‌یانەی کە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستدا و هەروەها دیارە لە ناو کۆمەڵەشدا پیش هات، بە مەعنای چەند شت نیە هەلبەت بە بروای من تەواو روشنە کە بەو مەعنانیە بەڵام چونکە تەبلیغاتی دیکە کراوە و دەکری بۆیە من ئیشارەی پی دەکەم ئەم جیایی‌یە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئەگەر چەند کەس(کوتم حیسابی ئەوچەندکەسە لە باقی یەکەیان جیا دەکەمەوە) لە حیزبی کۆمۆنیست چوونە دەری، سوسیالیزم یان لەگەڵ خۆیان بردوە زۆر پیش ئەوەی بە خزمەت ئەو هاورییانە بگەین کەوا هاتن، سوسیالیزم جیگەی خۆی داکوتابوو لە ناو ئیمەدا، وە ئیستاش کە ئەوان تەشریفیان بردوە، جیگەی خۆی قایمتر لە جاران هەیە.

ئەم جودایی‌یە بە مەعنای ئەوەش نیە کە پیشمەرگایەتی گەورە دەکریتەوە لە بەرابەری کاری سیاسی، کاری مودیرن، کاری ریکخستنی شاری و جەماوەری دا هەرچەند ئیمە کاری نیزامی وەکوو چەکیکی بە کار هاتوو، چەکیکی خۆشەویست کە لە دەست زەحمەتکیشی کوردستاندایە لە دەست کرێکاری کوردستاندا بووە و ئیستا هەیە و دەتوانی لە داهاتوودا بە هیزتریش ببی، ئەوە لە دەست داناخەین ئیمە چەک پی هەلگری کرێکارو زەحمەتکیشی کورد بووین و چەک پی دانەری خەڵکی زەحمەتکیش و کرێکاری سوسیالیست و کارگەری شۆڕشگیر نابین لە کوردستاندا، بەڵام ئەمە نیشاندەری خەسلەتی ئەم جیایی‌یە نیە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئایا هەلویستی ئیمە بەرابەر بە مەسەلەی میللی لە کوردستاندا و بەرانبەر بە شۆڕش لە کوردستاندا چونە؟ رەنگە تەوزیحی ئەوە پیویست نەکا، بەڵام بە هۆی تەبلیغاتی نارەوا لە سەر کۆمەڵە پیم خۆشە بە کۆرتی چەند کەلیمەیەک بلیم، من هەر ئەوەندە دەلیم کە ئەساسی ئەو هەلویستانەی کە حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە لە سەر ئەو مەسەلەیە بوویانە ئێستاش هەر هەلویستمانن ئیمە نە ئەو مەیدانە چول دەکەین بۆ هیزەکانی دیکە و نە پەشیمانین لەو کارانەی تا ئێستا بۆ بەریوەبەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستان کردووماندە و لەوە بەدواش هەر ئەوە بە ئەرک و وەزیفەی خۆمان دەزانین کە باشتر لە جارانیش بەریوەی بەرین وتنیکی بە تەفسیل، بەوردی باسکردن لەوە کە هەلویستەکانی ئیمە لەوبارەیەوە چی‌یە من بۆیە پیم وایە پیویست ناکا، چون ئیمە ناسراوین و ئەوەی کە لەو بارەیەوە دەلین چی و، چی دەکەین ناسراوە ئیمە پیمان وایە ئازادی میللەتان لە ژیر زولم و زۆری میللی، بی هاتنی بەرابەری میللی و نەمانی ستەمی میللی و خەبات لە ریگای ئەودا، ئەسلیکە بۆ کۆمۆنیستەکان، ئەسلیکە بۆ سوسیالیستەکان، یەکیک لە مافە دیموکراتیکەکانی ئینسانە و ئیمە وەکوو هەمیشە پیی لە سەر دادەگرین بەڵام ئەو مەسەلەیە کە بۆ کەسانیک یا بۆ هەندیک ریکخراوەی سیاسی، بۆ زۆر ریکخراوەی سیاسی لە دنیا هەموو مەوجوودییەتیانە، بۆ ئیمە تەنیا گۆشەیەکە لە مافی ئینسان کە ئەو میللەتانە حەقی خۆیانە لیی بەهرەمەند بن بە پیچەوانەی ئەوانیش ئەگەر بۆ ئەوان دەتوانی مەوزووعی سات و سەودا بی‌بۆ ئیمە مافی دیاری کردنی چارەنووسی میللەتانی ژیر دەست بە دەستی خۆیان مافیکی سەرەتایی ئینسانە و جیگای پی شیل کردن و لی لادان نیە بەڵام دەمەوی ئەوە بلیم بۆ ئەوەی ئینسان لەبەرابەری میللی دیفاع بکا، بۆ ئەوەی ئینسان دژی ستەمی میللی بۆیستی، پیویست ناکا ناسیونالیست بی، پیویست ناکافەلسەفەی سیاسی ناسیونالیزم وە هەموو ئەو مەعنا ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەی کە لەگەڵ ئەم فەلسەفەیە شکلی گرتوە، ئەوە قەبوول بکا ناسیونالیزم فەلسەفەیەکی سیاسی -بورژوایی‌یە کە لە لایەن ئێمەوە رەت دەکریتەوە و بە مەحکوومی دەزانین بەڵام ئەمە بەو مەعنایە کە مافی میللەتانی ژیر دەست و خەباتی ئەوان لە ریگای بە دەست هینانی ئەو مافەدا رەت کەینەوە، نیە هەر وەکوو ئینسان دەتوانی لایەنگری مافی ژن بی، بە بی ئەوەی فەلسەفەی فکری‌یەکەی فیمینیزم بی، دەش توانی لایەنگری بەرابەری و ئازادی میللەتان و رزگاری ئەوان لە ژیر ستەمی میللی بی، بەبی ئەوەی فەلسەفەی سیاسی ناسیونالیزم قەبوول بکا یان هیچ سازگاری و ئاشتی‌یەکی لەگەڵ ناسیونالیزم هەبی ئێمە نە ئیمتیازیک دەدەین بە ناسیونالیزم و نە مەیدان چول دەکەین بۆ ئەوان کە خەباتیک کە لە ریگای دەرهاتن لە ژیر ستەمی میللی لە کوردستان دایە پاوان بی بۆیان.

ئێتر سوپاستان دەکەم

رۆژی جیهانی کرێکار لە شارەکانی کوردستان

رۆژی ئەوەلی مانگی مەی، جەژنی جیهانی چینی کرێکار، کرێکارانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هاوچینەکانیان لە سەراسەری جیهاندا جەژنیان بەرپاکرد.

ئەرگەچی بە هۆی حکوومەت نیزامی یەکی رانەگەیەندرا و کە هێزەکانی رژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ پێش گرتن بە هاتنە مەیدانی بەرینی کرێکاران لەو رۆژە دالە شارەکانی کوردستان بەریوەیان برد، کرێکاران نەیانتوانی میتینگ و کۆبوونەوەی وا بەرین و گەورە پیک بینن کە نوینەر و نیشاندەری هەموو یەکگرتوویی و هیز و خواستی خۆیان بی، بەڵام بە شیوەی جۆراوجۆر لەو جەژنەدا بەشداریان کرد ئەوەی جیگای سەرنج بوو، بڵاوبوونەوەی بەرینی تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بوو کەلەسەروبەندی جەژنی کرێکاردا بە تەواوی سیمای شارەکانی بۆ پیشوازی لەو رۆژە گوریبوو.

لیرەدا چەند خەبەری بەریوەچوونی ئەو جەژنە لە نیو کرێکارانی شارەکانی کوردستاندا بڵاو دەکەینەوە و هەر خەبەریکی دیکەشمان لەو بابەتەوە بە دەست بگا لە ژمارەکانی داهاتوودا بە ئاگاداریتان دەگەیەنین.

کرماشان

کرێکاران و زەحمەتکیشانی شاری کرماشان لە ماوەیەک بەر لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەیەوە لە فکری بەریوەبردنی مەراسمی سەربەخۆی خۆیاندا بوون و هەر بەم بۆنەوە خەریکی تەدارەک و خۆ ئامادە کردن بوون.

سەر لە بەیانی رۆژی جومعە ۱۱ی گولان کرێکاران لە جەمعی چکولەی چەند کەسیدا بەرەو شوینەکانی بەریوەچوونی مەراسم لە دەرەوەی شار، وەری کەوتن و پێش نەهار لەو شوینانە کوبوونەوە. لە کیوی ئاویەر جەمعیکی زۆر لە کرێکاران ولاوانی شار کوبوونەوە و بە کردنەوەی ئاگر و بڵاوکردنەوەی شیرینی و هەلکردنی ئالای کرێکاران لە چەند شوینی ئاویەر، مەراسمەکەیان بەریوە برد.

ئەو شوینانەی مەراسمی دیکەیان لەو رۆژەدا لی بەرپا کرا، بریتین لە دەور و بەری سەدی قشلاق، دەور و بەری جادەی سنە–سلوات ئاوا و دەوروبەری جادەی سنە–کرماشان کریکاران لەو مەراسمانەدا لە سەر وەزعی کار و ژیان و گوزەرانی خۆیان قسە و باسیان کرد ئەوەی زیاتر لە قسەوباسەکان دا بەرچاو دەکەوت گرانی و کەمبوونی پیویستیە سەرەتایی یەکانی ژیان، مەسەلەی بێکاری و چونیەتی خەبات لە دژی ئەو موشکلە، چونیەتی خەبات بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکان پی بە پیی گرانی و چوونەسەری قیمەتی کالاکان، وە وەرگرتنی بیمەی بێکاری و حەقی مانگرتن و ریکخراو بوون بۆ کرێکاران بوو.

ئەو مەراسمانە هەتا سەعات ٤و ٥/٤ی دوانیوەرو دریژەیان بوو و بە هۆی سەرما و باران نەکرا لەوە زیاتر دریژەی بی .

ئەوەدا بە خویندنی سروود و شیعر و گۆرانی ئەم مەراسمە تا کاتی دەست پیکردنی بەرنامەکانی رادیوی دەنگی شۆڕشی ئێران دریژەی بوو دوای نیوەرو سەرلە نۆی سەبارەت بە وەزعییەتی ئێستای ئێران و دنیا و سەبارەت بە کۆمۆنیزم و ئەرکی میژوویی کۆمۆنیستەکان لەم دەورەیەدا قسەو باس کرا و مەراسم تا ئیوارەی ئەو رۆژە لە نیو شایی و خۆشحالی بەشدار بووان دا دریژەی بوو.

سنە

لە شەوەکانی ۱۰و۱۱ی مانگی گوڵاندا لە بەشیکی زۆر لە گەرەکەکانی شار، تراکت و نووسراوەی کۆمەڵە و هەروەها اتلاعیەی حیزبی کۆمۆنیست سەبارەت بە رۆژی جیهانی کرێکار، بڵاوکرانەوە بیجگە لەو تراکت و اتلاعیە و نووسراوانە کە بە دیوارەوە چەسپ کرابوون، بەشیکی زۆریش لە گەرەکە کرێکار نشینەکانی شار خراونەتە حەوشی مالان و لەم ریگایەوە بە دەست کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش گەیشتوون .

کرێکاران کە لە چەند رۆژ پیشترەوە خەریکی تەگبیر و خۆ ئامادە کردن بوون، چەند شوین لە دەرەوەی شاریان بۆ بەریوەبردنی مەراسمی خۆیان دیاری کردبوو بەشیکی زۆر لە کرێکاران مەراسمی فەرمایشی‌ی رژیمیان تەحریم کرد.

سەرلە بەیانی رۆژی جومعە ۱۱ی گولان کرێکاران لە جەمعی چکولەی چەند کەسیدا بەرەو شوینەکانی بەریوەچوونی مەراسم لە دەرەوەی شار، وەری کەوتن و پێش نەهار لەو شوینانە کوبوونەوە. لە کیوی ئاویەر جەمعیکی زۆر لە کرێکاران ولاوانی شار کوبوونەوە و بە کردنەوەی ئاگر و بڵاوکردنەوەی شیرینی و هەلکردنی ئالای کرێکاران لە چەند شوینی ئاویەر، مەراسمەکەیان بەریوە برد.

ئەو شوینانەی مەراسمی دیکەیان لەو رۆژەدا لی بەرپا کرا، بریتین لە دەور و بەری سەدی قشلاق، دەور و بەری جادەی سنە–سلوات ئاوا و دەوروبەری جادەی سنە–کرماشان کریکاران لەو مەراسمانەدا لە سەر وەزعی کار و ژیان و گوزەرانی خۆیان قسە و باسیان کرد ئەوەی زیاتر لە قسەوباسەکان دا بەرچاو دەکەوت گرانی و کەمبوونی پیویستیە سەرەتایی یەکانی ژیان، مەسەلەی بێکاری و چونیەتی خەبات لە دژی ئەو موشکلە، چونیەتی خەبات بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکان پی بە پیی گرانی و چوونەسەری قیمەتی کالاکان، وە وەرگرتنی بیمەی بێکاری و حەقی مانگرتن و ریکخراو بوون بۆ کرێکاران بوو.

ئەو مەراسمانە هەتا سەعات ٤و ٥/٤ی دوانیوەرو دریژەیان بوو و بە هۆی سەرما و باران نەکرا لەوە زیاتر دریژەی بی .

مهاباد

بە پیی هەوال لە چەندین رۆژ پیش ئەوەلی مانگی مەیەوە، کرێکارانی مهاباد سەریان لە مالی یەکتر داوە و یەکیک لەو خالە ئەسلی‌یانەی کە کرێکاران قسەیان لە سەر دەکرد تەعتیل کردنی کار بە تیکرا لە رۆژی جیهانی کرێکار دابوو. هەروەها لەم چاوپیکەوتنانەدا کرێکاران لە سەر داخوازەکانی خۆیان قسەوباسیان دەکرد.

ئیوارەی ۷۱/۲/۹، دار و دیواری شاری مهاباد بە تراکت و اتلاعیە و پوستری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەخشابوو هەروەها لە زۆر شوین شیعاری بەریز بیت رۆژی جیهانی کرێکار، برژی ئەوەلی مانگی مەی، برژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، برژی کۆمەڵە، بەرچاو دەکەوت بڵاو بوونەوەی بەرینی تراکت و پوستری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی رۆژی کرێکارەوە، مژدەدەری – هاتنی ئەوەلی مانگی مەی و بانگەوازی کرێکارانی شاری مهاباد بوو، بۆ بەریوە بردنی هەرچی شکودارتری ئەم جیژنە چینایەتیەی کرێکاران.

هیزی سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامی حکوومەت نیزامی‌یەکی رانەگەیەندراویان لە سەتحی شاردا، بەریوە برد سەرەرای ئەم وەزعە ئەوەلی مانگی مەی رواڵەتی شار بە تەواوی گۆڕا بوو زۆربەی دووکانەکان و بازار تەعتیل کرابوون زۆربەی کرێکاران و زەحمەتکیشان و بنەماڵەکانیان، هەر لە بەرەبەیانەوە بۆ ریز گرتن لە جەژنی هاوپشتی خۆیان، ئاماده بوون زۆربەی کرێکاران و بنەماڵەکانیان کەوتنە گەران و ئەم رۆژەیان لە یەکتری پیرۆزبایی دەکرد سەرەرای فەزای خەفەقان و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی و پیش گرتن بە بەریوە بردنی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاران، زۆربەی کرێکاران و بنەماڵەکانیان بۆ بەریوەبردنی جەژن و مەراسم لە شار چوونەدەر و بە شیوەی چەند نەفەری و چەند خانەوادەیی لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و مەراسم و جەژنیان بەریوە بدر ئەم مەراسمانە زۆرتر لە کۆر و کۆمەڵی گەورە و چکولەدا گیراون.

کرێکاران سەبارەت بە هەل و مەرجی سیاسی ئێستای دنیا و ئێران و بوحران و ئالوزی‌یەکانی سیاسی و اقتصادی و اجتماعی جمهووری ئیسلامی و وەزعی کوردستان و هەروەها وەزعی دژوار و مەینەت باری کار و ژیانی کرێکاران، گرانی لە رادەبەدەر، بێکاری زۆر، سەعات کاری تووڵانی، نەبوونی ئەمنیەتی شوغڵی و گیانی بۆ کرێکاران لە ئێران ی ژیر دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامیدا، نەبوونی قانووڵی کاری گۆنجا و بۆ کرێکاران و زۆر شتی تر، پیکەوە قسەو باسیان کردووە.

زۆربەی ئەم مەراسمانە بە دەقیقەیەک بیدەنگی بویادی گیانبەخت کردوانی ریگای سوسیالیزم دەستی پیکردوە و بە سروودی ئەنترناسیونال سروودی هاوپشتی چینی کرێکار کوتایی پیهاتوە هەروەها لەم مەراسمانەدا کرێکاران شیرینیان بڵاو کردوەتەوە وشادی و خوشحالیان دەربریوە هەر بە پیی ئەم هەواڵە ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی ئاوایی‌یەکانی شارویرانیش بە دەوری یەکەوە کۆبوونەتەوە، وە لەم رۆژە ریزیان گرتوە.

سەقز

کرێکارانی شاری سەقز مەراسمی رۆژی کرێکاریان جیژن گرت و لە دوو کوری جیاوازدا لە دەوری یەک کۆبوونەوە لە یەکەین مەراسمدا کە لە نیوان قادر ئاوا و ئالتون لە سەر جادەی سەقز–بوکان بەریوە چوو، چەند سەد کەس لە کرێکاران هەر سەر لە بەیانی رۆژی ۱۱ی اردیبهشت ئەوەلی مانگی مەی لە شار چوونە دەر و لەو شوینە لە دەوری یەک کۆبوونەوە ویرای شایی و پیرۆزبایی ئەم رۆژە لە یەکتری لە سەر ئەهمیەتی بەرپایی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری لەم رۆژەدا، سەبارەت بە داخوازەکانیان وەکوو کەم بوونی میزانی حەقدەست کە لە حاڵی حازردا کرێکاران وەری دەگرن و هەولدان بۆ زیادی کردنی حەقدەستەکان، گرانی لە رادەبەدەر و بێکاری‌یەک کەبەربینی بە هەموو کرێکاران گرتوە قسە وباسیان کرد و پەیمانیان نوی کردەوە کە بۆ لە نیو بردنی ئەو موسیبەتانە و تەئمینی ژیانیکی شیاوی ئینسان تیبکۆشن بەدوای قسەو باسەکانیاندا ئەو رۆژەیان بە خۆشی و شادی‌یەوە تا سەعات ۸ی ئیوارە دریژە پیدا.

دووهەمین مەراسم هەر لەو رۆژەدا لە مەنتەقەی "ئایەنان" لە سەر جادەی سنە – سەقز بەریوە چوو لەو مەراسمەشدا نزیکەی ۱۵۰کەس بەشداریان کرد و سەبارەت بە تاریخچەی رۆژی کرێکار قسە و باس کرا و ئەو رۆژە میژوویی‌یەیان لە یەکتر پیرۆزبایی کرد لەم مەراسمەشدا قسەوباسی ئەسڵی لە سەر گرانی و بێکاری‌یەک بوو کە بە زەقی لە هەر گۆشە و قوژبنیکی شارەکەیان و لەسەرتاسەری ئێران بەرچاو دەکەوی ئەم مەراسمەش بە شایی و هەلپەرکی تا ئیوارەی ئەو رۆژە دریژەی بوو بەم جۆرە بەشیک لە کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکیشی شاری سەقز ویرای تەحریمی مەراسمی فەرمایشی رژیم، توانیان مەراسمی رۆژی کرێکار بە پیی ویست و بریاری خۆیان بەرپا بکەن.

بۆکان

لە ئیوارەی رۆژی چوار شەممە ۹ی گوڵانەوە اتتلاعیە و تراکتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ۱ی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار لە تەواوی گەرەک و کووچە و کۆڵانەکانی شاری بۆکاندا چەسپاو بڵاو کرایەوە بە جۆرێک کە سەرلە بەیانی رۆژی پینج شەممە ۱۰ی مانگی گوڵان کاتیک خەڵک مال هاتنەدەر لە سەر هەر دیواریک و دار تەلیک و لە هەموو شوینەعمومی‌یەکان تراکت وبلاوکراوەی حیزبی کۆمونیستی ئێران بەبۆنەی ئەوەلی مانگی مەیان دەدیت سیمای شار بە تەواوی گۆڕا بوو وە لە هەموو شوینیک بەم جۆرە بە پیشوازی رۆژی جیهانی کرێکارەوە دەچوون اتلاعیە و تراکتەکان لە سەرتاسەری شاردا بە دەرک و دیوارەوە خۆی دەنواند.

هەروەها لە هەر دوو بەشی میراوای کۆن و میراوای تازە بە شیوەیەکی بەربڵاو تراکت پوستر و اتلاعیەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بڵاو کرایەوە.

شەوی جومعە ئەوەلی مانگی مەی لە سەر شاخی نالەشکینە بە نیشانەی رۆژی کرێکار ئاگریکی بەرز کرایەوە و بەم جۆرە موژدەی رۆژی کرێکاریان بە هەموو شار راگەیاند لە چەندین شوینی دەرەوەی شاریش لەم رۆژەدا لە لایەن کرێکارانەوە جەژن گیراو لە نیو شایی و خۆشی خەڵکدا تراکت و شیرینی‌یان بڵاو دەکردەوە و ئەم رۆژەیان لە یەکتر پیرۆزبایی دەکرد.

کرێکارانی شاری بۆکان کە لە ماوەیەک بەر لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەی لە فکری بەرپا کردنی مەراسمی رۆژی کرێکار دا بوون و لەگەڵ یەک لە سەر ئەم مەسەلەیە تەگبیر و راویژیان دەکرد، لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەی دا سەری مالی یەکتریان دەدا و لە سەر زۆر مەسەلەی وەکوو رۆژی کرێکار و داخوازە رەواکانیان پیکەوە قسەیان کرد.

رۆژی جیهانی کرێکار شوور و شەوقیکی تازەی لە نیو کرێکاران لەم شارەدا پیک هینابوو.

پاشماوەی جمهووری ئیسلامی وکرینی چەک

بە پیی گوزارشی "موسسەی تەحقیقاتی ستراتژیک" لە لەندەن، بوودجەی نیزامی ئیران سێ میلیارد دولارە یانی بە ئەندازەی بوودجەی مەوادی خوراکی و پیداویستی‌یەکانی ژیانە بەڵام رژیمی ئیران حاشا لەم واقعییەتە دەکا و تەنیا بە دەیەکی ئەم بوودجەیە یانی نزیکەی ۳۰۰میلیون دولار ئیعتیراف دەکا.

کرینی چەک و تەرخان کردنی بوودجەی قورسی نیزامی، تەنیا دیاردەیەکی ماهیەتی شەر ئاشوبیانەی جمهووری ئیسلامی‌یە و لە خزمەت سیاسەت و ستراتیژی‌دوا رۆژی ئەو رژیمە دایە ئەگەر چاویک بە سەر سیاسەتی دەرەوەی ج.ا دا بگیرین هەلویستی کۆنەپەرستانە و پانئیرانیستی ئەو رژیمە بە ئاشکرا وەدەر دەکەوی.

لە لوبنان هەتا ئێستاش جمهووری ئیسلامی بە ئاشکرا و رەسمی دەخالەت دەکا و تەقویەتی تاقم و دەستەجاتی حیزب اللەی وەئەستو گرتوە لە الجزایر تەقویەتی جەریاناتی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکا و خەریکی تەحریکاتە لە کوردستان و جنووبی عێراق دارو دەستەی ئیسلامی سەر بە ئێرانی پیک هیناوەو پشتیوانیان لی دەکا لە دژی حکوومەتی تازە پیک هاتووی ئازەربایجانی شوورەوی هەول دەدا و لە کار و بار و ناکوکی‌یەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان دا دەخالەت دەکا و ئاژاوە دەنیتەوە.

ئێران بە گشتی هەولیداوە جی پیی خۆی لە ولاتانی ئاسیای ناوەراست قایم بکا و جوولانەوەی ئیسلامی پەرە پی بدا هەربەم هویەشەوە لەگەڵ تورکیە نیوانیان ئالوز بووە و چاوەروان دەکری لە داهاتووش دا ئالوزیکی زیاتر پیک بی چونکە حکوومەتی رەگەز پەرستی تورکیەش هەر وەک ئێران لە دژی ئەرمەنیەکان خەریکی دەخالەت و دەست تیومەردانە و چەپەل ترین ئیحساساتی میللی هەلدەخرینی و بەتەمایە لەو ریگایەوە نفووزی خۆی لە مەنتەقە دا پەرە پی بدا.

هەموو ئەو نموونە و راستیانە ئەوە دەردەخەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەر ئەندازە پاشە کشەی پیکرا بی بەڵام هیشتا دەخالەت کردن و دەست تیوەردان لە کار و باری ولاتانی دروانسی و ناوچەکەدایە و بەرەوپیش بردنی ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە بە قیمەتی تەحمیلی خەرجیکی گران و قورسی نیزامی بە سەر ئیقتسادی شپرزی سەرمایەداری ئێران و قورس تر کردنی باری مەینەت و هەژاری و بێکاری و گرانی لە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکیشان و خەڵکی ئێران بەرەو پێش دەباو ئەمە کۆنەپەرستانەترین و زیانبەخشترین لایەنی ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامی‌یە، هەروەها سەرەنجامی ئەو سیاسەتە، ئێران لە هەلایساندنی شەر و کیشەی کۆنەپەرستانە لە مەنتەقەدا نزیک دەکاتەوە و کار بە دەستانی رژیم بۆ دریژە دان بە رەقابەتی ئەسلیحاتی لە مەنتەقەدا زیاتر رادەکیشی و هەرچی زیاتر لە زەلکاوی کۆنەپەرستی‌یان دەچەقینی .

رژیمی ئێران کە یەکیک لە عامیلینی شەری کۆنەپەرستانە و مال ویرانکەری ئیران و عێراق بوو، وە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی سەدان هەزار کەس و ئاوارەیی و مال ویرانی بە میلیون کەس لە هەرتک ولات، ئێستاش بۆ لابردنی سەرنجی خەڵک لە سەر وەعی ناوخۆیی، دریژە بە سیاسەتیک دەداکە غەیری هەژاری و چەوسانەوەی زیاتر و مال ویرانی بۆ خەڵکی ئێران حاسلیکی نەبووەو نایبی.

هۆی سەرەکی‌یەکەشی ئەوەیە کە رژیمی ئیسلامی هەموو وەعدە و وەعیدەکانی بە دوای شەری ئێران و عێراق دا بە هیچ دەرچوو جیناحی رەفسنجانی هەر چەند خۆی لە سیاسەتی پان ئیسلامیستی دوور دەخاتەوە، بەڵام نەیتوانیوە و ناتوانی ئال و گۆرێک لە باری ئیقتسادی‌یەوە پیک بینی زیاتر لە ٤/٥ میلیون کەس بێکارن گرانی رۆژ لەگەڵ رۆژوولە زیاد بوونە و سەرمایەداری ئیران فشارو چەوسانەوە لە سەرکرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانی زیاتردەکا بە هۆی ئالوزی وەزعی ئابووری سەمایەداری ئێرانەوە هەم ناکوکی ناوخۆیی رژیم و تاقمە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی زیاتر و ئاشکراتر بووە هەم ترس لە دوا رۆژی شۆڕش و ئیعتیرازی کرێکاران و زەحمەتکێشان کاربەدەستانی رژیمی تووشی نیگەرانی زیاتر کردوە.

هەربۆیەش تەنیا چارەی مانەوەی لەوەدا دەبینی کە خۆی پر چەک بکا و بە دریژەپیدانی ماجەراجۆیی لە سیاسەتی دەرەوەدا سەرنجی چەوساوەکان و خەڵکی زەحمەتکێش لە سەرمەسەلەکانی ناوخۆ دوور خاتەوە و ئامادەیی یەکی زیاتر بۆ سەرمایەداری ئیران تەئمین بکا بۆقازانج بەریی زیاتری سەرمایە و تەحمیلی مەحروومییەت و هەژاری‌یەکی هەرچی زیاتر بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش دا.

پێشڕەو

(پاشماوەی) راگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی...

لە حاشیەی شارەکان، لە مەجبوور ئاواکان و حەسیرئاواکان، بە بی بەهرەمەندی لە سەرەتایی‌ترین ئیمکانات دەژین و ئەگەر بەڵێ بەرۆکیان نەگرێ و وەک ئینسانی سەرەتایی نەبنە قوربانی توفان و لافاو و بوومەلەرزە، بە هەر حال مەحکوومن بە برسیەتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری و لە یەک کەلام دا مەحکوومن بە مەرگی بە شینەیی.

هەموو ئەم کارەساتە پرژانانە لە دەورانیک دا روو دەدەن کە کار و قودرەتی خولقینەری بەشەر، جیهانی نوقمی نەعمەت و ئیمکانی حەسانەوە کردوە. دەورانیک کە زانستی نوێ و تکنولوژی پیشکەوتوو، لەگەڵ دەست و میشکی خولقینەری بەشەر ئیمکانی ئەوەیان پێک هیناوە کە بە سەعات کاریکی گەلێک کەمتر لەوەی ئیستا، هەموو کۆمەڵ بتوانی لە ژیانیکی شایستە بەهرەمەند بی و بەر دەوام بەرەو باشتر ژیان بچیتە پێش و بەم جۆرە بۆ گەشە پیدانی ئیستعدادی هەموان و گەشەی توانایی‌یە پامال کراوەکانی بەشەرییەتی مەحروم، مەجال و دەرفەتی واقیعی فەراهەم بکری.

بەڵام دەردی گەورە و پرژانی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو ئیمکاناتە لە ژێر دەست و دەسەلاتی نیزامی سەرمایەداری دایە: نیزامیک کە تییدا کەمایەتی‌یەکی بچووک بە تالانکردنی بەهرەی کاری زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای بەشەر، سەروەتی ئەفسانەیی و دەسەلات و ئیمکاناتی بەرینی دەسەلاتدارەتی‌ی خستوەتە ژێر چنگی خۆی و بۆ بەردەوام ڕاگرتنی ئەم وەزعە پیچەوانە و غەیرە ئینسانی‌یە، بی‌ئەژمار ئەرتەش و زەرادخانەیان پێک هیناوە، یەک لە دوای یەک شەر هەلدەگرسینن، قەلاچوی ئینسان دەکەن، بی‌بەزیی‌یانەترین و دڕندانەترین شێوەی سەرکوت بەرەوپێش دەبەن و سەرەنجام پر لە خورافەترین و دروێنەترین مەسلەک ئەوەی چارەنوسی

چەند یادداشتی سیاسی

ئەفغانستان

چارەنووسی ئەفغانستان و شەری ناوخۆیی ١٤ساڵەی ئەو ولاتە، یەکیك لە زیانبارترین و تاڵترین رووداوە ناوخۆییکانی ئەم دەورەیە بوو ئەفغانستان نموونەیەکی ڕۆشن و بەرچاوە لە قوربانییەکی کیشەی نیوان قودرەتە سەرمایەداری و ئەمپریالیستییەکان.

سەرەنجام پاش شەریکی دریژخایەنی چەندین ساڵە کە لە ئەنجامی دا سەدان هەزار کەس کوژران وتیدا چوون و بە میلیون کەس ئاوارە و بێ خانە و لانە بوون و لێرە ولەوی بە دەردی بێ بژیوی و بێ ماڤ و بێکاری تلانەوە، هەموو ئەو لایەن و دەوڵەتانە کە بە جۆرێك دەستیان لە خۆشکردنی ئاگری شەری ئەفغانستان دا بووە، بەوە گەیشتن کە ریگا چارەیەکی سیاسی بۆ کۆتایی هێنان بە بوحرانی ئەفغانستان هەڵبژێرن لەم زەمینەیە دا هەول درا بۆ ئەوەکە پاش کشانەوەی نجیب اللە لە حکوومەت ولاتانی بەشدار لەم کیشەیەدا و بە تایبەت ئێران و پاکستان و عەرەبستانی سعودی بە چارە سەری هیمنانەی ئەم بوحرانە ڕەزایەت بدەن و دەستە و حیزبە "میانەڕەو" وەکانی موجاهیدین ساغ بنەوە لە سەر پیك هینانی شووراییەکی موقت بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە "کابول" پیش پیك هینانی دەوڵەتی انتقالی و پاشان پیك هێنانی کۆنفراسیکی سولح بە بەشداری هەموو لایەنەکانی کیشەی ئەفغانستان بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە کۆتایی کار نیە و بە مانای پیك هاتنی سبات و سەقامگرتنەوە لە ئەفغانستان نێیە.

ئەم وەزعییەتەی ئەفغانستان بە شیوەیەکی سەرەکی نەتیجەی دەخالەت و شکستی نیزامی شووڕەوی لەو ولاتەدابوو کە ڕەنگدانەوەی شکستی ستراتیژی یەکی سیاسی بوو و سەرەنجام لە بەرێك چوونی یەکێتی شووڕەوی بە شوینداهات لە لایەك ڕژیمی سەر بە شووڕەوی لە ئەفغانستان، بە دریژایی چەندین ساڵ وەك پاشکو و بەریوەبەری سیاست و بەرژەوەندەکانی موسکو بێجگە لە هەژاری و مەینەت و بێ مافێ و مەحروومییەت بۆ خەڵکی ئەفغانستان هیچی بە دیاری نەهینا، لە لایەکی‌تریشەوە ئەریکا بە کەڵك وەرگرتن لە پەرەگرتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری تعصباتی قەومی و میللی و مەزهەبی و نژادی لە ئەفغانستان کە دەخالەتی شووڕەوی لەو ولاتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ تەقویەتی دەکرد و لە پیك هاتنی چەندین حیزب و دار و دەستەی موجاهیدین دا خۆی دەنواند، هەولیدا بە لیشاوی چەك و دولار موقاومەتیکی دژی روسی بۆماوەی چەندین سال سازمان بدا.

بە کسانەوەی شووڕەوی لە ئەفغانستان کیشە لە سەر ئەفغانستان گورانیکی تیدا پیك هات کە ئیتر نە ڕژیمی ئەفغانستان لە لایەن شووڕەوییەوە پشتیوانی لێکرا و نەموجاهدینی افغان ئەو خاسییەت و جێگا و شوینەی پێشویان بە لای ئەمریکاوە ما بەم جۆڕە هیچکام لەو دوو لایەنە سەرەکییەی کیشەی ئەفغانستان جیگای پیشوویان لە ژیانی سیاسی ئەو ولاتەدا نەمابوو.

بەڵام ئێستا، کۆمەڵیك لە جەرەیاناتی جۆراوجۆری قەبیلەیی و فیرقەیی و مەزهەبی، کە تا ئیستا لە ژیر چەترێکی واحیدی موقاومەتی دژی ڕووسیدا کوببوونەوە، هەرچی زیاتر ناکوکییەکانیان لە سەر مەسەلەی حکوومەت و دەسەلاتی سیاسی ئاشکرا دەبی، لەمنیوە دا، بە پیی تەرکیب و موناسەباتی ناوخۆی گوروهە جۆراوجۆرەکان و بە هۆی بوونی پیشینەیەکی تاریخی لە دژایەتی و تیك هەڵچوون لە نیویان دا، و بە هۆی تونڈو تیژی ناکوکییەکانی ئیستایان، ئەویش لە هەل و مەرجیك دا کە خۆیەك بۆ یەکگرتن نابینن، دیسانیش ئیمکانی شەر و پیکدادان و تیك هەڵچوون وجوودی هەیە لەم کیشەیەدا ئەمریکا کە بە دەسەلات گەیشتنی هیزە تووندرەوە ئیسلامییەکان بە پیچەوانەی بەرژەوەندی خۆی و بە زیانی هیمنایەتی و سەقامگیری حکوومەتی پاکستان و دەولەتەکانی حاشیەی خەلیج دەبینی لە هەولی ئەوە دایە بە تەقویەتی جەریاناتی میانەڕەو زەمینەی هاتنە سەرکاری حکوومەتیك فەراهەم بکا کە زیاتر لەگەڵ بەرژەوەندی دریژ ماوەی سەرمایەی ئەمپریالیستیدا بگونجی.

ئەفغانستان ئێستا ولاتیکی بۆحران لیدراوی مەینەت دیتوویە کە لەگەڵ کەمبوونی پیداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بەرەو ڕووە و لەگەڵ پینج میلیون ئاوارە و دەستەیەك لە دەسەلاتدارانی هەرە کۆنەپەرەست. بیگۆمان خەڵکی ئەفغانستان لە ژیر حاکمییەتی ئەم دەسەلاتدارە تازە بە دەسەلات گەیشتوانە شدا، ڕووی ئاسایش و حەسانەوە و ژیانی خۆش نابینن.

هەر لە ئیستاوە دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە خەریکی قانوونی کردنی ستەم و سەرکوت و دەسدریژی بۆ سەر مافەفەردی و کۆمەڵایەتییەکانن. لە یەکەمین هەنگاوەکاندا، ئیجباری بوونی حیجابی ئیسلامی بۆ ژیان و مەحرووم کردنی ژنان لە کار فەعالییەتی کۆمەڵایەتی و گیرانەوەیان بۆ نیو چواردیواری مال وەك کویلە و کەنیزی بەردەستی پیاو و شەرع و قانوون و هەڕەوەها بەریوەبردنی سانسوری پشووبر و قەدەغەی ئازادی بەیان و عەقیدە هەرەشە لە خەڵکی ئەو ولاتە دەکا و ئەمە ڕۆژی نەوروزی ئەمسال کوردستانی تورکیە شاهیدی خۆ پیشاندان و تەزاهوراتی گەورەی جەماوەری بوو تەزاهوراتی خەڵك بە بەهانەی ئەوە کە دەبی شیعار و پلاکاردیان نەبی، لە لایەن پولیسەوە درایە بەر هێرش و ژمارەیەك لە خەڵك کوژران و بریندار بوون بە دوای ئەوەدا خەڵك و پیشمەرگە بەرەنگاری پولیس و ئەرتەش بوونەوە و شەر و نائارامی بە تایبەتی لە شارەکانی نەوارى مەرزی تورکیە و سوریە لەگەڵ عێراق، پەرەی ئەستاندوە ئەرتەشی تورکیە بە هەموو جۆرە چەکیك و بە لەشکریکی گەورەوە هێرشی کردوەتە سەر ئەو شوینانە و سەر خەڵکی بی دیفاع و غەیرە نیزامی لە یازدە ئەیالەتی کوردنشینی تورکیە حکوومەتی نیزامی ڕاگەیەندراوە و خەڵکی چەند شار و شاروچکە ڕاگویزراون ئەرتەش بە تانك و زرێپوش هێرشی کردوەتە سەر سەڤی تەزاهوراتی خەڵکی غەیرە چەکدار و زۆر بێ‌ڕەحمانە و جینایەتکارانە سەدان کەسی کوشتوە و بریندار کردوە و ژمارەیەکی زۆریشیان گرتوە.

هەم کوردستانی تورکیە و هەم باقی شوینەکانی تر چەند مانگە ئائارامە سالی ڕابوردوو تورکیە شاهیدی تەزاهورات و ئیعتیرازاتی گەورەی جەماوەری و کرێکاری بوو بە دوای چەندین ساڵ حکوومەتی نیزامی لە تورکیەدا، هەم خەفەقانیکی زۆر و پولیسی حاکمە و هەم بارودوخی ئابووری لە تورکیە یەکجار خراب بووە، بێکاری و گرانی و تەوەروم زۆر زیادی کردوە و فشاریکی زۆری هیناوەتە سەر ژیان و گوزەرانی سەرباری هەژاری و بێکاری و مەحروومییەتی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەو ولاتەیە کە هەر حکوومەتیکی ئاوا کۆنەپەرستی بورژوایی پیی لە سەر دادەگری.

لەم هەل ومەرجەدا ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پیشرەوی ئەفغانە کە زەینی هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەو ولاتە لە حاست ناوەڕوکی چینایەتی ڕووداوەکانی ئەو دەورەیە و داهاتوویەك کە ارتجاعی ئەمپریالیستی بۆ ئەفغانستانی لە بەر چاو گرتوە ڕۆشن بکەنەوە و ئاسۆی خەباتی کرێکاری و سوسیالیستی بخەنە بەر چاویان.

کوردستانی تورکیا

کرێکاران و زەحمەتکیشان، قین و تووڕەیی و ئیعتیرازی خەڵك ڕوولە زیاد بوون بوو بە چەشنیك کە حکوومەتی نیزامی لە ترسی بەربەرەکانی و تەقینەوەی ئیعتیرازاتی کرێکاری و جەماوەری نەی دەتوانی لەوە زیاتر خۆی رابگری و ترس و سامی خەڵك هەم لە کوردستان و هەم لە باقی شوینەکانی تری تورکیە شکابوو.

ڕژیمی ئێستای تورکیە کە بە وەسیلەی حیزبی ریگای ڕاست و بە ائتلاف لەگەڵ حیزبی سوسیال دیموکرات هاتوتە سەرکار و لە انتخابات دا ئەکسەریەتی هیناوەتەوە، زۆر قەول و وەعدەی دا و هیندیك ریفورمی سەتحی سیاسیشی دەست داوەتی بەڵام ماهیەتی بورژوایی و دژ بە دیموکراتیکی خۆی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری و، بە تایبەت لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەدا بە ڕۆشنی نیشان داوە و ڕق و تووڕەیی کرێکاران و زەجمەتکیشانی تورکیەی بەرەو خۆی زیاتر ڕاکیشاوە.

ئیعتیراز و تەزاهوراتی ئیستا لە کوردستان لە سەر وەها زەمینەیەك و لە دریژەی جم و جولیکی سیاسی و جەماوەری دا کە لە ماوەیەك لەوە پیشەوە لە کوردستانی تورکیە پیی گرتبوو، بەڕپابوو لەم جەریانەدا شیعاری ڕاپەڕینی تیداهاتە گۆڕی، زۆر دیار بوو کە خەبات و ئیعتیرازی جەماوەری نە لە باری ریکخراو بوون و نە لە باری سیاسی و تەداروکی نیزامییەوە نەگەیشتبوە ئەم قوناغە و هینانە گۆڕی شیعاری ڕاپەرین بە بی ئەوە کە هەموو مەلزوماتی سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتییەوەها شیعاریك ئامادە بی عەمەلەن لەگەڵ سەتحی خەبات و ئیعتیرازی خەڵکی کوردستان نەدەهاتەوە و کاریکی بە پەلە و تاکتیکیکی سیاسی نادروست بوو کە دەتوانی بە پیچەوانەی گەشەی خەبات و موبارەزەی کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستانی تورکیە تەئسیر بکات ڕاستی ڕووداوەکان هەر لە ئێستاوە نابەجی بوونی ئەو شیعارەی خستوەتە بەرچاو و نیشانی دا کە وەها شیعاریك لەم هەل ومەرجەدا کایە بە ڕاپەرینە.

لە دوو سی ڕۆژی ئەوەل دا کە لە لایەکەوە هیشتا حکوومەتی تورکیە بە تەواوی خۆی ساز نەدابوو وە لە لایەکی‌تریشەوە لە پەرەگرتنی ئەم ئیعتیراز و نارەزایەتیە بۆ باقی شوینەکان، بە تایبەت شوینە کرێکاریەکان دەترسا، زاهیریکی ئارام تری بە خۆیەوە گرت و هاوکات لەگەڵ هیرشی نیزامی و ڕەوانە کردنی لە شکر بۆ کوردستان، هەیئەتیکی لە چوار وەزیری پایەبەرزی کابینە پیك هینا بەو مەبەستە کە لە نزیکەوە بەرەسی وەزعەکە بکەن تا بتوانن بە قەولی خۆیان چارەسەریکی سیاسی بدوزنەوە.

هیشتا ئەو هەیئەتە پیی نەگەیشتبوە کوردستان کە سولەیمان دمیرل سەروك وەزیری تورکیە لە موساحەبەیەك دا وتی کە" دەولەت و ئەرتەشی تورکیە ئامادەگی تەواویان هەیە کە سولح و هیمنایەتی لە ناوچەکەدا بپارێزن و تەسلیمی تروریستەکان نابن" یانی ئەگەر تا دوینی بۆ فریو دان و وەخت گوزەراندن باسی چارە سەری سیاسی مەسەلەکەی دەکرد، ئەوجار بە ئاشکرا بریاری سەرکوت و هیرشی نیزامی بۆ سەر خەڵکی کورد ڕاگەیاند. ئاغای دمیرل کە لە دەورەی ئینتخابات دا، دوو ڕوویانەباسی لە مافێ خەڵکی کورد دەکرد و ماوەیەك لەوە پیش دلسوزی بۆ کوردەکانی عێراق دەکرد و تەنانەت قەولی دیفاعی نیزامی پی دەدان، بەڵام ئێستا ئاوابیرەحمانە تەزاهوراتی سیاسی خەڵکی کوردستان و ئیعتیرازی کرێکاری لە باقی شوینەکانی تورکیە وەبەر هیرش دەدات ئەوە پشت و ڕووی یەك سیاسەتە، لە لایەك فریو و لە لایەك زۆر.

ئەگەر حکوومەتی دیمرل بتوانی هیندیك کەسی خۆش باوەر و بێ ئیمان بە هیز و خەباتی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکیش لە تورکیە و دەرەوەی تورکیە فریو بدات، قەتعەن ناتوانی کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و تورك فریو بدات کی هەیە نەبینی کە لە زستان و سەرمای ساڵی ڕابوردوو دا کە زۆر کەس و زۆر شوین لە تورکیە بی سوخت و بی ئازوقە مانەوە و وەك ئینسانی سەرەتایی لەگەڵ تەبیعەت دەست و پەنجەیان نەرم دەکرد، دەوڵەتی تورکیە تەنانەت لە گەیاندنی یارمەتیەکانی دەرەوەش دائە و پەری بی خاسییەت بوونی خۆی نیشان دا یان لە بوومەلەرزەی ئەم ئاخریانەدا بە قەوالی هەوال دەرەکانی دەرەوە هەزاران کەس لە ژیر ئاواردا مابوونەوە و دەیان هەزار کەس ئاوارە و بی مال و حال بوون یان لە تەقینەوەی مەعدەنیك حدوودی سی‌سەد کرێکار بە هۆی نەبوونی ئەمنیەتی شوینی کار گیانیان لە دەست دا داو دەزگاکانی ڕژیمی تورکیە لە حالیکدا کە بۆ پاك کردنەوەی ریگا و بان و نەجاتی گەرمارو دراوانی ناو بەفر یان بۆ لە ژیر ئاوار دەرهینانی قوربانیانی زەلزەلە لە بولدزر هەمیشەکەسری دینن، یەك جاریش بۆ تانك و زرێپوش و ئەرتەش لە سەرکوتی ئیعتیرازی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش کەسریان نەهێناوە.

ڕژیمی دەسەلاتداری تورکیە کە پیس ترین ئیحساساتی شوڤینیستی و ناسیونالیستی هەل دەخرینی و هەر ئیستا ئاوری شەری نیوان ئەرمەنی و ئازەربایجانی خۆش دەکا، ناتوانی هەنگاویك بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی لە ناوخۆ و ولاتانی دراوسی هەلگری.

لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیەدا بۆ جاریکی تر ئەمپریالیستەکان وەخۆ کەوتن ئەمریکا ڕەسمەن پشتیوانی خۆی لە تورکیە دەربڕی و تەئییدی کوشتاری خەڵکی کوردستانی کرد ئالمان داوای لە تورکیە کرد کە هیرشی نیزامی بۆ سەر خەڵکی بیدیفاع بوەستینی بەم چەشنەلە ناکوکی نیوان ئەمریکا و ئالمان لەم جەریانەدا خۆی نیشان داوە و ئەمریکا کە پیی خۆشەپەیمانی نیزامی ناتو ڕاگری و تورکیە وەك دەوڵەتیکی سەر بە ئەمریکا دەوری بەر چاوی لەم پەیمانەدا هەیە و هەم لە ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست دا بۆ ئەمریکا ئەهمیەتیکی ستراتیژیکی هەیە لە نەتیجیە دا ئەمریکا یەك و دووی نەکرد بۆ پشتیوانی و تەئییدی تورکیە، بەڵام ئالمان و بریکی تر لە ولاتانی ئوروپایی کە لایەنگر و داواکاری بەشی زۆرترن لە ڕۆژهەلات ناوەڕاست و پیان خۆشە دەوری ئەمریکا لە ئوروپادا کەم بیتەوە بە ئاشکرا سیاسەتیان لەگەڵ ئەمریکا فەرقی هەبوو، یانی ها جاریکی‌تر لە سەر گیان و مالی خەڵکی زەحمەتکیش کەوتنە چەنە لیدان لەگەڵ یەکتر و ئیختلاق خۆیان کە لە ناکوکیەکانی نیزامی سەرمایەداری جیهانییەوە سەرچاوە دەگری و چار هەلنەگرە، جاریکی‌تر خستە ڕو و نیشان درا

کە دنیای سەرمایەداری دوای شەری سارد و شکانی سەرمایەداری دەوڵەتیش، لەگەل کولیك ناکوکی و قوتب بەندنی تازە رووبەرووەوە و رووبەروو دەبێت.

ئێمە هیرشی درندانەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر خەڵکی کورد مەحکووم دەکەین و پشتیوانی خۆمان لە حەقی دیاری کردنی چارە نووسی خۆ بۆ خەڵکی کوردستانی تورکیە دەردەبرین و ئەوە بە حەقی رەوای خەڵکی کورد دەزانین لامان وایە کرێکاران و زەحمەتکیشانی شۆڕشگیر لە جوولانەوەی کوردستانی تورکیەدا دەبێ دژ بە هەر چەشنە پیك هاتنی تەوەهوم و خۆش باوەرییەك بەرانبەر بە هیزە ئەمپریالیستەکان بەرگری بکەن، و لەگەڵ هەر بیروبروایەك کە لەتمە لە هاو خەباتی کرێکار و زەحمەتکیشی کورد وتورك بدات موبارزە بکەن، وە ماهییەت چەوسینەرانەی بورژوازی و دەورونەقشیان لە گشت جیهان دا بخەنە بەر چاوی خەڵك بە ئەرکی سەر شانی هەر کرێکاریکی وشیار و هەر شۆڕشگیریکی سوسیالیستی دەزانین کە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە تیدەکوشی خەبات و تیکۆشانی جەماوەری لە کوردستان سازمان بدات لەگەڵ هەر چەشنە بیر و بوچوونیکی تەنگ نەزەرانەی ناسیونالیستی و هەل خراندنی ئیحساساتی دوژمنایەتی میللی بە توندی موبارەزە بکات و تیبکۆشی یەکیەتی ریزەکانی خەباتی چینایەتی لە تورکیە بپاریزی و تەبلیغی بۆ بکا.

هەروەتر هەڵسووراوانی سوسیالیست و کرێکار لە ناو کرێکارانی تورك دا دەبی بە دژی شۆڤینیسم موبارزە بکەن و بۆ دیفاع لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ لە کوردستان وە دەنگ بین و یارمەتی دەری کرێکار و زەحمەتکیشی کورد بن و بۆ وەدەرنانی هیزی نیزامی داگیر کەر لە کوردستان هەول بدەن تا بەم چەشنە زەمینە بۆ هاو خەباتی کرێکاران لە سەراسەری تورکیە خۆش ببی و یارمەتی دەری هاوچینەکانیان بن لە کوردستان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی دژواری ئیستایان بەرانبەر بە هەر بیر و بوچوونیکی بورژوایی لە ناو کوردستان دا.

ئێمە پیمان وایە کە یەکەم دەبی حکوومەتی نیزامی لە کوردستانی تورکیە هەلوەشینەوە و هیزی سەرکوت کەر لە کوردستان بروانە دەری دووهەم دەبی فەزای سیاسی لە کوردستان و باقی شوینەکانی تری تورکیە ئازاد بی و هیچ چەشنە زەخت و زۆرێك بەرانبەر بە دەربرینی ئازادی بیرو را و عەقیدەی سیاسی و دروست کردنی ریکخراوی سیاسی بە کار نەبری گەشەی خەباتی سیاسی و جەماوەری لەگەڵ موقاومەتی چەکدارانەی هیزی چەکدار ئەم ئەرکە سەرەکییەن کە دەتوانن لە لایەن کرێکاران و کۆمۆنیستەکانەوە لیك هەلپیکرین و جوولانەوەی خەڵکی کوردستان بەرەو پیش بەرن و هەر چەشنە کەم بایەخ دانیك بە ریکخستنی جەماوەری و کرێکاری و دەوری ئەوانە لە خەباتی سیاسی دا، قودرەتی بەربەرەکانیی جەماوەری – نیزامی لاواز دەکات.

پەرە پیدان بە خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری وەزیفەی بی ئەم لاو ئەو لای کرێکارانی پیشرەو و سوسیالیستەکانە بورژوازی تەنیا بە نیازی سات و سەودا و سازان لە سەرەوەیە. با بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانە سیاسەتی بورژوایی مەحدوود کەینەوە و ئیفشای بکەین تەنیا گەشەی خەباتی کرێکاری لە هەموو شوینی کار و ژیان و پاراستنی ریزی سەربەخۆی کرێکاران لەم جوولانەوەیەدایە کە دەتوانی زامنی گەشە و پیش چوون و بە لاری دا نەچوونی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بێت.

بە بی بوچوونیکی وەها چینایەتی جوولانەوەی شۆڕشگیری ناتوانی بە هیز بی و کرێکار و زەحمەتکیشی کورد دەبنە یاشکوی سیاسەتی کۆمەڵانی خەڵك هەتا رق و تووڕەیی لە میژینەی خۆیان دەربرن. ئەم نارەزایەتی و نەفرەتە لەو هەموو بێعەدالەتی و ستەمگەرییە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگری کە جامعەی ئەمریکای لە چنگی خۆیدا گوشیوە. رەش پیستەکانی ئەمریکا ١٢/١٪ی جەمعییەتی ئەمریکان. بە پێی ئەو ئامارە لە مانگی مارسی ١٩٩٢دا، ١٤/٢٪ی رەش پێستەکانی ئەمریکا بێکار بوون لە حاڵێکدا لە نیو سپی پێستەکاندا میزانی بێکاری دەگاتە ٦/٩٪ لە سالّی ١٩٩٠دا، ٣١/٩٪ لە رەش پێستەکانی ئەمریکا لە ژێر خەتی هەژاری دا بوون. لە شارە گەورەکان لە سالّی ١٩٩٠ دا، ٣٣/٨٪ی رەش پێستەکان لە ژێر خەتی هەژاری دا بوون لە حاڵێکدا سالّی ١٩٦٦ میزانی ئەو کەسانە ١١/٣٪ بووە و هەتا هاتوە زیادی کردوە. ئاماری مەرگی منالان لە نیو رەش پێستەکان و سپی پێستەکاندا جیاوازییەکی زۆری هەیە. لە ئەمریکا ١٧/٧٪ لە منالانی رەش پێست گیانی خۆیان لە دەست دەدەن لە حاڵێکدا لە نیو سپی پێستەکاندا ئاماری مەرگی منالان ٨/٢٪ بووە. لە شاری لوس ئانجلس ئاماری مەرگی منالانی رەش پێست دەگاتە ٢١/٤٪. بە پێی ئامار، نزیکەی ٣٠٪ی نەخۆشەکانی موبتەلا بە نەخۆشی ئیدز لە ئەمریکا و ٥٢٪ی ژنانی ئەمریکایی موبتەلا بە ئیدز لە رەش پێستەکانن. ٤٥٪ی کوللی زیندانیانی ئەمریکا رەش پێستن.

ئەم رەگەز پەرستییە بە شێوەی عەمەلی و بە پێچەوانەی راگەیاندنی رەسمی "قەدەغە بوونی هەلاواردنی نەژادی" بەرێوە دەچی. فشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرەشە لە ژیانی کرێکاران دەکا. رۆژ نیە چەندین شیرکەتی گەورەی و چکولە وەرشکست یان تەعتیل نەبن. تورم و بوحران بالی بە سەر ئابووری ئەمریکادا کێشاوە. ئەمریکا تەنیا ولاتی سەرمایەداری پێشکەوتووی دنیا نیە کە بیمەی گشتی دەرمانی تێدا نیە. بیمەی دەرمانی خوسووسییە و تەنیا ٢٥٪ی خەڵك دەتوانن لێی بەهرەمەند بن.

باری بوحرانی ئابووری ئەو ولاتە راستەوخۆ بەسەر ژیانی کرێکاران و کۆمەڵانی دەستەنگ دا شکاوەتەوە.

رووداوەکانی ئەم دوایییەی ئەمریکا، هەروەها ئەوپەری دوو رووپی و ریاکاری ئەمپریالیزمی ئەمریکای سەبارەت بە دیموکراسی و ئازادی و حقووقی بەشەری جاریکیتریش بە ئاشکراترین شێوە دەرخست.

ئەوە تەنیا گوشەیەکی ئەو کیشە کۆمەلایەتییانەن کە جامعەی ئەمریکا لە هەلومەرجی حاکمییەتی سەرمایەداری و راست ترین سیاسەتەکانی بورژوایی‌دا دەبی چاوەروانی بکا.

تەئسیراتی کۆمەلایەتی جیهانی ئەم رووداوە، بێگومان لە لایەکەوە دەوڵەتی ئەمریکا ناچار بە پاشەکشە لە بەرانبەر خەڵك دا دەکا و هەر ئەمەش لەسەر رەوتی خەباتی داهاتوو تەئسیری موسبەتی دەبی، وە لە لایەکی تریشەوە سەرنجی خەڵکی دینا بەرەو وەحشیگەری و هەلاواردنی نەژادی و گەندەل بوونی سەرمایەداری ئەمریکا رادەکێشی. ئەمە زەربەیەکی قورسە لە ئیدیعا و تەبلیغاتی سەرمایەداران سەبارەت بە توانایییان لە چارەسەر کردنی سەرەکی‌ترین گیر و گرفتەکانی کۆمەڵدا و ئیدیعاکانیان سەبارەت بە ئەبەدی بوونی سەرمایە و ئەوە کە سەرمایەداری نیزامێکی پایەدارە.

ئەوەی بینرا و بیسترا دەنگی تورەیی و ئیعتیرازی کرێکاران و بەشەرییەتی ستەمدیدەی وەگیان هاتوو لە مەحروومییەت و نابەرابەری و بیعەدالەتی بوو لە یەکێك لە گەورەترین و قودرەتمەندترین ئیمپراتوریەکانی سەرمایەدا کە جاریکی‌تر خۆی لە بەرانبەر شەپولی خەباتی کرێکاران و خەڵکی مەحروم دا دێتەوە.

رووداوەکانی لوس ئانجلس

هەر وەك ئاگادارن ماوەیەك لەوە پیش خۆپیشاندان ونائارامییەك کە لە لوس آنجلس و شارەکانی‌تری ئەمریکا سەری هەلدا بە دابەزینی تفەنگداری ئەمریکاییەکان و راگەیاندنی حکوومەتی نیزامی دامرکایەوە لەم جەریانەدازیاتر لە ٤٥کەس کوژران و دوو هەزار کەس بریندار بوون و هەزاران کەس گیران و خرانە زیندان.

خۆ پیشاندان و ئیعتیرازی خەڵك سەرەتا لە "لوس آنجلس" دەستی پیکرد و بۆ ئیعتیراز بە حوکمی دادگایەك بوو کە چوار پولیسی سپی پیستی تەبرەئە کرد کە لە مانگی مارسی سالّی ٩١دا شوفیریکی رەش پیستیان تەنیا بە تاوانی ئەوە کە بە سورعەتی زیاتر لە رادەی ئاسایی رویشتبوو هەتا نزیکە مەرگ کوتەك کاری کرد و دەست و قاچیکیان شکاند و چاویکیشی لە دەست دا ئەم کارەساتە لە شەویك دا بە دوور لە چاوی خەڵك رووی دابوو بەڵام بە هەلکەوت کەسیك توانیبووی ئەم کارەساتە لە سەر فیلمی ویدئو تومار بکا ئەو فیلمە لە زۆربەی تلویزیونەکانی دنیاوە بڵاو بووەوە و دەستی پولیسی ئامریکا رووخست و دەولەتی ئەمریکا نەیتوانی حاشای لی بکا و بیشاریتەوە. لەو کاتەدا رەئیس پولیسی استعفای دا و ٣پولیس لە سەرکار دەرکران. ئەم مەسەلەیە گەیشتە دادگا و لە سەرەتای مانگی گوڵان دا بە پیی حوکمی دادگای ئەمریکا ئەو چوار پولیسە بە بی تاوان لەقەلم دران ئەم حوکمە شەپولیك لە رق و بیزاری و نارەزایەتی گشتی لە نیو خەڵك و بە تایبەت رەش پستەکانی ئامریکا داهەلخراند و شاری لوس آنجلس بوو بە مەیدانی تیك هەلچوونی نیوان خەڵك و پولیس.

هیچ گومان لەوە دانیە کە حوکمیکی ئاوا رەگەزپەرستانە، ویژدانی هەر ئنیسانیکی شەرافەتمەند لە جیهاندا ئازار دەدا.

لەم ئیعتیراز و خوپیشاندانەدا رەش پیستەکان بە تەنیا نەبوون و لەگەڵ هاودەردی و پشتیوانییەکی جەماوەری بەرەو روو بوون بە جۆرێك کە کار بەدەستان و پولیسی ئەمریکا نەیانتوانی بیکەنە کیشەی نیوان رەش پیست و سپی پیست.

ئەم کارەساتە و حوکمی دادگای ئەمریکا، بە ئاشکراترین شیوە ملهوری و وەحشیگەری و قانوونی جەنگەل لە نیزامی سەرمایەداری ئەمریکا دا نیشان دەدا.

رەئیس جمهووری ئەمریکا کە پەرەستاندنی نائارامی و خوپیشاندان بە تەواوی شلەژاندبووی لە پەیامیکدا بە ئاشکرا هەرەشەی لە خەڵکەکە کرد و وتی کۆمەڵ ناتوانی ئەم جۆرە نائارامییانە قەبوول بکا و قسەی لە "بەریوەبردنی قانوون و وەزیفەی پولیس"کرد. هەروەها هەولیدا لە تووڕەیی خەڵك بەرانبەر بە حوکمی دادگا کەم بکاتەوە و بانگەوازیان بکا بۆ دامرکانەوە و رای گەیاند کە خەڵك دەبی چاوەرانی ئەوە بن مەسەلەکە بە شیوەی قانوونی بچیتە پیش و وتی دەولەتی فیدرال دەتوانی حوکمی دادگا رەت کاتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك باسی ئەوەی نەکرد کە پیویستە ئەم حوکمە هەلوەشیتەوە بەڵام هەلویستی خەڵك بەرانبەر بەم فریوکاریە ئەوە بوو کە خۆپیشاندان و دەربرینی نارەزایەتییان کیشایە شارەکانی تریش. بریاری دادگای ئەمریکا لە واقیعدا چەخماخەیەك بوو بۆ هەلگرسانی ئاگری رق و تووڕەیی

من سکلّی سووری ئەو گڕەم
لە گشت دنیا باوەشێنە
شنەی سەوزی بەهاریکم دنیا،
دنیا، شادی هێنە

گوڵ خەندەرانی لیوی منالّە لیو
بەبارەکان، منم
باوەش، باوەش بەهار لە دڵی منا
دەپشکوێن
ئەگەر شنەی ئارخەیانیم لە سەر
زەوی بشنێتەوە
هەرچی جوانی لە چاو ون و
روخساری ماتەمین
هەرچی لەیلی و مەجنوونەکانی
سەر زەوین،
بەرەو ئامێزی گەرمی کامرەوایی
دێنەوە!

بەرێوەمە،
"شەبەق"
من بای وەشتم،
ئاسمانی دوای رێژنە،
هەوایەکی پشوو سەوز و عەتر
پژێن
من خەرمانەی هەزار رەنگی
خورەتاو
هیلالی کۆلکە زێرینە!
بەرێوەمە.
بەرێوەمە. چۆن تەرزاوی
کوێستانەکان
دەشتا و دەشت دێ و
دەخەملێنی پێ دەشتەکان،
چۆن جۆبارانی بەهار
باخە و باخ دێ و
دەپشکوێنی گوڵوکی دارەکان
چۆن زنەی لاپاڵی کێو
شیردەکاتە دەمی گوڵاڵە کاڵەکان،
چۆن چریکەی بولبولانی باخ
لە ناو دڵی رێبوارانی دڵ پەشیۆ
جێ تەنگ دەکا بە دەرد و داخ،
ئاوا بەرێوەمە.
شەپولەکانم بە دەماری شار
هەڵدەچن
تا روخساری ئەم خەڵکانە
وەکوو گوڵی تازە گەشاوە بێ.
بۆ منالّانی بەرگ شڕ و قاچ
قوراویی
خۆ رادەخەن.
لە ناو دڵی سەدان سەد هەزاران
مرۆڤی دیل
دەبن بە مەزنترین سروود
لە ناو دەستی ئاسنینی
کرێکارانی گشت جیهان
دەبن بە ئاڵایەکی بەرز بە رز
کە تا هەتا شەکاوە بێ!
من شەپولی هەوای تازەم
بەهار لە دڵی منا دەپشکوێ
من شەبەقی رۆژهەلاتم
هەتاو لە ناو لەپی دەستی منا
هەڵدێ!

ئەولی مانکی مەی رۆژی چینی کرێکار بە کرێکاران!
بابە پیکهینانی بەرینی کۆبونەوەکانی خۆمان،
هاودەنگ لەگەڵ هەموو کرێکارانی جیهان پەیمانی خۆمان بۆ لەگورنانی ئەم نیزامی چەوسانەوە و سەرکوتە، نۆی کەینەوە.

بژی یەکیەتی جیهانی کرێکار
مەرگ بۆ نیزامی سەرمایەداری
بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری
١٣٧١
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٩ may: ١٩٩٨

تاران

به پیی هەواڵیکی تر کە لە شاری تارانەوە بە دەستمان گەیشتوە کرێکارانی صنفی فلز کار لەو شارە مەراسمی سەر بەخۆی ڕۆژی کرێکاریان جیژن گرتوە.

دوای نیوە ڕوی ١١ی ارديبهشت ئەوەلی مانگی مەی کرێکارانی صنفی فلز کار لە یەکیک لە تالارەکانی تاران کۆبوونەوە و مەراسمیکی پر شکویان بە بەشداری زیاتر لە هەزار کەس بەڕیوە برد سەرەتا ویرای پیرۆزبایی ئەوەلی مانگی مەی تاریخچەی ڕۆژی کرێکار لایەن یەکێك لە بەشدار بووانی مەراسمەکە خویندرایەوە بە دوای ئەوەدا دایکی کرێکاریکی شەهید سەبارەت بەم ڕۆژە قسەی کرد و لە قسەکانیدا ئیشارەی بە مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری و ئەو کۆسپ و مانعانە کە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ پیش گرتن لە بەڕیوە چوونی مەراسمی ئەم ڕۆژە پیکی دینی، کرد بۆ نموونە ئیشارەی بەوە کرد کە بۆچی دەبی کرێکاران لە ڕۆژی خۆیاندا، سالونیکی تایبەت بە خۆیان نەبی کە بتوانن تییدا کۆببنەوە و تەنیا ڕۆژی سالّی خۆیان جیژن بگرن و دەبی ناچار بن بەم حەق دەستە کەمەوە کە وەریدەگرن و خەرجی سەرسوورهینەری ژیان پوولیکی زۆریش بابەتی ئیجارە کردنی تالاریکی ئاوا بدەن هەروەها ئیشارەی بەم مەسەلەیە کرد: ڕاستە ئێمە لە ڕۆژی کرێکاردا لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی جاریکی تر پەیمان نۆی کەینەوە کە بۆ باشتر بوونی ژیانمان خەبات بکەین، بەڵام ئەمە کافی نیە و دەبی تیبکۆشین ئەم کۆبوونەوانە بە شیوەیەکی منزم لە نیوان کرێکاراندا بی و هەر ماوەی جاریك و بە شیوەی منزم لە دەوری یەك کووەبین و لەسەر دەرد و مەینەتەکانی کار و ژیانمان پیکەوە تەگبیر و ڕاویژ بکەین و ریگا چارەیەك بۆ ڕزگار بوونمان لە چنگ ئەم هەموو مەینەتانە کە بەربینی بە ئیمە کرێکاران گرتوە بدوزینەوە دوای تەواو بوونی قسەکانی ئەم ژنە تیکۆشەرە، سەبارەت بە وەزعییەتی ئەمڕۆی ئێران و جیهان قسە و باس کراو مەراسمەکە بە بلاّو کردنەوەی تراکت و شیرنی کۆتایی پیهات.

قسەیەك لەگەلّ کرێکارانی کوردستان

مەراسمی ڕیز گرتن لە ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، ڕۆژی ١١ی مانگی گوّلان لە یەکیك لە مقەرە مەرکەزییەکانی کۆمەلّە بە بەشداری هاوڕیانی پیشمەرگە و جەمعیك لە دوستان و نزیکانی کۆمەلّە بەڕیوە چوو.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال-سروودی یەکیەتی و هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار- دەستی پیکرد و پاشان بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ڕیبازی سوسیالیزم و حکوومەتی کرێکاری دەقیقەیەك بیدەنگی ڕاگیرا لەو مەراسمەدا هاوری عمر ایلخانی زادە سوخەنرانی کرد کە چەند بەش لە قسەکانی لەم ژمارەیەی پیشرەودا دەخوینەوە.

مەراسمەکە بە شیعر و سروودی شۆڕشگێرانە و خویندنەوەی چەند پەیام دریژەی پیدرا.

کرێکاران و زەحمەتکیشان!

میوانە خۆشەویستەکان!

لە لایەن خۆم و هاوڕیانی تەشکیلاتی و هەموو پیشمەرگەکانی کۆمەلّەوە، ڕۆژی جیهانی کرێکارتان لە قوولایی دلەوە پیرۆزبایی پی دەلیم و، پر بەدل ئارەزووی سەرکەوتنتان بۆ دەکەین.

ئەمڕۆ لە حالیکدا ڕۆژ کرێکار، ڕۆژی هاوپشتی و یەکیەتی کرێکارانی دنیا جیژن دەگرین کە لە لایەکەوە بە هۆی ڕووخانی شووڕەوی و باقی ولاتانی سەرمایەداری دەولەتی زۆرترین هیرش کراوەتە سەر کرێکاران و، دوژمنانەترین تەبلیغاتی دژ بە سوسیالیزم هەموو ڕادیو و تلویزیون و ڕۆژنامە بورژوایییەکانی داگرتوە.

سەرمایەداری و دەولّەتەکانیان هەر بەوەندە ڕانەوەستاون، بەڵکوو لە هەموو دنیا ئەم هات و هاوار و جەنجال و تەبلیغاتە کرایە دەس مایە بۆ ڕیکخستنی هیرشیکیتر: هیرشی ئیقتسادی بۆ سەر ڕفاهیات و دەسکەوتەکانی تائێستای چینی کرێکاران، کەم کردنەوەی بوودجەی خەدەماتی گشتی و دەیان فێڵ و فەرەجی تر ئەو نەخشە و پیلان و قانوونە دژ بە کرێکارایانە بوون کە یەك بە دوای یەك دا لە پارلمان و لە ناو دەولّەتە بورژوایییەکان دا تەسویب کراون لە کەس شاراوەنیە کە جوولانەوەی کرێکاری لەم بارانەوە کەوتوەتە ژیر فشار و زەختیکی گەورە.

ئەو هیرشە هەر بە کارخانە یان حەقدەستی کرێکار وە یا خوسووسی کردنەوەی مەدرەسە و خویندن و بیمارستان و بیهداشت لە بریك شوین مەحدوود نەبوەتەوە، لەگەلّ ئەوە دا هیرشیکی فەرهەنگی هەمە لایەنەش کرایە سەرکوللی بەشەرییەت و هوزی چەوساوە، بەم هیوایە کە پییان بسەلمیندری، ئەم بیعەدالەتی و نابەرابەریەی سەرمایەداری، ئەم زوڵم و چەوساوە و دەولەمەند و فەقیریە، شتیکی زۆر ئاسایی و تەبیعییە و هەر ئەوەش تەنیا ریگایە بۆ گەشەی بەشەر و، نیزامی سەرمایەداری نیزامیکی ئەبدی و نەگۆرە.

کیّ کرێکار بێ و سوسیالیست ئەم فشار و فەزا قورسەی هەست پی کردوە و ڕق و تووڕەیی لەو هەموو درو و دووڕوویی و نائینسانیەتە سەر تاپای وجوودی داگرتوە. دیمان کە زۆر کەس لە ژیر ئەو فشارەدا چوکیان لەرزی یان بە لاری دا بران زۆر کەس بۆ ماوەیەکی زۆر حەپەسان و نەیان توانی وەدەست بین بەڵام ژیانی واقیعی و بەربەرەکانیی هەر ڕۆژەی چینی چەوساوە لەگەلّ زۆرداران، لە کارگا، کارخانە و مەزرا زۆر بە زوویی هەموو ئەو نەعرەتە مەستانەیەی لە گەڕووی سەرمایەداران دا عاسیە و قەتیس کرد.

خەباتی کرێکاران تامی تالی مەرگی بۆ جاریکی تریش پی چیشتن و لە گەرمەی ئەم هات و هاوار و جەنجالە دابەپانایی جیهان و بە قوولایی هەموو ژیانی بەشەر کرێکار دیفاعی لە خۆی کرد و توانایی موبارەزاتی خۆی زیاتر سازمان داوەتەوە.

هەر لە مەعدەنەکانی ڕووسیە تاسەنعەتی نەوتی ئێران و لە ئوروپا و ئەمریکا و ئەورو لە ئالمان بەبەرچاوی واق ماو و تڕوانینی حەپەساوی زۆر ڕوونا بیری دورا و سیاسەت مەداری فریوکار، بەیداغی کار دژ بە زوڵم و زۆر هەل کرایەوە و زیندوو بوونی سوسیالیزم، نا عادلانە بوونی نیزامی چەوسانەوە ونابەرابەری، بە خەبات و ئیعتیرازی دەیان و سەدان هەزار کەسی و کۆمەلّی میلیونی ئینسان لە چوار قوژبنی ئەم دنیایە، تەئکیدی لە سەر کراوەتەوە، هیوا بە گوڕین و، خوشەویستی سوسیالیزم لە ناو دلی میلیونها ئینسان دا نیشتە جیبوەتەوە و زیاتریش جیی خۆی دەکاتەوە. زۆر بە ڕاشکاوی ئیمە ڕامان گەیاندوە کە بەشیکین لەو مەوجە و لەگەلّ ئەم شەپولە دەروین هەر کەس ئەم واقعییەتانە نەبینی چاو لە گەورەترین دەرسەکانی میژوو دەقوچینی.

سەیر ئەوەیە کە جەهل و خورافەی جۆراوجۆر توانیبیتیان هەتا ئێستا سەری خۆیان ڕاگرن، بەڵام ئیدیعا دەکری کە بیرو باوەری ئازادی و ڕزگاری و بەرابەری ئینسان دەوری نەماوە و ناتوانی دەوام بینی دەلین باس لە نەمانی ستەم و چەوسانەوە و دوان لە سوسیالیزم خەون و خەیالە و لەگەلّ واقیع نایەتەوە.

ئیمە لامان وایە بیری سوسیالیستی نەك هەر کۆن نەبوە و دەوری ماوە بەڵکوو نەمانی چەوسانەوە و دامەزرانی سوسیالیزم ئەورو لە هەموو کاتیك زیاتر بووەتە نیازیکی زەرووری فەوری کۆمەڵگای بەشەری کەس ناتوانی حاشا لەوە بکا کە جوولانەوەی سوسیالیستی و کرێکاری تا ئێستا گەورەترین دەوری لە پیشکەوتن و ئینسانی تر کردنی ژیانی بەشەردا هەبووە و داخوازەکانی ئەم جوولانەوەیە زیاتر لە سەد سالّە لەگەلّ ئاوات و ئامانجی بە میلیارد ئینسان تیکەلاو بووە شکستی لە دەورەیەك داناتوانی زەرەیەك لەم حەقیقەتە کەم کاتەوە ئەمڕۆکە و گەشەی عیلم و تکنیك گەیشتوەتە ڕادەیەك کە تەولید و بەرهەم هینان هەم بۆتە شتیکی جیهانی و هەم ئینسان .....

ل٦

ئالا

لە کازیوەی بەربەیانی ڕۆژیکی مانگی گوّلان دان لە کەپریکی وشکەچن کراوی سەربان نزمی درگا تەنەکەی دووڕە شار، کرێکاریك، یەکەمین هەناسەی ئەو بەربەیانەی هەلّدەمژی!

ئەلیی ئەمڕۆ، بەهار دەست پیدەکا!

ئەلیی بەهار، تازە لەو مەلبەندە دابەزیوە و بارگە و بنەی سەوزی خۆی داخستوە.

ڕۆژان، ڕۆژانی پیشتر، دیمەنەکانی بەم چەشنە ڕەنگین و عەتراوی نەدیبوو.

چونکە هەمیشە چاوی خەوالووی لە دالانی نیوە ڕوناکی کانە بەرد دا هەلدیناو لە قوولایی زەوی دا هەناسەی دەدا. بەڵام بەهار، بە سەربانی کانە بەرد دا دەهات و لە مەودای زەوی و ئاسماندا دەخەملی ڕیشەی ڕیشەدارترین دار و گولیش پەلی نەدەکیشایە نیو کانە بەرد.

ئەمڕۆ بەڵام بەهار، لە بەرچاوی خۆی بوو: گەش و زیندوو، ڕەنگین و عەتراوی!

لەگەلّ هاوژینەکانی، هاودەمانی ڕۆژانی کار و شەوانی شەو نالە و شەکەتی، خۆ بە دەست ڕیگا دەسپێرن لەش سووك و ڕووح سووك وەك لوکەی تازە لە قوزاخە هەلوەریوی دەم شنە با ڕیگە ئەیان با، شنە ئەیان با، هیوا ئەیان با، بەرەو شار و کۆڕی جەژنی چینی خۆیان!

ها ئێستە، ها تاویکی دی، شار، وەکوو تاپوی فەرشیکی ئاوڕیشمنی بەرخوڕەتاو دەردەکەی شار بە هەموو نەقش و نیگار و نیشانەکانیەوە: مالی بەز و مالی نزم، چرای کز و چرای خەرمانەیی، مناڕە و گومەز و دارتەلی بەرق و... ئەمڕۆ، زیادە لە هەموو ڕۆژانی سالّ، بەرزترین دیتمەنی شار ئالایە! ئالایەك دوو ئالا، سی ئالا... جەنگەلیك لە ئالای سوور، لە دوورەوە، لە چاوی ڕیبوارانی تازە هاتوو دا شار سوور ئەنویتی ئەوە ژیاین پر تەکان و بی سڕەوتی ئیمەیە کە ڕادەشەکی!

ئەوە دەنگی هاواری ئیمەیە بەسەربانی مالەکانی شاردا دیت و دەچی.

ئەوە تاریخە خویناوییەکەی ئیمەیە، ڕادەشەکی!

ئەوتەی دنیا هەیە و خودا هەیە، نە... پیش ئەوەی کە خوداش هەبی من هەر بووم و چەوساوە بووم،

من کویلە بووم،

لەگەلّ سپارتاکووس من ڕاپەڕیم!

بەردەکانی ئەهرامی مصر و پەیکەرەی هەرچی فیرعەون و شا و خودای ئەم جیهانەیە،

بە شانی من چوونە سەریەك.

هەرچی شەللاق و تازیانەی بۆ لەشی بەشەر داهاتەوە، وە بربرەی پشتی من کەوت!

هەرچی شۆڕشکردووی ئەم دنیا بەرینەیە هاواری منی بە گەڕووی خۆیناوی بانگەواز کرد!

وا ئەمڕۆکە خۆینی پشتاوپشتم، ئارقەو فرمیسکی پشتاوپشتم لەگەلّ ئەم ئالایە ڕادەشەکی، لوول دەخوا، دەکریتەوە، دەچیتە یەك، دەکریتەوە و ڕادەشەکی!

ئالا نیە یالی خۆیناوی ئەسپیکی جوانوو ون کردووی یاخیبە بە سەر پەیژە بەردی ملەی میژوودا سەرئەوکەوی، دەحیلینی و بە چوار پەلی چەخماخە لە بەردی شاخ دەدا.

هۆ لەشکری سووری ئینسان

وەرن

ئەمە جوانووی هەمان ئەسپە کە سوارەکەی پەیکی شۆڕش و ڕاپەرین

ڕیگەی نیوان سەنگەرەکانی ئوکتوبر و کۆمۆنی پی ئەبری!

وا ئەمڕۆ لیرە لەزین و سواری خۆی ئەگەڕی!

* * *

ئالا، بۆ چەند ساتیك ئوقرە دەگری. ڕیبوارانی تازە هاتوو، لە چوار لاوەگەیشتوونە مەیدانی شار ئێستە ئیتر، شار ئارامتر هەناسە دەدا و دەشت و دەر، دەرك و دیوار، هەمووی کپ و بی دەنگ گوّی ڕایەلی تاقە یەك دەنگن.

دەنگی ڕەسای کرێکاریك لە مەیدانی ناوەڕاست شار، کە ئارەزووی بەشەر، لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، بە یەك کەلام، هاوار دەکا:

بژی دنیای بی ستەم و چەوسانەوە

بژی دنیای بەختەوەری و حەسانەوە!

چەند یادداشتی سیاسی

ئەفغانستان

چارەنووسی ئەفغانستان و شەڕی ناوخۆیی ١٤ساڵەی ئەو ولاتە، یەکیك لە زیانبارترین و تالترین ڕووداوە ناوخۆییکانی ئەم دەورەیە بوو ئەفغانستان نموونەیەکی ڕۆشن و بەرچاوە لە قوربانییەکی کیشەی نیوان قودرەتە سەرمایەداری و ئەمپریالیستییەکان.

سەرەنجام پاش شەریکی دریژخایەنی چەندین ساڵە کە لە ئەنجامی دا سەدان هەزار کەس کوژران وتیدا چوون و بە میلیون کەس ئاوارە و بی خانە و لانە بوون و لیرە ولەوی بە دەردی بی بژیوی و بی ماف و بێکاری تلانەوە، هەموو ئەو لایەن و دەولّەتانە کە بە جۆریك دەستیان لە خۆشکردنی ئاگری شەری ئەفغانستان دا بووە، بەوە گەیشتن کە ڕیگا چارەیەکی سیاسی بۆ کۆتایی هێنان بە بوحرانی ئەفغانستان هەلّبژیرن لەم زەمینەیە دا هەول درا بۆ ئەوەکە پاش کشانەوەی نجیب الله لە حکوومەت ولاتانی بەشدار لەم کیشەیەدا و بە تایبەت ئێران و پاکستان و عەرەبستانی سعودی بە چارە سەری هیمنانەی ئەم بوحرانە ڕەزایەت بدەن و دەستە و حیزبە "میانەڕەو" وەکانی موجاهیدین ساغ بنەوە لە سەر پیك هینانی شووڕایەکی موقت بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە "کابول" پیش پیك هینانی دەولّەتی انتقالی و پاشان پیك هێنانی کۆنفراسیکی سولح بە بەشداری هەموو لایەنەکانی کیشەی ئەفغانستان بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە کۆتایی کار نیە و بە مانای پیك هاتنی سبات و سەقامگرتنەوە لە ئەفغانستان نیّە.

ئەم وەزعییەتەی ئەفغانستان بە شیوەیەکی سەرەکی نەتیجەی دەخالەت و شکستی نیزامی شووڕەوی لەو ولاتەدابوو کە ڕەنگدانەوەی شکستی ستراتیژی یەکی سیاسی بوو و سەرەنجام لە بەریەك چوونی یەکیەتی شووڕەوی بە شوینداهات لە لایەك ڕژیمی سەر بە شووڕەوی لە ئەفغانستان، بە دڕێژایی چەندین سالّ وەك پاشکو و بەڕیوەبەری سیاسەت و بەرژەوەندەکانی موسکو بێجگە لە هەژاری و مەینەت و بی مافیّ و مەحروومییەت بۆ خەلّکی ئەفغانستان هیچی بە دیاری نەهینا، لە لایەکیتریشەوە ئەریکا بە کەلّك وەرگرتن لە پەرەگرتنی ڕۆژ لەگەلّ ڕۆژ زیاتری تعصباتی قەومی و میللی و مەزهەبی و نژادی لە ئەفغانستان کە دەخالەتی شووڕەوی لەو ولاتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ تەقویەتی دەکرد و لە پیك هاتنی چەندین حیزب و دار و دەستەی موجاهیدین دا خۆی دەنواند، هەولیدا بە لیشاوی چەك و دولار موقاومەتیکی دژی ڕوسی بۆماوەی چەندین سال سازمان بدا.

بە کسانەوەی شووڕەوی لە ئەفغانستان کیشە لە سەر ئەفغانستان گورانیکی تیدا پیك هات کە ئیتر نە ڕژیمی ئەفغانستان لە لایەن شووڕەوییەوە پشتیوانی لێکرا و نەموجاهدینی افغان ئەو خاسییەت و جێگا و شوینەی پێشویان بە لای ئەمریکاوە ما بەم جۆرە هیچکام لەو دوو لایەنە سەرەکییەی کیشەی ئەفغانستان جیگای پیشوویان لە ژیانی سیاسی ئەو ولاتەدا نەمابوو.

ل٧

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی 40 گەلاوێژی _1371 ئۆکوست_ 1992

راگەیاندنی کۆتایی پی هاتنی پلینومی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە یەکەمین کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە لە رۆژی بیست و نوی مانگی تیر دا پیک هات و بۆ ماوەی چوار رۆژ دریژەی کێشا.

لەم پلینومەدا کۆمەڵێک لە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی مەربووت بە ئەرکەکانی خەباتی سیاسی کۆمەڵە لە کوردستان هاتنە بەر باس و لیکولینەوە و بریاری پیویستیان لەسەر درا لەوانە گرینگترینیان بریتی بوون لە سیاسەتی تشکیلاتی ئێمە بەرانبەر بە بزووتنەوەی کرێکاری و ئیعتیرازاتی جەماوەری لەشارەکانی کوردستان، سیاسەتی نیزامی ئێمە لە سااڵی جاریدا، سازمان و چونیەتی دابەش بوونی کارەکان لە ناوخۆی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دا، چونیەتی بااڵو کردنەوەی باسەکانی کۆنگرەی حەوتەم، چونیەتی جێبەجێ کردنی چەند قەرار و بریاری کۆنگرە و...

پلینوم لە دوایین بەشی کاری خۆی دا هاوری ئیبراهیم عەلیزادە وەک دەبیر هەوەڵی کۆمەڵە هەڵبژارد و پاش دیاریکردنی تاریخی پلینومی دوایی کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

هەوەڵی موردادی 1371

جمهووری ئیسلامی دیسان ناکامی و هەرەشە

لە ماوەیەک لەوە پێشەوە بە شوین قسەکانی خامنەیی رابەری حکوومەتی ئیسلامیدا، کە بۆ تەسکینی دەردەکانی حکوومەتی ئیسلامی، دەرمانی" امر بە معروف و نەهی لە منکری"ی هێنایەکایەوە، شەپولیک لە هێرشی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی و چەقۆکێشانی حیزب اللە بۆ هەرەشە لە ئازادی یە فەردی و کۆمەاڵیەتییەکان کەوتوەتە ری.

بە پێی گوزارشی رۆژنامەکان، لە شارەکان جەماعەتی حیزب اللە بۆ پشتیوانی لە "فەرمایشاتی مقامی رەهبەری" هاتوونەتە خیابان بەسیجیان و"شاگردانی ئیمام" لە سەراسەری والت سیمیناری تەوجیهی و تەوزیحیان لەبابەت چونیەتی بەڕێوەبردنی ئەم وەزیفە شەرعیەیە بۆ دانراوە باسی ئەوە دەکری کە لە هەموو مەدرەسەکان ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی ئەم وەزیفەیە پیک دەهینری و بە پیی تەرحی "جامعەی ئیسلامی ناصحین"قرار وایە لە هەر گەرەکیک دەستەیەکی دەکەسی لەگۆپال بەدەستەکانی حیزب اللە لە ژیر چاوەدیری ئیمام جومعەدا بە سەر ژیانی کۆمەاڵنی خەڵکەوە ببنە دارددەستی سەرکوت فەرماندەی گشتی هێزە انتزامیەکان ئامادەیی هێزەکانی ژیر دەسەاڵتی خۆی بۆ بەڕیوە بردنی ئەم وەزیفەیە لە سەراسەری والت، راگەیاندوە و بەم جۆرە هێزی زەبر و زەنگ و سەر کوتی رژیمی ئیسلامی بە تەمایە جاریکی تر بە شێوەیەکی بەرین خۆی بخزینیتە هەموو کووچە و کۆاڵن و تەنانەت هەموو مەدرەسە و ماڵیک هیرشی ئەم جارەی رژیم لە هەمان کاتدا کە وەاڵمیکە بە ئیعتیرازی رۆژاڵەرۆژ زیاتری کۆمەاڵنی زەحمەتکیش و دەستەنگی ئێران، کە زەنگی کۆتایی پێ هاتنی دەورەی چاوەروانی و بروا کردن بە وەعدەکانی لە بن گوێی کار بەدەستانی رژیم زرینگاندبووەوە، لە هەمان کاتدا وەک سەر پۆشێک کەڵکی لی وەردەگیری بۆ شاردنەوەی ناکامی سیاسەتە اقتصادی یەکانی رژیم و، وەک عامیلیکی وەحدەت بەخش کەڵکی لی وەردەگیری لە کیشەی نیوان جیناح و الیەنەکانی رژیم دا کە هەر لە نەتیجەی ئەو ناکامیانەدا بە جۆرێک پەرەی گرتوە کە لەاڵپەرەی رۆژنامەکاندا بە ئاشکرا خۆی دەرخستوە و خەرێکە خۆی وەک هویەکی ریگر لەسەر ریگای بەرە و پێش چوونی سیاسەتەکانی دەوڵەت عەمەل دەکا.

لە جەرەیان هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی چوارەمی مەجلیسی ئیسلامیدا، رفسنجانی توانی الیەنەکەی بەرانبەری، یانی الیەنی ناسراو بە"تووندرەو" لەم مەیدانە دەربکا و بەم جۆرە مانعی ناو خۆیی لەسەر ریگای بەرەو پێش چوونی سیاسەتەکانی خۆی لە زەمینەی راکێشانی سەرمایەکانی غەربی و یارمەتی والتانی غەرب و ژاپون، الببەرێ بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتە لە هەمان کاتدا پیویستی بە کەڵک وەرگرتن لە هیزی متخصص و شارەزا و سەرمایەی ژمارەیەکی بەر چاو لە سەرمایەدارانی ئێرانی بوو کە ئێستا لە والتانی تر دەژین هاو کات لەگەڵ ئەمە، پیک هێنانی ئال و گۆریک لە فەزای سیاسی و فەرهەنگی ئێران دا، بە جۆرێک کە جامعەی ئێران لە باری رواڵەتی سیاسی و فەرهەنگیشەوە، لەگەڵ جامعەیەکی ئاسایی سەرمایەداری بگونجی، وەک پیویستیەک بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم سیاسەتە خۆی دەنواند.

الیەنی ناسراو بە "تووندرەو"ی رژیم کە موخالفی اقتصادی بازار ئازاد و پیک هێنانی ئەو فەزایە بوو، وەعەوامفریوی دژی خارجی و دژی غەربی کردوەتە کورسیەک بۆ مانەوەی خۆی، لە دژی خەتەری حەرەکەتی ئێران بەرەو غەرب و هیرشی فەرهەنگی غەرب و لە بیر چوونەوەی

ل2

کۆنگرەی حەوتەم: جیهەت گیریەکان و سەختی باسەکانی وت وویژ لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەوەی لیرەدا دەی خوینەوە دەقی وت وویژی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتیری یەکەمی کۆمەڵەیە لەگەڵ دەنگی شۆڕشی ئێران سەبارەت بە جیهەت گیریەکان و باسەکانی کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە.

پرسیاری یەکەم: پیش ئەوەی بچینە سەر ناوەرۆکی باسەکانی کۆنگرەی حەوتەم، تکایە لەم فورسەتەدا تەوزیحاتیک سەبارەت بە چونیەتی تەدارەک و بەڕێوەچوونی کۆنگرە بۆ گویگرەکانی دەنگی شۆڕش ئێران بدەن.

وەاڵم: هەر وەک ئاگادارن کۆنگرەکانی کۆمەڵە بە پیی رەوالیکی رووتین، علی القاعدە هەر بە دوو ساڵ جاریک بەڕێوە دەچن بەاڵم کۆنگرەی حەوتەم لە شەرایتیک دا بەڕێوە چوو کە نزیکەی دوو ساڵ لە کاتی ئاسایی‌یەکەی تیپەڕبوو بۆ ئەم وەقفە دوو ساڵەیە دەگەڕی زۆر دەلیل باس بکەین کە هەر کامیان لە جێگای خۆی دا دەتوانی دروست بی، وەک شەرایتی جەنگی مەنتەقە کە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی لەگەڵ دژواری عەمەلی بەرەو روو دەکرد بەاڵم گرینگترین دەلیلی ئەم تاخیرە نسبتا تولانیە، وجوودی ئالوزی‌یەکان اختالفاتی ناوخۆیی تەشکیلات لە دوو سێ ساڵی رابوردوو دا بوو کە مەجالی تەدارەکی سیاسی و تەشکیلاتی کۆنگرەی پی‌نەدەدراین سەرەنجام کۆنگرە لە شەرایتیک دا بەڕێوە چوو کە تەشکیلاتی ئێمە توانیبووی لەم بابەتەوە هەل ومەرجی ناموساعیدی پیشوو تیپەر کا.

بانگەوازی بەڕێوە چوونی کۆنگرە لە الیەن کۆمیتەی مەرکەزی‌یەوە لە دەی مانگی سااڵی رابوردوو دا درا یانی شەش مانگ پێش ئەوەی کۆنگرە بگیری، وە هاوکات لەگەڵ ئەو بانگەوازە نەشرییەیەکی ناوخۆیی بە نێوی "بولتەنی باسەکانی کۆنگرە" بااڵو کرایەوە هەتا لەم رێگایەوە هەموو هاورییانی تەشکیلاتی کوردستان مەجال پەیدا بکەن لە جەریانی تەدارەکی سیاسی کۆنگرە دا بەشداری بکەن هەتا کاتی بەریوە چوونی کۆنگرە، 4 ژمارەی ئەو نەشرییەیە بااڵو بووەوە.

ئایین نامەی بەڕێوە چوونی انتخاباتی کۆنگرە لە یەکەمین ژمارەی بولتەن دا بااڵو کرایەوە ە تێیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە 4 حەوزەی انتخاباتی لەبەر چاو گیرا بوو کە ئەندامانی حیزب لە هەموو بەشەکانی عەلەنی و مەخفی تەشکیلاتی ئێمە و بەشە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتی کۆمەڵەی دەگرتە بەر بە لە بەرچاو گرتنی مەسایلی عەمەلی و تایبەتی‌یەکانی هەر کام لە حەوزەکانی انتخابات، هەولمان دا بۆ ئەوەی نوێنەران چەند حەوتوو پیش بەڕێوە چوونی کۆنگرە

ل3

راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

کرێکاران!
خەڵکی تیکۆشەر!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە بە بەشداری نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی کوردستان، لە شارەکان، لە دەرەوەی والت و لە تەشکیلاتی عەلەنی، وە هەروەها جەمعیک لە هاورییانی حیزب وەک نازر و چەند نوێنەر لە الیەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە، لە تیر مانگی ئەمسااڵ دا بەڕێوە چوو.

کۆنگرە بە سروودی ئەنتر ناسیونال و بە ریز دانان و راگرتنی دەقیقەیەک بیدەنگی بۆ یادی ئەو گیانبەختکردوانەی لە فاصلەی نیوان کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم دا گیانی خۆیانیان فیدای ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کردبوو، وە لە نێویان دا هاوری صدیقی کەمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو هەر وەها هەموو گیانبەختکردوانی کۆمۆنیست،

ل2

پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)بۆ خانەوادی گیانبەختکردوان

دایکان! باوکان!
خانەوادەی بەڕێزی گیانبەختکردوان!

کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە سااڵو و رێزی خۆی پیشکەش بە ئیوە دەکا کە جگەر گۆشەکانی خۆتان لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە خەباتی عادالنەدا بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەاڵیەتی و رزگاری ئینسان لە کوت و بەندی نیزامی سەرمایەداری لە دەست داوە ئیرادەی قایمی ئەو ئازیزانە لە خەباتیان دا بۆ وەدیهینانی ئەو ئامانجە بەرزانە کە لە پیناویان دا گیانیان بەخت کرد، بۆ هەمیشە ئیلهام بەخشی ئێمە دبی.

خەباتی ئەمرۆی ئێمە مەدیوونی خوراگری و فیداکاری ئەو ئینسانە کۆلنەدەرانەیە کە دلیان لیوا و لیوی هیوا بە رزگاری ئینسانی زەحمەتکێش لە مەینەت و بی‌بەشی بوو، وە ئارەزووی بنیات نانی کۆمەڵگایەک کە تییدا هەموو ئەو نیعمەت و سەروەتە کە حاسڵی رەنجی کرێکار و قودرەتی خولقینەری بەشرە لە خزمەت ئاسایش و بەختەوەری هەموان دا بی و تییدا هیچ نیشانیک لە تەحقیر و نا بەرابەری و هەاواردن و ستەم نەبی،

ل2

پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی 31ی خورداد رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

ل6

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی بیست و دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لەم رۆژانەی دوایی‌دا پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەریوە برا ئەم پلینومە کە بیست و دووهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو لە راستیدا یەکەمین کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی تازەی حیزب بوو کە لە مانگی خوردادی ئەمساڵ دا لە الیەن کۆنفرانسی حیزبەوە هەڵبژێردرا بوو.

مەبەستی ئەم پلینومە بریتی بوو لە لیکولینەوەی گرینگترین مەسەلە عەمەلی و سیاسی‌یەکانی سەر رێگای حیزب خالە سەرەکی‌یەکانی دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینومی بیست و دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمانە بوون. – بەرنامەی کاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب تا کۆنگرەی داهاتوو،

– گەاڵلەی تەدارەکی کۆنگرەی چوارەمی حیزب،

– سازماندانی تەشکیلاتی نهێنی حیزب لە شارەکان و پەیوەندی لەگەڵ هەڵسووراوانی کرێکار،

ئۆرگانی مەرکەزی حیزب (نەشرییەی کۆمۆنیست)،

ل6

ئیعترازاتی جەماوەری لە شارەکان ئاخیزیک بەرەو پێک هێنانی ئال وگۆر
وت وویژ لەگەڵ هاوری محمد امین ی‌حسامی

بە شوین حەرەکەتی ئیعتیرازی‌یەکانی کۆمەاڵنی کرێکار و زەحمەتکێش لە شارەکانی ئێران، هاوری محمد امین ی حسامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە وت وویژێک دا لەگەڵ دەنگی شۆڕشی ئێران، لە بابەت چونیەتی سەرهەڵدانی ئەو ئیعتیرازانە و تەقاالکانی جمهووری ئیسلامی و هەروەها داهاتووی ئەو حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یانە قسەی کرد ئەوەی لیرەدا دەی خوینەوە چەند بەش لەو وت وویژەیە.

پرسیاری یەکەم، لەم رۆژانە دا شەپولیک لە ئیعتیراز و نارەزایەتی لە شارەکانی ئێران بەرانبەر بە رژیم دەستی پیکردوە سەرچاوەی ئەم ئیعتیرازاتە لە چی‌دا دەبێنن؟

وەاڵم: هەر وەک ئاگادارن دەربرینی نارەزایەتی و ئیعتیراز بەرانبەر بە رژیم لە یەک دوو مانگی رابوردوودا زیادی کردوە هەر رۆژە لە شاریک دەنگی نارەزایەتی بەرز دەبێتەوە رژیم بە هەموو توانایەوە و دەیەوی پیش بە

ل7

راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

"ئەرزشە بەرزەکانی ئیسلام" و کەوتنە حاشیەی" هیزەکانی مومن و وەفادار بە خەتی ئیمام" دەنگی سکالای هەلبریبوو ئەم لایەنە کە پیش بینی ئەوەی دەکرد گەرانەوەی سەرمایەدارانی تەبعیدی و تکنوکراتەکان و لەگەڵ ئەواندا "فەرهەنگی غەربی"، جێگایان پی لێژ دەکا، کەوتنە رەخنە گرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی رەفسنجانی و دەربرینی گلەیی "دەردەدانەوە" و"مەزلومانە" لەوە کە لە دەوڵەتی رفسنجانیدا ئازادی بە موخالفین نادری.

لە لایەکی ترەوە جیناحی ناسراو بە "رسالت"(کە لە کاتی هەڵبژاردنی نوینەرانی دەورەی چوارەمی مەجلیسی ئیسلامیدا لەگەڵ جیناحی رفسنجانی ریک کەوتبوون) هەرچی زیاتر پییان داگرت لەسەر بەرەو پیش بردنی اقتصادی بازاری ئازاد و بەرین کردنەوەی هەرچی زیاتری مەیدان بۆ سەرمایەگوزاری و دوستایەتی لەگەڵ غەرب و لە هەمان کاتدا تەئکید لەسەر بەر تەسک کردنەوەی ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراندنی دیکتاتوری مەزهەبی لە نەوعی حکوومەتی زیا الحق لە پاکستان.

لە گەرمەی کیشەی نێوان لایەنەکانی رژیم دا، بەڵام دەنگیکی تر بەسەر هەموو قر و قالی نێو خۆی رژیم دا زال بوو دەنگی ئیعتیراز لە دژی سەر تا پیی سیاسەت و بەرنامەکانی حکوومەتی ئیسلامی کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش و دەستەنگی شارەکان گەیاندبوویانە گۆیی مقاماتی رژیم لە بەرانبەر ئەم دەنگەدا ئێتر تەوزیح و عەوامفریوی و وەعدەی سەرکەوتنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە بەرنامەی پینج ساڵە و دە ساڵە دا کار ساز نەبوو تەنانەت سەرکوتی چەکدارانەی حەرەکەتی لیرە و لەوی و پیک هێنانی دەیان "لەشکری عاشوورا" و تەقویەتی 30هەزار پایگای مقاومەت لە سەراسەری ولات لە دژی"ئەشراری داخلی" کافی نەبوو مەسەلەی مەسکەن(کە لە شاری مەشهەد میحوەری ئیعتیرازی خەڵک بوو) خرایە دەستووری کۆبوونەوەی "شووڕای عالی ئەمنییەتی ولات" و خودی کار بەدەستانی رژیم پیش بینی ئەوەیان دەکرد کە لە داهاتوویەکی نزیک دا ناچار بن زۆر مەسەلە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتیدیکەش وەک گرانی، بیکاری نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەک، وە... بەرنە نیو دەستووری کۆبوونەوەکانی "شووڕای عالی ئەمنییتی ولات" دیارە ئیقداماتیک کە شووڕای عالی ئەمنییەتی ولات و مقاماتی سەرەوەی حکوومەتی ئیسلامی بۆ"چارە سەر"ی ئەم گیر و گرفتانە بریاریان لەسەر دەدا ئەوە نەبوو کە تەنیا وەک فەرمانیک بە هیزە چەکدارەکان ابلاغ بکری بەڵکوو پیویست بوو بکریتە جهادیکی ئیسلامی بۆ پاراستنی بناغەکانی حکوومەتی ئیسلام (مەوجوود یەتیکی واوەتر لە جیناح و لایەنەکانی رژیم) و هەموو حیزب اللە وەک وەزیفەیەکی شەرعی بۆی بێتە مەیدان و هەر دەنگیکی نارازی بە نێوی موخالەفەت لەگەڵ بناغەکانی حکوومەتی ئیسلام خەفە بکەن.

بەڵام خودی ئەم فتوایە کە قەرار بوو لە پیناو مەسلەحەتی ئەساسی حکوومەتی ئیسلامیدا، ناکوکییەکانی ناوخۆی لایەنەکانی رژیم تەسکین بدا و لە دژی کۆمەڵایەنی بەرینی کرێکار و زەحمەتکیشی ئێران یەکگرتوو و هاودەستیان بکا، خۆی جێگای ناکوکی و کێشەی ئەو لایەنانەیە.

رۆژنامەی"سلام" زمانی لایەنی ناسراو بە"توندرەو"ی حکوومەت کە ئێستا لە بەرگی ئوپوزیسیونی دەوڵەت دا خۆی نیشان دەدا، وێرای تەئکید لەسەر بەرێوە چوونی کاملی مەوازینی شەرعی ئیسلام، دوو پات کردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی نێو کۆمەڵ وەک وەسیلەیەک بۆ فشار هێنان بۆ دەوڵەت بە دەستەوە دەگری رۆژنامەی"سلام" لەم بەرگەدا خۆ نیشان دەدا و ئەمجار" بانگ کردنەوەی سەرمایەدارانی ئێرانی" و وەعدە دان بە سەرمایەداران کە "حیجاب لەسەر ژنانی ئێران هەڵدەگیری"بە"منکری گەورە" ناو دەبا و رەخنە لە دەوڵەتی رفسنجانی دەگری کە سیاسەتی اقتصادییەکەی هەر لە بناغەوە لەگەڵ"نهی لە منکر" دژایەتی هەیە و پیش بینی ئەوە دەکا کە سیاسەتی اقتصادی و فەرهەنگی دەوڵەتی رفسنجانی و سیاسەتی"نهی لە منکر" یەکتر پووچەل دەکەنەوە و هەر تکیان تووشی شکست دەبن بەم جۆرە فتوای خامنەیی نە دەتوانی رێگایەکی تازە بنیتە بەر پیی دەوڵەتی رفسنجانی بۆ بەرەو پیش بردنی سیاسەتەکانی و قەرە بوو کردنەوەی ناکامییەکانی و نە دەتوانی کیشەی نیوان لایەنەکانی رژیم تەخفیف بدا کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە ئێران، دوای فتوای خامنەییش هەر لەگەڵ ئەو هەل ومەرجە بەرەو روون کە چەندین ساڵە تییدا دەژین: هیرشی هیزەکانی حکوومەت و قەدارە بەندانی حیزب اللە بۆ سەر ماف و ئازادییەکانیان، دەستەو یەخە بوون لەگەڵ بێکاری و هەژاری و نا ئەمنی، بەدی نەکردنی هیچ ئاسوێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەت دا بۆ گۆرانی ژیانیان، وەبوونی چەندین جیناح و لایەن لە حکوومەت دا کە هەموویان لەسەر پی شیل کردنی مافەکانیان هاو دەستن ئەوەی داهاتووی ئەم حکوومەتە و سیاسەتەکانی و چارەنووسی کیشەی ناو خۆیی لایەنەکانی رژیم و وەزعییەتی گوزەران و بەرێچوونی کۆمەڵانی خەڵک و فەزای سیاسی حاکم لە جامعەدا دەتوانی بگوری، تەنیا درێژەی خەبات و ئیعتیرازی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە ئێرانە خەبات و ئیعتیرازیک کە تەنیا وە دەرکەوتنی سەرەتاکانی توانیویەتی تەئسیری خۆی لە نیو جەبهەی دوژمنانیدا بە ئاشکرا بەر چاو بخا.

ن. حسامی

کرێکاران!
خەڵکی تیکۆشەر!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە بە بەشداری نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی کوردستان، لە شارەکان، لە دەرەوەی ولات و لە تەشکیلاتی عەلەنی، وە هەروەها جەمعیک لە هاورییانی حیزب وەک نازر و چەند نوێنەر لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە، لە تیر مانگی ئەمسالْ دا بەڕێوە چوو.

کۆنگرە بە سروودی ئەنتر ناسیونال و بە ریز دانان و راگرتنی دەقیقەیەک بیدەنگی بۆ یادی ئەو گیانبەختکردوانەی لە فاصلەی نیوان کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم دا گیانی خۆیانیان فیدای ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کردبوو، وە لە نێویان دا هاوری صدیقی کمانگر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو هەر وەها هەموو گیانبەخت کردوانی کۆمۆنیست، کاری خۆی دەست پیکرد پاش پەسند کردنی ئایین نامەی بەریوە چوونی کۆنگرە و پەسند کردنی اعتبار نامەی نوێنەران، کۆنگرە چووە سەر ئەو باسانەی لە دەستووری دابوون.

سەرەتا گوزارشی کۆمیتەی ناوەندی نرایە اختیاری حازران و تەوزیحاتی پیویست سەبارەت بە گوزارشەکە بە کۆنگرە درا و پاشان پرسیاری حازران سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی مەربووت بە تەشکیلاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، وەلامیان پیدرایەوە و بە شوین ئەوەدا بەشداربووانی کۆنگرە لە سەر بابەتە سەرەکییەکانی گوزارشەکە قسە و باسیان کرد ئەم گوزارشە بە رەئی زۆربەی نزیک بە تەواوی نوینەران پەسەند کرا و کۆنگرە بە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ئەسپارد کە بە لەبەرچاوگرتنی ملاحزاتی ئەمنییەتی پیویست، بەشە سەرەکییەکانی بۆ بڵاو کردنەوەی عەلەنی ئامادە بکا.

بابەتەکانی دیکەی دەستووری کۆبوونەوەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە: ریکخستنی کرێکاری و سیاسەتی ریکخستنمان لە شارەکانی کوردستان، هەڵسەنگاندنی ئاخیزە ئیعتیرازییەکانی ئەخیر و سیاسەت و بەرنامەی عەمەلی ئێمە لە حاست ئەو ئاخیزانە، مەسەلەکانی مەربووت بە ئیدامەکاری تیکۆشانی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە، هەلسەنگاندنی مەسەلە ناوخۆییەکانی دوو سی ساڵی رابوردووی حیزب، لیکولینەوە و بریاردان لە سەر ئەو قەرار و بریارنامە و پەیامانە کە لە لایەن بەشدار بووانی کۆنگرەوە پیشنیار کرابوون، وە سەرەنجام هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازەی کۆمەڵە.

کۆنگرە لە باسەکانی خۆیدا بە تەئکید کردن لە سەر جیهەت گیرییە سەرەکییەکانی کۆنگرەی شەشەم هەولیدا ئەو گیر و گرفت و کۆسپانە دەست نیشان بکا کە بە تایبەت لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەدا لە سەر ریگای حەرەکەتی سوسیالیستی و کرێکاری لە سەرجەمی پراتیکی سیاسیمان دا لە کوردستان خۆیان نیشان داوە کۆنگرە زیاترین سەرنج و بایەخی بەو ئەرکە خەباتکارانە و سیاسییانە دا کە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی دژی سەرمایەداری و لە کیشمەکیشی مەیل و بوچوونە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، لە سەر شانی کۆمەڵەن، وە لەم بابەتەوە نیشانیدا کە لە بەخۆوە خەریک بوون و سەرقال بوون بە مەسەلەکانی ناوخۆی دوو سێ ساڵی رابوردوو، تا رادەیەکی زۆر دوورکەوتوەتەوە و چاوی بریوەتە ئاسو و ئەرکە پیشرەوەکانی داهاتوو.

لە هەل ومەرجیک دا کە گرانی، بێکاری، هەژاری و بی‌بەشی لە سەرەتایی‌ترین ئیمکاناتی ژیانی بەشەری ئەمرۆ، تەنگی بە گوزەرانی زۆربەی خەڵکی ئێران هەڵچنیوە، لە هەل ومەرجیک دا کە جمهووری ئیسلامی بۆ مەهار کردنی گیر وگرفتە اقتصادییەکانی خۆی هیرشیکی بەردەوام و هەموو رۆژەی بۆ سەر ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەست داوەتی، لە هەل ومەرجیک دا کە لە نەهاتوویی دەزگای حکوومەتی جمهووری ئیسلامی لە چارە سەر کردنی گیروگرفتەکانی ژیانی خەڵک دا بە ئاشکرا بۆ هەمووان دەرکەوتوە و جناح و لایەنە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت هەموو رۆژی لە لایەرەی رۆژنامەکاندا پەردە لە سەر تاوانی یەکتر هەلدەدەنەوە، لە هەل مەرجیکی ئاوا دا پەرە گرتنی ئیعتیرازاتی جەماوەری تەقینەوەی رق و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێش بووەتە ئیحتمالیکی واقیعی خۆئامادەکردن لە باری سیاسی و رێکخراوەیی بۆ هیدایەت و بەرەو پیش بردنی زەرفییەتی خەباتکارانەی مەوجوود لە خزمەت ئامانجە کرێکاریەکاندا و بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان لە ئەرکە گرینگ و وچان هەلنەگرەکانی کۆمەڵە لەم دەورەیەدا دەبێ، کە کۆنگرە لە باسەکانی خۆیدا سەبارەت بە وەزعییەتی ئیستا تەئکیدی لە سەر کرد.

کۆنگرە لە باسەکانی خۆیدا بۆ جاریکی تر لە سەر ئەو واقعییەتە کرد کە تەئمینی رابەریی کرێکارانی کوردستان لە ئال و گۆرە سیاسییەکانی داهاتوودا لە گرەوی ئەوە دایە کە ئەو چینە ئیعتیرازی خۆی بەرانبەر بە سەر تاپیی دیارده و بنەما و بناغەکانی جامعەی سەرمایەداری بینیتە گۆر و ئاسوی سیاسی و داخوازەکانی خۆی وەکوو رێگا چارەیەکی عەمەلی و سیاسی بۆ چارە سەر کردنی مەسەلە و گیر و گرفتەکانی کۆمەڵ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەرح بکا و لە ریکخراوە چینایەتییەکانی خۆیدا، خۆ ریک بخا کۆنگرە لەم بابەتەوە لە سەر پیویستی تیکۆشان بۆ پیک هینان و پەرە پیدانی شووراکان و کۆبوونەوە گشتییەکانی کرێکاران تەئکیدی کرد.

لە باسی سەبارەت بە تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵەدا، کۆنگرە چووە سەر چارە جۆیی لە بابەت مەسەلەکانی موشەخەسی مەربووت بە ئیدامەکاریی ئەم لایەنەی تیکۆشانی کۆمەڵە، وەلە باسەکانی خۆیدا لە سەر پیویستیی پتەو کردنی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و تەقویەتی زەرفییەتەکانی خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵە لە کوردستان و کەڵک وەرگرتنی هەرچی موسرتر لە ئیمکاناتی مەجوود لە مەنتەقە بۆ پیک هێنانی تناسبی قوای خەباتکارانەی موساعدتر بە قازانجی حەرەکەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی، تەئکیدی کرد لەم زەمینەیەدا قەراردرا کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە خۆی راستەوخۆ تەرح و سەنەدی پیویست بە مەبەستی تەقویەت و زەمانەتی ئیدامەکاری ئەم مەیدانەی تیکۆشان ئامادە بکا.

لە دەستووری مەربووت و بریارنامەکاندا، کۆنگرە هەموو پیشنیارەکانی دایە بەر لیکولینەوە و بەشیک لەو پیشنیارانەی کە مەربووت بە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە بوون پەسەند کرد و چەند پەیامی بۆ زیندانیانی سیاسی و خانەوادەی گیانبەخت کردوانی ریزەکانی کۆمەڵە نارد.

کۆنگرە لە دوایین بەشی کاری خۆیدا ئەندامانی کۆمیتەی و جیگرەکانی ئەو کۆمیتەیەی هەڵبژارد و پاش سپاسگوزاری لە هەل و زەحمەتی ئورگانەکان و هاورییانی پیشمەرگەی کۆمەڵە کە ئەمنییەت و ئیمکانی بەرێوە چوونی کۆنگرەیان فەراهەم کردبوو، پاش 5رۆژ کۆبوونەوەی پر بە پر، لە حاڵیکدا هەموو ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی سەرکەوتوانە بە ئەنجام گەیاندبوو، بە سروودی ئەنترناسیونال، کاری خۆی کۆتایی پی‌هێنا.

کۆمیتەی ناوندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

نیوەی دووهەمی تیر مانگی 1371

پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)بۆ خانەوادی گیانبەخت کردوان

دایکان! باوکان!
خانەوادەی بەرێزی گیانبەخت کردوان!

کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە سلاو و رێزی خۆی پیشکەش بە ئیوە دەکا کە جگەر گۆشەکانی خۆتان لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە خەباتی عادلانەدا بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و رزگاری ئینسان لە کوت و بەندی نیزامی سەرمایەداری لە دەست داوە ئیرادەی قایمی ئەو ئازیزانە لە خەباتیان دا بۆ وەدیهینانی ئەو ئامانجە بەرزانە کە لە پیناویان دا گیانیان بەخت کرد، بۆ هەمیشە ئیلهام بەخشی ئێمە دبی.

خەباتی ئەمرۆی ئێمە مەدیوونی خوراگری و فیداکاری ئەو ئینسانە کۆلنەدەرانەیە کە دلیان لیوا و لیوی هیوا بە رزگاری ئینسانی زەحمەتکێش لە مەینەت و بی‌بەشی بوو، وە ئارەزووی بنیات نانی کۆمەڵگایەک کە تییدا هەموو ئەو نیعمەت و سەروەتە کە حاسڵی رەنجی کرێکار و قودرەتی خولقینەری بەشرە لە خزمەت ئاسایش و بەختەوەری هەموان دا بی و تییدا هیچ نیشانیک لە تەحقیر و نا بەرابەری و هەلاواردن و ستەم نەبی، سەر تا پای ووجوودیانی داگرتبوو ئەوان رێزە و شارەزایی هەلکەوتووی ئەو ئامانجانە بوون کە ئەمرۆ بۆ هەموو ئێمە ئازیز و خۆشەویستن و ئێمەش لیبراوانە شان بە شانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ وەدیهێنانی هەر ئەو ئامانجانە هەنگاو هەلدەگرین.

دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی لە ئێران ئەمرۆ زیاتر لە هەمیشە ژیانی جەماوەریکی بەرینی خەڵکی ئەم جامعەیەی خستوەتە تەنگانەوە و نەفرەت و بیزاری گشتی لەم رژیمە لە سەراسەری ئێران روو لە پەرەگرتنە ئیعترازات و ئاخیزنەکانی ئەم دوایی‌یانە لە شارە گەورەکانی ئێران و لە کوردستان لە دژی هەل ومەرجی دژواری ژیان و لە دژی ملهوری و ستەمکاری حاکم تەنیا گۆشەیەکە لەو نەفرەتە پەنگ خواردووە کە لە ناخی جامعەی ئێراندا لە دژی استبدادی حاکم ریشەی داکوتاوە بەو هیوایە کە خروشی تووڕەیی خەڵکی بی‌بەش و راپەریو لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووریش دا ئارەزووەکانی ئازیزانی گیانبەخت کردوو وەدی بینی و حاکمان و دەسەلاتدارانی جمهووری ئیسلامی بە تاوانی وەحشیگەری و سەرکوتگەری ساڵیانی دەسەلاتیان لە پیشگای خەڵکی زەحمەتکێش دا بە سزای خۆیان بگەیەنی.

بژی یادی هەموو گیانبەخت کردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم

کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) تیر مانگی 1371

کۆنگرەی حەوتەم: جیهەت گیریەکان و سەختەی باسەکانی

وت وووێژ لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەوەی لێرەدا دەی خوێنەوە دەقی وت وووێژی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتیری یەکەمی کۆمەڵەیە لەگەڵ دەنگی شۆڕشی ئێران سەبارەت بە جیهەت گیریەکان و باسەکانی کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵە.

پرسیاری یەکەم: پێش ئەوەی بچینە سەر ناوەرۆکی باسەکانی کۆنگرەی حەوتەم، تکایە لەم فورسەتەدا تەوزیحاتێك سەبارەت بە چۆنیەتی تەدارەك و بەرێوەچوونی کۆنگرە بۆ گۆیگرەکانی دەنگی شۆڕش ئێران بدەن.

وەلام: هەر وەك ئاگادارن کۆنگرەکانی کۆمەڵە بە پێی رەوالیکی رووتین، علی القاعدە هەر بە دوو ساڵ جارێك بەرێوە دەچن بەڵام کۆنگرەی حەوتەم لە شەرایتیك دا بەرێوە چوو کە نزیکەی دوو ساڵ لە کاتی ئاسایی‌یەکەی تێپەڕبوو بۆ ئەم وەقفە دوو ساڵەیە دەکری زۆر دەلیل باس بکەین کە هەر کامیان لە جێگای خۆی دا دەتوانی دروست بی، وەك شەرایتی جەنگی مەنتەقە کە بەرێوەچوونی کۆنگرەی لەگەڵ کۆنگرەیەدا 2 کەس لە هاوڕیانی نوێنەری کۆمیتەی ئەساسیانە کە با سکردن و لیکولینەوەیان لە سەلاحیەتی کۆنگرە دایە بگرێتە بەر، وە لەلایەکی دیکەوە جیگای هەبی بۆ کۆنجاندنی هەر موزوع و بابەتیکی تر کە مەوردی عەلاقەی کۆنگرە بی.

بۆ جێگای بەرێوە چوونی کۆنگرە کوردستانی عێراق دیاری کراو ئەمنییەت و تەدارەکی فەننی و عەمەلیەکەی لە ئەستوی واحیدەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە و ئورگانەکانی تەشکیلاتی عەلەنی‌مان بوو کۆنگرە لە کاتی دیاریکراو دا بە سرووەی ئەنترناسیونال و رێز گرتن لە یادی گیانبەختکردوان دەستی پیکرد سەرەتا هەیئەت رەئیسەیەکی موقت کە لە لایەن کۆمیتەی بەرێوە بەری کۆنگرەوە دیاری کرابوو، بەرێوە بردنی کۆبوونەوەکانی گرتە ئەستو ئایین نامەی بەرێوە چوونی کۆنگرە و اعتبار نامەی نوێنەران لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا و پاشان هەیئەت رەئیسەی دایمی کۆنگرە هەڵبژێردرا لەم دژواری عەمەلی بەرەو روو دەکرد بەڵام گرینگترین دەلیلی ئەم تاخیرە نسبتا تولانیە، وجوودی ئالوزی‌یەکان اختلافاتی ناوخۆیی تەشکیلات لە دوو سێ ساڵی رابوردوو دا بوو کە مەجالی تەدارەکی سیاسی و تەشکیلاتی کۆنگرەی پی‌نەدەداین سەرەنجام کۆنگرە لە شەرایتیك دا بەرێوە چوو کە تەشکیلاتی ئێمە توانیبووی لەم بابەتەوە هەل ومەرجی ناموساعیدی پیشوو تێپەر کا.

بانگەوازی بەرێوە چوونی کۆنگرە لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزی‌یەوە لە دەی مانگی ساڵی رابوردوو دا درا یانی شەش مانگ پێش ئەوەی کۆنگرە بگیری، وە هاوکات لەگەڵ ئەو بانگەوازە نەشرییەیەکی ناوخۆیی بە نێوی "بولتەنی باسەکانی کۆنگرە" بڵاو کرایەوە هەتا لەم رێگایەوە هەموو هاوڕیانی تەشکیلاتی کوردستان مەجال پەیدا بکەن لە جەریانی تەدارەکی سیاسی کۆنگرە دا بەشداری بکەن هەتا کاتی بەریوە چوونی کۆنگرە، 4 ژمارەی ئەو نەشرییەیە بڵاو بووەوە.

ئایین نامەی بەرێوە چوونی انتخاباتی کۆنگرە لە یەکەمین ژمارەی بولتەن دا بڵاو کرایەوە ە تێیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە 4 حەوزەی انتخاباتی لەبەر چاو گیرا بوو کە ئەندامانی حیزب لە هەموو بەشەکانی عەلەنی و مەخفی تەشکیلاتی ئێمە و بەشە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتی کۆمەڵەی دەگرتە بەر بە لە بەرچاو گرتنی مەسایلی عەمەلی و تایبەتی‌یەکانی هەر کام لە حەوزەکانی انتخابات، هەولمان دا بۆ ئەوەی نوێنەران چەند حەوتوو پیش بەرێوە چوونی کۆنگرە هەڵبژێردرین هەتا فورسەتی کافی هەبی بۆ فەراهەم کردنی مەلزووماتی عەمەلی بەشداری هەموویان لە کۆنگرەدا دەستووری پیشنیار کراوی سەرەتایی بۆ کۆبوونەوەکان، بە پێی رەوالیکی رووتین بە شێوەیەك دیاری کرا بوو کە لە لایەکەوە ئەو مەسەلە هاوڕیانی پێشمەرگە و ئەو هاوڕیانە کە تەدارەکی فەننی کۆنگرەیان لە عودە بوو، بە سخنرانی اختتامیە و سروودی ئەنترناسیونال کۆتایی پی هات ئەرزیابی شەخسی من ئەوەیە کە ئەو کۆنگرەیە هەر تا ئێرەش کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی موفق و سەرکەوتوو بوو وە هەنگاوێکی گرینگی بۆ سرینەوەی ئەو لەتمە و زیانانە هەڵگرت کە لە دووسی ساڵی رابوردوو دا لە کۆمەڵە کەوتبوون.

پرسیاری دووهەم: پرسیاری دواترمان سەبارەت بە گوزارشی کۆمیتەی مەرکەزی‌یە لە پێشدا دەمانەوی بزانین مەوزووع و بابەتەکانی ئەم گوزارشە چ بوون و ئەو خالە گرینگانە کە لەم گوزارشە دا تەئکیدیان لە سەر کراوە کامانە بوون؟

وەلام: گوزارشی رابەری کۆمەڵە بۆ کۆنگرە، شاملی دە فەسل و زمیمەیەك بوو سەر خەتی مەوزووعاتی ئەسڵی گوزارشەکە بریتی بوون لەمانە: وەزعییەتی دنیای ئەمرۆ و وەزیفەی کۆمۆنیستەکان، وەزعییەتی- سیاسی و اقتصادی لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی جمهووری ئیسلامیدا، مەوقعییەتی مەنتەقەیی و بین المللی رژیم، شەرایتی گوزەران و بەری چوونی خەڵك لە ئێران، بزووتنەوەی کرێکاری و حەرەکەتەکانی ئیعتیرازی جەماوەری لە ئێران، ئەوزاعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێران، ریکخستنی کرێکاری و سیاسەتەکانی تەشکیلاتی ئێمە، سیاسەتمان لە حاست حیزبەکانی بورژوازیی و غەیرە کرێکاری لە مەنتەقە، سیاسەتمان لە حاست حیزبە سیاسی‌یەکان لە کوردستانی ئێران، هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی دەورەی ئەخیر لە کوردستانی عێراق و مەسەلەکانی ئێستا لەم مەنتەقەیە ئەمانە سەر خەتی مەوزووعاتی ئەسڵی گوزارشەکە بوون هەروەها گوزارشی تەشکیلاتی، مەیدانی جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە وەك: فەعالییەتی نزامی، کاری کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان نەشریات، رادیوکان و تەبلیغات، کار و باری مالی و غەیرەی دەگرتە بەر لە زمیمە گوزارشەکە دا هەڵسەنگاندن و ئەرزیابی کۆمیتەی رابەری کۆمەڵە لە مەسەلەکان و اختلافاتی ناو خۆی دو سی ساڵی رابوردووی تەشکیلات پێشکەش کۆنگرە کرا بوو بە پیی تەسمیمی کۆنگرە قەرار هەندیك بەشی گوزارشەکە بەم زووانە بە شێوەی عەلەنی بڵاو بکریتەوە بۆ بەدەستەوەدانی تەسویریکی کوللی لە گوزارشەکە، دەکری ئیشارە بەم خالانە بکەین:

لە باسی وەزعییەتی جیهانی دا گوزارشەکە لە هەمان کاتدا کە تحولاتی دەهەی ئەخیری جیهانی تەوزیح دەدا، هەولی دەدا بۆ نیشاندانی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەو بوچوونەی چەپ کە ئال و گۆڕەکانی سیاسی و رووداوەکانی ساڵانی ئەخیر دەکاتە بیانوویەك بۆ خۆ دزینەوە لە تەوزیحی مارکسیستی دنیای ئەمرۆ، وە بە شیوەیەکی ناسەریح وداپوشراو ئەوە دەگەیەنی کە گۆیا مارکسیزم لە ژێر فشاردایەو بوچوونی مارکسیستی بۆ تەوزیحی ئەم تحولاتە ناکافی‌یە، وە هەر رەها بە لفازی و قەلەم فەرسایی لە بابەت ئەهمییەتی رووداوەکانی ئەم دەورەیە هەول دەدا کە بی عەمەلی و بوچوونی انفعالی و دوور کەوتنەوەی خۆی لە پراتیکی فەعالی سیاسی لەمەیدانەکانی زیندووی خەباتی چینایەتی‌دا، داپوشی.

لە باسی مەربووت بە ئەرك و وەزیفەی کۆمۆنیستەکان لەم دەورەیەدا، گوزارشەکە لیستێکی نسبتاً کاملی لە مهمترینی ئەو وەزیفانە کە لە سەر ریمانن، دیاری کرد بوو پیشوازی کردن لە مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی لە دنیای ئەمرۆ داو بەشداری کردن لە وەلام پیدانەوەی ئەو مەسەلانەدا و بەشداری هەڵسووراوانە لە مبارەزەدا بۆ چاوەسەر کردنیان، پیویستی بە هەول و تیکۆشانیکی ئەنترناسیونالیستی‌یە بەو مانایە ئەنترناسیونالیزم بوئیمە ئەمرۆ تەنیا جیهەت گیری‌یەکی ئیدئولوژیك نێە بەڵکوو دەبی ناوەرۆکی فەعالییەتیکی عەمەلی و واقیعی بی فەعالییەتی کۆمۆنیستەکان بە حوکمی ئەو هەل ومەرجە عەینی‌یە اقتصادی، سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە کە چینی کرێکاری جیهانی تێیدا بە سەر دەبا بە ناچار دەبی خەسلەتی واوەتر لە خەسلەتی محلی، خەسلەتی جیهانی هەبی خەباتی چینی کرێکاری ئێران لە دژی بورژوازی لە ئێران لە رێگەی کاری وشیارانەی کۆمۆنیستەکانەوە دەبی وەك بەشیك لەم خەباتە جیهانی‌یە خۆی نیشان بدا.

سەبارەت بە خەسلەتی کۆمەڵایەتی فەعالییەتی ئێمە لە گوزارشەکە دا تەئکید کرا بوو کە کۆمۆنیستەکان دەبی فەعال و تیکۆشەری بزووتنەوەی کرێکاری بن و لەم رێگایەوە ببنە هێزی کۆمەڵایەتی دەخیل لە ژیانی واقیعی ئینسانەکاندا.

هەروەها لە شەرایتیك دا کە جامعەی ئێمە و کۆمەڵانی کرێکار بەردەوام لە ژێر هیرشی تەبلیغاتی ژەهراوی تەفرەقە سازانەی بورژوازی‌دان، مبارزە لەگەڵ خورافات و ژەهری فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی بورژوازی لە نێو کرێکاراندا و یارمەتیدانیان بۆ رزگار بوون لە ئەسارەت و بەندی گەرایشاتی وەك میللی گەرایی و مەزهەب و شتی تر، لایەنی تەعتیلی هەڵنەگری فەعالییەتی کۆمۆنیستی‌یە.

تەئکید کرا بوو لەسەر ئەوە کە

لە شەرایتیك دا کە جامعەی ئیمە و کومەلانی کریکار بەر دەوام بە ژیر هیرشی تەبلیغاتی ژەهراوی و تەفرەقە سازانەی بورژوازی دان مبارزە لەگەڵ خوارفات و ژەهری فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی بورژوازی لە نیو کریکاراندا و یارمەتی دانیان بو رزگار بوون لە ئەسارەت و بەندی گەرایشاتی وەك میللی گەرایی، مەزهەب و شتی‌تر، لایەنی تەعتیلی هەلنەگری فەعالییەتی کۆمۆنیستی‌یە.

لە باسی وەزعییەتی جیهانی دا گوزارشەکە لە هەمان کاتدا کە تحولاتی دەهەی ئەخیری جیهانی تەوزیح دەدا، هەولی دەدا بۆ نیشاندانی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەو بوچوونەی چەپ کە ئال و گۆڕەکانی سیاسی و رووداوەکانی ساڵانی ئەخیر دەکاتە بیانوویەك بۆ خۆ دزینەوە لە تەوزیحی مارکسیستی دنیای ئەمرۆ، وە بە شیوەیەکی ناسەریح وداپوشراو ئەوە دەگەیەنی کە گۆیا مارکسیزم لە ژێر فشاردایەو بوچوونی مارکسیستی بۆ تەوزیحی ئەم تحولاتە ناکافی‌یە، وە هەر رەها بە لفازی و قەلەم فەرسایی لە بابەت ئەهمییەتی رووداوەکانی ئەم دەورەیە هەول دەدا کە بی عەمەلی و بوچوونی انفعالی و دوور کەوتنەوەی خۆی لە پراتیکی فەعالی سیاسی لەمەیدانەکانی زیندووی خەباتی چینایەتی‌دا، داپوشی.

پیشوازی کردن لە مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی لە دنیای ئەمرودا، بەشداری کردن لە وەلام پیدانەوەی ئەو مەسەلانەدا و بەشداری هەلسووراوانە لە مبارزە بو چارەسەر کردنیان پێویستی بەهەول و تیکوشانیکی ئەنترناسونالیستی‌یە. بەو مانایە ئەنترناسیونالیزم بۆ ئێمە ئەمرو تەنیا جیهەت گیری‌یەکی ئیدئولوژیك نیە بەڵکوو دەبی ناوە روکی فەعالییەتیك عەمەلی و واقیعی بی.

ئەم بەشە بەردەوام دەبێت لە ژمارەی داهاتوو

تیکوشەرانی هەلسووراوی کریکاری، بە بەشداری کردن لە خەباتی شورشگیرانەدا بو چارەسەری هەموو گیرو گرفتە کومەلایەتی‌یەکان کە هەر کامیان بە جوریك تەئسیر دەکەنە سەر ژیانی چینی کریکار بە وەزیفەی خویان دزانن. خەبات لە دژی ستەمی میللی، خەبات بۆ بەرابەری مافە کومەلایەتی‌یەکانی ژنان، خەبات بە دژی شەرخوازی و ملهوری ئەمپریالیستی، خەبات بۆ وەدەست هینانی ئازادی یە دیموکراتیکەکان بەشکین لەو ئەرکانە.

پێشڕەو

جورئەتی ئیعتیراز و وەجواب هاتنی کومەڵانی کریکار و زەحمەتکێش بە دەرەجەیەکی زۆر، زیادی کردوە ولە هەر جیگایەك ملهوری وقسەیەکی ناحەق لە مەئموورێك نیسبەت بە کەسێك دەبیندری رق و تووڕەیی خەڵکی وەگیان هاتوو بە رەنگاری دەبیتەوە و رووداوێکی چکولە ئیعتیرازیکی گەورە هەلدەخرینی.

لە باس سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی ئێراندا، لەسەر کەم بوونەوەی ئەهمییەتی ژئوپولیتیك ئێران بۆ غەرب، لەسەر رەقابەتەکانی تازەی بورژوازی ئێران و تورکیە، لەسەر عیللەت و ریشەکانی اقتصادی و سیاسی ناکامی سیاسەتە اقتصادییەکانی دەوڵەتی رفسنجانی، تەئکید کرا بوو هەروەها تەسویرێك لە سیمای عموومی جامعەی ئێران، وەزعییەتی دژواری ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، مبارزاتی کرێکاران لە یەك سالّی رابوردووا، زەمینەکانی بەرپا بوونی ئیعتیرازاتی ئەخیر لە هەندیك لە شارەکانی ئێران، نیشان درا بوو.

گوزارشەکە لە فەسلیکی دیکەی باسەکانی خۆیدا تەسویرێکی عەینی لە وەزعی کۆمەلّایەتی و سیاسی و هەل ومەرجی ژیانی خەڵکی لە کوردستانی ئێران بە دەستەوە دابوو، وە لە زەمینەی ریکخستنی کرێکاران لە کوردستاندا، ئەساسەن رووی سەرنجی خۆی کردبووە ئەو کۆسپ و مانع و مشکلاتە کە لەم زەمینەیەدا وجوودیان هەیە.

لە بابەت سیاسەتمان لە حاست حیزبە کانی بورژوایی و غەیرە کرێکاری لە کوردستانی ئێران و عیّراق باسیکی نسبتاً مفصل کە گوزارشەکەدا هاتبوو، وە هەر لە مەتنی ئەو باسەدا قەزاوەت و ئەرزیابییمان لەسەر هەموو مەسەلەکانی ئێستای ئەو مەنتەقەیە رۆشن کرابووەوە.

پرسیاری سێهەم: بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە بەشێکی بەرچاو لە گوزارشەکەی کۆمیتەی مەرکەزی و هەروەها باسەکانی کۆنگرە بۆ لیکدانەوە و لیکولینەوەی مەسەلەکانی سیاسی جیهانی تەرخان کراون، تکایە هەندیك زیاتر لەسەر ئەم بەشەی باسەکانی کۆنگرە تەوزیح بدەن.

وەلام: لە چەند سالّی رابوردوودا، شاهیدی تحولات و زۆر رووداوی سیاسی عەزیم بووین و سیما و جوغرافیای سیاسی جیهان ئال و گۆڕی گەورەی بەسەردا هات شەڕی سارد، بە سەرکەوتنی بلوکی غەرب بە پەرچەمی سەرمایەداری بازاری ئازادەوە بەسەر بلوکی شەرق و سەرمایەداری دەوڵەتیدا کۆتایی پی هات سەر تا پای بلوکی شکست خواردوو، نا بە سامانی اقتصادی، بوحرانی سیاسی، شەرووپێك دادانی خویناوی قەومی دایگرت بلوکی ئەمپریالیستی سەرکەوتوو بە رابەری ئەمریکا، بۆ چەسپاندنی مەوقعییەتی وە دەست هاتووی خۆی لە ئاستی جیهانیدا سیاسەتەکانی وەحشیانە و دەسدرێژیکەرانەی خۆی پەرە پیدا رێژبەستنەکانی قەدیمی جیّهانی سەرمایەداری کە بە پیی معیارەکانی پاش جەنگی جیهانی دووهەم و دەورانی شەڕی سارد شکلی گرتبوو ، لە حالی گۆڕان و تیك شیوان دان بۆ نموونەرەوتی یەك پارچە بوونەوەی اقتصادی و بعزا سیاسی و نیزامی بپاریزی، خەریکی تەدارەکی شکل پیدانی هەندیك اتحاد و پەیمان لە قارەی ئەمریکایە بازاری موشتەرەکی ئەمریکا و کانادا و مکزیك لەو پەیمانانەیە لە پال ئەم سێ قوتبە قودرەتمەندە سەرەکییە، کۆمەلّیك لە قودرەتەکانی مەنتەقەیی هەن کە بۆ پاراستنی مەوقعییەتی خۆیان لە بەرابەر قودرەتەکانی گەورەی اقتصادی جیهان دا، لە هەولی پیك هێنانی بلوك بەندی مەنتەقەیی دان بۆ نموونە ئێران چاوی بریوەتە اتحادیەی ولاتانی ئیسلامی دراوسێ لە ئاسیای ناوەراست و هەروەها پاکستان و ئەفغانستان و ئەم جۆرە ولاتانە هەروەها بورژوازی تورکیە ئارەزووی ساز کردنەوەی ئیمپراتوری گەورەی عسمانی تیدا زیندوو بووەتەوە.

بە تیك چوونی بەستنی دووقوتبی دەورانی شەری سارد و سەرکەوتنی ئەمریکا لەم قوناغەدا، زۆریك لە ولاتانی جیهانی سیهەم و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و حیزبە سیاسییەکان لەم ولاتانە کە پیشتر هەولیان دەدا بە استفادە کردن لە تعادلی ناشی لە بەرانبەرکی و رەقابەتی دوو قوردەتە گەورەکە، ئامانجەکانی اقتصادی وسیاسی تایبەتی خویان بەرەوپیش بەرن، ئیستا بەرەو سەلماندن و قەبوول کردنی سیاسەتەکان و ئەولەوییەتەکانی ئەمپریالیزمی ئەمریکا لە گۆشە و کەناری جیهان، رویشتوون.

هەل ومەرجی ژیانی خەڵکی لە کوردستانی ئێران بە دەستەوە دابوو، وە لە زەمینەی ریکخستنی کرێکاران لە کوردستاندا، ئەساسەن رووی سەرنجی خۆی کردبووە ئەو کۆسپ و مانع و مشکلاتە کە لەم زەمینەیەدا وجوودیان هەیە.

لە بابەت سیاسەتمان لە حاست حیزبە کانی بورژوایی و غەیرە کرێکاری لە کوردستانی ئێران و عیّراق باسیکی نسبتاً مفصل کە گوزارشەکەدا هاتبوو، وە هەر لە مەتنی ئەو باسەدا قەزاوەت و ئەرزیابییمان لەسەر هەموو مەسەلەکانی ئێستای ئەو مەنتەقەیە رۆشن کرابووەوە.

پرسیاری سێهەم: بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە بەشێکی بەرچاو لە گوزارشەکەی کۆمیتەی مەرکەزی و هەروەها باسەکانی کۆنگرە بۆ لیکدانەوە و لیکولینەوەی مەسەلەکانی سیاسی جیهانی تەرخان کراون، تکایە هەندیك زیاتر لەسەر ئەم بەشەی باسەکانی کۆنگرە تەوزیح بدەن.

وەلام: لە چەند سالّی رابوردوودا، شاهیدی تحولات و زۆر رووداوی سیاسی عەزیم بووین و سیما و جوغرافیای سیاسی جیهان ئال و گۆڕی گەورەی بەسەردا هات شەری سارد، بە سەرکەوتنی بلوکی غەرب بە پەرچەمی سەرمایەداری بازاری ئازادەوە بەسەر بلوکی شەرق و سەرمایەداری دەوڵەتیدا کۆتایی پی هات سەر تا پای بلوکی شکست خواردوو، نا بە سامانی اقتصادی، بوحرانی سیاسی، شەرووپێك دادانی خویناوی قەومی دایگرت بلوکی ئەمپریالیستی سەرکەوتوو بە رابەری ئەمریکا، بۆ چەسپاندنی مەوقعییەتی وە دەست هاتووی خۆی لە ئاستی جیهانیدا سیاسەتەکانی وەحشیانە و دەسدرێژیکەرانەی خۆی پەرە پیدا رێژبەستنەکانی قەدیمی جیّهانی سەرمایەداری کە بە پیی معیارەکانی پاش جەنگی جیهانی دووهەم و دەورانی شەری سارد شکلی گرتبوو ، لە حالی گۆڕان و تیك شیوان دان بۆ نموونەرەوتی یەك پارچە بوونەوەی اقتصادی و بعزا ئەساسیەکانی پیویست بۆ ژیانی خەڵك بە سورعەت خەریکە زیاد دەکا لە حالّیکدا هەقدەستەکان هەر لە خوارەوەن و بێکاری هەرەشە لە ژیانی بە ملیون کاێکار دەکا بانکی جیهانی و صندوقی بین المللی پول هەر چەشنە کۆمەکیك بە اقتصادی ئەم ولاتانەی خستوەتە گرەوی حەزق سوبسیدەکان و کەم کردنەوەی هەزینەکانی خەدماتی دەوڵەتەکان ئەم سیاسەتەش عسمانی تیدا زیندوو بووەتەوە.

بزووتنەوەی کریکاری بین المللی حەرەکەتیکی واقیعی و عەینی و فشاریکی جیددی سیاسییە لە سەر سەرمایەدارای ئەمرو. مبارزاتی کریکارانی ئالمان، بزووتنەوەی کریکاری لە ئافریقای جنوبی، مبارزەی مەعدەنچیانی روسیا، خەباتی قارەمانانەی کریکارانی تورکیە، بزووتنەوەی کریکاری لە کورەی جنوبی، شیلی و فەرانسە و ولاتانیتر، ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەکەن لەم حەرەکەتە قودرەتمەندە کومەلّایەتتی و زیندوەی ئەم سەردەمە.

بە تیك چوونی ریز بەستنی دوو قوتبی دەورانی شەری سارد و سەرکەوتنی ئەمریکا لەم قوناغەدا، زۆریك لە ولاتانی جیهانی سێهەم و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و حیزبە سیاسییەکان لەم ولاتانە کە پیشتر هەولیان دەدا بە استفادە کردن لە تعادلی ناشی لە بەرانبەرکی و رەقابەتی دوو قودرەتە گەورەکە، ئامانجە کانی اقتصادی و سیاسی تایبەتی خویان بەرەو پیش بەرن، ئێستا بەرە وسەلماندن و قەبوول کردنی سیاسەتەکان و ئەولەوییەتە کانی ئەمپریالیزمی ئەمریکا لە گۆشە و کەناری جیهان، رویشتوون پیویستە ئەو واقعییەتە بگوتری کە رەقابەتەکانی نهێنی و ئاشکرای بلوکە تازەکانی سەرمایەداری لەم سالانەی ئاخری سەدەی بیستەم دا مەترسی و خەتەری جیددییان بۆ ژیانی بەشەر پیك هێناوە ئەمرۆ لە هەل ومەرجیك دا کە جیهان زیاتر لە هەمیشە پیویستییەکانی ماددی بنیات نانی جامعەی ئازاد و بەرابەری ئینسانی تیدا پیك هاتووە، سەرمایەداری حاکم ئەم زەرفییەتەی هەیە کە دەسکەوتەکانی بەشەر لە کۆمەلّیك شەری مەنتەقەیی و تەنانەت جیهانی دا بەرەو فەوتان و نابوودی بەری و بەشەرییەت چەندین قەرن بگیریتە دواوە.

لە سەتحیکی دیکە دا هیرش بۆ سەر پلەی مەعیشەت و بۆ سەر دەسکەوتە کۆمەلّایەتییەکانی چینی کرێکار لە سەتحی جیهانیدا و لە ولاتانی پیشکەوتووی سەرمایەداریش، لە چەند سالّی ئەخیردا زۆر پەرەی گرتوە لە ولاتانی جیهانی سیهەم و لە ولاتانی بلوکی شەرقی پیشوو قیمەتی کالا ئاساسیەکانی پیویست بۆ ژیانی خەڵك بە سورعەت خەریکە زیاد دەکا لە حالّیکدا هەقدەستەکان هەر لە خوارەوەن و بێکاری هەرەشە لە ژیانی بە ملیون کاێکار دەکا بانکی جیهانی و صندوقی بین المللی پول هەر چەشنە کۆمەکیك بە اقتصادی ئەم ولاتانەی خستوەتە گرەوی حەزق سوبسیدەکان و کەم کردنەوەی هەزینەکانی خەدماتی دەوڵەتەکان ئەم سیاسەتەش هیزەکانی بەرهەم هینەر و کۆما بوونی بین المللی سەرمایە و ئەو شتەکە بە ناوی انقلابیکی سەنعەتی دیکە باسی دەکری ئەم دیاردەیە بە سورعەتیکی یەکجار زۆر و لە هەموو لایەنەکاندا و لەوانە لە زەمینەی اتلاعات و الکترونیك دا خەریکە بەرە و پیش دەچی اقتصادی جیهان زیاتر لە هەمیشە وەك مەجمووعەیەکی لیك هەلپیکراوی لی هاتووە کە هەر حەرەکەتیکی لە هەر گۆشەیەك خیرا تەئسیر دەکاتە سەر هەموو بەشەکانی و، ئال و گۆڕەکان و رەوتە ناو خۆییەکانی لە ئاستیکی جیهانیدا کار دەکەنە سەر ژیانی خەڵك.

پرسیاری چوارەم: ئەو مەسەلانەی باستان کرد لە واقیع دا شەرایتی کار و مبارزەی چینی کرێکار لە سەردەمی ئێمەدا پیك دێنن بە لەبەر چاو گرتنی باسەکانی کۆنگرە، داهاتووی بزووتنەوەی کرێکاری و تەکاملی خەباتی چینایەتی لە جەرگەی ئەم وەزعییەتە عمومییەدا چۆن دەبێنن؟

وەلام: لە پیشدا دەبی تەئکید لەسەر ئەو واقعییەتە بکری کە ئیعتیرازی تبقاتی لە دڕی ئەو شەرایتە، ئەمرۆ بە بەرینابی هەموو جیهان لە جەریاندایە تەغیراتی جوغرافیای سیاسی لە بلوکی شەرق نەك تەنیا ئەم حەرەکەتە جیهانییەی لەم بەشەش دا تووشی رکوود و وەستان نە کردووە بەڵکووسەرەرای هەموو فشارەکانی ماددی و شەڕێکی رەوانی کە بورژوازی خستوویەتە ری، بەرینتر بووەتەوە بزووتنەوەی کرێکاری بین المللی حەرەکەتیکی واقیعی و عەینی و فشاریکی جیددی سیاسییە لەسەر سەرمایەداری ئەمرۆ مبارزاتی کرێکارانی ئالمان، بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەفریقای جنووبی، مبارزەی مەعدەنچیانی روسیا، خەباتی قارەمانانەی کرێکارانی تورکیە، بزووتنەوەی کرێکاری لە کورەی جنوبی، شیلی و فەرانسە و ولاتانی تر، ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەم حەرەکەتە قودرەتمەندە کۆمەلّایەتی و زیندوەی ئەم سەردەمە.

بەلّام چینی کرێکار لە باری تشکل و ریکخراوبوونەوە لە وەزعییەتیکی موساعیددا نیّە لە زۆربەی ولاتانی دوا کەوتووی سەرمایەداری، کرێکاران بە گشتی لە حەقی پیك هێنانی تشکل و ریکخراوەی خۆیان مەحروومن لە ولاتانی پیشکەوتووی سەرمایەداری بزووتنەوەی اتحادیەیی لە ژیر فشاری سیستماتیکی بورژوازی دایە و بە تەسویبی قانوون لە پارلمانەکانی بورژوازیدا مەیدانی عەمەلی اتحادیەکان رۆژ لەگەلّ رۆژ مەحدوود تر دەبیتەوە لە لایەکیتریشەوە بەشیك لە کرێکاران کە لە سیاسەتی سازشکارانەی رابەری اتحادیەکان نا ئومید بوون، لە ئەندامەتی اتحادیەکان دینە دەر و هەموو ئەمانە لە حالیك دایە کە ئالترناتیویکی دیکە لە مقیاسی کۆمەلّایەتیدا بە جێگای اتحادیەکان شکلی نەگرتوە بەلّام لە ولاتانی ئوروپای شەرقی و شوورەوەی پیشوو و هەر وەها ئەو بەشە لە ولاتانی جیهانی سیهەم کە تییاندا دیکتاتوریەکانی پیشوو جێگای خۆیان داوە بە دەولّەتانی پارلمانتاریستی ئاسایی بورژوایی، کرێکاران عەلاقەیەکی زیاتر نیشان دەدەن بە کۆبوونەوە لە اتحادیەکاندا وەك تاقە ئورگانێك کە لە بەرانبەر هیرشی تازەی بورژوازیدا بۆ سەر دەسکەوتەکان و مەعیشەتیان، دیفاعیان لی دەکا.

ئەو خالانەی ئیشارەم پیکردن خولاسەیەکن لەو شەرایتە کە ئەمرۆ حەرەکەتی کرێکاری لە جیهاندا تییدا بەرێوە دەچی بە پیی زۆر دەلیلی عەینی دەکری نیشان بدەین کە ئەم بزووتنەوەیە لە سالانی دەهەی جاری دا، جاریکی تر دەکەویتە میحوەری تحولاتی سیاسی ئوروپابەسورعەت لە حالی پیشرەوەی دایە ژاپون وەك قودرەتیکی اقتصادی کە سەهمی خۆی لە شکل پیدانی سیاسەیەکانی جیهانی سەرمایەداریدا بە متناسب لەگەلّ قودرەتی اقتصادی خۆی نازانی، لە عەینی پەرە پیدانی سەرمایەی خۆی لە هەموو جیهاندا، خەریکی مەحکەم کردنی جیگا پیی خۆیەتی لە جنوبی شەرقی ئاسیا و لە ولاتانی حەوزەی ئوقیانووسی ئارام ئەمریکا لە هەمان کاتدا کە هەول دەدا جێگا و شوینی خۆی وەك ئەبەر قودرەتیکی مەعناکەی هیرشیکی بەرنامەدارە بۆ سەر ژیانی کۆمەلّانی کرێکار و زەحمەتکێش بەرینایی فەقر و مەحرومییەت و برسیەتی لە ولاتانی ناسراو بە جیهان سیهەم بە ئاشکرا فاجعەیەکی ئینسانییە لە جیهانیك دا کە غەرقی سەروەت و نیعمەتی ماددیە ئامارەکان لەم بابەتەوە هەر چەندی جێگای سەرسورمان بن هێشتا تەنیا گۆشەیەك لەو واقییەتە نیشان دەدەن.

بەلّام لە سەرووی هەموو ئال وگۆڕەکانی گرینگی دنیای ئەمرۆ دەبی ئیشارە بکەین بە گەشەی عەزیمی نەزەری، روشن بینی سیاسی ووریەکی شۆڕشگێرانەی بەرز هەیە و ئەمە ئەرکیکە لەسەر شانی کۆمۆنیستە شۆڕشگێرەکانی ئەم سەردەمە کە دەیانەوی بەشیك لەم بزووتنەوە کۆمەلّایەتی و چینایەتییە بن.

بەشیکی گەورە لە دەسکەوتە کۆمەلّایەتییەکانی سەردەمی ئێستا بەتایبەت لە ولاتانی پیشکەوتووی سەرمایەداری، وەك ئازادییە دیموکراتیکەکان، قانوونەکانی کار و حقووقی کارگەری، بەرابەریە کۆمەلّایەتییەکان و غەیرە، لە دەسکەوتەکانی مبارزەی چینی کرێکارن لە یەك و نیّو سەنگەر بە سەنگەر بە بورژوازی تەحمیل کراون بی شك مبارزە بۆ پەرە پیدانی ئەو دەسکەوتانە و پووچەل کردنەوەی تەقالاکانی بورژوازی بۆ ئەستاندنەوەیان لایەنیکی هەمیشەیی و بەردەوامی کیشمەکیشی چینایەتی ئەم دەورەیە دەبی حەرەکەتی کۆمۆنیستی کرێکاران دەتوانی لەسەر زەمینەیەکی ئاوا قودرەت بگری.

شورا کریکاریەکان بوئیمە ئەو ئەولگوویەی ریکخستنی کریکارانن کە هەر لە ئیستاوە و لە جەریانی خەباتی هەموو رۆژەی ئەو چینەدا کریکاران بۆ شکل پیدانی ئالترناتیوی حاکمییەتی داهاتووی خۆیان ئامادە دەکا. ئەگەر پارلمان وەسیلەی حاکمییەتی بورژوازیە بە سەر جامعەدا حاکمییەتی شورایی کریکارانیش وەسیلە وشیوەی حکوومەتی کریکارانە.

پرسیاری پینجەم: کۆنگرە لە کاتیکدا بەریوە چوو کە ماوەیەکی کەم لە ئیعتیرازە جەماوەریەکانی ئەخیر لە شارەکانی ئێران و لەوانە لە شاری بۆکان تیپەریبوو ئەرزیابی ئەو ئیعتیرازانە و زەمینەکانی بەرپا بوونی چ بوو؟

وەلام: سەبارەت بە زەمینەکان و هۆی ئاخیزە جەماوەریەکانی ئەخیر، گەلّیك خال دەتوانین باس بکەین فشاری رۆژ لە رۆژ زیاتر لەسەر گوزەران و مەعیشەتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگ کە هیچ داهاتووی گوشایشیکی شی بۆ نابینری، بی گۆمان لە سەرووی هەموویانەوەیە ئەمرۆ بە واقیع خەڵك لە دەست ئەم رژیمە وە گیان هاتوون کۆتایی شەری هەشت سالّەی ئێران عیّراق و فشارەکانی ماددی و رەوانی ناشی لەو شەرە بۆ خەڵکی ئێران کۆتایی فاجعەیەکی گەورەی ئینسانی بوو کە بە شیوینیدا جامعە

←

بە شدت موحتاجی دەورەیەکی ئارامش و هێمنایەتی بوو و رژیم بە کۆمەکی ئەم رەوانشناسییە اجتماعییە و بە دانی وەعدەی باز سازی و وە گەر خستنەوەی چەرخی تەولید و سەرو سامان دان بە ژیانی خەڵک، داوای لە خەڵک کرد کە بە دەوڵەت فورسەت بدەن هەتا بەرنامەکانی لەم زەمینانەدا بەرەو پیش بەری ئەم فورسەتە لە واقیع دا عەمەلەن لە مقیاسی کۆمەڵایەتیدا بە رژیم درا ئەمرۆ و 3ساڵ پاش کۆتایی پی هاتنی شەر و دوای 3ساڵ انتزار،

ریکخراو بوون و متشکل بوونی کریکاران رابتەیەکی موستەقیمی هەیە لەگەڵ میزانی پیشرەفتی عەینی مبارزەی کریکاران. تشکل وەسیلەی مبارزەیە و کریکارا وەختیک دەچیتە سوراغی تشکل کە احتیاجی بەم وەسیلەیە بی.

نەک هەر ئەو وەعدەو وعیدانە وەدی نەهاتوون بەڵکوو هیچ ئومیدیکیش بەوە نیە کە ئەم هەل ومەرجەلە داهاتوویەکی قابیلی پیش بینی دا بە قازانجی باشبوونی ژیانی خەڵک بگۆری وەعدە وعید و مولەت خواستن و دەعوەت بە انتزار، ئەمرۆ ئێتر چکولەترین کارایی وتەئسیری نیە ئەمرۆ شتەکە دەی بێنین لە واقیع دا ئیعلامی شەریکی ئاشکرایە روو لە خەڵک متبوعات و رادیو و تلویزیون کە سنتاً ئەبزار و وەسیلەی فریودان و ئارام کردنەوەی خەڵک بوون ئەمرۆ بە سەراحەتیکی کەم وینەوە بە عینوانی ئەبزاری هەرەشە و شەری رەوانی لە دژی خەڵکی موعتەریز استفادەیان لی دەکری بە ملیونەها کەس لە خەڵک دەلین ئەرازل و ئەوباش لە بەرانبەر ئەم وەزعەدا جۆرئەتی ئیعتیراز و وە جواب هاتنیش بەدەرەجەیەکی زۆر، زیادی کردوە ولە هەر جێگایەک ملهوری و قسەیەکی نا حەق لە مەئموورێک نیسبەت بە کەسیک دەبیندری، رق و تووڕەیی خەڵکی وەگیان هاتوو بەرەنگاری دەبێتەوە و رووداویکی چوکە ئیعتیرازیکی گەورە هەلدەخرینی شک لەوە دا نیە کە حەرەکەتەکان و ئیعتیرازاتی ئەخیر، لە نارەزایەتی و تووڕەیی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش پیک هاتوە لەم رووەوە ئەم ئیعتیرازاتە حەق خوازانەیە لە باری عەینی و عەمەلیەوە متعلقە بە بزووتنەوەی زدی سەرمایەداری چینی کرێکاری ئێران لەم دەورەیەدا ئەوە کە ئەم شەپولەی هەستان و ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێش لە ئێران بە چ نەتیجەیەکی سیاسی و عەمەلی دەگا و ئەوە کە ئایا ئەم رووداوانە لە رەوتی پیشرەوی و بەرە و پیش چوونی خۆیان هەر لەم دەورەیەدا چارە نووسی رژیمی جمهووری ئیسلامی دیاری دەکەن یان نا، چەندان قابیلی پیش بینی نیە بەڵام بەشداری فەعالانە لەو ئیعتیرازاتەدا و خەبات بۆ ئەوەی روو بکاتە ئاسویەکی سوسیالیستی و دیموکراتیک و شۆڕشگیرانە ئەرکی تیکۆشەرانی کۆمۆنیستە.

پرسیاری شەشەم: هاوری ئیبراهیم! ئیشارەتان بەوە کرد کە لەباسی مەربووت بە رێکخستنی کرێکاران لە کوردستان سیاسەتەکانی ئێمە و هەروەها ئەو کۆسپ و مانعانە کە لە سەر رێگاکەی هەن، باسیان کراوە تکایە ئەوەندەی دەکری پوختەی ئەم باسە بۆ گۆیگرەکانی رادیو باس بکەن.

وەلام: سەبارەت بە سیاسەتمان لە بابەت رێکخستنی کرێکاری، پیشتر قسەمان کردوە شووڕای کرێکاریەکان بۆ ئێمە ئەو ئولگوویەی ریکخستنی کرێکارین کە هەر لە ئێستاوە و لە جەریانی خەباتی هەموو رۆژەی ئەو چینەدا، کرێکاران بۆ شکل پیدانی ئالترناتیوی حاکمییەتی دا هاتووی خۆیان ئامادە دەکەن ئەگەر پارلمان وەسیلەی حاکمییەتی بورژوازییە بەسەر جامعەدا حاکمییەتی شورایی کرێکارانیش وەسیلە و شیوەی حکوومەتی کرێکارانە لەم رووەوە ئێمە لە کوردستان و لە هەر جێگایەکی تریش بە تیکوشانی ئاگاهانەی خۆمان بۆ تەقویەتی ئەمرۆی ریکخستنی کرێکاری هەر ئەم سیاسەتە تەعقیب دەکەین بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم واقعییەتەش دەبینین کە خۆ ریکخستنی کرێکاران لە ژیانی واقیعی دا شکل و شیوەی جۆراوجۆر دەگریتە خۆی و هەموو ئەوانە سەنگەری مبارەزەی واقیعی چینی کرێکارن و بەرانبەر بە سەرمایەداران ئێمە نەک هەر موخالیفی ئەوانە نێن بەڵکوو پشتیوانی یان لیدەکەین ئاشکرایە کە لیرەدا منزرمان تشکل و ریکخراوی لە نەوعی شووراکانی ئیسلامی نیە ئەمانە حاسڵی مبارزەی کرێکاران نێن بەڵکوو راستەوخۆ دەسکردی جمهووری ئیسلامین و خزمەت دەکەن بە پێک هاتنی تەفرەقە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و بەرەو پیش بردنی راستەوخۆی سیاسەتەکانی رژیم سەبارەت بە دەلیل و هویەکانی واقیعی لە خوارەوە بوونی دەرەجەی سازمانیابی کرێکاران لە کوردستان، دەکری بە چەند خالی مهم ئیشارە بکەین کە لە هەمان کاتدا جیهەتی فەعالییەتی عەمەلی ئێمەش لەم زەمینەیەدا تا رادەیەکی زۆر روشن دەکاتەوە پیش هەموو شتیک دەبی ئەو واقعییەتە دەست نیشان بکەین کە رێکخراو بوون و متشکل بوونی کرێکاران رابتەیەکی موستەقیمی هەیە لەگەڵ میزانی پیشرەفتی عەینی مبارزەی کرێکاران تشکل وەسیلەی مبارزەیە و کرێکار وەختیک دەچیتە سوراغی تشکل کە احتیاجی بەم وەسیلەیە بی ئەگەر رەوتی پیشرەفتی مبارزەی کرێکاران لە ژیر تەئسیری مەسایلیک دا وەک شەری ریکخستنی کرێکاری ئێمە لە کوردستان دەبی بە لەبەر چاو گرتنی یەک واقعییەتی عەینی بەرێوە بچی ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە رابردوودا کرێکارانی پیشرەو و فەعال بە دەلیلی جۆرا و جۆر کار و فەعالییەتی خۆیانیان لە حاشیەی خەباتی چەکدارانە دا دەدیت، لەم چەند ساڵەی ئەخیر دا اعتماد بەنەفس و شەخسییەتی مبارزاتی مستقلی خۆیانیان وە دەست هێناوەتەوە ئەم بەشە لە کرێکاران ئەگەر چی پەیوەندیکی تەشکیلاتی زەعیفیان لەگەڵ کۆمەڵە هەیە بەڵام میحوەری هەموو ئیعتیرازات و مبارزاتی کرێکاری سالانی ئەخیر بوون، لە کۆر و کۆمەڵ و محافلی تەبیعی دا پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر هەیە و هاو نەزەریەکی سەرەتایی لەسەر ئەساسی لایەنگری کۆمەڵە انسجامی عەمەلی ئەم کۆروکۆمەڵانە دەپاریزی بی شک پیشرەفتی بزووتنەوەی کرێکاری دەبێتە هۆی پیک هاتنی شکل و شێوەی ئاگاهانە تر لە رێکخستنی کرێکاریدا، وە لە هەمان کاتدا گەرایشاتی سیاسی جۆراوجۆر لە نیوی‌دا سەر هەلدەدا و کۆمەڵە ئەو زەرفییەت و ئیمکانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی هەیە کە ئاسوی سوسیالیزم و انقلابی کرێکاری بکاتە گەرایشی نیو ئەو بزووتنەوە واقیعییە.

پرسیاری حەوتەم: هاوری ئیبراهیم! ئیشارەتان بەوە کرد کە یەکیک لە ماددەکانی دەستووری کۆبوونەوەکانی کۆنگرە، ئیدامە کاری تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە بووە لەم بابەتەوە چ مەسەلە و گیروگرفتیکی تایبەت هەیە کە لازم بوو باسکردنی بکەویتە دەستووری کۆبوونەوەکانی کۆنگرە؟ هەروەها تکایە سەبارەت بە سیاسەتەکان و ئەو ئەرکانە کە لەم زەمینەیەدا بەرە و پیش دەبرین تەوزیحاتیک بۆ کۆیگرەکانی دەنگی شۆڕشی ئێران بدەن.

ئەمرو لە کوردستان عیراقی فاکتوریکی دیکەش هاتوتە کایەوە ئەویش ئەوەیە کە، جمهووری ئیسلای لە لایەکەوە هیزەکانی ناو بەرەی کوردستانی عیراق دەخاتە ژیر فشارەوە بو ئەوەی هەلسووراانی هیزە کانی ئوپوزیسیونی ئیران لە کوردستانی عیراق مەحدوود بکەنەوە و لە شەرایتیک دا کە کوردستان وهەموو عیراق لە ژیر باری محاصرەی اقتصادی دان، پیویستی یەکانی خەڵکی کوردستانی عیراق دەکاتە بارمتەی ئەو سیاسەتەی خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەل و مەرجیکی تایبەت کە پێک هاتوە خۆی مستقیما دەست دادەتە حەرەکەتی تیروریستی لەدژی ئوپوزیسیون، ئەمە سیاسەتیکە کە دەبی پووچەل بکریتەوە.

وەلام: رەنگە بی موناسەبەت نەبی کە پیشتر ئەوە تەوزیح بدەم کە تشکیلاتی عەلەنی لە نیو ئێمە دا اصتلاحا بەو بەشە لە ئورگانەکان و ئەو لایەنانەی فەعالییەتی کۆمەڵە دەگوتری کە ئەساسەن لە کوردستانی عیڕاق جێگیر بوون لەوانە واحیدەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە و هەموو ئەو ئورگانانە کە لە خزمەت بەرەوپیش بردنی ئەم بەشەی فەعالییەتی ئێمە دان رادیوکان و...

سەبارەت بە ئیدامەکاری ئەم مەیدانەی فەعالییەتی کۆمەڵە باسیک لە دوو سەتح دا مەترەحە یەکەم، لایەنی تەشکیلاتی ئەو مەسەلانە کە لەم بابەتەوە لە گەلیان بەرەو رووین کە زەمانەتی ئیدامە کاریمان لە گرەوی چارە سەر کردنیان دایە، وە دووهەم، وەزعی سیاسی لە کوردستانی عیڕاق و شەرایتی کاری ئێمە لەم مەنتەقەیە دایە کە ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی لەسەر شیوەی فەعالییەت و تاکتیکەکان و سیاستی کونکریتی ئێمە تەئسیر دادەنی من هەول دەدەم هەرتک لایەنەکەی، تا ئەو جێگایەی لەم وت وویژەدا دەگونجی تەوزیح بدەم.

سەبارەت بە لایەنی یەکەم، مەسەلەکە ئەوەیە کە لەم سالانی دوایی‌دا بەشێکی بەر چاو لە کادرەکان و هەلسووراوانی خاوەن تەجرەبە و کار لیهاتووی تەشکیلاتی کوردستان یان چوونەتە بەشەکانی دیکەی فەعالیەتی حیزب و یان بە دەلیلی جۆراوجۆر لە ریزەکانی ئێمە چوونەتە دەر ئەمرۆکە کە پیمان ناوەتە دەورەیەکی تازە لە پەرە پیدانی فەعالیەتی کۆمەڵە و هەموو رۆژی کۆمەڵیک لە کرێکاران و زەحمەتکیشانی شۆڕشگێر بۆ پەیوەست بوون بەو بەشەلە فەعالیەتی کۆمەڵە ئامادەیی خۆیان دەردەبرن پیویستە بە رەچاو کردنی سیاسەتیکی تەشکیلاتی دیاریکراو جێگای خالی ئەو هاوریانە، لە ئورگانەکانی فەعالیەتی عەلەنی کۆمەڵە دا پر بکەینەوە هەر ئێستا هەر بە چوار مانگ جارێک دەورەیەک، ئاموزشی پیشمەرگایەتیان لە ئاموزشگای کۆمەڵە کە لە راستی‌دا دەروازەی هاتن بۆ نێو تەشکیلاتی عەلەنی ئێمەیە، تەواو دەبی بەشێک لەم پیویستیە کە باسی لێ کرا بە شێوەیەکی تەبیعی بە پشکووتن و گەشەی استعدادو توانایی‌یەکانی هەلکەوتووی ناو هەرئەو هێزە تازە انسانی‌یە تەئمین دەبی، وە ئێمە هەموو ئیمکاناتی مەوجوودی خۆمان بۆ خیراتر کردنی جەریانی پەروەردە بوونی ئەو هاوری‌یانە دەخەینەگەر.

سەبارەت بە لایەنی دووهەم گەلیک مەسەلەی سیاسی و عەمەلی هەن کەدەبی حەل و فەسل بکرین و سیاسەتی ئێمە لە حاستیان رۆشن بی لەم رابیتەیە دا راستیەک ئەوەیە کە بە شوین رووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی رابردوو دا لەم مەنتەقەیە، شەرایتی کاری ئێمەش بە دەرەجەیەک ئال وگۆڕی تیدا پیک هاتوە چەند فاکتوریکی سیاسی و عەمەلی تازە پیک هاتوون کە پیویستە بۆ تەنزیم کردنی پەیوەندیەکانی خۆمان لەگەل هیزەکانی مەوجود و هەڵسووراوی ئەو مەنتەقەیە لەبەر چاویان بگرین تا ئەو جێگایەی کە هەڵدەگەریتەوە سەر پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێڕاق مەسەلەیەکی قەدیمی‌یە و سیاسەتی ئێمەش لەم بابەتەوە جی‌کەوتووە رۆشنە بە تەوافقیک کە کۆمەڵە لە ساڵانی رابردوو دا لەگەڵ دەوڵەتی عێڕاق کردوویەتی، ئیمکانی ئەوەی پەیدا کردوە کە کۆمەڵیک لەئورگانەکانی و چەند بەشیک لە فەعالییەتەکانی پشتی جەبهەی خۆی لەخاکی کوردستانی عێڕاق دا دابمەزرینی و لە تەسهیلاتیکی دیاری کراویش لەو بارەیەوە کەڵک وەر بگری وجوودی ئەو پەیوەندی یە لە نەزەر ئێمەوە قەت، دیپلوماسی‌یەکی نهێنی نەبووە بەڵکوو رابتەیەک بووە ئاشکرا و دارێژراو لە چوارچیوەیەکی دیاریکراودا بونی ئەم پەیوەندی‌یە بە هیچ جۆر کاری نەکردوەتە سەر هەلویستەکانی ئوسوولی سیاسی ئێمە لە حاست مەسەلە گرینگەکانی ئەو مەنتەقەیە بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر وەکوو گەلیک جاری تریش گوتوومانە، بوونی ئەو رابیتەیە تاسیری هەبووە لەسەر چونیەتی و رادەی تەبلیغاتی ئێمە لەسەر هەر ئەو مەسەلانە کە ئیشارەم پی کردن بۆ ئێمە تەوافوقاتی داهاتووی احتمالی لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و عێڕاقیشدا کە مەحدوودیەتی دیاری کراو بۆ فەعالیەتی ئێمە و هەموو ئوپوزسیونی ئێرانی پیک بینی قابیلی دەرکە کە وایە کاتێک باسی ئیدامە کاری تەشکیلاتی عەلەنی دەکری، ئەوە فاکتوریکە کە پیویستە لەبەر چاو بگیری.

بەڵام لە حاڵی حازردا شەرایتیک لە کوردستانی عێڕاق پیک هاتوە کە ناچارمان دەکات کە فاکتوری دیکەش لە دیاری کردنی سیاسەتە عەمەلی‌یەکانی خۆمان لەم مەنتەقەیە دا حیساب بکەین لەوانە ئێمە دەبی پەیوەندی‌یەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو هیزانەش کە کۆنترولی عەمەلی مەنتەقەیان بە دەستەوەیە تەنزیم بکەین.

ئەمرۆ لە کوردستانی عێڕاق فاکتوریکی دیکەش هاتوتە کایەوە ئەویش ئەوەیە کە، جمهووری ئیسلامی لە لایەکەوە هیزەکانی ناو بەرەی کوردستانی عێڕاق دەخاتە ژیر فشارەوە بۆ ئەوەی هەلسووراانی هیزەکانی ئوپوزسیونی ئێران لە کوردستانی عێڕاق مەحدوود بکەنەوە و لەشەرایتیک دا کە کوردستان و هەموو عێڕاق لە ژیر باری محاصرەی اقتصادی دان، پیویستی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی عێڕاق دەکاتە بارمتەی ئەو سیاسەتەی خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەل و مەرجیکی ایبەت کە پیکهاتوە خۆی مستقیماً دەست دەداتە حەرەکەتی تیروریستی لە دژی ئوپوزسیون ئەمە سیاسەتیکە کە دەبی پووچەل بکریتەوە و بەم مەنزوورە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە کۆمەڵیک ئیقداماتی عەمەلی خستوەتە دەستوری کاری خۆیەوە.

کومەلە لە حاست ویست و داخوازیەکانی حەق خوازانەی خەڵکی کوردستانی عیراق، لە حاست مەسەلەی بەری چوون و مەعیشەتیان، سیاسەتیکی بە بروای من مەسئوولانەی هەیە و فەعالییەتەکانی خوی لەم مەنتەقەیە بەلەبەر چاوگرتنی هەمووئەو بەرژەوەند و مەسلەحەتانەی کە باسم کردن دەباتە پیش.

بی شک پیشرەفتی بزووتنەوەی کریکاری دەبیتە هوی پیک هاتنی شکل و شیوەی ئاگاهانەتر لە ریکخستنی کریکاراندا، وە لە هەمان کاتدا گەرایشاتی سیاسی جوراوجور لە نیویدا سەرهەلدەدا و کومەلە ئەو زەرفییەت و ئیمکانە کومەلایەتی وسیاسی‌یەی هەیە کە ئاسوی سوسیالیزم و انقلابی کریکاری بکاتە گەرایشی مسلتی نیو ئەو بزووتنەوە واقیعی‌یە.

به کۆرتی پیویسته ئەوه بلیم که کۆمەڵه له حاست ویست و داخوایەکانی حەق خوازانەی خەڵکی کوردستانی عێراق، له حاست ئەمنییەتیان، وه له حاست مەسەلەی بەری چوون و مەعیشەتیان، سیاسەتیکی بە بروای من مەسئولانەی هەیە و فەعالیەتەکانی خۆی لەم مەنتەقەیە بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەو بەرژەوەندی و مەسلەحەتانەی که باسم کردن دەباته پێش.

پرسیاری هەشتەم: ئاخرین پرسیارمان ئەگەر چی مستقیماً بە باسەکانی کۆنگرە مەربووت نیە بەڵام باسکردنی لەم فورسەتەدا

لە شەرایتیك دا کە پەرەگرتنی بزووتنەوەی جەماوەری بو رووخاندنی جمهوری ئیسلامی احتمالیکی واقیعییە، ئاڵامادەیی کریکارن لە زەمینەی مەحکەم کردنی بناغەکانی مبارزەی مستقلی خویاندان زیانی قورس و غەیرە قابیلی جوبران لە بزووتنەوەی سوسیالیستی و زدی سەرمایەداری چینی کریکار دەدا.

بە پێویست دەزانین ئەوەیە کە ئەوڵەوییەتەکان و گرینگترین مەسایلی عەمەلی کە بە شوین کۆنگرەدا لە دەستووری کاری رابەری کۆمەڵە دان کامانەن؟

وەڵام: ئیجازە بدەن پیش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی موشەخەس بە پرسیارەکەی ئێوە، ئیشارە بە چەند خاڵی عەمومی تر بکەم.

لیستیکی تولانی لە وەزایفی عەمەلی لە بەرانبەر ئێمە دان کە بەرەو پیش بردنیان احتیاجی بە تیکۆشانی بی وەقفە و پەیگیرانەی نەك تەنیارەهبەری کۆمەڵە بەڵکوو هەموو ئەو ئینسانە تیکۆشەرانەیە کە دەیانەوی ژیانی مبارزاتی خۆیان گری بدەن لە جەریانی ئێمە بە گشتی و لە سوننەتی خەباتی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە کوردستان بە تایبەت ئێمە گەڵیك هیوا و ئومیدمان بۆ داهاتووی کاری خۆمان هەیە و بۆ وەدی هینانیشیان پشت بە هێزی کۆمەڵایەتی واقیعی و بەو ئینسانانە دەبەستین کە مصمم و پر کار و شۆڕشگێڕی سوسیالیستن.

کۆمەڵە لە فاسلەی نێوان دوو کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم دا چوار ساڵی سەخت و دژواری تیپەر کرد ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکان و هاوریانی تیکۆشەری ئێمە لە بۆمبارانەکان، لە شەر لەگەڵ جمهووری ئیسلامی، لە زیندانەکان و شکەنجەخانەکان، هەر لەم دەورە چوار ساڵەیەدا گیانی خۆیان لە دەست دا ئالوزیەکان و بە خۆوە مەشغوول بوون لە چوار چیوەی تەشکیلاتی دا بەشیك لەو کادرانەی کە لە راستیدا سەرمایەی ئینسانی کۆمۆنیزم لە کوردستان بوون هیدایەتی کاری عەلەنی و قانوونیدا ئاشنا بن بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکار لە رەوتی پیشرەفتی خۆیدا زەمینە و ئیمکانی پیك هاتنی تشکل و ریکخراوەی جەماوەری کرێکاری پیك دینی، زەرفییەت و توانایی سیاسی و عەمەلی کادرەکان و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی کرێکاری لەم زەمینەیە دا ارتقا دەدا و پەیوەندی سازمانی کۆمۆنیستی لەگەڵ چینی کرێکار مەحکەم دەکا لە شەرایتیك دا کە پەرە گرتنی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ رووخاندنی جمهووری ئیسلامی احتمالیکی واقیعییە، نا ئامادەیی کرێکاران لە زەمینەی مەحکەم کردنی بناغەکانی مبارزەی مستقلی خۆیاندا، زیانی قورس و غەیرە قابیلی جوبران لە بزووتنەوەی سوسیالیستی و زدی سەرمایەداری چینی کرێکار دەدا.

توانایی رەزمی هێزی چەکداری کۆمەڵەش هەم لە باری ژمارەوە و هەم لە باری کەیفییەتەوە دەبی زیاتر بکری و بەم منزورە اولا زەرفییەتی ئاموزشگای پیشمەرگایەتی کۆمەڵە بۆ وەرگرتنی پیشمەرگەی تازە زیاد بکری و سانیا بردنە سەری دەرجەی ئامادەیی و ئاموزش و تەجرەبە وەرگرتنی واحیدەکان دوای تەواو بوونی دەورەی ئامووزشیش دریژەی پی بدری و بەرنامە و تەمریناتی تایبەت بەم منزورە بکەویتە دەستوورەوەسیاسەتیکی روشن و بەرنامە بۆ داریژراو بەسەر کۆللی فەعالییەتی دەورەیی ئەم هیزەدا نازر بی.

پێویستە بەرنامەیەکی تەبلیغی موسر لە پەیوەند لەگەڵ مبارزاتی ئیعتیرازی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان، بکەویتە دەستوورەوە لە حەقانییەتی داخوازەکانی حەق خوازانەی خەڵك لە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی دا دیفاع بکری کوللی فەعالییەتی تەبلیغی و ئاژیتاسیونی ئێمە لەم زەمینەیە دا دەتوانی لەسەر ئەساسی بەیاننامەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان هاو ئاهەنگ بکری.

فەعالییەتی تا ئێستا ئێمە بۆ بە دەستەوە دانی تەرح و ریگا چارەی عەمەلی موشتەرەك لە زەمینەی کۆتایی پی هێنانی ستەمی میللی لە کوردستان لەگەڵ حیزبی دیموکرات و حیزبی دیموکرات- ریبەرایەتی شۆڕشگیر هەتا گەیشتن بە نەتیجەی عەمەلی موشەخەس دریژەی پی بدری تەرحی مەسەلەکە و سیاسەتەکانی ئێمە لەم زەمینەیەدا لە رادیو و نەشرییەکانمانەوە خەڵکی کوردستانی لی ئاگادار بکری فەعالییەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات لە زەمینەی نا ساندنی سیاسەت و جیهەت گیریەکانی کۆمەڵە لە مەسەلە جۆرا و جۆرەکانی مەربووت بە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستان دا، پەرەی پی بدری.

بۆ بردنە سەری دەرجەی ئەمنییەتی تەشکیلات بەرانبەر بە پیلانەکانی جمهووری ئیسلامی بە تایبەت لە کوردستانی عێراق ئیقداماتی بەرنامە دار و جیددی بخریتە دەستوور و هوشیاری گشتی لەم زەمینەیەدا پەرەی پی بدری.

لەم دەورەیەدا دەبی هەموو هەول و تیکوشانمان رووبکاتە عەمەلی کردنی ئەو تعهدە سیاسی و کومەلایەتی یانەی کە بە هەمووانمان راگەیاندوە. ئەمرو بو ئیمە کاملا روشن بووەتەوە کە چەسپاندنی ئاسویەکی سوسیالیستی کریکاری وەك بەدیلیکی واقیعی لە کیشمەکیشەکانی سیاسی و چینایەتی ئەم مەنتەقەیەدا خۆی مەوزووعی خەباتی کومەلایەتی لە جامعەی چینایەتی کوردستاندایە. بە بی بەشداری کردن لەم کیشە سیاسییەدا وە هەر لەم مقیاسەدا، سازمانی کۆمۆنیستی ناتوانی توزو خەوشی ورده بورژوازی و غەیرە کریکاری لە خۆی بسریتەوە.

خستە حاشیەوە هەموو ئەمانەش لە جەرگەی مەنتەقەیەکی بوحرانی دا رووی‌دا کە شەر و گەلیك مەینەت و کارە ساتی دلتەزینی ئینسانی بالی بەسەر دا کیشا بوو کۆنگرەی حەوتەم لانی کەم بە مەعنا تەشکیلاتی یەکەی، بۆ ئێمە کۆتایی دەورەیەك و هەنگاو نان بۆ نێو دەورەیەکی تازەیە دەورەیەك کە تێیدا لە کیشە و مەشغەلەی ناو خۆیی دوور دەکەویتەوە و تعقل و هێزی جەمعی خۆمان بۆ ریگا کردنەوە بەرەو ئاسو و داهاتووی رۆشن لە کیشمە کیشەکانی نێو کۆمەڵدا بە کار دینین دەورەیەك کە تێیدا دەبی هەموو هەول و تیکۆشانمان روو بکاتە عەمەلی کردنی ئەو تعهدە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یانە کە بە هەموانمان راگەیاندوە ئەمرۆ بۆ ئێمە کاملا رۆشن بووەتەوە کە چەسپاندنی ئاسویەکی سوسیالیستی کرێکاری وەك بەدیلیکی واقیعی لە کیشمە کیشەکانی سیاسی و چینایەتی ئەم مەنتەقەیەدا خۆی مەوزووعی خەباتی کۆمەلایەنی لە جامعەی چینایەتی کوردستان دایە بە بی بەشداری کردن لەم کیشە سیاسی‌یەدا وە هەر لەم مقیاسەدا، سازمانی کۆمۆنیستی ناتوانی توز و خەوشی ورده بورژوایی و غەیرە کرێکاری لە خۆی بسریتەوە.

دەگەریمەوە سەر پرسیارەکەی ئیوە لە بابەت ئەوڵەوییەتەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا فەراهەم کردنی

پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی 31ی خورداد رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

کرێکاران، زەحمەتکیشان، خەڵکی تیکۆشەری کوردستان!

31ی خوردادی رۆژی پیشمەرگەی کۆمەڵە، رۆژی ریز گرتن لە تیکۆشانی چەکدارانەی کرێکارانی وشیاری کوردستانە.

لەم رۆژەدا، ریز دەگرین لە یادی ئەو ئازیزانە کە بە عیشق بە ئازادی و سوسیالیزمەوە هاتنە نێو ریزەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە و لەو پەری ئیمان وفیداکاری‌دا گیانی خۆیان خستە پیناو ئامانجەکانیان، وە بە تایبەت ریز دەگرین لە یادی هاوری سەعید موعینی یەکەمین پیشمەرگەی شەهیدی کۆمەڵە و رەمزی موقاوەمەت لە زیندانەکانی رژیمی شادا.

هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، ئاشنای نزیکی چەندین ساڵەی خۆتانە پشتیوانی ئەم هیزە، ئیوە خۆتان بوون و ئێستاش هەر خۆتانن پیشمەرگەی کۆمەڵە لە ئامیزی فیداکاری و خوشەویستی‌ی ئیوەدا پەروەردە بووە و ، بەردی بناغەی مەوجوودییەت و هەر پیشرەوەی و سەرکەوتنیکی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستاندا، بە دەستی ئیوە کرێکاران و زەحمەتکیشانی شۆڕشگێڕ دانراوە.

پێشمەرگەی کۆمەڵە ژیان و خەباتی خۆی، تیکەلاوی ژیان و خەباتی ئیوە کردوە پشتیوانی بی دریغی ئێوە، توانایی بە خەباتی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەخشیوە و دەیبەخشی ئێمە لە حاست ئەو هەموو قیداکاری و لە خۆ بوردوویی‌یەی ئێوە کۆمەڵی شەرافەتمەند و شۆڕشگیر سەری ریز دادەنەوینین بۆ ئێمە رۆژی 31ی خورداد، رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، فورسەتیکە بۆ تەئکیدی سەر لە نوی لە سەر ئەم پەیوەندە چینایەتی و شۆڕشگیرانەیە وە راگەیاندنی تعهد و پایبەندی بە تەقویەت و پەرە پیدانی ئەو پەیوەندە.

- دیفاع لە بزوونەوەی کرێکاری و یارمەتی دان بە تەقویەت و گەشە کردن و پەرە گرتنی ئەو بزووتنەوەیە.
- دیفاع لە داخوازەکان و خەباتی جووتیارانی دەستەنگ.
- دیفاع لە بەرژەوەند و مەسلەحەتی زەحمەتکیشان بەرانبەر بە هەر چەشنە فشار و ملهوریەك لە کوردستان.
- دیفاع لە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و مافە دیموکراتیك و سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش لە کوردستان.
- دیفاع لە مافەکانی ژنان و هەوڵدان بۆ وەدی هێنانی بەرابەری کاملی ژن و پیاو.
- خەبات لە دژی کۆنەپەرستی و جەهل و خورافە و نەزانی.

خەباتی چەکدارانە بەم ئامانج و سیاسەتانەوە، تعلقی بە دەورەیەك لە خەبات و بزووتنەوەی کوردستان هەیە کە تێیدا ریکخراوی کۆمۆنیستی و ئەنترناسیونالیست بۆ وەلامدانەوە بە پیویستی‌یەکانی خەباتی شۆڕشگیرانە و چینایەتی ئەم جامیعەیە سەری هەڵداوە هەول و تیکۆشانی هەدەفمەند و چەندین ساڵەی پیشمەرگەی کۆمەڵە، ریگای بۆ رەواجی بیری سوسیالیستی و پەرە گرتنی بیری ئازادی و بەرابەری ئینسانەکان خۆش کردوە.

هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، دەسکەوتی بە نرخی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستانە و هەر ئەم دەسکەوتەش خۆی یەکیك لە وەسیلەکانی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە ئال وگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکیشان پیك دینی .

ئێستا لە هەل ومەرجیك دا رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەریز دەگرین کە شاهیدی شەپولی روو لە پەرەگرتنی ئیعتیرازاتی جەماوەری لە زۆر شاری ئێرانین نارەزایەتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك لە رژیمیك کە بیجگە لەهەژاری زیاترو برسیەتی هەموو رژە و بی مافی، هیچی بۆ ئەم خەڵکە نە هێناوە، بۆەتە هۆی ئەم حەرەکەتە حەقخوازانەیە خەباتی ئیعتیرازاتی لە گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکان و لە نێو کرێکاران و زەحمەتکیشانەوە سەری هەڵداوە کرێکاران و زەحمەتکیشانی پیشرەو، ئالا هەڵگری ئەم خەباتەن و هەر ئەمەش نیگەرانی رژیمی زیاتر لە جاران پەرە پیداوە بەم دەلیلە رژیم بە وەحشیانەترین شیوە بۆ سەرکوت کردنی ئەم ئیعتیرازانە دەست بە کار بووە ئەم خەباتە حەقخوازانەیە دەبی لە هەموو لایەن و بابەتیکەوە تەقویەت بکری وپەرە پی بدری، ئێمە لەو رۆژەدا لاوانی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێش بانگەواز دەکەین بە شیوەیەکی هەرچی بەرینتر بە رێزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بن و لەم رێگایەوە یاریدەی ئەو هێزە بدەن هەتا ئەرکەکانی خۆی بۆ تەداریکی پێشرەوی و سەرکەوتنەکانی گەورەی سبەینی بەرەو پێش بەری.

پێشمەرگە خۆشەویستەکانی کۆمەڵە!

31ی خوردادتان لێ پیرۆز بی خەباتی شۆڕشگێڕانەی رێزەکانی ئێوە لە 13 ساڵی رابوردوو دا لە تاریخ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و لە تاریخی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دا گەلیك دەسکەوتی لە جامعەی کوردستاندا وە دەست هێناوە کە هیچ هیزیك توانای ئەستاندنەیانی نیە بەڵام هەر هەنگاویکی پێشرەوی هەتا ئێستای ئێوە حاسڵی پشت بەستن بە هێزی روو لە گەشە و پیشرەوی ئەم جامعەیە، یانی چینی کرێکار، وە پشت بەستن بە پراتیکی کۆمۆنیستی‌یە.

بیگۆمان پیشرەوی‌یەکانی دواتریش تەنیا لە گرەوی درێژە پیدانی ئەم ریبازە و هەرچی پتەو تر و رۆشنتر کردنی ئەم ریبازە دایە .

ئێوە بوونەتە جێگای ئومید و متمانە و باوەری کۆمەڵانی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو تیکۆشەرانی رێگای ئازادی و سوسیالیزم و هەموو خەباتکارانی رێگای وە دەست هێنانی مافێ دیاری کردنی چارە نووس بۆ گەلی زۆرلیکراوی کورد هەر ئەمەش زیاتر لە هەر زەمانیکی تر دەرکی مەسئوولییەتی میژوویی‌تان و بەرە و پیش بردنی سەرکەوتوانەی ئەرکی شۆڕشگیرانەتان لی دەخوازی.

بەریز بی رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە!

بژی هێزی پێشمەرگە کۆمەڵە!

پاشماوەی
راگەیاندنی کۆتایی پلینومی بیست و دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

- تەقویەت و بردنە سەری ئاستی کاری رادیوی دەنگی حیزبی کۆمۆنیست،
- بنەماکان و شیوەی فەعالییەتی حیزب لە دەرەوەی ولات و ریکخستنی پیویست لەم بابەتەوە،
- ئیدامە کاری تەقویەتی تیکۆشانی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە،
- ریکخستن و کار دابەشکردنی ناو خۆ و سەرخەتی ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب،
- چەند مەسەلەی متفرقە،

کۆمیتەی ناوەندی پاش لیکولینەوەی هەر کام لەو خالانە و ئەو تەرحانەی لەم بابەتەوە ئامادە کرابوون، بە پەسند کردنی قەرار و گەلالەی تایبەت بۆ هەرکامیان، بریاری پیویستی لەسەر دەرکردن.

پلینومی کۆمیتەی ناوەندی هاوری عبدالله مهتدی وەك دەبیر کۆمیتەکە هەڵبژارد.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست دوای چوار رۆژ کار و لیکولینەوە، بیست و دووهەمین پلینومی خۆی کۆتایی پی هێنا.

ئیعترازاتی جەماوەری لە شارەکان ئاخیزیك بەرەو پێك هێنانی ئال وگۆر

وت ووێژ لەگەڵ هاوری محمد امین ی حسامی

بە شوین حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە شارەکانی ئێران، هاوری محمد امین ی حسامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە وت ووێژێك دا لەگەڵ دەنگی شۆڕشی ئێران، لە بابەت چونیەتی سەرهەڵدانی ئەو ئیعتیرازانە و تەقالاکانی جمهووری ئیسلامی و هەروەها داهاتووی ئەو حەرەکەتە ئیعتیرازییانە قسەی کرد ئەوەی لیرەدا دەی خوێنینەوە چەند بەش لەو وت ووێژەیە.

پرسیاری یەکەم، لەم رۆژانە دا شەپولیك لە ئیعتیراز و نارەزایەتی لە شارەکانی ئێران بەرانبەر بە رژیم دەستی پێکردوە سەرچاوەی ئەم ئیعتیرازاتە لە چی دا دەبێنن؟

وەڵام: هەر وەك ئاگادارن دەربرینی نارەزایەتی و ئیعتیراز بەرانبەر بە رژیم لە یەك دوو مانگی رابوردوودا زیادی کردوە هەر رۆژە لە شاریك دەنگی نارەزایەتی بەرز دەبێتەوە رژیم بە هەموو توانایەوە و دەیەوی پیش بە بڵاو بوونەوەی خەبەرەکان بگری بەڵام سەرەرای ئەوەش بە دەلیلی بەرینایی ئیعتیرازەکە، نەیانتوانیوە و ناچار بوون هەر کامەیان بە جیاواز قسەی لەسەر بکەن و دژایەتی و نێگەرانی خۆیان بەرانبەر بەو ئیعتیرازاتە بخەنە روونزیك چوار ساڵ لە تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق و لە راگەیاندنی بەرنامەی پینج ساڵەی اقتصادی ئاغای رفسنجانی تیپەڕیوە بەڵام هیچ ئال و گۆرێك بەرەو باشتبوونی ژیانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش رووی نەداوە لە راستیدا سیاسەتی اقتصادی رفسنجانی ئەوەندەی ترتەنگی بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەڵچنیوە.

ئەگەر چاویك لە کارنامەی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتە اقتصادییەکانی رژیم لە ماوەی حاکمییەتی دا بکەین دەبینین کە بە درێژایی سیزدە ساڵی رابوردوو هیچ بەرنامەیەکی بۆ چارە سەر کردنی موشکلاتی ژیانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و بۆ دابین کردنی گوزەرانی ئەوان نە بووە سیاسەتی اقتصادی رژیم بەردەوام ریازەت کیشی و قەناعەتی تەبلیغ کردوە و بەرەوەی بردوە هەمیشە بە کۆمەڵانی چەوەساوە و مەحرووميان وتوە قەناعەت پیشەکەن و نموونەیان لە ئیمامی حازر و ئیمامانی پیشوو بۆ هەژاری و نەداری لە قەراغ شارەکان سەرپەنایەکیان ساز کردوە هەر جارە بە بیانوویەك دەکەونە بەر هێرشی مەئووارانی رژیم لە چەند ساڵی رابردوودا گەلێك جار شاهیدی بەربەرەکانیەی خەڵکی گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان لەگەڵ مەئموورانی رژیم بووین ئەم گەرەکانە لە هیچ ئیمکاناتیك بەهرەمەندنین و بە تایبەت وەزعی بیهداشتیان زۆر خراپە هەشت ساڵ شەری کۆنەپەرستانە و مالویرانکەرانەی ئێران و عێراق خەڵکی تووشی ئاوارەیی و مالویرانی و فەقرو فەلاکەتیکی بێوینە کرد بە شیعار"جنگ، جنگ تا پیرۆزی" و" هەموو شتیك بۆ جەبهە" و"هەموو کەسێك لە خزمەت جەبهەدا" گوزەران و بەرێچوونیان بۆ کۆمەڵانی مەحروم و چەوساوەی ئێران نەهێشتەوە و هەموو سەروەت و ئیمکاناتی ولاتیان سەرفی دا بین کردنی هەزینەی شەر کرد ئێستاش کە ئەو شەرە تەواو بووە، کرینی چەکی جۆرا وجۆر و خۆ تەیار کردنی رژیم بەشێکی زۆر لە دەرامەدی ئێرانی بۆ تەرخان کراوە بەشەکەی‌تری دەرامەدی ئێران دەکریتە خەرجی دەزگاکانی جاسووسی و تروریستی و پەرە پیدانی هێزە نیزامییەکان و تەقویەتی جەریاناتی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە لوبنان و ئەفغانستان و لە منتقە.

خەڵکی مەحروم و زۆرلیکراو کە وەزعەکە بەم جۆرە دەبێنن و تەماشا دەکەن چوار ساڵ دوای تەواو بوونی شەریش هیچ وەعدە و بەلینیکی رژیم بۆ چارە سەر کردنی گیروگرفتەکان و موشکلاتی ژیانیان وەدی نەهاتوە، ئێتر لە رژیم نا ئومید بوون و لە راستیدا غەیری ئیعتیراز بە وەزعی مەوجوود و راپەرین لە دژی ئەو وەزعی مەینەت بارە، هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە.

هەروها کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئازادیان دەوی خەفەقانی پولیسی بێوینە لە ئێران حاکمە وەحشیانە ترین شیوەی سەرکوت و شکەنجە لە زیندانەکانی ئێران بەریوە دەچی هەموو ئینسانە شۆڕشگێرەکان لە جامعەی ئێراندا بەردەوام خەتەری گرتن و ئەزیەت و ئازار و زیندان و ئیعدام هەرەشەیان لیدەکا سەرتایی‌ترین ماف و ئازادی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش پی شیل دەکری ئازادی سیاسی، ئازادی بەیان، ئازادی تشکل و حەقی اعتصاب و دەیان حەقی دیموکراتیکی دیکە بووەتە ئارەزووی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئازادی خواز و ستەمدیدەی ئێران ژن وەکوو کۆیلە و بەردە چاوی لیدەکری مەزهەب و کۆنەپەرستی بەسەر هەموو گۆشەیەکی ژیانی ئینسانەکاندا حاکم کراوە هەموو ئەوانە وەزعی سەخت و فەلاکەتباری بەرێچوونیشی لەسەر بی، دەردەکەوی کە چۆن ئەو خەڵکە لە دەست دام و دەزگای جمهووری ئیسلامی وەتەنگ هاتوون.

پرسیار: رژیم چ ریگا چارەیەکی بۆ کۆنترول یان سووك کردنەوەی باری ئەو بوحرانە کە تێیدایە، رەچاو کردوە؟

وەڵام: جیناحی رفسنجانی لەم بارەوە زۆرترین هومیدی خۆی بە سەرمایەگوزاری ولاتانی غەربی لە ئێران، بەستوە ئەو جیناحە کە لیرەو لەوی بە نێوی جیناحی "میانەرەو" ناسراوە هەرچی زیاتر هەولیداوە بۆ ئەوەی مەیدانی سەرمایەگوزاری بۆ سەرمایەدارانی دەرەوە خۆش بکا هەر لەبەر ئەوەش، هەر چەند جمهووری ئیسلامی رژیمیکی "متلوب" بۆ ئەمپریالیستەکانی غەرب نەبووە، بەڵام هیچ کات غەرب هیوا و ئومیدی خۆی بە یەك لایی بوونەوەی دەسەلاتی دەوڵەت لە دەست رفسنجانی دا و ئینجا پیك هاتنی پەیوەندیکی اقتصادی لەگەڵی و فەراهەم کردنی زەمینەی سەرمایەگوزاری لە ئێران لە دەست نەداوە لەو بابەتەوە کارشناسانی اقتصادی ولاتانی غەرب بۆ پێك هێنانی ئەو پەیوەندییە هەمیشە تەرح و پروتوکولی دیاریکراویان بووە. ئێران ولاتیکە کە لە لایەکەوە لەسەر دەریای سەرچاوە نەوتییەکان دانیشتوە و گەلیك سەرچاوەی تەبیعی و ژیر زەمینی دیکەشی هیە و لە لایەکی تریشەوە هێزی کاری زۆر هەزارن دەتوانی بنیتە بەر دەست سەرمایە گوزاران و بۆ سوود بەخشی و کەلەکە کردنی سەرمایە ئەرگەر تا ئێستا پەیوەندی اقتصادی گرینگ و بەرچاو، لە لایەن ولاتانی غەربەوە لەگەڵ ئێران بەر قەرا نەبووە بە دەلیلی ئەوە بووە کە ئەم رژیمە لە نەزەر ئەوانەوە سبات و سەقامیکی ئەو توی نەبوو کەسانێك لە دەسەلاتی سیاسی ئێراندا بەشدار و شەریك بوون کە لایەنگری سەرمایەداری دەوڵەتی بوون دیارە جیناحی رفسنجانی هەمیشە لایەنگری سیستمی سەرمایەداری خصوصی بووە هەر بەو دەلیلەش لە دریژایی چەند ساڵی رابوردوودا هەمیشە لە لایەن غەربەوە رفسنجانی وەك مۆرەیەکی "معتدل" و"میانەرەو" و وەك "سیاسەتمەداریکی واقیع بین" لە دەزگای فیکری ئەواندا لەسەری حیساب کراوە.

ولاتانی ئوروپایی و ژاپون هەر بە پێش بینی ئەوە کە خەریکی قودرەت لە دەست جیناحی رفسنجانی‌دا کودەبێتەوە پێش هەڵبژاردنی دەورەی چوارەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، بۆ بەستنی قەرار دادی اقتصادی لەگەڵ ئێران، ئامادەیی خۆیان راگەیاند.

ئەو جیناحە کە بە "تووندرەو"ەکانی ناو جمهووری ئیسلامی یان جیناحی لایەنگری سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئێران ناسراون، هەر چەند لە سەرەتای هاتنە سەر کاری رژیم دا دەسەلاتیکی زۆریان هەبوو، بەڵام ساڵ بە ساڵ قودرەت و دەسەلاتیان کەم بووەتەوە و بەرە بەرە لە ئورگانە سەرەکی‌یەکانی تەسمیم گرتنی رژیم وەلانراون انتخاباتی دەورەی چوارەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئاخرین سەنگەری لە دەست جیناحی رەفسنجانی‌یەوە ئەو ئاسویەی بۆ سەرمایەداران و شیرکەتە خارجی‌یەکان روونتر نیشان دەدا و حیسابی ئەوەیان دەکرد کە ئێتر مەجلسیش مانعیك نێە لەسەر ریگای بەستنی قەراردادە اقتصادی‌یەکان بەڵام حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی ئەم دوایی‌یە نیشانی دان کە رژیم هیندەش جێگای پێی مەحکەم نێە.

پرسیار: هاوری محمد امین! رەوتی داهاتووی بزووتنەوەی ئیعتیرازی ئەم دەورەیە چون دەبینی و ئەو شیعار و داخوازیانەی کە لە هەڵ ومەرجی ئێستا دا ئیمکانی پەرەگرتنی ئەو مبارزەیە فەراهەم دەکەن کامانەن؟

وەڵام: من لام وایە ئیعتیرازاتی ئەم دوایی‌یەی شارەکانی ئێران نیشاندەری دەست پیکردن وسەرەتای دەورەیەکی تازەیە لە هەڵچوونی خەباتی کرێکار و زەحمەتکێش، چونیەتی دەست پیکردنی ئیعتیرازاتەکە و تەنانەت شوینی هەڵقولانی ئیعتیرازاتەکە، نیشانەکانی چینایەتی بوونی ئەو ئیعتیرازە دەردەخەن مانگرتنی کرێکارانی نەوتی ئێران لە زستانی رابوردوودا دەتوانین وەك سەرەتای دەربرینی شەپولی نارەزایەتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لەم دەورەیە دا بە حیساب بێنین دەربرینی ئیعتیراز و نارەزایەتی بەرانبەر بە وەزعی مەجوود، مەترەح کردنی ئەم داخوازە ریفاهی‌یانە کە راستەخۆ پەیوەندیان بە تەئمینی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکیشان هەیە، لە ساڵانی رابوردووش دا کەم تا زۆر لە جەرەیان دا بووە فەرقیك کە ئێستا بەر چاو دەکەوی ئەوەیە کە ئێستا هەر رۆژە لە شاریك ئەو ئیعتیرازانە روو دەدا و بە رادەیەکی بەرچاو روو لە پەرەگرتنە لە ماوەی کەمتر لە مانگیك دا لە چەندین شاری گەورە و چکولەی ئێران ئیعتیرازاتیکی بەرین رووی داوە و لە هەموو پەلامار براوەتە سەر ئیدارات و شوینە دەوڵەتی‌یەکان و خەڵك لەگەڵ مەئموورینی رژیم تیك هەڵچوون ئەوە رەوتیکی تازەیە لە وەزعییەتی سیاسی ئێراندا و نیشاندەری چوونە سەری وەری خەباتکارانەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشە زەمینەی پەرەگرتنی ئەو ئیعتیرازانە مەوجوودە بە دەلیلی ئەوەی نارەزایەتی خەڵك لە سیاسەتەکانی رژیم و کار بەدەستەکانی گەیشتوەتە ئەوپەری خۆی چونکە فەساد و رشوە خۆری و بەرتیل ئەستاندن سەر تا پێی ئورگانەکانی رژیمی داگرتوە هەر لە دەفتەری رەئیس جمهوورەوە بگرە هەتا خوارترین پلەی ئیداری رژیم، چونکە بەرێچوونی خەڵك لە هەموو بابەتیکەوە کەوتوەتە مەترسی و سەرجەم وەزعیکی نا خۆش خولقاوە بۆ خەڵك ئەم وەزعە بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و دەس تەنگ غەیری قابیلی تەحەمولە خەڵك خەریکن لە جیاتی قەبوولی مەرگی تەدریجی و مەینەتی هەموو رۆژە،

یادداشتی سیاسی

دانیشتوانی جمهووری بۆسنی قوربانیانی کیشەی قەومی و دەخالەتی نیزامی

مەیدانیکی دیکە هەڵدەبژێرن و بۆ چارە سەر کردنی وەزعی ژیانیان رژاونەتە خیابان ئەو حەرەکەتە رژیمی زۆر نێگەران کردوە هەر بۆیە هەموو سەرانی رژیم بە نورە هەرەشە لە خەڵك دەکەن و بە ئاشکرا فەرمانی قەتلی عامی خەڵك دەدەن خامنەیی بەو خەڵکە موعتەریزە دەڵێ:"ئەوانە بژارن دەبێ دەرەوکرین" هەرەشە و بریاری کوشتار ئاشکراو رۆشنە ئەم خەڵکە وەگیان هاتوە بە "ارازل و اوباش" ناو دەبەن مەعلووم نێە چون جەمعیك"چەقو کێش" توانیان شاریك بخەنە حەرەکەت و دەیان شوینی دەوڵەتی ئاگر تی بەردەن ئەویش لە شاریك کە بە هەزاران هیزی چەکداری رژیمی تیدایە چارەنووسی ئەو خەباتە بە بروای من پێش هەموو شتیك لە گرەوی پەرە گرتن و سەراسەری بوونەوەی دایە پیشتر وتم زەمینە بۆ پەرەگرتنی ئەم ئیعتیرازانە موساعید و لە بارە ئەگەر رابەرانی ئەو ئیعتیرازاتە لە شوینی خۆیان بە وریایی و وردبینیەوە ئەو ئیعتیرازاتە هیدایەت بکەن زەمینەی پیشرەوی‌یەکان فەراهەم دەبی و بەرە بەرە کۆنترولی وەزعییەت لە دەست رژیم و هیزە سەرکوتگەرەکانی دەردەچی و رەوتیکی تازە تر دەست پیدەکا بۆ ئەوە پیویستە ئاست و زەرفییەتی خەباتەکە بناسین و لەبەر چاوی بگرین لەو حالەتەدا جیگای داخوازەکان و شیعارەکان واقیعی تر دیاری دەکرین کەوابوو هیچ بە دوور نیە ئەو ئیعتیرازاتە لە دریژە و ئیدامەی خۆیدا بەرەو اعتلاو بەرە و خوروشان بۆ بەر پا کردنی راپەرینیکی تر بچی رژیم بە هەموو توانایەوە بۆ سەرکوتی ئەو ئیعتیرازاتە هاتوەتە مەیدان و ئەوەی بە ئاشکرا راگەیاندوە چونکە مەرگی خۆی لە پەرەسەندن و سەراسەری بوونەوەی خوروشانی جەماوەر دا دەبینی لام وایە ئەگەر بە هۆی سەرکوتەوە ئەو ئیعتیرازاتە بۆ ماوەیەك دا بمرکیتە وە بە دەلیلی هەبوونی زەمینەی اقتصادی و کۆمەڵایەتی بۆ هەلخران و پەرەگرتنی، ئەو ئیعتیرازاتە هەمیسان سەر هەلدەداتەوە.

ئەو ئیعتیرازاتە تا رادەیەکی زۆر رەنگی چینایەتی بە خۆیەوە گرتوە، لە گەرەکە زەحمەتکیش نشین و فەقیر نشینەکانەوە سەری هەلداوە کرێکاران و کۆمەڵانی مەحروم و ستەمدیدە تییدا بەشدار و پەرچەمدارن و بۆ رزگار بوون لەو هەموو مەحروومییەتە هاتوونەتە مەیدان بۆیە من بەش بە حالی خۆم بە پەرەگرتنی ئەو شەپولی نارەزایەتی‌یە کە دەستی پیکردوە خۆش بێنم.

پیش هەموو شتیك پیویستە کرێکاران بە داخوازەکانی خۆیانەوە لە ئیعتیرازاتەدا بەشداری بکەن وەك داوای دابین کردنی کار و شوغل، چوونە سەری حەق دەستەکان پی بە پێی گرانی و تورم، کەم کردنەوەی سەعاتی کار و هێنانە گۆری شیعاری 35 سەعات کار لە حەوتوودا و دوو رۆژ تەعتیلی لەسەر یەك لە حەوتوو دا، وەرگرتنی بیمەی بێکاری، دابین کردنی مەسکەنی موناسب، حەقی تشکل و مانگرتن، ئەمنییەت و بیهداشتی شوینی کار و داخوازی ریفاهی دیکە...

یەکیکی‌تر لەو داخوازە بنەرەتی‌یانە کە پیویستە بکەوێتە دەستوورەوە، ئازادی زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ! ئەم شیعارە دەبێ بکەوێتە سەر لەوحەی شیعارەکانەوە خەبات بۆ ئازادی گیراوەکان بە شیوەی گۆنجاو، ئەرکی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیشە.

هەروەها داوای سزادانی عاملینی قەتل و جینایەت و کوشتاریك کە لە خەڵك کراوە پیویستە لە ئیعتیرازە جەماوەری‌یەکاند بهینریتە گۆڕ.

سەبارەت بە هەلویست لە حاست سەبازان رولەی کریکاران و زەحمەتکیشانن و شەریکی ئەو دەرد و مەینەتەن کە خەڵکی چاوساوە و نەدار لەگەڵی بەرە و روون بەڵام سەرمایەدران و رژیمی جمهووری ئیسلامی کردوویانەتە وەسلیەی دەستی خۆیان بۆ سەر کوتی خەڵك و بۆ بردنە پیشی ئامانجی کۆنە پەرستانە و دژی شۆڕش کە وا بوو دەبێ بە وریایی‌یەوە ریگا لەوە بگرین کە سەربازان ببنە عامیلی جینایەت و کوشتاری خەڵك، دەبی داوایان لی بکری لە کاتی هیرشی بە کرێگیراوانی رژیم دا بۆ سەر خەڵك، بە چەکەوە بینە نێو ریزی خەڵك و دیفاع لە هاوچارەنووسانی خۆیان بکەن و ریزی خەباتی کۆمەڵانی موعتەریز تەقویەت بکەن پیویستە و ئەرکی هەر ئینسانیکی شەرافەتمەندە کە لەگەڵ رولە سەربازەکانتان قسە بکەن و نەهێڵن ببنە وەسیلەی سەرکوت لە دەستی رژیم دا و تەقە لە هاو مال و هاو چینی خۆیان نەکەن بەڵکوو ریك بە پیچەوانە، هەر بەو چەکانە پییانە، پیش بە دەسدریژی بە کرێگیراوانی رژیم بۆ سەر خەڵك بگرن سەربازان نابی وەك نوێنەری ملهوری و سەرکوتگەری دەوڵەت بینە مەیدان پیویستە فەعالین و لایەنگرانی کۆمەڵە خەبەری ئیعتیرازاتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و موعتەریز بە وردی بە دەستمان بگەیەنن.

زیاتر لە ساڵیکە لە جمهووری‌یەکانی ولاتی یوگوسلاوی پیشوو کیشە و پیکدادانی قەومی، گیانی ئینسانەکان قوربانی دەکا و سەدان هەزار کەسی تووشی ئاوارەیی کردوە و کینە و نەفرەتیکی دریژخایەنی لە نیو دلی ئینسانەکاندا لە و جمهووری‌یانە بەرانبەر بە یەکتر پیك هێناوە جمهووری بۆسنی هرزەگوین ئەمرۆ بووەتە شوینی پیکدادانی هەموو رقەبەری‌یە میللی‌یەکانی جمهووری یوگوسلاوی پیشوو دەلیی ئەرتەشی فیدرالی یوگوسلاوی، کە ئەساسەن بورژوازی سیرب ریکی خستوە، دەیەوی تولەی لە دەست چوونی سەروەری و فەرمانڕەوایی خۆی بە سەر ولاتی یوگوسلاویدا، ئەمرۆ یەکجی و لە شەریکی نابەرابەر دا لە خەڵکی جمهووری چکولەی بۆسنی بکاتەوە.

یوگوسلاوی ولاتیك بوو بە جەمعییەتیکی نزیك 24 میلیون کەس و بەرینایی نزیکەی 1-6ی خەڵکی ئێران کە لە نەتیجەی سەر لە نوی دا بەشکردنەوەی ئوروپا دا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1918 دا بەم قەوارەیەی ئێستا پیك هات و دواتر لە ساڵی 1929 دا ناوی نرا یوگوسلاوی کۆنترولی سیاسی ئەو ولاتە هەتا جەنگی دووهەمی جیهانی کە ئالمانی نازی داگیری کرد لە دەست بورژوازی سیرب دا بوو، وە هەر ئەم واقعییەتە ناسیونالیزمی میللەتانی دانیشتووی ئەم ولاتەی زیندوو راگرتبوو پاش کۆتایی جەنگی دووهەمی جیهانی بینای حکوومەتی ئەو ولاتە سەر لە نوێ دا ریژرایەوە و جمهووری فیدرالی یوگوسلاوی لە 6 جمهووری و 2 ناوچەی خودموختار پیك هات لە ساڵی 1989 و ماوەیەکی کورت پاش مەرگی ژنرال تیتو بەم لاوە ناکامی‌یەکانی نەوعیکی تایبەت لە سەرمایەداریی دەوڵەتی کە لەو ولاتە حاکم بوو خۆی ئاشکرا کرد و بوحران سیستمی اقتصادی و بینای سیاسی ئەو ولاتەی دا گرت و بە شوین ئەوەدا لە هەل ومەرجیك دا کە بورژوازی حاکم نەیتوانیبوو ئەم بوحرانە بەربەست بکا، ئاگری ناکوکی و رقی میللی لەو ولاتە پەرەی گرت و بورژوازی سیرب کە دەستی بالای هەبوو بە هیزی ئەرتەش و دام و دەزگای ئەمنییەتی‌ی فیدرال دەستی دایە سەرکوت کردنی ئیعتیرازات لە هەموو جمهووری‌یەکان.

جمهووری فیدرالی یوگوسلاوی هەتا پیش دابەش بوونی، لە 6جمهووری یەکگرتوو پیك هاتبوو ئەم جمهووری یانەی کە ئەمرۆ هەرکامیان ولاتیکی سەربەخۆن بریتین لە: سیربستان کە هەول دەدا ناوی یوگوسلاوی لە سەر خۆی بیلیتەوە و جێگای یوگوسلاوی پیشوو لە رێکخراوەکان و دەزگا بین المللی‌یەکاندا بگریتەوە، کوروواسی، ئیسلوونی، مونتەنگرو، مەقدوونی و بوسنی هرزەگووین ئەگەر چی سنووری جوغرافیایی کەم تا زۆر دیاریکراو، میللەتانی جۆراوجۆری ئەم جمهووری یانە لیك جیا دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەر کام لە جمهووری‌یەکان چەند کەمایەتی‌یەك لە میللەتانی تریش هەن و ئەم دابەشبوونەی جەمعییەت ئەساسەن حاسڵی پەیوەندی اقتصادی و کۆمەڵایەتی‌ی تەبیعی و ژیانی هاوبەشی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە دریژایی دەیان ساڵە.

رووخانی سیستمەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ولاتانی ئوروپای رۆژ هەڵات، بوحرانی سیاسی ئەم ولاتەشی تووندتر کردەوە سەرەتا دوو جمهووری کوروواسی و ئیسلوونی کە لە جمهووری یە شیمالی‌یەکانی ئەو ولاتەن و لە چاو ناوچەکانی دیکەی یوگوسلاوی سەنعەتی‌ترن، سەربەخۆیی یان راگەیاند.

بورژوازی لەو دوو جمهووری یە تی‌گەیشتبوو کە لەم رێگایەوە ئاسانتر دەتوانی رێگای خۆی بەرەو ئوروپای سەنعەتی لە رۆژئاوا خۆش بکا سیربەکان بە پشت بەستن بە هیزی نزامی فیدرال کە لە بەردەستیان دابوو، و هەروەها بە هەڵخراندنی کە مایەتی سیرب لەو دووجمهووی‌یەدا هەولیان دا حەرەکەتی جیایی خوازانەی ئەو دوو جمهووری یە سەرکوت بکەن بەڵام ئالمان و هەندیکی‌تر لە ولاتانی ئوروپایی کە لە جیا بوونەوەی ئەم دوو جموووری‌یەدا بە شوین بەرژەوەند و سیاسەتی تاییەتی خۆیانەوە بوون، لە ساڵی رابردوودا بە پشتیوانی عەمەلی لەو دوو جمهووری‌یە، سەربەخۆیی‌یان بۆ ئاسان کردنەوە.

بورژوازی سیرب بە شوین ئەوە دا کە لە سیاسەتی پیش گرتن بە جیا بوونەوەی دوو جمهووری‌یەدا تووشی شکست بوو، لە حاست باقی جمهووری‌یەکان سیاسەتیکی تری گرتە پیش سیربەکان کە لەوە نائومید ببوون کە دەسەلاتی کاملی خۆیان بە سەر هەموو یوگوسلاوی‌دا بپاریزن هاتنە سەر ئەوە کە بەرینایی‌یەکی هەرچی زیاتر بۆ سیربستان بپاریزن بە پیی ئەم سیاسەتە تازەیە دەستیان دایە پەرە پیدانی کیشەی میللی لە نیو کەمایەتی‌یە سیربەکانی دانیشتووی جمهووری‌یەکانی دیکە ریکخراو و دەستە و تاقمی سیاسی و چەکداری تایبەتیان لە نیویاندا پیك هێنا و ریگایان بۆ زنجیرەیەك تیك هەڵچون و پیدادانی قەومی لەو جمهووریانە دا خۆش کرد رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو لە جمهووری بوسنی هرزەگووین کە بە دەخالەتی کوروواتەکان بۆ لایەنگری لە بوسنی و، مونتەنگرویی‌یەکان بۆ لایەنگری لە سیربەکان، هەتا هاتوە ئالوزتریش بووە، لە نەتیجە عەمەلی یەکانی ئەم سیاسەتەیە سیربەکان بۆ بەرەو پیش بردنی ئەو سیاسەتە کە ئیشارەمان پیکرد بە تەمان بۆسنی هرزەگووین دابەش بکەن و بۆ ئەم کارە بە کۆشتاری بە کۆمەڵ و دەرکردنی غەیرە سیربەکان لە مالەکانیان، سیاسەتی جینایەتکارانەی گورینی تەرکیبی قەومی‌ی ناوچەکە بە قازانجی سیرب بەریوە دەبەن.

هەزاران کەس لە ئەندامانی ئەرتەشی فیدرالیان بە روالەت لە خزمەتی سەربازی مەرەخەس کردوە هەتا بچنە نیو ریزی هیزی چەکداری مەحەللی سیرب لە جمهووری بۆسنی و خۆشیان بە پشتیوانی هەوایی و توپ خانە یارمەتی ئەو هیزە دەدەن لە ناو خۆی سیربستان چەندین ئوردووگای مەرگ بۆ ئەسیرەکانی بۆسنی دروست کراون و جاریکی‌تر ئوردووگای نازی‌یەکان لە یادی هەمووان دا زیندوو کراوەتەوە.

ئێستا شاری سارایوڤو لە لایەن هیزە شیوە نزامی‌یەکانی سیربەوە گەمارو دراوە برسیەتی و نەخۆشی لە نیو شار دا هەرەشە لە ژیانی خەڵك دەکا نزیکەی یەك و نیو میلیون کەس لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان لە مالی خۆیان ئاوارە بوون و لە سنووری ئوتریش و ئالمان و ئیتالیا سەرگەردانن ئاماری دەقیقی کوژراوەکان بە دەستەوە نیە بەڵام بیگۆمان قسە لە هەزاران کوژراو و دەیان هەزار بریندارە ئەمە وەحشیگەری‌یەکە کە لە نیو جەرگەی شارستانییەتی بورژوازی، لە ئوروپا بەریوە دەچی.

بورژوا ئیمپریالیستەکانی ئوروپایی کە خۆیان پەرە پیدەری ئاگری کیشە و پیکدا دانی میللی لە جمهووری یوگوسلاوی بوون، ئێستا کە بەرینایی فاجعەکە ویژدانی بیرورای گشتی خەڵکی ولاتەکانیانی‌تەکان داوە و لە هەمان کاتدا هەتا ئیرەش بە زۆربەی ئامانجەکانیان لەو ناوچەیە گەیشتوون، هەول دەدەن مەسئوولییەتی پیك هاتنی ئەم وەزعە لە جمهووری بۆسنی هرزەگووین لە شانی خۆیان دامالن هەموو تەقالای دەوڵەتانی ئوروپایی هاتوەتە سەر ئەوەکە چلون ریگا لە هاتنی ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ولاتەکانیان ببەستن! و لە رۆژانی رابردوو دا لە رادیو و تلویزیون و رۆژنامەکانی زیر دەسەلاتی خۆیاندا خەریکن ئەو درو گەورەیە بەرنە نێو خەڵك کە گوێا دەوڵەتی سیربستان دەورو نەقشیکی تایبەتی لەم رووداوانە دا نیە و ئەو شتەی لە جمهووری بۆسنی هرزەگووین رووداوەدا مەسەلەیەکی ناوخۆیی‌یە.

ئێمە پیشتریش وتوومانە کە رووداوەکانی ئەم دوایی‌یە نەك تەنیا هیچ پەیوەندیکی بە بەرژەوەندی کرێکاران و کۆمەڵانی بی‌بەش لە جمهووری‌یەکانی یوگوسلاوی پیشوودا نێە بەڵکوو بورژوازی لە هەموو بەشەکانی ئەو ولاتە بە پەرە پیدانی ئیحساساتی تەفرەقە پیك هینەری ناسیونالیستی و شوڤینیستی لە هەولی رووخاندنی بناغەکانی یەکگرتوویی چینایەتی کرێکاراندایە دەخالەتی دەوڵەتە گەورەکانی سەرمایەداری لەم رووداوانە دا و لە هەموو رووداوەکانی دیکەی لەم نەوعە دا لە جیهان بە مەبەستی مەحکەم کردنی جیگە و شوینی بین المللی خۆیانە لە رەقابەتیاندا لەگەڵ یەکتر و گورینی تەرازووی هیزەکان لەم رەقابەتانەدا و هەروەها بەرژەوەندی اقتصادی و سیاسی بەرتەسکی محەللی هەر بۆیە رێگای عادلانە بۆ چارەسەری کیشەی میللی ئەم دوایی‌یە لە ولاتی بۆسنی هرزەگووین نەك لە هاواری ئیسلام پاریزانەی جمهووری ئیسلامیدا و نەك لە بی دەنگی رایاکارانە ئێستای وا تیکان دا و نەك لە دلسوزی دوو رووبانە و درووینەی ئەمریکا و ولاتانی ئوروپایی بۆ مافێ مرۆڤ دا بەڵکوو هەڵبژاردنی وشیارانە و ئازادانەی خەڵکی ئەو ولاتە دایە دەخالەتی دەوڵەتی شوڤینیستی سیربستان کۆتایی پی‌بهینری سەربازانی رەسمی و غەیرە رەسمی کە لە لایەن دەوڵەتی سیربەوە ناردراون و هەروەها هیزەکانی کورو وات و مونتەنگرویی، هەموویان لە جمهووری بۆسنی بچنە دەر. جەماوەری ئاوارە و ئەسیر بگەرینەوە سەر مال و حالی خۆیان رەوتی ئاسایی ژیان دەست پی بکاتەوە و پاشان لە زووترین کات دا و لە فەزایەکی بە دوور لە هەڵخراندنی ئیحساسات و هەرەشە و دەخالەتی چەکدارانە، لە ریفراندومیکی گشتی دا لە بابەت دا هاتووی سیاسی ئەو جمهووری‌یە و شکل و شیوەی موناسەباتی کەمایەتی‌یەکانی سیرب و کورو وات و بۆسنی‌یەکان کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ولاتەن، بریار بدری.

(پاشماوەی) سەرنجێك لە مانگرتنەكانی ئەم دایی‌یەی كرێكارانی كووڕە

ئەم مانگرتنانە، تا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە زیاد كردنی حەقدەست و وەدیهێنانی چەند داخوازی ڕیفاهی‌یەوە هەیە سەركەوتنیان وەدەست هێناوە دەسكەوت و تەجرەبەكانی ئەم مانگرتنە دەبی بپارێزرێ.

یەكەم، یەكگرتنی كرێكارانی چەندین كووڕە و پەیوەندی‌یان لەگەڵ یەكتر، چ پێش دەست پێكردنی مانگرتنەكە و چ لە ڕۆژانی مانگرتنەكەدا هێزێكی بە ئاشكرای پی بەخشیون بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ خاوەن كار و هێزەكانی دەوڵەت.

دووهەم، دیاریكردنی داخوازەكان و دانانی بەرنامەیەكی هەدەفمەند بۆ مانگرتنەكە و ڕاوێژ و مەشورەت كردن لەسەریان ئیمكانی ئەوە بە كرێكاران دەدا كە لە ڕۆژانی مانگرتن دا بە هاونەزەری و یەك پارچەیی‌یەكی هەرچی زیاترەوە خۆنیشان بدەن.

بەڵام چەند كەم و كووڕیش لەم مانگرتنە دا بەرچاو دەكەون:

یەكەم، ژنانی كرێكار – وەك لە مانگرتنی كووڕەخانەكانی هەمەدان دا بەشداری ڕاوێژ و بڕیاردان بوون – لە شوینەكانی دیكە ئیمكانی دەخالەتی ڕاستە و خۆی بەر چاویان پی نەدراوە یەكێك لە كرێكارانی مانگرتوو لەم بابەتەوە دەڵێ: "پیویست نێە ژنان لە كۆبوونەوەكاندا بەشداری بكەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر، ڕەئی ژنان پیویست نێە پیاوەكان دەتوانن بڕیار بدەن. "هەمان كرێكار لە بابەت خوزووری ژنانی كرێكار لە مەیدانی عەمەلی خەباتەكەدا دەڵێ:"كاتیك مەئموورانو هیزە چەكدارەكانی ڕژیم دەهاتن بۆ تیك دانی مانگرتنەكەمان، ژنان دەچوون بەروكیان پی دەگرتن و پاشەكشەیان پیدەكرن". جیایی و تەفرەقەی نێوان كرێكاری ژن و كرێكاری پیاو بە ئاشكرا بە زیانی خەباتی ئەو چینەیە ئەو سوننەتە دوا كەوتوانەیەی كە حەقی كامل و بەرابەر بۆ ژنان لەبەر چاو ناگری هیچ نزیكایەتی و پەیوەندیكی لەگەڵ سوننەت و هەروەها بەژەوەندی چینی كرێكار نێە خەباتی لیبراوانە لە دژی ڕەواج و مانەوەی ئاخرین پاشماوەكانی ئەم سوننەت و بوچوونە یەكیكە لە گرینگترین ئەركەكانی كرێكارانی پێشڕەو.

دووهەم، مانگرتنەكان لە لایەن كرێكارانی قالبدارەوە بەرێوە چوون ڕاستە قالبداران زیاترین بەشی كرێكارانی كووڕەخانەن بەڵام بەشداری كرێكارانی باقی بەشەكانی كووڕەخانەش وەك كرێكارانی چەرخ كێش و كووڕە سووز و قرمزدار، وە هاتنە گۆڕی داخواز و گیروگرفتەكانیان، هەم یارمەتی بە مەحكەم بوونی هاوپشتی و هەستی هاوچارەنووسی و ڕیشەدارتر بوونی پەیوەندی چینایەتی كرێكاران دەكا و هەم لە هەر خەباتیكی دیاریكراوەدا ئیمكانی سەركەوتنیان بە هێزیكی زیاترەوە، پەرە پی‌دەدا بە هیوای سەركەوتنی هەرچی زیاتری مانگرتنەكانی داهاتوو.

ڕۆژی 26ی تیر مانگ، لە مەراسمیك دا لە ئامووزشگای پێشمەرگایەتی كۆمەڵە ژمارەیەكی تر لە لاوانی شۆڕشگێڕ كە دەورەی ئامووزشی سیاسی و نیزامی پێشمەرگایەتی كۆمەڵەیان سەركەوتوانە تیپەڕ كردبوو، چەكدار كران و هاتنە نێو ڕێزەكانی هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵەوە، لەو مەراسمەدا هاوڕی بەڕام ڕزایی مەسئوولی ئامووزشگای پێشمەرگایەتی كۆمەڵە قسەی كرد و لە بەشیك لە قسەكانی‌دا ویڕای ئیشارە بە سەر كۆمۆنیزم دوای ڕووخانی سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ولاتانی ئوروپای شەرقی، ڕوو لە هاوڕی‌یانی پێشمەگە وتی:" ئەمڕۆ دیفاع لە كۆمۆنیزم و سوسیالیزم پیویستی بە وشیاری و زانستی سوسیالیستی زیاترو پیویستی بە ئیرادە و ئیمانی قایمترە پێشمەرگەی كۆمەڵە، هەموو هاوسەنگەرانی و لە خانەوادەو كەس و كاری، لە قوولایی دڵەوە سەرەخۆشی دەكەین و دڵنیاین كە كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێش بە خەباتی لیبراوانە و بی‌وچانی خۆیان لە دژی ئەم ڕژیمە تروریست و كۆنەپەرستە، وەلامیكی شیاو بە هەموتاوانكاری و جینایەتەكانی دەدەنەوە.

بڕی یادی هاوڕی منوچهر حسینی

مەرگ بۆ ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران

كۆمیتەی ناوەندی سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران (كۆمەڵە)

12ی تیر مانگی 1371

ڕاگەیاندنی كۆمیەی ناوەندی سازمانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران(كۆمەڵە) بە بۆنەی تروری جینایەتكارانەی هاوڕی منوچهر حسینی یەكیك لە مەسئوولینی اتحادیەی كۆمۆنیستەكانی ئێران

سەر لە بەیانی ڕۆژی 10ی تیر مانگ هاوڕی منوچهر حسینی لە مەسئوولینی اتحادیەی كۆمۆنیستەكانی ئێران، بە دەستی بەكرێگیراوانی جینایەتكاری جمهووری ئیسلامی ئێران لە شاری سلیمانیە لە كوردستانی عێڕاق تروڕ كرا ئێمە ئەم كردەوە جینایەتكارانەیە بە تونڈی مەحكووم دەكەین و ڕق و بیزاری خۆمان لەم جینایەتە بی شەرمانەیە دەردەبڕین.

بەڕیوەبردنی كردەوەی تروریستی‌ی لەم چەشنە لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە دەرەوەی ولات ڕووداویكی تازە نێەو ئەمە یەكەمین هەنگاوی ڕژیم لەم بابەتەوە نێە ئەم ڕژیمە بە دڕێژایی سالانی حاكمییەتی ڕەشی خۆی لە ئێران، لە دەرەوەی ولاتیش لە هەر جێگایەك ئیمكانی وەدەست هێنا بی، لەدەسدڕێژی بۆ سەر گیانی موخالفینی سیاسی خۆی، دەستی نە پاراستوە بەڕێوەبردنی كردەوەی جینایەتكارانەی لەم چەشنە لە دەرەوەی ولات، دڕێژە وئیدامەی هەمان سیاسەتە كە ئێرانی كردوەتە زیندانیكی گەورە بۆ كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێش.

ئێمە بە داخەوەین كە دەبینین ئەمە چەندەمین جارە لەیەك سالّی ڕابوردوودا كە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی توانیویەتی لە شارەكانی كوردستانی عێڕاق دەست بداتە تاوانی ئاوا جینایەتكارانە ئەم دەسدڕێژیە بۆ سەر فەعالییەت و ئەمنییەتی ئوپوزیسیونی جمهووری ئیسلامی لە كوردستانی عێڕاق، دەبی پیشی پی بگیری خەڵكی تیكۆشەر و شەریفی كوردستانی عێڕاق نابی ڕێگا بدەن كە كوردستانی عێڕاق ببیتە مەیدانی ڕمبازینی بەكرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی ئەم جینایەتە كە بیگۆمان خەڵكی ئازادە و شەریفی شاری سلیمانیە و كوردستانی عێڕاقی ئازار داوە، نیشانی‌دا كە بەرانبەر كی لەگەڵ پیلانە تروریستی‌یەكانی جمهووری ئیسلامی ئەركیكی پیویست و دەس بە جێیە لە بەردەم خەڵكی زەحمەتكێش و شۆڕشگێڕ لە كوردستانی عێڕاق.

ئێمە بە بۆنەی گیانبەخت كردنی هاوڕی منوچهر حسینی لە دەستی ئەو تیرۆریستانە، ئەو بڕیارە دڕندانەیە دەدا كە ئەو تیرۆریستانە لە هەر شوێنێك دەستیان بگا سزا بدرێن و بە سەختترین شێوە سزا بدرێن.

ئێمە ئەو بڕیارە دڕندانەیە بە توندترین شێوە ڕەت دەكەینەوە و ئەو ڕاستیە ڕادەگەیەنین كە ئەو تیرۆریستانە لە هەر شوێنێك دەستیان بگا سزا دەدرێن.

ئێمە

میژووچی بە ناوی کی تومار دەکا؟ سەبارەت بە هەڵوێست گۆڕینێکی بە ئەسپایی)

لە ژمارە 27ی گۆڤاری"کارگر امروز"دا، منصوری حکمت لە نووسراوەیەك دا بە نێوی "وەلامی فتوای ئاغای جەلال تالەبانی لە دژی شووڕا کرێکاریەکان لە کوردستانی عێراق" دەرفەتیکی دەست کەوتوە بۆ ئەوەی لە زمان کەسێکی تـرەوە "دوو رووداوی گـرینگ و بـە نرخـی میـژووی هاوچەرخی کوردستان" بە نێوی خـۆی تومـار بکـا و جـاریکی تـر هەسـت بـە"شـانازی" و "سەربەرزی" لە خـۆی دا زیندوو بکاتەوە:

ئاغای جەلال تالەبانی لە یەك جوملە دا دوو رووداوی گـرینگ و بـە نرخـی میـژووی هاوچـەرخی کوردستانی یەکجی بە نیوی من تومـار کـردوە یـەکیان هەڵچـوونی بزووتنەوەی شوورایی کرێکاران و زحمەتکیشانی کوردستانی عێراق لـە جـەریانی بـوحران و شـەری خەلیج دا و، ئەوەی تر پەیوەست بوونی"کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان (کذا) بە حەرەکەتیکی کۆمۆنیستی و سەراسەری...

کارگر امروز، ژمارە 27 لاپەرەی 7

من لـەم نووسراوەیە دا نامـەوی بچـمە سـەر لیکولینـەوەی باسـە کـانی هیچـکام لـەو دوو لایەنـە بەرانبەر بە یەکتر هەروەها نامـەوی وەلامی ئەو پولتیکە"زیرەکانە"یە بدەمـەوە کـە منصوری حکمت بـە تایبـەت لـە پـارگرافی کۆتـایی نووسـراوەکەی دا لـە بابـەت تەشـکیلاتی ئێستای کۆمەڵـە بـە کـاری دەبـا ئـەم نەوعـە سیاسـەت بازییـە پیشکەشـی خـۆی بـی. دەمـەوی ئـەوە بـاس بکـەم کـە سـەرەرای مـەیل و تەقـەلای منصوری حکمت بۆ ئەوەی ئەو قسانە وەك بەلگەیەك بە دەستەوە بگـری بـۆ تومـار کردنـی ئـەم دوو رووداوە بە ناوی خۆی، نە تاریخی زیندووی ئـال وگـۆڕە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکانی کوردسـتان و نە هیچ تاریخ نووسیکی واقیع بین و راسـتگۆ، هیچـکام لـەم دوو رووداوە بـە نێـوی ئـەو تومـار ناکەن.

تـا ئـەو جێگایـەی قسـە لەسـەر تەشـکیلاتی کۆمەڵـە و پیکهـاتنی حیزبی کۆمۆنیستە، واقعییەت زۆر لـەوە ئاشـکرا تـرە کـە بکـری بـە جۆریکی تری بگیریەوە لە چەند سـاڵی رابـوردوودا منصـوری حکمت و لایەنگرانی خەتی فیکری ئەو، بە گرتنە پیشی سیاسەتیکی انحـلال خوازانـە، لەبـەر چـاوی هـەموو دوژمنـانی کۆمـۆنیزم و حیزبـی کۆمۆنیسـت، بـە ئاشـکرا کەوتنـە تـەخریب و ویـران کردنـی ریزەکـان و فەعالییەتـەکانی ئـەو حیزبـە و سـەرەنجام رێزەکـانی حیزبـی کۆمۆنیسـتیان بـە جـی هێشـت. ئەمـە رووداویکـە کـە تـاریخی تیکۆشـانی کۆمۆنیسـتی هەڵبـەت بـە نێـوی ئـەوانی تومـار دەکا.

بـەڵام لـە بابـەت شـووراکان لـە کوردسـتانی عێـراق، منصـوری حکمت لـە نووسراوەکەی خۆیدا نووسـیویەتی: هەڵچـوونی بزووتنەوەی شوورایی کرێکاران و زەحمەتکیشـان لـە کوردسـتانی عێـراق "فـەزای سیاسـی کوردسـتانیان لـە میللـی گـەرایی سـوننەتی کـورد و رابـەران و سیاسەتمەدارانی ئەو رەوتە تـەنگ کـردەوە" و"زمـانی کرێکاریـان بەسەر بورژوازی و میللی گەرایی کورد دادرێژ کردەوە" ئەم بەراورد و بوچـوونەی ئێستای منصـوری حکمت لـە بابـەت کار کـردی ئـەو شووراییانە و دەوریان لـە خـەباتی چـینایەتی کرێکـار دا، لەگـەڵ هەلویستی رابردووی ئەو جەریانە بـە ئاشـکرا جیـاوازی هیـە ئەمـە هەلبـەت خـۆی لـە خۆیـدا هـیچ ئیرادیکـی نێـە. دەکـری تیکۆشەریکی سیاسی لە بوچوون و بـەراوردی پیشـووی خۆیـدا لـە بابـەت رەوت و رووداویکـی کۆمەڵایـەتی، تجدیـدی نـزر بکـا و هەلویسـتی تـازە بگـری بـەڵام ئەوشـتە کـە هـیچ تیکۆشـەریکی سیاسـی ناکری بیکـا ئەوەیـە کـە کاتیك هەلویستیکی تازەی رەچاو کرد نوسخەیەکی دەسکاری کرا و ئاوەژوو لە هەلویستی رابوردووی خۆشـی تـەحویلی تـاریخ بـدا بـۆ تومار کردن.

بـۆ چـاوگیرانەوەیەك بەسـەر هەلویسـتی پیشـووی ئـەم جەرەیانـەدا لـە حاسـت رووداوەکانی کوردستانی عێراق، دەتوانن بروانـنە نووسراوەیەك کە لـە ژمـارە 14ی گۆڤـاری"کـارگر امروز" دا تومار کراوە:

"واقعییەت ئەوەیە کە کرێکاران و زەحمەتکیشانی کورد بە هەست و ئەنگیزەیـەکی رەوا، کەوتنـە خزمـەت حەرەکـەتیك لـە پینـاو ئامانجەکانی ناسیونالیزمی کورد دا. حەرەکـەتیك کـە نـەك تـەنیا لـە گـەل ئامـانج و ئـارەزووە چینایەتییەکانی کرێکـاری کـورد دژایـەتی هـەبوو، بـەڵکوو تەنانـەت بـۆ وەدیهینـانی مافـێ میللـیش نەبوو..."

ایـرج آذریـن ، کـارگر امـروز، ژمارە 14، لاپەرەی 8 جـوزەردانی 1370، ژوئـەنی 1991

تەئکید لەمنە

وە یا:

"بەشداری بەرینی جەماوەر لە سەربزێوی (کذا) شارەکاندا، وەك هـەموو نموونـە تاریخییـەکان کـە جەماوەر مەجالی نیشاندانی خۆی پەیدا دەکا، بیگۆمان لەگەڵ خۆی داخـوازی ئەسـیلی کرێکـاران و زەحمەتکیشـانی کـورد، شـکل و شـیوەی ریکخراوبـونی سـەربەخۆیان {مەبەسـت شووراکانە} و هـەنگاو و ابتکاری تازەی هینانە کایـەوە بـەڵام ئەمـە هیشـتا زۆر دوورە لـە بزوونەوەیـەکی سـەربەخۆی سیاسـی ئاسـوی سیاسـی ناسیونالیزمی کورد دەسـەلاتیکی بی رەقیبی بە سەر حەرەکەتی ئەم دوایـیـەی کوردستانی عێراق دا هـەبوو... لـە رووداوەکـانی ئـەم دوایـیـەی کوردسـتانی عێراقـدا سیاسـەتی سوسیالیسـتی غایـب بوو...

هەمان سەرچاوە

نووسراوی ناو راستەکەوان هی منە.

ئێستا ئەوە بە جێگای خۆی کە چـلون دەکـری حەرەکـەتیك کـە فـەزای سیاسـی کوردسـتانی لـە میللـی گـەرایی کـورد تـەنگ کردوەتەوە خۆی لە ژیر دەسـەلاتی بـلا منـازع و بـی رەقیبـی ئاسـوی سیاسـی ناسـیونالیزمدا بـوو بـی؟ وە ئایـا ئـەو کـات کـە بـە پیـی نووسـراوەکەی "کـارگر امـروز"ی ژمارە 14، دنیا "بیجگە لە دەنگی ناسـیونالیزم" هـیچ دەنگیکـی لـە کوردستان نـە بیستبوو، (ژوئـەنی 1991)، هیشـتا دەنگـی ئـەو کرێکارانـە کـە "زمانیـان بەسـەر بورژوازی و میللی گەرایی کورد دا دریژ کردەوە" نەگەیشتبوو گۆیی ئـەم ئاغایانـە و پیویسـت بـوو بـۆ گەیشـتنی ئـەم دەنگـە دوو سـاڵ راوەستن؟

بەڵام ئەوەی بە تایبـەت باسکردنی پیویسـتە ئەوەیەکـە رووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق و ئـەوە کـە گۆیـا"رووداوەکـانی کوردسـتانی عێرق قەتاریکە کە یەکسەرە بەرەو سیاسەتی ئەمپریالیستی دەچی و لـە واگـونیکی ئـەو قـەتارەدا جەماعـەتیك شـیعاری شـووڕای دەدەن"، نـەك سیاسـەتی پیکهینانی شووڕا و پەرە پیدانی فەعالییـەتی شـووڕایی، بـەڵکوو سیاسەتیکی دیکەی لی استنتاج دەکـرا سیاسـەتیك کـە ژمارەیـەکی بەر چاو لە تیکۆشەرانی چەپ کە هەڵسـووڕاوی بزووتنـەوەی شووڕایی بوون، بە رەچاو کردن و بـەرێوە بردنـی، کەوتنـە رەخنـە گـرتن لـە هـەموو فەعالییـەتی ئـەو دەورەیەی خۆیان ئەم سیاسەتە لـە پـال ئـاوارەیی بـەرینی خـەڵکی شارەکانی کوردستانی عێراق کـە زەمینـە و شـەرایتی هەڵسـووانی شووراکانی نا موساعید کردبوو، ریگای لەوە گرت کە حەرەکەتیکی بەهیز بۆ سەر و سامان پیدانەوەی شـووراکان و ئـاوەدان کردنـەوەی فەعالییەتی شووڕایی بکەویتە ری پیك هاتنی ئەم هەل ومەرجەش کە فەعالییـەتی شـووڕایی تووشـی هات لە تاریخی ئەو بزووتنەوەیە لـەم دەورەیـەدا بیگۆمـان سەهمیکیشی بە نێوی منصوری حکمـت تومـار دەکـری میـژوو بەسەرهاتی بزووتنەوەیەکی بەرین تومار دەکا کە تییدا چینی کرێکار لـە کوردسـتانی عێـراق، وەك چـینیکی موعتـەریز بـە دنیـای سـەرمایەداری، بـە شـیوەی خوریکخسـتنی جیـاواز و سـەربەخۆیەوە و بـە ویسـت و داخـوازی خۆیـەوە هاتـە مەیدانی کیشـە و ململانیـی کۆمەڵایـەتی، توانی لە خۆپیشاندان و میتینگی بەرینی جەماوەری داپشتیوانی و لایـەنگری دەستەنگانی کۆمەڵ لە حەرەکـەتی خـۆی نیشـان بـدا و مـوری حـوزووری خـۆی بـە ئـال و گـۆڕە سیاسـییەکانی ئـەو دەورەیـەوە بنی بزووتنەوەیەك کە خەریکی چەکدار کردنی ریزەکانی بوو بۆ دیفاع لە مەوجوودییـەتی خـۆی بەرانبـەر بـە هـەر هیزیکـی تـری نـاو کۆمـەڵ، وە خەتـەری "هەرەشە" و"دەمانچە کیشان"ی هـەر لـەو کاتـەوە پـیش بینی کـرد بـوو کـە ئیعلامـی کردبـوو، بـە بـی ئەوەی چاوەروان بی هیچ کەس لـە لا بـە لای وت وویـژیك دا ئـەم "هەرەشـە"یـە کەشـف بکـا و ریاکارانـە بیکاتـە دەسمایـەی وەدەسـت هینـانی دەسـکەوتیکی حەقیرانە.

پـەیامی کـۆنگرەی حەوتـەمی سـازمانی کوردسـتانی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران (کۆمەڵە) بۆ زیندانیانی سیاسی

کرێکارانی زیندانی!

هاوری یانی شۆڕشگێر و کۆمۆنیست! بەند کراوانی ئازادەی نێو سیا چالەکانی جمهووری ئیسلامی !

پایـەداری و خوراگریتـان لـە نیـو زیندانـەکان و شـکەنجەگاکانی جمهووری ئیسلامیدا بۆ دیفاع لە ئازادیـیەکان و ئامانجەبەرزەکانی ئینسان و خـەبات و تیکۆشانتان بەرانبـەر بە رژیمی کۆنەپەرست و دژی کرێکاری جمهووری ئیسلامی ریز لی دەگرین. موقاومـەت و خەباتی ئێوە لـە نێـو زیندانـەکان و سیاچالەکانی رژیمی ئیسلامیدا بە دریژایی چەندین سالّی رابردوو بەشیك بووە لە خەباتی کۆمـەلاّنی بی‌بـەش و زۆرلیکـراوی کۆمـەلّ لـە دژی چەوسـانەوە و بی‌مافـێ و ستەمکاری و بی عەدالەتی‌یـەکانی حاکم لە ئێران دا بەشداری ئێوە لەم خەباتە عادلانەیەدا گەلّیك جار بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دیواری بـی دەنگی‌یـە کەسـەرمایەداری جیهـانی بـە دەوری جینایەتـەکانی رژیمی ئیسلامیدا کیشاوە بشکی و دەنگی ئیعترازی خەڵکی ئازادە و تیکۆشـەر لـە دژی جینایەتـەکانی رژیم لـە ئێـران و هـەل ومـەرجی غـەیرە ئینسـانی حـاکم بەسـەر زیندانـەکانی جمهـووری ئیسـلامی‌دا بگاتە گۆیی خەڵکی جیهان لەم رێگایەشەوە بە خەڵکی جیهان نیشان دراوە کـە جمهـووری ئیسـلامی لـە ئێرانـی ژیـر دەسـەلاتی خۆیـدا چ دوزەخیکـی بـەرپا کـردوە و چ جینایـەت و وەحشیگەری‌یەك لە دژی شـەریف تـرین ئینسـانەکان بـەریوە دەبـری و چ بی‌مافـێ و مەحروومییەتیك سیبەری خستوتە سەر ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش.

موقاومـەت لـە زیندانـەکانی رژیمـدا یـەکێك لـە جەبهـەکانی ئـەو خەباتە بەرینەیە کە ئەمرۆ بە پانایی هەموو جامعەی ئێران لە دەیان سـەنگەر و جەبهـەدا، لـە کارخانـە و کارگـا و لـە گەرەکـە کرێکـار و زەحمـەتکیش نشـینەکانی حاشـیەی شـارەکان و لـە هـەر جیگایـەك سـتەم و ملهوری رژیم بـەرێوە دەچی، لـە کاردایـە ئـەمرۆ لـە هـەل و مەرجیك دا کە هەژاری و دەستەنگی گشتی، بیکاری و گرانی کەمـەر شکین، وە بی‌مافێ سیاسی زیاتر لـە هەمیشـە ژیانی بەشیکی بـەرین لـە کرێکـاران و خـەڵکی زەحمـەتکیش خسـتوەتە تەنگانـە، ئـاگری نـەفرەت و بیـزاری لـە پـاریزەرانی نـەزمی مـەوجوودیش زیـاتر لـە هەمیشە بلیسەی سەندوە.

ئێمە دلنیاین کە بزووتنەوەی ئیعتیرازی و ئاخیزی شۆڕشگیرانەی چینی کرێکار لە جەرگەی ئەو بوحرانە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەدا کە بورژوازی ئێران تییدا پەل دەوەشینی، بە حوکمی هەل ومەرجی ژیان و خەباتی ئەو چینە دەکەویتە مەرکەزی ئال و گۆڕەکانی داهاتووی جامعەی ئێران کۆسپەکانی سەر رێگای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاران لـە جەرگـەی ئـەم تحولـە گـەورە کۆمەلایەتی‌یـەدا دەبـی بـە هیـزی وشـیاری و ریکخـراوەی هـەزاران کرێکـاری پیشـرەو و سوسیالیست کە هەر لە ریزی پیشەوەی خەباتی چینی کرێکار دان، لەسـەر ریگا وەلانـرین کـۆنگرەی ئێمـە خـۆی بـە بەشێك لـەم خەباتـە بەرینە کۆمەلایەتی‌یە دەزانی.

بەو هیوایە کە خرۆشی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاران و کۆمـەلاّنی بی‌بـەش و زۆرلیکراوی جامعـە لـە سـبەی رۆژی پـەرە گـرتنی خۆیـدا پاریزەرانی ئیسلامی‌ی سەرمایەداری لـە ئێـران لـە تەختی دەسـەلات بکیشیتە خوار دیواری زیندانەکان تیك برووخینی و ئێوەی ئازادەی بەنـد کـراو بـزەی شـادی و سـەرکەوتن لەسـەر لیوتـان، بگەرینـەوە ئـامیزی ئازیزانتـان جـاریکی تـر ریـز دەگـرین لـە خـوارگری و پایەداریتان و دەستتان بەگەرمی دەگوشین.

کۆنگرەی حەوتەمی سازمان کوردستان حیزبی کۆمۆنیست ئێران (کۆمەڵە)

تیر مانگی 1371

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 40 august: 1992

پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) بۆ زیندانیانی سیاسی

کرێکارانی زیندانی!

هاوری یانی شۆڕشگێر و کۆمۆنیست! بەند کراوانی ئازادەی نێو سیا چاڵەکانی جمهووری ئیسلامی !

پایەداری و خوراگریتان لە نیو زیندانەکان و شکەنجەگاکانی جمهووری ئیسلامیدا بۆ دیفاع لە ئازادیەکان و ئامانجەبەرزەکانی ئینسان و خەبات و تیکۆشانتان بەرانبەر بە رژیمی کۆنەپەرست و دژی کرێکاری جمهووری ئیسلامی ریز لی دەگرین. موقاومەت و خەباتی ئێوە لە نێو زیندانەکان و سیاچاڵەکانی رژیمی ئیسلامیدا بە دریژایی چەندین ساڵی رابردوو بەشێک بووە لە خەباتی کۆمەڵانی بیبەش و زۆرلیکراوی کۆمەڵ لە دژی چەوسانەوە و بیمافێ و ستەمکاری و بی عەدالەتیەکانی حاکم لە ئێران دا بەشداری ئێوە لەم خەباتە عادلانەیەدا گەلێک جار بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دیواری بی دەنگیە کەسەرمایەداری جیهانی بە دەوری جینایەتەکانی رژیمی ئیسلامیدا کیشاوە بشکی و دەنگی ئیعترازی خەڵکی ئازادە و تیکۆشەر لە دژی جینایەتەکانی رژیم لە ئێران و هەل ومەرجی غەیرە ئینسانی حاکم بەسەر زیندانەکانی جمهووری ئیسلامیدا بگاتە گۆیی خەڵکی جیهان لەم رێگایەشەوە بە خەڵکی جیهان نیشان دراوە کە جمهووری ئیسلامی لە ئێرانی ژیر دەسەلاتی خۆیدا چ دوزەخیکی بەرپا کردوە و چ جینایەت و وەحشیگەریەک لە دژی شەریف ترین ئینسانەکان بەریوە دەبری و چ بیمافێ و مەحروومییەتیک سیبەری خستوتە سەر ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش.

ل10

سەرنجیک لە مانگرتنەکانی ئەم دایی‌یەی کرێکارانی کووڕە

لە مانگی خوردادی ئەمسالْ دا کرێکارانی کووڕەخانە لە مەڕەند و مهاباد و هەمەدان زنجیرەیەک مانگرتنی سەرکەوتوانەیان بەریوە برد لیرەدا ویرای گوزارشی مانگرتنەکان، چەند سەرنجیک لەسەر لایەنەکانی ئەم مانگرتنانە دەخوینینەوە:

هەمەدان:

لە رۆژەکانی ناوەراستی مانگی خورداد دا کرێکارانی زیاتر لە 30 کووڕەخانەی هەمەدان بۆ ئیعتیراز بە سیاسەتی قیمەت دانانی ئیدارەی کار و خاوەن کووڕەکان، دەستیان دایە مانگرتن ئەم مانگرتنە دوای هەشت رۆژ بە تیک شکاندنی پیلانی ئیدارەی کار و خاوەن کووڕەکان، سەرکەوتوانە کۆتایی پی هات.

لەو مانگرتنەدا کرێکاران ویرای بردنە سەری حەقدەست لە 320-300 تمەنەوە بۆ 400 تمەن لە بری هەزار خشت، ئەم داخوازانەشیان وەدی هێنا: وەرگرتنی حەقدەست بۆ خاوین کردنەوەی مەیدانی کار، وەرگرتنی خەرجی هات و چوی نیوان شوینی کار و ژیان کریکاران ئیمزا کردنی قەرار دادی تازەیان بە پیی ئەم خالانە بە خاوەن کووڕەخانەکان تەحمیل کرد.

شایانی باسە کە لە کۆبوونەوە گشتیەکانی کرێکاران دا و لە جەریانی راویژ و بریار دان دا، ژنانی کرێکار دەوریکی هەڵسووراوانە و بەرچاویان بووە کە تەئسیری کارێگەری لە سەرکەوتنی مانگرتنە کەدا بووە.

مهاباد:

کرێکارانی زیاتر لە 10 کووڕەخانەی دەور و بەری شاری مهاباد و ناوچەی شارویران مانگی خورداد لە مانگرتنیکی سەرکەوتوانەدا کە دوو رۆژی خایاند، داخوازی زیاد کردنی حەقدەستە کانیان وەدی هێنا.

لە رۆژی دووهەمی مانگرتنە کەدا کار بە دەستانی ئیدارەی کار لە وت وویژیک دا لەگەڵ نوینەرانی کرێکاران هەرەشەیان لە کرێکارەکان کرد کە ئەگەر بە حەقدەستی 270 تمەن بۆ هەر هەزار خشت رازی نەبن، لەسەر کار دەردەکرین نوێنەرانی کرێکاران ویرای ئیعتیراز بەو هەرەشەیە ئیدارەی کار و باس کردنی ئەوە کە خاوەن کووڕەخانەکان ئازادانە قیمەتی فرۆشی خشت دەبەنە سەر، بە کاربەدەستانی ئیدارەی‌کاریان راگەیاند نە بەو حەقدەستە کە دیاریتان کردوە کار دەکەین و نەئیوەش دەتوانن بە زۆر بمانبەنەوە سەر کار نوێنەرەکان ئەم قسە و باسە بۆ کرێکارانی مانگرتوو دەگێرنەوە. سەرەنجام خاوەن کارەکان کاتیک کە کار ساز نەبوونی هەرەشەی ئیدارەی کار دەبینن، وە دەزانن کرێکاران حازر نابن بچنەوە سەر کار، دەست دەدەنە وت وویژ لەگەڵ مانگرتوەکان و ویرای موافقەت لەگەڵ داخوازەکانی کرێکاران لە زەمینەی بیهداشت دا، حەقدەستەکان تا 320 تمەن زیاد دەکەن .

مەڕەند:

مانگرتنی کرێکارانی زیاتر لە 50 کووڕەخانەی مەڕەند لە مانگی خورداد دا، بە زیاد کردنی حەقدەست و وە دەست هێنانی چەند داخوازیتر سەرکەوتوانە کۆتایی پی‌هات. مانگرتنەکە کاتیک دەستی پیکرد کە کرێکاران دەیاندیت خاوەن کووڕە نرخی خشتی گەیاندوەتە نزیک دوو بەرابەری نرخی ساڵی پیشوو بەڵام بەم حاڵەوە 320 تمەنی بۆ بڕینی هەر هەزار خشت دیاری کردوە کرێکاران بە دیاری کردنی کەسانیک بۆ پەیوەندی گرتن، لە نێوان هەموو کووڕەخانەکاندا پەیوەندیان پیک هێناو ویرای ساغ بوونەوە لەسەر پشتیوانی جەمعی لە داخوازەکان، لەسەر شیوەی دەست پیکردن و بەرەو پیش بردنی مانگرتنەکە پیک هاتن و بەرنامەیان بۆ دارشت داخوازی یە کرێکارای‌یەکان ئەمانە بوون:

1- زیادی کردنی حەقدەستەکان لە 320 تمەنەوە بۆ 450 تمەن، لە بری هەر هەزار خشت.

2- وەرگرتنی حەقی خاوین کردنەوەی مەیدانی کار.

3- وەرگرتنی خەرجی‌هات و چوی نێوان شوینی کار و ژیانیان.

4- وەرگرتنی خەرجی هات و چوی رۆژانە جومعە بۆ شار.

5- وەرگرتنی خەرجی سووتەمەنی و ئاو و بەرق.

پاش زیاتر لە هەفتەیەک خاوەن کووڕەخانەکان و کرێکاران لەسەر حەقدەستی 410 تمەن بۆ هەر هەزار خشت ریک کەوتن و داخوازە ریفاهی‌یەکانی تریش لە لایەن خاون کارەوە قەبوول کران و مانگرتنەکە سەرکەوتوانە کوتایی پیهات.

بە درێژایی رۆژانی مانگرتن هیزەکانی رژیم چەند جار بە مەبەستی دەخالەت کردن لە مانگرتنەکەدا و هەرەشە لە کرێکاران، چوونە کووڕەخانەکان کە یەکگرتوویی کرێکاران و بە تایبەت موقاومەتی ژنانی کرێکار پاشەکشەی پی کردن.

ل9

ئێمە تاوانی سوود پەرستی نادەین گوزارشیک لە کارخانەی شاهوی سنە

لە ماوەیەک لەوە پیشەوە، بەریوەبەرایەتی کارخانەی شاهۆ، بە مەبەستی قازانجی هەرچی زیاتر، بەرنامەیەکی تایبەتی بەریوە دەبرد بردنە سەری میزانی بەرهەم هینانی کارخانە، دانانی زیدەکاری بۆ کرێکاران، احتکار کردنی کالای بەرهەم هاتوو هەتا چوونە سەری زیاتری قیمەتەکان، وە دوا خستنی حەقدەستی کرێکاران لەم دوایی‌یانەدا ئەم سوود پەرستی‌یەی خاوەن کارخانە لە مەڕەبابەتی لەگەڵ کالایەک دا کە دەولّەت هینا بوویە بازار و بە نرخی هەرزانتر دەیفروشت تووشی شکست بوو وە خاوەن کارخانە نەتوانیبوو بۆ نزیکەی 200 تون کالاکە بەنیازی چوونە سەرێی قیمەت احتکاری کرد بوو، بازاری دلخواز بدوزیتەوە.

لە رۆژی 22ی مانگی تیردا لە لایەن کارخانە داڕەوە اتلاعیەیەک بلاوکرایەوە کە تییدا راگەیەندرا بوو لە رۆژی 27ی تیر مانگەوە هەتا 9ی موردا مانگ کارخانە تەعتیلە 11 رۆژی بە مەرەخەسی سالانەی کرێکاران حیساب دەکری و 3رۆژی بە حیسابی کارخانەیە و بەحقووق و مەزایاوە ئەم تەعتیلی‌یە بۆ کرێکارانی فەننی و میکانیک نەبوو.

کرێکاران بۆ ئیعتیراز بەم بریارەی خاوەن کارخانە رۆژی 23ی تیر مانگ سەعات 12 دەستیان لە کار هەڵگرت و لە سالونی غەزا خۆری کۆبوونەوە و بە مسئوولی کار وباری ئیدارەی کارخانەیان راگەیاند کە ئەگەر کارخانە خۆی دەیەوی تەعتیلی بکا، نابی وەک مەرەخسی سالانە بۆ ئێمەی حیساب بکا و ئێمە حەقدەستی تەواوی ئەو ماوەیەمان دەوەی کرێکاران کاتێک لەگەڵ ئەو جوابەی مەسئوولی "ئوموری ئیداری" بەرە و روو بوون کە "کارخانە زەرەری کردوە و دەبی کرێکاران لە جوبرانی ئەو زەرەرە دا هاوکاری بکەن"چەند ڕۆژێک هەلبژارد هەتا بچن بۆ لای ئیدارەی کار. هەر ئەو رۆژە نوێنەری ئیدارەی کار دیتە کارخانە و دوای قسە و باس لەگەڵ "مودیری تەولید" و" مەسئوولی ئوموری ئیداری" لە جوابی کرێکاراندا رادەگەینی کە ئەو کارەی مودیری کارخانە غەیری قانوونی‌یە و بەلین بە کرێکاران دەدا کە رۆژی 24ی تیر مانگ ئیدارەی کار کۆبوونەوەیەکی فوق العادە بگری و مودیری کارخانە بۆ تەوزیح دان لەسەر ئەو بریارە، بانگ بکریتە ئەو کۆبوونەوەیە کرێکاران جاریکیتر لە حوزووری نوێنەری ئیدارەی کاردا رایان گەیاند کە "ئێمە حازر نین زەرەری کارخانە بەسەر شانی ئێمەدا بشکێنن چونکە قەت لە قازانجی کارخانەدا بەشدار نەبووین جگە لەوەش کارخانە زەرەری نەکردوە چونکە کالای دوو مانگ لە ئەنبارەکاندا زەخیرە کراوە بۆ ئەوەی بە گرانتر بیفرۆشن ئەم سوود پەرستی‌یە تووشی شکست بووە، ئێمە حازر نین ئەو تاوانەکەی بدەین."

لە کۆبوونەوەی رۆژی دواتر دا (24ی تیر مانگ) کە بە بەشداری نوینەری ئیدارەی کار، نوینەری کرێکاران، نوینەری خاوەن کار، نوینەری ئەنجومەنی ئیسلامی کار و نوینەری کۆمیتەی "حل اختلاف" بەریوە چوو، بریار درا کە حیساب کردنی رۆژانی تەعتیلی کارخانە وەک مەرەخەسی سالانەی کرێکاران غەیرە قانوونی‌یە و دەبی حقووق و مەزایای تەواو بەکرێکاران بدری ئەم بریارە بە کارخانە راگەیەندرا.

رۆژی 9ی موردا مانگ بەریوەبەرایەتی کارخانە اتلاعیەیەکی تری بلاو کردەوە و رایگەیاند کە لە رۆژی 10ی مانگی موردادەوە هەتا 16ی موردا، کارخانە بۆ ماوەی حەفتەیەکی دیکەش تەعتیلە ئەمجارە مودیرییەت نووسیبووی کە ئەوە تەعتیلی‌یە بە تەواوی حقووق و مەزایاوە دەبێ و بێ کەم کردنەوە لە مەرەخەسی سالانەی کرێکاران.

بەم جۆرە کرێکاران توانی‌یان پاشە کشە بە خاوەن کار بکەن ئەم خەباتە لە هەمان کاتدا ئەو واقعییەتە تەکید دەکاتەوە کە سەرمایەداران تەنانەت بۆ بەریوە بردنی قانوونەکانی خۆشیان دەبی بخرینە ژیر فشار و لە غەیری ئەو حالّەتەدا هیچ سنووریک بۆ سوودپەرستی نا پاریزن.

راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست ئێران سەبارەت بە بەرپا کردنی یەکەمین کۆنفرانسی سەراسەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە یەکەمین کۆنفرانسی سەراسەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەشداری نوینەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزب لە بەشکیلات، لە تاریخی 7ی خورداد مانگ دا بەرپا کرا.

بە شوین استعفای جەمعیک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مانگی ئازەری رابوردوودا ئەم کۆنفرانسە کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە بانگەوازی بۆ درابوو، یەکەمین مەجمەعی ڕەسمی بەرینی تەشکیلاتی بوو کە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی بەردەم حیزب، تییدا کەوتە بەر باس و لیکۆلینەوە.

لەم کۆنفرانسەدا کۆمیتەی ناوەندی گوزارشی سیاسی کە بریتی بوو لە گرینک ترین مەسەلەکانی دنیای ئەمرۆ، ئاسوی داهاتووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەها گوزارشی مەیدانی جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی حیزب لە دەورەی دوای استعفای کۆمیتەی ناوەندی‌دا، پیشکەشی کۆنفرانس کرد.

دوای کۆتایی گوزارش، کۆمیتەی ناوەندی وەلامی پرسیاری بەشداربووانی کۆنفرانس لە سەر مەسایلی عەمەلی و اجرائی گوزارشەکەی دایەوە و بە دوای ئەوەدا ئەندامانی کۆنفرانس نقتە نەزەرات و ملاحزاتی خۆیان لە سەر گوزارشەکە باس کرد کۆنفرانس لە دریژەی قسە و باسەکانی دا، ئال وگۆڕەکانی دنیای سەرمایەداری وجیگا و شوینی جەریانی سوسیالیستی و بزووتنەوەی کرێکاری، سوسیالیزم و تەجرەبەی شووڕەوی، محوەرە ئەسڵی‌یەکانی فەعالییەتی حیزب لە دەورەی داهاتوودا، هەلسەنگاندنی مەسەیل و رووداوەکانی ناوخۆی حیزب لە ماوەی سێ ساڵی رابوردووی دایە بەر باس و لیکولینەوە و چەندین باسی گرینگ و بەکەڵکی لە سەر ئەوانە کرد.

قەرار وایە کۆمیتەی ناوندی حیزب ناوەڕوکی ئەم باسانە لە ڕێگای رادیو و گۆڤارە حیزبی‌یەکانەوە لە داهاتوو دا بە ئاگاداری هەمووان بگەیەنی.

کۆنفرانسی سەراسەری حیزب ئیقدامات و جیهەت گیری‌یەکانی دەورەی باز سازی هەڵسووڕانی حیزبی تەسبیت کرد و بەم جۆرە بە کۆتایی هاتنی کۆنفرانس، حیزبی کۆمۆنیست دەورەیەکی تازە لە ژیانی سیاسی خۆی دەست پی‌دەکا.

دەورەیەک کە نیشاندەری سەرکەوتنی ئێمە تییدا، بەشداری کردن لە شکل پیدانی سەفیکی قودرەتمەندی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە بزووتنەوەی ئەنترناسیونالیستی چینی کرێکاردا، دوور بوونەوە لە سونناتەکانی غەیرە کۆمەلایەتی و غەیرە کرێکاری چەپی روورناکبیر و تیکەل بوون لەگەڵ بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار لە ئێران دەبی.

کۆنفرانس فاصلەی زەمانی بەرێوە چوونی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیاری کرد و هەندیک ئەرکی لەم بابەتەوە خستە دەستووری کۆمیتەی ناوەندی حیزب.

ئاخرین باسی کۆنفرانس، انتخابات بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی مەرکەزی بوو کە 6کەس لە هاورییانی ئەندامانی ئێستای کۆمیتەی ناوەند ازافە کرد.

سەرەنجام کۆنفرانس پاش چوار رۆژ کاری پربەپر رۆژی 10ی خورداد کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

1371/3/13

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 41 | رەزبەری _1371 | ئۆکتوبر_ 1992

کۆمەڵێکی‌تر لە لاوانی شۆرشگێر چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

رۆژی 5ی رەزبەر، کۆمەڵێکی‌تر لە ژناو و پیاوانی‌شۆرشگێر، بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون. ئەو هاوریانە، دوای تێپەڕکردنی سەرکەوتوانەی دەورەی سیاسی_ نیزامی لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، لە مەراسمێك دا کە بە بۆنەی کوتایی هاتنی ئەو دەورەریە بەرپا کرا، چەکدار کران و بەم جۆرە هاتنە نیو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

لەو مەراسمەدا کە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاوریانی حیزبی و دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵە بەریوە چوو، هاوری بهرام رەزایی، مەسئوولی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە قسەی کرد و هەروەها نوینەری هاوریانی تازە پێشمەرگە پەیامیکی خویندەوە.

ئەمە چوارەمین دەورەی ئاموزشی سیاسی_ نیزامی بوو کە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، لە دەوری تازەی هەڵسووڕانی خۆیدا بەڕێوەی دەبا. بە شوێن ئەو دەورەیەدا، دەورەی پێنجەم بە بەشداری کۆمەڵێکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر کە خوازیاری پێشمەرگایەتی کۆمەڵەن، دەستی پێکرد.

ل2

شـــــــــانۆگەری تلویزیونی‌ی رژیم لە دژی کۆمەڵە

کرێکاران، کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر ماوەیەك لەوە پێش لە رادیو دەنگی شۆرشی ئێرانەوە، لە خەبەری ئیعدامی هاوڕییان رەحمانی ئەلیاسی و توفیقی ئەلیاسی بە دەستی تاوانبارانی جمهووری ئیسلامی و هەروەها لە خەبەری گیانبەختکردنی هاوری مەحمودی ئازەغ لە تێك هەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رژیم دا، ئاگادارمان کردن.

رژیم چەند رۆژ دوای ئیعدامی هاوری توفیق ئەلیاسی نەوارێکی ویدیویی زەبت کراوی بە دەنگی ئەو هاوریەی لە تلویزیونی سنەوە بڵاو کردەوە. لەم شانۆگەرییە تلویزیونییە دژی ئینسانییەدا، هاوری توفیق لە حاڵێکدا کە لاقیکی پەریبوو وە شوێنەواری زەخم و برینی تریش بەسەر روخسار و لەشیەوە بە ئاشکرا دیار بوو، هاتە سەر سەفحەی تلویزیون و ئەو قسانەی کە شکەنجەگەرەکان و قاتلەکانی بۆیان تەنزیم کردبوو، هینایە سەر زمان.

لەبەر ئەوەی رژیم هیچ چەشنە راگەیاندن یان هەواڵێکی سەبارەت بە ئیعدامی ئەو هاوڕییانە بڵاونەکردبووەوە، ئێمەش لێدوان لە بابەت ئەم رووداوەیەمان، بۆ رووتر بوونەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی، تا ئێستا خستە دواوە.

رژیم لە چەند مانگی رابوردوودا، هاو کات لەگەڵ ئیعدامی هاوڕییان رەحمان و توفیقی ئەلیاسی زۆرەیەکی‌تریشی لە تێکۆشەرانی سیاسی، ئیعدام کرد. ئیعدامی موخالیفانی سیاسی، بە درێژایی عومری جمهووری ئیسلامی سیاسەتێکی بەردەوامی ئەو رژیمە بووە. رابەرانی جمهووری ئیسلامی کە مانەوەی خۆیان و دەوامی رژیمەکەیان لە گرەوی خەفە کردنی هەر چەشنە ئازادیەك لە جامعەی ئێران دا دەبینن، بەرانبەر بە هەر حەرەکەتێکی ئیعتیرازی و هەر بوحرانێکی ناو خۆیی خۆیان، بۆ چاو ترسین کردنی خەڵك، لە زیندانەکاندا دەست دەدەنە ئیعدامی دەستە جەمعی زیندانیان و پەرە پێدانی فشار و ئەشکەنجەی جسمی و رەوانی بۆ سەر زیندانییەکان و لە دەرەوەی زیندانیش بە کرێگیراوانی بی ئەخلاق و چەقۆکێشی خۆیان بە ناوی "خەبات لە دژی منکرات" و بۆ بەرێوە بردنی شەریعەتی ئیسلامی دەخەنە گیانی ژنان و خەڵکی ئازادە لە خیابان و مەیدان و کولانەکان و بەم جۆرە فەزایەك لە ترس و نیگەرانی و ئائەمنی لە ناو جامعەدا پێك دێنن کە تێیدا جۆرئەتی ئیعتیراز کردن و نارەزایی دەربرین لە خەڵك بستێننەوە. شکەنجە و ترۆر هەرەشەی مەرگ و ئازاری جسمی بۆ پای تلویزیون، ئەمانە هەموو بەشێکن لە تەدارەکی رژیم بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ شەپولی خەبات و ئیعترازی جەماوەری خەڵك.

بەڵام سەبارەت بە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی لە زیندانەکاندا، قسە زۆر کراوە. ئەمرۆکە ئیتر دەرندەیی و وەحشیگەری ئەو رژیمە لە رەفتاریدا بەرانبەر بە زیندانیانی سیاسی، نەك هەر لە ئێران بەڵکوو بۆ خەڵکی سەراسەری دنیا ئاشنایە. رژیمی جمهووری ئیسلامیش لەم بابەتەوە نەك هەر هیچ هەوڵێك نادا بۆ داپوشین و شاردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە ناو خۆی ئێران، بەڵکوو، لە لایەکەوە بەو پەری بی‌شەرمیەوە شکەنجەی کردوەتە کردەوەیەکی رەسمی و قانوونی و ناوی لێ ناوە "تەعزیری ئیسلامی" و بی پەروا و بە ئاشکرا بەرێوەی دەبا و لە لایەکی دیکەشەوە، هەواڵی رەفتاری شکەنجەگەران لە ناو زیندانەکان دا بە شێوەی ناراستەوخۆ بڵاو دەکاتەوە، وە یا زیندانی تێك شکا و ئەشکەنجە کراو دێنێتە پای تلویزیون، هەتا باقی ئەو کەسانەی کە خەیاڵی سەربزیویان لە بەرانبەر رژیم دا هەبی، حیسابی کاری خۆیان بکەن.

←

زەمینە و هۆیەکانی هەرەس هێنانی شووڕەوی لە وت و وێژێك دا لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنێنەوە وەرگێردراوی وت و وێژێکە کە مانگی خاکەلێوەی رابوردوو لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە کراوە. لە بەر ئەهمییەتی ئەو مەسەلانە کە لەم وت و وێژەدا هاتوونەتە گۆر ئێمە بڕاو بوونەوەیمان سەرەرای وەدواکەوتن بە پێویست زانی. ئەوی لەم ژمارەیەدا دەیخوێنێنەوە بەشی یەکەمی ئەو وت و وێژەیە. بەشی دووهەمی لە ژمارەی داهاتوودا چاپ دەکری.

پرسیاری یەکەم: ئاڵ و گۆڕەکانی ئوروپای رۆژهەڵات، ئاخرین پەردەی چوونە دەری بلوکی ئەمپریالیستیی رۆژهەڵات لە مەیدانی رەقابەتە ئمپریالیستییەکان بوو. ماوەیەك لەوە پێش، بە شوێن کەنارە گرتنی گورباچوف دا، خۆدی "ئیتحادیەی شووڕەوی"ش وەك میحوەری سەرکی ئەم بلوکە، بە رەسمی هەڵوەشایەوە و بەم جۆرە شکستی شووڕەوی وەك قوتبێکی ئەمپریالیستی لە بەرانبەر رەقیبەکانیدا بە شیوەی قەتعی ئاشکرا بوو. زۆر کەس ئەم رووداویان وەك سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر دیکتاتوریدا و وەك سەرکەوتنی بازار بەسەر بەرنامە و ...دا، تەعبیر کردوە و دەیکەن. ئێوە چۆنی چاو لێدەکەن؟

وەڵام: پێش هەموو شتێك دەبی بڵێم کە ئێمە تەعبیر و بۆچوونی ژورنالیستەکان و "پسپۆرانی" بورژوازیمان لە بابەت ئەم رووداوە قەبوول نیە. تەوزیحی ئەوان لە بابەت هۆیەکان و ریشە و بناغەکانی ئەم رووداوە، لە راستیدا هەر هەمان روانین و بۆچوونە کە بوورژوازی پێی دەروانێتە هەموو ژیان و مێژووی بەشەر.

بەپێی ئەو بۆچوونە، سەرمایەداری نیزامێکی ئەبەدییە و گویا هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ گۆرینی ئەو نیزامە، بی حاسل و مەحکووم بە شکستە.

بانکی جیهانی، دەزگایەکی مالی‌ی دەوڵەتی‌یە کە سەرمایەی سەرەتایی بۆ پێك هێنانی، سەرمایەیەکی ئەمریکایی و ئینگلیسی‌یە و سیاسەتەکانی کار و فەعالییەتیشی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ئەنحصاراتی گەورەی مالی و سەنعەتی‌ی ئەمریکایی‌یەوە دیاری دەکرین. بناغەی ئەم بانکە، لە سالانی یەکەمی پاش جەنگی جیهانی دووهەمەوەدارییەکانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی‌دا دەوری سەرەکی‌یان تێیدا هەبوو. مەرکەزی ئەم بانکە لە ئەمریکا و لە شاری واشنگتونە. کارکردی ئەم بانکە، بە شێوەی سەرەکی بریتی‌یە لە بەریوەبردنی دەوری دەلال و "واستە" لە نیوان سەرمایەداری ئەمریکا و ئەو وڵاتانە کە وامی لی وەردەگرن. بەڵام سندووقی بین المللی پوول، مەجمەعیکە لە وڵاتانی سەرمایەداری لە هەموو جیهان، کە وڵاتانی ئەندام، هەر سالە مەبلەغێکی وەك حەقی ئەندامەتی پی دەدەن و لە بەرانبەردا، لە تەرح و گەلالە و راوێژ ئیقتیصادی‌یەکانی ئەو سندووقە بەهرەمەند دەبن. هەروەها دەتوانن لە سەرمایەی سندووقەکە، یان لەو شوینانە کە ئەم سندووقە دیانگرێتە ژێر پوششی ئیعتباراتی خۆی، بە پێی شەرایەتی دیاریکراو، قەرز وەربگرن.

ئەمرۆ ئەم دوو بنکەیەی سەرمایەداری، وەك دوو دەزگا بۆ تەنزیمی حەرەکەتی سەرمایەی جیهانی، عەمەل دەکەن. هەیئەت و نوینەرە ئیقتصادی‌یەکانیان هەموو رۆژی لە گوشە و کەناری جیهان یان خەریکی بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی زەمینەکانی پەرەگرتنی سەرمایەن، یان چەنە لێدان و وت وێژ لەگەڵ سەرانی وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری بۆ ئەستاندنەوەی قەرزەکانیان، وە یا خەریکی رەمینە ساز کردنن بۆ داسەپاندنی شەرت و مەرجی دیاریکراو بە سەر ئەو لایەنانەدا کە قەرزیان لی وەردەگرن.

بە درێژایی سالانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، کە ئەم دوو دەزگایە شکلیان گرتوە، جەبهە ئابووری‌یەکانی شەری ساردیان بە قازانجی رۆژئاوا و بازاری ئازاد و لە دژی رۆژهەڵات و سەرمایەی دەوڵەتی، بەرەو پێش بردوە. ئێستا، هەر ئەم دوو دەزگایە خەریکی ئەوەن لە بلوکی شکست خواردوودا، قازانجێکی زۆر و زەبەندی سیستماتیکی بۆ سەرمایەداری ئمپریالیستی سازمان بدەن.

ل5

بانکی جیهانی و سندووقی بین المللی پوول دوو دەزگای مالی‌سەرمایەداری جیهانی

بانکی جیهانی، دەزگایەکی مالی‌ی دەوڵەتی‌یە کە سەرمایەی سەرەتایی بۆ پێك هێنانی، سەرمایەیەکی ئەمریکایی و ئینگلیسی‌یە و سیاسەتەکانی کار و فەعالییەتیشی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ئەنحصاراتی گەورەی مالی و سەنعەتی‌ی ئەمریکایی‌یەوە دیاری دەکرین. بناغەی ئەم بانکە، لە سالانی یەکەمی پاش جەنگی جیهانی دووهەمەوەدارییەکانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی‌دا دەوری سەرەکی‌یان تێیدا هەبوو. مەرکەزی ئەم بانکە لە ئەمریکا و لە شاری واشنگتونە. کارکردی ئەم بانکە، بە شێوەی سەرەکی بریتی‌یە لە بەریوەبردنی دەوری دەلال و "واستە" لە نیوان سەرمایەداری ئەمریکا و ئەو وڵاتانە کە وامی لی وەردەگرن. بەڵام سندووقی بین المللی پوول، مەجمەعیکە لە وڵاتانی سەرمایەداری لە هەموو جیهان، کە وڵاتانی ئەندام، هەر سالە مەبلەغێکی وەك حەقی ئەندامەتی پی دەدەن و لە بەرانبەردا، لە تەرح و گەلالە و راوێژ ئیقتیصادی‌یەکانی ئەو سندووقە بەهرەمەند دەبن. هەروەها دەتوانن لە سەرمایەی سندووقەکە، یان لەو شوینانە کە ئەم سندووقە دیانگرێتە ژێر پوششی ئیعتباراتی خۆی، بە پێی شەرایەتی دیاریکراو، قەرز وەربگرن.

ئەمرۆ ئەم دوو بنکەیەی سەرمایەداری، وەك دوو دەزگا بۆ تەنزیمی حەرەکەتی سەرمایەی جیهانی، عەمەل دەکەن. هەیئەت و نوینەرە ئیقتصادی‌یەکانیان هەموو رۆژی لە گوشە و کەناری جیهان یان خەریکی بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی زەمینەکانی پەرەگرتنی سەرمایەن، یان چەنە لێدان و وت وێژ لەگەڵ سەرانی وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری بۆ ئەستاندنەوەی قەرزەکانیان، وە یا خەریکی رەمینە ساز کردن بۆ داسەپاندنی شەرت و مەرجی دیاریکراو بە سەر ئەو لایەنانەدا کە قەرزیان لی وەردەگرن.

بە درێژایی سالانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، کە ئەم دوو دەزگایە شکلیان گرتوە، جەبهە ئابووری‌یەکانی شەری ساردیان بە قازانجی رۆژئاوا و بازاری ئازاد و لە دژی رۆژهەڵات و سەرمایەی دەوڵەتی، بەرەو پێش بردوە. ئێستا، هەر ئەم دوو دەزگایە خەریکی ئەوەن لە بلوکی شکست خواردوودا، قازانجێکی زۆر و زەبەندی سیستماتیکی بۆ سەرمایەداری ئمپریالیستی سازمان بدەن.

ل5

لەشکرکێشی و پەلاماری ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خەڵکی کوردستان

ماوەی زیاتر لە مانگیکە کە دەوڵەتی تورکیە هێزێکی نیزامی زۆری لە دە ئەیالەتی کوردنشینی ئەم وڵاتە کۆکردوەتەوە و کوردستانی تورکیە بووەتە مەیدانی رمبازینی سەدان هەزار لە ئەرتەشی تورکیە و ئەو مەنتەقەیە بە تەواوی بووەتە ناوچەیەکی جەنگی. بە روالەت ئەو هێزە زۆرە،

ل6

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ترۆری دوکتور صادقی شرفکندی و هاوڕییانی

سەعاتی یازدەی شەوی پێنج شەممە 26ی شەهریوەر، کاك دوکتور صادقی شرفکندی سکرتیری گشتی و کاك فتاحی عبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ دوو هەوالی تریان کاك همایونی اردلان و کاك نوری دهکردی بە پێی پیلانێکی داریژراو، بە دەستی چەند تیرۆریستی تاوانبار لە شاری برلین لە وڵاتی ئالمان شەهید کران.

ئێمە ویرای دەربرینی ئەوپەری بیزاری، ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە بە توندی مەحکووم دەکەین و بەم بۆنەوە هاوەردی خۆمان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وە لەگەڵ خانەوادە و کەس و کاری ئەو گیان بەختکردوانە رادەگەیەنین.

هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە جمهووری ئیسلامی داریژەر و بەرێوەبەری جینایەتی شەوی پێنج شەممەی شاری برلین بووە و ئەو پیلانەش درێژەی بەرنامەیەکی بەرینی تیرۆریستی‌یە کە لە لایەن رژیمەوە، دام و دەزگای بەربڵاو و بودجەی زۆری بۆ تەرخان کراوە و لە ژێر پوششی سەفارەتخانەکان و سەرجەمی دەزگای دیپلوماسی و پیوەندیەکانی تیجاری جمهووری ئیسلامی، لە هەموو دنیا بەرێوە دەچی و بریارەکانی راستەوخۆ لە لایەن خامنەیی و رەفسەنجانی‌یەوە دەدری.

دەزگای دەوڵەتی و دەسەلاتداران لەو وڵاتانەی کە ئەمرۆ بوونەتە مەیدانی بەر ئاوالەی تیرۆریزمی جمهووری ئیسلامی، لە بەر پاراستنی پیوەندی‌یەکانی تیجارەتی خۆیان لەگەڵ ئەو رژیمە.

ل5

یەکێك لە شێوەکانی شکەنجە و ئازاردانی زیندانیانی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بریتییە لە ڕاکێشانی ناخۆشی و ئازاری جەستەیی بۆ ناو ڕۆحی زیندانیان. ئەم شێوازە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیندانی سیاسی هەست بە ئازارێکی زۆر بکات، بەڵام هیچ جۆرە ئازارێکی جەستەیی لێ نەکەوێتەوە. ئەم شێوازە لە شکەنجەدان، زیاتر لە هەموو شتێك کاریگەری لەسەر ڕۆح و دەروونی زیندانی دادەنێت و ئەو ئازارانەی کە بەم جۆرە بەسەر زیندانی سیاسیدا دێن، ئازارێکی زۆر قووڵ و درێژخایەن لە ڕۆحی زیندانیدا بەجێ دێڵن.

ئەم جۆرە شکەنجەدانە، بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، زۆر باوە و زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ڕژێمی دیکتاتۆری تێدا حوکم دەکەن، ئەم شێوازە لە شکەنجەدانە بەکار دەهێنن. ئەم شێوازە ل

زەمینە و هۆیەکانی هەڕەس هێنانی شووڕەوی لە وت و وێژیك دا لەگەل هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنێنەوە وەرگێڕدراوی وت و وێژێکە کە مانگی خاکەلێوەی ڕابوردوو لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە کراوە. لە بەر ئەهمییەتی ئەو مەسەلانە کە لەم وت و وێژەدا هاتوونەتە گۆڕ ئێمە بڕاو بوونەوەیمان سەرەڕای وەدواکەوتن بە پێویست زانی. ئەوی لەم ژمارەیەدا دەیخوێنێنەوە بەشی یەکەمی ئەو وت و وێژەیە. بەشی دووهەمی لە ژمارەی داهاتوودا چاپ دەکرێ.

پرسیاری یەکەم: ئاڵ و گۆڕەکانی ئوروپای ڕۆژهەڵات، ئاخرین پەردەی چوونە دەری بلوکی ئەمپریالیستیی ڕۆژهەڵات لە مەیدانی ڕەقابەتە ئەمپریالیستییەکان بوو. ماوەیەك لەوە پێش، بە شوێن کەناڕە گرتنی گورباچوف دا، خۆدی "ئیتحادیەی شووڕەوی"ش وەك میحوەری سەرکی ئەم بلوکە، بە ڕەسمی هەڵوەشایەوە و بەم جۆرە شکستی شووڕەوی وەك قوتبێکی ئەمپریالیستی لە بەرانبەر ڕەقیبەکانیدا بە شیوەی قەتعی ئاشکرا بوو. زۆر کەس ئەم ڕووداوەیان وەك سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر دیکتاتۆریدا و وەك سەرکەوتنی بازار بەسەر بەرنامە و ...دا، تەعبیر کردوە و دەیکەن. ئێوە چۆنی چاو لێدەکەن؟

وەڵام: پێش هەموو شتێك دەبی بڵێم کە ئێمە تەعبیر و بۆچوونی ژۆرنالیستەکان و "پسپۆرانی" بورژوازیمان لە بابەت ئەم ڕووداوە قەبوول نیە. تەوزیحی ئەوان لە بابەت هۆیەکان و ڕیشە و بناغەکانی ئەم ڕووداوە، لە ڕاستیدا هەر هەمان ڕوانین و بۆچوونە کە بورژوازی پێی دەڕوانێتە هەموو ژیان و مێژووی بەشەر.

بەپێی ئەو بۆچوونە، سەرمایەداری نیزامێکی ئەبەدییە و گویا هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ گۆڕینی ئەو نیزامە، بی حاسل و مەحکووم بە شکستە.

بەشکستی هەوڵ و تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان بۆ بنیاد نانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی و لە نەتیجەدا شکستی شۆڕشی کرێکاری لە هەمان سااڵنەکانی سەرەتای بیستەکاندا بورژوازی لە شووڕەوی، بە شێوە و ڕوخسارێکی تازەوە، دیسان بە دەسەاڵت گەیشتەوە. مەسەلەکانی شووڕەوی لەو دەورەیە بە دواوە، ئیتر بەشێکە لە مێژووی هەلس و کەوتەکانی سەرمایەداری سەردەمی ئێستا و بەو پییە لەیەك کەاڵم دا ئەو شتە بووە هۆی ڕووخانی بلوکی شووڕەوی، بریتی بوو لە ڕکوود و بوحرانی ئابووری لە نیزامی سەرمایەداریی حاکم بە سەر ئەو وااتانەدا و تەوزیحی هۆیەکانی بوحرانە سیاسی و ئابووریەکان و تەوزیحی هۆ و سەبەبی کێشمەکێشەکانی ناو جیهانی سەرمایەداری لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، مەسەلەیەکی کاڵسیك و ڕوشنە و لەم زەمینەیەدا ئەو شتە کە تایبەتمەندییەك بەم واقعییەتەیە کە بلوکی ئەمپریالیستی شووڕەوی، ئەوەاڵ لە سەر زەمینەی شکستی شۆڕشێکی کرێکاری دامەزرا، وە ڕوشن کردنەوەی هۆیەکان و زەمینەی شکستی ئەو شۆڕشە بۆ چینی کرێکار گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە و ثانیا، ئەم بلوکە شکلێکی تایبەتی لە سەرمایەداری (سەرمایەداری دەوڵەتی) بە ناوی سوسیالیزم بەسەر چارەنووس و ژیانی کرێکاران و خەڵك لە بەشێکی بەرینی جیهاندا و بەسەر زەینی میلیونەها کەسی دیکە لە سەرتاسەری جیهاندا حاکم کرد بوو، وە بە تایبەت لەم ڕووەوە، لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی بەم واقعییەتەیە و پاشماوەی دلبەستەیی کرێکاران و بی‌بەشان لە گوشە و کەناری دینا بەم سیستمە، بێجگە لە خۆشباوەری یەك هیچی‌تر نیە.

بەاڵم ئەوەکە ئەو ئاڵ و گۆڕانە سەرکەوتنی "دیموکراسی" بەسەر "دیکتاتۆری"دا و سەرکەوتنی "بازار" بەسەر "بەرنامە" دایە، ئیددیعایەکە، کە دەبی زیاتر شی بکرێتەوە هەتا دەرکەوی کە بەرژەوەندی ئاشکرای بورژوازی لە پشتیەوەیە. لە پێشدا سەبارەت بە دیموکراسی چەند خاڵ دەبی تەئکیدیان لەسەر بکری.

بەاڵم دیموکراسی وەك ئازادیەیە کۆمۆنیزم بنێتە سەر ئەو نەزمە، تەنانەت حاکمانی شووڕەویش پێی ڕانەدەگەیشتن.

کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان لە سەرتاسەری جیهان، دەیان ساڵە لە سەر ئەو واقعییەتە تەئکید دەکەن کە بە سوسیالیزم ناو بردنی ئەو سیستمە کە لە شووڕەوی و بلوکی ڕۆژهەاڵت بەڕیوە دەچی، تەبلیغاتی فریوکارانەی بورژوازی جیهانییە بۆ ئالوز کردن و دزیوکردنی ڕوخساری ئینسانیی سوسیالیزم و کۆمەڵگای ئارەزووەکانی چینی کرێکار. لە شووڕەوی ئەوە بورژوازییە کە دوو ڕوویانە بە ناوی چینی کرێکارەوە حکوومەت دەکا و ئارەزووەکانی لە مێژینەی بورژوازی ڕووسیەیە کە بە ناوی کۆمۆنیزم زیندوو کراونەتەوە و پاشماوەی دلبەستەیی کرێکاران و بی‌بەشان لە گوشە و کەناری دینا بەم سیستمە، بێجگە لە خۆشباوەری یەك هیچی‌تر نیە.

بەاڵم ئەوەکە ئەو ئاڵ و گۆڕانە سەرکەوتنی "دیموکراسی" بەسەر "دیکتاتۆری"دا و سەرکەوتنی "بازار" بەسەر "بەرنامە" دایە، ئیددیعایەکە، کە دەبی زیاتر شی بکرێتەوە هەتا دەرکەوی کە بەرژەوەندی ئاشکرای بورژوازی لە پشتیەوەیە. لە پێشدا سەبارەت بە دیموکراسی چەند خاڵ دەبی تەئکیدیان لەسەر بکری.

دیموکراسی وەك شکلی حکوومەتی، بریتییە لە چوارچێوەیەك بۆ بەڕیوە چوونی دەسەاڵتدارەتی بورژوازی بەسەر کۆمەاڵدا و بێجگە لەمە هیچی‌تر نیە. پارلمان، قانوونەکان، مەزهەب، سیستمەکانی بەرهەم هێنانی، فەرهەنگ و هونەر، ئەخاڵقیاتێك کە پشتیوانی لێ دەکری، زیندانەکان ئەرتەش، پولیس، وە سەرتا پێی دەزگاکانی حکوومەت، هەموویان وەسیلەی بەڕیوە چوونی دەسەاڵتی چینایەتی‌ی چینی حاکمن و بەردەوام لە خزمەت الابردنی کوسپە عەمەلی و سیاسی و ئیدئولوژێك و حقووقییەکانی سەر ڕێگای سوودبەخشی‌ی سەرمایەداران. بورژوازی بەم شکلەی بەڕیوە چوونی دیکتاتۆری‌ی سیستماتێك و بەرنامە داری خۆی دەڵی دیموکراسی.

بەاڵم دیموکراسی وەك ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان و بەرابەری مافی ئینسانەکان، ئەو شتەیە کە بە تایبەت لە یەك دوو سەدەی دوایی‌دا، لە خەباتێکی سەخت و سەنگەر بە سەنگەر دا، بە بورژوازی تەحمیل کراوە. وە دەست هێنانی ئەم ئازادی‌یانە، پێش هەموو شتێك حاسلی خەباتێکی توند و تیژی چینایەتی بووە کە لە کۆمەڵگا سەرمایەداری‌یە پێشکەوتووەکاندا بەڕیوە چووە و یەکێکە لەو دەسکەوتانەی کە چینی کرێکار ڕاستەوخۆ بە خەباتی سیاسی خۆی لەو کۆمەڵگایانە وەدەستی هێناوە. سەنگ و سووکی‌یەکی دیاریکراوی کۆمەاڵیەتی لە نێوان بورژوازی حاکم لە اییەك و هیزی ڕێکخراو و خەباتی چینی کرێکار و گۆڕووپە کۆمەاڵیەتی‌یەکانی ئوپوزیسیون لە اییەکی‌تر، وجوودی ئەم ئازادی‌یە دیموکراتیکانەی مومکین کردوە.

شیعاری دیموکراسی، هەڵبەت ئاڵای ئیدئولوژێك و سیاسی‌ی بورژوازی حاکم لە ڕۆژئاوا بوو لە کێشە و کێشمەکێشەکانی دەورەی شەڕی ساردا، بەرانبەر بە بلوکی ڕۆژهەاڵت. بەاڵم ئەم شیعارە بەو مانایە کە لە سەرەوە باسم کرد بەشێك لەو تەبلیغاتە جەنگی‌یە بووە کە لەو "شەر"ەدا بەکاریان دەهێنا و هەتا کاتێك کەڵکی لێ وەر گیرا کە حەریفەکە، یانی بلوکی ڕۆژهەاڵت، ببەزی و لە مەیدان بچێتەدەر. دوای لە مەیدان چوونە دەری ڕەقیب ئیتر گۆڕووپ و حیزب و جەریانە ئوپوزیسیونەکان لە ڕۆژئاوان کە هەوڵ دەدەن ئەم ئاالیەیان لە دەست دانەکەوی. بورژوازی حاکم لەو واڵتانە هەڵبەت هەر کات بە پێویستی بزانی، لەم وەسیلە حازر و ئامادەیە کە بە یارمەتی ئوپوزیسیونی قانوونی پاراستوویەتی بۆ بەڕەوپێش بردنی ئامانجەکانی خۆی کەڵك وەردەگری. ئەگەر لە جێگایەك پێویست بی دەسەاڵتی دیکتاتۆرێك کە خۆی لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندەکانی ئەوان ڕێك نەخستوە بنکول بکەن، هاواری دیموکراسی خوازی‌یان گوێی فەلەك کەڕ دەکا و لە جێگایەکی دیکە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان وا پێویست بی، هەموو ئیمکاناتێك بۆ پاراستنی دەسەاڵتی سەرکەوتنی بازار بوو بەسەر بەرنامەدا، تەعبیرێکی واقیعی نیە. لە پێشدا لە بابەت بەرنامەوە دەبی ئەوە بڵێم کە لە شووڕەوی، بەرنامە دارشتنی کۆمەاڵیەتی بە مانا سوسیالیستی‌یەکەی قەت نەکراوە هەتا ئەمڕۆ بکری باسی شکستی لە بەرانبەر ئابووری بازاری ئازاد دا بکەی. بەاڵم هەر بە مانا غەیری سوسیالیستی‌یەش، دیسان ناکری ئەم تەعبیرەی ژۆرنالیستەکان و تیئوریسیەنەکانی بوژوازی قەبوول بکەین. چونکە هەر ئێستاش بورژوازی لە ڕۆژئاوا بە یارمەتی تکنولوژی پێشکەوتوو، بە دامەزراندنی دەیان بنکە و دەزگای کۆنترۆڵ و بەرنامە دارشتن، وە بە پێك هێنانی بلوك بەندی‌یە تازەکان، لەو کۆمەڵگایانە دەستی داوەتە هاوئاهەنگ کردن و نەقشەمەند کردنی کاری بەرهەم هێنان و کاری دابەشکردن. ئەم ڕەوتە، بۆ هەرچەشنە پێشکەوتنێکی داهاتووی سەرمایەداری و بەرانبەرکی لەگەڵ بوحرانە ناوخۆیی‌یەکان، بووەتە شتێکی پێویست. لە ڕابوردووش دا هەمیشە سەرمایەداری‌ی ڕۆژئاوا کۆنترۆڵی هەندێك بەشی دیاریکراوی ئابووری و هیدایەت کردنی بە شێوەی بەرنامە بۆ دارێژراوی بە پێویست زانیوە و هەرگیز وا نەبووە کە پێی وابووبی پێویستی بەمانە نیە. لەگەڵێك قوناغدا و گەڵێك جار سەرمایەداری‌ی ڕۆژئاوا دەستی داوەتە بەرنامە دارشتن، میللی کردن و کۆنترۆڵ بۆ کوما بووی خێراتری سەرمایە و بە دەست هێنانی قازانجی زیاتر.

لە خۆدی شووڕەویش، ئەو بەرنامە 5 ساڵانە کە بە تایبەت لە دەورەی ستالین دا بەڕێوە چوون، کوما بوونی سەرەتایی پێویست بۆ سەنعەتی کردنەوەی ئەو ولاتەیان دابین کرد. ئەوی لەو مەیدانەش دا ڕووی دا ئەو واقعییەتە بوو کە سیستمی متمرکزی دەوڵەتی لە بەرانبەر میکانیزمەکانی ئابووری بازاری ئازاد لەو دەورەیەدا، تا ڕادەیەکی زۆر کارایی و کەڵکی خۆی ئەو جۆرە کە لە هەوەڵەوە بووی و وەاڵمی کۆمەڵێك پێویستی دیاریکراوی دەدایەوە لە دەست دابوو وە ماوەیەك بوو دەوری ڕکود و بوحرانی دەستی پێکردبوو. مانورە سیاسی‌یەکان و هەنگاوە ئیسالحی‌یەکانیش نەیاندەتوانی چارەی بکەن و هەر بۆیە ئەو سیستمە تووشی شکست بوو.

پرسیاری دووهەم: بەم تەوزیحاتەوە زەمینە تاریخی‌یەکانی ئەم مەسەلەیە چون تەوزیح دەدەن؟

ئەم واقعییەتە حاشای لێ ناکری کە ساڵی 1917، لە سەر زەمینەی توند و تیژ بوونەوەی بوحرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەاڵیەتی و لە هەلومەرجێك دا کە شەڕێکی جیهان داگری بوژوایی هەڵگرسا بوو، لە ڕووسیە شۆڕشێك کرا کە کرێکاران هێزە سەرەکی‌یەکەی بوون و ڕیبەرایەتی ئەو شۆڕشەیان کرد. شۆڕشی 1917، بە مانای کامل و پەربەپری وشەکە، شۆڕشی کرێکاران بوو کە هەموو تویژە نارازی و ستەم لێکراوەکانی کۆمەڵ پێی پەیوەست ببوون. حیزبی بولشویك، هێزێکی چارەنووس ساز بوو لە بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەو شۆڕشەدا. بەرنامەی سیاسی ئەو حیزبە ئاسوی ڕزگاری کرێکاران لە چنگ چەوساندنەوە و بەرپا کردنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی بەیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەدا، دەسەاڵتی سیاسی کەوتە دەست نوینەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران. قودرەتە سەرمایەرداری‌یەکان لە هەموو جیهان کەوتنە تەقالا بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە بە ساوایی بخنکێنن. لەشکرکێشی و هێرشی

14 دەوڵەتی سەرمایەداری، چەکدار کردن و پارمەتیدانی دوژمنانی شۆڕش لە ناو ئەو واڵتە، ساز کردنی فشار و تەنگەبەری و مەحدوودییەتی بازرگانی، هەموو ئەو هەنگاوانە لە دژی دەوڵەتی تازە گرساوی

کرێکاری هەڵگیران. بەڵام حکوومەتی کرێکاری، لە ساڵەکانی سەرتای ژیانی خۆیدا، توانی شان بداتە بەر هەموو ئەو فشارانە و هەڕەشانە و ڕووبەڕووبوونەوانەی کە ئامانجە سوسیالیستییەکان کرانە مایەی سازش و موساڵەحەیان لە سەر کراو، شۆڕش لە ئامانجە کرێکارییەکانی دوور کەوتەوە. ئەوەی لە کردەوەدا وەدی هات نەک ئارەزووەکانی چینی کرێکاری، بەڵکوو ئارەزووەکانی بورژوازی ڕووسیە بوو، وە حیزبی کۆمۆنیست و دام و دەزگا تازەکان ببوونە وەسیلەی وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەو بورژوازییە.

بەم جۆرە شۆڕشی ئۆکتوبر نەیتوانی کۆمەڵگای ڕووسیە لە باری ئابووریەوە بە قازانجی چینی کرێکار هەڵگێڕێتەوە. بۆ دوزینەوەی هۆیە سەرەکییەکانی ئەو ناکامییە دەبی بروانینە فاکتورەبنەرەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوخۆ و جیهانی. ئەگەر بمانەوی ئەو فاکتورانە، بە پێی دەرەجەی گرینگی، ناو بەرین ئەمانەن:

– دواکەوتوویی کۆمەڵگای ڕووسیە لە باری پلەی گەشەی موناسەباتی سەرمایەداری.

– بەرتەسک مانەوەی شۆڕش لە چوارچێوەی ڕووسیە و دامرکانەوەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە لە ولاتانی ئوروپایی.

– کوسپ و تەگەرە سازکردنی دەوڵەتە ئەمپریالیستییەکان و فشار هێنانیان بۆ ئابووری ڕووسیە.

– بێ توانایی حیزب لە هێنانەگۆڕ و گەلالە کردنی ئالترناتیوێکی ئابووری سوسیالیستیدا لە جەریانی ئەو ئیختلافی نەزەر و کێشەیەدا کە لە سەر ئاڵ و گۆڕی ئابووری لە بیستەکاندا لە نیو دەزگای ڕابەری حیزب و دەوڵەت دا ساز ببوو.

– پێک هاتنی شکاف و کەلێن لە نیوان چینی کرێکار و حیزب دا، دابڕان و دوور کەوتنەوەی کرێکاران لەو دەوڵەتە کە لە ئەنجامی شۆڕش دا بە دەسەڵات گەیشتببو، داکەوتن و گەندەڵ بوونی حیزب لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و ئەخلاقییەوە، و.... لەوە بەدواوە، لە باری عەینییەوە، دەوری حیزب و دەوڵەت ئەوە بوو کە بە گرتنە پێشی ڕیباز و سیاسەتێک لە ژێر ناوی سوسیالیزم دا، ئیمکانی کوما بوونی سەرمایە بۆ پێشکەوتنی سەنعەتی ڕووسیە و قەرەبوو کردنەوەی پاشکەوتوویەکانی، پێک بێنن. ئەو شتە کە لە ڕێگەی سیاسەتە جووتیاری و هەڕوەها سیاسەتە سەنعەتییەکانەوە لەو ولاتە ڕووی‌دا، لە زۆربەی ولاتانی سەرمایەداری‌ی دنیا، لە کاتی خۆیدا بە قەهر و زەبر و زەن و سەرکوت، بەڕێوە چوو بوو، جەوهەری سیاسەتەکانی ستالین لە زەمینەی بەرهەم هێنانی کەشاوەرزی و مەسەلە جووتیارییەکاندا، هیچ شتێک نەبوو جگە لە دەسکوتا کردنی جووتیاران لە مانکییەت بە شێوەیەکی قەهراوی و ئەمە پرۆسەیەک بوو کە هەر چەشنە تەکاملێکی سەرمایە لە ڕووسیە، لە گەڕەوی پلەی بەرەوپێش چوونی ئەم پرۆسەیەدا بوو.

سیاسەتە ئابووریەکانی دارێژراو بە پێی بەرنامە 5 ساڵەکان و پێویستی بە پاراستنی دەسەڵاتی متمرکزی دەوڵەتی لە هەموو زەمینەکاندا، ڕووبنایەکی سیاسی تەواو زالمانە و سەرکوتگەرانەی پێک هێنا بوو. دیکتاتوری حیزب جیگای دیکتاتووری چینی کرێکاری گرتبووەوە. لە ناو خۆی حیزبیش دا ئەو لایەنەی کە توانیبووی ڕەقیبە حیزبییەکانی خۆی سەرکوت بکا و لە مەیدان وەدەریان بنی خۆی بە نوینەری چینی کرێکار دەزانی و لە بەڕێوە بردنی دیکتاتوری بەسەر هەموو کومەڵگاکەدا خۆی بە حەقدار دەزانی. سەرانی حیزب و دەوڵەت نفووزی کۆمەڵایەتی‌ی خۆیانیان لە دەست دا و لە دەور و بەری خۆیان بوروکراسی‌یەکی بەرین و گەندەڵ و دەزگایەکی ئەمنییەتی‌ی ترسناک و بەزەبر و زەنگیان پێک هێنا. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەیانتوانی حکوومەت و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

پرسیاری سێیەم: ئێوە ئیشارەتان کرد بە هۆیەکانی شکست و ناکامی‌ی شۆڕشی ئۆکتوبر لە وەدیهێنانی ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆیدا. وەیا بە وتەیەکی‌تر ڕەوتی دامرکانی شۆڕشی کرێکاری ئۆکتوبر. بەڵام ئەمە هێشتا بۆ تەزیح دانی ئەوە کە چۆن بوو شووڕەوی بووە قودرەتێکی ئەمپریالیستی، کافی نیە. دەتوانن لە بابەت ڕەوت و زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئەمپریالیزمی ڕووس (شووڕەوی) تەوزیحێکی زیاتر بدەن؟

وەڵام: پێشتر ئیشارەم بەوە کرد کە پاش ناکام مانەوەی هێڕشی ولاتانی دەڕەوە و شکستی هێزی ناوخۆیی دژی شۆڕش و بەم مەعنایە دەس پێ کردنی دەورەیەک لە هێمنایەتی و سەقامێکی نیسبی لە وەزعییەت دا، باس وجەدەلێکی گەرم لە نێو حیزب و دەزگای دەوڵەت دا لەسەر ڕیبازی ئابووری داهاتووی شووڕەوی دەستی پێکرد و سەرەنجام ئەو شتە کە پاش گەلێک ئالوزی و پالاوتن و سەرکوتی ناوخۆی حیزبی وەک حاسلی ئەم باسانە هاتەروو، گەلالەی بەرنامەی پێنج ساڵەی یەکەم بوو کە لە ساڵی 1928 بە دواوە بەڕێوەبرا. مەبەست لەو بەرنامەیە و بەرنامە پێنج ساڵەکانی دواتر سەنعەتی کردنی شووڕەوی و بردنە سەری ڕادەی بەرهەم بوو بە جۆرێک کە ئەم سیاسەتە لە زووترین کاتی مومکین دا شووڕەوی لە باری ئابووری‌یەوە بگەیەنێتە ئاستی ولاتانی‌ئوروپایی و ئامریکا، وە قودرەتی دیفاعی‌ی ئەو ولاتە بەرانبەر بە هەر چەشنە هێرشێک کە لە داهاتوودا ولاتانی ڕۆژئاوا بێکەن، زەمانەت بکا. ئەو بەرنامانە دەبوو کوما بوونی سەرمایە لە ئاستێکی هەرچی بەرینتردا مسوگەر بکەن و سەرمایەی وەدەست هاتوو دیسان بخرێتەوە خزمەت کۆ کردنەوەی زۆرتری سەرمایە. بە تەرحی بەرنامە 5 ساڵەکان کاری سەنعەتی کردنەوە و بردنە سەری ڕادەی بەرهەم لە ڕشتەکانی سەنعەتی قورس دا و بەرهەم هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی، بە ڕەوتێکی هەرچی گورجتر و خێراتر دەستی پێکرد. هێزی کار و بەشێک لە سەرمایەی سەرەتایی پێویست بۆ بەرەوپێش چوونی ئەو پرۆسەیە دەبوو لە دیهاتەوە دابین بکری. بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەو پرۆسەیە، بەرەوپێش چوون و گەشە کردنی تێپەڕ دەکرد، سەرمایەداری‌ی ڕۆژئاوا، لە بوحرانێکی پشووبردا پەلی دەکوتا و هەر ئەم واقعییەتەش مەجال و دەرفەتێکی زیاتری بە شووڕەوی دەدا هەتا دواکەوتوویی‌یەکانی خۆی قەرەبوو بکاتەوە. بە جۆرێک کە، لەو ساڵانەدا کە ئوروپای ڕۆژئاوا بە پرتا و بەرەو شەرێکی مالویرانکەر شەری دووهەمی جیهانی دەچوو، ئابووری متمرکز و بەرنامە بۆ دارێژراوی شووڕەوی بە باشترین شێوە، پێویستی‌یەکانی دیفاع لە خۆ کردن و هاتنە نیو مەیدانی ئەم کێشەیەی بۆ شووڕەوی فەراهەم کردبوو. فیداکاری و هەوڵ و کوششی کەم وینەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی شووڕەوی کە بە قیمەتی تەحەمول کردنی قورستترین مەینەتەکانی ژیانی بەشەر تەواو بوو لە پال قودرەتی ئابووری و ماشینی جەنگی‌ی قودرەتمەندی ئەو ولاتە بووە هۆی ئەوەکە شووڕەوی لە مەیدانی شەری دووهەمی جیهانی سەرکەوتوانە بێتە دەر. هەر ئەم سەرکەوتنەش، مەوقعییەتی ئەو ولاتەی وەک گەورە هێزێک لە مەیدانی جیهانی دا چەسپاند و لە دابەش کردنەوەی سەر لە نوێ جیهان دا، بەشی خۆی وەرگرت. ماوەیەکی کۆرت دوای شەر، شووڕەوی توانی چەکی ئەتومی سازبکا و بەم جۆرە ئیتر ئەمریکا هێزی تاقانەی خاوەنی ئەو چەکە نەما. شووڕەوی بە هۆی بەهرەمەند بوون لەو چەکە، توانی لە مەیدانی ڕەقابەتی جیهانیدا شان لە شانی ئامریکا بدا. ئەگەرچی ویرانی‌یەکان و زیانەکانی شەری دووهەم بۆ ماوەیەکی کۆرت ڕەوتی گەشە کردنی ئەو ولاتەی لە زەمینەی ئابووریدا شینەیی کردەوە، بەڵام ڕەوتی بە هێز بوونەوەی ئەو ولاتە وەک هێزێکی جیهانی، بەزووی دەستی پێکردەوە و لەو ماوەی دە ساڵی یەکەمی پاش جەنگی دووهەمی جیهانیدا دابەش کردنی جیهان بە دوو هەریمی ژێر دەسەڵاتی شووڕەوی و ئەمریکا، شکلی گرت و جیهانی سەرمایەداری بوو بە دوو قوتبی سەرەکی.

ئابووری متمرکزی دەوڵەتی، گەورەترین خزمەتی کرد بە دەسەڵاتدارەتی شووڕەوی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوە بردنی یەکێک لە گەورەترین و قودرەتمەندترین ئەرتەشەکانی جیهان بە هێزی ئەتومی‌یەوە، وە هەروەها بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ ئامریکا لە زەمینەی دەسەڵات پەیدا کردن لە فەزا دا و بۆ دامەزراندنی سەنعەتی قورس و کارخانەجاتی گەورەی ساز کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و... هەمووی ئەوانە زەمینەی پتەو بوونی جێگا و شوێنی شووڕەوی وەک گەورە هێزێکی ئەمپریالیستی‌یان پێ هێنا.

پرسیاری چوارەم: ئاشکرایە کە ئەو ڕەوتە کە سەرەنجام بە لەبەر یەک هەڵوەشانی شووڕەوی و سەرجەمی بلوکی سەر بە شووڕەوی کۆتایی پی هات، یانی ڕەوتی بی هێزی و لاوازی لە مەیدانی بەرانبەرکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ڕووداوێک نەبوو لە ناکاو ڕوویدا. ئێوە زەمینەکانی کز بوون و شکستی شووڕەوی ئەمجار وەک یەکێک لە قوتبەکانی سەرمایەداری جیهانی چلون تەوزیح دەدەن؟

وەڵام: لەم بابەتەوە گەلێک مەسەلە هەن کە جێگای باس و لێکولینەوەن و ڕەنگە لەم وت و وێژەدا جێیان نەبێتەوە. گرینگترینیان بە بڕوای من بریتین لەمانە:

1– لە زەمینەی ئابووری‌دا، ئابووری‌ی شووڕەوی لە سەرەتای بەرنامە 5 ساڵەی یەکەمەوە و هەتا ئەم دەورەیەی دواییش کەم و کووری‌یەکی سەرەکی هەبوو. ئەوەیش ئەو واقعییەتە بوو کە هەموو بەرنامەکان بە مەبەستی زیاد کردنی ڕادەی بەرهەم هێنان، ئەویش بە شێوەی سەرەکی لە زەمینەی سەنعەتی قورس، سەنعەتی نیزامی سازکردنی ئامیرەکانی بەرهەم هێنان، دادەڕێژران. بەم دەلیلە بەرهەم هێنانی کالا مەسرەفی‌یەکان و کەیفییەتی بەرهەم هێنانیان و بردنەسەری ئاستی تکنولوژی و لێهاتوویی فەننی لە زەمینەی بەرهەم هێنانی ئەو کالایانەدا بایەخێکی ئەوتوی پی نەدەدرا. زیاد کردنی ڕادەی بەرهەم هێنانیش، پێش ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لە تکنولوژی پێشکەوتوو، وە بە کەڵک وەرگرتن لە خەللاقییەت و داهێنان و شێوەی تازەی هاوتای ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بکری، بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کارێکی بەرین کە لە دێهات هەڵکەندرابوو و بە حەقدەستی کەم و ئاستێکی نزمی ژیان

←

بەڵام دیموکراسی وەک ئازادی‌یە دیموکراتێکەکان و بەرابەری مافی ئینسانەکان، ئەو شتەیە کە بە تایبەت لە یەک دوو سەدەی دواییدا، لە خەباتێکی سەخت و سەنگەر بە سەنگەر دا، بە بورژوازی تەحمیل کراوە. وە دەست هێنانی ئەم ئازادی‌یانە، پێش هەموو شتێک حاسلی خەباتێکی توند و تێژی چینایەتی بووە کە لە کۆمەڵگا سەرمایەداری‌یە پێشکەوتووەکاندا بەڕێوە چووە و یەکێکە لەو دەسکەوتانەی کە چینی کرێکار ڕاستەوخۆ بە خەباتی سیاسی خۆی لەو کۆمەڵگایانە وەدەستی هێناوە.

لە ڕووسیە شۆڕشێک کرا کە کرێکاران هێزە سەرەکی‌یەکەی بوون و ڕیبەرایەتی ئەو شۆڕشەیان کرد. شۆڕشی 1917، بە مانای کامل و پەربەپری وشەکە، شۆڕشی کرێکاران بوو کە هەموو تویژە نارازی و ستەم لێکراوەکانی کۆمەڵ پێی پەیوەست ببوون. حیزبی بولشویک، هێزێکی چارەنووس ساز بوو لە بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەو شۆڕشەدا. بەرنامەی سیاسی ئەو حیزبە ئاسوی ڕزگاری کرێکاران لە چنگ چەوسانەوە و بەرپا کردنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی بەیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەدا، دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەست نوینەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران.

کاریان پی دەکردن، تەئمین دەکرا. سەنعەتی شووڕەوی لە زەمینەی بەرهەم هێنانی کالا مەسرەفی‌یەکاندا، نەی‌دەتوانی پێویستی‌یە ناوخۆیی‌یەکانی ئەو وڵاتە دابین بکا و هەر ئەم واقعییەتە، کەمبوونی پێویستی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانە و کەمبوونی کالا مەسرەفی‌یەکانی دیکەی کردبووە دیاردەیەکی هەمیشەیی و لە نەتیجەدا ژیانی گشتی لەو وڵاتە لە ئاستێکی نزم دابوو. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەش کالای بەرهەمی شووڕەوی لەم زەمینەیەدا، لە بازاری جیهانیدا نەیدەتوانی لەگەڵ کالای هاوتای خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بەرانبەرکی بکا. کالاکانی شووڕەوی تەنیا لە بازاری وڵاتانی سەر بە بلوکی شووڕەوی دەفرۆشران ئەویش بە دەخاڵەتی دەوڵەتەکان و بە دانانی مەحدوودییەتی گومرکی لە سەر کالای وڵاتانی دیکە. لە حاڵێکدا کە سەرمایەداری ڕۆژئاوا، بەردەوام کەمییەت و کەیفییەتی کالا مەسرەفی‌یەکانی‌بەڕەو ئاستێکی سەرەوەتر دەبرد و لەم زەمینەیەدا لە تکنولوژی‌یەک کەڵکی وەردەگرت کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەوپێش دەچوو، ئابووری‌ی وڵاتانی بلوکی ڕۆژهەڵات لەم زەمینەیەدا لە جێگای خۆی چەقیبوو. سەرەنجام گەشەی تکنولوژی و سیستەمەکانی بەرهەم هێنان لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و بە تایبەت پەرەگرتنی بەرینی بەرهەم هێنانی کامپیوتر و ئوتوماسیون و ئەوشتە کە پێی دەگوتری "ئنقلابی الکترونیک"، ئابووری‌ی ئەو وڵاتەی تووشی بن بەستێکی واقیعی کرد.

2- ئەمپریالیزمی ئامریکا، پاش جەنگی دووهەمی جیهانی زۆر زوو بەو نەتیجەیە گەیشت کە بۆ بە چۆک داهێنانی ڕەقیبە قودرەتمەندەکەی خۆی دەبێ بێکێشێتە نێو مەیدانی ڕەقابەتێکی تەسلیحاتی. بە پێی ئەو سیاستە ئابووری‌ی شووڕەوی، لە ڕێگەی توند و تێژ کردنەوەی ئەم ڕەقابەتە تەسلیحاتی‌یەوە دەبوو ئەوەندە بخرێتە ژێر فشار کە نەپەڕێتە سەر بەڕێوە بردنی نەقشە و ئامانجە سەربەخۆکانی و ئەرکە سەرەکی‌یەکانی خۆی بە پێی پێویستی‌یەکانی ئەو ڕەقابەتە دیاری بکا کە لە لایەن ڕۆژئاوا و بەرنامەی بۆ دارێژرابوو.

جان فوستر والس، وەزیری دیفاعی ئامریکا لە ساڵی 1958دا ئەم سیاسەتەی ئامریکای بە ئاشکرا ئاوا باس کرد:

"ئێستا ئیمە تەقریبەن هەر ئەو ئەندازەیە لە سەرچاوە ئابووری‌یەکانی خۆمان سەرفی کار و باری نیزامی دەکەین کە شووڕەوی دەیکا. ئێمە ئەم کارە بە کەمتر لە 10٪ی مەحسوولی ناخالیسی میللی دەکەین، لە حاڵێکدا شووڕەوی 25٪ی مەحسوولی خۆی سەرف دەکا. ئەگەر ئێمە گریمان 10٪ی دیکەش بۆ کاروباری نیزامی تەرخان بکەین، 80٪مان دەمێنێتەوە بۆ هەزینەی وەک کالا مەسرەفی‌یەکان، خەدەمات و ڕاگرتنی پلەی ئێستای ژیان، بەڵام ڕووسەکان بۆ ئەوەی بتوانن وەک ئێمە بکەن ناچار دەبن 1/3ی شتە باشەکانی ژیان کە هەر ئێستاش لە وڵاتەکەیان دەست ناکەوی، لە خەڵکەکەیان بستێننەوە".

بورژوازی دەوڵەتی‌ی ڕووسیە کە پاراستنی مەوقعییەتی ئەو وڵاتەی لە مەیدانی ڕەقابەتی جیهانیدا لە سەر دەسەڵاتدارەتی بەسەر جیهاندا، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دانابوو، دروست هەر بەو جۆرەی ڕەفتار کرد کە سەرمایەداری‌ی ڕۆژئاوا خوازیاری بوو. پەیمانەکانی ناتو و وەرشو لە بەرانبەر یەکتردا ریزیان بەست. ئامریکا لە پەیمانی ناتودا، بە هاوکاری هاوپەیمانانی قودرەتمەندی خۆی لە وڵاتە سەنعەتی‌یەکانی ئوروپا، پشت ئەستوور بوو. ئامریکا حاسل و بەرهەمی موجتەمەعە سەنعەتی‌یە نیزامی‌یەکانی خۆی بۆ ئەو وڵاتانە دەنارد کە تێیاندا دەوڵەتانی گوێ لە مستی ئامریکا حکوومەتیان دەکرد و سەروەت و سامانی میللی‌ی ئەو وڵاتانەیان بەو پەڕی "بەخشندەیی"یەوە بە گەرووی ئامریکادا دەکرد. تیجارەتی چەک ببووە مەیدانێکی بە ڕەونەق بۆ قازانج کردن و هەروەها زیاتر بوونی قودرەتی سەرمایەی ئەمپریالیستی‌ی ئامریکا. لە حاڵێکدا بۆ شووڕەوی کە وڵاتانی نەداری ئوروپای ڕۆژهەڵات شەڕێک و هاوپەیمانی بوون و دەوڵەتانی تازە بە سەر بەخۆیی گەیشتوو و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و حیزبە ئوپوزیسیونەکان مشتەری چەکەکانی بوون، ئەو ڕەقابەتە کەمەر شکێن بوو. ئەمپریالیزمی ئامریکا گوێی نەدەدایە هەوڵ و تەقالای شووڕەوی بۆ ڕێک کەوتن لە سەر هەندێک تەرح لە زەمینەی مەحدوود کردنەوەی ڕەقابەتی تەسلیحاتی‌دا. ڕەقابەت لە سەر "تەسخیری فەزا"ش مەیدانێکی دیکە بوو کە سەرمایە و توانایی ئابووری‌ی شووڕەوی قووت دەدا، بە بی ئەوەی تکنولوژی پێشکەوتووی ئەم مەیدانە تەئسیرێکی ئەوتوی لە سەر باقی مەیدانەکانی بەرهەم هێنان هەبی.

3- لە حەفتاکانداً، دیاردە و نیشانەکانی دواکەوتوویی لە ئابووری شووڕەویدا لانی کەم بۆ دەزگای ڕابەڕی‌ی ئەو وڵاتە دەرکەوتبوو. بەڵام ڕابەڕی سوونەتیی لە لایەکەوە هەوڵی دەدا هەرچەندی بکری حەقیقەتەکانی مەربووت بە وەزعی ئابووری‌ی ئەو وڵاتە بشارێتەوە و لە لایەکی‌ترپشەوە خۆی لەوە نەدەدا کە ڕێگایەکی تازە بۆ چارەسەر کردنی ئەو وەزعییەتە بدۆزێتەوە. بوروکراسی‌یەکی بەرین تان و پوی بەڕێوە بردنی کاروباری ئەو وڵاتەی تێک تەنیبوو. لە ئەنجام دا هەر چەشنە تەقالایەکی باڵە لیبرالەکانی بورژوازی دەسەڵاتدار لە شووڕەوی، لەگەڵ لەمپەرێک لە موقاومەتی سیاسەتمەداران و ڕابەرانی نیزامی و بەڕێوەبەرانی کارخانەکان و ئاپراتچی‌یە حیزبی‌یەکان کە وەک چینی حاکم لەو وڵاتە بە هەموو توانایانەوە دیفاعیان لە موجوودییەتی خۆیان دەکرد بەڕەو ڕوو دەبووەوە و مەحکووم بە شکست بوو. بە درێژایی دەورەی حکوومەتی بریژنیف، بورژوازی حاکم خۆی لە هیچ ئیسلاحاتێک نەدا و تەنانەت هەندێک ئاڵ و گۆڕیش لە زەمینەی جۆراوجۆردا کە لە دەورەی خروشچۆف دانرابوونە دەستوورلا، بریژنیف هەڵیوەشاندنەوە.

لەم ئالوزی‌یەی وەزعییەتی ناوخۆیی شووڕەوی‌دا، ئەو شتە کە ڕابەرانی ئەو وڵاتەی هێشتا بۆ موقاومەت و خوراگرتن وەسوەسە دەکرد، بریتی بوو لە بوحرانی کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئەمریکا و وەزعییەتی نالەباری دەڕەوەی و لاواز بوونی دەوری سەرکردەیی ئامریکا لە ئاستی جیهان لە دەورەی شەری ڤیتنام و دوای شکستی لەو شەڕەدا. ڕابەرانی شووڕەوی هیوادار بوون پێش ئەوەی بریتە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە شووڕەوی دەم بکەنەوە و ڕابەری و دەزگای حاکم لەو وڵاتە تاوانبار بکرین، ئامریکا توانایی بەرانبەرکی لە گەڵ شووڕەوی و فشار هێنان بۆ ئەو وڵاتە لە دەست بدا و لەم نیوەدا ڕابەرانی شووڕەوی دەڕەتانیکیان دەست بکەوی بۆ باشکردنی وەزعی خۆیان. بەڵام واقعییەتەکانی دواتر نیشانیان دا کە دەزگای دەوڵەتی‌ی حاکم لە شووڕەوی لەوە پەڕپووت تر و داهێزاوترە کە بەرگەی ئەو بوحران و ڕکووده هەمەلایەنەیە بگری کە ئەو کۆمەڵگایەی داگرتووە.

4- کەمبوونی کالاکان و پێویستی‌یەکانی ژیانی خەڵک، لە خوارەوە بوونی پلەی حەقدەستەکان، فشاری کار و سەرباری ئەوانەش نەبوونی هیچ چەشنە ئازادی‌یەک و نەبوونی مافی دەربڕینی بیر و ڕا دەربڕینی موخالەفەت لە کۆمەڵگای شووڕەویدا، ڕژیمی حاکم و خەڵکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ یەکتر بیگانە دەکرد و بناغەی کۆمەڵایەتی دەزگای حاکمی بەرتەسک دەکرد. دەزگای حاکم نەک هەر چکولەترین ڕیفورمی‌لە بینای سیاسی و شێوەکانی حکوومەت کردنی خۆیدا پێک نەدەهێنا، بەڵکوو بۆ خاموش هێشتنەوەی کرێکاران و خەڵکی نارازی، ڕۆژ بە ڕۆژ دیکتاتوریەتی خۆی تووندتر دەکردەوە و تەنیا بە پشت بەستن بە سازمانێکی سەرکوت، قودرەت و دەسەڵاتی خۆیانیان دەپاراست.

هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە ئیشارەم پێکردن دەستیان دایە دەستی یەک و زەمنەی هەرەس هێنانی دەوڵەتی ئەمپریالیستی‌ی شووڕەویان پێک هێنا. چارە جویی کاتێک دەستی پێکرد کە ئیتر کار لە کار ترازا بوو.

***

(پاشماوەی) بانکی جیهانی و سندووقی بین المللی.....

لەو وڵاتانە، ڕاستەوخۆ خەریکی بنیات نانی دام و دەزگا ئابووری‌یەکانی بازاری ئازاد، وەک بانکەکان، کومپانی‌یەکان و دەزگا ڕاوێژکارەکان و هینانە گۆڕی چوار چێوەی دیاریکراو بۆ تەنزیمی موناسباتی نیوان کار و سەرمایە بە پێی تەجرەبە و ئەزموونەکانی سەرمایەداری‌ی جیهانین و خەریکن زەمینەی پێویست بۆ ئەوە پێک دێنن یان پەرەی پێدەدەن، کە سەرمایەکان ڕووبکەنە ئەم بازارە تازانەی سەرمایە و کارو کالا.

لە ساڵانی ڕابوردوودا کە بوحرانی قەرزەکانی جیهانی سێهەم، وەک گیر و گرفتێکی جیددی بەربینی بە سیستمی مالی و بانکی‌ی سەرمایەداری‌ی ئەمپریالیستی گرتوە، فشارەکانی بانکی جیهانی بۆ ئەستاندنەوەی ئەم قەرزانە، لە چوار چێوەی داواکردنەوە و زەمانەت نامەکان و پەیمانە ئابووری‌یەکان واوەتر چووە و ڕاستەوخۆ دستیان داوەتە دەخالەتی سیاسی بۆ داسەپاندنی شێوە و ئولگووە ئابووری‌یەکانی دلخوازی ئەمریکا و تەنانەت گورینی حکوومەتەکان. قەرزەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم، ئێستا نزیکەی هەزار و پێنج سەد میلیارد دولارە کە بەشی هەرە زۆری بریتی‌یە لە قازانج و بەهرەیەک کە بە هۆی وە درەنگ کەوتنی قەرزەکانەوە هاتوەتە سەری. لە حاڵێکدا هیوا بە دانەوەی ئەم قەرزانە بە سیستمی بانکی‌ی ئەمپریالیستی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، سەرمایەداری‌ی چاوچنوک و سوودپەرست پەنا دەباتە بەر بەکار هێنانی هەموو وەسیلەیەک بۆ ئەستاندنەوەی هەر بەشێک لەم قەرزانە. کەم بوونەوەی هەزینە دەوڵەتی‌یەکان، کەم بوونەوەی تعهداتی دەوڵەت لە حاست کۆمەڵ، ئازاد کردنی قیمەتەکان، لابردنی سوبسیدەکان، کەم بوونەوەی حەقدەستەکان، قەبوول کردنی هەموو مەرج و شەرتێک لە پەیمان و لە ئیمزا کردنی قەرارداداە بازرگانی‌یەکاندا و لە سەرمایەگوزاری‌یەکاندا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی قەرز دەدەن، ئەمانە بەشیکن لەو مەرجانە کە بانکی جیهانی و سندووقی بین المللی پوول بۆ تەئمینی سەرچاوەی پێویست بۆ دانەوەی قەرزەکان و هەروەها بۆ وەرگرتنی قەرزی تازە، بە سەر وڵاتانی جیهانی سێهەمیان دا دەسەپێنن، کە زۆربەی ئەم مەرجانەش قەبوول دەکرین. بەڵام ئاشکرایە کە عەمەلی بوون و بەڕێوە چوونی ئەم سیاسەتە بە مانای فەوتان و تێدا چوونی سەدەمیلیون منالە لە بەر برسی‌یەتی لە دە ساڵی داهاتوودا، بە مانای مەرگی ساڵانەی حەفدە میلیون منالە بە هۆی ئەو نەخۆشی‌یانە کە دەکری پێشیان پی بگیری، بە مانای خەتەری قاتی و قری و مەرگ لە برسیەتی بۆ بیست و دوومیلیون کەس تەنیا لە وڵاتانی شاخی ئافریقایە، بە مانای ئەوەیە کە ڕۆژانە نیو میلیارد کەس لە سەراسەری جیهان بە برسیەتی بژین، وە گەڵێک ئەنجامی دیکەی لەم چەشنە. ئەم واقعییەتە تال و پر ژانانە، لەو ئامارانەوە دەردەکەون کە لە لایەن دەزگا سەرمایەداری‌یەکانی نزیک لە بانکی جیهانی و سندووقی بین المللی پوولەوە بڵاو کراونەتەوە.

***

(پاشماوەی) ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە سەبارەت بە تروری دوکتور صادقی شرفکەندی

چاوی خۆیان لە حاست ئەم جینایەتانەی کە هەر ڕۆژە لە گوشەیەک ڕووەدەن دەبەستن بەم جۆرە بە کردەوە بە جمهووری ئیسلامی ئیمکانی ئەو دەدەن کە بی نیگەرانی لە هیچ عکس العملیک لە لایەن ئەو وڵاتانەوە، بە دوای هەر پیلانیک دا بکەوێتە دارشتنی تەرحیکی تاوانبارانەی دیکە. بیر و ڕای گشتی لە ئالمان و لە هەموو ئوروپا و لەو ناچەیە، لەوەی کە وڵاتەکانیان بووتە مەیدانی هەڵسووڕانی تیرۆریستەکانی پەڕەوەردەی جمهووری ئیسلامی، بیزارن و داوای تەعقیبی جیددی و سزادانی ئەو جینایەتکارانە دەکەن. بەربەست کردنی تیرۆریزمی جمهووری ئیسلامی ویستی میلیونەها کەس لە جەماوەری دانیشتووی ئەو وڵاتانەیە، هەر بۆیە پێویستە لە هەموو لایەکەوە پێی‌گیری بکرێت.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_ (کۆمەلە)

27ی شەهریوەری 1371

دارتەون

پێش ئەوەی تاڵی زێڕینی خۆر
پرچێکی شاخ دابهێنێ
پێش ئەوەی لە سەر لیوی گزینگ
ڕووناکایی سەردەربێنێ

پێش ئەوەی کوڵان بپشکوێن
بەیان چاوی بکاتەوە
پێش ئەوەی مەلان بێنە جۆش
چریکەیان دەنگ داتەوە

پێش ئەوەی گوڵانی دێ
لە ژاوە ژین پڕ بێ
پێش ئەوەی تروسکایی‌یەک
لە داری کوانوی ئاگر بێ

پێش ئەوەی گیانی کووڕە
تینی کاری تێگەڕا بێ
کاکەی بەکار کەوتووم
قوری بەیانی شێلابێ

پێش ئەوەی منالانی کووڕە
لە نێو خۆلا بتلێنەوە
بڕینی دایکانی دەست گیراو
لە تاوانیان بکولێتەوە

پێش ئەوەی مەیدانی کار
دڵی پڕ کا لە بێکاران
تا دەمەو چێشتان
ببزوونەوە بەڕەو ماڵان

پێش ئەوەی دەرگای کارگا
هەڵگیرا بێ بۆ ڕۆژتاڵان
گورگانی ناو بازار
بیان گرێ بیری تاڵان

پێش ئەوەی قوژبنیکی شار
پەنجەی کاری پی گەڕا بێ
تاقە کەسێک لە ئاوایی!
چاوی لە خەو هەڵێنا بێ

من نیوە شەو تاریک تاریک
خەو لە چاوم بزرگاوە
بەڕەو ژووری کارگای قاڵی
بە تۆبزی ملم ناوە.

دەروووم کەتا سبەی شەوێ
لە زیندانێک حەپس کرێم
نە ڕووناکایەک ببینم
نە لەگەڵ کەسێک بدوێم.

دەروووم تا لەگەڵ تان و پۆی
بەن و ماشەر، دەستم ڕابێ
بە تەمای ڕۆژێک ببمە وەستا
چاوم لێڵ و پشتم دابێ.

دەروووم هەتا بە بۆنی شێ
هەموو گیانم جاو بێتەوە
12 سەعات! 14 سەعات!
16سەعات!

نازانم کەی دەبڕێتەوە

دەچنم دەچنم، دەبڕم دەبڕم
لەم نیوە شەو تا ئەم نیوە
بە قەدرایی دوو سەعاتێک
ڕۆژی ڕوناکم نەدیوە.

من نیوە شەو تاریک تاریک
خەویان لە چاو دزیومەوە
لە شەوگاری ئەم ژیانمەم
ڕووناکاییان سڕیومەوە.

لەم ژێر زەمینە شێدارە
هەموو دنیام دار و تەونە
جیا لە تانی بەن و کەلاف
هەموو شتێکم لێ خەونە.

لە نێو بەن دا، دەئاڵۆزێم
وەک ئەوان دڵ پر لە گری
بە دەم گرێ لێدانەوە
هەزار خەیاڵ هەڵم دەگرێ

ئەم قاڵی‌یەی من دەی‌چنم
زیاتر لە خۆیم عومر دەکا
قەدری دەچێتە سەر چاوان
زۆر سنووران تێ‌پەر دەکا.

ئەی ئەوانەی ئەمرۆ و سبەی
گوێ لە ڕازی ئێمە دەگرن
گۆڕانی‌یەکانمان دەبیستنەوە
قین لەم دینایە هەڵدەگرن

لەگەڵ هەر گرێ‌یەک ئێمە
بیرێکیشمان گرێ داوە
قاڵی‌یەکی هەزار ڕەنگە
لە ناو دڵمان چندراوە.

چەند یادداشتی سیاسی

لەشکرکێشی و پەلامارى ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خەڵکی کوردستان

ماوەی زیاتر لە مانگێکە کە دەوڵەتی تورکیە هێزێکی نیزامی زۆری لە دە ئەیالەتی کوردنشینی ئەم وڵاتە کۆکردوەتەوە و کوردستانی تورکیە بووەتە مەیدانی ڕمبازینی سەدان هەزار لە ئەرتەشی تورکیە و ئەو مەنتەقەیە بە تەواوی بووەتە ناوچەیەکی جەنگی. بە ڕواڵەت ئەو هێزە زۆرە، لە دژی هێزەکانی پێشمەرگەی P.K.K و بۆ پێش گرتن بە پەرەگرتنی خەباتی چەکداری لە کوردستانی تورکیە هێنراوەتە مەیدان، بەڵام لە کردەوەدا و لە ڕاستیدا کاری ئەرتەشی تورکیە تێک شکاندنی وڕەی خەباتکارانەی خەڵک و دامرکاندنەوەی ئاوری خەباتی حەقخوازانەی جەماوەری خەڵک لە کوردستانی تورکیەیە. هەڵبەت لە پال ئەوەدا شەڕی خۆیان لەگەڵ هێزی نیزامی p.k.kش بەڕێوە دەبەن.

ئەرتەشی تورکیە، لە کوردستان، بەربووتە گیانی خەڵکی بی دیفاع و لەو هێرشە تازەیەدا، دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستوە. یەکێک لە شێوە دژی ئینسانییەکانی ئەرتەشی تورکیە، لە کوردستان، ئەوە بووە کە لەو ماوەیەدا چەندین جینایەتی سامناکی وەکوو کوشتنی بە کۆمەڵی پیر و منداڵ و خەڵکی بی دیفاع بە نهێنی، بەڕێوە بردوە، وە پاشان بە هۆی دام و دەزگا خەبەرییەکانی خۆی ئەم تاوانەی خستوەتە پال هێزەکانی ئوپوزیسیون. ئەم پیلانگێڕییە دژی ئینسانییە، بە هۆی چەند ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ کە لە وڵاتی تورکیە حوزووریان هەیە، ئاشکرا بووە و لە قاو دراوە. ئەگەر تا ئێستا ئەم شێوە جینایەتە دەرحەق بە کۆمەڵێکی چکولەی خەڵکی مەنتەقەیەکی دوور کەوتوو بە ڕێوە دەچوو، ئەم جارە ئەرتەشی تورکیە خەڵکی شاری شیرناکی کردە قوربانیی ئەو تەرحە دژی ئینسانییە. لەم ڕۆژانەدا، ئەرتەشی تورکیە بە بەهانەی عەمەلیاتێکی هێزەکانی p.k.k لە شاری شیرناک، سەرجەمی خەڵکی ئەو شارەی دایە بەر پەلامار و بە هەموو چەکێکی قورس و سووک بەربووە گیانی خەڵک و ویران کردنی شارەکە. ژمارەی قوربانیانی خەڵک لەم کارەساتە سامناکەی ئەرتەشی تورکیەدا، تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام ئەوانەی خۆیان شاهیدی ئەو هێرشە درندانەیە بوون، قسە لە چەند هەزار کوژراو و بریندار دەکەن. ئاماری جینایەتەکە هەرچەند بی، ئەوە ڕاستییە ئاشکرایە کە زیاتر لە 20 هەزار کەس لە خەڵکی ئەو شارە بۆ دەربازکردنی خۆیان لەو قەسابخانەیەی کە ئەرتەشی تورکیە لەو شارەیدا بەڕاوی نان، ناچار بوون شارەکە بەجێ بهێڵن و ئاوارەی دەشت و کێوەکانی ئەو مەنتەقەیەن.

ئەرتەشی تورکیە کە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی بورژوازی شۆڤێنیستی تورک دایە دەستی داوەتە کوشت و بر لە کوردستانی تورکیە و حازر نیە لە بەرانبەر داخوازی سەرەتایی و هەقخوازانەی خەڵکی کورد لەم وڵاتە، یەک هەنگاو پاشەکشە بکا. هەتا ئێستا لە کوردستانی تورکیە ئەو قانوون و یاسایانە بەڕێوە دەچن کە لە زەمانی ئاتاتورکەوە بە زۆر و بە قیمەتی نەسل کوژی و قەلاچۆ کردنی هەزاران کەس داسەپێندراوە. بە پێی ئەو قانوونانە، خەڵکی کورد لە کوردستانی تورکیە وەکوو هاووەڵاتی دەرجە دوو دەناسری و ستانداری ژیانی خەڵکی هەژاری کورد لە ناوچە کورد نشینەکانی تورکیە، تەنیا لەگەڵ فەقیرترین و دواکەوتووترین وڵاتانی دونیا قابیلی بەراورد کردنە. بێکاری و حەقدەستی یەکجار کەم و بی دوکتور و دەوا و دەرمانی، برسیەتی لە زۆربەی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو مەنتەقەیە بڕێوە و سەرباقی ئەوانە، بە دایم و لەبەر دەم هێرش و پەلاماری ئەرتەشی تورکیە و تەوهین و بی مافی و سەرکوت دان.

کێشەی ئێران و وڵاتانی عەرەبی لەسەر جەزیرەی ئەبوموسا

زیندوو بوونەوەی کێشەی دەوڵەتی ئێران و حکوومەتی "ئەماراتی متحدەی عەرەبی" لە سەر مەسەلەی مالکییەتی جەزیرەی ئەبوموسا و دوو جەزیرەی چکولەی دیکە لە خەلیجی فارس، لە ڕۆژانی ڕابوردوودا، بوحرانێکی سیاسی و دیپلوماتێکی لە نیوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەو کێشەیەدا بەتوندی لایەنگری "ئەماراتی متحدە"ن پێک هێناوە. ئەو مەسەلەیە بووەتە مایەی شەڕێکی بەرینی تەبلیغاتی لە ڕادیو و تلویزیون و ڕۆژنامەکانی هەرتک لادا.

وڵاتە عەرەبییەکان هەوڵ دەدەن مەسەلەکە بەرنە "شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان" و لە تەبلیغات و قسە ڕەسمییەکانی سەران و کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامیش دا هیچ نیشانەیەک لەوە بەرچاو ناکەوی کە بە تەمای کوتایی هێنان بەم ماجەرایە بن. جۆرج بۆش لە دیدارێک دا لەگەڵ سەفیری "ئەماراتی متحدەی عەرەبی"دا ڕایگەیاند کە لایەنگری لە لایەنی عەرەبی ئەو ماجەرایە دەکا. بەم جۆرە وەک دەبینین، ئەو مەسەلەیە لە چوارچێوەی کێشەیەکی بەرتەسکی سنووری لە نێوان ئێران و و دراوسێکانی، چووەتە دەر و تێکەلاوی سەرجەمی کێشە و ناکۆکیەکانی بورژوازی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەوە کە ئایا ئەم ناکۆکیە لە جێگایەک بەربەست دەکری و ڕێگا چارەی بۆ دەبێندرێتەوە یان لە پال باقی مەسەلەکانیدیکەی ئەو ناوچەیە، دەبێتە هەوینی بوحرانێکی گەورەتر، مەسەلەیەکە کە ئەمڕۆ بە تەواوی ڕوشن نیە. بەڵام بۆ ناسینی جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەم جەنجالە و هەڕوەها کارکردی بۆ هەرکام لە دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە و بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پێویستە چەند خاڵی سەرەکی ئیشارەیان پی بکری.

1- جمهووری ئیسلامی ماوەیەکە، بە پەلە و بە هەموو ئیکاناتێک کە لەبەر دەستی دایە، خەریکی خۆسازدانەوەیەکی بەرینی نیزامییە. سەرانی جمهووری ئیسلامی هەر ڕۆژە لە وڵاتێک، قەراردادیکی تازە بۆ کرینی کەل و پەلی پێشکەوتووی نیزامی دەبەستن و بە نهێنیش ڕاسپاردەی تایبەتیان بۆ کرینی کەل و پەلی جەنگی لە هەموو کوشە و کەناری دنیا بلاو کردووەتەوە و لەم ڕێگایەوە سالانە میلیاردها دولار لە سامانی ئەم وڵاتە و ڕەنجی شانی کرێکاران دەکەنە خەرجی خۆ تەیار کردن بە چەک و چول و کەرەسەی جەنگی. لە ناوخۆی ئێرانیش، پێش هەموو شتێک دام و دەزگاکانی سەر بە سەنایعی نیزامییان خستوەتەوە کارو بە گەرمە خەریکی بەرهەم هێنانی چەک و تەقەمەنی و ئامیری کوشتاری بەکۆمەڵن. کاری ڕێکخستن و بە هێز کردنی ریزەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران بە خێرایی دەبەنە پێش و خەریکی بردنە سەری ڕادەی ئامادەیی فەننی و شارەزایی فەرماندەکانن. هەموو ئەو کارانە ڕۆژانە و لە بەرچاوی خەڵکی ئێران دەکرین و بوودجەیەکی قورس کە بێگومان زیاتر لە نیوەی هەموو بوودجەی سالانەی ئێرانە بۆ ئەم کارە تەرخان کراوە. ئەم سیاسەتە لە هەلومەرجێک دا بەڕێوە دەچی کە هەژاری و دەستەنگی، سەراسەری جامعەی ئێرانی داگرتوە و کرێکاران و زۆربەی جەمعییەتی ئێران بە زەحمەت دەستیان بە ئیمکاناتێکی مەمرە و مەژی ڕادەگا. ئەم خۆتەیار کردنەی جمهووری ئیسلامی کە بێگومان خۆی لە خۆیدا ڕێگا خۆشکەری شەر و مالویرانییەکی دیکەیە بۆ خەڵکی ئێران پێویستی بە سونگە و بیانوو هەیە. گەشاندنەوەی کۆنە ناکۆکییەکان و کێشە لە سەر مەسەلە سنووریەکان، لەگەڵ وڵاتانی دراوسی پەکێک لەو ڕیگایانەیە کە بورژوازی لە ئێران و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا، بۆ داسەپاندنی باج و خەراجی ئەم نیزامیگەرییە بەسەر خەڵکی وڵات دا، بە کاری دێنن.

2- جمهووری ئیسلامی کە نارەزایەتی هەردەم ڕوو لە زیاد بوونی خەڵکی وەگیان هاتوو لە هەموو ئێران دەبینی و بۆ چارە سەر کردنی گیروگرفتەکانی ژیانی خەڵک هیچ هەنگاوێکی کارسازی هەڵنەهێناوتەوە و ئەمڕۆ گرانی و بێکاری و بی مەسکەنی و بی دەواودەرمانی و گەلێک تەنگ و چەلەمەی دیکەی ژیان بەربینی بە خەڵک گرتوە، پێویستی بەوە هەیە کە ناوبەناو بە بیانوویەک بۆماوەیەکیش بی سەرنجی خەڵک لە کێشە و مەینەتەکانی ناوخۆیی دوور خاتەوە و ببیا بەرەو مەسەلەیەکی دەرەوە و بە خەیاڵی خۆی بۆ جارێکیتریش بە بیانووی دوژمنی دەرەوە، بەشێک لە خەڵکی ئێران لە دەوری ڕژیمەکەی کۆ بکاتەوە و لە پەنای ئەو پیلانەدا، بۆ ماوەیەکیش بووە یەخەی خۆی لەدەست گیروگرفتەکانیناوخۆ کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرن ڕزگار بکا و بەم جۆرە بۆ ماوەیەکیتریش خۆی لە خەتەری خۆڕۆشانی لافاوی ئیعترازی جەماوەر بپاریزی. بۆیە، یان خۆی ڕاستەوخۆ بیانوو بۆ پێک هێنانی ئالوزی و کێشەی دیپلوماتێک و سیاسی لە ناوچەکەدا دەخولقێنی، یان ئەگەر لە لایەکی دیکەوە بەهەر حاڵ خولقێندرا، ئەم هەول دەدا بیقوزێتەوە و لە خزمەت ئەو سیاسەتەی خۆیدا بە کاری بێنی. بێگومان بوحرانی جەزیرەی ئەبوموسا عەینی و ئەو کارکردانەی کە لەسەرەوە باسیان کرا، بۆ لایەنەکەی دیکەی ئەم کێشەیە (یانی بۆ وڵاتانی عەرەبی) هەیە. ئەوە لە ڕاستیدا پیلانێکی ڕانەگەیەندراوی بورژوازییە لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و لە دژی حەرەکەتی ئیعتیرازی و ئازادیخواز نە لە سەرجەمی ناوچەکەدا.

3- ئاشکرایە کە دەستی ئامریکا و ئینگلیس و وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە پشتەوە ی ئەم ناکۆکی و کێشە تازەیەی بورژوازی ناوچەکەدا لە کاردایە. بۆ ناسینی هۆیەکانی دنەدان و گەشاندنەوەی ئەو ماجەرایە لە لایەن ئەوانەوە، پێویستە بە کورتی ئیشارە بە مەسەلەیەک بکەین. لە لایەکەوە جمهووری ئیسلامی لە هەلومەجرێک دا لە ئێران حکوومەت دەکا، کە ئەم وڵاتە ئیتر ئەهمییەتی جارانی وەک ئالقەیەکی گرینگ لە زنجیری گەماروی شووڕەوی پیشوو لە لای وڵاتانیڕۆژئاوا نەماوە و ئیتر ئەو نیگەرانییە لە ئارادا نەماوە کە ئەگەر فشاریکی زیاتر لە ئەندازەی پێویست بخەنە سەر ڕژیمی ئیران، لەوانەیە جیگا پێی لە بەرانبەر شووڕەوی‌دا سست ببی. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەوتی سیاسەتە ئابووریەکانی جمهووری ئیسلامی بەڕەو بازاری ئازاد و خۆیەک خستن لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری جیهانی، بە شێنەیی دەچێتە پێش. ڕژیمی ئێران نەیتوانیوە، بەو جۆرەی کە سەرمایەداری جیهانی پێویستی پێیەتی، کوسپە عەمەلی و سیاسی و حقووقییەکانی سەر ڕیگای پەل و پو هاویشتنی سەرمایەی دەرەوە لە ئێران، لەسەر ڕیگا لابەری. جگە لەمانەش، جمهووری ئیسلامی، بە هەولدان بۆ پەرەپێدانیدەسەلاتی خۆی لە وڵاتانی موسولمان نشینیناوچەکە، زەمینە پێک دێنی بۆ خولقاندنی گیروگرفتی داهاتووش بۆ ئامریکا و ڕۆژئاوا. بەم هۆیانە، ئامریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی هاوپەیمانی ئامریکا، بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە پێویستە فشاری خۆیان بۆ وادار کردنی جمهووری ئیسلامی بەوە کە زیاتر خۆی لەگەڵ بەرژەوەندەکانی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانیدا یەک بخا، زیاتر

بی‌مافی و بی‌عەدالەتی دیاری دەسەلاتداڕەتی ئیسلامی بۆ خەڵکی ئەفغانستان

پاش بە دەسەلات گەیشتنی موجاهیدینی ئیسلامی لە ئەفغانستان، خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەوڕێکی تازەی شەر و ناائەمنی و بی‌مافی بەڕەو ڕوو بوون. پێدادان و تێک هەڵچوونە خوێناوییەکانی نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکانی موجاهیدین لەسەر وەدەست هێنانی بەشێکی زیاتری دەسەلاتی سیاسی، کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەی تووشی مەینەت و ڕۆژ ڕەشی‌یەکی هەرچی زیاتر کردوە. تێک هەڵچوونە عەشیرەتی و قەومییەکانی نێوان دەستە و تاقمی جۆراوجۆری موجاهیدین لە چەند حەوتووی ڕابوردوودا، جیا لەوەی کوشتارێکی بەرینی بە شوێنەوە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، بە تایبەت لە شاری کابول ئاوارە کردوە و بە برسیەتی و ڕووت و ڕەجالی، پەراکەندەی ئێرە و ئەویی کردوون. دوای ساڵەها شەڕی مالویرانکەری ناوخۆیی لە ئەفغانستان، ئێستا دامەزرانی دەسەلاتی ئیسلامی لەو وڵاتە، نەک هەر مایەی هیچ هیوا و هومیدێک بە کوتایی مەینەتی چەندین ساڵە و کرانەوەی دەروازێک بەڕەو بەهرەمەندی لە ئاسایش و ئەمنییەت و ئازادی فەردی و کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو سێبەری دەورەیەکی‌تر لە ئاوارەیی و برسیەتی و بی مافی، ئاسوی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو وڵاتەی لێل کردوە. دەسەلاتدارانی ئیسلامی لەو وڵاتە، لە یەکەمین هەنگاوەکانیانداوە، بە زیندووکردنەوەی و ڕەسمییەت پێدانی قانوون و یاسای کۆنەپەرستانەی مەوزەبی وەحشیانەترین شێوەی ستەم و بی مافییان وەک قانوونی پەسندکراو، بەسەر خەڵکدا سەپاندوە. بەپێی قانوونە پەسندکراوەکانی دەسەلاتداڕەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان، سەنگەسار کردنی ژنان، پەراندنی دەست و قاچ لە سەر دزی، شەللاق لیدان لەسەر خواردنەوەی مەشووباتی ئەلکولی و کوشتن و ئیعدام لەسەر خرید و فرۆشی مەشرووبات، خەریکە بەڕێوە دەچی. "شووڕای ڕیبەرایەتی" ڕایگەیاندوە کە کتێبە مارکسیستییەکان و کتێب و نووسراوەی "دژی دین" کۆدەکرینەو. هەندێکی‌تر لە بڕیارەکانی حاکمی ئیسلامی ئەمانەن:

- بۆ کۆنترۆڵی ڕادیو و تلویزیون و "پاکسازی" کەسانی غەیرە ئیسلامی، دەزگایەکی دەوڵەتی دیاری کراوە.
- بلاو کردنەوەی موسیقا لە ڕادیوون قەدەغە کراوە.
- ژنان، حەقیان نیە وەک بەڕێوەبەری بەرنامە لە سەر سەفحەی تلویزیون خۆ دەرخەن.
- ژنان دەبی حیجابی ئیسلامی بەڕێوە بەرن.
- پێک هێنان و فەعالییەتی هەموو حیزبێکی غەیرە ئیسلامی قەدەغەیە.

⇦

سەرنجێك لە سەر ڕێكخراوەكان و خەباتی كرێكاری لە كوردستان

وت و وێژێك لەگەڵ هاوری جوادی مشكی

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، وت و وێژێكە كە ماوەیەك لەوەپێش بۆ بڵاو بوونەوە لە رادیو دەنگی شۆرشی ئێرانەوە، لەگەڵ هاوری جوادی مشكی كراوە. ئێمە بۆ ئاگاداری خوێنەرانی "پێشڕەو" چەند بەشێك لەم وت و وێژەمان هەڵبژاردووە.

"پێشڕەو"

پرسیاری یەكەم: لە چەند ساڵی ڕابوردووەدا، لە نیو كرێكارانەدا ڕێكخراوی جۆراوجۆر پێك هاتوون و فەعالییەتیان كردوە. ئێستا، سەرجەم وەزعی ئەو ڕێكخراوانە چۆنە؟

وەڵام: لەم بابەتەو تا ئێستا زۆر جار قسەمان كردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بزانین شێوەی هەڵوێستمان لە حاست ڕێكخراوەكانی مەوجوود، دەبی چون بی، سەرەتا پێویستە ئیشارە بەوە بكەم كە دەبی چ چاوەڕوانییەكمان لە ڕێكخراوەیەكی كرێكاری هەبی. ئاشكرایە كە ڕێكخراوی كرێكاری، دەبی وەسیلەی خەباتی ڕۆژانەی كرێكار لە دژی سەرمایەداری بی. یانی قودرەتی كرێكار زیاد بكا، داخوازەكانی بەیان بكا و بۆ بە دەست هێنانی ئەو داخوازانە هێزی كرێكار ڕێك بخا. لە بەرانبەر هەر نەوعە ملهوڕییەك كە لە حاست كرێكاران دەكری، ڕاوەستی، هاوپشتیی كرێكاران پەرە پی بدا و سیاسەتی تەفرەقە سازكردن لە نیو كرێكاراندا_ كە سەرمایەداران و دەوڵەتەكەیان بەڕێوەی دەبەن_ پووچەڵ بكاتەوە. لە یەك كەلام دا، نیشاندەر و بەڕێوەبەری ئیرادە و ویستی كرێكاران بی. دیارە بۆ ئەم كارە دەبی جەماوەری كرێكار_ نەك ژمارەیەكی كەم_ لە بەرپار دان و بەڕێوەچوونی بریارەكاندا، بەشدار بن. لە ڕاستیدا بەبی دەخاڵەت و بەشداریەكی لەم چەشنەی جەماوەری كرێكار ڕێكخراوی كرێكاری نە دەتوانی هێز و توانای پێویست بۆ بەرەو پێش بردنی مەسەلە كرێكاریەكان لە دڕێژ ماوەدا بە دەست بینی، وە نە زەمانەتی ئەوە فەراهەم دەبی كە ئەو ڕێكخراوە لە ژێر كۆنترۆل و فەرمانی كرێكاران دا بمێنێتەوە و بە ئیرادەی ئەوان هەڵسووڕی.

بۆ هەر كرێكارێك فەرزە، ڕێكخراوێك كە پێكی دینی، لانی كەم ئەو تایبەتیانەی هەبی. لە هەلومەرجی ئێستا دا كرێكار لە هەموو ئیمكانێك بۆ دیفاعی حقووقی و عەمەلی لە بەرانبەر ملهوری و تەماعكاری و سوود پەرستیی سەرمایەداران دا مەحروومە. لە هەمان كاتدا كرێكار هیچ ئیمكان و مەجاڵێكی بۆ چارەسەر كردن و تەنانەت باسكردنی مەسەلە و گیر و گرفتەكانی ژیانی خۆی لە لای هیچ مەرجەعێكی قانوونی نیە. جار لەگەڵ جاریش قانوون و سیاسەتی تازە لە دژی كرێكار و بۆ چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری كرێكار، پەسەند دەكرین. لەم وڵاتەدا كە سەراسەر خەفەقان دایگرتوە، تەنانەت ڕۆژنامە و چاپەمەنییەكانیش دەرگایان بە ڕووی كرێكاردا داخراوە.

لە كاتێكدا كە سەرمایەداران و بازاریان "وەتاغی بازرگانی" و "شووڕای ئەسناف" و یا لانی كەم ئەنجومەن و سەندیكای خۆیانیان هەیە، "تەنیا وەسیلەی دەستی دەوڵەتن بۆ قەرز كردن و بەڕێوە بردنی ویست و پێویستییەكانی سەرمایەداری بەسەر كرێكاراندا. سەرەڕای ئەمانە، هەر كە دەنگی نارەزایەتی و ئیعتیرازی كرێكار بەرانبەر بە وەزعی مەوجوود بەرز بووەوە و دەستی لە كار هەڵگرت و مانی گرت پاسدار و ژاندارم دەوری كارخانە و شیركەت دەگرن، و بە هاتنی ئاخوندێك بۆ مەوعیزە، بەرەیەكی دژی كرێكاری بە خیرایی پێك دەهێنری. لە هەلومەرجێكی ئاوادا، كرێكار چ وەسیلەیەكی هەیە بۆ دیفاع لە حەقی خۆی و چ ڕێگایەكی بۆ دەمێنێتەوە؟ لە حاڵێكدا تەواوی ئیمكاناتی قانوونی و ئیداری خراوەتە گەر، هەتا لە ڕەنج و زەحمەتی كرێكار و لە حاسڵی چەوسانەوەی كرێكار، سەرمایەدار سەروەتی خۆی زیاد بكا و ژیانێكی غەیرە ئینسانی بەسەر دا بسەپێنێ، چ شتێك بۆ كرێكار دەمێنێتەوە بێجگە لە قودرەتی یەكگرتن و هاوپشتی كە لە ڕێگای كۆر و كۆمەڵ و ڕێكخراوە كرێكاریەكانەوە دێتە مەیدان؟

تێگەیشتن لە پێویستیی یەكگرتن، بۆ كرێكار وەك ئەلف و بێی ژیان وایە و لە هەموو كەس زیاتر لە كەڵك و قازانجی یەكگرتن حاڵیە. تەنیا كەسێك كە هێشتا بە فیكری خویندكارێكەوە چاو لە چینی كرێكار دەكا دەتوانی بەوە دڵخۆش بی كە ئەگەر مەوعیزەی یەكگرتنی بۆ كرێكار كرد كارێكی گەورەی كردوە. ڕاستی ئەوەیە كە قانوون و یاساكان و ئەخلاقیاتی ناو كۆمەڵ و هەروەها شێوە و شگردی كارفەرماكان بە شێوەی بەردەوام و ڕۆژانە ڕەقابەت و دوو بەرەكی و تەفرەقە لە نێو كرێكاراندا ساز دەكەن یان هەوڵ دەدەن سازی بكەن. تەنیا بە هۆی هەلومەرجی كار و ژیانی وەك یەك و مەینەت و ئازاری وەك یەكە، كە ئیمكانی پووچەڵ كردنەوەی ئەو تەقالا تەفرەقە سازە پێك دی. كە وایە كرێكار دەچێتە شەری ئەو كەند و كوسپانە، ئەویش هەموو ڕۆژی و بە وەچنگ هێنانی هەر قرانێك و ئەستاندنی هەر ئیمتیازێك لە سەرمایەداران.

سەبارەت بە ڕێكخراوەكانی مەوجوود، دەبی بڵێین كە تەقریبەن لە زۆربەی كارخانەكان و مەركەزە كرێكاریەكان لە كوردستان، كۆبوونەوەی گشتی و بەر پا كردنی ئەو كۆبوونەوەیە بووەتە سوننەتێكی جێگیر بوو. بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر لە كاتی مانگرتن و پەیدا بوونی ناكۆكی و كێشە لەگەڵ خاوەن كار خۆی نیشان دەدا. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیشكاڵی نیە. چونكە هەموو كەس چەكی خۆی دێنێتە دەر. كرێكارانیش، بە دروستی كۆبوونەوەی گشتی، وەك وەسیلەی نیشاندانی هێزی خۆیان لە دژی خاوەن كار، دێننە مەیدان. بەڵام لە كردەوەدا، ئەم فاسلە و مەودایە كە دەكەوێتە نیوان كۆبوونەوەی گشتی دەسكەوتەكان و خەباتی كرێكاران تووشی مەترسی دەكا. بۆیە پێش هەموو شتێك دەبی هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی كۆبوونەوەكان بە شێوەی منزەم بەر پا بكرین.

بێجگە لەمانە، ئێستا، ئیتحادیەی كرێكارانی بەشە جۆراوجۆرەكان هەن كە بەشێك لەوانە، تێكۆشان و فەعالییەتی خۆیانیان لە پێش ڕاپەڕینی سالی 57ەوە دەست پێكردوە. دیارە لێرەدا باسی وەزعی یەكە یەكەی ئەوان ناكەین. سەبارەت بەو ڕێكخراوانە پێویستە بڵێین كە پشت بەستنیان بە بەرپا كردنی كۆبوونەوەی گشتی حاڵێكی سەرەكییە و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەسەلەیە هەوڵ و كوشش و دەخاڵەتی جیددیتری هەڵسووڕانی كرێكاری پێویستە.

پرسیاری دووهەم: پێشینەی فەعالییەتی كرێكاران لە كوردستان چۆنە و چ ئەزموون و تەجرەبەیەك لەم زەمینەیەدا هەیە؟

وەڵام: پێشینە و ئەزموونی كرێكاران لەم زەمینەیەدا دروست بە ئەندازەی پەیدا بوون و گەشەی چینی كرێكار و خەباتی كرێكاریە. پی بە پێی زیاد بوونی ژمارەی چینی كرێكار، ڕەوتی وشیار بوونەوەی كرێكارانیش بەرەو پێش چووە و خەباتیان بەشێوەی جۆراوجۆر لە دژی سەرمایەداران پەرەی ئەستاندوە و زۆرترین هەوڵ و تێكۆشان لەم بابەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر و بەندی ڕاپەڕینی 57. لە ساڵەكانی 57 و 58دا، بەشە كرێكاریەكان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەكانیان دەست بە كار بوون. ئەو كات لە زۆربەی شارەكان خانەی كارگەر و شووڕا و ئیتحادیەی كرێكاری پێك هاتن. بەڵام ئەو كات بە هۆی زاڵ بوونی شێوەكانی خەباتی تووێژ وردە بورژواكان و زاڵ بوونی بەسەر بزووتنەوی جەماوەری و گشتیدا، بزووتنەوەی كرێكاری نەیتوانی لە خەباتی سیاسی ئەو دەوورەیەدا تەئسیرێكی دڕێژ خایەن و گرینگ لە خۆی نیشان بدا. بە كۆرتی، چینی كرێكار نەیتوانی ویست و داخوازەكانی خۆی لە ژێر دەست و پی و لە لا بە لای شیعارەكانی تووێژە وردە بورژواكان بكێشێتە دەر و بیكاتە بریار نامە و بەیاننامە.

بەڵام دوای تێپەڕ بوونی دە ساڵ، ئیتر تەنیا قسە كردن لە زیاد بوونی ژمارەی كرێكاران، كافی نیە. بە دڕێژایی ئەم ساڵانە، دەسەڵاتی ڕەشی جمهووری ئیسلامی مەجاڵی هەر چەشنە بیر و ڕا دەربڕین و نارەزایەتی دەربڕینی كرێكارانی گەڵێك بەر تەسك كردوەتەوە. مەینەتەكانی دەورەی شەر، سەختییەكانی ژیانی كۆمەڵانی كرێكاری لە جاران زیاتر كردوە. هەروەها میلیتاریزە بوونی شار و دی و كارخانە و گەڕەك، كۆنترۆڵی پولیسی و قەید و بەندی چەن لانە زیاتر كردوە. بە هەمووی ئەوانەشەوە، گەشەی خەباتی كرێكاری و پەرەسەندنی ئیعتیرازاتی كرێكاری لە كۆمەڵدا بەر چاو بووە.

خەبات بۆ بردنە سەری حەقدەست، كەم كردنەوەی سەعاتی كار، بەرپا كردنی كۆبوونەوە و كۆڕ بەستنی كرێكاران بۆ نموونە مەراسمەكانی ڕۆژی كرێكار_ لە ڕادەی بەریندا و كێشەی بەردەوام لەگەڵ كار بە دەستان بۆ ڕەسمیەت پێدانی هەندیك ماف و داخوازی كرێكاری وەك بیمە كۆمەڵایەتییەكان و بیمەی بێكاری، كێشەی بەردەوام لەگەڵ كارفەرما دەوڵەتی و خوسووسییەكان و ئیدارەی كاری ڕژیم، بەشێكن لەو ئیعتیرازاتە.

لە كۆمەڵگایەك دا كە بە دڕێژایی دەیان ساڵ، مەسەلەی میللی هەوینی ئیعتیرازاتی بیر و ڕای گشتی بووە، شوینەوار و تەئسیری سوننەت و شێوەكانی بزووتنەوەی میللی و حیزبە میللییەكان، لە خەباتی سیاسی مەوجوود دا بە تەواوی هەستی پی دەكرا. ئێستا كرێكار، ڕۆژی خۆی جەژن دەگری. بەم جۆرە كرێكاران نیشان دەدەن كە پێش هەموو شتێك بیر لە تعلق و قازانجی چینایەتی خۆیان دەكەنەوە و كرێكار ئیتر ڕەشەلەشكری هیچ هێز و دەستە و تاقمێك نیە. بەرەو پێش چوونێكی ئاوا لە مەیدانی خەباتی كرێكاریدا، بە شێوەی تەبیعی نەسلێك لە ڕابەرانی كرێكاری هێناوەتە ریزی پێشەوەی ئیعتیراز و خەباتی كرێكاران. ڕابەرانێك كە لە ڕاستیدا، بە تێكۆشان و دەست پێشكەری و كارامەیی خۆیان ئیمكانی ئەم پێشڕەوییەیان لە بزووتنەوەی كرێكاریدا پێك هێناوە. ڕابەرانێك كە سەرەڕای هەموو كەند و كوسپێكی پێك هاتوو بە هۆی خەفەقان و دیكتاتوری، لەگەڵ كەم و كووری و گیر و گرفتی دیكەش بەرە و ڕوون:

کەم هێزی چینی کرێکار بە هۆی پرژ و بلاوی و پەراکەندەیی چکولەیی کۆڕ و کۆبوونەوە کرێکاریەکان و شوێنەکانی کار و نا کاملی و نا پوختەیی خەباتی کرێکاری لە کوردستان. تێکۆشانی ئەم نەسلە لە رابەران، کە پێش هەموو شتێك سوسیالیزم جیهان بینی و ئارەزوویانە، تەجرەبە و ئەزموونی تایبەتی ئەم دەورەیەی لەگەلە. لە حاڵێکدا کە هێزەکانی ڕژێم هەر شێوە ئیعتیرازێك و هەر حەرەکەتێك بە بیانووی ئەوە کە "دەستی زدی ئینقلابی تێدایە" بە هێرش و سەر کوت جواب دەدەنەوە هەڵوێست و هەڵسووڕانی ئەم رابەرانە تەئسیری جیددی بووە وە یا کۆبوونەوەی گشتی بەڕپا بکەن و هەروەها سەرەڕای ئامادەیی و هەرەشەی هێزەکانی ڕژێم، مەراسمی سەربەخوی چەند هەزار کەسی بەڕێوە بەرن. هەموو ئەوانە نیشاندەری تەجرەبە و توانایی تەدارەك و قانع کردن و هەڵخراندنی جەماوەری کرێکاران وەك تایبەتمەندیەیەکی بەرچاو لە رابەرانی کرێکاریدا.

پرسیاری سێهەم: کۆبوونەوە گشتیەکان لە خەباتی کرێکارانی کوردستاندا چ دەورێکیان هەیە؟

وەڵام: لە چەند ساڵی رابوردوودا، لە مانگرتنەکان و ئیعتیزارە کرێکاریەکاندا لە زۆر شوێن، کرێکاران بە بەڕپا کردنی کۆبوونەوەی گشتی ، داخوازەکانی خۆیانیان هێناوەتە گۆڕ. لە مانگرتنەکانی کوورەخانەکاندا و لە حەرەکەتەکانی کرێکارانی شارەداری و کرێکارانی بیناسازی و شیرکەتەکان دا بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکان و هەروەها لە هەندێك لە کارخانەکان کۆبوونەوەی گشتی بەڕێوە چووە. داخوازی کرێکاران لەو کۆبوونەوەی گشتی بەڕێوە چووە. داخوازی کرێکاران لەو کۆبوونەوانەدا هاتوەتە گۆڕ و هەموان تەئییدیان کردوە.

ئەم وەزعییەتە نیشان دەدا کە چون کۆبوونەوەی گشتی بە ئاسانی لە سنف و ڕشتە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە وەسیلەی ئیعتیراز و خەبات و ڕێکخراو بوونی کرێکاران.

هەتا ئێرەش، بەر پا بوونی کۆبوونەوەی گشتی گەلێك ئەزموون و تەجرەبەی بۆ کرێکاران تێدا بووە. لەوانە توانیویەتی بە زووی پشتیوانی و هەنگاوی واحیدی کرێکاران فەراهەم بکا و ڕێگا خۆش بکا بۆ بەشداری و دەخاڵەتی هەموو کرێکاران لە بریاردان دا و لە شیوەی بەرەو پێش بردنی کارەکاندا.

تا ئەو جیگایەی قسە لەسەر چارەنووس و ئەنجام و ئاکامی خەباتەکەیە، ڕوشنە کە چلون ئیمکانی مانوردان و بەلین و وەعدەی درووینە و تەفرەدانی لە خاوەن کارەکان بڕیوە. هەروەها شیوەی کارفەرماکانی بۆ ترساندن و هەرەشە لە نوینەرانی کرێکاران پووچەل کردوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە کرێکاران بە بەرپا کردنی کۆبوونەوەی گشتی تا رادەیەك لە بەسەر ئەنجام گەیاندنی ئەو ئیعتیرازاتەدا سەرکەوتنیان وە دەست هێناوە.

ئەم واقعییەتانە، ڕوشنتر لە هەموو تەوزیح و بەلگە هینانەوەیەك، کاریگەر بوون و عەمەلی بوونی کۆبوونەوەی گشتی نیشان دەدەن و جوابی نا باوەری و گومانی ئەو کەسانەش دەدەنەوە کە هیشتا پێیان وایە بەڕپا کردنی کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ هەلومەرجی خەفەقان و سەرکوت ناگونجی. جوابی ئەو کەسانە دەداتەوە کە ڕەچاو کردنی سوننەتی سەندیکایی بە "واقیع گەرایی" دەزانن. بەم تەوزیحاتەوە دەکری بڵێین کۆبوونەوەی گشتی، جیگا پێیەکی قایمی لە خەباتی کرێکاریدا لە کوردستان وەدەست هێناوە بەڵام هێشتا ماویەتی بگاتە ئەوە کە بە شێوەی منزەم و بەردەوام لە شیرکەتەکان و ئیدارەکان و کارخانەکان و بەشە جۆراوجۆرەکان بەڕێوە بچی. تا ئێستا، کۆبوونەوەی گشتی کاتێك بەڕپا کراوە کە مانگرتن و داخوازیك لە گۆڕیدا بووە. دوای تێپەڕ بوونی ئەو خەبات و داخوازە، ئیتر تا ماوەیەك کۆڕ بەستن و پێك هێنانی کۆبوونەوەی گشتی فەراموش کراوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاران لە ئیتحادیە غەیرە دەوڵەتیەکاندا کۆبوونەتەوە. شیوە کار و بەریار دانی ئەوانیش بە تەواوی بە کۆبوونەوەی گشتی پشت ئەستوور نەبووە، وە یا بە شیوەی منزەم بەڕیوە نەبراوە. هەر چەند مەوجوودییەتی ئێستای ئەو ریکخراوانە حاسلی لێهاتوویی و تێکۆشانی هەڵسووراوانی کرێکاریە بەڵام دەبی ئەوەش بڵێین کە بە بی بەشداری و دەخالەتی جەماوەری کرێکارانی ئەو سنفە، ئیتحادیە ناتوانی قازانج و پێویستیەکانی ئەوان ڕابگەیەنی و نوینەرایەتیان بکا، وە هەر بەم دەلیلەش ئەو ئیتحادیەیە ناتوانی لە پشتیوانیی هەموو کرێکارانی ئەو سنفە بۆ داسەپاندنی ئێرادەی کرێکاران و بە دەست هێنانی داخازیەکان و تەنانەت بۆ مانەوەی خۆشی، بەهرەمەند بی. جگە لەمە، جاری واشە ئەو بوچوونە هەبووە کە کاتێك پێك هێنانی سەندیکا یان ئیتحادیە بو کارگا چکولەکان پێشنیار دەکری ئیتر پێك هینانی کۆبوونەوەی گشتی ئەو پێویستیەی نامینی و دەبی بە تەواوی ری و شوێنی سەندیکای سوننەتی بەرەو پێش ببری. لە حاڵێکدا ئەم مەسەلەیە تەنیا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زۆربەی کرێکارانی ڕشتەیەك یان سنفیکە کە لە کارگا چکولەکان پەراکەندەن. بە جۆرێك کە فەعالییەت و خەباتی پرژ و بلاوی، ئەو کرێکارانە لە بەرانبەر خاوەن کارگاکاندا دەخاتە مەوقعییەتێکی زەعیفەوە. بە بی هیچ گومان و دوو دڵیەك دەبی لەسەر ئەوە تەئکید بکەین کە بو زال بوون بەسەر ئەو پرژ و بلاوییەدا کە لە نیو کرێکارانی کارگا چکولەکاندا هەیە، بۆ یەکگرتوو کردنیان لە ئاستێکی بەرینتر دا، پێویستە ئەو ئیتحادیە و سەندیکایانە، هەر لە سەرەتاوە پشت بە کۆبوونەوەی گشتی ببەستن.

پرسیاری چوارەم: لیکدانەوەتان لە بابەت وەزعییەتی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان چیە؟

وەڵام: سەبارەت بە وەزعییەتی بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانم بڵێم لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا، زیاتر لە سەد ئاکسیون و حەرەکەت و مانگرتنی کرێکاری لە شارەکان و لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی کار دا لە کوردستان بۆ وەدی هێنانی داخوازە کرێکاریەکان، ڕووی داوە. ئەم حەرەکەت و ئاکسیونانە زۆربەیان لەسەر وە دواکەوتنی حەقدەست، موقاومەت بەرانبەر بە دەرکران لەسەر کار، باشتر کردنی شەرایەتی کار و ئەمنییەتی شوێنی کار و بەربەرەکانی لەگەڵ فشارەکان و مەینەتەکانی شەر بوون. کرێکاران توانیویانە حەقدەستی وە دواکەوتوویان بستێنن. حەقدەستەکان زیاد بکەن، مالیاتی جەنگی بە دەوڵەت نەدەن و پێش بە دەرکرانی هاوکارەکانیان بگرن. ئیعتیرازاتی کرێکاری زورتر بریتی بووە لە موقاومەتی کرێکاران بەرانبەر بەو مەحدوودییەتانە کە خاوەن کارەکان ویستوویانە بە کرێکارانی تەحمیل بکەن. نەدانی حقووق و حەقدەست لە کاتی خویدا یان هەر نەدان و حاشا لیکردنی، زیاد کردنی سەعاتی کار و بەشداری کردن لە دەورەی نیزامی دا و ... بێکاری بەرین و نائەمنی شوغلی بە هۆی شەر بە کردەوە کرێکارانی خستوەتە هەلومەرجیکەوە کە دیفاع لە شوغل و حەقدەستیان ببیتە گرینگترین مەسەلەیان.

ئەگەر چی داخوازەکانی کرێکاران زۆر لەوە زیاتر دیفاعی بوون کە باسی دەکری، بەڵام بی‌شك دەکری بڵێین کە خەباتی ئابووری‌ی کرێکاران هەرچەند پێشینە و ئەزموونی کەمی بووە لە ڕەوتێکی ڕوو لە گەشەدایە. نارەزایەتی و وەجواب هاتنێکی گشتی بەرانبەر بە هەلومەرجی کار و هەلومەرجی قەرار دادەکان و ئیستخدام و شێوە و میزانی بەهەرەمەند بوون لە ئیمکاناتی بیمە و بازنشستەیی، لە نیو کرێکاراندا پەرەی گرتوە. ئەمە تایبەتی بەشێك یان سنفیکی دیاریکراو نیە. بەڵکوو لە کرێکارانی بیناسازی‌یەوە بگرە تا شارەداری و دوخانیات و دەفتەری فەننی دەگرێتە بەر. کرێکاری بیناسازی یان خۆی حەقدەستی خۆی دیاری دەکا و لە سەری پی دادەگری کە ئەمە لە چەندین شار، کۆمەڵی کرێکاران لە مەیدانی کار لەسەر ساغ بوونەتەوە و بەریوەیان بردوە یان خوازیاری ئەوەیە سەعات کارەکەی دیاری بکری نەك ئەوەی لە بەیانی‌یەوە هەتا ئیوارە کار بکا. کرێکارانی شارەداری و دوخانیات خوازیاری بەهرەمەند بوون لە بیمە و بازنشستەیی‌ی و دەیان شارنەوە. نەتیجەکەی ئەوەیە کە کرێکار، وەك کرێکار کار دەکا و دەچەوسێتەوە بەڵام وەك کرێکار بە ڕەسمی ناناسری. نەك تەنیا خاوەن کارانی تەماعکار، بەڵکوو دەزگا دەوڵەتی‌یەکانیش هەر وا دەکەن. بۆ نموونە، زۆربەی ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان، لەوانە: "دەفتەری فەننی" و "ئوستانداری"، قەراردادی 2 مانگ و 28 ڕۆژە دەبەستن بەڵام دوای تەواو بوونی قەراردادەکە کرێکاران نا چار دەکەن بۆ بەستنی قەراردادی تازە، لە پێشدا ئیستعفا بدەن. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە کرێکار هیچکات نەتوانی ببێتە ڕەسمی و لە ئیمکاناتی بیمە و شتی‌تر کەلك وەربگری. زۆربەی کرێکارانی کوردستان کە کاری فەسلی دەکەن یان لە بەشی بیناسازی و لە کارگا چکولەکان کار دەکەن هەر ئەم وەزعەیان هەیە.

وەزعیکی ئاوا کە بە کردەوە کرێکار لە خەبات و هینانە گۆڕی داخوازەکانیدا دەخاتە هەلومەرجێکی نالەبارەوە لەمە زیاتر ناتوانی درێژەی بی. چونکە کرێکاران لە هەوڵین هەنگاویاندا بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی کاریان و بو شکایەت و هەڵگرتنی هەنگاوی قانوونی لە دژی زەخت و زۆری خاوەن کار بو بیمە و کەلك وەرگرتن لە حەقی بازنشستەیی و شتی‌تر، لەگەڵ ئەم کوسپانە بەرەو ڕوون.

قسە ئەوە نیە کە گویا ئەو قانوونانەی ئێستا هەن ئال و گۆڕێکی سەرەکی لە وەزعی کرێکاراندا پێك دێنن. هیچ کەس بەمە هیوادار نیە، چونکە جەوهەری جمهووری ئیسلامی و قانوونەکانی ئەو ڕژیمە لای هەموو کەس ئاشکرایە. قسە لەوەیە کە ئەم کوسپانە کە تەنیا شیوە و نورمیکی دواکەوتوانە بەسەر موناسەباتی نیوان کار و سەرمایەدا دەسەپێنن و تەنیا بی مافی موتلەقی کرێکار دەپارێزن، دەبی لەسەر ریگا لابرین ئەو وەزعییەتە، بە کردەوە بووەتە هۆی ئەوە کە لە دەورەیەکدا کە بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران لە باقی شوێنەکان بو بەر بەرەکانی لەگەڵ قانوونی کاری جمهووری ئیسلامی و پووچەل کردنەوەی، دەستیان دایە حەرەکەت و هاتنە مەیدانی، کرێکاران لە کوردستان دەخالەتێکی ئەوتویان لەو حەرەکەتە کرێکاریەدا نەکرد. بیجگە لە تەگبیر و ڕاوێژ لە یەك دوو ئیتحادیەدا کاریکی دیکە نەکرا. لە وەزعییەتیکی ئاوادا ئەو بوچوونە کە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەوانەوە نیە یان ئال و گۆڕیك لە وەزعیان دا پێك ناهینی، پەرە بگری. لە جیاتی هاتنە مەیدان و بەشداری کردن لە خەبات و حەرەکەتیك دا کە پەیوەندی هەیە بە چارەنووسی هەموو کرێکاران لە هەر جیگایەك بن، وە یا لە جیاتی خەبات و هەولدان بۆ چەسپاندنی قانوونی کاریك کە بو ئەوانیش بی کە بیجگە لەوە هیچ قانوونی کاریك ناتوانی کامل و جیگای پەسندنی کرێکاران بی بە سادەیی دەیخەنە پشت گوی.

بە پێی هەموو ئەوانە، دەکری بڵێین ئێستا بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستانیش هەر چەند کورت بەڵام پێشینە و مێژووی خەباتی ئابووری و سیاسی خۆی هەیە. مێژوویەك کە ژیانی ئەو چینە لە باری کەیفییەتەوە لە دەورەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە. جیا کردنەوە بەو مانایە کە لە شکلی خەباتی دژی ڕژیمی دەرهاتوە و ئیتر ئەسیری قەید و بەند و شیوە و سیاسەت وردە بورژوایی‌یەکان نیە. ئیتر داخوازەکان و خەباتی کریکاری، لە ژێر تەئسیری ئاسو و ئامانجە بورژوایی‌یەکاندا ناکەوێتە حاشیەوە. مەسەلەی گرینگتر ئەوەیە کە مەیل و بوچوونی سوسیالیستی بە ڕادەیەکی بەرچاو جیگای خۆی کردوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش خەباتی کرێکاری لە کوردستان پرژ و بلاو. هیشتاش ئەو داخوازانەی هاتوونەتە گۆڕ نیشاندەری ئاستێکی نزمن لە ویست و تەوقوع.

پرسیاری پێنجەم: ئەم وەزعییەتە چ تەئسیریکی لەسەر خەباتی دەورەی داهاتوو دەبی؟

وەڵام: دەبی وەزعی واقیعی چینی کرێکار لە کوردستان لەبەر چاو بگرین. هەر وەك پێشتریش ئیشارەمان پێکرد، ژمارەی کارخانە و شیرکەت و کارگای گەورە بە کاری بەردەوامەوە، لە کوردستان کەمە. دیارە لەو بەشانەدا کرێکاران لە زەمینەی وە دەست هینانی مەزایا و ئیمکانی کوبوونەوە دا پێشڕەفتیان بووە. خەبات و داخوازەکانیان ڕەوتێکی ڕوو لە پەرە گرتنی بووە. جگە لەمە، ئەم خەبات و حەرەکەتانە، ڕێکخراوتریش بوون.

بەشێکی‌تر لە کرێکاران لە تەقریبەن کاری "سابت" یان هەیە لە کارگا چکولەکاندا کار دەکەن. ئەگەر چی کارەکەیان وەك یەك دەچی، بەڵام هەر کامیان گیر و گرفت و داخوازی خۆیانیان هەیە و لە هەر کارگایەك دا ژمارەیەکی کەم کرێکار کار دەکەن و بەم مانایە پەراکەندەن. سەندیکا و ئیتحادیەکانی ئێستای مەربووت بەو بەشە لە کرێکاران، بە هۆی ئەوەی هێشتا شیوە کار و سوننەتی کاری خۆیانیان لە بەرپا کردنی منزەمی کۆبوونەوەی گشتی گری نەداوە کە کارەکان بە بریار و ئیرادەی هەموو کرێکاران بەرە و پێش بچن، هیشتا نەیتوانیوە ببنە جێگایەك بۆ کۆبوونەوەی منزەمی ئەو کرێکارانە تا بتوانن تەئسیری ئەو پەرکەندەییە کەمتر بکەنەوە.

بەشێکی‌تریان لە کاری فەسلی و کاتی و بیناسازی‌دا کار دەکەن. ئەم بەشە لە کرێکاران هەر چەند کاری بەردەوام نا کەن داخوازیان بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی کار و زیاد کردنی حەقدەست وەکوو خۆی ماوەتەوە بەڵام شوێنی کاریان هەر بە چەند ڕۆژ جارێك و جاری وایە بە ڕۆژ دەگوڕی. زۆربەی ئەم بەشەی کرێکاران هەموو ساڵێك بو کار کردن دەچن بو کوورەخانەکان و شیرکەتەکانی بیناسازی و کاری‌تر لە باقی شارەکانی ئێران. لە هەلومەرجی ئێستا دا ئەگەر ڕێکخراوێکی واحید بو ئەم بەشە لە کرێکاران نەبی ئەم پرژ و بلاوییە دیارە تەئسیر دەکاتە سەر پەراکەندەیی خەباتیان و ڕادەی سەرکەوتنی ئیعتیرازاتیان. سەرەڕای ئەمە دەبی لە بیرمان بی کە پێشینەی خەباتی ئابووری کرێکاران لە کوردستان لە چاو باقی بەشەکانی چینی کرێکار لە ئێران، کەمە. بەم مانایە چینی کرێکار لەم بابەتەوە تازە پی گەیشتوە. هەم جەماوەری کرێکاران و هەم ڕابەرانی عەمەلی لەم خەباتەدا تەجرەبە و ئەزموونیان کەمە. سەرەڕای ئەوە کە زۆربەی ڕابەرانی محەللی،

لە خەباتی کرێکارانا مەیلی رادیکال لە خۆیان نیشان دەدەن و لە تەنگەبەر کردنەوەی مەیدانی تەئسیری مەیل و بوچوونی خۆ پاریزانە دا چ لە شکلی خورسک دا و چ لە شکلی ڕێکخراویدا دەوری جیددیان بووە، بەڵام هەر ئەم ڕابەرانە، لە بەریوە بردنی ڕێکخراوی تازە پێگرتوو دا، لە بەسەر ئەنجام گەیاندنی سەرکەوتووانەی ئیعتیرازات دا کەم ئەزموون. ئەم وەزعە دەتوانی ببیتە هۆی ئەوە کە هەر پاشەکشە و شکستێک لەم خەباتەدا تەئسیری دریژ خایەنی تر لە پاش خۆی بەجی بیلی. ڕەنگە شکستێکی ئاوا لە لای ئامار گەریک وەک نموونەیەکی ناسەرکەوتوو چاوی لی بکری، بەڵام بۆ کرێکار تامی تالی ئەو شکستە، کار و ژیانی کرێکار لە ناو مال و دەرەوەی مال تالتر دەکا. ڕابەرانی محەللی بە کارێکی پر حەوسەلە و دلسوزانە دەتوانن سێبەر و تەئسیراتی ئەو شکستە لە خەباتی داهاتوو بسرنەوە.

سەرجەم پەراکەندەیی و کەم تەجرەبەیی ڕابەرانی عەمەلی تازە پێگەیشتووی چینی کرێکار، پێشینەی کەمی خەباتی ئابووری و لە خوارەوە بوونی ئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، هەموو ئەمانە لە پال یەک، بوونەتە هۆی ئەوە کە کرێکاران لە خەباتی چەند ساڵی ڕابوردوودا بە تەوەقوعی کەمەوە بینە مەیدان. مەینەتەکانی دەورەی شەر، بێکاری بەرین لە ئاستی ئێراندا هەمیشە فشارێکی دیکە بووە لەسەر کرێکاران کە ئاستی تەوقوع و داخوازەکانیان هێناوەتە خوار. کاتێک باسی لە خوارەوە بوونی تەوەقوع دەکری لە چاو داخوازە سەراسەریەکانە لە ئێران. ئەگینا لە چاو ڕابوردوو، کێهەیە ئاە و نالەی سەرمایەدارە خوسووسی و دەوڵەتیەکانی لە چنگ "زیادە خوازی"ی کرێکاران نەبیستبێ.

کە وابوو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین هەموو هیز و خواستی کرێکار لە دژی سەرمایەدار نیە بەڵکوو نیشاندەری چەند دیمەنێکی قودرەت و توانایی کرێکار بو داسەپاندنی ئیرادەی خۆی لە کۆمەڵدایە. هەر تا ئیرەش ترس و وەحشەتی لە دلی سەرمایەدارانداڕا پێک هێناوە کە هەموو قودرەت و توانایی خۆیان بۆ تەنگەبەر کردنەوەی جم و جوولێک کە لە نیو کرێکاراندا پێک هاتوە دەخەنە کار. بەڵام شەریک کە هەموو ساڵی لەگەڵ مانگرتنە بەرینەکانی کووڕەخانەکان و مەراسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی شەپوری لیدەدری، بە هیچ کەس پێشی پی ناگیری.

پرسیاری شەشەم: بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەو شتانە فەعالییەت لە کام زەمینە و مەیدان دا، ئەولەوییەتی هەیە؟

وەڵام: لە پێشدا پێویستە شتێک تەوزیح بدەم ئەویش ئەوە کە ئیشارە بە پەراکەندەیی چینی کرێکار و نزم بوونی ئاستی تەوەقوع و کەم تەجرەبەیی لە خەباتی ئابووریدا، نیشاندەری هەموو لایەنەکانی وەزعییەتی کرێکار لە کوردستان نیە. ئەوە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە. کەسانێک کە چاویان بە کرێکار و هەڵوێستی کرێکار هەڵنایە پێیان خۆشە تەنیا ئەم لایەنەی مەسەلەکە ببینن. لە بەرانبەر دا دەبی بڵێین هەر ئەو خەباتە پەراکەندەیە لە سەراسەری کوردستان نەسڵێک لە ڕابەران و تێکۆشەرانی کرێکاری لە دلی خۆیدا پەروەردە کردوە کە ساڵ بە ساڵ لە بە ئەنجام گەیاندنی سەرکەوتوانەی ئیعتیرازاتی کرێکاریدا دەورێکی زیاتر بەریوە دەبەن. نەسڵێک کە "جەمالی چراغ ویسی"ی لە نیو خۆیدا پەروەردە کردوە. ئەم تێکۆشەرانە خۆیان بە سوسیالیست دەزانن و حیزبی کۆمۆنیست لە پال خۆیاندا دەبینن.

جگە لەمەش لە کوردستان، جەرەیانی کۆمۆنیستی جیگا و شوێن و نفووزێکی بەرچاوی لە نیو کرێکاراندا بە دەست هێناوە و حوزوور و فەعالییەتی ئەو حیزبە توانایی و قودرەتی بزووتنەوەی کرێکاری زیاد دەکا. لە چەند ساڵی ڕابوردوودا کرێکاران لە کیشەی تووندی چینایەتیدا هەمیشە کۆمەڵیان وەک مودافیعی ماف و قازانجی کرێکاران لە پال خۆیان دیوە. ڕویشتنی هەموو ساڵەی هەزاران کرێکار بۆ شارەکان و ناوچەکانیتری ئێران، ئەو کرێکارانە تیکەل ریزی خەبات و ئیعتیرازی باقی کرێکاران دەکا. ئیعتیرازاتیان لەگەڵ ئەوان دەبێتە یەک و لە بەرینایی بزووتنەوەی کرێکاری تیدەگەن. خەباتی کرێکارانی واحیدە گەورە سەنعەتیەکان دەبینن وە یا لە نزیکەوە لە خەبەرەکانی ئاگادار دەبن و هاوچارەنووسی کرێکاری تەجرەبە دەکەن و لە گەرانەوەدا هەموو ئەوانە دێننەوە نیو کەسانی هوی کورت بوونەوەی عومری هەر چەشنە کورت بینی و بەرچاو تەنگیەک. کە وابوو هەر کرێکاریک لە پێشرەوەیەکانی داهاتووی خۆیدا لەو فاکتورە موسبەتانە بەهرەمەندە کە سەرجەم دەتوانن مەوقعییەتێکی باشتری لە خەباتی چینایەتیدا بو بخوڵقێنن.

بەڵام بۆ ڕێکخراوتر کردنی حەرەکەتە کرێکاریەکان دەبی دیسانیش لەسەر دوو لایەن تەئکیدی زیاتر بکری. یەکیان بایەخدانی هەرچی زیاترە بە کۆر و کۆمەڵە کرێکاریەکا، سەبارەت بە وجوودی دایمی و بەردەوامی کۆر و کۆمەڵە کرێکاریەکان و دەوریان زۆر قسە کراوە. سەرەڕای پەراکەندە بوونی شوێنی کاری کرێکارا، شوێنی تەگبیر و ڕاویژ و لە دەوری یەک کۆمەڵ بەستنیان، سەقام و دەوامی زیاتری هەیە. ئەو کۆر و کۆمەڵانە بە شێوەی تەبیعی شوێنی هاو دلی و هاوکاری و قسە و ڕاویژ سەبارەت بە مەسەلەکانن هەر لە ڕووداوە جیهانیەکانەوە بگرە هەتا وەزعییەتی سیاسی ئێران. حوزووری تێکۆشەرانی کرێکاری لە نیو ئەو کۆر و کۆمەڵانەدا دەبی بتوانی یارمەتی بە پتەوتر بوونی هەرچی زیاتری پەیوەندەکانی نیو ئەو کۆر و کۆمەڵانە بدا. کۆبوونەوەی ئەو کۆر و کۆمەڵانە لەو حالە کە بە ڕێکەوت و بە هەڵکەوت سەربگری بێتە دەر و هەروەها خزمەت بکەن بە چوونە سەری ئاستی زانستی سوسیالیستی و سیاسی کرێکاران.

هەر ئێستا لە کارخانە و شیرکەتەکان وە یا لە هەر کولان و گەرەکێک ژمارەیەکی زۆر لەو کۆر و کۆمەڵانە هەن کە لە کاتی نان خواردن دا و لە هات و چو و دیداری ڕۆژانی تەعتیل دا وە یا لە هەر جێگایەکی دیکە کە کۆ دەبنەوە، قسە و باسیان گەرمە و سەبارەت بە هەموو شتێک قسەی خۆیان دەکەن. دەبی بو سەقامگرتنی هەرچی زیاتری ئەو کۆر و کۆمەڵانە تێبکۆشین و لە هەر جێگایەکیتریش هەول بدەین بۆ پێک هێنانیان.

ئەو کۆر و کۆمەڵانە کە سەرەتایی ترین جەمعی ڕێکخراوی کرێکار لە جامعەدان، بە شێوەی تەبیعی و خو ڕسک شکل دەگرن، گەورەتر دەبن و دەبنە شوێنی ڕاویژی کرێکار سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانیان. ئەو کۆر و کۆمەڵانە لەگەڵ جەمعێکی نهێنیی سازمانە سیاسیەکان و نیو خویندەواران فەرقی هەیە و دیارە هەر چەشنە فشارێک بۆ ئەوەی ئەم کۆر و کۆمەڵانە لە فلانە ئەندام پەیرەوی بکەن. لە لایەن هەر کەسێکەوە بی دەتوانی ببێتە هۆی لەبەر یەک بڵاو بوونیان.

بەر لە هەموو شتێک مەبەست ئەوەیە کە بە شێوەیەکی واقیعی یەکگرتوویی و پەیوەندی نیو کرێکاران بە هێز بکری و کۆبوونەوەی و ڕاویژ لە نیوانیاندا پەرە بستێنی. لایەنێکی دیکە کە پێویستە دیسانیش تەئکیدی لەسەر بکری، پێک هێنانی کۆبوونەوی گشتییە. لەو کارخانە و شیرکەت و ئیدارانەدا کە پێشینەی بەڕپا کردنی کۆبوونەوی گشتییان هەیە، بەڵام ئەغلەب لە کاتی مانگرتن و خەباتێک دا پێک دین، دەبی بۆ بەڕپا کردنی منزەم و نەقشەمەندیان هەول بدری. هەمیشە زۆر شت هەن کە پێویستە کرێکاران ڕاویژی لەسەر بکەن. هەمیشە سەرمایەدار لە هەڵێک دەگەری بۆ ئەوەی شان لە ژیر بەڵێن و ئەرکی خۆی بخزێنی و شتێک لە کرێکار گل داتەوە. بەریوە چوونی منزەمی کۆبوونەوی گشتی دەتوانی ئیمکانی چاوەدیری و کۆنترۆلی شێوەی بەریوە چوونی پەیمان و قەرارداەکان فەراهەم بکا. کرێکاران هەمیشە وەک جەمعێکی یەکگرتوو حازر بن، بە شێوەی جەمعی بریار بدەن و فشار و هەرەشە لە دژی خۆیان و هاوکارەکانیان پووچەل بکەنەوە.

ئەو ڕێکخراوە سنفیانەی ئێستا هەن، کار و باری خۆیان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی گشتییەوە بەرە و پێش بەرن. بەم جۆرە ئەو کرێکارانە کە هەر کام لە جێگایەک کار دەکەن لە چارەنووس و فەعالییەتی ڕێکخراوەکەی خۆیاندا بەشداری دەکەن. داخوازی خۆیان ڕاستەوخۆ بەیان دەکەن و بۆ بە دەست هێنانیان بریارنامە دەدەن و بۆ پەیگرتنی داخوازەکانیان نوینەر هەڵدەبژێرن.

بەم جۆرە، کرێکار ئیتر لە نیو ڕێکخراوەکەی خۆیدا تەنیا تەماشاچی نیە. تەنیا بۆ شکایەت ناچێتە دەفتەری ئیتحادیە و سەندیکای ختی و دەوری کرێکار لە بەرە و پێش چوونی فەعالییەتی ئەو ڕێکخراوانەدا تەنیا بە دانی ئابوونەوەی ئەندامیتی و هەڵبژاردنی "هەیئەتی ڕەئیسە" مەحدود نابێتەوە. بەرانبەر بە بریار و هەنگاوەکانی سەندیکای خاوەن کاران، هەمیشە کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران کە بە بیر و را و بریاری هەموو کرێکاران پشت ئەستوورە، دەتوانی بێتە مەیدان و قسەی خۆی بکا.

لەو مەرکەزانە کە سوننەتی بەرپا کردنی کۆبوونەوەی گشتی نەچەسپاوە، کرێکاران زیاتر لە هەموو کەسی دیکە شاهید بوون وەعدە و بەڵێنی دروی خاوەن کار و هەرەشەی لە نوینەرانی کرێکاران، ڕیزەکانی کرێکارانی تووشی پرژ و بڵاوی کردوە و پێشی بەوە گرتوە کە خەباتیان بە ئەنجام بگا. ئەمە ئیمکانی بە خاوەن کار داوە کە هەموو بەڵێن و تعهداتی خۆی بنێتە ژێر پێ و پەنا بردن بۆ ئیدارەی کار و جێگای دیکەش هیچ دەردێک دەرمان ناکا. بێگومان بەرە و پێش بردنی خەبات و ئیعتیراز لە ڕێگەی کۆبوونەوەی گشتییەوە، لەگەڵ سەندنی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی ڕیزی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری چەندین هەنگاو بەرە و پێش دەبا.

***

جەولەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان

نیوەی دووهەمی مانگی خەرمانانی ئەمسال، واحیدیک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، بە مەبەستی بەریوە بردنی جەولەیەک چوون بۆ ناوچەی مەریوان. لەو جەولەیەدا هاورییانی پێشمەرگە لە ئاوایی"ولەژیر، دەرزیان، کالی سەروو" کالی خواروو، وە شاروچکەی کانی دینار، لە کۆر و کۆمەڵی جۆراوجۆردا لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش کۆبوونەوە و لە سەر زۆر مەسەلەی مەربووت بە وەزعییەتی ئێستای ئێران و نارەزایەتی و ئیعتیرازی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەروەها وەزعی دژواری گوزەران و بەرێچوونی کۆمەڵانی دەستەنگ و هەژار، قسەیان لەگەڵ کردن. هەروەها هاورییانی پێشمەرگە چاویان بە زۆر کەس لە خەڵکی ئاوایی"کانی دەورو بەر، لەوانە ئاوایی"کانی نژمار، سەرنژمار و بالک کەوت و لەگەلیان کۆبوونەوە.

لەو جەولەیەدا هاورییانی پێشمەرگە، ئیختاریان بە چەند گومان لیکراو دا کە تاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمیان لە سەر بوو، وە پییان ڕاگەیاندن کە دەبی دەست لەو کردەوەیە هەڵگرن.

حوزووری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو ناوچەیە، لەگەڵ پیشوازی گەرم و گوڕی زەحمەتکێشان بەڕەو ڕوو بو. خەڵکی تێکۆشەر، دلسوزانە هاوکاری هاورییانی پێشمەرگەیان دەکرد بۆ بەریوە بردنی ئەرکە پی سپێردراوەکانیان، وە لە سەر مەسەلەکانی مەربووت بە ژیان و خەباتی خۆیان، قسە و ڕاویژیان لەگەڵ دەکردن.

هاورییانی پێشمەرگە دوای بەریوە بردنی سەرکەوتوانەی مەئموورییەتەکەیان گەرانەوە بۆ شوێنە دیاریکراوەکانیان.

پایگایەک و قەرارگایەکی گەورەی هێزەکانی ڕژیم کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

سەرتای مانگی ڕەزبەر چەند واحیدە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە جەولەیەکیان لە ناوچەی بانە بەریوە برد. لەو جەولەیەدا هاورییانی پێشمەرگە ویرای سەردان لە ئاوایی"کانی ئەنجیلە، کانی ناو، سپی کەمەرە، پیر خەنی، وە دیدار و گفت و گو لەگەڵ زەحمەتکێشانی ئەو ئاوایی"یانە، پایگایەک و قەرارگایەکی گەورەی هێزەکانی ڕژیم دایە بەر پەلاماریکی توند و سەرکەوتوانە.

ئیوارەی ڕۆژی 7ی ڕەزبەر، واحیدیک لە پێشمەرگە هەڵمەت بەرەکانی کۆمەڵە لە پەلاماریکی جەسورانەدا، پایگایەکی هێزەکانی ڕژیم لە ئاوایی "کانی ناو"یان دایە بەر دەسریژی چەکی نیوە قورس و سووک بە جۆرێک کە بەکریگراوانی ڕژیم تا ماوەیەکی زۆر دوای دەس پێکردنی عەمەلیاتەکە نەیانتوانی وە دەست بین. لەم عەمەلیاتەدا بەشێکی بەر چاو لە پایگای هێزەکانی ڕژیم ویران کرا. لە ژمارەی کوژراو و بریندارەی هێزەکانی ڕژیم بە تەواوی ئاگادار نین. هاوریانی پێشمەرگە، بی زیان بوون.

ئیوارەی ڕۆژی دواتر، یانی 8ی ڕەزبەر، واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، پەیلاماریان بردە سەر قەرارگایەکی گەورەی هێزەکانی ڕژیم لە 10 کیلومیتری ڕۆژئاوای شاری بانە و لە نیوان ئاوایی"یەکانی بۆیەن و سپی کەمەرە و بە کۆمەڵێک چەکی نیوە قورس و سووک ئاگر بارانیان کرد. هێزەکانی ڕژیم کە نەیانتوانیبوو لە بەرانبەر ئەم پەلامارە تونەدا هیچ جم و جۆلێک لە خۆیان نیشان بدەن، کەوتنە تەقە کردنێکی کویرانە لە دەور و بەری خۆیان کە بە هۆی وشیاری هاوریانی پێشمەرگە، هیچ زیانیکی بۆ ئەوان بە شوێنەوە نەبوو.

خەڵکی ئاوایی"یەکانی سپی کەمەرە و پیر خەنی کە ئاگاداری حوزوور و عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون بە گەرم و گوڕی پێشوازی یان لێ کردن.

***

بەردەوامی ڕۆژی 7ی ڕەزبەر، لە 8ی ڕەزبەر، واحیدیکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، پەیلامارییان بردە سەر قەرارگایەکی گەورەی هێزەکانی ڕژیم لە 10 کیلومیتری ڕۆژئاوای شاری بانە و لە نیوان ئاوایی"یەکانی بۆیەن و سپی کەمەرە و بە کۆمەڵێک چەکی نیوە قورس و سووک ئاگر بارانیان کرد. هێزەکانی ڕژیم کە نەیانتوانیبوو لە بەرانبەر ئەم پەلامارە تونەدا هیچ جم و جۆلێک لە خۆیان نیشان بدەن، کەوتنە تەقە کردنێکی کویرانە لە دەور و بەری خۆیان کە بە هۆی وشیاری هاوریانی پێشمەرگە، هیچ زیانیکی بۆ ئەوان بە شوێنەوە نەبوو.

خەڵکی ئاوایی"یەکانی سپی کەمەرە و پیر خەنی کە ئاگاداری حوزوور و عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون بە گەرم و گوڕی پێشوازی یان لێ کردن.

***

تێکۆشانی حیزب لە دەورەی رابوردوودا

ئەوی لێرەدا دەیخوێنەوە بەشی یەکەمی وت و وێژێکە کە گۆڤاری "کمونیست" لەگەڵ هاوری عبدالله مهتدی کردوویەتی. ئەم بەشەی وت و وێژەکە، کە لە مانگی کەلاوێژدا کراوە، تەرخان کراوە بۆ مەسەلەکانی مەربووت بە حیزب لە مانگەکانی رابوردوودا، بەرنامەکانی مەربووت بە سازکردنەوەی حیزب، کونفرانسی حیزبی مانگی جۆزەردان و بەرنامەی کاری کومیتەی ناوەندی حیزب. لە بەشەکانی دیکەی ئەم وت و وێژەدا مەسەلە سیاسییە گشتی تەرەکانی بەردەم جەریانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ئاسوکان و ئاماڕنجەکانی حیزبی کۆمۆنیست، دەدرێتە بەر باس.

کمونیست: ماوەیەکی کۆڕت دوای کونفرانس، کونگرەی کۆمەڵە پێك هات و پاش ئەویش بیست و دووهەمین پلینوم، یان کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی حیزب، گیرا. ئەمانە چوونە سەر چ بابەتێك و چ نەتیجەیەکیان بۆ بە هێز بوونی تێکۆشانی حیزب لێ حاسل بوو؟ ئەگەر دەکری لەم بابەتەوە تەوزیحی زیاتر بدەن!

ع.م: بەڵێ! زۆر بە جێیە. تێکەیشتن لەوە دژوار نەیە کە لە نیو کرێکارانی سوسیالیستی ئێراندا و بە گشتی هەموو دوستان و عەلاقەمەندانی حیزب، وەزعییەتی حیزبی کۆمۆنیست و ریبازی داهاتووی، جێگای سەرنجێکی تایبەت بی. تەنانەت موخالفینی سیاسیشمان، لە حاست ئەم مەسەلەیە عەلاقە نیشان دەدەن. ئەم سەرنجە تایبەتە و ئەم عەلاقە نیشاندانە، بۆ ئێمە جێگای ریز و خۆشحالیە، وە تەواو پێویستە باسی ئەو مەوزووعە بکەین. ئەگەر بمانەوەی لە بابەت وەزعییەتی حیزب لە ئێستادا و لە بابەت نەتیجەگانی دەورەیەك کە بۆ سازکردنەوەی حیزب لەبەر چاوگیرا بوو، شتێك بڵێین، بە ناچار دەبی هەر چەند بە کۆرتیش بی ئێشارە بکەم بە وەزعییەتێك کە لەو سەر و بەندەدا کە ئەو جەماعەتە لە حیزب رویشتنن تێیدا بووین، وە بە کۆرتی ئەوە بخەمەوە بیر کە پاش دەورەیەکی تەقریبەن دوو ساڵە کە دەفتەری سیاسی پێشوو و پەیرەوانیان لە ئورگانە حیزبییەکاندا بەریوەبەرایەتی کار و باریان بە دەستەوە بوو، لەگەڵ چ وەزعییەتێك بەرەو ڕوو بووین.

من پێشتر لە وت و وێژێك دا لەگەڵ کوڤاری "کمونیست" کە لە پاشکوی 1ی ژمارەی 63دا چاپ کراوە، لە بابەت شوێنەوارە زیانبارەکانی عەمەلکردی دەفتەری سیاسی و پەیرەوانی و هەروەها ئەو زیانانەی کە ئەوان لە جەریانی سوسیالیستی و کرێکاریان داوە، قسەم کردوە و لێرە دا بە تەمای باسێکی لەوە زیاتر نیم. پێم وایە پێویستە لە باسێکی جیاواز لە بابەت ئەو دەورەیە و ئەو دەرسانەی کە دەبی لێی وەربگیری، قسە بکەین بەڵام ئێستا لێرەدا، تەنیا وە بیر خستنەوەی ئەو هەلومەرجە کە ئەو کات پێکیان هێنابوو، کافیە.

ئەو جەماعەتە، چ لە ڕابەریدا و چ لە کاری سازمانی کوردستانی حیزبدا، هەر چەندە لە توانایان دا هەبوو، بۆ لەبەریەك ترازاندن و تەخریبی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، بۆ شێنەیی کردنەوەی ڕەوتی هەڵسووڕانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی فەعاڵییەت و تەنانەت بەر بەست کردنی ئەو ڕەوتە، هەوڵیان دا و کاتیك: لە حیزب ڕویشتن، پێیان وا بوو بەو کارە کە کردوویانە و بەو زەربەیە کە وەشاندوویانە، ئیتر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پشت ڕاست ناکاتەوە و ئیتر کۆمەڵە هەڵناستێتەوە. کە وایە، کاتێك ئێمە کە لە کومیتەی ناوندی حیزب دا ژمارەیەکی کەم بووین حیزبمان لێ وەرگرتن، بەراستی لە هەلومەرجێکی دژوار دابووین. هیچ جێگایەکی حیزبییان بە ساغی نەهێشتبووەوە و بە تایبەت سازمانی کوردستانی حیزب لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاتر زیانی پی گەیشتبوو. هەوڵدان بۆ لە نیو بردن و شکاندنی ئیعتیماد لە ڕێگەی تەلقین و پێك هێنانی بیزاری دەرحەق بە ڕابوردووی شۆڕشگێڕانەی خۆ، وە تف کردن لە شەریف ترین و بە نرخترین سوننەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، تەلقینی کەمتەرخەمی و بی تەفاوتی سیاسی و عەمەلی و خولادان لە هەڵوێست گرتن بەرانبەر بە دیاردەکانی فەسادی سیاسی کە پەرەی گرتبوو، تەلقین وە یا پێك هێنانی کەمترخەمی فیکری و سیاسی و خەباتکارانە و مەحدوود کردنەوەی هەموو شتێك لە چوارچێوەی ئاکسیون و مانور لە نیو خۆی تەشکیلاتدا بە مەبەستی تایبەت، ڕێگە دان بە بی سەرەوبەرەیی تەشکیلاتی، بەرە و پێش نەبردنی هیچ کارێکی موسبەت و بە کەڵك لە حیزبدا بۆ ماوەی دوو ساڵ، دەنە دان و بەرنامەدارشتن بۆ "مەیدان چول کردن" و "خۆ دەرباز کردن"، هاندانی ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ بەجێ هێشتنی مەیدانی عەمەلی، سازماندانی ڕویشتنی بە کۆمەڵ بۆ تورکیە ئەویش دروست لە کاتێك دا کە ڕایان گەیاند بوو دەیانەوەی لە حیزب بڕون بە بی لەبەر چاو گرتنی وە یا باشتر بڵێم بۆ پێك هێنانی ئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کارە و ئەو زیانانە کە ئەم کارە دەیتوانی بێگەیەنێتە جەریانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ڕادیکال لە کوردستان، وە تەنانەت بە بی لەبەر چاو گرتنی ئەنجامە ئینسانی و فەردییەکانی بۆ ئەو هاوڕیانە کە لەم ڕێگایەوە بە خێرایی دەناردران، هەموو ئەمانە و شتی دیکەی لەم نەوعە، "مەیدانی فەعاڵییەت"ی ئەو جەماعەتە بوون و هەر وەك ئیشارەم پێکرد، لەسەر و بەندی ڕویشتنیان دا لە حیزب بە تایبەت گورجتر و خێراتر کرابوونەوە و دیارە فەزایەك لە پەژارە و نێگەرانی و تەنانەت گومان و دوو دلی نیسبەت بە داهاتووی حیزب و چارەنووسی حیزبی پێك هێنا بوو.

دیارە یەکەمین ئەرك و کاری سەرەتایی کومیتەی ناوەندی حیزب و سازمانی کوردستانی حیزب و هەروەها کادرەکان و ئەندامانی متعهدی حیزب ئەوە بوو کە بە خێرایی دەست بە کار بن و ئەو پرۆسە زیانبارە بەر بەست بکەن. ئەمە خۆی دوو سێ مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا، بە هەوڵ و تێکۆشانێکی سەخت و کاری پربەپری یەکەیەکەی هاوڕیان، فونکسیونەکان و فەعاڵییەتە جۆراوجۆرەکانی حیزب و ئورگانە سەرەکییەکانی وەك ڕادیوکان، سەر لە نوی ئاوادان کرانەوە و دەورەیەکی تازەی کاری خۆیان دەست پێکرد. لە ڕاستیدا هەموو شتێك لە ئابوونەی ئەندامەتییەوە هەتا پێك هێنانەوەی سەر لە نوی پەیوەندییەکانی حیزب، هەتا ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و ئوردووگا نیزامییەکان، هەتا ڕادیوکان و بڵاو کراوە حیزبییەکان، هەتا پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەبوو سەر لە نوی دامەزرینەوە و ئەم کارەش بەشی زۆری دەبوو بە سڕێنەوەی سیاسەت و شێوە زیانبارەکانی دەورەی پێشوو، وە هەوڵدان بۆ سڕێنەوەی نەتیجە و ئەنجامە مەنفییەکانیان، بەرەوپێش ببری. بەڵام ئەوە هەموو کارەکە نەبوو و ئێستاش نیە. پاش ئەم کارانە، وە یا دورستتر بڵێم لە پال ئەم کارانەدا، کە هەنگاوی سەرەتایی و یەکجار پێویست بوون، دەبوو حیزب لە باری فیکری و سیاسیشەوە بخرێتە جێگا و شوێنێکی مەحکەم و پێشرەو و زیندوو. ئەمە پرۆسەیەکە، کە ئەگەر چی بە پێك هاتنی کونفرانسی حیزبی و بەو یاسانە کە لە چەند مانگی ڕابوردوودا کردوومانە، پێشرەفتی باشی کردوە، بەڵام هێشتا ئەم پروسەیە کۆتایی پی نەهاتوە. ڕوشن کردنەوەی سەر لە نویی ئاسو و داهاتووی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست و چەسپاندنی ئاسویەکی سوسیالیستی و کرێکاری متعهد و مەحکەم، ڕوشن کردنەوە و چەسپاندنی ئامانجەکانی‌دەورەی داهاتووی تێکۆشانی حیزب لەبەر تێشکی ئەو ئاسویە و بە لەبەر چاو گرتنی ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە جیهان و لە ئێران، دیاریکردنی ڕیباز وسیاسەتی پێویست بۆ حیزب، بە سیاسەت دارشتنی تازە بێ یان چەسپاندن و تەئییدی سیاسەتەکانی تا ئێستای حیزب و یا دەسکاری کردنیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا. پێك هێنانی دیالوگ لە ناو خۆی حیزب دا، ڕەخساندنی مەجال و تریبونی پێویست بۆ ڕادەربڕین لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان و لەوانە لەسەر ئەو مەسەلانە کە ڕای جیاواز لە سەریان هەبی، هەموو ئەمانەش بەشێکی دیکەی هەوڵ و کوششی ئێمە بوون لە دەورەی ڕابوردوودا کە ئامادە کردن و بەڕپا کردنی دوو کۆبوونەوەی ڕەسمی و بەرین و بڕیار دەری حیزبی، یانی کۆنفرانسی حیزب و هەروەها کونگرەی حەوتەمی کۆمەڵە، خۆی هەنگاوێك بووە بۆ گەیشتن بەو مەبەستانە.

کمونیست: وا باشە لێرەدا باسی کونفرانسی حیزب بکەین کە لە مانگی جۆزەردان دا بەڕێوە چوو. مەبەست لە بەڕپا کردنی ئەو کونفرانسە چ بوو؟ باسەکانی چ بوون؟ بە چ نەتیجە و ئەنجامێك گەیشت؟ ئەگەر ئیمکانی هەیە لەم بابەتەوە تەوزیحی زیاتر بدەن.

ع.م: لە بابەت ئامانج و مەبەستەکانی پێك هێنانی ئەو کونفرانسە، هەر ئێستا تەوزیحم دا. ئێمە کونفرانس و باقی کۆبوونەوە حیزبییەکانی ئەم دوایی‌یەمان بۆیە بەر پا کرد چونکە پێویستمان هەبووە و هەیە بە پتەو کردنی ئەنسجامی فیکری و سیاسی حیزب، هەروەها پێویستمان هەبووە هەیە بەوە کە حیزب بکەوێتە سەر بناغەیەکی مەحکەم لەسەر ڕیبازێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی، ڕوشن کردنەوەی سیاسەتەکان و ڕیبازی حیزب لە زەمینەی جۆراوجۆردا، دارشتنی سیاسەتی جۆراوجۆر وە یا تەئیید و جێگیر کردنی سیاسەتەکانی تا ئێستای حیزب بۆ ئێمە پێویست بوون. سەر و سامان پێدانەوەی سەر لە نوێی گەلێك لە مەیدانەکانی تێکۆشان کە لە دوو سێ ساڵی ڕابوردوودا بە هۆی سیاسەت و عەمەلکردی نامسئوولانە و زیانباری دەفتەری سیاسی پێشوو، تووشی ئالوزی و نابەسامانی ببوون، بۆ ئێمە پێویست بوو. بیرورا دەربڕین و دیالوگی سیاسی، هێنانە گۆڕی نەزەرات و هەروەها جیاوازی و ئیختلافی نەزەرات بە شێوەیەکی ڕوشن و لە فەزایەکی ئازادانە و سەریح و جیددی‌دا و هەروەها فیکری و هاو دڵیەکمان پێویست بوو کە لازمەی بەڕێوە چوونی ئەو ئەرکە گرینگانەیە کە حیزبی کۆمۆنیست لە سەر ریگای خۆی دەیانبینی و مەبەست لە بەشی هەرە زۆری هەڵسووڕانی ئێمە لە دەورەی ئەم دوایی‌یەدا و لەوانە کۆبوونەوە حیزبییەکانی ئەم دەورەیە، گەیشتن بەو ئامانجە بوو، جگە لەوەش ئێمە پێویستمان بە کومیتەیەکی ناوەندی تازە هەبوو بە ژمارەیەکی کافی‌لە ئەندامانی کومیتەوە، ئێمە ئەو کەسانەی کە بەیاننامەی "نامە بۆ ئەندامان"مان ئیمزا کرد ژمارەیەکی کەم بووین کە لە حاڵەتێکی نائاسایی‌دا کە ئەو کات حیزب تێیدا بوو، مەسئووڵییەتمان قەبوول کرد. بەڵام هەر ئەو کات دەمانزانی کە ژمارەمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب نا کافی‌یە و لەم ژمارەیەش، ژمارەیەکی کەمتر لە عەمەلدا مەسئووڵییەتی کار و باری حیزبیان لەو دەورەیەدا لە ئەستو بوو. کە وایە تەبیعی بوو کە هەر حیزب تا ڕادەیەك سەر و سامانی گرتەوە، ڕابەری تازەی حیزب لە هەڵبژاردنێك دا ئەندامانی پێویستی بۆ هەڵبژێردری. ئەمەش یەکێکی‌تر لە ئەرکەکانی کونفرانس بوو.

بەڵام بۆچی کونفرانس نەك کونگرە؟ ئێمە، کومیتەی ناوەندی پێش کونفرانس، پێمان وا بوو کونفرانس دەتوانی هەموو ئەو مەسەلە پێویستانە کە لە ئەولەوییەتی کارمان دا بوون بداتە بەر لێکولینەوە و وەڵامیان پی بداتەوە، بە بی ئەوە کە ئەو ئەرکانە بنێتە دەستووری خۆی کە بە پێی ڕەوالّی ڕووتین لە ئەستوی کونگرەیەکی حیزبین، وە ئێمە ئەو کات بە داخەوە بە هۆی وەزعێك کە تێیدا بووین توانایی ئەوەمان نەبوو وەڵامێکی شیاویان پێ بدەینەوە.

جگە لەوە، بەڕپا کردنی کونفرانس خۆی دەبووە هۆی ئەوە کە بنەماکانی حیزبی کۆمۆنیست و دەسکەوتەکانی تا ئێستامان بە مسوگەر دابنرین و هێنانە گۆڕی مەسەلە بەرنامەیی و هویتی‌یەکانی لەو قوناغەدا کە ئالوزی و ناڕوشنی وجوودی هەبوو، نە دەخستە دەستووری حیزبەوە بەڵکوو مەجالی ئەوەی پێك دەهێنا کە بە بەڕپا کردنی کونفرانس و سەقامگرتنەوەی وەزعێکی سیاسی ئاسایی، وە لە حاڵێکدا کە حیزب و ئەندامانی حیزب ئالوزیەکانی پێك هاتوو وەزعییەتی دەورەی پێشوویان ناوەتە پشت سەر و حیزب لە حاڵەتێکی پاریزراو و مەحکەم دایە، لە بابەت ئەو مەسەلانەە بڕیار بدری. پێم وایە بەڕپا کردنی کونفرانس و تێپەڕکردنی ئەو دەورە تایبەتە، ئێستا دروست بوون و بە جێ بوونی ئەو هەنگاوەی نیشانداوە، هەڵبەت، بەڕپا کردنی کونگرەش لە جیاتی کونفرانس دەیتوانی یەکێك لە ڕێگا چارەکان بی بەڵام شتیکی لەوە زیاتر کە لە کونفرانس دا وە دەستمان هێنا، بە هەر حاڵ وە دەست نە دەهات و لەوانەیە لە هەر حاڵدا پێویست بۆایە کونگرەی دواتر، زووتر لە کاتی ئاسایی خۆی، بەڕپا بکری.

بە بەڕپا کردنی کونفرانس ئێمە دەمانتوانی بگەینە مەوقعییەتێکی سیاسی و تەشکیلاتی زۆر موساعیدتر بۆ بەڕپا کردنی کونگرەی چوارەمی حیزب کە هەر واشی لێ هات و لە خۆدی کونفرانسەکەدا ناوەڕۆك و تایرخی بەڕپا کردنی کونگرە قسەی لێکرا و دەستووری

موشەخەس و کاتی دیاریکراوی بۆ دەست نیشان کرا.

ئەم مەسەلەیە، تەئییدی زۆربەی هاوڕیانیشی لەسەر بوو. هەڵبەت لەسەر و بەندی پێک هاتنی کونفرانس دا چەند کەس لە هاوڕیان بەڕپا کردنی کونفرانسیان بە نادروست و لە باری ئەساسنامەییەوە بە نامەشرووع دەزانی و داوایان کرد بوو کونگرە بگیری و لە ڕۆژی یەکەمی کونفرانسیش دا دیسان ئەو نەزەرەیان هێنایە گۆڕ بەڵام ئەندامانی کونفرانس ئەو نەزەرەیان بە دروست نەزانی و قانوونییەت و مەتلووبییەتی سیاسی ئەو نەزەرەیان تەئیید نەکرد.

بە هەر حاڵ ئەگەر لەم مەسەلەیە تێپەڕ بین و بچینە سەر لایەنەکانی ناوڕۆکی باسەکانی کونفرانس دەبی باسی گرینگترینی ئەو مەسەلانە بکەم کە لەو کوبوونەوەیەدا هاتنە گۆڕ و درانە بەر لێکولێنەوە. کومیتەی ناوەندیی ئەو کات گوزارشێکی دەتوانم بڵێم دوور و درێژی پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە بەشێکی سیاسی و بەشێکی ئیجرائی تەشکیلاتی. ئەو بابەت و مەسەلانە کە لە بەشی سیاسی گوزارشەکەدا باسیان کرا بوو بریتی بوون لەمانە: ڕوانینێک بۆ ئاڵ و گۆڕەکانی دنیای سەرمایەداری و تەئسیرەکانی لەسەر خەباتی چینایەتی و لەسەر کۆمۆنیزم، تەجرەبەی شووڕەوی و جێگا و شوێنی لە ڕوانگەی سوسیالیزمی کرێکاریەوە، جێگا و شوێنی سوسیالیزم لە ئێران، وەزعییەتی سیاسی ئێران، ئاسوی داهاتووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەرکەکانی. دیارە ناکری ناوەڕۆکی ئە باسانە لێرەدا بگیرمەوە بەڵکوو دەبی خۆدی ئەو باسانە لە گۆڤاری "کمونیست"دا تەرح بکرێن و من هیوادارم یەک دوو ژمارەی داهاتوو، تا ڕادەیەکی زۆر، تەرخان بکەین بۆ ئەم باسانە.

بەڵام ئەگەر بمەوی جاری لە بابەت ڕوحی گشتی ئەم باسەوە شتێکم وتبێ، دەبی ئیشارە بکەم بەو شتە کە لە "یادداشتی سەر نووسەر"دا هەر لەم ژمارەیەی گوڤاری "کمونیست"دا چاپ کراوە. پێم وایە لە ڕوانگەی بۆچوونی غالبی نیو حیزبی کۆمۆنیستەوە وەڵامی کەم تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، ئەوانە بەشێکی گرینگە لە ئامانج و جیهەت گیریەکانی حیزب هەن و دەبی بن.

جگە لەمانە، هەندێک مەسەلەی وەک هەڵسەنگاندن و بەراوردمان لە دەورەی ناکوککی ناوخۆیی لە حیزبی کۆمۆنیست دا، ئاخێزە ئیعتیرازییەکانی جەماوەر لە شارەکانی ئێران، گورینی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و هەروەها مەسەلە جۆراوجۆرەک تەشکیلاتی و ئیجرائی، عەمەلیەکان، هاتنە گۆڕ و باسیان کراو سەرەنجام کومیتەی ناوەندی تازەی حیزبیش هەڵبژێردرا.

کمونیست: ئێستا کە کونفرانس بەپار بوو و هەتا ڕادەیەک لێی تێپەڕ بووین، ئێوە چۆنی بەراورد دەکەن؟

ع.م: ئەگەر بمەوی داوەڕیەکی گشتی لەسەر کونفرانس بکەم دەبی بڵێم بە لەبەر چاو گرتنی سەرجەمی هەلومەرج، باش و موسبەت بوو. بەڕێوە چوونی کونفرانس بۆ حیزبی کۆمۆنیست و بۆ جیهەت گیریەکان و بۆچوونی پێشڕەوی کرێکاری بە سەر کەوتنێک دەزانم. ئەم کونفرانسە دەورێکی موسبەتی هەبوو لە پەرە پێدانی هیواداری و دڵگەرمی و عەلاقەمەندی بە کار و گەشاوەیی لە ئەنجامدا چالاک کردنەوەی ریزەکانی حیزب، لە پێک هێنان و بە هێز کردنی هاو نەزەری لە نێو بەشێکی بەر چاو لە ئەندامان دا و نزیک کردنەوەیان لە یەکتر، لە کەم کردنەوەی پەیوەندە لەبەر یەک ترازاوەکان، لە پەرە پێدانی بروا و متمانە بە رابەری و لە هەمان کاتدا بە مەسئوول زانینی رابەری و بەرپرس بوونی لە حاست حیزب، لە هەموو ئەوانەدا دەوری موسبەتی بووە. کونفرانس نیشانیدا کە چلون دەکری جیاوازیی ڕاو بۆچوون بە ڕاشکاوی و ئازادانە و بە شێوەیەکی جیددی بدرێتە بەر باس و لە هەمان کاتدا بە دەربەستانە نیسبەت بە حیزب و کاری موسبەتی سیاسی، عەمەل بکری. کونفرانس بە پێک هێنانی مەجاڵی گونجاو و موناسب بۆ هاتنە گۆڕی ڕەخنەی تەشکیلاتی و ڕەخنە گرتن لەم یان لەو کەس لە ڕاستیدا یارمەتیدا بەوە کە پەروەندەی گەلێک لەم جۆرە مەسەلانە ببەستری، یان تەقریبەن ببەستری و بەشی هەرە زۆریان بخرێنە حاشیەوە و بەم مەعنایە ڕێگا خۆش بکری بۆ تێکۆشانی موسبەتی سیاسی و ڕوو لە پێشی حیزب وتەئمینی فەزای فیکری و سیاسیی لە بارتر بۆ ئەم فەعالییەتانە. تەنانەت، بە بروای من، ئەو ئیمکانەی پێک هێنا کە کونگرەی حەوتەمی کۆمەڵە لە فەزایەکی سیاسی تا ڕادەیەک موناسبتر لەوەکە بە بی گیرانی ئەو کونفرانسە لەوانە بوو هەبی، بگیری. لەیەک کەلام دا، حیزبی کۆمۆنیست لەم کونفرانسە، بە هێزتر و مەحکەمتر هاتە دەر. باز هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە من هەموو ئەو هەڵوێست و بۆچوونانە کە لە کونفرانس دا بەیان کران و هەموو ئەو قسانە کە لەوی کران، تەئیید ناکەم. بە پێچەوانەوە، لام وایە هەندێک لەو باس و بۆچوونانە، لەگەڵ ڕیبازی کرێکاری و پێشڕەو و کۆمۆنیستی نا تەبان و بە درێژایی کونفرانسەکە لەگەڵ هەر بۆچوون و هەڵوێستیکی کە پێم وا بوو ناوان، مخالەفەت و جەدەلم کردوە. بەڵام نەفسی هاتنە گۆڕی ئەوانەم بە باش دەزانی چۆنکە تەنیا هێنانە گۆڕی ئازادانەی ئەوانە ئیمکانی ئەوەی دەدا کە عەقلی جەمعی کونفرانس، چاک و خراپ و دروست و نا دروست لێک جیا کاتەوە، داوەڕیەکی عەینییان لەسەر بکا و سەرەنجام جێگای ڕاستەقینەی هەر کامیان دیاری بکا.

دیارە هەموو ئیخیتلافی نەزەرێک و هەموو جەدەلێک بەم سەنگە لە محەک نادری. گەلێک لە باسەکان و جەدەڵە سیاسییەکان لەبابەت سەرخەتە ئەسلییەکانی باسەکان وەک وەزعییەتی جیهانی، وەزعییەتی سیاسی ئێران، هەڵسەنگاندنی جێگا و شوێنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و داهاتووی ئەو حیزبە و...، هاتنە گۆڕ کە یارمەتییاندا بە دەوڵەمەند بوون و ڕاست کردنەوە و وردتر کردنەوەی ئەو باسانە. جگە لەوەش، هەر کەس، دەکری لە بابەت دروست و نادروست، لە بابەت حەق و نا حەق، نەزەرێکی هەبی و من لێرەدا نەزەری خۆم بەیان دەکەم.

بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانە، بە بڕوای من، حیزب بە تعهدێکی قایمتر نەک لاوازتر، لە حاست ئامانج و ئەرکە کرێکاری و کۆمۆنیستییەکانی خۆی لەم کونفرانسە هاتە دەر. بە بڕوای من ئەم کونفرانسە یەکێک لە سیاسیترین و زیندووترین کۆبوونەوە حیزبییەکانی چەند ساڵی ڕابوردوو بوو، وە من لە هەوڵدان بۆ بەڕپا کردنی و لە بەشداری تێداکردن و هەوڵدان بۆ بەڕەوپێش بردنی، هەست بە ڕەزایەت دەکەم.

سەرەڕای ئەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەگەر چی ئەم کونفرانسە ڕێگا کردنەوەیەکی باش بوو، بەڵام بڕینی ڕێگاکە خۆی، دیارە باسێکی دیکەیە و پێویستی بە هەڵسووران و تێکۆشانی زۆر زیاترمان لە داهاتوودا هەیە.

کمونیست: جیاواز لە مەسەلە گشتی تەرەکانی مەربووت بە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست کە قەڕارە لە ژمارەکانی داهاتوودا باسیان بکری، باسی گۆڕینی بەرنام (ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)یش لە کونفرانس دا هاتوەتە گۆڕ. پێم وایە بە جێیە تەوزیحی ئەوە بدەن کە مەبەست چ گۆڕینێکە لە بەرنامەی حیزبدا؟

ع.م: ڕاستییەکەی، تەوزیح لە بابەت مەسەلەی گۆڕینی بەرنامە، هۆیەکەی و چونیەتی و لایەنەکانی ئەم گۆڕینە، خۆی پێویستی بە باسێکی سەر بە خۆ هەیە و ئەمەش لە ژمارەکانی داهاتوودا دەبی ڕوشن بکرێتەوە. بەڵام بە کۆڕتی بڵێم کە پێم وا نیە مەسەلەکە تەنیا بڕیتی بی لە پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕێکی دیاریکراو و لە جیگا جێگای بەرنامەکە. گۆڕینی بەرنامە، بەو چەشنە من تێی دەگەم، دەبی بە مانای دارشتنی بەرنامەیەکی تازە بی. بەرنامەیەک کە هەڵبەت دەکری تێیدا لە زۆر خاڵ و بابەتی بەرنامەی ئێستای حیزبی کۆمۆنیست کەڵک وربگیری. لەم زەمینەیەدا دەکری بیر و ڕای جیاواز هەبی و هەر کات پێویست بی لە خۆدی گۆڤاری "کمونیست"یش دا بڵاو بکرێتەوە. بە پێی نەزەرێک کە منیش دیفاعی لێدەکەم، ئێمە پێویستمان بە دوو بەشی سەرەکییە لە بەرنامەدا کە پێویست نیە شکلی بەرنامەیەکی لانی زۆر و لانی کەم بگرێتە خۆی. بەشێکی، لە ڕاستیدا دەتوانی بەیاننامەیەک یان مانیفیستێک بی کە بناغەی بۆچوونە کۆمۆنیستییەکانمان، ئیددیعانامەمان لە دژی سەرمایەداری و ڕەخنەمان لەو نیزامە، نەک لە یەک وڵات بەڵکوو لە ئاستی جیهانیدا، بیان بکا و لە هەڵوێستی چینی کرێکاری جیهانییەوە سەرمایەداری بداتە بە ڕەخنە و مەحکوومی بکا و لە شۆڕشی کرێکاری و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دیفاع بکا. لە باری چۆنیەتییەوە، لە چەشنی ئەو کارە کە مانیفیستی کۆمۆنیست کاتی خۆی کردی. ئەم بەشە دەتوانی بۆ گەلێک لە جوولانەوە و بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان و حیزبە کرێکارییەکان، هاوبەش بی. بەشی دووهەم، لە واقیعدا، بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەیە بۆ ئێران کە دەبی لەسەر بناغەی هەمان بنەماکانی بەرنامەی یەکەم و هەروەها بە لەبەر چاو گرتنی وەزعییەتی کۆمەڵایەتی موشەخەسی ئێران، بچێتە سەر ئەو شتە کە ئێمە بۆ ئێرانمان دەوێ، حکوومەتی کرێکاری و ستراتیژیمان بۆ ئەو حکوومەتە، داخوازە کرێکاریەکان، داخوازە گشتییەکۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ریفاهییەکان و...، کە ئێمە لە هەموو هەلومەرجێک دا بۆیان تێدەگوشین. هەڵبەت ئەمە شتێکە کە من ئێستا لە بابەت گۆڕینی بەرنامەوە بە پێویستی دەزانم. ئێمە بەم زوانە کار لەسەر بەرنام دەست پێدەکەین و نەتیجەکانیشی دیارە دەدری بە گۆڤاری "کمونیست".

کمونیست: پێم وایە جێگای خۆیەتی سەرتا باسی خۆدی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکەین، وەزعییەتی حیزب لە سەر و بەندی ئەو جیابوونەوەیەدا کە ڕووی دا، هەوڵێک کە لەم ماوەیە دادراوە بۆ سازکردنەوەی حیزب و نەتیجە و ئەنجامەکانی ئەو هەوڵدانە، بەرنامەکانی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ دەورەی داهاتووی تێکۆشانمان و بابەتی دیکەی لەم چەشنە. بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابوردوودا لە نێو حیزبی کۆمۆنیست دا زۆر فەعاڵییەت و باس کراون. لەوانە، دوو کۆبوونەوەی بەرینی حیزبی، یانی کونفرانسی حیزب و کونگرەی حەوتەمی کۆمەڵە، بڕیوە چوون. بەڵام هەموو ئەمانە، لە دەرەوەی ئێمە، بە باشی بڵاونەبوونەتەوە.

ع.م: مەبەستی سەرەکی لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی لە ڕاستیدا بەرنامە دارشتن بوو بۆ تێکۆشانی عەمەلیی منەزمی حیزب لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا. گرینگترین مەسەلەکان کە تێیدا هاتنە گۆڕ، یان گرینگترین سەر خەتەکانی دەستووری کۆبوونەوەکە، لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکە، لە ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینوم دا باس کراون. بە کۆڕتی، کومیتەی ناوەندی لە یەکەمین کۆبوونەوەی بەرینی خۆیدا بەرنامەی کاری خۆی هەتا کونگرەی چواری حیزب بە شێوەیەکی کەم تا زۆر زەمان بەندی کرا و دایە بەر لێکولینەوە و پەسندی کرد کە لە نیویاندا دەکری ئیشارە بکەین بە: ڕێکخستنی نهێنی حیزب لە شارەکان، پەرە پێدانی پەیوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی کرێکاری، باشتر کردنی کاری ڕادیوی دەنگی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێکخستنی بڵاو کراوەی مەرکەزیی حیزب، تەرحی ئامادەکردنی کونگرەی چوارەمی حیزب و هەروەها بەرنامەی تازەی حیزب، ئیدامە کاری و بە هێزکردنی تەشکیلاتی عەلەنیی کۆمەڵە، ڕێکخستنی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات و.... گرینگترین سیاستەکان و بریارەکانی مەربووت بە هەر کام لەم لایەن و مەیدانانەی تێکۆشانن بە پێی ڕەوال، لە ئورگانی مەرکەزیدا بڵاو دەکرێتەوە. لە بابەت تێکۆشان لە شارەکان، ئێمە کومیتەی شارەکانمان سەر لە نوێ ڕێک خستەوە و خەریکی لێکولینەوەی گەلالەی ئەو کارەین. تاریخی بەڕێوە چوونی کونفرانسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتمان دیاری کردوەو بنەماکان و شێوەکانی کارمان لە دەرەوەی وڵات کەوتوەتە بەر باس و لێکولینەوەی کومیتەی ناوەندی و پاش ڕاوێژی پێویست لەم کونفرانسەدا، دەقەکەی بڵاو دەکرێتەوە. بۆ تەئمینی کادری پێویست بۆ ئیدامە کاری هەندێک مەیدانی تایبەتی تێکۆشانمان لە کوردستانیش چەند گەلالەیەک بە دەستەوەن کە بەم زوانە بەڕێوەیان دەبەین.

ئەگەر لە کۆتاییدا بمەوی لە سەرجەمی هەوڵ و تێکۆشانی دەورەی ڕابوردوومان بۆ سازکردنەوەی سەر و سامان پێدانەوەی کار و باری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب، بەڕاوردێکی گشتی بکەم دەبی ئیشارە بەوە بکەم کە بە شوێن هەموو ئەو کۆبوونەوە و ڕاوێژ و بڕیار دان و کارانەدا، ئێستا ئێمە لە مەوقعییەتێک داین کە چەرخەکانی حیزب دیسان وە کار کەوتوونەتەوە و بۆ تێکۆشانی سیاسی و ڕوو لە پێشی خۆمان، ئەمادەیی‌مان وەدەست هێنا. بەم مانایە، ئێمە دەورەیەکمان ناوەتە پشت سەر. لە ئێستاوە هەتا کونگرەی چوارەمی حیزب کە نزیکەی ساڵێکی دیکە دەبی بگیری دەبی دەورەیەک بی بۆ بەڕێوە بردنی ئەو سیاسەت و بڕیارانە کە لە هەر کام لەم کۆبوونەوانەدا ڕەچاو کراون وە یا دەکرین بە جۆرێک کە لە کونگرەی داهاتوودا، حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی گەش، ئامادە بۆ کار و پایەدار لەسەر ڕیبازی کۆمۆنیستی و کرێکاری بچێتە پێشوازی داهاتوو.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 41 October: 1992

جەولەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان

نیوەی دووهەمی مانگی خەرمانانی ئەمسال، واحیدیك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، بە مەبەستی بەریوە بردنی جەولەیەك چوون بۆ ناوچەی مەریوان. لەو جەولەیەدا هاوریانی پێشمەرگە لە ئاوایی‌یەکانی "ولەژیر، دەرزیان، کانی سەروو" کانی خواروو، وە شاروچکەی کانی دینار، لە کۆر و کۆمەڵی جۆراوجۆردا لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش کۆبوونەوە و لە سەر زۆر مەسەلەی مەربووت بە وەزعییەتی ئێستای ئێران و نارەزایەتی و ئیعتیرازی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەروەها وەزعی دژواری گوزەران و بەرێچوونی کۆمەڵانی دەستەنگ و هەژار، قسەیان لەگەڵ کردن. هەروەها هاوریانی پێشمەرگە چاویان بە زۆر کەس لە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی دەورو بەر، لەوانە ئاوایی‌یەکانی نژمار، سەرنژمار و بالك کەوت و لەگەلیان کۆبوونەوە.

لەو جەولەیەدا هاوریانی پێشمەرگە، ئیختاریان بە چەند گومان لیکراو دا کە تاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمیان لە سەر بوو، وە پییان راگەیاندن کە دەبی دەست لەو کردەوەیە هەڵگرن. ل9

ریزگرتن لە نوهەمین سالّڕۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بە بۆنەی نەهەمین سالّڕۆژ پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مەراسمێك بۆ ریزگرتن لەو رۆژە لە یەکێك لە مقەرە مەرکەزی‌یەکانی کۆمەڵە بەریوە چوو مەراسمەکە بە سرووی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و بۆ ریزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریزەکانی حیزب و هەموو گیانبەخت کردوانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم دەقیقەیەك بیدەنگی راگیرا. لەو مەراسمەدا کە بە بەشداری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و جەمعێك لە ئەندامانی حیزب و هەروەها کۆمەڵێك لە دوستان و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست بەریوە چوو، هاوری بەهمەنی علی‌یار ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە هەلومەرجی پێك هاتنی حیزب، تێکۆشانی حیزب و ئەرکەکانی قسەی کرد. مەراسمەکە بە شیعر و سروودی شۆرشگێرانە درێژەی پێدرا.

لێرەدا چەند بەش لە قسەکانی هاوری بەهمەنی عەلی‌یار دەخوێننەوە:

خەباتی جەماوەری خەڵکی ئێران لە ساڵەکانی 56 و 57، وە ساڵەکانی سەر کوتی وەحشیانەی جمهووری ئیسلامی بە دوای راپەرینی 57دا، ئەو واقعییەتەی زۆر بە زەقی خستبووە بەر چاوی هەمووان کە چینی کرێکاری ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارەزووەکانی و بۆ پاراستنی قازانج و مەسلەحەتی چینایەتی خۆی لە جەرگەی خەباتی سەخت و دژواری چینایەتیدا، پێویستی بە حیزبی خۆی هەیە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر بناغەی ئەو واقعییەتە کۆمەڵایەتی‌یە بۆ جوابدانەوە بەو پێویستی‌یە واقیعی‌یەی خەباتی چینی کرێکار پێك هات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێك هات تا بوشایی نەبوونی حیزبێکی پێشرەو و رێکخەری چینی کرێکار بۆ شۆرشی سوسیالیستی لە ئێراندا، پر بکاتەوە.

حیزبی ئێمە لەو خەباتەدا گەڵێك سەنگەری گرینگی فەتح کردوە کە هیچ هێزێك و هیچ دوژمنێك ناتوانی بە ئاسانی لە چینی کرێکاری ئێرانی بستێنێتەوە. پێداگرتن لەسەر سوسیالیزم و شۆرشی سوسیالیستی وەك تەنیا رێگای رزگاری یەکجاری چینی کرێکار، سوور بوون لەسەر پێك هێنانی ریزی سەربەخۆی چینی کرێکار بۆ خەبات، بەر چاو خستنی پێویستی‌ی پێك هێنانی حکوومەتی کارگەری، دارشتنی بەرنامەی کۆمۆنیستی و زۆر دەسکەوتی بە نرخی دیکە لە خزمەت خەباتی چینی کرێکار دا لە پێناو رزگاری ئەو چینەدا.

هاوری بەهمەن لە درێژەی قسەکانیدا ویرای ئیشارە بەو مەینەت و گیروگرفتانە کە لە دنیای ئەمرۆ دا بەربینیان بە بەشەرییەتی چەوساوە و زۆر لێکراو گرتوە وتی:

جوابی نیزامی سەرمایەداری بۆ ئەو هەموو مەینەت و فەلاکەتە چیە کە بە سەر ژیان و گوزەرانی میلیاردها ئینسانی سەر ئەو زەوی‌یە دا سەپاوە؟ واقعییەت ئەوەیە سەرمایەداری هیچ جوابێك و هیچ رێگا چارەیەکی نیە. سەرمایەداری، خۆی خولّقێنەر و پێك هێنەری ئەو فەلاکەت و رۆژ رەشی‌یەیە. وجوودی مالّکییەتی خسووسی و قازانجج و مەنفەعەتی سەرمایەداری ریشەی ئەسلی ئەو نابەرابەری و بی‌عەدالەتی‌یانەیە. تەنیا رێگاچارەیەك کە ریشەی ئەو مەینەتانەی دیوەتەوە و دەتوانی موناسەباتێکی ئینسانی و دنیایەك دامەرزێنی کە لە هیچکام لەو رەند و مەینەت و نابەرابەری‌یانەی نیزامی چینایەتی خەبەرێك نەبی و تێیدا ئینسانەکان ئازاد و بەرابەر بژین و هەول و تێکۆشانی هەمووان لە خزمەتی قازانج و مەسلەحەتی عمومی جامعەدا و لە خزمەت ریفاە و ئاسایش و پێشکەوتوویی و گەشەی ئیستعداد و لێهاتوویی‌یەکانی هەموو کەس دایە، وە دەتوانی هێزی پێك هێنەری ئەو ئاڵ و گۆرە عەزیمە رێك بخا، کۆمۆنیزمە. تەنیا کۆمۆنیزمە کە خوازیاری لەغوی مالکییەتی خسووسی و لەبەین بردنی نیزامی چینایەتی و ریشەکیش کردنی هەموو نابەرابەری‌یەکی چینایەتی‌یە. لە بەر ئەوە، سەیر نیە ئەگەر بورژوازی لەوە زیاتریش، لە هەموو بلندگو تەبلیغاتی‌یەکانەوە، موژدەی شکستی کۆمۆنیزم بدا.

ئەگەر ئەوە راستە کە کۆمۆنیزم شکستی خواردوە، یان دەورانی بەسەر چووە، ئەگەر حەقیقەتەن کۆمۆنیزم مردوە، ئەی ئەو هەموو نیگەرانی و تەبلیغات و هەرایە لەسەر مەوجوودیکی مردوو بۆ چیە؟ بەڵام بورژوازی باش دەزانی کە کۆمۆنیزم زیندووە و زۆریش بە هێزە. کۆمۆنیزم لە نیو دلی خەباتی هەموو رۆژەی کرێکاران دا زیندووە و خوێنی گەشی مانگرتنەکان و ئیعتیرازاتی میلیون میلیون کرێکاری سەراسەری جیهانە.....

هەموو واقعییەتەکانی دنیای ئەمرۆ، نیشان دەدەن کە پێویستی‌ی وجوودی حیزبێکی کۆمۆنیست کە بتوانی رابەر و رێکخەری چینی کرێکار بۆ شۆرشی سوسیالیستی بی، ئەمرۆ لە هەمیشە زیاتر هەست پێدەکری. کەوایە ئەو ئەرکە مێژوویی‌یە ئەمرۆ لە هەمیشە زیاتر لە سەر شانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، قورسایی دەکا. حیزبێك کە ئەکری رێکخستنی چینی کرێکاری ئێرانی بۆ شۆرشی سوسیالیستی و دامەزراندنی حکوومەتی کارگەری بە ئەرکی خۆی داناوە و خۆی بە یەکیك لە گوردانەکانی ئەرتەشی جیهانی پرولیتاریا لە خەباتی ئەنترناسیونالیستی‌دا دەزانی.

سەرنجێك لە سەر رێکخراوەکان و خەباتی کرێکاری لە کوردستان

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی یەکەمی وت و وێژێکە کە گوڤاری "کمونیست" لەگەڵ هاوری عبدالله مهتدی کردوویەتی. ئەم بەشەی وت و وێژەکە، کە لە مانگی کەلاوێژدا کراوە، تەرخان کراوە بۆ مەسەلەکانی مەربووت بە حیزب لە مانگەکانی رابوردووداً، بەرنامەکانی مەربووت بە سازکردنەوەی حیزب، کونفرانسی حیزبی‌ی مانگی جۆزەردان و بەرنامەی کاری کومیتەی ناوەندی حیزب. لە بەشەکانی دیکەی ئەم وت و وێژەدا مەسەلە سیاسی‌یە گشتی تەرەکانی بەردەم جەریانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ئاسوکان و ئاماجەکانی حیزبی کۆمۆنیست، دەدرێتە بەر باس.

کمونیست: ماوەیەکی کۆرت دوای کونفرانس، کونگرەی کۆمەڵە پێك هات و پاش ئەویش بیست و دووهەمین پلینوم، یان کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی حیزب، گیرا. ئەمانە چوونە سەرچ بابەتێك و چ نەتیجەیەکیان بۆ بە هێز بوونی تێکۆشانی حیزب لێ حاسل بوو؟ ئەگەر دەکری لەم بابەتەوە تەوزیحی زیاتر بدەن!

ع.م: بەڵی! زۆر بە جێیە. تێکەیشتن لەوە دژوار نەیە کە لە نیو کرێکارانی سوسیالیستی ئێراندا و بە گشتی هەموو دوستان و عەلاقەمەندانی حیزب، وەزعییەتی حیزبی کۆمۆنیست و ریبازی داهاتووی، جێگای سەرنجێکی تایبەت بی. تەنانەت موخالفینی سیاسی‌شمان، لە حاست ئەم مەسەلەیە عەلاقە نیشان دەدەن. ئەم سەرنجە تایبەتە و ئەم عەلاقە نیشاندانە، بۆ ئێمە جێگای ریز و خۆشحالی‌یە، وە تەواو پێویستە باسی ئەو مەوزووعە بکەین. ئەگەر بمانەوەی لە بابەت وەزعییەتی حیزب لە ئێستادا و لە بابەت نەتیجەگانی دەورەیەك کە بۆ سازکردنەوەی حیزب لەبەر چاوگیرا بوو، شتێك بڵێین، بە ناچار دەبی هەر چەند بە کۆرتیش بی ئیشارە بکەم بە وەزعییەتێك کە لەو سەر و بەندەدا کە ئەو جەماعەتە لە حیزب رویشتنن تێیدا بووین، وە بە کۆرتی ئەوە بخەمەوە بیر کە پاش دەورەیەکی تەقریبەن دوو ساڵە کە دەفتەری سیاسی پێشوو و پەیرەوانیان لە ئورگانە حیزبی‌یەکاندا بەریوەبەرایەتی کار و باریان بە دەستەوە بوو، لەگەڵ چ وەزعییەتێك بەرەو روو بووین. ل10

ئەوی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی یەکەمی وت و وێژێکە کە گوڤاری "کمونیست" لەگەڵ هاوری عبدالله مهتدی کردوویەتی. ئەم بەشەی وت و وێژەکە، کە لە مانگی کەلاوێژدا کراوە، تەرخان کراوە بۆ مەسەلەکانی مەربووت بە حیزب لە مانگەکانی رابوردووداً، بەرنامەکانی مەربووت بە سازکردنەوەی حیزب، کونفرانسی حیزبی‌ی مانگی جۆزەردان و بەرنامەی کاری کومیتەی ناوەندی حیزب. لە بەشەکانی دیکەی ئەم وت و وێژەدا مەسەلە سیاسی‌یە گشتی تەرەکانی بەردەم جەریانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ئاسوکان و ئاماجەکانی حیزبی کۆمۆنیست، دەدرێتە بەر باس.

کمونیست: ماوەیەکی کۆرت دوای کونفرانس، کونگرەی کۆمەڵە پێك هات و پاش ئەویش بیست و دووهەمین پلینوم، یان کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی حیزب، گیرا. ئەمانە چوونە سەرچ بابەتێك و چ نەتیجەیەکیان بۆ بە هێز بوونی تێکۆشانی حیزب لێ حاسل بوو؟ ئەگەر دەکری لەم بابەتەوە تەوزیحی زیاتر بدەن!

ع.م: بەڵی! زۆر بە جێیە. تێکەیشتن لەوە دژوار نەیە کە لە نیو کرێکارانی سوسیالیستی ئێراندا و بە گشتی هەموو دوستان و عەلاقەمەندانی حیزب، وەزعییەتی حیزبی کۆمۆنیست و ریبازی داهاتووی، جێگای سەرنجێکی تایبەت بی. تەنانەت موخالفینی سیاسی‌شمان، لە حاست ئەم مەسەلەیە عەلاقە نیشان دەدەن. ئەم سەرنجە تایبەتە و ئەم عەلاقە نیشاندانە، بۆ ئێمە جێگای ریز و خۆشحالی‌یە، وە تەواو پێویستە باسی ئەو مەوزووعە بکەین. ئەگەر بمانەوەی لە بابەت وەزعییەتی حیزب لە ئێستادا و لە بابەت نەتیجەگانی دەورەیەك کە بۆ سازکردنەوەی حیزب لەبەر چاوگیرا بوو، شتێك بڵێین، بە ناچار دەبی هەر چەند بە کۆرتیش بی ئیشارە بکەم بە وەزعییەتێك کە لەو سەر و بەندەدا کە ئەو جەماعەتە لە حیزب رویشتنن تێیدا بووین، وە بە کۆرتی ئەوە بخەمەوە بیر کە پاش دەورەیەکی تەقریبەن دوو ساڵە کە دەفتەری سیاسی پێشوو و پەیرەوانیان لە ئورگانە حیزبی‌یەکاندا بەریوەبەرایەتی کار و باریان بە دەستەوە بوو، لەگەڵ چ وەزعییەتێك بەرەو روو بووین. ل10

تێکۆشانی حیزب لە دەورەی رابوردوودا

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی یەکەمی وت و وێژێکە کە گوڤاری "کمونیست" لەگەڵ هاوری عبدالله مهتدی کردوویەتی. ئەم بەشەی وت و وێژەکە، کە لە مانگی کەلاوێژدا کراوە، تەرخان کراوە بۆ مەسەلەکانی مەربووت بە حیزب لە مانگەکانی رابوردووداً، بەرنامەکانی مەربووت بە سازکردنەوەی حیزب، کونفرانسی حیزبی‌ی مانگی جۆزەردان و بەرنامەی کاری کومیتەی ناوەندی حیزب. لە بەشەکانی دیکەی ئەم وت و وێژەدا مەسەلە سیاسی‌یە گشتی تەرەکانی بەردەم جەریانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ئاسوکان و ئاماجەکانی حیزبی کۆمۆنیست، دەدرێتە بەر باس.

کمونیست: ماوەیەکی کۆرت دوای کونفرانس، کونگرەی کۆمەڵە پێك هات و پاش ئەویش بیست و دووهەمین پلینوم، یان کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی حیزب، گیرا. ئەمانە چوونە سەرچ بابەتێك و چ نەتیجەیەکیان بۆ بە هێز بوونی تێکۆشانی حیزب لێ حاسل بوو؟ ئەگەر دەکری لەم بابەتەوە تەوزیحی زیاتر بدەن!

ع.م: بەڵی! زۆر بە جێیە. تێکەیشتن لەوە دژوار نەیە کە لە نیو کرێکارانی سوسیالیستی ئێراندا و بە گشتی هەموو دوستان و عەلاقەمەندانی حیزب، وەزعییەتی حیزبی کۆمۆنیست و ریبازی داهاتووی، جێگای سەرنجێکی تایبەت بی. تەنانەت موخالفینی سیاسی‌شمان، لە حاست ئەم مەسەلەیە عەلاقە نیشان دەدەن. ئەم سەرنجە تایبەتە و ئەم عەلاقە نیشاندانە، بۆ ئێمە جێگای ریز و خۆشحالی‌یە، وە تەواو پێویستە باسی ئەو مەوزووعە بکەین. ئەگەر بمانەوەی لە بابەت وەزعییەتی حیزب لە ئێستادا و لە بابەت نەتیجەگانی دەورەیەك کە بۆ سازکردنەوەی حیزب لەبەر چاوگیرا بوو، شتێك بڵێین، بە ناچار دەبی هەر چەند بە کۆرتیش بی ئیشارە بکەم بە وەزعییەتێك کە لەو سەر و بەندەدا کە ئەو جەماعەتە لە حیزب رویشتنن تێیدا بووین، وە بە کۆرتی ئەوە بخەمەوە بیر کە پاش دەورەیەکی تەقریبەن دوو ساڵە کە دەفتەری سیاسی پێشوو و پەیرەوانیان لە ئورگانە حیزبی‌یەکاندا بەریوەبەرایەتی کار و باریان بە دەستەوە بوو، لەگەڵ چ وەزعییەتێك بەرەو روو بووین. ل10

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 42 | ڕیبەندانی _1371 | فوریە_ 1993

کۆمەڵێکی‌تر لە لاوانی شۆرشگێڕ چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش و شۆرشگێڕ کە دەورەی ئاموزشی سیاسی و نیزامیان لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە سەرکەوتوانە تەواو کردبوو، لە ڕۆژی 26ی ڕێبەندان دا چەکدرا کران و هاتنە نێو ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەوە، ئەو هاوڕییانە لە مەراسمێك دا کە بۆ ریز گرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە یەکێك لە مقەرە مەرکەزییەکانی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، بە شیعاری بژی سوسیالیزم، بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چەکەکانیان لە دەست یەکێك لە مەسئوولینی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی وەرگرت.

ئێمە، سەرکەوتن بۆ ئەو هاوڕییانە لە بەرەو پێش بردنی ئەرکی شۆرشگێڕانەیاندا بە ئاوات دەخوازین.

***

26ی ڕێبەندان: ڕیزگرتن لە 14 ساڵ تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە

لە 26ی ڕێبەندانی ساڵی 57 لە گەرمەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران دا، کۆمەڵە کەتا ئەو کاتە نزیك بە دە ساڵ فەعالییەتی سیاسی و تەشکیلاتی خۆn لە کوردستان و شارەکانیتری ئێران بە نهێنی بردبووە پێش، فەعالییەتی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. هەموو ساڵێك ئەم ڕۆژە (26ی ڕێبەندان) کە بە ڕۆژی کۆمەڵە ناسراوە و لە هەمان کاتیش دا ساڵڕۆژی گیان بەخت کردنی هاوری محمد حسینی کەریمی، یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەیە، لە لایەن هەموو ئەو کەسانە کە چارەنووسی سیاسی و خۆیان بە کۆمەڵەوە گری داوە، ڕیز دەگیردرێت. ئەمساڵیش لە چواردەهەمین ساڵی دەست پێکردنی فەعالییەتی ئاشکرای کۆمەڵە و بۆ ڕیز گرتن لەم ڕۆژە مەراسمێکی گەورە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە دوستان و لایەنگران، ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە مەقەری مەرکەزی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، لەم مەراسمەدا هاوری بارزانی حسن پور، ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە بەشێك لە قسە و باسەکانیدا بەم بۆنەوە وتی:

"کۆمەڵە، بە پێدا گرتن لەسەر مەسلەحەت و بەرژەوەندی چینی کرێکار و بە پشت بەستن بەو هێزە شۆرشگێڕە، و بە بەدستەوە گرتنی سیاستی کۆمۆنیستی و شۆرشگێڕانە لە ماوەی ڕابردوودا توانیویەتی بە هێزێکی ئجتماعی و جێی باوەر و متمانەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستانی ئێران تەبدیل بی. ئەوە ئیدیعای ێمە نیە بەڵکوو واقعییەتی تاریخی ڕابردووی کوردستانی ئێرانە. 14 ساڵە کوردستانی ئێران مەیدانی شیوەی جۆراوجۆری موبارزەی سیاسی و تەبەقاتییە، هەر کەس بیەوی کۆمەڵە بناسی دەبێت چاوێك بەو عەرسانەدا بگێڕێت.

یەکێك لەو عەرسانە، عەرسەی موبارزەی کرێکاریە. کۆمەڵە لەو عەرسەیەدا تەلاش و کوششی خۆی کردووە بۆ ئەوەی خەباتی کرێکاران یەك بخا، وە بە دژی چەوسانەوە و ستەم لە نیزامی سەرمایەداری بیخاتە گەر. لە هەمان کات دا لە موبارزە بۆ باش بوونی وەزعی کار و ژیانی کرێکاران پشتیوانی کردووە، وە هەمیشە وەك ڕابەرێك لەم عەرسەیەدا بەشداری کردوە. مەترح کردن و پەرەپێدانی جونبشی موتالەباتی لە کوردستان دا یەکێك لەم سیاسەتانەیە کە توانیویەتی دەور و تەئسیرێکی زۆر لەسەر ژیان و موبارزەی کۆمەڵانی کرێکار دانی. توانیویەتی هاودڵی و هاوپشتیەکیزیاتر لە نیو چینی کرێکاردا بەوجود بێنی. هەروەها کۆمەڵە لە عەرسەی موبارزەی دیموکراتیك و تووەیی‌دا هەمیشە پشتیوانی و ری پێشان دەری ئەم موبارزاتە بووە. هەر موبارزەیەك کە زەحمەتکێشان بە دژی بی مافی و بی حقوقی کردبیتیان، کۆمەڵە پشتیوانی لێ کردووە.

ئیعلامی بەیاننامەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش وە تەبلیغی ئەو دیاردەیەکی موهیمی ئەو ئیدیعایەیە. وە هەروەها بانگەوازی کۆمەڵە بۆ خەڵك کە دیفاع بکەن لە ئازادی عەقیدەی سیاسی، لە ئازادی بیر و باوەر، لە ئازادی تشکل، هەموو ئەوانە بە ئێمە نیشان دەدەن کۆمەڵە لەو عەرسەیەش دا پەرچەمداری دیموکراسی شۆرشگێڕ بووە."

تەرحی بوودجەی ساڵی 72ی ڕژیم هێرش بۆسەر گوزەرانی کرێکاران

بوودجەی ساڵی 1372ی دەوڵەتی ڕەفسنجانی لە مەجلیس پەسەند کرا. ئەگەر چی لە نیزامی ئیداریی جمهووری ئیسلامی‌دا ئەم جۆرە تەرحانە لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا تەنیا چوراچێوەی گشتی سیاسەتە ئابووریەکانی ڕژیم دیاری دەکەن و نە دەرامەد و داهاتی ڕژیم و نە خەرج و هەزینەکان هیچکامیان بە پێی ئەو ڕەقەمانە جێبەجێ نابن کە لە تەرحی بوودجەداهاتوە، بەڵام هەر لە ڕووی ئەوەندەشەوە کە گوتراوە و ئیعتیرافی پێکراوە، ڕادەی فشارێك کە قەڕارە لە ساڵی داهاتووش دا هەر وەك ساڵانی ڕابردوو بە هۆی سیاسەتە ئابووریەکانی ڕژیمەوە بێتە سەر ژیان و بەڕێچوونی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگ، هەر لە ئێستاوە ئاشکرایە.

بەپێی تەرحی بوودجەی ڕاگەیەندراو، زیاتر لە 67٪ی داهاتی دەوڵتی ئێران لە فرۆشتنی نەوت دەبی تەئمین بی و باقیەکەشی لە ماڵیات و وردە داهاتی دیکە. پێش بینی دەوڵەت بۆ داهاتی نەوت لە ساڵی 1371دا 17 میلیارد دولار بوو کە بۆ ساڵی 1372 بە پێی تەرحی پەسەند کراو ڕەقەمێکی لەوەش گەورەتر بۆ فرۆشی نەوت پێش بینی کاروە. فرۆشی نەوت سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەوڵەتە و تەواوی تەرحی بوودجەی ساڵی 72 لەسەر ئەو داهاتە بینا کراوە. بەڵام داهاتی دەوڵەت لە فرۆشتنی نەوت چ بە هۆی ئاڵ و گۆڕ پێك هاتن لە ڕادەی بەرهەم هێنانی نەوت دا، چ بە هۆی ناپایدار بوونی نرخی نەوت لە بازاری جیهانی‌دا و چ بە هۆی ئاڵ و گۆڕ لە نرخی دولار دا، هەموو ساڵی زۆر لەو ڕادیە کە دەوڵەت پێش بینی دەکا، کەمترە، بۆ نموونە داهاتی دەوڵەت لە فرۆشی نەوت لە ساڵی 1371دا بە زەحمەت دەگاتە 12 میلیارد دولار. (یانی 5 میلیارد دولار کەمتر لە پێش بینی خۆیان) و بێگومان بۆ ساڵی داهاتوو ئەو جیاوازییەی نیوان پێش بینی و فرۆش، ئەگەر زیاتر نەبی، کەمتر هەر نابی.

جێگای ئەم 5 میلیارد دولارە (یان لە ساڵی 72دا ڕەقەمێکی لەوە گەورەتریش) بە چی پر دەکرێتەوە؟ دەوڵەت، ئەغلەب یەکێك لەم دوو ڕێگایە، یان هەرتکیان هەڵدەبژێری: کەم کردنەوەی هەزینەکان و بەڵێن و تعهداتی دەوڵەت لە بەرانبەر کۆمەڵدا، یان چاپی ئەسکناسی زیادی.

چاپکردنی ئەسکناسی زیادی، هاتنە خوارەوەی نرخی پارەی بە دواوەیە. بەم جۆرە دەوڵەت باری ئەو گروگرفتەی خۆی بە هێنانە خوار و داشکاندنی نرخی ئەو پارەیە کە بە دەست خەڵکەوەیە، دەخاتە سەر شانی خەڵك. بەڵام ئەگەر دەوڵەت لەو خەرجانە کەم کاتەوە کە خۆی دەیانکا، با بزانین لە کام بەش دەگێڕێتەوە. ئایا بە میزانی کەسری بوودجەی ساڵی داهاتوو، لە خەرجی ئەرتەش و کرینی کەرەسەی جەنگی کەم دەکاتەوە؟ ئایا لە خەرجی دەزگای ئیداری پۆلیس و تەرحە تیرۆریستییەکانی خۆی لە گوشە و کەناری جیهان، یان لە خەرجی دام و دەزگای تەبلیغای مەزهەبی کەم دەکاتەوە؟ ئاشکرایە کە جمهووری ئیسلامی نەك هەر لەو خەرجانەی کەم نەکردوەتەوە بەڵکوو زیادیشی کردوون.

ل3

کرێکارانی ئاسیایی لە وڵاتانی خەلیج کویلەکانی ئاخری سەدەی بیستەم

بەپێی هەواڵێك کە ماوەیەك لەوە پێش لە لایەن خەبەرگوزاریەکانەوە بڵاو بووەوە، شیخ نشینی "ئەماراتی متحدەی عەرەبی" چوار هەزار کرێکاری بەنگلادشی لەو وڵاتە دەردەکا. "ئەماراتی متحدە" هیچ بیانوویەکی بۆ ئەو کارەی خۆی باس نەکردوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەم وڵاتانەدا هیچ قانوونێکی ڕەسمی نیە کە چکولەترین پارێزگاری لە مافی کرێکارانی موهاجیر بکا و لەبەر ئەوەی کرێکارانی ئەو وڵاتە ڕێکخراوی تایبەتی خۆیانیان نیە هەتا لە کاتی ئاوادا بە هانای کرێکارانەوە بێت، ئەو شیخ نشینە بە بی ئەوەی لەگەڵ موقاومەتێکی ئەوتو بەڕەوڕوو بی، سیاسەتەکەی خۆی جێبەجێ دەکا.

بەپێی ئاماری ڕەسمی لە وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی، کویت و ئەماراتی متحدەی عەرەبی و قەتەر، نزیکەی چوار میلیون کرێکاری بەنگلادشی، پاکستانی، هیندی و سەریلانکایی کار دەکەن. چەرخی ئیقتصادی ئەو وڵاتانە، لەسەر بناغەی دەرهێنانی نەوت و چەوساندنەوەی کرێکارانی موهاجیر دەگەڕی و ساڵیانە میلیاردها سەروەت کە بە

ل4

دەرسێك لە مەرگێك

بەبۆنەی مەرگی "ئەحمەد"ی مفتیزادەوە

لە مانگی ڕابوردوودا "ئەحمەدی مفتی زادە"، پاش بەسەر بردنی ساڵەها لە زیندانی جمهووری ئیسلامی دا وە دوای ئەوەی کە بە قسەی ناسیاوان، شکەنجە و ئازارێکی زۆری چەندەها ساڵەیان بەسەر هێنا بوو، ژیانی کۆتایی پێهات.

مفتیزادە چەند مانگ لەوەپێش بە ناو ئازاد کرا، یانی بە نیوە مەرگی تەحویلی کەس و کاری دراوە بەو مەرجەی کە بە دەست بەسەری، لە نیو شاردا بژی وە یا باشتر ئەوەیە بڵێین بۆ ئەوەی ڕۆژانی ئاخری عومری تێپەڕ کا. دەکری بڵێی لە ڕاستیدا جمهووری ئیسلامی ئازادی نەکرد، هەر ئەوەندە بوو کە مەسئولیەتی مەرگی ئەوی لە کول خۆی کردەوە. زینانەوانانی جمهووری ئیسلامی دەیانزانی ژیانێکیان بۆ نەهیشتوەتەوە، نەشیان دەویست کارێکی وا بکەن لە لایەن خەڵکی نارازییەوە بە هەق تاوانی مەرگی ئەویان بخرێتە ئەستو.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو خەڵك لە شاری سنە و هێندێك شوێنی دیکە سەرەخۆشیان بۆ داناوە و لە مەراسیمی ئەسپەردە کردنی بەشداریان کردوە و بە دوای ئەوەدا مەئموورانی ڕژیم کەسانێکیان لە خەڵك گرتوە.

ل4

بۆچی بورژوازی لە هەموو لایەکەوە کێشەی جەزیرەکانی خەلیج تازە دەکاتەوە؟

ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی ڕابەرانی شیخ نیشینەکانی خەلیجی فارس و جوابی ڕەفسنجانی بە هەڵویستەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لە سەر مەسەلەی جەزیرەکانی خەلیج، لە نویژی جومعەدا، بۆ جارێکیتر ئەو کێشەیەی خستوە سەر مەیدانی ململانێیەکی سیاسی کە چەند مانگیکە دەستی پێکردوە.

ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە جاریکیتر تەئکیدی لەسەر حاکمییەتی وڵاتانی "ئەماراتی متحدەی عەرەبی" بە سەر سێ جەزیرەی ئەبوموسی، تونبی گەورە و تونبی چکولەدا کردوە و داوای لە دەوڵەتی ئێران کردوە مافی ئەو وڵاتانە بەسەر ئەو جەزیرانەدا بسەڵمێنی و هێزەکانی خۆی لەو شوێنانە بباتەدەری. ڕەفسنجانی لە خوتبەکانی نویژی جومعەدا بەتوندی ئەو داوایەی ڕەت کردەوە و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەو وڵاتانە بیانەوی هەنگاوێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئیددیعایانەی خۆیان هەڵگرن دەبی بە ناو دەریای خوێن دا تێپەڕ بن!

بەم جۆرە سەرەتای دەورەیەکی دیکە لە شەڕی تەبلیغاتی و شەر لە سەر ئەو مەسەلەیە لە بەینی هەر دوولا دەستی پێکرد.

وت و وێژی دوولایەنە، تەرحی مەسەلەکە لە ڕێکخراوی میللەتان، نیوبژی کردنی سوریە، ئەوانە هەموویان لە ماوەی یەك، دوو مانگی ڕابوردوودا تاقی کراونەتەوە و هیچ کامیان نەبوەتە هۆی دامرکانەوە یا سووك کردنەوەی بوحرانەکە. هۆی ئەسلی بی نەتیجە مانەوەی هەوڵ و تەقالای دیپلوماتیك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەبی لە کۆمەڵە قازانج و دەسکەوتێکدا ببینیتەوە کە دڕێژە کێشان و توند بوونەوەی ئەو ناکوکییە بو هەموو لایەنەکانی ئەو کێشەیەی هەیە. سێ لایەنی سەرەکی ئەو کێشەیە، یەکەم، شیخ نشینەکانی خەلیج و وڵاتی عەرەبی وەکوو میسر و سوریە، دووهەم جمهووری ئیسلامی، سێیەم دەوڵەتی ئەمریکا هەر کامەیان بە پەیەڕەوی لە مەسلەحەتێکی تایبەتی کە هەیانە هەوڵ دەدەن بە شێوەی خۆیان ئاوری کێشەکە خۆشتر کەن. بەڵام قوربانیان و دەستەچیلەی ئاوری ئەو ماجرا جۆییە تازەیەی بورژوازی، بێگومان کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی هەموو ناوچەکەن.

با بزانین هەر کام لەو سێ لایەنەی کە باس کرا بە پێی چ بەرژەوەندیێك بۆ دڕێژەکێشانی ئەو ئالوزییە تازەیە لەو ناوچەیە هەوڵ دەدەن؟

ل5

هاوڕێ بارزانی حسن پور لە دڕێژەی قسەکانی دا باسی وەزعییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیقتصادی نێستای ئێرانی کرد، ئێشارەی کرد بە مەوقعییەتی ناموناسیبی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە سیاسەتی جیهانی و مەنتەقەیی دا، وە هەروەها ئیشارەی کرد بە ناکامیەکانی ڕژیم لە بەرەوپێش بردنی بەرنامەکانی خۆیدا لە زەمینەی جەلبی سەرمایە خاریجییەکان و بەرەو پێش بردنی ئەو پرۆژانە کە بۆ بوژاندنەوەی ئیقتصادی نەخۆشی ئێران پێویستن. هاوری بارزان وتی: "ڕژیم باری هەموو ناکامیەکانی خۆی خستوتە سەر ژیانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش وە دەیەوی بە هێرش کردن بۆ سەر سفرەی بی ڕەونەقی ئەوان پێویستەیەکانی خۆی تەئمین بکا و هەر ئەمە بووتە هۆی پێکهاتنی زەمینەیەکی موساعید بۆ گەشەی ئیعتیرازاتی جەماوەری و کرێکاری لە دەورەی داهاتوودا لە ئێران." بە لەبەر چاو گرتنی ئەم وەزعییەتە هاوری بارزان ئەرکەکانی دەورەی داهاتووی کۆمەڵەی ئاوا باس کرد.

بە بڕوای من کۆمەڵە دەبی چلون موری خۆی لە تاریخی ڕابووردووی جوولانەوەی کوردستان داوە، دەبی موری خۆی بە تاریخی داهاتووی جوولانەوەی کوردستانیشەوە بنێ. کۆمەڵە دەتوانی و دەبی لە داهاتوودا جونبشی موتالەباتی وە ئیعتیرازاتی سیاسی تەبەقەی کارگەر، شان بە شانی یەک و بە موازاتی یەک بیانباتە پێش کە بەم شێوەیە تەبەقەی کارگەر هەم لە ژیانی سیاسی جامعەدا زیاتر دەخالەت بدری وە هەم بۆ ژیان و گوزەرانی خۆی زیاتر لەوە تی بکۆشی و هەول بدا. جیاواز لەوە ئیمە دێسانیش یادئاوری، دەکەینەوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شیعاری ئیمەیە وە سەعی دەکەین لە پێناو وەدێهێنانی ئەم شیعارە و فەراهەم کردنی شەرایەتێک کە تێیدا خەڵکی کورد بە دوور لە هەر چەشنە فشارێک بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری کەن، موبارزەی خۆمان درێژەی پی بدەین. لە هەمان کاتدا ئیمە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە گوستەرش دەدەین تا بتوانی لە دەورەی داهاتووی دا ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنی و بە پێی بەرنامەی خوی و بە پێی ئوسوولی دروست لە مبارزەی موسولەحانەدا بەشدار بی. لەسەر دەخالەت و بەشداری لە موبارزاتی تووەیی و دیموکراتیک دا من ئیستاش لێرە هەر ئەوە دەڵێم، ئیمە هەمیشە وتوومانە تەبەقەی کارگەر دەبی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگری. ئەگەر ئەم قسەیەمان کرد مەعنای ئەوەیە کە دەبی لە ڕەهبەری و لە ڕەئیسی جامعەدا بێتە مەیدانەوە و بە ڕێکخراوبوون لە حیزبی سیاسی و تەبەقاتی خۆیدا موری خۆی لە ئاڵ و گۆڕەکانی نیو کۆمەڵ دات. وەختێک لە ڕەهبەری و ڕەئیسی جامعەدا بێتە مەیدان ئیتر دەبی نیسبەت بە هەموو مەسائیلی کۆمەڵایەتی ئیحساسی مەسئوولیەتی بی و جوابیان بداتەوە. ئەو مەسائیلە کۆمەڵایەتیانە تا جوابی خۆیان وەرنەگرنەوە حەل نابن. کەوایە ئیمە ناتوانین وە بۆمان مومکین نیە کە فەعال و هەڵسووراوی ئەم عەرسەیە لە موبارزەش نەبین، وە تازە داخوازی و ویستەکانی ئەم بەشە لە موبارزە و ئەم عەرسەیە دەتوانی شەرایەتی پێشڕەوی تەبەقەی کارگەر فەراهەم کا. دەتوانی فەرهەنگ و تمدنی جەماوەر بەرێتە سەری. بۆیە ئیمە پێمان وایە لە داهاتووش دا کۆمەڵە دەبی پەرچەمداری دیموکراسی شۆرشگێر بی.

هەروەها بۆ ریزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە، تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە وڵاتانی ئالمان و سوئید چەند مەراسمی گەورەی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵە و هەروەها ئامادە بوونی چەند ڕێکخراوی سیاسی لە دوو وڵاتە بەڕپا کرد.

لەو مەراسمەدا هاوری محمەد ئەمین حسامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بەم بۆنەوە قسە و باسێکی پێشکەش ئامادە بووان لە مەراسمەکەدا کرد.

هاوری محمەد ئەمین حسامی پاش بەرەسی تاریخی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژی کۆمەڵە لە بەشێک لە قسەکانیدا وتی:

– ئیمە ئەمڕۆ لە کۆمەڵەیەک قسە دەکەین کە وەک هێزێکی سیاسی، دارای نفوز و ئیعتبارێکی کۆمەڵایەتی و دارای پایەگایەکی بەر بلاو و مەحکەمە لە ناو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دا. وە ئەوەی بە پێش گرتنی هەڵوێستێکی ڕادیکال و سوسیالیستی و بە خەباتێکی چەندین ساڵە و بە بەشداری چالاکانە، لە بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی جەماوەریدا بە دەست هێناوە.

– موبارزە لە دژی هەر چەشنە ستەم و نابەرابەرییەک وە موبارزە لە دژی ئەفکاری کۆن و ئرتجاعی ناو کۆمەڵ، بەشێک لە خصوصیاتی کۆمەڵە بووە و هەر بەو پێوانەیەش، گەلێک سوننەت و شوێنەواری باش و پێش کەوتن خوازانەی جی خستووە.

– بلاو کردنەوەی ئەندیشەی ئازادی و ئەندیشەی بەرابەری ئینسانەکان، وە تەلاش بۆ پەسند کردنی ئیدەی سوسیالیستی لە ناو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان، تەلاش بۆ سەڵماندنی ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی و بلاو کردنەوەی تووی عەدالەت خوازی ئیجتماعی، ئەو ئەرکە ئەساسی و سەرەکییەیە، کە کۆمەڵە بە پێی توانای خۆی بەرێوەی بردووە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی چوونە سەری وشیاری سیاسی و چینایەتی و گەشەکردنی بیروباوەری ڕزگاری ئینسان لە ژێر باری ستەم و چەوسانەوە، لە ناو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دا.

– کۆمەڵە دەنگی ئیعتیرازی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە بە نیزامی سەرمایەداری، ئەمڕۆ هەر ئیعتیرازێکی کرێکاری، لە کارخانە، لە کارگا، لە کوورەخانە و باقی شوێنەکانیتری کار، بە شەرایەتی سەخت و دژواری کار، بە حەقدەستی کەم، بۆ کەم کردنەوەی سەعاتی کار، بە نەبوونی ئیمەنی محیتی کار و بیهداشت، بە نەبوونی بیمەی بێکاری و حەقی مەسکەن و هەر چەشنە داخوازێکی ریفاهیتری کرێکاران، بە ئیقدامی کۆمەڵە و خواستی کۆمەڵە، لە قەلەم دەدری و کار فەرما و کاربەدەستانی ڕژیم بە ناوی تێکرای قسەی کۆمەڵە و هەواداری لە کۆمەڵە، بە گڕ ئەو ئیعتیرازاتەدا دەچنەوە.

– بلاو کردنەوەی ئەندیشەی بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو حەق و حقوقێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بۆ لابردنی ستەمی جنسی لەسەر ژنان، هەمیشە بەشێک لە تەبلیغاتی کۆمەڵە بووە.

چەک هەڵگرتنی ژنان و کچانی شۆرشگێری کوردستان و سازمان دانیان لە ناو ریزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، بۆ موبارزە لە دژی ئەو هەموو نابەرابەرییە کە لە جامعە دا موجودە، کارێکە کە کۆمەڵە سەرەڕای موخالەفەتی زۆری ئەفکاری کۆن و سوننەتی ئەو سەردەمە لە کوردستان نایە دەستووری ڕۆژ و بۆ چەسپاندنی بە هەموو تواناوە تەلاشی کردووە.

کۆمەڵە هاندەری ژنانی زەحمەتکێش و زوڵم لێکراوی کوردستان بووە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و زۆر و نابەرابەرییە کە دەرحەق بە ژن وجودی هەیە و ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و ئەفکاری دواکەتوانەی ناو کۆمەڵی کوردستانیش بە ژنانی تەحمیل دەکەن.

– پەرچەمی موبارزە لە دژی جەهل و خورافە پەرستی مەزهەبی، کە بە چەشنێکی سیستماتیک لە لایەن جمهووری ئیسلامیەوە. ئیشاعە دەدری، لە دەست کۆمەڵە دا بووە و لە پێناو ڕوشنگەری لەو بابەتەوە چی لە توانا دا بوو بی دریغی نەکردووە.

– کۆمەڵە ئەوباوەڕەی لە جامعەی کوردستان دا جێ خستووە، کە سیاسەت و موبارزەی سیاسی، بە بەژنی سەرۆک عەشیرەت و مەلا و شیخ و ئەحزابی سوننەتی ئەوان نەبراوە، ئەگەر لەوە پێشیش وا بوو بی، ئەو دەور و زەمانەیە بەسەر چووە و ئیتر مەیدان داری ئەو عەرسەیە، هێزێکە، کە خۆی خوڵقینەر و بەرهەم هێنەری هەموو پێداویستیەکانی ژیانی ئەوڕوی جامعەی بەشەریە و لە ئەساس دا هێزی بزوێنەر و سەرەکی هەر خەباتێکی شۆرشگێرانەش لەو سەردەمەدا هەر ئەوە.

– کۆمەڵە دەور و نەقشی تایبەتی بووە لە شکل پێدانی چەپیچکی ڕادیکال و شۆرشگێر لە ئێران و لە پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا دەوری سەرەکی و جایگای تعیین کنندەی بووە.

– موبارزە و بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد و بۆ ڕەفعی ستەمی میللی و بۆ دابین کردنی مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کورد، یەکێکی تر لەو عەرسانەیە کە کۆمەڵە، هێزی بۆ تەرخان کردووە و خەباتی تێدا کردووە. کۆمەڵە هاندەر و سازمان دەری موقاومەتی جەماوەری بووە لە کوردستان، لە دژی هێرش و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی، وە دەور و نەقشی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەها هاوری محمەد ئەمین حسامی لە دڕێژەی قسەکانیدا، باسی گیروگرفتی سەر ڕێگای فەعالییەتی کۆمەڵەی کرد و تەئکیدی لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد کە کۆمەڵە بۆ بردنە پێشی فەعالییەتی خۆی نەک هەر لە فەزایەکی ئازاد و دیموکراتیک لە ناو جامعەدا بەهرەمەند نەبووە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە، لە ناو فەزای سەرکوت و وەحشەت دا کە ڕژیم وەریی خستووە ئەو فەعالییەتەی بردوتە پێش.

هاوری محمەد ئەمین پاش قسە و باس لەسەر گیروگرفتە ناوخویی یەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە چەند ساڵی ڕابووردودا و تێپەڕ کردنی مەسائیل و موشکیلاتێک کە لەم بارەیەوە تووشی فەعالییەتی کۆمەڵە ببوو، لە بەشی ئاخری قسەکانیدا لەسەر ستەمی میللی وتی:

"ستەمی میللی یەکێک لەو بی عەدالەتیانەیە کە ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دا بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان تەحمیل دەکری. هەڵوێستی کۆمەڵە لەو بابەتەوە هەڵوێستێکی دیموکراتیک و ڕزگاری خوازانەیە. کۆمەڵە خوازیاری مافی دیاری کردنی چارەنووسە بۆ گەلی کورد. ئیمە لەهەر موبارزەیەکی ئینقلابی بۆ بە دەست هێنانی داخوازێکی حەق تەلەبانە و عادلانە، کە لەو دا ستەمێک لەسەر شانی مەحرومان و زۆرلێکراوانی جامعە هەڵگیریت بەشداری دەکەین. لامان وایە نەمانی ئەو ستەمە، خۆی موحیتێکی موساعیدتر بۆ موبارزەی کرێکار و زەحمەتکێش، وە بۆ پێشڕەوییەکانی دواجاری بە وجود دێنێ. کەوابوو مافی دیاریکردنی چارەنووس و نەمانی ستەمگەری میللی، ڕاستەوخۆ بە مانای سەرکەوتنی مبارزەی میللەتی کوردە، لە دژی هێرش و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی، وە دەور و نەقشی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەها هاوری محمەد ئەمین حسامی لە دڕێژەی قسەکانیدا، باسی گیروگرفتی سەر ڕێگای فەعالییەتی کۆمەڵەی کرد و تەئکیدی لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد کە کۆمەڵە بۆ بردنە پێشی فەعالییەتی خۆی نەک هەر لە فەزایەکی ئازاد و دیموکراتیک لە ناو جامعەدا بەهرەمەند نەبووە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە، لە ناو فەزای سەرکوت و وەحشەت دا کە ڕژیم وەریی خستووە ئەو فەعالییەتەی بردوتە پێش.

هاوری محمەد ئەمین پاش قسە و باس لەسەر گیروگرفتە ناوخویی یەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە چەند ساڵی ڕابووردودا و تێپەڕ کردنی مەسائیل و موشکیلاتێک کە لەم بارەیەوە تووشی فەعالییەتی کۆمەڵە ببوو، لە بەشی ئاخری قسەکانیدا لەسەر ستەمی میللی وتی:

"ستەمی میللی یەکێک لەو بی عەدالەتیانەیە کە ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دا بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان تەحمیل دەکری. هەڵوێستی کۆمەڵە لەو بابەتەوە هەڵوێستێکی دیموکراتیک و ڕزگاری خوازانەیە. کۆمەڵە خوازیاری مافی دیاری کردنی چارەنووسە بۆ گەلی کورد. ئیمە لەهەر موبارزەیەکی ئینقلابی بۆ بە دەست هێنانی داخوازێکی حەق تەلەبانە و عادلانە، کە لەو دا ستەمێک لەسەر شانی مەحرومان و زۆرلێکراوانی جامعە هەڵگیریت بەشداری دەکەین. لامان وایە نەمانی ئەو ستەمە، خۆی موحیتێکی موساعیدتر بۆ موبارزەی کرێکار و زەحمەتکێش، وە بۆ پێشڕەوییەکانی دواجاری بە وجود دێنێ. کەوابوو مافی دیاریکردنی چارەنووس و نەمانی ستەمگەری میللی، ڕاستەوخۆ بە مانای سەرکەوتنی مبارزەی میللەتی کوردە، لە دژی هێرش و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی، وە دژی سلتەی ستەمگەرانەی حکوومەتی مەرکەزی. ئیمە بۆ ئەو سەرکەوتنە و جێگیر کردنی دەسکەوتەکانی هەوڵ دەدەین و یەکم هەنگاوی ئەو سەرکەوتنە لە چوونە دەری هەموو هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان و لە دامەزراندنی ئورگانەکانی حاکمییەتی محەللیدا دەبینین.

– هەن کەسانێک کە بە ئیمە دەڵێن ئێران چیەتی دەکەن. تا ئەو جێگایەی مەربووت دەبێتەوە بە بیر و بووچونی ئیمە وەک هێزێکی کۆمۆنیست، بەر لە هەموو شتێک، ئەنتەناسیونالیستین، وە دیفاع لە قازانج و بەرژەوەندی چینی کرێکار لە هەموو جیهاندا دەکەین. هیچ سنوورێک بۆ ئیمە قدوسیەتێکی نیە و دژی هەموو سنوورێکین کە سەرمایەداران بۆ پاراستنی مەنافیعی خۆیان بە دەوری خەڵکی دا دەکێشن. کە وا بوو نە تەمامیەتی ئەرزی ئێران وە نە تەمامیەتی ئەرزی هیچ وڵاتێکیتر، بۆ ئیمە قدوسیەتێکی نیە. ئەوەی بە لامانەوە بە ئەرزشە پاراستنی قازانجی چینی کرێکار و دیفاع لە وەحدەت و یەک پارچەیی چینی کرێکارە.

ئەوەی بە لامانەوە بەئەرزشە ئەوەیە کە نەیەڵین سەرمایەداران فەزایەک بخوڵقێنن، کە لەودا کرێکاری ئەو میللەت بە گژ کرێکاری میللەتێکیتردا کەن و سوود ئاوەری خۆیان لەو ڕیەوە دابین کەن. بەم جۆرە، نەئێران چیەتی و نە کوردستان چیەتی ئێشی ئیمە نیە.

– ئیمە بۆ جەزبی سمپاتی و لایەنگری کرێکاران و زەحمەتکێشانی غەیری کورد لە ئێران وە بۆ جەلبی پشتیوانی ئەوان بۆ لابردنی ستەمی میللی لە کوردستان تەلاش و مبارزە دەکەین وە لامان وایە لەو ڕیەوە فشارێکی زۆرتر دەخرێتە سەر حکوومەتی مەرکەزی.

– ئەوەش کە ئایا خەڵکی کورد دەیەوی لە ئێران جیا بێتەوە، یان لە چوارچێوەی ئێران دا بمێنێتەوە، نیازی بەوەیە، کە لە فەزایەکی کامیلەن دیموکراتیک دا ریفراندومێک بکری و ڕەئی خەڵکی کورد وربگیری خەڵکی کورد بە ڕەئی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە تەما بگرن و ڕەئی وەها ریفراندومێک بۆ ئیمە موعتەبەرە.

***

پاشماوەی دەرسێک لە مەرگێک

ئەمە وەختی خۆی ڕیز و خۆشەویستیەکی لە نیو خەڵک پی دابوو. هێرشی دەکردە سەر زل شیخەکانی تەریقەتی ساواک کە دەستێکیان بە قوببەی مەرقەدی مەولاناوە بوو و دەستێکیان بە ئالقەی بابی عەلی باوکی تاجداری تارانەوە گرتبوو. مفتیزادە ئەوان و مەلای مووچە خۆری مرەوجی شای بە دینفرۆشی تاوانبار دەکرد، وە لە بەرابەر ئەوان دا دەیەویست دینی ڕاستەقینە دامەزرێنی و بگەڕێتەو سەر بنیاتەکانی ئیسلام.

مفتیزادە خومەینی ئاسایی، خۆی بە جۆرە پێغەمبەرێکی دنیای ئەمرۆ دەزانی، وە بەڕاستی لەو بروایەدا بوو کە ڕاسپاردەیەکی ئاسمانی لە ئەستویە، شوانی ئادەمیزادە و دەبی بەرغەلی سەر لێ شێواوی جەماوەر، بە زۆر بی یا بە خواهیشت، بگەڕێنێتەوە مەنزلی ون کردووی خۆیان.

بەڵام ڕەوتی خێرای شۆرش لە ئێران لە کوردستان زۆر زووتر لەوەی کە ئەو بیری دەکردەوە، هەم دین فرۆشی و هەم دینی ڕاستەقینەی مفتیزادە، هەرتکیان خستە کوورەی ئەزموونێکی بی بەزەییانە و نیشانی دا کە حکوومەتی دینی، درۆیین بی یا ڕاستەقینە، دنیای ڕوون دەکا بە چ جەهەننەمێکی تاقەت پروکێن مەگەر خومەینیش هەر بە تەمای، یا بە ناوی گەرانەوە بۆ بنیاتەکان ئەو جەهەننەمەی نەخوڵقاند کە چاردە ساڵە پێر و لاوی تێدا دەسووتی؟ فەرقەکە لەوەدا بوو کە خومەینی، بە هۆی داگیرکردنی دەسەلاتی سیاسی لە ئێران، خەڵکی کرد بە دەستە چیلەی ئەو ئاورە، لە حاڵێکدا مفتیزادە خۆی تێدا سووتا.

هەر بۆیەش ئەگەر مفتیزادە سەرەڕای هەموو عاقیبەتی تال و تراژیدیاوی خۆی بەختەوەرییەکی هەبی، ئەوەیە کە مەکتەبی فیکری و کۆمەڵایەتییەکەی بۆ نەهاتە دی. ڕەنگە سەیر بی، بەڵام عاقیبەت بەخێرییەکەی لەسەر نەکەوتنەکەی دا بوو، لەوەدا بوو کە دەرفەتی ئەوی پەیدا نەکرد کە تراژیدییەکی وا بەسەر خەڵک بێنی کە قەت لە بیر نەچێتەوە و قەت نە بەخشری. بوونی خۆی بە قوربانی، وە نەبوونی بە تەوابێکی بی قەدری جمهووری ئیسلامی بووە هۆی ئەوەی لە چاوی ئەفکاری عمومیدا تا ڕادەیەک خۆی بکرێتەوە.

کێشەی مفتیزادە بە چاک و خراپییەوە کێشەیەکی بەسەر چووە. نەسلی نوی، جەوانانی ئەمڕۆی کوردستان تەنیا دەتوانن دەرسی مەنفی لەو تەجرەبەیە وەربگرن. تەجرەبەی ئێرانی ئیسلامی بە جمهووری ئیسلامی، وە بە هەموو ئوپوزیسیونە دینییەکانییەوە، لەوانە مفتیزادە، نیشان دەدا کە حکوومەتی مەزهەبی شیعە یا سنی، نەک هەر بەهەشت ناهێنێتە دی، بەڵکوو کۆمەڵگای ئینسانی بەرەو دوزەخێکی بی بن شور دەکاتەوە کە ئازادی و کەرامەتی ئینسان و بیر کردنەوەی ئازاد یەکەم شتێکە تێیدا پێشێل دەکری.

نەسلی تازە، مایەی فیکریی خۆی، نەک لە ڕابوردوو بەڵکوو لە داهاتوو وەردەگری. ئاسوی خەبات بۆ دنیای داهاتوو بانگەوازی نەسلی تازە دەکا.

***

(پاشماوەی) تەرحی بوودجەی ساڵی 72ی رژیم هێرش بۆسەر گوزەرانی کرێکاران

ئەگەر وای دابنێین کە بوودجەی ئەرتەش و کرینی کەرەسەی جەنگی و خەرجی ڕاگرتنی دام و دەزگای ئیداری و مەزهەبی و باقی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم لە ساڵی داهاتوودا هیچ زیاتر نەکرابی و هەر ئەوەندەی، بۆ خەرج بکری کە بۆ ساڵی 1371 لەبەر چاو گیرا بوو، مانای ئەوەیە کە کەسری داهاتی دەوڵەت لە ساڵی داهاتوودا، دەبی لە خەرجەکانیتر وەک دەرمان و بیهداشت و بیمەی کۆمەڵایەتی و فیر کردن و بارهێنان و سوبسیدی پێدوایستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک کەم بکرێتەوە.

بۆ ئەوەی بزانین لە ساڵی داهاتوودا خەرجی دام و دەزگای سەرکوتگەری و دەزگای تەبلیغاتییەکانی دەوڵەت بە چ ڕادەیەک بەسەر شانی خەڵکی هەژار و دەستەنگدا دەشکێتەوە، تەنیا ئاماژە بە دوو خاڵی بوودجەی ساڵی 72 دەکەین. بە پێی تەرحی بوودجەی ساڵی 72، بوودجەی نیزامی کە رژیم ناوی ناوە "هەزینەی دیفاعی" 47٪ زیادی کردووە و هەروەها لە کاتێک دا کە بوودجەی ئەرزی بۆ هیچکام لە ئورگانەکان و دام و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت لەبەر چاو نەگیراوە، بۆ کرینی کەل و پەلی جەنگی بریار دراوە کە دەوڵەت خۆی بە نرخی هەر دوولاریک بە 7 تمەن ئەرزی پێویست دابین بکا. بەلەبەر چاو گرتنی ئەوە کە هەموو کەرەسەیەکی جەنگی و هەموو چەکێکی پێشکەوتوو کە جمهووری ئیسلامی بە تەمایە لە ساڵی داهاتووشدا خۆی پی تەیار بکا دەبی لە دەرەوە بکردری ئەگەر نرخی ئازادی ئەرز هەر دولاریک بە 150 تمەن حیساب بکەین، ئەمە بە مانای ئەوەیە کە بۆ ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی رژیم 20 بەرابەری ئەو میزانە کە بە شێوەی ڕەسمی ڕاگەیەندراوە خەرج دەکری. هەموو ئەم خەرجەش یان لە بەشی خزمەتگوزاریەکان کەم دەکرێتەوە یان بە شێوەی کەم کردنەوەی نرخی پارە لە حەقدەستی کرێکاران و لە سفرەی بی ڕەونەقی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش دەدزری. ئەگەر ئاکامی بوودجەی ساڵی 71 ئەو مەینەت و کوێرەوەرییە بوو کە بەسەر ژیانی دەیان میلیون کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە هات، لە ساڵی 72دا کە بوودجەی نیزامی 47٪ زیادی کردووە و 20 بەرابەریش بە هۆی نرخی ئەرزەوە دێتە سەر، پێش بینی کردنی ئەوە کە ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگ تووشی چ مەینەتێک دەبی، دژوار نیە. تازە، هەموو ئەوانە لە حاڵەتێک دایە کە دەوڵەت بە تەرحەکەی خۆی پابەند بی و لە نیوەی ساڵدا تەمای ئەوە نەکا کە بەسەر سەری "برنامە و بوودجە"دا مەئموورەکانی بە چەمدان چەمەدان دولارەوە بۆ کرینی چەک و چۆلی قاچاخ ڕەوانەی ئەم لاو ئەو لا بکا. کەوابی ئەو شتە کە دەمێنێتەوە بریتییە لە کەم کردنەوەی ئەو خەرجە کە قەرار وایە بۆ خوێندن و دەمان و سوبسیدی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک تەرخان بکری.

کالا سەرەکییەکانی پێویست بۆ ژیانی خەڵک، هەر لە ئارد و گوشت و ڕون و برنج و شەکرەوە بگرە هەتا گەڵێک شتی دیکەی پێویست بۆ ژیان، لە ئێران بە ئەندازەی مەسرەفی خەڵک بەرهەم نایە و بە ئیعتیرافی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی کەسری هەموو ئەو پێداویستییانە دەبی لە دەرەوە تەمین بکەن. بە ئازاد بوونی نرخی ئەرز و ئەوە کە ئیتر دەوڵەت مەسئوولییەتێک بۆ کۆنترۆڵی نرخی ئەو کالایانە ناگرێتە ئەستو و لێی دەگەڕی کە نرخیان بە پێی میکانیزمی بازار تەنزیم بی، ئاشکرایە کە نرخی هەموو ئەوانە لە ساڵی داهاتوودا گرانتر دەبی. هۆی ئەم مەسەلەیە ڕوشنە. هەموو کارخانەکانی ناوخۆ بۆ کرینی ماشین ئالات و بەشێک لە کەرەسەی خاو لە دەرەوە، پێویستیان بە ئەرزی خارجی هەیە و دەبی ئەو ئەرزە بە نرخی بازار بکرن کە لە چاو نرخی ڕەسمی جاران نزیکەی 20 بەرابەر زیادی کردووە. ئاشکرایە کە خاوەن کارەکانیش ئەوە زیادە خەرجە دەخەنە سەر نرخی ئەو کالایە کە بەرهەمی دێنن و لە لایەکیتریشەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە بازاری ئازاد دا لەگەڵ ڕەقیبەکانیان ڕەقابەت بکەن هەوڵ دەدەن کرێکاری هەرزانتر بە سەعات کاری زیاتر و ڕازی بە مافی کەمتر پەیدا بکەن.

حەقدەستی سەرجەمی کرێکاران لە ئێران و هەموو کالایەکیتر لە نیزامی سەرمایەداریدا لە ڕووی ڕادەی "عەرزە و تقازا" دیاری دەکری. ئەوەش ئاشکرایە کە لە کاتێکدا 6-8 میلیون کرێکاری بێکار لە پشت دەروازەی کارگەکان و کارخانەکان و شوێنەکانی دیکەی کار ڕاگیراون وەزعییەتی حەقدەست چون دەبی. کە وایە لە ڕۆژ ڕوشنترە کە بە پێی تەرحی بوودجەی ساڵی 72 چ هێرشێکی بەرین بۆسەر ژیانی کۆمەڵانی میلیونی زەحمەتکێش و خەڵکی دەستەنگ، دەست دراوەتی.

دەوڵەت زۆر هەوڵ دەدا وا نیشان بدا کە گویا ئەو تەرحە ڕێگایەکی نوێیە کە بۆ چارەسەر کردنی ئابووری ئێران دوزراوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بوودجەی ساڵی 1372 لە ڕووی سیاسەتێک تەنزیم کراوە کە نە داهیچنانی ڕەفسنجانی و تایبەتمەندییەکی ئابووری ئیسلامییە، وە نە تەنانەت بۆ سەرمایەداری ئێرانیش سیاسەتێکی ئابووری نوێیە و شۆڕشی ساڵی 1357 و 8 ساڵ شەری ئێران و عێراق ئولگووی ئابووری دەوڵەتی و متمەکزی وەکوو ڕێگا چارەیەک بۆ دەرهێنانی سەرمایەداری ئێران لە بوحرانێکی قوول کە تووشی هاتبوو، هێنانە گۆڕی و ئەو سیاسەتە سەرمایەداریی ئێرانی لە گێژاوەی گیروگرفتەکانیئەو ساڵانە دەرباز کرد. ئێستا دەوڵەت و چینی سەرمایەدار هەوڵ دەدەن کە ئابووری سەرمایەداریی ئێران بێننەوە سەر هیلی سەرەکی خۆی هەر لەو چەشنە کە لە زەمانی حکوومەتی شادا هەبوو. بە تایبەت بە بن بەست گەیشتنی سەرمایەداری متمرکزی دەوڵەتی لە ئاستی جیهانیدا، ئەم مەسلەیەی بۆ دەوڵەتی جمهووری ئیسلامیش وەکوو پێویستییەکی واقیعی هێناوەتە گۆڕی پێک هێنانی ئەو ئاڵ و گۆڕە لە ئابووری ئێراندا شتێک نیە جگە لە فەراهەم کردنی هەلومەرجی پێویست بۆ تیکەلاوبوونەوەی کاملی ئابووری ئێران لەگەڵ ئابووری سەرمایەداری جیهانی. سەرمایەداری ئێران بۆ ئەوەی لە ژێر فشاری ساڵانی شۆڕش و شەر بێتە دەر و ڕێگایەکی سەر ڕاستتر بۆ بە دەست هێنانی سوودی زیاتر و کوما بوونی سەرمایە و گەشەدار کردنی خۆی بگرێتە بەر پێویستی بە تێکەلاو بوون لەگەڵ بازاری سەرمایەداری جیهانی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی، دەبی هەموو ئەو کوسپ و مانعە حقووقی و سیاسی و ئابووریانە کە ڕێگای ئەو تێکەلاو بوونەیان گرتوە لابەری.

سیاسەتی یەک نرخی کردنەوەی ئەرز، ئەستاندنەوەی بوودجەی ئەرزی لە ئورگان و دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و غەیرە دەوڵەتییەکان، لابردنی سوبسید لەسەر پێداویستییە گشتییەکان، لابردنی هەر چەشنە سیستمێکی کۆنترۆڵی دەوڵەتی لەسەر نرخی شت و مەک، لابردنی مەحدوودییەتی گومرکی لەسەر ڕێگای هێنان و بردنی کالا، پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری، وام وەرگرتن لە سیستمی بانکی دنیا و... هەموو ئەوانە ئەو پێش مەرجانەن کە "صندوقی بین المللی پوول" و "بانکی جیهانی" لە بەرپێی جمهووری ئیسلامییان داناوە و ئێستاش هەموو ئەوانە هەر کامە بە نەوعێک لە تەرحی بوودجەی ساڵی 1372ی دەوڵەتی ڕەفسنجانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەوە سیاسەتێکی ناسراوی ئەو دوو دەزگا گەورەیەی سەرمایەدارین و لە وڵاتانی جیهانی سێهەم پێی دەگوتری "لیبرالیزمی ئابووری نوێ" و ئاکامەکەشی لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێهەم هیچ شتێک نەبوو بێجگە لە پەرەپێدانی برسیەتی و هەژاری و ڕەواجی بێکاری و سەرهەڵدانی مەجبوور ئاوا و حەلەبی ئاوا لە حاشیەی شارەکان و ئیعتیاد و دەیان بریتی کۆمەڵایەتی دیکە بۆ زۆربەی کۆمەڵ، وە سەروەتی بی حیساب و زیانی و ئەفسانەیی بۆ کەمایەتییەکی بچووک.

ئەوە کە ڕژیمی سەرمایەداری لە ئێران بۆ پاراستنی مەوقعییەتی خۆی و فەراهەم کردنی هەلومەرجی پێویست بۆ قازانجی هەرچی زیاتری چینەکەی خۆی، کام ئولگووی ئابووری هەڵدەبژێری و لە هەڵبژاردنی ئەم یا ئەو سیاسەتی دیاریکراو دا چ دەرەجەیەک لە سەرکەوتن بە دەست دێنی و تا چ ڕادەیەک بە مەبەستی خۆی دەگا، لێرەدا قسەی لەسەر ناکەین. (ئەگەر چی دەکری سەرکەوتن یان شکستی ئەمانەش وەک تەرحی دیاریکراوی ئابووری بدرێتە بەر باس و بە تایبەت تا ئەو جێگایە کە پەیوەندی بە جمهووری ئیسلامییەوە هەیە شکست و ناکامییەکانی نیشان بدری) ئەو شتە کە لە بابەت بوودجەی ساڵی 72 جێگای باسی ئێمەیە، نیشاندانی ئەو ڕاستییەیە کە ڕژیم خەرێکی خۆ ئامادە کردنە بۆ دەورەیەکی "ئینتقالی" لە سیاسەتە ئابووریەکانی خۆیدا و بۆ ئەو ئاڵ و گۆڕ و ئینتقالەش پێویستی بە قوربانی هەیە. ئەوەی کە لەو ڕێگایەدا قوربانی دەبی ژیانی بە میلیون کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو وڵاتەیە. خەرجی ئەو دەورە ئینتقالییەی سەرمایەداری ئێران، بەچەوسانەوەی توند و تێژتری کرێکاران، بە گرانی زۆرتر کە فشارەکەی لە هەموو کەس زیاتر لەسەر شانی خەڵکی هەژار و دەستەنگە تەمین دەبی. ئەگەر بۆ نموونە بە تێکەلاو بوون یان نزیک بوونەوەی بازاری سەرمایەداری ئێران لەگەڵ بازاری ئوروپا قیمەتی کالاکان و نرخی ئەرزی بازاری ئێران خۆی لەگەڵ ئاڵ و گۆڕەکانی بازاری ئوروپا گری دەدا، ئایا حەقدەستی کرێکارانی ئێران و هەلومەرجی کاریشیان دێتە ژێر تەئسیری هەلومەرجی کار لەو وڵاتە؟ ئایا هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکارانی ئێرانیش لە هەلومەرجی کار و ژیانی هاوچینەکانیان لە ئوروپا نزیک دەبێتەوە؟ ئایا ئەو جۆرە کە سەرمایە بە ئازادی بۆ هەموو شوێنێک دەچی و سەر بە هەموو بازارێک دا دەکا. ئەو ڕێگایە بۆ هات و چوی هێزی کاریش ئاوالەیە؟ دیارە وا نیە. ئەگەر بە پێی ئەم سیاسەتە حەرکەتی سەرمایە هەموو دەرگایەکی بۆ کراوەتەوە، لەسەر ڕێگای حەرەکەتی هێزی کار هەزار و یەک سنوور و لەمپەر و هەرشە و سەرکوت لە کەمین دایە.

ئێستا با بزانین دەوڵەت کە ئێدیعا دەکا هەموو گیروگرفتەکانی سیاسەتی تازەی ئابووری بیری لێ کراوەتەوە و ڕێگا چارەی بۆ دوزراوەتەوە، مەسەلەکە چۆن لێک دەداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، قسەی 3 کەس لە بەرێوەبرانی جمهووری ئیسلامی لەسەر ئاکامەکانی بوودجەی ساڵی 72، باس دەکەین. ڕەفسنجانی لە کاتی تەحویلدانی تەرحی بوودجە بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، دەڵێ:

مەعمولەن هەر چەشنە بریاردانێک لە بابەت مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەو خەتەڕەی هەیە کە ویرای نەتیجەی قابیلی پێش بینی، نەتیجەی غەیری قابیلی پێش بینیشی هەبی و لەگەڵ ئاکامی متلوب، ئاکامی نا متلوبیش بەدی بێنی... ئەو بوودجەیە ڕێگایەکی ئابووریە کە وڵاتی ئێمە دەبی پێیدا بڕوا. بەڕەمەکانی لە دوارۆژدا هەڵ دەگرێنەوە."

ڕەفسنجانی دوای ئەوە کە کولێک بە شاخ و باڵی تەرحی بوودجەکەی دا دی و لەسەر حیسابی ئەو بوودجەیە وەعدە بە خەڵک دەدا، لەبەر ئەوەی خۆشی باوەری بەو قسانە نیە. کە دەیکا، هەر لە ئێستاوە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکا کە سبەینی کاتێک تەرحەکەیان بە ئەنجام و ئاکامی پێش بینی کراو نەگەیشت و فریوکاریەکانیان ئاشکرا بوو، بکەوێتە زمان درێژی و پاسا کردن و بیانووهێنانەوە. ڕێگایەک کە ڕەفسنجانی دەی نێتە بەر پێی خەڵکی مەحرووم، چاوەروانی و تەحمیل و قەناعەت کە قسەیەکی کۆنە و زۆر دەمێکە خەڵک پێی بی باوەرن.

سەرپەرستی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی دەڵێ:

"بۆ ئەوەی فشارێک کە بە هۆی یەک نرخی کردنەوەی ئەرز دەکەوێتە سەر شانی خەڵک، کەم بکرێتەوە بریار دراوە کە ساڵی داهاتوو 8 میلیون خانەوادەی کەم دەرامەد بێنە ژێر پوششی ئەو کومیتەوە".

کومیتەی ئیمدادی ئیمام، ڕێکخراوێکە کە بوودجەکەی خۆی بە شێوەی سەرەکی لە ڕێگای سوال کردن و پارە کۆکردنەوە بە شێوەی "بدە در ڕاە خدا" و "صدەقە ڕفع بلا میکند" لێرە و لەوی تەئمین دەکا. بەم جۆرە ئەم دەغەلکارە کۆنەپەرستە وەعدە دەدا کە 8 میلیون خانوادە (کە ئەگەر هەر خانەوادەیەک بە 5 کەس حیساب بکەین دەکاتە 40 میلیون کەس) بە سەدقە کۆکردنەوە، لە بەرانبەر تەرحی بوودجەی ساڵی 72ی ڕژیم دا پشتیوانییان لێ بکری. ڕادەی بیشەرمی و ڕەزالەتێک کە لە قسەی ئەو کۆنەپەرستەدا هەیە پێویستی بە هیچ تەوزیحێک نیە.

بەڵام "وەزیری کشوری"ی جمهووری ئیسلامی کە پێش بینی ئاکامە عەمەلییەکانی ئەو بەرنامەیە و تەئسیری لەسەر ژیانی خەڵک دەکا، ترسی هەموو کاربەدەستانی ڕژیم لە ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوو بەیان دەکا و دەڵێ:

"ئوستانداران دەبی لە قولایی ئازار و زیانێک کە ڕەنگە!! ڕوو بکاتە تویژی کەم دەرامەد، بە تەواوی ئاگادار بن. هەر بۆیە لە پال بەرنامەی "تەعدیلی ئیقتصادی"دا (یانی تەرحی بوودجەی ساڵی 72) دەبی ئەوەیان لەبەر چاو بی کە لە حاست خەڵک سیاسەتی هیمن کردنەوەی ئالوزییەکان بگرنە بەر و لە پێناو ئەمەدا هەموو هێزە موئمن و متعهدەکان بخەنە کار."

ئەم قسانە، گوشەیەک لە بەرنامە دارشتن و خۆ ئامادەکردنی ڕژیمی ئیسلامییە بۆ هێرشێکی بەرینی دیکە بۆ سەر پلەی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەر پەرچدانەوەی نارەزایەتییەکانیان.

ڕەفسنجانی، دیسان هەر لە ڕۆژی تەحویلدانی تەرحی بوودجە بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، ئاکامەکانی تەرحەکەی خۆی ئاوا بەیان دەکا:

"نوینەرانی موحتەرەم و ئەولیای ئەمور دەبی لە ساڵی داهاتوودا کە تەرحی بوودجە بەڕێوە دەچی ئەم خالانەی خوارەوەیان لەبەر چاو بی:

یەکەم: بە پێی ئەو تەرحە سیاسەتێکی ئەرزی تازە دەگرێنە بەر سوبسیدەکان لادەبەین، هەزینەکانی دەوڵەت کەم دەکەینەوە و دەست پێوە دەگرین.

دووهەم: ئەو بەرنامەیە کار و لێهاتوویی زیاتر و فەعالییەتی زیاتری لە هەموو کەس دەوی.

سێیەم: نیزامی ڕەهبەری و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەبی هاو ئاهەنگ و یەکدەست بی. و دەبی ناکۆکییەکان وەلا بندرێن و هاو فیکری و هاوکاری جێگای ناکوکی بگرێتەوە.

چوارەم: دەبی وریا بین توقعاتی مەسرەفی نەچێتە سەری و کەس لە فیکری ئەوەدا نەبی کە لە نارەزایەتییەکان بەهرە بەرداری سیاسی بکا...".

ناوەڕۆکی هێرشێکی تازە کە ڕژیمی سەرمایەداری ئێران بۆ سەر ژیان و بەرچوونی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەستی داوەتی لە قسەکانی ڕەفسنجانی دا بە باشی دیارە. پەیامی ڕەفسنجانی بە ڕوشنی ئەوەیە:

– کرێکاران دەبی کاری زیاتر بکەن، نابی تەوقوعیان بچێتە سەری، دەبی بەو شتە ڕازی بن کە پێیان دەدری.

– بەڕێوەبەرانی ڕژیم دەبی بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیعتیرازی خەڵک، ناکوکییەکان وەلابنێن. مەسلەحەتی پاراستنی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامی لە هەموو شتێک گەورەتر.

جوابی چینی کرێکاری ئێران بەرانبەر بەم دەستدرێژییە ئاشکرایە کە کراوەتە سەر ژیانیان، ناتوانی هیچ شتێک بی جگە لە موقاومەتی یەکگرتوانەی سەراسەری.

ساڵی داهاتوو دەتوانی ببی بە ساڵی پەرەگرتنی مانگرتن و خەباتی گەورەی کرێکارانی ئێران بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو هێرشەی سەرمایەداران و ڕژیمەکەیان.

***

کرێکارانی ئاسیایی لە وڵاتانی خەلیج کویلەکانی ئاخری سەدەی بیستەم

بەپێی هەواڵێك کە ماوەیەك لەوە پێش لە لایەن خەبەرگوزاریەکانەوە بڵاو بووەوە، شیخ نشینی "ئەماراتی متحدەی عەرەبی" چوار هەزار کرێکاری بەنگلادشی لەو وڵاتە دەردەکا. "ئەماراتی متحدە" هیچ بیانوویەکی بۆ ئەو کارەی خۆی باس نەکردوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەم وڵاتانەدا هیچ قانوونێکی ڕەسمی نیە کە چکولەترین پارێزگاری لە مافی کرێکارانی موهاجیر بکا و لەبەر ئەوەی کرێکارانی ئەو وڵاتە ڕێکخراوی تایبەتی خۆیانیان نیە هەتا لە کاتی ئاوادا بە هانای کرێکارانەوە بێت، ئەو شیخ نشینە بە بی ئەوەی لەگەڵ موقاومەتێکی ئەوتو بەڕەوڕوو بی، سیاسەتەکەی خۆی جێبەجێ دەکا.

بەپێی ئاماری ڕەسمی لە وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی، کویت و ئەماراتی متحدەی عەرەبی و قەتەر، نزیکەی چوار میلیون کرێکاری بەنگلادشی، پاکستانی، هیندی و سەریلانکایی کار دەکەن. چەرخی ئیقتصادی ئەو وڵاتانە، لەسەر بناغەی دەرهێنانی نەوت و چەوساندنەوەی کرێکارانی موهاجیر دەگەڕی و ساڵیانە میلیاردها سەروەت کە بە هۆی چەوساندنەوەی وەحشیانەی ئەم چەند میلیون کرێکارە لە سەر یەك کۆدەبێتەوە لەو ناوچەیەوە درێژتە بانکەکانی گەورەی سەرمایەدارانی جیهانی و بە تایبەت ئەمریکایی. بەشێکی دەبێتە خەرجی عەیاشی و خۆش گوزەرانیەکانی شازادەکان و بنەماڵەی شیخەکان و بەشێکیشی دەبێتە خەرجی بەرپا ڕاگرتنی ئەم دام و دەزگا زالمانە و دواکەوتوانەیە لە ناوچەکەدا. ئەوی تریشی بە هۆی بانکداران و سەرمایەدارانی گەورە دەکرێتە خوراکی ڕەونەق پێدانی ئابووری سەرمایەداری لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی‌دا.

کرێکارانی موهاجیری ئاسیایی لە وڵاتانی خەلیج، لە هەموو مەیدانەکانی تەولیدی و خەدەماتی‌دا، هەر لە سەنعەتی نەفتەوە بگرە هەتا خزمەتکاری لە ماڵە دەوڵەمەندەکان، کار دەکەن. حەقدەستی ئەو کرێکارانە بە پێی ئەوە دیاری دەکری کە هەر کرێکارێك لە وڵاتەکەی خۆی چ حەقدەستێکی پێدەدری. هەر بۆیە حەقدەستی کرێکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر بە پێی ئەوە کە لە کوێوە هاتن جاری وا هەیە کە چەند بەرابەر جیاوازی هەیە. ناونجی هەقدەستی کرێکارانی موهاجیر لە وڵاتانی خەلیج، مانگانە 30 دولارە. هیچ قانوونێك بۆ دیفاع لە حەقی ئەوان وجوودی نیە و هیچ چەشنە بیمە و تەئمینێك بۆ دواڕۆژیان لە گوڕیدا نیە، حەقی هیچ چەشنە ئیعتیرازێکیان پی نادری و ناتوانن بە مەیلی خۆیان شوێنی کاریان بگۆڕن. پاسپورت و بەڵگەکانی پێناسیان هەمووی لای دەوڵەت یان کارفەرماکەیان ڕادەگیڕی هەر کات کاریان پێیان نەما، یان هەر کات هەستیان بەوە کرد "سەربزیوی" دەکەن، دەیانگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

کرێکارانی موهاجیر لە هەرەبستانی سعوودی ڕۆژانە 9/5 سەعات کار دەکەن و تەنیا یەك ڕۆژ لە حەوتوودا تەعتیلیان هەیە. هەر کرێکارێك کە لە وڵاتانی ئاسیاییەوە دێتە عەرەبستان، پاسپورتەکەی ڕەسمەن لە لایەن دەوڵەتەوە لێ وەردەگیڕی و کارێکی بۆ دیاری دەکری و یەکسەر دەگیر دری بۆ شوێنی کارەکەی. بە دوای ئەوەدا نە حەقی ئەوەی هەیە داوای حەقدەستی زیاتر بکات، نە حەقی ئەوەی هەیە شوێنی کارەکەی بگۆڕی، هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەوڵەت بۆ خۆی بۆ دەرکردن دێتەوە سوراغی!

کرێکارانی ژنی جەوان کە بە ناوی خزمەتکار لە ماڵە دەوڵەمەندەکان دا کار دەکەن، لە سەر جەمی وڵاتانی خەلیج دا ژمارەیان دەگاتە نزیك یەك میلیون کەس. ئەم بەشە لە کرێکارانی ئاسیایی ڕۆژانە لە بەرابەر ئەنواعی تەوهین و بی حورمەتی دان، بە زۆر تەجاوزیان پی دەکری، ئەشکەنجەی بەدەنی دەدرین و تەنیا بە مەیلی خاوەن کاریش نەبی حەقیان نیە شوێنی کارەکەیان بەجێ بێلن. وەیا لەو "زیندانە" کە تێی‌دا دەژین، بینە دەر. ژیانی ئەم بەشە لە کرێکارانی ژن، بە مانای واقعی وشەکە کویلەتی‌یە و دەوڵەمەندانی عەرەب وەکوو کەنیز ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن. کەنیزێك کە دەستی هەژاری و نەداری و بێکاری و ناچاری ژیان، هەزاران کیلومیتر دوورتر لە خانەوادە و کەس و کاری خۆی خستووەتە داوی کۆمەڵێك شیخی بێکارەی تەوەزەڵی دانیشتووی سەر چاڵە نەوتەکانی ناوچەی خەلیج!

لە ساڵی 1991 و لە کاتی شەری خەلیج دا، لەو ڕۆژانەدا کە لە هەموو شوێنێکی کویت ئاور و گوللە دەباری، لە حاڵێکدا کە سەدان هەزار دەوڵەمەندی کویتی و خانەوادەکانیان، لە شوێنە خۆش ئاوو و هەواکانی دونیادا خەریکی ڕابواردن بوون، بۆ نموونە 60 هەزار ئینسانی خزمەتکاری بەنگلادشی و سەریلانکایی، ئاگاداریان لە ماڵەکانیان دەکرد و هەموو ئاکامە ترسناکەکانی ئەو شەرە ڕۆژانە بەسەر ئەوان دا دەهات. لە ڕۆژانی ئەو شەرە سامناکەدا بە سەدان هەزار کرێکاری موهاجیر، بی دەرەتان، لە ناو جەرگەی ئاوردا ڕەها کرابوون. خەبەری ڕەنج و دەربەدەری و ئاوارەیی ئەوان بە ئەندازەی خەبەری خەتەری تێداچوونی قاز و قورینگەکانی کەنار دەریا، بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەوتی چاڵە نەوتەکانی کوێت، سەرنجی خەبەرگوزاریەکانی سەرمایەداری جیهانی ڕانەدەکێشا!

دەوڵەتانی ئاسیایی وەکوو بەنگلادش، پاکستان، هیندوستان، و سەریلانکا و ئێران سەبارەت بە ژمارەی کرێکارانی موهاجیر، وەزعی ژیانیان، بی مافی و ئازارێك کە بە سەریانەوەیە بۆ ساڵەها لە بی دەنگی کامل دا بوون، وە بە پێی پیلانێکی ڕانەگەیەندراوی بەینی وڵاتانی خەلیج و ئەو دەوڵەتانەی ناوبراو، لەبەر ئەوەی بکریچکارمان بەشێك لە حەقدەستەکانیان هەموو ساڵی بە دولار دەنارد‌ەوە بۆ خانەوادەکانیان وە ئەوە سەرچاوەیەکی ئەرزی خاریجی بوو بۆ ئەو دەوڵەتانە، ئەو بی دەنگیە، نەدەشکا. تەنیا ئەو کاتە گوشەیەك لە ڕاستی‌یەکانی مەربووت بە چەوسانەوە و ڕەنجی ئەو میلیونەها ئینسانە، ئاشکرا کرا کە لە ساڵانی ڕابوردوودا و بە هۆی هاتنە خوارەوەی قیمەتی نەوت، دەوڵەتە عەرەبی‌یەکانی خەلیج دەستیان کرد بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانە و گەڕاندنیانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و بەم جۆرە بوو کە هەمووان ئاگاداری ئەو بەردەداری‌یە بوون کە لە ناو دڵی سەرمایەداری‌دا بەردەوام بوو. بی گۆمان گەڕاندنەوەی سەدان هەزار بەنگلادشی بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفتی تازە ڕووبەڕوو دەکات و هەر بەم بۆنەوەیە کە ئەم ڕۆژانە لە ترسی ئەوەی مەبادا ئەم چوار هەزار نەفەرە سەرەتای گەڕاندنەوەی بە کۆمەڵی گەورەتر بی، هاواری بەرز بووەتەوە.

***

دەرسێك لە مەرگێك

بەبۆنەی مەرگی "ئەحمەد"ی مفتی‌زادەوە

لە مانگی ڕابوردوودا "ئەحمەدی مفتی زادە"، پاش بەسەر بردنی ساڵەها لە زیندانی جمهووری ئیسلامی دا وە دوای ئەوەی کە بە قسەی ناسیاوان، شکەنجە و ئازارێکی زۆری چەندەها ساڵەیان بەسەر هێنا بوو، ژیانی کۆتایی پێهات.

مفتی‌زادە چەند مانگ لەوەپێش بە ناو ئازاد کرا، یانی بە نیوە مەرگی تەحویلی کەس و کاری دراوە بەو مەرجەی کە بە دەست بەسەری، لە نیو شاردا بژی وە یا باشتر ئەوەیە بڵێین بۆ ئەوەی ڕۆژانی ئاخری عومری تێپەڕ کا. دەکری بڵێی لە ڕاستیدا جمهووری ئیسلامی ئازادی نەکرد، هەر ئەوەندە بوو کە مەسئولیەتی مەرگی ئەوی لە کول خۆی کردەوە. زیندانەوانانی جمهووری ئیسلامی دەیانزانی ژیانێکیان بۆ نەهیشتوەتەوە، نەشیان دەویست کارێکی وا بکەن لە لایەن خەڵکی نارازی‌یەوە بە هەق تاوانی مەرگی ئەویان بخرێتە ئەستو.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو خەڵك لە شاری سنە و هێندێك شوێنی دیکە سەرەخۆشیان بۆ داناوە و لە مەراسیمی ئەسپەردە کردنی بەشداریان کردوە و بە دوای ئەوەدا مەئمووڕانی ڕژیم کەسانێکیان لە خەڵك گرتوە.

ڕۆژنامەکانی ڕژیم زۆر بە بی قەدری و بە کۆرتی باسی ئەو ڕوداوەیان کرد و ڕایان گەیاند کە مفتی‌زادە "بە دەلیلی هاوکاری لەگەڵ زد ئینقلاب چەند ساڵ زیندانی کرا بوو."

ڕۆژنامە نووسی بەکری گیراو دیارە ئەوە ناڵێ کە مفتی‌زادە دوای تەواو بوونی حوکمی زیندانەکەی، کە هەر بە گوێرەی شەرە قانوونی خۆشیان پێی درا بوو، چەند ساڵیش زیادی ڕاگیرا. شپرزە و شکست کرا، نەك لەبەر ئەوەی گوایە لەگەڵ دوژمنانی جمهووری ئیسلامی هاوکاری کرد بی، بەڵکوو تەنیا لەسەر ئەوەی کە نەیەویست لە ئاخری ژیانی‌دا پەشیمانی دەربڕی و عوزر خۆایی لە جمهووری ئیسلامی بکا. هەر بە هۆی ئەو ڕاوەستاوی‌یەی ساڵانی زیندان و مل نەدان بە خوێرەیەتی عوزر خوایی لەو ڕژیمەشەوەیە کە ئەمڕۆ بەشێك لە خەڵك ئامادەن بە بی لەبەر چاو گرتنی پەروەندەی پێشووی مفتی‌زادە چاو لەو هەڵویستەی بکەن لەبەرانبەر جمهووری ئیسلامی‌دا.

لە ڕاستی‌دا مفتی‌زادە نە لە حاست جمهووری ئیسلامی‌دا و نە لە حاست شۆڕشی خەڵك لە کوردستان خاوەنی پەروەندەیەکی سیاسی مسبت نەبوو. بەڵکوو بە پێچەوانە، کاتی خۆی داڕێژەر و بەڕێوەبەری خەتێکی دژی ئازادی و مافی خەڵك، وە دژی زەحمەتکێشان بوو. هەر بۆیەش مفتی‌زادە، لە نیو دەستەیەکی کەمی‌ی لایەنگران و دوستانی‌دا نەبی، نەك وەکوو ڕی نوێنێك، بەڵکوو وەکوو قوربانی‌یەك چاو لێ دەکری. لە ڕاستی‌دا خەڵك لە مفتی‌زادە پشتیوانی ناکەن، بەڵکوو دوژمنانی مەحکووم دەکەن. ڕیبازی مفتی زادە تەئیید ناکری، بەڵکوو تەسلیم نەبوونی ئاخری ژیانیەتی کە لە لایەن خەڵکەوە پاداش دەدرێتەوە.

بۆیە قسەی ڕۆژنامە نووسی بەکری گیراو کە دەڵی ئەو لەگەڵ بە ناو زد ئینقلاب، یانی لەگەڵ جولانەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستان و بۆ بەرەنگاری هێزی کۆمۆنیستەکان دەستی دایە ئاژاوەگیری و لێك بڵاو کردنی ڕێژەکانی ئەو جوولانەوەیە. کەس لە بیری نەچوتەوە کە چون لە پێشدا لە دژی خەڵکی شورشگێڕی سنە دەستی دایە دەست ئاخوند "صفدری" نوینەری خومەینی و دوایەش بە ساز کردنی کێشەی مەزهەبی لەسەر قودەرت لەگەڵ "صفدری" لە خۆش کردنی زەمینە بۆ توپ بارانی خەڵکی شار لە لایەن پادگانەوە دەستی هەبوو. وەختیکیش کە لە ژێر فشاری جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان، حکوومەتی ئیسلامی تازە پی گەیشتوو هەیئەتێکی بۆ ووتوێژ و لێکولینەوە نارد سنە، ئەو نەك هەر دەنگی لە دژی جینایەتی پادگانی نوموسولمان دەر هەق بە خەڵك بەرز نەکردەوە، بەڵکوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە خەڵك و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لای کاربەدەستانی ئیسلامی بە تاوانبار دەرکا و بە جۆرێك تاڵی پساوی نیوان خۆی و جمهووری ئیسلامی گری داتەوە. کەس لە بیری نەچوتەوە کە چون مفتی‌زادە چون بە دروست کردنی مەکتەبی قورئان لە هێندێك لە شارەکان لە ڕاستی‌دا کونەپەرستی، تعصب و تەحڕێکی هەزهەبی ڕێك دەخست، چون مەکتەبی قورئانەکانی ئەو لە زۆربەی شوێنەکان ببوون بە جێگای خو تی‌خزاندنی تاقمی شارلاتان و قازانج پەرست و ساختەچی، وە هەروەها چون خاوەن ملکە کۆنەپەرستەکان، بە تایبەت لە ئوستانی کوردستان، سەنگەری مەکتەبە قورئانەکانیان کردبوە شوێنی پیلان گێڕی لە دژی جووتیارە زەحمەتکێشەکان و بە تایبەت لە مەریوان مەکتەبی قورئان ڕەسمەن بنکەی پێسترین جاشەکان و بااڵی چەکداری دەرەبەگ دژی فەلای زەحمەتکێش و هێزی یەکیەتی جووتیاران بوو.

مفتی‌زادە نەك هەر لەوانە سلی نە دەکرد و نەدەپرینگاوە بەڵکوو ئایەتەلکورسی بەسەر دوژمنانی زەحمەتکێشان دا دەخوێند و خاتر جەمی دەکردن کە ڕێگای ئەوان هەقە چونکە ئەوە کۆمۆنیستەکانن چوونە کلیشەی خەڵکی زەحمەتکێشەوە.

بەهەشتێك کە مفتی‌زادە وەعدەی پێك هاتنی دەدا وە خەڵکی بۆ وەدی هێنانی بانگەواز دەکرد، زۆر زوو ڕواڵەتی چەپەڵی خۆی نیشانی خەڵك دا لاوانی تێکۆشەری سنە، لە حەوزی مزگەوت هەل کشا و بە تێڵاشان و پشت کوتراو، بە دەستی نەکیر و مونکیرەکانی مفتی‌زادە نموونەیەکی باشیان لەو دنیا خەیاڵی‌یە کە موژدەی دەدرا لە ژیانی خۆیان دا پی نیشان درا.

مفتی‌زادە کە بە خۆی قەبلاند بوو پێی سپێردراوە "غزوەی ئەحدی" سەدەی بیستەم بێنێتە سەر شانوی کۆمەڵ، وە بۆ ئەو کارە سوپای بنکەکانی مەکتەبی قورئانی ڕێك دەخست و چەکی لە نیو "ئیمان داران"دا بڵاو دەکردەوە، بە زووبی دەری خست کە ئەگەر هێندێك خوێندکاری چاو و گوی نەکراوە و پیرە سەیدی وە خەبەر نەهاتووی لێ دەرکەی، ئەو سوپایە لە تاقمێکی شەرور و گوی بر بەدەر کە لەلایەن بەشێك لە خاوەن ملك و خاوەن سەرمایەکانەوە پشتیوانی ماددی و معنوی دەکرین کەسی دیکە نیە.

هەر بۆیە لە زۆر شوێنی ئوستانی کوردستان کە خەڵك لە نزیکەوە ئاگادار بوون، ئەو کردەوانە بیزاری‌یەکی یەکجار زۆری لە نیو جەماوەر دا پێك هێنا و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا کەسێکی وای بە دەورەوە نەما.

مفتی‌زادە پێشتر، لە دەورەی ڕژیمی شادا یەکێك لە موخالیفانی ئەو ڕژیمە بوو، لەسەر ئەو موخالەفەتە زیندانی کێشا بوو، وە بە پێچەوانەی زۆر کەسی هاوتای خۆی حازریش نەبوو بۆ مەقام و پوول نوکەری حکوومەتی شا بکا.

بروانە لاپەڕی 2

پاشماوەی
بۆچی بورژوازی لە هەموو لایەکەوە .....

1- ڕژیمی جمهووری ئیسلامی دەیەوی ئەو جەزیرەیە بکاتە ناوەندێکی گەورەی نیزامی بۆ دامەزراندنی مووشەکی دوورهاوێژ، دروست کردنی فرۆکەخانەی نیزامی و لەنگەرگا بۆ ژێر دەریایی و کەشتیی جەنگی‌یەکانی، هەتا لەو شوێنەوە چاوەدێری زۆرتری هەموو هات و چوونەکانی ناو خەلیجی فارس بکا و لە کاتی پێویست دا بێکاتە پێگەیەک بۆ فراوانخوازی و دەسدرێژی تەماعکارانەی دوارۆژی بورژوازی ئێران. ئەمرۆ ئەو بوحرانە پەرە پێدەدا بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بەهانەیەک بەدەست بێنی بۆ خۆ تەیار کردنی بە هەموو چەشنە چەکێکی جەنگی، پەرەپێدانی هێزەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران و تەیارکردنیان بە تکنولوژی پێشکەوتووی شەر، تا لەو ڕێگایەوە مەوقعییەتی خۆی وەکوو دەسەلاتێکی گەورەی مەنتەقەیی بە بورژوازی ئەمپریالیستی ڕۆژئاوا و بە ئەمریکا بسەلمێنی و لە نیزامی ئەمنی ئەو ناوچەیەدا دەوری خۆی وەکوو دەسەلاتی یەکەم سەقامگیر کات. لە لایەکی دیکەشەوە، لە کاتێکدا کە بەرنامە ئابووری‌یەکانی ڕژیم، ئەو جۆرەی کە وەعدەیان دابوو و خۆیان چاوەڕوانیان دەکرد نەچووەتە پێش و جمهووری ئیسلامی لە ناو گەلێک گیروگرفتی ئابووری و کۆمەلایەتی‌دا گیری خواردوە، بێکاری و گرانی و بی مەسکەنی تەنگی بە خەلک هەلچنیوە و نارەزایەتی گشتی لە وەزعی دژوار و نابەسامانی ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندنە و "مەترسی" ئاخیزی جەماوەری بووەتە هەڕەشەیەکی جیددی لە مەوجوودییەتی ڕژیم، جمهووری ئیسلامی وەکوو پێشەی ناسراوی هەموو حکوومەتێکی بورژوازیی‌یە لە وەها سەردەمێک دا، هەوڵ دەدات بە پەرە پێدانی ئەو جۆرە ناکوکیانە، بە زیندوو کردنەوەی کێشە کۆنەکان و داتاشینی دوژمنی دەرەوە، زەینی خەلک لەسەر مەسەلە ناوخۆیی‌یەکان دوور خاتەوە و بیبا بەرەو مەسەلەیەک لەو دیوی سنوورەکانی خۆی و تاوانی ناکامی‌یەکانی خۆی لە چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و باشتر کردنی وەزعی ژیانی زۆربەی خەڵک، بخاتە سەر شانی دوژمنانی "دەرەوە" و بەم جۆرەیە کە جمهووری ئیسلامی نە تەنیا بەهانەی سەرەتایی بە دەستەوەدا، بەڵکوو لە کاتی دەس پێکردنی بوحران لە سەر سێ جەزیرەی ناوبراو، تا ئەمرۆ، خۆی لە ئالوزترکردن و بەر بلاو کردنەوەی ئەو کێشەیە نەپاراستوە و بەرەو پێڕیشی چووە!

2- شێخ نشینەکانی ناو "ئەماراتی متحدەی عەرەبی" کە لەسەر دەریای نەوتی ئەو مەنتەقەیە دانیشتوون و وەکوو دەتوانی، تەگەرە بخاتە سەر ڕێگای هات و چوی کاروانە نەوتی‌یەکان، حوزووری ئەرتەشی ئەمریکا لە خەلیجی فارس و پێش گرتن بە مەحکەم بوونەوەی دەسەلاتی ئێران بەسەر سێ جەزیرەی بەردەرگای خەلیج دا، هەم پارێزگاری‌یە لە دەوڵەتانی گوی لەمستی ئەمریکا لەو ناوچەیە و هەم ڕێگایەکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ماجراجۆیی‌یەکانی دوارۆژ کە لەوانەیە دەوڵەتی حاکم لە ئێران بیکا. هەر بۆیە دەوڵەتی ئەمریکاش لەو دەرفەتە کە جمهووری ئیسلامی لەو ناوچەیەدا پێکی هێناوە بە خێرایی بەهرەبەرداری دەکات و بە ئاشکراو بە نهێنی دەبێتە هاندەری ئالوزی و بوحرانی تازەی ئەو مەنتەقە.

بەم جۆرەیە کە ئاشکرا دەبی، زەروو شیرەی گیانی کرێکارانی ئەو ناوچەیە و شیری زەویش دەمژن، خۆیان و هەزارە زیلەی دەور و بەر و دەست و پێوەندیان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەژین و سەروەتی خەیالییان پێکەوە ناوە، نیگەرانی لە دەست چوونی دەسەلات و سەروەت و ناز و نیعمەتیانن وە ئەمرۆ کە زیاتر لە هەمیشە مەوقعییەتی خۆیان لە خەتەر دا دەبینن، ئەوانە، بۆ مانەوی خۆیان پێویستیان بە سەرپەرست و پارێزەر و براگەورە هەیە، هەتا ئیمکانی پاراستنی تاج و تەختی شاهانەیان بۆ فەراهەم کات. هەر بۆیە بە وەعدەی دانی بەشێک لە داهات و دەرامەدی خۆیان بە ولاتانێک وەکوو میسر و سوریە، دەسەلاتدارتی ئەو ولاتانە بۆ دەخاڵەت لە کاری ئەو ناوچەیە وەسوەسە دەکەن. بەڵام لەوەش گرنگتر: مەحکەم بوونی جێگا پێی دەوڵەتانی ئەمریکا لە خەلیج بە ڕێگایەکی ئاسوودە تری دەوام و بەقای خۆیان دەزانن و بەرەو پێری هەموو مەسەلەیەک کە ڕێگای ئەرتەشی ئەمریکا بۆ ئەو ناوچەیە زۆرتر بکاتەوە و ئەو نیازەی ئەوان بەرئاورد بکات، دەچن. شیخ نشینەکان باش دەزانن کە هاندانی ئێران بەرەو ماجراجویی نیزامی لە سەر سێ جەزیرەی ئەبوموسی و تونبی گەورە و تونبی چکولە، ئەگەرچی رەنگە توزێک مەترسی بخاتە سەر دوارۆژی حکوومەتەکانیان بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگا بۆ پەرەپێدانی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە دەکاتەوە، کە ئەمەیان "سەد لاوە" دەرگای هومید بۆ مانەوەی لە ژێر سایەی ئەرتەشی ئەمریکادا دەکاتەوە!

3- دەوڵەتی ئەمپریالیستی ئەمریکا کە بە دوای هەڵوەشانەوەی ئیتحادی شووڕەوی‌دا خۆی بە دەسەلاتی تاقانەی حاکم بەسەر دونیای ئەمرۆدا دەزانی و شەری کویت ئەو دەوڵەتەی کردوەتە بریاردەری ئەسلی لە مەسەلەکانی‌مەربوت بە نەوتی خاورمیانەی عەرەبی و خەلیج دا، نە تەنیا ڕێگا نادات کە ئەو دەسەلاتەی وا بە دەستی هێناوە درزی تێبکەوی، بەڵکوو بەردەوام بۆ پەرەپێدانی و مەحکەمتر کردنیشی هەوڵ دەدات. هەتا لەو ڕێگایەوە جەریانی نەوتی ئەو ناوچەیە بەرەو ئوروپا و ژاپون و باقی ولاتانی دونیا بە تەواوی بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. دەوڵەتی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانی جێگای بان دەستی خۆی بە ڕەقیبە گەورەکانی تازەی دونیای سەرمایەداری یانی ئوروپا و ژاپون بسەلمێنی، پێویستە نیشانی بدات کە نەوتی ئەو ناوچەیە بە تەواوی لە ژێر هیدایەت و پارێزگاری ئەودا بەرەو دونیای سەنعەتی ڕەوانە دەبی. "تەنگەی هورمز" جێگایەکە کە جمهووری ئیسلامی‌دا. جاری با لەوە بگەڕین کە ئەوەی لە ڕژیمی ئیسلامی‌دا پێی تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەند و دوارۆژی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدەی ئەو ناوچەیەوە هەیە، هەموو بەشەکانی بورژوازی مەنتەقەیی و جیهانی لە ئاژاوە نانەوە و فەراهەم کردنی زەمینەکانی ئالوزی و شەردا قازانجی هاوبەشیان هەیە و بی پەروا لەوەی کە ئاکامەکانی ئەو ماجراجۆییە چ ڕۆژگارێکی تاریک و پر مەینەت بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە دێنێتە کایەوە، لە دژی یەکتر خەریکی خۆ سازدانی سیاسی و نیزامی و دیپلوماتیکن. کرێکارانی سوسیالیست بە کاری وشیاری دەرانە و پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری کرێکاران لە دژی هەموو لایەنەکانی ئەم ئاژاوەیەی بورژوازی ئێران و ناوچەکە، ڕادەوەستن.

***

چەند یادداشتی سیاسی

فیر کردن و بار هێنان لە ئێران

ئەگەرچی چەند مانگە سالی خوێندنی تازە لە ئێران دەستی پێکردوە و دەبوو ئێستا ئیتر وەزعی کلاس و دەرس و مەدرەسە سەر و ساماندێکی گرتبی، بەڵام بە پێچەوانە ئالوزی و سەرلی شیواوی لە سیستمی "فیر کردن و بارهێنان"ی ئێران دا، لە چاو ڕۆژانی هەوەلی دەست پێکردنی سالی نوێ خوێندن زیاتر پەرەی سەندوە. ئەمسال بە پێی ئاماری ڕژیم 17 میلیون منداڵ و تازەلاو، ئامادە بوون بۆ ئەوەی بچنە مەدرەسە. "نەجەفی" وەزیری "فیرکردن و بارهێنان" لەم ڕۆژانەدا و دوای ئەوەی دەرکەوت کە دەوڵەت بە هیچ جۆر خۆی بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی‌یەکانی دەرس و مەدرەسەی ئەو 17 میلیونە ئامادە نەکردوە، ڕایگەیاند کە "دەوڵەت ناتوانی بە تەنیایی ئیمکاناتی خوێندن بۆ ئەو جەمعییەتە فەراهەم کات" و ئەو قسەیە سەرتایەک بوو بۆ ئەوەی دەوڵەت لەوەش زیاتر مەسئووللییەتەکانی خۆی بخاتە سەرشانی خەڵک و بە فشار هێنان بۆ قوتابیان و بە جیاکردنەوەی منداڵی مالّە دەوڵەمەندەکان، گیروگرفتەکانی خۆی کەم کاتەوە.

بە پێی قسەکانی نەجەفی ئەمسال جمهووری ئیسلامی لە هەموو ئێران، لە چاو پێویست 150 هەزار کلاسی دەرسی کەمە. مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە ئەگەر هەر کلاسەی جێگای 40 کەس بی، لانی کەم ئێستا بۆ 6 میلیون کەس کلاسیان نیە.

دەوڵەت بۆ بە ناو "چارەسەر کردنی" ئەو مەسەلەیە لە لایەکەوە ڕێگای داوە ژمارەیەک مەدرەسەی خوسووسی دروست بێ، کە بە هۆی ئەو سیاسەتەوە بە کردەوە وەزعێکی وا پێک هاتوە کە زۆربەی ئەو موعەلیمانەی وا کار لێ هاتووتر و خاوەن ئەزموونن و بە هۆی تەئمینی مالّی‌شەوە فەراغەت و ئارامشی پێویست بۆ دەرس وتنەوەیان هەیە، ڕووبان کردوەتە ئەو مەدرەسانە و لە لایەکی دیکەشەوە مەدرەسە دەوڵەتی‌یەکانی کردوەتە سێ شیفتە، یان تەنانەت چوار شیفتە و هەر کلاسەی 50 تا 60 کەسی تێئاخندراوە. ئەو منداڵانە کە خانەوادەکانیان یارمەتی تایبەتی مالی‌یان بە مەدرەسە کردبی یان بە نەوعێک دەست و پێوەندی ڕژیم بن دەتوانن شیفتی بەیانیان بچنە مەدرەسە. قوتابیانی شیفتی ئاخر ئەغلەب ماندوون و بەم بۆنەوە ئامادەیی زەینی پێویستیان بۆ فیر بوونی دەرسەکان تیدا نامینی. موعەلیمەکانی ئەو جۆرە مەدرەسانە لە سەرتای هاتنە سەر کاریان دا 6 هەزار تمەن مانگانە وەردەگرن و دوای دە ساڵ کار کردن مانگانەیان دەبی بە 12 هەزار تمەن، کە دیارە لە چاو خەرجی ئەمرۆی ژیان لە ئێران ئەم چەشنە مانگانەیە بە هیچ جۆر بەشی بڕێچوونیان ناکات، هەر بۆیە مەجبوورن دوو شیفتە و سێ شیفتە کار بکەن و یان لە پال کاری موعەلیمی‌دا بکەونە شوین پەیدا کردنی شوغلی دیکەش. کە وایە وەختێک دێنە سەر کلاس شەکەت و ماندوون و هیزو توانای ئەوتویان بۆ دەرس وتنەوە کە پێویستی بە حەساوەیی، حەوسەلە و ئاسوودەیی زەین و یاد هەیە تێدانامینی. ئەغلەب تووڕە و وەرەزن و فەزایەکی‌پر لە تووڕەیی و وەرەزی و بی عەلاقەیی لە دەور و بەری خۆیان لە مەدرەسە دەخولقینن.

زۆربەی موعەلیمە قەدەیمی و بە تەجرەبەکان هەوڵ دەدەن مەدرەسە دەوڵەتی‌یەکان بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە مەدرەسە خوسووسی‌یەکان و لە بەینی مەدرەسە خسووسی‌یەکاندا بۆ ڕاکێشانی ئەو جۆرە موعەلیمانە ڕەقابەت هەیە و سەعاتی لە 2 هەزارەوە هەتا 3 هەزار تمەنیان پی دەدەن. کلاسەکانی ئەو جۆرە مەدرەسانە سالانە لە 50 هەزار تمەن هەتا 200 هەزار تمەن لە هەر قوتابی‌یەک وەردەگرن، کە خۆی دیارە بۆ کی دروست کراوەن!

ئەمە گوشەیەکە لە وەزعی خوێندن لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی‌دا. جاری با لەوە بگەڕین کە ئەوەی لە ڕژیمی ئیسلامی‌دا پێی دەوتری فیرکردن و پێی دەوتری بارهێنان، چ ناوەڕۆکێکی هەیە؟ با لەوە بگەڕین کە چون منداڵانی ئەو ولاتە لە گەرمەی گۆڕ و تینی جەوانی و شوور و شەوقی عومریان دا بۆ فر بوون، لە گەڵ ناوەڕۆکێکی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانە ڕووبەڕوون کە بەری گەشەی هەموو خەللاقیەتێکیان دەگری توانایی‌یەکانیان کوێر دەکاتەوە. هەر بەم وەزعەشەوە ئەمرۆکە بە پێی ئاماری ڕەسمی لە ئێران 12 میلیون نەخوێندەوار هەیە.

کێشەی مەزهەبی لە هیندوستان

ماوەیەکە کێشەیەکی خوێناوی لە نێوان موسولمانان و هیندوەکاندا، لە هندوستان دەستی پێکردوە. ئەم کێشەیە لەسەر مزگەوتێکە کە هیندوەکان ڕووخاندیان. هیندوەکان دەڵێن، ئەو جێگایەی ئەو مزگەوتەی لێ دروست کراوە و بووەتە عیبادەتگای موسولمانەکان، پێشتر عیبادەتگای هیندوەکان بووە و موسولمانان ڕووخاندوویانە و مزگەوتیان لە جێگای دروست کردوە.

ئەو کێشە خوێناوی‌یە، لە هەمان کاتدا کە نموونەی ئاشکرای تعصبی مەزهەبی‌یە، نموونەی زەقی شەڕێکی بی حاسلە کە ئینسانەکان لەسەر هەدەفێکی پووچ و بێگانە لەگەڵ هەموو قازانج و بەرژەوەندیکیان تێیدا بە کوشت دەچن. ڕەقابەتێکی خوێناوی‌یە لە نێوان سەدان هەزار کەس دا لەسەر ئەوەی ئیسبابتی بکەن کامیان بەرانبەر خۆرافەکانیان پابەندترن. سەدان هەزار کەس لە بەرانبەر یەکتردا ڕیزیان بەستوە بۆ ئەوەی دیفاع لە بینایەک بکەن کە ڕەمزی کویلەتی و بی دەسەلاتی و سووکایەتی بەخۆ کردنە.

ئەم شەرە، بە پێی گوزارشی ڕۆژنامەکان جگە لەوە کە تەقینەوەی کێشەیەکی کۆن و قەدیمی‌یە، بەڵام لە چەندین مانگ لەوە پێشەوە هێزی بۆ کۆ دەکرێتەوە.

ئەم شەرە، نەتیجەکەی هەرچی بی بۆ هیچ لایەک سەرکەتنی تێدا نیە. ئەم شەرە مایەی هیچ غوروور و شانازی‌یەک نیە. تەنافی بەند و داوی دەست و پێی ئینسانەکان تونتر دەکاتەوە.

ئەوانەی بە پاچ و پێمەرە و دەیلەم خەریکن گومبەزی مزگەوتەکە دەڕووخێنن قودرەتی ئینسانی ژێر دەستە و موعتەریز بۆ ڕووخاندنی مەرکەزێکی جەهل و خۆرافە و دەسەلاتی حاکمانی جینایەتکار نمایش نادەن، بەڵکوو داماوی و حەقارەتی تعسباتی خۆیان و کیشەی دەردناک و پر ژانی نیوان ئینسانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش نیشان دەدەن. کێشە و ناکوکی‌یەک، کە ریزی بەردە و کویلە و برسی و ڕەش و ڕووتی سەر ئەم کورە خاکی‌یەی وەها دابر دابر کردوە کە هەر حاکم و جەللاد و دیکتاتورێک و هەر دەستەیەکی حوکمرانی ستەنگەر، بەشێک لەو ئینسانانەیان کردوەتە دەسکایەی خۆیان و لە پێناو قازانج و مەسلەحەتی سەرمایەدا بە گژ یەکیان دا دەکەن.

تەواوی ئەم شەرانەی هەر ئێستا لە گوشە و کەناری جیهاندا لە نێوان حکوومەتەکاندا و لە نێوان قەوم و قەبیلە و مەزهەبەکاندا لە کار دایە و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی تێدا دەکوژری، بەهرە لەم تعسباتە وەر دەگرن.

هیتلیریش بە بەهرە وەرگرتن لەم نەوعە تعسباتە دەیتوانی سەربازانی رایش، بکاتە جللادی چەند میلیون یەهوودی. نەژادە پاکی ژرمن دەبی یەهود بکوژی. خومەینیش بە بەهرە وەرگرتن لەم تعسباتە، شەپولی هەزاران کەسی لە منالانی محسل و لە پیرە پیاوانی بەسیجی و سەر مەیدانی مین دەپەراندو بە میلیون کەسی بە گەرووی مەرگدا کرد. "ئیسلامی عەزیز دەبی قودس و مەکە و نجف و کەربەلا فەتح کا". هەر ئەم تعسبە گەندەلەشە کە بووەتە هەوینی شەری نێوان بوسنی و سرب، ئازەری و ئەرمەنی، موسولمان و هندو، وە چەندین شەری بی حاسل و بی شکوی دیکە.

بەم جۆرە، جەماوەرێکی بەرین لە ئینسانی زەحمەتکێش و چەوساوە و زۆر لێکراو، لە جیاتی ئەوەی دەست لە ناو دەستی یەکتر و پشت بە هێزی یەکتر هەوڵ بدەن بۆ ڕزگاری خۆیان لە چنگ کویلەتی و بەردەگی و فەقر و برسیەتی، وە بنیادنانی ژیانێکی ئینسانی دەبنە دوژمن و قاتلی یەکتر و خۆیان دەبنە جەللادی خۆیان. ئەوەی لەم نێوەدا قازانج دەبا و کوژران و تێدا چوون و شکستی هەر کام لە لایەنەکانی ئەم شەرانە، بۆی بە سەرکەوتن حیساب دەکری، ڕژیمەکان و حکوومەتەکانن کە بەسەر ریزی قوربانیانی ئەم شەرانەدا حکوومەت دەکەن و سەرمایە کەلەکە دەکەن.

هەر بۆیە بۆیان بکری ئاگری ئەو شەرانە خۆش دەکەن و خەروار خەروار چەک و تەقەمەنی دەبەنە مەیدانی ئەو شەرانە. ڕژیمی جینایەتکار و کۆنەپەرستی ج.ا لەم بابەتەوە زەقترین و ئاشکراترین نموونەیە: ناردنی تروێریست و چەک بۆ حیزب الله لە لوبنان، بۆ بنیاد گەرایانی ئیسلامی لە الجزایر، بۆ موجاهدینی ئیسلامی لە ئەفغانستان، دەخالّەتی کۆنەپەرستانە و شەر خوازانە لە شەری نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان دا و لە شەری نێوان بوسنی‌یەکان و سربەکاندا وە دنەدان و تەحریک کردنی هەر حەرەکەتێکی لەم نەوعە لە گوشە و کەناری جیهان.

ئەرکی کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست لەم بابەتەوە، تەئکید لەسەر ئەو حەقیقەتەیە کە مەزهەب ئەفیون و ژەهری زەین و میشکی کۆمەلانی خەڵکە. هەر ئینسانێکی پێشرەو و شۆرشگێر دەبی مبارزە لەگەڵ کردنی بە وەزیفەی خۆی بزانی. کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست دەتوانن بە ڕوونی و بە سادەیی ئەو حەقیقەتە تەوزیح بدەن کە، نەک لە خەیاڵدا، بەڵکوو لە دنیای واقیعیشدا، دەگونجی و ئیمکانی هەیە کە هندوەکان و موسولمانەکان، وە پەیرەوانی هەر میللەت و مەزهەبێکی دیکە، لە جیاتی شەری ئاوا خوێناوی لەگەڵ یەکتر، وە لە جیاتی ئەم ڕەقابەتە دوژمنانەیە، بیر لە هاوچارەنووسی و ڕزگاری موشتەرەکیان بکەنەوە. بیر لە بنیات نان و دروست کردنی مەکانێکی هاوبەش بکەنەوە کە تێیدا نەک عیبادەتی مەوجوودێکی خۆرافی و خەیاڵی، بەڵکوو ستایشی ئامانج و ئارەزووەکانی بەشەر بکەن و لە بلندگوکەیەوە بانگی بەرزی ڕزگاری بەشەر بە گوێی هەموو خەڵکی دنیادا بدەن و بانگەوازی بەشەرییەتی

←

چەوساوە بکەن بۆ یەکگرتن و بۆ حەرەکەت بەرەو دنیایەکی شایستەی ئینسان.

بۆ ئەوەی بەشەر نەجات پەیدا بکا لە چنگ دنیایەک، لە چنگ موناسەباتێک و لە چنگ فەرهەنگ و بیروباوەر و ئەخلاقیاتێک کە وادار بە کاری وای دەکەن، تووشی شەرمەزاری لە خۆی بی. ئەم دنیایە و ئەم نیزامە شایستەی شانی بەسەر نیە. ئینسان تێیدا هەست بە سووکایەتی دەکا. نیزامێکە کە هاوچارەنووسانی کورەی زەوی، لەگەڵ یەکتر دەکاتە دوژمن.

بەشەر دەتوانی بە هەموو ڕەگەز و قەوم و میللەت و مەزهەبەکانیەوە، بە ئازادی و بەرابەری بژی، بەرهەم بینی و لە بەر حاسلی کار و ڕەنجی خۆی بحەسێتەوە.

ئەو کە، سەدان هەزار کرێکار و زەحمەتکێشی موسولمان و هندو، کە ژیانیان پڕە لە محروومیت و هەژاری و برسیەتی و نەخۆشی و بی مافی، و هەموو ژیانیان پڕە لە ناچاری و ئیحتیاج، ئاوا دوژمنانە هەڵدەکوتنە سەر یەکتر، لە جیاتی ئەوەی هێرش بکەنە سەر دوژمنانی واقیعی خۆیان، ئەوە تەنیا نیشان دەری ئەسارەتی بەشەرە لە چنگ خودایانی ئاسمانی و زەمینیدا. نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ئینسانانە ئیرادەی ئازادانە و سەربەخۆیان لێ زەوت کراوە و لەگەڵ خۆیان بیگانە کراون. ئەم ڕۆژ ڕەشی و ئەسارەتەی بەشەر، دەبی کۆتایی پی بی!

جمهووری ئیسلامی و پەنابەرە ئەفغانیەکان

ئاگادارن کە ماوەیەکە، گەراندنەوەی پەنابەرە ئەفغانیەکان لە ئێرانەوە بۆ ئەفغانستان دەستی پێکردوە. هەڵگەراندنەوەی ئەفغانیەکان بۆ ئەفغانستان بە پێی سیاسەتی تازەی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی نە تەنیا بە دلخواز نیە بەڵکوو بە تەواوی لەژێر هەڕەشە و زەخت و فشاردا بەڕێوە دەچی و ئەو زۆر و فشارە بە شێوەی سەرەکی ڕووی کردوەتە کرێکاران و ئەفغانیە هەژار و دەست تەنگەکان. دەوڵەمەندە ئەفغانیەکان و ئەوانەی کە بە سەروەت و سەرمایە و ئیمکانات جێگای خۆیان قایم کردوە، بە تەواوی لەو زەخت و فشارە بە دوورن.

ئەو سیاسەتە فەزایەکی لە ترس و نیگەرانی لە ناو کۆمەڵی ئاوارەکان بە تایبەت لە ئوستانەکانی خوراسان و سیستان و بلووچستان پێک هێناوە. کۆمەڵ کۆمەڵ لە ئەفغانیە هەژارەکان لێرە و لەوی کۆ دەکرێتەوە و ڕەوانەی سنوور دەکرێن. تەواوی دارایی و سەروەتێک کە دوای 13 ساڵ کوێرەوەری و ڕەنج و کارکردنی خۆیان و خانەوادەکانیان هەیانە لە پریسکەیەک کە بە کوڵی خۆیان و مندالەکانیانەوەیە، پتر نیە. سەرمایەدارانی چاوچنوک و تەماعکاری ئێران 13 ساڵە ئەم کۆمەڵە میلیونیە دەچەوسێنێتەوە و بەرهەمی ڕەنجی شان و نێو چاوانیان تەنیا بە نانەزگێکی مەمرە و مەژی بە تاڵان دەبەن. سەرمایەداری ئێران ئەمڕۆکە کە بۆ خۆی تووشی گیروگرفتی ئابووری و سیاسی بووە و پێویستی بەوەیە کە باری ئیعتیرازی و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی لەسەر شانی خۆی سووک کات دەستی داوەتە دەرکردنی بە کۆمەڵی ئەو ئینسانانەی کە بە ڕاستی گەڵێک زۆرتر لە سەرمایەدارانی چەوسێنەر و دەوڵەتەکەیان حەقیان بەسەر ئەو ولاتەوە هەیە و مانەوە و ژیان و کارکردن لە ئێران مافی بی ئەم لاو ئەو لای خۆیانە.

بەپێی ئاماریک کە دەزگای دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی ڕایگەیاندوە و دروستی و نا دروستیەکای لە لایەن هیچ سەرچاوەیەکی دیکەوە تەحقیق نەکراوە 3–2 میلیون پەنابەری ئەفغانی لە ئێران دەژین، کە زۆربەیان لە ئوستانەکانی ڕۆژهەلات، خوراسان سیستان و بلووچستانن. بەشی زۆری ئەم کۆمەڵە بەرینە ئینسانیە بە دڕێژایی ژیانیان لە ئێران غەیری تەحقیر و ئازار و فەلاکەت و هەژاری، شتێکیتریان نەبووە. لەگەڵ کۆمەڵی بەرینی بێکارانیتری ئێران، سەرمایەداران و دەوڵەتی ئیسلامی وەکوو لەشکریکی زەخیرە بۆ لە خوارەوە ڕاگرتنی کرێکار و بردنە سەری سەعاتی کار وە داسەپاندنی شەرایەتی غەیرە ئینسانی بۆ کار کردن، کەڵکی لێ وەرگرتووە و ئەمڕۆ قازانجی بورژوازی ئێران وا هەڵدەگری کە کوچێکی بە کۆمەڵی دیکەیان بەرەو جەرگەی ئاگر و شەر پی تەحمیل بکری.

ئەم کۆمەڵە ئینسانە شەریفە لە کاتێک دا بە زۆر بەرەو داهاتویەکی نادیار و سەخت لە ئەفغانستان پال پێوە دەنرین کە هەلومەرجی ژیان گەڵێک لەو کاتەی کە ئەوان ئەو ولاتەیان بەجێ هێشت، سەخت تر و ژیانیان نائەمن تڕە. دار و دەستەکانی ئیسلامی لەسەر بناغەی ناکوکی میللی و تایفەیی و مەزهەبی کەوتوونەتە گیانی خەڵک و گیانی یەکتر وە ویرانی و قەتل عام و کوشتارێکیان لەو ولاتەدا خستوەتە ڕی کە هەرگیز بە دڕێژایی 13 ساڵی ڕابردوو وینەی نەبووە.

پیلانی هەڵگەراندنەوەی بە زۆری زەحمەتکێشانی ئەفغانی بۆ ئەفغانستان لە هەمان کاتدا تەئسیر و پشتیوانی شوورای عالی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانی لە پشتە. بە نێو بڕی کەڕی ئەو سازمانە، پەنابەران لە مەرزەکان بەو پەڕی تەحقیرەوە 25 دولار پوول و 50 کیلو گەنمەشامیان پی دەدری بۆ ئەوەی بتوانن پێی لە مەرزەکان دوور کەونەوە و واریدی ژیانێکی گەڵێک تاریکتر و شەرایەتێکی نائەمنیتر و گەڵێک دژوارتر لە جارانیان بن.

لێرەدا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیش بە ئاشکرا چاوی خۆی لەو واقعییەتە دەپوشی کە هەلومەرجی ئێستای ئەفغانستان نە تەنیا بۆ گەراندنەوەی ئەو خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشە گونجاو نیە بەڵکوو بە پێچەوانە لە هەمیشە پێویست ترە کە لە بەرانبەر دەرندەیی و وەحشیگەرێکی کەم وینە کە ئەمڕۆ لەو ولاتەدا جەرەیانی هەیە پشتیوانیان لێ بکری.

***

لە کارەساتی سومالیدا کێ تاوانبارە؟

ئەم ڕۆژانە 30 هەزار هێزی نیزامی ئەمریکایی بە هیلیکوپتر و تانک و توپخانە و هەموو کەرەسەیەکی جەنگی و ژمارەیەکی کەم هێزی فەرانسەیی و ئینگلیسی و چەند ولاتی تر، لە سەر بریاری شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، بە ناو بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ گەیاندنی یارمەتییە ئینسانیەکان بۆ ولاتی قاتی داگرتووی سومالی خۆش کەن لەو ولاتە دابەزین و کۆنترۆڵی پایتەخت و شارە گەورەکانی سومالیان بە دەستەوە گرت. لە ماوی 7–6 مانگی ڕابوردوودا نزیک بە 500000 کەس لە نەتیجەی قاتی و ویشکە سالیدا لە سومالی لە برسان مردوون. شەری ناوخوییش کە بووەتە هۆی کوژڕانی دەیان هەزار کەس، باری ئەو فاجعە ئینسانییە گەورەیەی کە بەسەر خەڵکی ئەو ولاتەدا هاتووە، گەڵێک قورستر کردووە.

ئەمڕۆ دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن ڕاوالەتێکی ئینسانی بە دەخالەتی نیزامی خۆیان لە سومالی بدەن و بەم جۆرە مەسئوولییەتی لەبەین چوونی بە کۆمەڵی سەدان هەزار ئینسانی ئەو ولاتە لەسەر خۆیان لابەرن و ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە هەتا ئێستا لە گەیاندنی یارمەتی کافی و بە وەخت دا بە شێوەیەکی تاوانبارانە کۆتاییان کردووە. با بزانین لە پشت پەردەی هەڕاو هوریایەکی تەبلیغاتی کە ئەمڕۆ بۆ ئینسانی نیشان دانی نادنی هێزی نیزامی بۆ سومالی کەوتوەتە ڕی چ ڕاستییەک شاردراوەتەوە؟

سومالی و ئیتیوپی و جیبوتی سێ ولاتی ئەفریقایین، لە مەنتەقەیەکی ستراتیژیکی ئەو قارەیەدا، کە پیی دەوتری شاخی ئەفریقا، ئەهمییەتی جوغرافیایی سیاسی ئەو ناوچەیە بەر لە هەموو شتێک لەوە دایە کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای هەموو هات و چوونەکانی دەریایی و لەوانە کاروانەکانی نەوت و ناوگانەکانی جەنگی دەریای مەدیتڕانە و ئوقیانووسی هیند. ئەم ناوچەیە لە دەورانی ئەڕی سارد و گەرمەی ناکوکییەکانی ئەمریکا و شووڕەوی‌دا، مەیدانی ڕەقابەت و دەست تێوەردان و بەربەرەکانیی ئەو دوو هێزە گەورەیەی سەرمایەداری بۆ دەسەلات پەیداکردن بە سەر ئەم ناوچەیە بوو. ئەگەر نادنی ئارد و ئازووقە بۆ نەجاتی خەڵکی سومالی بە ڕواڵەت ئەمڕۆکە بووەتە گڕی پووچکەیەک کە بە 6 مانگ ناکرێتەوە، هەتا کاروانێک یارمەتی دەگاتە ئەو ولاتە بە هەزاران ئینسان تێدا دەچن، لە کاتی خۆی‌دا و بە پێی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتێکی دیکە، لە ماوەیەکی کۆرت دا بایی میلیاردها چەک و سیلاحی جۆراوجۆری نیزامی واریدی ئەو ولاتە دەکرا، گەورەترین ناوگانەکانی دەریایی لە ماوەیەکی کۆرت دا خۆیان دەگەیانندە دەور و بەری ئەو ناوچەیە!

لە ساڵی 1977وە هەتا ساڵی 1991 حکوومەتی دیکتاتوری زیاد بارە حاکمی پێشووی سومالی لە ژێر هیدایەت و چاوەدێری ئەمریکا و گوی لە مشتی دەزگا جاسووسییەکانی ئەو ولاتە بوو. لەو ماوەیەدا، لە دابەشکردنی ناوچەکەدا، ئەگەر ئیتیوپی بە بەشی شووڕەوی ناسرابی، سومالیش مەنتەقەی نفوز و بەشی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بووە.

بۆ ماوەی 14 ساڵ، زیادبارە بەو پەڕی بێڕەحمی و قساوەت و لەبەین بردنی هەر چەشنە دەنگێکی موخالیف لەو ولاتە، لە سەر تەئید و پشتیوانی دەولەتی ئەمریکا، دەسەلاتی سیاسی خۆی لە سومالی پاراست. لە ساڵی 1991 و بە دوای کۆتایی پی‌هاتنی دەورەی شەڕی سارد، کاتێک ئیتر ئەمریکا نیگەرانییەکی لە بابەت ئەو ناوچەیە بۆ نەما، زیادبارە لە ماوەیەکی کۆرت دا سەرنگون بوو و ولاتێکی برسی و قاتی لێ دراو لە چنگ شەرێکی خوێناوی ناوخۆیی‌دا، ڕەها کرا. سەفیری ئەمریکا لە موگادیشو، پایتەختی سومالی لە ڕەخنەیەک دا کە لە سیاسەتی دەولەتەکەی خۆی بەرانبەر بە سومالی گرتی ئەو کات لە ڕۆژنامەکانی دینا دا بلاو بووە وتی:

"لە ڕاستی‌دا ئاغای بووش لە سومالی چراکانی کوژڕاندوەتەوە و دەرگای داخستووە بە بە جێی هێشتووە".

کاتێک نزیک بە 7 مانگ لەمەوبەر خەبەری مەربووت بە قاتی و برسیەتی لە سومالی سەفحەی هەموو تلویزیونەکان و ڕۆژنامەکانی داگرت و بەربلاوی فاجعەکە، بیر و ڕای گشتی خەڵکی لە هەموو دنیادا تەکان دا، ئەو کات مەسەلەی یارمەتی دانی سازمانی ملل و مەسئوولییەتی ولاتە غەربییە دەولەمەندەکان لەو بارەوە هاتە گۆڕی.

بۆ ماوەی دوو مانگ سازمانی ملل وەختی بە ناردنی کارشناس و بۆ تەحقیق و لێکولینەوەی پووچ و بی حاسل تەلەف کرد و لە کاتێک دا کە ڕۆژانە هەزاران کەسن لەبەر چاوی دووربینە تلویزیونیەکان دەمردن، سازمانی ملل خەرێکی لە دەست دانی وەخت بە کاری لێکولینەوە و کارشناسیەوە بوو.

محەمەد ساهندن، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئیجرائی کاروباری سازمانی ملل لە سومالی ئیعتیرافی کرد کە دەزگاکانی سەر بە سازمانی ملل، لە دوو، سێ مانگی هەوەڵی شیددەتی قاتی و برسیەتیەکەدا متلەقەن کارێکیان نەکرد و وتی کە بە سەدان هەزار کەس لە بەرچاوی مەئموورەکانی U.N مردن. سازمانی ملل، محەمەد ساهندنی لەبەر خاتری ئەو قسانەی بەرکەنار کرد!

بە دوای دوو مانگ ئاخیری بە ئاشکرا، کاتێک لە هەوەڵی مانگی ئوکتوبرەوە یانی سێ مانگ لەوە پێش سەرئەنجام هەندێک یارمەتی گەیشتە سومالی، میزانەکەی ئەوەندە کەم و ناچیز بوو کە لە دەریای برسیەتی و ڕۆژ ڕەشییەک دا کە بەسەر خەڵکی ئەو ولاتەدا هابوو بە ئاسانی ون بوو و نەیتوانی تەنانەت تەخفیفێکی چکولەش لە وەزعەکەدا بدات.

پاش ماوەیەکی کۆرت، ئەمریکا، دەوڵەتە ئوورپاییەکان و بە گشتی سازمانی ملل بەرنامەی ناردنی ئەم زەررە، زەرە کومەکەشیان وەستاند. دەزگاکانی تەبلیغاتی سەر بە دەوڵەتە غەربییەکان دەڵێن، ناردنی یارمەتی بۆیە ڕاگیرا، چۆنکە ئازووقەیەک کە دەگاتە ئەو ولاتە، دەدزری و بە تالان دەچی. بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەوە بەشێکی زۆر چکۆلەیە لە واقعییەتەکە. وە بۆیە ئەو بەشە چۆکلەیە گەورە دەکرێتەوە، هەتا باری مەسئوولییەتی لە دەست چوونی گیانی بە سەدان هەزار ئینسان کە قابیلی پاراستن بوو، پاساو بکری. واقعییەتی گەورەتر و ئەساسی‌تر ئەوەیە کە ئەو یارمەتییانە ئەوەندە کەم بوون کە بە هیچ جۆر وەڵامی ئەو فاجعە گەورە ئینسانییەی پێی نەدەدراوە. ئەگەر خواردەمەنی بە خێرایی و بەزۆری بەو ولاتە گەیشتبایە، بێگومان مەسەلەی دزی و تالان ئەوەندە عومدە نەبوو کە بەری نەجاتی برسیەکان بگری. دەوڵەتانی ئوروپایی و ئەمریکا دەیانتوانی، ئەوەندە خواردەمەنی بنێرن بۆ ئەو ولاتە کە دزی و بە تالان بردنی بەشێکی چکۆلەی هەرگیز نەبی بە مەسەلەیەکی جیددی.

خەڵکی سومالی بۆ نەجاتیان لە برسیەتی تەنیا سەهمێکی چکۆلەیان لەم هەموو خواردەمەنییە پێویست بوو کە لە دنیای ئەمڕۆدا بەرهەم دێت. بە پێی ئامار دانەویلە و غەللەی مەوجوود لە عەمبارەکانی ولاتانی کۆمەڵی ئوروپا ئەوەندەیە کە دەتوانی بۆ ماوەی 8 ساڵ هەموو خەڵکی سومالی تغزیە بکات.

تەنیا 5 کومپانی گەورەی سەرمایەداری، 90٪ خەڵەی هەموو دنیایان لە ژێر کۆنترۆڵ دایە. بە گوڕینی مەسیری ئەو کەشتیانەی کە میلیونەها تون خەڵە لە ئوقیانووسەکاندا بۆ ئێرە و ئەوی دەبەن وهەر لە دەریادا بارەها موعامەلەیان لەسەر دەکری و مەسیر دەگوڕن دەکرا لە ماوەیەکی کۆرت دا هەموو خەڵکی سومالی لە مەرگ نەجات بدەن. بەڵام دەوڵەتەکان و ئەو کومپانیانەی کە بیر لە هیچ شتێک غەیری قازانجی سەرمایەدارانەی خۆیان ناکەنەوە بۆ لە سەرەوە ڕاگرتنی قیمەتی خەڵە لە دنیادا وایان پی باشتر بوو کە هاواری برسیەکانی سومالیان نەبیستبی!

وا ئیدعا دەکری کە لەبەر نەبوونی ئەمنییەت بۆ هات و چووی کاروانەکانی U.N نەکراوە بە وەخت پارمەتی بگات بە برسیەکان، بەڵام یەکەم ئەوە بەهانەیەکە بۆ وەستاندنی کومەکەکان وە دووهەم بۆ نیشاندانی دەغەلەکاری بەڕێوە بەرانی U.N ئایا کێ لە بیری چوتەوە کە وەختێک 80 هەزار کەس لە خەڵکی برسی سومالی ڕوویان کردە مەرزەکانی ئیتیوپی و کنیا، لە حاڵێکدا کە U.N، لەو ناوچانە لەگەڵ هیچ گیروگرفتێکی ئەمنییەتی بەڕەو ڕوو نەبوو، نەتەنیا حازر نەبوو لە مەرزەکانی ئەو دوو ولاتە بۆ برسییەکان کەمپ بەرپا بکات و لەو ڕێگایەشەوە کەمێک لە باری مەینەتی خەڵکی ئەو ولاتە کەم کاتەوە، بەڵکوو چەند ئوردووگایەکیش کە پێشتر دامەزرابوو بە خێرایی، کوی کردەوە لە نەتیجەدا و بەشی زۆری ئەو خەڵکە برسیەی کە ڕووی کردبووە مەرزەکان لە گەرانەوەدا تێدا چوون.

واقعییەت ئەوەیە کە دەوڵەتانی پێشڕەفتەی سەرمایەداری، ئوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن و کانادا و ئوستڕالیا کە سەرچاوەی ئیمکانات و دەسەلاتی U.Nن، خۆدی دەزگای ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی U.Nیش، تاوانبارانی ئەسلی بۆ مەرگی سەدان هەزار ئینسانی لێ قەوماوی سومالین ئەو ڕاستییە ئاشکرایە کە بە نێوی خەرجی لەشکرکێشێکی نومایشی کە ئەمڕۆ لە کایە دایە، لە کاتی خۆی‌دا گیانی‌زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە هەژارە نەجات دەدرا. بۆ نەجاتی ئەو خەڵکی سومالی تەنیا بەشێکی بچووک لە بەرهەمی کاری ئینسان و تمدنی بەشەر پێویست بوو، کە ئەمڕۆکە عەمبارەکانی سەرمایەداری جیهانی پی ئاخندراوە.

***

شاخە گەورە

شێعری: محەمەد خاکی

بۆ عومری فەیزی
ئازیزەکەم
تۆوی پێکەنینی تۆ
لە دەشتی شینی پەڵە
هەورێکی وێڵدا
دەوەشێنم و
ڕۆژێک دەمەو ئێوارە بە دیاری
بۆ وڵاتێکی بێ بزەی دەبەم..

ئەگەریش دەست بدا، شەوێک
ورشەی چاوەکانت
لە چەشنی پۆلێک ئەستێرە
ئەوینێکی بێ چرپە و بێ
مانگەشەو هەڵدەدەم.
دواجاریش
لەم سالانەی
چوار وەرزی پاییزی نامۆیی‌دا

بزەی لێوت
تینی پەنجەکانت
بیری سەوزت
وەک ملوانکەیەک
سوور، شین، زەرد
ڕیز ڕیز دەهۆنمەوە و
لە گەردنی جوانووە تۆڕی
شێعرێکی
بناری "شاخە گەورە"ی هەڵ
دەبەستم.

شاخە گەورە ناوی کیوێکە لە
نزیک شاری سەقز، کە کاک
عومەری فەیزی ئەندامی کۆمەڵە،
خەڵکی گوندێکی بناری ئەو
شاخە بە نیوی "سەڵتەکەڵتور"
بوو. کاک عومەر لە زیندانی
جمهووری ئیسلامی دا ئیعدام
کرا. م.خ

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 42 February: 1993

فیر کردن و بار هێنان لە ئێران

ئەگەرچی چەند مانگە ساڵی خوێندنی تازە لە ئێران دەستی پێکردوە و دەبوو ئێستا ئیتر وەزعی کلاس و دەرس و مەدرەسە سەر و سامانێکی گرتبی، بەڵام بە پێچەوانە ئالوزی و سەرلی شیواوی لە سیستمی "فیر کردن و بارهێنان"ی ئێران دا، لە چاو رۆژانی هەوەڵی دەست پێکردنی ساڵی نوێ خوێندن زیاتر پەرەی سەندوە. ئەمساڵ بە پێی ئاماری رژیم 17 میلیون منداڵ و تازەلاو، ئامادە بوون بۆ ئەوەی بچنە مەدرەسە. "نەجەفی" وەزیری "فیرکردن و بارهێنان" لەم رۆژانەدا و دوای ئەوەی دەرکەوت کە دەوڵەت بە هیچ جۆر خۆی بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی دەرس و مەدرەسەی ئەو 17 میلیونە ئامادە نەکردوە، رایگەیاند کە "دەوڵەت ناتوانی بە تەنیایی ئیمکاناتی خوێندن بۆ ئەو جەمعییەتە فەراهەم کات" و ئەو قسەیە سەرتایەك بوو بۆ ئەوەی دەوڵەت لەوەش زیاتر مەسئوولییەتەکانی خۆی بخاتە سەرشانی خەڵك و بە فشار هێنان بۆ قوتابیان و بە جیاکردنەوەی منداڵی ماڵە دەوڵەمەندەکان، گیروگرفتەکانی خۆی کەم کاتەوە.

بە پێی قسەکانی نەجەفی ئەمساڵ جمهووری ئیسلامی لە هەموو ئێران، لە چاو پێویست 150 هەزار کلاسی دەرسی کەمە. مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە ئەگەر هەر کلاسەی جێگای 40 کەس بی، لانی کەم ئێستا بۆ 6 میلیون کەس کلاسیان نیە.

ل5

لە کارەساتی سومالی‌دا کێ تاوانبارە؟

ئەم رۆژانە 30 هەزار هێزی نیزامی ئەمریکایی بە هیلیکوپتر و تانك و توپخانە و هەموو کەرەسەیەکی جەنگی و زمارەیەکی کەم هێزی فەرانسەیی و ئینگلیسی و چەند وڵاتی‌تر، لە سەر بریاری شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، بە ناو بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ گەیاندنی یارمەتییە ئینسانییەکان بۆ وڵاتی قاتی داگرتووی سومالی خۆش کەن لەو وڵاتە دابەزین و کۆنترۆڵی پایتەخت و شارە گەورەکانی سومالی‌یان بە دەستەوە گرت. لە ماوی 7-6 مانگی ڕابوردوودا نزیك بە 500000 کەس لە نەتیجەی قاتی و وشکە سالی‌دا لە سومالی لە برسان مردوون. شەری ناوخوییش کە بووەتە هۆی کۆڕانی دەیان هەزار کەس، باری ئەو فاجعە ئینسانییە گەورەیەی کە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا هاتووە، گەڵێك قورستر کردووە.

ئەمرۆ دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن ڕاوانّەتێکی ئینسانی بە دەخاڵەتی نیزامی خۆیان لە سومالی بدەن و بەم جۆرە مەسئووللییەتی لەبەین چوونی بە کۆمەڵی سەدان هەزار ئینسانی ئەو وڵاتە لەسەر خۆیان لابەرن و ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە هەتا ئێستا لە گەیاندنی یارمەتی کافی و بە وەخت دا بە شێوەیەکی تاوانبارانە کۆتایی‌یان کردووە. با بزانین لە پشت پەردەی هەڕاو هوریایەکی تەبلیغاتی کە ئەمرۆ بۆ ئینسانی نیشان دانی هێزی نیزامی بۆ سومالی کەوتوەتە ڕی چ ڕاستییەك شاردراوەتەوە؟

سومالی و ئیتیوپی و جیبوتی سێ وڵاتی ئەفریقایین، لە مەنتەقەیەکی ستراتیژیکی ئەو قارەیەدا، کە پیی دەوتری شاخی ئەفریقا، ئەهمییەتی جوغرافیایی سیاسی ئەو ناوچەیە بەر لە هەموو شتێك لەوە دایە کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای هەموو هات و چوونەکانی دەریایی و لەوانە کاروانەکانی نەوت و ناوگانەکانی جەنگی دەریای مەدیترانە و ئوقیانووسی هیند. ئەم ناوچەیە لە دەورانی ئەڕی سارد و گەرمەی ناکوکی‌یەکانی ئەمریکا و شووڕەوی‌دا، مەیدانی ڕەقابەت و دەست تێوەردان و بەربەرەکانیی ئەو دوو هێزە گەورەیەی سەرمایەداری بۆ دەسەڵات پەیداکردن بە سەر ئەم ناوچەیە بوو. ئەگەر ناردنی ئارد و ئازووقە بۆ نەجاتی خەڵکی سومالی بە ڕواڵەت ئەمرۆکە بووەتە گری پووچکەیەك کە بە 6 مانگ ناکرێتەوە، هەتا کاروانێك یارمەتی دەگاتە ئەو وڵاتە بە هەزاران ئینسان تێدا دەچن، لە کاتی خۆی‌دا و بە پێی بەرژەوەندی‌یەکانی سیاسەتێکی دیکە، لە ماوەیەکی کۆرت دا بایی میلیاردها چەك و سیلاحی جۆراوجۆری نیزامی واریدی ئەو وڵاتە دەکرا، گەورەترین ناوگانەکانی دەریایی لە ماوەیەکی کۆرت دا خۆیان دەگەیاندە دەور و بەری ئەو ناوچەیە!

لە ساڵی 1977وە هەتا ساڵی 1991 حکوومەتی دیکتاتوری زیاد بارە حاکمی پێشووی سومالی لە ژێر هیدایەت و چاوەدێری ئەمریکا و گوی لە مشتی دەزگا جاسووسی‌یەکانی ئەو وڵاتە بوو. لەو ماوەیەدا، لە دابەشکردنی ناوچەکەدا، ئەگەر ئیتیوپی بە بەشی شووڕەوی ناسرابی، سومالیش مەنتەقەی نفوز و بەشی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بووە.

ل6

کێشەی مەزهەبی لە هیندوستان

ماوەیەکە کێشەیەکی خوێناوی لە نێوان موسوڵمانان و هیندوەکاندا، لە هندوستان دەستی پێکردوە. ئەم کێشەیە لەسەر مزگەوتێکە کە هیندوەکان ڕووخاندیان. هیندوەکان دەڵێن، ئەو جێگایەی ئەو مزگەوتەی لێ دروست کراوە و بووەتە عیبادەتگای موسوڵمانەکان، پێشتر عیبادەتگای هیندوەکان بووە و موسوڵمانان ڕووخاندوویانە و مزگەوتیان لە جێگای دروست کردوە.

ئەو کێشە خوێناوی‌یە، لە هەمان کاتدا کە نموونەی ئاشکرای تعصبی مەزهەبی‌یە، نموونەی زەقی شەڕێکی بی حاسلە کە ئینسانەکان لەسەر هەدەفێکی پووچ و بێگانە لەگەڵ هەموو قازانج و بەرژەوەندیکیان تێیدا بە کوشت دەچن. ڕەقابەتێکی خوێناوی‌یە لە نێوان سەدان هەزار کەس دا لەسەر ئەوەی ئیسباتی بکەن کامیان ڕاستە و ڕەسمی ئایینی ئەوان ئەوەیە. ئەم ڕەقابەتە لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە هیچ کامیان بە ڕاستی ئاگایان لە ئایین و ڕەسم و ڕەوشتی ئایینەکەی خۆیان ن

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی 43 پوشپەری _1372 ژووئیەی_ 1993

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی بیست و چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە پلینومی بیست و چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە رۆژەکانی حەوتووی ئاخری مانگی گوڵانی ئەمساڵ بەڕێوە چوو. پلینوم لیکولینەوەی مەسەلەکانی بەردەم حیزبی لەم دەورەیە دا، خستە دەستووری کاری خۆی و لە ماوەی 6رۆژ باسی هەمە لایەنە دەربارەیان، تەسمیم و بریارەی پیویستی بۆ باشتر کردن و بەهێز کردنی تیکۆشانی حیزب لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا رەچاو کرد.

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و چەند لایەنیکی تیکۆشانمان لەم بابەتەوە، یارمەتیدان بە رێکخستنی اتحادیە کرێکاریەکان لە کوردستانی ئێران، هەندیک لە لایەنە عەمەلیەکانی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە حاست بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستی لە ناوچەکە، لیکولینەوەی گرینگترین مەسەلە سیاسی و مبارزاتیەکانی بەردەم حیزب لە کوردستان و دەرکردنی قەرار و بریاری پیویست دەربارەیان، لەو گرینگترین مەسەلانە بوون کە لەم پلینومە دا باسیان کرا.

پلینوم بریاری دا کە کۆنگرەی داهاتووی حیزب بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بخریتە دواوە و لە یەکەمین دەرفەت دا ئەندامانی حیزب لە هویەکانی ئەم بریارە ئاگادار بکرین و لەم بابەتەوە نەزەرخوایی‌یان لی بکری.

پلینوم لە دوایین بەشی کاری خۆیدا ئەولەویەتەکانی کاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی لە دەورەی چەند مانگەی داهاتوو دا دیاری کرد و کاری خۆی لەم دەورەیەدا بەپێی ئەو ئەولەویەتانە دیاری کرد.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئەوەلی جوزەردانی 1372

دەربارەی کۆبوونەوەی سێقۆڵیەکەی ئێران و تورکیا و سووریا لە تاران

سێیەمین کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیرانی کار و باری دەرەوی ئێران، تورکیا و سووریا، لەو مانگەدا لە تاران، کۆتایی بە کار خۆی هێنا لە بەیانیکی رەسمی دا هەر سێ لا، ڕێک کەوتنی خۆیان لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی کە لە کۆبوونەوەکە دا باسی کراوە، ڕاگەیاند.

دستووری ئەو کۆبوونەوەیە، مەسەلەی خەباتی گەلی کورد لە هەر کام لەو ولاتانە بە گشتی و داهاتووی سیاسی کوردستانی عێراق بە تایبەتی بووە، دوو کۆبوونەوەی تری وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئەو سێ ولاتە هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە، پێش تر لە ئانکارا و لە دیمشق هاتبوو.

ناوەرۆکی واقیعی ئەو مەسەلانەی کە چ لە کۆبوونەوەکانی پیشوو و چ لە کۆبوونەوەی ئەخیر دا باسیان لی کراوە و بریاریان لەسەر دراو، هەر وا بە نهێنی ماوەتەوە. هەموو جاریک، ئەوەی کە بە ئاشکرا باسی لی کراوە، هاو نەزەری هەر سێ‌لا بووە لەسەر "پیوستی پاراستنی یەکیتی ولاتی عێراق" کە لە بەیانیکی کورتی رەسمی دا ڕاگەیەندارە بەڵام لە راستی دا، گوتنی ئەو چەند وشەیە تەنیا سەر پۆش و شوێنە ونکەیەکە بۆ کۆمەڵێک پیلانی دژ بە خەڵک کە لەو کۆبوونەوانەدا تەرح ریژی کراون. بیگۆمان مەسەلەکان زۆر بە وردی باسیان لەسەر کراوە و بریاری هاوبەشی گەلیک موشەخەس تریان لەسەر دراوە شوینەواری ئەو ریک کەوتنانە نەک لە بەیانە رەسمی‌یەکاندا، بەڵکوو لە کردەوەی رۆژانەی ئەو سێ دەوڵەتەدا دەبێ ببیندرێتەوە، بۆ نموونە: دەوڵەتی تورکیا نەک هەر بەپیر داواکەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) بۆ ڕاگرتنی شەر لە کوردستانی تورکیا و دەس پی کردنی پروسەی وت وویژەوە نەچوو، بەڵکوو سیاسەتی هەڕەشە کردن و زەبر و زەنگ نواندنی لە کوردستان زیاتر پەرە پی دا و هێزیکی نیزامی زۆرتری تێدا جی گیر کرد، ولاتەکەی میلیتاریزەتر کرد و هیچ دەرفەتیکی بۆ هیرش بردنە سەر هێزەکانی پ.ک.ک. لە دەست نەدا.

–دەوڵەتی تورکیا هەر وا مەحدوودییەتەکانی خۆی لەسەر ڕێگای هاتنی کەرەسە و کەل و پەلی ئەساسی بۆ خستنەوە گەری کاری کارگا سەنعەتیە – کان و مەرکەزە تەولیدی‌یەکانی کوردستانی عێراقی ڕاگرتوە تەنانەت ئەوەندەی بۆی بکری بە کردەوە چەت دەخاتە سەر ڕێگای هاتنی یارمەتی‌یە فریا – گوزاری‌یەکانی بریار دراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە بەشەر دوستەکانیش.

–هەر لە نێوان دوو کۆبوونەوەی دیمشق و تاران دا، دەوڵەتی ئێران لەشکر کیشی‌یەکی گەورەی بۆ سەر سنوورەکانی کوردستانی عێراق ساز داوە و بە توپ باران کردنی دیهاتە سنووری‌یەکان، خەڵکیکی زۆری ئەو ناوچانەی ئاوارە کردوە و بەرهەمی یەک سالێ ڕەنجی شانیانی سووتاندوە. ڕێگاکانی هات وچووی نا ئەمن کردوە و گەلیک مەحدوودییەتی تازەی خستوەتە سەر کاری تیجارەت و معامەلە لە سنوورەکان بەم جۆرە لە لایەکەوە خەڵکی کوردستانی عێراقی ناوەتە ژێر فشارەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە مانوردان و بە نمایشی نیزامی هەولی چاوترسین کردنی خەڵکی تیکۆشەر و ئازادی خواز لە کوردستانی ئێران دەدات.

ئەوانە تەنیا چەند دیار دەیەکی ئەو ریک کەوتنانەن کە بەرهەمی کۆبوونەوەکانی پیشوویان بوون و بی گومان لە ڕۆژەکان و لە مانگەکانی داهاتوودا دەبی چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئاکامەکانی ئاخرین کۆبوونەوەشیان بێن.

←

کوردستان، ئەمرۆ و سبەینی وت وویژ لەگەڵ هاوری ابراهیم علیزاده

وەزعییەتی سیاسی ئەمرۆی کوردستان و، داهاتووی، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە دەدریتە بەر باس و لیکولینەوە چاوگیرانیک لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی ئەم ناوچەیە لە روانگەی سوسیالیستی‌یەوە و دیاریکردنی ئەرکەکانی حیزبی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە، ناوەرۆکی باسی هاوری ابراهیم علیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەند حیزبی کۆمۆنیست و سکرتیری یەکەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنستی ئێران – کۆمەڵەیە، لە وت وویژێک دا لەگەڵ گۆڤاری "کۆمۆنیست".

ئەوەی لێرەدا دەیخوینەوە، وەرگێردراوی ئەو وت وویژەیە.

جم و جوولی چەکدارانەی ئەم دوایی‌یەی جمهووری ئیسلامی لە سنووەرکان بە چ مەبەستیکە و تا ئێستا چ شوێنەوا ریکی بووە؟

هەر وەک دەزانن لە دوو سێ مانگی رابوردوودا جمهووری ئیسلامی لە سنووەرکانی کوردستان دەستی دایە جم و جوولیکی تازە، گاردی شەری گرت و، ژمارەیەکی زیاتری هیزی چەکداری بە درێژایی سنووەرکانی کوردستانی ئێران و عێراق کۆ کردەوە، بە شوین ئەمە دا، ئاوایی‌یەکانی سەر سنووری کوردستانی عێراقی توپ باران کرد و بووە هۆی ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو زەحمەتکێشانە کە ئەم بەینانە پاش ساڵەها مەجالی ئەوەیان دەست کەوتبوو دێیەکان ئاوەدان کەنەوە و بچنەوە سەر مووچە و مەزراکانیان هاوکات لەگەڵ ئەمە هەڕەشەی لە خەڵکی ژمارەیەک لە ئاوایی‌یەکانی سەرسنوری کوردستانی ئێران کرد کە ئاوایی‌یەکان چول بکەن هەروەها ئەوەندەی بۆی کرا ڕێگاکانی سنووری بەست و هەولیدا بۆ پێش گرتن بە هات و چوی خەڵکی ئەم دیو وئەو دیوی سنوور بەم کارانە، کوردستانی ئێران زیاتر لە جاران میلیتاریزە کراوە و رژیم تا رادەیەکی زۆر فەزای سالانی شەری ئێران و عێراقی بۆ خەڵک زیندوو کردوەتەوە .

ڤنیشاندانی چەکدارانەی رژیم لە سنووەرکان کە هاوکات بووە لەگەڵ مانوردان و هیز هینان و بردن لە چەند شاریکی کوردستانیش، پێش هەموو شتیک رووی قسەی لە خەڵکی ناوخۆی کوردستانی ئێرانە لە هەل ومەرجیکدا کە فەزای سیاسی کوردستان لیوا ولیوی نەفرەتیکی بی ئەو پەرە لە جمهووری ئیسلامی و فەزای ئیعتیراز و دەربرینی ناشکرای ناڕەزایەتی پەرەی گرتوە، لە هەل ومەرجیکدا کە رژیم لەگەڵ زۆر گیروگرفتی چار هەڵنەگری ئابووری بەرەو ڕووە و هیچ هیوایەکی بەوە نێیە لە کورت ماوە دا چارەسەریکی بۆ بدوزیتەوە، لە هەمان کاتیش دا فشاری سیاسی و ئابووری لە لایەن دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانە رۆژئاوایی‌یەکانیەوە هەتا هاتوە زیادی کردوە و جمهووری ئیسلامی دەبینی کە لیرە،

ل2

ڕێزگرتن لە 31ی جوزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

بە بۆنەی 31ی جوزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، مەراسمیک لە یەکێک لە مقەرە مەرکەزی‌یە–کانی کۆمەڵە بە بەشداری کۆمەڵێک لە میوانان و دوستان و لایەنگران و هەروەها هاوری‌یانی حیزبی، بەڕیوە چوو.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقە–یەک بیدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ریبازی سوسیالیزم و ئازادی دەستی پیکرد هاوری بەهمەنی عەلی‌یار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە وتارێک دا باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە و تایبەتمەندی‌یەکانی هێزەی پێشمەرگەی کۆمەڵەی کرد و بە باسکردنی هەل و مەرجی ئابووری ئیستای ئێران، تەئکیدی لەسەر ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کردوە.

لە درێژەی ئەو مەراسمە دا هاوری‌یان حوسین شەبەق و ناصر حسامی بە خویندنەوەی شیعر و چەند تیپی موسیقا بە پیشکەشکردنی سروودەکانی کۆمەڵە و بەرهەمی موسیقایی تر، بەشداری‌یان کرد هەروەها چەند پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، خوێندرانەوە.

ل7

هەڵبژاردنەوەی رفسنجانی سەرەتا یان کۆتایی؟

شانوی هەڵبژاردنی ڕەئیس جمهوور بە پێی سناریویەک کە بۆی دیاری کرا بوو، کۆتایی پی هاتوە لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دا رفسنجانی بۆ ماوەی چوار ساڵی تر لەسەر حوکم مایەوە کاربەدەستانی رژیم بە عادەتی هەمیشەیی خۆیان دەستیان کرد بە شوکرانە بژیری ئەم "سەرکەوتنە"بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە بەرێوەبەرانی رژیم ناتوانن لەم هەڵبژاردنە دا هیچ نیشانەیەک لە سەرکەوتوویی بەدی بکەن. نەفسی هەڵبژێرانەوەی رفسنجانی ئەو شتە نێیە کە بلیندگو تەبلیغاتی‌یەکانی دەزگای دەسەلاتداریتی لە ئێران بتوانن بە نیشانەی سەرکەوتنی لە قەلەم بدەن رژیم دەیزانی لەم بابەتەوە،

ل8

کۆمەڵیکی تر لە لاوانی شۆڕشگێڕ چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

ڕۆژی 7ی مانگی جوزەردان، کۆمەڵیکی تر لە لاوانی شۆڕشگێڕ، بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون لە مەراسمیک دا کە بەم بۆنەیەوە لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بەڕیوە چوو، هاوریانی تازە پێشمەرگە کە دەورەی ئاموزشی سیاسی و نیزامی‌یان سەرکەوتوانە تیپەڕ کرد بوو، چەکدار کران. هاوری عسمان خلیلی مەسئوولی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە لەو مەراسمەدا قسەی کرد و ویرای باسکردنی وەزعییەتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش ودەستەنگ و، تووڕەیی و ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەری بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و ئیمکانی هەڵچوون و پەرەسەندنی ئەم ئیعتیرازانە، وتی:

ل6

راگەیاندنی کۆتایی پلینومی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دووهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەڵبژێردرای کۆنگرەی حەوتەم، لە ڕۆژانی ئاخری مانگی گولان دا بەسترا و دوای باس و لیکولینەوەی کافی لەسەر کۆمەڵێک لە مەسەلە گرینگەکانی بەردەم خەباتی سیاسی ئێستا لە کۆمەڵی کوردستان و دەست نیشان کردنی ریبازی عەمەلی کۆمەڵە لە پیناویان دا و هەروەها پیدا هاتنەوە بەسەر ژمارەیەک لە مەسەلە تەشکیلاتی‌یەکان و پەسند کردنی بریاری پیویست بۆ چارەسەر کردنیان، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلینوم بە سروودی ئەنترناسیونال و بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بی دەنگی بۆ ڕیز گرتن لە یادی گیان بەخت کردوانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم، کاری خۆی دەست پی کرد دوای بیستنی گوزارشیک لەسەر هەل و مەرجی سیاسی ئێستا و وەزعی ژیان و بەری چوونی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کرێکاری و ئەگەرە سیاسی‌یەکانی دەورەی داهاتوو، چاو خشاندنەوەیەک بەسەر هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی سیاسی کۆمەڵە و قامک دانان لەسەر دەس کەوتەکان و هەروەها خالە لاوازەکانی ئەم هەڵسووڕانە، بە پەسند کردنی چەند بریار و قەراری پیویست، بناغەی نوێی بۆ باشتر کردنی هەڵسووڕانی کۆمەڵە، چ لە شارەکان و لە جەرگەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان دا وە چ لە کاری پێشمەرگانە و تەشکیلاتی عەلەنی دا دارشت، وە بەم جۆرە جاریکی تر ئامادەیی کۆمەڵەی بۆ ڕۆیشتن بەرەو پیری ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەورەی داهاتوو و کارتی کردنی و وشیارانە و بە نەخشەوە لە سەریان، ڕاگەیاند. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە 3ی جوزەردانی 1372

کوردستان، ئەمرۆ و سبەینی وت وویژ لەگەڵ هاوری ابراهیم علیزاده

سێ دەوڵەتی ئێران و تورکیا و سووریا، گەلێك کێشەی قوول و ناتەبایی چارەسەر نەکراوی خۆیان هەیە و جگە لە مەسەلەی خەباتی گەلی کورد، لە هیچ مەسەلەیەکی گرینگی سیاسی دیکە دا کە ئێستا لە رۆژ هەلاتی ناوەراست و لە ئاسیا لە ئارادایە، نەك هەر هاو هەلویست نێن بەڵکوو لە زۆر جێگاش روبەروی یەکتر ویستاون:

–جمهووری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی سووریە لەسەر وت وویژەکانی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل دوو جیهەتی بە تەواوی جیاوازیان هەیە، سووریە لە کێشەی جەزیرەکانی خەلیج دا کە رژیمی ئیسلامی دەستی بەسەر دا گرتوون لایەنگری شیخ نشینەکانە و ئەندامی پەیمانیکی هاوکاری نیزامیە کە لە ئەساس دا بۆ پێش گرتن بە دەس درێژی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر ولاتانی خەلیج پێك هاتوە و چەندین ناکوکی و کێشەی تر. – کێشە و ناکوکیەکانی جمهووری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیا لەسەر هان دانی ئیسلامیەکانی موخالیفی تورکیا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، لەسەر دەست تیوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی تورکیا، لەسەر کێشەی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، لەسەر تەبلیغات و سیاسەتی پان تورکیستی دەوڵەتی تورکیا و نیگەرانی جمهووری ئیسلامی لە رەنگ دانەوە و کار تێکردنی ئەو سیاسەتە لە ئازەربایجانی ئێران، لەسەر پەرە پی دانی نفووز لە ولاتانی ئاسیای ناوەراست و گەلێك ناکوکی تر.

–کێشەکانی سووریا و تورکیا لەسەر دابەش کردنی ئاوی چومی فورات سەرچاوەی ناکوکی لە میژینەی ئەو دوو دەوڵەتە بووە و تورکیا هەمیشە کێشەی ئاوی فوراتی وەکوو چەکێکی سیاسی بۆ فشار هێنان بۆ سەر دەوڵەتی سووریا بەکار هێناوە و لە رۆژانە دا بە بۆنەی دەست پی کردنی پڕۆژەی سەدیکی تازەوە ئەو کێشەیە زیندوو کراوەتەوە و...

سەرەرای هەموو ئەو راستیانەی کە باسی لێکرا ئەو سێ دەوڵەتە وەختێك خۆیان بەرەو رووی خەباتی عادلانەی گەلێکی ستەمدیدە و مەحرووم دەبینەوە، دەبینن کە چلون لەسەر بە شکست کێشان و لە ناو بردنی ئەو خەباتە و بۆ پاراستنی دەسەلاتی زۆر–دارانەی خۆیان بەسەر چارەنووسی ئەم گەلەدا، بە پەلە ریك دەکەون، خۆیان هاو ئاهەنگ دەکەن و پیلانی هاوبەش دا دەرێژن.

–دەوڵەتی تورکیا نایەوی دەستی لە سیاسەتی شۆڤێنیستی و نەتەوە پەرستانەی خۆی دژ بە خەڵکی کوردستانی تورکیا هەڵبگری و بەندەکانی ستەمکاری میللی لەسەر و پی میلیونها خەڵکی کوردی ئەو ولاتە تەنانەت شل بکاتەوە! ئەرتەشی تورکیا لە کوردستان پاریزەری زالمانە ترین و دژی ئینسانی ترین یاسای رەگەز پەرستانەیە کە پارلمان و دەزگای سیاسی بەرێوەبەرایەتی تورکیا بە درێژایی چەند دە ساڵی رابوردوو، دای رشتوە ئەم بەشە لە ولاتی تورکیا بووەتە پادگانیکی گەورە و بووەتە زیندانیك کە میلیونەها ئینسانی تێدا بە بەند کیشراوە.

–جمهووری ئیسلامی ماوەی چواردە ساڵە، سەرەتایی ترین مافێ ئینسانی لە خەڵکی کوردستانی ئێران پی شیل کردوە و بە پیچەوانەی ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان و بە زۆری چەك، دەسەلاتی خۆی لە کوردستانی ئێران پاراستوە ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە کە بەرەو روو بوونەوەی جیا جیای خۆیان لەگەڵ خەباتی گەلی کورد لە ولاتەکانیان بە کافێ نازانن دەیانهەوی بە یارمەتی دەوڵەتی سووریا و هەر لایەنیکی تر کە ئامادە بی لە پیلانەکەیان دا بەشداری بکات، هەموو توانای سیاسی و ئابووری و دیپلوماتیك و نیزامی خۆیان لە بەرنامەیەکی هاوئاهەنگ و هاوبەش دا لە دژی خەڵکی کورد لە ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا بەکار بینن، بۆ ئەوەی دەسەلاتی زالمانەی خۆیان بەسەر چارەنووسی ئەم خەڵکە دا، بە زۆر درێژە پی بدەن.

ئەگەر دەوڵەتانی پاریزەری سەرمایە، چەوسینەر و دژ بە ئازادی لە ئێران و تورکیا و سووریا، لە کۆبوونەوەکەی تاران دا پیلانە کۆنەکانی خۆیان نوێ کردەوە و لە بەرانبەر خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش دا خۆیان بە هاوپەیمان دەبینن و بۆ خاموش کردنی دەنگی ئازادی خوازی و حەق تەلەبی ئەوان پرۆژەی هاوبەش دادەڕێژن، کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریاش، تەنیا بە پتەو کردنی هاو خەباتی و هاوسەنگەری خۆیان دەتوانن بەرەو رووی ئەو پیلانانە ببنەوە و پووچەلیان کەنەوە ئازاد بوونی گیان و ژیانی میلیونها ئینسان لە دەست دام و دەزگایەك کە بە دیکتاتوری و پی شیل کردنی مافێ سەرەتایی ئینسان و بە زۆری لەشکر و لافاوی چەك و بە کۆشتاری ئینسانەکان و بەیارمەتی دەزگا جاسووسییەکان بەسەر خەڵکی چەوساوە و ستەم لێ کراوی ئەو ولاتانە دا حوکم رەوایی دەکەن تەنیا دەتوانی بەرهەمی ئەو هاوپشتی و هاوسەنگەریە بی.

ئێمە بانگەوازی کرێکاران و کۆمەڵانی تیکۆشەر و ئازادی خواز لەو ولاتانە دەکەین کە دەنگی نارەزایەتی و ئیعتیرازی خۆیان لە دژی ئەو بریارە نهێنییانەی وا لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوە دا گەلالە کراون و ئاکامەکانیان لە کردەوە دا دەبیندرین بەرز کەنەوە.

زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە بە کورد و تورك و فارس و عەرەبەوە، هاوپەیمانی چینایەتی یەکترن و حازر نابن تەسلیمی ئەو تەفرەقەو جیاوازیانە بن کە بورژوازی بە سەریان دا دەسەپینی و جوابی پیلانی هاوبەشی بورژوازی دەسەلاتدار لەم ولاتانە، بە دەست لە ناو دەستنی یەکتر نان و نیشان دانی هاوپشتی چینایەتی خۆیان دەدەنەوە.

وەزعییەتی سیاسی ئەمرۆی کوردستان و، داهاتووی، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە دەدریتە بەر باس و لیکولینەوە چاوگیرانیك لە مەسەلە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە لە روانگەی سوسیالیستییەوە و دیاریکردنی ئەرکەکانی حیزبی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە، ناوەروکی باسی هاوری ابراهیم علیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەند حیزبی کۆمۆنیست و سکرتیری یەکەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنستی ئێران – کۆمەلەیە، لە وت وویژیك دا لەگەڵ گۆڤاری "کۆمۆنیست".

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، وەرگێردراوی ئەو وت وویژەیە.

جم و جوولی چەکدارانەی ئەم دوایی‌یەی جمهووری ئیسلامی لە سنووەکان بە چ مەبەستیکە و تا ئێستا چ شوێنەوا ریکی بووە؟

هەر وەك دەزانن لە دوو سێ مانگی رابوردوودا جمهووری ئیسلامی لە سنووەکانی کوردستان دەستی دایە جم و جوولیکی تازە، گاردی شەری گرت و، ژمارەیەکی زیاتری هیزی چەکداری بە دریژایی سنووەکانی کوردستانی ئێران و عێراق کۆ کردەوە، بە شوین ئەمە دا، ئاوایی‌یەکانی سەر سنووری کوردستانی عێراقی توپ باران کرد و بووە هۆی ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە زەحمەتکێشانە کە ئەم بەینانە پاش ساڵەها مەجالی ئەوەیان دەست کەوتبوو دێیەکان ئاوەدان کەنەوە و بچنەوە سەر موچە و مەزراکانیان هاوکات لەگەڵ ئەمە هەڕەشەی لە خەڵکی ژمارەیەك لە ئاوایی‌یەکانی سەرسنوری کوردستانی ئێران کرد کە ئاوایی‌یەکان چول بکەن هەروەها ئەوەندەی بۆی کرا رێگاکانی سنووری بەست و هەولیدا بۆ پێش گرتن بە هات و چوی خەڵکی ئەم دیو وئەو دیوی سنوور بەم کارانە، کوردستانی ئێران زیاتر لە جاران میلیتاریزە کراوە و رژیم تا رادەیەکی زۆر فەزای ساڵانی شەری ئێران و عێراقی بۆ خەڵك زیندوو کردوەتەوە .

خۆنیشاندانی چەکدارانەی رژیم لە سنووەکان کە هاوکات بووە لەگەڵ مانوردان و هێز هینان و بردن لە چەند شاریکی کوردستانیش، پێش هەموو شتیك رووی قسەی لە خەڵکی ناوخۆی کوردستانی ئێرانە لە هەل ومەرجیکدا کە فەزای سیاسی کوردستان لیوا ولیوی نەفرەتیکی بی ئەو پەرە لە جمهووری ئیسلامی و فەزای ئیعتیراز و دەربرینی ئاشکرای نارەزایەتی پەرەی گرتوە، لە هەل ومەرجیکدا کە رژیم لەگەڵ زۆر گیروگرفتی چار هەڵنەگری ئابووری بەرەو رووە و هیچ هیوایەکی بەوە نێە لە کورت ماوە دا چارەسەریکی بۆ بدوزیتەوە، لە هەمان کاتێش دا فشاری سیاسی و ئابووری لە لایەن دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانە رۆژئاوایی‌یەکانیەوە هەتا هاتوە زیادی کردوە و جمهووری ئیسلامی دەبینی کە لیرە،لە کوردستانی ئێران بەدیل و ئالترناتیوی واقیعی هەیە بۆ بە دەستەوە گرتنی کۆنترولی وەزعییەت، لە هەل ومەرجیکی ئاو دا، بۆ بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ رووداوەکانی داهاتوو، بە پیویستی دەزانی توانایی سەرکوتگەرانەی خۆی پەرە پی بدا و بە نواندن و بەرچاو خستنی هێز و قودرەتی چەکدارانەی خۆی، خەڵك چاوترسین بکا و بەم جۆرە لەمپەر و بەر بەستیك لە بەرانبەر ئیعتیرازاتی جەماوەری دا سازبکا و ئامادەیی خۆی بۆ سەرکوتگەری بە هەمووان نیشان بدا زیاد کردنی هیزی چەکدار لە کوردستان بە پیی رەوشتی جمهووری ئیسلامی یەکیکە لە ریگاکانی وەدەست هێنانی ئەو ئامادەیی‌یە.

مەبەستیکی تری رژیم کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەش هەیە کە باسم کرد ئەوەیە کە بە جیگیر کردنی هێزیکی زیاتر لە سنووەکان، بە کردەوە کۆسپیك بخاتە سەر ریگای هەڵسووڕانی ئوپوزیسیون و بە تایبەت هەڵسووڕانی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە. لە هەمان کاتدا و هەر لەم زەمینەیە دا دەیەوی بە بەستنی رێگاکان و بە کەم کردنەوەی معامەلە و کاروباری بازرگانی لە سنووەکان و بە پەراندنی سنوور و ئازادانی خەڵکی ئەو ناوچەیە، زەخت بخاتە سەر دەوڵەتی تازە پێك هاتووی کوردستان عێراق بۆ سەلماندنی داخوازەکانی جمهووری ئیسلامی.

خاڵیکی گرینگی دیکە ئەمەیە کە جمهووری ئیسلامی رەوتی بەرەو پێش چوونی وەزعییەت لە کوردستانی عێراق و وەزعییەتی سیاسی ئێستای کوردستانی عێراق بە مەسەلەحەتی خۆی نابینی و هەر بۆیە هەول دەدا بە هەر وەسیلەیەك بی سنووری تەئسیری رووداوەکانی کوردستانی عێراق لەسەر فەزای سیاسی کوردستانی ئێران، بەرتەسك بکاتەوە، ئەمە نەك هەر جێگای دلە خورپەی دەوڵەتی ئێرانە، بەڵکوو دەوڵەتی تورکیا و بە رادەیەکی کەمتر دەوڵەتی سووریاش ئەم نیگەرانی–یەیان هەیە و هەر بۆیە ئەم جم و جوولەی جمهووری ئیسلامی لە سنووەکان بە کردەوە لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا و سووریاشەوە پشتیوانی لیکراوە لەو کۆنفرانسانە دا کە ئەم سی دەوڵەتە لە یەك سالّی رابوردوودا هەر بە چەند مانگ جاریك گرتوویانە، لەسەر چوارچیوەی گشتی ئەم جم و جوولە–هەر چەند نەك لەسەر هەموو لایەنە وردەکانی–ریك کەوتوون مەبەستی واقیعی ئەو کۆنفرانسانە–کە هەتا ئێستا نەیان درکاندوە–ولەوانە مەبەستی دوایین کۆنفرانسیش کە ئەم بەینانە لە تاران بەرێوەچوو، هاوئاهەنگ کردن و ریکخستنی هەنگاوەکانی ئەو سی دەوڵەتەیە لە دژی خەباتی خەڵکی کوردستان لەو ولاتانە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم راستی‌یانە، جم وجوولی ئەم دوایی‌یەی جمهووری ئیسلامی لە سنووەرەکانی کوردستانی عێراق، لە هەمان کاتدا تەقالایەکی بۆ ئەوەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی هەریمی کوردستانی عێراق لە بەرێوەبردنی کاروباری خۆیدا تووشی دژواری و گیروگرفتی زیاتر بکا.

پرسیاریك کە لیرە دا دێتە گۆڕ ئەوەیە کە لەم هەل ومەرجە دا کە ئەم کۆسپ و گیروگرفتانەش پەیدا بوون کۆمەڵە چلون تیکۆشانی هێزی پێشمەرگەی خۆی بەریوە دەبا و بە چ شێوەیەك بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم کۆسپانە و بۆ پووچەل کردنەوەیان هەول دەدا؟

پێك هاتنی ئال وگۆڕ لە هەل ومەرجی کاری ئێمە دا لەو ناوچەیە، هەمیشە مەسەلەیەکە کە ڕێی تێ دەچێ و بە دووری نازانین بێجگە لەو هۆیانە کە لە سەرەوە باسم کرد، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە خۆشمانەوە هەیە وەك کۆمەڵە، پەرە گرتنی نیسبی هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە یەك ساڵی رابوردوودا جمهووری ئیسلامی خستوەتە هەوڵی ئەوە کە رێگای جۆراوجۆر بۆ بەربەست کردنی کاری ئێمە تاقی بکاتەوە فشار هێنانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بۆ هێزەکانی بەرەی کوردستانی عێراق یەکێك لەم رێگایانە بووە جگە لەمەش لەیەك ساڵی رابوردوودا جمهووری ئیسلامی بە وەگەر خستنی ئیمکاناتیکی بەرین، پێك هێنانی تۆڕ و رایەڵەی جاسووسی و بە ناردنی تیروریستەکانی خۆی بۆ کوردستانی عێراق، دەستی داوەتە تیرور و بۆمب نانەوە و تەقاندنەوە و... هەولیداوە تا ئەو جێگایەی دەتوانی هەم کوردستانی عێراق بە گشتی و هەم شوینی کار و هەڵسووڕانی ئێمەش بە تایبەتی تووشی نا ئەمنی بکا خۆشبەختانە هەتا ئێستا زۆربەی پیلانەکانی پووچەل کراونەتەوە و ئەمرۆ رژیمی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق رژیمیکی نەفرەت لیکراو و ریسوایە.

پێش ئەوەی لە بابەت چونیەتی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم کۆسپ و گیروگرفتە تازانە و چونیەتی پووچەل کردنەوەیان شتیك بڵێم، پیم خۆشە سەرەتا ئیشارە بەوە بکەم کە هەر وەك پیشتریش وتوومانە، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بەشداری کردن لە کەم کردنەوە و سووك کردنی ئەو مەینەت و کویرەوەری‌یانە–دا کە ئەمرۆ خەڵکی کوردستانی عێراق لەگەڵی دەستە و یەخەن، بە ئەرکی خۆمان دەزانین و لە خەباتی عادلانەی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق بۆ بەدەست هێنانی مافە ئینسانی‌یەکانی خۆیان و بۆ باشبوونی هەل ومەرجی ژیانیان، پشتیوانی دەکەین بەرەو پێش چوونی ستراتیژی سیاسی ئێمە لە کوردستانی ئێران کە بابەتی سەرەکی کار و تیکۆشانمانە، ناتوانی هیچ ناتەبا– یی‌یەکی لەگەڵ ئەم هەلویستە هەبی.

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بەم مەحدوودییەتانەوە هەیە کە ئێوەباستان کرد، پێش هەموو شتیك دەبی تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە شارەکان و مەرکەزەکانی جەمعییەت لە کوردستانی ئێران شوینی سەرەکی هەڵسووڕانی کۆمەڵەن کە بە شێوەی تەبیعی نە کەوتوونەتە ناو بازنەی ئەم جۆرە زەخت و فشارانە و ئێمە بەرنامەیەکی رۆشن مان هەیە بۆ بەرەو پێش بردنی کار و تیکۆشانی خۆمان لەو شوینانە، کە لە جێگای خۆی دەکری باسی بکەین سەربارەت بە تیکۆشانی چەکدارانە و پێشمەرگانەش دەبی بڵێم کە ئێمە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی ئێران لە حاڵی شەر داین هەڵگیرسان و بەرپا بوونی ئەم شەرەش بەرهەمی هەل و مەرجیکە کە جمهووری ئیسلامی پیکی هێناوە ئەم شەرە هەتا ئەو کاتەی ئەم هەل ومەرجە بمینی، درێژەی دەبی ئەو شتە کە لە وەزعییەتی ئێستا دا و بە لەبەر چاو گرتنی هەل ومەرجیك کە خەڵکی کوردستانی عێراق تییدان و بە لەبەر چاو گرتنی ئەگەری ریك کەوتنی حکوومەتی هەریم کوردستانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، سەر لە نوێ دەردریتەوە بەر لیکولینەوە و هەڵسەنگاندن، شکل و شێوەکانی بەرەو پێش بردنی ئەو فەعالییەتانەیە لە هەل ومەرجی تازە دا نەك ناوەروکەکەی.

لە بابەت پووچەل کردنەوەی ئەو مەحدوودییەتانە کە لەوانەیە بینە پێش ئێمە پێش هەموو شتیك خەریکی بەرەو پێش بردنی ئەو سیاسەت و هەنگاوانەین کە کۆمەڵە وەك رێکخراویکی سیاسی ریکخەری رەوتی سوسیالیستی و کرێکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا دەکەنە خاوەنی جێگا و شوین و بناغەیەکی وەها قایم و جێگیر بوو کە هیچ هێزیك نەتوانی هەڵیکەنی بەڵام بە

شێوەی موشەخەس و لە هەل ومەرجی ئێستا دا سەرخەتی سەرەکی تریئی ئەو هەنگاوانە کە لەم زەمینەیەدا هەڵگیراون وە یا هەڵدەگیرین هەتا ئێمکانی دەسدرێژی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر هەندیک مەیدانی دیاریکراوی تیکۆشانی ئێمە بەربەست بکەن و پیلانەکانی لەم زەمینەیە دا پووچەل کەنەوە، ئەمانەن:

پێک هێنانی ئێمکاناتی پیویست بۆ بردنە سەرێی توانایی رەزمی و جەنگی کۆمەڵە لە ناوچەکانی قوولایی کوردستانی ئێران هەتا رژێمی جمهووری ئیسلامی نەتوانی بە بیانووی "پاراستنی هیمنایەتی سنوورەکان" لەسەر تیکۆشانی پیشمەرگەنەی ئێمە بارمتە لە خەڵکی کوردستانی عێراق بستینی رۆشنگەری سیاسی و پەردە هەڵدانەوە لەسەر مەبەست و بەرنامەکانی جمهووری ئیسلامی لەو ناوچەیە و روونکردنەوەی ئەم لایەنە بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق و پتەو کردنی هاوپشتی خەباتکارانەی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق لەگەڵ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستانی ئێران، رەچاوکردنی هەندیک ئیقدام و هەنگاوی هاوئاهەنگ و هاوبەش لەگەڵ حیزبە ئوپوزیسیونەکانی کوردستانی ئێران هەر لەم زەمینەیەدا و شتی تری لەم چەشنە.

بێجگە لە باسی جم و جووڵی تازەی رژیمی جمهووری ئیسلامی و چونیەتی بەرەنگار بوونەوەی، بە گشتی لە ساڵ و نیوی رابوردوو دا شاهیدی سەر لە نوێ دەستپێکردنەوە و پاشان پەرەگرتنی سەر لە نوی هەڵسووڕانی کۆمەڵە و حوزووری کاریگەر تری لە مەیدانی سیاسیی ناوچەکەدا بووین رەنگدانەوەی ئەمە، نەک هەر لەوەڕی گەش و شادمانەی جەماوەری زەحمەتکێش دا بەڵکوو تەنانەت لە قسە و راوێژی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامیش دا دەبینری پیمان خۆشە لەم بابەتەوە زیاتر خوێنەرانی گۆڤاری"کمونیست" ئاگادار بکەن.

ئەم روانینەی ئێوە بۆ هەڵسووڕانی ساڵ و نیوی رابوردووی کۆمەڵە، هەلبەت دروستە ئێمە لەو ماوەیە دا سەر و سامانیکمان بە هەڵسووڕانی ریکخراوەیی خۆمان لە شارەکانی کوردستان داوەتەوە و توانیومانە لەم زەمینەیە دا دەوریکی چالاکانە تر ببینین توانیومانە ئامادەیی بۆ بەشداری لەو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییانە دا کە هەر ئێستا لە کوردستان هێزی هەڵگرسانیان هەیە، تا رادەیەکی زۆر زیندوو کەینەوە، زمانی ئالوز و غەیرە کۆمەڵایەتی خۆمان کە لە تەبلیغاتی سیاسیمان دا، بەرانبەر بە سوننەتە دواکەوتوەکانی نێو کۆمەڵی کوردستان، خەباتیکی بە کردەوە کارامەتر و کاریگەر تر بەرەو پێش بەرین، سنووری جیا کەرەوەمان لە ناسیونالیزمی کورد لە جەرگەی خەباتیکی موسر و واقیعی دا بپاریزین، ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی تیکۆشەری کوردستان بۆ هەڵسووران لە رێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دا ئامادە بکەین و توانایی‌یە جەنگی‌یەکانی خۆمان وەک حیزبیکی خاوەنی باسکی چەکدار گەشە پی بدەین و ئەو ئامادەیی‌یە پیک بێنین کە لە وەختی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش چەکدار بکەین لە یەک کەلامدا، توانیومانە ئەو تەپ و تۆزە بسرینەوە کە بە هۆی گیروگرفتەکانی دوو سێ ساڵی پێشتر لەبەر چاوی جەماوەر لە روخساری کۆمەڵە نیشتبوو بەڵام هەموو ئەو کارانە کە کراون، لە چاو ئەو چاوەروانی‌یە کە کۆمەڵ لە بالی رادیکالی خۆی هەیەتی و لە چاو ئەو نەقشە و پروگرام و ئامانجانە کە زۆر پێشتر رامان گەیاند بوون، تەنیا بە هەنگاویکی چکۆلە بەرەو پێش حیساب دەکرین ئیمکانیکی زیاترمان پی دەدەن بۆ بەرەو پێش چوون هەر ئەوەندە و هیچی تر.

هەر وەک ئاماژەتان بۆ کرد، هەڵسووڕانی چەکدارانە تەنیا یەکیکە لە شکەڵەکانی خەباتی شۆڕشگێرانەی زەحمەتکێشان و، هێزی چەکداری کۆمەڵە باسکی چەکداری حیزبیکی سیاسی و شۆڕشگێرە و هەر بۆیە ئێمە زیاتر لە هەموو شتیک ڕوومان لە وشیار کردنەوە و ریکخستنە لەبابەت ناوەڕوکی ئەم لایەنەی هەڵسووڕانی کۆمەڵە دواتر قسە دەکەین ئێستا پرسیاری ئێمە ئەوەیە کە ئێوە دا هاتووی خەباتی چەکدارانە وەک شکلیکی ئیعتیرازی شۆڕشگێرانە لە کۆمەڵی کوردستاندا چون دەبینن؟

سەبارەت بە مەسەلەی چەکدار مانەوە و خەباتی چەکدارانە، هەلویستی ئێمە ڕۆشنە ئێمە لە هەل ومەرجیکی تاریخی و سیاسی دیاریکراو دا چەکمان هەڵگرتوە و هەتا ئەو کاتەی دوژمنانی ئێمە چەکدارن و چەکدارانە و بە زەبر و زەنگ و سەرکوتگەری مافەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش پی شیل دەکەن، چەکدار دەمینینەوە باسی جێگای خەباتی چەکدارانە بۆ ئێمە شتیکی تازە نێیە و داوەری و ڕۆشن بینی یەکی جی کەوتوو لەم بابەتەوە لە نێو ئێمە دا هەیە و ئەو هەڵسەنگاندن و بوچوونە لە ڕێگای ئێمەشەوە چووەتە نێو کۆمەڵی کوردستان ئەوەی لەم بابەتەوە شیاوی باسکردن بی ئەوەیە کە ئەمڕۆ حیزبە نەتەوەیی‌یەکانی کوردستان بە بیدەنگی خەریکن ئال وگۆڕیکی سەرکی ڕوانگە و بوچوونەکانی خۆیاندا لەم بابەتەوە پێک دێنن و هەلویست دەگورن کاتیک ئێمە ساڵی 1365 لە کۆنگرەی پینجەم دا و ساڵی 1367 لە کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە دا هەولمان دا تی‌گەیشتن و ڕوانینیکی جیاواز لە سوننەتی ڕایج لە کوردستان لەم زەمینەیەدا بینینە گۆڕ و ڕێگای خۆمان لەم مەیدانەدا بە تەواوی لە سوننەتی ناسیونالیستی جیا بکەینەوە، لەسەر ئەم بوچوون و سیاسەتە، لە لایەن حیزبە میللی‌یەکانی کوردستانەوە دراینەبەر ڕەخنە کە گۆیا کۆمەڵە بە هێنانە گۆڕی ئەم باسانە ڕێگا بۆ وەلانانی خەباتی چەکدارانە خۆش دەکا کەچی ئەمڕۆ دەبینین کە چ بە شێوەی بۆچوونیکی دارژاو و بە بەیانیکی فورموولە کراو لە لای هەندیکی تریان، قسە لە کۆتایی خەباتی چەکدارانە دەکری و باسی ئەوە دەکری کە ئەم شێوەیە لە خەبات دەورەی بە سەر چووە ئێمە نە ئەوەکات ژیستی "جەنگاوەرانە"ی ئەوانمان سەلماند و نە ئێستاش خۆشباوەری لیبرالی ئەمڕۆیان بەوە کە گۆیا دەورەیەکی تازە بەسەر دا هاتوە و تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم دەورەیە بریتین لە دیموکرات بوونەوەی هەموان و "کاری قانوونی، ڕۆژنامەگەری، دیموکراتیک و پارلمانی" قەبوول دەکەین.

لە بابەت دا هاتووی خەباتی چەکدارانە، بە لەبەر چاو گرتنی وەزعییەتی سیاسی ناوچەکە، ئێمە هەڵچوونی بوحرانی شۆڕشگێرانە و ئاخیزی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان بە ڕووداویکی نزیک دەزانین و خۆشمان بۆ نزیک تر کردنەوەی ئەو ڕۆژە خەبات دەکەین لە هەل ومەرجیکی وادا هێزی چەکداری کۆمەڵە بەو توانایی‌یانە کە هەر لە ئێستاوە خەریکی گەشە پیدانیانین بە خیرایی دەست دەداتە چەکدار کردنی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و زەمینەی سەرکەوتنی قەتعی و خیراتر و ئاسان تری ڕاپەڕینی جەماوەری فەراهەم دەکا. ڕادەی هەڵسووڕانی ئەمڕۆی ئەو هێزە و شکل و شێوەکانی کار و هەڵسووڕانی، لە ڕوانگەی ئێمەوە، تەئسیر ناکاتە سەر ئەو دەور و جێگا و شوینە کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەوەها هەل ومەرجیک دا دەیبی.

ئەو گورانەی بوچوون و هەلویستی حیزب و جەرەیانە میللی‌یەکان لە کوردستان لە حاست مەسەلەی خەباتی چەکدارانە، لە هەمان کاتدا تیکەوڵاوە لەگەڵ هیواداری‌یەکی یەکجار زۆر بەو شتە کە پێی دەگرتوی "پروسەی دیموکراسی" و "پروسەی ئاشتی" و شتی لەم بابەتە ئێوە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ئێران وسەرجەمی ناوچەکە هەیە، ئەم هیواداری‌یە چەند بە واقیعی دەزانن؟

وایە ئەم تەعبیراتە ئەم ڕۆژانە لەم ناوچەیە زۆر دەبیستری ئەو کەسانە کە لیرە لەسەر ئەم جۆرە تەبلیغاتە سەرمایەگوزاریان کردوە، وا دیارە هێشتا لە حاڵ و هەوای ساڵانی 89و90 دا دەژین، ئەو کەسەی هێشتا خۆی بەم ئیددیعانەوە دەخافلینی کاری گەیشتوەتە ئەوە کە بە ئاشکرا حەقیقەتەکان ئاوەژوو کاتەوە و بە پیچەوانەیان نیشان بدا ئەگەر قسە لەسەر وەزعییەتی جیهان پاش ڕووخانی شوورەوی و کۆتایی دەورەی شەری سارد و ئەو بەلینانەیە کە لایەنی سەرکوتووی ئەم "شەر"ە بە خەڵکی جیهانی دا، دەبی بڵیین کە مەسەلەکە لە دنیای واقیع دا و بە کردەوە، زۆر زووتر لەوە کە لە میشکی هیچ لیبرالیکی خۆشباوەر دا بگونجی، ڕوون بووەوە ئاوڕدانەوەیەک لە وەزعیی ئێستای ئوروپای ڕۆژهەلات و ولاتانی شوورەوی پیشوو، زۆر شت بە ڕوونی نیشان دەدا ئەمڕۆ باسی"پروسەی ئاشتی" و"دامرکانەوەی ناوەندەکانی بوحران" کەس گوێی ناداتی ڕۆژئاوای لایەنی سەرکەوتووی شەری سارد نەک هەر هیچ ناوەندیکی ئالوزی و بوحران و شەری خاموش نەکردوە بەڵکوو خۆی بووەتە هەڵگرسینەری گەورەترین شەر و خوێن ڕشتنەکانی ئەم دەورەیە دەیان شوێنی تر شەریان تیدا هەڵگیرسا و دەیان مەزکەزی تر بە مەرکەز و کانگاکانی پێشووی شەر و سەرکوت و خوێن ڕشتن زیاد بوو کیشەی میللی و نەژادی و مەزهەبی، میلیونەها ئینسانی لە گۆشە و کەناری جیهان گرتوەتە بەر، کە ئێستا لیرە دا ناپەڕژێینە سەر باسکردنیان تەجرەبە و ئەزموونی جیهانی هیچ خاڵیکی ڕوونی بە قازانجی ئەو کەسانە تیدا نێە کە دلیان بە ڕۆژئاواو "پروسەی ئاشتی" خۆش کروە کەوایە با ئەو پروسەیە کە لیرە هەیە، بە شێوەی موشەخەس لە چوارچیوەی ئەو فاکت و نموونە و حەقیقەتانە دا باس بکەین کە لیرەش بەرچاو دەکەون.

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە دەوڵەتانی ئێران و عێراقەوە هەیە، هاوپەیما-نانی ڕۆژئاوایی دەیانەوی ئەم دوو ولاتە وا لی بکەن کە شێوەی حکوومەتی و سیاسەتە عەمەلی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندەکانی ولاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت لەگەڵ بەرژەوەندی ئامریکا لەم ناوچەیە، هاوئاهەنگ بکەن باسی دیموکراسی و مافێ مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە لەبەر چاوی خەڵکی جیهان مەشرووعییەتیکی ئەخلاقی بەم سیاسەتانە بدەن ئەگینا زۆر دەوڵەتی "گوێ رایەڵ" هەن کە خاوەنی دواکەوتووترین سیستمی بەڕێوە بردنی ولاتن و هێشتا لە ژیر چەترەی پشتیوانی دەوڵەتی ئامریکا و ڕۆژئاوادا لە هەموو دنیا و لەوانە هەر لەم ناوچەیەش دڕێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن وەک عەرەبستانی سعوودی و کویت و هتد وباسیکیش لەوە نێە کە مافێ مرۆڤ لە ولاتانە پی شیل دەکری .

لە بابەت کوردستانی عێراق، وەبیر هێنانەوەی ئەو خاڵە پیویستە کە لە دوو ساڵی رابوردوو دا دەوڵەتی ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بیجگە لەوە کە هەندیک یارمەتی ئینسانی‌یان بە هۆی دەزگاکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە شێوەیەکی کەم و کورت گەیاندوەتە کوردستان، هەنگاویکی تریان هەلنەگرتوە و لەمە واوەتر نەچوون ئەوانە هیچ یارمەتی‌یەکیان نەداوە بە جێگیر بوونی ئەو دەزگا و دامەزراوانە کە بتوانن سەر و سامانیکی تا ڕادەیەک ئەساسی بە وەزعی ئابووری و بەرهەم هێنانی ئەم ناوچەیە بدەن دەوڵەتی تورکیا هەتا ئێستا ڕێگای لە هاتنی ئەو کالاو کەل و پەل سەرەکی‌یانە بەستوە کە بۆ وەگەڕ خستنەوەی دەزگا تەولیدی و سەنعەتی‌یەکان پیویستن و ولاتانی ڕۆژئاواش چاوپوشی‌یان لەم کارەی تورکیا کردوە و بەم بیدەنگە لیکردنە تەئییدیان کردوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەزگاکانی سەر بەو ڕێکخراوەش لە ساڵی رابوردوو دا بۆ گەیاندنی چەندە میلیون دولار یارمەتی بۆ خەڵکی کوردستان، لێ نەهاتوویی و دەستەوەستانی‌یەکی یەکجار زۆری لە خۆی نیشان داوە بە بی هیچ سەبەب و ڕێگریک بێجگە لە ڕادەیەکی یەکجار کەمی سووتەمەنی و ئازووقە کە هەر لەو چوارچیوەیە دا بەلینی درابوو، هیچی تر نەگەیشتە کوردستانی عێراق ئە دەوڵەتانە کە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا نێو میلیون سەربازیان بە هەموو کەرەسە و ساز و بەرگی لە شکرەوە و بە قورسترین جبەخانە و تانک و توپ و تەیارەوە لە سەحراکانی عەرەبستان دابەزاند گۆیا نەیانتوانیوە یارمەتی‌یەکی چەند میلیون دولاری بە درێژایی ساڵیک بگەیەننە خەڵکی کوردستانی عێراق! واقعییەت ئەوەیە کە ئامانە، یارمەتی بەشەر دوستانەشیان هەر ئەوەندە لە چنگ هەلدەوەری کە لیرە خەڵکی پی چاوەروان ڕابگرن و لەوی لە ولاتانی خۆیان بیرورای گشتی پی فریو بدەن و بەم سیاسەتە خۆیان بگنجینن هەتا لە جەرگەی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و هاوپەیمانەکانیاندا لە ناوچەکە، بە ئال وگۆڕی دلخوازی خۆیان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عێراق بگەن بە کورتی بۆ ئەوان ئێستا کوردستان جگە لەوە وەک وەسیلەیەک بۆ فشار هێنان بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی کەڵکی لی وەرگرن، هیچ شتکی ترنیە بەڵام هەر ئەم سیاسەتە لە هەمان کاتدا ئیمکانیان پی دەدا کە جێگا پی یەک پەیدا بکەن بۆ کەم کردنەوەی توانایی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان و ڕاکێشانی بۆ ناو چوار-چیوەیەکی قابیلی قەبوول بۆ نەزمی ئەمپریالیستی، لە داهاتوودا.

ئەوە کە هێزی ناسیونالیستەکانی کردستانی عێراق بیانەوی لەم مەوقعییەتە جیهانی‌یە و هەر لەم پیویستی‌یەی ڕۆژئاواش بۆ خۆیان کەڵک وەربگرن هەلبەت لە چوارچیوەی سیاسەتەکان و ڕەوشتەکانی خۆیاندا، جێگای خۆی هەیە، بەڵام من ئەو هیوادار بوونەیان بەوە کە ئامریکا مەبەستیکی وا وەتر لەوەی هیە کە لە بەغدا حکوومەتیکی گۆی ڕایەلە لەسەر کار بێ، بە هیواداری‌یەکی بی جی دەزانم بەڵام مەسەلەکە لیرەدایە کە بڵاو بوونەوەی ئەم خۆشباوەری‌یە لە نێو خەڵکی کوردستانی عێراقدا، کۆمەڵانی تیکۆشەر و حەقخواز بە کردەوە لە خەباتی ڕاستەوخۆ بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان دوور دەکاتەوە و لە حاشیەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا دا چاوەروانیان دەکا و دەستە وەستان ڕایان دەگری هەتا کەی و لە چ هەل ومەرجیکی دیکە دا لە خزمەت سیاسەتەکانی ئامریکا دا بتوانن دەوریکی تر بگێڕن.

بەڵام بەریوە چوونی سیاسەتەکان و وەدی هاتنی ئامانجەکانی ئامریکا و هەوپەیمانە ڕۆژئاوایی‌یەکانی لەو ناوچەیە، وەلامیک نێە کە شیاوی ئازادیخوازی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق و ئەو هەموو ڕەنج و مەینەتە بی کە بە سەریان هاتوە.

ئەوە کە ئامریکا بۆ تەنگەتاو کردنی زیاتری جمهووری ئیسلامی گۆشەی چاویکیشی لە مەسەلەکانی کوردستانی ئێران کردوە، حیزبە ناسیونالیستە کوردە- کانی لە ئێرانیش وەسوەسە کردوە کە لەم شەخسە تیتۆلێک دادڕن هەتا مەبادا لەم قافلەیە بەجێ بمینن پیویست نێە کەسێک کۆمۆنیست و تیکۆشەری بزووتنەوەی کرێکاری بی هەتا لەو حەقیقەتە بگا کە دەوڵەتی ئامریکا لە ئێران هیچ مەبەستیکی نێە جگە لەوە کە بەرەبەرە و بە شێوەیەکی حیسابکراو زەخت بخاتە سەر ڕژیمی جمهووری ئیسلامی هەتا وای لێبکا لە بەرانبەر ئامریکا ولاتانی هاوپەیمانی ئامریکا لە ناوچەکە نەرمی نیشان بدا و دەست لە نافەرمانی و کەڵەوە کێشی هەڵگرێ، هەروەها پیویست نێە کەسیک کۆمۆنیست و تیکۆشەری بزووتنەوەی کرێکاری بی هەتا تی بگا کە دەوڵەتی ئامریکا هیچ قازانجیکی لەوەدا نێە کە دەزگای دەوڵەتی ئێران بەرەو بوحرانیکی سیاسی هەوسار پچڕا و بەری، بوحرانیک کە داهاتووەکەی لە ڕوانگەی ئامریکاوە نارۆشنە و هیچ زەمانەتیک بۆ ئەوە نێە کە سەرەنجام لە جەرگەی ئەو بوحرانەوە حکوومەتیکی دلخوازی ئامریکا سەر هەڵدا لە حاڵیکدا ڕۆشنە کە ڕووخانی جمهووری ئیسلامی

ئەگەر لە ئەنجامی راپەڕینی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دا ڕوو بدا، تەئسیر و شوێنەوارەکانی و پریشکی ئەو ئاگرە داوینی هەموو هاوپەیمانانی ئامریکا لەو ناوچەیە دەگرێتەوە و بیگۆمان ئەمە ڕووداوێک نێە کە ئامریکا هەوڵی بۆ بدا، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان بۆ زەمانەتی سەرکەوتنی خۆی ناتوانی پشت بە هیچ شتێک ببەستی بێجگە لەو هێزەی خۆی کە هاتوەتە مەیدان و خۆی ڕێکخستوە.

پیم وایە لیرەدا دەبی بچینە سەر باسی مەسەلەیەکی تریش ئەویش ئەو جێگا و شوێنەیە کە مەسەلەی میللی لە کوردستان بە دەستی هێناوە ئەم مەسەلەیە لایەنی جۆراوجۆری هیە کە لە جێگای خۆیدا قابیلی لێکۆلینەوەن بەڵام مەبەستم لیرەدا بە شێوەی موشەخەس ئەوەیە کە لە هەموو جێگایەک لە ژیر ناوی ئەوەدا کە دەورەی ئێستا دەورەی مافێ میللی و مەسەلەی میلیی یە، ناسیونالیزمە جۆراوجۆرەکان ئەم ئیحساساتە باوەشین دەکەن و هەول دەدەن شەپولیک لە نێو خەڵکدا وەری بخەن کە لە ژیر تەئسیری ئەو شەپۆلە دا مەسەلە واقیعییە چینایەتیەکان، داخوازە کرێکاریەکان، مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، ماف و ئازادیە سیاسیەکان و،... پاشەکشەیان پی بکری.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو وەزعە و بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە ستەمی میللی لە کوردستان هەیە و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە دژی گەڵی کورد هەروا بەردێوە دەچی، هەروەها بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە ئەگەری تەئسیر دانانی وەزعی کوردستانی عێراق لەسەر کوردستانی ئێران هەیە، ئێوە چ ئاڵ وگۆڕێکی سیاسی لەم بابەتەوە لە نێو خەڵکدا دەبینن؟ ئایا مەیلی جەماوەر بەرەو ئالترناتیوی ناسیونالیستی زیاتر بووە؟ وە سەرەنجام، سیاسەتەکان و هەول و تێکۆشانی ئێوە وەک ڕەوتێکی کرێکاری و ئەنترناسیونالیست بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم وەزعە و بۆ ئەوەی وەلامێکی سوسیالیستی بەم وەزعە بدەنەوە، چیە؟

حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد دەیان ساڵە لەم ناوچەیە، لەسەر بناغەی وجوودی ستەمگەری میللی پێک هاتوون و لە مەیلیکی کۆمەڵایەتی واقیعی لەم کۆمەڵگایە دا هێز وەردەگرن و لەو لاشەوە هەوڵ دەدەن ئەخلاق و فەرهەنگ و سیاسەتی خۆیان لەم کۆمەڵگایە دا پەرە پی بدەن لەم بابەتەوە ئێمە لەگەڵ هیچ دیاردەیەکی تازە بەرەو ڕوو نێن فاکتورە تازەکانی ئەم مەسەلەیە، یەکیان بەردەوام بوونی بوحرانی سیاسی لە عێراق و ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابوردووی ئەو ولاتەیە و، ئەوی تر، دریژەی ناکۆکیەکانی نێوان ئامریکا و جمهووریئیسلامیە ئەم وەزعییەتە سیاسیەیە کە موشەخەسەیە کە ناسیونالیستەکانی کوردستانی لە ئێران و عێراق خستوەتە تەقالا هەتا لە کەلین و قوژبنی سیاسەتە-کانی ئامریکا دا ڕێگایەک بۆ وەدی هاتنی ئارەزووی لە میژینەی خۆیان بدوزنەوە بەڵام جەنجال سازکردن و پروپاگەندە لەسەر ئەم وەزعییەتە و ئەم سیاسەتانە نابێتە هۆی پتەو بوونی جێگا و شوێنی ئەو حیزبانە و"موعتەبەر" بوونی ئالترناتیوە ساسیەکەیان بە هەر ڕادەیەک کە سیاسەتی ڕۆژئاوا لەم دەورەیە دا لە کردەوە داوبە شێوەیەکی بەرچاو بووبێتە هۆی بە هێز بوونی ئەو حیزب و جەرەیانانە، بە هەمان ڕادەش ئالترناتیوە سیاسیەکەیان لە نێو بەشێکی بە نیسبەت بەرینی خەڵکیش دا زیاتر مەقبوولییەت پەیدا دەکا بەڵام ئەزموون و تەجرەبەی ڕاستەوخۆی ئەم خەڵکە لەم ماوەیە دا لە بابەت یارمەتییەکانی ڕۆژئاوا ئامریکا، تیکەلاویک بووە لە بی هیوایی و چاوەروانی حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان" سیاسەتی چاوەروان مانەوە" ی لە میژینەی خۆیان لەم بابەتەوە، بەسەر خەڵکی کوردستانیش دا سەپاندوە.

کەوایە دەرگەریمەوە سەر وەلامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان خۆشباوەری بە ئالترناتیوی سیاسی ناسیونالیزم دریاردەیەکی جی کەوتووتر و لە میژینە تری نێو کۆمەڵی کوردستانە کە تەجرەبە و ئەزموونی ڕۆشنی ئەم دەورەیە نەک هەر ئەم خۆشباوەریەی زیاتر نەکردوە بەڵکوو بە شێوەی جیددی دوو دڵی و گۆمانی لە بابەت کار ساز بوونی ئەم سیاسەت و ڕەوشتانە لە نێو بیر و زەینی خەڵکدا پێک هێناوە بەڵام بە تایبەت کاتێک لەسەر کوردستانی ئێران قسە دەکەین ئەم بەراورد و لیکدانەوەیەمان، بە مانای کەم بوونەوەی سەختیەکان و دژواری-یەکانی ئەو ڕێگایە نێە کە ڕەوتی سوسیالیستی و کرێکاری لە کوردستانی ئێران دەبی بیبرێ واقعییەت ئەوەیە کە ئەگەر ناسیونالیستەکان خۆیان تاکە سواری ئەم مەیدانە بن و ڕەوتی وەزعییەت بە دەستی سیاسەتەکانی ئەوان بسپیردری، هیچ گۆمان لەوەدا نێە کە گەلیک کوێرەوەری و مەینەت ڕوو لە خەڵکی کوردستان دەکەن چینی کرێکار و ڕەوتی سوسیالیستی لە کۆمەڵی کوردستاندا دەتوانن پێش بەم ڕەوتە بگرن.

توند بوونەوەی بوحرانی سیاسی و بی سەقامی و ئالوزی وەزعیی ئابووری ئێران و نەداری و هەژاری یەکجار زۆر، بە تایبەت لە هەل ومەرجیک دا کە ئالتر-ناتیویکی کرێکاری و سوسیالیستی نەبی کە ببیتە جی نشینی جمهووری ئیسلامی، بیگۆمان زۆر زیاتر لە تەئسیری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق، مەسەلەی میللی لە کوردستانی ئێران و تەنانەت لە بەشەکانی تری ئێرانیش دینیتە کایەوە جگە لەوەش، پشتیوانی ئامریکا و دەولەتانی ڕۆژئاوا لەحیزبە ناسیونالیستەکان تەرازووی سیاسی ئێستا بە قازانجی ئەم حیزبانە دەگۆڕی و بە هەر ڕادەیەک کە ئەم پشتیوانییە مانا یەکی ماددیی تر و هەست پیکرا وتری هەبی جێگا و شوێنی ئەو حیزبانە قایمتر دەبی و لە ئەنجامدا مەیلی ناسیونالیستی لە کۆمەڵدا گەشە دەکا هەر تا ئێستاش، سەرەڕای ئەوە کە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق هەندیک تەئسیری دیاریکراوی کردوەتە سەر کوردستانی ئێران، هێشتا داهاتووی ڕەوتی ناسیونالیستی لە کوردستانی ئێران، بە بوحرانی سیاسی لە ئێران و داهاتووی ڕژیمی جمهووری ئیسلامییەوە زیاتر بەندە.

بەڵام ئەوەی کە گەشەی مەیلی ناسیونالیستی چ کارێک دەکاتە سەر ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران، هیچ گۆمانی تیدا نێە کە ئەم مەیلە بۆ چینی کرێکار ژەهراویە بەڵام بە بروای من لەو دەورەیە دا کە ئێمە تییدا دەژین ئەم جۆرە وەهم و خۆشباوەرییانە بە هەر حاڵ کورت خایەنن و، زۆر زووتر لەوە کە ناسیونالیستەکان بیری لی دەکەنەوە، بناغەی یەکگرتنی میللییان دەکەوێتە لەرزین و کۆمەڵ لەسەر بناغەی بەرژەوەندی واقیعی چینەکان، ڕێز-بەستنی خۆی شکل پیدەدا بەڵام دیارە قسە لەسەر ئەو کۆرت ماوەیەشە هەر لەو ماوە کورتە دا لەم چەندمانگە دا یان لەو یەک دوو ساڵە دا ناسیونالیزم دەتوانی کۆمەڵ بەرەو کارەساتیکی تال و خوینناوی بەری وەک ئەگەریک دەبی بڵێین یەکێک لەو مەترسییانە کە لەوانەیە هەرەشە لە کۆمەڵی ئێران بکا ئەوەیە کە ئەم ولاتە بکەوێتە گیژاوی ڕقەبەری و دوژمنایەتی میللی و قەومی و،... ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان، زیاتر لە هەموو شتێک، بۆ پێش گرتن بەسەر هەڵدانی ئەم وەزعە هەول دەدەین ئەگەر بە پێچەوانەی ئارەزووەکانی ئێمە و لە ژیر تەئییری سیاسەتە عەمەلییەکانی بورژوازی و ئەو بوحرانە سیاسی و ئابووری یەدا کە تووشی بووە، تەفرەقە و دوژمنایەتی میللی، ئەو ئینسانانەی بەرەنگاری یەکتر کردەوە کە عومریک لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی و هیمنایەتی ژیاون، لەو هەل ومەرجە دا ئێمە دەمانەوی حیزبیک بێن خاوەنی قسە ڕەوایی و جێگە متمانەی سیاسی و ئیمکاناتیکی ڕێکخراوەیی کە بتوانین پیش بەوە بگرین ئەم وەزعە ببیتە کارەساتیکی جەرگ بر و هەوسار پچراو کە دیارە شوینەوارەکەی هەتا ساڵانی دوور و درێژ دەمینیتەوە دیارە وەک ڕەوتیکی کرێکاری و سوسیالیست تەنیا کاتیک دەکری خەباتیکی جیددی لە دژی جیاوازی و دوژمنایەتی میللی بەریوە بەری و موژدەبەخشی ڕاستەقینەی بەرابەری ئینسانەکان بی کە لە هەمان کاتدا لیبراوانە و پەیگیر بۆ سرینەوەی ستەمیمیللی و هەموو شوینەوار و ئەنجامەکانی، بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی تیکۆشابی.

بە پێی ئەو ڕاپورتانەی گەیشتوون، ڕژیمی ئیسلامی ئێران بە هاوکاری یەک دوو ڕێکخراوی سەر بەو ڕژیمە لە کوردستانی عێراق، لەوانە ئەوەی پێی دەگوتری "بزووتنەوەی ئیسلامی"، خەریکی دامەزراندنی چەند ئوردووگایەکە لە خاکی عێراقدا بەو ناوە کە گوێا دەیەوی خەڵکی ئاوارەی کوردستانی عێراق بەریتە ژیر بالی یارمەتییەکانی خۆی و ئازووقە و شت و مەکیان پی بدا پرسیاری ئێمە ئەوەیە کە بناوانی ئەم کارە لە کوێرە هەلبەستراوە و ئەم هەنگاوە چ پەیوەندیکی هەیە لەگەڵ سەرجەمی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی لەو ناوچەیە؟

کردەوە و هەنگاوەکانی جمهووری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق و خەباتی ئازادیخوازانەیان پیشینەیەکی کۆن و لایەنی جۆراوجۆری هەیە ڕژیمی ئێران هیچ دەرفەتیک بۆ دەست تیوەردان لە کاروباری کوردستانی عێراق لە کیس نادا پێک هێنان و پەرە پیدانی حیزب و دار و دەستەی سەر بە جمهووری ئیسلامی و کەڵک لێوەر گرتنیان بۆ بەهێز کردنی کۆنەپەرستی لە کوردستان و بۆ لاواز کردنی خەباتی وەزعییەتی نا لەباری ژیانی خەڵک و هەژاریەکی یەکجار زۆر کە بەربینی بە کۆمەڵانی زەحمەتکیش گرتوە دەقوزیتەوە و لەم قۆناوە ماسی دەگری مەبەست لە بەرپاکردنی ئەم ئوردووگایانە لە سنووری ئێران و عێراق ئەوەیە کە بیکاتە وەسیلەیەکی تازەی فشار هێنان بۆ حکوومەتی هەریمی کوردستانی عێراقیش خەڵکی کوردستانی عێراق دەبی بە وشیاری و وریایی ئاگاداری ئەوە بن کە نەکەونە ناو ئەو داوە تازەیەوە کە جمهووری ئیسلامی بۆی ناونەتەوە.

**با پرسیارێک بکەین سەبارەت بە وەزعییەتی سیاسی ئێران بە لەبەر چاوگرتنی خراپتر بوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری وەزعی ئابووری ئێران و ئەوگرانی و بێکاریی بەرینە کە کرێکاران و خەڵکی دەستەنگی ئێران تێیدا دەژین و پەرەپیدانی میزانی دەست تیوەردان و دەخاڵەتی لە کاروباری کوردستانی عێراقدا ئیدارەی"اتلاعاتی سپای پاسداران" بەردەوام خەرێکی ناردنی کەسانی دەست و پیوەندی خۆیەتی بۆئەوەی دزەبکەنە ناو هێزەکانی تری کوردستانی عێراقیش و لە ڕێگای ئەو کەسانەوە هەول دەدا بۆ پێک هێنانی بشیوە و بۆ کار شکینی و تەگەرە خستنە سەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی کاروباری حکوومەتی هەریمی کوردستان و جگە لەوەش هەندیک ئیمکان و جێگا پی سازدەکا بۆ تەنگە بەر کردنەوەی هەڵسووڕانی ئوپوزیسیونی ئێرانی لە کوردستانی عێراق کار گەیشتوەتە جێگایەک کە ماوەیەک لەوەپیش ڕایەڵەیەکی جاسووسی و تیروریستی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق پیی زانرا کە لە ژیر پوششی ڕێکخراوایکی بە ناو"سیاسی چەپ"دا کاروباری سپای پاسداران بەردەوام خەرێکی ناردنی کەسانی دەست و پیوەندی خۆیەتی بۆئەوەی دزەبکەنە ناو هێزەکانی تری کوردستانی عێراقیش و لە ڕێگای ئەو کەسانەوە هەول دەدا بۆ پێک هێنانی بشیوە و بۆ کار شکینی و تەگەرە خستنە سەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی کاروباری حکوومەتی هەریمی کوردستان و جگە لەوەش هەندیک ئیمکان و جێگا پی سازدەکا بۆ تەنگە بەر کردنەوەی هەڵسووڕانی ئوپوزیسیونی ئێرانی لە کوردستانی عێراق

بنیتە دەستووری کاری خۆیەوە لەبابەت کوردستانەوە، جم و جوولی ئەم دوایی‌یەی رژیم لە سنووردکان نیشاندەری ئەوەیە کە جمهووری ئیسلامی لەوە نیگەرانە کە لەو ناوچەیە کۆنترولی خۆی بەسەر وەزعییەت دا، لە دەست بدا رژیمی ئیسلامی کە بۆ کۆنترولی هێزی پێشمەرگە هەولیکی زۆری خستبووە سەر سنووردکان، ئێستا شاهیدی حوزوور و هەڵسووڕانی واحیدەکانی پێشمەرگە لە قوولایی کوردستانە نەفرەت و بیزاری خەڵک و ئامادەیی‌یان بو دەربڕینی بە ئاشکرای ئیعتیراز، لە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی شاراوە نیّە.

جمهووری ئیسلامی لە لایەك بۆ نەجاتی سەرمایەداری ئێران لە چنگ بوحران، هەموو ئەو سیاسەت و هەنگاوانەی قەبوول کردوە کە"بانکی جیهانی" و "صندوقی بین المللی پوول" بۆیان دیاری کردوە و، لە لایەکی تر بەریوە بردنی ئەم ئال و گۆڕە لە سیستمی سەرمایەداری ئێراندا بە قیمەتی داسەپاندنی گرانی و هەژاری و مەینەتیکی هەرچی زیاتر بەسەر کۆمەڵانی بی بەش دا، تەواو دەبی کە ئیعتیرازات و مانگرتنی کرێکاریکاری و هەستانی جەماوەری لە شارەکانی بە شوینەوە دەبی لەو هەل ومەرجەدایە کە ئێتر رژیم توانایی هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی کۆنەپەرستی مەزهەبی و حیزب اللهی‌یانی نەماوە هەتا بۆ ترساندنی خەڵك و بۆ هەرەشە و ماندوردان لە شەقامەکان و لە دژی خەڵکی‌وەگیان هاتوو کەڵکیان لّی وەربگری هەڵبژاردنی رەئیس جمهوور، سەرەرای هەموو ئەو فشار و فریوەی بەریوە برا، بە جۆرێك لەگەڵ بی مەیلی زۆربەی خەڵکی ئێران بەرەو روو بوو کە تەنانەت وەزارەتی ناوخۆش سەرەرای ئامادە سازی‌یەکانی پیشتر و سەرەرای هەوڵدانی بۆ دەسکاری کردنی ئامارەکان و گوریني راستی‌یەکان، نەیتوانی هەموو واقعییەتەکە لە خەڵك بشاریتەوە و ئەم رووداوە خۆی بووە نیشانە و بەڵگەیەکی‌تری تەریك مانەوە و تەنیا کەوتنەوەی جمهووری ئیسلامی لە ناوخۆ.

هەموو ئەم شتانە کە باسیان کرا، رژیمی ئیسلامی‌یان خستوتە تەنگانەیەکی واقیعی ئامریکا و باقی ولاتانی رۆژئاوا ئەگەر بتوانن رژیم بخەنە وەزعییەتیکەوە کە دەست لە هاندان و یارمەتیدانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکانی ناوچەکە و دژایەتی لەگەڵ پروسەی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل هەڵگری و زەمانەتیکی وا پێك بێنی کە ئەمنییەت و سەقامی ولاتە نەفتی‌یەکانی خەلیج نەخاتە مەترسی‌یەوە، ئەمجار ئێتر نەك هەر هیچ هەولیك نادەن بۆ ئالوزی نانەوە لە دەسەلاتی سیاسی ئێران دا و نەك هەر مەجالی ئەو چاوەروانی‌یە ناهێلنەوە کە لەوانەیە سەربەخۆیی خاکی ئێران بخەنە مەترسی‌یەوە، بەڵکوو بە پیچەوانە یارمەتی رژیمیش دەدەن بۆ قایم کردنەوەی بناغەکانی دەسەلاتی لە ناوخۆی ئێران. بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانە، توند بوونەوەی بوحرانی سیاسی لە ئێران و پێك هاتنی هەل ومەرجی ئاخیزیکی شۆڕشگێرانە لە کوردستان، مەسەلەیەکە چاوەروان دەکری.

هەروەك ئیشارەتان پیکرد، یەکێك لەو ئەگەرانە کە ئیمکانی هەیە، ئەوەیە کە لە کاتی سەرهەلدان و گەشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە ئێراندا، وە یا تەنانەت بە توند بوونەوەی ئالوزی و کیشەی ناوخۆی رژیم و هۆی تری لەم چەشنە، ئێمە لەگەڵ ئاخیزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان روو بە روو دەبین پرسیارمان ئەوەیە کە لەو هەل ومەرجەدا و لە کاتی نزیك بوونەوەی ئەو هەل ومەرجە دا چ دەکەن؟

پێك هاتنی ئەو هەل ومەرجە کە ئیشارەتان پیکرد، ئەگەریکە کە ئیمکانی وەدی هاتنی یەکجار زۆرە جگە لەوەش ئێمە خۆمان بە دانستە هەول دەدەین بۆ ئەوەی کۆمەڵ بەرەو وەها دەورەیەکی شۆڕشگێرانە بەرین، هەڵبەت ولام دانەوە بەوە کە کۆمۆنیستەکان لە ئاستی سەراسەریدا چ تەئسیریکیان لەسەر ئەو رەوتە دەبی و ئاسوی ئەو بزووتنەوەیە تا چ رادەیەك سوسیالیزم و شۆڕشی کرێکاری دەبی و ئالترناتیوی کۆمۆنیستەکان چەندە لە نیو کۆمەڵدا لایەنگری دەبی، لە ئێستاوە سەختە، بەڵام گەلیك هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەن کە نیشاندەری ئەوەن خەباتی کۆمۆنیستەکانی ئێران، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە ئاستی سەراسەریدا بەرەو شۆڕشیکی کرێکاری بەرن، زەمینەیەکی ماددی یەکجار بەرینی هەیەو هیوا بە سەرکەوتن، بە هیچ شیوەیەك هیوایەکی خۆشباوەرانە و ئیرادە گەرایانە نیّە بەڵام بەهەر حال پرسیارەکەی ئیوە لەسەروەزعییەتی کوردستانە لیرە وەزعەکە بە جۆریکی‌ترە کۆمەڵی کوردستان، کۆمەڵیکی حیزبی‌یەو ئالترناتیوە سیاسی‌یەکان بە پلاتفورم و بەرنامەی کاری خۆیانەوە سالّەهایە لە نێو ئەم کۆمەڵگایە دا جیگای خۆیان کردوەتەوە هەل ومەرجی شۆڕشگێرانە دەس بە جی سیمای سیاسی کوردستان دەگوری دوو رەوتی سیاسی و حیزبی سەرەکی لەو کۆمەڵگایە دا یانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات، هەرکامیان بە بروای من نوینەری دوو جەمسەری چەپ و راستن لە کوردستان هەرکامیان زەرفییەتی ئەوە یان هەیە کە خۆیان وەك ئالترناتیوی وەزعی مەجوود لە کوردستان نیشان بدەن.

کاریك کە ئێمە دەیکەین، لەسەرەتا لەبەر یەك هەڵوەشاندن و تیکدانی هێزە چەکدارەکان و دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژیمە و دەس بە جی بانگەواز دەکەین بۆ پیك هاتنی شوواراکانی خەڵك لە گەرەکەکان، کارگاکان و کارخانەکان، شارەکان و دیهات، وە هێزی ریکخراوەیی خۆمان بۆ پیك هینانیان دەخەینە گەر بە هۆی شووراکانەوە دەست دەکەین بە چەکدار کردنی گشتی و هیز هەلخراندن بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی راپەرینی جەماوەری و بۆ پیش گرتن بەخوسازدانەوە و هەستانەوەی دەسەلاتی رووخاو و کۆنەپەرستی و، کۆنترولی ئەو هیزە بە شووراکانەوە هەلبژێردراوەکانی خەڵك دەسپیرین بەیاننامەی مافەسەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش لە کوردستان، قانوونی کار و، هەروەها بەرنامە ریفاهی و ئابووری و فەرهەنگی‌یەکانی خۆمان دەدەین بە شووراکانەوە هەڵبژێردراوەکانی خەڵك و هەول دەدەین ئەمانە بکرینە بنەمای قانوونی ئەساسی و قانوونی بەرێوە بردنی ولات مەسەلەیەکی گرینگ لەم بابەتەوە ئەوەیە کە ئێمە نامانەوی حیزبیك بین کە تەنیا لە دەوەرە شۆڕشگێرانەکاندا زەرفییەتی خۆی نیشان دەدا. ئێمە دەمانەوی حیزبی خەباتی هەموو رۆژە و ئەو کیشە بەردەوامە کۆمەڵایەتی‌یانە بێن کە لە دەورەی بە ناو "ئارام" یش دا دژی وەزعی مەوجوود بەرێوە دەچن دەمانەوی تیکۆشان و هەڵسووڕانمان هەم ببیتە هۆی باشبوونی ژیانی ئەمرۆی کۆمەڵانەی کرێکار و هەل و مەرجیکی گشتی لەبارتر و، هەم چینی کرێکار بە شێوەیەکی یەکگرتوو تر و رێکخراوتر لە ئازادی و بەرابەری و رزگاری خۆی نزیك بکاتەوە ئێمە دەمانەوی لە دریژەی ئاوا رەوتیك دا پی بنیینە دەورەی هەڵچوونی شۆڕشگێرانە ئەوە کە پیك هاتنی هەل و مەرجی شۆڕشگێرانە هەتا چ رادەیەك لە ژێر تەئسیری هەڵسووڕانی ئێمە دا و حاسلی کاری نەقشە مەندی ئێمە بووبی و چەند حاسل و بەر ئەنجامی رەوتەکانی تر بوو بی، بۆ ئێمە لەسەر نەتیجەی کارەکە تەئیسری جیاوازی دەبی بە هەر رادەیەك کە نەقشە و بەرنامە عەمەلی بە دانستەی ئێمە لە نزیك کردنەوەی هەل و مەرجی هەڵچوونی شۆڕشگێرانە دا و بە شێوەی تەبیعی ئامادەیی‌یەکی زیاتریش بۆ چەساندنی دەسکەوتەکانی ئەو راپەرینە و رێکخستنی کار و باری کۆمەڵی ئازاد کرا و بە دەستەوە دەدا بۆ نموونە، ئەگەر هەر لە ئێستاوە ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران بووبنە وەسیلەی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری و، ئەم رێکخراوانە بە هۆی خەباتی راستەوخۆی کرێکارانەوە بووبنە ئورگان و دەزگایەکی سەقامدار و جی کەوتوو لە کۆمەڵدا، ئەگەر خەبات بۆ بە دەست هێنانی بەرابەری مافەکانی ژنان، خەباتی لاوان و هتد، هەر لە ئێستاوە و بەرە بەرە لەشکلی رێکخراوەی جۆراوجۆردا خۆ بنوینن و سیاسەتیکی رادیکال بەرەو پیشیان بەری، ئەگەر لە چوارچیوەی سەنگ و سووکی ئێستای نێوان هێزەکاندا هەندیك رۆژنامە و چاپەمەنی کە بە شێوەی ئاشکرا دەست بدەنە بلاوکردنەوەی فەرهەنگیکی ئازادیخوازانە و پێشرەو و عەداڵەتخوازانە، بلاو بکرینەوە، ئەگەر هێزی چەکداری ئێمە وەك هیزیکی رێکخراوی کۆمۆنیست خۆی بۆ بەرەو روو بوونەو لەگەڵ ئەم وەزعە ئامادە کردبی، ئاشکرایە کە لەو حاڵەتە دا کاری ئێمە لەو رۆژانە دا کە جەماوەریکی میلیونی روو دەکەنە خەباتیکی راستەوخۆ، زۆر ئاسانتر دەبێتەوە.

بە هەر حاڵ، رەوتی ئال وگۆڕەکان چ دەرفەتی ئەم جۆرە خۆ ئامادە کردنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رێکخراوەیی‌یەمان پی‌بدا و چ نەیدا، ئێمە لە هەر دەرفەتیك کە هەڵکەوی بۆ چەسپاندنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری بە باشتر کردنی هەل ومەرجی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێس، بۆ نزیك کردنەوەی چینی کرێکار لە دەسەلاتی سیاسی هەول دەدەین.

ئەگەر گریمان لە ئال وگۆڕیکی شۆڕشگێرانە دا بتوانن لە پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دا دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن، بە بی ئەوەی هێشتا چینی کرێکار لە ئاستی هەموو ئێران بە دەسەلاتی سیاسی گەیشتبی، بە لەبەر چاو گرتنی هەژاری و بێکاری و نزم بوونی ئاستی بەرهەم هێنان و ئابووری سەنعەتی لە کوردستان، ئێوە چ دەکەن و چ کارێك دەنێنە دەستووردەوە کە لە بارى ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە بە قازانجی خەڵکی زەحمەتکێش بێ؟

پێش هەموو شتیك دەبی تەئکید لەسەر ئەو واقعییەتە بکەم کە ئێمە تووشی ئەو خۆشباوەری‌یە نێن کە جەزیرەیەکی ئارامی سوسیالیستی لە کوردستانیکی بە تاك کەوتووی گەمارو دراو دا بەم ئێمکانات و زەرفییەتە بەرتەسکە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە، دامەزرینین ئەو شتە کە ئێمە لەو وەزعییەتەدا هەوڵی بۆ دەدەین ئەوەیە کە بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئەو ئیمکانات و سەرچاوانە کە هەن، ئەوەندەی کە ئیمکانی هەیە، بە رادیەك ئال و گۆڕی ریفاهی و ئابووری بە قازانجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بەرێوە بچی کە بتوانن لە سەنگەری پاراستنی دەسکەوتەکانیاندا ئەوەندە خوراگرن هەتا بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار لانی کەم لە ئاستی سەراسەری ئێراندا حەرەکەتی میژوویی خۆی لە دژی سەرمایەداری وبەرەو شۆڕشیکی سوسیالیستی دەست پی بکا، یان ئەگەر لە حاڵەتیکی خراپتر دا، هەر لەم کوردستانە کرێکاران و حیزبی کرێکاری ناچار بوون تا رادەیەك پاشەکشە بکەن، چینی کرێکار بەهەر حاڵ لە باری سیاسی و رێکخراوەیی و هەروەها لە باری ئابووری و گوزەزانەوە، لە چاو رابوردوو وەزعییەتیکی باشتریان هەبی.

گۆمان لەوەدا نیّە کە سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە تییدا چینی کرێکار کۆمەڵەی سەرەکی بوو بی، دەبی بە هەڵگرتنی کۆمەڵیك هەنگاوی رادیکالی ئابووری دریژەی پی بدری و ئەمە دیارە تا رادەیەك پیویستی بە شکاندنی سنووری"پیرۆز"ی مالکیەتی خوسووسی سەرمایەدارانی کوردستان هەیە بەرەو پێش بردنی سیاسەتیکی رادیکال لەم زەمینەدا بیگۆمان لەگەڵ زۆر کوسپ و دژواری بەرەو روو دەبی کە لە ناو بردنیان تەنیا کاتیك ئیمکانی دەبی کە ئەو میلیونەها ئینسانە زەحمەتکیشە کە سەرکەوتنی راپەرین حاسڵی رەنج و فیداکاری خۆیان بووە، لە بەرێوە بردنی کار و باری کۆمەڵدا بەشداری چالاکانەیان هەبی بەڵام لەهەر حاڵدا هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە هێشتا بە مانای شۆڕشیکی ئابووری نیّە چینی کرێکار لیرە دا تەنیا بە میزانی هێزی کۆمەڵایەتی خۆی و بەو میزانە کە توانیبیتی بۆ بەرنامەکانی خۆی لایەنگری و پشتیوانی‌یەکی گشتی فەراهەم کا، دەتوانی هەنگاویکی رادیکال و سەرکەوتوانە لە زەمینەی مالکییەت دا هەڵگری بەڵام لەهەمان کاتدا ناوەروکی ئەم هەنگاوانە، دانانی زەنجیرەیەك مەحدوودییەتی جیددی‌یە لەسەر رەوتی سەرمایە وەسەریەك نان و کردەوەی چەوسینەرانەی سەرمایەدارانی کوردستان و، داسەپاندنی هەندیك پاشە کشەیە بەسەر چەوسینەران و سەرمایەدارانداوە بە قازانجی کرێکار و زەحمەتکێش جەوهەری سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی شووراکان لیرەدا دەبی بردنە سەری ئاستی گوزەران و ئاسوودەیی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش بی و ئیمکانی ئەوەیان پی بدا کە لە جێگا و شوێنی ئابووری و سیاسی تازەی خۆیان بۆ رێکخستی زیاتری خۆیان و بە دەست هێنانی ئامادەیی بۆ بەشداری کارێگەرتر لە شۆڕشی کرێکاری سەراسەریدا کەڵك وەرگرن.

بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانە دەکری وەك نموونە زەنجیرەیەك ئەرك و هەنگاو باس بکەین کە بەرێوە بردنیان، سەرچاوە و ئیمکاناتی ئابووری پیویست بۆ بەرێوە بردنی قانوونەکانی مەربووت بە ئازادی و ئاسوودەیی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکیش-کە لە پرسیارەکەی پیشوو دا ئیشارەی پیکرا-پیك دینی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە، موقاومەت و خوراگری بەرانبەر بە فشارەکانی دەرەوە و ئابلوقەی ئابووری و پیلانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هتد، ئاسانتر دەکاتەوە.

ئورگان و دەزگا ئیداری و سیاسی‌یە پیویستەکان، لەسەر بناغەی حکوومەتی شووراکان دەبی بە خیرایی پیك بێن عەمبارە گشتی‌یەکان و دارایی‌یەکانی دەوڵەتی پیشوو دەست بە جی بێنە ژیر کۆنترولی شووراکانی خەڵك و پێش بە تالانکردن و بلاوکردنەوەی بی‌سەرە و بەرەیان بگیری سەرمایە و کارخانەکانی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزی و سەرمایەدارانی گەورەی کوردستان موسادەرە بکرین خاوەن ملکە گەورەکانی دیهات و خاوەنانی موجتەمەعەکانی کشت و کال دەسکۆتا بکرین کۆنترولی هەموو ئەو جۆرە بنکە و دەزگایانەی سەنعەت و کشت و کال و خزمەتگوزاری، بە شووراکانی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەو شوێنە بسپیردری و حکوومەتی شووراپی هەڵگاوی پیویست هەڵگری بۆ بپاریزگاری کردن لە بەرژەوەندی گشتی‌یەکانی کۆمەڵ لەم زەمینەیەدا هەڵگیرین بەڵام هەر ئەوەندەش کە باسیان کرا، نیشان دەدەن کە بەرێوە چوونی ئەم کارانە پشتیوانەیەکی قایم بۆ جێ بەجێ کردنی داخوازەکانی راپەرینی جەماوەری پیك دێنن و سەنگەریکی قایم دروست دەکەن لە سەرجەمی خەباتی چینی کرێکاری ئێراندا بۆ بنیات نانی داهاتووی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی لە ئاستی سەراسەریدا کە تییدا ماڵکییەتی خوسووسی بەسەر وەسیلەکانی بەرهەم هێناندا و کاری کری گرتە هەڵوەشیتەوە و ئینسانەکان خاوەنی جێگا و شوێنیکی بەرابەر بۆ بەهرەمەندی لە سەروەت و نیعمەتی کۆمەڵگای خۆیان بن.

ئەگەر سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقالایەك ڕەوتی عەینی وەزعییەت بە جۆرێك بی کە ئاڵ گۆڕی سیاسی و شۆڕشگێرانە لە کوردستان بەرینایی‌یەکەی لەوە کەمتر بی کە ئێوە ئیشارەتان پێکرد، وە یا تەنانەت ئەگەر کۆمەڵ پاش تێپەڕکردنی دەورەیەکی شۆڕشگێرانە، کەم تا زۆر تووشی حاڵەتی دامرکانەوەی سیاسی و خەباتکارانە بی، وەك کوردستانی عێراق، ئەوکات ئێوە چ سیاسەتێك دەگرنە پێش؟ ئەگەر لە جیاتی بەردەوام بوونی هەڵچوونی شۆڕشگێرانە و بەرپا بوونی شووراکان، لەگەڵ دامرکانەوە و پاشەکشەی شۆڕش و بەرتەسك بوونەوەی بەرەو ڕوو بێن و بۆ نموونە ئەگەر پێك هێنانی پارلمان وە یا مەجلیسی محەللی بکەوێتە دەستووردە، ئێوە لە حاست ئەوە چ هەلوێستێك ڕەچاو دەکەن؟ ئەو کات مونتاسەباتتان لەگەڵ حیزبەکانی دیکە چۆن دەبی؟

پێشتریش ئیشارەم پێکرد کە ئەگەر ڕەوتی پێشڕەفتی سوسیالیستی و کرێکاری لە کوردستان بە جم و جوولی چینی کرێکار لانی کەم لەسە ئاستی سەراسەری ئێراندا درێژەی پی نەدری، ئەو کات هەندێك سازش و پاشەکشەی دیاریکرا و بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بە دەست هاتوون لە چوار چێوەی سەنگ و سووکی و واقیعی چینەکاندا لە کوردستان پێویست دەبی تا ئەو جێگایە کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ مەسەلەی میللی و هەروەها دیفاع لە کوردستانی ئازاد کراو بەرانبەر بە هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی، ئێمە خوازیاری ئەوەین کە خەڵکی کوردستان یەك پارچە و یەکگرتوو بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی بێنە مەیدان و ئێمکانی کەڵك وەرگرتنی جمهووری ئیسلامی لەو کالینانە کە لە کوردستان هەن هەرچی بەرتەسك تر بکرێتەوە.

پێش هەموو شتێك وەبیر هێنانەوەی ئەوە پێویستە کە جیاوازی‌یەکانی ئێمە لەگەڵ حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان لە زەمینەی مەسەلەی میللی دا و بەرنامەی سیاسی‌مان بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی نێە کە ئێمە لە کۆمەڵدا لەوان جیا دەکاتەوە هەر بۆیە سەرەڕای ئەوە کە سوننەت و بەرنامەی عەمەل و سیاسەتی جیاوازمان لەم زەمینەیە دا هەیە، ئێمە پیمان وایە ئێمکانی ئەوە هەیە کە لەسەر چونیەتی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی بەهەندێك ڕێك کەوتن بگەین و هەول دەدەین کە یەکەم: لانی زۆری نەرمی نیشان بدری هەتا حیزبە سیاسی‌یەکانی موخالیفی ڕژێم لە کوردستان لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕێك بکەون و ئێمە پیمان وایە کە ئەگەر ئەم حیزبانە لە پالاتفورم و بەلینە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیان لە زەمینەی مەسەلەی میللی دا پاشگەز نەبنەوە و پیی پابەند بن، لەم حاڵەتەدا گەیشتن بە هەندێك ڕێك کەوتنی دیاریکرا و ئێمکانی دەبی لەهەر حاڵدا ئێمە دەبی چاوەڕی و وریای پیلان و تەقالای واش بین کە ڕژێمی مەرکەزی بیهەوی بەرانبەر بە حیزبەکانی تر نەرمی نیشان بدا و رایان بکێشی و لەم ڕێگایەوە تەرازوی هێزەکان بە زەرەری ڕەوتی رادیکال و سوسیالیستی بگۆڕی کەم کردنەوەی زەمینەی ئەم جۆرە پیلانگێڕیانە و پووچەل کردنەوەی یەکە یەکەیان، یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی سیاسەتی عەمەلیمان دەبی.

دووهەم، ئێمە لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵی کوردستان و شکل و شێوەی دەسەلاتداریتی، لەگەڵ حیزبەکانی تر جیاوازی بنەڕەتیمان هەیە و لەم بابەتەوە تەواو دەکەینە جەمسەری بەرانبەریان، بەڵام ئەوە خەباتی چینەکانە لە کۆمەڵی کوردستان دا کە دەبی ئەم مەسەلەیە ببریتەوە ئێمە نامانەوی هێزی ڕێکخراوەکان و حیزبەکان بە ناوی نوێنەرایەتی لە لایەن چینەکانەوە بەرەو ڕووی یەکتر بنەوە و جەماوەر لەلاوە بروانیتە ئەم بەرانبەرکی‌یە و چاوەریی ئەنجامەکانی بی خەباتی چینایەتی دەبی بەراستی خەباتی چینەکان بی و، خەباتی چینەکانیش سوننەتەکان و ئامرازەکان و شکل و شێوەکانی بەرەو پێش چوونی، کۆمەڵایەتی و چینایەتین ئێمە هەموو توانایی خۆمان دەخەینە کار کە چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە کۆمەڵدا لەهەل و مەرجیکی ئەوەندە ئازادانە بەهرەمەند بن کە تێیدا بتوانن بە نیشاندانی ئیرادەی ڕێکخراو بووی خۆیان، بورژوازی کورد لە هەموو سەنگەرەکانی دا پاشەکشە پی بکەن چەسپاندنی مافێ ڕێکخراو بوون، مافێ مانگرتن، مافێ بەرپاکردنی خۆپیشاندان و پیك هێنانی میتینگ، مافێ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، مافێ هەڵسووڕانی ئازادانەی حیزبی و هتد، توانایی ئەوە بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەدەن کە بە میزانی هێزی وەخەبەر هاتوو و ڕێکخراو بووی خۆیان ویست و داخوازە ئابووری و سیاسی‌یەکانیان وەدی بێنن.

ئەگەر ئەو وەزعییەتە کە ئێوە ئیشارەی پی دەکەن پێك بی ئێمە هەموو هەولی خۆمان دەخەینە کار تا لەو هەل ومەرجە سیاسی‌یە کە هەیە بۆ بەریوەبردنی ئیسلاحات بۆ باشتر کردنی هەل ومەرجی کار و ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش کەڵك وەربگرین بۆ نموونە ئەگەر سەنگ و سووکی هێزە سیاسی‌یە- کان ببێتە هۆی ئەوە کە پیك هینانی پارلمان بکەوێتە دەستووری کاری کۆمەڵ، ئێمە بە مەوعیزە کردن سەبارەت بەوە کە "پارلمانەکان وەسیلەی حکوومەتی بورژوازین" خۆمان خەرکیك ناکەین و خۆمان دوورە پەریز ڕانا‌گرین بەڵکوو ویرای هێنانە گۆڕی ڕوانگە و بوچوونی ڕەخنەگرانەی سوسیالیستی بەرانبەر بە پارلمان، بە هێنانە گۆڕی مەرجە سیاسی‌یە مەشرووعەکانی خۆمان کەناوەڕوکەکەی بریتی‌یە لە بوونی ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی و شێوەی هەڵبژاردنی قابیلی قەبوول، هەول دەدەین لە تریبوونی پارلمانیشەوە هەر شوێنی ئەو ئامانجانە بگرین کە لە سەنگەری خەباتی دەرەوەی پارلمانیشدا هەولی بۆ دەدەین ئێمە پارلمان لە هەل ومەرجیك دا تەحریم دەکەین کە بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری لە مەیدانی خەباتی واقیعی خۆیدا لەمە واوەتر حیساب بکری و لەم حاڵەتە دا ئێتر ڕازی بوون بە پارلمان هەنگاویك بەرەو دوا حیساب بکری وە یا بورژوازی بە کەڵك وەرگرتن لەوەسیلە ئورگانیك و سازماندراوەکانی خۆی و بە تەنگە بەر کردنەوەی ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان مەجالی خونیشان دانی ئازادانە لەم مەیدانە دا بە ڕەوتی سوسیالیستی نەدا.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو باسانە کە تائێستا کردووتانە ئاشکرایە کە پشت بەستن بە ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان و بە حەرەکەتی واقیعی کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلیکرا و جێگایەکی سەرەکی و ڕیشەداری لە حیزبی ئێمە دا لە کوردستان هەیە و لە هەمان کاتدا ڕۆشنە کە حیزبیکی کرێکاری دەخالەتگەر و خاوەنی بناغەی کۆمەڵایەتی دەبی لە حاست باقی تویژە زۆرلیکراوەکان و هەروەها داخوواز و مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان هەلویست و کارکردنی ڕۆشنی هەبی تا ئێستاش کۆمەڵە هەر وا جووڵاوەتەوە و یەکیك لە لایەنە بە هێزەکانی هەڵسووڕانی ئەمە بووە بە لەبەر چاو گرتنی سەرجەمی وەزعییەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پرسیارمان ئەوەیە کە ئێوە وەك حیزبیکی کرێکاری و سوسیالیست، بێجگە لەمە، کام بزووتنەوە و ئیعتیراز و داخوازی کۆمەڵایەتی و حەقخوازانە دەکەنە بابەتی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆتان؟

ڕەنگە پیویست نەبی من لێرە دا جاریکی‌تر باوەڕەکان و بەرنامەی سیاسی خۆمان لەم زەمینەیە دا دووپات بکەمەوە لەم بابەتەوە تەنیا ئاماژە بۆ چەند خاڵی سەرەکی دەکەم.

ئەکەم: چینی کرێکار خۆی بی‌بەش ترین و زۆرلیکراو ترین بەشی کۆمەڵگایە و باری ستەمگەری میللی، بی عەدالەتی دەرهەق بە ژنان، تەفرەقە و جیایی بە پێی میللییەت و ڕەگەز و مەزهەب، باری نەبوونی ئازادی و باری سەرکوتگەری و خەفەقان زیاتر لە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵ لەسەر شانی کرێکاران قورسایی دەکا تەواوی ڕوو بێنای سیاسی دەسەلاتدارەتی بورژوازی بۆ درێژە پیدان و بەردەوام ڕاگرتنی کۆیلەتی و بی مافی ئەو چینە شکلی گرتوە کرێکاران نەك هەر هیچ قازانجیکیان لە پاراستنی ئەم موناسەباتە زالمانەیەدا لەم بی مافێ و ستەمگەری‌یەدا و، لەم ئەخلاقیات و فەرهەنگە گەندەلە دا نێە بەڵکوو بەبی‌ڕزگار بوون لەم بەند و داوانە ڕزگاری ئابووری چینی کرێکاریش ئیمکانی نێە بوێە هەر هەنگاویك بەرەو پێش چوونی چینی کرێکاری ڕیکخراو لە دژی کویلەتی لە نیزامی سەرمایەداریدا، لەهەمان کاتدا بەرەنگار بوونەوەیە لە دژی هەموو ئەو بی‌عەدالەتی و نابەرابەری‌یانە کە لەم کۆمەڵگایە دا ئینسانەکان ئازار دەدەن حەرەکەتی سوسیالیستی چینی کرێکار بە دەست بردن بۆ ڕیشەی هەموو ئەم مەینەتانە ئاسویەکی ڕوون بە ڕووی پزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی هەموو ئەم بی‌بەشانە دا دەکاتەوە.

دووهەم: تەنیا چینی کرێکاریکی ڕیکخراو و ئاگادار لە بەرژەوەندی تاریخی خۆی، دەتوانی بە پیشرەوی خۆی بەرەو سوسیالیزم، هەموو کۆمەڵیش بەرەو پێش بەری بوێە کۆمۆنیستەکان لە هەموو حاڵەتیك دا هەڵسووران لە نێو چینی کرێکار دا و، زال بوون بەسەر کەم و کووری‌یەکان و گێروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئەم چینە دا، دەکەنە مایە و بناغەی کاری خۆیان بە بەرەو پێش چوونی ئەم ئەرکەیە کە لەهەمان کاتدا قایمترین و باوەڕ پیکراوترین زەمانەت بۆ وەدەست هێنانی ئەو داخوازە و ڕەوایانە کە ئیشارەتان پیکرد فەراهەم دەبی بە یاننامەی مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش لە کوردستان بە شێوەیەکی هەمە لایەنە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵاتی زۆرلیکراوی کوردستان بەیان کردوە ئەم بەیاننامەیە بناغەی تەبلیغ و هەوڵدانی عەمەلی و ڕێکخراوەیی‌مانە بۆ کۆکردنەوەی تویژە بی‌بەش و زۆرلیکراوەکانی کۆمەڵ لە دەوری ڕێزی خەباتی کرێکاران ئەرکەکانی کۆمەڵە لە زەمینەی خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی دا پیویستی بە باسکردنەوەی سەر لە نوی نێە بەرنامەی سیاسی و ڕەوشتی خەباتکارانەمان ناسراون و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان میزانی پەیگیری و دلسوزی کۆمۆنیستەکانیان لەم زەمینەیە دا بە ئەزموون و تەجرەبەی 15 ساڵەی ڕابوردوو بۆ دەرکەوتوە.

ژنانی ئێران و ژنانی کوردستان لە ژێر باری ئەو هەلاواردن و نابەرابەری‌یە غەیرە ئینسانی‌یەدا کە بە سەریان دا سەپیندراوە وەگیان هاتوون ژنانی کوردستان ئێتر ئەو جەماوەرە ژێر چەپوکەیە نێن کە لە بەرانبەر هەموو چارەنووسیك دا قانع و تەسلیم بن خورافەی مەزهەبی ئێتر ناتوانی ئەم کویلەتی‌یەیان پاساو بکا و بەم ژیانە ڕەزامەندیان کا بوێە دەبی لە تەبلیغ دژی ئەمە زۆر واوەتر بچین ئیعتیراز و حەقخوازی ژنانی کوردستان دەبی شکلیکی ڕێکخراوەیی گونجاو بگرێتە خۆی لەم بابەتەوە ئەگەر بۆشایی‌یەك لە هەڵسووڕانی ئێمە دا هەیە دەبی هەولی جیددی بدری بۆ پرکردنەوەی.

لاوانی کوردستان تیکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگای خەبات لە دژی کۆنەپەرستی و مللهووری حاکمن ڕژیمی ئیسلامی لاوانی لە بەندی فەرهەنگیکی دواکەوتوانە و دارزیو دا ئەسیر کردوە توانایی‌یەکان و زەرفییەتی داهێنەرانەی سەردەمی لاوەتی‌یان لە نێو قەفی قانوون و یاسای کۆنەپەرستانەدا پیش پشکووتن، هەڵدەوەری لە سالانی ڕابوردوو دا لاوانی پر گۆڕ و تین و تیکۆشەر، مەدەرسەکان و وەرزشگاکان و تەنانەت شەقامەکانیان لە کوردستان کردوەتە سەنگەری موقاومەت و خەباتی ئاشکرا و نهێنی خۆیان لە دژی جمهووری ئیسلامی و بە شکل و شێوەی جۆراوجۆر لە دژی قانوونەکان و سیاسەتەکان و لە دژی زۆرداری هێزە-کانی ڕژیم ڕاوەستاون کۆمەڵە هەول دەدا بە ڕێکخستن و ڕینوینی کردنی زەرفییەتی خەباتکارانەی لاوان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی بەهێز تر بکا.

بە کورتی هەر ئینسانیکی حەقخواز و تیکوشەر دەتوانی جێگای خۆی لە خەباتیك دا کە کۆمەڵە ڕیکخستن و بەرەو پێش بردنی وە ئەستو گرتوە، بدوزینەوە.

(پاشماوەی) کۆمەڵیکی تر لە لاوانی شۆڕشگێڕ چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

ڕۆژی 7ی مانگی جوزەردان، کۆمەڵیکی تر لە لاوانی شۆڕشگێڕ، بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون لە مەراسمیك دا کە بەم بۆنەیەوە لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بەڕیوە چوو، هاوڕیانی تازە پێشمەرگە کە دەورەی ئاموزشی سیاسی و نیزامی‌یان سەرکەوتوانە تیپەڕ کرد بوو، چەکدار کران. هاوڕی عسمان خلیلی مەسئوولی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە لەو مەراسمەدا قسەی کرد و وێرای باسکردنی وەزعییەتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش ودەستەنگ و، تووڕەیی و نارەزایەتی بەرینی جەماوەری بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و ئیمکانی هەڵچوون و پەرەسەندنی ئەم ئیعتیرازانە، وتی:

"هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، وەك بەشی چەکداری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەك هیزی چەکدارای کرێکاران، دەبی ئامادەیی ئەوەی هەبی کە لەم خەباتە شۆڕشگێڕانەیە دا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکا بە نزیك بوونەوەی هەرچی زیاتری ڕۆژی ئیعتیرازاتی بەرینی جەماوەری ئەم ئەرکەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پیویستی خۆی نیشان دەدا.

ئێمە تەسمیم مان ئەوەیە کە هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە زیاتر لە هەمیشە تەقویەت کەین کۆمەڵەی خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی وەفادار بە ئامانجی ڕزگاری هەموو بی بەشان و چەوساوەکان، ئێستا زیاتر لە هەمیشە باوەشی ئاوەلایە بۆ لاوان و ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ کە بێن، چەکدار بن و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە تەقویەت کەن.

هاوڕی عسمان خلیلی لە بەشیکی تری قسەکانی دا ڕووی کردە هاوڕییانی تازە پێشمەرگە و وتی:

هاوڕی یانی تازە پێشمەرگە!

ئێوە لەمەو دوا، وەك پێشمەرگەی کۆمەڵە، وەك پێشمەرگەی کرێکاران وەزیفەیەکی گەورە و پیرۆز لەسەر شانتانە پێشمەرگەی کۆمەڵە تا ئێستا توانیویەتی جێگای باوەڕ و متمانەی خەڵکی زەحمەتکیش و بی بەشانی کۆمەڵ بێ، چونکە شەریکی غەم و شادی‌یەکانیان بوون، شەریکی شکست و سەرکەتنیان بوون، هاوەردیان بوون، وە لە پیناو خۆشبەختی و ڕزگاری ئەو خەڵکە دا حازر بوون هەموو فیداکاری‌یەك بکەن خوینی سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵە، بە درێژایی سالان ئەو پەیمانەی تازە کردوەتەوە.

ئێوە دەبی بە عەمەل و ڕەفتاری خۆتان، بە مبارزەتان، بە فیداکاریتان، وە بە بەرزترین ئەخلاقی ئینسانی، یانی ئەخلاقی کۆمۆنیستی، نیشان بدەن کە شایستەی ئەو متمانە و باوەڕەن.

ئەگەر پێشمەرگەی کۆمەڵە تا ئێستا سەری بۆ هیچ دوژمنیك دانەنەواندوە تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە پشتی بە قەلای کرێکار و زەحمەتکیشەوە داوە.

سەنگەرتان هەر ئەو قەلایە بی و
بژی کۆمەڵە
بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
بژی سوسیالیزم!

ڕێزگرتن لە 31ی جوزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

بە بۆنەی 31ی جوزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، مەراسمێك لە یەکێك لە مقەرە مەرکەزییە-کانی کۆمەڵە بە بەشداری کۆمەڵێك لە میوانان و دوستان و لایەنگران و هەروەها هاوڕیانی حیزبی، بەڕیوە چوو.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقە-یەك بیدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ریبازی سوسیالیزم و ئازادی دەستی پیکرد هاوری بەهمەنی عەلیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە وتارێك دا باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە و تایبەتمەندییەکانی هێزەی پێشمەرگەی کۆمەڵەی کرد و بە باسکردنی هەل و مەرجی ئابووری ئیستای ئێران، تەئکیدی لەسەر ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کردوە.

لە درێژەی ئەو مەراسمە دا هاوڕیان حوسین شەبەق و ناصر حسامی بە خویندنەوەی شیعر و چەند تیپی موسیقا بە پیشکەشکردنی سروودەکانی کۆمەڵە و بەرهەمی موسیقایی تر، بەشداریان کرد هەروەها چەند پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، خوێندرانەوە.

لیرەدا بەشێك لەو تارەکەی هاوری بەهمەنی عەلیار دەخوینینەوە:

میوانە خۆشەویستەکان، خوشك و برایانی بەریز، هاوڕیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە ویرای بەخیرهاتنی گەرم و گۆڕی هەمووتان، ڕۆژ سپاستان دەکەم بۆ بەشداریتان لە مەراسمی ئەورودا.

31ی جوزەردان ڕۆژی ڕیزگرتن لە هەول و تیکۆشانی هەموو ئەو شۆڕشگێرە کۆمۆنیستانەیە کە لە ڕێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە دا خەباتیان کردوە و خەبات دەکەن.

بە تایبەت جیی خۆیەتی لەو ڕۆژە دا لە کۆمەڵی ئەو ئازیزانە یاد بکەینەوە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوودا لە ڕێزی خەباتی پێشمەرگانەی کۆمەڵە دا تەنانەت لە بەخت کردنی گیانیشیان دریغیان نەکردووە.

لە ڕێزی پێشەوەی ئەو خۆشەویستانە، یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە و یەکەم هاوریی گیان بەخت کردووی ئەو ریبازە کاك"خانەموعینی" یە کە لەوەها ڕۆژێمك دا گیانی نایە پیناوی ئامانجی بەرزی.

یادی ئەو ئازیزانە هەتا هەتایە زوڵم و سەرکوتی ڕژیم و دژی هەر چەشنە فشار و زەختیکی دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگیان بووە، خەباتی یەکگرتوانەی ئەوانی سازمان داوە و بۆ بە دەستەوە گرتنی حاکمییەتی خۆیان بە دەستی خۆیان، بانگەوازی کردوون.

ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە جەماوەری بەرینی خەڵکی ستەمدیدە، ئەوان نەك وەك جەماعەتیکی چەکداری بالأ دەست، بەڵکوو وەك دوستی نزیك و هاوری و پشتیوانی جیی متمانەی خۆیان چاو لی بکەن.

پێشمەرگەی کۆمەڵە لایەنگری شیلگیری مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان بووە و بە کردەوە لە هەر کوێیەك کۆمەڵە بووە، کۆمەڵانی خەڵکی فەقیر و زۆرلیکرا و دەنگیان لە بەرابەر دوژمنانی چینایەتییان دا، لە دەوڵەتەوە بگرە تا دەستە و تاقمی زۆردار و کۆنەپەرستی محەللی، دلیر تر بووە کۆمەڵە وەك هێزێکی پیشکەوتوو و عەداڵەتخواز دەناسریتەوە کە دژی هەر چەشنە ستەم و نا حەقی و دژی هەر چەشنە دیاردە و سوننەتیکۆن و دواکەوتوانە لە نێوە کۆمەڵ دایە.

– سەرسەختانە موبارزەی لەگەڵ پاشماوەکانی سوننەتی عەشایری و دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا کردوە، پشتیوانی جووتیاران بۆ مصادرەی زەمینەکانی ئاغا و دەرەبەگەکان بووە و لە پووچەل کردنەوەی پیلان و نەقشەکانی ئەوان دا دژبە، جووتیاران نەقشی نواندوە.

– لە بەرابەر جەهل و خورافەی مەزهەبیدا بە توندی ڕاوەستاوە و ناوەڕوکی ڕاستەقینەی مەزهەبی وەك ئەبزاریکی کارێگەر لە دەست چینە دەسەلاتدارەکان دا بۆ فریو و خلافاندنی خەڵکی هەژار دەرخستوە.

– بێڕارایی و دوو دڵی دیفاعی لە مافێ بە تەواوی بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکانی فاعالییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردوە و ژنانی بۆ خەبات لە پیناوی وەدەست هێنانی ئەو مافانە دا هان داوە لەوانە:

پێشمەرگایەتی ژنانی لە بزووتنەوەی کوردستان دا کردووتە سوونەتیکی جێ کەوتوو.

– لە بزووتنەوەی کوردستان دا ئاسویەکی بەرینتری لە ڕزگاری و سەرکەوتن خستوەتە بەرچەوساوان و زۆرلیکراوان و مەودای نە داوە چوارچیوەی تەنگ و بەرتەسکی بیرو بوچوونی ناسیونالیستی، ئەو بزووتەوەیە بە لاری دا بکێشی.

– ئەوانە و زۆر ڕاستی دیکەی لەو چەشنە، ئەو بناغە پتەوەن کە هەڵسووڕانی بیوچانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەسەری دامەزراوە و ئەو سوننەتە پر بایەخەن کە جیاوازییەکانی ئوسوولی پیشمەرگایەتی و خەباتی چەکدارانە لە لای ئێمە، لەگەڵ فەعالییەتی چەکدارانە و هێزی چەکدار لە لای هێزە ناسیونالیستەکان، بە ئاشکرا نیشان دەدەن.

ئەو دەسکەوتانە هەر وا بە ئاسانی بە دەست نەهاتوون ئەوانە حاسڵی ساڵها هەول و تیکوشان و بەرهەمی زۆر تەجرەبەی سەخت و دژواری فەعالییەتی تەشکیلاتی ئێمەن بەشیی زۆر لەو سوننەتانە لە نەتیجەی گەلیك پیدا هاتنەوە و کیشەی فکری و ئیدئولوژیك و عەمەلی دا لە ژیر قورسایی باری ڕەسم و یاسای کۆن و ڕایجی نێو کۆمەڵ کیشراونەتە دەرەوە و بە کوششیکی پەیگیر و سەرسەختانە جێگیر کراون.

ئەورو هەموو هاوڕییانی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە، هەموو ئەو پیشمەرگانەی کە لە دەورەی تازەی فەعالییەتی کۆمەڵە دا بە ڕێزەکانی ئێمە پەیوەست بوون، دەبی سوور بن و سوورن لەسەر ئەوەی ئەو دەسکەوتانە بپارێزن تەنانەت هەموو ئەو کور و کچە شۆڕشگێڕانەش کە هەستی پیشمەرگایەتی کۆمەڵەیان لە سەردایە و هێشتا ئەو هەڵەیان بۆ هەل نەکەوتوە خۆیان بگەیەننە لای ئێمە، دەبی خۆیان بە ڕیبواریکی پەیگیری ئەو ڕیبازە و پاریزەری پەیگیری سوننەتەکانی کۆمەڵە بزانن.

وەها تی‌ڕوانینیك بەسەر خەباتی چەکدارانە دایە کە خەباتی چەکدارانەی ئێمەی، لە پال خەباتی کرێکاران لە شوینەکان و مەرکەزەکانی کار و لە پال خەباتی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلیکراو، کردوەتە یەکیك لە کۆمەڵەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان.

ئەو سێ قۆڵەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان تاسیر لەسەر یەکتر دادەنین و لە یەکتر هێز وەردەگرن وە زۆر بەڵگەی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگر ئەو ڕاستییە ئیسبات دەکەن.

موبارزاتی کرێکاران لە کارگا و مەرکەزە کرێکارییەکان بۆ داخوازییەکانیان، موبارزاتی خەڵکی فەقیری شارەکان و دانیشتوانی گەرەکە فەقیر نشینەکانی ئەو شارانە بۆ تەئمینی پیداویستییەکانیان، ڕاوەستاوی و بەربەرەکانی‌ی کۆمەڵانی زەحمەتکیشی دیهات لە بەرابەر زەخت و زۆری ڕژیم وەك چەکدار کردنی زۆرە ملی، کوچی زۆرەملی، سەربازگیری زۆرە ملی، توپ باران و خۆمپارە بارانی مال و حال و زەی و زاریان، وە زۆر نموونەی دیکە لە خەبات و تیکۆشانی خەڵکی ستەمدیدە بۆ وەدی هاتنی داواکاریەکانیان، بە حوزووری هێزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە نێویان دا یا لە نزیکەوەیان، ئیحساسی پشت گەرمی و هێز و توانایەکی زیاتری کردوە.

ئەوانەوزۆر نموونەی دیکە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەموو ئەو هاوڕیانەی لە نیو ڕیزەکانی کۆمەڵە دا بوون شاهیدی ئەوەن کە چون سەرکەتنەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان، بۆ نموونە بەرپا بوونی سەرکەوتوانەی مەراسمەکانی ئەووەڵی مانگی مەی لە شارەکانی کوردستان، سەرکەوتنی مانگرتنەکانی کرێکارانی کورەخانەکان لە کوردستان و شارەکانی دەرەوەی کوردستان، ڕاوەستاوی یەکگرتوانە و دەستە جەمعی خەڵکی دیهاتی مەنتەقەیەك یا تەنانەت ئاوایی‌یەك لە بەرابەر زەخت وفشارەکانی ڕژیم دا و پاشەکشە پی کردنی، تەئسیری کاریگەری دەکردە سەر وەرەی خەباتکارانەی هیزی پیشمەرگە و هیوا و ئومیدی بەسەرکەوتن، تیدا بە هیزتر دەکردن.

وە یاهەمیشە و لە هەموو ئەو کاتانەی کە لە تەنگ و چەلەمەکانی خەباتی چینایەتی دا تەشکیلاتی ئێمە تووشی سەختی و گیروگرفت بووە، بە ڕاشکاوی پشتی بە هاوکاری و یارمەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەستوە و لە پشتیوانی بی دریغی ئەوان هیزی وەرگرتوە.

هەر ئێستا پەیوەست بوونی کۆمەڵیکی دیکە لە لاوانی شۆڕشگێر کوردستان بە ڕێزەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە دەورەی تازەی فەعالییەتی داوبووژانەوەی هەڵسووران و تیکوشانی دوستان و دلسوزانی کۆمەڵە لە نیوەوە، نموونەیەکی زیندووی ئەو پشتیوانی‌یەیە.

– واقعییەتەکۆمەڵایەتی‌یەکانی نێو کۆمەڵی کوردستان زۆر لەوە ئاشکرا تر دەور و نەقشی خەباتی چەکدارانە بۆ ئێمە دەردەخەن کە پیویست بکا لیرە استدلالی زیاتری لەسەر بکری و بەڵگە و نموونەی زیاتری بۆ بینینەوە.

لە شەرایتیك دا کە نەك هەر دەوڵەتانی دەسەلاتدار، بەڵکوو هەموو حیزب و ریکخراوە بورژوایی‌یەکان و تەنانەت هەموو دەستەو تاقمە کۆنەپەرستەکانیش لە هەموو کوردستان دا چەکدارن، ئێمە هیچ کات لە پێك هێنان و تەقویەتی هێزی پیشمەرگە و خەباتی چەکدارانەی خۆمان تووشی ڕارایی و دوو دلی نەبووین هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووین کە لە شەرایت و وەزعییەتیك دا کە هەموو دوژمنان و نەیارانی کرێکاران و زەحمەتکیشان هیزی چەکداریان هەیە و چکولەترین جوولانەوە و داواکاری بە ڕەحمی خەڵکی بی‌بەش و زۆرلیکراو و بە چەك جۆاب دەدریتەوە و هەر چەشنە سەرهەڵدان و گەشە کردنی بیرو باوەری کۆمۆنیستەکان و هیزە شۆڕشگێرانە مەترسی سەرکوتی چەکدارانەی بە سەرەوەیە کۆمۆنیستەکان و هیزە شۆڕشگێرەکانیش دەبی هیزی چەکداری خۆیان هەبی.

هەر بوچوونیك و هەر هیزیك، لە ژیر هەر نیویك دا بیهەوی دەور و ئەهمییەتی خەباتی چەکدارانە بۆ کۆمۆنیستەکان حاشا لی بکا، یا تەنانەت لەوەی کە هەیە کەم ڕەنگتری نیشان بدا، چینی کرێکار لە ئەبزاریکی زۆر کاریگەر بۆ بەرەو پیش بردنی خەبات و تیکۆشانی خۆی مەحرووم دەکا.

ئێمە بە وەبەرچاوخستنی دەور و تەئسیری خەباتی چەکدارانە و فەعالییەتی هیزی پیشمەرگە لە بەرە پیش بردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و لە وەدیهینانی ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا، لەسەر دریژە پیدانی ئەو شکلە لە خەبات و تیکۆشان پی دادەگرین و لەسەر ئەو بروایەین کە هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە وەزعییەتی ئێستای ئێرانیش دا وەك هەمیشە دەبی نەقشی پیشڕەوی هەبی و دەوری کاریگەری خۆی بگیڕی.

چاوخشاندنیکی زۆرکورت بەسەر ئەوزاعی سیاسی ئێستای ئێران دا زۆر بە باشی ئەو ئەرکە قورسانەی کە لەسەر شانی حیزبی ئێمە و لەسەر شانی هاوڕیانی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە دەردەخا.

هەڵبژاردنەوەی رفسنجانی سەرەتا یان کۆتایی؟

شانوی هەڵبژاردنی رەئیس جمهوور بە پێی سناریویەك كە بۆی دیاری كرا بوو، كۆتایی پی هاتوە لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دا رفسنجانی بۆ ماوەی چوار ساڵی تر لەسەر حوكم مایەوە كاربەدەستانی رژیم بە عادەتی هەمیشەیی خۆیان دەستیان كرد بە شوكرانە بژێری ئەم "سەركەوتنە"بەلام واقعییەت ئەوەیە كە بەرێوەبەرانی رژیم ناتوانن لەم هەڵبژاردنە دا هیچ نیشانەیەك لە سەركەوتوویی بەدی بكەن. نەفسی هەڵبژدرانەوەی رفسنجانی ئەو شتە نێیە كە بلیندگو تەبلیغاتییەكانی دەزگای دەسەلاتداریتی لە ئێران بتوانن بە نیشانەی سەركەوتنی لە قەلەم بدەن رژیم دەیزانی لەم بابەتەوە تووشی هیچ گیروگرفتیك نابی ئەو چەند كەسەی بە ناو"رەقیب"ی رفسنجانی لە پروسەی هەڵبژاردندا، داتاشرا بوون تەنانەت نەیاندەتوانی لاسایی رەقابەت بكەنەوە و خۆیان دەستیان كرد بە پشتگیری لە سیاسەتەكانی رفسنجانی جمهووری ئیسلامی نە تەنیا رێگای بەشداری كردنی لەم هەڵبژاردنە دا بەو حیزب و رێكخراوانە نەدا كە لە چوارچیوەی خودی حكوومەتەكە دا ئیمكانی مانەوە و مەوجوودییەت تیان پیدراوە، بەڵكوو تەنانەت لایەنی ناسراو بە "توندرەو"یش كە بە درێژایی ساڵانی رابوردوو هەمیشە بەشیك لە تاقمی دەسەلاتدار بووە، دەرفەتی هیچ خۆ نواندنیكی پی نەدرا"شووڕای نیگابان" بە بی هیچ تەوزیح و رووننكردنەوەیەك 128كاندیدای كە هەموشیان سوێند خواردووی جمهووری ئیسلامی بوون – لە لیستی كاندایداكانی سەروك كۆماری دەرهاویشت و تەنانەت ناوەكەیانی رانەگەیاند بەلام لایەنی "توندرەو"ئامادە بوون بیدەنگە بكەن جگە لەمەش وەزاەتی كاروباری ناوخۆ، بە تەواوی ئامادە بوو بۆ ئەوەی نەتیجەی هەڵبژاردنەكە بە پێی مەسلەحەتی نیزامی ئیسلامی تەنزیم بكا بەم جۆرە رژیم بە تەواوی لەوە دلنیا بوو كە هەموو ئەو رێگایانە گیراون كە ئیمكانی ئەوە بدەن كەسیكی تر جگە لە رفسنجانی سەر لە سندووقەكان بینیتە دەر.

ئەو شتە كە لەم هەڵبژاردنە دا هەموو كار بە دەستانی رژیم نیگەرانی بوون و هەموان، لایەنی رفسنجانی و لایەنی ناسراو بە تونەرەو و خامنەیی و خیلی حیزب اللهی خۆیان بۆ ئامادە دەكرد هەتا بە ئەنجامی دلخوازی بگەیەنن، بەشداری خەڵك بوو بە رادەیەك كە ریسوایی و بی بناغەیی ئەم رژیمە لەو رۆژە دا بەزەقی بەرچاو نەكەوی لە روانگەی هەموو ئەمانەوە بەشداری نەكردنی بەرینی خەڵك لەو هەڵبژاردنە دا مەترسیەكی جیددی بوو كە هەرەشەی لە سەر تا پیی حكوومەت و نیزامی ئیسلامی دەكرد رژیمی جمهووری ئیسلامی لە رۆژی 21ی جوزەردانی ساڵی 1372دا كۆمەڵانی خەڵكی ئێران رژیمیك بوو كە دوای 8ساڵ شەر و كوشتار و ویرانی و دوای چوار ساڵ وەعدە و بەلینی"بازسازی" نەیتوانیبوو هیچكام لە گیروگرفتە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی ئەو كۆمەڵگایە چارەسەر بكا بە تایبەت لە مانگی جوزەردانی ساڵی پیشوودا بە سەركوتكردنی خویناوی بزووتنەوە و ئیعتیرازی خەڵكی نارازی لە چەندین شاری ئێران، نیشانی دا بوو كە بەش بە حاڵی خۆی ئامادەیە بۆ ئەوەی راوێژ و دیالۆگی نێوان خەڵك و دەزگای دەسەلاتداریتی لەمەو دوا بەو زمانە بكرێ لە حاڵەتیكی ئاوا دا بوو كە رژیم نیگەرانی ئەوە بوو چ ژمارەیەك لە كرێكارانی بی بژیو و بیكار، كۆمەڵانی بی مەسكەن و مااڵ بە كۆڵ، ژنانی ئەسیر و تەوهین پیكراو، لاوانی ئارەزوو خنكیندراو، میللەتانی سەركوت كراو و هتد، ئامادە دەبن لە رۆژی هەڵبژاردن دا لە دەوری سندووقەكانی رژیم كۆبنەوە.

لەو هەل ومەرجە دا بوو كە، لایەنی ناسراو بە "توندرەو"ی ئیسلامی، سەرەرای تووڕەییان لەوە كە پارەكە هەموو كورسییەكانی پارلمانی ئیسلامییان لی ئەستینداوەتەوە و ئەمسااڵیش هەموو كاندیداكانیان لە لیستی كاندیداكانی سەروك كۆماری دەرهاوێژران حازر بوون نارەزایەتی خۆیان بخونەوە و جارێ بیدەنگە بكەن بەاڵم یەكێك لە بەرێوەبەرانی ئەو تاقمە لە رۆژنامەی"سااڵم" دا هۆی بیدەنگییەكەی خۆیانی راگەیاند:

"ئەو بی دەنگییەی ئێمە بە مانای ئەوە نێە كە قسەیەكمان نێە بەڵكوو مەسەلەكە ئەوەیە كە نامانەوی بە هۆی ئێمەوە سەدەمەیەك بە نیزامی جمهووری ئیسلامی بگا نامانەوی خەڵك تووشی نا هومیدی و سەرشكستەیی بن و دوژمنانی شۆڕش و ئیسلامی سەر بزیوی بكەن."

بەم جۆرە ترس لە هەرەشەی ئیعتیرازات و هەڵچوونی تووڕەیی خەڵك گیروگرفتی تاقمەكانی ناوخۆی لەم ماجەرایەدا بۆ رفسنجانی چارەسەر كرد و هەموان چاوەڕیی شەقامەكان مانەوە .

رۆژی پێش هەڵبژاردن لە گەلیك شوین بە تایبەت گەرەكە فەقیرنشینەكان، دەست و پیوەندەكانی رژیم دەستیان كرد بە ترساندنی خەڵك لەوە كە بەشداری نەكردنیان لە هەڵبژاردن دا ئەنجامی خراپی بۆیان دەبی لە رۆژی هەڵبژاردن دا دووربینە تلویزیونی دەسكردنی بەشداری"گەرم و گۆر و بی وینەی ئومەتی حیز اللە" بیننە سەر سەفحەی تلویزیونەكان و چەند پەیامنێری رادیو و رۆژنامەكانی دەرەوە كە رێگایان پیدرا بوو راپورتی هەڵبژاردن ئامادە بكەن بەرەو چەند مەركەزیك كە رژیم پێشتر بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی كرد بوون و بە دانستە قەرەبالغ كرابوون، رێنوینی كران.

سەرەرای هەموو ئەمانە و دوای هەموو دەسكاری و سەنگ و سووك كردنیك ئەوەی كە بوخۆیان توانیان رای بگەیەنن ئەوە بوو كە تەنیا 16میلیون كەس لە نزیك بە 35 میلیون كەس كە دەیانتوانی دەنگ بدەن لەو هەڵبژاردنە دا بەشداریان كردوە یانی بە پیی ئیعتیراق رژیم زیاتر لە نیوەی ئەو كەسانە كە مافێ دەنگدانیان بووە بەشداریان نەكردوە و لە نێو ئەوانەشدا 37٪یان دەنگیان بە رفسنجانی نەداوە.

ئەمە ئەو لایەنەی شانوگەریەكە بوو كە زەنگی خەتەری لە بن گۆیی كاربەدەستان و بەرێوەبەرانی جمهووری ئیسلامی زرینگاندوەو و بە ئاشكرا نیشانی دان كۆمەڵانی بەرینی خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش و زۆرلیكراو كە 14ساڵ دەسەلاتدارەتی تاقم و لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەم رژیمەیان بە رەگ و پیستەوە چەشتوە و لە هەژاری و بی دەرەتانی و نەبوونی ئازادی و پی شیل كرانی مافەكانیان وەگیان هاتوون، جوابی بەلین و بانگەوازەكانی رژیم نادەنەوە "خەڵك وەاڵمی بەلینەكان نادەنەوە و بروای پی ناكەن" ئەمە ئەو راستیەیە بوو كە هەڵبژاردنی رۆژی 21ی جوزەردان بەرێوەبەرانی رژیمی ناچار كرد تەنانەت لە رۆژنامەكان دا ئیعتیراق پی بكەن ئەویش لە كاتیكدا كە پێش هەڵبژاردنە دا وەك "تەكلیفی شەرعی" بۆ"دەمكوت كردنی استكبار" بخەنە بەر پیی خەڵكی ئێران لەم بابەتەشەوە، ئەم هەڵبژاردنە تەنیا شكستی بەرنامە و سیاسەتەكانی رفسنجانی نەبوو بەڵكوو بی رەغبەتی و نارەزایەتی جەماوەری بەرینی خەڵكی ئێران بوو دەرهەق بە سەرتا پیی نیزامی ئیسلامی ئەوانەی بەجۆرێك دەستیان لە دەزگای دەسەلاتدارەتی دا هەیە خۆیان باشتر لە هەموو كەس لەم واقعییەتە ئاگادارن و تەنانەت دەنگدان بە كاندیداكانی تر– بێجگە لە رفسنجانی–بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ حكوومەتی ئیسلامی دەزانن لەم بابەتەوە یەكێك لە رۆژنامەكانی رژیم نووسی:

كاندیدای دووهەم، لە كوردستان، 3ئەوەندەی جێگاكانی تر دەنگی پیدراوە ئەمە نیشانەی پیشوازی نەكردن لە رفسنجانی و پیشوازی كردن لە هەر شتیكە كە دژایەتی و نارەزایەتییان نیشان بدا."

هێشتا چەند رۆژێك لە شانوگەری هەڵبژاردنی سەروك كۆمار تیپەر نەببوو كە كۆبوونەوەیەكی گەورە لە كۆنەپەرست ترین و هارترین و گۆی لە مست ترین دەست و پیوەندەكانی رژیم پاسداران و دار و دەستە جۆراوجۆرەكانی حیزب اللەی لە ژێر هیدایەتی ستادی" ئەمر بە معروف و نەهی لە منكر" نارەدە شەقام و كووچە و كۆاڵنەكان و دەستیان كرد بە ئازاردان و بی حورمەتی كردن بە ژنان و هێرش بردنە سەر هەر شتیك كە نیشانەیەك لە ئازادیخوازی و ئیرادەی خەڵكی پیوە بوو ئەم هێرشە لە راستیدا رەنگدانەوەی ئەو ناكامی و نیگەرانی یە بوو كە نەتیجەی هەڵبژاردن بۆ ئەم رژیمەی بەبار هێنا بوو رژیمی ئیسلامی بەم كارەی خۆی دەیەویست ئەو جەماوەرەی كە بە بەشداری نەكردنیان لە هەڵبژاردندا نارەزایەتی خۆیان لە رژیم راگەیاند بوو، چاو ترسین بكا و تەئكیدیك بكاتەوە لەسەر ئەوە كە لەم زەمینەیە دا دەست لە سەركوت نا پاریزی.

بەم جۆرە رفسنجانی لە حاڵیك دا دەورەیەكی تری كاری خۆی وەك سەروك كۆمار دەست پیدەكا كە شكست و ناكامی بەرنامەكانی تا ئێستای، نارەزایەتی بەرینی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران، درێژەی بوحرانی ئابووری، وەدی نەهاتنی هیوای وەگەر كەوتنی سەرمایەی دەرەوە لە ئێران، وە فشاری دەوڵەتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئامریكا بە هۆی هەرەشەی ئێران لە هێمنایەتی و ئەمنییەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی رۆژ ئاوا لەم ناوچەیە و بە هۆی هاندان و یارمەتیدانی بزووتنەوە ئیسلامییەكانی ولاتانی تر، ئاسویەكی روون بۆ بەرەو پیش چوونی سیاسەتەكانی ئەم دەوڵەتە بەرچاو ناكەوی هەر بۆیە چاوەروان دەكری ئەو جەماوەری لە رۆژی هەڵبژاردن دا نارەزایەتی خۆیان لەم رژیمە بە بەشداری نەكردن لەو شانوگەرییە دا نیشان دا، لە رۆژەكان و مانگەكانی تری ئەو دەورەیەدا دەست بدەنە شێوەكانی تری نارەزایەتی دەربرین.

رفسنجانی دەورەی تازەی سەروك كۆماری خۆی لە كۆتایی دەورەی چاوەروانی جەماوەری خەڵك دا، دەست پیدەكا.

(پاشماوەی) هەژاری و نیگەرانی زەینی ئینسان سپی دەكەنەوە

وت وویژ لە گەل هاوری ناصری حسامی

نەخیر! هیزیكی تر لە كۆمەڵدا حوكم دەكا و رەوت و ریبازی فیكری جۆراوجۆر شكل پیدەدا و خودی حیزبەكان و دەوڵەتەكان و سیاسەتەكانیش لە ژیر سەیتەرەی دان هیزیك كە لە بەرژەوندی ماددی ئینسانەكانەوە، لە بەرژەوەندی چینایەتی ئینسانەكانەوە، لە بەرژەوەندی چینایەتی ئینسانەكانەوە سەرچاوە دەگری ئینسانەكان بە هزار بەند و هەودا پەیوەستن بەم بەرژەوەندە جیاوازانەوە هیچ ئینسانیك لە كۆمەڵدا نێە كە خۆی بە تاك و تەنیا، جیاواز لە جیگا و شوێنی كۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی و ئازاد لە هەموو بەرژەوەندیكی كۆمەڵایەتی، خۆی قائم بەزات، فیكرێكی سەربەخۆی هەبی بیری هیچ ئینسانیك تەواو"ئازاد و سەربەخۆ" نێە ژیان و گوزەرانی رۆژانە، داب و نەریتی ناو كۆمەڵ، قەوارەی فیكری و ئیدئولوژیكی سەردەم، هەستی قەومی و میللی و مەزهەبی و... هەركامیان چوارچیوەیەك بۆ بیری بەشەر و لە ئەنجامدا بۆ بەرهەمی هونەری و ئەدەبی زادەی ئەو بیرە دروست دەكەن هەر كام لەمانە لە ئاستیكی كۆمەڵایەتیدا "سانسور" بەرێوە دەبەن سانسووری دەوڵەتی تەنیا بەرهەمی ئەم سانسورە كۆمەڵایەتییانە دەست بژیر دەكا.

وە سەرەنجام، گەورەترین سانسوری هەموو میژووی بەشەر، هەژاری و نەداری بەرێوە دەبا هەمینگوێی گوتەنی: نیگەرانی و نەداری، زەینی ئینسان سپی دەكاتەوە.

هەمینگوێی دەیگوت: دوو شت فەوتینەری هونەرن: نەداری و نیگەرانی هەلبەت هەمینگوێی دەیزانی كە هەر بە تەنیا باسی نیگەرانی بكا بەسە، بەاڵم نەیدەویست قودرەتی گەورە و رووخینەری"نەداری" سیبەری بكەویتە سەر ئەوانە، كۆسپی سەر رێگای گەشەی خەللاقییەتەكانی بەشەرن رێگا لەوە دەگرن كە بەرهەمی گەش و ئازاد و رەها لە هەموو قەید و بەندیك بخولقی ئەوانەن كە ناهێلن بیری بەشەر بە بەرینایی زەوی و ئاسمان بال بكاتەوە نەزمیك هەیە كە تییدا زۆر دیاردەی ژیانی بەشەر مەفهوومیان و رەنگ و ناوەرۆكیان بە تەواوی گوراوە بەشەر، خوشەویستی و سوز و میهرەبانی لی ئەستیندراوەتەوە ئەو نیزامەی"قانوون"ی خۆی ناوەتە جێگای پەیوەندە ئینسانییەكان و بانتر لە هەموو شتیك لە حاڵیكدا ئەگەر پەیوەندە ئینسانییەكە زیندوو بوایە"قانوون" و "عەدالەت"یكی نابەكارانەی لەو چەشنە هەر پیویست نەبوو بە داخەوە زۆر كەسیش هەن كە میشكیان بەوە راهاتوە لەم قانوونانە نەترازی لە نەزمیكی ئاوادا هەزار قەید و تعلق و قانوون و سنوور بیری ئینسان دەبەستنەوە و یەخسیری دەكەن قەیدی سكتاریستی تەنیا یەكێكە لە شكلەكانی ئەو هەزاران قەید و بەندە ئەو حیزبەی بە تیكۆشانی ئەنترناسیونالیستی خۆی، هەول دەدا بۆ نەهێشتنی ئەو نەزمە و بۆ سرینەوەی پیوەندەكانی دەست و پیی بەشەر، ناتوانی ئەو چوارچیوە بەر تەسكە بی كە هونەر و ئەدەب ببەستیتەوە.

با بە كورتیش بی ئیشارە بە لایەنیكی دیكەی ئەم باسەش بكەم زۆر جار هەر چەشنە ئامانج خوازیەك كە رووی لە رزگاری بەشەری چەوساوە بی بە ناوی ئەوە كە "سیاسی" یان "حیزبی"یە دەدریتە بەر لافاوی تەوس و توانج ئەمە بە ئاشكرا چاو بەستنە ئەمە دیارە كاری ئەو كەسانەیە كە دەستیان یان بەرژەوەندیان تیكەلی چەوسینەران و سەركوتگەرانە و زۆریش بە تەمای شاردنەوەی نێن ئەمانە دژی هەر چەشنە خۆ رێكخستن و هەولیكی سازماندراوی بەش مەینەتانن و دیارە لە بواری هونەر و ئەدەبیش دا هەر ئەوە پیوانەیانە.

ئێوە چون هونەری ئامانج خواز و سیاسیلەیەك جیا دەكەنەوە؟

–من لایەنگری ئەوە نێم بەرهەمی هونەری بە زمانیكی تەبلیغی، فلانە سیاسەتی دیاریكراو یان فلانە تاكتیكی دەورەیی بەیان بكا یان بیكاتە بابەت و مەوزووعی خۆی. من لایەنگری ئەوەم هونەر بۆ دوور تر بروانی ئامانج خواز بی ئیلهام لەو بەرژەوەند و ئامانج و ئاسویە وەربگری كە سەرەنجام سیاسەتەكانیش رووی تی دەكەنەوە.

بەاڵم ئاشكرایە، لە كۆمەڵگایەكدا كە لەسەر بنەرەتی ترین ئامانجەكان كیشەی كۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، هەر ئەو هونەرە ئامانج خوازەش كاركردی سیاسی پەیدا دەكا ئەوانەی ئامانج خوازی لە هونەر دا، بە بیانووی"سیاسی" بوونی بەرهەمەكە مەحكووم دەكەن، ریك مەبەستیان ئەم كاركردە سیاسی و كۆمەڵایەتییەی بەرهەمەكانە.

ئێوە لە قسەكانتاندا باسی هونەری بەرگریتان كرد كە لە ئێران بە ناوی "هونەری موقاومەت" دەناسری و بەشی زۆری بەرهەمەكانی هونەرمەندان و نووسەرانی نارازی و میلیتانت دەگریتە خۆی ئایا ئێوە رەخنەیەكتان لیی هەیە؟ بە گشتی تایبەتمەندییەكانی ئەم هونەرە چین؟

-هونەری بەرگری، یان موقاومەت، هەر وەك لە ناوەكەیەوە دیارە، لەو شوینانە شكل دەگری كە بۆ ماوەیەكی كەم تا زۆر دریژ، بەرهەلست بوونەوەیەك لە نێو كۆمەڵدا، یان لە نیو بەشیكی كۆمەڵدا، بەرانبەر بە ستەم و سەركوتگەریوە یا بەرانبەر بە داگیركەران روو دەدا.

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، هونەریكی پیشینەداره و بە تایبەت لەسەر و بەندی راپەڕینی ساڵی 57دا فەزایەكی تا رادەیەك ئازاد بۆ هەڵسووران هەبوو، بە شێوەیەكی بەرین هاتە روو كە كوردستانیش وا بوو ئەم هونەرە، دیارە، هونەریكی نارازیی لە دژی ستەم و زۆرداری رادەوەستی بەرانبەر بە سەرەڕویی حكوومەت دەنگ هەڵدینی تەنانەت لەو كاتانە دا كە بە هۆی خەفەقان و سانسور و هەل ومەرجی نالەباری سیاسی و كۆمەڵایەتی، خاموشی و بیدەنگییەك بەسەر فەزای فەرهەنگی كۆمەڵ دا زال بووە، تاكە تاكە بەرهەمی ئەم ریبازە هەولیان داوە ئەم بیدەنگی و بی هیوایی یە بشكینن.

بەڵام ئەم هونەرە لایەنیكی هەیە كە جیگای سەرنجە بەشی زۆری بەرهەمە هونەرییەكانی سەر بەم ریبازە لە بوچوونیكەوە سەرچاوە دەگرن كە بە پیی ئەو بوچوونە"بەرگری" و"موقاومەت" لە بەرانبەر دیكتاتوری و ستەمدا كاری هەموو كەس نێە و وانیشان نادری كە لە وزەی هەموو ئەو كرێكار و زەحمەتكیش و زۆرلیكراوانە دایە كە ئەنگاوتە و ئەنجنراوی تیر و تەوری سەرمایەن زیاتر وا نیشان دەدری كە ئەم بەرگرییە كاری چەند قارەمانیكە بۆیە لە زۆر بەرهەمی هونەری ئەم ریبازە دا- بە تایبەت لە دەقە شانویی یەكاندا ئەكتەرەكان-چەند قارەمانیك بوون كە كەمتر تایبەتمەندیی یەكانی ئینسانی خاكی یان پیوە دیار بوو زۆربەیان هیزیكی سەرو كۆمەڵایەتی یان هەبوو لە ئینسانی ئاسایی واوەتر بوون دەیانتوانی پەی بە هەموو نهێنی یەك بەرن، وەك پیر و شیخەكانی نێو مەزهەبەكان پیشگویی یان دەكرد و كە راماتیان دەنواند، هەرگیز تووشی ترس و رارایی و دوودلی نە دەبوون، ماندوو نە دەبوون، بە هیچ شتیك دانەدەچلەكان، عاشق نە دەبوون، بە بی پیویستی یە مادەی و روحی یەكانی ئینسانی ئاسایی دەیانتوانی بژین فریشتەیەك بوون بۆ نەجاتی بەشەری كاس و بی خەبەر و ری ون كردوو نازل ببوون و قسە و كەلامیان بە شیوەیەكی جادوویی كاری دەكر كاتێك لەگەڵ كەسانیكی خەڵكی ئاسایی بەرەو روو دەبوون كە سەرەرای هەژاری و نەداری و زۆرلیكراوی هیچ"موقاومەت" و"قارەمانەتی" یەكیان لی نەدەبینرا، ئەمانە دەنگی بانگەوازیان هەلدەبری كە"خەڵكینە! هەتا كەی وا بەبی خەبەری؟!" و لە ناكاو خەڵكەكە وەك شتیكیان پی ئیلهام كرا بی و هیزیك لە دەروونیان گەرا بی، وەخو دەهاتنەوە، وەخەبەر دەهاتن و بە ریزی جەنگاوەران پەیەست دەبوون یانی لە ژیانی پیشووی خۆیان دادەبران پیویست بوو دابڕێن، تا بتوانن"جەنگاوەر" بن لە زۆربەی بەرهەمە شانویی یەكاندا مەسەلەكان ئاوا نیشان دەدران.

كەمتر ئەوەیان دەبینی كە جەماوەر لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا بە چنگ و ددان خەركی شەڕێكی بەردەوامن بۆ مانەوە و بۆ ژیان كەمتر ئەوەیان دەبینی كە شكودارترین دیمەنەكانی قارەمانەتی رۆژانە هەزار جار لە نیو ئەو جەماوەردا روو دەدەن نەیاندەتوانی ئەوە ببینن كە خودی دەست و پەنجە نەرم كردنی ئەم جەماوەرە لەگەڵ ئەم هەموو مەینەت و كویرەوەری یە، خۆی گەورەترین حەماسەیە.

تەنانەت بەشی زۆری شاعیران و نووسەرانی "چەپ"، ئەوانەی رادیكالتر بوون و رووبان دەكردە چینی كرێكار و كۆمەڵانی زەحمەتكیش، زیاتر هەر لەم روانگەیەوە قسەیان دەكرد و دەیكەن ئاسایی ترین و بەدیهی ترین دیمەنەكانی ژیانی ئەو چینە، وەك حوكمیك بەیان دەكەن ژیانی ئەو چینە، وەك حوكمیك بەیان دەكەن كە گۆیا خۆیان بۆ یەكەم جاركەشفیان كردوە"كرێكار ماندوو دەبی" و "سەرمایەدار چەوسینەرە" و... بەم پییە دەكەونە ئاموژگاری كردنیكی باوكانە كرێكار تەنیا كاتیك بە رەسمی دەناسن كە هاتبێتە مەیدانی شەری خۆیناوی و نركەی بی پەیتا پەیتا فەرمانی راپەڕین و رووخاندن و دەدەن و ئەگەر چینی كرێكار وانەكا، خۆیانی لی بی بەری دەكەن ئەم بوچوونە تا رادەیەكی زۆر بیگانەیە لەگەڵ ژیانی واقیعی و ئامانجە سەرەكی یەكانی چینی كرێكار و كۆمەڵانی زەحمەتكیش و زۆرلیكراو تەنسیری لەو ریبازە فیكریە وەرگرتوە كە چەوساوەكان و بەش مەینەتانی كۆمەڵی تەنیا وەك هیزی زەخیرە بۆ وەدیهینانی خولیا و ئامانجی چین و تویژەكانی‌تری كۆمەڵ چاو لیكردوە.

ئەم رەوتە لە هونەر دا، خەریكە بەرەو لاواز بوون و كەمرەنگ بوونەوە دەچی هاوكات لەگەڵ ئەوە كە بە شەرییەتی چەوساوە لە ئاستیكی جیهانی دا خۆی بەرانبەر بە جەمسەری زۆرداری و چەوساندنەوە و قودرەتمەداری دەبینیتەوە، هاوكات لەگەڵ جیهانی بوونەوەی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری فەرهەنگی بەشەری، هاوكات لەگەڵ جیهانی بوونەوەی هەرچی زیاتری چاوەروانی یەكانی بەشەر، ئاڕەزووەكانی، پەیوەندە ئینسانی یەكانی، مەفهوومە ئەخلاقی یەكانی، نەفرەتی، خۆشەویستی یەكەی و شكلی ئاڕەزایەتی دەربڕینی، هەرچی زیار تایبەتمەندی یە خۆجی یی و ناوچەیی و فیرقەیی یەكان كەم رەنگ دەبنەوە بەشەرییەتی چەوساوە خەریكە بە زمانی واحید و جیهانی خۆی دیتە دوان و راویژی چینەكانی تری كۆمەڵ لەسەر زمانی لا دەچی وەسیلەكانی پەیوەندی گرتنی گشتی، بە شیوەیەكی سەر سورهێنەر بەرەو پیش چوون شكلی خۆشەویستی دەربڕینی نیوان ژن و پیاو تەنانەت لە دووره دیهاتی كوردستان، زیاتر لە ژیر كارتیكردنی "هالیوود" و شەبەكە تلویزیونی یەكانی ئوروپا دایە هەتا لاس و خەزال و مەم و زین.

هونەرمەندان و نووسەرانی پیشرەوی ئەم سەردەمە لە كوردستان، پیویستە هەرچی زیاتر بەرەو پیری فەرهەنگی جیهانی بەشەری و دەسكەوتە هونەری و ئەدەبی یەكانی ئەم وەخەبەر هاتنە نوی یەوە بچن ئەمە یارمەتیمان دەدا كە لە سەمەرەی فەرزانەیی و خەللاقییەتی بەشەر بەهرەمەند بین ئەگەر ئەو كارەش نەكری، نەیكەین، سەرەنجام ئەو فەرهەنگە بی سنوورە رۆژێك بەری درگامان پیدەگری.

ئێوە تا رادەیك باسی شانو و شیعر و بەرهەمە هونەری یەكانی ترتان كرد لە بابەت موسیقای كوردی، مەسەلەكە چون دەبینن بە تایبەت ئێستا رەوتیكی دیاریكراو لە موسیقای كوردی دا سەری هەلداوە موسیقایەكی عیرفانی دیارە بە بەیانیكی تازە بابەت و مودیرن.

-من لە پیشدا ئەوە بلیم كە شارەزایی یەكی تایبەتم لە زەمینەی موسیقا دا نێە دەتوانم هەندیك شت باس بكەم كە تەنیا زەوق و هەستی خۆم بەیان دەكا.

ئەو شتەی ئێوە دەلین"موسیقای عیرفانی" ساڵانیكی دوور و درێژە لە موسیقای فارسی‌دا هەیە و لەم ئاخرانە دا، بەشیك لەو موسیقا عیرفانی یە شكلی مودیرنی گرتوەتە خۆی بەتایبەت لە ساڵانی كۆتایی حكوومەتی شا دا- كە وردە بورژوازی یەكی بەرین پیك هاتبوو-سكالای ئەم چینە لە ژیانی خۆی و لە چنگ دەستكورتی یەكانی، لە قالبیكی ئەغلەب نا ئومیدانە دا، بەسەر موسیقا دا زال بوو.

ناوەرۆكەكەی بریتی بوو لە هەندیك حەسرەت و خوزگەی پووچ و نزم ئێستا لە موسیقای كوردیش دا ئەوە بەرچاو دەكەوی و كەمیش نێە.

من با ئەوەش بلیم كە مەبەستم ئەوە نێە موسیقا نابی خەم وپەژارە و حەسرەت بەیان بكا بەشەر جاری وایە خەمناك دەبی بە حەق خەمناك دەبی و دیارە خەمەكەی خۆی بەیان دەكا هەر وەك چون شادی یەكەی و خۆشەویستی یەكەی بەیان دەكا ئەوەی لەم جۆرە موسیقا عیرفانی یە دا- لانی كەم بۆ من- گۆی لی راگرتنی سەختە ئەوەیە كە خەم و خوزگە و حەسرەتە كە، پووچ و بی بناغەیە رو رویەكە بۆ هیچ و خوزگە خواستنە بۆ شتیك كە گریمان ئەگەر وەدی بی دیسان هیچ بەختەوەری یەك نێە من لەو موسیقایەدا هیچ شوور و گور تینیك بەدی ناكەم هیچ حەرەكەتیكی تیدا نێە ئاخر، بەشەری بزوز ئەگەر خەمناك بوو تووره یی یەكی پیوە دیارە دەبزوی بەڵام ئەم موسیقا عیرفانی یە بە ملودی یەكی خەوالووی سارد و سرەوە دەلیی جەستەی ماری بی گیانەو بە زەحمەت ئەم دیوە و دیو دەكا.

دیارە رەنگدانەوەی ناڕەزایەتی و سكالایە و گوێگری خۆی هەیە نەسڵیك لە لاوانی ئەمرۆ، كە سەختی یەكان و نا بەرابەری یەكانی ژیان وەرەزی كردوون، لە شەر و كوشتار بیزار بوون، بێكار و بی دەرەتانن و هەست بە دەستكورتی دەكەن و ئەوەندەش بەرچاو روون و سەر بزیو نین ئاسویەك و هیوایەك دلیان گەرم بكاتەوە، ئەم موسیقایە تەسكین یان دەدا بەڵام ئەوانەی سەرقالی كار و تەقالای رۆژان، ئەوانەی ژیانیان بەندە بەوە كە ببزوون و بژیوی خۆیان لە كیشەیەكی بەردەوامدا لە تەبیعەت و دەوروبەری خۆیان بستینن، ناتوانن و مەجالی ئەوەیان نێە ئەوەندە سەر بەرنەوە نێو دەروونی خۆیان مەجالی ئەوەیان نێە دەست بە ئەژنووە بگرن بۆیە چیژ لەم موسیقایە وەرناگرن و زیاتر لایەنگری موسیقای پر جم و جوولن ئەو سەمایەی ئەوان بۆ زیندوو مانەوە، لەبەر بارەگای ژیان دەیكەن، لەگەڵ ئەو موسیقایە دێتەوە تەنانەت لەو جیگایەی ئەم سەمایە، خوینناوی دەبی هێشتا هەرلە بزووتن دا نامێنن هەر بۆیە لە گورانی یە فولكلوری یەكاندا و لە زۆربەی بەیت و حەیرانەكاندا كە چیرۆكی ناكامی یەكان و بە مراد نەگیشتن و رەنجە رویی دەگێرنەوە، هیچ مەجالیك بە داماوی و سەر بردنەوە ناوخۆ نادری و بە پیچەوانە كارەساتە دلتەزینەكان حەماسەیان لی دروست دەكری و لە هەموو سەربەندەكانیان دا ژیان هەڵپەی دی یان بۆ نموونە لە گورانی یەكانی گورانی بێژیكی وەك حەسەن زیرەك دا، ئەو دیاردە تازانەی كە روخساری كۆمەڵ دەگۆڕن باسیان دەكری: ماشینی جیپ، كارخانەی قەندی میاندواو، تلویزیون، ئاپولوی 14، ئیزكەی رادیوی تاران و... بەكورتی موسیقای پر جم و جوول و حەرەكەت و هەڵپە، زەرفییەتی ئەوەی زیاتر تیدایە كە لە موسیقای ئەمرۆیی و جیهانی نزیك بێتەوە عیرفان و سەربردنەوە ناوخۆ، لە موسیقادا ئەگەر چی تا رادەیەك رواڵەتی مودیرنی پیدراوە و لە سازە تازەكان كەڵك وەردەگری، بەڵام لەبەر ئەوەی حەركەتی تیدا نێە لە موسیقای ئەمرۆیی و جیهانی دوور كەوتوەتەوە و لەم روانگەیەشەوە هەڵگەرانەوە بەرەو دوایە.

ئێستا، كە ئەو باسە هاتە گۆڕ، پیم خۆشە ئاماژە بۆ دیاردەیەكی تریش بكەم دیاردەیەكە زیاتر لە شیعر دا كە لەم ڕێگایەوە هاتوەتە نیو گورانی یەكانیش، وە رەنگدانەوەی ئەو شەر و خۆین رشتن و كاولكاری یەیە كە لە كوردستان كراوە ئەویش ئەوەیە كە زیاد لە رادەی پیویست، بەدەر لە سنووری تاقەتی خوینەر و گوێگر، باسی خۆین و مەرگ و شەهید و تەرم و برین و ئیسقان دەكری جاری وایە گۆڕی شیعر دەلیی كۆڕی پرسەیە و گۆرانی دەلیی یاسین و خەتم و تەلیلەیە بە راستی بۆ خەڵكیك كە ڕۆژی سەد جار كۆستیان دەكەوی، هەموو ڕۆژی جەرگیان بە كوچكی داغەوە دەدری، لە هەموو كۆڵانێك دەنگی شیوەن دەبیستن، زیندوو كردنەوەی ئەم فەزایە لە شیعر و گورانی دا بوچیە؟ گریاندنی خەڵكیك كە هەر بە شیوەی ئاساییش هەمیشە قولپی گریان لە گەرویاندایە، چ هونەریكە؟ ئەگەر مەبەست ریز گرتنە لە قوربانیانی ئەم كوشتار و ویرانی یە، ئەوە بەبی زیندوو كردنەوەی ئەم فەزایە و بە هاندانی وەرەی تیكوشان و بە گەشكردنەوی هیوا بە ژیانی ئینسانی و بە ئاگر كردنەوە لە دژی ستەم و جینایەتكاری دەكری لە بیرمان نەچیتەوە ئامانجی هونەری ئێمە بەختەوەری ئینسانە دور خستنەوەی بەشەرە لە كویرەوەری و هەناسە ساردی و داغ و قەمچی ئەوەی بۆئەمرۆ پیویستە، روانینە بۆ ئاسوی داهاتوو گەش بینی یەكی زیاتر پیویستە جگە لەو هیواداری یە، ئەم خەڵكە تینووی زەرییەكن ئەو هونەرمەندەی ئەوەی لە دەست دی نابی دریغی بكا.

ئەو دوو بەرهەمەی لیرەدا دەیانخوینەوە، هاوری ع.م. لە ئینگلیزی یەوە كردوونی بە كوردی یەكەمیان شیعری شاعیریكە بە ناوی"كونراد فیردیناند میی یر"،"ڕۆزا لوكزامبورگ" وەختی خۆی ئاواتی خواستبوو كە ئەو شیعرە لە سەر كیلی قەبرەكەی بنووسن.

دووهەمیان، بەرهەمی سوسیالیستیكی ئەنترناسیونالیستی ئامریكایی یە بە ناوی یوجین دیبس ئەم بەرهەمە لە كاتیك دا نووسراوە كە لە جەنگەی شەری یەكەمی جیهانی دا كە شەریكی ئەمپریالیستی بوو بۆ دابەشكردنی جیهان، ئوپورتونیستەكان ئاگری ئەو شەرەیان خۆش دەكرد لینین و كۆمۆنیستە شۆڕشگێرەكانی ئەو كات لە هەمان كاتدا كە دژی شەری ئەمپریالیستی و چەوسینەرانە بوون، پشتیوانی یان لە شەری عادلانەی كرێكاران و كۆمەڵانی زۆرلیكراو لە دژی چەوسانەوە و ستەم دەكرد.

ئەم بەرهەمە رەنگدانەوەی ئەوە هەلویستەیە.

خوزگە

بە داخەوەم بۆ ئەویەك سەعاتەی زریم نەپوشی
بە داخەوەم بۆ ئەو ڕۆژەی برینیكی تیدا نەدرا
بە داخەوەم- و خولەمیش بەسەر سەرم دا دەكەم-
بۆ ئەوەی ئیمانم بە سەركەوتن لەوە ئاگرینتر نەبوو
بە داهەوەم كە تەنیا جاریك دوور خرامەوە
بە داخەوەم كە چەندەها جار ترسی ئینسانیم ری نیشتوە
بە داخەوەم-بە شەرمەزاری یەوە ئەمە دەدركینم-
كە سی قات لەوەی كە هەم جەسوور تر نەبووم.

چاوەروان نابم

من دژی هەموو شەریك نێم دژی پەیوەست بوون بە ریزی شەریش لە كاتی پیویست دا نێم وەك شۆڕشگێریك بێجگە لەمە شتیكی ترم لی ناوەشیتەوە كاتێك دەلیم من دژی شەرم، مەبەستم شەری چینی دەسەلاتدار چونكە چینی دەسەلاتدار تاقە چینی هەلگرسینەری هەموو شەرەكانە.

هەر لەو كاتە دا كە تەنانەت تاقە دلوپیكی خوینم نابەخشم لە پیناوی ستەمگەرانی دوژمنی چینی كرێكار و تالانكەرانی هەژاراندا لە پیناوی دز و چەتە و ریگرەكاندا و لە پیناوی ئەو ملهور و ئینسان كوژانە دا كە حكوومەتەكەیان عەینی جینایەتكاری یە، بەڵام هەموو خوینی خۆم لە پیناوی قوربانیانی ئەمانەدا، ئەگەر لە شەری رزگاری بەخشیان دا پیویست بی، پیشكەش دەكەم.

من سەربازی سەرمایە نێم، شۆڕشگێریكی پرولیتیریم من سەر بە سپای سازدراوی ساماندارن نێم، من سەبازی ئوردووی بلاوی جەماوەرم من هەموو فەرمان و بریاریكی چینی دەسەلاتدار بۆ شەر كردن رەت دەكەمەوە، بەڵام بۆ هاتنە مەیدان و شەر كردن لە پیناوی چینی كرێكار دا چاوەروانی فەرمان و بریار نامینمەوە.

من دژی هەموو شەریكم تاقە یەك شەر نەبی بۆ ئەو شەرە بە گیان و دل ئامادەم و ئەو شەرەش، شەری جیهان داگری شۆڕشی كۆمەڵایەتی یە.

Eugine Debs
11ی سیپتامبری 1915
"بانگەوازی ئاوەز"

چەند یادداشتی سیاسی

بوحرانی ئابووری لە ئێران قوولیتر دەبیتەوە

لە یەك مانگی رابوردوودا بە بۆنەی بەرگوزار بوونی شانوگەڕی هەڵبژاردنی رئیس جمهووریەوە باس لەسەر پرۆژە ئابووریەکانی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتی بازاری ئازاد لە ئێران گەرم بوو تا پێش "هەڵبژاردن" بەریوەبەرانی حکوومەتی ئیسلامی قسەیان لەوە دەکرد کە بە بەشداری کردنی هەرچی زۆرتری خەڵك لە هەڵبژاردن دا بەبی لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە بە کێرەئی دەدرێ، خۆی مانای سیاسی هەیە و گۆیا جۆابی میللەتی ئێرانە بە دوژمنانی جمهووری ئیسلامی بەڵام لە رۆژانی دوای تەواو بوونی ئەو شانوگەڕیە، قسەکانیان گوراو ئەو جار گوتیان کە نەتیجەی هەڵبژاردن مانای ئەوە بووە کە زۆربەی بەشدار بووان دەنگیان بە بەرنامە ئابووریەکانی جمهووری ئیسلامی داوە!

با لیرە دا لەوە بگەرین کە بە چاو پی دا خشاندنیکی ساکاریش ئەو راستیە دەردەکەوی کە هەڵبژاردنی ئەو دەورەیە نەك هەر سەرکەوتنی بۆ جمهووری ئیسلامی تیدا بەدی ناکری بەڵکوو ریك نیشانەی ناکامیەکی دیکەی رژیمی ئیسلامیە لە ئێران ئەو راستیە وەختیك باشتر دەردەکەوی کە شێوە کار و فیل و تەلەکەکانی رژیم لە "نومایشاتی دیموکراسی" دا بناسین لە لایەکەوە ترساندنی خەڵك لە ئاکامەکانی بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردن و لە لایەکی دیکەوە دەست تێوەردان و تقلب لە رەئی گیریدا و ریك خستنی ئامارەکان بە جۆریك کەهەم راستیەکە داپۆشی و ببی بە مایەی ئابروو ڕێزی ئەوەی لیرەدا دەمانەوی بە کورتی باسی لێ بکەین، چاو خشاندنیکی بەسەر ئەو ئیددیعایانەی کە رەفسەنجانی چ پێش هەڵبژاردن لەمەر سەرکەوتنی بەرنامە ئابووریەکانی خۆی دا دەیکات.

دروست هەر لەو ماوەیەدا کە جار چیەکانی جمهووری ئیسلامی بە بۆنەی تەبلیغاتی هەڵبژاردنەوە بە قەد و بالای بەرنامەکانی دەوڵەتی رەفسەنجانیان هەل دەگوت ریك هەر لەو وەختەدا بریاری راگەیاندنی بی اعتباری و وەرشکستە بوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە بانکە گەورەکانی دونیا و لە ناو کۆڕەکانی سەرمایەدارانی جیهان دا سەنگ و سووك دەکرا بۆ نموونە بانکەکانی ئالمان کە گەورەترین شەریکی تیجارەتی ئێران و واستەی ناردنی سالانە زیاتر لە سێ میلیارد دولار کالا بۆ ئێرانن، بە هۆی ئەوەوە کە رەفسەنجانی لە کاتی خۆیدا نەیتوانیوە قستی قەرزەکان بداتەوە، حازر نێن اعتباری تازەی بۆ کرینی کالا پی بدەن زەمانەت نامەو وەرەقە بانکییەکانی 5 بانکی ئەسلی ئێران یانی بانکی میللی، بانکی صادرات، بانکی سپە، بانکی تیجارەت و بانکی مەسکەن، لە لایەن بانکەکانی ئالمان و لەو ڕێگایەوە لە هەموو بانکەکانی ئوروپا بی اعتبار راگەیەندراوە لە ئیددیعانامەی بانکەنی ئالمان دا گوتراوە کە چوار مانگە بانکەکانی ئێران بە هیچ کام لە تعهداتی خۆیان عەمەل یان نەکردوە ئەو بریارە لە کاتێك دا دراوە کە جمهووری ئیسلامی زیاتر لە 30 میلیارد دولاری بە قەرزی کورت ماوە لە سیستمی بانکی ولاتانی پیش کەوتووی سەرمایەداری وەرگرتوە و توانایی پەرداختی سەر رەسیدەکانی نێە بەم جۆرە جگە لەوەی کە اعتباری خۆی بۆ مەعامەلە کردن لەگەڵیان لە دەست داوە، هەموو سالێکیش دەبی مەبلەغیکی زۆر وەکوو سوودی بانکی و جەریمەی وەدرەنگ کەوتن، پەرداخت بکات.

بەم جۆرەیە کە لە مانگەکانی رابوردوو دا، بوحرانی ئابووری رژیم لایەنیکی دیکەشی لێ زیاد بووە شینەیی بوونەوەی رەوتی هاتنی سەرمایەی خاریجی بۆ ئێران، ناکام و مانەوە لە هان دانی سەرمایەدارانی ئێران بۆ ئەوەی نەغدینەکانیان لە تیجارەت و مەعامەلەوە بگوازنەوە بۆ مەیدانی بەرهەم هێنان، نەبوونی هیچ چەشنە پێش رەفتیکی بەرچاو لە کاری بینا کردنی ئەو رشتە خزمەت گوزاریانەی کە هاندەری سەرمایەدارانی خاریجین بۆ هاتن بۆ ئێران، وجوودی بوروکراسییەکی ئالوز، فاسید و کار لێ نەهاتوو کە نەك تەنیا گیروگرفتە- کانی کاری سەرمایە گوزاری تیدا سووك نابی، بەڵکوو بەردەوام قورس تریشی دەکات، ئەمانە چەند لایەنیکی دیکەی بوحرانی ئابووری ئێستای دەوڵەتن دەوڵەتی رەفسەنجانی وەکوو هەموو دەوڵەتیکی دیکەی سەرمایەداری لە وەها وەزعیك دا تەنیا ڕێگایەك کە بۆ هاتنە دەر لە ژێر فشاری ئەم بوحرانە دەیگریتە بەر، وەرچەرخاندنەوەیەتی بەرەو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئەوەش مانای ئەوەیە، خەڵکی زەحمەتکێش دەبی گرانی زۆرتر، بێکاری زۆرتر، بی دوکتور و بی مەسکەنی زۆر تر تەحەمول کەن و حەسانەوە و ئاسایش لە ژیانیان دا هەرگیز مەعنایەکی نەبی بێگۆمان کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە بەرابەر ئەم وەزعییەتە دا بی دەنگ نابن و حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران دەکەویتە بەر شەپولی نارەزایەتی کرێکاران و خەڵکی مەحروم و بوحرانی ئابووری بورژوازی ئێران، بوحرانیکی گەورەی سیاسی بە دواوەیە کە هەرەشە لە مەوجوودییەتی ئەو رژیمە دەکات.

سەبارەت بە وەزعی ئابووری رووسیە

ئابووری رووسیە چیبەسەر دی و ئەوە کە دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە چون دەیانەوەی بەروکی خۆیان لە چنگ گیروگرفتەکان رزگار بکەن، ناوەروکی وتاریکە کە لە ژمارەی مانگی مەی 93ی گۆڤاری ReYiew socaIist دا چاپکراوە و لیرە دا کورت کراوەکەی دەخوێننەوە.

ئەو مەسەلەیە کە چینی دەسەلاتداری رووسیە رەنگ و بەرگی "کۆمۆنیستی"ی خۆی وەلاناوە و هاوکات لەگەڵ ئەو ئیمپراتوریەکی لە دەست داوە و لەسەر ئابووریەکی تیك رووخاو هەلتروشکاوە، بووەتە هۆی سەرە گیژەیەکی گەورە لە نێو تاقم و ڕێکخراوە چەپەکانی رووسیە دا بە لەبەر یەك-ترازانی شوورەوی و شکست هێنانی لە شەری سارد دا، هەراو هاواری رۆژئاوا خوازانەی رابەرانی تازە و دەسەلاتی ئابووری بە روالەت شکست هەلنەگری ئامەریکا، ئێستا لە شوورەوی زۆر کەس پییان وایە کە ئەم "موستەعمەرە"یە دەست و پیوەندەکانی سندووقی بین المللی پوول و کوشکی سپی بەریوەی دەبەن.

بە پێی بوچوونی بوریس کاگار لیتسکی کە چەپیکی میانەرەوە، ریبەرایەتی یەلتسین خەریکە رووسیە بەرەو ئەوە دەبا کە ئەو ولاتە ببیتە کانگای کەرەسەی خاوی هەرزان بۆ رۆژئاوا بە پێی ئەم بوچوونە، لایەنی یەلتسین لە نێو چینی دەسەلاتداری رووسیەدا، بورژوازییەکی وا بەستەیە (کومپرادور) کە لە بەرانبەر ئەمپریالیزم دا چوکی داداوە.

ئەم بوچوون و هەلویستە ڕێگا خۆش دەکا بۆ حەسرەت و خوزگە خواستن بە رابوردوو و هەروەها دیفاعی ناسیونالیستی لە "بەرژەوەندەکانی رووسیە" شیعارەکانی ئەم چەپە بە دەنگی بەرز لە لایەن بالی راستی توند ڕەوی ئوپوزیسیونی یەلتسینەوە دووپات دەکرینەوە ئەمەمەسەلەیەکی گرینگ بوو کە بووە هۆی ریفراندومی 25ی ئاوریل.

ئالوزی لە شوورەوەی پیشوو بەو مانایە کە کۆنترولی مەرکەزی بەسەر صادرات دا نەماوە و ئەو دەرفەتەی بۆ بوروکراتەکان پیك هێناوە کە رادەیەکی یەکجار زۆری کەرەسەی خاو بە نرخی هەرزان بفرۆشن و گیرفانی خۆیان پرکەن زۆر جار کاروانی هەلگری کالا و کەرەسەی خاو، سەر و بەر دەدزری و بە تالان دەبری و بی سەر و شوین دەچی دەوڵەتی ئوکراین لەم دوایی‌یانە دا پێزانێوە کە بەشیکی یەکجار زۆر لەو نەوتە کە پاشەکەوت کرا بوو نەماوە، یانی کاربەدەستانی مشەخور ئاودیویان کردوە لە مانگی ژانوویەی ئەمسالدا دوو تانکەری نەوت کە دەوڵەتی سوید بە دیاری نارد بووی، بێ سەر و شوین چوو.

بە پێی بەراوردی رەسمی تەنیا لە سالی 92دا دەوڵەتی رووسیە زیاتر لە 12 میلیارد دولار زیانی پێگەیشتوە بەڵام کاگار لیتسکی و چەپ و بە هەلە چوون کە پییان وایە ئەو وەزعە بە هۆی پیلانی یەلتسین- گایدا (سەرەك وەزیرانی پێشوو) پێك هاتوە.

یەکەم: سەرمایە گوزاری ولاتانی دەرەوە لە رووسیە یەکجار کەمە کەم کۆمپانی هەن ئامادە بن سەرمایەی خۆیان بخەنە مەترسی هات و نەهات کلینتون دەڵی رووسیە لەوانەیە ببیتە"گومیکی قوول" کە هەموو یارمەتیەکان و سەرمایە گوزاریەکان لە جەنگەی ئالوزی سیاسی دا قووت دەدا سالی رابوردوو سەرمایە گوزاری ولاتانی دەرەوە لە رووسیە تەنیا 800 میلیون دولار بوو ئێستا ئەمە بەراورد بکەن لەگەڵ 109میلیارد دولار سەرمایە گوزاری ژاپون لە سالی 1990 دا لە ئامریکا.

دووهەم: دەوڵەتی یەلتیسن بە دەگمەن ڕێگای داوە ڕۆژئاوا بە ئاسانی دەستی بگاتە سەرچاوە کانزاییەکانی روسیە لە مانگی نوڤامبری سالی رابوردوو دا هەموو رەقیبەکانی دەرەو خرانە لاوە و ئیمتیارزی بەهرە وەرگرتن لە کانگا گەورەکانی گاز لە شتوك مانسکی shtok manakii لە دەریاری بارنتز barentz درا بە کۆمەڵەی روس شلف ROS sheIf کە لە 19 کۆمپانی دیفاعی خۆ ولاتی پێك هاتووە.

لە مانگی ژانوویە دا بانگەواز کرا بۆ ئەسپاردنی گەورەترین کانگای مسی دنیا لە ئوکادون ukadpn کە تییدا 23 کۆمپانی و لەوانە BAP RTZ و میتسو بیشی لەگەڵ یەکتر رەقابەتیان دەکرد بەڵام ئیمتیازەکە بە کۆمپانییەکی کەمتر ناسراو برا کە بەشی زۆری سەرمایەکەی رووسیە و بەشیکی چینییە.

سێهەم، لە جیاتی ناردنی کالا و کەرەسەی خاوی هەرزان بایی بۆ ڕۆژئاوا، رووسیە خەریکە لەگەڵ کۆمەڵیك مەحدوودییەتی بازرگانی بەرە و روو دەکری بە هۆی رکوودی ئابووری، بازاری هاوبەشی ئوروپا و هەروەها ئامریکاش بە تۆندی بەرانبەر بەوە ئیعتیرازیان کردوە کە رووسیە بە نرخی هەرزان (دامپینگ) کالا بنیریتە ئەو ولاتە بۆ نموونە میزانی صادراتی ئالومینیومی رووسیە لە 3 سالی رابوردوودا 3 قات زیادی کردوە لە حالیکدا نرخەکەی 40٪ هاتوەتە خوار کۆمەڵەی ئوروپا ئیددیعا دەکا کە صادراتی پتاسیومی رووسیە بووەتە هۆی بێکار بوونی 15 هەزار کەس لە ئوروپا.

هەول و تەقالای کۆمپانی گەورەی گازی رووسیە کە دەیەوی دەستی بگاتە بازاری ئوروپا لەگەڵ کۆسپ و بەرهەلستی جیددی بەرەوروو بووە ئامریکا کرینی ئورانیومی لە رووسیە هەتا کاتیك کە نرخەکەی گران نەکری، قەدەغە کردوە "ئیزویستیا" ڕۆژنامەی لایەنگری یەلتسین دەڵی:"پیلانیك لە کاردایە بۆ ئەوەی رووسیە لەو ناوچانە دەرکری کە سەردەمیك پەیوەندی ئابووری لەگەڵیان بووە" بە پێی بەراوردی دەوڵەتی رووسیە، ئەو ولاتە سالانە 3میلیارد دولار بازرگانی لە زەمینەی کالای غەیرە نیزامی دا لە دەست دەدا.

سەرەنجام لە جیاتی ئەوەی ڕێگا بە ڕۆژئاوا درابی کەڵك لە سەرچاوەکان و کانگاکانی وەرگری، لیبرالیزە کردنی ئابووری لە سالی رابوردوو دا بووە هۆی داشکانی رادەی صادرات هەتا 35٪ وەزعی ئالوزی سەنعەتی نەوت نیشاندەری ئەوەیە کە رەوتی کەم بوونەوەی بەرهەم هێنان درێژەی دەبی و بەبی سەرمایە گوزاری تازە، بەرهەم هێنانی گازیش کەم دەبێتەوە.

سەرمایەی پیویست لە کویوە دی؟ بیگۆمان لە دەرەوە نایە ئیزویستیا دەنووسی:" لە هەموو بواریك دا کۆمپانی گازپروم لە بانگیشتنی سەرمایە گوزارانی ڕۆژئاوایی بۆ بەشداری لە پرۆژە گەورەکاند خۆی دەپاریزی".

بە پێچەوانە، چینی دەسەلاتدار دەیهەوی نەغدینەی پیویست، لە ناوخۆی ولات کۆ بکاتەوە چینی دەسەلاتداری رووسیە دەیهەوی بە گران کردنی نرخی پیویستیەکانی ژیان، کرێکاران بروو تینیتەوە و لەم ڕێگایەوە پارەیەك بۆ سەرمایەگوزاری کۆ بکاتەوە.

ئەگەر چی ناردنە دەرەوەی چەك بە رادەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە و داهاتەکەی نزیکەی 1/4 ی داهاتی فرۆشتنی گاز بە دەرەوەیە، بەڵام لە ڕۆژنامەکانی لایەنگری یەلتسین دا باسیکی زۆر لەسەر رەونەق پیدانی بەرهەم هێنانی چەك و چول کراوە لە مانگی فوریەدا یەلتسین بانگەوازی کرد کە رەوتی گورینی پیشەسازی نیزامی بۆ غەیرە نیزامی، شینەیی بکریتەوە.

لە چەند مانگی رابوردوودا، رووسیە چەند پەیمانیکی تەسلیحاتی لەگەڵ ولاتانی هیند، چین ئێران، تورکیە و، ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەست و لە هەموو پەیمانەکان دا لەگەڵ رەقابەت و بەرانبەرکی‌یەکی سەر سەختانە بەرەو روو بوو لەوانە کاتی ناردنی موتوری مووشەك بۆ هێند، ئامریکا هەرەشەی لیکرد کە تەحریمی دەکا.

"پەیوەندی تایبەت"ی کلینتون و یەلتسین هیچ شتیك نێە جگە لە پەردەیەك بۆ داپوشینی بوحرانیکی بەرین کە هەم رووسیە و هەم ئامریکای داگرتوە چینی دەسەلاتداری ئەمپریالیستی رووسیە گەڵیك شکستی گەورەی لە لایەن خەڵکی ئیمپراتوریەکەی پیشووەوە بەسەر دا هات ئێستا ئەو چینە، نا ئومید و پڕڕ و بڵاو، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر چاوی هیوا دەبڕیتە چەك و چولی گەورەی خۆی کە وەك دواین مایەی نەجات چاوی لیدەکان.

راسیزم و دژی راسیزم

ئالمان کانگای خەباتی کرێکارانی پیشرەو و بەشەرییەتی عەدالەت خوازە!

بە پێی ئاماری رۆژنامەکان لە ساڵی 92بەم لاوە دەستە جاتی راسیست و نئو نازییەکان تەنیا لە ولاتی ئالمان 6322 جار دەستیان داوەتە پەلامار دان و وەحشی گەری دەرحەق بە کرێکارانی مهاجر و پەنابەرەکان لەم ماوەیەدا 17 کەسیان بە شێوەیەکی وەحشیانە کوشتوە سەدان کەسیان بریندار و نوقسان کردوە زیاتر لە 100 جار کەمپ و ئوردووگاکان و شوینی ژیانی پەنابەرەکانیان ئاور تی بەردراوە یان بۆمبیان تیدا تەقاندوەتەوە.

ئاخرین جینایەتی راسیستەکان لە رۆژی شەممە 8ی جوزەردان(28ی مەی) دا لە شاری زۆلینگن ی ئالمان دڵی هەر ئینسانیکی شەریف و ئازادیخواز رادەتلەکینی و نەفرەت لەم جەریانە دژی ئینسانییە و بەریوەبەرانی زیاتر تین دەدا.

نەژاد پەرستانی ئالمانی، رۆژی شەممە 28ی مەی ماڵی خانەوادەیەکی پینج کەسی مهاجری تورکیان لە شاری زولینگن ئاور تی بەردا و سووتاندیانن لەوانە یەکیان ژن و 2کەسیان مناڵ بوون لەم جینایەتە دا دوو کەسی تریش بریندار بوون.

ئەم رووداوانە تۆوی نیگەرانی و ترس و وەحشەتیان لە ناو دلی چەند میلیون خاریجی دانیشتووی ئالمان دا چاندوە و تاریکی شەویان لێ کردوون بە دوژمن و وایان کردوە کە خەڵکی مهاجر نەتوانن لە چوار دیواری کەمپ و ئوردووگا و ماڵەکانیشیان دا بی خۆف سەر بنینەوە ئەم فشارە هار و سەرکوتگەرانەیە بۆپەنابەرانی خاریجی بە ئەندازەی حکوومەتی نیزامی لە ولاتانی ئاسیا و ئەفریقا سامناك و در ندانەیە.

ئەم شەپولە لە وەحشیگەری و قەساوەت کە لە دڵی ئورووپا هەر دەم و رۆژی لە شار و شەقامیك رواڵەتی دژی ئینسانی خۆی دەردەخا، لەبەر چاوی کاربەدەستان و بەریوەبەرانی پارلمان و دەوڵەتی ئالمان ولە ژێر چاوپوشی ئەوان دا سەر هەلدە دا ئاشکرایە کە دەزگای دەوڵەتی ئالمان و یەکیتی کارفەما و سەرمایەدارانی ئەو ولاتە دژی بیر و بوچوونی نئونازییە نەژاد پەرستەکان نین، تەنیا مەسەلەیەك کە هەیە ئەوەیە، نایانەوی بە هۆی چونیەتی هەڵسووڕانی ئەوانەوە هێمنایەتی ولاتەکەیان تیك بچی هەلبەت هەندی جاریش هەر ئەو رەفتارە تونڈ و تیژانەی نئو نازییەکان دەکەنە وەسیلەیەك بۆ خۆش کردنی زەمینەی پەسند کردنی ئەم یا ئەو قانوونی دژی خاریجی.

دەوڵەتی ئالمان زیاتر لە دوو ساڵە لە ناو مەجلیس و پارلمان لەسەر دەزگاکانی بلاوکردنەوە و رەسانە گرووهییەکان ئیددیعا دەکات کە گوێیا هۆی ئەوەی کە کار نیە و هۆی بوحرانی ئابووری ئالمان، کرێکارانی مهاجر و پەنابەرەکانن ئەوان بەم شیوەیە بە کردەوە نەژاد پەرستەکان بۆ دەس وەشاندن لە پەنابەرە خاریجییەکان و خولقاندنی کارەسات و جینایەتی دلتەزین هان دەدەن لە راستیدا رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی کە بە هۆی نئونازییەکانەوە خولقیندرا، لە لایەن دەوڵەتی ئالمانەوە ریگای بۆ خۆش کرا بوو لە درێژەی تەبلیغاتی وا دابوو کە ریگا بو دەس تیوەردان لە قانوونی ئاساسی ئالمان و گورینی مادەی 16، یانی ئەو بەشە لە قانوون کە تارادەیەك بە قازانجی پەنابەرانی خاریجی نووسرا بوو، خۆش کرا.

لە جەو و فەزایەکی هەر بەو چەشنە ئالوز و شیوا و دایە کە، شارل پاسکوا وەزیری دەستە راستی فەرانسە قانوونیکی دژی خاریجی بە مەجلیسی فەرانسە پیشنیار دەکا و پەسند دەکری.

دەوڵەتانی ئورووپایی لە راستی دا پییان ناخۆش نێیە کە دەستە جاتی راسیستی هەر جار نا جاری ئاژاوە بنینەوە و هەڵکوتنە سەر پەنابەرەکان و بیانخەنە ژێر فشاری رووحی و مەترسی گیانی ئەمە تازە گۆشەیەکی چکولە، لەو سیاسەتە نۆیەی ئەوانە کە بۆ هیرش کردنە سەر گوزەران و مەعیشەتی کرێکارانی ئورووپا بە گشتی سازمانیان داوە هەر ئێستا بە پیی ئامار 50-60 میلیون بێکار لە ولاتانی ئورووپایی هەیە لەو ساڵانەی دەهەی ئاخری سەدەی بیست ئابووری ئورووپا نەك هەر گەشەی نەکردوە، بەڵکوو"رشدی منفی"یشی بووە سوود و داهاتی دەوڵەتی وەکوو جاران نێیە و بەرنامە ئابوورییەکانیان تیك شیواون یەکیتی سەرمایەداران و کارفەمایانی دەوڵەتانی ئەورووپایی تیدەکۆشن باری گرانی ئەم بوحرانە بەسەر کرێکاران و لەوانە پەنابەرە خاریجییەکان دا بشکینەنەوە ئەوەیە کە دەوڵەتە دەستە راستیەکان دینە سەرکار و دەس بەجێ دەس دەکەن بە وەرگرتنەوەی ئەو ئیمکانات و ریفاهە کۆمەڵایەتییەی کە خەڵکی کری کاری ئورووپا و پەنابەرە خاریجییەکان بە خەباتیکی سەختی چەندین ساڵە بە دەستیان هێناوە.

راسیزم و نەژاد پەرستی کە خۆی دیاردەی نیزامی سەرمایەداری و بوحرانە دەورەییەکانیەتی، ئەمرۆ بوەتە گۆپالی دەستی بورژوازی دەسەلاتدار دەوڵەتی ئالمان کە خۆی خولقینەری فەزایەکی کەوا تیی دا توند رەوە دەستە راستیەکان هیرش دەبەنە سەر خەڵکی بی دیفاع، ریاکارانە هەول دەدات دەستی چەپەڵی خۆی کە هێز پیدەری ئەوان بووە بشاریتەوە و فرمیسکی دروینەش بۆ قوربانیانی ئەم رووداوانە هەل بریژی.

ئەمرۆ پارلمان، یانی کانگای دیموکراسی ئالمان لە حاڵیکدا ماددەی 16 لە قانوونی ئەساسی دەرداوی کە، بۆ ماوەی ساڵیك بوو بە میلیونەها نەفەر لە هەموو شارەکانی ئالمان بەبی پسانەوە، شەو و رۆژ خەیابان و شەقامەکانیان بە ئیعتیراز و نارەزایەتی خۆیان دژی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی ئالمان بەجی نەهیشت، تەنانەت رۆژی پەسند کردنی هەلوەشاند- نەوەی ماددەی 16 لە مەجلیسی ئالمان، نوێنەرانی مەجلیس لەبەر بەرینی شەپولی ئیعتیراز و خوپیشاندانی جەماوەری لە شاری"بۆن"، ناچار بوون لە ریگای چومی "راین" بە هلی کوپتر خۆیان بگەیەننە پارلمان، ئاشکرایە ئەو بە ناو نوێنەرانەی میللەتی ئالمان، ئاوا بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی زۆربەی خەڵکی ئالمان ماددەی 16ی قانوونی ئەساسی دەگۆڕن و قانوونی تازەی پەنابەر، کە ریك لەگەڵ ویست و مەبەستی سیاسی نئونازییەکان دەگونجی لە پارلمان پەسند دەکەن ئەمە چونە کە "کانگای دیموکراسی" ئالمان یانی پارلمان، دەکەوێتە ژێر تەئسیری نئو نازییەکان کە لە سەرجەمی جەمعییەتی 60 میلیونی ئالمان دا 2٪ی تەواویش نێن و قانوونەکانی بەلای ئەوان دا دەشکیتەوە بەڵام ئاوریك لە ویست و داخوازی میلیونەها خەڵکی عەدالەت خواز و کرێکارانی موعتەرزی ئالمان ناداتەوە هیچ، بەڵکوو بە پیچەوانەی داخوازییەکانی ئەوانیش عەمەل دەکا ئایا ئەم وەزعە، ئەم راستییە نا گەیەتی کە دەوڵەت بۆ خۆی بە ریگەدان بە کەمایەتییەکی 2٪ی دەیەوی بەهرە بەرداری سیاسی لە وەزعی ئالوز و جینایەتی راسیستەکان بکا؟

کرێکارانی تورك و خانەوادەکانیان کە ئەمرۆ کەوتوونەتە بەر پەلاماری درندانەی نئو نازییەکان دەیان ساڵە کە بە پێی پیویستی بازاری سەرمایەداری ئالمان وەك هێزی کاری هەرزان، کیشراونەتە بازاری کاری ئەم ولاتە هیچ کەس دەفتەرەکانی نێو نووسی دەوڵەتی ئالمان لە ساڵەکانی دەیەی 50و 60 لە ئانکارا و ئەستەمبوڵی لە بیر نەچووەتەوە، کە لە ویوە دوای ئەوەی لە سلامەتی و جەوانی و کار لی هاتوویی کرێکارانی تورك دڵنیا دەبوون، دەستە دەستە رەوانەی کارخانەکان و کارگاکانی ئالمانیان دەکردن.

کرێکارانی تورك لە بینا کردنەوەی سەر لە نوێی ئالمانی رووخاو و ویران بوونی دەستی نازی و نەژاد پەرستەکان لە دوای شەری جیهانی دووهەم دا و لە دروست کردنەوەی ئالمانیکی تازە و بە هێز دا دەور و نەقشیکی بەرچاویان بووە ئەمە رووداویك نێیە کە ئەمرۆ بورژوازی ئالمان بتوانی بیشاریتەوە یان خۆی لێ گیل بکات سەهمی کرێکارانی تورك لە پێکەوە نانی سەروەت و نیعمەتیك دا کە ئەمرۆ لە ئالمان کەلەکە بووە و سەرمایەداری ئەو ولاتەی کردوەتە یەکێك لە دەسەلاتە گەورە اقتصادیەکانی دنیا، حاشا هەلنەگرە ئالمانی ئەمرۆ بینا کراوی دەستی خولقینەر و بەرهەم هێنەری کرێکارانە بە ئالمانی و تورك و هەر نەژادیکەوە.

بە پێی ئاماری رەسمی، ساڵیانە 70 میلیارد مارك بە هۆی کاری کرێکارانی تورکەوە دەچیتە سەر حیسابی بەرهەمی میللی ئەو ولاتە، بەبی ئەوەی چکۆلەترین مافیکی قانوونی بەو کرێکارانە دراببی کە بتوانن بپرسن، ئەم سەروەتە چی لێ دی؟ کرێکارانی تورك وەکوو هەر خاریجییەکی دیکە دانیشتووی ئالمان یەکێك لە پایەکانی سەروەت و دەسەلاتی دەوڵەتن بەبی ئەوەی تەنانەت لە چوارچیوەی نیزامی پارلمانیش دا چکۆلەترین مەجالی ئەویان پی بدری حیساب رەسی لە کاری ئەتوی دەوڵەتە بکەن.

لە جامعەی ئالمان و ئوروپای پیشکەوتوو دا ئەوە کرێکارانی خاریجی و پەنابەرانی سیاسی نێن کە "بێگانە"ن و دەبی بە تاق بمیننەوە ئەوان بەشێکن لە خولقینەرانی سەروەت و داهات و ریفاهی ئەو جامعەیە لە راستی دا ئەوە دەوڵەتی ئالمان و دەس و پیوەندە چەقوکیش و نەژاد پەرستە جینایەتکارەکانیەتی کە بە حەق دەبی بکەونە بەر شەپولی ئیعتیرازی کۆمەڵانی کرێکار و، پیلانە نهێنی و ئاشکراکانیان ریسوا بکری و بە تاق بمێننەوە.

هەر ئێستاش مەیلی کۆمەڵایەتی جەماوەری کرێکار و خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی ئالمان سەرەرای هەموو پیلانەکانی ئەم دەوڵەتە و جینایەتەکانی دار و دەستەی نەژاد پەرستەکان بەلای عەدالەت خازی و ئینسان دوستی و هاوپشتی چینایەتی کرێکاران دا شکاوەتەوە هەر ئێستا خەباتی کرێکارانی بەشی رۆژئاوای ئالمان بۆ پشتیوانی لە چوونە سەری حەق دەستی کرێکارانی بەشی رۆژهەلات، کە یەکیك لە لاپەرە پر لە شانازییەکانی خەباتی کرێکاری ئەم سەردەمەیە هەر بەردەوامە هەر ئێستا میلیونەها ئینسانی عەدالەت خواز و تیکۆشەر بە پیچەوانەی مەیلی دەوڵەت و فاشیستەکان، مەیدان و شەقامی شارەکانی ئالمانیان بۆ پشت گری لە براو خوشك و هاوسەنگەرانی خاریجی خۆیان بەرنەداوە ئەمە داهاتووی بزوتنەوەی حەق خوازانەی کرێکاران گەشەدار تر و ئاسوی نزم و رەشی فاشیستەکان و راسیستە جینایەتکارەکان لیل و تاریك تر دەکات سەرەرای هەموو پیلانی دەوڵەت و جینایەتی راسیستەکان، ئالمان کانگای خەباتی کرێکارانی پێشرەو و بەشەرییەتی عەدالەت خوازە!

(پاشماوەی)جەولەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

لەسەر جادەکان بەشداریان کرد و ویرای پرسیار لە وەزعی ژیانی خەڵك و گۆی گرتن بۆ دەردی دل و باسی گیر و گرفتەکانیان هەولیان دا تا بە شێوەیەکی ورد و روشن وەزعییەتی سیاسی و ئابووری ئێستای ئێران و، هۆی باری نا هەمواری ژیانی زۆربەی خەڵکی ئێران بۆ خەڵکی زەحمەتکیش و کرێکاری ئەم ناوچانە روون کەنەوە، و لە بارەی داهاتووی ئەم وەزعییەتە و رێگای چارەسەر گیر و گرفتەکانیان قسە و مەشوەرەتیان لەگەڵ کردن.

گرانی کە مەسەلە و موشکلەی ئێستای زۆربەی خەڵکی کرێکار و زحمەتکێشە میحوەری زۆربەی قسە و باسەکان بوو هاورییانی پیشمەرگە لە بابەت سەبەب و سەرچاوەی ئەسڵی گرانی و ئەم هەموو مەینەت و رۆژ رەشییەی خەڵك، لە بارەی جمهووری ئیسلامی سەرمایەداران و نەقشە و پیلانە دژی خەڵك و دژی کرێکاریەکانی ئەم رژیمە بۆ خەڵك قسەیان کرد.

لە کاتی دیدار و راویژی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچانە رژیم کە ئاگاداری حوزووری هاورییانی ئێمە ببوو کەوتبووە تەقەلا و هیز کۆکردنەوە و ویرای ئامادە باش بە هەموو هێزەکانی لەو ناوچانە، گرووهە جینایەتکارەکانی خستبووە گەر و لە ئاوایی یەکانی قەلەوەزە و تازاوای قازی عەلی و چەند شوینی تر دەی خولاندنەوە هەروەها لەو ماوەیەدا هیلیکوپتەرەکانی گەشتی هەوایی رژیم لەسەر کیوەکانی چل چەمەو مەنتەقەی سارال دەسووڕانەوە بەم جۆرە ترس و سامی خۆی لە حوزووری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە مەنتەقە نیشان دەدا.

هاورییانی پێشمەرگە دوای 15 رۆژ جەولەی سەرکەوتوانە، دیدار و گفت و گۆ لەگەڵ خەڵکی، هەروەها ئەنجام دانی مەئموورییەتە پیرۆزەکانیان، هەمویان بە سلامت گەرانەوە بۆ شوینە دیاری کراوەکانی خۆیان.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 43 jueyah: 1993

بوحرانی ئابووری له ئێران قووليتر دەبيتەوە

لە یەك مانگی رابوردوودا بە بۆنەی بەرگوزار بوونی شانوگەری هەڵبژاردنی رئیس جمهووریەوە باس لەسەر پرۆژە ئابووریەکانی جمهووری ئیسلامی و سیاسەتی بازاری ئازاد لە ئێران گەرم بوو تا پێش "هەڵبژاردن" بەریوەبەرانی حکوومەتی ئیسلامی قسەیان لەوە دەکرد کە بە بەشداری کردنی هەرچی زۆرتری خەڵك لە هەڵبژاردن دا بەبی لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە بە کێرەئی دەدری، خۆی مانای سیاسی هەیە و گۆیا جۆابی میللەتی ئێرانە بە دوژمنانی جمهووری ئیسلامی بەڵام لە رۆژانی دوای تەواو بوونی ئەو شانوگەریە، قسەکانیان گوراو ئەو جار گوتیان کە نەتیجەی هەڵبژاردن مانای ئەوە بووە کە زۆربەی بەشدار بووان دەنگیان بە بەرنامە ئابووریەکانی جمهووری ئیسلامی داوە!

با لیرە دا لەوە بگەرێین کە بە چاو پی دا خشاندنیکی ساکاریش ئەو راستیە دەردەکەوی کە هەڵبژاردنی ئەو دەورەیە نەك هەر سەرکەوتنی بۆ جمهووری ئیسلامی تیدا بەدی ناکری بەڵکوو ریك نیشانەی ناکامیەکی دیکەی رژیمی ئیسلامیە لە ئێران ئەو راستیە وەختێك باشتر دەردەکەوی کە شێوە کار و فیل و تەلەکەکانی رژیم لە "نومایشاتی دیموکراسی" دا بناسین لە لایەکەوە ترساندنی خەڵك لە ئاکامەکانی بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردن و لە لایەکی دیکەوە دەست تێوەردان و تقلب لە رەئی گێریدا و ریك خستنی ئامارەکان بە جۆرێك کەهەم راستیەکە داپۆشی و ببی بە مایەی ئابروو رێزی ئەوەی لیرەدا دەمانەوی بە کورتی باسی لێ بکەین، چاو خشاندنیکی بەسەر ئەو ئیددیعایانەی کە رەفسەنجانی چ پێش هەڵبژاردن لەمەر سەرکەوتنی بەرنامە ئابووریەکانی خۆی دا دەیکات.

ل10

هەژاری و نیگەرانی زەینی ئینسان سپی دەکەنەوە، وت وویژێك لە گەل هاوری ناصری حسامی

بۆ چوونی مارکسیستەکان لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی هونەر و ئەدەبییات لە میژەوە جێگای کێشە و قسە و باسی زۆر بووە هاوری ناصر حسامی لەم وت وویژەی خوارەوەدا، چەند کێشەی هونەری و ئەدەبی دەداتە بەر باس و لێکولینەوەو تێروانینی خۆی لە سەر ئەوان شی دەکاتەوە.

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکری کە ئەگەر هونەرمەند، یان نووسەر، حیزبی بن، ئایا زیانی بۆ بەرهەمەکەیان نێیە؟ئایا بەرهەمە کەیان نابیتە بەرهەمی حیزبی؟ ئێوە لەم بابەتەوە دەلین چی؟

–بەڵی! زۆر جاریش پرسیار ناکری بەڵکوو هەر راستە و راست لەگەڵ ئەو حوکمە بەرەو روو دەبین هونەرمەند و نووسەری حیزبی، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندەکانی حیزبیکی سیاسی دەکەنە قیبلەی خۆیان، ناتوانن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بترازین و بە ناچار بەرهەمەکەیان دەبێتە بەرهەمیکی کەم پێز و تەمەن کورت.

ئەم مەسەلەیە لە کاتیکدا دیتە گۆر، یان لە کاتیکدا زەق دەبیتەوە کە لە کوردستان کەم نەبوون و کەم نین شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی حیزبی بە تایبەت لە کاتیکدا کە جیاوازیەکی لە نیوان حیزب و کۆمەڵ دا هەبی و ئەم دوانە لەسەر دوو ریباز و بەرژەوەندی جیاواز بوون، جیاوازی نێوان هونەری حیزبی و هونەری کۆمەڵایەتی زۆر زەق دەبیتەوە.

ئەوە کە نووسەر و هونەرمەند، بەرهەمی خۆیان ببەستنەوە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بەرتەسك، هەر لە کۆنەوە پێشینەی هەیە بەرهەمی تایبەت بە ستایشی میر و سولتان، تایبەت بە ستایشی دەوڵەتێك، تایبەت بە فیرقەیەکی مەزهەبی و هتد، لە کۆنەوە بووە.

دیفاع و داکوکی کردنی لەوەزعی مەوجوود، لە بەرانبەر پیویستیەکان و رەوتی حەرەکەتی زیندووی کۆمەڵدا، هەمیشە دواکەوتوانە و هەڵگەرانەوە بەرەو دوایە هەر بەم پێیە خۆبەستنەوە بە هەر بەرژەوەندێکی بەرتەسك لە بەرانبەر بەرژەوەندی گەورەی کۆمەڵی بەشەریدا، لە ئەنجامدا بەرهەمیکی نەزۆرکی لێ دەبێتەوە.

هونەرمەند و نووسەر دەبی رەخنەگری زەمانەی خۆیان بن ئەگەر تعلق بە بەرژەوەندیکی بچووك رێگای ئەوەی لیگرتن کە ببنە رەخنە گری نالەباریەکانی زەمانەی خۆیان و ببنە تیکۆشەری رێگای وەدی هێنانی ئال و گۆر، ئەوا خۆیان دەبنە پاریزەری وەزعی مەوجوود و دەبنە بەشیك لە بابەتی رەخنە لێ گیران.

یەکەم: شاعیر و نووسەر لەگەڵ بیروباوەر و سیاستەکانی حیزبەکەی خۆی هەست بە تەبایی و انسجام دەکا و ئەوە دەکاتە هەویتی بەرهەمەکانی بەڵام لەو حیزب و رێکخراوانە دا کە بۆ ئەوەی هەموو رۆژی ناوی حیزب و تابلوی سەر دەفتەرەکەیان نەگۆرن، ناچارن سیاستەکانیان رۆژ بە رۆژ دیاری بکەن، بەرهەمی شاعیر و نووسەریك کە دەیهەوی رۆژ بە رۆژ لەگەڵ حیزبەکەی ری بکا، تووشی ناتەبایی و بی انسجامی دەبی تەمەنی بەرهەمەکەشی لە باشترین حاڵەت دا بە قەدەر تەمەنی سیاستەکانی حیزبە لەوەش گیرینگتر، لەو رێکخراوانە دا بەرژەوندی رێکخراوەیی، دابراو لە هەموو بەشەرییەتی ژیر دەستە، بەرهەمی لێواولێوی ئامانج و ئارەزووەکان و هەست و خۆشەویستی ورق و تووڕەیی بەشەری پامالّ کرا، دەسکار و حاسڵی خەللاقییەتی ئەو کەسانەیە کە کۆمەڵی خۆیان، زەمانەی خۆیان، وە هێزی بزوینەری هەموو کۆمەڵ دەناسن بێجگە لە ئەمرۆ، دوینی و سبەینیش دەبێنن کەسانیك کە بە هەموو وجوودیانەوە و لە قوولایی دلیانەوە ئینساندوستن کەسانیك کە دەزانن تووڕە بن، بەبێ ئەوەی رێکخراوەکەیان فەرمانی تووڕە بوونی دابی کەسانیك کە دەزانن پێ بکەنن، بە بی ئەوەی لاسایی هیچ کەس بکەنەوە، کە سانیك کە شەیدای هەلفرینن بە بەرینایی هەموو جیهاندا و هیچ سنووریك نایا نگریتە خۆی، هەر بۆیە مل بە هیچ بەرژەوەندیکی بەرتەسکی فەردی و ریکخراوەیی و قەومی و میللی و مەزهەبی نادەن کەسانیك کە حازر نابن ببنە تووتی هیچ ریکخراوەیەك نووسەر و هونەرمەندی ئاوا خۆیان گەرای شۆڕش و حەرەکەتی بەرەو پیشن ئەم کەسانە تەنیا لە حیزبیکی ئال بەرژەوەندیکی دیکە و بانتر لە هەموو بەرژەوەندیکی دیکە، خۆی هەموو شتیکە بەرهەمیك کە ئەم بەرژەوەندە پیوانەی بی، دیارە دەبێتە بەرهەمیکی نا کۆمەڵایەتی.

دووهەم: لەوانەیە شاعیر و نووسەر لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبەکەی هەست بە ناتەبایی بکا و ناچار بی بە هۆی پەیوەندی حیزبی، خۆی سانسور بکا یان هیچ نەڵی، یان بە پیچەوانەی مەیل و ویستی خۆی و گۆنجاو لەگەڵ سیاسەتی حیزبەکەی بەرهەم بخولقینی لەم حاڵەتەدا ئێتر خاسییەتی خۆی وەك رەخنەگر، وەك هونەرمەند و نووسەری رەخنەگر، لە دەست داوە.

لە هەرتك حاڵەتەکەدا ئەوشتە کە ئەو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەی لی دەوەشێتەوە ریبازیکی فیکریە، خۆ زۆر کەس لەوانەی هونەری بەرگریان دەخولقاند حیزبی نەبوون.

بە کورتی گیروگرفتەکە "حیزبی بوون" نێیە مەسەلەکە بریتییە لەوە کە ئەو کەسە رەخنەگر و بەرچاو روون هەیە یان نێیە.

بەرهەمی کەسانیك کە بە ئاگا و بە ئەنقەست بە ئەرکی هونەری و ئەدەبی خۆیان هەڵدەستن بە خولقاندنی هونەر و ئەدەبیات بۆ خەڵك، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بە ئاگا بێنن

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 44 | خەرمانان _1372 | سپتامبر_ 1993

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بۆ سپاسگوزاری لە هاو کاری و هەڵویستی دوستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە رووداوی هێرشی مووشەکیی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر یەکێك لە بنکەکانی کۆمەڵە.

دوا بە دوای پەلاماری مووشەکیی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر یەکێك لە بنکەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق، کۆمەڵێکی زۆر لە دوستان و دلسوزانی کۆمەڵە و خەڵکی تێکۆشەری شارەکانی کوردستانی عێراق و هەروەها حیزب و لایەنە سیاسییەکان پەیوەندیان بە بنکەکانی کۆمەڵەوە کرد، یان لە ڕێگای نامە و بروسکەوە، ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە یارمەتی و هاوکارییەك پی ڕاگەیاندین. ئێمە بەم بۆنەیەوە زۆر سپاسی هەستی بە دەربەست بوون و بە دەنگەوە هاتنەکەیان دەکەین.

بەڵام ئەم دەسدرێژییە تەنیا هەر بۆ سەر بنکەکانی کۆمەڵە نەبووە. هاوکات لەگەڵ ئەوە، هێزەکانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران، هێرشێکی تازەیان لە ناوچەی پێنجوینەوە، بۆ سەر کوردستانی عێراق دەست پێکردوە.

جمهووری ئیسلامی ئێران ماوەی چەند مانگە کە بە هەموو جۆرێك خەڵکی کوردستانی عێراقی خستوتە ژێر فشار، بەردەوام توپ بارانی ناوچە سنووریەکان دەکا، خەڵە و خەرمانی خەڵك ئاگر تی بەردەدا و لە مااڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەیان دەکا.

ل5

بەشەر دۆستانی ڕاستەقینە کێن؟ دربارەی کنفرانسی مافی مرۆڤ لە ڤیەن

مانگی ڕابوردوو کونفرانسی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ڕێك خرا بوو بە بی ئەوەی ئەو مەبەستانەی وا بەڕێوەبەرانی بۆیان دیاری کرد بوو بەدی بێنی، کۆتایی پی هات. ئەو کونفرانسە ماوەی دوو حەوتووی خایاند و تێیدا نوینەرانی هەموو دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشدار بوون. هەروەها چەند ڕێکخراوێکی غەیرە حکوومەتیش ڕێگەیان پی درا بوو کە وەکوو چاوەدێر ئامادە بن. لە کۆبوونەوەکانی ئەو کونفرانسە دا کومەڵێك لە نیوزراوترین دوژمنانی ئازادی و مافی مرۆڤ بە بی شەرمیەکی کەم وینەوە فرمیسکی دروییەنەیان بۆ مافی مرۆڤ هەڵڕشت و پابەندی خۆیان بۆ پارێزگاری لە دیموکراسی لە وڵاتەکانی خۆیان ڕاگەیاند.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە پێك هێنانی ئەو کونفرانسە دەرفەتێکی بۆ پێشێل کەرانی ئازادی و حورمەتی ئینسان ڕەخساند هەتا تێیدا بە ناوی قوربانیەکانی خۆیانەوە قسە بکەن و بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموانەوە کایە بە وێژدانی بەشەر بکەن. ئەوانەی لەو کونفرانسەدا بە ناوی مافی مرۆڤی مرۆڤەوە کایەیان بە وشە دەکرد، لەسەر حوکم مانەوەیان و لە نەتیجە دا هاتنیان بۆ وەها کۆبوونەوەیەك تەنیا بە قیمەتی خەفە کردنی ئازادی و پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکانیان مومکین بووە، ئەوانە بە چنگ و ددان دیفاع لە "نەزمێك" دەکەن کە سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو بی عەدالەتی و بی مافی و دواکەوتوویی یەکە. بە میلیونەها ئینسان لە ژێر دەسەڵاتی ئەم "نوینەرانە"ی مافی مرۆڤ دا بە وەحشیانەترین شێوە ڕۆژ و سەعات لە چکولەترین مافی ئینسانی خۆیان مەحروم دەکرێن. ئەمانە پارێزەرانی دونیایەکن کە تێیدا چەند میلیارد ئینسان مەحکووم بە ژیانی هەژارانە و مەحکووم بە ڕەنج بردنن هەتا کەمایەتییەکی بچووك، ئاسایش و نیعمەت و سەروەت و دەسەڵاتی دونیا لە ژێر دەستیان دابی. سەدان میلیون ئینسان شەوانە بە برسیەتی سەر دەنێنەوە، دەیان هەزار منداڵی ژێر 5 ساڵ ڕۆژانە لە بەر بی دەرمانی و بی بیهداشتی و بی خوراکی دەمرن، سەدان هەزار بۆ دابین کردنی بژیوی ڕۆژانەیان لەشیان دەفرۆشن، میلیونەها لە نیو زبلدانی شارەکان دا بە شوێن خوراکی ڕۆژانەیان دا دەگەڕین و سەدان میلیون ئینسان لە مافی چوونە مەدرەسە و خوێندن مەحروومن.

هەڵبەت باسکردن لەو ڕاستییانە لە وەها کونفرانسێك دا جێگایەکی نیە. بەڕێوەبەرانی سەرمایەداری جیهانی نە لەو کۆبوونەوەیەدا ونە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاشکرای دیکەیان دا ڕێگا نادەن باسێك لە مەسەلەیەك بێتە گۆڕی کە پایە و بناغەی نیزامی چەوسێنەرانە و زاڵمانەی ئەوان بێنێتە ژێر پرسیار. ئەوەی لێرەدا باسی لێدەکری چوار چێوەیەکی بەرتەسکە کە مافی ئینسان کە سەرمایەداری لەژێر فشاری خەباتی بەشەری عەدالەت خواز و بەرابەری تەلەب دا خۆی ناچار دیوە کە بۆ درێژە دان بە حاکمییەت و دەسەڵاتی خۆی دانی پی دا بنی.

ئاشکرایە کە پێکهاتنی وەها کونفرانسێك و زمانێك کە ئەمڕۆ بورژوازی لە وەها شوێنێچك قسەی پی دەکات، بە هەموو ریاکاری و دوو ڕوویی یەکیش کە تێیدا مونج دەداتەوە، مانای ئەوەیە کە نوینەرانی بیروتیژتری سەرمایەداری جیهانی ئەو ڕاستییەیان لێ حاڵی بووە کە حکوومەت کردن بەسەر

←

پێك هێنانی ڕێکخراوی جەماوەری کرێکاران ئەرکی دەست بەجێمانە

دەست درێژی دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هەروا درێژەی هەیە. گیان و چارەنووسی کرێکاران هەروا دەسکایەی تەماعکارانەی سەرمایەدارانە. سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ئازادن و دەتوانن لە خراپترین هەلومەرجی کار و ژیان دا کرێکاران وادار بە کاری زیاتر بە حەق دەستی کەمتر بکەن. ئازادن و دەتوانن بیکاریان کەن و تەنانەت مەجالی فرۆشتنی هێزی کاریشیان لێ بستێننەوە و ژیانیان بە یەکجاری بخەنە مەترسی جیددیەوە. ئازادن و دەتوانن قیمەتی کەل و پەلی پێویستی ژیان کە شیرەی گیانی کرێکارانیان تێدایە بە دڵخوازی خۆیان زیاد کەن. ئازادن و دەتوانن بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییان هەموو ئیمکاناتی تەبلیغی بە دەستەوە بگرن. سەرمایەداران ئازادن و دەتوانن لە پێناو پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیان هەر ڕێکخراوێك بە پێویستی دەزانن پێکی بێنن و وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ڕاوێژ بکەن و بریاری هاوبەش بدەن، هەر کاتیش هەستیان بەوە کرد کە مەوقعییەتیان لە مەترسی دایە، لە ڕێگای دەوڵەتەوە، هێزە سەرکوت کەرەکانیان دەخەنە کار. سەرمایەداران بۆیان هەیە چی بە مەسلەحەتی خۆیان دەزانن بیبەنە پێشەوە و لە قوربانی کردنی ئینسانەکان دەست ناپارێزن.

ل2

خرۆشی ناڕەزایەتی خەڵکی هەژار و برسی، لە ژێر ئاڵای کۆنەپەرستی مەزهەبیدا یان بەرەو ئاسوی ڕزگاری بەخشی کرێکاران؟

بوحرانی سیاسی و ئابووری لە وڵاتانی موسوڵمان نشینی شیمالی ئەفریقا و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوولتر دەبێتەوە و خرۆشی ناڕەزایەتی و ئیعتیراز لە دژی دەسەاڵتدارانی حاکم لەو وڵاتانە هەردەم ڕوو لە پەرەسەندنە. بناغەی دەسەاڵتی دەوڵەتانی حاکم لە ئەلجەزایر، مەراکش و میسر، لە ئوردون و لە یەمەن لە گێژاوەی ئەو بوحرانە داکەوتوەتە لەرزین و ترس لە پەرەگرتنی بزووتنەوەی گەورەی جەماوەری و ترس لە ڕاپەرینی خەڵکی تووڕە و وەگیان هاتوو هەموو حکوومەتەکانی ئەو ناوچەیەی داگرتوە. بورژوازی حاکم لەو وڵاتانە لە کورت ماوەدا هیچ چارەیەکی بۆ دامرکانەوەی ئاوری ئەو ترسە لەبەر دەست نیە.

لە وڵاتی میسر، بە میلیونەها ئینسان، بێکار و بی بەری لە سەرەتایی ترین ئیمکاناتی ژیان لە قاهیرە و لە قەراخی شارە گەورەکانی تری ئەو وڵاتە، لە حەلەبی زەهەر و زیانێکی گیانی و مااڵی زۆری بە خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە گەیاندوە. لەم هێرشانەدا بە دەیان کەس گیانیان لە دەست داوە، دەیان کەس بریندار بوون، بە دەیان مااڵی تازە دروست کراوی گوندە تازە ئاوەدان کراوەکانی کوردستان سەر لە نوی تێك ڕووخاون و هەزاران کەس لە خەڵکی شەریف و زەحمەتکێشی ئەم ناوچانە کە ساڵانی ساڵ لە کوچ و ئاوارەیی دا ژیانی تالیان بەسەر ئاوا و مەجبور ئاواکان دا ڕۆژگار دەبەنە سەر و دەوڵەتی میسر بە تاوانباری هەژاری و برسیەتی خۆیان دەزانن و نەفرەت و بیزاری لەو حکوومەتە لە نیویان دا مونج دەداتەوە. دەوڵەتی میسر یەکێك لە فاسیدترین حکوومەتەکانی شیمالی ئەفریقا و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستە. لە حاڵێك دا کە کۆمەڵێك سەرمایەداری بێکارە لەو وڵاتە غەرقی سەروەت و ناز و نیعمەتن و بەرهەمی ڕەنجی شانی زەحمەتکێشانی میسری لە بردوە، دیسان ئاوارە و ماڵ بە کۆڵ تووشی دەربەدەری بوونەوە و ژیانی تالیان لێ تالتر کراوەتەوە و مەینەتیان قوولتر بووەتەوە.

دوژمنایەتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە و ڕوداوێکی تازە و چاوەڕوان نەکراو نیە. ئەم ڕژیمە ئینسان کوژە کە پایەی کۆمارەکەی هەر لەسەر پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافی ئینسانەکان و شوێنەکانی خۆش گوزەرانی دونیا، لە قومارخانەکان و لە عیشرەتکەدەکان دا بە دەست ئاوەڵەییەوە خەرج دەکەن و قەسر و بارەگاکانیا لە میسر، ناوەندی ڕابوردانی شیخە نەوتییەکانی عەرەب و سەرمایەدارانی گەورەی دونیایە، میلیونەها ئینسانی کرێکار و هەژاری ئەو وڵاتە لە شارەکان بۆ نانی شەو موحتاجن و میلیونەها منداڵ لەبەر برسیەتی شەو و ڕۆژ ڕگیان هەڵدەگوشن.

ل6

جمهووری ئیسلامی نائەمنیە لە کوردستان

لە چەند مانگی ڕابوردوودا جمهووری ئیسلامی ئێران دەستی داوەتە پیلانێکی تازە لە دژی خەڵکی کوردستان. بە دەیان گوندی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراقی خستوتە ژێر ئاگری توپ و کاتیوشا باران، هێزی نیزامی لە سنووریەکان تی پەراندوە و چەندین ناوچەی بومبارانی هەوایی کردوە. هێرش و پەلاماری جمهووری ئیسلامی لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا بەردەوام درێژەی بووە و بردوە، دیسان ئاوارە و ماڵ بە کۆڵ تووشی دەربەدەری بوونەوە و ژیانی تالیان لێ تالتر کراوەتەوە و مەینەتیان قوولتر بووەتەوە.

دوژمنایەتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە و ڕوداوێکی تازە و چاوەڕوان نەکراو نیە. ئەم ڕژیمە ئینسان کوژە کە پایەی کۆمارەکەی هەر لەسەر پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافی ئینسانەکان و کوشتن و تاوان و سەرکوت دارێژراوە، بە درێژایی 15 ساڵ حکوومەتی نگریسی خۆی بەردەوام لە دژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەاڵنی ئازادیخواز و حەقخوازی کوردستان چەکی زەبر و زەنگ و سەرکوتی بە دەستەوە بووە و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەاڵتی خۆیدا لە هیچ جینایەتێك دەستی نەپاراستوە.

ل5

کۆمەڵێکی تر لە لاوانی شۆرشگێڕ چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەیان هەڵگرت

ڕۆژی یەك شەممە 13ی گەاڵوێژ لە مەراسمێکی گەورە دا کە لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، کۆمەڵێکی تر لە لاوانی شۆرشگێڕی کوردستان بە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەست بوون.

لەم مەراسمەدا کە بە سروودی ئنترناسیونال و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕیز گرتن لە یادی هاورییانی گیانبەختکردوو دەستی پێکرد، یەکێك لە مەسئوولینی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی، ویرای پیرۆزبایی کردن لە هاورییانی تازە چەکدار بوو بە بۆنەی تەواو کردنی سەرکەتوانەی دەورەی ئاموزشی سیاسی ونیزام، لە بەشێك لە قسەکانیدا وتی:

ئەو هاورییانە کە ئەمڕۆ چەکدار بوون و بە ڕەسمی دێنە نیو ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەوە، بەریزی کەسانێك پەیوەست دەبن کە بە ساڵەها فیدارکاری و هەڵسووڕانی بی وچان، لە قوولایی دڵی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا جێی خۆیان کردوەتەوە و درێژە بە سوننەتێك دەدەن کە بە دیفاعی سەرسەختانە و کۆڵنەدەرانە لە قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و بەش مەینەتان، دەناسرێتەوە. بوونیان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە گەڵێك ئەرکی کۆمۆنیستی و خەباتکارانە دەخاتەی سەرشانیان کە بە هیواین لە بەرێوە بردنیان دا سەرکەوتوو بن. هەروەها لە بەشی ئاخری قسەکانیدا وتی:

بەهێز کردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، ئەرکی سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو ئینسانێکی شەرافەتمەند و دلسوز بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستانە. بە پێویستی دەزانین لێرەوە بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانە ئازادە و خەباتکارانە و لاوانی شۆرشگێڕی کوردستان بکەین کە بە پەیوەست بوونی هەرچی زیاتر بەریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، ریزی خەبات لە دژی نابەرابەری یەکانی ناو کۆمەڵ و خەبات لە دژی هەرچەشنە بی مافی یەك بەهێز کەن.

مەراسمەکە بە خوێندنەوەی چەند پەیامی تر لە لایەن هاورییانی تازە پێشمەرگە درێژەی پێدرا و لە نیو شایی و خۆشحالی بەشدار بووانداو کۆتایی پی هات.

پێشڕەو

پێك هێنانی ڕێکخراوی جەماوەری کرێکاران ئەرکی دەست بەجێ‌مانە

کۆمەڵی ئینسانی ئەمرۆیی‌دا بە شێوەی ڕابوردوو ناکری و پاراستنی ڕەوتی چەوسانەوەی ئینسانی کرێکار و پاراستنی نیزامی سەرمایەداری، ڕواڵەتێکی‌تری پێویستە کە هاوچینەکان و دەست و پەیوەندەکانیان لە هەموو دونیا پێویستە لەو ڕاستی‌یە تێبگەیەندرێن.

یەکێك لە ناکوکی‌یەکانی ناو ئەو کونفرانسە ئەوە بوو کە نوێنەرانی ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری ئامادە نین لە نیگەرانی و مەترسی‌یەك دا کە نوێنەرانی ولاتانی سەرمایەداری پێش کەوتوو لەسەر دواڕۆژی هەموو نیزامەکەیان تووشی هاتوون شەریك بن. دەسەلاتدارانی ئەو ولاتانە هەر وا بە کەللە وشکی پی لەسەر درێژەی ئیستبدادی ئاشکرا و سیاسەتی "شەلم کویرم، هیچ نابویرم" درحەق بە زۆربەی خەڵکی ولاتەکانیان دادەگرن. هەر بەم بۆنەوە داوا لە ولاتانی پێش کەوتووی سەرمایەداری دەکەن کە ڕێگەیان پی بدەن لەگەڵ خەڵك بجوولێنەوە و واز لە کایە بە مافی مرۆڤ لە ولاتەکانی ئەوان بێنن! ئەو ناکوکی‌یە هەتا کۆتایی کونفرانسەکە هەر مایەوە و بە بی دەنگە لێ کردنی لە ڕاستی‌دا ئەوە "داب و نەریتی" ولاتانی دواکەوتوو بوو کە خۆی بەسەر فەزای کونفرانسەکەدا سەپاندەوە.

لە ڕاستی‌دا نە دەوڵەتانی پێش کەوتووی سەنعەتی و نە دەوڵەتانی دواکەوتووی سەرمایەداری هیچ کامیان دڵیان بۆ مافی مرۆڤ و بۆ حورمەتی ئینسان ناسووتی و تەنیا فشاری خەباتی ئازادیخوازانە و عەدالەت خوازانەیە کە ناچاریان دەکات، هەر کام لەو دوو دەستەیە، بە شێوەی خۆیان ڕێگا چارەیەك بۆ دەربڕاز کردنی‌مەوجوودییەتی نیزامەکەیان بدۆزنەوە و لەو کونفرانسە دا ئەم دوو بەرەیەی سەرمایەداری بۆ ماوەیەکی تریش لەگەڵ یەکتر سازانەوە هەتا مشت و مڕەکانیان لەسەر ئەو مەسەلەیە ببەنە نیو کۆبوونەوەی ناوخۆیی‌تریان.

ئەو ڕەفتارەی کە لە ولاتانی ناسراو بە دونیای سێهەم و لەوانە لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی ڕژیمی ئیسلامی‌دا ناوی "تایبەتمەندی مەزهەبی" یا لە شوێنی تر ناوی "ڵێ دەنێن و بە ئاشکرا هەوڵی پاراستنی دەدەن، بەربەرییەتێکی ئاشکرایە کە لە ساڵانی ئاخری سەدەی بیستەم دا بەڕێوە دەچی و هێنانە گۆڕ و دیفاع لێکردنی لە کونفرانسی مافی مرۆڤ دا تەنیا وەحشێگەری داهێنەران و پایزەرانی نیشان دەدا نە هیچی‌تر! داب و نەریتی: قەساس و سەنگەسار کردن، شەڵاق لێدان و تەعزیب، حوکمی دەست و لاق و ئەندامی‌تری لەش بڕینەوە، سیغە و چەند ژنە، بە زۆر بە شوو دانی کچ و پێش گرتن بە هاوسەریتی ئازادانە و بە شوێنی‌دا تولەی وەحشیانە، حیجاب و ڕوو پوشی زۆرەملی و دەیان نموونەی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی دیکەی لەو چەشنەیە کە ئالای پاراستنیان لە کونفرانسی جیهانی مافی مرۆڤ لە وین بەرز کرابووەوە.

ئەگەر کەسانێك لەو کونفرانسەدا جەسارەتی ئەوەیان بە خۆیاندا کە بە ئاشکرا دیفاع لەو ئەخلاق و داب و نەریت و ڕەفتارانە بکەن، تەنیا بە هۆی ئەوەیە کە دەزانن کە "تەڕەفەکانیان" و موخالیفەکانیان لە ولاتانی ئەنعەتی لەو کونفرانسەدا، لە پێناوی پاراستنی مەسەلەحەتی کاتی سەرمایە لە ولاتەکانی خۆیان دا و لە بەرانبەر سەهمێك دا کە لە بەرهەمی چەوساندنەوەی شێرەی گیانی کرێکارانی ولاتانی دواکەوتوو بەریان دەکەوی، ئامادەن بۆ سازان و بۆ چاوپوشی لە پێشێل بوونی مافی مرۆڤ هەر بەو جۆرەی کە خۆشیان تەعبیری لێ دەکەن و ئامادەن بۆ پاراستنی "داب و نەریتی نەتەوەیی و تایبەتمەندی مەزهەبی" لە ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری.

ئەگەر ئەمرۆ و بە بۆنەی کۆنفرانسەکەوە باسێك لە ئینسان و لە مافەکانی ئینسان دەکری هەر لە ڕۆژی دوای کونفرانسەوە، هەموو ولاتە پێش کەوتووەکانی سەرمایەداری ئامادەن بۆ ئەوەی لە پێناوی مەسەلەحەتێکی سیاسەتی خاریجی و لە پێناوی وەسوەسەیەکی بازرگانی دا، هەموو ئەو قسانە وەلا بنێن و پەیمانی دۆستی لەگەڵ هەر قولە دیکتاتورێك لە هەر کوێی دونیا بی، ئیمزا کەن.

بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە نەفسی پێك هاتنی وەها کونفرانسێك لە ئاستی جیهانی‌دا مانای ئەوەیە کە بورژوازی لە هاوسەنگی هێزەکانی ئەوڕوی دونیا دا خۆی ناچار دەبینی کە ڕووپۆشێکی ئەخلاقی بۆ شەرعییەت پێدان بە سیاسەتەکانی لە دونیا دا دروست بکات. خۆی ناچار دەبینی کە ڕواڵەتی ئازادیخوازی و دڵسوزی بۆ مافی مرۆڤ بەخۆیەوە بگری. مانای ئەوەیە کە بەشەری ئەمرۆ ئیتر بە شێوەی جاران حکوومەتی بەسەر دا ناکری.

بەڵام حەرەکەتی واقیعی بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و بۆ پاراستنی ماف و بەرز کردنەوەی حورمەتی ئینسان دوور لە وەها نمایشاتێك و دوور لە و جەنجالە تەبلیغاتیانە، لە قوولایی کۆمەڵی ئینسانی دا و لە حەرەکەتی چینی کرێکار و بەشەرییەتی عەدالەت خواز و بەرابەری تەلەب دا خەرێکە شکل دەگری. بەشەر دۆسی ڕاستەقینەی بە دوور لە دوو ڕوویی و فریو لە جەرگەی خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش دا دەخەملی و مژدەی دواڕۆژی ژیانی ئاسوودە و سەربەرزانە دەدا.

***

دەست درێژی دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هەروا درێژەی هەیە. گیان و چارەنووسی کرێکاران هەروا دەسکایەی تەماعکارانەی سەرمایەدارانە. سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ئازادن و دەتوانن لە خراپترین هەلومەرجی کار و ژیان دا کرێکاران وادار بە کاری زیاتر بە حەق دەستی کەمتر بکەن. ئازادن و دەتوانن بیکاریان کەن و تەنانەت مەجالی فرۆشتنی هێزی کاریشیان لێ بستێننەوە و ژیانیان بە یەکجاری بخەنە مەترسی جیددییەوە. ئازادن و دەتوانن قیمەتی کەل و پەلی پێویستی ژیان کە شێرەی گیانی کرێکارانیان تێدایە بە دڵخوازی خۆیان زیاد کەن. ئازادن و دەتوانن بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیان هەموو ئیمکاناتی تەبلیغی بە دەستەوە بگرن. سەرمایەداران ئازادن و دەتوانن لە پێناو پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیان هەر ڕێکخراوێك بە پێویستی دەزانن پێکی بێنن و وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ڕاوێژ بکەن و بریاری هاوبەش بدەن، هەر کاتیش هەستیان بەوە کرد کە مەوقعییەتیان لە مەترسی دایە، لە ڕێگای دەوڵەتەوە، هێزە سەرکوت کەرەکانیان دەخەنە کار. سەرمایەداران بۆیان هەیە چی بە مەسلەحەتی خۆیان دەزانن بیبەنە پێشەوە و لە قوربانی کردنی ئینسانەکان دەست ناپارێزن.

ڕازی ئەم توانینە و ئەم ئازاد بوونە لە چی دایە؟ جوابەکەی ڕوشنە. سەرمایەداران سازمان دراو و ڕێکخراون و کرێکاران پرژوبەڵاون. ڕێکخراو بوونی سەرمایەداران، ئەو ئیمکانەی بۆ فەراهەم کردوون کە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دا شەرایەتێك لە ژیان بە کرێکاران تەحمیل کەن کە مەینەت و مەرارەت و دەرد و ڕەنج هەر وا لەسەر شانیان قورسایی بکات.

ئێستا کە سەرمایەداران بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیان ڕێکخراون، ئایا نابی جارێکی‌تر لە سەر ئەوە تەئکید بکەینەوە کە کرێکاران بۆ دیفاع لە خۆیان بەرانبەر بە دەسدرێژی هەر ڕۆژەی سەرمایەداران، بۆ پاراستنی قازانج و مافی خۆیان پێویستە دەست بەجێ خۆیان ڕێك خەن و کۆتایی بە پەرژ و بڵاوی ناو ریزەکانیان بێنن؟ لە ڕاستی‌دا چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا بۆ ژیان، لە بەربەرەکانی‌یەکی بی پسانەوە و هەر ڕۆژە لەگەڵ سەرمایەداران و دەوڵەتەکەی دایە. لە جەریانی ئەم بەربەرەکانی‌یە دایە کە کرێکاران بە شێوەیەکی تەبیعی، قووەت و زەعیفی خۆیان دەناسن و هەست بەوە دەکەن کە توانایی و ئازاد بوونی سەرمایەداران لە درێژە پێدانی دەست درێژیەکانی خۆیان دا بۆ سەر ژیان و گوزەرانی ئەوان، لە ڕێکخراو بوونیان و زەعیفی خۆیان لە پرژ و بڵاوی‌یان دایە.

ئەمرۆ بیرکردنەوە لە رزگاری لە مەینەتەکانی ژیان، بیرکردنەوە لە شەرایەتێك کە تێیدا ئینسانەکان لە ژیانێکی ڕاحەت و ئاسوودە بەهرەمەند بن، ژیانێکی بە دوور لە چەوسانەوە و ستەم و نابەرابەری، ژیانێکی ئینسانی و ئازاد و بەرابەر، وەك بیر و بۆچوونێکی بەرینی کۆمەڵایەتی بە پانایی جیهان لە جەریان دایە و دوژمنانی خۆی خستوەتە هەوڵ و تەقالاوە تا بە فریو و سەرکوت ڕێگری شکل گرتن و بە هێز بوونی بن.

بۆ کرێکارانی‌کۆمۆنیست، شۆرشی کرێکاری_ یانی هەڵچوونی سازمان دراوی چینی کرێکار لەسەر بناغەی ئەو مەیلە کۆمەڵایەتی‌یە و ئەو بەربەرەکانی هەموو ڕۆژەیە_ ئەو ڕێگایەیە کە رزگاری یەکجاری خۆیانی تێدا مسوگەر دەبینن، بەڵام تا بەرپاکردن و سازمان دانی شۆرشی کرێکاری گەڵێك کۆسپمان لەسەر ڕێگایە. گەورەترین کۆسپێك کە ئەمرۆ لەسەر ڕێگای کرێکارانە پرژ و بڵاوی ناو ریزەکانیانە. بەربەرەکانیی هەر ڕۆژەیان دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەی تا ئەو جێگا چووەتە پێشەوە کە زەمینەی لەبار بۆ دەست بەکار بوونی هێزی پێشرەو و کۆمۆنیستی فەراهەم کردوە کە ئەم بەربەرەکانی‌یە سازمانی بدات و بیکاتە سەرەتای هەنگاو هەڵگرتن بۆ سازمان دانی شۆرشی کرێکاری.

کرێکاران لەسەرەتاوە لە ڕووی تەبیعەتی ژیانیانەوە بۆ گۆڕینی هەلومەرجێك لە ژیان کە هەر ئەمرۆ لە سەرشانیان قورسایی دەکەن. ئەم خۆ ڕێکخستنە کرێکاران بە هێز دەکات و لە هەمان کاتیش دا ئەم ئیمکانە فەراهەم دەکات کە خۆیان وەك چێنێك بناسن و باوەر بە هێزی خۆیان پەیدا بکەن و بە ڕێگای رزگاری یەکجاری‌یان زۆرتر ئاشنا بن.

بە درێژایی میژووی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست زۆر جار هەوڵیان داوە کە کرێکاران هەنگاوێك بەرەو ڕێخراو بوون بەرن. ساڵانی رابوردوو چەندین جار تا پێك هێنانی ڕێکخراوی جەماوەری‌یەکان چوونە پێشەوە و بە دەوڵەت و سەرمایەدارانیان تەحمیل کردوە، بەڵام ئێستا کاتێك قسە لەم بزووتنەوەیە دەکەین دەبێنین کرێکاران هێشتا لە وجوودی ڕێکخراوێکی بە هێز کە پالپشتیان بی بۆ بەربەرەکانیی ڕۆژانەیان دژی دەوڵەت و سەرمایەداران مەحروومن. هەر بەم بۆنەوە سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەستیان ئاوااڵیە کە هەروا تالانی دەسرەنجی کرێکاران درێژە پی بدەن و ژیانێکی سەرەتایی‌شیان یی‌روا نەبینن. لە ئاوا شەرایەتێك دایە کە بۆ بەربەست کردنی ئەم دەسدرێژی‌یانە، دەبی لە کۆکردنەوەی هێزەکانمان بۆ دیفاع لە خۆمان و ژیانمان پەلە بکەین.

پێك هێنانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان بە مەبەستی یەك کاسە کردنەوەی هەوڵ و تەقالای هەموو ڕۆژەی کرێکاران و خەباتی ئەوان بۆ ژیانێکی باشتر، ئەو هەنگاوەیە کە لە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستاندا کرێکاران دەخاتە مەوقعییەتێکی باشتر. بەم بۆنەوە ئەم نووسراوەیە تێدەکوشی جاڕێکی‌تر گرینگترینی ئەو خالانە کە بۆ ئەو هەنگاو هەلگرتنە پێویستە لەبەرچاو بگیرین، بخاتە بەر باس و بەشداری کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست بی بۆ قسە و باس لە سەر ئەم مەسەلەیە و هەڵگرتنی هەنگاوی عەمەلی لە پێناوی‌دا.

کرێکارانی پێشرەو باش دەزانن بی لەبەر چاو گرتنی وەزعییەتێك کە ئەمرۆ کرێکاران تێیدا بەسەر دەبەن، بی لەبەر چاو گرتنی گرانی و بێکاری و لە خوارەوە بوونی حەق دەستەکان و دەیان گیروگرفتی‌تر لە لایەك و هەروەها بی لەبەر چاو گرتنی شەرایەتی کاری کرێکارانی کوردستان (غەیری متمەکز بوونی‌بەشی هەرەزوری کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کاردا) لە لایەکی‌تر، هێزی جەماوەری کرێکار تەنیا لە روی ئاوات و ئارەزووە کۆ ناکرێتەوە و نابێتە هێزێك کە بتوانی داخوازیەکانیان بۆ سووك کردنی باری قورسی ژیانی ئەمرۆیان وەدی بێنی.

کرێکارانی کوردستان بۆ پەیدا کردنی بژیوی ڕۆژانەیان هەر ڕۆژە چەندین سەعات کمار دەکەن. بە کاری ڕۆژانەوە ناوەستن چۆن ژیانیان تەئمین نابی، ناچار ڕوو دەکەنە زیادە کاری و کاری کونتەراتی. ئەگەر بێکار بن_ کە ئەمرۆ ژمارەیەکی بەرچاویان بێکارن_ لە هەوڵی ئەوەدا کە کارێك پەیدا کەن ڕوو دەکەنە شارەکانی‌تر، دەسفرۆشی دەکەن و دەست دەدەنە زۆر کاری‌تر تا بەڵکوو ژیانی خۆیان تەئمین کەن.

بەم جۆرە بی پسانەوە و نیازەکانی ژیان، لە هەوڵ و تەقالایەکی بەردەوام دا رایگرتوون. لەم هەوڵ و تەقالا ڕۆژانەیە دایە کە بەو نەتیجەیە دەگەن کە بەبی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کوسپەکانی سەر ڕێگایان ناتوانن ئاڵ و گۆڕێك لە ژیانیان دا پێك بێنن.

ئەم کوسپانە لە هەنگاوی یەکەم دا لە قالبی خاوەن کار و فلانە سەرمایەدار دا خۆی دەنوێنی و ورده ورده پێی دەوڵەتیش دێتە مەیدان و کرێکاران خۆیان بەرانبەر بە دەوڵەتیش کە پاریزگاری لە قازانج و بەرژەوەندی کارفەرما و سەرمایەدار دەکات، دەبێنن. بەرانبەر بە دەوڵەت و کارفەرما و سەرمایەداران بەربەرەکانییان لە شکلی جۆربەجۆر دا، بۆ سەلماندنی داخوازیەکانیان، چووەتە پێشی و بەم جۆرە بزووتنەوەی متالەباتی کرێکاران شکلی گرتوە و بووەتە بەشێك کە ڕوالەتی خەبات لە کۆمەڵی کوردستاندا.

قسە لەوەیە کە ئەمرۆ ئەو بزووتنەوەیە لە ژێر چەترێکی واحید دا کۆنەبووەتەوە. بەرژ و بڵاو و کەم هێزە. هەر بۆیە جگە لەو وەختانە کە هێزی کرێکارانی لە پشت بووە و توانیویەتی وەك بزووتنەوەیەکی بەهێز دەرکەوی لە کاتەکانی‌تردا نەیتوانیوە مانعی دەسدرێژەکانی دەوڵەت و سەرمایەداران بی و مل کەچیان کات بەرانبەر بەم یان ئەو ویست و داخوازی خوی. یەك کاسە کردنی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان بە وتەیەکی تر هەول و تەقالا بو پیك هینانی ڕێکخراوەی جەماوەری کرێکاران کە تەقلای ڕوژانی گشتی کرێکاران بگریتە بەرو بیکاتە هیزیکی غەیرە قابیلی چاوپوشی بە بی لەبەر چاوگرتن ئەم واقعییەتە (یانی پشت بەستن بە وجوودی بزووتنەوەیەکی بە هیزی متالباتی) مومکین نییە. ریکخراوەی جەماوەری بە مەعنای واقیعی و پایەداری، تەنیا ئەو کاتە ئیمکانی شکل گرتنی هەیە کە بەشی هەرە زۆری جەماوەری کرێکار لە بزووتنەوەیەك دا بو باشتر کردنی شەرایتی ژیانیان بەشدار بووبێتن. کو کردنەوەی کرێکاران لە دەوری ریکخراوی خۆیان لە جەرگەی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران دا ئیمکانی عەمەلی بوون پەیدا دەکات. پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاران بو وەدیهینانی داخوازیەکانیان باشترین زەمینە بو پێك هێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری کرێکاران دەخولقینی. کەوابوو هەلسووراوانی کریکاری ناتوانن لە دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیە یا لە کەناریەوە دەست بدەنە دروست کردنی ڕێکخراوەی جەماوەری کرێکاری.

تەجرەبەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان ئەم ڕاستیەی سەلماندوە کە هەر کات کرێکاران لە دەوری ویستیکی هاوبەش دەستیان دابیتە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سەرمایەداران و کارفەرما،

لە هەمان کات دا بناغەی ڕێکخراوەی جەماوەری و سەر یەک خستنی هەول و تەقالایان شکلی گرتوە و ئیمکانی عەمەلی بوونی، زۆرتر فەراهەم بووە. با بە جوریکی تر بلیین: کاتیک قسە لە ڕێکخراوەی جەماوەری دەکەن جەماوەری کرێکار لە هەنگاوی یەکەمدا تەنیا لە ڕووی بە ئەنجام گەیاندنی ئامانج و ئارمانی دوا ڕۆژی خۆیان روو لە ریکخراو بوون ناکەن. ئەمە تەنیا ئیشی کرێکارانی کومونیست و هەلسووراوانی کریکاری یە کە بو ئەم مەبەستە لە حیزبی سیاسی خۆیان دا کو دەبنەوە جەماوەری کریکار ئەو کات روو لە ریکخراو بوون دەکەین کە ئەم ریکخراوە پەیوەندی ڕاستەوخوی لەگەڵ ژیانی ماددی یان هەبی و گیروگرفتی ژیانی ئەمرویان چارەسەر کات. بەوتەیەکی تر هەست بەوە بکەن کە لە نەتیجەی ریکخراو بوونیاندا نانیک بە سفرەی بی ڕەونەقیان زیاد دەبی و باریک لە سەر شانیان سووک دەبی. ئەو ریکخراوانە کە لەگەڵ خەباتی ڕۆژانەی کرێکار بۆ باشتر کردنی ئەو ڕێکخراوانە کە لەگەل خەباتی ڕوژانەی کریکار بو باشتر کردنی شەرایتی ژیانی گری نەدرابی و تیکەلاوی ڕەنج و زەحمەتی ڕوژانەیان نەبووبی ئیدامەکاری یەکەی زۆر مسوگەر نییە. لەم بابەتەشەوە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بی تەجرەبە نییە.

ئەمە ڕاستە کە پیک هاتنی ئەم ریکخراوانە، ئامادەیی نیو ریزی کرێکاران بو کاری گەورە ترو سەرەنجام بو ڕزگاری یەکجاری لە چنگ مەینەت و مەرارەتی نیزامی سەرمایەداری زیاد دەکا، بەلأم لە پیشدا و بو هەنگاوی یەکەم، ناتوانی و نابی لە جواب دانەوە بە نیازە سەرەکی یەکانی کرێکاران خو بپاریزی. تەنیا لە ریگای سەلماندنی داخوازی یە ئابووری و ریفاهی یەکانی کرێکارانەوەیە کە زەمینەی لە بارتر بو ڕێکخراو بوونی کرێکاران لە ئاستیکی فراوانتر دا فەراهەم دەبیّ. کە وا بوو یەکەمین تەئکید دەتوانی ئەمە بی کە پیش مەرجی شکل گرتنی ریکخراوەی جەماوەری کرێکاران پەرەسەندنی بزووتنەوەیەکی بە هیزی متالباتیی یە لە پیناوسەرەکیترین داخوازەکاندا. ریکخراوەی جەماوەری، لەم بزووتنەوەیەدا و بە دیفاع لە ماف و گوزەرانی کرێکاران و بە تەئسیر دانان لە سەر ژیانی ڕۆژانەیانە کە دەتوانی جێی خۆی لە نیو جەماوەری کریکار دا بکاتەوە.

کاتیک قسە لە ڕێکخراو بوونی کرێکاران دەکری، زۆرجار وەک کاریکی دژوار و ئالوز باسی دەکری کە گویا کەم کەس تێی‌دەگا و وا دەنوێنن کە ئەمە کاری کرێکار جەماعەت نیە!! بەلأم بە پێچەوانە، ڕێکخراو بوونی کرێکاران بە پێی مەوقعییەتی کرێکار لە کۆمەلّی سەرمایەدارێدا و بە هۆی بوونی دەردی هاوبەش و هەولّ و تەقالا بۆ جواب دانەوە بە نیازی سەرەتایی ژیان (کە بەشی هەرە زۆری هەر کۆمەلّێک دەگرێتە بەر) ئاسانترین و سادەترین کارە. ڕێکخراو بوونی کرێکاران جگە لە پێکەوە گریدانی هەولّ و تەقالایەک کە کرێکاران بۆ باشتر بوونی ژیانیان دەیدەن شتێکی‌تر نیە.

چینی کرێکار بە هۆی تەبیعەتی کار و ژیانی، لە ئاحاد و ئەفرادی کرێکاری جیاجیا پێک نەهاتوە، بەلّکوو چ لە بەرهەمهێنانی گەورە دا و چ لە بەرهەمهێنانی چکولەدا، چ لە شوێنی کار و چ لە شوێنی ژیان، بە شێوەیەکی سەرەتایی ڕێکخراوە و بە هۆی گەلّێک پەیوەندی تەبیعی (هاوکار بوون، هاوگەرەک بوون، دۆست و ئاشنا بوون و خزمایەتی و نزیکایەتی) پێکەوە کۆبوونەوەی ئەم کۆر و کۆمەلّانە سادەو سەرەکی‌ترین شکلی کۆبوونەوەی کرێکارانە. ئەمانە نەوعێک لە ڕێکخراو بوونی کرێکارانە. کەوابوو دەتوانین بلّێین کە لە شەرایەتی ئەمڕۆی کوردستان دا کە کرێکاران لە ڕێکخراوەی بە هێزی خۆیان وەک شووڕا و سەندیکا و ئیتحادیە مەحروومن، دێسانەوە بی ڕێکخراو نین. قسە لەسەر لێک نزیک کردنەوەی ئەم کۆر و کۆمەلّانە و لە ژێر چەترێک دا کۆکردنەوەیان و هەنگاوی هاوبەشیان بۆ بەئەنجام گەیاندنی داخوازی‌یەکانیان.

لە ڕاستیدا دەرس و ئەزموونێک کە کرێکاران لەم نەوعە ڕێکخراوانە دا (با بلّێین ڕێکخراوی سەرەتیای) بە دەستی دێنن دەتوانی ئامادەیان بکات کە لە ڕێکخراوی گەورەتردا لە دەوری یەک کۆبنەوە. لەم کۆر و کۆمەلّانەدا زۆر گیروگرفتی کار و ژیانی کرێکاران دەخرێتە بەر باس و لێکولینەوە. گرانی، بێکاری، کەمی حەقدەستەکان، سەعات کاری زۆر، زۆر وێڕژی و ناحەقی خاوەن کار، ئائەمنی شوێنی کار و هتد... قسەیان لێدەکری. تەنانەت زۆر جار بۆ چارەسەرکردنیان تەکبیر دەکری و حەرەکەتێکی جەمعی‌تر بۆ وەدێهێنانی ئەم یان ئەو داخواز دەخرێتە ری. کەوابو ڕێکخراو بوونی جەماوەری کرێکار بە مانای پێکەوە گری دانی هەولّ و تەقالای ڕۆژانەیان بۆ ژیانێکی باشتر، نەک هەر مومکین و عەمەلی‌یە بەلّکوو سادە و قابیلی دەست رەسە. کۆر و کۆمەلّی مەوجوودی کرێکاران و گەشە پێدانیان دەتوانی بناغەیەکی باش و لە بار بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان فەراهەم کات. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستی‌یانە چ شکلێک لە ڕێکخراو بوون لەگەڵ تەبیعەتی کار و ژیانی کرێکاران لە کوردستان دێتەوە کە ئەم کۆر و کۆمەلّانە لە ژێر چەترێکی واحید دا کۆبکاتەوە؟

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی موشەخەس، دەبی بلّێین کە بە بڕوای ئێمە تەجرەبەی خەباتی کرێکاران لە ژیانی واقیعی‌دا سەلماندوویەتی کە پێکهێنانی شووڕای کرێکاری لەسەر بناغەی ئەومەجمەعانە کە لە شوێنی گەورەی کرێکاری‌دا پێک دێن، سیاسەتێکی واقیعی و عەمەلی‌یە و لە هەمان کات دا لە چوار چێوەی سەنگ و سووکی ئیستای هێزی کرێکاران و دوژمن دا لەم شوێنانە، ئیقدامێکی عەمەلی‌یە. ڕێکخستنی شووڕایی، شێوەیەک لە ڕێکخراو بوونی کرێکاران بەدەستەوە دەدا کە تێیدا ئیرادەی ڕاستەوخۆی کرێکاران زۆرتر نیشان دەدەری، هاوپشتی زیاتر لە ناویان دا پێک دی، جیاوازی صنفی و ڕشتەیی لە نیو کرێکاران دا کەم دەبێتەوە.

سەرەڕای تەئکید دانان لەسەر ئەم نەوعە لە ڕێکخراو بوونی کرێکاران لە شوێنە گەورە سەنعەتی‌یەکان دا، لە کوردستان بەم هویانەی خوارەوە پێمان وایە کرێکاران لە شکلی ئیتحادیەی کرێکاری دا باشتر و کاریگەرتر دەتوانن لە دەوری یەک کۆببنەوە و هەولّ و تەقالایان بۆ باشتر کردنی شەرایەتی ژیانیان لە ڕێگای ئیتحادیەکانەوە یەک کاسە کەنەوە.

بەشی زۆری کرێکاران لە کوردستان یان لە کارگا چکولەکان خەرێکی کار کردن، یان بێکارن و خەرێکی دەستفرۆشین. پەرژ و بلاوی کرێکاران و دابەش بوونیان بە کۆمەلّی چکولە لە شوێنی کار، ئیمکانی کۆبوونەوەیان لە شووڕا کرێکاری‌یەکان دا پی نادا. لە زۆربەی شوێنەکانی کار لە کوردستان، کە هەر کامە ژمارەیەکی کەم کرێکاریان تێدا کۆبووەتەوە، تەنانەت کۆبوونەوەیان لەشووڕای شوێنی کاری خۆشیان دا، هێز و توانایەکی وایان پی نادات کە بەربەرەکانی بکەن لەگەڵ دەسدرێژی کارفەرماکان و دەولّەت. لە حالّێکدا قسە ئەوە بوو کە کۆبوونەوەیان لە ژێر هەر چەترێک دا دەبی هێزیکی زۆرتریان پی بدات کە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کارفەرما یان دەولّەت بۆیان مومکین بی و بتوانن داخوازی‌یەکانی خۆیان بسەلمێنن و دوژمن زەفەریان پی نەبات. جگە لەمە دەبی کاتی بوونی بەشێک لە کار لە کوردستان، وەک کاری کوورەخانەکان، کاری فەسلی و ساختمانی و کاری کشت و کال لەبەر چاو بگرین کە ئیمکانی کۆبوونەوەی منزەم لە مەجمەعی عمومی شووراکان بە کرێکاران نادات. بەم بۆنەوە ئیدامەکاری ئەم شکلە لە ڕێکخراو بوون مومکین نیە. لە ئاوا شەرایەتێک دا کۆبوونەوەی جاروبار و بە ڕێکەوت لە نیو کرێکاران لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کار لە کرودستان دا، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی کەم لە هەر شوێنێکی کار، سەنگ و سووکی نیوان هێزی کرێکار و خاوەن کار بە قازانجی کرێکاران ناگۆڕی. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم هەلومەرجە کرێکاران لە کوردستان پێویستی‌یان بە شکلێک لە ڕێکخراو بوون هەیە کە هێزی ئەوان لە شوێنێکی دیاریکراو بەرانبەر بە خاوەن کار و دەولّەت زیاد کات و سەرەرای بلاووبوونیان لە شوێنەکانی کار، لە ژێر چەترێک کۆیان کاتەوە. ئەم شکلە دەتوانی ئیتحادیەی کرێکاری بی!

بەشی هەرە گەورەی کرێکاران لە کوردستان بەهۆی تەبیعەتی هاوبەشی کاریان، کۆبوونەوەیان لە ئاستێکی فراوان و بەرین دا لە شارێک یان ناوچەیەک زۆرتر بۆ مومکینە. مەسەلەن ئەگەر کرێکارانی فەسلی لە هەر شارێک، لە ئیتحادیەی کرێکاری فەسلی داکوبنەوە، یان کرێکارانی بێکار لە ئیتحادیەی کرێکارانی بێکاردا دیاری بکەن و داوای کاربکەن، هەم زۆر زوو دەبینن کە خاوەنی چ هێزێکی بۆ بەدێهێنانی داخوازی‌یەکانیان و هەم بەم جۆرە هیچ خاوەن کارێک ناتوانی لە پرژ و بلاوی کرێکاران لەم یا لەو مەیدانی کار و فلانە کارگە کەلّک وەرگری بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی داسەپێنی.

تەجرەبە و ئەزموونی سەندیکا و ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان لە ساڵەکانی 58 و 59دا لە شارەکانی کوردستان، سەرەرای هەر کەم و کووری یەک کە بووی، لەم بابەتەوە جێگای سەرنجن.

سەندیکای کرێکارانی فەسلی پرۆژەیی شاری سنە، لە کرێکارانی شیرکەتی سایبر و ماد و چەند شیرکەتی ساختمانی‌تر، توانیان حەقدەستی دواکەوتووی کرێکاران وەرگرن، یان سەندیکای شارەداری سنە توانی لووڵەکێشی گەرەکێکی زەحمەتکێش نشین بە شارەدار تەحمیل بکا.

سەندیکای کرێکارانی بێکار لە بانە بە هەموو شیرکەت و میعمارەکانی ڕاگەیاند حەقیان نیە ڕاستەوخۆ کرێکار ئیستخدام کەن لە ڕێگای سەندیکاوە نەبی، ئەم سەندیکایە توانی شەرایەتی کاری کرێکاران لە حقە دەست و سەعات کارەوە دیاری کات و بۆ لانی کەم 3000 کرێکاری بێکار بیمەی بێکاری وەرگری!

سەرەرای ئەمانە، شووڕای کارخانەی شاهو و سەندیکای نانەواکان لە شاری سنە، ئیتحادیەی کرێکاران لە شاری بۆکان و نەغەدە، کانوونی کرێکارانی بێکار لە سەردەشت و خانەی کارگەر لە پێرانشار و شنو، هەموو لەو ڕێکخراوانە بوون کە ساڵانی پێشتر پێکهاتن و گەلّێک تەئسیریان لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران دانا.

ئەم ڕێکخراوانە دواتر بە هۆی خەفەقان و سەرکوتی وەحشیانەی ج.ا و هەندی کەم و کووری تری خۆیان، نەیانتوانی ئیدامەکاری خۆیان بپارێزن و تا ئەمڕۆ ئەگەرچی ژمارەیەک لەم ڕێکخراوانە لە شارەکانی کوردستان ماونەتەوە (وەک سەندیکای خەببازان و خەیاتەکان و حەمامەکان) بەلأم نەیانتوانیوە ببن بە لەمپەرەێکی جیددی بە دەست درێژی‌یەکانی ڕژیم. بۆیە دەتوانین بلّێین کە کرێکاران لە کوردستان سەرەرای ئەوە کە لە ڕێکخراوەی جەماوەری و بەهێزی خۆیان مەحروومن و خاوەنی لەمپەرێکی دیفاعی بەهێز بەرانبەر بە دەسدرێژیەکانی بورژوازی نین بەلأم بەم تەجرەبانەوە کە باسمان کرد، کۆبوونەوەیان لە شکلی ئیتحادیە و سەندیکادا بۆ مومکین تەرە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلأنە، ئەمڕۆ لە کوێوە دەست پی بکەین؟

جگە لە شەرایەتێکی گشتی کە بۆ پێک هاتنی ئیتحادیەکان پێویستە و پێشتر قسەی لێ کرا، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە کرێکاران لە سەر پێویستی یەکگرتوویی و نزیکی هەرچی زیاتری کرێکاران ساغ بی و بتوانی کەسانی‌تریش لەسەر ئەم باوەرە و بۆ هەلّگرتنی هەنگاوی عەمەلی لە پێناوی دا، ساغ کاتەوە. هێزێکی لیبراو و جیددی، هەلّسووراو و پر کا و جی متمانە و باوەری کرێکاران بی. ئەم هێزە هەمان ڕابەرانی عەمەلی کرێکاری و کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیستن کە هەن و مەوجوودن. ئەم هێزە دەبی کارێکی وا بکات کە کرێکاران یەکگرتوویی ریزەکانی خۆیان بە هەنگاوێکی جیددی و کارێگەر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ژیانی خۆیان بزانن و هەردەم لە فکری ئەوەدا بن کە کوسپەکانی سەر ڕێگای کرێکاران بۆ ئەم مەبەستە لابەرن.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەرکە دیاریکراوەکانی ئەم بەشە لە کرێکاران، پێویستە جارێکی‌تر لە بابەت ئەو کوسپانە کە هەر لە سالأنی زووەوە تا ئێستاش لەسەر زەین و فیکری ئەم بەشە لە کرێکاران قورسایی کردوە و مەجالی ئەوەی پی نەداون کە دەوری خۆیان لە شوێنی کار و ژیان و لە نیو کرێکاران دا ببینن‌ەوە، بە کورتی قسەیەک بکەین و بیانخەینەوە بەرچاو.

1- تەئسیراتی بوچوون و شیوە و کارکردی گەرایشی ناسیونالیستی لە کوردستان: پاش ئەوەی کە کوردستان لە لایەن ج.ا یەوە داگیر و میلیتاریزە کرا، فەزایەکی موقاومەتی گشتی بەرانبەر بە هێرشی ج.ا لە ژێر دروشمی خودموختاری‌دا شکلی گرت، خودموختاری بوو بە شیعاری سەرەکی بزووتنەوە لە کوردستان و خەباتی چەکدارانە بوو بە تاقە شکلی خەبات. لەو دەورەیەدا کەمتەرخەمی و بی مەیلی‌یەکی ئاشکرا بەرانبەر بە خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری و هەولّدان بۆ باشترکردنی ژیان و هەنگاونان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان بەرچاو دەکەوت. لە ئاوا فەزایەک دا کە لە سەر هەلّسووڕانی کۆمەلّەش ئەو کات تەئسیری دانابوو، بەشێکی بەرچاو لە ڕابەرانی سیاسی و بە نفووزی کرێکاری، لە جیاتی پی داگرتن لەسەر داخوازی ڕۆژانەی کرێکاران و ڕێکخستنی ئیتعتیراز و خەباتی کرێکاران دەوری خۆیان لەوەدا دێتەوە کە لەو بزووتنەوە گشتی‌یە دا و بەتایبەت لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بن. ئەم جۆرە لە مەیدانی تەبیعی و ئەسلی خەباتی خۆیان دوور کەوتنەوە. ئەگەر چی بە درێژایی 15 ساڵ تەمەنی بزووتنەوەی کوردستان ئالّ و گۆڕی جیددی بەسەر ئەم باوەرەدا هاتوە و ڕەوتی سوسیالیستی لە کوردستان بەسەر گەلّێک لەو سوننەت و بیر و بۆچوونە ناسیونالیستی‌یانەدا زالّ بووە کە قورسایی یان دەکردە سەر شانی تێکۆشەرانی کرێکاری. بەم حالّەوە ئێستاش پێویستە هەموو کاتێک بە بەرچاو خستنی زیانی سوننەت و شێوەکاری ناسیونالیستی لە کوردستان، کرێکاران بە گشتی و ڕابەرانی کرێکاری بە تایبەتی لە تەئسیراتی ئەم گەرایشە بپارێزرین. بە تایبەت لە مەیدانی کیشەی سیاسی دا ئەم گەرایشە وەک جەرەیانێکی شکل گرتوو، بەردەوام هەولّ دەدات ببێتە کوسپی سەر ڕێگای شکل گرتن و پەرەگرتنی خەباتی کرێکار و زەحمەتکێش.

2- لە فەزای سیاسی کوردستاندا کە بەربەرەکانیی گشتی لەگەلّ دەسەلأتی ج.ا هەیە خەبات و ئیعتیرازاتی کرێکاری زەرفییەتی ئەوەی هەیە کە لەژێر تەئسیری داخوازەکانی بزووتنەوەی گشتی و چەکدارانەدا لە شیعارە تایبەتی‌یەکانی خۆی دوور کەوێتەوە و بکەوێتە شوێن ئاکسیونیزمی چەپڕەوانەی وردە بورژوایی. تا ئێستا ئیعتیرازاتی ئاشکرا و عەلەنی، بەهۆی شکلی خەباتیان و بەهۆی مەحدوودییەتی ویست و داواکانیان، لە لایەن ئاوا بۆچوونێکەوە بە شتێکی بی بایەخ و بی ئەنجام لە قەلەم دراوە و بە سووک چاوی لێکراوە و ئەمە ڕێگای لە گەشەی ئەم ئیعتیرازاتە گرتوە و بووەتە کوسپی سەر ڕێگای پەروەردە بوونی رابەرانی عەمەلی و شکل گرتن و جێگیر بوونی بنەماکانی کاری عەلەنی لە ناویاندا. دەتوانین بلّێین ئەمانە سەرەکی‌ترین کوسپ بوون کە هەر لە سالأنی زووەوە تا ئێستا کەم تا زۆر ڕێگای گرتوە لە شکل گرتنی‌تۆێژێک لە رابەرانی عەمەلی و کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست.

بەربەرەکانی و موقاومەتی کرێکاری ناتوانی لە وجوودی کرێکارانی هەڵسووراو و پێشرەو مەحروومبی. هەر وەک باس کرا تەمەنی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان و ئەو ئاڵ و گۆرانە کە بەسەریدا هاتوە ئیمکانی ئەوەی فەراهەم کردوە کە ئەم بەشە لە کرێکاران بە وەڵانانی ئەم سوننەت و بۆچوونە دەست و پی گرە، جێگا و شوێنی خۆیان باشتر بناسن و خۆیان لە دڵی بزووتنەوەی کرێکاری و لە پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا ببینەوە.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر باسی پێشوومان و قسەکانمان بە دەست نیشان کردنی ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم بەشە لە کرێکاران درێژە پی دەدەین. ئەگەر ئەمەمان سەڵماندبی کە شکل گرتنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ئاسانتر لە جەرگەی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران دا ئیمکانی عەمەلی بوون پەیدا دەکات، ئەو کات دەتوانین قسە لەوە بکەین کە ئەرکی سەرەکی کرێکارانی پێشرەو، هاندان و هەڵخراندن و پەرە پێدانی ئەم خەباتە ڕۆژانەیەیە لەسەر زەمینەیەکی واقیعی. بۆ ئەم کارە پێیوستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرین.

1- بە دەستەوە گرتنی داخوازییەک و بەرز کردنەوەی شیعارێک کە پشتیوانی بەشی زۆری کرێکارانی بە دواوە بی. بەم بۆنەوە دەبی پەنجە بخرێتە سەر سەرەکیترینی ئەو داخوازییانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی کرێکاران هەبی و کرێکاران چارەسەری گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە وەدێهاتنی ئەم شیعار و داخوازییەدا ببینەوە.

هەرلەم بابەتەوە دەبی بڵێین بۆ ئەوەی شیعار و داخوازێکی دیرایکراو لە لایەن بەشی زۆری کرێکارانەوە بە دەستەوە بگیری و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران ئامادە بن لە پێناویدا فیداکاری بکەن و لە لایەکیترەوە پشتیوانییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە دەوری کرێکاران کۆبکاتەوە، پێویستە داخوازییەکان لە قالبێکی قابیلی دیفاع و گونجاودا بەیان بکرین و مەشرووعییەت و ڕەوا بوونیان ڕوشن و بەرچاو بی و دەرخستنی حەقانییەتیان بۆ هەموان، کارێکی ئاسان بی. دەبی نیشان بدری کە ئەم داخوازییە بۆ ژیانی کرێکاران چەندە حەیاتییە. دەبی نیشان بدری ئەمە سەرەتاییترین و ئاشکراترین مافی ئەوانە کە چاوپۆشی لێکراوە. ڕابەرانی کرێکاری دەبی بتوانن ئەوە نیشان بدەن کە داخوازییەکان بە تەواوی ئیمکانی وەدێهاتنیان هەیە و بە دەست هێنانیان کارێکی دژوار نیە.

2- لە هێنانە گۆڕی داخوازییەکان دا دەبی لەسەر ئیمکانی بە سەرکەوتن گەیاندن و چەسپاندنیان وەک دەسکەوتێکی خەباتی کرێکاران زۆر بە جیددی حساب بکری. ئاوا بۆچوونێک ئەم ئیمکانە بۆ هەڵسووراوی کرێکاری فەراهەم دەکات کە لە هێدایەت و بەرەوپێش بردنی خەباتێکی کرێکاریدا میزانی واقیعی هێزی کرێکاران هەڵسەنگێنی و بە پێی ئەوە هەنگاو هەڵگری. نە خەباتی کرێکاران لە پێناون داخوازێکدا بخاتە گەر کە ئیمکانی وەدێهاتنی نیە و نە بکەوێتە شوێن مەیل و بۆچوونی خوپارێز و دەستە وەستان کە پێی وایە هیچ ناکری و هیچ وەدەست نایە. ڕچاوکردنی داخوازێک کە جەماوەری کرێکار و پێیان وانەبی دەتوانن بە دەستی بێنن، نەک هەر نابێتە هۆی کۆکردنەوە و لێک نزیک کردنەوەی کرێکاران بەڵکوو بە پێچەوانە بلاوەیان پی دەکا.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەم مەسەلانە هەڵسووراوانی کرێکاری بە پەیوەندیکی نزیک لەگەڵ یەکتر هەوڵ دەدەن هەڵخرێنەری ئیعتیرازی کرێکاری بن و لێرەوە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی داخوازی کرێکاران، لە ڕێگای کۆر و کۆمەڵە کرێکارییەکانەوە، ڕێکخراو بوون و پێکەوە بوونی کرێکارانی جێ دەخەن و دەیکەن بە بۆچوونێکی گشتی کرێکاران. بەڵام کوسپەکان کامانەن؟ پێشتر لەسەر هێندێک گیروگرفتی سەر ڕێگای هەڵسووراوانی کرێکاری دواین. لێرەدا چەند کوسپیتر لەسەر ڕێگای پێک هێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەخەینە بەر باس.

ئایا بە وجوودی شەرایەتێک لە خەفەقانی سیاسی لە ئێران، شەرایەتێک کە ئیعتیراز و ناڕەزایەتی دەربرین بە سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە جواب دەدرێتەوە، شەرایەتێک کە ڕژیمی هار و وەحشی ج.ا سەرەتایی‌ترین مافی کرێکارانی کە حەقی ڕێکخراو بوونیانە پێشێل کردوە، بانگەواز بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری کەسی لە دەور کۆ دەبێتەوە؟ بێگومان ج.ا و هەر ڕژیمێکی دژی کرێکاری، یەکەمین مەبەستیان لە بڕێوەبردنی سەرکوت و خەفەقان لە کۆمەڵدا ئەوەیە کە بەشی زۆری کۆمەڵ، کرێکاران و زەحمەتکێشان، بە گشتی بەو نەتیجەیە بگەن کە مەجالی هەوڵدان بۆ گۆڕینی وەزعییەتیان نیە و سەرکوت و خەفەقان کوسپی هەر بزووتنەوە و جم و جوڵێکە و بەم جۆرە سەرینی خاترجەمی بنینە ژێر سەریان. بەڵام دەوڵەتی نوێنەری سەرمایەداران هەرگیز نەیتوانیوە سەرینی خاترجەمی بنێتە ژێر سەری.

ئەگەر پاش 15 ساڵ سەرکوتی وەحشیانە و پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافی ئینسانی، ج.ا دێسانەوە پێویستی بەوەیە کە بەشێکی یەکجار گەورەی هێز و ئیمکاناتی خۆی تەرخان بکا بۆ ئەوەی سەرکوت و حەفەقان دڕێژەی پی بدات و ئەگەر پێویستی بەوە پەیدا دەکات هەزاران پایگا و قەرارگا و پادگانی نیزامی خۆی لە کوردستان ڕاگری، نیشانەی ئەم خاترجەم نەبوونەیە. با ئەوە بڵێین نیوان ویستن و توانین فاسلەیەک هەیە، کە بە ویستنی هەر شتێک دەسبەجێ عەمەلی بوونی مومکین نیە. ویستی دەوڵەتی سەرمایەداری ئەمڕۆ لە ئێران دا چییە؟ دیارە ئەوەیە کە کرێکاران سەری خۆیان بەردنەوە و هەتا دەتوانن کار بکەن و خۆ ماندوو بکەن، داواکارییەکیان نەبی، کەم بخون و کەم مەسرەف کەن و بەژیانێکی مەمرە و مەژی قەناعەت بکەن، مانگرتنێک نەبی و ئیعتیرازێک ڕوو نەدات. ئەمە ویستی واقیعی دەوڵەتێکە کە بەرژەوەندی سەرمایەداران دەپارێزی و هەولیشی بۆ دەدات. بەڵام ئەم ویستە دەسبەجێ عەمەلی نابی، چۆنکە بە پێچەوانەی مەیلی ئەو کرێکاران حازر بە قەبوولی ئاوا هەلومەرجێک لە ژیان نابن. مان دەگرن، ئیعتیراز دەکەن و ویست و داخوازەکانی خۆیان دێننە گۆڕی. دەوڵەتیش توانایەکی دیارێکراوی هەیە. وانیە هەر کات هەرشتێکی ویست دەسبەجێ جێبەجێ بی و هەموو شتێک بە مەیلی ئەو بچێتە پێش.

مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە ئێمە نابی و ناتوانین چاوەروانی ئەوە بین کە دەوڵەت حەرەکەتی عەمەلی و جەماوەری ئێمە مەسەلەن بۆ پێک هێنانی ئیتحادیەکەمان بە ڕەسمییەت بناسی و بێدەنگەی لێ بکا. ئەمە تەنیا سەنگ و سووکی هێزەکانە کە ئەوە دیاری دەکات دەوڵەت چەندە دەتوانی بەر بە حەرەکەتێک بگری، وە یا ناچار دەبی بێدەنگەی لێ بکا و سەری بۆ دانەوێنی. بۆ نیشان دانی ئەم مەسەلەیە نموونە زۆرن. کاتی شەری ئێران و عێراق، سەرەڕای هەر وەحشیگەریەک کە ڕژیم نیشانی دەدا و لە زەرفییەتی دا بوو، بەرانبەر بە موقاومەتی خەڵکی چەند ئاوایی لەسەر مەسەلەی سەرازگیری ناچار بە پاشەکشە دەبوو. موقاومەتی جەماوەری بەرانبەر بە مەسەلەی سەربازگیری لە سەراسەری کوردستان وەزعییەتێکی پێک هێنابوو کە ڕژیم نەیدەتوانی کارێک بکا و پاشەکشەی دەکرد. یان مانگرتنی کووڕەخانەکان لەبەرچاو بگرن. سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتی ئەم ڕژیمە بەرانبەر بە هەر حەرەکەتێکی کرێکاری واقیعییەتێکی حاش هەڵنەگرە، بەم حاڵەوە هەموو ساڵێک مانگرتنی کووڕەخانەکان لەسەر مەسەلەی حەق دەستەکان دەست پی دەکا و ڕژیم لە زۆر جێگا بێدەنگەی لێ کردوە. هۆی ئەمەش تەنیا لە هێزی یەکگرتووی کرێکاران دایە. جگە لەم نموونانە ئەگەر هەر ئەمڕۆ کرێکارانی فەسلی و پرۆژەیی لە هەموو مەیدانەکانی کار بریار بدەن کە هەتا حەقدەستەکانیان زیاد نەکری حازر نین کار بکەن، یان کرێکارانی بێکار لە هەموو شارەکان بە تێکرا لەبەر دەرگای ئیدارەی کار کۆبنەوە و داوای کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری بکەن و کرێکارانیتر لە باقی شوینەکان پشتیوانی لەم حەرەکەت و داخوازانە بکەن، ئایا ڕژیم بێجگە لە پاشەکشە کردن و سەڵماندنی داخوازەکان ڕێگایەکیتری بۆ دەمێنێتەوە؟ بەڵام لە حاڵەتێکیتردا کە ئیعتیراز و ناڕەزایەتی لەسەر ئەم یا ئەو داخواز دەکوێتە ری بەڵام هێزێکی زۆری لە دەور کۆنابێتەوە ڕژیم ئەو پەری وەحشیگەری خۆی نیشاندەدا و سەرکوتی دەکا.

کەوابوو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە "ئایا لە هەلومەرجی سەرکوت و خەفەقان دا لە ئێران پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری ئیمکانی هەیە یان نا" دەتوانین بڵێین ئەمە هێزی کرێکاران دەیبڕێتەوە. ئەگەر هێزی بەشی زۆری کرێکاران ببێتە پشتیوانی ئەم کارە و لە هەموو شارێک بە هەزاران کرێکار لە ئیتحادیەکانی خۆیان دا کۆبنەوە بێگومان جمهووری ئیسلامی توانای سەرکوت کردنی هێزێکی ئاوا گەورە و حەرەکەتێکی ئاوا بەرینی نابی.

3- فەقیری و دەست تەنگی کرێکاران بە گشتی و هەڵسووراوانی کرێکاری بە تایبەتی، کاتێک دەبی بەشێک لە وەختیان تەرخانی فەراهەم کردنی پێویستییەکانی ڕێکخراوەکان بکەن، کوسپێکی جیددییە لەسەر ڕێگایان. لە ڕاستیدا سەعات کاری زۆر و هەوڵ و تەقالای ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی پارەو نانێک، مەجال و تاقەتێکی ئەوتو بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە کرێکاران وەدوای ئەوە بکەون و بزانن سەرچاوەی تالی و مەینەتەکانی ژیانیان لە چی دایە و چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەبی چارەسەری کەن. سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ئەوە دەزانن کە هەرچی فشاری کار و ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە لەسەر شانی کرێکاران قورس تر بی، کرێکاران مەجال و توانایی‌یەکی کەمتریان بۆ خەبات لە دژی ئەم وەزعە دەمێنێتەوە و ئەغلەب کرێکاران ڕوو دەکەن دوزینەوەی ڕێگە چارەی فەردی و بەم جۆرە زەمینەی دووبەرەکی و ڕەقابەت لە نیو کرێکاران دا پەرە دەستێنی. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلەیە کرێکارانی پێشرەو دەبی هەوڵ بدەن بۆ دوزینەوەی ڕێگایەک کە ئەم کرێکارانە مەجالی ئەوەیان دەست کەوی کە بەشی زۆری کاتیان بۆ فەراهەم کردنی پێویستی‌یەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوەکەیان تەرخان کەن. ڕەنگە پێکهێنانی سندووقی مالی ڕێگایەک بی بۆ ئەوەی یارمەتی کرێکارانی هەڵسووراو بدا و تا ڕادەیەک گیروگرفتەکەیان چارەسەر بکا.

4- جی نەکەوتنی بنەماکانی کاری عەلەنی بە پێی سەنگ و سووکی واقیعی هێزەکان لە نیو کرێکارانی پێشرەو دا و ئاشنا نەبوونی ئەم بەشە لە کرێکاران بە کاری عەلەنی و قانوونی، تا ئێستا زۆر ئیمکانی بۆ فەراهەم کردنی شەرایەتی لە بار بۆ پەرە پێدانی بزووتنەوەی متالباتی و نزیک بوونەوە لە پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە دەست داوە. ئێمە پێشتریش قسەمان لەوە کرد کە عامیلی سەرەکی هەر حەرەکەتێکی جەماوەری، هەبوونی کرێکارانی پێشرەوە کە جێگای خۆیان لە پێشەوەی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران دا ببینەوە و هەوڵ و تەقالا بۆ یەگانگیر کردنی ئەم خەباتە بە کارێکی گرینگ و بایەخدار بزانن و بەردەوام لە فیکری ئەوە دا بن کە لە چ ڕێگایەکەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرن و بە ئەنجامی بگەیەنن.

ئاشنا بوونی هەرچی زیاتری کرێکارانی پێشرەو بە بنەماکانی کاری عەلەنی، زەرفییەت و توانایان دەباتە سەرەوە و مەجاڵی زۆرتریان بۆ فەراهەم دەکات کە ئەرکەکانی خۆیان لەم زەمینەیەدا باشتر بەڕێوە بەرن. لەم بابەتەوە سەرنجی هەموو هاورییانی هەلسووراوی کرێکاری بۆ نووسراوەکەی هاوری ئیبراهیم علیزادە سەبارەت بە کاری عەلەنی و قانوونی لە کوردستان (پێشرەوی ژمارە 34) ڕادەکێشم.

ئەگەر چی پێکهێنانی ئیتحادیەکان لە کوردستان، کرێکاران بە گشتی دەخاتە مەوقعییەتێکی لەبارتر بۆ وەدێهێنانی داخوازییەکانیان و بێگومان هێزی ئەوان بۆ دیفاع لە ژیانیان بەرانبەر بە دەستدرێژی‌یەکانی ج.ا و سەرمایەداران زیاتر دەکا. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوە دووپات کەینەوە کە نەک هەر ئیتحادیەکان کە ئێمە بۆ پێک هێنانیان هەوڵ دەدەین، بەڵکوو هەر ڕێکخراوێکی کرێکاری کە زەرد نەبی و بە پێی تەرح و نەقشەی دوژمنانی کرێکاران بۆ پێش گرتن بە ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران ساز نەکرابی و بەرهەمێکی خەباتی کرێکاران بی و هەنگاوێک کرێکاران لە یەک نزیک کاتەوە. ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین و بۆ بەهێز کرنیشی تی دەکوشین. مەسەلە ئەوەیە کە کرێکاران لەم پرژ و بلاوییە بێنە دەری و لەدەوری یەک کۆ بنەوە، هێزی خۆیان ناسن و بزانن کە لەم ڕێگایەوە بەیەکخستنی هێزیان دەتوانن ژیانێکی ئینسانی بۆ خۆیان فەراهەم کەن.

هاوری‌یانی کرێکار، هەڵسووراوانی کرێکاری!

ئەم هەلومەرجەی ژیان کە ئەمڕۆ بە سەرمان دا سەپاوە، ژیانی ئێمە نیە و نابی بمێتەوە. دەبی دەسبەجی دەسدرێژیەکانی دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر ژیان و گوزەرانمان کۆتایی پی بێنین. بەهەرمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسانی کۆتایی سەدەی بیستەم حەقی ئێمەیە و ئەوە ئێمەین کە دەبی لە حاسلی کار و زەحمەتی خۆمان بەهەرمەند بین. بەڵام ڕژیمی سەرمایەداران لە ئێران لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی خۆی و چینەکەی‌دا، بە فریو و سەرکوت هەوڵیداوە و هەوڵ دەدا کە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش قەناعەت بەم شەرایتەی ژیان بکەن و ڕەزا بە قەزا بدەن.

ڕازی ئەوەی کە سەرەڕای ڕق و بیزاری‌یەکی بەرین لەم ڕژیمە وسیاسەت و بەرنامەکانی، تا ئێستا توانیویەتی خۆی لەسەر پی ڕاگری، ڕێکخراو بوونی خۆی و پرژ و بلاوی ناو ریزی کرێکارانە. ئەم پرژ و بلاوییە دەبی کۆتایی پی بی و کرێکاران خاوەنی هێزێک بن کە بتوانن ئەمڕۆ و سەرەکی ترین داخوازی پەیوەندیدار بە ژیانیان و سەبەینی نەمان و فەوتانی سەرمایەداری وەک سەرچاوە و هۆی ڕەنج و مەینەتەکانی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵ، وەدی بێنن. دەی با هەر لە ئەمڕۆوە دەست پی بکەین.

***

پێک هێنانی کۆبونەوە و میتینگ و خۆپیشاندان و کەڵک وەرگرتن لە مەجامع و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ڕادیو و تلویزیون بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروڕباوەر، مافی حاشا هەڵنگری کۆمەڵانی خەڵکە.

ئازادی کاملی پێک هێنانی هەر چەشنە ڕێکخراوێکی سیاسی، صنفی و جەماوەری، وە هەروەها ئازادی پەیوەس بوون بەوانە دەبی زەمانەت کری و بەڕێوە بری.

بەندی 5ی بەیاننامەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان

ژنان لە هەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا، لە مەیدانی بەرهەم هێنان، خانەوادە، وە لە هەموو مەیدانێکی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی‌دا، لەگەڵ پیاوان یەکسیانیان هەیە. کویلەتی ژنان لە لایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە، دەبی کۆتایی پی بی.

بەندی 7ی بەیاننامەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان

جمهووری ئیسلامی نائەمنیە لە کوردستان

لە چەند مانگی رابووردوودا جمهووری ئیسلامی ئێران دەستی داوەتە پیلانێکی تازە لە دژی خەڵکی کوردستان. بە دەیان گوندی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراقی خستوەتە ژێر ئاگری توپ و کاتیوشا باران، هێزی نیزامی لە سنووریەکان تی پەراندوە و چەندین ناوچەی بومبارانی هەوایی کردوە. هێرش و پەلاماری جمهووری ئیسلامی لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا بەردەوام دریژەی بووە و زەرەر و زیانێکی گیانی و مالی زۆری بە خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە گەیاندوە.

لەم هێرشانەدا بە دەیان کەس گیانیان لە دەست داوە، دەیان کەس بریندار بوون، بە دەیان مالی تازە دروست کراوی گوندە تازە ئاوەدان کراوەکانی کوردستان سەر لە نوی تێک رووخاون و هەزاران کەس لە خەڵکی شەریف و زەحمەتکێشی ئەم ناوچانە کە سالانی سال لە کوچ و ئاوارەیی دا ژیانی تالیان بەسەر بردوە، دیسان ئاوارە و مال بە کۆل تووشی دەربەدەری بوونەوە و ژیانی تالیان لێ تالتر کراوەتەوە و مەینەتیان قوولتر بووەتەوە.

دوژمنایەتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە و رووداوێکی تازە و چاوەروان نەکراو نیە. ئەم رژیمە ئینسان کوژە کە پایەی کۆمارەکەی هەر لەسەر پێشێل کردنی سەرەتایی‌ترین مافی ئینسانەکان و کوشتن و تاوان و سەرکوت دارێژراوە، بە درێژایی 15 سالّ حکوومەتی نگریسی خۆی بەردەوام لە دژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵانی ئازادیخواز و حەقخوازی کوردستان چەکی زەبر و زەنگ و سەرکوتی بە دەستەوە بووە و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەند و دەسەڵاتی خۆیدا لە هیچ جینایەتێک دەستی نەپاراستوە.

هەرچەند جمهووری ئیسلامی بیەوی مەبەستی خۆی لەم پیلانگێرییە، لە چاوی خەڵکی بشارێتەوە و کۆنترۆڵی سنووریەکان و پێش گرتن بە نفووزی "زد ئینقلاب" بکاتە بر و بیانووی ئاژاوە گیری تازەی، بەڵام ئامانجی لەبەر چاوی خەڵک روون و ئاشکرایە. هێرشی جمهووری ئیسلامی تەنیا بۆ سەر بنکەکانی هێزە ئوپوزیسیونەکان نەبووە. لە دەربەندیخانەوە تا نزیک رەواندوز یانی بە درێژایی سەدان کیلومیتر گوندەکان و شاروچکەکانی سەر سنووری کوردستان ماوەی پتر لە سێ مانگە کەوتوونەتە بەر رەهیلەی توپی قورس و کاتیوشا و مووشەک. هاوکات لەگەڵ ئەمە هێزێکی گەورەی نیزامی بۆ مانوردان و چاوترسێن کردنی خەڵک لە شارەکانی کوردستانی ئێران خزاندوە و هەرەشەی لە خەڵکی ژمارەیەک لە ئاوایی‌یەکانی سەر سنووری کوردستانی ئێران کردوە کە ئاوایی‌یەکانیان چۆل بکەن.

خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو لە کوردستانی عێراق بۆ بە دەست هێنانی مافەکانیان و جم و جۆلێکی سیاسی کە لەم دوو سێ سالّە دا لەم مەنتەقەیە پەیدا بووە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران لە ژێر توند ترین خەفەقان و کۆنترۆڵی پولیسی و رەشە کوژی و سەرکوتی نیزامی‌دا ژیانیان لێ بووەتە جەهەننەم، لە کاتێکدا کە فەزای وەجواب هاتن و سەرهەڵدانی ئیعتیرازاتی جەماوەری لە دژی سەرجەمی ئەو بی مافی‌یانە کە بە هۆی سیاسەتە دژی کرێکاری و دژی ئینسانی‌یەکانی ئەو رژیمە بەسەر خەڵک دا سەپێندراوە رۆژبە رۆژ رووڵە پەرەسەندنە، نێگەرانی‌یەکانی جمهووری ئیسلامی لە بابەت دریژەی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستانی ئێران هەرچی زیاتر کردوە و هانی داوە بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆی بۆ سەرکوتگەری بە هەموان نیشان بدا.

رژیم ئەم راستیە باش دەزانی کە هەر چەشنە جوولان و تەکانێکی خەڵکی کوردستان دوور نیە کە پایەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی تێک برووخێنی و ئالترناتیوی دەسەلآت و حکوومەتی تازە لەو مەنتەقەیەدا سەر هەڵ بدەن. پیلانەکانی ئەم دوایی‌یانەی رژیم لە دژی ئوپوزیسیونی کوردی ئێرانی لەم راستی‌یەوە سەرچاوەی گرتوە.

لە ماوەی ئەم چەند مانگە جمهووری ئیسلامی ئێران، وجوودی بنکە و مقەرەکانی ئوپوزیسیونی ئێرانی لە سنووریەکان کردوەتە بیانووی پیلانگیری و هێرش هێنان بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستانی عێراق و بە چەندەها شێوەی دیپلوماتێک و نیزامی هەوڵی ئەوەی داوە وێستی خۆی بەسەر خەڵک و حکوومەتی هەریمی کوردستانی عێراق دابسەپێنی.

هێرشی نیزامی بۆ سەر سنووریەکانی کوردستانی عێراق تەنیا شکلێکی دەربڕینی دوژمنایەتی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ ماف و بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکی کوردستانە. بە شاهێدی هەمووان لە سێ سالّی رابوردوودا بە دەیان شێوەی دزیوانە ئەم رژیمە هەوڵی داوە لە مەنتەقەیەدا ئاژاوە و نائەمنی دروست بکا. ناردنی رەوەی جاسوس و ئیتلاعاتی‌یەکانی بۆ خەبەر کۆ کردنەوە و لە خشتە بردنی خەڵکانی ساویلکە و هەژار، پێک هێنانی شەبەکەی تیرۆریستی بۆ نییەتە چەپەل و دژی ئینسانی‌یەکانی خۆی، پێکهێنانی تیمی تەخریب و تەقاندنەوە لە ناو خۆی کوردستانی عێراق، تەقویەتی ماددی و دەرس دادانی بزووتنەوەی کۆنەپەرستانە بۆ ئاژاوە گیری و سازدانی شەری ناو خۆیی لە کوردستانی عێراق، ئەوانە بەشێک لە تەرحی پیلان گیری رژیمی جمهووری ئیسلامی لەم مەنتەقەیە بوون و هەن.

رژیم بەم پەلە قاژە و تەقالا دزیوانەیە، بۆ بەقاو مانەوەی خۆی، ژیان و گیان و مالّی هەزاران کەس لە خەڵکی زەحمەتکێش و بی تاوانی خستوەتە مەترسی و مەرگەوە. جمهووری ئیسلامی دەیەوی بە نائەمن کردنی ئەم مەنتەقەیە، ئەمنییەت و مانەوەی خۆی مسوگەر کات و بە سازدانی شەڕێکی خاریجی، خۆی لە مەترسی شەری نیو خۆیی دوور بخاتەوە.

ئێرانی ژێر دەسەلآتی جمهووری ئیسلامی بریتی‌یە لە برینە ساریژ نەکراوەکانی دوای شەری ئێران و عێراق. ئابووری تێک شکاو و میلیونەها کرێکار و زەحمەتکێشی دەستەنگ و بێکار و مەعتەڕیز و بی حقووقی‌یەکی روون و ئاشکرا. سیمای ئێرانی ئیسلامی، سیمای ولاتێکی تاعوون لێدراوە. لەسەر ئەم حالّ و وەزعەشەوە داهاتی نەوت و سەروەتی میللی ئێران میلیارد، میلیارد دەکرێتە خەرجی کرێنی چەک و تەقەمەنی و تەجهیزاتی نیزامی و کارخانەی چەکی شیمیایی و ژێر دەریایی و تەیارەی شەر.

دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی، رۆژ بە رۆژ باری ژیان و مەعیشەتی بەسەر خەڵک دا قورس و گرانتر کردوە. رۆژ بە رۆژ ریزی میلیونی بێکارانی ئێران لە زیاد بوون دایە. رۆژ بە رۆژ فەساد لە ئەنجامی برسیەتی و دەست تەنگی‌دا لە ناو کۆمەڵگای ئێران لە پەرەسەندن دایە. خەڵک سەرکوت کراون و خەفەقان و فشاری پولیسی و پشکنێنی بیروباوەر و تبعیز لە دژی ژنان بووەتە یاسای بەرێوەبردنی کۆمەڵ.

لە وەها هەلومەرجێک دا کە کۆمەڵی ئێران لە ناو خۆی‌دا دەکوڵێ و دوژمنایەتی ئاشکرا و رسوای دەوڵەت بەرانبەر بە خەڵک خەرێکە هەیبەتی شەرێکی راستەوخۆ پەیدا بکا و وەڵام دانەوەی کۆمەڵانی میلیونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە رژیم خەرێکە دەچێتە ناو قوناغ و قەوارەیەکی شۆرشگێرانەی تازەوە، بەراستی رژیمی ئێران لە دژی کێ خۆی تەیار دەکا؟ رژیمی ریسوا و کۆنەپەرستی ئیسلامی دەیەوی لە داهاتووی نزیک دا چی بپارێزی و دیفاع لە چی بکا؟ ئەم رژیمە بە تەقالا بۆ سازدانی شەرێکی خاریجی بە تەمای وەدیهاتنی چ ئامانج و داهاتوویەکە؟

وەڵامی وشیاری دەرانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەموو ناوچەکە گرینگ ترین کارێکە کە داهاتووی هەموو ئێران و کوردستان پێوەی گری دراوە.

پاشماوەی راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کومەلە

ئێمە وێرای مەحکووم کردنی پەلاماری وەحشیانەی رژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێراق و کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانی ئەو رژیمە بەرانبەر بە خەڵکی ئەو ناوچانە، هاودەردی و خەم خۆری خۆمان لە حاست جەماوەری زەحمەتکێشی ئەو ناوچانە، کە بە بی هیچ تاوانێک بەردەوام کەوتوونەتە بەر ئەو پەلامارە درندانەیە، دەردەبرین.

رژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران سالّەهایە کە دژایەتی خۆی لەگەڵ هەر چەشنە ئازادی و مافێکی ئینسانی و لەگەڵ هەموو مافێکی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاشکرا نیشان داوە و ریاکاری و فروفیلی ئەو رژیمە بۆ هەموو خەڵک دەرکەوتوە.

ئێمە دلنیاین کە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستانی عێراق لە بەرانبەر دەسدرێژی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر ماف و ئازادی‌ی خۆیان بێدەنگ نەبوون و نابن و جمهووری ئیسلامی جوابی شیاوی خۆی لەم خەڵکە وەرگرتوەتەوە و وەری دەگرێتەوە.

کومیتە ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

1993/7/23

شیعر بۆ هەواران دێمەوە

شەوی ئەنگوستە چاو دەبرم
بەربەیانی دێمەوە
خۆ بە عیشقی شەم دەدەم
بۆ ژوانی دێمەوە

ترپەی دڵی ئەم شۆرشەم
شەو لە سوێیان دێمەوە
گر لە شەوگار بەردەدەم
بە گرباران دێمەوە

لەسەر لوتکەی بەرزی هیوام
رۆژ و شەو دەشنێمەوە
بۆ ئەوینێک سەر دەدەم
وەک هەزاران دێمەوە

وەک هەزاران ئارەزووم
دەچمە گیانی تازەوە
دەبمە توێ شینی بەهار
بۆ هەواران دێمەوە

چاو بە چاوان چا دەکەم
رووح بە گیانان دادەکەم
وەک شەمالّی خەم رەوێن
بۆ بێساران دێمەوە

ڕێ! بە من ڕێیە
شاخ! بە ودمی من دەژی
باوەشی دەشت بۆ منە
بۆ چەمشاران دێمەوە

سا وەرن بێ گرنەوە
هەرچی ڕێگە و ڕێ چەیە
سا وەرن بی سرنەوە
هەر کوێ شوێن پێی من هەیە

من دلی شاری سنەم
شاخی هەورامانی چڕ
شان و باهۆی پاوەمە
میشکی کرودستانی پڕ

سا وەرن بی برنەوە
چپەی ناو مەیدانی کار
ئیعدامی کەن یەک بە یەک
دەنگ و باس و خەڵکی شار

گر و ئاورینگی راسانم
لە کووڕە و کان و کارگا
چیی لە دەریا دەکەن
هەمیسان هاکا توفان کا!

ڕێ مەدەن دەنگ بێتەدەر
ڕێ مەدەن باس بێتەوە
ڕێ مەدەن سامی شەو بشکێ
ئاوری گیان هەستێتەوە

ڕێ مەدەن پێ خوستانی شار
کۆڕ و کۆمەڵ ساز بکەن
بێ بە هاواری یەکگری
ڕاستەقینە باس بکەن

چیی لە تواناتان هەیە
ریکی خەن ئامادە و تەیار
تەک تەکی ئەو خەڵکە بگرن
بێ بە زیندان دێ و شار

ئەو گرەی وا لە سەرمابوو
دێت و گر دەگرێتەوە
شار و گوندی کوردەواری
پڕ بە پڕ دەگرێتەوە

هەر قەترە خوێنێکم
ئالاّی بالاّیەکی بەرزە
هەر دلە وا لە ڕێ دایە
هەر ڕابەرە وا دێتەوە

رازی گەورەی سەردەم
تا بکوتری ئەم سەرەم
زەبری قیناوی تڕە
جەنگەوەری کۆمەڵە.

هیچ قانوونێکی مەزهەبی و کۆنەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان نابی بەرێوە بچی. هیچ مەحکەمەیەک نابی بە نهێنی پێک بی. هەموو قازی‌یەکان لە هەموو پلەیەک دا، دەبی لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. هەموو محاکمەیەک دەبی بە ئاشکرا بکری.

بەشێک لە بەندی 13ی بەیاننامەی مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کورسدتان

***

چەند یادداشتی سیاسی

1
خرۆشی نارەزایەتی خەڵکی هەژار و برسی، لە ژێر ئاڵای کۆنەپەرستی مەزهەبیدا یان بەرەو ئاسوی رزگاری بەخشی کرێکاران؟

بوحرانی سیاسی و ئابووری لە وڵاتانی موسوڵمان نشینی شیمالی ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەراست رۆژ لەگەڵ رۆژ قوولتر دەبێتەوە و خرۆشی نارەزایەتی و ئیعتیراز لە دژی دەسەڵاتدارانی حاکم لەو وڵاتانە هەردەم روو لە پەرەسەندنە. بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی حاکم لە ئەلجەزایر، مەراکش و میسر، لە ئوردون و لە یەمەن لە گێژاوەی ئەو بوحرانە داکەوتوونەتە لەرزین و ترس لە پەرەگرتنی بزووتنەوەی گەورەی جەماوەری و ترس لە راپەرینی خەڵکی تووڕە و وەگیان هاتوو هەموو حکوومەتەکانی ئەو ناوچەیەی داگرتوە. بورژوازی حاکم لەو وڵاتانە لە کورت ماوەدا هیچ چارەیەکی بۆ دامرکانەوەی ئاوری ئەو ترسە لەبەر دەست نیە.

لە وڵاتی میسر، بە میلیونەها ئینسان، بێکار و بی بەری لە سەرەتایی‌ترین ئیمکاناتی ژیان لە قاهیرە و لە قەراخی شارە گەورەکانی‌تری ئەو وڵاتە، لە حەلەبی ئاوا و مەجبور ئاواکان دا رۆژگار دەبەنە سەر و دەوڵەتی میسر بە تاوانباری هەژاری و برسیەتی خۆیان دەزانن و نەفرەت و بیزاری لەو حکوومەتە لە نیویان دا مونج دەداتەوە. دەوڵەتی میسر یەکێك لە فاسیدترین حکوومەتەکانی شیمالی ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەراستە. لە حاڵێك دا کە کۆمەڵێك سەرمایەداری بێکارە لەو وڵاتە غەرقی سەروەت و ناز و نیعمەتن و بەرهەمی رەنجی شانی زەحمەتکێشانی میسری لە شوێنەکانی خۆش گوزەرانی دونیا، لە قومارخانەکان و لە عیشرەتکەدەکان دا بە دەست ئاوەڵەیی‌یەوە خەرج دەکەن و قەسر و بارەگاکانیا لە میسر، ناوەندی رابووردنی شیخە نەوتی‌یەکانی عەرەب و سەرمایەدارانی گەورەی دونیایە، میلیونەها ئینسانی کرێکار و هەژاری ئەو وڵاتە لە شارەکان بۆ نانی شەو موحتاجن و میلیونەها منداڵ لەبەر برسیەتی شەو و رۆژ زگیان هەڵدەگوشن. لە کاتی بوومەلەرزەکەی ئەمساڵی قاهیرەدا، هەزاران خانووبەرەی بەرزوك کە بە هەرك پێکەوە نرابوون. بەسەر هەژارانی دانیشتووی‌دا رووخا. دەوڵەتی میسر چەند میلیون خەڵکی لێ قەوماوی‌بە دەردی خۆیانەوە رەها کرد و نەك هەر کارێکی بۆ کەم کردنەوەی ئازاری ئەو بەلایە بۆ نەکردن بەڵکوو یارمەتی‌یەکانی دەرەوەی وڵاتیشی بە باشی بەو خەڵکە نەگەیاند. کۆمەڵانی خەڵکی میسر لە دەستی وەها رژیمیکە کە وەگیان هاتوون و لەو وڵاتانەدا. بەم جۆرەیە کە حەرەکەتی ئیسلامی مەجالی ئەوە پەیدا دەکات کە بوحرانی‌سیاسی بورژوازی لەو وڵاتانە بقوزێتەوە و خەباتێکی چینایەتی کە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتی‌دا جەریانی هەیە لە ناوەوە بن کول بکات و شێوە و شیعارەکانی بگوری و حکوومەتی ئیسلامی وەکوو پاداشی عەدالەت خوازی کرێکاران و کۆمەڵانی هەژار و زەحمەتکێش بکاتە ئاسوی ئەو بزووتنەوەیە.

ئەمریکا و وڵاتانی‌تری سەرمایەداری پێشکەوتوو لە دەورانی شەری سارد دا و پێش هەرس هێنانی ئیتحادی شووڕەوی، بزووتنەوەی ئیسلامیشیان وەکوو لەمپەرێك بە پێش گرتن لە پەرەگرتنی مەیدانی دەسەڵاتی شووڕەوی بە کار دینا و لێرە و لەوی نەك هەر چاویان لە بەهێز بوون و بلاوبوونەوەی دەپوشی بەڵکوو بە کردەوە تەقویەتیشیان دەکرد. بەڵام ئێستا کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لایەکەوە ئەو مەسرەفەی بۆیان نەماوە و لە لایەکی تریشەوە مەوجوودییەتی حکوومەتەکانی دۆستی ئەمریکای لە وڵاتانی موسوڵمان نشین دا خستوەتە مەترسیەوە، کەوتوونەتە دژایەتی کردن لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و هەوڵ دەدەن بەری زەرەر و زیانەکانی بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری غەربی بگرن. هەر بۆیە حەرەکەتی ئیسلامی لەو وڵاتانە رەنگ و بۆی خەباتێکی دژی ئەمریکاییش بەخۆیەوە دەگری و زەرفییەتەکانی بۆ فریوکاری، زیاتر دەبی و ئیمکانی ئەوە پەیدا دەکات بوشایی‌یەك کە بە هۆی نەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی سوسیالیستی و کرێکاری دژی سەرمایەداری، لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا وجوودی هەیە، بە هەراو هوریای دژی ئەمریکایی خۆی و بە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ئەو حکوومەتانەی کە خەڵك بە سەرچاوەی فەقیری و هەژاری خۆیانی دەزانن، پر بکاتەوە.

حکوومەتی ئیسلامی وەکوو ئاسوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە راستی‌دا جوابێکی تری بورژوازی‌یە بە ئەزمەیەکی سیاسی کە دەسەڵاتی سەرمایەداری لەو وڵاتانەی گرتوەتە بەر. لە ڕێگای ئەو بزووتنەوەیەوە دواکەتوانەترین باوەڕەکان و داب و نەریتی ناو کۆمەڵ زیندوو دەکرێتەوە و دەکرێتە پایەی ئیدئولوژیك و سیاسی بۆ گەلالە کردنی بەدیلێك بۆ حکوومەت، هەتا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی‌دا ئەساسی مالکیی‌یەتی سەرمایەداری لە پەلاماری چینی کرێکار بپارێزری.

بزووتنەوەی ئیسلامی لەو وڵاتانەدا هەمیشە لە سەرەتاوە لە ژێر باڵی دەوڵەتانی حاکم دا پەروەردە بووە و لە لایەن ئەوانەوە بۆ بەلاری‌دا بردنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی زەحمەتکێش بە کار هێنراوە، بەڵام لە درێژەی بوحرانی سیاسی ئەو وڵاتانەدا هەر خۆی ئەو بزووتنەوەیە بووەتە ملوزم و دوژمنی ئەو حکوومەتەی کە ئیتر توانایی و کیفایەتی بۆ دامرکاندنەوەی ئەزمەی سیاسی و ئابووری لە وڵاتەکەی‌دا لە دەست داوە. حەرەکەتێکی ئیسلامی کە ئەمرۆ دژ بە دەوڵەتانی دەسەڵاتدار کەوتوەتە کار، هەر لە داوینی خۆیاندا پەروەردە بووە و دژایەتی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی لە سەر کار، ناتوانی ئەو ڕاستی‌یە داپوشی کە ئەم ئاسویە وەکوو ڕێگا چارەیەك بۆ نەجاتی بورژوازی ئەو وڵاتانە لە ئەزمەیەکی ترسناك کە تووشی هاتوە، هاتوەتە کایەوە.

لە جەریانی شۆرشی ساڵی 1357ی ئێران دا ئەوە حەرەکەتی ئیسلامی بوو کە توانی بەری قوول بوونەوەی خەباتی ئازادیخوازانە و عەدالەت خوازانەی کۆمەڵانی ڕاپەڕیو لە دژی بنەماکانی سەرمایەداری بگری و مالکیی‌یەتی بورژوازی لە دەست هێرشی خەڵکی ڕاپەڕیو بپارێزی. ئەوەی کە ئەمرۆ لە میسر و هەندێك لە وڵاتانی‌تری موسوڵمان نشین لە کایە دایە، دووپات بوونەوەی تەجرەبەیەکی تاڵە کە کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی هەژار لە ئێران بە قیمەتێکی گەلێك گران و پر لە ئیش و ئازار خەریکن تێپەڕی دەکەن.

حکوومەتی ئیسلامی کە ئەمرۆکە بووتە ئاسوی دواڕۆژی بزووتنەوەی خەڵکی نارازی لە میسر و لە وڵاتانی‌تر، ڕواڵەتێکی نەبیندراو و نەناسراو نیە. لە ئەفغانستان و لە ئێران دوو نموونەی ئەو دواڕۆژمان لەبەر چاوە. ئەوە لە ئێران 15 ساڵە حکوومەتی ئیسلام دامەزراوە و بورژوازی ئێران لە ژێر ئاڵای ئیسلامی دا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدا. بەرهەمی ئەو حکوومەتە بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ساڵی 1357 چی بووە؟ هەژاری و نەداری، فەقیری و بی دەرەتانی، بی بەهرە بوون لە ریفاه و هەر چەشنە ئاسوویی‌یەك، ئەمانە نەك هەر کەمی نەکرد بەڵکوو بە چەند قاتیش زیاد بوون. حەلەبی‌ئاوا و مەجبورئاواکان نەك هەر لە ناو نەچوون بەڵکوو زیاتر پەرەیان سەند و بوونە ناوەندی گەورە تری فەلاکەت و تێدا چوونی ژیانی میلیونەها ئینسان. دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بوون و هەژارەکان هەژارتر. سەر باقی هەمووی ئەوانە، ڕەشترین دیکتاتوری ئەم سەردەمە هاتە جێگای دیکتاتوری یەکەی جاران. قەبرستانەکان ئاوەدانتر بوونەوە و هەژاران ئینسان لەسەر دەربرینی بیروباوەڕ و عەقیدەیان بوونە قوربانی. سیاچاڵەکان گەورەتر بوونەوە، ترسناکتر بوون و پرتر بوون. ڕۆژنامە و چاپەمەنی ئازاد نەما، مانگرتن و ئیعتیراز کردن بوو بە تاوانێکی گەورە. ژنان، نیوەی ئینسانەکانی کۆمەڵ کێشرانە ژێر پەردەی تاریك و ڕەشی حیجابەوە و لە هەڵاوارد‌نێکی دژی ئینسانی کۆمەڵایەتی‌دا لە هەموو مەیدانەکانی ژیان و تێکۆشان لە پیاوان جودا کرانەوە و بەم جۆرە ئاپارتایدی جنسی، ڕەسمەن بوو بە قانوون. فەرهەنگ و هونەر لە چوارچێوەی حکومی کۆنەپەرستانەی مەزهەبی‌دا قەتیس کران و ڕێگای هەر چەشنە بەروپێش چوون و گەشە کردنێکیان لێ بەسترا. مەلا بوون بە قازی و ڕەئیسی دادگا و وەکیل، ئەشکەنجە و شەڵاق لێدان بوو بە قانوونی، قەساس و ئەندامی لەش بڕینەوە لەبەر چاوی خەڵك بوو بە بریاری مەحکەمە! ژنان سەنگەسار کران، ئیعتیاد و فەحشا پەرەی سەند، شەر و مال ویرانی باڵی بەسەر وڵات دا کێشا و بۆ ماوەی 8 ساڵ بە سەدان هەزار ئینسانی لە ناو برد و بە میلیاردەها سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەی کردە خەلووز. ئەمەیە ئەم نموونەیەی کە حکوومەتی ئیسلامی بە دەستیەوە داوە و ئەمرۆکە بووەتە ئاسوی خەڵکی وەگیان هاتوو لە میسر و لە وڵاتانی‌تر!

2
کۆچکەی حکوومەتی ئێران، دەوڵەتی تورکیە، کۆنەپەرستی ئیسلامی تاوانبارانی ئەسلی ڕوداوەکەی سیواس

ڕۆژی جومعە یازدەی مانگی تیر لە ڕی سیواسی تورکیا، ژمارەیەك کۆنەپەرست کە بە لایەنگرانی جمهووری ئیسلامی ئێران ناسراون، پەلاماریان بردە سەر هوتیلێك کە تێیدا کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی تورکیا خەریکی بەرگوزار کردنی کونفرانسێکی تایبەتی بوون. عەزیز نەسین نووسەری بە ناوبانگی تورك لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو. پەلامار دەران هوتیلەکەیان گەمارو داو ئاوریان تی بەردا. لە ئاکامی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا 40 کەس لە دانیشتوانی هوتیلەکە کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. ئەم پەلاماڕە بە دوای بڵاوبوونەوەی تەرجەمەی چەند بەشێك لە کتێبی "ئایاتی شەیتانی" نووسراوی سەلمان ڕوشدی لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا ڕووی داوە کە عەزیز نەسین وەری گیراوەتە سەر زمانی تورکی.

ئەمە یەکەم جار نیە کە داروەدستە و تاقمی جۆراوجۆری سەر بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لێرە و لەوی هێرش دەبەنە سەر وەرگێر و چاپخانە و فرۆشیاری کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی. تا ئێستا چەندین کەس لە وڵاتانی ئوروپایی، لە ژاپون و لە تورکیا لەم پەیوەندی‌یە دا گیانیان لە دەست داوە و بە دەیان شوێن ئاوری تی بەردراوە.

دەستی جینایەتکاری ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئێران لە پشت هەموو ئەو کردەوە دژی بەشەری و دژ بە ئازادی‌یانەدایە. ئەو ڕاستی‌یە ئەمڕۆکە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە دەزگاکانی ئیتلاعاتی و تیرۆریستی جمهووری ئیسلامی بە پێی بەرنامەیەکی سازمان دراو کە هەموو ساڵی میلیونەها دولار پوولی بۆ خەرج دەکری، لە هەموو دونیا لە هەوڵی ئەوە دان کە بە هەرەشە و شانتاژ، بە کرەوکێشی و بە تیرۆر و ئینسان کوشتن و بە هەر شێوەیەك کە بۆیان بگونجی بەر بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی، نووسەری ئینگلیسی، بگرن و لە دەور و بەری ئەو کتێبە و نووسەرەکەی جەنجال بەڕپا بکەن و نمایشی ئیسلامی پەناهی پی بدەن. هەتا ئەو کتێبە کەمتر بڵاو بێتەوە و کەمتر بخوێندرێتەوە، بۆ جمهووری ئیسلامی مەجالی عەوام فریوی و هەڵخراندنی ئیحساساتی مەزهەبی ئەم و ئەو ئاسانترە.

نەفرەت و بیزاری بیروڕای گشتی خەڵکی ئازادیخواز لە دونیا کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا بە نیسبەت ئەو مەسەلەیەوە بە هەزاران شێوە، دژی خومەینی و دژی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران دەربڕیوە، هیچ کارێکی نەکردوەتە سەر ڕەفتاری ڕژیمی ئیسلامی، بەڕێوەبەرانی ئەو ڕژیمە گوێی خۆیان لەم ئیعتیرازە جیهانی‌یە خەواندوە و خەڕێکی کاری خۆیانن! دەیانهەوی بە هەردەم گەشاندنەوە و خۆش کردنی ئاوری ئەو مەسەلەیە ئەوەندەی بۆیان دەکری، ئیحساساتی مەزهەبی و کۆنەپەرستانە لە نیو موسلمانانی دونیا، لەسەر بناغەی بی خەبەری و تعصب، هەڵخرێنن تا لە پەنای ئەو جەنجالەدا لە لایەکەوە زەینی خەڵك لە ئێران لە مەسەلەکانی مەربووت بە ژیانیان و لە شکستی بەرنامەکانی ئابووری‌یەکانی ڕژیم، دوور خەنەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕێگا نەدەن خەڵکی وڵاتانی موسلمان نشین کە هێشتا هومیدیکیان بەو ڕژیمە بەستوە مەجالی ئەوە پەیدا بکەن کە لە نموونەی حکوومەتی ئیسلامی

ئەفغانستانێك کە لە سایەی دەسەڵاتی موجاهیدینی ئیسلامیەوە ژیان تێیدا هەزار ساڵ بەرەودوا کشاوە، پاداشێکە کە بزووتنەوەی ئیسلامی دەیکاتە ئاسوی خەباتی هەژارانی حاشیەی شارەکان لە میسر.

ڕەوتی پەرەگرتنی مەیلی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی مەزهەبی لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی هەژاران و خەڵکی برسی و ستەمدیدە لە وڵاتانی موسوڵمان نشین دا تەنیا لە ڕێگای هەستان و خرۆشانی بزووتنەوەیەکی بە هێزی کرێکاری بەربەست دەکری. کرێکارانی سوسیالیست دەتوانی بەری ئەوە بگرن کە ئیعتیرازی خەڵکی نارازی و حەقخواز بە ناڕەوا بچێتە ژێر ئالای کۆنەپەرستانەوە.

جەماوەری کرێکاران یانی پایەی کۆمەڵایەتی ئەو حکوومەتە ئومید بەخشە وجوودی هەیە و لە یەکەم خرۆشانی خۆی داهەموو خشت و خاڵی دواکەوتوویی لە داوینی کۆمەڵ دادەشواتەوە. با تێکۆشەری ماندوو نەناسی ئەو بزووتنەوەیە بین.

لە ئێران و لە رۆژ رەشی و فەلاکەتێك کە تووشی خەڵکی ئەو وڵاتەی کردوە بکوڵنەوە.

بناغەی تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی لێرەش دا، لەسەر عەوام فریوی دامەزراوە. زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەو کەسانەی کە هان دەدرین یان پوولیان پی دەدری و بە کری دگیرین کە پەلامار بەرنە سەر وەرگێر و ناشر و فرۆشیاری کتێبی ئایاتی شەیتانی، ئەو کتێبەیان هەرگیز نەدێتوە و نە خوێندوەتەوە. تەنیا تعصب و کەللە وشکی، یان تەماع و جیرە خۆری، بەرچاوی گرتوون و لەم رێگایەدا دەست لە هیچ جینایەتێك ناپارێزن.

40 ئینسان لە موسافیرخانەیەك دا دەبی بسووتین بۆ ئەوەی کە لە چەند ساڵەی ئاخری سەدەی بیستەم دا ئینسانی ئازادیخواز نایەوەی تەسلیمی ئەو زۆرویژیە بی کە حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەیەوەی بە زۆر بەسەر وێژدانی بەشەر دا دای سەپێنی.

عەزیز نەسین لە کاتێك دا جەسووڕانە دەستی داوەتە ورگێرانی چەند بەشێك لە کتێبی ئایاتی شەیتانی و لە رۆژنامەیەك دا چاپی دەکات کە دەوڵەتی تورکیا، چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەی قەدەغە کردوە و لەم بابەتەوە ریاکارانە هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ فتواکەی خومەینی و لەگەڵ سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەسەر ئەو مەسەلەیە رێك بخات.

بەڵام تێکۆشەرانی ئازادیخواز و جەسوور لە وڵاتی تورکیا کە ئازادی بیروباوەر و چاپەمەنی بۆیان نەك خەڵاتی حکوومەتی تورکیا بەڵکوو بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی سەنگەر بە سەنەری ئینسانی چەوساوە لە دژی ئەو حکوومەتەیە، حازر نین خۆیان لەگەڵ فریوکاری دوو رووییانەی حکوومەتی تورکیا، هاو ئاهەنگ کەن و حازر نین تەسلیمی هەرەشە و فشاری ژمارەیەك کەللە وشکی کۆنەپەرست بن.

گیانی چل ئینسان لە شاری سیواس بوو بە قوربانی ئەو بەرەنگاریە عادڵانەیەی کە ئەمرۆکە لە تورکیا دا بۆ داسەپاندنی ئازادی بی قەید و شەرتی عەقیدە و بیروباوەر و ئازادی چاپەمەنی بەسەر حکوومەتی تورکیا دا بە پانایی ئەو وڵاتە جەریانی هەیە.

چینی کرێکاری تورکیا کە ئەمرۆکە لە ریزی پێشەوەی خەباتی کۆمەڵایەتی بۆ بە دەست هێنانی ئازادی لەو وڵاتە دایە، رێگا نادات کە تعصبی کوێری مەزهەبی و سیاسەتی دوو رووبانەی دەوڵەتی حاکم، دەسکەوتەکانی خەباتی دەیان ساڵە لەو وڵاتە لە ئازادی و چاپەمەنی و بڵاوکراوە دا کە بە ئارەق و خوێن بە دەست هاتوە بە ئاسانی زەوت بکاتەوە.

رووداوی رۆژی جومعەی 11ی تیر مانگ لە شاری سیواس لە تورکیا عەزمی کۆمەڵانی ئازادیخواز لە هەموو دونیا بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو زۆرویژی و ئیهانەتەی کە رژیمی ئیسلامی بە وێژدانی بەشەری دەکات و بۆ خەبات لە دژی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ فتوای کۆنەپەرستانەی خومەینی دەسازێن و تەنانەت بۆ مەبەستی خۆیان بەهرە بەرداری لێ دەکەن، قایمتر دەکات.

خوێنی 40 ئینسان لە شاری سیواس و جەسارەتی نووسەری ئازادیخواز عەزیز نەسین بێگومان سەفی خەبات بۆ وادار کردنی جمهووری ئیسلامی بۆ دەست هەڵگرتن لەو سیاسەتە پتەوتر دەکات.

3
ئەفغانستن و دریژەی شەری ناوخۆیی

بەپێی هەواڵ شەر و پێکدادانی نیوان دارودەستە ئیسلامیەکانی "حکمت یار" و "ربانی" لە پایتەختی ئەفغانستان دەستی پێکردوەتەوە.

ئەوا نزیك بە دوو ساڵ لە سەرکەوتنی دارو دەستە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان تێپەڕدەبی و ئێستا ئیتر حکوومەتی ئیسلامی نموونەیەکیتریشی لە دەسەڵاتی سیاسی لە دونیا دا بە دەستەوە داوە و بۆ جارێکیتریش مەجالی ئەوە ڕەخساوە کە خەڵکی وڵاتانی موسلمان نشین ڕواڵەتی دزیو و ترسناکی حاکمیەتی ئیسلامی بە چاوی خۆیان لە شوێنێکیتریش ببینن. بێگومان ئێستا لە ئەفغانستان بێجگە لە فرماندەران و بەڕێوەبەران موجاهید و بێجگە لە تاقمێك دز و جەردەی ئینسانکوژ، هەموو کەس ڕۆژانی دەسەڵاتی حکوومەتی پێشوو بە هەموو مەینەتەکانیشیەوە بە ئاوات دەخوازی، تاریکستانێك کە ئەمرۆ بااڵی بەسەر وڵاتی ئەفغانستان و بەسەر خەڵکی هەژار و لێ قەوماوی ئەو وڵاتەدا کێشاوە، ڕۆژگارێکە کە لە خەیالی ڕەش بین ترین بنی ئادەمیش دا نەگونجاوە. ئیسلام لە ئەفغانستان نە تەنیا ئازادی و ئاسایش و خۆشبەختی بۆ خەڵکی وەگیان هاتووی ئەو وڵاتە نەهێنا، بەڵکوو پاش کوشتار و بە کوشت دانی میلیونەها کەس، دوای ویران کردنی زۆربەی ئاوەدانی و شار و گوندەکانی ئەو وڵاتە ئێستا خەڵکی هەژاری لەژێر باری فەلاکەتبارترین و سەخت ترین هەلومەرجی ژیان دا تا سەر حەدی تێداچوونی بە کۆمەڵ و کوێر بوونەوەی شوێنەواری ژیان لە زۆر شوێنی ئەو وڵاتە بردوە.

دارودەستە جۆراوجۆرە ئیسلامیەکان دوای ڕووخانی حکوومەتی نجیب الله ئەوا ساڵ و نیوێکە بەر بوونەتە گیانی خەڵك و گیانی یەکتر و بە پێی قانوونی جەنگەڵ ئەمنییەتیان لە ژیانی منداڵ و پیر و لاوای ئەو وڵاتە هەڵگرتوە. هیچ ڕێککەوتن و قەراردادێکی بەینی خۆیان، بۆ ماوەی 24 سەعاتیش ئیعتیباری نیە و هیچ گوشەیەکی ئەمن لەسەرتاسەری ئەو وڵاتە وەگیر ناکەوی.

کابول، پایتەختی ئەفغانستان کە لە دەورەی حکوومەتی پێشوودا 3 میلیون نەفەر جەمعییەتی هەبوو ئێستا کەمتر لە 500 هەزار نەفەری تێدا ماوە و زیاتر لە 2/5 میلیون کەس بی سەرپەنا، بی بەهرەمەندی لە چکولەترین ئیمکاناتی ژیان لەژێر هەرەشەی دایمی مەرگ و نەمان دا. ئەوارەی دەشت و کیوەکانی دەوروبەری ئەو شارە بوون. ئەو ژمارەیەش لە خەڵك کە بە زۆر یا لەبەر بی دەرەتانی لە شاردا ماونەتەوە توانای هاتنە دەر لە ماڵەکانیان نیە و هەموو هات و چوونێك لە گەرکیکەوە بۆ گەرەکیکیتر لەبەر تەقە و لێکدانی بەردەوامی نیوان تاقمەکانی ڕەقیب، جێگای مەترسیەکی زۆرە.

ماوەیەك لەوەپێش خەڵکی ئاوایی‌یەك لە ئوستانی هەرات کە ڕێگایان نەدابوو دەستەیەکی چەکداری موجاهید بچنە ناو دێیەکەیان و داوایان کردبوو کە حکوومەتی ئیسلامی دەست لە سەریان هەڵبگری با بە ژیانی هەژارانەشیانەوە لانی کەم گیانیان لە مەترسیدا نەبی، کەوتنە بەر ئاوری ڕقی ئیسلامی و دوای ماوەیەك مقاومەت هەموویان دەسگیر کران و گواستراندوە بۆ شوێنێك بە ناوی زیندان، چەند ڕۆژ دواتر جەنازەی هەموو خەڵکی ئاوایی لە ئاوی چومی ئەو ناوچەیە دا بیندرایەوە. ئەمەیە ئەو دیمەنەی کە حکوومەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان بە خەڵکی وڵاتانی موسلمان نشینی نیشان دەدات. هەڵبەت ئەمە تەجرەبەیەکی تازە نیە. حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران نزیکەی 15 ساڵە ئێرانی کردوەتە زیندانێکی گەورە بۆ دەیان میلیون خەڵکی ئەو وڵاتە و هیچ ڕۆژێکی دەسەڵاتی خۆی بە بی مەحرووم کردنی کۆمەڵێك ئینسان لە مافی ژیان، تێپەڕ نەکردوە و بێکاری و گرانی و برسیەتی، بی حورمەتی بە ئینسان و پێشێل کردنی هەموو ئازادیەك و مافی ئینسانی، بووتە قانوونی ئەساسی ئەو وڵاتە.

بەڵی لە وەها هەلومەرجێك دا و بە وەها تەجرەبەیەکەوە لە ئەفغانستان و لە ئێرانە کە ئەمرۆکە حکوومەتی ئیسلامی فەرمانی ڕاپەین بە خەڵکی وڵاتانی موسلمان نشین دەدات و ڕۆژنامەی جمهووری ئیسلامی دەنووسی کە "حکوومەتی ئیسلامی تەنیا پشتیوانی ڕاستەقینەی خەڵکی موسلمان لە تورکیەیە و ئیسلامی تەنیا ئومیدی داڕۆژێکی بەختەوەرانە لەو وڵاتەیە."!

ئەرکی سەرشانی کرێکارانی وشیار و خەڵکی ئازادیخواز لە هەموو وڵاتانی موسلمان نشین ئەوەیە کە تەجرەبەی زیندووی حکوومەتی ئیسلامی لە وڵاتانی وەکوو ئەفغانستان و ئێران بخەنە بەر چاوی خەڵکی هەژار و نارازی لەو وڵاتە و ڕێگا نەدەن کە بە عەوامفریوی و بە چاو بەستن، تەجرەبەی تاڵی لەو چەشنە لە هیچ شوێنێك دووپات بێتەوە.

جەولەی سیاسی نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

پاشماوەی 11ی خەرمانان ڕیزگرتن لە 10 ساڵ

لە ناوچەی مەریوان و سەرشیوی سەقز مەریوان

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە و هەروەها بەڕێوەبردنی چەند عەمەلیاتی نیزامی و ئەنجام دانی چەند ئەئموریەتی تەشکیلاتی، چوونە ناوچەی مەریوان.

سەرەتا پێشمەرگەکان لە بەشی بەری بەگزادە، شامیان، خاومیراوا و بەشێك لە کونەپوشی، جەولەیان کرد و سەریان دا لە ئاوایی‌یەکانی نشکاش، گاگل، بیلو، کانی سانان و چەند ئاوایی تری ئەو ناوچەیە. هەروەها توانیان لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی زەحمەتکێشی شارەکانی مەریوان و سنە کە بۆ کار هاتبوونە ئەم ناوچەیە دیدار بکەن.

لەم دیارە دا پێشمەرگەکان بە گەرمی پێشوازی‌یان لێکرا لە قسە و باس لەگەڵ خەڵکدا، ویرای باس و ڕاوێژ سەبارەت بە گیروگرفتی ژیانی خەڵك و بەرنامەکانی ڕژیم و کردەوەی هێزەبەکرێگیراوەکان، سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆمەڵە لەسەر چونیەتی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەم شەرایەتە کە بە سەر کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش داسەپاوە، خرایە بەر باس و لێکولینەوە.

پێشمەرگەکان لە درێژەی جەولەکەیان دا دوو عەمەلیاتی نیزامی‌یان لە دژی هێزەکانی ڕژیم لەو ناوچەیە بەڕێوە برد.

لە عەمەلیاتێك دا، پێشمەرگەکان مەرکەزێکی لوجستێکی ڕژیمیان دایە بە پەلامار کە لە دەوری شاری مەریوان دا خەندەکی گەورەی لێدەدا و زەرەرو زیانێکی بەرچاوی لە خەڵکی ناوچەکە دابوو و بە تەواوی باغ و دارستان و زەوی و زاری ناوچەکەی لە ناو بردبوو. پێشمەرگەکان بۆ ئاگر تی بەردانی چەند دەزگا ماشینی سەر بەم شیرکەتە ڕێکەوتی 15ی گەلاوێژ خۆیان گەیاندە نیوان ئاوایی‌یەکانی "نی" و "کەلکەجان" لە 5 کیلومیتری شاری مەریوان و سەعات 10ی شەو دەستیان بەسەر 2 دەزگا بولدوزیر و 3 دەزگا تراکتور داگرت و هەر لەوی ئاوریان تی بەردان. ئەفرادی ڕژیم نەیانتوانی هیچ چەشنە جم و جوڵێك لە خۆیان نیشان بدەن. پێشمەرگەکان پاش بەڕێوەبردنی ئەم عەمەلیاتە بە سلامەتی لەو شوێنە دوور کەوتنەوە. ئەو عەمەلیاتە بە خێرایی لە ناوچەکە دا دەنگی دایەوە و بوو بە مایەی خۆشحالی خەڵکی زەحمەتکێش.

پاش عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی 15ی گەلاوێژ، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئەمجار بە مەبەستی زەربە لێدان لە ئەفرادی بی وەرەی ڕژیم پایگای تازە دامەزراوی هێزەکانی ڕژیمیان لە ئاوایی "وەیسە" لە نزیك شاری مەریوان دایە بە ڕپەلامار. ڕێکەوتی 16ی گەلاوێژ، سەعات 9/15 دەقیقەی شەو لە نزیك پایگای ئەفرادی ڕژیم دامەزران و بە شعاری بژی حیزبی کۆمۆنیست و بژی سوسیالیزم بۆ ماوەی 45 دەقیقە ئەو شوێنەیان دایە بەر هەڵمەت و ئاگری چەکەکانیان. هەڵمەتەکە بە ڕادەیەك توند بوو کە بەکرێگیراوانی ڕژیم هەتا کۆتایی عەمەلیاتەکە نەیانتوانی هیچ جم و جوڵێك لە خۆیان نیشان بدەن. پێشمەرگەکان لەم عەمەلیاتەش دا هەموویان سلامەت بوون و دریژەیان بە مەئموریەتەکانی خۆیان دا.

سەرشیوی سەقز:

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی تێکۆشانی خۆیاندا و بە مەبەستی پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی سەرشیوی سەقز و ئەنجام دانی چەند مەئموریەتی تەشکیلاتی، چوونە ئەم ناوچەیە.

لە جەولەیەدا هاوڕیانی پێشمەرگە لەسەر شیوی سەقز لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی چەندین ئاوایی دیدەنی کرد و لە کۆڕ و کۆمەڵی جیا جیادا، مەسەلە جۆربەجۆرەکانی خەبات دژی جمهووری ئیسلامی و ئەو گیروگرفتانە کە ئەمڕۆ لەسەر شانی خەڵکی زەحمەتکێش قورسایی دەکا قسە و باسیان لەسەر کرا. هەروەها هاوڕیانی پێشمەرگە لە جەولەی خۆیاندا کۆمەڵێك تراکت و نووسراوەی حیزبی‌یان بڵاو کردەوە.

لە دریژەی ئەم جەولەیەدا، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە شەوی 14ی خەرمانان سەعاتی 11/5 خۆیان گەیاندە نزیك پایگای بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە "سیانزار" لەسەر شیوی سەقز و لە چەند لاوە بە چەکی سووك و نیوە قورس ئەم پایگایەیان ئاور باران کرد. ئاوری چەکی پێشمەرگەکان بەکرێگیراوانی غافلگیر کرد بە جۆرێك کە نەیانتوانی تا ماوەیەك هیچ جم و جوڵێك لە خونیشان بدەن و پاشان دەستیان کرد بە کوێرە تەقە بە دەوروبەری خۆیاندا.

ژمارەی کوژراو و بریندارى دوژمن نەزانراوە. هاوڕیانی پێشمەرگە بە سەڵامەتی دریژەیان بە مەئموریەتی خۆیان دا.

***

کۆمۆنیستەکان لە ئێراندایە. دەبی هەر کرێکارێکی پێشڕەو و هەر کام لە رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لەم حەقیقەتە بە تەواوی ئاگادار بن. هەر بۆیە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەرکێکی قورسی لە سەر شانە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانی و دەبی، هێزی رێکخەری بزووتنەوەی کرێکاری بی. ئێمە دەبی پەیوەندیکی قایم و مەحکەممان لەگەڵ پێشڕەوان و رابەرانی عەملی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران هەبی بە دوور لە سکتاریزم و حیزب پەرستی. ئێمە دەبی بۆ پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەرییەکان، شوورا کرێکارییەکان، ئیتحادیە و سەندیکا و ... بتوانین هەنگاوی سەرەکی هەڵێنینەوە. لە بابەت جولانەوەی گشتی لە دژی جمهووری ئیسلامی و بزووتنەوەی دیموکراتیەکان وەک مەسەلەی میللەتان، مەسەلەی ژنان، مەسەلەی ئازادیە سیاسییەکان، مەسەلەی ریفاهی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی لاوان، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هیچ جۆرێک بی لایەن نیە و ناکەوێتە حاشیەوە. ئێمە بە راشکاوی رادەگەیەنین کە ئەم مەسەلانە لە دنیای ئەمڕۆدا تەنها و تەنها بە حوزووری هەڵسووراوانەی چینی کرێکار لە مەیدانی خەبات دا چارەسەر دەکرێن.

لە کۆتاییدا دەبی ئەوە بڵێم کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەرکی قورس و دژواری لەسەر شانە. بریتی ئەو رێگایە پێویستی بە هێزێکی هوشیار و یەکگرتووی کرێکاری هەیە. هیوادارم حیزبی کۆمۆنیست بتوانی هەنگاوەکانی لەو رێگایەدا باشتر لە جاران هەڵگری. ئێمە هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بانگەواز دەکەین بە حەرەکەتی ئێمە و حەرەکەتی بزووتنەوەی کرێکاری پەیوەست بن. ئێمە هەموو ئەو کەسانە کە بۆ دنیایەکی ئازاد و بەرابەر تێدەکۆشن، بۆ هاوخەباتی و برایەتی بانگەواز دەکەین، ئێمە هەموو خەڵکی زۆلێکراو و هەموو ژنانی بی بەش و سەرکوت کراو بانگەواز دەکەین بە حیزبی ئێمە، بە بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکارەوە پەیوەست بن. بەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی بەرابەری، ئازاد و سوسیالیستی قەتعیە.

بژی سوسیالیزم
بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەت کرێکاری

پاشماوەی بێکار کردن: هێرشی تازەی جمهووری ئیسلامی

دووهەم: بە بن بەست گەیشتنی سیاسەتی پان ئیسلامیستی. دوای ئەم ئاڵ و گۆڕە لە ئوردووی سەرمایەداری دا پێک هات، ئیتر مودیلی پێشکەش کراو لە لایەن ج.ا یەوە، بۆ ڕۆژئاوای "سەرکەوتوو" ئەو کارکردەی نەبوو کە قازانج و بەرژەوەندی دریژماوەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست- کە خاوەنی گرینگییەکی ئابووری و نیزامییە و لە سااڵنی رابوردوودا مەیدانی ململانیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو- بپاریزی. شکستی ئێران لە شەر لەگەڵ عێراق دا و پشت هەڵکردن لە شیعارە پان ئیسلامیستییەکانی دەورانی شەر، کۆتایی تەمەنی ئەم سیاسەتە بوو، کە بە خواردنەوەی جامی ژەهر ڕەسمەن لە لایەن کابرەدەستانی ج.ا یەوە ڕاگەیەندرا و هەوڵ درا سیاسەتی قابیلی قەبوول تر بۆ سەرمایەداری ڕەچاو کری.

"صدوری ئینقلابی ئیسلام" فەراموش کرا و سیاسەتی "نەشەرقی و نە غەربی" جێگای خۆی دا بە کردنەوەی دەرگای پەیوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژئاوا و ڕەچاورکردنی سیاسەتێکی فەعال لەم زەمینەیەدا بۆ سرێنەوەی نیگەرانییەکانی دەورانی پێشوو لە بابەت ئێران! بەم جۆرە سیاسەتی ئابووری ڕژیمی ج.ا داڕێژرا و لایەن و نوینەرانی خۆی لە ناو دەزگای رابەری دا دوزییەوە و دەسەاڵتیان بە دەستەوە گرت. ڕەفسەنجانی هاتە ڕوو، لایەنی بە ناو "توندڕەو" چەندین هەنگاو کشایەوە و مەوقعییەتی ئوپوزیسیونی قەبوول کرد.

بازسازی لەم ڕێگایەوە خۆی سەپاند. دەبوو سیستمی ئابووری ج.ا بگوردرێت، نەقشی دەوڵەت لە ئابووریدا کەم کرێتەوە، سەرمایەداری خصوصی میحوەری ئابووری لە ئێران بی و ئابووری ئێران بە تەواوی تێکەاڵوی بازاری جیهانی کری. لە پێناو ئەم سیاسەتە دا، مەحدوودییەتی گۆمرکی لەسەر ڕێگای هاتنی کاالکان لابرا، ئەرزشی پوول لە ئێران هاتە خوارەی و پێشەسازی دەوڵەتی دەبوو ئاموزش و بیهداشت، خصوصی ببنەوە و سوبسید لەسەر کاالکان لابری. ئەم ڕەوتە دەبوو ئابووری ئێران لە بەرهەم هێنان بۆ ناخۆ بگەێنیتە ئاستی بەرهەم هێنان بۆ بازاری جیهانی. لابردنی مەحدوودییەتی گومرکی ئەگەر لە لایەک زەختی لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی بۆ چوونە ناو بازاری جیهانی لادەبرد، لە هەمان کات دا دەبووە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی دەرەوەش ئازادانەتر و فراوان تر خۆ بگەیەننە بازاری ئێران. لە ژێر فشاری ڕاستەوخۆی ئەم ڕەقابەتە دا لەگەڵ بەرهەمەکانی دەرەوە، هەوڵ دەدرا کە پیشەسازی و بەرهەم هێنان لە ئێران کەیفییەتی خۆی ببانە سەری. ئەمە لەلایەک، هێنانە خوارەوەی ئەرزشی پوول لە ئێران هاوکات لەگەڵ ئەم مەسەلەیە لە لایەکیتر، دەبووە هۆی ئەوەی کە کالایەک کە لە ئێران دروست دەکری لە بازاری جیهانیدا هەرزانتر بی. بەم جۆرە، یانی بە بردنە سەرەوەی کەیفییەتی تەولید و هەرزان تەواو کردنی تەولیدی کالا لە ئێران، بەرهەمی ئێرانی لە بازاری جیهانیدا جێگای دەکردەوە و دەفرۆشرا و پیشەسازی لە ئێران ڕوو لە گەشە سەندن دەبوو و مەوقیعییەتی لە بارتری بە دەست دەهێنا.

ئەڵبەت بەرەو پێش چوونی ئەم سیاسەتە لە گرەوی ئەوەدا بوو کە سەرمایەداران حازر بە سەرمایە گوزاری بن. بۆ ئەم مەبەستە ج.ا هەوڵیدا کە سەرمایەی دەرەوە و سەرمایەی ناوخۆییش بۆ سەرمایە گوزاری هان بدات. بەاڵم ئەمڕۆ 14 ساڵ پاش بە دەستەوە گیرانی ئەم سیاسەتە، ئێستاش سەرکەوتنێکی ئەوتوی بە دەست نەهێناوە. با بزانین بۆچی؟

هەرچەند لێکدانەوەی هەمە لایەنەی ئەم مەسەلەیە لەم نووسراوەیەدا ناگونجی. لێرەدا چەند خاڵ کە یارمەتی ڕوشن بوونەوەی زیاتری باسەکەمان دەدات بە کۆرتی دەخەینە بەر باس. ئەم سیاسەتە ئابووریە کە فشار دەخاتە سەر تەولیدی ناوخۆیی بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ تەولیدی دەرەوە، سەرمایەداری بەرەو ئەوە هان دەدا کە هەرزانتر تەولید کات، بۆ ئەو کارە دەبوو لە هەزینەیەک کە خەرجی بەرهەم هێنانی دەکەن کەم کەنەوە تا بەم جۆرە بتوانن کالایەک کە بەرهەمی دێنن هەرزانتر بیفرۆشن.

شک لەوەدا نیە کە ئەوان حازر نەدەبوون لە گیرفانی خۆیان مایە دانین. بۆ هەرزان بەرهەم هێنان چەند ڕێگا هەبوو. یەکەم: بەکار هێنانی تکنولوژی پێشکەوتوو لە بەرهەم هێنان دا. بەاڵم لەو وەزعییەتی ئێستا دا پێشەسازی لە ئێران ئامادەیی تەواوی بو وەرگرتنی ئەم تکنولوژییە نیە. وەکار خستنی تکنولوژی پێشکەوتوو لەبەر ئەوە کە لەگەڵ خۆی فەرهەنگی تایبەت بە خۆی دێنی و پێویستی و پێش مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە، لەگەڵ ئایدیولوژی و فەرهەنگی زال بەسەر دەزگای حکوومەتیدا نایەتەوە و دەست و باڵی دەبەستری و کارایی تەواوی نابی. ئەگەرچی دەوڵەت لەیەک دوو ساڵی ئەخیر دا هەوڵی داوە کوسپەکانی سەر ڕێگای هاتنی تکنولوژی بۆ ئێران الببەری، بەاڵم بەم حاڵەشەوە بە هۆی ئەوەی کە لایەنی بەناو تونددڕەوەی مەزهەبی تەگەرەی دەخستە سەر ڕێگای ئەم ڕەوتە، ئەم کارە بە ئەنجامێکی دیاریکراو نەگەیشتوە. کەم متخصص و کارشناسی خاریجی هەن کە حازر بن لە ئێران کار بکەن. ئێران بۆ خۆشی زەرفییەتی وەگەر خستنی تکنولوژی پێشکەوتووی نیە.

دووهەم: بۆ کەم کردنەوەی خەرجی بەرهەم هێنان، سەرمایەداران بیر لە هێزی کار دەکاتەوە، حەقدەست و مەزایایەک کە بە کرێکار دەدری هەر چەندە کەم کرێتەوە، بەو میزانە خەرجی بەرهەم هێنان دێتە خوارەی و هەرزانتر کالایەک تەولید دەبی. سااڵنی رابوردوو و ئێستاش هەوڵ و تەقالایەکی بی وچان لە ئارادایە بۆ ئەوەی کرێکاری ئێرانی بەکاری زۆر و حەقدەستی کەم بە قەناعەت بگەیەنن. فیداکاری و لە خۆبوردوویی لە خزمەت بە "ئیسلامی و ئێرانی عەزییز"!!، ژیان بە شێوەی ئیمامان و پێغەمبەران، نان و خۆرما خواردن و دووری کردن لە "تەجەمول" و ژیانێکی ئەمڕۆیی، خاڵی سەرەکی تەبلیغاتی ج.ا ڕوو لە کرێکاران بووە. ئەم تەبلیغاتە هاوکات لەگەڵ نیشان دانی بەرقی سەرنیزەکانیان، هەوڵ و تەقالایەک بووە و هەیە کە ئەم مەبەستە بۆ سەرمایەداران تەئمین کات.

ئەگەر سەردەمێک بە هۆی شەرایەتی تایبەتی ئەو سەردەم، مەسەلەن دوای کۆتایی شەر، ماندوویی و وەرەزی لە شەر، پێویستی پشووداننێک و حەسانەوەیەک بۆ خەڵک، تەبلیغاتی لەو چەشنە دەیتوانی چاوەڕوانییەک لە ناو خەڵکدا پێک بینی، پاش تێپەر بوونی ساڵەها لە وەعدە و بەڵێن دان و هیچ نەکردن، پاش قورسایی زەختێک کە ج.ا لە پێناو سیاسەتەکانی دا خستویەتە سەر شانی کرێکاران و خەڵک زەحمەتکێش و ژیانی لێ تاڵ و تاڵتر کردوون، چاوەڕوان مانەوە جێگای خۆی دا بە پرسیار کردن و بە دوای وەاڵم دا گەران و پەرەسەندنی ڕق و بیزاری لە سیاسەتەکانی ڕژیم و تەقینەوەی ئەم ڕق و بیزارییە و دەربرینی ئیعتیراز و نارەزایەتی بەرانبەر بە شەرایەتێک لە ژیان کە بە سەریان دا داسەپاوە. بە جۆرێک کە ئەمڕۆ فەزای ئیعتیراز و نارەزایەتی سەراسەری ئێرانی داگرتوە. هەر ڕۆژە لە گوشەیەک، لەم یان لەو کارخانە و مەیدانی کار، لەم یان لەو گەرەکی کرێکاری و زەحمەتکێش نشین، ویست و داخوازی خۆیان دێننە گۆڕی و بەم جۆرە ناتەبایی خۆیان لەگەڵ ئەم سیاسەتانە و چارەنووسێکی ڕەش کە پاڕێزەرانی جەنایەت و سەرمایە بۆیان دیاری کردوون ڕادەگەیەنن. هەروەها لەم ڕێگایەشەوە چاوەڕوانی سەرمایەداران کە لەسەر بی دەنگی و قەناعەت پی کردنی کرێکاران و بی مافی زۆرتری ئەوان سەرمایە گوزاریان کرد بوو، جێگای خۆی دەدات بە سل کردن لە وەکار خستنی سەرمایەکانیان.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتەکانی ج.ا لەم زەمینەیەش دا تا ئێستا بە دەسکەوتێکی بەرچاو و دیاریکراو نەگەیشتوە. لە ئاوا شەرایەتێک دا ج.ا هەنگاو هەڵدەگری بۆ دڕێژە پێدانی سیاسەتەکانی لە ڕێگای زەختی زۆرتر بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش. لە ڕاستیدا ڕێگای تر نیە، ج.ا یان دەبی ئەو شەرایەتە کە بۆ گەشەی سەرمایەداری لە ئێران پێویستە فەراهەم کات و مەوجوودییەتی خۆی بۆ ماوەیەکی تریش دێژە پی بدات و دایسەپێنی، یان بوحران و ڕکوودێک کە بەربینی پی گرتوە، تەقینەوەی ڕق و بیزاری خەڵکی بە دواوە دەبی و سەر ئەنجام وەک لافاوێک لەو بوحرانە دا نوقمی دەکات. هێرشی وەحشیانە بۆ سەر خەڵک و پەرەدان بە فەزای خەفەقان و نائەمنی لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا کە لە لایەن ج.ا یەوە کراوە، وەسیلەیەکە بۆ بە تەسلیم کیشانی خەڵکی نارازی و موعتەریز بەرانبەر بە سیاسەت و بەرنامەیەک کە مان و نەمانی پێوەی گریی خواردوە.

سیاسەتی یەکسانی کردنی نرخی ئەرز کە لە سەرەتای ئەمسااڵوە بەرێوە چوو، سەرەتای هێرشی پان و بەرین تری ج.ا بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک بوو. بەمەشەوە نەوەستا. دیاردەیەکیتری بە دیاردەکانی سیاسەت و بەرنامە ئابووریەکانی بۆ زەختی زۆرتر جگە لە گرانتر بوونەوەی شت و مەکی پێویستی ژیان، جگە لە خوارەوە مانەوەی حەقدەستەکان (لە ڕاستیدا زیاد نەبوونی هیچ شتێک بە حەقدەستەکان بە نیسبەتی میزانی گرانی)، جگە لە الببردنی سوبسیدەکان و خەدەماتی دەوڵەتی و خصوصی کردنی تەنانەت بەشێک لە بیمارستان و مەدرەسەکان، جگە لە پەرەپێدانی مەحروومییەت و بی مافی، بەڵێ سەرەڕای ئەم هەموو زەخت و فشارە، سیاسەتی بێکار کردنیشی لە ژێر ناوی "تعدیلی هێزی ئینسانی" بەم سیناریویە زیاد کرد، تا بەم جۆرە و لەم ڕێگایەوە شەرایەتی لە بارتر بۆ حەرەکەت و هەڵسووڕانی سەرمایەی سەرمایەداران و دلنیا کردنیان لە بە دەست هێنانی سوود، فەراهەم کات.

بێکاری دیاردەیەکی کۆمەڵگای سەرمایەداریە. لە ماوەی چەند ساڵی دەسەاڵتی ڕەشی ج.ا هەمیشە بێکار مانەوەی بە میلیون کرێکار و زەحمەتکێش و بەم بۆنەوە مەحروومانەوە لە سەرەتایی ترین ئیمکاناتی ژیان، بەشێکی جیا نەکراوە لە ڕوخساری دەسەاڵتی ئەم ڕژیمە بووە. ئەگەر تا ئێستا ئەم دیاردەیە دەشاردرایەوە و هەوڵ دەدرا ج.ا لەم زەمینەیە دا بە بی خەتا بناسری، ئەمڕۆ خۆی دەست بە کار بووە تا بە بێکارکردنی کرێکاران، بە قیمەتی قوربانی کردنی هەرچی زیاتری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ئەم زەمانەتە بە سەرمایەداران بدات کە زەرفییەتی تەواوی هەیە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی ئەوان دا لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزی. بەڵی ئەم جارە خۆدی دەوڵەت دەست بە کار بووە تا ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە کرێکاران کە تەنیا سەرچاوەی داهاتیان فرۆشی هێزی کاریانە و لەم ڕێگایەوە نانی سەر سفرەیان پەیدا دەکەن بێکار بکا.

جاری بەشێک لەو سەرمایەدارانە کە سەرمایەکەیان لە بەشی تەولیدیدا خستوەتە کار بەرەو ئەوە هان دراون کە بۆ ئەوەی توانای ڕەقابەت لەگەڵ کاڵا خارجیەکان پەیدا بکەن، هەرزان تر تەولید کەن و خەرجی بەرهەم هێنان بێننە خواری. ئەوەی وا ئەمڕۆ لە نیو سەرمایەدارانی ئێران دا باوە ئەوەیە کە هەوڵ دەدەن حەقدەستەکان لە خوارەوە ڕاگرن و سەعاتی کار بەرنە سەری. بۆ سەرمایەداران کەم کردنەوەی خەرجی بەرهەم هێنان مەعنایەکی تری نیە بێجگە لەوە کە هەمان میزانی کاڵا بە قیمەتی کەمتر بەرهەم بێنن.

"سیاسەتی تەعدیلی هێزی ئینسانی" کە لێرە و لەوی باسی دەکری هەمان، هێنانە خواری خەرجی بەرهەم هێنانە بۆ سەرمایەداران. کاتێک بە لە خوارەوە ڕاگرتنی حەقدەست و زیاد کردنی سەعاتی کار، تەماعکاری سەرمایەداران جواب نادرێتەوە دەس بەجێ ژمارەیەک لە کرێکاران لە ژێر ناوی "تەعدیلی هێزی ئینسانی" دا بێکار دەکرێن، بی ئەوەی حەجمی کار لە شوێنی کار بێتە خوار. باقی کرێکاران دەبی بە هەمان حەقدەست هەمان میزان کاری پێشوو ئەنجام بدەن. بەم جۆرە سەرمایەداران لە پێناو ئەم سیاسەتەدا بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان لە کایە کردن بە ژیانی کرێکاران کە لە ئەنجامی بێکاری یان دا لە نان خواردن دەکەون، دەست ناپارێزن.

جگە لەمە بەشێک لە ڕشتەکانی بەرهەم هێنان کە لە مەیدانی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کاڵا خارجیەکان دا موقاومەتیان پی ناکری، سەرمایەداران، سەرمایەکانیان دەگوێزنەوە بۆ بەشێکی تری بەرهەم هێنان یان بە مەسلەحەتی نازانن بێخەنەکار، بلوکەی دەکەن و لە بازاری تیجارەت و معاملەدا بە کاری دێنن. بەم جۆرە بەشێکیتر لە مەرکەزەکانی بەرهەم هێنان تەعتیل دەبن و کرێکاران بێکار دەکرین.

ئەوی وا وتمان زۆرتر لە بابەت بەشی خصوصیە، لە بەشی دەوڵەتیدا وەزع لەمەش خراپترە، بۆچی؟ چۆنکە هەمان بەشی دەوڵەتییە کە بە بەشی خصوصی دەفرۆشری. ئەمە سیاسەتێکە کە دەوڵەت ئەمسااڵ هەنگاوی جیددی تری بۆ هەڵگرتوە. بەاڵم کامە سەرمایەداری خصوصییە حازر دەبی سەنایعی بەشی دەوڵەتی بکری ئەگەر پێشتر لە سوود بەخشی ئەم بەشە دەلنیانەبووبی. هەر بۆیە لە فرۆشی سەنایع بە بەشی خصوصیدا، دەوڵەت دەبی پێشتر خۆی بە ئەندازەی پێویست خەرجی بەرهەم هێنانی لەو بەشەی سەنعەت دا هێنا بێتە خواری، یانی ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی بێکار کردبی کە سوود بەخشییەکەی بۆ سەرمایەدارێک کە دەیهەوی بیکری زەمانەت کرابی. کە وابوو ئەوە کە بێکاری، زۆرتر لەوەی کە هەیە پەرە بستێنی دوور نیە و تا ئێستاش بە رادەیەکی بەرچاو هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە.

دەوڵەت لیبراوانە لە پشت ئەم سیاسەتەیە کە بە ئەنجامی بگەیەنی. جگە لە هێرشی هەرچی زیاتر بۆ سەر سفرەی کرێکاران، ئایا ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ڕژیمێک کە مان و نەمانی بە فەراهەم کردنی شەرایەتی سوود بەخشی بۆ سەرمایەداران گریی خواردوە؟ لێرەدا واقعییەتێک هەیە کە نابی لەبەرچاو نەگیریت. ئەگەرچی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە هیچ چەشنە عەوام فریوی و سەرکوت و جینایەتێک دەست ناپارێزی و بۆ بە قەناعەت گەیاندنی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و بی دەنگ کردنیان، بی مافی زۆرتر پەرە پی دات و تی دەکوشی بە پەرە پی دانی ئائەمنی لە کۆمەڵ داو بە چاوترسین کردنی خەڵک ئەمنییەتی خۆی بپاریزی کە ئەمە بە چاوی خۆمان دەبینین و قورسایی یەکەی لەسەر شانمان هەست پی دەکەین بەاڵم ئایا کرێکاران و خەڵکی مەحروم و زەحمەتکێش بی دەنگ دەبن و مل بە ئاوا ژیانێک دەدەن!؟ ڕاستە ئەمڕۆ بەربەرەکانییەکی بە هێز و سەراسەری کە ج.ا لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانیدا تووشی شکست و ناکامی قەتعی بکات سوراخ ناگری و دەربرینی ئیعتیراز و نارەزایەتی پڕژ و بااڵو و لێرە و لەوێیە، هەر ئەوەندەش ئەم واقعییەتە دەردەخات کە کرێکاران و زەحمەتکێشی ئێرانی حازر بە قەبوڵی ئەم شەرایەتی لە ژیان نابی و لە هەوڵی ئەوەدایە کە قورسایی باری ژیانیسووک کات. تەنیا ئیعتیرازات و موبارزاتی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە کارخانە و کارگاکان و گەرەکەکان ئەم واقعییەتەی سەڵماندوە. بێگومان پرژ و بااڵوی ناو ڕیزەکانی کرێکاران ئەو مانعە جیددییەیە کە ناهیلی ئاوات و ئارەزووەکانی خۆیان هەر ئێستا بە ئاکامێکی دیاری کراو بگەیەنن. بەاڵم ئەمەش تاسەر نیە. ڕەوتی موقاومەت و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ شەرایەتی سەخت و تاڵی ژیان و نابەرابەری و بی عەدالەتی لە کۆمەڵدا، ڕێگا و شوێنی پێکەوە لکاندنی ئەم ئیعتیراز و موبارزاتە پڕژ و بااڵوە تێکەاڵو کردنی هەوڵ و تەقالایان لەگەڵ یەکتر دەدوزێتەوە و ئەو کات ئیتر مەجاڵێک بۆ ج.ا نامێنێتەوە کە قوربانی یان لێ وەرگری و بە قیمەتی ژیانی ئەوان و مەحروم بوونیان لە سەرەتایی ترین ئیمکاناتی ژیان، دەسەاڵتی ڕەش و نەحسی خۆی بپاریزی.

بێکار کردنێک کەلە پال باقی سیاسەتە دژی کرێکاریەکانی تری ج.ا یەوە پەرەی سەندوە، جارێکیتر ئەم واقعییەتە دەردەخات کە دەوڵەت و سەرمایەداران حازرنین زەررەیەک لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان کەم کەنەوە بەاڵم دەستە دەستە لە هێزی کار و زەحمەت بێکار و بی نان دەکەن. ئەم واقعییەتە دەردەخات کە بە الی دەوڵەت و سەرمایەدارانەوە ئەوەی وا بایەخی نیە و بە حیساب نایە، ژیان و گوزەرانی بە میلیون ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێشە.

دەورێکی تازەی هێرشی دەوڵەت و سەرمایەداران پاش شکست و ناکامییەکانی پێشتریان دەستێی پی کردوە. ئەم جارە زۆر بی ڕەحمانەتر و غەیری ئینسانی تر لە جاران، بەرانبەر بەم هێرشە چینی کرێکار وەستاوە کە دەبی خۆی ئامادە بکات بۆ بەربەرەکانیی جیددیتر و لیبراوانەتر.

کرێکاران تەنیا بە بەرز کردنەوەی دەنگی هاوپشتی چینایەتی خۆیان دەتوانن بەرهەڵستی ئەم هێرشە بن و هێزی زۆرتر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی داخوازییەکانیان کۆبکاتەوە.

زیاد کردنی حەقدەستەکان پی بە پێی زیاد بوونی تەوەروم و دانی بیمەی بێکاری بە هەموو ئامادە بووان بەکار، ئەو دوو شیعارە سەرەکییەن کە دەبی بزووتنەوەی کرێکاری ئالاکەیان هەل کات.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 44 September: 1993

جەولەی سیاسی نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

لە ناوچەی مەریوان و سەرشیوی سەقز

مەریوان

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە و هەروەها بەڕێوەبردنی چەند عەمەلیاتی نیزامی و ئەنجام دانی چەند ئەئموریەتی تەشکیلاتی، چوونە ناوچەی مەریوان.

سەرەتا پێشمەرگەکان لە بەشی بەری بەگزادە، شامیان، خاومیراوا و بەشێك لە کونەپوشی، جەولەیان کرد و سەریان دا لە ئاوایی‌یەکانی نشکاش، گاگل، بیلو، کانی سانان و چەند ئاوایی تری ئەو ناوچەیە. هەروەها توانیان لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی زەحمەتکێشی شارەکانی مەریوان و سنە کە بۆ کار هاتبوونە ئەم ناوچەیە دیدار بکەن.

لەم دیارە دا پێشمەرگەکان بە گەرمی پێشوازی‌یان لێکرا لە قسە و باس لەگەڵ خەڵکدا، ویرای باس و راوێژ سەبارەت بە گیروگرفتی ژیانی خەڵك و بەرنامەکانی رژیم و کردەوەی هێزەبەکرێگیراوەکان، سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆمەڵە لەسەر چونیەتی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەم شەرایەتە کە بە سەر کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش داسەپاوە، خرایە بەر باس و لێکولێنەوە.

ل7

11ی خەرمانان ریزگرتن لە 10 ساڵ تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بە بۆنەی دەهەمین ساڵڕۆژی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، بۆ ریز گرتن لە 10 ساڵ فەعالییەت و تێکۆشانی ئەم حیزبە، ڕێکەوتی 11ی خەرمانانی 1372 مەراسمێکی گەورە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و لایەنگران و هاورییانی حیزبی لە ئوردووگای مەرکەزی کۆمەڵە بەڕێوە چوو. لەو مەراسمەدا کە بە سرووتی ئەنترناسیونال و بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ریز گرتن لە یادی هاورییانی گیان بەختکردووی ڕێگای سوسیالیزم و ئازادی دەستی پێکرد، هاوری رزا کعبی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران قسە و باسێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. مەراسمەکە بە خوێندنەوەی شیعر و چەند پەیامی پیرۆزبایی دریژی پێدرا. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشێك لە قسەکانی هاوری رزا کعبی‌یە.

ئەمڕۆکە هەموو بورژوازی سەرمەستە لە "سەرکەوتن"ی خۆی و دوای ئاڵ و گۆڕەکانی ولاتانی بلووکی ڕۆژهەلات و گوایە "پاش کۆمۆنیزم" ڕیگای خۆی دیتوەتەوە. ئەمە لە حاڵکدایە کە شاهیدی بی مافی و فەقیری و برسیەتی سەدان میلیون کەسین. شەپولی تەبلیغاتی جیهانی لەگەڵ هێرش بۆ سەر گوزەران و ژیانی سەدان میلیون کەس لە هەموو دنیا بەرەو پێش دەچی. فاشیزم و راسیزم و ڕەگەزپەرستی لە هەموو دنیا سەری هەڵداوە. دەیان شەری گەورە و چکولە لە گوشە و کەناری دینا بەرپا کراون کە کۆمەڵ کۆمەڵ ئینسان تێیاندا قوربانی دەکرێن و دژی ئینسانی‌ترین رژیمەکان دێنە سەر کار. ئێستا سەرەرای هەرا و هوریای حقووقی بەشەر و دیموکراسی، خەڵك لە زۆر شوێنی دینا لە چارەنووسی خۆیاندا چکولەترین دەخاڵەتێکیان نیە. ئێستا هەموو جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ بوحرانێکی گەورەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو رووە. سەرەرای هەموو تەبلیغاتێکی بورژوازی، گیروگرفتی گەورە و سەرەکی دنیای ئەمڕۆ، ئەوەیە کە بەشێکی بچووك بااڵی بەسەر هەموو ئیمکانات و ریفاهیاتی کۆمەڵدا کێشاوە و بەشێکی هەرە گەورە و زۆربەی خەڵك لە ژێر باری هەژاری و بێکاری و برسیەتی و شەر و ئاوارەیی دا ژیانیان دژوار و دژوارتر دەبی. ئێستاش ئەو خاڵە سەرەکی‌یانەی کە کۆمۆنیزم و رابەرانی زانا و هوشیاری چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری و حاکمییەتی ئەم نیزامە خستوویانەتە روو هەروا بەردەوامە. ئێستا نەك تەنها نابەرابەری لاواز نەبووە بەڵکوو لە بەرینایی‌یەکی زۆر گەورەتردا لە لایەن حکوومەتەکانی سەرمایەداری‌یەوە دەپارێزی، هەر بۆیە کۆمۆنیزم وەك بزووتنەوەی بە هێزی دژی سەرمایەداری لە حەقانییەتی تاریخی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەر خورداره سەرەرای هەموو فەزایەکی پر لە تەحریف و ریاکاری دژی کۆمۆنیزم.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەك حیزبێکی ئەنترناسیونالیست، وەك حیزبێك کە تێدەکۆشی بەشێك لە لەشکری گەورە و جیهانی چینی کرێکار بی، دەمێنێتەوە و ڕێگای سەرکەوتنی ئێمە لەو دایە.

ئەمڕۆ لە هەلومەرجێك دا یادی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست دەکەینەوە کە بوحرانێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی قوول تەواوی ئێرانی داگرتوە. لە ماوەی حاکمییەتی جمهووری ئیسلامی‌دا هیچ کات وەك ئێستا مەسەلەی ڕووخانی ئەم رژیمەن مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران مەترەح نەبووە. ئەمڕۆ جمهووری ئیسلامی بەجۆرێك لە تەریکی و شکستی سیاسەت و بەرنامەکانی دایە کە تەنانەت زۆر حزب و کەسانێك کە سینەیان بۆ ئەم رژیمە دەدڕێ کەوتوونەتە ریزی موخالیفانی جمهووری ئیسلامی‌یەوە. ژیانی کرێکاران و خەڵك زەحمەتکێش لە ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە هەژاری و فەقیری‌یەکی قوول تر دوچار دەبی. 65٪ تا 70٪ لە خانەوادەکان لە ژێر خەتی هەژاری‌دا دەژین. بێکاری لە ئێران سەر لە 10 میلیون کەس دەدا. لە حاڵێك دا بۆ تەئمین کردنی ژیان و گوزەرانی خانەوادەیەکی 5 کەسی نزیکەی 30 هەزار تمەن مانگانە پێویستە، زۆربەی خەڵك دەرامەدی مانگانەیان کەمتر لە 10 هەزار و 5 هەزار تمەنە. بەم وەزعییەتە دەبی سەرکوت و خەفەقان و ئیعدام و شکەنجە و زیندان زیاد بکەین هەتا مەعلووم بی ژیانێك کە خەڵك لە ئێران بەسەری دەبەن تا چ ڕادەیەك دژوار و غەیرە قابیلی تەحەمولە.

ل7

بێکار کردن: و هێرشی تازەی جمهووری ئیسلامی

کاتێك کاربەدەستانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی باسی "بازسازی" دەکەن، کرێکاران و زەحمەتکێشان دەست بەجێ ئەم سیاسەتە لە ژیانی خۆیاندا مەعنا دەکەنەوە. تێپەڕبوونی نزیکەی 5 ساڵ لە تەمەنی ئەم سیاسەتە و تەئسیراتی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانیان، ئەمەی نیشان داون کە بازسازی، یانی گرانی زۆرتری شت و مەکی پێویستی ژیان، یانی لە خوارەوە بوونی حەقدەستەکان، یانی بێکارکران و بێکارمانەوە، یانی هەروا بی سەرپەنا بوون و مەحروومییەتی زۆرتر لە بێهداشت و ئاموزش و خەدەماتی‌تری کۆمەڵایەتی، یانی بی مافی و خەفەقان و سەر کوتی زیاتر. لە یەك کەڵم دا بازسازی یانی زەختی زۆرتر بۆ سەر ژیانی خەڵك. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەم دەرامەد بۆیان دەرکەوتوە کە ج.ا دەسەڵاتی خۆی بە بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتە و قوربانی کردنی هەرچی زیاتری ئەوان دەپاریزی. ئاخرین سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ج.ا لەم زەمینەیەدا- ئەوەی وا تەنها لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا بەڕێوە چوو- بۆ سووك بوونی باری مەینەت لەسەر شانی خەڵکی فەقیر و دەست تەنگ بەدی ناکری، بەڵکوو بە پێچەوانە زەختی زۆرتر ئاکامی بی ئەم لاو و ئەو لای سیاسەتێکە کە کاربەدەستانی ڕژیم بەڵێنیان داوە بە هەر قیمەتێك بە ئەنجامی بگەیەنن.

پێش دەست نیشان کردنی ئەم سیاسەتە و ئاکامەکانی، دەبی ئەوە دووپات کەینەوە کە مەبەستی ج.ا لە بازسازی ئابووری، بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی- کە تەنیا بۆ بی دەنگ ڕاگرتنی خەڵك و چاوەروان هێشتنەوەیانە- هیچ نیە جگە لە بازسازی ئابووری سەرمایەداری، بازسازی ڕەوتی کەلەکە کردنی سەروەت بۆ سەرمایەداران لە ڕێگای گەشە و ڕەونەق پێدانی مەیدانی هەڵسووڕانی سەرمایە کە لە ئێران تووشی رکوود بووە.

ئەم بازسازی‌یە و هەوڵ و تەقالا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پێویست بوو، چۆنکە جگە لەوەی کە ئەم ڕژیمە بە هەزار و یەك بەندەوە بە چینی سەرمایەدار لە ئێران و قازانج و بەرژەوەندی ئەم چینەوە بەستراوەتەوە و ڕاستەوخۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆشی وەك تاقمێك کە لە دەسەڵات دان تەئمین دەکا، لەوەش گەیشتوون کە مان و نەمانیان وەك ڕژیمی دەسەڵاتدار لە گرەوی ئەوەدایە کە ڕەوتی، گەشە و ڕەونەق پەیدا کردنی سەرمایەداری لە ئێران سازمان بدرێت. کاتی خۆشی، 14 ساڵ لەمەو پێش، لە ئەساس دا بو وەری خستنەوەی ئەم ڕەوتە کە بە هۆی ڕاپەڕینی خەڵکەوە تووشی ڕکوود ببوو و کەوتبووە مەترسی‌یەوە، خزانە قودرەتەوە و دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.

بەڵام بازسازی لە چ ڕێگایەکەوە؟ ئەگەر لە سەرتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا، بەرگرتن بە ڕاپەڕین و سەرکوتی ڕاپەڕین و ئەستاندنەوەی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و پێشێل کردنی ویست و داخوازی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش یەکەمین هەنگاوی ڕژیمی ج.ا بوو لە پێناوی بازسازی‌دا و لە ئەنجامی‌دا لە هیچ جینایەتێك دەستی نەپاراست و ئەگەر ئەو سەردەم دەوڵەتی کردنی هەموو سەرمایەکان و دەست بە سەر داگرتن و کۆنترۆڵی ئابووری لە ڕێگای دەوڵەتەوە، بە ناوی "ئیقتصادی ئیسلامی" بە ڕێگای چارە زانرا و هەوڵ درا بە ڕەچاو کرنی سیاستی پان ئیسلامیستی، خۆ وەك ئالترناتیوێکی بەهێز و جێگا متمانەی سەرمایەداری نیشان بدەن و لەم ڕێگایەوە هەلومەرج و پێویستی‌یەکانی بازسازی سەرمایە فەراهەم کەن، ڕەوتی ڕووداوەکان لە ساڵەکانی دواتردا ناچاری کردن کە دەست لەم سیاسەتە هەڵگرن. سیاسەتیك کە شەری هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق و هاندان و بەهێز کردنی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەکان لە ولاتانی ناوچەکە و دروشمی "صدوری ئینقلابی ئیسلامی" لە دیاردەکانی بوون.

هەلومەرجی جیهانی سەرمایە و ئەو ئاڵ و گۆڕە بنەڕەتی‌یانە کە بەرەی سەرمایەداری بە خۆیەوە دیت، سەرکی‌ترین هۆیەك بوو بۆ ئەوەی ج.ا دڕێژەی مان و نەمانی خۆی لە پشت هەڵکردن لە سیاسەتەکانی تا ئێستای خۆیدا ببێنێتەوە و وەرشکستە بوون و بە بن بەست گەیشتن و هەڵوەشانەوەی سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتەوە لە گەورەترین پایگای خۆی دا (شووڕەوی و بلوکی شەرق) وەك شێوەیەك لە کوگا کردنی سەروەت و چەوساندنەوەی چینی کرێکار لە لایەك و جیهانی بوونەوەی مەقبوولییەتی سیستمی بازاری ئازاد و سەرمایەداری خصوصی وەك شێوەیەکی گونجاو و بۆ گەشە و ڕەونەق پەیدا کردنی سەرمایە لە لاییکی‌تر، ج.ا هان دا کە بۆ بووژاندنەوەی سەرمایەداری لە ئێران، خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتە جیهانی‌یە ڕێك خات و بە دەستێوە بگری.

لە پال ئەم فاکتورە، دەبی ئیشارە بە چەند هۆی ناوخۆییش بکەین کە بەش بە حاڵی خۆی لە وەرچەرخانی سیاسەتی ئابووری ج.ا دا دەوریان بوو.

یەکەم: وەرشکستە بوونی بونیەی ماڵی دەوڵەت کە مەجاڵی ئەوی پی نەدەدا بۆ خۆی ڕاستەوخۆ دەست بە کاری سەروسامان پێدانەوەی ئابووری بی. دوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرمایەداران بە سەرمایەکانیانەوە هەلاتن. ژمارەیەکی‌تر لە ترسی فەوتان و تێدا چوونی سەرمایەکانیان، سەرمایەی خۆیانیان بلوکە کرد و حازر نەبوون لە بەشی بەرهەم هێنان دا کە هیوایەك بە زەمانەتی سوود بەخشی دریژ ماوەی نەبوو، بیخەنە کار، وە زۆرتر ڕوویان کردە بەشی بازرگانی و مامەلە کردن. جگە لەمە 8 ساڵ شەر و تەرخان کردنی هەموو ئیمکاناتێك بۆ ئەم شەرە، دەوڵەتی بە تەواوی وەرشکستە کرد و هەر وەك باس کرا بونیەی ماڵی‌یەکەی بە تەواوی هاتە خواری و بۆ یەکەم جار لە ئێران، زۆر سەرمایەی خصوصی زەعیفتر بوو. ئەم وەزعییەتە بێگومان ڕژیمی هان دەدا کە وەرچەرخانێك لە سیاسەتی ئابووری‌دا بگرێتە پێش کە جۆبرانی کەم و کەسری خەزانەی دەوڵەت بکاتەوە. دەبوو لە هەزینەکانی کەم کاتەوە هەتا هەلومەرجی لەبار بۆ هەڵسووڕانی سەرمایەی خصوصی لە ڕێگای ڕەچاوکردنی سیستمی ئابووری بازاری ئازاد فەراهەم بکا.

ل8

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 45 | خەزەلوەر _1372 | ئۆکتوبر_ 1993

دەربارەی پلینومەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

لە رۆژانی ئاخری مانگی میهردا پلینومی 25ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پلینومی سیهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەْ بە ماوەیەکی کەم لە دوای یەکتر بەڕیوە چوون لە هەردوو پلینومەکە دا گرینگترین مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی ئەم دەورەیە دراونەتە بەر باس و لیکولینەوە و چەند قەرار و بریاری پیویست دەربارەیان پەسند کراوە.

لە پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دا بە تایبەت مەسەلەی تەدارەکی سیاسی و تەشکیلاتی و فەننی بۆ پێك هاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب باسی لیکراوە و بریاری لەسەر دراوە ئایین نامەی هەڵبژاردنی نوینەرانی کۆنگرەی چوارەم هەر لەم پلینومەدا پەسند کراوە.

کوردستانی تورکیا: بەلینییەکانی سپا بە سیاسەتمەداران.

هێزەکانی چەکداری تورکیە و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی سیاسی ئەو ولاتە ماوەی زیاتر لە 6 مانگە پەیان ناوەتە دەورەیەکی تازەی خۆتاقی کردنەوە بۆ خاموش کردنی بلیسەی ئاوری خەباتی حەقخوازانەی کەڵی کورد لە کوردستانی تورکیا هێزە چەکدارەکان ژمارەیان دوو بەرابەر کراوە بومبی سووتینەری ناپالم و بومبی هیشوویی بە بەربلاوی لە دژی دانیشتوانی بی دیفاعی دیهات و هەواڕگەکان بەکار دەهێنرین، حکوومەت نیزامی رانەگەیاندراو لە هەموو شار و شاروچکەکان دا بەڕێوە دەچی. کۆشتاری بە کۆمەڵ کە پیشەی قەدیمی ئەرتەشی تورکیە لە کوردستان بوو، سەر لە نوی دەستی پی کردوەتەوە، ئاخرین کوشتاری بە کۆمەڵ، کوشتنی 300کەس لە خەڵکی شاری لیجەیە ئەرتەش بە مەبەستی ترس نانەوە و بی دەنگ کردنی خەڵك هەوالی جینایەتەکانی لە هەموو دیهات و شار و شاروچکەکان بە وردی بلاّو دەکاتەوە.

دیپلوماسی دەوڵەتی تورکیە وەکوو بەشێکی تر هەر لەو نەقشەیە، هەڵسووراوانە کەوتوونە کار خانمی چیلەر سەروك وەزیر چوو بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی پشتیوانی دەوڵەتی ئەو ولاتە لە سیاسەتەکانی دەورەیی خۆیان لە دژی خەڵکی کوردستان، دابێن بکات و یارمەتی مالی و چەك و کەڵ و پەڵی نیزامی زۆرتر لە ئەمریکا وەربگری دەوڵەتی ئەمریکا بەلینی بە خانمی چیلەر دا کە لە دەوڵەتی تورکیە لە بەرابەری "تیروریزم" دا پشتیوانی دەکات ئاشکرایە کە لە فەرهەنگی سیاسی ئەمریکا دا ئەم وشەیە نێوی "نهینی" پشتکیری لەو سیاسەتەی کوشت و برە کە لە کوردستانی تورکیە لە دژی خەڵك بەرێوە دەچی هات و چوونەکانی کاربەدەستانی تورکیە بۆ ئێران و سوریە بە مەبەستی کۆنترولی سنووورەکان و پێش گرتن بە گەیشتنی یارمەتی بە هێزەکانی (p.k.k) لەو رێکایانەوە، بەردەوام درێژەی هەیە و ئەرمەنستان و عێراقیش هەر بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندییان لەگەڵ گیراوە.

رەئیس جمهووری و سەروك وەزیران لەم رۆژانە دا هەر کامەیان بە نوبەی خۆیان هەوڵیان دا کە بیروڕای گشتی خەڵکی تورکیە بۆ بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ وەزعی تازەی کوردستان ئامادەکەن، سوڵەیمان دەمیریل لە چاوپێکەوتنیکی رۆژنامەگەریدا هەموو ئەو ئومیدە واریانەی کە چەند لیبرالیکی ناو پارلمانی ئەو ولاتە بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە تورکیە لەم رۆژانەدا دەریان بڕیبوو، پووچەڵ کردەوە لە رۆژانی رابوردوو دا، رۆژنامەکانی تورکیە لە زمانی چەند نوێنەرێکی پارلمانەوە جارێکیتر مەسەلەی وت و وێژیان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆیی، هێنا بووە گوری سەلەیمان دەمیریل لەو چاوپێکەوتنەدا بۆ هەمووانی ڕوون کردەوە کە نوێنەرێکی لە ئاشتی نەهاتوی شوفینیزم و فراوان خوازی پان تورکیستیە و قەت بیر لەوە ناکاتەوە کە رۆژێك لە رۆژان مل بۆ بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستانی تورکیە کەچ کات و مافێ یەکسان بۆ کورد و تورك لە تورکیە دا بە ڕەسمی بناسی دەمیریل نە تەنیا دەرکای هەر چەشنە وت و وێژێکی ئاشتیانەی بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتوایەتی کورد لە کوردستانی تورکیە داخست و بڕیاری کوشت و بڕ و سەرکوتی بی بەزەییانەی دووپات کردەوە، بەڵکوو ئەو دەنگویەشی کە گوێا دەوڵەتی تورکیە ئامادەیە ئیجازە بدات زمانی کوردیش ببی بە زمانی خویندن و نووسین لە مەدرەسەکان دا، بە تووندی ڕەت کردەوە و وتی

دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی: مەرگ و تەمەن کورتی بۆ خەڵك

لەم دوایی‌یانەدا مەرکەزی ئاماری ئێران رایگەیاند کە لێکولینەوەیەکی کردوە سەبارەت بە رێژەی ئەمەن لە ئوستانە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هەروەها میزانی مەرگ و میری منداڵان و کورپە ساواکان بە پێی ئەنجامەکانی ئەم لیکولینەوەیە، رێژەی تەمەن لە ئوستانی مەرکەزی دەگاتە 70سالْ کە زیاترین رێژەی عومرە لە ئێران و لە ئوستانی کوردستان 51ساڵە کە کەمترین رێژەیە لە ئێران هەروەها، بە پێی ئەم ئامارە، لە ئوستانی گیلان لە هەر هەزار منداڵْ کە لە دایك دەبن 32منداڵیان پێش تەمەنی 1 ساڵی دەمرن و لە ئوستانی کوردستان لە هەر هەزار منداڵْ 122 منداڵیان پێش یەك ساڵە دەمرن کە زیاترین میزانی مەرگی منداڵانە لە ئێران.

ئەوە کە ئەم ئامارانە، واقعییەتی مەوجوود نیشان نادەن هیچ قسەی تیدا نیە چونکە خۆدی ئەم لیکولینەوەیە بۆ ئەوە بەرێوە چووە کە نیشان بدری لە ماوەی 5ساڵی رابوردوودا هەم تەمەن درێژی لە ئێران زیادی کردوە و هەم مەرگ و میری منداڵان کەم بووتەوە، بەم حاڵەشەوە متوستی عومر لە کوردستان 51 ساڵە و لە هەر هەزار منداڵْ 122 یان دەمرن.

لە بابەتیکی دیکەشەوە ئەو ئامارە دروست نیە ئەو 122منداڵە کە بە حیساب کراون، ئەو منداڵانەن کە بە هەرحاڵْ کاتی لە دایك بوونیان ناو نووس کراون و مەرگیان لە دەفتەریك دا تومار کراوە لە حاڵیك دا لە دیهاتی کوردستان ئێستاش نیوەی ئەو منداڵانە کە لە دایك دەبن و پێش یەك ساڵەیی دەمرن ناویان لە هیچ دەفتەریك نانووسری و هیچ ئامارکەریك ئاگاداری لە دایك بوون مەرگیان نابی تەنانەت لە شارەکانیش کەم نێن ئەو دایکانەی بۆ منداڵْ بوون دەستیان بە نەخوشخانەکان راناگاو یان بە هۆی پەیرەوی لە سوننەتی کۆن هەر لە ماڵەوە و لە لای مامان منداڵیان دەبی و منداڵیان چ بە مردوویی ببی و چ ماوەیەك دوای لە دایك بوون بمری، ناوی ناکەوێتە ناو هیچ ئاماریك کەوایە میزانی راستەقێنەی مەرگی منداڵان زۆر لەوە زیاترە کە ئیدارەی ئامـاری جمهـووری ئیسـلامی رایگەیاندوە میزانی مەرگی منداڵان لە کوردستان تەنیا لەگەڵْ دواکەوتووترین و فەقیرترین ولاتانی دنیا قابیلی قیاسە یانی لەگەڵْ ئەفغانستان و تانزانیا و سومالی و بەنگلادش و ولاتە قاتی لیدراوەکانی ئافریقا. ل2

جمهووری ئیسلامی و ئازادی ژنان

ئەمرۆ لە دنیا رژیمی جمهووری ئیسلامی وەکوو دوژمنیکی سەرسەختی مافێ ژنان ناسراوە.

ئەگەر نابەرابەری و ستەم لەسەر ژنان لەگەڵْ رەنج و بی بەشی چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا تیکەلاوە، ئەم ستەمگەرییە لە ئێرانی ژیر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دا، بە یارمەتی یاسای کۆن و تعصباتی کویر زۆر وەحشیانە تر لە هەر شوێنیکی تر بەرێوە دەچی.

ئەم رژیمە بە یارمەتی دام و دەزگای سەرکوت و یارمەتی کۆنەپەرستانی ناوخۆیی هەولی داوە ئەم سیاسەتەی خۆی بەسەر ژنانی کوردستاندا بسەپینی، ئەم کۆنەپەرستانە هەموو رۆژێك لە دەزگا تەبلیغاتییەکانیانەوە ریاکارانە قسە لە بەشداری ژنان لە ئیش و کاری کۆمەڵدا دەکەن بەڵام بە کردەوە بە پیچەوانەی قسەکانیان عەمەل دەکەن و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو ژنانی ئێران ئەم هەموو بی حورمەتییەی کە رژیمی ئیسلامی دەرحەق خەباتی شیلگیری خۆیان لە دژی دام و دەزگا و ڕەسم و یاسا و داب و نەریتی کۆن و ارتجاعی ئەم رژیمە، سەرەنجام رزگاری خۆیان مسوگەر دەکەن. ل3

بژی یادی هاوری دوکتور جەعفەر شەفیعی



ڕۆژی 7ی خەزەلوەری 1372، ڕێکەوتی 29ی ئۆکتوبەری 1993ی زایینی شەشەمین سالْڕۆژی گیانبەخت کردنی هاوری و ڕابەری خۆشەویستمان، دوکتور جەعفەری شەفیعی‌یە.

ئەو ڕۆژە، بۆ رێزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وە بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان کە هیوای رزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوەیان لە دلدایە، ل3

ئەمنیەتی شوینی کار وخوشباوەری پسپورانی زانستگای مەشهەد

ماوەیەك لەوەپیش زانستگای مەشهەد، سمیناریکی یەك ڕۆژەی بۆ لیکولینەوە لە مەسەلی ئەمنییەتی شوینی کار، بە کاری ساختمانی دا بەڕپا کرد لەو سمیناڕە دا بەشدار بووان دانیان بەوە دانا کە لە کاری ساختمانی دا لە ئێران سەرەتایی ترین پیوەستی‌یەکانی ئەمنییەتی لەبەر چاو ناگیری و هەموو سالیك خەسارەتیکی مالّی کە سەر لە میلیونەها دوولار دەدات لەم ریگایەوە، وە ئابووری ولات دەکەوی و دوای ئەوەی کە بە تیر و تەسەلی باری زەرەر و زیانی ئەم بی موبالاتی کەمتەر خەمیە بۆ سەر سەرمایە و سەرمایەداران خرایە ڕوو ئەوجار، ئاغایانی بەشدار بووان لە گوشەیەك لە قسەکانیشیان دا ئیشارەیان بەوە کرد کە هەموو سالیك 20 هەزار کرێکار لە ئێران لە نەتیجەی ڕووداوی شوینی کار دا زیانی بەدەنی دەبینن.

"پسپورانی" دانیشگای مەشهەد تووشی هەلەیەك لە حیسابەکەیان دا هەن ئەویش ئەوەیە کە سەرمایەداران جوابی پی دەداوە. بە بوونی ئەو، هەموومان خەیالمان راحەت بوو هەر کاممان گرفتاریەکی بووایە دەچووە لای ئەو فیری خویندن و نووسین ببوو و بە شێوەیەکی مەنتقی خەرجی مالی تەنزیم دەکرد پێش ئێمەش هاتبووە ئالمان هیشتا زۆر جەوان بووین کە پیکەوە زەماوەندمان کرد و چەند سالً دواتر بە 3 منداڵەوە لە شاری سامسونەوە چووین بۆ ئەستەمبول پیمان وابوو لە ئەستەمبول ژیانیکی باشترمان دەبی بەڵام کە گەیشتینە ئەستەمبول من نەخۆش کەوتم و نەخۆشیەکەم وەها بوو کە بۆ ماوەی چەند حەفتە نەمدەتوانی لە جێگای خۆم بجوولیمەوە، خۆین دەرشامەوە و بە راستی هەتا سەرەمەگ رویشتم، من نەخۆش و بێکار بووم، تەواوی دەست تەنگ و بی دەرەتان بووین، بە هەمووی ئەوانەوە بەهیە منی بە کۆلی خۆی لەم بیمارستانەوە بۆ ئەو بیمارستان دەبرد بە هەموو توانای خۆیەوە کاری دەکرد و هەر فورسەتیك بە دەست هێنابا، لای دەستم دادەنیشت و دل خۆشی دەدامەوە. ل3

و خاوەن کارەکان لە ئێران بە باشی هۆشیان بە خۆیانەوە هەیە و حیسابی قازانج و زەرەری خۆیان لە دەستیان دایە و بە پیچەوانەی خەیالاتی سمینارچی‌یەکان دەزانن کام لەم دوو ریگایە خەرجی کەمترە:

ل3

نەفرەت لە رەگەزپەرەستی

ڕۆژی 23ی مانگی نوامبری سالّی 1992 چەند نەژاد پەرستیکی ئالمانی هیرشیان بردە سەر خانەودەیەکی تورك لە شاری شلزویکی ئالمان و ژنیك و دوو منداڵیان لە ناو بلیسەی ئاور دا سووتاند. کازم ارسلان کرێکاری 61 ساڵەی تورك کە ژنەکەی و کچەکەی و نەوەکەی لەم ڕووداوە دا لەبەر چاوی خۆی سووتان، شەرحی ژیانی پر لە کویرەوەری خۆی بۆ دادگایەك لەو شارە بەیان دەکات.

ئەوەی دەیخویننەوە کورتەیەك لە قسەکانی کازم ارسلانە لە دادگا:

"... من تا ئێستاش لیم حاڵی نەبوو کە ماجەرای شەوی 23ی نوامبر چۆن ڕووی‌دا، ئەوەی کە لەو شەوە دا بەسەر ئێمە هات وەحشەتناك و بی بەزەییانە و غەیرە ئینسانی بوو.

هاوسەرەکەم بەهیە، نەوەکەم بلیز، ئایشی کچەکەم، کوزران، بووکەکەم بە جۆرێك سووتا کە ئێتر هەتا تا ئاخری عومری زەمین گیر دەبی.

بەهیە کۆڵەکەی خانەوادەکەمان بوو، هەموو – گیروگرفتەکانی ژیانمان ئەو خاوەنی ماڵ و منداڵ بوو، ئەو پشتیوانی ژیانمان بوو، ئەو هەموو شتێکی بوو بۆ من، ئەو هەموو شتێکی بوو بۆ منداڵەکانمان، ئەو هەموو شتێکی بوو بۆ ئێمە، ئەو هەموو شتێکی بوو بۆ ئەم خانەوادەی

پێشڕەو

دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی: مەرگ و تەمەن کورتی بۆ خەڵك

مەسەلەی ئەسڵی ولات ئێستا ئەم جۆرە قسانە نێیە، بەڵکوو ئێستا پیویستی پاراستنی تورکیەیەکی بە هێز و پایەدار و یەکگرتوو لە سەرووی هەموو مەسەلەحەتیکی دیکەدایە دوا بە دوای زنجیرەیەك هێرش بۆ سەر سەفارەتخانەکان و شیرکەتی هەوایی و دەفتەرەکانی تیجارەت و بازرگانی تورکیا لە ولاتی ئوروپایی خانمی چیلەر، سەروك وەزیریش هەلویستی توند و تیژی خۆی دووپات کردەوە و رایگەیاند کە بریاری داوە هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە لە کوردستان دوو بەرابەر بکریتەوە و وتی کە نەخشەی نیزامی بەربلاو تر بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی دەوڵەت لە ناوچەکانی کوردستان دێنیتە کایەوە.

ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیە لە هەل ومەرجیك دا بەرێوە دەچی کە بورژوازی ئەو ولاتە لەگەڵ بوحرانیکی قوولی ئابووری دەست و پەنجە نەرم دەکات و هیچ ریگایەکی بۆ دەرباز بوون لەو بوحرانە لەبەردەم نێیە، داسەپاندنی ئاکامەکانی ئەو بوحرانە بەسەر ژیانی چینی کرێکار لە ریگای کەم کردنەوەی حەقدەستەکان و گران کردنی پیویستیەکانی ژیان، شەپولیکی لە نارەزایەتی و ئیعتیراز لە ناو بەشەکانی جۆراوجۆری چینی کرێکاری تورکیە پێك هێناوە و جگە لە دەیان مانگرتنی کرێکاری کە ئەم رۆژانە لیرە و لەوی لە کایە دایە، مەترسی بەرپا بوونی شەپولیکی سەراسەری لە مانگرتنی کرێکاری، بورژوازی تورکیەی داگرتوە دەوڵەتی خانمی چیلەر بۆ چارەسەرکردن وە یان کەم کردنەوەی شیددەتی ئەو بوحرانە دەستەوداوینی ئەمریکا بووە و تا ئێستاش لەوە ناچی کە دەوڵەتی ئەمریکا بە کردەوە ریگایەکی بۆ یارەمەتی دان بە ئابووری نەخۆشی تورکیە کرتبیتە بەر، ئال و گۆرەکانی ناو کابینەی چیلەر لە رۆژانی رابوردوودا نیشانەیەکی ئەو سەر لی شیواوی و پەلە قاژەیەن کە دەوڵەتی سەرمایەداری ئەو ولاتە بۆ هاتنە دەر لەو بوحرانە دەیکات.

سیاسەتی تازەی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستان ئەگەر لە لایەکەوە ئەمنییەت لە ژیانی خەڵك هەڵدەگری و ئاسایش و ئازادی خەڵکی کوردستان پی شیل دەکات لە لایەکی دیکەوە لە بەرانبەر خۆیدا سەفیکی بەرین لە موقاومەت و بەرەنگار بوونەوە پیك دێنی و ئەرتەشی تورکیە ناچار دەکات، سەر شور و تاوانبار، دووبارە پەنا بەرێتەوە بەر سیاسەتمەدارانی لیبرال تا بەشکەم رێگا چارەیەکی بۆ رزگار بوون لە رونگاویك کە بۆ خۆی دروستی کردوە بۆ بدوزنەوە ئەو راستیە ئەمرۆ لە کەس شاراوە نێیە کە ئەرتەشی تورکیا نە تەنیا نەیتوانیوە لە بەجیهینانی ئەو بەلینانە کە بە دەزگای بەرێوەبەری سیاسی ئەو ولاتەی داوە نزیکیش بێتەوە، بەڵکوو لەم دەوریەدا ئاوری خەباتی چەکداری لەو ولاتە زیاتریش پەرەی سەندوە و جەماوەری ستەمدیدە لە ئاستیکی بەرینتردا لە دژی سیاسەتی شوفینیستی دەوڵەتی تورکیا کە وتوونەتە خۆ و وەرەی راوەستان و موقاومەت لە بەرابەر دەزگای زولم و سەرکوت دا بەرزتر بووەتەوە بەڵام وا دیارە خۆ بە زل زانینی پان تورکیستی رێگا نادات خانمی چیلەر و ئاغای دەمیریل و هاوکارەکانیان لە سادەترین راستیەکانی مەربووت بە رادەی کارامەیی سیاسەتەکانی تا ئێستای خۆیان تی بگەن، دەوڵەتیك کە لە سالانی ئاخری سەدەی بیستەم دا تەنانەت خوێندن و نووسین و رەواجی زمانی دایکی بۆ میللەتیك بە تاوان دابنی و پێی تەحەمول نەکری، بە پێی کام تەجروبە و تاقی کردنەوە دەبی پێی وابی دەنگی ئیعتیراز و خەباتی ئەو میللەتەی پی خاموش دەکری؟

کاربەدەستانی ئێستای دەوڵەتی تورکیە وەك ئەوەی تازە لە خەویکی 70 سالە وەخەبەر هاتبن قسە دەکەن و رێك وتەکانی کەمال ئەتاتورك و جی نشینانی پان تورکیستی ئەو دووپات دەکەنەوە.

لە هەل ومەرجیك دا کە بورژوازی دەسەلاتداری تورك ددان لە خەڵکی کورد تیژ دەکاتەوە، کەوتنە کاری هێزی چینی کرێکار و بەرەی پێشکەوتن خوازی دژی دیکتاتوری بۆ بەرپەرچ دانەوی سیاسەتی دەوڵەت و نیزامیەکانی ئەو ولاتە بەرانبەر بە گەلی کورد، دەوریکی ئەساسی دەبینی لە پتەو کردنی برایەتی زەحمەکێشانی کورد و تورك دا لە بەرانبەر زەبر و زەنگ و دیکتاتوری دەوڵەتی تورکیە دا تەنیا حەرەکەتیکی بەهێزی سەراسەری لەو چەشنەیە کە دەتوانی بەری پەرەگرتنی ناسیونالیزمی بەرچاو تەنگ لە کوردستان بگری و رێگا نەدات کە بورژوازی و نوێنەرانی فیکری و سیایی‌یەکەی پەرە بە تەفرەقە و جیاوازی لە ناو خەڵکی کورد و تورك دا بدەن.

ئاسویەکی ئومید بەخشی کە ئەمرۆکە لە ولاتی تورکیە دا دەبێندری ئەوەیە کە، گەلیك ئیمکانی مێژوویی و زەمینەی ماددی خولقاوە کە دەتوانی چارەنووسی خەباتی کەڵی کورد لە کوردستانی تورکیە بە خەباتی چینی کرێکار لە دژی بورژوازی ئەو ولاتە کری بدات، لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە ئەو راستیەیەکە بوحرانیکی قوولی ئابووری و کۆمەلایەتی بورژوازی تورکیەی گرتوەتە بەر و چینی کرێکار نەك هەر بۆ باشتر بوونی شەرایتی ژیانی بەڵکوو بۆ پاراستنی ئەوەی کە تا ئێستاش لە باری سیاسی و ئابووریەوە بە دەستی هێناوە دەکیشیتە ناو خەباتیکی روبەروو، بەم جۆرە دەزگاری دەوڵەتی تورکیە لە دوو بەرەی ئەسڵی خەباتی سیاسی و چینایەتی لەو ولاتەدا دەکەوێتە ژیر مەنگەنەوە.

لەم دوایی‌یانەدا مەرکەزی ئاماری ئێران رایگەیاند کە لێکولینەویەکی کردوە سەبارەت بە رێژەی ئەمەن لە ئوستانە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هەروەها میزانی مەرگ و میری منداڵان و کورپە ساواکان بە پێی ئەنجامەکانی ئەم لیکولینەوەیە، رێژەی تەمەن لە ئوستانی مەرکەزی دەگاتە 70 ساڵ کە زیاترین رێژەی عومرە لە ئێران و لە ئوستانی کوردستان 51 ساڵە کە کەمترین رێژەیە لە ئێران هەروەها، بە پێی ئەم ئامارە، لە ئوستانی گیلان لە هەر هەزار منداڵ کە لە دایك دەبن 32 منداڵیان پێش تەمەنی 1 ساڵی دەمرن و لە ئوستانی کوردستان لە هەر هەزار منداڵ 122 منداڵیان پێش یەك ساڵە دەمرن کە زیاترین میزانی مەرگی منداڵانە لە ئێران.

ئەوە کە ئەم ئامارانە، واقعییەتی مەوجوود نیشان نادەن هیچ قسەی تیدا نێە چونکە خۆدی ئەم لیکولینەووەیە بۆ ئەوە بەرێوە چووە کە نیشان بدری لە ماوەی 5 ساڵی رابوردوودا هەم تەمەن دریژی لە ئێران زیادی کردوە و هەم مەرگ و میری منداڵان کەم بوتەوە، بەم حاڵەشەوە متوستی عومر لە کوردستان 51 ساڵە و لە هەر هەزار منداڵ 122 یان دەمرن.

لە بابەتیکی دیکەشەوە ئەو ئامارە دروست نێیە ئەو 122 منداڵە کە حیساب کراون، ئەو منداڵانەن کە بە هەرحاڵ کاتی لە دایك بوونیان ناو نووس کراون و مەرگیان لە دەفتەریك دا تومار کراوە لە حاڵیك دا لە دیهاتی کوردستان ئێستاش نیوەی ئەو منداڵانە کە لە دایك دەبن و پێش یەك ساڵەیی دەمرن ناویان لە هیچ دەفتەریك نانووسری و هیچ ئامارکەریك ئاگاداری لە دایك بوون مەرگیان نابی تەنانەت لە شارەکانیش کەم نێن ئەو دایکانەی بۆ منداڵ بوون دەستیان بە نەخوشخانەکان راناگاو یان بە هۆی پەیرەوی لە سوننەتی کۆن هەر لە ماڵەوە و لە لای مامان منداڵیان دەبی و منداڵیان چ بە مردوویی ببی و چ ماوەیەك دوای لە دایك بوون بمری، ناوی ناکەویتە ناو هیچ ئامارێك کەوایە میزانی راستەقینەی مەرگی منداڵان زۆر لەوە زیاترە کە ئیدارەی ئاماری جمهووری ئیسلامی رایگەیاندوە میزانی مەرگی منداڵان لە کوردستان تەنیا لەگەڵ دواکەوتووترین و فەقیرترین ولاتانی دنیا قابیلی قیاسە یانی لەگەڵ ئەفغانستان و تانزانیا و سومالی و بەنگلادش و ولاتە قاتی لیدراوەکانی ئافریقا.

ئەمە خۆی نیشاندەری میزانی خزمەتە بیهداشتی و دەرمانیەکانی حکوومەتی ئیسلامی‌یە لە کوردستان منداڵ لە کوردستان پێش ئەوەی لە دایك ببی و جمهووری ئەوەی بکەویتە سەرپی لە مەینەتی حاکمییەتی پێش ئیسلامی لە ئەمان دایە ئەمە یەکێکە لە بەندەکانی کارنامەی رەشی جمهووری ئیسلامی کارنامەی رژیمیك کە بە دریژایی سالانی دەسەلاتی خۆی، هیچ حەقیکی بە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان رەوا نەبینیوە، رژیمیك کە لە جیاتی دروست کردنی دەرمانگا و مەرکەزی بیهداشتی، 15 هەزار بنکەی هیزی چەکداری لە هەموو دیهات و سەر تەپولکەکان جیگیر کردوە لە جیاتی دروست کردنی دایەنگا و شیر خورگە و لە جیاتی دروست کردنی مەدرەسەو لە جیاتی هەموو خزمەتگوزاریەکی کۆمەلایەتی هیزی سەرکوتگەر و دەزگای ئەمنییەتی و اتلاعاتی لە کوردستان جێگیر کردوە بە پێی ئامار لە ئێران خەرجی کرینی چەك و بەخیو کردنی هیزی چەکدار 6 بەرابەری خەرجی خزمەتە بیهداشتی و دەرمانیەکان و خۆیندنە.

کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان و سیستان و بلووچستان و خووزستان و لە هەموو ناوچەکانی‌تری ئێران حەقیانە لەم رژیمە پرسیار بکەن بۆچی سەروەتی ئەم ولاتە و حاسڵی خۆین و ئارەقەی پشتاو پشتیان، لە جیاتی ئەوەی بخریتە خزمەت تەمەن دریژی و گوزەرانی ئینسانی بۆ خەڵك و پێش بە مەرگی ناوادە و بە کۆمەڵی منداڵەکانیان بگری، دەکرێتە خەرجی هێزی چەکداری جینایەتکار و خێڵی جاسووسان و بەخیو کردن و پەروار کردنی هەزاران مەلا و موبەللیغی مفتە خۆر.

تاوانی مەرگی هەموو ئەو خونچە ساوایانە، لەسەر شانی رژیمی ئیسلامی حاکم لە ئێرانە، ئەمرۆ، ئێمە لە سەردەمیك دا دەژین کە لە نتیجەی کار و زەحمەتی بەشەری خەللاق و خولقینەر دا، هەموو ئیمکانیك بۆ ژیانی باشتر و بۆ دەرباز بوون لە چنگ هەژاری و نەخۆشی و مەرگ هەیە، ئیمکانی ئەوە هەیە دایکانی دووگیان لە ماوەی دووگیانی و لە کاتی زایمان دا چاودێری پزیشکی بکرین ئیمکانی ئەوە هەیە دایکانی دووگیان خوراك و دەرمان و جێگا و رێگای حەسانەوەی کافی‌یان بۆ تەئمین بکری، ئیمکانی ئەوە هەیە منالانی ساوا لە زیر چاودێری هەمیشەیی دوکتور دابن و واکسینە بکرین ئیمکانی ئەوە هەیە دایك و منالّ هەر دووگیان گەش و ساغ و تەندروست بن بەڵام ئەگەر دایکان و منالانی ئێمە لە کوردستان و لە ئێران لەوانە بی بەرین تەنیا هی ئەوەیە کە رژیم ئیسلامی لە هەموو ئەو شتانەی مەحروم کردووین و حاسڵی رەنجی شانی خۆمانمان لی دەدزی.

ئەگەر لە خانەوادەیەکی زەحمەتکێش و دەست تەنگ دا، دایك دایکی دووگیان، لە تەواوی 9 مانگەی دووگیانی دا ناتوانی 9 جار گوشت و میوە بخوا، ئەگەر ناچارە بە دووگیانی نان بکا و جڵی خیزانیك بشوا و تەنەکە ئاو لە کانی‌یەوە هەتا مالّ بنیتە سەر شانی، ئەگەر ناچارە لە "کوخەمامو" وە هەتا بانە، لە "گەنمان"ەوە هەتا سەردەشت و لە هەر ویرانە دی‌یەکەوە هەتا مەریوان و سنە، منداڵە نەخۆشەکەی بگریتە نیو باوەش و رنووە بەفری بالا پیاویك ببری هەتا دەگاتە دکتور، ئەگەر لە ئێرانی چالە نەوت دا، کورپەکان لەبەر سەرما لە ناو بیشکە دا هەڵدەلەرزن و کۆخە رەشە دەکرن، خەتای کی‌یە؟ راستی‌یەکەی ئەوەیە کە رژیم لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا، بە بی هیچ شەرم و شکویەك وەك دوژمن دەجوولیتەوە بۆیە لە جیاتی دەرمانگا، پایگای هێزی چەکدار بە پیویست دەزانی و لە جیاتی دوکتور، ئەفسەر و لە جیاتی دەرمان توپ و خومپارە، لە زۆر جێگای دنیا کە هاوچارەنووسانی ئێمە توانیویانە بەشێك لە حەقی خۆیان لە چنگ دەوڵەتەکان دەربێننەوە، سالەهایە کوخە رەشە و سووریژە و کەوتوویی و گەرووە خرە هەر ناویان نابیستری کوردستان لە چاو هەموو ئەو جێگایانە بەلای لی نەباریوە کە لە هەزار منداڵ بە ئیعتیراق رژیم زیاتر لە 122 منداڵیان دەمرن، فەرقی کوردستان لەوەدایە لیرە تاعونی جمهووری ئیسلامی بەسەر خەڵکدا باریوە.

لە بابەت تەمەن دریژی گەورەکانیش هەروایە. ئەگەر متوستی عومر لە کوردستان 51 ساڵە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە لە هەل ومەرجیك دا دەژین کە هەر رۆژی بە قەد دوو رۆژ پیر دەبن کاری سەخت و چنگە کری بۆ بەرێچوون، دوور بوون لە ئاسایش و حەسانەوە، بی بیهداشتی و بی دەرمانی، وە لە سەرووی هەموویانەوە برسیەتی و مەحرووم بوون لە خوراکی موناسب، سەرباری ئەمانەش فشاری رووحی و مەعنەوی وا لەو ئینسانانە دەکا کە تووشی پیری و مەرگی ناوادە بن.

بیگۆمان بۆبەراورد کردنی میزانی عومری متوستیش لە ئێران، تەنیا مەرگی نێو نوین و سەر تەسختی نەخۆشخانەکان حیساب کراوە لە حاڵیکدا لەم ولاتانە نزیکەی یەك میلیون نەفەر لە جەبهەکانی شەر و بۆمبارانی شارەکاندا کوژراون کە دیاری رژیمی ئیسلامی بوو روابتی عمومی قەبرستانی بەهەشتی زەهرا باسی 500 هەزار قەبری کوژراوەکانی شەر تەنیا لەو قەبرستانە دەکا بە تەئکید ئامارکەرانی جمهووری ئیسلامی مەرگی هیچکام لەو کەسانەیان لە دەفتەرەکانیاندا نەنووسیوە کە لە شەر دا کوژراون و لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی دا ئیعدام کراون یان لە جەریانی 14 سال لەشکر کیشی جمهووری ئیسلامی دا بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە سەنگەرەکاندا و لە نێو شار و ئاوایی‌یەکان و لەسەر مووچە و مەزراکان راستەوخۆ جمهووری ئیسلامی قاتلیان بووە دیسان بە پێی ئیعتیراق خۆدی رژیم ژمارەی کەسانی نێوە مەرگ بوو بە دەستی جمهووری ئیسلامی، لە ئێران 6 میلیون کەسە یانی 10٪ لە جەمعییەتی ئێران مەعلوول و پەك کەوتەن و قاچ و دەست پەریوە و بی بینایی و عەلیلی سیاسەتی شەرخوازانەی جمهووری ئیسلامین.

هەموئەو ئینسانانە، کە هەموو سەروەتی کۆمەڵ بە دەستی خۆیان دەخولقینن، دەبی ژیانیان تەئمین بی، لە خوراك و مەسکەنی گۆنجاو بەهرەمەند بن لە ئیمکاناتی پزیشکی بەهرەمەند بن لە شوێنی کاریان، ئەمنییەتیان هەبی و گیانیان نەکریتە دەسکایەی قازانج پەرستی سەرمایەداران فشاری روحی و مەعنەوی ناشی لە نائەمنی و بێکاری و هەژاری لەسەریان هەڵگیری ئەوانەی هیچ سەرچاوەیەك بۆ بەرێچوونیان نێە و توانای کارکردنیشیان نێە، دەوڵەت دەبی بە خیوکردنیان بگریتە ئەستۆ، تەنیا لە کۆمەڵگایەکدا کە تییدا قانوونی جەنگەل حاکم بی، زەعیفەکان ئاوا تیدا دەچن حەقی بەرێچوون دەبی بۆ هەموو کەس بە رەسمی بناسری ئەوە داخوازی کرێکاران و هەموو دانیشتوانی کۆمەڵە.

1_ کار بۆ هەموان یان بیمەی بێکاری بە ئەندازەی پیویست بۆ بەرێچوون.

2_ چاوەنە سەری حەقدەستەکان بە ئەندازەی پیویست بۆ بەرێچوون.

3_ چاوەدیری هەموو شوینەکانی کار بۆ پێش گرتن بەشیددەتی لە تاقەت بەدری کار و پێش گرتن بە نا ئەمنی.

4_ تەئمینی مەسکەنی مناسب بۆ هەموان لە شار و دێهات.

5_ دانانی دەرمانگا و ئیمکاناتی بیهداشتی و پزشکی لە قەدەر پیویست بۆ هەموو دانیشتوانی ولات لە شار و دی.

6_ هەڵگرتنی نائەمنی کۆمەلایەتی و سیاسی لەسەر ژیانی خەڵك.

7_ دابین کردنی ئیمکاناتی تەفریحی و وەرزش بۆ بەهرەمەندی لە لەش ساغی بۆ هەموو دانیشتوان.

ئەوانە هەموویان وەزیغەی مسوگەری هەر دەوڵەتیکە کە هەموو سەروەت و ئیمکاناتی کۆمەڵی گرتوەتە ژێر کۆنترولی خۆی دانیشتوانی کۆمەڵ دەبی لە حاسڵی کار و زەحمەتی خۆیان ئەم ئیمکاناتەیان بۆدابین بکرێ.

جمهووری ئیسلامی و ئازادی ژنان

ئەمڕۆ لە دنیا رژیمی جمهووری ئیسلامی وەکوو دوژمنیکی سەرسەختی مافێ ژنان ناسراوە.

ئەگەر نابەرابەری و ستەم لەسەر ژنان لەگەڵ رەنج و بی بەشی چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تیکەلاوە، ئەم ستەمگەریە لە ئێرانی ژیر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دا، بە یارمەتی یاسای کۆن و تعصباتی کویر زۆر وەحشیانە تر لە هەر شوێنیکی تر بەرێوە دەچێ.

ئەم رژیمە بە یارمەتی دام و دەزگای سەرکوت و یارمەتی کۆنەپەرستانی ناوخۆیی هەولی داوە ئەم سیاسەتەی خۆی بەسەر ژنانی کوردستاندا بسەپینی، ئەم کۆنەپەرستانە هەموو رۆژێک لە دەزگا تەبلیغاتییەکانیانەوە ریاکارانە قسە لە بەشداری ژنان لە ئیش و کاری کۆمەڵدا دەکەن بەڵام بە کردەوە بە پیچەوانەی قسەکانیان عەمەل دەکەن و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو ژنانی ئێران ئەم هەموو بی حورمەتییەی کە رژیمی ئیسلامی دەرحەق خەباتی شیلگیری خۆیان لە دژی دام و دەزگا و رەسم و یاسا و داب و نەریتی کۆن و ارتجاعی ئەم رژیمە، سەرەنجام رزگاری خۆیان مسوگەر دەکەن.

ئەمرۆکە سەر بە هەر مەدرەسە و دەبیرستانیکی بە تایبەت کچان دا بکەی، ئەو پەری بی حورمەتی و تەوهین بە شەخسییەت و بە کەرامەتی ژنان دەکەویتە بەرچاوت، ئەم چەند خالەی خوارەوە بەشێکە لە دستورالعملیک کە لە لایەن ئاموزش و پەروەرش و وەزارەتی ئیرشادەوە بە مەدرەسەکانی راهنمایی و دەبیرستانی کچان راگەیەندراوە و ناچاریان دەکەن کە پەیرەوی لێ بکەن.

1- هیچ کچیک جگە لە مانتوی سورمەیی حەقی نیە هیچ رەنگیکی تر لەبەرکات.

2- هیچ کچیک جگە لە مەقنەعەی چانەدار حەقی لەسەر کردنی مەقنەعەی تری نیە.

3- هیچ کچیک جگە لە گورەوی رەش حەقی لە پی کردنی کورەوی تری نیە دەبی هەموو رەنگی رەش لە پی کەن.

4- هیچ کچیک حەقی لە پی کردنی کەوشی پاژنە بەرز و رەنگی نیە، کەوشەکان دبی پاژنەکەیان تەخت بی و رەنگەکەشیان رەش بێت.

5- نابی هیچ کچیک کلیپس یان شانە بدا لە مووی سەری، تەنانەت لە ژیر مەقنەعەکەشیەوە.

6- مووی سەری هیچ کچیک نابی بە قەدەر یەک سەرە دەرزی بە دەرەوە بێت.

7- هینانی هەر جۆرە عەکس و گۆڤار و بلاو کراوە بۆ مەدرەسە قەدەغەیە.

8- هینانی هەر جۆرە نەوار و فیلم و کتیبی غەیرە دەرسی بۆ مەدرەسە قەدەغەیە.

9- قەدەم لیدان و وەستانی بە کۆمەڵ دەبێتە هۆی غەیبەت کردن و پشت سەر قسە کردن و دەبی لە لایەن رەئیسی مەدرەسەیان بەڕێوەبەری کاروباری تەربیەتی مەدرەسەوە بلاوەیان پی بکری.

10- هیچ کچیک حەقی قسە کردن و یان ئیشارە کردنی لەگەڵ دوستی کوری نیە، تەنانەت لە دەورەوەی مەدرەسە.

ئەم نموونانە و هەزاران نموونە و شیوەی تر کە رۆژانە دەست و پیوەندەکانی رژیمی جمهووری ئیسلامی دەرحەق بە ژنان و کچانی ئازادە و شەرافەتمەند لە ئێراندا بەرێوەی دەبەن هەر رۆژە رواڵەتی دزیوی ئەم کۆنەپەرستانە ئاشکراتر دەکات و شەپۆلی نەفرەت و بیزاری و تووڕەیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەرینتر دەکا.

ژنان لە هەموو مەیدانیکی ژیانی کۆمەڵایەتی دا، لە مەیدانی بەرهەم هێنان، خانەوادە و لە هەموو مەیدانیکی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دا لەگەڵ پیاو مافێ یەکسانیان هەیە کویلەتی ژنان لە ژیر دەسەلاتی رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئێراندا دەبی کۆتایی پی بی.

بۆ یادی هاوری دوکتور جەعفەر شەفیعی

رۆژی 7ی خەزەلوەری 1372، ڕێکەوتی 29ی ئۆکتوبەری 1993ی زایینی شەشەمین ساڵڕۆژی گیانبەخت کردنی هاوری و رابەری خۆشەویستمان، دوکتور جەعفەری شەفیعییە.

ئەو رۆژە، بۆ رێزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وە بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان کە هیوای رزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوەیان لە دلدایە، وەبیر هێنانەوەی خەساریکی گەورەیە چونکە لە دنیایەکی پر لە نابەرابەری و مەینەت و هەژاری دا.

لە دنیایەکدا کە پرە لە کوشتار و شکەنجە و تەحقیر،

دوکتور جەعفەر موژدە بەخشی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و تیکۆشەری نەسرەوتووی ئەو رێگایە، هیوایەکی گەورە بوو، بەرەو دنیایەکی رووناک و پر لە بەختەوەری دنیای وەدیهێنەری هەموو ئامانجە بەرزەکانی ئینسان یانی دنیای سوسیالیزم و حکوومەتی کرێکاری.

رۆژێک کە:

دنیا چما ئاسمانیکی شینی شینی مانگی کۆلان

تابلویەکی شکۆداری ئازادی بی!

ئەمە، ئەو ئاوات و ئارەزووە هەرە پیرۆزە بوو کە رابەرانی گەورەی وەک کاک فوئادی مصتفی سلتانی، کاک حەمە حوسینی کەریمی، کاک خانەی موعینی، دووکتور عفەری شەفیعی و کاک صدیق کمانگر، بۆ وەدی هێنانی، کۆمەڵەیان کردە سەنگەر.

کەسانیک کە هەر لە یەکەمین هەنگاوەکانی خۆیاندا، رزگاری بی بەشان و زیر دەستانیان کردە قیبلەی خۆیان و نەک هەر لە سەنگەری شەری شۆڕشگێرانەدا، بەڵکوو لە کار و ژیانی ئاسایی و رۆژانەشا، لە کارگا و مەزرا، هاودەمی خەڵکی زەحمەتکێش بوون و هاوبەشی سفرەی بی رەونەق و هەژارانەیان بوون.

بژی یادی هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی خۆشەویست

(پاشماوەی)ئەمنیەتی شوینی کار و.....

– پوول خەرج کردن بۆ بردنە سەری رادەی ئەمنییەتی شوێنی کار... یان

–قەبوولی زەر و زیانیک کە بە هۆی ریعایەت نەکردنی پیویستییەکانی ئەمنییەتی روو ئەدەن.

ئاشکرایە کە بە پیی ئەو لیکدانەوەیەی وا لەم سمینارەش دا کراوە، سەرمایەدارانی ئێران حیسابیان کردوە، ئەوەی دووەمیان کەم خەرج تر و ئەگەر بە هۆی ئەو هەڵبژاردنەی ئەوانەوە سالانە هەزاران کرێکار ئەندامی لەشیان لە دەست دەدەن و بۆ هەمیشە خانەنشین دەبن، جێگەی نێگەرانی نێە چونکە ئەو رێگایە بۆ بەهێز کردنی ئابووری ولات کارێگەرترە!

لە حیسابی ئەوان دا گیانی کرێکار و سەلامەتی کرێکار یان معمولا خەرجیکی تایبەتی ناخاتە سەر شانیان، یان ئەگەر دەواو دەرمان و عیلاجیکی هاکەزایشی پیویست بی هەر ئەوە هەرزان تر تەواو دەبی لە خەرج کردنی سەرمایە بۆ دامەزراندنی سیستمی ئەمنییەتی.

وە پسپۆرانی زانستگای فیردەوسی لە مەشهەد یان بە عەمد خۆیان لەو راستییە دەبوورن یان تووشی خۆشباوەری رووناکبیرانە بوون.

(پاشماوەی)نەفرەت لە رەگەزپەرەستی

تازە توزیک باشتر ببوومەوە کە ئاگادار بووین کارخانەیەکی پارچە دروون لە شاری موان لە ئالمان کرێکاری ژن استخدام دەکات، بەهیە لەگەڵ کۆمەڵیک ژنی تر بۆ کار کردن لەو کارخانەیە چوون بۆ ئالمان لەوی بە سەختی و کار بکەین و ئێمەش هاتین و کارمان کرد من و بەهیە، هەردووکمان کارمان دەکرد بەهیە لە بەرەبەیانییەوە هەتا درەنگ وەخت، هەر کاری دەکرد و کاری دەکرد بیست سالّی تەواو... ئەوەش چارەنووسی بوو.

هەمیشە، ئەو شەوە ترسناکە لەگەڵمە هەتا رێگام دەکەویتەوە خەیابانی موان و ماڵە سووتاوەکەمان دەبینم رووداوەکانی ئەو شەوە سامناکە لەبەرچاوم زیندوو دەبنەوە، وەبیر ئەو لەحزەیە دەکەومەوە کە بەهیە دەرگای لە وەتاغە خەوەکەی کردەوە و دووکەل هیرشی هێنا بەرەو دیوەکەمان و بەهیە هاواری کرد: منداڵەکان، دەبی منداڵەکان بینین! وە خۆی خستە ناو بلیسەی ئاوەرەکە، ئاور رووی کردە وەتاغەکەی ئێمەش و رێگای راهرەو لە من بەسترا و منیش خۆم لە پەنجەرەوە فری دا دەری بەهیە چوو بووە ناو ئاورەکەوە و برایم کورە چکولەکەمانی لە پەتوویەکەوە پیچا بوو و هێنا بوویە ئاشپەزخانەکە و دووبارە گەرابووەوە بۆ ناو جەرگەی ئاوەرەکە برایم نەجاتی بوو بەهیە کە هەولەکانی بۆ نەجاتی ئایشی و بلیز بی سەمەر دەمینی، بە ناهومیدی لە پی دەکەوی و لە راهرەوی ماڵەکە دا دەسووتی شەوانە هەمیشە خەونی گری ئاور و دەنگی ماشینی ئاگر کوژاندنەوە دەبینم و قەت ئەو سەحنەیە لەبەر چاوم وون نابی کە چون ئاور و دووکەل بەهیەی هاوسەرمیان لی شاردمەوە زۆر وەخەبەر دیم و بە دەنگی بەرز بانگی دەکەم:

تا ئێستا بارەها و بارەها چوومەوە بۆ سەر ماڵە سووتاوەکەمان و لە ناو کەل و پەلی سووتاوی رەش هەڵگەراو دا بە شوین ئەو شتانەوەم کە هی بەهیە بوون هەرچەند سووتا بن و رەنگ و رووبان نەمابی، ئەمانە ئازیزترین سەروەتی منن.

نازانم! بۆچی بەهیە و ئەو دوو منداڵە نازاداره مردن؟ هەر لەبەر ئەوەی کە تورک بوون؟ خۆ خۆیان ئێمەیان هێنا بۆ ئیرە، بۆ کار کردن لە ئالمان ئێمە لیرە میوانیان بووین و کارمان دەکرد خۆ بۆ ئێمە میوان نەوازی مانایەیک تری هەیە بەهیە و منداڵەکانی من مەرگەر چیان بوو؟ ئەو مەعسوومانەیان لە شەویکی تاریک دا سووتاند بۆ ئەوەی سیاسەتیکی غەیرە ئینسانی بەرێوە بەرن...".

بە شارەتی هەرەشە لە خەڵکی کوردستان دەکا

رۆژی 22ی مانگی میهر بەشارەتی وەزیری ناوخۆ لە شاری سنە رایگەیاند کە جمهووری ئیسلامی بەم زووانە لە سەر لە نۆی ئەمنییەت لە کوردستان بەرقەرار دەکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە هێزیکی تایبەت پێک هاتووە و خەریکە دەست بە کار دەبێت و وتی کە بەم زووانە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی تورکیەش لە تاران لەسەر چونیەتی پاراستنی ئەمنییەتی سنوورەکان وت وویژیان دەبێت. بەشارەتی لەدرێژەی قسەکانیدا، بە شێوەیەکی ناشیانە باسی ئەمنییەتی کوردستانی تیکەلاوی مەسەلەی قاچاخی مەوادی موخەدیر کرد و هەرەشەیەکیش لە قاچاخچییەکانی تیکەلاوی هەرەشە لە خەڵکی تیکۆشەر و خەباتکاری کوردستان کرد.

ئەمە یەکەم جار نێە کە بەرێوەبەرانی جمهووری ئیسلامی وەعدەی لە ناوبردنی خەباتی شۆڕشگێرانە لە کوردستان لە ژیر ناوی دامەزراندنەوەی ئەمنییەت، بە خۆیان دەدەن و گۆیا هێزی نایبەتی بۆ پێک دێنن بۆیە لەو بابەتەوە قسەکانی بەشارەتی بۆ خەڵکی کوردستان شتیکی تازەی تێدا نێە و دووپات بوونەوەی هەر ئەو خەونەیە کە بەرێوەیەرانی جمهووری ئیسلامی گەلیک جار دیتووینە، بەڵام لە هەمان کات دا بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی کوردستان، چ لە ئێران و چ لە باقی ولاتانی تر دا رووداوەکانیان لە رێگای دەزگا تەبلیغاتییەکانی رژیمەوە تەعقیب کردووە و بی دەنگی راگەیەنەرە کشتیەکانی دونیاشیان لەسەر ژیان و خەباتی گەلّی کورد لە کوردستانی ئێران، بە حیسابی دامرکانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانی ئێران داناوە، ئەو قسانە ددان پی دانانیکی سەرنج راکێشە.

ئەوە یەکێک لە بەرێوەبەرانی جمهووری ئیسلامیە کە بە رەسمی دوای چوارده سالّ لە هاتنە سەر کاری ئەو رژیمە، بەڵێنی ئەوە بە خۆیان دەدات کە بۆ دامەزراندنەوەی "ئەمنییەت" هێزەیکی تایبەتیان بۆ پێک هێناوە، ئەوە سەلماندنی ئاشکرای ئەو راستییەیە لە زمانی دوژمنەوە کە خەباتی شۆڕشگێرانە تا ئێستاش مەجالی سەقام گیر بوونی بە حکوومەتی ئیسلامی لە کوردستان نەداوە.

دەنگۆی پێک هاتنی هێزی تایبەتیش کە لە زمانی بەشارەتییەوە بلاو دەبێتەوە بەشێکە لە شەرێکی رەوانی کە رژیم لەگەڵ خەڵکی تیکۆشەری کوردستانی دەکات ئەگینا بە درێژایی 14 ساڵی رابوردوو نەک "هیزیکی تایبەتی" بەڵکوو هەموو ئیمکاناتی نیزامی، هەموو دەزگاکانی جاسووسی و هەموو دام و دەزگای فریو و پیلان گیری و...ی جمهووری ئیسلامی بۆ خاموش کردنی بلیسەی ئاوری ئەو خەباتە لە کار دا بوە کە تازە ئەمرۆکە، دوای چواردە ساڵ، بەشارەتی جارێکی دیکە بەڵینی لە ناو بردنی دەدات!، کەوایە هەرەشەی پێک هێنانی هێزی تایبەتیش هەر مایەی گالتە جاری خەڵکە و نە شتیکی تر.

بەڵام ئەمنییەتی خەڵکی کوردستان هەمیشە لەلایەن بە سەدان هەزار هێزی چەکدار و بە هەزاران بنکە و پایگای نیزامی و بە دەیان دەزگای جوار و جۆری جاسووسی و زیندان و ئەشکەنجە، لە مەترسی دا بووە و ئەمرۆکە تەنیا رێگای بەرقەرار بوونی ئەمنییەت ئەوەیە کە ئەم دام و دەزگا پان و بەرێنەی سەرکوتگەری و خەفە کردنی ئازادیە، کوردستان بە جێبیلی و ئیمکانی ئەوە فەراهەم بی کە خەڵی حەقخواز و ستەم لێکراو، بە ئازادی چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن.

بەڵام ئەگەر هەرەشەی بەشارەتی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران قسەیەکی تازە نێە و پێک هێنانی ئەو بە ناوی هێزی تایبەتییەش درێژەی هەر ئەو کارەیە کە تا ئێستا کردوویەتی، بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق لەو ماوەیە دا بە مانای سیاسەتیکی تازەی دژ بە خەڵکی ستەم دیدە بووە، دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی نەک هەر ئەمنییەتی لە خەڵکی کوردستانی ئێران هەڵگرتوە بەڵکوو دەستی تاوانباری بۆ هەڵگرتنی ئەمنییەت لە خەڵکی کوردستانی عێراقیش درێژ کردوە. رێکخستنی رایەڵەی جاسووسی و ناردنی بنی ئادەم کۆژەکانی بۆ عێراق، تەقاندنەوەی بۆمب و مین دانان لەسەر رێگا و بانەکان، تیرور و بنی ئادەم رفاندن و سەرەنجام لەشکر کیشی بۆ سەر سنوورەکان و ویران کردنی ئاسەواری ژیان و ئاوەدانی لەو ناوچانە و سووتاندنی بەرهەم و حاسڵی دەست رەنجی خەڵکی زەحمەتکێش، مووشەک بارنی قوولایی خاکی کوردستان و بەم جۆرە پەرە پیدانی مەیدانی دەست درێژییەکان، ئەمانە دیاردەی ئەو سیاسەتە تایبەتییەن کە جمهووری ئیسلامی گرتوویەتە بە بەر و بەشارەتی خۆیان لێ گێل دەکات.

بەڵام وەلامی خەڵکی تیکۆشەری کوردستانی عێراق، هەر وەکوو چون لە کوردستانی ئێران لە بەرانبەر ئەم پیلان گیری و دەست درێژییە راوەستان بووە نەفرەت لە حکوومەتی ئیسلامی.

گوزارشـــــێك لـــــە جەولـــــەی پێشـــمەرگەکانی کۆمەڵـــەلـــە ناوچـــەی بانە و سەرشیوی سەقز

– جادەی بانە... مەیوان رۆژی 30ی رەزبەر کەوتە ژێر کۆنترولی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

– تاوانباری نێو زراو حاجی محمـدی صـفری بـە سـزای جینایەتکاریـیـەکانی خـــۆی گەیشت

– پوستی بازرەسی شاری بانە و هەنگی ژاندارمری و 3 پایگای پاراستنیان کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگەی کۆمەڵە

– جادەی بانـە... سـەقز رۆژی 3ی خـەزلوەر بـە درێـژایی 5 کیلـومیتر کەوتـە ژێـر کـۆنترولی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

واحیـدیك لـە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی بەرێوەبردنی چەند کاری تەشکیلاتی و چالاکی نیزامی لە دژی هێزەکانی رژیم و، دیـدار و گفـت و گـۆ لەگـەڵ زەحمەتکێشـانی ناوچـەکە، لـە نێوەی دووهەمی مانگی رەزبەرەوە هـەتا سـەرەتاکانی مـانگی خەزەلوەر جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی سەرکەوتوانەیان بە ئەنجام گەیاند.

هاورییانی پێشمەرگەی کۆمەڵە ویرای چەند عەمەلیاتی نیزامی و زەربەدان لە هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیـم، لـە ژمارەیـەکی زۆر لـە ئاوایـیـەکانی میحـوەری جـادەی بانە _ سەقز و سەرشیوی سەقز، تراکـت و نەشـرییەی حیزبیـیـان بڵاوکـردەوە و لـە کـۆر و کۆمـەڵی جۆراوجـــۆردا لەگـــەڵ زەحمەتکێشـانی ناوچـەکە کۆبوونـەوە لـەو کۆبوونەوانـەدا ، خـەڵکی زەحمـەتکێش ویـرای شـادی و خوشـحالی خۆیـان لـە حـوزوور و چـالاکیـەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە و دەربـڕینی ئامـادەیی بـۆ پشـتیوانی هەمـە لایەنـە لـە فەعالییـەتی ئـەو هێـزە، باسـی ئـەو فـەزا شۆرشـگێرانە و ئیعتیرازیـیـەیان کـرد کـە لـە نێـو کۆمـــەڵانی بـــەرینی خـــەڵکی دەســـتەنگ و زۆرلیکـــراوی کوردسـتاندا وجـوددی هەیـە، زەحمەتکێشـانی ئـەو ناوچـانە سەبارەت بە فشار و سەرکوتگەری هێزەکـانی رژیـم و چـونیەتی بـــەرەنگار بوونـــەوە لەگـــەڵی گیروگرفتەکانی سەبارەت بە ژیان و بەرێچـنیان لەوانـە گرانـی و بێکـاری و دەسـتەنگی قسـە و راویـــژیان لەگـــەڵ هاورییـــانی پێشـمەرگە کۆمەڵـە کـرد لـەم بابەتـەوە هاورییانی پێشمەرگەی وەزعـی ئێسـتای سیاسـی و ئـابووری ئێـران و کوردسـتان و جەوهـەری سیاسـەتەکانی رژیمـی ئیسلامیـیان، لـە نزیکـەوە لەگـەڵ خـەڵکی زەحمـەتکێش دایـە بـەر لیکولینـەوە.

پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە لـە جـەریانی جەولـەی خۆیانـدا هەروەها اختاریان بە ژمارەیەك لە جاسووسان و هاوکارانی رژیم دا کـە دەسـت لـە نوکـەری رژیـم و دوژمنایـەتی لەگـەڵ شۆڕشـی کرێکـاران و زەحمەتکێشـان هەلگرن و چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسـی رژیمـی ئیسـلامی گری نەدەن کە سەرەنجام دەکەونە بەردەسـتی عەدالـەتخوازی زەحمەتکێشانی کوردستان

هـەوالی کـۆژرانی تـاوانبـاریکی نیـوزراوی ناوچـە بانـە بەدەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

سەعات یەك و بیست و پینج دەقیقـەی رۆژی جومعـە 30ی مـانگی رەزبـەر، واحیـدیك لـە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە نفووزیان کردە ناو شاری بانە و یەکێك لە جینایـەتکارترین مورەکـانی رژیمیان لەو شارە بە سزای خۆی گەیاند.

حاجی محمدی سەفەری کە لەم رۆژە دابە تاوانی 14سالْ دەست دریـژی بـۆ سـەر گیـان و مـال و ئەمنییەتی خەڵکی ناوچەی بانە، بە دەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کـۆژرا، لـە دەزگـای سـپای پاسـدارانی بانـە دا دەرەجـەی سـتوان یەکـەمی پیـدرابوو. مـاوەیکی کـورت دوای ئـەو عەمەلیاتـەی پێشـمەرگەکانی کۆمەڵە رژیم ئامادەباشی بە هەموو هێزەکانی دا و بۆ ماوەی سی رۆژ شاری بانە و جادەکانی دەرەوەی شاری گرتە ژێر کۆنترول بە هەموو ئەوانە پێشمەرگەکان بە بی زیان خـەزەلوەر، چـەند واحیـد لـە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە لـە 12 کیلومیتری شاری بانە، 5 کیلومتر لە جادەی بانە –سەقزیان هێنایە ژێر کۆنترولی خۆیان و هاوکات لە بەرزاییـیـەکانی ئـەو ناوچـەیەش جـێگیر بـوون، ژمارەیـەك لـە هاورییان لەسەر جادەکە بۆ ماوەی 3 سـەعات هـات و چـوی هـەموو ماشـینەکانی ئـەو جادەیـان کۆنترول کرد وبەم جۆرە نزیکەی 600کـەس لـە خـەڵکی شـار و ئاوایـیـە جۆراوجۆرەکـانی کوردستان و ئازەربایجان و چەند شاری تری ئێران کە لە حالی هات وچـو بـەو جادەیـە دا بـوون لـە دەوری هاورییـــانی ئێمـــە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی گەرم و پر لە هەستی شۆڕشگێرانەدا خەڵکی و پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە دیـدار و گفـت و گۆیـان کـرد لـەم کۆبوونەوەیـــەدا کـــە وەك مەراسمیکی شکودار بەرێوە چوو هاورییـانی پێشـمەرگە و خـەڵك لەسـەر زۆر مەسـەلە و رووداوی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی قسـە و باسـیان کـرد و سـەبارەت بـە گیروگرفتـــە ئـــابووری و کۆمەڵایەتیـیـەکانی ژیـانی خـەڵکی زەحمەتکێش راوێژیان کرد، خـەڵك بـە بۆنـەی زنجیرە عەمـەلیاتی ئـەم دوایـیـەی واحیـدەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە دەسـت خۆشـانەیان لیـدەکردن و هـەر زانیاریـیـەکیان سـەبارەت بـە هاوکـاران و دەسـت پیوەنـدەکانی دەزگـا جاسووسـیـەکانی رژیـم هەبوو بە هاورییانی پێشمەرگەیان رادەگەیاند.

لە کاتی کۆنترولی جادەکەدا 3 سـەباز– پاسـدار ناسـرانەوە و دەســـگیر کـــران کـــە دوای لیکولینـەوەی پیویست، بـە پێـی سیاسـەتی کۆمەڵـە سـەبارەت بـە دیلەکانی مەیدانی شەر، لە لایـەن پێشمەرگەکانەوە ئازاد کران.

شـایانی باسـە کـە هێزەکـانی رژیـم لـە حـوزوور و کـەمینی پێشـــمەرگەکانی کۆمەڵـــە و کۆبوونـەوەی خەڵکەکـە ئاگـادار بوون بەڵام تا کۆتایی کەمینەکە، نـەیانتوانی جـم و جوولیـك لـە خۆیـان نیشـان بـدەن پـاش 3 سـەعات کـۆنترولی جادەی بانـە – سەقز هاورییانی پێشمەرگە لە نێو هەسـتی گـەرم و شۆڕشـگێرانەی خەڵکـدا مالاوایـیـان لیکـردن و درێـــژەیان بـــە گەشـــت و مەئموورییەتی خۆیان دا.

ئەم چالاکیـەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە حاڵیکدا بوو کە رژیم لە شـاری بانـە و هـەموو بنکـە و میحوەرەکانی ئەو ناوچەیە ئامادە باشی تەواوی بە هێزەکانی خۆی دابوو.

ئیـوارەی رۆژی 2ی خـەزەلور چـەند واحید لـە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ زەربەردان لە هێزەکانی رژیم لە شاری بانە بەرەو پوستی بازرەسی شار و هەنگی ژاندارمری و 3 بنکەی پاراستنی ئەو هەنگە، وەری کـــەوتن هاورییـــانی پێشـمەرگە سـەعات 8ی شـەو لـە چـەند شـوینی زال بەسـەر ئـەو بنکانـە دا دامـەزران و هاوکـات لـە چـەند لاوە بـە چـەکی قـورس و سـووك ئـاگر بارانیـان کـردن و لـە پـەلامارێکی جەسـووراندا نێـو سـەعاتەدا هێزەکـانی رژیمیـان لـە هەموو ئەو بنکانە تاساند.

لـــەم عەمەلیاتـــە دا ویـــرای خەسارەتیکی زۆر کە لە ماشین و بنکەکانی هێزەکانی رژیم کەوت بە پێی هەوال زیانی گیانیی دوژمن 8 کوژراو و بریندار بووە.

دوای ئـــەوە هاورییـــانی پێشمەرگە بە سلامەتی لەو شوینە دوور کەوتنـەوە هێزەکـانی رژیـم دەسـتیان کـرد بـە تـوپ بـاران و گوللـە بـارانی ئاوەدانیـیـەکانی دەور و بـەری خۆیـان و بـۆ مـاوەی چەند سەعات کویرانە ئەو ناوەیان کۆتا.

*

ئێـوارەی رۆژی دووشـەممە 3ی خۆیـان گەیانـدەوە شـوینی دیاریکراو.

ماوەی چەند هەفتەیە کە رژیم خەڵکی شاری بانەی خستووەتە ژێـر زەخـت و فشـاری زۆرەوە و بەکۆنترولی دایمی و دامەزراندنی زۆرتـری هێـزی پاسداران لـە نـاو شـار و دەور و بـەری شـار، ئەمنییەت و ئاسایشی لە خەڵکی ئـەو شـارە بـە تـەواوی هـەڵگرتوە، عەمەلیاتی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە وەهـا وەزعیکـدا جـاریکی تـر بـی سـەمەر بـوونی ئـەم جـۆرە حەرەکەتانـەی بـۆ پـێش گـرتن بـە خەباتیکی شۆڕشگێرانە کە پشتی بـە کۆمـەڵانی خـەڵکی بەسـتوە، نیشان دا.

حـاجی محمـدی سـەفەری کـە رۆژی جومعـــە دەســـتی عەدالـــەتخوازی زەحمەتکێشانی کوردستان تولەی سالْەها تاوان و جینایـەتی لـێ کـردەوە، لـە دەیـان دەرگیری و شەر لەگەڵ هێزەکانی

گوزارشـــێك لـــە جەولـــەی پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـــە لـــە ناوچەی مەریوان

پەلامار بۆ سەر بنکەیەکی هێزەکانی رژیم

ماوەیکـە پایگـای هێزەکـانی رژیم لە ئاوایی "نەنە" لە ناوچەی مـەریوان، بووەتـە شـوینی جێگیر بـوونی گرووهـی زەربـەت و ئـەم جینایەتکارانـە بـەردەوام دەچنـە ئاوایـیـەکانی دەوروبەر و هەرەشە لـە خـەڵك دەکـەن و لییـان دەدەن و ژیانیان لێ تال کردوون.

شـەوی 11ی رەزبـەر واحیـدیك لـە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە بـە مەبەسـتی زەربـەدان لـە هێزەکـانی رژیم لە ئاوای "نەنە" چوونە سەر ئـەو بنکەیـە و لـە چـەند لاوە بـە چـەکی نێـوە قـورس و سـووك کـۆبوونەوەی ئـەو ناوچـەیەش جـێگیر بـوون، ژمارەیـەك لـە هاورییان لەسەر جادەکە بۆ ماوەی 3 سـەعات هـات و چـوی هـەموو ماشـینەکانی ئـەو جادەیـان کۆنترول کرد وبەم جۆرە نزیکەی 600کـەس لـە خـەڵکی شـار و ئاوایـیـە جۆراوجۆرەکـانی کوردستان و ئازەربایجان و چەند شاری تری ئێران کە لە حالی هات وچـو بـەو جادەیـە دا بـوون لـە دەوری هاورییـــانی ئێمـــە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی گەرم و پر لە هەستی شۆڕشگێرانەدا خەڵکی و پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە دیـدار و گفـت و گۆیـان کـرد لـەم کۆبوونەوەیـــەدا کـــە وەك مەراسمیکی شکودار بەرێوە چوو هاورییـانی پێشـمەرگە و خـەڵك لەسـەر زۆر مەسـەلە و رووداوی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی قسـە و باسـیان کـرد و سـەبارەت بـە گیروگرفتـــە ئـــابووری و کۆمەڵایەتیـیـەکانی ژیـانی خـەڵکی زەحمەتکێش راوێژیان کرد، خـەڵك بـە بۆنـەی زنجیرە عەمـەلیاتی ئـەم دوایـیـەی واحیـدەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە دەسـت خۆشـانەیان لیـدەکردن و هـەر زانیاریـیـەکیان سـەبارەت بـە هاوکـاران و دەسـت پیوەنـدەکانی دەزگـا جاسووسـیـەکانی رژیـم هەبوو بە هاورییانی پێشمەرگەیان رادەگەیاند.

لە کاتی کۆنترولی جادەکەدا 3 سـەباز– پاسـدار ناسـرانەوە و دەســـگیر کـــران کـــە دوای لیکولینـەوەی پیویست، بـە پێـی سیاسـەتی کۆمەڵـە سـەبارەت بـە دیلەکانی مەیدانی شەر، لە لایـەن پێشمەرگەکانەوە ئازاد کران.

شـایانی باسـە کـە هێزەکـانی رژیـم لـە حـوزوور و کـەمینی پێشـــمەرگەکانی کۆمەڵـــە و کۆبوونـەوەی خەڵکەکـە ئاگـادار بوون بەڵام تا کۆتایی کەمینەکە، نـەیانتوانی جـم و جوولیـك لـە خۆیـان نیشـان بـدەن پـاش 3 سـەعات کـۆنترولی جادەی بانـە – سەقز هاورییانی پێشمەرگە لە نێو هەسـتی گـەرم و شۆڕشـگێرانەی خەڵکـدا مالاوایـیـان لیکـردن و درێـــژەیان بـــە گەشـــت و مەئموورییەتی خۆیان دا.

ئەم چالاکیـەی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە حاڵیکدا بوو کە رژیم لە شـاری بانـە و هـەموو بنکـە و میحوەرەکانی ئەو ناوچەیە ئامادە باشی تەواوی بە هێزەکانی خۆی دابوو.

تیك شکاندنی واحیدی گشتی رژیم

ئیـوە شـەوی 14ی رەزبـەر هاورییـانی پێشـمەرگە لـە نزیـك ئاوای "بلکەر" لەگەڵ ژمارەیـەك لە هێزەکانی رژیم تیك هەڵچوون لە ئـــەنجامی پـــەلامارێکی جەســـوورانەی پێشـــمەرگەکاندا دوای بیسـت دەقیقـە شـەر، هێزەکـانی رژیـم تیـك شـکان و هەلاتن.

لـــەم شـــەڕەدا هاورییـــانی پێشـمەرگە هـەموویان سـلامەت بوون لە زیانی دوژمن ئاگادار نێن.

کەمین و کوونترولی جادە

ئیـوارەی رۆژی 13ی رەزبـەر، چـەند واحیـد لـە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە لەسـەر جـادەی سـنە – مـەریوان لـە دەراوی بلکـەر، بـە بەرینایی 2 کیلومیتر کەمینیان بۆ هیزەکانی رژیم دانا و بۆ ماوەی 3 سەعات جادەکەیان کۆنترول کرد.

هیزەکـانی رژیـم هـیچ جـم و جۆلیکیـان لـە خـۆ نیشـان نـەدا، هاورییـانی پێشـمەرگە لەگـەڵ کۆمـەڵیك لـەو موسافیرانە کـە بـەو جادەیـەدا هـات و چـویان دەکـرد دیـــداریان کـــرد و لـــەو کۆبوونەوەیـەدا لەسـەر چـەند مەسـەلەیەکی پەیوەنـدی دار بـە ژیان و خەباتی زەحمەتکێشانەوە راویـژیان کـرد هـەروەها کۆمـەڵیك تراکت و نامیلکەی حیزبیان بڵاو کردەوە.

پـاش 3 سـەعات کـۆنترولی جادەکـە، هاورییـان دریـژەیان بـە مەئموورییەتەکانی تریان دا.

گوزارشیك لە جەولەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی ئالانی سەردەشت

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی ئەنجام دانی چەند مەئموورییەتی تەشکیلاتی چوونە ناوچەی ئالانی سەردەشت و سەریان لە چەند ئاوایی ئەو ناوچەیە دا و لە کۆر و کۆمەڵی جۆراوجۆری خەڵکدا بەشداریان کرد.

خـــەڵکی زەحمەتکێشـــی ئاوایـیـەکانی ئـەو ناوچـەیە بـە گـەرمی پێشوازیان لە هاورییانی پێشمەرگە کرد و لەم دیدارانە دا لەســـەر وەزعییـــەتی ژیـــان گوزەرانیـــان و هـــەروەها لەســـەر سیاسـەتەکانی رژیـم و چـونیەتی بـەردنگار بوونـەوەیان، پێکـەوە راوێژ و قسەیان کرد.

تیك شکاندنی کەمینی هێزەکانی رژیم

شـەوی 3ی مـانگی رەزبـەر، هاورییـانی پێشـمەرگە لـە نزیـك ئـاوایی دەرمانـاوی لـە ناوچـەی سەردەشـت تووشـی کـەمینی هێزەکانی رژیم بوون، هاورییان دەسـت بـەجی لییـان وە دەسـت هـاتن پـاش تەقـە و لیکـدانیکی کـورت، ئـەو کەمینـەیان تیـك شـکاند و هێزەکـانی رژیـم بـە شـپرزی ئـەو شـوینەیان بـەجێ هیشـت، لـە ژمـارەی کـوژرا و بریندار هێزەکانی رژیم ئاگـادار نـێن، هاورییـانی ئێمـە سـلامەت بوون.

پەلامار بۆ سەربنکەیەکی هێزەکانی رژیم

شەوی 5ی مانگی رەزبەر واحیدیك لە هاوریانی پیشمەرگە، پەلاماریان بردە سەر بنکەیەکی هێزەکانی رژیم لە نێوان ئاوایی‌یەکانی دوولکان و مرکاشە و لە هەلمەتکیی جەسووراندا بە چەکی نێوە قورس و سووك ئەو بنکەیان کۆتا.

هێزەکانی رژیم کە توانای وەدەست هاتنیان بۆ نەمابووەوە، نەیانتوانی جم و جوولیك لە خۆیان نیشان بدەن بەلام پاش پەلاماری هاوریانی پێشمەرگە، شوینەکانی دەور و بەری خۆیان دایە بەر کویرە تەقە.

لە زیانی دوژمن ئاگادار نین، هاوریانی ئێمە سلامەت بوون.

گوزارشیك لە جەولەی پێشمەرگەکانی کۆمەلە لە ناوچەکانی کەلاتەرزان،ژاوەرو و کوماسی

واحیدیك لە پێشمەرگەکانی کۆمەلە، لە جەولەیەکدا بۆ ناوچەکانی کلاتەرزان، کۆماسی و ژاوەرو، لە کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا لەگەلّ خەلکی زەحمەتکێشی ئاوایی‌یەکانی ئەو ناوچەیە دیدار و گفت و گۆیان کرد، تەوەری زۆربەی باسەکان، باری ناهەمواری گوزەرانی خەلکی دەستەنگ و زەحمەتکێش بێکاری و نارەزایەتی لە سیاسەت و بەرنامەکانی رژیم بوو.

لەم جەولەیە دا هاوریانی پێشمەرگە اختاریان بە ژمارەیەك لە هاوکاران و دەست و پیوەندەکانی رژیم دا کە دەست لە دوژمنایەتی شۆڕشی خەلکی زەحمەتکێش هەلگرن و خۆیان نەدەنە بەر شەپولی نەفرەتی ئەم خەلکە.

هاوریان، کۆمەلێك گۆڤار و بلاوکراوەی حیزبی‌یان لە دیهاتی ئەو ناوچەیە بلاو کردەوە.

تیك شکاندنی کەمینی هێزەکانی رژیم

شەوی 5شەممە مانگی رەزبەر لەسەر جادەی سنە – مەریوان لە 20 کیلومیتری شاری مەریوان هاوریانی پێشمەرگە تووشی کەمینی هێزەکانی رژیم بوون وە لە پەلاماریکی جەسووراندا کە چارەکە سەعاتیکی خایاند، ئەو کەمینەیان تیك شکاند، لە زیانی هێزەکانی رژیم ئاگادار نین، هاوریانی ئێمە سلامەت بوون.

پەلیکی تر لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگیر چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەلەیان هەلگرت

رۆژی یەکشەممە 23ی خەزەلوەر، کۆمەلێك لە لاوانی شۆڕشگیر، کە دەورەی ئامووزشی سیاسی و نیزامی‌یان لە ئامووزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەلە، سەرکەوتوانە کۆتایی پی هێنا بوو، لە مەراسمیکی گەرم گوردا چەکدا رکران و بە رێزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە پەیوەیست بوون.

لەو مەراسمەدا کە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆ رێز گرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریبازی سوسیالیزم و ئازادی دەستی پیکرد، هاوری عتا محمدامینی یەکێك لە هاوورییانی مەسئولی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی قسەی کرد و پاشان مەراسمەکە بە چەکدارکردنی هاوریانی تازە پێشمەرگە و خویندنەوەی چەند پەیام و پیشکەش کردنی شیعر و سروود درێژەی پیدرا.

وەرزش لە نیوان بازرگانی وعەوامفریوی دا

ماوەیەك لەوەپێش خولی هەلبژاردنی نێمەکانی نوینەری ئاسیا لە جامی جیهانی فوتبال دا بەریوە چوو، میلیونەها کەس چ لە مەیدانە وەرزشی‌یەکان و چ لە رێگەی تلویزیونەوە چاویان لە یاری‌یەکان کردوە و بە شوین دەنگ و باسی ئەنجامەکانی ئەم رووداوە وەرزشی‌یەوە بوون، ئەوە کە رووداویکی وەرزشی بەم بەرینایی‌یە هەستی میلیونەها کەس، بە باری هیوا و نێگەرانی دا دەبزوینی خۆی جێگای سەرنجە، بەلام وەرزش چەند لایەنیکی تریشی هەیە کە باسکردنیان بی کەلّك نێیە.

ئەوە لایەنیکی مەسەلەکەیە کە بەشیکی زۆری کۆمەلّ لە وەرزش دوور راگیراون بەلام لەو جێگایەش کە مەجال و ئیمکانی وەرزش هەیە بە داخەوە زۆر جار وەرزش ناوەروکی راستەقینەی خۆی لی دا داتەکینەری و بە تەواوی شکل و مانایەکی تری پیدەدری یانی مەیدانی وەرزش، کە تییدا دوو کەس یان دوو تیمی وەرزشی بەرانبەر یەکتر دەبنەوە، لە جیاتی ئەوەی ببیتە شانوی نیشاندانی لیهاتوویی‌یەکان و خەللاقییەتەکان و بینەران بە دیتنی توانایی وەرزشکاران گەش ببنەوە، دەبیتە مەیدانی رەقابەتیکی پر لە تووڕەیی و توند و تیژی و رەفتاری دوژمنانە مەیدانی فووتبال دەبیتە مەیدانی شەری سروودەکان و ئالاکان دەبیتە مەیدانی هەلخراندنی ئیحساساتی سەدان هەزار کەس کە بە شیعاری میللی جۆراوجۆر هەرکامە وەرزشکاری سەر بە ولاتیك هان دەدەن دەوراندەوری مەیدانەکان و تەنانەت سەر سنگ و پشتی وەرزشکارەکان دەبیتە تابلوی تەبلیغاتی بۆ ئەو کالا و ئەو کومپانیا و تەنانەت فلانە کاتیك شانسی ئەوە پەیدا دەکەن لە کۆلانەکان و چولگەکانەوە بگویزنەوە بۆ ستادیومیکی وەرزشی، کە توانایی ئەوەیان تیدا بەدی بکری رۆژێ لە رۆژان میدالی ئالتوون بە دیاری بۆ شارەکەیان یان ولاتەکەیان ببننەوە و بە وەدەست هێنانی سەرکەوتنیك و تیك شکاندنی "رەقیب" یك ببنە هۆی هەلکرانی ئالای ولات و بلاوبوونەوەی سروودی میللی لە ستادیومیکی چەند سەد هەزار کەسی دا، بەم جۆرە وەرزش دەکریتە حیرفە و پیشەی چەند کەسی هەلبژاردە کە لە خزمەت کۆمەلێك مەبەست و ئامانجی دیکە دا – کە هیچ پەیوەندیکیان بە وەرزشەوە نێیە – کەلکیان لی وەربگیری.

بەلام پیویستە هەموان، هەموو دانیشتوانی کۆمەلّ مەجال و ئیمکانی ئەوەیان بۆ فەراهەم بکری کە بۆ گەشە پیدان و خەملاندنی توانایی‌یەکانی لەشیان و پەروەردە کردنی لیهاتوویی‌یەکان و خەللاقییەتەکانیان، وەرزش بکەن لەش ساغی، پیویستی و مافیکی هەموو دانیشتوانی کۆمەلّە و وەرزش یەکیك لە مەرجەکانی بەهرەمەندی لە لەش ساغی‌یە پیویستە دەولّەت لە هەموو مەدرەسەکان دا و خویندنگاکان، لە هەموو گەرەکەکانی شارەکان و تەنانەت لە دیهات ئیمکاناتی وەرزشی بۆ بەهرەمەندیی هەموان دابین بکا.

(2)

وەرزش لە خزمەت بە رژەوەندی دیکەدا

حکوومەت لیهاتوویی هەر وەرزشکاریك لە مەیدانی وەرزشدا بە خیرایی بە پارە هەلّدەسەنگیندری و هەر لە عەینی یاری‌یەکانەدا کۆمپانی‌یەکی وەرزشی‌یەکان لەسەر کرین و فرۆشتنی وەرزشکارەکان معامەلە دەکەن تەنانەت جاری وایە چارەنووس و ئەنجامی یاری‌یەکە، لە دەرەوەی مەیدانی وەرزش و بە پیی کۆمەلّیك مەسەلەحەتی سیاسی یان بازرگانی دیاری دەکری لە وەها فەزایەکدایە کە وەرزشکار خۆی لەگەلّ سەربازی مەیدانی شەر لی دەگوری و بۆ نموونە ئەو شوپیپوورەی لەگەلّ بە سەرمەر گەیشتنی هەر گولیك لیدەردری، دەلیی لە جیاتی راگەیاندنی توانایی‌یەکی وەرزشی سەرکەوتنی ولاتیك رادەگەیەنی یان هەر جاریك کە توپیك دەروازەی تیمیك دەکاتەوە دەلیی سنووری ولاتیك شکاوە و توپی پیوە نراوە لە بەشی وەرزشی دا وەك کەس –یاری نیوان دوو لایەن لە خەلاتی چەند میلیون دوولار وەك شەری گلادیاتورەکانی رومی قەدیمی لی دی و لە نێو شەپولی ئیحساساتی هەلخریندراوی نەمابی بۆ رەقابەت و دوژمنایەتی نیوان ئینسان تەنیا کاتیك کە ئینسان لە قەیدی هەموو پەیوەندیکی زالمانەی ئابووری و سیاسی رزگار بووبی و لە چنگ هەموو کیشەیەکی نەژادی و میللی و مەزهەبی و جنسی رەها بووبی وەرزش یش مانا و جێگای راستەقینەی خۆی دەدوزیتەوە، تەنیا ئەو کاتەیە کە توانایی و هێزی ئینسانەکان خرید و فرۆش ناکری و هاواری پر لە تووڕەیی و غەزەبی بژی و بمری ئەم ولات و ئەو ولات لە مەیدانەکاندا نامینی تەنیا ئەو کاتەیە کە شەر لەسەر ئەوە کە کام ولات میواندارى لە جامی جیهانی فلانە وەرزش بکا کە سەدان میلیون دولار قازانجی لی بکا و هاوکات بەهرەی سیاسی‌شی لی وەربگری ئێتر جیگایەکی بۆ نامینیتەوە ئەمە تەنیا کاتیك ئیمکانی هەیە کە هەموان لە نیعمەتی بەرابەری بەهرەمەند بن و هەر ئینسانیك جیاواز لەوەی خەلکی کام قوژبنی دنیایە، رەنگی پیستی چونە پاسپورتی کام ولاتی پی‌یە و حکوومەتی ولاتەکەی چ جێگا و شوینیکی جیهانی و ناوچەیی هەیە، شیاوی ریزی ئینسانی بی.

ئێمە پیمان وایە سوسیالیزم ئەو ئیمکانە بۆ بەشەر فەراهەم دەکا.

تەماشاچیانی تووڕە و مشت قووچاو دا، یەکتر خەلتانی خۆین دەکەن.

هەر لە خولی یاری‌یەکانی ئاسیادا کە ئەم رۆژانە بۆ هەلبژاردنی تیمەکانی بەشدار لە جامی جیهانی 1994 دا بەریوە چوو ئیوە دەتوانن ئەم دیاردانە ببینن ژمارەی تەماشاچیانی یاری نیوان تیمەکانی ئێران و ژاپون لە ستادیومی دەوخە بەراورد بکەن لەگەلّ ژمارەی تەماشاچیانی یاری نیوان دوو تیمی ئێران و عێراق هەر لەو ستادیومە، یان بروانن پەیوەند و رەفتاری وەرزشکارانی ئەو دوو تیمە لەگەلّ یەکتر کە چ کۆنە رق و تووڕەیی‌یەك تییدا شەپول دەدا هەر بۆ ئەو یاری‌یە بە فەرمانی ملك فەهد پادشای سعوودی دەیان هەزار کەس لە خەلکی شاری "زەهران" ی سعوودی – هەر ئەو شارە کە بنکەی مووشەکیان ئاراستەی سپا و خەلکی عێراق دەکر – ناردران بۆ ستادیومی دەوخە، بەم جۆرەیە کە وەرزش و توانا و لیهاتوویی وەرزشکارەکان دەکریتە دەسمایەی مەسەلە حەقخوازی کۆمپانی‌یەکان و حکوومەتەکانی سەرمایەداری.

تەنیا کاتیك کە هیچ هویەك

پاشماوەی بژی بیرەوەری شۆڕشی مەزنی ئۆکتوبری 1917

شۆڕشی کرێکاری لە رووسیە، بە داخەوە لە بەرانبەر فشاری بورژوازی دا زۆری دەوام نەهیناو لە کەمتر لە دە سالّ دوای سەرکەوتنی، وردە وردە هەموو ئەو سەنگەرانەی کە بە دەستی هێنا بوو، سەر لە نوی بۆ سەرمایەداری ناوخۆی بە جیّ هیشت بورژوازی لە شکل و شیوەی تازەتردا سەر لە نۆی لە اتحادی شووڕەوی سەری بەرز کردەوە و هەموو دەزگاکانی رابەری حیزب و دەولّەت بوون بە ئامرازی جێبەجێ کردنی ئارەزوەکانی دیرینە بورژوازی و ناسیونالیزمی رووسی جێگای ئەنترناسیونالیزمی کرێکاری گرتەوە.

شۆڕشی کرێکاری لە رووسیە نەك لەم چەند سالّەی ئەخیردا ئەو جۆرەی کە بورژوازی ئیدعا دەکا بەلّکوو زیاتر لە 60 سالّ لەمەوبەر لە بەرانبەر بورژوازی ناوخۆیی لە رووسیەدا پاشەکشەی پی کرا بوو ئەو نیزامەی کە لەم چەند سالّە دا سەرمایەداری غەرب جەژنی رووخانی بەرپا کردوە، هەلوەشانەوەی بەرەیەکی دیکەی سەرمایەی جیهانی‌یە کە دوو رووبانە ناوی سوسیالیزمی لە خۆی نابوو و ناوەروکی راستەقینەی هەرگیزی لە کرێکارانی پێشرەو هەلّسووراوانی کۆمۆنیست شاردراوە نەبوو.

لە اتحادی شووڕەوی‌دا دەیان سالّ بوو کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کرێکاری ئوکتوبر لە کرێکاران زەوت کرابوونەوە و دەیان سالّ بوو کە سەرمایەداری لەو ولاتە دا بە ناوی کرێکارانەوە حکوومەتی دەکرد بە درێژایی ئەو سالّانە ململانیی نێوان دوو بلوکی سەرمایەداری جیهانی بە نارەوا ناوی کیشمەکیشی کۆمۆنیزم و سەرمایەداری لەسەر داندرا بوو.

شکستی سەرمایەدی دەولّەتی و هەلوەشانەوەی اتحادی شووڕەوی فورسەتی ئەوەی بە سەرمایەداری جیهانی داوە کە دنیای پر لە بی عەداڵەتی وستەم ئەمرۆ وەکوو چارەنووسی چارە هەلنەگری بەشەر بداتە قەلەم و بە هەموان بلی کە سوسیالیزم و ئاواتی بەرابەری، خەون و خەیالە و ئینسانی کرێکار چارەیەکی نێە غەیری ئەوەی چاو لە دەست و چاوەروانی هەر ئەوەندە بەشە بی کە سەرمایەداران بۆی دیاری دەکەن بە هەموان بلی کە کۆمەلّگای چینایەتی لەگەلّ سروشت و تەبیعەتی بەشەر جووتە و ژیانی ئینسان تەنیا لە چوارچیوەی ئەو نیزامە دایە کە دەتوانی گورانکاری بە خۆیەوە ببینی.

بە سەدان رووناکبیری چینی دەسەلاتدار رۆژانە خەریکن پووچ ترین و بی بایەخ ترین تیوریەکانی بورژوازی لە فەلسەفە و لە اقتصاد و سیاسەتدا سەنگ و سوژن دەکەن هەتا ئەبەدی بوونی سەرمایەداری بە قوربانیانی ئەو نیزامە ئیسپات بکەن بەلّام سەرەرای ئەم هەول و تەقالایەی کە سەرمایەداران و قەلەم بە دەستانی دەست و پیوەندی دەیدەن ژیانی پر لە بی‌عەداڵەت خواز و سەروەت و نیعمەتی بەرهەم هاتووی دەستی کرێکار داهێنەر و چەوساوە، ئەمانە، نیشانی دەدەن کە کۆمەلّگای سوسیالیستی ئەمرۆ بە دەیان قات و زیاتر لەو رۆژەی کە کرێکاران لە شۆڕشی ئۆکتوبری 1917دا بانگەوازەکەیان بە هەموو دنیا دا بلاو کردەوە.

پیویستی و ئیمکانی بەرپا بوونی فەراهەم بووە.کۆمۆنیزم نەك لەم هەیکەلی دەولّەتی شووڕەوی دا بەلّکوو لە رووبەروو بوونەوەی خەباتی چینایەتی بی پسانەوەی ئەم سەردەمەدا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و ئەمرۆکەش لەو مەیدانە دا هەر زیندوە.

چەند یادداشتی سیاسی

تیرۆریزمی کۆیری جمهوری ئیسلام لە دژی ئازادی بیروباوەر و بەیان

ماوەیەک لەوەپێش جمهوری ئیسلامی لە دریژەی سیاسەتی تیرۆریستی خوی دا جینایەتیکی تری خولقاند. ویلیام نیکارد، وەرگیری نوروێژی کیتبی "ئایاتی شەیتان" نووسراوی "سەلمان روشدی" لە شاری ئوسلو پایتەختی نوروێژ کەوتە بەر پەلاماری تیرۆریستەکانی جمهوری ئیسلامی و بە توندی بریندار کرا.

ویلیام نیکارد وەکوو هەموو وەرگێرەکانی تری ئەو کتیبە دەیزانی دەزگا تیرۆریستی و جاسووسییەکانی جمهوری ئیسلامی شوینی هەلدەگرن و هەول دەدەن بو کوشتنی بەلآم جەسوورانە مەترسی مەرگی قەبوول کرد هەتا ئەرکی خۆی لە پاک کردنەوەی ئەو سووکایەتییە دا کە رژیمی ئیسلامی لە بەر چاوی هەموو خەلکی جیهانی بە سەر ئینسانی ئازادەی سالەکانی کوتایی سەدەی بیستەمی دا دەسەپینی بەجی بگەیەنی.

وەرگیری ژاپونی ئەو کتیبە گیانی نایە پیناوی هەر ئەو ئامانجە وەگیری ئیتالیایی لەو ریگایەدا هەتا پای مەرگ چووە پیشەوە و عەزیز نەسین نووسەری بە ناوبانگی تورک کە تەرجەمەی ئەو کتیبەی بە زمانی تورکی لە رۆژنامەکاندا بلاو دەکردەوە. کەوتە بە پەلاماری ژمارەیەک دەست و پیوەندی رژیمی ئیسلامی لە تورکیە و لەو هوتیلەدا کە بە دەستی ئەو کونەپەرستانە لە شاری سیواسی تورکیا ئاگری تی بەردا زیاتر لە 30کەس کوژران و عەزیز نەسین بریندار بوو.

بەلام نە دەولەتی ئیتالیا و نە دەولەتی ژاپون و نە دەولەتی تورکیە. لە بەر پاراستنی بەرژەوەندی تیجاری و سیاسی خۆیان لەگەلّ جمهوری ئیسلامی هیچکامیان ئامادە نەبوون رژیمی ئیران لە سەر ئەو جینایەتانەی بخەنە ژیر فشارەوە.

تەنانەت بە هوی باجیکەوە کە بەم بونەوە وەریان گرت پەیوەندی بازرگانییەکانی خویانیان لەگەل حکوومەتی ئیسلامی پەرەش پیدا.

ویلیام نیکاردی نوروێژی و هاوکارەکانی لە ولاتانی دیکە لە ریزی بەشەرییەتی ئازادی خواز و پیشکەوتن خوازی ئەمرو دا قوربانیانی ئەو سات و سەودایەن کە دەولەتانی سەرمایەداری لە پیناوی تەماعکاری و قازانج پەرستی خۆیاندا لەگەلّ دەولەتی جمهوری ئیسلامی دەیکەن.

کرێکاران و خەلّکی زەحمەتکیش و ئازادیخواز لە ئێران کە خۆیان قوربانی هەموو رۆژ و سەعاتیکی دەسەلاتی ئەو رژیمەن ریز لە جەسارەت و گیانبازی ئەو تیکوشەرانە دەگرن و لەو خەباتە رەوایە دا خۆیان لە یەک سەنگەردا دەبینەوە.

موجاهیدنی ئەفغانی چ دیاریەک بوجمهوری ئازەربایجان دەبەن!

ئەم رۆژانە رۆژنامەکان رایان گەیاند کە 200 موجاهیدی ئەفغانی بۆ شەر لەگەلّ ئەرمەنییەکان چوونەتە جمهووری ئازەربایجان، بە پێی گوزارشی خەبەرنیکاری خەبەرنیگاری رۆژنامەی رسالت، ئەم 2000 کەسە بە جل و بەرگی نیزامییەوە و تەواو ئامادە بۆ شەر، لە هوتیلەکانی شاری باکو دابەزیون، گۆیا قەرار وایە چەند سەد کەسی دیکەش لە موجاهیدینی ئەفغانی بەم زووانە بنیردرینە ئازەربایجان.

بۆ هەر کەس کە لە چاردە سالّی رابوردوودا رووداوەکانی ئەفغانستانی تەعقیب کردبی، تەنانەت لە یەکسالّی رابوردوودا لە رەفتار و کردەوەی تاقمە ئیسلامییەکان لە ئەفغانستان ئاگادار بووبێ، تیگەیشتن لە مەبەست و ئەنجامەکانی ئەم لەشکرکێشییە کۆنەپەرستانەیە کارێکی دژوار نیە تیگەیشتن لەوە کە موجاهیدینی ئەفغانی چ دیاریەکیان پێیە بۆ خەلّکی جمهووریەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان زۆر ناساند ئەمانە دەیانەویت گۆشەیەک هەر لەو تراژیدیایە کە لە سالآنی رابوردوودا لە ئەفغانسان بەرێوە چووە، نیشانی خەلّکی ئەو دوو جمهوورییە بدەن تراژیدیای شەر و خۆین رشتن و ئاوارەیی، تراژیدیای بیرەحمانەترین رەفتار دەرهەق بە خەلّکی کووچە و بازار، تراژیدیای ویرانی و برسیەتی و پەرەپیدانی جەهل و کۆنەپەرستی، دیمەنی ئەفغانستان لەبەر چاوی هەمووانە، تەنیا لە یەکسالّی رابوردوودا، نەتیجەی شەرو پیکدادانی نێوان تاقمەکانی موجاهیدینی ئەفغان، بۆ خەلّکی ئەفغانستان 10 هەزار کوژراوی تیدا بووە شاری کابول لە ژیر ئاگری توپخانەکانیاندا بووەتە ویرانەیەک سەدان هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەو شارە ئاوارەی ئیرە و ئەوی بوون و ئەوانەش کە لەبەر ناچاری هێشتا نیشتەجیی نێو شاری ئاگر و دووکەلن لەگەلّ برسیەتی هەژاری دەست و پەنجە نەرم دەکەن سەرەرای هەموو ئەوانەش، کوت و پیوەندی قانوون و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و حد و تعزیر و قانوونی قصاص و سەنگەساری ژنان و حیجابی ئیسلامی و مەنعی ئازادییە فەردی و کۆمەلّایەتییەکان بە شێوەیەک پشوو بر چنگی هاویشتووەتە سەر ژیانیان.

ئێستا موجاهیدینی ئەفغان دەیانەوی هەر ئەو ژیانە بۆ خەلّکی جمهوورییەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بە دیاری بەرن، بۆ خەلّکی ئەو جمهووریانە کە چەند رۆژ لەوەپێش رەفسەنجانی لە کۆتایی سەفەرەکەی دا وتی: خەلّکی ئەو ولاتانە بیرەوەرییەکی تالیان لە حکوومەتی ئیسلامی هەیە و "بە هەلە" پێیان وایە لە حکوومەتی ئیسلامی دا گوزەران و ئازادی نیّە.

ئەگەر هەتا ئێستا حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ئێران و پاکستان و عەرەبستانی سعوودی، خەلّکی هەژار و لی قەوماوی ئەفغانستانیان کردبووە قوربانی بەرژەوەند و ئامانجی چەپەلی خۆیان و ریگایان لەوە دەگرت کە خەلّکی ئەفغانستان مەجال پەیدا بکەن خۆیان چارەنووسی ژیانی خۆیان دیاری بکەن، ئەگەر هەتا ئێستا کاروانی یارمەتییەکانی ئەو 3ولاتە، بۆمب و باروت و ئاگر و ئاسنی بۆ خەلّکی ئەفغانستان بە دیاری دەبرد و لە ریگەی تاقمە جۆراوجۆرەکانی موجاهیدینەوە بەسەریدا دەباراندن، ئێستا، قولیک هەر لەم کاروانە بەرەو ئازاربایجان خراوەتە ری.

بە تایبەت رژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران کە لە رووداوەکانی ئازەربایجانی دراوسی دا ئەو نیگەرانییەی هەیە کە پەرە گرتنی ئیحساساتی میللی لەو جمهووریە کار بکاتە سەر ئازەربایجانییەکانی ئەم دیوی سنوور و رژیمی ئیسلامی لە ئێران، لە ناو خۆیدا بەرەو رووی گیروگرفتیکی میللی لە ئازەربایجان بیتەوە. هەول دەدا لە جمهووری ئازەربایجان، هەرچی زیاتر بزووتنەوەی ئیسلامی پەرە پیبدا و لایەنی مەزهەبی لەو کیشەیە دا بە قازانجی خۆی تەقوییت بکا بەم مەبەستەوە رژیمی ئێران ئەم دەرفەتە دەقوزیتەوە و ریگا خۆش دەکا بۆ لەشکرکیشی موجاهیدینی ئەفغان بۆ جمهووری ئازەربایجان.

ئەوەی پیویستە هەموو کرێکارانی پیشرەو و وشیار و خەلّکی ئازادیخواز و عەدالەتخواز لە جمهووری ئازەربایجان لەبەر چاوی بگرن و لەم هەل ومەرجەدا بایەخی پی بدەن، ئەو راستییەیە کە هاتنی ئەم تاقمە کۆنەپەرستە و هەر تاقمیکی تری لەو نەوعە ئەو کیشە خۆیناوییە کە لەسەر مەسەلەی جمهووریەکانی ئازەربایجان و ئەفغانستانی دا سەپاندوە ئاویتەی کۆنەپەرستییەکی تر دەکا و گری پووچکەی شەر و براکوژی کویرتر دەکاتەوە و ویرانی و کوشتاریکی بی حاسل و جینایەتکارانە پەرە پی دەدا، ئازەربایجان بە دەخالەتی موجاهیدینی ئەفغان، لە باشترین حالّەتی خۆیدا دەبێتە دواکەوتوویی و کوشتاری بە کۆمەلّ و نەخۆشی وەبا. بە دیتنی دیمەنەکانی ئەفغانستانی ئەمرۆ، کام ئینسانی شەریف هەیە شەرم لە پی شیل بوونی شانی ئینسان و نەفرەت لە پاریزەرانی جەهل و کۆنەپەرستی نەکا؟

کۆمەلّانی شەریف و ئازادیخواز لە ئازەربایجان دەبی خۆیان بریاردەری چارەنووسی خۆیان بن، دەبی رێگا بە حکوومەتە بورژوا ناسیونالیستەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و بە هیچ تاقم و حکوومەتیکی کۆنەپەرست و شەرخوازی دیکە لەم ناوچەیە نەدەن کە ئەو جمهوورییە بکەنە مەیدانی تەسویە حیسابی جینایەتکارانەی خۆیان دەبی موجاهیدینی ئەفغان ئەم نموونانەی شەرخوازی و بەربەرییەت لە نێو خۆیان وەدەرنین دەبی ئەم گەرایانەی سەرەتانی جەهل و کۆنەپەرستی و چەندین سەدە ئازادیکوژی، لە بن هەنگلی خۆیان دەرکەن ئەمانە سولحیان بە دیاری نەهێناوە نان و گوزەران و ئاسایش و بەختەوەریان بە دیاری نەهێناوە پیشکەتنخوازیان بە دیاری نەهێناوە و لەگەلّ ئازادیخوازی و هەرچی سرشتی بەشەری دەیخوازی بێگانەن.

ئەم لەشکرکیشییە تەنیا نەفرەت لە دەسدرێژی و کۆنەپەرستی لە ناو بیروڕای گشتی جیهاندا پەرە پیدەداو ریسوایی هەرچی زیاتر بۆ حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ئەم ناوچەیە.

سەفەری رەفسەنجانی بۆ وەلاتانی ئاسیای ناوەراستن ناکامییەکی تری جمهووری ئیسلامی

سەفەری رەفسەنجانی بۆ چەند ولاتی ئاسیای ناوەراست کۆتایی پی هات، دەزگاکانی تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی کەلیک بە شان و بالی ئەو سەفەرە داهاتن و دەیان گوزارشیان لەسەر ئەو سەفەرە بلآو کردەوە، رەفسەنجانی رۆژی دوای گەرانەوەی دەسکەوتەکانی ئەو سەفەرەی بژارد و لە ناو قسەکانی دا ئیشارەی بەوە کرد کە خەلّکی ئەو ولاتانە بە هۆی تەبلیغاتیکەوە کە لە دژی حکوومەتی ئیسلامی لە ناویان دا کراوە بە نێگەرانییەوە سەیری تەجروبەی جمهووری ئیسلامی دەکەن و وتی کە سەفەرەکەی ئەو، ئەو تەبلیغاتەی پووچەل کردوەتەوە و خەلّکی ئەو ولاتانە هەموویان بە پیریەوە هاتوون و پیشوازیان لی کردوە، رەفسەنجانی باسی دوو نموونە لەو تەبلیغاتە بە وتەی ئەو "نارەوا" یانەی کرد کە لەم ولاتانە دا لە دژی جمهووری ئیسلامی دەکری یەکیان ئەوەی کە دەوتری ژنان لە ئێران ستەمیان لّی دەکری و حکوومەتی ئیسلامی مافێ بەرابەریان لەگەلّ پیاوان لە کۆمەلّ دا بۆ بە رەسمی ناناسی! دووەمیان ئەوەی کە گۆیا! حکوومەتی ئیسلامی پیشکەوتن خواز نیّە، دژی عیلم و زانستی ئەمرۆی بەشەریە و پاریزەری رەسم و سوننەتی کۆنە!، وە لە درێژەی قسەکانی دا وای نواند کە سەفەرەکەی ئەو ئەم تەبلیغاتە "ژەهراوی" یەی کە سەرچاوەکەی لە کۆمۆنیستەکانەوە دەبینی، پووچەل کردووەتەوە.

رەفسەنجانی راست دەکا لەوەدا کە خەلّکی ولاتانی ئاسیای ناوەراست ئێرانی ژیر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی بە زیندانیکی گەورە دەزانن کە چەند دە میلیون ژنی ستەمەیدەی تیدا ئەسیر کراوە.

وە راست دەکا کە ئەوان حکوومەتی ئیسلامییان پی نیزامی پاریزەری دواکەوتووترین و دژی فەرهەنگ و زانستی پیشکەوتن خوازانەیە بەلآم درو دەکات لەوەدا کە ئەو توانیبیتی بە سەفەریکی خۆی پەردەی رەش بەسەر ئەو راستیانە دا بدات کە وەکوو رۆژ ئاشکران و لە ولاتیکی گەورەی 60میلیونیەوە، هاوار دەکرین.

هەلبەت رەفسەنجانی لە بیر خۆی بردوەتەوە کە خەلّکی ئەم ولاتانە راستییەکی سیهەمیشیان لەسەر حکوومەتی ئیسلامی بەلاوە ئاشکرایە کە بێجگە لە سووکایەتییەک کە بە پیی قانوون و بە رەسمی، ژنان، نێوەی دانیشتووانی ئەو ولاتە رۆژانە پێیان دەکری و بێجگە لەوەی بە ناوی تهاجمی فەرهەنگییەوە دژی هەموو دەسکەوتەکانی فەرهەنگی و هۆنەری و کۆمەلّایەتی بەشەریەتی ئەمرۆ، راوەستاون جگە لە هەمووی ئەوانەو لە سەرووی هەموو ئەوانەوە حکوومەتی ئیسلامی پاریزەری نیزامیکی چینایەتییە کە تییدا دەرەیەکی قوول، چینیکی خاوەن دەسەلات و سەروەت و نیعمەت لە چینیکی چەوساوە و بی بەش و هەژار جیا دەکاتەوە و لە سایەی ئەو نیزامە دا بێکاری و گرانی و بی بیهداشتی و بی خانە و لانەیی، هەمووی بە چەند قات زیاتر لە جاران، دیاری حکوومەتی ئیسلامی بووە بۆ چەند دە میلیون خەلّکی دانیشتووی ئەو ولاتە.

هەر بۆیە جەنابی رەفسەنجانی نابی پی سەیر بی ئەگەر دەبینی کە خەلّکی ولاتانی تازە سەربەخۆی یەکیتی شوورەوی جاران سەرنجیان بەرەو لای حکوومەتی ئیسلامی دا، رانەکیشراوە لایەنگرانی جمهووری ئیسلامی لە ولاتانی موسولمان نشین دا وەکوو کوند لەسەر ویرانە دەخوینن، تەنیا لە شوینیک زەرفییەت و ئیمکانی پەرەسەندنیان هەیە کە تییدا دەسەلاتدارانی فاسید، بۆ پارستنی حوکمی سەرمایەدارانەی خۆیان، لە بەرانبەر حەرەکەتی عەدالەت خوازانەی چینی کرێکار دا و لە بەرانبەر هەر چەشنە موبارەزەیەکی رادیکال و پیشرەو دا پەنا دەبەنە بەر سەنگەرکانی دەواکەوتوویی و کۆنەپەرستی و بۆ خۆیان مەجالی گەشە کردنی ئەو جەریانە کۆنەپەرستانەیە فەراهەم دەکەن، ئەمانە پەروەدەی هەل ومەرجیکن کە تێیدا هیچ بەدیلیکی سیاسی پیشرەو کە تووڕەیی و ئیعتیرازی خەلّک لە بەرانبەر ستەمگەری و سەرکوتی ئاشکرای دەسەلاتداران دا کوکاتەوە، وجوودی نەبی، لە جیگایەک پەرە دەستینن کە ئازادی هەلّسووڕانی سیاسی زەوت کرابی و لەسەر ئاسایی بی خەبەری کۆمەلآنی خەلّک لە تەجروبەی پر لە ئیش و ئازاری خەلّکی ئێران جێگا پیی خۆیان دەکەنەوە.

ولاتانی تازە سەربەخۆی ئاسیای ناوەراست لە باری دەسەلاتی سیاسییەوە لە دەورەیەکی ئینتیقالی دا بەسەر دەبەن وە ئەوەی کە لە داهاتوو دا چەندە دەکەونە ژیر تەئسیری حکوومەتی ئیسلامی ئێرانەوە و خەونەکانی رەفسەنجانی وەدی دینن بەر لە هەر شتیک بەوەوە گریی خواردووە کە ئەم ولاتانە، ئەم دەورەیە چون تیپەر دەکەن و چینی کرێکار چەندە رێکخراوتر و ئامادەتر لە ئال و گۆرەکانی کۆمەلآیەتی دا و لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی دا دەخالەت دەکات.

هەلّسەنگاندنیکی موشەخەسی وەزعی سیاسی ئەو ولاتانە و راستی رووداوەکان، وا نیشان دەدەن کە سەرەرای ئیددیعاکانی رەفسەنجانی، جمهووری ئیسلامی لە تەقالاکانی دوو سالّی رابوردووی خۆی دا، لەم بارەیەوە ناکام بووە.

پاسداران لە سەرسنورەکان کرێکارانی ئەفغانی تالان دەکەن

کاری گەراندنەوەی ئەفغانییە ئاوارەکان لە ئێرانەوە بۆ ئەفغانستان هەروا درێژەی هەیە و جمهووری ئیسلامی، بە بی بەزەییانەترین شیوە، کۆمەلّ کۆمەلّ زەحمەتکێشانی ئەفغانی کە 15 سالّە لە ئێران کار دەکەن، دەچەوسینەوە و مەحروومییەت دەچێژن، بە زۆر و بە فیل رەوانەی ولاتیکی شەر بردوو دەکات، ولاتیک کە لە سایەی دەسەلاتی دارودەستەکانی جۆراوجۆری ئیسلامی و لە سایەی چەندین کیشەی شاردراوەی نەتەوەیی دا، بووەتە ویرانەیەک و تییدا بۆ ئاوارەی بی دەرەتان کە 15سالّە دەربەدەرە، نە کار هەیە بۆ بەری چوون، نە سەرپەنا هەیە بۆ حەوانەوە و نە ئەمنییەت بۆ ژیان.

سالّی 1374ئاخرین مولەتیکە دەولّەت دیاری کردووە بۆ ئەوەی ئاخرین ئاوارەی ئەفغانی، ولاتی ئێرانی بە جی هیشتبی، بەلآم سورعەتی کۆکردنەوە و دەرکردنی زەحمەتکێشانی ئەفغانی لە ئێران زۆر لەوە زیاترە. بە پیی ئەو هەوالانەی کە لە ئوستانی خوراسانەوە دەگات، بە سەدان هەزار ئاوارە لە چەندین ئوردووگای زۆرەملی دا کۆ کراونەتەوە لەو شوینانەوە دەستە دەستە ئامادەیان دەکەن بۆ گەرانەوە، لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا، زیاتر لە هەشت سەد هەزار ئاوارەی ئەفغانی رەوانەی ئەفغانستان کراونەتەوە، ئاوارەکان هەقی ئەوەیان نیّە کە هیچ کەل و پەل و وەسیلەیەکی ژیان بێجگە لەوەی کە بە کۆلیانەوەیە لەگەلّ خۆیان بەرنەوە و پاسداران لە سنوورەکانی ئێران و ئەفغانستان بە بەربلاوی خەریکی پشکنین و تالانی ئاوارەکانن لە شوینەکانی کۆنترول و بازرەسی

سەر سنوور، هەموو ئەو پیداویستی‌یانەی ژیانیان کە خۆیان بە رەنجی شانی خۆیان و بە خوینی دل پیکیانەوە ناوە لییان دەستینن و بی دەرەتان ودەست بەتال لە بیابانەکانی ئەو دیوی سنوور رەهایان دەکەن.

جمهووری ئیسلامی لە هەل و مەرجیك دا دەستی کردوە بە دەرکردنی 3میلیون ئاوارەی ئەفغانی لە ئێران کە وەزعی ژیان و ئەمنییەت لە ئەفغانستان بە دەیان قات لەو دەورەیەی کە شەپولی ئاوارە بوون دەستی پیکرد، پر مەینەت تر و پر مەترسی تر، هەر بۆیە کرێکارانی ئەفغانی نایانەوی بگەرینەوە و چەوسانەوە و ژیانی هەژارانە و پر لە کویرەوەری ئێستایان لە ئێران جاری پی باشترە لە مەترسی تێدا چوونی خانەوادەکانیان.

سەرمایەدارانی ئێران ماوەی 15ساڵە ئاوارەکانی ئەفغانی وەکوو سەرچاوەیەکی گەورەی هێزی کار هەرزان بەکار دینن، بە کری‌ی کەمتر لە کرێکارانی ئێرانی و بە سەعات کاری زۆرتر کاریان پی دەکەن، هەرکات پیویستیان پی‌یان نەبی تەوهێنیان پی دەکەن و دەریان دەکەن، ئەمنییەتی شوینی کاریان هەر باسیشی لی ناکری، بیمەی دەرمانی و بیمەی بێکاری بۆیان خەون و خەیالە، سەرپەنایان نایلون و تەنەکە و حەسیرە و لە گەرەك و شوێنی تایبەت بە خۆیان کۆ کراونەتەوە کاتیک کە پیویستیان بە کارەکەیان بووە و لە مانەوەیان لە ئێران بۆ مەبەستی سیاسی کەڵك وەرگیراوە، لە ژیر ئەو بی حورمەتی و ئازاردە دا رایان گرتوون و ئێستا کە مەسلەحەتەکانیان لە ئەفغانستان گوراوە و لە ئێرانیش شەپولی گەورەی بێکاری گەوتوەتە ری، کرێکاری ئەفغانی کەوتووەتە بەر پەلاماریان.

ئەم سیاسەتە غەیری ئینسانی‌یەی رژیمی ئیسلامی لە ئێران، لە لایەن کرێکاران و هاوچارەنوسەکانیانەوە لە ئێران نەفرەتی لی دەکری، کرێکاری ئێرانی کە خۆی لە لایەن سەرمایەداران و رژیمەکەیانەوە شان بە شانی کرێکاری ئەفغانی چەوساوەتەوە و بی بەشی و دەربەدەری چیشتوە لەم سیاسەتە بیزارە و ئەمرۆکە پیویستە ئەم بیزاری‌یە ببی بە دەنگی ئیعتیراز و نارەزایەتی و رێگا نەدری کە هاوچینەکانیان ئەم چەشنە بی حورمەتیان پی بکری و مافێ مانەوە و کار کردنیان لە ئێران لی بستێندریتەوە، دەربرینی ئەو هاوپشتی‌یە چینایەتی‌یە تەنیا رێگای کەم کردنەوەی ئیش و ئازاریکە کە میلیونەها کرێکاری ئەفغانی لەسەر سیاسەتی دژی ئینسانی و دژی کرێکاری جمهووری ئیسلامی پێوەی دەنالێ.

بەڵام جۆری ئیستیفادە لی کردنییەتی کە ئەوتەسەورە پێکدێنی کەوا رەنگە! زۆلمیك بێت لە ژنان، ئەو کەسانەی کەوا بیر دەکەنەوە نازانن کە لیرەدا مەنزوور لە پیاو، پیاوی موسولمانە کە سەتحی فەرهەنگی لە سەرەوەیە و زولم لە کەس ناکات و بە ئاسانی و بە هەر بەهانەیەك ژنەکەی خۆی تەلاق نادات!

بەم جۆرە حەقی تەلاق تەنیا بۆ پیاو یانی یەکێك لە زالمانەترین قانوونەکانی جمهووری ئیسلامی کە ژن دەکاتە دەسکایدی بی ئیختیاری پیاو، لە زمانی کەسیك کە خۆشی وەکوو ژن کویلەی ئەو نیزامە و پیوەندی‌یەکانیەتی، بەبی شەرمانە ترین وشە دیفاعی لی دەکری بەڵام خانمی حبیبی کە خۆی ژنە و بی‌گۆمان لە هەر پلەیەکی ژیانی چینایەتی داچی، تامی تاڵی ئەم بی عەدالەتی و ستەمگەری‌یەی چیشتووە، وەختیك بۆ خۆشی هەست بە مەسخەرە بوونی استدلالەکانی دەکات و لەوە زیاتر قانوونەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ پینە و پەرو ناکری، و دەبینی کەلینی گەورەتر لەوەیان تیدایە کە ئەو بتوانی دایان پوشی، قافیەی پی تەنگ دەبی و لە بەهانە هێناوە و پیچاندنی مەسەلەکە بە ناچار دەگوزەری و ئاوا دەڵی:

"حەزرەتی زەهرا خیزانی ئیمامی عەلی تەنیا یەك تەوفوعیشی لە میردەکەی نەبوو، ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە حەزرەتی زەهرا نەیدەزانی چ مافیکی هەیە و نەیدازانی عەلی وەکوو شووی ئەو دەبی چ کاریکی بۆ بکات؟ قەتعەن وا نێیە، زۆر باشیش دەیزانی، بەڵام گوزەشت دەوریکی زۆر گرینگی لە ژیانی خانەوادە دا هەیە. مەسەلە باوەرەکانمانە. ئەگەر باوەرەکانمان مەحکەم بی، ئیتر پیویستمان بە قانوونیش نیە.

بەم جۆرەیە کە لە زمانی کاربەدەستیکی ژن لە دەزگای جمهووری ئیسلامی دا رەسمەن بانگەوازی تەسلیم و سەردانەواندن، بو ژنانی ئیران بلاو دەبیتەوە.

با هەلسەنگاندنی وت ویژەکەی خانمی حبیبی لەگەڵ رۆژنامەی "حوادس" بەو مەوزوعە کوتایی پی بینین کە لە سەرەتاوە ئیشارەمان پی کرد. بزانین لە سەر مەسەلەی حیجاب چون بیر دەکاتەوە و ئەو ئیجازەیەی کە خانم بو کایە کردنی خانەوادەکان لە پارکەکان دا صادری فەرمووە لە چ قەرارە؟ بەر لە هەموو شتیك وەختیك نەزەری خانمی حبیبی دەپرسین، لە بەر ئەوەی مەبادا هیچ تەوەهومیك بە وجوود بی کە گویا حیجاب هەلبژاردەی دلخوازانەی کومەلگای ژنانی موسولمانە، تەئکید دەکات کە:

دیارە ئەمن موافقی ئەوە نیم کە هەر کەس هەر جوریك کە پیی خوش بی لیباس بکاتە بەری.

و لە دریژەی قسەکانی دا دەڵی:

مەسەلە ئەوەیە کە زۆربەی کومەلی ئیمە موسولمانن و زۆربەش بە پەیرەوی لە ئیسلام دەیەوی حیجاب هەبی. ئەوەی کە دەمینیتەوە کەمایەتی‌یە کە دەبی پەیرەوی زۆرایەتی بکات. زۆرجار غەربی‌یەکان لە بارەی حیجابەوە لیمان دەپرسن کاتیك باسی ئەو کەمایەتی و زۆرایەتی‌یەیان بو دەکەین قسەیەکیان نامینی و بی دەنگ دەبن!

بەڵی خانم وەبیری هاتوەتەوە کە لە دام و دەزگای رەفسەنجانی دا کار دەکات و قەرار وایە کە ئەوان روالەتیکی مودیرن ترو ئەمرویی تر لە حکوومەتەکەیان بە دونیا نیشان بدەن و دەبی بە زمانی روژ یانی بە زمانی "دیموکراسی" قسە بکەن. خانم لە بیر خوی دەباتەوە کە لیرەدا مەسەلە مافیکی سەرەتایی‌یە کە پی شیل دەبێ و ئەویش ئازادی لیباس لە بەر کردن و پاراستنی چوارچیوەی ژیانی خصوصی ئینسانە. بە پیی ئەو تیگەیشتنە داخوا خانمی حبیبی بو ریعایەتی حەقی زۆرایەتی وەختیك ریگای دەکەویتە ولاتیکی ئوروپایی چارشیو و مەقنەعە و مانتوکەی فری دەدا؟

لە دریژەی وت و ویژەکە دا وەختیك لیی دەپرسن منالانیك کە هیشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی تەکلیف بوچی پیویستە حیجابی ئیسلامی ریعایەت بکەن. لە وەلام دا دەڵێ:

ئەمە بو ئەوەیە کە هەر لە منداڵی‌یەوە عادەت بکەن و کاتیك گەورە دەبن ئیتر ئەو کارەیان لە بەر گران نەبی.

بەڵام لە بەر ئەوەی کە پوزی لیبرالی‌یەکەی رابگری و فەرقی خوی لەگەڵ "ویشکە مقدسەکان" نیشان بدات لە ئیدامەی دا دەلی:

هەلبەت لە ناو مەدرەسەکانی ئیمە دا کەوا تەرتیب دراوە هیچ نا مەحرەمیکی لی نەبی دەکری کچەکان چارشیو و مەقنەعەکەیان هەلبگرن. هەلبەت دەبی ئەوە لە بەر چاو بی کە لە هیچ شوینیکەوە اشرافیك بە سەر مەدرەسە دا نەبی!

بەم جورە با بزانین سەرەنجام ئەو دەنگویەی کە بە ناوی خانمەوە بو کایە کردن لە پارکەکان بلاو بووتەوە ئەسلەکەی چونە و دەقی ئیجازەنامەی خانمی راویژکاری "نوی‌خواز" رەئیس جمهوور چون بووە؟

حبیبی دەلی:

لە پارکەکان دا پیاوان بو لە بەر کردنی تراکسوتی وەرزشی هیچ مەحدوودییەتیکیان نییە بەڵام خانمەکان بە مانتو و روسەری‌یەوە وەرزش دەکەن. بە داخەوە لە جەریانی کایەکە دا مەوازینی شەرعی ریعایەت ناکری و وەرزشەکە مەعنای واقیعی خوی لە دەست دەدا. لە بەر ئەوە دەستوورمان داوە بو بەرگری لەو وەزعە لە پارکەکان دا بەشیکی تایبەتی بو خانمەکان جیا کەینەوە. ئەگەر ئەو بەشە بە باشی جیا کرابیتەوە دەگری ژنان بە لیباسی گەرمەوە کایەی خۆیان بکەن. مەنزوری من فەقەت ئەوە نەبووە کە ژن و پیاو پیکەوە لە شوینیك بە هیچ شیوەیەك وەرزش بکەن. لە حالی حازردا پارکی تالقانی مان 3 رۆژ لە حەفتەدا بە تایبەتی بو ژنان تەرخان کردوە!

ئەمە دیمەنی ئەو ولاتەیە کە تێیدابە میلیون میلیون ئینسان هەموو رۆژ و سەعاتیك تەوهینی پی دەکری و بە چاوی سووك تەماشا دەکری دوور نیە ئەو رۆژەی کە لافاوی تووڕەیی و بیزاری عەدالەت خوازانە ژنان و هەموو خەڵکی زەحمەتکێش ئەم پاشماوەیەی کە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی لە داوینی بەشەرییەت پاك کاتەوە.

(پاشماوەی) چون خانمی راوێژکاری رەئیس جمهوور .....

چەند راپورتە هەوال

توپخانەی رژیم لە پەنا شاروچکەی رەبەت

بە پێی هەوالێك کە لە شاروچکەی رەبەتەوە بە دەستمان گەیشتوە ماوەیەکە جمهووری ئیسلامی توپخانەیەکی گەورەی لە پال ئەو شارە دامەزراندوە و ناو بە ناو ئەو توپخانە دەکەویتە کار و شوێنە دوور و نزیکەکانی ئەو ناوچایە توپ باران دەکا، ئەم کارەی رژیم لە لایەکەوە ئەمنییەتی لە خەڵکی ئەو ناوچەنە کە دەکەونە بەر توپ بارانەکە هەڵگرتوە و لە لایەکی تریشەوە هیچ چەشنە ئاسایشیکی بۆ خەڵکی شاروچکەی رەبەت نەهیشتوەتەوە، زۆر جار لە نێوە شەو دا ئەم توپخانەیە دەکەویتە کار و دەبێتە مایەی ترساندن و ئازاری منالانی هەموو ناوچەکە کە لەو سەعاتانە دا لە شێرین خەودان و، خەونی منالانەیان لی دەشیوینی.

ئەم توپخانەیە هی سپای پاسدارانە و تا ئێستا چەند جار خەڵکی رەبەت ئیعتیرازیان کردوە و داوایان کردوە ئەم کانگایەی شەر و نا ئەمنی و ئازاری خەڵك لەو شوێنە کۆبکریتەوە.

هەروەها، هەر بە پێی ئەو هەواڵە ماوەیەکە سپای پاسداران گیروگرفتی تازەی خستوەتە سەر هات و چوی شەوانەی خەڵکی رەبەت و پێی راگەیاندوون هەرکەس بە بی‌چرای رۆشن لە ناو و لە کۆلانەکان هات و چو بکا دەدرێتە بەر تەقە و خۆی بەرپرسی گیانی خۆیەتی .

بەردەرەشان: کێشەی جووتیاران و ئاغاکان

بە پێی ئەو هەوالانەی کە رۆژانە لە ناوچەکانی کوردستانەوە بە ئێمە دەگەن، کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە دریژەی سیاسەتی دژ بە زەحمەتکێشانی لادی و پشت گیری لە ئەربابان و زەمیندارە گەورەکان، رۆژ نیە لە شوێنیك کۆمەڵیك لە جووتیارانی هەژار نەخەنە ژێر زەخت و فشار و هەول نەدەن بۆ ئەوەی زەوی و زاری دابەش کراوی رابوردوویان لی بستێننەوە و بێخەنەوە ژیر دەسەلاتی ئەربابەکانەوە.

دابەش کردنی ئەم زەمینانە بەرهەمی راپەرین و خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ئێران و لە جەرگەی خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان دا بووە و لە کاتی خۆیدا کۆمەڵە هەولی داوە هاندەر و بەرێوەبەری ئەو حەرەکەتە ڕەواو عادلانەیە بێت بەڵام بە درێژایی ساڵانی رابوردوو بە هەر ئەندازەیەك کە رژیم توانیبیتی دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچەیەك دا لە کوردستان بەرقەرار بکات، ریك هەر بەو میزانە و بەبی راوەستان، دەستی کردوە بە زەوت کردنی دەسکەوتەکانی خەباتی جەماوەری خەڵك لە مەسەلەی زەوی و زار دا و لە هەموو شوێنیك بە قازانجی ئەربابان هاتوەتە مەیدان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شوێنە لە رێگای جۆراوجۆر و بە بەهانەی جۆراوجۆرەوە خستوەتە ژیر فشار، بۆئەوەی دەست لە مافەکانی‌ڕەوای خۆیان هەڵبگرن، زەوی‌یەکانیان بدەنەوە بە ئەرباب و یان جەریمە و ئیجازە و باج و خەراجی دیکەی لەو نەوعەی پی بدەن.

ئاشکرایە کە لە هەموو جێگایەك ئەو سیاسەتە دژی زەحمەتکێشی‌یەی رژیم و ئەربابان و دەست و پیوەندەکانی لەگەڵ موقاومەت و موبارەزەی خەڵك بەرەو ڕوو بووە و تا ئێستاش رژیم نەیتوانیوە هیچ دەسکەوتیکی بی دەردی سەر بە دەست بێنی و خەڵکی ناوچەیەك بە بی موقاومەت تەسلیم بکات.

ئاوایی بەردە رەشان لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد یەکێك لەو بە دەیان نموونانەیە کە هەر ئێستا لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان هەر لە ناوچەی سندوس و شنو و نەغەدەوە بگرە هەتا فیز اللەبەگی بۆکان و هەتا دیواندەرە و گەلێك شوێنی دیکە لە کایە دایە.

ئەوا ماوەی نزیك بە 3ساڵە بنەمالەی کۆنە ئەربابەکانی ئاوایی بەردەرەشان بە یارمەتی سپای پاسداران و دادسەراو دەزگا دەوڵەتی‌یەکانی دیکەی شاری مەهاباد خەڵکی ئەو دی‌یەیان خستوەتە ژیر فشارەوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن زەمینە دابەش کراوەکانی ئەو دی‌یە بدەنەوە بە بنەماڵەی ئاغا و دەست لە مافێ بی ئەم لاو ئەو لای خۆیان بەسەر زەمینیك دا کە نەسلاو نەسل تێیدا زەنجیان کێشاوە و ئارەقیان رشتوە هەڵبگرن، هەلبەت خەڵکی تیکۆشەری بەردەرەشان تەسلیمی ئەو زۆر وێژیە ئاشکرایە نەبوون و تا ئێستا لە بەرانبەر پیلانەکانی ئەرباب و دەست و پیوەندەکانی دا موقاومەتیان کردوە و موقاومەت دەکەن و لە پیناوی ئەو راوەستاویەی خۆیاندا تا ئێستا چەند کەسیان گیراون و لە لایەن دەوڵەت و ئەربابەکانەوە پەروەندەسازیان بۆ کراوە و ماوەی زیاتر لە سی مانگە لە زیندان دان، هیوادارین درێژەی موقاومەتی یەك پارچەی خەڵکی زەحمەتکێشی بەردەرەشان ئەو پیلانەی رژیم و ئەرباب و دار و دەستەیەی پووچەل کاتەوە.

نان بە ئەسپایی گران دەکری

نان، خواردەمەنی ئەسڵی کرێکاران و خەڵکی کەم دەرامەد لە ئێرانە و دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی زۆر دەمیکە خۆی لەوە خۆش کردووە کە قیمەتی ئەو کالایە بە چەند قات بەرێتە سەری بەڵام نێگەرانی لە بەرز بوونەوەی دەنگی ئیعتیراز و نارەزایەتی خەڵك بووەتە هۆی ئەوە کە لەم بارەیەوە بە پاریزەوە بچێتە پێش، هەروا خەریکە رادەی خوراگری و بی دەنگی خەڵك لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵدەسەنگینی و بە ئەسپایی لە هەدەقەکەی خۆی نزیك دەبێتەوە، ئەو نیگەرانیەش بۆ رژیم لە کاتێك دا شیددەتی پەیدا کرد کە ساڵی رابوردوو گران بوونی لە ناکاوی قیمەتی نان بە رەسمی، شەپولیك لە ئیعتیراز و دەنگ هەلبرینی خەڵکی لە تاران و لە چەند شوینی دیکەی ئێران بە دواوە بوو، هەر بۆیە ئەمرۆکە بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتیکی دیکەی گرتووەتە بەرو هەروا خەریکە بە ئەسپایی خۆی لەو هەدەفە نزیك دەکاتەوە.

ماوەیەك بوو بە شێوەی بلاو کردنەوەی شایعە هۆی گران بوونی نانی دەخستە سەر شانی نانەوانەکان، بەڵام ئەو بەهانەیە زۆری نەخایاند و خەڵك زوو تێگەیشتن کە ئەگەر بۆ خاوەنی نانەواخانەکان ئەو فورسەتە پەیدا بووە کە لەو "بشیوە بازار"ە دا ئەوانیش بەشێك بۆ خۆیان بقاچینن لە راستی دا لەبەر ئەوەیە کە رژیم قیمەتی سەهمییە، ئاردی نانەواخانەکانی بردووتە سەری و قیمەتی نانی گران کردوە، وە ئێستا ئەوەی کە دەبیندری بریتی‌یە لە

ڕێکگـــەوتنیکی عەمـــەلی و ڕانەگەیەندراو لە بەینی خاوەن ناندواخانـــەکان و دەوڵـــەت دا، وا دیـارە هـەردوو لا بریاریـان داوە قونـاغی تاقیگردنـەوەی تاقـەتی خەڵکی فەقیر بە یارمـەتی یـەکتر تێپـەر کـەن، تـەرتیبی کـار بـەم جۆرەیـــە: دەوڵـــەت قیمـــەتی سەهمییەی ئاردی نانەواخانەکان زیـاد دەکـات و ئـەوانیش، هـەر خـاوەن نانەواخانەیـــەکی بـــە ئیختیـاری خـۆی لـە ئەنـدازەی نانەکان و لە وەزنی نانەکان ورده کەم دەکاتەوە.

ئەمرۆکـــە کـــەس نێـــە ئـــەو ڕاستییە نـەزانی کـە لـە مـاوەی 2ساڵی ڕابوردوودا ئەو نانەی کە لـــە نانەواخانـــەکان دا تـــەحویلی مشـتەری دەدری هـەر لـە نـانی لـەواش و تافتونـەوە بگـرە هـەتا سەنگەک، هەموویان، هـەم لە وەزن دا و هـــەم لـــە ئەنـدازە دا نێـــوە بوونەتەوە، یـانی قیمـەتی نان بـە غـەیرە ڕەسمـی و بـەبی ئـەوەی ڕابگەیەنـدری دوو بەرابـەر کـراوە، بـــەڵام دیـــارە ئـــەوە قونـــاغی پەرینەوەیـــە لـــەو مەســـەلەیە دا، دەوڵـــەت بێگۆمـان هـەر بەوەنـدە ڕاناوەسـتی و هـــەرکات هەسـتی بـەوە کـرد کـە خـەڵک بـەو وەزعـە تازەیە عادەتیان کـردووە و خۆیان لەگـەڵ ڕێکخسـتووە، ئـەو جـارە نـورەی ڕاگەیانـدنی ڕەسمیەکـەی دێـت و تـەداروکی قوغـانی گـران کردنی دوایی دەبێندری.

با چاویک لە لایەنیکی دیکەی ئەو مەسەلەیەش بکەین و ئەویش تەئسـیری ئەوسیاسـەتە دەغـەل کارانەیە لەسـەر کـاری کرێکـارانی نانەواخانەکانە، سەهمییەی ئاردی هـــەر نانەواخانەیـــەک میزانیکـــی دیـــاری کـــراوە و مەعمولـــەن ناگوردری و خاوەن کارێش ڕۆژانە تـــــەحویلی کرێکـــــارانی نانەواخانەکـەی دەدات و بـە هـەر حـاڵ کرێکـاران ناچـارن ئـەو سـەهمییەیە لـە درێـژایی ڕۆژدا بکـەن بە نان، چکووڵە بوونەوەی نانـەکان، ئەگـەر بـۆ مشـتەری نانەواخانەکـە بـە مانـای نـانی کەمترە بۆ کرێکاری نانەواخانەکە بـە مانـای کـاری زۆرترە، خـاوەن کار، فشار بـۆ کرێکـاران دینـی و زیادە کاریان پی دەکات، هەتا بەو وەزنەی جاران ژمارەیەکی زۆرتر نـان دروسـت کـەن و بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـە دایـم لـە مەترسـی بێکـارکردن و ئیخـراج دا ڕایـان دەگـــری، لـــە لایـــەکی دیکـــەوە کرێکـاری نانەواخانەیـــەک کـــە ئەندازەی نانەکانی چکۆلە تـر بـۆ دیاری کراوە ئەگـەر چـی بـە ناچـار ماوەیەکی درەنگ تر دەست لە کار هەڵدەگری بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە هەر حال سەعاتی کارمەحدودە و دەبی سەرەنجام لە درێژایی ڕۆژدا سـەهمییەی دیـاری کـراو ببـی بـە نان، ئـەو جارە ئـەوە چونایەتـی و کەیفییـەتی نانەکەیـە کـە دەبێتـە قوربـانی و نـانی هـەویر و نـا مـــەرغوب دەدرێتـــە دەســـتی مشتەری، بەم جۆرەیە کە پیلانی هاوبەشی دەوڵەت و سەرمایەداری خاوەن نانەواخانە بۆ گران کردنی نـان بـە قیمـەتی ئـارەق و ڕەنجـی زۆرتری کرێکار و نانی نامونـاسب بۆ مشتەری هەژار، دەچێتە پێش! سـەر بـاقی هـەمووی ئەوانـە چـاوەڕوانی درێژخایـەن لـە ڕێـزی نانەواخانەکان دا کـە لـە تاریـک و ڕوونـی بەیانیانـەوە دەسـت پـی دەکا، هەموو خانەوادەیەکی فەقیر کـە نـان خـوراکی ئەسـڵی ئەوانـە ناچار دەکات کە لە دابەش کردنی کاری ناو خۆیان دا یـەک نەفەر بـە تـەواوی تـەرخانی ڕاوەسـتان لـە سەف چاوەڕوانی کرینی نان، بکەن ئـەو هـەموو کوپرەوەرییـە بـۆ ئەوەیـە کـە تـازە نـانی و شـکی دەستی خەڵکی هەژار بکەوی.

سەرمایەداران و حکوومەتی ئیسلامی لە دژی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق لە ئێران

ماوەیەکـە فشـاری حکوومـەتی ئیسـلامی بـۆ سـەر ئـەو خیزانـە کوردانـەی خـەڵکی کوردسـتانی عێراق کە چەندین ساڵە لە شوێنە جۆراوجۆرەکـانی ئێـران دەژیـن زیـادی کـردوە، لـە دوو مانگ لەوە پیشـەوە لـە ناوچـەکانی نەغـەدە و پیرانشـار و شـنو ڕژێـم دەسـتی داوەتـە ئەزیـەت و ئازاریـان و ئەمنییـەتی لـێ هـەڵگرتوون و زەختیـان دەخاتـە سـەر کـە بگەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراق.

شـوین هـەڵگرتن و ڕەش بگیـری لاوەکانیان بەردەوام درێژەی هەیە و ڕۆژ جـار دەیـانگرن و بـە بـی ئـەوەی تەنانـەت کـەس و کاریـان ئاگـادار بکـەن دەیانبەنـە سـەر سنوور و لەوێوە بە ڕۆژ ڕەوانـەی کوردستانی عێراق یان دەکەونـە هـەڕوەها بـەردەوام خـەڵکی کۆکردنـــەوەی خیزانـــەکان و ناردنەوەیان بۆ سەر سنووەکانن، بـە پێـی هـەواڵ، ڕژێـم ئـاخری پاییزی ئەمسـاڵی وەکوو ئـاخرین مولەت بۆ گەڕانەوەی ئەو خیزانانە دیاری کردوە.

ئـــەو زەحـــمەت و زۆرە دژی ئینسانیەی جمهووری ئیسلامی بـۆ سـەر کرێکـاران و خـەڵکی هـەژاری ئـاوارەی کوردسـتانی عێراق لە ئێران، لە هەل و مەرجێک دایـە کـە ئـەوانیش وەک زۆربـەی دانیشـتوانی کوردسـتانی ئێـران لەگـەڵ بێکاری و گرانی و هـەژاری و نەداریـەکی لـە تاقـەت بـەدەر دەسـتە و یەخـەن و شـەریکی هـەموو ئـەو بـی بەشـی و بـی مافێیانـەن کـە خـەڵکی چەوساوە لـە ئێرانـی ژێـر دەسـەلاتی جمهـووری ئیسـلامی دا تووشـی هاتوون.

سەرمایەداران و خاوەن کارانی بی ویـژدان و چاو چنوک لەو بی دەرەتـانی و زەخـت و زۆرە کـە بەسەر ئەو خەڵکە هـەژارەوە هەیە کەڵک وەردەگرن و تەنانەت گـرەی نێـوەی کرێکـاریکی ئێرانـی بـۆ کارێکی یەکسانیان پی دەدەن.

کرێکـــارانی کوردســـتان، کرێکـارانی سەراسـەری ئێـران، ئاوارەکـانی کوردسـتانی عێـراق ووەکوو برایانی چینایەتی خۆیان چاو لـێ دەکـەن و لە هەل و مەرجی دژواری ئێسـتا دا پشـتیوانی خۆیـان لـەوان لـە بەرانبـەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکـەیان دا درێغ ناکەن، ئێستا، وەکوو هەموو جارانی تـر کـاتی ئەوەیـە کـە لـە هـەموو شـوێنێک و بـە هـەر شـێوەیەک کـە بۆیـان دەکـری، ئـەم هاوپشـتیەیە چـینایەتیەیە، بـە کردەوە نیشان بدەن.

ئاوارەکانی شەری ئێران و عێراق چیان لێ بەسەر هاتوە؟

لە جەریانی 8 سـاڵ شـەری مـاڵ ویرانکـەری ئێـران و عێـراق دا، گـەلێک شـار و دی و ئـاوەدانی و سـەروەت و سـامانی ئـەو دوو وڵاتە، بوو بە ویرانی و پی شیل کـراو لـە بـەین چـوو، جمهـووری ئیسلامی لە ساڵانی ئەوەڵی دوای کۆتـایی هـاتنی شـەر، هـەراو هوریایـــەکی زۆری بـــە نـــاوی "بازسازی" شار و دیهـاتی شـەر بـردوو خسـتە ڕی، بـەڵام ئێسـتا و دوای 4سـاڵ هێشـتا کۆمـەڵێکی بـەرینی خـەڵکی ئـاوارەی شـەر، هـەروا بـــی خانـــە و لانـــە و دەربـەدەرن، سـەیر ئەوەیـە کـە بـۆ بەشێک لەو خەڵکە مەسەلە تـەنیا ئەوە نێـە کـە دوڵـەت خەسـارەت و کـەل و پـەل و ئیمکانـاتی بینـا کردنـەوە و ئـاوەدان کردنـەوەی شـوێن و جێگـا و ڕێگاکانیـان پـی نادات، بەڵکوو تەنانەت ئیجازەیان پی نادات کە بی هـەول و تـەقالو ڕەنجـی شـانی خۆشـیان، شـوێنە ویـــران کراوەکانیـــان ئـــاوەدان بکەنەوە.

دیهـــاتی ســـەر ســـنووری مەنتەقـەی مـەریوان نموونەیـەکی ئەو ستەمە ئاشکرایەن کە ڕژیمی ئیسلامی لە خەڵکی کوردستانی دەکات.

خـەڵکی ئاوایـیەکانی، کـاریز، خانمە شیخانە، باشماغ، بایـەوە، مرانە، ئاسنەوە، لیوەکانی، چنار، دولەبن، پیرانە کۆن، کانی کـەوە، درمـــرە، ئاســـکولی ســـەروو، ئاسکولی خـوارووو ولـەژێر، لـە مـاوەی چـەند سـاڵی ڕابـوردوودا، گـەلێک جار هـەولیان داوە بچنـەوە سەر شوێنی ئاوایـیەکان و زەوی و زارەکانیان و هـەموو جارێـک بـە هەرەشـە و بـە زۆر بـەرگری‌یان لـێ کـراوە، لـە بەرانبـەر چـەند جـار ئیعتیرازی دەستە جەمعی خەڵکی ئەو ناوچـەیەدا دەوڵـەت کەوتوەتە فیکری دوو بەرەکی نانەوە لە ناو خەڵکدا و پیی ڕاگەیاندون کە بـەو کەسانەی زەوی سەبت کراویان لە قەبالەی ڕەسمیدا هـەبی نزیکـەی 700 هەزار تمەن خەسارەتیان پی دەدا بـۆ ئـەوەی دەسـت لـە شوێنەکانی خۆیان هـەڵگرن، تـازە ئەو قەولەش ژمارەیەکی زۆر کـەم لـە خـەڵکی ئـەو ئاوایـیانـە دەگریتـەوە، ئـەم ئیعتیرازە هـەر بەردەوامە و ڕژێم ڕایگەیاندوە کە نـەک هـەر ئیجـازە نـادات ئـەو دیهاتانە ئاوەدان بکرینەوە بەڵکوو هەرەشەی کردوە کە باقی دیهاتی سـەر سـنووریش ویـران دەکـات و خەڵکەکەی ڕا دەگویزی.

کرێکارانی کۆشتارگاکان و قەسابیەکانی شاری سنە

ئەم گوزارشە، گۆشەیەکە لە ژیانی سـەخت و کـاری قـورس و چەوسانەوەی بی سنووری بەشیک لە کرێکارانی شاری سنە کـە لـە کۆشـتارگاکان و قەسـابیەکانی ناو شار دا کار دەکـەن و زۆر جار لە نێو کۆمەڵدا لە بیردەچنەوە.

ئـەم بەشـەی کرێکـاران، بـە هـۆی هەل ومەرجی کاریانەوە، زۆر جار لە لایـەن خەڵکەوە، لەگـەڵ خاوەن کـاران لیـک جیـا ناگرینـەوە و ناکۆکی چینایەتی ئەم دوو لایەنە کـە هـەر کـام سـەر بـە چـینیکی کۆمەڵن، لەبەر چاو ون دەبی، بەڵام لە ڕاستی دا بەشیکی مەحرووم و چەوساوەی ناو کۆمەڵن کە لە ژێر فشـاری سـەرمایەداری کـورد دا دەچەوسینەوە.

کرێکـاریکی کۆشـتارگا، بـە پێـی سـوننەنیکی قـەدیمی و جـی کـەوتوو کـە خـاوەن کـار دای سـەپاندوە لـە سـەعاتی 2و3ی شەوەوە لە خەو هەڵدەستی و بە بی ئەوەی نانیک بخوا، خۆی ساز دەکـا و دەچـیتە سـەر کارەکـەی لەبـەر ئـەوەی کۆشـتارگاکان لـە دەرەوەی شـارەکان دروسـت کـراون، ئـەم کرێکارانـە ناچـارن ڕێگایـەکی دوور و درێـژ بـە پیـادە برون و ئەمە بە تایبەت لە سەرمای زسـتان دا کـەلیک هیلاکیـان دەکـا، ئـەم کرێکارانـە سـرویسـی هـات و چـوپان نێـە و ئەگـەر خۆیـان بیانـەوی ماشـین بگـرن دەبـی لـە حەقدەسـتی ڕۆژانـەی خۆیـان کـرێی ماشینەکە بدەن، بە تایبـەت لەبـەر ئـەوە کـە وەختەکـەش ناوەختە هیچ ماشینیک حازر نێـە بـە کـرێی ئاسـایی بیانگەینێتـە سـەر کـار و داوای کـرێی زیـاتر دەکـەن، کرێکارانیش ناتوانن ئـەم پارەیـە بـدەن و ناچـارن بـە پیـی پیادە برون.

زۆربـــەی جـــاران کرێکارەکـــان ئاژەڵداری و گـەور دەچـن، پـەین و پیســـایی و ورگ و ڕیخوڵـــە و بـەجیماوی حەیوانەکان فەزایەکی ناخۆش و بۆ گـەنیوی خولقاندوە و هـیچ ماددەیـەکی پـاک کـەڕەوە (وەک دیتـول و سـاولون) بـەکار نـابری و ئـەو شـوێنە هـەر بـە ئـاو دەشورێتەوە.

ئەم کرێکارانە شوێنی تایبەتی‌یان بـۆ نـان خـواردن نێـە کـە دوای چـەندین سـەعات کـار تـوزیـک بەولاوەتر لەو شوێنە ناخۆشە لە جێگایـەکی پـاک و خـاوین پشـوویەک بـدەن و نـان بخـۆن، هـەروەها حەمامیان نێـە کـە دوای کار خۆیان بشۆن.

حەقدەســـتی کرێکـــارانی کۆشتارگاکان، لـە چاو ئـەو کـارە سەخت ناخۆشە و شوێنی نائەمن و پر لە نەخۆشی و میکروب، زۆر کەمـە، بـۆ نموونـە کرێکـاریکی قـەدیمی کـە پیشـینەی کـاری زۆر بـی مانگانـە 10-9 هـەزار تمـەن وەردەگـــری. کرێکارەکـــان حەقدەســـتی یەکســـان و دیاریکراویـان نێـە و خـاوەن کارەکـان بـە کـەیفی خۆیـان حەقدەستیان دیـاری کـردوە و بـە دانـی حەقدەسـتی نـا یەکسـان هـەولیان داوە بـۆ پێـک هێنـانی تەفرەقە لە نێو کرێکاراندا.

ئەم کرێکارانە هیچ ڕێکخراویکیان نێە بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیان اتحادیـە و سـنف یـان هەیـە و هەلبـەت حـەقی ئەندامـەتی لـە اتحادیـەی خۆیانـدا بـە کرێکـاران دەدەن هـەتا بـەم شـێوەیە ڕێگـا لـە پیک هاتنی اتحادیـەی سـەربەخۆی کرێکـاران بگـرن، هـەتا ئێسـتا نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان اتحادیـەی قەسابەکان و شیرکەتی گۆشت لـە حـەقیکی کرێکارەکـان دیفاعیـان کرد بی و لە بابەت حەقدەستەکان و ئەمنییـەت و پـاک و خـاوینی شوێنی کار و بیمەی کرێکاران و داخوازی تر، لەسـەر کرێکارەکان وە جـواب هـاتن، بەرێوەبـەران و کاربەدەســـتانی اتحادیـــەی قەسابەکان کەسانی دەوڵەمەند و دەسەلاتداری شار بوون و هەمیشە لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ڕژێـم لـە فەرماندای و شارەداری بۆ زیاد کردنـی نرخـی گۆشـت خـەریکی سـات و سـەودا بـوون و هـەولیان داوە بـۆ بەرتەسـک کردنـەوەی مافەکانی کرێکاران و زۆر جاریش گۆشـتی نـەخۆش و مـردارەوە بوویـان بـە خـەڵکی شاری سـنە فرۆشتوە.

لـە شـاری سـنە، زیـاتر لـە 250 قەسـابی کۆشـت دەفرۆشـن، لـەو شـوینانەش کۆمـەڵیک کرێکـار و شاگرد کاردەکـەن کـە بـە جـەمعی کرێکـارانی شـیرکەتی گۆشـت و کوشتارگاکان ئیزافە دەبن.

پیویسـتی پێـک هـاتنی اتحادیـەی ســـەربەخۆی کرێکـــارانی کوشتارگاکان و قەسابیەکان زۆر دەمیکـە هاتوتـە گـۆڕ وتـەنیا لـەم ڕێگایەوەیـە کـە ئـەم کرێکارانـە دەتوانن ئاڵ وگۆڕیک لە وەزعی کار و ژیـانی خۆیانـدا بـەدی بیـنن و بـــەرەو ڕووی خـــاوەن کـــاران ڕاوەســـتن و پاشەکشـەیان پـی بکەن.

کرێکارانی بینا سازی لە سەردەشت

هاوڕیـەکی کرێکـار بـە نـاوی س.حوسـینی لـە شـاری سەردەشـتەوە گوزارشیکی لە وەزعی کار و ژیانی خۆی و کرێکارانی دیکەی ساختمانی لەوشارە بو ناردووین کە بلاوی دەکەینەوە.

مـن کرێکـاریکی ساختمانی لـە شـاری سەردەشـتم. زۆربـەی هـەرە زۆری کرێکارانی ئەو شارە لە کاری ساختمانی دا کار دەکەن.

هەموو ڕۆژی بەڕەیانیکی زوو ژمارەیەکی زوریان لە مەیدانی "سەرچاوی" کو دەبینـەوە و چاوەڕوان دەبین کە خاوەن کاریک پەیدا بی و بمانباتە سەر کارەکەی خۆی. زۆربەی ئەو کرێکارانە. پاش چەند سـەعات چاوەڕوانی ناچار بـە دل تـەنکی دەگەڕینـەوە مـالی و کاریـان وەگیر ناکـەوی ئەوانـەمان کـە بـە هەرحال کاری دەست دەکەوی. مەجبورە ڕۆژانە دوازدە سـەعات کاری سـەخت بکا و بیجگـە لـەوەش گـەلیک جار خاوەن کار ناچارمان دەکا کـە لـە ئـاخر و ئوخری ئیواران دا ورده کاری دیکەشی بە خورایی بو بکەین.

حەقدەسـتی کرێکاریکی عـادی لـە سەردەشت ڕۆژانـە 500 تمـەنـە و هـەموو کـەس دەزانی کـە لـە چـاو گرانـی کـەل و پـەلی ژیـان ئـەو پوولـە چـەندە کەمـە. شوینی کارمان هیچ ئەمنییەتیکی نییە.

لەو شارە ڕەسم نیە کە خاوەن کار تەنانەت هەر بیریش لەو مەسەلانە بکاتەوە سالی ڕابوردوو 3 کرێکار دیواریان بەسەردا ڕووخاو گیانیان لە دەست داو لـەو کاتەوە تا ئیستا بە دەیان کرێکاری دیکەی ساختمانی بە هوی جۆراوجۆەوە بریندار بوون.

بو زۆربەی کرێکارانی ساختمانی بیمە هەر مەعنایەکی نیە وکەس قسەشی لـێ ناکات. ژمارەیەکی کەمیش کە بە ناو بیمەن مانگانە 700 تمـەن دەبی بدەن بە ئیدارەی "تامینی اجتماعی" و ئەوە لە حالیکدایە کە دوکتورەکان و مەرکەزە دەرمانیـەکان دەفتەرچـەی بیمـەیان لـێ قـەبوول ناکـەن یـان دەری سـەر و گیروگرفتی زۆر لە ڕیگای وەرگرتنیان دینـنە گوری کە زۆر جار مەجبوور دەبی چاوپوشی لی بکەی.

حـەقی بیمـەی بیکاریش هـەر نادەن و وەختیک ئیعتیرازیان پی دەکـەین لـە جواب دا دەلین ئیمە بە پیی قانوونی کار عەمەل دەکەین و بە پیی ئەو قانوونـە ئیوە حەقیکتان ناکەوی و دەمان بەنە نیو کیژاوەی ئەم ماددە و ئەو ماددە و سەرەنجام جوابی ڕەت دەبیستینەوە.

خـاوەن کارەکـان لـە ئـاوارەیی بـی دەرەتـانی ژمارەیـەک لـە کرێکـارانی کوردستانی عیراق کە لە سەردەشت دەژین بە شیوەیەکی نا ئینسانانە کەلک وەردەگرن و بە کریی کەم کاری گەلیک سەختیان پی دەکەن و هەروەها هەموو سالیک لـە فەسـلی هـاوین دا دەکەونـە شـوین دوزینـەوەی منـالانی فـەقیری مەدرەسەکان و بە پوولیکی کەم دەیانبەنە سەر کار و دەیان چەوسینەوە.

کرێکاران لە شاری سەردەشت هیچ اتحادیە و ریکخراویکی کرێکاریان نییە کە لە بەرانبەر ئەو هەموو زۆلم و فشارە دا. دیفاعیان لی بکات.

لە حالیکدا کە دەولەت لە قانوون و بە هـەموو دام و دەزگاکانیـەوە پشتگیری لـە خاوەن کارەکان دەکات. ئاخو کەی کرێکارانی شارەکەی ئیمە لەو بەربلاوی و تەنیا بالیە دینە دەری و یەکیتی کریکارانی شاری سەردەشت دروست دەبی؟

خەڵکی تیکوشەری کوردستان!

هیزی پیشمەرگەی کومەلە خەباتکاری

ریگای ڕزگاری کریکارانە، کولەکەی

قایمی شەری شورشگیرانە لە کوردستانە

بە هەموو تواناتانەوە لە هیزی پیشمەرگەی

کومەل پشتیوانی بکەن.

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران کۆمەڵە

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 45 october: 1993

تیروری هەڵسوراویکی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی عێراق

لە رۆژی 1993/8/25 دا نەزیر عومەر هەڵسووراویکی بزووتنەوەی کرێکاری لە شیمالی کوردستانی عێراق بە پیلانیکی نا ئینسانی، سەرەتا بی سەروشوین کرا و ماوەیەکی کورت دواتر، تەرمەکەی دوزرایەوە، هاوری نەزیر عومەر ئەندامی "یەکیتی بێکارانی کوردستان" و هەڵسووراویکی کۆمۆنیست بوو.

پیویستە بۆتری کە ئەمە یەکەم تیروری سیاسی لەو چەشنە نێیە کە روو ئەدات لە ماوەی چەند مانگی رابوردوو دا چەندین تیکۆشەری سیاسی لە کوردستانی عێراق کەوتوونەتە بەر شالاوی تیروری کۆنەپەرستانەوە، نموونەیەکی تریان تیروری هاوری رەئوف کامیل حەسەن مەسئوولی یەکەمی رێکخراوی تێکۆشین بوو بە دوای ئەو دا ئەم هیرشە تیروریستی یە هەر بەردەوام بووە. ئێمە رەشەکوژی و تیروری هەڵسووراوانی سیاسی لە کوردستانی عێراق مەحکووم دەکەین و داواکاری ریسوا کردن و سزادانی ناوانبارانی ئەم رووداوانەین.

چون خانمی راوێژکاری رەئیس جمهوور رواڵەتی نۆی خوازانەی خۆی ئیسپات دەکات

ماوەیەکە رەفسەنجانی خانمیکی بە ناوی"شهلا حبیبی" وەکوو موشاویری رەئیس جمهووری لە کاروباری ژنان دا و رەئیسی دەفتەری کاروباری ژنان هەڵبژاردوو و دانانی ئەو خانمە لەوەها شوینیك لە ناو جەماعەتی ئەو کەسانەی کە ماوەیەك کیسەیان بۆ لیبرالیزم و نۆی خوازی رەفسەنجانی هەڵدروە وای دەنگ داوەتەوە کە گۆیا ئەوە نیشانەی هەنگاویکی تازەیە بۆ ئەهوەن کردنەوەی فەزای خەفەقانیك کە ژنانی ئێرانی گرتوەتە بەر، بە تایبەت کە هەر لە یەکەم رۆژی هاتنە سەر کاری خانمی حبیبی دا لە زمانی ئەوەوە ئەو خەبەرە بلاو بووەوە کە لەمەبە دوا ئەو خانەوادانەی وا رۆژانی تەعتیل دەچنە پارکەکان، لەوی ژنان و پیاوانیان دەتوانن پێکەوە بە ریعایەتی حیجابی ئیسلامیەوە چەند وەرزشیکی تەفریحی وەکوو کایە بە توپ و شتی لەو نەوعە بکەن!، دەنگوی هاتنە سەرکاری ئەو خانمە بوو بە هۆی ئەوە کە هیندیك لە خەڵك لە رووی ئارەزووەکانی خۆیانەوە هەندیك قسەی "نۆی خوازانە" بە ئەو نیسبەت بدەن.

بۆ رۆشن کردنەوەی راستی ئەو مەسەلەیە و هەڵسەنگاندنی دەرەجەی نۆی خوازی و ڕێز دانانی خانمی حبیبی بۆ مافێ ژنان لە ئێران و هەروەها بۆ دەرخستنی رواڵەتی راستەقینەی لیبرالیزمی رەفسەنجانی هیچ ریگایەك لەوە سەر راست تر نێە کە چاویك بە ئاخرین وت وویژیك دا بخشینین کە ئەو خانمە لەگەڵ گۆڤاری "حوادس" چاپی تارانی کردوە و مانگی مهر لە ژمارەی 75ی ئەو گۆڤارە دا چاپ کراوە:

خانمی حبیبی دەڵی:

من لەگەڵ ئەو نەزەرە کە پی وایە ژن لە ئێرانی ئیسلامی دا وەك جنسی دەرەجە دووهەم چاوی لی دەکری موافق نیم، ژن دەوری خۆی لە کۆمەڵی ئیمە دا بە شێوەیەکی ناراستەخۆ دەبینی، ژنان لە ریگای هاوسەرەکانیانەوە و لە ریگای منداڵەکانیانەوە لەسەر هەموو ئال و گۆرەکانی کۆمەڵ تەئسیر دادەنین..... دەوری کارێگەری ژنان لە هەڵسووراني کار و باری ماڵەوە دا، لە راستیدا بە مانای هەڵسووراني کۆمەڵە، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ.

تا ئێرەی قسەکانی خانمی راوێژکاری کار و باری ژنانی ئێران زۆر رۆشنە و پیوستی بە هیچ تەفسیریك نێە، خانم هاتنەدەر لە چوارچێوەی تەنگەبەری ماڵ دا بێجگە لە خۆی بۆ هیچ ژنیکی دیکە لە ئێران بە رەوا نابینی بەڵام بۆ ئەوەی مەبادا باش لە قسەکانی حاڵی نەبووین، زۆرترمان تەوزیح بۆ دەدا و دەڵی:

ژن لە مەورید چونیەتی خەرجی کردنی دەرامەدی خانەوادە و لە مەوریدی بارهێنانی منداڵان دا بریار دەدات، رەنگە ئەم نەوعە هەڵسووران و دەور نواندنەی ژنان لە پشتەوەی شانوی ژیانەوە بی، بەڵام بە مانای بی ئەهمییەت بوونیان نێە.

منداڵداری و راگرتنی حیسابی دەخل و خەرج و باقی کار و باری ماڵ و منداڵ و ئەرکەکانی دیکەی ژن لە ماڵ دا، بە بڕوای من، ئیشی ئاسان نین و بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بە کەمی بگرن. ئەگەر ژن لە ماڵ دا ئەو ئیشانە نەکا، دەبێ پارەی زۆر بدا بە کەسانی دیکە تا بۆی بکەن. ئەگەر ژن لە ماڵ دا کار نەکا، ئەوا پیاو ناچار دەبێ کەسانی دیکە بگرێ بۆ ئەو کارانە. ئەگەر ژن لە ماڵ دا کار نەکا، ئەوا پیاو ناچار دەبێ کەسانی دیکە بگرێ بۆ ئەو کارانە. ئەگەر ژن لە ماڵ دا کار نەکا، ئەوا پیاو ناچار دەبێ کەسانی دیکە بگرێ بۆ ئەو کارانە.

بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بە تەواوی بچنە ناو بازاری کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، پێویستە ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن لە ئەستۆی کۆمەڵ بێ و بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێ. ئەگەر ئەم ئەرکانە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە بازاری کار دا لە پلەی دووەم دا دەبن و هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن.

ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن.

ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن. ئەگەر ئەرکی ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێن، ئەوا ژنان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی بێکاری دا دەبن.

ل7

بڕی بیرەوەری شۆڕشی مەزنی ئۆکتوبری 1917

16ی ئابان ڕێکەوتی 7ی نوامبر ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتوبر، ساڵڕۆژی رووداویکی گەورەیە لە میژووی خەباتی چینی کرێکاری جیهاندا کە هەرگیز لە بیرناچێتەوە، ڕاپەڕینیك کە حیزبی بولشویك و لینینی مەزن ڕابەری گەورەی پرولیتاریای جیهانی دوای ساڵە ها تەدارەك و ئامادە بوون دوای تیپەڕ بوون لە تەجروبە و دەسکەوتی ساڵەها خەبات لە دڕی دەسەلاتی بورژوازی بەریوەیان برد و 76 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی 7ی نوامبری 1917 دا بە سەرکەوتنیان گەیاند لەو ڕۆژە دا بوو کە لینین بە کونگرەی سەراسەر شوراکانی کرێکاران و جووتیاران و سەربازانی ڕاگەیاند کە دەسەلاتی سیاسی کۆمەڵ لە دەستیان دایە.

شۆڕشی کرێکاری ڕووسیە لەڕۆی مەرگی خستە پەیکەری سەمایەداری جیهانیەوە پاریزەرانی ماڵکییەتی خسووسی سەرمایەداری هەموو هەست و غەریزەی چینایەتی خۆیان، هەموو ئیمکاناتیکی سیاسی و نیزامیان، هەموو سوننەت و داب و نەریتیکی کۆنی کۆمەڵایەتیان خستە کار بۆ ئەوەی نەهێڵن چینی کرێکار تامی شیرینی خۆی بچێژی بەم جۆرە شۆڕشی کرێکاری هەر لە هەوەلین ڕۆژی سەرکەوتنیەوە لەگەڵ بەرەیەکی یەکگرتووی دژی کرێکاری لە دەرەوە و لە ناوخۆ بەرەو ڕوو بوو. ولاتانی گەورەی سەرمایەداری ئەو سەردەم بە هێزی چەکدار پەلاماریان بردە سەر ولاتی کرێکارانی سەرکەوتوو، کۆنەپەرستانی ناوخۆ سەر لە نوی ریك خرانەوە و بە چەك و پول و ئیمکاناتی زۆر تەیار کران.

بەڵام چینی کرێکاری ڕووسیە بە نواندنی بی وینەترین فیداکاری و لە خوبوردوویی میژوو، شۆڕشی سەرکەوتووی خۆی لە بەرانبەر هێرشی ڕاستەوخۆی بورژوازی دا پاراست، هێرش گەران و پەلاماردەران بەرپەرچ درانەوە و بورژوازی بە ناچار لەو قوناغە دا واقعییەتی هەبوونی حکوومەتی کرێکاری سەلماند و کیشەی دەوڵەتی کرێکار و بورژوازی جیهانی پیی نایە دەورەیەکی دوور و دریژ لە ململانی و بەرەنگار بوونەوە.

ل5

دیسان هێرشی موشەکی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستانی عێراق

سەعات 10:30 دەقیقەی پێش نێوەڕوی یەك شەممە، دووی مانگی ئابان جمهووری ئیسلامی هێرشیکی موشەکی کردە سەر مقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە و سەر مالێ و زەوی و زاری خەڵکی ناوچەکە لە کوردستانی عێراق ئەو هێرشە درندانەیە بۆ ماوەی چەند سەعات درێژەی هەبوو و لە ئاکام دا هاوڕیەکی پێشمەرگەی کۆمەڵە و هاوواڵتیەکی خەڵکی کوردستانی عێراق بریندار بوون و چەند زەوی و زاریك و بەرهەمی ڕەنجی ئەمسااڵی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیە ئاگری تێبەر بوو.

بە پێی هەواڵ، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو هێرشەیان، بنکەی موشەك هاوێژی خۆیان هێناوەیە ناوخاکی کوردستانی عێراق لە سنووری شاری پینجوینەوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ڕاگەیاندنیکی خەبەری بۆ ئاگاداری بیروڕای گشتی بڵاو کردەوە و تێیدا ویرای ڕوونکردنەوەی چونیەتی ڕووداوەکە، ئەم کردەوەیەی جمهووری ئیسلامی وەکوو دەسدرێژیەکی ئاشکرای ڕژیمی ئێران بۆ سەر مالێ و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق بە توندی مەحکووم کرد.

هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئەو ناوچەیەی وا مقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵەی لێ جێگیر بووە شەپولیکی بیزاری لە جمهووری ئیسلامی لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراقدا پێك هێناو لە گەڵیك لاوە دەنگی هاودەردی و هاوپێشتی لەگەڵ کۆمەڵە لە ناو خەڵکی تیکۆشەردا بەرز بووەتەوە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوودا ئەوە دووهەمین جارە کە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە بەر پەلامار و دەسدرێژی هێزەکانی ئیسلامی و، هەرتك جار، ڕژیمی ئیسلامی هەلخراندنی تووڕەیی و نەفرەتی خەڵکی کوردستانی عێراق تەنیا نەسیبیکە کە بردوویەتی.

چەند ڕۆژ پێش ئەو هێرشە، بە شارەتی وەزیری ناوخۆی ڕژیم، لە شاری سنە هەڕەشەی لە خەڵکی کوردستان کرد کە جمهووری ئیسلامی، لە ڕێگای چەند بەرنامەیەکی تایبەتەوە، بەم زووانە سەرەنجام بە قسەی خۆیان ئەمنییەت لە کوردستان بەرقەرار دەکەنەوە. بە شارەتی لە ڕاستیدا بەلینی خاموش کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی بە خۆیدا، ئەوە هیچ کە ئەم قسانەی بەشارەتی دووپات کردنەوەی ئەفسانەیەکی پووچە کە سااڵەهایە دام و دەزگاکانی سەرکوت و کوشت و بری ڕژیم ئەساسی بناغەی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر خانەواده دامەزراوە، کە پاراستن و نیگاداری زەروریەیە، هەر بۆیە کارکردنی ژنان نابی زیان بەو قانوونەش بگەیەنی ژنیك کە سەعات 8ی بەیانی لە ماڵی دەچیتە دەری و هەتا سەعات 4و نیوی ئیوارە کار دەکا و لەوانەیە ساعات 7 تا 8 بگاتەوە ماڵی، وەها ژنیك چون دەتوانی، هاوسەریکی باش بۆ شووەکەی و دایکیکی باش بۆ منداڵەکانی بی؟

وا دیارە لە میشکی خانمی لیبرالی نەوعی جمهووری ئیسلامی دا ئەوە جێگای نابیتەوە کە دایانگا و باغچەی ساوایان، کودکستان و مەدرەسە ئەو شوینانەن کە تێیدا منااڵن دەبی بە کۆمەڵ و بە پێی ئاخرین دەسکەوتەکانی بەشەر لە زەمینەی فیر کردن و بارهێنان دا، نیگاداری بکرین و پەروەردە بن، وە ئەو ئەرکە هەر لەو سەعاتانەش دا ئەنجام بدری کە دایکان و باوکان لە شوێنی تر خەریکی دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین و خەریکی پەیدا کردنی بژیوی ڕۆژانەی خانەوادەن.

کاری ڕۆژانەی کەمتر لە 8سەعات و دوو ڕۆژ تەعتیلی حەفتە و تەعتیلاتی ساڵانە و مەرەخەسی لە کاتی پیویست هەمووی ئەوانە لە میشکی عەیبداری خانمی حبیبی ڕاوێژکاری رەفسەنجانی بۆ کار و باری ژنانی ئێران لە بیر چوونەتەوە، هەتا سیاسەتی دژی ئینسانی خانەنشین کردنی ژنان پاساو بکریت.

خانمی"ڕووناکبیری نۆی خواز و لیبرالی" ئیسلامی لە دڕێژەی وت ووێژەکەی دا دەڵی: مەسەلەن ئێمە هاتین ماددەی 33ی قانوونی مەدەنیمان بەرەسی کرد، کە دەڵی، پیاو و هەر وەخت بیەوی دەتوانی ژنەکەی تەلاق بدات، ئەو قانوونە بناغەیەکی فقهی و ئیسلامی زۆر مەحکەمی هەیە،

ل7

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 46 | سەرماوەز _1372 | نوامبر، دیسامبر_ 1993

ڕێگا چارەی فرمانداری شاری بانە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری!

ڕۆژی 16ی ئابان سالڕۆژی موبارەزە لەگەڵ نەخوێندەواری بوو. رادیو سنە قسەکانی فەرمانداری شاری بانەی بەم بۆنەوە بڵاو کردەوە. فەرمانداری بانە لە بەشێك لە قسەکانیدا دەڵی بۆ باشتر بەرەو پێش بردنی سیاسەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شاری بانە چەند دەورەیەکی چەند مانگەی داناوە و لەم دەورانەدا ژنان و پیاوان و ئەو منداڵانەی کە ئیمکانی ئەوەیان نەبووە بچنە مەدرەسە فیری خوێندەواری دەکات و لە هەر دەورەیەکدا بە بیست کەس لەو ژنانە کە بتوانن چەند سوورەتی قورئان لەبەر کەن، بە هەر یەکەی 1000تمەن و بە پیاوەکانیش هەر کام تایەك ئارد و تەنەکەیەك ڕون دەسخۆشانە دەدەن.

ئەمەیە کاری جیددی جمهووری ئیسلامی بۆ ڕیشە بڕ کردنی نەخوێندەواری لە کوردستان. گویا هۆی نەخوێندەواری ژنان کە فەرمانداری میشك وشکی بانە جایزەی بۆ دیاری دەکا ئەوەیە کە ناتوانن قورئان لەبەر بخوێنن یان پیاوەکانیان ماتلی تایەك ئارد و تەنەکەیەك ڕونن هەتا بەو نەتیجەیە بگەن کە خوێندەواری باشترە لە نەخوێندەواری!. فەرمانداری بانە و هاوکارەکانی لە دەزگاکانی حکوومەتی ئێران دا لەسەر ئەو عەقڵەن هەر بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری لە ئێران سالّ بە سالّ نە تەنیا کەم نابێتەوە بەڵکوو ڕوو لە زیاد بوونیشە. ل6

سەرمایەداری ئێران و قووڵتر بوونەوەی بوحرانی ئابووری

هاتنە خوارەوەی قیمەتی نەوت، هەموو ئومیدەکانی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ئابووری بوحران گرتووی ئێران بە بادا . کۆبوونەوەکانی 12 وڵاتی بەرهەم هێنانی نەوت لە وین نەیتوانی ڕێگا چارەیەك بۆ بەرگری لە ڕەوتی هاتنە خوارەوەی قیمەتی نەوت پەیدا بکات. لە حاڵی حازردا قیمەتی هەر بۆشکە نەوتێك بە 13 دولارە، ئەوە لە کاتێك دایە کە وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت پێشتر بریاریان دابوو کە نەهێڵن قیمەتی هەر بۆشکەیەك نەوت لە 21 دولار کەمتر بی. کەم بوونەوەی قیمەتی نەوت بە ڕادەیەکی بی سابیقە و پێش بینی نەکراو، دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی خستوەتە یەکێك لە دژوارترین تەنگانەکانی ژیانییەوە. بودجەی سالّی 1372لەسەر ئاسای قیمەتی هەر بۆشکەیەك نەوت زیاتر لە 20 دولار و لەسەر ئاسای زیاد بوونی ڕادەی بەرهەم هێنانی نەوت دارێژراوە، دانەوەی قەرزەکانی خاریجیش هەر بەو پییە بەرنامە ڕێژی بۆ کراوە.

لە چەند مانگی ڕابوردوودا بە هۆی ئەوەوە کە ڕژیم نەیتوانیوە قیستی قەرزەکانی بە بانکەکان و بە کومپانیاکانی ئوروپایی لەسەر وەختی خۆیدا بداتەوە، بە دەوڵەتێکی وەرشکستە ناسراوە و زۆربەی مامەلەکان ڕاگیراون یان تەنیا بە پووڵی نەقد دەکرین.

نرخی گورینەوەی ئەرزەکانی خاریجی لە ئێران، بە خێرایی چووەتە سەری و ئەم مەسەلەیە کە خۆی نیشانەیەکی بوحران و شیوازی وەزعی ئابووری ئێرانە، دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دەست پاچە کردوە بە جۆرێك کە بەریارەکانیان بۆ کۆنترۆڵی وەزعەکە، هەموو لەگەڵ یەکتر ناتەبایەیان هەیە و هیچ کامیان لەگەڵ ئەوی تریان نایەتەوە.

دەوڵەت کە بە ئازاد کردنی نرخی ئەرز بانکەکانی کرد بوو بە دەڵاڵێکی گەورەی مامەلەی دولار و پووڵی خاریجیتر و لەو مەیدانەدا کەوتبووە ڕەقابەت لەگەڵ مەعامەلەچییەکانی ئەرز لە بازاری ئازاد دا، گەیشتوە بە جێگایەك کە خەزینەی بانکەکانی لە هەموو ئەرزێکی خاریجی خەریکە بە تال دەبی و ئێستا وەختێك سەری خۆی دەخوێنێتەوە دەبینی کە لەو ماوەیەدا بانك هەر ئەرزی خاریجی و بە تایبەت دولاری فرۆشتوە بەبی ئەوەی بتوانی جێگای پر بکاتەوە. ئەمرۆکە وای لێ هاتوە کە بانکەکانی ئێران ئەوەندەیان ئەرز لە ئیختیار دا نیە نەك هەر مامەلەی ئازادی پێوە بکەن بەڵکوو تەنانەت سفاریشەکانی دەوڵەتیشی لە دەرەوەی وڵات پی بکرن و یان لانی کەمی ئەرزی پێویست بدەن بەو کەسانەی کە سەفەری دەرەوە دەکەن.

لە بازاری ئێران هەر بازرگان و مامەلەچی و تەنانەت دوکاندارێکیش، سەعات بە سەعات لە ڕووی ئاڵ و گۆڕەکانی نرخی دولارەوە قیمەتی کالاکانی دەگۆڕی. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕوالّەت دا پووڵی ئێرانی ئاڵ و گۆڕ دەکری، ئەوە دولارە کە بەسەر بازاری ئێران دا بە شێوەیەکی ڕۆژانە حوکم ڕەوایی دەکات.

لە پاڵ سەرافیەکان و مامەلەچییەکانی گەورەی ئەرزی خاریجی، کە لەو "ئاشفتە بازارە"دا لە ڕێگای مامەلەی ئەرزەوە بە میلیونەها دولاریان ناوەتە سەریەك و هەمووشیان یان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە حکوومەتەوە هەیە و یان لە بنەماڵەکانی تازە پی گەیشتوو و قەدیمی سەرمایەدارانی ئێرانن، لە پاڵ ئەوانەدا بە هەزاران جەوانی بێکاریش ڕۆژانە لەبەر دەرگای بانکەکان ڕیز دەبەستن و کرین و فرۆشتنی چەند دولار و مارك و فرانك و یەن بۆ ئەوان وەکوو فرۆشتنی ئەنواعی سیگار و شەمچەی لێ هاتوە.

تیرۆریزمی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق هەر بەردەوامە؟



هاوڕێی گیانبەخت کردوو عثمان عثماني

بە داخەوە ڕۆژی جومعە، 12ی مانگی سەرماوەز، هاوڕێیەکی تێکۆشەری ڕیزەکانی کۆمەڵە، هاوڕی عثمان عثمانی، پێشمەرگەیەکی لە مێژینە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، گیانی لە دەست داو چووە ناو ڕیزی گیانبەختکردوانی ڕیبازی سوسیالیزم و حکوومەتی کرێکاری.

هاوڕی عثمان ڕۆژی پێنج شەممە، 4ی سەرماوەز لە کاتی نیگابانی لە بنکەی کۆمەڵە لە شاری ڕانیەی کوردستانی عێراق کەوتە بەر تەقەی تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی و بریندار بوو و دوای حەوتوویەك گیانی لەدەست دا.تەرمی هاوڕی عثمان، لە شاری قالادزی، بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی تێکۆشەری ئەو شارە و هاوڕییانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە مەراسمێك دا کە بەم بۆنەوە بەڕپا بوو، ئەسپەردە کرا.

هاوڕی عثمان، هەر لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی دژی ڕژیمی شاوە، لە ناوچەی سەردەشت وەکوو تێکۆشەرێکی ڕیبازی کۆمەڵە دەناسرا و لە ئاوایی "دەرماناوی" و دێهاتی ناوچەی سەردەشت خەرێکی هەڵسووڕانی تەشکیلاتی بوو و جێگای باوەڕ و متمانە و خۆشەویستی زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە بوو.

هاوڕی عثمان ساڵی 1362 هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و لە ماوەی دەساڵ پێشمەرگایەتیش دا هەر ئەرکێکی تەشکیلاتی و پێشمەرگانە کە پێی دەسپێردرا بەو پەڕی دڵسوزییەوە ئەنجامی دەدا. لەدەست دانی ئەو هاوڕییە جێگای داخێکی زۆرە بۆ کۆمەڵە و بۆ هەموو هاوڕییانی پێشمەرگە. ئێمە بە بۆنەی گیانبەختکردنی ئەو هاوڕی خۆشەویستەوە لە بنەماڵە و کەس و کاری و لە هەموو هاوڕیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە و هەموو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەرەخۆشی دەکەین.

دەسدرێژییەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر موخالفینی سیاسی خۆی لە کوردستانی عێراق، لە لایەن خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی عێراقەوە مەحکووم دەکری. ئێمە داواکاری کۆتا بوونی دەستی جمهووری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی کردەوەی تیرۆریستی لە کوردستانی عێراقین و پێویستە قاتل یان قاتلەکانی هاوڕی عیمان بدوزرێنەوە و سزا بدرێن.

بانگەوازی سازمانی عەفوی بین الملل بۆ پاڕێزگاری لە گیانی هاوڕیانی زیندانی

ڕۆژی 29ی مانگی میهری ئەمسالّ 5 کەس لە هاوڕییانی کۆمەڵە کە بۆ جێبەجێ کردنی مەئموورییەتی تەشکیلاتی ناردرا بوون بۆ دەوروبەری شاری سنە، بە داخەوە بە هۆی خیانەتی خوفرۆشێك بە ناوی جەمالی ڕجب زادەوە، لە نزیك ئاوایی ئارەنان، لەو ڕۆژەدا دەکەونە داوی جمهووری ئیسلامییەوە زەربە دەخون، لەو کاتەوە تا ئێستا ڕژیم ڕێگەی بە خانەوادە و کەس و کاری ئەو هاوڕییانەمان نەداوە کە ئاگاداری چارەنووسی ڕۆلەکانیان بن و هەوڵی داوە کە چۆنیەتی ڕووداوەکە و شوێنی زیندانەکەیان لێ بشارێتەوە.

ئەم هاوڕییانە بریتین لە:

قوبادی وەیسی، عەلی سولەیمانی، جەلالی مەحەمەد ڕەزایی، عەباسی فەیزی و موسی مەلەکی.

دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات هەر ئەو کات لە نامەیەکدا کە ناردی بۆ سازمانی عەفوی بین الملل (ئەمنستی)، سەلیبی سووری جیهانی، کومیسیونی حقووقی بەشەری سازمانی میلل و چەندین ڕێکخراوی جیهانیتر ناو و نیشانی ئەو هاوڕییانە و شوێنی ڕووداوەکەی پی ڕاگەیاندن و نیگەرانی خۆی سەبارەت بە گیان و سلامەتی ئەو هاوڕییانە دەربڕی.

هەروەها داوای کرد کە بە هەر شێوەیەك کە دەتوانن لە بەرانبەر دەسدرێژی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر گیان و ژیانی هاوڕییانی ئسیرمان وەدەنگ بین و پشتیوانی لێ بکەن.

لە پەیوەند لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا، لە بەرواری 19ی ئابان بەرانبەر بە 10ی نوۆمبەری 1993 ڕێکخراوی عەفوی بین الملل بانگەوازێکی بۆ ئیقدامی فەوری بڵاو کردەوە، لەو بانگەوازە دا داوا لە هەموو لایەن و کەسێك کراوە کە بۆ بەرگری لە ئەشکەنجە و ئازاری 5 تێکۆشەری ل2

"نوینەری مەهاباد" لە مەجلیسی ئیسلامی، خۆی دەناسێنی!

عبدالرحیم نوربخش، بە ناو نوینەری شاری مەهاباد لە مەجلیسی ئیسلامی لە دەرفەتێك دا ڕۆژنامەی "ئیتلاعات"ی ڕۆژی 19ی خەزەلوەر بۆ ڕەخساند، کەلکی وەرگرتوە و بە نوینەرایەتی لە لایەن خەڵکی مەهابادەوە کۆمەڵێك قسەی کردوە کە بە ڕاستی حەیفە خەڵکی ئەو شارە لێی ئاگادار نەبن. لێرەدا چەند بەشێك لە وردە فەرمایشاتە نەقل دەکەین هەتا ئێوەش بزانن کە چلون ئەو گوی لە مستە لە بی شەرمی و بی چاو و ڕوویی دا، دەستی کاربەدەستانی سپای پاسدارانیشی لە مەهاباد، لە پشتەوە بەستوە. دەڵی:

"مەسئوڵان و بەڕێوەبەرانی پایەبەرزی جمهووری ئیسلامی بە چاوێکی زۆر موسبەتەوە دەڕواننە مەسەلەی ئاوەدان کردنەوەی هەموو شوێنە کورد نشینەکان و هەلومەرجێکی لە باریان بۆ گەشەپێدانی ئەو ناوچەیە فەراهەم کردوە.

ل2

جمهووری ئیسلامی و لاسایی کردنەوەی ژینگە پاریزی!

ماوەیەکە ڕۆژنامەکانی ڕژیم خەرێکی چاپکردنی کۆمەڵێك ڕاپورتن سەبارەت بە پاراستنی ژینگە. گویا هەندێك لە دەزگاکانی ڕژیم بە یارمەتی کۆمەڵێك لە خێرخوازان خەرێکی پاك کردنەوەی دەوروبەری تاران. شارەداری تاران و چەند دەزگایەکی تری سەر بە حکوومەت دەڵێن ئەو کۆیستانانە بە هۆی هات و چوی شاخەوانەکان و خەڵکێك کە بۆ سەیران دەچنە ئەو ناوە، پڕ بوون لە قوتووی کونسیرڤ و کیسەی نایلون و تەنەکە و بەرماوی چیشت. دەبی هەڵمەتێك دەست بدرێتی بۆ پاك کردنەوەی ئەو ناوە و پاراستنی پاك و خاوێنی ژینگە.

پاراستنی ژینگە هەڵبەت کارێکی زۆر پێویست و بەجێیە. شوێنی ژیانی ئینسان ئێستا زیاتر لە هەمیشە کەوتوەتە مەترسی ویران بوون و تێدا چوون. بەشەری پێشکەوتوو ساڵەهایە لە دژی ئەم مەترسییە خەرێکی هەوڵ و تێکوشانە. بەڵام جمهووری ئیسلامی و دەزگاکانی، بە شێوەیەکی زۆر ناشیانە و چاو بەستانە، خەریکن لاسایی ئەم هەنگاوە دەکەنەوە. ل2

دەربارەی: ڕاپورتی ئەوسالّی سازمانی عەفوی بین الملل و کومیسیونی مافی مرۆڤ لە سەر جمهووری ئیسلامی

ماوەیەك لەوەپێش کومیسیونی مافی مرۆڤ سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنترناسیونال، ڕاپورتی سالانەی خۆیانیان لەسەر ڕەفتاری جمهووری ئیسلامی لەگەڵ نارازیانی سیاسی و زیندانیان و ژنان و کەمە نەتەوایەتی و مەزهەبییەکان و بە گشتی لەسەر پێشێل بوونی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردەوە.

ڕاپورتەکەی ئەمنستی ئەنترناسیونال دەڵی:

"سیاستی شوێن هەڵکردن و تیرۆری نارازیانی سیاسی جمهووری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات هەر بەردەوامە و پەرەی پێدراوە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە هۆی موخالەفەتیان لەگەڵ دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی، لە وڵاتانی دەرەوە دەکوژرێن، ڕوو لە زیاد بوونە. ئەشکەنجە و ئازاری زیندانیانی سیاسی هەروا بەردەوامە. بریارەکانی دادگاکان نا عادلانەن و ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بی تاوان، بە بی محاکمە ئیعدام کراون. زۆر کەس لە زیندانییەکان دوای ساڵەها مانەوە لە زیندان هێشتا حوکمی ئاخریان لەسەر نەدراوە و ئەو حوکمانەش کە دراون نا بەجێ و نا قانوونی بوون. لە هاوێنی ڕابوردوودا سەدان ژن لەبەر ئەوەی بە قسەی مەئموورینی دەوڵەتی ڕووپوشی تەواویان نەبووە، شەڵاقیان لێدراوە. کەمایەتییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان زەختیان لە سەرە و مافی ئینسانییان پێشێل دەکری و ئازار دەدرین و...." ل2

پێشڕەو

ڕەنگ دانەوەی ئەو وەزعەی کە باس کرا لەسەر شانی خەڵکیش گرانی‌یەکی کەم وێنەیە کە سەرتاسەری ئێرانی داگرتوە. بانکی مەرکەزی ئێران بۆ شاردنەوەی واقیعەتی گرانی و نرخی تەوەروم، ئێستا ماوەیەکە نرخی تەوەرومی نەك سالآنە و مانگانە بەڵکوو حەفتانە ڕادەگەیەنی. حەوتووی ڕابوردوو ئەو بانکە بۆ چەندین قەڵەم لە پێداویستی‌یەکانی خەڵك ددانی بە نرخی 1/4٪ لە حەوتوودا دانا کە سالآنە دەکات بە زیاتر 80٪ نرخی ڕەسمی ڕاگەیاندراوی پێشووی خۆیان سالآنە 25-30٪ بوو.

پێك هاتنی ئەو وەزعە شێواوە ئابووری‌یە بۆ دەوڵەتی ڕەفسەنجانی کە زیانەکانی ڕاستەوخۆ ڕوو لە خەڵکی زەحمەتکێش دەکات چەند هۆی سەرەکی هەیە:

یەکەم: زۆربەی سەرمایەدارانی ئێران ڕوویان کردوەتە کاری پر دەرامەدی بازرگانی و مامەلەچی‌یەتی و ئامادە نین کە سەروەتەکەیان لە مەیدانەکانی بەرهەم هێنان دا بخەنە کار و لەو ڕێگایەوە دوارۆژی سەروەت و سەرمایەکەیان بە تەواوی بە دوارۆژی ئەوە ڕژیمەیانەوە گری بدەن. هەڵبەت لەبەر کەم بوونی ڕەونەقی بازار بەشێکی زۆریان لێرەش ڕوو دەکەنە کرین و فرۆشتنی ئەرز و بورس بازی و سفتەبازی و مامەلەی بانکی و شتی‌تری لەو نەوعە.

دووهەم: بە هۆی بێکاری‌یەکی بەرینی چەند میلیونی و هەژاری و کەم دەرامەدی زۆربەی دانیشتوانی ئەو ولآتە، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و کەم دەرامەد، هەر ئەوەندەیان بۆ دەکری کە لە فکری بەڕێچوونێکی مەمرە و مەژی و پەیدا کردنی پێداویستی‌یە ئەساسی‌یەکانی ژیانیان دا بن. ئەوان ناتوانن کریاری ئەو بازارە پر زەرق و بەرقە بن کە دەوڵەتی ڕەفسەنجانی لە ڕێگای گەشە پێدانی بازرگانی خارجی‌یەوە فەراهەمی کردوە. موغازەکان پرن و ویترینەکان ڕازاوەن، بەڵام کرێارەکان بە ژمارە کەمن و بەشی ئەوەندە نین کە ڕەونەقی پێویست بۆ بازاری سەرمایەداری بازرگانی ئێران فەراهەم بکەن.

سێیەم: زۆربەی کارخانەکان، شیرکەتە ئاو و بەرقەکان، بیمارستانەکان، مەدرەسەکان و شتی‌تر کە ڕژیم حەراجیان دەکات، نە کریاری ناوخۆیی و نەکریاری خارجی‌یان بۆ پەیدا نابی و دەزگای دەوڵەتیش دەمێکە بی کیفایەتی خۆی لە بەڕێوبردن و ئیدارەی ئەوانەدا لە هەموو باریکەوە نیشان داوە. با وەکوو هەموو ئەوانەی هێناوەتە بازاری حەراجەوە بەڵام زۆربەیان بەسەر دەستی‌یەوە ماونەتەوە و پێش بینی‌یەکانی بۆ فرۆشتنی خێرایی ئەوان وەدی نەهاتوە و لە ئەنجام دا بەرنامە ڕێژی‌یەکانی پێشووی هەموو لێ شێواوە.

چوارەم: هاتنە خوارەوەی قیمەتی نەوت کە لە سەرەتاشەوە باس کرا، بۆ ئابووری دەوڵەتی سەرمایەداری ئێران کە بە تەواوی بە فرۆشی نەوتەوە بەستراوەتەوە، زەربەیەکی کوشندەیە. نزیك بە 90٪ ئەرزی خاریجی و ئیعتیباری مامەلە لە دەرەوەی ولآت لە ڕێگای فرۆشتنی نەوتەوە تەئمین دەبی.

پێنجەم" سەرمایەداری لە ولآتانی پێشکەوتووی سەنعەتی‌دا لە لایەکەوە لە دەورەی ڕەونەقی خۆی‌دا نیە کە بتوانی و بیەوی هەمو بۆشایی‌یەکانی ئەمرۆی بازاری جیهانی پر بکاتەوە و ئەوەندە تامەزرو نیە کە سەرەڕای هەر ناکوکی‌یەکی لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی و بە هەر قیمەتێك بووە سەرمایە برژێنێتە ئێران و گیروگرفتەکانی دەوڵەتی ئێرانیش لەو ڕێگایەوە چارەسەر بکات و لە لایەکی دیکەشەوە بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ڕووخانی شووڕەوی‌دا ئێران ئەو ئەهمییەتە سیاسی و ئیستراتیژیکەی جارانی بۆ سەرمایەداری ئەمپریالیستی غەرب نەماوە کە بیخەنە سەرووی پرۆژە ئابووری‌یەکانی خۆیانەو. لەبەر ئەو هۆیانەیە کە بانکی جیهانی و صندوقی بین المللی پوولیش ئەو جۆرەی کە پێویستە لەم گێژاوە و بوحرانەدا بە پیر جمهووری ئیسلامی‌یەوە نایەن و بەڵێنی‌یەکانیان جێبەجێ ناکەن.

دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی بۆ هیچ کام لەو گیروگرفتانەی کە لە سەرەوە باس کرا ئاسویەکی ڕۆشنی لەبەر چاو نیە. هەر بۆیە سیاسەتەکانی لەم ڕووەوە بۆ سبەێنی و "لەم ستوونەوە بۆ ئەو ستوون" دیاری دەکات.

دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی و سەرمایەدارانی ئێران حازر نین ئاکامەکانی ئەو بوحرانە ئابووری‌یە بۆ خۆیان بگرنە ئەستو و زەرەر و زیانەکانی نە لە "گیرفانی" خۆیان بدەن و نە لەو پرۆژانەیان کەم کەنەوە کە پەیوەندی بە سەرکوت و ئازادی خەڵك و بە پاریزگاری لە دەسەلآتیانەوە هەیە. ئەم بوحرانە بۆ حکوومەتی ئیسلامی بە مانای ئەوە نیە کە لە بودجەی چەند میلیارد دولاری کرینی چەکی مودیرن و کۆمەڵ کۆڕ و کەل و پەلی نیزامی کەم دەکرێتەوە، بە مانای ئەوە نیە کە دەست لە خەرج کردنی بە میلیونەها دولار بۆ بەڕێوەبردنی ڕایەلەکانی تیرۆریستی لە دژی موخالیفانی سیاسی خۆی لە گوشە و کەناری دونیا دەست هەڵدەگری، بە مانی‌ی ئەوە نیە کە لە ژمارەی لەشکرەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش و بەسیج و هی‌تر کەم دەبێتەوە و ڕژیم بە کەم کردنەوەی زەختی نیزامی لەسەر خەڵکی کوردستان سەرفەجوییەك دەکات، یان بە مانای ئەو نیە کە دەست لە خەرج کردنی میلیونەها دولار بۆ ئازاری خەڵکی کوردستانی عێراق و سەلبی ئەمنییەتیان هەڵدەگری و ئیتر جاسووس و تیرۆریست و بومب گوزار و مووشەك و خومپارەیان بە دیاری بۆ نانیری، بە مانای هیچ کام لەوانە نیە. ئەم جۆرە پرۆژانەی جمهووری ئسلامی هیچ کەم و کۆرتی‌یەك بە خۆیانەوە نابینن. لە جیاتی ئەوانە یەکەم سەرچاوەیەك کە ڕژیم و سەرمایەداران هێرشی بۆ دەبەن ڕادەی ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە و شیددەت پێدانی چەوساندنەوەی ئەوانە و لێرەش ڕقێکی پێڕۆزی پنگ خواردوو چاوەروانیان دەکات.

***

(پاشماوەی) بانگەوازی سازمانی عەفوی بین الملل .....

سیاسی ریزی کۆمەڵە کە لە دەست دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی‌دا ئەسیرن، هەر ئیمکانێك کە هەیانە، دەسبەجێ بە کاری بێنن. لەو بانگەوازە دا نووسراوە: "گیانی قوبادی وەیسی، عەلی سلیمانی، جەلالی مەحەمەدرەزایی" عەباسی فەیزی، موسی مەلەکی لە مەترسی دایە، لە ڕۆژی 20ی ئوکتوبرەوە کەوتوونەتە دەست جمهووری ئیسلامی و هەر چەشنە مولاقاتێکیان لێ قەدەغە کراوە و کەس و کاریان ئاگاداری چارەنووسیان نین". سازمانی عەفوی بین الملل بە وەبیرهێنانەوەی شێوە کاری جمهووری ئیسلامی لە زیندانەکان و سابیقەی ئەشکەنجە و ڕەفتاری غەیرە ئینسانی لەگەڵ زیندانی و موحاکەمەی ناعادلانە لە ئێران، داوای لە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو بانگەوازە بە دەستیان دەگات کردوە کە لە ڕێگای ناردنی، نامە و تلکس بۆ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران داواکاری ئەوە بن، کە هەرچی زووتر تەرتیبی چاوپێکەوتنی ئەسیرەکان لەگەڵ خانەوادەکانیان بدری، ئیمکانی ئەوەیان بۆ فەراهەم بی کە بۆ خۆیان، جیاواز لە ڕژیم و لە ڕێگای کەس و کاریانەە بکەونە ژێر چاودێری پزیشکی و دەرمانەوە، وەکیل و پارێزەریان هەبی و لەسەر ڕوشن بوونەوەی وەزعیان و ڕەفتاری ئینسانی لەگەڵیان خاترجەمیان پی بدرێت".

(پاشماوەی) نوینەری مەهاباد" لە مەجلیسی ...

فەعالییەتەکانی جمهووری ئیسلامی و بەتایبەت "جهادی سازندگی" لە شوێنە کورد نشینەکان لە دوای ئینقلابەوە تا ئێستا بە ڕاستی بی وێنە بوون و لەم 15 ساڵەدا بە ئەندازەی 50 ساڵ لەم بابەتەوە کار کراوە".

ئەگەر عبدالرحیم نوربخش ڕاوێژکارێکی عاقلی هەبوایە پێی دەوت: "برادەر! هەروەك چۆن تا ئێستا سەری خۆت بەردابووەوە و موچە و پاداشی خۆت وەردەگرت و سلاواتت لە دیداری حکوومەتی ئیسلامی لێ دەدا، لەمەو دواش هەر ئەوەت کردبا باشتر بوو!" بەڵام نوربخش وای نەکرد و بەو قسانەی، خۆی کردوەتە سەماکەرەیەك کە مایەی گاڵتەجاری هەموو خەڵکی شاری مەهاباد بی.

تا ئێستا هیچکام لە کاربەدەستانی سەرەوەی جمهووری ئیسلامی جۆرئەتی ئەوەیان بە خۆیان نەداوە کە دڕوی ئاوا گەورە ئەویش ڕاستەوخۆ ڕوو لە خەڵکی شاری مەهاباد بڵآو بکەنەوە. ئەغلەب، هەرکامیان دین بۆ ناوچەکە، قول لە کراس دێننە دەر و فرمیسك بۆ دواکەتوویی کوردستان هەڵدەڕێژن و دەڵێن کە گویا بە هۆی هەبوونی "زد ئینقلاب" لە ناوچەکەتان، "ئەمنییەت" نەبووە و "زد ئینقلاب" خەرمانی خەڵك ئاور تی بەردراوە و ڕێگای نەداوە ماشینەکانی جهادسازندگی کار بکەن و بەڵێن بی لەمە دوا هەوڵ دەدەین بەر لە هەمووشتێك هێزی تایبەتی دروست کەین و کوردستان ئارام کەینەوە و ئەمجار بەرنامەی تایبەت بۆ قەرەبووی دواکەوتوویی بەڕێوە دەبەین. ئەمانە، بۆ نموونە، ناوەڕۆکی قسەکانی بەشارەتی وەزیری ناوخۆ بوون کە ماوەیەك لەوەپێش لە سەفەرەکەی دا بۆ کوردستان، کردی. کەچی دەبینین عبدالرحیم نوربخش بە نوینەرایەتی لە لایەن خەڵکی شاری مەهابادەوە هەموویانی وەدرو خستەوە و ڕایگەیاند کە جمهووری ئیسلامی لەو 15 ساڵەدا بە ئەندازەی 50 ساڵ ئاسایش و ئاوەدانی بۆ خەڵکی مەهاباد بە دیاری هێناوە!!

ئەمە لە زیرەکی نوربخش نیە کە کارنامەی 15 ساڵەی شکەنجە و ئازار و مالویرانی‌میللەتێك هەژاری و بێکاری و نەداری میلیونەها ئینسانی زەحمەتکێش، بە دەسکەوتی جمهووری ئیسلامی لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا لە قەلەم دەدا. ڕەنگە دوای ئەو قسانە، کەسێك لە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی پێی وتبی: کابرا! توزێك وریای قسەکانت بە. تو ڕوو لە خەڵکی شارێك قسە دەکەی کە سەرباقی هەژاری و ڕەنجی ژیانیان، بە دەگمەن خیزانێکی تێدا هەیە لانی کەم کەسێکی بە دەستی جمهووری ئیسلامی نەکوژرابی.

***

(پاشماوەی) جمهووری ئیسلامی و لاسایی....

. چۆنکە هۆی سەرەکی ویرانی و تێدا چوونی ژینگە لە ئێران، خۆدی ئەم ڕژیمە و قازانج پەرستی و سیاسەتەکانیەتی. وەك دەڵێن، لەم بابەتەوە کویخا بۆ خۆی مەشموولە. ڕژیم لە حاڵێکدا هەڵمەتی پاك کردنەوەی کوێستانەکانی دەوروبەری تاران لە قوتووی تەنەکە و کیسەی نایلون دەست دەداتی کە کوێستانەکان و تەپولکەکان و پێدەشتەکانی ناوچە سنووری‌یەکان، لە شیمالی کوردستانەوە هەتا کەنارەکانی خەڵیجی فارس، بە درێژایی سەدان کیلومیتر، ئێستاش پرن لە مین و گوللەی توپ و خومپارە و بومبی نەتەقیو، بە درێژایی سنوورەکان و بە تایبەت لە کوردستان، ڕۆژ نیە تەقینەوەی مین و گوللە چەکی قورس قاچ و دەستی چەند کاروانچی و جووتیار و ڕیبوار نەپرینی، یان نەیانکوژی. هەر لەم چەند ڕۆژەدا، خەبەرگوزاری‌ی جمهووری ئیسلامی، هەواڵی کوژرانی 5 مندااڵی بڵآو کردەوە کە لە دەوری خومپارەیەکی نەتەقیو، بۆ کایە کردن ئاگریان کردبووەوە.

ڕژیم لە حاڵێکدا هەڵمەتی پاك کردنەوەی شاخەکانی دەوروبەری تاران دەست دەداتی، کە هەر لە خودی شاری تاران، زۆرجار ڕادیو و تلویزیون داوا لە خەڵکی شارەکە دەکەن ئەو کەسانەی نەخۆشی دل و هەناسەیان هەیە لە مااڵ نەیەنە دەر چونکە هەوای شاری زیاد لە ئەندازە گازی زیانبار و ژەهراوی تێدایە!

هەر لە تاران و لە شارەکانی تریش ئێوە دەتوانن بروانن شوێنی ژیانی میلیونەها کەس لە خەڵکی حاشیەنشین و دانیشتوانی گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکانی قراخ شار، بزانن وەزعی ئاو و ئاوەرویان چۆنە، پاك و خاوێنی‌یان چۆنە، ژووڕەکانیان چۆنە و شوێنی کایەی منداڵەکانیان چۆنە.

هەر بە پێی ڕاپورتی ڕۆژنامەکانی ڕژیم لە ناوچەکانی خواروووی ئێران، سەدان هەزار هەکتار زەوی وشك و بی حاسل داکەوتوە ئەویش لە کاتێکدا کە سەدان میلیون میتری مکعب ئاوی ڕووبارەکان و لافاوی بەهاری مەهار نەکراوە، سالآنە مااڵ و زەوی و زاری دەیان هەزار کەس لە ناو دەبا. لە حاڵێکدا کە دەکری بە دروست کردنی ئاوبەند و کەنال تەنانەت ئاوی لافاویش لە جیاتی بە فیروچوون و ویرانگەری، ببڕێتە سەر زەوی‌یەکانی کشت و کال. هەر لە لافاوی پارەکەی ئەو ناوچەیەدا دەیان کەس گیانی خۆیان لە دەست دا، هەموو سامانی دەیان هەزار کەس لیتەی بەسەر کشا و هەزاران سەر ئاژەلیان خنکا. زیانی لافاوی مانگی سەرماوەزی ئەمسالیش لە ژووروووی ئێران بە پێی ڕاپورتی ڕۆژنامەکانی ڕژیم زیاتر لە 5 میلیارد تمەن بووە کە 3 میلیارد تمەنی ئەم زیانە لە خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی‌یەکان کەوتوە.

گویا مین و گوللە توپەکانی شاخ و دەشتەکانی کوردستان، سووتمان و ویرانی‌یەکانی شەر، ویرانی‌یەکانی لافاوی هەموو ساڵە، مەینەت و کوێرەوەری گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان، گازی ژەهراوی لە هەوای تاراندا، هیچیان بۆ ژینگەی ئینسان زیانیان نیە و خەتەری گەورە تەنەکەکان و نایلونەکانی بناری ئەلبورز و لاپالەکانی دەماوەندن!

***

(پاشماوەی) دەربارەی: ڕاپورتی ئەوسااڵی سازمانی عەفوی بین الملل .....

بۆ خەڵکی ئێران کە خۆیان ڕاستەوخۆ قوربانی‌ی وەحشیگەری‌یەکانی جمهووری ئیسلامین، ئەم لە قاودانانە و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپورتانە نەك هەر شتێکی تازەی تێدا نیە، بەڵکوو بە هەموویەوە گوشەیەك لە واقعییەتێکی گەڵێك سامناك تر و پر ئێش و ئازارترن کە ولآتی ئێرانی بۆ میلیونەها کەس کردوەتە زیندانێکی گەورە.

هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی موخالیفی دەوڵەت ڕێگای تێکۆشانی سیاسی پی نادری. هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئازاد بڵآو نابێتەوە. ئازادی پێك هێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ لە کرێکاران زەوت کراوە و هیچ ڕێکخراوێکی جەماوەری سەر بە خۆی دیکە، ئیمکانی پێك هاتن و هەڵسووڕانی نیە. ڕادیو و تلویزیون و موسیقا چالاکی و هەڵسووڕانی بیروەستی خەڵاقانە و هونەرمەندانە لە ژێر دەسەلآتی فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانەدا، بە زۆری چەك و هەرەشە و زیندان، خەفە کراون. ژیانی کەسەکان لە چوار دیواری مااڵی خۆشیاندا دەسدرێژی دەکرێتە سەر. شادی و شادمانی قەدەغەیە، دڵداری و خۆشەویستی تاوانە، جل و بەرگی بە دڵی خۆت قەدەغەیە و ڕۆژ نیە لە گوشەیەك شانوی شەڵاق و شکەنجە و سەنگەسار و قصاص و ئیعدامی لەبەر چاوی خەڵك و... بەڕێوە نەچی.

سەرباری هەموو ئەمانەش و لە هەموویان پر ژانتر، برسیەتی و هەژاری و نەداری و بێکاری و بی خانە و لانەیی و نەخۆشی و بی دەرمانی‌یە کە خەڵکی زەحمەتکێش لەگەڵی دەستەویەخەن. ئەمانەش ئەو مەیدانانەن کە نە کۆمۆیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و نە ئەمنستی ئەنترناسیونال کاریان پێی نیە و دایان ناوە بۆ قەزاوەتی "بانکی جیهانی" و سندووقی بین المللی پوول" کە مەرجی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی بەیار و سیاسەتەکانیان لە ئێران خەفە کردنی دەنگی نارەزایەتی کرێکار و زەحمەتکێشی حەقخوازە.

دوای بڵآو بوونەوەی ئەو ڕاپورتانە لەسەر پێشێل بوونی مافی مرۆڤ لە ئێران، دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی ڕژیم کەوتنە کار بۆ ڕەت کردنەوەی ڕاپورتەکان و پاساو کردنی کردەوەی ڕژیم. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران وەڵامێکی ڕەسمی بە ڕاپورتەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دایەوە و تێیدا وتی:

"بە پێچەوانەی ڕاپورتەکە، لە ئێران هیچ هەڵسووڕانێکی سیاسی مەنع نەکراوە، هیچ کەمایەتی‌یەکی مەزهەبی ڕەفتاری خراپی لەگەڵ نەکراوە، هیچ شکەنجەیەك ناکری و لە دادگاکان هەموو

یاسایەکی عەدالەت پەروەرانە بەڕێوە دەبری". لە بابەت تیرۆری موخالفینی سیاسی رژیمی ئێران لە دەرەوەی ولاتیش، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران دەڵی: "ئێمە هەتا ئێستا گەڵێك جار رامان گەیاندوە کە دەستمان لەم کارانەدا نیە و تەنانەت حازرین یارمەتی بدەین بۆ دوزینەوەی قاتلەکانی موخالفینی سیاسی خۆمان"!!

هەروەها لە جوابەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا هاتوە کە: "بە داخەوە هێندێك لە قسەکانی ئاغای یەزدی رەئیسی قوەی قەزایی ئێران بە خراپ لێك دراوەتەوە و نووسەرانی راپورتەکە لەو قسانە باش تی نەگەیشتوون".

بەڵام هێشتا مەرەکەبی جوابەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وشك نەبووەوە کە ئایەتولا یەزدی رەئیسی قوەی قەزایی خۆی هاتە قسە و نیشانی دا کە ئەوە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانە کە قسەکانی بە خراپ لێك داوەتەوە. یەزدی و هەروەها بەشارەتی وەزیری ناوخۆ کە هەردووکیان راستەوخۆ بەرانبەر بە راپورتەکەی کۆمیسیونی مافی مرۆڤ بەڕ پرسیارن، پاکانەی وەزیری دەرەوەیان خاو کردەوە و هەرچی جەنابی رستبووی، لێیان کردەوە بە خوری.

یەزدی لە نوێژی جومعەی تاران دا، لە وەڵامی گالیندوپول دا وتی: "نیگەرانی دەربرینی ئێوە لە دەستوراتی ئیسلامی، بی فایدەیە و هیچ تەئسیرێکی لەسەر ئێمە نیە. ئێمە حوکمی خوداو دەستوراتی ولاتمان بە قاتعییەتی تەواو بەڕێوە دەبەین. ئێمە ئەمنییەتی ولاتەکەمان لەبەر پی خۆش بوونی ئێوە تێك نادەین و کاری خۆمان دەکەین. ڕێگا نادەین چەند کەس لە دەوری یەك کۆبنەوە و قسەی هاتەران پاتەران بکەن و ناوی خۆیان بنین مەزهەب. ئێمە ولاتی خۆمان ناکەینە دەسکایەی چەند جاسووسێکی ئیستکبار".

بەشارەتی وەزیری ناوخۆش، لە وەت و وێژێك دا لەگەڵ ڕۆژنامەی "همشهری" کاتێك پرسیاری لێدەکەن ئایا حیزبە سیاسییەکان لەمەودوا ڕێگای هەڵسووڕانی سیاسییان پی دەدری یان نا؟ لە وەڵامدا دەڵی:

"لە ولاتی ئێمە کە ئیسلامی هەیە، هیچ حیزبێك پێویست نیە. ئەوانەی بە تەمای حیزبایەتین دیارە ئیسلامیان ناوی و لە شتی‌تر دەگەڕین. حیزبایەتی لە هیچ کوێی دونیا کاری سەرکەوتوو نەبووە و خەڵك پێیان خۆش نیە"!.

بۆ کۆمەڵانی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز لە ئێران، قسە لەسەر تەفسیر و لێکدانەوەی ئەم هەڵوێستانە نیە و خۆیان لە چەندین سااڵ لەوە پێشەوە هەڵویست و کردەوەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامیان بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێکردوە. بەڵام تەنانەت بۆ کەسێکی وەك گالیندوپولیش دوای بێستنی ئەم قسانە هیچ جێگایەك بۆ ناروشنی و بە "خراپ تی گەیشتن" نامێنێتەوە. لە راستیدا ئەوە وەزیری دەرەوەی ئێرانە لە کاتێکدا کە قافیەی پی تەنگ بووە دەیەوی لێکدانەوەیەکی ناڕەوا لە قسەکانی یەزدی و بەشارەتی بکا.

ڕاپورتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە هەزار و یەك مەسەلەحەتی سیاسی و دیپلوماتیکی دنیای بورژوازی قورسایی بەسەردا دەکا، هەرگیز ناتوانی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ئەم ژیانە تاڵەی جەماوەری خەڵکی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداراندا، ئاشکرا بکا.

***

وەڵامی چەند پرسیارێك

ڕوون کردنەوە:: ئەم پرسیار و وەڵامانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەك لە گرینگترین پرسیارەکانی چەند حەوتووی ڕابوردووی گوێگرەکان و وەلامەکانی رادیو دەنگی شۆرشی ئێرانن کە لە بەرنامەی ڕۆژانی جومعەی ئێمە و گوێگرەکانی ئەو رادیویە بڵاو بوونەتەوە.

فەلەستین

هاورییان: ئەحمەد_ م، سەردار و فەرید، دەپرسن:

هەڵویستی کۆمەڵە لەسەر ڕێککەوتن نامەی غەزە_ ئەریحا چیە؟

وەڵام: لەم بارەوە دەنگی شۆرشی ئێران لە چەند وتاردا، لە کاتی خۆی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕووداوە و هەڵویستی ئێمەی لەو بارەوە ڕوون کردوەتەوە. لێرەدا لە وەڵامی ئەو هاورییانەدا چەند خاڵی سەرەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە بە کۆرتی باس دەکەین.

1- ئیمزای ڕێککوتن نامەی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین و دەوڵەتی ئێرائیل ڕووداوێکی سیاسی گرینگە کە کێشەی فەلەستین دەگوازێتەوە بۆ قوناغێکی نوی. ئەم ڕێککەوتنە بەر لە هەموو شتێك بەرهەمی "ئینتفازە"ی فەلەستین و بن بەستی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە تێك شکاندن و لە ناوبردنی ئەو بزووتنەوەیەدا. "ئینتفازە" نەك هەر خەباتی خەڵکی فەلەستین بۆ بە دەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسیانی لە بن بەست هێنایە دەر، بەڵکوو ریزەکانی دوژمنەکەشی لە باری سیاسی و ئەخلاقیەوە شێواند و هیچ چەشنە مەشرووعیەتێکی بۆ نەهێشتەوە. دەزگاکانی پولیس و ئەرتەش بی توانایی خۆیان لە بەرانبەر ئەو بزووتنەوەیەدا بە هەموان نیشان دا. "ئینتفازە" کێشەی فەلەستینی لە چنگ دەوڵەتانی عەرەبی هێنایە دەر و کردی بە مەسەلەی جەماوەری فەلەستینی لە شوێنی کار و ژیانیان.

ڕێککەوتنی غەزە_ ئەریحا هەتا ئێرە بێگومان پاشەکشەیەکی دیاریکراوی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە بەرانبەر "ئینتفازە"ی فەلەستین دا. ئەم ڕێککەوتنە بزووتنەوەی فەلەستینی بردوەتە قوناغێکەوە کە ئیتر وەکوو سەرچاوەیەك بۆ هاندانی ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسرائیلی و وەکوو وەسیلەیەك لە دەست دەوڵەتانی عەرەب دا بۆ مەشرووعییەت دان بە دەسەڵاتی سیاسی زالمانەیان لە ناوخۆی ولاتەکانیان بە کار ناهێندری.

2- بە چاو خشاندن بەسەر بەندەکانی ئەو ڕێککەوتن نامەیەدا و بە ورد بوونەوە لە خاڵە ئەسلییەکانی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوی کە لایەنی ئیسرائیلی ئەو قەراردادە بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵی داوە کە ئیمکان نەدات بەوەی لە ڕێگای ئەو ڕێککەتنەوە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری وەها بڕەخسی کە تێیدا خەڵکی فەلەستین، چارەنووسی سیاسی و هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بە ئیرادەی خۆیان و بە دوور لە سێبەری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئسرائیل دیاری بکەن و بە تایبەت مەجالی ئەوە فەراهەم بێت کە فەلەستینیەکان ورده ورده لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی نزیك ببنەوە. بە پێی ئەو ڕێککەوتن نامەیە مەیدانی ئیختیاری دەزگای خودموختاری فەلەستین زۆر بەرتەسکە و چەند بواریکی ژیانی ئیداری و فەرهەنگی زیاتر ناگرێتەوە. ئەگەرچی ئەرتەشی ئیسرائیل لە چەند شوێنێکی دیاریکراوی فەلەستین دەچێتە دەری و پولیسی محەللی فەلەستینی جێگای دەگرێتەوە بەڵام ئەم پولیسە لە باری ڕەسمی و ئیداریەوە هەر سەر بە دەزگاکانی ئەمنیەتی و پولیسی لە تەعقیب و گرتنی موخالیفانی دەوڵەتی ئیسرائیل دا هەر وا ئاوااڵ دەبی و گەڵێك مەحدودیەتی‌تر.

جگە لەوانە چەند مەسەلەی وەك داهاتووی شاری بەیت المقدس و مەسەلەی چەند میلیون ئاوارەی فەلەستینی کە لە وڵاتانی عەرەبی دا دەژین و دەوڵەتانی عەرەبی تا ئێستاش مافی شارومەندیان پی نەداون و بەشێکیان هەر لە ئوردووگای ئاوارەکاندا دەژین و هەروەها مەسەلەی پێکهاتنی دەوڵەتی فەلەستین لە داهاتوودا لەو ڕێککەوتننامەیەدا بی دەنگەیان لێ کراوە. حەل بوونی ئەو بەشە لە کێشەکان بە هاوسەنگی دواڕۆژی هێزەکانی هەردوولا بەستراوەتەوە و بێگومان وەکوو مەوزوعی ململانێی داهاتوو هەروا زیندوو دەمێننەوە.

3- ئەم ڕێککەوتن نامەیە لە لایەن "ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستینە"وە کە بە نفووزترین ڕێکخراوی فەلەستینیە ئیمزا کراوە و باقی فەلەستینیەکان ڕەتیان کردوەتەوە و هێشتا ریفراندوم یان هیچ نەوعە دەنگ دانێکی ئازادانە لە ناوچە داگیرکراوەکاندا نەکراوە هەتا مەعلووم بی کە "زۆربەی خەڵکی فەلەستین بەو ڕێککەوتنە ڕازین یان نا؟. دەوڵەتی ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوە دایە کە ریزەکانی "ئینتفازە"ی فەلەستین لە بەریەك بترازێنی و ناکۆکی ناو خۆی فەلەستینیەکان لەسەر ڕێگای چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە، پەرە پی بدات و بە تایبەت لە هەوڵی ئەوە دایە کە ڕێگا بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی تووند و تیژ و تەنانەت چەکدارانەی لایەنەکانی فەلەستینی خۆش بکات.

پی بە پێی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل بتوانی "ئینتفازە"ی فەلەستین کە سەرچاوەی ئەسلی هەر چەشنە ئیمتیاز و پاشەکشەیەکی دەوڵەتی ئیسرائیلە خاموش بکات هەر بەو پێیە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ڕێککەوتن نامەکەش دەخاتە دوواوە، پەیمان شکێنی دەکات و کوسپی عەمەلی دەخاتە سەر ڕێگای ڕێککەوتنەکان..

4- خاڵیکی گرینگ لە پیوەند لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ئەوەیە کە بریاری زۆربەی خەڵکی ناوچە فەلەستینینشینەکان لەسەر ئەو ڕێککەوتن نامەیە چون دەبی؟ شکستی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین لە ڕاکێشانی دەنگی زۆربەیەکی بەرچاو لە خەڵکی فەلەستین بۆ قەبوڵی ئەو ڕێککەوتنە خۆش دەکات و هەلومەرجێکی وەها پێك دێنی کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ستەمدیدە و هەژاری فەلەستینی لە دەوری ئەوان کۆببنەوە و بزووتنەوەی فەلەستین هێشتا لە داوی ناسیونالیزمی عەرەبی رزگاری نەبووە بکەوێتە باوەشی جەریانی ئیسلامییەکانەوە و ئەوجار تەعەسوبی مەزهەبی ئاوری دوژمنایەتی ئینسانی عەرەب و ئینسانی یەهوودی باوەشێن بکات.

سەرکەتنی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین کە دیارکردنی ئاسویەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی فەلەستین و رازی بوونی خەڵکی فەلەستین بەو ئاسویە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناسیونالیزم لە ناو خەڵکی فەلەستین دا ڕوو لە کزی بروات و ڕێگا بۆ خەباتی چینایەتی کرێکارانی فەلەستینی کە بە وەسیلەی سەرمایەدارانی ئیسرائیلی و فەلەستینی دەچەوسێنەوە خۆش بێت و سەرجەم کۆمەڵگای فەلەستین و ئیسرائیل بە دوور لەبەرچاو تەنگی مەزهەبی و ناسیونالیستی لەسەر بناغەی ناکۆکی دارا و نەدار، کرێکار و سەرمایەدار، ڕیز بەستنێکی نوێ بە خۆیەوە ببینی.

5- سەرەنجام لەسەر هەڵویستی سوسیالیستی بەرانبەر بەو مەسەلەیە پێویستە چەند خاڵی سەرەکی تەئکید بکری.

یەکەم: میللەتی فەلەستین خەڵکێکی ستەم لێکراون کە بەتایبەت بە دەڕێژایی نزیك بە نیو سەدەیە ژیانیان لە دەربەدەری دا و لە ژێر ستەمگەرێکی زالمانە و بی ڕەحانەدا دەبەنە سەر و بە دەیان ساڵە بۆ کۆتایی هێنان بەو ژیانە مەینەت بارەیان و کۆتا کردنی دەستی سەرکوتگەرانی ئیسرائیلی خەبات دەکەن. ڕزگار بوون لەو ستەمە نەتەوایەتییە مافی بی ئەم لاو ئەو لای خۆیانە.

هەبوونی ئەو ستەمگەرییە بەسەر میللەتی فەلەستین دا ڕێگای بە بورژوازی عەرەب داوە کە بە گەشاندنەوەی ئاوری ناسیونالیزمی عەرەبی بەری سەرهەڵدان و گەشە کردنی خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی وەلاتەکانی خۆیان بگرن. چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستین لە هەمان کاتدا دەتوانی ڕواڵەتێکی نوی بە خەباتی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی ببەخشی و جگە لەمانە ئەمڕۆکە دەبێنین کە ئەو ستەمگەرییەی دەوڵەتی ئیسرائیل مەترسیکی دیکەشی خستوەتە سەر ڕێگای خەڵکی فەلەستین و ئەویش پەرە گرتنی نفووزی جەریانی ئیسلامییە لە نیو بزووتنەوەی خەڵکی فەلەستین دا کە بێگومان دواڕۆژێکی گەڵێك تاریکتر و ژیانێکی مەینەت بارتری بۆ خەڵکی فەلەستین و بۆ گەلانی ئەو ناوچەیە بە دواوە دەبی.

چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە فەلەستین یان تەنانەت کەم ڕەنگ بوونەوەشی ڕێگا بۆ ڕیز بەستێکی واقیعیتری چینایەتی لە ئیسرائیل و لە وڵاتانی عەرەبیش دا خۆش دەکات کە تێیدا کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری فەلەستینی و ئیسرائیلی و عەرەب لە لایەکی دا و سەرمایەدار و دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری هەرسێکیان خۆیان لە لایەکی دیکەدا دەبێننەوە و خەباتێکی سیاسی کە ئاسوکەی کۆمەڵگای عادلانەی سوسیالیستییە دێتە کایەوە و ئێمە بانگەوازی کرێکارانی ئەو ناوچەیە دەکەین کە بناغەی ئەو هاوپشتییە چینایەتییە نویە دابمەزرێنن.

ئەگەر زۆربەی خەڵکی فەلەستین بە ڕێککەتن نامەی غەزە_ ئەریحا ڕازی بن، ئەم ڕووداوە بە سەهمی خۆی ئەو ئاسویە بەرەو ڕووی چینی کرێکاری ئەو ناوچەیە دەکاتەوە.

مەزهەب

هاوڕیەکمان بە ناوی نهێنی ناصر ئەحمەدی نامەیەکی بۆ نووسیوین و تێیدا جەریانی بەحسێکی ناو کۆرەکەی خۆیانی لەسەر هەڵویستی کۆمەڵە بەرانبەر بە مەزهەب و شێعاری جیایی دین لە دەوڵەت بۆ باس کردووین و داوای کردوە ئێمەش نەزەری خۆمانی لەسەر بدەین. ئێمە لێرەدا لەسەر ناوەڕۆکی بەحس و ئیختیلافی نەزەری هاوڕیانی ئەو کۆرە قسەیەك ناکەین و تەنیا ڕوون کردنەوەیەك دەخەینە سەر ئەو مەسەلەیە.

ئەگەر بمانەوی هەموو لایەنەکانی هەڵویستی کۆمەڵە، لەسەر مەزهەب باس بکەین، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا کە ماوەکەی مەحدودە ناگونجی، هەر بۆیە بە ناچار، تێدەکۆشین بە کۆرتی جەوهەر و ناوەڕۆکی بوچوونی خۆمان لەسەر ئەو مەسەلەیە بەیان بکەین و لێکولێنەوەی زۆرتری دابنین بۆ بەرنامەیەکی تایبەت بەو باسە.

یەکەم: ئێمە ڕێکخراوێکی مارکسیستین و مارکسیستەکان باوەڕیان بە مەزهەب نیە، بەڵام بی باوەری بە مەزهەب تایبەتی مارکسیستەکان نیە، بەڵکوو جەریانێکە کە بە تایبەت بە پەیدا بوونی نیزامی سەرمایەداری و بە گەشە کردنی عیلم زانست و بە زال بوونی بەشەر بەسەر ناروشنییەکانی زەمانی خۆیدا و بە دوزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی لە مێژینەی خۆی، پەرەی گرتوە. ڕوناکبیران و زانیارانی بورژوازی گەڵێك سەرچاوە و کتێبی بە نرخیان لە ڕەت کردنەوەی بناغەکانی فیکری و فەلسەفی مەزهەب دا نووسیوە و بی باوەری خۆیان بە مەزهەب تەبلیغ کردوە. شۆڕشەکانی بورژوازی لە دژی فیودالیزم کە گیانێکی تازەیان هێنایەوە بەر زانست و فەرهەنگ و هونەری بەشەر، لەگەڵ خۆیان بناغەکانی باوەری مەزهەبییان گەڵێك سست کرد. مارکسیستەکان هەموو ئەوانە بە دەسکەوتی ئینسانی پێشکەوتنخواز و تینووی زانست و ڕاستی دەزانن و ڕوشن کردنەوەکانی ڕابوردوی بەشەریان کردوە بە دەست مایەی خەباتێکی قوولتر و هەمە لایەنەتر، بۆ هێنانە دەری ئینسان لە تاریکی مەزهەبی و بۆ دوزینەوەی وەڵامی عیلمی بۆ هەموو ناروشنییەکانی ژیانی بەشەر.

دووەم: مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، هەم بیروباوەری کۆمەڵانێکی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێشە و هەم وەسیلەیەکە بە دەست بورژوازی و دەوڵەتەکەیەوە کە بۆ دڕێژە پێدانی نیزامی زالمانەی سەرمایەداری بەکاری دێنی.

مەزهەب لە ناو جەماوەری خەڵکدا بە دڕێژایی مێژوو ڕەنگ دانەوەی بی توانایی و کەم دەسەڵاتی ئەوان بووە لە دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ کوسپ و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای ژیانیان. ئینسانێك کە ئەسیری پیوەندییەکانی نیزامی سەرمایەداریە و بە تەنیایی توانای

←

ئەوەی نیە هەلومەرجی دژواری ژیانی خۆی بگوری، لە بەرانبەر رەنج و ژانێک دا کە خۆی و خانەوادەکەی تووشی بوون کارێکی لە دەست نایە، کاتێک کە خۆی بی دەسەلآت دەبینی بە ناچار روو لە ئاسمان دەکات بەو ئارەزوەوە کە هێزێکی بە تواناتر لە بەشەری وەکوو خۆی، وجوودی هەبی و رزگاری بکات. کاتێک کە لە دونیای واقیعی دا هیوایەکی بۆ وەدێهاتنی ئاواتەکانی بۆ نامێنێتەوە، ئارەزوو دەکات کە بۆ بەدەست هێنانیان دوای مردن سەر لە نۆی زیندوو بێتەوە و بە ئاواتی بەختەوەری و ئاسایش لە دونیایەکی دیکە دا رەنج و کوێرەوەریەکانی ئەو دونیایە تەحەمول دەکات.

رزگاری ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەو وەهم و تاپوپە ئەگەر لە ئاستێکی بچووک دا بە روشن کرنەوە و بە شی کردنەوەی عیلمی مەسەلەکانی جیهان ئیمکانی هەبی، لە ئاستی بەرینی کۆمەلآیەتی‌دا تەنیا وەختێک مومکین دەبی کە هەلومەرجی ژیانی بەشەر گورابی و ئەو هێزانەی کە لە ترس و خوفی ئەوان بەشەر پەنای بۆ مەزهەب دەبرد هاتبنە ژێر کۆنترۆلی چینی کرێکار و فیکری داهێنەری بەشەری پێشرەو و تەرەقی خوازەوە.

بە شۆرشی کۆمەلآیەتی چینی کرێکار و بە لە ناو چوونی نیزامی کویلەتی سەرمایەداری، رێگای رزگاری لە زیندانی ئەو بیروباوەرە کە توانایەکانی ئالّ و گۆر پێکهێنەری ئینسانی تێیدا کوّت و بەند کراوە، خۆش دەبی. کەوایە لێرەدا کاری ئێمە فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی بەرپا بوونی ئەو شۆرشەیە کە بێگومان لایەنێکیشی روون کردنەوەی زانستی و بە حەوسەلەی مەسەلەکانی جیهانی ئەمرۆیە لە ناو کرێکاران دا لە پێناوی سرینەوەی ئاسەواری بیروباوەری مەزهەبی لەسەر زەین و میشکی ئەوان و نیشاندانی ئەو راستیەیە بە هەموان کە مەزهەب دژی پێشکەوتنە و زەنجیرێکی‌تڕە بەسەر دەست و پێی کرێکارانەوە.

بەلآم هەر وەک وتمان، مەزهەب لە لایەکی دیکەشەوە وەسیلەیەکە لە دەست سەرمایەداران و دەولّەتەکەیاندا بۆ ئیدامەی دەسەلآت و حاکمییەتیان. مەزهەب لە دەست بورژواکان و دەست و پیوەندەکانیان دا وەسیلەیەکە بۆ تەوجیهی چەوسانەوەی کرێکاران و تەبیعی نیشان دانی، تەفاوەتی ژیانی ئینسانەکان، دەلّێن ئەوە نیە هەر پێنج قامکی دەست وەکوو یەک دروست نەکراون، ئەوانەی کار دەکەن و ئارەق دەرێژن، فەقیر و مەحروومن، هەتا لەسەر رووی زەوی بن دەبی کەم تەوقوع و بە تاقەت و دەست و نەزەر و تەسلیم بن، بەو ئومیدەی کە پاداشتی خۆیان لە بەهشتی ئەو دونیادا وەرگرنەوە، بەلآم ئەوانەی کار ناکەن و لە بەرهەمی کاری چینی کرێکار ژیانیان پر لە ناز و لە نەعمەتە بەهەشتی خۆیان لەو دونیایە بەرپا دەکەن و بە پێی تەعلیمی مەزهەب، هەر ئەوەندەی کە توزیک رەحمیان هەبی! و سەخی بن! کافییە بۆ ئەوەی بەهەشتی ئەوەدیوشیان هەبی.

مەزهەب لە دەست چینی دەسەلآتداردا وەسیلەیەکە بۆ تەفرەقە و دووبەرەکایەتی پێکهێنان لە نیو کرێکاران دا، کەوایە ئێمە دەلّێین، مەزهەب وەکوو بیروباوەری خەلّکی زەحمەتکێش دژی زانست و پێشکەوتنە و رێگا لە یەکگرتوویی و خەباتی ئەوان لە دژی نیزامی چینایەتی دەگری و کاری ئێمە لەو بابەتەوە، روشن کردنەوەی بە حەوسەلە و شێلگیرانەی ئەو راستیەیە بۆ هاوچینەکانمان، و وەکوو وەسیلەیەک لە دەست بورژوازی دا، دژی شۆرشی کۆمەلآیەتی کرێکاران بەکار دی و دەبی کارکردەکانی لەو بابەتەوە ئاشکرا بکری و لە قاو بدری.

سێیەم: بی گومان جیایی دین لە دەولّەت و تەبدیل بوونی مەزهەب بە ئەمری خسووسی ئینسان، یەکێک لەو شێعارانەیە کە ئێمەش خەباتی بۆ دەکەین، بەلآم جگە لە ئێمە بەشێکی زۆر لە بورژوازیش بە تایبەت ئەوەی وا لە ئوپوزیسیون دایە سەرفی‌نەزەر لەوەی کە لە داهاتوودا چەندە پێی پابەند دەمێنێتەوە_ ئەو شێعارەی بەرز کردوەتەوە. کەوایە لە هەلّویستماندا بەرانبەر بە مەزهەب ئەوەی کە ئێمە لە سەفی بورژوازی جیا دەکاتەوە تەبلیغی جیایی دین لە دەولّەت نیە، بەلّکوو هەم کاری ئامووزشیی‌یە لە درێژەی فەعالییەتێک کە تا ئێستا بەشەری پێشکەوتووخواز کردوویەتی و هەم ئاشکرا کردنی دەور و نەقشی سیاسی و کۆمەلآیەتی مەزهەبە لە خزمەت نیزامی چینایەتی‌دا.

چوارەم: ئێمە لەو خەباتەدا هەرگیز بی حورمەتی بە باوەرەکانی خەلّکی ناکەین. کاری ئێمە تەوزیحی بە حەوسەلە و سەلّماندنی راستی‌یەکان و شیکردنەوەی بۆچوون و جیهان بینی کۆمۆنیستی‌یە لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ هاوچینەکانمان. کاری ئێمە لەو بارەوە نە تەنیا یەکیتی ریزی خەباتی چینایەتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران نابی تێک بدات بەلّکوو بە پێچەوانە دەبی بەهێزتری بکات.

کاتێک لەم بارەوە لەگەلّ زەحمەتکێشێک قسە دەکەین دەبی لە بیرمان نەچێتەوە کە ئێمە نامانەوی بەم بۆنەوە ئازاری بدەین، نامانەوی سەرکونەی بکەین، بەلّکوو دەمانەوی لە تەئیایی‌یەک کە تێیدا هەست بە بی دەسەلآتی دەکات رزگار بێت، لە دوای زیندانێکی فیکری کە تێیدا توانایی‌یەکانی ئەو بە بەند کێشراوە و رێگای خەبات بۆ بەرپا کردنی بەهەشتی سەر زەوی لێ دەبەستی، رەها بێت. هەر بۆیە بەحسەکەمان دەبی دلّسوزانە و بە حەوسەلە بی، دەبی دوور بی لە هەر چەشنە تانە و تەشەرێک، دوور بی لە شێعاردان و پر بی لە روون کردنەوە و لە دەلیّلی مەحکەم. نەک هەر پیوەندی دوستانە و هاوری‌یانەمانی لەگەلّ نەشێوێنی بەلّکوو پتەوتریش بکات. کۆمەلآنی کرێکار و زەحمەتکێش بەر لە هەر شتێک لەسەر ئەساسی هاوچارەنووسیان لە ژیانی سەر زەوی و لەسەر ئەساسی رێککەوتنیان لە دەوری بەرنامەیەکی سیاسی بۆ رزگاری‌یان، پێکەوە یەکگرتوو دەبن، روون کرنەوەشمان لەسەر مەزهەب هەر دەبی بەو مەبەستە خزمەت بکات نەک زیانی پی بگەیەنی.

دیموکراسی

هاوری ه ا. ئاسو پرسیاری کردوە مەفمومی دیموکراسی چی‌یە و لە کوی‌وە هاتوە؟

ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکەی تو ئەوە بی کە مانای وشەی دیموکراسی بزانی، دەبی بلّێین کە ئەم وشەیە کۆنە و بە مانای "حکوومەتی خەلّک"ە. بەلآم ئەوەش بزانە کە لە دەورەی کۆن یانی لە کاتێک دا کە ئەم وشەیە داندراوە نیزامی کویلەداری لە کۆمەلّ دا بووە و هەر بۆیەش مەبەست لە خەلّک لەو کات دا خەلّکی غەیرە کویلە یا "ئازادەکان" یانی خاوەن کویلەکان یا هیچ نەبی ئەوانەی کویلەی کەس نەبوون بووە. لە سەردەمێک لە مێژووی کۆنی روم و یونان دا چینی دەسەلآتدار و دەولّەمەند بە گشتی "ئازادەکان" لە جیاتی ئەوەی دەسەلآتی حکوومەت بدەن بە پادشایەک یان تاکە کەسێک کە شێوەی حکوومەتی ئیستبدادی و سەرەرویی بگرێتە پێش لە نیو خۆیاندا "دیموکراسی"یان دامەزراندوە.

دیارە چینی کویلە یان بەردە ئەو کات هیچ مافێکی نەبووە و ئەسلەن بە هاو ولآتی نەژمێردراوە. لە راستی‌دا دیموکراسی دنیای کۆن، دیموکراسی بووە بۆ نیوخۆی بەردەداران و خاوەن کویلەکان و دەولّەمەندان وە دیکتاتوری بووە بە سەر چینی بی دسەلآتی کویلە و زەحمەتکێش و بی ماف دا. ئەو شێوەی حکوومەتی دیموکراسی دنیای کونیش دوای ماوەیەک دەوامی نەهیناوە و جێگای خۆی داوە بە ئیمپریاتوری و پادشایەتی ئیستبدادی.

بەلآم ئەگەر قسە لە مانای سیاسی و کۆمەلآیەتی دموکراسی لە کاتی ئێستادا بی، ئەوە دەبی بۆتری کە دیموکراسی بە مانایەکی سادە و ساکاری کە زۆر کەس لێی تی دەگەن، یانی "ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان" یان "مادە دیموکراتیکەکان"، یانی "لابردنی شێوە حکوومەتی سەرەرۆیی و ئیستیدادی"، یانی "ئازادی بەیان و دەربرین، ئازادی قەلەم و نووسین، ئازادی کۆبوونەوە و رێکخستن، ئازادی حیزب و ئیتحادیە و شورا و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان" یانی "ئازادی مانگرتن"، یانی "لابردنی حکوومەتی پولیسی و زەبر و زەنگ"، یانی "مافی هەلّبژاردنی ئازادانەی رێگا و شێوەی ژیانی کۆمەلآیەتی بۆ خەلّک" و لەوە بابەتانە.

دیارە بەو مانایە دیموکراسی و ئازادی سیاسی لە هەموو کەس زیاتر بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، و رێگای گەشەکردن و هەلّدانی ئەوان خۆش دەکات، هەر بۆیە ئێمە زیاتر لە هەموو لایەنێکی سیاسی دیکە پشتگیری لە ئازادی سیاسی و لە مافە دیموکراتیکەکان دەکەین. بە پێچەوانە حیزبە بورژوایی‌یەکان یان دەستیان لەگەلّ ئیستبداد تێکەلاوە و راستەخۆ لە پێشێل کردنی مافی دیموکراتیکەکان و ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان دا تاوانبارن، یان لە باشترین حالّەت دا زۆر بە ناتەواوی و بە نیوە چلی و بە هەزار قەید و شەرتەوە پشتیوانی لە ئازادی سیاسی دەکەن، چونکە دەزانن چەسپانی ئەو ئازادی‌یانە و بە رەسمی ناسرانی مافە دیموکراتیکەکان باشترین زەمینە بۆ وشیار بوونەوە و خوڕێکستن و خەباتی کرێکاران و جەماوەری تێکۆشەر ساز دەکا.

لە بەرانبەردا، ئەمرۆ سەرمایەداری ئەمپریالیستیش ناوی حکوومەتەکەی ناوە دیموکراسی و ئەم دیموکراسی‌یە هەر لە دەورەی شەری ساردەوە چەکی دەستی بورژوازی بووە. ئەم دیموکراسی‌یە جەریانێکە کە بە درێژایی هەموو سالآنی دوای شەری دووەم، خراپترین رژیمە دیکتاتوری‌یەکانی پولیسی_ نیزامی بەسەر دینادا سەپاندوە، وە یا لانی کەم، ئەگەر خۆی نەیهێنابنە سەر کار بیدەنگەی لە جینایەتەکانیان کردوە. رەوتێک کە گەلّێک جار دەنگی حەقخوازی و ئازادی خوازی خەلّکی لە گوشە و کەناری دنیا بە پارە و پیلان و لەشکر هێنان و بە کودەتای ئەرتەشەکان، شەلالی خوێن کردوە. ئەوانە هەر ئەو دیموکراسی خوازانەن کە دوای شەری دووەم، بەبی ئەوەی لە باری چەکداری‌یەوە پێویست بی، تەنیا بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان بە خەلّکی جیهان و بەرانبەر بە رەقیبە جیهانی‌یەکانیان یەکەمین بومبی ئەتومی دنیایان بەسەر دانیشتوانی بی دیفاعی شارەکانی ژاپون دا هەلّرشت، ئەمانە ئەمرۆ بە پێی دەوری زەمانە بوونەتە دیموکرات. ئاشکرایە ئەو شتە کە ئەمانە پێی دەلّێن دیموکراسی، نەک لە بەرانبەر زۆرلێکراوی و بی مافی جەماوەر دا، بەلّکوو لە بەرانبەر وزەی شۆرشگێرانەی کرێکاران دا و بۆ بەستنەوەی دەست و پێی بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی واقعی لە دنیادا بەکاری دێنن. مارکسیستەکان، لەگەلّ ئەوەشدا کە شێلگیرانەترین پشتیوانی لە ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و مافە دیموکراتیکەکان دەکەن و بۆ بەرەسمی ناسران و سەقامگیر بوونیان چالاکانە هەولّ دەدەن، ئەوەش دەزانن و بە کرێکاران و جەماوەری خەلّکی رادەگەیەنن کە تەنیا بە ئازادی سیاسی، بە بوونی مافە دیموکراتیکەکان نیە کە چینی چەوساوە رزگار دەبی.

لە راستی‌دا ئازادی سیاسی تەنیا رێگا بۆ وشیار بوونەوە، بۆ تێگەیشتن و خوڕێکخستن خۆش دەکا، هەلومەرجێکی گونجاوتر و لەبارتر بۆ خەباتی ئەو چینە دەرەخسێنی، خەبات لە رێگای رزگاری یەکجاری یانی لە رێگای هەلّوەشاندنەوەی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی نیزامی سوسیالیستی. چونکە لە راستی‌دا هەتا چەوساندنەوەی ئینسان بە دەست ئینسان مابی، هەتا ئەو جیاوازی‌یە چینایەتی‌یە قوولە لە نیو کۆمەلّدا مابی، هەتا چینیک خاوەنی هەموو سەروەت و هەموو دەسەلآتێک بی و زۆربەی کۆمەلّیش بەناچار بن دەست و خزمەت گوزاری ئەو بن، ناتوانن بلّێین کە کۆمەلّ رزگار بووە و خەلّکی کرێکار و زەحمەتکێش بە مافی رەوای خۆیان گەیشتوون. ئازادی سیاسی دەتوانی و دەبی رێگا خوشکەری وشیاری و رێکخستن و خەبات بۆ دنیای سوسیالیستی بی.

***

(پاشماوەی) ژنی کرێکاری نموونە یان ژنی کویلە!

– ئایا لە کۆمەلّ و خێزان دا لە بەرابەر کویلەتی ژنان دا دەبی دەنگیان هەلّببڕیی. لە بەرانبەر دواکەوتوویی‌دا راوەستابن و تێکۆشەرێکی ئەو رێگایە بووبن؟

نا! هیچ کام لەوانە پێوانەی هەلّبژاردنی ژنانی نموونەی کرێکار نین. مەرجەکانی ئەو هەلّبژاردنە لە لایەن وەزارەتی کارەوە پێشتر بە هەموو کارگاکان راگەیەندراون و "سەید حەبیبی عەجایبی" جێگری وەزیری کاریش چەند رۆژ لەوەپێش بە ئاشکرا بە هەمووانی راگەیاند.

ئەو مەرجە سەرەکی‌یانەی کە "عەجایبی" تەئکیدی لەسەر کردن ئەمانە بوون:

– هەبوونی ئیبتکار و خەلّاقییەت لە شوێنی کاردا.

– بایەخدان بە بردنە سەری ئاستی پەروەردەی تەکنیکی.

– بایەخدان بە تەربیەتی منداڵی لێهاتوو بۆ نێزامی جمهووری ئیسلامی.

– پاراستن و رەواج دانی فەرهەنگی ئیسلامی لە کارخانەدا.

– راگرتنی نەزم و موقەرەرات لە کارگادا.

بە بی هیچ تەفسیرێک ئاشکرایە کە ئەمانە پێوانەی هەلّبژاردنی ئینسانێکی دەستەموی گوێ لە مستە کە خزمەت گوزاری کردنی سەرمایەداری خاوەن کارخانەکەی پی سپێردراوە. لە باشترین حالّەتی خۆی‌دا کرێکارێکی کەم تەوقوعی زەعیفە کە رەنگە گەلّێک جار مانگرتن شکنیش بووبی. با بزانین یەکەیەکەی ئەو مەرجانە لە خزمەت کی دان؟

– نیشاندانی خەلّاقییەت لە شوێنی کار و بایەخدان بە بردنە سەری ئاستی لێهاتوویی فەننی رێک داخوازی سەرمایەدار و خاوەن کارەکانە کە هەولّ دەدەن ئەوەندەی لە چواچێوەی قازانج پەرستی‌یەکانیاندا بگونجی کرێکاری فەننی و لێهاتووش پەروەردە بکەن.

– بایەخەدان بە پەروەردە کردنی منداڵی لێهاتوو بۆ نێزامی جمهووری ئیسلامیش بە مانای ئەوەیە هەر خێزانێک چەندە بەسیجی و پاسدار و حیزب اللهی ناسراوی تێدا پەروەردە بووە یان کوژراو و کەم ئەندامی سەردەمی شەری هەبی.

– پاراستنی فەرهەنگی ئیسلامی لە کارخانەدا مانای ئەوەیە کە ژن هەرگیز تالە مووی‌یەکی لە کاتی کارکردن دا دەرنەکەوتبی، پێکەنین لەسەر لێوی وشک بووبی و لەسەر کرێکاری هاوکاری پەنا دەستی خۆی بووبێتە مەئموری نەهی لە مونکەر".

– سەرەنجام راگرتنی نەزم و مقرراتی کارگاش بە مانای ئەوەیە کە هەم خۆی لە حاست خاوەن کار تەواو مل کەچ بووبی و سەری دانەواندبی و هەم بۆ بەرقەرار کردنی نەزمی کارگا لە دژی هاوکارەکانی هەلّسووراوێکی نموونە بووبی.

ئەمانە بی ئەملاوئەولا مەرجەکانی هەلّبژاردنی "خواهر زینەب"ی حزب اللهی داروودستەی خاوەن کار و سەرمایەدارانن لە کارگاکان. سەیر ئەوەیە کە ئەم نمایشە ریسوایە لە رۆژی ژن دا وەک نموونەی پابەندی نێزامی ئیسلامی بە مافی ژنانی کرێکار دەخرێتە بەرچاو.

تەنیا جێگایەک کە رۆژی 14ی سەرماوەز هەیەتی ئەوەیە کە نیشان دەدا چلون رزگاری ژنان، لێرە، بەستراوەتەوە بە رزگاری لە کویلەتی حکوومەتی ئیسلامی‌یەوە.

***

چەند راپورتە هەواڵ

داواکاریەکی کرێکارانی شارەداری مەهاباد

بەپێی هەواڵێك لە مەهابادەوە، شارەداریی ئەو شارە ماوەی دوو ساڵە حەقی زیدەکاری کرێکارانی شارەداری نەداوە و تا ئێستا بە بیانووی جۆراوجۆر تەفرەی داون.

لەم بەینەدا کرێکارانی شارەداری مەهاباد بۆیان دەرکەوتوە کە حەقەکەیان لە لایەن شارەدار و کاربەدەستانیتری رژیمەوە خوراوە لە حاڵێکدا پێشتر وتبوویان بودجەیەکی بۆ ئەم مەبەستە بە ئێمە نەدراوە. کرێکارانی شارەداری مەهاباد داواکاری هەموو حەقی دواکەوتوویان سزادانی شارەدار و دەست و پیوەندەکانین.

ئەستاندنی باج بە ناوی بەرق و ئاو و ئاوەرو

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە شارەکانی کوردستانەوە پێمان دەگەن، دەوڵەت دوای گران کردنی پلە بە پلەی نرخی بەرق، ماوەیەکە نرخی ئاویشی بردوەتە سەر و دەستی کردوە بە ئەستاندنی سەرانەیەکی مانگانەی تازە بە ناوی خەرجی ئاوەرو.

گران کردنی نرخی ئاو و بەرق بە بی هیچ ڕاگەیاندنێکی پێشوو بووە و خەڵکی تەنیا کاتێك ئاگاداری ئەو گرانیەیە بوون کە وەرەقەی ئیدارەی ئاو و بەرق گەیشتوەتە دەستیان کە ئەو پوولە بدەن بە بانك و باجێکی زۆرەملی تازەشی بە ناوی پارەی ئاوەرو لەگەڵە.

ئاوەروی شارەکانی کوردستان لە کاتی خۆیدا هەموو بە ئەستاندنی پارەیەکی تایبەت لە خەڵك بۆ ئەم کارە، دروست کراوە.

بەپێی هەواڵ، لە شارەکانی بۆکان و سەقز و ۆرمێ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك بریاریان داوە ئەم پارەیە نەدەن و یان دەوڵەت ناچار بکەن نرخەکان کەم بکاتەوە یان بەرقی گەرەکەکان ببڕی و لەگەڵ ئاوەروش چ دەکا با بیکا!

خەلك پشت لە شانوی کوشتاری رژیم هەڵدەکەن!

لە ڕۆژانی مانگی خەزەلوەردا، پیاوێکی خەڵکی ئاوایی هانەشیخان لە نزیك شاری مەریوان، بە تاوانی قەتل مەحکووم بە ئیعدام دەبی. شارەبانی مەریوان، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو حوکمە جرثقیل ئامادە دەکا و داوا لە خەڵکی شار دەکا کە لە ستادیومی وەرزشی کۆببنەوە و بروانن ئەو شانویە. ئەم داوا بی شەرمانەیە دەبێتە مایەی نەفرەتی خەڵکی شار و کەس حازر نابی لەو نمایشە دژی بەشەریە دا بەشداری بکا.

کاربەدەستانی رژیم لە مەریوان کە هەست بە تووڕەیی و بیزاری خەڵك دەکەن، لە بەریارەکەیان پاشگەز دەبنەوە و تاوانبارەکە دەبەنەوە حەوشی شارەبانی.

لەو کاتەدا شکایەتکارەکانی ئەو قاتلە کە بیزاری خەڵکی مەریوان دەبێنن شکاتەکەی خۆیان وەردەگرنەوە و شارەبانی ناچار دەکەن دەست لە ئیعدامی تاوانبارەکە هەڵگری.

بەڕێوەبردنی مەراسمی ئیعدام لە شوێنە گشتیەکان و شەقام و مەیدانی شارەکان و لەبەرچاوی خەڵك، هەڵواسین بە جرثقیلە وە و گێرانی جەنازەی کوژراوەکان بە ناو شاردا، کارێکی دراندانەیە کە جمهووری ئیسلامی لە هەر جێگایەك هەستی کردبی لەگەڵ نارەزایەتی و تووڕەیی خەڵك بەڕەو ڕوو نابی، بەڕێوەی بردوە.

مەبەستی رژیم لەم کردەوەیە، چ بە ئیعدامی تێکۆشەرانی سیاسی بی یان تاوانبارانی جینایی، پەرەپێدانی فەزای ترس و نیگەرانی و کوشتنی وەرەی ئیعتیراز و خەبات لە ناو خەڵکدایە.

2500 بێکار کراوی شیرکەتی ماد لە کوردستان!

شیرکەتی ماد، شیرکەتێکی بیناسازی گەورەیە کە لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت دا کار دەکا و نزیکەی 18 ساڵە کە لە کوردستان خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆژەی بیناسازییە و کارگاکانی زۆرتر لە دەوروبەری شاری سنە بوون.

ئەم شیرکەتە ماوەیەکە کاری لە کوردستان تەواو بووە و کارگاکانی تەعتیل کردوە و بەم بۆنەوە نزیکەی 2500 کرێکاری ئەو شیرکەیتە بێکار کراون.

شیرکەتی ماد بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە کوردستان دامەزراوە هەمیشە هەوڵی داوە کە هێزی کاری پێویستی خۆی لە کرێکارانی دێهات و لەو جووتیارە هەژارانەی کە بە کارکردن لەسەر زەوی بژێوی خانەوادەکەیان بۆ دابین نابی، تەئمین کات، بۆ ئەوەی بتوانی بە حەقدەستی کەمتر لە کرێکارانی شار و بەبی وەئەستو گرتنی هیچ ئەرکێك بەرانبەر بە نەخۆشی و بەرانبەر بە دواڕۆژی ئەو کرێکارانە، بیانچەوسێنێتەوە. شیرکەتی ماد لەو ڕێگایەوە و لە شێوەی گیانی کرێکارانی کوردستان بە سەدان میلیون تمەنی قازانجی خستە گیرفانیەوە و ئەوجار دام و دەزگاکەی خۆی لە کوردستان کۆکردەوە.

سیاسەتێکی ئەو شیرکەتە هەمیشە ئەوە بووە کە بەشێك لە پرۆژەکانی بە خاوەن کاری کورد بە کۆنترات بدا. بەم جۆرە بێجگە لەوەی کە بۆ خۆی لە ژێر سایەی قانوونە دژی کرێکاریەکاندا چی بۆی کرابی راستەوخۆ لە پێشێل کردنی مافی کرێکاران کۆتایی نەکردوە، لە ڕێگای کۆنترات چیەیە کوردەکانیشەوە بە چەند قات زیاتر کرێکارانی چەوساندوەتەوە.

لەو کرێکارانەی کە راستەوخۆ بە شیرکەت مەربوت دەبوونەوە، ژمارەیەکی کەمیان، نزیکەی 25٪یان، گویا وەکوو کرێکاری ڕەسمی چاویان لێ دەکرا. باقیەکەی کرێکاری پەیمانی بوون کە دوای 6 مانگ دەریان دەکردن و لە جیاتی ئەوان کرێکاری تازەیان دەهێنایە سەر کار.

بەم جۆرە کرێکارانی ئەو شیرکەتە دەکرانە سی بەش:

بەشێکی گەورەیان کە زۆربەی کرێکاران بوون، کارگەری فەسلی بوون کە بۆ خاوەن کاری خسووسی و محەللی کاریان دەکرد و بەشێکی کەمیان کرێکاری بە ناو ڕەسمی بوون کە حەقی بیمەیان دەدا. بە تەواو بوونی کاری شیرکەتی ماد، کرێکارانی فەسلی و کرێکارانی پەیمانی، چکولەترین مافیکیان بۆ دەورەی بێکاری پی نەدرا و هەروەك زۆربەی کرێکارانی کوردستان، بۆ ناو خیلی کرێکارانی بێکار پال پێوە نران.

بەڵام چارەنووسی کرێکارانی بیمە و ڕەسمیش کە ساڵەها بوو پووڵی بیمەیان لە حقووقەکەیان کەسر دەکردنەوە لە وانیتر زۆر باشتر نەبوو. شیرکەت تەنیا حازر بووە بۆ ماوەی 2 ساڵ، بە خانەوادەیەکی 7 کەسی، مانگانە 6 تا 7 هەزار تمەن، بیمەی بێکاری بدات و دوای ئەو ماوەیش هەموو بەڵێنێکی شیرکەت تەواو دەبی و ئەو پووڵەشیان لێ دەبڕی.

کرێکارانی "بیمە کراو و ڕەسمی" ئیعتیرازیان کردو لەبەر دەرگای ئیدارەی بیمە کۆبوونەوە. کاربەدەستانی دەوڵەت بە بی شەرمیەوە پێیان وتوون "ئەو پووڵەش بەزەیی جمهووری ئیسلامییە بە ئێوە، لەوە زیاترتان پی نادەین". وە کاتێك کە ئیعتیرازی کرێکاران درێژەی پەیدا کرد، مەسئوولەکانی شیرکەت، پێیان وتن: "زۆر باشە، وەرن بچن لە کرمان و یەزد کار بکەن تا کارتان پی بدەین".

بەرێوەبەرانی شیرکەت کاتێك لە بەرانبەر ئیعتیرازی کرێکاران دا ئەو بە ڕواڵەت پاشەکشەیان کرد، باش دەیانزانی کە بۆ کرێکاران ئێکانی نیە بەم پووڵەی کە شیرکەت پێیان دەدات، بتوانن خانەوادەکانیان لە شوێنێکی دوورە دەستی وەکوو یەزد و کرمان دا بژیەنن.

بەم جۆرە شیرکەتی ماد بە پشت ئەستووری دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی بە سەدان میلیون تمەن پووڵەوە، لە نیو نەفرەت و بیزاری کرێکاران دا، دام و دەزگاکەی کۆکردەوە و کوردستانی بەجێ هێشت.

سوێروی: زەخت و زۆری ئاغاکان

ماوەیەکە خەڵك زەحمەتکێشی ئاوایی "سوێروی" لە نزیك شاروچکەی ڕەبەت، کەوتوونەتە بەر زەخت و زۆری کۆنە ئاغاکەی ئەو دێیە کە دەیەوی بە کەڵك وەرگرتن لەوە کە بەشێك لە خەڵکەکە بەڵگەی تاپوی زەوی‌یەکانیان نیە، بە یارمەتی جمهووری ئیسلامی، زەوی‌یەکانیان لێ بستێنی و لە دێیەکە دەریان بکا.

ئەم زەخت و زۆرە بووەتە هۆی ئەوە کە هەتا ئێستا بە داخەوە ژمارەیەك لە خەڵکی ئەو ئاوایی‌یە زەوی‌یەکانیان بەجێ بێڵن و ئاوارەی شاری ڕەبەت بن. لە هەمان کاتدا، ژمارەیەکی زۆرتریان لە بەرانبەر ئاغا و دەوڵەتدا موقاومەت دەکەن و حازر نەبوون تەسلیمی ئەم زۆڵمە ئاشکرایە بن.

زەوی‌یەکانی ئەو دێیە بە هێمەتی خەباتی خەڵکی شۆرشگێڕی ئەو ناوچەیە لە کاتی خۆیدا لە نێوان ئەو زەحمەتکێشانە دا کە کار لەسەر زەوی‌یەکان دەکەن، دابەش کراوە و ئاغای سوێروی هیچ مافێکی بەسەر ئەو زەوی‌یانەوە نیە. دەوڵەت حەقی نیە بە بیانووی ئەوە کە زەوی‌یەکانی سەنەدی تاپویان نیە، بۆ ئەستاندنەوەی زەوی‌یەکان زەخت بخاتە سەر خەڵك. هیچ حیزبێکی سیاسی کوردستانیش لەو ناوچەیە بۆی نیە لە دژی جووتیارانی حەقخواز و هەژار یارمەتی ئاغای کۆنەپەرست بدا.

وەزعی خوێندن و مەدرەسەکان لە سەردەشت

ئەوە نیزك بە سێ مانگ لە دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی تازە تی دەپەری کەچی مەدرەسەکان و دبیرستانەکان لە شاری سەردەشت هەروەك ڕۆژانی هەوەڵ وان و هیچ لە کەم و کوری‌یەکانیان چارەسەر نەکراوە. ئەوە کاتی ئیمتیحان کردنی سێ مانگەی یەکەمی ساڵ خەریکە نزیك دەبێتەوە لە حاڵێکدا هێشتا قوتابی‌یەکان بە باشی جێ نەکەوتوون و کتێبی پێویستیان کە دەبی لە ۆرمێوە بۆ تەئمین بکری، بە تەواوی نەدراوەتی و بەسەر پێیەکەوە چەند لاپەرەیەکیان خوێندوە. فەزای ئاموزشی یەکجار کەم و ژمارەی موعەلیمەکان زۆر کەمترە لە رادەی پێویست. زۆربەی مەدرەسەکان کراونەتە دوو شیفتی و لە هەندێك شوێن سێ شیفتی‌یە، بۆ نموونە مەدرەسەی ڕاهنمایی صلاح الدین ئەیوبی نیوە ڕۆژێك و لە دوو شیفتی دوو نیو سەعاتە دا کار دەکات.

کەرەسەکانی پێویست بۆ خوێندن و ئاموزش زۆر کۆن و بە کەڵك نەهاتوون. میز و سەندەڵی‌یەکان زۆربەیان شکاو و لەق و لوقن، لە کەلاسێك دەبی پتر لە 40 کەس لە پالەپەستیو لە ڕوپێوێکی 20 مەتری دا دابنیشن. ئەوا وەرزی سارد و سەرما هەنگاو بە هەنگاو هاتوەتە پێش بەڵام هێشتا هیچ فکرێك بۆ گەرم کردنەوەی کەلاسەکان نەکراوە و تەنانەت شووشەی شکا و کەڵێن و کەلەبەری پەنجەرەکانیش چاك نەکراون. بە گشتی ئەوەی کە بۆتری ئیمکاناتی ئاموزشی موناسب وجودی نیە. ئەمە وەزعی مەدرەسەکانی ناو شارە قسەی تێدا نیە کە وەزعی خوێندن لە دێهاتەکان هەر زۆر زۆر لەمە خراپتر و شپریوترە. هۆدەیەکی نزم و تەنگەبەر بۆ چەند کەلاس تەنیا فزای ئاموزشی لادی کانە.

زۆربەی منالانی دێهاتەکان کە کەلاسی پێنجیان تەواو کردوە دەبی بە دوای شوانی و کرێکاری و کشت و کاڵ بکەون. چونکە زۆرتریان ئیمکانی ئەوەیان نیە بین بۆ شار و درێژە بە خوێندن بدەن. ئەو کەسانەش کە بە هەزار چەرمەسەری دەنیردرێن بۆ شار بەو پەری فەقر و نەداری درێژە بە خوێندن دەدەن.

وەزعی ئاموزش و پەروەرش لە شاری سەردەشت لەم بار و دوخە یەکجار نالەبارەدایە، لەم حاڵەش دا هەواڵمان پی گەیشتوە کە لە ڕۆژانی ڕابوردوو ژمارەیەك موعەلیم لە کارەکەیان وەلانراون.

ئاموزش و پەروەرشی کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆر لەم کەم و کوری‌یانە بە ئانقەست چارەسەر ناکا و دەیەوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی خوێندەواری و زانست لەو ناچیەیە هەر بەرەو نزمی بروا، بەڵام سەرەڕای ئەم وەزعەش شور و شەوقی دەرس خوێندن و فیر بوون لە ناو لاوان یەکجار زۆرە و قوتابی‌یەکان خوراگرانە لەگەڵ ئەم گیروگرفتانە دەست و پنجە نەرم دەکەن و دەرسی موبارەزە و خوراگری فیر دەبن. هەروەها زۆربەی موعەلیمەکانی ئەم شارە ویرای هەموو ئەم کەم و کوری‌یانە لەسەر ئەساسی وەزیفەیەکی ویژدانی و ئەخلاقی و لەبەر دڵسوزی و بۆ بەفیرو نەچوونی عومری لاوان لە مەدرەسەکان دا کاری خۆیان دەکەن و ڕێگە نادەن ئەو ڕەوتەی کە جمهووری ئسلامی ئێران گرتوویەتیە بەر بە تەواوی بە کردەوە دەربی و ڕێگا نادەن ڕەنجی ئەو لاوانە بە خەسار بچی کە خانەوادەکانیان بە زەحمەت ئیمکانی دەرس و خوێندنیان بۆ فەراهەم کردوون.

رووی مەجبووری ڕەش بی دەنا....

لە هەموو سوچێکی ئەم وڵاتە سەرمایە لێدراوە شوین پەنجەی فەقر و فەلاکەت، تەنگانە و برسیتی لە ژیان و شێوەی بەڕێچوونی زۆربەی حەشیمەتی وڵاتەکەمان دەبینری. هەر ڕۆژ لەگەڵ دەیان و بگرە سەدان نموونەی زۆڵم و چەوساندنەوە و تاساندنی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بەرەو ڕوو دەبینەوە. ژیان و گوزەرانی سیگار فرۆشەکانی سەردەشت و مەهاباد نموونەیەکی تاڵە لەم ژیانە مەینەت بارانەیە کە لە لایەن هاوریەکی زەحمەتکێشەوە بە دەستمان گەیشتوە کە بڵاوی دەکەینەوە:

ماوەی چەند ساڵێك دەبی کە ژمارەیەکی زۆر هەر لە میرمندالان و لاوانەوە بگرە هەتا بە ساڵاچووان و تەنانەت ژنانیش بە جگەرە فرۆشیەوە خەریکن و بژێوی خۆیان لەم ڕێگایەوە بە دەست دەهێنن. دەوڵەت ئەم سیگارانە بە قاچاخ ناو دەبا و لە شوێنە سنووری‌یەکانەوە دەگاتە سەردەشت و لەوێشەوە بەرەو شارەکانی وەك مەهاباد و شوێنانی‌تر بلاو دەبێتەوە...

قاچاخچیەیە گەورەکان بەشێکیان پەیوەندی نزیکیان بە دام و دەزگا

داپلوسێنەرەکانی حکوومەتەوە هەیە بە رادەیەکی زۆر و پر حەجم سیگار دەهێننە ناو شار. دیارە لە پێش دا حەتمەن بە جۆرێک سمیلی حکوومەتچیەکان چەور دەکەن. زۆر جاریش دەست کۆرتەکان کە چەند کارتونێک بە هەزار چەرمەسەری دەگەیەننە نزیک شار بە تەلەی گەشتیەکانەوە دەبن و بە ناوی قاچاخچی و سنوور بەزین رەوانەی زیندانەکان دەکرین و بەسەر و بە مالّ دەکەونە گێرە و کێشە لەسەر رێگای پوولدارە گەورەکان وەلاّ دەنرین، هەتا بازاری کرێن و فرۆشی بە کۆمەلّ هەر لە پاوانی خۆیان دا بمێنێتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە شاری و گوندنشینەکان کە لە تاو بێکاری پەنایان بردوەتە بەر سیگار فرۆشی روو لە شاری سەردەشت دەکەن و بە هەموو قووەتی خۆیان نیوە کارتونێک دەکرن و بە ژانە سەرێکی یەکجار زۆر لەم نەفەر بۆ ئەو نەفەر، لەم ماشین بۆ ئەو ماشین بە کول و بە پەراندنەوە لە ئاو تا لە چاوی مەئمووڕەکان ونی بکەن و بێگەیەننە جێگای خۆی. زۆر جار ژنانی بیوەژن یاخۆد میرد لە کارکەوتوو دەبێنین کە لە ریزی سیگار فرۆشەکاندان و بە کرینی چەند بوکسێک سیگار و ناردنەوەی بە تەمان نانەسکی منالّە رەش و رووتەکانیان پەیدا بکەن. زۆربەی ئەم کەسانە کە لێیان دەپرسی ئا ئەمە چ کارێکە خۆتان پێوە خەریک کردوە؟ دەلّێن رووی مەجبووری رەش بی دەنا خۆشمان دەزانین ئەمە کار نیە، بەلاّم چ بکەین؟ کوا کارخانە یاخۆد کارگە یا شوێنێکی کار، یان دەبی ئەم شار و ئەو شار بە فەعلایی کردن و کرێکاری بسووڕێینەوە کە ئەویش بە ژیانێکی هەژارانە دەبی زیاتر لە نیوەی بخوێن، یان دەبی بە دلّە خۆرپە و ترس و لەرز چەند بوکسێکی سیگار بکرین، ئەویش ئەگەر نەگیری لەوانەیە شتێکمان لێ دەست بکەوی. ئەی بە چی نانەرەقێک بتەپێنێنە سکی منالّەکانمان؟ زۆر بە باشی دەرک دەکری کە ئەمانە لە رووی ناچاریەوە پەنایان بۆ ئەم کارە کە بە راستی کار نیە، بردوە.

ئەوەی لە سەرەوە هات پۆختەی گوزارشێکی زیندوو بوو دەربارەی سیگار فرۆشەکانی سەردەشت و مەهاباد. وەزعی شارەکانی دیکەی کوردستان ئەگەر خراپتر نەبی چاکتر نیە. ئەگەر لە شارە سنووریەان بواری سەرە تەقەیەکیش هەیە لە شارەکانیتر ئەوەش نیە و سەفی بێکاران هەر دێت و دڕێژتر دەبێتەوە. هەتا رۆژێک لە رۆژان رژیمی سەرمایەداری جلەوی حوکمیان بە دەستەوە هەبی هیچ ئاسویەک بۆ چاکتر بوونی ئەم وەزعە بەدی ناکری.

ڕێگا چارەی فرمانداری شاری بانە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری!

ڕۆژی 16ی ئابان سالّرۆژی موبارەزە لەگەلّ نەخوێندەواری بوو. رادیو سنە قسەکانی فەرماندای شاری بانەی بەم بۆنەوە بلاّو کردەوە. فەرمانداری بانە لە بەشێک لە قسەکانیدا دەلّی بۆ باشتر بەرەو پێش بردنی سیاسەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شاری بانە چەند دەورەیەکی چەند مانگەی داناوە و لەم دەورانەدا ژنان و پیاوان و ئەو منداڵانەی کە ئیمکانی ئەوەیان نەبووە بچنە مەدرەسە فیری خوێندەواری دەکات و لە هەر دەورەیەکدا بە بیست کەس لەو ژنانە کە بتوانن چەند سوورەتی قورئان لەبەر کەن، بە هەر یەکەی 1000تمەن و بە پیاوەکانیش هەر کام تایەک ئارد و تەنەکەیەک رون دەسخۆشانە دەدەن.

ئەمەیە کاری جیددی جمهووری ئیسلامی بۆ ریشە بر کردنی نەخوێندەواری لە کوردستان. گویا هۆی نەخوێندەواری ژنان کە فەرماندای میشک وشکی بانە جایزەی بۆ دیاری دەکا ئەوەیە کە ناتوانن قورئان لەبەر بخوێنن یان پیاوەکانیان ماتلی تایەک ئارد و تەنەکەیەک رونن هەتا بەو نەتیجەیە بگەن کە خوێندەواری باشترە لە نەخوێندەواری!.

فەرماندای بانە و هاوکارەکانی لە دەزگاکانی حکوومەتی ئێران دا لەسەر ئەو عەقلەن هەر بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری لە ئێران سالّ بە سالّ نە تەنیا کەم نابێتەوە بەڵکوو روو لە زیاد بوونیشە.

بەپێی ئاخرین ئاماری جمهووری ئیسلامی، کوردستان لە دوای ئوستانی سیستان و بلوجستان زیاترین ڕێژەی نەخوێندەواری بووە لە چاو هەموو ئوستانەکانی ئێران و دەگاتە 60٪.

بە میلیونەها ئینسان کە ڕۆژانە لە حەسرەت و ئارەزووی فیر بوونی سەواد دا دەسووتێن، لە بەر ئەوەی کە هەر لە تەمەنی منالیەوە ئەرکی بەخێو کردنی خۆیان و بگرە خانەوادەیان دەکەوێتە سەر شانیان ئیمکانی دەرس خوێندن و باسەواد بوونیان لێ دەستینری و ڕەوانەی بازاری کاری چەوسانەوە دەبن. سەرەڕای ئەوە، بۆ ئەو کەسانە کە بە هەر دەردی سەرێک بووە ڕێگای مەدرەسە دەگرنە بەر، لە سەرەوە بوونی خەرجی ناو نووسینی منداڵان لە مەدرەسەکان، کەم بوون و گران بوونی کتێب و کەل و پەلی خوێندن و کەم بوونی کلاس و مەدرەسە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە منالاّنی خانەوادە دەستەنگ و کەم دەرامەدەکان دەست لە خوێندن هەلّبگرن.

بەپێی قسەی مدیر کلی "جەمعییەت و تەنزیمی خانەوادەی" وەزارەتی بیهداشت و دەرمان لەم زەمینەیەدا تەنیا لە دوو سالّی رابوردوودا یەک میلیون و 800 هەزار منداڵ نەیانتوانیوە لە ئیمکاناتی خوێندن کەلّک وەربگرن و لە خوێندن مەحروم بوون و چوونەتە ناو خێلّی نەخوێندەوارانی ئەم ولاّتە. ئەگەر هەر قسەی جەنابی مدیر کل بە بناغە بگرین لە ماوەی ئەو 14 سالّەدا، 12 میلیون و 600 هەزار کەس لە ڕولّەکانی خەلّکی زەحمەتکێش و دەستەنگ لە خوێندن مەحروم بوون و بە ئاماری نەخوێندەوارانی ئێران زیاد بوون.

لە هەلومەرجێکدا کە وەزعی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران بۆ جواب دانەوە بە گیروگرفتەکانی خوێندن و خاشەبر کردنی نەخوێندەواری لە ئێران هەر بە پێی قسە و ئامارەکانی مەسئولین و دام و دەزگاکانی ڕژیم ئاوایە و لە کوردستان لە دوای ئوستانی سیستان و بلوجستان ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەموو شوێنەکانی تری ئێران لەسەرەوەترە، جەنابی فەرمانداری بانە بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەو کەسانە کە قورئان لەبەر دەخوێنن 1000 تمەن و تەنەکەیە رون و تا ئارد بە جایزە دەدا!.

باشترین هەنگاوی پێویست بۆ خاشەبر کردنی نەخوێندەواری و خەباتی جیددی لە دژی ئەم بڕیارە کۆنە و سەقامگیر کردنی نیزامێکی ئاموزشی پێشکەوتوو و ئینسانی، خۆ ڕێکخستن و خوساز کردنە بۆ کۆتا کردنی دەستی ئەو ڕژیمە لە فیر کردن و بارهێنان و لە هەموو شوێنەوارەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی ئەو ولاّتە.

فیر کردن و بارهێنان بە خۆرایی و ئیمکاناتی بەرابەر بۆ بەهرەمەند بوون لە دەسکەوتە زانستی و فەرهەنگی و فەننیەکانی ئەمڕۆی بەشەر دەبی بۆ هەموو کەس دابین بکری. نەخوێندەواری ئەم میراتەی حکوومەتی سەرمایە و چەوساندنەوەی سەرمایەداری، دەبی بە یەکجاری خاشەبر بکری و کۆتایی پی بی.

***

بەشارەتی: لە ئیسلامدا حیزبایەتی نیە!

نەبوونی ئازادی دەربڕینی بیروباوەر، داخستنی دەرگای هەموو حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی، پەلامار بۆ سەر هەر چەشنە فەعالییەتێکی ڕێکخراوەیی کە بە ئەندازەی سەرە دەرزیەک نیشانەی موخالەفەتی لەگەلّ ڕژیمی ئیسلامی پێوە دیار دەبی. بۆ هیچ کەس پێویستی بە وەبیرهێنانەوە نیە. بە دەیان هەزار ئینسانی تێکۆشەر و موعتەریز و موخالیفی جمهووری ئیسلامی تا ئێستا لە سیاچالەکان و شەقام و کولانەکان و شوێنەکانی کار و ژیان دا گیانیان لە پێناوی ئەو ئازادیەدا بەخت کردوە و کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی تا ئێستا لە ژێر سایەی کوشت و بر و بگیر و ببەند و خەفەکردنی هەر چەشنە ئازادیەک دا ژیاون و هەرگیز جورئەتی ئەوەیان نەبووە کە لە مەیدانی دەربڕینی بیروباوەری ئازادانەدا، لەگەلّ موخالفینی خۆیان بەرەو ڕوو بن. با بزانین بەشارەتی سەرچاوەکانی ئەو وەحشەتەی جمهووری ئیسلامی لەو کێشەیەدا چون تەوزیح دەدا.

بەشارەتی وەزیری کێشوەری ڕژیم لە وت و وێژێکی تایبەتی لەگەلّ ڕۆژنامەی همشهری ڕۆژی 30ی ئابان، لە جوابی پرسیاری مەربوت بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئێران دا دەلّی:

"... ئەگەر قسە لە ئازادی لە کۆمەلّ دا بکەین دەبی بیر لەوەش بکەینەوە کە ئەو ئازادیەیە چەندە لەگەلّ شوورای خەلّک دەگونجی... کەسانێک کە باسی ئازادی ڕێکخراوەکان دەکەن ئەو مەسەلە ڕەوانیەیان دەبی لەبەرچاو بی..."

بەم جۆرە بەشارەتی کونەپەرست و دواکەوتوو کە پشتی بە دەزگایەکی پان و بەرینی پولیسی و ئەمنیەتی و نیزامی بەستوە، جۆرئەتی ئەوە بە خۆی دەدا کە بەو پەڕی بی شەرمیەوە ئیهانەت بە شعووری میلونەها ئینسان بکات و بلی کە جەماوەر شایستەی ئەوە نین ئازاد بن.

بەشارەتی لە دڕێژەی قسەکانیدا دەلّی:

"... دوای ئینقلاب گەلێک ڕێکخراوە هاتنە سەر شانوی سیاسەت لە ئێران، بەلاّم هەموویان یەک لە دوای یەک حەزف بوون. حەزف بوونیان لەبەر ئەوە بوو کە نەیانتوانی موفق بن!..."

وا دیارە بەشارەتی لە درو کردن دا هیچ سنووڕێکی بۆ خۆی دانەناوە، ئەگینا چون دەکری ئینکاری ئەو هەموو بگیر و ببەند و زیندان و ئەشکەنجە و کوشتارە بکات کە لە پێناوی "حەزفی" هەر جم و جوڵێکی سیاسی موخالیف دا، 15 ساڵە بە پانایی هەموو ئێران لە کایەدایە؟

بەشارەتی لە دڕێژەی قسەکانیدا جەوهەری "دیموکرات منشی" و ڕادەی "بروا بە خۆی" حکوومەتی ئیسلامی لە خەباتی سیاسی لەگەلّ موخالیفانی خۆی دا ئاشکراتر دەردەخا. کاتێک لێی دەپرسن کە بالاخرە لەسەر ئازادی فەعالییەتی حیزبە سیاسییەکان دەلّێی چی؟ ئاوێکی پاک بە سەر دەستی هەموان دا دەکات و دەلّی:

"... لە ڕاستیدا ڕێکخراو لە ئیسلامیدا نیە، ئیسلامی خۆی هەموو ڕێکخراوێکە... حیزبە سیاسییەکان بە شوێن شتێکی تردە غەیری ئیسلامن."

خەبەرنیگاری ڕۆژنامەکە، کە هەستی بەوە کردوە کە ئەم جۆرە قسە کردنە دەبێتە مایەی نەفرەتی، موشتەریەکانی ڕۆژنامەکەی، هەوڵ دەدات کە بەشارەتی تەشویق بکات بەوەی کە لەم بابەتەوە بەشکەم چەند کەلیمەیەکی ڕێک و پێک تر و توزێک لە عەقل نزیکتر بەیان بکات. هەر بۆیە داوای تەوزیحی زۆرتری لێ دەکات و بەشارەتی لە جواب دا دەلّی:

"... ئەوە تەنیا لە ئێران نیە کە حیزبی سیاسی ناموفەقە، لە وڵاتانی ئوروپا و لە ئەمریکاش حیزبایەتی کارێکی سەرکەوتوو نەبووە..... لە ئێران هۆیەکەی ئەوەیە کە لە پال حیزبێکی بە هێزی وەکوو ئیسلامی دا، حیزبێکی دیکە خۆی پی ناگیری..."

بەم جۆرە خەبەرنیگاری ڕۆژنامەکە جارێکیتر لە هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی ڕواڵەتێکی شارستانیتر لە بەشارەتی نیشان بدات شکست دەخوات و وادیارە لە بیری چووەتەوە کە بەشارەتی لە سەرەتای وەلاّمی ئەو پرسیارەدا لە تەوهێنێکی ئاشکرادا وتی کە شعووری خەلّک ئێران هەر ئەوەندە هەلّدەگری. ئەمڕۆکە لە ئێران بێجگە لە داروەدستەی کۆنەپەرستی دەسەلاّتدار، زۆر بورژوا و قولە دیکتاتوری کەلّە وشک تەنانەت لە ناو ئوپوزیسیونیش دا پەیدا دەبن کە پێیان وایە جەماوەری خەلّک بە وتەی ئەوان "جاری ئامادە نین ئازادیان پی بدری"! و ئەگەر بەشارەتی لای وایە کە بە هەبوونی ئیسلام حیزبایەتی هەر پێویست نیە، لە نەزەر ئەو جەنابانەشەوە، حیزبە خۆشەویست و تاقانەکەی ئەوان بۆ هەموو جەماوەر کافیە و جێگای هەموو کەسی تێدا دەبێتەوە!

ئەم جۆرە "منتق" و بۆچوونە لە لای چینی کرێکاری تینووی ئازادی و بەرابەریە و نەفرەتی لێ دەکری.

حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران سەرما و بەفر و بەستەلەکە و لە بەرانبەر هەتاوی بەهاری ئازادی خەلّکی زەحمەتکێش دا بە ئاسانی دەتوێتەوە. ئەو کات جەماوەری عەدالّەتخواز نیشانی دەدەن کە چۆن دەزانن لە ئازادی کەلّک وەرگرن و ئەو خشت و خالّە لەسەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی کۆمەلّگای ئینسانی پاک کەنەوە. بەشارەتی دواکەتوو باش دەزانی کە ئەگەر دەست لە دام و دەزگای داپلوسێنەر و سیستمی ئەمنیەتەکەی بەربی، دەکێشریتە پای موحاکمەی خەلّکی ئازادیخواز و بێگومان لەوی خۆیشی لەو هەموو بی شەرمیەی ئەوروی خۆی سەری سوور دەمێنی.

پێک هێنانی کۆبوونەو و متینگ و خۆپێشاندان و کەلّک وەرگرتن لە مجامع و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و رادیو تلویزیون بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروباوەر، مافی حاشا هەلّنەگری کۆمەلاّنی خەلّکە. ئازادی کاملی پێک هێنانی هەرچەشنە ڕێکخراوێکی سیاسی، سنفی و جەماوەری، وە هەروەها ئازادی پێوەس بوون بە وانە دەبی زەمانەت کری و بەڕێوەبری.

بەندی 5 بەیاننامەی مافەسەرەتاییەکانی خەلّکی زەحمەتکێش لە کوردستان

***

چەند یادداشتی سیاسی

بلژیك: شانوی موقاوەمەتی بەرینی کرێکاران!

دوا بە دوای ئەوەی کە لە مانگی میهری ئەمسال دا دەوڵەتی بلژیك جوزئیاتی تەرحێك بە ناوی "سەرفە جویی و ریازەتی ئیقتصادی" راگەیاند، سەندیکا کرێکاریەکان کەوتنە خۆ و ئاکامەکانی ئەو پرۆژە تازەیەی دەوڵەتیان لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی چینی کرێکاری ئەو ولاتە ئاشکرا کرد.

بۆ کرێکارانی بلژیك دەرکەوت کە ئەم تەرحە لە راستیدا هیچ شتێك نیە غەیری هێرشێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، بۆ سەر ژیانی ئەوان. بە پێی ئەو تەرحە شەپولێك لە بێکار کردنی کرێکاران لە رشتە سەنعەتی و خزمەت گوزاریەکاندا دەست پی دەکات، لە میزانی بیمەی دەرمانی و بیمەی کۆمەلایەتییەکانی تر و ریفاهیاتی شوێنی کار و ژیانی کرێکاران کەم دەکرێتەوە، پێداویستییەکانی ژیان لە رێگای بردنە سەری ماڵیاتەکانەوە زیاد دەکرێن و شتی تری لەو نەوعە.

پاش راگەیاندنی ئەو بەرنامەیەی دەوڵەت، دەنگی ناڕەزایی کرێکاران لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە و رابەری سەندیکاکان کەوتە ژێر فشاری کرێکارانەوە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەدا عکس العملێك نیشان بدەن. دوو سەندیکای ئەسلی و سەراسەری بلژیك لە پێش دا داوایان لە دەوڵەت کرد کە ئەم ترحەی خۆی وەربگرێتەوە و دەوڵەت وەلامی ئەو داوایەی نەداوە لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەی تازەی "سەرفەجویی" خۆی پێی داگرت. سەندیکاکان رایانگەیاند کە وەکوو هوشدارێك بە دەوڵەت بۆ ماوەی 24 سەعات دەست لە کار دەکێشن. رۆژی کۆبوونەوەی رابەرانی کۆمەڵەی ئوروپا لە بروکسل پایتەختی بلژیك وەکوو یەکەم قوناغی ئەو هەرەشەیە دیاری کرا. رۆژی 7ی مانگی ئابان، چینی کرێکاری بلژیك یەك پارچە بە دەنگ بانگەوازی ئەو مانگرتنەوە هات و بێجگە لەو شوێنانەی کە سەندیکاکان خۆیان لەبەر بەرژەوەندییە ئەساسییەکانی ژیانی خەڵك دیاریان کردبوو، دەستیان لە کار کێشا. دوای ئەو مانگرتنە یەك رۆژیە کە بە میلیونەها دولار زەرەری لە دەوڵەت و لە سەرمایەدارانی ئەو ولاتەدا، سەرەك وەزیر رایگەیاند کە دەوڵەت هەر لەسەر سیاسەتەکانی خۆی سوورە.

سێ حەوتوو دواتر، رۆژی 26ی ئابان سەر لە نوی ئەو مانگرتنە بۆ ماوەی 24 سەعات دووپات کرایەوە و کرێکاران ئەو جاریش هەر لەگەڵ لاساری و سەرسەختی دەوڵەت و سەرمایەداران بەرەو روو بوون. سەندیکاکان بریاریان دا کە ئەم خەباتە لە شێوەی مانگرتنی 24 سەعاتەدا هەتا تەسلیم بوونی دەوڵەت لە بەرانبەر داوای کرێکاران دا درێژە پی دەدەن. هەر بۆیە رۆژی جومعەی رابوردوو 5ی ئازەر بۆ ماوەی 24 سەعاتی تر مانگرتنێکی کەم وینە لە بلژیك چەرخی حەرەکەتی سەرمایەی لەو ولاتە لە کار خست.

بلژیك ولاتێکی سەنعەتی پێشکەوتووی سەرمایەداریەیە کە لە دوو بەشی فەرانسە زمان و هولندی زمان پێك هاتوە. ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپایە و نزیك بە 10 میلیون نەفەر جەمعییەتی هەیە، ژمارەی کرێکارانی ئامادە بە کاری ئەو ولاتە نزیك بە 3/5 میلیون نەفەرە و دەوری 500 هەزار نەفەریش بێکاری هەیە کە لە رێگای وەرگرتنی بیمەی بێکاریەوە ژیانیان بەری دەچێ.

مانگرتنی 24 سەعاتەی رۆژی جومعە 5ی ئازەر، کارخانە گەورەکانی ماشین سازی کارخانەجاتی سەنعەتی ئەلکترونێك، کارخانەکانی پارچە چنین، فرۆشگاکانی زنجیرەیی، قەتارەکان، فروگاکان، پوست، بەندەرەکان و چەندین مەیدانی تری بەرهەم هێنان و ژیانی رۆژانەی ئەم ولاتەی گرتە بەر. هاوکات میتینگ و خۆپێشاندانی گەورە لە پایتەخت و لە زۆر شوێنی تر بەرپا بوو و پولیس لە چەندین جێگا هێرشی بردە سەر کۆبوونەوەکانی کرێکاران، کە تێیدا بە دەیان کەس لە هەردوولا بریندار بوون.

سەرەك وەزیری بلژیك کە تا ئێستا هەموو جارێك هەر لەسەر سیاسەتەکەی خۆی پێی داگرتبوو، لە بەرانبەر هەرەشەی کرێکاران دا کە بەم زووانە مانگرتنەکەیان دووپات دەکەنەوە، رایگەیاند کە ئامادەیە لەگەڵ نوینەرانی کرێکاران بۆ "جۆرێك لە یەك نزیك بوونەوە" واریدی گفتوگو بێت.

لە راستیدا ئەو پرۆژەیەی دەوڵەتی بلژیك بۆ چارەسەر کردنی بوحرانی ئابووری لەو ولاتە، نەك هەر نەخشەی سەرمایەداری بلژیك بە تەنیایی، بەڵکوو کۆمەڵێك سیاسەتی دیاریکراوی هەموو ولاتانی کۆمەڵەی ئوروپایە کە دەوڵەت و سەرمایەداران هەر کامە بە پێی هەڵسەنگاندنی تەرازووی هێزەکانی ناو ولاتەکانیان لە هەولی ئەوەدان بەسەر ژیانی جەماوەری کرێکارانیدا بسەپێنن. بورژوازی ئوروپا رێگا چارەی بوحرانی ئابووری خۆی لە شیددەت پێدانی رادەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و لە ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی سالانی رابوردووی ئەو چینەدا دیوەتەوە و هەر بۆیە، دەوڵەت و سەرمایەداران لە ئوروپا خەرێکن خۆیان بۆ بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ شەپولێك لە مانگرتن و خەباتی کرێکاری، لە مانگەکانی داهاتوودا ئامادە دەکەن. لە رێگای پارلمانەکانەوە خەرێکی هێنانە گۆری چەندین قانوونن بۆ بەرتەسك کردنەوەی مەیدانی عەمەل و بریاردانی ئیتحادیە کرێکاریەکان کە خۆی جێگای لێکولینەوەیەکی دیکەیە.

مەیدانی تەئسیری زنجیرە مانگرتنەکانی سەرتاسەری کرێکارانی بلژیك گەلێك لە کۆمەڵی بلژیك واوەتر دەچی. شێوەیەك لە خەباتی ئابووری و رەوانی کە کرێکارانی ئەو ولاتە گرتوویانەتە بەر لە لایەن هەموو کرێکارانی ئوروپاوە بە وردی سەرنجی پی دەدری. چینی کرێکار لە ئوروپا وەحدەتی بورژوازی ئەو ولاتانەدا بێگومان شێوە و رێگاکانی یەك خستنەوەی خەباتی چینایەتی خۆی دەدوزێتەوە.

چینی کرێکاری ئیتالیا و تاقیکردنەوەیەکی گرینگی سیاسی!

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەداریەکان لە ئیتالیا کۆتایی پی هات. ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە یەکێك لە دیاردەکانی بوحرانێکە کە دەسەلاتی سیاسی بورژوازی لە ئیتالیای گرتوەتە بەر. حیزبە سیاسیەکانی قەدیمی و جێ کەوتووی ئەو ولاتە کە بە دەیان ساڵە دەسەلاتیان بە دەستەوەیە، لەم هەڵبژاردنەدا بە تەواوی شکستیان خواردوە و خەڵکی ئیتالیا بەم دەنگدانە، بیزاری خۆیان لە حیزبی دیموکرات مەسیحی و لە حیزبی سوسیالیست کە لە شەری جیهانی دووهەمەوە تا ئێستا، پێکەوە دەوڵەتی ئیتلافی ئیتالیایان بە دەستەوە بووە، دەربریوە. لەو هەڵبژاردنەدا لە جێگای ئەو دوو حیزبە، حیزبی کۆمۆنیستی جارانی ئیتالیا کە ئێستا ناوی خۆی کردوە بە حیزبی دیموکراتیکی چەپ زۆرترین دەنگی بە دەست هێناوە. بە دوای ئەو حیزبەدا دوو حیزبی دەستی راستی نەژادپەرست دەنگیان پی دراوە.

ئەگەرچی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە هێشتا بە مانای ئاڵ و گۆڕ لە دەزگای حکوومەتی مەرکەزی ئیتالیادا نیە، بەڵام نموونەیەکی بەرچاوە بۆ نیشاندانی ئەو راستیەیە کە ئیتر تەمەنی دەسەلاتی سیاسی حیزبە سوننەتیەکانی ئەو ولاتە کۆتایی پی هاتوە و بەم زووانە و بە رەسمی و عەلەنی ناچار دەبن حکوومەتی ئیتالیا بۆ بەدیلێکی تر بەجێ بێڵن.

بوحران لە دەسەلاتی سیاسی بورژوازی ئیتالیادا ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردوە و لە یەك سالی رابوردوودا بە تایبەت بە ئاشکرا بوونی جەریانی فەساد و بەرتیل و رێشوە خۆری لە نیو هەموو بەرێوەبەرانی سەرەوەی دەوڵەت دا و تێکەلاو بوونی سیستمی دەوڵەتی لەگەڵ شەبەکەکانی جینایەت و قاچاخچییەتی مافیا، ئەم بوحرانە بەوپەری خۆی گەیشت و خەڵکی ئیتالیا لە سەدان میتینگ و خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەریدا بیزاری خۆیان لە هەموو کاربەدەستانی حکوومەتی، دەربری. کرێکاران ئەو ژمارەیە لە بەرێوەبەرانی سەندیکا کرێکاریەکان کە دەستیان لەو فەسادە دا بووە، ریسوا کرد و ترویان کردن.

لە ماوەیەکی کۆرت دا بە سەدان وەزیر و کارمەندی سەرەوەی حکوومەت گیران و خرانە زیندانەوە و ئێستا چاوەروانی موحاکەمەن. بە سەدان سەرمایەدار تاوانبارن بەوەی کە بەرتیلیان داوە بە بەرێوەبەرانی حکوومەتی بۆ ئەوەی پرۆژەکانی دەوڵەت لە دەست رەقیبەکانیان دەربێنن و بیگرنە دەست خۆیان، ئەو بەرتیل و رێشوە خۆرییە هەمیشە سەرچاوەیەکی گەورەی دەرامەدی حیزبە سیاسییەکانی ئەو ولاتە بووە، بۆ ئەوەی تەبلیغاتی هەڵبژاردنەکانی پێوە بکەن و دەنگی پی کۆکەنەوە.

بورژوازی ئیتالیا لە یەك سالی رابوردوودا هەوڵیدا بە پێکهێنانی کۆمەڵێك ئاڵ و گۆڕ لە نیو دەزگای سەرەوەی حکوومەت دا، بەری قوولتر بوونەوەی بوحرانەکە بگری و رێگە نەدات کە دوو حیزبی دەسەلاتداری گەورەی ئەو ولاتە بە تەواوی بروخێن. حکوومەتی هەڵبژاردەی پارلمانیان هەڵوەشاندەوەو حکوومەتێکی کاتیان نایە جێگای و سەرۆکی بانکی مەرکەزی ئیتالیایان بەو ناوە کە "هەرگیز دەستی لە سیاسەت دا نەبووە و دەکری بروای پی بکرێت"! کرد بە سەرۆك وەزیر. بەڵام ئەم تەگبیرانە، نەتیجەیەکی نە بەخشی و دەوڵەتی ئیتالیا هەروا لە ناو گێژاوەی بوحرانی سیاسیدا مایەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا هەتا دوای رووخانی ئیتحادی شووراوی کە ئیتر ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە "حیزبی دیموکراتیکی چەپ" هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە لە ناو دەوڵەتی ئیتلافی ئەو ولاتەدا، بە قیمەتی هەر چەشنە سازان و پاشەکشەیەکیش بی رێگایەك بکاتەوە بۆ چوونە ناو حکوومەتی ئیتالیاوە و بە دریژایی سالانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، حیزبی دیموکرات مەسیحی و حیزبی سوسیالیست هەوڵیان داوە کە بە یەکگرتنی خۆیان رێگا نەدەن بەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا دەستی لە دەسەلاتی دەوڵەتی گیر بی و ئەم حیزبەش هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە کە مەبادا ئەوەندە خۆی لە داخوازەکان و لە خەباتی رادیکالی کرێکاری نزیك بکاتەوە کە دەزگای حاکم لە ئیتالیا لە خۆی بتورینی.

چینی کرێکاری ئیتالیا کە لە رێگای ئیتحادیەکانی سەراسەری خۆیەوە دەوری ئەساسی هەیە لەژێر فشارنانی دەوڵەتی بورژوازیدا، لەبەر ئەوەی کە بە دەیان ساڵە لە ژێر نفووزی ریفورمیست و ئیصلاح تەلەبەکانی ئیتالیادایە تا ئێستا نەیتوانیوە بەدیلی خۆی بۆ چارەسەر کردنی ئەو بوحرانە بێنێتە گۆری.

گرینگترین مەسەلە کە ئەمرۆ لەبەردەم چینی کرێکاری ئیتالیادایە ئەوەیە کە چەندە دەتوانی لە دەروونی ئەو بوحرانە سیاسییەدا کە دەسەلاتی سیاسی بورژوازی ئەو ولاتەی گرتوەتەبەر، سەرەنجام رێگای خۆی بدوزێتەوە و لە جیاتی ئەوەی کە ببی بە پەیژە بۆ چوونە سەری حیزبی دیموکراتیکی چەپ، ریزی سەربەخۆی چینایەتی خۆی پتەوتر کات. بورژوازی ئیتالیا لە هەمان کاتدا، تووشی بوحرانێکی قوولی ئابووریش بووە، ئەمرۆکە هەموو هەوڵی ئەوەیە کە لە زووترین کاتدا کێشەی دەسەلاتی سیاسی چارەسەر بکات و فورسەتی ئەوە بە دەست بینی کە باری بوحرانی ئابووریەکەی بەسەر کرێکارانی ئەو ولاتەدا بشکێنێتەوە.

ئەمرۆکە زۆرێك لە دەسکەوتەکانی رابوردووی چینی کرێکار کەوتوونەتە مەترسییەوە و چینی کرێکار تەنیا بە پتەو کردنی ریزەکانی چینایەتی خۆی، دەتوانی بەری ئەو هێرشەی کە بورژوازی ئیتالیا خەرێکە سەر لە نوی خۆی بۆ رێك دەخاتەوە، بگری. لە لایەکی دیکەوە ئەو خەباتە بۆ چینی کرێکاری ئیتالیا، بە یەقین خەباتێکی راستەوخۆ سیاسییە کە لە رێگای حیزبێکی سیاسی کرێکاریەوەیە کە دەتوانی گەشە بکات و رێگە نەدات، دوو رووین و ریاکاران فرمانی بزووتنەوەکەی بە دەستەوە بگرن.

جمهووری ئیسلامی سەری کیسەکەی بۆ دەوڵەتی ئالمان شل دەکاتەوە!

لە ئاخرین رۆژەکانی مانگی میهردا، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی جمهووری ئیسلامی، دەزگایەك کە ئەمرۆکە لە جێگای ساواك کار دەکات، بە دەعوەتی ڕەسمی لە لایەن بەر پرسی دەزگاکانی جاسووسی و ئەمنیەتی ئالمان، سەفەرێکی چەند ڕۆژەی کرد بۆ ئەو وڵاتە.

ئاشکرا بوونی پێوەندی ڕەسمی دەزگاکانی جاسووسی و ئەمنیەتی ئالمان و ئێران و سەفەری فەلاحیان بۆ ئالمان، لە کاتێك دا کە وەزارەتی دادگوستەری خەڕێك بۆ دادگای قاتلەکانی ڕابەرانی حیزبی دیموکرات لە بەرلین تەرتیب بدات، بیروڕای گشتی لە ئالمان هەژاند و ئەم خەبەرە لە باقی وڵاتانی ئوروپاییش دا زۆری دەنگ دایەوە. دەوڵەتی ئالمان کەوتە ژێر فشار بۆ ئەوەی هۆی ئەو پەیوەندییە گرتنە و ساببیقەی هاوکاریەکانی لەگەڵ دەزگای ئیتلاعاتی ئێران بخاتە ڕوو. دەوڵەتی ئالمان هەوڵی دا بە چەند تەوزیحێکی گشتی لە قەبیلی ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە بۆ بەرگری لە تیرۆریزم پێویست بووە، فشارەکە لە سەر خۆی کەم کاتەوە. ئەو ڕۆژانە ئاشکرا بووە کە هەر دوولا نوینەری تایبەتییان لەو زەمینەیەدا لە سەفارتخانەکانیان لە تاران و بون هەبووە و دەوڵەتی ئالمان دەورەی تایبەتی بۆ فیرکردنی و بارهێنانی کادیرەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە ئالمان داناوە و چەندین دەزگا کامپیوتەری پێش ڕەفتەی داوە بە ئیتلاعاتی ئێران و شتی لەو نەوعە. هەر بۆیە تەوزیحاتی ڕەسمی دەوڵەتی ئالمان کەسی پی قانع نەبوو و مەسەلەکە تا ئێستاش هەر ئاوالە ماوەتەوە و ڕۆژنامەکانی ئالمان و ئوروپا لەسەری دەنووسن. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجی ئێمەیە، ئەوەیە کە ڕۆژنامەکانی سەر بە جمهووری ئیسلامی ئێران لە تاران بۆ ماوەی چەند حەوتوو گوێی خۆیان لەو خەبەرە خەواند و سەرەنجام وەختێك مەسەلەکە لە هەموو دونیا لە قاودرا، ئەوانیش هەوڵیان دا ئەو مەسەلەیە بە زمانی خۆیان تەوزیح بدەن و لێرە دا بوو کە ناوەڕۆك و جەوهەری عەلاقەتمەندی دەوڵەتی ئالمان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران، ئاشکرا بوو و هەروەها دەرکەوت کە جمهووری ئیسلامی بۆ دەست تیوەردان لە کاری دادگوستەری و دەزگای قەزایی ئالمان دا تا چ ڕادەیەك و بۆ وا بە هیواشی و بی دەنگی دەچێتە بەرەوە چی‌یە؟

نووسراوەی ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی 10ی ئابان هەڵدەبژێرین. ئەو ڕۆژنامەیە لە مەتلەبێك دا کە بە ڕوالەت بۆ ڕوون کردنەوەی مەسەلەی پەیوەندی دەزگا جاسووسی‌یەکانی ئەو دوو وڵاتە چاپی کردوە، قسە لە پەیوەندی‌یەکانی بازرگانی ئێران و ئالمان دەکات و لە واقیع دا بە شێوەیەکی نە زۆر زیرەکانە و شاردراوەش ئەو بەرتیلە وەبیر دەێنێتەوە کە دەوڵەتی ئێران بە دەوڵەتی ئالمانی پەرداخت دەکات و هەوڵ دەدات کە نیشانی بدا بۆچی بە قازانجی دەوڵەتی ئالمانە کە گوێی خۆی لەو جەنجالە بخەوێنی و هاوکاری ئیتلاعاتی خۆی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی دڕێژە پی بدات. ئیتلاعات دەنووسی:

"سەفەری فەلاحیان بۆ ئالمان و وت و وێژ لەگەڵ هاوتای ئالمانی خۆی، لە وڵاتانی غەربی دا بە بەربڵاوی دەنگی داوەتەوە. بە نەزەری کارشناسان پەیوەندی‌یەکانی ئێران و ئالمان بەو جەنجالە ناشێوی... لە سالانی ئەخیردا ئالمان گەورەترین شەرێکی بازرگانی ئێران بووە. بازاری ئێران کە بۆ زۆربەی وڵاتانی غەربی لە دەست چوو بە حیساب دی، بەرەو ڕووی ئالمان کراوەیە، صادراتی نەوتی جمهووری ئیسلامی بۆ ئالمان بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیاد بوونە.... ئەو "ڕوون کردنەوە"یەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەری دەخات کە لە لایەکەوە بۆچی دەوڵەتی ئالمان ئامادەیە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەداری ئەو وڵاتە، گوێی خۆی لە هاوار و دادی پێشێل بوونی مافی مرۆڤ لە ئێران و فتوای قەتلی سەلمان ڕوشدی و شتی تر لەو نەوعە بخەوێنی و بەوەش ڕانەوەستی ڕاستەوخۆ دەستی هاوکاری بداتە دەستی دەزگای شکەنجە و زیندان و تیرۆری ئێران و بە پەزیرایی کردن و ڕیز گرتن لە سەردەستەی بنی ئادەم کوژانی جمهووری ئیسلامی_ لە عەلی فەلاحیان_ تەوهین بە ویژدانی میلیونەها ئالمانی ئازادیخواز بکات و لە لایەکی دیکەشەوە هەروەها دەری دەخات کە لە جمهووری ئیسلامی لە پێناوی بەرەو پێش بردنی بەرنامەی تیرۆریستی و کوشتنی موخالیفەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات و پەرە پێدانی دەزگاکانی جاسووسی لە ناوەوەی وڵات دا چون دەرگای کیسەکەی شل کردوەتەوە بە جۆرێك کە تەنانەت دەوڵەتی ئالمانیشی پی وەسوەسە دەبی و ڕازی دەکری!

ئایا ئێرلەندی شیمالی ڕووی ئاسایش بە خۆیەوە دەبینی؟

بەپێی هەواڵی خەبەرگوزاری‌یەکان لە چەند حەوتووی ڕابوردوودا هەندێك نیشانە دەرکەوتوون لەوەی کە دەوڵەتی ئینگلیس بیەوی لەسەر کێشەی ئێرلەندی شیمالی، لەگەڵ چەن لایەنێکی دیاریکراوی ئەو مەسەلەیەدا، نەوعێك گفت وگو دەست پی بکات.

ئەم هەواڵە ئەگەرچی نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی تازەیە لە سیاسەتی تا ئێستای دەوڵەتی ئینگلیس دا، بەڵام هێشتا بە مانای ئامادەیی ئەو دەوڵەتە بۆ گفت و گوی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لەگەڵ لایەنە ئەسڵی‌یەکانی کێشەی ئێرلەندی شیمالی یانی "ئەرتەشی جمهووری خوازی ئێرلەند" و باڵە سیاسی‌یەکەی، "شین فین"، نیە. لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا دەوڵەتی ئێرلەندی جنووبی، تەرحێکی تازەی خستوەتە بەردەم دەوڵەتی ئینگلیستانەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا نەکردوە و خۆیان دەڵێن کە ئەگەری ڕێککەوتن لەسەر ئەو تەرحە زۆرە.

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابوردوودا تەقاندنەوەی بومب لە لایەن "ئەرتەشی جمهووری خوازی ئێرلەندەوە" لە ئینگلیستان و لە ئێرلەند بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس و لە بەرانبەری دا و بە تولە، "وەفادارانی" دەوڵەتی ئینگلیس لە ئێرلەندی شیمالی، لە ڕەشەکوژێکی کوێرانەدا چەندین کەسیان کوشتوە و ژمارەیەکی زۆریان بریندار کردوە.

سەرچاوەی ئەم ناکوکی و کوشتارە لە ئینگلیستان و لە ئێرلەند چی‌یە و ئاسوی کۆتایی پی هاتنی چونە؟

ئێرلەند جەزیرەیەکی گەورەی دراوسێی جەزیرەی ئینگلیسە و لە دوو بەشی ئێرلەندی شیمالی و جنووبی پێك هاتوە. هەر دوو بەشی ئێرلەند هەتا نزیکەی 70 ساڵ لەوەپێش لە ژێر دەسەلاتی ئینگلیس دا بوون. لە ئەنجامی خەباتێکی خوێناوی و دوور و درێژی دەیان ساڵەدا سەرەنجام لەو ساڵانەدا ئەرتەشی ئینگلیس لە بەشی جنووبی ئەو وڵاتە چووە دەری و ئێرلەندی جنووبی بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ و دوا جار بوو بە یەکێك لە وڵاتانی کۆمەڵگای ئوروپا، بەڵام بەشی شیمالی ئێرلەند هەروا لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئینگلیس دا مایەوە و مەوزوعی کێشەیەکی 70 ساڵەی نەتوەیی، زیندوو ڕاگیرا.

دەوڵەتی ئینگلیس بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەر وەکوو سوننەتی ئیستیعماری کۆنی ئینگلیس بوو دەستی کرد بە دووبەرەکی نانەوە لە ناو دانیشتوانی ئێرلەندی شیمالی‌دا و ئاوری ناکوکی مەزهەبی لە نیوان مەسیحی‌یەکانی کاتولیك و مەسیحی‌یەکانی پروتستان دا خوش کرد. پروتستانەکانی ئێرلەند کە کلیسای گەورەیان لە وڵاتی ئینگلیستانە و ئەو وڵاتە بە ناوەندێکی گەورەی مەزهەبی پروتستان دەزانن، لە نەتیجە خۆش بوونی ئاوری ئەو کێشە مەزهەبی‌یە دا، لە کاتولیکەکانی ئێرلەند دابران و بوون بە لایەنگری مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس و کاتولیکەکان هەر وا پێیان لەسەر سەربەخۆیی لە ئینگلیستان و یان تێکەلاو لەگەڵ ئێرلەندی جنووبی داگرت. دەوڵەتی ئینگلیس نە تەنیا ئەو کێشە مەزهەبی‌یەی لە نیوان کاتولیك و پروتستانەکان دا پەرە پێدا، بەڵکوو بە درێژایی 70 ساڵی ڕابوردوو هەوڵی‌دا بە هان دان و تەشویق کردنی موهاجیرەکانی ئێرلەندی و خەڵکی‌تر ئینگلیستانیش، بۆ ئەو ناوچەیە تەرازووی هێزەکان بە قازانجی پروتستانەکان بگوڕی. بە جۆرێك کە ئەمڕۆ توانیوویەتی کارێکی وا بکات کە زۆربەی دانیشتوانی ئێرلەندی شیمالی پروتستان بن، کە بە ناوی "وەفادارانی دەوڵەتی ئینگلیس" دەناسرێن و جیاوازی خوازەکان بکەونە ئەقەلیەتەوە. ئێستا نزیکەی یەك میلیون نەفەر لە دانیشتوانی ئێرلەندی شیمالی لایەنگری مانەوەی دەسەلاتی ئینگلیس و نزیك بە 700 هەزار نەفەر لایەنگری سەربەخۆیی یان پێوەست بوونەوە بە ئێرلەندی جنووبین.

دەوڵەتی ئینگلیس لە 70 ساڵی ڕابوردوودا تەنیا بەوە کە تەرکیبی مەزهەبی و نەتەوەیی ناوچەکە بگوڕی ڕانەوەستاوە و بەڵکوو لە ناو پروتستانەکان دا کۆمەڵێك تووندڕەوی مەزهەبی و دژی کاتولیکی پەروەردە کردوە و بەری داونەتە گیانی جیاوازی خوازانی ئێرلەندی. لەولاشەوە لە ناو جیاوازی خوازان دا. "ئەرتەشی جمهووری خوازی ئێرلەند" دروست بووە کە دەیان ساڵە لە دژی ئەرتەش و دەوڵەتی ئینگلیس کاری نیزامی دەکات و بالێکیشی بە ناوی "شین فین" بە شوێنی هەر ئەو مەبەستەوە کاری عەلەنی و قانوونی ئەکات. ئەرتەشی جمهووری خوازی ئێرلەند هەڵسووڕانی نیزامی خۆی لە ڕێگای تەقاندنەوەی بومب لە شارەکانی ئینگلیس دا کێشاوەتە ناو خاکی ئەو وڵاتە و ڕۆژانە بەردەوام هەڕەشە لە ئەمنیەتی دانیشتوانی بی دیفاعی شارەکان دەکات.

بەم جۆرەیە کە ئاوری دووبەرەکایەتی نەتوایەتی و مەزهەبی کە پاشماوە و بەرهەمی ئیستیعماری کۆنی ئینگلیس و پیلان گێڕی ئێستای دەوڵەتی ئەو وڵاتەیە، ئەمنیەتی لە نزیك بە یەك میلیون و 700 هەزار نەفەر دانیشتوانی ئێرلەندی شیمالی و لە هەموو خەڵکی ئینگلیستان، هەڵگرتوە و گیانی چەند هەزار ئینسانی تێدا بووەتە قوربانی.

هەروەك وتمان دەوڵەتی ئینگلیس ساڵەهایە لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگای زیاد کردنی جەمعیەتی لایەنگرانی ئیتحاد لەگەڵ ئینگلیستان لە ناو پروتستانەکانی ئەو وڵاتە دا، تەرازووی هێزەکان لە ئێرلەندی شیمالی بە قازانجی خۆی بگوڕی و لەم ڕێگایەوە بزووتنەوەی سەربەخۆیی خواز تووشی شکست بکات. بەم سیاسەتە دژی ئینسانی‌یەی دەوڵەتی ئینگلیستان، کۆمەڵگایەکی دوو میلیون نەفەری کردوەتە دوو بەش و وەکوو دوژمنی لە ناشتی نەهاتوو لە بەرابەر یەکتردا ڕایگرتوون. ئەم ئینسانانەی کە دەیانتوانی و دەتوانن. پێکەوە بژین و پێکەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای ژیانیان دەست و پەنجە نەرم کەن و پێکەوە بۆ بنیات نانی کۆمەڵگایەکی پر لە عەدالەت و ئاسوودەیی و ئەمنیەت، هەوڵ بدەن، ئەمڕۆکە منالەکانیان بە گیانی دوژمنایەتی و نەفرەت لە یەکتر و تولە سەندنەوە بار دێنن.

بورژوازی ئینگلیس تاوانباری خولقاندنی ئەو هەلومەرجەیە و چینی کرێکاری ئینگلیستان لە توانایی دا هەیە کە هێزی کۆمەڵایەتی خۆی، لە ڕێگای فشار هێنان بۆ دەوڵەتی ئینگلیس بۆ کۆتایی هێنان بەو وەزعە بخاتە کار.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 46 November, December : 1993

2500 بێکار کراوی شیرکەتی ماد لە کوردستان!

شیرکەتی ماد، شیرکەتێکی بیناسازی گەورەیە کە لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت دا کار دەکا و نزیکەی 18 ساڵە کە لە کوردستان خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆژەی بیناسازییە و کارگاکانی زۆرتر لە دەوروبەری شاری سنە بوون.

ئەم شیرکەتە ماوەیەکە کاری لە کوردستان تەواو بووە و کارگاکانی تەعتیل کردوە و بەم بۆنەوە نزیکەی 2500 کرێکاری ئەو شیرکەیتە بێکار کراون.

شیرکەتی ماد بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە کوردستان دامەزراوە هەمیشە هەوڵی داوە کە هێزی کاری پێویستی خۆی لە کرێکارانی دێهات و لەو جووتیارە هەژارانەی کە بە کارکردن لەسەر زەوی بژێوی خانەوادەکەیان بۆ دابین نابی، تەئمین کات، بۆ ئەوەی بتوانی بە حەقدەستی کەمتر لە کرێکارانی شار و بەبی وەئەستو گرتنی هیچ ئەرکێك بەرانبەر بە نەخۆشی و بەرانبەر بە دواڕۆژی ئەو کرێکارانە، بیانچەوسێنێتەوە. شیرکەتی ماد لەو رێگایەوە و لە شیرەی گیانی کرێکارانی کوردستان بە سەدان میلیون تمەنی قازانجی خستە گیرفانیەوە و ئەوجار دام و دەزگاکەی خۆی لە کوردستان کۆکردەوە.

سیاسەتێکی ئەو شیرکەتە هەمیشە ئەوە بووە کە بەشێك لە پرۆژەکانی بە خاوەن کاری کورد بە کۆنترات بدا. بەم جۆرە بێجگە لەوەی کە بۆ خۆی لە ژێر سایەی قانوونە دژی کرێکاریەکاندا چی بۆی کرابی راستەوخۆ لە پێشێل کردنی مافی کرێکاران کۆتایی نەکردوە، لە رێگای کۆنترات چیە کوردەکانیشەوە بە چەند قات زیاتر کرێکارانی چەوساندوەتەوە.

ل5

ژنی کرێکاری نموونە یان ژنی کویلە!

جمهووری ئیسلامی ماوەی چەند ساڵێکە رۆژی 14ی مانگی سەرماوەزی وەکوو رۆژی ژن دیاری کردوە و هەموو ساڵێك لە دەوروبەری ئەو رۆژەدا کۆمەڵێك بەرنامەی تەبلیغاتی بەڕێوە دەبات هەتا لەو رێگایەوە بە خەیالی خۆی واقعییەتی ژێر دەستەیی ژن لە ئێرانی ئیسلامیدا برازێنێتەوە.

بەر لە هەموو شتێك دیاریکردنی رۆژی 14ی سەرماوەز وەکوو رۆژی ژن خۆی لە یەکەم هەنگاوادا ئەو راستییە دەردەخا کە جمهووری ئیسلامی نایەوی ژنانی ستەم لێکراوی ئێران هیچ ئیمکاناتیکیان بۆ برەخسی کە تێیدا خەباتی خۆیان بۆ رزگار بوون لە کۆت و بەندی نابەرابەری و هەلاواردن بە خەباتی هاو چارەنووسانی خۆیان و بەشەری پێشکەوتنخوازی ئەمرۆوە گری بدەن. بە دەیان ساڵە لە هەموو دنیا رۆژی 8ی مارس یان 17ی رەشەمە وەکوو رۆژی جیهانی ژن بە رەسمی ناسراوە و لەو رۆژەدایە کە ژنانی هەموو ولاتانی جیهان بە خۆپێشاندان و ئیعتیرازی خۆیان، غەیرە ئینسانی بوونی ئەم ستەمە مێژوویی یە دەخەنە بەر چاوز لەم رۆژە دایە کە بانگەوازی خەباتی سەراسەری لە پێناوی پاك کردنەوەی داوینی بەشەرییەت لە نەنگ و سووکایەتی ئەم هەلاواردنە، جارێکیتر بە هەموو دنیا رادەگەیەندرێتەوە جمهووری ئیسلامی بە گۆرینی رۆژی ژن هەوڵی داوە کە ژنانی ئێران لە خەباتی ئینسانی ئازادیخواز جیا کاتەوە. سەیر ئەوەیە کە لە جیاتی ئەو رۆژە جیهانییە رۆژێکی دیاری کردوە کە مۆری ئەسارەت و کویلەتی مێژوویی ژنانی پێوە دیارە. رۆژی لە دایك بوونی فاتمەی زەهرا. ئەم رۆژە وەبیرهێنەرەوەی دەورانی کویلەتی و تەسلیمی موتلەقی ژنە لە زیندانی پیاودا. وەبیرهێنەرەوەی تاریکترین سەردەمەکانی ژیانی ژنە.

جمهووری ئیسلامی بەم جۆرە دەیەوی بە یەك بریار قەلەمێکی رەش بکێشی بەسەر هەزار و چوارسەد ساڵ خەبات و بەرەو پێش چوونی ئینسان بە گشتی و کوێرەوەری و رەنجی ئینسانی ژن بە تایبەتی و ژنانی ئەمرۆ بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی فاتمەی زەهرا!

ئەم رۆژانە ئاخوندەکان بە ریاکاریەکی بی شەرمانەوە لەسەر مێنبەرەکانیان باسی "بەرزی و گەورەیی پلەی ژن لە ئیسلام دا" دەکەن و گەڵێك قسەی بی ناوەرۆك و کەلیمەی بی مانا لەم بارەوە هەڵدەڕێژن.

یەکێك لە بەرنامەکانی جمهووری ئیسلامی کە تایبەت بەو رۆژە دیاری کراوە. بەرنامەی هەڵبژاردنی ژنی کرێکاری نموونەیە. بەپێی بەرنامەیەك ئەمساڵ قەراڕە 5 کەس لە ژنانی کرێکار، وەکوو ژنی کرێکاری نموونە دیاری بکرێن و جایزەیان پی بدری. بۆ ئەو مەبەستە ماوەیەکە لەو کارگا و کارخانانەدا کە ژنان کاری تێدا دەکەن خەرێکی لێکولێنەوەن.

با بزانین ژنانی نموونەی کرێکار بە چ پێوانەیەك هەڵدەسەنگینن؟

– ئایا بە پێوانەی رابوردووی خەباتکارانەیان بۆ بەدەست هێنانی مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان و بەرەنگار بوونەوەیان لەگەڵ قانوونەکانی پەسند کراوی رژیم دیاری دەکرێن؟

– ئایا دەبی لە پێشینەی خەباتیاندا دەستکەوتێکی دیاریکراوی مافی ژنانی کرێکار بە ناوی ئەوانەوە تۆمار کرابی؟

– ئایا بە تێکۆشانیان بۆ رێکخستنی کرێکاران لە بەرابەر سەرمایەداران دا و بۆ هێنانە دەرەوەی هاو چینەکانیان لە تەفەرقە و بەربلاوی دەست نیشان دەکرین؟

– ئایا لە رووی پێشرەو بوونیان لە خەباتی کرێکاران دا بە گشتی و لە خەباتی ژنانی کرێکاردا بە تایبەتی بۆ بەدەست هێنانی داخوازەکانی رۆژانەیان دیاری دەکرین، ئایا دەبی رابەر و جێگای متمانە و خۆشەویستی کرێکاران بن؟

ل4

بەشارەتی: لە ئیسلامدا حیزبایەتی نیە!

نەبوونی ئازادی دەربرینی بیروباوەر، داخستنی دەرگای هەموو حیزب و رێکخراوەیەکی سیاسی، پەلامار بۆ سەر هەر چەشنە فەعالییەتێکی رێکخراوەیی کە بە ئەندازەی سەرە دەرزیەك نیشانەی موخالەفەتی لەگەڵ رژیمی ئیسلامی پێوە دیار دەبی.

بۆ هیچ کەس پێویستی بە وەبیرهێنانەوە نیە. بە دەیان هەزار ئینسانی تێکۆشەر و موعتەریز و موخالیفی جمهووری ئیسلامی تا ئێستا لە سیاچالەکان و شەقام و کولانەکان و شوێنەکانی کار و ژیان دا گیانیان لە پێناوی ئەو ئازادیەدا بەخت کردوە و کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی تا ئێستا لە ژێر سایەی کوشت و بر و بگیر و ببەند و خەفەکردنی هەر چەشنە ئازادیەك دا ژیاون و هەرگیز جورئەتی ئەوەیان نەبووە کە لە مەیدانی دەربرینی بیروباوەری ئازادانەدا، لەگەڵ موخالفینی خۆیان بەرەو روو بن. با بزانین بەشارەتی سەرچاوەکانی ئەو وەحشەتەی جمهووری ئیسلامی لەو کێشەیەدا چون تەوزیح دەدا. بەشارەتی وەزیری کێشوەری رژیم لە وت و وێژێکی تایبەتی لەگەڵ

ل6

جمهووری ئیسلامی سەری کیسەکەی بۆ دەوڵەتی ئالمان شل دەکاتەوە!

لە ئاخرین رۆژەکانی مانگی میهردا، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی جمهووری ئیسلامی، دەزگایەك کە ئەمرۆکە لە جێگای ساواك کار دەکات، بە دەعوەتی رەسمی لە لایەن بەرپرسی دەزگاکانی جاسووسی و ئەمنیەتی ئالمان و ئێران و سەفەری فەلاحیان بۆ ئالمان، لە کاتێك دا کە وەزارەتی دادگوستەری خەرێك بۆ دادگای قاتلەکانی رابەرانی حیزبی دیموکرات لە بەرلین تەرتیب بدات، بیرورای گشتی لە ئالمان هەژاند و ئەم خەبەرە لە باقی ولاتانی ئوروپاییش دا زۆری دەنگ دایەوە. دەوڵەتی ئالمان کەوتە ژێر فشار بۆ ئەوەی هۆی ئەو پەیوەندییە گرتنە و سابیقەی هاوکاریەکانی لەگەڵ دەزگای ئیتلاعاتی ئێران بخاتە روو. دەوڵەتی ئالمان هەوڵی دا بە چەند تەوزیحێکی گشتی لە قەبیلی ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە بۆ بەرگری لە تیرۆریزم پێویست بووە، فشارەکە لە سەر خۆی کەم کاتەوە.

ل8

گیانبەخت کردنی دوو هاوریی تێکۆشەری کۆمەڵە

رۆژی 11ی مانگی خەزەلوەر، دوو هاوری هەڵسووراوی دڵسوزی کۆمەڵە، هاوریان محەمەد مامل و سلیمان معروفزادە لە کوێستانەکانی کیلە شین، لە سنووری ئێران و عێراق لە ناوچەی شنو، لە تەنگانەی بەفر و سەرما و برسیەتی دا گیانیان لە دەست دا.

ئەو هاوریانە کە لە عێراقەوە بەرەو ئێران دەگەڕانەوە تووشی بەفر و سەرما و سەخلەتی کوێستانە سنووریەکانی کیلە شین دەبن و لە پی دەکەون. خەڵکی ئاوایی "دروو" کە لە رووداوەکە ئاگادار دەبن بە هانایانەوە دەچن بەڵام بە داخەوە لە نزیك ئاوایی تووشی تەرمی کاك سلیمان دەبن و دەیبەنەوە بۆ ئاوایی یەکەی خۆی، ئاوایی "دیشەمس". دێتنەوەی تەرمی کاك محەمەد کە زووتر لە پی کەوتبوو، چەند رۆژ دەخایەنی و لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوایی یەکانی ئەو ناوە بی پسانەوە بە دوای دا دەگەرین و سەرەنجام تەرمی کاك محەمەدیش لە ناو بەفردا دەبیندرێتەوە و دەبرێتەوە بۆ ئاوایی سینگان.

تەرمی ئەو هاوریانە لە ئاوایی یەکانی خۆیان ئەسپەردە دەکرین و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی زەحمەتکێش و شەرافتمەند بەشداری لە پرسە و سەرەخۆشی خانەوادەیاندا دەکەن.

هاوری محەمەد مامل تێکۆشەرێکی لە مێژینەی ریزی کۆمەڵە و سیمایەکی خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکانی شنو و نەغەدە بوو. هەر لە سەرەتای شۆرشی ساڵی 57وە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە گرت و وەك هاوریەکی تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵە دەستی بە کار کرد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانج و ریباز و سیاسەتەکانی کۆمەڵە، هەرچەندی لە توانای دابووە هەوڵیداوە.



سلیمان معروف زادە

خۆمان بە بۆنەی لە دەست دانی ئەو هاوری خۆشەویسانەوە، پر بە دڵ لە بنەماڵە و کەس و کاریان و لە هەموو هاورییان و دڵسوزانی کۆمەڵە، سەرەخۆشی دەکەین.

***

هاوریی گیانبەختا کردوو محمد مامل

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی 47 بەفرانبار _1372 ژانویە _ 1994

خەڵکی گەرەکەکان مەهاباد نەیان هێشت بنکەی بەسیج بکرێتەوە

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە رژێم لە چەند حەوتووی رابوردوودا هەوڵی داوە کە لە هەموو مزگەوتەکان و بە تایبەت لە مزگەوتەکانی دەوروبەری شار بنکەی بەسیج دابمەزرینی و خەڵکی گەرەکەکان ناچار بکات کە لەو بنکانەدا ناو نووسی بکەن و شەوانە ئەرکی نیگابانی دان لە کووچە و کولانەکانی گەرەک وەئەستو بگرن بۆ خەڵکی شاریش ئاشکرایە کە مەبەست ئەوەیە کە بەم جۆرە خەڵک بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی گەرەکەکان، لەگەڵ پێشمەرگە و لەگەڵ تیکۆشەرانی شار کە شەوانە شیعار دەنووسن یان نووسراوەی سیاسی بلاو دەکەنەوە دەرگیر کەن.

بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو پێلانە، لە پێش دا لە هەر گەرەکەی لەگەڵ چەند کەسیک ئینسانی زەعیف یان تاوانبار کە تاوانێکی لەسەرە و بەلینی بەخشینی تاوانەکەی پی دەدەن پەیوەندی دەگرن و هانیان دەدەن کە لە یەکێک لە شەوەکان دا، لەمزگەوت خۆیان مەسەلەکە بێننە گۆڕی و رای بگەیەنن کە لە سبەینیوە لەو گەرەکە پایگای بەسیج دادەمەزری و داوا لە خەڵک بکەن کە بێن و لەو پایگایەدا ناو نووسی بکەن.

ئەو پیلانە لە شاری مەهاباد شکستی خوارد و خەڵکی تیکۆشەری مەهاباد تەسلیمی ئەم سیاسەتەی رژیم نەبوون لیرەدا دوو گوزارش لە دوو گەرەکی شاری مەهاباد کە خەڵک لە بەرانبەر ئەم داوایەی بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی دا موقاومەتیان کردوە بلاو دەکەینەوە:

ل3

تاوانەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە دژی فەرهەنگی پێشڕەو

جمهووری ئیسلامی حەفتەی یەکەمی مانگی بەفرانباری بە ناوی حەوتووی کتێب ناو ناوە و بەم بۆنەوە لە مەرکەزی ئوستانەکان نمایشگای کتێب بەرپا دەکری و سیمینار و کۆبوونەوە دەگیری هەتا بە ناو لە گیروگرفتەکانی مەسەلەی کتێب و کتێب خویندنەوە لە ئێران بکولنەوە!.

حەوتووی کتیب بە پەیامی خامنەییەوە دەستی پی کرد و هەر کامە لە کاربەدستانی رژیمیش کە لەم رۆژانەدا مینبەریکیان دەست کەوتبی، لەو فورسەتە کەلکیان وەرگرتوە و بە "خەمەوە بوونی" خۆیان لەم بارەوە ریاکارانە نمایش داوە.

هەموو بەرێوەبەرانی جمهووری ئیسلامی ناچار ددان بەو راستییە دادەنێن کە ئاستی عەلاقە بە خویندنەوەی کتیب لە ئێران زۆر نزمە، عینوانی ئەو کتیبانەی کە لە چاپ دەدرین زۆر کەمن و تیراژیان زۆر لە خوارەوەیە، بەڵام هیچ کامیان زۆر خۆیان لە هویەکانی واقعی پەیدا بوونی ئەو وەزعە نادەن یان خەتاکە دەخەنە سەر جەوانان و خویندەواران، خۆیان، وە یا سەروبەری مەسەلەکە بە کۆمەڵیک نەسیحت و فرە وێژی لەسەر ئەهمییەتی موتالەعە و کتێب خویندنەوە، ویک دێننەوە.

بە پێی ئاماری رەسمی تیراژی کتیب لە ولاتیکی وەکوو ئێران کە 60 میلیون نەفەر جەمعەیەتی هەیە بەینی 1000 هەتا 5000 جلدە ئەو رەقەمە لە ولاتیکی وەکوو ئالمان نزیک بە یەک میلیون جلد یانی 200 تا هەزار بەرابەرە!

پەیدا بوونی ئەو وەزعە و دوور کەوتنەوەی جەوانان و کۆمەڵی خوێندەوارانی ئێران لە کتیب خوێندنەوە تاوانیکی گەورەی جمهووری ئیسلامییە کە بە هیچ جۆریک ناتوانی نە بە پێک هێنانی پیشانگای کتیب نە بە ئاموژگاری و نە بە نەسیحەتی ریاکارانە پەردە پوشی بکات.

کەس ساڵەکانی 57 و58 و59 و60ی لە بیر نەچووەتەوە کە بە هۆی لاواز بوونی دەسەلاتی کۆنەپەرستی لە ئێران، چ شەپولیکی فەرهەنگی گەورە هەموو ولاتی داگرتبوو بە دەیان هەزار عینوانی تازەی کتیب لە سەدان هەزار نوسخەدا چاپ دەکران و لە ماوەیەکی کورت دا نایاب دەبوون و ئەوجار بە چاپی دووەم و سیەم و چەندەم دەگەیشتن. دەردی گەورەی ئەو سەردەم ئەوە بوو کە رەوتی رووە و دەسەلات چوونی جەریانی ئیسلامی و کێشمەکێشی سیاسی توند و تیژ کە تایبەت بە وەها دەورانیکە مەجالی بە وەرگیرانی کتیب نەدەدا کە بە شێنەیی کتیبی موناسب بدوزنەوە و بۆ چاپ کردن ئامادەی کەن.

سەقامگیر نەبوونی وەزعەکەن خاوەنی چاپخانەکان و بنکەکانی بلاوکردنەوەی کتیبی نیگەران دەکرد لەوەی کە سەرمایەی زۆر بخەنە پای چاپی کتیب و بە پاریزەوە دەستیان بۆ ئەو کارە دەبرد. بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە خەڵکی تینووی کتیب و تینووی فیربوون کە لە استبدادی رەشی پەهلەوی رزگا ببوو، هەر سەرچاوە و کانیاویکی سوراغ کردبا خۆی لی تیر ئاو دەکرد.

هەروەها کەس لە بیری نەچووتەوە کە لە ساڵانی 60 و 61 و 62دا دیوەزمەی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی، شەمشەمە کویرەی حکوومەتی مەلا، وەپشوومەی دەسەلاتی ئیسلامی، چ مەراسیمیکی سامناکی کتیب سووتانی لە ئێران خستە رێگا. بە هەزاران کەس لە ماوەیەکی کورت دا، لەسەر کتیب چاپ کردن، لەسەر کتیب بلاوکردنەوە، لەسەر کتیب خویندنەوە کەوتنە سیاچاڵەکان و ئەشکەنجەدران و ئیعدام کران.

←

خەون و خەیالی پاسداریکی کورد زمان

ماوەیەک لەوە پێش، رەحیمی ئوستانداری ئوستانی کوردستان، لە قسەکانی دا لە مزگەوتی جامعی شاری بانە، داوای لە خەڵکی ئەو شارە کرد کە ئەگەر لە خانەوادەیاندا کەسیک هەیە کە لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا بی، بە کاربەدەستانی رژیمیان بناسینن و تەسلیمی هێزەکانی حکوومەتیان بکەنەوە رەحیمی هەروەها وتی: ئێمە کارمان بەو کەسانە نیە و موجازاتیان ناکەین.

ئەمە یەکەم جار نیە کە کاربەدەستانی رژیمی ئیسلامی، ئەم رێگایە دەنێنە بەرپێی خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان و رولەکانیان و، خەون بەوەوە دەبێنن کە موخالیفانی سیاسی ئەم رژیمە مل بە دەسەلاداریتی جمهووری ئیسلامی بدەن و دەست لە بیروباوەری سیاسی خۆیان و لە تیکۆشان بۆ روخاندنی ئەم حکوومەتە هەڵگرن.

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، کەس ئەم فەرمانەی رەحیمی بە جیددی ناگری چونکە هەموو راستییەکان و رووداوەکان لە کۆمەڵی ئێستای ئێراندا حیکایەت لە شتیکی تر دەکەن ئەویش بریتییە لە پەرەگرتنی رۆژ لە رۆژ زیاتری ئیعتیراز و نارەزایەتی لەم رژیمە و لە سیاسەت و بەرنامەکانی هەر رۆژە کەسانیکی زیاتر بە رێزی موخالیفانی ئەم رژیمەوە پەیوەست دەبن هەر رۆژە، بیرکردنەوە لە رێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بە حکوومەتی برسییەتی و بێکاری و خەفەقان و بی مافێ، لە نێو جەماوەریکی بەرینتردا دەتەنیتەوە و زەینی کەسانیکی زیاتر بە خۆیەوە خەریک دەکا واقعییەتیک کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە، رەوتی سەقامگیر بوونی وەزعییەتی سیاسی و ئابووری نێە رەوتی وەدیهاتنی چاوەروانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک نێە و رەوتی زال بوونی حکوومەتیش بەسەر گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا نێە.

بوحرانی ئابووری و نەتیجە و ئەنجامەکانی، بێکاری، هاتنە خوارەوەی ئاستی گوزەران و بەرێچوونی کۆمەڵانی دەستەنگ و کەم ەرامەد، گرانی رادە بەدەرە، کەم بوونەوەی هەرچی زیاتری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی باوەر پیکراو بۆ بەرێچوونی میلیونەها کەس لە خەڵکی ئەم ولاتە،

ل2

ئاخۆ کەی کرێکارانی تورک و ئەرمەنی هاوپشتی دەورانی شۆڕشی ئۆکتوبر وەبیر دێننەوە؟



ئەری دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان هەروا بەردەوامە و خەبەرگوزاریەکان گۆیی خۆیان لە ئاکامەکانی ئەو شەرە خەواندوە زیاتر لە 50 هەزار ئاوارەی ئازەربایجانی رووبان کردوەتە ئێران و لە سەرمای نزیک بە 20 دەرەجە ژێر سفری ناوچە سنووریەکان بە کەمترین ئیمکان و پیداویستی ژیان زستانی لە ئوردووگای پەنابەراندا کوکراونەتەوە جگە لەوە بە سەدان هەزار ئاوارەی تر لەبەر دەستی هێزەکانی ئەرمەنی هەلاتوون و رووبان کردوەتە شوێنەکانی تری ئازەربایجان و لە هەل ومەرجێکی گەلێک سەخت تریش دا دەژین دەولەتی ئەرمەنستان دوای ئەوەی کە پینج یەکی ولاتی ئازەربایجانی هێناوەتە ژێر دەسەلاتی خۆی و لە سنوورەکانی ئێران نزیک بووەتەوە، خەرێکی خۆ قایم کردن و سەقامگیرکردنی دەسکەوتەکانیەتی تا ئێستا بە دەیان هەزار کەس ئینسانی تورک و ئەرمەنی لە شەریکی کۆنەپەرستانەدا، گیانیان لە دەست داوە پێشرەوی ئەرتەشی ئەرمەنستان لە نێو خاکی ئازەربایجان دا کەرەسەی ئاژاوەیەکی درێژخایەنی نەتەوەیی و مەزهەبی لەو ناوچەیەدا پێکەوە ناوە کە بی گۆمان رووداوی بە دەیان قات سامناک تر و پر ئێش و ئازارتری لە کێشەکەی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەسەر ناوچەی ناگۆرنو قەرەباخ بە شوێنەوە دەبی.

ل6

دەرس خویندن یان لەبەرسەرما هەل لەرزین؟

ماوەیەکە، فەسڵی سەرما لە هەموو ئێران دەستی پی کردوە و بەفر و سەرمای توند هەموو شارەکانی کوردستانیشی داگرتوە کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەد لە چەندین لاوە، هەموو ساڵیک دەکەونە بەر هێرشی زستانیک دوور و درێژ و بۆ کۆتایی هاتنی ئەو وەرزە رۆژ ژمێری دەکەن بەڵام ئەوە تەنیا کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش نێن کە هەموو ساڵیک سەرمای زستان وەکوو بەلایەک بەر دەزگای مالیان پی دەگری و تەنگیان پی هەلدەچنی، تێیدا بێکار دەبن،

ل4

دەولەتی ئەمریکا و ئینسان دۆستی دروێنە لە سومالی

وەزیری دیفاعی ئەمریکا استعفای داو هاوکات یەکەم دەستەی هێزەکانی ئەمریکایی ولاتی سومالیان بەجێ هێشت. قەرارە لە چەند مانگی داهاتووش دا وردە وردە هەموو سەربازانی ئەمریکایی لەو ولاتە بکشێنەوە.

هەر چەند بە شێوەیەکی رەسمی استعفای وەزیری دیفاعی ئەمریکا و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سۆمالی بە یەک مەربووت نەکراوەتەوە بەڵام ئاشکرایە کە لەسەر کار لاچوونی وەزیری دیفاع پەیوەندی بە کۆمەڵیک شکست و پاشەکشە و بی توانایی ئەمریکاوە هەیە کە لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا لە بە ئەنجام گەیاندنی نەخشەکانیدا تووشی بووە. هائیتی و سومالی وەکوو تازەترین نموونەی ئەو شکستە بە حیساب دین لە هائیتی تەرحی پیادە کردنی هێزەکانی ئەمریکایی لەو ولاتە بۆ هێنانەوە سەرکاری سەرکۆماری هەلاتوو، لە بەرانبەر خۆپیشاندان و مانع دروست کردنی چەند هەزار کەسیک لە خەڵک لە بەندەرەکان، شکستی خواردکەشتیەیە جەنگیەکانی ئەمریکا تەنیا کاریک کە توانیان بێکەن ئەوە بوو کە بن بە پاسەوانی ئابلوقەیەکی ئابووری بەسەر هائیتی دا کە ئەوێش زۆرترین زیانەکانی بۆ خەڵکی فەقیری ئەو ولاتە و بە تایبەت بۆ منداڵانە.

پاشە کشەی هێزەکانی ئەمریکا لە سومالیش لە کاتێک دا روو ئەدات کە دەولەتی ئەمریکا بە هیچ کام لە هەدەفەکانی راگەیەندراو وە یا رانەگەیەندراوی خۆی، لەو لەشکر کێشیە دا نەگەیشتوە لە روالەت دا قەرار بوو ئەمانە، ئەو جۆرە کە پیان دەوتری، هێزی "ژیاندنەوەی هیوا" بن، شەری ناوخۆیی لە سومالی دا تەواو کەن و رێگا بۆ یارمەتی غەزایی بۆ نەجاتی خەڵکی قاتی بردوو بکەنەوە لە راستی دا ئەم هەدەفانە لە خزمەت جێگرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە شوینێکی ئیستراتیژیکی ئەو ناوچەیە و قودرەت نمایی لە بەرانبەر رەقیبە ئوروپاییەکان و دامەزراندنی دەولەتیکی نزیک بە ئەمریکا لەو ولاتە دا بوون ئێستا ئاشکرایە کە نە مەبەستە روالەتیەکان و نە مەبەستە واقیعیەکان،

6ل

لەو رۆژانەدا بوو کە خەڵک سەرەتا کتیبەکانیان لە قەفەسەی کیتبخانەکانی ناو مالەوە گواستەوە بۆ پەنا و پەسیو و بن عەرز و شوێنە نهێنییەکان بەڵام کاتێک مەئموورانی حیزب اللهی، دۆژمنی رووناکایی و زانست، وەکوو جرجە مشک دەستیان کرد بە هەڵکولین و پشکنینی هەموو شوێنێک، ئەوجار هەمووان ئەو دیمەنە سامناک و پر ئیش و ئازارەیان بە چاوی خۆیان دیت کە کۆمەڵ کۆمەڵ کتیب، شەوانە، لە تاریکایی نیوە شەودا لە کەناری قاناوی خیابانەکان و لە ناو زبلدانەکاندا، هەڵدەڕژین! رۆژگارێک بوو کە لە ساڵانی ئاخری سەدەی بیستەم دا خەڵک بۆ پاراستنی گیانیان خۆیان لە دەست کتیب رزگار دەکرد. کۆنەپەرستانی حاکم و پاریزەرانی تاریکایی سەرمەست لەو سەرکەوتنەی کە بەسەر ئاگاهی و زانست و رووناکاییدا بە دەستیان هێنا بوو، کامیون، کامیون" دەسکەوتەکانیان" کۆ دەکردەوە و لە بیابانەکانی دەرەوەی شارەکان دا جەژنی کتیب سووتاندنیان بەرپا دەکرد. خۆیان بەشێك لەو شالاوە کۆنەپەرستانەیان بۆ سەر دانیشگاکان و بۆ سەر میزی کتیبەکان و کتیب فرۆشیە رەسمیەکان، بەوپەری بی چاو و رووییەوە ناونا"انقلابی فەرهەنگی" و هەتا ئەمرۆکەش هەر پێی هەڵدەلین. رەفسەنجانی یەکێك لە شانازیەکانی ئەوەیە کە سەروکایەتی "شووڕای عالی انقلابی فەرهەنگی" دەکات کە وەبیرهێنەرەوەی جیهادی ئیسلامی لە دژی کتیب و کتیب خوێندنەوەیە ریاکاران و دوو رووییانیك کە ئەمرۆکە حەوتووی کتیب بەرگوزار دەکەن و قەفەسەی نمایشگاکان بە کۆمەڵێك بەرهەمی میشکی نەخۆشی مەلاکانی حەوزەکانی علمیە" دەرازیننەوە" خۆیان تاوانباری گەورەترین جینایەتی دژی کتیب و دژی فەرهەنگی کتیب خوێندنەوەن و هەر ئێستاش نووسەر و وەرگێر و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و خوێنەری کتیبیك کە بە دڵی ئەوان نە نووسراوە لە هیچ شوێنێکی دونیا ناتوانی شەویك بە ئاسوودەیی بە بی خۆف سەربنێتەوە.

دەزگای دەسەڵاتداری ئیسلامی لە ئێران پی بە پێی ئەوەی کە پایەکانی حکوومەتی خۆی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران دا مەحکەم کرد، هەموو شۆڕوشەوقیکی فەرهەنگی کە لە ساڵانی هەوەلی راپەرینی جەماوەری ساڵی 57دا پەیدا ببوو دایە بەر پەلامار بە کۆشتن و برین و قەدەغە کردن برستی لە هەر جم و جوولیکی فەرهەنگی کە بۆنیکی لە پێشکەوتنخوازی تێدا بوو بری سوپای پاسداران، کۆمیتەکان و ساواما و وەزارەتی اتلاعات و چەندین دام و دەزگای تر کەوتنە پشکنینی بیروباوەر. بۆ بەربەست کردنی هەر حەرەکەتیکی فەرهەنگی سەربەخۆ لە جمهووری ئیسلامی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاد ئیسلامی بە رەسمی کرا بە مەئموری سانسور کردنی کتیب و شانوگەری و فیلم بەم جۆرە ئەسلیك لە خوێندەوارانی ئەو ولاتە لە بەرهەمەکانی فکری پێشرەوەی بەشەری ئەو سەردەمە دوور خرانەوە توضیح المسائل و فیقهی ئیسلامی، کتیبی دوعا و حە دیث، نەوحە خوانی و سوخەنرانی ئەم ایت الله و ئەو حوجەت الاسلام، تەعبیری شەرحی "موعجیزەکانی" مەیەدانی شەر، وە بە سەدان عینوانی تری لەو نەوعە هەموو بە چاپی ئەعلاو بە قیمەتی هەرزان بڵاو بوونەوە و ویترینی کتیب فرۆشیەکان و قەفەسەی کتیبخانەکانیان پر کردەوە لە هەمان کات دا دەیان گیروگرفتی رەسمیان خستە سەر ریگای هەر نووسراوەیەك کە لەگەڵ فەرهەنگی حاکم جۆر نەبی.

ئەم رەوتە هەروا درێژەی هەیە و ئاکامەکی ئەوە بووە کە ئەسڵی جەوان و کۆمەڵی خوێندەوارانی ئەو ولاتەی بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامە دارێژراو لە کتیب خوێندنەوە دور خستەوە جمهووری ئیسلامی کە خۆی باشی هەستی بەوە کردوە کە لەم مەیدانی فەرهەنگی دا توانای موقاومەتی لەگەڵ فکری پێشرەو و فەرهەنگی پێشکەوتنخوازانە و سوسیالیستی نێە تەنیا چارەی لە سانسور و لە قەدەغە کردن و گیروگرفت خستە سەر ریگای چاپ و بڵاوبوونەوەی هەر کتیب و نووسراوەیەکی موخالیف دا دیوەتەوە. رەنگە بۆ خەڵکی دونیا هیچ رووداویك بە ئەندازەی ماجەرای سەلمان روشدی و کتیبەکەی نیشاندەری ئەو خەفەقانە پشوو برە نەبی کە جمهووری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئەو ولاتەیدا سەپاندوە نووسەری کتیبیك بە "تاوانی" دەربرینی عەقیدە و بیروباوەریی خۆی لە دەرەوەی سنووورەکانی ئێران مەحکووم بە مەرگ دەکری و بە دەیان وەرگێر و دەزگای بڵاوکردنەوەی کتیبەکەی دەکەونە بەر شالاوی تیروریزمی کویرەوە ئەمەیە سیمای رژیمیك کە بە ناو ریز لە کتیب و کتیب خوێندنەوە دەگری و پێشانگای سەرانسەری بۆ پێك دێنی.

کەوایە یەکەمین و گرینگترین هۆی رکودیك کە ئەمرۆگە لە ئێران بەسەر بازاری کتیب دا هاتوە، هۆی ئەسڵی بی رەونەقی و چۆڵ بوونی کتیبخانەکان، لە نەبوونی ئازادی چاپەمەنی و ئازادی دەربرینی بیروباوەر لە حکوومەتی ئیسلامیدا دەبینرێتەوە.

لە پاڵ ئەوەش دا کۆمەڵیك هۆی تریش هەن کە هەرکامیان بە نۆبەی خۆیان کار دەکەنە سەر دوورخستنەوەی خوێندەواران لە خوێندنەوەی کتیب کە هەموویان سەرچاوەکەیان هەر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامیە:

_ تەقالای شەو و رۆژی بۆ بەرێچوون و پەیدا کردنی بژیوی رۆژانە، اعصابی کوتراو و لەشی ماندوو، نێگەرانی بۆ هەزار و یەك گیروگرفتی ژیان کە رۆژانە لە ریدایە، ئەمانە، بۆ کۆمەڵیکی بەرین لە کرێکاران و لە خەڵکی کەم دەرامەد کە خوێندەواریان هەیە مەجالێکی ئەوتوی نەهێشتوەتەوە بچنە سوراغی کتیب خوێندنەوە و لەزەت بردن لە موتالەعەو پەروەردە کردن و گەشە پیدانی پیر و ئەندیشەیان.

_ بە پێی ئاماری رەسمی لە ئێران 55٪ یانی زیاتر لە نیوەی خەڵك نەخوێندەوارن کە لەوانە بەینی 7 تا 10 میلیون نەفەریان گەورە سالن بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستیەیەش کە بە بوچوونی جمهووری ئیسلامی، هەر کەس چەند ئایەت و حەدیسیکی لەبەر کردبی بە خوێندەوار دەژمیردری! ئەو جار ژمارەی واقیعی ئەو کەسانە ی کە بە هۆی رەنجی نەخوێندەواریەوە ناتوانن بەلای هیچ کتیبیك دا بچن، گەلێك لەوەش زیاتر دەکات.

تاوانباری نەخوێندەوار مانەوەی ئەم کۆمەڵە بەرینە لە خەڵك رژیمیکە کە بودجەی سپای پاسداران و ئەرتەش و دەزگا اتیلاعاتییەکانی چەندین بەرابەری هەزینەیەکە کە بۆ ئاموزش و پەروەرش دیاری دەکات، رژیمیك کە مانەوە و دەوامی خۆی لە پەرەپیدانی دەزگاکانی سەرکوت و خەفەقان دا و لە چاو گوێی بەستراوی خەڵکی زەحمەتکێش دا دەبێنیتەوە رژیمیکە کە بەرنامەی کاری خۆی لە رووی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و سەرمایەداریەوە دیاری دەکات و ئەو کاتێش کە بە مەیلی خۆی، دەچێتە سوراغی باسەواد کردن، بۆ جۆاب دانەوە بە پیویستییەکانی ئەم نیزامەیە نەك شتێکیتر.

_ سەرەنجام بە هەمووی ئەوانە دەبی گران بوونی قیمەتی کاغەز و خەرجی چاپ کردنیش زیاد کەین کە لە ئەنجام دا قیمەتی کتێبی بە رادەیەك بردووەتە سەر کە کرێنی لە توانای زۆربەی ئەو کەسانەدا نێە کە بە ئاواتەوەن هەڵیکیان دەست بکەوەی بۆ خوێندنەوەی رومانیك یان بە دەست هێنانی سەرچاوەیەك کە زانست و تێگەیشتنی خۆیان لە مەسەلەکانی دونیای ئەمرۆ پی بەرنە سەر.

قیمەتی کاغەز لە چەند مانگی رابوردوودا هەتا چوار بەرابەر زیادی کردوە و دەوڵەت کە بە لیشاو بۆ پاپ و بلاو کردنەوەی کۆمەڵیك کتیبی دیاری کراوی مەزهەبی و تەبلیغاتی پوول دەدات حازر نێە چکولەترین یارمەتییەك بە کتیبیك بکات کە بە تەواوی لە چوارچیوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دا نەبێت. بەم جۆرە کتیبی غەیرە حکوومەتی و ئەوانەی کە بە هەر دەردی سەر و بە هەر زمانیك، سەرەنجام لە ژێر دەستی سانسورچییەکان دەرچوون، یان هەر چاپ ناکرین یان ئەگەر چاپیش کران قیمەتیان لە رادەیەك دانێە کە لەگەڵ دەرامەدی خەڵکی فەقیردا بگونجی.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد لایەنە گشتییەکانی مەسەلەی کتیب خویندنەوە لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی حکوومەتی ئیسلامی دا بوو. با لە درێژەی ئەو باسەدا بە تایبەت لە لایەنی چینایەتی ئەو مەسەلەیە زیاتر ورد بێنەوە و رەنگ دانەوەی ئەو وەزعە لە ناو چینی کرێکاردا بێنین:

ئەگەرچی ئاماریك لە دەست دا نێە کە نیشان بدات لەو 3هەزار جلسد کتیبەی کە دەچێتە کتیب فرۆشیەکانی هەموو ئێران هەتا لە ماوەی چەند سال دا بفرۆشری چەند جلدی دەکەوێتە دەست کرێکاران، بەڵام زۆردەلیلی ئاشکرا هەیە کە نیشان دەدات ژمارەیەکی زۆرکەم لەو کتیبانە رێگای مال وکۆر و کۆمەڵی کرێکاری پەیدا دەکەن.

یەکەم: ئەدەبییاتی پێشرەوەی مارکسیستی و هەر نووسراوەیەك کە تیبکۆشی ئاستی وشیاری سیاسی چینی کرێکار بەرێتە سەری و رۆشن کەرەوەی رێگای خەباتی ئەو چێنە بەرەوسوسیالیزم بی، هەر یەکسەر قەدەغە کراوە و سانسورچییەکانی وەزارەتی ئیرشاد بە وردی وریای ئەوەن کە مەبادا لەم بارەوە شتێکیان لە دەست دەربچی.

زمانیکی ئالوز و پێچیدە و پر لە رەمز و ئیشارە پیویستە هەتا نووسەریك بتوانی کەلینیك بخاتە ناو دیواری سانسورەوە و پیوەندییەکی "نهێنی" لەگەڵ خوێنەری کتێبەکەی بەرقەرار کات کە ئەمە خۆی لە تاقەت و رەغبەتی کرێکاران بۆ موتالەعە گەڵیك کەم دەکاتەوە زمانیکی سادە و بی گری و گۆل پیویستە هەتا جەماوەری کرێکارانی خوێندەوار لە جەرگەی ئەم هەمووە کویرەوەری و رەنجی ژیانەدا بەرە و خویندنەوەی کتیب جەلب بن ئەم وەزعە بە ناچار موتالەعەی ئەم جۆرە نووسراوانە تەنیا دەکات بە ئیشی روناکبیرانی چەپ کە دەتوانن لەگەڵ ئەو رەمز و رموزە ئاشنا بن.

دووەم: لە هەل و مەرجیك دا کە بە دەست هێنانی لانی کەمی بژیوی رۆژانە بۆ کرێکاران پیویستی بە کاری تاقەت پروکین و تەقالای شەو رۆژی هەیە و توانایی‌یەکانی جسم و لەشیان بە دایم روو لە کزی و لە توانەوەیە، لە کاتێکدا کە هەر رۆژە مەجبووری لەگەڵ گیروگرفتیکی تازە کە دێتە سەر ریگای ژیان و بەرێچوونی، دەست وپەنجە نەرم کات کە ئەو ئارامی و ئاسایشە لە ژیانی دا پەیدا دەبی کە بە حەوسەلە دەست بداتە کتیبیك و بیخوینیتوە؟.

دلە خۆرپەی بێکاری، مەترسی نەخۆشی خۆی و هاوسەر و منالەکانی، کێشەی کری مال و بی خانە و لانەیی، کاری دژواری هاوسەنگ کردنی حەقدەست و دەرامەدی رۆژانەی لەگەڵ خەرجی ژیان و گرانی و گەلیك دەردی سەری لەو چەشنەیە کە فورسەت و ئیمکانی گەشە پیدانی توانایی‌یەکانی مەعنەوی و پەرە پیدانی ئاشتی وشیاری سیاسی لە رێگای خوێندنەوەی کتیب بۆ کرێکاران ناهیلیتەوە.

سی‌یی‌م: باسی گرانی قیمەتی کتیبمان کرد، کە بە تایبەت سەرچاوەکەی لە گرانی قیمەتی کاغەز و کەل و پەلی چاپ دایە، ئەمەش بەر لە هەموو کەس بەربێن بە کرێکاریك دەگری کە بە هەمووی ئەوانەشەوە کە باس کرا، رەغبەتی خویندنەوەی کتیبیکی دیاری کراو پەیدا دەکات کرێکاریك بەم هەموو گرانی‌یەوە و بە حەقدەستی رۆژانە 500، 600 تمەنەوە بە زەحمەت دەتوانی مانگانە پوولیك بۆ کرێنی کتیب بەلاوە بنی.

چوارەم: کاتێك باس دەردی نەخوێندەواری و کەم خۆیندەواری لە ئێران دەکەین ئەوە چینی کرێکارە کە بە هەموو عەشق و ئاواتیك کە بە خۆیندن و باسەواد بوون هەیەتی، کۆمەڵگای سەرمایەداری و مەینەتەکانی، ئەو رێگایان لێ گرتوە و مەجالی ئەوەی پی نادەن کە ئەو رووناکایە بخاتە دەروونی خۆیەوە هەر لە منداڵی‌یەوە بە ناچاری رەوانەی بازای کاری دەکات و هەموو فورسەتیکی ژیانی دەبی سەرفی دەست وپەنجە نەرم کردن لەگەڵ کۆسپ و گیروگرفتەکانی سەر رێگای بەرێچوونی بی بەم جۆرەیە کە نەخیوندەوار دەمێنیتەوە و چوون بۆ کتیبخانە و کتیب کرین و خۆیندنەوەی کتیبی لێ حەرام دەکری!

چینی کرێکار بۆ پاراستن و بۆ گەشە پیدانی توانایی‌یەکانی مەعنەوی و روحی خۆی و خۆش کردنی رێگای رزگای بەرە و ئاسۆی سوسیالیزم، چارەیەکی نێە غەیری ئەوەی کە سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ناچار بکات کە داواکاری‌یەکانی لانی کەمی قەبوول بکەن و بە کردەوە بەرێوەی بەرن.

پاشماوەی
خەون و خەیالی پاسداریکی کورد زمان

جەماوەریکی یەکجار زۆری کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەو ئەوە پال پیوە ناوە کە بۆ دیفاع لە نانی شەوی منالەکانیان دەستەو یەخەی ئەم دەزگا و ئەو ئورگان و ئەو کاربەدەستی حکوومەت بن. نەبوونی هیچ چەشنە ئازادی‌یەك بۆ فەعالییەتی سیاسی و بۆ رۆژنامەگەری و دەربرینی بیروراو عەقیدە، خەفەقانیکی توندی پێك هێناوە کە بە میلیون کەسی بردوەتە رێزی موخالیفانی ئەم رژیمەوە پی شیل کردنی مافەکانی ژنان بە شێوەیەکی غەیرە ئینسانی، مەحرووم کردنی جەوانان لە هەموو ئازادی‌یەك، بەردەوام بوونی شکەنجە و ئیعدام لە زیندانەکان، پەرەپیدانی تیرور و رەشەکوژی لە ناوخۆی ئێران و لە دەرەوەی ئێران، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوە کە رێزی موخالیفانی ئەم رژیمە و تیکۆشەرانی رێگای رووخاندنی ئەم رژیمە رۆژ بە رۆژ بەرینتر و بەربلاوتر بێتەوە.

بەرانبەر بە سەفی بەرین و چەندین میلیونی خەڵکی موعتەریز و نارەزایی‌یە، کە کاربەدەستانی رژیم هەموو رۆژی شکستی نەقشە و ئارەزووەکانیان تاقی دەکەنەوە، هیچ بەرنامەیەکیان بەشی حەفتەیەك ناکاو هەریەکەی تاوانی شکست و ناکامی دەخاتە سەر شانی ئەوی دیکە و هەرکەس دەیەوی وا بنوینی هەر لە سەرەتاوە ئەم ناکامی‌یەی "پێش بینی" دەکرد.

بەرانبەر بەم هێزەیە کە 30

چەند راپورتە هەوال

مەهاباد:
خەڵکی گەرەکەکان نەیان هێشت بنکەی بەسیج بکرێتەوە

بە پێی ئەو هەوالانەی کە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە رژیم لە چەند حەوتووی رابوردوودا هەوڵی داوە کە لە هەموو مزگەوتەکان و بە تایبەت لە مزگەوتەکانی دەوروبەری شار بنکەی بەسیج دابمەزرینی و خەڵکی گەرەکەکان ناچار بکات کە لەو بنکانەدا ناو نووسی بکەن و شەوانە ئەرکی نیگابانی دان لە کووچە و کولانەکانی گەرەک وەئەستو بگرن بۆ خەڵکی شاریش ئاشکرایە کە مەبەست ئەوەیە کە بەم جۆرە خەڵک بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی گەرەکەکان، لەگەڵ پێشمەرگە و لەگەڵ تیکۆشەرانی شار کە شەوانە شیعار دەنووسن یان نووسراوەی سیاسی بلاو دەکەنەوە دەرگیر کەن.

بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو پێلانە، لە پێش دا لە هەر گەرەکەی لەگەڵ چەند کەسیک ئینسانی زەعیف یان تاوانێکی لەسەرە و بەلینی بەخشینی تاوانەکەی پی دەدەن پەیوەندی دەگرن و هانیان دەدەن کە لە یەکێک لە شەوەکان دا، لەمزگەوت خۆیان مەسەلەکە بێننە گۆڕی و رای بگەیەنن کە لە سبەینیوە لەو گەرەکە پایگای بەسیج دادەمەزرێ و داوا لە خەڵک بکەن کە بێن و لەو پایگایەدا ناو نووسی بکەن.

ئەو پیلانە لە شاری مەهاباد شکستی خوارد و خەڵکی تیکۆشەری مەهاباد تەسلیمی ئەم سیاسەتەی رژیم نەبوون لیرەدا دوو گوزارش لە دوو گەرەکی شاری مەهاباد کە خەڵک لە بەرانبەر ئەم داوایەی بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی دا موقاومەتیان کردوە بلاو دەکەینەوە:

رۆژەکانی هەوەڵی مانگی سەرماوەز بوو کە رژیم لە ریگای مزگەوتەکانەوە بە خەڵکی زۆربەی گەرەکەکانی شاری مەهابادی راگەیاند کە دەبی لە هەموو گەرەکیک خەڵک خۆیان بنکەیەک بە ناوی "پایگای بەسیج" دابمەزرێنن ئەو هەرەشەیە بە گەرەکەکانی مەنافاوا یان خوللورئاوا و کانی سوڤ رەشیدیش گەیشت.

لە مزگەوتی گەرەکی مەنافاوا، چەند کەسیک کە لە ناو خەڵکدا بە لات ناسراون و کەس خۆشی ناوین، دەستیان کرد بە قسەو یەکیان وتی:"دەزانن ماوەیەکە لە شاردا دزی و مال برین زۆر بووە و پیویستە خۆمان نیگابانی شەوانە لە گەرەکەکەمان بدەین و بەری ئەو جۆرە کارانە بگرین بۆ ئەو کارە پایگای بەسیج دادەمەزرینن و خەڵک ناو نووس دەکەین بۆ کاروباری نیگابانی".

چەند کەسێک لە خەڵکی گەرەک هەر ئەوکات دەسبەجی وەدەنگ هاتن و جووابیان داوە، کە بە پێچەوانەی قسەکەی ئێوە، دزی و مال برینیکی ئەوتو لە گۆڕی دا نێە کە پیویستی بەو تەگبیرانەی ئێوە هەبی! ئێمە پایگای بەسیج مان ناوی خەڵکەکە بێجگە لە 5_6 کەس لەو تیپەی کە باس کرا، هەموویان هەر لەوی رایانگەیاند کە ریگا نادەن پایگای بەسیج لەو گەرەکە دابمەزری و ئەو کەسانەش کە دیار بوو بە پشتیوانی اتلاعاتی سپای پاسداران دل گەرم بوون و راسپاردەو مەئموری ئەوان بوون وتیان: "ئێمە ویستمان ئێوە رازی بن، ئێستا کە رازی نێن بە لامانەوە گرینگ نێە، بۆ خۆمان بە زووترین کات پایگای خۆمان لەو مزگەوتە دادەمەزرێنین!"

چەند رۆژ دواتر، دوو پارچەی سپی درێژیان لە حەساری مزگەوت و دەرە وەی مزگەوت هەلواسی کە بە فارسی لە سەریان نووسرا بوو، "پایگای محلی، زندەباد بسیج" بە تاریک بوونی هەوا، هەر لە شەوی یەکەم دا خەڵک هەر دوو پارچەیان هێنایە خواری و در بە دریان کردن و بۆ بە ناو نیگابانەکانی ئەمنییەتی شاریان فری دانەوە ئەم داوەدەستەیە تەنانەت نەیانتوانی نیگابانی لەو دوو پەرویەش بدەن کە وەکوو نموونەی مەوجوودییەتی خۆیان هەلیان واسیبوو بە دوای ئەوەدا خەڵکی مەنافاوا رایانگەیاند کە ئەگەر ئەو جەماعەتە هەر لەسەر دانانی پایگای بەسیج لەو مزگەوتە سوور بن، ئەوا مزگەوتی ئەو گەرەکە بە تەواوی تەحریم دەکەن و کەس هات و چوی ناکات بەم جۆرە ئیدارەی اتلاعاتی سپای پاسداران سەری وە بەرد کەوت و نەیتوانی لە خوللورئاوا پایگای بەسیج دابمەزرینی!

گەرەکی "کانی سوڤ رەشید"، شوێنیکی تر بوو کە اتلاعاتی سپای پاسداران هەولی دا بۆ ئەوەی پایگای تێدا دابمەزرینی و شکستی خوارد خەڵکی ئەو گەرەکەش لیبراوانە رایانگەیاند کە سپای پاسداران هیچ حەقیکی بەسەر گەرەکەکەیانەوە نێە و هیچ شوێنیک نێە کە لەو گەرەکە بە پوولی دەوڵەت دروست کرا بی هەتا اتلاعات بتوانی دەستی بەسەر دا بگری و بێکاتە شوێنی بنکەی بەسیج دەس و پیوەندەکانی اتلاعات لەو گەرەکە کاتێک ئاگاداری رادەی سەر سەختی و نارەزایەتی خەڵک بوون و زانیان لەگەڵ تیکرای گەرەک بەرە و روو دەبن، دەستیان لە نەقشەکەیان هەڵگرت و لە بیریان بردەوە.

مەهاباد:
با چارەیەك بۆ گرانی بدوزینەوە کۆبوونەوەیەکی ئیعتیرازی

رۆژی 20ی مانگی خەزەلوەری ئەمسالْ کۆبوونەوەیەکی ئیعتیرازی لە شوێنی "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"ی شاری مەهاباد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە گرانییەکی پشووبر کە ئەو شارەی داگرتوە پێك هات.

ئەوەی دەیخوینەنەوە گوزارشیکە لەو کۆبوونەوەیە:

رۆژی 20ی خەزەلوەر زیاتر لە 300کەس لە خەڵکی زەحمەتکێش و هەژاری مەهاباد لە شوێنی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی ئەو شارە کۆبوونەوە هەتا خۆیان رێگا چارەیەك بۆ بەربەست کردنی شەپولی گرانییەکی بی سنوور کە کەوتوەتە ری، بدوزنەوە ئەو رۆژە خەڵکی بی دەرەتان و بی بەش، هەموو دەردی خۆیان لەو بارەوە بۆ یەکتر باس کرد و چەند دیمەنیك لە ژیانی پر مەینەتی خۆیان خستە روو:

یەکێك وتی: "خەڵکینە! دەوڵەت بە فکری خەڵکی زەحمەتکێش نێە بە لایەوە گرینگ نێە کە ئەو گرانییە چی بەسەر ئێمە دێنی شارەکەمان لە بێکار هەر جمەی دی، ئەو هەموو ئینسانە بێکارە بەچی بەری بچن؟ کیلویەك گوشت بە 500تمەنە منالّی ئێمە کەی دەتوانی تامی گوشت بچیژی؟ کیلویەك برنج بە 180تمەنە و کیلویەك تری 100 تمەن و کیلویەك پیواز 70تمەن ئایا ئەوانەمان پی دەخوری؟ دەی ئەگەر ئەوانەش نەخوین ئەی بە چی بەری بچین؟ ئێمە شەوی وا هەیە خەرجی بەرقمان دەگاتە 200تمەن، ئافتاوەیەك ئاو 10تمەن هەڵدەگری! بەم جۆرە ژیانمان بۆ ناکری! چارەیەکمان نیە دەبی کارێك بکەین." یەکێکی تر لە گوشەیەکی تریەوە دەنگی هەلبری و وتی:

"ئێمە شەش نەفەر خیزانین، بۆ ماوەی 75رۆژ، قەبزیکی 22350تمەنیمان بۆ ئاو و بەرق بۆ هاتوە ئەگەر ئیعدامیشم بکەن ئەو پوولە نادەم، ئاخر نیمە هەتا بیدەم، نە ئاوەکەیانم دەوی نە بەرقەکەیان با هەڵیبرن."

کەسێکی تر وەدەنگ هات و وتی:

"قەیناکا با لە سایەی ئەو وزعەوە لە سالّەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دا بگەرییەنەوە سەر فتیلە بۆ رووناکایی و بە سەتل ئاو لە چومەوە بێنین و لە بیر خۆمانی بەرێنەوە کە دونیا، دونیای کامپیوتیرە!"

دوای گەلیك قسە کردن و سفرەی دل خستنە روو، خەڵك هاتنە سەر ئەوەی کە تواریکی ئیعتیرازی دەستە جەمعی ئیمزا بکەن و بیدەن بە بەریوەبەرانی حکوومەت لە شار بەم جۆرە کاغەزیك لە ئەندازەی میتریکی چوارگۆشەدا ئامادە کرا و سەرەتایەکی بۆ نووسراو هەموو ئامادە بووانی کۆبوونەوەکە بە تیکرا ئیمزایان کرد و چەند نەفەر دیاری کران کە لە لایەن خەڵکەوە تەحویلی کاربەدەستانی رژیمی بدەن.

دەستدرێژی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر پەنابەرانی ئێرانی

بە پێی ئەو هەوالانەی لە تورکیاوە دەگەن دەسدرێژییەکانی پولیسی ئەو ولاتە بۆ سەر گیانی پەنابەرانی ئێرانی هەروا درێژەی هەیە و بەردەوام روو لە زیاد بوونە پێشتر ژمارەیەك لە هەڵسووراوانی سیاسی ئێرانی کە وەك پەنابەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تورکیا بوون، لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە درابوونەوە بە دەوڵەتی ئێران بە پێی هەوالەکان ئەو هیرشە هەروا درێژەی هەیە و نیگەرانییەکی زۆری لە ناو کۆمەڵی چەند هەزار کەسی پەنابەرانی ئێرانی لە تورکیا _ کە لە لایەن دەزگای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەو ولاتە ناو نووسی کراون _ پیکهێناوە هەوالەکان وا دەگەیەنن کە لە حەوتووی کۆتایی مانگی دیسامبری سالّی 1993 دا 12 پەنابەر لە سنووری ئێران و تورکیا تەحویلی وزارەتی اتلاعاتی ئێران دراونەتەوە دوای ئەوەش چەند پەنابەریکی تری ئێرانی، لە ئانکارا و چەند شاری تری تورکیا ون بوون و مەترسی ئەوەیان لیدەکری کە لە لایەن پولیسی تورکیاوە گیرا بن بۆ ئەوەی تەحویلی جمهووری ئیسلامی بدرێنەوە.

دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات لە پەیوەند لەگەڵ ئەم رووداوانە دا چەند تیلیکسیکی تایبەتی بۆ سەلیبی سووری جیهانی و کۆمیسیاریای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەووە یەکگرتوەکان UNHGR لە ژنیف و رێکخراوی ئەمنستی لە لەندەن و دەفتەرەکانی سەلیبی سوور و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئانکارا و لە ولاتانی سکاندیناوی ناردوە لەو پەیامانەدا ئەو راستیەی وەبیر هێناوەتەوە کە ئەم کردەوەیە بەشێك لە پێلانیکی هاوبەشە کە دوای چاو پێکەوتنی حەبیبی جێگری سەرەك کۆماری ئێران و بەریوەبەرانی تورکیا دارێژراوە و ئەگەر هەلمەتیکی نارەزایی دەربرینی جیهانی لە دژی ئەو کردەوە نائینسانییە نەکەویتە ری، گیان و ئەمنییەتی ژمارەیەکی زۆر لەو پەنابەرانە کە لە دەست تیرور و دەسدرێژی جمهووری ئیسلامی هەلاتوون و خۆیان گەیاندوەتە دەفتەرەکانی UNHGR لە تورکیا، دەکەیتە مەترسییەوە.

مەریوان:
دیمەنێکی تری دژایەتی حزب الله لەگەڵ لاوان

بە پێی هەوالیك لە شاری مەریوانەوە، رژیم بریاری داوە لاوانی شوفیری تاکسی لەو شارە کە هێشتا خانەوادەیان پێك نەهێناوە دەبی لەسەر کار دەرکرین و تەنیا ئەو کەسانە شوفیری تاکسی بن کە متاهل بن ئەم بریارە کە بەرهەمی دژایەتی کوییری حزب اللهییەکانی ئەو شارە لەگەڵ لاوانە، بووەتە هۆی ئەوە کە 90 خانەوادە کە بژیوی رۆژانەیان بە کار کردنی کورە لاوەکانیان دابین دەبوو، بەرێچوونیان بکەویتە مەترسییەوە.

بە پێی ئەو هەوالە لاوانی دەرکراوی "ئاژانسی تاکسیرانی" بەو بریارەی رژیم ئیعتیرازیان کردوە و کاربەدەستانی شار بۆ تەفرەدانیان بەلینیان داوە کە بەم زووانە جارێکی تر لەو مەسەلەیە بکولنەوە بەلاّم حازر نەبوون لەو ماوەیەدا کە گۆیا خەریکی لیکولینەوەن رێگا بدەن لاوانی دەرکراو بچنەوە سەرکارەکەیان.

مەریوان:
تێکدانی زەوی و دارستانی خەڵك

شیرکەتی پاییز کە بە ناوی شیرکەتی زریبار ناسراوە، بە هۆی پرۆژەیەکی کانال کێشی لە پومپی بەنزینەوە هەتا دەریاچەی زریبار، دارستان و زەویەکی زۆری خەڵکی ئەودەورۆبەرەی _ کە تاقە شوێنی داهات و بەرێچوونیانە _ لە ناو بردوە بە بی ئەوەی خەسارەتیکی ئەوتویان پی بدا.

جووتیارانی هەژاری ئەو ناوە، بێجگە لەو زەوی و چنارستانە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نێە و رژیم و کاربەدەستانی شیرکەتی پاییزیش ئەوەی کە هەرگیز بیّری لّی نەکەنەوە دوارۆژی ژیانی ئەو خەڵکە زەحمەتکێشەیە کە لە پیناوی جێبەجێ بوونی ئەو پرۆژەیەدا هەرچی هەیانە لە دەستی دەدەن.

لە بەرانبەر ئیعتیراز و داوای خەڵکەکەدا شیرکەت حازر بووە بۆ هەر میتر زەوی 90تمەن و بۆ هەر دارچناریك 50تمەن خەسارەت بدا ئەم پوولە لەچاو نرخی راستەقینەی دارستان و زەویەکە هەر بە حیساب نایە.

خەڵکی زەحمەتکێش لەو رەفتارەی شیرکەتی پاییز کە بە پشتگیری سپای پاسداران و دەزگا دەوڵەتییەکان دەکری تووڕەن و داواکاری ئەوەن کە شوێنی دیکەیان پی بدری کە ژیانی خۆیان و خانەوادەیانی پی بەریوە بەرن لانی کەم خەسارەتیك کە پییان دەدری، بە قەدەر بایەخی راستەقینەی زەوی و دارستانە کە بی.

سەقز:
دیسان بێکار کردن بەبیانوی تازەوە

بە پێی گوزارشیك کە لە شاری سەقزەوە بە دەستمان گەیشتوە، رژیم بێکار کردنی کرێکارانی قەدیمی لەو شارە ریگایەکی تازەی دوزیوەتەوە ئەم ریگایە ئیدارەی کاری ئەو شارە ناویەتە بەردەم دەزگا دەوڵەتییەکانەوە بە پێی بریاریك گۆیا بە هۆی سەختی کارەکانەوە پیویستە ئەو کرێکارانەی کە تەمەنیان چووەتە سەری، پێش ئەوەی کاتی خانەنشین بوونیان بێت لەسەر کار لابرین هەلبەت خانشین بوونی ئەو کرێکارانەش بە مانای ئەوە نێە کە ئێتر بە هۆی ئەوەوە وا تەمەنیکیان بۆ سەرمایەدارن و دەوڵەت کار کردوە، گۆیا ژیانی دەورانی پیریان دابین دەبی بە پێچەوانەوە، حەقی خانەنشینیان ئەوەندە نێە کە نەك هەر ژیانی خانەوادەکەیان بەڵکوو ژیانی شەخسی خۆشیانی پی دابین بێت ئەم تەرحەریك بۆ ئەوەیە کە بەم بیانووە لە ژمارەی کرێکارەکان کەم بکەنەوە و کارەکەیان لە ریگای هێنانە سەرکاری کرێکاری جەوانترەوە بەریوەبەرن.

وەکوو یەکەم هەنگاو، ئەو تەرحە دژی کرێکاریە لە ئیدارەی دوخانیاتی سەقز بەریوە چووە 50 کرێکاری ئەو ئیدارەیە بە ناوەخت، خانەنشین کراون و حقووقیکی ئەوەندەشیان پی نادری کە ژیانیان بەری بچی.

ئەو کرێکارانەی کە لە دوخانیاتی شاری سەقزدا تەمەنیکیان بۆ دوەڵەتی سەرمایەداران کار کردوە حەقی بی ئەم لاو ئەولای خۆیانە کە لە ژیانیکی ئاسوودەی دەورانی پیری بەهرەمەند بن و بەم بریارە نارەوایە ئیعتیرازیان هەیە.

پێشڕەو

راپورتە هەوال

سەردەشت:
پەلامار بۆ سەرگەشتی سپای پاسداران

بە پێی هەواليك كە لە شاری سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوە حەوتووی دووھەمی مانگی بەفرانبار ماشینی گشتی عەمەلیاتی شاری سپای پاسداران كە شەوانە رێگای لە هات و چوی ئازادانەی خەڵك دەگرت، كەوتە كەمینی تیكۆشەرانی شار تیكۆشەران بە نارنجوك هیرشیان بردە سەر ماشینەكە و تەقاندیانەوە.

گەشتەكانی شەوانەی پاسداران بە ھەموو بیانوویەك دەستدەنە پشكنینی خەڵك و دەخالەت لە كار و ژیانی ئەم و ئەودا و ئاسایشیان لە خەڵك ھەڵگرتوە.

ئەو تیكۆشەرانە كە رادیوی دەنگی شۆڕشی ئێرانیان لەو عەمەلیاتەی خۆیان ئاگادار كردوە رایانگەیاندوە كە: "ئەوە دەرسیكە بۆ بەكرێگیراوان كە بزانن خەڵك لەوە زیاتر تەحەمولی پی شێل بوونی ئازادی خۆیان ناكەن و لە كاتی خۆیدا، دەسدرێژیكەران بە شێوەی گۆنجاو سزا دەدەن."

بە پێی ھەوال ئەم عەمەلیاتە بوەتە ھۆی ئەوە كە ماشینەكانی گەشتی عەمەلیاتی شاری سپای پاسداران كەمتر بە ناو شاردا ھات و چو بكەن.

دیسان جینایەتی پاسداران لە میاندواو

رۆژی 15ی مانگی رەزبەری رابوردوو، ژمارەیەك چەكداری سپای پاسدارانی میاندواو دەچنە باغیكی نزیك ئەو شارە و دەست دەكەن بە ھەڵەشە و جنیودان بە خەڵكیك كە لەو ناوە خەریكی كاركردن بوون.

پاسدارەكان بە خەڵكەكە دەلین خەبەرمان پی گەیشتوە پێشمەرگە لەم ناوەن و ئیوە پەناتان داون و لە ئێمەیان دەشارنەوە ئەو زەحمەتكێشانەی لەوی خەریكی كاركردن بوون دەلێن ئێمە بێجگە لەو كەسانەی ھەموو رۆژی دێنە سەر باغ و زەوی و زار و كاری خۆیان، كەسی دیكەمان لێرە نەدیوە بەڵام پاسدارەكان بروایان پی ناكەن و خۆیان دەچنە نێو باخەكە دەگەرین و پاش تاوێك دەنگی تەقە بەرز دەبێتەوە زەحمەتكێشانی ئەو ناوە بە نێگەرانی چاوەری دەبن بزانن ئەم تەقەیە چی بوو كاتێك پاسدارەكان لە ناو باخەكەوە دەگەرینەوە بە خەڵكەكە دەلێن ئێوە وتتان ئێرە پێشمەرگەی لێ نێە بەڵام ئێمە دوو كەسمان دێتەوە و گرتمانن و ھەر لەوی ئیعدامیان كردن خەڵكەكە دوای رۆیشتنی پاسدارەكان دەچنە سەر مەیتەكان و ھەرتك مەیتەكە دەناسنەوە: محمدی خودا مراد و كەریمی ئەمجەدی بوون ئەوانە دوو كرێكار بوون كە لە نێو باخەكە میوەیان كۆ دەكردەوە.

بەم جۆرە دوو كرێكاری بی دیفاع بوونە قوربانی درندە خوویی و جینایەتكاری پاسدارانی ئیسلامی ئاخۆ

كامیاران:
گیرانی تازە لاوان

لە شاری كامیارانەوە ھەوالمان پی گەیشتوە كە لە چەند حەوتووی رابوردوودا ژمارەیەك لە خۆیندكاران و تازە لاوانی ئەو شارە بە تاوانی ئەوە كە لە سیاسەتەكانی جمھووری ئیسلامی نارازی بوون و تیكۆشانی سیاسییان كردوە، لە لایەن اتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسگیر كراون و ھەتا ئێستا لە بەندیخانەكان راگیراون خەڵكیشاری كامیاران و كەس و كاری ئەو تازە لاوانە زۆر نیگەرانی چارەنووسی رولەكانیانن بە پێی قسەی اتلاعاتی سپا، گیراوەكان شیعاریان لەسەر دیوار نووسیوە و بەیاننامە و راگەیاندنیان بڵاو كردوەتەوە.

دیسان جینایەتی پاسداران لە میاندواو

رۆژی 15ی مانگی رەزبەری رابوردوو، ژمارەیەك چەكداری سپای پاسدارانی میاندواو دەچنە باغیكی نزیك ئەو شارە و دەست دەكەن بە ھەڵەشە و جنیودان بە خەڵكیك كە لەو ناوە خەریكی كاركردن بوون.

پاسدارەكان بە خەڵكەكە دەلین خەبەرمان پی گەیشتوە پێشمەرگە لەم ناوەن و ئیوە پەناتان داون و لە ئێمەیان دەشارنەوە ئەو زەحمەتكێشانەی لەوی خەریكی كاركردن بوون دەلێن ئێمە بێجگە لەو كەسانەی ھەموو رۆژی دێنە سەر باغ و زەوی و زار و كاری خۆیان، كەسی دیكەمان لێرە نەدیوە بەڵام پاسدارەكان بروایان پی ناكەن و خۆیان دەچنە نێو باخەكە دەگەرین و پاش تاوێك دەنگی تەقە بەرز دەبێتەوە زەحمەتكێشانی ئەو ناوە بە نێگەرانی چاوەری دەبن بزانن ئەم تەقەیە چی بوو كاتێك پاسدارەكان لە ناو باخەكەوە دەگەرینەوە بە خەڵكەكە دەلێن ئێوە وتتان ئێرە پێشمەرگەی لێ نێە بەڵام ئێمە دوو كەسمان دێتەوە و گرتمانن و ھەر لەوی ئیعدامیان كردن خەڵكەكە دوای رۆیشتنی پاسدارەكان دەچنە سەر مەیتەكان و ھەرتك مەیتەكە دەناسنەوە: محمدی خودا مراد و كەریمی ئەمجەدی بوون ئەوانە دوو كرێكار بوون كە لە نێو باخەكە میوەیان كۆ دەكردەوە.

بەم جۆرە دوو كرێكاری بی دیفاع بوونە قوربانی درندە خوویی و جینایەتكاری پاسدارانی ئیسلامی ئاخۆ

دەرس خویندن یان لەبەرسەرما ھەل لەرزین؟

ماوەیەكە، فەسڵی سەرما لە ھەموو ئێران دەستی پی كردوە و بەفر و سەرمای توند ھەموو شارەكانی كوردستانیشی داگرتوە كۆمەڵانی خەڵكی ھەژار و كەم دەرامەد لە چەندین لاوە، ھەموو ساڵیك دەكەونە بەر ھێرشی زستانیك دوور و درێژ و بۆ كۆتایی ھاتنی ئەو وەرزە رۆژ ژمیری دەكەن بەڵام ئەوە تەنیا كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێش نێن كە ھەموو ساڵیك سەرمای زستان وەكوو بەلایەك بەر دەزگای مالیان پی دەگری و تەنگیان پی ھەلدەچنی، تێیدا بێكار دەبن، قەرزداریان دەكات و نەخۆشیان دەخات، بەڵكوو منالاّن لە مەدرەسەكانیش بە جۆرێكی تر زستان و سەرما كە دەیتوانی وەرزی جۆرێكی تر لە كایە و لە خۆشی بی بۆیان، دەبێتە مایەی رەنج و ئازاریان و نەفرەتی لێ دەكەن منالاّن لە كلاسەكانی دەرس دا ساتیك مەودای گەرم بوونەوە و حەسانەوە پەیدا ناكەن بە پێی ئەو ھەوالانەی كە لە شارەكانی كوردستانەوە بە دەستمان دەگەن، زۆربەی مەدرەسەكان كووڕەی تەكمیل یان نێە و لە زۆر شوێنیش كە كووڕە ھەیە، سەھمیەی نەوتیان ئەوەندە نێە كە كلاسی سارد و سر، بە دەزگا و پەنجەرەی شەق و شرەوە، گەرم كاتەوە شەوانە لەبەر بی نەوتی كووڕەكان خاموش دەكەن و بەیانیان لە كاتی دەست پی كردنی كلاس دا، كە منالاّن كۆفە كۆف خۆیان دەگەیەننە مەدرەسە، تازە ئەگەر كووڕەیەك ھەبی و ئەگەر نەوتیك ھەبی، ئەوكات ھەڵی دەكەن و بە زەحمەت، كاتی تەعتیل بوونی مەدرەسە، كلاسەكە توزیك گەرم دەبێتەوە! ھەلبەت كەم نێن ئەو كلاسانەی كە ئەوەشیان نێە!

نەخۆشی جۆراوجۆر كە بە ھۆی سەرماوە پەیدا دەبن، لە ناو منالاّن دا ھەر ئێستا بیداد دەكات و خەرجی دوكتور و دەرمان و نیگەرانی دایك و باوك و خانەوادەش سەرباقی دەردەكانن .

دیمەنی كلاسیكی سارد و سر كە تێیدا كۆمەڵیك منالّ لەبەر سەرما كوروشمەیان كردوە و موعەلیمیكی ماندوو كە رۆژانە دەبی سی شیف دەرس بڵێتەوە و ئەویش ھەر وەك منالّەكان دەردی سەرما بە گیان بكری، بێننە بەر نەزەر ھەتا بۆتان مەعلووم بی كە مەدرەسەكان چەندە بە راستی جێگای فیر بوونی سەواد و عیلم و زانستن؟ یان تەنانەت چەند جێگای كایە و شەوق و شادی و بە یەكەوە بوونی منالاّنن؟

لە وەھا وەزعیك دایە كە بەرپرسانی مەدرەسەكان خۆیان ناچار دەبێنن لەگەلّ ھەر ھوروژمیكی توندی سەرما، دەرگای مەدرەسەكان داخەن و منالّەكان بنیرنەوە مالّەوە و خۆیان لە ھەر دەردی سەر و مەسئوولیەتیك رزگار كەن رۆژنامەكان پرن لە ھەوالی تەعتیل بوونی مەدرەسەكانی ئەم شار و ئەو شار، بە بۆنەی سەرماوە.

ئایا ھاتنی سەرما لە ولاتیكی وەكوو ئێران كارەساتیكی چاوەروان نەكراوی وەكوو بوومەلەرزە و سیلاوە كە مەسەلەن كاربەدەستانی رژیم غافلگیر دەكات؟

ئایا ئەگەر بودجەی ھەموو ئاموزش و پەروەرشی ئێران كە پەیوەندی بە ژیان و بە داھاتووی زیاتر لە 18 میلیون خویندكاری مەدرەسەكانەوە ھەیە، بە ئەندازەی بودجەی یەكێك لە دەزگاكانی سەركوت و تیرور و خەفەقان، مەسەلەن بە ئەندازەی بودجەی سپای پاسداران بوایە ئێمە شاھیدی ئەو وەزعە دەردناك و فەلاكەت بارە دەبووین كە بە بۆنەی سەرماوە بەسەر مەدرەسەكان دا ھاتوە؟

یان ئەگەر لە كوردستان ئەوەندە ئیمكاناتەی كە تەنیا لە وەرزی زستان دا بۆ چەند ھەزار پایگا و مەقەری ھێزی داگیركەر _ كە ھیچ كارێكی غەیری دژایەتی كردن لەگەلّ خەڵكی ئازادیخواز و شیواندنی ئەمنییەت و ئاسایشیان نێە _ دابین كراوە، تەرخانی پیداویستیەكانی مەدرەسەكان كرابا، ھەزاران نەونەمامی خنجیلانەی ئەو ولاتە بە ناوی دەرس و مەدرەسەوە ئەم ھەمووە ئەشكەنجە و ئازارەیان دەبێنی؟

بانە:
داخستنی سنووركان و چەتەیی ھێزەكانی رژیم

بە ھۆی پەرە گرتنی گیروگرفتە ئابووریەكانی ئێران و وەزعیكی نائاسایی كە لەم بارەوە بۆ رژیم پێش ھاتوە، بە پێی بریاری "شووڕای ئەمنییەتی میللی" رژیم كۆنترولیكی توند و تیژتری بەسەر ھەموو سنووركانی رۆژئاوای ئێراندا بەرقەرار كردوە و بێجگە لە چەند كالای دیاریكراو، رێگا ھات و چوی ھیچ شتێكی تر نادا بۆ ئەم مەبەستە لە رێگاكانی ھات و چو لە زۆر جێگا مینی چاندوە و ھێزەكانی رژیم لە كەمین دان ھەتا كاروانچیەكان بدەنە بەر تەقە لە رۆژانی رابوردوودا لە چەند شوین كریبارچیەكان كەوتوونەتە بەر گوللە و بریندار بوون یان گیانیان لە دەست داوە و كەل و پەلیان بە تالان براوە.

لە رۆژە كانی ئاخری مانگی سەرماوەز دا شاری بانە دووجار شاھیدی ئیعتیرازی لاوان و خەڵكی تیكۆشەر لە دژی تالانچیەتی ھێزەكانی رژیم بوو لە یەكێك لەو ئیعتیرازاتەدا نزیكەی 500 كەس لە خویندكارانی ئەو شارە كە كاتی گەرانەوە لە مەدرەسە ئاگاداری ئەوە ببوون ھێزەكانی رژیم دارایی زەحمەتكێشیكیان تالان كردوە و خۆیان دەیفرۆشنەوە، كەوتنە ریسوا كردنی ئەو بەكرێگیراوانە.

ھەر لە شاری بانەوە ھەوالمان پی گەیشتوە ماوەیەكە چەند تاقمیكی چەكدار لەسەر رێگای ھات و چوی خەڵك و كاروانچیەكان بە نیاز تالان و دزی كەمین دادەنین جاری وا بووە چەتەكان كە سەروچاوی خۆیان دادەپوشن چەند رۆژ لە سەریەك، لە یەك شوین كەمینیان داناوە و دوای چەند رۆژ ھەتمان تاقم شوینی كەمینەكەیان گواستوەتەوە بۆ جێگایەكی تر شوینی كەمینەكان ئەغلەب لە نزیك بنكە پایگای ھێزەكانی رژیمن و چەتەكان بە بەرچاوی ئەو

ھەواليك لە ئاكامی ریك كە وتنی ئێران و تورکیە

بە پێی ھەواليك كە لە تورکیەوە بە دەستمان گەیشتوە بە دوای چاوپێكەوتنەكانی ئەم دوایی‌یانەی كابەدەستانی جمھووری ئیسلامی و دولّەتی تورکیە فشاری پولیسی تورکیە بۆ سەر پەنابەرانی ئێرانی لەو ولاتە زیادی كردوە ھەزاران پەنابەری ئێرانی كە لە دەست دەزگای پولیسی و تیروری جمھوری ئیسلامی ھەلاتوون و بە ئومیدی دێتنەوەی رێگایەك بۆ دەرباز بوون لە چنگ ئەو رژیمە رووبان كردوەتە ولاتی تورکیە، ئێستا لە مەترسی ئەوەدان كە ببنە قوربانی رێككەوتنەكانی ئەم دوایی‌یانەی ئەو دوو رژیمە بە پێی ئەو ھەوالە رۆژی سی‌شەممە 30ی مانگی سەرماوەز چوار پەنابەری ئێرانی دانیشتووی شاری "ایدر" لە لایەن پولیسی تورکیەوە دەسگیر كراون و بردراونە شاری "دوبایزید" كە لەویوە لە رێگای سنووری بازرگانەوە تەحویلی دەولّەتی جمھووری ئیسلامی بدرێنەوە 3كەس لەو پەنابەرانە تەحویل دراونەتەوە و یەك نەفەریان توانیویەتی لە دەست مەئموورانی تورکیە خۆی دەرباز كات.

ھەر ئێستا 184 نەفەر لە پەنابەرانی ئێرانی كە پەروندەكانیان لە لایەن دەفتەری رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكانەوە لە ئانكارا بە ستراوە لە مەترسی جیددی ئەوەدان كە بەم زووانە تەحویلی دەزگاكانی پولیسی و ئەمنییەتی جمھووری ئیسلامی بدرێنەوە.

پەنابەرانی سیاسی لە تورکیە لە دەست ئازار و تەعقیبی یەكیك لە ھارترین و درندەترین رژیمەكانی ئەمرۆی دونیا ھەلاتوون و ھەر ئینسانیكی ئازادیخواز و بەشەر دوست پیویستە بە ھانایانەوە بچی و نەھێلی كە ببنە دەسكایەی دیپلوماسی دوەلّەتانی ئێران و تورکیە ئێمە ویرای مەحكووم كدنی ئەم كردەوە دژی ئینسانی‌یەی پولیسی تورکیە داوا لە ھەموو رێكخراوەكان و كور و كۆمەلّی بین المللی كە تایبەت بەو كارە دامەزراون دەكەین كە ھەرچی زووتر دەست بە كار بن و رێگا نەدەن دەولّەتی تورکیە بە كەلّك وەرگرتن لە فورسەتی تەعتیلاتی ئاخری ساڵ، بە بی دەنگی و بە دزی بیروڕای گشتی جیھان ئەو جینایەتەی جێبەجێ بكات.

ھەرچی دەستیان كەوت خستیانە ژێر پی

"رۆژی 14ی ئەم مانگە بوو پیاوەكانی شارەداری وەكوو ئەوەی خۆیان بۆ شەر و پیكدادانیكی گەورە ئامادە كردبی، لە ناكاو ھێرشیان كردە سەرمان ھەرچی دەستیان كەوت خستیانە ژێر پی من تەختەیەكم لەبەردەم خۆم دانابوو كە قیمەتی ھەزار تمەن كەل و پەلم بۆ فرۆشتن لەسەر بڵاو كردبووەوە ھە ئەوەندەم زانی قاچیك ھات و ھەرچی لەسەری بوو ئاوەژووی جوگەلەی قەراخ خیابانەكەی كرد ئەمە گشت سەرمایەكەی من بوو كە ئەو رۆژە تیدا چوو."

ئەمە قسەی دەستفرۆشیكی پیر بوو لە شاری سنە بە پێی ئەو ھەوالانەی لە شارەكانی سنە و بانە و مەھابادەوە بە دەستمان گەیشتووە، شارەداری داروودەستە چەكدارەكانی رژیم لەو شارانە ھێرشیكی تازەیان بۆ سەر دەسفرۆشەكان دەست پیكردوە و بەردەوام ئازاریان دەدەن كەل و پەلەكانیان لە ناو دەبەن و رێگایان

پـێ نـادەن لـە جەنگـەی ئـەم گرانی و بێگاریـەدا و لـەم زستانە سەختەدا بژیویک بۆ خانەوادەیان پەیدا بکەن.

مـەئموورینی شـارەداری لـەم هێـرش و پەلامارانـەدا بیـانووی جۆراوجۆریـان هەیـە جـاری وایـە دەڵێن دەسفرۆشەکان ئیجازەنامەی ئەم کارەیان نێە، جاری وایە دەڵێن جـوانی شـارەکەیان تێـک داوەو هەندیک جاریش دەڵێن شکایەتیان لیکراوە وەزعی بازار دەشێوینن.

لە ناو ئەو زەحمەتکێشانەدا کە لەبـەر بێکـاری هـەژاری رووییـان کردوەتـە _ئـەو "کـارە" هـەر لـە منـاڵی 6_5 سـاڵەوە_ هـەتا پیری 70 سـاڵە، لـە موعـەلیمیکی لەسـەر کـار دەرکـراو هـەتا دیپلومەیـەکی بێکار بەرچاو دەکەون.

وەلامی چەند پرسیار

رووبەرووبونەوەی: ئـەم پرسـیار و وەلامانـەی خـوارەوە هەڵبژاردەیـەک لـە گـرینگترین پرسـیارەکانی چـەند حـەوتووی رابـوردووی گوێگرەکـان و وەلامـەکانی رادیـوی دەنگـی شۆڕشـی ئێـرانن کـە لـە بەرنامـەی رۆژانـی جومعەی ئێمە و گوێگرەکانی ئەو رادیویەوە بڵاو بوونەتەوە.

مارکسیزم و ئەخلاق

دەزگـا تەبلیغاتیـیـەکانی بـورژوازی، لـەو رۆژەوە کـە مارکسیزم بووەتە چرای رووناکی بەخشی ڕێگای رزگاری کرێکاران، کۆمۆنیسـتەکان بـەوە تاوانبـار دەکەن کە ڕێز لەو جۆرە ئەخلاقە ناگرن کـە ئـەوان (بورژواکـان) بـە موقـەددەس و بـە هـی کۆمـەڵی دادەنین ئێمە تا ئێستا بە گەلیک پرسیاری لـەو بـارەوە جووابمـان داوەتـەوە و لـێرەش دا کـورت کـراوەی یادداشـتیکی مـارکس و ئەنگلسمان کە زیاتر لە 150 سالّ لەمەوبەر لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ هەڵبژاردوون:

کۆمـەڵی نـویی بـورژوازی کـە لـە جەرگـەی کۆمـەڵی بـەرباد چـووی فیئودالیەوە سـەری هەلدا دژایەتی و نـاکوکی چـینایەتی لـە نێـو نەبردوە بەڵکوو تەنیا چینی نوێ و هـەل ومـەرجی نـوێی جـەور و ستەم و شکلی نوێی خەباتی نایە جێگای شکلەکان و هەل ومەرجی کـۆن... بـورژوازی، هـەموو ئـەو فەعالییەتانـەی وا تـا ئـەو کـات حورمـەتیکیان هـەبوو و بـە خـوفیکی زاهیدانـەوە چـاویان لـێ دەکرا، لـە نێو خەرمانەی تیشکی موقـەددەس هێنایە دەرەوە دوکتور و قـازی و کەشـیش و شـاعیر و زانایـانی کـردە بـەکرێگراوی جیرەخـۆر بـورژوازی، قابیلییـەتی شەخسـیی ئینسـانی کـردە ئەرزشـیکی قـابیلی موبادەلـەو گورینـەوە و لـە جیـاتی هـەموو ئەوئازادیانە وەدەست هاتبوون ئازادی تیجارەتی بەرقەرار کرد کە بـە تـەواوی لـە وێـژدان بـە دوور و بـی بەرییـە بـورژوازی پـەردەی خوشەویسـتی و عاتفـە و ئیحساساتی خانەوادەگی دراند و کردیـە پەیوەنـدیکی پـوولی... مـەرجی سـەرەکی بـۆ مانـەوە و سـەروەریی چـینی بـورژوازی بریتیـیـە لـە کەلەکـە بـوونی سـەروەت لـە دەسـتی ئـەفراد دا و ریکخستن و زیاد کردنی سەرمایە مـەرجی وجـوودی سـەرمایەش کاری کری گرتەیە، ئەو شتە کە کۆمـۆنیزم لـە (بـاقی نیزامـە کۆمەڵایەتیـیـەکان) جیادەکاتـەوە ئەوە نێە کە مالکییەت بە گشتی هەلدەوەشێنیتەوە بەڵکوو ئەوەیە کـە مالکییـەتی خوسووسـی بـوروژوازی هەڵدەوەشـێنیتەوە لومەی ئێمەی کۆمۆنیست دەکەن کـە دەمانـەوی مالکییـەتیک کـە شەخسـەن بـە دەسـت هێنـراوە و نەتیجـەی کـاری خـودی شەخسـە مالکییـەتیک کـە بناغـەی هـەموو ئازادیـیـەکان و فەعالییەتـەکان و سـەربەخۆیی‌یەکانی فـەردە هەلوەشـێنینەوە. رەنگـە مەبەسـتیان مالکییـەتی خوسووسی بورژوازی بی!؟ بەڵام، مەگەر کاری کری گرتە یانی کاری کرێکـار، هـیچ مالکییـەتیک بـۆ کرێکـار نـاخولقینی؟ لـە چـوار دیـواری موناسـەباتی تەولیـدی ئێسـتای بـورژوازی دا، مانـاو مـەفهوومی ئـازادی بریتیـیـە لـە ئازادی بازرگانی و ئازادی کرین و فرۆشـتن ئێـوە لـەوە دەترسـن کـە ئێمـە دەمانـەوی مالکییـەتی خوسووسی هەڵوەشـینینەوە بەڵام لـە کۆمـەڵگای ئێسـتای ئێـوەدا مالکییەتی خوسووسی بۆ 90٪ی ئەندامانی کۆمەڵ هەلوەشاوەتەوە مالکییـەتیکیان نێـە ئێـوە لومـەی ئێمـە دەکـەن کـە دەمانـەوی مالکییـەتی ئێـوە هەلوەشـینینەوە بەڵی! بە راستی ئێمە هەر ئەوەمان دەوی.

بـەڵام هەلوەشـانەوەی خانـەوادە... خانـەوادەی ئێسـتای بـورژوازی لەسـەر چ بناغەیـەک راوەستاوە؟

لەسـەر بناغـەی سـەرمایەو داهاتی خوسووسی خانەوادە بە شێوەی تـەواو و کـەمال تـەنیا بـۆ بـورژوازی وجـوودی هەیـە رووی تری ئەم سکەیە بی خانە و لانەیی و بـی سـامانی و کـری گرتـەیی و فەحشـای عمووميـیـە و ئەمـە جـووتی تەواوکـەری خانـەوادەی بورژوازییە خانەوادەی بورژوازی لەگەڵ لە ناوچوونی ئەم جووتەی خۆی لە ناو دەچی و لە ناوچوون هەرتکیان لە گرەوی لە ناوچوونی سەرمایە دایە.

لۆمـەی ئێمـە دەکـەن کـە دەمانـەوی منـداڵان لـە چـنگ چەوسـاندنەوەی دایـک و بـاوک دەربێنین؟

ئێمـە ئیعـتیراف بـەم جینایەتـە دەکەین بە هەر ئەندازەیەک کە لە سـایەی پـەرەگرتنی سـەنعەتی گەورەدا پەیوەندی خانەوادەگی لە نێـو گرێکارانـدا زیـاتر دەپسـی و لەبەریەک دەچی بە هەر ئەندازەیەک کـە منـداڵان زیـاتر دەبنـە کـالای سادە و وەسیلەی کار.. بە هەمان ئەنـدازەش هـات و هـاواری بورژوازی سەبارەت بە خانەوادە و پـەرەردە و پەیوەنـدی خۆشەویستی نێوان دایک و باوک و منـداڵ، زیـاتر ریسـوایی و درووینە بوونی خۆی دەردەخا و نەفرەتیکی زیاتر هەڵدەگرسینی.

بورژوازی یەکدەنگ هاوار دەکا: ئـاخر ئێـوە کۆمۆنیسـتەکان دەتانـەوی ژنـان بکەنـە مـولکی هاوبەشی هـەموان! بـورژوا ژنی خـۆی بـە وەسـیلەیەکی بەرهـەم هێنان دەزانی کاتێک دەبیستی کە لـە کۆمۆنیزمـدا وەسـیلەکانی بەرهـەم هێنـان دەبنـە مـوڵکی هاوبەشـی هـەموان بـورژوا وا تیـدەگا کـە ئەمـە ژنـانیش دەگریتـەوە چـونکە میشکی هـەر بەمە راهاتوە و ناتوانی بیر لەوە بکاتـەوە کـە ژنـان جـوزوی وەسیلەکانی بەرهـەم هێنـان نـێن تەنانەت ناشتوانی لەوەتی بگا کە ئەزقـەزا کۆمۆنسـتەکان قسـەیان لەوەیـە کـە ئـەم وەزعـەی ژنـان کۆتـایی پـی بـی کـە تـەنیا وەک وەسیلە و دەزگای تەولید چاویان لـێ بکـری. بێجگـە لەمـەش، هـیچ شـتێک لـە تـرس و وەحشـەتی ئـەخلاقی عـالی جەنابانـەی بورژواکان سەیرتر نێە کە تاوانی ئیشتراکی رەسمی ژنان دەخەنە پـال کۆمۆنیسـتەکان، ئیشـتراکی ژنـان شـتێک نێـە کۆمۆنیسـتەکان بیکـەن ئەمـە هەمیشـە وجـوودی بووە.

بورژواکان سـەربازی فەحشـای رەسمـی، لـەزززەتیکی تایبـەت لـەوەدا دەبێـنن کـە ژنـی یـەکتر بـە لاری‌دا بـەرن ژن و میردایـەتی بـورژوازی لـە راسـتیدا هـەمان ئیشتراکی ژنانە ئاشکراشە کە بـە فـەوتان و تیداچـوونی پەیوەندی‌یەکانی بەرهـەم هێنـانی سـەرمایەداری ئـەو ئیشـتراکەی ژنـانیش کـە لـەم پەیوەنـد و موناسەباتەوە سەرچاوەی گرتوە، یـانی فەحشـای رەسمـی و غـەیرە رەسمی کۆتایی پی دی.

لینین و لینینیزم

پرسـیاری: کـاك پـیران دەپرسـی، نـەزەرتان لەسـەر لیـنین چـیـیە؟ وشـەی لینینیـزم لـە ئـەدەبیاتی ئێوەدا نابیندری ئایا مانای ئەوەیـە کـە حیزبـی کۆمۆنیسـت ئـێتر خـۆی بـە لینینیسـت نـازانی و لـەم بابەتەوە ئایا گورانیک بەسـەر بوچـوونەکانی حیـزب دا هاتوە؟

وەڵام: کـاك پیرانـی بـەڕێز، پیویستە بـەر لە هەرشتێك بوتری کـە هـیچ گورانیـک لـەم بـارەوە لـە بۆچـوونی ئێمـە دا پێـک نـەهاتوە بـەڵام بـۆ روون بوونـەوەی وەلامی پرسیارەکەی ئێـوە پیویسـتە دوو مەسـەلە لـە یـەك جیـا بکەینـەوە یەکیان جێگای لینینە وەکوو رابەر و ماموستایەکی گەورەی شۆڕشی کرێکـاری و ئـەوی تریـان وشـەی لینینزمـە وەکـوو زاراوەیـەکی سیاسی.

سـەبارەت بـە وشـەی لینینـزم ئـەبی بڵـێین کـە ئـەو زاراوەیـە لـە سـاڵانی پـێش مـەرگی لینین، لـە لایـەن موخالیفـانی سیاسـی ئەوەوە، بە مەبەستی هێرش بردن بـۆ سـەر لینین و تەنانـەت تـەوهین پـی کردنـی بـەکار ئـەهینرا ئـەیانلیت، ئەمانـە هـیچ پەیوەندی‌یەکیان بە مارکسیزمەوە نێە، ئەوانە لینین خۆی دایهینـاون، ئەوانـە لینینـزمن!. بـەڵام دوای مەرگی لینین ئەو زاراوەیە لە لایـەن حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی و حیزبەکانی هاوپەیمانی لە دونیا و بە تایبـەت بە هۆی ستالینەوە، وەکـوو وشـەیەکی موسـبەت بـە کارهێندرا و بوو بە باو لەو کاتەوە تـا ئێسـتا گـەلیك حیـزب و رێکخـراوی سیاسـی چـەپ پەیـدا بـوون کـە ئـەم ناوەیـان لەسـەر خۆیـان داناوە و خۆیـانی پـی ئەناسـینناوە و لـە ئینشـعاب و جیابوونەوەکانیاندا وشـەی تـری پـی زیـاد ئەکـەن و لیـی کـەم ئەکەنـەوە دەزگا تەبلیغاتیـیـەکانی بورژوازیش لە دونیا ئەمرۆ هـەول ئـەدەن هـەرەس هێنـانی دەولّـەتی شووڕەوی کە بە دەیان سالّ بوو لە ریبازی لینین دوور کەوتبووەوە و بـە پێچـەوانە و دژی ئـاوات و ئامانجەکانی لینین بەرێوە ئەچوو، وە تـەنیا نێشانەیەك لـە لینین کـە تێیدا مابوو، کۆمـەڵیك پەیکـەرەی برونزی لینین بوو کە دوو رووپانە بـەرزیان کردبـووەوە، بـە نـاوی شکستی ئـەوەی کـە خۆیـان پێـی دەڵێن "لینینزم" لە قەڵەم بدەن.

ئێمـە بـۆ ناسـاندنی حیزبـی کۆمۆنیستی ئێران ئەو وشەیە بە کارناهێنین وە خۆمان بە سوننەت و پێشـینەی ئـەو مـەیل و جەریاناتـەی چـەپ مـەربووت ناکەینەوە.

بـەڵام لـەوە گـرنگتر ناسـینی لینینـە وەکـوو ماموسـتا و رابـەریکی گـەورەی بزووتنـەوەی کرێکـاری جێهـان وەختیـک ئـەو لایەنـەی پرسـیارەکە بێتـە گـۆڕی، ئـەوجار ئـێتر ئێمـە هەلویستیکی لایەنگرانەی رۆشنمان هەیە.

کـردەوە و ریبـازی فیکـری و سیاسـەتیک کـە لینین باشـترین و لیهـاتووترین تیکۆشـەری بـوو، یەکـەم شۆڕشـی کرێکـاری لـە جیهاندا بە سـەرکەوتن گەیاند بە رابـەری لینین، بـۆ یەکـەم جار لـە مێـژوو دا، چینی کرێکار، وەکوو چینیکی دەسـەلاتدار، نـەك پامـال کراو و ژێر دەستە، هاتە سـەرووی کۆمەڵگاکـــەوە لینـــین مارکسیسـتیکی هەلکـەوتووی زەمانـە بـوو کـە ئـەیزانی چـون جەوهـەری بـیر تیـۆری و زانستی‌یانەی مارکس لە خزمەت رێکخستنی شۆڕشی کرێکاران دا بە کار بێنی .

میلیونـەها کرێکـار لـە رێگـای پراتیـک و کـردەوەی لینینـەوە دەزگـای مارکسـیزم یـان وەکـوو زانسـتیک بـەرەو روو کـراوە و رێگـای رزگـاری خۆیـان تێـدا دەوزیـەوە لینـین زیـاتر لـە هـەر کەسـیکی‌تر روالـەتی مارکسـی شۆڕشـگێڕی بـە چـینی کرێکـار ناساند.

لینین بە پیچەوانەی ئەوەی کە موخالیفـەکانی ئیـددیعا دەکـەن شۆڕشـگێڕیکی ئیرادەگـەرا و "پـیلانگیر" نـەبوو، بـۆ لینـین شۆڕشـگیر بـوون مانـای قـوولی کۆمەڵایـەتی هـەبوو، هـەر بۆیـە لـە ژیانی سیاسی خۆی دا هەمیشە لـە رێـزی پێشـەوەی جـەماوەر دا بـوو و هەڵسـووراویکی مانـدوو ئەناسی بزووتنەوەی کۆمەڵایـەتی چینی کرێکار بوو.

لە شۆڕشی 1917ی رووسیەدا ئەوە چینی کرێکاری رووسیە بوو بـە مانای دەقیقی ئەو وشەیە کە شۆڕشـی کـرد و بـە دەسـەلات گەیشت.

لـنین نـەك هـەر رابـەری شۆڕشی کرێکـاری رووســیە بــەڵکوو تیکۆشەریکی کارامە بزووتنەوەی ئەنتەرناسیونالیسـتی‌ی چـینی کرێکار بوو هەڵسووراني نـەزەری و عەمـەلی لینین رێزەکـانی ئـەو بزووتنـــەوە جیهانی‌یـــەی لـــە سـەردەمی خـۆی دا لـە خـەوش و خالی چینەکانی تر پاك کردەوە و لـە هەماند کاتدا کـە رێگـای نـەدا بیروباوەری مارکسیستی و ریبازی کۆمـۆنیزمی شۆڕشـگیر لـە چـینی کرێکـار جیابێتـەوە بـە وردبـینی و لـی براویـە وە لادەران و عـەوام فریوانی ناو ئەو بزووتنەوەیەشی بە چینی کرێکار ناساند .

هـــەر مارکســـیتیك و تیکۆشـــەریکی بزووتنـــەوەی کرێکـاری ئەمرۆکـە پیوسـیتی جیـددی بـە دەرس وەرگـرتن لـە لینین و لـە تەجرووبـەکانی بـە نرخی ئەو رابەرە گەورەیە هەیە.

ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی

پرسـیار: هـاوری "مهـراب مرادی "پرسیاری کردوە، ئایا ئەگەر چینی کرێکار لـە ئێـران دەسـەلات بە دەسـتەوە بگری، بە حیزبەکانی ئوپوزسـیونی خـۆی رێگـەی فەعالیـەتی سیاسی دەدا، بۆ نموونە ئایا حیزبی جمهووری ئیسلامی رێگەی هەڵسووڕانی سیاسی پی دەدری؟

وەڵام: هـاوری مهـراب، پـێش ئـەوەی کـە جـوابیکی موسـبەتی سـادە بـە پرسـیارەکەی ئێـوە بدەینـەوە پێویسـتە ئیشـارە بـە مەسەلەیەکی گرینگ کە پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە بکەین.

ئـەوە ئاشـکرایە کـە گەیشـتنی چـینی کرێکـار بـە دەسـەلات لـە ئێران مانای ئەوەیە کە دەسەلاتی سیاسـی لـــەو کۆمەڵگایـــەدا کەوتوەتـــە دەســـت زۆرینـــە (ئەکسـەریەت)ی دانشـتوانی ئـەو کۆمەڵگایە هەروەها مانای ئەوەیە کـە چـینی کرێکـار توانیویـەتی پشتیوانی و لایەنگری کۆمەڵانیك بەرینی تریش لە زەحمەتکێشان و تیکۆشەرانی عەدال ەتخـواز بـۆ شۆڕشەکەی خـۆی دابین بکـات و مانـای ئـەوەی لـە سیسـتمیکی دیمـوکراتیکی شـووڕایی دا بـە مانـای عەمـەلی بـەو دەسـەلاتەی خۆی بەخشیوە کەوایە بە تـەواوی مانـا حکوومـەتی ئەکسـەریەتە و لـەم بابەتـەوە هـیچ حکوومـەتیکی پارلمـانی و دیموکراسـی، بورژوازی بەرابەری دا شەرعییەتی نیە.

پارااسـتنی ئـەو دەسـەلاتەش تەنیا بەوە دەکری کە حکوومەتی کرێکاری ماوەیـەکی کـورت دوای سەقامگیر کردنی وەزعی سیاسی خۆی بتوانی دەست بداتە ئەو ئال و گـــۆڕە ئـــابووری و کۆمەڵایەتی‌یانەی کە لە بەرنامەی سیاســـی راگەیانـــدراوی دا گۆنجاندوویـەتی سـەرکەوتنی لـە بەرەو پێش بردنی ئەو حەرکەتە، یانی حەرەکەت بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی دایە کە دەوامـــی یەکگرتوویی‌یـــە چینایەتی‌یەکەی زەمانـەت دەکات و سەددیکی مەحکـەم لـە بەرانبـەر سـەر هەلدانـەوەی دەسـەلاتی بورژوازی دەبەستی هیچ چەشنە زەبـر و زەنـگ نوانـدنیك بـۆ مەحدوود کردنـەوەی ئـەم یـا ئـەو گروهی سیاسی موخالیف ناتوانی دەسـەلاتی چینایەتی کرێکاران و دەوامـــی شۆڕشـــە سەرکەوتووەکەیان زەمانەت بکات.

حکوومەتی کرێکاری دەسەلاتی جەماوەری کرێکارانە کە لە رێگای شـــووراکان و رێکخـــراوە کرێکاری‌یەکانـەوە دادەمـەزری و حیزبیکـی سیاسـی کۆمۆنیسـت، لـەو رێگایـەوە دەتـوانی لـە بـەهێز کـردن و سـەقامگیر کردنـی حکوومـەتی کرێکـاری دا دەور ببـینی و وەکـوو هـەر حیـزب و رێکخراویکی سیاسی دیکـە تـی بکۆشی خەت و ریبازی سیاسی

چەند یادداشتی سیاسی

دەوڵەتی ئەمریکا و ئینسان دۆستی دروێنە لە سومالی

خۆی بەرەو پێش بەری بروا بەخۆی جەماوەری کرێکاری سازمان دراو وەکوو حکوومەت لە شووڕا کرێکاریەکاندا دەبی گەڵیک قایمتر لەوە بی کە نیگەرانی جم و جولی سیاسی موخالیفانی بی کەوابی حکوومەتی کرێکاری ئازادی فەعالییەت لە هیچ حیزب و رێکخراوەیەک زەوت ناکات ئەوەی کە حکوومەتی کرێکاری دەستی بۆ دەبات، پیداچوونەوە بە فەرمانی ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسیدا نێە بەڵکوو هەلوەشاندنەوەی حەقی مالکییەتی سەرمایەدارانە بەسەر کەرەسەی بەرهەم هێنان دا و بەسەر سەروەت و سامانیک دا کە لە ژێر دەسەلاتی سیاسی بورژوازی و لە بەرهەمی رەنجی شان و ئارەقی نێو چاوانی چینی کرێکار، پیکیانەوە ناوە.

حکوومەتی کرێکاری حەقی هەڵسووڕانی سیاسی لە لایەنگرانی بورژوازی ناستینیتەوە بەڵکوو چیتر مافێ چەوساندنەوەی کرێکارانیان پی نادات هاواری بورژوازی لە دەست دیکتاتوری چینی کرێکار لەبەر ئەوە نێە کە نیگەرانی تەعتیل بوونی هەڵسووڕانی سیاسییەکەی بی، نیگەرانی هەڵوەشانەوەی حیزبەکەی بی، چونکە چینی کرێکاری بە دەسەلات گەیشتوو پیویستی بەوە نێە ئەو کارە بکات، بەڵکوو ئەمە هاواری لە دەست چوونی حەقی نامەشرووعی ئەو بەسەر سەرمایە و مالکییەتەکەیەتی کە بەرز دەبێتەوە، وە ئەوەیە ئەو موقاومەتەی کە حکوومەتی کرێکاری بە ناچار دەبی تیکیبشکینی.

ئێستا لە جوابی پرسیارەکەتاندا دەبی بلێین کە بەلی بە بروای ئێمە حکوومەتی کرێکاری رێگەی فەعالییەت بە هەمو حیزب و رێکخراوەیەکی سیاسی دەدا و خاڵە ئەسایی‌یەکانی قانوونی ئەساسی خۆشی، سالەها پێش بە دەسەلات گەیشتن بە هەمووان راگەیاندوە و لە کەس شاردراوە نێە سەبارەت بە حیزبی جمهووری ئیسلامی ئەگەر مەنزوور داروودستەکانی دەسەلاتداری ئێستا بی، مەسەلەی ئەساسی ئەویە کە حکوومەتی کرێکاری بە بی تیک شکاندن و لەسەر رێگا لابردنی دەسەلاتی سیاسی ئەوانە جێگیر نابی دەست و پیوەندەکانی ئەو رژیمە هەموویان باری کۆلیک تاوانی جینایی و کۆمەڵایەتیان لەسەر شانە و هەر کامەیان پەروەندەیەکی قورسیان لەدەسدرێژی و تاوان لە لای خەڵکی زەحمەتکێش و کۆمەڵانی ئازادیخواز هەیە کە حکوومەتی کرێکاری لە رۆژانی یەکەمی دەسەلاتی خۆی دا پیویستە ئەو پەروەندانە لە دادگایەکی عادلانە دا بخاتە بەر لێکولینەوە و سزای شیاوی خۆیان بۆ دیاری بکات.

بەڵام ئەگەر مەنزووڕتان حیزب و جەریانی ئیسلامی موخالیفی حکوومەتی کرێکاری بی ئەوە لەو سورەتەدا وەلامەکە هەر ئەوەیە کە لە سەرەوتر باسمان کرد،

حکوومەتی کرێکاری ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی مسوگەر دەکات.

وەزیری دیفاعی ئەمریکا استعفای داو هاوکات یەکەم دەستەی هێزەکانی ئەمریکایی ولاتی سومالیان بەجێ هێشت. قەراڕە لە چەند مانگی داهاتووش دا ورده ورده هەموو سەربازانی ئەمریکایی لەو ولاتە بکشێنەوە.

هەر چەند بە شێوەیەکی ڕەسمی استعفای وەزیری دیفاعی ئەمریکا و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سۆمالی بە یەک مەربووت نەکراوەتەوە بەڵام ئاشکرایە کە لەسەر کار لاچوونی وەزیری دیفاع پەیوەندی بە کۆمەڵێک شکست و پاشەکشە و بی توانایی ئەمریکاوە هەیە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوودا لە بە ئەنجام گەیاندنی نەخشەکانیدا تووشی بووە. هائیتی و سومالی وەکوو تازەترین نموونەی ئەو شکستە بە حیساب دین لە هائیتی تەرحی پیادە کردنی هێزەکانی ئەمریکایی لەو ولاتە بۆ هێنانەوە سەرکاری سەرکۆماری هەلاتوو، لە بەرانبەر خۆپیشاندان و مانع دروست کردنی چەند هەزار کەسیک لە خەڵک لە بەندەرەکان، شکستی خوارد کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا تەنیا کاریک کە توانیان بێکەن ئەوە بوو کە بێن بە پاسەوانی ئابلوقەیەکی ئابووری بەسەر هائیتی دا کە ئەویش زۆرترین زیانەکانی بۆ خەڵکی فەقیری ئەو ولاتە و بە تایبەت بۆ مندالانە.

پاشە کشەی هێزەکانی ئەمریکا لە سومالیش لە کاتێک دا روو ئەدات کە دەوڵەتی ئەمریکا بە هیچ کام لە هەدەفەکانی ڕاگەیەندراو وە یا ڕانەگەیەندراوی خۆی، لەو لەشکر کێشیە دا نەگەیشتوە لە ڕوالەت دا قەرار بوو ئەمانە، ئەو جۆرە کە پێیان دەوتری، هێزی "ژیاندنەوەی هیوا" بن، شەری ناوخۆیی لە سومالی دا تەواو کەن و ڕێگا بۆ یارمەتی غەزایی بۆ نەجاتی خەڵکی قاتی بڕدوو بکەنەوە لە ڕاستی دا ئەم هەدەفانە لە خزمەت جێگرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە شوینێکی ئیستراتیژیکی ئەو ناوچەیە و قودرەت نمایی لە بەرانبەر ڕەقیبە ئوروپاییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتیکی نزیک بە ئەمریکا لەو ولاتە دا بوون ئێستا ئاشکرایە کە نە مەبەستە ڕوالەتیەکان و نە مەبەستە واقیعیەکان، هیچ کامیان بەدی نەهاتوون و ئەرتەشی ئەمریکا لەو ولاتە بەرنامەی کشانەوەی خۆی لە چەند قوناغ دا تەنزیم کردوە و دەستی پی کردوە.

پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکایی لە سۆمالی لە هەمان کاتدا بە مانای ئەوەیە کە هێزەکانی کلاو شینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش کە ئێتر لەو ولاتەدا هیچ خاسیەتیکیان نەماوە، هەر لەو ماوەیەدا سومالی لە ناو گێژاوەی شەری ناوخۆیی و برسیەتی دا بەجێ دێلن.

2میلیون خەڵکی سومالی هەروا لە مەترسی قاتی و مردن لە برسان دان زیاتر لە یەک میلیون نەفەر هەر لە ئاوارەیی دا بەسەر دەبەن لەم بارەوە گرنگترین ئال و گۆڕیک کە ڕووی داوە ئەوە بووە کە ئێتر لەسەر سەفحەی تەلویزیونەکان دیمەنی دلتەزێنی مەرگی کۆمەڵ کۆمەڵ منداڵی سک هەلمساو و ئیسقان دەرکەوتوو نابێندری، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە ئەو وەزعە کۆتایی پی هاتوە بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕۆژئاوا لەوە زیاتر کوراندنەوەی ئەو مەسەلەیە بە پیویست نازانن و لە خزمەت سیاسەتی دەوڵەتەکاندا گۆیی خۆیان لێ خەواندوە رابوردووی ئەو مەسەلەیە گەلێک پرژانتریشە پێش لەشکر کێشی ئەمریکا، بۆ ماوەی چەند مانگ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بیانووی ئەوەی کە یارەمەتیە خواکیەکان دەکەونە دەست داروودستەی چەکدار و لە حاڵیک دا کە هێشتا گەلیک ئیمکانی وا لە دەست ڕەس دا هەبوو بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە کۆمەکەکان ڕاستەوخۆ بە خەڵک بگات، کاری ناردنی خوراکی بۆ ئەو ولاتە وەستاند و یەکێک لە کارمەندەکانی سەرەوەی خۆشی لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕاستیەی درکاند بوو، دەرکرد بەم جۆرە زەمینە خۆش بوو بۆ ئەوەی کە 30هەزار سەربازی ئەمریکایی لە سۆمالی دابەزن بە دوای سەربازانی ئەمریکایی دا چەندین ولاتی تریش لە ژێر چەتری ریکخراوی نەتەوەی یەکگرتوەکاندا هێزیان بۆ سومالی نارد.

بە هۆی حوزورو دەخالەتی سەربازانی ئەمریکایی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، شەری ناوخۆیی لە نێوان گروپ و دەستەکانی ڕەقیب نە تەنیا کۆتایی پی نەهات و ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵکوو شەریکی دیکەش، شەری هێزەکانی دەرەوە و ئەو گروپانەشی پی زیاد بوو ئەمنییەت ئەوەندەی تریش لە خەڵکی ئەو ولاتە هەڵگیرا و مەسەلەی برسیەتی و قاتی و قری لە شوێنە دوور کەوتوەکان و لە دەرەوەی شارەکان لە بیر بردرایەوە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە هێزەکانی ئەمریکایی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سومالی بوون، بە پێی گوزارشی سەرچاوە خەبەریەکانی ئەمریکا، لە بەینی 6هەتا 10هەزار کەس لە خەڵکی سومالی لەو شەرانە دا کوژراون.

ئەرتەشی ئەمریکا کە لە ڕۆژانی هەوەل دا خەلاتی بۆ سەری"خانی شەر" دیاری دەکرد لەم ئاخرانە دا ناچار بوو خۆی بە تەیارەی ئەمریکایی بە ڕێز و ئیحترامەوە ئەو "خانە" بگەینێتە جەلەسەی وت و وێژی لایەنەکان لە ئەتیوپی ئەم وت ووێژانە بە نەتیجەیەک نەگەیشتن و ئێستا لە هەل ومەرجێک دا ئەرتەشی ئەمریکا خەریکە ئەو ولاتە بەجێ دیلێ کە نە ئەمرۆکە ڕووداوەکان ئەو ڕاستیە ڕۆشن تر دەکەنەوە کە ئەرتەشی ئەمریکا بە شوێن جێ بە جێ کردنی هیچ مەبەستیکی ئینسان دۆستانەوە نەبووە ئینسان دۆستی، ڕووکەشی سیاستی جۆرج بوش سەروک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا بوو بۆ دەخالەتی نیزامی و دامەزراندنی هێز لە شوێنیکی ئیستراتیژیکی وەکوو سومالی کە لەسەر ڕێگایەکی پر هات و چوی دەریایی دایە و بە دەروازەی ئەفریقا دەژمێردری ئەو مەبەستەیە کە ئێستا تووشی شکست بووە و ئەو شکستەیە کە وەزیری دیفاعی ئەمریکا ناچار بە استعفا دەکات.

ڕەقابەتی ناوخۆی هێزەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و بوروکراسی ئەو سازمانە لە پال درێژەی چەند لایەنەی شەر لە سومالی دا، ڕێگەی نەدا کە لەو ماوەیەدا ڕەنج و مەینەتی ئەو خەڵکە سووک بکری و یارمەتی یەکی کارێگەریان بە دەست بگات.

خەڵکی برسی لە سومالی ئێستاش چاوەڕوانی یارمەتی ئینسانی لە لایەن کۆمەڵانی بەشەر دۆستی دونیا، ئێستاش هەر گیرودەی دارودەستەی جینایەتکاری ناوخۆیی لەو ولاتەن کە هەر کامەیان لە لایەن دەولەتیکی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەهێز دەکرین بە هاناوە چوونی خەڵکی سومالی وەکوو وەزیفەیەک لەسەر شانی بەشەریەتی ئەمرۆ هەروا قورسایی دەکات.

چینی کرێکار و بیروڕای گشتی لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دەتوانی دەوڵەتەکان لە ژێر فشار دابنی بۆ ئەوەی ڕێگای واقعی و کارێگەر بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی برسیەتی و ئەمنییەت لەو ولاتە بدوزنەوە و دەست لەمامەلە کردن و کایەکردن بە گیان و ژیانی میلیونەها ئینسان بە مەبەستی بەرژەوەندی یەکانی غەیری ئینسانی خۆیان، هەڵبگرن.

خەلاتی سولحی نوبل بۆ" دیکلرك" دەست خۆشانەیەك بە لیبرالی نەژادپەرست

21ی مانگی سەرماوەز، لە مەراسمیک دا کە لە شاری ئوسلو پایتەختی نورویژ بەرپا بوو " نیلسون ماندیلا" رابەری ڕێکخراوی کۆنگرەی میللی ئەفریقا، ڕێکخراویک کە بەریوەبەری خەباتی ڕەش پێستەکانی ئەفریقای جنووبی‌یە و "فریدریک دیکلیرك" سەروکی دەوڵەتی سپی پیستەکانی ئەفریقای جنووبی، خەلاتی سولحی "نوبل "یان بە هاوبەشی وەرگرت.

خەلاتی نوبل خەلاتیکە کە هەموو ساڵیک لە لایەن دامەزراوی نوبلەوە بە ژمارەیەک لە پسپوران و نووسەران و سیاسەتمەدارانی دنیا دەدری دامەزراوی "الفردنوبل" کە دامەزرینەر و بەڕێوەبەری ئەو خەلاتەیە بە تایبەت لە باری ئەدەبی وسیاسی دا هەمیشە وەکوو پاشکویەکی دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی سەرمایەداری ڕۆژاوا کاری کردوە ئەم خەلاتە لە ساڵانی دەورەی شەری سارد دا گەلێک جار وەکوو وەسیلەیەک بۆ فشار هێنان بۆ سەر ولاتانی بلوکی ڕۆژهەلات و اتحادی شووڕەوی جاران بەکار دەهێنرا و ئەم کارکردەی خەلاتی نوبل شتێکی شاردراوە نەبوو لەدەورەی دوای هەلوەشانەوەی اتحادی شووڕەوی و کۆتایی شەری سارد دا دامەزراوەی نوبل بە ناچار شێوەکانی کاری خۆی لە خزمەت بە بەرژەوەندی‌یەکانی تەبلیغاتی دەوڵەتانی سەرمایەداری دا گوریوە و خۆی لەگەڵ هەل و مەرجی تازە ڕێکخستوە نیشانەیەکی ئەم شێوەکارە لە بەخشینی خەلاتی سولحی ئەمساڵ دا بە باشی دەردەکەوی جەوهەری ئەو سیاسەتەش بریتی‌یە لە ساز کردنی شەرعییەتی ئەخلاقی و سیاسی بۆ ڕابەرانی جیهانی سەرمایەداری پێش تر نموونەی بەخشینی خەلاتی سولح بە ڕێگان مان لە پال دەستی گورباچوف دا دیوە و ئەوەی ئەم دوایی‌یە لە ئوسلو نموونەیەکی تریەتی گفت و گۆکانی کۆنگرەی میللی ئەفریقا بە سەروکایەتی نیلسون ماندیلا و دەوڵەتی سپی پیستی ئەفریقای جنووبی بە سەروکایەتی فریدریک دیکلیرك لە ساڵی 1990 وە دەستی پی کرد و ئەمرۆکە گۆیا بەم بۆنەوەیە کە دامەزراوەی نوبل هەردوو لایەنی زالم و مەزلومیان وەکوو یەک خەلات دەکات ئەم گفت و گۆیانە ئاکامی دەیان ساڵ خەباتی بی پسانەوە کولنەدەرانەی میلیونەها ئینسانی چەوساوە و ئازادیخوازی ڕەش پیست بوو بە دەیان ساڵ بوو کە دیکلیرك و هاوەستەکانی لە دەزگای دەوڵەتی ڕەگەز پەرست دا بە زۆری سەروەت و پولیسی و بە زۆری سەرمایەکەیانەوە کە شیرەی گیانی کرێکاری ڕەش پیست بوو، یەکێک لە بی شەرمانەترین و هارترین سیستەمەکانی هەموو دەورەی سەرمایەداری لە جیهان یان بەرێوە دەبرد.

هەر ئێستاش دەوڵەتی سپی پیست و سەروکەکەی ئاغای دیکلیرك کە خەلاتی سولحی پی دەدری ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش هەست بەوە بکەن کە بزووتنەوەی جەماوەری ئەفریقای جنووبی دامرکاوەتەوە و ڕابەرانی سیاسی کۆنگرەی میللی ئەفریقا و نیلسون ماندیلا بە وەها بزووتنەوەیەکی جەماوەری پشت ئەستوور نێن، بۆ یەک ڕۆژیش گفت و گۆکان دڕێژی پی نادەن و بە بی هیچ ڕارایی‌یەک دەوڵەتی نەژادی لە ئەفریقای جنووبی سەر لە نۆی ڕیک دەخەنەوە.

فریدریک دیکلیرك نوێنەری سەرمایەداری سپی پیستی ئەفریقای جنووبی‌یە کە تێدەکوشی بە هەر ئەندازەیەک کە بتوانی، ئەمنییەتی سەرمایەداری سپی پیست، زەمانەتی سوود بەخشی لەمە بە دوای سەرمایەکانیان و هەر ئەندازە لە سیستم و دەسەلاتی دەوڵەتی پێشوو کە بۆی بکری هەموو ئەوانە، لە دوا ڕۆژی سیاسی ئەفریقای جنووبیش دا بپاریزی دیکلیرکی بە ناو ئاشتیخواز هەول دەدات ئەوەی کە تا دوینی تەنیا بە هێزی سەربازی و پولیسی و بە کۆشتن و بڕینی ڕاستەوخۆ دەیکرد، لەمە بە دوا لە ڕێگای دەسەلاتی سەرمایەوە کە ئەساسەن لە ژێر دەستی سەرمایەدارانی سپی پیست دایە تەئمینی کات دیکلیرك و دەست و پیوەندەکانی فەرماندەران و ڕێکخەرانی شەری خۆینماوی ناوخۆی ڕەش پیستەکانی ئەفریقای جنووبین کە لە دوو ساڵی ڕابوردوودا و لە جەنگەی وت ووێژەکاندا گیانی چەند هەزار ئینسانی ڕەش پیستی تێدا بووەتە قوربانی خەلاتی سولحی نوبل دەست خۆشانەیەکە بە نوێنەریکی بیرتیژتری ڕەگەز پەرستانی ئەفریقای جنووبی کە دەزانی لە هەل و مەرجیتازە دا چلون بەرژەوەندی، هاوچینەکان و هاوبیرەکانی بپارێزی!

دانی خەلاتی سولحی نوبل بە کەسێک کە لە هەموو ژیانی سیاسی ڕابوردووی خۆی دا یەکێک لە دەست و پیوەندە ئەسڵی‌یەکانی بەرێوەبەری حکوومەتی نەژادی لە ئەفریقای جنووبی بووە و ئەمرۆکە بە حوکمی خەباتیکی عادیلانە و جەماوەری کێشراوەتە پای وت ووێژ و ئاشتی، بی حورمەتی و تەوهێنیکی ئاشتی، بی حورمەتی و تەوهێنیکی ئاشکرایە بە وێژدانی ئینسانی ئازادیخوازی ئەم سەردەمە و شەریک کردنی نیلسون ماندیلا لەو خەلاتە دا دەغەلکاری‌یەکە بۆ شاردنەوەی ڕوالەتی ئەو بی حورمەتی‌یە!

ئاخۆ کەی کرێکارانی تورك و ئەرمەنی هاوپشتی دەورانی شۆڕشی ئۆکتوبر وەبیر دێننەوە؟

ئەری دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان هەروا بەردەوامە و خەبەرگوزاری‌یەکان گۆیی خۆیان لە ئاکامەکانی ئەو شەرە خەواندوە زیاتر لە 50 هەزار ئاوارەی ئازەربایجانی ڕوویان کردوەتە ئێران و لە سەرمای نزیک بە 20 دەرەجە ژێر سفری ناوچە سنووری‌یەکان بە کەمترین ئیمکان و پیداویستی ژیان زستانی لە ئوردووگای پەنابەراندا کوکراونەتەوە جگە لەوە بە سەدان هەزار ئاوارەی تر لەبەر دەستی هێزەکانی ئەرمەنی هەلاتوون و ڕوویان کردوەتە شوێنەکانی تری ئازەربایجان و لە هەل ومەرجێکی گەلێک سەخت تریش دا دەژین دەوڵەتی ئەرمەنستان دوای ئەوەی کە پینج یەکی ولاتی ئازەربایجانی هێناوەتە ژێر دەسەلاتی خۆی و لە سنووری‌یەکانی ئێران نزیک بووەتەوە، خەریکی خۆ قایم کردن و سەقامگیرکردنی دەسکەوتەکانیەتی تا ئێستا بە دەیان هەزار کەس ئینسانی تورك و ئەرمەنی لە شەریکی کۆنەپەرستانەدا، گیانیان لە دەست داوە پێشڕەوی ئەرتەشی ئەرمەنستان لە نێو خاکی ئازەربایجان دا کەرەسەی ئاژاوەیەکی درێژخایەنی نەتەوەیی و مەزهەبی لەو ناوچەیەدا پێکەوە ناوە کە بی گۆمان ڕووداوی بە دەیان قات سامناك تر و پر ئێش و ئازارتری لە کێشەکەی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەسەر ناوچەی ناگۆرنو قەرەباخ بە شوێنەوە دەبی.

شەری دژی ئینسانی ئەو دوو ولاتە لەوەوە دەستی پی کرد کە لە لایەکەوە دەولّەتی ئەرمەنستان حازر نەبوو ئەوە قەبوول بکات کە ژمارەیەك ئەرمەنی لەسەر زەوییەك بژێن کە لە ژێر دەسەلاتی دەولّەتیکی ئازەری دایە و لە لایەکی دیکەوە دەولّەتی ئازەری حازر نەبوو دەست لە خاکێکی ناموقەدەس هەلّبگری کە ئەرمەنی نشێنەو لە ناو خاکی ئازەربایجان دایە.

بە دەیان هەزار کوژراو، بە سەدان هەزار ئاوارە، بە سەدان هەزار بریندار، دەربەدەری و رەنجی میلیونەها خەلّکی زەحمەتکێش لە هەردوولا، هەمووی ئەوانە لە پێناوی پەرەپیدانی تەفرەقەی میللی و مەزهەبی لە نێوان ئازەری و ئەرمەنی دا، رووبان داوە و روو دەدەن دەولّەتی ئەرمەنستان لە گیژاوەی بوحرانی ئابووری خۆی دا کە خەلّکی ئەو ولاتەی تا سەر سنووری قاتی و لە برسا مردن بردوە، میلیون میلیون لە بژیوی خەلّکی ئەو ولاتە دەرفینی و دەیکاتە مەسرەف شەریکی کۆنەپەرستانە و لەولاشەوە دەولّەتی ازەربایجان لەسەر ئەساسی هەلّخراندنی هەستی ناسیونالیستی کێشەکانی ناخۆی دەزگا حکوومەتییەکەی چارەسەر دەکات و دەسەلاتی خۆی بەسەر خەلّکی ئەو ولاتە دا سەقامگیر دەکات ئەمەیە بەرهەمی دووبەرەکایەتییەکی نەتەوەیی و مەزهەبی کە بورژوازی ئەو دوو ولاتە ناوپانەتەوە و خەلّکی زەحمەتکێشی ئەو دوو ولاتەیان کە هاوچین و هاوچارەنووسی یەکترن لە بەرانبەر یەکتردا راگرتوە.

جێگای دەستی سیاسەتی دەولّەتانی ئەمریکا، تورکیە، رووسیە، ئێران لە نانەوە و لە خۆش کردنی ئاوری ئەو کێشە کۆنەپەرستانەیەدا بە ئاشکرا دیارە هەرکام لەم چوار دەولّەتە بە مەبەستیك هەول دەدەن لایەنیکی ئەو شەرە بەهێز کەن و بە هەرحاڵ رێگا بە دامرکانەوە و کۆتایی پێهاتنی نەدەن.

دەولّەتی تورکیە هاندەری ناسیونالیزمی تورکە و خەون و خەیالی پان تورکیستی بەو کێشەیەوە دەبێنی .

دەولّەتی ئێران ژەهری تعصبی مەزهەبی دەکاتە ناو ناکوکییەکانەوە و هەول دەدات لە هەمان کاتدا کە هۆشی بە نەقشەکانی دەولّەتی توریکەوە هەیە، رەنگی شەریکی مەزهەبی بە رووداوەکان ببەخشی تا جێگایەك کە بەکریگیراوی ئەفغانی کۆ دەکاتەوە و بە ناوی جێهاد رەوانەی جەبهەکانی شەری ئازەربایجان و ئەرمەنستانیان دەکات دەولّەتی ئەمریکا، نایەوی فورسەتی بە دەست هێنانی پایگایەك لە ناو جەرگەی ئالوزیەکانی ئەو ناوچەیە دا لە دەست بدات، خۆی لە هاومەزهەب مەسیحییەکانی بە نزیکتر دەزانی و بە هاندانی تاقمی ئەرمەنییەکانی ناو کۆنگرە و حکوومەتی ئەمریکا پشتیوانی لە ئەرمەنستان دەکات و لە هەمان کاتدا گۆشەی چاویکیش لە تورکیە و بەرژەوەندییەکانی دەکات بۆ ئەوەی دوستایەتییەکەی لەگەلّ ئەوانیش لاواز نەبێت.

دوولّەتی رووسیە کە لە درێژخایەندا دەولّەتی ئەرمەنستان وەکوو دوستیکی نزیکتر هەلّدەسەنگینی، هێزەکانی ئەرتەشی سووری جارانی زووتر لە وەخت لە ئازەربایجان بردە دەری و رێگای بۆ پێشرەوییەکانی دەولّەتی ئەرمەنستان خۆش کرد و لەو کێشەیەدا هەول دەدات لە پال سیاسەتی دەولّەتی ئەمریکادا بی.

بەم جۆرەیە کە لەسەر گیان و ژیانی ئینسانی ئەرمەنی و ئینسانی تورك کێشەیەك دروست بووە کە چکولەترین پەیوەندیکی بە بەرژەوەندی نێستا و دواڕۆژی هێچکامیانەوە نێیە و تەنیا بەرژەوەندی یەکانی سیاسی سەرمایەداران و دەولّەتەکانیان تێیدا دابین، دەبێت.

پێشرەوی ئەرتەشی ئەرمەنستان لە خەلّکی ئازەربایجان دا، ئەو برینانەی قوولتر کردوەتەوە کە ناسیونالیزمی هەردوولا لە پەیکەری خەلّکی ئەم دوو ولاتەیان داوە و کاری کرێکاری سوسیالیست لەو دوو ولاتەی _ کە نەفرەت لەو ناکوکییانە دەکات و بە دەسکردی حکوومەتی بورژوازیان دەزانی _ گەلیك دژوارتر کردوە بەلّام بە هەر حاڵ، ئەم برینانە دەبی سارێژ بکری و هاوپشتی و هاوپەیمانی کرێکارانیك کە رۆژێك لە رۆژان لەو دوو ولاتەش وەکوو باقی شوێنەکانی ئیمپراتوری رووسیەی تزاری شان بە شانی یەکتر تیکۆشەرانی بە سەرکەوتن گەیاندنی گەورەترین حکوومەتی کرێکاری لە جیهان دا بوون، زیندوو بکرێتەوە.

ئایا ئەمجارەش یەلتسین پارلمانی رووسیە دەداتەوە بەر توپ؟

هەلّبژاردنی نوێنەرانی پارلمانی رووسیە و ریفراندوم بۆ قانوونی ئەساسی تازەی ئەو ولاتە کە لە لایەن بوریس یەلتسینەوە ئامادە کرابوو، کۆتایی پی هات بە پێی ئەو هەوالانەی کە خەبەرگوزاریەکانی غەربی بلاویان کردوەتەوە قانوونی ئەساسی نویی رووسیە دەنگی 54٪ی بەشدار بووانی هێناوەتەوە و پەسند کراوە بەلّام لایەنگرانی یەلتسین، سەروك کۆمار، کەمتر لە 15٪ی دەنگیان هێناوەتەوە و ناسیونالیستە افراتیەکان بە نزیکەی 24٪ دەنگەوە لە سەرووی هەموو حیزبەکانی تردان و نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی رووسیاش نزیك بە 14٪ دەنگی پی دراوە باقی دەنگەکان بەسەر چەندین حیزب و گوروهی چکولەتر و بەسەر ئەو کەسانەی کەوا پەیوەندییان بە هیچ حیزب و رێکخراوەیەکەوە نێە دابەش بووە بەم جۆرە یەلتسین بە پێچەوانەی چاوەروانی خۆی لە پارلمان تووشی شکستیکی گەورە بووە.

هەر دوو مانگ لە مەوبەر بوو کە یەلتسین و داروەدستەکەی پارلمانیان لەبەرئەوە دایە بەر توپ و حەمامی خۆینیان خستە ری چونکە زۆربەی ئەندامانی پارلمان دژی ئەوان بوون، ئێستا و پاش ئەو هەموو جینایەت و بی ئابرووییە، بە ئەنجامی هەلّبژاردنەکەی دوێنی، دووبارە گەراونەتەوە سەر جێگای هەوەلّی خۆیان.

بە پێی قانوونی ئەساسی تازەی رووسیە، دەسەلاتی سەرەك کۆمار زیاد بووە، مافێ هەلوەشاندنەوەی پارلمانی لە هەر کات دا کە بیەوی پی دراوە دەورەی پارلمانیش لە چوار ساڵەوە بووەتە دوو ساڵ و یەلتسین هەر بە پێی ئەو قانوونە هەتا ساڵی 1996 یانی سی ساڵی تریش دەتوانی لەسەر حکوومەت بە پێی قانوونی ئەساسی تازە، ماف و دەسەلاتی کۆمارەکانی خودموختاری رووسیە کەم بووەتەوە و لەمە بە دوا دەزگای ئیداری رووسیە مەرکەزیەتێکی زۆرتر پەیدا دەکات هەر بۆیەش چەند کۆماریکی خودموختار بە تیکرا ئەو هەلّبژاردنەیان تەحریم کرد و بەشداریان تێدا نەکرد و لە باقی شوێنە خودموختارەکانی تریش کە بە تەواوی تەحریم نەکرا بوو بە ژمارەیەکی زۆر کەم دەنگیان داوە چەند کۆماریکی خودموختار رایانگەیاندوە کە فەرمانەکانی دەولّەتی مەرکەزی کە بە پێی ئەو قانوونە دەردەچن بەریوە نابەن.

ئەوەی کە جێگای سەرنج و ئەهمییەتی زۆرە ئەو راستیەیە کە نزیك بە نێوەی ئەو کەسانەی کە مافێ بەشدار بوونیان لەو هەلّبژاردنەدا بووە بەشداریان نەکردوە و دەنگیان نەداوە.

بۆ ناو نووسینی بەشداری بوونی کاندیداکان لە هەلّبژاردن دا رۆژانیك دیاری کرا بوو کە لە رووسیە بە بۆنەی پەلامار بۆ سەر پارلمان حاڵەتی نائاسایی راگەیەندرا بوو بەشێکی زۆر لە موخالیفانی یەلتیسن خۆیان شاردبووەوە و ژمارەیەکیان لە زیندان دا بوون رۆژنامەکانی موخالیف بە تەواوی داخرابوون یا لە ژێر سانسوریکی توند دا دەردەچوون لە وەها وەزعیك دا ماوەیەکی یەك هەفتەیی بۆ ناو نووسینی کاندیداکان دیاری کرابوو هەمووی ئەوانە بۆ ئەوە بوو کە رێگا بە نوێنەرانی موخالیف نەدری بچنە ناو پارلمانەوە بە هەمووی ئەو تەگبیرانەوە کە لە لایەن داروەدستەکەی یەلتسینەوە کرا تەنیا کەمتر لە 15٪ی ئەو نێوەیەش کە بەشداریان کردبوو دەنگیان بە لایەنگرانی یەلتسین داوە، یانی لە راستی دا دەکاتە نزیك بە 7٪ی هەموو ئەو خەلّکەی کە مافێ بەشداری کردنیان لە هەلّبژاردن دا هەیە و بەم وەزعەوە بەسەر رووسیەدا حکوومەت دەکەن لیرەدایە کە رادەی مەسخەرە بوونی دیموکراسییە پالمانییەکەیان بە باشی دەردەکەوی ئەوە هەر ئەو دیموکراسییەیە کە ولاتانی غەربیش پشتیوانی لّی دەکەن و چەند هەزار نوێنەریان ناردبوو بۆ رووسیە کە زەمانەتی بەریوەچوونی "ئازادانە" و رێك و پێکی، بکەن.

خەلّکی رووسیە ئەمرۆکە لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتیك دا دەژین کە رێگا و شوێنی سیاسییەکەی نەك لە پارلمانی رووسیەدا بەلّکوو بە وەسیلەی سندووقی بین المللی پوول دیاری دەکری ئەگەر ئەمنییەت لە خەلك هەلگیراوە و رۆژ نێە بە دەیان کەس لە شەقام و کۆلانەکانی موسکودا، لە رەقابەتی مافیان رووسی دا نەکوژرین، ئەگەر فرۆشگاکان چۆلّن و سەفەکان دوور و درێژن و خەلّك برسین، ئەگەر پارلمان دەدرێتە بەر توپ و نوێنەرانی هەلّبژادە قەلاچو دەکرین، هەموو ئەوانە پیویستییەکانی دامەزراندنی دیموکراسی بازاری ئازادن و سیناریوی شانویەکن کە بانکی جیهانی و سندووقی بین المللی پوول بۆ خەلّکی رووسیەیان دارشتوە.

هەموو ئەوانەی کە لە هەلّبژاردنی ئەم دولایەدا سەریان لە سندووقەکانی رەئی هێناوەتە دەری و خەبەرەکەی راگەیەندراون داروەدستەکانی جۆراوجۆری ناسیونالیستی رووسین، ئەوانەی کە خەونی هەلّگەراندنەوەی عەزەمەتی دەورانی رووسیەی تزاری دەبێنن و دەنگیان لە سەرووی ئەوانی ترداید، ئەوانەی کە بە ناوی کۆمۆنیستەوە حەسرەتی رۆژانی دەسەلاتی رووسیە بەسەر کۆمارەکانی شوورەوی و رەقابەتی دەورانی شەری سارد لەگەلّ ئەمریکا دەخۆن، بە یەلتسین و داروەدستە مافیاییەکەیەوە کە بە سوالکەری لەبەر دەرگای دەولّەتانی رۆژئاوادا "غەروروری میللی رووسیان" بریندار کردوە!، هەمووی ئەوانە ئەمرۆکە بەرهەمی بوحرانیکی قوولی سیاسی و ئابووریں کە رووسیەی داگرتوە و لە هەل و مەرجیك کەلّك وەردەگرن کە کرێکاران لە مەیدانی خەباتی سیاسی کشاونەتەوە نەبوونی بەدیلیکی سیاسی و کۆمەلّایەتی سوسیالیستی کە نەك وەبیرهێنەرەوەی حکوومەتی پێشوو بەلّکوو رێگا نیشاندەری ئاسویەکی نوی بی، چینی کرێکاری نیسبەت بە چارەنووسی دەسەلاتی سیاسی لە رووسیە دا بی تەفاوەت کردوە.

بەلّام بی گۆمان ئەو وەزعە هەر وا نامێنی چینی کرێکاری رووسیە ئەگەر ئەمرۆش راستەوخۆ نەیەتە مەیدانی ئەو کیشمەکیشە سیاسییەی کە ناسیونالیستەکان خستوویانەتە ری، ناچارە بۆ دیفاع لە بەریچوون و ژیانی، تەکانیکی جیددی بە خۆی بدات، رێکخراوە جەماوەرییەکان سەر لە نوێ زیندوو کاتەوە و رێگا نەدات کە نوێنەرانی سندووقی بین المللی پوول و سەرمایەدارانی تازە پێگەیشتوو سەما بەسەر سنگیەوە بکەن!

فشارەوە بە کەم کردنەوەی قیمەتی نەوت هەتا بۆشکەی 11دولار شەریکی نەخوازراومان بە سەردا سەپاوە..."

وە لە جوابی پرسیاریکی تردا دەلّی:

"دلنیابن کە قیمەتی نەوت ئەگەر بگاتە بۆشکەی 10دولاریش هیچ گیروگرفتیکمان بۆ دروست نابی! حیسابیك کە بۆ دەرامەدی نەوت کردوومانە، دروست بووە دەولّەت بە تەواوی کۆنترولی بازاری لە دەست دایە!.."

رەفسەنجانی ئێتر کاری بەوە نێە کە لە بودجەی ساڵی 1372دا حیسابی 22 دولاریان بۆ هەر بۆشکەیەك کردبوو نەك 10دولار!

وەسەرەنجام لە وەلامی پرسیاریکی تردا سەبارەت بە تەئسیری ئەو وەزعە لەسەر قیمەتی ئەرز و گرانی دەلّی:

"چوونە سەرێی قیمەتی دولار بە هۆی شایەعەی دەلاّلانی ئەرزەوە بووە و زۆرتر حاڵەتی رەوانی هەیە!..."

ئەم قسانەی رەفسەنجانی بەرلەوەی کە تەبلیغات و پاکانە بۆ رژیم بی، بەرلەوەی کە لێکدانەوەی وەزعی ئابووری و شتی تری لەو نەوعە بی، نیشاندەری وەزعی رەوانی خودی رەفسەنجانییە لە بەرەو روو بوونەوەی لەگەلّ وەزعی تازەدا.

حاڵەتی رەوانی بازار یا حاڵەتی رەوانی رەفسەنجانی؟

شەپولێکی تازە لە گرانی هەموو ئێرانی داگرتوە و مەسەلەکە لەوە جێددی تری کە کاربەدەستانی رژیمیش هەول بدەن بێشارنەوە و هەر بۆیە ئەم رۆژانە ئێتر زۆربەیان بەبی هیچ پیچ و پەنایەك قسە لە بوحران دەکەن و سەر لّی شێواوی بە تەواوی پی‌یانەوە دیارە رێك لە گەرماو گەرمی ئەو وەزعەدا، رەفسەنجانی لە جەلەسەیەکی وەلام و پرسیار لەگەلّ خوێندکارانی دانیشگای بەهەشتی دا لە رۆژی 28ی مانگی سەرماوەز چەند قسەیەکی کرد کە نەك هەر لەگەلّ هیچ کام لە لێکدانەوەکانی کاربەدەستانی تری رژیم نەدەهاتەوە، وە نەك لەگەلّ قسەکانی پیشووی خۆشی ناتەبایی هەبوو، بەلّکوو تەنانەت لەگەل ˇ ئەو قسانەش کە هەر لەو رۆژەدا و لەو کۆبوونەوەیەدا کردی، یەکیان نەدەگرتەوە!

ئەم بی سەرەو بەرەیی‌یە لە قسەکانی رەفسەنجانی دا بیگۆمان نیشانەیەکی زیندووی ئالوزی و سەرلی شێواویەکە کە بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووری تووشی هاتوون.

رەفسەنجانی لە سەرەتادا لە جوابی پرسیاریك دا لەسەر وەزعی ئابووری خۆیان دەلّی: "دنیای ئیستکبار هەول دەدات بە کەم کردنەوەی قیمەتی نەوت، بمانخاتە ژێر

پاشماوەی گوزارشیك لە ئیعتیرازیکی سەر کەوتووانە

_سەعت کاری رۆژانە دەبی دیاریکراو بی و لە 8 سەعات زیاتر نەبی.

_ رۆژانی جۆمعە و تەعتیلی تر کار ناکەین و حەقدەستی ئەو رۆژەشمان دەبی پی بدەن

_ حەقدەستی رۆژانەمان _هی هەموو کرێکارەکان_ دەبی زیاد بکری.

_ نابی هیچ کرێکاریك لەسەر کار دەربکری، ئەگەر هاتوکرێکاریك اخراج کرا، ئێمە هەموومان پێکەوە دەروین.

_ سرویسی هات و چۆمان بۆ دابنری.

موهەندیس کاتێك چاوی بە داواکانمان کەوت، بەر لە هەموو شتێك وتی، باشە، بۆچی وەستاون؟ لەوە دەچی شوێنی کارەکەتان نەزانن کۆیە!

موهەندیس کە چاوەروانی ئەو حەرەکەتەی ئێمەی نەدەکرد بە راستی دەتوت چاوی چووەتە توقی سەری! بە تووڕەیە وتی:

" بەم شێوەیەی وا تا ئێستا کارتان کردوە کار بکەن، هەر کەس کار ناکات خواحافیزی بێت!" ئێمەش هەموومان وتمان، حەقدەستی ئەو ماوەیەی وا کارمان کردوە پیمان بدەن، دەروین" کارفەرما وتی: باشە پێتان دەدەین، چەند کرێکاریکی ناو برد و پێی وتن: "ئێوە حەقتان نەبی، بچنەوە سەر کار، حیسابی ئێوە جودایە ناهێلین ئێوە لە ئێمە دلّگیر بن!"

ئەمانیش ئازایانە جوابیان داوە:

"هەموومان پێکەوەین"

"ئێوە ئێستا دەست بەکار بن من تا ماوەیەکی دیکە جوابتان پی دەدەمەوە".

ئێمە وتمان: "ئەو ماوەیە چەند دەخایەنێت"؟

وتی: "10 تا 15 رۆژ" قەبوولمان نەکرد و وتمان:"تا دوو رۆژی دیکە چاوەروان دەبێن ئەگەر تا دوو رۆژی دیکە جوابمان نەدەیتەوە، کار تەعتیل دەکەینەوە". هەرچی هەولّی دا کە ئەوە کەمە، لە قسەکەی خۆمان نەهاتینە خوارەوە و بە ناچار قبوولی کرد.

دوای دوو رۆژ هاتەوە بۆ لامان و پێی راگەیاندین کە:

_ تا چەند رۆژی تر وەسیلەی هات و چونتان بۆ پەیدا دەکەم.

_حەقدەستەکانتان 20٪ زیاد دەبی.

_رۆژی 8سەعات کاری رەسمیتان بێت، لەوە زیاتر بە ئیزافە کاری بۆتان دەنووسری و سەری مانگ پێتان دەدەین. جومعەش تەعتیل بی.

ئەو رۆژە ئیوارەکەی، دوای تەواو بوونی ریك 8 سەعات، دەستمان لە کار هەلّگرت و بە گۆرانی و چەپلەریزان بەرەو شار گەراینەوە.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 47 january: 1994

دەستدرێژی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر پەنابەرانی ئێرانی

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە تورکیاوە دەگەن دەسدرێژییەکانی پولیسی ئەو ولاتە بۆ سەر گیانی پەنابەرانی ئێرانی هەروا درێژەی هەیە و بەردەوام روو لە زیاد بوونە پێشتر ژمارەیەك لە هەڵسووراوانی سیاسی ئێرانی کە وەك پەنابەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تورکیا بوون، لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە درابوونەوە بە دەوڵەتی ئێران بە پێی هەواڵەکان ئەو هیرشە هەروا درێژەی هەیە و نیگەرانییەکی زۆری لە ناو کۆمەڵی چەند هەزار کەسی پەنابەرانی ئێرانی لە تورکیا _ کە لە لایەن دەزگای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەو ولاتە ناو نووسی کراون _ پیکهێناوە هەواڵەکان وا دەگەیەنن کە لە حەوتووی کۆتایی مانگی دیسامبری ساڵی 1993 دا 12 پەنابەر لە سنووری ئێران و تورکیا تەحویلی وزارەتی اتلاعاتی ئێران دراونەتەوە دوای ئەوەش چەند پەنابەریکی تری ئێرانی، لە ئانکارا و چەند شاری تری تورکیا ون بوون و مەترسی ئەوەیان لیدەکری کە لە لایەن پولیسی تورکیاوە گیرا بن بۆ ئەوەی تەحویلی جمهووری ئیسلامی بدرێنەوە.

دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات لە پەیوەند لەگەڵ ئەم رووداوانە دا چەند تیلیکسیکی تایبەتی بۆ سەلیبی سووری جیهانی و کۆمیسیاریای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەووە یەکگرتوەکان UNHGR لە ژنیف و رێکخراوی ئەمنستی لە لەندەن و دەفتەرەکانی سەلیبی سوور و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئانکارا و لە ولاتانی

ل3

یادی رابەری گەورەی پرولیتاریا، لینینی مەزن و نەمر، پیرۆزە

70ساڵ پێش ئێستا لە رۆژی 21ی ژانوویەی ساڵی 1924 واتە 1ی ریبەندانی 1302، لینین رابەری گەورەی چینی کرێکار بۆ هەمیشە چاوی لیک ناو مال ئاوایی لی کردین.

لینین 54 ساڵ ژیاو سەرجەمی ژیانی پر بایەخی خۆی لە پیناو رزگاری چینی کرێکار و تیکرای کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا تەرخان کرد. زنجیرەی کار و هەڵسووران و تیکۆشانی شیلگیر و بە برشتی، تەنانەت بۆ ساتیکیش تووشی وەستان نەهات لینین وەك دوژمنیکی لە ئاشتی نەهاتووی سیستمی بی دادگەرانەی سەرمایەداری و هەر جۆرە نابەرابەری و چەوسانەوەیەك، رابەری ماندوویی نەناسی ئەم رێگایە بوو.

چینی کرێکار رووسیە لە کۆتایی سەردەی 19 و سەرەتای سەدەی 20 دا بە گەرمی هاتە مەیدانی خەباتی چینایەتی لینین وەك رابەریکی پێشرەو شۆڕشگێری ئەم چینە، دەریخست کە کۆمەڵگای رووسیە، کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریە و تەنیا چنی کرێکار وەك چینیکی شۆڕشگێر دەتوانی و لە دەسەلاتی دا هەیە گۆڕی سەرمایەداری هەلکەنی بەم جۆرە ئیدیعای نازانستیانەی ئەو تاقمانەی بە درو دەخستەوە کە دەیانوت کووردووی جۆش خواردووی خەباتی چینایەتی لە گوندەکانەوە دەتەقیتەوە هەروەها بەرپەرچی هەمو ئەوانەی دایەوە کە دەیانوت کرێکار دەبی تەنیا لە مەیدانی ئابووری دا دەنگ هەلبرن و داوا ئابووریەکانیان گەلاڵە بکەن و چ کاریان بەسەر دەسەلاتی سیاسییەوە نەبی لینینی مارکسیست بە هەمو تواناوە لە بەرامبەر نەیارانی جوولانەوەی کرێکاری وەستاو رایگەیاند، رزگاری کۆمەڵگا و تیکرای بی بەشانی کۆمەڵ تەنیا کاتیک بە کردەوە دەردیت کە چینی کرێکار سیستمی سەرمایەداری بروخینی و بۆ خۆی دەسەلات بە دەستەوە بگری.

لینین، نەخشیکی بەرچاوی لە دامەزراندنی حیزبی پێشرەوی چینی کرێکار لەسەر ئەساسی مارکسیزم گیرا. حیزبیك کە بە یەکخستن و کۆکردنەوەی هەڵکەوتووترین رابەرانی جوولانەوەی کرێکاری توانی لە هەل و مەرجی جۆراوجۆردا هەنگاو بە هەنگاو جوولانەوەی کرێکاری تا سەرکەوتن رینوینی بکات کاتی شەری یەکەمی جیهانی دەستی پیکرد، لینین لی براوانە داوای لە هەمو کرێکارانی جیهان کرد رێزی سەربەخۆی چینایەتی خۆیان بپارێزن و نەکەونە داوی شەریکی مالویرانکەری جیهانی کە سەرمایەداری لە هەلپەی دەست بەسەرا گرتنی ئیمکاناتی زیاتری جیهانی و رفاندنی نیچیر لە یەکتر، سازیان کردوە هەروەها رایگەیاند کە دەبی هەموو کرێکارانی جیهان لە پیناو رووخان و نەهێشتنی سیستمی سەرمایەداری یەك بگرن لینین لە بەرامبەر ئەو بە چوك داهاتووانەی کە دەیانوت: کرێکارانی هەر ولاتیك دەبی بچیتە پال بورژوازی ولاتی خۆیان و بەشداری شەر بکەن، وەستاو بە بی رارایی راگەیاند: تەنیا ئەرکی چینی کرێکاری شۆڕشگێر لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا رووخانی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەلاتیکی کرێکاری و سوسیالیستییە.

پاش رووخانی رۆژیمی تزاری، لە حاڵیکدا کە بورژوازی تازە بە دەسەلات گەیشتوو دەستی خستبووە بینەقاقای شۆڕش و خەریکی تاساندنی هێزە شۆڕشگێرەکان بوو لینین، کرێکاران و زەحمەتکێشانی بۆ درێژەدان بە رەوتی شۆڕش و بە دەستەوە گرتنی دەسەلات، هان دەدا لینین بە کەڵك وەرگرتن لە گەنجینەی زانیاری مارکسیزم و توانای داهێنەرانەی خۆی ئەم باسە گرینگەی گەلاڵە کرد کە مەسەلەی بنەرەتی لە هەر شۆڕشیك دا بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسییە دەبی کرێکاران بەردەوام درێژە بە شۆڕش بدەن و دەسەلاتی دەوڵەتی سەرمایەداری تێك بشکینن.

لینین پاش شۆڕشی ئوکتوبریش، کرێکارانی بۆ سەقامگیرکردنی بناغەکانی دەسەلاتی کرێکاری رابەری دەکرد و بە دارشتنی قەوارەی ئنترناسیونالی سییەم بواریکی زیاتری بۆ هاوکاری کردنی پێشرەوانی کۆمۆنیست و جوولانەوە کرێکاریەکان لە ولاتانی دیکە کردەوە و هەولی دا کەندولەندی رێگای سوسیالیستی جیهانی نەهێلی.

ئەگەر سەرهەڵدانی مارکسیزم وەرسووڕانیکی بنەرەتی و خاڵی وەرچەرخانیکی سەرەکی بوو لە میژووی زانست و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دا، بەحەق دەتوانین بڵێین لینین و کار و فیرکراوەکانی لینینیش گرنیگییەکی یەکجار زۆریان هەیە بۆ شۆڕشی سوسیالیستی و جوولانەوەی کرێکاری ناوی لینین و خزمەتەکانی بە جوولانەوەی کرێکاری بۆ هەتایە زیندوو و نەمر دەمێنیتەوە.

لە خۆرا نیە کە سەرمایەداری جیهانی هەموو رق و تووڕەیی خۆی ئاراستەی مارکس و لینین دەکات و کەف هەڵدەچەرینی و بە سەدان میلیون دولار بۆ بەراوژوو کردن و پووچەل کردنی تیوری شۆڕشی سوسیالیستی و کویر کردنەوەی ناوی مارکس و لینین خەرج دەکات بەڵام ئەگەر توانییان حاشا لە واقعییەتی رۆژ و گەرمی خۆر بکەن، ئەگەر توانییان رەوتی رەورەوەی مێژووی بەرەو دوا بگەرینەوە، ئەوا مەرگی مارکس و لینین و شۆڕشی قوولی کۆمەڵایەتی و نەمانی خۆڕیش، دەبێنن.

بورژوازی چیو لە تاریکی دەکوتی و پێی وایە ئەگەر پەیکەرەکانی لینین لیرەولەوی بخاتە خوار، یان جی گۆڕکی بە تەرمەکەی بکەن، ئەوا ناوی رەش دەبێتەوە و لە گیچەلی لینین و بیروباوەرەکەی رزگاریان دەبی و سەر دەکەنە سەرسەرینی ئاسوودەیی بەڵام باش بزانن ئیدەی لینین و خەباتی چینایەتی و مەرگی لە چار نەهاتووی سەرمایە وەك خۆر، وەك دەریا، وەك سروشت راستییەکی حاشا هەڵنەگرن و هەتا رۆژیك گەرای چەوساندنەوە مابی، ناوی لینین و بیروباوەری شۆڕشی کرێکاری نەمر و زیندوو دمینیتەوە.

گوزارشێکلە ئیعتیرازیکی سەر کەوتووانە

لەبەر پاراستنن ئەمنییەتی ئەو هاوریەی وا ئەو گوزارشەی بۆ نارد‌ووین. چەند دەستکاریەکی دیاریکراومان تێدا کردوە.

ئێمە کۆمەڵیك کرێکاری شیرکەتیکی جادەسازی لە دەروبەری کرماشان بووین کە لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵەوە پرۆژەیەکی ئوستانداری بە کۆنتەرات هەڵگرتبوو. بەیانیان سەعات 5ر7 دەچێنە سەر کار و هەتا سەعات 8ی ئێوارە و جاری واش هەیە هەتا سەعاتی 9 کار دەکەین لەبەر ئەوەی پەیمانکاری شیرکەت زەختی لەسەرە کە کارەکی زوو تەواو کات، هەر هەفتەیەی رۆژێکیش دەبی هەتا سەعات 12ی شەو کار بکەین هەقدەستی کرێکارەکان هەمووی وەکوو یەك نێە ئەو کرێکارانەی کە کاری فەننی دەکەن زۆرتروەردەگرن و کرێکاری سادە کەمتر کەمترینی 500 تمەن و زۆرترینی 1200 تمەن لە رۆژدایە هەموو کەس دەزانی کە هیچ کام لەم حەقدەستانە خانەوادەیەکی پر خیزانی پی بەری ناچی.

ئەگەر کرێکاریك یەك رۆژ بە بۆنەی نەخۆشی یان هەر شتێکی تر غایب بی، حقووقی ئەو رۆژەی پی نادەن و ئەگەر کرێکاریکی سادە بی، بە ئاسانی کەسێکی تر لە جێگای دادەنین و بەم جۆرە دەری دەکەن .

ماوەیەك لەوەپێش کرێکاریك بە هۆی هەڵگرتنی کیسەیەك سیمان پشتی ئازاری پی گەیشت و هەر لە جێگاکەی خۆی کەوت و نەیتوانی راست بێتەوە. موهەندیسی پەیمانکار چووە سەری و پرسی: ها! چەیە؟ ئەویش لە وەلام دا وتی: نازانم! ئەو کیسە سیمانەم بار کرد، پشتم زۆری وی کەوت و هەرچەند هەول ئەدەم پشتم راست نابێتەوە موهەندیس پێی وت، ئەگەر ناتوانی کار بکەیت بچورەوە بۆ مالەوە بەڵام سبەینی دەبی بێیتەوە، ئەگەریش بەیانی نەیەوە کەسیکی تر دەنیینە جێگات ئەم هەژارە بە کوورە کوور بەرەو مال وەری کەوت و بۆ ماوەی 3 رۆژ نەهاتەوە کاتێك هاتەوە کری کارێکی تریان لە جێگای دانابوو موهەندیس پێی وت، ئەوا کەسێکی ترمان لە جێگای تو داناوە، دەتوانی خۆت بچی دەری بکەی و لە جێگای ئەو کار بکەی کرێکارەکە زۆر بەو قسەیەی موهەندیس تێکچوو بە دڵ پریەوە وتی:" بەخوا، لە برسانیش بمرم هیچی لە تەکا نایژم" و رویشت و شیرکەتی بەجی هێشت.

خەرجی هات و چو لەسەر خۆمان بوو شیرکەت حازر نەبوو کە سرویسی تایبەت بۆ ئەو کارە دابنی کری‌ی کەم، کاری سەخت، مەترسی رەفتاری ناشیرینی موهەندیس، نەبوونی سرویسی هات وچو، ئیزافەکاری، هەمووی ئەوانە بە راستی، هەموومانی وەگیان هێنا بوو موهەندیس فشاری لەسەر بوو کە ئەم کارە بە 6 مانگ تەحویل بدات و ئەوەش فشارەکەی بۆ ئێمە دەهێنا هەموو دەمانزامی کە کاتی ئەوە هاتوە دەنگمان بەرز کەینەوە و کارێك بکەین نێگەرانی ئەسڵی، مەترسی اخراج بوو دوو کرێکاری پیرمان بوو دەیانوت ئێوە جەوانن لە هەموو شوێنیك دەتوانن کار پەیدا بکەن بەڵام ئێمە کەسی تر رامان ناگریت هەلبەت مەعلووم بوو کە موهەندیس ناتوانی هەموو کرێکارەکان اخراج کات، چونکە بۆی ئاسانیە رانندەی گریدەرو لودیر و هەزار خەرواری و تەعمیرکار و کرێکاری شارەزای کاری ئەسفالت و لەم نەوعەی بۆ پەیدا نابێتەوە و تەنیا هەرەشەکەی لەم بارەوە رووی لە کرێکارە سادەکان دەبی.

رۆژیك لە کاتێکدا کە هەموومان لە ئوتوبوسیك دا بەرەو شار دەگەراینەوە، مەسەلەی ئیعتیراز و مانگرتن هاتە گۆڕی کرێکارە فەننییەکان هەرلەوی بەلینیان بە هەمووان دا کە شەریکی وەها ئیعتیرازیك دەبن و پشتی باقی کرێکارەکان بەر نادەن ئێتر کار تەواو بوو هەمو دەمانزانی کە موهەندیس زۆر بە دەربەستی ئەوەوەیە کە کارەکەی بە 6مانگ تەواو کات چەند جار بە خۆمان وتبوو کە ئوستاندار هەرەشەی لێ کردوە "دەستووری سەرەوەیە دەبی سەری وەخت کارەکە تەواو بی".

لە بەیانی ئەو رۆژەوە لیرە و لەوی داخوازەکانمان بە گۆڕی موهەندیس گەیشت:

رۆژانە 8 سەعات زیاتر کار ناکەین، حەقدەستمان دەبی زیاد کەن، نابی هیچ کەسە لەسەر کار دەرکەن، سرویسی هات و چۆمان پیویستە".

موهەندیس دەچوو لای یەکەیەکی کرێکارە فەننییەکان و هەولی دەدا دلخۆشییان داتەوە پێی دەوتن" ئێوە حەقتان چییە بەسەر ئەو قسانەوە؟ چیتان پیوست بی بۆتان جی بەجی دەکەم باش کار بکەن با ئێشەکە زووتر تەوا بی". هەولی موهەندیس بۆ تەفرەقە خستنە ناو کرێکارەکان سوودی بۆ نەبەخشی! رۆژی دوایی هەموومان دەستمان لە کار هەڵگرت و خالەکانی داواکاریەکانمان دیاری کرد 3 کەسمان چووینە بەرەو و بەم جۆرە تەسلیمی موهەندیسمان کرد:

ل7

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 48 | ڕیبەندان _1372 | فوریە_ 1994

پێویستی حیجاب لە ڕوانگەی ژنێکی حیزب اللهی‌یەوە

لە ڕۆژانی سەرەتای ئەم مانگەدا خانمی شەهلا حەبیبی ڕاوێژکاری ڕەفسەنجانی لە کاروباری ژنان دا وت و وێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی چاپی هیندوستان کرد و تێیدا لە ڕوانگەی خۆیەوە جوابی بە چەند مەسەلەیەکی مەربووت بە وەزعی ژنان لە ئێران دایەوە. خانمی حەبیبی لە جوابی خەبەرنیگارەکەدا کە دەپرسی ئێوە بۆچی ئەوەندە لەسەر حیجاب بۆ ژنان پی دادەگرن و ئەو پی داگرتنەی ئێوە جواب بە چ مەسەلەیەکی ئەمڕۆی ژنان دەداتەوە؟ دەڵی:

"حیجاب وەسیلەیەکە بۆ پارێزگاری لە عیفەتی ژن، ژنان بەمجۆرە خۆیان لە ناپاکی دەپارێزن، ژنانی ئێران شانازی بە حیجابەکەیانەوە دەکەن.

ئەم جۆرە دەلیل هێنانەوەی خانمی حەبیبی لە لایەکەوە تەوهین و بی حورمەتی‌یە بە هەموو پیاوانی ناو کۆمەڵ کە گویا دەبی ژنان لە دەسرەس و لە چاوی تەماعیان بپارێزرین و لە لایەکی ترەوە نیشاندانی ژنانە وەکوو کۆمەڵێک ئینسانی بی دەسەلآت و بی ئیرادە. گویا ژنان تەنیا بە خۆشاردنەوە و خۆ پێچانەوە لە ناو زیندانی ڕەشی چارەشیو و حیجابدا دەتوانن لە چنگ پەلاماری چاو و دەستی ئەم و ئەو دەرباز بن! ئەمەی کە خانمی حەبیبی کۆنەپەرست نیشانی نەدا ڕوالەتی کۆمەڵگایەکی ئینسانی نیە، ئەمە ڕوالەتی جەنگەلە و ئەو نیگەرانیانەی کە ئەم خانمە حیزب اللهی‌یە دەری دەبڕی بەر لە هەر شتێك ئەوە نیشان دەدا کە ئەرزشی ئینسان لە مەنتقی جمهووری ئیسالادا تا چ ڕادەیەك دێتە خوارێ.

ل2

هێرشی هەوایی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر کوردستانی ئێران و عێراق ناتوانی ناکامیەکانی دەوڵەتی تورکیە بشارێتەوە.

هێرشی ئاسمانی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر چەند شوێنێك لە کوردستانی ئێران و عێراق، چەند سەد کیلومیتر دوورتر لە سنووری‌کانی تورکیە، مەیدانی شەری دەوڵەتی تورکیەی لە دژی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لەوەی کە تا ئێستا بووە بەرفراوانتر کردەوە. لەم هێرشەدا بۆ یەکەم جار ژمارەیەك لە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی سنووری لە ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی ئێرانیش کەوتنە بەر پەلاماری ئەرتەشی تورکیە و گیانیان لە دەست دا. هاوکات لەگەڵ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی ئێران و عێراق، فروکەکانی ئەرتەشی تورکیە هێرشیان بردەوتە سەر شوێنە سنووری‌یەکانی تورکیە و سووریەش و بومبارانیان کردوە. سەرەك وەزیری تورکیە چالاکی سەربازی ئەم چەند ڕۆژەی ئەرتەشی تورکیەی بە یەکێك لە قوناغە گرینگەکانی شەری ئێستایان لە کوردستان لە قەڵەم داو دووپاتی کردەوە کە ئەم سیاسەتە درێژەی دەبی.

دەوڵەتی تورکیە لە هەلومەرجێکدا دەستی داوەتە پەرەپێدانی شەری کوردستان کە لە گێژاوەی بوحرانێکی قوولی ئابووری، سیاسی و دیپلوماتیکدا گرفتارە و بۆ ڕزگاری خۆی دەست و پی دەکوتی و سیاسەتەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی‌تر دیاری دەکات. چاوخشانێك بەسەر ناکامی‌یەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی تورکیە لە یەك سالّی ڕابوردوودا، هۆیەکانی واقیعی سەرلێشیواوی سیاسی دەوڵەتی ئەم وڵاتە دەردەخات.

– بوحرانی ئابووری سەرتاپای ئەم وڵاتەی داگرتوە. ڕێژەی بێکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیاد بوونە، تەوەروم گەیشتوەتە ڕادەی 70٪ و گرانی پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ژیان برستی لە خەڵکی زەحمەتکێش بڕیوە. چینی کرێکاری تورکیە دەنگی نارەزایەتی و ئیعتیرازی لە دژی ئەم وەزعە بەرزبووەتەوە و مانگرتن و خۆپێشاندانی کرێکاری، بەردەوام لە شارە گەورەکان و شوێنە پێشەسازی‌یەکاندا لە ئارادایە. دەوڵەتی تورکیە لانی کەم 50 میلیارد دولار قەرزدارە و سەرچاوەکانی دەرامەدی ئەم دەوڵەتە بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە بەردەوام ڕوو لە کزیە. گەماڕوی ئابووری عێراق و وشك بوونی سەرچاوەکانی داهاتی تورکیە لە نەوتی عێراق و لە بازرگانی کردن لەگەڵ عێراق، دەوڵەتی تورکیەی خستوەتە ژێر فشارەوە و یارمەتیەکانی دەرەوە نەیانتوانیوە جێگاکەی پر بکەنەوە. ئەمە یەکەم ناکامی دەوڵەتی تورکیە لە سالّی ڕابوردوودا.

لە ناوخۆی کۆمەڵگای تورکیە و بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستان، دەوڵەتی ئەم وڵاتە هەول دەدات نیشانی بدات کە خۆی لە بابەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و بە شێوەی دیموکراسی پارلمانی ئەوان ڕێکخستوە، کەچی لە ژێر ڕوالەتی دیموکراسی‌دا، دیکتاتوری و تیرۆری دەوڵەتی بە ڕادەیەکی بی سنوور پەرەی سەندوە و ئەمنییەتی لە ژیانی ڕۆربەی هاووڵاتیانی تورکیە هەڵگرتوە.

←

بە یادی هاوری حەمەحسینی کەریمی



هاوری حەمەحسینی کەریمی لە ئەندامانی دامەزرینەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران ساڵی 1327 لە بنەماڵەیەکی دەستەنگی شاری سەقز لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە سەقز تەواو کرد بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ کولیژی کەشاوەرزی لە "کەرج" ئاشنایەتی لەگەل مەسائلی سیاسی بۆ ئەو کە ئاشنای دەرد و ڕەنجی زەحمەتکێشان بوو، بلیسەی بەرق و تووڕەیی‌یەدا کە دەرحەق بە سەختی و زۆلم و زۆری کۆمەڵی سەرمایەداری لە سینەی‌دا بوو، وە زۆر زوو لەودا بوو بە هێز و ورەی هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە و ڕێبازی بۆ دیاری کرد. ئەو سەردەمە لە دانشگادا لەسەر بەرحەق بوونی ڕێبازی جۆراوجۆری سیاسی باس و کێشەی ئیدئولوژیك لە نیو ڕوشنبیراندا بەڕپا بوو.

هاوری حەمەحسینی کەریمی لەو کەسانە بوو کە پەیگیرانە بە شوین ئەوەوە بوو ڕیبازیکی دروست بگرێتە پیش کە جواب بەو تەنگ و چەلەمە و سەختیانە بداتەوە کە ئەو لە ژیانی دا و لە دەوروبەری دەیدی. سەرەڕای ئەمانە لە کوردستان خەبات هەندیك شکل و شێوەی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەوەش خۆی کاری دەکردە سەر گرسانی بیروباوەری کاك حەمەحسین و

ل2

خەڵك لە بەرنامەکانی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی نەك دلسارد بەڵکوو بیزارن

ئەگەر کەسێك پێویستی بە بەڵگەیەك هەبی بۆئەوەی نیشانی بدات کە دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لە ناو جەرگەی چ بوحرانێکی ئابووری سەخت وکوشندەدا گرفتارە، لە قسەکانی ڕەفسەنجانی لە نوێژی جۆمعەی 17ی بەفرانباردا گەڵێك شتی دەست دەکەی. لەو سوخەنرانیەدا کە بە مەبەستی نیشاندانی گەشەی باری ئابووری ئێران و دڵخۆشی دانەوەی خەڵك ئامادە کرا بوو، سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا نیگەرانی و دەستەپاچە بوونی خۆی لە باری ئابووری ئێران ئیسپات کرد. نەك هەر کەسی پی دڵخۆشی نەدراوە بەڵکوو بێگومان تووی دڵساردی لە ناو ریزەکانی خۆشیانی چاند.

گەڵێك جاری وا هەیە کە وردبوونەوە لە ڕەفتاری دوژمن و هەڵسەنگاندنی عکس العملەکانی وردتر لە دەیان لێکولێنەوەی تایبەتی، ڕووی ڕاستیەکان دەردەخەن و بەڕاوردێکی واقیع بینانە لە وەزعی سیاسی و ئابووری و تەنانەت لە هاوسەنگی هێزەکان بە دەستەوە دەدەن. قسەکانی ڕەفسەنجانی لەم نوێژی جومعەیەدا، یەکێك لەو نموونانە بوو.

ڕەفسەنجانی لە ئیشارە بە باری ئابووری ئێراندا، ڕوو لە ناو خۆیان گلەیی کرد، "کۆمەڵێك هەن کە دەسکەوتەکانی جمهووری ئیسلامی نابینن و دەستیان کردوە بە دل ساردکردنەوەی خەڵك".

ئەم جۆرە لێدوانە هەم دان پێدانانێکی دوژمنە بە نارەزایەتی خەڵك و هەم بەڵگەیەکە بۆ ئێسپاتی ورشکستە بوونی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی لە باری ئابووری‌یەوە.

ئەمە چ دەسکەوتێکی ئابووری‌یە کە تەنانەت دوستانیش ناتوانن بێبینن؟ ئەمە چ ئاڵ و گۆڕێکە لە ژیانی خەڵکدا کە هەستی پی ناکری؟چۆنە کە ئەم ئابووری‌یە بە وتەی ڕەفسەنجانی گەشە پێدراو و پر ڕەونەقە وە هەم ئیقداماتە کە گۆیا وەکوو ڕۆژ ئاشکرایە، خەڵك دلگەرم ناکات بەڵام ڕەخنەیەکی دوستانەی ناوخۆیی لە وەزعی ئابووری ولآت هەموو کەس دلسارد دەکاتەوە؟!

ل3

بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان سەرچاوەی هێزی ئێمەیە!

وتاری هاوری سەلاح مازوجی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە مەراسمی 26ی ڕیبەندان ڕۆژی کۆمەڵەدا. ل3

چەند بیرەوەری‌یەك لە ڕۆژانی خەباتی نهینی و ئاشکرا وت وویژ لەگەل هاوری ئەدیب وەتندوست

هاوری ئەدیب وەتندوست یەکیك لە کادرەکانی لە مێژینەی کۆمەڵەیە. هەر لە سەرەتای لاوی‌یەوە وەکوو تێکۆشەریکی سیاسی هاتوەتە ناو کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە و زیاتر لە 20 ساڵ لە تەمەنی خەبات و تێکۆشانی تێپەڕ دەبی.

دەنگی شۆڕشی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە وت وویژێکی لەگەل هاوری ئەدیب کردوە کە ئیوەش لێرەدا دەیخوێننەوە. پێویستە بڵێین وت وویژەکە هەر بە ڕاویژی هاوری ئەدیب خۆی، هێنراوەتە سەر کاغەز و بۆ دارشتنەوەی لەسەر شێوەی نووسین، دەسکاری نەکراوە.

هاوری ئەدیب! وەیرای سپاس لەوە کە دەعوەتی ئێمەت بۆ ئەم گفت و گویە قەبوول کرد تکایە پێمان بڵی کە هەڵسووڕانی سیاسی‌تان چون و لەکەیەوە دەستی پێکرد؟

ل5

لەم ژمارەیەدا

*تێپەڕبوونی ئەرتەشی تورکیە لە سنووری‌کانی سوریە ل9
* کرێکارانی ئوکراین و هەنگاوێکی گرینگ بۆ جیاکردنەوەی ڕیزی چینایەتی خۆیان ل9
* ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سەفەری هەیئەتی ئێرانی بۆ ئالمان ل9
*حوکمی ئێعدامی موهەندیسی ئالمانی بارمتەی تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی لە ئالمانە ل9

لە تورکیە بەرەوپێش "تابش" یاریدەری سیاسی وەزارەتی ناوخۆ سەفەرێکی بۆ شاری سنە کرد، مەبەست لەو سەفەرە ئەوە بوو کە پاسداریکی تریش لەژێر ناوی یاریدەدەری سیاسی و ئەمنییەتی‌دا بنێتە دەزگای بەڕێوەبەری ئوستانداری ئوستانی کوردستان. تابش لەم هەلە کەڵکی وەرگرت و چەند قسەیەکیشی ڕوو لە خەڵکی کوردستان لەسەر مەسەلەی ئەمنییەتیان کرد. تابش لە سەرەتای قسەکانیدا وتی کە: "ئەمنییەت لە کوردستان بە تەواوی بەرقەرارە و لە ڕادەی دڵخوازی ئێمە دایە". بەڵام لە درێژەی قسەکانی‌دا، کاتێك هەستی بەوە کرد کە ئەم درویە زۆتر و ناشکراتر لەمەیە کە بتوانی بە ئاسانی دەرخواردی گوێگرەکانی بدات، قسەکەی توزێك گوری و وتی:

ل3

ڕاپورتێك لە زیندانەکانی شاری سنە

ڕەفتار و بۆچوونی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران بە نیسبەت زیندانی سیاسی‌یەوە یەکێك لە هەرە ڕەشترین لاپەرەکانی ژیانی 15 ساڵەی ئەو ڕژیمەیە. بەرپرسانی قەزایی و مورشد و مەرجەعەکانی ئەم نیزامە سەرەڕای هەموو فیل و تەڵەکە و ڕیابازی‌یەك، سەرەڕای هەموو بەندبازی و شێر و ڕێوی هینانەوەکانیان تەنانەت نەیانتوانیوە دەرسەدێکی زۆر کەمیش جینایەت و ڕەفتارە وەحشیانەکانیان لەگەڵ موخالیقەکانی سیاسی خۆیان بشارنەوە. لە پیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا گوزارشێکمان دەربارەی وەزعییەتی زیندانەکان بەگشتی و زیندانەکانی شاری سنە بە تایبەت لە لایەن هاوری نیماوە بە دەست گەیشتوە کە خۆی ماوەیەك زیندانی سیاسی بووە لە شاری سنە.

ل8

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ لە تورکیە، تەنیا لە ساڵی 1993دا 510 کەس لە موخالیفانی دەوڵەت لە شارە گەورەکان بە ڕەشەکوژی بە هۆی سازمانی ئەمنییەتی تورکیە_ میت_ لە ماڵ یان شوێنی کاریاندا تیرۆر کراون. 17 کەس لەژێر ئەشکەنجە گیانیان لە دەست داوە و 48 کەس کە لەژێر بازجوویی‌دا بوون، ماوەیەکی زۆرە بی سەر و شوێنن. ئەمە تەنیا مشتیکە لە خەروارێک کە ڕێکخراوەیەکی عەلەنی بە پارێزەوە درکاندوویەتی. ئەمە جیایە لە کوشتارێکی بی پەروا و بە کۆمەڵ کە ڕۆژانە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیەدا لە ئارادایە. هەواڵی ئەم دەسدرێژیانە بۆ سەر ماف و ئازادی خەڵکی ئەم وڵاتە ڕۆژانە لە هەموو ئوروپا بڵاودەبێتەوە و هەموو تەقالای تەبلیغاتی دەوڵەتی تورکیە بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی ئوروپایی لە خۆی دەکاتە بلقی سەرئاو.

دەرکردنی نوینەرانی هەڵبژاردەی خەڵک لە پارلمان، داخستنی دەرگای ڕۆژنامەکانی موخالیف، تیرۆر و کوشتن و بڕینی بی سنوور، ئەشکەنجە و ئێعدامی بی دادگایی، ئەمانەن ئەم "دیاری"یانەی کە دەوڵەتی تورکیە بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵی ئوروپایی بە دەستێوەیەتی و هیچکام لە دەوڵەتەکانی ئوروپایی لە ترسی بیرورای گشتی وڵاتەکانیان نایانەوەی بە ڕێگادانی وەها دەوڵەتێک بۆ ناو کۆمەڵەکەیانەوە، ژانەسەری تازە بۆ خۆیان بخوڵقێنن. ئەمە دووەمین ئاکامی دەوڵەتی تورکیە بوو لە ساڵی ڕابووردوودا.

سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستانیش چارەنووسێکی لەمە باشتری بۆ ئەم دەوڵەتە بە دواوە نەبووە. ئەرتەش لە ساڵی ڕابووردا (93) بەڵێنی‌دا کە لە ماوەی چەند مانگدا مەسەلەی کوردستان چارەسەر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بە سەدان هەزار هێزی ئەرتەشی ڕژایە کوردستان و بە سەدان کارەساتی بی بەزەییانە لە دژی خەڵکی بی دیفاعی خوڵقا و چی چەکی مودیرن و چەکی ئەوڕویی بوو تاقی کرایەوە. مانگە دەسکردەکانی ئەمریکایی (ماهواڕە) بە وردی چاویان بڕیە هەر قوژبنێکی ئەم وڵاتە و ڕاپورتەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ چووە سەر میزی ژەنراڵەکانی ئەرتەشی تورکیە کەچی خانمی تانسو چیلەری سەرۆک وەزیر لە سەرەتای ساڵی 1994 ڕایگەیاند، کە ساڵی 94، ساڵی لە ناوبردنی بزووتنەوەی کوردستان دەبی!، لە بودجەی بوحران گرتووی تورکیەدا تەنیا ئەوەندەی کە ئاشکرا بووە بۆ ساڵی 94، 11 میلیارد و 134 میلیون دولاری بۆ خەرجی چالاکی سەربازی ئەرتەش لە کوردستان تەرخان کراوە.

ئەمڕۆکە دەبینین کە ئەرتەشی تورکیە نەتەنیا لە قوواڵیی کوردستانی تورکیەدا کارێکی ئەوتوی پی نەکراوە، بەڵکوو شەرەکەی بۆ ئەودیوی سنووەکانیش پەرەپێداوە و نەفرەت و تووڕەیی خەڵکی کوردستانی ئێران و عێراقیشی بە چەند قات لە دژی خۆی هەڵخراندوە. ئەمە سێیەمین ناکامی دەوڵەتی تورکیە بوو لە ساڵی ڕابووردووا.

سیاسەتەکانی پان تورکیستی دەوڵەتی تورکیە لە وڵاتانی تورک نشینی قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست پێشوازی لێ نەکرا. لایەنگرانی دەوڵەتی تورکیە لە دەزگای دەوڵەتی ئازەربایجاندا لەسەر کار لابران. ناکوکیەکانی تورکیە و ئەرمەنستان زیادی کرد. ناکوکیەکان لەگەڵ دەوڵەتی یونان هەروا توند و تیژ بەردەوامن و دەوڵەتی یونان بە نیگەرانی و دڕدونگیەوە دەڕوانێتە هەموو سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیە. یارمەتیەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا کە لە دەورانی شەڕی ساردا بە لێشاو درژایە تورکیەوە، هەمووی وشکاوی هات. دیبلوماسی تورکیە نەیتوانی موافەقەتی وڵاتانی ئوروپایی بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵی ئوروپا بە دەست بێنی. شکستی دیبلوماسی، چوارمین ناکامی دەوڵەتی تورکیە بوو.

لە بەرانبەر هەموو ئەم ناکامیانەدا ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە توانیویەتی بۆ یەکێک لە گیروگرفتەکانی خۆی کە ئەویش مەسەلەی کوردستانە، بە دەستی بێنی، بریتیە لە دارشتنی پیلانی چەند قۆڵی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە لە دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان.

هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ناوچەکانی سەردەشت و قەلادزی یەکێک لە دیاردەکانی ڕێککەوتنی دەوڵەتی ئێران و تورکیەیە بۆ لەژێر فشارنانی خەڵکی ئەم ناوچەیە، بۆ چاوترسێن کردنیان و بۆ چاندنی تووی نائومیدی لە ناویاندا و بۆ تێک شکاندنی خەباتی دژی دیکتاتوری و دژی ستەمگەری و ئازادیخوازانەیان.

چینی کرێکار لە ئێران و لە تورکیە کە زۆرترین ئازاری دەسدرێژیەکانی بورژوازی بۆ سەر ئازادی و مافی خەڵکی زەحمەتکێش بەسەر شانی خۆیەوە هەست پی دەکات دژی پیلانی هاوبەشی ئەم دوو دەوڵەتەیە و نەفرەتی لێ دەکات.

***

پێشڕەو

(پاشماوەی)پێویستی حیجاب لە ڕوانگەی ژنێکی حیزب اللهی‌یەوە

بە پێی ئەم بۆچوونە هەموو ئینسانێک لە ژاتی خۆی‌دا بە پێی سروشت تاوانبارە و گویا حیجاب یەکێک لەم وەسیلانەیە کە بەری بە کردەوە دەرهێنانی ئەم تاوانە دەگری! کەس نیە لەو خانمە کە خۆی وەکوو ژنێک و وەکوو کاربەدەستێکی دەسەڵاتدار لەم بارەوە قسە دەکات بپرسی کە ئەگەر ئەم وردە فەرمایشەی جەنابت ڕاست بی، ئەی بە چ وەسیلەیەک پارێزگاری لە پیاوان بکری لە بەرانبەر چاوی تەماعی ژنان دا؟ ئەی بۆچی بۆ پیاوانیش حیجابی پیاوانە دانامەزرینن؟ بۆچی پیاوان بۆ نموونە دەتوانن لە هەموو مەیدانە وەرزشی‌یەکاندا بە ئازادی و بە بی هیچ چەشنە مەحدودیەتێک بەشداری بکەن. بەڵام وەرزشی ژنان دەبی تەنیا لە سالونی ژنانەدا و تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا بەڕێوە بچی؟ بۆچی دەبی ڕێگا بە ژنانی ئەو وڵاتە نەدری کە لێهاتوویی و توانایی‌یەکانی خۆیان لەم مەیدانەدا بە ئازادی بەکار بێنن؟

بە پێچەوانەی قسەکانی خانمی حەبیبی، حیجاب و چارشێو نەتەنیا نشانەی هیچ پاکی‌یەکی ئەخلاقی نین بەڵکوو وەسیلەیەکن بۆ پەرەپێدانی دوو ڕوویی و ریاکاری لە ناو کۆمەڵدا، نومایشی ستەمگەری‌یەکی زاڵمانەی حاشا هەڵنەگرن کە بەسەر ژنانی ئەو وڵاتەدا قورسایی دەکات، نەتەنیا شانازی پی‌یەوە ناکری بەڵکوو بە زۆر بەسەر ژنان دا سەپاوە و نیشانەی تەحقیر و هێنانە خوارەوەی ئەرزشی ئینسانی ئەوانە.

***

بە یادی هاوری حەمەحسینی کەریمی

هاوری حەمەحسینی کەریمی لە ئەندامانی دامەزرینەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران ساڵی 1327 لە بنەماڵەیەکی دەستەنگی شاری سەقز لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە سەقز تەواو کرد بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ کولیژی کەشاوەرزی لە "کەرج" ناشنایەتی لەگەڵ مەسائلی سیاسی بۆ ئەو کە ناشنای دەرد و ڕەنجی زەحمەتکێشان بوو، بلیسەی بەو ڕق و تووڕەیی‌یەدا کە دەرحەق بە سەختی و زۆڵم و زۆری کۆمەڵی سەرمایەداری لە سینەی‌دا بوو، وە زۆر زوو لەودا بوو بە هێز و وڕەی هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە و ڕێبازی بۆ دیاری کرد. ئەو سەردەمە لە دانشگادا لەسەر بەرحەق بوونی ڕێبازی جۆراوجۆری سیاسی باس و کێشەی ئیدئولوژیک لە نیو ڕوشنبیراندا بەڕپا بوو.

هاوری حەمەحسینی کەریمی لەو کەسانە بوو کە پەیگیرانە بە شوین ئەوەوە بوو ڕیبازیکی دروست بگرێتە پیش کە جواب بەو تەنگ و چەلەمە و سەختیانە بداتەوە کە ئەو لە ژیانی دا و لە دەوروبەری دەیدی. سەرەڕای ئەمانە لە کوردستان خەبات هەندیک شکل و شێوەی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەوەش خۆی کاری دەکردە سەر گرسانی بیروباوەڕی کاک حەمەحسین و هەڵسووڕانی سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستان. هێرشی ساواک ناوبەناو تەگەرەی دەخستە ڕەوتی خەباتی ڕوو لە گەشەی تێکۆشەرانی ڕێبازی ڕزگاری زەحمەتکێشان بەڵام دووبارە ئەم ڕەوتە هەڵی دەداوە و گەشەی دەکرد. گەلیک باسی دوور و درێژ سەبارەت بە شۆڕش لە ئێران، یان ڕەخنەگرتن لە کوردایەتی بەرچاو تەنگانە لە کوردستان و لیکولینەوەی ڕەخنەگرانە لە بزووتنەوەکانی کوردستان وردەوردە لە باری فکری‌یەوە ڕێگای بۆ بزووتنەوەیەکی تازە بابەت خۆش دەکرد. ئەم هەموو ئیعدام و گرتن و کوشت و بڕە نەبووە هۆی پرژ و بلاو بوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە بەڵکوو ئەو بزووتنەوەیەی پالاوت. ئەوانەی مەیلیان بە مارکسیزم پەیدا کردبوو لیک نزیک بوونەوە و بە دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەی بزووتنەوەی چەکدارانەی 46 و 47 و لیکولینەوەی و ڕەخنەگەرانە ئەو بزووتنەوەیە لە ڕوشنایی زانستی مارکسیزم دا، هەنگاویان بەرەوپێش هەڵگرت. هەنگاویک کە بۆ یەکەم جار گورانیکی ئەساسی بە خەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبەخشی. ئەم هەنگاوە بنیادنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو لە پاییزی ساڵی 1348دا. کاک حەمەحسین یەکیک بوو لەو کەسانەی کە کۆمەڵەیان دامەزراند.

ئەم ڕەوتە خەباتکارانەیە لە ڕێبازی نەهیشتنی هیچ چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەک دا، خەباتی خۆی بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەراسەری و ئامانجی چینی کرێکارەوە گری‌دا. ساڵی 48 کاک حەمەحسین مالیکی نهینی گرتبوو و کتێبخانەی کۆمەڵەی لەو ماڵەدا لە چاوی پولیس و ساواک دەپاراست. هەرچەند خۆی کەوتە پێش چاوی ساواک و گیرا، بەڵام نهینی‌یەکانی تەشکیلاتی پاراست و پاش 40 ڕۆژ بی ئەوەی هیچ بدرکێنی ئازاد کرا. کاک حەمەحسین بەهاری ساڵی 50ت پاش تەواو کردنی دانیشگا هاتەوە بۆ مهاباد و لەوەی کە "سپای تەرویج" بوو کەلکی وەردەگرت و گەلیک سەفەری بۆ دێهات دەکرد. بە هۆی ڕەفتاری بەرزی خۆیەوە پەیوەندی‌یەکی نزیکی لەگەل ئەو خەڵکە پەیدا کردبوو و زەحمەتکێشانی شارویران و مەحال و مەنگورایەتی گەلیک خۆشیاندەویست. پاش تەواوبوونی دەورەی سەربازی لە جادەی بۆکان _ میاندواو دەستی دایە کرێکاری. پەیگیری و کار و زەحمەتی ئەو هاوری‌یە لیرەش دا زۆر زوو کردیە خۆشەویستی کرێکاران و وەها بوو بە جێگای باوەر و متمانەیان کە لە مانگرتنیک دا، ئەویان بە نوینەری خۆیان هەڵبژارد. پائیز و زستانی ساڵی 56 لە شیرکەتە ساختمانی‌یەکانی تاران کرێکاری دەکرد و بەهاری 57 گەڕاوە بۆ کوردستان و بە ناوی وەستا سالەح ژیانی خەباتکارانە و زەحمەتکێشانەی بە شێوەیەکی زۆر پەیگیر و نهینی درێژە پێدا. وەستا سالەح بە هۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانەیەوە زۆر زوو باوەر و متمانەی زەحمەتکێشانی لادی‌ی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و پاش گیانبەخت کردنی هاوری سەعیدی موعینی هەڵسووڕانی خەباتکارانەی لە ناوچەی مهاباد درێژە پێدەدا. لە "شیرکەتی سەهامی زەراعی شارویران" یارمەتی خەباتی زەحمەتکێشانی ئەو مەلبەندەی دەدا و بەیاننامەی بۆ دەنووسین و لە پەیوەندی لەگەل کۆمەڵەدا خەباتی ڕابەری دەکردن.

پاشان بۆ هەڵسووران لە بزووتنەوەی جەماوەری شارەکاندا کە ئەو سەردەمە هەموو شارەکانی کوردستانی داگرتبوو بە بریاری کۆمەڵە گەرایەوە بۆ شاری سەقز و دەستی کرد بە هەولدان بۆ ڕێکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو شارە. لەو ماوەدا لە کۆبوونەوە جەماوەری‌یەکانی خەڵکی ئەو شارەدا بەشداری دەکرد. ڕۆژی 22ی ڕێبەندان دەریای بەرینی جەماوەری ڕاپەریو لە سەراسەری ئێران بە پێچەوانەی پیلانی کونەپەرستانی ئیسلامی بەرەو نوقمەسار کردنی دەسەڵاتی گەندەڵی زۆلم و زۆر جوولا. کاک حەمەحسین لە هەڵسووراندا بۆ ڕابەری کردنی هێرشی لاوانی شار بۆ سەر شارەبانی بە گوللەی بەکریگیراوانی ڕژیم شا پێکرا. 3 ڕۆژ بەو بریندەوە لە بیمارستان بوو. لاوانی شۆڕشگێڕ و چەکداری شار کە شارەبانی شاریان چەک کردبوو و خۆیان نەزمی شاریان بە دەستەوە گرتبوو لە دەوری بیمارستان نیگابانیان دەدا و ئەویان وەک گلینەی چاو دەپاراست. کاک حەمەحسین بە وەریەکی بەرزەوە 3 ڕۆژ دەستەویەخەی مەرگ بوو و هەرکات دەهاتەوە سەرخۆ سروودی دەخوێند و دلخۆشی خەبەرپرستانی دەدایەوە. بەڵام بە داخەوە بریندی قورس و کاری، پاش 3 ڕۆژ بووە هۆی مەرگی ئەم هاوری شۆڕشگێڕە. کاک حەمەحسین ئیوارەی ڕۆژی 26ی ڕێبەندانی 57 ئاخرین سروودی خۆی خوێند و بیرەوەری کردەوەی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ ئێمە بەجێ هیشت. کاک حەمەحسین لە نووسینی گەلیک نووسراوە و بەیاننامە و بلاوکراوەی کۆمەڵەدا هاوکاری دەکرد. بەڵام 3 نووسراوەشی هەیە کە هەر خۆی نووسیویەتی ئەمانەن: "شیرکەتە سەهامیە زەراعیەکان"، "هەندیک تەجرەبە لە خەباتی جەماوەر" کە ساڵی 1352 نووسیویە و هەروەها نووسراوەیەک بە ناوی "ئەی قەرە و وەرزیرانی شیرکەتە سەهامیە زەراعیەکان یەکگرن".

لە مەراسمی ڕیزگرتن لە یادی هاوری حەمەحسین دا ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی ئاشکرای کۆمەڵە بڵاو کرایەوە و ڕۆژی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی گیانبەخت کردنی هاوری‌ی دامەزرێنەر حەمەحسینی کەریمی بە ڕۆژی کۆمەڵە ناسرا، ڕۆژیک کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی زۆرلیکراو لە کوردستان بە پەیمانی درێژەپێدانی خەبات، یادی دەکەن و ڕیزی لێ دەگرن.

***

(پاشماوەی) خەڵك لە بەرنامەكانی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی نەك دڵسارد بەڵكوو بیزارن

لە ڕاستیدا هەر ئەوەندەی كە كەسێكی وەك ڕەفسەنجانی دان بە زەمینەكانی دڵسارد بوونەوەی خەڵك دادەنێ، مانای ئەوەیە كە بەڕێوەبەرانی جمهووری ئیسلامی بەر لە هەموو كەس هەستیان بەوە كردوە كە خەڵك هیچ هیوایەكیان بە باش بوونی وەزعی ژیانیان لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕژیمەدا نەماوە. ئەمە نەك تەبلیغات و ڕەخنەی ئەم و ئەو، بەڵكوو ڕاستیەكانی هەموو ڕۆژەی ژیانی كۆمەڵانی كرێكار و زەحمەتكێشە كە ئەوانی نەك لەو ڕژیمە دڵسارد بەڵكوو بیزار كردوە.

ڕەفسەنجانی لە دریژەی قسەكانی ڕۆژی جومعەیدا وتی: "ئێمە ژێر خانی ئابووری وڵاتمان ئیصلاح كردوە، ئەوەی ئێمە كردوومانە سااڵنی دواتر بەرهەمەكانی دەبێندرێن".

باشە! با جاری لە دژواری ژیان و بەرێچوونی ڕۆژانە بگەڕین. كوان ئەو پرۆژە گەورانەی كە بە هەزاران كرێكاریان لە دەوری خۆیان كۆكردبێتەوە و گویا مەسەلەن لە دە ساڵی داهاتوودا بگەنە بەرهەم؟ ئەمە چ گورانكاریەك لە ژێرخانی ئابووری وڵاتدایە كە بێكاری بە میلیون میلیون زیادی كردوە؟ ئەمە چ بەرنامەڕێژیەكی سەركەوتووانەیە بۆ داهاتوو كە بە سەدان هەزار موعەلیم لە سەرتاسەری ئێران، لە ئامووزش و پەروەرش وەدەردەنێ؟ ئەمە چۆن ئالوگۆڕێكی بناغەی ئابووری وڵاتە تەنانەت لە چوارچێوەی مەنتقی سەرمایەدارانەی خۆشیاندا كە كارخانەكان یەك لە دوای یەك بە تەعتیلی دەكێشی و پێداویستیەكانی بازار بە واریدات دابین دەكات، ئەویش واریداتێك كە 90٪ی لە ڕێگای دولارێكەوە تەئمین دەبی كە بە فرۆشتنی نەوت بە دەستی دێنی؟ ژێرخانی ئابووری ئێران گوراوە كەچی دەوڵەت بۆ بەرگری لە قات و قری بەشێكی بەرچاو لە هەموو خواردەمەنیەك، لە گەنم و نانەوە هەتا گوشت و ڕون و برنج دەبی لە دەرەوە وارید بگات؟

ڕاستیەكان بە پێچەوانەی ئیدعاكانی ڕەفسەنجانین، دەوڵەتی ڕەفسەنجانی نەیتوانیوە نەقدینەی سەرمایەداری ناوخۆ بە شێوەیەكی بەرچاو بەرە و بەرهەم هێنان ڕابكێشی، نەیتوانیوە ڕەزایەتی سەرمایەدارانی گەورەی دونیا بۆ سەرمایەگوزاری لە مەیدانی بەرهەم هێنان دا جەلب كات و زۆربەی پرۆژەكانی لەو بارەوە لەسەر كاغەز ماونەتەوە، بەینی 30 تا 40 میلیارد دولار بە بانكەكانی جیهان قەرزدارە و نەیتوانیوە لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا قەرزەكانی بداتەوە، نەیتوانیوە بودجەی ساڵانەی خۆی لەگەڵ هاتنە خوارەوەی نرخی نەوت هاوئاهەنگ بكات، نەیتوانیوە گەشەیەك بە پەروەردە كردنی كرێكاری پسپور بۆ مەیدانەكانی جۆراوجۆری پێشەسازی و بەرهەم هێنان بدات و دەیان ناكامی تری لەو چەشنە كە هەموویان پەیوەندیان بەم جۆرە كارانەوە هەیە كە بۆ هێنانە دەری سەرمایەداری ئێران لە بوحرانی ئابووری پێویستین. بەڵام ڕەفسەنجانی لە قسەكانی ڕۆژی جومعەیدا هەر بەوە ڕانەوەستا كە بەڵێنی داهاتوویەكی ڕوشن بۆ ئابووری ئێران بە خەڵك بدات بەڵكوو دەسكەوتەكانی دەسبەجێی دەوڵەتەكەشی دەست نیشان كرد و لە سەرووی هەمووانەوە وتی كە: "ئێمە لەو ماوەیەدا توانیومانە نرخی كالاكان لە ئێران ئیصلاح بكەین". بە ڕاستی ئەمە چ زمانێكە كە ڕەفسەنجانی قسەی پی دەكات؟ ئەم قسەیە ڕەنگە بۆ كارشناسانی ئیدارەی بەرنامە و بودجە مانایەكی هەبی و خۆیان لە فەرهەنگوكی كاری خۆیان دا لێی حاڵی بن و ڕەنگە مەنزووری ئەوەبی كە سوبسیدیان لەسەر پێداویستیەكانی خەڵك هەڵگرتوە یان هەر شتێكیتر. بەڵام بۆ ئەو كەسانەی كە ڕەفسەنجانی ڕووی قسەكەی لەوان بوو ئەم وتەیە هیچ مانایەكی نیە جگە لەوەی كە دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی كێشانی شیرەی گیانی خەڵكی هەژاری ئەو وڵاتە لە ڕێگای گران كردنی هەموو ڕۆژەی پێداویستیەكان و لە ڕێگای داسەپاندنی تەوەرومێكی 70٪ی لە ساڵ دا بە هۆی چاپی ئەسكەناسی بی پشتیوانەوە، بە دەسكەوتێكی گەورەی خۆی زانی!

ڕاستیەكان بە پێچوانەی قسەكانی ڕەفسەنجانی، بۆ كرێكاران و بۆ خەڵكی هەژار و كەم دەرامەدیش، مەسەلەیەك نیە پەیوەندی بە تەبلیغات و دڵسارد بوونەوە و دڵگەرم بوون و شتی وا هەبی، بەڵكوو مەسەلەی برسیەتی، نەخۆشی، بی مەسكەنی، بێكاری و نەخوێندەواریە. نێگەرانی ڕەفسەنجانیش لە چەند ڕەخنەیەكی موخالفینی ناموحتەرەمی دەوڵەت لە ناو ڕۆژنامەجاتی ڕێگە پێدراو دا نیە، بەڵكوو ئەو ترسەی لە دڵیان نیشتوە ترسی تەقینەوەی بۆشكەیەكی باروت كە ڕەفسەنجانی و دەوڵەتەكەی لە سەری دانیشتوون.

دەرخستنی پووچ بوونی قسەكانی ڕەفسەنجانی لە ڕووی لێكدانەوەیەكی، ئەوجۆرەی كە خۆی دەڵی "كارشناسانەوە" بە ئاسانی مومكینە. ئەمڕۆكە هەر ئابووری زانێكی بورژوازیش دەتوانی نیشانی بدات كە جمهووری ئیسلامی لە باری ئابووریەوە، ڕژیمێكی وەرشكستەیە، نەك هەر توانای بەڕێوەبردنی بەرنامەی دریژماوەی 5 ساڵەی نیە بەڵكوو تەرحی بودجەی ساڵانەشی هەروەكوو دیكورێك بۆ نومایشە، ئەگینا ژیانی ئابووری خۆیان مانگ بە مانگ ڕێك دەخەن و هەموو مانگێك بە پێی هەڵس و كەوتی نرخی نەوت سەر لە نوی دەستی تی وەردەدەنەوە. بەڵام بۆ كرێكاران و خەڵكی كەم دەرامەدی ئێران مەسەلەكە پێویستی بە هیچ لێكولێنەوەیەكی شارەزایانی ئابووری زان نیە. ئەوان بە ژیانی خۆیان نەخشەكانی ئابووری دەوڵەتی ڕەفسەنجانی تاقی دەكەنەوە. لەوان شاردراوە نیە كە كەلێن و كەلەبەرەكانی بودجەی ساڵانەش هەر دەبی بە ڕەنجی شانی ئەوان و تووند كردنەوەی چەوساندنەوەی ئەوان پر بێتەوە و سەرەنجام هەر ئاگری نەفرەت و خەباتی لێبراوانەی ئەوانە كۆتایی بە تەمەنی ڕژیمی سەرمایەداران لە ئێران دێنی.

بزووتنەوەی كرێكاران و زەحمەتكێشان لە كوردستان سەرچاوەی هێزی ئێمەیە!

وتاری هاوری سەلاح مازوجی ئەندامی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە لە مەراسمی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی كۆمەڵەدا.

بەبۆنەی 26ی ڕێبەندانی ڕۆژی كۆمەڵە، مەراسمیكی گەرم و گوڕ لە یەكیك لە مەقەرە مەركەزییەكانی كۆمەڵە بە بەشداری كۆمەڵێك لە دوستان و لایەنگران و هاورییانی حیزبی و كەس و كاری هاورییانی گیانبەخت كردوو، بەڕێوەچوو. مەراسمەكە بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەخت كردوانی ڕێگای سوسیالیزم و ئازادی دەستی پێكرد. هاروی سەلاح مازوجی ئەندامی كومیتەی ناوەندی سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران _ كۆمەڵە وتاریكی پێشكەش كرد و مەراسمەكە بە شیعر و سروود و خوێندنەوەی چەند پەیامی پیرۆزبایی درێژەی پێدرا.

لەو مەراسمەدا كۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی زەحمەتكێش و شۆڕشگێر كە دەورەی ئامووزشی سیاسی و نیزامیان لە ئامووزشگای پێشمەرگایەتی كۆمەڵە سەركەوتوانە كوتایی پی هێنابوو چەكدار كران و بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە پەیوەست بوون.

لیرەدا وتارەكەی هاوری سەلاح مازوجی دەخوێنینەوە.

پێش هەموو شتێك میوانە خۆشەویستەكان و هاورییان بە خیرهاتن دەكەم و سپاستان دەكەم كە لە مەراسمەكەدا بەشداریتان كردوە. ئەمڕۆ كۆمەڵە، پی دەنێتە شازدەهەمین ساڵی هەڵسووران و خەباتی ئاشكرای خۆی. بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، لە لایەن هاورییانی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵەوە و لە لایەن خومەوە، لە ئیوەی خۆشەویست، لە هەموو هاورییانی تەشكیلاتی نهێنی، لە پێشمەرگەكانی كۆمەڵە و هەروەها لە ڕیزەكانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران پیرۆزبایی دەكەم. پازدە ساڵ لەوەپێش، لە ئاوا ڕۆژێك دا، دوای تێپەڕ كردنی دە ساڵ لە هەڵسوڕانی شۆڕشگێرانە و نهێنی، ئەویش لە هەلومەرجی دژواری دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەی سەلتەنەتی دا، كۆمەڵە بە بۆنەی گیانبەخت كردنی یەكیك لە هاورییانی دامەزرینەری خۆی، هاوری حەمەحسینی كەریمی، لە ڕاگەیاندنیك دا مەوجوودییەتی ئاشكرای خۆی ڕاگەیاند. جێگای خۆیەتی لەم ڕۆژەدا ڕیز بگرین لە یادی هاوری حەمەحسینی كەریمی و هەموو ئەو هاورییانەی كە لە ڕیزەكانی كۆمەڵە و حیزبی كۆمۆنیست دا و هەموو ئەوانەی كە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی‌دا، لە ڕیگای شۆڕشی كرێكاری و كۆمۆنیستی‌دا گیانی خۆیان بەخت كردوە.

ئەمڕۆ لە هەلومەرجیكدا ڕۆژی كۆمەڵە ڕیز لێ دەگرین كە لەم ساڵانەی دوایی‌دا جیهان شاهیدی گەلیك ئاڵ و گوڕی سیاسی گرینگ بووە كە لیك بلاوبوونی‌وڵاتانی ئوروپایی ڕۆژهەڵات لە سەرووی هەموو ئەو ڕووداوانە بووە. ئەم ئاڵ و گۆڕە خۆی بەرهەمی گەشەی یەكجار زۆر و هەمەلایەنەی هێزی بەرهەم هێنەر، كەلەكە بوونی سەرمایە و ئینقیلابیكی سەنعەتی دیكە بوو كە بە تایبەت لە بیست ساڵی ڕابوردوودا پێك هاتوە و ئەمڕۆ بە سورعەتیكی یەكجار زۆر لە هەموو لایەنیكدا دەچێتە پێش. ئابووری جیهان زیاتر لە هەمیشە بووەتە پەیكەریكی یەكپارچە و یەكگرتوو بە جۆرێك كە هەر حەڕەكەتیك لە هەر گوشەیەك بی بە زوویی كاردەكاتە سەر هەموو گوشەیەكی‌تر و، ڕەوتە ناوخویی‌یەكان زیاتر لە هەمیشە پەیوەندن بە ڕەوتە جیهانی‌یەكانەوە.

ڕووداوە سیاسی‌یەكانی ئەم ساڵانە، لە لایەكەوە جوغرافیای سیاسی جیهان و بلوك بەندی دنیای سەرمایەداری تووشی ئاڵ و گۆڕی یەكجار زۆر كردوە و كاری كردوەتە سەر خەبات و ژیانی میلیونەها ئینسانی سەر زەوی و هەر لەم ڕووەوە، ڕەوتی كۆمۆنیستی بەبی دیتنی ئەم ڕووداوانە و بەبی لیكدانەوەی ئەم ئاڵ و گۆڕانە و ئاكامەكانیان بۆ بەشەرییەت و چینی كرێكار، ناتوانی جێگا و شوێنی خۆی دیاری بكا.

هەڕەس هێنانی وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و بە ناو تەوابوونی شەری سارد، بەدیهاتن ئامانجیك بوو كە وڵاتانی بلوكی ئەمپریالیستی ڕۆژئاوا و ئامریكا هەر لە شۆڕشی ئوكتوبری 1917 بەم لاوە، تا ئەمڕۆ حەولیان بۆ دەدا. ئەم ڕووداوانە ئاڵ و گۆڕێكی گەورە و گرینگیان لە ڕیزە بەستن و بلوك بەندی سەرمایەداری جیهانەدا پێك هێناوە. ئامریكا بە پشت بەستن بە نفووزی سەرمایە و توانای نیزامی خۆی و لەسەر زەمینەی هەڕەس هێنان و لیك بلاوبوونی شووڕەوی، بووەتە یەكەم قودرەتی جیهانی سەرمایەداری. ریزبەستنی لە مێژینەی دنیای سەرمایەداری كە بەتایبەت دوای شەری دووهەمی جیهانی شكلی گرتبوو، ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتوە و بەرەبەرە جێگای خۆی داوە بە ریزبەستنیكی تازە. وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری ئەمڕۆ هەول دەدەن بۆ ئەوەی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان پەرە پی بدەن. وڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا خەریكی ئەوەن كە یەكپارچەیی و یەكگرتوویی ئابووری و سیاسی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن و لەو ڕێگایەدا هەنگاوی عەمەلی‌یان هەڵگرتوە. ژاپون لە هەمان كاتدا كە دەیەوی ڕادەی سەرمایە گوزاری‌یەكانی خۆی لە ئاستی دنیادا زیاتر بكا هەول دەدا بازاری مەسرەفی ئوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریكاش بێنێتە ژێر چنگی خۆی و لە هەمان كاتدا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش جێگا پێی خۆی مەحكەم بكا. ئامریكا لە هەمان كاتدا كە تێدەكوشی مەوقعییەت و جێگا و شوێنی ئێستای خۆی لە ئاستی جیهاندا بپاریزی، دەیەوی لە قارەی ئامریكاش جیگا پیی خۆی قایمتر بكا بۆ ئەوەی بتوانی بەرەبەرەكانی بكا لەگەل دوو هێزی گەورەی ئابووری وەك ژاپون و ئوروپای یەكگرتوو. لە پال ئەم بلوك بەندی‌یە سەرەكی‌یانەدا، هەندیك قودرەتی ناوچەیی دیكە لە نیو وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم پێك هاتوون كە ئەوانیش بۆ بەرانبەركی لەگەل دەسەڵاتدارەتی وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری و بۆ بەدەست هێنانی بەشێكی زیاتری قودرەت لە ئاستی جیهانیدا لە چەند پەیمانیك دا كۆبوونەتەوە. بە تێكچوون و نەمانی ئارایشی دوو جەمسەری جیهان و هەڕەس هێنانی شووڕەوی، ئەمڕۆ سەرمایەداری ئامریكا لە باری ئابووری و نیزامی‌یەوە لە سەرووی هەموو وڵاتان دایە و هەر لەبەرئەوە، گەلیك لە حیزبە سیاسی‌یەكانی ئوپوزیسیون و گەلیك لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكان و زۆر لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم، كە لە ڕابوردوودا هەولیان دەدا بە كەلك وەرگرتن لە ناكوكی و دژایەتی نیوان ئامریكا و شووڕەوی و لە كەلینی نیوان ئەم دووانەدا جیگایەك بۆ خۆیان بكەنەوە و بە ئامانجی سیاسی و ئابووری تایبەتی خۆیان بگەن، ئەمڕۆ بە كردەوە كەوتوونەتە ژێر نفووز و كارتیكردنی سیاسەت و ئەولەوییەتەكانی ئامریكا.

شكستی سوسیالیزمی بورژوایی لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و سەركەوتنی ئابووری بازاری ئازاد بەسەر ئابووری سەرمایەداری دەوڵەتی‌دا، لە هەموو جێگایەك لە لایەن بلندگو تەبلیغاتی‌یەكانی بورژوایی‌یەوە بە نیوی شكستی كۆمۆنیزم ناوی دەبری. گەندەل بوون و شكستی سوسیالیزمی بورژوایی ئەمڕۆ بووەتە بیانوویەك بۆ هێرشی بورژوازی بۆ سەر ئامانجەكان و شۆڕشی كرێكاری لە سەراسەری جیهاندا. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی هێزی كار و وزە و توانای میلیونەها ئینسان بە شێوەیەكی بەرنامە بۆ دارڕاو بخرێتە خزمەت كەلەكە كردنی زۆرتری سەرمایە و بە هێزكردنی زیاتری سەرمایەی دەوڵەتی لە ڕەقابەت و ململانی ئەمپریالیستی‌دا، لە ناوی سوسیالیزم كەلكیان وەر دەگرت و لە ژێر ناوی سوسیالیزمدا كرێكاریان دەچەوساندەوە. لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەمپریالیستی ڕۆژئاواش كە بۆیان دەركەوتبوو ئەو شتەی لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات بە ناوی سوسیالیزم بەڕێوە دەچی، هیچ چەشنە جازبەیەكی لە نیو كرێكاری ئوروپایی و ئامریكایی‌دا نیە، ئەم سیستمەیان بە سوسیالیزم ناو دەبرد. ئەوە كە سیستمەكانی سەرمایەداری دەوڵەتی لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات لە لایەن میلیونەها ئینسانی سەر زەوی بە سوسیالیزم و كۆمۆنیزم دەناسرا. پێشڕەوی بزووتنەوەی چینی كرێكاری لەگەل دژواری‌یەكی یەكجار زۆر بەڕەو ڕوو كردبوو. بە لاچوونی پەردە لەسەر ڕوالەتی ڕاستەقینەی سەرمایەداری دەوڵەتی، چینی كرێكار ئەمڕۆ بە ڕادەیەكی زۆر لە ژێر قورسایی ئەم بیروبۆچوونە و لە ژێر فشاری ئەخلاقی و سیاسی و ئیدئولوژیكی ناشی لەم وەزعییەتە ڕزگار بووە. ئەمڕۆ ڕوشنتر لە جاران، ماركسیزم وەك زانستی ڕزگاری چینی كرێكار، وەك زانستی خەباتی چینی كرێكار دژ بە كاری كری گرتە و مالكییەتی خوسووسی هاتوەتە مەیدان و ئەمە لە هەلومەرجیكدایە كە هێرشی بورژوازی بۆ سەر ئاستی گوزەران و بەرێچوونی كرێكاران و دەسكەوتەكانی خەباتی ئەو چینە لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداری جیهان پەرەی گرتوە و بورژوازی دەسەڵاتدار لەو وڵاتانە بۆ ئەوەی باری بوحرانی ئابووری لەسەر شانی خۆی سووك بكا هەول دەدا قورسایی‌یەكی زیاتر بخاتە سەر ژیانی كرێكاران و هەرچی زیاتر خزمەتگوزاری‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكان كەم بكاتەوە. قودرەتی خریدی كرێكاران لە هەموو وڵاتانی پێشكەوتووی سەرمایەداری هاتوەتە خواری و بێكاری لە هەموو ئەو وڵاتانە پەرەی گرتوە. لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات هەلومەرجی ژیان زۆر لەوەش دژوارترە. بە پێی ئەو ئامارانەی كە بە شێوەی ڕەسمی خەبەرگوزاری‌یەكان ڕای دەگەیەنن، گرانی چەندین بەرابەر بووە، هەموو كالایەك زیاتر لە دە بەرابەر گران بووە و ئەوە لە كاتیدایە كە حەقدەستەكان هەروا كەمن یان ئەو پەرەكەی دوو بەرابەر و سی بەرابەر بوون.

←

هەژاری و نەبوونی هیچ چەشنە تەئمینیکی کۆمەلایەتی لەو ولاتانە بیداد دەکا و ئامارەکان تەنیا گوشەیەک لەو هەموو مەینەت و ڕۆژرەشییە کە بەروکیان بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو ولاتانە گرتوە نیشان دەدەن. ڕادەی هەژاری و فەلاکەت و بی بەشی، لە ولاتانی دواکەتووی سەرمایەداری لەوەش دلتەزین تڕە.

بەلام ئیعتیرازی چینایەتیش دژ بەم وەزعە لە سەراسەری دینادا لە مەیداندایە. ئاڵ و گۆڕی جوغرافیای سیاسی لە ولاتانی بلوکی ڕۆژهەلات نەک تەنیا ئەم حەرەکەتە جیهانییەی چینی کرێکاری تووشی وەستان و دامرکانەوە نەکردوە بەڵکوو سەرەڕای هەموو فشاریکی ماددی کە لە سەریانە، سەرەڕای بی بەشی و شەریکی ڕەوانی کە لە جەریاندایە، لەو ولاتانە خەباتی چینایەتی کرێکاران پەرەی ئەستاندوە. بزووتنەوەی کرێکاری ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی واقیعی و عەینییە و فشاریکی جیددی سیاسی و ئابووری خستوەتە سەر دەولەتانی بورژوایی لە هەموو ولاتانی سەرمایەداری. خەباتی کرێکاران لە ئالمان، فەرانسە، ئینگلستان، ئامریکا، کانادا، کۆرەی جنووبی و شیلی نموونەیەکە لە حەرەکەتی بەهێزی کۆمەلایەتی ئەم سەردەمە. بەلام بە تەواوی ئەوانەشەوە چینی کرێکار ئەمڕۆ لە باری ڕێکخراوبوونەوە لە وەزعییەتیکی لەباردا نییە. لە زۆر ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری کرێکاران بە تەواوی لە حەقی پێک هێنانی ڕێکخراوی خۆیان بی بەشن و ئەو شتە کە لەو ولاتانە بە نیوی ڕێکخراوی کرێکاری باسی دەکری هیچ شتیک نییە بێجگە لە ئورگان و وەسیلەیەک بۆ توند کردنەوەی پیچ و مورەی دەسەلاتی سەرمایە. لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش بزووتنەوەی ئیتحادییەیی لە ژێر فشاری دەولەتانی سەرمایەداری دایە و هەڵسووڕانیان لە هەموو زەمینەیەکدا بەرتەسک بووەتەوە. ئەوە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە سیاستی سازشکارانەی ڕابەرانی ئیتحادیەکان و کار ساز نەبوونیان لە بەرەوپێش بردنی ئیعتیرازاتی کرێکاراندا بووەتە هۆی ئەوە کە بی هیوایی و نائومیدی کرێکاران بەرانبەر بە ئیتحادیەکان زیاتر پەرە بگری و ئەوە لە حالیکدایە کە ڕێکخراوە یان ئالترناتیویکی کۆمەلایەتی دیکە جێگای ئەم وەزعییەتەی نەگرتوەتەوە. بەلام لە ولاتانی ئوروپای ڕۆژهەلات و هەروەها لە زۆر ولاتانی دواکەوتووی ناسراو بە جیهانی سێهەم کە تییاندا حکوومەتە دیکتاتوریەکان جێگای خۆیان داوە بە دەولەتانی پارلمانتاریستی ئاسایی بورژوایی، کرێکاران ڕەغبەتیکی زیاتریان بۆ کۆبوونەوە لە ئیتحادییەکان دا وەک تاقە ئورگانیک کە دەتوانی لە کاتی هێرشی بورژوازیدا بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان دیفاعیان لی بکا لە خۆیان نیشان داوە.

ئەوانە هەمووی لە هەلومەرجێکدایە کە بوحرانیکی قوولی ئابووری، سەراسەری سەرمایەداری جیهانی داگرتوە و نیشانەی ئەم بورحانە زیاتر لە هەموو شوێنیک لە ئامریکا خۆی نیشان دەدا. ئەم واقعییەتە مەوقعییەتی ئەو ولاتەی لە ڕابەری دنیای سەرمایەداریدا لاواز کردوە و هەر بۆیە ئامریکا هەول دەدا جێگا و شوێنی ئێستای خۆی بە پشت بەستن بە هێزی نیزامی بپاریزی و ئەمە جیهانی ئەمڕۆی تووشی مەترسییەکی گەورە کردوە. پەرەپێدانی میلیتاریزم و نیزامی گەری و بەرپا کردنی شەری ناوچەیی، دیاردەکانی ئەم وەزعییەتەن. جەریانانی لیبرال و ریفورمیست لە ناو جەبهەی سەرمایەداری جیهانیدا کە ئەمڕۆ بەشی زۆریان لە ئوپوزیسیون دان هەول دەدەن بە بە دەستەوە گرتنی دروشمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بە تەقالا بۆ نەهیشتنی دەولەتانی دیکتاتوری لە ولاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم، بورژوازی جیهانی لەم بوحرانە رزگار بکەن کە تووشی بووە. بەلام هیچکام لەمانەش، لە بەر ئەوەی ئالترناتیویکی ئابووری جیاواز لە حیزب و دەولەتانی دەستی ڕاستییان نییە، نەیانتوانیوە ڕێگایەک بۆ هاتنە دەر لەم بوحرانە بخەنە بەرپێی سەرمایەداری جیهانی. ئەمڕۆ پارلمانتاریزم و سوننەتی دیموکراسی بورژوایی لە هەموو ولاتانی پێشکەوتووی جیهان زیاتر لە هەمیشە ڕوالەتی ریاکارانە و جەوهەری چینایەتی سەرمایەدارانەی خۆی نیشان داوە و، نیشانیان داوە کە پارلمان لە باشترین حالەتدا وسیلەیەکە لە دەست بورژوازیدا بۆ مەحکەم کردنی دەسەلاتی خۆی. لە ئاوا هەلومەجیکدایە کە سوسیالیزم تەنیا ئالترناتیوە لە بەرانبەر نیزامی کۆن و گەندەڵی سەرمایەداریدا و پێویستییەکانی بنیات نانی ئەم نیزامە، یانی سوسیالیزم، ئەمڕۆ لە ناوخۆی کۆمەڵی سەرمایەداریدا فەراهەم هاتوە. بەشەرییەت بۆ ڕزگاری خۆی لە چنگ ئەم نیزامە کە بە زۆر و بە داسەپاندنی فەلاکەت و مەینەت و بی مافی بەسەر ژیانی میلیونەها ئینساندا، دەسەلاتی خۆی دڕێژە پێدەدا، دەمیکە دەست بە کاربووە. بریاری فەوتانی ئەم نیزامە، بریاری ئەو چەند میلیارد ئینسانەیە کە قوربانی هەموو ڕۆژەی هەژاری و چەوسانەوە و بیعەدالەتی نیزامی سەرمایەدارین. تەحەمولی ئەم وەزعییەتە مەینەتبارە ئەمڕۆ بۆ ئینسان زۆر دژوارە و بزووتنەوەی کرێکاری ڕێگای ڕزگاری بەشەری لە چنگ ئەم هەموو وەحشیگەری و بی عەدالەتی و زۆلم و زۆرە نیشان داوە. هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە چینی کرێکار لە دە ساڵی داهاتوودا دەورەیەکی پر لە جم و جووڵی لە پێشە و هەموو بی بەشان و ستەم لیکراوانی کۆمەڵ ڕێگای نەجاتی خۆیان لە پەیوەست بوون بەم بزووتنەوە کۆمەلایەتییە پێشرەوەدا دەبێننەوە. کۆمۆنیستەکان لەم دەورەیەدا دەتوانن فەعالییەت و هەڵسووڕانی خۆیان لەم بزووتنەوە کۆمەلایەتییە گری بدەن. زۆر لە دەسکەوتە کۆمەلایەتییەکانی ئەم سەردەمە، بەتایبەت لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، وەک ئازادییە دیموکراتیکەکان، قانوونی کار، بەرابەری کۆمەلایەتی و شتی تری لەم چەشنە، هەموو دەسکەوتی خەبات چینی کرێکار لە 150 ساڵی ڕابوردوودا بوون. هەموو ئەوانە سەنگەر بە سەنگەر بە بورژوازی تەحمیل کراون. بیگۆمان خەبات بۆ پەرەپێدانی ئەم دەسکەوتانە و پووچەل کردنەوەی تەقالای بورژوازی بۆ ئەستاندنەوەی ئەم دەسکەوتانە، مەیدانیک دەبی لە کێشمەکیشی چینی کرێکار و بورژوازی. حەرەکەتی کۆمۆنیستی کرێکاران لە دەورەی داهاتوودا لەسەر زەمینەیەکی ئاوا دەتوانی بەهێز بی. بە لیکدانەوەی ئەم وەزعییەتە جیهانییەیە کە گرینگی و جێگا و شوێنی کۆمەلە وەک بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و، زەمینەی لەباری ڕێکخراوبوونی ڕەوتی ڕادیکال و سوسیالیستی زۆرتر دەکەوێتە بەرچاو.

دوای هەڕەس هێنانی سوسیالیزمی بورژوایی لە ئوروپای ڕۆژهەلات کە بە ناوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم چینی کرێکاری لەو ولاتە دەچەوساندەوە لیرەش دەولەتانی ناوچەکە و زۆر هێز و ڕەوتی بورژوازیی ئارەزووی ئەوەیان دەکرد و پێش بینییان دەکرد کە بەشیک لە ئاواری ویرانی سوسیالیزمی بورژوایی بڕووخێتە سەر ڕەوتی ڕادیکال و سوسیالیستی لە کوردستانیش و ئەو هێزە تێدا بچی. بەلام لە کوردستان کۆمۆنیزم بە کۆمەلەوە دەناسرێتەوە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆمەلە ئەوەیان دیوە کە خەباتکاری باشکردنی وەزعییەتی ژیان و کار و خەباتیان بووە. کرێکاری کوردستان لە کۆمەلە ئەوەیان دیوە کە دیفاعی لە داخوازەکان و ویستی کرێکاران کردوە بەرانبەر بە خاوەنکار و دەولەتی سەرمایەداری. کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە کۆمەلە ئەوەیان دیوە کە پشتیوانی لە خەباتی ژنان کردوە دژ بە قانوون و ڕەسم و یاسای کون و دواکەوتوانە لە کۆمەلدا و، سەرسەختی نواندوە بەرانبەر بە زەخت و زۆری کارگیرانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان. لە ڕاستیدا کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆمەلە هیچ شتێکیان نەدیوە جگە لە سەرسەختی و فیداکاری و گیانبازی لە ڕێگای ڕزگاری بەشەرییەتدا. بۆیە ئەمڕۆ کۆمۆنیزم لە کوردستان لە هەیبەتی کۆمەلە زیندوە و هەڵسووڕانی خۆی دڕێژە پێدەدا گەشەی فەعالییەتی کۆمەلە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینایەتیدا، لە دوو سێ ساڵی ڕابوردوودا ئەم ڕاستییە بە باشی دەخاتە بەرچاو. دەسکەوتیک کە بە خەباتی ماندوویی نەناسانە، بە فیداکاری و سەخت کوشی تیکەلاو لەگەل عیشق و عەلاقەیەکی یەکجار زۆر بە کرێکار و زەحمەتکێش بە دەست هاتبی، دەسکەوتیک کە لە ڕەوتی ڕابەری کردنی بزووتنەوەیەکی زیندوودا بە دەست هاتبی، دەسکەوتیک کە بە ئاگر و خوێن بە دەست هاتبی بە تەبلیغاتی پووچی بورژواکان لە زەین و میشکی کرێکاری کوردستان ناسردرێتەوە.

کۆمەلە ئەمڕۆ لەم هەلومەرجەدا تیدەکۆشی کە ئەرکی ڕابەری کردن و ڕێکخستنی کرێکاران لە کوردستان بەرەوپێش بەری و هەول دەدا ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار و، لەم ڕێگایەدا هەول دەدا کە چینی کرێکار لە دوای بۆچوونی ناسیونالیستی و مەزهەبی و ئەخلاقیاتی کون و دواکەوتوو نیسبەت بە مەسەلەی ژن لە کۆمەلدا، ڕزگار بکا. بەلام هەول و تەقالای کۆمەلە بۆ ئەوەی ببێتە ڕەوتیکی تەواو کرێکاری، ببێتە بەشیک لە ئیعتیرازی کرێکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا، بە دوور لە مەسەلە واقیعییەکانی ناو کۆمەڵ و، لە حاشیەی کۆمەلدا، ناکری. هەر لەم ڕووەوە کۆمەلە بەشداری کردن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بۆ چارەسەری هەموو مەسەلە کۆمەلایەتییەکان کە لە هەرکامیان بە جۆرێک کاردەکەنە سەر ژیان و خەباتی چینی کرێکار، بە ئەرکی خۆی دەزانی و لەو خەباتەدا هەمیشە بەرژەوەندی ئەمڕۆ و دواڕۆژی چینی کرێکار لە بەرچاو دەگری.

کۆمەلە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی، خەبات بۆ وەدی هێنانی مافە کۆمەلایەتییەکانی ژنان، خەبات بۆ وەدی هێنانی ئازادییە دیموکراتیکەکان و خەبات لە دژی هەرچەشنە ستەمگەرییەک بە ئەرکی خۆی دەزانی و بۆ نەهیشتنی ئەم ستەمگەرییانە بە هەموو ئیمکاناتی خۆیەوە تێدەکۆشی.

***

لە کوردستان چ خەبەرە کە ڕژیم بەردەوام وەعدەی ئەمنیەت ئەدات؟

ماوەیەک لەوەپێش "تابش" یاریدەری سیاسی وەزارەتی ناوخۆ سەفەرێکی بۆ شاری سنە کرد، مەبەست لەو سەفەرە ئەوە بوو کە پاسدارێکی تریش لەژێر ناوی یاریدەدەری سیاسی و ئەمنییەتیدا بنێتە دەزگای بەڕێوەبەری ئوستانداری ئوستانی کوردستان. تابش لەم هەلە کەڵکی وەرگرت و چەند قسەیەکیشی ڕوو لە خەڵکی کوردستان لەسەر مەسەلەی ئەمنییەتیان کرد. تابش لە سەرەتای قسەکانیدا وتی کە: "ئەمنییەت لە کوردستان بە تەواوی بەرقەڕارە و لە ڕادەی دڵخوازی ئێمە دایە". بەڵام لە درێژەی قسەکانیدا، کاتێک هەستی بەوە کرد کە ئەم درویە زۆلتر و ناشکراتر لەمەیە کە بتوانی بە ئاسانی دەرخواردی گوێگرەکانی بدات، قسەکەی توزێک گوری و وتی: "ئەمنییەت ئێستا لە چاو جاران زۆر باشترە"!، ئەوجار وەزعی کوردستانیئێرانی لەگەڵ کوردستانی عێراق بەراورد کرد و وتی "لە ئاستی نیونەتەوەییش دا! هەر دەبینین کە ئێمە لەم بی سەر و سامانیەی کە لە کوردستانی عێراق دا هەیە بە دوورین". وە لە کۆتایی قسەکانیشیدا داوای لە ڕێژەکانی ئوپوزیسیون کرد کە دەست لە دژایەتی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی هەڵگرن و بچنەوە باوەشی ڕژیم.

با توزێک لەم سی خاڵەی تابش یانی ئەمنییەت لە کوردستانی ئێران و بەراوردی وەزعی کوردستانی ئێران لەگەڵ کوردستانی عێراق و داوای گەرانەوە بۆ باوەشی حکوومەتی ئیسلامی، وردبێنەوە.

یەکەم: ئەمنییەت، تابش لەمەدا کە ئێددیعا دەکات کوردستان بووەتە شوێنێکی ئەمن بۆ ژیان، درو دەکات، هێزەکانی ڕژیم بە پێچەوانەی مەیل و خواستی خەڵک ڕژاونەتە کوردستان و 14 ساڵە بەردەوام پەلامار دەبەنە سەر ئاسایش و ئەمنییەتی ئەم خەڵکە. چەکدارەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان ڕۆژ نیە لە گوشەیەک کارەساتێکی دڵتەزێن نەخولقێنن و کەسێک نەبێتە قوربانی بی دەربەستی و کایەیەک کە بە ژیانی خەڵکی دەکەن.

گەشتەکانی سپای پاسداران کە بە شەو و بە ڕۆژ بە بەرچاوی خەڵکدا خەرێکی مانوردان و چاوترسێن کردنن، کەمینەکانی شەوانە لەسەر هەموو کووچە و کولانێک لە شارەکان، ڕێگەگرتن بە لاوان و ئازاردانیان بە بیانووی پووچ، ڕاپێچ کردنی ڕولەکانی خەڵک بۆ زیندانەکان و سیاچالەکان بە بۆنەی فەعالییەتی سیاسییانەوە، ئێعدام کردنی عەلەنی لە شەقامەکان بۆ چاندنی تووی نیگەرانی و وەحشەت لە ناو دڵی خەڵکدا، ڕێژنەی گوللەی بی هەدەفی پایگای چەکدارەکانی لە دێهات و دەوروبەری شارەکان بەسەر خەڵکدا بە شەو و بە ڕۆژ، چاندنی هەزاران مین لە کوێستانەکان و شوێنی کار و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆنەکردنەوەیان، دامەزراندنی بە دەیان بنکەی توپخانەی قورس و توپ باران کردنی هەر شوێنێک کە مەترسی هەبوونی پێشمەرگەی تێدا بکات بی دەربەست لە تێداچوونی گیانی خەڵکی ناوچەکە، ئەمانە بەشێک لە ئەمنییەتێکن کە جمهووری ئیسلامی بۆ خەڵکی کوردستانی بە دیاری هێناوە و تابش شانازی پێوە دەکات!.

دووهەم: بەراووردکردنی وەزعی کوردستانی ئێران و عێراق. ئەگەر لەم بارەوە قسە لە ئەمنییەت بی کە دیمان مانای ئەمنییەت لە چاو ئەم کاربەدەستەی جمهووری ئیسلامیدا چییە؟ وە ئەگەر مەنزوور گوزەران و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشە، ڕاستیەکان لەوە ئاشکراترن کە تابش بتوانی بە وردبینەیەک پەردەی بەسەردا بکێشی. قسەیەک لەوەدا نیە کە خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق لە هەلومەرجێکی گەڵێک دژوار دا بەسەر دەبەن و فشاری بێکاری و گرانی و بی دەرامەدی ئازاریان دەدات. کوردستانی عێراق لە هەموو لایەکەوە گەمارو دراوە و دەولەتانی دراوسی و لەمانە جمهووری ئیسلامیش بەردەوام لە دژی خەڵکی ئازادیخواز خەرێکی پیلانگێڕین. بەلام بە هەمووی ئەمانەشەوە ئەم ڕاستیە لە کەس شاردراوە نیە کە هەموو پێداویستییەکی ئاسایی ژیانی خەڵک هەر لە ئارد و نان و ڕون و برنجەوە بگرە هەتا گوشت و سەوزی و میوە و هەتا کری ماڵ، هەمووی ئەمانە نرخیان لە کوردستانی ئێران لە چاو کوردستانی عێراق گەڵێک لە سەرەوەترە، لە حاڵێکدا کە بێکاری کەم و زۆر هەروەک یەک وایە حەقدەستەکان لە هەردوولا کەم و زۆر وەکوو یەک لە خوارەوەن.

سێهەم: لیبووردن و داوای گەرانەوە بۆ باوەشی حکوومەتی ئیسلامی. جاری بەر لە هەموو شتێک پێویستە بزانین کە نەفسی ئەم هەڵوێستەی جمهووری ئیسلامی نیشانەی فشارێکە کە بە هۆی زیندوو بوون و بە هێز بوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەسەر شانی جمهووری ئیسلامیدا قورسایی دەکات و ترسی مەرگی خستوەتە دڵیەوە. ئەمە هاوسەنگی واقیعی هێزەکانە کە جمهووری ئیسلامی بە هەموو دیکتاتوریەت و درندەییەکەوە کە لە ئاستی سەرانسەریدا هەیەتی، ناچار دەکات کە لێرە لە کوردستان بکەوێتە دڵخۆشی دانەوەی ئەم و ئەو و پاکانە کردن و توبەو وەعدەی چاوپوشی کردن لە تولەسەندنەوە و قصاص و باقی قانوون و ری و ڕەسمە دژی ئینسانیەکانی دەدات، جاری با لەمە بگەڕێین کە ئەم توبەیە لە ڕژیمێکی فیلباز و دوورو و کۆنەپەرست دا چەندە جێگای باوەڕە، بەڵام هێنانە گۆڕی نەفسی مەسەلەکە، خۆی نیشانەی چوک دادانێکی دیاڕێکراوە لە بەرانبەر تین و تەوژمی خەباتی خەڵکی ئازادیخوازدا. هەر بۆیە کاربەدەستانی ڕژیم هەوڵ دەدەن کە ئەم چەشنە قسانە بە ئەسپایی و بە بی ڕاگەیاندنی ڕەسمی و تەنیا لە ئاستی محەللیدا بێننە گۆڕی. جمهووری ئیسلامی هەر ناوێکی لێ بنی ناتوانی ئەو ڕاستیە بشارێتەوە کە ئەمە هاوسەنگی واقیعی هێزەکانە کە ناچاری دەکات لە کوردستان ئەم سیاسەتە بگرێتە بەر. بەلام ئەمە خۆی سیاسەتێکی تازەنییە و بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان ڕژیم لە پال کوشتار و شکەنجە و ئێعدام و هەرەشەدا ئەم سیاسەتەشی تاقی کردوەتەوە و هەموو دەورەیەک بی سەمەر بوونی بۆ جمهووری ئیسلامی دەرکەوتوە. دەوری باتلی کوشتن و برین و لیبووردن، نەیتوانیوە بزووتنەوەی خەڵکی ئازادیخواز و عەدالەت تەلەب لە کوردستان کە ڕیشەی لە ڕەنج و ئازار و چەوسانەوە لە لایەکەوە و بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی کۆمەلایەتی لە لایەکی ترداید. لە باربەریت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەرەیەکی بەهێزی خەباتی سیاسی و چینایەتییە دژ بە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لە ئێران و لە دەریایەک لە پشتیوانی جەماوەری زەحمەتکێش بەهرەمەندە و سیاسەتی ئەمجارەی ڕژیمیش لەم مەسەلەیەدا هەر بە دەردی برگەکانی تری ڕابوردووی خۆی دەچی.

***

چەند بیرەوەرییەك لە ڕۆژانی خەباتی نهینی و ئاشكرا وت ووێژ لەگەل هاوری ئەدیب وەتندوست

هاوری ئەدیب وەتندوست یەكیك لە كادرەكانی لە مێژینەی كۆمەڵەیە. هەر لە سەرەتای لاوییەوە وەكوو تێكۆشەرێكی سیاسی هاتوتە ناو كۆڕی خەباتی شۆرشگێڕانە و زیاتر لە 20 ساڵ لە تەمەنی خەبات و تێكۆشانی تێپەڕ دەبی.

دەنگی شۆرشی نێران بە بۆنەی ڕۆژی كۆمەڵەوە وت ووێژێكی لەگەل هاوری ئەدیب كردوە كە ئیوەش لێرەدا دەیخوێننەوە. پێویستە بڵێین وت ووێژەكە هەر بە ڕاوێژی هاوری ئەدیب خۆی، هێنراوەتە سەر كاغەز و بۆ دارشتنەوەی لەسەر شێوەی نووسین، دەسكاری نەكراوە.

هاوری ئەدیب! ویرای سپاس لەوە كە دەعوەتی ئێمەت بۆ ئەم گفت و گویە قەبوول كرد تكایە پێمان بڵی كە هەڵسووڕانی سیاسیتان چون و لەكەیەوە دەستی پێكرد؟

بەر لە هەر شتێك با سلاوی گەرم پێشكەش كەم بە ئیوە و بە كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستان ئەمڕۆ 26ی ڕێبەندان ڕۆژی كۆمەڵەیە كە پانزدە ساڵ تێكۆشان و فەعالییەتی سەركەوتووانە و ئاشكرای كۆمەڵە ئەنیینە پشت سەر. بەم بۆنەوە پیرۆزبایی ئەكەم لە گشت هاوڕییانی تێكۆشەری كۆمەڵە و دانە دانەی هاوڕییانی پێشمەرگە.

بابەیەكەوە ڕیز بگرین لە یادی هاوری تێكۆشەر و خۆشەویستی زەحمەتكێشانی كوردستان هاوری حەمەحسینی كەریمی كە ئەمڕۆ ساڵڕۆژی گیانبەخت كردنیەتی.

فەعالییەتی سیاسی من ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی 47و 48 ئەو وەختە وا من لە تاران دەرسم ئەخوێند و محسل بووم، ئەوەڵی ئاشنایی من بوو لە تەك فكری موبارەزە و سیاسەت دا. دەورانی كە لە نزیكەوە لە تەك مەحافلیكی ڕوشنفكری و دانشجوویی‌دا بووم. ئەوانە كە لە دەوروبەرم بوون بە عومر لە من گەورەتر بوون وەڵی مانع نەبوو، من بە ئاوا محیتیك نزیك بمەوە. دانشگا لەو شوینانە بوو وا دەنگی ئیعتیرازی بەرانبەر بە ڕژیمی شاهەنشاهی و خەفەقانی ئەو ڕژیمە بەرز بوو. فكری ئازادیخوازانەی من لە ئاوەها محیتیك دا پەیدا و پەروەردە بوو.

هاوری ئەدیب لە چ ڕێگایەكەوە لەگەڵ ماركسیزم ئاشنا بووی؟

هەروا كە عەرزم كرد ئاشنایی من لە تەك فكری سیاسی و موبارزەی ئازادیخوازانەدا بە بۆنەی نیزك بوونم لە محیتی دانشجوویی و فەزای ڕوشنفكری دا دەسی پێكرد. محیتی دانشگا بە بۆنەی خەفەقان و سەركوتی پولیسی ڕژیم لە لایەكەوە و هەژاری و مەحرووماییەتی شەدیدی خەڵك لە لایەكی‌ترەوە، محیتی ئیعتیراز و موبارزە بوو لە وەختە لە دژی ڕژیمی شا. محیتیكی ئیعتیراز و نارەزایەتی بوو بە وەزعی فەلاكەتباری مەردم لە جامیعە و نەبوونی هیچ جۆرە ئازادی فەعالییەتیكی سیاسی دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی و موخالفی ڕژیم، چووبووە سەنگەڕی دانشگا. لە ئاوەها فەزایەكدا بووم بە عنسریك دژی ڕژیمی شا ترفداری من لە ئازادی و حەقخوازی خەڵكی مەحروومو و زەحمەتكێش و دەستەنگ لەویوە دەستی پێكرد.

دێتنی هەر ڕۆژەی بێعەدالەتی كە فرە و هەمەلایەنە بوو و دەركی نابەڕابەڕی و مەحروومییەتی شەدیدی مەردمی زەحمەتكێش لە لایەكەوە و وجوودی دیكتاتوری و سەركوت و خەفەقان، ئەو زەمینە ماددییە بوو كە منی بەڕەو ئەفكاری ئینقلابی بۆ چارەسەر كردنی ئەو نابەسامانیگەلە و بۆ دوزینەوەی ڕێگاحەل برد.

هاوكات ڕووم كردە خوێندنەوەی كتێب و هەر نووسراوەیەك وا ڕێگە حەللی شۆرشگێڕانەی لە بەرپای ئینسان دائەنیا. فكری عەدالەتخوازانە و نەفرەت لە ستەم و تبعیز، ئەو كتێبانەی وا باسی بەرابەری و نەمانی ستەمی ئەكرد لە لامەوە شیرینتر ئەكرد و منیان كیشا بۆ لای خۆیان. كتێب گەلیك لە بارەی ئینقلابی چین و ئینقلابی كوبا و دواجارتر ئینقلابی ڕووسیە. ئەو زەمانە بە بۆنەی مەنووع بوونی ئەو نەوعە كتیوگەلە ئەوەلەن بە زەحمەت ئەكەفتنە دەس و دوای ئەوەیش هەركام بە ڕەوایەتی خۆیان ماركسیزمیان تەعریف و تەعبیر ئەكرد. وەك كتێوەكانی مائو و فیدل كاسترو و كەسانی تر لەسەر ئینقلابی چین و كوبا مەسایلی‌تر. ئەتوانم بێژم ئاشنایی من لە تەك ماركسیزمدا لێرەوە و لە ئاوەها فەزایەكدا دەسی پێكرد كە فەقیری و مەحروومییەتی خەڵكی زەحمەتكێش لەوپەڕی خۆیدا بوو، جامیعە پڕپر بوو لە نابەرابەری و تبعیزات ئیجتماعی. ئەو ماركسیزمە من لە تەكیا ئاشنا بووم لە واقیعدا ئاویتە و تیكەلاو بوو لە تەك فكر و بیروباوەری تەبەقاتی‌تر. جوابی ئەو تەبەقاتە بوو بە تبعیزات و ستەم، نە جوابی چینایەتی تەبەقەی كاریگەر بۆ ڕزگاربوونی ئینسان بە دەس هەر جۆرە ستەم و تیعیزیكی ئیجتماعییەوە. هەرچەند من لە ئەوەلەوە ماركسیزم بە ڕوشنی و لە نوقتەنەزەری كرێكاریكی ئاگا و موعتەریز فیر نەبووم، وەڵی لە دەست بەرنەدانی موبارزە و وێل نەكردنی جەهەتی شۆرشگێڕانە بۆ دیفاع لە چینی مەحروم و زۆرلێكراو لە جامیعە و لایەنی ئەوان گرتن تا بە ئاخر، منی سەرەنجام بە ماركسیزمی ئەسیل گەیاند. یانی بەو دەلیلە كە من ئینقلابی گەورەیەكم لە جامیعە بە دەس هاوردبوو. خولاسە ئەتوانم بێژم بە ماركسیزمی ڕوشن لە جەرەیانی موبارزەدا گەیشتم. وانەبوو ئەوەل ماركسیزم بە تەواوی و بە ڕوشنی بزانم و فیربم ئەنجا دەس بكەم بە موبارزە. لازمە لێرە تەوزیحیكی موهیم ئیزافە بكەم:

دوو هەنگاوی موهیم پێشتر هەڵگیرابوون یەكیان ئەوە بوو ڕێگاحەلی ڕیفورمیستی و سازشكارانە كە تەنیا ئیسلاحاتیكی لە جامیعەدا مەنزوور بوو ڕەت كرایەوە. حیزبی تودە ئالاهەلگری ئەو ڕێگا حەللە بوو. كۆمەڵە ڕێگا حەللی شۆرشگێڕانەی هەڵبژارد دژی سەرمایەداری. دووهەمیان ئەوە بوو كۆمەڵە لە تەك موبارزە بە شێوەی چڕیكی موخالفەتی كرد و ڕووی كردە موبارزەی ئاگاهگەرانە و ڕوشنگەرانە لە ناو خەڵكی زەحمەتكێش دا. وە ئەكری بێژین كۆمەڵە بە جیاوازی خۆی و جیا كردنەوەی لە تەك ئەم دوو نەوعە لە بیر و بۆچوونەدا دروس بوو.

دەزانین كە لە دەورەی حكوومەتی شادا. هەر وەك ئێستا. هەر چەشنە جم و جوولیكی تێكۆشەرانی سیاسی بە توندی دەكەوتە بەر پەلاماری دەزگا ئەمنییەتیەكان. پێمان بڵی كە چالاكی سیاسی ئێوە لەوەها هەلومەرجیكدا چۆن دەچووە پێش و لەگەل ئەو گیروگرفتانە كە لەسەر ڕێگای هەڵسووڕانی نهینیتان بوو. چۆن دەست و پەنجەتان نەرم دەكرد؟

ئێمە دوو كارمان شان بە شانی یەك ئەبردە بەرەوە. لە تەك ئەوەدا كە سازمانێكی سیاسی چكولە و مەخفی بووین بۆ ئرتبات گرتن لەگەل خەڵكدا و فەعالییەتی وەسیع لە ناو جامیعەدا نەمان كوشا. لەبەر پاراستنی مەخفی كاری فرەییك لە هاوڕییان نەیان ئەزانی سازمانیكین. بوون بە ئەندامی ئەم سازمانە لە دەوریەكی ئاوا سەخت و دژواردا سەخت بوو. ئێمە بۆ ڕێكوپێك كردنی سازمانەكە و پەرەسەندنی و موحكەم كردنی، كار و فەعالییەتمان ئەكرد. وەڵی كاری وا مانیعی كاری ئاشكرا و عەلەنی ئێمە نەبوو. ژمارەیەك لە هاوڕییان ئەچوون بۆ كار كردن و كاری كرێكاری و زەحمەتكێشیان وەك شوغلی خۆیان ئینتیخاب ئەكرد بۆ ئەوە بوو كە لە تەك كرێكار و زەحمەتكێشی جامیعەكەمان دا ژیان بكەین تا بەم جۆرە هەرچی زیاتر لە ژیان كرێكار و كار و موبارزەی زەحمەتكێشان نزیك بێنەوە. منیش لەوانە بووم كە مودەتیك لە ژیانم بەو جۆرە گوزەراند. ڕووم كردە كاری كرێكاری و دواجاریش هەر بەم بۆنەوە بووم بە موعەلیم لە دێهات. بۆ ئەوە لە تەك خەڵكی مەحروم و پامال كراوی جامیعەكەمدا بم و ئەوەی ئەمزانی فیریان بكەم. خولاسە بێژم پولیس لەو دەورانەدا لە سەتحی جامیعەكە ئەگەریا بە شوین ئێمەدا و ئێمە ئەچووینە ئەعماقی جامیعەكە. بەراستیش تا ئێمە لە ناو خەڵكدا بووین كەمتر زەربە پەزیر بووین. یانی پولیس تەوەجوهی بە دانیشجوویان و مبارزەی ئەوان بوو، ئێمە لە ناو خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێشا بووین. كەشف كردنی ڕەوایتی تەشكیلاتی تا ئەو جێگە موبارزیكی سیاسی لە ناو جەماوەری خەڵكدا بیت كاریكی ئاسان نیە. ڕەوابتی تەشكیلاتیمان ئەپاراست و ڕەوابت لە تەك كرێكار و زەحمەتكێشمان پەرە پی ئەدا. ئەممان وەسیعتر ئەكرد و بەو جۆرە ئەومان لە چاوی دوژمن ئەشاردەوە. دیارە بۆ كاری سیاسی و ئاگاهگەرانە لە ناو خەڵكدا گیروگرفتیشمان بوو. كەم سەوادی و بی سەوادی كرێكار و زەحمەتكێش یەكی لە مانیعەكان بوو. منابع و نووسراوە بۆ ئاگاكردنەوە و ئاگابوونەوە (ئەوەیش كە بوو) كەم بوو. هەر بەو دەلیلە بە بۆنەی بی ئیمكانیەوە بەدەس ئەماننووسی و بە شۆر و شەوقیكی فراوانەوە سەختیەكانی ئەو كارگەلەمان لەبەر خۆمان هەموار ئەكرد.

هاوری ئەدیب! ئیوە كە جیاواز لە شێوەی ژیانی خۆتان بۆ هەڵسووڕانی سیاسی دەچوونە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستان و دیارە ناو خەلكێك كە پێشتر ناسیاوی و ئاشنایەتیتان لەگەل یەكتر نەبووە و ئەمە لە هەلومەرجی خەفەقانی سیاسی‌دا دژواری بۆ تێكۆشەرانی سیاسی پێك دینی. لە چ ڕێگایەكەوە متمانەی خەڵكی زەحمەتكێشتان بەڕەو لای خۆتان ڕادەكێشا؟

ئێمە بۆ ئەم كارە موهیمە ئەرزشیكی فرە قایل بووین. ئەمانزانی كە هەرچەند بیر و بوچوونیكی باش و دروست و بە نەفعی ئەوانمان بێت، وەختی لە لایەن ئەوانەوە باشتر قەبوول ئەكری كە بە ئێمە ئیعتیماد بكەن. وە بۆئەوەی ئیعتیماد و متمانەی خەڵك بۆ لای خۆمان جەلب بكەین، لە خزمەت كردن بەوان بە هەر جۆرێك كە لازم بوو و ئەمانتوانی كوتاییمان ناكرد. بۆ حەللی موشكیلاتی سەر ڕێگەی كار و ژیانیان ئەوپەڕی دلسووزیمان بە خەرج ئەدا. بۆ باسەواد كردنی بیسەوادەكان ئەمان كوشا. ئەو وەختە وا موعەلیم بووین لە دێهات یا لە شار بە تەواوی توانای خۆمانەوە كوششمان ئەكرد بۆ باسەواد كردنی خەڵك و منالەكانیان. لە حەددی ئیمكاندا مەدرەسە و كلاسمان بۆیان دائەنیا. بۆ كاری ئیداریان كومەكمان پێیان ئەكرد. بۆ موعالجەی نەخۆشەكانیان، بۆ سەندنی دەواو و دەرمان، بردنیان بۆ بیمارستان و... خولاسە لەو جۆرە كارانە، بە گشت ئیمكاناتەوە لە مال یا محەللی كار خزمەتمان پێیان ئەكرد. هەروەها ئەگەر خواست و داواكاریەكیان بوایە لە ئیداراتی دەوڵەتی و دەزگاكانی دەوڵەتی، بۆ گەیشتن بە خواستەكانیان كومەكمان ئەكرد پێیان. ئەمانە و فرەییك كاری‌تر لەم نەوعە لە پال قسە و باس كردن لە گیروگرفتەكانیان، ئەو كارانە بوون كە بە وەزیفەی خۆمانمان ئەزانی.

هاوری ئەدیب دەوری خۆت لە ڕاپەڕینی ساڵی 1357دا چون هەڵدەسەنگینی؟

قیام و ڕاپەڕینی ساڵی 57، قیامیكی جەماوەری بوو كە خوێنیكی تازەی كردە ڕەگ و حەیاتی كۆمەڵەوە. ساڵەكانی 56 و 57 فەعالترین دەورەی فەعالییەتی كۆمەڵە بوو تا ئەو وەختە. پەرەگرتنی موبارزات و ئیعتیرازاتی هەزاران هەزار نەفەری خەڵك خەفەقانی ڕژیمی شكاند. ڕژیم ناچار بوو زیندانییە سیاسییەكان ئازاد بكا. ژمارەیەك لە هاوڕییانی كۆمەڵە كە لە زیندانەكانی ڕژیم دا زیندانی بوون ئازاد بوون. گەڕانەوەی ئەو هاوڕییانە فەعالییەتی مەخفی و ئاشكرای كۆمەڵە بە یارمەتی و بەشداری خەڵكی یەكیتی جووتیارانی مەنتەقەی "ئالان" دروس بكەین و هەروەها بۆ مقدمات و تەهیە و تەداروكی دیفاعی چەكدارانە و دانانی مەقەری مەركەزی لەو مەنتەقە تەلاش و كار بكەین، و ئرتبات و ئیمكان فەراهەم بكەین. بەر لە هێرشی ڕژیم هەروەها چووین بۆ یارمەتی خەڵكی مەنتەقەی "كەرەفتوو" لە لەینە ئاغاكان یەكیانگرتبوو و چەكدار بوون و هەرەشەی چەكدارانەیان ئەكرد لە خەڵك. ئەم كاریشە هەر لە تەریقی "جەمعییەت" شاری سەقزەوە ئەچووە بەرەو.

ئەوانە كە باسم كرد ئەوەلین فەعالییەتەكانی من بوو. هەر لەو زەمانەدا لە "جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی" شاری سەردەشت مەخفی و فەعالییەتی مەخفییەوە بووم: وەك ئیمكان سازی بۆ تەشكیلات، تەهیە، چاپ و بلاوكردن و پەخشی نشریاتی كۆمەڵە، لە هەر فورسەتیكیش ئیستیفادەم ئەكرد تا خۆم بگەیەنم بە یەكی لە كانوون گەل موبارزەی عەلەنی. لە بەشداری لە تەزاهوراتەوە بیگرە تا پەخشی نووسراوە، تراكت، ئیعلامیە، و شعار، تەهیە و تەداروكی ئەوانە بۆ تەزاهوراتەكان.

با لێرەدا ئیشارە بكەم بە ئیعتساب غەزایەك وا لە زیندان شار سنە لە سالی 57دا كریا. ئەو ئیعتساب غەزایە، زیندانییە سیاسییەكان بردیانە پێش و هاوڕییانی كۆمەڵە دەوری تایبەتیان تیا بوو. كاك فوئاد مستەفا سولتانی لە ڕابەرانی ئەو ئیعتساب غەزیاە بوو و خەڵكی خۆشەویستی شاری سنە نەقش و دەوری ئەو ئیعتساب غەزایەیان لە جەووی ئیعیترازی شاری سنەدا لە بیرە. ئیعتساب كە بۆ ئیعیتراز بوو بە شەرایتی ناو زیندان ئازاد كردنی مولاقات، دژی بەدەرەفتاری پولیس و پاسەوانانی زیندان و... ئەوانە بوو. هەروا كە ئەزانین ئەو ئیعتساب غەزایە 26 ڕۆژ درێژەی كێشا. خەڵك هەر بە ژنەفتنی خەبەری ئەو ئیعتساب غەزا جم و جولیان خستە خۆیان و بە گەرمی لە زیندانییە سیاسییەكان و داواكاریەكانیان پشتیوانیان كرد. ئەوە تەحەروكیكی تازەی دا بە بزووتنەوەی جەماوەری لە شاری سنە. دەوری هاوڕییانی كۆمەڵە لە دەرەوەی زیندان لەو ئیعتیرازاتەدا فرە بەرچاو بوو. هاوئاهەنگی لە نیوان موبارزەی ناو زیندان و ئیعتیرازات لە دەرەوە لە لایەن هاوڕییانی كۆمەڵەوە ئەچووە پێش. هەروا كە وتم كاك فوئاد نەقشی ڕابەری لەو موبارزە دا بە ئەستو بوو. منیش وەك ڕەفیقەكانی تر لەو جەریانەدا بەشدار بووم. بەرقەراری ئرتبات لە نیوان هاوڕییانی زیندان و هاوڕییانی كۆمەڵە لە دەرەوەی زیندان كاریكی موهیم بوو. من و یەك دوو ڕەفیقی‌تر سەعی خۆمان ئەكرد بۆ ئەو ڕابتەیە و خەبەر و باسی زیندانیەكان.

ئێستا با بێینە سەر دەورەی تێكۆشانی پێشمەرگانە. سەرەتا دەمانەوی بزانین كاری تو لە تەشكیلاتی عەلەنی دا لەكەیەوە و چون دەستی پێكرد؟

لە لایەن تەشكیلاتەوە دوای ئەوە كۆمەڵە فەعالییەتی ئاشكرای خۆی ئیعلام كرد، لە تەك تعدادیك لە هاوڕییاندا كە گشتمان لە "جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی" شاری سنەدا بووین وەهەروەها هاوڕییانیك لە جەمعییەت كامیارانەە، چووینە یارمەتی جووتیارانی مەنتەقەی "ئەلگ" لە كامیاران چونكە لە ژیر فشار و هەرەشەی مالكی ئەو مەنتەقەدا بوون. بۆ تەهیە و تەداروكی دروس كردنی یەكیتی جووتیارانی مەریوان كە دواجار بوون بە ئەوەلین دەستە پێشمەرگەی كوردستان و جنووبی كوردستان، لە لایەن تەشكیلاتەوە بە هاوڕییانی كۆمەڵە لە مەریوان ئەسلەحە و موهیماتم گەیاند.

دواجار لە تەك یەكی لە هاوڕییان بە ناوی مەحموود خورشیدی چووین بۆ مەنتەقەی "ئالان" لە سەردەشت. ئەوە وەختیك بوو كە هیشتا هێزەكانی ڕژیم هێرشیان نەكردبوو بۆ سەر كوردستان. ئێمە كارمان ئەوە بوو كە بە یارمەتی لاوانی شۆرشگێر و هاوڕییانی‌تر لەو مەنتەقە و هەروەها بە یارمەتی و بەشداری خەڵكی یەكیتی جووتیارانی مەنتەقەی "ئالان" دروس بكەین و هەروەها بۆ مقدمات و تەهیە و تەداروكی دیفاعی چەكدارانە و دانانی مەقەری مەركەزی لەو مەنتەقە تەلاش و كار بكەین، و ئرتبات و ئیمكان فەراهەم بكەین. بەر لە هێرشی ڕژیم هەروەها چووین بۆ یارمەتی خەڵكی مەنتەقەی "كەرەفتوو" لە لەینە ئاغاكان یەكیانگرتبوو و چەكدار بوون و هەرەشەی چەكدارانەیان ئەكرد لە خەڵك. ئەم كاریشە هەر لە تەریقی "جەمعییەت" شاری سەقزەوە ئەچووە بەرەو.

ئەوانە كە باسم كرد ئەوەلین فەعالییەتەكانی من بوو. هەر لەو زەمانەدا لە "جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی" شاری سەردەشت

←

تەماسم بوو لە تەك جەوانان و لاوانی شۆرشگێڕی ئەو شارە. تا هێرشی هێزەکانی رژیم بە کوردستان بۆ سەر ئازادی و دەسکەوتەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان لە دوای قیامی 57 دەستی پێکرد.

دیارە کۆمەڵە زووتر ئەیزانی کە رژیم ئەو هێرشە ئەکات و قسەکانی رژیم و ڕەئیس جمهوور وقت "بەنی‌سەدر" افشا ئەکرد کە گویا "هێزەکانی رژیم ئەرون بۆ مەرز و کاریان بە شارەکان و خەڵکەوە نیە و بۆ پاراستنی مەرزەکان ئەچن". کۆمەڵە هەرچەند مانگ بەرلەوە خەڵکی کوردستانی لە پیلان و نەقشەی رژیم بۆ سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازانەی خەڵك ئاگادار کردبووەوە. هەر بە بۆنەی تەبلیغاتی کۆمەڵە و هێزی چەپەوە خەڵك ئامادە بوون و بەسەر شتیکی کوت و پردا نەکەفتن. ژمارەیەك فرە لە خەڵك خۆی خلع السلاح بکات. لە باری روحیشەوە ئامادەگی بوو. کۆمەڵە زووتر لە فیکری دروست کردنی دەستەی پێشمەرگەدا بوو تا مقاومەتی عادلانەی خەڵك هدایەت و رابەری بکات. لە مەریوان، لەمەنتەقەی "گەورك" و "ڕەبەت" لە سەردەشت، وە بەینی خانی (پیرانشار) و سەردەشت، مەنتەقەی "گورەمەر"، کۆمەڵە بە دروست کردنی یەکیەتی جووتیاران دەستی دابووە ڕێکخستن و متحد کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچانەوە. وە هەستەی ئەوەلیەی ئەو یەکیەتیانە کۆمەڵە دروستی کردبوو. هەرکام لەو فەعالییەتانە چەند نەفەر لە هاوڕیانی کۆمەڵە سازمانی ئەدا. ئەوەلین هەنگاوەکانی یەکیەتی جووتیارانی مەریوان کاك فوئادی لەتەکا بوو. دوای هێرشی رژیم ئەوانە بوون بە پێشمەرگە جا ئیتر خەڵکیان پێوە پەیوەس بوو. منیش بە هێرشی رژیم، لە سەردەشتەوە چووم بۆ لای هاوڕیانیتری کۆمەڵە لە مەنتەقەی گەروکی سەردەشت دەوروبەری ڕەبەت. پێشمەرگایەتی خۆم لەینەوە دەس پێکرد. لیرە با یادیك بکەم لە هاوڕیانی گیانبەخت کردوو محەمەد ئەمین یوسفی ناسراو بە مینە نستانی، حسەینی حەمەڕەشی ناسراو بە جەلیل و عومەری حەمەڕەشی ناسراو بە عومەر سیسیری کە لەو وەختەدا بە یەکەوە پێشمەرگە بووین و ئەوەلین ڕۆژەکانی پێشمەرگایەتیمان دەست پێکرد. یادیان بەرز و بەریز بیت. هەروەها هاوڕییانیك کە هەر ئێستا ئەرك و وەزایفی تەشیکلاتیان هابەسەر شانەوە. هاوزەمان لە تەك ئەمانە ڕەفیق گەلێتر کە خەڵکی تێکۆشەر و خۆشەویستی شاری سنە ناویان فرە ئاشناس بۆیان لە مەنتەقەی گورەمەر لە بەین پیرانشار و سەردەشت ئەوەلین دەورەی ئاموزشگای کۆمەلەیان کە یادی بەخیر شەهید فوئاد عەرەب ئاموزشی دابوو پیان، تەواو کرد و بوون بە پێشمەرگەی کۆمەڵە یا هەندیشکیشیان بەبی دەورە بوون بە پێشمەرگە. هاوڕیان حەمید فەرشچی، فەرهاد ئەمانتی، عبدالله هوشیاریان، نەوروز گەنجی، ئەیوب نبوی و ڕفیق گەلیکیتر کە یادیان هەمیشە لە دلمانا زیندوو و پیروزە. هیچ وەخت فەراموشیان ناکەین و هەمیشە لە یادمانن.

هاوری ئەدیب! دیارە ئیوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتی پێشمەرگانەدا هەر لە کاری دەرس وتنەوە لە ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە وەك موعەلیمیکی مارکسیزم هەتا بەشداری ڕاستەوخۆ لە شەرەکانی کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەك. زۆر مەیدانی کاری شۆرشگێڕانەتان تاقی کردوەتەوە و دەورتان نواندوە. بەڵای خۆتەوە کامیان خۆشترین بواری کارتان بووە؟ کامیان زیاتر لە هەموویان خۆتی رازی کردوە؟

جوابی ئەو پرسیارە موشکلە بوم، چۆنکە بەستە بەوە کام نەوع فەعالییەتی لازمتر بووایت، ڕووم ئەکردە ئەو نەوعە لە فەعالییەت. چۆنکە گشتی خزمەتی بە یەك هەدەف ئەکرد. وەلی ئەتوانم بێژم وەختی لە تەك خەڵکا بووین و دائەنشتین بە قسە و بەحس کردن لە تەك ئەوانا وەختیکی خۆش بووگە بۆ من هەمیشە. با زیاتر تەوزیحی بەم: هەروا کە ئیشارەتان پێکرد وەختیك پێشمەرگەیەك بووم لە ناو واحیدیکدا دیارە فەعالییەتی نیزامی و چەکدارانەمان بوو، هیچ وەخت لە بیرمان ناچو کە تەماس و ئرتبات دائمی خۆمان لە تەك خەڵکا چەنی ئەرزشی هەس بۆمان. ئەو کارە یانی قسە و باس کردن لە تەك خەڵکا، بەحس کردن لە تەکیانا، تەوزیح دانی وەزعییەتی مەنتەقە و تەوزیحی ئەهدافی ئێمە و سیاسەتی رژیم کاریك بوو کە فرە وەخت بە منیان ئەسپارد و من لە ئەنجامی ئەحساس ڕەزایەتم ئەکرد. ئیتر لەوەوە بگرە هەتا ئەو وەختە وا لە ناو دەستەی سازماندەردا بووم کە کاری موشەخەسی ئەوەبوو جەوانان و خەڵکی زەحمەتکێش ببینی و بە پێی توانایان وەسلیان بکا بە تەشیکلاتەوە، یانی مەسئولی بەرقەراری ئرتباتی تەشکیلاتی بوو لە دێهات. چوونم بۆ ئاموزشگا، ڕاهنمایی و هەدایەتی هاورییانی تازە پێشمەرگە و داوتەلەبین هاتن بۆ ناو ڕێزەکانی کۆمەڵە یەکیتر لەو کارانە بووە کە هەر لازم بوو و هەم شیرین بوو بۆ من. ئەتوانم بێژم ئەو کارانە وا بە هەر دەرەجە بە کرێکار و زەحمەتکێش نزیکی ئەکردمەوە ئەچووم بەرەو پیریەوە. وەختی کار و فەعالییەت نیزامی بە بۆنەی هێرشی رژیم بۆ مەناتقی ئازاد و دایگر کردنی ئەو مەناتقە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە، مەیدانی مانوری کەم نەبووەوە، من و هاورییانم ڕوومان ئەکردە ئاموزشگا بۆ بەشداری لە ئاموزش گەلیکا وا کۆمەڵە دای ئەنا بۆ داوتەلەبەکان.

هاوری ئەدیب پرسیارەکانی ئێمە تەواو بوون. لە کوتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا حەز دەکەین یەکیك لە بیرەوەریەکانی خۆت لە تێکۆشانی ئەم چەند ساڵە بۆ ئێمە و گوێگرە خۆشەویستەکانی دەنگی شۆرشی ئێران باس بکەی!

وەختی شەر و مقاومەتی قارەمانانەی شاری سنە بوو لە بەهاری 59دا. شاری سنەی قارەمان 24 ڕۆژ لە ژیر خومپارەباران و توپ بارانی جینایەتکارانەی رژیم دا مقاومەتی کرد. خەڵکی موبارز و فیداکاری شاری سنە ئەوەی لە توانایاندا بوو ئەنجامیان دا تا رژیم نەتوانی شار بگری و خەڵکی شار بخاتە ژیر تەسەلوتی سەرکوتگەرانەی خۆی. پیشمەرگە لە چواردەوری شارا مقاومەتی ئەکرد. خەڵك بە گشت جۆریك کومەکیان ئەکرد بە مقاومەتی شار. ئەکیپی پزیشکی سەنگەر بە سەنگەر ئەگەران نەوا دیر بگەنە بریندارێك. مالەکان نان و خواردنیان دروس ئەکرد و خۆیان ئەیان برد بۆ سەنگەرەکان. توپ باران و خومپارەباران بی وەقفە بەردەوام بوو. کوشتە و بریندار هەرچی ئەهات فرەتر ئەبوو. ڕژیم هەزاران خومپارەی 120ی دا لە شار. باوجوودی ئەوە، خەڵك ئەیان وت: خومپارەبارانمان پی خوشترە لەوە کە بکەوینە ژیر شەق و شەپی پاسدارەکان.

لە ئاوەها شەرایتکدا کۆمەڵە تەسمیمی گرت بۆ بەرگیری لە تەلەفاتی فرەتری خەڵکی شار هێزەکانی بکێشێتە دەرەو لە شار. ئیوارە بوو کاك شوان دوای سەردان لە سەرنگەرەکان گەڕیاوە بۆ مەقەر. قسەی پاشەکشە لە شار مترح بوو. گشت کەس گەرەکی بوو بزانی کاك شوان چە ئەیژی و چون تەسمیم ئەگری. فرە زوو لەسەر ئەو تەسمیە ساغ بووەوە کە جی هیشتنی شار ئیتر تەسمیمیکی دروستە و وەختی هاتگە. بلافاسلە کاك شوان وتی با بزانین مشکلمان چەس؟ گشت کەس لەو پاشەکشەیە نیگەران بوو چونکە پاشەکشەیەکی ئاسان نەبوو. تعدادیکی یەکجار فرە لە خەڵك شاریان چول ئەکرد و ئەکەفتنە تەك هێزەکانی کۆمەڵە. ئومیدیان کۆمەڵە بوو. ئەشیای بە سلامەت گشتیان لە حەلقەی محاسرە کەوا ڕژیم لە چواردەوری شار دروستی کردبوو دەرباز بکرین. ئەمە کاریکی سەخت بوو. کاك شوان وەك هەمیشە ئەم موشکیلە گەورەیەی حەل کرد و وتی: "ئەو کارە بە عوهدەی من. نیگەران مەبن خۆم ئاخرین نەفەری ئەو ستوونە گەورە ئەبم کە لە شار ئەچیتە دەرەوە". بە ڕاستی هەرواش بوو. ئەو ستوونە دوور و دڕێژە ئینسانیەیە بە کومەك و تەرحی کاك شوان شاریان جیهێشت بی ئەوە یەك نەفەر جی بمینی یا مەزەرەت ببینی. شەو تا بەیانی تولی کیشا تا ئەو خەڵکە هاتنە دەرەوە لە شار. لەبیرمە کاك شوان ویستا بوو. لەمبەر چەمەکە بۆ ئەوبەر تەنافی کیشا بوو بۆ ئەوە دەستی پێوە بگرن و لە ئاوەکە کە ئاوی بەهار فرە بوو بتوانن بگوزەرن. تا دانە دانەی ئەو خەڵکە لە ئاوی چەمەکە کردیانە ئەوبەرەو. ئیتر کاك شوان نەفەسیکی ڕاحەتی کیشا و وتی بە سلامەت هاتین گشتمان.

***

وەڵامی پرسیارێك

بەشداری لە پارلمان؟

هاوری م _ ئازاد پرسیاری کردوە کە:

ئایا کۆمۆنیستەکان لە پارلماندا بەشداری دەکەن؟

هاوری ئازاد بەرلەوە کە بچێنە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە پێویستە بڵێین کە لە نەزەر ئێمەوە پارلمان ئەندامێکی پەیکەری دەوڵەتی بورژوایی و یەکێك لە ئامرازەکانی پاراستنی دەسەڵاتی چینی سەرمایەدارە. لەو کاتەوە کە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە کۆمەڵدا بە تەواوی زاڵ بووە ئەم شێوازە لە حکوومەت کردنیش وەکوو وەڵامێکی گۆنجاو بۆ جێگرکردنی دەسەڵاتی سیاسی چینی تازە پێگەیشتووی سەرمایەدار هاتوەتە کایەوە. بە کۆرتی، پارلمان بە دێهێنەری دیموکراسی بورژوایی و ڕێگا و ڕەسمی حکوومەتی سەرمایەدارانەیە.

ئەگەرچی ئەمڕۆکە لە زۆر شوێنی دونیا پارلمان خۆی وەکوو وەسیلەیەك بۆ شەرعییەت پێدان بە دیکتاتوری و پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی ئینسان بەکار دەێت، بەڵام بە هەمووی ئەمانەوە گۆمان لەوەدا نیە کە دامەزراندنی پارلمان لە چاو حکوومەتەکانی سەرەوی دەورانی دەسەڵاتی ئەشرافزادەکان و دەرەبەگەکان کە تێیدا ئینسانەکان ڕەعیەتێکی بی ماف و بی دەسەڵاتی حکوومەتەکان بوون وە یان تەنانەت لەچاو حکوومەتە ئیستبدادی و سەربازییەکانی سەردەمی ئێستاش کە بە ملهووری و بە خەفەکردنی هەر دەنگێکی موخالیف دڕێژە بە دەسەڵاتیان دەدەن، هەنگاوێکی بەرەو پێشە.

بەڵام پارلمان ڕێگایەك نیە کە بەشەر لە ڕەوتی ژیانی بەرەوپێشیدا سەرەنجام بۆ بەرێوەبردنی هەتا هەتایەی کۆمەڵ دوزیبێتەوە بەڵکوو هەروەك وتمان هاتنە کایەی پارلمان لە ژیانی سیاسی کۆمەڵدا مەسەلەیەکی چینایەتییە. دیموکراسی پارلمانی شکلێکی سیاسییە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری پەیدا بووە و دەسەڵاتی سیاسی چینی سەرمایەدار سەقامگیر دەکات. هەربۆیە پارلمان ناتوانی سەرخانێکی گۆنجاو بۆ دەسەڵاتی چینی کرێکار بی شۆرشی کرێکاری بۆ مسوگەر کردنی ئازادی و ڕزگاری واقیعی ئینسانەکان دامەزراوی تایبەتی خۆی دروست دەکات. لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا ئەزموونی شۆرشی کرێکاری لە ڕووسیە شورایی وەکوو شکلی گۆنجاو بۆ دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان هێنایە کایەوە و بێگۆمان شۆرشی داهاتووی کرێکاران ئەم ئەزموونە میژوویی‌یەی چینی کرێکار گەشە پی دەدات و ڕێگایەکی بە دەیان قات پێشکەوتووتر و دیموکراتیێکتر لە هەر پارلمانێکی بورژوایی بۆ دوارۆژی ژیانی ئینسانەکان دێنێتە گۆڕی.

ئێستا دوای ئەم سەرەتایە دەچینە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە کە ئایا کۆمۆنیستەکان بەم بۆچوونەیانەوە لە پارلمانەکانی بورژوازی دا بەشداری دەکەن؟

وەڵام بە کۆرتی ئەمەیە: ئێمە بە شێوەیەکی ئوسوولی بەشداری کردن لە پارلمان ڕەت ناکەینەوە. بۆ ئێمە بەشداری کردن یا نەکردن لە پارلماندا سیاستێکی دیارێکراوە کە دەبی لە هەولومەرجی سیاسی دیارێکراودا وەڵامی موشەخەسی پی بدرێتەوە.

دیارێکردنی ئەم هەلومەرجەی کە تێیدا کۆمۆنیستەکان هەڵبژاردنی پارلمان تەحریم دەکەن و بەشداری تێدا ناکەن بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستاوە کارێکی ئاسان نیە. بەڵام بۆ نموونە لە هەلومەرجێکدا کە خەباتی کرێکاران و جەماوەری شۆرشگێڕ لە دەرەوەی پارلمان بە ڕادەیەك گەشەی کردبی کە بتوانی ئیدیعاکانی دیموکراسی خوازانەی بورژوازی ڕابماڵی و تەوهومێکی ئەوتوی بە دەسەڵاتی سیاسی نوینەرانی بورژوازی لە پارلمانەکاندا لە ناو بزووتنەوەی جەماوەری‌دا نەهێشتبیتەوە، لە وەها هەلومەرجێکدا حیزبی شۆرشگێڕی کرێکاری نەك هەر لە پارلمان پێشنیار کراوی بورژوا لیبرالەکاندا بەشداری ناکات بەڵکوو تێدەکوشی بە هێزی زۆربەی جەماوەر شێوازی دەسەڵاتی سیاسی خۆی یانی دەسەڵاتداریەتی شووڕایی بێنێتە کایەوە و ئەمە ئەو سەردەمەیە کە کۆمۆنیستەکان هەر چەشنە بەشداریەك لە پارلماندا ڕەت دەکەنەوە.

یان دێسان وەکوو نموونە، لە کاتێکدا کە بورژوازی لە ڕێگای بە کارهێنانی قانوونەکان و داموددەزگاکانی پولیسی خۆیەوە ڕێگا لە هەڵسووڕانی ئازادانەی سیاسی موخالیفانی خۆی ئەگری و مەجالی بەشداری کردنی نوینەرانی کۆمۆنیست لە هەڵبژاردنەکاندا بەرتەسك دەکاتەوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات ڕێگا لە هەڵبژاردنیان بگری، دیارە کۆمۆنیستەکان بە ئیعتیراز بەم سیاسەت و کردەوەیە وەها هەڵبژاردنێك تەحریم دەکەن و بەشداری تێدا ناکەن. یان جاری وا هەیە کە لە باری فەننی و تەشکیلاتی‌یەوە بۆ جەریانێکی کۆمۆنیستی ئیمکانی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی‌پارلماندا نیە و بەم بۆنەوە خۆی لێ دوور دەگری.

ئەگەر هیچ هۆیەکی لەم چەشنانەی کە باس کرا وجوودی نەبی، هێزێکی کۆمۆنیستی کە جیددی‌یە و بروای بە خۆی هەیە و بە ئامانجەکانی وەفادارە، بەشداری کردن لە پارلمان لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئەمە شێوازی حکوومەتی بورژوازی‌یە، ڕەت ناکاتەوە بەشداری کردن لە پارلمان شێوەیەك لە شێوەکانی کاری عەلەنی و قانوونی‌یە کە حیزبێکی کرێکاری لە ڕەوتی خەباتی سیاسی خۆی‌دا بۆ نزیك کردنەوەی چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی بە کاری دێنی هێزێکی کۆمۆنیستی کە تێدەکوشی هەموو ئامراز و ئیمکاناتێکی مەوجوود بۆ بەهێز کردنی ریزی چینایەتی کرێکاران بە کاربێنی، وبرای هێنانەگۆڕی ڕوانگە و بۆچوونی ڕەخنەگەرانەی سوسیالیستی بەرانبەر بە پارلمان، لە هەڵبژاردنی پارلماندا بەشداری دەکات و هەوڵ دەدات بۆئەوەی کە فراکسیونی رادیکال و شۆرشگێڕی خۆی لە دەروونی پارلماندا شکل پی بدات.

مەسەلەی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان لەم تریبونە کە لە پارلمانی بورژوازی‌دا بە دەستی دێنن چ کەڵکێك وەردەگرن؟ ئایا تەسلیمی پارلمانتاریزمی بورژوازی دەبن و وەعدەی بی پایەی ئالوگۆڕی گەورەی ئابووری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پارلمانەوە. بە کرێکاران دەدەن؟ ئایا ئامانج و باوەڕەکانی خۆیان دەهێننە مامەلە لە پێناوی بەدەسهێنانی چەند کۆرسی‌یەك لە دەزگای دەوڵەتی‌دا دەهێننە پای مامەلە و بازرگانی پێوە دەکەن؟ یان بە پێچەوانەوە لە دەروونەوە و بە کەڵك وەرگرتن لەم تریبوونە، سیستمی پارلمانی لە ئەزموونی سیاسی خۆیاندا بە کرێکاران دەناسێنن؟ کۆمۆنیستەکان بە بەشداری کردن لە پارلمان دا بەو کۆمەڵە کرێکارە و زەحمەتکێشەی کە خۆشباوەڕیان بە پارلمان هەیە و لە کاتی خۆی‌دا لە دەوری ئالای شووراکاندا کۆنەبوونەتەوە ئیمکانی ئەوە دەدەن کە ئەم تاقیکردنەوە سیاسی‌یە تێپەڕ کەن.

هەبوونی ئوپوزیسیونی کرێکاری لە دەروونی پارلمانی بورژوازی‌دا ڕێگا بۆ ناساندنی ڕوالەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی بورژوازی و پارلمانەکەی خۆشی دەکات.

کۆمەڵێك تێکۆشەری کۆمۆنیست کە بە ئامانجەکانی چینایەتی خۆیان وەفادارین و بە بروا بەخۆ و بەبی نیگەرانی لە دژواری‌یەکان، ڕووبەروو لەگەڵ نوینەرانی چینی دەسەڵاتدار لە بلندگوی پارلمانەوە ڕوو لە چینی کرێکار و ڕوو لە هەموو کۆمەڵ قسە بکەن و بەرۆکی دەسەڵاتداران لە هەموو ڕووداو و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا، لە سەنگەری پارلمانیشدا بگرن، دەتوانن چینی کرێکار لە یەکێك لە ئەزموونە گەورەکانی خەباتی چینایەتی خۆی سەرکەوتووانە تێپەڕ کەن و ئاسوی سوسیالیزم و سەرکەوتنی نەهایی بۆ ڕوونتر کەنەوە.

چەند ڕاپورتە هەواڵ

هێرشی ئاسمانی تورکیە بۆ سەر کوردستانی ئێران و عێراق

سەر لە بەیانی ڕۆژی جومعە 8ی ڕێبەندان چەندین فروکەی جەنگی تورکیا لە قوواڵیی کوردستانی ئێران و عێراقدا، لە کوێستانەکانی سەر سنووری نیوان قەلادزی و سەردەشت، چەند شوێنێکیان وەحشیانە بومباران کرد. لەم ڕووداوەدا ژمارەیەک لە خەڵکی بی دیفاعی ئەوایی یە سنووریەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و چەند پێشمەرگەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە گیانیان لە دەست داو ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵک بریندار بوون، کە بریندارەکان گواستراوەتە بۆ نەخۆشخانەکانی شاری سلیمانی و سەردەشت.

شوێنی ڕووداوەکە و مەیدانی هات و چوون و مانوری فروکەکان نیشانی دەدات کە ئەم ڕووداوە بە هاوئاهەنگی و هاوکاری دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی جێبەجێ کراوە و بەشێکە لە ڕێککەوتنی حکوومەتەکانی ئەم دوو وڵاتە بۆ زەربەلێدان لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کورد لە ئێران و عێراق و تورکیە.

هەروەها ئاشکرایە کە ئەم کردەوەیە بە ئاگاداری و لەسەر چاوپوشی هێزە هاوپەیمانەکان لە پایگەکانی تورکیە و لە ناوچەی بە ڕواڵەت پارێزراوی ئاسمانی ئەواندا ڕووی داوە. بەمجۆرەیە کە ئەرتەشی تورکیە بۆ ئینسان کوشتن و بۆ چاوترسێن کردن و هەڵگرتنی ئەمنییەت و ئاسایش لە خەڵکی هەموو ناوچەکە، هیچ سنووڕێک بۆ خۆی ناناسی. پیلانی ئەم دەورەیەی دەوڵەتانی ئێران و تورکیە لە دژی گەلی کورد هەڵبەت ڕووداوێکی تازە نیە و چەندین مانگە گەڵاڵە بووە و هەردوولا بەرەبەرە خەریکی جێبەجێ کردنین.

خەڵکی زەحمەتکێشی ستەمدیدە و ئازادیخواز کە ڕاستەوخۆ قوربانی پیلانگێڕی و هاوکاری دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەم ناوچەیەن، ئەم دەسدرێژییانە مەحکووم دەکەن و لە دژی ڕادەوەستن. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە کوردستانی ئێران و عێراقەوە بە دەستمان گەیشتوە هێرشی فروکەکانی تورکیە بۆ سەر شوێنێک کە بە کیلومیتر لە سنوورەکانی تورکیا دوورە و هاوکاری و هاوئاهەنگی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەم کارە، شەپولێکی لە نەفرەت و بیزاری لە هەردوولا پێک هێناوە. خەڵک لە شارە سنووریەکانی کوردستانی عێراق و ئێران بە پەلە و بەگەرم و گوڕی بە هانای بریندارەکانی ئەم ڕووداوە ڕویشتوون و بە دانی خوێن و یارمەتی تر و دەربرینی نارەزایەتی و ئیعتیرازی خۆیان، لە دژی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیە، ئەم دەسدرێژییەیان مەحکووم کردوە. ئەم ڕووداوە ئەگەرچی نیشانیدا کە دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش لەو ناوچەیە لە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا تا چ ڕادەیەک چوونەتە بەرەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ڕاستیەشی تەئکید کردەوە کە ئەم جۆرە پیلانگێڕیانە چۆن لە بەرانبەر خۆیدا ڕیزێکی مەحکەم لە بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ستەمدیدە پێک دێنی.

سەردەشت:
هێزەکانی ڕژیم جارێکیتر سنووری کرودستانی عێراقیان پەراند

بەپێی هەواڵێک کە لە ناوچەی ئالانی سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوە سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە 22ی بەرفرانبار جمهووری ئیسلامی هێزێکی زۆر دەرژێنێتە ناوچەی ئالان. ئەو هێزانە ئاوایی یەکانی شەلماش، بیتوش، بێژوی و ڕەزگە، گەمارو دەدەن و سەعات 5ی بەیانی دەچنە ناو ئاوایی بێژوی و ماڵی خەڵک یەک بە یەک دەپشکنن و ئیددیعا دەکەن کە گوێا بە شوێن پێشمەرگەدا دەگەڕین بەڵام لە ڕاستیدا کاریان ترساندن و ئازاری خەڵک بووە. هەر ئەو ڕۆژە ژمارەیەک لە لاوانی ئاوایی دەسگیر دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن و ئیوارەی ڕۆژی دوایی ئازادیان دەکەن. هێزەکانی ڕژیم بۆ ماوەی 3ڕۆژ لەو ناوچەیە دەمێننەوە و هەر لەو ماوەیەش دا چەندین جار سنووری کوردستانی عێراق تێپەڕ دەکەن و دێنە ناو کوردستانی عیراقەوە و ئازاری خەڵکی دێهاتە ئاوەدان کراوەکانی دەورەوبەری شاری ماوەت دەدەن و ژمارەیەکیش لە خەڵک دەگرن و دوای هەڕەشە و ترساندن ئازادیان دەکەن.

هاوکات لەگەڵ ئەو عەمەلیاتە فەرماندیاری شاری سەردەشت لە ئاوایی یەکانی بیتوش و شەلماش قسەی کرد و هەوڵی دا کە خەڵکی ئالان ڕازی بکات بەوەی کە ڕێگا بدەن داروودەستەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق لە ناوچەکەیاندا جێگیر بن.

بەپێی هەواڵ فەرماندار لە هەموو شوێنێک لەگەڵ نارەزایەتی ی توندی خەڵک بەڕەو ڕوو بووە و خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕایانگەیاندوە کە بە هیچ جۆر ڕێگا بە دامەزراندنی ئەم تاقمە لە ناوچەکەیان نادەن. لە ئاوایی ڕەزگە خەڵک لە جوابی هەڕەشەی فەرماندارداو وتوویانە کە ئەگەر دەوڵەت فشار بێنی و بزووتنەوەی ئیسلامییان بەسەر دا بسەپێنی، ئەوا ئێمە ئاوایی یەکە چۆل دەکەین.

سەردەشت:
خەڵکی ماوەغان تەحەمولی دەسدرێژی یەکانی پاسداران ناکەن

بەپێی هەواڵێک کە لە شاری سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوە ڕۆژی یەک شەممە 19ی بەفرانبار پاسدارانی جێگیر لە پایگای ئاوایی ماوەغان تەقەیان لە خۆپێشاندانی خەڵکی ئەو دێیە کردوە و چەند کەسیکیان بریندار کردوە و ژمارەیەکیشیان بردوەتە گوردانی سپاو بی حورمەتی یان پێکردوون و ئەشکەنجەیان داون. چۆنیەتی ئەم ڕووداوە بە پێی ڕاپورتەکە بەم جۆرە بووە: چەند ڕۆژێک بوو کە پاسدارانی پایگای ماوەغان بە بیانووی جۆراوجۆر دەچوونە ناو دی و ماڵی خەڵکیان دەپشکنی و بیانوویان بە ژنان و کچانی دی دەگرت کە گوێا پێشمەرگەیان لە ئاوایی دا شاردوەتەوە. ئەو فشارە گەیشتە ڕادەیەک کە خەڵکی ماوەغان لەوە زیاتر تەحەمولیان نەماو ڕۆژی یەک شەممە بریاریان دا کە بەری ئەو دەسدرێژییە بی شەرمانەیە بگرن. کاتێک وەکوو ڕۆژانی ڕابوردوو تاقمی پاسداران پشکنینی ماڵان و ئازاردانی خەڵکیان دەست پێکرد، خەڵکی ئاوایی دەستەجەمعی لێیان وەدەنگ هاتن و ئیعتیرازیان پێکردن و ڕێگایان پی نەدان کە بێنە ناو ماڵەکانیانەوە.

پاسداران بۆ شکاندنی بەرهەڵستی خەڵک پەلامای خەڵکەکەیان دا و خەڵکیش ئازایانە لێیان وەدەست هاتن. تا ئەوکاتە پاسداران هێشتا چەکی گەرمیان بەکار نەهێنابوو و خەڵک جوابی مشت و قوناغە تفەنگی ئەوانی بە مشت و تیلاو بەرد دەدایەوە. پاسداران کە لێیان حاڵی بوو بەرهەڵستی خەڵکیان بۆ تێک ناشکی، دەستیان کرد بە تەقە و لە ئاکام دا دوو ژنی ئاوایی بریندار بوون. پاسداران دوای ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە بە زۆری چەک چەند کەسی خەڵکی ماوەغانییان دەسگیر کرد و بردیانن گوردانی سپا لە نزیک شاری سەردەشت لەوەی بی بەزەییانە لێیان دان و ئەشکەنجەیان کردن دوای ئازار و بی حورمەتی یەکی زۆر بە پەیامی هەڕەشەوە گیراوەکانیان نادەوە بۆ دێی ماوەغان.

هەواڵی بەرهەڵستی دلێرانەی خەڵکی ماوەغان بە خێرایی لە هەمو ناوچەکەدا بڵاو بووەوە و نەفرەت و بیزاری یەکی زۆری لە دژی هێزەکانی ڕژیم لەو ناوە هەڵخراند.

خەڵکی سەردەشت و دێهاتی ئەو ناوچەیە کە خۆیان هەموو ڕۆژێک لە ژێر فشار و هەڕەشەی هێزی داگیرکەردان و کردەوەی دژی ئینسانی تاقمەکانی سپای پاسداران ئەمنییەت و ئاسایشی لێ هەڵگرتوون، پشتیوانی لە خەڵکی ماوەغان دەکەن.

سنووسی نەغەدە:
ڕژیم بۆ جومالی چۆمی کادەر، باج لە خەڵک دەستێنێ!

هەموو ساڵێک لە وەرزی بەهاردا ژمارەیەکی زۆر لە دێیەکانی ناوچەی سنووسی نەغەدە کە لەبەر چۆمی "گادەر"ن دەکەونە بەر سیلاو و زیانێکی زۆریان لێ دەکەوی. چەند ساڵێکە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە داوایان لە ڕژیم ئەوەیە کە ئەو چۆمە جومال کات و بەری ئەو زەرەر و زیانە هەموو ساڵەیە بگری.

سەرەنجام دوای هات و چوون و ئیعتیرازێکی زۆری خەڵک دەوڵەت بە ڕەسمی قەبوولی کرد کە بە خەرجی خۆی کاری پاک کردنەوەی دەوروبەری ئەو چۆمە جێبەجێ کات و ئەو بەڵێنەیان بە خەڵک ڕاگەیاند. بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو و هیچ هەواڵێک لە هیچ کارێک لەو بارەوە نەبوو. خەڵکی ئاوایی یەکانی جاشیران، زەڵیلان، دەربەند، کاموس، ئەرناو ئلاگویز کە زیاتر لە شوێنەکانی تر لە مەترسی سیلاوی چۆمی گادەردان، دەنگی ئیعتیرازی خۆیان بەرز کردەوە و دوای ماوەیەک بێنەوبەرە لەگەڵ ئیدارەکانی دەوڵەتی، فەرماندار بە خەڵکی ڕاگەیاند کە ئەو کارە دەبی بە یارمەتی خەڵک خۆیان جێبەجێ بێت و دەوڵەت تەنیا نێوەی خەرجی پێویست بۆ ئەو کارەی دیاری کردوە. دوا بە دوای ئەو هەواڵە لە لایەن فەرماندارییەوە چەند بەرگ وەرەقەی ڕەسمییان هێنا بۆ هەموو دێیەکان و داوایان لە خەڵک کرد کە ئەو وەرەقانە ئیمزا بکەن. بە پێی ئەو بریارە بۆ ئەوەی دەوڵەت دەست بە کاری جۆمالی چۆمی گادەر بی دەبی هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە بەڵێنی بدەن کە:

یەکەم: زەوی و مووڵکی هەر کەس لە ئەنجامی ئەو کارە زەرەر و زیانی لێ کەوت مافی هیچ چەشنە داوا و ئیعتیرازێکی نەبی!

دووەم: هەر چەشنە زیانێک کە لە ماوەی کاری جومالی کردن دا لە ماشین و دەزگاکان و کەل و پەلی کارکردن بکەوی، خەڵک بەر پرسیارە و دەبی زیانەکەی لە لایەن خەڵکەوە ببڕێردری. هەروەها خەڵک دەبی زەمانەتی گیانی بدەن بە کاربەدەستانی دەوڵەتی کە هات و چوی شوێنی کارەکە دەکەن!

سێیەم: خەرجی ڕۆژانە و خواردن و خوراکی هەموو کارمەند و کرێکار و دەست و پیوەندەکانی ئەو پرۆژەیە لە لایەن خەڵکەوە دابین بکری.

خەڵک تا ئێستا تەسلیمی ئەم داوایە نەبوون و لەسەر ئیعتیراز کردن و داواکاریەکەی خۆیان کە بریتیە لە "پاک کردنەوەی بەیانی چۆمی گادەر بە بی قەید و شەرت و بە هەزینی دەوڵەت"، پی دادەگرن.

ئیدارەی سیراوای سندووس لەم ڕۆژانەدا هەڕەشەی لە خەڵک کردوە کە ئەگەر تەسلیمی ئەو قەرارداده نەبن پرۆژەی بەرقی ئەو دێهاتە تەعتیل دەکەن و ئەو دێهاتەش کە پێشتر بەرقیان پێدراوە، لێیان هەڵدەبرن.

شنو:
قوربانی بوونی کچێک و ژنێکی کرێکار

لەم چەند مانگەدا، دوو ڕووداوی دڵتەزین لە شاری شنو ڕوویاندا کە تێیاندا دوو کەس بوونە قوربانی: یەکیان بووەتە قوربانیی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی ناو کۆمەڵ و ئەویتریان لە کاتی کارکردندا بۆ دابین کردنی ژیانی خانەوادەکەی، گیانی لە دەست دا.

ڕووداوەکان بەم جۆرە بوون:

پایزی ئەمساڵ کردەوەی باوکێکی دڵڕەق و بێرەحم، وێژدانی خەڵکی شاری شنوی هەژاند. کچێکی جەوان لە گەرەکی "سەلیم ئاوای خواروو"ی شاری شنو، دڵی دەچێتە گرەوی عەشقی کوردێکی جەوانەوە. لە ڕۆژێکی یەکەم مانگی پایزی ئەمساڵ دا، لە کاتێکدا کە لەگەڵ دڵدارەکەی خەریکی گەران دەبن، باوکی چاوی پێیان دەکەوی و کۆنەپەرستانە نەفرەتێکی کوێر و کۆنەپەرستانە هەموو وجوودی دادەگری و دەچێتەوە ماڵی و لە کەمینی ئەو کێژە نازەنینە، دادەنیشی و لە حەمامی ماڵەکەیاندا بە دەسرێژی چەک وجوودی پر لە هیوا و ئاواتی ئەوکچە، بێبەزەییانە سارد دەکاتەوە. چەند ڕۆژ دواتر ڕازی ئەو جینایەتە ساماناکە ئاشکرا دەبی و خەڵکی ئەو شارە غەرقی غەم و ماتەم دەکات.

ئینسانی ئازادەی سەردەمی ئێمە نەفرەت لە فەرهەنگ و داب و نەریتێک دەکات کە ناتوانی جوانترین و بە نرختڕین دیمەنی ژیان، یانی خۆشەویستی، تەحەمووڵ بکات.

ڕووداوی دووەم بەم جۆرە بووە:

سەرەتای بەفرانبار بوو کە هەواڵێک لە شاری شنویە دەنگی دایەوە. ژنێکی کرێکار لە کاتی کارکردن لە یەکێک لە نانەواخانەکانی شاردا گیانی بەختکرد. ئەو کرێکارە لە حاڵێکدا کە خەریکی کارکردن بە یەکێک لە دەزگاکانی نانەواخانە دەبی، گوشەیەکی لەچەکەی کە بەشێکی لە گەردنی هاڵاندبوو، دەکەوێتە بەر چەرخی دەزگاکەوە و لە ماوەیەکی کەم دا و پێش ئەوەی کەس بتوانی بە هاواریەوە بچی گیانی بەختکردوو، نان کرێکاری گیانبەختکردوو، ئاوەری خانەوادەکەیانە و یەکێک لەو قوربانیانەیە کە چەرخی نێزامی سەرمایەداری بەسەر لەشی ئەوانەوە دەگەڕی و سەروەتی ئەو جیهانە بەرهەمی ڕەنج و ئازاری ئەوانە، ئەوانەی کە خۆیان هەر بەشی ئەوەندەیان لە دەسرەنجی خۆیان پی دەبڕی کە ئەگەر گیانیان لە مەترسی لەم چەشنە دەرباز بی، تەنیا لە برسان نەمرن نە هیچ شتێکیتر.

سەقز:
جیهادی سازەندەگی دەست و پیوەندەکانی دەکات بە ڕایەلەی جاسووسی

بەپێی هەواڵێک کە بە دەستمان گەیشتوە ماوەیەکە کە تەشکیلاتی جیهادی سازەندەگی لە شاری سەقز و ناوچەکانی دەوروبەری، لەو شوێنانەی کە پرۆژەکانی تەواو بووە، بەشێک لە کارمەندان و دەست و پیوەندەکانی ناردوەتە سپای پاسداران بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی جیهادی سازەندەگی، ڕاستەوخۆ لە خزمەت دەزگای ئیتلاعاتی سپادا کەڵکیان لێ وەربگیری. ژمارەیەک لەو کەسانەی کە تەسلیمی ئەو پیلانەی سپا بوون بێ سیمیان پی دراوە بۆ ئەوەی هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکەیان و بە تایبەت هات و چووی پێشمەرگە بە نزیکترین مەقەرەکانی سپا خەبەر بدەن.

ئاشکرایە کە ئەم نەخشەیە نەک هەر لە ناوچەی سەقز بەڵکوو لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەڕێوە دەچی. ناوی جیهادی سازەندەگی لە کوردستان لە هەمان کاتدا هەمیشە پەردەیەک بووە بۆ شاردنەوەی تەرحەکانی سپای پاسداران و بە مەبەستی دروست کردنی ڕایەلەی جاسووسی و کۆکردنەوەی ئیتلاعات بۆ سپا و ئەرتەش کەڵکی لێ وەرگیراوە.

جیهادی سازەندەگی لە کوردستان دام و دەزگایەکە کە پرۆژەکانی پێویست بۆ سپا و دەزگاکانی سەرکوتگەری ڕژیم جێبەجێ دەکات و بۆ شاردنەوەی ئەرکەیەتی کە جاروبار هەندێک تەرحی غەیرە نیزامی ڕژیمیشی پی دەسپێردری. دروست کردنی بە سەدان پادگان و پایگا و دروست کردنی شاروچکە و شوێنی نێشتەجی بوونی ئەندامان و دەست و پیوەندەکانی سپا لە کوردستان، دروست کردنی سەنگەر و ئیستحکاماتی جەنگی، دروست کردنی جادە بۆ سەر لووتکەی کێوەکان و بەرزایی یەکان، تەنیا بۆ هاتوچووی هێزەکانی ئەرتەش و سپا و بۆ چاوەدێری کردنی هاتوچووی هێزی پێشمەرگە، ئەمانە بە درێژایی سالانی ڕابوردوو بەرنامەی سەرەکی جیهادی سازەندەگی بوون لە کوردستان و ئێستا کە ئەو تەرحانە بەشی زۆریان تەواو بوون، دەیانەوی هەڵبژاردەیەک لە دەست و پیوەندەکانی محەللی خۆیان بە سپای پاسدارانەوە بڵکێنن هەتا بۆ کاری جاسووسی کەڵکیان لێ وەربگری. پێویستە ئەم جۆرە کەسانە باش بیر لە ئاکامەکانی ئەو هاوکاریە بکەنەوە کە داوایان لێ دەکری لەگەڵ دەزگاکانی ئیتلاعاتی سپا بیکەن، ئەگەر هەتا ئەمڕۆ خەڵکی تێکۆشەر ئەمانەیان وەک دەست و پیوەندێکی عادی جیهادی سازەندەگی چاو لێکردوە کە بۆ بەرێچوونیان لەوەی کار دەکەن و بەم بۆنەوە لێیان خۆش بوون، لەمە بە دوا بە هاوکاری کردنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەزگا جاسووسی یەکانی سپای پاسداران، لە لایەن خەڵکی تێکۆشەری کوردستانەوە حیسابێکی دیکەیان بۆ دەکری و وەکوو تاوانبار چاویان لێ دەکری.

شنو، سەردەشت، نەغەدە: دیسان هێرش بۆ سەر دەسفرۆشەکان

بەپێی هەواڵێك کە لە شاری شنووە بە دەستمان گەیشتوە، لە سەعاتی 8ی شەوی 18ی بەفرانباردا، هێزەکانی چەکداری رژێم لە کاتێکدا کە دەسفرۆشەکانی شار، دەچنەوە ماڵی و ناو شار چۆل دەبی، هێرش دەبەنە سەر دەکەی دەکەدارەکانی شار و دەست دەکەن بە تالانی کەل و پەلەکانیان و هەموو وەسیلەکانیان کۆدەکەنەوە و دەیانبەنە شارەداری. سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر کە دەسفرۆشەکان دێنە سەرکار و ئەو وەزعە دەبێنن، لە هەموو شوێنێك ئیعتیراز دەکەن و لەگەڵ مەئمووڕانی شارەداری دەڕگیر دەبن و خەڵکی ناو شاریش بە گشتی پشتیوانیان لێ دەکەن. شارەدار ناچار دەبی لە بەرانبەر ئیعتیرازی خەڵکدا تەسلیم بی و دەکەکان لە شوێنی خۆیان دادەنرێنەوە.

هەروەها بە پێی هەواڵ لە سەردەشتەوە، بە دەسپێکردنی زستان و بێکاری و نەبوونی هیچ سەرچاوەیەك بۆ دەرامەد و بەڕێچوون، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بە ناچار ڕوویان کردوەتە دەسفرۆشی. لەو ڕۆژانەدا شارەداری فشاری بۆ سەر دەسفرۆشەکان زیاد کردوە و ئەمجارە هێزەکانی ئینتزامی ناردوەتە سوراغی دەسفرۆشەکان و بە زۆری چەك لە هەوڵی ئەودایە کە دەکەکانیان پی کۆکاتەوە.

خەڵک تا ئێستا لە بەرانبەر ئەو فشارەدا بەرهەڵستی کردوە و ئەو مەسەلەیە بووەتە هۆی کێشمەکێشێکی هەموو ڕۆژە لە شەقام و مەیدانەکانی ئەو شارە. شارەدار کە بە هێزەکانی ئینتزامی پشت ئەستووڕە ڕایگەیاندوە کە بریاری داوە ئەوکارە جێبەجێ کات و لەولاشەوە دەسفرۆشەکانی شار هەروا لەسەر بەرهەڵستی خۆیان پی دادەگرن و بە شارەداریان ڕاگەیاندوە کە دەست لەو کەللە شەقیە هەڵبگری و موزاحیمی پەیدا کردنی کە نیوانی خەڵك، سەرەڕای پیلانگێڕیی دەوڵەت و کۆنەپەرستان، زۆر خۆشە و بەتایبەت لەو شوێنانەی زەحمەتکێشانی کورد و تورك جیرانی یەکترن. تەبایی و هاوەنگی و خۆشەویستی جێگای بوغزاندن و دووبەرەکێی گرتوەتەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ خەڵکی نەغەدە دەیبینن ئەوەیە کە شاری نەغەدە لە ڕووی بەشی هەژارنشین و بەشی دەوڵەمەندنشینەوە لە یەك جیا دەبێتەوە و ئەو واقعییەتەیە کە شاری دابەش کردوە و ئەو دابەش بوونەیە کە وەکوو هەموو شارێکی دیکە پێیەوە دیارە.

گوێگرێکی دەنگی شۆڕشی ئێران، دابەش بوونی چینایەتیی شاری لە دیمەنێکدا بەم جۆرە باس کردوە: "گەرەکە فەقیرنشینەکانی شار کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی هەموو شاریان تێدا کۆبووەتەوە ئاوی لولەکێشیان نیە و لە ئاوی چاڵاو دەخونەوە. هەر ماڵێك لە حەوشی خۆی بیرێکی هەڵکەندوە و ئاوی پێویستی خۆی لێ هەڵدینجی. ئەو ئاوە مەرجەکانی تەندروستی تێدا نیە و گەڵێك نەخۆشی پێوەیە. تامی ئاوی ئەو چاڵاوانە بە ئاشکرا گوراوە و ئەگەر دام و دەزگایەك هەبۆایە کە بەراوردی جۆری نەخۆشیەکانی خەڵکی کردبایە بۆی دەردەکەوت کە ئاوی ئاڵوودە لە گەرەکە فەقیرنشینەکانی شاری نەغەدە چ بیادێك دەکا.

لە هەندێك شوێن کە شارەداری، لوولەکێشی لێ نزیك کردوەتەوە و چەند لوولەیەکی ئاوی بۆ هەموو گەرەکەکە داناوە، خەڵك دەستە دەستە لە نورەی ئاودا ڕادەوەستن و دوای ئەوە کە نورەیان بەرکەوت، بە شان و کول ئاوی پێویستی خۆیان دەبەنەوە. لەو شوێنانە کە ڕژێم بەڕواڵەت مافی ئەوەی بە خەڵك داوە کە لە ماڵی خۆیاندا ئاوی لوولەکێشیان هەبی، شەرت و مەرجی وای داناوە، کە بە کردەوە، خەڵکی هەژار و دەستەنگ چاوپۆشیان لە خێڕوبیری کردوە و پەنا دەبەنە بەر ئاوی چاڵاوەکان و ئاو هێنان بە تەنەکە و گوزە.

حەقی ئیمتیازی ئاو 15هەزار تمەنە و خەرجی ڕاکێشانی لوولە هەتا بەردەرگای ماڵیش لە ڕووی ژێر بینای خانوو یان زەوی خاڵیەوە بە جۆدا دیاری دەکری. بۆ حەوشە میتری 130تمەن و بو ژێر بینای خانوو میتری 100 تمەن دانداوە. بەم جۆرە ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو گەرەکانە توانای ئەوەیان نابی ئاوی لوولەکێشی بەرنە ناو ماڵەکانیانەوە.

لە ئەنجامی خۆاردنەوەی ئاوی ئاڵوودەدا چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر لە ناویاندا بڵاوبووەتەوە و ئەمجار خەرجی دوکتور و دەرمانیان پی نادری و بە ناچاری لەگەڵ نەخۆشیەکانیان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ڕەنگ زەردی منداڵی نەخۆش، جەرگ بڕە و گەورەکانیش توانای کار کردنیان نامێنی.

ئەمەیە ئەو ڕواڵەتە ڕاستەقینەیەی کە کرێکاران و فەقیر و هەژاری شاری نەغەدە بە کورد و تورکەوە، لە دەوڵەمەند و ملکدار و سەرمایەداری ئەو شارە جیا دەکاتەوە."

نەغەدە: ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دابەش بوونی شار!

نەغەدە یەکێك لەو شارانەیە کە کۆنەپەرستان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان پەیوەندی دوستانەی خەڵکی زەحمەتکێشی هاوچارەنووسی کورد و تورکی تێدا بشێوێنن و کردەوەی ڕژیمیش هەمیشە ڕووی لە جیاکردنەوەی خەڵك و دووبەرەکی پێك هێنانە لە نیوانیاندا.

هەر لە کۆنەوە حکوومەتی مەرکەزی و کۆنەپەرستانی ناوخۆ کارێکی وایان کردوە کە ئەو شارە بە دوو بەشی کوردنشین و تورك نشین دابەش بی و هیچ دەرفەتێکیان بۆ پەرەپێدانی دووبەرەکایەتی نەتەوەیی لە دەست نەداوە. بە هەمووی ئەوانەوە، ئەوەی کە ئەمڕۆکە دەیبینین ئەو ڕاستییە پیرۆزەیە کە نیوانی خەڵك، سەرەڕای پیلانگێڕیی دەوڵەت و کۆنەپەرستان، زۆر خۆشە و بەتایبەت لەو شوێنانەی زەحمەتکێشانی کورد و تورك جیرانی یەکترن. تەبایی و هاوەنگی و خۆشەویستی جێگای بوغزاندن و دووبەرەکێی گرتوەتەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ خەڵکی نەغەدە دەیبینن ئەوەیە کە شاری نەغەدە لە ڕووی بەشی هەژارنشین و بەشی دەوڵەمەندنشینەوە لە یەك جیا دەبێتەوە و ئەو واقعییەتەیە کە شاری دابەش کردوە و ئەو دابەش بوونەیە کە وەکوو هەموو شارێکی دیکە پێیەوە دیارە.

گوێگرێکی دەنگی شۆڕشی ئێران، دابەش بوونی چینایەتیی شاری لە دیمەنێکدا بەم جۆرە باس کردوە: "گەرەکە فەقیرنشینەکانی شار کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی هەموو شاریان تێدا کۆبووەتەوە ئاوی لولەکێشیان نیە و لە ئاوی چاڵاو دەخونەوە. هەر ماڵێك لە حەوشی خۆی بیرێکی هەڵکەندوە و ئاوی پێویستی خۆی لێ هەڵدینجی. ئەو ئاوە مەرجەکانی تەندروستی تێدا نیە و گەڵێك نەخۆشی پێوەیە. تامی ئاوی ئەو چاڵاوانە بە ئاشکرا گوراوە و ئەگەر دام و دەزگایەك هەبۆایە کە بەراوردی جۆری نەخۆشیەکانی خەڵکی کردبایە بۆی دەردەکەوت کە ئاوی ئاڵوودە لە گەرەکە فەقیرنشینەکانی شاری نەغەدە چ بیادێك دەکا.

لە هەندێك شوێن کە شارەداری، لوولەکێشی لێ نزیك کردوەتەوە و چەند لوولەیەکی ئاوی بۆ هەموو گەرەکەکە داناوە، خەڵك دەستە دەستە لە نورەی ئاودا ڕادەوەستن و دوای ئەوە کە نورەیان بەرکەوت، بە شان و کول ئاوی پێویستی خۆیان دەبەنەوە. لەو شوێنانە کە ڕژێم بەڕواڵەت مافی ئەوەی بە خەڵك داوە کە لە ماڵی خۆیاندا ئاوی لوولەکێشیان هەبی، شەرت و مەرجی وای داناوە، کە بە کردەوە، خەڵکی هەژار و دەستەنگ چاوپۆشیان لە خێڕوبیری کردوە و پەنا دەبەنە بەر ئاوی چاڵاوەکان و ئاو هێنان بە تەنەکە و گوزە.

حەقی ئیمتیازی ئاو 15هەزار تمەنە و خەرجی ڕاکێشانی لوولە هەتا بەردەرگای ماڵیش لە ڕووی ژێر بینای خانوو یان زەوی خاڵیەوە بە جۆدا دیاری دەکری. بۆ حەوشە میتری 130تمەن و بو ژێر بینای خانوو میتری 100 تمەن دانداوە. بەم جۆرە ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو گەرەکانە توانای ئەوەیان نابی ئاوی لوولەکێشی بەرنە ناو ماڵەکانیانەوە.

لە ئەنجامی خۆاردنەوەی ئاوی ئاڵوودەدا چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر لە ناویاندا بڵاوبووەتەوە و ئەمجار خەرجی دوکتور و دەرمانیان پی نادری و بە ناچاری لەگەڵ نەخۆشیەکانیان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ڕەنگ زەردی منداڵی نەخۆش، جەرگ بڕە و گەورەکانیش توانای کار کردنیان نامێنی.

ئەمەیە ئەو ڕواڵەتە ڕاستەقینەیەی کە کرێکاران و فەقیر و هەژاری شاری نەغەدە بە کورد و تورکەوە، لە دەوڵەمەند و ملکدار و سەرمایەداری ئەو شارە جیا دەکاتەوە."

بانە: بەکرێگیراوانی سپای پاسداران جینایەتێکی تریان خوڵقاند.

بەپێی هەواڵێك کە لە شاری بانەوە بە دەستمان گەیشتوە، سەر لە ئێوارەی ڕۆژی 17ی بەفرانبار بە هۆی تەقەی کوێرانەی تاقمێك لە ئەفرادی سپای پاسدارانی بانە کچێکی جەوان دەکەوێتە بەر دەسرێژی گوللە و گیانی لە دەست دەدا. ڕووداوەکە بەم جۆرە بووە:

لەو ڕۆژەدا ژمارەیەك پاسدار بە سەرپەرستی پاسدار چگینی مەسئوولی ستادی ئەمنییەتی بانە کە لە یەکێك لە کۆلانەکانی گەرەکی "قەسابخانە" لە کەمیندا دەبن، گومان لە ماشینێك دەکەن کە لەو شوێنە تێپەر دەبی و دەسبەجێ دەیدەنە بەر تەقە. ئەو کارە لە حاڵێکدا دەکەن کە خیابان و کووچە و کۆلانەکانی ئەو گەرەکە پر بووە لە خەڵك کە خەریکی کاروباری ڕۆژانەیان بوون. هەر لە سەرەتای تەقەکەدا، کچێکی هەژدە ساڵە بە ناوی پەروینی حەسەنی لەبەر پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیان دەکەوێتە بەر گوللە و دوای ماوەیەکی کوڕت گیانی لە دەست دەدا. ئەم کچە لەگەڵ خانوادەکەی تازە لە کووڕەخانە گەڕابوونەوە و لە تەدارەکی زەماوەندا بوو. پاسدارانی جینایەتکار هەوڵ دەدەن کە جەنازەی کچی گیانبەختکردوو لەگەڵ خۆیان بەرن بەڵام لەگەڵ ئیعتیراز و تووڕەیی خەڵکی گەرەکی قەسابخانە بەرەو ڕوو دەبن و بەناچار بەجێی دەهێڵن. ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بە خێرایی لە هەموو شاری بانە دەنگی دایەوە و لە مەراسمی ئەسپەردە کردنی ئەو کچە گیانبەخت کردوەدا هەزاران کەس لە خەڵکی شار بەشداریان کرد و بەمجۆرە نەفرەت و بیزاری خۆیان لەو ڕژیمە و لە هێزە چەکدارەکانی دەربڕی.

ئەم ڕووداوە جارێکیتر نیشانیدا کە ئەوەی بە لای سپای پاسدارانەوە هیچ بایەخێکی نەبی ئەمنییەت و گیانی خەڵکە و هێزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان سەرچاوەی هەموو نائەمنییەکن و کۆبوونەوەی سەر قەبرانی شاری بانە ئەو ڕاستییەی وەبیر هەموومان هێنایەوە.

ئێمە ئەو کردەوە، دژی ئینسانیی بە تووندی مەحکووم، دەکەین و بەم بۆنەوە لە خانەوادە و کەسوکاری ئەو گیانبەخت کردوە ئازیزە و لە هەموو خەڵکی شاری بانە سەرەخۆشی دەکەین.

ڕا پورتێك لە زیندانەکانی شاری سنە

ڕەفتار و بۆچوونی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران بە نیسبەت زیندانی سیاسییەوە یەکێك لە هەرە ڕەشترین لاپەرەکانی ژیانی 15 ساڵەی ئەو ڕژیمەیە. بەڕپرسانی قەزایی و مورشد و مەرجەعەکانی ئەم نیزامە سەرەڕای هەموو فیل و تەڵەکە و ڕیابازییەك، سەرەڕای هەموو بەندبازی و شێڵ و ڕێوی هینانەوەکانیان تەنانەت نەیانتوانیوە دەرسەدێکی زۆر کەمیش جینایەت و ڕەفتارە وەحشیانەکانیان لەگەڵ موخالیقەکانی سیاسی خۆیان بشارنەوە. لە پیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا گوزارشێکمان دەربارەی وەزعییەتی زیندانەکان بەگشتی و زیندانەکانی شاری سنە بە تایبەت لە لایەن هاوری نیماوە بە دەست گەیشتوە کە خۆی ماوەیەك زیندانی سیاسی بووە لە شاری سنە.

ئەگەر بمەوی تەنانەت بە کورتیش باسی چونیەتی گیران و بازجویی و ڕەفتاری بۆچوونی زیندانەوانەکان حوکمی خۆی دیاری دەکات و گەرانەوەشی بۆ نیە. سەدان بی تاوان پاش موحاکەمەیەکی چەند دەقیقەیی کەوتوونەتە بەر دەسرێژی گوللە. ئەڵبەت دەبی ئیشارە بەم مەسەلەیەش بکەم کە حوکمی گیردراوەکان بە هیچ جۆر شتێکی دیاری کراوی چەسپاو نیە حاکمی شەرع بۆی هەیە جارێکی دیکە سەر لە نوی زیندانی بخاتەوە بەرتیغی بی بەزەییانەی موحاکەمەی فەرمایشی. یاخود زیندانی وا هەن کە پاش تەواو کردنی ماوەی مەحکوومییەت هێشتا هەر لە زیندان ڕاگیر کراون بەبی هیچ بەڵگەیەکی بە ڕواڵەت قانوونی. جاری واش هەیە دەبێندری زیندانی لەسەر ڕقی فلانە زیندانەوان و حاکمی شەرع ئێعدام دەکری کەچی پاش ماوەیەك لە تارانەوە حوکمی تەخفیف یاخۆد ئازاد بوون بۆ زیندانی دەردەچی. هەروەها جێی خۆیەتی ئیشارە بەم مەسەلەیەش بکەین کە تەمەن و جنس بۆ حاکمانی شەرعی ئێران بە هیچ جۆر مەسەلەیەکی گرینگ و شیاوی سەرنج نیە. دەیان میرمنداڵ و گەنجی کەم تەمەن دەبێندرین کە حوکمی زۆریان بەسەردا سەپاوە یاخۆد تەنانەت ئێعدامیش کراون. کەم نەبوون ژنانی زەیستان و کچانی بی تاوان کە مەحکووم کراون و ئەوپەری ڕەفتاری وەحشیانەیان لەگەڵ دا کراوە.

زیندانیەکان لە ناو زیندان دا لە کەمترین ئیمکاناتی ڕفاهی و ئینسانی بی بەشن. خواردن هەتا بڵێی لە خوارەوەیە و ڕێگا نادەن کەس و کاری زیندانی خواردن بگەیەننە دەستی ڕواڵەکانیان. رادیو قەدەغەیە و تەنیا کتیب و بڵاوکراوەی بی ناوەڕۆکی ئیسلامی دەخرێتە بەردەست زیندانیەکان. وەزعی بهداشتی یەکجار خراپ و سەرسوورهیچنەرە. هەر پانزە ڕۆژ جارێك زیندانیەکان لە ژوورەکان وەدەردەنرێن و دەست دەکەن بە پشکنینی جێگا و بانی زیندانیەکان بۆ دوزینەوەی شتی بە ناو غەیرە قانوونی دەگەڕێن. لە هەر زیندانێك دا فرۆشگایەکی لێیە کە شت بە نرخێکی زۆرگران دەدا بە زیندانیەکان. کە ئەویش لە سیگار و بسکویت زیاتر تی ناپەڕی. ملاقات و هەواخۆری شتێکی دیاریکراو نیە. زیندانەوان و سەرۆکی زیندان بۆیان هەیە بە هەر بیانوویەك کە بیگرن، ڕێگا ملاقات کردن بە زیندانی نەدەن. بە تایبەت ئەو کەسانەی کە توانیبیتیان شتێکی لەسەرجی بکەنەوە یاخۆد کەللە ڕەقیەکی کردبێت، ئەوە هەر ئیجازەی ملاقاتیان نیە. جاسووس خستنە ناو

←

زیندانییەکان و چاودێری کردنی ڕەفتاری زیندانییەکان شتێکی زۆر ئاسایی و هەمیشەییە. زۆر جار دەبێنین بەرپرسانی دەزگا بە ناو قەزاییەکان لەم لاو لەولا بۆ تەفرەدانی بیروڕای گشتی ئیددیعا دەکەن کە جمهووری ئیسلامی ڕەفتارێکی ئیسلامی و "ئینسانی" لەگەڵ زیندانییەکان دا دەکا. مەرەخەسی سالانە دەدا بە زیندانییەکان و ئیمکاناتی ڕفاهی و خوێندن بۆ زیندانییەکان دابین دەکات و چی و چی. لە نا ئینسانی بوونی ئەم ڕەفتارانە و ئیددیعا دڕوێنەکانیان هیچ شکێك نیە. ئەو مەرەخەسی سالانەش کە باسی دەکەن تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە "تلپی تەریان تێدا نەمابێتەوە" یاخۆد هیچ مەسەلەیەکی سیاسییان لەسەر جێ نەکردبێتەوە. یان بە جۆرێك ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ یارمەتی ئیتلاعاتی گەیاندبێتە بەرپرسانی ئیتلاعاتی و بووبێتە کلك و گوێی زیندانەوانەکان. ئیددیعاکانیان لە بابەت ئیمکاناتی خواردن و ڕفاهیشەوە درویەکی گەورەتر لە خۆیانە، چەند مانگێك لەمەوبەر بە دوای نارەزایەتی دەربڕینی ژمارەیەك لە زیندانییەکان لەسەر خواردن لە زیندانی شارەبانی سنە. سەرۆکی زیندان ڕەپ و ڕاست لە بەرامبەر هەموو زیندانییەکان وتی: بەو پارەی کە 33 تمەنە بۆ هەر زیندانییەك لە ڕۆژێك دا، لەوە زیاتر ناتوانین هیچ بکەین. هەر کەس دەتوانی بەو پوولە باشتر لەمە خەرج بکا با بفەرموی!!

ڕەفتارێکی نا ئینسانانەتری بەرپرسانی زیندانەکانی سنە لەگەڵ زیندانییەکان ئەوەیە کە هەندێك لە زیندانییەکان ڕۆژانە دەبەن بۆ کاری فەعلایی، خانووسازی و بێگاری کردن. لە هەمان کاتدا لە هێنان و بردن و سووراندنەوە بە ناو شاردا ئەوپەڕی بی حورمەتیان پی دەکەن.

حاکمانی جمهووری ئیسلامی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر پەردەی ڕەش لەسەر کارە دزیوەکانیان لادەچی ئیددیعاکانیان لە مەر مەعنەویەت و ئینسانیەت دەبێتە بلقی سەر ئاو. بەوپەڕی بی شەرمی هەوڵ دەدەن بە بیروڕای گشتی جیهان بسەلمێنن کە گوێا تاکە زیندانییەکی سیاسیشمان نیە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژمارەی زیندانییەکان پتر دەبی و لە ساختمان سازی و بۆ زیندانی مودیرن کەم دەهێنن. ئێستا لە شاری سنە ویرای بوونی پتر لە 10 زیندان خەریکی دروست کردنی زیندانێکی زۆر گەورەترن لە زەویەکانی تەنیشت پادگانی لەشکری 28ی سنە، میزەر بەسەرانە پێیان وایە ئەگەر ناوی دادگای ئینقلاب بکەن بە "کانونی ئیصلاح و تربیت" هەر بەو جۆرەی لە شاری سنە کردوویانە یا خۆد زیندانییە سیاسییەکان لەگەڵ دز و جەردە و بکوژەکان تێکەڵ بکەن ئیتر مانای نەمانی زیندانی سیاسییە. بەڵام خەنەی ئەم تەبلیغات چیپانە هیچ ڕەنگێکی نەماوە و تەنیا دەتوانن چاوی خۆیان کوێر بکەن. لە یەك کەڵام دا دەمەوی بڵێم:

کەم قەڵەم هەیە بتوانی بۆ یەکالا کردنی وەزعییەتی گیراوەکان لە جمهووری ئیسلامی بێتە سەر کاغەز و تەنانەت چارەکێك لەو ڕەنج و مەینەت و ئازار و دژواریانە بەیان بکا کە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی هەر ڕۆژ لە گرتووخانە کەر و کپکراوەکان دا بە سەریان دا دێت. درندەیی و جینایەتێك کە بەرپرسانی جمهووری ئیسلامی لە زیندانەکان دا دەیکەن بە ڕاستی لە دونیادا ئەگەر بی وینە نەبی حەتمەن کەم وینەن. کاربەدەستان و زیندانەوانەکان تەنیا یەك دەرسیان فێر کراوە و بە یەك ئاموژگاری ڕاهاتوون، ئەویش ئەمەیە: لە هیچ ڕەفتار و کردار و بۆچوونێك بۆ قەلاچو کردن و بە چۆك داهێنان و ناساندن و کەر کردنی موخالیفانی سیاسی دەست مەگیرنەوە. ئەم کاربەدەستانە بەم پێیە تەنیا یەك پیوانەیان بۆ دیاری کراوە ئەویش ئەوەیە: دەبی موخالیفی سیاسی نەبی! دەبی ئەو کەسەی هەوای جمهووری ئیسلامی هەڵدەمژی بە پی خۆش بوون یان ناخۆش بوون مل بۆ هەر شتێکی ئەم نیزامە ئیلاهییە ڕابکێشی. دەبی موخالیفی سیاسی ناچار بکری تف لە خۆی بکا. لە هاوڕیی بکا و دەبی شەق لە هەموو ئەو شتانە بدا کە حەقن، بەڵام تێکڕای ئەم کرد و کوششانە وەك هەموو هەوڵ دانەکانیان لە بوارەکانی دیکەدا ئاکامێکی بە پێچەوانەی ویست و مەیلی خۆیان دەبی. کۆنە کەشیشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پاش نزیك 200 ساڵ سەپاندنی هەلومەرجی ڕەشی کلیسایی نەیانتوانی جگە لە نەفرەتی ئەبەدی بۆ خۆیان و بیروباوەڕیان و جگە لە کونجی زبلدانی مێژوو شتێکی دیکە بە دەست بهێنن. قەتعەن ئەمانیش هیچ ئاکامیکی لەوە باشتر وەچنگ ناهێنن. جوولانەوەی دژی چەوساندنەوە و سەربەستی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەوە بە گۆرتر و بەرتەوژمتر کە ئەمان تەنانەت هەستیشی پی ناکەن. ڕۆژگاری ژیانی نەفرەت بارانەی ئەم داروەدستانەی سەرمایە و کۆنەپەرستی زۆر ناخایەنی.

چەند یادداشتی سیاسی

تێپەڕبوونی ئەرتەشی تورکیە لە سنووەکانی سوریە

بەپێی هەواڵی خەبەرگوزاریەکان، لە ڕۆژەکانی نێوەی دووەمی مانگی بەفرانباردا هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە بە ئاگاداری و لە سەر ڕەزامەندی و چاوپۆشی دەوڵەتی سوریە سنووەکانی ئەو وڵاتەیان تێپەڕ کرد و بە شوێن هێزەکانی (P.K.K) دا چوونە ناو خاکی سوریەوە. ئەم ڕووداوە ڕەنگە لە باری سەربازییەوە گرینگییەکی ئەوتوی نەبی چونکە ئەرتەشی تورکیە ڕۆژانە لە دەیان چالاکی سەربازی لە قوواڵیی خاکی کوردستانی تورکیەدا لەگەڵ هێزەکانی (P.K.K) دەرگیرە و بومباران کردن و سووتاندنی دێهات و کوشتاری خەڵك بۆی بووەتە ڕووداوێکی ئاسایی.

بەڵام ئەم ڕووداوە نیشانەیەکی ئاشکرایە لە گەڵالە بوونی پیلانێکی ناوچەیی لە دژی خەباتی خەڵکی کوردستان لە وڵاتانی ئەو ناوچەیەدا.

ماوەی ساڵێکە کە دەوڵەتانی ئێران و تورکیە و سوریە خەرێکی گفت و گون بۆ ئەوەی هەڵوێستەکانیان لەسەر مەسەلەی کورد لە وڵاتەکانیاندا یەکخەن و پایەی بەرنامەیەکی هاوبەش لە دژی خەڵکێکی ستەم لێکراو و ئازادیخواز دابڕێژن. سنووڕەکان کە تا دوێنی "پیرۆز" بوون و دەست بۆ بردنیان هەستی ناسیونالیستی دەبزواند، ئەمڕۆکە لە پێناوی بەڕژەوەندیکی گەورەتردا دەتوانن بڕێن بە مەیدانی ڕمبازێنی سپای وڵاتەکەیتر و تەنانەت پێویست ناکات هەواڵەکەشی لەلایەن دەزگا خەبەرییەکانی ئەو وڵاتانەوە بڵاوبێتەوە.

دەوڵەتی سوریە کە لە هەموو ژیانی سیاسی خۆیدا دەزگایەکی باج وەرگر و دەڵاڵ بووە ساڵەهایە کە لە بری نەوتی بە خۆڕایی، هاوپەیمانی دەوڵەتی ئێرانە، پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتی تورکیە بۆی، بارمتەی ئاوی چۆمی فوراتە و تونەوتێڕ بوونی لەسەر مەسەلەی فەلەستین بۆ بەرتیل ئەستاندن لە وڵاتانی عەرەبییە. پاراستنی دەسەڵات بە هەر نرخێك، ئەوەیە ستراتیژی دارودەستەی حاکم لە سوریە، هەر بۆیە هاوکاری نزیکی دەوڵەتی سوریە لەگەڵ سپای تورکیە ڕووداوێکی سەیر و چاوەڕوان نەکارو نیە. دەبی چاوەڕوانی ئاشکرا بوونی حەق و حیسابێك بین کە سوریە لە پێناوی ئەو تازەترین نموونەیەی کاسەلیسی و پیلانگێڕیدا وەری گرتوە.

بۆ دەوڵەتی تورکیەش کە دەڕەوەی سنووەکان بە سەرچاوەی نائارامی لە کوردستانی تورکیە دەزانی ئەم ڕووداوە تاقیکردنەوەیەکیترە کە دەستی دەداتی و دەرەنگ یا زوو بۆی دەردەکەوی کە خەباتی میلیونەها ئینسانی بی بەش لە سەرەتایی ترین مافی بەشەری، بە پیلانی لەم چەشنە خاموش ناکری. دەسەڵاتدارانی سپای تورکیە کە بەڵێنیان بە سیاسەتمەدارانی بورژوازی تورکیە دابوو بەر لە زستانی ئەمساڵ کوردستانێکی ئارام و تەسلیم بوو دەخەنەوە بەر دەستیان، ماوەیەکی زۆری پی ناچی کە لێیان حاڵی دەبی کە دەسکەوتی ئەوان لەو هەموو جینایەتە و لەم هەموو پیلانە و دەسیسەیە، تەنیا قوولتربوونەوە و نەفرەتی جەماوەری ستەم لێکراو بووە نەك شتێکیتر.

دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی کە لایەنێکیتری ئەو نەخشە سی قوڵییەیە، هەوڵ دەدات کە لە هەموو ناکوکییەکانی لەگەڵ تورکیە بۆ ماوەیەکیش بووە چاوپۆشی بکات و لە پێناوی بەرەنگار بوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ خەباتی گەڵی کورد دەستی هاوکاری دەوڵەتی تورکیە بگوشی. کۆکردنەوەی هێز لە سنووەرکان و ڕێگا گرتن لە هات و چوی موخالیفانی دەوڵەتی تورکیە، تێپەڕ بوون لە سنوور و تەعقیبی ئەم و ئەو و بە ڕەسمی ناسێنی ئەو حەقە بۆ دەوڵەتی تورکیەش، زیندانی کردن و تەحویل دانەوەی پەنابەرانی سیاسی ئێرانی لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە بە دەوڵەتی ئێران، ئەمانەش لە دیاردەکانی ئەو ڕێککەوتنانەن.

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازی ئەو ناوچەیە بە وشیاریەوە دەروانن ئاکامی گەڵاڵە بوونی ئەو پیلانانەی دەوڵەتانی ناوچەکە و بە توندکردنەوەی خەباتی خۆیان لە دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتور لەو وڵاتانە، وەڵامی پیلانەکانیان دەدەنەوە و لە ڕاستیدا بەرەو پێش چوونی ڕەوتی ئەو خەباتە ڕەوایەیە کە بورژوازی حاکم لەو وڵاتانەی سەرەڕای هەموو ناکوکییەکانیان لەیەکتر نزیك کردوەتەوە.

کرێکارانی ئۆکراین و هەنگاوێکی گرینگ بۆ جیاکردنەوەی ریزی چینایەتی خۆیان

خەبەرگوزاریەکان ڕایانگەیاند کە لە ڕۆژی 5شەممەی ای ڕێبەندانەوە هەزاران کرێکارای 13 مەعدەنی وڵاتی ئەوکراین، مانگرتنێکی گەورەیان دەست پێکردوە. کرێکارانی مانگرتوو داوای زیاد بوونی حەقدەست و ئیستعفای سەرۆك وەزیر دەکەن و ڕایانگەیاندوە کە سەرۆك وەزیر بەڵێنەکانی بە کرێکارانی جێ بەجێ نەکردوە و دەبی بروات. ماوەیەکی کۆرت دوای دەسپێکردنی مانگرتنی کرێکارانی مەعدەن، هەزاران کرێکار لە کارخانەکانی پارچەچنینی شاری دونسك کە ناوەندێکی گەورەی پارچەچنینی ئۆکراینە بە نیشانەی پشتیوانی لە کرێکارانی مانگرتووی مەعدەنەکانی خەلوزی بەرد، دەستیان لە کار کێشاوە.

ئۆکراین یەکێك لە گەورەترین جمهووریەکانی ئەندامی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی جارانە و وەکوو باقی جمهووریەکانی بە سەربەخۆیی گەیشتووی شوورەوی تووشی بوحرانێکی قوونڵی ئابووری بووە و هەموو ئەم تەنگ و چەلەمە ئابووری و سیاسییانەی کە دەوڵەتی ڕووسیە تووشی بووە، کەم و زۆر ئەم وڵاتەش یان بەسەری هاتوە و یان بۆ دواڕۆژێکی نزیك لە ڕێگای دایە. پەیوەست بوونی ئۆکراین بە سیستمی ئابووری بازاری ئازاد نە تەنیا نەیتوانیوە گەشە بە ئابووری وڵات بدات، بەڵکوو بە پێچەوانە، بوحرانەکەی بەرینتر و قوونڵتر کردوەتەوە. زۆربەی ناوەندە گەورە پێشەسازییەکان بە زەرفییەتێکی گەڵێك کەمتر لە زەرفییەتی جاران کار دەکەن، سەرمایەی خاریجی زۆر بە کەمی ڕووی کردوەتە ئەو وڵاتە، کەم بوونی مەوادی خوراکی و گرانی سەرسوورهێنەر و دیاردەی بێکاری کە لەم یەك دوو ساڵەدا سەری هەڵداوە تەنگی بە چینی کرێکار هەڵچنیوە و ژیانی ئەو چینەی خستوەتە ژێر فشارێکی لەتاقەت بەدەرەوە.

ڕاگرتنی کۆمەڵێکی زۆر چەکی ئەتومی و زەرادخانەی نیزامی کە لە ئەرتەشی شوورەوی جاران بە جێ ماوە، ئاسووی ئۆکراینی تووشی خەرجێکی زۆر کردوە و هەمووی ئەو خەرجە لە ڕێگای کەم کردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتییەکان و گران کردنی پێداویستییەکانی ژیان دابین دەکری. سندووقی بین المللی پوول کە هێشتا دلنیایی پێویستی لە مەر داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتە بە دەست نەهێناوە و چارەنووسی چەکە ئەتومییەکانی ئەو وڵاتە بە نادیار دەزانی، کارێکی ئەوتوی بۆ گەشە پێدانی ئابووری بازاری ئازاد لە ئۆکراین نەکردوە.

ئۆکراین یەکێك لە گەورەترین جمهووریەکانی ئەندامی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی جارانە و وەکوو باقی جمهووریەکانی بە سەربەخۆیی گەیشتووی شوورەوی تووشی بوحرانێکی قوونڵی ئابووری بووە و هەموو ئەم تەنگ و چەلەمە ئابووری و سیاسییانەی کە دەوڵەتی ڕووسیە تووشی بووە، کەم و زۆر ئەم وڵاتەش یان بەسەری هاتوە و یان بۆ دواڕۆژێکی نزیك لە ڕێگای دایە. پەیوەست بوونی ئۆکراین بە سیستمی ئابووری بازاری ئازاد نە تەنیا نەیتوانیوە گەشە بە ئابووری وڵات بدات، بەڵکوو بە پێچەوانە، بوحرانەکەی بەرینتر و قوونڵتر کردوەتەوە. زۆربەی ناوەندە گەورە پێشەسازییەکان بە زەرفییەتێکی گەڵێك کەمتر لە زەرفییەتی جاران کار دەکەن، سەرمایەی خاریجی زۆر بە کەمی ڕووی کردوەتە ئەو وڵاتە، کەم بوونی مەوادی خوراکی و گرانی سەرسوورهێنەر و دیاردەی بێکاری کە لەم یەك دوو ساڵەدا سەری هەڵداوە تەنگی بە چینی کرێکار هەڵچنیوە و ژیانی ئەو چینەی خستوەتە ژێر فشارێکی لەتاقەت بەدەرەوە.

ڕاگرتنی کۆمەڵێکی زۆر چەکی ئەتومی و زەرادخانەی نیزامی کە لە ئەرتەشی شوورەوی جاران بە جێ ماوە، ئاسووی ئۆکراینی تووشی خەرجێکی زۆر کردوە و هەمووی ئەو خەرجە لە ڕێگای کەم کردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و گران کردنی پێداویستییەکانی ژیان دابین دەکری. سندووقی بین المللی پوول کە هێشتا دلنیایی پێویستی لە مەر داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتە بە دەست نەهێناوە و چارەنووسی چەکە ئەتومییەکانی ئەو وڵاتە بە نادیار دەزانی، کارێکی ئەوتوی بۆ گەشە پێدانی ئابووری بازاری ئازاد لە ئۆکراین نەکردوە.

دەوڵەتی ئۆکراین بۆ کەم کردنەوەی فشاری ئەم بوحرانە ئابووریە، مووشەکی دوورهاوێژە ئەتومییەکان و عەمبارەکانی پر لە مەوادی ڕادیونەکتیوی خۆی هێناوەتە مەیدانی مامەلە و بازرگانی پێوە دەکات. دەوڵەتی ئەمریکاش لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە هەڕەشە و بە تەماع نانەبەر دەوڵەتیی ئۆکراین بەشێکی زۆر لەم چەکانە بکری و یان هەر لەوی لە ناویان بەرێت. ئیمزای ڕێککەوتن نامەیەك کە لەم ڕۆژانەدا لە نیوان دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتی ئۆکراین بەسترا، لە ناوخۆی ئۆکرایندا بووەتە مایەی نارەزایەتی بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی حکوومەتی و لە نوینەرانی سەرمایەداری ئەو وڵاتە. ناسیونالیستەکانی ئۆکراین کە هێشتا سێبەری دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕووسیە بەسەر خۆیانەوە ئەبینن لە هەوڵی ئەوەدان کە بە پاراستنی چەکە ئەتومیەکان لەمپەرێك لە بەرانبەر ئەگەری تەجاوزی دواڕۆژی ناسیونالیزمی ڕووسیدا دروست بکەن.

مانگرتنی کرێکارانی مەعدەنەکانی خەلووز و پارچەچنین و هێنانە گۆڕی داخوازیەکانی کرێکاران لە دژی گرانی و بۆ زیاد کردنی حەقدەست، هەنگاوێکی گرینگی سەربەخۆی کرێکاریە کە ئیعتیرازی چینی کرێکاری ئەو وڵاتە لە ئیعتیرازی ناسیونالیستەکان جیا دەکاتەوە و مەسەلە کۆمەڵایەتییە واعقیەکان لە ئۆکراین دەخاتە ڕوو.

ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سەفەری هەیئەتی ئێرانی بۆ ئالمان

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی بەفرانباردا هەیئەتێکی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی بە سەرپەرشتی جەوادی لاریجانی سەفەرێکی ئالمانی کرد و لەم سەفەرەدا زەنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی ئالمان و نوینەرانی پارلمانی ئەو وڵاتە پێك هێنا. ڕۆژنامە و ڕادیو و تلویزیونەکانی ئێران گەڵێك بە شاخ و باڵی ئەم هەیئەتە و سەفەرەکەی داهاتن و قسەیان لەوە کرد کە ئەم سەفەرە کۆمەڵێك گۆڕا "سو تفاهم"ی کە لە نیوان هەردوولادا بووە لە ناو بردوە و ڕێگای هاوکاریەکانی داهاتووی خۆش تر کردوە. دەنگدانەوەی ئەو سەفەرە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئالمانیش نیشانەی ئەوەیە کە هەردوولا لە هەوڵی ئەوەدان کە بیروڕای گشتی خەڵکی ئالمان لە ئاست دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی ئێران ئارام کەنەوە و ڕێگا بۆ سات و سەوداکانی داهاتوویان خۆش بکەن. بە وتەی ڕۆژنامەکانی ئێران سی خاڵی "باش لەیەك حاڵی نەبوون" و "سو تفاهم" هەبوو کە نوینەرانی حکوومەتی ئێران بۆ بەڕێوەبەرانی حکوومەتی ئالمانیان ڕوون کردوەتەوە و ئەو سی خاڵە بریتین لە: کوشتنی سەلمان ڕوشدی و موخالەفەتی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ ڕێککەوتنامەی فەلەستینیەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل، لاریجانی دوای سەفەرەکەی ڕایگەیاند کە لەسەر ئەو مەسەلانە ڕوون کردنەوەی باشیان پێشکەش بە کاربەدەستانی ئالمانی کردوە و ئەمانە ئیتر وەکوو گیروگرفت لەسەر ڕێگای ڕێککەوتنەکانی داهاتوودا نەماون.

ئاشکرایە کە لاریجانی درو دەکات و ڕێککەتن لەسەر ئەو خاڵانە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی بۆ دەوڵەتی ئالمان کارێکی ئاسان نیە و بیروڕای گشتی لە ئالمان گەڵێك لەوانە زیاتر دژ بە جمهووری ئیسلامییە کە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئالمان بتوانی بە شێر و ڕێوی هێنانەوەی هەیئەتێکی ئێرانی لەسەر ئەو مەسەلانە، ئارامی بکاتەوە. کەوایە ئەمانە ڕووکەشی مەسەلەکانن و بۆ دوزێنەوەی ڕێککەتنە ئسلیەکانی هەردوولا دەبی لە شوێنێکیتر بۆی بگەڕین.

ئەو ڕاستییەی کە دەزگاکانی تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی خۆی لێ لائەدەن و گرنگترین گیروگرفتی ڕێگای پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئالمان و جمهووری ئیسلامییە ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران زیاتر لە 10 میلیارد مارکی ئالمان بەو دەوڵەتە قەرزدارە زیاتر لە 3 میلیارد مارکی سەر ڕەسیدەکەی تەواو بووە و لە کاتی خۆی دا پەردا‌خت نەکراوە. بەم جۆرە لە ڕوانگەی بانکەکانی ئالمانەوە دەوڵەتی ئێران بە دەوڵەتێکی وەرشکستە و دەژمێردری.

سەفەری هەیئەتی ئێرانی بۆ ئەوەیە کە بانکەکان و دەوڵەتی ئالمان لە نیگەرانی تێداچوونی سەرمایەکەیان بێنێتە دەری و وەها ئیمتیازاتێکیان پی ببەخشی کە بۆ درێژە پێدانی پەیوەندییەکانی ئابووری خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران وەسوەسە بن و چاوپوشی لە وەدواکەوتنی پەرداختی قەرزەکانیان بکەن. لە ڕاستیدا ئەگەر لاریجانی سەرکەوتنێکی بە دەست هێنابی لەم بوارەدا بووە و بێگومان توانیویەتی هەستی قازانج پەرستی سەرمایەدارانی ئالمان ڕازی بکات و بەڵێنی وایان پی بدات کە نەک هەر لە نیگەرانی بێنە دەری بەڵکوو تەماعی پەرەپێدانی مامەلە و بازرگانی لەگەڵ ئێران زیاتریش بیانگری. ئەم وەعدە و بەڵێنانە دەبی چی بن؟ چۆن سەرمایەدارانی ئالمانی قانع بوون بەوەی کە جمهووری ئیسلامی لە مانگەکانی داهاتوودا توانای ئەوە پەیدا دەکات کە قەرزەکانی بداتەوە و پێداویستییەکانی تازەش دابین بکات؟ ئەگەر ئەم بەڵێنە لەسەر بناغەی دەرامەدی نەوت دامەزرابی، خۆ دەوڵەتی ئالمان لە هەموو کەس باشتر شارەزای وەزعی بازاری نەوتە و هەرزان بوونی قیمەتی نەوت و تەنگانەی جمهووری ئیسلامی لەسەر ئەو مەسەلەیە لێی شاردراوە نیە. کەوابی تەنیا سەرچاوەیەکی بەرچاو کە دەمێنێتەوە کەم کردنەوەی خەرجەکانی دەوڵەت و هەڵگرتنی سوبسید و پەرەپێدانی گرانییە، وەعدەی کاری هەرزان و کرێکاری کەم تەوقوعە بە سەرمایەی ئالمانی، وە ئەمە ڕێک مانای ئەوەیە کە نوینەرانی سەرمایەداری ئێران و ئالمان لەسەر پەلامارێکی ڕێکخراو و بە بەرنامەوە بۆ سەر ئاستی ژیان و بەرێچوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران ڕێککەوتوون.

جمهووری ئیسلامی کە لە کۆرت ماوەدا هیوایەکی بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی سیاسی و بازرگانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئامریکا نیە و لە لایەن ئەو دەوڵەتەوە هەروا خۆی لە ژێر زەخت و فشاری سیاسی و ئابووریدا دەبینی، لەم دەورەیەدا ستراتیژی خۆی لەسەر کەڵک وەرگرتن لە کەلین و کەلەبەرەکانی ناوخۆی ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دونیا بینا کردوە و هەوڵ دەدات کە سەرمایەداری ئوروپا و ژاپون و بە تایبەتی ئالمان ڕازی بکات بەوەی کە شوێن سیاسەتی ئەمریکا نەکەون و دەست لە قازانجێکی "باد ئاوەردە" کە لە ئێران چاوەروانیان دەکات هەڵنەگرن.

دەوڵەتی ئالمان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی لە لایەکەوە لەگەڵ بیرورای گشتی خەڵکی ئالمان بەرە و ڕووە کە نەفرەت لە ڕژیمی ئیسلامی ئێران دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە لەژێر زەختی دەوڵەتی ئەمریکادایە بۆ ئەوەی سنووڕێکی دیاریکراو بۆ ئەو پەیوەندییانەی دابنی و خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا هاوئاهەنگ کات. لێرەدایە ئەو ڕاستییە زۆرتر ڕوون دەبێتەوە کە بەرتیلی دەوڵەتی ئێران بە دەوڵەتی ئالمان دەبی ئەوەندە بی کە سەرەڕای هەموو ئەو فشارانە، هێشتا سەرمایەداری ئالمان قازانجی خۆی لە پەرەپێدانی بازرگانی و مامەلە لەگەڵ سەرمایەداری ئێراندا ببێنێتەوە و بەم جۆرە مانای ئەو قسەیەی لاریجانی زۆرتر دەردەکەوی کاتێک کە دەڵی: "ئێران دەتوانی و دەیەوی کە لە بازرگانیدا شەریکێکی جێگای متمانەی دەوڵەتی ئالمان بی و ئێمە لەو سەفەرەماندا هەوڵماندا ئەو مەسەلەیە لە دوستانی ئالمانیمان بگەیەنین"!

بەرهەمی سەفەرەکەی هەیئەتی ئێرانی بۆ ئالمان و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ کۆمەڵانی بەرین لە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەدی ئێران بە مانای گرانی و کەرەی کەمتر، دەست بەردانی دەوڵەت لە هەر چەشنە تعهدێک وەکوو دەرمان و بیهداشت و خوێندن و خزمەتگوزاریەکانی شاری و شتی تری لەو چەشنەیە. تەنیا لەم ڕێگایەوەیە کە جمهووری ئیسلامی دەتوانی دڵنیایی بە سەرمایەدارانی ئالمانی بدات تا بازرگانی خۆیان لەگەڵ ئێران پەرەپی بدەن!

*

حوکمی ئێعدامی موهەندیسی ئالمانی بارمتەی تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی لە ئالمانە

ماوەی دوو هەفتەیە کە ڕۆژنامەکانی سەر بە جمهووری ئیسلامی ئێران بە هەرواهوریایەکی زۆرەوە خەبەرێک دینن و دەبەن و بە دانستە وای دەرازێننەوە کە سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن! خەبەرەکە بە ڕوالەت ئەوەیە: موهەندیسێکی ئالمانی کە لە ئێران کاری کردوە بە تاوانی جاسووسی مەحکووم بە ئێعدام بووە و گوێا لەم ڕۆژانەدا کاتی ئەوە هاتوە کە حوکمەکەی ئیجرا بکرێ. بەڵام ئەمجارەیان بەرێوەبەرانی جمهووری ئیسلامی هاتوونە سەر ئەوەی کە پێش جێبەجێ کردنی حوکمەکە مەسەلەکە ئاشکرا بکەن.

دوا بە دوای ئاشکرا کردنی ئەو خەبەرە و دوای ئەوەی کە ئیمکانی ئەوەیان فەراهەم کرد کە هەموو ڕۆژنامە و ڕادیو و تلویزیونەکانی ئالمان بە وردی هەواڵی ئەم ڕووداوە بڵاو کەنەوە، دوای ئەوەی کە گیانی موهەندیسی ئالمانی وەکوو کالایەک کەوتە بازاری تەبلیغاتەوە و نرخی چووە سەری، ئەمجار چەنە لێدان بۆ مامەلەکردن لەسەری دەستی پێکرد. بەرێوەبەرانی دەزگای قەزایی ئێران ڕایانگەیاند کە: "هەرچەند ئەم ئالمانیە جۆرمەکەی زۆر قورسە بەڵام جاری ئیجرای حوکمەکەمان ڕاگرتوە". چەند ڕۆژ دواتر وتیان کە: "ڕێگا بۆ لێ خۆش بوون لە ئێعدامی هوهەندیسی ناوبراو هەیە بەڵام کارەکە بە دەستی خامنەیی جێبەجێ دەبێت". ئەمجار وتیان: "کاتێک مەسەلەکە دەخەنە بەردەم خامنەیی کە دەوڵەتی ئالمان ڕەسمەن داوای بەخشینی بکات". ماوەیەک دواتر لەم ڕۆژانەدا، دەوڵەتی ئالمان ئەم داوایەی کرد و ئەمجار ڕۆژنامەکان نووسیان کە: "جاری دەزگای قەزایی خۆی مەسەلەکە لە ڕووی کارشناسیەوە بەڕەسی دەکات و دواجار دەیدات بە خامنەیی ئێستا دوای ئەو کایە مشک و پشیلەیەی کە جمهووری ئیسلامی بەم موهەندیسە ئالمانیەی دەکات، قەڕارە لە ڕۆژانی داهاتوودا سەرەنجام خامنەیی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات.

پەی بردن بەوەی کە لە پشت پەردەی ئەم گالتەجارەدا چ مەبەستێک شاردراوەتەوە کارێکی دژوار نیە. مەسەلەکە بە ئاسانی بڕیتییە لە شانۆیەکی فریوکارانە کە جمهووری ئیسلامی سیناریوکەی دارشتوە و بە یارمەتی دەوڵەتی ئالمان خەریکن جێبەجێ دەکەن. مەبەستی ئەم شانۆگەریە بریتییە لە ئامادە کردنی بیرورای گشتی لە ئالمان بۆ ئەوەی چاوپوشەکانی دەوڵەتەکەیان لە تاوانەکانی جمهووری ئیسلامی لە ئالمان، تەحەمول بکات. لە لایەکەوە هاوکاری ئیتلاعاتی دەوڵەتی ئالمان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی ڕوالەتێکی دزیوی لە دەوڵەتی ئەو ولاتە خستوەتە بەرچاوی خەڵکی ئالمان، تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی لە ئالمان ئاشکرا بوون و چەند کەسیکیان لە جەریانی دادگادان، چەند پیلانێکی تیرۆریستی جمهووری ئیسلامی لە دژی موخالیفانی سیاسی پووچەڵ کراوەتەوە، هەمووی ئەوانە بیرورای گشتی ئالمان لێ ئاگاداڕە و لە لایەکی دیکەوە هەموو کەس دەزانی کە بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی دەوڵەتی ئالمانی بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵێک پەیوەندی ڕاکێشاوە لە ئاستی جۆراوجۆردا و لەوانە لە ئاستی ئیتلاعاتیدا. وە دەوڵەتی ئالمان ئەمڕۆکە بووەتە گەورەترین شەریکی بازرگانی جمهووری لە دونیادا.

هەموو ئەوانە دروست کردنی ئەم شانۆیەیان پێویست کردوە. هەرکام لەم دوو لایەنە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەم ڕووداوانەدا تەعیقب دەکەن، بۆ دەوڵەتی ئالمان مەسەلەکە ئارام کردنەوە و فریوی بیرورای گشتی ئالمانە لەسەر هاوکاریەکانی لەگەڵ دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی و بۆ جمهووری ئیسلامیش کەم کردنەوەی فشارە لەسەر تیرۆریستەکانی گیراو لە ئالمان و بەرگری لە دروست بوونی هەڵمەتێکی تەبلیغاتی لەسەر جەریانەکەیان و تەنانەت ڕێگا خۆش کردنە بۆ وەرگرتنەوەیان لە دوا ڕۆژدا.

دوای ئەوەی کە دەوڵەتی فەرانسە بە ئاشکرا دوو تیرۆریستی بکوژی، بەبی هیچ موحاکمە و لێ پرسینەوەیەک تەنیا لەبەر بەرژەوەندییەکانی بازرگانی لەگەڵ ئێران ڕەوانەی تاران کردەوە، جمهووری ئیسلامی دەمەچیشتە بووە و بەو نەتیجەی گەیشتوە کە ئەم جۆرە مامەلەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئالمانیش ئیمکانی هەیە. بۆیە پێش ئەوەی کە موحاکمەی تیرۆریستەکانی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لەو ولاتە نهینییەکانیان بە تەواوی ئاشکرا کات، هەوڵ دەدات هەر لە ئێستاوە بارمتەی پێویستی بۆ مامەلەی داهاتوو لەبەر دەستدا بی. بەم جۆرە کە لەو مەسەلەیەدا دەوڵەتی ئالمان بە شوێن فریوی خەڵکی ولاتەکەی و جمهووری ئیسلامی بە شوێن درێژەی کاری خۆیەوەیەتی لە ئالمان.

دەربارەی: پرۆژەی سەرمایەداری جیهانی بۆ پەرەپێدانی پێشبرکێی تەسلیحاتی

لە ڕۆژانی ڕابوردوودا لە کۆبوونەوەکانی ولاتانی ئەندامی پەیمانی سەربازی ناتودا و بە بۆنەی سەفەری سەرەک کۆماری ئەمریکا بۆ ئوروپا و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتی ڕووسیە، جارێکی تریش باسی پەرەپێدانی ئەو پەیمانە هاتوتەوە گۆڕی. دەوڵەتی ئەمریکا ڕایگەیاندوە کە پێویستە دەرگای ئەو پەیمانە بۆ ئەندامانی تازە لەسەر پشت بی.

پەیمانی ناتو یەکێتییەکی سەربازیی بەهێزی ولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە کە بە دوای جەنگی جیهانی دووەم و لە دەورەی شەری ساردا، لە دژی ئیتحادی شووڕەوی و ولاتانی هاوپەیمانی دروست بوو. لە بەرانبەر ئەم پەیمانەدا بوو کە لەولاشەوە پەیمانی سەربازی "وەرشەو" لە ژێر ڕابەری ئتحادی شووڕەوی‌دا ساز کرا.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا ئالقەی گەماروی ئیتحادی شووڕەویان هەر لە ژاپون و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە هەتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیتو و ناتو تەواو کردبوو. کە بە هێزترین گەورەترینیان پەیمانی ناتو بوو.

پەیمانی ناتو ئیتحادی شووڕەوی کێشایە ناو پێشبرکێیەکی تەسلیحاتی بی سنووڕەوە و لەگەڵ خۆی هەموو دنیای کرد بە جبەخانەیەکی گەورە کە بایی دەیان هەزار میلیارد چەک و تەقەمەنی جۆراوجۆری بۆ ئینسان کوشتن تێدا عەمبار کرا. بە هەڵوەشانەوەی ئیتحادی شووڕەوی و کۆتایی دەورەی شەری سارد و نەمانی پەیمانی وەرشەو ئەم ئامانجە ڕەسمییەی کە ڕۆژی خۆی ئەو پەیمانەی بۆ دامەزرا بوو وەدی هاتبوو بە ڕواڵەت ئیتر هۆیەک بۆ مانەوەی پیمانیناتوش نەمابووەوە. بەڵام سەرمایەداری ئیمپریالیستی کە نەیدەویست دەست لە میلیاردەها دولار قازانجێکی خالیس! هەڵبگری کە لە ڕێگای کارخانەکانی پێشەسازی سەربازییەوە بە دەستی دەهێنا، بەردەوام لە بیانوو بوو بۆ ئەوەی پێویستی مانەوەی ئەم پەیمانە گۆیی خەڵکی ولاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بگەیەنی و ڕێگا بە هەڵوەشانەوەی نەدات.

لە چەند حەوتووی ڕابوردوودا سەرکەوتنی ناسیونالیستە دەستە ڕاستەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ڕووسیەدا، جارێکیتر بواری بە دەزگاکانی تەبلیغاتی ڕۆژئاوا دا کە بە شێوەیەکی شاردراوە بە هەمووانی بڵێ کە مەترسی لە لایەن ڕوسیەوە هەر ماوە و ڕۆژئاوا پێویستە یەکگرتوویی سەربازی خۆی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی چاوەڕوان نەکراوی داهاتوو، بپارێزی. هاوکات لەگەڵ ئەم سەرکەوتنەی ناسیونالیستەکانی ڕووسی، چەند ولاتێکی ئوروپایی ڕۆژهەڵات وەکوو مەجارستان و چک وە سلوواک پی خۆش بوونی خۆیان بۆ پەیوەست بوون بە پەیمانی ناتو ڕاگەیاند و دەوڵەتی ئەمریکاش پێشوازی لەو مەسەلەیە کرد و بە پارێزەوە جوابی موسبەتی بە داواکەیان دایەوە و بریاری کۆتایی دانەوە بۆ دواجار.

لەوڵاشەوە دەوڵەتی ڕووسیە هەڕەشەی کردوە کە ناتوانی ڕازی بی بەوەی کە پەیمانی ناتو گەورە بێتەوە و بەرەو سنووڕەکانی ڕووسیە پێشڕەوی بکات. بوریس یەلتسین، سەرۆک کۆماری ڕووسیە بە ئاشکرا وتویەتی کە هەرچەشنە سازشێک لەسەر ئەو مەسەلەیە، هەڵی گۆنجاو بۆ ناسیونالیستە تووندڕەوەکانی ڕووسیە پێک دێنی و لایەنی ئەو لە بەرانبەر موخالیفانی‌دا لاواز دەکات. بەم جۆرە چەند کورسییەکی پارلمانی زیاتر کە کەوتوەتە دەست ژمارەیەک ناسیونالیستی دەستە ڕاستی بیانووی "پێویستی" بە هەردوولا، هەم لایەنی ڕووسی و هەم لایەنی ئەمریکایی و ڕۆژئاوایی داوە کە نەک هەر ناوەندەکانی گەورەی پێشەسازی سەربازی خۆیان بپارێزن بەڵکوو پەرەشی پی بدەن. هەردوولا، هەر کام بە شێوەیەک مەترسی دەستە ڕاستییەکانی ڕووسی دەکەنە بیانوو بۆ بەردەوام ڕاگرتنی پێشبرکێی تەسلیحاتی و بەرهەم هێنانی چەک و چوڵی سەربازی و پەرەپێدانی سوپاکانیان.

بیانووی یەلتسین و داروودەستەکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەوان خۆیان وەڵامی ناسیونالیزمی ڕووسی نەدەنەوە، دەستە ڕاستییەکان بیرورای گشتی دێننە پشت سەری خۆیان و دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و ڕەوتی ئەوەی کە یەلتسین و دوستە ڕۆژئاواییەکانی پێی دەڵێن "ریفورم" دەشێوی. دەوڵەتی ئەمریکاش بیانووی ئەوەیە کە "ئەم ڕووداوانە نیشان دەدەن مەترسی ڕووسیە بۆ دنیای ڕۆژئاوا هەر بەردەوامە و پێویستە لایەنی ئیحتیات ڕابگیری".

قوربانیانی ئەو کێشمە کێشەی ناو بەرەی بورژوازی جیهانی، ئەو هەزاران هەزار ئینسانەن کە لە گوشە و کەناری دونیا تاوانی ئەم پێشبرکی چەکدارییە بی بەزەیانەیە دەدەنەوە. خەرجی ئەو ململانییە جینایەتکارانەیە لە سفرەی بی ڕەونەقی ئەو میلونەها کرێکارەی ڕووسیە دابین دەبێت کە لەسەر سنووری قاتی و قری‌دا ڕاگیراون.

قازانج پەرستی سەرمایەداری سەرچاوەی هەموو شەر و نائەمنییەکی جیهانی ئەمڕۆیە. ئمپریالیستەکان تەنیا بەوە ڕازی نین کە هەر ڕۆژە لە گوشەیەکی دونیا دەستە چیلەی ئاگری شەڕێکی نەتەوەیی، مەزهەبی و قەومی فەراهەم کەن و لەو ڕێگایەوە ڕەونەق بدەن بە بازای فرۆشی چەکەکانیان بەڵکوو دەیانەوی ڕێگایەکیش بدوزنەوە بۆ ئەوەی پاراستن و پەرەپێدانی چەکە گەورە کۆمەڵ کوژەکانیان، مووشەکە ئەتومییە قارە پەیماکانیان و پرۆژەی "شەری ئەستێرەکان"ی پی تەوزیح بدەن.

بەشەرییەت لە ژێر نەزمیکدا کە قازانج پەرستی هاندەریەتی و ململانی بەرژەوەندییەکانی دیاری دەکات، دوو ڕوویی و درو و پاشقول گرتن ڕەوشتی سیاسییەتی، هەرگیز ڕووی ئاشتی و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینی. ئەوە ئەرکی چینی کرێکاری سوسیالیستە کە دەبی ئەو ئاسویە بەرووی ئینسانی ئەمڕۆدا بکاتەوە.

ئەرخەوان

گەرەلاوژەیەکە لەگەل ئەرخەوانی هاوسایە
دار ئەرخەوان!
ئەی هاوخوینی لق لە جەستەی خۆم دابراو
ئاسمانەکەی سەر سەری تو ئەمڕۆ ڕەنگی چ دەنوینی؟
خوڕەتاوی گەش و ڕوون و گەرمابەخشە؟
یا هێشتاکە تەم و مژی خولەمیشی دەبارینی؟
نەمن لێرە
لەم گوشە تاریکەی دەڕەوەی جیهاندا
تاقی شینی هیچ ئاسمانیک
بەدی ناکەم لەسەر سەرم.
لە هاتن و ڕویشتنی قافلەی بەهار
بی خەبەرم
لە چواردەوورم
دیواریکی ڕەش و ئەستوور
هێندە نزیکە
ئەو کاتانەی کە هەناسە
لە سنگمەوە دێتەدەری
ئەو ڕیگاکەی لی دەتەنی و
بە ڕوونی خۆم دا دەبیژینی
شووڕەی دەورم واتەنراوە
دوای هەنگاویک
بالەکانی مەلی نیگام لی دەشکینی
وەرشەی کەزی چرایەکی زەرد و
نەخوش
تا بەیانی
چیرۆک بیژی تاریکانی شەوانەمە
ئەویش بزەی لی توراوە
هەناسەم تەنگ
لێرە هەواو سروەی شنەش
هەر وەکوو خوم
بی جوولەیە و بەند کراوە
لەم قوژبنە خاموشەدا
لە نیو خولیا و خەیالی من
یادیک چەتری ڕەنگاوڕەنگی
پەروبالی خۆی دەنگیوی و لە
گەروومدا
کولی گریان هەلدەستێنی
ئەرخەوانەکەی من لەوی
ئەرخەوانەکەی من تەنیا
ئەرخەوانەکەی من دەگری
وەک دلە خوێناوییەکەی خوم

فرمیسکی سوور دەوەرینی
دار ئەرخەوان
ئەمە چ ڕەمز و ڕازیکە
لەگەڵ هەموو کوچباریکی بەهارانە
لەگەڵ بڕینی تەشەناو
لەگەڵ شەپۆری شیوەن و
تازیەباریی دڵی ئیمە سەرهەڵدەدا
هەموو ساڵی
خوینی پەرەسیلەکی عاشق
وشکە زەوی تیر ئاو دەکا
ئەی پەنجەی خوێناوی زەوی!
تو داوینی بەیان بگرە و
لە سوارچاکی تیژتێپەڕی خور بپرسە
کەی دەبی کەی
بە مەلبەندی شیو و دوڵی ئەم
خەمە دا بین تێپەڕن؟
دار ئەرخەوان
نەهیشووی خوین
بەربەیانان کە کوترەکان
لە لیواری بەر پەنجەرەی کازیوەدا
دەگمینن

تو ئەم گیانە گوڵرەنگەی من
بنی سەردەست
ببیە تەماشای هەڵفرین
دەخیراکە
هەڤاڵانی وەری کەوتووی ئەم ڕیگایە
چاوەروانی هاوسەفەرن!
دار ئەرخەوان!
تەی بەیداخی گوڵ گوڵینی وەرزی بەهار
تو بشنیوە و گەردن هەڵکە
چاوم لە ڕاشەکانت بی
تو شیعری خوینباری منی
چەتری یادی ڕەنگاورەنگی ڕەفیقانم
با کەلامی گوڵ شکوفەی زمانت بی
دەنگ هەڵبڕە، دار ئەرخەوان
ئەی شیعری هیشتا نەوتراو
ئەی هاو خوینی لق لە جەستەی خۆم داباروا!

***

جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی ئاوارەکانی ئەفغانی

لە جەرگەی کارەساتە خوێناوییەکانی وڵاتی ئەفغانستان دا، ڕژیمی ئێران سنووردارەکانی خۆی بە ڕووی ئەو ئاوارانەدا داخستوە کە لە چنگ ئەو کوشتارە خوێان دەرباز دەکەن. بە پێی خەبەری ڕادیوی ڕژیم، ماوەیەک لەوەپێش ئوتوبووسێکی هەڵگری ئاوارە ئەفغانییەکان، کە بە نزیکەی 100 کەس لەو خەڵکە بی دەرەتانە ئاخندرابوو، دەیویست ڕوو بکاتە ئێران، کە هێزە سنوور پارێزەکانی ڕژیمی ئێران دەکەونە شوێنی. شوفێری ئوتوبووسەکە، بە پەلە دەکەوێتە تەقالا بۆ خودەرباز کردن لە چنگ ئەو هێزانە و تێپەڕ بوون لە سنووری ئێران و هەر لەم پەلەیەدا کۆنترۆڵی ماشینەکە لە دەستی دەردەچی. ماشینەکە وردەگەڕی و لەو 100 کەس ئاوارەیە بە داخەوە ژمارەیەکیان دەکوژرین و ئەوانی تر بریندار دەبن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی خەبەرێک کە ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردوەتەوە، کاری گەراندنەوەی ئاوارە ئەفغانییەکان لە ئێرانەوە بۆ وڵاتە شەر لێدراوەکەی خۆیان هەروا درێژەی هەیە. بەپێی خەبەر، ئێستا نزیکەی 700 هەزار ئاوارەی ئەفغانی لە ئێران ماون کە ئەوانەش کۆمەڵ کۆمەڵ، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ڕەوانەی ئەفغانستان دەکرێنەوە. پێشتر، زیاتر لە 3 میلیون ئاوارەی ئەفغانی لە ئێران بوون.

ئاوارە ئەفغانییەکان، کاتی گەرانەوەیان بۆ ئەفغانستان، لەسەر سنووردارەکان، لە لایەن پاسدارانی ئیسلامییەوە تاڵان دەکرین. ئاوارەکان، ڕێگەیان پی نادرێ، بێجگە لە پریسکەیەک کە بە کولیلانەویە، هیچ شتێکیتر لە حاسڵی کار و زەحمەتی چەندین ساڵەیان لەگەڵ خۆیان بەرنەوە بۆ ئەفغانستان. ئەوە یەکێک لە دیمەنە هەرەبەرچاوەکانی بیرەحمی و دڵڕەقی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی لە ئێرانە. بەڵام لەوەش دڵتەزێنتر، ئەوەیە کە لە چەند مانگی ڕابوردووداو، 2 میلیون و 300هەزار ئاوارەی ئەفغان، لە هەلومەرجێک دا لە ئێران دەرکراون کە وڵاتەکەی خۆیان نوقمی ئاگر و خوێنە.

لە ساڵانی شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستان دا. کۆمەڵ کۆمەڵ لە خەڵکی هەژار و بی دەرەتان، بۆ خودەرباز کردن لە چنگ شەر و کوشتارێکی بیرەحمانە لە ئەفغانستان، بە بی ئەوەی هیچ بەشێک لە دارایی هەژارانەیان لە نیو ئاگری شەر بۆ دەرباز کرابی، بە ڕووت و ڕەجاڵی ڕوویان کردە سنووردەکانی ئێران. حکوومەتی ئێران کە بۆ قازانجی کۆنەپەرستانەی خۆی ئاگری ئەو شەڕەی خۆش دەکرد. سنووردەکانی بە ڕووی ئاوارە ئەفغانییەکاندا کردەوە و پەنادان بەو ئاوارانەی کردە بارمتەیەک بە دەست خۆیەوە هەتا ڕێگا دەستی خۆی بۆ دەخاڵەت لە ڕووداوەکانی ئەو وڵاتەدا ئاوەلاتر بکا. بەم جۆرە بوو کە زیاتر لە 3 میلیون کەس لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی ئەفغانستان، بە درێژایی 15 ساڵی ڕابوردوو لە دژوارترین هەلومەرجدا لە ئێران، لە ئوردووگاکان و قەراخ شار و شاروچکەکان و حەلەبیاوا و مەجبووراواکاندا، نێشتەجێ بوون.

بە درێژایی ئەو ساڵانە، کرێکاری ئەفغانی، هەرزانترین هێزی کار بوو لە ئێران. ئەوانە کەسانێک بوون، بی ئەنواو بی دەرەتان، لە وڵاتی خۆیان هەڵاتبوون و لە ئێران بۆ پەیدا کردنی نانێکی مەمرە و مەژی ناچار بوون، باری زەمانە ناچاری کردبوون، هێزی کاری خۆیان بە تاڵان بدەن. ناخۆشترین و سەختترین کارەکان بەوان دەسپێردرا. زۆرجار خاوەن کاری بی وێژدان، چەندین مانگ کاری پێدەکردن و لە کۆتاییدا حەقدەستی پی نەدەدان. چۆنکە خاوەنکار دەیزانی هیچ دەزگایەکی حکوومەتی ئیسلامی ئێران جوابی شکایەتی ئاوارەی ئەفغانی ناداتەوە.

ئاوارەی ئەفغانی کرایە تاوانباری وجوودی بێکاری لە ئێران، کرایە تاوانباری گرانی لە ئێران. کرایە تاوانباری بوونی قەتل و ئیعتیاد و بڵاوبوونەوەی تریاک. تەنانەت کرایە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، وەزارەتی "بیهداشت"ی ڕژیم لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیدا، کارکردنی کرێکاری ئەفغانی لە 15 ناوەندی کار و بەرهەم هێنان (وەک نانەواخانەکان و قەسابیەکان و شوێنەکانی بەرهەم هێنان و فرۆشی خواردەمەنی) قەدەغە کرد. بی شەرمانە وتیان: "هاوولاتیان بیزیان لێیان هەڵدەستی"، بەڵی هەر بەم ڕاشکاویەیە وتیان: "خواردنی بەرهەمی دەستی کرێکارانی ئەفغانی بۆ لەش ساغی و سلامەتی هاوولاتیان زیانی هەیە". بەم جۆرە کرێکارانی ئەفغانی بە بریاری "وەزارەتی بیهداشت" ڕەوانەی شوێنەکانی دەباغی کردنی چەرم و کاری بیناسازی و قیرەتاوکردنی ڕێگاوبان کران.

سەرەنجامیش، کاتێک ئاوارەی ئەفغانی، ئیتر کارتێکی پێویست نەبوو بە دەست ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بۆ دەخاڵەت لە ڕووداوەکانی ئەفغانستان دا، کاتێک ئیتر بارمتەی دیکەیان بۆ دەخاڵەت لە کاروباری ئەفغانستان و پەرەپێدانی کۆنەپەرستی دەست کەوت، ڕایانگەیاند لە چەند مانگی داهاتوودا هەموو ئاوارە ئەفغانییەکان دەنێرێنەوە بۆ ئەفغانستان. وتیشیان برادەرانی ئەفغان نابی هیچ کەل و پەلێک لەگەڵ خۆیان بەرنەوە. تەنیا دەتوانن 20 کیلو گەنمەشامی و 50 کیلو گەنم و جل و بەرگی خۆیان بەرن.

بەم جۆرە کە پاسدارانی ئیسلامی لەسەر سنوور دارونەداری ئەم خەڵکە هەژارە و حاسلی چەندین ساڵ کار و زەحمەتی خۆیان و منداڵەکانیان لێ ئەستاندن و ڕووت و ڕەجال پالیان پێوە نان بەرەو وڵاتی ئاگر و خوێن.

بەڵی! 2 میلیون و 300 هەزار ئاوارە لەم چەند مانگەدا، لە حاڵێکدا ناردراونەتەوە بۆ ئەفغانستان کە ئەو وڵاتە لە هەمیشە زیاتر ویران و کاولی شەری جینایەتکارانەیە. پایتەختی ئەفغانستان، لە هەر دەقیقەیەکدا دەیان موشەک و توپ و خومپارەی تێدا دەتەقێتەوە. تەنانەت نەخۆشخانەکان بومباران دەکرین و برینداران و کوژراویان تێدا دەکوژرێتەوە. لە یەکسانی ڕابوردوودا زیاتر لە 12 هەزار کەس تەنیا لە شاری کابول کوژراون. خەڵکی ئەو شارە، بەم زستانە، زیاتر لە هەمیشە گیرودەی برسیەتی و نەخۆشین. نان بە قیمەتێکی گران نەبی دەست ناکەوی. سووتەمەنی نیە و خەڵک بۆ گەرم کردنەوەی خۆیان داری خانووە ڕووخاوەکان دەسووتێنن. لە یەکسانی ڕابوردوودا چەند جار نەخۆشی وەبا تەشەنەی کردوە و بە هۆی نەبوونی دەرمان و ئیمکاناتی پزیشکی هەرجارە ژمارەیەکی زۆر بە تایبەت لە منالانی قوربانی کردوە.

لە وەها هەلومەرجێک دایە کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران بە پەلە خەریکی ناردنەوەی ئاوارەکان بۆ ناو ئەو دوزەخەیە.

خەڵکێک کە پێشتر لەو شەرە تەنیا گیانی خۆیان و جل و بەرگی بەریانیان بۆ دەرچووبوو، ئێستا جارێکیتر، دەست بەتال و هەژار و بی دەرەتان، بە ژانی سەد برینی سەر دڵیانەوە لەو سووکایەتیەی لەم چەند ساڵەدا ڕژیمی ئیسلامی ئێران پێی کردن، ئێستا سەرلەنوی دەگەڕێنەوە ناوە هەمان دوزەخ، خەڵکێک کە مەعلووم نیە، پێشتر لەوەی ئایا سەرپەنایەکیان بووە یان نا، ئەگەر بوویانە ئێستا لە چەند لاوە ڕووخاوە و ئەگەر نەش ڕووخابی، چی تێدا ڕاخەن و چی تێدا بخون و بە چی گەرمی کەن و هەتاکەی چاوەروانی موشەکێک یان گوللە توپێک بن کە بە یەکجاری کۆتایی بە ژیانیان بێنی.

کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران کە بە درێژایی ساڵانی ڕابوردوو، کۆمەڵی ئاوارەکانی شەریف و زەحمەتکێشی ئەفغانیان، بە شەریکی مەینەت و هەژاری و ماندوویەتی خۆیان زانیوە. ئێستاش زیاتر لە هەمیشە باوەشیان بۆ ئەو خەڵکە لێ قەوماوە ئاوارەیە. بە پێچەوانەی هەموو پروپاگەندە و مەبەستێکی کاربەدەستانی کۆنەپەرستی جمهووری ئیسلامی، کە کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانی و ئەفغانیان تەنیا لە خزمەت قازانج پەرستی و چاوچنوکی خۆیاندا دەوێ، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، زەحمەتێشانی ئەفغانی بە خۆشک و برای چینایەتی خۆیان دەزانن، لەم تەنگانەیەشدا باوەشی خۆشەویستی و دڵنەوایی یان بۆ دەکەنەوە و ئەم هاوپشتی و برایەتییە دەکەنە مەرهەمێک بۆ سەر دڵی بریندار و پرژانیان.

***

ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

بەپێی گوزارشیک کە کومیتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوی ناردووین، مەراسمی ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی سوئید و ئالمان بەڕپا کراوە.

ئالمان:

ڕۆژی شەممە 16ی ڕێبەندان ریکەوتی 5ی فوریەی 1994 مەراسمیکی گەورە بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگران و دوستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری کولنی ئالمان بەڕپا کرا. مەراسمەکە کە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و پاشان بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ڕێبازی سوسیالیزم دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا.

لەو مراسمەدا هاوری حەسن شمسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە دەور و تەئسیری خەباتی تا ئێستای کۆمەڵە لە نیو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و هەروەها وەزعییەتی سیاسی و ئابووری ئێستای ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و سەرەکیترین ئەرکەکانی دەرەوەی داهاتووی ئێمە قسەی کرد. لە درێژەی مەراسمەکەدا چەند پەیامی پیرۆزبایی خوێندرایەوە. مەراسمەکە بە شایی و خۆشی بەشدار بووان درێژەی پێدرا.

ژمارەیکی زۆر لە دوستان و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە وڵاتی "هولەند"ەوە بۆ بەشداری لەم مەراسمەدا چووبوونە ئالمان.

سوئید:

ڕۆژی 23ی ڕێبەندان ریکەوتی 12ی فوریەی ساڵی 1994 مەراسمی ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە، لە شاری ستوکهولم بە بەشداری نزیکەی هەزار کەس لە ئەندامان و لایەنگران و دوستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بڕپا کرا.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێبازی سوسیالیزم دەستی پێکرد. هاوری جەمال بزرگپور ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەوە وتاریکی پێشکەش بەشدار بووان کرد و تێیدا وێرای ئاماژەکردن بۆ ئاڵ و گۆڕە سیاسییەکانی چەند ساڵی ڕابوردوو لە ئاستی جیهاندا و جێگا و شوێنی ئێستای ڕەوتی کرێکاری و سوسیالیستی، باسی ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێبازی ئێمەی کرد لە دەورەی داهاتوودا.

مەراسمەکە کە بە پێشکەش کردنی سروود و شیعر درێژەی پێدرا و لە نیو شایی و خۆشی بەشداربواندا کوتایی پی هات.

عێراق:

بەبۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە، لە ئوردووگای ئاوارە ئێرانییەکان لە "ڕومادیە"ی عێراق مەراسمیکی گەرم و گۆڕ بە بەشداری کۆمەڵێک زەحمەتکێش، بە کوششی "کومیتەی لایەنگرانی کۆمەڵە" بەڕپا کرا.

مەراسمەکە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد. دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی سوسیالیزم و ئازادی ڕاگیرا و پاشان بە پێشکەش کردنی کۆمەڵێک وتار و شیعر و سروود و پەخشان درێژەی پێدرا لە نیو شایی و خۆشی بەشداربووانداو کوتایی پی هات.

***

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران!

ئێوە لە ئێران بە گشتی و لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی، پێویستە دژی ئەم دەسدرێژیانەی حکوومەتی ئیسلامی بۆ سەر ئەمنییەت و ئازادیی خەڵک لە کوردستانی عێراق، دەنگی ئیعتیراز و نارەزایەتی خۆتان بەرز کەنەوە و لەم ڕێگایەوە، ڕێگای پیلانگێڕی لە جمهووری ئیسلامی بەربەست بکەن. دەست کوتا کردنی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی لە دەسدرێژی بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق ئەرکی شۆڕشگێڕانەی ئێوەیە!

پیلانگێڕی و دەسدرێژی حکوومەتی ئێران لە کوردستانی عێراق، لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە نەفرەتی لێدەکری و دەبی دەسبەجێ کۆتایی پی بی.

***

کۆمەڵانی چەوساوە و زۆرلێکراو، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش؟

ئەگەر لە چنگ هەژاری و نەداری و نابەرابەری وەگیان هاتوو،
ئەگەر بی مافی و تەحقیری هەموو ڕۆژە بەڕۆکی پی گرتوون
ئەگەر بێکاری و برسیەتی ژیانی لێ تال کردوون.
ئەگەر لە شکەنجە و شەڵاق، لە کوشتاری ئینسانەکان و لە ئیتیاد وە فەحشا بیزارن
وە ئەگەر دەتانەوی بە ئازادی و بەرابەری واقیعی بگەن
لەگەڵ کۆمەڵە و لەسەنگەری کۆمەڵەدا، بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری خەبات بکەن!

کلاوی شەرعی بۆ پاساوکردنی جینایەتێك لە ئێران

ماوەیەك لەوەپێش خەبەرگوزاریە ڕۆژواوایەکان خەبەرێکیان سەبارەت بە چونیەتی سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر هاوڵاتیێەکی ئێرانی بە ناوی "مەهدی دیباچی" بڵاوکردەوە . بە پێی هەواڵ مەسەلەکە بەم جۆرە بووە کە مەهدی دیباچی ماوەیەك لەوەپێش دەچێتە سەر دینی مەسیحییەت و جاسووسەکانی مەئموری پشکنینی بیروباوەر لە ئێران ئەو جەریانە بە دادگای شەرع خەبەر دەدەن و دادگا بریاری دەسگیرکردنی دیباچی دەدات. لەم بە ناو دادگایەدا ناوبراو بە "مورتەد" دەناسری و بە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی بریاری ئێعدامی دەدری. چەند ڕۆژ پێش ئەوەی حوکمی ئێعدامەکەی جێبەجێ بکری، خەبەری ئەو بریارە دژی بەشەری و جینایەتکارانەیە لە چوارچێوەی زیندان و دادگاکانی نهینی شەرع دەچێتە دەری و ڕۆژنامە و رادیو و تلویزیونەکانی دونیا هەواڵەکەی بڵاو دەکەنەوە. دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە زۆر لاوە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە و لە لایەن دەزگاکانی سەر بە کلیساوە دەوڵەتی ئێران دەکەوێتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی کە تەوزیحی مەسەلەکە بدات. جمهووری ئیسلامی کە خۆی بەڕەو ڕووی قەیرانێکی سیاسی تازە دەبێنێتەوە دەسبەجی ڕادەگەیەنی کە جاری حوکمەکەی هەلپەساردوە و کارشناسانی شەریعەتی ئیسلامی خەریکی لیکولینەوەیەکی سەر لە نوی لە مەسەلەکەن!

دوای چەند ڕۆژێك، سەرەنجام کاتێك کە دەبێنن جەنجالەکە خەریکە گەورە دەبێتەوە و پێی واتێکان و دەوڵەتە گەورەکانی دونیا هاتوەتە گۆڕی و بیروڕای گشتی جیهان لێی ئاگادار بووە و لە هەموو لایەکەوە بە نەفرەت و بیزاریەوە باسی لێ دەکری، بە پەلە دەکەونە دوزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ پاساوکردنی ئەو مەسلەیە.

داروودەستەی بە ناو کارشناس و فقیە و قازی شەرعەکان کۆدەبنەوە و بە سەنگ و سووك کردنی قازانج و زەرەرەکانی ئەو مەسەلەیە کلاوێکی شەرعی بۆ دەدوزنەوە. بە جۆرێك کە هەم شەریعەتی ئیسلامیان پاراستبی و ڕێگایان بۆ درێژەدانی جینایەتی لەو چەشنە هەروا ئاواڵە هێشتبێتەوە و هەم ئەم نموونە دیاریکراوەیان کە دەنگی داوەتەوە و هەمووان لێی ئاگادار بوون بە جۆرێك پێنە و پەرو کردبی! ئەم کلاوە شەرعیە بەم جۆرە دروست دەبی کە "خێرخوازیکیان" دەست و داوینی خۆدی ئاغای دیباچی دەبی و فێری دەکات کە بڵێ: "من لە ئیسلامی هەڵنەگەڕاومەوە، بەڵکوو لە سەرەتاوە کافر بووم و هیچ دینێکم نەبووە، ئەوجار هاتووم لە ناو دینەکاندا گەڕاوم و مەسیحییەتم هەڵبژاردوە و بووم بە مەسیحی".! تا بەم جۆرە هەم خۆی لە هەڵواسین بە "تاوان"ی گورینی بیروباوەر لە ئیسلامیوە بۆ مەسیحییەت_ ارتداد_ ڕزگار بێت و هەم قەزیەکەش بۆ جمهووری ئیسلامی بەخێر بگوزەری!

ئەو کەسانە لە خەڵکی دونیا کە لەم ڕۆژانەدا ئەو خەبەرەیان بیستوە، ئەگەر تەنیا هەر ئەم یەك نموونەیان لە حکوومەتی مەزهەبی لە ئێران دیتبێت و ئاگاداری بەسەرهاتی 15 ساڵەی خەڵکی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی جمهووری ئیسلامی نەبووبن، کافیە بزانن کە لێرە، لەم گوشەیە لە دونیا، میلیونەها ئینسان لە چ هەلومەرجێکی سامناك و نەفرەت هێنەردا دەژێن.

پێویست ناکات کە هەموو ڕۆژی هەواڵی سەنگەسارکردنێك و دەست و قاچ بڕینەوەیەکی بێستبی و یا لەبەرچاوی خۆت، ئینسانی ژنیان لە بەر ئەوەی توزقالێك مووی سەری بە دەرەوە بووە شەڵاق کاری کردبی.

– پێویست ناکات هەزاران منداڵ و نەوجەوانیان بە کلیلی دەرگای بەهەشتەوە بەسەر مەیدانی مین دا تێپەڕاندبی.

– پێویست ناکات ئاگاداری ئێعدامی هەزاران کۆمۆنیست بووبی تەنیا لەبەر ئەوەی کە بیروباوەریان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی یەك ناگرێتەوە.

– پێویستت بەوە نیە کە ئاگاداری فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی بی و هەموو ئەو کەسانەی وا مەربووت بە کتێبی ئەو نووسەرن هاتوە بە چاوی خۆت دێتبی. هیچ کام لەوانە پێویست نیە، تەنیا ئەوەندە بەسە بزانی کە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دا ئینسانێك لەبەر ئەوەی کە لە دینیکەوە چووەتە سەر دینیکیتر لە مافی ژیان مەحروم دەکری.

ئاغای مەهدی دیباچی لەو کەسانە بووە کە شانسی هێناوە و چەند دەنگێك بۆ ڕزگارکردنی بەرز بووەتەوە، ئەمانەی کە هەر ڕۆژە لە گوشەیەك سەنگەسار دەکرین و یا بە خاتری بیروباوەریان لە سیاچاڵەکاندا بی سەروشوێن دەکرین و دەنگیان بە هیچ کوی ناگات و تەنانەت ڕێگەی پرسە و سەرەخۆشیش بە خانەوادەکانیان نادری، ئەمانەن کە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی بەربەرییەتێك وا لە ئێران دا حکوومەت دەکات نیشان دەدەن.

***

نزیك بە دوو ساڵ دوای بە دەسەڵات گەیشتنی حیزب و گرۆپە ئیسلامییەکان لە ئەفغانستان شەر و خوێنڕێژی و مالویرانی هەر بەردەوامە و میلیونەها خەڵکی هەژار و بی دەرەتان لە ژێر دەسەڵاتی چەند دارودەستەیەکی چەکداری ئیسلامی و بە دەست تێوەردانی چەند دەوڵەتێکی ناوچە، بەڕەو چارەنووسێکی نادیار و پر مەترسی دەبرێن.

دوای ماوەیەکی کوڕت بی دەنگی دەوری تازەی شەڕەکانی ئەفغانستان، دوو هەفتەیە دەستی پێکردوەتەوە و شاری کابول پایتەختی ئەو وڵاتەی زیاتر لە شوێنەکانیتر گرتوەتە بەر. لە هەر دەقیقەیەکدا چەندین گۆللەی توپ و مووشەك ڕەوانەی ئەم شارە دەکری و بە دەیان ماڵی خەڵکی هەژار بە سەریاندا دەڕووخی. هەزاران بریندار کە زۆربەیان منداڵن هەروا لێرەولەوێ کەوتوون و هیچ ئیمکانێك بۆ دەرمان کردنیان لەبەر دەستدا نیە. دوو بیمارستانی شار کە بە ناو کراوەن و کار دەکەن، خۆیان ڕۆژ نیە نەکەونە بەر مووشەك و ڕەهێلەی توپی کاتیوشا و بە دەیان کەسیان تێدا نەکوژری.

سازمانی پزیشکانی بی سنوور کە لە شاری کابول خەرێکی کاری دەرمانی و پزیشکییە لە ڕاپورتێکدا کە چەند لەمەوبەر بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند کە: "بەڵای ئەو تاقمانەوە کە لە ئەفغانستان بە گڕ یەکدا چوون، هیچ سنووریك لە دەسڕێژی بۆ سەر مافی ژیانی ئینسان وجوودی نیە. ئەمانە لە دوژمنایەتییەکی کوێرانەدا لەگەڵ یەکتر هەموو ئاسەوارێکی ژیان و شارستانیەت و پێشکەوتن دەسووتێنن و لە ناوی دەبەن. بیمارستان لەو وڵاتە نەك شوێنی دەرمان و نەجات نیە بەڵکوو هەدەفیکە بۆ لە ناو بردن".

سیستمی ئاو و بەرقی شار لە ناو چووە. زستانێکی سارد و سەخت دەستی پێکردوە و هیچ سووتەمەنییەك وجوودی نیە. نانەواخانەکان داخراون و قاتی و قری شاری داگرتوە. توپ باران و مووشەك بارانی بەردەوام و نائەمن بوونی جادەکان مەجاڵی هەلاتن و بەجێ هێشتنی شاریش بە خەڵك نادات. لە تەقە وەستانێکی کوڕت ماوەی 24 سەعاتەدا چەند هەزار کەسێك فورسەتی ئەوەیان پەیدا کرد کە شار جێ بهێڵن و لەگەڵ کۆمەڵی ئاوارەکانی شوێنەکانیتر ڕوو بکەنە سنووڕەکانی پاکستان. دەوڵەتی پاکستان، بە پەلە سنووڕەکانی داخست و ڕێگای لە پەنابەرانی لێ قەوماو گرت و ئێستا ئاوارەکان برسی و لە ژێر سەرمای سەخت دا لە مەترسی تێدا چوونی بە کۆمەڵدان.

سەرچاوی ئەو شەر و پێکدادانە خوێناویە چیە؟

حیزب و دەستەکانی جۆراوجۆری ئەفغانستان کە هەموویان ناوی ئیسلامییان بە سەرەوەیە و شەری خۆیان لەگەڵ ئەوی تریان ناو ناوە جیهاد، لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پەیوەندییەکانی قەومی و عەشیرەتیش دەستە بەندی کراون. هەر تاقمەیان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناو یەکێك لە نەتەوەکانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

هەر ئێستا بە هەزاران ئاوارەی ئەفغانی ڕوویان کردوەتە سەر سنووڕەکانی ئێران و بە پێی پەنابەرانی لێ قەوماو گرت و ئێستا ئاوارەکان برسی و لە ژێر سەرمای سەخت دا لە مەترسی تێدا چوونی بە کۆمەڵدان.

سەرچاوی ئەو شەر و پێکدادانە خوێناویە چیە؟

حیزب و دەستەکانی جۆراوجۆری ئەفغانستان کە هەموویان ناوی ئیسلامییان بە سەرەوەیە و شەری خۆیان لەگەڵ ئەوی تریان ناو ناوە جیهاد، لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پەیوەندییەکانی قەومی و عەشیرەتیش دەستە بەندی کراون. هەر تاقمەیان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناو یەکێك لە نەتەوەکانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

هەر ئێستا بە هەزاران ئاوارەی ئەفغانی ڕوویان کردوەتە سەر سنووڕەکانی ئێران و بە پێی پەنابەرانی لێ قەوماو گرت و ئێستا ئاوارەکان برسی و لە ژێر سەرمای سەخت دا لە مەترسی تێدا چوونی بە کۆمەڵدان.

سەرچاوی ئەو شەر و پێکدادانە خوێناویە چیە؟

حیزب و دەستەکانی جۆراوجۆری ئەفغانستان کە هەموویان ناوی ئیسلامییان بە سەرەوەیە و شەری خۆیان لەگەڵ ئەوی تریان ناو ناوە جیهاد، لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پەیوەندییەکانی قەومی و عەشیرەتیش دەستە بەندی کراون. هەر تاقمەیان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناو یەکێك لە نەتەوەکانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

ئەفغانستان شانوی کارەساتی سامناکی گرۆپە ئیسلامییەکان

دراوسێی ئەفغانستان یانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

هەر ئێستا بە هەزاران ئاوارەی ئەفغانی ڕوویان کردوەتە سەر سنووڕەکانی ئێران و بە پێی پەنابەرانی لێ قەوماو گرت و ئێستا ئاوارەکان برسی و لە ژێر سەرمای سەخت دا لە مەترسی تێدا چوونی بە کۆمەڵدان.

سەرچاوی ئەو شەر و پێکدادانە خوێناویە چیە؟

حیزب و دەستەکانی جۆراوجۆری ئەفغانستان کە هەموویان ناوی ئیسلامییان بە سەرەوەیە و شەری خۆیان لەگەڵ ئەوی تریان ناو ناوە جیهاد، لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پەیوەندییەکانی قەومی و عەشیرەتیش دەستە بەندی کراون. هەر تاقمەیان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناو یەکێك لە نەتەوەکانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

هەر ئێستا بە هەزاران ئاوارەی ئەفغانی ڕوویان کردوەتە سەر سنووڕەکانی ئێران و بە پێی پەنابەرانی لێ قەوماو گرت و ئێستا ئاوارەکان برسی و لە ژێر سەرمای سەخت دا لە مەترسی تێدا چوونی بە کۆمەڵدان.

سەرچاوی ئەو شەر و پێکدادانە خوێناویە چیە؟

حیزب و دەستەکانی جۆراوجۆری ئەفغانستان کە هەموویان ناوی ئیسلامییان بە سەرەوەیە و شەری خۆیان لەگەڵ ئەوی تریان ناو ناوە جیهاد، لە هەمان کاتدا، لە ڕووی پەیوەندییەکانی قەومی و عەشیرەتیش دەستە بەندی کراون. هەر تاقمەیان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناو یەکێك لە نەتەوەکانی تاجیکستان و ئوزبکستان ئەوەندەی تر وەزعی سیاسی ئەو وڵاتەی ئالوز کردوە. بەم جۆرە گیان و ژیانی خەڵکی وڵاتێکی 17 میلیونی بووەتە دەسکایەی چەند تاقمێکی کۆنەپرستی ناوخۆیی و بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی ناوچە.

دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی و ڕووسیە کە خۆیان لە تاوانبارانی پێك هاتنی ئەو وەزعە لە ئەفغانستانن چونکە جاری قازانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان لە کێشەی ئەفغانستاندا بەدی ناکەن لە بەرانبەر ئەو وەزعە سامناکەدا کە بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هاتوە بی دەنگن. دەزگا خەبەرییەکانی ڕۆژئاوایی هەوڵ دەدەن کە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە پر لە ئیش و ئازارە ئینسانییە نەکەوێتە بەرچاو و مەسەلەکە لە بیرواری گشتیدا زۆر گەورە نەبێتەوە.

هەواڵ جمهووری ئیسلامی ڕێگای پی نەداون بێنە ناو خاکی ئێران. باوەشی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران کە سااڵەهایە لەگەڵ هاوچارەنووسانی ئەفغانی پەنابەر ژیاون و هاوبەشی سفرەی یەکتر بوون ئێستاش بۆ وەرگرتنی خەڵکی لێ قەوماوی ئەو وڵاتە ئاواڵەیە و جمهووری ئیسلامی دەبی سنوورەکانیان بۆ بکاتەوە. جەریانی گەراندنەوەی ئاوارەکانی قەدیمی دەبی دەسبەجێ ڕابگیری و مافی پەنابەریان لە ئێران بۆ بە ڕەسمی بناسری.

کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەفغانی بۆ دەرباز بوونیان لە گێژاوەی کارەساتێك کە داروودەستەی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ئمپریالیستەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆیان دروست کردوون بە هیچ شتێکی تر غەیری هاوپشتی چینایەتی و هەستی ئازادیخوازی و بەشەر دوستی ئینسانی پێشکەوتنخوازی ئەو ناچەیە ناتوانن پشت ببەستن.

***

پاشماوەی سنووری کوردستانی ئێران و عێراق.....

سیاسەتێك کە ئەمڕۆکە بۆ تێکدانی ئابووری ئەو وڵاتە و تاڵ کردنی گوزەرانی خەڵك بە کاری دینن دڕێژەی هەر ئەم پیلانەیە کە بۆ ناڕەمن کردنی کوردستانی عێراق و ئازاری خەڵکی سەر سنووڕەکان لە کایەدایە. ئەمە هەر دڕێژەی ئەو سیاسەتەیە کە دەیەوی کوردستانی عێراق بکاتە بازارێکی پر ڕەونەقی کرین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر و دیاردەی ئیعتیاد کە هەرگیز لەم وڵاتەدا نموونەی نەبووە. ئەمە ڕواڵەتێکی دیکەی سیاسەتی دروست کردنی ڕایەڵەی جاسووسی و تیرۆر کردن و بومب نانەوە و ئینسان ڕفاندنە.

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستانی ئێران لەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی جمهووری ئیسلامی نەفرەتیان هەیە و مەحکوومی دەکەن. کرێکاران و خەڵکی تێکوشەر و عەدالەتخواز لە هەموو ئێران پێویستە توانایی یەکانی خەباتکارانەی خۆیان بۆ پووچەل کردنەوەی ئەم زنجیرە پیلانەی ڕژیم بخەنە کار و ڕێگا نەدەن جمهووری ئیسلامی بە دەست ئاوالەیی یەوە خەڵکی زەحمەتکێش لەو دیو سنوور بەم جۆرە بخاتە ژێر فشارەوە و ئازاریان بدات.

دەسدرێژی یەکانی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستانی عێراق لە هەموو بواریکدا، دەبی کۆتایی پی بێت.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 48 February: 1998

جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی ئاوارەکانی ئەفغانی

لە جەرگەی کارەساتە خوێناوییەکانی ولاتی ئەفغانستان دا، رژیمی ئێران سنوورەکانی خۆی بە رووی ئەو ئاوارانەدا داخستوە کە لە چنگ ئەو کوشتارە خۆیان دەرباز دەکەن. بە پێی خەبەری رادیوی رژیم، ماوەیەک لەوەپێش ئوتوبووسێکی هەڵگری ئاوارە ئەفغانییەکان، کە بە نزیکەی 100 کەس لەو خەڵکە بی دەرەتانە ئاخندرابوو، دەیویست روو بکاتە ئێران، کە هێزە سنوور پارێزەکانی رژیمی ئێران دەکەونە شوێنی. شوفێری ئوتوبووسەکە، بە پەلە دەکەوێتە تەقالا بۆ خودەرباز کردن لە چنگ ئەو هێزانە و تێپەر بوون لە سنووری ئێران و هەر لەم پەلەیەدا کۆنترۆڵی ماشینەکە لە دەستی دەردەچی. ماشینەکە وردەگەڕی و لەو 100 کەس ئاوارەیە بە داخەوە ژمارەیەکیان دەکوژرین و ئەوانی تر بریندار دەبن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی خەبەرێک کە رۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردوەتەوە، کاری گەراندنەوەی ئاوارە ئەفغانییەکان لە ئێرانەوە بۆ وڵاتە شەر لێدراوەکەی خۆیان هەروا درێژەی هەیە. بەپێی خەبەر، ئێستا نزیکەی 700 هەزار ئاوارەی ئەفغانی لە ئێران ماون کە ئەوانەش کۆمەڵ کۆمەڵ، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە رەوانەی ئەفغانستان دەکرێنەوە. پێشتر، زیاتر لە 3 میلیون ئاوارەی ئەفغانی لە ئێران بوون.

ئاوارە ئەفغانییەکان، کاتی گەرانەوەیان بۆ ئەفغانستان، لەسەر سنوورەکان، لە لایەن پاسدارانی ئیسلامییەوە تالان دەکرین. ئاوارەکان، رێگەیان پی نادری، بێجگە لە پریسکەیەک کە بە کولیانەویە، هیچ شتێکیتر لە حاسڵی کار و زەحمەتی چەندین ساڵەیان لەگەڵ خۆیان بەرنەوە بۆ ئەفغانستان. ئەوە یەکێک لە دیمەنە هەرەبەرچاوەکانی بیرەحمی و دڵرەقی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانە لە ئێرانە. بەڵام لەوەش دڵتەزێنتر، ئەوەیە کە لە چەند مانگی رابوردوودا، 2 میلیون و 300هەزار ئاوارەی ئەفغان، لە هەلومەرجێک دا لە ئێران دەرکراون کە وڵاتەکەی خۆیان نوقمی ئاگر و خوێنە.

ل11

سنووری کوردستانی ئێران و عێراق لەسەر چ کالایەک داخراوە و بۆچ کالایەک ئاوااڵیە

لە چەند حەوتووی رابوردوودا رژیمی ئیسلامی بۆ جارێکیتر سنووەکانی کوردستانی ئێران و عێراقی لەسەر ڕێگای هاتن و چوونی زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی هەردوولا داخستوە و بە وتەی ڕەحیمی ئوستانداری کوردستان ئەم بڕیارە لە لایەن "شووڕای ئەمنییەتی میللی"یەوە دراوە و پەیوەندی بە باری ئابووری ئێرانەوە هەیە.

لە حاڵێکدا کە خەڵکی کوردستان لە هەردوولا گەلێک پیویستی ڕۆژانەیان هەیە کە لە پەیوەندی بازرگانی نێوان هەردوولادا دەتوانی دابین بێت، داخستنی سنوور کردەوەیەکی دژی ئینسانییە و خەڵکی کوردستان لە هەردوولای سنوور مەحکووم دەکەن. بەڵام مەسەلەی ئەسڵی لێرەدا ئەوەیە کە جمهووری ئیسلامی سنووری لەسەر ڕێگای هەموو جۆرە بازرگانییەک دانەخستوە. بەڵکوو ژمارەیەک دەست و پیوەندی خۆی بە مەئمووریەت و ژمارەیەک بازرگانی تەماکاری بە هاندان، ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردوە هەتا بێدەربەست لە داخرانی ڕەسمیی سنووەکان هەروا بەردەوام بن لەسەر تێکدانی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە. ئەم دوو تاقمە لە کرێن و لە تالان کردنی هەر وەسیلەیەک کە لە مەیدانی بەرهەم هێنان یان خزمەتگوزاری گشتیدا بە کار بێت، دەست ناپارێزن.

هەڵبەت هەموو کەس دەزانی کە ئەمە سیاسەتێکی تازە نیە و نزیکەی 3 ساڵە بەردەوام درێژەی هەیە. لە ماوەی ئەم 3 ساڵەدا، بایی سەدان میلیون دولار کەرەسەی سەنعەتی هەر لە ئامرازی کارخانە و کارگایەکی گەورەوە بگرە هەتا کارگەیەکی چکولە، هەر لە ماشینی سواریەوە بگرە هەتا گریدەر و بولدوزر و هەتا سیمی بەرق و گەڵێک شتیتر، هەمووی بە لێشاو بەرەو ئێران چووە و لەوی بە دەست ئاوااڵیی و بە قانوونی، وەرگیراوە و ئەگەر تەنانەت بە کاریش نەهێندارابی، عەمبار کراوە. بەڵام ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە دەکەوێتە بەرچاو ئەوەیە کە سەرە ڕای داخرانی سنووەکان نە تەنیا ڕێگا لەم جۆرە بازرگانییە نەگیراوە بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەروا هان دەدری و درێژەی هەیە. کار گەیشتوەتە جێگایەک کە ئیتر بە ئاشکرا مەعلوومە، کەل و پەلێکی تایبەتی کە لە کوردستانی عێراق دەکردری، تەنانەت ئەگەر لە دیوی ئێران هیچ مەسرەفیکیشیان نەبێ و بە هیچ کارێکیش نەیەن. جمهووری ئیسلامی بە دەست ئاوااڵییەوە، لە ڕێگای بازرگانی دیاریکراوە و دیانکرێتەو و لە ناویان دەبات.

بە سەدان دی و شار و شاروچکەی کوردستانی عێراق دەبی بی بەرق و لە تاریکیی دا بمێننەوە لەبەر ئەوەی کە هەر چەشنە کەل و پەلێکی بەرقی بە نرخی سەرەوە لە دیوی ئێران کریاری بۆ پەیدا دەبی و جمهووری ئیسلامی هەر کوتە سیمێکی یەک میتری بەرقیش کە بۆ هیچ کارێک کەڵکی نەبی و هیچ ئەرزشێکی بازرگانیشی نەبی دەکری کەرەسەی هەموو کارگە چکولەکانی ناو شارەکان، دەزگا و سیمی تەلەفون قەتعەی ماشین و گەلێک شتی لەم چەشنە، هیچ کامیان سنووریان لەسەر دانەخراوە و "پیلەوەران"ی ناموحتەرەمی دیاریکراو بە ئیحترامەوە لە شوێنەکانی پشکنین ڕەت دەبن. لە هەمان کاتدا، زەحمەتکێشێک لە کولانەکانی شاری بانە لەبەر ئەوەی کە بە قەدەر توانایی کۆڵی، خورما بە شانیەوەیەتی بە "تاوانی" قاچاخچیەتی دەدرێتە بەر دەسرێژ و بریندار دەکری!

ئەم سیاسەتە، سەرمایەدار و دەوڵەمەند و خاوەن ئیمکاناتی کوردستانی عێراق ناخاتە ژێر فشارەوە، ئەمانە خۆیان بە چاوچنوکی و تەماکاری خۆیانەوە تەنانەت ئەم کردەوەیەی حکوومەتی ئیسلامی ئێران ڕاستەوخۆ ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری کوردستانی عێراق دەگرێتەوە و گوزەران و بەرێچوونیان سەختتر و دژوارتر دەکات.

سیاسەتی جمهووری ئیسلامی بە نیسبەت کوردستانی عێراقەوە بۆ هەموان ئاشکرایە. ئەم ڕژیمە لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ بەگژا چوونی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی عێراق کە لێ وەدەگری. نوینەرانی جمهووری ئیسلامی بەردەوام خەریکی هات و چون لە نیوان ئانکارا و دیمەشق و تاران، بۆ ئەوەی باقی دەوڵەتانی ناوچەکەش لەم ڕێگایەدا لەگەڵ خۆیان هاوئاهەنگ کەن و هەر ڕۆژە خەریکی دارشتنی پیلانێکی تازەن.

ل12

ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

بەپێی گوزارشیک کە کومیتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوی ناردووین، مەراسمی ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی سوئید و ئالمان بەڕیا کراوە.

ئالمان:

ڕۆژی شەممە 16ی ڕێبەندان ریکەوتی 5ی فوریەی 1994 مەراسمیکی گەورە بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگران و دوستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری کۆلنی ئالمان بەڕیا کرا. مەراسمەکە کە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و پاشان بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ڕێبازی سوسیالیزم دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا.

ل11

کلاوی شەرعی بۆ پاساوکردنی جینایەتێک لە ئێران

ماوەیەک لەوەپێش خەبەرگوزاریە ڕۆژواوایەکان خەبەرێکیان سەبارەت بە چونیەتی سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر هاوواڵتیێەکی ئێرانی بە ناوی "مەهدی دیباچی" بڵاوکردەوە . بە پێی هەواڵ مەسەلەکە بەم جۆرە بووە کە مەهدی دیباچی ماوەیەک لەوەپێش دەچێتە سەر دینی مەسیحییەت و جاسووسەکانی مەئموورەی پشکنینی بیروباوەر لە ئێران ئەو جەریانە بە دادگای شەرع خەبەر دەدەن و دادگا بریاری دەسگیرکردنی دیباچی دەدات. لەم بە ناو دادگایەدا ناوبراو بە "مورتەد" دەناسری و بە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی بریاری ئێعدامی دەدری. چەند ڕۆژ پێش ئەوەی حوکمی ئێعدامەکەی جێبەجێ بکری، خەبەری ئەو بریارە دژی بەشەری و جینایەتکارانەیە لە چوارچێوەی زیندان و دادگاکانی نهینی شەرع دەچێتە دەری و ڕۆژنامە و ڕادیو و تلویزیونەکانی دونیا هەواڵەکەی بڵاو دەکەنەوە. دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە زۆر لایەوە نامەی ئیعتیراز و ئیحتجاج بە حوکمی دادگای نهینی شەرع و بە تایبەتی بە حوکمی ئێعدام بە ئیمزای کەسایەتی و ڕێکخراوی جۆراوجۆ ڕاگەیەندرا. ئەم ئیعتیرازانە لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای ڕێکخراوە جیاوازەکان و بە تایبەتی ڕێکخراوە ئەفغانییەکان، بە ئیمزای هەزاران کەس گەیشتە ژمارەیەکی زۆر

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 49 | رەشەمەی _1372 | مارس_ 1994

راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی کۆمەڵە

بەم جۆرە رادەگەیەنین کە لە رۆژانی 18و19و20 ی مانگی ریبەندان دا، لەسەر داوای کۆمیتەی ناوندی کۆمەڵە کۆنفرانسیک بە بەشداری نوێنەرانی ئەندامانی تەشکیلاتی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) پێک هات و کاری خۆی بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەک بی دەنگی بە یادی گیانبەخت کردووانی کۆمۆنیست دەست پی کرد.

دەستووری کۆبوونەوەکانی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوون لە:

1_ لیکولینەوەی وەزعی سیاسی ئێران و کوردستان و ناوچەکە بە گشتی، هەل ومەرجی ئێستا و ئاسوی داهاتوو.

2_ گوزارشیک لە فەعالیەتەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە کونگرەی حەوتەمەوە تا ئێستا.

3_ مەسەلەکانی پەیوەندیداری بە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

کۆنفرانسی کۆمەڵە دەرفەتیک بوو بۆ لیکولینەوەیەکی هەمە لایەنەی سیاسی لەسەر هەموو مەسەلە گرینگانەی کە لەم دەورەیەدا تەشکیلاتی ئێمە لە کوردستان و ئێران و لە ناوچەکە بە گشتی لەگەلیان بەرەو روە. ئەم کۆبوونەوەیە لە هەمان کاتدا خۆ ئامادەکردنیک بوو بۆ کۆنگرەی داهاتووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ریدایە کۆنفرانس لە فەزایەکی هاوریانەدا بەریوەچوو و دەوریکی گرینکی هەبوو لە پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەدا و لە پتەوکردنی یەکیتی و هاونەزەری لەسەر ئەرکەکانی دەورەی داهاتووماں.

کۆنفرانس لە کۆتایی کاری خۆیدا چەند قەرار و بریاریکی وەکوو پیشنیار بۆ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، پەسند کرد و بە سروودی ئەنترناسیونال کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
21ی ریبەندانی 1372

ڕێککەوتنی ئیسرائیل و فەلەستین: ناوەڕوک و ئەنجامەکانی

وت وویژی گۆڤاری کۆمۆنیست لەگەڵ هاوری جەوادی مشکی

ویککەوتنی دەوڵەتی ئیسراییل و ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین (راف) لە مانگی سپتامبردا، لە سەراسەری جیهان و بە تایبەت لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەنگی دایەوە و هەڵویستی جۆراوجۆری لەسەرگیرا. باسی کۆتایی پی‌هاتنی کێشەی لە میژینەی عەرەب و ئیسراییل و کرانەوەی دەوریکی تازەی پەیوەندی قەومی لەو ناوچەیە کرا و هەروەها باس لە سەرهەڵدانی ئاسوی ئابووری و کۆمەڵایەتی تازە و ریزبەستنی سیاسی تازە دەکری ئەوانەش کە لەو ریککەوتنە نارازین باسی ئەوە دەکەن کە ئامانجەکانی فەلەستین کراونەتە مایەی سات و سەودا و، ڕاپەرین و انتفازەی خەڵکی فەلەستین تووشی شکست کراوە.

لە چەند حەوتووی رابوردوودا، کە دەوڵەتی ئیسراییل، سەرسەختانە خۆی لە بەریوەبردنی ریککەوتنامەکە لاداوە و هەولیداوە بە مانوردان و پیکهینانی چەند بەرەکی لە نێو بزووتنەوەی فەلەستیندا راف بخاتە تەنگانەوە بۆ ئەستاندنی ئیمتیازی زیاتر، جاریکی تر ئەم ریککەوتنە بووتە بابەتی لیکولینەوە و لیدوانی ئەم وئەو لە لایەنی جۆراوجۆرەوە.

لەم وت وویژەدا کە دەیخوینەوە، هاوری جەوادی مشکی ناوەروک و ئەنجامەکانی ئەم ریککەوتنەی داوەتە بەر لیکولینەوە ئەم وت وویژە لە ژمارەی 68ی گۆڤاری کۆمۆنیست مانگی سەرماوەز چاپ کراوە.

ریککەوتنی نێوان راف و دەوڵەتی ئیسراییل لە چەند حەوتووی رابوردوودا زیاتر لە هەموو شتێک جێگای باس و بابەتی لێکولینەوە بووە بەڵام زۆربەی باسەکان لە بابەت ئەم ریککەوتنە و ئەنجام و ئاکامەکانیەتی، بەبی ئەوەی بە وردی ئەوە روون کرابیتەوە ناوەڕوکی راستەقینەی ئەم ریککەوتنە چیە.

کەوایە ئەگەر دەکری، لە پێشدا سەرخەتە بنەرەتیەکانی ئەم ریککەوتنە، بەو جۆرەی کە لە پەیماننامەکەدا هاتوە، باس بکەن و هەروەها باسی ئەوەش بکەن کە ئایا بە بروای ئیوە دەقی ریککەوتننامە رەسمیەکە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ مانا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی؟

ئەم شتەی لە راستیدا لایەنەکانی ئەم ریککەوتنە ئیمزایان کردوە، قەراردادیکی رەسمی، بە مانا ئاسایی‌یەکەی نێە، کە لە لایەن دەزگا بین المللی‌یەکانەوە بە رەسمی بناسری بەڵکو ریککەوتننامەیەکی ئوسوولی‌یە کە 17 ماددە و چوار پاشکوی هەیە بە پێی بریارنامەی ژمارە 242(یانی چوونەدەری هێزە ئیسراییلی‌یەکان لە ناوچە داگیراوەکان و راگەیشتن بە وەزعی پەنابەرەکان) و بریارنامەی ژمارە 138 (لەبابەت دامەزراندنی ئاشتی) یانی لە راستیدا، لایەنەکان، لەسەر بنەما گشتی‌یەکان ریککەوتوون و هێشتا وردکردنەوە و بەریوەبردنی بەند بە بەندی ریککەوتننامەکە، پیویستی بە وت وویژی دیکە هەیە کە دیارە ئەم وت وویژانە تووشی زۆر هەلس و کەوت و گری پووچکە دەبن لە چەند حەوتووی رابوردوودا هەموان ئەوەیان دیت.

بە گشتی، ئەم ریککەوتننامەیە، لەسەر ئەوەیە کە بەرەبەرە بەریوەبەرایەتی کاروبار، بە فەلەستینی‌یەکان بسپێردری،

جمهووری ئیسلامی و تەنگ و چەلەمەی رۆژنامە گەری

ماوەیەک لەمەوبەر لە تالاری فردوسی سیمیناریک بۆ بە ناو باس و لێکولینەوە لەسەر مەسەلەو تەنگ و چەلەمەکانی رۆژنامەگەری لە ولات دا سازکرا. "احمد پورنجاتی" جیگری متبوعاتی و فەهەنگی وەزارەتی ارشاد و "کمال حاجی سید جوادی" دەبیری یەکەم جەشنوارەی متبوعاتی و ژمارەیەکی دیکە لە سەردەبیران و بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی رۆژنامە و بلاوکراوەکان بەشداری ئەم سیمینارەیان کرد. هەرکام لەم جەنابانە بە پێی بوچوونی خۆیان ویرای پیاهەلدان و تاریف کردن لە کار و ماندوویی!! بەرپرسانی متبوعاتی ولات، هەولیاندا مەسەلە و گیروگرفتەکانی رۆژنامەگەری بە گشتی بخەنە بەر لیکولینەوە و هەلسەنگاندن. سەرەرای کرد و کۆششی زۆر نەیانتوانی وەزعی شپریو و خراپی بارودوخی رۆژنامەگەری لەبەرچاوی خەڵکدا ون بکەن جێگری وەزیر وتی:"رۆژنامەگەری هێشتا رێگایەکی زۆر دوور و درێژی لەبەرە بۆئەوەی بتوانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکدا بەرقەرار بکا. تیراژی 250 تا 300 هەزار ژمارەی رۆژانە بۆ ولاتیکی "انقلابی" و ئیسلامی زۆر کەمە و قابیلی قەبوول نێیە". لە درێژەی قسەکانیدا پاش باسکردنی هەندیک گیروگرفتی ئابووری ئیشارەی بەم مەسەلەیە کرد کە:"لە خوارەوە بوونی رادەی کەیفیەت و لەبەرچاو نەگرتنی پیداویستی و تایبەتمەندی کۆمەڵگای ئیسلامی لە لایەن رۆژنامەکانی ولات، هیندەی تر وەزعی متبوعاتی ولاتی خراپتر کردوە". جەنابی جێگری وەزیر هەرچەند خۆ لە راستی‌یەکان لابدا بەڵام باش دەزانی کە هۆیەکی سەرەکی ئەم بارودوخە ناهەمواڕە، نەبوونی ئازادی بەیان و قەلەمە لە پەیوەند لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەڵی:

" هەلبەت جمهووری ئیسلامی هیچ موشکیلە و موخالەفەتیکی لەگەڵ ئازادی بەیان و قەلەم دا نێە. بەڵکوو گۆی نەدانی کارگیرانی متبوعاتی بە بیروڕای گشتی گۆمەڵگا بووەتە مایەی نێگەرانی بەڕێوەبەرانی ولات". بەڵام هەر زۆر زوو لەم قسەیەش پاشگەز دەبێتەوە کە نەکا رۆژنامەنگارەکان کەڵکی نابەجی لەم قسەیە وەربگرن و و پی لە بەرەی خۆیان درێژتر بکەن دەم و دەست هەڵدەگەریتەوە و دەڵی:"

ل4

بیروراکانی مارکس پێشرەو ورینوێنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکارانە!



دەنگی، کرێکارانی جێهان یەکگرن، کە مارکس لە کۆتایی مانیفیستی کۆمۆنیست بە یارمەتی ئەنگلس نووسی، هەر ئێستا و تا رۆژگارانی داهاتووش کرێکارانی جێهان بۆ یەکگرتن بانگ دەکا.

کرێکاران بانگ دەکا کە یەکگرن، یەکگرن و چارەنووسی دونیا بگرنە دەست تا خۆیان و هەموو مرۆڤایەتی لە کویلەتی و بی بەشی رزگار بکەن.

ئەمرۆ، سەد و یازدە ساڵ پاش کوچی مارکس لە چوارقورنەی ئەم جیهانە، کرێکاران دەنگی ئەم بانگەوازەیان بەرز کردوەتەوە و بەرەو یەکگرتن و رێکخراوبوون و شوڕشی کرێکاری هەنگاو دەنێن.

لەو رۆژەوە کە دەنگی کرێکارانی جیهان یەکگرن، لە لایەن رابەری هەمیشە زیندووی کرێکارانەوە راگەیەندراوە، چەندەها هەنگاوی گەورە بەرەو ئەم ئامانجە هەڵگیراوە سالّی 1871 کرێکاران لە پاریس بۆ یەکەم جار راپەرین و قودرەتی سیاسییان بە دەستەوە گرت و نیشانیان دا کە حکوومەتی کرێکاری دەبی چون بی سالّی1917 کرێکاران لە رووسیە بە رابەری لینین بۆ ماوەی چەند سالّ هێزی چینایەتی خۆیان خستە مەیدانی ئەزموون و کردەوە و حکوومەتی سەرمایەیان لەسەر ئەسپی دەسەلات هێنایە خوار و تا ئێستاش بیرەوەری‌یەکانی ئەم شوڕشە لەرزی مەرگی خستوەتە جەستەی دەسەلاتی سەرمایە لە سەرتاسەری جێهان دا.

وا ئەمرۆش بە گورتر لە هەمیشە بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار دژی سەراپای نیزامی سەرمایەداری بە هێز و بە تین و بە بەرینایی هەموو جیهان لە راخورین و خوروشان دایە و بیروراکانی مارکس لە دەنگی خۆرشاوی کرێکاران و لە

ل4

جمهووری ئیسلامی و دیسان ریسوایی

بە پێی دواین راپورتی گالین دوپول نیردراوی تایبەتی کۆمیسیونی مافێ مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان، نزیکەی 20هەزار زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی‌دا بەسەر دەبەن گالین دوپول رایگەیاند کە ئێران هەروەک پیشوو تیرویستەکانی خۆی دەنیری بۆ کوشتنی موخالیفە سیاسی‌یەکانی لە دەرەوەی ولات و بە بیانووی جۆر بە جۆر ژنان و کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکانی خستوەتە بەرشالاوی ئەزیەت و ئازار و شوێن گرتن.

بە شوێن راگەیاندراوەکەی گالین دوپول و دەنگدانەوەی لە خەبەرگوزاری‌یەکان دا، جمهووری ئیسلامی لە زمانی یەکێک لە بەرپرسان و کاربەدەستانی خۆی بە ناوی (یزدی) ئیدیعاکانی نیردراوی تایبەتی کۆمیسیونی مافێ مرۆڤی رەت کردەوە و وەک هەمیشە بەستی‌یەوە بە پیلانەکانی استکباری جێهانی لە دژی جمهووری ئیسلامی یزدی لە وت وویژێک دا لەگەڵ خەبەرگوزاری جمهووری ئیسلامی رایگەیاند کە لە ئێران دا تاقە زیندانی‌یەکی سیاسی وجوودی نێە و بە تەواوی مافەکانی ژنان و کەمایەتی‌یەکان لە نیزامی ئیسلامی ئێران دا لەبەرچاو دەگیری هەروەها وتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی هیچ پەیوەندی‌یەکی بەو تیرورە سیاسی‌یانەوە نێە کە لە دەرەوەی ئێران ئەنجام دەدری.

جمهووری ئیسلامی لە هەل و مەرجێکدا هەول دەدات کە راستی‌یەکان لەبەرچاوی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتی جیهان بشاریتەوە، کە 15 سالّ بەسەر تەمەنی رەشی‌دا تێپەڕ دەبی و لەم ماوەیەدا زۆر بە چاکی جیهان دەرکەوتوە کە لە ئێرانی ئیسلامی‌دا بە چ شیوەیەکی غەیرە ئینسانی مافەکانی مرۆڤ پی شیل دەکری خەڵک و خاوخیزانی زیندانی‌یەکان لە بیریان نەچوەتەوە کە بۆ دوزینەوەی شوین پێی رولەکانیان چون دەرگای ئەم زیندان و ئەو زیندانیان کۆتاوە.

ل5

کۆمۆن نموونەی حکوومەتی کرێکاری‌یە

رۆژی 27ی رەشەمە سالّرۆژی دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی شوورایی کرێکارانە لە پاریس 124 سالّ لەمەو پێش کرێکارانی پاریس بناغەی یەکەم حکوومەتی کرێکاری جێهانی‌یان دارشت مرۆڤایەتی بۆ یەکەم جار کۆمەڵیکی نوی، کۆمەڵیک سەربەست و بەرابەری لە ژیر ئالای دەوڵەتی کرێکاری کۆمۆن بە تاقیکردەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی 120 سالّی رابوردوو و 74 سالّیش پاش دووەم تاقیکاری حکوومەتی کرێکاری لە رووسیا هەر وا مەیدانی شەری ئاشکرا و نهێنی چینایەتیە و داپلوسان و وەحشیگەری سەرمایەدارەکان دژی کرێکاران هەروا بەردەوامە بناغەکان هەموو نموونەکانی حکوومەتی سەرمایەداری سەرەرای هەندیک جیاوازی روالەتی هەر لە جۆرەکانی رۆژهەلاتی و رۆژاوایی بازاری ئازاد و ئابووری دەوڵەتی بگرە هەتا ئیسلامی و بە ناو دیموکراتیک و تاقە حیزبی و چەند حیزبی لەسەر بنەرەتی چەوساندنەوەی کار و شێوەی کاری کری گرتەیی دامەزراوە ئەمرۆگە هیچ دەوڵەتیک شک نابەین کە رایگەیاندبی:

ل5

کە ناوی نراوە دەورەی گوزار ئەم دەورەیە، بریتییە لە دەورەیەکی بە ناو تاقیکردنەوە کە 5 ساڵ دەخایەنی و تێیدا حکوومەتی خودگەردانی فەلەستینی، لە کەنارەی ڕۆژاوا و باریکەی غەززە دادەمەزرێ لەو دەورە5 ساڵەیەدا کە لە ڕۆژی 12ی دیسامبرەوە دەست پێدەکا، سەرەتا قەرار وایە هێزە ئیسرایلییەکان لە باریکەی غەززە و ئەریحا بکێشنەوە و، هێزی پولیسی فەلەستینی کە پاسپورتی ئوردونی، یان بەڵگەنامەی میسرییان پێیە و لە ئوردون تەعلیم دراون، جێگای هێزەکانی ئیسرایێل بگرنەوە دوای ئەوە بەڕێوەبردنی کاروبار لە ناوچەی داگیرکراو، بە شێوەی کاتی، بسپێردرێ بەدەستەیەکی فەلەستینی کە لە لایەن ڕاف هوە دیاری دەکرێ ئەم ڕەوتە، یانی چوونەدەری هێزە ئیسرایلییەکان و ئەسپاردنی کاروبار بە فەلەستینییەکان دەبێ هەتا 13ی ئاوریلی ساڵی 1994 تەواو بێ.

کاری ئەم لیژنە فەلەستینی یە هەتا کاتی هەڵبژاردنی شووڕای خودگەردانی فەلەستین، کە قەرارە 13ی ژوئیە بەڕێوە بچێ، دەرێژەی دەبێ هەڵبژاردنە کە بە چاوەدێری بین المللی بەڕێوە دەچێ کە پاشکوی یەکەمی ریککەوتننامەکە تەرخان کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی ئەو هەڵبژاردنە کاتێک شووڕای فەلەستین دەست بە کاربوو، حکوومەتی نیزامی ئیسراییل لە ناوچە داگیرکراوەکان و هەروەها لیژنەی کاتی فەلەستینی کۆتاییان پێ دێ ئەم شووڕایە دەسەلاتی قانوون دانانی دەبێ لە زەمینەی حقووقی و ڕیفاهی و فەرهەنگی و ئاوەدانکردنەوە و بیهداشت و خویندنداِ یانی ئەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە مەسەلەکانی دەرەوە، مەسەلەی نیزامییەوە نەبێ.

پاش تێپەڕبوونی 2 ساڵ، لایەنەکان بۆ دیاریکردنی شکلیکی پایەدارتر و دریژخایەنتر وت وێژ دەکەن کە لە ڕیک کەوتنەکەدا، لەوانە باسی هەندیک مەسەلەی وەک وەزعییەتی ئورشەلیم، ئاوارەکان، شاروچکە جوولەکەنشینەکان، ڕیک کەوتنی ئەمنییەتی، مەسەلەی سنووری پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکان، ئیشارەی پێکراوە ڕیک کەوتن لەسەر ئەم مەسەلانە و شکلی پایەدارتری حکوومەتی فەلەستینی دەبێ پێش کۆتایی پی هاتنی دەورەی 5 ساڵە، یانی ساڵی 1999، حاسل بێ.

هەروەک وتمان پاشکوی یەکەمی ڕیک کەوتننامەکە تەرخان کراوە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن کە تایبەتە بە بەشداری فەلەستینییەکانی دانیشتووی ئورشەلیم ی ڕۆژهەلات لە هەڵبژاردندا و ڕەچاوکردنی مافی ئاوارەکانی ساڵی 1967 پاشکوی دووهەم، تەرخان کراوە بۆ دیاریکردنی قوناغەکانی پاشەکشە و شوێنەکانی جێگیربوونی هێزەکانی ئیسراییل پاشکوی سێهەم، بەشی زۆری باسی پەیوەندی بازرگانی و پرۆژە ئابووریەکانی نێوان فەلەستین و ئیسراییل دەکاو پاشکۆی چوارەم، بریتییە لە باسی هاوکاری ئابووری ناوچەیی و لەوانە بەشداری میسر و ئوردون تێیدا و هەروەها ڕاکێشانی پشتیوانی ولاتانی سەنعەتی (ناسراو بە دەستەی 7) لەو پرۆژەیە.

بەم جۆرە ئەم ڕیک کەوتننامەیە بە مانای داشکاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین و هێنانەخوارێ هەتا ئاستی خودگەردانییەکی بەرتەسک کە ئەویش قەرارە بەرەبەرە و لە دەورەیەکی تاقیکاریدا بەڕیوە بچی ئەمە حاسل و دەسکەوتی سازانی ڕاف لەگەڵ حکوومەتی ئیسراییلەو، بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە ئیسراییل گەلیک ئیمتیازی لە لایەنەکەی بەرانبەری، یانی ڕاف ئەستاندوە و خودی دەقی ڕیک کەوتننامەکە ئەمە بە ڕوونی نیشان دەدا و پیوەیستی بە پەردە هەڵدانەوەیەک نێە ئەمەش ڕۆشنە کە ڕاف، لایەنیکە کە لە وەزعیکی نەگۆنجاو و نالەبارداِ بوو بۆ وت ووێژ کردن و، کۆمەڵیک هەل ومەرج ئەمەی بەسەردا سەپاندوە.

بەڵام ناکری بڵێین کە ئەم ڕیک کەوتننامەیە، مانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی بۆ خەڵکی ناوچە داگیرکراوە کانیش هەر ئەوەندەیە لێرەدا مەسەلەکە لایەنی جۆراوجۆری دیکەی هەیە.

لە پلەی یەکەمدا، لەم ڕەوتەدا، مەسەلەی فەلەستین و ئارەزووەکانی میللەتی فەلەستین بۆ ژیان و حەوانەوە لەسەر زەمینیک کە تێیدا چاویان بە دنیا هەلیناوە، ئێتر لەو حاڵەتەی جاران دێتەدەر کە پارسەنگیک بووە بۆ دیپلوماسی ولاتانی عەرەبی جگە لەوەش، بۆ خەڵکی فەلەستین، یانی لانی کەم بۆ نزیکەی یەک میلیۆن ئینسان، بە مانای رزگاربوونە لە ژیانیکی نائەمن و هەرەشەلیکراو و گەمارودراو لە لایەن هێزەکانی ئیسراییلەوە بۆ ئەو خەڵکە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ کۆتایی دەورەیەکی ژیانی دوزەخی لە ناوچە داگیرکراوەکان کە ئەرتەشی ئیسراییل هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ تال کردنی ژیان لەو خەڵکە خستبووە کار چەپلەریزانیک کە سەفەی تلویزیونەکان و لاپەرەی ڕۆژنامەکان لە شادی دەربڕینی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان نیشانی دەدەن، بە مانای رازی بوونی ئەو خەڵکە لە بەندبەندی ڕیک کەوتننامەکە نێە، بەڵکوو، پێش هەموو شتێك نیشاندەری تینویتی و تامەزرویی و هیوایانە بۆ ژیانیکی ئازاد و بەدەر لە سیبەری دەست و تفەنگی هێزی داگیرکەر جگە لەوەش دەتوانی بە مانای دەسپێکردنی ڕەوتیک بی کە تێیدا فەلەستینییەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی داهاتووی خۆیان و، هەروەها کۆتایی هێنان بە ئاوارەیی دەیان ساڵە، توانایی و ئیمکاناتی خۆیان بخەنەگەر.

هەموو ئەمانە دەتوانی سەرەتای دەورەیەکی تازە لە ژیانی میللەتی فەلەستین بی خەڵکیك کە، بەشی زۆریان، لاوانی کرێکارن کە هەم تامی داگیرکراویان چەشتوە و هەم باری قورسی سەرمایەی عەرەبییان لە دەورەی ئاوارەییدا لەسەرشانیان هەست پێکردوە و هەم لە دژوارترین هەل ومەرجی خەفەقان و سەرکوتگەڕیدا ئیعتیرازی خۆیانیان ریکخستوە و ئێستا خاوەنی گەلیك ئەزموونی خەباتی سنفی و سیاسین.

وشیاری و تیگەیشتنی ئەم خەڵکە و ئامادەبوونیان بۆ ریکخراوبوون، نابی بەشتێکی کەم دابنری کۆمەڵگای فەلەستین، لە باری سیاسییەوە، یەکێکە لە ریکخراوترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە، کە دیارە نابی ئەمە هەمووی لە کارنامەی ڕاف بنووسری لە هەمان کاتدا، ئەم ڕیک کەوتننامەیە دەتوانی بە مانای دەسپێکردنی دەورەیەك بی کە تێیدا هەموو ئەم توانایی و زەرفییەتانە بۆ وەدەست هێنانی مافە کرێکاریەکان و ئازادییە دیموکراتیکەکان، بخرینەگەر ئەمە دەورەیەکە، کە تێیدا میزان و ڕادەی وەفاداری و پابەندی ڕێکخراوە فەلەستنیەکان بە مافە دیموکراتیکەکانی خەڵکی فەلیستین لە محەك دەدری.

ڕیک کەوتنی فەلەستین و ئیسراییل بەم شێوەیە، بۆ هەموان شتێکی کوت و پر وڵە ناکاو بوو بەڵام، سەرەڕای ئەوەش، ئاشکرایە کە ئەم ڕیک کەوتنە نە شتێکی بە هەلکەوت بووە و نە دەسکەوت و حاسڵی شارەزایی دیپلوماتیکی ئەم و ئەوە دیارە هۆی بنەڕەتیتر و بە شێنەیی لە کاردابوون کە هەرتك لایەنەکانی بەرەو ئەم ڕیک کەوتنە پاڵ پێوەناوە ئێوە زەمینەکان و هوبەکانی پێك هاتنی ئەم ڕیک کەوتنە چۆن دەبینن؟

ئەگەر ئینسان، هەندیک سەری هەوڕای ئاڵ وگۆڕەکانی گرتبی و بە دوویدا چووبی، دەتوانی بە ڕۆشنی تی بگا کە ڕۆژنامەکان بە ئەنقەست ئەم ڕیک کەوتنە وەك ڕووداویکی کوت و پر نیشان دەدەن جاری، چەند مانگ هێنان و بردنی باسەکانی پارلمانی ئیسراییل بۆ هەلوەشاندنەوەی قەدەغەی پەیوەندی گرتنی دانیشتوانی ئیسراییل لەگەڵ ڕاف (کە ئەم قەدەغە بوونە لە ساڵی 1986 دا پەسندکراو مانگی ژانوویەی 92 هەلوەشیندرایەوە) خۆی نیشاندەری ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئیسراییل پەیوەندی گرتن لەگەڵ ڕاف بە پێویست دەزانی و پەیوەندییەکی وا هەیە.ئەوەیەك، دووهەم، ئەم ڕەوتەی ئێستا لە ڕاستیدا ساڵی 1988، دەستی پێکرد یانی هەر لەو کاتەوە کە ڕاف مەوجوودییەتی ئیسراییلی سەلماند و لەگەڵ ئامریکا وت وێژی دەست پێکرد شەری خەلیج ئەم ڕەوتەی وەستاند بەڵام ئەم ڕیك کەوتننامەیە خۆی، گۆیا نزیکەی 14 مانگ بە نهێنی چاوپێکەوتن و وت ووێژی لەسەر کراوە کە دەڵێن لە ڕابەرانی عەرەب تەنیا ڕەئیس جمهووری تونس لێی ئاگادار بووە ئەم چاوپێکەوتن و پەیوەندی گرتنانە دوای کۆنفرانسی مادرید دەستی پێکردبوو.

لە بابەت هۆی سەرەکی ئەم ڕیک کەوتنە، دەبی ئیشارە بە انتفازە بکەین انتفازە دەوریەکی تازەیە لە بزووتنەوەی فەلەستین دا دەورەی بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری یە لە ناوچە داگیرکراوەکان بزووتنەوەی فەلەستین هەتا کۆتایی حەفتاکانی میلادی، زیاتر بە بزووتنەوەیەکی چەکدارانە دەناسرا، کە لەو دەورەیەدا ڕیکخراوە چەکدارە نهێنییەکان و ڕێکخراوەکانی پێك هێنەری ڕاف پێك هاتن. پاش ئەوە، دەورەیەك لە ساڵی 1076بەم لاوە دەست پێدەکا کە خەباتی چەکداری وەك جاران تێیدا دەوری نێە و بە وتەیەکی تر کانگا و ناوەندی خەبات دەگویزرێتەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان و ڕێکخراوە محەللییەکان لە ناوچەی داگیرکراو پێك دین و ئەمە هاوکاتە لەگەڵ کێشە لەسەر بە دەستەوە گرتنی شارەداریەکان ئەمە دەورەیەکە کە تێیدا دانیشگاکان، ئەگەرچی هەندیکیان داخرابوون، مەرکەزی نارەزایەتی دەربڕین بوون.

بەڵام ساڵانی 80، ئال وگۆڕیکی بەرچاو لە پەیوەندی نێوان چینەکان و هەروەها نێوان نەسلەکاندا لە کۆمەڵگای فەلەستین پێك هات لەو ساڵانەدا توێژیکی لاوی تازە پێگەیشتووی بە گوروتینی کرێکار لە جەنگەی کێشە لەگەڵ سەرمایەی عەرەبی و فەلەستینی و ئیسراییلیدا چالاکانە هاتە نێو مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای فەلەستین دا بە تایبەت لە ناوچە داگیرکراوەکان ئەمەش لە هەل ومەرجێکدایە کە سەرکردەکان و شێوەکانی خەباتی نەسڵی پێشوو ئێتر سەرنجی ئەم نەسڵە تازەیەی ڕانەدەکێشا.

انتفازە کە ڕۆژی 9ی دیسامبری ساڵی 1987 بە هێرشی شوفیریکی تاکسی بۆ شەر ڕێزی ئەو کرێکارانە کە چاوەڕوان بوون بچنە سەرکار لە خاکی ئیسراییل، دەستی پێکرد، بزووتنەوەیەکی جەماوەری بوو کە ڕێکخراویکی تایبەت بریاری دەست پێکردنەکەی نەدابوو بەڵکوو بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی زەحمەتکێش بوو لە دژی وەزعییەتی تال و دژواری ژیان لە ناوچە داگیرکراوەکان لەو دەورەیەدا، ڕابەر و سەرکردەکانی دەورەی پێشوو بیدەنگن یان کەوتوونەتە حاشیەی ڕووداوەکان و، دانیشگاکان و هەروەها ڕوناکبیران دەوری سەرەکییان نێە ئەمە بزووتنەوەیەك بوو کە ڕابەرییەکەی ناسراو بە ناوی ڕێکخراوە میللییەکان تاپو نەکرابوو بەڵکوو ئەو حیزب و ڕێکخراوانە سەرەتا هەولیان دەدا خۆیان بخزێننە ناو مەیدانی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە و تێیدا دەوریك بگرنە ئەستو.

جگە لەوەش ئەو دیمەنە کە ڕادیو و تلویزیون و ڕۆژنامەکان لە انتفازەی نیشان دەدەن و وا دەنوینن ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەی هەندیك منالّ و مەزنی قوچەقانی هاویژ و خرکەبەرد بە دەستە، دیمەنیکی تەواو نێە و تەنیا گوشەیەك لە واقعییەتەکەیە. لەو ڕاپورتانەدا کەمیان هەیە باسی دەیان مانگرتن و خەباتی کرێکارانی فەلەستینی بکا چ لە ناوچە داگیرکراوەکان و چ لە نێو خاکی ئیسراییل. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەباتی کرێکاری و مانگرتنی کرێکاری لەو دەورەیەدا گەلیك بەرین بوو لە هەمان کاتدا، ئەوە اتحادیەکان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران بوون کە پەیتاپەیتا دەکەوتنە بەر هێرشی ئەرتەشی ئیسراییل گەلیك کرێکار لەو خەبات و بەرەنگاربوونەوەیەدا گیانیان لە دەست دا و ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە لایەن هێزەکانی ئیسراییلەوە گیران و زیندانی کران.

ئەم بزووتنەوەیە، هێزیك بوو کە ئەرتەشی ئیسراییلی فەلەج کرد. هەر ئەو ئەرتەشە کە توانیبووی لە ماوەی چەند ڕۆژدا کانالی سویز بگری، یان لە ماوەیەکی کورت دا بە داگیرکردنی بیروت توانیبووی بنکە و پایگای هێزەکانی ڕاف لەو ناوە هەلپیچی، هەر ئەم ئەرتەشە، سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتە خوێناوییە، بەرانبەر بەو بزووتنەوە جەماوەرییە بە چوکداهات ئەم ئەرتەشە، کە سەردەمیك وەك گورج و گولترین ئەرتەشی ڕۆژهەلاتی ناوەراست جێگای باسی ڕادیو و ڕۆژنامەکان و تلویزیونەکان بوو، ئێستا لە دەورەی انتفازەدا، هەموو شەوێ لەسەر سەفحەی تلویزیونەکان لەبەرچاوی خەڵکی جیهان وەك قاتلی منالان و ژنان و پیاوانی بی تاوان دەجوولایەوە و بەرەنگاری خەڵکیك دەبوو کە تەنیا داواکاری ژیانی ئازاد بوون دیمەنی وا کە بیروای گشتی جیهانیان هەژاند و ئەو گەورەکاربەدەستانە کە دەیانویست بە ناو شنەی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست هەڵکەن، ئێتر نەیاندەتوانی چاوی خۆیانی لێ بقووچینن و بیدەنگەی لێ بکەن لە هەل ومەرجێکی ئاوادایە کە هەلاتن لە سەربازی لە نێو لاوانی ئیسراییل دا پەرە دەگری و بەشێکی زۆر لەو لاوانە ئامادە نابن لە ڕێزی هێزە چەکدارەکاندا بچنە ناوچە داگیرکراوەکان.

ئەو هێز و تەوژمی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئیسراییل، ڕوو لە سیاسەتی "مشتی ئاسنین" وەرگیری بە پێی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئیسراییل، ئیسحاق رابین لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە "... ئێمە نیشانتان دەدەین کە کی ئاغا و سەروەری ناوچەکەیە". بەڵام هێزی انتفازە دەوڵەتی ئیسراییلی گەیاندە جێگایەك کە سیاسەتی ئاشتی ڕەچاو بکا و ئیسحاق رابێن لە وتارەکەیدا کاتی ئیمزاکردنی ڕیك کەوتننامەکە، قسەیەکی تەوراتی هێنایەوە و وتی:"لەم دنیایەدا هەرشتیك دەور و خولێکی هەیە و هەر بابەتیك لە سەردەمی خۆیدا دەگونجی،.... سەردەمیك بۆ شەر، سەردەمیك بۆ ئاشتی و، ئێستا سەردەمی ئاشتییە"!

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە لایەنی ئیسراییلییەوە هەیە، لە لایەکەوە بە کردە وە کۆنترولی ناوچە داگیرکراوەکان لە دەست ئیسراییل دەرچووبوو و ئێتر نەیدەتوانی دریژە بە داگیرکردنی ئەو ناوچانە بدا، لە لایەکی دیکەشەوە لەم سالانەی دوایی‌دا، مەیلیکی ئاشتیخوازانەی بەرین لە نێو خەڵکی ئیسراییل دا بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی خەکی فەلەستین، پێك هاتبوو چونکوو خەڵکی ئیسراییل باری قورسی خەرجی لەشکرکێشییەکان و ئەنجامە ئابووریەکانی ئەم شەریان لە هەمیشە زیاتر لەسەر شانی خۆیان هەست پێدەکرد. بۆ ئەوان سیاسەتی باڵی لێکوود جگە لە تووندوتیژ کردنەوەی ئەم فشارانە هیچ مانایەکی تری نەبوو لە فەزایەکی ئاوادا، نفووزی سیاسی هێزە ڕادیکالە ئاشتیخوازەکان زیاتر ببوو. حیزبی کارگەری ئیسراییل یش بۆئەوەی بە دەسەلات بگا سواری ئەم شەپولەی میەلی ئاشتیخوازانەی خەڵکی ئیسراییل بوو.

لە ئەنجامدا، داماوی ئاشکرای دەوڵەتی ئیسراییل بەرانبەر بە انتفازە و لە هەمان کاتدا تەوژمی شەپولی ئاشتیخوازی لە نێو خەڵکی ئیسراییل دا، ئەم دەوڵەتەی بەرەو ڕیك کەوتن لەگەڵ ڕاف پاڵ پێوەنا چونکە دەوڵەتی ئیسراییل پێشتر ڕیگا و شیوەی دیکەی تاقی کردبووەوە وەك: تیرورکردنی ڕابەرانی ڕاف، لاوازکردنی ڕاف لە ڕێگەی مەیدان دان بە هێزە ئیسلامییەکان، وە یا پەلپ و بیانوو گرتنی ئەوە کە وت ووێژ تەنیا لەگەڵ نوێنەرانی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان دەکا. هێچکام لەم ڕایگایانە بۆ دەولەتی ئیسراییل بە ئەنجامیك نەگەیشتبوون.

جگە لەوەش ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین بە تایبەت خودی یاسر عەرەفات دوای شەڕی خەلیج، بە هۆی پشتیوانی کردن لە عێراق، لە لایەن هەندیک لە دەوڵەتانی عەرەبی و بە تایبەت کویت و عەرەبستانی سعوودیەوە پشتیان تیکرابوو. لەم بابەتەوە ڕاف کەوتبووە تەنگانەیەکی ئابووری و سیاسی و لە هەموو جێگایەک باسی ئەوە دەکرا کە ئەو ڕێکخراوە لە تەنگانەی مالی دایە. بۆیە ڕاف یش لە هەوڵدابوو کە هەرچی زووتر لەگەڵ ئیسراییل ڕیک کەوی.

ئەو دەوڵەتانەش کە دەستی کویخایەتیان لە ناوچەکەدا هەبوو، بەتایبەت ئامریکا، لیی مەعلووم بوو کە "چارە"ی مەسەلەی فەلەستین سەرەنجام هەر لەوەدایە ڕاف و ئیسراییل ڕیک کەون کۆمەڵەی ئوروپا لەسەر پێک هاتنی کۆنفرانسی بین المللی بۆ قایم کردنی جێگا پێی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، پێی دادەگرت. لە حاڵیکدا ئەمریکا وت وێژی دوولایەنەی زیاتر بە قازانجی خۆی دەزانی و سەرەنجام ئەم سیاسەتەی ئامریکا کۆنفرانسی مادریدی لەباربرد. ئەم ڕەوتانەش، وەک هویەک یان وەک فشاریکی دەرەوە، لە پال ئەو هۆیانەی کە پیشتر ئیشارەمان پیکردن، دەوڵەتی ئیسراییل و ڕاف یان بەرەو ڕیک کەوتنامەی ئوسلو برد.

دەزگا خەبەرییەکان زۆربەیان، ڕیک کەوتنامەکە بە شتێکی زۆر گرینگ و بە نیشانەی دەوریکی تازەی پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسراییل دادەنین باسی ئەوە دەکەن کە دەستەبەندی لە میژینەی نێوان دەوڵەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست گوراوە و ئاسوی تازە بەرەو ڕووی سەرمایەی ئیسراییلی کراوەتەوە. بە بڕوای ئێوە ئەنجام و بەرهەمە ئابووریەکانی ئەم ڕیک کەوتنامەیە کامانەن؟

سەربارەت بە دەستەبەندی و ڕێزبەستنی تازە لە ناوچەکە، بە شێوەیەکی زۆر گشتی دەتوانین بڵێین کە کۆتایی شەڕی سارد و کەم بوونەوەی دەوری شوورەوی وەک گەورە هێزیک لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، دەستەبەندییەکەی جارانی بنکۆل کرد ئیتر ئیمکانی ئەوە نەمابوو کە کێشەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە سیبەری ڕەقابەت و نێوان ناخوشیی ئامریکا و شوورەوی‌دا جێگای خۆی بکاتەوە.

کۆتایی شەڕی سارد، دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ڕاف ی بەرەو ئەوە هان دا کە هەوڵ بدەن لەو هەل ومەرجە تازەیەدا جێگا و شوینیکی لە بار و گۆنجاو بۆ خۆیان بدوزنەوە. لەم وەزعەدا، هەموویان بۆ پێک هێنانی پەیوەندی دوستانە لەگەڵ ئامریکا و تواندنەوەی سەهولەکانی دەوروبەریان، دەست و پێی خۆیانیان دەشکاند. چاوپێکەوتن و وت ووێژی ئامریکا و ڕاف لە تونس، لە مانگی دیسامبری ساڵی 1988 دا حاسڵی دەورەیەکی وایە.

لە هەمان کاتدا، ئامریکا پیویستی بە بنکە و جی پی‌یەک هەیە بۆ پاراستنی جێگا و شوین و دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکە لە حاست ئوروپا و تا ڕادەیەک ژاپون شەڕی خەلیج یش مەیدانیک بوو بوئەوەی ئامریکا هێزی خۆی تێدا نیشان بدا و لە هەمان کاتدا دەرفەتیک بوو بۆ شکل گرتنی بلوک بەندی تازە لە ناوچەکە، ئیسراییل ئێتر ئەو پالپشتە قایمەی جارانی لەلای ڕۆژاوا و بەتایبەت لەلای ئامریکا نەمابوو. ئەوە کە ئامریکا، دانی یارمەتی‌یەکی 10 میلیارد دولاری بە ئیسراییلی بە شەرت و مەرجەوە بەستەوە، خۆی نیشاندەری ئەم مەسەلەیە لەلایەکی تەوە بە تیپەربوونی دەورەی سەروەری ناسیونالیزمی عەرەب، ئێتر دەوڵەتانی عەرەب هەموویان لە جەبهەیەکی یەکگرتوودا نەبوون لە ڕاستیدا ڕەوتی تازەی پەیوەندی نێوان ولاتانی ناوچەکە، نەک تەنیا پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسراییل، پاش کۆتایی شەڕی سارد و بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی خەلیج دا شکلی گرت و ڕیک کەوتنی ئیسراییل و ڕاف لە جەرگەی هەل ومەرجێکی ئاوادا ئیمکانی پەیدا کرد.

لایەنە ئابووری‌یەکانی ئەم ڕیک کەوتنامەیە بۆ هەرتک لایەنەکە، گرینگی‌یەکی حەیاتی هەیە. یەکەم، هەروەک پێشتر ئیشارەم پیکرد، بەشێکی بەرچاو لە دەقی ڕیک کەوتنامەکە، یانی پاشکوی 3و4 تەرخان کراون بۆ مەسەلە ئابووری‌یەکان کە بریتی‌یە لە هەندیک تەرح و گەلالەی وەک دامەزراندنی بانکی گەشەپیدان و ئاوەدانکردنەوەی فەلەستین، پێک هێنانی ناوچەی ئازادی بازرگانی، هەلینجانی سەرچاوەکانی نەوت و گازی غەززە و دامەزراندنی دام ودەزگای بەندەری. دووهەم، هەندیک بەشی پێشەسازی و سەنعەتی ئیسراییل بە تەواوی لە هێزی کاری هەرزانی ناوچە داگیرکراوەکان کەڵکی وەرگرتوە و ئێستاش هەروایە. ئەم ڕیک کەوتنە دەستی ئیسراییل دەکاتەوە بۆئەوەی هەروا بە بەردەوامی لەو هێزی کارە هەرزانە بەهرەمەند بی. سێیەم، تەحریمی کالاکان و سەرمایە و کۆمپانی‌یە ئیسراییلی‌یەکان لە لایەن ولاتانی عەرەبی‌یەوە، سەرمایەداری‌ی ئیسراییلی تووشی تەنگانەیەکی جیددی ئابووری کردبوو پاش ئەم ڕیک کەوتنە، زۆربەی ولاتانی عەرەبی، لەوانە ولاتانی ئەندامی "شورای هاوکاری خەلیج"، خەریکی لێکولینەوەی ئەوەن کە تەحریمی بازرگانی لەسەر ئیسراییل هەڵگرن نابی ئەوە لەبیر ببریتەوە کە بەرتەسک بوونەوەی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئیسراییل، تەنیا لەلایەن بازارە عەرەبی‌یەکانەوە نەبووە، بەڵکوو لە ساڵی 1975بەم لاوە، پەیوەندی بازرگانی و کالاگورینەوە لەنێوان ئوروپا و ئیسراییل دا کەم ببووەوە، کە ئێستا باسی پەرەپیدانی ئەم پەیوەندی ئابووری‌یە دەکری. بەم جۆرە، سەرمایە و کالا و شت ومەکی ئیسراییلی ڕێگای خۆی بۆ ناو بازاریکی گەورەتر کردوەتەوە.

کەوایە لەخووە نێیە کە دەسبەجی نرخی بورسی بازارەکانی ئیسراییل دەچێتە سەر و سەرمایەدارانی ئیسراییلی خۆیان لەوە خۆش کردوە کە کالاکانیان بەرنە ناو بازاریک کە 200 میلیون کریاری تێدایە و لەوانەیە بتوانن تایوانیکی دیکە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەرپا بکەن.

بانکی جیهانی سەرمایەگوزاری نزیک بە 3میلیارد دولاری تەنیا بۆ ژێربینای ئابووری‌ی ناوچە داگیرکراوەکان لە دەورەیەکی 10ساڵەدا، بەراورد کردوە و ئەو یارمەتی‌یەی کە لەلایەن ژاپون و ئامریکا و کۆمەڵەی ئوروپاوە دەسبەجی پاش ئیمزاکردنی ڕیک کەوتنامەکە بۆ سەرمایەگوزاری لە پرۆژە ئابووریەکاندا تەرخان کراوە، بە باشی ڕادەی گرینگی‌ی لایەنی ئابووری‌ی مەسەلەکە نیشان دەدا.

لە بابەت گەلالە ئابووریەکانەوە دەبی ئەوە لەبەرچاو بگیری کە ئێستا وەزعی بەرێچوون و گوزەرانی فەلەستینی‌یەکانی ناوچە داگیرکراوەکان زۆر سەخت و دژوارە، ئیمکاناتی خویندن و لەش ساغی و ڕیفاهی یەکجار کەمە و باریکەی غەززە یەکێکە لە هەژارترین بەشەکانی ناوچەی داگیرکراو ئەگەر لە ماوەیەکی کورت دا ئال وگۆڕیکی بەرچاو لەم وەزعەدا پێک نەیە، تەنیا مەسەلەی خودگەردانی، ناوچە داگیرکراوەکان هیمن ناکاتەوە. هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی مافە سیاسی‌یەکان و دابینکردنی ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی و داواکردنی ئەمانە_ ئەمجار لە دەولەتیکی" خۆیی"_ ناوەڕوکی خەباتی دەورەی داهاتووی ئەم ناوچانە دەبی.

هەروەک دیترا، هەر لەسەرەتاوە لە ناو هەندیک لایەنی فەلەستینی‌یەکان خویاندا، بە تایبەت لە لایەن ڕەوتە ئیسلامی‌یەکانەوە، نارەزایەتی لە دژی ئەم ریک کەوتنامەیە نیشان درا، ئەنجام و ڕەنگدانەوەی ئەم ریک کەوتنە لە نێو تاقم و لایەنە فەلەستینی‌یەکاندا چوون دەبی؟

تا ئێستا لە دوو ئاستی جۆراوجۆردا لایەنە فەلەستینی‌یەکان لەسەر ئەم بەیاننامەیە هەلویستیان گرتوە: یەکەم، هەندیک ڕەخنەیە کە لە ناوخۆی ڕاف دا، هەم لە ڕێکخراوی الفتح دا لەلایەن هاوکارانی نزیکی یاسر عرفات، وەک فاروق قدومی و هەم لە لایەن جەبهەی خەلق و جەبهەی دیموکراتیکەوە بەیان کراوە بە نەزەر ناگا ئەمانە لە پروسەی دوور و درێژ و نهێنی‌ی وت ووێژەکان ئاگادار نەبووبن. ئەم ڕەخنانە، زیاتر لەسەر ڕادە و چونیەتی ئەو ئیمتیازاتەیە کە بە ئیسراییل دەدری بەشێک لەم ڕەخنانە ڕووی لە یاسر عرفات خۆیەتی و نارەزایەتی‌یە لە دەور و نەقشی یاسر عرفات لەم ڕووداوەدا.

لە هەرحاڵدا، بە لەبەرچاوگرتنی پیشینەی دوور و درێژی ئەم جۆرە ناکوکی‌یانە لە ناوخۆی ڕاف دا و سیبەریک کە دوڵەتە عەرەبی‌یەکان دەیخەنە سەر ناکوکی‌یە ناوخۆیی‌یەکانی ڕاف، وا دیارە بە تێپەربوونی زەمان ئەم ناکوکی‌یانە وردە وردە دادەمرکینەوە بە تایبەت ئەگەر قوناغە سەرەتایی‌یەکانی بەرێوەچوونی ڕیک کەوتنامەکە تا ڕادەیەک بەرەوپێش بچی و باقی ولاتانی عەرەبیش بە جۆرێک لەگەڵ ئیسراییل ڕیک بکەون، ناکوکی‌یەکانی ناوخۆی ڕاف یش کەمتر دەبنەوە.

بابەتێکی نارەزایەتی‌یەکان ئەوەیە کە ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان دەری دەبڕن لەم بابەتەوە زیاتر ڕێکخراوی حماس جێگای باسە لە بابەت حماس وەک ڕێکخراوێک دەبی ئەوەش بڵێین کە تا ئێستا پارسەنگیک بووە لە هاوسەنگی نێوان ڕاف و موخالفینی‌دا لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە حکوومەتی ئیسراییل بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ ڕاف و ڕێکخراوە ڕادیکالەکان لە ناوچە داگیرکراوەکان، بە کردەوە دەستی حماسی ئاوالە هیشتبووەوە. (ئەمە کارێک بوو کە بە جۆرێکی تر انور سادات دەرهەق بە ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان لە میسر کردی). تەنانەت باسی ئەوە دەکری کە ڕێکخراوی حماس لیرەو لەوی لەگەڵ ئیسراییل پەیوەندی ڕاستەوخۆی بووە. جگە لەمەش هاوینی ئەمساڵ ئامریکا بۆ لاوازکردن و لە تەنگانەخستنی ڕاف، لە ئوردون لەگەڵ حماس پەیوەندی گرتبوو. ڕاف خۆشی، دوای کۆنفرانیسی مادرید بە ئەنقەست میزانی نفووز و خەتەری گەشەکردنی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان و لەوانە حماس لە ناوچە داگیرکراوەکانی گەورە دەکردەوە.

بە گشتی، سەبارەت بە نفووزی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان دەبی خاڵیکی بنەڕەتی لەبەرچاو بگیری و ئەوێش ئەوەیە کە لە ولاتانی ناسراو بە جێهانی سێیەم بە هۆی ئەوەی دەورەی "خیروبیری" پەرەگرتنی سەرمایەداری لەو ولاتانە بەسەرچووە و هەروەها بە هۆی شەپولی بەرینی بێکاری لە نێو لاواندا و پەرەگرتنی ناکامی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەو ولاتانە، کارسازبوونی بەرنامەکانی پەرەگرتنی سەرمایەداری و لەگەڵ ئەوەش شەرعییەت و ڕەوابوونی ڕژیمە سیاسی‌یەکانی ئەو ولاتانەش چووەتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمە خۆی نارەزایەتی لە نێو تویژیکی بەرێنی کۆمەڵدا پەرە پی دەدا. لە ولاتانی موسولمان نشین ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان هەوڵدەدەن بەرگی ئیسلامی بکەنە بەر ئەو نارەزایەتی‌یە و، هەروەها ئیعتیراز لە دژی سەرمایەداری و نارەزایەتی لە دەستەوە ستانی و هیچ لێ نەهاتوویی هێزە سیاسی‌یە سوننەتی‌یەکان، بخەنە سەر ڕەوتێکی کۆنەپەرستانە دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانیش ئەمە بە حیسابی نفووزی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان دادەنین.

لە ناوچە داگیرکراوەکانیش هێزە ئیسلامی‌یەکان هەوڵدەدەن نارەزایەتی‌یەکانی خەڵک بکەنە وەسیلەیەک بۆ پەرەپیدانی شەر و دنەدانی ڕقەبەریی مەزهەبی و، بێکەنە وەسیلەیەک بۆ لەباربردنی مەیلی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی جگە لەوەش، لەبەرئەوەی لەو ناوچانە ئیمکاناتی دەرمانی و پەروەردە و خویندن وەزعیکی زۆر نا لەباری هەیە و ژمارەی بێکاران بەتایبەت پاش تووندتربوونەوەی سیاسەتەکانی ئیسراییل، یەکجار زۆر بووە، ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان بە پشتگیری مالی‌ی سعوودی و کیت و تارادەیەک ئێران، ئەم وەزعە نالەبارەیان قوستەوە و دەستیان دایە دامەزراندنی هەندێک دەرمانگا و مەدرەسە و سندووقی یارمەتی مالی، هەتا جێگا پێی سیاسی خۆیان قایم بکەن.

بەم جۆرە دەمەوی تەئکید لەسەر ئەو خاڵە بکەم کە ئێستا ناکری هەرجۆرە نارەزایەتی‌کی خورسکی جەماوەری بە حیسابی ڕێکخراوی حماس بنووسری ئەمە واقیعی نێە زۆربەی ئەو ئیعتیراز و نارەزایەتی‌یە کە لەم بەینەدا لە ناوچە داگیرکراوەکان ڕووی داوە، پێش هەموو شتێک درێژەی بەرهەلستی و موقاومەتی خەڵکە بەرانبەر بە سەربازانی ئیسراییلی ئەمە وەلامی بانگەوازی حماس و شتی تری لەم نەوعە نێە.

لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعە ئیمکانی ئەوە دەدا کە جێگا و شوین و میزانی توانایی‌یەکانی حماس و ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان بۆ نارەزایەتی هەلخراندن لە دژی ئەو ریک کەتننامەیە، بە دروستی بدرێتە بەر لێکولینەوە ئەوەی مەعلوومە، بە ڕواڵەت وادیارە ئەمانە لەگەڵ نەفسی ڕێک کەوتن لەگەڵ ئیسراییل موخالیفن لیرەش، وەک هەموو جێگاکانی تر، هەتا کاتێک بەشێکیان پی دەدری، ئەم شەرە قسەیە درێژە پی دەدەن ئێستاش هەموو هەوڵ و تەقالای خۆیان خستوەتە سەرئەوە کە بەرێوەچوونی ئەم ڕێکەوتنامەیە بخەنە داوە و چەتی تی بخەن و ئەمەش بە کردەوە بووتە بیانوویەک بۆ ئیسراییل کە هێزەکانی لەو ناوچەیە ڕابگری ئەگەر هێزەکانی ئیسراییل بکشێنەوە و هێزەکانی پولیسی فەلەستینی لەو شوینانە دامەزرین، ئێتر حماسیش هەلویست و ڕەفتاری دەگوڕی چونکە هەوڵدەدەن بچنە ناو شورای خودگەردانی و، دیارە بە شەڕی چەکدارانە ناتوانن ئەم کارە بکەن بۆیە زۆر ڕێی‌تی دەچی کە بەرێوەچوونی ریک کەوتنامەکە بەرهەمە ئابووری‌یەکانی ئەم ڕیک کەوتنامەیە کامانەن؟

سەربارەت بە دەستەبەندی و ڕێزبەستنی تازە لە ناوچەکە، بە شێوەیەکی زۆر گشتی دەتوانین بڵێین کە کۆتایی شەڕی سارد و کەم بوونەوەی دەوری شوورەوی وەک گەورە هێزیک لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، دەستەبەندییەکەی جارانی بنکۆل کرد ئیتر ئیمکانی ئەوە نەمابوو کە کێشەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە سیبەری ڕەقابەت و نێوان ناخوشیی ئامریکا و شوورەوی‌دا جێگای خۆی بکاتەوە.

کۆتایی شەڕی سارد، دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ڕاف ی بەرەو ئەوە هان دا کە هەوڵ بدەن لەو هەل ومەرجە تازەیەدا جێگا و شوینیکی لە بار و گۆنجاو بۆ خۆیان بدوزنەوە. لەم وەزعەدا، هەموویان بۆ پێک هێنانی پەیوەندی دوستانە لەگەڵ ئامریکا و تواندنەوەی سەهولەکانی دەوروبەریان، دەست و پێی خۆیانیان دەشکاند. چاوپێکەوتن و وت ووێژی ئامریکا و ڕاف لە تونس، لە مانگی دیسامبری ساڵی 1988 دا حاسڵی دەورەیەکی وایە.

لە هەمان کاتدا، ئامریکا پیویستی بە بنکە و جی پی‌یەک هەیە بۆ پاراستنی جێگا و شوین و دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکە لە حاست ئوروپا و تا ڕادەیەک ژاپون شەڕی خەلیج یش مەیدانیک بوو بوئەوەی ئامریکا هێزی خۆی تێدا نیشان بدا و لە هەمان کاتدا دەرفەتیک بوو بۆ شکل گرتنی بلوک بەندی تازە لە ناوچەکە، ئیسراییل ئێتر ئەو پالپشتە قایمەی جارانی لەلای ڕۆژاوا و بەتایبەت لەلای ئامریکا نەمابوو. ئەوە کە ئامریکا، دانی یارمەتی‌یەکی 10 میلیارد دولاری بە ئیسراییلی بە شەرت و مەرجەوە بەستەوە، خۆی نیشاندەری ئەم مەسەلەیە لەلایەکی تەوە بە تیپەربوونی دەورەی سەروەری ناسیونالیزمی عەرەب، ئێتر دەوڵەتانی عەرەب هەموویان لە جەبهەیەکی یەکگرتوودا نەبوون لە ڕاستیدا ڕەوتی تازەی پەیوەندی نێوان ولاتانی ناوچەکە، نەک تەنیا پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسراییل، پاش کۆتایی شەڕی سارد و بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی خەلیج دا شکلی گرت و ڕیک کەوتنی ئیسراییل و ڕاف لە جەرگەی هەل ومەرجێکی ئاوادا ئیمکانی پەیدا کرد.

لایەنە ئابووری‌یەکانی ئەم ڕیک کەوتنامەیە بۆ هەرتک لایەنەکە، گرینگی‌یەکی حەیاتی هەیە. یەکەم، هەروەک پێشتر ئیشارەم پیکرد، بەشێکی بەرچاو لە دەقی ڕیک کەوتنامەکە، یانی پاشکوی 3و4 تەرخان کراون بۆ مەسەلە ئابووری‌یەکان کە بریتی‌یە لە هەندیک تەرح و گەلالەی وەک دامەزراندنی بانکی گەشەپیدان و ئاوەدانکردنەوەی فەلەستین، پێک هێنانی ناوچەی ئازادی بازرگانی، هەلینجانی سەرچاوەکانی نەوت و گازی غەززە و دامەزراندنی دام ودەزگای بەندەری. دووهەم، هەندیک بەشی پێشەسازی و سەنعەتی ئیسراییل بە تەواوی لە هێزی کاری هەرزانی ناوچە داگیرکراوەکان کەڵکی وەرگرتوە و ئێستاش هەروایە. ئەم ڕیک کەوتنە دەستی ئیسراییل دەکاتەوە بۆئەوەی هەروا بە بەردەوامی لەو هێزی کارە هەرزانە بەهرەمەند بی. سێیەم، تەحریمی کالاکان و سەرمایە و کۆمپانی‌یە ئیسراییلی‌یەکان لە لایەن ولاتانی عەرەبی‌یەوە، سەرمایەداری‌ی ئیسراییلی تووشی تەنگانەیەکی جیددی ئابووری کردبوو پاش ئەم ڕیک کەوتنە، زۆربەی ولاتانی عەرەبی، لەوانە ولاتانی ئەندامی "شورای هاوکاری خەلیج"، خەریکی لێکولینەوەی ئەوەن کە تەحریمی بازرگانی لەسەر ئیسراییل هەڵگرن نابی ئەوە لەبیر ببریتەوە کە

لە هەلویستەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی چەپ دا ئەو هەلویستەش بەرچاو دەکەوی کە پێی وایە ڕیک کەوتنی ڕاف و ئیسراییل بە مانای فرۆشرانی ئامانجی فەلەستینی‌یەکانە لەلایەن ڕاف و عەرەفاتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕاف بە بەدەستەوە گرتنی دەوڵەتیکی لاواز و گوی لە مستی ئیسراییل بە کردەوە دەبێتە سەرکوتگەری انتفازە، ئەم بۆچوونە بڕوای وایە کە ئەو ڕیک کەوتنە ڕێگا بۆ ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان دەکاتەوە و بە گشتی هیچ ئەنجام و دەسکەوتیکی بە قازانجی خەباتی چینایەتی کرێکاران تێدا نێە ئێوە لەم بابەتەوە چون بیر دەکەنەوە؟

ئەو هەلویستەی ئێوە باسی دەکەن لەراستیدا زۆر لە ڕەخنەکانی ناوخۆی ڕاف دەچی تا ئەو جێگایەی قسە لە ڕەخنەگرتن لەوەیە کە ئەو ئیمتیازاتەی بە فەلەستینی‌یەکان دراوە کەمە، ئەوە مەسەلەیەکی ئاشکرایە کە هیچ شێوەیەک ناتوانی بیشاریتەوە ئەگەر ئێوە لەگەڵ عرفات خۆشی قسە بکەن لەوانەیە ئیشارە بە گەلیک کەم وکورتی و نارەسایی ریک کەوتنامەکە بکا و لە هەمان کاتدا ئەوەش بلی کە ئەمە سەرەتای کارە جا لەوانەیە زۆر کەسە هەبن ئەم بەشەی دووهەمی قسەکەی لێ وەرنەگرن.

ئەوە تەبیعی‌یە کە ئێمە لایەنگرای لە چارەسەری دیموکراتیکی مەسەلەی میللی بکەین و خوازیاری ئەوەبێن کە بە دیموکراتیک ترین شێوەی گونجاو و بە زیاترین بەشداری جەماوەری خەڵک چارەسەر بکری بەڵام قسە ئەوەیە کە مەسەلەی فەلەستین بە پێچەوانەی مەیل و هەلویستی ئێمە، لە ڕێگایە کی ترەوە، لەوانەیە بە جۆرێک چارەسەر بکری هەلویستی ئێمە چون دەبی؟

ئێمە لەسەر ئەو بروایەین کە بزووتنەوەی سوسیالیستی کرێکاران، لە خایاندنی مەسەلەی میللی و باوەشین کردنی هەستی میللی و بزواندنی دەماری میللی هێز وەرناگری و بە ئەزموون و تەجرەبەش ئەم ڕاستیەیە ئیسبات بووە لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕۆشنە کە مافە دیاریکردنی چارەنووس و، ڕێگای خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئەم مافانە و پایەداری و پی داگرتن لەسەریشیان ئەوەنێە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس پەروبالی پی بدری لەوەش واوەتر، خەباتی بەردەوام بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی کرێکاران و هەوڵدان بۆ باشکردنی وەزعی ژیانیان نە لەوەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس گری دراوە و نە بەو ڕێگایەدا دەروا لەو ڕوانگەیەوە، پیداگرتن لەسەر بەهرەمەندی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان لە سەرەتایی‌ترین مافە دیموکراتیکەکان و لانی کەمی تەئمینی کۆمەلایەتی، گرینگی و بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکا.

لە ڕاستیدا تێپەڕکردنی ئەم دەورەیەی کێشەی میللی، تازە ڕەوتیکی ئاسایی دەدا بە پەیوەندی سیاسییەکانی چینەکانی کۆمەڵی فەلەستین، کە ئەمە خۆی زیاتر لە هەموو شتێك بۆ کۆمەڵی کرێکار و زەحمەتکێش دەرفەت و ئیمکانی بەشداری و هەڵسووڕانی سەربەخۆی سیاسی فەراهەم دەکا کەوایە ئەوە زۆر گرینگە کە لە هەر ئەندازە کەم بوونەوەی ناکۆکی میللی و بەرتەسك بوونەوەی مەیدانی ئەم نێوان ناخۆشییە، کەڵك وەربگیری بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی زەحمەتکێش بچێتە سەر بنەڕەتی‌ترین ناپەرابەری و هەڵاوردنی ئابووری و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای فەلەستین دا کەوایە مەسەلەی من لە پلەی یەکەم دا ئەویە کە چۆن دەکری لەم جێگا و شوێنە سیاسییە کەڵك وەربگیری بۆ بنیات نانی ڕێکخراوە کرێکاری و دیموکراتیکەکان و، هەربۆیە پیم وایە بە هەر ئەندازەیەك دەست بدا و ئیمکانی هەبی دەبی ئەمە بکری ئەم بوچوونە دەتوانی یارمەتیەکی جیددی بدا بە بەهێز بوونی ڕێزی ڕادیکال و سوسیالیستی نەك دەرخستنی کەم و کووڕییەکانی دیپلوماسییەك کە ڕاف و یاسر عرفات بەرە و پیشیان بردوە و بەرەوپێشی دەبەن.

جگە لەوەش، ئەو شێوە بوچوونەی کە ئێوە ئیشارەی پیدەکەن، لە ڕاستیدا پێی وایە ڕەوتیك یان ڕێکخراویکی سیاسی دیاریکراو کاتێك لە ئوپوزیسیون دابی لە باری چینایەتی و سیاسییەوە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەر ئەو ڕێکخراوەیە کاتێك لە حکوومەت دابی هەربۆیە پییان وایە ئەم ڕێکخراوانە و لەوانە ڕاف کاتێك لە ئوپوزیسیوندان دەکری پشتیوانیان لێ بکەی بەڵام هەرکە لە دەسەلاتی سیاسی نزیك بوونەوە، پییان دەوتری خائین و سازشکار لە حاڵیکدا ئەوە لە پلەی یەکەمدا، جەوهەری چینایەتی و کارکردی سیاسی ڕاف و ڕابەرکانیەتی کە سیما و جێگای سیاسییان دیاری دەکا نەك تەنیا ڕادەی دووری و نزیکییان لە دەوڵەتی ئیسراییل ئەم شێوە بوچوونە، لە دەوریەیەکدا موخالیفی سنووربەندی چینایەتی لە نێو بزووتنەوەکەدایە و دەڵێ ئەمە ڕێزەکانی ئەو بزووتنەوەیە تووش چەندبەرەکی دەکا و لەوانەیە خوازیاری ئەوەبی ڕاف وەك نوێنەری میللەتی فەلەستین پشتیوانی لێ بکری لە دەورەیەکی دیکەدا، بۆ نموونە لە هەل ومەرجی ئێستادا ئالای خەبات دژی سازشکاری ڕاف و ڕێکخراوە میللییەکانی تر بەرز دەکەنەوە ئێمە خۆمان گەلیك نموونەی ئەم جۆرە بوچوون و هەلویستەمان لە بابەت مەسەلەکانی کوردستان دیوە.

بەم جۆرە هەر لە بناغەوە و بە کردەوە ئەرك و پروگرامیکی‌تر بۆ خەبات و ڕیکخراوی کرێکاری دادەنری کە خۆمەت بە بەرژەوەندی دریژخایەنی چینی کرێکار ناکا مەبەست لەم قسانە ئەوە نێە کە پیمان وابی کەوایە خەباتی چینایەتی کرێکاران لەمەودوا دەست پێدەکا و کرێکاران تا ئێستا چاوەڕیی ڕیك کەوتنیکی ئاوا بوون. هەروەك پێشتریش ئیشارەم پیکرد گەلێك ئیعترازی کرێکاری لە خودی ناوچە داگیرکراوەکان لە دژی سەرمایەدارانی فەلەستینی ش ڕووی‌داوە.

کەوایە، بە لەبەرچاوگرتنی پێك هاتنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ناوچە داگیر کراوەکان، تەنانەت کاتێك هێزی داگیرکەری ئیسراییلی زەبر و زەنگیکی توند و تیژیان لەو ناوچانە بەڕیوە بردوە و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی کرێکاران لەو ناوچانە بۆ خوریکخستن، کە بە درێژایی سالانی ڕابوردوو نیشانیان داوە، ئێستا و لە هەنگاوی یەکەم دا، ئەم ڕێکخراوانە زیاتر گەشە دەکەن و ئەمجار ئەرك و مەیدانی بەرینتر بۆ بەڕێوەبردنی ئیرادەی خۆیان و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەلایەتی دیاری دەکەن ئەم هەل ومەرجە گەلیك یارمەتی دەدا بە گرسان و پتەوبوونەوەی ڕێزە چینایەتییەکانی کرێکارانی فەلەستینی کەوایە ئاشکرایە کرێکارانی فەلەستینی بە هەمان ڕادە کە ئەم ڕەوتەی ئێستا دەرفەتیکی ئاوایان بۆ بەرخسینی بە قازانجی خۆیانی دەزانن میزانی بەرەوپێش چوونی عەمەلیش لەم زەمینەیەدا لە گرەوی توانایی و ئامادەیی ڕێکخراوەیی و سیاسی کرێکارانداید.

ن. حسامی کردوویە بە کوردی

(پاشماوەی) جمهووری ئیسلامی و تەنگ و.....

:"دەبی لیبووردن و دان بە بخوداگرتن وەك ئەسلیك بۆ هەڵسووڕانی فەرهەنگی لەبەرچاو بگیردری، بەڵام ئەم دان بە خوداگرتنەش حەدی هەیە و پیوانە ئیسلامی و ئەرزشییەکان لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە دا قابیلی سەودا و مامەلە نێن." جێگری وەزیر دەیەوی بەم چاو دەرپەڕاندن و هەرشە کردنە بلی کەس ناتوانی لەو چوارچیوەیە بترازی کە بۆی دیایکراوە و شتێك بخاتە سەر کاغەز و بلی کە لەگەڵ پیوانە ئیسلامییەکانی ئێمەدا ناگونجی هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا وتی:" ماوەیەکە بووە بە مود هەرکەس هەڵدەستی لە جیاتی ئەوەی لە ناو خانەوادەی متبوعاتی خۆماندا باسی کەم و کۆڕیەکان بکا دەچی لەگەڵ B.B.G مصاحبە دەکات و چی پی خۆش بی لە زاری دێتەدەر." ئەم گۆی لە مستەی حکوومەت بەم جۆرە هەم ترس و نیگەرانی خۆی لەم مەسەلەیە دەردەبری هەم ناراستەوخۆ کارگیرانی ئەمنیەتی و دائیرەکانی ارشاد سەرکۆنە دەکات کە بۆچی دەبی کەسێك بە کەیفی خۆی هەستی و لەگەڵ G.B.B دا بە ڕاحەتی قسان بکا و خراپتر لەوەش چی پی خۆش بی بلی. چاوخشاندنیك بەم قسانەی جەنابی جێگری وەزیردا بەسە بۆئەوەی بزانین کە ئەم پاشماوانەی جەهل و نەزانی سەدەکانی ناوەڕاست بە چ جۆرێك دەیانەوی گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەگەری ولات چارەسەر بکەن.

جەنابی جێگری وەزیر هەرچەند بە ڕوالەت گلەیی و نارەزایەتی خۆی لەمەر کەم بوونی تیراژی بڵاوکراوەکان دەردەبری بەڵام لە هەمان کاتدا لە لایەك هەول دەدا پەردەیەك بەسەر هۆ ڕاستەقینەکانی هاتنە خوارەوەی تیراژی متبوعات دا بکێشی، لە لایەکی دیکەش لەوە نێگەرانە کە نەکا جلەوی متبوعات لە دەستیان دەربچی. هەربۆیە بەردەوام کەف هەلدەخرینی، سەرکۆنە دەکا و چنگ و ددان نیشان دەدا کە نەکا متبوعات لە ژێر تەئسیری تەوژمە کۆمەلایەتییەکان و نارەزایەتی خەڵك لە ناو کۆمەڵگادا پەردە لەسەر ئەو گیروگرفتانە لابدەن کە لەگەڵ پیوانە ئیسلامییەکاندا یەك ناگرنەوە."کمال حاج سید جەوادی" لەم بە ناو سیمینارەدا بە زمانی ئەرقام و ئامار هاتە قسە و ئاماژەی بۆ لە خوارەوە بوونی سەتحی فەرهەنگی گشتی کرد و ڕکوودی متبوعاتی بە ڕاشکاوانەتر نیشاندا. ناوبراو وتی:" پەرەسەندنی ڕۆژنامە بە پێی نەفەر لە 10 تا 15 نسخەوە بۆ هەر 1000 نەفەر گەیشتوەتە 22 نسخە، گەرچی نزیك بە 1,5 بەرابەر زیادی کردوە بەڵام دەبووا 5 بەرابەر زیادی بکردایە. هەروەها وتی:" وەزنی سەرانەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە ولاتیکی وەکوو ژاپون 82,8کیلو، لە ئالمان 22,5 کیلو و لە هەندیك لە ولاتان لە سنووری 51,600 کیلوگرانیش تی پەڕیوون ئەمە لە حاڵیکدا کە لە ئێران دا وەزنی سەرانەی متبوعات 600 گرامە".

هەرچەند لەم ڕۆژانەدا ئەم جۆرە قسە و باس و لێکولینەوانە لەسەر متبوعات و گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەگەری زۆر دەکری، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لە هەموو ئەم کرد و کۆشانەیان هەول دەدەن هۆ ڕاستەقێنەکانی ئەم بارودوخە یەکجار خراپە لەبەرچاوی خەڵك بشارنەوە.

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی ئیشارە بۆ بی فەرهەنگی جەماوەری خەڵك دەکەن و فەقری فەرهەنگی گشتی لە کۆمەڵگادا بە هۆی بی کەیفییەتی متبوعات دادەنین یان ئاماژە بۆ هەنیك گیروگرفتی ئابووری و باس لە تەنگ و چەلەمەی سیستمی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی ڕۆژنامە دەکەن تەنانەت فکری بە زۆرەملی پی کرینی ڕۆژنامە بە خەڵك لە ئوتوبوس و قەتارەدا مەترەح دەکەن بەڵام هەروەك وتمان ئەمانە تەنیا گوشەیەکی زۆر بچووکن لە ڕاستییەکان یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی وەزعییەتی خراپی متبوعات لە ئێران، دوژمنایەتی نیزامی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ هەر جۆرە سەربەستی قسەکردن و ڕا دەربڕین و سانسور کردنە متبوعات لە کۆمەڵگای ئێراندا لە انحصاری دەوڵەت دایە و وەك وەسیلەیەك بۆ تەبلیغ و پەرەپیدانی سیاسەتەکانی خۆی‌وبەرەو دان بە بیر و بۆچوونی گەندەلی سەدەکانی ناوەڕاست کەڵکی لی وەردەگری.

جمهووری ئیسلامی تەنانەت ڕۆژنامە موخالیفە لیبرالییەکانی خۆشی لە چوارچیوەی نیزامە حکوومەتییەکەی خۆیاندا تەحەمول ناکا.

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەك کە تیغی سانسوری دیبی و نووسەران و کارگێرەکانی خەریکی بەراوەژوو کردنی ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا بن و لەم ڕێگایەوە بڕیوی خۆیان بە دەست بێنن هەرگیز ناتوانی ئاوینەیەکی بالانوێنی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا بی.

جەماوەری خەڵك کاتی دەبینن کە سەرەنجامی هەر جۆرە سەربەستی بیروڕا، زیندان و ئازار و ئەشکەنجەیە کاتی دەبێنن کە لە ناو ڕۆژنامەکاندا جگە لە درو و دەڵەسە و ڕیاکاری و بەراوەژوو بوونی ڕاستییەکان چی تری تێدا نێە، نە تەنیا عەلاقەیەکیان بە ڕۆژنامە نامینی بەڵکوو بە تەواوی لەگەڵی دا نامو و بێگانە دەبن.

جگە لە بوونی سانسور وەك کوسپیکی سەرەکی سەر ڕێگای ڕۆژنامە و بڵاوکراوە، دەبی سەرەنج بدەینە ئەم واقعییەتە کۆمەلایەتییەش کە: زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگا لە کرێکاران و زەحمەتکێشان پێك هاتوە ئەمڕۆکە بە هۆی بوحرانی قوولی ئابووری و خراپی وەزعی بژیو و گوزەران ناچارن لە چەندین ڕێگا و شوێنی جۆربەجۆردا خەریکی کار و بژیو پەیدا کردن بن، بەم جۆرە ئەم چین و تریژە بەرێنەی کۆمەڵگا هیچ بوار و دەرفەتیکی ئەوتوی بۆ نامینیتەوە هەتا چاویك بە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەدا بخشێنی.

ئەمەش هۆیەکی سەرکی دیکەیە بۆ لە خوارەوە بوونی تیراژ و وەزعییەتی شپریوی متبوعاتی لە ئێران دا.

کەوابوو دەتوانین بڵێین بوونی سانسور و لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کۆمەلایەتییەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بە گشتی هۆی سەرەکین بۆ خراپی وەزعییەتی متبوعاتی کە کارگێرەکانی جمهووری ئیسلامی خۆی لی دەبوێرن و گۆی‌ی لی دەخەوێنن. چونکە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەم کۆسپ و گیروگرفتە کۆمەلایەتییانە_ کە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی خولقاندوویەتی_ڕاستەوخۆ بناغەکانی سەقامگیری ئەم نیزامە کۆنەپەرستانەیە دەخاتە مەترسییەوە.

بیروراکانی مارکس پێشڕەو ورینوێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانە!

دەنگی، کرێکارانی جێهان یەکگرن، کە مارکس لە کۆتایی مانیفیستی کۆمۆنیست بە یارمەتی ئەنگلس نووسی، هەر ئێستا و تا ڕۆژگارانی داهاتووش کرێکارانی جێهان بۆ یەکگرتن بانگ دەکا.

کرێکاران بانگ دەکا کە یەکگرن، یەکگرن و چارەنووسی دونیا بگرنە دەست تا خۆیان و هەموو مرۆڤایەتی لە کویلەتی و بی بەشی ڕزگار بکەن.

ئەمڕۆ، سەد و یازدە سالێ پاش کوچی مارکس لە چوارقورنەی ئەم جیهانە، کرێکاران دەنگی ئەم بانگەوازەیان بەرز کردوەتەوە و بەرەو یەکگرتن و ڕێکخراوبوون و شوڕشی کرێکاری هەنگاو دەنێن.

لەو ڕۆژەوە کە دەنگی کرێکارانی جیهان یەکگرن، لە لایەن ڕابەری هەمیشە زیندووی کرێکارانەوە ڕاگەیەندراوە، چەندەها هەنگاوی گەورە بەرەو ئەم ئامانجە هەلگیراوە سالی 1871 کرێکاران لە پاریس بۆ یەکەم جار ڕاپەرین و قودرەتی سیاسییان بە دەستەوە گرت و نیشانیان دا کە حکوومەتی کرێکاری دەبی چون بی سالی 1917 کرێکاران لە ڕووسیە بە ڕابەری لینین بۆ ماوەی چەند سالێ هێزی چینایەتی خۆیان خستە مەیدانی ئەزموون و کردەوە و حکوومەتی سەرمایەیان لەسەر ئەسپی دەسەلات هێنایە خوار و تا ئێستاش بیرەوەرییەکانی ئەم شوڕشە لەرزی مەرگی خستوەتە جەستەی دەسەلاتی سەرمایە لە سەرتاسەری جێهان دا.

وا ئەمڕۆش بە گورتر لە هەمیشە بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار دژی سەراپای نیزامی سەرمایەداری بە هێز و بە تین و بە بەرینایی هەموو جیهان لە ڕاخورین و خوروشان دایە و بیروراکانی مارکس لە دەنگی خۆڕوشاوی کرێکاران و لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی ئەوان دا بە هێز و زیندوە ئەگەر هەر ئەمڕۆ لە ئوروپا و لە ئاسیا و ئەفریقا و سەراسەری جێهان دا، چینی کرێکار بە میلیونەها جەماوەری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترەوە، بووە بە بربرە پشتی نارەزایەتی بەرێنی کۆمەڵانی خەڵك لە دژی ملهوری و زۆرداریەکانی دونیای ئەمڕۆ، ئەگەر لە فەرانسە، ئینگلستان و ئالمان کرێکاران بە پێچەوانەی مەیل و ڕەزای ڕابەرانی رارای ڕێکخراوەکانیان، دژ بە نیزامی چەوسینەرانەی سەرمایەداری هەڵدەستنەوە و هەمیسان دژی سیاسەتی ئابووری دەوڵەتەکان، خوازیاری کرێی زیاتر و ژیانی باشترن و ڕژیمە سەرمایەداریەکانیان خستوەتە چەواشەوە، لە هەموو ئەم تەکان و هەنگاوە پیشرەوانەی کرێکاران دا، ئەوە بانگەواز و بیروراکانی "مارکس"ە کە وەکوو بۆمب بەسەر دەسەلاتی سەرمایەداری‌دا دەتەقیتەوە.

ژیان و کردەوەی مارکس نموونەیەکی پرشنگداری تیروانینی کرێکاریکی پێشرەوە لە دونیا خۆی، لەوەی کە ئەم دونیایە چۆن دەبێنی کاتێك مارکس و ئەنگلس لە 1840 بەم لاوە ئەم ڕاستییەیان ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە، ئینسان بەر لە هەر شت دەبی بتوانی خوراك و پوشاك و مال و ئەم چەشنە پیداویستییە ژەرووڕیانەی ژیان دابێن بکا و ئەمانە، یانی بەرهەم هێنانی پیداویستییەکانی ماددی ژیان، بنچینەی هەمیشەیی دەوڵەت و سیاسەت و ئاین و هۆنەر و ماف و هەموو مەعنەویات و داب و نەرێتە کۆمەلایەتییەکانن، ئەمە قسەی کرێکاران بوو ئەمە بۆچوونی چینی کرێکاری پێشرەو بوو ئەمە هەر خۆدی کرێکار بوو لە زمان مارکسەوە دەهاتە دەنگ و جیهان و نەزمی کۆمەلایەتی ئینسانی لێك دەداوە.

بەڵی قسەی مارکس قسەی دڵی کرێکاران بوو. ئەمە دەنگی خودی کرێکاران بوو کە بە زمان مارکسەوە دەپشکووت و دەیوت: دونیا ئاوایە، بناغەی لەسەر چەوسانەوەی کرێکار دامەزراوە. کرێکاران دەبی لە ڕەوتی بەرەو پێشی خۆیان دا یەکگرن و ئەم نەزمە کۆمەلایەتییە هەلوەشینەوە ژیر و ژووری بکەن و سەر لە نوێی ئەمجار بناغەی لەسەر ڕزگاری لە چەوسانەوە و کویلەتی و ستەم دارێژ نەوە.

بەم جۆرە مارکس بێجگە لە لێکدانەوەی چونیەتی ئەم جێهانە و نەزمی کۆمەڵگای بەشەری، وە زۆر گرینگتر لەوە، ڕێگای گورین و خاشەبر کردنی ئەم نیزامە بەراوەژووی بە هەمووان نیشان دا. ڕێگایەك کە ئەمڕۆش کرێکاران بە هێز و بە گورپێیدا دەرون.

بیروراکانی مارکس لە دڵی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی پێشرەودایە و چرای ڕێگا و ڕێنوینی داهاتوویانە.

جمهووری ئیسلامی و دیسان ریسوایی

بە پێی دواین راپورتی گالین دۆپول نیردراوی تایبەتی کۆمیسیونی مافێ مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان، نزیکەی 20هەزار زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامیدا بەسەر دەبەن گالین دۆپول رایگەیاند کە ئێران هەروەك پیشوو تیرۆریستەکانی خۆی دەنیری بۆ کۆشتنی موخالیفە سیاسییەکانی لە دەرەوەی ولات و بە بیانووی جۆر بە جۆر ژنان و کەمایەتییە مەزهەبییەکانی خستوەتە بەرشالاوی ئەزیەت و ئازار و شوێن گرتن.

بە شوێن راگەیاندراوەکەی گالین دۆپول و دەنگدانەوەی لە خەبەرگوزاریەکان دا، جمهووری ئیسلامی لە زمانی یەکێك لە بەرپرسان و کاربەدەستانی خۆی بە ناوی (یزدی) ئیدیعاکانی نیردراوی تایبەتی کۆمیسیونی مافێ مرۆڤی رەت کردەوە و وەك هەمیشە بەستییەوە بە پیلانەکانی استکباری جێهانی لە دژی جمهووری ئیسلامی یزدی لە وت ووێژێك دا لەگەڵ خەبەرگوزاری جمهووری ئیسلامی رایگەیاند کە لە ئێران دا تاقە زیندانییەکی سیاسی وجوودی نێە و بە تەواوی مافەکانی ژنان و کەمایەتییەکان لە نیزامی ئیسلامی ئێران دا لەبەرچاو دەگیری هەروەها وتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکی بەو تیرورە سیاسییانەوە نێە کە لە دەرەوەی ئێران ئەنجام دەدری.

جمهووری ئیسلامی لە هەل و مەرجێکدا هەول دەدات کە راستییەکان لەبەرچاوی خەڵکی ئێران و بیرورای گشتی جیهان بشاریتەوە، کە 15 سالّ بەسەر تەمەنی رەشیدا تێپەر دەبی و لەم ماوەیەدا زۆر بە چاکی جیهان دەرکەوتوە کە لە ئێرانی ئیسلامیدا بە چ شیوەیەکی غەیرە ئینسانی مافەکانی مرۆڤ پی شیل دەکری خەڵك و خاوخیزانی زیندانییەکان لە بیریان نەچوەتەوە کە بۆ دوزینەوەی شوین پێی رولەکانیان چون دەرگای ئەم زیندان و ئەو زیندانیان کۆتاوە. ئێستاش بیرەوەری تالی ئەو خاوخیرانانە لەسەر زمانی خەڵکە، کە بۆ چاوپێکەوتنی خۆشەویستەکانیان دەچوونە زیندان بەڵام تەرمەکانیان دەخستنەوە بەردەست، یان بە هیچ جۆرێك ناونیشانیکیان دەست نەدەکەوتەوە.

جمهووری ئیسلامی لە ژیر پەردەی بەڕێوەبردنی سزای شەرعی و ئیسلامی بە دزیوانەترین رەفتار و جینایەتکارانەترین شیوە دەیان نمایشی وەك بڕینی دەستی ئینسانەکان و سەنگەسار کردن و شەڵاق لیدانی لەبەرچاوی خەڵك ئەنجام داوە.

کەم شار لە ئێران دا هەیە مەراسمی لە سیدارەدان و بەردەباران کردنی ژنان و شەڵاق لیدانی تێدا بەریوە نەچوونی لە جمهووری ئیسلامیدا کەم نەبوون ئەو ئینسانە سیاسی و خەباتگیرانە هەر لە ژنانی زەیستانەوە بگرە هەتا میرمندالاّن و کچانی گەنج کە خرانە بەر دەستی جووخەی ئیعدام و ئێستاش کەسێك تەنانەت گۆرەکانیشیان پی نازانی.

جمهووری ئیسلامی ئێستاش زۆر بە شانازییەوە ناوە ناوە ئیعدام کردنی دەیان کەس بە تاوانی دزی، فەحشا و ئیعتیاد لە رادیو تلویزیونەکان و رۆژنامەکاندا بلاّو دەکاتەوە بەم جۆرە کاربەدەستان و مەرجەعەکانی جمهووری ئیسلامی رشتنی خوێنی زۆر ئینسانی شەرافەتمەندیان حەلال کردوە کە لە سیبەری رژیمی سەرمایەی ئیسلامیدا بە هۆی هەژاری و نەداری کەوتوونەتە داوی ئیعتیاد و دزی و فەحشا.

جمهووری ئیسلامی سەرەرای هەموو ئەم کۆشت و بر و بی مافییانەی کە بەسەر جەماوەری خەڵکی ئێران دا سەپاندوویەتی، بە بی شەرمییەوە ئەو راپورتەی گالین دۆپول کە تەنیا مشتیکە لە هەزاران خەرواری راستییەکانی ئێران، بە درو دەخاتەوە لە راستیدا ئەم هەنگاوەی رژیم ئاگاداریەکە بۆ تیکرای خەڵکی ئازادیخواز و خەباتگیر و نیشاندەری ئەو راستییەیە کە سەران و کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی سوورن لەسەر دریژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و داپلوساندن و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بەرین کردنەوەی زیندانەکان و پیشیل کردنی زیاتری ماف و داواکاریەکانیان.

کرێکارانی بە ئاگا و خەڵکی خەباتگیری ئێران داواکاری ئازادی زیندانیە سیاسییەکان و نەهێشتنی هەرچەشنە شکەنجە و ئیعدامیکن لە ناو زیندانەکان و دەیانەوەی بەرێوەبردنی قانوونی کۆنەپەرستانەی قصاص لە خیابان و مەیدان و شکەنجەگاکانی جمهووری ئیسلامی بۆ هەمیشە کۆتایی پی بی بۆ بەدی هاتنی ئەم داوا رەوایە دەبی شیلگیرانە و بە برشت لە بەرامبەر ئەم وەحشیگەریانەی جمهووری ئیسلامی و درندەیی کاربەدەستانی بوەستن ئەمە تەنیا رێگایە بۆ بەربەست کردنی دەسدرێژی رژیم بۆ سەر گیان و مالّی خەڵك.

هەرچەند راپورتی گالین دۆپول لە بابەت بی مافێ لە کۆمەڵگای ئێران داو دەنگدانەوەی ئەم راپورتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بۆ رووکردنەوەی بیرورای گشتی جیهان و هاندانی ئەم بیروڕایانە لە دژی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی قازانجی هەیە، بەڵام ئەم راپورتە تەنانەت ئەگەر پەسندیش بکری و ببێتە هۆی دەرکردنی بریارنامەیەك لە لایەن کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوەییەکگرتوەکان، دیسان هیچ زەمانەتیکی عەمەلی و ئیجرایی نێە.

گالین دۆپول تا ئێستا چەند جار هاتوەتە ئێران و هەرجارەش گوشەیەك لە راستییەکانی ناوخۆی ئێرانی باسکردوە. هەموو جارێکیش مەجامعی بین المللیو دەولّەتەکان لەم راپورتانە و ئەنجامی سەفەرەکانی ئاگادار بوون جگە لەمانەش رەفتارە تیروریستییەکانی جمهووری ئیسلامی لە دژی هەڵسووراوانی سیاسی ئوپوزیسیونی رژیمی ئێران لە رادەی جیهانی بۆ کەسیك شاراوە نێە. جمهووری ئیسلامی تا ئێستا 59 کەسی لە موخالیفە سیاسییەکانی خۆی لە دەرەوەی ئێران و بە تایبەت لە ئوروپای رۆژاوا تیرور کردوە. لە یەکەم قوناغی لیکولینەوە لە پەروەندەی ئەم تیرورانە، بۆ پولیسی ئەو ولاتانە دەرکەوتوە کە رژیمی ئێران دەستی تێیدا هەبووە و زۆرجاریش دەرکەوتوە کە دەولّەتی جمهووری ئیسلامی لە رێگای بالویزخانەکانی لەم ولاتانە پلانی ئەم تیرورانەی دارشتوە لە لیکولینەوەیەکدا کە پولیسی ئالمان لە باندیکی تیروریستی جمهووری ئیسلامی ئەنجامیدا، ئاشکرا بوو کە دەولّەتی ئێران لانی کەم بەرنامەی تیرورکردنی 200هەڵسووراوی موخالفی لە دەستووری کارەکانی خۆی داناوە بەڵام سەرەرای هەموو ئەم راستییانە دەولّەتی رۆژاواییەکان نە تەنیا هیچ جۆرە تەوژمیکیان نەخستوەتە سەر ئێران بەڵکوو بە تەحویل دانەوەی تیروریستەکان و دامەزراندنی پەیوەندی نزیك لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی اتلاعات و ئەمنییەتی ئەم ولاتە و بەرین کردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران، بە کردەوە جمهووری ئیسلامییان بۆ دریژەدانی ئەم جۆرە رەفتارە تیروریستییانەی هانداوە.

واقعییەت ئەوەیە کە بەلای ئەم ولاتانەوە بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی پیوانەی سەرەکی و ئەساییە بۆ دیاریکردنی چونیەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەولّەتی جمهووری ئیسلامی نەك مەسەلەی رادەی پابەندبوونی جمهووری ئیسلامی بە مافێ ئینسانەکان.

کەوابوو هەر لە ئێستاوە قابیلی پێش بێنییە کە تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی راپورتەکەی گەلین دۆپول دا بریارنامەیەکیش لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسند بکری، کارساز بوونی تا چ رادەیەك جێگای هیوایە.

بۆ رزگاری لە زەلکاوی دەرەندەیی و وەحشیگەری جمهووری ئیسلامی، رژیمیك کە ناو و ناوبانگی بۆ بی رەحمی و کۆشت و بر و پی‌شیل کردنی مافێ ئینسانەکان سەرانسەری دنیای تەنیوەتەوە، تەنیا یەك رێگا بەدی دەکری ئەویش ئیعتیراز و نارەزایەتی دەربرینی یەك دەست و یەکگرتووانەیە لە دژی وەحشیگەریەکانی ئەم رژیمە تەنیا ئیعتیرازی یەك پارچەی کرێکارانی بە ئاگا و خەڵکی خەباتگیری ئێرانە کە دەتوانی پاشەکشە بە جمهووری ئیسلامی بکا و سەرەنجام گۆری هەمیشەیی بۆ هەڵکەنی.

کۆمۆن نموونەی حکوومەتی کرێکاریە

رۆژی 27ی رەشەمە سالّرۆژی دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی شوورایی کرێکارانە لە پاریس 124 سالّ لەمەو پێش کرێکارانی پاریس بناغەی یەکەم حکوومەتی کرێکاری جێهانییان دارشت مرۆڤایەتی بۆ یەکەم جار کۆمەڵیکی نوی، کۆمەڵیك سەربەست و بەرابەری لە ژیر ئالای دەولّەتی کرێکاری کۆمۆن بە تاقیکردەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی 120 سالّی رابوردوو و 74 ساڵیش پاش دووەم تاقیکاری حکوومەتی کرێکاری لە رووسیا هەر وا مەیدانی شەری ئاشکرا و نهێنی چینایەتیە و داپلوسان و وەحشیگەری سەرمایەدارەکان دژی کرێکاران هەروا بەردەوامە بناغەکان هەموو نموونەکانی حکوومەتی سەرمایەداری سەرەرای هەندیك جیاوازی رواڵەتی هەر لە جۆرەکانی رۆژهەلاتی و رۆژاوایی بازاری ئازاد و ئابووری دەولّەتی بگرە هەتا ئیسلامی و بە ناو دیموکراتیك و تاقە حیزبی و چەند حیزبی لەسەر بنەرەتی چەوساندنەوەی کار و شێوەی کاری کری گرتەیی دامەزراوە ئەمرۆگە هیچ دەولّەتیك شك نابەین کە رایگەیاندبی:

"ولاتی ئێمە" یەك وشە، یەك هەڵە!، "مرۆڤایەتی" یەك راستەقێنە یەك حەقیقەت ولات وشەیەکە وەك بوت و خۆاکان کە لە لایەن کەشیشەکان و پاشاکان سازکراوە تا زیندووەرە خاوەن هەستەکان لە چوارچیوەیەکی تایبەت دا قەتیس بکات شوینێك کە خەڵکەکەی بۆ خزمەت کردنی ئاغاکان، ژێردەستەیی و لە پیناو پاراستنی بەرژەوەندی پیسی خۆیان دەکەنە کویلی ئێستا ئێمە بە ریکەوت لیرە یان لە شوێنیکی دیکە لە دایك بووین.

پەیوەندی نەتەوەیی دەمانگوری، لە یەکترمان دەکاتە دوست و دۆژمن دەبا نەکەوینە داوی ئەم گەمە گەوجانەیە، دەبا کۆتی ئەم گالتەجاریە کە بۆ هەمیشە لە ئەستوماندا دەمینیتەوە فری بدەین دەبا"ولات" ببێتە وشەیەکی ناو بەتال و دابەش بوونیکی بی بایەخی ئیداری ولاتی ئێمە شوینیکە کە ژیانیکی سەربەستانەمان تێیدا هەبی و کارەکان بە دلخواز بروانە پێش.

"خەلکینە، کرێکاران، خوری سەربەستی لە حالی دەرکەوتنە، بەو هیوایەی نابینایی‌یەکان کۆتایی‌یان پی بی بروخی دەسەلاتی سەرەروکان و جەللادەکان فەرانسە مردوە، نەمری بۆ مرۆڤایەتی!"

ئەم قسانە وتەی ئەندامیکی کۆمۆنە بە ناوی "ژول نوستاك" لە بلاّوکراوەی "شۆڕشی سیاسی _ کۆمەڵایەتی " کە لە هەمان رۆژەکان یەکەمی دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری کۆمۆن لە فەرانسە چاپ کراوە دەولّەتی کرێکاری کۆمۆن رایگەیاند بوو: "ئالای کۆمۆن ئالای کۆماری جێهانییە".

شۆڕشی کرێکاری کۆمۆن سەرکەوتنی

ئینسان بەسەر نەتەوە، ولات، ئایین و زۆرداری سەرمایە بوو میژووی مرۆڤایەتی تەنیا لە کۆمەڵگا کرێکاری و سوسیالیستی‌دا دەتوانی هەلوەشاندنەوەی ئەرتەشی حیرفەیی و بەکارهێنانی هەڵبژاردن بۆ هەموو سەرچاوەکانی دەسەلات و پێکەکانی ئیداری بە خووە ببینی دەستی ئایین تەنیا لە کۆمەڵگای سوسیالیستی و کرێکاری بۆ هەمیشە لە دەولّەت دابەبردی تەنیا لە کۆمەڵگای کرێکاری‌دایە کە مافێ هەموو کارگیرانی دەولّەت هەر لە بەرزترین پلەی خۆی‌دا هەتا نزمترین پلە بە قەدەر مافێ کرێکارێکە، تەنیا لە کۆمەڵگای سوسیالیستی‌دایە کە دەولّەت بە تەواوی لە خزمەت کۆمەڵگادایە نەك "ئاغا" و دەسەلاتداری کۆمەڵ تەنیا لە کۆمەڵگایەکی کرێکاری‌دایە کە کار بە ئەساسی ئەرزش و بایەخەکان دادەنری و هەموو جیاوازی‌یەکانی جنسی، رەگەزی، ئاییینی و نەتەوەیی لە نێو دەچی تیکرای ئەم یاسایانە لە لایەن کۆمۆن گەلالە کراو بە کردەوە دەرهات کۆمون بۆ یەکەم جار بیچمی مرۆڤی پێشکەوتنخواز و کۆمەڵگای پێشرەو و سەربەستی بە هەموو مرۆڤایەتی نیشان دا کۆمەڵگایەك کە تەنیا دوای تێك رمانی هەموو بناغە و قەوارەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری دادەمەزری کۆمون نموونەی سیاسی دەسەلاتداری حکوومەتی کرێکاری لە جیهان دایە کۆمۆن هەر ئەو قەوارە سیاسی‌یەیە کە رزگاری ئابووری و لە نێو بردنی کاری کری‌گرتەیی مسوگەر دکات.

ئەمرۆ پاش 124 سالّ تیپەربوون بەسەر یەکەم ئەزموونی حکوومەتیکی پێشکەوتوخواز و سەربەست و مرۆڤانەی کرێکاران، پەرپووت ترین نوێنەرانی سەرمایەداری هەراوبگرەی "عەدالەتخوازی" و ماف پەروەری و بەرگری لە مافێ مرۆڤ یان ساز کردوە. عەدالەتیك کە لەسەر بنەرەتی چەوساندنەوەی کار و کۆشت و کۆشتار دامەزراوە. ماف پەروەریەك کە کۆتربازەکانی نەتەوە یە کگرتوەکان دانیان پیدا ناوە!! مافێ مرۆڤیك کە سەردیرەکەی بە بەرگری و پاراستنی خاوەندیەتی تایبەتی دەست پیدەکری!! نەزمی نوێی جیهانی بۆش و کلینتون لە ئاوەکانی خەلیج بە خوێنی هەزاران ئینسانی نا سەرمایەدار غوسلی خاوین کردنەوەی دەدری و ناوەروکی بیزراوی حکوومەتی سەرمایەدارەکان و پارلمانتاریزم و دیموکراسی خوازی بۆ هەزارەمین جار لە قاو دەدەری دەتوانین مانای راستەقینەی دیموکراسی رۆژاوایی لە ڤیتنام، لە پاناما، لە بۆمبارانی هیروشیما لە کۆشتارگای خەلیج و لە چەوساندنەوەی بی پشووی کرێکارانی ئەمریکایی و ئوروپایی ببێنین.

ئەمرۆکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ژیر سیبەری‌دەسەلاتداری سەرمایەدارەکان گەیشتوتە بن بەست وتەنگانەیەکی تەواو و لەوپەری دوش داماوی دەست و پی دەکوتی.

شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی تەنیا رێگای رزگاری لە کوت و بەندی هەموو زۆرداری و چەوساندنەوەیەکی ئەم کۆمەڵگایەیە. کۆمۆن نموونەی کۆمەڵیکی وەهایە هەرچەند جەستەی جوولانەوەی کرێکاری پاریس لەم یەکەم ئەزموونەدا شەڵالی خۆین کرا و بە ناچاری پاشەکشەی پیکرا بەڵام: پاریس بە کۆمۆنەکەیەوە وەك پێشەنگی پر شانازی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەمرۆ دەمینیتەوە و یاد و بیرەوەری گیانبەخت کردووانی کۆمۆن بۆ هەمیشە جێگایان لە دڵی گەورەی چینی کرێکاردایە.

چەند ڕاپورتە هەوال

سەقز: تێك هەڵچوونی خەڵكی تیكۆشەر و هیزەكانی ڕژیم.

بە پێی گوزارشیك كە لە شاری سەقزەوە بە دەستمان گەیشتوە ڕۆژی چوارشەممە 11ی ڕەشەمە لە خیابانی "خۆمەینی" بە دوای ئەوەدا كە یەكێك لە مەئموورینی دەوڵەتی تەوهین و بی حورمەتی بە كچیك دەكا و شەرەقسەیان لە نێوان دا ساز دەبی، كۆمەڵیك لە لاوانی شار كە بە دێتنی ئەو دیمەنە تووڕە دەبن پەلامار دەبەنە سەر ئەو مەئموورە و لە دەوروبەری بازاری ڕۆژ دەیگرن و لێ دەدەن بە دوای ئەو جەریانەدا هێزەكانی ڕژیم بۆ نەجاتی ئەم مەئموورە بە كرێگیراوە هێزی كۆمەڵی دەنێرن بەڵام ئەم هێزەش لەگەڵ ئیعتیراز و ڕاوەستای خەڵكی تیكۆشەری شاری سەقز كە هەر دەهات و زۆرتر دەبوون ڕووبەڕوو دەبی و سەرەنجام ناچار دەبی پاشەكشە بكا خەڵكی تووڕە و وەگیان هاتوو كە ژمارەیان زۆر چووبووە سەری، دەست دەكەن بە خوپێشاندان و ڕیپێوان و لە دژی جمهووری ئیسلامی و ڕەفتار و زەبر و زەنگی هێزەكانی ڕژیم شیعار دەدەن ئەو خۆپێشاندان و ڕیپێوانە تا بەر دەروازەی سینەمای شار ئیدامەی دەبی.

هێزەكانی ڕژیم كە شاهیدی خۆپێشاندان و ئیعتیرازی بەرینی خەڵك و بەرزبوونەوەی شیعاری دژی جمهووری ئیسلامی دەبن لە پێشدا لە دووڕەوە فیلم بەرداری لە خۆپێشاندانەكە دەكەن و پاشانیش هێزێكی زۆر دێننە مەیدان و پەلامار دەبەنە سەر خۆپێشاندەران و نزیكەی 300 تا 350كەس دەسگیر دەكەن و بلاوە بە خەڵك دەكەن.

بە پێی ئەو هەواڵەی كە بە دەستمان گەیشتوە بە دوای دەسگیركردنی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك ژمارەیەكی دیكەش لە لاوانی شار بۆنەوەی كە نەكەونە داوی اتلاعاتی سپا، شاریان بەجی هێشتوە و چوونەتە دیهات و شارەكانی دیكە.

شایانی باسە لە یەك دوو مانگی ڕابوردوودا ئەوە دووەمین ئیعتیراز و تێك هەڵچوونی خەڵك و هێزەكانی ڕژیمە كە لە شاری سەقز ڕوو دەدا.

هاوەیەك لەوە پێشیش بە دوای ئەوەدا كە دوو سەرباز تەوهین بە كچیك دەكەن، ژمارەیەك لە لاوانی شار سەربازەكان كوتەك كاری دەكەن، و كاتێك كە ئەفسەریك و چەند پاسدار و پاسەوان دەخالەت دەكەن خەڵكی دیكەش كودەبنەوە و لە ئەفسەر و پاسدار و پاسەوانەكان دەدەن دوای زۆربوونی خەڵك لە "فەلەكەی مجسمە" بەرەو "فەلەكەی هەلو" بە شیعاری دژی ڕەفسەنجانی و خامنەیی و شیعاری نان، مەسكەن، ئازادی وەری دەكەون و لە فەلەكەی هەلو عەكسیكی گەورەی خامنەیی و خۆمەینی كە هەلواسرابوو تێك دەشكینن لە ئاكامی ئەو خۆپێشاندانەش دا هێزەكانی ڕژیم نزیكەی 400 تا 500 كەسیان گرت.

ئەو كەسانەی كە دەسگیر كرابوون پاش چەند ڕۆژ ژمارەیەكیان ئازاد دەكرین بەڵام هێشتا ژمارەیەكی زۆر هەروا گیراون و لە زیندان ڕاگیركراون.

مەهاباد: تێك هەڵچوونی خەڵك و هێزەكانی ڕژیم.

بە پێی گوزارشیك كە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە لە ڕۆژی 14ی بەهمەدان سەعات 4ی پاش نیوەڕو خەڵكی دانیشتووی گەڕەكی گۆمڕگ و مەنگوران دانیشتووی خیابانی پادگان لەگەڵ پاسگای ژمارە 2ی مەهاباد كە سازمانی ئاگاهی كۆمیتەی انقلاب و "سازمانی موبارزە با مفاسدی تێدا نیشتەجین دەرگیر دەبن، هۆی دەرگیریەكە هێشتا ڕوون نێە بەڵام هەندیك دەلین لە كاتێكدا كە جەماعەتی ئەو پاسگایە خەریكی دوها و سوپاسگوزاری لە خودا بوون چونكە ڕفسنجانی لە تاران وەبەر گوللە نەهاتوە خەڵك گالتەیان پی دەكەن و پی دەكەنن كە لە ئاكام دا پاسدارەكان یەكێك لە لاوی مەنگورەكان دەگرن و ئازاری دەدەن و دوای چەند دەقیقە ئازادی دەكەن، بە دوای ئەوەدا جەماعەتیكی 50 كەسی لە خەڵكی گەڕەكەكانی گۆمڕگ و پادگان كە لەوی كوبووندوە تووڕە دەبن و پالامار دەبەن بۆ سەر پاسدارەكان لە حەساری پاسگاكەدا دەرگیریەكە 15 دەقیقەی خایاندوە و پاسدارەكان بە تەقەی هەوایی خەڵك وادار بە پاشەكشە دەكەن و بلاوەیان پی دەكەن هەوالی ئەو دەرگیریە زوو لە نێو شار دەنگ دەداتەوە و پاسدارەكانیش بە اسلحەی كالیبر 50 وە دەست دەكەن بە گەشت لیدان لە نێو شار.

بانە: ئیعتیرازی خویندكاران.

هاوەیك لە وەپێش بە هەموو خویندكارانی مەدرەسەكانی بانەیان ڕاگەیاند كە هەركەس دەبی یارمەتییەك بە ناوی یارمەتی خەڵكی بوسنی بدا. خویندكارەكان ئیعتیرازیان بەم بڕیارەی بەڕیوەبەرانی مەدرەسەكان كرد و حازر نەبوون پوول بدەن بەڵام بە حوزووری بەڕیوەبەری كاروباری تەربیەتی و بە هەڕەشە و ترس نانەوە، لە هەركەس نزیكەی 100 تمەن، كەمتر یان زۆرتریان ئەستاند دواتریش لە هەركەس 50 تمەن تا 100 تمەنیان داوا كرد بۆ خەرجی مەراسمی 22ی بەهمەن و دەهەی فەجر بۆ ڕازاندنەوەی كلاسەكان و كرینی شیرینی و شتی تر. زۆربەی خویندكارانی مەدرەسەكان ئیعتیرازیان بەم باج ئەستاندنە كرد و تەسلیمی هەڕەشەی بەڕیوەبەرانی مەدرەسەكان نەبوون و وتیان: "ئێوە هەرجارە بە بیانوویەك پوولمان لێ دەستینن بەشێك لە خویندكارەكان هەژار و دەستەنگن. هەندیكی تریان لە دیهاتەوە هاتوون و دەبی كری خانوو بدەن و ناچارن لە پوولی گیرفانی خۆیان بگێرنەوە و بیدەن بە ئێوە". بەڕیوەبەرانی مەدرەسەی كچان گەلیك هەڕەشەیان كرد و لە پال ئەوەش وەعدەی دانیشگا و تەربیەت موعەلیمیان پیدان و تەنانەت ئەمەشیان كردوتە بەهانەیەك بۆ باج و بەرتیل ئەستاندن.

ئەمە لە حاڵیكدایە كە لە ڕۆژی كرانەوەی مەدرەسەكانەوە، لە سەرەتای پاییزەوە تا ئێستا، بە ناوی پوولی كتیب و پوولی قەلەم و كاغەز و پوولی وەرەقەی امتحانی و پوولی مەراسم چەندین جار خویندكارانیان ڕووتاندوەتەوە و تەنانەت پییان وتوون دەبی خویندكارەكان خۆیان نەوت لە ماڵەوە بێنن بۆ گەرم كردنی كلاسەكان و بە كردەوە مەدرەسە وەك بازار مامەلە و بەرتیل خۆری لێ هاتوە.

ئەمە بووەتە هۆی تووڕەیی و بیزاری خویندكاران و خانەوادەكانیان.

خەڵكی كوردستان پشت لە مەراسمەكانی ڕژیم هەڵدەكەن

بە پێی ئەو گوزارشانە كە لە شارەكانی كوردستانەوە گەیشتوون، ئەمساڵ ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ تەدارەكی دەهەی فەجر خەرجێكی یەكجار زۆری كردوە و ژمارەیەكی زۆر پیلاكاردی لەگەڵ چراخانیكی زۆر بە دەرك و دیواری ئیدارەكان و مزگەوتەكان و مەدرەسەكان و شوێنە گشتییەكانەوە هەلواسیوە و چەندین كۆر و كۆبوونەوەی فەرمایشی بەڕێوە بردوە و بە هەموو مەركەزو ئیدارە دەوڵەتییەكانی ڕاگەیاندوە كە دەبی بەشداری مەراسمەكان بكەن بەڵام سەرەڕای هەموو خوئامادە كردنیكی ڕژیم، مەراسمی دەهەی فەجر لە لایەن خەڵكی شارەكانەوە بە ئاشكرا بی اعتنایی پیكراوە و هیچ پیشوازییەكی لێ نەكراوە. بە تایبەت ڕاپەیمایی ڕژیم بۆ 22ی بەهمەن زۆر بی ڕەونەق بووە لە ڕاپەیمایییەدا بێجگە لە ئەفرادی چەكداری ڕژیم و بەشێك لە كارمەندانی دەوڵەت و خویندكارانی مەدرەسەكان _ كە هەڕەشەیان لیكرابوو ئەگەر لە ڕاپەیمایییدا بەشداری نەكەن بۆ دانشگا تایید ناكرین _ باقی خەڵك بەشداریان نەكردبوو. هەروەها لە چەند شوێن خەڵكی تیكۆشەر و لاوانی شۆڕشگێڕ پلاكارد و شیعارەكانی ڕژیمیان دراند و چراخانی ئەو مەسراسمەیان تێك شكاند.

شنو: كەمینی هێزەكانی ڕژیم

بە پێی گوزارشیك كە لە ناوچەی شنو بە دەستمان گەیشتوە، هاوەیەك لەمەوپێش لە تاریخی 12ی ڕیبەندان، ژمارەیەك كاراوانچی كە نزیكەی 100 كەسیك دەبوون لە عێراقەوە بەرەو ئێران وەری دەكەون ئەم كاروانچییانە كە لە خەڵكی زەحمەتكێش و بی بەشی ناوچەی شنو بوون، كاریان هات و چۆ لە نێوان ئێران و عێراق و بە كرین و فرۆشتنی وەسایلی پیویستی خەڵكی ناوچەكەوە خەریكن. لەو ڕۆژەدا، لە ناو ڕێگا تووشی سەرما و سول و كریوە دەبن ژمارەیەكیان بریاری گەڕانەوە دەدەن وئەوانی دیكە درێژە بەڕێگا دەدەن ئەم كاروانچییانە لەبەر سەرما و سول ناچار دەبن ڕوو لە پاسگاكانی ڕژیم بكەن و خۆ تەحویلی وان بدەن بە داخەوە نەفەریكیان بە ناوی (مەلا ئەیوب) سەرما دەیبا و گیانی لە دەست دەدا و ژمارەیەكی دیكەیان قاچ و دەستیان سەرما دەیبا وە 11 سەر لە ولاخەكانیان لە دەست دەچی. كاروانچییەكان ناچار دەبن بار و شت و مەكەكانیان بەجی بهێڵن و بە دەستی بە تال بەڕەو مال بگەڕینەوە.

ئێمە ویرای دەربڕینی داخ و كەسەری خۆمان لەم ڕووداوە، هاودەردی خۆمان لەگەڵ خانەوادەی مەلا ئەیوب دەردەبڕین.

سەردەشت: بێكاركردنی كرێكاران

ماوەیەك لەوەپێش سەردەشت بە بیانووی كەم بوونی بودجە، ژمارەیەكی زۆر لە كرێكارانی بەشی عمرانی و خەدماتی و شوفیری ماشینەكانی كە ڕۆژمزد بوون. وە هەروەها بە شێكی تر لە كرێكارانی لە كار ئیخراج كرد.

ئیدارەی ئاو و ئاوەڕو و موخابەراتیش كە هاوین و پاییزی ئەمسالْ كاریان دەكرد، لەگەڵ دەسپێكردنی فەسڵی سەرما هەموو كرێكارانی ڕۆژمزدیان لەو ئیدارانە دەركرد. بەم جۆرە بێكاری لە نێو شار زیاتر بووە و ئێستا ئەو شارە، دیمەنی بێكاری بە شێوەیكی زەق و بەرچاو بەروخشاری هەموو خیابانەكانیەوە دیارە ئەمە لە هەل ومەرجێكدایە كە قیمەتی پیداویستییەكانی ژیان و گوزەرانی خەڵك ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبی و كرێكاران خەڵكی دەستەنگ لە تەنگانەی بەرێچوون دان.

ماراو: خەباتی جووتیارانی هەژار.

بە پێی هەوالیك كە بە دەستمان گەیشتوە كاربە دەستان و مەئموورینی جمهووری ئیسلامی لە درێژەی ئاكار و ڕەفتارە دژی خەڵكییەكانی خۆیان دا ئەمجارە پەلاماریان هێناوەتە سەر زەحمەتكێشانی گوندی ماراو مەئموور و چەكدارەكانی ڕژیم بە پیشێل كردنی ماف و بەرژەوەندی زەحمەتكێشانی ماراو دەیانەوەی ئەو زەمینانە لە جۆتیارەكان بستینەنەوە كە لە ساڵەكانی سەرەتای شۆڕشی 57 دەستی بەسەردا گیرا بوو.

ئاوایی ماراو سەر بە كامیارانە و نزیكەی 150 ماڵە زەحمەتكێشانی ئەم ئاوایییە لە سەرەتای ڕاپەڕینی 57دا ئاغای ماراویان كە ملهوور و ئاكار دزیویكی كەم وێنە بوو. بە سزای ئاكارەكانی خۆی گەیاند و لە ناویان برد. هەر لەم دەورە دا ڕەشایی و زەحمەتكێشانی ئاوایی ئازایانە و یەكگرتوانە و بە بەشداری و پشتگیری چەلاكانەی كۆمەڵە، دەستیان بەسەر زەوییەكانی ئاغادا گرت و بە شێوەیەكی عادلانە و بە پێی جەمعییەتی ماڵەكان دابەشیان كرد.

بەڵام دوای هێرشی جمهووری ئیسامی بۆ سەر كوردستان تا هەر ڕادەیەك كە بۆی كراو توانی دەست بەسەر هەر ناوچەیەك دا بگری و دەسەلاتی ڕەشی خۆی بچەسپینی، لە پێش هر شتێك دا هەولی ئەوەی داوە ئەو زەویە داگیركراوانە كە دەسكەوتی شۆڕش بوون لە زەمحەتكێشان بستینیتەوە و بیخاتەوە بەردەست ئیدارانە دەركرد. بەم جۆرە بێكاری لە نێو شار زیاتر بووە و ئێستا ئەو شارە، دیمەنی بێكاری بە شێوەیكی زەق و بەرچاو بەروخشاری هەموو خیابانەكانیەوە دیارە ئەمە لە هەل ومەرجێكدایە كە قیمەتی پیداویستییەكانی ژیان و گوزەرانی خەڵك ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبی و كرێكاران خەڵكی دەستەنگ لە تەنگانەی بەرێچوون دان.

ماراو: خەباتی جووتیارانی هەژار.

بە پێی هەوالیك كە بە دەستمان گەیشتوە كاربە دەستان و مەئموورینی جمهووری ئیسلامی لە درێژەی ئاكار و ڕەفتارە دژی خەڵكییەكانی خۆیان دا ئەمجارە پەلاماریان هێناوەتە سەر زەحمەتكێشانی گوندی ماراو مەئموور و چەكدارەكانی ڕژیم بە پیشێل كردنی ماف و بەرژەوەندی زەحمەتكێشانی ماراو دەیانەوەی ئەو زەمینانە لە جۆتیارەكان بستینەنەوە كە لە ساڵەكانی سەرەتای شۆڕشی 57 دەستی بەسەردا گیرا بوو.

ئاوایی ماراو سەر بە كامیارانە و نزیكەی 150 ماڵە زەحمەتكێشانی ئەم ئاوایییە لە سەرەتای ڕاپەڕینی 57دا ئاغای ماراویان كە ملهوور و ئاكار دزیویكی كەم وێنە بوو. بە سزای ئاكارەكانی خۆی گەیاند و لە ناویان برد. هەر لەم دەورە دا ڕەشایی و زەحمەتكێشانی ئاوایی ئازایانە و یەكگرتوانە و بە بەشداری و پشتگیری چەلاكانەی كۆمەڵە، دەستیان بەسەر زەوییەكانی ئاغادا گرت و بە شێوەیەكی عادلانە و بە پێی جەمعییەتی ماڵەكان دابەشیان كرد.

بەڵام دوای هێرشی جمهووری ئیسامی بۆ سەر كوردستان تا هەر ڕادەیەك كە بۆی كراو توانی دەست بەسەر هەر ناوچەیەك دا بگری و دەسەلاتی ڕەشی خۆی بچەسپینی، لە پێش هر شتێك دا هەولی ئەوەی داوە ئەو زەویە داگیركراوانە كە دەسكەوتی شۆڕش بوون لە زەمحەتكێشان بستینەنەوە و بیخاتەوە بەردەست

هەنگاوەكانی ڕژیم لە دژی خەڵكی سەرسنوور.

بە پێی هەوالیك كە بە دەستمان گەیشتوە، سەرتای مانگی ڕەشەمە، فەرماندەری سەردەشت دانیشتوانی ئاوایییەكانی دولەتو، گورەشیر، نوكان، گل كەن، تووژەل و كانی زەردی لە ئاوایی میراوی كوكردوەتەوە و پێی ڕاگەیاندوون كە لەبەرئەوەی ئاوایییەكانیان لە نزیك سنوورە دەبی تا ئاخر و ئوخری مانگی ڕەمەزان ئەو دیهاتە چول بكەن و لە دەوروبەری شاری سەردەشت جێگیر بن.

هەروها بە پێی ئەو هەوالانە كاربەدەستانی ڕژیم لەم دوایییانەدا بە شێوەیەكی بەربڵاو دەستیان داوەتە هێنان و بردن و جی گۆڕكی پی كردنی هێزە نیزامییەكان، دەیانەوی هێزەكانی سەر سنوور كە پێشتر لە ژاندارمری و ئەرتەشی پێك هاتبوون، بە هێزەكانی سپای پاسدارن بگورنەوەن تا نێستا لە شوێنە سنووریەكانی بانە ئەم كارەیان كردوە و ئەفرادی سپای سەر بە واحدی ورمیەیان لە و شوینانە داناوە ئەم هێزە تازانە شەوانە

←

خەریکی کەمین دانانەوەن و بی هەدەف دەوروبەری خۆیان بە چەك و چولی سووك و قورس دەکوتن و بەم جۆرە گێروگرفت و نائارامییەکی زۆریان بۆ هات وچوی خەڵك لەم شوێنە سنووریانە پێك هێناوە.

جمهووری ئیسلامی بە ناچار کردنی خەڵکی ئاوایی‌یەکان بۆ بەجی هێشتنی شوێنی ژیانیان لەسەر سنوور و هەروەها بە داگیرکردن و کۆنترولی زیاتر بەسەر ناوچە سەرسنووری‌یەکان و ئال وگۆڕکردنی نیزامی و مانورە نیزامی‌یەکان، بە خەیالی خۆیان دەیانەوەی لە لایەك کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای هات و چوێ پێشمەرگەکان لە ناوخۆی ئێران دا و لە لایەکی دیکەش دەیەوی هەرەشە بکا لە جەماوەری خەڵکی کوردستان کە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ نەفرەتیان لە ڕژیم زیاتر دەبی، جمهووری ئیسلامی بە خەیالی خۆی بە تەمایە بەم جۆرە بەری هەڵچوونی تووڕەیی خەڵك بگری.

بەڵام ڕژیمی جمهووری ئیسلامی کە بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق هەموو شوینە سەرسنووری‌یەکانی کوردستانی بە دامەزراندنی قەرارگا و پایگای نیزامی و داچاندنی مین بە بەربڵاوی تەنی بوو، نەیتوانی بەری هات وچوی هێزەکانی پێشمەرگە و حوزووریان لە کوردستان، بگری هەموو هەول و تەقالاکانی ئەم جارەشیان سەر لە بەرد دانە و بیگۆمان خەڵکی شار و ئاوایی‌یە سنووری‌یەکانی کوردستان کە ئێستا زۆرجار پیلانەکانی جمهووری ئیسلامی‌یان تەجرۆبە کردوە. بە نارەزایەتی دەربڕین و خۆراگری یەکپارچە و یەکگرتوانەی خۆیان ئەم جارەش سیاسەتی کوچی زۆرەملی ڕژیمی پووچەل دەکەنەوە.

بۆکان: زەخت و زۆر بۆ سەر دەسفرۆشەکان

بە پێی گوزارشیك کە لە شاری بۆکانەوە بە دەستمان گەیشتوە ڕادەی بێکاری لە شاری بۆکانیش هەروەکوو شارەکانی دیکەی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکە ئێران هەر دی و زیاتر دەبی لە ئاوا هەل ومەرجێکدا زۆر لە کرێکارانی بێکار و خەڵکی زەحمەتکێش دوای هەول و تەقالایەکی زۆر کاتێك کە نەیانتوانیوە کارێك پەیدا بکەن بە ناچار ڕوویان هێناوەتە دەسفرۆشی و لە ڕاستیدا دەسفرۆشی ئاخرین ئومیدی و پەنای ئەوانە بۆ دابێن کردنی بژیوی خۆیان و خانەوادەکەیان ئەویش لە هەل ومەرجێکدا کە گرانی و چوونەسەری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی قیمەتەکان تەنگی بە خەڵك هەلچنیوە. بەڵام سەرباقی هەمووی ئەوانەش ئەم خەڵکە فەقیر و هەژارە ڕۆژ نێە نەکەونە بەر زەخت و زۆر و ئەزیەت و ئازاری مەئموورانی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی ئەم دەسفرۆشانە کە زۆر لە چوارڕای ئەسکەندەری خیابانی میراوا کە تقریبا مەرکەزی شارن کۆ دەبنەوە و دەسفرۆشی دەکەن هەرچەند ڕۆژ جارێك لە لایەن هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕژیمەوە هێرشیان دەبڕێتە سەر و تەوهین و بی حورمەتیان پی دەکری، بە شەق لە گاری و فەرغونەکانیان هەلدەدەن و هەرچی شت و مەك و کەرەسەیەك کە پی‌یانە یانی تەواوی سەرمایەکەیان دەخەنە ناو جەدول و یا لە خیابان بلاوی دکەنەوە. زۆرجاریش ماشینی شارەداری بە لیدان و جنیودان دەکەوێتە سەر دەسفرۆشان و تەوهین و بی حورمەتیان پی دەکەن ئەو دیمەنانە کە هەرچەند ڕۆژ جاریك لەبەرچاوی خەڵك دووپات دەبنەوە نەفرەت و بیزاری خەڵکیان لە درێژەدانی ئەو وەزعە بردووەتە سەری.

(پاشماوەی) پیرۆز بێت 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

لە کوردستان کاتێك کۆمەڵیك لە ژنان هاتنە نێو ڕێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، تەواوی بەرەی کۆنەپەرستی، یەکدەنگ هاواریان لێ هەستا کە ژن ئەوەی لێ ناوشیتەوە و نابی بێکا. وتیان چون ژن و پیاو لە یەك ڕیزدا جێگایان دەبێتەوە وتیان کۆمۆنیستەکان ژن دەکەنە ئیشتراکی و ملکی هاوبەش هەرچی لە میشکی گەندەل و دارزیویاندا بوو، هەرچی بۆگەنیوی قەبرستانەکانی هەزار سالێ لەوەپێشی لیدەهات، هەرچی هیلنج و زەردەوی دەروونی پیسیان بوو لە دژی ئەو ژنانە و لە دژی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست لە گەڕوویان هەلدڕایە دەرەوە. ئەگەر هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و وەخەبەرهاتوو لە پشت ئەو هەنگاوەی ئێمە نەبوایە، کۆنەپەرستان ڕەجمیان دەکردین.

ئەوانەی کە دلیان بۆ ئەوە دەسووتاند ژن هێزی ئەوەی نێە چەك هەڵگری، هەر ئەوانە بوون کە قەت بە خەیالیاندا نەهاتوە ئەدی ژن چلون شان بە شانی باوك و برا و مێردی کرێکاریان چاردە سەعات بە منداڵی کولیانەوە قوری کووڕەخانە دەشیلن، دەسکەنە و دروینە دەکەن، تائارد و تاگەنم لە کولیان دەدەن و، بارەدار لە هەرچی شاخی بەرزەوە دێننە خوار مەعلووم بوو ژن لە ڕوانگەی ئەوانەوە کویلەیەك وەك کویلەی نێر، بەڵام بۆ خەباتی ڕزگاری هەقی هەنگاو هەڵگرتنی نێە. مەعلووم بوو بورژواکان ژن بە ملکی پیاو دەزانن بۆیە پییان وایە اشتراك و هاوبەشی لە ملك و دارایی‌دا، ژنانیش دەگرێتەوە و کۆمۆنیستەکان چونکە وتوویانە ملکی کۆمەڵ بەسەر هەموانداوە دابەش دەکەین، ژنانیش بەسەر هەموانداوە دابەش دەکەن کە بەشێکن لە ملکی پیاو.

بەڵام ئێمە بیروباوەڕ و ئەرکەکانی خۆمانمان بۆ وەدی‌هێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان و حەقی بەرابەربوونیان، لەگەڵ ڕەوتی وشیاربوونەوە و وەخەبەرهاتنی زەحمەتکێشان و ژێردەستانی کۆمەڵ، دڕ بە هەموو ئەم کۆسپ و لەمپەرانە بەڕەوپێش بردە. سەرەڕای هەر کەم و کووڕی‌یەك کە لەم بابەتەوە لە کارماندا بوونی، ئەمڕۆ، ئێمە ئەو هێزەین کە ژنانی پێشیل کراو و حەقخوازی کوردستان، بە سازمانی لایەنگر و موداڤیعی ئەو مافانەمان دەزانن وە ئەوە فەسلیکی گەش و جێگەی شانازی‌یە لە تاریخی خەباتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست دا لە کوردستان.

لە دەورەیەکدا کە کۆمەڵگای کوردستان، شاهیدی ئازار و ژانی بی سنووری ژنان بووە، لە دەوریەکدا کە ژنان دەست و پەنجەیان لە خەنجەر و سەرنیزە سووە، گەردنیان لە تەناف و پەتی سیدارە ئالقاوە و لە قوولکەی سەنگ ساردا بەردەباران کراون، لە مەزرکان بێگاریان پێکراوە، لە کارگاکان لەگەڵ هیلاکی خۆینیان بووەتە ئاو، تانە و تەشەر و تومەت و بی حورمەتی بەسەریاندا باریوە، هاواری عەدالەتخوازی و نرکەی ڕاسان لە کویلەتی، کۆ بووبی یان بەزر و ڕەسا، قەت بیدەنگ نەبووە و ئێمە هەولمان داوە دەنگمان تیکەل ئەو هاواڕە ئینسانی‌یە بکەین ڕێزی پێشکەرگەی کۆمەڵە، ئەو سەنگەرە بووە کەی تێیدا دەستی ئەو ژنانە بۆ یەکەم جار لە لولەی چەکەوە نەفرەتی پشتاوپشتی ئینسانی چەوساوەی بەرووی خوینمژان دا تەقاندوە.

کۆمەڵە لەم هەلویستە ناکشیتەوە. نەك هر ناکشێتەوە، بەڵکوو دەیهەوی و بە یارمەتی و هاودەنگی ئێوە، لە توانای‌دا هەیە تەوژم و تینیکی زۆر زیاتر بدا بەو ڕەوتە شۆڕشگێڕانەیە کە ڕزگاری ژنان لە ژیانی کویلەتی و بی مافێ یەکێك لە ئەنجامەکانی سەرکەوتنیەتی.

ئێمە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، هەموو ژنانی زۆرلیکراو و تەحقیرکراو و ژێردەستە، هەموو ئەو ئینسانانە کە بە حەقی خۆیانی دەزانن بی هیچ ستەم و سووکایەتی‌یەك بژین، بانگەواز دەکەین کە بۆ ڕێکخستنی هێز و توانای خەباتکارانەیان، ڕێزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان بکەنە سەنگەری تیکۆشانی خۆیان سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵە، ئامادەیی ئەوەی هەیە کە بە پشت ئەستووری هێزی وەخوکەوتووی ئیعتیرازی خەڵکی بی بەش، شەڕی کۆمەڵی چەوساوە و ژێردەستە و تینووی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و سەرمایە پاریزی، سازمان بدا. ئێمە دەمیکە ئیعلانی ئەو شەڕەمان کردوە و ئەمڕۆ کاتیەتی مەیدانەکانی ئەو شەڕە کۆمەڵایەتی و چارەنووس سازە تەکانیك گەورەتر بە خۆیانەوە ببینن.

ئێمە هەر لێرەوە هەمو کرێکارانی وشیار وپیشڕەوانی سوسیالیست، هەموو تیکۆشەرانی ڕێزەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بانگەواز دەکەین کە سازماندانی حەڕەکەت وئیعتیرازات بۆ وەدی‌هێنانی ئازادی‌یە فەردی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ژنان و هەر هەنگاویکی بەرابەریخوازانەـ، وە کوکردنەوە و ڕێکخستنی هێزی ئەو حەڕەکەتە، بە یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی خۆیان دانێن.

بە تایبەت ئێستا، کە خەبات لە دژی ستەمگەری جمهووری ئیسلامی، لە دژی تەحمیلات و دەسدرێژی‌یەکانی مەئموورینی ڕژیم، وەخەبات بۆ بەهرەمەندی لە ژیانی ئازادانە، خەریکە لە کوردستان و لە هەموو ئێران پەرە دەگری، ئەرکی ڕێکخستنی ئەو خەباتە پیویستی‌یەکی زیاتر لە جارانی بۆ کۆمۆنیستەکان و هێزی ڕادیکال و پێشڕەو هەیە.

تیکۆشەرانی ڕێزەکانی کۆمەڵە لە شار و دیهاتی کوردستان لە پەنای ئەرکە سەرەکی‌یەکانی دیکەیان دەبی گەرم و گوڕ و لیبراوانە بەڕەو پیری ئەم ئەرکە بچن. ئەوە مەیدانیکە کە بی هیچ گومانیك جەماوەریکیبەرینی عەدالەتخواز و بەرابەری تەلەب تێیدا کودەبنەوە ڕێکخستنی ئەم هێزە ئەرکی تیکۆشەرانی کۆمۆنیستە ئەوە بۆ ئێمە ئەرکیکی تەنیا تەشکیلاتی نێە. بۆ هیچ هیزیکی سیاسی دیکەش لە کوردستان، دیفاع لە حەقی ژنان ئێتر ناتوانی میدالیك بی بۆ ڕازاندنەوەی بەروکی خۆیان ئەگەر تا ئێستا ئەوە بە معیار و پیوانەی شۆڕشگێڕ بوونی ژنان دادەنرا کە چەندە تەداروکاتی پشتی جەبهە بۆ پێشمەرگە دابین دەکەن و چەندە بە کاری دەستی، خزمەتی پێشمەرگە دەکەن، ئەوە دەبێتە معیار و پیوانەی شۆڕشگێڕ بوونی حیزبەکان. پێك هاتنی ڕەوتیك ئاوا لە کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر، بە شێوەیەکی حاشا هەلنەگر حاسڵی تیکۆشانی کۆمۆنیستەکانە با ویرای ڕێزگرتن لە هەول و فیداکاری تیکۆشەرانی ئەم ڕێگایە، خۆمان ئامادەتر بکەین بۆ دەسکەوتی گەورەتر و هەنگاوی گەورەتر.

بژی ئازادی

بژی بەرابەری

بە ڕقەڕاربی حکوومەتی کارگەری!

چەند یادداشتی سیاسی

ڕووداوی ئەم دووایی‌یانەی مزگەوتی الخلیل و تەئسیری لەسەر وت وویژەکانی ئاشتی

بە پێی گوزارشی هەواڵنێرەکان سەرلەبەیانی ڕۆژی جومعەی 6ی ڕەشەمە چەکدارێك کە ئۆنیفۆرمی ئەرتەشی ئیسرائیلی لەبەردابوو، چووە ژووری مزگەوت و تەقەی لە خەڵك کرد و لە ئەنجام دا زیاتر لە 100کەس کوژران و بریندار بوون بە شوێن ئەم کوشتارە دلتەزێنەدا شەپولیکی ئیعتیراز و نارەزایەتی، سەرانسەری ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین و شوێنەکانی دیکەی تەنیەوە و لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی جەماوەری تووڕە و هێزە نیزامی‌یەکان چەند لاوی فەلەستینی کوژران و زیاتر لە دەیان کەس بریندار کراون دوڵەتی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە شێتێکی تو ندڕەوی یەهودی هوکاری ئەم کۆشتارەیە بەڵام بە وردبوونەوە لە جەریان ڕووداوەکە بە ئاشکرا دیارە کە دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل هۆکاری سەرەکی ئەم کۆشتارەن، چونکە لە زووەوە پاراستنی ئەمنییەت و پاریزگاری لەم مزگەوتە لە ئەستوی ئەرتەشی ئیسرائیل دا بووە، کەوابوو دەسنیشان کردنی شێتێك وەك هۆکاری سەرەکی هیچ شتێك ناسەلمینی جگە لە سەرەڕویی و قەساوەتی دەوڵەتمەداران و بەڕێوەبەرانی کور و کۆمەڵی تووندڕەوی یەهودی وپاکانە کردنە بۆ ئەم کۆشتارە جەنایەتکارانەیە دەوڵەتی ئیسرائیل بە مانەوە و حوزووری بەردەوام و نارەوای خۆی لەو شوینانەوبەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ عەرەبە فەلەستینی‌یەکان زەمینەی کۆشتاریکی وەهای فەراهەم کردوە. ئێستا کە شەپولیکی بە تەوژمی تووڕەیی و ئیعتیرازی تووند و تێژی بەرین زۆربەی ناوچە داگیرکراوەکانی گرتوەتەوە، دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ کۆنترولی زیاتری وەزعەکە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی زیاد کردوە، لە لایەکی دیکەش جەریاناتی بنیاتگەرایی ئیسلامی و لە سەرووی هەمووانەوە حماس کە هەر لەسەرەتاوە موخالفی وت وویژ و پێك گەیشتنی ئاشتی‌یانەی ڕاف وئیسرائیل بوو، دەیەوەی لەم دەرفەتە کەڵك وەرگری و شەپولی نارەزایەتی و ئیعترازی بەرینی جەماوەری خەڵك لە ناوچە داگیرکراوەکان بکاتە کۆسپیك لەسەر ڕێگای بەڕێوەچوونی پەیماننامەی ئاشتی ڕاف و ئیسرائیل و تا ئەو جێگایەی بکری دوای بخات.

بنیادگەرا ئیسلامی‌یەکان کە لەم هەل ومەرجەی ئێستادا لە باری هاوسەنگی هێزەکان قورسایی‌یەکی ئەوتویان نێە وەك لایەنێکی مەسەلەی فەلەستین بەشداری وت وویژەکانی ڕاف و ئیسرائیل بکەن، یا لە باری بەرن، هەوڵ دەدەن بە کەڵك وەرگرتن لە تووڕەیی و نارەزایەتی خەڵك و زیاتر کردنی هەڵسووڕانی خۆیان جێگاپیی خۆیان لە ناوچە داگیرکراوەکان قایم بکەن، دەیانەوی لەم ڕێگایەوە ئیمکانی بە دەست هێنانی بەشێك لە حکوومەتی خودموختاری فەلەستین لە دواڕۆژدا بۆ خۆیان بخولقینن.

بە شوێن کۆشتاری موسلمانەکان لە مزگەوتی الخلیل و دەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم ڕووداوە لە دەزگا خەبەری‌یەکانی جیهان، دەوڵەتە ڕۆژاوایی‌یەکان هەولیان دا ئەم ڕووداوە بە شتێکی ئاسایی لە وەزعییەتی ئەو ناوچەیە لە قەلەم بدەن، تا بەم جۆرە شوێنەواری مەنفی ئەم ڕووداوە لەسەر ڕەوتی وت وویژەکان کەم بکەنەوە یاسر عرفات کە لە لایەن موخالفەکانی خۆیەوە بە تووندی لە ژێر فشاردایە بۆ وازهێنان لە وت وویژ، ڕایگەیاند کە ئەم ڕووداوە شوێنەواری مەنفی لەسەر ڕەوتی وت وویژ داوەتە ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی و جامعەی عەرەب کرد کە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەسەر ئەم ڕووداوە پێك بهێنن. ئەمریکاش بۆ ڕزگارکردنی وت وویژەکان داوای لە دوولایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی کرد تا بچنە واشنگتون و وت وویژەکانی خۆیان درێژە پی بدەن.

لە ئێستاوە قابلی پێش بینی‌یە کە هەرچەند کۆشتاری موسلمانەکان دەتوانی ڕەوتی وت وویژەکان تووشی گیرە و کێشە بکات یان تەنانەت وەستانیك بکەویتە سەر ڕێگای وت وویژ لەسەر چونیەتی بەریوەبردنی تەوافقاتی پیشوو سەرەڕای هەوراز و نشیوی سەر ڕێگای دانیشتنەکان دەست پی دەکاتەوە چونکە لە ئەساس دا چەند فاکتوریکی سەرەکی‌تر بوونە هۆی دەست پێکردنی وت وویژەکان لەم ڕووەوە کارەساتی الخلیل ناتوانی بە تەنهایی ببێتە هۆی لە بارچوون یان پووچەل کردنەوەی وت وویژەکان.

دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئەنجامی بی توانایی ئاشکرای خۆی لە سەرکوت کردنی جەماوەری ڕاپەڕیوی فەلەستینی و لە ئەنجامی تەشەنە کردنی شەپولی ئاشتیخوازی لە ناو خەڵکی ئیسرائیل هاتوەتە سەر میزی وت وویژ کردن لەگەڵ ڕاف ڕاف یش لەبەر تووند و تیژی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیدەتر فشاری ئابووری و سیاسی ملی ڕێگای وت وویژ کردنی گرتوەتە بەر ئەم ڕووداوەش هەرچەند لە ئاستیکی بەرینیش دا دەنگ بداتەوە ناتوانی وجوددی ئەم فاکتورە سەرەکی‌یانە کە هۆی بنەڕەتی سەرهەڵدانی وت وویژ بوون، لە نێو بەرێت.

جمهووری ئیسلامی دوابەدوای ڕووداوی الخلیل بۆ هاوەردی دەربڕین دەرحەق بە موسلمانەکانی فەلەستین ڕۆژێکی بە ناوی عەزای عمومی ڕاگەیاند. لەم ڕۆژەدا هەراوهوریایەکی بەرینی لەسەر ئەم ڕووداوە وەری خست و بە سازماندانی ڕیپێوان و نمایشی جۆربەجۆر هێرشی کردە سەر ڕەوتی وت وێژەکان و وەک خیانەت بە ئارمانی فەلەستین ناوی لێ برد لە ڕاستیدا جمهووری ئیسلامی دەیەوێست هەر لە هەمان کات و ڕۆژی دەسپێکردنی وت وێژەکان ئەم نمایشانە وەری بخات بەڵام لەبەر فشاری ڕۆژاوا بە تایبەت ئالمان وازی لێ هێنا.

جمهووری ئیسلامی لەوە نێگەرانە کە هەلوێستی غەیرە فەعالانەی لەم زەمینەیەدا ببێتە هۆی کەم بوونەوەی نفووزی لە ناو جەریاناتی بنیادگەرای فەلەستینی هەراوهوریا و تەبلیغاتی ئەم دوایینانەی جمهووری ئیسلامی لەم چوارچێوەیە دا قابیلی ئەرزیابییە.

هەرا و هوریای جمهووری ئیسلامی لە پال هەڵسووڕانی حماس کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئیعتیراز و نارەزایەتی خەڵک لە ناوچە داگیرکراوەکان دەچێتە پێش، هەولیکە بۆ بە لاریدا بردنی خەباتی عادلانەی خەڵکی فەلەستین و مەیلی ڕادیکالی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەسەر ڕێگای واقیعی خۆیدا.

جمهووری ئیسلامی بە تایبەت لەم ڕووداوە کە لە مزگەوتیک دا ژمارەیەک موسلمانی بەرووژوو کوژڕاون کەڵک وەردەگری، تا کۆنەپەرستی ئیسلامی بە عەوامفریوی و ریاکاری بتوانی پەرە بە شەر و دوژمنایەتی فیرقەیی و مەزهەبی بدا. دیارەیەک کە زیانێکی زۆربە جوولانەوەی کرێکاری و ڕەوتی ڕادیکالیزم دەگەیەنی.

ئەمریکا لە دەخالەت لە بوحرانی یوگوسلاوی پێشوودا بە شوێن بەرژەوەندی خۆیەوەیەتی

ئامریکا و باقی ئەندامانی پەیمانی ناتو جارێکیتر بریاریان داوە لە بوحران و ئالوزییەکانی بوسنی هرزگوین دا دەخالەتی نیزامی بکەن بە ڕوالەت، ئەم بریارە پاش توپ باران کرانی شاری سارایڤو بوو کە تێیدا نزیکەی 70 کەس کوژران و ژمارەیەکی زیتاتریش بریندار بوون پاش ئەو ڕووداوە دەوڵەتی فەرانسە داوای لە پەیمانی ناتو کرد کە لە بوحرانی بوسنی دا دەخالەت بکا ولاتانی ئەندامی پەیمانی ناتو و لە پێشەوەی هەموویان ئامریکا، بە هێزەکانی سیریبیان ڕاگەیاند کە دەبی هەتا نێوەشەوی یەک شەممە 1994/2/20، هەموو چەکە قورسەکانیان هەتا 20 کیلومیتر لە شاری سارایڤو دوور خەنەوە، وە یا چەکە قورسەکان بخەنە ژێر چاوەدێری هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەگینا فروکە شەرکەرەکانی هێزی هەوایی ناتو هیرش دەکەنە سەریان هاوکات لەگەڵ ئەم هەرەشەیە، دەوڵەتی ڕووسیا تەقالای خۆی دەست پێکرد بۆئەوەی سیربەکان قانع بکا بەوە کە چەکە قورسەکانیان بکشینەوە دواوە و خۆشی هێزیکی 400 کەسی نارد ناوچەکە.

ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدا هەڵدەگیرین کە پاش دابەش بوونی یوگوسلاوی، نیستا نزیکەی 3 ساڵە شەریکی خۆیناوی و مالویرانکەری قەومی لەو ناوچەیە لە ئارادایە ئەم شەر و پیکدادانە هەتا ئێستا چەند سەد هەزار کوژراو و بریندار لە پاش خۆی بەجی هیشتوە کە نزیکەی 50 هەزار کەس لە بریندارەکان هەتا کۆتایی ژیانیان پەک کەوتە بوون. 70٪ی ئەم کوژراو بریندارانە لە خەڵکی ئاسایی و بیدیفاعی و منالآن بوون.

بەرپاکردنی ئوردووگای مەرگ، ترسناکتر و مەرگبارتر لە ئوردووگاکانی نازییەکان، هەلچنینی تەرمی کەسانی نێوەگیان لە زیندانەکان لەسەر یەکتر، لیدان و داغکردن و شکەنجە، دەسدرێژی بۆ سەر کچان و ژنان و دەیان جینایەتی دلتەزینیتر، چەند دیمەنیکی ئەو تراژیدیەیە ئینسانییەن کە لە ولاتیکی ئوروپایی کۆتایی سەدەی بیستەم بەریوە دەچی و هەتا ئێستا بووەتە هۆی ئاوارە بوونی زیاتر لە 2میلیون کەس. کاتێک بوحرانی یوگوسلاوی دەستی پیکرد ولاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپا پییان وابوو دەتوانن بە خیرایی چارەسەری بکەن و دەستیان دایە تەقالای سیاسی و دیپلوماتیک بەڵام کاتێک بوحرانەکە دریژەی کێشا و کاتێک دیتیان پێش بینییەکانیان وەراست نەگەرا، هەموویان، هەرکام بە جۆرێک، ویستیان خۆیان لەم ماجەرایە دەرباز بکەن سەرەنجام دەستیان دایە، تەنگ کردنەوەی ئالقەی گەماروی ئابووری سیربەکان و پشکنینی ئەو کەشتیی بازرگانییانە کە دەچوونە ئەو ولاتە و هەرماوەی جاریک وت ووێژیکیان لەسر ئەو ماجەرایە ساز دەکرد.

شووڕای ئەمنییەت هەرچەند پێی وابوو نارەدنی هێزی چەکداری ناوبژیکەر ئەنجامی باشی دەبی، بەڵام ماوەیەکی دوور و درێژ خۆی لێ لاداو، وێرای ئەوە کە گلەیی لەوە کرد کە ولاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپا دەخالەتی بی جی لە مەیدانی دەسەلاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا دەکەن، ڕایگەیاند کە لە باری ئیمکاناتی مالییەوە توانای ئەوەی نێە هێزی پاریزەری سولح بنیریتە ناوچەکە نوێنەرانی پارلمانی ئوروپا بە دەرکردنی بریارنامەیەک ڕایانگەیاند بە داخەوەن کە نەیانتوانیوە سیاسەتیکی لیبراوانە و هاوئاهەنگ لە بابەت ئەو ناوچەیە ڕەچاو بکەن.

ئەم ڕاوێژانە و چ بکەین و چ نەکەین لە هەل ومەرجێک دا دریژەی پیدەدرا کە کوشت و کۆشتاری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شەرە هەر ڕۆژە ژمارەیەکی زیاتری قوربانی دەکرد. چەند جار ئاگربەسی چەند ڕۆژە و کورت خایەن بە مەبەستی ڕێگا خوشکردن بۆ وت وێژ، هیچکامیان بە ئەنجام نەگەیشتن و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هۆی نەبوونی پیداویستییە سەرەکی یەکانی ژیانیان، کەوتبوونە تەنگانەیەکی دلتەزین.

یەکەمین تەرحی سولحی دیویداوئن ڕاسپاردەی پارلمانی ئوروپا کە لە ئاخر و ئوخری ساڵی ڕابوردوودا ئامادە کرابوو، سیربەکان قەبوولیان نەکرد سیربەکان بۆیە ئەو تەرحەیان قەبوول نەکرد کە تێیدا بوسنی هرزەگوین وەک جمهووریەک بە ڕەسمی ناسرابوو، وە هەروەها ناوچەکانی سیرب نشین یەکپارچە و بەسەریەکەوە نەبوون و ئەمە کۆسپیک بوو لەسەر ڕێگای وەدیهاتنی ئامانجی سیربستانی گەورە. هەتا ئێستا وت ووێژ لەم زەمینەیەدا بە ئەنجام نەگەیشتوە و ئاخرین خولی وت ووێژەکانی سولح لە ژنو بە هۆی خولادانی علی عزت بگوویچ ڕەئیس جمهووری بوسنی، لەگەڵ شکست و ناکامی بەڕەو ڕوو بوو. ئەمە لە حاڵیکدایە کە دیویداوئن و توروالد استولتنبرگ ناوبژیوانی بین المللی بی هیوایی خۆیان لە وەدیهاتنی هەر ریک کەوتنیک لە نێوان لایەنەکانی ئەو شەرەدا ڕاگەیاندوە.

دوای شکستی یەکەمین تەرحی سولحی اوئن، ئامریکا لایەنگری ئەوەبوو کە مقەر و بنکەی سیربەکان بۆمباران بکرین و موسولمانەکان بە چەکی جۆراوجۆر تەیار بکرین بەڵام کۆمەڵەی ئوروپا ئەم پیشنیارەی وەرنەگرت ولاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپا پییان وابوو نارەدنی چەک بۆ موسولمانەکان دەبێتە هۆی قوول بوونەوەی شەرەکە و پەرەگرتنی لە هەموو ناوچەی بالکان و، بۆمباران کردنی سیربەکانیشیان خستە دواوە و لە جیاتی ئەوە داوایان کرد هێزیکی پاریزەری سولح بە ژمارەی 80 تا 100 هەزار کەس بنیردریتە ئەو ناوچەیە بەڵام ئامریکا کە بەشێکی زۆر لەم ئەرکە دەکەوتە سەرشانی خۆی، ئەو پیشنیارەی ڕەت کردەوە بە کردەوە ئەو شتەی هەموان لەسەری پێک هاتبوون خوگنخاندن و چاوپوشی لە دریژەی شەر و کۆشتار و ویرانی لە ناوچە کە بوو.

ئامریکا کە لە بوحرانی خەلیجی فارس دا هەستی بەوە کردبوو بەرژەوەندە ئابووری و حەیاتییەکانی کەوتوونەتە خەتەر، گەلیک جار بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە ئەگەر بێت و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ولاتانی کۆمەڵەی ئوروپا حازر نەبن لە بوحرانی خەلیج دا دەخالەتی چەکدارانە بکەن، خۆی بە تانیایی ئەم کارە دەکاو، لە ماوەی کەمتر لە مانگیک دا هێزیکی گەورە و گرانی بە هەموو جۆرە چەکیکی کوشندەوە نارد ئەو ناوچەیە بۆ نارەدنی هێزی چەکداری شەرکەر بۆ سومالیش بە مەبەستی هێنانە سەرکاری دەوڵەتیکی سەر بە ئامریکا لەو ناوچە ئیستراتیژیکە و کۆنترول کردنی ڕێگای هات وچوی دەریایی لەو ناوە کە بە دەروازەی ئافریقا حیساب دەکری، ئامریکا هیچ گۆمان و دوو دڵییەکی لە خۆی نیشان نەدا بەڵام لە بوحرانی یوگوسلاویدا ئامریکا ڕەچاوکردنی سیاسەتیکی ئاوای بە قازانجی خۆی نەدەدی هەربۆیە لە کاتێکدا کە پیشنیارەکانی بۆ چارەسەری ئەم بوحرانە لە لایەن کۆمەڵەی ئوروپاوە ڕەت کراوەتەوە ئامریکا هەولیدا خۆی لەم ماجەرایە کەنار بگری هەتا مەسەلەکە هەروا بە چارەسەر نەکراوی کۆن بکەوی و بەم جۆرە دەستەوەستانی ولاتانی کۆمەڵەی ئوروپا و کارساز نەبوونی تەرح و چارەجویی‌کانیان بۆ خاموش کردنی شەری یوگوسلاوی بۆ هەموان ئاشکرا بکا. ئامریکا بە ڕەچاوکردنی ئەم هەلویستە ویستی بە ولاتانی کۆمەڵەی ئوروپا و بە هەموو جیهانی سەرمایەداری بسەلمینی کە دنیای دوای شەری ساردیش بۆ پاراستنی بە ناو "ئاشتی و ئەمنییەت" موحتاجی ئامریکا و هێزی نیزامی ئەو ولاتەیە.

کلینتون لە وت ووێژیک دا کە لەگەڵ شەبەکەی تلویزیونی G.N.N کردی، ڕایگەیاند کە زیاتر لە نێوەی ئەو هیزانە کە پەلامار دەبەنە سەر سیربەکان هێزی ئامریکایین و ڕوو لە خەڵکی ئامریکا وتی کە ئیمکانی ئەوە هەیە هێزەکەی ئێمە زیانی گیانی پی بگا و هەروەها وتی بۆ بەرژەوەندی میللی ئامریکا پیویستە لە چارەسەرکردنی بوحرانە تووندوتیژەکانی ئوروپادا بەشداری بکەین.

ئەو بەرژەوەندە میللییە کە کلینتون باسی دەکا تەواو ڕۆشنە ئامریکا لە هەل ومەرجیک دا کە دەزانی توانای ئەوەی نێە لە مەیدانی ڕەقابەتی ئابووری‌دا لەگەڵ دوو بلوکی ئەمپریالیستی ئوروپای یەکگرتوو و ژاپون بالادەستی و مەیداندارای خۆی بپاریزی، هەول دەدا بە پشت بەستن بە هێزی چەکداری خۆی و دەخالەت لە بوحران و ئالوزییەکانی یوگوسلاوی پیشوودا، قەدەر قودرەتی خۆی جارێکی تر نمایش بدا و لە ڕاستیدا جێگا و شوێنی بالادەست و سەروەرانەی خۆی بە هێزی نیزامی بپاریزی بوحرانی یوگوسلاوی پیشوو، مەیدانیکی تڕە بۆ ئامریکا کە تێیدا بکەویتە شوین"بەرژەوەندی میللی" خۆی.

بۆ بەشەرییەتی ئەمرۆ، کە لە دوو سی ساڵی ڕابوردوودا دەیان و سەدان جار لەسەر سەفحەی تلویزیونەکان دیمەنی دلتەزین ترین جینایەتەکانی دیتوە و بە تووڕەیی و نەفرەت و نیگەرانییەوە دل لە دوای ڕووداوەکان بووە، جارێکی تر ئاشکرا بوو کە لە پشت سیاسەت و دەخالەتی بە ڕوالەت "ئینسانیدوستانە"ی ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا لە ڕووداوەکانی بوسنی‌دا، چ بەرژەوەندخوازییەک هەیە و حاکمانی سەرمایە چ بیرشەرمانە لە دووی قازانج پەرستی خۆیانن.

جگە لە هەموو ئەوانە پێش بینی ناکری کە دوورخستنەوەی چەکە قورسەکانی سیربەکان لە دەورو بەری شاری سارایڤو، یان پەلاماری هەوایی هێزەکانی ناتو بۆ سەر بنکەی سیربەکان، بتوانی لە کۆرت ماوەدا شەر و ئالوزییەکانی ئەو ناوچەیە کۆتایی پی بێنی چونکە تەنانەت ئەگەر تەرحەکانی ناتو سەرکەوتوانەش بەرەو پێش بچن، دیسانیش هێزە ناکوکەکان لە بوسنی ئیمکان و ڕێگادەستی تێک هەلچوونەوە و پیکدادنیان هەر دەمینی.

واقعییەتی بوحران و دەخالەتی هێزە ئەمپریالیستییەکان لە یوگوسلاوی پیشوو، جاریکی تر ئەوە ئاشکرا دەکا کە بەشەرییەت چ پیویستییەکی گەورەی بە ڕێگا چارەیەک هەیە کە ئەنجامی ئیرادە و بریاری چینی کرێکار و بەشەرییەتی پێشکەوتنخواز و عەدالەتخوازی ئەمرۆ بی.

سەفەری وارن کریستوفەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ چین

سەرەنجام لە گەرمەی هات و هاواری خەبەرگوزاریەکان و دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی ئەمریکا لەسەر پیشیل کردنی مافێ مرۆڤ لە چین، وارن کریستوفەر ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەفەرەکەی بۆ پکن، پایتەختی چین دەسپێکرد.

وەری خستنی هات و هاواری تەبلیغاتی و گرتنی هەڵویستی دوژمنانە لەسەرەوە و، لە هەمان کاتدا، قەراداد ئیمزاکردن بۆ قوول کردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری دوو لایەنە لە ژیرەوە، بەشێکە لە دیپلوماسی ئاسایی ئەمریکا لە ڕاستی‌دا هەرکات کە لە نێوان ئامانجی دروویینەی دیفاع لە دیموکراسی و مافێ مرۆڤ لە لایەکەوە و قازانج و بەرژەوەندی ئابووری ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە ناکوکییەکی ئاشکرا بێتە پێش، ئەمریکا هەول دەدا لە هەڵسووڕانی دیپلوماتیکی خۆی‌دا ئەم شێوەیە بەکار بهێنی تا بەم جۆرە خۆی لە بوحرانەکە ڕزگار بکات دەنا کی هەیە کە نەزانی لە ولاتی چین زیاتر لە 15 ساڵیشە مافێ مرۆڤ ڕەچاو ناکری و پی‌شیل کردنی هەر ڕۆژەی مافێ مرۆڤ کارێکی ئاسایی‌یە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابوردوودا ئاخرین ئازادی و دەسکەوتە دیموکراتیکەکان لە خەڵک وەرگیراونەتەوە، بزووتنەوە جەماوەری‌یەکان سەرکوت کراون، ڕۆژنامە و ڕادیوکان کوکراونەتەوە و لە ئازادی چاپەمەنی هەوالیک نەماوە و زیاتر لە هەمیشە دام و دەزگا دەوڵەتی‌یەکان دەسەلاتی خۆیان بەسەر جەماوەری خەڵکدا سەپاندوە لە موناسەباتی سیاسی نێودەوڵەتێش دا چین بە شێوەی ڕەسمی و ئاشکرا لە داکەوتووترین جەریاناتی بورژوایی پشتیوانی کردوە پێک هێنانی پەیوەندی نزیک و هەڵسووڕاوانە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و یارمەتی‌دان بەو ڕژیمە و بەرنامە وەرشکستەکانی و ناردنی چەک و چۆڵ و کەرەسەی شەر بۆ ئێران، تەنیا نموونەیەکە لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی نێودەوڵەتی چین ئەوە نیشان دەدا کە چین لە دەرەوەی سنووری‌کانی خۆشیدا کارنامەیەکی باشی نێە لەڕاستی‌دا زۆر دەمیکە ڕەچاوکردی مافێ مرۆڤ و ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان لە ولاتی چین فەراموش کراوە.

بەڵام ئەوەی کە ئەمرۆ ئەمریکا جارێکی تریش ئەو جەنجالە تەبلیغاتی‌یەی لەسەر چین ساز کردوە، بە باشی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم جارەش دیفاع و پشتگیری دروییەنەلە دیموکراسی و مافێ مرۆڤ بۆ ئەمریکا ناکوکی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی سەفەری وارن کریستوفەر بۆ چین و وت ووێژی لەگەڵ سەرەک کۆمار و وەزیری دەرەوە و سەرەک وەزیرانی ئەو ولاتە بە باشی ئەو ڕاستی‌یە دەردەخات. بەپێی هەوالی خەبەرگوزاری‌یەکان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کوبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی چینی لەسەر پەیوەندە بازرگانی‌یەکانی ئەو دوو ولاتە، بەرنامەی ئەتومی کوریەی باکوور، مەسەلە ناوچەیی‌یەکان و هەروەها ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی‌یان بە چونیەتی پاراستن و ڕێزگرتنی مافێ مرۆڤ و ئازادی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان قسەو باس دەکەن.

ئەوەی کە لەم نێوەدا ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە، ئەمریکا دەیەوی زیاتر لەوەی کە تا ئێستا بۆی مسوگەر بووە، لە باری زیاتر لە یەک میلیارد نەفەری چین بۆ فرۆشی بەرهەمە تەولیدی‌یەکانی خۆی کەڵک وەرگری هەروەها سیاسەتەکانی دەرەوەی چینیش زیاتر لە هەمیشە لەسەر گرینگی‌دان بە دابینکردنی پیداویستی‌یە ئابووری‌یەکان دامەزاروە.

ئەمریکا دەیەوی لە ئاکامی ئەو وت ووێژ و چاوپیکەوتنانەدا، سیاسەتی تەحریمی بازرگانی چین، کە لە مانگی ئووتی ساڵی ڕابوردوودا دەستی پێکرد، کۆتایی پی بێنی، مەسەلەی ناردنی 7 "مانگی دەسکرد" بۆ چین سەرلەنوی بخاتەوە دەستووری کار و هەروەها دەیەوی سیستمیکی کامپیوتەری پێشکەوتوو کە نرخی8 میلیارد دولارە و لە کاروباری هەواشناسی‌دا بەکار دەهێزی، بە چین بفرۆشی.

جگە لەوانەی کە باسمان کرد ئەمریکا دەیەوی ڕەونەقیک بدا بە سەنعەتی کامپیوتەری خۆی کە تووشی بوحران بووە و بە هۆی سیاسەتی تەحریمی بازرگانی پیشووش زەرەر و زیانی وی کەوتوە هەروەها ئەمریکا دەیەوی فرۆشتنی کەرەسەی پێشکەوتوو وەک ژنراتور بۆ پێشەسازی هەستەیی چین ئازاد بکات.

ئاشکرایە کە کاربەدستانی چین لەم سیاسەتەی ئەمریکا پیشوازی دەکەن، چونکە پییان وایە ئەگەر بواری کەڵک وەرگرتن لە تکنولوژی پێشکەوتوویان نەبی ناتوانن ببنە هێزیکی گەورەی جیهانی هەروەها بۆ سەروسامان بەخشین بە ئابووری ولاتەکەیان ئەم پەیوەندی‌یانە بە پیویست دەزانن.

لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی دەست پی ڕاگەیشتنی کورەی باکوور بە بۆمبی ئەتومی و گۆی نەدانی دەزگای بەرێوەبەرایەتی ئەو ولاتە بەو چوارچیوەی کە سەبارەت بە تەسلیحاتی هەستەیی بۆی دانراوە، هەر دوو ولاتی چین و ئەمریکای نێگەران کردوە و هەردوولا لە فکری ئەوەدان کە ڕێگایەکی هاوبەش بۆ بەربەست کردنی فەعالییەتەکانی کورەی باکوور پەیدا بکەن و ئەوەش دەتوانی زەمینەیەکی لە باربی بۆ هاوکاری ئەم دوو ولاتە.

سەفەری وارن کریستوفەر بۆ چین و چاوپیکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو ولاتە دیمەنیکی تڕە لە ڕیاکاری و دوو ڕوویی‌یان لە مەسەلەی "مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی" دا و، ئەمرۆ هەموو خەڵکی جیهان نەفرەت لەم ڕیاکاری‌یە دەکەن و ئەم هات و هاوارە تەبلیغی‌یە بە جیددی ناگرن.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 49 march: 1994

خەڵکی تیکۆشەری شاری سنە بەرەنگاری هێزەکانی رژیم بوونەوە.

بە پێی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتوە رۆژی 9ی رەشەمە لە خیابانی تالەقانی لە نزیك ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی شاری سنە، سەرنشینەکانی ماشینیکی گەشتی مبارزە با منکرات ی سپای پاسداران تووشی کچ و کۆریك دەبن کە پێکەوە قەدەم لێ دەدەن. بەکریگیراوانی سپا بە بیانووی بە رۆژوو نەبوون و نەبوونی حجابی ئیسلامی سەر ڕێگایان پی دەگرن و ئەزیەتیان دەکەن و دەیانەوی لەگەڵ خۆیان بیانبەن ئەم کچ و کورە بە تۆندی بەرپەرچیان دەدەنەوە و لە بەرامبەر ئەم سووکایەتی پی کردنە دەوەستن و دەلین بوون یا نەبوونی حجابی ئیسلامی پەیوەندی بە ئێوەوە نێیە و نابی لە کاروباری شەخسی کەسیکدا دەخالەت بکەن پاسدارەکان بە مشت و پی‌لەقە دەکەونە گیانی کورەکە و سواری ماشینەکەی دەکەن بەلام کچەکە هەر بەرەنگاری دەکا لەم نێوەدا خەڵکیکی زۆر لە دەوروبەریان کۆدەبنەوە پاسدارەکان لەم کۆبوونەوەی خەڵك نێگەران دەبن و هەول دەدەن بلاوە بە خەڵك بکەن بەلام خەڵك ئیعتیرازیان پی دەکەن سەرەنجام پاسدارەکان ناچار دەبن کۆر و کچەکە و ماشینەکەیان بەجی بهێڵن و بۆ خۆیان دەربچن خەڵکی تووڕە و نارازی هەر دەم و دەست ماشینی یەکریگیراوان هەڵدەگیرنەوە بە شوێن ئەم ڕووداوە و بلاوەکردنی خەڵك، بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی دەرژینە ئەم شوێنە و ئەو لاوانەی لەو دەوروبەرە بوون دەگرن و پاش لیدا و ئەزیەت کردنی زۆر مەرەخەسیان دەکەن.

پیرۆز بێت 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن مەراسمیکی گەرم و گوڕ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە دوستان و لایەنگران و هاوڕیانی حیزبی لە یەکێك لە مقەرە مەرکەزییەکانی کۆمەڵە بەڕێوەچوو.

مەراسمە کە بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردووانی ریبازی سوسیالیزم و ئازادی دەقیقەیەك بیدەنگی ڕاگیرا. لەو مەراسمەدا هاوری ناصر حسامی وتاریکی پێشکەشی بەشداربووان کرد. مەراسمەکە بە خویندنەوەی چەند پەیامی پیرۆزبایی و شیعر و سروود دریژەی پیدرا و لە نێو شایی و خۆشی بەشداربووانداو کۆتایی پی هات.

لیرەدا دەقی وتارەکەی هاوری ناصر حسامی دەخوینینەوە.

خۆشکان و برایانی خۆشەویست!

هاوڕیانی ڕێزەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان!

ئەم کاتەتان باش. بە بۆنەی ڕۆژی جیهان ژن گەرمترین پیرۆزباییتان لیدەکەین با لەم ڕۆژەدا پێکەوە ڕێزبگرین لە یادی هەموو ئەو گیانبەختکردوانە کە لە ڕێگای وەدیهێنانی ژیانی ئینسانی و بۆ پچراندنی زنجیرەکانی دەست و پێی ئینسانی یەخسیر و ژیر دەستە، وە بۆ وەدیهێنانی بەرابەری ئینسانەکان گیانیان بەخت کردوە.

کاتێك ئینسان بیهەوی باسی ئەو ستەمگەریە بکا کە ئەمرۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا، نێوەی کۆمەڵگای بەشەری پیوەی دەنالینی، دەبێنی کە ئەو ئازار و ژانەی لەگەڵ چزووی تەحقیر و هەودای قەمچی و تف و لەعنەتی کۆنەپەرستی و کۆلی قورسی چەوسانەوە دەچێتە نێو دل و جەستەی نێوەی بەشەر، بە ڕاستی بە هیچ زمانیك بەیان ناکری بە تایبەت ئەگەر ئینسان لە ئێران بژی کە دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی بە سەریدا حاکمە و لە کوردستان بژی کە سوننەتیکی کۆنی چەندین سەدە دواکەوتوویی بکریتە پالپشتی قانوون و یاسای زالمانەی حکوومەتی ئیسلامی و بکرێتە بیانووی چەوساندنەوەی زیاتر بە دەست سەرمایەدارانەوە. ئەمرۆ هەرکەس لە هەر گۆشەیەکی دنیا بێهەوی ئەوەپەری ژان وئازار و ژێردەستەیی ژن نیشان بدا، پەنجە بۆ ئێرانی ئیسلامی ڕادەکێشی.

ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە کۆر و کچیك تەنیا لەسەرئەوەی یەکتریان خۆش ویستوە دوای چاوپیك کەوتن، 3 ڕۆژ دواتر جەنازەکەیان فری دەدرێتە نێو مەزراکانی قەراخ شار. کچیکی‌تر هەر بەم تاوانە لە حەمامی مالی خۆیاندا دەکەوێتە بەر دەسرێژی باوکی و دەکوژری. یەکێکی تر وەها بەرەو قوولایی ناهۆمیدی پالی پیوە دەنری کە خۆی بخنکێنی. بە داخەوە ئەو ڕووداوانە ئەوەندە دووپات دەبنەوە کە ئێتر کەس وەك خەبەر نایان گیرێتەوە.

ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە لە مەجلیسی قانوون دانانیدا مەلاکان لە دەوری یەك کودەبنەوە و دەڵین هیچ کچ و ژنیك حەقی نێە بۆ دەرس خویندن لە ئێران بچێتەدەر چونکە ژنان استعدادی فساد و گۆناهکاریان یەکجار زۆرە لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا دەلین بە داخەوە وای لیهاتوە کە پیاوەکان ناویرن هاوکات 4 ژن بێنن دەبی ئەم سوننەتەی ئەنبیا زیندوو گێرێتەوە ژن بە سەرچاوەی فەساد و گۆناهەو تاوان دادەنری ژن کاری کرێکاریکی پیاوی پیدەکری و حەقدەستی بە قەد پیاوی پی نادری تەنانەت ژنی کرێکار، زۆرجار حەقدەستەکەی بە خۆی نادری دەبی سەرپەرستەکەی وەری بگری ژن تەنانەت حەقی دایکایەتی ئەو منداڵەی نێە کە وەك منداڵی هەموو گیان لەبەریکی تر لە داوینی خۆی بەربووەتەوە.

بەپێی شەرعیك کە بنەمای قانوونی ئێرانی ئیسلامیە، ژن دەبی لە بری ئەو شیرە کە دەیدا بە منداڵەکەی، لە میردەکەی حەق و کری وەربگری. چونکە منداڵەکە هی میردە و بەشی ژنی پیوە نێە تەنانەت دەڵین پیاو دەتوانی منداڵەکەی خۆی نەدا بە ژنەکەی خۆی کە دایکی منداڵەکەیە و بیدا بە هەر ژنیکی تر کە حازر بی بە حەقدەستیکی کەمتر شیری پی بدا. ئەمە لە سالانی سەرەتای قەرنی یەکەمی هیجریدا نێە لەکوو هەزارەی دووهەمی میلادییە دەرهەق بەو ژنانەش ناکری کە پەچە و ڕووبەندی ژیانی خیلەکی و عەشیرەتی و بادیەنشینیان بە ڕوخسارەوەیە و لە ڕەشمالەکاندا دەژین بەلکوو دەرهەق بەو ژنانە دەکری کە خشتەکانی بینای تکنولوژی وشارستانیەت و بەرهەمی پێشکەوتووی سەدەی بیست لەسەر شانیان چووەتە سەر. تەنیا دەرهەق بەو ژنانەش نێە کە توز و گەردی سوننەتیکی ژەهراوی هەزار سالە نیشتوەتە سەر زەینیان و ئینسان بوونی خۆیانیان لەبەرچاو لیل بووەو ژیانی بە ئازادی و سەرفرازیان لی بووەتە بیروەریەکی فەراموش کراو، وە هەر بەم بۆنەوە ڕەزایان بەم ژێردەستەییە داوە نا! بەرانبەر بەو ژنانەش دەکری کە ویستوویانە شان لە ژێر باری کویلەتی بخزینن و ڕوو بکەنە ریبازی ڕزگاری بەشەری ژیردەستە.

ل7

ئەمریکا لە دەخالەت لە بوحرانی یوگوسلاوی پێشوودا بە شوێن بەرژەوەندی خۆیەوەیەتی

ئامریکا و باقی ئەندامانی پەیمانی ناتو جارێکی‌تر بریاریان داوە لە بوحران و ئالوزییەکانی بوسنی هرزگوین دا دەخالەتی نیزامی بکەن بە ڕوالەت، ئەم بریارە پاش تۆپ باران کرانی شاری سارایڤو بوو کە تێیدا نزیکەی 70 کەس کوژران و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بوون پاش ئەو ڕووداوە دەوڵەتی فەرانسە داوای لە پەیمانی ناتو کرد کە لە بوحرانی بوسنی دا دەخالەت بکا ولاتانی ئەندامی پەیمانی ناتو و لە پێشەوەی هەموویان ئامریکا، بە هێزەکانی سیربیان ڕاگەیاند کە دەبی هەتا نێوەشەوی یەك شەممە 1994/2/20، هەموو چەکە قورسەکانیان هەتا 20 کیلومیتر لە شاری سارایڤو دوور خەنەوە، وە یا چەکە قورسەکان بخەنە ژێر چاوەدیری هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەگینا فروکە شەرکەرەکانی هێزی هەوایی ناتو هیرش دەکەنە سەریان هاوکات لەگەڵ ئەم هەڕەشەیە، دەوڵەتی ڕووسیا تەقالای خۆی دەست پێکرد بۆئەوەی سیربەکان قانع بکا بەوە کە چەکە قورسەکانیان بکشێننەوە دواوە و خۆشی هێزیکی 400 کەسی ناردە ناوچەکە.

ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدا هەڵدەگیرین کە پاش دابەش بوونی یوگوسلاوی، ئێستا نزیکەی 3 ساڵە شەریکی خۆیناوی و مالویرانکەری قەومی لەو ناوچەیە لە ئارادایە ئەم شەر و پیکدادانە هەتا ئێستا چەند سەد هەزار کوژراو و بریندارى لە پاش خۆی بەجی هیشتوە کە نزیکەی 50 هەزار کەس لە بریندارەکان هەتا کۆتایی ژیانیان پەك کەوتە بوون. 70٪ی ئەم کوژراو بریندارانە لە خەڵکی ئاسایی و بیدیفاعی و منالان بوون.

بەرپاکردنی ئوردووگای مەرگ، ترسناکتر و مەرگبارتر لە ئوردووگاکانی نازییەکان، هەلچنینی تەرمی کەسانی نێوەگیان لە زیندانەکان لەسەر یەکتر، لیدان و داغکردن و شکەنجە، دەسدرێژی بۆ سەر کچان و ژنان و دەیان جینایەتی دلتەزینی‌تر، چەند دیمەنیکی ئەو تراژیدییە ئینسانییەن کە لە ولاتیکی ئوروپایی کۆتایی سەدەی بیستەم بەریوە دەچی و هەتا ئێستا بووەتە هۆی ئاوارە بوونی زیاتر لە 2میلیون کەس. کاتێك بوحرانی یوگوسلاوی دەستی پێکرد ولاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپا پییان وابوو دەتوانن بە خیرایی چارەسەری بکەن و دەستیان دایە تەقالای سیاسی و دیپلوماتیك بەڵام کاتێك بوحرانەکە درێژەی کێشا و کاتێك دیتیان پێش بینییەکانیان وەراست نەگەرا، هەموویان، بریارنامەیەك ڕایانگەیاند بە داخەوەن کە نەیانتوانیوە سیاستەتیکی لیبراوانە و هاوئاهەنگ لە بابەت ئەو ناوچەیە ڕەچاو بکەن.

ئەم ڕاوێژانە و چ بکەین و چ نەکەین لە هەل ومەرجێك دا درێژەی پیدەدرا کە کوشت و کۆشتاری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شەرە هەر ڕۆژە ژمارەیەکی زیاتری قوربانی دەکرد. چەند جار ئاگربەسی چەند ڕۆژە و کورت خایەن بە مەبەستی ڕێگا خوشکردن بۆ وت ووێژ، هیچکامیان بە ئەنجام نەگەیشتن و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هۆی نەبوونی پیداویستییە سەرەکی یەکانی ژیانیان، کەوتبوونە تەنگانەیەکی دلتەزین.

یەکەمین تەرحی سولحی دیویداوئن ڕاسپاردەی پارلمانی ئوروپا کە لە ئاخر و ئوخری ساڵی ڕابوردوودا ئامادە کرابوو، سیربەکان قەبوولیان نەکرد سیربەکان بۆیە ئەو تەرحەیان قەبوول نەکرد کە تێیدا بوسنی هرزەگوین وەك جمهووریەك بە ڕەسمی ناسرابوو، وە هەروەها ناوچەکانی سیرب نشین یەکپارچە و بەسەریەکەوە نەبوون و ئەمە کۆسپیك بوو لەسەر ڕێگای وەدیهاتنی ئامانجی سیربستانی گەورە. هەتا ئێستا وت ووێژ لەم زەمینەیەدا بە ئەنجام نەگەیشتوە و ئاخرین خولی وت ووێژەکانی سولح لە ژنو بە هۆی خولادانی علی عزت بگوویچ ڕەئیس جمهووری بوسنی، لەگەڵ شکست و ناکامی بەڕەو ڕوو بوو. ئەمە لە حاڵیکدایە کە دیویداوئن و تووراڵد استولتنبرگ ناوبژیوانی بین المللی بی هیوایی خۆیان لە وەدیهاتنی هەر ریك کەوتنیك لە نێوان لایەنەکانی ئەو شەڕەدا ڕاگەیاندوە.

ل8

کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 50 | خاکەلێوە _1373 | ئاوریل_ 1994

ئیعتیراز لە دژی زەخت و زۆری هێزەکانی رژیم لە ناوچەی مەریوان

بەپێی گوزارشتێک کە لە شاری مەریوانەوە بە دەستمان گەیشتوە رۆژی 28ی ڕەشەمە لە چواررێی سەرەکی شاری مەریوان بە دوای ئەوەدا کە بەکرێگیراوێکی رژیم تەوهین و بێ حورمەتی بە ژنێک دەکا و ژنەکە لە بەرانبەریدا ڕادەوەستی، خەڵکێک کە لەو شوێنە هات و چو دەکەن بە بینینی ئەو دیمەنە تووڕە دەبن و یەکسەر پەلامار دەبەنە سەر ئەو بەکرێگیراوە و لێی دەدەن. بە دوای ئەو ڕووداوەدا خەڵکیکی زۆرتر کۆدەبنەوە و مەئمووڕینی شارەبانی لە بەرانبەر خەڵکی تووڕەدا کارێکیان بۆ ناکری و پاشەکشە دەکەن. لەو کاتەدا ژمارەی خەڵک هەر دێت و زیاتر دەبی. کاربەدەستانی رژیم بۆ کۆنترۆڵی وەزعەکە هێزێکی زۆرتر دەرژێننە خیابان و دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازار و گرتنی خەڵک. خەڵکی تێکۆشەر کە ئەو هێرشەی هێزەکانی دەوڵەت دەبینن دەست دەکەن بە شێعار دان دژی جمهووری ئیسلامی و زەخت و زۆری هێزەکانی و سەرەنجام بلاوە دەکەن.

هەر بە پێی ئەو گوزارشەی کە بە دەستمان گەیشتوە، بە دوای خۆپێشاندان و ئیعتیرازی لیبراوانەی خەڵکی تێکۆشەری مەریوان دا کاربەدەستانی رژیم لە حاڵی ئامادەباش دا بەسەر دەبەن و حکوومەت نیزامیەکی رانەگەیەندراویان بەرێوە بردوە.

جمهووری ئیسلامی لە گێژاوی تەریك مانەوە و ناسەقامگیری دا.

ڕووداوی تەقەکردن لە ڕەفسەنجانی

هەموو ساڵێک جمهووری ئیسلامی لە ساڵڕۆژی شۆڕشی 57دا دەست دەداتە هێزنواندن لە ژێر ناوی ری و ڕەسمی دەهەی فەجردا. ئەمساڵیش ئەم ڕەوتە هەر بەردەوام بوو، تا ئەوەی کە لەسەر گۆڕی خمینی تەقەی هەوایی کرا و ئەمە ئەورەوتەی تێك داو وادیارە نیشانەی نەهاتی رژیم بوو.

ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو کە لە یەکەم ڕۆژی ڕیوڕەسمەکان دا تەقە لە ڕئیس جمهوور دەکری. ئاشکرایە کە رژیم بەم هەموو ئاخوندە فرە وێژە کە هەیەتی، بۆ بەرتەسك کردنەوەی جەمسەری ڕووداوەکە تووشی گیروگرفتێك نابی. سەرەتا دەم و دەست ڕادەگەیەندری کە بە هیچ جۆر شتێکی گرینگ نیە و پاشان ڕەفسەنجانی بۆ خۆی دێتە مەیدان و لە وت و وێژێکی ڕادیویی‌دا دەڵی: "جێگەی نیگەرانی نیە" و لە لایەکی دیکە دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی رژیم ڕادەگەیەنن کە ئەو کەسەی تەقەی کردبوو دەسگیر کراوە و دانیشی بەوەدا ناوە!! کە مەبەستی لە تەقەکردن ترساندنی خەڵک و تێکدانی ڕیوڕەسمی دەهەی فەجر بووە. تا ئێرە رژیم زۆر بە شێوەیەکی سەیر پی لەسەر ئەوە دادەگری کە ئەم مەسەلەیە شتێکی بی بایەخە و هیچ نیە.

بەڵام ئەم وەزعە زۆر ناخایەنی و پتر لە رۆژێك خۆی ناگری. هو سەرەکی‌یەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیار و ناروشنی‌یانەی کە لەم ڕووداوەدا هاتبووە پێش، کە چون چەکدارێك توانیویەتی لە ناو ئەو هەموو کۆنترۆڵ و هێزە ئەمنییەتی‌یانە تێپەڕ ببی؟ یان کەسێك مەبەستی تیرۆر کردن بی، چون لە مەودایەکی چەند میتری بە دەمانچەیەکی سووکەلە بی هەدەف تەقەدەکا؟ بە کۆرتی ئەم ڕووداو زۆر لە شتێکی دەسکرد و هەڵبەستراو دەچی و ئەم مەسەلەیەش لە رۆژنامە ناوخۆیی‌یەکان و دەرەوەی وڵات بەهێز دەبی کە رژیم بۆ خۆی بە مەبەستی پتەوکردنی جێگا پێی ڕەفسەنجانی ئەم نمایشەی ڕێکخستوە.

شانوسازانی رژیم کە لە پەردەی یەکەم دا دوراندبوویان، پەردەیەکی دیکەیان هەڵدایەوە. ئەمجار فلاحیان بۆ خۆی هاتە سەر شانو و رایگەیاند کە نەخێر، ئەم مەسەلەیە زۆریش گرینگە و پیلانێکی نیونەتەوەیی لە گۆڕێدا بووە. پەروەها رایگەیاند کە 20 کەس لە شەبەکەیەکی بەرین دەسگیر کراون کە لەگەڵ ئەم کابرایە_ کە رۆژی یەکەم بە کوروش بەڵام دواتر بەجمشیدنیك ئختراویان برد_ هاوکاری‌یان کردوە و لە پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی ئوپوزیسیون دا بوون و پەیوەندیشیان لەگەڵ بالویزخانەکانی دەرەوەدا هەبووە.

لەم ڕووەوە بە بۆنەی لاچوونی مەترسی مردن لە سەر گیانی ڕەفسەنجانی شەپۆلی بروسکە و مەراسمی دوعا و پارانەوە بۆ گیانی ڕەفسەنجانی وەری خرا. بەم جۆرە ڕووداوێك کە لە رۆژی یەکەم دا گرینگ نەبوو بە شەوێك بوو بە پیلانێکی داڕێژراوی نیونەتەوەیی. ئەم مەسەلەیە بوو بە بابەتێکی سەرەکی لە تەبلیغاتی مەراسمی دەهەی فجر وەك نمایشێکی تەبلیغاتی بۆ ڕەفسنجانی لێ هات.

سەیرتر لەوە ئەوەیە کە ئەم سیناریویەی وەزارەتی ئیتلاعاتیش زۆری نەخایاند. یەزدی وەك سرۆکی قوەی قزاییە پاش چەند ڕۆژ لە گرینگی ئەم مەسەلەیەی کەم کردەوە و ئاشکرای کرد کە نەخێر، نە دەستێکی خاریجی لە گۆڕێدا هەبووە و نە پیلانێکی ئەوتو. هێشتا مەعلووم نیە کە لە رۆژەکانی دواییدا چ تەفسیرێکی دیکەی بۆ دەبێننەوە.

تیرۆری هاوری ڕەشادی کەریمی، پێشمەرگەی کۆمەڵە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



سەعات 6ی پاش نیوەڕوی ڕۆژی سی‌شەممە ڕێکەوتی 9ی مانگی خاکەلێوە هاوری ڕەشادی کەریمی پێشمەرگەی کۆمەڵە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری سلیمانی کوردستانی عێراق کەوتە بەر هێرشی چەند تیرۆریستێکی بەکرێگیراوی جمهووری ئیسلامی و گیانی خۆی لە دەست دا.

هاوری ڕەشاد یەکێك لە لایەنگرانی لە مێژینەی کۆمەڵە بوو کە 3 ساڵ لەوەپێش لەگەڵ بەشی نهێنی تەشکیلاتی کۆمەڵە پەیوەندی گرت و دوای ئەوە کە لە لایەن پولیسی سیاسی رژیمەوە شناسایی کرا، ساڵ و نیوێك لەوەپێش بە ڕێزی تەشکیلاتی عەلەنی پەیوەست بوو و وەك پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بە هەڵسووڕانی خۆی دڕێژەی‌دا و بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. تیرۆری هاوری ڕەشادی کەریمی، تیرۆری موخالیفانی سیاسی، دروست کردنی ڕایەلەی جاسووسی و هێرشی مووشەکی بۆ سەر هێزەکانی ئوپوزیسیون لە قوولایی خاکی کوردستاندا گوشەیەکی چکولەیە لە کردەوە و کارنامەی حکوومەتی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.

ڕژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی لە پەنای گرتن و کوشتار و ئێعدامی هەزاران تێکۆشەری شۆڕشگێر لە ئێران، بە ڕەزیلانەترین شێوە هەوڵ دەدا موخالیفینی سیاسی خۆی لەودیوی سنووەکان تیرۆر بکا، بەڵام ئەوە نەك نیشانەی توانای ئەو، بەڵکوو نیشانەی داماوی سیاسی و ئەوپەری وەحشەتی ئەو ڕژیمەیە لە پەڕەگرتنی هەڵسووڕانی شۆڕشگێرانە.

ل3

چاوگیرانێك بە سەر یەکەمین کۆبوونەوەکانی جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی لە ئێران

سەرەتای بەرپاکردنی ئەوەڵی مانگی مەی لە نێو کرێکارانی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیدابوونی سەرەتای وشیاری چینایەتی لە نێو کرێکارانی ئێرانی‌دا، یانی بۆ دەوری 90 ساڵێك لەمەوپێش.

لەو سەردەمەدا دەیان هەزار کرێکاری موهاجیری ئێرانی لە کانە نەوتەکانی باکوور وە لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی‌تردا خەریکی کاربوون. ئەوکات، بە هۆی بزووتنەوی سوسیال_ دیموکراسی کرێکارانی ڕووسیەوە، لە نێو ئەو کرێکارە موهاجیرانەدا، یەکەمین کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری بە وشیاری چینایەتی و کۆمۆنیستی‌یەوە پەیدا ببوون. کە ویرای هاوری‌یانی ڕووسی خۆیان، ڕۆژی جیهانی کرێکاریان ڕیز لێ دەگرت.

لە نێو ساڵەکانی 1297هەتا 1310دا کە بە هۆی فەعالییەتی فیرقەی کۆمۆنیست_ واتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەو سەردەمەوە هەزاران کرێکار لە تاران، مەشهەد، تەوریز، ئەسفەهان و شوێنی‌تر لە ئیتحادیەکانی خۆیاندا ڕێکخراو ببوون، جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی بە شکوداری و بە ڕەونەقێکی تایبەتەوە لە لایەن کۆمەڵانی کرێکارەوە بەرپا دەکرا. ئەو کات کرێکارانی ئێران سەرەڕای ئەوەی جەژنی هاوپشتی کرێکارانی جیهانیان لە نەشرییەکان و لە کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاری‌یەکاندا ڕیز لێ دەگرت، گەلێك خۆپێشاندان و ئەکسیون و مانگرتنیان بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی‌یەوە ڕێك دەخست. 74 ساڵ لەمەوپێش خۆپێشاندانێکی شکودار بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی لە لایەن ئیتحادیە کرێکاری‌یەکانەوە بەرپا کرا، کە شیعاری سەرەکی ئەو خۆپێشاندانە 8 سەعات کاری ڕۆژانە یانی شیعاری نێونەتەوەیی کرێکارانی جیهان لە ئەوەڵی مانگی مەی‌دا بووە.

ل3

ناردنی 150 هەزار هێزی سەرکوتگەر جەژنانەی دەوڵەتی چیلەر بۆ خەڵکی کوردستانی تورکیە

سەروبەندی نەوروز تانسو چیلەر سەرەك وەزیری تورکیە لە ئانکارا ڕایگەیاند کە دەیەوەی نەوروز وەکوو جەژنێکی ڕەسمی ڕابگەینی و هەروەها وتی ئێمە دەبی بۆ پاراستنی "یەکپارچەیی خاك" و سەربەخۆیی ولاتەکەشمان بی جەژنەکان بە یەکەوە و بە تێکرایی بگرین. هاوکات لەگەڵ قسەکردن لە ڕاگەیاندنی نەوروز وەکوو جەژنێکی ڕەسمی، حکوومەتی تورکیە بەریاری‌دا کە 150 هەزار سەربازی دیکە ڕەوانەی کوردستان بکا. ل

بۆ ئازادی مانگرتن خەباتی خۆتان پەرە پی بدەن؟

کرێکاران!

ئایا کەسێك هەیە گۆمانی لەوەدا هەبی وەدیهاتنی داخوازی ئازادی مانگرتن، هەتا چ ڕادەیەك گرینگە؟ مانگرتن چەکی کارامەی خەباتمانە و ئازادی مانگرتن، زامنی ڕاستەقینەی خەباتی سەرکەوتوانە بەرانبەر بە ستەم و دەسدرێژی هەموو ڕۆژەی سەرمایەدارانە. مانگرتن و وەری خستنی زەنجیرەی مانگرتنی سەراسەری کرێکاران، وەسیلەیەکی گارێگەرە بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانمان و بە چوکداهێنانی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان. بۆ ئەستاندنی مافی ئازادی مانگرتن و بۆ ڕەسمییەت پێدانی بی قەید و شەرتی مانگرتن، هێزی یەکگرتووی خۆتان بێننە مەیدان.

تەواوی تاریخی چینی ئێمە نیشانی داوە کە بە زمانی خۆش ئازادی مانگرتنمان پی نادەن. ئازادی مانگرتن حەقی بی ئەم لاو ئەو لای ئێمەیە کە دەبی بە هێز و قودرەتی خۆمان بیپارێزین.

خەبات بۆ مسوگەر کردنی کامل و بی قەید و شەرتی ئازادی مانگرتن و دیفاعی بەردەوام و هەمیشەیی لەو حەقە، بەشێکی نەپساوەیە لە مێژووی خەباتی چینی کرێکار.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کرێکارانی وشیار بانگەوازتان دەکا کە خەباتێکی بەرینتر بۆ وەدی هێنانی ئازادی مانگرتن دەست بدەنی و لە هەموو جیگایەك کۆبوونەوەی گشتی و هێزی یەکگرتووتان لەم پێناوەدا بخەنە گەر، ئێمە بانگەوازتان دەکەین کە بۆ وەدی هێنانی ئازادی مانگرتن ئەم داخوازانە بکەن بە ئالای خەباتتان:

– مانگرتنی کرێکاران لە هەموو پلە و ڕشتەیەك دا، بی هیچ قەید و شەرتێك ئازادە.

– کرێکارانی مانگرتوو ئازادن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی باقی کرێکاران، دەست بدەنە کۆبوونەوە و تحصن لەبەر دەرگای واحیدەکانی‌تر و ناردنی نوینەر بۆ کارگاکان.

ل3

گرینگی رووداوەکە

ئەگەر گریی سەرەکی ئاشکرا کردنی پێناسە و هۆی تەقە کردن بووبی، ئەم مەسەلە لە دوو حاڵ بەوڵاوەتر نیە، یان ئەوەی کە ئەم رووداوە هەر لە ئەساس دا شتێکی هەڵبەستە و داتاشراوە کە کاربەدەستانی رژیم بە ئانقەست بۆ پتەوکردنی جێگا پێی خۆیان و دەرپەراندنی جەناحی رەقیب ئەم کارەیان کردوە، یان ئەوەی کە کەسێکی دیکە بە هاندانی جەناحی رەقیب وەک هەرشەیەک ئەنجامی دابی. شتی وا لە نێوان دوو جەناحی رەقیبی ناوخۆی رژیم دوور لە ئیمکان نیە.

بەڵام ئەم مەسەلە لە راستیدا پێویست بەوە ناکا کە خۆمان زۆر بەوەوە ماندوو بکەین کە کام حاڵەت زیاتر ڕێی تێدەچی. بە هەر حال پرسیاری جیدیتر ئەوەیە کە بوچی رووداوێکی وەها بچووک بەم جۆرە رژیم دەخاتە هەراسانی و مانەوەی دەخاتە مەترسی؟

پێویست بە وتن ناکا کە نووسراوەکانی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان پتر لە هەر شتێک دەستەپاچەیی و هەراسانی کاربەدەستانی رژیم ئاشکرا دەکا. بەڵام لێکۆلینەوە سەراسیمەیی رژیم تەنیا لە چوارچێوەی ئەم رووداوەیەدا هەموو راستییەکان دەرناخات. کاتێک ئەم مەسەلە ئاشکراتر دەبی کە ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە لە هەمان ڕۆژدا واتە سی‌شەممە 12ی ڕێبەندان لە زاهدان تێکهەڵچوونی جۆربەجۆر سەر هەڵدەدا کە بە پێی ئەو گوزارشانەی گەیشتوون 2 کوژراو و 25 بریندار هەبووە و هەروەها ئەو نائارامییە چەند ڕۆژی دیکە درێژەی کێشاوە. هەر لەو ڕۆژانەشدا هەواڵ یان دەنگوی نائارامی و ئیعتیراز لە چەند شاری خوزستان و مازندەران بڵاو بووەوە.

ئەوەی راستی بێ ئەوەیە کە نە تەقەکردن لە کاربەدەستانی رژیم و نە قسەی دژ بە یەکیان، هیچکام لە جمهووری ئیسلامیدا شتێکی تازە نین. هەر لیرەدایە کە نەک رووداوەکە بەڵکوو چونیەتی کەڵک لێ وەرگرتن و دژکردەوەی رژیمە کە بە ئاشکرا بوحرانی بێ ئیعتیباری و ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی دەردەخا.

ئەم رووداوە بە ئاشکرا دەری دەخات کە رژیم تا چ ڕادەیەک خۆی لەگەڵ لافاوی ئیعتیرازات و ناڕەزایەتی و ڕەخنەی گشتیدا بەرەو ڕوو دەبێنێتەوە. لەم پەیوەندییەشدا خۆ تا بەڵکوو خۆی لە ژێر زەبری ئەم پەلامارانە دەرباز بکات و جێگا پێی خۆی قایمتر بکات.

بن بەستە ئابووریەکان

بەم جۆرە ئاشکرا دەبێت کە رژیمی جمهووری ئیسلامی لە وەزعێکی وەها ئالوز و خراپ دایە کە تەنانەت هەر رووداوێکی بچووک دەتوانی بەخێرایی جلەوی دەسەڵاتی لە دەست دەربێنی. هۆی سەرەکی پەرێشانی رژیمیش هەر ئەم مەسەلەیە و بوونی فەزایەکی وەهایە لە ئێران دا.

ئەوەی راستی بی دیواری ئەو بن بەستانەی کە ئەمرۆ جمهووری ئیسلامی تێیدا قەتیس ماوەتەوە زۆر لە رابوردوو سەخت تر و قایمترە، ریزکردنی رووداوەکانی چەند مانگی رابوردوو سووچێک لەو راستییانە ئاشکرا دەکات.

لە یەک ساڵ و نێوی رابوردوودا هاتنە خوارەوەی قیمەتی نەوت زۆر بە تۆندی شۆڕبنی لەسەر داهاتی ئەرزی رژیم داناوە. ئەم وەزعە بۆ دەوڵەت بە مانای ئەوەیە کە لانی کەم ڕۆژانە 15 میلیون دولار لە دەست بدات. هەر ئەم مەسەلەش تەوەری سەرەکی باسەکانی ناو مجلیس لە سەر لایەحەی بووجە لە مانگی رابوردوودا بوو کە سەرەنجام بووە هۆی کەم کردنەوەی 10٪ی بووجە. لە ئەنجامی ئەم وەزعەدا بەشێکی زۆر لە تەرحەکانی 5 ساڵەی یەکەم یان نێوە و ناتەواوە گەورە لە خەڵکی ئەم ولاتەی خستوەتە ژێر خەتی هەژاری." (ئێران فەردا_ ڕەزبەر و خەزەلوەری 1372).

بەدبینی کاربەدەستانی رژیم لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی ئابووری خۆیان دا کەمتر لە بەدبینی خەڵکی دیکە نیە. محەمەد جوادی لاریجانی جێگری سەرۆکی کۆمیسیونی خاریجی مەجلیس لە وت و وێژێکی ڕۆژنامەگەریدا وتی:

"بەرنامەی 5 ساڵەی یەکەمی دەوڵەت نەیتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بگا. بەرنامەی 5 ساڵەی یەکەم ئەم ئامانجانەی لەبەردەمی خۆی دانابوو: پێک هێنانی بازارێکی ئازاد، ڕاکێشانی سەرمایە خاریجییەکان، خصوصی کردنی سەنایع و واحدە تەولیدییکان، دەسکردن بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەک بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا." (ئێران تایمز 2ی ڕێبەندانی 1372).

سەرەڕای ئەمەش سیاسەتی تەک نرخی کردنی ئەرز کە هاندانی سەرمایەگوزاریەکانی بەشی خصوصی و پەرەدان بە صادراتی مەبەست بوو، نە سەقامگیرییەکی لە بازاری ئەرزدا پێک هێناوە و نە تەکانێکی بە سەرمایەگوزاری بەشی خصوصی داوە. هێشتا چەند مانگێکی تی نەپەراندبوو کە نرخی ئاڵ و گۆڕی ئەرزەکان 25٪ هاتە خوار. ئەم هاتنە خوارەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە ئانقەست لە لایەن بانکی مەرکەزییەوە ئەنجام درا، تا بۆ قەرەبووکردنەوەی هاتنە خوارەوەی داهاتی ئەرزی، داهاتی ریالی پێویست بۆ دەوڵەت دابین بکات. لە هەمان کاتیش دا ڕەنگدانەوەیەکی بی توانایی دەوڵەت لە دابینکردنی داواکاریە ئەرزیەکانە.

وەدواکەوتنی چەندجارەی دانەوەی قەرزە خاریجییەکان کە 40 میلیارد دولار دەبی، بوحرانی ئیعتیباری دەوڵەتی قوڵتر کردوەتەوە و بە تۆندی نرخی جمهووری ئیسلامی لە بازاری بورس دا هێناوەتە خوار.

بڵاوکراوەی "اتاق بازرگانی" لەم بارەوە دەنووسی:

"هەیئەت بە دوای هەئیەت دا دەگەنە سەرمان تا پێمان بڵێن قەرزەکانتان وەدواکەوتوە و تا قەرزە کۆنەکان نەدەنەوە، ئیعتیباراتی ئەسنادی ئێمەیان پی قبوول نیە. یان فلانە دام و دەزگای تەزمینی صادرات لەم یان لەو ولاّت لە هەنگاو هەڵگرتن لەسەر تەزمینی ئەسنادی پەیوەندیدار بە صادراتی ولاّتەکەمان خۆ دەپارێزن. (نامە "اتاق بازرگانی_ سەرماوەزی 1372).

دەتوانین چەند مەسەلەیەکی دیکەش بەم ئالوزییە ئابووریانە زیاد بکەین کە تەنانەت ڕۆژنامەکانی ڕژیمیش قسەی لێ دەکەن. ئاشکرایە کە بەرزبوونەوەی قەرزەکانی خاریجی، یان کەم بوونەوەی داهاتی نەوت دەتوانی هەر دەوڵەتێک بخاتە مەوقیعییەتێکی لاواز، بەڵام ئەمانە هێشتا ئەو ئالوزییە بە ڕوشنی نیشان نادەن کە جمهووری ئیسلامی تێیکەتوە. قسە لەسەر ئەوەیە کە بۆچی بە هەر هۆیەک هەرکام لەو تەنگ و چەلەمانە هەلاوەهێنگامەی لەسەر ساز دەبی و "هەیئەت بە دوای ئەیئەت دا" ڕوو لە تاران دەکەن؟

بوحرانی ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی

واقعییەت ئەمەیە کە تەنگەبەرییە ئابووریەکان بە تەنیا نین کە مانەوە و درێژەدانی ژیانی جمهووری ئیسلامییان تووشی مەترسی کردوە. بەڵکوو ئەو شتەی کە بەردەوام بە تایبەت لە یەک دوو ساڵی ئەم دوایییانەدا جمهووری ئیسلامی دەستەپاچە و پەریشان کردوە، ناسەقامگیری و بی ئیعتیباری سیاسییە. بەڵام هۆی سەرەکی ئەم ناسەقامگیرییە چییە؟ ئاخۆ بە ڕاستی ئەمە تەوژم هێنانی ئەمریکایە کە بووەتە هۆی ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی یان هۆ سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مشت و مڕی ناوخۆیی جیناحەکانی ناو حاکمییە؟ ئەوە کە تەنیا زەخت و فشاری جیهانی، یان ئەو شتەی کە ڕۆژنامەکانی ئێران پێی دەڵێن "تەرێک مانەوەی جیهانی" بە ریشەی ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی دابنری هەموو ڕاستییەکان دەرناخا. لانی کەم پاش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەفسەنجانی لە هەموو شوێنێک قسە لە کۆتایی هاتنی تەریک مانەوەی سیاسی ئێران دەکرا.

ناسەقامگیری ئێستای جمهووری ئیسلامی لەبەر ئەوە نیە کە گویا ئەمریکا ڕێگای دەست ڕاگەیشتنی جمهووری ئیسلامی بە سەرچاوەی مالی و تکنولوژی ڕۆژئاوا بەستوە. ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابوردوو بە ئاشکرا دەری دەخەن کە جمهووری ئیسلامی تەنانەت لە تکنولوژی خودی ئەمریکاش لە بواری چەک و چول و کامپیوتەردا بەهرەمەند بووە... ئامارە ڕەسمییەکانیش نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ڕادەی ئاڵ و گۆڕی بازرگانی ئێران و ئەمریکا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا چەند بەرابەر بووەتەوە. سیاسەتی واقیعی و عەمەلی ئەمریکا لە پشت پەردەی هەراوهەنگامەی تەبلیغی بریتی بوو لە ڕاگرتنی جمهووری ئیسلامی. جێگری وەزیری ئەمریکا بەم جۆرە نەزەری ڕەسمی ئەمریکا ڕادەگەیەنی:

"ئێمە نامانەوی جمهووری ئیسلامی بروخێنین. تەنانەت نامانەوەی شێوەی دڵخوازی خۆمان بەسەر ئەو دەوڵەتەدا بسەپێنین. ئێمە چاو لە ڕەفتاری دەوڵەتی ئێران دەکەین. ئەم مەسەلە دەتوانی بە دەوڵەتی ئێران نیشان بدات کە دەتوانی بە پێک هێنانی گورانکاری لە ڕەفتاری خۆیدا، سەرچاوەیەکی بەرینتر لە هاوکاریەکانی نیونەتەوەیی بە دەست بێنی. ڕیبازی ئێمەش ئەوە نیە کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دا وت و وێژ نەکەین... ئێمە هەروا پێشنیاری خۆمان بۆ وت و وێژ لەگەڵ دەستەیەکی پایەبەرزی ئێران دووپات دەکەینەوە. بۆ ئەم وت و وێژانەش هیچ پێش مەرجێک دانانیین." (وتاری ادوارد جرجیان ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک دا ڕۆژی 27ی ژووئیەی 1993 لە کومیسیونی فەرعی وەزارەتی دەرەوە. گۆڤاری ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست_ ناوەڕاست_ مید_ 2ی ئووتی 1993).

هەر لەم پەیوەندییەدا جێی خۆیەتی ئیشارەیەکیش بە سیاسەتی ڕەسمی ولاتانی (یەکیەتی ئوروپا)ش بکەین. وەزیرانی دەرەوەی ئەم ولاتانە لە دانیشتنی خۆیاندا لە دیسامبری 92دا سیاسەتی "دیالوگی ئابووری"یان پەسند کرد کە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگای بۆ بەرینکردنەوەی ڕەسمی پەیوەندی بازرگانی و سیاسی ئەم ولاتانە و بە تایبەت ئالمان و فەرانسە لەگەڵ ئێران خۆش کرد.

لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێستای جمهووری ئیسلامی بەر لەوەی مەحدودییەتی بۆ خوڵقاندبی، زیاتر پێکەوە پالپشتی بۆ دروست کردوە. کەوابوو هۆی سەرەکی ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی ناتوانی فشاری ولاتانی ئەمریکا و ئوروپا بێت.

هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ دەورونەخشی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیش دا دەبی ئەمە بڵێین کە سەرچاوەی ناکۆکییەکانی ئێستای نێوان جیناحە جۆربەجۆرەکان بە زۆری ئەو بن بەستانەیە کە ڕژیم تێی کەوتوە. ئەگەر مەجلیس جاروبار خەڕێکی بیانوو گرتن بە ڕەفسەنجانییە و لەسەر بابەتەکانی ئەم یان ئەو لایەحە و سوبسیدەکان چەنە لێ دەدەن. لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا شەپۆلێکی نارەزایەتی تۆند لەسەر ئەم پەسندکراوانە هەست پی دەکەن.

ئەمرۆ بەرین بوونەوەی نارەزایەتی خەڵک و بەرزبوونەوەی شەپۆلی نارەزایەتی و ئیعتیرازاتی خەڵکە کە ناکوکییەکانی ناوخۆی ڕژیم تەشەنە پی دەدا. دەنا جەناحەکانی دیکە و لەوانەش ڕۆژنامەی ڕسالەت "بۆ ڕووخانی دەوڵەت ڕۆژژمێری ناکات". ئەمرۆ گیروگرفتی دەوڵەت ئەوە نیە کە ناوەندە بریاردەرەکان زۆر و زەبەندن. جناحی دەسەڵاتدار بە تەنیا هەموو دەزگاکانی بەریوەبەرایەتی بە دەستەوە گرتوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێمە لەگەڵ ڕژیمێک بەرەو ڕووین کە ناسەقامگیری ئیتر لێی بووەتە نەخۆشییەکی کۆن کەوتوو.

بەرزبوونەوەی ئاستی ناڕەزایەتی گشتی

جمهووری ئیسلامی کێشەیەکی زۆری لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە لەسەر مەسەلە ناوچەییەکان هەیە. لەوانە دەسەڵات بەسەر سی دورگەی خەلیج، تەرحی ئاشتی فەلەستین و ئیسراییل یا خۆد پشتگیری ئێران لە گروپە تونددڕەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا. بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە حاڵی حازردا دەیبینین نەک وجودی جمهووری ئیسلامی وەک هۆیەکی دەست تێوەردان و ناسەقامگیری لە ناوچەکە بەڵکوو بی ئیعتیباری هەردەم ڕوو لە زیاد بوونی جمهووری ئیسلامی لە ناو خەڵک و پێک هاتنی فەزایەکی ئیعتیرازاتی بەرینی کۆمەڵایەتییە، کە شک و گۆمانی لە مانەوەی جمهووری ئیسلامی پێک هێناوە.

ئەو شتانەی کە لە ساڵی ڕابوردوودا لە مشهەد، شیراز اراک و چەند شارێکی دیکە ڕوویان دا نە شتێکی بە ڕێکەوت بوو نە ئیستسنایی. ڕەفسەنجانی هاوێنی ڕابوردوو لە نامەیەکدا کە بۆ کاربەدەستانی ڕژیمی ناردوە بە دان پێدانان بە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابوردوو، کاربەدەستانی ئاگادار کردوەتەوە کە لەوانەیە ڕووداوی لەو دەستە دووبارە ببنەوە.

ناسەقامگیری جمهووری ئیسلامی گەیشتوەتە ڕادەیەک کە هەر کەس لێی بروانی زۆر بە ئاشکرا دەیبینی. ڕۆژنامەنووسێکی نوروێژی بەم جۆرە بیروڕای خۆی لەسەر وەزعییەتی ئێران باس دەکات کە: "ئێستا نزیکەی 95٪ی خەڵکی ئێران لە جمهووری ئیسلامی بیزارن". هەروەها پێش بینی دەکات کە: "لەوانەیە تەمەنی ئەم ڕژیمە زۆر نەخایەنی، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە داخوا ئەرتەش وەلای دەنی کە ئەمەش مانای درێژەدان بە سەرکوت دەبی، یان هێزە دیموکاتیکەکان

←

که ڕێگەی ئازادی و سەربەستی خۆش کەن".

لە هەلومەرجێکی وەهادایە کە گۆڤاری "اکونومیست" گەرمی پێوی بازاری جیهانی، "تا"ی نیزامی جمهووری ئیسلامی زۆر لە سەری نیشان دەدات. ئەم گۆڤارە لە ژمارەی مانگی فوریەدا، کە خۆدی ڕووداوی تەقەکردن لە ڕەفسەنجانی وەک "نیشانەکانی ناسەقامگیری لە دلی ئێران دا" هەلسەنگاندومە، دەنووسی: "زۆر کەس هەست دەکەن کە ئاڵ و گۆڕ لە ڕێگادایە". ئیشارە بەم مەسەلەیەش دەکات کە: "سەرمایەگوزاری دەرەوە سەرەڕای مەیل نیشاندانیان بە ریفورمی ڕەفسەنجانی، لەبەر ناسەقامگیری دەسەلاتداریەتی ئێران خۆ لە قەرەی ئێران نادەن". هەروەها سەبارەت بە داهاتووی ئێرانیش ئیشارە بە ئەگەری کودەتای سەربازی و هاتنە سەرکاری ئوپوزیسیون دەکا.

بێگۆمان جمهووری ئیسلامی لەگەڵ یەکێک لە قوولترین قەیرانەکانی ژیانی خۆی دەستەویەخەیە. بەرنامەی "تتبیق ساختاری" بانکی جیهانی و سندووقی سیاسەتی "تعدیلی ئیقتصادی" ناوی لێ دەبەن و ڕەفسەنجانی بە کردەوەی دەرهێنا نە تەنیا جێگە پێی جمهووری ئیسلامی بەهێز و سەقامگیر نەکرد بەڵکوو مانەوەی ڕژیمیشی خستوتە مەترسییەوە. نارەزایەتییەکان جێگای خۆیان داوە بە ئیعتیرازاتی جەماوەری لە دژی سیاسەت و کردەوەکانی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی. دەنگ و باسی ئەم ئیعتیرازاتە بە خێرایی لە سەرانسەری ئێران بڵاودەبێتەوە. بڵاوکراوەکانی ڕژیم هەوڵ دەدەن بە چکولە کردنەوەی ئەم جۆرە دەنگ و باسانە بەری بەرین بوونەوەی ئیعتیرازاتی خەڵک بگرن.

نارەزایەتی و بیزاری لە جمهووری ئیسلامی ئاستێکی یەکجار بەرین و بی وینەی پەیدا کردوە و شەپولی ئیعتیرازاتی گشتی و مانگرتنە کرێکاریەکان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان سەرانسەری ئێرانی تەنیوەتەوە. ئەم شەپولە بە هێرش هێنانی ماتورسواوە حزب اللهیەکان و بە مانۆرە یەک ڕۆژیەکانی پاسداران و هێزە ئینتزامیەکان نانیشێتەوە.

لە بوار و وەزعییەتێکی وەهادایە کە دەنگی لەرزوکی لیبرالەکان و لەوانە فروهەر و بازرگان بەرزبووەتەوە و لە کۆر و کۆمەڵی سیاسەتبازانی ڕۆژئاواییش دا دوو دڵی و دردونگی سەبارەت بە داهاتووی جمهووری ئیسلامی جیدیتر بووەتەوە. چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی ئیعتیرازاتی گشتی لە کۆمەڵگای ئێران دا و ئەگەری بەرین بوونەوەی ئەو نارەزایەتییانە ناسەقامگیریی جمهووری ئیسلامی بەبی چارەسەر هێشتوەتەوە و لەگەڵ داهاتوویەکی تاریک و نادیار بەرەو ڕووی کردوەتەوە.

جواد مشکی

ڕێبەندانی 1372

ورگێردراو لە گۆڤاری کمونیست ژمارەی 69

***

(پاشماوەی) تیرۆری هاوری ڕەشادی کەریمی.....

ڕژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی لە پەنای گرتن و کوشتار و ئێعدامی هەزاران تێکۆشەری شۆرشگێر لە ئێران، بە ڕەزیلانەترین شێوە هەوڵ دەدا موخالیفینی سیاسی خۆی لەودیوی سنووەکان تیرۆر بکا، بەڵام ئەوە نەک نیشانەی توانای ئەو، بەڵکوو نیشانەی داماوی سیاسی و ئەوپەڕی وەحشەتی ئەو ڕژیمەیە لە پەرەگرتنی هەڵسووڕانی شۆرشگێرانە.

بێگۆمان کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز لە کوردستانی ئێران و عێراق بە بیستنی هەواڵی لە دەست چوونی هاوری ڕەشادی کەریمی لیبراوانەتر لە هەمیشە سیاسەتی تیرۆریزمی جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکەن و بە دەربڕینی ئەوپەڕی نەفرەت و بیزاری خۆیان بۆ بەربەست کردنی تیرۆریزمی ئەو ڕژیمە هەوڵ دەدەن.

ئێمە ویرای دەربڕینی هاودەردی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە و کەس و کار و هاوسەنگەرانی هاوری ڕەشاد و هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان کە بە بیستنی هەواڵی مەرگی گیانبەخت کردنی هاوری ڕەشاد خەم و پەژارە لە دلیان نیشتوە. بەڵێن دەدەین کە ئەم کردەوانەی جمهووری ئیسلامی بی وەڵام نامێنێتەوە.

(پاشماوەی) چاوگێرانێک بە سەر یەکەمین کۆبوونەوەکانی .....

پاش ئەوەی ڕەزاشا دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە گرت، کۆمۆنیستەکان و ئیتحادیە کرێکاریەکان کەوتنە بەر تەقیب. بەڵام لە ساڵی 1360ەوە کە فیرقەی کۆمۆنیست خۆی سازمان دابووەوە، ئیتحادیە کرێکاریەکانیش پەرەیان بە فەعالییەتی خۆیان دا و جارێکیتر بەرپاکردنی ئەوەڵی مانگی مەی ڕەونەقی پەیدا کرد. چونیەتی بەرپا بوونی یەکی ئەیار لە 1307ی هەتاوی یانی 66 ساڵ لەمەوپێش، لە تاران دا، شایانی باسە.

جەژنی کرێکاری دەبوا لە ژێر خەفەقانی پولیسی ڕەژاشادا بەرپا بکرایە. کرێکارانی تاران لە ماوەیەک پێشتر‌ەوە بۆ بەرپا کردنی ئەو جەژنە تەدارەکیان ساز کرد. لە لایەن ئیتحادییەی مەرکەزی ئێرانەوە کە ئەوکات نزیکەی 20 هەزار ئەندامی هەبوو، ئیعلامییەیەک بڵاو کرایەوە کە کرێکارانیان بۆ بەرپا کردنی جەژنی جیهانی چینی کرێکار، بانگەواز کرد. لە لایەن فیرقەی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، کۆمیسیونێکی 3 کەسی بوو بە لیپرساوی بەڕیوەبردنی جەژنەکە. جەژنی کرێکاران دەبوا بە دوور لە چاوی پولیس بەرپا بکرایە. باغێک لە دەرەوەی تاران ئیجارە کرا و کرێکاران ئاگادار کران کە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی بێنە ئەو باغە. کرێکاران دەستەدەستە لە کۆمەڵی بچووکی چەند کەسیدا بەرەو ئەو شوێنە دەهاتن. نزیکەی 700 تا 800 کرێکاری چاپچی و بافەندە و بەننا و سپوور و پێنەچی و هیتر، بۆ ڕێزگرتن لە جەژنی جیهانی چینی کرێکار کۆبوونەوە. لە پێشتر‌ەوە پوول کۆکرابووەوە و نەهارێکی باش ساز کرابوو. جەژن لە بەیانییەوە هەتا ئیوارە بەردەوام بوو. ئالای سووریش بە درێژایی ئەو ماوەیە دەشەکایەوە. پێش نیوەڕو سەبارەت بە خەبات دژی ئیستبداد و ئیمپریالیزم و سەبارەت بە هاوپشتی نیونەتەوەیی کرێکاری قسە کرا وتار درا. بەرنامەی پاش نیوەڕو بوو بە شادمانی کردن و سروود خوێندن، ناوی یەکێک لە سروودەکان ئەمە بوو "دنیا بە مەیل و مەرامی کرێکارنی لێ دی"...

نوکتەی شایانی باس ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە بەرپا بوونی ئەو جەژنە ئاگادار ببوون. بەڵام پولیس بەو میتینگە کرێکارییەی نەزانی. تەنانەت دواتریش کە پولیس ئاگاداری ماجەرا بوو، سەرەڕای گرتن و زیندانی کردنی سەدان کرێکار نەیتوانی شەبەکەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوی ئیتحادیەی کرێکاران بدوزێتەوە،... ئەو شیعارانەی کە فیرقەی کۆمۆنیست یا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەو ساڵانەی خەفەقانی پاشایەتیدا کرێکارانی بۆ بانگەواز دەکرد کە وەکوو داخواز بیدەن، ئەمانە بوون:

ئازادی مانگرتن، ئازادی کۆبوونەوە، ڕۆژکاری هەشت سەعاتە و قەدەغە بوونی کاری مندالان.

ساڵی دواتر واتە ساڵی 1308 کە دەکاتە 60 ساڵ لەمەوپێش، کرێکاران ئەوەڵی مانگی مەیان لە چەندین شار بەرپا کرد لەوانە باسی بەریزگرتنی ئەوەڵی مانگی مەی لە نێو کرێکارانی کانە نەوتەکانی جنووبتان بۆ دەگێڕنەوە:

کرێکارانی نەوت، لەو کاتەدا لە یەکیتی خۆیان دا بە ناوی "جەمعییەتی کرێکارانی نەوت"، ڕێکخراو ببوون. ئەم ئیتحادییەیە کە 10 هەزار ئەندامی هەبوو غەیرە قانوونی بوو، وە لە ژێر ڕابەری کۆمۆنیستەکاندا بەڕێوە دەچوو. ساڵی 1308 کۆنفرانسێکی نهێنی لە نوینەرانی کرێکارانی نەوتی ئەهواز و ئابادان و مسجدسلیمان و باقی شوێنە نەوت دارەکان بەرپا کرا. ئەم کۆنفرانسە بریاری دا کە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی (11ی گولانی 1308 داخوازی کرێکاران بێتە گۆڕ، وە بەم بۆنەوە کار تەعتیل بکری و مانگرتنی گشتی بەرپا بکری. پاش بڵاوبوونەوەی بریاری کۆنفرانسی نهێنی کرێکاران کە بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەیدا بانگەوازی کردبوو، شیرکەتی نەوت و دەوڵەتی دەسکردی ڕەزاخانیش لەم ئاکارە ئاگادار بوون. وە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو مانگرتنە، 32 کەس لە نوینەران و ڕابەرانی کرێکارانیان گرت. بەڵام ئەو کارانەش نەبووە هۆی خەوتنی ئەو مانگرتنە کە کۆمۆنیستەکان دەورێکی فەعال و بەرچاویان تێدا بوو. مانگرتنەکە ڕۆژی یەکی ئەیار واتە 11ی مانگی گولانی 1308 دەستی پێکرد. نزیکەی 20 هەزار کرێکاری کانە نەوتەکانی جنووب لەو مانگرتنەدا بەشداریان کرد. ئەم مانگرتنە، کە کەوتە بەر سەرکوتی درندانەی هێزە سەربازیەکانی ئیستیبدادی سەلتەنەتی 3 ڕۆژ بەردەوام بوو، وە بە درێژایی ئەو ماوەیە کرێکاران، سەرەڕای داخوازی ئابووری داخوازی بەرزتر و سیاسیشیان هێنایە گۆڕ. لەوانە داوای قانوونی بوونی ئیتحادیەی کرێکاری، ئازادی کرێکارانی زیندانی و بە ڕەسمی ناسرانی ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی_ یەکی ئەیار_ وەکوو ڕۆژی جەژنی کرێکارانیان کرد.

ساڵی 1309یش ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شارەکانی ئێران لە لایەن کرێکارانەوە بەرپا کرا. گەرچی خەفەقانی ڕەزاشا، نەیهێشت ئەو جەژنە بە ئازادی بەرپا بکری. بۆ نموونە کرێکارانی مەشهەد و تەوریز جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی لە کێوەکانی دەوروبەری شار بەرپا کرد.

ساڵی 1310 بە تایبەت لە ئەسفەهان جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی لە لایەن کرێکارانی کارخانەی "وەتەق"ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرپا کرا. کرێکارانی نەساجی ئەسفەهان داخوازی وەک ئازادی پێک هێنانی ئیتحادیە، هەشت سەعات کاری ڕۆژانە، ڕۆژ و نیوێک تەعتیل لە حەوتوودا، هەڵوەشاندنەوەی کۆنترۆڵی کاتی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە، کڕی دوولانە بۆ زیدەکاری و چەند داخوازی دیکەیان هێنایە گۆڕ. وە بۆ بە دەست هێنانی ئەم داخوازانە میتینگێکی شکودار‌یان لە چوارباغی ئەسفەهان بەرپا کرد. لە میتینگی کرێکارانی نەساجی ئەسفەهان دا ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی 54 ساڵ لەمەوپێش کە بە ڕابەری کۆمۆنیستەکان بەرپا ببوو شیعاری وەک "بژی یەکیتی کرێکارانی ئێران و "کرێکارانی جیهان یەکگرن!" بەرچاو دەکەوت.

لە کۆتایی ئەم چاوگێرانە کە بەسەر بەرپا بوونی جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی لە ماوەی نێوان ساڵەکانی 1297 هەتا 1310دا کردمان ئیعلامییەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی ئەوکات کە "فیرقەی کۆمۆنیستی"یان پی دەوت دەخەینە بەرچاو:

ئەم ئیعلامییەیە ساڵی 1306بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەییەوە بڵاوبووەتەوە:

هاورییانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش!

ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی جەژنی ڕەنجدەرانی جیهانە! ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە ڕەنجدەران هێزی ڕێکخراوی خۆیان و ئیرادەی دیفاع لە ماف و لە قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان دەخەنە پێش چاو. ئەمڕۆ لە سەراسەری جیهان ڕەنجدەران کار بەجێ دەهێڵن و ڕۆژی کرێکار دەکەن بە جەژن. لەم ڕۆژەدا ڕەنجدەرانی هەموو وڵاتەکان لە شەقام و شارەکان خۆپێشاندان بەرپا دەکەن و شیعاری شۆڕشگێرانە و سروودی نیونەتەوەیی ڕەنجدەران، هەموو جیهان دێنێتە لەرزین:

ڕەنجدەری ئێرانی:

تو یەکێکی لە گوردانەکانی ئەم لەشکرە بەهێزە و بە هەیبەتە: تو دەبی لەگەڵ ڕەنجدەرانی هەموو جیهان دژی ئەم بێداد و بی قانوونییانەی ئەمپریالیزم و ئیستیبدادی ڕژیمی ئێستا دەیکەن، دژی شەری خوێناوی سەرمایەداران و ملهووریە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کارفەرماکان هەستی. تو دەبی بۆ ڕۆژکاری 8 سەعاتە و بۆ دەرچوونی قانوونی لایەنگری کار هەستی.

شا، ئاغا ومالیکان، مەلاکان، نوینەرانی مەجلیس، سەرکردە سەربازیەکان، دەسەلاتداران و فەرمانداران و هەموو سەرمایەداران بەسەر ئێوەدا حکوومەت دەکەن. ئەمانە لەسەر کویلەتی ئێوە و کوێرەوەری جووتیاران دەژین....

هاوریان! بۆ بەدەسهێنانی مافی خۆتان و لە ژێر ئالای سووری شۆرش دا یەکگرن... ڕەنجدەران و جووتیارانی ئێرانی هیچ لایەنگر و مودافیعیکی تریان بێجگە لە فیرقەی کۆمۆنیست کە فیرقەی ڕەنجدەرانە، نیە!

یەکگرن و بۆ تێک ڕووخاندنی بناغەی ئەم زولم و ملهووری دەوڵەتی حاکمە خۆپێشاندان بکەن!

مەرگ و نەمان بۆ سەلتەنەتی ئەشرافی و ئیستیبدادی!

بژی یەکیتی نیونەتەوەیی و هاوپشتی ڕەنجدەران!

بژی ستادی فەرماندەهی شۆرشی جیهانی، نیونەتەوەیی سەیەم!

بژی ئەوەڵی مانگی مەی!

***

(پاشماوەی) بۆ ئازادی مانگرتن خەباتی.....

– کرێکارانی مانگرتوو موختارن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی لە خەبات و داخوازەکانیان، لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات فەعاڵییەت بکەن. دەوڵەت وە زەرفیەتی ئیمکاناتی پێویست و لەوانە ئیمکاناتی کەڵک وەرگرتن لە ڕادیو و ڕۆژنامە دەوڵەتییەکان بۆ ئەوان فەراهەم کا. کرێکارانی مانگرتوو حەقیان هەیە لە کاتی مانگرتن دا، لە ئیمکانات و وەسایلی کارخانە بۆ کۆبوونەوە و بەرپا کردنی اجتماعات کەڵک وەربگرن.

– هێنانە سەر کاری کرێکاری تازە لە کاتی مانگرتن دا لە کارگای مانگرتوو، قەدەغەیە.

– هەموو مانگرتنێکی کرێکاران بە ڕەسمی حیساب دەکری مەگەر ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران واحید یان بەشی مانگرتوو ڕەئی بە بەشداری نەکردن لە مانگرتنەکەدا بدەن. لە مانگرتنی ڕەسمی دا دەوڵەت و خاوەن کار دەبی حقووقی ڕۆژانی مانگرتن بدەن و کرێکارانی موختارن ڕێگا لە هات و چوی کالا و کەل و پەلی پێویستی کارخانە بگرن.

ئەوانە گرینگترین داخوازی ئێمەن لە خەباتمان دا بۆ وەدی هێنانی ئازادی مانگرتن. ئەمانە ئەو داخوازانەن کە هەر کرێکارێک دەبی خەبات بۆ وەدی هێنانیان بە ئەرکی هەرە گرینگ و هەمیشەی خۆی بزانی.

سەرکەتوو بی خەباتی کرێکاران بۆ وەدی هێنانی ئازادی مانگرتن!

***

چەند راپورتە هەواڵ

بانە: بە پێچەوانەی هەرەشەی رژیم خەڵك نەوروزیان جەژن گرت

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی بە تایبەت لە شاری بانە لە ترسی دروپات بوونەوەی نەوروزی پارەکە، کە هێزە سەربازییەکان کۆنترۆڵی شاریان لە دەست دا و پەرچەمی جمهووری ئیسلامی و پلاکاردەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی لەبەرچاوی خۆیان سووتێنران و دەنگی شێعاری دژی جمهووری ئیسلامی بەرزبووەوە، هەر مانگێك پێشتر هێزێکی یەکجار زۆری سەربازییان لەو شارە کوکردەوە و بە تەبلیغاتێکی زۆر و مانوری زیاتر، خەڵکی شاریان ئاگادار کردەوە کە سزای ئاگرکردنەوە و بەڕێوەبردنی ری و ڕەسمی نەوروز تەقەلێکردن و وەڵامدانەوەی توندی ئێمە دەبی. لاوانێکی زۆر هەچەندرۆژ پێشتر بانگ کران و هەرەشەیان لێکرا کە ئەگەر ببزوون چی دەکەین و چی دەکەین. سەرەڕای ئەم خۆئامادە کردنە دوو ڕۆژ پێش نەوروز هەموو سەربانی ئیدارە دەوڵەتییەکان بە هێزی چەکدار تەندرا و هەموو جەمسەری کوڵانەکان بەستران. ماشینە گەشتییەکانیش هەر لە هات و چوودا بوون.

لە ڕۆژی نەوروزدا کۆبوونەوەی 3 کەس زیاتر قەدەغە کرا. هێزی کلاو کاسکیت لەسەر و باتوم بە دەست هەموو شوینێکیان تەنی. شار بە گشتی دیمەنی شەریکی دەستەویەخەی بە خووە گرتبوو. فەرمانەکانی حکوومەتی نیزامی ڕانەگەیەندراو بەڕێوە دەچوو. بچووکترین لادان بە لێدان و باتوم کاری وەڵام دەدرایەوە. دەمەو ئێوارە بلیسەی ئاگر لەسەر کێوەکانی دەوروبەر بەرز بووەوە. لە ناو کوڵانەکانیش لە زۆر جێگا ئاگر کرایەوە. لە چەند شوێنێکی شار دەیان گەنج و لاو و ژنیش دڕانە بەر هێرشی لێدان و باتوم وەشاندن. سەرەڕای هەموو ئەو تەبلیغاتەی ڕژێم و خۆئامادەکردنی پێشووتری، نەیتوانی بە تەواوی بە ئامانجەکانی خۆی بگا و بەری هەڵچوونی نارەزایەتی و ڕقی کۆمەڵانی خەڵك دەرهەق بە جمهووری ئیسلامی بگری. گەرچی گری ئاگر ئەمساڵ کەمتر بوو، گرچی ژمارەی لاوان لە ناو خیابانەکان بە حکوومەتی نیزامی کەمتر کرایەوە، بەڵام تەنانەت گری بچووکی ژێر ژیلەموی ئەمساڵ لە ژێر ئەو هەموو زەبر و زوردارییەدا ئەگەر لە نەوروزی ساڵی ڕابوردوو گرینگتر نەبووبی بێگۆمان بی بایەختر نەبووە.

ڕژیم بەم هەنگاوەی لە پێش هەموو شتێکدا بۆ خۆی بە دەست و زمانی خۆی و بە ئاکار و ڕەفتاری وەحشیانەتری خۆی، سەلماندی و قبوولی کرد کە بە هیچ جۆرێك جێگای لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا نیە. ئەو ڕاستییەی دەرخست کە چەندە تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆشی دەترسی. چەندە نیگەرانمی کلپەسەندنی ئاگری تولەیە. ئەو ڕاستییەی دەرخستەوە کە تەنیا لە ژێر سێبەری سەرەنیزە و زەبروزەنگ و زوردارییدا دەتوانی دەسەڵاتداری بکا. بەڵام ئەمڕۆ بی یان سبەی تازە گوللەی کەوتوتە لیژی و ئەم هەموو خوئامادە کردنە هیچ دادیك نادات.

*

مەریوان: قوربانی بوونی ژمارەیەك لە زەحمەتکێشان

بەپێی هەواڵێك کە لە ناوەچەی مەریوانەوە بە دەستمان گەیشتوە، 3 کەسی خەڵکی ئاوایی سەردوش بە هۆی تەقینەوەی مین کە هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لەسەر ڕێگای هات و چوی خەڵکیان چاندبوو، گیانی خۆیان لەدەست داوە.

بەپێی ئەم هەواڵە هەموو ڕێگاکانی سەر سنوور کە خەڵکی زەحمەتکێش بۆ کاروکاسبی و دابینکردنی بژیوی خۆیان ناچارن هات و چوی پێدا بکەن، لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە مین ڕێژ کراون.

تەقینەوەی مین و کوژرانی 3 کەس لە خەڵکی ئاوایی سەردوش، بووەتە هۆی تووڕەیی و ئیعتیرازێکی یەکجار زۆر لە نێو خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیەدا بەرانبەر بە جینایەتکاری و وەحشیگەری هێزەکانی جمهووری ئیسلامی.

ئێمە ویرای سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەس و کاری ئەو زەحمەتکێشانە کە گیانی خۆیان لەدەست داوە و هەروەها لە خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی سەردوش ڕادەگەیەنین کە بەرپرسیەتی کوشتنی خەڵکی بیدیفاع بە هۆی تەقینەوەی مین، ڕاستەوخۆ لە ئەستوی هێزە جینایەتکارەکانی جمهووری ئیسلامی دایە و دەبی لە بەرانبەر ئیعتیراز و نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێش دا جوابدەرەوە بن.

لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی هەرکام لەم زەحمەتکێشانە، کاسبکاری خانەوادەیەك بوون، ڕژیم دەبی ناچار بکری ژیان و بەڕێچوونی ئەم خانەوادانە دابین بکا.

*

سەردەشت: تالانگەری هێزەکانی ڕژیم

بەپێی هەواڵێك کە لە شاری سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوە، ئازاردانی خەڵکی شار و ئاوایییەکانی ئەو ناوە لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە هەروا دڕێژەی هەیە. پاسداران شەوانە لەسەر ڕێگاکان و لە ئاوایییەکان کەمین دادەنین و کوێرانە تەقە لە خەڵك دەکەن.

هەر بە پێی ئەو هەواڵە، ڕۆژی 8ی ئەم مانگە هێزەکانی سپای پاسداران ڕژاونەتە ئاوایییەکانی بێژوی و سنجوی و لە نزیك سنجوی سیمی پەرینەوەی سەر چومەکەیان کە شوێنی هات و چوی خەڵکە، دابڕیوە و هەروەها پووڵیان لە چەند کەس سەندوە و ڕووتیان کردوون و تا ئێستا حازر بە دانەوەی ئەو پووڵە تالانکراوە نەبوون. ئەم کردەوەیە لەگەڵ تووڕەیی و بیزاری خەڵکی زەحمەتکێش بەڕەو ڕوو بووە.

*

بانە: چەتەیی و زەخت و زۆری هێزەکانی ڕژیم

شەوی 10ی ئەم مانگە ژمارەیەك چەتە و ڕێگر لە نزیك تونیلی بانە_ سەقز جادەیان گرتوە و ماشینەکانیان ڕاگرتوە و دەستیان داوەتە تالانکردنی خەڵك و لە پوول و کەل و پەڵی گرانبەها هەر شتێکیان پی بووە لێیان سەندوون و بە هۆی ئەوە کە چەتەکان چەکداربوون خەڵك نەیانتوانیوە بەرەنگاریان بن.

تا ئێستا چەندین جار تاقمی چەتە و ڕێگر لەسەر جادەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری شاری بانە و دێهاتی دەوروبەر دەستیان داوەتە ڕاو و ڕووت و تالانکردنی خەڵك. زۆرجاریش لەبەر پایگاکانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم و لە شوێنی وا کە لە ژێر چاوەدێری هێزەکانی ڕژیم دا بووە و بە بەرچاوی پایگاکانیانەوە چەتە و ڕێگری چەکدار دەستیان داوەتە تالانگەری. هەر بەم بۆنەوە خەڵکی ناوچەکە لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەم ڕێگرانە لە دەست و پیوەندەکانی ڕژیم و کەسانی سەر بە دەزگاکانی ڕژیمن.

جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش بۆ ئیعتیراز بەم چەتەگەریە پێویستە بەڕۆکی کاربەدەستانی ڕژیم بگرن و لەو کەسانە کە بە پێچەوانەی هەموو پرۆپاگەندەکانیان نەك هەر ئاسایشیان بۆ جەماوەری خەڵك دابین نەکردوە بەڵکوو هەرەشە لە ژیان و ئاسایشیشیان دەکەن داوا بکەن و ناچاریان بکەن کە کۆتایی بەم تالانگەری و چەتەیی و ڕێگریە بێنن.

●

بەپێی گوزارشێکیتر هەر لە شاری بانەوە، ئێوارەی ڕۆژی 21ی ئەم مانگە، هێزەکانی ڕژیم لە پوستی بازدیدی بانە_ ئارمردە، تەقەیان لە ماشینێکی تویوتا کردوە کە شوفیری ماشینەکە بریندار بووە. ژمارەیەك لە خەڵك کە ماڵیان نزیکی ئەو شوێنەیە بە بیستنی دەنگی تەقە بە ژن و پیاوەوە دەچنە شوێنی ڕووداوەکە و بە ماشینی شەخسی بریندارەکە دەبەنە بیمارستان. ئەم زەحمەتکێشانە هەر لە شوێنی ڕووداوەکە ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕژیم بەردە باران دەکەن و چوی خەڵکە، دابڕیوە و هەروەها پووڵیان لە چەند کەس سەندوە و ڕووتیان کردوون و تا ئێستا حازر بە دانەوەی ئەو پووڵە تالانکراوە نەبوون. ئەم کردەوەیە لەگەڵ تووڕەیی و بیزاری خەڵکی زەحمەتکێش بەڕەو ڕوو بووە.

*

مەهاباد: بەڕێوەچوونی جەژنی نەوروز

بەپێی گوزارشێك کە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە، کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە شاری مەهاباد بۆ پێشگرتن بە بەڕێوەچوونی مەراسمی جەژنی نەوروز و ئاگر کردنەوە و بەڕاکردنی شایی و خۆشی خەڵك، هەر لە سەعات چواری دوای نێوەڕوی ڕۆژی پێش نەوروزەوە هێزێکی زۆر، تیکەلاو لە پاسدار و باقی بەکرێگیراوەکانی دیکەی ڕژیم دەڕژێننە کووچە و شەقامەکان و چواڕێکانی شار و هەرەوها لە زۆربەی بەرزاییەکان کە دەروانێنە سەر شار هێزی چەکدار دادەمەزرێنن. هێزەکانی ڕژیم بە مەبەستی کۆنترۆڵی زۆرتری شار لە "مەیدانی حەیوانان"ی شار چادر هەڵدەدەن و لە خیابانەکان هەر بە مەودای چەند میتر دوو سەرباز وە یا پاسدار دادەنین و بەم جۆرە شار، بە تەواوی دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی تووندی خۆیان و بە کردەوە حکوومەت نیزامی بەڕێوە دەبەن.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی کە کاربەدەستانی ڕژیم ڕژاندبوویانە کووچە و خیابان و بەرزاییەکانی شار خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد لەبەر ماڵ و کووچەکان و لە بەشێك لە بەرزاییەکانی دەوروبەری شار ئاگریان کردەوە و شایی و خۆشییان وەری خست و بەم جۆرە بەرەو پیری ساڵی تازە چوون.

سنە: بەڕێوەچوونی جەژنی نەوروز

هێشتا چەند ڕۆژی مابوو بە نەوروز کە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە ڕێگای جۆربەجۆر و بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن، ئاگرکردنەوە و بەڕێوەبردنی مەراسمی نەوروزیان قەدەغە کردبوو، بەڵام خەڵکی شاری سنە بە پێچەوانەی داوای کاربەدەستان ری و ڕەسمی ساڵی تازەیان بە کردنەوەی ئاگر بەڕێوەبرد و بەڕەو پیری ساڵی تازە چوون.

لە دەرەوەی شار لە گوێزەکویر، هەندێك لە خانەوادەکانی گیانبەختکردوان و کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار بە خوێندنەوەی شێعر و سروود هاتنی ساڵی تازەیان جەژن گرت و بۆ بیرەوەری ساڵڕۆژی شەری خوێناوی 24 ڕۆژەی شاری سنە دروشمی دژی جمهووری ئیسلامیان دەدا.

لە ناوخۆی شاریش دا لە هەموو گەرەك و کوڵانەکانی شار هێزە بەکرێگیراوە چەکدارەکانی ڕژیم بۆ بەرەنگاری کردنی خەڵك و پێشگیری کردن لە هەر حەرەکەتێکی چاوەڕوان نەکراو لە حاڵەتی ئامادەباش دا بوون و ماشینە گەشتییەکان بە پەیتا لە هات و چودا بوون. هەروەها لێرە و لەوێش گەنج و لاوەکانیان دەپشکنی و بە شوێن شتی "قەدەغە کراو"دا دەگەڕان.

بەرەبەرە، دەمەو ئێوارە لە هەموو گەرەکەکانی شار بلیسەی ئاگر بەرزبووەوە و هەروەها دوای تاریك بوونی هەوا بڵێسەی ئاگری سەرکێوەکانی دەوروبەری شار دیمەنێکی دیکەی دابوو بە شار.

لە گەرەکی جەورئاوا ئاگرێکی زۆر گەورە کرابووەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە تایبەت ژنان و لاوان لەوی کۆببوونەوە و بە دروشمی دژی جمهووری ئیسلامی ساڵی تازەیان جەژن گرت. هەر لەم وەزعییەدا چەکدارەکانی هێزە ئینتزامییەکان هاتنە مەیدان و ویستیان بڵاوە بە خەڵك بکەن بەڵام لەگەڵ بەرەنگاری خەڵك بەرەو ڕوو بوونەوە و بە ناچاری دەست لە پێ دڕێژتر ڕێگای هەڵاتنیان گرتە پێش. بەم جۆرە لە ناو بەردەفرکەی لاوان دا بە ناچار هەڵاتن و ئیتر لە ترسی خەڵك نەیانویرا جارێکیتر نزیك ببنەوە. ڕۆژێك پاش ئەو ڕووداوە هێزەکانی ڕژیم ژمارەیەك لە لاوانی ئەو گەرەکەیان گرت و خستیانە بەر ئازار و ئەزیەت دان بەڵام ئەمجارەش لەبەر نارەزایەتی خەڵك ناچاربوون جارێکی دیکەش پاشەکشە بکەن و گیراوەکان ئازاد بکەن.

بەپێی گوزارشێك لە شاری سنەوە، ژیم جارێکیتر هێرشی کردوەتە سەر دەسفرۆشە هەژارەکانی ئەو شارە. ئەمجارە ڕژیم لە ترسی ئیعتیرازی دەسفرۆشەکان و خەڵکی زەحمەتکێش، ئەو کارەی بە شەو کردوە و لە نێوە شەودا، ژمارەیەك دەکەی قەراخ خیابانەکانی کۆکردوەتەوە و هەموو کەل و پەڵی ناو دەکەکانیشی تالان کردوە. ئەم هێرش و تالانەی هێزەکانی ڕژیم لە کاتێکدایە کە پێشتر بەشێکی زۆر لە خەڵکە داوەکان جەوازی کەسبیان لە شارەداری و حەقی دەکەکانیان لە دایرەی "سدمعبر" وەرگرتبوو.

ئیعتیرازی دەکەدارەکان تا ئێستا بە وەڵامێکی دیاریکراو نەگەیشتوە.

●

بەپێی گوزارشێکیتر هەر لە شاری سنەوە، نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵك لە سەرەتای ساڵی تازەدا جارێکیتریش گران بووە.

قەند کیلوی نزیکەی 165 تمەن، گوشت 650 تمەن، ئارد 30تمەن، ڕونی نباتی نزیکەی 300 تمەن و پیاز نزیکەی 130 تمەنە.

ئەم گرانییە سەرسوورهێنەرە، لە حاڵێکدایە کە داهاتت و دەرامەدی خەڵکی زەحمەتکێش هیچ زیادبوونێك بە خۆیەوە نابینی و بەشێکی زۆریش بە نایبەت لە لاوان بێکارن و هیچ دەرامەدیکیان بۆ بڕێچوون نیە.

*

سەردەشت: کۆچی زۆرەملی

بەپێی گوزارشێك كە بە دەستمان گەیشتوە دوای کۆبوونەوەی ئەم دوایی‌یانەی فەرماندارى بەکرێگیراوی سەردەشت لەگەڵ دانیشتوانی ئاوایی‌یەکانی نۆکان، تووژەل، گورەشیر و دەولەتوو، بە هەرەشە و زەخت و زۆر بۆ سەر خەڵکی ئەو ئاوایی‌یانە ناچاریان کردن کە مافّ و حافّ و شوێنی کار و ژیانی خۆیان جێبهێڵن و پەراکەندە و ئاوارەی دێهاتی دیکە بن. کاربەدەستانی بەکرێگیراوی جمهووری ئیسلامی هەرەشەیان لە خەڵك کردوە کە ئەگەر بێت و ئاوایی‌یەکانیان چوڵ نەکەن بە بولدوزر ماڵەکانیان بەسەردا ویران دەکەن و دەیرووخێنن. بە دوای ئەو هەرەشانەدا پاسدارانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان بردە سەر دانیشتوانی ئەو ئاوایی‌یانە و دەستیان دایە ئەزیەت و ئازاری خەڵك و ماڵیکیان لە ئاوایی گۆرەشیر بە تەواوی سووتاند.

هەر بە پێی ئەو گوزارشە کە بە دەستمان گەیشتوە خەڵکی ئەو ئاوایی‌یانە زۆربەیان ئاوارەی دێهاتی میراوی و ئالوەتان بوون و لە ماڵی خزم و کەس و کاری خۆیان نیشتەجێ بوون و سەرەرای قەوڵ و بەڵێنیك کە پێیان درابوو هیچ جێگا و شوێن و یارمەتی‌یەکیان پی نەداون.

چول کردنی ئەو ئاوایی‌یانە و سیاسەتی کۆچی زۆرەملی‌ی رژیم لەو ناوچەیە نەفرەت و نارەزایەتی‌یەکی زۆری لە ناو خەڵك پێك هێناوە و خەڵکی ئاوایی‌یەکانی بەشی سویسنایەتی ناوچەی سەردەشتی خستوەتە بەر نیگەرانی و مەترسی‌یەوە.

*

بانە: پەلاماری زیندانی‌یەکان بۆ سەر زیندانەوانێك

بەپێی گوزارشێك کە لە شاری بانەوە بە دەستمان گەیشتوە، نزیکەی مانگێك لەوەپێش ژمارەیەك لە زیندانیان پەلاماریان بردوەتە سەر یەکێك لە زیندانەوانەکانی زیندانی ئەو شارە کە لە ماوەیەك لەوەپێشەوە فشاریکی زۆری خستبووە سەر زیندانی‌یەکان. زیندانی‌یەکان لە ئیعتیراز و پەلامارێکی جەسوورانەدا ئەو بەکرێگیراوەیان بە جۆرێك تەمبی کرد کە ئیتر ناوبری لە کاروباری زیندانی‌یەکاندا دەخاڵەت بکا.

لە درێژەی ئەم گوزارشەدا ئیشارە کراوە بە وەزعییەتی دژواری ژیانی ناو زیندانەکان و بە تایبەت کەم بوونی خواردن لە زیندان بە جۆرێك کە خانەوادەی زیندانی‌یەکان ناچارن خۆیان لە ماڵەوە خواردن بۆ زیندانی‌یەکان بەرن وە یا زیندانی‌یەکان خۆیان دەبی بە نرخێکی گران لە فرۆشگای زیندان بیکرن.

*

تورکیا: ئاوارەبوونی ژمارەیەك زۆر لە دانیشتوانی سەرسنوور

بەپێێ ئەو هەواڵانەی لە کوردستانی تورکیاوە دەگەن، لە ماوەیەك لەوە پێشەوە هێزەکانی ئەرتەشی تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە دێهاتی سەرسنووری کوردستانی تورکیایان گەمارو داوە و ڕێگاکانیان مێن ڕێژ و هات و چوی خەڵکیان لە و ڕێگایانە قەدەغە کردوە. لەوانە ڕێگای ئەولوودەرە بۆ شیرناخ و ڕێگای ئەولوودەرە بۆ هەمoو دێهاتی دەوروبەر مێن ڕێژ کراوە و ڕێگا لە هاتنی ئازووقە بۆ ئەو خەڵکە و هات و چویان تەنانەت بۆ لای دوکتور بەربەست کراوە.

بەپێی هەواڵەکان نزیکەی 1500 تا 2000 کەس لە خەڵکی ئەو ناوچانە لە ترسی دەسدرێژی و کوشتاری هێزەکانی ئەرتەشی تورکیا ئاوارەبوون و ئێستا، یان لە شاخەکان و کویستانەکانی سەرسنوور دەژین یان ئاوارەی دێهاتە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێراق بوون. ئەو خەڵکە ئاوارەیە داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کردوە کە ژیان و ئاسایشیان لە چنگ هێرشی جینایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیا بیارێزی.

تیرۆری ڕۆژنامەنوسێکی ئالمانی لە کوردستانی عێراق

بەپێی هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانی عێراق، نێوەڕوی یەکشەممە 3ی مانگی ئاوریل، ڕێکەوتی 14ی خاکەلێوە، ڕۆژنامە نووسێکی ئالمانی بە ناوی لیسی شمیت، لە ناوچەی شارەزووری کوردستانی عێراق لەگەڵ پێشمەرگەیەك کە پارێزگاری لێ دەکرد تیرۆر کران.

لیستی شمیت کە ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی فرانس پرس بوو، لە چەند ساڵ لەوەپێشەوە لە کوردستان بوو و لە هەمان کاتدا لەگەڵ دەزگای مەدیکو خەریکی پارمەتی نریاگوزاری بوو.

ئەم ڕووداوە، دیمەنێکی‌تری پەرەگرتنی شەبەکە تیرۆریستەکانە لە کوردستانی عێراق. تا ئێستا چەندین جار دەستی خوێناوی بەکرێگیراوان و کۆنەپەرستان دەسدرێژی کردوەتە سەر کەسانی حیزب و هێزەکانی ئوپوزیسیونی ئێران و موخالفینی سیاسی جمهووری ئیسلامی.

کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و زۆرلێکراو کە خۆیان ساڵەهایە قوربانی سیاسەتی تیرۆر و ڕەشەکوژین، وە هەر ئێستاش ژیانیان لە مەترسی و لە ژێر هەڕەشەی نائەمنی بەردەوام دایە، تیرۆریزم و ئینسانکوژی مەحکووم دەکەن و خوازیاری بەربەست کردنی مەیدانی هەڵسووڕانی تیرۆریستەکان و تێکدانی تۆر و شەبەکە جاسووسی‌یەکان و داروودەستەی تیرۆریستین.

جم و جۆڵی ئەم دوایی‌یەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە ناوچەکانی سەرسنوور

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بە دەستمان دەکەن، لە ماوەیەك لەوەپێشەوە ڕژیم هێزیکی زۆری لە چەکدارەکانی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی محەللی لە سنووری کوردستان کۆکردوەتەوە. بەشێك لەم هێزانە لە ناوچەی مەریوان لە نێوان "جێژنی‌ئاوا" و "سەردوش" جێگیر کراون و دەستیان داوەتە ئازاردانی خەڵك و زۆرجار هات و چویان لەو شوێنانە قەدەغە کردوە.

هەروەها لە ناوچەی ئالانی سەردەشتیش، ڕژیم پایگای بەکرێگیراوانی خۆی لە ئاوایی‌یەکانی بێژوی، بیتووش، دوولکان و ئەشکان و ڕەزگە داناوەتەوە. لە شاری سەردەشت یەکێك لە کاربەدەستانی ڕژیم ژمارەیەك لە خەڵکی کۆکردوەتەوە و بە هەرەشەوە پێی ڕاگەیاندوون کە هەرکەس لە سەودا و مامەلەدا قەرزێکی لە کوردستانی عێراق هەیە بچی وەری بگرێتەوە چونکە لە داهاتوودا ڕژیم سنووریەکان و ڕێگای هات و چو بۆ کوردستانی عێراق دادەخا.

ئەم جم و جۆول و هەرەشەیەی هێزەکانی ڕژیم لە خەڵکی کوردستان لە ماوەیەك لەوە پێشەوە دەستی پێکردوە و نیشانەیەکی ئاشکرای ترس و نیگەرانی ڕژیمە.

لە ماوەیەك لەوە پێشەوە کاربەدەستانی ڕژیم لە کوردستان، تەنانەت بۆ تەبلیغات و عەوامفریویش ناتوانن باسی جێگا پێی خۆیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا بکەن و لە حاڵێکدا کە بە ئاشکرا ئیعتیراز و نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بەرەو ڕووی خۆیان دەبینن، ناچار بوون پەردەی درو و ڕیاکاری دادرن، وە ڕووی ڕاستی خۆیان وەدەرخەن و بە کۆمەڵ کۆمەڵ هێزی چەکدار و هێنان و بردنی ستوونی تانك و توپ، بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵێن کە تەماعی ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە نەکەوێتە سەریان.

هێنانی هێزی چەکدار بۆ سنووریەکان، نمایشی چەکدارانە لە شارەکان بە هێنان و بردنی واحیدی گەشتی بە ئارپی‌جی و دوشکەی سەرماشینەکانەوە، ئامادەباشی ڕۆژانی سەروبەندی نەورۆز لە شارەکان و قەدەغەی ئاگر کردنەوە، هەموویان نیشاندەری نیگەرانی قووڵی ڕژیم لە هەڵچوونی ئیعتیرازاتی جەماوەری لە شارەکانی کوردستانە.

ئەگەرچی ڕژیم دەیەوی وا نیشان بدا کە قایم کردنی سنووریەکان، بەرانبەر بە جم و جۆڵی پێشمەرگە و بەرانبەر بە نائەمنی لە کوردستانی_ عێراقە، بەڵام کی هەیە نەزانی کە ئەو ئامادەباشەی ڕژیم لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵی 73 و سەروبەندی نەوروزدا لە سنە و سەقز و بانە و مەهاباد ڕایگەیاند، نیشانەی نیگەرانی لە خەڵکی هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەو شارانە بوو.

ئەو مەترسی‌یەی هەرەشە لە حاکمییەت و دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامی دەکا، ئێستا لە هەموو گەرەك و شەقامەکانی شارەکان، ڕۆژانە و بەردەوام چاوی پر لە تووڕەیی و غەزەبی خۆی دەبڕێتە نێوچاوانی گرژ و ترساوی هێزەکانی ڕژیم و ئەمە بە هیچ سەرنیزە و تانك و توپێك پێشی پی ناگیری. ئەوە مەترسی‌یەك نیە لەودیوی سنووریەکانەوە، بەڵکوو بورکانێکی ئاگرە هەر ڕاستە و ڕاست لە بن پێی ئەم ڕژیمە و لە هەر چوار دەوری.

***

هاوڕیانی ڕەنجدەر و زەحمەتکیش!

ئەمڕو ڕۆژی ئەولی مانگی مەی جەژنی ڕەنجدەرانی جیهانە! ئەمڕۆ ڕۆژیکە کە ڕەنجدەران هیزی ریکخراوی خۆیان و ئیرادەی دیفاع لە ماف و لە قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان دەخەنە پیش چاو. ئەمڕو لە سەراسەری جیهان ڕەنجدەران کار بە جی دەهیلن و ڕۆژی کریکار دەکەن بە جەژن. لەم ڕۆژەدا ڕەنجدەرانی هەموو وڵاتەکان لە شەقام و شارەکان خوپیشاندان بەرپا دەکەن و شیعاری شورشگیرانە و سروودی نیونەتەوەیی ڕەنجدەران، هەموو جیهان دینیتە لەرزین:

ڕەنجدەری ئیرانی:

تو یەکیکی گوردانەکانی ئەم لەشکرە بەهیز و بە هەیبەتە: تو دەبی لەگەڵ ڕەنجدەرانی هەموو جیهان، دژی ئەو بێداد و بێقانوونی‌یانەی ئەمپریالیزم و ئیستبدادی ڕژیمی ئیستا دەیکەن، دژی شەری خوینناوی سەرمایەداران و ملهوڕی‌یە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کارفەرماکان هەستی. تو دەبی بۆ ڕۆژکاری 8 سەعاتە و بۆ دەرچوونی قانوونی لایەنگری کار هەستی.

شا، ئاغا ومالیکان، مەلاکان، نوینەرانی مەجلیس، سەرکردە سەربازی‌یەکان، دەسەلاتداران و فەرماندارانی و هەموو سەرمایەداران بەسەر نیوەدا حکوومەت دەکەن.

ئەمانە لەسەر کویلەتی ئیوە و کویرەوەری جووتیاران دەژین.....

هاوڕی‌یان! بو بەدەسهینانی مافی خوتان و لە ژیر ئالای سووری شورش دا یەکگرن....ڕەنجدەران و جووتیارانی ئیرانی هیچ لایەنگر و مودافعیکی تریان بیجگە لە فیرقەی کومونیست کە فیرقەی ڕەنجدەرانە، نیە!

یەکگرن و بو تیك ڕووخاندنی بناغەی ئەم زولم وملهووری دەولەتی حاکمە خوپیشاندان بکەن!

مەرگ و نەمان بۆ سەلتەنەتی ئەشراف و ئیستبدادی!

بژی یەکیتی نیونەتەوەیی و هاوپشتی ڕەنجدەران!

بژی ستادی فەرماندەهی شورشی جیهانی، نیونەتەوەیی سی‌یەم!

بژی ئەولی مانگی مەی!

چەند یادداشتی سیاسی

ناردنی 150 هەزار هێزی سەرکوتگەر جەژنانەی دەوڵەتی چیلەر بۆ خەڵکی کوردستانی تورکیە

سەروبەندی نەوروز تانسو چیلەر سەرەك وەزیری تورکیە لە ئانکارا رایگەیاند کە دەیەوەی نەوروز وەکوو جەژنێکی ڕەسمی رابگەیەنی و هەروەها وتی ئیمە دەبی بۆ پاراستنی "یەکپارچەیی خاك" و سەربەخۆیی ولاتەکەشمان بی جەژنەکان بە یەکەوە و بە تێکرایی بگرین. هاوکات لەگەڵ قسەکردن لە ڕاگەیاندنی نەوروز وەکوو جەژنێکی ڕەسمی، حکوومەتی تورکیە بەریاریدا کە 150 هەزار سەربازی دیکە ڕەوانەی کوردستان بکا.

بەڵام چۆنە ئەم ڕۆژانە چیلەر قسە لە ڕاگەیاندنی نەوروز وەکوو جەژنێکی ڕەسمی دەکا؟ ئەوە بە تەواوی دەگرێتەوە سەر مەترسی لە پەرەسەندنی ئاگری ئیعتیراز و خەبات لەو ڕۆژەدا لە کوردستان. لە چەند ساڵی ڕابوردووش دا مەسەلەی گرتن یان نەگرتنی جەژنی نەوروز یەکێك لە مەیدانەکانی ململانێی دەوڵەت لە لایەکەوە و خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکەوە بووە. هەمیشە دەوڵەت هەوڵی داوە بە ووروژاندنی هێزی سەربازی زۆر و ڕاگەیاندنی حکوومەتی سەربازی لە شارەکان و هەرەشە کردن، پێش بە بەریوەچوونی مەراسمی نەوروز لە لایەن خەڵکەوە بگری. خەڵکیش هەوڵیان داوە تا ئەو جێگایەی کە دەگونجی جەژنی نەوروز بە بەرینی بەریوەبەرن و مەراسمەکانی جەژنی نەوروز بکەن بە مەیدانی خەبات و ئیعتیراز دژی زەخت و زۆری هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە. هەر لە جەریانی ئەو ململانێیەش دا بووە کە هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی تورکیە بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ڕۆژانی نەوروزی ساڵانی ڕابوردوودا گەلێك ڕوداوی دڵتەزین و خوێناوی خوڵقاندوە کە بیرەوەریەکانیان ئێستاش هەر لە زەین و فیکری خەڵکدا زیندوون.

قسە کردن لە ڕەسمی ڕاگەیاندنی جەژنی نەوروز لە لایەن تانسو چیلەرەوە هیچ شتێك نیە جگە لە ترس و وەحشت لە پەرەسەندنی ئاگری قین و تووڕەیی خەڵکی کوردستان لە دژی دەسەڵاتداریتی کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیە بە جۆرێك کە بە قسەی خانمی سەرەك وەزیر لە دریژەی خۆیدا دەتوانی "یەکپارچەیی خاك" و سەربەخۆیی ولاتی تورکیە بخاتە بەرمەترسیەوە. بەڵام خانمی چیلەر لە دەربڕینی ئەو هەڵوێستە هەر مەبەستێکی ڕواڵەتیشی هەبی یەك زەرە لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە ئەوە پاشەکشەیەکی ئاشکرایە لە بەرانبەر ئیعتیراز و خەباتی جەماوەری لە کوردستان و جێگای خۆیەتی خەڵکی کوردستانی تورکیە ئەم دەسکەوتە هەرچەند چکولەش بی بە دەسکەوتی خەبات و ئیعتیرازی جەماوەری خۆیان بزانن.

لەو نێوەدا ناردنی 150 هەزار سەرباز بۆ ناوچەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی چیلەرەوە لە کاتێکدا کە پێشتر زیاتر لە 200 هەزار سەرباز لە ناوچەکانی کوردستان بلاوکراونەتەوە و جێگیر بوون، بە باشی ترس و وەحشەتی حکوومەتی تورکیە لە پەرەسەندنی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان نیشان دەدا. دەوڵەتی تورکیە لە ڕەوانەت دا دەیەوی وانیشان بدا کە ناردنی ئەم هێزە و میلیتاریزە کردنی زۆرتری کوردستان، بۆ پاڕێزگاری لە جەژنەکانی نەوروزە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم شێوە قسە کردنە جگە لە عەوامفریوی هیچ شتێکی تر نیە، دەوڵەتی تورکیە نەك بۆ پاڕێزگاری لە جەژنی نەوروز بەڵکوو بە مەبەستی بەرانبەرکی و خوئامادەکردن و خوسازکردن بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی شارەداریەکان کە بریارە لە 27ی مانگی مارسی ئەمساڵ دا بەڕیوە بچی ئەم هێزە زۆرەی ڕەوانەی کوردستان کردوە. دەوڵەتی تورکیە هەر لە ئێستاوە نیگەرانی ئاکامی هەڵبژاردنی شارەداریەکانە و لەو مەسەلەیەدا دوچاری سێڕیانێك بووە کە گرتنە پێشی هەریەك لەم ڕێگایانە لە باری سیاسیەوە بە زیانی تەواو دەبی و دەوڵەتی تورکیە بەرەو بوحرانێکی قوولتری سیاسی پال پێوە دەنی.

یەکەم ڕێگا ئەوەیە کە کاربەدەستانی تورکیە بهێڵن هەڵبژاردنەکە ئازادانە بەڕێوە بچی، کە دیارە ئەوە بە تەواوی لەگەڵ ماهییەت و ناوەڕۆکی دەسەلاتداریتی لە تورکیە ناتەبایی هەیە و لەو حاڵەتەدا لانی کەم لە کوردستان کەسانێك کە سەر بە حکوومەت نین و نوینەری خەڵکن هەڵدەبژێردرین کە ئەوەش بۆ کاربەدەستانی تورکیە جێگای مەترسی و نیگەرانیە.

ڕێگای دووهەم ئەوەیە کە دەوڵەت کەسان و حیزب و ئەو لایەنە سیاسیانە کە سەر بە حکوومەت نین ناچار بکا کە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشداری نەکەن و بە فێڵ و تەڵەکە و دەغەلکاریش بووبی ناوی کەسانی دلخوازی خۆی لە سندووقەکانی دەنگدان دەربکێشی. دیارە ئەوەش لە کاتێکدا کە لەبەر دەروازەی چوون بۆ بازاری هاوبەشی ئوروپا قەتیس ماوەتەوە و ئێستاش بەردی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە سینگی دەدا زۆر بە قازانجی تەواو نابی.

سێهەم ئەوەیە کە کاربەدەستانی حکوومەت پێشی بەریوەچوونی هەڵبژاردنەکە لە کوردستان بگرن و هیچ هەڵبژاردنێك لە کوردستان بەریوە نەبەن کە ئەوەش لە نێو بیروڕای گشتی لە تورکیە و لە دەرەوەش بە زیانی تەواو دەبی و مەشروعییەت و یاسایی بوونی هەڵبژاردنەکە بە تەواوی دەهێنێتە ژێر پرسیار و نەفرەت و بیزاری خەڵك لەو ڕژیمە زۆرتر و زۆرتر دەکا.

ئەوەی کە باسمان کرد جیاواز لە ناکامی و گیروگرفتی سەربازیەکان و ئەو گیروگرفتە سیاسیانەن کە دەوڵەتی چیلەر ناچار بە ناردنی 150 هەزار سەربازی دیکە بۆ کوردستان کردوە.

بەڵام دەوڵەتی تورکیە ئەگەر لە لایەکەوە بە ناردنی هێزی سەربازی و میلیتاریزە کردنی زۆرتر و زۆرتری کوردستان هەوڵ دەدا ئەمنییەت و ئاسایش لە خەڵکی کوردستان هەڵگری و هەر جۆرە ئازادیەك لە کوردستان پێشێل بکا، لە لایەکی دیکەشەوە لە مەیدانی هەڵسووڕانی دیپلوماتیك دا هەوڵ دەدا هەرچی زۆرتر هاوکاری و پشتیوانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی خۆی لە سیاسەتەکانی، دژ بە خەڵکی کوردستان ڕابکێشی.

دەوڵەتی تورکیە دوای ئاخرین کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی لەگەڵ ئێران و سوریە بۆ کۆنترۆڵی زۆرتری سنووورەکان و بەرتەسك کردنەوەی زیاتری هێزەکانی (P.K.K)، لە کۆبوونەوەی ئەم دواییانە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکایی هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەمریکاییەکان بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە مەسەلەی کوردستانی عێراق بە جۆرێك چارەسەر بکەن کە هەلومەرجی ئەو ناوچەیە چی دیکە کارنەکاتە سەر کوردستانی تورکیە و کوردستانی تورکیە لەوەی کە هەیە ئالوزتر نەکا.

ئەم سیاسەتانەی دەوڵەتی تورکیە لە هەلومەرجێکدا بەریوەدەچی کە بورژوازی ئەو ولاتە لەگەڵ بوحرانێکی قوولی ئابووری دەستە و یەخەیە و هیچ ڕێگایەکی بۆ دەرباز بوون لەو بوحرانە لە بەردەم نیە.

قەرزداربوونی زیاتر لە 60 میلیارد دولار، چوونە سەرەوەی یەکجار زۆری ڕادەی کەسری بووجە و کەسری تەرازووی بازرگانی بە میزانی 15 میلیارد دولار، کاری کردوەتە سەر ئابووری ئەو ولاتە و شوێنەواری خۆی داناوە و بەشێکی گەورە لە پێشەسازی ئەو ولاتەی تووشی رکوود کردوە. داسەپاندنی ئاکامەکانی ئەو بوحرانە بەسەر ژیانی چینی کرێکار لە ڕێگای کەم کردنەوەی حەقدەستەکان و گران کردنی پێویستیەکانی ژیان، دەریایەکی لە نارەزایەتی و ئیعتیراز لە ناو چینی کرێکاری تورکیە پێك هێناوە و نیگەرانی لە پەرەسەندنی ئیعتیرازات و مانگرتنی کرێکاری دەوڵەتی خانمی چیلەری خستوەتە بەر مەترسیەکی جیدی. دەوڵەتی تورکیە تا ئێستاش نەیتوانیوە ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو بوحرانە بدوزێتەوە و دریژەی ئابلوقەی ئابووری عێراقیش گیروگرفتی زۆرتری بۆ ئابووری تورکیە پێك هێناوە. دواین کۆبوونەوەی تورکیە لەگەڵ ولاتانی ئەمریکا، ئینگلیس، فەرانسە نەیتوانیوە لە زەمینەی کەم کردنەوەی باری ئەو بوحرانە ئابووریە کە تورکیە تووشی هاتوە دەسکەوتێکی ئەوتو بە دەست بێنی.

لە ئاوا هەلومەرجێکدا هێرش بردنی دەوڵەت بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەك تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو بوحرانە لە لایەکەوە و زیادکردنی کۆنترۆڵی پولیسی بەسەر ژیانی خەڵك دا بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و بۆمب تەقاندنەوە کە ئەمرۆژانە لە ئاستی تورکیەدا پەرەی سەندوە لەلایەکی دیکەوە، ژیان و گوزەرانی لە خەڵك تاڵ کردوە و خەڵکی خستوەتە تەنگانەوە و زیاتر لە هەمیشە زەمینەی مادی و پەرەسەندنی ئیعتیراز و خەباتی جەماوەری پێك هێناوە.

پەرەسەندنی ئاگری خەبات و ئیعتیرازی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دژی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەتوانی دەورێکی سەرەکی هەبی لە پتەوکردنی بەرایەتی و هەستی هاوچارەنووسی لە نێوان زەحمەتکێشانی تورك و کورد دا. ئەوە تەنیا هێزێکە کە دەتوانی لە بەرانبەر زەبروزەنگ و شۆڤینیزمی دەوڵەتی تورکیەدا ڕاوەستی و بەری پەرەگرتنی ناسیونالیزمی بەرچاو تەنگیش لە کوردستان بگری و ڕێگا نەدات کە بورژوازی و نوینەرە فیکری و سیاسیەکانی پەرە بە ناکوکی و جیاوازی لە ناو خەڵکی کورد و تورك دا بدەن. ئەوە ئاسویەکی ڕوون و هیوا بەخشە بەرە و ڕووی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی لە تورکیە.

شکستی وەت وویژەکانی ئوپیك، هاتنە خوارەوەی نرخی نەوت و بوحرانی ئابووری جمهووری ئیسلامی

دوای شکستی کۆبوونەوەکەی ئەم دوایی‌یەی وەزیرانی نەوتی ئوپیك سەبارەت بە دیاریکردنی ڕادەی بەرهەم هێنان و نرخی نەوت، نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا هاتە خوارەوە و بە پێی هەواڵی هەوالنێرەکان نرخی هەر بۆشکەیەك نەوتی دەریای شومال بە ڕادەی 60 سنت هاتە خوارەوە و گەیشتە 13 دولار و 50 سنت.

جێگای باسە ئەندامانی سازمانی ئوپیك دوای شکستی کۆبوونەوەکە بریاریاندا ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لە هەمان ئاستی پێشووی‌دا، یانی 42/5 میلیون بۆشکە لە ڕۆژێك دا بهێڵنەوە.

هاتنە خوارەوەی نرخی نەوت ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر قوولتر بوونەوەی بوحرانی ئابووری دەوڵەتی ئێران چونکەپی بە پێی هەرزان بوونی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا داهاتی ڕژیم لە فرۆشی نەوت کەم دەبێتەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە بەشی هەرە زۆری بووجەی ساڵانەی ڕژیم لە فرۆشی نەوت دابین دەبی ئەم هەرزان بوونەی نەوت ئابووری نەخۆشی ئێران لاوازتر دەکا.

بەپێی قسەی کارشناسانی ئابووری هەر دولارێك کە لە نرخی بۆشکەیەك نەوت بێتە خوارەوە ساڵانە 1 میلیارد دولار لە بووجەی دەوڵەتی ئێران کەم دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئێران لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئوپیك دا زۆری هەوڵ دا تا بە هێنانە خوارەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت، نرخی نەت بەرێتە سەرەوە، لەو نێوەدا هەر چەند ولاتی "نیجریە"ش لە پێشنیاری ئێران پشتیوانی کرد، بەڵام عەرەبستانی سعوودی کە لایەنێکی بەهێزی ئوپیکە لەگەڵ پێشنیارەکەی ئێران موخالەفەتی کرد و پێی وابوو ئەگەر ئاستی بەرهەم هێنان بهێنەنە خوارەوە، ئێران لە بەشێك کە ئوپیك بۆ دیاری کردوە، نەوتێکی زیاتر دەنێرێتە دەرەوە و بریارەکانی ئوپیك دەنێتە ژێر پی.

شکستی کۆبوونەوەکانی سازمانی ئوپیك لە هەلومەرجێك دا کە ولاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت لە دەرەوەی ئوپیك وەکوو نوروێژ، ڕووسیە، ئینگلستان و میسر ئامادە نین ڕادەی بەرهەم هێنانی نەوتی خۆیان بهێننە خوارەوە و ئیمکانی ئەوە کە عێراق سەر لە نوی ناردنە دەرەوەی نەوت دەست پی بکاتەوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە نرخی نەوت لە چەند مانگی داهاتوودا لەوەش کە هەیە کەمتر بێتەوە.

هاتنە خوارەوەو شکانی نرخی نەوت لە کاتێك دا ئێستاش 80٪ داهاتی ئەرزی ئێران لە ناردنە دەرەوە و فرۆشی نەوت دابین دەبی بوحرانی ئابووری دەوڵەتی ئێران قوولتر دەکاتەوە و ئەگەر ساڵی 72 لە 5 ساڵی ڕابوردوودا خراپترین و نالەبارترین هەلومەرجی بازاری نەوت بوو بۆ ئێران، هیچ چاوەڕوان ناکری ساڵی 73 بارودۆخی بازاری نەوت لەوە باشتر بی. لە ساڵی 72دا پێش بینی کاربەدەستانی ئێران بۆ بە دەست هێنانی 16 میلیارد و 800 میلیون دولار لە ڕێگای فرۆشی نەوتەوە لەگەڵ شکست و ناکامی ڕووبەروو بوو و حکوومەتی ئێران نەیتوانی لە ڕێگای ناردنە دەرەوەی نەوت زیاتر لە 13 میلیارد دولار داهاتی بی و ئەوە خۆی کاریگەری‌یەکی زۆری کردوەتە سەر ئابووری ئێران و پێش بینی ئەوە دەکری کە ساڵی 73 داهاتی ئەرزی ئێران لە ڕێگای فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی نەوتەوە لە 13 میلیارد دولاریش کەمتر بی.

لە ئاوا هەلومەرجێك دا، کە یەکێك لە سەرچاوە هەرە سەرەکی‌یەکانی داهاتی ئەرزی دەوڵەتی ئێران دەکەوێتە ژێر فشار و زیانی پی دەگا، دەوڵەتی ئێران بە هۆی نەبوونی ئەرزی دەرەوە ناچار دەبی ئاستی وارداتی خۆی تا ڕادەیەك زۆر بهێنێتە خوارەوە و کەحدوودیەتێکی وارداتی زۆر بەسەر ئابووری ئێران دا بسەپێنی. لە حاڵێکدا کە ڕادەی وارداتی ئێران لە دوو ساڵی ڕابوردوودا زیاتر لە 40 میلیارد دولار بووە ناچار دەبی تا ئاستی 12 میلیارد دولار لە ساڵی 73دا بیهێنێتە خوار کە ئەوە قورسایی‌یەکی زۆرتر دەخاتە سەر قەیرانی ئابووری دەوڵەتی ئێران.

بە کەم بوونەوەی میزانی وارداتی تا ئەو ڕادەیە، زۆرترین زەرەر و زیان و فشار دەکەوێتە سەر کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی دەوڵەتی کە تا ئێستا بەسەر دەستی دەوڵەت دا ماونەتەوە و دەوڵەت نەیتوانیوە بیانفرۆشی بە بەشی سەرمایەداری خوسووسی.

ئەو بەشە لە کارخانەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن بە تەواوی توانای خۆیان کار بکەن پێویستیان بە 15 میلیارد دولار واریداتی مەوادی خام و کەل و پەلی یەدەکی هەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا بە زەختێك کە کەوتەوتە سەر واریدات نە تەنیا ناتوانن ئەو پێویستی‌یانە دابین بکەن بەڵکوو کەمتر لە 10 میلیارد دولاریش دەتوانن بۆ ئەو کارە تەرخان بکەن و لە ئەنجام دا ڕادە و ئاستی تولید و بەرهەم هێنانی ئەو ناوەندە بەرهەم هێنەرانە لانی کەم 50٪ دێتە خوارەوە و لە ئاکام دا ئەگەر لە لایەکەوە نرخی کالا بەرهەم هاتوەکان دەچێتە سەر لە لایەکی دیکەشەوە هەزاران کەس لە کرێکاران لەسەر کار دەردەکرێن و بە ریزی میلیونی بێکاران زیاد دەبن.

هاتنە خوارەوەی نرخی نەوت و لاوازبوونی سەرچاوەکانی ئەرزی دەوڵەت، حکوومەتی جمهووری ئیسلامی بۆ دانەوەی قەرزەکانی کە زیاتر لە 30 میلیارد دولارە لەگەڵ گیروگرفتێکی تازە ڕووبەروو دەکا و ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ڕاپورتی بانکی جیهانی 11 میلیارد و 102 میلیون دولار لە قەرزەکانی ئێران قەرزی کۆرت ماوەن و دەبی لە کۆرت ماوەدا بدرێنەوە. ئەو قەرزانە تا ئێستا بە هۆی ئەوە کە دانەوەیان وەدوا کەوتوە 547 میلیون دولاریان هاتوەتە سەر.

سەرەڕای ئەوانە، کەم بوونەوەی زەخیرەی ئەرزی خاریجی ئێران لە کاتێکدا کە داوای زۆرە، بەهای ڕیالی ئێران بەرامبەر بە دولار دەهێنێتە خوارەوە و ئەوە لە حاڵێکدا کە هەر دوکاندارێکیش بە پێی هاتنە خوار و چوونە سەری نرخی دولار نرخی کالاکانی دیاری دەکا، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە ئاستی گرانی و نرخی پێداویستی‌یەکانی ژیان دەباتە سەر.

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بەو هەموو گیروگرفتە ئابووری‌یە کە تووشی خەڵکیان کردوە بەم جۆرە ولامی خەڵك دەدەنەوە. "ئەمیر مکی" یەکێك لە کاربەدەستانی

←

سەرەوەی وەزارەتی نەوت لە وەلامی پرسیاری یەکێك لە هەواڵنێرەکانی بەشی فارسی رادیو B.B.C کە دەڵی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە کە لە ئەنجامی کەم بوونەوەی داهاتی نەوت دێتە پێش چ کارێك دەکەن، دەڵی ئێمە کە مەربەندەکان تووندتر دەکەینەوە و لێپرسراوانی وڵات لە پەسند کردنی ترحی بودجەی ساڵی 73دا ئەوەیان لەبەرچاو گرتوە.

ئاغای مەکی راست دەکا و کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە تەرحی بووجەی ساڵی 73دا بە بردنە سەری ئاستی مالیاتەکان، بردنە سەری نرخی ئینرژی و ئاوی خواردنەوە و قسەکردنی تەلەفونی و هەزینەی پوست و لابردنی سوپسید لەسەر بەشێك لە کالاکان بە رادەی پێویست کەمەربەندەکانیان تووندتر کردوەتەوە.

لە راستیدا جمهووری ئیسلامی دەیەوی لە ڕێگای هێرش هێنان بۆ سەر ئاستی ژیان و بژێوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگ و کەم دەرامەدی کۆمەڵ گیروگرفتی ئابووری و گیروگرفتی بووجەی خۆی چارەسەر بکا، بەڵام بێگومان جمهووری ئیسلامی بەو هێرشە وەحشیانەیەی، ریزێکی بەرین لە نارەزایتی و ئیعتیرازی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی چەوساوە و بی‌بەش لە بەرانبەر خۆیدا پێك دەهێنی و بوحرانی ئابووری رژیم و ئالترناتیوێك کە بە خەیالی خۆی بو دەربار بوون لەم تەنگانەیە هێناویەتە گۆڕ، کۆمەڵگای ئێران بەرەو هەستان و تەکانی تووندی کۆمەڵایەتی دەبا و داهاتووی سیاسی ئێران و چارەنووسی خودی رژیمیش دیاری دەکا.

وڵاتی رواندا لە ناو بلیسەی ئاگری شەری ناوخۆیی‌دا

دوای کوژرانی دوو سەرەك کۆماری هەردوو وڵاتی رواندا و بروندی، لە ئەنجامی تەقینەوە و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەیان لە فڕۆکەخانەی شاری "کیگالی" پایتەختی‌ی وڵاتی رواندا، کوشت و کوشتار لە وڵاتی رواندا و بە تایبەت لە شاری کیگالی هەروا درێژەی هەیە. بە پێی هەواڵی کەنالەکانی راگەیاندن تا ئێستا هەزاران کەس گیانی خۆیان لە دەست داوە، هەزارانی‌تر بریندار بوون و خەڵکێکی زۆریش بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان مااڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوە. شاری کیگالی هەروا لە ناو خوێن و بلیسەی ئاگری شەری مالویرانکەری نەتەوەیی دایە. بە پێی هەواڵەکان ئاگری ئەم شەرە پریشکێشی هاوێشتوەتە وڵاتی دراوسی (بروندی) و لەو وڵاتەش کوشتاری وەری خستوە. دوای کوژرانی سەرەك کۆمار، ئەرتەش و پولیسی رواندا دەوڵەتێکی کاتی‌یان پێك هێناوە و سەرۆکی پارلمانی ئەو وڵاتەیان وەکوو سەرەك کۆمار دیاری کردوە. بەڵام پێك هاتنی ئەو دەوڵەتە نە تەنیا نەیتوانیوە کۆتایی بەو کوشت و کوشتارە بهێنی بەڵکوو بەو جۆرەی کە لە هەواڵەکان دەردەکەوی ئەرتەش و پولیس و لە تایبەت گاردی سەرەك کۆماری نەقش و دەورێکی سەرەکی‌یان بووە لە تووندوتیژی و وەحشیگەری و دروستکردنی ئەم کارەساتە مرۆیی‌یە.

بە دەرکەوتنی بەرینایی ئەو کارەساتە مرۆیی‌یە کە لە ئەنجامی‌دا چەند سەربازی بلۆکی سەر بە "ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان" و 2 یا 3 کەس فەرانسەوییش کوژراون، دەوڵەتانی فەرانسە و بلژێك و ئەمریکا کەوتنە هەوڵ و تەقالای ئەوە کە بۆ رزگاری کەسانی سەربەخۆیان هێزی سەربازی ڕەوانەی وڵاتی رواندا بکەن. فەرانسە بۆ ئەو مەبەستە 270 کەسی ڕەوانەی شاری کیگالی پایتەختی رواندا کرد تا کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەی ئەو شارە بە دەستەوە بگرن و لە ڕێگای ئاسمانی کەسانی سەربەخۆیان دەرباز بکەن.

وڵاتی بلژێکیش هەر بەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆری چەترباز لەو وڵاتە پیادە کرد. ئەمریکاش 320 کەسی تفەنگداری دەریایی لە وڵاتی بروندی دابەزاند تا ئامادەبن بۆ رزگار کردنی کەسانی ئەمریکایی.

بەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا کە تەرمی هەزاران کەس لە ژن و منداڵ و الو و پیر لە شەقامەکان کەوتووەتە سەریەك و دەنگدانەوەی بەرینایی کارەساتەکە بیروڕای گشتی تەکان داوە، هەوڵ و تەقالای ئەو دەوڵەتانە تەنیا بۆ رزگار کردنی کەسانی سەربەخۆیان جارێکی دیکەش درویینەبوون و دووڕوویانە بوونی بەشەردوستی ئەم دەوڵەتانە بە هەموو کەس نیشان دەدا. وا دیارە لە روانگەی دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانەوە، منداڵان و خەڵکی ئەو دوو وڵاتە ئەفریقایی‌یە کە تەنیا بە تاوانی ئەوە کە پەیوەندیان بە تیرەی "هوتو" و یا "توسی" هەیە سزایان مەرگە، بۆ ئەوە نابن کە لە مەرگ رزگار بکرێن. منداڵان و خەڵکی رواندا و بروندی لە ناوچەیەك لە جیهان دا دەژین کە پەیوەندی بە نەتەوە و تیرەی "دوژمن" دەتوانی سزای مەرگی بە دواوە بی.

رواندا بە 7 میلیون کەس و بروندی بە 5/5 میلیون کەس دانیشتووەوە دوو وڵاتی چکولەی ئەفریقای مەرکەزین کە زۆربەی خەڵکەکەیان لە دوو تیرەی هوتو و توسی لە هەردوو وڵات دەژین و لە هەردوو وڵات "هوتو"کان زۆرایەتین و "توسی"یەکان کەمایەتین.

ئەو دوو تیرەیە کە لە مێژووی ژیانیان دا، ناوەناوە شەر و پێکدادانیان لە نێوان دا بووە، لە دوای رزگاربوونیان لە ژێر چەپوکی دەوڵەتی بلژیك و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ساڵی 1963 واتە 32 ساڵ لەوەپێش دەیان هەزار کەسیان بووە بە قوربانی ئەم شەرانە. هەرچەند نەفرەت و رقی کوێری نەتەوەیی هەر لە زووەوە رەگ و ریشەی خۆی لە ناو خەڵکی ئەم دوو تیرەیەدا داکوتاوە و لە لایەن سەرۆك تیرەکانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دواکەوتووەکانیان پشتیوانی لێکراوە، بەڵام چونیەتی دابەش کردن و دیاریکردنی سنووری ئەو دوو وڵاتەش لە لایەن دەوڵەتانی بلژیکەوە دەورێکی بنەڕەتی هەبووە لە درێژەی ئەم شەر و کوشتارانەدا.

ساڵی 1972 لە وڵاتی رواندا لە ئەنجامی شەری ناوخۆیی و نەتەوەیی‌دا کە جۆگەلەی خوێنی وەری خست زیاتر لە 200 هەزار کەس کە زۆربەیان لە تیرەی هوتو بوون کوژران و بوون بە قوربانی ئەو شەرە مالویرانکەرە. بە دوای ئەو کارەساتەدا "هاواری مانا" سەرەك کۆماری وڵاتی رواندا لە ساڵی 1973دا نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ کەم کردنەوەی رق و نەفرەتی نەتەوەیی هەڵنگرت، بەڵکوو بە بەستنی سنوورەکانی باکوور لەسەر دەیان هەزار کەسی سەر بە تیرەی توسی کە بە دوای شەرەکانی 1973دا ئاوارەی وڵاتی ئوگاندا بوون هەروا بە رق و نەفرەتی نەتەوەیی پەرەی‌دا. هەر لەسەر بناغەی ئەو ناکوکی‌یانەیە کە تا ئێستا چەندین شەری گەورە و کارەساتی مرۆیی لەو دوو وڵاتە رووی داوە. بۆ نموونە ساڵی 1988، 80هەزار کەس هەر لە وڵاتی رواندا و لە ساڵی 1993دا زیاتر لە 50هەزار کەس لە وڵاتی بروندی لە ئەنجامی شەری ناوخۆیی‌دا گیانی خۆیان لە دەست داوە. ساڵی 1994 تیرەی توسی‌یەکان کە هیچ جێگا و شوێنێکیان لە دام و دەزگای دەوڵەتی و دەسەڵاتی سیاسی‌دا نەبوو هێرشیان بردە سەر باکووری رواندا و شەرێکی گەورە لەو ناوچەیەدا دەستی پێکرد. توسی‌یەکان لە درێژەی شەرەکاندا رێکخراویکیان پێك هێنا بە ناوی "بەرەی نیشتمانی".

لە درێژەی شەر و پێکدادانی "بەرەی نیشتمانی" و دەوڵەتی رواندادا ساڵی 1993 بە دەخاڵەتی کومیسیونێکی نیودەوڵەتی بریارنامەیەك بە ناوی بریارنامەی "ئاروشا" لە نێوان بەرەی نیشتمانی و دەوڵەتی رواندا ئیمزا کرا کە بە پێی ئەو بریارنامەیە تیرەی توسی کە سااڵها بوو ئاوارە ببوون دەیانتوانی بێنەوە وڵاتەکەی خۆیان و هەروەها دەیانتوانی لە دەسەاڵتی دەوڵەتی‌دا بەشدار بن.

دوای ئیمزا کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەش بەرەی نیشتمانی هەمیشە ئیدعای ئەوەیان دەکرد دەوڵەت لە بەڕێوەبردن و پیادەکردنی بریارنامەکە خۆلادەدا.

ئەمڕۆ دوای تەقینەوەی فڕۆکەکە و کوژرانی سەرەك کۆمار، بەرەی نیشتمانی ئەو دەوڵەتەکاتی‌یە کە لە ئەرتەش و پولیس پێك هاتوە بە ڕەسمی ناناسی و داوای لە وڵاتانی ئەمریکا و فەرانسە و بلژیك کردوە تا لە دەوڵەتی کاتی پشتیوانی نەکەن. پێشڕەوی هێزەکانی بەرەی نیشتمانی لە باکووری رواندا وە بەرەو پایتەختی ئەو وڵاتە شەرەکەی بەرینتر کردنەتەوە. بە جۆرێك کە ئەمڕۆ لە زۆربەی شار و شاروچکەکان و دێهاتی ئەو وڵاتە شەرێکی توند و خوێناوی بەردەوامە و هەر دێت و زیاتر پەرە دەستێنی.

لەهەلومەرجی ئێستادا کە ئاگری شەری نەتەوەیی و ناوخۆیی سەراسەری ئەو وڵاتەی داگرتوە هەموو کاروباری ئاسایی بیمارستان و ناوەندە ئیداری‌یەکان و یارمەتی‌یە فریاگوزاری‌یەکان بە تەواوی بەربەست کراون و لە ناو ئاگری شەری نەتەوەیی‌دا دەسووتین. هیچ چاوەڕوان ناکری کە بەم زووانە ئاگری ئەم شەرە خاموش بی و ئەم کارەساتە مرۆیی‌یە کۆتایی پی بی.

دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری تەنیا لە ڕوانگەی بەرتەسکی رزگاری کەسانی خۆیان بارودۆخی ئەو ناوچەیە چاو لی دەکەن. پتروس غالی سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان تازە کەوتوەتە بیری ئەوە کە ڕاپورتێك لە بارودۆخی ئەو ناوچەیە پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایش بکا و دەستە وەستاوی خۆی بە باشی نیشان داوە.

لە ئاوا هەلومەرجێکدا تەنیا و تەنیا فشاری ئیعتیراز و خەباتی چینی کرێکار و خەڵکی پێشکەوتووخوازی وڵاتانی گەورەی دنیایە کە دەتوانی دەوڵەتانی ئەو وڵاتانە ناچار بکا تا پارمەتی‌یە فریاگوزاری‌یەکان بۆ ئەو ناوچەیە بنین و هەوڵ بدەن شەری ناوخۆیی کۆتایی پی بی.

رووداوەکانی ئەفریقای خواروو

بەپێی هەواڵ و ڕاپورتی هەواڵدەرە ڕەسمی‌یەکان تەنیا لە ڕۆژانی 2 و 3 و 4ی مانگی ئاوریل دا لە ئەنجامی هێرش و کردەوەی تیرۆریستی هێزە دەست ڕاستی‌یەکان واتە ناسیونالیستەکانی زولو و هەروەها حیزبی ئازادی ئینکاتا بۆ سەر خەڵك و لایەنگرانی کونگرەی میللی ئەفریقا زیاتر لە 40 کەس کوژراون و دەیان کەس بە سەختی بریندار بوون. ئەم کارەساتە وەحشیانەیە کە دڵتەزێنترین دیمەنەکانی لە تلویزیونەکانەوە نیشان دراوە، لە ناوچەکانی "کوازولو" سەر بە ئوستانی "مانگوستو"ی ئەفریقای باشوور بەڕێوە چووە. ئەماری کوژراوەکانی ئەم کوشتارە لە یەك مانگی رابوردوودا گەیشتوەتە 300 کەس.

هەرچەند هێز و لایەنە دەستە ڕاستی‌یەکان لە چەند ساڵی رابوردوودا، گەلێك جار کوشت و کوشتاریان وەری خستوە، بەاڵم هۆی کوشت و کوشتاری ئەم جارە دەگرێتەوە سەر ئاڵ و گۆڕەکانی ئەفریقای باشوور لە چەند مانگی رابوردوودا.

نزیکەی 4 مانگ لەوەپێش یانی ڕۆژی 18ی نوامبری ساڵی رابوردوودا نوینەرانی 20 حیزب و ڕێکخراوی ئەفریقایی کە هەرکام نوینەرایەتی مەیل و بوچوونی جیاوازیان دەکرد دوای چەند ساڵ دانیشتن و وت و وێژ بۆ لەسەر کار لابردنی حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئەفریقا تانوونێکی ئەساسی تازەیان ئیمزا کرد. لە کاتی وت وێژ لەسەر قانوونی ئەساسی تازە نوینەرانی حیزب و لایەنە جۆاروجۆرەکان لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە زیاتر لە یەکتر نزیك ببنەوە و زۆرتر لەگەڵ یەکتر بسازین. بەاڵم هێزە تووندڕەوە دەستە ڕاستی‌یەکانی ڕەش و سپی کە "ڕێککەوتنی موحافەزەکاری ئازادی"یان پێك هێنابوو، واتە ناسیونالیستەکانی زولو و حیزبی ئازادی ئینکاتا و چەند لایەنیکی سەربەخۆیی خوازی دیکە کە خوازیاری پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوون، دوای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن بە ویستەکانیان بگەن، وت و وێژەکەیان تەحریم کرد و هەرەشەیان کرد کە دەست بۆ شۆڕشی چەکدارانە دەبەن.

شۆڕشی چەکدارانە و کوشت و کوشتار لە ناوچەکانی "کوازولو" کاتێك پەرەی سەند کە "شورای ئیجرایی انتقالی" کە بە هاوکاری کونگرەی میللی ئەفریقا و حیزبی میللی دیکلیرك بۆچاوەدێری و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی 27ی ئاوریل پێك هاتبوو، دەیویست هێزێکی ئەمنییەتی بۆ ناوچەکانی کوازولو، کە لە ژێر دەسەاڵتی فەرماندار "بوتەلزی" دایە بەری بکا. هێز و لایەنە دەستە ڕاستی‌یەکان کە لەو ناوچانە نفووز و دەسەاڵتیان زۆرە و لە هەڵبژاردنی 27ی مانگی ئاوریل دا بەشداریان نەکردوە خوازیاری ئەوەن کە وت و وێژ لەسەر ئەساسی داخوازی‌یەکانی ئەوان درێژەی هەبی و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و ڕێگرتن لە هەڵبژاردنی 27ی ئاوریل دەستیان داوەتە کوشتار و تیرۆر و لە هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە دەستیان نەپاراستوە.

بەاڵم ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە لە ناوچەکانی‌کوازولو لە ئوستانی "مانگوستو" ئەوە تەنیا هێز و لایەنە ناسیونالیستەکانی زولو و ئینکاتا نین کە ئەم جینایەت و کوشت و کوشتارەیان وەری خستوە. بە پێی ڕاپورتی کومیسیونێك بە ناوی "گلداستون" کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی لە بابەت پی‌شێل کرانی مافە سیاسی‌یەکان لەو ناوچەیە بە سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی پولیسی ئەفریقای باشوور بەڕێوە دەچی و زۆربەی داروودەستە تیرۆریستەکان لە لایەن پولیسەوە حوکمی تیرۆری ئەندامانی کونگرەی میللی ئەفریقایان پێ دراوە، و هەر لەبەر ئەو ڕاستی‌یانەشە کە وەزیری بەرگری و زۆربەی وەزیران و کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەتی دیکلیرك لەگەڵ داخوازی "شورای ئیجرائی انتقالی" بۆ ناردنی هێز بۆ ئەو ناوچانە موخالیفن. زۆربەی وەزیران و کاربەدەستانی دەوڵەتی دیکلیرك لەسەر ئەوە باوەڕەن کە فەرماندار "بوتەلزی" کە پێشتر یەکێك لە دەس و پێوەندەکانی نزیك و وەفاداری دەوڵەتی دیکلیرك بووە نابی ببێتە قوربانی سازان و مامەلە لەگەڵ کونگرەی میللی ئەفریقا.

ئەو ڕاستی‌یانەی کە باسمان کرد ئەوە دەخەنە بەرچاو ئاغای دیکلیرك کە نوینەری سەرمایەداری سپی پێستی ئەفریقای باشووڕە و تێدەکوشی ڕواڵەتێکی ئاشتیخواز بە خۆیەوە بگری هەر ئێستاش بە پشتیوانی توانا و نفووزێك کە لە ناو ئەرتەش و پولیسی ئەفریقای باشووردا هەیەتی و بە پشتیوانی دەس و پێوەندەکانی بۆ پەرەدان بە ئاگری شەری ناوخۆیی ڕەش پێستەکان هەوڵ دەدا و هەر ئێستاش لە ڕێکخەرانی ئەو شەرە ناوخۆیی‌یانەیە. ئەم ڕاستی‌یانە ئەوە دەسەڵمێنن کە تەنانەت ئەگەر لە ئاکامی ڕاگەیاندنی وەزعییەتی نائاسایی و حکوومەتی سەربازی لەو ناوچەیەدا و درێژەکێشانی وت و وێژەکانی "نلسون ماندیلا" و "دیکلیرك" لەگەڵ ناسیونالیستەکانی زولو و خیزی ئازادی ئینکاتا، بۆ ماوەیەکیش ڕادەی کوشت و کوشتار لەو ناوچەیە کەم ببێتەوە، ئەم کوشت و کوشتار و کردەوە تیرۆریستی‌یانە بە تەواوی بەربەست نابیت و هیچ چاوەڕوانی ئەوە ناکری کە هەڵبژاردنێکی ئازاد لەو ناوچانە بەڕێوە بچی.

کێشەی ئەمریکا و کوردی باکوور

ئەم ڕۆژانە شەپۆلێکی تازە لە تەبلیغات و هەڕەشەی ئەمریکا دژی کوردی باکوور دەستی پێکردوە. ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا لە زمانی کارشناسانی نیونەتەوەی‌یەوە باسی ئەوە دەکەن کە کوردی باکوور بە بەرنامە ئەتومی‌یەکانی درێژەی داوە سەرگەرمی ئەوەیە کە توانایی و زەرفییەتی خۆی بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتومی دووبەرابەر بکا. لە لایەکی دیکەوە وەزیری بەرگری ئەمریکا "ولیام پیری" لە وت و وێژێکی تلویزیونی‌دا ڕایگەیاند کە ئەگەر کوردی باکوور ڕێگە نەدات کە پشکنیرەکانی نیونەتەوەیی دامەزراوە ئەتومی‌یەکانی بپشکنن دەوڵەتی ئەمریکا فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر کوردو لە ئەنجام دا دەوڵەتی ئەمریکا هیچ هەنگاوێك، تەنانەت وەشاندنی گورزی سەربازیش بە دوور نازانی. ئەمریکا بەر لەم دواییە هەرەشانەی خۆی ڕایگەیاندبوو کە خەیاڵی ئەوەی هەیە ژمارەیەکی زۆر مووشەکی "پاتریود" لە کوردی باشوور دابمەزرێنی و مانورێکی سەربازی گەورەی هاوبەش لە ناوچەکەدا بەڕێوەبەری.

هەروەها ئەمریکا لە حەوتووی ڕابوردوودا هەواڵی‌دا کە بەریارنامەیەك دژی کوردی باکوور بە پەسندی ئەنجومەنی ئاسایشی نیونەتەوەیی بگەیەنی. بەاڵم بەم هەوڵ و تەقالایە لەگەڵ موخالەفەتی چین کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە ڕووبەڕوو بوو و سەرەنجام تەنیا بەیاننامەیەك دەرچوو کە تێیدا داوا لە کوردی باکوور دەکری ڕێگا بە پسپورانی نیونەتەوەیی بدات کە چاویان بە دامەزراوە ئەتومی‌یەکانی بکەوێت. بەاڵم لەم نێوەدا ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە

ئەنتەرناسیونال

لە کۆمونی پاریسەوە بۆ کرێکارانی جیهان!

کە فشارهێنان بۆ مەحدوود کردنەوەی کورەی باکوور لە بەرهەم هێنانی چەکی ئەتومیدا بەشێکی چکولەیە لە مەبەستی ئەمریکا لەو هەموو هەرەشە و گورەشە و جاروجەنجالە تەبلیغاتییە کە وەری خستوە. ئەوە راستە کە بەرهەم هێنانی مووشەکی بالستیک و ئەتومی و پلوتونیوم لە ولاتی کورەی باکوور و فرۆشتنی ئەو مووشەکانە بە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ نموونە ئێران لە 40٪ی پێداویستی نەوتی ئەو ولاتە دابین دەکات لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی ئەمریکا نایەتوە، بەڵام ئەو راستییەش شاردراوە نیە کە تەواوی شارە سەرەکییەکان و بنکە سەربازییەکان و ناوەندەکانی پێشەسازی کورەی باکوور لە تیرەسی مووشەکە ئەتومییەکانی ئەمریکا دان تا هەرکات کە پێویست بوو ئەمریکا بە کاریان بهێنی.

مەبەستی سەرەکی ئەمریکا لە وەری خستنی ئەو هەموو تەبلیغات و جاروجەنجال و هەرەشەیە لە دژی کورەی باکوور ململانییە لەگەڵ ولاتی ژاپون و بە دوای ئەوەیش دا ولاتی چین. دوای کۆتایی دەورانی "شەری سارد" و نەمانی دونیای دوو جەمسەری، لەم سەردەمەدا هەر دێت و جیاوازی و ناکۆکییەکانی لایەنە سەرەکییەکانی جیهانی سەرمایەداری زیاتر و زیاتر دەبی. ئەگەر لە دەورانی بە ناو شەری سارد دا ئەمریکا و ولاتانی ئوروپای رۆئاوا و ژاپون لە مەیدانی بەربەرەکانیدا لەگەڵ شووڕەوی و ولاتانی ئوروپای رۆژهەلات، جیاوازی و ناکۆکییەکانی خۆیان وەلانابوو و روالەتێکی یەکگرتوویان بە خووە گرتبوو، ئەمرۆ دوای شکستی شووڕەوی و هەڵوەشانەوەی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات دەمێکە کە ئەو رەمزی یەکگرتوویییە لە ناوچووە و هەر دێت و خاڵەهاوبەشەکان کەمتر دەبنەوە و ناکۆکییەکان زیاتر خۆیان نیشان دەدەن.

بە دوای تەواوبوونی شەری سارد دا ئەوەی کە ئاشکرایە ژاپون نایەوی چیتر لە بواری سەربازیدا بە ئەمریکا وابەستە بمێنێتەوە و چیتر ئەمریکا کەسری بووجە و کەسری تەرازووی بازرگانی خۆی بەسەر ژاپون دا بسەپێنی و لەسەر حیسابی ژاپون بۆ ئەم شوێن و ئەم گوشەی دونیا لەشکرکێشی بکا.

سەرەرای ئەوانە ئەمرۆ لە زەمینەی بەرهەم هێنانی زۆر کالای سەنعەتی لە ئاستی جیهان دا ئیزافە زەرفییەتی تەولیدی وجوودی هەیە کە ئەوە بەو مانایەیە کە رەونەقو گەشەی بەشێک لە پێشەسازی هەر کام لەو دوو ولاتە تەنیا بە قیمەتی داشکانی پێشەسازی ولاتەکەی دی ئیمکانی هەیە.

هەر لەسەر بناغەی ئەم ناکۆکییانەیە کە ئەگەر ئەمریکا ناوچەیەکی بازرگانی ئازادی لەگەڵ کانادا و مکزیک پێک هێناوە، ژاپونیش هەر لەسەر بناغەی ئەوە کە سنووری گومرکی لە ناوخۆ هەڵگری و لە هەمان کاتدا بە دیاریکردنی تعرفەی خاریجی دەروازەی بازارەکانی لەسەر ولاتانی دیکە داخاو بەم جۆرە ناوچەیەکی بازرگانی ئازادی لەگەڵ ولاتانی کورەی باشوور، تایوان، هونگ کونگ و سەنگاپور لە تەواوی ئوقیانووسی ئارام دا پێک هێناوە و هەوڵی داوە جێگاپێی خۆی لە بەرانبەر ئەمریکادا قایمتر بکا. ژاپون هەروەها پەیوەندی ئابووری خۆی لەگەڵ ولاتی چین پەرەپێداوە.

بەو راستییانە کە باسمان کرد بە باشی دەردەکەوی کە هەراوهوریای تەبلیغاتی و هەرەشەی ئەمریکا لە کورەی باکوور و بەو بیانووانە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر مووشەکی پاتریود لە کورەی باشوور و وەری خستنی مانوری سەربازی هاوبەش لەگەڵ سوپای ئەو ولاتە و هێشتنەوە و دامەزراندی هێزی ئەمریکایی لە کورەی باشوور بەشێکە لە ململانی و پێشبرکی ئەمریکا لەگەڵ ژاپون و ولاتی چین.

ئەمریکا لە مەیدانی پێبرکی ئابووری لە زۆر بواردا لە ژاپون وەدواکەوتوە و مەترسی و نیگەرانی بەهێزبوونی رۆژ لەگەڵ رۆژی زیاتری ولاتی چینی هەیە و دەیەوی بە ملهووری و هەرەشە و دەستێوەردانی سەربازی، جیگاپێی خۆی لەو ناوچەیە قایمتر بکا و جێگا و شوێن و بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر بپارێزی.

***

هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان
دیلانی برسیەتی دنیا
لە تەنووڕەی بیر و باوەڕمان قرمژنی
تریشقە راسا
تەنووڕەی ئاخرینە هەستن با
هەڵبپێچین دەورەی کۆن
رابین و ژێر و ژوور کەین جیهان
ئێمەی هیچ بین بەگشت ئەی کۆیلان
ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و مالّ با
یەکگرتوو بین هەڤاڵان
بە ئەنترناسیۆنالّ رزگار دەبێ
ئینسان
دەسەڵاتدار رزگارمان ناکەن نە شا،
نە شێخ، نە ئاسمان
با خۆمان بۆ رزگاری رابین ئەی
خێڵی بەرهەم هێنەران
رزگاری گشتی بێ و رەها کەین گیان
لە بەند و مالّ لە تالّان
خۆمان ئاگر خۆش کەین و بوکتین بە
گەرما و گەرمی ئاسنمان
ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و مالّ با
یەکگرتوو بین هەڤاڵان
بە ئەنترناسیۆنالّ رزگار دەبێ
ئینسان
ئێمەین کرێکاران و وەرزێران
کۆمەڵی مەزنی زەحمەتکێش
هەر بە ئێمە دەبڕێ جیهان تاکەی
بۆتەوە زەڵی خوێنڕێژ
بەڵام ئەمڕۆ, سبەی ئەی هەڤاڵان
هەرکە فەوتان قەل و دالّان
هەتاوی گەش هەتا هەتایە تیشک
داوێژێ بۆ ئینسان
ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و مالّ با
یەکگرتوو بین هەڤاڵان
بە ئەنترناسیۆنالّ رزگار دەبێ
ئینسان
کۆمونی پاریس هەروەک یەکەمین
حکوومەتی کرێکاری بوو، هەروەک بۆ
یەکەم جار موری چینی کرێکاری
بەسەر شێوەی حکوومەت کردن دا
کۆتا، هەروەک بۆ یەکەم جار دەستی بە
ئیقداماتێکی شۆرشگێڕانەی کرێکاری
برد، یەکەم سروودی جیهانی چینی
کرێکاریشی خولّقاند: سروودی
ئەنترناسیونال لەو سەردەمەوە هەتا
ئێستا سالّ بە سالّ زیاتر دەبێتە
سروودی سەرزاری کرێکاران لە هەموو
جیهان و لە راستیدا یەکێک لە
دەسکەوتە زیندووەکانی کۆمونی
پاریسە کە بۆ نەسلا و نەسلی
کرێکارانی جیهان بەجێ ماوە. ئەم
سروودە رەمزیکە لە تاریخی پر لە
تێکۆشان و قارەمانەتی پر لە شانازی
چینی کرێکار و رەمزیکە لە عەزمی
شۆرشگێڕانەمان بۆ یەکگرتن لە پێناو
دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری لە
سەراسەری جیهاندا.

لە کۆتایی رۆژەکانی دەسەڵاتی کۆمون دا_ حکوومەتی ئاخری مانگی مەی سالّی 1871_ سروودی ئەنترناسیونال هاتە بوون. ئەگەر کۆموناردکان و کرێکارانی راپەڕیوی پاریس لە ماوەی 2 مانگ ژیانی کۆموندا نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان لە پاریس بەوڵاوەتر بەرن بەڵام بەم سروودە نیشانیان دا کە ئاسوی ئامانج و بیروباوەریان ئاسویەک بوو بە پانایی گشت جیهان، شۆرشێک کە بەرپایان کردبوو نە تەنیا لە چوارچێوەی پاریس بەڵکوو لە چوارچێوەی فەرانسەش دا نەدەگونجا، شۆرشێک بوو کە هیچ چوارچێوەیەکی نەدەناسی. رزگاری بەشەرییەتی چەوساوەی نابووە بەردەم خۆی و ئەم ئامانجە جیهانییە بە روشنی لە سەروبەندی سروودی ئەنترناسیونال دا بەم جۆرە بەیان کرابوو:

بە ئەنترناسیونال رزگار دەبی ئینسان.

شاعیری سروودی ئەنترناسیونال کرێکارێکی پاریسی بوو بە ناوی "ئوژن پواتیە"، کرێکارێکی شۆرشگێڕ کە خۆی یەکێک لە رابەرانی کومون بوو.

سروودی ئەنترناسیونال دوای شکستی کومون نە تەنیا نەکەوتە لاو لە بیرنەچووەوە، بەڵکوو وەک رەمزی زیندوومانەوەی هەتاهەتای ئامانجی رزگاریبەخشی کومون، وەک نیشانەیەک لەو راستییە کە کومونی پاریس هی هەموو کرێکارانی جیهانە زۆر زوو لە سەراسەری ئوروپا و دواتر لە سەراسەری جیهان بڵاوبووەوە، ئێستا ئەم سروودە بە هەموو زمانە زیندووەکانی دونیا تەرجەمە کراوە و کرێکارانی وشیار و تێکۆشەر لە سەراسەری جیهان هەرکەس بە زمانی خۆی، بەڵام هەموو بەیک ئاهەنگ دەیخوێنن، تا نیشان بدەن کە کرێکارانی جیهان سەر بە هەر میللەت و زمانێک بن دلیان وەک یەک بۆ رزگاری لّی دەدا و خوێنی کومونارە قارەمانەکان هەتا هەتایە لە رەگیاندا دەگەری. کرێکارانی وشیار و شۆرشگێڕی کوردستانیش سالّەهایە یەکدەنگ لەگەڵ چینی کرێکاری جیهان سروودی ئەنترناسیونالیان وەک سوننەتێکی کرێکاری لە ناو خۆیاندا جێگیر کردوە.

***

پاشماوەی مەراسمی ئەسپەردەکردنی هاوری ....

کۆمەڵە وەک رێکخراوێکی سیاسی رێکخەری رەوتی سوسیالیستی و کرێکاری لە کۆمەڵی کوردستان دا لە هەلومەرجێک دا کە بی وچان تێدەکۆشی بۆ پتەوکردنی هاوپشتی خەباتکارانەی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراق لەگەڵ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستانی ئێران، لەوە دلنیایە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانی عێراق وەک تا ئێستا قەلایەکی پولایین بوون لە بەرامبەر هەرچەشنە دەسدرێژی و هێرش و پەلامار و رەشەکوژیەکی ئینسانە ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکان، لەوە بەولاوەش بە وشیاری و وریاییەکی زۆرتر و دەربەست بوونێکی قوولتر رێگە نادەن کە دەست و پیوەندە تیرۆریستەکانی رژیمی جمهووری ئیسلامی لەوە زیاتر ببنە کوسپ و رێگر لەسەر رێگای رەوتی بەرەوپێش چوونی خەباتی عادلانە و جەماوەری لەم مەلبەندە و رێگایان پی نادەن کە لە پێناو ئامانجی گلاوی ئەو رژیمەدا هێرش بکرێتە سەر ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان.

لە درێژەی مەراسمەکەدا وتار و پەیامی سەرەخۆشی و هاوەردی نوینەرانی حیزب و رێکخراوەکان، پێشکەش بەشداربووان کرا.

ئێمە لێرەدا سوپاسی جەماوەری خۆشەویستی شاری سلیمانی و هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە چ بە بەشداری لە مەراسمی ئەسپەردە کردنی تەرمی هاوری رەشاد و چ بە هاتن بۆ مقەرەکانی کۆمەڵە بۆ پرسە و سەرەخۆشی و چ بە ناردنی نامە و پیام، هاوەردی و پشتیوانی خۆیان دەربریوە.

***

(پاشماوەی) پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی، باری بوحران و وەرشکستەیی ئابووری رژیم، بەسەر شانی چینی کرێکاردا شکاوەتەوە و دژوارترین مەینەتی بەسەردا سەپاندوە. ژمارەیەکی زۆر لە کارگا و کارخانە سەنعەتییەکان کە ئەوەندە سوودبەخش نەبوون وەلامی چاوچنوکی و قازانج پەرستی سەرمایەداران بدەنەوە، لە سالّی رابوردوودا درگایان داخرا و بە میلیون کرێکار، بەبی کار و بەبی هیچ چەشنە تەئمینێکی کۆمەلایەتی بەرەو هەژاری و بەرسیەتی پالّ پێوەنران. کرێکارانی لەسەرکار و خانەوادەکانیان لە ترسی بێکاربوون لە نێگەرانی و دڵەخورپەی بەردەوام دا دەژین. حەقدەستی کەم و سەعاتی کاری رۆژانەی دوور و درێژ، توانایی لەشیان بەرەو توانەوە دەبا و گرانی رۆژ لە رۆژ زیاتر نانی سەرسفرەیان دەرفێنی. کۆت و بەندی ملهوری ستەمکاری ئیسلامی لە ناوەندە کرێکاریەکان توندتر کراوەتەوە و رژیم بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار تەرح و گەلالّەی ئەمنییەتی تایبەتی بە دەستەوبە و رێگای خوشکردوە بۆ دەسکاری کردنی هەر ئەو قانوونە نیوە و ناتەواوەش کە لە سالانی رابوردوودا بۆ تەنزیمی پەیوەندی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران پەسند کرابوو. ئەمرۆ نەفرەتێکی قوول بەرانبەر بە رژیمی ئیسلامی سەرمایەداران دلّی میلیونەها کرێکاری داگرتوە و هەنگاوەکانی ئەم دوایی‌یەی رژیم پێش هەموو شتێک نیشانەی نێگەرانی و ترسی رژیمە لە هەڵکردنی توفانی ئەم ناڕەزاییەتی و تووڕەییەیە چینایەتییە.

ئەمرۆ ئەو راستییە لە هەمیشە ئاشکراتر بووە کە بورژوازی و قازانج پەرستی چاوچنوکانەی سەرچاوەی هەموو مەینەت و ڕۆژەشییەکانی ئینسانی ئەم سەردەمەن. بەرهەم و حاسلی کاری میلیاردەها ئینسان دەچێتە بەردەستی ژمارەیەکی سەرمایەداری قازانج پەرست هەتا تۆر و داوی دەسەلات و مەیدانی گەرانی سەرمایەی خۆیان بەرینتر کەنەوە و بۆ خۆیان بەهەشتێک لەسەر زەوی دامەزرێنن. ئینسانی خولقێنەر لە بەرهەمی رەنج و کاری خۆی بێگانەیە و توانایی‌یەکانی، ئەسیری چنگی سەرمایەن. ئەم وەزعە ناکری دەرێژەی هەبی. چینی کرێکار ئەو هێزە کۆمەلایەتی‌یەیە کە دەتوانی بە شۆرشی خۆی نابەرابەری و بی عەدالّەتی کۆتایی پی بێنی و دەسکەوتەکانی کاری بەشەر لە خزمەت پێویستی‌یە گشتی‌یەکان و گەشەی ئازادانەی خەللاقییەتی ئینسانەکاندا بخاتە گەر. سوسیالیزم رێگایەکە کە بۆ رزگاری راستەقینەی بەشەر لەو تەنگانەیە کە سەرمایەداری تووشی کردوە. دەنگدانەوەی شێعاری کرێکارانی جیهان یەکگرن! لە رۆژی یەکەمی مانگی مەی‌دا، مۆژدە بەخشی رزگاری‌یە.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

***

وەڵامی دوو پرسیار

ڕوونکردنەوە: ئەم پرسیار و وەڵامانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەک لە گرینگترین پرسیارەکانی چەند حەوتووی ڕابوردووی گوێگرەکان و وەڵامی ڕادیو دەنگی شۆڕشی ئێرانن کە لە بەرنامەی ڕۆژانی جومعەی ئێمە و گوێگرەکانی ئەم ڕادیویەوە بڵاوبوونەتەوە.

گەشەی هێزی بەرهەمی هێنەر لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا

هاوڕیەکی خۆشەویست بە ناوی ئاریز لە شاری سنەوە نووسیویەتی: "زۆرجار باس لەوە دەکری کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا ململانێی نێوان سەرمایەدارەکان بووەتە هۆی گەشە و پێشکەوتنی پێشەسازی و ماشین و سەرجەم هێزی بەرهەمهێنەر، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشی ئەگەر وایە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا کە چینەکان لە ناو دەچن و ململانێیەک نامینی چ شتێک دەبێتە هۆی گەشەی هێزی بەرهەم هێنەر؟ ئەگەر دەکری تکایە وەڵامم بدەنەوە".

لە وەڵامی پرسیاری ئەو هاوڕی خۆشەویستەمان دا دەبی بڵێین.

بناغەی گەشە و تەکاملی هێزی بەرهەم هێنەر لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا لەسەر ئەم هویانەیە:

یەکەم ئەوەیە کە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا زۆربەی هێز و توانایی‌یەکانی ئینسان کە پێشتر بۆ خەباتی چینایەتی دەکار دەکرا ئازاد دەبی. تەنیا پێویستە ئەوە بێنێنە پێش چاو کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا چەندە توانا و هێزی ئەعساب، ئنرژی و کار بۆ سیاسەت، مانگرتنەکان، ڕاپەڕینەکان، سەرکوتی ڕاپەڕینەکان، بۆ دادگاکان، بۆ پۆلیس و داسەپاندنی زەخت و فشاری دەوڵەت بە فیرو دەروا. شەری چینایەتی هێز و ئامرازێکی زۆر لە ناو دەبا. ئەو هێزانە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا، لە کۆمەڵێک دا کە چینەکان نەماون و کۆمەڵ بە دارا و نەدار دابەش نەکراوە، بە تەواوی ئازاد دەکرین و ئینسانەکان چیتر دژی یەکتر خەبات ناکەن. ئەو هێزانەی کە ئازادبوون بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر تەرخان دەکرین.

دووهەم: ئەو هێزە و ئامرازانەی کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا لە پێناو ململانێ و قەیران و شەڕەکاندا لە ناودەچن لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا دەپاریزرین. تەواوی ئەو هێزانەی بە خۆڕایی لە پێناو قەیران و شەڕەکاندا لە ناودەچی، تەواوی هێز و توانایەک بە هۆی سەرلێشیواوی لە بەرهەم هێنان دا بە هۆی سیستەمی ئابووری کوێڕی سەرمایەداری پیشێل دەکرین و لە ناودەچن، تەواوی ئەو هەست و حەزە داهێنەرانەی کە نێزامی سەرمایەداری ڕێی لێ دەگری و کوێڕی دەکاتەوە، لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا پاڕێزگاریان لێ دەکری، مەیدانیان پی دەدری و ڕیان بۆ دەکرێتەوە.

سێیەم: لە کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا ڕێکخستن و نەخشە و بەرنامە جێگای بشیوی و سەرلێشیواوی لە بەرهەم هێنان دا دەگرێتەوە و ئەمجار نە تەنیا پێش بە زەرەر و زیان دەگیری بەڵکوو هەلومەرجی باشتریش بۆ بەرهەم هێنانی سەنعەتی و فەنی فەراهەم دەکری. بەرهەم هێنان لە گەورەترین کارخانەکان و بە باشترین هۆ و کەرەسەی فەننی ئەنجام دەدری، لە حاڵێکدا لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بۆ بەکارهێنانی ئامیر و تکنولوژی سنووردێکی دیاریکراو هەیە. سەرمایەدار ئەو کاتە ئامیر و تکنولوژی تازە بەکاردەهێنی کە بۆ دەسخستنی هێزی کاری هەرزان کەوتبێتە تەنگانە. ئەگەر هێزی کاری هەرزان لەبەردەست سەرمایەدار بی، پێویستی‌یەکی بە بەکارهێنانی ئامیری تازە نابی. ئامانجی سەرمایەدار بە دەست هێنانی قازانجی زیاترە. هەرکاتێک بە کارهێنانی ئامیر و تکنولوژی تازەی لە هێزی کار هەرزانتر بۆ تەواو بی ئەوجار لە ئامیر کەڵک وەردەگری. لەبەر ئەوە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا هێزی کار هەمیشە هەرزان و هەمیشە لەبەردەست بووە، تەکاملی کاری ئامیر بە زەحمەت و ڕەنجێکی ئینسانی زۆر و بە شینەیی گەشە دەکا. بەڵام لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا کار و بەرهەم هێنان بۆ سوود نیە بۆیە هەرچەشنە داهێنانێک لە بواری تکنولوژی‌دا دەسبەجی کەڵکی لێ وەردەگیری. لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا دروستکردن و داهێنانی فەننی و دوزینەوەی تایبەتمەندی‌یەکانی مادده، بە باشی دەچێتە پێشی. چونکە بۆ هەموو کەس ئیمکاناتی پەروەردە و بارهێنان و فیر بوونی زانست بە تەواوی دابین دەکری و هەموو کەس ئیمکانی ئەوەی دەبی کە خەللاقییەتەکان و توانایی‌یەکانی خۆی بە کردەوە تاقی بکاتەوە. لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا هەرجۆرە مفتەخۆڕی‌یەک، کارنەکردن و لە کیسەی کەسانی دیکەوە گوزەران کردن لە ناودەچی و هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا خەرجی خۆشگوزەرانی سەرمایەداران دەبی لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا بۆ بەرهەم هێنان تەرخان دەکری. سەرمایەداران و دەوڵەتان و نۆکەرەکانیان نامینن کەشیش و ئاخوندەکان و سەرجەم نەخۆشی‌یەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری لەگەڵیان لە ناو دەچن و تەواوی ئەندامانی کۆمەڵ دڵخۆش و ساغ لە کاری بەرهەم هێنان دا بەشداری دەکەن.

شێوەی بەرهەم هێنانی کۆمۆنیستی هەلومەرجی گەشە و تەکاملی هێزی بەرهەم هێنەر بە تەواوی دابین دەکا، بە جۆرێک کە هەر کەس لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا کەمتر لە کرێکارێک لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا کار دەکا، ماوەی کاری ڕۆژانە بەرەبەرە کورتتر دەبێتەوە و هەرکات ئینسانەکان توانیان تەنیا ماوەیەکی کەم بە بەرهەم هێنانی خۆراک و پوشاک و پێویستی‌یەکانی ترەوە خەرێک بن، بەشێکی زۆر لە کات و مەودایان بۆ دەمێنێتەوە تاکوو تەرخانی ئاسایش و گەشە و تەکاملی فیکری خۆیانی بکەن. فەرهەنگی بەشەر کۆت و بەندی هەزاران ساڵەی لە جەستەی دەکرێتەوە و لە نێوان فراوانی و ئازادی‌دا دەگەشێتەوە.

هاوکات لەگەڵ لە ناوچوونی چەوسانەوە و کۆیلەتی ئینسان بە دەستی ئینسان، زاڵ بوونی سروشت بەسەر ئینسانەکانیش دا لە ناودەچی و بەشەرییەت پی دەنێتە ژیانێکی ئینسانی تازەتر.

بەو ڕوونکردنەوەیە هیوادارین وەڵامی پرسیاری ئەم هاوڕی خۆشەویستەمان دابێتەوە.

*

نەمانی دەوڵەت کەی بەدی دێ؟

گوێگرێکی خۆشەویستی بەرنامەی ئێمە و گوێگرەکان بە ناوی ن_ سەریاس لە کوردستانی عێراقەوە پرسیاری لێ کردووین کە ئایا لە ڕوانگەی ئێوە مارکسیستەکانەوە، کەی دەوڵەت بە تەواوی لەبەین دەچی و نامینی؟

بۆ وەڵام بە پرسیاری ئەم گوێگرە خۆشەویستەمان پێویستە بڵێین ئێمە پێشتر زۆر جار لە بەرنامەکانی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیزم دا، لەسەر بیرورای مارکسیستەکان سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەت قسە و باسمان کردوە و وتووماندە کە دەوڵەت دام و دەزگای دەسەلاتداری و حکوومەت کردنی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدایە. دەوڵەت هەر لە بونیادەوە وەکوو چەکێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینێک لە دژی بەرژەوەندی چینێکی دیکە بەکار هێندراوە. کەوایە دەوڵەت ئورگانی حاکمییەتی چینایەتی‌یە و ئەرکی پاراستنی دەسەلاتداری چینێکی ناو کۆمەڵی بەسەر چینێکی دیکەی ناو کۆمەڵ لە ئەستویە. ئەگەر دەوڵەت، دەوڵەتی بورژوایی بێ دژی چینی کرێکار و ئەگەریش دەوڵەت، دەوڵەتی کرێکاری بی وەک کۆمونی پاریس یان وەک دەوڵەتی کرێکاری دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بلشویکی 1917لە ڕوسیە، ئەوا دژی چینی سەرمایەدار بە کار دەهێنری. تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای ئینسانی کۆمەڵگایەکی چینایەتی بی ئەوا دەوڵەتیش وەک ئامرازی دەسەلاتداریتی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا دەمێنێتەوە و بەکار دەبری. نەمانی دەوڵەت تەنیا لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی‌دا بەدی دێ. یانی ئەو کاتەی کە ململانی و بەرگری سەرمایەداران بە تەواوی تێک دەشکی و سەرمایەداران لە ناو دەچن و چینەکانیش نامینن، یانی ئەو کاتە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ، لە ڕووی موناسەبات و پەیوەندی‌یەکانیان لەگەڵ وەسایلی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان، فەرق و جیاوازی‌یەک نامێنێتەوە. تەنیا ئەو کاتەیە کە دەوڵەت شوێنەواری نامینی، تەنیا ئەو کاتەیە کە دەوڵەت زەوال پەیدا دەدا و دەتوانین لە بوونی ئازادی لە ناو کۆمەڵدا قسە بکەین. هەڵبەت بە دێهاتنی ئەم وەزعە تازەیەیش ئەوەیە کە ئینسانەکان و ئەندامانی کۆمەڵ کە لە زەنجیری کۆیلەتی سەرمایەداری و لە وەحشیگەری و ڕۆژەشی و چەوسانەوەی سەرمایەداری ڕزگاریان بووە وردەوردە عادەت دەکەن یاساکانی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتی کە سەدان ساڵە بۆ بەشەر شتێکی ناسراوە، بی داسەپاندنی زۆر، بی ئیجبار، بی تەبەعییەتی ئینسان، وە بی ئەوە کە دام و دەزگایەکی تایبەتی بە ناوی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی زوڵم و زۆر پێویست بی، بەڕێوە بەرن.

تەنیا لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی دایە کە دەوڵەت پێویستی خۆی بە تەواوی لە دەست دەدا، چونکە دینایەک کە چینەکانی تێدا نەماون نە کەس، کەس دەچەوسێنێتەوە نە کەس، کەس سەرکوت دەکا و نە شێوەی بەرهەم هیچنان بە جۆرێک کە دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان ئینسانەکان زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئێمە خۆمان تووشی وەهم و خەیاڵ ناکەین و بە هیچ جۆرێک ئیمکانی سەرەڕویی و لە ژێر پی نانی یاساکانی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتی لە لایەن کەسانێک لە کۆمەڵ و هەروەها پێویستی پێش گرتن بەو سەرەڕوویی‌یانە کە ڕوو دەدا ڕەد ناکەینەوە. بەڵام بۆ ئەو کارە، یانی بۆ پێش گرتن بەو سەرەڕوویی‌یانە هیچ ماشینێکی تایبەت، دام و دەزگایەکی تایبەت بۆ سەرکوت پێویست ناکا. چونکە ئینسانەکان و خەڵکی ناو کۆمەڵ زۆر سەهل و سادە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. بەم جۆرەیە کە هەر کۆمەڵە خەڵکێکی پێشکەوتوو و شارستانی، تەنانەت لە کۆمەڵی ئێستاش دا، زۆر ئاسان و سادە دەتوانن ناکۆکی و شەر و کێشەی دوو کەس چارەسەر بکەن و ئاشتیان کەنەوە.

هەروەها ئێمە ئەوەش باش دەزانین کە هۆی سەرەکی و سەرچاوەی کۆمەڵایەتی زیادە ڕەوی و لە ژێر پی نانی یاساکانی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتی، وجوودی چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و فەقر و فەلاکەتی نێزامی سەرمایەداری‌یە. بە لە ناوچوونی نێزامی سەرمایەداری وەک هۆ و سەرچاوەی سەرەکی ئەم سەرەڕوویی‌یانە، سەرەڕوویی و لە ژێر پی نانی یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی_ش وردە وردە لە ناو دەچی و دەوڵەتیش پێویستی خۆی بە تەواوی لە دەست دەدا.

(پاشماوەی)کورتەیەک لە پێشینەی ئەوەڵی مانگی مەی

هەر لەو ساڵانەدا لە ئوروپاش جۆڵانەوەی کرێکاری بە هێزتر دەبوو. هەروەها خەباتی کرێکاران بۆ کەم کردنەوەی سەعاتی کار پەرەی دەسەند. ساڵی 1889 کونگرەی ئەنترناسیونالی دووهەم داوای لە کرێکاران کرد داخوازی 8 سەعات کاری ڕۆژانە بخەنە سەر هەموو داوایەکی دیکەوە. نوێنەری یەکێتی کرێکاری‌یەکانی فەرانسە پێشنیاری کرد:

ئەم دوایە بە تەعتیل کردنی کار لە ڕۆژێکی دیاریکراودا دیاری بکری و لە سەرانسەری دونیادا ڕابگەیەنری. نوێنەری کرێکارانی ئەمریکاش پێشنیاری کرد ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی لە لایەن ئەنترناسیونال وەک ڕۆژێکی تەعتیلی گشتی و ڕۆژی پەیوەندی جیهانی چینی کرێکار دیاری بکری. ئەم پێشنیارانە لە لایەن ئەنترناسیونال وەرگیرا و بەم جۆرە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی بوو بە ڕۆژی جەژنی جیهانی کرێکاران و ڕۆژی هاوپشتی چینایەتی کرێکاران لە سەرانسەری جیهان.

ئێستا 108 ساڵ بەسەر ئەم مانگرتنە قارەمانانەیەی کرێکارانی شیکاگو تێدەپەڕی. لەم 108 ساڵەدا میلونەها کرێکار لە سەرانسەری جیهان هەموو ساڵێک بەریز گرتنی جەژنی ئەوەڵی مانگی مەی و بە پشت بەستنی قایم بە هاوپشتی جیهانی کرێکاران و بە نمایشدانی هێزی مەزنی خۆیان لە بەرامبەر سەرمایەدارەکان، لە هەموو شوێنێک دا و لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک دا ویرای ڕیزگرتنی فیداکاری‌یەکانی کرێکارانی خەباتگێری شیکاگو، ویست و ئیرادەی پولاییینی خۆیان بۆ فەوتاندنی نیزامی سەرمایەداری وەک سەرچاوە و هۆی سەرەکی مانی هەر جۆرە ڕەنج و کوێرەوەری و ستەمێکی ناو کۆمەڵگا نیشان دەدەن.

***

کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش!

جمهووری ئیسلامی، ئەم حکوومەتەی شەر و کوشتار، شکە نجە و زیندان، فەلاکەت و گرانی، ستەمگەری و نابەرابەری، دەواکەوتوویی و کۆنە پەرستی، بە حەق کەوتوەتە بەر نەفرەت و بیزاری خەڵکی بی بەش و زۆرلێکراو.

ئەم حکوومەتە نابی لەسەر کار بمێنێتەوە!

بۆ بەهرەمەند بوون لە بەرێچوون و گوزەرانێکی ئینسانی،

بۆ بەهرەمەندی لە ئازادی و مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆتان،

وە لە دژی ستەم و ژێر دەستەیی و هەژاری،

خەباتی خۆتان بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی پەرە پی بدەن!

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 50 April: 1994

مەراسمی ئەسپەردە کردنی هاوریی گیانبەخت کردوو رەشادی کەریمی

رۆژی 5شەممە 11ی خاکەلیوە، مەراسمی ئەسپەردە کردنی تەرمی هاوریی گیانبەخت کردوو رەشادی کەریمی، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سلیمانی و نوینەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و پێشەیی‌یەکان و هاورییانی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕیوەبرا.

لەو مەراسمەدا کە لە نێو خەم و پەژارە و تووڕەیی جەماوەرێکی زۆری خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی شاری سلیمانی‌دا بەڕیوە بـرا، تیۆریزمـی جمهـووری ئیسـلامی و دوژمنایـەتی ئـەو رژیمـە کۆنەپەرست و جینایـەتکارە لەگـەڵ خـەباتی حەقخوازانـەی خـەڵکی زەحمەتکێش مەحکووم کراو نوینەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و پێشەیی‌یەکان لە وتار و پەیامەکانیان دا بیزاری خۆیان لەم کردەوە تیرۆریستی‌یە دەربڕی.

لەو مەراسمەدا هاوری محمەدی قادری ویرای باسکردنی کردەوەکانی جمهووری ئیسلامی لە بەشێك لە قسەکانی‌دا وتی:

کارنامەی ئەم 15 ساڵەی دەسەڵاتی رەشی ئەم رژیمە بە هەموو دونیای نیشان داوە کە یەکێك لە هارترین و درندەترین رژیمەکانی پاریزەری حوکمی سەرمایەیە لە ئێران. ئەم رژیمە بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ چەشنە کوشت و بر و جینایەتێك دەستی ناپاراستوە. بۆیە لە هەر شوێنێکی دونیا و بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و تایبەتی‌تر لە کوردستانی عێراق کاتێك باسی جینایەت و سەرکوت و رەشەکوژی و تیرۆر دەکری لە ئاشکرا کردەوەکانی رژیمی جمهووری ئیسلامی و دام و دەزگای داپلوسین و رایەلە جاسووسی‌یەکان و باندە تیرۆریستەکان و دەست و پیوەندە چلکاوخورەکانی دێتەوە بەرچاوی کۆمەلانی هەژار و شەرافەتمەند. ل8

کورتەیەك لە پێشینەی ئەوەڵی مانگی مەی

مێژووی ئەوەڵی مانگی مەی لە راستی‌دا بە مێـژووی خـەباتی کرێکـاران بـۆ کـەم کردنـەوەی سـەعاتی کـاری کرێکـار گرێـی خواردوە. چینی کرێکاری جیهانی دەیـان سـاڵ خـەباتی خوێنـاوی تێپـەر کـردوە تـا توانی سـەعاتی کـاری رۆژانـە لـە 18و16و14 سـەعات کـارەوە کـە لـە سـەرەتای سەردەمی سەرمایەداری باو بووە کـەم بکاتـەوە. هـەر ئێسـتا ئـەم خەباتـە تـا ئـەو رادەیـە چـووەتە پـێش کـە لـە زۆربـەی وڵاتـانی جیهـان کرێکـاران توانیوویانە 40 سـەعات کـار و دوو رۆژ تـەعتیلی لەسـەریەك و تەنانـەت لـە وڵاتێکی وەك ئالمانی رۆژئاوا، 36 سـەعات کـار لـە حەفتـەدا بەسـەر سەرمایەدارەکان و دەوڵەتەکەیاندا بسەپێنن.

بـیری دیـاریکردنی رۆژێـك لـە سـاڵ دا وەك رۆژی هاوپشـتی جیهـانی چـینی کرێکـار، سـەرەتا لەگـەڵ کـەم کردنـەوەی سـەعاتی کـاری رۆژانـە بـۆ یەکـەم جـار لـە وڵاتـی ئوسـترالیا هاتـە گـۆری. سالّی 1856ی زایینی کرێکارانی ئوسـترالیا بریاریـان دا بـە شێوەیەکی سەراسەری یەك رۆژی تەواو دەست لە کار بکێشنەوە و بـەم جـۆرە پشـتیوانی تێکـرای خۆیان لە 8 سەعات کاری رۆژانە راگەیاند. ئـەو رۆژەی کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە راگەیەنـدرا، رۆژی 21ی مانگی ئاوریل بەرابەر لەگەڵ رۆژی ئەوەڵی مانی گولان (ئوردیبهشت) بـوو. لـەم رۆژەدا تێکـرای کرێکـارانی ئوسـترالیایی بـە پێچـەوانەی هـەوڵ و تـەقالای سـەرمایەدارەکان بریارەکـەی خۆیـان بـە کـردەوە دەرهێنـا، بزووتنەوەیەکی بەشکو و بەرینی کرێکـاری، سەرانسـەری وڵاتـی تـەنیوە. ئـەم یەکـەم جـەژنی کرێکاریـە شوێنەوارێکی وەهای لەسـەر یـەکیتی و پەیوەنـدی کرێکارانی ئوسترالیا دانا کە هانی دان هەموو ساڵێك جۆرلانەوەیەکی وەها وەری بخەن. بەم جۆرە بیری دیاریکردنی رۆژێك لـە سـاڵ وەك رۆژی جیهانی کرێکار دەسبەجی لـە ئوسـترالیا جـێ‌ی گـرت و لـەم وڵاتـەوە بـەرەو وڵاتـانی دیکـەش پەرەی سەند و سەرەنجام بوو بـە رۆژێکـی جیهـانی و مێـژوویی. یەکەم جار کرێکارانی ئەمریکایی رەچـاوی ئـەم حەرەکەتـەی هاوچـینەکانی خۆیانیـان لـە ئوستڕالیا کرد.

سـاڵی 1886 کرێکـارانی ئەمریکا بریاریان دا رۆژی ئەوەڵی مـانگی مـەی (11ی ئوردیبهشت) بـە شـێوەیەکی سەرانسـەری کۆبوونـەوە و میتینگێکـی گـەورە بـەرپا بکـەن. پـتر لـە 200 هـەزار کرێکار لـە کرێکارانی ئەمریکایی دەسـتیان لـە کـار کێشـایەوە و داخـوازی 8 سـەعات کـاری رۆژانـەیان مەترحـەح کـرد. ئـەم خۆپێشاندانە بەرین و گەورەیە لە چـەندین شـاری ئـەمریکا لەگـەڵ هێرشـی هێزەکـانی پـولیس بـەرەورو بـووەوە. لـە شـاری شیکاگو و یـەك دوو شاری دیکـە پێکدادانێکی خوێناوی لە نێوان کرێکـاران و هێزەکـانی پـولیس رووی‌دا و لـە ئـەنجام دا ژمارەیـەك لە کرێکاران لە جەریانی هێرشی درندانەی پـولیس گیانیان بـەخت کـرد و ژمارەیـەکی زۆرتـریش گیران. پولیسی ئەمریکا پاش ئەم رووداوە ژمارەیـەك لـە رێبـەرانی جۆلانـەوەی کرێکاری گرت و لە دادگای سەرمایەدارەکان دادگایی کردن. لەم بی دادگایەدا کە پتر لە هەر شتێك سیمای دزیو و بیزاری بورژوازی ئەمریکایی نیشان دا 5 کـەس لـە رابـەران بـە ئێعـدام مـەحکووم کـران و 3 کەسـی دیکەیان زیندانی درێژماوەیان بۆ برایـەوە. ئـەم رابەرانە لـە دادگـادا لیبراوانە دیفاعیان لە حەقانییەتی ئەم جۆلانەوەیە کرد و بە ئازایی و بویریـیـەکی لـە رادە بـەدەر پی‌یان لەسەر بەرژەوەندی چینی کرێکار و ئامانجەکانی ئەم چینە داگرت.

یـەکێك لـە کرێکـاران بـە نـاوی "ئەشـپییس" کـە کرێکـارێکی کارخانـەی بـەرق و تـەعمیراتی ئەلکترونێکی بـوو لـە دفاعیەکـەی خۆی‌دا وتی:

"ئەگـەر پێتـان وایـە بـە ئێعدام کردنـی مـن دەتـوانن جۆلانەوەیـەکی کرێکـاری بخنکێـنن کـە بـە میلیـون کەسـی زەحمەتکێش و هەژار و چەوساوە چـاویان لـە ئاسـوی سـەرکەوتنی بریـوە و بـە تاقـە رێگـای رزگـاری خۆیانی دەزانن، بە هەڵەدا چوون. دەتـوانن هـەموومان بکـوژن بـەڵام دلنیـابن کـە بـەم کارەتـان دەتـوانن تەنیا چەند پشکوێك بکوژێننەوە لـە حاڵێکـدا لـە پشـت سـەرتان بلیسەی ئاگر بەرزبووەتەوە، گـری ئـەم ئـاگرە هـەر ئێسـتا بەرزبووەتـەوە، ئێـوە هـەرگیز ناتوانن بیکوژێننەوە".

ل9

وەڵامی دوو پرسیار

رووڵکردنەوە: ئەم پرسیار و وەڵامانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەك لە گرینگترین پرسیارەکانی چەند حەوتووی رابوردووی گوێگرەکان و وەڵامی رادیو دەنگی شۆرشی ئێرانن کە لە برنامەی رۆژانی جومعەی ئێمە و گوێگرەکانی ئەم رادیوییەوە بڵاوبوونەتەوە.

گەشەی هێزی بەرهەم هێنەر لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا

هاوری‌یەکی خۆشەویست بە ناوی ئاریز لە شاری سنەوە نووسیویەتی: "زۆرجار باس لەوە دەکری کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا ململانی‌ی نێوان سەرمایەدارەکان بووەتە هۆی گەشە و پێشکەوتنی پێشەسازی و ماشین و سەرجەم هێزی بەرهەم هێنەر، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشی ئەگەر وایە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا کە چینەکان لە ناو دەچن و ململانی‌یەك نامینی چ شتێك دەبێتە هۆی گەشەی هێزی بەرهەم هێنەر؟ ئەگەر دەکری تکایە وەڵامم بدەنەوە".

لە وەڵامی پرسیاری ئەو هاوری خۆشەویستەمان دا دەبی بڵێین.

بناغەی گەشە و تەکاملی هێزی بەرهەم هێنەر لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا لەسەر ئەم هویانەیە:

یەکەم ئەوەیە کە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا زۆربەی هێز و توانایی‌یەکانی ئینسان کە پێشتر بۆ خەباتی چینایەتی دەکار دەکرا ئازاد دەبی. تەنیا پێویستە ئەوە بێنێنە پێش چاو کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا چەندە توانا و هێزی ئەعساب، ئنرژی و کار بۆ سیاسەت، مانگرتنەکان، راپەرینەکان، سەرکوتی راپەرینەکان، بۆ پولیس و داسەپاندنی زەخت و فشاری دەوڵەت بە فیرو دەروا. شەری چینایەتی هێز و ئامرازێکی زۆر لە ناو دەبا. ئەو هێزانە لە کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌دا، لە کۆمەڵێك دا کە چینەکان نەماون و کۆمەڵ بە دارا و نەدار دابەش نەکراوە، بە تەواوی ئازاد دەکرین و ئینسانەکان چیتر دژی یەکتر خەبات ناکەن. ئەو هێزانەی کە ئازادبوون بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر تەرخان دەکرین.

ل9

پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی 1994

به بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی رۆژی جیهـانی چـینی کرێکـار پیرۆزبایێتان لیدەکەین و سلاو بۆ ریزە یەکگرتوەکانی کرێکاران لەم جەژنـە گـەورە چـینایەتی‌یەدا. ئـەوەڵی مـانگی مـەی جـەژنی هاوپشـتی‌ی چـەند میلیـارد ئینسـانی هاوچارەنووسـە کـە چـەرخەکانی ژیـانی ئـەمرۆ بـە دەسـتی خوڵقێنـەر و بـەهێز و توانای ئەوان بەرەوپێش دەچی و بەختـەوەری سبەی رۆژی بەشـەر بـە هێـزی خـەباتی ئـەوان بنیـات دەنـری. لـەم رۆژەدا، ئـیرادەی جیهـانی‌ی ئینسـانی کرێکـار سنوورەکانی چەندبەرەکی رەگەز و میللییەت و مەزهەب تێپـەر دەکا و ریـزی چـینایەتی کرێکـاران لـە شـانویەکی شـکودار‌دا خـۆی دەردەخـا و مـوژدەی جیهـانی ئینسـانی ئـازاد و بەرابـەری سبەێنی دەدا.

ئەمسالّ جەژنی ئەوەڵی مانگی مـەی لـە هەلومەرجێکـدا بـەرپا دەکـەین کـە هەڵمەلـەی شـایی لوغانی ساویلکانە و بیرتەسکانەی بـورژوازی جیهـانی لـە خۆشـی‌ی سـەرکەوتن بەسـەر شـتێك دا کـە خـۆی نـاوی نـابوو سوسـیالیزم، دامرکاوەتـەوە. سـەرمایەداری لـە وڵاتـانی پێشکەوتووی سـەنعەتی، جارێکی‌تر کەوتوەتـە نـاو گێـژاوی بـوحرانێکی چـارەهەڵنەگر و بـۆ رزگار بوون لـە چنگ ئـەو بوحرانـە خەرێکـە سـەرلێ شـیواوانە پـەل دەکـوتی. شـایی و خۆشـی سـەرکەوتن بەسـەر بلـووکی رۆژهـەڵات دا، کـە بـورژوازی بـە کۆتـایی مێـژووی و بـە نیشـانەی هەتاهـەتایی بـوونی نیزامـی سـەرمایەداری لـە قەلـەمی دەدا، تـەنیا ماوەیـەکی کۆرتی خایاند و جیهان دەرفەتی ئەوەی پەیدا کرد کە لە مانای ئەم سەرکەوتنە و لە مانـای بـازاری ئـازاد و جـاری بورژواکان بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ، تێ بگا کە هاوتایە لەگـەڵ هـەژاری و کـوێرەوەری زیـاتر، بی‌بەشی کۆمەڵایـەتی، نائەمنی و تێداچوونی ژیانی ئینسانەکان لە شـەری قـەومی و ناوچـەیی‌دا و تونـدوتیژبوونـەوەی چەوسانەوە و کوێلـەتی کری‌گرتـە بـە تایبـەت لـە بلووکی رۆژهەڵات.

هاوکـات لەگـەڵ ئەمـە، سـەرمایەداری لـە ناوەنـدە سەرەکی‌یەکانی دەسـەڵاتی خـۆی لەگـەڵ ئـالوزی و بـی سەروسـامانی‌یەکی بـەرین بـەرەو روو بـوو و هـات و هـاواری دەزگا تەبلیغاتی‌یـەکانی لـە دژی سوسـیالیزم لـە ماوەیـەکی کـۆرت دا، بێجگە لە نیوەنووزەیەك هیچی لێ نەمایـەوە. دەوڵـەتی سـەرمایەداری لـە وڵاتـی پێشکەوتووی سـەنعەتی بـە کـەم کردنـەوەی هەقدەسـتەکان، پەرەپێدانی بێکاری، کـەم کردنەوە و داشـکاندنی ئاسـتی خزمەتگوزاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بـەرێوەبردنی قـانوون و یاسای دژی کرێکـاری و کۆنەپەرسـتانە، بەرەنگاری بوحران بوونەوە. بەڵام ئـەم سیاسـەتە لـە هـەموو وڵاتـان تونـدوتیژبوونـەوەی خـەباتی چینایەتی کرێکارانی بە شوێنەوە بـوو. ئیتالیـا، ئیسـپانیا، ئالمـان، ئینگلیستان، بلـژیك و فەرانسـە و زۆر شوێنی دیکە، کانگای پر جم وجـوولی بەرهەڵسـتی و خـەباتی چینی کرێکار بوون و ئەم کێشە چـینایەتی‌یە هـەموو رۆژی زیـاتر پەرە دەگری.

ل8

کریکارانی جیهان یه‌کگرن!

پیشره‌و

ئورگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران ـ کومه‌له

ژماره ۵۱ ده‌وره‌ی دووهه‌م کولانی ۱۳۷۳ ـ مه‌ی ۱۹۹٤ ۱۰ تمه‌ن

ته‌رحی بوودجه‌ی سالی ۷۳ی رژیم هیرش بو سه‌ر ژیانی کریکاران

ته‌رحی بوودجه‌ی سالی ۷۳ی رژیمی جمهوری ئیسلامی دوای هینان و بردن و باسیکی زور له نیوان نوینه‌رانی مه‌جلیس له‌سه‌ر ته‌رح و پیشنیاره‌کانی ده‌وله‌تی ره‌فسه‌نجانی، په‌سند کرا. ئه‌م ته‌رحه هه‌رچه‌ند به وردی و به هینانی ئامار و ئه‌رقام، راده‌ی ده‌رامه‌د و داهاتی رژیم و خه‌رج و هه‌زینه‌کانی ناخاته به‌رچاو به‌لام چوارچیوه‌ی گشتی سیاسه‌ته ئابووری یه‌کانی رژیم له سالی ۷۳ دا دیاری ده‌کا.

رژیمی جمهووری ئیسلامی له ته‌رحی بوودجه‌ی سالی ۷۳ دا گرینگترین ئامانجه‌کانی سیاسه‌تی ئابووری خوی روون کردوه‌ته‌وه و به پیی به‌رنامه‌یه‌ک که له ژیر سیبه‌ری شکست و ناکامی یه‌کانی به‌رنامه‌ی ۵ ساله‌ی ئه‌وه‌ل و بوودجه به‌ندی سالی ۷۲ دا دایرشتوه ده‌یه‌وی له سالی ۷۳ دا پروژه‌ی نیوه و ئاته‌واوی ۲۸ هه‌زار میلیارد ریالی ته‌واوکا و به سه‌ره‌نجامی بگه‌یه‌نی و بو نه‌و کاره ده‌بی له دیاریکردنی بوودجه‌ی ئاوه‌دان کردنه‌وه، ته‌واوکردنی نه‌و پروژه‌یه وه‌ک یه‌کیک له نه‌رکه سه‌ره‌کی یه‌کان بو خوی دیاری بکا و نه‌وه گوشه‌یه‌کی چکوله‌یه له دیارده‌کانی شکستی به‌رنامه‌ی ۵ ساله‌ی نه‌وه‌ل و سیاسه‌تی ئابووری رژیم له سالی رابوردوودا.

لاپه‌ره‌ی ۲

مانگرتنی گه‌وره و به‌رینی کریکارانی کوره‌خانه‌کان

☆کارنامه‌ی پازده ساله

☆په‌ره‌سه‌ندنی روژله‌روژ زیاتری بیکاری له کوردستان

☆په‌ره‌گرتنی نائه‌منی و سه‌رکوتگه‌ری له ناوچه‌کانی سه‌رسنوور

راگه‌یاندنی کومیته‌ی ناوه‌ندی کومه‌له

به بونه‌ی شه‌ری ناوخویی ئه‌م دوایی‌یانه‌ی کوردستانی عیراق

نه‌مانی ناپارتاید ریگا بو خه‌باتی کریکاران خوش ده‌کا

☆ده‌وله‌تی تورکیه و سه‌ره‌تای ناکامی‌یه‌کی دیکه

☆رووداوه‌کانی یه‌مه‌ن: زه‌مینه‌کان و ئه‌نجامه‌کانی

کومه‌لیکی تر له لاوانی شورشگیر چه‌کی پیشمه‌رگایه‌تی کومه‌له‌یان هه‌لگرت

تەرحی بووجەی سالی ۷۳ی رژیم هیرش بو سەر ژیانی کریکاران

جمهووری ئیسلامی ئیستا زیاتر لە ۳۰ میلیارد دولار بە سندووقی بین المللی پوول و چەند شوینی دیکە قەرزدارە و بە پیی تەرحی بوودجەی سالی ۷۳ دە بی ۳ میلیارد و ۲۰۰ میلیون دولار لە رادەی قەرزەکانی کەم بکاتەوە. ۱ میلیارد و ۶۰۰ میلیون دولار لەو ۳ میلیارد دولارە تەنیا لە حالەتیکدا دەتوانی بداتەوە کە داهاتی دەولەت لە ئەنجامی فروشی نەوت زیاتر لەو میزانە بی کە لە تەرحی بوودجەبەندی یەکەدا پیش بینی کراوە.

هەروەها رژیم بە پیی بەرنامەیەک کە هەیەتی دەیەوی لە سالی ۷۳ دا لەگەل گیروگرفتی کەسری بوودجە بەرەو روو نەبی چونکە کاربەدەستانی رژیم خوشیان پی یان وایە رادەی کەسری بوودجەی سالانی رابوردوو زیاتر لە تواناو زەرفییەتی ئابووری ئیران بووە.

جمهووری ئیسلامی لە حالیکدا وەدیهینانی ئەم ئامانجە ئابووریانەی لە پیش پیی خوی داناوە کە بە پیی تەرحی بوودجەی سالی ۷۳ زیاتر لە ۵۸٪ی داهاتی دەولەت دەبی لە فروشی نەوت و ۳۶٪یشی لە دەرامەدی مالیاتی و ۱۶٪ی دیکەشی لە ئەنجامی بردنەسەری قیمەتی بەرق و تەلەفون و پوست و تەلەگراف و لابردنی بەشیک لە سوبسیدەکان، و وردە داهاتی دیکە وەکوو سادرات دابین بکری. هەرچەندە نوینەرانی مەجلیس و کاربەدەستانی دەولەت نیدیعا دەکەن کە لە دیاریکردنی رادەی خەرج و هەزینە و، دەرامەد و داهاتی دەولەت هاوسەنگی یەکیان لەبەرچاو گرتوە و بەرەو واقیع گەرایی چوون بەلام سەرەرای ئەو نیدیعایانەش هەم هەزینەکانی دەولەت زور لەوە زیاترە کە باسی لی دەکری و هەم دەرامەدی دەولەت لەوە کەمترە کە لە تەرحی بوودجەی ۷۳ دا پیش بینی کراوە.

بە پیی پیش بینی دەولەت لە تەرحی بوودجەی سالی ۷۳ دا داهاتی نەوت دەبوایە ۱۷ میلیارد دولار بی، بەلام بە پیی قسەی کارشناسانی ئابووری، داهاتی دەولەت لە فروشی نەوت ۱۳ میلیارد دولار بوو یانی ۴ میلیارد کەمتر لەو رادەیەی کە پیش بینی کرابوو. بو سالی ۱۳۷۳ رەقەمیکی ۱۰ میلیارد دولاری یان بو داهاتی دەولەت لە فروشی نەوت پیش بینی کردوە، کە بە لەبەرچاو گرتنی چوونەسەری کت و پری رادەی بەرهەم هینانی نەوت لە ولاتانی دەرەوەی ئوپیک_ بە تایبەت نروژ و ئینگلیس لە دەریای شومال_ و ناردنی نەوت لە لایەن رووسیەوە بو بازاری ولاتانی روژاوا بە مەبەستی بەدەستهینانی ئەرزی موعتەبەر و هەروەها دریژەی رکوودی ئابووری لە ولاتانی ئوروپای روژاوا و ژاپون کە داوای کرینی نەوتی کەم کردوەتەوە، چاوەروانی نەوە دەکری کە دەرامەدی دەولەت لە فروشی نەوت لەوەش کە پیش بینی کراوە کەمتر بی.

هاتنە خوارەوەی دەرامەدی دەولەت لە فروشی نەوت کە سەرچاوەی سەرەکی بە دەسهینانی ئەرزی موعتەبەری دەرەوەیە، دەولەتی ئیران لەگەل گیروگرفتی قوول و چارەهەلنەگری ئابووری رووبەروو دەکا. هەر لە ئیستاوە روون و ئاشکرایە کە دەولەتی جمهووری ئیسلامی بو گەیشتن بەو ئامانجە ئابووریانەی کە لە تەرحی بوودجەی ۷۳ دا دیاری کردوە لەگەل گەلیک کەند و کوسپ و گیروگرفتی جیددی رووبەرووبە کە گەیشتن بە ئامانجەکان زور دژوار دەکا.

بە پیی تەرحی بوودجەی ۷۳ کە دانەوەیی قەرزەکان یەکیک لە ئامانجە سەرەکییەکانی جمهووری ئیسلامی یە، قەرارە ۱میلیارد و ۶۰۰ میلیون دولار لە قەرزەکانی بداتەوە و نەگەر داهاتی دەولەت لە فروشی نەوت زیاتر لە ۱۰ میلیارد دولار بی کە پیش بینی کراوە و بگا بە ۱۱ میلیارد و ۸۴۰ میلیون دولار، جمهووری ئیسلامی دەیەوی ۱ میلیارد و ۶۰۰ میلیون دولاری دیکەش لە قەرزەکانی بداتەوە. یانی سەرجەم ۳ میلیارد و ۲۰۰ میلیون دولار قەرز بداتەوە. بەلام ئەوە لە حالیکدایە کە کارشناسانی ئابووری لە ئیران و لە دەرەوەی ئیرانیش باس لەوە دەکەن کە بە هوی ئەوە کە بەشیکی زور لە قەرزەکانی ئیران قەرزی کورت ماوەن و لە سالی ۷۳ دا وەعدەی دانەوەیان دەگا، دەولەتی ئیران دەبی لانی کەم سالانە ۵ میلیارد دولار یانی نیوەی داهاتی نەوتی خوی بو دانەوەی قەرزەکان تەرخان بکا، ئەگینا بەهرەیەکی بانکی کە بە هوی وەدەرەنگ کەوتنی قەرزەکان دیتە سەری، ئابووری ئیران زیاتر دەخاتە ژیر زەخت و فشارەوە.

یەکیک لە ئامانجە ئابووریەکانی دیکەی رژیم لە تەرحی بوودجەی ۷۳ دا

تەواوکردنی پروژەی ناتەواوی ۱۵ میلیارد دۆلاری یە. تەواوکردنی ئەو پروژەیە بۆ دەوڵەت کە لە سەرەتای بەرنامەی نابووری ۵ ساڵەی دووەم دایە و قسە لە پەرەپێدانی نابووری دەکا گرینگی یەکی زۆری هەیە و دەوڵەت تەواوکردنی ئەو پروژەیەی وەکوو ئەرکی سەرەکی بۆ خۆی دیاری کردوە، بەڵام ئەگەر تەنانەت وای دابنێین نیوەی خەرجی ئەم پروژەیە پێشتر دراوە، دیسانیش دەوڵەت بۆ تەواوکردنی ئەم پروژەیە دە بی ۷ میلیارد و ۵۰۰ میلیون دۆلاری دیکە بدا. "دوکتور عباسعلی زالی جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بوودجە" کە قسەکانی لە پاشکۆی "اطلاعات"ی ژمارەی ۲۰۱۵۹ دا چاپ کراوە، دەڵی: "دەوڵەت ناتوانی بۆ تەواوکردنی ئەم پروژە ۱۵ میلیارد دۆلاری یەکباریک بکا". هەروەها دەڵی: "ئەم خەرجە لە ساڵی داهاتوودا لەوەش زیاتر دەبی.

تا نیستا دەبی بە باشی دەرکەوتبی کە نامانجی خۆپاراستن لە کەسری بوودجە کە لە تەرحی بوودجەی ساڵی ۷۳ دا هاتوە تا چ رادەیەک نابەجی یە.

بەڵام با بزانین دەوڵەت جێگای ئەم کەم و کەسری یانە چۆن پر دەکاتەوە. ئایا دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لە خەرجی ئەرتەش و پۆلیس و کرێنی کەرەسەی جەنگی کەم دەکاتەوە؟ ئایا لە خەرجی بەریوە بردنی تەرحە تیرۆریستی یەکانی لە گۆشە و کەناری جیهان، کەم دەکاتەوە؟ یان لە یارمەتی دانی چەند سەدمیلیون دۆلاری بە جەریاناتی کونەپەرستی ئیسلامی لە ولاتانی ئەفریقای باکوور و شوێنی دیکەی دونیا، یان لە خەرجی دام و دەزگای تەبلیغی مەزهەبی کەم دەکاتەوە؟ ڕوون و ئاشکرایە کە جمهووری ئیسلامی ئەک هەر لەو خەرجانەی کەم نەکردوەتەوە بەڵکوو زیادیشی کردوون و ئەو ڕاستی یە لە قسەکانی ناغای "محمد رضا باهنر" ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنی نابووری دارایی کە هەر لە پاشکۆی "اطلاعات" ژمارە ۲۰۱۵۹ دا هاتوە بە باشی دەردەکەوی. باهنر دەڵی: "دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەلین هەزینەکانمان لانی کەم دە بی بە پێی ناستی تەورومی سالانە بچێتە سەری" و "ئەو تەوەقوعە لە حالیکدا کە ئێمە توانایی ئەوەمان نیە کە دەرامەدی بەشی خوسووسی و خەڵک و مووچەخۆرەکان بەپێی تەورەوم بەرێنە سەری تا قەرەبووی گرانی و چوونە سەری تەورەوومەکە بکەنەوە چاوەڕوانی یەکی نابەجی یە". بەڵام سەرەڕای ئەو قسانەش ناغای باهنر دەڵی "ئێمە هەوڵمان داوە لە تەرحی بوودجەی ساڵی ۷۳ دا ئەو مەسەلەیە بگونجێنین". بە کورتی، مانای قسەی باهنر ئەوەیە کە لە ساڵی ۷۳ دا بوودجەی هەموو دام و دەزگاکانی حکوومەتی دەچێتە سەری، بۆ نموونە تەنیا بوودجەی نیزامی کە لە ساڵی ڕابووردوودا ۴۷٪ زیادی کرد ئەمسالیش ۲۰٪ زیادی کردوە. ئەگەر چوونەسەری نرخی دۆلاریش لەبەرچاو بگرین ئەو ڕەقەمە لەوەش زیاترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی یانە بە باشی دەردەکەوی کە دەوڵەت بۆ پرکردنەوەی کەم و کەسریەکانی بوودجەی ۷۳ و بۆ تەنمینی بوودجەی نیزامی و ڕاگرتنی دام و دەزگای نیداری و مەزهەبی و باقی هیزە سەرکوتگەرەکانی و یارمەتی دان بە جەریاناتی کونەپەرستی ئیسلامی دەبی لە خزمەتگوزاری یەکومەڵایەتی یەکان و لە هەزینەی دەرمان و لەش ساغی و فیرکردن و بارهێنان و سوبسیدی پیداویستی یەسەرەکی یەکانی ژیانی خەڵک کەم بکاتەوە. پێی داگرتنی دەوڵەت بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم هیرشە وەحشیانەیە بە ناشکرا لە قسەکانی موهەندیس باهنر و دوکتور زالی دا خۆی نیشان دەدا.

باهنر دەڵی: "دام و دەزگاکانی دەوڵەت بونەوەی کە هاوسەنگی یەک لە نیوان بەرنامە و بوودجەدا پێک بهێنن هەر لە فکری ئەوەدان کە قیمەتەکان بەرنە سەری و منیش نەوەدەسەلمینم کە ڕیگاچارەیەکی تر جگە لەوە نیە بەڵام دەبی لە فکری هێنانەخواری هەزینەکانیش دابین".

ناغای زالی دەڵی: "دەونەت هەتا بۆ بردنە پێشی تەرحە نیوە و ناتەواوەکانی خۆی لەگەڵ کەسری بوودجە بەرەوڕوو بوو دەکەوێتە تەقالا بونەوەی داهاتی خۆی زیاتر بکا. بۆ بردنەسەری ناستی داهاتیش یەکەمین جێگا کە دەستی بۆ دەبەین بردنەسەری نرخی پێوێستی یەکانی ژیانی خەڵکە. یانی لە جیاتی ئەوەی خەرجە زیادی یەکان کەم بکەینەوە قورسایی دەخەینە سەر ژیانی خەڵک."

بەڵام پیادەگرتنی ڕژیم لەسەر هیرش بردن بۆ ناستی بژیو و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژار و فەقیر نەک هەر لە قسە و باسی کاربەدەستانی ڕژیم دا بەڵکوو لە هەموو سیاسەتە نابووری یەکان و گۆشە و کەلێنەکانی تەرحی بوودجەی ساڵی ۷۳ دا خۆی نیشان دەدا.

ڕژیم بەپێی تەرحی بووجەی ۷۳، ۳۵٪ لە چاو بوودجەی ساڵی ۷۲ سوبسیدی پیداویستی یەسەرەکی یەکانی ژیانی خەڵکی کەم کردوەتەوە و بۆ کرێنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی تەنیا

٤٠٠ میلیون دولاری پەسند کردوە کە نەوە بە هیچ جوریک پیداویستی یەکانی دەرمانی و پزیشکی ولاتیکی وەک ئیران دابین ناکا. رژیم هەر بە پیی بوودجە بەندی یەک کە کردوویەتی نرخی بەرق و تەلەفون و پوستی رەسمەن بردوەتە سەری. هەرچەند رژیم دەلی گران بوونی نرخی بەرق تەنیا کارخانەکان و ناوەندە پیشەسازی یەکان و نەو خانەوادانە دەگریتەوە کە مەسرەفی بەرقیان لە ٧٥٠ کیلووات زیاترە، بەلام نەو نیدیعایەی رژیم راست نیە و نارەزایەتی بەرانبەر بە گران بوونی قیمەتی بەرق لە ناو خەلکی فەقیر و کەم دەرامەددا هەر لە سەرەتای سالی ٧٣ دا زیاتر پەرەی سەندوە.

جمهووری ئیسلامی بو قەرەبوو کردنەوەی کەم و کەسری بوودجە لەهەل ومەرجیکدا کە داهاتی نەوتی هاتوەتە خواری رەقەمی دەرامەدی مالیاتی گەیاندوەتە ٢٦/٢. یانی ٢٦/٢ی سەرجەمی بوودجەی ولات. هەلبەت کاربەدەستانی رژیم دەلین، بردنە سەری مالیاتەکان زورتر، کارخانە و شرکەتە دەولەتییەکان کە تا نەمرو بە شیوەیەکی تایبەتی لە مالیات معاف کرابوون دەگریتە بەر، بەلام لە نیستاوە روون و ناشکرایە کە ناکامی نەو سیاسەتە نابووریەش ناراستەوخو هەر یەخە و بەروکی کریکاران و خەلکی فەقیر و هەژاری ناو کومەل دەگریتەوە، چونکە لە هەل ومەرجیکدا کە دەولەت کونترولیکی بەسەر قیمەتەکان دا نیە هەر بەو میزانەی کە مالیاتی کارخانە و مەرکەزە تەولیدی یەکان دەچیتە سەری، نەوانیش قیمەتی شت و مەک و وەسایلیک کە بەرهەمی دینن دەبەنە سەری، وە بەم جورە فشاری چوونە سەری مالیاتەکانیش هەر دەکەوینتە سەرشانی خەلک.

جمهووری ئیسلامی کە یەکیک لە سەرچاوە سەرەکی یەکانی داهاتی نەرزی کەوتوەتە ژیر فشارەوە و زیانی پی گەیشتوە ناچارە ناستی واریداتی خوی تا رادەیەکی زور بهینیتە خوارەوە و مەحدوودیەتیکی واریداتی زور بەسەر نابووری نیران دا بسەپینی و نەوە لە حالیکدایە کە ٨٠٪ی واریداتی نیران لە ولاتانی دەرەوە کالای سەرمایەیین و لە کەرەسەی خاو و کەل و پەلی یەدەکی پیویست بو وەگەرخستنی کارخانە و مەرکەزە سەنعەتییەکان و بە تایبەت مەرکەزە سەنعەتییە دەولەتییەکان پیک هاتوون. نەو مەرکەزە تەولیدی یانە بو نەوەی کە بتوانن بە تەواوی توانا و زەرفیەتی خویان کار بکەن پیویستیان بە ١٥ میلیارد دولار واریداتی مەوادی خام و کەل و پەلی یەدەکی هەیە کە لە هەل ومەرجی نیستادا نە تەنیا ناتوانن نەو پیویستیانە دابین بکەن بەلکوو کەمتر لە نیوەی نەو ١٥ میلیارد دولارەش دەتوانن بو نەو کارە تەرخان بکەن و لە ناکام دا ناستی بەرهەمهینانی نەو مەرکەزە تەولیدی یانە زیاتر لە ٥٠٪ دیتە خوارەوە و زور لە کارخانە و ناوەندە تەولیدی یەکانیش بە تەواوی تەعتیل دەبن و هەزاران کریکار لەسەر کار دەردەکرین. نەوەش لە حالیکدا کە هەر نیستا زیاتر لە ٦ میلیون کەس بیکارن.

تا نیستا دەبی بە باشی دەرکەوتبی کە تەرحی بوودجەی سالی ٧٣ لە راستی دا بەرنامەریژی و سازمان دانی هیرشیکی بەرینە بو سەر ژیان و گوزەرانی کریکاران و کومەلانی خەلکی زەحمەتکیش و دەستەنگ، کە جمهووری ئیسلامی بەریوەی دەبا.

تەرحی بوودجەی سالی ٧٣ هەنگاویکی تر و هەول و تەقالایەکی داماوانەی تری جمهووری ئیسلامی یە بو بەرنامەریژی نابووری نیران لەسەر بناغەی بازاری نازاد و تیکەلاو بوونەوەی کاملی نابووری نیران لەگەل نابووری سەرمایەداری جیهانی. جمهووری ئیسلامی بو گەیشتن بەو مەبەستە دەبی بەر لە هەموو شتیک هەموو کوسپ و مانعە سیاسی و حقووقییەکان لەسەر ریگای خوی لابەری. هیرش بردن بو سەر ناستی ژیان و گوزەرانی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش، لابردنی سوبسید لەسەر پیداویستی یەکانی گشتی خەلک، لابردنی هەر چەشنە سیستمیکی کونترولی دەولەتی قیمەتەکان، سیاسەتی یەک نرخی کردنەوەی نەرز و هەولدان بو پەرەپیدانی پەیوەندی نابووری لەگەل ولاتانی پیشکەوتووی سەرمایەداری و بە کورتی سیاسەتی خوریکخستنی لەگەل بەرنامەی بانکی جیهانی و سندووقی نیونەتەوەیی پوول هەرچەند هەنگاویکە بەرەو نەو مەبەستە کە رژیم کەوتوەتە شوینی. بەلام بە تەنیایی ناتوانی رژیم بە مەبەستەکانی خوی بگەیەنی. جمهووری ئیسلامی بو گەیشتن بە مەبەستەکانی

بروواننە لاپەرەی ١٤

ئازادی ـ بەرابەری ـ حکوومەتی کارگەری

کارنامەی پازدە ساڵە

شورشی ساڵی ۱۳۵۷ی ئیران یەکێک لە شورشە گەورە و جەماوەرییەکانی دەیەکانی ئەم دوایی یەی میژووی جیهان بوو. ئەم شورشە لە کوتایی حەفتاکاندا وەک یەکێک لە شورشە گرینگەکانی هاوچەرخی خوی لەسەر زەمینە یەکی کەم و زور وەک یەک و لەباری جیهانی رووی دا. لە هەمان کاتدا شورشیک بوو بە تایبەتمەندی و رەنگ و سیمای سیاسی و فەرهەنگی تایبەت بەخو. بەرین بوونەوەی ناستی شورشی ۵۷ و لەسەرەوە بوونی ژمارەی یەکجار زوری بەشداربووانی، بەردەوامی و نەپسانەوەی رووداوەکان بو ماوەیەکی درێژ، بەرەنگاری هەر روژە لەگەڵ هێزەکانی نەمنییەتی و ئەرتەش و پولیس کە بە درێژایی دەیان سال بو روژیکی وەها سازمان درابوون تا گەیاندن بە ناستی پەکەوتوویی و فەلەج کردنی ئەو هێزانە لە لایەک و بەرزبوونی پلەی تامەزرویی تێکرایی خەڵک و خوشباوەری قوول و کاریگەربوونی ئەفیونی ریاکاری و عەوامفریوی لە لایەکی دیکە، بە راستی بەرچاو و جێگای سەرنجە.

کەوابو شتێکی زور ناسایی یە کە شورشی ۵۷ و ناسەوار و شوێنەوارەکانی هێشتاش پاش سالانێکی زور لە لایەنی جور بە جورەوە شیاوی لێکۆڵینەوە و باس و لێدوان بێ. لە هەمان کاتدا پێمان وایە لێرەدا جێگای هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی ئەم شورشە و ناسەوارەکانی لە روانگەیەکی ماتریالیستی زیندووەوە خالی یە.

ئەو مەسەلانەی کە دەمانەوی لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا پەنجەی بو رابکێشین بە ناچار بەرتەسک و هەڵبژاردە و لە زور لایەنەوە ناتەواو دەبێ. بەڵام بەهەرحاڵ ئەو شتانەی کە دەمانەوی پێی لەسەر دابگرین ئەوەیە کە شورشی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷دا زور هێزی نازاد کرد. زور هێزی وەخەبەر هێناو قەوارەی بە زور بوچوون و مەیلی کومەڵایەتی بەخشی و هێنایە ناو مەیدان کە تەنانەت بەربەرێیەتێکی یەکجار گەورەی پازدە ساڵە کە دوای شورش بالی بەسەر وڵات دا کێشا هێشتا نەیتوانیوە و ناشتوانی وەک خوی لێ بکاتەوە و هەڵگیرێتەوە بەرەو دوا. ئەم هێزە نازاد بووانە، ئەم مەیلە وەخەبەرهاتووانە و سەرەنجام ئەو گورانکاریانە و ئەو پێویستیانەی کە سەریان هەڵداوە و نێستا لەبەر کوت و داوی نێستبدادی مەزهەبی بە شێوەیەکی نارام و شاراوە عەمەڵ دەکەن درەنگ یان زوو بە ناشکرا و هەمەلایەنە خو دەردەخەن. ئەم هێزانە، ئەم مەیل و بوچوون و پیداویستیانە کە لە بنەڕەت دا خولقاو و زادەی شورشی پەنجاوحەوتە بە رادەیەک بەهێز و بە تەوژم بوون کە تەنیا وەحشیانەترین شێوەکانی سەرکوت و درندانەترین نەسل کوژی یەکانی حکوومەتی ئیسلامی پێویست بوو تا بتوانی بەری بەدی هاتنیان بگری.

لە راستی دا یەکێک لە تایبەتی یەسەرسوڕهێنەرەکانی شورشی ئێران ئەوە بوو کە رژێمێک کە پاش شورش بە ناوی شورش هاتە سەرکار هەموو هێز و گوری خوی بە تەوژم و توانایەکی بێ وێنە کە لە توانای رژێمی پێشوودا نەبوو بو پووچەڵ کردنەوەی شوێنەوارەکانی هەر ئەو شورشە، بو راوەستاندنی چەرخەکانی ڕەورەو یەک کە شورش بەرەو پێشی بردبوو و بو مەهارکردنی ئەو هێز و مەیل و بوچوون و پرۆسە کومەڵایەتیانە کە شورش قەوارەی پێ بەخشی بوون و لە یەک قسەدا بو یەخسیر کردنەوەی ئەو هێزە گەورانەی کە شورش نازادی کردبوون و پاڵی پێوە نابوون بو دەرەوە، خستە کار و هێنایە مەیدان. بەم مانایە شورشی ئێران شورشێکی ناتەواو و دیارە پێکهاتیکی تایبەت لە نانامادەیی و بێ سازمانی، تەوەهوم و خوشباوەری ویرای سەرکوتی وەحشیانە و درندەیی و بێبەزەیی یەکی لە رادەبەدەر پێویست بوو تا سەرەنجام ئەو هێز و بوچوونە کومەڵایەتیانەی کە هەڵقولاوی شورش بوون بەچوکدا بین و شورش بەری پێ بگیری و تێک بشکێندری. کوشت و بری دەیان و ڕەنگە سەدان هەزار کەس پێویست بوو تا گر و کفی شورش بنیشێتەوە، تا ئەو ناواتە گەورانەی کە لە سونگەی شورشەوە سەریان دەرهێنابوو ببێتە بێهیوایی و ببێتە ڕەنج و کوێرەوەری. تا ناستی تیرادیوی و هیوا بە کومەڵ و بە دواڕۆژ سەر لە نوێ خو لە کزی بدا. تا وێست و غروورەکان سەر لە نوێ پێ شێل ببنەوە و خەڵکی خەباتگێر و

هەلسووراو لە چوارچیوەی جەماوەریکی یەکگرتوو و شورشگیر کە دوستایەتی و پەیوەندی یەکی نوێیان لە نێوان خوێان دا دوزیبووەوە و وەک پوڵای پتەو دەهاتنە بەرچاو سەرلەنوێ ببنەوە بە کۆمەڵە خەڵکێکی لێک دابراوی لە سووچی مال کەوتوو. نەمەنەوپەری ناواتی هەر دەسەلاتدارەتیەکی دیکتاتۆری یە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم راستی یانە لە پێش هەر شتێک دا نیشاندەری مەزن بوونی هێزەکان و مەیل و پرۆسە کۆمەڵایەتی یە بالقوەکانە کە نیستا پازدە ساڵە لە زنجیر کراون و هەر ڕۆژە زەبرێکی تازەیان وێ دەکەوێ. قسە لەسەر نەوەیە کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتی یانە کە لە ناخی کۆمەڵگادا لە گەردان هەر کە تەقینەوەی نەهایی دەستی پێ کرد تەنانەت نەگەر بە شێوەیەکی دیکەش بارودۆخی سیاسی ئێران تووشی گۆرانکاری ببێ دینە مەیدانی کردەوە و هەڵسووران. نەوکات سەرمان لە تونڈی و خێرایی و ڕێچکەیەک کە ڕووداوەکان دەیبرن سوور دەمێنی.

هەر بەو جۆرەی کە دەڕوونی کۆمەڵگای پێشووی ئێران بە مۆریانەی پەیوەندی یەکانی سەرمایەداری بە تەواوی خوراببوو و تەنیا پاڵ پێوەنانی جەماوەری خەڵک بەس بوو بۆنەوەی نیشان بدری کە جگە لە قاوغێک لەو بێنا بە ڕووالەت مەزن و سەقامگیرە هیچ شتێکی دیکە نەماوەتەوە. نیستاش ئەو هێزانەی کە لە ئەنجامی شورشی ساڵی ٥٧ دا نازاد کران و بۆ ماوەیەک بڕانە پێش مەیدان، ئەو مەیل و ڕەوتە کۆمەڵایەتی یانەی کە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابوردوودا لە ناو جەرگەی کۆمەڵگادا لە حاڵی هەڵدان و پەرەسەندن دا بوون و لە ژێرەوە بە دارە دارە و هەستان و کەوتنەوە کاری خوێان دەکرد، لە هەر نال و گوریکی سیاسی لە ناکاودا سەر دەردێنن و دەکرێنەوە و ئەنجامی ملمڵانێی دواڕۆژ دیاری دەکەن. مەیدانێک کە زور لە شورشی جەماوەری ساڵی ٥٧ نالوزتر دەبێ و هەمووان بەڕەو ڕووی خەبات و نەبەردێکی زور بە تەوژم تر دەکاتەوە.

لە ناو نەو هێز و مەیلە کۆمەڵایەتی یانەی کە شورشی ٥٧ پێش خوێ دا و پاشان مێوەچنانی شورش هەوڵیان دا بە تووندترین شێوە و بە هانا بردنە بەر ناوێتەیەک لە گێروودەیی، بێکاری، نەخوشی خورافات و وێرای خوێن و کوشت و بڕ سەر لە نوێ یەخسیریان بکەنەوە، هێزی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە. بۆیە دەڵێین هێزی کۆمەڵایەتی، چونکە تێکڕای لایەنە ناببووری و سیاسی و فەرهەنگی یەکان و هێ تری نەو چینەمان مەبەستە. هەرچەند نەسلێک لە کرێکارانی خەباتگێر و پێشرەوی لەسەرکار وەدەرناوە، نێعدامی کردوون یاخود لە شوێنی کار وەلای خستوون بەڵام سەرەڕای نەم وەزعە مێکانیزمە ناوخوێی یەکانی بووژانەوە و تەرمیمی نەم چینە هەروا لە گەردایە. خەباتێکی بەردەوام و بێ ڕاوەستان کە لە ناخی کۆمەڵگادا لە جەرێان دایە، سیمای ملمڵانێی یەکی کرێکاری کە جارووبار دەبینین، نیشاندەری نەو مێکانیزمە ناوخوێی یانە و پەرەسەندنی نەسلێکی نوێی یە لە هەڵسووراوانی کرێکاری. هەرچەند جەستەی خەباتی کرێکاری تووشی زور کارەسات و زەبر و خەساری گەورە بووە بەڵام لە هەمان کاتیش دا نەم سالانە بە بیهوودە ڕانەبراون. زور دەرس و نەزموون لە سەرێەک کەڵەکە کراون.

بەڵام پێتان وانەبێ کە تەنیا هێزی کۆمەڵایەتی کرێکاران بوو کە بە هوی شورش وەخەبەر هات و تەکان و هەڵسووڕانێکی پەیدا کرد. نەم مەسەڵەیەش بۆ خوێ سەرنج ڕاکێشە کە وەبیر خومانی بێنینەوە کە یەکێک لە تایبەتی یەکانی شورشی ٥٧ی نێران نەوە بوو کە هێزی بورژوازیشی بە یەک مانا نازاد کرد. بورژوازی نێران تا نەوکات قەبوولی کردبوو کە لە ژێر دەسەلاتداری شا دا حەقی نیە لە سیاسەت دا دەخاڵەت بکا. پاشای خاوەن شکو بە نوێنەری هەمرۆیان شارەزایانە بە جۆرێک کە قازانجی هەمووانی تێدا بوو حکوومەتی دەکرد. سەرمایەدارەکانیش دەبوو خوێان خەریکی کوکردنەوەی سامانێکی زور و زەبەند بن و خەریکی خواردنی بەرتیل و بە تاڵان بردنی سامانی دەوڵەت و قونتەراتچی یەتی پر قازانج و خوش ڕابوێری و هەوانتە خەرجی یەکانی خوێان بن. هاوەڵنگی کردنی تۆپژێکی بەرین لە بورژوازی نێران بە تایبەت لە ڕێگای گێرفان ناخنینی ناغایانی عەولەما لە هەمان کاتدا بە مانای دەربڕینی ناڕەزایەتی بورژوازی نێران لە وەزعییەتی حکوومەتی باب مەزنانەی پاشایەتی و نیشاندەری پێوێستی گۆرانکاری لەو مۆناسەباتەدا بوو.

بەڵام وڵایەتی فەقیهی خومەینی بوێ نەکرا و نەیدەتوانی سەرجەمی بورژوازی و بۆچوونە جۆربەجۆرەکانیان لە پشت سەری خوێ کۆ بکاتەوە. شێکردنەوە و لێکدانەوەی نەم مەسەڵانە پێوێستی بە دەرفەتێکی دیکە هەیە، بەڵام بە هەرحاڵ زور هەڵەیە نەگەر پێمان وابێ بورژوازی نێرانیش لەم پازدە ساڵەدا لێزانی و پوختەیی تایبەتی بە خوێ بە دەست نەهێناوە. لە هەموو

گرینگتر نەوەیە کە پشتە دەستی خوی چزاندوە کە جاریکی دیکە پشتی هەنگاوی شورشگیرانەی کومەلانی خەلک بو نەنجام دانی ئالوگور و ریفورمیک کە دەیەوی بیکا نەگری. دیارە دەتوانی و بوی هەیە لەم نەزموونە کەلک وەربگری. بلاوکراوە و روژنامەکانی سەر بە ئوپوزیسیونی بورژوایی جمهووری ئیسلامی لە دەرەوەی ولات جیگای هیچ گومان و دردونگی یەکیان نەهیشتوە تەوە کە ئەوان لە بەرابەر کریکاران و بزووتنەوەی کریکاری و لە بەرابەر بزووتنەوەی جەماوەری و... پشتیوانی لە جمهووری ئیسلامی دەکەن و تەنانەت زورجار قسەیان لە نەزان کاری و هەلەی جمهووری ئیسلامی بو بەرەنگاری کردنی ئەم بزووتنەوانە کردوە. سەرەرای ئەمانە بورژوازی ئیتر تەنیا یان تەنانەت بە زوری پشت بە هیزی مەعنەوی مزگەوتەکان و روحانییەت کە نیستا ئیتر جیگای نەفرەت و بیزاری تیکراییین نابەستی. بەلکوو هەر لە ئیستاوە بە تایبەت لە سبەینیی هەر گورانکاریەکی سیاسی لەگەل بەشیکی زور لە تکنوکراتەکان، پسپورەکان، ئەوانەی کە لە دانیشگاکانی نوروپا و ئامریکا خویندنیان تەواو کردوە و لەگەل نیدئولوگەکانی دەستی راستی، لە بەرانبەر بزووتنەوەی کریکاری و رەوتی سوسیالیزم و دیموکراسی واقعی و داوای حەقخوازانەی کومەلانی خەلک و نازادی یەسیاسی یەکان و مافی دیموکراتیکی نەتەوەکان و هی تر و هی تر دژایەتی دەکەن و لە بەرانبەری دا رادەوەستن.

ژنان و هیزی کومەلایەتی لایەنگری مافی ژنانیش یەکیک لەو هیزانە بوون کە بە هوی پروسەی شورشی سالی ۵۷ لە ئیران دەرفەتی خودەرخستنیان بو هەلکەوت. هەرچەند بە داخەوە بە خیرایی لە لایەن حاکمانی تازە بە دەسەلات گەیشتوو و هەروەها نەو خەتە کومەلایەتییەی کە نەوان رینوینیی یان دەکرد بە تەواوی توانا لە بەریەک هەلوەشا تا سەر لە نوی تأدیب بکرینەوە و بچنەوە دوخی جارانیان. هەرچەند لە زور مەیدان دا ژنان بە بی شەرمانەترین شیوە کەوتوونەتە بەرشالاوی سووکایەتی پی کردن و بە کردەوە و بە قانوونی خراونەتە نزمترین پلەی کومەلایەتی بەلام نابی هیچ شکمان لەوە دا هەبی کە ئەم هیزە و ئەم ویستە و ئەم پیویستی یە کومەلایەتییە نە تەنیا لە نیو نەچووە بەلکوو پتر لە جاران قەفەسی تەبلیغاتی نیسلامی بو خوی تەنگتر و تەنگتر دەبینیتەوە. نەوەی کە جمهووری نیسلامی بەم بەرینییە و بە شیوەیەکی هیستریک بەرەنگاری بزووتنەوەی ژنان دەکا و دەیەوی بچووکترین مافە کومەلایەتی و فەردییەکانیان پی شیل بکات لە پیش هەمرو شتیک دا نیشاندەری نەم توانا و تەوزمەیە کە نەم هیزە کومەلایەتییە هەیەتی.

میللەتە ژیردەستەکان لە ئیران و مەیلە کومەلایەتییەکانیان بو نەهیشتنی ستەمی میللی و بە دەست هینانی مافی بەرابەر یەکیک لەو هیزانە بوو کە بە ناستی جوربەجور لە ماوەی شورشی راپوردووی ئیران دا سەری بەرز کردەوە. لیرەش دا یەکیک لە زەقترین هەولەکانی رژیمی ئیسلامی لە ماوەی پازدە سالی رابوردوو دا نەوە بوو کە نەم هیزانەی کە بە هوی شورش نازاد کراون جاریکی دیکە بچنەوە دوخی جارانیان. ناشکرایە کە لەم ریگایەش دا لە هیچ جورە سەرکوت و زەبر و زەنگ و ناردنی دەیان و سەدان هەزار بەکریگیراوی چەکدار، بومباران و کوچی زورەملی و کوشت و بری بە کومەل و دروست کردنی هەندیک ناوچەی نیزامی بە حالەتی ناناسایی یا فوق العادە دریغی نەکردوە. بە هەرحال قسەی نەسلیمان نەوەیە کە وجودی خەفەقانیکی لە تاقەت بەدەر کە جمهووری ئیسلامی بەسەر کومەلگای ئیران دا سەپاندوویەتی نابی نەو بوچوونە بینیتە پیش کە گویا هیزەکانی هاندەر و پالپیوەنەری شورش بە هوی زەبر و تەخمیری پازدە سالە فاسد بوون یاخود ناسەواریان نەماوە یان نەگەریش بیت بە هەموو تواناوە نایەنە مەیدان. نەم هیزانە، نەم مەیل و نەم ویستە کومەلایەتییانە هەر نیستاش بە شکل و شیوەی جور بەجور لە ناخی کومەل دا قولت دەدەن.

نەو ئیرانە بە روالەت یەکدەستەی دەورانی پاشایەتی ئیتر بو هەمیشە بەسەر چووە. نەو هیزە گەورانەی کە شورش نازادی کردن هەرچەند شکل و شیوەیان گورانی بەسەر هاتبی یان چەندین قوناغیان بربیبی بەلام بە هەرحال لە مەیدان دا هەن. هەول و تەقالای جمهووری ئیسلامی بو گەراندنەوەی بارودوخی لە دەست چوو شتیکی بی سەرەنجام و بی ناکام دەبی.

سەهول بەندانی کونەپەرستی درەنگ

بروخی رژیمی جمهووری ئیسلامی

یا زوو تیک ده شکی. نیشانه کان نه و راستی یه ده رده خه ن که نه م ماوه یه ش زور ناخایه نی. نه گه ر قه راره چرای هیواکانی سبه ی روژ له گه ل هیواو ناواتی نه سلیکی دیکه له خه باتگیران نه کوژیته وه، نه گه ر قه راره نه م جاره ش دیکتاتوره نویخوازه کان جیگه ی دیکتاتوره مه ندیل به سه ره کانی نه م چینه نه گرنه وه، نه گه ر قه راره نه م جاره ش کریکاران و خه لکی زه حمه تکیش به شیان هه ر خوین و فرمیسک و داخ و په ژاره نه بی، ده بی نالترناتیوی سوسیالیستی له به رانبه ر نه م بارودوخه ی ئیران و گرینگترین مه سه له و گریکانی نابووری، کومه لایه تی، سیاسی و فه رهه نگی شکل په یدا بکات.

له هه مان کاتیش دا ناشکرایه که هیزی کومه لایه تی نالترناتیویکی ناواو کاکله گرینگه که ی، چینی کریکار و جوولانه وه ی کریکاری یه. هه رکه س که خوی به به شیک له م هیزه کومه لایه تی یه ده زانی وه بیر له داهاتووی ده کاته وه و خه باتی بو ده کا ده زانی که نه م هیزه کارساز ترین و له چاو دوژمنانیش دا پر مه ترسی ترین هیز و مه یلی کومه لایه تی یه که ده توانی نه خشی نه ساسی له دارشتنی چاره نووسی داهاتووی کومه لگای ئیران دا بگیری. نه ویش نه ته نیا داهاتووی سیاسی سوسیالیزم و ره وتی سوسیالیستی له ئیران به لکوو له ناوچه ش دا ده گریته وه. ناشکرایه نه م مه سه له یه ش به چونییه تی ره وتی بزووتنه وه ی چینی کریکار و مه سیری حه ره که ته کانی به ستراوه ته وه. ته نانه ت داهاتووی دیموکراسی و مافه دیموکراتیکه کانی خه لک له نه ساس دا به م مه سه له یه وه گریی خواردوه. بویه له نالترناتیوی سوسیالیستی بو بارودوخی داهاتووی ئیران قسه ده که ین چونکه ته نیا نه م نالترناتیوه یه که ده توانی به ری زال بوونه وه ی سه ر له نوی ی دیکتاتوری یه کی تازه تر بگری. ده توانی کوتایی به بی به شی گه وره و چه وساندنه وه و مالویرانی زوربه ی هه ره زوری کومه لگا بینی. ده توانی بواری سه رهه لدانی زنجیره ی دوژمنایه تی یه کی نه ته وه یی و قه ومی و مه زهه بی و هی تر وشک بکات. به لی نه گه ر قسه له نالترناتیویکی وه ها ده که ین ده بی بومان ناشکرا بیت که نه م مه سه له یه به ناماده یی چینی کریکار، راده ی ریکخراوبوون و سه ربه خویی و متمانه به خو و هه روه ها روون و ناشکرا بوونی روانگه و ویسته کان و دروستی سیاسه ته کان و پوخته یی تاکتیکه کانی نه م چینه به ستراوه ته وه.

لیره دایه که هه ر کریکاریکی سوسیالیست و هه ر سوسیالیستیکی راسته قینه و به راستی کریکاری، دنیایه ک له نه به رد و جیهانیک له نیمکاناتی زور و زه به ندی له به رده ست دایه.

☆

پاشماوه ی په ره سه ندنی بیکاری ...

ده لین نه ی بوچی بوودجه بو ته یارکردنی نه رته ش و کرینی موشه ک و تانک و توپ و خومپاره هه یه؟ نه ی بوچی هه زینه ی دام و ده زگای سه رکوت و خه فه قانی ده وله تی ته نمین ده کری؟ نه ی بوچی سه ده ها میلیون دولار یارمه تی به جه ریاناتی کونه په رستی ئیسلامی له ولاتانی دیکه ده کری؟ نه ی بوچی بو کاربه ده ستانی مفته خوری ده وله ت هه موو ئیمکاناتیکی خوشگوزه رانی هه یه؟ بوچی کاتیک که باسی دابین کردنی ژیانی کریکاران دیته گوری هه موو بوودجه کان ویشکایی یان دی؟

نه وه مافی بی نه م لاو نه ولای کریکارانه که ژیانی خویان و خانه واده یان دابین بی. به لام سه رمایه داران و ده وله ته که یان نه و مافه به ره سمی ناناسن. کریکاران ته نیا به پشت به ستن به هیزی یه کگرتووی خویان ده توانن نه و مافه ره وایه به سه ر ده وله ت دا بسه پینن. نه و هیزه به رینه هه ر روژه له مه یدانی کاری شاره کان، له بازاری ده سفروشه کان، له گه ره که زه حمه تکیش نشینه کانی شاره کانی کوردستان له ده وری یه ک کو ده بنه وه. نه گه ر نه م هه زاران و ده یان هه زار کریکاره که له شاره کان ده ژین بو کوتایی هینان به ره نج و مه ینه تی بیکاری یه کگرن و داخوازی یه هاوبه شه کانیان بهینن گور و بو به کرده وه ده ره ینانی نیراده و بریاره کانی خویان هه نگاو بنینه پیش، نه گه ر به هه ر شیوه یه ک که ده گونجی نیعتیراز بکه ن و له به ر درگای نوستانداری، فه رمانداری و یا نیداره ی کار کوببنه وه و تحصن که ن و یا به خوپیشاندان و ریپیوان و پشت به ستن به هیزی یه کگرتووی خویان خوازیاری کاری گونجاو یان بیمه ی بیکاری به راده ی به ریچوونی خانه واده کانیان بن، بیگومان ده توانن رژیم ناچار بکه ن که زیاتر له وه فروفیل و بربیانو نه هینیته وه و وه لامیان پی بداته وه.

☆

پەرەسەندنی روژ لە روژ زیاتری بیکاری لە کوردستان

بیکاری لە کوردستان هەروا پەرە دەستینی. بە پیی نەو راپورتانەی لە شارەکانەوە بە دەستمان گەیشتوە لە چەند حەوتووی رابوردوودا ژمارەیەکی زور لە خانەوادە کریکاریەکان کە بە مەبەستی کار لە کووڕە خانە ڕەوانەی شارەکانی دیکە ببوون، دوای چەندین روژ سەرگەردانی بی نەوەی کە کاریک پەیدا بکەن گەڕاونەتەوە کوردستان. گویا خاوەن کووڕەکان وتوویانە بە هوی نەوەی کاری ساختمانی کەم بووەتەوە خشتەکانیان بەسەر دەست دا ماوەتەوە و بەم جورە ژمارەیەکی زور لە کریکارانیان لە کار بیکار کردوە. نەوە لە حالیکدایە کە شەپولیکی بەرین لە بیکاری گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکان، بازاری دەسفروشەکان و مەیدانی شارەکانی کوردستانی داگرتوە. پەرەسەندنی روژ لە روژ زیاتری بیکاری و بەرین بوونەوەی نارەزایەتی دژی "بیکاری وەزعییەتیکی خولقاندوە کە تەنانەت کاربەدەستانی ڕژیمیش لە روالەت دا وا نیشان دەدەن دەیانەوی مەسەلەی بیکاری چارەسەر بکەن. ماوەیەک لەوەپیش ڕەحیمی نوستانداری کوردستان لە سوخەنرانی یەکدا لە شاری سنە بەلینی نەوەی دووپات کردەوە کە دەولەت بو چارەسەرکردنی مەسەلەی بیکاری بە تەمایە کارخانە و ناوەندی سەنعەتی لە کوردستان دروست بکا.

بەلام فەقر و فەلاکەتیک کە کریکاران تووشی هاتوون زیاتر لەوە سەبر و چاوەروانی هەلناگری. نیستا ماوەیەکی زورە کە کریکاران تەنیا لە ریگای دەست پیوە گرتن ژیانی خویان و خانەوادەکەیان تیپەر دەکەن. دەست پیوە گرتنیک کە تەنیا کریکاران لە دەرد و مەینەتەکانی دەزانن. نەوان جیرەی روژانەی خویان کەم کردوەتەوە و لە شەو و روژدا لە جیاتی ۳ ژەم خواردن تەنیا ۲ ژەم و جاری واشە تەنیا یەک ژەم دەخون. زور کەم و بە دەگمەن نەگەر منالەکانیان تامی گوشت بکەن. تەواوی خانەوادەکەیان لە یەک یا دوو وەتاغ دا جیگا دەکەنەوە. لە جل و بەرگ دا نەوەندەی دەتوانن سەرفەجویی دەکەن. لە سەیرانی روژی جومعانەش کە خەبەریک نیە. نەوکاتەکە نیتر تەواو تووشی چارەڕەشی بوون نەخوش بوونی یەکیک لە نەندامانی خیزان بەسەبونەوەی کە روژڕەشی یان چەند بەرابەر کاتەوە. پوول قەرز دەکەن و نەوکاتەکە لە پوول قەرزکردنیش مەحروم بوون کەلوپەلی پیویستی مال و تەنانەت راخەری ژیرخوشیان هەرزان فروش دەکەن. نەوە روالەتی راستەقینەی ژیانی نەو خانەوادە کریکارانەیە کە تەنیا نانشاوەری خانەوادەکەیان بیکار کراوە. کاربەدەستانی ڕژیم چی تر ناتوانن کریکاران بە بروبیانووی جوراوجور چاوەروان راگرن. نیستا نیتر کریکاران هیچ بیانوویەک قبوول ناکەن. نەوان نانیان دەوی، ژیانیان دەوی، کاریان دەوی، وەیا نەگەر هیچ کاریک نەبی و کار دەست نەکەوی دەولەت دەبی بە دانی بیمەی بیکاری ژیان و بەریچوونیان دابین بکا. بیانووی لەم چەشنە کە "بوودجەمان بو دانی بیمەی بیکاری نیە" یا نەوە کە "فلان کارخانە و پروژەی بەرهەمهینان دروست دەکەین" بو کریکاری بیکار کە برسی یەتی بەربینگی پی گرتوە نابیتە نان و ناو.

کریکاران لە بەرانبەر هەموو نەو بروبیانووەی کاربەدەستانی دەولەت دا

بروانە لاپەرەی ۸

چەند راپورتەهەوال

پەرەگرتنی نائەمنی و سەرکوتگەری لە ناوچەکانی سەرسنوور

لە چەند مانگ لەوە پیشەوە رژیمی جمهووری ئیسلامی لە سنووری کانی کوردستان شەپولیک لە جم و جوولی چەکدارانەی وەری خستوە و نەمنییەت و ئاسایشی دانیشتوانی ناوچەکانی سەرسنووری خستوەتە مەترسییەوە.

مین ڕێژکردنی جادەکان و ڕێگاکانی هات و چوی خەلک، کەمین نانەوە لەسەر ڕێگای کاروانچییەکان، تالانکردنی ڕێبوار و کاروانچی و جووتیارەکان، هەڕەشەی کوچ پێکردنی زۆرەملی لە خەلکی دێهاتی سەرسنوور، توپبارانی خومپارە بارانی دێهات و مەزراکان و تەقەکردن لە خەلک، بە شێوەیەکی بەرین لەو ناوچانە پەرەی سەندوە.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای نەم مانگەدا ۹۰ کەس لە نوێنەرانی دانیشتوانی شار و دێهاتی ناوچەی سەردەشت بۆ ئێعتیراز بەم بارودۆخە نائەمنەی ناوچەکەیان چوونە تەلای کاربەدەستانی ڕژیم و تاگەیشتنی نەم هەوالانە بە نەنجامێکی بەرچاو نەگەیشتوون.

لێرەدا چەند هەوال لە کردەوەکانی ڕژیم و ئێعتیراز و ناڕەزایەتی خەلکی زەحمەتکێش دەخوێننەوە.

سەردەشت:

بە پێی هەوالێک کە لە شاری سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوە نەم ڕۆژانە ناوچەی سەردەشت بە شار و دێهاتەوە مەیدانی ئێعتیراز و خۆسازدانی خەلکی ناڕازی بۆ وەری خستنی خوێشاندانێکی گەورە لە شاری سەردەشت بووە. کاربەدەستانی ڕژیم واتە فەرمانداری ڕژیم لە سەردەشت و بەخشدارەکان بە پەلە چوون بۆ هەندێک لە ناوایی یەکانی گەورەکان لەوانە ناوایی یەکانی بیتووش لە ئالان و نەلاس و واوان لە بەشی سوێسنایەتی. فەرماندار لەو ناوایی یانە کۆبوونەوەی لەگەڵ خەلک کردوە و وتوویە کە ئێوە لە جیاتی ئەوەی کە بین بۆ سەردەشت و خوێپیشاندان بکەن و بەردەرکی فەرمانداری بگرن باشتر وایە خۆتان لێرە نوێنەری خۆتان هەلبژێرن و بێنێرن بۆ تاران. داخوازی یەکانی خۆتان بنووسن و بێکەن بە عەریزە و ئیمەش ئەوەتان بۆ تەئیید دەکەین.

بەم جۆرە فەرماندار و بەخشدارەکان پێش بە خوێپیشاندانی هاوبەش و بە کۆمەڵی هەزاران کەس لە خەلکی ناوایی یەکان و شاری سەردەشت دەگرن. بە گوێرەی ئەو هەوالەی بە دەستمان گەیشتوە خەلکی ۷۰ ناوایی ناوچەی سەردەشت و هەروەها خەلکی شاری سەردەشت لە ناو خوێیان سەرجەم ۹۰ نوێنەر هەلدەبژێرن. لەم ۹۰ نوێنەرە ۸۸ نوێنەریان هی ناواییەکان و ۲ نوێنەریش هی خەلکی شاری سەردەشت بوون. داخوازی یەکانی خەلکی شار و ناوچەی سەردەشت کە نابوویانە پێش فەرماندار و هەروەها بە هۆی نوێنەرەکانیان بۆ تارانیان بەری کردبوو بەم جۆرەیە:

یەکەم: دەوڵەت نەو هێزە زۆرەی کە ڕژاندوویەتە ناو دێهاتەکان و سنوور و سەر ڕێگاکان و وەزعی کار و ژیان و گوزەرانی خەلکی تێک داوە؛ دەبێ کۆی کاتەوە و لەم فەسڵی کار و کشت و کاڵەدا نەبێتە ڕێگر و موزاحیمی ژیانی خەلک.

دووهەم: گرانی لە ڕادە بەدەر تەنگی بە هەمووخەلک هەلچنیوە. نەمەنەرکی دەوڵەتە کە بەم وەزعە دژوار و نالەبارە کۆتایی بێنی.

سیهەم: هەزینەی ئاو و بەرق کە بەردەبەردە لەسەر خەلک زیاد کراوە دەبی کەم بکریتەوە.

چوارەم: خەلکی ئەم چوار ئاوایی یەی کە ماوەیەک لەوە پیش دەولەت بە زور لە شوینی کار و ژیانی خویان دووری خستوونەتەوە، دەبی بگەرینەوە شوینی خویان.

مەریوان ـ بانە:

کاربەدەستانی رژیم رۆژی ٢٧ی خاکەلیوە لە مەریوان و بانە بە خەلکی گوندەکانی سەرسنووریان راگەیاندوە کە هەر کاریکیان هەیە لە ماوەی حەوتوویەکدا جی بەجیی بکەن چونکە پاشان تەواوی سنووردکان لە "سەیران بەن"ەوە تا سیف و بوردەمە، هەروەها لە دووپلووردە و بەردەرەشەوە تا سەردوش بە گشتی مین ریژ دەکرین و هات و چوی شەوانەی خەلک بە تەواوی قەدەغە دەکری. هەر بەم بۆنەوە رژیم توپخانە و هیزیکی زوری رژاندوەتە "خاو" و دەستی کردوە بە توپبارانی دەوروبەری سەیران بەن و ناسایشی شیواندوە و باردوخیکی نالەباری لە ناوچەکە دروست کردە.

رژیمی جمهووری ئیسلامی لە ئاوایی "بی ماوە" کە کەوتوەتە ناو خاکی کوردستانی عیراق دوو پایگای دامەزراندوە و کەوتوەتە پشکنین و ئەزیەت و نازاری خەلکی ناوچەکە.

لە ماوەی کەمتر لە مانگیک لەوە پیشەوە پتر لە ١٦ کەس لە خەلکی زەحمەتکیشی دیهاتی سەرسنوور و دەشتی شلیر گیانیان لە دەست داوە و ١٢ کەسیش بریندار بوون. کوژراو و بریندارەکان خەلکی ئاوایی کانی عەسرئاوای مەریوان، بیلوو، سیف، ژاوەرو، و هەروەها میشەرو و شەپال لە کوردستانی عیراق بوون.

دیهاتی مەریوان:

رژیم هەرەشەی کوچی زورەملی لە خەلک دەکا

بە پیی هەوالیکی تر کە بە دەستمان گەیشتوە خەلکی ئاوایی کانی سنووری مەریوان کە لە ماوەی ٨ سال شەری مالویرانکەری ئیران و عیراق دا خەسارەتیکی زوریان وی کەوتوە وەکوو باقی ئاوایی کانی نزیک شاری مەریوان چوون بو "بونیادی مەسکەن"ی نەو شارەو داوای خەسارەتی جەنگی مال و مەزرای خویان کردوە. لەوەلام دا کاربەدەستانی رژیم پییان وتوون کە نیوە لە لیستەی خەسارەتی شەر بو ناوەدان کردنەوەی گوندەکانتان دا نین؛ بەلام نیمە کاتی خوی دیینە سەر وەختتان و بو چول کردنی دیهاتی نەو ناوچەیە رەنگە خەسارەتتان بدەینی.

هەر بەم مەبەستەشەوە کاربەدەستانی رژیم چوون بو ئەم ئاوایی یانە و لیستی ناو و ناماری خویان و هەموو دارایی نەو خەلکەیان نووسیوە. ئەم ئاوایی یانەی کە رژیم نامارگیری کردوون بریتین لە: بیلو، کیکن، نجی، میرگە دریژ، دەرەوەران، ساوجی، خاو، میراوا، قولقولە، خانمە کون، جەژناوا، کانی میران، ساوا، سەردوش و چەندین ئاوایی دیکە. ئەم ئاوایی یانە لە ماوەی شەردا بە تەواوی چول و ویران کرابوون و کاربەدەستانی رژیم هیشتا حازر نەبوون کە زیان و زەرەرکانیان بو ببژیرن. کاتیک خەلکی ئەم ئاوایی یانە فشاریان هیناوە بو رژیم، کاربەدەستانی دەولەت وتوویانە بە مەرجیک خەسارەتتان پی دەدەینەوە کە ئاوایی کانتان چول بکەن و نەگەرینەوە نیرە.

بەلام رژیمی سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامی تا ئیستاش ئەم سیاسەتەی بو نەچوودتە پیش و خەلکی ئەم ناوچەیە بە گشتی بە هیچ نرخیک ئامادە نین مال و ژیانی خویان بەجی بهیلن و وەدووی چارەنووسی نادیار کەون.

بەم جورە خەباتی خەلکی زەحمەتکیشی ئەم ناوچەیە لە دژی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رژیم و هەرەشە و پیلانگیری و جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی هەروا بەردەوامە.

سەردەشت:

زەخت و زوری هیزەکانی رژیم

بە پیی هەوالیک کە بە دەستمان گەیشتوە، پاسدارەکانی رژیمی جمهووری ئیسلامی لە تیپی "قمر بنی هاشم" کە لە نالوەتان دامەزراون رۆژی ٢٦ی خاکەلیوە، شوورای ئیسلامی یەکانیان کوکردوەتەوە و پی یان راگەیاندوون کە لەوە بەولاوە ریگای سنوور بە تەواوی دەبەستری و قەدەغە دەکری. هەروەها هات و چو و هینان و بردنی هەموو جورە کەل و پەلیک قەدەغەیە و هەرکەس شتی لی بگیری بە پیی قانوون دەستی بەسەردا دەگیری و هەر کاروانچی و هەر کەسیک بە بارەوە بگیری دەکوژری و هیچ کەسیش حەقی قسە و نیعتیرازی نیە.

لە دریژەی نەم هەوالەدا هاتوە کە پاسدارەکانی تیپی قمر بنی هاشم لە ناوچەی سەردەشت دەچنە سەر خەلکی ناوایی "گورەشیر" و دوای سووکایەتی و جنیودانیکی زور بە هەرەشەی لیدان و کوشتن لە شوینی ژیانی خویان هەلیان دەکەنن و دییەکەیان پی چول دەکەن. پاسدارەکانی رژیم تەنانەت ریگای هاتنە شاریشیان لی دەبەستن و ناوارەی "دولەتوو"یان دەکەن. خەلکی ستەم لیکراوی گورەشیر هەر نیستا لە ناوایی دولەتوو بە کومەل و بە خانەوادە گیرساونەوە و بەم کردەوە درندانەیەی رژیم بە تووندی نیعتیرازیان کردوە. کاربەدەستانی دەولەت تا نیستا هیچ وەلامیکیان پی نەداونەتەوە. خەلکی زەحمەتکیش و ناوارەی ناوایی گورەشیر لە دریژەی نیعتیرازی خویان دا وتوویانە نەگەر دەولەت و کاربەدەستانی رژیم وەلامی نیعتیراز و داخوازییەکانیان نەدەنەوە نەوان بە کومەل دەرون بو خاکی کوردستانی عیراق و لەوی پەناهەندەی U.N دەبن و نیعتیرازی خویان بە گوێی هەمو خەلکی دونیا دەگەیەنن.

سەردەشت:

نوینەرانی هەلبژاردەی خەلک و نیعتیراز بە جم و جولی هیزەکانی رژیم

بە پیی نەو هەوالانەی کە لە ناوچەی سەردشتەوە بە دەستمان گەیشتوە، لە حالیکدا کە ۹۰ کەس لە نوینەرانی خەلکی شاری سەردەشت و ناوایی یەکانی دەوروبەری نە و شارە بە مەبەستی دەربرینی نارەزایەتی و نیعتیراز لە دژی میلیتاریزمی ناوچەکە و هەل و مەرجی نانەمن و دژواری ژیان رەوانەی شاری تاران بوون، جم و جوولی رژیم بو میلیتاریزە کردنی زورتری نەو ناوچەیە و بە تایبەت سنوورەکان هەروا بەردەوامە.

هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری نیسلامی بە هینان و بەکاربردنی دەیان دەزگا بولدزیر و لودیر لە ناوایی یەسنووری یەکانی "بیوران"، "هەرزنی" و "رجاکی" و "بیتوش" خەریکی دروست کردنی جادەی سەربازین. بەپیی نەو هەوالەی کە بە دەستمان گەیشتوە چەند روژ لەوە پیش ماشینیکی هیزەکانی رژیم پر لە نەفەرات لە بەرزاییەکانی دەوروبەری بیوران چووەتە سەرمین کە لە ناکام دا ۲۸ نەفەر کوژراون و بریندار بوون.

مەریوان ـ بانە

توپبارانی بەردەوامی

مال و مەزرای خەلک

بە پیی نەو هەوالانەی کە بە دەستمان گەیشتوە رژیمی جمهووری نیسلامی لە دریژەی بەریوەبردنی سیاسەتی جینایەتکارانەی خوی دا روژی یەکشەممە ۴ی مانگی گولان ناوچە سنووریەکانی نیوان مەریوان و بانەی توپباران کردوە. بە پیی نەو هەوالانە، هیزەکانی جمهووری نیسلامی ناوایی یەکانی میشەرو و شەپال و هەمو ناوایی یەکانی ناوچەی کانی خانیان خستوەتە ژیر ناگری توپخانەی خویان کە لە ناکام دا ۵ کەس لە خەلکی زەحمەتکیشی نەم ناوایی یانە گیانی خویان لە دەست داوە و ٦ کەسی تریش بریندار بوون. پیویستە بلیین کە یەکیک لە کوژراوەکان منداڵیکی ۱۳ ساڵە بووە.

مەریوان:

کەمینی هیزەکانی رژیم

بەپیی هەوالیک کە لەسەر سنووریەکانەوە بە دەنگی شورشی ئیران گەیشتوە، شەوی شەممەی ۲۰ی خاکەلیوە لە سنووری پینجوین بو مەریوان لە نزیک کانی خان ژمارەیەک کاروانچی دەکەونە ناوکەمینی پاسدارانی رژیم و وەبەر دەسریژ دەدرین. بە داخەوە لەم رووداوە دا ۲ کەس لە کاروانچییەکان دەکوژرین و هەروەها ۳ کەسیشیان لی بریندار دەبی. تەرمی نەم دوو کاروانچییە لەگەل بریندارەکان بو بیمارستانی پینجوین رادەگویزرین. ئیمە ویرای مەحکووم کردنی نەم جینایەتەی پاسدارە تالانچییەکانی رژیم، لە بنەمالە و کەس و کاری کوژراوەکان و لە خەلکی دەستەنگ و زەحمەتکیشی ناوچەکە سەرەخوشی دەکەین و خومان بە بەشداری خەم و پەژارەیان دەزانین.

هەریژی دەسەلاتداری شووراییی

مەهاباد:

هیرش بو سەر دەسفروشان

بە پیی نەو هەوالانەی کە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە کاربەدەستانی رژیم لەو شارە چەکدارانە هیرشیان کردوەتە سەر دەسفروشان و داشقەکانیان لی شکاندوون و کەل و پەلەکانیان تالان کردوون.

نیوارەی چوارشەممە ۲۴ی مانگی رابوردوو مەئمووراني شارەداری بە کومەلیک چەکدار کە لە شارەبانیەوە لەگەل خویان هینابوویان و بە لودیریک و ۳ ماشینی کومپریسی یەوە هیرشیان کردە سەر دەسفروشانی مەیدانی نارد لە مەهاباد و دەستیان کرد بە کوکردنەوە و تیک شکاندنی داشقەکانیان. زەحمەتکیشانی دەسفروش کە لەو مەیدانەدا غافلگیر ببوون و ریگای دوورخستنەوەی داشقە و کەل و پەلەکانیان نەبوو رووبەرووی کاربەدەستانی رژیم بوونەوە بۆنەوەی پیش بەم کارە بگرن، بەلام چەکدارەکانی شارەبانی دەستیان کرد بە لیدان و نازاردانی نەو زەحمەتکیشانە و بەم جورە هەموو ماشینەکانیان لە چەرخ و داشقەی دەسفروشان پر کرد و بردیان لە پشت دانیشگای نازاد هەلیان رشت. داشقەکان هەموو شکابوون و کەل و پەل و میوەی نەم خەلکە دەستەنگەش، تالان کرا یان فری درا. مەئمووراني شارەبانی هەرەشەیان لە دەسفروشان کرد کە نەگەر هەر کەس بیت و داوای کەل و پەل و شتی وا بکاتەوە لە لایەن دەولەتەوە جەریمەی نەقدی دەکری یان دەخریتە زیندان.

هەر نەم رۆژە، عەینی نەم وەحشیگەریە لە مەیدانی مەنگورانیش دووپات ببووەوە. بە دوای نەم کردەوە دژی ئینسانیە دا کاربەدەستانی رژیم بە رۆژ لە شوینی دەسفروشان لە مەیدانی نارد چەکداریان داناون تا پیش بە هاتنەوە و کار و کاسبی خەلک بگرن.

* بە پیی هەوالیکی تر کە لە مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە ماوەیەک لەوەپیش چەندین چەکداری رژیم لە ریگای وەتەمیش بە شەو پیش بە کاروانچیان دەگرن. چەکدارە تالانچیەکانی جمهووری ئیسلامی دوای لە کارخستنی ماشینی کاروانچیەکان دەست و لاقیان دەبەستن و هەرچی پی یان دەبی کە بریتی دەبی لە چەند کارتون سیگار و بریک کەل و پەلی خویان بە تالانی دەبەن. دیارە نەمەیەکەم جار نیە لەو ناوچەیە کە چەکدارەکانی رژیم کەمین بو کاروانچیەکان دادەنینەوە و تالانیان دەکەن. بە پیی نەو هەوالانەی بە دەستمان گەیشتوە پاسدارانی جمهووری ئیسلامی لە ناوچەی مەهاباد شەبەکەیەکی ریگری و دژی و جەردەیی پیک هیناوە و شەوانە لەسەر ریگای کاروانچیەکان کەمین دادەنینەوە.

بەم جورە سیمای دزیو و دژی زەحمەتکیشی و دژی ئینسانی رژیمی جمهووری ئیسلامی لە شاری مەهاباد و دەوروبەر هەر رۆژە بە جوریک و لە رەنگیک دا خوی نیشان دەدا.

مەهاباد:

چەکدارەکانی رژیم تەقەیان لە خەلک کرد

بە پیی هەوالیک کە لە شاری مەهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە رۆژی ۵ شەممەی ۲۳ی مانگی گولان، چەند کەس لە لاوانی شار لە لایەن هیزەکانی رژیمەوە تەقەیان لیکراوە. بە هوی نەم دەسدریژی یەی هیزەکانی رژیم ۲ کەس لە لاوەکان، بە ناوی "حاصل مەجرومی" و "لقمانی محمودی" گیانیان لە دەست داوە و کەسیکی تریش بریندار بووە.

خەلکی شاری مەهاباد نەم کردەوە جینایەتکارانەیەی هیزەکانی رژیم مەحکووم دەکەن و داواکاری نەوەن کە عامیلانی نەم جینایەتە دادگایی بکرین و سزا بدرین. پیویستە دادگایی نەو جینایەتکارانە لە دادگایەکی ناشکرادا و بە بەشداری خەلکی شاری مەهاباد بکری هەتا هیچ کاربەدەست و نیدارەیەکی دەولەت نەتوانن دەخالەتی تیدا بکەن و تاوانباران لە چنگ سزایەکی عادیلانە دەرباز بکەن.

ناشکرایە نەگەر نەم جینایەتە لەگەل نیعتیرازی توندی کومەلانی خەلکی زەحمەتکیش و زورلیکراو بەرەو رو بی، جینایەتی لەم چەشنە نیتر دووپات نابیتەوە و خیابانەکانی شار نابنە قەتلگای لاوان و دانیشتوانی شار.

ریزگرتن لە رۆژی نەوەلی مانگی مەی

بو ریزگرتن لە نەوەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی چینی کریکار، مەراسمیکی گەرم و گور لە یەکیک لە مقەرەکەزی یەکانی کومەلە، لە کوردستانی عیراق بەریوە چوو کە تییدا کومەلیک لە دوستان و لایەنگران و هاوری یانی حیزبی کومونیستی نیران بەشداری یان کرد.

مەراسمە کە بە سروودی نەنتەرناسیونال دەستی پیکرد و پاشان بو ریزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ریبازی سوسیالیزم دە قیقە یەک بیدەنگی راگیرا. پاشان هاوری رضا کعبی نەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیران، لە بابەت هەل و مەرجی سیاسی و نابووری ئیستای جیهان و لایەنەکانی خەباتی چینی کریکار وتاریکی پیشکەشی بەشداربووان کرد. مەراسمە کە بە خویندنەوەی چەند پەیامی پیروزبایی و پیشکەش کردنی شیعر و سروود دریژەی پیدرا.

مانگرتنی گەورە و بەرینی کریکارانی کورەخانەکانی مەنتەقەی تەورێز

بە پیی نەو هەوالانەی کە بە دەستمان گەیشتوە کریکارانی کورەخانەکانی سنخ، وایگان و سەردەرو کورخانەکانی دیکەی ناوچەی تەوریز بە شیوەی یەکگرتوانە بو بردنە سەری حەقدەستەکان دەستیان داوەتە مانگرتن.

نەو مانگرتنەی کریکاران کە روژی ۲۷_۲_۷۳ دەستی پیکردوە تا کاتی گەیشتنی نەو هەوالە یانی روژی ۴_۳_۷۳ هەروا بەردەوام بووە. هەوالی مانگرتنی گەورەی کریکاران لە زوربەی شارەکان بلاوبوەتەوە و کریکاران لە هەموو جیگایەک بە شور و شەوقەوە باسی لی دەکەن.

نەم هەوالەمان لە کاتی چاپی پیشرەو بە دەست گەیشت. لە پیشرەوی ژمارەی داهاتوودا دریژەی هەوالی مانگرتنەکەتان بو بلاو دەکەینەوە.

کومەلیکی تر لە لاوانی شورشگیر چەکی پیشمەرگایەتی کومەلەیان هەلگرت

روژی ۵ شەممە ریکەوتی ۲۹_۲_۷۳، کومەلیک لە لاوانی شورشگیر کە دەورەی ناموزشی سیاسی و نیزامیان لە ناموزشگای پیشمەرگایەتی کومەلە سەرکەوتووانە کوتایی پی هینابوو، لە مەراسمیکی گەرم و گوردا چەکدار کران و بە ریزەکانی هیزی پیشمەرگەی کومەلە پەیوەست بوون.

مەراسمە کە بە سروودی نەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک بیدەنگی بو ریزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ریبازی سوسیالیزم و نازادی دەستی پیکرد. هاوریی لیپرسراوی ناموزشگای پیشمەرگایەتی کومەلە قسەی کرد و پاشان مەراسمە کە بە چەکدار کردنی هاوریانی تازە پیشمەرگە و خویندنەوەی چەند پەیام و پیشکەش کردنی شیعر و سروود دریژەی پیدرا.

پاشماوەی تەرحی بووجەی

دەبی لە باری سیاسی شەوە خوی لە گەل پیداویستیی یەکانی رەوتی سەرمایەی جیهانی ریک بخا. داماوی لە جواب دانەوە بە و پیداویستیانە یەکیک لەو هویانەیە کە جمهووری ئیسلامی هەرچی زورتر بەرەو گیژاوە و قوول بوونەوەی بوحرانی نابووری پال پیوە دەنی و نەوە لە هەل و مەرجیکدا کە نەفرەت و نارەزایەتی لە جمهووری ئیسلامی بەرین بووەتەوە و نیعتیرازاتی جەماوەری لە دژی وەحشیگەری و سیاسەتەکانی نەو رژیمە پەرەی سەندوە و نیعتیرازی گشتی و مانگرتنی کریکاری لە دژی هەل و مەرجی نالەباری کار و ژیان، کارخانە و مەلبەندە سەنعەتییەکانی داگرتوە جمهووری ئیسلامی بەرەو هەلدیری نەمان دەبا.

☆

تاوانی بی هیزی!

ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە، وەرگێردراوی نامەی گوێگریکی دەنگی شورشی ئیرانە کە نامەکەی بە ناوی پەیوەند ئیمزا کردوە و تییدا کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی کریکاریکی ئەفغانی نووسیوە.

من کریکاریکی بیناسازیم. هەتا کلاسی چواری ناوەندی دەرسم خوێند بەڵام نەمتوانی دیپلوم وەرگرم و لەبەرئەوەی هیچ کاریکی دیکەم دەست نەکەوت ناچار بوومە کریکاری بیناسازی و بە شوێن کاردا چەند جار چوومە شارەکانی ئیران. لەوی لەگەڵ زور کریکاری خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئیران و هەروەها کریکارانی ئەفغانی ناشنایەتیم پەیدا کرد. یەکێک لەوانە کریکاریکی ئەفغانی بوو کە ماوەیەک لەوەپێش، کاتێک من دەگەڕامەوە کوردستان، خوێ ساز کردبوو بچێتەوە بو ئەفغانستان و ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم ئەو ئێتر لە ئەفغانستانە. ناوی جلال الدین بوو. ئێستا دەمەوێ کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی پر ئێش و ئازاری ئەو کریکارەتان بو بنووسم هەتا ئێوەش وەک نموونەی ژیانی قوربانی یەکی نیزامی بیرەحم و ناعادلانەی سەرمایەداری بڵاوی بکەنەوە.

جلال الدین سالی ۱۳۶۷ هات بو ئیران. من سالی ۱۳۶۸ لە "چابەهار" ناسیم. کاتێک من یەکەم جار دیتم منداڵێکی چکولەی لەگەڵ بوو. منداڵەکە، کوڕێک بوو تەمەنی ۸ سال دەبوو. جلال الدین خەریکی کریکاری بوو لە بینایەک کە شیرکەتێکی ریگاوبان بو دەفتەری کاری خوێ دروستی دەکرد. بە دریژایی ڕۆژ، کاتێک ئەو کاری دەکرد، منداڵەکە لەبەر سیبەرێک دادەنیشت و چاوەڕی دەبوو هەتا ئەو کارەکەی تەواو بێ و پێکەوە بڕوونەوە.

لێم پرسی: ئەو منداڵە کێیە؟

ـ برازامە.

ـ بوچی لە ماڵەوە بەجێی ناهێلی و لەگەڵ خوت دەیهێنی؟

ـ مالمان نیە. دوای کارەکە، پێش تاریک بوونی هەوا نانێک دەخوین و لە کونە دووکانێک کە نێستا چوڵە و درگا و پەنجەرەی نیە، دەخەوین.

دواتر بەسەرهاتی خوێ ئاوا بو گێرامەوە:

سالی ۱۹۸۳ کە دەکاتە ۱۳۶۲ی هەتاوی، ئێمە هەموو خێزانی ماڵەکەمان کە ٦ کەس بووین، من و دایکم و براکەم و براژنم و دوو منداڵەکەی، لە ماشینێک دا بووین کە بەرەو شاری جلال آباد دەڕوێشتین. لە نزیک جلال آباد، ماشینەکە بەر دەسرێژ درا و لە خێزانی ئێمە تەنیا من و ئەو برازایەم زیندوومایین. ئەو شەرەی ئێمەی پێوە بووین شەڕی نێوان دوو تایفە بوو لەسەرنەوەی کامیان خەتیب و پێش نوێژی مزگەوت دیاری بکەن. هەرتک لا لەم بەر و لەوبەری جادەسەنگەریان لە یەکتر گرتبوو و ئێمەکەوتینە نا تەقەیان. ماوەیەک کەوتمە دوای ئەوەکە خوێنی کوژراوەکان بستینم و لانی کەم بژێوێک بو داهاتووی ئەم منداڵە پەیدا بی. نە هیچکام لە تایفەکان گرتیانە ئەستوی خوێ و نە دەولەت جوابی داینەوە. منداڵەکەم بە ماڵیک سپارد و خوم چووم بو پاکستان بە شوێن کاردا. لەوێ ۵ سال کارم کرد و پارەکە لەگەڵ جەماعەتێکی زور لە ناوارە ئەفغانی یەکان لەوێ دەریان کردین. چوومەوە ئەفغانستان و لەبەرئەوەی هیچ دەرەتانێکم بو بەری چوون شک نەدەبرد، لەگەڵ منداڵەکە هاتین بو ئێران.

ماوەیەک منداڵەکەم لە "مەشهەد" لە لای خانەوادەیەکی دیکەی ئەفغانی بەجی هیشت بەڵام لەلای ئەوانیش خوێ نەدەگرت. هەندیکم سیگار بۆ کڕی، کە لەو کاتانەدا کە خوم لەسەر کارم لە جیگایەکی نزیک خوم سیگار بفرۆشی. ڕۆژێک بە گریان هاتەوە و وتی پاسەبانێک هەموو سیگارەکانی لێ فڕی داوم و دوو زللەشی لەخوم داوە. من ئەوەندە سەرقاڵی کارەکەم بووم کە کاتێک لە بیناکە هاتمە خوار بزانم کێ لێی داوە، پاسەبانەکە ڕۆیشتبوو. چەند کەس لەو ناوە بوون کە هەندێکیان پێی پێدەکەنین و جنێویان بە ئەفغانی دەدا. ۳_۲ کەسیش لێیان وەجواب هاتن و یەکیان ۱۰۰ تمەنی دا بە منداڵەکە.

ئێستا ئەوە وەزعی نیمەیە. لەوانەیە زۆر کەس هەبن پێیان وابێ نیمە سەربارێ ژیانی ئەوانین. بەڵام من ئەگەر نەیەم بۆ ئێرە بە شوێن کاردا، چی بکەم؟ من دوای چەندین ساڵ کارکردن، بێجگە لەم جلانە کە لەبەرم دایە هیچ سامانێکم نیە. تەنیا ۳ پەتوومان هەیە و هەندێک قاپ و قاچاخ کە لەو کەلاوەیە داندراوە و کاتێک دێمە ئێرە بە دووکانداریکی خێرخوازی دەسپێرم. هیچی دیکەم نیە. چارەنووسی خوم هیچ، ئەو منداڵە چ تاوانێکی هەیە کە دایک و باوکی لە دەست داوە و ئێستا نە هیچ سەرپەناێکی هەیە، نە دەتوانی دەرس بخوێنی و نە بۆ ساتێک شادی و ژیانی خۆش بە خۆیەوە دەبینی؟

جاری واهەیە پێم دەڵێن بڕووە وڵاتەکەی خوت. من وڵاتم لە کوێ بوو؟ من لە هەموو ئەم دنیایە بستە عەرزێک شک نابەم. چوار دیواریک شک نابەم. بە ناو و هەوای هیچ کوێ خووم نەگرتوە. قەت دوو ساڵ لەسەرێەک لە جیگایەک نەبووم. هەر جیگایەک چووم وەک گیای پاییز، لێی هەڵکەنراوم. کارم کردوە، خانووم دروست کردوە و بەجێم هێشتوە بۆ خاوەنەکەی. لە جلال آباد دروستم کرد و بەجێم هێشت، لە اسلام آباد هەڕوا، لە مەشهەد هەڕوا و لێرەش هەڕوا. لە هەر کوێ نانم دەست کەوێ نەوێ دەکەمە وڵات و مەنزلگە. نانی هیچ کەسیش ناخوم و بە بەزەیی هیچ کەس بەڕی ناچم. کار دەکەم و لە جیاتی کارەکەم پووڵم پێ دەدەن. بۆ بڕوم؟

نەوە بەشێک بوو لە قسەکانی جلال الدین کرێکاری ئەفغانی. من نەو ماوەیە کە لەگەڵی بووم هەوڵم دا لێی نزیک بمەوە و گوێ بدەمە بەسەرهاتەکانی و ببمە هاوبەشی خەمەکانی.

سەرەنجام، چەند مانگێک لەوەپێش، یانی ناخر مانگی پاییزی ۷۲، جلال الدین دوای ۵ ساڵ کارکردن لە ئێران، لەم وڵاتەش جواب کرا. پێیان وت دەبێ بگەڕێیەوە بۆ ئەفغانستان. من پێم وت جوابیان مەدەوە ناتوانن هیچت لێ بکەن. چەند میلیۆن ئەفغانی دیکەش لێرەن کە زۆر کەسیان ناتوانن بچنەوە. وتی: من هەر ئێستاش لێرە جێگام زۆر قایم نیە بە قاچاخی چۆن دەتوانم بڕۆیم و کار بکەم و خۆشم بشارمەوە؟

نەو ڕۆیشتەوە و ئێستا نازانم لە کوێیە و چ دەکا؟ چووەتەوە بۆ جلال آباد یان بە شوێن کاردا کەوتوەتە نێو ناگر و دووکەڵی شاری کابوڵ؟ یان ئێستا منداڵەکە چۆن دەژی؟ لە بیرم چوو ناوی بنووسم. منداڵەکە ناوی گوڵ محمد بوو. ئێستاش لەبەرچاومە کاتێک لەگەڵ مامی دەڕۆیشت، ناوەناوە بە شتێکەوە دەخافڵا و بەجێی دەما. بەڵام ژیانی دەربەدەری ناچاری دەکا لەو خوخافڵاندنە منداڵانەیەش دەست هەڵگری و گورج و خێرا لەگەڵ مامی ڕی بکا. دڵنیام هەر لە ۱۰ ساڵیەوە دەبێتە کرێکار.



چەند یادداشتی سیاسی

ئەمانی ئاپارتاید رنگا بو خەباتی چینایەتی گرێکاران خوش دەکات

سەرەنجام رۆژی ۲۷ی ئاوریل هەلبژاردنی چەند رەگەزی لە ئەفریقای باشوور دەستی پێ کرد. هەرچەند لە ماوەی بەریوە چوونی پروسەی هەلبژاردن دا لە "ژوهانسبورگ" و چەند شاری دیکە چەند تەقینەوەیەک رووی دا و لە ئاکام دا زیاتر لە ۱۰۰ کەس کوژران و بریندار بوون و کاندیداتوریکی کونگرەی میللی ئەفریقاش گیانی خوی لە دەست دا، بەلام ئەو تەقینەوانە نەیانتوانی رەوتی بەرەوپیش چوونی هەلبژاردنەکە بەرەبەست کەن و هەلبژاردنەکە دوای چەند رۆژ کوتایی پی هات. ئەوەیکە لە پروسەی هەلبژاردن دا کەوتە بەرچاو ئەو راستیەیە بوو کە هیچ کام لە لایەنە سەرەکی یەکانی هەلبژاردنەکە یانی کونگرەی میللی ئەفریقا و حیزبی میللی دیکلیرک نەیانویست وەزعیکی وا لە هەلبژاردنەکە دا بخولقی کە بناغەی هابەشی نەو دوولایەنە لە دەسەلاتی حکوومەتی دواروژدا بهینیتە ژیر پرسیار.

دوای هەلبژاردنەکە هەر نەو جورەی کە چاوەروان دەکرا کونگرەی میللی ئەفریقا بە رابەری نیلسون ماندیللا سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەست هینا. پاش بلاوبوونەوەی یەکەم دەنگ و باسی هەلبژادن دیکلیرک رەئیس جمهووری پیشوو بە رەسمی دانی بە شکستی خوی دا هیناو پیروزبایی لە نیلسون ماندیللا کرد بە بونەی سەرکەوتنی لە هەلبژاردنەکە دا. دوو رۆژ بەر لە هەلبژاردن نالای

پیشووی نەفریقای باشوور کە نیشاندەری حکوومەتی رەگەزپەرستەکان بوو هینرایە خوارەوە و ئالایەکی نوێیان لە جیاتی هەلکرد و هەوالنێرەکان دەست پێکردنی سەردەمێکی نوێیان لە نەفریقای باشوور راگەیاند.

بەم جورە سیستمی ناپارتایدی نەژادی لە نەفریقای باشوور دوای ۳۵۰ سال، کە لەم ماوە دوور و درێژە دا جەماوەری بەرینی خەلکی رەش پێستی خستبووە ژێر مەنگەنەی زەبروزەنگ و داپلوساندن، کوتایی پێ هات و بو یەکەم جار لە میژووی نەفریقای باشوور دا تێکرای خەلک بەبێ لەبەرچاو گرتنی رەنگی پێست بەشداری هەلبژاردنێکی گشتیان کرد.

لەبەرێەک ترازانی چوارچێوەی ناپارتایدی نەژادی دەسکەوتێکی گەورەیە بو کرێکارانی نەفریقای باشوور و زور کوسپ و لەمپەر لەسەر ڕێگای خەباتی چینایەتی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش هەلدەگری و کرێکاران نەو دەرفەتیان بو دەرەخسی کە بەهێزتر و یەکگرتوانەتر لەسەر نەساسی بەرژەوەندی و هاوپشتی چینایەتیان بەرەو نەهێشتنی هەرچەشنە بێ مافی و بێعەدالەتیێکی کومەلایەتی هەنگاو هەلگرن.

لە دەیان سالی ڕابوردوودا خەبات لە دژی ناپارتاید و ڕەگەزپەرستی لە نەفریقای باشوور بە شێوەیەکی بەربلاو چووەتە پێش. بەڵام ڕەوتی کزبوون و لێک ترازان و لاوازبوونی ناپارتاید زەمانێک تەوژمی سەندکە کرێکاران لە نەفریقای باشوور پتر لە جاران وەک چینێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو هاتنە مەیدانی خەباتی دژی ناپارتاید و ڕەگەزپەرستی. لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا هەوالنێرەکانی جیهان نەو ڕاستییەیان بو نەشاردراوە کە لە حەفتاکانی زایینییەوە کاتێک کە مانگرتنە بەرینەکرێکارییەکان مەیدانی سیاسی نەفریقای باشووریان پر کردەوە، ڕەوتی نەمان و داروخانی ناپارتاید و ڕەگەزپەرستی خێراتر بووەوە. لە حەفتاکان بەم لاوە کرێکاران پتر لە جاران بە خەبات و مانگرتن و حوزووری چەند میلیونی خوێنی بورژوازی دەسەلاتداریان لە نەفریقای باشوور خستە لەرزەوە و تەنانەت نوێنەرانی لیبرال و دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانی ناچار کرد کە بە شوێن ڕێگاچارەیەک دا بگەڕێن. مەسەلەکانی نەفریقای باشوور و ناپارتایدی دەسەلاتدار لەم وڵاتە، نەفرەت و تووڕەیی بیروڕای گشتی جیهانی هەلخراند و شەپۆلێکی پشتیوانی لە بزووتنەوەی جەماوەری دژی ناپارتایدی پێکهێنا.

وڵاتانی ڕۆژاواییەکە هەمیشە دیفاعیان لە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی نەفریقای باشوور دەکرد، بە بەرین بوونەوەی خەباتی کرێکاران و بە فراوان بوونی خەباتی دژی ناپارتاید لە سەرانسەری جیهان هەوڵیان دا تا بە سازش کردن و دانی ئیمتیاز، سیستمی سەرمایەداری دەسەلاتدار لە نەفریقای باشوور لەبەر تیغی قین و تووڕەیی ئیعتیرازی جەماوەری دەرباز بکەن.

واقعییەت ئەوەیە کە ناپارتاید و ڕەگەزپەرستی بە دڕێژایی دەیەکانی ڕابوردوو سیاسەتێی بەردەوامی نیزامی سەرمایەداری بووە و بێ مافی و وەحشیگەریی دەڕەقەت بە ڕەشپێستەکانی نەفریقای باشوور ڕاستەوخو لە خزمەتی ئامانج و نەخشەکانی چەوسێنەرانەی سەرمایەدارەکان دا بووە. چینی کرێکار کە لە جەرگەی خەباتی خوێی دا هەزاران کەس لە هەلسووراوانی لەسەر شەقام و زیندان و نەشکەنجەخانەکان لە دەست دا بە وەری خستنی ئیعتیرازاتی جەماوەری و مانگرتنی میلیونی دەور و نەقشێکی نەساسی لە خەبات دژی نەم بێ مافی و وەحشیگەرییانە و کوتایی هێنان بە دەسەلاتی ڕەشی ناپارتایدی نەژادی بە جێ هێنا. هەرچەند بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەیەکی قودرەتمەندە و مەیل و گەرایشی سوسیالیستی مەیلێکی بەهێزی ناو نەو بزووتنەوەیە بەڵام بە هوی نەوەی کە زوربەی ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە نەفریقای باشوور پێیان وابوو پێکهێنانی ڕێزی سەربەخوێی چینایەتی کرێکاران بو خەبات دژی ناپارتایدی نەژادی، خەباتی سیاسی گشتی لە دژی ناپارتاید لاواز دەکات بەکردەوە مەیدانیان ناوالە کرد تا جەرێانێکی وەک کونگرەی میللی نەفریقا کە هێنانە سەرکاری دەوڵەتێکی ڕەش پێست بە چارەسەری هەموو گێروگرفتەکە دەژانی خەباتی جەماوەری بخاتە خزمەت بردنە پێشی سیاسەتەکانی خوێ و نەمرۆش نەم هێزە بە سازان لەگەڵ بورژوازی سپی پێست دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ.

لەمەوبەدواش پێشرەوی چینی کرێکار لە نەفریقای باشوور لە گرەوی نەوەدایە کە چینی کرێکار لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی دا وەک ڕێزیکی سەربەخو خوێی نیشان بدا.

جێگای خوێەتی کرێکارانی کوردستان لەم نەزموونەی کرێکارانی نەفریقای باشوور دەرس وەرگرن.

دەوڵەتی تورکیە و سەرەتای ناکامیێەکی دیکە

بە پیی هەواڵی خەبەرگوزاری یەکان سەرلە بەیانی چوارشەممە ریکەوتی ۲۸ ـ ۲ ـ ۷۳ نوزدە فروکەی شەرکەری ئەرتەشی تورکیە هێرشیان بردوەتە سەر ئوردوگای P.K.K لە ناوایی زەلی ی نزیک سنووری کوردستانی ئیران و عیراق ،لە نزیک شاری قەلادزی و لە ناکام دا زەرەر و زیانێکی گیانی و مالی زور وەخەلکی ناوچەکە کەوتوە. لە چەند مانگی رابوردوودا نەوە دووهەمین جارە کە ناوایی زەلی و چەند ناوایی دەوروبەری و خەلکی ناوچەکە لە چەند سەد کیلومیتری سنوورەکانی تورکیە دەکەونە بەر بومباران و هێرشی هەوایی ئەرتەشی تورکیە. هێرشی ئەم جارەی دەوڵەتی تورکیە لە ئیدامەی هێرشی بەربلاوی هەوایی و زەمینی ئەرتەشی نەو وڵاتە بو سەر ناوچە سنووریی یەکانی کوردستانی تورکیە لە یەک مانگی رابوردوودایە، کە زیاتر لە ۴۰ هەزار سەرباز بە پشتیوانی دەیان هێلی کوپتەر و فروکەی جەنگی بەشدارییان تیدا کردوە و لە ناکام دا بە سەدان کەس لە خەلک گیانی خویان لە دەست داوە و هەزاران کەسیش بو نەجاتی گیانی خویان ناوارەی خاکی کوردستانی عیراق بوون.

ئەرتەشی تورکیە هەر لە دریژەی ئەم هێرشە وەحشیانەیەدا ماوەیەکە بە بیانووی تەعقیبی موخالفینی خوی بەشیک لە خاکی کوردستانی عیراقی داگیر کردوە و خەلکی ناوچەکەی خستوەتە ژیر زەخت و فشاریکی زورەوە و هەر لەم پیوەندیەدا لە قەولی فەرماندەهانی نیزامی دەوتری کە ئەرتەشی تورکیە تا ناخر و ئوخری هاوینی ئەمسال لە خاکی کوردستانی عیراق دا دەمینیتەوە.

دەوڵەتی تورکیە لە هەڵومەرجیکدا دەستی داوەتە ئەم هێرشە بەربلاو و وەحشیانەیە کە نەو وڵاتە لە گیژاوەی قەیرانیکی قوولی ئابووری و سیاسی دا پەڵ دەکوتی. قەیرانی ئابووری سەرتاپای ئەم وڵاتەی داگرتوە. بێکاری بەردەوام پەرەدەستینی و تەورەوم لە رادەی ۸۰٪یش تێپەڕیوە و بەشێکی زور لە کرێکاران و خەلکی زەحمەتکیشی نەو وڵاتە بو دابین کردنی پێداویستیی یەکی سەرەکیی یەکانی ژیان لە تەنگانەدان. دەنگی نیعتیراز و ناڕەزایەتی دژی ئەم هەڵومەرجە نالەبارە هەروا بەردەوامە. خوپیشاندانی گەورە و بەرینی کرێکاران لە شاری "زونگولداغ" لە دژی سیاسەتە ئابووریی یەکانی دەوڵەتی چیلەر و هەروەها مانگرتنی فروکەوان و کارمەندانی شیرکەتی فروکەخانەی تورکیە کە لە ناکامی دا هەموو پەروازەکانی ناوخو و دەرەوەی وڵات هەلوەشانەوە و دەیان هەزار مسافر لە فروکەخانەکان سەرگەردان بوون، لە ماوەی یەک مانگی رابوردوودا تەنیا نمونەیەکن لەو ئیعتیراز و مانگرتنانە کە دەوڵەتیان خستوەتە ژیر زەخت و فشارەوە. ئیعتیرازات و مانگرتنەکان لە دژی سیاسەتەکانی ئابووری دەوڵەتی چیلەر لە هەڵومەرجیکدا پەرەیان سەندوە کە ئەم دەڵەتە زیاتر لە ۶۰ میلیارد دولار قەرزدارە و سەرچاوەکانی داهاتیشی بو دانەوەی ئەم قەرزانە روو لە کزی یە. بەپیی گوزارشی هەندیک لە ناژانسە خەبەرگوزاریەکان بە هوی ناڕامی و تەقینەوەی بومب و شتی تری لەم چەشنە لە شارەگەورەکانی تورکیە و بە تایبەت لە شاری "استنابول" دا و هەروەها بە هوی سەرکەوتنی حیزبی ریفاهی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی نەو دوای یانەی شارەداریەکان، رادەی دەرامەد و داهاتی دەوڵەت لە جیهانگەردی و توریسم ۲۵٪ هاتوەتە خوارەوە و کارشناسانی کاروباری ئابووری پیش بینی نەوەیان کردوە کە دەوڵەتی تورکیە لەوانەیە لەگەڵ کەسری بوودجەیەکی ۱۸ میلیارد دولاری لە سالی ۱۹۹۴ دا رووبەروبی. پیویستە نەوەش بوتری کە لیری تورکی لە سەرەتای سالی ۹۴ دا زیاتر لە ۱۰۰٪ نەرزشی خوی لە بەرامبەر نەرزشی دولاردا لە دەست داوە و نەوە کاری کردوەتە سەر چوونەسەری یەکجار زوری قیمەتەکان. دەوڵەتی تورکیە بو چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئابووریە کە تووشی هاتوە چوونەسەری حەقدەستی کرێکارانی بەربەست کردوە. ئاستی مالیاتەکانی بردوەتە سەری و بەپیی سیاسەت و بەرنامە ئابووریەکانی تازەی، نیازی وایە کرێکارانی دیکەش لە کار بێکار بکات.

بەڵام نەگەر دەوڵەتی تورکیە لە باری ئابووریەوە تووشی گیژاوە و قەیران هاتوە لە باری سیاسیشەوە وەزعی لەوە باشتر نیە. بە دوای هەڵبژاردنەکەی ئەم دوای یانەی شارەداریەکان و شکستی دەوڵەت لە هەڵبژاردنەکەدا چوار وەزیری دەوڵەتی چیلەر بە هوی ئەوە کە لە ناکامی هەڵبژاردنەکە رازی نەبوون نیستعفایان دا و دەستیان لە کار کیشایەوە.

دەوڵەتی تورکیە بە دەرکردن و دەست بەسەرکردنی نوینەرانی هەڵبژاردەی خەلک لە پارڵمان و داخستنی دەرگای چەند رۆژنامەی موخالیف لە چەند مانگی رابوردوودا و ئەم جارەش بە

بژی مافی میللەتان بو دیاری کردنی چارەنووسی خو

هیرش بردن بو سەر مەراسم و خوپیشاندانی کریکاران لە نەوەلی مانگی مەی دا و نیعتیرازاتی جەماوەری لە شارەکانی تورکیە و زنجیرە هیرشی بو سەر کوردستان و کوشت و کوشتار و سووتاندن و قەلاچوکردنی ناوایی یەکان و ناوارەکردنی هەزاران کەس لە خەلکی ئەو ناوچەیە، تەحویل دانەوەی پەنابەرانی سیاسی بە دەولەتی ئیران و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و نیعدامی بی دادگایی و پەرەدان بە فەزای پولیسی لە ناستی تورکیەدا و دووپات کردنەوەی هیرشی ناسمانی بو سەر ناوچە سنووری یەکانی نیوان ئیران و عیراق، ناوەروک و جەوهەری راستەقینەی خوی زیاتر لە هەمیشە بو بیرورای گشتی روون کردوەتەوە و خوی لە بەرامبەر دەریایەک لە ناڕەزایەتی و قین و تووڕەیی و نەفرەتی جەماوەری دا قەرار داوە.

دەولەتی تورکیە مەبەستی لەو هیرشە پان و بەرین و وەحشیانەیە، چاوترسین کردنی کریکاران و جەماوەری خەلک و شاردنەوەی ناکامی و سەرلیشواوی و قەیرانیکە کە تووشی هاتوە. بەلام نەوەش سەرەتای ناکامیکی تازەیە و بیگومان کریکاران و خەلکی ستەم لیکراو و نازادیخوازی تورکیە بە پەردان بە خەبات و نیعتیرازاتی خویان وەلامی نەم وەحشیگەریانە دەدەنەوە.

دووداوەکانی یەمەن:
زەمینەکان و ئەنجامەکانی!

بە پیی هەوالەکان شەر و پیکدادانی قورس لە نیوان هیزە سەربازی یەکانی یەمەنی باکوور و یەمەنی باشوور کە زیاتر لە حەوتوویەکە دەستی پی کردوە هەروا بەردەوامە. لەم شەر و پیکدادانەدا کە تا ئیستا زیاتر لە حەوت نوستانی ولاتەکەی گرتوەتە بەر، هیزە سەربازی یەکانی یەمەنی باکوور نیدیعا دەکەن کە تا ۲۰ کیلومیتری شاری "عدن" چوونەتە پیش. هەردوو لایەنی شەرەکە فروکەی جەنگی و تانک و توپ و مووشەک و جورەها چەکی دوورهاویژیان بەکار هیناوە و تا ئیستا چەندین جار فروکەخانە و شارۆ و شوینەکانی یەکتریان بومباران کردوە. لە ئەنجامی نەم شەرانەدا جیاواز لە ویرانی و تەلەفاتیک کە لە نەرتەشی هەردوو لایان کەوتوە هەزاران کەس لە خەلکی نەو دوو بەشەی یەمەن کوژراون و بریندار بوون و زیانیان پی گەیشتوە و بەرەبەرە هەلاتن لە مەیدانی شەر و ناوارە بوونی خەلک دەستی پی کردوە.

نەم شەر و پیکدادانە کە نیستاش بە تووندی دریژەی هەیە هەر لە چەند مانگ لەوە پیشەوە کە بوحرانی سیاسی نیوان دوو بەشەکەی یەمەن توند و تیژتر ببووەوە شتیکی چاوەروان کراوبوو. لە راستیدا ناکوکی نیوان نەم دوو بەشەی یەمەن هەر لە سەرەتای دەست پی کردنەوەی یەکیتی و یەکگرتنەوەی یەمەنی باکوور و باشوور لە سالی ۱۹۹۰ دا خوی نیشان دەدا.

هیشتا چەند مانگ لە یەکیتی و یەکگرتنەوەی دوو یەمەن تیپەر نەببوو کە یەمەنی باشوور کە دانیشتوانی ۲ میلیون و ۳۰۰ هەزار کەس، واتە چواریەکی دانیشتوانی یەمەنی باکوور بوو و بە دوای لیک بلاوبوون و هەلوەشانەوەی ولاتانی نوروپای روژهەلات تووشی شکست و قەیرانی نابووری هاتبوو و لە یارمەتی و پشتیوانی شووڕەویش بی بەش کرابوو و بە مەبەستی دەرباز بوون لەو وەزعییەتە نالەبارە دەستی یەکگرتنی بەرەو یەمەنی باکوور دریژ کردبوو، هاتە سەر نەو باوەڕە کە لەم یەکیتی و یەکگرتنەوەیە دا زولمی لی کراوە.

یەمەنی باشوور کە تا بەر لە یەکیتی و یەکگرتنەوە کە پیی وابوو بە یەکیتی و یەکگرتن لەگەل یەمەنی باکوور کە ۹ میلیون کەس بوو و وەزعی نابووریشی بە هەرحال لە یەمەنی باشوور باشتر بوو، دەتوانی گیروگرفتە نابووری یەکانی خوی چارەسەر بکا، دوای یەکگرتنەوە کە زور زوو بەشیک لە هیواو نومیدەکانی خوی بو باشتر بوونی وەزعەکە لە دەست دا.

یەمەنی باکوور و باشوور هەرچەند لە سەردەمی یەکیتی و یەکگرتنەوەی دووبارە دا زور قەرارداد و ریککەوتننامەی هاوبەشیان ئیمزا کرد بەلام لە کردەوەدا زوربەی قەرارداد و ریککەوتننامەکان نەچوونە پیشی. بەپیی ریککەوتننامەکان دەبوایە دام و دەزگای نیداری و نەرتەش و پولیس و سیستمی فیرکردن و بارهینان تیکەلاو ببنەوە، یان لانی کەم هاوکاری یەکی نزیکیان پیکەوە هەبی. بەلام لە کردەوەدا نەرتەشی باکوور و باشوور و هیزەکانی پولیس و هیزەکانی ناسایش و دام و دەزگای نیداری و سیستمی فیرکردن و بارهینان هەروا بە نیوە جیاواز مانەوە.

بەریوە بردنی ریککەوتننامەکان بە تایبەت لە زەمینەی یەکگرتنەوەی دام و دەزگا نیداری و حقووقی یەکان و سیستمی فیرکردن و بارهینانیدا کاریکی دژوار بوو. چونکە دەسەلاتداران و کاربەدەستانی حکوومەتی یەمەنی باشوور چەندین سال بوو کە لە

ژیر ناوی سوسیالیزم دا کریکارانی نەو ولاتەیان دەچەوساندەوە و هەر نەو چوونە ژیر ناوی سوسیالیزمەوە خوی هویەک بوو کە حکوومەتی نەو ولاتە بەشیک لە مافە دیموکراتیکەکان وەک جودایی مەزهەب لە دەولەت و ،فیرکردن و بارهینان و مافە کومەلایەتی یەکانی ژنان بە رەسمی بناسی. بە رەسمی ناسینی نەو مافانە لە لایەن یەمەنی باشوورەوە لەگەل نیزامی کومەلایەتی لە یەمەنی باکوور کە نیستاش زورتر رەنگ و روالەتیکی نیسلامی هەیە و جەریاناتی نیسلامی لە دواییین هەلبژاردن دا وەک سیهەمین هیز جیگا و شوینیکی تازەیان لە دەسەلاتی سیاسی یەمەن بە دەست هینا، ناتەبایی هەیە. نەوانە خوی یەکیک لە زەمینەکان و هویەکانی تووندبوونەوەی ناکوکی نیوان یەمەنی باشوور و باکووری پیک هیناوە.

سەرەرای نەوانە "علی سالم البیض" سەرکردەی یەمەنی باشوور کە بە دوای یەکگرتنەوەی دوو یەمەن دا وەک جیگری رەئیس جمهوور "علی عبدالله صالح" دیاری کرا، باس لەوە دەکا کە بە دوای یەکگرتنەوەی دوو یەمەن دا تاکوو نیستا زیاتر لە ۲۰۰ کەس لە ئەندامانی حیزبی سوسیالیستی یەمەن تیرور کراون. حیزبی سوسیالیستی یەمەن لەسەر نەو باوەرەن کە هیزەکانی سەر بە رەئیس جمهوور بەریوەبەری نەو تیرور وکوشتارانەن و نەوەش خوی یەکیک لە هویەکانی ناکوکی نیوان دوو یەمەنە.

یەکیک لە گرینگترین هویەکانی دیکەش کە هەل و مەرجی شەر و پیکدادانی نەم دواییانەی پیک هیناوە مەسەلەی بەرهەم هینانی نەوتە لە یەمەنی باشوور. نیستا نزیکەی سالیکە کە پروسەی دوزینەوەی نەوت لە یەمەنی باشوور گەیشتوەتە قوناغی بەرهەم هینان و بە پیی نەزەری کارشناسان ئیمکانی دوزینەوەی زورتریش هەیە و هەر نیستا چەند کومپانیا و شیرکەتی نەمریکایی میلیاردها دولاریان لە پالایشگای نەوتی عدن و پروژەی گازی سروشتی سەرمایەگوزاری کردوە. دوزینەوەی چالە نەوت و بەرهەم هینانی نەوت لە باشوور دەسەلاتدارانی یەمەنی باشووری هیناوەتە سەر نەو باوەرە کە نابی هەموو داهاتی نەوت بچیتە خەزانەداری مەرکەزی کە لە ژیر کونترولی راستەوخوی رەئیس جمهوور علی عبدالله صالح دایە و هەروەها هاتنە سەر نەو باوەرە کە دەبێ سەهمیکی زورتریان لە دەسەلاتی سیاسی دا هەبی.

لەسەر نەساسی نەم بیر و بوچوونە بوو کە لە هاوینی سالی رابوردوودا علی سالم البیض سەرکردەی یەمەنی باشوور بە دوای

هاتنەوەی لە سەفەر بو نەمریکا و فەرانسە لە ریگای دەفتەری یەکیک لە شیرکەتە نەوتیەکان کە لە یەمەن کار دەکا بی نیجازە و بریاری رەئیس جمهوور لەگەل جیگری رەئیس جمهووری نەمریکا دیدار و وت و ویژی کردو بەم جورە هەولی دا تا دەسەلاتی خوی نیشان بدا. نەوە خوی دەوریکی زوری هەبوو لە قوول بوونەوەی قەیرانی سیاسی نیوان باکوور و باشووری یەمەن.

نەم شەرە کونەپەرستانەیە کە هیچ شتیکی جگە لە مالویرانی، کوشت و کوشتار و ناوارەیی بو خەلک بە دواوە نیە، لە حالیکدا هەروا بەردەوام دریژەی هەیە کە هیچ هەول و تیکوشانیکی جیددی نیودەولەتی بو بەربەست کردنی شەرەکە لە نارادا نیە. دەولەتانی نەمریکا، فەرانسە، بریتانیا، ئیتالیا، رووسیە و چین تەنیا بو دەربازکردنی هاوولاتیی یەکانی خویان هەولیان داوە. نەم چەشنە هەلویست و کردەوانە جاریکی تریش نەو راستیی یەدەردەخا کە گیان و مال و نەمنییەتی ئینسانەکان هیچ بایەخیکی بو کاربەدەستانی نەمریکا و دەولەتانی نەو ولاتانە نیە و کوشتاری بە کومەلی ئینسانەکان هیچ هویەک نیە بو دەخالەت بە مەبەستی کوتایی هینان بە شەرەکە، بەلکوو نەوەی کە بە لایانەوە گرینگە نەوەیە کە هەولدان بو کوتایی هینان بە شەر لە هەر شوینیک تا کوی و بە چ شیوەیەک دەتوانی بەرژەوەندی سیاسی و نەمنییەتی سەرمایەکانیان بپاریزی.

خه‌لکی ئازادیخواز!

ئیمه خوازیاری ئازادی بی قه‌ید و شه‌رتی سیاسین!

خه‌لک ده‌بی به بی هیچ قه‌ید و شه‌رتیک له هه‌لبژاردنی عه‌قیده و بیرو‌باوه‌ر و له ده‌ربرین و راگه‌یاندنی بیروباوه‌ری خوباندا ئازاد بن!

نابی چاپ و بلاوکردنه‌وه‌ی چاپه‌مه‌نی ببه‌ستریته‌وه به ئیجازه‌ی حکوومه‌ت. نابی هیچ قه‌ید و شه‌رتیک ئازادی چاپه‌مه‌نی مه‌حدوود بکاته‌وه.

هه‌لبژاردن ده‌بی به ته‌واوی ئازادانه به‌ربوه بچی. ته‌واوی خه‌لک، به هه‌ر عه‌قیده و مه‌رام و بیروباوه‌ریکه‌وه، حه‌قیان هه‌یه و ده‌بی بتوانن له هه‌لبژاردنی مه‌ربووت به هه‌ر ده‌زگا و ئورگانیکی نوینه‌رایه‌تی‌دا به‌شداری بکه‌ن، هه‌لبژیرن و هه‌لبژیردرین.

کوبوونه‌وه و میتینگ و خوپیشاندان و مانگرتن و ته‌حه‌سون، نابی به ئیجازه‌ی ده‌وله‌ته‌وه ببه‌ستریته‌وه. خه‌لک ده‌بی بتوانن ئازادانه کوبنه‌وه، خوپیشاندان وه‌ری بخه‌ن، یاخود ده‌ست بده‌نه مانگرتن.

ته‌واوی خه‌لک ده‌بی بتوانن ئازادانه بو دیفاع له ماف و به‌رژه‌وه‌ندی خویان، شووراو سه‌ندیکا و اتحادیه، یاخود هه‌ر چه‌شنه ریکخراویکی تری سنفی و سیاسی پیک بینن. نابی هیچ قه‌ید و شه‌رتیک، ئازادی پیک هینانی ریکخراوی سنفی و سیاسی به‌رته‌سک بکاته‌وه.

ئازادی سیاسی و مافه دیموکراتیکه‌کان ده‌بی به ته‌واوی و به بی قه‌ید و شه‌رت، زه‌مانه‌ت کرین و به‌ربوه ببرین.

چینی کریکار له سبه‌ینیی رووخانی جمهووری ئیسلامی و دامه‌زراندنی حکوومه‌تی کریکاریدا، ئازادی بی قه‌یدو شه‌رتی سیاسی، وه‌ک به‌شیک له قانوونی ئه‌ساسی ولات، راده‌گه‌یه‌نی.

ئیمه، هه‌موو ئیوه خه‌لکی ئازادیخواز که له بی مافی و ستەم و سه‌رکوت وه‌تەنگ هاتوون بانگه‌واز ده‌که‌ین که یه‌کگرتوانه له ئازادی عه‌قیده و بیروباوه‌ر، له ئازادی به‌یان و چاپه‌مه‌نی و له ئازادی کوبوونه‌وه و ریکخراو بوون دیفاع بکه‌ن.

بو بەریزان: مسعود بارزانی

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو

جلال طالبانی

مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

لەگەل ریز و سلاو

بەردەوام بوونی حالەتی شەر لە نیوان پارتی و یەکیەتی دا، خەلکی کوردستانی بە گشتی نیگەران کردوە. وەزعی نائاسایی کوردستان لە دوو حەوتووی رابوردوودا، کاری کردوەتە سەر ئەمنییەت و ئاسایش و گوزەرانی کومەلانی کریکار و زەحمەتکیش. بو هەموو کەسیکی دلسوز و بەرپرس بەرانبەر بە قازانج و بەرژەوەندی کومەلانی خەلک، ئاشکرایە کە دریژەکیشانی ئەو وەزعە، شەرایتی دژواری ژیان و خەباتی کومەلانی خەلک، ناهەموارتر دەکا و لە هەر رووبەکەوە زیانبارە. لە لایەکی دیکەشەوە رەوتی رووداوەکان وا نیشان دەدەن کە دەولەتانی دراوسیش خەریکی دەس تیوەردان و ئالوزتر کردنی وەزعەکەن. بە داخەوە هەول و کوششی خەلکی تیکوشەری کوردستان و لایەنە سیاسییەکانیش تا نیستا وەلامی پیویستی وەرنەگرتوەتەوە.

ئاشکرایە کە کلیلی ئاسایی کردنەوەی ئەو وەزعە لە دەست نیوەدایە. ئەوە ویست و داخوازی رەوای هەموانە، کە هەنگاوی عەمەلی بو ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە هەلگرن و بە بەرپرسیاری و هەست بە مەسئولیەت کردنتان لە بەرابەر بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەلکی کوردستان، وەلامی موسبەت بە داوای کومەلانی خەلکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان و ریکخراوە جەماوەرییەکان، بو کوتایی هینان بە حالەتی شەر و ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە بدەنەوە.

لەگەل ریزی دووبارە مان

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران ـ کومەلە

۹۴ـ۵ـ۱۵

دەفتەری نوینەرایەتی کومەلە لە دەرەوەی ولات

نادەرەسی حیزب لە دەرەوەی ولات

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORY
SWEDEN

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 STOKHOLM
SWDEN

دەنگی حیزبی کومونیستی ئیران

شەوانە ۱۰/۵ ـ ۹/۵

جومعە بەیانیان ۹/۵ ـ ۸

شەپولی کورت

رەدیفی ۴۹ ، ۶۵ ، ۷۵

دەنگی شورشی ئیران

نیوەرو ۱/۵ ـ ۱۲/۵

نیواران ۸/۵ ـ ۷/۵

شەپولی کورت

رەدیفی ۴۹ ، ۶۵ ، ۷۵

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کومەلە

بە بونەی شەری ناوخویی ئەم دواییانەی کوردستانی عیراق

کریکاران، زەحمەتکیشان!

کومەلانی خەلکی تیکوشەری کوردستان!

ئیستا زیاتر لە دوو حەوتوو لە شەر و پیکدادانی نیوان دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی عیراق، یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو تیپەر دەبی. لە ناکامی ئەم شەرەدا زیاتر لە دەیان کەس لە هەردوو لایەن و خەلکی کوردستان گیانی خویان لە دەست داوە. ئەم شەرە لە هەل و مەرجیکدا دەستی پیکرد و هەروا دریژەی هەیە کە بیکاری و گرانی لە کوردستان بیداد دەکا و فەقیری و هەژاری تەنگی بە ژیان و گوزەرانی خەلک هەلچنیوە و کومەک و یارمەتی ناوەندە خیرخوازەکانیش نەیتوانیوە نالوگوریکی نەوتو لە ژیان و گوزەرانی خەلکدا پیک بهینی. دریژەی ئەو شەرە هەر ئەو جورەی کە چاوەروان دەکرا باری دژواری ژیانی خەلکی لەوەش کە بووە ناهەموارتر کردوە و ئەمنییەت و ناسایشی نەوانی خستوەتە بەر مەترسی یەکی جیددی.

دەولەتانی کونەپەرستی ئیران و تورکیەش کە هەر لە زووەوە رەوتی بەرەوپیش چوونی ئەوزەعییەتەکەیان لە کوردستانی عیراق بە قازانج و بەرژەوەندی خویان نەدەدیت، نەمرو دەیانەوی لەو وەزعە نالوزەی لە کوردستانی عیراق هاتوەتە پیش، لە دژی خەباتی حەقخوازانەی خەلکی کوردستان لە ولاتانی ناوچەکە بەهرەبەرداری بکەن. لە لایەکەوە دەولەتی تورکیە نەو حەقە بو خوی بە رەسمی دەناسی کە موخالفینی خوی لە ناو خاکی کوردستانی عیراق تەعقیب بکا و بەو بەهانەوە بەشیک لە خاکی کوردستانی عیراق داگیر بکا و ناوچەکە بخاتە ژیر زەخت و فشارەوە و ناوچە سنووری یەکانی کوردستانی عیراق لە چەند سەد کیلومیتری سنووری تورکیە لە نزیک، شاری قەلادزی بومباران بکا و لە لایەکی دیکەشەوە دەولەتی ئیران بە بەزاندنی سنوور و توپبارانی ناوایی یەکان و نازاردانی خەلکی ناوچەکە هەرەشە لە ناسایش و نەمنییەتی خەلک بکا و بە هاندان و تەیار کردنی داروودەستە کونەپەرستەکانی سەربەخوی، کوردستانی عیراق تووشی نالوزی یەکی زیاتر بکا.

ئیمە لە سەرەتای دەسپیکردنی شەرەکەدا بە هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ ریبەرایەتی شورشگیر، بە ناردنی هەینەتیکی هاوبەش بو لای دەفتەری سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و دەفتەری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو ویرای دەربرینی نیگەرانی و هەلویستی خومان سەبارەت بە وەزعەکە، بو کوتایی هینان بە شەرەکە هەولمان دا. بە دوای نەوەش دا بە ناردنی نامە بو مەکتەبی سیاسی هەردوو لایەن داوای تەواوکردنی حالەتی شەرمان کرد. بەلام بە داخەوە هەول و کوششی لایەنە سیاسی یەکان و ریکخراوە جەماوەری یەکان و خەلکی کوردستان بە مەبەستی کوتایی هینان بە شەرەکە تا ئیستا بە ئەنجامیک نەگەیشتوە و نەو ریککەوتننامانەی بە مەبەستی کوتایی هینان بە شەرەکە ئیمزا کراون هەروا لە سەر کاغەز ماونەتەوە.

ئیمە ویرای مەحکووم کردنی ئەم شەرە، لیرەدا جاریکی تریش لە ریبەرایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو داوا دەکەین کە ئەم شەرە کوتایی پی بهینن و هەروەها لە نیوە کریکاران و کومەلانی خەلکی تیکوشەری کوردستان داوا دەکەین بو دەخالەتی هەلسوراوانەتر لە چارەنوسی سیاسی کوردستان و کوتایی هینان بە ناگری شەری ناوخویی بە هەر شیوەیەک کە دەتوانن و بوتان دەگونجی دەنگی نارەزایەتی و نیعتیرازی خوتان دژی ئەم شەرە دەربرن و خوازیاری ئەوەبن کە حیزب و لایەنە سیاسی یەکان لە سەر نەساسی بە رەسمی ناسینی نازادی بی قەید و شەرتی هەلسوورانی سیاسی کیشە و ناکوکی یەکانی خویان لە ریگای سیاسی و وت و ویژەوە بەرنە پیش.

٧٣_٢_٢٧

٩٤_٥_١٧